alarming (ə-lär′miŋ), *adj.* تۆقێنەر؛ ترسناک؛ سامناک؛ نێجگار زۆر یا خراپ: *(an ~ increase in crime rate)* .

alarmist (ə-lär′mist), *n.* دەم بە هاوار؛ کەسێکی دەم بە هاوار.
-alarmism *(n.).*

alas (ə-las′, ə-läs′), *interj.* داخی گرانم؛ داخەکەم؛ بە داخەوە؛ داخی بە جەرگم؛ ئاخ؛ ئەی هاوار؛ حەیف.

alb (alb), *n.* پۆپی سپی بەرنوێژی قەشە.

Albanian (al-bā′ni-ən, al-bān′yən), *adj.* ئەلبانی (گەل، زمان، کلتوور).
n. (١) ئەلبانی؛ هاوواڵتییەکی ئەلبانی. (٢) زمانی ئەلبانی

albatross (al′bə-trôs′, al′bə-tros′), *n.* قەتەرس: باڵندەیەکی دەریایی گەورەی قاچ پەردەداری دەنووک درێژو نووشتاوەیە

albeit (ôl-bē′it), *conj.* ئەگەرچی؛ هەرچەندە.

albescent (al-bes′ənt), *adj.* سپی هەڵگەڕاو؛ سپی؛ سپیکار.

albinism (al′bə-niz′m), *n.* قژو پێست سپێتی؛ بێ ڕەنگی.

albino (al-bī′nō), *n.* (١) مرۆڤی قژو پێست سپی و چاو پەمەیی؛ مرۆڤی بێ ڕەنگ (٢) گیانەوەرو ڕووەکی بێ ڕەنگ یا کەم ڕەنگ

album (al′bəm), *n.* (١) ئەلبوم (وێنە). (٢) قەوان؛ ئەلبوم (مۆسیقا).

albumen (al-bū′mən), *n.* (١) سپێنەی هێلکە. (٢) پرۆتین.

albumin (al-bū′min), *n.* پرۆتین؛ جۆرێک لە پرۆتین.

albuminous (al-bū′mi-nəs), *adj.* پرۆتینی؛ پرۆتینی تێدایە.

albuminuria (al-bū′mi-nyoor′i-ə), *n.* پرۆتیناوی بوونی میز (نەخۆشی)

alchemist (al′kə-mist), *n.* کیمیاگەری کۆن؛ زانای کیمیای کۆن.

alchemy (al′kə-mi), *n.* کیمیاگەریی کۆن؛ کیمیای کۆن

alcohol (al′kə-hôl′, al′kə-hol′), *n.* ئەلکحوول؛ خواردنەوەی سەرخۆشکەر یا مەستکەر.

alcoholic (al′kə-hôl′ik, al′kə-hol′ik), *adj.* (١) ئەلکحوولی؛ تایبەتی بە خواردنەوەی سەرخۆشکەر. (٢) هۆی ئەلکحوولە
(٣) خووگرتوو بە خواردنەوەی سەرخۆشکەر یا مەستکەر
n. عەرەق خۆر؛ مەی خۆر.

alcoholism (al′kə-hôl′iz′m, al′kə-hol′iz′m), *n.* هەمیشە عەرەق خواردنەوە؛ خووی خواردنەوەی مادەی ئەلکحوولی یا سەرخۆشکەر.

Alcoran (al′kō-rän′, al′kō-ran′), *n.* قورئان.

alcove (al′kōv), *n.* قوژبن؛ کونج؛ سووچ

alder (ôl′dēr), *n.* دەرختێکە لە چنار دەچێت.

alderman (ôl′dēr-mən), *n.* (١) ئەندامی ئەنجوومەنی شارەوانی.

(۲) فەرمانڕەوای ناوچە لە نینگلتەرەی کۆندا؛ جێگری پاشا

ale (āl), *n.* خواردنەوەیەکە لە بیرە دەچێت؛ بیرە

alehouse (āl′hous´), *n.* مەیخانە.

alert (ə-lûrt′), *adj.* وریا؛ هۆشیار؛ گوێ قوڵاغ؛ بەئاگا؛ زیت.

n. (۱) وریاکەرەوە؛ زەنگی وریاکردنەوە

(۲) ماوەی وریایی (بەتایبەتی لەپێش هێرشێکی ئاسمانیدا).

v.t. وریاکردنەوە؛ ئاگادارکردن.

on the alert, وریا؛ ئاگادار؛ گوێ قوڵاغ؛ ئامادە

alexandrine (al´ig-zan′drin), *n.* دێڕێکی شەش برگەیی هۆنراوە

alfalfa (al-fal′fə), *n.* سێبیرە؛ وینجە.

alfresco (al-frcs′kō), *adv. & adj.* لەدەرەوە؛ لە شوێنی کراوەدا.

(an ~ party)

algae (al′jē), *n.pl.* قەوزە.

algebra (al′jə-brə), *n.* زانستی جەبر؛ جەبر.

algebraic (al´jə-brā′ik), *adj.* جەبری؛ تایبەتی بە زانستی جەبر.

algebraic equation, هاوکێشەی جەبری.

-algebraically *(adv.)*; algebraist *(n.)*.

Algerian (al-jēr′i-ən), *adj.* جەزائیری (گەل، زمان، کلتوور).

n. هاوڵاتیێکی جەزائیری؛ جەزائیری.

-algia (al′ji-ə, al′jə), پاشگرێکە بەمانای ئێش؛ ئازار.

(neuralgia)

alias (ā′li-əs), *n.* ناوی نهێنی؛ ناوی خواستراو

adv. بەو ناوە ناسراو. *(Bill ~ Jones)*

alibi (al′ə-bī′), *n.* (۱) سەلماندنی نەبوونی گومانبارێک لە شوێنی

پوودانی تاوانێکدا (دادگەری)؛ لە شوێنێکی تر بوونی گومانبار کاتی پوودانی

تاوانەکە (۲) [Colloq.] بیانوو؛ بەهانە.

v.i. [Colloq.], بیانووهێنانەوە

alien (āl′yən, ā′li-ən), *adj.* دەرەکی؛ بێگانە؛ ناوەکی؛ ناوارە.

n. بێگانە؛ بێگانەیەک؛ دەرەکییەک؛ ناوارەیەک.

v.t. تاپۆی خانوو و زەوی‌وزار خستنە سەر کەسێکی تر.

alien to, نەگونجاو لەگەڵ؛ ناسرووشتی؛ پێ ڕانەهاتوو.

(Cruelty was quite alien to his nature.)

alienable (āl′yən-ə-b`l, ā′li-ən-ə-b`l), *adj.* دەگوێزرێت.

(خاوەنێتی)؛ دەتوانرێت بسەنرێتەوە و بدرێت بە یەکێکی تر (ماف،

خاوەنێتی زەوی‌وزار).

alienate (āl′yən-āt´, ā′li-ən-āt´), *v.t.* (۱) ناوارەکردن؛ تەرەکردن؛

(His behavior ~d his friends.) دڵ ڕەنجاندن؛ لەیەکتری کردن.

(۲) تاپۆی خانوو و زەوی‌وزار خستنە سەر کەسێکی تر.

-alienator *(n.)*.

alienation (āl´yən-ā′shən, ā´li-ən-ā′shən), *n.* (۱) ناوارەیی؛

هەستی ناوارەیی؛ ناوەکێتی؛ دەرەکێتی؛ تەرەیی.

(۲) ناوارەبوون؛ ناوەکی یا تەرەبوون.

alight (ə-līt′), *v.i.* (۱) دابەزین (لە ئەسپ، ئوتومبیل)؛

(to ~ from a horse)

(The bird ~ed on a branch.) (۲) نیشتنەوە (باڵندە، فڕۆکە).

(to ~ on an answer) (۳) دۆزینەوە بە ڕێکەوت.

alight (ə-līt′), *adj.* هەڵگیرساو؛ گڕگرتوو؛ داگیرساو؛ ئاگرگرتوو.

align (ə-līn′), *v.t.* (۱) ڕێزکردن؛ جووت کردن لەگەڵ یەکدا؛ ڕێک کردن.

(He ~ed himself with the liberals.) (۲) خۆ دانەپاڵ؛ چوونە پاڵ.

v.i. ڕێزبوون؛ جووت بوونی دوو هێڵ؛ ڕێک بوون

alignment (ə-lın′mənt), *n. Also* alinement, (۱) ڕێزکردن؛

ڕاستکردنەوە؛ جووت بوونی دوو هێڵ؛ ڕێک بوون

(۲) (ا) ڕێکی؛ ڕاستی. (ب) ڕیز؛ هێڵی جووت کراو.

(۳) خۆ دانەپاڵ؛ چوونە پاڵ؛ لایەنگری؛ یەکگرتن.

(٤) نەخشەی ڕێنگە دروستکردن

alike (ə-līk′), *adj.* چوونیەک؛ هاوچەشن؛ هاوشێوە؛ وەک یەک.

(All good books are ~ .)

adv. (۱) وەک یەک؛ بە هەمان چەشن؛ بە هەمان شێوە.

(They dress and walk ~ .)

(۲) نەوەندەی یەک؛ بە هەمان پادە.

aliment (al′ə-mənt), *n.* بژێو؛ خۆراک؛ خواردەمەنی.

-alimental *(adj.)*.

alimentary (al´ə-men′tə-ri), *adj.* (۱) خواردەمەنی؛ خۆراک.

(۲) بووژێنەرەوە؛ وزەپێدەر؛ بژوێن.

alimentary canal (or tract), کۆئەندامی هەرس (کە لە دەمەوە

دەست پێ دەکات هەتا کۆم)؛ بۆری خۆراک.

alimony (al′ə-mō´ni), *n.* نەفەقە؛ پارەی بڕاوە بۆ ژنی تەڵاقدراو.

alive (ə-līv′), *adj.* (۱) زیندوو.

(Old hatreds remain ~ .) (۲) نەمر؛ دوایی نەهاتوو؛ نەمردوو.

(۳) وریا؛ هۆشیار؛ زیت.

alive and kicking, [Colloq.], زیت‌و زیندوو؛ زیت‌و زیندوو.

alkali (al′kə-lī´), *n.* قەلیە؛ قڵێ.

adj. = alkaline.

alkaline (al′kə-lin´, al′kə-lin), *adj.* قەلیەیی.

alkalinity (al´kə-lin′ə-ti), *n.* قەلیەیی.

alkalize (al′kə-līz´), *v.t. Also* alkalinize, قەلیەکردن.

v.i. قەلیەبوون.

-alkalization *(n.)*.

alkaloid (al′kə-loid´), *n. & adj.* مادەی نیمچە قەلیەیی.

all (ôl), *adj.* (۱) گشت؛ هەموو؛ سەرجەم؛ سەراپا. (۲) هەمووکەس.

(I said it in ~ sincerity.) (۳) نەوپەڕ.

(٤) هەرچییەک.

(Life is not ~ pleasure.) (٥) تەنها؛ تەنیا؛ هەر.

prep. (۱) هەموو‌کەسێک؛ هەمووان. *(A~ must die.)* .

(A~ is over between them.) (۲) هەموشتێک.

(A~ of it is gone.) (۳) هەموی؛ گشتی.

n. (۱) هەموو نەوەی کە هەیە. *(Give your ~ .)* .

(۲) گشت؛ سەرجەم؛ هەموو.

adv. (۱) بەتەواوی؛ هەموی. *(A~ worn out.)* .

(۲) هەریەکەی؛ یەکی. *(a score of thirty ~)* .

above all, لەپێش هەموشتێکدا؛ لە هەموشتێک زیاتر یا گرنگتر؛

لەسەروو هەموشتێکەوە.

after all, (۱) گوایە بۆچی وەها نەبێت؛ (لاقرتی).

(It wasn't a fine day, but after all the (۲) لەگەڵ نەوەشدا؛

weather might have been worse.)

all but, (۱) تەنها نەوە نەبێت؛ تەنها.

(He all but admitted his guilt.) (۲) نەوەندەی نەمابوو؛ خەریک بوو.

all in all, بەگشتی؛ بەتێکڕایی؛ تێکڕا.

all over, (۱) کۆتایی هاتووە؛ تەواو؛ نەماوە.

(۲) لە هەموو‌شوێنێک؛ لە هەموو‌جێگەیەکدا.

(۳) [Colloq.]، خۆی ئاسایی؛ وەک خۆی.

all the better, وەها باشتر.

all the same, لەگەڵ نەوەشدا.

all the worse, وەها خراپتر.

at all, (۱) هیچ. (۲) بە هیچ جۆرێک؛ هەرگیز.

in all, بە هەموی؛ سەرجەم.

one and all, هەموو پێکەوە و بە جیاجیایش.

Allah (al′ə, ä′lə), *n.* خودا.

all-around (ôl′ə-round´), *adj.* (۱) گشتی.

(۲) فرە توانا؛ فرە کەڵک؛ بۆ گەلێک شت بەکاردەهێنرێت

allay (ə-lā′), *v.t.* (۱) هێمن کردنەوە؛ دامرکاندنەوە (ترس).
(to ~ someone's fears)
(۲) کەمکردنەوە؛ سووک کردن (بار، خەم، ئازار).

allegation (al′ə-gā′shən), *n.* (۱) را ووتن؛ وا گەیاندن؛ داواکاری.
(۲) بەڵگە

allege (ə-lej′), *v.t.* (۱) را ووتن؛ وا گەیاندن.
(۲) بەڵگەهێنانەوە.

allegedly (ə-lej′id-li), *adv.* گوایە؛ بەناو؛ وا دانراو؛ وا ناوبراو؛ وا ووترا.

allegiance (ə-lē′jəns), *n.* (۱) پەیوەندی نێوان رەنجبەرو ئاغا یا دەرەبەگ (۲) دڵسۆزی (بۆ وڵات یا میری)؛ ئەرکی ئەم دڵسۆزییە.
(۳) دڵسۆزی (بۆ مەسەلە، ئالا، بیرۆباوەڕ، یا کەسێک).

allegory (al′ə-gôr′i, al′ə-gō′ri), *n.* (۱) چیرۆکێکی نیشانەیی، هێمایی یا مەجازی. (۲) نیشانەیی؛ هێمایی؛ مەجازی.
-allegoric *(adj.)*; **allegorical** *(adj.)*; **allegorically** *(adv.)*.

alleluia (al′ə-lōō′yə), *interj. & n.* هەلیلویا. سوپاس بۆ خودا؛ لە خودا بەزیاد بێت.

allergen (al′ēr-jən), *n.* مادەی هەستیاری: هەر ماددەیەک کە ببێتە هۆی لیرو لەش خوراندن لە مەندیک کەسدا (وەک هەڵاڵە، تەپوتۆز... هتد).

allergic (ə-lûr′jik), *adj.* هەستیار (پزیشکەوانی) (ووشەی پێشوو ببینە).

allergist (al′ēr-jist), *n.* پزیشکی هەستیاری

allergy (al′ēr-ji), *n.* هەستیاری (نەخۆشی): بریتییە لە پژمین و ئاو لە لووت و چاو هاتن و لەش خوران و لیرکردن و هەناسە سواربوون بەهۆی هەندێک خواردەمەنی و دەرمان و هەڵاڵە و تەپوتۆز و پووشەوە.

alleviate (ə-lē′vi-āt′), *v.t.* سووک کردن یا کەمکردنەوە (ناخۆشی، نێش و ئازار). *(to ~ the suffering of the oppressed)*
-alleviation *(n.)*; **alleviator** *(n.)*.

alley (al′i), *n.* کۆڵان؛ لاکۆڵان.

blind alley, (۱) کۆیرە کۆڵان؛ کۆڵانی دەرنەچوو. (۲) هەوڵ و تەقەلای بێ سوود؛ بیرۆباوەڕ یا کاری بێ بەرهەم.

up one's alley, [Slang], شارەزایی زۆری تێدا هەیە؛ نیشی خۆیەتی؛ زۆری لێ دەزانێت؛ لەگەڵ حەزو توانایدا باش دەگونجێت:
(Writing a book about gardening would be up his alley.)

alleyway (al′i-wā′), *n.* کۆڵان؛ لاکۆڵان

All Fools' Day, ڕۆژی (۱) ی نیسان؛ ڕۆژی نیسان.

all fours, چوار پێ؛ هەر چوار پەڵ مرۆڤ یا گیاندارێک.

go on all fours, (۱) بە گاگۆڵکێ ڕۆیشتن؛ گاگۆڵکێ کردن. (۲) بە ڕێکی ڕۆیشتن.

alliance (ə-lī′əns), *n.* (۱) یەکێتی؛ یەکگرتن. (۲) خزمایەتی (لەڕێگەی ژنهێنان و شووکردنەوە). (۳) هاوپەیمانی؛ یەکێتی (چەند وڵاتێک، حیزب، یا ڕێکخراو). (٤) ئەندامانی ئەم یەکێتییە. (٥) هاوسەروشتی.

allied (ə-līd′), *adj.* (۱) یەکگرتوو (لەڕێگەی خزمایەتی یا پەیمانەوە)؛ هاوپەیمان. (۲) هاوسەروشت؛ نزیک:
(Anatomy and biology are ~ sciences.)
(۲) [A-]، تایبەتی بە هاوپەیمانەکانی جەنگی جیهانیی یەکەم و دووەم.

Allies (al′īz, ə-līz′), *n.pl.* هاوپەیمانانی جەنگی جیهانیی یەکەم و دووەم

alligator (al′ə-gā′tĕr), *n.* (۱) تیمساحی ئەمەریکی
(۲) چەرمی تیمساحی ئەمەریکی.
(۳) مەکینە یا ئامێرێکی دەم وەک هی تیمساح، واتە مشاری و بەهێز.

all-important (ôl′im-pôr′t'nt), *adj.* زۆر گرنگ؛ پێویست.

all-inclusive (ôl′in-klōō′siv), *adj.* گشتگر؛ گشتی.

alliterate (ə-lit′ĕr-āt′), *v.i. & v.t.* لەیەکچوواندنی دەنگی سەرەتای چەند ووشەیەکی پەستەیەک (زمانەوانی).

alliteration (ə-lit′ĕr-ā′shən), *n.* لەیەکچوونی دەنگی سەرەتای چەند ووشەیەکی پەستەیەک:
(Wailing in the winter wind; busy as a bee.)
-alliterative *(adj.)*.

allo- (al′ō, al′ə), پێشگرێکە بەمانای: جیا؛ جیاواز؛ ناوێزە:
(allomorph, allogamy)

allocate (al′ə-kāt′, al′ō-kāt′), *v.t.* (۱) بۆ بڕینەوە (پارە)؛ بۆ دانان (پارە، کات)؛ بۆ تەرخان کردن. (۲) دابەشکردن؛ بەش بەش کردن.

allocation (al′ə-kā′shən, al′ō-kā′shən), *n.* (۱) بۆ بڕینەوە، دانان، یا تەرخان کردن (پارە، کات... هتد). (۲) بەش؛ بەشی بۆ بڕاوە

allocution (al′ə-kū′shən, al′ō-kū′shən), *n.* ووتاری- ئامۆژگاری؛ پەند.

allogamy (ə-log′ə-mi), *n.* لێکدانی دوو گوڵی جیاواز؛ تێکەڵە پیتێن.
-allogamous *(adj.)*.

allomorph (al′ə-môrf′), *n.* ئەلۆمۆرف (زمانەوانی): هەریەکە لە دەنگ یا شێوە جیاوازەکانی " مۆرفیم " یێک (بۆ نموونە: دەنگی " س " لە ووشەی cats داو دەنگی " ز " لە ووشەی dogs داو دەنگی " ئز " لە ووشەی horses دا، هەریەکەیان " ئەلۆمۆرف " ی " مۆرفیم " ی " S " ن) .
(" مۆرفیم " یش بچووکترین دانەی واتاداری ووشە یا زمانە).

allopathy (ə-lop′ə-thi), *n.* چارەسەرکردنی نەخۆشی بە دەرمانێک کە ئەنجامەکانی دژ بێت بەو ئەنجامانەی لە نەخۆشییەکەوە پەیدا دەبێت.

allophone (al′ə-fōn′), *n.* ئەلۆفۆن (زمانەوانی): هەریەکە لە دەنگ یا شێوە جیاوازەکانی " فۆنیم " یێک (بۆ نموونە: دەنگی " p " لە ووشەی " pit " و دەنگی " p " لە ووشەی " spit " دا، هەریەکەیان پێیان دەووترێت: " ئەلۆفۆن " ی " فۆنیم " ی " p ").
(" فۆنیم " یش بریتییە لە بچووکترین دانەی دەنگی زمان).

allot (ə-lot′), *v.t.* (۱) دابەشکردن؛ بەشکردن.
(۲) بۆ بڕینەوە (پارە)؛ بۆ دانان؛ بۆ تەرخان کردن؛ پێدان:
(Each speaker is ~ed five minutes.)

allotment (ə-lot′mənt), *n.* بەش؛ پێدراو.

all-out (ôl′out′), *adj.* [Colloq.], تەواو؛ گشتی؛ بەدڵ:
(an ~ effort)

allover (ôl′ō′vĕr), *adj.* (۱) بەسەر هەموو ڕووەکەیدا.
(۲) هەموو ڕوو نەخشێنراو.

n. قوماشێکی هەموو ڕوو نەخشێنراو.

allow (ə-lou′), *v.t.* (۱) هێشتن؛ هێڵان؛ ڕێگەدان؛ ماوەدان؛ بەر بۆ بەرەڵا کردن: *(We weren't ~ed to leave.)*
(۲) پێدان. (۳) ڕێگەی چوونەژوورەوە دان: *(Dogs are not ~ed.)*
(٤) پێناسێنان؛ دان پیانان.
(٥) ڕەچاوکردن: *(to ~ an inch for shrinkage)*

allow for, ماوەدان؛ ڕەچاوکردن؛ حساب بۆ کردن.

allowable (ə-lou′ə-b'l), *adj.* دەهێڵرێت؛ ڕێگە دەدرێت؛ ماوە دەدرێت؛ ماوەدراو.

allowance (ə-lou′əns), *n.* (۱) هێشتن؛ ڕێگەدان؛ ماوەدان.
(۲) شتی ڕێگەپێدراو. (۳) (ا) مووچە؛ مانگانە.
(ب) ڕۆژانە، هەفتانە، یا مانگانەی منداڵ؛ پارەی خەرجی؛ بەشی پێدراو.
(٤) نرخ داشکاندن

make allowance (or allowances), ڕەچاوکردن؛ حساب بۆ کردن.

make allowance (or allowances) for, (۱) چاو لێ پۆشین؛ لێبوورین (بەهۆی باری تایبەتییەوە)؛ بیانوو بۆ هێنانەوە.
(۲) ماوەدان؛ ڕەچاوکردن.

alloy (al′oi, ə-loi′), *n.* (۱) داڕشتە؛ داڕێژەی کانزایی.
(۲) کانزایەکی بێ نرخی تێکەڵاوکراو بە کانزایەکی بەنرخ.
(۳) شتێکی بێ نرخە کە نرخی شتێکی بەنرخ دەهێنێتە خوارێ ئەگەر تێکەڵی

بکرێت.

v.t. ١) تێکەڵاوکردنی کانزا (٢) هێنانەخوارەوەی نرخی کانزایەکی بەنرخ بە تێکەڵاوکردنی بەگەڵ کانزایەکی بێنرخدا. ٣) بە نرخ کەمکردنەوەی شتی بەنرخ بە تێکەڵاوکردنی لەگەڵ شتی بێنرخدا.

all-purpose (ôl′pûr′pəs), ***adj.*** بۆ هەموو مەبەستێک دەگونجێت یا دەشێ. گشت مەبەستی.

all-right (ôl′rīt′), ***adj.*** دڵنیا؛ بێشە؛ خراپ نییە؛ مام ناوەندی. ٢ سەلامەت؛ ئازاری نەبووە (٣) ڕاست؛ تەواو. ٤ بەڵێ؛ زۆرباشە؛ باشە.

all-round (ôl′round′), ***adj.*** = all-around.

allspice (ôl′spīs′), ***n.*** ١) بەری درەختێکی ناوچە گەرمەکانە ئالەتی شیرینی لێ دەگیرێت. (٢) ئالەتی شیرین.

allude (ə-lōōd′, ə-lūd′), ***v.i.*** ئاوبردن؛ ئاوهێنانی ناڕاستەوخۆ.

allure (ə-loor′, ə-lyoor′), ***v.t. & v.i.*** فریودان؛ دڵفڕاندن؛ ڕاکێشان.

n. توانای فریودان؛ دڵفڕاندن.

allurement (ə-loor′mənt, ə-lyoor′mənt), ***n.*** ١) فریودەر. ٢) فریودان؛ دڵفڕاندن؛ ڕاکێشان.

alluring (ə-loor′iŋ, ə-lyoor′iŋ), ***adj.*** دڵفڕێن؛ فریودەر.

allusion (ə-lōō′zhən, ə-lū′zhən), ***n.*** ئاوهێنانی ناڕاستەوخۆ؛ ئاوبردن.

-allusive ***(adj.).***

alluvion (ə-lōō′vi-ən, ə-lū′vi-ən), ***n.*** ١) لافاو؛ ئاوهەڵسان. ٢) ڕاماڵینی قەراغی ڕوبارو دەریا بە ئاو. (٣) لیتەی بەجێماو دوای بەرزاو. ٤) زیادبوونی زەوی بەم لیتەیە.

alluvium (ə-lōō′vi-əm, ə-lū′vi-əm), ***n.*** لیتەی بەجێماوی دوای هەڵسانی ئاوی ڕوبارو دەریا.

ally (ə-lī′), ***v.t.*** ١) (~ with)، پەیمان بەستن (ووڵات، حیزب... هتد)؛ بەکگرتن (٢) هاوسەروشت بوون؛ لەیەکچوون

n. ١) هاوپەیمان؛ پشتیوان؛ لایەنگر. (٢) ژێردەست؛ یاریدەدەر؛ خواردەست. ٣) ڕێندەوەر یا ڕووەکی هاوسەروشت

almanac (ôl′mə-nak′), ***n.*** ڕۆژنامە؛ ساڵنامە.

almighty (ôl-mī′ti, ôl′mī′ti), ***adj.*** ١) زۆر بەهێز؛ مەزن (٢) [Slang]، گەورە؛ نێچگار؛ زۆر.

the Almighty, خودا؛ خودای مەزن؛ خودای گەورە.

almond (ä′mənd, am′ənd), ***n.*** ١) بادەم (٢) دار بادەم. ٣) ڕەنگ بادەمی.

adj. ١) بادەمی (ڕەنگ، شێوە. تام) (٢) لە بادەم دروستکراو.

almoner (al′mən-ĕr, ä′mən-ĕr), ***n.*** لێپرسراوی خێر دابەشکردن لەلایەن کڵێسە یا خێزانێکی دەوڵەمەندەوە.

almonry (al′mən-ri, ä′mən-ri), ***n.*** شوێنی خێر بەخشینەوە

almost (ôl′mōst, ôl′mōst′), ***adv.*** ١) نزیکەی؛ نزیکی. ٢) هەریەک؛ هەریەک بوو؛ ئەوەندەی نەمابوو؛ ئەوەندەی نەماوە:

(We were ~ home.)

alms (ämz), ***n.*** خێر

almsgiver (ämz′giv′ĕr), ***n.*** خێرکەر؛ خێرەومەند؛ خێرخوا

almsgiving (ämz′giv′iŋ), ***n.*** خێرکردن؛ خێرەومەندی؛ خێرخوایی

almshouse (ämz′hous′), ***n.*** هەژارخانە؛ فەقیرخانە؛ تەمەڵخانە

almsman (ämz′mən), ***n.*** هەژارێکی بە خێر ژیاو؛ سوالکەر

almswoman (ämz′woom′ən), ***n.*** ژنی بە خێر ژیاو؛ ژنە سوالکەر.

aloft (ə-lôft′, ə-loft′), ***adv.*** ١) بەرز؛ بالا؛ بڵند. ٢) بەسەر دارکەشتیەوە.

aloha (ə-lō′ə, ä-lō′hä), ***n. & interj.*** پۆژباش؛ خواحافیز.

alone (ə-lōn′), ***adj. & adv.*** ١) بە تەنها؛ بە تەنهایی؛ سەنت

(٢) هەر؛ هەر ئەوەندە.

leave alone, (١) بە تەنها بەجێهێشتن.

let alone, (٢) [Colloq.]، وازلێهێنان؛ بەرۆژ بەردان؛ دەستکاری نەکردن. (١) وازلێهێنان؛ بەرۆژ بەردان؛ دەستکاری نەکردن.

(٢) نەخوازەلا؛ ئەوە هەر هیچ:

(We didn't have a dime, let alone a dollar.)

let well enough alone, دەستکاری شتێک نەکردن کە خۆی لەخۆیدا باش بێت.

along (ə-lôŋ′, ə-loŋ′), ***prep.*** بە تەنیشت و بە درێژایی؛ بە قەراغ؛ بە لا:

(A~ the wall there is a hedge.)

adv. (١) بە درێژایی؛ بە درێژی؛ بە قەراغ؛ بە تەنیشت.

(٢) بۆ پێشەوە: ***(He walked ~ by himself.)***

(٣) (~ with)، پێکەوە؛ لەگەڵ: ***(~ with his friends)***

(٤) لەگەڵ خۆدا: ***(She took her camera ~.)***

all along, بە درێژایی کات؛ هەر لە سەرەتاوە:

(I knew all along that this would happen.)

along with, (١) لەگەڵ؛ لەتەک. (٢) هەروەها؛ زیاد لەوەیش.

get along, (١) پێشکەوتن. (٢) سەرکەوتن.

(٣) لەگەڵ سازان؛ لەگەڵ یەکتری گونجان؛ لەگەڵ دەربردن.

(٤) [Colloq.]، ڕۆیشتن.

go along with, قایل بوون؛ پەسەندکردن؛ پەڵپ نەگرتن.

alongside (ə-lôŋ′sīd′, ə-loŋ′sīd′), ***adv. & prep.*** بە تەنیشت و بە درێژایی؛ بە قەراغ.

aloof (ə-lōōf′), ***adv. & adj.*** (١) دوور.

(٢) دوورەپەرێز؛ گۆشەگیر: ***(She is ~.; His manner was ~.)***

aloofness (ə-lōōf′nis), ***n.*** دوورەپەرێزی؛ گۆشەگیری؛ تەریکی؛ خۆ تێ نەگەیاندن.

aloud (ə-loud′), ***adv.*** (١) بە دەنگی بەرز؛ بە قایم.

(٢) بەدەنگ: ***(reading ~)***

alpaca (al-pak′ə), ***n.*** (١) گیاندارێکە وەک مەڕ وایە، نەخێتێک گەورەترە. (٢) خوری ئەم گیاندارە. (٣) قوماشی نەم خوریەیە.

alpha (al′fə), ***n.*** (١) ئەلف: یەکەم تیپی ئەلف‌وبێی یۆنانییە. (٢) سەرەتا. (٣) گەشترین ئەستێرەی کۆنەستێرەیەک.

alpha and omega, (١) یەکەم و دواهەمین تیپی ئەلف‌وبێی یۆنانی (٢) سەرەتا و کۆتایی؛ سەرتاخوار؛ هەمووی. (٣) گرنگترین بەشی شتێک

alphabet (al′fə-bet′), ***n.*** (١) ئەلف‌وبێ. (٢) سەرەتا (زانست)؛ بنچینە.

alphabetic (al′fə-bet′ik), ***adj.*** = alphabetical.

alphabetical (al′fə-bet′i-k'l), ***adj.*** ئەلف‌وبێیی؛ بەپێی ئەلف‌وبێ و بەپێز.

-alphabetically ***(adv.).***

alphabetize (al′fə-bə-tīz′), ***v.t.*** (١) ڕێکخستن یا ڕیزکردن بەپێی ئەلف‌وبێ. (٢) بە ئەلف‌وبێ نووسین؛ ئەلف‌وبێ بۆ داتان.

Alpine (al′pīn, al′pin), ***adj.*** (١) ئەلپی؛ تایبەتی بە شاخی ئەلپ یا دانیشتووەکانی. (٢) قەوقاسی؛ کەسێکی قەوقاسی یا سپی.

(٣) [a-]، تایبەتی بە شاخی بەرز؛ وەک شاخی بەرز.

(٤) [a-]، لە بەرزاییدا دەڕوێت.

n. قەوقاسی؛ کەسێکی قەوقاسی یا سپی.

alpinist, Alpinist (al′pin-ist), ***n.*** شاخەوان.

already (ôl-red′i), ***adv.*** بەر لەوە؛ لەپێش ئەوەدا؛ پێش ئێستا؛ لەپێشدا: ***(The train has ~ left.; I have ~ been there.)***

alright (ôl′rīt′), ***adv.*** = all right.

also (ôl′sō), ***adv.*** هەروەها؛ هەم؛ زیاد لەوەیش؛ – یش.

altar (ôl′tĕr), ***n.*** (١) پێش نوێژگا؛ میحراب (کڵێسە).

(٢) قوربانیگا (کڵێسە).

lead to the altar, مارەکردن؛ ژنهێنان.
alter (ôl′tĕr), *v.t.* (۱) گۆڕین (۲) حس کورتکردنەوە یا درێژکردن؛ جل چاك کردن.
v.i. گۆڕان
alterable (ôl′tĕr-ə-b'l), *adj.* دەگۆڕێت؛ دەتوانرێت بگۆڕێت.
alteration (ôl′tĕr-ā′shən), *n.* (۱) گۆڕین؛ گۆڕان (۲) حس کورتکردنەوە یا درێژکردن؛ جل چاك کردن.
altercate (ôl′tĕr-kāt′, al′tĕr-kāt′), *v.i.* دەمەقاڵێ بوون؛ شەڕکردن؛ بەیەکدا هەڵشاخان.
altercation (ôl′tĕr-kā′shən, al′tĕr-kā′shən), *n.* دەمەقاڵێ؛ شەڕەقسە؛ بەیەکدا هەڵشاخان؛ بەیەکداهاتن.
alterego (al′tĕr-ē′gō, ôl′tĕr-ē′gō), [L.], (۱) کەسێکی وەك خۆ؛ خۆی تر؛ خۆی دووەم. (۲) برادەرێکی نزیك؛ هاوڕێیەکی باوەڕپێکراو.
alternate (ôl′tĕr-nit, al′tĕr-nit), *adj.* بە نۆرە؛ یەك بە یەك: *(The two roommates cook on ~ days.)*
n. جێگر؛ لەباتی
v.t. نۆرەپێکردن
v.i. (۱) نۆرەکردن *. (Good times ~ with bad.)* (۲) حێگۆڕکێ کردن.
alternately (ôl′tĕr-nit-li, al′tĕr-nit-li), *adv.* بە نۆرە.
alternating current, تەووژمی کارەبای بە نۆرە؛ کارەبای نۆرەتاو؛ تەزووی کارەبای گۆڕاو یا ناڕاستەوخۆ.
alternation (ôl′tĕr-nā′shən, al′tĕr-nā′shən), *n.* نۆرەکاری؛ نۆرە
alternative (ôl-tûr′nə-tiv, al-tûr′nə-tiv), *n.* (۱) چار؛ چارە: *(When his car broke down, he had no ~ but to walk home.)* (۲) لەباتی؛ جێگر؛ بریتی.
alternatively (ôl-tûr′nə-tiv-li, al-tûr′nə-tiv-li), *adv.* لە-لابەکی تر؛ لە سەرێکی ترەوە.
alternator (ôl′tĕr-nā′tĕr, al′tĕr-nā′tĕr), *n.* دینەمۆ
although, altho (ôl-*thō*′), *conj.* هەرچەندە؛ ئەگەرچی؛ لەگەڵ ئەوەشدا.
altitude (al′tə-tōōd′, al′tə-tūd′), *n.* بەرزی (لە ئاستی دەریاوە)؛ بەرزایی
altogether (ôl′tə-ge*th*′ĕr), *adv.* (۱) هەموو؛ هەموو پێکەوە؛ هەمووی؛ بەتەواوی. (۲) بەتێکڕایی؛ تێکڕا؛ بەگشتی.
in the altogether, [Colloq.], لە پووتی؛ پووت؛ بێ جل‌وبەرگ.
altruism (al′trōō-iz′m), *n.* سوودی خەڵك ویستن؛ خەڵك خوایی؛ خۆنەپەرستی.
altruist (al′trōō-ist), *n.* سوودی خەڵك ویست؛ خەڵك خوا؛ خۆنەپەرست.
altruistic (al′trōō-is′tik), *adj.* سوودی خەڵك ویست؛ خەڵك خوا؛ خۆنەپەرست: *(an ~ person, attitude, act, etc.)*
-altruistically *(adv.).*
alum (al′əm), *n.* زاج
aluminium (al′yoo-min′i-əm), *n.* [British], = **aluminum.**
aluminum (ə-lōō′mi-nəm), *n.* قاوڕ؛ ئەلەمنیۆم.
alumna (ə-lum′nə), *n.* (*pl.* **alumnae**), دەرچووی ژانکۆ، دانشگا، یا قوتابخانەیەك (ئافرەت).
alumnus (ə-lum′nəs), *n.* (*pl.* **alumni**), دەرچووی ژانکۆ، دانشگا، یا قوتابخانەیەك (پیاو).
alveolar (al-vē′ə-lĕr), *adj.* ١: تایبەتی بە کون یا بۆشایی تونێکاری؛ کوندار؛ بۆش. ٢: تایبەتی بە دەنگی (t, d, s) کە بۆ ووتنیان سەری زمان لە پووکی ناوەوەکی ددانەکانی سەرەوەی پێشەوە دەدات (دەنگزانی).
n. دەنگی تیپی (t, d, s)
alveolate (al-vē′ə-lit), *adj.* خانەخانەدار (وەك شانەی هەنگوین)؛ کون کون؛ کوندار.
alveolus (al-vē′ə-lus), *n.* (١) کون (شانەی هەنگوین، سی، شوێن- ددان)؛ بۆشایی؛ خانە. (٢) پەگی پووکی ددانی سەرەوەی پێشەوە لە هەردوو دیوەوە.
alvine (al′vin, al′vīn), *adj.* تایبەتی بە سك؛ تایبەتی بە سك‌و ڕیخۆڵە.
always (ôl′wiz, ôl′wāz), *adv.* هەمیشە؛ هەردەم؛ بێ ووچان؛ بەردەوام.
am (am; *unstressed,* əm), – م؛ شێوەی کرداری " بوون " ە بۆ کاتی نێستا لەگەڵ ڕاناوی تاکی ئامادەدا: *(I am a teacher. I am a Kurd.)*
A.M., a.m., پێش نیوەڕۆ؛ بەیانی.
amain (ə-mān′), *adv.* [Archaic or Poetic], (١) بە توندوتیژی؛ بە قایم؛ بە هێز. (٢) بە پەلە؛ خێرا؛ گورج؛ لەپڕ. (٣) ئێجگار؛ زۆر
amalgam (ə-mal′gəm), *n.* (١) داڕشتەی جیوەو کانزایەکی وەك زیو. (٢) ناوێتە؛ داڕێژە؛ شتێکی هەمەچەشن.
amalgamate (ə-mal′gə-māt′), *v.t.* (١) داڕشتنی جیوەو کانزا. (٢) تێکەڵ کردن؛ یەك پێگرتن؛ کردن بە یەك؛ یەکخستن.
v.i. (١) داڕشتن. (٢) تێکەڵ بوون؛ یەکگرتن؛ بوون بە یەك.
-amalgamator *(n.).*
amalgamation (ə-mal′gə-mā′shən), *n.* (١) داڕشتن؛ داڕێژان. (٢) یەکگرتن (چەند کۆمپانیایەك)؛ بوون بە یەك. (٣) تواناوەی کانزا لە جیوەدا بۆ داڕشتن (کیمیاگەری).
amaranth (am′ə-ranth′), *n.* (١) هەمیشە بەهار (گوڵو پووەك). (٢) [Poetic]، گوڵێکی ئەفسانەیی هەمیشە گەشە. (٣) ئەرخەوانی
amaranthine (am′ə-ran′thin), *adj.* (١) تایبەتی بە گوڵ یا پووەکی هەمیشە بەهار (٢) هەمیشە گەش؛ هەمیشە جوان؛ نەمر. (٣) ئەرخەوانی؛ ئەرخەوانیەکی تێر.
amass (ə-mas′), *v.t.* کۆکردنەوە؛ کۆمەڵ کردن؛ کەڵەکەکردن.
amateur (am′ə-choor′, am′ə-toor′), *n.* (١) ناڕەزووباز؛ هەوەسکار. (٢) ناکارامە؛ نەزان؛ ئەشارەزا.
adj. (١) تایبەتی بە ناڕەزووباز یا هەوەسکار. (٢) ناکارامانە؛ نەزانانە؛ ئەشارەزایانە.
-amateurism *(n.).*
amateurish (am′ə-choor′ish, am′ə-toor′ish), *adj.* نەزان؛ ئەشارەزا؛ هەوەسکارانە؛ ناکارامانە.
-amateurishly *(adv.)*; **amateurishness** *(n.).*
amative (am′ə-tiv), *adj.* هەمیشە لەسەر هەوەس (جووت بوون)؛ شەیدای دڵداری‌و جووت بوون.
amatory (am′ə-tôr′i, am′ə-tō′ri), *adj.* تایبەتی بە دڵداری؛ تایبەتی بە خۆشەویستی.
amaze (ə-māz′), *v.t.* سەرسوڕماندن؛ سەرسام کردن.
amazement (ə-māz′mənt), *n.* (١) سەرسوڕمان؛ سەرسامی. (٢) [Obs.]، پەشۆکاوی.
amazing (ə-māz′iŋ), *adj.* سەیر؛ سەرسامکەر؛ سەرسوڕمێن؛ سەرنج ڕاکێشەر.
Amazon (am′ə-zon′, am′ə-z'n), *n.* (١) ژنە جەنگاوەرێکی نزیك دەریای ڕەش (ئەفسانەی یۆنانی). (٢) [-a]، سەربازی ژن. (٣) [-a]، ژنێکی زل چوارشانە؛ ئافرەتی کەتە. (٤) ئەمازۆن: پوبارێکە لە باشووری (٥) جۆرە میروولەیەکە. (٦) جۆرە تووتیەکە.
ambassador (am-bas′ə-dĕr), *n.* (١) باڵێوز. (٢) نوێنەری تایبەتی.

-ambassadorial *(adj.)*.

ambassadorship (am-bas′ə-dēr-ship′), *n.* باڵیۆزی؛ پلەوپایەو ئەرکو دەسەلاتی باڵیۆزێك

amber (am′bēr), *n.* (١) ڕەنگی قاوەیی؛ کەهرەبا. (٢) ڕەنگی کەهرەبا. *adj.* (١) ڕەنگی کەهرەبا. (٢) لە ڕەنگی کەهرەبا.

ambi- (am′bi, am′bə), پێشگرێکە بەماناى هەردوو؛ هەردووکیان؛ هەردوو؛ دوو؛ دووان

ambidexter (am′bə-dek′stēr), *adj.* (١) دەتوانێت هەردوو دەستی وەك یەکو بە باشی بەکاربهێنێت. (٢) دووڕوو؛ بێبار؛ ناپاك. *n.* (١) کەسێك کە بتوانێت هەردوو دەستی وەك یەکو بە باشی بەکاربهێنێت. (٢) کەسێکی دووڕوو، بێبار، یا ناپاك.

ambidexterity (am′bə-deks-ter′ə-ti), *n.* (١) توانای هەردوو دەست وەك یەك بەکارهێنان. (٢) دووڕوویی؛ بێباری؛ ناپاکی.

ambidextrous (am′bə-dek′strəs), *adj.* (١) دەتوانێت هەردوو دەستی وەك یەکو بە باشی بەکاربهێنێت. (٢) لێهاتوو؛ بەتوانا. (٣) دووڕوو؛ بێبار؛ ناپاك

ambience (am′bi-əns), *n.* ژینگە؛ بەرووبەر؛ چۆنێتییەکی تایبەتی کە دەورووبەرێکی هەموو گرتبێتەوە.

ambient (am′bi-ənt), *adj.* لە هەموولایەکەوە؛ بە هەرچواردەوردا؛ بە دەوروبەردا.

ambiguity (am′bi-gū′ə-ti), *n.* (١) لێڵی؛ ناڕوونی؛ پێچوپەنا؛ دوو ماناى بەخشین. (٢) ووتەیەکی لێڵ یا دوومانابەخش

ambiguous (am-big′ū-əs), *adj.* (١) دوومانابەخش؛ فرە ماناى (٢) لێڵ ،ووتە. تێبینی)؛ ناڕوون؛ پێچوپەناندار

ambit (am′bit), *n.* (١) کەمەرە؛ چێوە (٢) سنوور؛ ماوە؛ مەودا.

ambition (am-bish′ən), *n.* (١) بەرێ خواڕی (ئاوبانگ، سامان، دەسەلات) (٢) خواستی بەرز؛ ئاواتی بەرز.

ambitious (am-bish′əs), *adj.* (١) بەرێ خواڕ (ئاوبانگ، سامان، دەسەلات) (٢) کۆششکەر.

ambivalence (am-biv′ə-ləns), *n.* دوو هەست مەبوون بەرامبەر بە مرۆڤ، شت، یا کردارێك (وەك خۆشویستنو ڕق لێ بوون)؛ دووهەستی؛ دوودڵی ڕابردیی

ambivalent (am-biv′ə-lənt), *adj.* دووڵ بەرامبەر بە مرۆڤ، شت، یا کردارێك (وەك ویستنو نەویستن لە هەمان کاتدا)؛ دووهەست؛ دوو هەستی دژ بە یەك.

amble (am′b'l), *v.i.* (١) بەسەرخو ڕۆیشتن (ئەسپ). (٢) پیاسەکردن؛ بە هێواشی ڕۆیشتن. *n.* (١) ڕەوت (ئەسپ). (٢) پیاسە.

ambrosia (am-brō′zhi-ə, am-brō′zhə), *n.* (١) خۆراکی خواو باوەخواو بوونەوەرە ئەفسانەی یۆنانی و ڕۆمانی). (٢) خواردنێکی زۆر خۆش؛ شتێکی بۆن خۆش. (٣) جۆرە ڕووەکێکە.

ambrosial (am-brō′zhi-əl, am-brō′zhəl), *adj.* (١) شایانی خواو باوەخوایە. (٢) زۆر خۆش (خواردن، بۆن... هتد).

ambrosian (am-brō′zhi-ən, am-brō′zhən), *adj.* = **ambrosial.**

ambulance (am′byoo-ləns), *n.* ئۆتومبێلی فریاکەوتن؛ ئۆتومبیلی ئاگاو

ambulate (am′byoo-lāt′), *v.i.* گەڕان؛ پیاسەکردن؛ جووڵان

-ambulation *(n.)*; **ambulator** *(n.)*.

ambulatory (am′byoo-lə-tôr′i, am′byoo-lə-tō′ri), *adj.* (١) تایبەتی بە گەڕان، پیاسە، یا جووڵان. (٢) دەتوانێت بگەڕێت؛ لە جێگەدا نەکەوێتەوە. (٣) گەڕۆك (٤) دەتوانرێت بگوێزرێت (وەسیەتنامە).

ambuscade (am′bəs-kād′), *n., v.t. & v.i.* = ambush.

ambush (am′boosh), *n.* بۆسە؛ داو. *v.t. & v.i.* بۆسە بۆ نان؛ داو بۆ نانەوە

-ambusher *(n.)*.

ameba (ə-mē′bə), *n.* = amoeba.

amebic (ə-mē′bik), *adj.* = amoebic.

ameliorable (ə-mēl′yə-rə-b'l), *adj.* چاك دەکرێت (بارودۆخ).

ameliorate (ə-mēl′yə-rāt′), *v.t.* چاك کردن (بارودۆخ)؛ باشترکردن.

v.i. چاك بوون (بارودۆخ)؛ باشتربوون.

-ameliorant *(n.)*; **ameliorative** *(adj.)*; **ameliorator** *(n.)*.

amelioration (ə-mēl′yə-rā′shən), *n.* (١) چاك کردن (باری شتێك)؛ باشترکردن. (٢) چاکی (بارودۆخ)؛ چاك بوون؛ گۆڕان

amen (ā′men′, ä′men′), *interj.* ئامین؛ خوا وا بکات.

adv. بەڕاستی.

amenable (ə-mē′nə-b'l, ə-men′ə-b'l), *adj.* (١) بەرپرسیار؛ لێپرسراو: *(We are all ~ to the law.)* . (٢) گوێ ڕایەڵ؛ گوێ ڕاگر. (٣) (to ~)، بەدەم ئیەیە؛ دەیگرێتەوە: *(~ to the laws of physics)* .

amend (ə-mend′), *v.t.* (١) چاك کردن؛ ڕاستکردنەوە؛ کەموکوڕی نەهێشتن. (٢) گۆڕین (یاسا، دەستوور).

v.i. ڕەوشتی خۆ چاك کردن.

amendment (ə-mend′mənt), *n.* (١) چاك کردن؛ باشترکردن. (٢) ڕاستکردنەوە (هەڵە، ناتەواوی). (٣) گۆڕین (یاسا، دەستوور). (٤) بەیاننامەی گۆڕینی یاسا یا دەستوور.

amends (ə-mendz′), *n.pl.* بۆ بژاردن؛ بژاردن؛ هەق بۆ کردنەوە: *(He made ~ for his rudeness.)*

amenity (ə-men′ə-ti, ə-mē′nə-ti), *n.* (١) سازگاری؛ خۆشی و جوانی (شوێن، ئاوهەوا): *(the ~ of the California climate)* . (٢) *(pl.)*، هۆی خۆشی و حەوانەو ئاسوودەیی: *(This town has all the ~ies one needs.)* (٣) *(pl.)*، ڕەفتاری جوان.

ament (am′ənt, ā′mənt), *n.* هێشووە گوڵی شۆڕبووەوە.

ament (ā′mənt, ā′ment), *n.* کەسێکی بێ مێشك.

amentia (ə-men′shə, ā-men′shi-ə), *n.* (١) مێشك سووکی؛یەکی زگماکی. (٢) شێتێیەکی سەردەمی.

amerce (ə-mūrs′), *v.t.* (١) سزای پارە دان؛ پێ بژاردن. (٢) سزادان.

-amercement *(n.)*.

America (ə-mer′ə-kə, ə-mer′i-kə), *n.* (١) ئەمەریکای باکوور. (٢) ئەمەریکای باشوور. (٣) ئەمەریکای باکوورو باشوورو ناوەڕاست. (٤) وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا.

the Americas, ئەمەریکای باکوورو باشوورو ناوەڕاست.

American (ə-mer′ə-kən, ə-mer′i-kən), *adj.* ئەمەریکی (گەل، زمان، کلتوور... هتد).

n. (١) ئەمەریکی؛ ئەمەریکایی؛ کەسێکی ئەمەریکی؛ هاووڵاتییەکی ئەمەریکی. (٢) زمانی ئینگلیزی یا ئەمەریکی.

Americana (ə-mer′ə-kan′ə, ə-mer′ə-kä′nə), *n.pl.* چەند پەرتووکو ڕۆژنامەو شتومەکێك کە دەربارەی ئەمەریکاو مێژووی ئەمەریکاو خەڵکەکەیەوە بن.

American English, زمانی ئینگلیزی ئەمەریکی (کە ئەختێك لە زمانی ئینگلیزی بەریتانی جیایە، بەڵام هەردووکیان هەر بە یەك زمان دادەنرێن).

American Indian, هیندی ئەمەریکی کە بە " سوور " ناسراون.

Americanism (ə-mer′ə-kən-iz′m), *n.* (١) ئەمەریکێتی. (٢) خوو و ئەریت یا بیروباوەڕێکی ئەمەریکی. (٣) ووتە یا زاراوەیەکی ڕەسەنی ئەمەریکی. (٤) دڵسۆزی بۆ ئەمەریکاو مێژوو و دەستوورو شێوەی ژیانو دەزگاکانی.

Americanist (ə-mer′ə-kən-ist), *n.* (١) زانای مێژوو، زمەوی، یا

ویژەی نەمەریکا. (٢) زاناى هیندیی‌یە نەمەریکی‌یەکان‌و کلتوورەکەیان. (٣) کەسێکی سەر بە نەمەریکا.

Americanize (ə-mer′ə-kən-īz′), *v.t. & v.i.* کردن بە نەمەریکی؛ وەک نەمەریکی لێکردن یا لێهاتن؛ خوو و ڕەووشتی نەمەریکایی گرتن. **-Americanization** *(n.).*

amiability (ā′mi-ə-bil′ə-ti), *n.* ڕووخۆشی.

amiable (ā′mi-ə-b'l), *adj.* ڕووخۆش **-amiably** *(adv.).*

amicability (am′ik-ə-bil′ə-ti), *n.* ڕووخۆشی؛ ناشتیخوازی؛ لاشەیی

amicable (am′i-kə-b'l), *adj.* ڕووخۆش؛ ناشتیخواز؛ لاشەیی.

amicably (am′i-kə-bli), *adv.* بە خۆشی‌و بێ شەڕ (ناکۆکی-) بڕینەوە)؛ بە ناشتی: *(to settle a disagreement ~)*.

amid (ə-mid′), *prep.* لەناو؛ لەنێوان.

amidst (ə-midst′), *prep.* = amid.

amino acids, ترشی نەمینی.

amir (ə-mēr′), *n.* کوڕە پاشا؛ شازادە؛ میر.

amiss (ə-mis′), *adv.* بە هەڵە؛ بە چەوتی؛ بە ناتەواوی. *adj.* هەڵە؛ چەوت؛ ناتەواو.

amitosis (am′ə-tō′sis), *n.* دابەشبوونی ڕاستەوخۆ لە خانەی لەشی گیانداری سەرەتایی وەک " نەمیبیا " دا.

amity (am′ə-ti), *n.* برادەرێتی؛ پەیوەندی ناشتی‌و برادەرێتی (لەنێوان وڵاتاندا).

ammonia (ə-mōn′yə, ə-mō′ni-ə), *n.* نەوشادر؛ نەمۆنیا.

ammunition (am′yoo-nish′ən), *n.* (١) تەقەمەنی جەنگ (گوللە، باروود، بۆمبا، نارنجۆک، مووشەک)؛ جبەخانە. (٢) چەک *(Argument is his ~ .)*. (٣) [Archaic]، کەرەسەی لەشکر؛ تفاقی سوپا.

amnesia (am-nē′zhi-ə, am-nē′zhə), *n.* نەخۆشی لەبیرچوونەوە بە هۆی خورپە، نەخۆشی، یا برینداربوونی مێشک). **-amnesic** *(adj. & n.).*

amnesty (am′nəs-ti, am′nes′ti), *n.* بەخشینی گشتی لە کردەوەی دژ بە میری؛ لێخۆش بوون یا لێبووردنی گشتی. *v.t.* لە گشت خۆش بوون.

amnion (am′ni-ən), *n.* کیسەی منداڵدان. **-amnionic** *(adj.).*

amnionic fluid, ئاوی کیسەی منداڵدان.

amn't (am′′nt), [Colloq.], = am not., وا نیم.

amoeba (ə-mē′bə), *n.* نەمیبیا: زیندەوەرێکی یەک شانەیی مشەخۆرە بە کەرت بوون زیاد دەکات.

amoebic (ə-mē′bik), *adj.* (١) نەمیبی؛ وەک نەمیبیا وایە. (٢) لە نەمیبیاوە تووش دەبێت.

amok (ə-muk′, ə-mok′), *adj., adv. & n.* = amuck.

among (ə-muŋ′), *prep.* لەنێوان (دوو کەس یا شت یا زیاتر)؛ لەناو: *(You are ~ friends. ; fairest ~ women ; The estate was divided ~ the relatives.)*

amongst (ə-muŋst′, ə-muŋkst′), *prep.* = among.

amoral (ā-môr′əl, ā-mor′əl), *adj.* (١) گوێ نەدەر بە ڕەووشتی باش‌و خراپ؛ پاک‌وپیس نەکەر لە ڕەووشتدا: *(Infants are ~ .)*. (٢) نە باش‌و نە خراپ (ڕەووشت، کردەوە، کردار): *(~ customs)*.

amorist (am′ə-rist), *n.* کەسێک کە خولیای دڵداری‌و جووت بوون بێت.

amorous (am′ə-rəs), *adj.* (١) دڵدار؛ خولیای دڵداری‌و جووت بوونە. (٢) دڵدارێتی؛ حەزی لێندەکات: *(to be ~ of someone)*. (٣) تایبەتی بە دڵداری‌و خۆشەویستی: *(an ~ poem)*. (٤) دڵداری‌و حەزدەربڕ: *(~ looks)*.

amorphous (ə-môr′fəs), *adj.* (١) بەبێ شێوەیەکی تایبەتی. (٢) لێڵ؛ نادیار؛ ناڕێک‌وپێک.

amort (ə-môrt′), *adj.* [Archaic], مردوو.

amortize (am′ēr-tīz′, ə-môr′tīz′), *v.t.* (١) قەرز سڕینەوە بە دانەوەی بەرە بەرەی قەرزەکە. (٢) دەرکردنی پارەی خەرج کراو لەسەر خانوویەک لە باجی دەرامەت لە ماوەی چەند ساڵێکدا. (٣) بەخشین یا پێ فرۆشتنی خانوو و زەوی‌وزار بە کڵێسە یا قوتابخانەیەک. **-amortization** *(n.).*

amount (ə-mount′), *v.i.* (١) کردنە نەوەندە؛ نەوەندە گرتنەوە: *(The bill ~s to four dollars.)*. (٢) بڕیتی بوون لە: *(Her criticism ~s to nothing.)*. *n.* (١) کۆ؛ سەرجەم. (٢) هەند؛ بڕ: *(a fair ~ of resistance)*.

amount to, بڕیتی‌یە لە؛ دەکاتە نەوەندە؛ ئەوە دەگرێتەوە؛ نەوەندەیە.

amour (ə-moor′), *n.* دڵداری (بەتایبەتی هی نهێنی یا قەدەغە).

amperage (am-pêr′ij, am′pêr′ij), *n.* هێزی تەووژمی کارەبا بە ئەمپێر.

ampere (am′pêr, am-pêr′), *n.* ئەمپێر: پێوەری هێزی کارەبا؛ یەکەی پێوانەی هێزی تەووژمی کارەبا.

amphi- (am′fi), پێشگرێکە بەمانای: (١) لە هەردوولاوە؛ لە هەردوو- سەرەوە. (٢) بەدەوردا. (٣) دووچەشنە.

Amphibia (am-fib′i-ə), *n.pl.* گیانداری تەڕو ووشکی (وەک بۆق).

amphibian (am-fib′i-ən), *adj.* (١) تایبەتی بە گیانداری تەڕو-ووشکی. (٢) تەڕو ووشکی. *n.* (١) گیاندارێکی تەڕو ووشکی. (٢) ڕووەکێکی تەڕو ووشکی. (٣) کەسێکی بێبار یا دووڕوو. (٤) فڕۆکەیەک کە لەسەر ئاویش‌و ووشکانیش هەڵدەستێت‌و دەنیشێتەوە. (٥) دەبابەیەک کە لەناو ئاویش‌و ووشکانیشدا کاردەکات

amphibiotic (am′fi-bī-ot′ik), *adj.* تەڕو ووشکی (گیاندار).

amphibious (am-fib′i-əs), *adj.* (١) تەڕو ووشکی (گیاندار): *(an ~ animal)* (٢) لە دەریایشەوە‌و لە زەمینیشەوە: *(an ~ landing)*. (٣) لە دەریایش‌و لە ووشکانیشدا کاردەکات: *(an ~ airplane)*. (٤) دووڕوو؛ دوو سروشت.

amphibology (am′fi-bol′ə-ji), *n.* (١) لێڵی (مانا)؛ ناڕوونی؛ دوو مانا بەخشین. (٢) ووتەی لێڵ یا دوو مانا.

amphitheater, amphitheatre (am′fə-thē′ə-tēr), *n.* (١) شانۆیەکی خڕە کورسی‌یەکانی بە لێژگەیەکەوە لە سێ لاوە دانراون (وەک هی یۆنان‌و ڕۆمانەکان). (٢) تەختایی‌یەکی دەوردراو بە لێژگە.

ample (am′p'l), *adj.* (١) فراوان؛ ژل؛ گەورە. (٢) زۆروزەبەند؛ فرە؛ زۆر: *(There is ~ time.)*.

amplification (am′plə-fi-kā′shən), *n.* (١) گەورەکردن (دەنگ)؛ ژل کردن. (٢) درێژەپێدان (ڕاپۆرت، ووتار)؛ ڕوونکردنەوە.

amplifier (am′plə-fī′ər), *n.* دەنگ گەورەکەر (ئامێر).

amplify (am′plə-fī′), *v.t.* (١) دەنگ گەورەکردن. (٢) زیادکردن (هێز، دەسەلات). (٣) درێژەپێدان (ڕاپۆرت، ووتار): *(A~ your statement.)*. (٤) زیادە پێوەنان؛ پێ ئ هەڵبڕین؛ فشەکردن؛ درۆ پێوەنان. *v.i.* ڕوونکردنەوە بە دوورودرێژی.

amplitude (am′plə-tōōd′, am′plə-tūd′), *n.* (١) زۆری؛ ڕێژی؛ زۆروزەبەندیی؛ فرەیی. (٢) فراوانی؛ گەورەیی؛ مەودا

amply (am′pli), *adv.* زیاد لە پێویست؛ تا ڕادەیەکی زۆر: *(He was ~ supplied with money.)*

ampoule (am′pōōl), *n.* ئەمپوول: شووشەیەکی بچووکی سەرمۆرە دەرمانی یەک شرینقەی تێدایە

ampule (am′pūl), *n.* = ampoule.

amputate (am′pyoo-tāt′), *v.t.* بڕینەوەی پەڵی مرۆڤ یا گیاندار بە نەشتەرگەری (بەتایبەتی لەبەر نەخۆشی): *(to ~ a leg)* .

-amputation *(n.)*; **amputator** *(n.)*.

amputee (am′pyoo-tē′), *n.* کەسێکی پەل بڕاوە.

amuck (ə-muk′), *adj. & adv. Also* **amock**, پیاوکوژ؛ شێتوهار؛ هار؛ بەڵەسە.

run amuck, (١) شێتوهاربوون و خەڵک کوشتن. (٢) بەڵەسەبوون؛ شێتوهاربوون؛ پەت پچڕاندن.

amulet (am′yoo-lit), *n.* چارەزار؛ نوشتە.

amuse (ə-mūz′), *v.t.* (١) کات بردنەسەر بە خۆشی؛ خۆ خەریک کردن بە شتی سەیرو خۆشەوە: *(We ~d ourselves with games.)* . (٢) دڵ کردنەوە؛ دڵخۆش کردن.

amused (ə-mūzd′), *adj.* (١) بەکەیف؛ خەریکی شتی سەیرو خۆش. (٢) سەیرپێناتوو؛ گاڵتەپێناتوو.

amusement (ə-mūz′mənt), *n.* (١) سەیران و خۆشی؛ خۆشی؛ گاڵتەوگەپ؛ رابواردن. (٢) شتێکی سەیرو خۆش؛ شتی دڵخۆشکەر.

amusement park, سەیرانگای چەرخ‌وفەلەک و یاری تر؛ شاری یاری؛ باخچەی گشتی.

amusing (ə-mūz′iŋ), *adj.* نەنتیکە؛ سەیرخۆش؛ خۆش (ڕووداو)؛ سەیر: *(an ~ person, act, thing, etc.)* .

-amusingly *(adv.)*.

an (ən; *unstressed,* an), *adj.*, **indefinite article,** یەک؛ یەکێک؛ هەریەکی؛ نامرازی نەناسە لەپێش نەو وشانەوە دادەنرێت کە بە تیپی بزوێنو " h " دەست پێ دەکەن: (an orange, an apple, an umbrella, an hour)

an, an' (an), *conj.* (١) [Dial.]، وەک و. (٢) [Archaic] ئەگەر؛ وە ئەگەر.

an- (an), پێشگرێکە بەمانای بەبێ: *(anosmia)* .

-an (an), پاشگرێکە بەمانای: (١) تایبەتی بە؛ هی: *(diocesan)* . (٢) خەڵکی شوێنێک؛ دانیشتوو یا هاوڵاتی: *(Mexican, American)* . (٣) پەیرەوکەر؛ - ی: *(Mohammedan)* .

ana- (an′ə, ə-na′), پێشگرێکە بەمانای: (١) سەرەوە؛ بۆ سەرەوە: *(anabolic)* (٢) بۆ دواوە: *(anagram)* . (٣) سەرلەنوێ؛ دیسانەوە: *(Anabaptist)* . (٤) هەموو؛ بە هەموویدا: *(analysis)* . (٥) بەپێی؛ بەگوێرەی؛ وەک: *(analogy)* .

Anabaptist (an′ə-bap′tist), *n.* لقێکی ئایینی پرۆتستانتێیە کە دەڵێت: دەبێت مرۆڤ بە گەورەیی پێرۆز بکرێتەوە بە لەئاوهەڵکێشانی نەک بە منداڵی

anabas (an′ə-bas′), *n.* جۆرە ماسیەیەکی نەفەریقایی و ئاسیایی‌یە.

anabasis (ə-nab′ə-sis), *n.* هێرشی سوپایی.

anabatic (an′ə-bat′ik), *adj.* بەرزبوونەوە *(~ winds)* .

anabiosis (an′ə-bī-ō′sis), *n.* زیندووکردنەوە یا هێنانەوە هۆش خۆ بە هەناسە پێدان

anabolism (ə-nab′ə-liz′m), *n.* هەرس کردنی خواردەمەنی و بوونی بە شانەی زیندوو لە گیاندارو ڕووەکدا.

anachronism (ə-nak′rə-niz′m), *n.* (١) هەڵەی مێژوویی. (٢) شتێک کە لە کاتی مێژووی خۆیدا نەبێت؛ شتێکی باو نەماو: *(Monarchy has become an ~ .)*

anachronistic (ə-nak′rə-nis′tik), *adj.* لەگەڵ مێژوودا نەگونجاو.

anaconda (an′ə-kon′də), *n.* ئانەکۆندا؛ مارێکی زل بێ ژەهری نەمەریکای باشووڕە خۆی دەئاڵێنێت لە نێچیرەکەیەوە و دەیکوژێت.

anadem (an′ə-dem′), *n.* باقەگوڵی سەر.

anadromous (ə-nad′rə-məs), *adj.* لە دەریاوە بەرەو قوڕگی ڕووبار ڕۆیشتوو بۆ گەراکردن (ماسی سالمۆن).

anaemia (ə-nē′mi-ə), *n.* = anemia.

anaemic (ə-nē′mik), *adj.* = anemic.

anaesthesia (an′əs-thē′zhə, an′əs-thē′zhi-ə), *n.* = anesthesia.

anaesthetic (an′əs-thet′ik), *adj. & n.* = anesthetic.

anaesthetist (ə-nes′thə-tist), *n.* = anesthetist.

anaesthetize (ə-nes′thə-tīz′), *v.t.* = anesthetize.

anagoge (an′ə-gō′ji), *n. Also* **anagogy**, لێکدانەوەی سۆفیانەی ئینجیل.

-anagogic; anagogical *(adj.)*; **anagogically** *(adv.)*.

anagram (an′ə-gram′), *n.* (١) ووشەیەک کە لە پاش و پێش خستنی تیپی ووشەیەکی تر پێکدێت. وەک: (now- won ; made- dame) . (٢) *(pl.)*، یاریەکی وەها.

anal (ā′n'l), *adj.* تایبەتی بە کۆم یا قنگ؛ نزیکی کۆم.

analects (an′ə-lekts′), *n.pl.* کۆمەڵە نووسراوێکی وێژەیی.

analeptic (an′ə-lep′tik), *adj.* بووژێنەرەوە (دەرمان)؛ بەهێزکەر. *n.* دەرمانی بووژێنەرەوە یا بەهێزکەر.

analgesia (an′al-jē′zi-ə, an′al-jē′si-ə), *n.* هەست بە ئازار نەکردن (پزیشکەوانی).

analgesic (an′al-jē′zik, an′al-jē′sik), *adj.* ئازارکوژ (دەرمان). *n.* دەرمانی ئازارمرێن؛ دەرمانی ئازارکوژ.

analog computer, analoge computer, کۆمپیوتەرێک کە ژمارە بە پێوانە دەردەبڕێت.

analogical (an′ə-loj′i-k'l), *adj.* لەبەرکچوو؛ بەرامبەر.

analogize (ə-nal′ə-jīz′), *v.t. & v.i.* بەراوردکردن؛ لەبەرکچووانەوە (بۆ ڕوونکردنەوە).

analogous (ə-nal′ə-gəs), *adj.* (١) هاوشێوە؛ لەبەرکچوو؛ بەرامبەر. (٢) لەبەرکچوو لە فرماندا نەک لە شێوەو بنچینەدا (زیندەوەرناسی).

analogue, analog (an′ə-lôg′, an′ə-log′), *n.* (١) شتی- لەبەرکچوو. (٢) ووشەی هاوسەرچاوە لە دوو زمان یا زیاتردا.

analogy (ə-nal′ə-ji), *n.* (١) لەبەرکچوون؛ چوونیەکی (لە هەندێک ڕووەوە)؛ بەرامبەری؛ هاوشێوەیی. (٢) لەبەرکچووانەوە (بۆ ڕوونکردنەوە)؛ بەراوردکردن. (٣) لەبەرکچوونی فرمان نەک شێوەو بنچینە (زیندەوەرناسی).

analyse (an′ə-līz′), *v.t.* = analyze.

analysis (ə-nal′ə-sis), *n.* شیکردنەوە؛ شیکاری؛ لێکزانینەوە.

analyst (an′ə-list), *n.* لێکزانەرەوە؛ شیکەرەوە؛ شیکار.

analytic (an′ə-lit′ik), *adj.* = analytical.

analytical (an′ə-lit′i-k'l), *adj.* (١) تایبەتی بە لێکزانینەوە یا شیکردنەوە. (٢) شیکەرەوە؛ لێکزانەرەوە؛ کەسێکی کارامە لە لێکزانینەوەدا؛ حەزکەر لە شیکردنەوە: *(an ~ man, mind, etc.)* .

-analytically *(adv.)*.

analytic geometry, ئەندازەی شیکردنەوە.

analyze (an′ə-līz′), *v.t.* (١) شیکردنەوە؛ لێکزانینەوە؛ یەکالاکردنەوە: *(He tried to ~ the causes of our failure.)* (٢) شیکردنەوەی دەروونی. (٣) جیاکردنەوەی ناوێتەیەک (کیمیا). (٤) شیکردنەوەی ڕستە (ڕێزمان).

anapest, anapaest (an′ə-pest′), *n.* یەکێکە لە کێشەکانی هۆنراوە.

-anapestic; anapaestic *(adj.)*.

anaphora (ə-naf′ə-rə), *n.* دووپاتکردنەوەی ووشەیەک لە سەرەتای دوو ڕستە یا دێڕی هەڵبەستی یەک لەدوای یەک.

anaphrodisia (an-af′rə-diz′i-ə), *n.* نەبوون یا کەمبوونەوەی

هەوەسی حووت بوون.

anaphrodisiac (an-af´rə-diz´i-ak), ***adj. & n.*** هەوەسی حووت بوون یا کەمکەرەوە (دەرمان).

anarchic (an-är´kik), ***adj.*** (۱) بەرەڵا؛ بەرەڵایی پامیاری. (۲) ئاژاوەپەرست؛ حەزکەر لە بەرەڵایی؛ دژ بە یاسا و دەستوور و نەریت.

-anarchical ***(adj.).***

anarchism (an´ēr-kiz´m), ***n.*** (۱) بیروباوەڕێکە دژ بە هەموو جۆرە فەرمانڕەوایی و دەسەڵاتێکی فەرمانڕەوایی‌یە؛ ئاژاوەخوازی. (۲) بەرهەڵستی کردنی هەموو جۆرە دەسەڵاتێکی فەرمانڕەوایی.

anarchist (an´ēr-kist), ***n.*** ئاژاوەچی؛ ئاژاوەخواز؛ بەرەڵایی خواز؛ بەرەڵایی خوازی پامیاری؛ پشێوی خواز.

-anarchistic ***(adj.).***

anarchy (an´ēr-ki), ***n.*** بەرەڵایی؛ بەرەڵایی پامیاری؛ ئاژاوە؛ پاشاگەردانی؛ پشێوی.

anathema (ə-nath´ə-mə), ***n.*** (۱) کەسێک یا شتێکی لەعنەت لێکراو. (۲) شتێکی ناپەسەندی هەمووکەس پێ ڵێ بوو. (۳) بە لەعنەت کردن و دەرکردنی کەسێک لە کڵێسە. (٤) لەعنەت.

anathematize (ə-nath´ə-mə-tīz´), ***v.t.*** بە لەعنەت کردن

anatomic (an´ə-tom´ik), ***adj.*** = **anatomical.**

anatomical (an´ə-tom´i-k'l), ***adj.*** (۱) تایبەتی بە تونکاری؛ تایبەتی بە یەکاڵاکردنەوەی لەش. (۲) تایبەتی بە پێکهاتنی لەش.

-anatomically ***(adv.).***

anatomist (ə-nat´ə-mist), ***n.*** (۱) تونکاریزان؛ زانای تونکاری. (۲) شیکەرەوە؛ لێکۆڵەرەوە.

anatomize (ə-nat´ə-mīz´), ***v.t.*** (۱) تونکاری کردنی لەش بۆ لێکۆڵینەوەی پێکهاتنی. (۲) شیکردنەوە.

anatomy (ə-nat´ə-mi), ***n.*** (۱) تونکاری (زیندەوەر یا پووەک)؛ تونکاریزانی؛ یەکاڵاکردنەوەی لەش لە تاقیگەدا؛ تونکاری کردن. (۲) زانستی پێکهاتنی لەش. (۳) پەرتووکی زانستی پێکهاتنی لەش. (٤) پێکهاتنی لەش و ئەندامەکانی. (٥) لەشی مرۆڤ. (٦) نێسک. (۷) شیکردنەوە.

ancestor (an´ses-tēr), ***n.*** باوباپیر؛ باپیرەگەورە.

ancestral (an-ses´trəl), ***adj.*** تایبەتی بە باوباپیر؛ می باوباپیر: ***(an ~ home)***

ancestress (an´ses-tris), ***n.*** داپیرەگەورە

ancestry (an´ses-tri), ***n.*** (۱) بنەچە؛ ڕەگەز. (۲) باوباپیر.

anchor (aŋ´kēr), ***n.*** (۱) لەنگەر (کەشتی، بەلەم). (۲) پاگرە؛ پشتیوان؛ پاڵپشت؛ لایەنگر.

v.t. (۱) جێگیرکردن. (۲) لەنگەرهاویشتن؛ لەنگەرفڕێدان؛ لەنگەرپێگرتن.

v.i. (۱) لەنگەرخستن؛ لەنگەرهاویشتن؛ لەنگەرگرتن. (۲) جێگیربوون.

at anchor, لەنگەرخستوو (کەشتی)؛ لەنگەرهاویشتوو.

cast (or drop) anchor, (۱) لەنگەرخستن؛ لەنگەرهاویشتن. (۲) جێگیربوون

drag anchor, (۱) ڕاماڵرانی بەلەم و کەشتی بەرەو کەناری دەریا لەبەر بن لەنگەری. (۲) دۆڕان؛ ژێرکەوتن.

weigh anchor, (۱) لەنگەرهەڵکردن. (۲) ڕۆیشتن.

anchorage (aŋ´kēr-ij), ***n.*** (۱) مزی لەنگەرخستن. (۲) لەنگەرخستن؛ لەنگەرهاویشتن. (۳) لەنگەرگا. (٤) پشتیوان؛ پاڵپشت.

anchorite (aŋ´kə-rīt´), ***n.*** ووشکەسۆفی؛ قەلەندەر؛ خەڵوەتخوا.

anchor man, (۱) دوا کەسی گوریس کێشەکی. (۲) قرە. (۳) دوا ڕاکەری تیپی ڕاکردنی دەست بە دەست گەیاندنی پێشبڕکێ. (٤) لەنگەر (مرۆڤ)؛ پشتیوان؛ کۆڵەکە (مرۆڤ)؛ بنە. (٥) سەردەستەی هەواڵ خوێنەران (تەلەفزیۆن، ڕادیۆ).

anchovy (an´chə-vi, an´chō´vi), ***n.*** ماسی‌یەکی دەریایی زۆر بچووکە خوێ و بەهاراتی پێوەدەکرێت و دەکرێتە قوتووی سەرمۆرەوە.

ancient (ān´shənt), ***adj.*** (۱) کۆن (کات)؛ دێرین؛ دێرزەمان. (۲) کۆن (شت)؛ کۆنە؛ پیر.

n. (۱) کەسێکی لە کۆندا ژیاو. (۲) کەسێکی پیر؛ پیر.

the ancients, (۱) مرۆڤی کۆن (بەتایبەتی کاتی یۆنان و ڕۆمانەکان)؛ پێشینان. (۲) نووسەر و هونەرمەندانی کۆن.

-anciently ***(adv.)***; **ancientness** ***(n.).***

ancient (ān´shənt), ***n.*** [Archaic], (۱) ئاڵا؛ بەیداخ. (۲) ئاڵاهەڵگر (سوپا).

ancillary (an´sə-ler´i), ***adj. & n.*** (۱) بەردەست؛ ژێردەست. (۲) یاریدەدەر؛ پاشکۆ.

and (and; ***unstressed,*** ənd), ***conj.*** (۱) و؛ وە؛ هەروەها؛ ـ یش. (۲) [Obs.]، ئەگەر. (۳) بۆئەوەی؛ بەڵکو: ***(Try ~ come today.)***

andiron (and´ī´ērn), ***n.*** سێپا (ئاگردان)؛ سێ کوچکە.

andro-, andr- (an´drō, an´drə), پێشگرێکە بەمانای: (۱) پیاو؛ نێر؛ نێرینە. (۲) نێرەک (گوڵ).

androgen (an´drə-jən), ***n.*** هۆرمۆنی نێرینە.

androgenous (an-droj´ə-nəs), ***adj.*** (۱) متداڵ یا بەچەی نێری دەبێت. (۲) تەنها نێرەکی پێوەیە (پووەکناسی).

androgyne (an´drə-jin), ***n.*** پووەکێک کە نێرەکو نێرەکی پێوەیە.

androgynous (an-droj´ə-nəs), ***adj.*** (۱) نێرەموک. (۲) نێرەکو نێرەکی پێوەیە لە هەمان کاتدا (پووەکناسی).

-androus (an´drəs), پاشگرێکە بەمانای: نێرکدار (پووەکناسی).

anecdotal (an´ik-dō´t'l), ***adj.*** (۱) چیرۆکی؛ سەرگوزەشتەیی. (۲) پڕ لە چیرۆک.

anecdote (an´ik-dōt´), ***n.*** سەرگوزەشتە؛ چیرۆکێکی کورت و خۆش و نەستەق.

-anecdotic ***(adj.)***; **anecdotist** ***(n.).***

anelectric (an´ə-lek´trik), ***adj.*** ناکارەبایی؛ کارەبای ناچێتە سەر بە لێکخشاندن.

anemia (ə-nē´mi-ə), ***n.*** نەخۆشی کەم خوێنی؛ خوێن کەمی.

anemic (ə-nē´mik), ***adj.*** کەم خوێن (نەخۆشی)؛ خوێن کەم: ***(an ~ person)***

anemo-, anem- (an´ə-mə, ə-nem´ə), پێشگرێکە بەمانای: با: ***(anemometer)***

anemography (an´ə-mog´rə-fi), ***n.*** زانستی پێوان و تۆمارکردنی خێرایی با.

anemology (an´ə-mol´ə-ji), ***n.*** نەیمۆلۆجی؛ زانستی با؛ بازانی

anemometer (an´ə-mom´ə-tēr), ***n.*** پێوەری توندوتیژی و خێرایی با.

anemometry (an´ə-mom´ə-tri), ***n.*** خێرایی با پێوان.

anemone (ə-nem´ə-nē´), ***n.*** (۱) گوڵاڵە. (۲) . **sea anemone**

anemophilous (an´ə-mof´ə-ləs), ***adj.*** لە یەك چاك کراو بەهۆی باوە (پووەکناسی).

anemophily (an´ə-mof´ə-li), ***n.*** لەیەك چاك کران بەهۆی باوە (پووەکناسی).

aneroid (an´ēr-oid´), ***adj.*** ووشك؛ شلە بەکارنەهێنەر: ***(an ~ barometer)***

n. = **aneroid barometer.**

aneroid barometer, پەستانپێوی ووشك؛ بارۆمەتری کانزایی

anesthesia (an´əs-thē´zhə, an´əs-thē´zhi-ə), ***n.*** بەنج؛ سڕکردن (پزیشکەوانی).

anesthesiology (an´əs-thē´zi-ol´ə-ji), ***n.*** زانستی بەنج یا سڕکردن.

anesthetic (an´əs-thet´ik), ***adj.*** (۱) تایبەتی بە بەنج یا سڕکردن. (۲) سڕکەر (دەرمان).

n. دەرمانی بەنج یا سڕکردن.
anesthetist (ə-nes′thə-tist), *n.* پزیشکی بەنج؛ بەنجکەر.
anesthetize (ə-nes′thə-tīz′), *v.t.* بەنج کردن؛ سڕکردن؛ هەست کوشتن.
anew (ə-nōō′, ə-nū′), *adv.* (١) سەرلەنوێ؛ دیسانەوە؛ دووبارە. (٢) بە شێوەیەکی تازە.
angel (ān′jəl), *n.* (١) فریشتە؛ پەری. (٢) مرۆڤێکی باش و پاک و بەسزمان و بەبەزەیی و جوان. (٣) پارەیەکی زێڕی کۆنی ئینگلیزیە. (٤) [Slang]. کەسێک کە پارە دادەنێت بۆ نوواندنی شانۆگەرییەک.
angelfish (ān′jəl-fish′), *n.* (١) جۆرە سەگ ماسییەکە پەڕەکانی لە بال دەچێت. (٢) جۆرە ماسییەکی ڕەنگاوڕەنگە.
angelic (an-jel′ik), *adj.* (١) فریشتەیی. (٢) وەک فریشتەیە لە بەسزمانی و پاکی و چاکی و بەبەزەیی و جوانیدا.
anger (aŋ′gēr), *n.* (١) تووڕەیی؛ تووڕەبوون؛ ڕق؛ قین. (٢) [Obs.]. ئازار؛ ناخۆشی؛ نەخۆشی. (٣) [Dial.]. هەوکردنی برین.
v.t. (١) تووڕەکردن؛ ڕق هەڵساندن؛ قین هەڵساندن. (٢) [Dial.]. هەوپێکردنی برین.
angina (an-jī′nə, an′ji-nə), *n.* (١) وەناق؛ نەخۆشییەکی قوڕگە دەبێتە هۆی هەناسە بۆ نەدران. (٢) angina pectoris.
angina pectoris, نەخۆشییەکی دڵ دەبێتە هۆی سنگ ئێشان و هەناسە بۆ نەدران؛ سنگەوەناق.
angle (aŋ′g'l), *n.* (١) گۆشە. ٢) سووچ؛ کونج؛ قوژبن. (٣) ڕوو (مەسەلە. گیروگرفت)؛ لا: *(to consider the question from all ~s)* (٤) باری سەرنج. (٥) [Slang]، پیلان؛ فێل.
v.t. & v.i. (١) بە لابەلایی هوولاندن یا وەرگێڕان. (٢) بە خواری لێدان (تۆپ). (٣) [Colloq.]. گۆڕین یا شێواندنی دەنگوباسێک بۆ مەبەستی تایبەتی خۆ؛ لێدووان لە گۆشەیەکی تایبەتی‌یەوە.
angle (aŋ′g'l), *n.* قولابی ڕاوەماسی
v.i. (١) ماسی گرتن بە قولاپ (٢) هەوڵدان بۆ شتێک بە فێڵوتەڵەکەو پیلان: *(He ~d for her attention.)*
angled (aŋ′g'ld), *adj.* گۆشەدار
Angles (aŋ′g'lz), *n.pl.* تیرەیەکی نەمانی بوو کە لە سەدەی پێنجەمی زایندا کۆچیان کرد بۆ ئینگلتەرەو لەوێ جێگیر بوون وە ناوی " ئینگلیز " و " ئینگلتەرە " لە ناوی ئەم تیرەیەوە هاتووە
-Anglian *(adj.).*
angleworm (aŋ′g'l-wūrm′), *n.* کرمێکە دەکرێت بە قولاپەوە بۆ ماسی گرتن
Anglican (aŋ′gli-kən), *adj.* (١) تایبەتی بە ئینگلتەرەو کلتوورو گەلەکەی. (٢) تایبەتی بە کڵێسەی " نەنگلیکانی " ، واتە ئینگلیزی.
n. نەندامی کڵێسەی " نەنگلیکانی " .
Anglicanism (aŋ′gli-kən-iz′m), *n.* بیروباوەڕو ڕێبازی کڵێسەی " نەنگلیکانی "
Anglicism, anglicism (aŋ′glə-siz′m), *n.* (١) ووتە، ووشە، یا زاراوەیەکی تایبەتی بە زمانی ئینگلیزی. (٢) شتێکی تایبەتی بە گەلو وڵاتی ئینگلیز
Anglicist (aŋ′glə-sist), *n.* زانای زمانو وێژەی ئینگلیزی.
Anglicize (aŋ′glə-sīz′), *v.t. & v.i.* گۆڕین بە ئینگلیزی (زمان، ووتە، ڕەفتار، خوو و نەریت)؛ وەک ئینگلیزی یا ئینگلیز لێکردن.
Anglify (aŋ′glə-fī′), *v.t.* = Anglicize.

angling (aŋ′gliŋ), *n.* ماسی گرتن بە قولاپ.
Anglo- (aŋ′glō), پێشگرێکە بەمانای: ئینگلیزی؛ ئینگلیزیو... .
Anglo-American (aŋ′glō-ə-mer′ə-kən), *adj.* ئینگلیزی- ئەمەریکی؛ تایبەتی بە ئینگلیزی- ئەمەریکی.
n. ئەمەریکییەک کە لە بنەچەی ئینگلیز بێت.
Anglophile (aŋ′glə-fīl′, aŋ′glō-fīl′), *n. & adj.* دۆستی- ئینگلیزو ئینگلتەرە؛ ئینگلیزدۆست.
Anglophobe (aŋ′glə-fōb′, aŋ′glō-fōb′), *n.* کەسێک کە قینی لە ئینگلیزو ئینگلتەرەیەو ئایبان دەترسێت.
Anglophobia (aŋ′glə-fō′bi-ə, aŋ′glō-fō′bi-ə), *n.* ترسو قین لێبوونی ئینگلیزو ئینگلتەرە.
Anglo-Saxon (aŋ′glō-sak′s'n), *n.* (١) ئەنگلۆ-ساکسۆنی: ئەندامێکی تیرەکانی ئەنگلۆ-ساکسۆنە کە لە ئینگلتەرە جێگیر بوون هەتا سالی (١٠٦٦) ی زایینی. (٢) زمانی ئەنگلۆ-ساکسۆنی (کە پێشی دەووترێت: " ئینگلیزی کۆن " Old English) . (٣) ئینگلیزێک؛ کەسێکی ئینگلیزی کە لە بنەچەی ئەنگلۆ-ساکسۆن بێت.
adj. (١) ئەنگلۆ-ساکسۆنی (زمان، کلتوور). (٢) ئینگلیز؛ تایبەتی بە وەچەی ئەنگلۆ-ساکسۆنی.
Angora (aŋ-gôr′ə, aŋ-gō′rə, aŋ′gə-rə), *n.* (١) پشیلەیەکی تووک درێژو نەرمە. (٢) (ا) بزنێکە بۆ مەرەزەکەی بەخێودەکرێت. (ب) مەرەز. (٣) (ا) جۆرە کەوێشکێکی ماڵییە. (ب) لەزووی تووکی ئەم جۆرە کەوێشکە
angrily (aŋ′grə-li), *adv.* بەتووڕەییەوە؛ بەڕقەوە.
angry (aŋ′gri), *adj.* (١) تووڕە؛ ڕق هەڵساو؛ دڵپڕ؛ پەست. (٢) داگیرساو و بەئازار (برین).
anguish (aŋ′gwish), *n.* ئێشو ئازارێکی توندوتیژی دەروونو مێشک یا لەش؛ خەمو خەفەتێکی زۆر؛ ئەشکەنجە: *(He was in ~ over the divorce.)*
v.t. ئێشو ئازار پێدان؛ خەموخەفەت پێدان.
v.i. بە ئێشو ئازارەوە تلانەوە؛ زۆر خەموخەفەت خواردن.
angular (aŋ′gyoo-lēr), *adj.* (١) گۆشەدار. (٢) ڕەقەڵ (مرۆڤ)؛ لەپرولاواز. (٣) شان تەختە: *(an ~ stride)* .
-angularity *(n.).*
angulate (aŋ′gyoo-lit), *adj.* گۆشەدار.
v.t. & v.i. گۆشەکاری؛ گۆشەکاری کردن.
-angulation *(n.).*
anhydrous (an-hī′drəs), *adj.* بێ ئاو؛ وشک.
anil (an′il), *n.* (١) دار چویت. (٢) خومی شین؛ ڕەنگی نیلی.
anile (an′īl, ā′nīl, an′il), *adj.* خڵەفاو؛ پیرێژنی.
aniline (an′′l-ēn′, an′′l-in, an′′l-īn′), *n.* شلەیەکی چەوری ژەهراوییە لە بەنزین دەردەهێنرێتو خومی لێ دروست دەکرێت.
anility (ə-nil′ə-ti), *n.* ووتە، کردەوە، یا بیرێکی خڵەفاوانە.
anima (an′ə-mə), *n.* گیان؛ ڕۆح.
animadversion (an´ə-mad-vūr′zhən), *n.* ڕەخنە؛ لۆمە.
animadvert (an´ə-mad-vūrt′), *v.i.* ڕەخنەگرتن.
animal (an′ə-m'l), *n.* (١) گیاندار؛ زیندەوەر؛ بێ زمان؛ چوارپێ. (٢) مرۆڤێکی دڕندەی بەدڕەوشت.
adj. (١) تایبەتی بە گیاندار. (٢) نزم (هەست)؛ تایبەتی بە هەستی جووت بوونو لەش نەک هەستی بەرز: *(~ desires)* .
animalcule (an´ə-mal′kyool), *n.* زیندەوەرێکی گەردبینی؛ زیندەوەرێکی بە چاو نەبینراو.
animalculum (an´ə-mal′kyoo-ləm), *n.* = animalcule.
animal husbandry, وڵاخو مەڕومااڵت بەخێوکردن.
animalism (an′ə-m'l-iz′m), *n.* (١) هەستووشتو کردارو ئارەزووی گیانەوەر. (٢) بیروباوەڕێکە دەڵێت: مرۆڤ هیچی جیاواز نییە لە زیندەوەرانی

تی.

animality (an´ə-mal′ə-ti), *n.* (۱) سرووشتی گیانەوەر. (۲) جیهانی گیانداران؛ گیانداران.

animalize (an′ə-m'l-īz´), *v.t.* وەك چوارپێ لێکردن؛ هەستی چوارپێیی دەربڕین.

animal kingdom, جیهانی گیانداران؛ هەموو گیانداران؛ گیانەوەر.

animal magnetism, (۱) توانای دڵڕاندن. (۲) هەست و سرووشتی ئاژۆش و جووت بوون.

animate (an′ə-māt´), *v.t.* (۱) زیندوو کردنەوە؛ بووژاندنەوە. (۲) هێنانە جۆش؛ بزووتن؛ خستنە جم‌وجوڵ.

adj. (۱) زیندوو (۲) بەجۆش؛ چالاك؛ زیت.

animated (an′ə-māt´id), *adj.* (۱) بەجۆش؛ گەرم (گفتوگۆ): *(an ~ discussion)*

(۲) لە زیندوویچوو؛ بزوك: *(an ~ doll)*.

animated cartoon, کارتۆنی بزوك: فیلمێکی سینەمایی‌یە لە کارتۆنی بزوك پێکهاتووە.

animater, animator (an′ə-māt´ər), *n.* (۱) بزوێنەر (۲) دروستکەری فیلمی کارتۆنی بزوك.

animation (an´ə-mā′shən), *n.* (۱) بزوان؛ بزواندن. (۲) ژیان؛ زیندوێتی. (۳) جۆش؛ گورج‌وگۆڵی؛ چالاکی. (٤) فیلم کارتۆنی بزوك دروستکردن.

animosity (an´ə-mos′ə-ti), *n.* کینە؛ قین؛ بڕ؛ دوژمنایەتی؛ قینەبەرایەتی؛ ڕقەبەرایەتی.

animus (an′ə-məs), *n.* (۱) هێزێکی بزوێنەر؛ بزوێنەر. (۲) نیاز. (۳) کینە؛ قین؛ بڕ؛ دوژمنایەتی؛ قینەبەرایەتی؛ ڕقەبەرایەتی.

anise (an′is), *n.* (۱) ڕازیانە؛ ئەنیسۆن. (۲) تۆوی بۆن خۆشی ڕازیانە.

aniseed (an′i-sēd´), *n.* تۆوی ڕازیانە

ankle (aŋ′k'l), *n.* قولەپێ؛ قولەقاچ؛ قاپ؛ خرتکە.

anklebone (aŋ′k'l-bōn´), *n.* خرتکە؛ قاپ

anklet (aŋ′klit), *n.* (۱) پاوانە؛ خرخاڵ. (۲) گۆزەوی کورتی ژنانە.

avenue (av′ə-nōō′, av′ə-nū′), *n. Abbr.* Av; Ave, (١) شەقام؛ شەقامێکی پان؛ جادە. (٢) (ا) ڕێگەیەک کە ئەم بەرو ئەوبەری دارودرەخت بێت؛ گوزەر. (ب) ڕێگەیەکی تایبەتی وەها کە بچێت بۆ خانووبەرەیەکی نەختێک دوور لە ڕێگەی گشتییەوە (نینگلتەرە). (٣) ڕێباز؛ ڕێگا؛ دەرگا: *(a new ~ of trade; The best ~ to success is hard work.)*

aver (ə-vûr′), *v.t.* (١) سوێند لەسەر خواردن (ڕاستی شتێک)؛ چەسپاندن (ڕاستییەک)؛ یەکلایی‌کردنەوە. (٢) بەڵگە بۆ هێنانەوە (دادگەری)؛ سەلماندن.

average (av′rij, av′ĕr-ij), *n.* (١) تێکڕا (ژمێرە). (٢) مام ناوەندی؛ ئاسایی: *(Tom's work at school is above the ~ .)*

adj. (١) تێکڕایی؛ تێکڕا: *(What is the ~ temperature in this town during April?)* (٢) مام ناوەندی؛ سادە؛ ئاسایی: *(He is of ~ intelligence)* (٣) قەبڵێنراو بە تێکڕا (کەشتییەوانی).

v.i. بەتێکڕایی نەوەندەکردن یا نەوەندەبوون: *(The children ~ six years of age.)*

v.t. (١) تێکڕایی لێکدانەوە یا دەرهێنان. (٢) نەوەندەکردن یا بوون بە تێکڕا: *(He ~s eight hours of work a day.)* (٣) بەشکردن بەتێکڕایی: *(They ~d the loss among themselves.)* .

average out, [Colloq.], (١) تێکڕایی دەرهێنان یا دۆزینەوە. (٢) تێکڕابوون لەئەنجامدا.

on the average, بە تێکڕا: *(He works six hours a day, on the average.)*

averment (ə-vûr′mənt), *n.* (١) بەڵگە بۆ هێنانەوە (دادگەری)؛ سەلماندن. (٢) یەکلایی‌کردنەوە؛ چەسپاندن. (٣) شتێکی چەسپێنراو یا سەلمێنراو.

Avernus (ə-vûr′nəs), *n.* دۆزەخ (ئەفسانەی ڕۆمانی)؛ جەهەننەم.

averse (ə-vûrs′), *adj.* (١) ڕق لێ بوو؛ قین لێ بوو؛ حەزلێنەکەر؛ بەدڵ نەبوو: *(to be ~ to hard work)* . (٢) لە قەدی ڕووەک یا دارەکە دووربوو (ڕووەکناسی).

aversion (ə-vûr′zhən, ə-vûr′shən), *n.* (١) ڕق؛ قین؛ ناپەدڵی؛ حەز لێ نەکردن: *(She has an ~ to cooking.)* . (٢) شتێک یا کەسێکی حەزلێنەکراو یا کەس نەویست.

avert (ə-vûrt′), *v.t.* (١) ڕووکردن بەولاوە؛ ڕوو لێ وەرگێڕان: *(He ~s his glance from ugly things.)* (٢) خۆ لێ لادان؛ نەهێڵان؛ خۆ لێ دوورگرتن: *(to ~ trouble, failure, an accident, etc.)*

Aves (ā′vēz), *n.pl.* باڵندە (گیانەوەرناسی)؛ توخمی باڵندە.

Avesta (ə-ves′tə), *n.* ئاڤێستا: پەرتووکی پیرۆزی زەردەشتەکان.

Avestan (ə-ves′tən), *adj.* (١) ئاڤێستایی. (٢) تایبەتی بە زمانی ئاڤێستایی.

n. زمانی ئاڤێستایی (کە کۆنترین زمانی هیندۆ–ئەوروپییە).

avian (ā′vi-ən), *adj.* تایبەتی بە باڵندە یا مەل؛ باڵندەیی.

aviary (ā′vi-er′i), *n.* قەفەزێکی گەورەی باڵندە.

aviate (ā′vi-āt′, av′i-āt′), *v.t.* فڕۆکەڤانی کردن. فڕۆکەلێخوڕین؛ فڕۆکەوانی کردن.

aviation (ā′vi-ā′shən, av′i-ā′shən), *n.* (١) زانستی فڕین؛ فڕین؛

فڕۆکەلێخوڕین (۲) فڕۆکە دروستکردن. (۳) فڕۆکەی سەربازی.

aviator (ā′vi-ā′tĕr, av′i-ā′tĕr), *n.* فڕۆکەچی؛ فڕۆکەوان.

aviatrix (ā′vi-ā′triks, av′i-ā′triks), *n.* فڕۆکەوانی ژن

avid (av′id), *adj.* (۱) (~ of; ~ for)، بڕسی (مەجان)؛ بەپەرۆش: *(~ for adventure)*

(ب) جاوبڕسی؛ جاوچنۆک؛ جاوتێرنەخۆر.

(۲) بەپەرۆش؛ بەشەوق؛ بەجۆش؛ زۆر حەزلێکەر: *(an ~ sportsman, reader, supporter, etc.)*

-avidly *(adv.).*

avidity (ə-vid′ə-ti), *n.* (۱) (ا) جاوبرسێتی؛ بە هیچ تێرنەبوون؛ جاوچنۆکی. (ب) برسێتی (مەجان). (ج) پەرۆشی؛ جۆش‌وخرۆشی. (۲) [Rare]، تینی ترشەلۆک (کیمیا).

avifauna (ā′vi-fô′nə), *n.* هەموو بانندەی ناوچەیەک

avionics (ā′vi-ō′niks), *n.* زانست یا تەکنۆلۆجیای فڕین‌و ئامێری نەلەکتڕۆنی فڕین.

-avionic *(adj.).*

avirulent (ā-vir′yoo-lənt, ā-vir′oo-lənt), *adj.* بێ هێزو لاوازو بێ توانایی نەخۆشی تووش کردن (میکرۆب).

avitaminosis (ā-vīt′ə-min-ō′sis), *n.* نەخۆشییەکە هۆی کەمیی ڤیتامینە لە خواردەمەنیدا.

avocado (av′ə-kä′dō, ä′və-kä′dō), *n.* (۱) ئاڤۆکادۆ: میوەیەکی ترۆپیکی نەمەریکایی پێست گرنج گرنج نەوەندەی هەرمێیەکە ناوکێکی گەورەی هەیە. (۲) داری ئەم میوەیە.

avocation (av′ə-kā′shən), *n.* (۱) خولیا؛ شتێکە کەسێک دەیکات بۆ پابواردن نەک بۆ پارە. (۲) [Archaic]، پیشە.

avocet (av′ə-set′), *n.* باڵندەیەکی ئاوی لاق درێژی قاچ تەنراوە دەنووکێکی باریک‌و درێژی هەیە سەرەکەی هەڵگەڕاوەتەوە بۆ سەرەوە.

avoid (ə-void′), *v.t.* (۱) بەتاڵ کردنەوە (دادگەری)؛ سڕینەوە. (۲) خۆ لێ لادان؛ خۆ لێ دوورخستنەوە؛ خۆ لێ پاراستن؛ خۆ لێ تەریک گرتن؛ لێ ڕاکردن؛ سل لێکردنەوە؛ لێ تەکینەوە؛ دوورکەوتنەوە: *(to ~ trouble, embarrassment, responsibility, a person, an accident, etc.)*

avoidable (ə-void′ə-b'l), *adj.* بەتاڵ دەکرێتەوە؛ خۆی لێ لادەدرێت؛ خۆی لێ دەپارێزرێت.

avoidance (ə-void′əns), *n.* (۱) خۆ لێ لادان؛ خۆ لێ پاراستن؛ خۆ لێ دوورگرتن. (۲) بەتاڵ کردنەوە (دادگەری)؛ سڕینەوە.

avoirdupois (av′ĕr-də-poiz′), *n.* (۱) پەیرەوێکی ئینگلیزی‌و نەمەریکییە بۆ پێوانی شتومەک. (۲) [Colloq.]، قورسی (مرۆڤ).

avoirdupois weight, پەیرەوی کێشانی ئینگلیزی‌و نەمەریکییە (شانزە ئاونس " دەکاتە " پاوەنێک‌و دووهەزار پاوەن دەکاتە تەنێک).

avouch (ə-vouch′), *v.t.* (۱) شایەتی بۆ دان (سەرپاستی، باشی، توانا)؛ گەرەنتی دان؛ کەفالەت کردن. (۲) یەکلاکردنەوە؛ ووتن بەبێ دوودڵی. (۳) دان پیانان بەناشکرا؛ پێ لێنان.

avow (ə-vou′), *v.t.* (۱) دان پیانان؛ پێ لێنان؛ ووتن. (۲) ناشکراکردن؛ بڵاوکردنەوە؛ دان پیانان بەناشکرا؛ خۆ ناشکراکردن: *(He ~ed himself a socialist.)*

avowal (ə-vou′əl), *n.* دان پیانانێکی ناشکرا؛ پێ لێنان

avowed (ə-voud′), *adj.* بەناشکرا دان پیانەر؛ خۆناشکراکەر؛ ناسراو *(an ~ Marxist, rebel, enemy, etc.)*

-avowedly *(adv.).*

avulsion (ə-vul′shən), *n.* (۱) بەزۆر لێکردنەوە؛ لێ دابڕین؛ پچڕاندن؛ بەزۆر لەیەک جیاکردنەوە؛ هەڵپرووسکاندن. (۲) پارچەیەکی بەزۆر لێکراوە یا پچڕێنراو. (۳) (ا) لێ دابڕانی کوتوپڕی پەڵەیەک زەوی لە زەوی‌وزاری کەسێک‌و چوونەسەر زەوی‌وزاری کەسێکی تر، بەڵام مانەوەی لە دەست خاوەنی

یەکەمیدا (بەهۆی گۆڕینی ڕێبازی جۆگە). (ب) ڕامالینی زەوی کەسێک بە باوباران‌و بوونی بە بەشێک لە زەوی‌یەکی تر.

avuncular (ə-vuŋ′kyoo-lĕr), *adj.* تایبەتی بە مام یا خاڵ؛ مامانە؛ خاڵانە.

await (ə-wāt′), *v.t.* (۱) چاوەڕێ کردن؛ چاوەڕوان کردن؛ بەتەمابوون: *(to ~ a reply, answer, etc.)*

(۲) بۆ ئامادەبوون؛ چاوەڕوان بوون؛ لە ڕێگەدا بوون: *(Death ~s the strongest man.; A hearty welcome ~s you.)*

awake (ə-wāk′), *v.t.* (۱) لە خەو هەڵساندن؛ هەڵساندن؛ خەبەرکردنەوە. (۲) ووریاکردنەوە؛ ڕاپەڕاندن. (۳) هێنانەوەبیر (ترس، بیرەوەری)؛ زیندووکردنەوە (مەجان).

v.i. (۱) لە خەو هەڵسان؛ خەبەربوونەوە؛ هەڵسان. (۲) هۆشیاربوونەوە؛ سەربەرزکردنەوە؛ بزووان.

adj. (۱) لە خەو هەڵساو؛ بەخەبەر؛ هەڵساو. (۲) زیت؛ ووریا؛ قیت.

awake to, (۱) ئاگادارکردن؛ بیرخستنەوە؛ پێ زانین. (۲) ئاگا لێ بوون؛ ئاگادار؛ بەئاگا.

awaken (ə-wāk′ən), *v.t.* (۱) لە خەو هەڵساندن؛ خەبەرکردنەوە. (۲) ڕاپەڕاندن؛ ووریاکردنەوە؛ ئاگادارکردنەوە؛ بزواندن.

v.i. لە خەو هەڵسان؛ هەڵسان؛ خەبەربوونەوە.

awakening (ə-wāk′ən-iŋ), *n.* (۱) لە خەو هەڵسان؛ خەبەربوونەوە؛ هەڵسان. (۲) بزووتنەوە (هەستی ئایینی، نەتەوایەتی... هتد)؛ ووریابوونەوە

adj. (۱) لە خەو هەڵساو؛ بەخەبەر. (۲) لە خەو هەڵسێن؛ خەبەرکەرەوە؛ ووریاکەرەوە؛ بزوێن.

award (ə-wôrd′), *v.t.* (۱) پێدان (دادگەری)؛ بۆ بڕینەوە (بژاردن): *(The plaintiff was ~ed his damages.)*

(۲) خەڵات کردن؛ پێدان (خەڵات)؛ پێ بەخشین: *(We ~ a prize for the best essay.)*

n. (۱) بڕیار (دادگا). (۲) خەڵات؛ بەخشیش؛ پاداشت.

aware (ə-wâr′), *adj.* ئاگادار؛ بەئاگا؛ ووریا؛ شارەزا؛ بزان؛ چاوکراوە. (گەلێک جار " of " ی لەگەڵدایە " aware of "): *(~ of the situation; ~ of their limitations; He is ~.)*

awareness (ə-wâr′nis), *n.* ئاگا؛ هۆش؛ هۆشیاری؛ زانین؛ شارەزایی.

awash (ə-wäsh′, ə-wôsh′), *adv. & adj.* (۱) ئاو دایپۆشیوە؛ ئاوی لێ هەڵنیشتووە؛ نوقوم بووە لە ئاودا. (۲) ئاو ڕای مالیوە؛ ئاوبردوو. (۳) سەرئاوکەوتوو.

away (ə-wā′), *adv.* (۱) دوور لە؛ بۆ دوور: *(He ran ~.)*. (۲) زۆر (لە دواوە): *(~ behind)*. (۳) بەلادا: *(The land dropped ~.)*. (٤) بەوڵاوە؛ بەولادا: *(Turn your eyes ~.)*. (٥) پێدان؛ ئاشکراکردن: *(Don't give ~ the secret.)*. (٦) نەمان: *(The sound faded ~.)*. (۷) یەکسەر؛ هەر ئێستا: *(Fire ~!)*. (۸) بەبێ وەستان؛ بێ ووچان: *(He worked ~ all night.)*.

adj. (۱) نادیار؛ لێرە نەبیە؛ ڕێشتووە: *(He is ~.)*. (۲) دوور؛ لە (نەوەندە) دووڕەوە: *(a mile ~.)*.

interj. (۱) لاچۆ لەبەرچاوم!؛ بڕۆ!. (۲) با بڕۆین.

away with, (۱) بردن؛ لابردن. (۲) بڕۆ!؛ لاچۆ!؛ لاچۆ لەبەرچاوم!: *(Away with you!)*.

do away with, (۱) لابردن؛ نەهێشتن؛ دوایی پێ هێنان: *(to do away with unnecessary formalities.)*

(۲) کوشتن؛ سەر بە گۆمدا کردن.

give away, بەخشین؛ بە دیاری دان؛ بە خۆڕایی دان.

awe (ô), *n.* (۱) سام؛ ترس؛ سام‌و ترس‌و ڕێز (بۆ کەسێک یا شتێک)؛ شکۆ: *(We stood in ~ of him.)*.

(٢) [Obs.]، ترسێکی زۆر.
v.t. سام لێ نیشتن؛ ترسان.
stand (or be) in awe of, سام لە دڵ بوون بۆ؛ سام لێ نیشتن.
aweather (ə-weth′ēr), *adv. & adj.* بەرەو با؛ پرووەو با.
aweigh (ə-wā′), *adj.* لە بنی ئاو یە لە زەوی نەکەوتووە (لەنگەر).
aweless (ô′lis), *adj.* بێ سام؛ بێ ترس؛ بێ شکۆ.
awesome (ô′səm), *adj.* (١) بەسام؛ سامناک؛ بەشکۆ.
(an ~ sight)
(٢) سام لێ نیشتوو؛ ترس لێ نیشتوو.
awe-stricken (ô′strik″n), *adj.* سام لێ نیشتوو.
awe-struck (ô′struk″), *adj.* سام لێ نیشتوو.
awful (ô′fool), *adj.* (١) بەسام؛ سامناك؛ سامدار.
(٢) تۆقێنەر؛ جەرگبڕ؛ زراوبەر.
(٣) [Colloq.]، (ا) خراپ؛ ناپەسەند: *(an ~ joke; an ~ manners)* .
(ب) زۆر؛ نێجگار *(an ~ bore)* .
awfully (ô′fool-i), *adv.* (١) بەسامەوە؛ سامناکانە؛ بەترسەوە.
(٢) [Colloq.]، زۆر؛ نێجگار زۆر: *(~ late; an ~ pretty dress; an ~ nice person)*
awhile (ə-hwīl′), *adv.* تاوێك؛ بۆ تاوێك؛ بۆ ماوەیەکی کەم.
awkward (ôk′wērd), *adj.* (١) گەلحۆ؛ گێل؛ ناقۆلا؛ حۆل؛ نالەبار؛ ناکارامە *(an ~ person)*
(٢) قەبە؛ ناقۆلا؛ بەناسانی بەکارنامێنرێت: *(an ~ tool)* .
(٣) ناخۆش؛ نارەحەت: *(an ~ position)* .
(٤) نابەجێ؛ ناپەسەند؛ لە جێی خۆیدا نییە؛ ناشرین؛ خراپ:
(an ~ remark)
(٥) مایەی تەریق بوونەوەیە: *(an ~ situation)* .
-awkwardly *(adv.)*; **awkwardness** *(n.)*.
awkward age, هەرزەکاری؛ تەمەنی هەرزەکاری؛ هەرزەیی.
awl (ôl), *n.* درەوش؛ درەوشە.
awless (ô′lis), *adj.* = aweless.
awn (ôn), *n.* قەڵس؛ پڕی گەنم و جۆ و جۆداس.
awning (ôn′iŋ), *n.* چەتری سەر دەرگا و پەنجەرە.
awoke (ə-wōk′), *past tense and p.p. of* **awake**.
awoken (ə-wōk′ən), *obsolete p.p. of* **awake**.
awry (ə-rī′), *adv. & adj.* (١) لار؛ خوار؛ چەوت.
(٢) بەهەڵەداچوو؛ هەڵە؛ تێکچوو؛ شێواو؛ سەرنەگرتوو؛ ژێرکەوتوو:
(Our plans went ~ .)
ax, axe (aks), *n.* تەور
v.t. بە تەور داپاچین؛ بە تەور بڕینەوە.
get the ax, (١) [Colloq.]، سەربڕان (مرۆڤ)
(٢) [Slang]، لە ئیش دەرکران؛ لەکارخران.
have an ax to grind, [Colloq.], مەبەستی تایبەتی خۆی هەیە بۆیە ئەوەندە گوێ بە مەسەلەکە دەدات؛ داخ لە دل
axes (ak′sēz), *n. plural of* **axis**.
axes (ak′siz), *n. plural of ax.*
axial (ak′si-əl), *adj.* (١) تەورەیی؛ وەك تەورە.
(٢) وەك تەورە لێیاتوو. (٣) بەدەور یا تەنیشتی تەورەدا.
axil (ak′sil), *n.* گۆشەی نێوان گەڵا و لقەکەی یا لق و نەو قەدەی کە ئێی جیابووەتەوە.
axilla (ak-sil′ə), *n.* (١) بن باڵ؛ بن باخەڵ؛ بن قۆڵ. (٢) . axil
axillar (ak′sə-lēr), *adj.* = axillary.
n. پەڕی بن باڵی باڵندە.
axillary (ak′sə-ler″i), *adj.* (١) تایبەتی بە بن باڵ یا بن قۆڵ.
(٢) تایبەتی بە گۆشەی نێوان گەڵا و لقەکەی یا لقێك و نەو قەدەی کە ئێی جیابووەتەوە.

n. = **axillar.**
axiology (ak″si-ol′ə-ji), *n.* زانستی بنچینەی بایەخ و بایەخ پێدان و هەڵسەنگاندن لە ژیانی کۆمەڵایەتی و ئایینی و جوانی ئاسی و ڕەووشتدا (فەلسەفە).
axiom (ak′si-əm), *n.* (١) پاستیەکی بەڵگەنەویست؛ ووتەیەکی بەڵگەنەویست. (٢) بەڵگەنەویست (بیرکاری)
(٣) دەستوور یا ڕێڕەوێکی گشتی و چەسپاو؛ پاستیەکی پەسەندکراو.
(٤) دروشم. (٥) قسەی نەستەق.
axiomatic (ak″si-ə-mat′ik), *adj.* (١) بەڵگەنەویست؛ تایبەتی بە پاستیەکی بەڵگەنەویست؛ دیار:
(It is ~ that a whole is greater than any of its parts.)
(٢) پڕە لە قسەی نەستەق؛ پڕە لە پاستی بەڵگەنەویست.
-axiomatically *(adv.)*.
axis (ak′sis), *n.* (١) تەورە؛ تەوەر: *(the ~ of a planet)* .
(٢) پەیمان (نێوان وواڵتان) (٣) [A-]، پەیمانی نێوان ئەڵمانیا و ئیتاڵیا و لەدواییدا یابان لە جەنگی جیهانیدا دووەمدا.
(٤) (ا) بڕبڕەی دووەمی مل. (ب) بڕبڕەی پشت. (٥) قەد (درەخت، ڕووەك).
the Axis, پەیمانی نێوان ئەڵمانیا و ئیتاڵیا و یابان لە جەنگی جیهانیدا دووەمدا.
axle (ak′s'l), *n.* (١) تەورە؛ تەوەرە؛ ستوونێکە ڕەوڕەوەی ئوتومبیل یا عەرەبانە بەیەك دەگەیەنێت و لەسەری دەخوولێنەوە؛ ئەکسل.
(٢) **axletree** .
axletree (ak′s'l-trē″), *n.* ئەکسل؛ تەوەرەیەکە ڕەوڕەوەی ئوتومبیل بەیەك دەگەیەنێت و لەسەری دەخوولێنەوە.
axman (aks′mən), *n.* دارکەر.
axolotl (ak′sə-lot″l), *n.* گیاندارێکە لە قۆڕی دەچێت (گۆشتەکەی دەخورێت).
ay (ā), *adv.* [Archaic], هەمیشە.
ay, aye (ī), *adv. & n.* بەڵێ؛ ئا.
ay (ā), *interj.* ئای؛ ئاخ؛ ئاە.
aye (ī), *adv.* بەڵێ؛ ئا.
n. بەڵێ (دەنگدان)؛ دەنگی پەسەندکردن (دەنگدان):
(The ~s have it.)
aye-aye (ī′ī″), *n.* گیاندارێکە لە توخمی مەیموونە.
azalea (ə-zāl′yə), *n.* ئەزیلیا؛ گوڵە ئەزیلیا.
azimuth (az′ə-məth), *n.* کەوانەی نێوان لووتکەو ئاسۆ (ئاسمان-ناسی)؛ سەمت.
azo (az′ō, ā′zō), *adj.* ئایترۆجینی تێدایە (کیمیا).
azo- (az′ō, ā′zō), پێشگرێکە بەمانای: ئایترۆجین.
azoic (ə-zō′ik), *adj.* (١) ژیانی تێدا نابێت؛ بێ ژیان.
(٢) [A-]، تایبەتی بە چەرخی پێش دەستپێکردنی ژیان (زەمینزانی).
azonic (ā-zon′ik), *adj.* تایبەتی ئەیە بە ناوچەیەك بەڵکو بە هەموو ناوچەیەك؛ هی یەك ناوچە نییە.
azote (az′ōt, ə-zōt′), *n.* ئازۆت؛ ئایترۆجین.
azoth (az′oth), *n.* جیوە (کیمیا).
azotize (az′ə-tīz″), *v.t.* ئایترۆجین تێکەڵ‌کردن؛ ئایترۆجین لێدان؛ ئایترۆجین تێکردن.
Azrael (az′ri-əl), *n.* ئیزرائیل: فریشتەی گیان کێشان.
Aztec (az′tek), *n.* (١) ئازتێك؛ ئازتێکی؛ ئازتێکییەك (ئازتێك گەلێکی پێشکەوتوو بوون فەرمانڕەوایی مەکسیکیان دەکرد هەتا ئیسپانیەکان داگیریان کرد لە ساڵی ١٥١٩ دا). (٢) زمانی ئازتێکی.
adj. ئازتێکی (گەل، زمان، کلتوور... هتد).
-Aztecan *(adj.)*.
azure (azh′ēr, ā′zhēr), *adj.* شین؛ شینی ئاسمانی؛ وەك سایەقەی ساماڵ.

n. (١) شینی ئاسمانی؛ شین. (٢) [Poetic] ، ئاسمانی شین.

azurite (azh′ə-rīt´), *n.* بەردێکی بەنرخی شینە

azygous (az′i-gəs), *adj.* تاك (زیندەوەرزانی)؛ تەنها؛ نەندامی تاك.

B b

B, b (bē), *n.* (۱) تیپی دووەمی ئەلف‌وبێی ئینگلیزی‌یە.
(۲) دەنگی ئەم تیپە " بی "
adj. دووەم، پلە. ڕین.
B (bē), *n.* (۱) شتێك کە لە تیپی " B " بکات. (۲) دووەم (کەس، شت).
(۳) ژمارە (۲۰۰) ی ڕۆمانی.
(٤) (ا) نمرەیەکی قوتابی‌یە کە " باش " دەگەیەنێت:
(He has a "B" in history.)
(ب) قوتابی‌یەك کە ئەم نمرەیە وەردەگرێت.
(٥) نۆتەی مۆسیقا
adj. مام ناوەندی؛ نارەنجی.
B.A.; A.B., = Bachelor of Arts., بڕوانامەی بەکالۆریۆسی هونەرو ئەدەبیات (کە زانستە مرۆڤایەتی‌یەکان دەگرێتەوە).
baa (bä), *n.* باعەباع (مەڕ، بزن، کارو بەرخ).
v.i. باعەباع کردن.
Baal (bā′əl, bāl), *n.* (۱) بال خودای بڕۆژ یا ئاژەڵو پیت لەلای کەنعانی و فینیقی‌یەکان. (۲) بت
babbitt (bab′it), *n.* بابت. جۆرە کانزایەکە
babbitt, Babbitt (bab′it), *n.* بابت. پیشەسازێکی مێشك تەسکی تێنەگەیشتووی خۆپەرستی چاوبرسی؛ هەرکەسێکی وەها.
babbittry, Babbittry (bab′it-ri), *n.* چاوبرسێتی و مێشك-تەسکی و نەخوێندەواری‌و خۆپەرستی‌و گوێ نەدان بە هونەرو ڕۆشنبیری.
babble (bab′l), *v.i.* (۱) گڕوگاڵ کردن
(۲) زۆر ووتن؛ قسەی هیچ‌وپووچ‌و منداڵانە کردن *(She always ~s.)* .
(۳) خوێرەخوڕهاتن (ئاو).
v.t. (۱) قسەی هەڵەق‌ومەڵەق کردن؛ زۆر ووتن. (۲) نهێنی درکاندن.
n. (۱) گڕوگاڵ. (۲) قسەی بێ تامو هیچ‌وپووچ؛ دەم بەیەکدادان.
(۳) خوێرەخوڕی ئاو.
babe (bāb), *n.* (۱) منداڵی ساوا یا کۆرپە؛ منداڵ.
(۲) کەسێکی ساویلکە؛ کەسێکی بێ دەسەڵات‌و لێنەهاتوو.
(۳) [Slang]، کچ؛ کچێکی جوان؛ بەرخ.
Babel (bā′b'l, bab′'l), *n.* (۱) بابل؛ شاری بابل.
(۲) خانوو یا بورجێکی زۆر بەرز. (۳) پیلانێکی نەکردەنی.
(٤) [b-]، (ا) گەرەلاوژێ. (ب) گەرەلاوژێ خانە.
babirusa (bab′i-rōō′sə, bä′bi-rōō′sə), *n.* بەرازی هیندی (کە- دوو شفرەی هەیە وەك شاخ بە پشتدا چەمیونەتەوە)؛ یەکانەی هیندی.

baboon (ba-bōōn′, bə-bōōn′), *n.* (۱) بابوون: جۆرە مەیموونێکی گەورەی ئەفەریقایی‌یە سەری زل‌و کلکی کورتە لووت‌و ددانی لە هی سەگ دەچێت. (۲) [Slang]، کەسێکی لە مەیموون چوو؛ کەسێکی ناشرین یا کێوی‌و کەرتێو نەزان؛ سەگسار.
baboonery (ba-bōōn′ēr-i, bə-bōōn′ēr-i), *n.* ڕەووشت‌و-کردەوەی مەیموونانە.
babu, baboo (bä′bōō), *n.* (۱) نازناوێکی هیندی‌یە وەك " بەگ " ، " ئەفەندی " یا " جەناب " . (۲) هیندی‌یەك کە نەختێك خوێندەواری ئینگلیزی هەبێت (لەڕووی سووکی‌یەوە). (۳) میرزا یا نووسەرێکی فەرمانگەی هیندی کە نەختێك ئینگلیزی بزانێت
babushka (bə-boosh′kə), *n.* سەرپۆش.
baby (bā′bi), *n.* (۱) منداڵی شیرەخۆرە؛ منداڵی ساوا یا کۆرپە؛ منداڵ.
(۲) کەسێك کە ڕەووشت‌و کردەوەی منداڵانە دەنوێنێت؛ کەسێکی دەستەپاچە. ترسنۆك، یا هیچ لێنەهاتوو. (۳) گەنجترین یا بچووکترین ئەندامی کۆمەڵێك.
(٤) [Slang]، کچ؛ کچ یا ژنێکی گەنج‌و جوان؛ بەرخ.
adj. (۱) هی منداڵی کۆرپە یا ساوا؛ هی منداڵ. *(a ~ carriage)* .
(۲) منداڵانە؛ زۆر گەنج. *(a ~ face)* .
(۳) بچووك؛ بچکۆلە. (٤) منداڵانە (ڕەووشت، کردەوە).
v.t. نازکێشان؛ بەدەمەوەدان؛ دڵنەوایی زۆر کردن؛ لاواندنەوە: *(to ~ someone; Don't ~ him too much.)*
baby buggy, عەرەبانەی منداڵ.
baby farm, شوێنی بەخێوکردنی منداڵ بە کرێ (لەڕووی سووکی‌یەوە).
babyhood (bā′bi-hood′), *n.* (۱) کۆرپایەتی؛ کاتی کۆرپایەتی؛ ساوایەتی. (۲) کۆرپەکان؛ کۆرپە.
babyish (bā′bi-ish), *adj.* (۱) لە کۆرپە دەچێت؛ لە منداڵی ساوا دەچێت. (۲) ترسنۆك و منداڵانە.
Babylon (bab′'l-ən, bab′i-lon′), *n.* (۱) شاری بابل؛ بابل.
(۲) شارێکی گەورە کە بە کەیف‌و ڕابواردن‌و خۆش گوزەرانی‌و خراپە ناسرابێت.
Babylonia (bab′'l-ō′ni-ə), *n.* ئیمپراتۆرییەتی بابل.
Babylonian (bab′'l-ō′ni-ən), *adj.* (۱) بابلی؛ هی بابلی‌یەکان.
(۲) تایبەتی بە ئیمپراتۆرییەتی بابلی. (۳) بەد؛ بەدخواز؛ بەدکار.
n. (۱) بابلی؛ کەسێکی بابلی. (۲) بابلی؛ زمانی بابلی.
baby-sit (bā′bi-sit′), *v.i.* منداڵ ڕاگرتن؛ لەلەیی کردنی منداڵ؛ ئێشکگرتنی منداڵ.
baby sitter, لەلە؛ لەلەی منداڵ؛ منداڵ ڕاگرەر؛ ئێشکگری منداڵ.
baccalaureate (bak′ə-lô′ri-it), *n.* (۱) بڕوانامەی بەکالۆریۆس (هی زانست یا ئەدەبیات). (۲) ووتاری خواحافیزی (لە ئاهەنگی دەرچوونی قوتابیانی زانکۆدا).
baccate (bak′āt), *adj.* (۱) لە تووترك، شاتوو، یا شلیك دەچێت.
(۲) تووترك، شاتوو، یا شلیك دەگرێت.
Bacchae (bak′ē), *n.pl.* (۱) دۆستە ئافرەتەکانی " باکۆس " خودای مەی‌و مەی خواردنەوە (ئەفسانەی یۆنانی‌و ڕۆمانی). (۲) ئافرەتە " باکۆس " پەرستەکان (ئەفسانەی یۆنانی‌و ڕۆمانی).
Bacchanal (bak′ə-n'l, bak′ə-nal′), *n.* (۱) " باکۆس " پەرست.
(۲) مەی خۆر؛ هەمیشە سەرخۆش؛ مەست.
(۳) ئاهەنگ‌و زەماوەند (بەتایبەتی هی مەی خواردنەوەو ڕابواردن).
(٤) سەمایەك کە بۆ " باکۆس " بکرێت؛ گۆرانی‌یەك کە بە " باکۆس " دا هەڵدرابێت.
adj. (۱) تایبەتی بە " باکۆس " و پەرستنی. (۲) خواردنەوە (مەی).
Bacchanalia (bak′ə-nā′li-ə, bak′ə-nāl′yə), *n.pl.* - (۱) ئاهەنگێکی ڕۆمانی کۆنە بە یادی " باکۆس " ەوە دەگێڕرا.
(۲) [-b]، ئاهەنگێکی مەی خواردنەوەو بەرەڵایی.
Bacchanalian (bak′ə-nā′li-ən, bak′ə-nāl′yən), *adj.* - (۱) هی " باکۆس " پەرستەکان؛ هی ئاهەنگی " باکۆس " .
(۲) سەرخۆش‌و بەڵەسەبوو؛ بەرەڵا؛ تایبەتی بە کەیف‌و ڕابواردن.

n. کەسێکی مەست؛ شەیدا؛ سەرخۆش.

bacchant (bak′ənt), *n.* (١) "باکۆس" پەرستێک. (٢) سەرخۆشێکی بەرەڵا.

adj. (١) "باکۆس" پەرست. (٢) مەی خۆر.

bacchante (bə-kan′ti, bə-kant′, bak′ənt), *n.* (١) ئافرەتی - "باکۆس" پەرست. (٢) ئافرەتی مەی خۆر.

bacchantic (bə-kan′tik), *adj.* تایبەتی بە "باکۆس" پەرستان و مەی خۆران.

Bacchic (bak′ik), *adj.* (١) تایبەتی بە "باکۆس" و پەرستنی. (٢) [-b]. سەرخۆش؛ بەرەڵا؛ ئاهەنگی.

Bacchus (bak′əs), *n.* باکۆس: خودای مەی و کەیف و ڕابواردن (ئەفسانەی یۆنانی و ڕۆمانی).

bacciferous (bak-sif′ēr-əs), *adj.* تووترک، شاتوو، یا شلیک دەگرێت.

bacciform (bak′si-fôrm′), *adj.* لە تووترک، شاتوو، یا شلیک دەچێت.

bach (bach), *v.i.* [Slang], بە زۆگورتینی ژیان؛ بە تەنها ژیان.

bachelor (bach′ə-lēr, bach′lēr), *n.* (١) سوارچاکێکی گەنج کە لەژێر سایەی سوارچاکێکی گەورەو ناودارد کاری دەکرد. (٢) هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس. (٣) پەبەن؛ زۆگورتی؛ کوڕ.

bachelor-at-arms (bach′ə-lēr-ət-ärmz′), *n.* (ژمارە یەکی ووشەی پێشوو ببینە).

bachelor girl, [Colloq.], ئافرەتی شوونەکردوو؛ ئافرەتی زۆگورتی؛ کچ.

bachelorhood (bach′ə-lēr-hood′, bach′lēr-hood′), *n.* پەبەنی؛ زۆگورتێتی.

Bachelor of Arts, (١) بڕوانامەی بەکالۆریۆسی ئەدەبیات. (٢) وەرگر یا هەڵگری ئەم بڕوانامەیە.

Bachelor of Science, (١) بڕوانامەی بەکالۆریۆسی زانیاری؛ بەکالۆریۆسی زانست. (٢) وەرگر یا هەڵگری ئەم بڕوانامەیە.

bachelor's-button (bach′ə-lērz-but′n, bach′lērz-but′-'n), *n.* پووەکێکە گوڵەکەی لە قۆپچە دەچێت.

bachelorship (bach′ə-lēr-ship′, bach′lēr-ship′), *n.* = bachelorhood.

bacillar (bə-sil′ēr, bas′l-ēr), *adj.* (١) لە شێش یا داردەست دەچێت (میکرۆب). (٢) تایبەتی بە میکرۆبی "باسیل" کە لە داردەست یا چیلکە دەچێت.

bacillary (bas′l-er′i, bə-sil′ēr-i), *adj.* = bacillar.

bacillus (bə-sil′əs), *n.* (*pl.* bacilli), (١) باسیل: بەکتریایەکە لە شێش یا داردەست دەچێت و زنجیرە دەبەستێت. (٢) (*pl.*). هەر بەکتریایەک کە نەخۆشی تووش بکات.

back (bak), *n.* (١) پشت (لەش). (٢) بڕبڕەی پشت؛ بڕبڕاگە یا موورەغەی پشت. (٣) پشت (کورسی). *(the ~ of a chair)* . (٤) پشتەوە (جل و بەرگ، زین). (٥) هێز؛ توانا. (٦) پشتەوەی شت. (٧) نەودیو. (٨) دیوی بەکارنەهێنراوی شت؛ پشت: *(the ~ of the hand)* . (٩) دیوی ناوەوەی قوماش. (١٠) بەرگی پەرتووک؛ پشت (پەرتووک، پەڕاو). (١١) یاریکەری دوای ڕیزی پێشەوە (فوتبۆڵی نەمەریکی).

adj. (١) پشتەوە؛ دواوە؛ هی پشتەوە: *(a ~ door)* . (٢) دوور. (٣) (ا) هی ڕابوردوو نەدراو (مووچە، کرێ): *(~ pay)* . (ب) هی پێشوو یا ڕابوردوو: *(the ~ issues of a magazine)* . (٤) بۆ دواوە (مەلە) *(a ~ stroke)* . (٥) لە بەشی دواوەی دەمدا دەبێژرێت (دەنگزانی).

adv. (١) لەدواوە؛ لەپشتەوە؛ بەرەودوا. (٢) بەرەو شوێنی پێشوو. (٣) بەرەو دۆخی جاران؛ بەرەو باری پێشوو. (٤) بەرەو کاتی ڕابوردوو. (٥) بەدەستەوەنەدان؛ شاردنەوە؛ پێ نەدان: *(to hold ~ information)* . (٦) تۆڵەکردنەوە؛ هەق کردنەوە: *(to pay one ~)* . (٧) دانەوە (قەرز): *(to pay ~ a loan, debt, etc.)* .

v.t. (١) (~ up)، گەڕاندنەوە بۆ دواوە: *(to ~ up a car)* . (٢) (up ~)، پاڵپشتی کردن؛ لایەنگری کردن؛ پشتیوانی کردن: *(to ~ up someone in a fight, project, etc.)*

(٣) سواربوون.

(٤) گەوو لەسەرکردن: *(to ~ a horse in a race)* .

(٥) پشت بۆ دروستکردن. (٦) پشت نیمزاکردن (چەک).

(٧) وەک پشت وابوون بۆ.

v.i. (١) (up ~)، گەڕانەوە بۆ دواوە: *(The car was ~ing up when it hit her.)*

(٢) وەرگەڕانەوە (با).

back and forth, (١) چوون و هاتن. (٢) لەم سەرەوە بۆ ئەوسەر.

back down, [Colloq.], دەست هەڵگرتن لە داوایەک؛ وازهێنان؛ چاوشکان؛ پاشگەزبوونەوە؛ کشانەوە.

back off, [Colloq.], خۆکشانەوە (پەیمان)؛ پەیمان شکاندن؛ پاشگەزبوونەوە؛ پەشیمان بوونەوە.

back out, [Colloq.], خۆکشانەوە (پەیمان)؛ پەیمان شکاندن.

back up, پشتگیری کردن؛ لایەنگری کردن.

be (flat) on one's back, لەناو جێگەدا کەوتن؛ نەخۆش بوون و لەناو جێگەدا مانەوە؛ پەککەوتن.

behind one's back, لەپاش مەلە؛ بە دزی کەسەکە خۆیەوە: *(You shouldn't talk about people behind their back.)*

break one's back, پشت شکاندن (بە ئیش پێکردنی زۆر یا بە شەپ).

get off one's back, لەکۆل بوونەوە؛ ئیتر وازلێهێنان؛ بەرۆک بەردان: *(Please, get off his back.)*

go back on, [Colloq.], (١) خۆکشانەوە (پەیمان)؛ پەیمان شکاندن. (٢) ناپاکی لەگەڵ کردن؛ پشت بەردان.

turn one's back on, (١) پشت تێکردن (لە ڕق یا تووڕەییدا). (٢) پشت بەردان؛ ناپاکی لەگەڵ کردن؛ دەست لێ بەردان؛ پشت لێ هەڵکردن: *(He turned his back on his children.)*

with one's back to the wall, کرانە کۆنەوە و ڕێی دەربازبوون لێ-گیان؛ ڕێی دەرچوون یا دەربازبوون نەبوون؛ بێ چارە؛ چارە نەمان.

backache (bak′āk′), *n.* پشت ئێشە؛ ئازاری پشت.

backbite (bak′bīt′), *v.t. & v.i.* بەدگۆیی کردن لەپاش مەلە؛ لەپاش مەلە خراپە ووتن.

n. بەدگۆیی لەپاش مەلە؛ خراپە ووتن لەپاش مەلە.

backboard (bak′bôrd′, bak′bōrd′), *n.* (١) تەختەی پشتەوەی شتێک. (٢) تەختەی پشت ئەڵقەی تۆپی یاری باسکە.

backbone (bak′bōn′), *n.* (١) بڕبڕەی پشت؛ بڕبڕاگەی پشت. (٢) کۆڵەکە؛ بڕبڕە: *(Young men are the ~ of the country.)* . (٣) ئازایی؛ چاونەترسی؛ ووڕە؛ پرکێشی: *(a man without ~)* .

-backboned *(adj.).*

backbreaking (bak′brāk′iŋ), *adj.* پشت شکێن (کار)؛ زۆر گران یا قورس (ئیش).

backdoor (bak′dôr′, bak′dōr′), *adj.* (١) هی دەرگای پشتەوە؛ دەرگای دواوە. (٢) نهێنی؛ دزێ؛ بەدزییەوە.

backdrop (bak′drop′), *n.* (١) پەردەی پشت شانۆ؛ دیمەنی پشت شانۆ. (٢) باری دەوروبەر.

backed (bakt), *adj.* پشتدار؛ پشتی هەیە: *(a low- ~ chair)* .

backer (bak′ēr), *n.* (١) پشتیوان؛ پاڵپشت؛ لایەنگر. (٢) گرەوکەر؛ پارەدانەر بۆ گرەو (زۆرانبازی، پێشبڕکێ).

backfall (bak′fôl′), *n.* (١) بە پشتدا کەوتن. (٢) بە پشتدا کەوتوو.

(٢) لەسەر پشت کەوتن و درێژبوون (ژوانبازی).

backfield (bak′fēld´), *n.* (١) یاریکەرانی پشتەوە (یاری فوتبۆل).
(٢) شوێنی یاریکەرانی پشتەوە (یاری فوتبۆل).

backfire (bak′fīr´), *n.* (١) ئاگرێکی بچووکە بەردەدرێتەوە لە دەشتدا بۆ ئاگربڕکردنی ئاگرێکی گەورەتر بە سووتاندنی بەردەمەکەی.
(٢) سووتاندنی بەنزین لەپێش کاتی خۆیدا (مەکینەی ئوتومبیل).
(٣) تەقینەوەی ئەگزۆسی ئوتومبیل.
(٤) تەقینەوەی پشتی تفەنگ.

v.i. (١) بەردانەوەی ئاگرێکی بچووک لە دەشتێکدا بۆ ئاگربڕکردنی ئاگرێکی گەورەتر بە سووتاندنی بەردەمەکەی. (٢) تەقینەوە (مەکینەی ئوتومبیل).
(٣) ئەنجامی خراپ دان بەپێچەوانەی چاوەڕوان کراوەوە: *(His plan ~d.)* .

backformation (bak´fôr-mā′shən), *n.* ووشەیەکە وەرگیراوە لە ووشەیەکی تر وەک بەڵام ئەم لە سەرچاوەی ئەو دەچێت. (بۆ نموونە ووشەی " burgle " لە " burglar " ەوە).

backgammon (bak′gam´ən), *n.* یاری تاوڵە؛ نەرد

background (bak′ground´), *n.* (١) پشتی دیمەن؛ دواوەی دیمەن یا وێنە. (٢) دەوروبەر؛ دەوروپشت.
(٣) دواوە؛ پشتەوە؛ شوێنی ئاگرنگ (کە زۆر لەبەرچاو نەبێت): *(He stays in the ~ .)*
(٤) بناغە؛ بنچینە؛ پابوردوو؛ پابوردووی کەسێک و خوێندن و شارەزایی و پیشەی: *(What is his ~ ?; She has the right ~ for this job.)*
(٥) بنچینە ، مەسەلە، باس): *(Give me the ~ of the problem.)* .
(٦) ئەو مۆسیقایەی لەگەڵ فیلم، شانۆگەری، یا بەرنامەیەکی رادیۆ یا تەلەفزیۆندا ئ دەدرێت: *(The ~ music was appropriate.)* .

backhand (bak′hand´), *n.* (١) نووسینی بە پشتدا شکاوە.
(٢) لێدانێکی تۆپ بە پشتی دەست (یاری تەنس).

adj. & adv. بە پشتی دەست لێدراو (تەنس).

backhanded (bak′han´did), *adj.* (١) بە پشتی دەست لێدراو (تەنس). (٢) بە پشتدا شکاو (نووسین).
(٣) بەتەوسەوە یا بەگاڵتەوە ئافەرین کردن: *(a ~ compliment)* .
(٤) ناقۆڵا

backhouse (bak′hous´), *n.* ئاودەستی حەوشە، واتە لەناو خانووەکەدا نیە

backing (bak′iŋ), *n.* (١) پاڵپشت (٢) پشتیوانی؛ لایەنگری؛ پاڵپشتی.
(٣) لایەنگران؛ پاڵپشتان؛ پشتیوانان.

backlash (bak′lash´), *n.* (١) گەڕانە دواوەی کوتوپڕو توند.
(٢) ئاڵۆسکان (قۆلاپی ڕاوەماسی)؛ گرێ خواردن
(٣) یاری کردن و تەقەتەق کردنی پارچەی لەقی مەکینەیەک.
(٤) پاشەلەقە (ڕووداوی کۆمەڵایەتی)؛ ئەنجامی توندوتیژی خراپ (کاری کۆمەڵایەتی *(There was a strong ~ to the government's desegregation efforts.)*

backlog (bak′lôg´, bak′log´), *n.* (١) بڕەدارێکی گەورەی پشت ئاگردانێک. (٢) کاری نەکراو؛ کۆمەڵە نیشی نەکراو لەکاتی خۆیدا.
(٣) قایمەکاری

back number, (١) ژمارەیەکی کۆن (گۆڤار).
(٢) [Colloq.]، کەسێکی کۆنەپەرست؛ شتێکی کۆنەباو یا باونەماو.

back order, خواستێکی جێبەجێ نەکراو (بازرگانی).

backpack (bak′pak´), *n.* تووڕەکەی شان؛ کۆل.

back pay, مووچەی نەدراو لەکاتی خۆیدا.

backrest (bak′rest´), *n.* پشتی؛ پاڵپشت.

back road, لاڕێ؛ کونەڕێ.

back seat, (١) جێی دواوە؛ جێی پشتەوە.
(٢) [Colloq.]، جێیەکی لەبەرچاو نەبوو یا ناگرنگ.

back-seat driver, کەسێکی خۆهەڵقورتێنەر لە کاروباری خەڵکدا.

backset (bak′set´), *n.* (١) نشوستی؛ نەهامەتی؛ نەهات. (٢) گێژاو.

backsheesh, backshish (bak´shēsh′), *n.* = **baksheesh.**

backside (bak′sīd´), *n.* (١) پشت؛ پاشەڵ.
(٢) سمت؛ کەفەڵ؛ گووپی قنگ.

backslapper (bak′slap´ēr), *n.* [Colloq.], دەست بە پشتی- خەڵکدا دەر؛ کەسێکی ڕووخۆش و خەڵک دۆست.

backslide (bak′slīd´), *v.i.* دانە دواوە (ڕەووشت، داوێن پاکی، چاکی)؛ بەرەو خراپە ڕۆیشتن (ڕەفتار).

backspin (bak′spin´), *n.* بە دوادا خولانەوەی پێچکە یا ڕەوڕەوە؛ پەنتەپناش کردن.

backstage (bak′stāj′), *adv.* (١) لە ژووری خۆگۆڕینی پشت شانۆدا.
(٢) لەپشتەوەی شانۆدایە.

adj. (١) لەپشتەوەی شانۆدایە.
(٢) شاراوە؛ نهێنی.

backstair (bak′stâr′), *adj.* = **backstairs.**

backstairs (bak′stârz′), *adj.* نهێنی؛ شاراوە؛ کەیەنوبەینی تێدایە؛ مەکروپیلاناوی.

back stairs, (١) پێ پلیکانەی پشتەوە (بۆ بەردەستو میوانی نهێنی لە کۆشک یا خانوویەکی گەورەدا). (٢) ڕێی چوونو نهێنی و پیلاناوی.

backstay (bak′stā´), *n.* (١) گوریسێکە تەوەری کەشتیێکی بایەوان- دەبەستێت بە کەشتیێکەوە بۆ قایم کردنی. (٢) پاڵپشت.

backstop (bak′stop´), *n.* پەرژین یا تەیمانی دەوری یاریگە (بۆ- گرتنەوەی تۆپ).

back street, کۆڕە شەقام؛ لاشەقام؛ شەقامی تەسک و ناسەرەکی.

backstroke (bak′strōk´), *n.* (١) لێدانێک بە پشتی دەست (تەنس).
(٢) پشتەمەڵە؛ باڵ هەڵهێنانەوەیەک (پشتەمەڵە).

backsword (bak′sôrd´, bak′sōrd´), *n.* (١) شمشێرێکی یەک دەم. (٢) بەکارهێنەری ئەم جۆرە شمشێرە.

back talk, [Colloq.], قسە پێ ووتنەوە: وەڵامی ناشرین و بێ- نەزاکەتانە.

backtrack (bak′trak´), *v.i.* (١) گەڕانەوە بە هەمان ڕێگەدا.
(٢) گەڕانەوە بۆ دواوەو پیاچوونەوە (باس، دۆزان): *(Let's ~ a little bit.)* .

backward (bak′wērd), *adv.* (١) دواوە؛ پشتەوە.
(٢) بۆ دواوە؛ بەقنگدا؛ بەپشتدا. (٣) پاش و پێش.
(٤) ناوەڕۆ؛ بەپێچەوانەوە؛ بەهەڵگەڕاوەیی.
(٥) بەپێچەوانەی شێوەی ئاسایی. (٦) بەرەو پابوردوو؛ بۆ پابوردوو.
(٧) بۆ دواوە؛ بەرەو خراپی؛ دانە دواوە: *(Instead of going forward, the country is going ~ .)*

adj. (١) بەرەو دوا؛ بۆ پشتەوە. (٢) پاش و پێش. (٣) ناوەڕۆ.
(٤) نابەدڵ؛ شەرمن؛ کەم ڕوو؛ ترسنۆک.
(٥) دواکەوتوو (کەل، مرۆڤ): *(a ~ country, region, etc.)* .

-backwardly *(adv.)*; **backwardness** *(n.).*

backwards (bak′wērdz), *adv.* = **backward.**

backwash (bak′wôsh´, bak′wäsh´), *n.* (١) ئاوی پاڵ پێوەنراو بۆ دواوە (بە سەرۆڵ، بەڵەم، یا کەشتی).
(٢) تەووژمی بەرەو دواوەی با (پەروانەی فڕۆکە).
(٣) ئەنجام (بەتایبەتی هی ناپەسەند)؛ کارئەنجام.

backwater (bak′wô´tēr, bak′wä´tēr), *n.* (١) ئاوی پەنگ- خواردووەوە (لەپشت بەنداوێکەوە). (٢) ئاوی پەنگ خواردووەوە و بۆگەن.
(٣) شوێنێکی چەپەک، ووشک، مردوو و دواکەوتوو؛ بارێکی ووشک و ناخۆش: *(He lives in a cultural ~ .)*

adj. دواکەوتوو؛ ووشک و ناخۆش؛ مردوو (شوێن، شار).

backwood (bak′wood´), *adj.* = **backwoods.**

backwoods (bak′woodz´), *n.pl.* (١) دارستانی چڕو دوور لە- ئاوایی‌یەوە. (٢) [Colloq.]، شوێنێکی دوور و چەپەک و دواکەوتووی کەم

خەڵك تێدا ژیاو؛ کوێرەدێ.

adj. تایبەتی بە دارستانی چۆڵو دوور لە شار؛ تایبەتی بە شوێنی چەپەڵو دواکەوتووی کەم خەڵك تێدا ژیاو.

backwoodsman (bak′woodz′mən), ***n.*** نیشتەجێی کوێرەدێ؛ خەڵکی چۆڵەوانی.

bacon (bā′kən, bā′k′n), ***n.*** تۆزی تەسکی گۆشتی سوێرکراوی بەراز (بەیانیان بە سوورەوەکراوی لەگەڵ هێلکەوپۆندا دەخورێت).

bring home the bacon, [Colloq.], (١) پارە پەیداکردن و ماڵو منداڵ بەخێوکردن. (٢) سەرکەوتن.

save one's bacon, لە مردن یا زیان پێ گەیشتن پزگاربوون.

bacteremia (bak′tə-rē′mi-ə), ***n.*** بوونی بەکتریا لەناو خوێندا.

bacteria (bak-tēr′i-ə), ***n.pl.*** بەکتریا؛ میکرۆب؛ خۆرە.

bacterial (bak-tēr′i-əl), ***adj.*** بەکتریایی؛ میکرۆبی؛ خۆرەیی.

bactericide (bak-tēr′ə-sīd′), ***n.*** بەکتریاکۆ؛ میکرۆب کوژ.

bacterin (bak′tə-rin), ***n.*** بەکترین: دەرمانی کوتان.

bacterio- (bak-tēr′i-ə), پێشگرێکە بەمانای: بەکتریایی.

bacteriologic (bak-tēr′i-ə-loj′ik), ***adj.*** تایبەتی بە بەکتریا- ناسی

-bacteriological ***(adj.).***

bacteriologist (bak-tēr′i-ol′ə-jist), ***n.*** بەکتریازان؛ زانای بەکتریا؛ میکرۆب ناس.

bacteriology (bak-tēr′i-ol′ə-ji), ***n.*** بەکتریازانی؛ زانستی بەکتریا؛ میکرۆب ناسی.

bacteriolysis (bak-tēr′i-ol′ə-sis), ***n.*** شیبوونەوەی بەکتریا؛ داپزانی بەکتریا؛ لەناوچوون یا لەناوبردنی بەکتریا.

-bacteriolytic ***(adj.).***

bacteriophage (bak-tēr′i-ə-fāj′), ***n.*** زیندەوەرێکی گەردبینە میکرۆب دەکوژێت؛ میکرۆب کوژ.

bacterioscopy (bak-tēr′i-os′kə-pi), ***n.*** لێکۆڵینەوەی بەکتریا بە گەردبین.

bacteriostasis (bak-tēr′i-ə-stā′sis), ***n.*** نەهێشتنی پەرەسەندنی بەکتریا

-bacteriostatic ***(adj.).***

bacterium (bak-tēr′i-əm), ***n.*** *singular of* bacteria.

bacterize (bak′tēr-īz′), ***v.t.*** بە بەکتریا گۆڕین؛ گۆڕین بەهۆی بەکتریاوە.

-bacterization ***(n.).***

bacteroid (bak′tēr-oid′), ***adj.*** لە بەکتریا دەچێت؛ بەکتریایی.

n. بەکتریایەکی شێوە گۆڕاو.

Bactrian camel, حوشتری دوو کۆپارە.

baculiform (ba-kū′lə-fôrm′), ***adj.*** لە دارەدەست چوو؛ چیلکەیی.

baculine (bak′yoo-lin, bak′yoo-līn′), ***adj.*** دارەدەستی؛ هی دارکاری کردن؛ تایبەتی بە دارکاری.

bad (bad), ***adj.*** (١) خراپ؛ بەد؛ ناپەسەند؛ گەنگ؛ ناشرین؛ قەلب. (٢) بەکارنەهاتوو؛ ناکارامە؛ نەشیاو. (٣) ناخۆش؛ خراپ: ***(~ news)***. (٤) ترشاو؛ بۆگەن: ***(a ~ egg)***. (٥) پر لە هەڵە؛ هەڵە: ***(~ spelling, grammar, etc.)***. (٦) پیس؛ ناپەجێ؛ ناشرین (زمان): ***(~ language)***. (٧) بەدرەوشت؛ بەرەڵتار؛ بەدخوو؛ بەدکار: ***(a ~ man)***. (٨) زیانبەخش: ***(~ for health)***. (٩) توندوخراپ؛ قایم: ***(a ~ storm)***. (١٠) نەخۆش: ***(in ~ health)***. (١١) پەشیمان؛ نیگەران: ***(He feels ~ about it.)***. (١٢) پیس؛ بۆگەن: ***(a ~ smell)***. (١٣) نادروست؛ بەکارنایەت؛ ناگونجاو (چەك)؛ بەتاڵ: ***(a ~ check)***.

n. (١) شتێکی خراپ، بەد، یا ناپەسەند. (٢) بەدڕەفتاری؛ بەدکاری؛ بێ ڕەووشتی. (٣) بەدڕەفتاران؛ بەدکاران؛ بەدڕەووشتان: ***(the ~)***.

bad at, ناکارامە؛ ایێی نازانێ.

from bad to worse, هەتا دەبێت بەرەو خراپتر دەچێت؛ لە خراپەوە بۆ خراپتر دەڕوات.

go bad, بۆگەن کردن؛ بۆن کردن؛ خراپ بوون: ***(Some foods go bad in room temperature.)***

go to the bad, [Colloq.], بەدڕەفتاربوون؛ بەدڕەووشت بوون.

not bad, [Colloq.], خراپ نییە؛ باش؛ مام ناوەندی.

not so bad, [Colloq.], خراپ نییە؛ باش؛ مام ناوەندی.

too bad, داخەکەم!؛ حەیف!؛ حەیفە!.

bad (bad), **1.** *archaic past tense of* **bid.**

2. *obsolete past tense of* **bide.**

bad blood, دوژمنایەتی؛ قینەبەرایەتی؛ ڕقەبەرایەتی؛ ناحەزی: ***(There's bad blood between them.)***

bade (bad), **1.** *alternative past tense of* **bid.**

2. *alternative past tense of* **bide.**

bad egg, [Slang], کەسێکی ناپەسەندو بێ فەڕو ناڵەبار.

badge (baj), ***n.*** (١) نیشان (پلەی فەرمانبەر): ***(a police ~)***. (٢) نیشانە؛ نیشان (شانازی، شەرمەزاری): ***(a ~ of courage; a ~ of shame)***

v.t. نیشانەکردن؛ نیشان لێدان؛ نیشان پێوەنان.

badger (baj′ēr), ***n.*** (١) گۆڕەهەڵکەنە؛ چوالوو. (٢) کەوڵ یا فەروەی گۆڕەهەڵکەنە. (٣) [B-]، دانیشتوویەکی ویلایەتی " ویسکۆنسن " ی ئەمەریکا.

v.t. سەر کونکردن؛ مێشك کوتکردن؛ سەر خستنەسەر؛ پەستکردن: ***(He has been ~ing his father to buy him a camera.)***

badinage (bad″n-ij, bad′i-näzh′), ***n.*** گاڵتەوگەپ.

badlands (bad′landz′), ***n.pl.*** زەوییەکی پووتەنی کە ئاو خواردبێتێوەو شێوەی سەیرسەیری لێ دروست کردبێت.

badly (bad′li), ***adv.*** (١) خراپ؛ بەشێوەیەکی خراپ؛ ناپەسەندانە: ***(He was treated ~ . ; She behaved very ~ .)*** (٢) خراپ کراو: ***(a ~ made shirt)***. (٣) زۆر؛ ئێجگار خراپ: ***(He was wounded ~ .)***. (٤) [Colloq.]، زۆر؛ ئێجگار زۆر: ***(He wants that job ~ .)***.

badminton (bad′min-tən), ***n.*** تەنسی تۆپی پەردار.

bad-tempered (bad′tem′pērd), ***adj.*** تووڕەوتڕۆ؛ تەنگەجیکڵانە.

baffle (baf′l), ***v.t.*** (١) سەرسوڕماندن؛ حەپەساندن؛ واق ووڕماندن؛ تێنەگەیشتن: ***(Her strange behavior ~s me. ; One of the exam questions ~d me completely.)***

(٢) بەرگرتن؛ ڕێ لێگرتن؛ بەرهەڵستی کردن؛ نەهێشتن.

v.i. هەوڵدان بەبێ نەنجام دەستگیربوون.

n. (١) واق ووڕمان؛ سەرسوڕمان؛ پەشۆکان؛ سەرسام بوون. (٢) تیغە دیوارێك یا پەردەیەکە بۆ بەربەست کردنی شلە یا گازو هەوا. (٣) هۆی وەرگرتنی بەرنامەی ڕادیۆ بەڕوونی.

-bafflement ***(n.)***; **baffler** ***(n.).***

baffling (baf′liŋ), ***adj.*** (١) واق ووڕمێنەر؛ سەرسوڕمێنەر؛ سەیر؛ تێگەیشتنی زۆر گرانە: ***(a ~ person, situation, etc.)***. (٢) ڕێ لێگر (کەشتی یەوانی)؛ بەرگر (با)؛ کۆسپ.

bag (bag), ***n.*** (١) تووڕەکە؛ کیسە؛ جەوال؛ دەفر؛ زەرف؛ هەگبە. (٢) باوەڵ؛ جانتا. (٣) جانتای دەستی ژنان. (٤) تووڕەکەیەکە گیانداری ڕاوکراوو خراوە تووڕەکە لە پۆڕێکدا. (٥) سەرجەمی گیانداری ڕاوکراوو خراوە تووڕەکە لە پۆڕێکدا. (٦) تووڕەکەیەك شت؛ پڕ تووڕەکەیەك. (٧) شتێکی لە تووڕەکە چوو. (٨) ناوساویی؛ بەشی ناوساوی شتێك. (٩) گوان (گیاندار).

(١٠) کیسی شلەی ناولەش.
(١١) [Slang]، ئافرەت (بەتایبەتی یەکێکی ناشرین):
(a disagreeable old ~)
v.t. (١) دەرپۆقێن؛ ئاوساندن.
(٢) خستنە تووڕەکەوە؛ کردنە کیسەوە (شتومەک): *(to ~ grocery)* .
(٣) گرتن (حێنگە)؛ دەست بەسەرداگرتن: *(to ~ the best chair)* .
(٤) کوشتن (ڕاو). (٥) [Slang]، دەست کەوتن؛ چنگ کەوتن؛ کۆکردنەوە.
v.i. (١) ئاوسان (وەک تووڕەکەیەکی پڕ)؛ دەرپۆقێن.
(٢) شۆڕبوونەوە؛ بە دەڵبی وەستان یا شۆڕبوونەوە.
bag and baggage, [Colloq.], (١) بە هەموو شتەکانییەوە؛ خۆی و هەموو شتەکانی؛ بە سەروماڵەوە:
(He moved out bag and baggage.)
(٢) بەتەواوی؛ هەمووی.
be in the bag, [Slang], مسۆگەر؛ لە دەستدایە؛ دەسکەوتنی گومانی تێدا نییە
let the cat out of the bag, نهێنی درکاندن (بەبێ دەسەنقەست).
bagasse (bə-gas′), *n.* تڵپەی قامیشی شەکر.
bagatelle (bag′ə-tel′), *n.* (١) شتێکی هیچ‌وپووچ.
(٢) یارییەکە لە بلیارد دەچێت
(٣) پارچە مۆسیقایەکی کورت (بۆ پیانۆ).
bagel (bā′g'l), *n.* بەیگل. مارماڕۆکەیەکی خڕە؛ خەپلە نانێکی ئەستووڕە ناوەڕاستەکەی کونادەڕە.
bagful (bag′fəl), *adj.* پڕ تووڕەکەیەک؛ پڕ کیسەیەک؛ زۆر.
baggage (bag′ij), *n.* (١) بارگە؛ کەل‌وپەلی ڕێبوار؛ جانتای ڕێبوار.
(٢) نازووقە و بارگەی سوپا. (٣) (ا) ئافرەتێکی سووک؛ قەحبە.
(ب) ئافرەتێکی بێ حەیا و چەقاوەسوو.
baggage-master (bag′ij-mas′tēr), *n.* لێپرسراوی وەرگرتن و ناردنی جانتا و کەل‌وپەلی ڕێبواران لە نیستگەی شەمەندەفەردا.
baggie (bäg′i, beg′i), *n.* (١) تووڕەکەیەکی بچووک.
(٢) وورگ؛ سک.
bagginess (bag′i-nis), *n.* دەڵبی؛ زل (جل‌وبەرگ).
baggy (bag′i), *adj.* دەڵب؛ شۆڕبووەوە (جل‌وبەرگ)؛ زل بەبەر:
(~ clothes, pants, etc.)
-baggily *(adv.).*
bagman (bag′mən), *n.* (١) فرۆشیاری گەڕۆک (نینگلتەرە).
(٢) [Colloq.]، دەڵاڵی بەرتیل وەرگر بۆ خەڵکی تر.
bagnio (ban′yō, bän′yō), *n.* (١) سەرشۆرک؛ گەرماو؛ بانیۆ.
(٢) بەندیخانە. (٣) قەحبەخانە.
bagpipe (bag′pīp′), *n.* جووزەلە و شمشاڵی لێرلەندەو نوسکوتلەندە؛ زورنا
bagpiper (bag′pīp′ēr), *n.* جووزەلە و شمشاڵ لێدەری لێرلەندەیی و نوسکوتلەندەیی
bah (bä, ba), *interj.* بەهبەه: دەنگێکە ناڕەزایی و بێزهاتنەوە و گاڵتەپێکردن دەردەبڕێت.
Bahai (bə-hä′ē), *n.* (١) بەهایی؛ پەیڕەوێکەرێکی ئایینی بەهایی.
(٢) ئایینی بەهایی کە بەهائوللا لە ئێران دایمەزراند ساڵی ١٨٦٣.
-Bahaism *(n.)*; **Bahaist** *(n.).*
bail (bāl), *n.* (١) دەستەبەری؛ دەستەبەربوونی بەندێک؛ کەفالەت.
(٢) ئەو پارەیەی دەستەبەر دایدەنێت بۆ بەردانی کەسێکی گیراو.
(٣) بەرەڵاکردنی کەسێکی گیراو بە دەستەبەری. (٤) دەستەبەر؛ کەفیل.
v.t. (١) (~ out)، دەستەبەربوونی کەسێکی گیراو و بەردانی؛ بەرەڵاکردنی کەسێک بە کەفالەت کردنی.
(٢) (~ out)، بەرەڵاکردنی بەندێک پاش لێوەرگرتنی کەفالەت.
(٣) داناتی شتومەک لای کەسێک یا لە شوێنێک بە سەردەمی.
(٤) (~ out)، [Colloq.]، ڕزگارکردن لە تەنگوچەڵەمە:
(No one will ~ you out this time.)
bail (a person) out, (١) دەستەبەربوون و بەرەڵاکردنی بەندێک.
(٢) ڕزگارکردن؛ فریاکەوتن.
jump bail, پاکردن و خۆشاردنەوە لەکاتی بەرەڵابووندا بە کەفالەت.
out on bail, بە کەفالەت بەرەڵاکراوە.
bail (bāl), *n.* دۆلکە (بۆ دەردانی ئاو لە بەلەمێک)؛ سەتڵ.
v.i. & v.t. (١) ئاو لە بەلەم دەردان بە دۆلکە یا سەتڵ.
(٢) ئاو یا شلە دەردان بە دۆلکە یا سەتڵ.
bail out, خۆفڕێدان لە فڕۆکەوە بە پەڕەشووت.
bail (bāl), *n.* (١) دەسک (دۆلکە، سەتڵ، کتلی). (٢) ئەڵقەی چەتر.
bail (bāl), *n.* (١) (ا) دیواری دەرەوەی قەڵایەک.
(ب) حەوشەی دەورەگیراو بەم دیوارە.
(٢) (*pl.*)، تەیمان؛ تەیمانێکی دروستکراو لە سنگی ئەستوور و نووک تیژ.
(٣) دار یا شیشی لەیەک جیاکردنەوەی وڵاخ لە تەوێلەیەکدا.
bailable (bāl′ə-b'l), *adj.* بە کەفالەت بەرەڵا دەکرێت؛ دەستەبەری دەکرێت.
bail bond, بارمتەی دەستەبەری (پارە، زێر، خانوو).
bailee (bāl′ē′), *n.* بارمتەی دەستەبەری لادانراو.
bailey (bā′li), *n.* (١) دیواری دەرەوەی قەڵا یا کۆشک.
(٢) حەوشەی ناو ئەم دیوارە.
bailiff (bāl′if), *n.* (١) پۆلیسی دادگا.
(٢) پەیامبەر و جێبەجێکەری فەرمانی دادگا (کە پۆلیسە).
(٣) کاربەدەستی ناوچەیەک کە دەسەڵاتی باج کۆکردنەوە و دادگەڕیشی هەیە (ئینگلتەرە). (٤) سەرکار (زەوی‌وزار، خانووبەرە).
bailiwick (bāl′ə-wik′), *n.* (١) ناوچەی دەسەڵاتداریی . bailiff
(٢) پشتە؛ سنوور و ناوچەی دەسەڵات و شارەزایی.
bailment (bāl′mənt), *n.* (١) دەستەبەربوون (بەند)؛ دەستەبەری؛ کەفالەت. (٢) بارمتە دانان.
bailor (bāl′ôr′, bāl′ēr), *n.* بارمتەدانەر.
bailsman (bālz′mən), *n.* دەستەبەر (بەند)؛ کەفیل.
bait (bāt), *v.t.* (١) سەگ تێکردن (بەتایبەتی گیاندارێکی درندەی گیراو بەستراوە هەر بۆ سەیر):
(People formerly ~ed animals for amusement.)
(٢) چەوساندنەوە بە توانج و گاڵتەپێکردن و شەڕ پێ فرۆشتن؛ سەر خستنەسەر
(٣) [Rare]، ئالیکدانی وڵاخ (لە پشوویەکدا لەکاتی گەشت کردندا).
(٤) دان دان (ڕاوەماسی، تەڵە، تەپکە)؛ دانەخۆزە بۆ دانان.
(٥) فریودان؛ دان بۆ ڕۆکردن.
v.i. پشوودان لە گەشتدا (بۆ ئالیکدانی وڵاخ و نان خواردن).
n. (١) (ا) دان (قولاپی ماسی گرتن، تەڵە، تەپکە)؛ دانەخۆزە:
(What do you use for ~ ?)
(ب) خۆراکی ژەمراوی (کە وەک دان بەکاردەهێنرێت بۆ کوشتنی جانەوەر):
(snail ~)
(٢) شتێک کە نێچیری پێ هەڵبفریوێنرێت و پێی بگیرێت؛ دان؛ دانەخۆزە.
(٣) پشوی گەشت (بۆ ئالیکدانی وڵاخ و نان خواردن).
-baiter *(n.).*
baize (bāz), *n.* قوماشێکی سەوزە بۆ سەرمێزی بلیارد و یاری تر.
bake (bāk), *v.t.* (١) (ا) نان کردن: *(to ~ bread)* .
(ب) پیشاندن (تەنوور، فڕن).
(٢) سوورکردنەوە (گۆزەودیزە، خشت)؛ ووشک کردن (خشت).
(٣) خۆهەڵخستن لەبەر خۆر.
v.i. (١) نان کردن. (٢) سوربوونەوە؛ پیشان.
(٣) ووشک بوونەوە لەبەر خۆر (خاک، زەوی، خشت).
n. (١) پیشان؛ ووشک بوونەوە؛ سوربوونەوە.
(٢) شتێکی پیشاو، ووشک کراوە، یا سوورکراوە.
bakehouse (bāk′hous′), *n.* شوێنی تەنووڕو فڕن لە نانەواخانەدا؛

نانەواخانە

baker (bāk′ĕr), *n.* نانەوا؛ نانکەر؛ دروستکەری پاقلاوەو شیرینی تر.

baker's dozen, دەرزەنی نانەوا (کە بریتییە لە سیانزە لەبری دوانزە)؛ خاترانە؛ سلاودانەوە.

bakery (bāk′ĕr-i, bāk′ri), *n.* (١) نانەواخانە؛ دووکانی دروست- کردنو فرۆشتنی نانو کێکو پاقلاوەو شیرینی تر. (٢) فرۆشگای نانو شیرینی.

baking (bāk′iŋ), *n.* (١) نان کردن؛ پێشاندن؛ سوورکردنەوە لە فڕندا. (٢) ئەوەندەی بە یەک جار دەکرێت، دەپێشێنرێت یا سوورەدەکرێتەوە لە فڕندا. (٣) ووشک کردنەوە (بە خۆر یا بە ئاگر).

baking powder, تۆزێکە وەک هەویرترش لە نان کردندا بەکاردێت هەروەها لە لێنانی چەند خواردەمەنییەکی تردا؛ هەویرترش لەشێوەی تۆزدا؛ ترشێنە؛ ترشەلۆک.

baking soda, بیکاربۆناتی سۆدیۆم؛ سۆدەی نان (لە هەویرترشو دەرمانی دژی ترشیدا بەکاردەهێنرێت). (هەروەها پێشی دەوترێ: " sodium bicarbonate ").

baksheesh, bakshish (bak′shēsh′), *n.* بەخشیش

balalaika (bal′ə-lī′kə), *n.* ئامێرێکی مۆسیقایی پووسییە وەک عوود وایە بەڵام ئەم بنەکەی سێگۆشەییە.

balance (bal′əns), *n.* (١) تەرازوو (٢) تەرازووی گەردوون. (٣) هاوتایی؛ هاوسەنگی؛ هاوتەرازوویی. (٤) لەنگەر (لەش): ***(He lost his ~ and fell.*** ***He kept his ~ on the tightrope.)*** (٥) ژیری؛ هێمنی؛ لەنگەری مێشکو هەست: ***(He kept his ~ during the crisis.)*** (٦) هاوتایی (نەخشە، وێنە)؛ هاوڕێژەیی؛ یەک نەوایی؛ گونجان؛ ڕێکەوتن. (٧) هاوتا؛ کێشی هاوتا. (٨) مایە (حسابی بانق). (٩) لاسەنگی ئەم مایەیە یا حسابە. (١٠) قەرز؛ ئەوەی دەمێنێتەوە لە قەرزێک. (١١) تاوتووکردن؛ هاوسەنگی کردن. (١٢) [B-]، کۆنەستێرەی تەرازوو. (١٣) [Colloq.]، ل مانەوە؛ مانەوە؛ باقی.

v.t. (١) کێشان (٢) بەراوووردکردن. (٣) تاوتووکردن؛ هاوتاکردن؛ هاوسەنگ کردن. (٤) لەنگەرگرتن: ***(He ~d himself on the tightrope.)*** (٥) هاوتابوون؛ هاوسەنگ بوون. (٦) هاوتاکردنی حساب (بانق)؛ هاوتاکردنی قەرزاریو پەسید: ***(to ~ a checkbook)*** (٧) بڕینەوەی حسابێک بە دانەوەی لێماوەی قەرزەکە.

v.i. (١) هاوتابوون؛ هاوسەنگ بوون؛ هاوتەرازووبوون. (٢) هاوتابوونی قەرزو پەسید. (٣) لەنگەرگرتن. (٤) بەملاو بەولادا کەوتنو لەنگەرگرتن.

in the balance, ئەنجامی مێشتا نەزانراوە؛ بڕیار نەدراوە؛ لە مەترسیدایە: ***(The fate of an entire nation is hanging in the balance.)***

balanced (bal′ənst), *adj.* هاوتا؛ هاوسەنگ؛ هاوکێش؛ ژیر.

balanced diet, خۆراکی هاوتا: خواردەمەنی هەمەچەشن کە پڕۆتێنو نیشاستەو ڤیتامیناتی بەگوێرەی یەکتری تێدابێت.

balanced sentences, ڕستەی هاوتا (زمانەوانی).

balance of power, هاوهێزی (نێوان وڵاتان یا حیزبەکان)؛ تەرازووی هێز

balance of trade, تەرازووی بازرگانی: جیاوازی نێوان هاوردەو ناردەی وڵاتێک؛ هاوتایی بازرگانی.

balancer (bal′ən-sĕr), *n.* (١) هاوتاکەر (٢) تەنافباز (٣) ئەندامی لەنگەرگرتنی جانەوەرێک (وەک مێش، مێشوولە). (٤) ئامێری سافکەر (ڕادیۆ).

balance sheet, تەرازووئامە: کورتەی حسابی کۆمپانیایەک کە سەرمایەو دەسکەوتو سوودو زیانی کۆمپانیاکە پیشان دەدات لە کۆتایی وەرزێکدا؛ بووجە.

balance wheel, پێچکەی هاوتاکەر (کاتژمێر، مەکینە).

balata (bal′ə-tə), *n.* (١) دارێکی زۆن ئەمەریکای باشووڕە. (٢) شیلەی ئەم درەختەیە کە دەکرێت بە لاستیک.

balbriggan (bal-brig′ən), *n.* (١) تەنراوێکی لۆکەیە (گۆزەوی و جلوبەرگی ژێرەوەی لێ دروست دەکرێت). (٢) (*pl.*)، جلوبەرگی لەم تەنراوە دروستکراو.

balconied (bal′kə-nid), *adj.* تەلاردار؛ بانکۆندار؛ تارمەدار. ***(a ~ house)***

balcony (bal′kə-ni), *n.* (١) تەلار؛ بانکۆن؛ تارمە. (٢) نهۆمی سەرەوەی سینەما یا هۆڵی کۆبوونەوە.

bald (bôld), *adj.* (١) سەر ڕووتاوە؛ ڕووتاوە: ***(a ~ head, person, spot, etc.)*** (٢) سەر سپی (بانْدە، گیاندار)؛ مارۆ. (٣) ڕووتوقووت؛ ڕووت. (٤) نە ڕازاوە؛ سادە؛ ڕووت (٥) لەڕوو (ووتە)؛ ڕەق: ***(a ~ statement)*** -baldness ***(n.).***

baldachin, baldaquin (bal′də-kin, bôl′də-kin), *n.* - (١) تەنراوێکی ڕازاوەی جوانە (لە کۆندا لە " بەغدا " لە زێڕو ئاوریشم دروست دەکرا). (٢) چەترێکە لەم قوماشە دروستکراوە لە خۆڕپشاندانی ئایینیدا هەڵدەگیرێت. (٣) چەترێکی مەڕمەڕ یا بەردە بەسەر قوربانیگای کڵێسەوە.

bald eagle, سیسارکێکی گەورەو بەهێزی نەمەریکای باکوورە هەراشەکانیان پەڕی سپی بە سەرو ملیانەوەیە.

balderdash (bôl′dĕr-dash′), *n.* قسەی هیچ‌وپووچ و بێ مانا؛ قسەی قۆڕ؛ نووسراوی هیچ‌وپووچ.

baldhead (bôld′hed′), *n.* (١) کەسێکی سەر ڕووتاوە (٢) وڵاخی مارۆ؛ بانْدەیەک یا گیاندارێک کە پەڵەیەکی سپی بەسەر تەوقی سەریەوە بێت.

bald-headed (bôld′hed′id), *adj.* (١) سەر ڕووتاوە. (٢) مارۆ؛ پەڵەیەکی سپی بەسەر تەوقی سەریەوەیەتی؛ سەر سپی.

baldpate (bôld′pāt′), *n.* (١) کەسێکی سەر ڕووتاوە. (٢) مراوییەکی ئەمەریکییە تەوقی سەری سپیە.

baldric (bôl′drik), *n.* قایشی شان (شیر یا زۆرپای پێوەدەکرێت)؛ شمڕاگر.

bale (bāl), *n.* مەڵۆ؛ گورزە؛ بەستەک؛ فەردە: ***(a ~ of hay)*** .

v.t. کردن بە گورزە، مەڵۆ، یا فەردە؛ گورزەکردن؛ فەردەکردن.

bale (bāl), *n.* [Poetic], (١) وەی؛ کارەسات؛ زیان. (٢) سوێ؛ خەم؛ دل سووتان؛ ناخۆشی.

baleen (bə-lēn′), *n.* ئێسقانی زۆر باریکی کاژێڕی سەرەوەی ئەهەنگ.

balefire (bāl′fīr′), *n.* (١) ئاگرەخۆشە. (٢) ئاگری پەیام ناردن. (٣) [Obs.]، ئاگری سووتاندنی لاشەی مردوو (ئاین).

baleful (bāl′fəl), *adj.* (١) بەدخواز؛ نیازخراپ؛ زیانبەخش؛ کوشندە؛ ناپەسەند: ***(a ~ look)*** . (٢) بەدووم؛ نیشانەی خراپ.

Balinese (bä′li-nēz′), *adj.* تایبەتی بە دووگەی " بالی " لە ئیندونیزیا (گەل، زمان، کلتوور).

n. (١) هاوڵاتییەکی " بالی " . (٢) زمانی " بالی " .

balk, baulk (bôk), *n.* (١) سەردێراو؛ کونجێکی نەکێڵراوی زەوی بۆ داتان بە سنوور یا لەبەر لەبیرچوون. (٢) دار یا تەختەیەکی باش نەبڕاوە. (٣) نیگە؛ دەستەک. (٤) کۆسپ؛ قۆزت؛ نشوستی؛ ڕێ لێ گیران. (٥) هەڵە. (٦) ئەو شوێنەی مێزی بلیارد کە یاریەکەی لێوە دەست پێ دەکرێت.

v.t. (١) (أ) خۆدزینەوە (ئەرکی سەرشان). (ب) لە دەستی خۆ دان بە دەسەنقەست (هەل)؛ نەکردن. (٢) ڕێ لێگرتن؛ بەرگرتن؛ لێ تێکدان: ***(to be ~ed in one's plans)*** . (٣) [Obs.]، سەردێراو دروستکردن.

v.i. (۱) مان گرتن (هێستر، ئەسپ).
(She ~s at nothing. ; He ~ed at the very idea of compromise.) (۲) ~ at سل کردنەوە؛ خۆ لێ لادان.
Balkan (bôl′kən), *adj.* (۱) بەڵقانی؛ تایبەتی بە ناوچەی بەڵقان. (۲) بەڵقانی (گەل، کلتوور). (۳) تایبەتی بە شاخەکانی بەڵقان.
Balkanize (bôl′kən-īz′), *v.t. & v.i.* وەک بەڵقان لێکردن: دابەشکردن بە وڵاتی بچووک بچووک و دوژمن بەیەکتری (وەک ناوچەی بەڵقان دوای جەنگی جیهانیی دووەم).
-Balkanization *(n.).*
balk line, (۱) هێڵی دەستپێکردنی (طەملێ، پێشبڕکێ)؛ هێڵی دەرپەڕین یا گوڕبەستنەوە. (۲) (۱) هێڵی سەرمێزی بلیارد کە یارییەکە لەدوایەوە دەستی پێ دەکرێت. (ب) یەکێک لە چوار هێڵەکەی سەرمێزی بلیارد.
balky (bôk′i), *adj.* مان گر: سر کەرەوە و وەستاو. *(a ~ horse)*
ball (bôl), *n.* (۱) خڕە؛ شتێکی خڕ. (۲) زەوی؛ خڕی زەوی؛ سەرزەوی. (۳) تۆپ؛ تۆپی یاری. (٤) یاری بە تۆپ کراو (بەتایبەتی بێسبۆل). (٥) تۆپ هەڵدان؛ تۆپ لێدان. (٦) گوللە تۆپ. (۷) نەندامێکی خڕی لەش (بەتایبەتی قنگە پاژنەی پێ). (۸) گلێنەی چاو. (۹) گۆ. (۱۰) تۆپەڵ (۱۱) فیسقە؛ سەلك؛ پیازۆکە (۱۲) گلۆلە.
v.i. & v.t. خڕبوون؛ تۆپەڵ بوون؛ وەک تۆپ لێهاتن.
ball up, [Slang], سەر لێ شێواندن؛ سەر لێ تێکدان.
be on the ball, [Slang], وریا؛ کارامە؛ لێهاتوو؛ توانا بەسەردا شکاو.
carry the ball, (۱) تۆپ بەدەستەوەبوون و هەوڵی یاری کردن دان (فوتبۆڵی نەمریکی). (۲) [Colloq.] نەرك بەسەر شانەوە بوون؛ دەستپێشکەری کردن؛ نەرك هەڵگرتن.
keep the ball rolling, بەردەوام بوون (دووان، کار).
play ball, (۱) دەستکردن بە یاری؛ دەستکردنەوە بە یاری (۲) دەستکردن بە کارێك؛ دەستپێکردنەوە. (۳) [Colloq.] هاوکاری کردن.
ball (bôl), *n.* ناهەنگی سەما و هەڵپەڕکێ.
have a ball, [Slang], خۆش ڕابواردن؛ کەیف کردن
ballad (bal′əd), *n.* (۱) بەستە؛ بەستەیەکی یەك ناواز؛ گۆرانی؛ بەستەیەکی بەسۆز. (۲) چیرۆکێك یا هەڵبەستێکی بە گۆرانیی‌یەوە وورتاو؛ هەڵبەست.
ballade (bə-läd′, ba-läd′), *n.* (۱) هەڵبەستێکی سێ بەش کە هەر بەشەی نە هەشت دێڕ پێکهاتبێت. (۲) هەڵبەستێکی مۆسیقایی بۆ پیانۆ یا نۆرکێسترا نووسراو.
balladeer (bal′ə-dêr′), *n.* بەستەبێژ؛ گۆرانی بێژ؛ گۆرانی چیرۆکی بێژ
balladmonger (bal′əd-muŋ′gĕr), *n.* (۱) بەستەدانەر؛ گۆرانی چیرۆکی نووس؛ دانەرو فرۆشیاری بەستە. (۲) هۆنەرێکی خراپ و لێنەهاتوو.
balladry (bal′əd-ri), *n.* (۱) بەستە بەگشتی؛ گۆرانی چیرۆکی بەگشتی (۲) بەستە دانان؛ گۆرانی چیرۆکی دانان.
ball and chain, (۱) تۆپێکی ئاسنی قورسە بە زنجیر بەندی پێ پێوەند دەکرێت (۲) [Slang] تەوق (ژن یا مێرد).
ball-and-socket joint, جومگەی خڕی خوڵو جومگەیەکە بەئاسانی بە هەموولایەکدا دەجوڵێت، لە سەرێکی خڕ پێکهاتووە لەناو چاڵایەکدا (وەک جومگەی شان و سمت).
ballast (bal′əst), *n.* (۱) شتێکی قورسە دەخرێتە کەشتی یا بالۆنەوە بۆ لەنگەرگرتن (۲) شتی پتەوکەر (سرووشت و ڕەووشتی مرۆڤ. پەیوەندی نێوان مرۆڤ) (۳) چەو یا بەردی شکاو (بۆ چەوڕێژ یا نێوان هێڵی شەمەندەفەر).
v.t. (۱) پتەوکردن؛ چەسپاندن؛ لەنگەرپێگرتن. (۲) چەوڕێژکردن؛ پڕکردنەوەی نێوان هێڵی شەمەندەفەر بە چەو.
ball bearing, بۆڵبرینگ (ئوتومبیل).

ball cock, ئامێرێکە بریتیی‌یە لە دەمەوانەیەکی بەستراو بە تۆپێکی سووکەوە ئاستی ئاوی پێ ڕێك دەخرێت لە تەنکی ئاوی ئاودەستخانەی پۆژئاوایيدا.
ballerina (bal′ə-rē′nə), *n.* سەماکەری بالێ (ئافرەت).
ballet (bal′ā, ba′lā′), *n.* (۱) بالێ؛ سەمای بالێ. (۲) تیپی بالێ؛ سەماکەرانی بالێ.
balletomane (bal′ət-ə-mān′), *n.* حەزکەر لە سەمای بالێ.
ballflower (bôl′flou′ĕr), *n.* گوڵەخڕە (خانووسازی).
ballista (bə-lis′tə), *n.* مەنجەنیق؛ بەردو مووشەك هاوێژ (چەکێکی جەنگیی کۆنە)؛ قۆچەقانێی گەورە.
ballistic (bə-lis′tik), *adj.* (۱) هی گوللەو مووشەك هاوێشتن. (۲) تایبەتی بە بزواڵو هێزو کارئەنجامی گوللە.
ballistic missile, مووشەکی بالیستی؛ مووشەکی دوورهاوێژ.
ballistics (bə-lis′tiks), *n.pl.* زانستی تەقاندنو بزواندنو کارئەنجامی گوللەو مووشەك و بۆمبا.
ballonet (bal′ə-net′), *n.* بالۆنی بچووك: دەفرێکی هەوا یا گازە لەناو بالۆنێکدا پڕ دەکرێت و فش دەکرێتەوە بۆ یارمەتیدانی بالۆنەکە لە هەڵسان و نیشتەنەوەدا.
balloon (bə-lōōn′), *n.* (۱) بالۆن. (۲) میزەڵان.
v.t. هەواتێکردن؛ فووتێکردن؛ پەمپ تێکردنو ئاوساندن وەك بالۆنو میزەڵان.
v.i. (۱) گەشتکردن بە بالۆن؛ بە بالۆن گەڕان. (۲) ئاوسان (وەك بالۆن)؛ زل بوون.
adj. بالۆن ئاسایی؛ خڕو نەرمو زل وەك بالۆن؛ زل.
balloonist (bə-lōōn′ist), *n.* (۱) بالۆنەوان؛ فڕۆکەچی بالۆن. (۲) سواربووی بالۆن.
balloon sail, بایەوانی بالۆن: کە یەخت لەگەڵ بایەوانەکەی خۆی یا لەبری بەکاردەهێنێت.
balloon tire, تایەیەکی گەورەی پڕ لە هەوایە لەژێر پەستانێکی کەمدا.
ballot (bal′ət), *n.* (۱) تکتی دەنگدان (لە زوودا تۆپێك لەبری کاغەز بەکاردەهێنرا). (۲) دەنگدان؛ شێوەی دەنگدان (بەتایبەتی هی نهێنی). (۳) سەرجەمی دەنگی دراو لە دەنگدانێکدا. (٤) لیستەی پالێوراوان یا ناوەڕۆکراوان (دەنگدان).
v.i. دەنگدان؛ بڕیاردانی شتێك بە دەنگدان.
ballot box, سندووقی دەنگدان.
ballottement (bə-lot′mənt), *n.* (۱) بۆ دەرکەوتنی سکپڕیی ژن بە پەنجەنان بە منداڵاندا. (۲) دۆزینەوەی نەخۆشی جگەر بە پەنجەنان بە جگەردا.
ballplayer (bôl′plā′ĕr), *n.* یاریکەر بە تۆپ (یاری بێسبۆل).
ball point pen, قەڵەم پاندانی ووشك.
ballroom (bôl′rōōm′, bôl′room′), *n.* هۆڵی سەما.
ball valve, تۆپەوانە؛ دەمەوانەی خڕ (کە تەوژمی ئاو بەرەو نزمی دەکاتەوە و کونەکەی پێ دەکاتەوە یا دادەخات).
ballyhoo (bal′i-hōō′), *n.* [Colloq.], (۱) دەنگەدەنگ؛ هەڕا هەرا. (۲) پڕوپاگەندەی پێ لێ هەڵبڕاو بەجۆشو بە دەنگی بەرز.
v.t. & v.i. [Colloq.], پڕوپاگەندەکردن بە گەرمی و بە دەنگی بەرز.
balm (bäm), *n.* (۱) مەڵحەم؛ مەڵحەمی بۆن خۆش. (۲) دەرمانی خەم ڕەوێن: *(Sleep was a ~ to his troubles.)* (۳) بۆن؛ بۆنێکی خۆش. (٤) ڕووەکێکی بۆن خۆش (وەك نەعنا، ڕێحانە).
Balmoral (bal-môr′əl, bal-mor′əl), *n.* (۱) ژێرکراسێکی خوری. (۲) شەپقەیەکی بن لێواری نوسکوتلەندەیی‌یە. (۳) [-b]، پێڵاوێکی قەیتاندارە.
balmy (bäm′i), *adj.* (۱) وەك مەڵحەم وایە؛ خەم ڕەوێن؛ بۆن خۆش. (۲) خۆش (ئاووهەوا)؛ نە گەرمو نە سارد: *(~ weather; a ~ breeze)* (۳) [British Slang]، شێتۆکە.

balneal (bal′ni-əl), *adj.* تایبەتی بە سەرشۆرک؛ هی خۆشتن.
balneology (bal′ni-ol′ə-ji), *n.* زانستی خۆشتن لە ئاوی کانزاییەداو کەڵکی بۆ تەندروستی
baloney, boloney (bə-lō′ni), *n.* (١) bologna. (٢) [Slang]، قسەی هیچ‌وپووچ؛ قسەی قۆپو بێ مانا.
interj. قسەی هیچ!؛ قسەی هیچ‌وپووچ!؛ قسەی قۆپو بێ مانا!.
balsa (bôl′sə, bäl′sə), *n.* (١) درەختێکی ئاوچە گەرمەکانە دارەکەی زەقو سووکە کەڵەکی لێ دروست دەکرێت. (٢) دارو تەختەی ئەم درەختە.
(٣) کەڵەکێک کە لەم دارە دروستکرابێت.
balsam (bôl′səm), *n.* (١) مەلهەمی بۆن خۆش؛ مەلهەم؛ بەلسەم. (٢) بۆنی خۆش؛ عەتر. (٣) دەرمانی خەم زەوێن؛ شتی خەم زەوێن.
(٤) (ا) دارێکە مەلهەمی بۆن خۆشی لێ دەردێت.
(ب) پووەکێکی بۆن خۆشە؛ پووەکێکە بۆنی خۆشی لێ دەردەهێنرێت.
balsamic (bôl-sam′ik, bal-sam′ik), *adj.* (١) وەک مەلهەمی بۆن خۆش وایە؛ بەلسەمی؛ بۆن خۆش. (٢) خەم زەوێن؛ دڵکەرەوە؛ خۆش.
Baltic (bôl′tik), *adj.* بەلتیقی: (ا) تایبەتی بە دەریای بەلتیق. (ب) تایبەتی بە وڵاتەکانی بەلتیق (ورشەی داهاتوو ببینە).
n. زمانە بەلتیقییەکان.
Baltic States, وڵاتە بەلتیقییەکان (لیتوانیا، لاتڤیا، ئەستۆنیا هەروەها هەندێ جار فنلەندە)
baluster (bal′əs-tēr), *n.* سنگی محاجەرەی پێ پلیکانە؛ نەردە.
balustrade (bal′ə-strād′), *n.* محاجەرەی پێ پلیکانە؛ نەردە.
bambino (bam-bē′nō), *n.* (١) منداڵ؛ منداڵی ساوا (٢) وێنەی منداڵیی عیسا.
bamboo (bam-bōō′), *n.* (١) قامیش؛ درەختی قامیش. (٢) دار قامیش؛ قەفە قامیش.
adj. (١) وەک قامیش؛ تایبەتی بە قامیش. (٢) لە قامیش دروستکراو.
bamboozle (bam-bōō′z'l), *v.t.* [Colloq.], (١) خەڵەتاندن؛ دەستبڕین. (٢) سەر لێ تێکدان؛ سەر لێ شێواندن.
ban (ban), *v.t.* (١) قەدەغەکردن شت، کردار)؛ ڕێگەنەدان؛ نەهێشتن: *(to ~ liquor ; The government ~ned all meetings and demonstrations.)*
(٢) قەدەغەکردن کەسێک لە کردنی شتێک)؛ دەرکردن.
(٣) [Archaic]. لەعنەت کردن.
n. (١) بەیاننامە یا بانگ کردنی پاشا بۆ خەڵک بۆ چەک هەڵگرتن یا بۆ جەنگ (سەدانی ناوەڕاست). (٢) لە کڵێسە دەرکردن؛ سەرزەنشت کردن لەلایەن کڵێسە.
(٣) لەعنەت
(٤) قەدەغە؛ قەدەغەکاری؛ قەدەغەکردن: *(a ~ on demonstrations, alcoholic beverages, etc.)*
banal (bā′n'l, bə-nal′, bə-näl′, ban′'l), *adj.* هیچ‌وپووچ؛ بێ بایەخ؛ بێ تام؛ پەڕپووت (ووتە)؛ کۆنەو سووار (ووتە): *(a ~ remark, conversation, statement, etc.)*
banality (bə-nal′ə-ti), *n.* (١) هیچ‌وپووچی؛ پەڕپووتی (ووتە) (٢) ووتەیەکی پەڕپووتو بێ تام.
banana (bə-nan′ə), *n.* موز؛ دار موز
band (band), *n.* (١) پێبەست (لاستیک، شریت، بەن، تەل)؛ بەند (بۆ پێچانەوە یا قایم کردن): *(watchband ; rubberband)* . (٢) تیرە (بۆ جوانی یا قایم کردن)؛ سەرپێچ: *(headband, hatband)* . (٣) تیلماسک؛ تیرە (قوماش). (٤) یەخە.
(٥) (*pl.*)، دوو تیرە قوماشی باریکە لە ملەوە شۆڕدەبنەوە بەسەر جلدا (جل‌وبەرگی دادوەرو مامۆستای زانکۆ).
(٦) قایشی مەکینەو خولخولۆکە. (٧) [Archaic]، پێوەند؛ تەوق.
(٨) تیلماسکی پەراوێز (خانووسازی).
(٩) مەودای لەرە یا شەپۆلی رادیۆ.
v.t. (١) بەستن (تەل، بەن، لاستیک، قایش، شریت، بەن)؛ پێچانەوە.
(٢) ڕازاندنەوە بە تیرەیەک قوماش، دار، یا تەختە.
band (band), *n.* (١) دەستە؛ تاقم؛ کۆمەڵ: *(a ~ of robbers)* . (٢) تیپ (مۆسیقا): *(a rock-and-roll ~ ; a jazz ~)* .
v.i. & v.t. یەکگرتن؛ بوون بە یەک: *(to ~ together against a common enemy)*
bandage (ban′dij), *n.* برینپێچ؛ سارغی.
v.i. & v.t. بە سارغی پێچان؛ پێچان (برین).
bandanna, bandana (ban-dan′ə), *n.* دەستەسڕێکی گەورەو ڕەنگاوڕەنگە بە ناوچەوان یا بە سەرەوە دەبەستڕێتەوە؛ سڕکەیی؛ سەربەست
bandbox (band′boks′), *n.* سندوقێکی مقەبایە بۆ یەخەو شەپقە تێخستن.
bandeau (ban-dō′, ban′dō), *n.* (١) تیرە قوماش (دەبەستڕێت بە ناوچەوانەوە بۆنەوەی قژ نەیەتە ناو چاوەوە). (٢) سوخمەیەکی مەمکی باریکە.
banderole, banderol (ban′də-rōl′), *n.* (١) ئاڵایەکی باریکە بەسەر ڕم، دار، یا بەلەمێکەوە. (٢) ئاڵایەکی دڕووشم لەسەر نووسراو.
(٣) ئاڵایەکی بچووکی سەر گۆڕێک یا تەرمێک.
bandicoot (ban′di-kōōt′), *n.* مشکێکی گەورەی هیندی کێڵگەیە.
bandit (ban′dit), *n.* چەتە؛ جەردە؛ ڕێگر؛ کەسێکی قاچاخ یا یاخی.
banditry (ban′di-tri), *n.* چەتەیی؛ جەردەیی.
banditti (ban-dit′i), *plural of* **bandit.**
bandmaster (band′mas′tēr, band′mäs′tēr), *n.* سەرتیپی- مۆسیقا.
bandog (ban′dôg′), *n.* سەگی بەستراوە لەبەر دڕی.
bandoleer, bandolier (ban′də-lēr′), *n.* فیشەک لەغ.
bandoline (ban′də-lēn′, ban′də-lin), *n.* پڕۆن لەسەردان (بۆ لوولی یا بریقانەوەی قژ).
bandore (ban-dôr′, ban′dôr), *n.* ئامێرێکی مۆسیقایی ژێدارە لە گیتار دەچێت.
band saw, مشارێکی قایشە لەسەر دوو خولخولۆکە دەخوولێتەوە.
band shell, سەکۆیەکی دەرەوەی تیپێکی مۆسیقایە دیوارێکی قوپاوی لەپشتەوەیە.
bandsman (bandz′mən, banz′mən), *n.* ئەندامی تیپێکی- مۆسیقا.
bandstand (band′stand′, ban′stand′), *n.* سەکۆیەکی سەر- گیراوی دەرەوەی تیپێکی مۆسیقا یا ئۆرکێسترایەک.
bandwagon (band′wag′n), *n.* عەرەبانەیەکی ڕازاوەیە تیپێکی مۆسیقای لەسەر سوار دەبێت لە خۆپیشاندانێکدا.
on the **bandwagon,** [Colloq.], لەگەڵ دەستەی براوەدایە: *(to jump on the bandwagon)*
bandy (ban′di), *v.t.* (١) یاری پێکردن (وەک تۆپ)؛ نەم دەستو نەو- دەست پێکردن. (٢) قاوخستنەوە؛ فیتنەبازی کردن؛ قسە هێنان‌و بردن: *(to ~ a story about)*
(٣) قسە بە یەکتر ووتن؛ ئاڵوگۆڕکردن (قسە لە دەمەقاڵێدا): *(to ~ words with a person)*
bandy (ban′di), *n.* (١) گووزی یاری " هۆکی " . (٢) یاریەکە لە " هۆکی " دەچێت.
adj. کەوانەیی؛ چەماوە؛ خوار.
bandy-legged (ban′di-leg′id, ban′di-legd′), *adj.* لاق- کەوانەیی؛ لاق چەماوە؛ گەڵ بڵۆ.
bane (bān), *n.* (١) [Poetic]، فەوتان؛ نەمان؛ لەناوچوون. (٢) فەوتێنەر؛ لەناوبەر؛ هۆی ناخۆشی‌و مەراق: *(She is the ~ of my life . ; Drink has been the ~ of his life.)*
(٣) ژەهر (تەنها لەم ووشەیەدا: **rat's-bane**) .
baneful (bān′fəl), *adj.* ژەهراوی؛ کوشندە؛ زیانبەخش: *(the ~ hemlock; a ~ influence)*

bang (baŋ), *v.t.* (۱) بەتوندی لێدان؛ زەمە لێ هەڵسان؛ پیاکێشان؛ پیامانێن: *(He ~ed his fist on the table.)* .
(۲) بەتوند داخستن؛ تەقە لێ هەڵسان: *(to ~ a door, window, etc.)* .
(۳) تەقەتەق بێکردن: *(to ~ the dishes in the sink)* .
(٤) [Vulgar Slang]، لەگەڵ جووت بوون؛ گایین.
v.i. (۱) تەقین؛ تەقینەوە: *(Firecrackers ~ .)* .
(۲) خۆ لێدان؛ پیاکێشان؛ بە قایمی لێدان: *(He ~ed into the wall.)* .
n. (۱) زەمە؛ تەپە
(۲) تەقە؛ تەقینەوە: *(The gun went off with a ~ .)*
(۳) [Slang]، خۆشی کوتوپڕ (وەک ئاوهاتنەوە).
adv. (۱) بەقایمی؛ بەتوندی و بە دەنگی زل. (۲) بە دەنگی بەرز و کوتوپڕ.
interj. دەنگێک وەک هی تەقە یا تەقینەوە.

bang (baŋ), *v.t.* تاشینی قژی سەر ناوچەوان بەڕێکی.
n.pl. پەرچەم؛ قژی سەر ناوچەوانی ڕێک بڕاو (کە هاتبێتە خوارەوە هەتا نزیک برۆ).

bangle (baŋ′g'l), *n.* بازنە؛ پاوانە
Bang's disease, دڕمێکی ڕەشەوڵاخە دەبێتە هۆی بەڕاوێتەبوون.
bang-up (baŋ′up′), *adj.* [Slang]. ئایاب؛ زۆر چاک
banian (ban′yən), *n.* (۱) بانیان؛ بازرگانێکی هیندی گۆشت نەخۆرە
(۲) کراس یا جلداشەیەکی دەڵبی هیندییە
banish (ban′ish), *v.t.* (۱) دەرکردن (لە وڵات یا شار)؛ شاربەدەرکردن؛ ئاوارەکردن ۲. دوورخستنەوە؛ دەرکردن
(۳) لە بیری خۆ بردنەوە؛ لە مێشک لادان.
banishment (ban′ish-mənt), *n.* (۱) دەرکردن (لە وڵات یا شار)؛ شاربەدەرکردن. (۲) دەرکردن؛ دوورخستنەوە.
banister, bannister (ban′is-tēr), *n.* (۱) سنگی محاجەرەی پێ پلیکانە ۲) (*pl*)، محاجەرەی پێ پلیکانە؛ نەردە
banjo (ban′jō), *n.* بانجۆ ئامێرێکی مۆسیقایی ژێدارە.
-banjoist *(n.).*
bank (baŋk), *n.* (۱) بانق ۲) خانووی بانق
(۳) ئەو سنووقەی قومارگێر پارەی تێ دەخات؛ ئەم پارەیە.
(٤) (۱) بانقی خوێن و نەندامی لەش بۆ دانی بە نەخۆش لەکاتی پێویستیدا (پزیشکەوانی): *(a blood ~ ; an eye ~)* .
(ب) بانقی زانیاری *(a data ~)* .
v.i. (۱) پارە خستنە بانقەوە؛ ئاڤوێرکردن لەگەڵ بانقدا.
(۲) بەرێوەبردنی بانق. (۳) چاودێری کردنی بانقی قومار، واتە ئەو سنووقەی قومارگێر پارەی تێ دەخات.
v.t. پارە خستنە بانقەوە.
bank on, [Colloq.]. پشت پێ بەستن؛ بەتەمابوون
(Don't bank on his help.)
bank (baŋk), *n.* (۱) پەلەیەکی درێژکۆلە هەور؛ گردۆلکەیەکی درێژکۆلە؛ تۆپەڵ. (۲) قەدپاڵ؛ گرد (۳) بەستوو
(٤) (*pl.*)، کەنار (دەریا، ڕووبار، جۆگە)؛ ڕۆخ؛ قەراغ؛ گوێ؛ لێوار:
(along the river ~)
(٥) بەرزایی ڕەمینەی دەریا و دەریاچە؛ تەنکایی (دەریاچە، نەستێل).
(٦) لێواری ئاوەوەی مێزی بلیارد
(۷) بەلادا خوارببوونەوەی فڕۆکە لەکاتی پێچکردنەوەدا
v.t. (۱) بەستوو بەدەوردا دروستکردن
(۲) کۆمەڵ کردن؛ کۆکردنەوە؛ خڕکردنەوە *(to ~ earth along a wall)* .
(۳) ئاگر خۆش کردن
(٤) وەک بەردوزۆرکە لێکردن (رێگە)؛ کوورکردنەوە
(٥) لێدانی توپی بلیارد بەجۆرێک کە لە لێواری مێزەکە بدات و بگەڕێتەوە.
(٦) بەلادا خستن یا لارکردنەوەی فڕۆکەیەک لەکاتی فڕیندا
v.i. (۱) وەک بەستوو لێهاتن؛ تۆپەڵ بوون بە درێژکۆلەیی؛ گردبوونەوە.
(۲) لارکردنەوەی فڕۆکەیەک لەکاتی فڕیندا.

bank (baŋk), *n.* (۱) تەختی دانیشتنی سەوڵ لێدەران لە بەلەمێکی سەرلدا. (۲) ڕیزە سەوڵ. (۳) ڕیز.
(٤) ڕیزە کلیل (بە تەختەی کلیلەوە بەسەر دیوارێکەوە).
v.t. ڕیزکردن.
bankable (baŋk′ə-b'l), *adj.* بانق وەری دەگرێت؛ دەگۆڕێتەوە لە بانقدا.
bank account, حسابی بانق (هی کەسێک یا کۆمپانیایەک).
bank bill, بانکەنۆت؛ حەوالە یا چەکی بانقی (لە بانقێکەوە بۆ بانقێکی تر).
bankbook (baŋk′book′), *n.* دەفتەری بانق: دەفتەرێکی بچووکە کە کەسێک حسابی بانقی خۆی تێدا ڕادەگرێت (هەروەها " passbook ").
bank discount, سوودی لێدەرکراو: سوودی ئەو قەرزەیە کە بانق دەیدات بە کەسێک و پێشەکی لە قەرزەکەی دەردەکات و هەڵی دەگرێت.
bank draft, بانکەنۆت: حەوالەیەکە لە بانقێکەوە بۆ بانقێکی تر.
banker (baŋk′ēr), *n.* (۱) خاوەن بانق؛ بەڕێوەبەری بانق.
(۲) چاودێری پارە یا بانقی قومارێک.
banker (baŋk′ēr), *n.* ماسیگر؛ کەشتی ڕاوەماسی.
bank holiday, پشووی بانق.
banking (baŋk′iŋ), *n.* بانقچێتی؛ کاروباری بانق.
bank note, بانکەنۆت: چەکێکە بانقێک دەریدەکات دەتوانرێ لە هەموو بانقێکی تردا بگۆڕێتەوە؛ حەوالەیەکە لە بانقێکەوە بۆ بانقێکی تر.
bankrupt (baŋk′rupt, baŋk′rəpt), *n.* (۱) کەسێکی مایەپووچ یا نابووت. (۲) کەسێک کە نەتوانێت قەرزەکانی بداتەوە.
(۳) کەسێک کە شتێکی نەبێت: *(a mental ~)* .
adj. (۱) مایەپووچ؛ مایەپووت؛ نابووت.
(۲) نەبوو؛ نابووت (مەجاز): *(He is morally ~ .)* .
v.t. مایەپووچ کردن؛ نابووت کردن.
bankruptcy (baŋk′rupt-si, baŋk′rəp-si), *n.* مایەپووچی؛ مایەپووتی؛ نابووتی.
banner (ban′ēr), *n.* (۱) ئاڵا؛ بەیداخ.
(۲) دڕووشم: *(the ~ of freedom)* .
(۳) سەردێری ڕۆژنامە (کە لەسەری لاپەڕەکە بۆ ئەوسەری بگرێتەوە).
adj. زۆرباش؛ نایاب: *(a ~ year for wheat)* .
banneret, bannerette (ban ēr-et′), *n.* ئالایەکی بچووک.
banneret (ban′ēr-it, ban ēr-et′), *n.* (۱) سەرەک سوارچاک.
(۲) پلەیەکی سوارچاکی‌یە.
bannerol (ban′ēr-ōl′), *n.* = **banderole.**
bannister (ban′is-tēr), *n.* = **banister.**
banns, bans (banz), *n.pl.* جاردانی نیازی ژنهێنان و شووکردن لە کڵێسەدا.
banquet (baŋ′kwit, ban′kwit), *n.* (۱) ژەمێک خواردنی نایاب؛ خوانی ڕازاوە. (۲) ناهەنگی ڕەسمی نان خواردن.
v.t. بانگ کردن بۆ شێوی ڕەسمی؛ ناهەنگی سەرخوان بۆ گێڕان.
v.i. خواردنی خۆش خواردن.
banquette (baŋ-ket′), *n.* (۱) سەکۆی ناو سەنگەر (بۆ تەقەکردن).
(۲) شۆستە. (۳) کورسی‌یەکی درێژی دۆشەک لەسەرە بە قەراغ دیواری چێشتخانەیەکدا.
banshee, banshie (ban′shē, ban-shē′), *n.* خێوێکی مێینەی بەدوومە وەک بایەقوش بەسەر ماڵدا دەخوێنێت و نوقڵانەی مردن لێدەدات (فۆلکلۆری ئێرلەندەو ئوسکوتلەندە)؛ کەسێکی بەدووم.
bantam (ban′təm), *n.* (۱) [B-]، باڵندەیەکی بچووکە لە مریشک دەچێت. (۲) کەسێکی بچووکی شەڕەنگێز.
(۳) بۆکسباز یا زۆرانبازێکی سووک کە قورسایی‌یەکەی لەنێوان (۱۱۲-۱۱۸) پاوەندا بێت.
adj. بچووک و شەڕەنگێز.
bantamweight (ban′təm-wāt′), *n.* زۆرانباز یا بۆکسبازێکی

بچووك‌و سووك كه قورسایی‌یه‌كه‌ی له‌نێوان (۱۱۲–۱۱۸) پاوه‌ندا بێت.

adj. تایبه‌تی به زۆرانبار یا بۆكسبازێكی بچووك‌و سووك.

banter (ban′tēr), ***v.t.*** گاڵته‌وگەپ كردن؛ گاڵته‌پێكردن (له‌پووی برادەرایه‌تی‌یه‌وه)؛ كلك پێوه‌كردن؛ توانج تێگرتن.

v.i. (~ with), گاڵته‌وگەپ له‌گەڵ كردن؛ كلك پێوه‌كردن.

n. گاڵته‌وگەپ؛ كلك پێوه‌كردن؛ توانج.

-banterer *(n.)*; **banteringly** *(adv.)*.

bantling (bant′liŋ), ***n.*** منداڵ (به‌تایبه‌تی هی زۆرزان یا هاروهاج).

banyan (ban′yən), ***n.*** دارهه‌نجیرێكی هیندی‌یه لقه‌كانی ڕەگ داده‌كوتن‌و ده‌بنه دره‌ختی تازه.

banzai (bän′zä′i, bän′zī′), ***n.*** بانگه‌وازێكی جه‌نگی‌یی یاباذی‌یه به‌مانای: خوابكه‌م ده هه‌زار سال بژیت!.

banzai attack, banzai charge, هێرشێكی خۆكوژانه‌یه سه‌ربازه یاباذی‌یه‌كان ئه‌نجامیان ده‌دا له جه‌نگی جیهانی‌یی دووه‌مدا.

baptism (bap′tiz′m), ***n.*** (۱) پیژۆكردنی منداڵ به هه‌ڵكێشانی له ئاو (خاچ پەرستی) (۲) یه‌كه‌م تاقیكردنه‌وه؛ تاقیكردنه‌وه‌یه‌كی گران.

-baptismal *(adj.)*.

baptism of fire, (۱) جه‌نگی یه‌كه‌می تازه سه‌ربان. (۲) تاقیكردنه‌وه‌یه‌كی گران.

Baptist (bap′tist), ***n.*** (۱) [-b] ، كه‌سێك كه منداڵ پیژۆز ده‌كات به هه‌ڵكێشانی له ئاو. (۲) باپتیست: ئه‌ندامی لقێك له لقه‌كانی خاچ پەرستی پڕۆتستانته كه ده‌ڵێت: له ئاو هه‌ڵكێشان‌و پیژۆكردن ده‌بێت دوای ته‌مه‌نی باڵق بوون بكرێت به منداڵی.

baptistery (bap′tis-tri, bap′tis-tēr-i), ***n.*** (۱) شوێنی له ئاو هه‌ڵكێشان یا ئاو ئ هه‌ڵپڕاندنی منداڵ‌و پیژۆكردنی (خاچ پەرستی). (۲) ده‌فری ئه‌م ئاوه.

baptistry (bap′tis-tri), ***n.*** = baptistery.

baptize (bap-tīz′, bap′tīz), ***v.t.*** (۱) له ئاو هه‌ڵكێشان‌و پیژۆكردنی منداڵ (خاچ پەرستی) (۲) پاكردنه‌وه؛ خاوێن كردن. (۳) ناولێنانی منداڵ یا كه‌سێك پاش بوونی به خاچ پەرست.

bar (bär), ***n.*** (۱) شیش (كانزا، دار)؛ شیش (پەنجەره، دەرگا). (۲) قاڵبی لاكێشه‌یی (سابوون، شیرینی). (۳) كۆسپ: ***(illiteracy is a ~ to success.)*** . (٤) هێڵ؛ میل؛ تیره. (٥) (ا) جێی دانیشتنی دادپرس یا پارێزەر له ژووری دادگادا. (ب) قه‌فه‌زی گومانبار (٦) دادگا (۷) جێی لێپرسینه‌وه. (۸) پارێزەران؛ دەسته‌ی پارێزەران. (۹) پارێزەری؛ پیشه‌ی پارێزەری. (۱۰) بار؛ مه‌یخانه. (۱۱) میزی بار كه خه‌ڵك به‌دەوریدا دانه‌نیشن (مه‌یخانه، چێشتخانه). (۱۲) لغاو (۱۳) میلێك یا هێڵێكی ئاسۆیی سه‌ر قه‌ڵغان. (۱٤) به‌تاڵكردنه‌وەی داوایه‌ك (دادگەری). (۱٥) قه‌راغی سم یا پاشووی ئه‌سپ.

v.t. (۱) كێلوون دان؛ شیش خستنه بەر دەرگا یا پەنجەره. (۲) ڕێ لێگرتن؛ ڕێگه داخستن به شیش یا دار. (۳) قه‌ده‌غه‌كردن؛ نه‌هێشتن؛ ڕێگه پێ نه‌دان: ***(He was ~red from the contest.)*** (٤) میل میل كردن. (٥) ڕێگه‌گرتن له داوایه‌ك (دادگەری).

prep. جگه له . ***(It's the best hotel in town, ~ none.)***

cross the bar, مردن؛ كۆچی دوایی كردن.

barb (bärb), ***n.*** (۱) ڕیش‌و سمێڵی هه‌ندێك گیاندار. (۲) سه‌ریۆش (ووشكه‌سۆفی ژنی خاچ پەرستان). (۳) قولاپی ماسی گرتن؛ قولاپ. (٤) توانجێكی تونده‌وتیژ. (٥) تونده‌وتیژی (ووته)؛ تیژی؛ بڕی: ***(the ~ of his wit)*** . (٦) ده‌مارێكی پەڕی باڵنده.

(۷) (ا) قه‌ڵاس (گه‌نم‌و جۆ پووه‌كی تر). (ب) چوقوڵ؛ دڕك.

v.t. قولاپ پێوه‌كردن؛ قولاپ خستنه‌سه‌ر؛ قولاپ لێدان.

barb (bärb), ***n.*** (۱) جۆره ئه‌سپێكی به ڕەگەز عه‌ره‌بی‌یه به خێرایی‌و به‌هێزی‌و هێمنی ناسراوه. (۲) جۆره كۆترێكه.

barbarian (bär-bâr′i-ən, bär-bâr′yən), ***n.*** (۱) بێگانه؛ كه‌سێكی بێگانه. (۲) كه‌سێكی كێوی‌و هیچ نه‌زان. (۳) كه‌سێكی دڕنده‌و بێ به‌زه‌یی.

adj. (۱) كێوی؛ هیچ نه‌زان. (۲) كه‌رتڕ؛ بێ نه‌زاكه‌ت. (۳) دڕنده؛ بێ به‌زه‌یی.

barbaric (bär-bar′ik), ***adj.*** (۱) كێوی. (۲) دڕنده. (۳) بێ تامی له‌نه‌ندازه به‌دەر (شێواو، پازاندنه‌وه).

barbarism (bär′bə-riz˝m), ***n.*** (۱) به هه‌ڵه زمان به‌كارهێنان؛ زمان نه‌زانین. (۲) ووشه‌یه‌كی به هه‌ڵه به‌كارهێنراو. (۳) كێوێتی. (٤) كرده‌وه‌یه‌ك یا ڕەووشتێكی ناشرین‌و دڕندانه. (٥) دڕنده‌یه‌تی.

barbarity (bär-bar′ə-ti), ***n.*** (۱) دڕنده‌یه‌تی؛ دڵڕەقی؛ نامرۆڤایه‌تی: ***(The bombing of towns and villages is an example of- modern ~ .)*** (۲) كارێكی دڕندانه. (۳) شێوازێكی بێ تام‌و ناپه‌سه‌ند. (٤) ووشه‌یه‌كی به هه‌ڵه به‌كارهێنراو.

barbarize (bär′bə-rīz′), ***v.t.*** (۱) ووشه‌و زمان به هه‌ڵه به‌كارهێنان. (۲) دڕنده‌كردن.

v.i. وه‌ك دڕنده لێهاتن.

barbarous (bär′bə-rəs), ***adj.*** (۱) بێگانه. (۲) پڕ له هه‌ڵه (زمان). (۳) كێوی؛ نه‌زان. (٤) ناشرین (ڕەووشت، شێواو). (٥) دڕنده؛ دڵڕەق. (٦) گڕ (ده‌نگ).

Barbary ape, مه‌یموونی بێ كلك.

barbate (bär′bāt), ***adj.*** (۱) پرشدار. (۲) قه‌ڵاسدار (دانه‌وێڵه).

barbecue (bär′bə-kū′), ***n.*** (۱) ئاگردانێكی به‌رز یا مقه‌ڵی گۆشت برژاندن له ده‌ره‌وەی ماڵ. (۲) بریانی، پارێن، گا، به‌ران، یا مه‌ڕێكی به‌یه‌ك پارچه برژێنراو له‌سه‌ر ئاگری ده‌ره‌وەی ماڵ یا حه‌وشه. (۳) گۆشتی برژاو (به‌تایبه‌تی له‌سه‌ر ئاگری ده‌ره‌وەی ماڵ یا حه‌وشه). (٤) سه‌یرانی گۆشت برژاندن. (٥) چێشتخانه‌ی گۆشت برژاندن؛ كه‌بابخانه.

v.t. (۱) كردن به بریانی؛ برژاندنی یه‌ك پارچه‌یی پارێن، مه‌ڕ، یا به‌رازێك. (۲) گۆشت برژاندن؛ ماسی برژاندن.

adj. (۱) برژاو (گۆشت)؛ برژێنراو. (۲) تایبه‌تی به گۆشتی برژاو.

barbecue sauce, خۆشاوی به‌هارات كه گۆشتی تێ ده‌خرێت‌و داده‌نرێت پێش برژاندنی.

barbed (bärbd), ***adj.*** (۱) دڕكاوی؛ دڕكدار. (۲) بڕ؛ تیژ؛ دڕكاوی (مه‌جاز): ***(~ words)*** .

barbed wire, ته‌ڵی دڕكاوی؛ ته‌ڵبه‌ن.

barbel (bär′b'l), ***n.*** (۱) تووكێكه به لێوی ماسی‌یه‌وه شۆڕبووه‌ته‌وه (بۆ هه‌ستكردنه). (۲) جۆره ماسی‌یه‌كی گه‌وره‌ی ئاو ڕوباره ئه‌م جۆره تووكه به لێوه‌وه‌یه‌تی.

barbellate (bär′bə-lāt′, bär′bel′it), ***adj.*** دڕكاوی (ڕووه‌ك)؛ به تووكی وه‌ك دڕك داپۆشراوه.

barber (bär′bēr), ***n.*** سه‌رتاش؛ ده‌ڵاك.

v.t. سه‌رتاشین؛ قژتاشین.

barber college, قوتابخانه‌ی سه‌رتاشی.

barber pole, لووله‌كێكی ڕەنگاوڕەنگی خووڵاوه‌یه له‌به‌رده‌می سه‌رتاشخانه‌دا.

barberry (bär′ber′i, bär′bēr-i), ***n.*** (۱) ڕووه‌كێكی گوڵ زەردی دڕكاوی‌یه بەری وه‌ك تووترك ده‌گرێت. (۲) بەری ئه‌م ڕووه‌كه.

barbershop (bär′bēr-shop′), ***n.*** سه‌رتاشخانه؛ ده‌ڵاكخانه.

barbet (bär′bit), *n.* (۱) جۆرە سەگێکی بچووکی تووک لوولە.
(۲) باڵندەیەکی ناوچە گەرمەکانە تووکی وەک درک بە بن دەنووکەکەیەوەیەتی.

barbette (bär-bet′), *n.* (۱) بەرزاییەکی ناو قەڵایەکە تەقەی لێوە دەکرێت. (۲) سەنگەری ناو کەشتییەکی جەنگی.

barbican (bär′bi-kən), *n.* سەنگەر یا قوڵلەی پاراستنی شارێک یا قەڵایەکە کە لەبەردەمی شارەکە یا قەڵاکەدایە.

barbital (bär′bi-tal, bär′bit-əl), *n.* دەرمانێکی نووستنە لەشێوەی تۆزدایە

barbiturate (bär-bə-tyoor′it, bär-bich′ēr-it), *n.* دەرمانی ناڕاز؛ دەرمانی نازارکوژ

barbule (bär′būl), *n.* تووکی پەڕی باڵندە؛ دەمارۆچکەی پەڕ.

bard (bärd), *n.* (۱) شایەر. (۲) [Poetic]، مۆنەر؛ شاعیر.
-bardic *(adj.).*

bard, barde (bärd), *n.* زرێی ئەسپ.
v.t. زرێ لە ئەسپ کردن

bare (bâr), *adj.* (۱) پووت؛ پەتی (قاچ)؛ پووت‌وقووت. (۲) بەرەڵا. (۳) دەراو. جۆرەبەرگ)
(٤) پووت‌وقووت؛ پووتەنی؛ خاڵی (ژوور. خانوو). *(a ~ room)*.
(٥) سادە؛ تەنێ پێوەنان یا زیادە؛ پووت. *(~ facts)*.
(٦) تەنها *(the ~ necessities of life)*.
v.t. پووت کردن. هەڵماڵین؛ پووت‌وقووت کردنەوە؛ ئاشکراکردن (نهێنی)؛ خستنەپوو
lay bare, هەڵماڵین؛ پیشاندان؛ خستنە بەرچاو؛ ئاشکراکردن (نهێنی).

bareback (bâr′bak′), *adv. & adj.* بە پشتی پووت (سواربوونی ئەسپ)؛ بەبێ زین *(to ride ~)*

barefaced (bâr′fāst′), *adj.* (۱) دەموچاو پووت؛ ڕوو هەڵماڵراو
(۲) ئاشکرا؛ کراوە. (۳) بێ شەرم؛ بێ ئابڕوو.

barefoot (bâr′foot′), *adj. & adv.* پێ پەتی؛ بە پێی پەتی.

barefooted (bâr′foot′id), *adj.* = barefoot.

barège (ba-rezh′), *n.* قوماشی پەچە.

barehanded (bâr′han′did), *adj. & adv.* (۱) بە دەستی پووت. (۲) بە دەستی پووت، واتە بەبێ دەستکێش. (۳) [Colloq.]، بە تاوانەوە گیراو

bareheaded (bâr′hed′id), *adj. & adv.* سەر پووت؛ بە سەری پووت.

barelegged (bâr′leg′id, bâr′legd′), *adj. & adv.* لاق-هەڵماڵراو؛ بە لاقی پووت؛ بێ گۆزەوی

barely (bâr′li), *adv.* (۱) بە ناشکرا. (۲) بە پووتی؛ بە پووت‌وقووتی. (۳) بە ناستەم؛ بە حاڵ. *(He ~ escaped injury.)*
(٤) کەم. (٥) [Archaic]. تەنها

barfly (bär′flī′), *n.* عەرەق خۆرێک کە زۆر دەچێتە مەیخانە

bargain (bär′g'n, bär′gin), *n.* (۱) سەوداگەریی؛ ڕێکەوتن (کڕین‌و فرۆشتن‌و ئاڵوگۆرکردن). (۲) مەرجەکانی ڕێکەوتنێک
(۳) ڕێکەوتنێک کە لە سوودی کڕیار بێت؛ کڕینی شتێک بە هەرزان.
(He bought the suit at a ~ .)
v.i. (۱) سەوداکردن؛ سەوداگەری کردن. (۲) ڕێکەوتن؛ پەیمان بەستن
v.t. ئاڵوگۆرکردن؛ گۆڕینەوە.
a bad bargain, سەوداگەرییەکی خراپ؛ ڕێکەوتنێکی خراپ.
a good bargain, سەوداگەرییەکی باش؛ ڕێکەوتنێکی باش.
bargain for, هەوڵدان بۆ دەسکەوتن بە هەرزان؛ سەوداکردن بۆ بە هەرزان کڕین.
strike a bargain, (۱) ڕێکەوتن (کڕین‌و فرۆشتن)
(۲) بە هەرزان شتێک دەسکەوتن؛ شتێک کڕین بە هەرزان.
-bargainer *(n.).*

barge (bärj), *n.* (۱) دۆبە؛ قەباغ؛ بەلەمی بار.
(۲) بەلەمێکی گەورەی گەشتو ئاهەنگی پەسمی.
(۳) خانە بەلەم؛ ماڵە بەلەم: بەلەمی تێدا ژیان وەک ماڵ.
(٤) [Slang]، بەلەمێکی ناقۆڵا.
v.t. گواستنەوە بە دۆبە یا بەلەمی بار.
v.i. (۱) بەمێواشی ڕۆیشتن.
(۲) [Colloq.] (أ) (~ in ; ~ into)، خۆتێهەڵقورتان:
(Don't ~ in our conversation.)
(ب) (~ in)، بە ناشرینانەو لەپڕتاو خۆکردن بە ژووردا:
(He ~d into the room.)
(۳) [Colloq.]، (~ into)، خۆ پێدادان.

bargee (bär-jē′), *n.* [British], = **bargeman.**

bargeman (bärj′mən), *n.* کەشتیی‌ەوانی کەشتی بارگواستنەوە.

baric (bar′ik), *adj.* [Rare], تایبەتی بە باریۆم.

baric (bar′ik), *adj.* بارۆمەتری؛ تایبەتی بە پەستانپێو.

baritone (bar′ə-tōn′), *n.* (۱) دەنگی نێرینەی مام ناوەندی لە بەرزی‌و نزمیدا (گۆرانی). (۲) گۆرانی بێژێک بەم جۆرە دەنگەوە.
(۳) ئامێرێکی مۆسیقایی ئەم جۆرە دەنگە.

barium (bâr′i-əm), *n.* باریۆم.

bark (bärk), *n.* تونکڵەدار.
v.t. (۱) بە تونکڵ خۆش کردن (پێستە). (۲) تونکڵ لێکردنەوە؛ پووت کردن.
(۳) [Colloq.]، پێست دامالین.

bark (bärk), *v.i.* (۱) وەڕین؛ حەپین.
(۲) بە ناشرینانە قسەکردن (وەک وەڕەی سەگ). (۳) [Colloq.]، کۆکەکردن.
(٤) [Slang]، جاڕدان بە دەنگی بەرز و ناسان.
n. وەڕ؛ حەپ؛ سەگوەڕ.
bark at the moon, بە مانگ وەڕین؛ ناڕەزایی بێ سوود دەربڕین.
bark up the wrong tree, (۱) هێرش بردنە سەر شتێک بە هەڵە؛ بە هەڵەدا چوون. (۲) هەوڵدان بە هەڵە؛ هەوڵی بێ سوود دان.

bark (bärk), *n.* [Poetic], بەلەمێکی بایەوانی بچووکە.

barkeeper (bär′kēp′ēr), *n.* مەیخانەچی.

barker (bär′kēr), *n.* (۱) وەڕەر (سەگ، مرۆڤ).
(۲) کەسێک کە لەبەردەمی فرۆشگا یا تیاترۆیەکدا بە دەنگی بەرز کڕیار ڕادەکێشێت.

barker (bär′kēr), *n.* تونکڵ لە دار کەرەوە (مرۆڤ، مەکینە).

barley (bär′li), *n.* جۆ.

barleycorn (bär′li-kôrn′), *n.* (۱) دەنکە جۆ؛ جۆ.
(۲) پێوانەیەکی کۆنە بریتیی‌یە لە سێ‌یەکی ئینچێک.
(۳) خواردنەوەی کحوولی (بەتایبەتی ویسکی).

barley sugar, نوقوڵێکە لە شەکری تێواوەو ئاوی جۆ دروست دەکرێت.

barm (bärm), *n.* کەفی بیرە؛ کەفی سەر بیرە لەکاتی ترشانیدا.

barmaid (bär′mād′), *n.* ئافرەتی مەیگێڕ لە مەیخانەدا.

barman (bär′mən), *n.* پیاوی مەیگێڕ لە مەیخانەدا.

barmy (bär′mi), *adj.* (۱) کەفاو (بیرە)؛ کەفدار.
(۲) [British Slang]، شێتۆکە؛ شێت.

barn (bärn), *n.* (۱) تەوێلە؛ کایەن؛ کایەن‌و تەوێلە.
(۲) گەراجی پاسی ئاوشار. (۳) [Colloq.]، ژوور؛ خانە.

barnacle (bär′nə-k'l), *n.* (۱) گیاندارێکی بچووکی قاوغدارە بە بەردەوە دەنووسێت ئەوەندەی گوێزێک دەبێت. (۲) جۆرە قازێکی کێوی‌یە
(۳) [Colloq.]، کەسێکە کە پێتەوە نووسا لێت نابێتەوە.

barnacles (bär′nə-k'lz), *n.pl.* (۱) لەواشە (کە دەکرێتە لەنزی ووڵاخی سەرک لەکاتی نان کردنیدا). (۲) ئامێرێکی ئازاردانە لە لەواشە دەچێت.
(۳) [British Slang]، چاوێلکە.

barn dance, (۱) سەمایەکی لادێ‌یی‌یانەی ئەمەریکی‌یە.
(۲) ئاهەنگێکی سەمای ناو کایەنە.

barn owl, کوونەپەپوی ناو کلۆری دارو کایەن.

barnstorm (bärn′stôrm´), *v.i.* (۱) گەڕان بە لادێ و شارۆچکەداو ووتاری ڕامیاری دان یا شانۆگەری پێشکەش کردن. (۲) خۆنوواندن بە فرۆکەو خۆفڕێدان بە پەڕەشووت لە پێشانگادا.

barnyard (bärn′yärd´), *n.* حەوشەی دەوروپشتی کایەن و تەوێلە.

baro- (bar′ō, bar′ə), پێشگرێنکە بەمانای: تایبەتی بە پەستانی هەوا.

barogram (bar′ə-gram´), *n.* بارۆگرام: تۆمارکراوەی پەستانپێوی نۆتۆماتیکی

barograph (bar′ə-graf´, bar′ə-gräf´), *n.* بارۆگراف: پەستان- پێوی نۆتۆماتیکی هەوا.

barometer (bə-rom′ə-tēr), *n.* (۱) بارۆمەتر؛ پەستانپێو. (۲) پێوەری گۆڕین؛ نیشانەکەر؛ شتێک کە گۆڕینی ڕامیاری، کۆمەڵایەتی، ئابووری یا کلتووری پێشان بدات.

-barometric *(adj.)*; **barometrically** *(adv.)*.

baron (bar′ən), *n.* (۱) بارۆن. بەگزادەیەکی ئینگلیز یا ئەورووپایی. (۲) سەرمایەدارێکی بەدەسەڵات.

baronage (bar′ən-ij), *n.* (۱) چینی بارۆنەکان؛ نزمترین چینی بەگزادەی ئینگلیز. (۲) پلەوپایەو دەسەڵاتو ناوچەی ژێردەستی بەگزادەیەکی ئەم چینە. (۳) بەگزادەکان. (٤) لیستەی ناوی بەگزادە.

baroness (bar′ə-nis), *n.* (۱) ژنی بارۆن. (۲) بارۆن (ژن)؛ خاتووزادە.

baronet (bar′ə-nit, bar´ə-net′), *n.* (۱) بەگزادەیەکی ئینگلیزە کە پلەی لەخوار " بارۆن " موەیەو لەسەروو " شاسوار " موەیە. (۲) پلەوپایەی ئەم بەگزادەیە.

baronetage (bar′ə-nit-ij), *n.* لیستەی ناو و پلەوپایەی " بارۆنێت " (ووشەی پێشوو ببینە).

baronetcy (bar′ə-nit-si), *n.* پلەوپایەو دەسەڵاتی " بارۆنێت " .

baronial (bə-rō′ni-əl), *adj.* (۱) بارۆنی؛ بەگزادەیی. (۲) بۆ بەگزادە دەشێت: *(a ~ mansion)* .

barony (bar′ə-ni), *n.* (۱) ناوچەی ژێردەستی بارۆنێک. (۲) پلەوپایەی بارۆن.

baroque (bə-rōk′), *adj.* (۱) نارێک. شێواو. (۲) زۆر ڕازاوەو هێڵی کەوانەیی و خوارو خێچاویدار (خانووسازی، هونەر). (۳) تایبەتی بە چەرخی ئەم جۆرە هونەرە (سەدەی شانزەو حەڤدەو هەژدە). (٤) لە تاەو ئەندازە بەدەر ڕازاوە.

n. شێوازێکی هونەری و خانووسازییە بریتییە لە ڕازاندنەوەو هێڵی کەوانەیی و خوارو خێچی نێجگار زۆر.

baroscope (bar′ə-skōp´), *n.* ئامێری پێوانی گۆڕانی پەستانی هەوا.

barouche (bə-rōōsh′), *n.* عەرەبانەیەکی سەرپێچراوەی چوار- گوڕسیە

barque (bärk), *n.* بەلەمی با' کەشتی با.

barquentine (bär´kən-tēn′), *n.* = barque.

barrack (bar′ək), *n.* (۱) . [Rare] کوخت. (۲) *(pl.)*. نۆردووگا؛ سەربازگە. (۳) *(pl.)*. نیشتەجێبەکی کاتی کرێکاران.

v.t. & v.i. حەواندنەوە یا دانان لە نۆردووگادا؛ خستنە سەربازگەوە؛ نیشتەجێ بوون لە نۆردووگادا.

barracuda (bar´ə-kōō′də), *n.* جۆرە ماسییەکی گەورەو دڕندەی دەریایی.

barrage (bə-räzh′), *n.* (۱) بۆمباران کردنێک بە گوللە توپ بۆ ڕێگرتن لە هێزی دوژمن یا پاراستنی هێزی خۆ لەکاتی هێرش بردندا؛ دەسڕێژ. (۲) لێشاو (ووتە، پرسیار، مستەکۆلە): *(a ~ of questions)* .

v.t. & v.i. دەسڕێژکردن؛ دەسڕێژلێکردن.

barrage (bär′ij), *n.* (۱) بەنداو؛ بەست. (۲) کۆسپ.

barranca (bə-raŋ′kə), *n.* دۆلێکی قوڵ؛ چەمێکی قوڵ.

barratry (bar′ə-tri), *n.* (۱) کڕین و فرۆشتنی پلەوپایەو هەروەها کاربەدەستێتی لە میری و کلێسەدا؛ بە بەرتیل فەرمانبەرێتی پێدان. (۲) زوو زوو شەڕنانەوە؛ زوو زوو بەخۆڕایی شکات کردن. (۳) کەمتەرخەمی یا ساختەبازی کەشتیەوان.

-barrator, barrater *(n.)*; **barratrous** *(adj.)*.

barred (bärd), *adj.* (۱) میلدار (قوماش). (۲) کێلوون دراو؛ داخراو. (۳) قەدەغە.

barrel (bar′əl), *n.* (۱) بەرمیل؛ پیپ؛ دەبە. (۲) پڕ بەرمیلێک. (۳) لووڵەکێکی بۆش یا پتەو (پاندان): *(the ~ of a fountain pen)* . (٤) لووڵەی تفەنگ یا دەمانچە. (٥) قەفی پەڕی باڵندە. (٦) لەش (ئەسپ، ڕەشەوولاخ). (۷) [Colloq.]، زۆر؛ فرە: *(a ~ of fun)* .

v.t. (۱) خستنە بەرمیلەوە. (۲) هەڵگرتن؛ عەمارکردن.

v.i. [Slang], خێرا ڕۆیشتن.

barrel-house (bar′əl-hous´), *n.* (۱) جۆرێنکە لە مۆسیقای- " جاز " . (۲) مەیخانەیەکی ناوبانگ خراپ؛ قەحبەخانە.

barrel organ, ئۆرگانی دەستی. ئامێرێکی مۆسیقای بچووکە لە پیانۆ دەچێت.

barren (bar′ən), *adj.* (۱) نەزۆک (ژن): *(a ~ woman)* . (۲) نڕ؛ نەزۆک (گیانەوەر). (۳) بێبەر؛ ڕووتەنی؛ بەیار؛ بێ کەڵک؛ چۆڵ: *(~ soil, land, etc.)* . (٤) ووشک و ناخۆش. (٥) بەتاڵ؛ نەبوو؛ بێ؛ ئێبەتی.

n. (۱) زەوی وزاری بێبەر یا ڕووتەنی. (۲) *(pl.)*، زەوی وزاری لماوی و دەوەناوی.

-barrenness *(n.)*.

barret (bar′it), *n.* تەپلە؛ کڵاوێکی بچووک.

barrette (bə-ret′), *n.* تەوقی سەر (ژن).

barricade (bar′ə-kād´), *n.* (۱) سەنگەر. (۲) بەربەست (کە ڕێگەی پێ دەگیرێت لەکاتی شەڕی سەر شەقامدا)؛ کۆسپ.

v.t. (۱) ڕێ لێ داخستن؛ ڕێی چوونەژوورەوە یا هاتنەدەرەوە نەدان. (۲) کۆسپ لەبەردەمدا دانان؛ بەربەست کردن. (۳) خۆ قایم کردن و نەهاتنە دەرەوە.

barricado (bar´i-kā′dō), *n.* = barricade.

barrier (bar′i-ēr), *n.* (۱) قەڵای پاراستنی شوێنێک. (۲) دیوار؛ پەرژین؛ تەیمان. (۳) کۆسپ؛ دیوار؛ بەربەست: *(Shyness was a ~ between them.)* . (٤) سنوور. (٥) دەرگای گوومرگ (لەسەر سنووری وڵاتێک).

barring (bär′iŋ), *prep.* بێجگە لە؛ جگە لە.

barrio (bär′ri-ō´), *n.* گەڕەکی هەژاران؛ گەڕەک.

barrister (bar′is-tēr), *n.* پارێزەر.

barroom (bär′rōōm´, bär′room´), *n.* بار؛ مەیخانە.

barrow (bar′ō), *n.* (۱) عەرەبانەی دەستی. (۲) پڕ عەرەبانەیەکی دەستی.

barrow (bar′ō), *n.* (۱) گردۆڵکە یا کەڵەکەبەردێکی بچووکی سەر گۆڕێک. (۲) [Dial.]، شاخ؛ گرد.

barrow (bar′ō), *n.* بەرازی خەساو.

bartender (bär′ten´dēr), *n.* مەیخانەچی؛ بەردەستی بار؛ ساقی.

barter (bär′tēr), *v.t.* (۱) ئاڵوگۆڕکردن (شتومەک)؛ گۆڕینەوە: *(He ~ed his watch for food.)*

(۲) سەوداکردن.

n. (۱) ئاڵوگۆڕکاری؛ گۆڕینەوە (شتومەک). (۲) سەوداگەری؛ سەوداکردن (۳) شتێکی ئاڵوگۆڕکراو.

barter away, بە هەرزان فرۆشتن؛ بەخۆڕایی لەدەستدان؛ بەبادان: *(to barter away one's freedom and independence)*

bartizan, bartisan (bär′tə-z'n, bär′tə-zan′), *n.* قوللەیەکی دەرپۆقیو لەلای دیوارێکو سەربانێکەوە.

barytone (bar′ə-tōn´), *adj. & n.* = baritone.

basal (bā′s'l), *adj.* (۱) بناغەیی؛ لە بنەوە دەرهاتوو؛ تایبەتی بە بن. (۲) بنچینەیی؛ سەرەکی؛ گرنگ.

basalt (bə-sôlt′, bas′ôlt), *n.* بازۆلت؛ مەرمەری ڕەش؛ بەردێکی قورسی سەختی سووتاوی ناگرپژێنیە.

bascule (bas′kūl), *n.* = seesaw.

bascule bridge, پردی بزوێن.

base (bās), *n.* (۱) بنچینە؛ بناغە؛ بنەوان؛ ڕەگ. (۲) بن *(the ~ of a thumb)* . (۳) بنکە ;سویا. شۆڕش)؛ بارەگا؛ سەرشار (وەرزش). (٤) چینی زێرەوەی بۆیاخ. (٥) ماددەی سەرەکی ناوێتەیەك. (٦) ماددەیەکە کە لەگەڵ ترشەڵۆکدا تێکەڵاوکرا خوێی لێ پەیدا دەبێت. (۷) ماددەیەکە دەکرێتە ناو بۆیە یا خومەوە بۆ چەسپاندنی ڕەنگەکەی. (۸) هێڵی زێرەوە (نەئەندازە)؛ بن (۹) لاخواروو قەڵغان. (۱۰) ڕەگ بیرکاری). (۱۱) ڕەگی ووشە (زمانەوانی).

v.t. (۱) بنچینە بۆ دانان. (۲) دامەزراندن؛ دانان. (۳) دانان لەسەر بنچینەیەك *(Taxes are ~d on income.; He ~d his conclusions on false assumptions.)*

base (bās), *adj.* (۱) نزم (دەنگ بەتایبەتی لە گۆرانیدا). (۲) ناکەس؛ نزم؛ نامەرد؛ سووك: *(It is ~ to betray a friend.)* . (۳) نزم (پەی کۆمەڵایەتی). (٤) خراپ؛ قەڵب. (٥) هەرزەنەها؛ بێ نرخ: *(Iron is a ~ metal, gold a precious one.)* . (٦) ناڕەسەن (زمان). (۷) ساختە. (۸) [Archaic]، کورت. (۹) [Archaic] زۆل؛ ناکەس بەچە.

n. دەنگێکی نرم (مۆسیقا. گۆرانی).

baseball (bās′bôl´), *n.* (۱) یاری بێسبۆل (۲) تۆپی ئەم یاریە

baseboard (bās′bôrd´, bās′bōrd´), *n.* (۱) تەختەدارێکە گۆشەی نێوان زەمینە و بن دیوار دادەپۆشێت. (۲) تەختەی بناغە.

baseborn (bās′bôrn´), *adj.* (۱) ناکەس بەچە؛ نامەرد؛ نزم؛ سووك. (۲) زۆل ۲) بنەچە نزم یا هەژار؛ ناکەس بەچە

baseless (bās′lis), *adj.* بێ بناغە؛ نابەجێ؛ درۆ. *(~ accusations, fears, hopes, etc.)*

base line, (۱) هێڵی بنچینە. (۲) هێڵی نێوان دوو بنکەی یاری بێسبۆل.

basely (bās′li), *adv.* نامەردانە؛ ناکەسانە.

basement (bās′mənt), *n.* ژێرخان؛ ژێرزەمین (خانوو)؛ سەرداب.

base metal, کانزای کەم نرخ (وەك ئاسن).

baseness (bās′nis), *n.* (۱) نامەردی؛ ناکەسی؛ ناپیاوی؛ سووکی (۲) کردەوەیەکی نزم یا ناکەسانە.

basenji (bə-sen′ji), *n.* سەگێکی ئەفەریقایی بچووکی سوورە حەپین یا وەپڕینی دێیە

bases (bās′iz), *n. plural of* base.

bases (bā′sēz), *n. plural of* basis.

bash (bash), *v.t.* [Colloq.], بەتوندی لێدان؛ زەمە لێ هەڵسان؛ پیامانێ؛ بیرازکردن

n. [Colloq.], زەمە؛ لێدانێکی توند؛ پیاکێشانێك.

bashaw (bə-shô′), *n.* ئەفەندی؛ پاشا؛ فەرمانبەرێکی گرنگ؛ خانزاد.

bashful (bash′fəl), *adj.* شەرمن؛ بە شەرم؛ کەم ڕوو.

basic (bās′ik), *adj.* (۱) سەرەکی؛ بنچینەیی؛ گرنگ؛ بناغەیی؛ پێشەیی؛ سەرەتایی: *(~ principles)* . (۲) تفت (کیمیا)

basically (bās′i-k'l-i, bās′ik-li), *adv.* بە ڕادەی یەکەم؛ بەزۆری؛ بەشێوەیەکی بنچینەیی یا سەرەکی

Basic English, زمانی ئینگلیزی سەرەتایی یا بنچینەیی (کە بریتیە لە هەشت سەدو پەنجا ووشەی پێویست و بناغەیی ئینگلیزی).

basidiomycete (bə-sid´i-ō´mī-sēt′), *n.* جۆرە پووەکێکە وەك قارچك و دوومەڵان.

basil (baz′l), *n.* ڕێحانە.

basilar (bas′ə-lēr), *adj.* (۱) بنچینەیی (بەتایبەتی هی کاسەی سەر)؛ پێشەیی. (۲) بنچینەیی؛ سەرەکی؛ گرنگ.

basilary (bas′ə-ler´i), *adj.* = basilar.

basilic (bə-sil′ik), *adj.* (۱) تایبەتی بە بۆری خوێنی قۆڵ. (۲) [Obs.]، شاهانە.

basilica (bə-sil′i-kə), *n.* (۱) کۆشکی شاهانە. (۲) هۆڵێکی لاکێشەی کۆڵەکەدار (لە خانوویەکی ڕۆمانی کۆندا)؛ خانوویەکی وەها. (۳) کڵێسەیەکی کۆنی وەها.

basilisk (bas′ə-lisk´), *n.* (۱) گیاندارێکی خشۆکی نەفسانەییە وەك قۆپی وایە هەناسەو سەیرکردنەکەی کوشندەیە. (۲) جۆرە قۆپیەکی ئەمەریکییە. (۳) تۆپێکی جەنگیی کۆنی بە قۆپی کانزایی ڕازێنراوەیە.

basin (bā′s'n), *n.* (۱) تەشت؛ سوێنە. (۲) جوڕنە؛ دەستشۆر. (۳) ڕێ تەشتێك؛ ئەوەندەی تەشتێك دەیگرێت. (٤) عەماراو؛ ئەستێل؛ حەوز؛ چاڵ؛ قوواڵیی. (٥) کەنداو. (٦) سەرچاوەی ڕووبار: *(~ river)* . (۷) چاڵایی بن دەریا: *(~ ocean)* .

basinet (bas′ə-nit), *n.* کڵاوزرێیەکی سووك؛ کڵاوی ئاسن.

basis (bā′sis), *n.* (۱) بنچینە؛ بناغە. (۲) دانەبەشی سەرەکی؛ کۆڵەکە. (۳) تێوری یا پەیڕەوی سەرەکی پێوانە؛ پێومر؛ بناغە.

bask (bask, bäsk), *v.i. & v.t.* (۱) خۆهەڵخستن لەبەر هەتاو: *(He ~ed in the sun.)* (۲) پاڵ لێدانەوە لەخۆشیدا؛ بسکەی سمێڵ هاتن لەخۆشیدا؛ لرف لێدان: *(He ~ed in her favor.)*

basket (bas′kit, bäs′kit), *n.* (۱) زەمیلە؛ سەبەتە. (۲) ڕێ زەمیلەیەك. (۳) (!) تۆپی یاری باسکە. (ب) تۆپ خستنە ناو تۆپی باسکەوە.

basketball (bas′kit-bôl´, bäs′kit-bôl´), *n.* (۱) یاری باسکە. (۲) تۆپی باسکە.

basket case, نەخۆشێکی چوارپەل بڕاوە؛ نەخۆشێکی پەرێشان و هیوای چاکبوونەوە لێ نەکراو.

basket hilt, دەسکە شمشێرێکە لەشێوەی زەمیلەدا.

basketry (bas′kit-ri, bäs′kit-ri), *n.* (۱) زەمیلە دروستکردن؛ زەمیلەکاری. (۲) زەمیلە؛ زەمیلەکان؛ سەبەتەکان.

basket weave, چنینی سەبەتەیی: قوماش چنینێکە بریتیە لە ڕاست و چەپ لێکدانی تاڵەکان وەك تووڵی زەمیلەو سەبەتە.

basophile (bā′sə-fīl´, bā′sə-fil), *n.* خانەیەکی بەئاسانی ڕەنگ وەرگر (پووەکناسی).

Basque (bask), *n.* (۱) باسك؛ باسکی؛ یەکێك لە نەتەوەی باسك کە لەسەرووی ئیسپانیاو پۆژاوای فەرەنسادا دەژی. (۲) زمانی باسکەکان؛ باسکی (زمان).

adj. باسکی (نەتەوە، خاك، زمان... هتد).

basque (bask), *n.* بلووزێکی تەسکی ژنانە.

bas-relief (bas′ri-lēf´, bä′ri-lēf´), *n.* نەخشو پەیکەری بەئاستەم سەردەرهێناو یا دەرپۆقیو بە دیوارەوە.

bass (bās), *n.* (۱) نزمترین دەنگی گۆرانی نێرینە. (۲) نزمترین دەنگی مۆسیقا. (۳) گۆرانی بێژێك یا ئامێرێکی مۆسیقایی ئەم جۆرە دەنگە.

adj. (۱) دەنگ نزم. (۲) دەتوانێت گۆرانی وەها نزم بڵێت یا مۆسیقای وەها نزم لێ بدات.

bass (bas), *n.* جۆرە ماسیەیەکە لە ناوی دەریا هەروەها ڕووباریشدا دەژی.

bass drum, تەپڵێکی گەورەی دەنگ نزمە.

basset (bas′it), *n.* سەگێکی ڕاوی لەش درێژو قاچ کورت و گوێ شۆڕە.

basset (bas′it), *n. & v.i.* دەرکەوتن یا هاتنەسەر پووی زەوی کانزا لەژێر زەوی‌یەوە (زەمینناسی، کانگەری).

bass horn, جۆرە کەرەنایەک

bassinet (bas′ə-net′), *n.* بێشکەیەکی سەرگیراوی پێچکەدارە.

basso (bas′ō), *n.* دەنگێکی نزم و نیرانە؛ گۆرانی بێژێکی دەنگ نزم و نێر.

bassoon (ba-sōōn′, bə-sōōn′), *n.* ئامێرێکی مۆسیقایە لەبابەتی زورنا.

basswood (bas′wood′), *n.* (۱) سنجوو دەرەختێکی گول زەرد و بۆن خۆشە دارەکەی سووک و قایمە. (۲) داری ئەم دەرختە.

bastard (bas′tērd), *n.* (۱) زۆل؛ کەسێکی زۆل؛ ناپەسەن. (۲) شتێکی ناپەسەن، ساختە، یا دزۆزنە. (۳) [Slang]، کەسێکی ناکەس بەچە، نامەرد، یا سەگباب (جوێن). (٤) [Slang]، کابرا (لەپووی سووکی‌یەوە).

adj. (۱) زۆل. (۲) ساختە؛ دزۆزنە؛ ناپەسەن. (۳) قەڵب؛ خراپ.

bastard file, بریەنگی ددان مام ناوەندی.

bastardize (bas′tērd-īz′), *v.t.* (۱) زۆڵی و ناکەسی دەرخستن. (۲) پیس کردن؛ تێکدان: *(He ~d the language.)*.

-bastardization *(n.).*

bastardly (bas′tērd-li), *adj.* (۱) زۆل؛ زۆلانە؛ ناکەسانە. (۲) ناپەسەن؛ ساختە؛ دزۆزنە.

bastardy (bas′tēr-di), *n.* (۱) زۆڵی؛ زۆلێتی؛ ناکەس بەچەیی. (۲) زۆل خستنەوە.

baste (bāst), *v.t.* جل‌وبەرگ دوورینەوە.

baste (bāst), *v.t.* بۆن یا کەرە لە گۆشت هەڵسوون لەکاتی سوورکردنەوەدا یا پیاکردنەوەی بۆناوی گۆشتەکە خۆی.

baste (bāst), *v.t.* (۱) لێدان؛ دارکاری کردن. (۲) سەرزەنشت کردن؛ شکاندن؛ جوێن پێدان؛ قسەی ناشرین پێ ووتن.

bastille, bastile (bas-tēl′), *n.* (۱) سەنگەرێکی بزۆک (بۆ هێرش بردن یا خۆپاراستن لەکاتی جەنگدا). (۲) بەندیخانە.

the Bastille, بەندیخانەی باستیل: قەڵەیەک بوو لە پاریس کرابوو بە بەندیخانە لە سەرەتای شۆڕشی فەرەنسادا لە سالی ۱۷۸۹دا وێران کرا.

bastinade (bas′tə-nād′), *n.* = bastinado.

bastinado (bas′tə-nā′dō), *n.* (۱) فەلاقە؛ دارکاری کردن. (۲) دار؛ دارەدەست

v.t. فەلاقەکردن؛ دارکاری کردن؛ لە بنی پێ دان بە دار.

bastion (bas′chən, bas′ti-ən), *n.* (۱) سەنگەری ناو قەڵا (کە بریتی‌یە لە بەشێکی دەرپۆقیوی قەڵاکە). (۲) قەڵا؛ مەلبەند *(a ~ of freedom and democracy)*.

bat (bat), *n.* (۱) گوڕزی یاری بێسبۆڵ. (۲) گەڵاکوتک؛ دار. (۳) پاکێتی یاری تەنس یا پینگ پۆنگ. (٤) لێدانی تۆپی بێسبۆڵ بە گوڕز. (٥) نۆرەی ئەم لێدانە. (٦) تۆپەلە گڵەجان. (۷) [Colloq.]، لێدانێک؛ پیاکێشانێک. (۸) [Colloq.]، خێرایی. (۹) [Slang]، ئاهەنگ و زەماوەندی خواردنەوە.

v.t. لێدان یا پیاسالین بە گوڕزی بێسبۆڵ یا گەڵاکوتک.

v.i. (۱) بەکارهێنانی گوڕزی یاری بێسبۆڵ. (۲) نۆبەکردن لە لێدانی تۆپی بێسبۆڵدا.

at bat, نۆبە هاتنەسەر (لێدانی تۆپی بێسبۆڵ).

bat around, [Slang], (۱) گەران؛ گەشتکردن؛ سوورانەوە (۲) لێکۆڵینەوە (بیروباوەڕ، نەخشە، پیلان).

go to bat for, [Slang], لەسەرکردنەوە؛ پشتیوان کردن بەتوندی: *(He went to bat for his friend.)*

bat (bat), *n.* شەمشەمەکوێرە

blind as a bat, کوێری تەواو؛ کوێر

bat (bat), *v.t.* [Colloq.], چاوونووقاندن؛ چاوداگرتن؛ پەشۆکان.

not bat an eye, [Colloq.], نەپەشۆکان؛ خۆ تێک نەدان.

batch (bach), *n.* (۱) ئەو نانەی کە بە یەک جار دەکرێت. (۲) ئەو هەویرەی پێویستە بۆ نان کردنی جارێک: *(a ~ of dough)*. (۳) بەرهەمی جارێک؛ سەرجەمی ئەو شتەی بە یەک جار دروست کرابێت (٤) دەستە؛ کۆمەڵ (مرۆڤ، شت)؛ تاقم؛ پۆل؛ چەپک.

bate (bāt), *v.t.* (۱) کەمکردنەوە؛ کزکردن. (۲) خۆپاگرتن؛ دەمی خۆ گرتن؛ دەرنەبڕین. (۳) لێ داشکاندن؛ لێ لادان؛ لێ دەرکردن؛ لێسەندنەوە.

v.i. کەم بوونەوە؛ کزبوون.

with bated breath, هەناسە بۆ نەدران (لە ترسدا یا لە خۆشیدا).

bate (bāt), *v.t. & v.i.* پێستە خۆش کردن.

n. دەرمانی پێستە خۆش کردن.

bateau (ba-tō′), *n.* بەلەمێکی بچووکە.

batfowl (bat′foul′), *v.i.* ڕاوکردنی مەل بە شەوکوێرکردنیان و گرتنیان بە تۆڕ یا کوشتنیان.

bath (bath, bäth), *n.* (۱) خۆشتن. (۲) ئاوی خۆشتن. (۳) گەرماو؛ سەرشۆرک؛ ژوورێ خۆشتن. (٤) بانیۆ. (٥) *(pl.)*، گەڕاو. (٦) کانزای تووانە لە کووڕەدا. (۷) دەرمانی وێنە شتنەوە.

v.t. & v.i. شتن؛ لە ئاو هەڵکێشان؛ خووساندن؛ خۆشتن.

bathe (bāth), *v.t.* (۱) نوقوم کردن لە ئاودا؛ خستنە ئاوەوە. (۲) شتن: *(She ~d the baby.)*. (۳) تەرکردن. (٤) داپۆشین؛ هەمووگرتنەوە: *(The trees are ~d in moonlight.)*.

v.i. (۱) خۆشتن؛ گەرماوکردن. (۲) مەلەکردن؛ خۆتێهەڵکێشان. (۳) خۆهەڵخستن: *(to ~ in the sun)*.

-bather *(n.).*

bathetic (bə-thet′ik), *adj.* (۱) هیچ‌وپووچ (شێوازی نووسین یا دووان). (۲) دزۆزنە (سۆز، هەست).

bathhouse (bath′hous′, bäth′hous′), *n.* (۱) گەرماوی گشتی. (۲) ژووری خۆگۆڕین لە گەرماوی گشتیدا.

bathing cap, کڵاوی خۆشتن (بۆ تەڕ نەبوونی قژ؛ کڵاوی مەلەکردن.

bathing suit, دەرپێنی مەلەکردن؛ جل‌وبەرگی مەلەکردن.

batho- (bath′ō), پێشگرێکە بەمانای: قوواڵی؛ قوواڵیی.

bathometer (bə-thom′ə-tēr), *n.* پێوەری قوواڵیی ئاو.

bathos (bā′thos), *n.* (۱) بە ناحەز چوون (شێوازی نووسین و دووان)؛ دانە دواوە. (۲) سۆزی درۆ؛ هەستو سۆزی ناپەجێ.

bathrobe (bath′rōb′, bäth′rōb′), *n.* پۆپی گەرماو.

bathroom (bath′rōōm′, bäth′room′), *n.* (۱) گەرماو؛ سەرشۆرک. (۲) ئاودەستخانە؛ تواڵێت.

bathtub (bath′tub′, bäth′tub′), *n.* حەوزی خۆشتن؛ بانیۆ.

bathy- (bath′i), پێشگرێکە بەمانای: قوول؛ تایبەتی بە بنی دەریا.

bathymetry (bath′i-met′ri), *n.* پێوانی قوواڵی دەریا.

-bathymetric; bathymetrical *(adj.).*

bathyscaph (bath′i-skaf′), *n.* بەلەمێکی ژێرئاوی‌یە بۆ چوونە ناو قوواڵیی دەریا.

bathysphere (bath′i-sfêr′), *n.* بەلەمێکی ژێرئاوی‌یە بۆ لێکۆڵینەوە لە زیندەوەرو پووەکی قوواڵیی دەریا.

batik (bə-tēk′, bä′tēk, bat′ik), *n.* (۱) نەقش و نیگار لەسەر دروستکردنی پارچەیەک قوماش بە لە خوم هەڵکێشانی و داپۆشینی ئەو بەشانەی کە ناوستڕێ نەقشی لەسەر دەرچێت. (۲) قوماشێکی نەقش و نیگار لەسەر دروستکراو بەم شێوەیە. (۳) ئەم نەقش و نیگارە.

adj. تایبەتی بە بەم جۆرە نەقش و نیگارو قوماشە.

v.t. نەقش و نیگار دروستکردن لەسەر قوماش بەم جۆرە.

bating (bāt′iŋ), *prep.* [Archaic], بێجگە لە؛ جگە لە.

batman (bat′mən), *n.* بەرەستی نەفسەرێکی ئینگلیزی.

baton (ba-ton′, bat′n), *n.* (۱) گورزی ئەفسەر یا پۆلیس (۲) داری باریکی سەرەك ئۆرکێسترا یا تیپی مۆسیقا (۳) شیشێکی باریکی ئاسنی سەرخڕە پێشەنگی خۆپیشاندان بە ئاسماندا هەڵی دەدەن و دەیگرێنەوە

Batrachia (bə-trā′ki-ə), *n.pl.* (۱) گیاندارێ تەڕو ووشکی بێ کلك (وەك بۆق ...) (۲) گیاندارە تەڕو ووشکیيەکان

batrachian (bə-trā′ki-ən), *adj.* تایبەتی بە گیاندارێ تەڕو ووشکی؛ تەڕو ووشکی

n. گیاندارێ تەڕو ووشکی

batsman (bats′mən), *n.* یارێکەرێ یاری بێسبۆڵ و کریکێت

battalion (bə-tal′yən), *n.* (۱) دەستە لەشکرێکی ئامادە بۆ جەنگ (۲) ژمارەیەکی زۆر؛ تابوور: *(a ~ of strikers)* (۳) *(pl.)* لەشکر؛ سوپا (٤) دەستە لەشکر؛ پەل

batten (bat′n), *n.* (۱) پارچە تەختەێ زەوی داپۆشەر (۲) پارچەیەك تەختەێ باریك کە دڕزی نێوان دوو تەختەێ پێ دادەپۆشرێت

v.t. (~ down), قایم کردن بە پارچەیەك تەختەێ باریك

batten (bat′n), *v.i.* (۱) قەڵەوبوون (۲) دەوڵەمەندبوون یا خۆش ڕابواردن لەسەر حسابی یەکێکی تر (۳) هاتنەبەر؛ بەرگرتن

v.t. قەڵەوکردن؛ دابەستن

batter (bat′ĕr), *v.t.* (۱) پەیتا پەیتاو بە قایم کوتاندنەوە؛ پیاکێشان؛ بەتوندی لێدان (۲) وورد وخاش کردن؛ پیامانێن و شکاندن؛ داگرتنەوە (۳) شکاندن؛ ڕزۆر بەکارهێنان و لەکەڵك خستن: *(The furniture was ~ed.)* *(a ~ed wife, child, etc.)* (٤) لێدان؛ ئازاردان

v.i. پیاکێشان پەیتا پەیتاو بە قایم

n. تیپی شکاو چاپەمەنی

batter (bat′ĕr), *n.* یارێکەرێك کە توێەی هاتووە لە توپ بدات (کریکێت بێسبۆڵ)

batter (bat′ĕr), *n.* گیراوەی ئاردو شیرو هێلکە بۆ کێك دروستکردن یا چێشت لێنان

batter (bat′ĕr), *v.t. & v.i.* بەرە بەرە لێزبوونی دیوارێك لە بناغەوە بۆ سەرەوە

battering-ram (bat′ĕr-iŋ-ram′), *n.* چەکێکی جەنگیی کۆنە پەیتا پەیتا دەکێشرا بە شوورەی شاری ئابلوقەدراودا بۆ ڕوخاندنی و چوونە ناو شارەکەوە

battery (bat′ĕr-i), *n.* (۱) پیامانێن؛ کوتانەوە؛ لێدان (بە دەست، شەق، یا شتێك؛ تنەهەڵدان: *(assault and ~)* (۲) (ا) توپ سوپا. کەشتی جەنگی. (ب) بنکەی توپ (ج) لقی توپدار (۳) توپ هاوێژو توپ گرەوە (یاری بێسبۆڵ) (٤) باتری؛ پیل (٥) دەستەیەك شتی چوونیەك

in battery, ئامادەیە بۆ تەقاندن توپ، تفەنگ

battik (bat′ik), *n., adj. & v.t.* = batik.

batting (bat′iŋ), *n.* (۱) لێدانی توپ بە گورز (یاری بێسبۆڵ) (۲) توێەڵ یا توێی لۆکەو خوری (بۆ تێناخنینی لێفەو کورسی)

battle (bat′l), *n.* (۱) جەنگ؛ شەڕ (۲) شەڕ؛ ناکۆکی؛ خەبات

v.t. & v.i. شەڕکردن؛ جەنگین؛ خەبات کردن

battle array, (۱) ئامادەکردن و ڕێکردنی هێزی چەکدار بۆ جەنگ (۲) کەرەسەی جەنگ

battle-ax, battle-axe (bat′l-aks′), *n.* (۱) تەورێ جەنگ (۲) [Slang]، ژنێکی کەڵەو بەزەبر

battle cruiser, کەشتی جەنگیی تیژڕەو

battle cry, (۱) بانگی جەنگ؛ هاواری جەنگ (۲) دروشمی خەبات یا جەنگ

battlefield (bat′l-fēld′), *n.* (۱) مەیدانی شەڕ؛ مەیدانی جەنگ (۲) مەیدانی ناکۆکی یا ملەملێ

battle front, مەیدانی جەنگ

battleground (bat′l-ground′), *n.* = battlefield.

battlement (bat′l-mənt), *n.* سەنگەر؛ سەنگەرێ سەر قەڵایەك

battleplane (bat′l-plān′), *n.* فڕۆکەێ جەنگی

battle royal, (۱) گەلەکۆمەکی (۲) شەڕێ مردن و ژیان؛ جەنگێکی قورس (۳) مشتومڕێکی زۆر؛ دەمەقاڵێیەکی گەرم

battle-scarred (bat′l-skärd′), *adj.* شوێن بڕینی شەڕێ پێوەیە

battleship (bat′l-ship′), *n.* کەشتی جەنگی

battue (ba-tōō′, ba-tū′), *n.* (۱) لە داڕو دەوەن دان بۆ هاتنەدەرەوەێ گیاندارو بانەدەرو پاوکردنیان (۲) ئەم جۆرە پاوە (۳) ئەو نێچیرەێ بەم جۆرە پاودەکرێت (٤) قەڵاچۆکردن بە کۆمەڵ

batty (bat′i), *adj.* [Slang], (۱) شێت؛ شێتۆکە (۲) سەیر؛ ئاڵاسا

bauble (bô′b'l), *n.* (۱) زێوزەنگیانە؛ شتێکی بریقەداری بازاڕی (۲) بووکەشووشە

baulk (bôk), *n., v.t. & v.i.* = balk.

bauxite (bôk′sīt, bō′zīt), *n.* کانزایەکە فافزێنی لێ دەردەهێنرێت

Bavarian (bə-vâr′i-ən), *adj.* باڤاری (گەل، زمان، کلتوور)

n. (۱) هاوواڵتیيەکی باڤاریا؛ باڤاری (۲) زمانی باڤاری (کە لقێکە لە زمانی ئەڵمانی)

bawd (bôd), *n.* (۱) گەواد (ژن یا پیاو)؛ سەرەك قەحبەخانە (۲) [Rare]، قەحبە

bawdry (bôd′ri), *n.* (۱) زمان پیسی؛ قسەێ سووك و ناشرین (۲) [Archaic]، گەوادێتی؛ پیشەێ گەواد (۳) [Obs.]، قەحبەیەتی؛ داوێن پیسی

bawdy (bô′di), *adj.* زمان پیس؛ سووك و ناشرین (ووتە)؛ بێ پەردەو سەرسەرێیانە (زمان، کردەوە): *(~ language)* .

-bawdily *(adv.)*; bawdiness *(n.)*.

bawdyhouse (bô′di-hous′), *n.* قەحبەخانە

bawl (bôl), *v.i. & v.t.* (۱) قیژاندن؛ هاوارکردن (۲) [Colloq.]، گریان بە دەنگی بەرز

n. (۱) قیژە؛ هاوار (۲) [Colloq.] ، گریان بە دەنگی بەرز

bawl out, (۱) هاوارکردن؛ قیژاندن (۲) [Slang]، سەرزەنشت کردن؛ شکاندن؛ شتن (مەجان)

bay (bā), *n.* کەنداو؛ ئاودێ

bay (bā), *n.* (۱) بەشێك یا لایەکی دەرپۆقیوی خانوو (۲) قوژبنێکی بە کۆڵەکە دەورەدراو (۳) لایەکی کایەنە بۆ عەمارکردنی دانەوێڵەو گزە (٤) ژووری نەخۆش و بریندارێ ناو کەشتی (٥) تاقی ناو دیوار

bay (bā), *v.i.* وەڕین؛ لوورەلوورکردن؛ قڕووسکاندن

v.t. (۱) پێ وەڕین (۲) پێ وەڕین و پاوتان (۳) گەمارۆدان؛ کردنەکوتەوە؛ تەنگ پێ هەڵچنین

n. (۱) وەڕە؛ لوورە؛ قڕووسکەقڕووسك (۲) گەمارۆ

at bay, گەمارۆدراو؛ بەگیرهێنراو؛ تەنگ پێ هەڵچنراو

bring to bay, گەمارۆدان؛ کردنە کوتەوە؛ تەنگ پێ هەڵچنین

keep (or hold) at bay, بەرهەڵستی کردنی دوژمن و لەدوورەوە ڕاگرتنی؛ وەستاندنی دوژمن لە جێی خۆی و ڕێی هاتنەپێشەوە لێگرتن: *(The bear kept the hunters at bay.)*

bay (bā), *n.* (۱) دارەختێکی هەمیشە سەوزە (۲) *(pl.)*، گوڵبەندی گەڵای ئەم دارەختە (۳) *(pl.)*، پەڵەوپایە بەرزی؛ ئاوداری؛ سەربەرزی

bay (bā), *adj.* کوێت

n. (۱) ئەسپ و ماینی کوێت؛ گیاندارێکی کوێت.
(۲) کوێت؛ قاوەیی سوورباو.

bayadere, bayadeer (bä′yə-dêr′), *n.* (۱) کچێکی سەماکەر لە پەرستگایەکی هیندیدا. (۲) قوماشی میلداری چەپ و ڕاست.

bayard (bā′ērd), *n.* (۱) ئەسپ یا ماینی کوێت. (۲) [B-]، ئەسپێکی ئەفسانەیی.
(۳) ئەسپ (لەبووی گالتەوە).

bay leaf, گەڵای بۆنداری درەختێکی هەمیشە سەوزە.

bayonet (bā′ə-nit, bā′ə-net′), *n.* نێزە؛ ڕم؛ قەمەی تفەنگ؛ سونگی.

v.t. نێزە، سونگی، ڕم، یا قەمە لێدان.

v.i. نێزە، سونگی، ڕم، یا قەمە بەکارهێنان.

bayou (bī′o͞o), *n.* زێ؛ چەم.

bay window, (۱) پەنجەرەی دەرپۆقیو. (۲) [Slang]، وورگی زل.

baywood (bā′wood′), *n.* جۆرێکە لە دارخەیزەران.

bazaar, bazar (bə-zär′), *n.* (۱) بازاڕ. (۲) فرۆشگا؛ دووکان. (۳) فرۆشتنی شتومەک بۆ پارە کۆکردنەوە بۆ کڵێسە یا یانەیەک.

bazooka (bə-zo͞o′kə), *n.* بازووکە: چەکێکی سەرشانی مووشەک-تەقێنەرە

B.B.C., = British Broadcasting Corporation.

B.C., = Before Christ.

bdellium (del′i-əm), *n.* (۱) جەوی؛ گەوەن؛ سرێش. (۲) درەختی جەوی. (۳) بەردێکی بەنرخە لە نینجیلدا ناوی براوە.

be (bē; *unstressed,* bi), *v.i.* (۱) بوون؛ هەبوون؛ ژین؛ ژیان: ***(She is no more. ; I am here. ; She is there.)***
(۲) بوون؛ ڕوودان: ***(When will the wedding ~ ?)*** .
(۳) بەردەوام بوون؛ خایاندن؛ مانەوە: ***(Will he ~ here long?)*** .
(٤) بوون (لەشوێنێکدا): ***(The food is on the table.)*** .
(٥) ئ بوون؛ چوون: ***(Have you been to Italy?)*** .
(٦) وا بوون: ***(She is my sister. ; He is clever.)*** .
(۷) والێکردن؛ والێهاتن: ***(He will ~ whipped.)*** .

be off, (۱) بڕۆ! (۲) ڕۆیشتن.

be (bē, bi), پێشگرێکە بەمانای: (۱) بەدەوریدا: ***(besprinkle)*** . (۲) هەموی؛ بەتەواوی: ***(besmear)*** . (۳) لێسەندن؛ وەرگرتنەوە: ***(bereave, betake)*** . (٤) دەربارەی: ***(bethink, bemoan)*** . (٥) کردن: ***(bedirty)*** . (٦) لەگەڵدا کردن؛ کردن: ***(befriend, becloud)*** . (۷) داپۆشراو بە؛ هەبوو: ***(bewhiskered)*** .

beach (bēch), *n.* کەناری دەریا؛ ڕۆخی لمینی دەریا.

beachcomber (bēch′kōm′ər), *n.* (۱) شەپۆلێکی گەورەیە دەدات بە ڕۆخی دەریادا. (۲) کەسێکی وێڵە کە بە دەست لە خەڵک پان کردنەوە دەژی لە ڕۆخی دەریادا.

beachhead (bēch′hed′), *n.* بنکەی لەشکری داگیرکەر لەسەر ڕۆخی دەریای دوژمن.

beacon (bē′kən, bē′k'n), *n.* (۱) ئاگری پەیامنێر یا ووریاکردنەوە بە شوێنێکی بەرزەوە. (۲) چرای ڕێ پیشاندەر؛ چرای ئاگاداری.
(۳) چرای ڕێ پیشاندەری سەر ڕۆخی دەریا.
(٤) گردێک یا بورجێک کە نیشانەو پەیامی لێوە دەنێردرێت.
(٥) نیشانە (بەتایبەتی هی ووریاکردنەوە).
(٦) نیشانەو پەیامی بێتەل کە دەدرێت بە فڕۆکە بۆ ڕێ پیشاندانی.

v.t. (۱) ڕووناک کردنەوە؛ ڕۆشن کردنەوە (تاریکی).
(۲) نیشانەکردن بە چرا یا ڕووناکی.
(۳) ڕێ پیشاندان بە چرا یا ڕووناکی؛ ڕێ ڕووناک کردنەوە یا پیشاندان.

v.i. (۱) بریقانەوە؛ شەوقدانەوە؛ درەوشانەوە.
(۲) ڕێ پیشاندان؛ چاوساغی کردن.

bead (bēd), *n.* (۱) مووروو؛ زەنگیانە؛ کووژمەکە؛ دەنکە تەزبیح.
(۲) *(pl.)*، تەزبیح. (۳) *(pl.)*، ملوانکە؛ گەردنبەند.
(٤) چوکڵەنیشان (تفەنگ، دەمانچە).
(٥) دڵۆپ (خوێن، ئارەق، ئاو)؛ بڵق. (٦) کەفی بیرە.
(۷) تۆسقاڵێک زێر یا زیو. (۸) پرزە مووروویی دیوار پازێنەرەوە.

v.t. (۱) پازاندنەوە بە مووروو یا زەنگیانە. (۲) هۆنینەوە (وەک تەزبیح).

v.i. خڕیوون؛ وەک مووروو لێهاتن؛ بوون بە دڵۆپ.

count (or tell or say) one's beads, دۆعاکردن بە تەزبیحەوە

draw a bead on, نیشان لێگرتنەوە.

beaded (bēd′id), *adj.* (۱) بە مووروو و زەنگیانە پازاوە.
(۲) مووروودار. (۳) دڵۆپ دڵۆپ وەستاو؛ خڕ وەک مووروو.

beadhouse (bēd′hous′), *n.* هەژارخانە؛ تەمەڵ خانە: بەتایبەتی کە هەژارەکانی دەبوایە دۆعایان بکردایە بە تەزبیحەوە بۆ خێرپێنکەرەکانیان.

beading (bēd′iŋ), *n.* (۱) مووروو هۆنینەوە. (۲) ملوانکە؛ تەزبیح.
(۳) پرزە مووروو و زەنگیانە کە بۆ جوانی دەنرێت بە جڵوبەرگەوە.
(٤) نەخشو نیگاری سەر جڵوبەرگ کە لە پرزە مووروو دەچێت.
(٥) کەفی بیرە.

beadle (bē′d'l), *n.* (۱) پەیامبەر. (۲) پێشەنگی خۆپیشاندانێکی زانکۆ.
(۳) یاریدەدەری قەشە؛ یاریدەدەری مالوومە لە کەنیشتەدا.

beadledom (bē′d'l-dəm), *n.* لەخۆبایی بوون و کەرێتی و ناڵەباریی فەرمانبەری بچووکی میری.

beadroll (bēd′rōl′), *n.* (۱) لیستەی ناو؛ لیستەیەکی درێژی ناو.
(۲) لیستەی ناوی ئەو مردووانەی دۆعایان بۆ دەکرێت (کڵێسەی کاسۆلیکی)

beadsman (bēdz′mən), *n.* (۱) دۆعاکردن بۆ مردوو بە پارە.
(۲) سوالکەر. (۳) نیشتەنی هەژارخانە یا تەمەڵ خانە.

beadwork (bēd′wūrk′), *n.* (۱) مت‌ومووروکاری؛ زەنگیانەکاری.
(۲) پرزەی مووروویی سەر جڵوبەرگ بۆ جوانی.

beady (bēd′i), *adj.* (۱) زەنگیانەیی؛ خڕو بچکۆلەو بریقەدار.
(۲) بە زەنگیانە پازاوە. (۳) پڕ لە دڵۆپی خڕی زەنگیانەیی.

beagle (bē′g'l), *n.* سەگێکی بچووکی پێست لووسی قاچ کورتی گوێ شۆڕە.

beak (bēk), *n.* (۱) دەنووک؛ دەنووکی باڵندەی نێچیروان.
(۲) شتێکی لە دەنووک چوو. (۳) [Slang]، لووتی گەورەو چەماوە.
(٤) [British Slang]، (ا) دادپرس؛ دادگەر. (ب) بەرێوەبەری قوتابخانە.
(٥) گوێ سمبانە.

beaked (bēkt, bēk′id), *adj.* (۱) دەنووکدار.
(۲) چەماوە (وەک دەنووک).

beaker (bēk′ēr), *n.* (۱) پەرداخی قنچکدار؛ کووپێکی جوان؛ پەرداخی بادە. (۲) شلەی ناو پەرداخێکی ڕازاوە.
(۳) شووشەی لێواردار کە دەرمانگەو کیمیاگەر بەکاری دەهێنێت

beam (bēm), *n.* (۱) دەستەک؛ نیرگە؛ دارێکی درێژو ئەستوور؛ شەلەمان.
(۲) مژان. (۳) میلی تەرازوو. (٤) تەرازوو. (٥) شیشی لەنگەر.
(٦) پەرێکی درێژو ڕەقی باڵی هەڵۆ یا داڵ. (۷) قەفی شاخی بەرانەکێوی
(۸) نیرگەی کەشتی. (۹) پانایی کەشتیێک. (۱۰) لای کەشتیێک.
(۱۱) [Slang]، پانایی سمت. (۱۲) نوێڵ.
(۱۳) تیشک؛ ڕووناکی؛ شەوق. (۱٤) زەردەخەنە؛ بسکە.
(۱٥) (ا) نیشانەی بە بێتەل نێردراو لە فڕۆکەخانەوە یا لە بەندەرەوە بۆ فڕۆکەو کەشتی. (ب) باشترین گۆشەی مایکرۆفۆن یا دەنگ گەورەکەر.
(ج) مەودای مایکرۆفۆن یا دەنگ گەورەکەر.

v.t. (۱) تیشکدانەوە؛ شەوقدانەوە؛ بریقەدانەوە
(۲) ڕێ پیشاندانی فڕۆکەوان و کەشتیێەوان بە بێتەل.
(۳) بەرنامەی ڕادیۆ ناڕاستەکردن.

v.i. (۱) شەوقدانەوە؛ تیشکدانەوە؛ بریقانەوە.
(۲) زەردەخەنەگرتن؛ بسکەهاتن.

off the beam, (۱) پەیرەوی نەکەری ئامۆژگاری ڕێ پیشاندانی بێتەل

(فڕۆکە، کەشتی). (٢) [Slang]، بە هەڵەدا چوو؛ هەڵە.

on the beam, (١) لەسەر ڕێی ڕاست بەپێی ئامۆژگاری بێتەل (کەشتی، فڕۆکە). (٢) [Slang]، (ا) لەسەر ڕێی ڕاست. (ب) باش کاردەکات؛ ووریا.

beamed (bēmd), *adj.* (١) بە دەستەك کراو؛ دەستەکەکانی بەدەرەوەن: *(a ~ ceiling)*

(٢) ناراستەی شۆڕێنێکی تایبەتی کراوە (بەرنامەی ڕادیۆ): *(a ~ program)*

beaming (bēm′iŋ), *adj.* (١) ڕووناك؛ تیشکدەرەوە؛ شەوق دەداتەوە. (٢) دڵشاد؛ دەم بە پێکەنین؛ ڕووخۆش و کراوە.

beamy (bēm′i), *adj.* (١) ڕووناك؛ تیشکدەرەوە؛ بەشەوق. (٢) نیرگەیی؛ زل؛ پان و گەورە. (٣) شاخدار. (٤) پان (کەشتی).

bean (bēn), *n.* (١) دەنك لۆبیا، فاسۆلیا، پاقلە، قاوە). (٢) فاسۆلیا؛ لۆبیا؛ پاقلە. (٣) کەلوو. (٤) ڕووەکی فاسۆلیا و لۆبیا و پاقلە... هتد. (٥) [Slang]. مێشك؛ سەر.

v.t. [Slang], بەسەردا کێشان.

full of beans, بەکەیف؛ بەدەماخ؛ کەیف قنج.

spill the beans, نهێنی درکاندن؛ ئاشکراکردنی نهێنی.

beanbag (bēn′bag´), *n.* (١) تووڕەکەیەکی پڕ لە پاقلە یا فاسۆلیایە یاری پێ دەکرێت. (٢) ئەم یارییە.

beanpole (bēn′pōl´), *n.* (١) دار یا چیلکەی فاسۆلیا پیاهەڵگەڕاو. (٢) کەسێکی درێژ و باریکەلە.

beanstalk (bēn′stôk´), *n.* قەفی فاسۆلیا و پاقلە و لۆبیا.

bear (bâr), *v.t.* (١) هەڵگرتن؛ گواستنەوە؛ بردن. (٢) پێوەبوون. *(The letter bore his signature.)* . (٣) بوون؛ منداڵبوون. *(She bore three children.)* . (٤) بەرگرتن. *(It will ~ fruit.)* (٥) خستنە ئەستۆ؛ هەڵگرتن *(Let him ~ the expenses.)* . (٦) شار دانە بەر؛ مل پێوەنان. *(to ~ a burden)* . (٧) دەربردن؛ بەرگەگرتن: *(I can't ~ it. ; They bore the torture.)* . (٨) ڕەووشت نواندن؛ هەڵسان و دانیشتن: *(He ~s himself well.)* . (٩) لە دل گرتن (کینە): *(to ~ a grudge)* . (١٠) شایەتی دان: *(He will ~ witness.)* . (١١) شیان.

v.i. (١) بەرگەگرتن؛ دەربردن. (٢) بەر زۆر گرتن: *(The tree ~s well.)* . (٣) ڕێشتن بەرەو. *(The ship bore west.)* .

bear arms against, چەك هەڵگرتن دژ بە؛ جەنگ لەگەڵ کردن.

bear down, (١) دەست پێانان بۆ خوارەوە. (٢) هەوڵێکی زۆر دان.

bear down on, (١) هێز خستنەسەر؛ قورسایی یا زەبر خستنەسەر. (٢) هەوڵێکی زۆر دان. (٣) چوون بەرەو.

bear in mind, لەبیربوون؛ لەبیرنەچوون؛ نەخستنە پشت گوێ

bear on, پەیوەندی پێوە بوون: *(His story bears on the crime.)*

bear out, دەرخستن؛ چەسپاندن؛ ساغ کردنەوە؛ سەلماندن: *(The results bear out his claims.)*

bear up, دەربردن؛ بەرگەگرتن

bear with, ئارام لێگرتن؛ چاوپۆشین؛ پەلەنەکردن: *(Bear with me, please.)*

bear (bâr), *n.* (١) وەرچ

(٢) [B-]. بەکێکە لە دوو کۆنەستێرەی کە پێیان دەوترێت: the Great Bear and the Little Bear)؛ حەوت برا؛ حەوتەوانە.

(٣) کەسێکی لە وەرچ چوو؛ کەسێکی گەلحۆر قسەڕەق.

(٤) نامێری کونکەر. (٥) پارەباز (بۆرسە)؛ جامباز.

adj. نرخ لە شکاندایە (بۆرسە): *(a ~ market)* .

v.t. نرخ شکاندن (بۆرسە)؛ جامبازی کردن بەنیازی نرخ شکاندن.

be a bear for punishment, (١) بەرگەی ناخۆشی گرتن؛ دەربردن. (٢) کۆڵ نەدان؛ ووڕە بەرنەدان.

bearable (bâr′ə-b'l), *adj.* بەرگەی دەگیرێت (ئازار، ناخۆشی)؛ لەگەڵی دەردەبرێت.

bearbaiting (bâr′bāt´iŋ), *n.* یارییەکی کۆنە بریتییە لە سەگ تێ بەردانە وورچێکی بەستراوەو چەوساندنەوەی.

beard (bêrd), *n.* (١) پرچ. (٢) پڕ (گوڵە گەنمو جۆ).

v.t. (١) دەست دانە پرچ؛ پرچ گرتن. (٢) ڕووبەڕوو وەستان؛ بەرهەڵستی کردن. (٣) پرچ بۆ کردن؛ پرچ بۆ هێشتنەوە.

bearded (bêr′did), *adj.* (١) پرچدار؛ پرچی هەیە. (٢) پڕاوی (گوڵە گەنمو جۆ)؛ پڕدار؛ قەڵاساوی.

beardless (bêrd′lis), *adj.* (١) بێ پرچ. (٢) پرچ نەهاتوو لەبەر منداڵی. (٣) گەنج؛ منداڵ.

bearer (bâr′ēr), *n.* (١) هەڵگر (مردۆ، شت). (٢) بەردار؛ بەرگر؛ گوڵدار. (٣) هەڵگری دارەتەرم. (٤) هەڵگر یا پێدەری بانکەنۆت بۆ داواکردنەوەی قەرز.

bear garden, (١) شوێنی بەستنەوەی وورچێك و سەگ تێکردنی. (٢) شوێنێکی پڕ لە دەنگە دەنگ و شەڕە شەق و هەراوهوریا.

(۲) ڕووناك کردنەوە؛ شەوق پێدانەوە.

blaze away, (۱) تفەنگ تەقاندن یەك لەسەر یەك.
(۲) بە گەرمی قسەکردن.

blaze (blāz), *n.* (۱) مارۆ؛ پەڵەیەکی سپیە بە ناوچەوانی وڵاخەوە.
(۲) نیشانەیەکی هەڵکەنراو لەسەر قەدی دارێك (بۆ دیاریکردنی ڕێچکەیەك).
v.t. (۱) هەڵکەندنی نیشانەیەك لەسەر تۆپکلی درەختێك.
(۲) نیشانەکردنی ڕێچکەیەك بە هەڵکەندنی نیشانە لەسەر قەدی دارو درەخت.

blaze (blāz), *v.t.* جارداڵ؛ بڵاوکردنەوە؛ بانگ بۆ دان.

blazer (blāz′ĕr), *n.* (۱) چاکەتی سووکی بێ بەر (لەگەڵ پانتۆڵی ڕەنگ جیاوازدا لەبەر دەکرێت). (۲) جارچی.

(٢) دەفری چێشت لێنان لەسەر پشکۆ یا ئاگر.

blazing star, (١) چەند جۆرە ڕووەکێکی گوڵ ڕەنگینی نەستێرەییە. (٢) کەسێک یا شتێک کە سەرنج زۆر ڕادەکێشێت. (٣) [Obs.]، نەستێرەی کشاو.

blazon (blā′z'n), *n.* (١) دڕووشمی سەر قەڵغانی سوارچاک یا خانەدان. (٢) وێنە یا باسی ڕوونکەرەوەی دڕووشمێکی وەها. (٣) خوێنواندنێکی کەش‌وفشانە؛ پیشاندانێک یا نوواندنێکی سەرنج ڕاکێش.

v.t. (١) بانگ بۆ هەڵدان؛ جاڕ بۆ دان. (٢) نەخشەکێشان یا باسکردنی دڕووشمی سوارچاکی و بەگزادەیی.

blazonry (blā′z'n-ri), *n.* (١) هونەری نەخشەکێشان‌و باسکردنی دڕووشمی سوارچاکی‌و خانەدانی. (٢) دڕووشم یا نیشانەی سوارچاکی. (٣) نوواندنێک یا پیشاندانێکی سەرنج ڕاکێش.

bldg., = building.

bleach (blēch), *v.t.* (١) ڕەنگ لێ لابردن بە مادەی کیمیایی یا تیشکی خۆر (جل‌وبەرگ)؛ لەکە لە جل‌وبەرگ کردنەوە (بە مادەی کیمیایی). (٢) سپیکردنەوە (جل‌وبەرگ).

v.i. ڕەنگ چوونەوە؛ سپی بوونەوە؛ کاڵ بوونەوە.

n. (١) ڕەنگ لابردن؛ لەکە لێکردنەوە؛ سپیکردنەوە. (٢) ڕەنگ لابەر؛ دەرمانی سپیکەرەوە.

bleacher (blēch′ēr), *n.* سپیکەرەوەی قوماش (مرۆڤ، دەفر، مەکینە، مادەی کیمیایی).

bleachers (blēch′ērz), *n.pl.* تەختەی دڕێژی بێ پشتی دانیشتنی یاریگای دەرەوە.

bleachery (blēch′ēr-i), *n.* کارگەی سپیکردنەوەی قوماش.

bleaching powder, تۆزی سپیکەرەوە (جل‌وبەرگ).

bleak (blēk), *adj.* (١) ڕووتەنی؛ ڕووت‌وقووت (دەشت). (٢) ڕەنگ زەرد؛ سپی هەڵگەڕاو (نەخۆش). (٣) ساردو سەختو ناخۆش. (٤) دل پەستکەر؛ دڵگیر؛ ناخۆش؛ تاریک؛ بێ هیوا: *(a ~ landscape, future, outlook, etc.)*

bleak (blēk), *n.* ماسییەکی ڕوباری ئەورووپاییە لە ڕووڵەکەکانی مرواری دەستکرد دروست دەکرێت.

blear (blêr), *adj.* (١) کزو لێل بوونە بەهۆی فرمێسک‌و ڕیپۆقەوە (چاو)؛ کوتوکوێر (٢) لێل؛ کز؛ نادیار.

v.t. (١) کزو لێل کردن بە فرمێسک‌و ڕیپۆق (چاو). (٢) نیمچە شاردنەوەی دەموچاو بە فرمێسک. (٣) نیمچە شاردنەوەی ڕووی شتێک.

blear-eyed (blêr′īd′), *adj. Also* bleary-eyed, (١) کوتوکوێر؛ چاو کزو لێل (بەهۆی فرمێسک‌و ڕیپۆقەوە). (٢) بێ مێشک‌و کەم.

bleary (blêr′i), *adj.* (١) لێل؛ نادیار؛ تەماوی. (٢) کز (چاو بەهۆی فرمێسک‌و ڕیپۆقەوە)؛ لێل (چاو). (٣) ماندوو؛ هێز لێ بڕاو.

-blearily *(adv.)*; **bleariness** *(n.)*.

bleat (blēt), *v.i.* (١) باڕاندن؛ باعەباع کردن؛ قاڕاندن؛ قاڕەقاڕکردن. (٢) قسەی هیچ‌وپووچ کردن؛ نووزاندن؛ نووزەنووزکردن.

v.t. بە دەنگێکی لەرزۆک‌و بێ هێز ووتن.

n. (١) باڕە؛ باڕەباڕ؛ قاڕە؛ قاڕەقاڕ؛ باعە؛ باعەباع. (٢) دەنگێکی لە باڕەباڕ یا باعەباع چوو.

bleb (bleb), *n.* (١) بلۆق؛ تلۆق؛ پیزۆکە. (٢) بڵقی ئاو.

bled (bled), *past tense and p.p. of* bleed.

bleed (blēd), *v.i.* (١) خوێن لێهاتن؛ خوێن بەربوون؛ خوێن ڕژان. (٢) بڕیندار بوون‌و مردن (بە خوێن لێهاتن). (٣) خەفەت خواردن؛ هاوسۆزی کردن‌و خەم بۆ خواردن: *(My heart ~s for them.)* (٤) دەردان (شیلە)؛ دادان (ئاو، شیلە) لە ڕووەک‌و داری بڕاوە؛ لێ دەرهاتن.

(٥) دەڵاندن؛ تێزان (خوێن، ئاو، شلە). (٦) ڕەنگدانەوە (خوم، جل‌وبەرگ). (٧) لانەچوونی پەڵەو دیاربوونی ماوەیەک پاش بۆیەکردن. (٨) بڕینی قەراغی زیادە (پەرتووک بەرگ تێگرتن، وێنە، نەخشە).

v.t. (١) خوێن بەردان؛ خوێن لێ دەرهێنان؛ خوێن لێگرتن. (٢) شیلە لێ دەرهێنان (لە قەدی ڕووەک‌و درەخت بە بڕینیان). (٣) چۆڕاندنەوە؛ بەتاڵ کردنەوە. (٤) [Colloq.]، بە زۆر یا بە هەڕەشە پارە لێ کێشانەوە. (٥) بڕینی قەراغی زیادە (پەرتووک بەرگ تێگرتن، وێنە، نەخشە).

n. بەشی پەراوێزی زیادەی لێ بڕاو (وێنە، نەخشە، پەرتووک... هتد).

adj. قەراغی زیادەی هەیە (کە دەبێت ببڕێت).

bleed white, (١) خوێن تێدا نەمان؛ لێهاتنی هەموو خوێنەکە. (٢) لێ کێشانەوەی هەموو پارەو سەرمایە؛ هیچ پێ نەهێشتن.

bleeder (blēd′ēr), *n.* (١) خوێن لێگر (پزیشکەوانی)؛ خوێن لێوەرگر. (٢) کەسێکی خوێن نەوەستاو (لەبەر نەمەینی)؛ هیموفیلیادار.

bleeding heart, گوڵی خوێناوی: ڕووەکێکە گوڵی پەمەیی وەک دڵ دەگرێت.

blemish (blem′ish), *v.t.* لەکەدارکردن؛ پیس کردن (ئاو)؛ تێکدان؛ شێواندن.

n. لەکە (ناوبانگ)؛ پەڵە؛ پیسی؛ کەم‌وکووڕی؛ ناتەواوی.

blench (blench), *v.t. & v.i.* سپیکردنەوە؛ سپی بوون؛ سپی هەڵگەڕان.

blench (blench), *v.i.* سڵ کردنەوە؛ گەڕانە دورواوە (لە ترسدا).

blend (blend), *v.t.* (١) تێکەڵاوکردن (چەند جۆرە چا، تووتن، یا شتی تر). (٢) تێکەڵاوکردن یا نوواندنەوە لەناو یەکتریدا (بۆیەی هونەرمەند).

v.i. (١) تێکەڵاوبوون؛ بوون بە یەک بەتەواوی. (٢) گونجان لەگەڵ یەک؛ سازان لەگەڵ یەک؛ شیان.

n. (١) تێکەڵاوبوون؛ تێکەڵاوکردن. (٢) شتێکی تێکەڵاوکراو؛ تێکەڵ: *(a ~ of coffee, tea, etc.)*

blende (blend), *n.* زینکی خاو.

blended whisky, وێسکی تێکەڵاو (لەگەڵ وێسکی یا خواردنەوەی تر).

blender (blend′ēr), *n.* (١) تێکەڵاوکەر: ئامێرێکی کارەبایی‌یە خواردەمەنی تێکەڵاو دەکات بۆ لێنانی. (٢) تێکەڵاوکەر (مرۆڤ).

blenny (blen′i), *n.* جۆرێکە لە ماسی.

blent (blent), *alternative past tense and p.p of* **blend.**

blepharitis (blef′ə-rī′tis), *n.* سووربوونەوەو ئاوسانی پێڵووی چاو

blesbok (bles′bok′), *n.* ئاسکەکێوی‌یەکی ماڕۆی ئەفەریقایی‌یە.

bless (bles), *v.t.* (١) پیرۆزکردن. (٢) دۆعا بۆ کردن؛ دۆعای باش بۆ کردن. (٣) خوا پێدان: *(She has been ~ed with beauty.)*

(٤) دڵخۆش کردن؛ بوون بە مایەی چاکە بۆ. (٥) پیرۆزبایی لە خۆ کردن؛ خۆ بە بەختەوەر زانین. (٦) پەرستن؛ شکۆپێدان. (٧) نیشانەی خاچ کێشان بەسەر خۆدا. (٨) پاراستن لەلایەن خوداوە.

bless me (or you, him, etc.)!, ئەی خودا هاوار!.

bless you!, ئەم ووتەیە بە کەسێک دەووترێت کە دەپژمێت: یا خێر!؛ خێر بێت!؛ خێر!؛ سوپاس بۆ خودا!؛ پژمەت خۆش.

blessed (bles′id, blest), *adj.* (١) پیرۆز. (٢) بەختیار؛ کامەران. (٣) بەختەوەر؛ خوا پێداو. (٤) لە کارامەنی‌یەکی هەتا هەتادایە (ئاین). (٥) بەختەوەرکەر.

the blessed, (١) پیرۆزان. (٢) بەختەوەران؛ بەهرەداران؛ خوا پێداوان. (٣) مردووانی خوالێخۆشبوو.

Blessed Virgin, مەریەم.

blessing (bles′iŋ), *n.* (١) دۆعای خێر؛ لە خودا پارانەوە. (٢) سوپاسی خودا کردن لەسەر خوان.

(٢) دیاری خواهانه؛ خێروبێر؛ خەڵاتی خواهانه.
(٤) دۆعای سەرکەوتن و خۆشی: *(They send you their ~ .)* .
(٥) پەسەندکردن؛ پەزامەندی: *(This plan has his ~ .)* .
(٦) دڵخۆشکەر؛ شتێکی دڵخۆشکەر.

blest (blest), *alternative past tense and p.p of* bless.

adj. = blessed.

blet (blet), ***n.*** گەنین (میوەی زۆر گەییو)؛ پزین؛ تەپین

blether (bleth′ĕr), ***n., v.i. & v.t.*** = blather.

blew (blo͞o), *past tense of* blow.

blight (blīt), ***n.*** (١) دەردی پووەك؛ نەخۆشی پووەك؛ دۆزوكە؛ وەیشومە. (٢) هۆی نەخۆشی پووەك. (٣) دەرد؛ نەخۆشی؛ لەناوبەر؛ فەوتێنەر. (٤) كەسێك یا شتێكی هیوابڕ. (٥) فەوتان؛ قرچ هەڵهێنان.

v.t. (١) فەوتاندن؛ دەردڵێدان؛ وێرانكردن؛ سیسكردنەوە. (٢) هیوابڕین.

v.i. فەوتان؛ دەردگرتن؛ قرچ هەڵهێنان

blimp (blimp), ***n.*** بالۆن

blimp (blimp), ***n.*** [Chiefly British], كەسێكی شۆڤێنی كۆنەپەرستی نەزان

blind (blīnd), ***adj.*** (١) كوێر؛ چاوكوێر.
(٢) تایبەتی بە كوێر؛ بۆ كوێرێك
(٣) ڕێ نەدی نەكەر؛ كوێر؛ تێنەگەیشتوو؛ بێ سەرنج.
(٤) كوێرانە؛ بێ خۆ بۆ نامادەكردن: *(a ~ search)* .
(٥) هەڵەشە؛ نابەجێ.
(٦) ماش نەبینراو؛ شاراوە؛ بەردەم گیراو: *(a ~ intersection)*
(٧) بێ دەرگاو پەنجەرە؛ بێ كۆن و كەلەبەر: *(a ~ wall)*
(٨) دەرنەچوو (كۆڵان)؛ كوێرەكۆڵان؛ كوێرە ڕێ: *(a ~ alley)* .
(٩) لە دەسەڵاتی مرۆڤ بەدەر: *(~ destiny)* .
(١٠) كوێرانە؛ كوێر؛ بێ بیرلێكردنەوە: *(~ faith)* .
(١١) نابەجێ. (١٢) سەرخۆش.
(١٣) ناخوێندنراوە؛ قڵی وبڵی: *(a ~ letter)* .
(١٤) زۆر؛ بێ بەر (دارو دەرخت).
(١٥) بە نامێر نەك بە دەست و چاو (فڕۆكە لێخوڕین): *(~ flying; ~ landing)*
(١٦) دروزنە؛ لێوەی نابینرێت (پەنجەرە): *(a ~ window)*

v.t. (١) كوێركردن؛ چاو كوێركردن.
(٢) بە شەوارە خستن؛ سەر لێ شێواندن.
(٣) هۆش لێ بڕین؛ توانای بیركردنەوەو ڕێ بەدیی لێ وەرگرتنەوە.
(٤) لێل كردن؛ شێواندن بە جۆرێك كە بە پوونی نەبینرێت.
(٥) شاردنەوە؛ كردن بە ژێرەوە.
(٦) شەوق لێ بڕین (بە دانەوەی شەوقی زیاتر).

n. (١) بەردەمی چاوگر؛ بەری بینایی گر.
(٢) بەری پووناكی گر (پەردەی پەنجەرە)؛ پەردە: *(a Venetian ~)* .
(٣) جێی خۆشاردنەوەی ڕاوچی (بەتایبەتی ڕاوچی مراوی).
(٤) تەڵە؛ تەپكە؛ بۆسە؛ هۆی خەڵەتاندن.

adv. (١) بە كوێرانە؛ كوێرانە. (٢) هەڵەشانە؛ بە هەڵەشەیی.

the blind, كوێرەكان؛ كوێران.

blind alley, (١) كوێرەكۆڵان؛ كۆڵانی دەرنەچوو.
(٢) كاری بێ ئەنجام؛ شتی بێ سوودو بێ دواڕۆژ.

blind date, [Slang], (١) ژوانی نێوان ژن و پیاوێكی نەدیوو نەناس؛ ژوانی كوێرانە. (٢) بەشداری ژوانێكی وەها.

blinder (blīn′dĕr), ***n.*** چاوبەستی ئەسپ.

blindfish (blīnd′fish′), ***n.*** ماسییەكی بچووكی كوێرە.

blindfold (blīnd′fōld′), ***v.t.*** (١) چاوبەستنەوە؛ چاوبەست كردن.
(٢) بە هەڵەدا بردن؛ فریودان؛ خەڵەتاندن.

n. چاوبەست.

adj. چاوبەستراوە؛ چاوبەست كراو.

adv. (١) كوێرانە؛ بە كوێرانە. (٢) بە هەڵەشەیی؛ بێباكانە.

blind gut, = caecum.

blinding (blīnd′iŋ), ***adj.*** (١) كوێركەر.
(٢) بە شەوارەخەر؛ زۆر بە شەوق و سەر لێ تێكدەر: *(a ~ light)* .

blindman's buff, گوێزەكوێرە (یاری).

blindly (blīnd′li), ***adv.*** بە كوێرانە؛ كوێرانە؛ بە نەزانانە.

blindness (blīnd′nis), ***n.*** (١) كوێری؛ كوێرێتی.
(٢) نەزانی؛ نەزانین؛ تێنەگەیشتن.

blind spot, (١) خاڵە كوێرە: ئەو بەشە بچكۆلەیەی تۆپی چاوە كە پووناكی كاری تێ ناكات (تۆپكاری). (٢) كوێرە پەلە؛ ناوچەی نەبینراو یا نەزانراو. (٣) خاڵێكی سەر ڕادیۆیە كە ئێستگەی بە باشی تێدا وەرناگیرێت.

blindstory (blīnd′stôr′i, blīnd′stō′ri), ***n.*** نەزمی بێ پەنجەرە.

blind tiger, [Slang], مەیخانەی قاچاخ.

blindworm (blīnd′wūrm′), ***n.*** مارمێلكەیەكی بێ پەڵی چاو بچكۆلەیە. (هەروەها " slow-worm ") .

blink (bliŋk), ***v.i.*** (١) چاوتروكاندن.
(٢) داگیرسان و كوژانەوە یەك لەدوای یەك؛ درەوشانەوە.
(٣) چاوداگرتن؛ بە لاتیلەی چاو سەیركردن.
(٤) چاوپۆشین؛ چاونوقان (لە كەموكوڕی): *(She ~ed at my mistake.)*
(٥) ترشان (شیر).
(٦) چاو شۆڕكردن؛ ترسان و چاو شۆڕكردن: *(Let's see who will ~ first.)*

v.t. (١) چاوتروكاندن. (٢) چرا یا پووناكی هەڵكردن و كوژاندنەوە.
(٣) چاو لێ پۆشین؛ چاو لێ نوقاندن (كەموكوڕی).
(٤) نیشانەدان یا وورياكردنەوە بە هەڵكردنی شەوقێك كە پەیتا پەیتا دادەگیرسێت و دەكوژێتەوە (نوتومبیل).

n. (١) درەوشانەوە؛ تروسكە؛ شەوق؛ بریقە. (٢) سەیركردنێكی پەلە.
(٣) ماوەیەكی زۆر كەم (ئەوەندەی چاو تروكانێك)؛ هەناسە.
(٤) چاوتروكان؛ چاوداگرتن. (٥) شەوقی ناسۆ لە دەریاوە.

on the blink, [Slang], شكاو؛ لەكاركەوتوو؛ پەككەوتوو.

blinkard (bliŋk′ĕrd), ***n.*** (١) كەسێك كە هەمیشە چاوی دەتروكێنێت. (٢) كەسێكی كەرو بێ منیشك.

blinker (bliŋ′kĕr), ***n.*** (١) . blinder
(٢) چرای وورياكردنەوە لە شوێنی پەرینەوەدا كە هەڵدەگیرسێت و دەكوژێتەوە.
(٣) [Slang]، چاو.

v.t. چاوبەست كردنە چاوی ئەسپ؛ چاوبەستكردنی ئەسپ.

blip (blip), ***n.*** وێنە یا پووناكییەكی سەر شاشەی ڕادار.

bliss (blis), ***n.*** (١) شادی؛ خۆشی و كامەرانی؛ گەشكە.
(٢) گەشكەی ئایینی؛ بەهەشت. (٣) هۆی شادی.

blissful (blis′fəl), ***adj.*** شاد؛ پڕ لە خۆشی و شادی: *(a ~ time, period, etc.)*

blister (blis′tĕr), ***n.*** (١) بلۆق؛ تلۆق؛ پێست سووربوونەوە و هەوكردن؛ بڵۆ؛ برین. (٢) شتێك كە لە بلۆق دەچێت.
(٣) بورجێكی بچووكی دەرپۆقیوە بەسەر فڕۆكەوە بۆ تەقە لێوەكردن.
(٤) هۆی بلۆق كردن (لە مرۆڤ یا پووەكدا).

v.t. (١) بلۆق پێكردن؛ تلۆق پێكردن؛ هەموپێكردن.
(٢) دارکاری كردن؛ پیرازكردن؛ لێدان؛ كوتان.
(٣) هێرش بردنە سەر بە دەم.

v.i. بلۆق كردن؛ تلۆق كردن؛ بوون بە بلۆق.

blister beetle, (١) مێروویەكی ڕەش، بۆر، یا بازووە لەشی شتێك دەردەدات كە بلۆق بە لەش دەكات. (پێشی دەوترێت: " Spanish fly ") .
(٢) قالۆنچەیەكی وەك نەم مێروویە زیانبەخشە بۆ پووەك.

blister rust, بلۆقی دارسنەوبەر: نەخۆشییەكە بلۆق بە تونكڵی دارسنەوبەر دەكات.

blistery (blis′tēr-i), *adj.* بلۆقاوی؛ تلۆقاوی؛ ئاوساوو سووربووەوە.
blithe (blīth), *adj.* شاد؛ دڵشاد؛ دەم بە پێکەنین؛ دڵخۆش.
-blithely *(adv.)*; **blitheness** *(n.).*
blithering (blith′ēr-iŋ), *adj.* قسەی هیچوپووچ کەر؛ قسەی قۆپو بێ تام کەر.
blithesome (blīth′səm), *adj.* دەم بە پێکەنین؛ شاد؛ پڕوخۆش.
-blithesomely *(adv.)*; **blithesomeness** *(n.).*
blitz (blits), *n.* [Colloq.], (١) بۆمبابارانێکی لەپڕو تووندوتیژو وێرانکەری گشتی. (٢) هێرش یا پەلاماردانێکی سوپایی لەپڕو تووندوتیژ. (٣) هێرشێکی بەهێزو گشتی (پڕوپاگەندە):
(to launch an advertising ~)
v.t. (١) داگرتنەوە بە پڕوپاگەندە یا دەنگوباس. (٢) لەپڕ بۆمباباران کردنو وێرانکردن.
blitzkrieg (blits′krēg′), *n.* (١) هێرشێکی سوپایی لەپڕو بەهێزو گشتیبە لە ناسمانو زەمینیشەوە. (٢) هێرشێکی لە ناکاو گشتیو بەهێز (پڕوپاگەندە، بازرگانی، پۆشنبیری)؛ هەوڵێکی کۆمەکیو گشتیو بەدڵ.
blizzard (bliz′ērd), *n.* (١) گەردەلوولێکی بەفرینی سارد؛ کڕێوە؛ بەفروبایەکی زۆر سارد. (٢) ڕەشەبایەکی قایم؛ گەردەلوولێکی تووندو بەهێز.
bloat (blōt), *adj.* ئاوساو؛ فووتێکراو؛ فش.
v.t. & v.i. (١) فووتێکردن؛ ئاوساندن؛ ئاوسان. (٢) فووتێکردن (مرۆڤ)؛ خۆفشکردنەوە.
n. (١) کەسێک یا شتێکی فووتێکراو، ئاوساو، فش، یا فش کراوە. (٢) [Slang]، کەسێکی سەرخۆش. (٣) سک ئاوسان (پزیشکەوانی گیاندار).
bloat (blōt), *v.t.* قاوورمەکردنی ماسی.
n. ماسی قاوورمە.
bloated (blōt′id), *adj.* (١) ئاوساو؛ فووتێکراو؛ فش. (٢) فووتێکراو (مرۆڤ)؛ بەفیز؛ لووت بەرز. (٣) قەڵەو؛ وورگن.
bloater (blōt′ēr), *n.* ماسیێکی گەورەی قاوورمەکراو.
blob (blob), *n.* (١) دڵۆپ (مەرەکەب، بۆیە، شلە)؛ تۆپەڵ. (٢) پەڵەیەک ڕەنگ یا بۆیە بەسەر ڕووبەکەوە
v.t. بۆ هەڵبڕژاندنو پەڵە درووستکردن (ڕەنگ، بۆیە).
bloc (blok), *n.* بەرە؛ یەکێتی (مرۆڤ، کۆمەڵە، وڵات).
block (blok), *n.* (١) پارچەیەکی پتەوی تەخت (دار، تەختە، بەرد، کانزا). (٢) بڕەدار؛ موورەدار؛ پارچە تەختە. (٣) سێپایەکی تەختە یا دارە شتی لەسەر لەت دەکرێت؛
(a butcher's ~) تەختەی شت لەسەر جنێو یا کار لەسەر کردن.
(a headman's ~) (٤) سێپادارینەی خەڵک لەسەر سەربڕین. (٥) سەکۆی هەراجکەر؛ سندوقی دەڵاڵ یا مەزاتکەر. (٦) دارشتکە؛ قاڵب. (٧) دارێکی بە پێوەیە سەرەکەی وەک سەر وایە شەپقەی لەسەر پیشان دەدرێت لە فرۆشگادا. (٨) کۆسپ؛ قۆرت؛ بەربەست. (٩) خولخولۆکە. (١٠) پاڵپشت (دار، تەختە، ئاسن). (١١) خشتی گەورەی ناو بۆش (خانووسازی). (١٢) خشتەداری یاری مندااڵن. (١٣) چەند خانوویەکی بە یەکێک دانراو. (١٤) خانووی نێوان چوار شەقام. (١٥) ڕیزێک خانووی نێوان دوو شەقام؛ ماوەی نەم ڕیزە خانووە؛ بلۆک؛ جادە:
(His office is only four ~s away.)
(the Socialist ~) (١٦) بەرە؛ یەکێتی؛ کۆمەڵ.
(١٧) [Slang]، سەری مرۆڤ.
(١٨) خوێن لێ بڕین (پزیشکەوانی)؛ سڕکردن. (١٩) کڵێشە (چاپەمەنی). (٢٠) دەم بەستران یا لەپڕ بیر بۆ نەکراوە (دەروونناسی):
(to have an emotional ~)
(٢١) هێڵی شەمەندەفەری نێوان دوو چرا. (٢٢) بەرەوبڕی دانەوە (وەرزش)؛ بەردەم گرتن؛ ڕێ لێگرتن. (٢٣) دەستە (بلیت، پووڵ)؛ چوارپووڵ لاکێشەیی.

v.t. (١) ڕێ لێگرتن؛ بەردەم گرتن؛ بەرگرتن؛ ڕێگە نەدان؛ ڕێ لێ بەستن:
(to ~ someone, traffic, a plan, etc.)
(٢) ئابڵووقەدان؛ دەورەدانو ڕێی هاتوچۆ لێگرتن. (٣) بوون بە کۆسپ لەبەردەمدا. (٤) لە قاڵب دان؛ دارشتن. (٥) بوون بە دەستە دەستە یا بەرە بەرە. (٦) پاڵپشت دانە بەر (دار، تەختە، ئاسن). (٧) لەکارخستن (کیمیاگەری). (٨) بەرەوبڕی دانەوە (وەرزش)؛ بەردەم گرتن. (٩) سڕکردن (پزیشکەوانی)؛ مراندن. (١٠) دەم بەستران (دەروونناسی)؛ لەبیرچوونەوە؛ بیر بۆ نەکرانەوە. (١١) شەمەندەفەر لێخوڕین بە چرای ئاگاداری.
v.i. بەردەم گرتن (وەرزش)؛ بوون بە کۆسپ لەبەردەمدا؛ ڕێگەلێگرتن.
adj. (١) خشت ئاسایی؛ وەک خشت. (٢) لاکێشەیی؛ چوارگۆشەیی (٣) تایبەتی بە ڕیزە خانوویەکی نێوان دوو شەقام؛ هی درێژی یا ماوەی نەم ڕیزە خانووە. (٤) سەروبەر؛ سەرجەم؛ بە کۆمەڵ. (٥) بە ڕیز یا بە ڕێکی چاپکراو (نامە).

a chip of the old block, کوتومت لە باوکی دەچێت لە ڕەوشتو ڕووخساردا.
block in, نەخشەی گشتی کێشان.
block out, (١) نەخشەی گشتی کێشان. (٢) بەردەم گرتن بۆ نەوەی نەبینرێت؛ داپۆشین؛ لە مێشک لابردن یا لەبیر خۆ بردنەوە: *(to block out a painful memory)*.
block up, (١) بە خشت پڕکردنەوە. (٢) بەربەست کردن؛ ڕێ لێگرتن؛ بەردەم گرتن. (٣) بەرزکردنەوەو خستنەسەر خشت؛ لەسەر خشت دانان.
go on the block, (١) نیاز وایە سەربڕێت؛ سەربەبڕێت؛ بۆ سەربڕین دانراوە:
(The whole herd will go on the block tomorrow.)
(٢) دەخرێتە مەزاتەوە؛ دەچێتە مەزاتەوە؛ هەراج دەکرێت:
(The house will go on the block next week.)
on the block, لە هەراجدایە؛ لە مەزاتدایە.
blockade (blo-kād′), *n.* (١) ئابڵووقە؛ ئابڵووقەدان؛ گەمارۆ. (٢) هێزی ئابڵووقەدان. (٣) کۆسپ؛ قۆرت.
v.t. (١) ئابڵووقەدان؛ گەمارۆدان. (٢) ڕێ لێگرتن.
run the blockade, ئابڵووقە شکاندن.
blockade runner, ئابڵووقەشکێن (کەشتی، تایەمیزاد).
blockage (blok′ij), *n.* (١) ڕێ لێگرتن؛ ڕێ لێ داخستن؛ بەرگرتن. (٢) ڕێگە گیران؛ ڕێگە داخران؛ کون گیران؛ بەربەستی
(a ~ in a blood vessel, water pipe, etc.)
block and tackle, خولخولۆکەو پەت بۆ شت بەرزکردنەوە.
blockbuster (blok′bus′tēr), *n.* [Slang], (١) بۆمبایەکی گەورەو وێرانکەرە لە فڕۆکەی بۆمباهاویژەوە بەردەدرێتەوە. (٢) شتێک یا کەسێکی زۆر بەکارو بەزەبرو سەرکەوتوو.
blockhead (blok′hed′), *n.* (١) پارچە دارێکی ستوونییە سەرەکەی لە شێوەی سەردایە شەپقەی لەسەر پیشان دەدرێت لە فرۆشگادا. (٢) کەسێکی کەودەنو بێ مێشک.
blockhouse (blok′hous′), *n.* (١) خانووی لە موورەدار دروست- کراو. (٢) قەڵایەکی دوونهۆمی لە موورەدار دروستکراو.
blockish (blok′ish), *adj.* (١) بڕەدار ئاسایی؛ وەک بڕەدار. (٢) کەر؛ کەودەن؛ بێ مێشک.
block letter, (١) تیپی لەسەر دار هەڵکەنراو. (٢) تیپی جیا جیاو گەورەو سادە.
block plane, ڕەندەی دارتاش.
block signal, چرای ڕاگەیاندنی خۆکاری سەر هێڵی شەمەندەفەر.
block system, شێوەی کارکردنی چرای ڕاگەیاندنی خۆکاری سەر هێڵی شەمەندەفەر.

blocky (blok′i), *adj.* (۱) پەلەپەلە؛ پەلەپەلەو هەمەڕەنگ. (۲) خڕینە؛ تۆزکەم؛ پڕ؛ قەڵەو. (۳) پارچە پارچەی گەورەی لێ دەبێتەوە.
bloke (blōk), *n.* [British Slang], کابرا؛ زەلام؛ پیاو؛ کەس؛ کوڕ.
blond (blond), *adj.* (۱) قژزەرد. (۲) قژزەردی پێست سپی چاوشین. (۳) کاڵ؛ ڕەنگ زەرد (کەڵوپەل).
n. پیاو یا کوڕی قژزەردی پێست سپی.
blonde (blond), *adj.* = blond.
n. نافرەتی قژزەردی پێست سپی؛ کچ یا ژنی قژزەرد.
blood (blud), *n.* (۱) خوێن. (۲) خوێن ڕشتن؛ کوشتن؛ پیاوکوشتن؛ خوێنی کەسێک. (۳) ژین؛ ژیان؛ سەرچاوەو گەوهەری ژیان؛ پێویستی ژیان: *(lifeblood)* . (٤) ئاووگ (ڕووەک). (٥) سڕووشتی کەسی؛ سڕووشتی خۆ؛ حەز؛ مەیل. (٦) بنەچە؛ ڕیشە (۷) خزمایەتی. (۸) پاش وەچەی پاشایی یا بەگزادەیی؛ بنەچەی پاشایی: *(a princess of the ~)* (۹) ڕەگەز؛ ڕیشەی نەتەوایەتی. (۱۰) گیاندارێکی ڕەسەن (ئەسپ، سەگ). (۱۱) فەرمانبەران؛ کاربەدەستان؛ کارگەران: *(new ~ in the organization)* (۱۲) کەسێکی تەڕپۆش کە هەر خەریکی ڕابواردنە؛ کەسێکی سەرسەری.
bad blood, دوژمنایەتی؛ ناحەزی؛ قین؛ ڕق؛ کینە.
blood is thicker than water, هەست‌و پەیوەندی خزمایەتی بەهێزترە لە هی تر.
have (someone's) blood on one's head, خوێنی کەسێک لە ئەستۆدا بوون.
in cold blood, بە دەسەنقەست‌و ساردی‌و بێ هەستانە؛ بە هێمنی‌و بەبێ تووڕەبوون؛ بە بێ بەزەیی‌یانە: *(to kill someone in cold blood)*
make bad blood between persons, خەڵک دان بە شەڕ.
make one's blood boil, زۆر ڕق هەڵسان؛ زۆر تووڕەکردن.
make one's blood run cold, زراوبردن؛ تۆقاندن؛ زۆر ترساندن.
blood bank, بانکی خوێن.
blood bath, لافاوی خوێن؛ قەڵاچۆکاری؛ کوشتارێکی زۆر؛ خوێن ڕشتنێکی زۆر.
blood brother, (۱) برای دایک‌وباوکی؛ برای هاوخوێن؛ برا. (۲) کەسێک کە خوێنی لەگەڵ کەسێکی تردا تێکەڵاو دەکات‌و وەک برایان لێ دێت.
blood count, ژمارەی خڕێکەی سوورو سپی هەندێکی تایبەتی خوێنی مرۆڤێک
blood-curdling (blud′kūr′dliŋ), *adj.* زراوبەر؛ تۆقێنەر؛ زۆر ترسناک
blooded (blud′id), *adj.* (۱) جۆرێکی تایبەتی خوێنی هەیە: *(a hot- ~ person)* (۲) ڕەسەن (گیاندار).
blood feud, دوژمنایەتی کۆنی خێزانی یا خێڵەکی؛ دوژمنایەتی خێڵەکی.
blood group, جۆر یا پۆلی خوێن (یەکێکە لە چوار جۆر خوێن کە خوێنی هەموکەس دەگرێتەوە).
bloodguilty (blud′gil′ti), *adj.* خوێنڕێژ؛ پیاوکوژ.
blood heat, پلەی گەرمی ناسایی خوێنی مرۆڤ.
bloodhound (blud′hound′), *n.* (۱) جۆرە سەگێکی گەورەی پێست لووسی بۆن تیژە (بۆ شوێن پێ هەڵگرتن‌و دۆزینەوەی تاوانباران)؛ سەگی چەش. (۲) پۆلیسی نهێنی؛ کەسێکی چەش یا کۆڵنەدەر.
bloodily (blud′l-i), *adv.* (۱) خوێنێ؛ خوێناوی. (۲) بە بێ بەزەیی‌یانە؛ بە دڕندانە.

bloodless (blud′lis), *adj.* (۱) بێ خوێن. (۲) بەبێ خوێن ڕژان؛ بەبێ خوێن ڕشتن: *(a ~ revolution)* . (۳) کەم خوێن (نەخۆشی)؛ زەرد؛ سپی هەڵگەڕاو. (٤) بێ هێز؛ بێ تین؛ بێ تاقەت. (٥) بێ بەزەیی؛ دڵڕەق.
bloodletting (blud′let′iŋ), *n.* (۱) خوێن بەردان (پزیشکەوانی). (۲) خوێن ڕشتن؛ خوێن ڕژان.
bloodline (blud′līn′), *n.* بنەچە؛ بنەچەنامە؛ ڕەگەزنامە (بەتایبەتی هی گیاندار)؛ ڕەسەننامە (گیاندار).
bloodmobile (blud′mə-bēl′), *n.* ئوتومبیلی خوێن (بۆ خوێن لێ وەرگرتن‌و کۆکردنەوە لەوانەی خوێن دەبەخشن بە نەخۆش).
blood money, (۱) خوێنبایی (خوێن بڕاردنی کەسێکی بە ناڕەوا کوژراو). (۲) خوێنبایی (کرێی کوشتنی کەسێک کە پیاوکوژ وەری دەگرێت).
blood plasma, زەردەاوی خوێن؛ پلازمای خوێن: بریتی‌یە لە شلاوی خوێن کە خڕۆکە سوورو سپی‌یەکانی تێدا ئی‌یە.
blood poisoning, ژەهراوی بوونی خوێن: نەخۆشی‌یەکی خوێنە.
blood pressure, پەستانی خوێن؛ تەروژمی خوێن.
blood-red (blud′red′), *adj.* خوێنین؛ سوورە وەک خوێن.
blood relation, خزمی هاوخوێن؛ خزمێکە کە بە خوێن پێت بگات نەک لە ژنهێنان یا شووکردنەوە.
blood revenge, خوێن سەندن.
bloodshed (blud′shed′), *n.* خوێن ڕشتن؛ خوێن ڕژان؛ کوشتار؛ پیاوکوشتن.
bloodshot (blud′shot′), *adj.* خوێن تێزاو؛ سوورباوەوە: *(~ eyes)*
bloodstain (blud′stān′), *n.* پەڵە خوێن؛ لەکەی خوێن.
v.t. خوێناوی کردن.
bloodstained (blud′stānd′), *adj.* (۱) خوێناوی؛ پەڵە خوێنی پێوەیە. (۲) خوێنڕێژ؛ دەستی خوێناوی‌یە؛ پیاوکوژ.
bloodstone (blud′stōn′), *n.* بەردێکی بەنرخی سەوزی تۆخە خاڵخاڵی سووری تێدایە؛ بەردەخوێن.
blood stream, خوێنی ناو دەمارەکانی لەش.
bloodsucker (blud′suk′ĕr), *n.* (۱) زاروو؛ جانەوەرێکی خوێنخۆر. (۲) کەسێکی پارەکێشەرەوە (بە زۆرو بە هەڕەشە). (۳) لاوورگە؛ مشەخۆر؛ لاکوت؛ خۆرە.
blood test, تاقیکردنەوەی خوێن.
bloodthirsty (blud′thūrs′ti), *adj.* خوێنخۆر؛ خوێنمژ؛ خوێنڕێژ؛ دڕندە؛ بە خوێن تینوو.
blood type, جۆری خوێن؛ پۆلی خوێن.
blood typing, پۆلێنکردنی خوێن؛ هاوپۆل کردنی خوێن.
blood vessel, دەماری خوێن؛ بۆری خوێن؛ دەزوولەی خوێن؛ خوێنبەر.
bloody (blud′i), *adj.* (۱) خوێناوی؛ خوێنین. (۲) خوێنی لێ دێت؛ خوێناوی: *(a ~ nose)* . (۳) خوێنڕێژ؛ تایبەتی بە کوشتار. (٤) خوێنخۆر؛ خوێنمژ؛ دڕندە. (٥) سوور. (٦) [British Slang]، بە لەعنەت؛ لەعنەتی.
adv. [British Slang], زۆر: *(He is a ~ good man.)* .
v.t. خوێناوی کردن؛ لە خوێن هەڵکێشان.
bloom (blōōm), *n.* (۱) گوڵ؛ خونچە. (۲) وەرزی گوڵ کردن؛ کاتی گوڵ کردنەوە. (۳) گەنجێتی؛ لاوێتی؛ کاتی گەنجی‌و خۆشی‌و تەندروستی. (٤) گەشێتی یا گەشانەوەی گوڵ‌و پێست. (٥) تۆزی سەر هەندێک میوەو گەڵ (وەک تری، هەڵوژە).
v.i. (۱) گوڵ کردن؛ خونچەکردن؛ پێگەیشتن؛ گوڵ گرتن؛ پشکوتن. (۲) لە هەڕەتی گەنجیدا بوون؛ پێگەیشتن: *(She is ~ing.)* . (۳) گەشانەوە (ڕەنگ، گەنجی، جوانی).
v.t. پێگەیاندن؛ پەرە پێ سەندن؛ گوڵ پێکردن؛ خونچە پێکردن.

bloom (blōōm), *n.* (١) پارچەیەک ناسنی نەرم کە نامادەیە بۆ بەکارهێنانی بۆ شت لێ دروستکردن. (٢) شیشێکی ناسن یا پۆڵا.

bloomer (blōōm′ĕr), *n.* (١) پووەکێکی گوڵدار یا خونچەدار. (٢) کوپێک یا کچێکی تازە پێگەیشتوو. (٣) [Slang]، هەڵە.

bloomer (blōōm′ĕr), *n.* بەرگێکی ژنانەیە بریتییە لە تەنوورەیەکی کورت و پانتۆلێکی دەڵپ کە تەسک دەبێتەوە لە قولەقاچدا.

bloomers (blōōm′ĕrz), *n.pl.* (١) پانتۆلێکی دەڵبی کورتە لە نەژنۆدا دەبەستێت. جاران کچان بۆ وەرزش لەبەریان دەکرد. (٢) بەرگێکی ژێرەوەی کچانەیە لەم پانتۆلە دەچێت.

bloomery (blōōm′ĕr-i), *n.* کووڕەی دروستکردنی ناسنی نەرم.

blooming (blōōm′iŋ), *adj.* (١) بەگوڵ؛ گوڵ گرتوو؛ بەخونچە؛ گوڵ بەدەم؛ پێگەیيوو؛ گەشاوە؛ پشکوتوو. (٢) لە پەرەسەندندایە؛ لەبەرەودایە. (٣) [Colloq.]، تەواو؛ یەکجار: *(He's a ~ fool.)* .

bloomy (blōōm′i), *adj.* (١) گوڵ بەدەم؛ خونچەی پێوەیە؛ بەگوڵ. (٢) چینێک تۆزی وردی بەسەرەوەیە؛ وەک تری، هەڵووژە، هەندێک گەڵا.

blossom (blos′əm), *n.* (١) گوڵ بەتایبەتی هی درەخت و پووەکی بەرداں؛ خونچە؛ گۆپکە؛ چرۆ. (٢) کاتی گوڵ کردن یا گەشانەوە؛ کاتی پشکوتن یا پێگەیین: *(peach trees in ~)* .

v.i. (١) گوڵ گرتن؛ گوڵ کردن؛ خونچەکردن؛ پێگەیین؛ گەشانەوە (گوڵ). (٢) پەرەسەندن؛ پێگەیشتن؛ گەشانەوە؛ گەورەبوون.

blossomy (blos′əm-i), *adj.* (١) خونچەیی؛ لە گوڵ چوو؛ گوڵ بەدەم. (٢) خونچەدار؛ پڕ لە گوڵ؛ گوڵدار.

blot (blot), *n.* (١) پەڵەی مەرەکەب؛ لەکەی مەرەکەب: *(a ~ of ink)* . (ا) ووشەیەکی کوڕاوە یا سڕاوە؛ لەکەیەکی لابراو. (ب) شوێنی ووشەیەکی کوڕێنراوە یا لەکەیەکی لابراو. (٣) شتێکی ناشرین کە بوربێت بە لەکە بۆ دەوروبەرەکەی: *(That building is a ~ on the landscape.)* . *(a ~ on a person's character)* (٤) لەکە (ناو. ناوبانگ)؛ شووڕەیی؛ (٥) کەسێکی لەکەدار یا شەرمەزار.

v.t. (١) لەکەدارکردن؛ پیسکردن؛ پەڵەدارکردن. (٢) لەکەدارکردن (ناو)؛ ناوپیسکردن؛ نابڕووبردن. (٣) (~ out)، کوڵاندنەوە؛ سڕینەوە: *(to ~ out a word)* . (٤) ووشک کردنەوە (بە کاغەزی ناوهەڵچنە یا مژک).

v.i. (١) پەڵەپەڵەدارکردن؛ لەکەدارکردن. (٢) پیس بوون؛ لەکەداربوون؛ پەڵەداربوون. (٣) مژین؛ هەڵمژین.

blot (blot), *n.* (١) داشێکی دامەی بن پاڵپشتە، واتە کە بەناسانی بخورێت. (٢) کەلەبەر؛ کەمووکوڕی؛ شوێنێک یا خاڵێکی بن هێز؛ کون‌وکەلەبەر؛ کون.

blotch (bloch), *n.* (١) زیپکە؛ پەڵەیەک یا پینەیەکی ناشرین بە پێستەوە. (٢) پەڵەیەکی زل؛ لەکەیەکی گەورە. (٣) پەڵەو پینەی ناشرین بە گەڵا و پووەکەوە (نەخۆشی).

v.t. پەڵەدارکردن؛ پیسکردن؛ ناشرین کردن.

v.i. پەڵەداربوون؛ لەکەداربوون؛ پیس بوون؛ ناشرین بوون.

-blotchy *(adj.).*

blotter (blot′ĕr), *n.* (١) مژک؛ کاغەزی ناوهەڵچنە یا ووشک کردنەوە. (٢) تۆمارنامەی پوولیسی پۆڵانە: *(A police ~ is a record of arrests and charges.)*

blotting paper, مژک؛ کاغەزی ناوهەڵچنە یا ووشک کردنەوە.

blotto (blot′ō), *adj.* [Slang], زۆر سەرخۆش؛ کەیل.

blouse (blous, blouz), *n.* (١) کراسێکی ژنانەو منداڵانەی نەختێک دەڵبی تا ناوقەد یا خوارتر هاتوو. (٢) بلووز؛ جل‌وبەرگی سەرەوەی کرێکار. (٣) چاکەتی کەشتیيەوان و سەربان. (٤) بەرگی سەرەوەی کاری کەشتیيەوان.

v.i. & v.t. گرمۆڵەکردن و گرێدان لە ناوقەددا.

blow (blō′), *v.i.* (١) هەڵکردن (با): *(The wind ~s.)* . (٢) فووکردن؛ فووڵێکردن؛ فووتێکردن. (٣) هەناسەبڕکێ پێکەوتن. (٤) ژەندن (شمشاڵ، کەڕەنا)؛ فووپیاکردن (شاور، فیکە)؛ فیکەلێدان. (٥) فیچقەکردن (نەهەنگ): *(Whales ~ .)* . (٦) بابڕدن: *(The paper blew away.)* . (٧) [Colloq.]، فشەکردن؛ خۆهەڵکێشان؛ خۆفشکردنەوە. (٨) [Slang]، پڕیشتن (لە شوێنێک).

v.t. (١) دەماندن (مووشەدەمە). (٢) هەناسەدانەوە. (٣) فووکردن؛ فووتێکردن. (٤) دەنگوباس بڵاوکردنەوە. (٥) فووپێداکردن یا لێدان (شمشاڵ، کەڕەنا)؛ شاورلێدان؛ فیکەلێدان: *(to ~ a trumpet, pipe, whistle, etc.)* (٦) گەرم، سارد، یا فێنک کردنەوە (پانکە): *(to ~ air)* . (٧) فووکردن لە ئاگر؛ ئاگر هەڵگیرساندن. (٨) فووتێکردن (تووڕەیی) (٩) داڕشتن بە تەوژمی گڕو هەواپیاکردن (شووشە). (١٠) فووڵێکردن و پاکردنەوە؛ هەواپیاکردن بۆ پاکردنەوە. (١١) لووت سڕین: *(B~ your nose!)* . (١٢) (up ; ~ out)، تەقاندنەوە؛ ڕووخاندن (بە تەقەمەنی)؛ شەق پێ بردن. (١٣) بەبادان؛ بابردن. (١٤) ڕەتاندن (نەسپ). (١٥) هێلکە تێداکردن. (١٦) سووتاندن (فیوز): *(It blew a fuse.)* . (١٧) [Colloq.]، پارە بەبادان؛ پارە بەفیڕۆدان. (١٨) [Colloq.]، (~ to)، میواندارى کردن؛ بانگ کردن بۆ نانخواردن. (١٩) [Slang]، بەجێهێشتن (شوێن)؛ پڕیشتن. (٢٠) [Vulgar Slang]، کێر لەستنەوە: *(She blew him.)* . (٢١) [Slang]، تێکدان (کار)؛ هەل لەدەستدان: *(You blew it!)*

n. (١) (ا) هەڵکردن (با). (ب) فوو؛ فووڵێکردن؛ فووکردن. (ج) فووپێداکردن. (٢) با؛ بایەکی قایم؛ ڕەشەبا. (٣) فشە؛ خۆهەڵکێشان. (٤) [Slang]، کەسێکی فشەباز؛ فشەچی؛ فشەکەر.

blow hot and cold, پارایی کردن؛ دوودڵی کردن.

blow in, [Slang], (١) لەپڕ گەیشتنە شوێنێک. (٢) هەموو پارەی خۆ بەبادان.

blow off, (١) بەرەڵاکردنی هەڵم یا ئاوی گەرم (لە بەرمیلی کوڵاندن). (٢) [Colloq.]، خەفەت هەڵڕشتن (بە قسەکردن یا هاوارکردن)؛ دل هەڵڕشتن؛ خەفەت بەبادان.

blow out, (١) کوژاندنەوە (بە فووڵێکردن): *(to blow out a candle)* . (٢) تەقین (تایە). (٣) فیچقەکردن لەپڕو بە قایم (هەڵم، هەوا). (٤) سووتان (فیوزی کارەبا). (٥) شکان (ئامێرى کارەبایی)؛ لەکارکەوتن.

blow over, (١) تێپەڕبوون (هەورى باراناوى، باوباران). (٢) لەبیرچوونەوە؛ لەبیرنەمان؛ ڕابواردن.

blow up, (١) فووتێکردن؛ فشکردنەوە؛ هەواتێکردن. (٢) تەقین؛ شەق بردن. (٣) هەڵکردن و بەهێزتر بوون (با، گەردەلوول) (٤) [Colloq.]، سەرزەنشت کردن بەتوندى. (٥) [Colloq.]، تووڕەبوون؛ هەڵچوون: *(He blew up in her face.)* . (٦) گەورەکردن (وێنە): *(to blow up a photograph)*

blow (blō), *n.* (١) مستەکۆڵە؛ زللە؛ بۆکس؛ لێدان (بە دار یا کوتەک): *(a heavy ~ on the head)* (٢) هێرشێکی لەناکاو و کوتوپڕ. (٣) لێقەومانێکی کوتوپڕ؛ پووداوێکی ناخۆش و لەناکاو: *(His wife's death was a great ~ to him. ; a ~ to his ego)*

at a (or one) blow, بە یەک جار؛ بە یەک کەرەت.

come to blows, بەیەکداکێشان؛ لە یەکتر هەڵدان؛ بەربوونە یەکتر بە مستەکۆڵە.

without striking a blow, بەئاسانی؛ بەبێ هەوڵدان؛ بەبێ ماندووبوون.

blow (blō), *v.i.* خونچەکردن؛ کرانەوە (گوڵ، خونچە)؛ پشکوتن.

v.t. گوڵ پێکردن؛ خونچە پێکردن؛ هێنانە پشکوتن.

n. (۱) گوڵ و خونچەی زۆر (۲) پیشاندانێك یا نواندنێكی جوان و نایاب.

blower (blō′ĕr), *n.* (۱) فووكەر؛ فووپیاكەر؛ فووتێكەر. (۲) پانكە؛ ئامێری هەوابزوێن یا دەماندن (پانكە، مووشەدەمە... هتد). (۳) [Slang]، فشەكەر؛ فشەچی.

blowfly (blō′flī′), *n.* مێشێكە هێلكە لەناو گۆشت و بریندا دەكات.

blowgun (blō′gun′), *n.* (۱) تفەنگی هەڵپرژێنەر: ئامێرێكە بۆیە و شتی وەهای پێ هەڵدەپرژێنرێت بەهێزی بای پەستێواو؛ فیچقە (۲) تفەنگی فووپیاكردن: بۆریەكە بە فوو تۆپی بچووكی پێ دەهاوێژرێت.

blowhard (blō′härd′), *n.* [Slang], كەسێكی فشەكەر.

blowhole (blō′hōl′), *n.* (۱) كونەلووتی نەهەنگ (كە هەناسەی لێوە دەدات و فیچقەكەی لە دوورەوە دەبینرێت). (۲) پێگەدەری هەوا و گاز؛ كونی هەوا دەرچوون. (۳) كونێكە لە سەهۆڵدا نەهەنگ و ماسیگای دەریایی و دزلفین سەری لێوە دەهێننە دەرەوە بۆ هەناسە وەرگرتن.

blowjob (blō′job′), *n.* [Vulgar Slang], كێر لستنەوە

blown (blōn), *past participle of* **blow**.

adj. (۱) فووتێكراو؛ ناوسا. (۲) هەناسەبركێن پێكەوتوو؛ هەناسە سواربوو. (۳) هێلكەی مێشی پێوەیە. (٤) بە تەورژمی گەرما و با كراوە یا داپێژراوە (شوورشەی هەمەشێوەو نەخشە).

blown (blōn), *past participle of* **blow**.

adj. پێگەیشتوو؛ گوڵ بەدەم؛ پشكوتوو؛ گوڵ و خونچە گرتوو. (گەلێك جار ووشەی " **full-blown** " بەكاردێت).

blowoff (blō′ôf′), *n.* (۱) فیچقەكردن (ئاو، هەڵم). (۲) ئامێری فیچقەپێكردن. (۳) [Slang]، فشەكەر؛ فشەچی.

blowout (blō′out′), *n.* (۱) لەپڕ تەقینەوە یا بەربوونی گازو هەوا. (۲) (ا) تەقینی تایە (ئۆتومبیل یا فڕۆكە). (ب) كونی تایەی تەقیو. (ج) تایەی تەقیو. (۳) فیوز سووتان (٤) [Slang]، ناهەنگی نانخواردن؛ زەماوەند.

blowpipe (blō′pīp′), *n.* (۱) بۆری فووكردن (كە زەرەنگەر بەكاری دەهێنێت بۆ ئاگرخۆش كردن)؛ ئاگرخۆشكەرە. (۲) **blowtube**. (۳) **blowgun**.

blowtorch (blō′tôrch′), *n.* شاپلیتەی لەحیم كردن.

blowtube (blō′tōōb′, blō′tūb′), *n.* شاپلیتەیەكە شوورشەی پێ دەتوێنرێتەوە و شتی هەمەجۆری لێ دروست دەكرێت.

blowup (blō′up′), *n.* (۱) تەقین؛ تەقینەوە؛ تەقە. (۲) [Colloq.]، هەڵچوون؛ تەقینەوە (هەست، تووڕەیی، شەڕ، دەمەقاڵێیەكی خراپ)؛ نەرەنەڕو هاواركردن بەسەر یەكدا: *(They had a ~ ./.* (۳) وێنەی گەورەكراو: *(I want a ~ of this photo./.*

blowy (blō′i), *adj.* باداوی؛ بای هەیە.

blowzed (blouzd), *adj.* = blowzy.

blowzy, blowsy (blouz′i), *adj.* (۱) قەڵەو كوڵم سوور و گووپن. (۲) پیس و پۆخڵ؛ چەپەڵ؛ پنتی؛ بژ: *(~ hair)*

blubber (blub′ĕr), *n.* (۱) لەبە؛ غەزوبەز؛ چەورى لەش. (۲) غەزوبەزی نەهەنگو گیانداری تری ئاوی.

blubber (blub′ĕr), *v.i.* گریان بەكوڵو بە هەنسك دانەوە

v.t. (۱) قسەكردن بە دەم گریانێكی بەكوڵو هەنسك دانەوە: *(The child ~ed out his name.)* (۲) تەركردنو ئاوساندن بە گریان.

blubbery (blub′ĕr-i), *adj.* (۱) لەبەدار؛ غەزوبەزاوی. (۲) چەور؛ وەك لەبە وایە. (۳) ئاوساو سوورهبووەوە (بە گریان).

blucher (blōō′chĕr, blōō′kĕr), *n.* (۱) جزمەی لاسك كورت. (۲) پێڵاوێكە سەرەكەی و زمانەكەی یەك پارچەن.

bludgeon (bluj′ən), *n.* كوتەك؛ مێكوت.

v.t. & v.i. (۱) بە كوتەك لێدان؛ بە مێكوت پیاماڵین. (۲) هەرەشەلێكردن؛ بەچەترسێن كردن؛ زۆرلێكردن.

blue (blōō), *adj.* (۱) شین؛ شینی ئاسمانی. (۲) شین هەڵگەڕاو (پێست). (۳) خەفەتبار؛ غەمبار؛ دڵتەنگ: *(I am feeling ~ ./.* (ب) ناخۆش؛ پەستكەر: *(a ~ day)* (٤) قوندوتیژ؛ بەزمبڕ؛ پێگەنەدەر بە بەرەڵایی: *(~ laws)* (٥) شین پۆش. (٦) بەگزادە؛ خانەدان. (۷) پۆشنبیر (نافرەت). (۸) [Colloq.]، بێ پەردە؛ ناشرین (ووتە، نوكتە)؛ پیس: *(a ~ joke)*

n. (۱) ڕەنگی شین؛ شینی ئاسمانی؛ شین. (۲) بۆیەی شین؛ خومی شین. (۳) شتێكی شین یا شین كراو. (٤) كەسێكی شین پۆش. (٥) كەشتیەوان. (٦) *(pl.)*، [Slang]، جل و بەرگی كەشتیەوان (كە ڕەنگەكەی شینە).

v.t. شین كردن؛ ڕەنگ شین كردن؛ خومی شین لێدان.

v.i. شین بوون؛ شین هەڵگەڕان؛ شین بوونەوە.

once in a blue moon, بە دەگمەن؛ زۆر بە دگمەن؛ زۆر كەم (ڕووداو).

out of the blue, لە هیچەوە؛ لە هیچی نەبوو؛ لە خوت‌وخۆڕایی.

the blue, (۱) ئاسمان. (۲) دەریا.

the blues, (۱) [Colloq.] ، غەمباری؛ خەفەتباری؛ دڵتەنگی. (۲) جۆرە گۆرانی و مۆسیقایەكی قوڵەڕەشەكانی ئەمەریكایە وەك لارانەوە وایە غەمباری دەردەبڕێت.

blue baby, منداڵێكی ساوایە كە هەر بە زگماكی نەخۆشی پێست-شین بوونەوەی لەگەڵدایە.

bluebeard (blōō′bêrd′), *n.* ژنی خۆكوژ یەك لەدوای یەك؛ ژن كوژ.

bluebell (blōō′bel′), *n.* گوڵەزەنگ؛ گەزیزە؛ ڕووەكێكە گوڵی ڕەنگینی زەنگوڵەیی دەكرێت.

blueberry (blōō′ber′i, blōō′bĕr-i), *n.* تووتڕك (بەرو ڕووەك).

bluebird (blōō′bûrd′), *n.* باڵندەیەكی نەختێك لە چۆلەكە گەورەتری پشت شینی سنگ سووركاری دەنگخۆشە.

blue-black (blōō′blak′), *adj.* ڕەشێكی تۆخ؛ زۆر ڕەش.

blue blood, (۱) بەگزادەیی؛ خانزادەیی. (۲) خانزادەیەك؛ كەسێكی بەگزادە.

blue-blooded (blōō′blud′id), *adj.* (۱) خانزادە؛ بەگزادە. (۲) ڕەسەن.

bluebonnet (blōō′bon′it), *n.* (۱) كڵاوێكی خوری شینی-ئوسكوتلەندییە. (۲) كڵاولەسەرێكی وەها ئوسكوتلەندی. (۳) ڕووەكێكی گوڵ شینە.

blue book, (۱) بڵاوكراوەیەكی بەرگ شینی پەرلەمانی ئینگلیزییە. (۲) تۆمارنامەی ڕەسمی ناوی كاربەدەستانی ئەمەریكا؛ ڕابەرنامەی ئەم ناوانە (۳) تۆمارنامەی كەسانی بەناوبانگ؛ ڕابەرنامەی ناوی ناوداران. (٤) پەراوێكە قوتابی زانكۆ تاقیكردنەوەی لەسەر دەنووسێت.

bluebottle (blōō′bot′l), *n.* (۱) ڕووەكێكی گوڵ ڕەنگینە. (۲) مێشێكی گەورەی ژێرسك شینی تووكاویە.

bluecap (blōō′kap′), *n.* (۱) جۆرێكە لە باڵندە. (۲) **bluebonnet**.

blue cheese, پەنیری شین: پەنیرێكی شلە دەكرێت بەسەر زەڵەتەدا.

blue-chip (blōō′chip′), *adj.* (۱) تایبەتی بە بەشی بەبڕەو یا بەنرخ (بازاڕی پارەبازی یا بۆرسە): *(a ~ stock)* (۲) [Colloq.]، نایاب؛ بەنرخ.

bluecoat (blōō′kōt′), *n.* پۆلیس.

blue-collar (blōō′kol′ĕr), *adj.* تایبەتی بە كرێكاران؛ تایبەتی بە ڕەنجدەران: *(a ~ worker; ~ wages)*

blue devils, (۱) زەرەخەو و وەرێنە. (۲) [Colloq.]، پەستی؛ غەمباری؛ خەفەت.

bluefish (blōō′fish′), *n.* ماسیەیەكی شین و خۆڵەمێشیەیە.

bluegrass (blōō′gras′, blōō′gräs′), *n.* (۱) گیایەكی تۆخی شینكارە. (۲) مۆسیقایەكی فۆلكلۆری یا خۆڕەتی خواروی ئەمەریكایە (بەتایبەتی " كەنتاكی ") كە بە ئامێری ژێدار لێ دەدرێت وەك " گیتار " و " بانجۆ " .

blueish (blōō′ish), *adj.* = bluish.

bluejack (blōō′jak´), *n.* داربەڕوویەکی بچووکی ئەمەریکییە.

bluejacket (blōō′jak´it), *n.* سەربازی دەریایی (ئەمەریکی یا ئینگلیزی).

bluejay (blōō′jā´), *n. Also* **blue jay,** باڵندەیەکی شینی پۆپنەدارە نەختێك لە چۆلەکە گەورەترە زۆر دەخوێنێت.

blue jeans, جۆرە پانتۆڵێکی شینی کەتانی زۆر قایمە.

blue laws, یاسای بەزەبرو تووندوتیژ (کە سەماو خواردنەوەو پابواردن قەدەغە دەکات لە ڕۆژی یەك شەممەدا لە وڵاتە خاچ پەرستەکاندا).

bluenose (blōō′nōz´), *n.* [Colloq.], کەسێکی مێشك تەسك‌و تووندوتیژ (لە هەڵوێستیدا دەربارەی ڕەووشتی مرۆڤ).

blue-pencil (blōō′pen´s'l), *v.t.* بڕاڕەکردن (دەستنووس، نووسراو)؛ هەڵەبڕکردن.

blue peter, ئاڵایەکی شینە چوارگۆشەیەکی سپی لە ناوەڕاستەکەیدایە (نیشانەی ئەوەیە کە کەشتێیەك خەریکە بکەوێتە ڕێ).

bluepoint (blōō′point´), *n.* گوێچکەماسیەکی بچووکە بە کانی دەخورێت

blueprint (blōō′print´), *n.* (١) نەخشەی خانووسازی.

(٢) نەخشە؛ نەخشەی وورد.

v.t. نەخشەکردن؛ نەخشەکردن بەوردی.

blue ribbon, (١) خەڵاتێکی بەرزی ئینگلیزییە.

(٢) (ا) شریتی شین. خەڵاتێکە دەدرێت بە براوەی یەکەم.

(ب) خەڵاتی یەکەم؛ پاداشتی یەکەم.

(٣) دڕووشمی هەندێك کۆمەڵەی دژ بە عەرەق‌و مەی خواردنەوەیە.

blue-sky law, یاسای پاراستنی خەڵك لە ساختەبازی لە بازاڕی پارەبازیدا

bluestocking (blōō′stok´iŋ), *n.* ژنێکی ڕۆشنبیر یا زانا

bluestone (blōō′stōn´), *n.* (١) بەردێکی لەمینی شین‌و بۆرە.

(٢) **blue vitriol**

blue streak, (١) شتێکی وەك چەخماخە خێرا.

(٢) ڕستەیەك ووشەی دوایی نەهاتوو.

blue vitriol, زاخی شین.

bluff (bluf), *v.t. & v.i.* (١) بلۆف لێدان؛ کەڵك لێکردن؛ خەڵەتاندن.

(٢) ترساندن (بە هەڕەشەیەك کە ناتوانرێت بهێنرێتە دی).

(٣) خەڵەتاندن (قومار).

n. (١) بلۆف؛ ساختە؛ بە درۆ شت بردنەسەر؛ کەڵك.

(٢) بلۆفچی؛ ساختەچی؛ ساختەباز

bluff (bluf), *adj.* (١) لێژو سەرتەخت‌و پان (قەدپاڵ، گرد، کەندەڵان).

(٢) قسەڵەبڕوو؛ قسەڕەق.

n. قەدپاڵێکی لێژی سەرتەخت‌و پان؛ تەختایی‌یەکە کە دیوێکی کەندەڵان بێت.

bluffer (bluf′ēr), *n.* بلۆفچی؛ ساختەچی؛ درۆزن.

bluing, blueing (blōō′iŋ), *n.* بۆیە، خوم، یا شلە سابوونێکی شینە جل‌وبەرگی سپی پێ دەشۆرێت بۆ ئەوەی زەرد نەبێت.

bluish, blueish (blōō′ish), *adj.* شینباو؛ شینکار

blunder (blun′dēr), *v.i.* (١) هەڵەی گەورە کردن؛ هەڵەکردن.

(٢) پێ داچوون؛ پێ هەڵکەوتن؛ لەتردان.

v.t. (١) (~ out), بە تێکەڵی‌وپێکەڵی و گەوجانە بێژان؛ لە دەم دەرچوون بەبێ بیرلێکردنەوە (٢) تێکدان (کار)؛ تێکەڵ‌وپێکەڵ کردن.

n. هەڵەیەکی گەورە؛ هەڵەیەکی زۆر خراپ؛ هەڵە.

blunderbuss (blun′dēr-bus´), *n.* (١) تفەنگێکی کۆنباری کورتی لووت پانە (٢) کەسێکی زۆر هەڵەکەر؛ کەودەن.

blunge (blunj), *v.t.* قوڕەسوورگرتنەوە (گۆزەودێزەکاری).

-blunger *(n.).*

blunt (blunt), *adj.* (١) نازیرەك؛ کەودەن؛ بێ مێشك؛ کۆل.

(٢) کول؛ سوواو. *(a ~ knife)* . (٣) قسەڵەپرو؛ قسەڕەق.

v.t. (١) کول کردن (تیغ).

(٢) هەست مراندن؛ هەست کوشتن؛ بێ هەست کردن.

v.i. (١) کول بوون. (٢) هەست مردن؛ بێ هەست بوون.

blur (blūr), *v.t.* (١) لەکەدارکردن؛ لکاوی کردن؛ پیس کردن.

(٢) لێڵ کردن (مەسەلە، باس)؛ شێواندن؛ تێکدان: *(to ~ an issue)* .

(٣) کزکردن (چاو، بینایی)؛ کەمکردنەوە (توانای مێشك).

v.i. (١) لەکەداربوون؛ پیس بوون (٢) لێڵ بوون (مەسەلە، باس).

n. (١) پەڵە؛ لەکە؛ پیسی.

(٢) شتێکی لێڵ (بۆ بینینی یا تێگەیشتنی)؛ شتێکی نادیار.

blurb (blūrb), *n.* (١) پێناسینێکی پر لە ستایشی پەرتووکێك کە لەسەر بەرگەکەی چاپ دەکرێت. (٢) بڵاوکراوەیەکی کورتی ستایشی.

blurry (blūr′i), *adj.* (١) (ا) لێڵ (وێنە، باس). *(a ~ picture)* .

(ب) کزبوون یا بەرگیراو بە فرمێسك: *(~ eyes)* .

(٢) لەکاوی؛ پەڵەی پیسی پێوەیە.

blurt (blūrt), *v.t.* (~ out), لە دەم دەرچوون بەبێ بیرلێکردنەوە؛ قسە دەرپەڕاندن: *(to ~ out a secret)* .

blush (blush), *v.i.* (١) ڕەنگ سوورهەڵگەڕان (لە شەرم، تەریق بوونەوە، یا سەر لێ تێکچوواندا). (٢) (~ for ; ~ at), تەریق بوونەوە؛ شەرمەزاربوون.

(٣) سوورببوونەوە؛ وەك گوڵی سوور لێهاتن.

v.t. (١) دەرخستن یا درکاندن بە ڕەنگ سوورهەڵگەڕان (٢) سوورکردن.

n. (١) ڕەنگ سوورهەڵگەڕان (شەرم، تەریقی؛ سەر لێ شێوان)

(٢) ڕەنگی سووری وەك گوڵ: *(the ~ of youth)* .

at first blush, لە یەکەم سەیرکردندا.

blushful (blush′fəl), *adj.* شەرمن؛ ڕەنگ سوورهەڵگەڕاو.

bluster (blus′tēr), *v.i.* (١) هەڵکردن بە قایم (با).

(٢) فشەفش کردن بە دەنگی بەرز؛ خۆبادان؛ هەراهەراکردن.

(٣) هەڕەشەی پڕوپووچ کردن.

v.t. (١) بەچەترسێن کردن؛ ترساندن؛ چاوترساندن‌و بە زۆر پێکردن (بەدکاری).

(٢) بە دەنگی بەرزو بە تووڕەیی‌یەوە ووتن؛ بە تووندوتیژی بێژان.

n. (١) دەنگی باوبۆران. (٢) دەنگەدەنگێکی زۆر؛ هەراوزەنا؛ بەزمووڕەزم.

(٣) هەڕەشەوگوڕەشە؛ فشەفش بە دەنگی بەرز.

-blusterous; blustery *(adj.).*

blvd., = boulevard.

boa (bō′ə), *n.* (١) جۆرە مارێکی گەورەی بێ ژەهرە خۆی لە نێچیرەکەیەوە دەپێچێت‌و دەپسێنێت‌و دەیکوژێت‌و قووتی دەدات. (٢) ملپێچێکی درێژی ژنانەیە (لە فەرو یا پەڕ دروست دەکرێت).

boa constrictor, جۆرە مارێکی گەورەو درێژو بێ ژەهری ناوچە گەرمەکانە خۆی لە نێچیرەکەیەوە دەپێچێت‌و دەپسێنێت‌و دەیکوژێت‌و قووتی دەدات.

boar (bôr, bōr), *n.* یەکانە؛ بەرازەکێوی.

board (bôrd, bōrd), *n.* (١) تەختەدار؛ تەختە؛ پارچەیەك تەختەی باریك‌و تەنك‌و درێژە.

(٢) تەختەیەکی لاکێشەیی‌یە بۆ بەکارهێنانی جۆراوجۆر: *(a bullelin ~ ; an ironing ~)*

(٣) مقەبا. (٤) مێزی نانخواردن؛ خوان.

(٥) نانی سەر خوان؛ خواردەمەنی سەر مێز.

(٦) خۆراکی ڕۆژانەی بە پارە دراو بە میوان (لە ماڵێکی کرێ، میوانخانە، یا لە خانەی قوتابیاندا): *(room and ~)* .

(٧) مێزی کۆڕ؛ مێزی کۆبوونەوە.

(٨) ئەنجوومەن؛ دەستەی بەڕێوەبەران؛ لیژنەی کارگێڕی: *(a ~ of education ; the ~ of directors)*

v.t. (١) (~ up), بە تەختە گرتن، داپۆشین، یا بەرگرتن: *(to ~ up windows for fear of violence)*

(٢) خواردن یا خواردن‌و جێگەی نووستن پێدان بۆ ماوەیەك بە پارە: *(to ~ travellers)*

(٣) دانانی کەسێك لە مانێکدا کە خواردنی تیا بخوات بە پارە بۆ ماوەیەك:
(He ~ed his son there.)

v.i. خواردن یا خواردنو جێگەی نووستن دەست کەوتن بە پارە بۆ ماوەیەك لە مانێك یا میوانخانەیەکدا.

across the board, (١) گرەوی براوە (پێشبڕکێی ئەسپ و سەگ). (٢) گشتی و یەکسانی؛ وەك یەك هەموو کەس دەگرێتەوە:
(to raise salaries across the board)

the boards, شانۆ.

tread the boards, خۆنواندن لەسەر شانۆ.

board (bôrd, bōrd), *n.* . *(overboard)* (١) لا (کەشتی)؛ تەنیشت. (٢) کەنار؛ قەراغ. *(seaboard)*

v.t. (١) هاتنە تەنیشت کەشتیەوە (بە نیازی خراپ). (٢) بە زۆرەملێ سواری کەشتی بوون (بۆ پشکنین یا شتی تر). (٣) سواربوون (کەشتی، فڕۆکە، پاس، شەمەندەفەر):
(The passengers ~ed the plane, train, ship, etc.)
(٤) بانگ کردن بۆ قسە لەگەڵ کردن؛ بانگ کردنو قسە لەگەڵ کردن.

go by the board, (١) کەوتنەخوارەوەو ناوبردن (لە کەشتی یا بەلەم). (٢) فەوتان؛ سەرنەگرتن؛ بە ئەنجام نەگەیشتن؛ بایەخ پێ نەدران:
(All his work and efforts went by the board.)

boarder (bôr′dĕr, bōr′dĕr), *n.* (١) کەسێك کە خواردن لە مانێکدا دەخوات یا دەخوات و دەنوێت بە پارەیەکی بڕاوە. (٢) قوتابی ناوخۆ.

boarder (bôr′dĕr, bōr′dĕr), *n.* کارمەندەستێکە کە سواری کەشتی یا فڕۆکەی دوژمن دەبێت بۆ پشکنین (ئەگەر پێویستی کرد بە زۆر).

board foot, پێوانەیەکی تەختەیە بڕیتیە لە یەك پێ دووجار یەك گرێ ئەستووری

boarding (bôrd′iŋ, bōrd′iŋ), *n.* (١) شتێکی لە تەختە دروست- کراو. (٢) تەختە؛ دارو تەختە

boarding (bôrd′iŋ, bōrd′iŋ), *n.* (١) سواربوون (ئوتومبیل، فڕۆکە، کەشتی، پاپۆر، شەمەندەفەر). (٢) هێرش بردنەسەر یا سواربوون و گرتنی کەشتیەك.

boardinghouse (bôrd′iŋ-hous′, bōrd′iŋ-hous′), *n. Also* **boarding house,** خانوی خواردن و نووستن بە کرێیەکی بڕاوەی هەفتانە یا مانگانە؛ میوانخانەی شەو و ڕۆژی بە پارە.

boarding school, قوتابخانەی خانەخۆ؛ بەشی نووستن و نانخواردنی قوتابخانە

board of trade, (١) ئەنجوومەنی بازرگانی. (٢) [B- T-]. ئەنجوومەنی بازرگانی و پیشەسازی ئینگلتەرە.

boardwalk (bôrd′wôk′, bōrd′wôk′), *n.* (١) پیادە ڕێگەیەکە لە تەختەی ئەستوور دروستکراوە (٢) پیادە ڕێگەیەکە لە تەختەی ئەستوور دروستکراوە لە کەناری دەریادا

boarhound (bôr′hound′, bōr′hound′), *n.* سەگێکی زل ڕاوە بەرازە

boarish (bôr′ish, bōr′ish), *adj.* یەکانەیی؛ بەرازی؛ چواریی؛ درندە؛ کێرچڵێس.

boast (bōst), *n.* (١) گەزاف؛ فشە؛ فشەفش؛ خۆبادان؛ خۆهەڵکێشان. (٢) شتێك کە فشەی پێوە بکرێت یا خۆی پێوە هەڵبکێشرێت.

v.i. & v.t. گەزاف لێدان؛ خۆهەڵکێشان؛ خۆفشکردنەوە؛ فشەکردن.

boast (bōst), *v.t.* گەڵاڵەکردنی پەیکەر.

boastful (bōst′fəl), *adj.* فشەکەر؛ گەزاف لێدەر؛ خۆهەڵکێش.

boat (bōt), *n.* (١) بەلەم (هی بایەوان، سەول، یا مەکینە). (٢) کەشتی؛ پاپۆر. (٣) قاپی وەك بەلەم: دەفرێکی بچووکی قوڵە شلەی تێ دەکرێت.

v.t. خستنەناو بەلەمەوە؛ هەڵگرتن بە بەلەم *(B~ the oars.)*

v.i. بە بەلەم گەڕان و گەشتکردن. *(to go ~ing)*

in the same boat, هاوەردە؛ دووچاری هەمان گیروگرفتن؛ هەمان باروودۆخ.

boathouse (bōt′hous′), *n.* گەراجی بەلەم؛ مۆڵگەی بەلەم (خانوو).

boating (bōt′iŋ), *n.* (١) بە بەلەم گەڕان و گەشتکردن؛ سواربوونی بەلەم. (٢) بەلەم؛ بەلەمەکان بەگشتی.

boatload (bōt′lōd′), *n.* (١) پڕ بەلەمێك (بار یا نەفەر). (٢) باری بەلەمێك؛ بارگەی بەلەم؛ پڕ بەلەمێك.

boatman (bōt′mən), *n.* بەلەمەوان؛ بەلەمچی؛ کەسێك کە بەلەم لێ- دەخوڕێت، ئیشی لەسەر دەکات، دەیفرۆشێت، یا بە کرێی دەدات.

boatsman (bōts′mən), *n.* = boatman.

boatswain (bō′s'n, bōt′swān′), *n. Also* **bosun,** سەرکاری کەشتیپەوانان.

boat train, شەمەندەفەری هاتوچۆی نەفەر لەنێوان کەشتی و ناوشاردا.

bob (bob), *n.* (١) [British Dial.] ، هێشوو؛ بۆڵی شۆڕبووەوە. (٢) تۆپەڵەقژ؛ کاکۆڵ. (٣) قژی کورت (بەتایبەتی هی ژن و منداڵ)؛ سەرتاشینێکی کورت. (٤) کلکی بڕاو یا کورتکراوەی ئەسپ. (٥) گوێزەکەی شیرەخۆزە. (٦) ڕاوەشاندن؛ تەکان؛ جوواڵە. (٧) تەپەدۆزی سەر قولاپی ڕاوەماسی. (٨) پیاکێشانێکی بەئەسپایی؛ بەناستەم لێدان. (٩) جۆزە سەمایەکی ئوسکوتلەندییە. (١٠) گالیسکە بەفرینە؛ دوو گالیسکە بەفرینەی پێکەوەبەستراو (١١) کڕنووش بردنێکی پەلەی کچ.

v.t. (١) لێدان بەئەسپایی؛ بەئەسپایی پیاکێشان. (٢) ڕاوەشاندن (بەتایبەتی سەر)؛ جووڵاندنەوە. (٣) کورتکردنەوە (قژ؛ قژ زۆر کورت بڕین.

v.i. (١) بەرزو نزم بوونەوە؛ لەرینەوە. (٢) کڕنووش بردن (کچ)؛ بەسەر سڵاوکردن. (٣) (~ for)، خۆهەڵدان و بە دەم گرتنەوەی میوەی شۆڕبووەوە یا بە هەواوە. (٤) سەماکردن؛ هەڵبەزین و دابەزین. (٥) (~ up)، لەپڕ سەرهەڵدانەوە پاش بەزینێك یا ژێرکەوتنێك.

bob up. لەپڕ سەرهەڵدان؛ لەناکاو دەرکەوتن یا هاتنەڕوو.

bob (bob), *n.pl.* [British Slang], شڵنگ: پارەیەکی ئینگلیزییە.

bobbed (bobd), *adj.* کاکۆڵدار؛ کورت (قژی ژن و منداڵ).

bobbery (bob′ĕr-i), *n.* پشێوی؛ ناژاوە؛ هەراوهوریا.

bobbin (bob′in), *n.* بەکرە.

bobby (bob′i), *n.* [British Slang], پۆلیس.

bobby pin, تەوقەی سەر.

bobby socks, [Colloq.], گۆزەوی کورتی ژنانە.

bobby soxer, هەرزەکچ (بەتایبەتی هی شوێن مۆدە کەوتوو).

bobcat (bob′kat′), *n.* پشیلەکێوی.

bobsled (bob′sled′), *n.* گالیسکە بەفرینە؛ دوو گالیسکە بەفرینەی پێکەوەبەستراو.

v.i. سواری گالیسکە بەفرینە بوون.

bobsleigh (bob′slā′), *n. & v.i.* = bobsled.

bobtail (bob′tāl′), *n.* (١) کلکی بڕاو یا کورتکراوە (ئەسپ، سەگ). (٢) ئەسپ و سەگی کلك بڕاو یا کورتکراوە.

adj. (١) کلك بڕاو؛ کلك کورتکراوە. (٢) کورتکراوە.

v.t. (١) کلك بڕین یا کورتکردنەوە (ئەسپ، سەگ). (٢) کورتکردنەوە.

bobwhite (bob′hwīt′), *n.* قەتێ.

bocaccio (bō-kä′chō), *n.* ماسییەکی دەم زل کالیفۆرنیاییە.

bock (bok), *n. Also* **bock beer,** بیرەیەکی ڕەشباوە لە بەهاردا دروست دەکرێت.

bode (bōd), *v.t.* نیشانەی دواڕۆژبوون (باش یا خراپ).

bode ill, نیشانەیەکی خراپە بۆ دواڕۆژ؛ باش نەگەیاندن بۆ دواڕۆژ:
(His idle habits bode ill for his future.)

bode well, نیشانەیەکی باشە بۆ دواڕۆژ؛ خێر پێوەبوون.
(The rain bodes well for farmers.)

bode (bōd), *alternative past tense of* **bide.**

bodice (bod′is), *n.* (۱) بەشی لە ناوقەد بەرەوژووری کراسی ئافرەت. (۲) سوخمەی ژنانە.

bodied (bod′id), *adj.* (۱) تەندار؛ لەشدار؛ شێوەدار. (۲) لەشێکی تایبەتی هەیە: *(able- ~ ; strong- ~).*

bodiless (bod′i-lis), *adj.* (۱) بێ لەش. (۲) دەستی لێ گیر نابێت؛ نەبینراو.

-bodilessness *(n.).*

bodily (bod′l-i), *adj.* (۱) بە لەش کراو (نەک بە مێشک)؛ لەشی: *(~ functions)* (۲) تایبەتی بە لەش

adv. (۱) خۆی؛ کەسەکە خۆی: *(He is ~ present.)* (۲) هەموی؛ گشتی بە یەک پارچە. (۳) بە کۆمەڵ؛ هەموو پێکەوە.

boding (bō′diŋ), *n.* نیشانەیەکی باش یا خراپی دواڕۆژە.

adj. بەدووم؛ نوقڵانەی خراپ لێدەر.

bodkin (bod′kin), *n.* (۱) درەوشە؛ سووژن. (۲) تەوقەیەکی درێژی جوانی سەرە. (۳) شیشی چنین. (٤) ئامێرێکی وەک درەوشەیە تیپی پێ بەرز دەکرێتەوە بۆ هەڵە چاک کردن (چاپەمەنی). (٥) [Obs.]، خەنجەر.

body (bod′i), *n.* (۱) تەن؛ لەش (مرۆڤ، گیاندار، پووەک). (۲) لەشی مرۆڤ لە پشتێن بەرەوژوور بەبێ قۆڵەکان؛ قەد (مرۆڤ، گیاندار)؛ باڵا. (۳) قەد (پووەک، درەخت)؛ لاسک؛ قەف. (٤) بەشی سەرەکی پاپۆرت، ووتار، یا نامە (جگە لە پێشەکی و پاشکۆو سەروو تار). (٥) بۆدی نوتومبیل، واتە قاوغی لەشەکەی جگە لە مەکینەو تایەکانی (٦) نەو بەشەی جل وبەرگ کە لەش دادەپۆشێت جگە لە قۆڵەکان یا تەنها لە پشتێن بەرەوژوور جگە لە قۆڵەکان. (۷) لاشە؛ لاشەی مردوو. (۸) بر؛ هەند؛ بەشێکی سەربەخۆ: *(a ~ of water).* (۹) کۆمەڵ؛ دەستە؛ تاقم: *(a ~ of laws ; a ~ of soldiers).* (۱۰) نەنجوومەن؛ کۆڕ: *(a legislative ~).* (۱۱) زۆرینە؛ زۆرینە (کۆمەڵە کەس یا شت). (۱۲) خەست وخۆڵی؛ خەستی؛ قورسی و چاکی (مەی، شلە): *(This wine has a lot of ~ .)* (۱۳) قایمی؛ قورسی (قوماش)؛ بەرگەگری. (۱٤) [Colloq.]، مرۆڤ؛ نادەمیزاد. (۱٥) پتەو (نەندازە). (۱٦) قەدی تیپ (چاپەمەنی).

v.t. لەش بەبەردا کردن.

keep body and soul together, خۆڕاگرتن لەکاتی ناخۆشی و لێقەوماندا؛ بەربردن.

body corporate, کۆمپانیای هاوبەشی.

bodyguard (bod′i-gärd´), *n.* پاسەوانی کەسی.

body politic, گەل؛ میللەت؛ گەل و فەرمانڕەوایی وڵاتێک پێکەوە؛ گەلێک کە قەوارەیەکی پامیاری هەبێت.

body snatcher, کەسێکە مردوو لە گۆڕ دەردەهێنێت و دەیدزێت بۆ تونێکاری

Boer (bōr, bôr, boor), *n.* هاوڵاتیەکی خواروو ی نەفەریقایە لە بنەچەی هۆڵەندی.

adj. تایبەتی بەم جۆرە کەسانە.

bog (bog, bôg), *n.* زەلکاو؛ زۆنگ؛ زۆنگاو.

v.t. & v.i. (~ down), چەقین (هەر وەک لە زۆنگاودا)؛ چەقین و توانای خۆ بزگارکردن نەبوون؛ زۆر پێوە خەریک بوون: *(They are ~ged down in a war they can't win. ; We shouldn't get ~ged down in details.)*

bogey (bō′gi), *n.* = bogy.

bogeyman (bō′gi-mən), *n.* = boogieman.

boggle (bog′l), *v.t.* (۱) سەرسووڕمان: *(It ~s the mind.)* (۲) بە ناڕێک وپێکی کردن (کار، شت)؛ تێکدان.

v.i. (۱) سەرسووڕمان. (۲) پاڕایی کردن؛ دووڵی کردن.

n. (۱) سەرسووڕمان. (۲) پاڕایی؛ دووڵی.

boggy (bog′i, bôg′i), *adj.* (۱) زەلکاوی؛ زۆنگاوی. (۲) پڕە لە زەلکاو.

-bogginess *(n.).*

bogie (bō′gi), *n.* = bogy.

bogie (bō′gi), *n.* (۱) نەو چوارچێوەیەیە کە عەرەبانەی شەمەندەفەرو ئوتومبیلی لەسەر پادەوەستێت. (۲) پێچکەی تراکتۆرو دەبابە. (۳) [Dial.]، لۆری یا عەرەبانەی نزم.

bogle (bō′g'l), *n.* = bogy.

bogus (bō′gəs), *adj.* ساختە؛ قەڵب (پارە)؛ درۆ: *(~ money)* .

bogwood (bog′wood´, bôg′wood´), *n.* داری نەبەنووسی پەش.

bogy (bō′gi), *n. Also* **bogey, bogie,** (۱) دەعبا؛ خێو؛ دێوودرنج. (۲) کەسێک یا شتێکی وەک دەعبا ناشرین و ترسناک.

Bohemian (bō-hē′mi-ən), *n.* (۱) بۆهیمی؛ هاوڵاتیەکی بۆهیمیا. (۲) زمانی بۆهیمی، چیکی، یا چیکوسلۆڤاکی. (۳) قەرەج؛ کۆچەر. (٤) هونەرمەندێکی بەرەڵا؛ کەسێک کە ژیانێکی بەرەڵایی دەژی.

adj. (۱) بۆهیمی (گەل، زمان، کلتوور). (۲) بۆهیمی؛ ژیانی بۆهیمیانە؛ بەرەڵا.

-Bohemianism *(n.).*

bohunk (bō′huŋk), *n.* [Slang], کەسێکی بە بنەچە خەڵکی ئەوروپای ڕۆژهەڵات بەتایبەتی کرێکارێک (لەپووی سووکایەتیەوە).

boil (boil), *v.i.* (۱) کوڵان؛ قوڵپدان؛ هاتنەکوڵ؛ هاتنەجۆش. (۲) هەڵچوون؛ شێتگیربوون؛ زۆر تووڕەبوون. (۳) چێشت لێنان.

v.t. (۱) کوڵاندن؛ قوڵپ پێدان؛ جۆشدان. (۲) چێشت لێنان.

n. کوڵان؛ کوڵ؛ قوڵپدان؛ جۆش: *(to bring a thing to the ~ ; to come to the ~)*

boil away, قوڵپدان؛ کوڵان.

boil down, (۱) خەست وخۆڵ کردنەوە (بە کوڵاندن)؛ تووندکردنەوە. (۲) کورتکردنەوە (نووسراو). (۳) (~ to)، بڕیتی بوون لە؛ بڕیتیبە لە: *(It boils down to whether you want to help or not.)*

boil over, (۱) هەڵچوون و ڕژان (کوڵاندن): *(The milk has boiled over. ; The pan boiled over.)* (۲) هەڵچوون (تووڕەیی).

boil (boil), *n.* دووەمەڵ؛ زیپکە؛ پیزۆکە (کە کێمی تێدابێت).

boiler (boil′ēr), *n.* (۱) دەفری ئاو کوڵاندن (سەماوەر، کتلی، مەنجەڵ). (۲) بەرمیلی ئاو کوڵاندن (گەرماو). (۳) بەرمیلی هەڵم (مەکینەی هەڵم).

boiling point, (۱) پلەی هاتنەکوڵ (ئاو و شلەی تر)؛ جۆش؛ پلەی هاتنەجۆش یا کوڵان. (۲) [Colloq.]، پلەی شێتگیربوون؛ پلەی هەڵچوون یا زۆر تووڕەبوون.

boisterous (bois′tēr-əs), *adj.* (۱) قایم (با)؛ تووندوتیژ (مرۆڤ، ووتار، ڕەوشت، با)؛ هەڵچوو (مرۆڤ، دەریا). (۲) بەجۆش و پووخۆش؛ پڕ جۆش وخرۆش و پڕ دەنگەدەنگ (ئاهەنگ، شوێن): *(a ~ person, party, place, etc.)*

bola (bō′lə), *n. Also* **bolas,** گوریسێکە سەرێکی سێ پەڵەیە هەریەک بەردێکی پێوە بەستراوەو بادەدرێت وەک قۆچەقانێ و دەهاوێژرێت و دەئاڵێنرێت لە لاقی ڕەشەوڵاخ و نێچیرەوە پێی دەگیرێت.

bolar (bō′lèr), *adj.* قوڕەسووری؛ قوڕی.

bolas (bō′ləs), *n.* = bola.

bold (bōld), *adj.* (۱) نازا؛ بەجەرگ؛ مەرد؛ پڕکێش؛ نێر؛ چاونەترس؛ نێرانە؛ نازایانە: *(a ~ person ; a ~ move, action, etc.)* .
(۲) بێ بڕوا؛ چاوقایم؛ بێ شەرم؛ بێ حەیا.
(۳) لێژ: *(a ~ cliff)* .
(٤) دیارو بەناسانی خوێندراوەو سەرنج ڕاکێش (نووسین، چاپ): *(a ~ handwriting, type, etc.)*

-boldly *(adv.).*

boldface (bōld′fās′), *n.* تیپی توخ و ڕەش بۆ جیاکردنەوە (چاپەمەنی): *(The entries in this dictionary are in ~ .)* .

bold-faced (bōld′fāst′), *adj.* (۱) بێ شەرم؛ بێ حەیا؛ چاوقایم.
(۲) بە تیپی توخ و ڕەش چاپ کراوە یا نووسراوە (وەک ووشە سەرەکییەکانی نەم فەرهەنگە).

boldness (bōld′nis), *n.* (۱) نازایەتی؛ بەجەرگی؛ پڕکێشی؛ مەردایەتی (۲) بێ شەرمی؛ چاوقایمی.

bole (bōl), *n.* (۱) کارێک یا ووتەیەکی نازایانەو مەردانە.
(ب) کردەوەیەکی بێ حەیاو بێ شەرمانە.

bole (bōl), *n.* قەدی درەخت؛ قەدی دار.

bolero (bō-lâr′ō), *n.* گڵەسوور

boletus (bə-lē′təs), *n.* (۱) سەمایەکی ئیسپانیییە.
(۲) مۆسیقای نەم سەمایە. (۳) سوخمە یا یەلەکی کراوە (ژنانەو پیاوانە).

bolide (bō′līd, bō′lid), *n.* جۆرێکە لە قارچک سەرەکەی لە چەتر دەچێت (هەندێکی ژەهراوییەو هەندێکی دەخورێت).

boll (bōl), *n.* ئەستێرەی کشاو بەتایبەتی کە دەتەقێتەوە

boll weevil, قۆزاخە (پەمو)؛ کەلوو (پەمو).

bollworm (bōl′wûrm′), *n.* قالۆنچەی پەمو: جانەوەرێکە کرمۆکەکەی لە قۆزاخەی پەمووا هەڵدێت و دەیەفرێنێت.

bolo (bō′lō), *n.* کرمی پەمو، کەنەشامی و تەماتە.

bologna (bō-lô′nyä), *n.* چەقۆیەکی زلە لە وڵاتی فیلیپین بەکاردەهێنرێت؛ چەپەچاغ

bolograph (bō′lə-graf′, bō′lə-gräf′), *n.* گۆشتی توێ توێ و تام تیژی گاو گوێزەکەو بەرازە

bolometer (bō-lom′ə-tēr), *n.* (۱) پێوەری تۆمارێ گۆڕینی تینی ووزەی تیشکدار (۲) bolometer .

Bolshevik, bolshevik (bōl′shə-vik), *n.* پێوەری تینی ووزەی تیشکدار.

(۱) بۆلشەفیکی؛ ئەندامی حیزبی دیموکراتی سۆشیالیست لە ڕوسیا کە شۆڕشی ساڵی ۱۹۱۷ی بەڕیاکرد و یەکێتی سۆڤیەتی دامەزراند. (۲) شیوعی؛ ئەندامێکی حیزبی شیوعی (۳) کەسێکی چەپڕەو.

adj. بۆلشەفیکی؛ شیوعی.

Bolshevism, bolshevism (bōl′shə-viz′m), *n.* بیروباوەڕو تیۆری بۆلشەفیکییەکانی ڕوسیا؛ بۆلشەفیکێتی.

Bolshevist, bolshevist (bōl′shə-vist), *n.* = Bolshevik.

Bolshevize, bolshevize (bōl′shə-vīz′), *v.t.* ڕاکێشانە ناو حیزبی بۆلشەفیکەوە؛ کردن بە بۆلشەفیک.

bolson (bōl′sən), *n.* دەشتێکی ڕووتەنی بە شاخ دەورەدراو.

bolster (bōl′stēr), *n.* (۱) پشتی؛ سەرین؛ دۆشەکەلە. (۲) پاڵپشت.

v.t. (۱) سەرین خستنەژێر؛ پشتی دانەپاڵ.
(۲) (~ up)، پاڵپشتی کردن؛ شت دانەبەر (بۆ نەکەوتن)؛ هەڵپەساردن؛ هەڵبڕین؛ بەرزکردنەوە؛ ڕاستکردنەوە (بە پاڵپشت): *(to ~ up something or someone)*
(۳) ناوناخن تێخستن (بۆ گەورەکردن یا پاڵپشت کردن).

bolt (bōlt), *n.* (۱) تیرێکی کورتی ئووک کولە بە تیروکەوان دەهاوێژرێت.
(۲) ڕووداوێکی کوتوپڕ (بەتایبەتی هی ناخۆش).
(۳) هەورەتریشقە؛ هەورەبروسکە.
(٤) لەپڕ دەرپەڕین (بەرەو شتێک یا دوور لێی). (٥) کێلوون؛ سوورگی.
(٦) زمانەی قفڵ. (۷) برغوو. (۸) تۆپە قوماش یا کاغەز.
(۹) (ا) خۆکشاندنەوە (لە حیزب یا کۆمەڵەیەک). (ب) میلی تفەنگ.

v.t. (۱) تێرهاوێشتن؛ تیرتێگرتن؛ تەقاندن.
(۲) لەپڕ لە دەم دەرچوون؛ لەپڕ دەرپەڕاندن (ووتە).
(۳) هەڵ لووشین؛ بەپەلە قووتدان؛ ماشینەوە.
(٤) کێلووندان؛ داخستن بە سوورگی. (٥) لێکدان بە برغوو.
(٦) هەڵکردن (تۆپە قوماش)؛ لوولدان؛ کلاوەکردن.
(۷) خۆکشاندنەوە (لە حیزب یا کۆمەڵە).

v.i. (۱) دەرپەڕین؛ بەگوڕ دەرچوون؛ تێ تەقاندن؛ لەپڕ ڕاکردن.
(۲) هەڵتیزان (ئەسپ)؛ هەڵتووزان.
(۳) هەڵ لووشین؛ بەپەلە خواردن، خواردنەوە، یا قووتدان.
(٤) خۆکشاندنەوە (لە حیزب یا کۆمەڵە).
(٥) بە ناکامی تۆوکردن یا گوڵ گرتن.

adv. کوتوپڕ؛ لەناکاو.

bolt from the blue, ڕووداوێکی کوتوپڕو ناخۆش (وەک هەورەتریشقە کە لە سایەقەی ساماڵەوە بێت)؛ لێقەومانێکی لەناکاو.

bolt a person in (or out), دەرگا لێ داخستن یا لەسەر کێلووندان.

bolt upright, بەڕێکی (وەک تیر)؛ ڕێک.

make a bolt for it, تێ تەقاندن؛ بۆ دەرچوون؛ ڕاکردن (لە مەترسی).

shoot one's bolt, بە ئەوپەڕی تواناوە هەوڵدان.

bolt (bōlt), *v.t.* (۱) لە بێژنگ دان؛ لە هێڵەک دان.
(۲) پاک‌وپیس کردن؛ بژاردن؛ جیاکردنەوە.

bolter (bōl′tēr), *n.* (۱) ئەسپی پەتپچڕێن؛ ئەسپی ڕاکردوو لە دەست سوار یا خاوەنەکەی؛ ئەسپی هەڵتووزێن. (۲) خۆکێشاوە (لە حیزب یا کۆمەڵە)

bolter (bōl′tēr), *n.* (۱) هێڵەک؛ مەکینەی ناردبێژانەوە.
(۲) ناردبێژەرەوە (مرۆڤ).

bolthead (bōlt′hed′), *n.* (۱) سەری برغوو؛ سەری بزمار.
(۲) شووشەیەکی مل درێژی کیمیاگەرە کۆنەکانە.

boltrope (bōlt′rōp′), *n.* پەتێکە بە قەراغی بایەوانی کەشتی بایەوانەوە دەدوورێنتەوە بۆ قایمی و نەدڕاندنی.

bolus (bō′ləs), *n.* (۱) (ا) تۆپەڵ؛ کۆڵۆ. (ب) پاروی جووراو؛ پاروو.
(۲) حەبێکی گەورە (پزیشکەوانی).

bomb (bom), *n.* (۱) بۆمبا. (۲) ڕووداوێکی کوتوپڕی سەرسووڕمێنەری ناخۆش. (۳) دەفری گازی پەستێوراو. (٤) دەردراوی ئاگرپژێن.
(٥) [Slang]، ژێرکەرتنێکی تەواو؛ نشووستی.

v.t. & v.i. بۆمباباران کردن؛ بۆمباپێادان؛ بۆمباپیاکێشان؛ ئاگرباران کردن.

bombard (bom-bärd′), *v.t.* (۱) بۆمباباران کردن؛ بۆردومان کردن؛ بۆمباپێادان؛ بۆمباپیاکێشان؛ ئاگرباران کردن.
(۲) داگرتنەوە یا بۆمباباران کردن بە پرسیار، پێشنیاز، یا داوا.
(۳) تیشکی نەتۆم یا نەلەکترۆن پیادان.

n. جۆرە تۆپێکی جەنگیی کۆنە.

bombardier (bom′bēr-dēr′), *n.* (۱) بۆمباهاوێژ (فڕۆکەچی)؛ بۆردومانکەر. (۲) نەفسەری تۆپ هاوێژ؛ نەفسەری هێزی تۆپ (سوپای ئینگلیزی). (۳) [Archaic]، تۆپچی؛ تۆپەوان.
(٤) [Archaic]، کەشتی تۆپدار یا تۆپ هاوێژ.

bombardment (bom-bärd′mənt), *n.* (۱) بۆمباباران؛ ئاگرباران؛ بۆمباباران کردن. (۲) داگرتنەوە بە پرسیار یا پێشنیاز.

bombardon (bom′bēr-dən, bom-bär′dən), *n.* ئامێرێکی مۆسیقاییە لە بابەتی زوپنا.

bombast (bom′bast), *n.* (۱) ناوناخنێکی نەرم‌ونۆڵ.
(۲) فشە؛ فشەفش؛ قسەی زل و هیچ‌وپووچ؛ خۆهەڵکێشان.

bombastic (bom-bas′tik), *adj.* پڕ لە فشەو خۆهەڵکێشان؛ فشە؛ فشەفش: *(~ language ; a ~ speech)* .

-bombastically *(adv.).*

bomb bay, خانەی بۆمبا لە فڕۆکەی بۆمباهاوێژدا.

bomber (bom′ĕr), *n.* (۱) فڕۆکەی بۆمباهاوێژ؛ بۆمباهاوێژ؛ فڕۆکەی بۆردومانکەر. (۲) بۆمباهاوێژ (فڕۆکەچی)؛ بۆردومانکەر.

bombing run, بەسەردا فڕین بۆ بۆمبابارانکردن.

bombproof (bom′prōōf′), *adj.* بۆمبا کاری تێ ناکات؛ بۆمبا کارتێنەکەر.

bomb rack, چوارچێوەی بۆمبا هەڵگرتن (لە فڕۆکەی بۆمباهاوێژدا).

bombshell (bom′shel′), *n.* (۱) بۆمبا. (۲) بوورداوێکی لەناکاو و سەرسوڕهێنەر (بەتایبەتی هی ناخۆش).

bomb sight, ئامێری نیشان گرتنەوە (بۆمباهاوێژ).

bonafide (bō′nə-fī′di, bō′nə-fīd′), [L.], بێ ساختەو فێڵ و تەڵەکەو درۆ؛ ڕاست؛ ڕاستەقینە. *(a ~ offer to buy the house)* .

bonanza (bō-nan′zə), *n.* (۱) کانگە؛ کانێکی پڕ؛ کانە زێڕ. (۲) [Colloq.]، بۆماتێکی زۆرباش؛ خێروبێرێکی زۆر؛ بەختەوەری.

Bonapartism (bō′nə-pär′tiz′m), *n.* (۱) لایەنگری بیروباوەڕو فەرمانڕەوایی ناپلیۆن پۆناپارت. (۲) بیروباوەڕو ڕێبازی فەرمانڕەوایی‌یەکی زۆردار یا دیکتاتۆر.

-Bonapartist *(n.).*

bonbon (bon′bon′), *n.* جۆرێکە لە نوقڵ (گەلێک جار ناوەکەی شێلەی تێدایە).

bond (bond), *n.* (۱) بەند؛ پەیوەند؛ پەیوەست؛ بەستەر؛ پێبەست. (۲) *(pl.)*، پێوەند. (۳) بەندێتی؛ خرانە بەندیخانەوە؛ دەستبەسەری. (٤) پەیوەندی (پەیمان، خۆشەویستی). (٥) پەیمان؛ پێکەوتن. (٦) پێوێستی سەرشان؛ ئەرکی سەرشان. (۷) لکێنەر؛ پێوەنووسێنەر؛ پێوەبەست (گەوەن، جەوی، قەڵایی، زنجیر). (۸) کاغەزی قایم. (۹) پێوەلکێنەری نەتۆم. (۱۰) گلدانەوەی شتومەکی لە دەرەوە هێنراو لە گوومرگدا هەتا باجی گوومرگی لەسەر دەدرێت. (۱۱) قەوڵەی دارایی. (۱۲) (ا) دەستەبەری (ب) دەستەبەر؛ کەفیل. (ج) بارمتە (بۆ دەستەبەری). (۱۳) تێهەڵکێشانی خشت یا خشتو دار بۆ قایمی (خانووسازی).

v.t. (۱) پێوەلکاندن؛ پێوەنووساندن؛ لێکدان؛ بەتوندی پێکەوەبەستن یا لەحیم کردن؛ یەک پێکرتن و کردن بە یەک پارچە. (۲) بەستنەوە؛ کەلەپچەکردن. (۳) دەستەبەری کردن. (٤) گلدانەوە یا دەست بەسەردا گرتنی شتومەک لە گوومرگدا هەتا باجی گوومرگی لەسەر دەدرێت. (٥) خستنە ڕەهنەوە؛ دانان بە بارمتە. (٦) دەرکردنی بڕوانامەی دارایی و فرۆشتنی. (۷) تێهەڵکێشانی خشت یا خشتو دار بۆ قایمی (خانووسازی).

v.i. یەکگرتن؛ بوون بە یەک پارچە؛ بوون بە یەک.

-bondable *(adj.).*

bond (bond), *n.* [Obs.], بەند؛ کۆیلە.

adj. بەندکراو؛ بەند؛ دەستبەسەر.

bondage (bon′dij), *n.* (۱) بەندایەتی؛ بەندێتی؛ بەندەگی. (۲) دەستبەسەری؛ ژێردەستێتی؛ ملکەچی.

bonded (bon′did), *adj.* (۱) بارمتەی هەیە؛ بارمتەی بۆ دانراوە. (۲) گلدراوەتەوە یا دەستی بەسەردا گیراوە لە گوومرگ هەتا باجی گوومرگی لەسەر دەدرێت *(~ merchandise)* .

bonded warehouse, عەماری گوومرگ (کە شتی تێدا گل دەدرێتەوە هەتا باجی گوومرگی لەسەر دەدرێت).

bondholder (bond′hōl′dĕr), *n.* قەوڵەدار؛ خاوەن قەوڵەی دارایی.

bondmaid (bond′mād′), *n.* کەنیزەک؛ بەندەکارەکەر (کچ، ژن).

bondman (bond′mən), *n.* (۱) مسکین. (۲) [Archaic]، بەند؛ کۆیلە.

bond paper, جۆرێکە لە کاغەزی سپی نایاب.

bond-servant (bond′sûr′vənt), *n. Also* bond servant, (۱) نۆکەری بێگارکەر. (۲) بەند؛ کۆیلە.

bondsman (bondz′mən, bonz′mən), *n.* . **bondman** (۱) دەستەبەر؛ کەفیل.

bondwoman (bond′woom′ən), *n.* ژنەبەند؛ کەنیزەک.

bone (bōn), *n.* (۱) ئێسقان؛ ئێسک. (۲) *(pl.)*، ئێسک؛ ئێسکبەند؛ چوارچێوەی لەش. (۳) *(pl.)*، لەش؛ لاشە. (٤) ماددەیەکی وەک ئێسقان. (٥) شتی لە ئێسقان دروستکراو. (٦) *(pl.)* [Colloq.]، زار (تاوڵە، دۆمینە). (۷) [Slang]، قوتابی کۆششکەر.

v.t. (۱) ئێسقان لێکردنەوە: *(to ~ a chicken, fish, etc.)* . (۲) جڵوبەرگ ڕەق کردن (بە ئێسقانی نەمەنگ). (۳) زەوی بەمێزکردن (بە ئێسقانی سووتاو).

v.i. [Slang], (**~ up**), زۆر کۆشش کردن (قوتابی).

feel in one's bones, وا هەستکردن؛ دڵنیابوون بەبێ بوونی بەڵگەیەک.

have a bone to pick with (someone), بەڵگەهەبوون بۆ دەمەقاڵێ، شەڕ، یا سکاڵاکردن.

make no bones about, [Colloq.], لاری لێ نەبوون؛ نەشاردنەوە؛ بە ئاشکرا دان پیانان؛ پێ شەرم نەبوون.

to the bone, بەتەواوی؛ تەواو؛ یەکجار.

bone ash, خۆڵەمێشی ئێسقان.

boneblack (bōn′blak′), *n. Also* bone black, بۆیەی ڕەشی ئێسقان (لە سووتاندنی ئێسقان لەجێگەی هەوابڕدا پەیدا دەبێت).

bone china, کاشی دروستکراو لە گڵو خۆڵەمێشی ئێسقان.

boned (bōnd), *adj.* (۱) خاوەن جۆرە ئێسقانێکی تایبەتی: *(brittle- ~)* . (۲) ئێسقان لێ دەرهێنراو: *(a ~ chicken)* .

(۳) پارچە ئێسقانی نەمەنگ تێخراو.

bonedry (bōn′drī′), *adj.* وشک‌وبرنگ؛ زۆر وشک.

bonehead (bōn′hed′), *n.* [Slang], کەسێکی بێ مێشک.

boneless (bōn′lis), *adj.* بێ ئێسقان؛ ئێسقان لێ دەرهێنراو.

bone meal, ئاردی ئێسقان (بۆ خۆراکی ئاژەڵ و زەوی بەمێزکردن)؛ ئێسقانی هاڕاو.

bone of contention, هۆی ناکۆکی یا مشتومڕ.

boner (bōn′ĕr), *n.* [Slang], هەڵەیەکی خراپ؛ هەڵەیەکی کەرانە.

boneset (bōn′set′), *n.* پووەکێکە لە دەرمانی ئارەق کردنەوە و دەرمانی بەمێزیدا بەکاردێت.

bonesetter (bōn′set′ĕr), *n.* ئێسقانی شکاو و لەجێچوو گرەوە.

bonfire (bon′fīr′), *n.* ئاگرەخۆشە.

bongo drums, جووتە تەپڵی پێکەوەبەستراوی بە دەست لێدراو.

bonhomie, bonhommie (bon′ə-mē′), *n.* ڕووخۆشی؛ ناسکی ڕەوشت.

boniface (bon′ə-fās′), *n.* خاوەن چێشتخانە، میوانخانە، یا یانەی شەو.

bonito (bə-nē′tō), *n.* جۆرە ماسی‌یەکی دەریایی‌یە.

bonnet (bon′it), *n.* (۱) کڵاوی بێ قەراغ (بەتایبەتی نوسکوتلەندی). (۲) کڵاوێکی فشەڵی ژن و منداڵە بە شریتێکی ژێر چەناگە قایم دەکرێت. (۳) کڵاوی پەراوی (هی هیندی‌یە نەمەریکایی‌یەکان). (٤) کڵاوە یا بۆنیتی ئوتومبیل. (٥) کڵاوی سەر لوولەی زۆپا. (٦) [Colloq.]، هەموو جۆرە کڵاو یا شەپقەیەکی ژنانەیە. (۷) پارچەیەک جانفاسە لە دامێنی بایەوانی کەشتی یا دەدرێت.

v.t. کڵاو لەسەرکردن؛ کڵاو کردنە سەر؛ داپۆشین بە شتێکی وەک کڵاو.

bonny, bonnie (bon′i), *adj.* (۱) جوان؛ شۆخ؛ قۆز. (۲) تەندروست؛ بەمێزو تەندروست و چاک. (۳) ڕووخۆش. (٤) باش؛ چاک.

-bonnily *(adv.)*; **bonniness** *(n.).*

bontebok (bon′tə-bok´), *n.* ناسکێکی خواروی ئەفەریقایە پەڵەی سپی بە ناوچەوان و کەفەڵێیەوەیەتی.

bonus (bō′nus), *n.* (١) بەخشیش؛ زیادە بەخشیش. (٢) دەسکەوت یا قازانجی زیادە. (٣) نەو مزەیە کە کۆمپانیایەک دەیدات بە میری بۆ پاس پێدانی. (٤) بەخشیشی دراو بە ئەفسەرو سەربازی خانەنشین کراو.

bony (bōn′i), *adj.* (١) ئێسقانی؛ لە ئێسقان چوو؛ وەک ئێسقان. (٢) ئێسقاناوی؛ ئێسقان زۆر. (٣) ئێسقان بەدەرەوە؛ ئێسقان گەورەو دیار. (٤) رەقەڵە؛ لەڕ؛ پووکاوە.

-boniness *(n.).*

bonze (bonz), *n.* قەشەدەرێکی بوودی یابانی یا چینی.

boo (bōō), *interj. & n.* هووها.

v.i. هووهاکێشان.

v.t. هووها ئ کێشان؛ فیکە بۆ لێدان.

boob (bōōb), *n.* [Slang], کەسێکی بێ مێشکی کەر؛ کەسێکی ساویلکەی بێ ئاگا.

boob (bōōb), *n.* [Slang], مەمک.

booboo (bōō′bōō), *n.* هەڵەیەکی کەرانە

booby (bōō′bi), *n.* (١) کەسێکی بێ مێشك یا کەودەن. (٢) [Vulgar]، مەمک. (٣) کەرەوالە؛ بالندەیەکی دەریایی گەورەیە چاوەکانی لە نزیك بن دەنووکیەوەیەتی. (٤) قەڵبترین یاریکەری ملەمانێیەك.

booby hatch, (١) دەرگای عەماری کەشتی. (٢) شێتخانە؛ نەخۆشخانەی شێتان.

booby prize, بەخشیشێکی هێچوپووچ لەپووی گاڵتەوە دەدرێت بە قەڵبترین یاریکەری ملەمانێیەك.

booby trap, (١) داو؛ تەڵە؛ تەڵەی بێ ئاگایان. (٢) مێ یا تەقەمەنیەیەکە وەك تەڵە دەنرێتەوە بۆ کەسانی بێ ئاگا کە بە خۆیاندا دەیتەقێنێتەوە.

boodle (bōō′d'l), *n.* [Slang], (١) جەماوەر؛ کۆمەڵە خەڵك. (٢) پارەی قەڵب. (٣) بەرتیل. (٤) تاڵانی؛ شتی دزراو.

boohoo (bōō′hōō′), *v.i.* بە کوڵ گریان؛ بە دەنگی بەرز گریان.

n. گریانی بە کوڵ.

book (book), *n.* (١) پەرتووك؛ کتێب. (٢) پەڕاو؛ دەفتەر. (٣) بەرگ (پەرتووك، داستان)؛ بەش. (٤) پەڕاوی بێ هێڵ، هێڵدار، یا ئیستیمارە: *(an account ~)*. (٥) تۆماری ژمێریاریی. (٦) باسێك کە بۆ لێکۆڵینەوە بشێت: *(the ~ of life)*. (٧) بەستە (تکت، پوول)؛ پاکەت: *(a ~ of stamps, tickets, etc.)*. (٨) کۆمەڵێك پەیڕەوو دەستوور: *(He runs the company by the ~ .)*. (٩) لیستەی گرەو (پێشبڕکێی ئەسپ). (١٠) پێڕ (یاری کاغەزی " بریج ").

v.t. (١) نووسین؛ تۆمارکردن؛ لیستەکردن. (٢) پێشەکی جێگەگرتن؛ قۆرخ کردن: *(to ~ tickets, seats, etc.)*. (٣) پێشەکی گرتن: *(to ~ a speaker, entertainer, etc.)*. (٤) تۆمارکردنی تاوانی گومانبارێك لەلایەن پۆلیسەوە.

adj. بەگوێرەی پەرتووك؛ لە پەرتووکدا.

bring to book, (١) لێپرسینەوە؛ بەرپرسیارکردن. (٢) سەرزەنشت کردن.

by the book, بەگوێرەی پەیڕەوو دەستوور؛ بەبێ لادان لە پەیڕەو: *(to do something by the book)*

close the books, (١) حساب داخستن. (٢) دوایی پێ هێنان: *(We closed the books on that subject.)*.

in one's book, لە ڕای کەسێکدا؛ بە ڕای ئەو: *(In my book, she is a worthless woman.)*

keep books, حساب ڕاگرتن؛ تۆمارکردنو ڕاگرتنی حسابات.

know like a book, زۆر باش ناسین؛ شارەزابوون.

on the books, (١) تۆمارکراو. (٢) لیستەگیراو.

the Book, ئینجیل.

the book, [Colloq.], کۆمەڵە بیروباوەڕو پەیڕەوێکی باوەڕپێکراو.

bookbinder (book′bīn´dĕr), *n.* بەرگ تێگری پەرتووك؛ شیرازەبەند.

bookbindery (book′bīn´dĕr-i), *n.* کارگەی شیرازەبەندی؛ کارگەی بەرگ تێگرتنی پەرتووك.

bookcase (book′kās´), *n.* دۆلاب یا ڕەفەی پەرتووك.

book club, (١) پەرتووکگای ئەندامان. (٢) یانەی پەرتووکی ئەندامان: یانەیەکە پەرتووك بە هەرزان دەفرۆشێت بەو کەسانەی هەرسالە ژمارەیەکی تایبەتی پەرتووك دەکڕن.

book end, پاڵپشتی پەرتووك (کە دەدرێتە پاڵ ئەسەرو ئەوسەری ڕیزە پەرتووکی سەر ڕەفەیەك).

bookie (book′i), *n.* [Slang], دەڵاڵی گرەو (پێشبڕکێی ئەسپ).

booking (book′iŋ), *n.* بە کرێ گرتنو قۆرخ کردنی مرۆڤ (بۆ دووان، خۆنوواندن... هتد).

bookish (book′ish), *adj.* (١) تایبەتی بە پەرتووك. (٢) زۆر حەزکەر لە پەرتووك خوێندنەوە. (٣) تەنها شتی ناو پەرتووك زان؛ لە شتی ناو پەرتووك زیاتر هیچ نەزان. (٤) ووشك (مرۆڤ).

book jacket, چاکەتی پەرتووك (کە بە بەر بەرگی پەرتووکەوەیەو ڕەنگاوڕەنگەو دەتوانرێت ایێی بکرێتەوە).

bookkeeper (book′kēp´ĕr), *n.* دەفتەردار.

bookkeeping (book′kēp´iŋ), *n.* دەفتەرگرتن؛ دەفتەرداری.

book learning, زانێنو شارەزایی لە پەرتووکەوە وەرگیراو نەك لە ئەزموونی ژیانەوە.

-book-learned *(adj.).*

booklet (book′lit), *n.* نامیلکە؛ پەرتووکی بچووك.

booklore (book′lôr´, book′lōr´), *n.* = **book learning.**

book louse, جانەوەری پەرتووك و کاغەز خۆر.

bookmaker (book′māk´ĕr), *n.* (١) پەرتووك بژارکەر، لەچاپدەر، بڵاوکەرەوە، یا بەرگ تێگر. (٢) دەڵاڵی گرەو (پێشبڕکێی ئەسپ).

bookman (book′mən), *n.* (١) پەرتووك خوێنەرەوە؛ قوتابی؛ زانا. (٢) پەرتووك فرۆش.

bookmark (book′märk´), *n.* پەرتووك نیشانەکەر: هەرشتێك کە بخرێتە نێوان دوو پەڕەوە بۆ نیشانەکردن.

book matches, قوتووە شقارتە.

bookmobile (book′mə-bēl´), *n.* پەرتووکخانەی گەڕۆك.

bookplate (book′plāt′), *n.* یافتە یا پارچە کاغەزێکە ناوونیشانی خاوەن پەرتووکی لەسەر دەنووسرێتو دەنرێت بە دیوی ناوەوەی پەرتووکەکەوە.

bookrack (book′rak´), *n.* (١) ڕەفەی پەرتووك. (٢) چوارچێوەی پەرتووك (بۆ لەسەر دانانی بەکراوەیی و خوێندنەوەی).

book review, پەرتووك هەڵسەنگاندن؛ پەرتووك شەنوکەوکردن.

bookseller (book′sel´ĕr), *n.* پەرتووك فرۆش.

bookshelf (book′shelf´), *n.* ڕەفەی پەرتووك.

bookstack (book′stak´), *n.* دەستە ڕەفەی پەرتووك (پەرتووکخانە).

bookstall (book′stôl´), *n.* فرۆشگای پەرتووك (لەسەر شەقامو نێستگەی شەمەندەفەردا)؛ قەفەزی پەرتووك فرۆشتن. (١) **. bookstall** (٢) **. bookrack**

bookstand (book′stand´), *n.*

bookstore (book′stôr´, book′stōr´), *n.* فرۆشگای پەرتووک؛ فرۆشگای پەرتووک‌و شتوومەکی نووسین.

book value, نرخ بەپێی دەفتەری حسابات (بەتایبەتی هی دەزگایەکی بازرگانی کە لەوانەیە جیاوبێت لە نرخی ڕاستەقینەی).

bookwork (book′wûrk´), *n.* پەرتووک خوێندنەوە و کۆشش کردن؛ خوێندنەوە و هەوڵدان.

bookworm (book′wûrm´), *n.* (١) مۆرانەی پەرتووک. (٢) خوێنەری لە ڕادە بەدەر؛ کەسێک کە زۆر دەخوێنێتەوە.

boom (bōōm), *v.i.* دەنگدانەوە (تۆپ، تفەنگ)؛ گرمەهاتن.

v.t. لێدان؛ پیشاندان بە دەنگ: *(The clock ~ed the hour.)* .

n. (١) گرمە (تۆپ، هەورەتریشقە). (٢) دەنگی خوێندنی هەندێک گیاندار (بۆق).

boom (bōōm), *n.* (١) ستوونی بایەوانی کەشتی یا. (٢) باڵی ئامێری بەرزکەرەوە. (٣) (ا) بەستی سەر ڕوبارێک بۆ کۆکردنەوەی دارو دەستەک لەکاتی گواستنەوەیدا بە ڕوبارەکەدا. (ب) مۆڵگەی ئەم دارو دەستەکە.

v.t. بایەوان کردنەوە.

v.i. (١) بەڵەم لێخوڕین بە کردنەوەی بایەوانەکانی بەتەواوی. (٢) (~ along)، خێرا ڕۆیشتنی کەشتی یا. (٣) خێرا ڕۆیشتن؛ بە گوڕج‌وگۆڵی ڕۆیشتن.

boom (bōōm), *v.i.* پەرەسەندن؛ گەشەکردن؛ بڕەو سەندن: *(Business ~ed.)*

v.t. (١) پەرە پێ سەندن؛ بڕەو پێ سەندن؛ گەشەپێکردن: *(The war ~ed the aircraft industry.)* (٢) پاڵپشتی کردن؛ پشتگیری کردن؛ بڕەوپێدان: *(They ~ed him for mayor.)*

n. پەرەسەندنی بازرگانی‌و کارو کاسبی‌و باری ژیان؛ سەردەمێکی وەها.

adj. تایبەتی بە پەرەسەندنی بازرگانی و کارو کاسبی.

boomerang (bōōm′ĕr-aŋ), *n.* (١) دارێکی چەماوەیە کاتێک کە دەهاوێژرێت دەگەڕێتەوە بۆ لای ئەو کەسەی کە هاویشتوویەتی (هاوواتیی سەرەتایی‌یەکانی نوستورالیا وەک چەک بەکاری دەهێنن). (٢) کردەوەیەک کە بە زیان دەگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی.

v.i. . *(His criticisms ~ed.)* بە زیان گەڕانەوە بۆ ئەوەی بەکاری دەهێنیت.

boon (bōōn), *n.* (١) بەهرە؛ خێروبەرەکەت؛ بەخشیش. (٢) [Archaic]، خواست؛ داوا؛ تکا؛ داخوازی.

boon (bōōn), *adj.* (١) [Archaic & Poetic] ، بەخشندە؛ دڵنەرم؛ دەست‌ودڵ تێر (٢) ڕووخۆش؛ دەم بە پێکەنین. *(a ~ companion)* .

boondocks (bōōn′doks´), *n.pl.* (١) چڕستان؛ بێشەڵان. (٢) شوێنی دوور لە ئاوایی؛ شوێنی چەپە؛ دەشت‌ودەر؛ لادێ.

boondoggle (bōōn′dôg´l, bōōn′dog´l), *v.i.* کات بەفیڕۆدان بە کاری هیچ‌وپووچەوە.

n. کاری هیچ‌وپووچ؛ ئیشی بێ بایەخ.

boor (boor), *n.* (١) مسکین؛ وەرزێر؛ کشتکار؛ لادێیی. (٢) کەسێکی نەزان‌و قسەڕەق‌و بێ ئەزاکەت؛ کەسێکی کەرتێر.

boorish (boor′ish), *adj.* بێ ئەزاکەت؛ کەرتێر؛ قسەڕەق؛ نەزان.

boost (bōōst), *v.t.* [Colloq.], (١) بەرزکردنەوە؛ هەڵبڕین. (٢) زیادکردن؛ بەرزکردنەوە (نرخ): *(They ~ed prices.)* . (٣) زیادکردن (تەووژمی کارەبا).

(٤) بڕەوپێدان (مرۆڤ، نەخشە، شت)؛ پاڵپشتی کردن؛ بووژاندنەوە؛ سەرخستن: *(to ~ a person, a plan, the economy, etc.)*

n. [Colloq.], (١) پاڵ؛ پاڵ پێوەنان؛ بەرزکردنەوە؛ هەڵبڕین. (٢) زیادە؛ زیادکردن: *(a ~ in prices)* . (٣) یارمەتی؛ پشتگیری؛ هاندان؛ بووژانەوە: *(She needed a ~ . ; Your support has given me a big ~ .)*

booster (bōōs′tĕr), *n.* [Colloq.], (١) پشتگیریکەر؛ یارمەتیدەر. (٢) ئامێری بەهێزکردن. (٣) دەنگ گەورەکەر (ڕادیۆ). (٤) ئامێری بەهێزکردن‌و چاک کردنی وەرگرتنی بەرنامەی تەلەفزیۆن. (٥) ئامێری بەهێزکردن یا هاویشتنی کەشتی ئاسمانی. (٦) کوتان یا دەرزی دووەم (بۆ بەرهەڵستی نەخۆشی).

booster cable, = jumper cable.

booster shot, کوتان یا دەرزی دووەم (بۆ بەرهەڵستی نەخۆشی).

boot (bōōt), *n.* (١) جزمە؛ چەکمە؛ پۆستاڵ؛ پێڵاو. (٢) سندوقی ئوتومبیل (بۆ شت هەڵگرتن). (٣) ئامێری ئازاردان (لە شێوەی جزمەدایە بۆ گووشینی پێ). (٤) سەرجلی پارێزەر (بۆ لێخوڕی ئوتومبیلی سەربەتاڵ). (٥) شەق؛ لەقە. (٦) [Slang]، سەربازی تازەگیراو (هێزی دەریایی).

v.t. (١) جزمە لەپێکردن؛ پێڵاو لەپێکردن. (٢) ئازاردان بە ئامێرێکی وەک جزمە. (٣) [Slang]، دەرکردن (لە کار یا شوێنێک).

bet your boots, بێ گومان؛ مسۆگەرە.

get the boot, دەرکران (لە کار).

give (someone) the boot, دەرکردن (لە کار).

lick the boots of, پێڵاو لستنەوە؛ قۆندەرە ماچ کردن.

boot (bōōt), *n., v.t. & v.i.* [Obs.], چارە؛ سوود؛ کەڵک.

to boot, سەرەڕای ئەوەیش؛ زیاد لەوەیش؛ جگە لەوەیش.

bootblack (bōōt′blak´), *n.* بۆیاخچی (پێڵاو).

boot camp, [Colloq.], ئۆردووگای مەشقی تازە سەرباز.

booted (bōōt′id), *adj.* (١) جزمەلەپێ. (٢) شەق تێهەڵدراو. (٣) [Slang]، لە کار دەرکراو؛ لێخراو.

bootee (bōō-tē′), *n.* (١) جزمەی کورت (هی ژن‌و منداڵ). (٢) پێڵاوی چنراوی منداڵ.

booth (bōōth, bōō*th*), *n.* (١) قەفەزەیەکی کاتی‌یە بۆ شت فرۆشتن لەناو بازاڕدا یا لەسەر شەقام؛ فرۆشگایەکی بچکۆلەی کاتی؛ دووکانۆچکە. (٢) قەفەزەی دەنگدان. (٣) (ا) قەفەزەی پاسەوان؛ ژوورۆچکەی پاسەوانان. (ب) قەفەزەی تەلەفۆن‌و شتی وەهای تر. (٤) مێزێکی دەورگیراوی چێشتخانە.

bootjack (bōōt′jak´), *n.* جزمەداکەن (ئامێر).

bootleg (bōōt′leg´), *v.t. & v.i.* دروستکردن‌و فرۆشتنی عەرەق‌و مەی بە قاچاخ.

adj. (١) بە قاچاخ دروستکراوو فرۆشراو (عەرەق، مەی). (٢) تایبەتی بە خواردنەوەی بە قاچاخ دروستکراوو فرۆشراو.

n. مەی‌و خواردنەوەی تری بە قاچاخ دروستکراوو فرۆشراو.

bootlegger (bōōt′leg ĕr), *n.* قاچاخچی خواردنەوەی سەرخۆشکەر؛ دروستکەرو فرۆشیاری عەرەق بە قاچاخ.

bootless (bōōt′lis), *adj.* بێ کەڵک؛ بێ سوود.

bootlick (bōōt′lik´), *v.t. & v.i.* [Slang], پێڵاو لستنەوە یا ماچ کردن؛ مەرایی کردن.

-bootlicker *(n.)*.

boots (bōōts), *n.* [British], بەردەستی میوانخانە (بەتایبەتی بۆیاخچی پێڵاو).

boot tree, قاڵبی پێڵاو (بۆ ڕاگرتن یا ڕاستکردنەوەی).

booty (bōō′ti), *n.* (١) تاڵانی جەنگ. (٢) تاڵانی؛ شتی دزراو یا سەندراو. (٣) دەسکەوتێکی بەنرخ؛ خەڵات.

booze (bōōz), *v.i.* [Colloq.], مەست بوون؛ زۆر خواردنەوە.

n. [Colloq.], (١) مەی؛ عەرەق؛ خواردنەوەی سەرخۆشکەر. (٢) ئاهەنگی خواردنەوە.

-boozer *(n.)*; boozy *(adj.)*.

bop (bop), *v.t.* [Slang], مستەکۆڵە لێدان؛ لێدان؛ پیاکێشان.

n. [Slang], مستەکۆڵە؛ لێدانێک؛ پیاکێشانێک.

bop (bop), *n.* جۆرێکە لە مۆسیقای " جاز " .

boracic (bō-ras′ik), *adj.* = boric.

borage (bŭr′ij, bôr′ij, bor′ij), *n.* ڕووەکێکی گوڵ شینی گەڵا تووکنە (هەندێک جار دەکرێتە زەڵاتەوە).

borate (bôr′āt, bō′rāt), *n.* خوێی ترشی بۆرێک.

v.t. خوێی ترشی بۆرێک لێدان یا تێکەڵوکردن.

borax (bôr′aks, bō′raks), *n.* بۆراکس: ماددەیەکی سپی کریستاڵە.

Bordeaux (bôr-dō′), *n.* شەرابی " بۆردۆ " ی فەرەنسی.

bordel (bôr′d'l), *n.* = **bordello.**

bordello (bôr-del′ō), *n.* قەحبەخانە.

border (bôr′dĕr), *n.* (١) سنوور. (٢) قەراغ؛ پەراوێز؛ لا. (٣) تیرەیەکی باریکی گوڵدانە بە قەراغ باخچەیەک یا پارەوێکدا.

v.t. (١) سنوور بۆ دانان؛ سنوور بۆ کردن. (٢) دەورەدان؛ بوون بە سنوور بۆی.

adj. تایبەتی بە سنوور؛ هی نزیک سنوور؛ هی سنوور.

border on (or upon), (١) هاوسنووربوون؛ بەتەنیشتەوەبوون: *(My land borders on yours.)*

(٢) لێکچوون؛ لێککردن؛ وەک یەک وابوون: *(an act that borders on heroism, insanity, etc.)*

borderer (bôr′dĕr-ĕr), *n.* سنوورنشین.

borderland (bôr′dĕr-land´), *n.* (١) زەوی سەر سنوور؛ سنوور؛ زەوی سنوور. (٢) بارێک یا جێگەیەکی نەبڕاوە یا بەلایەکدا نەکەوتوو.

borderline (bôr′dĕr-līn´), *n. Also* **border line,** سنوور.

adj. (١) لەسەر سنوور؛ سەرسنووری. (٢) نەبڕاوە؛ بەلایەکدا نەکەوتوو؛ لەنێوان دوو شت، بار، یا پلەدایە: *(a ~ grade, student, etc.)*

bore (bôr, bōr), *v.t.* (١) کون کردن (بە دڕەوشە)؛ سمین. (٢) هەڵکەندن و کون تێکردن (کون، تونێل)؛ بڕین. (٣) خۆکردن بەناو جەماوەرێکدا؛ دڕ بە جەماوەرێک دانو ڕێگە بۆ خۆ کردنەوە.

v.i. (١) کونکردن؛ کون تێکردن؛ کوناودەرکردن. (٢) کون کران؛ کون تێکران؛ کون بوون. (٣) بەرەو پێشەوە چوون.

n. (١) کون (کە بە دڕەوشەو شتی وەها بکرێت). (٢) کون (بۆری، لوولە، تفەنگ). (٣) تیرەی کونە لوولەیەکی وەها. (٤) ئامێری کونکەر (دڕەوشە).

bore (bôr, bōr), *v.t.* بێ تاقەت کردن (لەبەر ووشکی و ناخۆشی و یەک ناوازی و قسەی بێ تام): *(He ~s me. ; His stories ~ me.)*

n. گەسێک یا شتێکی بێ تاقەت کەر (لەبەر ووشکی و ناخۆشی و یەک ناوازی و قسەی بێ تام): *(He is a ~ .)*

bore (bôr, bōr), *n.* شەپۆلێکی زل بەهێز (لە ڕوبارو زێدا).

bore (bôr, bōr), *past tense of* **bear.**

boreal (bôr′i-al, bō′ri-əl), *adj.* (١) باکووری. (٢) تایبەتی بە بای باکوور.

Boreas (bôr′i-əs, bō′ri-əs), *n.* (١) خودای بای باکوور (لەفسانەی یۆنانی). (٢) بای باکوور.

boredom (bôr′dəm, bōr′dəm), *n.* بێ تاقەتی (بەهۆی بێکاری یا ووشکی و ناخۆشی کاروباری ژیانەوە).

borer (bôr′ĕr, bōr′ĕr), *n.* (١) ئامێری کونکەر. (٢) کرمی کونکەرە میوەوە.

boric acid, ترشی بۆرێک.

boring (bôr′iŋ, bōr′iŋ), *n.* (١) کونکردن (وەک بە دڕەوشە). (٢) کون (کە بەم جۆرە بکرێت). (*pl.*) (٣) تەراش و ئاردەمشارو تەڵەزم کە لە دارو دیوار کونکردنەوە پەیدا دەبێت.

boring (bôr′iŋ, bōr′iŋ), *adj.* ووشک؛ ناخۆش؛ بێ تاقەت کەر (شت، شوێن، مرۆڤ): *(a ~ person, class, lecture, film, place, etc.)*

born (bôrn), *past participle of* **bear.**

adj. (١) لەدایکبوو. (٢) زگماکی؛ بە زگماکی: *(a ~ artist, leader, writer, etc.)*

borne (bôrn), *past participle of* **bear.,** هەڵگرتن.

boron (bō′ron, bō′ron), *n.* بۆرۆن: توخمێکی کیمیایی ناکانزایی‌یە.

borough (bŭr′ō), *n.* (١) شارێکی سەربەخۆی ئەمەریکا. (٢) گەڕەکێکی شاری " نیویۆرک " ؛ گەڕەک. (٣) (!) شارێکی سەربەخۆی ئینگلتەرە. (ب) شارێکە کە نوێنەرێک یا زیاتر دەنێرێت بۆ پەرلەمانی ئینگلتەرە.

borrow (bor′ō, bôr′ō), *v.t. & v.i.* (١) خواستن؛ قەرزکردن؛ بە ئەمانەت وەرگرتن: *(May I ~ your dictionary? ; I ~ed some money from him.)*

(٢) کردن بە هی خۆ؛ لێ دزین: *(He ~ed my theory.)* .

(٣) خواستن (لێدەرکردن لە ژمێرەدا).

n. [Obs.], (١) دەستەبەری. (٢) دەستەبەر.

-borrower *(n.).*

borsch (bôrsh), *n.* شۆربای چەرەندەری پوسی.

borscht (bôrsht), *n.* = **borsch.**

bort (bôrt), *n.* ئەڵماسێکی بڕین؛ ئەڵماسێکی ڕەشۆکی‌یە.

bortz (bôrts), *n.* = **bort.**

borzoi (bôr′zoi), *n.* جۆرە سەگێکی گەورەی سەرباریکی لاق درێژی تووک نەرمە.

boscage (bos′kij), *n.* داروەدەوەن؛ بێشە؛ چرانی.

bosh (bosh), *n. & interj.* [Colloq.], بۆش؛ قسەی بۆش؛ قسەی قۆپ.

bosk (bosk), *n.* = **boscage.**

boskage (bos′kij), *n.* = **boscage.**

bosky (bos′ki), *adj.* (١) داروەدەوەناوی. (٢) سێبەر؛ سێبەراوی.

bo's'n (bō′s'n), *n.* = **boatswain.**

bosom (booz′əm, bōō′zəm), *n.* (١) سنگ؛ سینە. (٢) مەمک. (٣) سینەو مەمک؛ باخەڵ. (٤) سنگی کراسو چاکەت. (٥) ناوجەرگە: *(the ~ of one's family)* .

v.t. (١) باوەش کردن؛ بە سنگەوە نان؛ باوەش پیاکردن. (٢) شاردنەوە؛ لە دڵی خۆدا شاردنەوە.

adj. (١) تایبەتی بە سنگ؛ سینەیی؛ سینەوەمەکی. (٢) خۆشەویست؛ گیانی بە گیانی: *(a ~ friend)* .

boss (bôs, bos), *n.* [Colloq.], (١) سەرکار؛ سەرگەورە؛ سەرۆک. (٢) سەرۆکی حیزب یا کۆمەڵێکی پامیاری.

v.t. [Colloq.], فەرمان بەسەردا گردن؛ سەرکاری کردن.

adj. [Colloq.], سەرۆک؛ سەرگەورە.

boss (bôs, bos), *n.* (١) تەرەقە یا دوگمەی سەر قەڵغان. (٢) چوکڵەی دەرپۆقیوی شتێکی پازاوە. (٣) بەشی گەورە یا فراوانی لوولەیەک.

v.t. بە دوگمەو تەرەقە پازاندنەوە.

boss (bos, bôs), *n.* مانگا؛ گوێرەکە.

bossy (bôs′i, bos′i), *adj.* حەزکەر لە فرمان بەسەرداکردن؛ بە زەبروزەنگ؛ نێرە؛ کەڵە.

-bossily *(adv.)*; **bosiness** *(n.).*

bossy (bôs′i, bos′i), *adj.* بە دوگمەو تەرەقە پازاوە.

bossy (bos′i, bôs′i), *n.* مانگا؛ گوێرەکە.

boston (bôs′t'n, bos′t'n), *n.* (١) جۆرێکە لە یاری کاغەز. (٢) جۆرێکە لە سەمای " والتز " .

Boston bull, = **Boston terrier.**

Boston terrier, جۆرە سەگێکی بچووکی تووک کورتی پێست صافە.

bosun (bō′s'n), *n.* = **boatswain.**

botanic (bə-tan′ik), *adj.* = **botanical.**

botanical (bə-tan′i-k'l), *adj.* (١) ڕووەکی؛ تایبەتی بە ڕووەک. (٢) تایبەتی بە زانستی ڕووەک؛ تایبەتی بە ڕووەکزانی. (٣) تایبەتی بە دەرمانی لە ڕووەک دەرهێنراو.

n. دەرمانێکە لە تۆنکڵو ڕەگی ڕووەک دەگیرێتەوە.

-botanically *(adv.).*

botanical garden, باخچەی گوڵو ڕووەک؛ گوڵستان.

botanist (bot′ə-nist), *n.* پووەکناس؛ زانای پووەك.

botanize (bot′ə-nīz′), *v.i.* (۱) پووەك کۆکردنەوە بۆ لێکۆڵینەومیان. (۲) لێکۆڵینەوە لە پووەك.

v.t. لێکۆڵینەوە لە پووەك (لە شوێنی خۆیاندا).

botany (bot′ə-ni), *n.* (۱) پووەکزانی؛ زانستی پووەك. (۲) پووەکی ناوچەیەك. (۳) ڕێبانی پووەکێك یا توخمە پووەکێك. (٤) پەرتووکی پووەکزانی.

botch (boch), *v.t.* (۱) بە خراپی پینەکردن. (۲) بە ناشرینی و ناڕێك‌وپێکی و نەشارەزایانە کردن: *(to ~ a job)* .

n. (۱) شتێکی خراپ پینەکراو. (۲) کارێکی بە ناشرینی و ناڕێك‌وپێکی کراو؛ کارێکی تێکدراو.

botchy (boch′i), *adj.* بە خراپی پینەکراو؛ بە ناڕێك‌وپێکی کراو.

botfly (bot′flī′), *n.* جانەوەرێکی باڵداری کرمۆکەکەی دەبێت بە خۆرە بەسەر مرۆڤ و مەڕومااڵتەوە.

both (bōth), *adj. & pron.* هەردووکیان؛ هەردوو: *(B~ birds sang laudly, ~ were small.)*

conj. & adv. ئەوەندەی یەکتر؛ وەك یەك؛ — یش: *(I am ~ tired and hungry.)*

bother (bo*th*′ēr), *v.t.* (۱) پەستکردن؛ بێزارکردن؛ سەرکردنەسەر؛ سەرنێشاندن: *(He ~s me. ; Don't ~ me, please!)* . (۲) سەر لێ شێواندن؛ سەر لێ تێکدان: *(A big city ~s him.)* . (۳) گوێ پێدان و مەراق خواردن: *(Don't ~ !; She ~s too much about everything.)*

n. (۱) پەستی؛ هۆی پەستی؛ شتی پەستکەر؛ سەرنێشە. (۲) کەسێکی پەستکەر: *(He is a ~ .)* .

botheration (bo*th*′ēr-ā′shən), *n. & interj.* [Colloq.], = **bother.**

bothersome (bo*th*′ēr-səm), *adj.* پەستکەر؛ ناخۆش؛ زوێرکەر.

bo tree, (۱) دارەمێجرێکی هیندیێیە. (۲) [B- T-]، داری پیرۆزی ئایینی " بوودی " یە.

botryoidal (bot′ri-oi′d'l), *adj. Also* **botryoid,** هێشووی

bottle (bot′'l), *n.* (۱) قاپ؛ شووشە؛ بوتڵ. (۲) قاپێك؛ پڕ قاپێك یا بوتڵێك.

v.t. (۱) کردنە قاپەوە؛ کردنە بوتڵەوە. (۲) (~ up)، پەنگ خواردنەوە؛ پەست خواردنەوە: *(He ~d up his anger.)*

hit the bottle, [Slang], سەرکردنە خواردنەوە؛ عەرەق یا مەی زۆر خواردنەوە.

the bottle, عەرەق؛ مەی

bottleneck (bot′'l-nek′), *n.* (۱) ملی قاپ؛ ملی شووشە. (۲) تەنگە ڕێگە؛ تەسکە ڕێگە. (۳) کۆسپ (لە ڕێی پێشکەوتندا).

bottlenose (bot′'l-nōz′), *n.* بەرازی دەریا؛ جۆرێکە لە دۆلفین.

bottom (bot′əm), *n.* . *(the ~ of a barrel)* (۱) بن؛ ژێر؛ قنگ: (۲) بناغە؛ بنچینە. (۳) شوێنی قنگ (کورسی). (٤) بن (ڕووبار، دەریا، گۆم): *(the ~ of the ocean, pool, etc.)* . (٥) نزمە زەوی؛ نزمایی. (٦) بنی کەشتی و بەڵەم؛ ئەو بەشەی کەشتی و بەڵەم کە لەژێر ئاودایە. (۷) کەشتی. (۸) ڕەگ و ڕیشە: *(He wanted to get to the ~ of the problem.)* . (۹) کێش؛ تین؛ ووزە؛ گوڕ؛ دەربڕین. (۱۰) ناخ؛ کانگا: *(from the ~ of my heart)* . (۱۱) [Colloq.]، قنگ؛ گووپی قنگ.

adj. (۱) لەبنەوە؛ لەژێرەوە؛ هی بنەوە. (۲) نزمترین؛ کەمترین؛ دواترین؛ هەرەدوا.

v.t. (۱) بن تێگرتن (کورسی). (۲) تێگەیشتن.

(۲) (~ on ; ~ upon)، لەسەر بناغە دانان؛ لەسەر دانان.

v.i. (۱) گەیشتنە بنەکەی؛ لەسەر بنەکەی وەستان، دانیشتن، یا گیرسانەوە.

(۲) (~ on ; ~ upon)، لەسەر بناغە دانران.

at bottom, لە پاستیدا؛ لە دڵەوە: *(At bottom they are racist.)* .

be at the bottom of, هۆی پاستەقینە بوون؛ هۆی سەرەکی بوون: *(Their selfishness is at the bottom of the problem.)*

bet one's bottom dollar, [Slang], (۱) لەسەر دوا دۆلار گرەوکردن. (۲) دڵنیابوون؛ هیچ گومان نەبوون.

bottom out, گەیشتنە بنی بنەوە؛ گەیشتنە نزمترین پلە: *(The price of houses has bottomed out.)*

bottoms up! [Colloq.], هەمووی نۆش کە!؛ هەموو قاپەکە بخۆرەوە!

get to the bottom of, گەیشتنە ڕەگ و ڕیشە (کێشە، مەسەلە)؛ گەیشتنە بنچ‌وبناوان.

bottomless (bot′əm-lis), *adj.* بێ بن؛ زۆر قوڵ؛ بێ کۆتایی.

bottomless pit, دۆزەخ؛ جەهەننەم.

bottomry (bot′əm-ri), *n.* پەیمانێکە بەگۆڕەی خاوەن کەشتیێك کەشتیێکەی بە بارمتە دابەنێت بۆ ئەو قەرزەی دەیکات بۆ چوونە گەشت (ئەگەر کەشتیێکە نوقوم بوو ئەوا قەرزەکە دەسڕێتەوە).

botulism (boch′ə-liz′m), *n.* ژەهراوی بوونێکی گەڵێك جار کوشندەیە لە خواردەمەنی باش هەڵنەگیراوی ناو قوتوو یا بۆگەنەوە تووشی مرۆڤ دەبێت (بەتایبەتی گۆشت).

boudoir (bōō′dwär, bōō-dwär), *n.* ژووری تایبەتی ئافرەت (بۆ دانیشتن، جل لەبەرکردن، یا نووستن).

bouffant (bōō-fänt′), *n.* پڕو هەڵئاوسا (تەنوورە).

bougainvillaea (bōō′gən-vil′i-ə), *n.* گوڵە جەهەننەمی: پووەکێکی گوڵ سوورو ئاڵی پارێزنەوەیە.

bough (bou), *n.* لق؛ لقی درەخت (بەتایبەتی هی گەورە).

bought (bôt), *past tense and p.p. of* **buy.**

adj. کڕاو.

boughten (bôt′'n), *adj.* [Dial.], کڕاو؛ خۆمالی نییە: *(~ gloves)*

bougie (bōō′zhē′), *n.* (۱) مۆم؛ فتیلە. (۲) ئامێرێکی پزیشکی باریکە دەکرێت بە کونێکی لەشدا وەك زێ و کۆم بۆ دۆزینەوە و دیاری کردنی نەخۆشی یا فراوان کردن.

bouillbaisse (bōōl′yə-bās′), *n.* شۆربای ماسی.

bouillon (bool′yon, bool-yon′, bool′yən), *n.* گۆشتاو.

bouillon cube, کۆڵۆپەك گۆشتاوی خستە کراوەی ووشك کراوەیە دەکرێتە ناو چێشتەوە بۆ تام.

boulder (bōl′dēr), *n.* تڵەبەرد؛ بەردە گەورە.

boule (bōō′lē), *n.* (۱) پەرلەمانی یۆنانی کۆن. (۲) [B-]، پەرلەمانی یۆنان.

boulevard (bool′ə-värd′, bōō′lə-värd′), *n.* شەقامی پان (بەتایبەتی کە ئەم بەرو ئەوبەری درەخت بێت)؛ جادە گەورە.

bouleversement (bōōl′vers′män′), *n.* [Fr.], پشێوی؛ شێواوی.

bounce (bouns), *v.t.* (۱) فڕێدان و تەپە لێ هەڵساندن. (۲) هەڵبەزاندنەوە؛ هەڵبەزودابەزکردن: *(He ~d the ball.)* . (۳) [Slang]، دەرکردن بە زۆر (لە شوێنێك لەبەر بەدرەفتاری). (٤) [Slang]، دەرکردن لە ئیش.

v.i. (۱) هەڵبەزینەوە (تۆپ)؛ هەڵبەزانەوە؛ هەڵبەزودابەزپێکردن. (۲) هەڵساندنەوە (پاش ژێرکەوتنێك یا تێکشکانێك): *(He will ~ back from the tragedy quickly.)*

(۳) بازدان؛ قەڵەمبازدان؛ هەڵبەزینەوە. (٤) بە پڕتاو جووڵانەوە: *(She ~d into the room.)* . (٥) [Slang]، چەك بۆ گەڕانەوە لە بانقەوە بەبێ دانی چەکەکە (لەبەر بێ

پارەیی لە حسابی کەسەکەدا): (The check ~d. ; His checks ~d.) .

n. (١) هەڵبەزینەوە؛ هەڵبەزانەوە. (٢) بازد؛ قەڵەمبازە.

(٣) توانای هەڵبەزینەوە: (The ball has lost its ~ .) .

(٤) تەپە؛ زرمە.

(٥) [British]، بێ حەیایی؛ چاوقایمی؛ بێ شەرمی.

(٦) [Slang]، هەڵمەت؛ گورج‌وگۆڵی؛ چالاکی.

get the bounce, [Slang], لە ئیش دەرکران؛ دەرکران.

bouncer (boun′sēr), n. (١) شتێکی زۆر ڵێ.

(٢) [Rare]، فشەکەر؛ فشەچی؛ درۆزن.

(٣) [Slang]، پاسەوانی بەردەرگای یانەی شەو، مەیخانە، یا چێشتخانە.

bouncing (boun′siŋ), adj. (١) خرین؛ تەندروست؛ خرۆمڕ؛ بەهێزو تێکسەڕاو: (a ~ baby) . (٢) بەجۆش‌وخرۆش؛ زیندوو.

bound (bound), v.i. (١) قونەکردن؛ بازدان. (٢) هەڵبەزینەوە (تۆپ).

v.t. قونەپێکردن؛ هەڵبەزاندنەوە.

n. (١) قونە؛ بازد؛ قەڵەمبازە. (٢) هەڵبەزینەوە؛ گەڕانەوە؛ هەڵسانەوە.

bound (bound), past tense and p.p. of bind.

adj. (١) بەستراوە. (٢) پێچراوە. (٣) پەیوەندی پێوەیە؛ نزیک.

(٤) مسۆگەر؛ بێ گومان: (He's ~ to lose.) .

(٥) پابەندبوون؛ پێویستە لەسەری؛ ناچار: (He is legally ~ to do it.) .

(٦) گرفت کردوو؛ قەبز؛ گیراو. (٧) بەرگ تێگراو (پەرتووک).

(٨) [Colloq.]، سوور لەسەر.

bound up in (or with), (١) زۆر بۆ دڵسۆز بوون.

(٢) تێوەگلان؛ دەست تێدا بوون.

bound (bound), adj. بەرەو: (She is ~ for home.) .

bound (bound), n. (١) (pl.)، سنوور: (His joy knew no ~s. ; There are no ~s to his ambition.)

(٢) (pl.)، ناوچەی نزیک سنوور: (the ~s of the kingdom) .

v.t. (١) سنوور بۆ دانان؛ بەستنەوە؛ بەرگرتن. (٢) بوون بە سنوور بۆ.

(٣) سنوور نیشانەکردن؛ سنوور دیاری کردن.

v.i. هاوسنوور بوون.

out of bounds, (١) لە ئەندازە بەدەر؛ لە ڕادە یا سنوور بەدەر.

(٢) لە دەرەوەی سنوور (یاریگا).

(٣) قەدەغە (جێگە)؛ بۆچوونی قەدەغەیە.

-bound (bound), بەشی دووەمی ووشەی لێکدراوە بەمانای: بەرەو: (south- bound)

boundary (boun′də-ri), n. سنوور.

bounden (boun′dən), adj. (١) چاوبەڕەوزێری چاکەیەک.

(٢) پێویست؛ ناچار: (one's ~ duty) .

bounder (boun′dēr), n. [Colloq.], کەسێکی بێ نەزاکەتی دەم‌پیسی زۆر لە خۆ دڵنیا.

boundless (bound′lis), adj. بێ ئەندازە؛ بێ سنوور؛ زۆر؛ بێ کۆتایی

bounteous (boun′ti-əs), adj. (١) بەخشندە؛ بدە؛ سەخی

(٢) فرە؛ زۆروزەبەنە؛ بێ شومار.

bountiful (boun′ti-fəl), adj. (١) بەخشندە؛ دڵ ناوەدان؛ سەخی.

(٢) فرە؛ زۆروزەبەنە؛ بێ شومار.

bounty (boun′ti), n. (١) بەخشندەیی؛ دڵ ناوەدانی؛ سەخێتی.

(٢) خەڵات؛ بەخشیش. (٣) پاداشت (بەتایبەتی ئەوەی کە میری دەیدات بۆ کوشتنی گیانداری درندە، پەروەردەکردنی دانەوێڵەی پێویست، بوون بە سەربار، چەتە گرتن... هتد). (٤) بەروبووم (بەتایبەتی دانەوێڵە).

(٥) پیت.

bouquet (bō-kā′, bōō-kā′), n. (١) چەپکە گوڵ؛ دەسکە گوڵ.

(٢) بۆنی خۆش (بەتایبەتی هی مەی یا براندی).

bourbon (boor′bən, bür′bən), n. بۆربۆر جۆرێکە لە وێسکی

adj. تایبەتی بەم خواردنەوە سەرخۆشکەرە.

bourg (boorg), n. (١) شار یا دێ (بەتایبەتی کە لە نزیک قەڵایەکەوە بووایە لە کۆندا). (٢) شاری بازرگانی و ئاڵوێڕو کڕین‌و فرۆشتن.

bourgeois (boor-zhwä′, boor′zhwä), n. (١) بورجوازی؛ کەسێکی بورجوازی. (٢) دووکاندار.

(٣) کەسێک کە بیروباوەڕی بورجوازیانەی هەبێت.

(٤) (pl.)، بورجوازیەکان.

adj. بورجوازی.

bourgeoise (boor-zhwäz′), n. ژنێکی بورجوازی.

bourgeoisie (boor´zhwä´zē′), n. (١) چینی بورجوازی.

(٢) چینی سەرمایەدار.

bourgeon (bûr′jən), n., v.t. & v.i. = burgeon.

bourn, bourne (bôrn, bōrn, boorn), n. جۆگە؛ جۆگە.

bourn, bourne (bôrn, bōrn, boorn), n. (١) شوێنی مەبەست؛ ئامانج. (٢) [Poetic]، مەرێم. (٣) [Archaic]، سنوور.

bourse (boors), n. بۆرسە؛ بازاڕی پارەبازی و ئاڵوێڕ.

bouse (bōōz, bouz), n. (١) خواردنەوە.

(٢) خواردنەوەی سەرخۆشکەر. (٣) ناهەنگی خواردنەوە.

(٤) [Colloq.]، خواردنەوەی سەرخۆشکەری خراپ.

v.t. & v.i. مەی خواردنەوە؛ عەرەق خواردنەوە.

bouse (bous, bouz), v.t. & v.i. بەرزکردنەوە (بە گوریس‌و خولەخولۆکە).

boustrophedon (bōō´strə-fē′d'n), n. شێوازێکی نووسینی کۆنە بریتییە لە نووسینی دێڕێک لە ڕاستەوە بۆ چەپ‌و دێڕێک بەپێچەوانەوە

bout (bout), n. (١) هاتوچۆ (جووت کردن)؛ وەرگەڕانەوە؛ پێچکردنەوە.

(٢) ملەملێ؛ زۆرانبازی: (a boxing ~) .

(٣) (ا) ماوە (کە بە شتێکی تایبەتێیەوە بڕێتە سەر)؛ دەم: (a drinking ~ ; a ~ of floor scrubbing)

(ب) ماوە (نەخۆشی گرتن): (a ~ of fever, influenza, etc.) .

boutique (bōō-tēk′), n. دووکانی تاك فرۆشی جل‌وبەرگی مۆدەو شتی تری ژنانە.

boutonnière (bōō´t'n-yer′), n. گوڵی یەخەی چاکەت.

bovid (bō′vid), adj. ئاژەڵی (کە گا و مانگا و مەڕو بزن دەگرێتەوە)؛ گاومانگایی.

bovine (bō′vīn, bō′vin), adj. (١) مانگایی؛ ڕەشەوڵاخی؛ گاجووتی. (٢) لە گا و مانگا دەچێت. (٣) سست؛ بێ مێشك‌و هێواش.

n. گا؛ مانگا.

bow (bou), v.i. (١) چەمینەوە؛ چەمانەوە؛ نووشتانەوە.

(٢) سەر دانەواندن یا کڕنووش بردن (لەڕووی ڕێز، ڕەزامەندی، سڵاوەوە).

(٣) مل شۆڕکردن؛ سەرشۆڕکردن؛ کڕنووش بۆ بردن (ترس).

v.t. (١) نووشتانەوە؛ چەماندنەوە.

(٢) سەر دانەواندن (لەڕووی ڕێز، ڕەزامەندی، یا سوپاسەوە)؛ کڕنووش بۆ بردن.

(٣) نەواندن؛ پساندن: (The load ~ed him down.) .

n. سەردانەواندن؛ کڕنووش.

bow out, خۆکشانەوە؛ دەست هەڵگرتن.

make one's bow, (١) دەستکردن بە خۆنواندن.

(٢) خۆ خانەنشین کردن (بەتایبەتی بۆ نوێنەر یا کاربەدەستی ڕامیاری).

take a bow, سەردانەواندن (لەڕووی سوپاسەوە بۆ چەپڵەلێدانی جەماوەر پاش خۆنوواندنێك یا پێناسینێك).

bow (bō), n. (١) کەوانە؛ پەلکە: (rainbow) .

(٢) پێچ. (٣) کەوان (تیروکەوان): (~ and arrow) .

(٤) (pl.)، تیرهاوێژان؛ تیروانان. (٥) کەوانەی کەمانچە.

(٦) گرێی قوڵفە؛ گرێی قوڵفەدار. (٧) (ا) چوارچێوەی چاویلکە.

(ب) نەو بەشەی نەم چوارچێوەیە کە لەسەر گوێچکە ڕادەوەستێت.

bow (bou), n. (١) بەشی پێشەوەی بەلەم‌و کەشتی.

(٢) سەوڵ لێدەری پێشەوەی بەلەم‌و کەشتی.

adj. تایبەتی بە بەشی پێشەوەی بەلەم و کەشتی.

bow compass, پرگاڵی کەوانەیی.

bowdlerize (boud′lēr-īz′), ***v.t.*** پاکردنەوەی پەرتووکێک لە ووشەو پستەی ناشرین و نابەجێ.

bowel (bou′əl, boul), ***n.*** (١) ڕیخۆڵە (٢) (*pl.*)، ناوجەرگە؛ ناوەوە: ***(the ~s of a mountain)*** . (٣) (*pl.*)، [Archaic]، دەروون؛ هەناو؛ هەستی ناسک.

v.t. ڕیخۆڵە دەرهێنان

move one's bowels, پیسایی کردن؛ گووکردن.

bowel movement, (١) پیسایی کردن؛ گووکردن. (٢) پیسایی؛ گوو.

bower (bou′ēr), ***n.*** (١) کەپر؛ سایات؛ چەرداخ. (٢) [Poetic]. کوخەیەکی لادێ. (٣) [Archaic]، boudoir .

v.t. کەپر دروستکردن؛ بە دارو گەڵا دەورگرتن؛ سایات بۆ کردن.

bower (bou′ēr), ***n.*** یەکێکە لە بەنرختترین دوو کاغەزی یاری کاغەز.

bower (bou′ēr), ***n.*** قورسترین لەنگەری کەشتی (لەپێشەوە دادەنرێت).

bowerbird (bou′ēr-bûrd′), ***n.*** باڵندەیەکە وەک قەڵەڕەشکە نێرینەکانیان مێلانەی جوان دەکەن بۆ سەرنج ڕاکێشانی مێینەکانیان.

bowery (bou′ēr-i), ***adj.*** (١) سایاتی؛ وەک کەپر یا سایات. (٢) سێبەر

bowery (bou′ēr-i), ***n.*** (١) کێڵگەی کەسێکی مۆڵەندی لە نیویۆرک لە کۆندا (٢) [B-]. شەقامی میوانخانەو مەیخانەی هەرزانە لە نیویۆرک.

bowfin (bō′fin′), ***n.*** جۆرە ماسییەکی ناو ڕوبارە.

bow hand, (١) دەستی کەوان (تیروکەوان هاویشتن). (٢) دەستی کەوانە (کەمانچە ژەندن).

bowhead (bō′hed′), ***n.*** جۆرە نەهەنگێکی سەرچەماوەیە.

bowie knife, چەقۆیەکی دەبانی گەورەی کیفداری ڕاوکردنە.

bowknot (bō′not′), ***n.*** گرێی قولفە؛ گرێی قولفەدار.

bowl (bōl), ***n.*** (١) کاسە؛ تاسە؛ قاپێکی قوول (٢) کووپ یا تاسەی مەی خواردنەوە. (٣) مەی؛ عەرەق؛ خواردنەوە. (٤) خواردنەوەی نان ناهەنگ؛ گەلە خواردنەوە. (٥) بەشی لە تاسەچووی شتێک (وەک دەمی کەوچک). (٦) یاریگای تەلاندار؛ یاریگای خڕ. (٧) پڕ کاسەیەک، تاسێک، یا قاپێکی قوول: ***(a ~ of soup)*** .

bowl (bōl), ***n.*** (١) تۆپی یاری " بۆلینگ " . (٢) فڕێدان یا خل کردنەوەیەکی نەم تۆپە. (٣) پارچەیەکی خڕ یا لوولەکی (مەکینە).

v.i. (١) یاری " بۆلینگ " کردن. (٢) فڕێدانو خولاندنەوەی تۆپ. (٣) (~ along)، بەخێرایی و نەرمی ڕێشتن.

v.t. (١) خولاندنەوە؛ فڕێدانو خولاندنەوە. (٢) خڕا لێخوڕین لەسەر ڕێچکە.

bowl over, (١) خستن بە خولاندنەوەو پیادانی شتێکی خڕ. (٢) [Colloq.]، سەرسوڕماندن؛ واق ووڕماندن؛ سەر لێ شێواندن.

bowlder (bōl′dĕr), ***n.*** = boulder.

bowleg (bō′leg′), ***n.*** لاقی چەماوە، لە کلاوەی نەژنۆدا.

bowlegged (bō′leg′id, bō′legd′), ***adj.*** لاق چەماوە؛ گەل بلاو؛ لاق خوار.

bowler (bōl′ēr), ***n.*** یاریکەری یاری " بۆلینگ " .

bowler (bōl′ēr), ***n.*** شەپقەیەکی خڕی قەراغ هەڵگەڕاوەی سافو لووسە.

bowline (bō′lin, bō′līn′), ***n.*** (١) گوریسی بایەوان (کەشتی با). (٢) گرێ کوێرە.

bowling (bō′liŋ), ***n.*** یاری " بۆلینگ " بریتیە لە خل کردنەوەی تۆپێکی قورس بەسەر ڕوویەکی تەختی سافدا بۆ لێدانو خستنی نیشانی دارین لە دووری پانزە مەترەوە.

adj. تایبەتی بە یاری " بۆلینگ " .

bowling alley, (١) خانەی " بۆلینگ " : نەو خانە درێژو باریکەیە کە تۆپی لێوە خل دەکرێتەوە بۆ نیشان خستن لە یاری " بۆلینگ " دا. (٢) یاریگای " بۆلینگ " .

bowling green, چیمەنی یاری " بۆلینگ " .

bowman (bō′mən), ***n.*** تیرهاوێژ؛ تیروکەوانچی.

bowman (bou′mən), ***n.*** سەول لێدەری پێشەوەی بەلەم.

bow pen, پرگاڵێکی قەڵەمدارە.

bowsprit (bou′sprit′, bō′sprit′), ***n.*** دارێکی ئەستووری درێژی لارە لەبەردەمی کەشتی باوە درێژدەبێتەوە (گوریسی قایم کردنی تەوەری کەشتیی پەکەی پێوە دەبەسترێت).

bowstring (bō′striŋ′), ***n.*** (١) تەلی تیروکەوان. (٢) تەلێکی سووکو قایمە.

v.t. بە تەل خنکاندن.

bow tie, بۆینباخی گوڵبەست.

bow window, پەنجەرەیەکی دەرپۆقیوی کەوانەییە.

bowwow (bou′wou′), ***n.*** وەڕین؛ وەڕەی سەگ

v.i. وەڕین.

bowyer (bō′yĕr), ***n.*** (١) کەوانفرۆش؛ کەوان دروستکەر. (٢) تیرهاوێژ؛ تیروکەوانچی.

box (boks), ***n.*** (١) سندووق؛ قوتو. (٢) پڕ سندووقێک؛ پڕ قوتوێک. (٣) دیاری ناو سندووق. (٤) کورسی عەرەبانچی (کە لە هەمان کاتدا سندووقی نامێر هەڵگرتنیشە). (٥) کورسی شۆفێر. (٦) شتێک کە لە کورسی بچێت. (٧) لۆج (سینەما، یاریگا). (٨) قەفەزە یا ژوورۆچکەی کارگەرانی دەرەوە. (٩) کوخەی ڕاوکەران. (١٠) تەوێلەی ئەسپ. (١١) لۆجێکی تایبەتی: ***(a press ~ ; a jury ~)*** . (١٢) کورتە ووتارێکی چوارچێوە تێگیراوی ناو ڕۆژنامەیەک. (١٣) جێگەی وەستانی یاریکەری " بێسبۆل " . (١٤) کیف (مەکینە). (١٥) باریکی ناقۆڵا یا سەر لێ شێوین. (١٦) [Vulgar]، قوز.

v.t. خستنەناو سندووقەوە.

adj. (١) لە سندوق دەچێت. (٢) لە سندوقدا پێچراوەتەوە.

box in, (١) دەورەدان؛ ناڕوونکەدان؛ بەستنەوە؛ قەتیس کردن. (٢) بەرگرتنی یاریکەرێک بۆ نەوەی پێش نەکەوێت لە پێشبڕکێیەکدا.

box up, ناڕوونکەدان؛ بەستنەوە؛ دەورەدان.

box (boks), ***n.*** مستەکۆڵە؛ بۆکس.

v.t. (١) مستەکۆڵەلێدان؛ بۆکس پیاکێشان. (٢) شەڕە مستەکۆڵە کردن؛ بۆکسبازی لەگەڵ کردن.

v.i. (١) شەڕە بۆکس کردن. (٢) بوون بە بۆکسباز.

box (boks), ***n.*** (١) دەرەختێکی هەمیشە سەوزی گەڵا چڕی گوڵ بچووکە. (٢) داری نەم دەرەختە.

boxcar (boks′kär′), ***n.*** فارگۆنی بار.

box coat, (١) پاڵتۆی عەرەبانچی. (٢) پاڵتۆی باران.

boxer (bok′sĕr), ***n.*** (١) بۆکسباز. (٢) جۆرە سەگێکی مام ناوەندی تووک کورتە.

boxful (boks′fəl), ***adj.*** پڕ سندووقێک؛ قوتوێک.

boxing (bok′siŋ), ***n.*** بۆکسبازی؛ شەڕە بۆکس.

boxing (bok′siŋ), ***n.*** (١) خستنەناو سندووقەوە؛ شت پێچانەوە لە سندووقدا. (٢) بەرگ؛ قاوغ. (٣) شتی سندووق لێ دروستکراو (تەختەو مقەبا)

boxing gloves, دەستکێشی بۆکسبازی

box office, پەنجەرەی بلیت فرۆشتن (سینەما، شانۆ)؛ بلیتخانە.

good box office, [Slang]، خەڵک ڕاکێش (فیلم، شانۆگەری)؛ بەبرەو.

box seat, کورسی لۆج.

box spring, نیسپرنگی چەرپایە.

box stall, تەوێلەی چوارگۆشەیی (بۆ ئەسپ یا مانگا).

boy (boi), ***n.*** (١) کوڕ؛ منداڵی نێرینە؛ لاو. (٢) پیاو؛ کابرا.

(٢) بەردەست؛ خزمەتکاری نامال.
(٤) بەردەستی ئوتێل (بۆ جانتا هەڵگرتن و وەرە نیش).
(٥) [Colloq.]، کوڕ: *(He's my ~ .)*
interj. [Slang], *. (Oh, ~ !)* پەحەا! نیشانەی سەرسامی یا خۆشیە.
boyar (bô-yär′, boi′ēr), *n.* بەگزادەیەکی ڕوسیای قەیسەریە.
boyard (bô-yärd′, boi′ērd), *n.* = boyar.
boycott (boi′kot), *v.t.* (١) پەیوەندی لەگەڵ بڕین؛ لێ تەکینەوە. (٢) قەدەغەکردنی ئالوگۆڕ یا بازرگانی لەگەڵدا؛
(to ~ a newspaper, company, restaurant, product, etc.)
n. (١) پەیوەندی پچڕاندن. (٢) قەدەغەکردنی ئالوگۆڕ یا بازرگانی.
boy friend, [Colloq.], یار (کۆ)؛ دڵدار.
boyhood (boi′hood), *n.* (١) کاتی منداڵی، کوڕێتی، یا لاوێتی. (٢) کۆڕان؛ کۆڕوکاڵ؛ منداڵان.
boyish (boi′ish), *adj.* کوڕانی؛ کوڕانە؛ منداڵانە. *(a ~ face)* .
boy scout, (١) نەندامێکی دیدەوانی کوڕان. (٢) [Slang]، کەسێکی ساویلکە.
Boy Scouts, ڕێکخراوی دیدەوانی کوڕان
boysenberry (boi′s'n-ber′i, boi′z'n-ber′i), *n.* میوەیەکە لە تورتڕک دەچێت.
bra (brä), *n.* = brassiere.
brabble (brab′l), *v.i.* دەمەقڕێ کردن؛ شەڕە دەنووک کردن؛ دەمەقاڵێ بوون
n. دەمەقڕێ؛ شەڕە دەنووک؛ دەمەقاڵێ.
brace (brās), *v.t.* (١) پێوەبەستن بە قایمی؛ پێوە قایم کردن. (٢) توندکردنەوە بە پاکێشان؛ جەڕاندن و قایم کردن؛ شەتەکدان. (٣) شت خستنەپاڵ بۆ قایمی؛ هەڵپەساردن؛ پاڵپشت کردن؛ لەنگەرگرتن. (٤) ئامادەکردن و گورج کردنەوە (بۆ بەرەڵستی کردنی هێرش). (٥) خستنە جۆش؛ جووڵاندن؛ بزواندن؛ ووریاکردنەوە؛ بەهێزکردن؛ بووژاندنەوە (٦) [Slang]، داوای قەرز لێکردن.
n. (١) جووت؛ دوو؛ دووان. (٢) گیرە؛ قولاپ. (٣) *(pl)* [British]، suspenders. (٤) پەت، گوریس، یا ئامێرێ شەتەکدان. (٥) کەوانەی وەک ئەمە { }. (٦) کۆڵەکە؛ دیرەک؛ پاڵپشت. (٧) (ا) نێسکبەند؛ نێسکگرە (بۆ ڕاگرتنی ئەندامی نیفلیج بوو ی لەش). (ب) دڕاندبەند تەلێکە دەکرێتە دڕانەوە بۆ ڕاستکردنەوەی دڕانە خوار و خێچەکان و ڕاستکردنەوەیان یا نەهێشتنی کەلەفیچی. (٨) دەسکی درەوشە و ئامێری تری کونکەر.
brace up, [Colloq.], خۆ گورج کردنەوە و ئامادەکردن.
(to brace up for any problem that may arise.)
brace and bit, جەرپادەری پێچ خۆر؛ جەرپی کونکەر
bracelet (brās′lit), *n.* (١) بازن (٢) [Colloq.] ، کەلەپچە
bracer (brās′ēr), *n.* مەچەکبەند؛ قۆڵبەند (بۆ تیرهاوێژی و شەڕەشیر)
bracer (brās′ēr), *n.* (١) گورجکەرەوە (مرۆڤ، شت) (٢) [Slang]. خواردنەوەیەکی هۆشیارکەرەوە
brach (brach), *n.* [Archaic], دەڵەسەگ.
brachial (brā′ki-əl, brak′i-əl), *adj.* (١) تایبەتی بە قۆڵ؛ هی قۆڵ (٢) تایبەتی بە شتێکی وەک قۆڵ.
brachialgia (brā′ki-al′ji-ə, brak′i-al′ji-ə), *n.* ئازاری قۆڵ؛ قۆڵ نێشە.
brachiate (brā′ki-it, brak′i-it), *adj.* دوولق دوولقی؛ لقەکانی دووان دووانەن.
brachio- (brā′ki-ō, brak′i-ə), پێشگرێکە بەمانای: قۆڵ؛ هی قۆڵ.
brachiopod (brā′ki-ə-pod′, brak′i-ə-pod′), *n.* گیاندارێکی بچووکی بێ بڕبڕاگەی قاوغداری دەریاییە دوو ئەندامی وەک قۆڵی هەیە لەتەنیشت دەمیەوە.

brachium (brā′ki-əm, brak′i-əm), *n.* (١) بەشی ژوورووی قۆل (لەنێوان شان و ئانیشکدا)؛ بازوو. (٢) ئەندامێکی وەک قۆل (زیندەوەرزانی).
brachy- (brak′i), پێشگرێکە بەمانای: کورت.
brachycephalic (brak′i-sə-fal′ik), *adj.* سەرکورت؛ سەرپان؛ کەللەی کورت و پان. (هەروەها " **brachycephalous** ").
-brachycephaly *(n.)*.
brachydactylic (brak′i-dak-til′ik), *adj.* پەنجەی دەست و پێ کورت.
brachylogy (brə-kil′ə-ji), *n.* (١) ووتە کورتی. (٢) ووتەیەکی کورتکراوە.
brachyuran (brak′i-yoor′ən), *adj.* کلك کورت (زیندەوەرزانی).
n. قرژاڵ.
bracing (brās′iŋ), *adj.* خۆش (ئاوهەوا)؛ مووچڕك پیاهێنەر؛ بزوێنەر: *(a ~ climate ; ~ air)* .
n. (١) پاڵپشت؛ کۆڵەکە. (٢) ئاسقی پانتۆڵ.
bracken (brak′ən), *n.* جۆرە ڕووەکێکە.
bracket (brak′it), *n.* (١) گۆشەی ژێر ڕەف. (٢) ڕەفەی سەر دیوار (کە لەسەر گۆشە ڕاگیرکرابێت). (٣) شتێکی جێگیر بە دیوارێکەوە بۆ شت لەسەر دانان. (٤) کەوانەیەکە لەم شێوەیە { }. (٥) شتی ناو کەوانە. (٦) بابەت؛ جۆر؛ پۆل:
(There are several income ~ . ; the low- income ~)
(٧) مەودای نێوان دوو گوللە تۆپ یەکێکیان لە نیشان تێپەڕبووبێت و ئەوی تریان نەیگەیشتبێتێ.
v.t. (١) گۆشە دانە بەر؛ بە گۆشە قایم کردن (ڕەف). (٢) خستنەناو کەوانەوە. (٣) پۆل پۆل کردن؛ هاوپۆل کردن. (٤) گوللە تۆپ هاویشتن دوورتر لە نیشان و نزیکتر لە نیشان بۆ دوزینەوەی دووری تەواو.
brackish (brak′ish), *adj.* (١) سوێر؛ خوێیاوی. (٢) دل تێکهەڵهێنەر؛ ناخۆش.
brackt (brakt), *n.* گەڵای بچکۆلەی بن گوڵ یا سەر لاسکەکەی.
-bracteal *(adj.)*.
bracteate (brak′ti-it), *adj.* گەڵای بچکۆلەدار.
bracteole (brak′ti-ōl′), *n.* *Also* bractlet, گەڵای بچکۆلەی بن گوڵ یا سەر لاسکەکەی.
-bracteolate *(adj.)*.
brad (brad), *n.* بزمارێکی باریکی سەر بچووك یا بێ سەر.
bradawl (brad′ôl′), *n.* درەوشە.
brady- (brad′i), پێشگرێکە بەمانای: سست؛ خاو؛ هێواش.
bradycardia (brad′i-kär′di-ə), *n.* دل هێواش لێدان.
brag (brag), *v.t. & v.i.* خۆهەڵکێشان؛ فشەکردن؛ گەزاف لێدان.
n. (١) فشە؛ خۆهەڵکێشان؛ لاف و گەزاف؛ هووشە. (٢) خۆهەڵکێش؛ فشەکەر؛ لاف و گەزاف لێدەر؛ هووشەکەر. (٣) یاریەیەکی کۆنی گاغەزە.
adj. [Archaic], (١) بەدەماخ؛ چالاك. (٢) دەمێنێت خۆی پێوە هەڵبکێشرێت.
braggadocio (brag′ə-dō′shi-ō′), *n.* (١) فشەکەر؛ خۆهەڵکێش. (٢) فشەکردن؛ خۆهەڵکێشان.
braggart (brag′ērt), *n.* کەسێکی فشەکەر یا خۆهەڵکێش؛ کەسێکی فشەکەرو لاف و گەزاف لێدەر.
adj. فشەکەر؛ خۆهەڵکێش.
bragger (brag′ēr), *n.* کەسێکی فشەکەر؛ کەسێکی خۆهەڵکێش و لاف و گەزاف لێدەر.
Brahma (brä′mə), *n.* (١) براهما: گیان یا گەوهەری جیهان. (٢) یەزدان (ئایینی هیندۆسی). (٣) جۆرە ڕەشەوولاخێکی هیندی غەبەبەداری کۆپارەدارە.

Brahma, brahma (brä′mə, brā′mə), *n.* مریشکی پەڕەپێ.
Brahman (brä′mən), *n.* براهمی. ئەندامێکی بەرزترین چینی کۆمەڵایەتی هیندیە کە بریتی بوو لە مەلاو پیاوە ئایینیەکان.
Brahmanism (brä′mən-iz′m), *n.* (١) ئایینی هیندی. (٢) ڕێبازی چینایەتی هیندستانی کۆن.
Brahmin (brä′min), *n.* (١) Brahman. (٢) بەگزادەیەکی خوێندەواری کۆنەپەرست یا لووت بەرز.
braid (brād), *v.t.* (١) هوبنەوە (قژ، پووش)؛ چنین؛ کلاوەکردن (٢) قژ بەستنەوە (بە قەیتان، شریت، یا لاستیک). (٣) چنین (بەرە، فەرش). (٤) ڕازاندنەوە بە نەخش‌ونیگاری چنراو.
n. (١) شریتێکی هونراوە یا چنراو. (٢) پرچی هونراوە؛ پرچی کلاوەکراو. (٣) پارچەیەت قوماشی نەخش‌ونیگار لەسەر چنراو کە شتی پێ دەڕازێنرێتەوە. (٤) شریت یە لاستیکی پڕچ پێ بەستنەوە.
braiding (brād′iŋ), *n.* (١) پرچی هونراوە؛ شریتی هونراوە (٢) پارچە قوماشی نەخش‌ونیگار لەسەر چنراو بۆ شت ڕازاندنەوە؛ نەخش‌ونیگاری چنراو.
brail (brāl), *n.* گوریسی هەڵکردنی بایەوانی کەشتی یا
v.t. (~ up), هەڵکردنی بایەوانی کەشتی یا
Braille, braille (brāl), *n.* برەیل. شێوەی نووسین‌و لەچاپدانە بۆ کوێرەکان (کە بریتیە لە تیپ‌و ژمارەی چوکڵەدار).
v.t. نووسین‌و لەچاپدان بۆ کوێرەکان
brain (brān), *n.* (١) میشك؛ دەماغ. (٢) (*pl.*) زیرەکی؛ ژیری
v.t. میشك پڕاندن
beat one's brain, زۆر هەوڵدان (بۆ هاتنەوەبیر، فێربوون، یا لێکدانەوە).
have on the brain, خولیابوون؛ هەمیشە لەبیربوون.
brain cell, خانەی میشك؛ شانەی میشك
brain child, [Colloq.]. بەرهەمی میشکی (بیر، نەخشە، بیردۆز)؛ کردار
brain fever, = encephalitis.
brainless (brān′lis), *adj.* بێ میشك؛ میشك پووت؛ کەر.
brainpan (brān′pan´), *n.* کاسەی سەر؛ کەللە
brainsick (brān′sik´), *adj.* (١) شێت؛ میشك نەخۆش (٢) هۆی شێتیە.
brain storm, (١) شێتیەکی سەردەمی؛ ڕاتەکانی میشك؛ فێ. (٢) [Colloq.]. بیرێکی داناینانە یا شێتۆکانەی لەپڕ.
brainstorming (brān′stôrm´iŋ), *n.* کۆڕگرتنی ئازاد یا بێ جڵەو (بۆ ئالوگۆڕکردنی بیروڕا نەخشەدانان).
brain trust, [Slang]. دەستەی شارەزایان
brainwash (brān′wôsh´, brān′wäsh´), *v.t.* میشك شتنەوە؛ میشك گوێرین؛ هەڵگەڕاندنەوە؛ بیروباوەڕ پێ گوێرین (بە زۆر یا بە خۆشی)؛ بەهەڵەدابردن؛ بیروباوەڕی تازە خستنە میشکەوەو لەبیربردنەوەی بیروباوەڕی جاران بە ڕێوشوێنێکی تایبەتی.
brainwashing (brān′wôsh´iŋ, brān′wäsh´iŋ), *n.* میشك- شتنەوە؛ میشك پێ گوێرین؛ هەڵگەڕاندنەوە (لە ڕێبازو بیروباوەڕی جاران)؛ بیروباوەڕ پێ گوێرین (بە زۆر یا بە خۆشی)؛ بەهەڵەدابردن؛ بیروباوەڕی تازە خستنە میشکەوەو لەبیربردنەوەی بیروباوەڕی جاران بە ڕێوشوێنێکی تایبەتی.
brain wave, (١) [Colloq.]، بیرێکی داناینانەی کوتوپڕ. (٢) شەپۆلی میشك.
brainy (brān′i), *adj.* [Colloq.], زیرەك؛ زرنگ؛ ژیر
-braininess *(n.).*
braise (brāz), *v.t.* زەردکردن‌و کوڵاندن لە ئاوێکی کەمدا (گۆشت، سەوزەوات)
brake (brāk), *n.* جۆرە ڕووەکێکە.
brake (brāk), *n.* (١) ئامێری کوتانی کەتان‌و پەمو بۆ جیاکردنەوەی ڕیشاڵەکانی. (٢) ئامێری هەویر شێلاندن. (٣) چوارمێخەی مەکۆ. (٤) ماڵەی ئاسن (بۆ شکاندنی کولۆڵۆ تەخت کردنی کێڵگە). (٥) دەسك (پەمپ، مەکینە): *(a pump ~)* . (٦) وەستێنەر (ئۆتومبیل، شەمەندەفەر). (٧) (*pl.*)، هێواشکەرەوەی خاوکەرەوەی وەستێنەر.
v.t. (١) کوتان (کەتان، پەموو، کەرسەك)؛ هاڕین. (٢) شێلان (هەویر). (٣) وەستاندن؛ هێواش کردنەوەی نیستۆپ گرتن.
v.i. (١) وەستاندن؛ هێواش بوونەوە. (٢) وەستان؛ هێواش بوونەوە.
brake (brāk), *n.* بێشە؛ بێشەڵان؛ چڕستان.
brake (brāk), *n.* عەرەبانە.
brake (brāk), *archaic past tense of* **break.**
brakeage (brāk′ij), *n.* (١) کاری وەستێنەر؛ بەکارهێنانی وەستێنەر. (٢) توانای وەستێنەر.
brake drum, تەپڵی وەستێنەر.
brake horsepower, هێزی ئەسپینەی مەکینەیەك.
brake lining, بەری وەستێنەر یا بریك.
brakeman (brāk′mən), *n.* کارگەری وەستێنەری شەمەندەفەر.
brake shoe, کەوشی وەستێنەر.
bramble (bram′b'l), *n.* (١) تووتڕك؛ ڕووەکێکی وەك تووتڕك. (٢) هەر جۆرە ڕووەکێکی دڕکاوی.
brambling (bram′bliŋ), *n.* فیسقە؛ باڵندەیەکە وەك فیسقە.
brambly (bram′bli), *adj.* (١) تووتڕکاوی. (٢) دڕکاوی.
bran (bran), *n.* (١) کەپەك. (٢) دانەوێڵەو بەرهەمی دانەوێڵەیە کە شیری دەکرێت بەسەردا بۆ بەرچایی دەخوڕێت.
branch (branch, bränch), *n.* (١) لق؛ پەل؛ چڵ؛ تووڵ؛ خەڵف. (٢) جۆرەکە؛ جۆگە. (٣) زێ. (٤) بەش؛ لق: *(Chemistry is a ~ of learning.)* . (٥) پەل (خێزان، تیرە). (٦) لق (کۆمەڵە، حیزب، بازرگانی، چێشتخانە... هتد): *(The store has four ~es.)*
v.i. (١) تەرزفرێدان؛ لق هاویشتن؛ پەل فرێدان. (٢) لق لێبوونەوە؛ لق لێ حیابوونەوە.
v.t. (١) بەش بەش کردن؛ پەل پەل کردن. (٢) ڕازاندنەوە بە لق‌و گەڵ
branch off, (١) بوون بە لق لقەوە؛ بوون بە چەند لقێکەوە. (٢) جیابوونەوە؛ لێ جیابوونەوە.
branch out, (١) تەرزفرێدان؛ لق هاویشتن؛ پەل فرێدان. (٢) پەرەسەندن؛ تەنێنەوە.
brand (brand), *n.* (١) بزووتك؛ سەرە بزووتك. (٢) نیشانەی داخ کردن (نیشانەکردنی مەڕومااڵت، سزادانی مرۆڤ). (٣) شیشی داخ (بۆ داخ کردن یا سمێن). (٤) لەکە؛ نیشانەی ئابڕووچوون. (٥) نیشان (فرۆتەنی)؛ نیشانی تایبەتی کۆمپانیایەك لەسەر فرۆتەنێیەك. (٦) جۆر؛ چەشن: *(a ~ of cigarettes)* . (٧) نەخۆشیەکی ڕووەکە (گەڵاکانی قرچ هەڵدێنێت). (٨) جانەوەری نەم نەخۆشیەیە. (٩) [Archaic & Poetic]، شمشێر.
v.t. (١) داخ کردن؛ نیشانەکردن (ئاژەڵ)؛ سمێن. (٢) نیشان کردن. (٣) لەکەدارکردن؛ سووك کردن.
brandied (bran′did), *adj.* براندی تێکراوە (بۆ تامو بۆن)؛ براندی تێدایە.
brandish (bran′dish), *v.t.* ڕاوەشاندن بە هەڕەشەوە (چەقۆ، شمشێر، دار).
n. ڕاوەشاندنێك بە هەڕەشەوە.
brandling (brand′liŋ), *n.* کرمی زەوی (ڕاوکەری ماسی بۆ دان بەکاری دەهێنن).

brand-new (brand′nōō′, brand′nū′), *adj.* تازه، نوێ
brandy (bran′di), *n.* براندی: خواردنەوەیەکی کحووڵییە.
v.t. براندی تێکردن؛ بە براندی خۆش کردن.
branks (braŋks), *n.pl.* لغاوی مرۆڤ: لە کۆندا دەکرایە دەمی ئافرەتی بێ حەیاو دەمەوڕەوە).
brant (brant), *n.* جۆرە قازێکی کێوی ڕەشی بچووکە.
brash (brash), *adj.* (١) قرچۆک؛ ناسک. (٢) هەڵەشە؛ سەرچۆل. (٣) بێ حەیا؛ بێ شەرم.
n. (١) سك نێشە. (٢) بارانێکی کوتوپڕ.
brash (brash), *n.* (١) پارچە بەرد یا سەمزێی شکاو. (٢) لق و تەرزی بڕاو.
brasier (brā′zhēr), *n.* = brazier.
brass (bras, bräs), *n.* (١) مسی زەرد؛ زەرد؛ مس. (٢) (*pl.*). شتی مسین. (٣) (*pl.*)، ئامێری مۆسیقایی مس. (٤) ڕەقی؛ سەختی. (٥) [Colloq.]، بێ حەیایی؛ چاوقایمی؛ بێ شەرمی. (٦) [Slang]. پارە؛ پوول و پارە؛ دراو. (٧) [Slang]. ئەفسەری گەورە. (٨) ئاوپێژشی گرنج گرنجی بورغو.
adj. مسین؛ مس؛ لە مس دروستکراو.
v.t. مس تێگرتن
brassage (bras′ij, bräs′ij), *n.* مزی سکەلێدان.
brassard (bras′ärd, brə-särd′), *n.* (١) قەڵغانی بازوو کە لە ئانیشکەوە هەتا سەرشان دادەپۆشێت). (٢) بالبەند (بە دروشم یا نیشانەوە)؛ بازووبەند.
brassart (bras′ērt), *n.* = brassard.
brass band, تیپی مۆسیقای مسین (بە ئامێری مسین مۆسیقا لێدەدەن).
brass hat, [Slang], (١) ئەفسەری " پوکن " . (٢) ئەفسەری گەورە.
brassie (bras′i, bräs′i), *n.* داری سەرمس (یاری گۆڵف).
brassiere (brə-zêr′, bras′i-er′), *n.* سوخمەی مەمک؛ مەمک بەند؛ سینەبەند
brassily (bras′l-i, bräs′l-i), *adv.* بە بێ حەیایانە؛ بە بێ شەرمانە.
brassiness (bras′i-nis, bräs′i-nis), *n.* بێ حەیایی؛ بێ شەرمی.
brass knuckles, بۆکسی ئاسن (شەپ).
brass tacks, [Colloq.], شتی گرنگ؛ ڕاستییە سەرەکییەکان.
get (or come) down to brass tacks, [Colloq.]. باسکردنی ئەو شتانەی کە بە ڕاستی گرنگن.
brassware (bras′wâr′, bräs′wâr′), *n.* دەفری مسین؛ ئامێرو شتی مسین
brass winds, ئامێری مۆسیقایی فووپیاکردنی مسین.
brassy (bras′i, bräs′i), *adj.* (١) مسین؛ وەك مس؛ مس لێدراو؛ مس. (٢) بریقەدارو هەرزانبەها. (٣) بێ حەیا؛ بێ شەرم. (٤) دەنگ زل.
n. داری سەرمسی یاری گۆڵف.
brat (brat), *n.* منداڵێکی بێ حەیاو هاروهاج؛ منداڵێکی چەقاوەسوو.
brattice (brat′is), *n.* (١) دیوار یا شووڕەی سەردەمی (ئابڵووقەدان). (٢) تیغە دیوارێکی تەختە یا قوماشە بۆ هەوا گۆڕین لەناو کانگەیەکدا.
v.t. تیغە دیوار بۆ کردن
bravado (brə-vä′dō, brə-vā′dō), *n.* لافی نازایی؛ هاشەوگوشە؛ فشە؛ نازایی یا دڵێری ڕووکەش.
brave (brāv), *adj.* (١) نازا؛ قارەمان؛ دڵێر؛ نەبەرد؛ چاونەترس. (٢) جوان؛ ڕەنگیز؛ دیمەنی جوان (٣) [Archaic]، نایاب؛ زۆرباش.
n. (١) پیاوێکی نازا؛ کەسێکی نەبەرد، دڵێر، قارەمان، بەجەرگ... هتد. (٢) جەنگاوەرێکی هیندی ئەمەریکایی. (٣) [Archaic]، سێبەندی؛ شەلاتی.
v.t. وێران؛ بەربەرەکانی کردن؛ بە نازایانە بەرەوڕووبوونەوە دەربردن: *(He had ~d death a hundred times. ; We decided to -- the storm.)*
v.i. [Obs.], فشەکردن؛ خۆهەڵکێشان.
-bravely *(adv.)*; **braveness** *(n.).*
brave it out, شان دانەبەرو دەربردن (ناخۆشی یا هێرش).
bravery (brāv′ēr-i), *n.* (١) نازایەتی؛ قارەمانی؛ چاونەترسان. (٢) جوانی و ڕەنگینی (جل‌وبەرگ، نووانن، دیمەن).
bravo (brä′vō), *interj.* ئافەرم!؛ ئافەرین!؛ دەست خۆش!؛ هەر بژیت!.
bravo (brä′vō, brā′vō), *n.* پیاوکوژێکی بە کرێ گیراو؛ ڕەش کوژ.
bravura (brə-vyoor′ə), *n.* (١) کارێکی نازایانەو لێهاتووانە؛ نازایی. (٢) شێوازێکی ڕازاوەو ڕەنگین. (٣) پارچەیەك مۆسیقای باش و لێهاتووانە.
braw (brô, brä), *adj.* [Scot.], (١) جوان پۆش؛ پۆشتە. (٢) نایاب.
brawl (brôl), *v.i.* (١) شەڕو هەرا کردن؛ شەڕەشەق کردن؛ شەڕکردن. (٢) خوڕەهاتن (وەك ئاوی ڕووبار بەسەر قەڵبەزە یا خوڕاودا).
n. (١) شەڕو هەرا؛ شەڕەشەق؛ شەڕ؛ هەراوزەنا. (٢) [Slang]، ئاهەنگێکی دەنگ بەرز.
brawl (brôl), *n.* (١) سەمایەکی لادێیانەی کۆنی فەرەنسەییە. (٢) مۆسیقای ئەم سەمایە.
brawn (brôn), *n.* (١) ماسولکە؛ ماسولکەی گەورەو بەهێز. (٢) هێزی ماسولکە؛ هێزی لەش. (٣) گۆشتی کوڵاوی یەکانە.
brawny (brôn′i), *adj.* ماسولکەدار؛ بەهێز.
-brawniness *(n.).*
braxy (brak′si), *n.* نەخۆشی ڕیخۆڵەی مەڕ.
bray (brā), *v.i.* زەڕین (کەر).
v.t. زەڕین؛ بەتوندی هاوارکردن
n. زەڕە؛ زەڕین.
bray (brā), *v.t.* (١) هاڕین؛ وورد‌کردن. (٢) مەڕەکەب بەسەردا بلاوکردنەوە.
brayer (brā′ēr), *n.* ئامێری مەڕەکەب بلاوکەرەوە (چاپەمەنی).
braze (brāz), *v.t.* لەحیم کردن بە مس.
braze (brāz), *v.t.* (١) لە مس دروستکردن؛ لە مس گرتن. (٢) وەك مس لێکردن لە سەختیدا.
brazen (brā′z'n), *adj.* (١) مسین؛ لە مس دروستکراو. (٢) زەردو ڕەق وەك مس. (٣) ڕووەڵماڵراو؛ بێ حەیا؛ بێ شەرم. (٤) ناساز (دەنگ).
v.t. ڕووەڵماڵین؛ بێ حەیاو بێ شەرم کردن.
-brazenly *(adv.).*
brazenfaced (brā′z'n-fāst′), *adj.* ڕووەڵماڵراو؛ بێ حەیاو شەرم.
brazier (brā′zhēr), *n.* کووڕە؛ مقەڵی.
brazier (brā′zhēr), *n.* مسگەر.
Brazil nut, گوێزی بەرازیلی (کە زۆر چەورە).
brazilwood (brə-zil′wood′), *n.* داری بەرازیلی: داری سووری دەرختێکی نەمەریکای خوارووە کە بۆیەی لێ دەردەهێنرێت.
breach (brēch), *n.* (١) شکان؛ شکاندن. (٢) پەیمان شکاندن. (٣) کەلەبەر؛ درز؛ کون. (٤) شەپۆل شکانەوە. (٥) شەپۆلی وەها. (٦) بازدانی نەهەنگ بۆ سەرناو. (٧) ئاش‌وماش؛ پچڕانی برادەرێتی. (٨) قۆڕی؛ بڕین.
v.t. (١) کەلەبەرتێکردن؛ کون تێکردن؛ بڕین (دیوار)؛ شکاندن. (٢) شکاندن (پەیمان، ڕێکەوتن): *(to ~ an agreement)*.
v.i. بازدانە سەرەوەی ئاو (نەهەنگ).
breach of faith, پەیمان شکاندن.
breach of promise, پەیمان شکاندن (شووکردن و ژنهێنان).
breach of the peace, ئاسایش تێکدان؛ ئاژاوە نانەوە.
bread (bred), *n.* (١) نان. (٢) خواردەمەنی؛ خواردن؛ نان.

(٣) برژێو؛ نان (. ~ His earns his) .
(٤) [Slang]. پووڵوپارە؛ پارە؛ دراو.

v.t. بە پرزۆڵەنان دابوشین (چێشت لێنان).

bread and butter, (١) نان و خەرە. (٢) گوزەران؛ دەرامەت؛ هۆی ژیان.

break bread, (١) نان خواردن؛ نان پێکەوە خواردن.
(٢) بەشداری شیوی پیرۆز بوون (خاچ پەرستی).

cast one's bread upon the waters, چاکەکردن و دانی بە دەم ئاوەوە؛ نان دان بە خەڵک؛ دڵفراوانی کردن.

know which side one's bread on, چاکەی خو زانین؛ سوودی خو زانین

take the bread out of (a person's) mouth, پارو لە دەم دەرهێنان؛ دەرامەت لێسەندنەوە؛ مایەی ژیان لێ بڕین.

bread-and-butter (bred′n-but′ĕr), *adj.* (١) گەنج؛ منداڵ؛ هەرزە؛ ساویلکە. (٢) سادە؛ ساکار؛ پەشۆکی.
(٣) هۆی ژیانە؛ پێی دەژی؛ هەمیشەیی: *(a ~ job)* .
(٤) لەڕووی سوپاسەکردنەوەیە؛ سوپاسنامە: *[a ~ note (or letter)]* .

breadbasket (bred′bas′kit, bred′bäs′kit), *n.* (١) زەمیلەی نان. (٢) ناوچەی سەرەکی بەرهەم هێنەری دانەوێلە.
(٣) [Slang]. سك؛ گەدە. (٤) [Slang]. بۆمبا.

breadboard (bred′bôrd′, bred′bōrd′), *n.* (١) تەختەی هەویر شێلان و نان کردن؛ پنە. (٢) تەختەی نان بڕین.

bread crumb, پرزۆڵەنان؛ وورددانۆ؛ پەنجك

breadfruit (bred′frōōt′), *n.* (١) میوەی نان. میوەیەکی گەورەی گۆشتنە کە پێشینرا تامی نان دەدات. (٢) درەختی ئەم میوەیە.

bread line, ڕیزی خەڵکی وەستاو بۆ نان، واتە خواردەمەنی مفت؛ ڕیزە خەڵکی بێ دەرامەت.

breadstuff (bred′stuf′), *n.* (١) نارد. (٢) نان

breadth (bredth), *n.* (١) پانی؛ پانایی
(٢) پارچەیەك شت کە پانتاییەکی تایبەتی هەبێت: *(a ~ of canvas)* .
(٣) زل؛ گەورەیی؛ مەودا زۆرو زل؛ پادە.
(٤) فراوانی (مێشك، تێگەیشتن)؛ کراوەیی: *(~ of mind, sympathy, understanding, interests, etc.)*

breadthways (bredth′wāz′), *adv.* بە پانی؛ لە باری پانی.

breadthwise (bredth′wīz′), *adv.* = breadthways.

breadwinner (bred′win′ĕr), *n.* نان پەیداکەر (بۆ کەس و کار)؛ خێزان بەخێوکەر؛ برژێوی پەیداکەر: *(the ~ of the family)* .

break (brāk), *v.t.* (١) شکاندن؛ پارچەپارچەکردن
(٢) کون تێکردن (پێست، زەوی)؛
(٣) دوایی بێ هێنان؛ شکاندن: *(to ~ a strike ; The strike was broken.)*
(٤) لەکارخستن؛ شکاندن؛ سەقەت کردن.
(٥) شکاندن (یاسا)؛ پلە و پایە نزم کردنەوە.
(٦) نابووت کردن. (٧) مل بێ شۆڕکردن؛ هێنانە ژێرباڕەوە.
(٨) کون کردن؛ بە زۆر چوونە ژوورەوە.
(٩) شکاندن (پەیمان، یاسا) *(to ~ an agreement, the law, etc.)* .
(١٠) دەربازبوون؛ ڕاکردن (بەندیخانە): *(They cannot ~ prison.)* .
(١١) شکاندنی پلەی نەوپەڕ: *(to ~ a record)* .
(١٢) پەت پچڕاندن؛ ڕیز تێکدان *(The troops broke formation and ran.)*
(١٣) بڕین تەووزمی کارەبا، گەشت): *(to ~ a circuit)* .
(١٤) بڕین بێ دەنگی): *(to ~ the silence)*
(١٥) کەمکردنەوەی کاریگەری یا ئەنجامی خراپ
(١٦) ئاشکراکردن؛ درکاندن؛ دەربڕین: *(He broke the news to us.)* .
(١٧) دەستپێکردن.
(١٨) وورد کردنەوە (پارە): *(~ a dollar)* .

(١٩) هێنانە بەربار؛ ڕاهێنان؛ گرتن (جووانووە نەسپ): *(to ~ a horse)* .
(٢٠) تەرك کردن؛ وازلێهێنان (خوی): *(~ a habit)* .
(٢١) دڵ شکاندن؛ زۆر خەفەتبارکردن: *(She broke his heart.)*
(٢٢) چارە دۆزینەوە؛ لێکدانەوە.

v.i. (١) شکان؛ پارچەپارچەبوون؛ شەق بردن.
(٢) بڵاوەلێکردن: *(Let's ~ and run.)* .
(٣) (~ up ; ~ with)، ناش و ماش کردن؛ پەیوەندی بڕین.
(٤) لەکارکەوتن؛ شکان (مەکینە). (٥) نابووت بوون.
(٦) گۆڕان (دەنگ)؛ شکان: *(His voice broke.)* .
(٧) لەپڕ ڕاکردن؛ هەڵاتن؛ بەلەسەبوون. (٨) پسان؛ هەرەس بردن؛ ڕووخان.
(٩) هەڵوەشان؛ داڕزان. (١٠) جەرگ بڕان؛ دڵ شکان.
(١١) دوایی هاتن؛ تەواوبوون: *(The game will ~ up in ten minutes.)*
(١٢) شکان (نرخ). (١٣) شکانەوە (شەپۆل).
(١٤) (~ into ; ~ out in)، لەپڕ دەستپێکردن یا هاتنە قسە، گۆرانی، پێکەنین: *(He broke into song, laughter, etc.)* .
(١٥) دەرکەوتن؛ پەیدابوون؛ ڕوژبوونەوە: *[Day was ~ing. ; The story (or news) broke.]*
(١٦) لەپڕ سەر هێنانە دەرەوە لە ئاو (ماسی، نەهەنگ).
(١٧) [Colloq.]، ڕوودان: *(Things were ~ing badly.)* .

n. (١) شکان؛ پارچەپارچەبوون؛ شەق بردن؛ درزبردن؛ لێك ترازان.
(٢) شکاوی؛ درز؛ کەلەبەر؛ بۆشایی؛ کون.
(٣) سەرەتا؛ سەردەرهێنان: *(the ~ of day)* .
(٤) بڕین (مال). (٥) پچڕان؛ وەستان.
(٦) پشوو؛ حەوانەوە: *(to take a ~)* .
(٧) پچڕان (پەیوەندی): *(a ~ in relations, ties, etc.)* .
(٨) بڕان (تەووزمی کارەبا)؛ پچڕان.
(٩) بووار؛ هەل؛ گۆڕین: *(a ~ in the weather)* .
(١٠) دەربەڕین؛ لەپڕ ڕاکردن.
(١١) *(pl.)*، چەند خاڵێکی وەك ئەمانە..... (چاپەمەنی، خاڵبەندی).
(١٢) شکان (نرخ). (١٣) ناتەواوی؛ کەم و کوڕی.
(١٤) [Colloq.]، کردارێك یا ووتەیەکی نابەجێ.
(١٥) [Slang]، هەل؛ بەختەوەری بەکی ڕێکەوت: *(He gave me a ~ . ; He got a ~ in his business.)*

break away, (١) ڕاکردن؛ دەربازبوون؛ بەرەڵابوون؛ هەڵاتن.
(٢) جیابوونەوە. (٣) زوو دەستپێکردن، واتە لەپێش کاتی خۆیدا (پێشبڕکێ)

break bread, نان خواردن؛ پێکەوە نان خواردن.

break down, (١) شکان؛ لەکارکەوتن؛ پەککەوتن: *(My car broke down on the highway.)*
(٢) دەست کردن بە گریان.
(٣) بەلاداهاتن؛ هەرەس بردن (مرۆڤ)؛ تێکشکان (لەش یا مێشك)؛ کەوتن
(٤) شکاندن (دوژمن)؛ بەزاندن؛ بەسەردا زاڵبوون.
(٥) شیکردنەوە؛ جیاکردنەوە؛ بەش بەش کردن؛ پۆل پۆل کردن.
(٦) بەرەو خراپی ڕۆیشتن؛ دانە دواوە: *(Relations began to break down.)*

break in, (١) بڕین (مال)؛ بە زۆر چوونە ژوورەوە؛ لەپڕ چوونە ژوورەوە.
(٢) قسە پێ بڕین.
(٣) (ا) گرتن (جووانووە نەسپ، ماین)؛ هێنانە بەربار؛ ڕاهێنان؛ فێرکردن: *(to break in a young horse, new worker, etc.)*
(ب) پێ ڕاهاتن: *(to break in a new pair of shoes)* .

break in on (or upon), (١) خۆ سەپاندن بەسەردا؛ خۆتێهەڵقورتان؛ هەڵدان. (٢) قسە پێ بڕین.

break into, (١) بڕین (مال)؛ چوونە ژوورەوە (بە زۆر، لەپڕ، بەدزییەوە، یا بە ناڕەوایی): *(They broke into the house.)* .
(٢) قسە پێ بڕین؛ پێ بڕین (قسە، بیر).

(٣) لەپر هاتنە قسە، پێکەنین، گریان، یا خۆنووراندن.
break of, واز یێ هێنان (خوو)؛ یێ تەرک کردن.
break off, (١) بڕین (قسە)؛ لەپر وەستان (قسە، کار).
(٢) پەیوەندی بڕین؛ پچڕاندن (برادەرێتی، دڵداری)؛ بڕینەوە (دۆستایەتی).
(The two lovers broke off last week.)
break out, (١) هەڵگیرسان (شەڕ، ناگر)؛ بەرپابوون.
(A riot broke out. ; War broke out between the two sides.)
(٢) ڕاکردن (لە بەندیخانە)؛ هەڵاتن؛ بڕین و دەربازبوون (بەندیخانە).
(٣) دەردان (زیپکە، دووماڵ). *(The child broke out in a rash.)* .
(٤) لەنگەر شل کردن و هەڵگرتن (بۆ ڕۆیشتنی کەشتی).
break up, (١) بڵاوەپێکردن؛ وەستاندن؛ دوایی یێ هێنان.
(to break up a demonstration, meeting, etc.)
(٢) هەڵوەشاندن؛ پارچەپارچەکردن؛ جیاکردنەوە لەیەک.
(٣) پەرش وبڵاوکردنەوە؛ بڵاوکردنەوە؛ بڵاوبوونەوە.
(٤) بڕانەوە (دۆستایەتی)؛ دوایی یێ هێنان (پەیوەندی).
(The two lovers broke up suddenly.)
(٥) [Colloq.]. وورە بەردان.
(٦) [Slang]. مردن لە پێکەنیندا؛ سک ژان کردن لە پێکەنیندا.
(They broke up laughing.)
break wind, تڕکەدان.
break with, (١) پەیوەندی لەگەڵ بڕین یا پچڕان؛ ئاش وماش کردن.
(٢) شوێن نەکەوتن؛ ڵێ دابڕان یا جیابوونەوە؛ لەگەڵدا نەگونجان و جیابوونەوە.
(to break with tradition)
break (brāk), *n. Also* brake, چوارچێوەی عەرەبانە (بۆ گرتن یا هێنانە ژێر بارەوەی جووانووە نەسپ).
breakable (brāk′ə-b'l), *adj.* بەئاسانی دەشکێت؛ ئاسک.
n. شتێکی ئاسک؛ شتێکی بەئاسانی شکاو.
breakage (brāk′ij), *n.* (١) شکاندن؛ شکێنڕان؛ شکان؛ شکاوی.
(٢) شتی شکاو؛ نەوەندەی کە شکاوە. (٣) زیان بەهۆی شکانەوە.
(٤) بڕاردنی شکان
breakbone fever, = dengue.
breakdown (brāk′doun´), *n.* (١) شکان (مەکینە، ئامێر)؛ لەکارکەوتن؛ پەککەوتن.
(٢) ڕووخان (تەندروستی)؛ مێشک تێکچوون؛ هەرەس بردن (لەش، مێشک):
(He had a nervous ~ .)
(٣) پێش نەکەوتن و وەستان (گفتوگۆ)؛ ڕووخان؛ دوایی هاتن بە ڕێڕکەوتن:
(a ~ of negotiations)
(٤) شیبوونەوە؛ لێکبوونەوە؛ جیابوونەوە؛ هەڵوەشان:
(a ~ of food during digestion)
(٥) شیکرانەوە؛ شیکردنەوە.
(٦) پۆل پۆل کردن. (٧) جۆرە سەمایەکی پڕ جۆشە.
breaker (brāk′ĕr), *n.* (١) شکێن (مرۆڤ، شت)؛ شکێنەر.
(٢) مەکینە یا کارگەی شکێن (بۆ بەرد یا خەڵووزی بەرد).
(٣) شەپۆلێکە کە دەشکێتەوە بەسەر کەناری دەریادا و کەفی ڵێ هەڵدەستێت.
(٤) circuit breaker .
breaker (brāk′ĕr), *n.* بەرمیلێکی بچووکی ئاو لە بەلەمدا.
breakfast (brek′fəst), *n.* بەرچایی؛ نانی بەرچایی؛ نانی بەیانی؛ بەرقڵیان
v.i. بەرچایی خواردن؛ نانی بەیانی خواردن.
v.t. بەرچایی پێدان؛ ناشتایی پێدان؛ نانی بەیانی پێدان.
breakin (brāk′in´), *n.* ماڵ بڕین؛ چوونە ناوماڵ بە زۆر یا بەدزییەوە.
breakneck (brāk′nek´), *adj.* مل شکێنەر؛ پڕ مەترسی:
(~ speed)
break of day, بەرەبەیان
breakout (brāk′out´), *n.* بڕین یا شکاندن و دەربازبوون:
(a prison ~)
breakthrough (brāk′throo´), *n.* (١) بڕین (کۆسپ)؛ سمین؛ پێدا تێپەڕبوون. (٢) شکاندنی هێزی بەرهەڵستی دوژمن؛ بڕین و پێدا چوونە ژوورەوەی هێڵی بەرهەڵستی دوژمن.
(٣) پێشکەوتنێکی گرنگ و کوتوپڕ (زانست، تەکنۆلۆجیا، پزیشکەوانی، گفتوگۆ)؛ بەرهەم هێنان یا دۆزینەوەیەکی سەرەکی:
(a major ~ in science and technology)
breakup (brāk′up´), *n.* (١) بڵاوبوونەوە؛ بڵاوەلێکردن.
(٢) شیبوونەوە؛ هەڵوەشان؛ لێکبوونەوە؛ داڕزین. (٣) وورە بەردان؛ ڕووخان.
(٤) دوایی هاتن
breakwater (brāk′wô´tĕr, brāk′wot´ĕr), *n.* شەپۆل شکێن؛ بەربەستی شەپۆل: دیوارێکە بۆ بەربەست کردنی شەپۆلی دەریا و پاراستنی بەندەرو کەناری دەریا.
bream (brēm), *n.* (١) ماسییەکی ناو ڕوباری نەروپایی.
(٢) ماسییەکی ناو دەریایە.
bream (brēm), *v.t.* پاکردنەوەی بنی کەشتی
breast (brest), *n.* (١) مەمک. (٢) سنگ؛ سینە؛ بەرسنگ.
(٣) سنگ یا بەرسنگی گیاندار. (٤) سەرچاوەی بژێوی.
(٥) بەرسنگی جل وبەرگ. (٦) سەرچاوەی هەست؛ دڵ و دەروون؛ سۆز.
(٧) بەشێکی لە سنگ چوو؛ پێشەوە؛ بەرسنگ: *(the ~ of a hill)* .
v.t. (١) بەرەوڕوو وەستان؛ بەرهەڵستی کردن؛ بەرەنگاربوون.
(٢) سنگ دانە بەر؛ بۆ پێشەوە ڕۆیشتن.
make a clean breast of, دان بە تاواندا نان؛ یێ لە تاوان نان.
breastbone (brest′bōn´), *n.* کۆڵەی سنگ؛ ئێسقانی سنگ.
breast-feed (brest′fēd´), *v.t.* مەمک پێدان؛ شیرپێدان (منداڵ).
breastpin (brest′pin´), *n.* یەخەبەند؛ گوڵی سینە.
breastplate (brest′plāt´), *n.* (١) قەڵغانی سنگ؛ بەرۆک؛ سینەزرێ.
(٢) پارچەیەک قوماشی نەخش ونیگاراوی بە گەوهەر ڕازاوەیە سەرەک مالووم لە کۆندا دەیکرد بە بەرسنگیەوە. (٣) قاوغی بەرسنگی کیسەڵ.
(٤) سینەبەندی ئەسپ (کە بەشێکە لە زین).
breast stroke, بۆقە مەلە.
breastwork (brest′wûrk´), *n.* سەنگەرێکی سەردەمێیە بە بەرزایی سنگ.
breath (breth), *n.* (١) هەناسە. (٢) هەناسەدان. (٣) بۆنی دەم.
(٤) توانای هەناسەدان. (٥) ژیان؛ گیان. (٦) کزەبا؛ شنەبا؛ سروە
(٧) ئەنجامی هەناسە (وەک تەمی سەر ئاوێنە). (٨) چرپە.
(٩) هەناسە (کات)؛ چرکە. (١٠) پشوو؛ وەستانێکی کوورت.
below one's breath, بە چرپە؛ بە نەسپایی.
catch one's breath, وەستان و پشوودان بۆ هەناسە هاتنەوەبەر (پاش هەناسەبڕکێ).
hold one's breath, چاوەڕێ کردن بە ترس و پەڕۆشەوە (دەنگوباس).
in the same breath, لە هەمان کاتدا؛ لە هەمان سات یا هەناسەدا.
out of breath, هەناسە ڵێ بڕان؛ هەناسە یێ نەمان.
save one's breath, قسەی خۆ بە با نەدان.
take one's breath away, مووچڕکە بە لەشدا هێنان یا هەناسە بڕین لە خۆشی و سەرسامیدا:
(The view from the airplane takes your breath away.)
under one's breath, بە چرپە؛ بە نەسپایی
breathe (brēth), *v.i. & v.t.* (١) هەناسەدان. (٢) هەناسە وەرگرتن.
(٣) هەناسە دانەوە. (٤) ژیان.
(٥) بۆن هاتن؛ بۆن لێهاتن. (٦) هەڵکردن بە هێواشی (با).
(٧) چرپەهاتن؛ چرپەکردن. (٨) پشوودان؛ پشوو پێدان.
(٩) (~ hard)، هەناسەبڕکێ بوون.
breathe again (or freely), دڵ ڕەحەت بوون.
breathe one's last, مردن؛ دوا هەناسە دان.

not breathe a word, دەم نەکردنەوە؛ هیچ نەوتن؛ هیچ قسە نەکردن.
breather (brēth′ĕr), *n.* (١) کەسێک کە بە جۆرێکی تایبەتی هەناسە دەدات *(a mouth ~)*. (٢) [Colloq.]، هۆی هەناسەبڕکێ (وەرزش، کار). (٣) [Colloq.]، پشوو (بۆ هەناسە هاتنەوەبەر).
breathing (brēth′iŋ), *adj.* زیندوو.
n. (١) هەناسەدان. (٢) هەناسەیەک؛ هەناسەدانێک. (٣) چرکە؛ هەناسە (کات). (٤) سروە؛ شنە؛ کزەبا. (٥) وردە؛ ووردە. (٦) دەنگی وەک تیپی " h " لە ئینگلیزیدا، وەک " هێ "
breathing space, (١) شوێن و کاتی کارکردن و جوڵانەوە بە سەربەستی. ٢) پشوو؛ بووار (بۆ پشوودان یا لێکۆڵینەوە).
breathless (breth′lis), *adj.* (١) هەناسە لێ براو؛ مردوو. (٢) هەناسەبڕکێ بێکەوتوو. (٣) هەناسە سواربوو (لە خۆشی یا ترسدا). (٤) کپ؛ بێ سروە؛ بێ با.
breath-taking (breth′tāk′iŋ), *adj.* هەناسە سوارکەر (لە جوانی یا خۆشیدا)؛ زۆر جوان و خۆش *(a ~ view of the ocean, mountain, valley, city, etc.)*
breathy (breth′i), *adj.* هەناسەیی (دەنگ، قسە)؛ هەناسە لەگەڵ.
breccia (brech′i-ə, bresh′i-ə), *n.* بریشیە: بەردێکە لە تەڵەزمی گۆشەتیژی ئاگرێژێنی بە لم یا گەچ پێکەوەنووساو پێکهاتووە.
bred (bred), *past tense and p.p. of* **breed.**
brede (brēd), *n.* [Archaic], = **braid.**
breech (brēch), *n.* (١) سمت؛ گووپی سمت؛ قنگ؛ گووپی قنگ. (٢) بن؛ ژێر؛ لاخواروی خولخولۆکە. (٣) قۆناغە تفەنگ.
v.t. (١) پانتۆڵی کوورت لەبەرکردن. (٢) قۆناغ بۆ کردن (تفەنگ).
breechblock (brēch′blok′), *n.* دەمەوانەی قۆناغی هەندێک تفەنگ.
breechcloth (brēch′klôth′, brēch′kloth′), *n.* پەشتەمانێکی کوورت.
breechclout (brēch′klout′), *n.* = **breechcloth.**
breeches (brich′iz), *n.pl.* (١) پانتۆڵی کوورت (هەتا نەژنۆ). (٢) [Colloq.]، پانتۆل.
breeches buoy, پانتۆڵی ڕزگارکردن (لە خنکاندن لەئاو دەریادا): کە لە کەشتیەکەوە بۆ کەسەکە شۆڕ دەکرێتەوە.
breeching (brich′iŋ, brēch′iŋ), *n.* (١) پاڵوو (کۆپان، زین). (٢) قۆناغە تفەنگ
breed (brēd), *v.t.* (١) بوون (منداڵ، بەچکە)؛ هەڵهێنان؛ سک وزاکردن. (٢) بوون بە هۆ؛ لێ پەیدابوون؛ لێ بوونەوە *(Ignorance ~s prejudice.)*. (٣) (ا) زاوزێ پێکردن؛ بەخێوکردن؛ پەروەردەکردن: *(He ~s dogs, horses, etc.)*
(ب) لێ چاک کردن.
(٤) ئامادەکردن؛ پەروەردەکردن بۆ؛ فێرکردن و ڕاهێنان بۆ مەبەستی تایبەتی.
v.i. (١) پەیدابوون؛ پەرەسەندن: *(Crime ~s in slums.)*. (٢) بوون (مندال، بەچکە)؛ زاوزێ کردن.
n. (١) توخم (گیاندار، ڕووەک)؛ ڕەگەز: *(There are many ~s of dogs.)* (٢) جۆر؛ چەشن: *(men of the same ~)*
breeder (brēd′ĕr), *n.* (١) گیانداری زاوزێ کەر؛ ڕووەکێک کە ڕووەکی تری لێ دەبێتەوە. (٢) زاوزێ پێکەر؛ پەروەردەکەری گیاندار و ڕووەک. (٣) هۆ؛ سەرچاوە؛ داهێنەر.
breeding (brēd′iŋ), *n.* (١) زاوزێ کردن؛ بوون (مندال، بەچکە). (٢) مندال یا بەچکە پەروەردەکردن. (٣) ڕەسەنی؛ ڕەووشت جوانی؛ پەروەردەی جوان و چاک: *(Tolerance is a sign of ~ .)* (٤) زاوزێ پێکردن بۆ توخم باشترکردن (گیاندار، ڕووەک).
breeze (brēz), *n.* (١) سروە؛ شنە؛ کزەبا؛ شنەبا؛ سۆزە. (٢) [British]، پشێوی؛ مشت ومڕ؛ هەراهەرا.
(٣) [Colloq.]، کارێکی ئاسان: *(That job was a ~ .)*.
v.i. (١) هەڵکردن (سروە).
(٢) [Slang]، بە تیژی و بێباکانە و کەیف قنجیەوە ڕێشتن بەڕێوە.
breeze (brēz), *n.* [Rare], خەڕەنگیز.
breeze (brēz), *n.* [British], خڵتە و سەرکۆزەری خەڵووزی بەردین.
breezily (brēz′l-i), *adv.* بە خێرایی و بێباکی و کەیف قنجیەوە (ڕێشتن).
breezy (brēz′i), *adj.* (١) سروەدار؛ بە شنە؛ کزەبایەکی خۆشی هەیە: *(a ~ day)* (٢) بێباک و کەیف قنج؛ زیت؛ گورج وگۆڵ: *(He has a ~ manner.)*.
-breeziness *(n.).*
bregma (breg′mə), *n.* جەمسەری ئێسکی پێشەوە و لاتەنیشتی کاسەی سەر.
brethren (breth′rin, breth′rən), *n.pl.* [Archaic], *plural of* brother.
Breton (bret′n), *adj.* بریتەنی: تایبەتی بە زمان و دانیشتووانی " بریتەنی " کە ناوچەیەکە لە ڕۆژئاوای فەرەنسا.
n. (١) هاوواڵتیەکی " بریتەنی " . (٢) زمانی دانیشتووانی ئەم ناوچەیە. (٣) شەپقەیەکی ژنانەی لێوار هەڵگەڕاوەیە.
breve (brēv), *n.* (١) نامەیەکی گرنگ (بەتایبەتی لە پاپا یا پاشاوە). (٢) ئەم نیشانەیە (˘) کە دەخرێتە سەر تیپە بزوێنێک بۆ دەنگ کورتی. (٣) هەمان نیشانەیە لەسەر بڕگەیەکی بێ دەنگ یا کورتکراوە. (٤) نۆتەیەکی مۆسیقی یە کە بڕیتی یە لە دوو نۆتە. (٥) فەرماننامە (دادگا)؛ کورتەی داوایەک.
brevet (brə-vet′, brev′it), *n. & v.t.* پلە بەرزکردنەوەی ئەفسەرێک بەبێ زیادکردنی مووچەکەی.
brevetcy (brə-vet′si), *n.* پلەیەکی شانازنامەیی.
brevi- (brev′i), پێشگرێکە بەمانای: کورت.
breviary (brē′vi-er′i, brev′i-er′i), *n.* پەرتووکی سرووەدی ئایینی و نزای ڕۆژانە (ئایینی کاسۆلیکی و کڵێسەی ڕۆژهەڵاتی).
brevier (brə-vēr′), *n.* جۆرە تیپێکە (چاپەمەنی): (This line is in ~ .)
brevity (brev′ə-ti), *n.* (١) کورتی (کات). (٢) کورتی و پڕ مانایی (ووتە، نووسراو).
brew (brōō), *v.t.* (١) بیرە دروستکردن (بە کوڵاندن و ترشان). (٢) چاڵێنان؛ دەم کێشان (چا)؛ دەم پێ کێشان. (٣) پێکهێنان و ڕێکخستن (پیلان)؛ پیلان گێڕان.
v.i. (١) دروست بوون (بیرە)؛ دەم کێشان (چا). (٢) خەریکی دەستپێکردن یا هەڵکردن بوون (گەردەلوول، گەردان)؛ پەیدابوون؛ ئامادەکران و دەستپێکران (شەڕ، زیان): *(A storm was ~ing.)* .
n. (١) خواردنەوەیەکی ترشێنراو یا لێنراو (بیرە، چا). (٢) ئەو هەندەی کە بە یەک جار دەترشێنرێت یا لێدەنرێت.
brewage (brōō′ij), *n.* (١) خواردنەوەیەکی ترشێنراو (بیرە). (٢) ترشاندن یا دروستکردن (بیرە).
brewer (brōō′ĕr), *n.* بیرە دروستکەر.
brewery (brōō′ĕr-i), *n.* کارگەی بیرە؛ کولێنگە (بیرە).
brewing (brōō′iŋ), *n.* (١) ترشاندن یا دروستکردن (بیرە). (٢) ئەوەندەی کە بە یەک جار دروست دەکرێت (بیرە).
brewis (brōō′is), *n.* [Dial.], (١) گۆشتاو. (٢) نان و گۆشتاو.
briar (brī′ĕr), *n.* = **brier.**
briarroot (brī′ĕr-rōōt′, brī′ĕr-root′), *n.* = **brierroot.**
briarwood (brī′ĕr-wood′), *n.* = **brierwood.**
bribable (brīb′ə-b'l), *adj.* بەرتیلی دەدرێتێ؛ بەرتیل دەخوات.
bribe (brīb), *n.* بەرتیل.

v.t. & v.i. بەرتیل پێدان؛ بەرتیل دان.
-briber *(n.).*
bribery (brīb′ĕr-i), *n.* بەرتیل خواردن؛ بەرتیل دان‌و وەرگرتن.
bric-a-brac (brik′ə-brak′), *n.* (۱) شتی بچووک‌و بەنرخ‌و نایاب‌و کۆنەباوی هونەری جوان (کە لە ژوورێکدا بۆ جوانی دادەنرێت). (۲) زرۆزەنگینانە؛ شتی پازێنەرەوەی بازاڕی.
brick (brik), *n.* (۱) خشت. (۲) شتێکی وەک خشت (لە ڕێک‌وپێکی‌و خشتەی چوارچێوەکەیدا). (۳) [Colloq.]، پیاوێکی زۆرباش؛ کوڕی چاک.
adj. لە خشت دروستکراو؛ تایبەتی بە خشت؛ خشت.
v.t. (۱) بە خشت کردن؛ لە خشت دروستکردن.
(۲) **~ up; ~ in**)، بە خشت دەورگرتن، داپۆشین، گرتن، یا هەڵچنین.
make bricks without straw, کردنی شتێک بەبێ کەرەسەی پێویست.
brickbat (brik′bat′), *n.* (۱) پارچە خشت (کە دەهاوێژرێت یا دەدرێت بە شتێکدا). (۲) پلار؛ لاپلار؛ ڕەخنەیەکی تیژو هەست بریندارکەر.
brickklin (brik′klin′), *n.* کورەی خشت سووڕکردنەوە.
bricklayer (brik′lā′ĕr), *n.* خشتکار؛ وەستای خشتکاری.
bricklaying (brik′lā′iŋ), *n.* خشتکاری؛ خشتکاری کردن.
brick-red (brik′red′), *adj.* سوور وەک خشت
brickwork (brik′wûrk′), *n.* (۱) شتی لە خشت دروستکراو. (۲) bricklaying.
brickyard (brik′yärd′), *n.* کارگەی خشت؛ فرۆشگای خشت.
bridal (brīd′l), *n.* شایی.
adj. (۱) بووکێنی؛ تایبەتی بە بووک. (۲) تایبەتی بە شایی؛ هی بووک‌و زاوایەتی.
bridal wreath, دەوەنێکی گەڵا ڕەش‌و بریقاوەو گوڵ سپی‌یە.
bride (brīd), *n.* بووک.
bride (brīd), *n.* قوڵفە یا گرێ (نەقشکاری).
bridegroom (brīd′grōōm′, brīd′groom′), *n.* زاوا
bridesmaid (brīdz′mād′), *n.* ئاوەڵی بووک: کچێکە ئاوەڵی بووکە لەکاتی مارەبڕین‌و شایی‌دا لەگەڵی دەبێت.
bridewell (brīd′wel, brīd′wəl), *n.* بەندیخانە (بۆ تاوانی بچووک).
bridge (brij), *n.* (۱) پرد. (۲) شتێکی وەک پرد. (۳) نیسقانەی لووت. (٤) نەو بەشەی چاویلکە کە دەکەوێتە سەر نیسقانەی لووت. (٥) تیرەیەکی بەردینە لە تەنکاوی قەراغ دەریادا. (٦) سەکۆی لێوە ڕانانی کەشتی. (۷) نەو شوێنەی داری بلیاردی لەسەر دادەنرێت لەکاتی یاری کردندا تاکو نەجوونێتەوە لە مشت گرتنەوەدا لە تۆپەکان کە بریتی‌یە لە پارچە داڕێک یا دەست (۸) پرد (دانسازی).
v.t. (۱) پرد بەسەردا دروستکردن؛ پرد لەنێواندا دروستکردن. (۲) بەسەر پردا پەڕینەوە. (۳) پێگەیاندن؛ پڕکردنەوە (بۆشایی، جیاوازی، دووری).
(to ~ the gap between the two generations)
burn one's bridges (behind one), ڕێگەی گەڕانەوە یا کشانەوە لە خۆ بڕین
cross a bridge when one comes to it, خەمی گیروگرفتێک خواردن هەروەها چارەسەرکردنی پاش پەیدابوونی نەک لەپێشدا؛ بە خۆڕایی سەری خۆ نەنیشاندن بە گیروگرفتی دواڕۆژەوە.
bridge (brij), *n.* بریج: جۆرە یارییەکی کاغەزە.
bridgeboard (brij′bôrd′, brij′bōrd′), *n.* سنگی پن پلیکانە: نەو تەختە دانەدارەی نەمسەرو نەوسەری پن پلیکانەی دارە کە پن پلیکانەکانی لەسەر ڕاوەستاوە.
bridgehead (brij′hed′), *n.* سەری پرد: بنکەیەکە لەوبەری پرد یا ڕوبارێکدا لەناو خاکی دوژمندا بۆ داگیرکردنی شوێنی تر بەکاردەهێنرێت.
bridgework (brij′wûrk′), *n.* (۱) پردکاری؛ پرد دروستکردن. (۲) پردی ددان (۳) دروستکردن‌و دانانی پردی ددان.

bridle (brī′d'l), *n.* (۱) لغاو؛ سەرکەلە. (۲) شتێکی وەک لغاو. (۳) شتی دابینکەر؛ جڵەو.
v.t. (۱) لغاوکردن؛ لغاو کردنە دەم. (۲) دابینکردن؛ گرتنەوە؛ جڵەوگرتن.
v.i. (۱) سەرکێشی کردن؛ لووت بەرز گرتن (لە تووڕەییدا یا بەتەوسەوە). (۲) تووڕەبوون؛ گاڵتەپێهاتن.
bridle hand, دەستی لغاو گرتن؛ دەستی چەپ.
bridle path, ڕێچکەی سواری.
Brie cheese, بری: جۆرە پەنیرێکی نەرمی نەختێک سوێری فەرەنسی‌یە.
brief (brēf), *adj.* (۱) کورت؛ کەم خایەن. (۲) کورت‌و ماناباخش.
n. (۱) کورتە؛ پوختە. (۲) پوختەی داوایەک (کە پارێزەر ئامادەی دەکات). (۳) نامەی پاپا. (٤) (*pl.*)، دەرپێی کورتی تەسک.
v.t. (۱) پوختەکردن؛ کورتکردنەوە. (۲) [British]، پارێزەر گرتن؛ پارێزەر کردن بە نوێنەر. (۳) [British]، پوختەی داوا بۆ ناردن یا پێدان. (٤) ئاگادارکردن؛ پێ ووتن (دەنگوباس، پوختەی مەسەلە):
(He ~ed the president on the situation.)
hold a brief for, لەسەرکردنەوە؛ پشتگیری کردن؛ لایەنگری کردن.
in brief, بە کورتی؛ بە کورتی‌یەکەی.
briefcase (brēf′kās′), *n.* جانتای دەست.
briefless (brēf′lis), *adj.* کەس نەی گرتووە بە پارێزەر:
(a ~ lawyer)
briefs (brēfs), *n.pl.* دەرپێی کورتی تەسک.
brier (brī′ĕr), *n.* (۱) گوڵەباخە کێوێلە؛ شیلان. (۲) لقێک یا پەڵەیەک لەم گوڵەباخە کێوێلە یا شیلانە.
brier (brī′ĕr), *n.* (۱) پووەکێکی خواروی نەوروپایە پەگەکەی دەکرێت بە سەبیل. (۲) پەگی نەم پووەکە. (۳) سەبیلێک کە لەم پەگە دروستکرابێت.
brierroot (brī′ĕr-rōōt′, brī′ĕr-root′), *n.* پەگی پووەکێکە دەکرێت بە سەبیل.
brierwood (brī′ĕr-wood′), *n.* = brierroot.
brigade (bri-gād′), *n.* (۱) هێز (سوپا)؛ تابوور. (۲) دەستە؛ تاقم؛ پۆل: *(a fire ~)* .
v.t. (۱) تابوور پێکهێنان (۲) هاوپۆل کردن؛ دەستەدەستەکردن.
brigadier (brig′ə-dēr′), *n.* فەرماندەی هێز؛ نەفسەرێکی گەورە.
brigadier general, = brigadier.
brigand (brig′ənd), *n.* چەتە؛ جەردە.
brigandage (brig′ən-dij), *n.* چەتەیی؛ جەردەیی.
brigandine (brig′ən-dēn′, brig′ən-dīn′), *n.* زرێی تەرەقەدار؛ زرێیەکی لە تەرەقەو نەڵقە پێکهاتوو.
brigantine (brig′ən-tēn′, brig′ən-tīn′), *n.* کەشتی بای دوو-تەوەرە.
bright (brīt), *adj.* (۱) پووناک؛ ڕۆشن. (۲) گەش؛ بریقەدار؛ ڕەنگاوڕەنگ: *(~ colors)* . (۳) دەم بە پێکەنین؛ ڕووخۆش؛ زیت؛ دڵشاد. (٤) زیرەک؛ زرنگ. (٥) بەناوبانگ؛ ناودار. (٦) ڕۆشن؛ بەهات؛ پر ئومێد: *(She has a ~ future.)* .
adv. بە ڕۆشنی یا گەشی.
-brightly *(adv.).*
brighten (brīt′'n), *v.t.* (۱) پووناک کردنەوە؛ ڕۆشن کردنەوە. (۲) ڕۆشن کردنەوە؛ خۆش کردن؛ شادمان کردن؛ دڵخۆش کردن
(You ~ed my day. ; These flowers ~ the room.)
v.i. (۱) پووناک بوونەوە. *(The sky is ~ing.)* . (۲) دڵخۆش بوون؛ دل ڕۆشنکردنەوە.
brightness (brīt′nis), *n.* (۱) پووناکی؛ ڕۆشنی؛ گەشی. (۲) دڵخۆشی؛ خۆشی؛ شادی.
Bright's disease, = nephritis.

brill (bril), *n.* جۆرە ماسیەیەکی پانی نەوروپایی.

brilliance (bril′yəns), *n.* (۱) درەوشانەوە؛ شەوقدانەوە. (۲) شەوق؛ گەشی؛ پووناکی‌یەکی زۆر؛ پۆشنی؛ تریفە. (۳) جوانی و نایابی. (٤) زۆر زیرەکی؛ بلیمەتی؛ زرنگی.

brilliancy (bril′yən-si), *n.* = brilliance.

brilliant (bril′yənt), *adj.* (۱) درەوشاوە؛ شەوقدار؛ بریقەدار. (۲) گەش؛ پوونا‌ک؛ پوون. (۳) جوان‌و نایاب. (٤) زۆر زیرەک؛ بلیمەت؛ زرنگ.

n. (۱) ئەلماسێکی درەوشاوە. (۲) بریتی گەوهەر بە جۆرێک کە بدرەوشێتەوە. (۳) بچوکترین تیپ (چاپەمەنی).

-brilliantly *(adv.).*

brilliantine (bril′yən-tēn′), *n.* (۱) پۆنی سەر (بۆ بریقانەوەی قژ). (۲) قوماشێکی ساف‌و لووس‌و بریقەدارە.

brim (brim), *n.* (۱) لێو (پەرداخ، پیالە، کووپ... هتد)؛ لێوار. (۲) بەست؛ هی قەراغ جۆگە‌و گۆمای. (۳) قەراغ (شەپقە)؛ لێوار.

v.t. بە تەواوی پرکردن؛ لێواولێوکردن.

v.i. لێواولێوبوون؛ زۆر پڕبوون.

brimful, brimfull (brim′fool′), *adj.* لێواولێو؛ زۆر پڕ.

brimmer (brim′ēr), *n.* کووپ، پەرداخ، پیالە، یا جامێکی پڕ.

brimstone (brim′stōn′), *n.* گۆگرد؛ کبریت

brindle (brin′d'l), *adj.* بازوو (ڕەنگ، گیاندار).

n. (۱) گیاندارێکی بازوو. (۲) ڕەنگێکی بازوو.

brindled (brin′d'ld), *adj.* بازوو (گیاندار)

brine (brīn), *n.* (۱) سوێراو؛ خوێ ئاوگ. (۲) هەندێکی زۆر ئاوی سوێر (وەک دەریا).

v.t. سوێرکردن (بادەم، چەقالە)؛ گرتنەوە (ترشیات)؛ کردنەناو ئاوی سوێرەوە.

bring (briŋ), *v.t.* (۱) هێنان؛ هاوردن.

(۲) بوون بە هۆ. *(Fascism brought disaster.)* .

(۳) پێدان *(Rest and exercise ~ a person health.)* .

(٤) والێکردن؛ کارتێکردن؛ پێ کردن.

(٥) پارەکردن؛ فرۆشران بە ئەوەندە:

(Used cars brought a good price last month.)

(٦) خستنە بەردەمی دادگا؛ تاوان پێشاندان؛ دان بە دادگا:

(to ~ someone to trial ; to ~ charges against)

bring about, بوون بە هۆ. هێنانەدی

bring around (or round), (۱) ڕا بێ گۆڕین؛ پێ سەلماندن. (۲) دل کردنەوە [Colloq.]. (۳) هۆش هێنانەوەبەر؛ هەناسە هێنانەوەبەر. (٤) [Colloq.]. هێنان (بۆ سەردان):

(to bring someone around to visit)

bring down, (۱) ڕووخاندن؛ هێنانەخوارەوە؛ داگرتن؛ خستن:

(bring down a government)

(۲) کوشتن؛ بریندارکردن.

(۳) هێنانەخوارەوە (نرخ)؛ کەمکردنەوە. *(bring down prices)* .

bring forth, (۱) هێنانە بەرهەم؛ بەرگرتن؛ منداڵبوون.

(۲) ئاشکراکردن؛ دەرخستن؛ پیشاندان؛ خستنە بەرچاو.

bring forward, (۱) پێشکەش کردن؛ پیشاندان (بەڵگە)؛ هێنانەپێشەوە (باس):

(Can you bring forward any proof of what you say?)

(۲) هێنانەپێشەوە یا گواستنەوە بۆ لاپەرەیەکی تازە (دەفتەرگری ژمێریاری).

bring home to, تێگەیاندن؛ پیشاندان؛ دەرخستن؛ خستنە مێشکەوە:

(His death brought home to me the value of his friendship.; to bring a point home to a person)

bring in, (۱) لە دەرەوەی وڵاتەوە هێنان.

(۲) وەدەستهێنان؛ دەستخستن؛ لێ دەستکەوتن؛ پیدان (داهات).

(۳) پێشکەش کردن (بریاری سوێندخۆران بە دادگا)؛ ڕاپۆرت دان.

bring off, (۱) هێنانەدی؛ هێنانە بەرهەم؛ بەجێهێنان.

(۲) ڕزگارکردن.

bring on, بوون بە هۆ (ڕوودان):

(He brought the problem on himself. ; Her illness was-brought on by carelessness.)

bring out, (۱) خستنەڕوو؛ دەرخستن؛ ناشکراکردن؛ هەڵماڵین:

(The trial will bring out everything.)

(۲) ئووساندن (شانۆگەری). (۳) بڵاوکردنەوە (پەرتووک، گۆڤار).

(٤) پیشاندان؛ هێنانەپێشەوە. (٥) پێناسینی کچێک بە کۆمەڵ.

bring over, (۱) پێ سەڵماندن؛ ڕا پێ گۆڕین. (۲) هێنان بۆ سەردان.

bring to. (۱) هەناسە هێنانەوەبەر؛ هۆش هێنانەوەبەر.

(۲) وەستاندن (کەشتی).

bring to an end, دوایی پێ هێنان؛ کۆتایی پێ هێنان.

bring to bear on, خستنەسەر (زۆر)؛ ناراستەکردن؛ بەکارهێنان لەگەڵدا (زۆر، هتد):

(You must bring more pressure to bear on him.)

bring to light, خستنەڕوو؛ دەرخستن؛ ناشکراکردن؛ هەڵماڵین.

bring up, (۱) پەروەردەکردن (منداڵ)؛ گەورەکردن؛ بەخێوکردن.

(۲) هێنانەکایەوە؛ پێشکەش کردن (بۆ باسکردن)؛ هێنانەپێشەوە (بۆ لێدووان).

(۳) ڕشانەوە؛ هێنانەوە؛ هەڵهێنانەوە. (٤) لەپڕ وەستان.

bringing-up (briŋ′iŋ-up′), *n.* (۱) پەروەردەکردن؛ بەخێوکردن.

(۲) ڕەووشت فێرکردن.

brink (briŋk), *n.* قەراغ؛ لێوار؛ گوێ؛ کەنار؛ نزیک:

(on the ~ of war ; on the ~ of the grave)

brinkmanship (briŋk′mən-ship′), *n.* بەرەو کارەسات چوون؛ گرتنی ڕێبازی کارەسات نەنجام.

briny (brīn′i), *adj.* سوێر؛ زۆر سوێر؛ تایبەتی بە سوێراو.

brio (brē′ō), *n.* زیتی؛ جۆش؛ جۆش‌وخرۆش؛ گورج‌وگۆڵی.

brioche (brē′ōsh, brē′osh), *n.* جۆرە کولێرەیەکە بە هێلکە‌و کەرەو هەویر دروست دەکرێت.

briolette (brē′ə-let′), *n.* ئەلماسێکی هەرمێ‌ییە لاکانی سێگۆشەیە.

briquette, briquet (bri-ket′), *n.* کولۆ خەڵووزی بەرد

brisance (brē′zäns′), *n.* هێزی وورد‌وخاش کردن یا شکاندن (نەتۆم یا تەقەمەنی).

brisk (brisk), *adj.* (۱) پەلە؛ گورج‌وگۆڵ؛ خێرا: *(a ~ walk)* .

(۲) تیژ خۆش (با)؛ وریاکەرەوە: *(The air was ~ and cold.)* .

(۳) گەرم (بازار): *(Business was ~ yesterday.)* .

brisket (bris′kit), *n.* (۱) سنگی گیاندار. (۲) گۆشتی سنگ.

brisling (bris′liŋ), *n.* جۆرە ماسیەیەکی بچکۆلەیە لە " ساردین " دەچێت.

bristle (bris′'l), *n.* (۱) تووکی زبر یا تیژ (گیاندار، پووەک)؛ درک.

(۲) تووکی گیاندارێک کە دەکرێت بە فڵچە (وەک هی بەران). (۳) تووکی فڵچە.

v.i. (۱) پەق بوون؛ ڕاستبوونەوە.

(۲) ڤژ گیف بوونەوە یا ڕاوەستان (لە تووڕەیی یا ترسدا).

(۳) خۆ گیف کردنەوە (بۆ ئامادەبوون بۆ شەڕ).

v.t. (۱) پەق کردن؛ ڕاستکردنەوە (وەک تووکی درکن). (۲) وەک درک تیژکردن.

bristletail (bris′'l-tāl′), *n.* کلک درکاوی: جانەوەرێکی بێ باڵە تووکی تیژ بە پاشەکەیەوەیەتی.

bristly (bris′li), *adj.* (۱) تووکی تیژدار؛ درکاوی.

(۲) تیژ (وەک درک یا تووکی تیژ).

brit, britt (brit), *n.pl.* (۱) بەچکەی هەندێک ماسی‌یە.

(۲) بوونەوەرێکی بچووکی دەریایە (نەهەنگ‌و هەندێک ماسی لەسەری دەژین).

Britain (brit′'n, brit′ən), *n.* بەریتانیا.

Britannia metal, britannia metal, داڕشتەیەکە لە مس‌و تەنەکە‌و نەنتیمۆن پێکدێت.

Britannic (bri-tan′ik), *adj.* بەریتانی
Briticism (brit′ə-siz′m), *n.* ووشە یا زاراوەیەکی تایبەتیی بە زمانی ئینگلیزی بەریتانیا: *("Petrol" is a B~ for "gasoline".)*
British (brit′ish), *adj.* (١) تایبەتی بە بەریتانیا و هاووڵاتیی بەریتانی؛ بەریتانی؛ ئینگلیزی. (٢) تایبەتی بە کۆمونوێڵسی بەریتانی.
n. زمانی ئینگلیزی؛ زمانی ئینگلیزی بەریتانیا.
the British, هاووڵاتیانی بەریتانیا؛ خەڵکی بەریتانیا؛ بەریتانییەکان
British English, زمانی ئینگلیزی بەریتانیا.
Britisher (brit′ish-ēr), *n.* ئینگلیز؛ ئینگلیزێک؛ هاووڵاتیی بەریتانیا
Briton (brit′′n, brit′ən), *n.* (١) هاووڵاتیی بەریتانیا؛ کەسێکی بەریتانی؛ کەسێکی بەریتانی یا کۆمونوێڵسی بەریتانی (٢) دانیشتوویەکی بەریتانیای کۆن (لەپێش داگیرکردنی بەریتانیا لەلایەن ڕۆمانەکانەوە).
britska, britzka, britzska (brits′kə), *n.* جۆرە عەرەبانەیەکە سەرەکەی هەکرێتەوە.
brittle (brit′′l), *adj.* قرچۆک؛ ناسک.
n. شیرینیی‌یەکی قرچۆک یا ناسک.
broach (brōch), *n.* (١) شیشی گۆشت برژاندن؛ شیشی کەباب؛ شیش. (٢) شیشی کۆن پێ گەورەکردن. (٣) نەسکەنە. (٤) کۆن؛ کونی بە ئامێر کراو. (٥) یەخەبەند.
v.t. (١) کۆن کردن (بۆ شلە لێ دەرهێنان): *(to ~ a keg).* (٢) شلە لێ دەرهێنان (بەرمیل، دەفر). (٣) کۆن گەورەکردن (٤) (ا) هێنانەپێشەوە بۆ باسکردن؛ لێدووان: *(to ~ a subject).* (ب) ناشکراکردن؛ بڵاوکردنەوە؛ درکاندن: *(to ~ a plan).*
broad (brôd), *adj.* (١) پان. (٢) فراوان. (٣) ڕوون؛ ڕووناک؛ دیار: *(~ daylight).* (٤) ئاشکرا؛ دیار: *(a ~ purpose).* (٥) قورس (شێوەی قسەپێکردنی زمانێک لەلایەن بێگانەوە): *(a ~ accent).* (٦) هەڵمااڕاو؛ ناشرین: *(a ~ joke).* (٧) مێشک کراوە: *(a ~ mind; He takes a ~ view of the matter.).* (٨) بێ سنوور؛ گشتگر: *(a ~ statement).* (٩) گشتی؛ بنچینەیی: *(a ~ outline of the subject).* (١٠) کراوە (بێژانی درێژی تیپ) (دەنگسازی) (وەک تیپی " a " لە ووشەی " father " دا).
adv. بە تەواوی؛ هەمووی.
n. (١) بەشە یانەکەی شتێک. (٢) [Slang] . کچ؛ ژن.
broad arrow, (١) تیری سەربان (٢) نیشانەیەکە میری ئینگلتەرە دەیدات لە مااڵ و موڵکی میری و جڵوبەرگی بەندەکان
broadax, broadaxe (brôd′aks′), *n.* تەورێکی زل دەم پان.
broad bean, (١) باقلە (٢) ڕووەکی باقلە
broadbill (brôd′bil′), *n.* (١) باڵندەیەکی دەنووک کورت و پانە (٢) جۆرە ماسییەکی دەریایە شمویلگەی سەرەوەی درێژە وەک دەنووک یا شمشێر پێشی دەوترێت. " swordfish ").
broadbrim (brôd′brim′), *n.* (١) شەپقەی قەراغ پان. (٢) [Colloq.] [B-]، کووپکەر: ئەندامی کۆمەڵێکی ئایینی لاشەڕی ئەمەریکاییە ناوی " کووپکەرز " ە.
broadcast (brôd′kast′, brôd′käst′), *v.t.* (١) تۆواندن (دانەوێڵە)؛ پەرش‌وبڵاوکردنەوە. (٢) دەنگوباس بڵاوکردنەوە. (٣) بڵاوکردنەوە (بە ڕادیۆ، تەلەفزیۆن، سەتەلایت... هتد)
v.i. بڵاوکردنەوە (ڕادیۆ، تەلەفزیۆن)؛ بڵاوکراوە
adj. (١) بڵاو؛ بڵاوبووەوە. (٢) تایبەتی بە ڕادیۆ تەلەفزیۆن.
n. (١) بڵاوکردنەوە (ڕادیۆ، تەلەفزیۆن). (٢) بەرنامەی بڵاوکراوە (لەسەر ڕادیۆ یا تەلەفزیۆن): *(a television ~).*
adv. بە هەموولایەکدا.
broadcaster (brôd′kas′tēr, brôd′käs′tēr), *n.* (١) بێژەر، بڵاوکەرەوە (لەسەر ڕادیۆ یا تەلەفزیۆن). (٢) ئامێر یا هۆی بڵاوکردنەوە (ڕادیۆ، تەلەفزیۆن).
broadcloth (brôd′klôth′, brôd′kloth′), *n.* (١) چۆخ؛ چۆغە. (٢) قوماشی ئاوریشم یا کەتان.
broaden (brôd′′n), *v.t.* فراوان کردن؛ پان کردن؛ گەورەکردن.
v.i. فراوان بوون؛ پان بوون؛ گەورەبوون.
broad-gauge (brôd′gāj′), *adj.* (١) پان؛ فراوان. (٢) [Colloq.]، مێشک کراوە؛ مێشک فراوان.
broad guage, (١) هێڵی ئاسنی پان. (٢) شەمەندەفەری پان.
broad-gauged (brôd′gājd′), *adj.* = broad-gauge.
broad jump, بازدی درێژ (بە گوڕەوە یا بەبێ گوڕەوە).
broadleaf (brôd′lēf′), *n.* تووتنی گەڵاپان (بۆ سیگار درووستکردن).
broadloom (brôd′lōōm′), *adj.* پان (فەرش، بەرە، پاخەر)
broad-minded (brôd′mīn′did), *adj.* مێشک کراوە؛ مێشک فراوان.
broadside (brôd′sīd′), *n.* (١) لاتەنیشتی سەرئاوی کەشتی. (٢) سەرجەمی ئەو تۆپ و تفەنگەی دەتوانرێت بتەقێنرێت لە لاتەنیشتی کەشتێیەکی جەنگەوە. (٣) تەقاندنی هەموو تۆپ و تفەنگێکی دابەستراو بە لایەکی کەشتی جەنگدا. (٤) هێرشێکی تووند بەکار (لە ڕۆژنامەدا). (٥) ڕووی پانی شتێکی گەورە.
(٦) پەڕەیەک کاغەزی گەورە (کە هەر لەسەر لایەکی شت نووسرابێت).
(٧) [Colloq.]، جوێن؛ هێرشی تووندوتیژی بەدەم.
adv. لە باری درێژی: *(The ship came ~ to the dock.).*
broadsword (brôd′sôrd′, brôd′sōrd′), *n.* شمشێرێکی دەم پان.
broadtail (brôd′tāl′), *n.* (١) مەڕی دووگدار؛ مەڕی دووگ زل. (٢) پێستەی بەرخی ئەم مەڕە بە خورییەکەیەوە؛ فەرەی ئەم جۆرە خورییە
Broadway (brôd′wā′), *n.* (١) بڕۆدوەی: شەقامێکی گەورەی بەناوبانگە لە نیویۆرک بە شانۆ تیاترۆ یانەی شەو ناسراوە.
(٢) ناوچەی شانۆ تیاترۆ یانەی شەو لە نیویۆرک.
brocade (brō-kād′), *n.* قوماشی نەقش‌ونیگاراوی.
v.t. چنینی نەقش‌ونیگار لەسەر قوماش.
brocaded (brō-kād′id), *adj.* نەقش‌ونیگار لەسەر چنراو.
brocatel, brocatelle (brok′ə-tel′), *n.* قوماشی نەقش‌ونیگار لەسەر چنراو (کە بۆ بەرگ تێگرتن بەکاردەهێنرێت).
broccoli (brok′ə-li), *n.* سەوزەیەکە لە توخمی قەڕنابیت.
broché (brō-shā′), *adj.* نەقش‌ونیگار لەسەر چنراو.
brochette (brō-shet′), *n.* شیشی بچووکی کەباب.
brochure (brō-shoor′, brō-shyoor′), *n.* نامیلکە.
brock (brok), *n.* گۆزەنکەنە.
brocket (brok′it), *n.* (١) ئاسکێکی نێرینەی دووساڵە. (٢) ئاسکێکی بچووکی شاخ کورتی نەمەریکای باشووری.
brogue (brōg), *n.* زمانی ئینگلیزی ئیرلەندە؛ زاراوەی ناوچەیی.
brogue (brōg), *n.* (١) پێڵاوێکی ئیرلەندییە. (٢) پێڵاوێکی ئینگلیزییە.
brogue (brōg), *n.* فێڵو تەڵەکە.
broider (broi′dēr), *v.t.* [Archaic], = embroider.
broidery (broi′dēr-i), *n.* [Archaic], = embroidery.
broil (broil), *v.t.* لێنان، برژاندن، یا پێشاندن لەناو فڕن یا تەنووردا.
v.i. (١) لێنران، برژان، یا پێشان لەناو فڕن یا تەنووردا. (٢) تووڕەبوون؛ شێتگیربوون.
n. (١) لێنان یا برژان لەناو فڕن یا تەنووردا؛ گەرمایی‌یەکی زۆر. (٢) خواردەمەنی‌یەکی برژاو، لێنراو، یا پێشێنراو لەناو فڕندا.
broil (broil), *n.* دەمەقاڵێ؛ شەڕەقسە.

broiler (broil′ēr), *n.* (۱) بەشی ژێرەوەی فڕێ (کە خواردەمەنی تێدا دەبرژێنرێت یا دەبیشێنرێت) (۲) دەفری خواردەمەنی تێدا برژان لەناو فڕندا (۳) مریشکی برژاو لەناو فڕندا

brokage (brō′kij), *n.* دەڵاڵی؛ مزی دەڵاڵی

broke (brōk), *past tense and archaic p.p. of* break.

adj. نابووت؛ مایەپووچ؛ بێ پارە: *(He is ~ .)*

go broke, [Slang], مایەپووچ بوون؛ نابووت بوون

go for broke, [Slang], سەروماڵ لەبێناودا دانان

broken (brō′kən), *past participle of* break.

adj. (۱) شکاو؛ بەککەوتوو؛ سەقەت (۲) پاشەگەڕاو؛ شکاو: *(a ~ promise)* (۳) بێ هێز کراو؛ بێ هێز (٤) شکێنراو: *(a ~ spirit)* (٥) مایەپووچ؛ نابووت (٦) پچڕپچڕ (۷) شەق وشڕ؛ شەق وپەق؛ ناتەواو؛ شکاو: *(He speaks ~ English.)* (۸) گیراو (حەوانووە ئەسپ): *(a ~ horse)* (۹) پلە هێنرە وە خوارەوە؛ پلە کەم کراوە

broken-down (brō′kən-doun′), *adj.* (۱) نەخۆش؛ پەرتشان (۲) پەککەوتوو؛ شکاو؛ لەکارکەوتوو (مەکینە)؛ بەکارنەماو

brokenhearted (brō′kən-här′tid), *adj.* دڵ شکاو؛ حەفەتبار؛ غەمبار؛ جەرگ برا

broker (brō′kēr), *n.* (۱) دەڵاڵ؛ حامباز (۲) دەڵاڵی بۆرسە یا پارەبازی

brokerage (brō′kēr-ij), *n.* (۱) دەڵاڵی؛ دەڵاڵێتی (۲) مزی دەڵاڵ؛ دەڵاڵی

bromal (brō′mal), *n.* شلەیەکی بێ ڕەنگی بۆنداری چەورە (کیمیا)

bromate (brō′māt), *n.* بڕۆمات؛ خوێی ترشی بڕۆم

v.t. (۱) بڕۆمات تێکەڵاوکردن (۲) بڕۆمات لێدان

bromic acid, ترشی بڕۆم

bromid (brō′mid), *n.* = bromide.

bromide (brō′mid, brō′mid), *n.* (۱) بڕۆم (کیمیا)؛ بڕۆمید (۲) ووتەیەکی پەڕپووت؛ کلیشە (۳) [Slang]. قسەی پەڕپووت کە

bromidic (brō-mid′ik), *adj.* پەڕپووت و بێ تام (ووتە)

brominate (brō′mi-nāt′), *v.t.* بڕۆم لێدان و تێکەڵاوکردن (کیمیا)

bromine (brō′mēn, brō′min), *n.* بڕۆم (کیمیا)؛ بڕۆمین

bronchi (broŋ′kī), *n. plural of* bronchus.

bronchial (broŋ′ki-əl), *adj.* تایبەتی بە بۆری هەوا

bronchial tubes, بۆری هەوا (بزیشکەوانی)

bronchitis (broŋ-kī′tis), *n.* هەوکردن یا داگیرسانی بۆری هەوا؛ نەخۆشی بۆری هەوا

broncho (broŋ′kō), *n.* = bronco.

broncho- (broŋ′kō, broŋ′kə), پێشگرێکە بەمانای بۆری هەوا

bronchopneumonia (broŋ′kō-nōō-mō′nyə, broŋ′kō-nū-mō′ni-ə), *n.* هەوکردن یا داگیرسانی بۆری هەواو پەڕەی سیپەکان

bronchoscope (broŋ′kə-skōp′), *n.* ئامێری پشکنین و دەرمان کردنی بۆری هەوا

bronco (broŋ′kō), *n.* ئەسپێکی کورتەباڵای کێوی یا نیمچەکێویە لە پۆژئاوای ئەمەریکا

broncobuster (broŋ′kō-bus′tēr), *n.* کاوبۆیەکە کە ئەسپی " بڕۆنکۆ " ڕەگرێت یا دەهێنێتە بەبار

brontosaurus (bron′tə-sôr′əs), *n.* بڕۆنتۆسۆر دایناسۆرێکی زل ئەمەریکی قرتێکەوتووە

bronze (bronz), *n.* (۱) بڕۆنز داڕشتەیەکی مس و تەنەکەیە (۲) پەیکەرێکی بڕۆنزی؛ شتێکی بڕۆنزی (۳) ڕەنگی قاوەیی سووربای

adj. بڕۆنزی؛ لە بڕۆنز دروستکراو

v.t. وەک بڕۆنز لێکردن؛ ڕەنگی وەک ڕەنگی بڕۆنز لێکردن

v.i. ڕەش داگیرسان (مرۆڤ لەبەر هەتاوەدا)

Bronze Age, چەرخی بڕۆنزی: ئەو چەرخەیە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا کە ئامێری لە بڕۆنز تێدا دروست دەکرا

bronzy (bron′zi), *adj.* بڕۆنزی؛ وەک ڕەنگی بڕۆنز؛ قاوەیی سووربای

brooch (brōch, brōōch), *n. Also* broach, یەخەبەند (ژنانە)

brood (brōōd), *n.* (۱) جووچک؛ جووجەڵە؛ بەچکەی باڵندە (۲) کۆمەڵێک جووجەڵەی پێکەوە هەڵهاتوو یا بەخێوکراو (۳) وورد‌یلەکانی خێزانێک؛ منداڵی ماڵێک (٤) توخم؛ چەشن؛ جۆر: *(a ~ of ideas)*

v.t. (۱) هەڵهێنان (هێلکە)؛ لەسەر کڕکەوتن و هەڵهێنان (۲) باڵ بەسەرداگرتن یا کێشان و پاراستن

v.i. (۱) هەڵهێنان (هێلکە)؛ لەسەر کڕکەوتن؛ کڕکەوتن (۲) بە قوڵی بیرلێکردنەوە و مەراق خواردن؛ پیش خواردنەوە: *(He is still ~ing over his misfortunes. ; He ~s all the time.)*

brood on (or over), (۱) باڵ بەسەردا گرتن یا کێشان؛ خول خواردن یا خۆلانەوە بەسەردا (۲) زۆر بیرکردنەوە و مەراق خواردن؛ پیش خواردنەوە

brooder (brōōd′ēr), *n.* (۱) کڕ (مریشک، باڵندە) (۲) مەکینەی هێلکە هەڵهێنان؛ شوێنێکی گەرم بۆ جووجەڵە پەروەردەکردن (۳) کەسێکی زۆر بیرکەرەوە و مەراق خۆر؛ کەسێکی کڕکەوتوو

broody (brōōd′i), *adj.* (۱) کڕ (مریشک، باڵندە) (۲) زۆر بیرکەرەوە و مەراق خۆر

brook (brook), *n.* جۆگەلە؛ جۆگە

brook (brook), *v.t.* دەربردن؛ دان بەخوداگرتن: *(I cannot ~ his insolence.)*

brooklet (brook′lit), *n.* جۆگەلە

broom (brōōm, broom), *n.* (۱) گسک (۲) دەوەنێکی گەڵا وردی لق باریکی گول ڕەنگینە

v.t. گسک لێدان؛ ماڵین

broomstick (brōōm′stik′, broom′stik′), *n.* دەسکی گسک؛ کلکی گسک

broth (brôth, broth), *n.* گۆشتاو؛ فڕوجاو؛ شۆربای ڕوون

brothel (brôth′əl, broth′əl, bro*th*′əl), *n.* قەحبەخانە

brother (bru*th*′ēr), *n.* (۱) برا (۲) زۆربرا (۳) برادەرێکی زۆر نزیک (٤) کەسێکی هاوپەگەز، هاوپیشە، هاوبیر، هاوخوێن؛ هاوڕێ (٥) قەڵەندەر؛ سۆفی؛ ئەندامی کۆمەڵێکی ئایینی

brotherhood (bru*th*′ēr-hood′), *n.* (۱) برایەتی (۲) برادەرێتی؛ هاوڕێیەتی (۳) ڕێکخراوێکی هاوپیشە، هاوبیروباوەڕ، هاوڕەگەز... هتد (٤) هەموو ئەندامانی پیشەیەک؛ ئەندامانی جڤاتێک

brother-in-law (bru*th*′ēr-in-lô′), *n.* ژن برا؛ زاوا؛ ئاوەڵ زاوا؛ شووبرا

brotherliness (bru*th*′ēr-li-nis), *n.* برایەتی؛ هەستی برایانە؛ هەستی برایەتی

brotherly (bru*th*′ēr-li), *adj. & adv.* برایانە؛ وەک برا

brougham (brōōm, brōō′əm), *n.* (۱) عەرەبانەی سەرگیراو (۲) جۆرە ئۆتومبێلێکە

brought (brôt), *past tense and p.p. of* bring.

brow (brou), *n.* (۱) برۆ (۲) ناوچەوان (۳) ڕووخسار؛ سەروچاو؛ ڕوو: *(an angry ~)* (٤) قەراغی لێژاڵیەک؛ لاسەرووی گردێک

knit one's brows, ڕووی خۆ گرژکردن؛ دەموچاوی خۆ مۆن کردن

browbeat (brou′bēt′), *v.t.* بەچەترسێن کردن (بە ڵێ مۆربوونەوە یا بەسەردا قیژاندن): *(to ~ a person into doing something)*

brown (broun), *adj.* (۱) قاوەیی؛ بۆر (۲) گەنم ڕەنگ؛ ڕەشکەلە؛ ڕەشتاڵە

v.t. & v.i. (۱) قاوەیی کردن؛ ڕەش داگیرسان. (۲) زەردکردن (گۆشت).

brownie (broun′i), *n.* (۱) جنۆکەیەکی بچووکە (کە بەگوێرەی ئەفسانە ئیشوکاری ناوماڵ دەکات بۆ خەڵک بە شەو). (۲) [B-]، کچێکە لە تیپی دیدەوانیدا لەنێوان تەمەنی هەشت تا یانزە ساڵیدا. (۳) قاشە کێکێکی چوکلێتە فستۆق گوێزو بادەمی تێدایە.

brownish (broun′ish), *adj.* لە قاوەیی دەچێت؛ مەیلەو قاوەیی.

brownnose (broun′nōz′), *n.* مەراییکەر؛ پشی پشی کەر.

v.i. & v.t. مەرایی کردن؛ پشی پشی کردن.

brownout (broun′out′), *n.* چرای شار کوژاندنەوە (لە ترسی دوژمن یا بۆ ووزە کەم کارکردن یا بڕانی کارەبا)؛ نیمچە تاریک کردنی شار.

brown rice, برنجی نەکوتراو؛ برنجی تونکاوی.

brown shirt, Brown Shirt, (۱) کراس بۆر. ئەندامێکی میلیشیای نازی ئەڵمانیا. (۲) نازی؛ کەسێکی نازی؛ هیتلەرپەرست.

brownstone (broun′stōn′), *n.* بەردە قاوەیی بەردێکی لەمینە خانووی پێ دروست دەکرێت.

brown sugar, شەکری بۆر.

browse (brouz), *n.* گەڵا و تەرزو لق‌وپۆپی درەخت‌و ڕووەک کە گیاندار دەیخوات.

v.t. (۱) مرومووش کردن؛ خواردن. (۲) لەوەڕین؛ لێ لەوەڕین.

v.i. (۱) خواردن (گەڵا و لق‌وپۆپ‌و تەرز). (۲) چاوپێداخشاندن (پەرتووک‌و گۆڤارو ڕۆژنامە لە کتێبخانەدا). (۳) سەیرکردن بە شێنەیی (شتوومەکی ناو بازاڕ یا شوێنی تر).

bruin (brōō′in), *n.* وورچ.

bruise (brōōz), *v.t.* (۱) ڕووشاندن؛ شین کردنەوە (پێست)؛ بریندارکردن. (۲) هاڕین (بە دەسک‌و هاوان). (۳) هەست نازاردان؛ هەست بریندارکردن.

v.i. . (He ~s easily.) ڕووشان؛ شین بوونەوە (پێست)؛ هەست برینداربوون.

n. (۱) ڕووشاوی؛ ڕووشان؛ شین بوونەوە. (۲) ڕووشاوی پێستی میوە.

bruiser (brōōz′ēr), *n.* (۱) بۆکسبازێکی بەهێز. (۲) شەڵاتی؛ کەسێکی شەڕانی قاو؛ دەبدەبە.

bruit (brōōt), *n.* [Archaic], قاوخستنەوە؛ تەپڵ بۆ هەڵگرتن.

v.t.

brumal (brōō′m'l), *adj.* زستانی؛ زستانە.

brume (brōōm), *n.* تەم؛ تەومز؛ هەڵم.

brummagem (brum′ə-jəm), *adj.* [Colloq.], دروزنە؛ بازاڕی؛ بریقەدارو هەرزانبەها.

n. [Colloq.], شتی بریقەدارو بێ نرخ (بەتایبەتی خشڵ).

brunch (brunch), *n.* ژەمی بەرچایی‌و قاوەڵتی پێکەوە (کە نەختێک پێشتر نیوەڕۆ دەخورێت)؛ نانی بەیانی‌و نیوەڕۆ پێکەوە.

brunet (brōō-net′), *adj.* گەنم ڕەنگ؛ قژڕەش‌و چاوڕەش؛ سەوزەڵە.

n. پیاوێک یا کوڕێکی سەوزەڵە؛ نێرینەیەکی قژڕەشی چاوڕەش.

brunette (brōō-net′), *adj.* = brunet.

n. نافرەتێکی قژڕەشی چاوڕەشی گەنم ڕەنگ؛ نافرەتێکی سەوزەڵە.

brush (brush), *n.* (۱) فڵچە (قژداهێنان، جل، بۆیە، ددان)؛ ڕێنک. (۲) فڵچەکاری؛ پاکردنەوە یا بۆیەکردن. (۳) کلکی تووکن (وەک هی ڕێوی). (٤) لێخشان؛ بەناستەم بەرکەوتن. (٥) فڵچەکاری؛ شێوازی فڵچە بەکارهێنانی هونەرمەندێک. (٦) تەڵ. شیش، یا پەڕەیەکی گەیەنەری کارەبایی.

v.t. (۱) قژداهێنان؛ فڵچەلێدان؛ بۆیەکردن؛ پاکردنەوە بە فڵچە؛ ڕێنک کردن. (۲) لێخشاندن؛ بەناستەم لێدان یا بەرکەوتن؛ لێکەوتن. (۳) لابردن بە فڵچە یا وەک بە فڵچە.

v.i. (۱) بەلادا تێپەڕبوون‌و بەرکەوتن؛ لێخشان؛ بەناستەم بەرکەوتن؛ بەناستەم پاڵ پێوەنان یا لابردن. (۲) فڵچە بەکارهێنان.

brush aside (or away), (۱) لابردن؛ خستنە نەولاوە؛ پاڵ پێوەنان. (۲) گوێ پێ نەدان؛ بایەخ پێ نەدان:

(He brushed aside all criticism of his conduct.) لە کۆڵ خۆ کردنەوە؛ دەرکردن؛ پاڵ پێوەنان (مەجاز)؛ خۆ لێ ڕزگارکردن: *(She brushed him off.)* .

brush off,

brush up, (۱) پاکردنەوە؛ جوان کردن؛ ڕێکخستن. (۲) دەمەزەردکردن (مەجاز)؛ خوێندنەوەو هێنانەوەبیر خۆ؛ فێربوونەوە: *(I want to brush up on my English.)*

brush (brush), *n.* (۱) (أ) دارو دەوەن‌و بنچڵ‌و پووش. (ب) شوێنێکی دارو دەوەن‌و بنچکاوی؛ بێشە. (۲) دەشتی دارو دەوەناوی کەم ئاوەدانی. (۳) لق‌و پۆپی بڕاوو شکاو.

brush (brush), *v.i.* بە پەلە ڕۆیشتن؛ پەلەکردن؛ خێراکردن.

n. بەرەنگاربوون؛ تووش بوون؛ بەیەکداهاتن: *(He had a ~ with death.)*

brush-off (brush′ôf′), *n.* [Slang], دەرکردن؛ پاڵ پێوەنان.

give (a person) the brush-off, لە کۆڵ خۆ کردنەوە؛ پاڵ پێوەنان؛ دەرکردن؛ خۆ لێ ڕزگارکردن بە پەلە.

brushwood (brush′wood′), *n.* (۱) لق‌وپۆپی بڕاو یا کەوتوو. (۲) بنچڵ‌و دەوەن‌و گژوگیا؛ بێشەڵان.

brushwork (brush′wŭrk′), *n.* (۱) فڵچەکاری؛ نیگارکێشی. (۲) شێوازی نیگارکێشی تایبەتی هونەرمەندێک: *(Renoir's ~)* .

brushy (brush′i), *adj.* زبر؛ تووکن؛ پڕ تیسکی زبر.

brushy (brush′i), *adj.* بنچکاوی؛ بە بنچڵ‌و دەوەن‌و گژوگیا داپۆشراو.

brusque (brusk, broosk), *adj.* لەڕوو (قسە)؛ ووشک‌و ڕەق‌و ناشرین (جۆری قسەکردن‌و ڕەفتارکردن لەگەڵ خەڵکدا)؛ قسەڕەق.

Brussels sprouts, سەوزەیەکە ئەوەندەی گوێزێکە لە توخمی کەلەرمە.

brutal (brōō′t'l), *adj.* دڕندە؛ دڕندانە؛ بێ بەزەیی؛ دڵڕەق.

brutality (brōō-tal′ə-ti), *n.* (۱) دڕندەیی؛ بێ بەزەیێتی؛ دڵڕەقی. (۲) کردەوەیەکی دڕندانە.

brutalize (brōō′t'l-īz′), *v.t.* (۱) وەک دڕندە لێکردن؛ کردن بە دڕندە. (۲) بە دڕندانە لەگەڵ جوواڵنەوە؛ ئازاردان.

-brutalization *(n.).*

brute (brōōt), *adj.* (۱) بێ میشک: *(a ~ beast)* . (۲) بێ هەست: *(the ~ force of nature)* . (۳) چوارپێ؛ گیانداری (٤) دڕندە؛ بێ بەزەیی؛ دڵڕەق؛ کەر.

n. (۱) چوارپێ (کێوی یا ماڵی)؛ گیاندار. (۲) کەسێکی چوارپێ؛ کەسێکی کەرو بێ میشک.

brutify (brōō′tə-fī′), *v.t. & v.i.* = brutalize.

brutish (brōōt′ish), *adj.* (۱) دڕندە؛ بێ بەزەیی؛ دڵڕەق. (۲) کەرو بێ میشک؛ چوارپێ؛ کەرتر: *(He is ~ .)* .

bryology (brī-ol′ə-ji), *n.* زانستی قەوزە (زیندەوەرزانی)؛ قەوزەناسی.

bryony (brī′ə-ni), *n.* چەند جۆرە ڕووەکێکە لە توخمی کوولەکە.

bryophyte (brī′ə-fīt′), *n.* قەوزە.

bryozoan (brī′ə-zō′ən), *adj.* قەوزەیی (گیانداری ئاوی زۆر بچووک)

n. گیانداری ئاوی زۆر بچووکی قەوزەیی.

B.S., = Bachelor of Science.,

B.Sc., = Bachelor of Science.

bub (bub), *n.* [Colloq.], بڕا (لەڕووی خۆشەویستی‌یەوە بۆ بانگ کردن).

bubal, bubale (bū′b'l), *n.* = bubalis.

bubalis (bū′bə-lis), *n.* کەلەکێوی‌یەکی ئەفەریقایی‌یە.

bubble (bub′'l), *n.* (۱) بڵق؛ سابوون یا بڵقی ئاو: *(soap ~s)* . (۲) پیلان یا بیرۆڕایەکی خەیاڵی، فشەڵ، یا هیچ‌وپووچ. (۳) بڵقەبڵق؛ قڵپەقڵپ.

v.i. (۱) بڵقەبڵق کردن؛ بڵقەبڵق هاتن. (۲) قوڵپ دان؛ کوڵان.

v.t. (۱) هێنانە فوڵپ؛ قوڵپ پێدان. (۲) هێنانە بڵقەبڵق (۳) [Archaic]. دەستپێن؛ خەڵەتاندن؛ فێڵ لێکردن.

bubble over, (۱) هەڵچوون (شلەی کوڵاو). (۲) خۆ نۆ ڕ نەگیران لە خۆشیدا؛ هاتنە جۆش.

bubble bath, (۱) گەرماوی ناو بانیۆ بە سابوونی بۆنخۆش و کەفاوی‌یەوە (۲) سابوونی بۆنخۆش و کەفاوی وەها.

bubble gum, بنێشتی بڵقدار (لەکاتی جوویندا دەتوانرێت بڵقی پێ دروست بکرێت).

bubbler (bub′lēr), *n.* پلووسک کە ئاوی کانیاوی لێوە دەخورێتەوە بە دەست یا بە دەم.

bubbly (bub′li), *adj.* (۱) بڵقاوی؛ بڵقەبڵقکەر: *(a ~ liquid)* . (۲) کەیف قنج و بەجۆش‌وخرۆش: *(a ~ group of people)* .

bubo (bū′bō), *n.* ئاوسانی لووی لەمفاوی بن باڵ و بن ران؛ خەیارە. **-bubonic** *(adj.).*

bubonic plague, تاعوونە ڕەشە

bubonocele (bū-bon′ə-sēl′), *n.* نیمچە قوڕی.

buccal (buk′l), *adj.* (۱) تایبەتی بە ڕوومەت؛ گۆنەیی (۲) تایبەتی بە ئاودەم؛ دەمی

buccaneer (buk′ə-nēr′), *n.* چەتەی دەریا.

buccinator (buk′si-nā′tĕr), *n.* ماسولکەیەکی تەنکە لەنێوان ڕوومەت و سووچی دەمدا.

bucentaur (bū-sen′tôr), *n.* (۱) گیانداریکی نەفسانەیی‌یە نیوەی مرۆڤ و نیوەکەی تری گایە. (۲) کەشتی‌یەکی میری " ڤینیسیا " ی کۆنە.

buck (buk), *n.* (۱) نێرەی ئاسک و بزنەکێوی و کەروێشک. (۲) هەڵتووراندن؛ هەڵتیزان. (۳) شۆقدان؛ قۆچدان؛ قۆچ هاویشتن. (٤) پیاوێکی تەپۆش. (٥) [Colloq.] هەرزەکارێکی قولەڕەش (لەڕووی سووکی‌یەوە).

v.i. (۱) هەڵتبڕ ن ؛ بەتایبەتی ئەسپ یا هێستر کە بیەوێت سوارەکە بگلێنێت). (۲) شۆقد ر ؛ قۆچدان؛ قۆچ هاویشتن. (۳) [Colloq.] بەرهەڵستی کردن بەتوندی؛ سڵ کردنەوە؛ مان گرتن. (٤) [Colloq.] هەڵبەزودابەزکردن (ئوتومبیل)؛ بە تەکان ڕۆیشتن.

v.t. (۱) قۆچ لێدان؛ شۆق لێدان (۲) هێرش بردنەسەر بە تۆپەوە ؛یاری فوتبۆڵی نەمەریکی). (۳) سوار حستنەخوارەوە (ئەسپ، هێستر) (٤) [Colloq.] بەرهەڵستی کردن بەتوندی؛ دژەستان.

buck for, [Military Slang], هەوڵ نۆ دن ؛پنە بەرزبوونەوە)

buck up, [Colloq.], دڵی خۆ خۆش کردن؛ غیرەت دانەبەر خۆ؛ خۆ گورج وگۆڵ کردنەوە؛ ووڕە نانەبەر خۆ؛ شان دانەبەر (ناخۆشی).

buck (buk), *adj.* [Military Slang]. نزمترین پلەی پۆلێک یا چینێک (سویا: *(a ~ private)* .

buck (buk), *n.* (۱) ئەسپەداربنە (دارتاشی) (۲) ئەسپەداربنەی بە چەرم داپۆشراو (تەنافبازی).

buck (buk), *n.* [Slang]. دۆلار

a fast buck, پارەی بەئاسانی و خێرا دەستکەوتوو؛ پارەی بەلاش. *(to try to make a fast buck)*

buck (buk), *n.* نیشانەیەکە لەبەردەمی نەو یاریکەرەدا دادەنرێت کە جاری دوایی نۆبەیەتی کاغەز بدات

pass the buck, [Colloq.]. لۆمە یا بەرپرسیاری لەسەر خۆ لابردن و سەپاندنی بەسەر یەکێکی تردا

buckaroo (buk′ə-roo′, buk′ə-roo′), *n.* = cowboy.

buck bean, پووەکێکی زۆنگاوی گوڵ سپی و پەمەیی و گەڵ سێ فلیقانەیە

bucker (buk′ĕr), *n.* وڵاخی حووتەهاوێژو هەڵتیزێن (ئەسپ، هێستر).

bucket (buk′it), *n.* (۱) سەتڵ (۲) دۆلکە (۳) پڕ سەتڵێک

v.t. (۱) ناوەهەڵێنجان بە سەتڵ؛ ئاوکێشان یا شلە گواستنەوە بە سەتڵ و دۆلکە؛ کردنە سەتڵ یا دۆلکەوە. (۲) [Colloq.]، خێرا ئەسپ لێخوڕین؛ ئەسپ ڕەتاندن.

v.i. (۱) بە پەلەو هەڵبەزودابەز ڕۆیشتن؛ تەکان دان. (۲) پەلەکردن؛ خێراکردن.

kick the bucket, [Slang], مردن.

bucketful (buk′it-fool′), *adj.* پڕ سەتڵێک.

bucket seat, کورسی‌یەکی یەک کەسی پشت خڕە بەپێشدا دەنووشتێنرێتەوە (لە ئوتومبیل و فرۆکەدا بەکاردەهێنرێت).

bucket shop, دووکان یا کۆمپانیای پارەبازی؛ دەزگای پارەبازی.

buckeye (buk′ī′), *n.* (۱) شابەڕووی ئەسپ: دارەختێکی گوڵ ڕەنگینی گەڵا گەورەیە تۆزەکەی لە کیسەی دڕکاوییدایە. (۲) تۆزی ئەم دارەختە. (۳) [B-] [Colloq.]، دانیشتوویەکی ویلایەتی " ئۆهایۆ " ی ئەمەریکی‌یە.

buck fever, [Colloq.], جۆشوخرۆشی ڕاوچی تازە (کە بۆ یەکەم جار نێچیر بەدی دەکەن).

buckhound (buk′hound′), *n.* تانجی؛ سەگی ڕاوە ئاسک.

buckish (buk′ish), *adj.* تەپۆش؛ تایبەتی بە تەپۆشی.

buckle (buk′l), *n.* ئاوزوونە (پشتێنی قایش، زین، پۆستاڵ).

v.t. (۱) ئاوزوونەلێدان؛ بە ئاوزوونە لێکدان. (۲) پێکەوەبەستن؛ لێکدان

v.i. (۱) ئاوزوونە لێدران؛ بە ئاوزوونە پێکەوەبەستران. (۲) زۆران گرتن؛ جەنگ دانە یەک.

buckle down, بە دڵ کۆشش کردن؛ شان دانەبەر کار؛ چاک بەلادا کردن.

buckle up, خۆ بەستنەوە (بە پشتێنی ئاو نوتومبیل یا فرۆکە).

buckle (buk′l), *v.i.* نووشتانەوە (لەژێر زەبر یا قورساییدا)؛ چەمانەوە؛ چەمینەوە؛ پسان؛ هەرەس بردن: *(The steel beams ~d.)* .

v.t. نووشتاندنەوە؛ چەماندنەوە؛ پساندن.

buckle under, [Colloq.], هەرەس بردن (مرۆڤ)؛ ڕووخان؛ خۆ بەدەستەوەدان؛ شکان (لەبەردەمی زەبروزەنگدا)؛ ملدان؛ کۆڵدان: *(He didn't buckle under pressure.)*

buckler (buk′lēr), *n.* (۱) زرێپەکی بچووکە بە دەستەوە دەگیرێت یا دەکرێتە قۆڵەوە. (۲) پارێزەر؛ هۆی پاراستن.

v.t. پاراستن.

bucko (buk′ō), *n.* سێبەندی؛ شەلاتی.

buckra (buk′rə), *n.* مرۆڤی سپی (بە زمانی قولەڕەشی ئەفەریقا).

buckram (buk′rəm), *n.* (۱) قوماشێکی جێرکراوە بە جەوی (بەرگی پەڕتووکی لێ دروست دەکرێت). (۲) ووشکی و ڕەقی ڕەووشت.

adj. (۱) تایبەتی بەهم جۆرە قوماشە. (۲) ووشک و ڕەق (ڕەووشت).

v.t. جێرکردن؛ ڕەق کردن.

bucksaw (buk′sô′), *n.* مشاری گەورە.

buckshot (buk′shot′), *n.* ساچمەی گەورە (بۆ ڕاوە ئاسک و گیانداری گەورەی تر).

buckskin (buk′skin′), *n.* (۱) پێستەی ئاسک. (۲) چەرمێکی نەرمی قایمی بۆزە لە پێستەی ئاسک دروست دەکرێت (۳) ئەسپی بۆز. (٤) *(pl.)*، پانتۆڵ و پێڵاوی چەرمی ئاسک. (٥) [B-]، سەربازی شۆڕشی ئەمەریکا.

adj. تایبەتی بە چەرمی ئاسک.

bucktooth (buk′tōōth′), *n.* ددانی سەردەرپەڕیو.

buckwheat (buk′hwēt′), *n.* (۱) گەنمی ڕەش: ڕووەکێکی گوڵ سپی بۆنخۆشە تۆزێکی سێ سووچ دەگرێت. (۲) تۆزی ئەم ڕووەکە کە دەدرێت بە ئەسپ و مریشک یا خواردەمەنی لێ دروست دەکرێت. (۳) ناردی ئەم دانەوێڵەیە.

bucolic (bū-kol′ik), *adj.* (۱) تایبەتی بە شوان و دەشت‌ودەر؛ شوانی. (۲) لادێ؛ تایبەتی بە لادێ؛ تایبەتی بە ژیانی لادێ.

n. (۱) هەڵبەستێکە دەربارەی شوان و لادێ و ژیانی لادێ. (۲) لادێیی؛ شوان؛ کشتیار؛ وەرزێر.

bud (bud), *n.* (۱) چرۆ؛ خونچە؛ گۆزیکە.

(۲) کەسێک یا شتێکی پێنەگەیشتوو یا فەریک.

v.i. (۱) خونچەکردن؛ چرۆکردن؛ گۆڕکەکردن؛ پشکوتن؛ گەشانەوە. (۲) پێگەیشتن؛ گەورەبوون؛ هەراش بوون. (۳) لە باری فەریکیدا بوون.

v.t. (۱) چرۆ پێ دەرکردن؛ خونچەپێکردن. (۲) موتوربەکردن.

in bud, خونچەدار؛ چرۆدەرکردوو؛ گەشاوە؛ گوڵ بەدەم.

in the bud, بە منداڵی یا کۆرپەیی؛ بە خونچەیی؛ بە تازەیی؛ بە ساوایی.

nip in the bud, لەناوبردن. نەهێشتن؛ یا وەستاندن بە ساوایی پێش تەشەنەکردن و لەدەست دەرچوون.

[***They nipped the rebellion in the bud. ; to nip a plan (plot, disease, idea) in the bud*** **]**

Buddha (bood′ə), ***n.*** (۱) بوودا؛ دانەری ئایینی " بوودی " (دەڵێن: لە ساڵی ٥٦٣– ٤٨٣ ی پ.ز. لە هیندستان ژیاوە). (۲) کەسێک کە گەیشتووەتە پلەیەک کە لە هەموو شتێک تێگەیشتووە بەگوێرەی ڕێبازو ئایینی " بوودا " . (۳) وێنەی " بوودا "

Buddhism (bood′iz′m), ***n.*** ئایینی بوودا؛ بوودیزم؛ کە دەڵێن: نێش و ئازار هەشێکە لە ژیان و لەڕێگەی دابینکردنی ئارەزوو و بیرکردنەوەو ژیانی پاک و ڕاستەوە نێش و ئازار دوایی پێ دەهێنرێت.

Buddhist (bood′ist), ***n.*** کەسێکی بووری؛ بوودیەک.

adj. بوودی؛ تایبەتی بە ئایینی " بوودا "

budding (bud′iŋ), ***adj.*** تازەکوورە؛ ساوا. ***(a ~ writer)*** .

buddle (bud′′l, bood′′l), ***n.*** تەشت یا ئاوەڕۆی لێژی کانزای خاو پاکردنەوە

buddy (bud′i), ***n.*** [Colloq.], (۱) هاوڕێ؛ برادەر؛ هەڤاڵ. (۲) ئاوەڵ سەرباز

budge (buj), ***v.t.*** بزواندن؛ جووڵاندن

v.i. (۱) جووڵان؛ بزووان: ***(I won't ~ one inch.)*** . (۲) هەڵوێست گۆڕین؛ ڕا گۆڕین.

budge (buj), ***n.*** فەروە (بەتایبەتی لە پێستەی بەرخ دروستکراو).

adj. (۱) فەروە لەبەر (۲) بە کەشوفش؛ تەرزل.

budget (buj′it), ***n.*** (۱) کیسە؛ جزدان؛ شتی ناو کیسە یا جزدان. (۲) بڕێک شت. (۳) بووجە.

v.t. (۱) (ا) بووجە ئامادەکردن؛ بووجەکردن. (ب) خستنەناو بووجەوە؛ بووجە بۆ دانان. (۲) نەخشە بۆ دانان؛ ڕێکخستن (بۆ باش بەکارهێنان و بەفیڕۆنەدان): ***(B~ your time.)***

budgetary (buj′i-ter′i), ***adj.*** بووجەیی؛ تایبەتی بە بووجە: ***(~ matters)***

budget plan, بە مانگانە؛ بە قیست؛ بە بەش بەش.

buff (buf), ***n.*** (۱) چەرمی گامێش. (۲) چاکەتێکی سەربازی کە لە چەرمی گامێش دروستکرابێت. (۳) دارێک یا پێچکەیەکی چەرم تێگیراو (بۆ شت پاککردنەوەو بریقەپێدان بەکاردەهێنرێت). (٤) ڕەنگێکی زەردی بێ ڕەنگ یا مردوو. (٥) [Colloq.]، پێستی ڕووت. (٦) [Colloq.]، هۆگر؛ حەزکەر: ***(a movie ~ ; a jazz ~)*** .

adj. (۱) لە چەرمی گامێش دروستکراو. (۲) زەردێکی بێ ڕەنگ یا مردوو.

v.t. (۱) ساف‌ولووس کردن و بریقاندنەوە بە چەرمی گامێش. (۲) ڕەنگی زەردی کاڵ لێدان.

buff (buf), ***n.*** پیاکێشان؛ لێدان؛ پیامانێ؛ تەپە.

v.t. کەمکردنەوەی زەبر.

buffalo (buf′′l-ō′), ***n.*** (۱) (ا) گامێش (ب) گامێشی نەمەریکی. (۲) بڕێکە لە پێستەی گامێشی نەمەریکی دروست دەکرێت. (۳) جۆرە ماسیەکی پشت قەوارە (نێسقانی ووردی زۆرە).

v.t. [Slang], بەچەترسێن کردن؛ ترساندن؛ سام نانەبەر: ***(She's got him ~ed.)***

buffalo bird, باڵندەی گامێش: چەند جۆرە باڵندەیەکن بە گامێشی و ڕەشەوڵاخەوە دەنیشنەوەو زۆر گەنەیان لێ دەدزنەوە.

buffalo bug, قاڵزنچەی گامێش: بچووک و ڕەش و بەڵەکاویە.

buffalo fish, جۆرە ماسیەکی پشت قەوارە (نێسقانی ووردی زۆرە).

buffalo grass, گیای گامێش: گیایەکی کورتی گەڵا باریکی دەشتە لەوەڕگاکانی ئەمەریکایە.

buffalo robe, پڕۆبێکە لە پێستەی گامێشی نەمەریکی دروست دەکرێت.

buffer (buf′ēr), ***n.*** (۱) ئامێری زەبر کەمکەرەوە (مەکینەکاری). (۲) بەربەست؛ کەسێک یا شتێک کە دەکەوێتە نێوان دوو کەس یا شت یا شوێنەوە بۆ پاراستنیان لەیەکتری و کەمکردنەوەی زەبریان لەسەر یەکتری (۳) ئاوچەی بێ لایەن (کە دوو لەشکر یا تاقمی ناحەز بەیەک لەیەکتری جیادەکاتەوە)؛ ئاوچەی بەربەست.

v.t. کەمکردنەوەی زەبر.

buffer (buf′ēr), ***n.*** (۱) شتی ساف‌ولووسکەر (قوماشی نەرم، پێچکەی لە چەرم گیراو). (۲) مرۆڤی ساف‌ولووسکەر.

buffer state, وواڵتی بەربەست یا ئاوبەین: وواڵتێکی بێ لایەنە لەنێوان دوو وواڵتی گەورەتری ناحەز بەیەکدا لەیەکیان جیادەکاتەوە تا شەڕ نەکەن

buffer zone, ئاوچەی بەربەست: ئاوچەی بێ لایەن کە دوو لەشکری ناحەز بەیەک یا دوژمن بەیەک لەیەکتری جیادەکاتەوە.

buffet (buf′it), ***n.*** زلله؛ شەپازلە؛ مستەکۆڵە؛ لێدان (مەجاز): ***(the ~s of fate)***

v.t. (۱) زلله لێدان؛ مستەکۆڵە لێدان؛ پیامانێ؛ پیاکێشان. (۲) بەرەەڵستی کردن؛ پاڵ پێوەنان و گەڕاندنەوە؛ پیادان: ***(The waves ~ed the boat.)***

v.i. (۱) زۆران لەگەڵ گرتن؛ شەڕ لەگەڵ کردن. (۲) ڕێگەکردنەوە (بە زۆر یا بە پیامانێ).

buffet (bə-fā′, boo-fā′), ***n.*** (۱) دۆڵابی کەلوپەلی چێشتخانە. (۲) بوفێ: (ا) مێزێکە خواردەمەنی و سارددەمەنی لەسەر دادەنرێت، میوانەکان بە پێوە بەشی خۆیان دەبەن و دەیخۆن. (ب) مێزێکی وەها لە چێشتخانەدا. (۳) بوفێ: ژەمێکە کە میوانەکان بەشی خۆیان دەبەن لەو خواردن و خواردنەوەیەی لەسەر مێزێک دانراوە.

buffet supper (or lunch), ژەمەنانی بوفێی نێوارە یا نیوەڕۆ.

buffing wheel, پێچکەی ساف‌ولووس کردن (لە چەرم یا قوماش گیراوە).

bufflehead (buf′′l-hed′), ***n.*** مراوییەکی پشت ڕەشی ژێرسک سپی سەر زل ئەمەریکای باکوورە.

buffo (bōō′fō), ***n.*** گۆرانی بێژی قۆشمەی نۆپەرا.

adj. قۆشمە.

buffoon (bu-fōōn′), ***n.*** قەشمەر؛ قۆشمەچی؛ گاڵتەچی.

buffoonery (bu-fōōn′ēr-i), ***n.*** قۆشمەچێتی؛ گاڵتەچێتی؛ گاڵتەوگەپ.

bug (bug), ***n.*** (۱) مێرووی زیانبەخش؛ مێروو؛ جانەوەر. (۲) [Colloq.]، میکرۆب. (۳) [Slang]، مایکرۆفۆنێکی زۆر بچووکە لە شوێنێکدا دەشارێنرێتەوە بۆ تۆمارکردنی گفتوگۆ بەدزییەوە. (٤) [Slang]، کەموکووڕی مەکینە یا ئامێرێک.

v.t. (۱) شاردنەوەی مایکرۆفۆنی بچووک لە شوێنێکدا بۆ تۆمارکردنی گفتوگۆ بەدزییەوە: ***(to ~ a room, telephone, etc.)*** . (۲) پەستکردن؛ سەرخستنەسەر؛ تووڕەکردن: ***(You're ~ging me. ; Don't ~ him.)***

bug off, [Slang], لاچۆ لێرە!؛ لاچۆ!

bug (bug), ***n.*** [Obs.], = **bugbear.**

bugaboo (bug′ə-bōō′), ***n.*** (۱) دێوودرنج؛ دەعبا؛ شەولەبان. (۲) سەرچاوەی ترس یا مەراق. (۳) بیروباوەڕێکی درۆیە خەڵکی پێ دەترسێنرێت یا پێ دەهێنرێتە سەر

ڕێگەیەکی تایبەتی.

bugbear (bug′bâr′), *n.* = bugaboo.

bugger (bug′ĕr), *n.* (۱) هەتیوبار (۲) لۆتی؛ کەسێکی پیس‌و بۆگەن؛ کەسێکی بێ نرخ (۳) کۆرە (لەرووی خوشەویستیەوە یا گالتەوە)؛ منداڵ؛ لاو.

v.t. گاین؛ نێرگاین

buggery (bug′ēr-i), *n.* هەتیوبازی؛ نێرگاین

buggy (bug′i), *n.* (۱) گالیسکەیەکی یەک ئەسپی یەک کەسیە. (۲) عەرەبانەی منداڵ

buggy (bug′i), *adj.* پڕ لە مێروو؛ جانەوەراوی؛ مێروو تێداو.

bughouse (bug′hous′), *n.* [Slang], شێتخانە

adj. [Slang], شێت.

bugle (bū′g'l), *n.* (۱) کەڕەنا ۲) کەنەشاخێکە فووی پیادەکرێت (ڕاو).

v.i. & v.t. فوو بە کەڕەنادا کردن؛ بانگ کردن بە کەڕەنا.

bugle (bū′g'l), *n.* چەند جۆرە ڕووەکێکە لە توخمی پونگە

bugle (bū′g'l), *n.* مووڕوویەکی شووشەی درێژکۆڵەی ڕەشە

bugler (bū′glĕr), *n.* (۱) کەڕەناژەن؛ فووکەر بە کەڕەنادا. (۲) سەربازێ دیدەوانی فووکەر بە کەڕەنادا (بۆ خەڵک بانگ کردن).

bugloss (bū′glos, bū′glôs), *n.* زمانی گا؛ چەند جۆرە ڕووەکێکی گوڵ ڕەنگین و گەڵا و قەفی دڕکاوین.

buhl (bōōl), *n.* (۱) پارچەیەکی کەلوپەلی ناوماڵ بە نەخشی گونچکە- ماسی و کانزای ڕەنگاوڕەنگ‌و سەدەف

(۲) کورسی و مێزو شتی دارینەی تری پارچە بەم شێوەیە.

buhrstone (bûr′stōn′), *n.* (۱) بەردێکی سەختە (دەستاری ل دروست دەکرێت) (۲) دەستار.

build (bild), *v.t.* (۱) دروستکردن؛ دامەزراندن.

(۲) دانان؛ دامەزراندن: *(B~ your theory on facts.)* .

(۳) هێنانەبوو

v.i. (۱) خانوو دروستکردن (۲) خانووسازی کردن بە پیشە.

(۳) (~ on; ~ upon)، نەخشەدانان. (٤) پێڕکردن (یاری کاغەز).

n. قەدوبالا؛ لەش *(an athletic ~ ; a stocky ~)* .

build up, (۱) بەرەبەرد دروستکردن؛ وورەوورده دامەزراندن یا پێکەوەنان. ۲) تەندروستی باش کردن؛ بەهێزکردن. (۳) ناوەدانکردنەوە.

builder (bil′dĕr), *n.* (۱) دروستکەر؛ دامەزرێنەر؛ دانەر.

(۲) خانووساز؛ وەستای خانوو؛ خانووکەر.

(۳) مادەیەکە دەکرێتە ناو سابوونەوە بۆ باشتر شتن.

building (bil′diŋ), *n.* (۱) خانوو

(۲) دروستکردن (خانوو، کەشتی... هتد).

build-up (bild′up′), *n.* [Slang], بە شانو باڵدا هاتنەخوارەوە؛ جاڕ یا ڕیکلامکردنەوەی لایەنگر.

built (bilt), *past tense and p.p. of* **build.**

built-in (bilt′in′), *adj.* لەناودا دروستکراو یا چەسپێنراو؛ لەناو شتەکەدا دروستکراوەو بەشێکە لە شتەکە:

(a ~ microphone, bathtub, etc.)

bulb (bulb), *n.* (۱) گڵۆپ (کارەبا) (۲) فیسقە؛ پیازۆکە؛ سەڵک؛ ڕەگی ڕووەک‌و گوڵەباخ کە لە پیازۆکە دەچێت‌و دەڕوێنرێت.

bulbaceous (bul-bā′shəs), *adj.* (۱) پیازۆکەیی؛ فیسقەیی.

(۲) فیسقەدار؛ لە پیازۆکەوە گەورەبوو.

bulbar (bul′bĕr), *adj.* پیازۆکەیی؛ فیسقەیی.

bulbiferous (bul-bif′ĕr-əs), *adj.* فیسقە هێنەرە بەرهەم؛ پیازۆکەگر

bulbil (bul′bil), *n.* فیسقەی بچووک؛ پیازۆکە

bulbous (bul′bəs), *adj.* (۱) فیسقەیی؛ فیسقەدار.

(۲) لە فیسقە یا پیازۆکەوە پەروەردەکراو.

bulbul (bool′bool), *n.* بولبول.

bulge (bulj), *n.* ئاوسان؛ ئاوساوی؛ بلۆق؛ تلۆق؛ کیس.

v.i. & v.t. ئاوسان؛ بلۆق کردن؛ دەرپەڕین؛ هەڵتلۆقین؛ کیس کردن؛ هەڵتۆقین؛ خۆین یا ئاو تێژان.

bulgy (bul′ji), *adj.* ئاوساو؛ هەڵتلۆقیو؛ بلۆق کردوو.

bulimia (bū-lim′i-ə), *n.* برسێتیێەکی لە ئەندازە بەدەرەی بەردەوام (پزیشکەوانی).

bulk (bulk), *n.* (۱) قەبارە (بەتایبەتی هی زۆر گەورە)؛ قەبەیی.

(۲) زۆربە؛ زۆرینە:

(He invested the ~ of his money in real estate.)

(۳) باری کەشتی.

v.i. (۱) کەڵەکەبوون؛ تۆپەڵ بوون؛ کۆمەڵ بوون.

(۲) گەورەبوون؛ زل بوون؛ زیادبوون (گرنگی، بایەخ).

(۳) گرنگ بوون؛ بایەخ هەبوون؛ قەبارە هەبوون.

v.t. کەڵەکەکردن؛ تۆپەڵ کردن؛ کۆمەڵ کردن.

adj. (۱) سەرجەم؛ کۆ؛ هەموو.

(۲) نەکراوەتە کیسەو پاکەت‌و سندووقەوە بەڵکو بە کۆمەڵ دانراوە (فرۆتەنی).

break bulk, بار شکاندن (بە لێ دزینەوەی هەندێکی).

in bulk, (۱) بە کۆمەڵ؛ نەکراوەتە پاکەت‌و کیسەو سندووقەوە بەڵکو بە کۆمەڵ دانراوە (فرۆتەنی).

(۲) زۆر؛ بڕێکی زۆر؛ بە کۆمەڵ. *(He buys mechandise in bulk.)*

bulkhead (bulk′hed′), *n.* (۱) تیغەدیواری ناو کەشتی‌و شتی تر.

(۲) بەربەست؛ دیوار (بۆ ڕاگرتن یا بەربەست کردنی زەوی، ئاگر، ئاو).

(۳) چوارچێوەیەکی دەرپۆقیوە بۆ دەرگایەکی پێ پلیکانەی گەنچینەی زێرزەمین.

bulkiness (bul′ki-nis), *n.* زل؛ گەورەیی؛ قەبارە.

bulky (bul′ki), *adj.* (۱) بە قەبارە؛ قەوارەدار؛ زل؛ گەورە.

(۲) قەبە؛ ناقۆڵا؛ زل‌و ناقۆڵا.

bull (bool), *n.* (۱) کەڵەگا؛ گای نەخەسار.

(۲) نێرینەی گامێش، فیل، بەرانەکێوی، نەهەنگ... هتد.

(۳) پارەباز؛ ئالۆڕێرکەری بۆرسە.

(٤) کەسێکی باشبین (پارەبازی، بازرگانی، کاسبی).

(٥) [B-]، بورجی گا.

(٦) کەسێکی کەتەو بەهێزو دەنگ زل.

(۷) [Slang]، قسەی قڕ؛ قسەی هیچ‌وپووچ‌و بێ مانا.

v.t. نرخ زیادکردنی بۆرسە (پارەبازی).

v.i. نرخ زیادبوونی بۆرسە؛ نرخ زیادبوون.

adj. (۱) نێرینە؛ نێر. (۲) کەڵەگایی؛ کەتەو بەهێز.

(۳) نرخی لە زیادبوونداید؛ لە بەرەودایە: *(a ~ market)* .

shoot the bull, [Slang], (۱) قسەی هیچ‌وپووچ‌و بێ مانا کردن؛ قسەی قڕکردن. (۲) قسەکردن؛ دەمەتەقێ کردن.

take the bull by the horns, بە ئازایانەو چاونەترسانە بەرەنگاری کێشە یا تەنگوچەڵەمە بوون.

bull (bool), *n.* (۱) مۆری پاپا. (۲) فەرمانێکی پاپایی.

bull (bool), *n.* هەڵەی ووتار؛ ووتەی نابەجێ یا هیچ‌وپووچ‌و بێ مانا.

bull- (bool), پێشگرێک بەمانای: (۱) گا؛ کەڵەگا: *(bullfight)* . (۲) وەک کەڵەگا.

(۳) نێرینە؛ زل: *(bullfrog)* .

bulla (bool′ə, bul′ə), *n.* (۱) مۆرێکی خڕی قوڕقوشمی پاپایە.

(۲) بلۆق؛ تلۆق؛ ئاوساوی.

bullace (bool′is), *n.* (۱) هەڵووژە؛ هەڵووژە کێوی.

(۲) دارهەڵووژە؛ داری هەڵووژە کێوی.

bullate (bool′it, bul′it), *adj.* بلۆقاوی یا گرنج گرنجاوی (گەڵای توخمە کەڵەرمێک).

bullbaiting (bool′bāt′iŋ), *n.* ڕاوەگا؛ سەگ کردنە کەڵەگا (جاران لە ئینگلتەرە باوبوو).

bullbat (bool′bat´), *n.* = nighthawk.

bulldog (bool′dôg´, bool′dog´), *n.* (١) سەگێکی گەورەی کەلە زل تووک کورتی ناشرینی بەهێزو ئازایە. (٢) دەمانچەیەکی لووت کورتە. (٣) ماددەیەکی گرنەگرە لە فڵن دروستکردندا بەکاردەهێنرێت. (٤) [British]، چاودێری ڕەووشت باشی (لە هەندێك لە زانکۆکانی ئینگلتەرەدا)؛ پۆلیس.

adj. وەك سەگی " بوڵدۆگ " ئازا؛ سەرسەخت؛ کەلەڕەق.

v.t. بەزەویدادانی پارێزنێك بە دەست گرتن بە شاخی‌یەوە و بادانی ملی.

bulldog edition, چاپی دەیانی زووی ڕۆژنامەیەك بۆ دەرەوەی شار.

bulldoze (bool′dōz´), *v.t.* (١) ڕووخاندن بە بوڵدۆزەر. (٢) بەچەترسێن کردن؛ ترساندن.

bulldozer (bool′dōz´ĕr), *n.* (١) بوڵدۆزەر مەکینەی زەوی ڕامالێن و هەڵکەندن. ٢) تیغی بوڵدۆزەر. (٣) شەلاتی؛ شەقاوە.

bullet (bool′it), *n.* گوللە؛ فیشەك

bulletin (bool′ə-t'n, bool′ə-tin), *n.* (١) (ا) بڵاوکراوەی ڕەسمی؛ هەواڵنامە؛ بەیاننامە؛ نامۆژگاری. (ب) بڵاوکراوە؛ دوا دەنگوباس. (٢) گۆڤاری کۆمەڵە یا ڕێکخراوێك.

v.t. بڵاوکردنەوە (لە بڵاوکراوە، نامۆژگاری، یا گۆڤاردا).

bulletin board, تەختەی ئاگاداری

bulletproof (bool′it-prōōf´), *adj.* گوللەبەند؛ گوللەنەبڕ.

v.t. گوللەبەندکردن.

bullfight (bool′fīt´), *n.* شەڕەگای نیسپانی

-bullfighting *(n.).*

bullfighter (bool′fīt´ĕr), *n.* شەڕەگاکەر

bullfinch (bool′finch´), *n.* چەند جۆرە باڵندەیەکی چۆلەکە ئاسایی ڕەنگاوڕەنگی دەنگ خۆشن.

bullfinch (bool′finch´), *n.* پەڕژینێکی بەرز (کە خەڵقێك لە دیوێکی‌یەوە بێت).

bullfrog (bool′frôg´, bool′frog´), *n.* جۆرە بۆقێکی گەورەیە

bullhead (bool′hed´), *n.* (١) جۆرە ماسی‌یەکی سەرزلە. (٢) کەسێکی سەرسەخت یا کەلەڕەق.

bullheaded (bool′hed´id), *adj.* (١) سەرزل؛ کەلەزل؛ سەرپان. (٢) کەلەڕەق؛ سەرسەخت.

bullhorn (bool′hôrn´), *n.* دەنگ گەورەکەر

bullion (bool′yən), *n.* (١) پارچە زێر یا زیو. (٢) پەراوێزو نەقشونیگاری زێڕین یا زیوین.

bullish (bool′ish), *adj.* (١) کەلەگای؛ سەرپان و کەلەڕەق. (٢) (ا) هۆی نرخ بەرزکردنەوە؛ نرخ بەرزکەرەوە. (ب) لە نرخ بەرزبوونەوەدایە (پارەبازی، بۆرسە): ***(a ~ market)*** . (ج) باشبین (پارەبازی، بازرگانی، کاسبی).

bullnecked (bool′nekt´), *adj.* مل کورت و ئەستوور.

bullock (bool′ək), *n.* (١) گاجوت؛ گای خەساو؛ گا. (٢) [Obs.]، پاڕێز.

bull pen, (١) پەچەی کەڵەگا؛ تەوێلەی کەڵەگا. (٢) گرتووخانەی سەردەمی. (٣) مەشقگای یاری بێسبۆل.

bull ring, گۆڕەپانی شەڕەگای نیسپانی؛ مەیدانی شەڕەگا

bull-roarer (bool′rôr´ĕr), *n.* بۆڕەدار پارچەیەك تەختەیە بەستراوە بە پەتێکەوە کە بە قایم بادرا دەنگێکی گەورەی لێوەدێت.

bull session, [Colloq.], کۆڕی دەربڕینی بیروڕا بە ئاشکرا.

bull's-eye (boolz′ī´), *n.* (١) کلاوڕۆژنە. (٢) ناوەڕاستی نیشانێك؛ ناوجەرگەی نیشان (تیربازی). (٣) پێکار؛ لێدان؛ لێدانێکی ڕاستەوخۆ؛ لێدانی ناوەڕاستی نیشان. (٤) کارێنی سەرکەوتوو. (٥) شووشەی قۆزقۆز. (٦) چرایەك کە شووشەی وەهای هەبێت. (٧) جۆرە نوقوڵێکی ڕەقە. (٨) خواردنی خوڵۆکەی دارین (کەشتی‌یەوانی)

bullshit (bool′shit´), *n.* [Vulgar Slang], قسەی هیچ‌وپووچ و بێ مانا؛ قسەی قۆپ.

v.i. [Vulgar Slang], قسەی هیچ‌وپووچ و بێ مانا کردن؛ قسەی قۆپ کردن.

-bullshitter *(n.).*

bull terrier, جۆرە سەگێکی بەهێزی باریکەلەی سپی خێرای تووک کورتی پێست سافە.

bull tongue, گاسن؛ دەمەگاسن.

bull-whip (bool′hwip´), *n.* قامچی درێژو ئەستوور.

bully (bool′i), *n.* (١) سێبەندی؛ شەلاتی؛ زەبوون کوژ. (٢) گەواد. (٣) [Archaic]، پیاوکوژ یا شەلاتی بە کرێ گیراو. (٤) [Archaic]، کابرایەکی چاك.

v.t. بەچەترسێن کردن؛ ترساندن: ***(to ~ somebody)*** .

v.i. سێبەندێتی کردن.

adj. (١) ئازا؛ چاونەترس؛ چاوقایم. (٢) [Colloq.]، زۆرباش.

interj. [Colloq.], ئافەرم!؛ دەستخۆش!.

bully (bool′i), *n.* گۆشتی قووتووی گا.

bullyrag (bool′i-rag´), *v.t.* بەچەترسێن کردن؛ هەڕەشەلێکردن؛ ترساندن.

bulwark (bool′wĕrk), *n.* (١) سەنگەر؛ قەڵا. (٢) . breakwater (٣) پاڕێزەر (شت)؛ پاڕێزگار: ***(Law is the ~ of society.)*** . (٤) (*pl.*)، دیواری سەربانی کەشتی.

v.t. پاراستن؛ بەریەست کردن؛ پاڕێزگاری کردن.

bum (bum), *n.* (١) [Colloq.]، کەسێکی وێڵو بێ لانەو دەست لە خەڵك پان کەرەوە. (٢) کەسێکی تەمەڵو بێ کارو کاسبی (هەندێك جار لەڕووی گانتەوە)؛ مفتخۆر؛ مووشەك؛ لاخۆر؛ جادەپێو.

(٣) کەسێکی سەرسەری یا بێ نرخ. (٤) [Slang]، زەماوەندی خواردنەوە.

v.i. (١) [Colloq.]، سووڕانەوە؛ جادە پێوان. (٢) [Colloq.]. مفت خواردن؛ مووشەکی کردن. (٣) [Slang]، زۆر خواردنەوە.

v.t. مفت خواردن؛ دەست لە خەڵك پان کردنەوە.

adj. (١) خراپ؛ قەڵب؛ بازاڕی. (٢) شکاو؛ لەکارکەوتوو؛ پەککەوتوو: ***(a ~ shoulder)*** .

on the bum, [Colloq.], (١) سووڕانەوە؛ جادە پێوان. (٢) شکاو؛ پەککەوتوو.

bum (bum), *n.* [British Slang], گووپی قنگ؛ قنگ.

bumble (bum′b'l), *v.i.* ووزەووزکردن؛ گیزەماتن.

bumble (bum′b'l), *v.i.* (١) زمان گیران؛ بە ناقوڵایی ڕەفتارکردن. (٢) سانتەدان؛ پێ داچوون؛ چورتم دان.

v.t. تێکدان (کار)؛ بە ناڕێك‌وپێکی کردن.

bumblebee (bum′b'l-bē´), *n.* هەنگێکی گەورەی گیزە زلە.

bumboat (bum′bōt´), *n.* بەلەمی نازووقەبەر (بۆ کەشتی گەورە کە ناتوانن زۆر نزیك بەندەر ببنەوە).

bump (bump), *v.t.* (١) خۆ پێدادان؛ بەرکەوتن (بە ئەسپایی یا قایم). (٢) لێسەندنو دان بە کەسێکی تر (کار، جێگەی ناو فڕۆکەو شەمەندەفەر)؛ لابردنو جێگەگرتنەوە؛ دەرکردن لە کار.

v.i. (١) (~ into; ~ against)، بەرکەوتن؛ خۆ پێدادان؛ پێ گەیشتن؛ تووش بوون: ***(He ~ed into her. ; He ~ed against the wall.)*** .

(٢) تاسەکردن؛ هەڵبەزودابەزکردن

n. (١) قۆرت؛ کۆسپ: ***(to hit a ~)*** . (٢) تاسە؛ هەڵبەزودابەز. (٣) پێدادان؛ بەرکەوتن. (٤) بلۆق؛ تلۆق؛ ناوساوی.

bump off, (١) بەرکەوتنو خستنەخوارەوە (لەسەر مێزێك). (٢) [Slang]؛ کوشتن؛ سڵ ساردکردنەوە.

bumper (bump′ĕr), *n.* دەعامیەی ئوتومبیل

bumper (bump′ĕr), *n.* (١) پەرداخ یا کوپی زۆر پڕ؛ جامی لێواولێو

(٢) شتێکی زۆر زل

v.t. (١) لێواولێو کردن؛ زۆر پڕکردن.

(٢) بە نۆشی کەسێکەوە خواردنەوە.

adj. فرە؛ بێ شومار؛ زۆر؛ زەبەند: *(a ~ crop)* .

bumpkin (bump′kin), *n.* (١) لادێیی؛ کەسێکی هیچ نەزان؛ کەسێکی ناقوڵا و گێلۆکەو تێنەگەیشتوو: *(a country ~)* .

(٢) دارێکی دەرێژقیوە لەدوای کەشتێیەوە بۆ ڕاگیرکردنی تەوەر.

bumptious (bump′shəs), *adj.* زۆر لەخۆبایی؛ زۆر بەفیزو کەشخە.

bumpy (bump′i), *adj.* کەندوکۆسپاوی؛ چاڵوچۆڵاوی؛ پڕ لە تاسە: *(a ~ road)*

bun (bun), *n.* (١) (ا) پارچە نانی نەستوور (وەک سەموون بەڵام بچووکتر). (ب) پارچە نانی نەستووری نەختێک شیرین کراو. (٢) پرچی کڵاوەکراو.

bunch (bunch), *n.* (١) هێشوو *(a ~ of grapes)* . (٢) چەپک؛ قول؛ دەسک (گوڵ، گیا)؛ گوورزە؛ مەڵۆ: *(a ~ of flowers)* .

(٣) دەستە (کلیل): *(a ~ of keys)* .

(٤) [Rare]. کۆپارە؛ قەموری.

(٥) [Colloq.]. دەستە (مرۆڤ)؛ تاقم (شت، مرۆڤ)؛ هەند: *(a ~ of people, trees, etc.)*

v.t. & v.i. (١) دەستەدەستەکردن؛ کردن بە چەپک یا دەسک؛ پێکەوەبەستن.

(٢) تۆی تۆی وەستان پێکەوە (تەنوورە یا کراسی ژنانە).

-bunchy *(adj.).*

bunco (buŋ′kō), *n.* [Colloq.], گزی (یاری کاغەز. هاییەخت)؛ ساختە.

v.t. [Colloq.], گزی کردن؛ ساختەکردن.

buncombe (buŋ′kəm), *n.* [Colloq.], (١) ووتاری هیچوپووچ (کە هەر بۆ ڕازی کردنی جەماوەر بێت). (٢) قسەو کردەوەی قۆڕ؛ قسەی پووچ.

bund (bund), *n.* (١) بەستوو؛ بەست؛ بەنداو.

(٢) شەقام یە ڕێڕەوی قەراغ بەندەر.

bund (bund), *n.* (١) ڕێکخراو؛ کۆمەڵە؛ یەکێتی.

(٢) [B-]. کۆمەڵەیەکی نەڵمانی–نەمەریکی نازیيە.

bundle (bun′d'l), *n.* (١) چەپک؛ دەسک؛ قول؛ گوورزە؛ مەڵۆ.

(٢) پریاسکە؛ بابۆڵە. (٣) دەستە؛ تاقم؛ کۆمەڵ.

(٤) [Slang]. سەفتە؛ پارەیەکی زۆر: *(He spent a ~.)* .

v.t. (١) پێکەوەبەستن؛ پێچانەوە؛ دەستەدەستەکردن؛ چەپک چەپک کردن.

(٢) (~ away; ~ off; ~ out)، بە پەلە ناردن؛ دەست پێوەنان بە گورج.

v.i. (١) (~ away)، بە پەلە ڕۆیشتن؛ خێرا بۆ دەرچوون.

(٢) لەگەڵ یاردا نووستن لە هەمان جێگەدا بە جلەوە

bundle up, جلی گەرم لەبەرکردن؛ خۆ گەرم داپۆشین.

bung (buŋ), *n.* (١) تەپەدۆر. (٢) کونی بە تەپەدۆر گیراو.

v.t. (١) کۆ گرتن بە تەپەدۆر. (٢) داخستن؛ گرتن (کون).

(٣) [Slang]، (~ up)، بریندارکردن؛ ڕووشاندن؛ شین کردنەوە.

bungalow (buŋ′gə-lō′), *n.* خانوویەکی بچووکی یەک نهۆمیيە؛ بەنگەڵە

bunghole (buŋ′hōl′), *n.* کونی بەرمیل یا مەرکانە

bungle (buŋ′g'l), *v.t. & v.i.* بە خراپی کردن یا پێنەکردن؛ تێکدان؛ بە ناشرینی و نەزانانە کردن؛ خەسارکردن: *(to ~ a job)* .

n. کارێکی بە نەزانانە کراو؛ کارێکی قەڵب یا خراپ کراو.

bunion (bun′yən), *n.* بلۆقی بنی پەنجەگەورەی پێ.

bunk (buŋk), *n.* (١) جێگەی نووستنی بە قەد دیوارەوە (لە کەشتی و شەمەندەفەردا). (٢) جێگەیەکی نووستنی تەسک؛ دوو چەرپایەی تەسکی بەسەرییەکەوە لەیەک چوارچێوەدا.

v.i. (١) نووستن لە جێگەیەک یا چەرپایەیەکی تەسکدا. (٢) نووستن؛ خەوتن.

bunk (buŋk), *n.* [Slang], قسەی هیچوپووچ؛ قسەی قۆڕو بێ مانا.

bunkbed (buŋk′bed′), *n.* دوو چەرپایەی تەسکە لەناو یەک چوارچێوەی دارەا بەسەر یەکەوە.

bunker (buŋ′kēr), *n.* (١) عەماری خەڵووز یا سووتەمەنی کەشتی. (٢) سەنگەر؛ ڕوورێکی کۆنکریتی ژێرزەمین (جەنگ). (٣) گردۆڵکەیەکی لمە لە یاریگەی " گۆڵف " دا.

v.t. (١) خەڵووز یا سووتەمەنی کردنە کەشتێیەوە. (٢) لێدانی توێی " گۆڵف " و کەوتنی لەناو گردۆڵکەی لمینی ناو یاریگاکە.

bunkhouse (buŋk′hous′), *n.* خانوویەکی ساکارە کە چەند چەرپایەیەکی تەسکی تێدایە.

bunkmate (buŋk′māt′), *n.* هاوجێگە (لە یەکێک لە دوو چەرپایەی تەسکی ناو چوارچێوەیەکی دار).

bunko (buŋ′kō), *n.* = bunco.

bunkum (buŋ′kəm), *n.* = buncombe.

bunny (bun′i), *n.* (١) کەرۆشک (ووشەیەکی منداڵانە)؛ کەرۆشکی ماڵی. (٢) کچی بەردەستی هەندێک یانەی شەو (کە جل کەم لەبەردەکەن و خۆیان وەک کەرۆشک دەنوێنن).

bunt (bunt), *v.t. & v.i.* (١) شۆق لێدان؛ قۆچ تێهەڵدان.

(٢) لێدانی توێی بێسبۆڵ بە ئەسپایی.

n. (١) شۆق؛ قۆچ. (٢) لێدانی توێی بێسبۆڵ بە ئەسپایی.

bunt (bunt), *n.* (١) ئەخۆشی گەنم. (٢) میکرۆبی ئەم ئەخۆشییە.

bunt (bunt), *n.* (١) ناوەڕاستی توێری ماسی داکەوتوو.

(٢) ناوەڕاستی بایەوانی کەشتی با.

bunting (bun′tiŋ), *n.* (١) قوماشی ئاڵا. (٢) ئاڵا؛ بەیداخ.

(٣) ئاڵاو پارچە قوماشی بچووکی ڕەنگاوڕەنگ (کە شەقامو شوێنی تری پێ دەڕازێنرێتەوە لە جەژنەا).

bunting (bun′tiŋ), *n.* باڵندەیەکی دەنووک ئەستوورە لە چۆلەکەو فیسقەگولە دەچێت

buntline (bunt′lin, bunt′līn), *n.* پەتی بنی بایەوانی کەشتی.

buoy (boi, bōō′i), *n.* (١) دەبەی سەرئاو (لە بەندەرو کەناری دەریادا دانرێت بۆ نیشانەکردنی تەنکایی ئاو).

(٢) چاکەتی سەرئاوخەر (بۆ ڕزگارکردن لە خنکاندن).

v.t. (١) نیشانەکردن بە دەبەی سەرئاو. (٢) سەرئاوکەوتن.

(٣) هاندان؛ ووڕە نانەبەر؛ کەیف خۆش کردن.

buoyancy (boi′ən-si, bōō′yən-si), *n.* (١) سەرئاوکەوتن؛ توانای سەرئاوکەوتن؛ سووکی. (٢) ڕووخۆشی؛ کەیف خۆشی.

buoyant (boi′ənt, bōō′yənt), *adj.* (١) سەرئاوکەوتوو؛ سووک.

(٢) سەرئاوخەر. (٣) کەیف قنج؛ زیت: *(a ~ personality)* .

bur, burr (bûr), *n.* (١) پەیکولە؛ دڕکێکی خڕی بچووکە.

(٢) ڕووەکێک کە ئەم دڕکە دەگرێت. (٣) کەسێکی خۆمەڵواسەر بە خەڵکەوە پەیکوڵە لێکردنەوە.

v.t. بڵقە بڵق کردن (وەک ئاوی شەربەو گۆزە).

burble (bûr′b'l), *v.i.* جۆرە ماسیيەکی ناو ڕوبارە.

burbot (bûr′bət), *n.* (١) بار؛ کۆڵ؛ باری سەرشان.

burden (bûr′d'n), *n.* (٢) باری گران؛ نەرک؛ کۆڵێکی قورس؛ تەوق؛ نەرکی ناخۆش.

(٣) بارهەڵگرتن: *(a beast of ~)* .

(٤) باری کەشتی؛ ئەو بارەی کەشتێیەک بۆی هەڵدەگیرێت.

v.t. بار قورس کردن؛ بار گران کردن؛ نەرک خستنەسەر؛ سەر قورس کردن: *(Don't ~ him with your troubles.)*

burden (bûr′d'n), *n.* (١) کۆرەسی گۆرانی.

(٢) نزمترین دەنگی پارچەیەک مۆسیقای ئۆرکێستڕا.

(٣) دەنگی شمشاڵی نیرلەندی (کە هەر دەیڵێتو دەیڵێتەوە).

(٤) بیری سەرەکی ووتارێک: *(the ~ of a speech)* .

burden of proof, نەرکی پێ سەلماندن (کە وا لەسەر شانی کەسێک یا کۆمەڵێک بۆ پێ سەلماندنی داواکەیان ئەگەرنا دۆڕاندنی).

burdensome (bûr′d'n-səm), *adj.* قورس؛ گران؛ ناخۆش؛ ماندووکەر: *(~ requests, restrictions, etc.)* .

burdock (bûr′dok′), *n.* ڕووەکێکی بۆن تیژی گەڵا زلە دڕکی

قولاپداری پیوەیە بە شتەوە دەنووسێت.

bureau (byoo′rō), *n.* (١) [British] ، مێزی نووسینی چەکمەجەدار. (٢) دۆلاب (بۆ جل‌وبەرگ). (٣) فەرمانگە؛ دەزگا. *(an information ~ ; a travel ~)* . (٤) فەرمانگەی میری

bureaucracy (byoo-rok′rə-si), *n.* بیرۆکراسی (١) پژێمی بەرێوەبردنی کاروباری میری لەلایەن کاربەدەستانی هەڵبژێراوەوە. (ب) سەرجەمی ئەم کاربەدەستانە؛ فەرمانبەرانی میری. (ج) پۆتینی ووشکەو بێ مانای دەزگاو فەرمانگەکانی میری.

bureaucrat (byoo′rə-krat′), *n.* بیرۆکرات کاربەدەستێکی میری کوێرانە لەسەر پۆتێن پۆیشتوو.

bureaucratic (byoo′rə-krat′ik), *adj.* بیرۆکراتی تایبەتی بە پۆتینی ناو دەزگاو فەرمانگەکانی میری.

-bureaucratically *(adv.).*

Bureau of Internal Revenue, دەزگای باجی دەسکەوت.

burette, buret (byoo-ret′), *n.* شووشەی پلەپلە نیشانەکراوی کیمیاگەری بو پێوانی شلە بەکاردەهێنرێت

burg (bûrg), *n.* (١) شاری بە دیوار دەورەگیراوی کۆن. (٢) شار؛ بێ

-burg (bûrg), پاشگرێکە بەمانای شار؛ ناوەدانی.

burgage (bûr′gij), *n.* شێوەیەکی بەکرێدانی زەوی‌وزارە

burgee (bûr′jē), *n.* نالای سێگوشەیی پێناسەی کەشتی.

burgeon (bûr′jən), *v.i. & v.t.* (١) چرۆکردن؛ چەکەرەکردن؛ پشکوتن. (٢) پەرەسەندن؛ پێگەیشتن؛ گەشەکردن؛ تەرزفرێدان.

n. خونچە؛ چرۆ؛ تەرز؛ گول.

-burger (bûr′gĕr), پاشگرێکە بەمانای ساندویچی گۆشتی قیمەکراو *(hamburger, cheeseburger)*

burgess (bûr′jis), *n.* (١) دانیشتوویەکی شارێکی ئینگلیزی. (٢) نوێنەری شارێکی ئینگلیزی یا زانکۆیەک لە پەرلەماندا. (٣) ئەندامێکی پەرلەمانی ویلایەتی " ماریلاند " لە ئەمەریکا پێش شۆڕشی ئەمەریکی

burgh (bûrg), *n.* شارێکی ئینگلیزی یا ئوسکوتلەندی سەربەخۆ.

burgher (bûr′gĕr), *n.* دانیشتووی شارێکی ئینگلیزی یا ئوسکوتلەندی سەربەخۆ.

burglar (bûr′glĕr), *n.* دزی مال یا دووکان؛ دز؛ مالبڕ.

-burglarious *(adj.).*

burglarize (bûr′glə-rīz′), *v.t.* مال یا دووکان بڕین؛ دزین. *(to ~ a home, shop, office, etc.)*

burglarproof (bûr′glĕr-prōōf′), *adj.* نادزرێت (مال، دووکان)؛ دز ناتوانێت بیبڕێت.

burglary (bûr′glə-ri), *n.* مال یا دووکان بڕین؛ دزین؛ تالان کردن.

burgle (bûr′g'l), *v.i. & v.t.* = burglarize.

burgomaster (bûr′gə-mas′tĕr), *n.* سەرۆکی شارەوانی (لە هۆڵەندەو ئەڵمانیا و نەمسا).

burgonet (bûr′gə-net′), *n.* کڵاوی ئاسنی سووک

burgoo (bûr′gōō, bûr-gōō′), *n.* (١) هەریسە؛ شۆربایەکی خەستی دانەوێڵەیەکە لە جۆ دەچێت (٢) [Dial.]. (١) شلەی گۆشت و سەوزەی تووڕو تیژ (ب) سەیرانێک کە ئەم جۆرە شلەیەی تێدا دەخورێت.

Burgundy (bûr′gən-di), *n.* (١) ئاوچەی بەرگەندی لە پۆژهەڵاتی فەرەنسا. (٢) شەرابێکی سوورە (لە سەرەتادا لەم ئاوچەیە دروست دەکرا).

burial (ber′i-əl), *n.* ناشتن؛ مردوو ناشتن؛ بە خاک سپاردن.

adj. تایبەتی بە مردوو ناشتن؛ تایبەتی بە خاک سپاردن.

burial ground, گۆڕستان؛ قەبرستان

burier (ber′i-ĕr), *n.* مردوونێژ؛ بە خاک سپێر.

burin (byoo′rin), *n.* ئامێری نەخش هەڵکەندن لەسەر مەرمەڕو کانزا.

burl (bûrl), *n.* (١) گرێ (لە خوری، دەزوو، یا قوماشدا). (٢) گرێی قەدی دارودرەخت. (٣) تەبەقە دارێکی تەنکی گرێداویە بۆ پازاندنەوە بەکاردەهێنرێت.

v.t. گرێ لێ لابردن (قوماش).

burlap (bûr′lap), *n.* گوش؛ جانفاس؛ قوماشی گونیەو خەرار.

burlesque (bĕr-lesk′), *n.* (١) شانۆگەری لاقرتی و لاسایی. (٢) خۆنواندنی بێ پەردەو پووت و قۆشمەی سەر شانۆ.

adj. تایبەتی بە شانۆگەری لاقرتی و لاسایی و بێ پەردە.

v.t. & v.i. لاسایی کردنەوە و لاقرتی و قەشمەری کردن لەسەر شانۆ.

burley, Burley (bûr′li), *n.* تووتنێکی ئەمەریکی کەڵا تەنکە.

burly (bûr′li), *adj.* تێکسمراو؛ چوارشانە؛ کەتە؛ زەبەلاح.

-burliness *(n.).*

burn (bûrn), *v.t.* (١) سووتاندن؛ ناگرتێبەردان؛ گرتێبەردان. (٢) بە ئاگر کوشتن؛ سووتاندن (گیانداران). (٣) داپڵۆخاندن. (٤) خۆڕانگازکردن؛ خۆرگەستن. (٥) داخ کردن. (٦) سوورکردنەوە (خشت، گۆزەودیزە). (٧) بە ئاگر کردن (کون، سووتان): *(He ~ed a hole in his coat.)* (٨) تووزاندنەوە؛ چووزاندنەوە؛ کزاندنەوە؛ سووتاندن (دەم، قوڕگ): *(This hot pepper ~ed my mouth.)* (٩) سووتاندن یا بەکارهێنان (مۆم، چرا، زۆپا). (١٠) ئاگرتێبەردان (هەست، بەزەیی، تووڕەیی، حەز). (١١) بەکارهێنان (سووتەمەنی)؛ سووتاندن: *(This heater ~s gas. ; Her car ~s oil.)* (١٢) [Slang]، کارەبا لێدان؛ بە کارەبا کوشتن.

v.i. (١) سووتان: *(The fire is ~ing.)* . (٢) شەوقدانەوە؛ گەرمایی دان؛ ڕووناکی دانەوە. (٣) داپڵۆخان؛ داپڵۆخین. (٤) بە ئاگر مردن؛ سووتان. (٥) هەست کردن بە گەرما. (٦) هاتنە جۆش‌وخرۆش؛ هەست زۆر گەرم بوون: *(to ~ with desire)* . (٧) کزانەوە (برین، سووتاوی)؛ تووزانەوە. (٨) [Slang]، کارەبا لێدان؛ بە کارەبا مردن یا کوژران.

n. (١) سووتاوی؛ سووتان؛ برینێک کە لە ئەنجامی سووتان یا گەرمادا بێت. (٢) شوێنی داخ کراو؛ نیشانە (داخ کردن). (٣) خۆرانگان.

burn down, سووتاندن (خانوو)؛ هەموو سووتاندن و تەخت کردن.

burn one's bridges, پێگەی گەڕانەوە لە خۆ بڕین.

burn oneself out, خۆ زۆر ماندووکردن (بە کار یا ڕابواردن)؛ هێز لە خۆ بڕین: *(He is burned out.)* .

burn out, (١) کوژانەوە. (٢) فەوتاندن بە ئاگر. (٣) سووتاندن (مال، دووکان... هتد). (٤) قانگ دان یا دەرپەڕاندن بە ئاگر.

burn up, [Slang], (١) زۆر تووڕەکردن؛ تووڕەبوون. (٢) سەرزەنشت کردن بەتوندی.

burn (bûrn), *n.* [Scot.], جۆگەلە.

burner (bûr′nĕr), *n.* (١) چاو (پرێمز، چێشت لێنەر، زۆپا). (٢) کووڕە؛ فڕن؛ زۆپا؛ چێشت لێنەر (ئامێر). (٣) سووتێنەر.

burnet (bûr′nit), *n.* جۆرە گوڵێکە.

burning (bûrn′iŋ), *adj.* (١) خەریکە دەسووتێت؛ لە سووتاندنداید. (٢) زۆر گرنگ؛ گەرم (مەجاز): *(a ~ issue)* .

burning bush, دەرەختێکە گوڵی بچووکو بەری سوور دەگرێت.

burning glass, شووشەیەکی قۆزاو تیشکی خۆری پێ کۆدەکرێتەوە بۆ سووتاندن یا گەرم کردن.

burnish (bûr′nish), *v.t. & v.i.* ڕاخاوردنەوە؛ ساف‌ولووس کردنو بریقاندنەوە (شمشێر، خەنجەر).

n. بریقە.

-burnisher *(n.).*

burnoose, burnous (bĕr-nōōs′, bûr′nōōs), *n.* بڕنووس:

هەبا یا ڕوبی تەپڵەدار

burnsides (bŭrn′sīdz´), *n.pl.* لاجانگی دڕێژی لە کلکی سمێڵ دراوو چەناگەی تاشراو.

burnt (bŭrnt), *alternative past tense and p.p. of* burn.

bur oak, (١) دارەبڕوویەکی ئەمەریکییە کلاوەبڕووەکەی دڕکاوییە. (٢) داری ئەم دارەبڕووە (کە زۆر سەختە).

burp (bŭrp), *n.* [Slang], قڕقێنە.

v.i. [Slang], قڕقێنەدانەوە.

burr, bur (bŭr), *n.* (١) پەیکولە؛ دڕکێکی خڕە. (٢) ڕووەکی پەیکولەدار (٣) کەسێکی خۆهەڵواسەر. (٤) قەراغی تیژ. (٥) واشەر. ئەڵقەیەکی تەنکی لاستیکە بۆ ئاوبڕکردنی بەلووعەو بۆری ئاو. (٦) ئامێری دڕان کوتکەری دانساز

v.t. قەراغ زبرکردن

burr, bur (bŭr), *n.* (١) ووتنی تیپی "ڕ" بە دڕان لێ داگرتنەوە. (٢) بێژەیەکی دڕان لێ داگیراو (٣) قڕەقڕ (دەنگی باڵی باڵندەو پەروانە).

v.i. & v.t. (١) دڕان داگرتن لە ووتنی تیپی "ڕ". (٢) قڕەقڕکردن.

burr (bŭr), *n.* = buhrstone.

burro (bŭr′ō, boor′ō), *n.* کەر؛ جاشوولکە؛ گوێ دڕێژ

burrow (bŭr′ō), *n.* (١) کونی ژێرزەوی (وەک هی گۆڕەهڵکەنە، مڵە، مشکەکوێرە، کەروێشک، ڕێوی... هتد). (٢) کونی خۆشاردنەوە؛ کون.

v.i. & v.t. (١) کونکردن؛ بنکەن کردن؛ هەڵکەندن؛ خواردنەوە. (٢) خۆشاردنەوە (لە کون یا تونێلدا). (٣) پشکنین؛ بۆ گەڕان (بە هەڵکەندن).

burrstone (bŭr′stōn´), *n.* = buhrstone.

burry (bŭr′i), *adj.* (١) پەیکولەیی؛ پەیکولەدار (٢) تیژ؛ دڕکاوی

bursa (bŭr′sə), *n.* کیس یا بۆشایی کیس ئاسایی نێوان جومگەکانی لەش

bursal (bŭr′s'l), *adj.* (١) تایبەتی بە کیسی نێوان جومگەکانی لەش. (٢) دارایی؛ تایبەتی بە خەزێنە.

bursar (bŭr′sĕr), *n.* (١) ژمێریار (لە زانکۆ یا دانشگادا) (٢) قوتابیەک کە یارمەتی دارایی وەردەگرێت لە زانکۆیەکی نوسکوتلەندەدا.

bursary (bŭr′sə-ri), *n.* (١) خەزنەی زانکۆ یا پەرستگا (٢) یارمەتی دارایی (لە زانکۆیەکی نوسکوتلەندەوە).

-bursarial *(adj.).*

burse (bŭrs), *n.* (١) جزدان؛ کیسەی پارە. (٢) (ا) یارمەتی دارایی لە زانکۆوە. (ب) ئەو خەزنەیەی ئەم یارمەتییەی لێوە دەدرێت.

bursiform (bŭr′sə-fôrm´), *adj.* کیس ئاسا؛ لە کیس چوو.

bursitis (bĕr-sī′tis), *n.* هەرکردنی کیسی نێوان جومگەکانی لەش.

burst (bŭrst), *v.i.* (١) تەقین؛ شەق بردن؛ کڵپەکردن. (٢) هەست تەقینەوە؛ دانە گریان یا پێکەنین: *(She ~ into tears. ; She ~ into laughter.)*

(٣) لەپڕو بەتوورەیی خۆکردن بە ژووردا یا سەر دەرخستن؛ دەرپەڕین: *(He ~ into the room.)*

(٤) ئاوسن؛ هەڵئاوسان؛ لە تەقینەوە نزیک بوون.

v.t. (١) تەقاندن؛ شەق پێ بردن. (٢) هەڵئاوساندن؛ ئاوساندن؛ فووتێکردن.

n. (١) تەقین؛ تەقینەوە؛ شەق بردن؛ شەقە؛ تەقە؛ کڵپە. (٢) لێک ترازان؛ شکان. (٣) جموجوولێکی لەپڕ: *(a ~ of speed)*.

(٤) دەسبڕێژ؛ ڕیزە گوللە

burthen (bŭr′*th*ən), *n. & v.t.* [Archaic], = burden.

burton (bŭr′t'n), *n.* پەتی خولخولۆکە (قورسایی بەرزکردنەوە).

bury (ber′i), *v.t.* (١) ناشتن (مردوو)؛ بە خاک سپاردن. (٢) ناشتن؛ کردن بەژێر خاکەوە. (٣) داپۆشین؛ شاردنەوە: *(He ~ied his face in his hands.)*. (٤) ناشتن؛ لە بیری خۆ بردنەوە: *(Let's ~ our differences.)*. (٥) نوقوم کردن؛ وون کردن: *(He ~ies himself in his work.)*.

burying ground, گۆڕستان؛ قەبرسان.

bus (bus), *n.* (١) پاس؛ پاسی ئاوشار. (٢) عەرەبانەی قاپوقاچاغ گواستنەوەی چێشتخانە. (٣) وایەر یا شیشی ئەستووری کارەباگەیێن.

v.t. خەڵک گواستنەوە بە پاس: *(to ~ students to school)*.

v.i. بەردەستی کردن لە چێشتخانەدا؛ قاپوقاچاغی پیسی چێشتخانە گوێزانەوە: *(A bus boy ~es dirty dishes.)*.

bus bar, وایەر یا شیشی ئەستووری گەیەنەری کارەبا.

bus boy, بەردەستێکە کە قاپوقاچاغی چێشتخانە دەگوێزێتەوە.

busby (buz′bi), *n.* کڵاوێکی فەروی دڕێژی لوولەیی قووچە لە سوپای ئینگلیزیدا لەسەر دەکرێت.

bush (boosh), *n.* (١) دەوەن؛ بنچک. (٢) بێشە؛ بێشەڵان؛ چڕستان. (٣) کلکێکی ئەستووری تووکن. (٤) دەشت‌ودەری دەوەناوی.

v.i. (١) وەک بێشە لێهاتن؛ چڕبوون؛ بە پڕی پووان. (٢) لە دەوەن چوون؛ وەک دەوەن وابوون.

v.t. بە دەوەنو بنچک ڕازاندنەوە، گرتن، یا پاڵپشتی کردن.

beat around the bush, مەبەست بەدەستەوە نەدان؛ خولانەوە بەدەوری باسێکداو مەبەست بەدەستەوە نەدان.

bush (boosh), *n.* دیوی ناوەوەی خەت خەتی لوولەیەکی ئاسن، پوڵا یا پلاستیک.

v.t. خەت خەت کردنی دیوی ناوەوەی بۆری ئاسن، پوڵا، یا پلاستیک.

bushed (boosht), *adj.* (١) حەپەساو؛ لە داو دەوەندا وون بوو. (٢) [Colloq.]، زۆر ماندوو.

bushel (boosh′əl), *n.* (١) بوشل: پێوانەیەکی دانەوێڵەو میوەیە دەکاتە هەشت گاڵۆن. (٢) دەفرێک کە بوشلێک بگرێت. (٣) بڕێکی زۆر؛ زۆر.

v.t. & v.i. جل‌وبەرگ چاکردن (کورتکردنەوەو درێژکردنو پینەکردن).

-busheler; bushelled *(n.).*

bushelman (boosh′əl-mən), *n.* بەرگدروو؛ شاگرد بەرگدروو.

bushing (boosh′iŋ), *n.* دیوی خەت خەتاوی ناوەوەی بۆری ئاسن‌و پوڵاو پلاستیک.

bushman (boosh′mən), *n.* کەسێکی دەشتەکی نوستوراڵی؛ دارستان نشین؛ نیشتەنی شوێنی کەم ئاوەدانی.

bushranger (boosh′rān´jĕr), *n.* (١) دارستان نشین. (٢) چەتەی ئاو دارستان (بەتایبەتی لە ئوستورالیا).

bushwhacker (boosh′hwak´ĕr), *n.* (١) دەشت‌ودەرنشین. (٢) شۆڕشگێڕ (بەتایبەتی یەکێک کە لە شەڕی براکوژی ئەمەریکادا لایەنگری بەشی خواروی ئەمەریکای دەکرد). (٣) تەوراس؛ داس.

bushy (boosh′i), *adj.* (١) دەوەناوی. (٢) چڕ؛ پڕ (قژی سەر، برژ، سنگ یا کلک): *(~ eyebrows; a ~ tail)*.

busily (biz′′l-i, biz′i-li), *adv.* بە سەرقاڵی؛ هەمیشە خەریک.

business (biz′nis), *n.* (١) پیشە؛ کار. (٢) دەربەست؛ پێویستی سەرشان: *(None of your ~ !)*. (٣) کاروبار؛ ئیش‌وکار. (٤) بازرگانی؛ ئاڵووێر. (٥) کاروکاسبی. (٦) دەزگایەکی بازرگانی؛ شوێنی کاروکاسبی. (٧) شێوەی بەڕێوەبردنی دەزگای بازرگانی. (٨) کردار (بەتایبەتی لە شانۆگەریدا لەکاتی بێ گفتوگۆدا).

business is business, برادەرێتی‌و پارەو کاروکاسبی دەبێت لەیەک جیابکرێنەوە؛ برادەرێتی‌و بازرگانی جیان.

go into business, کاروکاسبی سەربەخۆ کردن.

have no business (to do something), ماف نەبوونی کردنی شتێک.

mean business, بە ڕاست بوون؛ سووربوون لەسەر؛ بە گاڵتە نەبوون.

put out of business, مایەپووچ کردن؛ نابووت کردن.

business college (or school), قوتابخانەی بازرگانی (بۆ

فێرکردنی چاپکردن و دەفتەرگرتن و هەڵسووڕاندنی ئیشوکار.

businesslike (biz′nis-līk′), *adj.* کارگوزارانە؛ کارگوزار: *(to have a ~ attitude)*

businessman (biz′nis-man′), *n.* بازرگان؛ خاوەن ئیش؛ کاسبکار؛ خاوەن دەزگای کاروکاسبی.

businesswoman (biz′nis-woom′ən), *n.* ژنە بازرگان؛ خاوەن ئیش (ژن).

busk (busk), *n.* (١) تیلماسکە باغە، دار، یا نیسقانێکە بەرگی ئافرەتی پێ قنج دەکرێتەوە (٢) کەمەربەند.

buskin (bus′kin), *n.* (١) لاپچینی کورتی؛ جزمەی کورت. (٢) لاپچینی کورتی نەکتەری شانۆگەریی کارەساتاوی یەکانی یۆنان و ڕۆمان. (٣) شانۆگەری کارەساتاوی.

busman (bus′mən), *n.* شۆفێری پاس

bus stop, وێستگەی پاس

buss (bus), *n.* [Arch. or Dial.], ماچ و موچ؛ ماچ

v.i. & v.t. ماچ و موچ کردن.

bust (bust), *n.* (١) نیوە پەیکەر (لە ناوقەد بەرەوژوور)؛ پەیکەری سنگ و سەر. (٢) سنگ و مەمک؛ سینەی ئافرەت.

bust (bust), *v.t. & v.i.* [Slang], (١) شکاندن؛ شکان (مەکینە، ئامێر) (٢) مایەپووچ کردن؛ نابووت کردن. (٣) پلە و پایە نزم کردنەوە؛ پلە شکان. (٤) مافی کردن (نەسپی کێبڕکێی پۆژئاوای ئەمەریکا). (٥) مستەکۆڵەلێدان؛ پیاکێشان. (٦) هەڵوەشاندنەوە؛ شکاندن؛ ڕووخاندن: *(to ~ a trade union)*. (٧) گرتن (بەندیخانە): *(He was ~ed. ; The police ~ed him.)*.

n. [Slang], (١) زۆرکەوتن؛ سەرنەکەوتن. (٢) مستەکۆڵە؛ پیاکێشان؛ لێدان. (٣) زەماوەند. (٤) مایەپووچی؛ نابووتی. (٥) بۆ دزاری؛ کەم بازاڕی. (٦) گرتن (بەندیخانە).

bustard (bus′tērd), *n.* باڵندەیەکی کێوی یە لە مریشک دەچێت.

buster (bus′tēr), *n.* [Slang], (١) شتێکی زل و سەرنج ڕاکێشەر. (٢) ماڵبێکەر *(a horse ~)*. (٣) زەماوەند. (٤) شکێنەر؛ شکێنەر: *(a union ~)*. (٥) [B-]، کوڕ؛ پیاو؛ کوڕە (بۆ بانگ کردن).

bustle (bus′l), *v.i. & v.t.* هاتوچون بە شێوەیی؛ هەڵپەکردن؛ بە پەلەو دەنگەدەنگ شت کردن: *(to ~ about)*.

n. خرۆشان؛ جموجوڵی بە پەلەو شێوەیی؛ بەزم و ڕەزم.

bustle (bus′l), *n.* ناونان یا چواربڕینەوەی دواوەی تەنووڕەی ژنان (بۆ نەوەی فش دەرکەوێت)؛ فشوفۆڵی دواوەی تەنووڕە.

busy (biz′i), *adj.* (١) سەرقاڵ؛ هەمیشە خەریک. (٢) پڕ (بەرنامە): *(a ~ schedule)*. (٣) گیراو (تەلەفۆن)؛ لەکاردایە: *(The telephone line is ~.)*. (٤) خۆتێهەڵقورتێنەر. (٥) پڕ (نەخشە)؛ پڕو ئاڵۆز: *(a ~ design)*.

v.t. خەریک کردن؛ خۆ خەریک کردن.

-busyness *(n.)*.

busybody (biz′i-bod′i), *n.* دەستخەرە ناو کاروباری خەڵکەوە؛ خۆتێهەڵقورتێنەر.

but (but; *unstressed*, bət), *prep.* (١) بێجگە لە؛ جگە لە؛ تەنها: *(Nobody came ~ me.)* (٢) لەوە بەوڵاوە؛ لەوە زیاتر: *(We cannot choose ~ stay.)*.

conj. (١) تەنها؛ جگە لە: *(Nobody came ~ I (came)* |. (٢) بەڵام؛ لەگەڵ ئەوەشدا: *(He is a villain, ~ he has some virtues.)* (٣) بەڵام: *(I am old, ~ you are young.)*. (٤) تەنها؛ بەڵام: *(It never rains ~ it pours.)*. (٥) کە: *(I don't question ~ you're correct.)*.

(٦) ئەگەر وانەبێت یا ڕوونەدات، واتە هەمیشە وایە: *(I never go past that house ~ I think of her.)* (٧) لەوە زیاتر؛ لەوە بەوڵاوە؛ جگە لەوە: *(I cannot ~ try.)* (٨) لەوە؛ جگە لەوە: *(There was nothing else to do ~ (to) go.* |

adv. (١) تەنها؛ ئەگەر تەنها: *(If I had ~ known.)*. (٢) تەنها: *(He is ~ a child.)*. (٣) هەر؛ تەنها: *(I heared it ~ now.)*. (٤) [Dial.]، لەدەرەوە؛ دەرێ.

all but, خەریکە؛ نزیکە لە؛ زۆری نەماوە: *(It's all but finished.)*

but for, ئەگەر لەبەر ئەوە نەبووایە؛ بەبێ: *(But for your help, I would have failed.)*

butadiene (bū′tə-dī′ēn, bū′tə-dī-ēn′), *n.* بیوتادین: هایدرۆکاربۆنێکی خۆش سووتە لە پەترۆڵ دەردەهێنرێت و لە دروستکردنی لاستیکی دەستکرد ا بەکاردەهێنرێت.

butane (bū′tān, bū-tān′), *n.* بیوتان: گازێکە بۆ سووتەمەنی و دروستکردنی لاستیکی دەستکرد بەکاردەهێنرێت.

butch (booch), *n.* [Slang], ئافرەتێکی مێیلزی نێرئاسا یا کەڵە.

butcher (booch′ēr), *n.* (١) (ا) سەربڕ؛ قەساب. (ب) گۆشتفرۆش. (٢) پیاوکوژ؛ خوێنڕێژ. (٣) فرۆشیار (شیرینی و گۆفار لەناو شەمەندەفەرو سینەمادا).

v.t. (١) قەسابی کردن؛ گیاندار سەربڕین و فرۆشتنی گۆشتەکەیان. (٢) خوێن ڕشتن؛ کوشتن بە درندانە (مرۆڤ، گیاندار)؛ سەربڕین؛ قەلاچۆکردن. (٣) تێکدان؛ شێواندن بەسەرپەکدا؛ بە نەزانانە کردن.

butcherbird (booch′ēr-būrd′), *n.* باڵندەیەکی نێچیروانە کە پاش کوشتنی نێچیرەکەی هەڵی دەواسێت بەسەر درکودڵەوە.

butcher knife, کێرد؛ چەقۆی تیژی گەورە.

butcherly (booch′ēr-li), *adv.* (١) قەسابانە (٢) درندانە؛ خوێنڕێژانە.

butcher's-broom (booch′ērz-brōōm′), *n.* دەوەنێکە لقەکانی لە گەڵای بریقەدار دەچێت گوڵی سپی هێشوویی و بەری وەک شیلان دەگرێت.

butcher shop, فرۆشتگای گۆشت.

butchery (booch′ēr-i), *n.* (١) کوشتارخانە؛ قەسابخانە. (٢) قەسابی؛ سەربڕینی گیاندار و فرۆشتنی گۆشتەکەی. (٣) فرۆشگای گۆشت (٤) خوێن ڕشتن؛ کوشتار؛ کوشتنی درندانە.

butler (but′lēr), *n.* گەورەی بەردەستان (لە ماڵێکی گەورەدا)؛ بەردەست (بەتایبەتی کە لێپرسراوی خواردنی گەورەماڵێکە).

butler's pantry, گەنجینەیەکی بچووکە لەنێوان چێشتخانەو ژووری نانخواردندا.

butlery (but′lēr-i), *n.* = butler's pantry.

butt (but), *n.* (١) قنگ یا سەرە نەستوورەکەی شتێک: *(the ~ of a rifle)* (٢) بنەدار؛ کۆتەردار (کە لە زەویدا دەمێنێتەوە). (٣) قنگە جگەرە؛ قنچکە جگەرە. (٤) گردۆڵکەی پشت نیشانێک (کە قەپاغە بەتاڵەکانی تێدا گردەبێتەوە). (٥) نیشان. (٦) (*pl.*)، مەودای نیشان. (٧) تەشمەری خەڵک (مرۆڤ، شت)؛ گاڵتەچی خەڵک: *(the ~ of jokes)*. (٨) [Slang]، جگەرە. (٩) [Slang]، گووپی قنگ؛ سمت؛ قنگ. (١٠) پاشو لاتەنیشتی پێستەی خۆشکراو.

v.t. & v.i. هەردووسەری شتێک لێکدان.

butt (but), *v.t.* (١) شۆڤ لێدان؛ قۆچ لێدان؛ قۆچ هاویشتن؛ سەرپیاکێشان. (٢) پیادان؛ پیاکێشان؛ خۆپیادان. (٣) بەرکەوتن؛ هاوستووربوون؛ لەسەر بەندبوون؛ بەر سەرەکەی کەوتن.

v.i. (١) شۆڤدان؛ قۆچ هاویشتن؛ سەرپیاکێشان. (٢) بەسەردا ڕۆیشتن.

(٣) دەریۆقێن؛ دەرپەڕین. (٤) بەرکەوتن؛ لێدان؛ بەر سمرەکەی کەوتن.

n. (١) شۆق؛ قۆچ. ٢) پیاکردن یا پیادان (یاری شێربازی).

butt in, [Slang], خۆتێهەڵقورتان؛ تێهەڵکوتان

butt into, [Slang], خۆتێهەڵقورتان؛ تێهەڵکوتان

butt (but), *n.* (١) بەرمینی شەراب و بیرە.

(٢) پێوانەیەکی شلەیە بریتیە لە سەدوبیست وشەش گاڵۆن.

butt (but), *n.* جۆرە ماسیەکی پانکۆڵەیە.

butte (būt), *n.* تاقە گردێکی دەشتایی‌یەکە.

butter (but′ēr), *n.* (١) کەرە. ٢) جۆرە مرەبایەکی وەک کەرەیە.

(٣) [Colloq.]. مەرایی؛ پشی پشی کردن.

v.t. (١) کەرە لێدان.

(٢) [Colloq.]. (~ up)، مەرایی بۆ کردن؛ کلکەلەقن بۆ کردن.

know which side one's bread is buttered on, سوودی خۆ- زانین؛ جاکەی خۆ زانین.

look as if butter would not melt in one's mouth, شەرمۆ ساویلکە دیاربوون؛ خۆ بە شەرمۆ ساویلکە نواندن.

butterball (but′ēr-bôl´), *n.* (١) . bufflehead

(٢) [Colloq.]. کەسێکی قەڵەو.

butter bean, (١) ڕووەکی فاسۆلیایەکی دەنک پان و زل نەمەریکایی‌یە.

(٢) نەم جۆرە فاسۆلیایە

buttercup (but′ēr-kup´), *n.* (١) گوڵەبەمارە.

(٢) ڕووەکی نەم گوڵە.

butterfat (but′ēr-fat´), *n.* چەورایی شیر.

butterfingers (but′ēr-fiŋ´gērz), *n.* [Colloq.]. کەسێکە کە هەمیشە شت لە دەستی دەکەوێتە خوارەوە؛ کەسێکی دەست‌وپل پەڕۆ.

butterfish (but′ēr-fish´), *n.* ماسی‌یەکی گۆشت ناسکە وەک کەرە.

butterfly (but′ēr-flī´), *n.* (١) پەپوولە

(٢) نافرەتێکی بەرگ ڕەنگینی حولحولی بێ وەفا.

butterfly fish, پەپوولە ماسی: جۆرە ماسی‌یەکی ڕەنگاوڕەنگە.

butterfly valve, دەمەوانەی دووپەڕەیی (وەک باڵی پەپوولە).

butterfly weed, گیایەکی شیلە سپی پزیشکی‌یە (بۆ نارەق کردنەوە).

butterine (but′ə-rēn´, but′ə-rin), *n.* کەرەی دەستکرد

butter knife, چەقۆی کەرە: چەقۆیەکی کوڵ بچووکە کەرەی لە نان پێ هەڵدەسووێنێت.

buttermilk (but′ēr-milk´), *n.* ماستاو؛ دۆی خەست.

butternut (but′ēr-nut´), *n.* (١) گوێزێکی نەمەریکی چەورە.

(٢) دارگوێزی نەم گوێزە. (*pl.*) (٣). ناوداماڵی قاوەیی.

(٤) سەربازێکی جیابوونەوەخوازی باشووری نەمەریکا لە شەڕی براکوژیدا.

butterscotch (but′ēr-skoch´), *n.* شیرینی‌یەکە لە شەکری بۆرو کەرە دروست دەکرێت

butterwort (but′ēr-wūrt´), *n.* مێرووگرە ڕووەکێکی گەڵا لینجە جانەوەر دەگرێت

buttery (but′ri, but′ēr-i), *n.* (١) گەنجینەی عەرەق و شەراب.

(٢) گەنجینە. (٣) فرۆشگای زانکۆ (بەتایبەتی لە ئینگلتەرە).

buttery (but′ēr-i), *adj.* (١) کەرەیی؛ لە کەرە چوو؛ چەور؛ نەرم.

(٢) کەرە لێدراو؛ کەرە تێهەڵسووا؛ مەراییکەر.

butting (but′iŋ), *n.* سنوور.

butt joint, جەمسەر نەندازیاری)

buttock (but′ək), *n.* (١) سمتێک؛ گووپی سمتێک؛ گووپێکی قنگ.

(٢) (*pl.*) سمت؛ گووپی سمت؛ کەفەڵ؛ گووپی قنگ.

(٣) (*pl.*). پاشەڵ؛ دواوەی سەرئاوکەوتووی کەشتی.

button (but′n), *n.* (١) قۆپچە؛ دوگمە؛ کووژمکە

(٢) شتێکی قۆپچە ئاسایی.

(٣) دڕووشم یا نیشانێکە دەکرێت بە یەخەوە؛ یەخەبەند.

(٤) دەسک؛ دوگمەی دەسک. (٥) دوگمەی زیلی دەرگا یا گلۆپ داگیرسان.

(٦) قارچکێکی فەریکی بچووکە. (٧) [Slang]، چەناگە.

v.t. & v.i. **قۆپچە داخستن:** ***(to ~ one's shirt, coat, etc.)***

buttonball (but′n-bôl´), *n.* = buttonwood.

buttonbush (but′n-boosh´), *n.* بنچکێکی گوڵ قۆپچەیی‌یە.

buttonhole (but′n-hōl´), *n.* (١) کونە قۆپچە؛ نەو کونەی دوگمەی پێ دادەخرێت. (٢) گوڵی یەخە.

v.t. (١) کونە قۆپچە کردنە جل‌وبەرگەوە.

(٢) بەرۆک گرتن؛ یەخەگرتن؛ وەستاندن و قسە لەگەڵ کردن:

(to ~ someone in the street)

buttonmold (but′n-mōld´), *n.* پارچەیەک دار یا کانزایە بە قوماش یا چەرم دەوری دەگیرێت و دەکرێت بە قۆپچە.

buttons (but′nz), *n.pl.* [Colloq.], بەردەستی میوانخانە.

buttonwood (but′n-wood´), *n.* (١) درەختێکە لە سوورەچنار دەچێت. (٢) داری نەم درەختە.

buttony (but′n-i), *adj.* (١) لە قۆپچە دەچێت؛ قۆپچە ئاسا.

(٢) بە قۆپچە پازێنراوەتەوە؛ قۆپچەی زۆر پێوەیە.

buttress (but′ris), *n.* (١) پشتیوانی دیوار (کە لە بەرد یا خشت دروووست دەکرێت)؛ پاڵپشتی دیوار. (٢) پاڵپشت؛ کۆڵەکە؛ پایە.

v.t. (١) پاڵپشتی کردن (بە کۆڵەکە یا پایە)؛ پشتیوان گرتن.

(٢) پاڵپشتی کردن؛ بەهێزکردن؛ پشتیوان کردن؛ ڕاگیرکردن.

butyl (bū′til), *n.* بیوتێل (کیمیا).

butylene (bū′t′l-ēn´), *n.* بیوتیلین (کیمیا).

butyraceous (bū´tēr-ā′shəs), *adj.* کەرەیی؛ وەک کەرە وایە.

butyric (bū-tir′ik), *adj.* (١) کەرەیی؛ لە کەرە پەیدابوو.

(٢) تایبەتی بە ترشی کەرە.

butyric acid, ترشی کەرە: شلەیەکی بێ ڕەنگی بۆگەنە لە کەرەی ترشاو پەیدادەبێت.

buxom (buk′səm), *adj.* (١) لەش پڕو تەندروست و بەدڵداچوو؛ خرپن؛ خڕومڕ: ***(a ~ woman)*** . (٢) [Archaic]، نەرم.

(٣) [Archaic]، گوێ ڕایەڵ؛ ملکەچ.

buy (bī), *v.t.* (١) کڕین. (٢) بە بەرتیل کڕین؛ بەرتیل پێدان.

(٣) [Slang]، بڕوا پێ بوون.

v.i. کڕین.

n. (١) کڕین؛ کڕینێک. (٢) شتی کڕاو؛ شتێک کە بتوانرێت بکڕرێت.

(٣) [Colloq.]، شتێکی بە هەرزان کڕراو؛ شتێک کە لەو نرخەی پێی کڕراوە زیاتر بهێنێت؛ کڕراوێکی باش: ***(That house is a good ~ .)***

-buyable ***(adj.).***

bad buy, [Colloq.], نەو نرخە ناهێنێت کە پێی دراوە یا کە ئێی داوا دەکرێت.

buy back, کڕینەوەی شتێک لەلایەن فرۆشیارەکەیەوە.

buy into, [Slang], بەش کڕین لە بەشگەیەکدا بۆ بوون بە نەندام.

buy off, بە بەرتیل کڕین؛ بەرتیل پێدان.

buy out, ئ کڕینەوە؛ کڕینەوەی بەشی کەسێک (هاوبەشی).

buy up, هەموو کڕین؛ کڕینی هەموی.

good buy, [Colloq.], کڕاوێکی باش یا بەسوود.

buyer (bī′ēr), *n.* (١) کڕیار؛ بکڕ.

(٢) کڕیاری شتومەک بۆ دەزگایەکی بازرگانی.

buzz (buz), *v.i.* (١) وویزەوویزەهاتن؛ وویزەهاتن؛ ووزەووزکردن.

(٢) بەجۆشەوە بەبێ وەستان و وورتەوورت کردن.

(٣) لە پاش مەلە باسکردن. (٤) بە شێوەیی جوولانەوە.

v.t. (١) لە پاش مەلە باسکردن؛ قاوخستنەوە بە دەنگی نزمو بەبێ وەستان.

(٢) وویزەوویزکردن؛ ووزەووزکردن: ***(hornets ~ing their wings)***

(٣) زۆر بە نزمی بەسەردا فڕین:

(The plane ~ed the ship.)

(٤) زەنگ بۆ لێدان؛ ووریاکردنەوە بە زەنگ.

(٥) [Colloq.]، تەلەفۆن بۆ کردن.

n. (١) وویزە (هەنگ، زەردەوالە)؛ وویزەوویز؛ ووزەووز. (٢) وورتەوورت.
(*Give me a ~ tonight.*). (٣) [Colloq.]، تەلەفۆن کردن:

buzz about (or around), (٤) [Colloq.]، سەرخۆشی.
بە فڕەوهووڕ ڕۆیشتن؛ فڕکەفڕک هاتن؛ ڕاکەڕاک کردن

buzz off!, [Slang], لاچۆ!؛ لاچۆ لێرە!؛ لاچۆ لەبەرچاوم!.

give (a person) a buzz, [Slang], تەلەفۆن بۆ کردن.

buzzard (buz′ērd), *n.* (١) سیسارک؛ سیسارکە کەچەلە.
(٢) [British]، هەڵۆ. (٣) کەسێکی چاوبرسی ناپەسەند.

buzz bomb, بۆمبای وویزەکەر: بۆمبایەکی خۆهاوێژەرە وویزەی لێوەدێت لەکاتی فڕیندا

buzzer (buz′ēr), *n.* زەنگی کارەبا (وەک هی دەرگا).

buzz saw, مشاری وویزەدار: مشارێکی خڕی کارەبایی وویزەداڕە.

buzzwig (buz′wig′), *n.* (١) بارۆکەیەکی بڕۆنی ژن.
(٢) بارۆکە لەسەر. (٣) کەسێکی پلەوپایە بەرز.

by (bī), *prep.* (١) لەنزیک؛ بەتەنیشت؛ لەلای؛ لای؛ نزیک:
(*I am standing ~ the door.*)
(٢) (ا) بە (کات):. (*He travels ~ night. ; She works ~ the hour.*)
(ب) لە کاتێکی تایبەتی درەنگتر نا:. (*Be back ~ ten o'clock.*)
(٣) بە؛ لەڕێوە (گەشت):. (*He went ~ way of New York.*)
(٤) بەلادا؛ بەتەنیشتدا:. (*He walked right ~ me.*)
(٥) بۆ (بۆ باش بوون یا خراپ بوون):. (*He did well ~ his children.*)
(٦) بە (دروستکردن):. (*This rug is made ~ hand.*)
(٧) لەلایەن؛ بە دەستی:. (*This poem is written ~ her.*)
(٨) بەپێی؛ بەگوێرەی:. (*He fights ~ the book.*)
(٩) بە (پلەپلە، ووردەوورده):. (*It grows dark ~ degrees.*)
(١٠) بە (سوێند خواردن: بە خودا):. (*Yes, ~ God!*)
(١١) بە (کێشان، گۆڕینەوە، پێوان):. (*We sell apples ~ the pound.*)
(١٢) بە (پێوان: دارێکی دووگرێ بە چوارگرێ):. (*a two ~ four*)
(١٣) بە:. (*He went ~ car.*)
(١٤) بەسەر:. (*You can divide ten ~ two.*)

adv. (١) لەنزیکەوە؛ نزیک:. (*Stand ~ !*)
(٢) ئەولاوە (یاشەکەوت کردن)؛ لاوە:. (*We have put money ~ .*)
(٣) بەلادا؛ بەتەنیشتدا:. (*The car sped ~ .*)

adj. & n. ناسەرەکی

by and by, پاش ماوەیەک؛ پاش کاتێکی کەم؛ زۆری پێ ناچێت.

by and large, بەگشتی

by far, زۆر (بەراوردکردن)؛ ئێجگار:
(*This one is better by far.*)

by the by, = by the way.

by the way, بەم بۆنەیەوە؛ ئۆ! (لەکاتی قسەکردندا کە باسێکی تر دەهێنێتە پێشەوە. وەک بڵێیت: ئۆ! بەخوا باش بوو بیرم کەوتەوە!).

by- (bī), پێشگرێکە بەمانای: (١) نزیک؛ لەنزیکەوە؛ بەتەنیشت: *(bystander)*
(٢) ناسەرەکی:. *(byproduct)*

by-and-by (bī′n-bī), *n.* (١) دواڕۆژ (٢) ئەوەو دنیا؛ قیامەت.

by-bidder (bī′bid′ēr), *n.* کەسێکە کە لە هەراجدا نرخی شتی هەڕاج کراو بەرزدەکاتەوە بە ڕێکەوتنی پێشەکی لەگەڵ خاوەن شتەکەدا.

by-blow, bye-blow (bī′blō′), *n.* (١) لێدانێکی ڕێکەوت.
(٢) منداڵێکی زۆڵ؛ زۆڵ.

bye (bī), *adj.* ناسەرەکی؛ ڕێکەوت.

by the bye, = by the way.

bye-bye (bī′bī′), *n. & interj.* خواحافیز؛ خوات لەگەڵ

by-election (bī′i-lek′shən), *n.* هەڵبژاردنێکی تایبەتی ناسەرەکی

(بۆ پڕکردنەوەی جێگەی نوێنەرێکی مردوو یا لێخراو).

bygone (bī′gôn′, bī′gon′), *adj.* بەسەرچوو؛ ڕابوردوو.

n. شتێکی ڕابوردوو یا بەسەرچوو.

let bygones be bygones, ئەوەی چوو چوو؛ ئەوەی بەسەرچوو بەسەرچوو.

bylaw (bī′lô′), *n.* پەیڕەوی ناوخۆی ڕێکخراو، کۆمەڵە، یا کۆمپانیایەک؛ پەیڕەوی ڕێکخراو یا کۆمپانیایەک نەک میری.

by-line (bī′līn′), *n.* دێڕێکە لەسەرەوو ووتارێکەوە نووسەرەکەی ناونووس دەکات.

byname (bī′nām′), *n.* (١) لەقەب. (٢) نازناو.

bypass (bī′pas′, bī′päs′), *n.* (١) لاڕێ (بەتایبەتی کە بەلای شارێک یا شوێنێکدا تێپەڕدەبێت). (٢) ڕێ، ئاوەڕۆ، یا گوزەرگای لقی یا ناسەرەکی (بە بۆری). (٣) کارەبابڕۆی تەنیشتی یا لقی.

v.t. (١) بەلادا تێپەڕین؛ خۆ لێ لادان (کەندوکۆسپ)؛ بەدەوردا ڕۆیشتن.
(٢) گوێ پێ نەدان؛ پەڕاندن:. (*to ~ routine procedures*)
(٣) پیابردن (ئاو یا شلە بە بۆرییەکی لقیدا).

bypast (bī′past′, bī′päst′), *adj.* ڕابوردوو؛ بەسەرچوو.

bypath (bī′path′, bī′päth′), *n.* تووڵەڕێ؛ لاڕێ؛ کوێرەڕێ.

byplay (bī′plā′), *n.* گفتوگۆ یا کرداری لەلاوەی سەرشانۆ (لەکاتێکدا کە شانۆگەرییەکە بەردەوام دەبێت).

byproduct (bī′prod′əkt), *n.* (١) بەرهەمی لەلاوە یا ڕێکەوت (پیشەسازی). (٢) ئەنجامی ڕێکەوت، لەلاوە، یا ناسەرەکی.

byre (bīr), *n.* گەووڕی مانگا؛ تەوێلەی ڕەشەوولاخ.

byroad (bī′rōd′), *n.* لاڕێ؛ باریکەڕێ؛ چەپەڕێ.

Byronic (bī-ron′ik), *adj.* (١) بایرۆنی: تایبەتی بە هۆنەری ڕۆمانتیکی ئینگلیز " بایرۆن " و هەڵبەستەکانی.
(٢) ڕۆمانتیکی و سەربەڕۆ لاقرتێکەر.

byssus (bis′əs), *n.* (١) قوماشێکی کەتان یا ئاوریشمی کۆنە میسرییە فیرعەونییەکان دەیان پێچا لە مردووی مۆمیاکراوەوە.
(٢) ڕیشۆڵەی زۆر باریکە کە گیانداری قاوغداری ئاوی خۆی پێوە دەنووسێنێت بە بەردو شتی تردەوە.

bystander (bī′stan′dēr), *n.* سەیرکەری ڕێکەوت (ڕووداو)؛ تەماشاکەری ڕێکەوتی ڕووداوێک (بەبێ بەشداربوون تیایدا).

bystreet (bī′strēt′), *n.* شەقامێکی بچووک؛ کوێرە شەقام؛ لاڕێ.

by-talk (bī′tôk′), *n.* قسەی کات کوشتن؛ قسەی بێ بایەخ.

byway (bī′wā′), *n.* (١) bypath.
(٢) لقێکی زانست یا لێکۆڵینەوەی ناسەرەکی یا گوێ پێ نەدراو.

byword (bī′wûrd′), *n.* (١) پەندی پێشینان.
(٢) نموونەی چێن، ڕەگەز، یا هەڵوێستێک (مرۆڤ، شت).
(٣) قەشمەر؛ کەسێکی ناوزراو یا بە سووک تەماشاکراو.
(٤) نازناو؛ ناتۆرە

bywork (bī′wûrk′), *n.* کاری لەلاوە کراو (لەکاتی بێکاری یا پشوودا).

Byzantine (bi-zan′tin, biz′′n-tēn′, biz′′n-tīn′), *n.* بیزەنتی: هاووڵاتیێکی شاری " بیزەنتە " ی کۆن.

adj. (١) تایبەتی بە شانشینی " بیزەنتە " ی کۆن و کلتوورەکەی؛ تایبەتی بە شانشینی ڕۆمانی ڕۆژهەڵات. (٢) (ا) ئاڵۆز. (ب) پیلاناوی؛ فڕوفێڵاوی و ئاڵۆز (ڕامیاری). (٣) هونەری خانووسازی بیزەنتی (کە بریتییە لە گوومەز تاقی کەوانەیی و نەقش و کاشیکاری).

Byzantium (bi-zan′shi-əm, bi-zan′ti-əm), *n.* بیزەنتە: پایتەختی شانشینی ڕۆمانی کە ئێستا پێی دەوترێت: " ئەستەمبوول ".



C, c (sē), *n.* (١) تیپی سێیەمی ئەلفوبێی ئینگلیزییە (٢) دەنگی ئەم تیپە کە " k " و لەپێش تیپە بزوێنی " a, o, u " وە هەمور تیپە نەبزوێنەکان جگە لە " h " . بەڵام دەنگی " s " و لەپێش تیپە بزوێنی " e, i, y " . وە وشەی بە " -ce " کۆتایی هاتوو. " ch " دەبێ بە " ç " لە وشەی " church " دا. وە " ci " بە " sh " لە وشەی " vicious " دا. (٣) ئەم تیپە بە چاپکراوی یا هەڵکەندراوی. (٤) نیشانەی پلەی سێیەم؛ سێیەم.

adj. (١) تایبەتی بە تیپی " C " . (٢) سێیەم؛ سێیەمین.

C (sē), *n.* (١) شتێکە کە شێوەی لە تیپی " C " بکات. (٢) ژمارە ١٠٠ ی ڕۆمانی. (٣) هێمای کاربۆن (کیمیا). (٤) نمرەی مام ناوەندی (قوتابخانە): ***(She received a "C" in biology.)*** (٥) ژمارەی نەگۆڕ (بیرکاری). (٦) نۆتەی مۆسیقا.

circumcise (sûr´kəm-sīz´), *v.t.* (۱) خەتەنەکردن (۲) پاکردنەوە (لە خراپە یا زینا).

circumcision (sûr´kəm-sizh´ən), *n.* (۱) خەتەنە؛ خەتەنەکردن. (۲) پاکردنەوە (لە خراپە یا زینا). (۳) [C-]، جەژنی خەتەنەکردنی مەسیح (یەکەم ڕۆژی ساڵی تازەی زایینییە).

circumference (sēr-kum´fĕr-əns), *n.* (۱) کەمەرە (بازنە)؛ چێوە (۲) درێژی کەمەرە.

circumflex (sûr´kəm-fleks´), *n.* نیشانەیەکە‌ی زمانەوانییە وەک: (^ ˇ) کە دەخرێتە سەر تیپە بزوێنی هەندێ زمان، وەک فەرەنسی- (دەنگناسی):

adj. (۱) نیشانەیەکی وەهای بەسەرەوەیە. (۲) چەماوە؛ چەماوەتەوە بەدەوریدا.

v.t. (۱) چەمانەوە (۲) بێژانی تیپێک بەگوێرەی نەم جۆرە نیشانانە.

circumflexion (sûr´kəm-flek´shən), *n.* چەمانەوە.

circumfluent (sēr-kum´flōō-ənt), *adj.* بەدەوریدا دەڕوات (ئاو، ڕووبار)

circumfluous (sēr-kum´flōō-əs), *adj.* (۱) بەدەوریدا دەڕوات (ئاو، ڕووبار) (۲) دەوری بە ئاو گیراوە؛ ئاو دەوریداوە.

circumfuse (sûr´kəm-fūz´), *v.t.* (۱) ڕشتن یا بڵاوکردنەوەی شلەیەک بە چواردەوردا. (۲) دەوەدان بە ئاو یا شلەیەکی تر.

-circumfusion *(n.)*.

circumlocution (sûr´kəm-lō-kū´shən), *n.* (۱) درێژەپێدان (ووتار، قسەکردن، نووسین)؛ زۆر ڕێسان (ووتار، قسە، نووسین)؛ قسە جووینەوە؛ زۆر ڕۆیشتن لەسەر باسێکو دەرەنگ نەنجام بەدەستەوەدان. (۲) مەبەست بەدەستەوە نەدان لە نووسین یا قسەکردندا (لەپێی زۆر ڕێسانەوە). (۳) ووتەیەک یا دووانێکی درێژەپێدراو.

circumnavigate (sûr´kəm-nav´ə-gāt´), *v.t.* بە چوار دەوریدا گەڕان بە پاپۆڕ یا بەلەم.

-circumnavigation *(n.)*; **circumnavigator** *(n.)*.

circumrotate (sûr´kəm-rō´tāt), *v.i.* خولانەوە؛ سووڕانەوە (پێچکە)

circumscribe (sûr´kəm-skrīb´), *v.t.* (۱) چواردەورگرتن؛ دەورەدان؛ سنوور بۆ دانان (۲) هێڵ کێشان بە چواردەوردا. (۳) کێشانی وێنەیەکی نەندازەیی بەدەوری وێنەیەکی نەندازەیی قردا بەمەرجێک لە ڕۆترێن شوێندا لەیەکتری بدەن: *(to ~ a triangle with a circle)*

circumscription (sûr´kəm-skrip´shən), *n.* (۱) دەورەدان؛ چواردەورگرتن. (۲) سنوور (۳) ماددەیەک کە چواردەوری شتێکی پێ بگیرێ. (٤) شوێنێکی سنوور بۆ دانراو یا چواردەور گیراو.

(٥) نووسراوێکی بازنەیی کە هەڵکەترابێ لەسەر پارە یا مەدالیایەک.

circumspect (sûr´kəm-spekt´), *adj.* ووریا؛ هۆشمەند؛ دووربین

circumspection (sûr´kəm-spek´shən), *n.* ووریایی؛ دووربینی؛ هۆشمەندی.

circumstance (sûr´kəm-stans´), *n.* (۱) بار؛ دۆخ؛ هەڵومەرج (۲) (*pl.*)، بارێ دارایی *(They are in comfortable ~s.)*. (۳) خۆنوواندن؛ کەشوفش: *(pomp and ~)*. (٤) وورەکاری؛ ووردی *(The story was told with great ~.)*.

v.t. خستنە بارێکی تایبەتیەوە.

under no circumstances, بە هیچ جۆرێک؛ هەرگیز

under the circumstances, لەم بارەدا؛ لەم هەڵومەرجەدا.

circumstantial (sûr´kəm-stan´shəl), *adj.* (۱) پەیوەندی هەیە یا دەکەوێتە سەر بارێکی تایبەتی. (۲) ناگرنگ؛ پێکەوتە. (۳) وورد؛ دوورودرێژ

circumstantial evidence, بەڵگەیەک کە پەیوەندی هەبێ بە کێشەیەک یا داوایەکەوە (دادگا): *(Proof of possession of stolen property is ~ in case of theft.)*

circumstantiate (sûr´kəm-stan´shi-āt´), *v.t.* بەڵگە هێنانەوە یا پێشاندان بۆ پشتگیری کردنی هەڵوێستێک؛ سەلماندن یا ساغ کردنەوە بە بەڵگە

-circumstantiation *(n.)*.

circumvallate (sûr´kəm-val´āt), *v.t.* دەورگرتن بە دیوار یا خەندەق (بۆ پاراستن لە دوژمن).

adj. دەور گیراو (بە دیوار یا خەندەق).

circumvent (sûr´kəm-vent´), *v.t.* (۱) بە دەوردا ڕۆیشتن (بۆ- نەگیراو و دەربازبوون)؛ جێبەجێکردنی کارێک یا گەیشتن بە ئامانج لەڕێی فێڵوتەڵەکەوە و خۆ نەدان بەدەستەوەو لەلاوە شت کردن نەک ڕووبەڕوو (۲) چواردەورگرتن بە فێڵوتەڵەکە. (۳) بە تەڵەوە کردن؛ داو بۆ نانەوە (٤) لەخشتەبردن؛ بەزاندن بە زۆرزانی و فێڵبازی. (٥) تەگەرە خستنە بەردەم؛ ڕێگەلێگرتن؛ بوون بە کۆسپ لە ڕێگەدا

-circumvention *(n.)*; **circumventive** *(adj.)*.

circumvolution (sûr´kəm-və-lōō´shən), *n.* (۱) پێچ خواردن بە دەوردا؛ پەیکە خواردن. (۲) پێچ؛ پێچێک (۳) ڕێگەی پێچاوپێچ؛ شێوەی پێچ پێچاوی.

circus (sûr´kəs), *n.* (۱) تەڵان یا جێی پلەپلەکراوی ڕۆمانی (کە وەرزش و پێشبڕکێ و زۆرانبازی تێدا دەکرا)؛ مەیدان (۲) سێرک (۳) خۆنووانندنی سێرک (٤) چوارڕێیانێکی خڕی کراوە. (٥) [Colloq.]، کەسێک یا شتێکی قۆشمەو خۆنوواندنەرەو سەماگێڕ.

cirque (sûrk), *n.* (۱) شوێنێکی خڕ یا بازنەیی. (۲) [Poetic]، بازنە؛ نەڵقە. (۳) [Archaic]، سێرک.

(٤) تەڵانێکی سرووشتی لە شاخێکدا.

cirrhosis (si-rō´sis), *n.* نەخۆشی جگەر: نەخۆشیەکی درێژخایەنی جگەرە بریتیە لە پەیدابوونی چەند تێشوویەک لە دەروبەری جگەرو لە نەنجامدا داخستنی نەو دەمارەی کە خوێن دێنێ بۆ جگەر بۆ پاکردنەوەی وە دەبێتە هۆی مردن.

-cirrhotic *(adj.)*.

cirrus (sir´əs), *n.* (۱) تەرزی پیاهەڵگەڕان (ڕووەک) (۲) هەورێکی تەنکی زۆر بەرز.

cis- (sis), پێشبەندێکە بەمانای: (۱) لەم بەر. (۲) لەدوای نەوە؛ لە نەنجامدا

cisatlantic (sis´ət-lan´tik), *adj.* لەم بەری ئۆقیانووسی نەتڵەسی.

cist (sist), *n.* (۱) گۆڕی بەردین (چەرخی کۆن). (۲) سندوقی هەڵگرتنی دەفری پیرۆز (لە خۆپێشاندانی یۆنان لە کۆندا)

cistern (sis´tĕrn), *n.* (۱) عەمارو؛ ئەستێرک؛ ئەستێل (بەتایبەتی کە بارانماوی تێدا کۆدەبێتەوە) (۲) تووڕەکە یا بۆشایی لەش (کە شلەیەکی تێدایە).

cisterna (sis-tûr´nə), *n.* تووڕەکە یا بۆشایی نارلەش (کە شلەیەکی

تێدایە).

citadel (sit′ə-d'l, sit′ə-del′), *n.* (١) قەڵا؛ قەڵایەکە بە شوێنێکی بەرزەوە. (٢) بەنا (٣) ئەو شوێنەی تۆپ و تفەنگی تێدا دابەستراوە لە پایتەختێکی جەنگیدا.

citation (sī-tā′shən), *n.* (١) بانگ کردن (دادگا)؛ وەرگرتنی ژمارەی ئۆتومبیل و سزادانی (لەلایەن پۆلیسەوە). (٢) وەرگرتن؛ بە بەڵگە هێنانەوە. (٣) وەرگیراو (٤) ئاوهێنان لە ڕاپۆرتێکی میریدا (بۆ ئازایی یا زیرەکی... هتد). (٥) ئاوهێنان بۆ کردن بە بەڵگە (یاسایەک یا کێشەیەکی دادگایی ڕابوردوو).

cite (sīt), *v.t.* (١) بانگ کردن بۆ دادگا. (٢) بانگ کردن بۆ جوواڵانەوەیەک. (٣) وەرگرتن؛ ل وەرگرتن (٤) ئاوبردن (بۆ بەڵگە، پوونکردنەوە یا نموونە). (٥) ئاوبردن لە ڕاپۆرتێکی میریدا (بۆ ئازایی یا خزمەت کردن لە سوپادا).

cithara (sith′ə-rə), *n.* قیسارە: ئامێرێکی موسیقایی کۆنە.

cither (sith′ĕr), *n.* = cithara.

cithern (sith′ĕrn), *n.* ئامێرێکی مۆسیقایی ژێداری سەدەی شانزەهەم لە گیتار دەچێ.

citied (sit′id), *adj.* (١) شاری لەسەرە؛ بە شار ناوەدان کراوەتەوە (*The ~ earth*)

(٢) شاری؛ وەک شار

citified (sit′i-fīd′), *adj.* بووە بە شاری لە ڕەووشت و جل‌وبەرگ و نەریتدا؛ وەک دانیشتووی شاری لێ هاتووە؛ شارنشین کراو.

citizen (sit′ə-z'n), *n.* (١) شارنشین؛ دانیشتووی سەربەستی شارێک. (٢) هاوواڵاتی؛ واڵاتی. (٣) مەدەنی؛ کەسێک کە لە هێزی چەکداردا نەبێ.

citizen of the world, هاوواڵاتی جیهانی کەسێک کە هەموو جیهان بە واڵاتی خۆی دادەنێ و لە هەرچی شوێنێک بێ ئارام دەگرێ.

citizeness (sit′ə-z'n-is), *n.* هاوواڵاتیەکی مێینە

citizenry (sit′ə-z'n-ri), *n.* هاوواڵاتیان؛ هاونیشتمانان

citizenship (sit′ə-z'n-ship′), *n.* (١) هاوواڵاتێتی؛ هاونیشتمانێتی. (٢) ئەرکی سەرشان و مافی هاوواڵاتی

citizenship papers, بڕوانامەی هاوواڵاتێتی؛ بڕوانامەی بوون بە هاونیشتمانی مێگانەیەک.

citole (sit′ōl, si-tōl′), *n.* = cithern.

citric (sit′rik), *adj.* مزرەمەنی؛ تایبەتی بە پرتەقاڵ و لیمۆ نارنج.

citron (sit′rən), *n.* (١) ترنج (٢) دارترنج

citrus (sit′rəs), *n.* مزرەمیوە وەک پرتەقاڵ، لیمۆ، نارنج؛ مزرەمەنی.

adj. تایبەتی بە مزرەمیوە؛ تایبەتی بە داری مزرەمیوە.

cittern (sit′ĕrn), *n.* = cithern.

city (sit′i), *n.* (١) شار (٢) دانیشتووانی شارێک

adj. شاری؛ شار

the City, ناوچەی دارایی و بازرگانی شاری لەندەن

city council, ئەنجومەنی شارەوانی.

city-born (sit′i-bôrn′), *adj.* لە شار لەدایکبووە؛ شاری.

city-bred (sit′i-bred′), *adj.* شاری؛ لە شار گەورەبووە یا گەورەکراوە

city desk, بەشی دەنگوباسی ناوشاری ڕۆژنامەیەک.

city editor, (١) نووسەری لێپرسراوی دەنگوباسی ناوشار و دابەشکردنی ئیش‌وکارەکان بەسەر ڕاپۆرتچێیەکانی ڕۆژنامەیەکدا. (٢) نووسەری لێپرسراوی بەشی دارایی (لە ڕۆژنامەی ئینگلتەرەدا).

city hall, (١) فەرمانگەی شارەوانی (٢) بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی

City of God, شاری خوا ئاسمان

City of Seven Hills, شاری حەوت گردەکە: ڕۆما

city-state (sit′i-stāt′), *n.* واڵاتێکی سەربەخۆ کە پێکدێت لە شارێکی سەربەخۆ و ناوچەکانی دەوروبەری (وەک لە یۆنانی کۆندا هەبوو).

civic (siv′ik), *adj.* (١) شارستانی؛ تایبەتی بە شار؛ شار. (٢) تایبەتی بە هاوواڵاتی. (٣) تایبەتی بە هاوواڵاتێتی

civics (siv′iks), *n.pl.* زانستی پەروەردەی نیشتمانی

civil (siv′'l, siv′il), *adj.* (١) تایبەتی بە هاوواڵاتی یا هاوواڵاتیان. (٢) میللی؛ تایبەتی بە کۆمەڵێک هاوواڵاتی و کاروباری نێوانیان: (*~ affairs; ~ service; ~ war*)

(٣) ڕەووشت جوان؛ ڕەفتار جوان. (*a ~ man*).

(٤) شارستانی. (٥) بەشی کات: (*a ~ year*).

(٦) شارستانی (یاسا).

civil death, سەندنەوەی هەموو مافێکی کەسایەتی لە هاوواڵاتیەک لەبەر تاوانێکی گەورە.

civil defence, بەرگری میللی؛ بەرگری شارستانی.

civil disobedience, یاخی بوونی شارستانی؛ بەرهەڵستی لاشەڕ.

civil engineer, ئەندازیاری شارستانی.

civil engineering, ئەندازیاری شارستانی: دروستکردنی ئەخشەی ڕێگاوبان، پرد، خانوو، بەندەر... هتد.

civilian (sə-vil′yən), *n.* (١) مەدەنی؛ کەسێک کە لە هێزی چەکداردا نەبێ. (٢) پسپۆڕی یاسای شارستانی.

adj. مەدەنی؛ ناسوپایی.

civility (sə-vil′ə-ti), *n.* ناسکی؛ ڕەووشت جوانی؛ ئەزاکەت.

civilization (siv′'l-i-zā′shən, siv′'l-ī-zā′shən), *n.* (١) ژیار؛ شارستانیەت؛ ئاوەدانی. (٢) کردن بە شارستانی؛ بوون بە شارستانی. (٣) ئەو میللەت و وواڵاتانەی گەیشتوونەتە پلە یا ئاستی شارستانیەتی.

civilize (siv′'l-īz′), *v.t.* (١) کردن بە شارستانی؛ فێری شارستانیەتی کردن. (٢) پوختەو جوانکردنی خوو ڕەووشت؛ فێرکردنی خوو ڕەووشتی جوان.

civilized (siv′'l-īzd′), *adj.* (١) پێشکەوتوو: لە هونەر و زانیاری و زانستی کۆمەڵایەتیدا (میللەت، وواڵات). (٢) تایبەتی بەو میللەت و وواڵاتانەی کە لەم بوارانەدا پێشکەوتوون. (٣) ناسک؛ ڕەفتار جوان؛ بە ئەزاکەت.

civil law, (١) یاسای ڕۆمانی: بەتایبەتی ئەو بەشەی کە هاوواڵاتیە ڕۆمانیەکانی دەگرتەوە. (٢) یاسای کەسێتی: هەموو ئەو یاسایانەی پەیوەندیان هەیە بە مافی کەسێتیەوە نەک بە تاوانەوە (کە لە یاسای ڕۆمانیەوە وەرگیراون)؛ یاسای شارستانی.

civil liberties, مافی مرۆڤ کە بەپێی یاسا پارێزراوە، وەک مافی بیرکردنەوە و قسەکردن و کردنی ئەو کارەی دەیەوێ بەمەرجێک دژی سوودی گشتی نەبێ.

civil list, مووچەو خەرجی تری سالانەی پاشاو مالو خێزانەکەی.

civilly (siv′'l-i), *adv.* (١) بە ناسکی؛ بە ئەزاکەت؛ بە ڕەفتار جوانی. (٢) بەگوێرەی یاسای کەسێتی.

civil marriage, مارەکردنی شارستانیەتی: مارەکردن لەبەردەمی دادگەر یا فەرمانبەرێکی تری میری نەک مەلا و قەشە.

civil rights, مافی کەسێتی هاوواڵاتی (گەلێک جار ئەو خەباتەش دەگرێتەوە کە میللەت دەیکات بۆ سەندنی مافی ڕامیاری و دارایی و کۆمەڵایەتی).

civil servant, فەرمانبەری میری؛ کاربەدەستی میری.

civil service, (١) هەموو بەشەکانی میری جگە لە هی یاسایی و دادگەری و سوپا و هێزی دەریایی. (٢) سەرجەم فەرمانبەرانی میری جگە لەوانەی کە لەم بوارانەدا کاردەکەن. (٣) سەرجەم پەیرەوی‌یەکانی ئەم بەشانەی میری

civil war, جەنگی ناوخۆ؛ شەڕی براکوژی

the Civil War, جەنگی ناوخۆی ئەمەریکای باکوور لەنێوان ناوچەکانی سەروو (یەکێتی) و ناوچەکانی خواروو (کۆنفیدەرەسی)ی وواڵاتەکەدا لە سانی ١٨٦١–١٨٦٥.

civil year, = a calendar year; astronomical year.

clack (klak), *v.i.* (١) تەقەتەق کردن. (٢) چەنەبازی کردن؛ دەمەوەری کردن. (٣) قرتەقرت کردن (مریشک).

v.t. (١) تەقەتەق پێکردن. (٢) چەنەبازی کردن؛ دەمەوەری کردن.

n. (١) تەق؛ تەقەتەق. (٢) شتێک کە تەقەتەقی پێ دەکرێ. (٣) چەنەبازی.

clack valve, دەمەوانەیەکە کە تەقەی دێت کاتێک کە دادەخرێت.

clad (klad), *occasional past tense and p.p. of* **clothe.**

adj. حل لەبەر؛ پوشتە

cladophyll (klad′ə-fil), *n.* لق یا قەدی ڕووەکێکە کە شێوەو کاری وەک هی گەڵا وایە.

claim (klām), *v.t.* (١) داواکردن.
(٢) شایستەبوون؛ پێویست بوون: ***(This problem ~s our attention.)*** .
(٣) [ا] وا ووتن: ***(He ~s he saw the accident.)*** .
(ب) لاف‌وگەزاف لێدان.

v.i. لاف‌وگەزاف لێدان؛ وا ووتن

n. (١) داواکاری؛ داواکردن (٢) ماف؛ مافی داواکردنی شتێك؛ ماف بوون. (٣) شتێك کە کەسێك داوای بکات یا مافی داواکردنی هەبێ (پارچە زەوی، زیان بژاردن لەلایەن کۆمپانیای بیمەوە) (٤) لاف‌وگەزاف؛ وا ووتن؛ ووتەیەك کە خاوەنەکەی سووربێت لەسەری

lay claim to, داواکردن؛ بە هی خۆ دانان و داواکردن (مولك، شت... هتد).

claimant (klām′ənt), *n.* داواکەر؛ لاف‌وگەزاف لێدەر.

clairvoyance (klâr-voi′əns), *n.* (١) توانای بینین یا هەست‌پێکردنی شتی نەبینراو. (٢) چاوتیژی؛ هەست تیژی

clairvoyant (klâr-voi′ənt), *adj.* تواناداری بینین یا هەست‌پێکردنی شتی نەبینراو.

n. کەسێك کە توانای بینین یا هەستپێکردنی شتی نەبینراوی هەبێ.

clam (klam), *n.* (١) نوولپێچ گیاندارێکی ناوییە لەناو ناوو لمی تەپی دەورووبەستی ناوەتا دەڕێو قاوغێکی ڕەقی وەك بەردی هەیە. (٢) گوشتی ئەم گیانداڕە

clam up, زمان بەستران؛ کشانەوە ناو قاوغی خۆو دەم بەستران (مرۆڤ).

clam (klam), *n.* = clamp.

clamant (klā′mənt), *adj.* (١) پر بە دەنگەدەنگ. (٢) پەلە؛ گرنگ‌و پەلە

clamber (klam′bēr), *v.i. & v.t.* بە گران پیاهەلگەڕان.

n. پیاهەلگەڕانێکی گران.

clammy (klam′i), *adj.* تەڕو ساردو لینج (دەست، پێست، شت)

clamor (klam′ĕr), *n.* (١) هەرا؛ دەنگەدەنگ؛ هاوار؛ قیژە. (٢) داواکردنی شتێك بە هەرا هەرا.

v.t. (١) دەنگەدەنگ کردن؛ هاوار هاوار کردن. (٢) [ا] (~ for): هاوار بۆ کردن؛ داواکردن.

(The foolish people were ~ing for war.)

(ب) [ا] (~ against): هاوارکردن دژ بە.

(The newspapers were ~ing against the government's plans.)

clamor (a person) down, هاوار بەسەردا کردنو دەم پێ داخستن.

clamorous (klam′ĕr-əs), *adj.* (١) پر لە دەنگەدەنگ. (٢) داواکەر یا سکاڵاکەر بە هەرا هەراو هاوار هاوار.

clamour (klam′ĕr), *n., v.i. & v.t.* British Spelling.

clamp (klamp), *n.* مەنگەنە؛ گیرە؛ پێکارێکی کانزاییە بەکاردێت بۆ پێکەوەبەستنی دوو شت یا قایم کردنیان بە بادان یا بە برغوو.

v.t. گیرەنیدان؛ قایم کردن یا پێکەوەبەستن بە گیرە.

clamp down (on), [Colloq.], بە تووندوتیژی لەگەڵ جوڵانەوە؛ بە زەبروزۆنگتربوون؛ پێشێل کردن (ماف).

clamp (klamp), *n. & v.i.* پێ داگرتن لە ڕێپشتندا؛ کوتانەوە بە پێ

clamper (klam′pĕr), *n.* ئامێکی بزماوایە لە بنی پێڵاو دەدرێ بۆ نەخلیسکان لەسەر سەهۆڵ.

clamshell (klam′shel′), *n.* (١) قاوغی نوولپێچ. (٢) سەتڵی شت هەڵهێنجان یا پاکردنەوە.

clan (klan), *n.* (١) هۆز؛ خێڵ؛ تیرە؛ تایەفە؛ خاووخێزان. (٢) دەستە؛ تاقم؛ کۆمەڵ

clandestine (klan-des′tin), *adj.* نهێنی (بەتایبەتی بۆ کردنی کاری خراپە یا شتی قەدەغەکراو)؛ پەنهانی.

clang (klaŋ), *v.i. & v.t.* (١) تەقەتەق کردن (بە دوو شتی کانزایی)؛ شەقە لێ هەڵسان (پەرداخ)؛ زرنگە لێ هەڵسان. (٢) بەیەکدا کێشان و شەقە لێ هەڵسان.

n. (١) تەقەتەق؛ شەقە. (٢) دەنگی خوێندنی هەندێ باڵندەی وەك قولنگ

clank (klaŋk), *n.* شەقە (پەرداخ)؛ هاڕە؛ زرنگە.

v.i. & v.t. شەقە لێ هەڵسان؛ هاڕەهاتن؛ هاڕە لێ هەڵسان؛ زرنگە لێ هەڵسان.

clannish (klan′ish), *adj.* هۆزپەرست؛ تیرەپەرست؛ خێڵەکی.

clap (klap), *v.i.* (١) چەپڵەلێدان.
(٢) بە پەلەو بەبێ تەنگ‌وچەڵەمە کردن یا خستنە ناو:
(He was ~ped into jail.)

n. (١) چەپڵە. (٢) زڵلە؛ شەپازلە.

clapboard (klab′ērd, klap′bôrd′, klap′bōrd′), *n.* تەختە‌-دارێکی باریك‌و درێژە سەرێکی تەنکترە لە سەرەکەی تری (بۆ ئەوەی سەری دارێکی تری بخرێتە سەر بێ ئەوەی دەرپۆقێ) دیواری دەرەوەی خانووی پێ دادەپۆشرێ.

clapper (klap′ĕr), *n.* (١) چەپڵەلێدەر.
(٢) شتێك کە دەنگێکی وەك چەپڵەی لێ بێتە دەرێ (وەك زەنگ یا زمانی مرۆڤ).

clapperclaw (klap′ĕr-klô′), *v.t.* (١) ڕووشاندن بە چرنووك یا بە نینۆك. (٢) سەرزەنشت کردن.

claptrap (klap′trap′), *n.* قسەی قۆپو بێ مانا؛ قسەی هیچ‌و بێ بایەخ (کە هەر لەبەرئەوە دەکرێ چەپڵەی بۆ لێ بدرێت).

adj. هیچ‌و بێ بایەخ (ووتە)؛ قۆپو بێ مانا (ووتە).

claque (klak), *n.* (١) دەستەیەك چەپڵەلێدەری بە کرێ گیراو (لە شانۆ یا نۆژەنرایەکدا). (٢) دەستەیەکی مەراییکەر.

clarence (klar′əns), *n.* عەرەبانەیەکی سەرداپۆشراوی چوارنەفەریی چوارپێچکەییە.

clarendon (klar′ən-dən), *n.* شێوەیەکی چاپکردنە بریتیيە لە تیپی باریك‌و تێر.

clarification (klar′ə-fi-kā′shən), *n.* ڕوونکردنەوە (بێر، ووتە، هەڵوێست).

clarifier (klar′ə-fī′ĕr), *n.* (١) ڕوونکەرەوە (کەس یا مادده)؛ پاکەرەوە (بەتایبەتی مادده‌یەك کە شەرابی پێ پاك دەکرێتەوە)
(٢) دەفری پاڵوتن یا پاکردنەوەی شەکر.

clarify (klar′ə-fī′), *v.t. & v.i.* (١) پاکردنەوە لە خلتە (شلە)؛ پاکبوونەوە؛ ڕوونکردنەوە (شلە). (٢) ڕوونکردنەوە (بێر، ووتە، هەڵوێست).
(I would like to ~ my point.)

clarinet (klar′ə-net′), *n.* کلارنێت: ئامێرێکی مۆسیقایە وەك زورنا؛ زورنا.

clarinetist, clarinettist (klar′ə-net′ist), *n.* کلارنێت لێدەر؛ زورناژەن.

clarion (klar′i-ən), *n.* (١) کەرپەنا (وەك هی سوپا).
(٢) دەنگی کەرپەنا یا شتێکی وەها.

adj. بەرزو ڕوون (دەنگ): ***(a ~ call)*** .

v.t. باڵوکردنەوە بە دەنگی بەرزو بەتین.

clarionet (klar′i-ə-net′), *n.* = clarinet.

clarity (klar′ə-ti), *n.* ڕوونی (بێر، بیرکردنەوە، ووتە، هەڵوێست... هتد)؛ ڕێك‌و ڕەوانی.

clash (klash), *v.i.* (١) بەیەکدادان و دەنگێکی گەورە لێ پەیدابوون؛ بەریەککەوتن. (٢) بەیەکداهاتن (دوو کەس، دەستە، بیروڕا... هتد)؛ نەگونجان لەگەڵ یەکتریدا (مرۆڤ، ڕێباز، بیروڕا... هتد)؛ بەرەنگاربوون.

v.t. بەیەکدادان و پەیداکردنی دەنگێکی گەورە.

n. (١) دەنگێکی گەورە وەك بەریەککەوتنی دووشتی کانزایی. (٢) نەگونجان (مرۆڤ، بیروڕا، ڕێباز... هتد)؛ ناکۆکی.

clasp (klasp. klăsp), *n.* (١) پێوەبەست (نەبزونە، دەرزی، قولاپ، ... هتد)؛ قایمکەر. (٢) گرتن؛ بە دەست گرتن بەتوندی؛ باوەش پیاکردن

(۳) تەوقە؛ دەست پێوەگرتن؛ دەستی یەکتری گرتن؛ دەستی خۆ گرتن.

v.t. (۱) قایم کردن یا پێکەوەبەستن بە (نەبزونە، دەرزی، قولاپ، گیرە... هتد).
(۲) بە تووندی بە دەست گرتن؛ تەوقەکردن؛ باوەش پیاکردن.
(۳) خۆ پیاهەڵواسین؛ خۆ تێوەنالاندن.

clasp knife, چەقۆی گیرفان

class (klas, kläs), *n.* (۱) جۆر؛ چەشن؛ بابەت.
(۲) چین (گەل، کۆمەڵ) *(the working ~ ; the middle ~)* .
(۳) پلەی بەرزی کۆمەڵایەتی؛ چینە بەرزەکانی گەل.
(٤) چینایەتی گەل، کۆمەڵ. (٥) پۆل (قوتابخانە).
(٦) وانە *(I have two ~es today.)* .
(۷) کۆمەڵێک قوتابی هاوپۆل کە پێکەوە دەرچن لە قۆناغێکی خوێندندا وەک هی ناوەندی یا زانکۆ *(the ~ of 1950)* .
(۸) نمرە؛ جوێنێکی شتێک؛ نمرە یا چۆنێتی هۆی هاتوچۆی گشتی (فڕۆکە، شەمەندەفەر) *(He always travels first ~ .)* .
(۹) هەموو ئەو هاوتەمەنانەی کە پێکەوە بانگ دەکرێن بۆ سوپا *(They called up the ~ of 1960.)* .
(۱۰) هاوپۆل (زیندەوەرزانی: ڕووەک، گیاندار). (۱۱) دەستە (خەڵک).
(۱۲) [Slang]. نایابی (شێوازی جل‌وبەرگ و ڕووالەت)؛ مۆدە.

v.t. هاوپۆل کردن؛ هاوبابەت کردن؛ ڕیزکردن؛ ڕێکخستن؛ هاوجۆر کردن.

in a class by itself (or oneself), بێ هاوتا؛ بێ وێنە؛ نایاب.

class book, (۱) پەڕاوێز پۆل پەڕاوێکە مامۆستا نمرەی قوتابیان و ئامادەبوونیانی تێدا تۆمار دەکات. (۲) پەڕتووکی پۆل: پەڕتووکێکە قوتابیانی پۆلێک دەربارەکەن وێنەی خۆیان و مامۆستا و دەنگوباس و چالاکی‌یەکانی تێدایە.

class-conscious (klas′kon′shəs, kläs′kon′shəs), *adj.* هەستیاری چینایەتی‌یە: هەست بە بوونی چینەکانی کۆمەڵ دەکات؛ هەست بە پلەو چیی خۆی زۆر دەکات لە کۆمەڵدا یا شانازی بە چینەکەیەوە دەکات یا پێی عەیبە

class consciousness, هەستی چینایەتی بوون؛ هەست بە چێن و پلەی خۆ کردن لە کۆمەڵدا

class day, ڕۆژی ئاهەنگی دەرچوونی قوتابیان لە قوتابخانە یا زانکۆدا.

classic (klas′ik), *adj.* (۱) نایاب؛ نمرە یەک.
(۲) کلاسیکی؛ کۆن؛ لەسەر دەستوورو شێوازی کۆنە.
(۳) کلاسیکی تایبەتی بە وێژە، هۆنراوە، هونەر، کلتووری یۆنان و ڕۆمانی کۆن.
(٤) وەک یا بە پێوانەی هونەری و وێژەیی کۆنی یۆنان و ڕۆمانی‌یەکان.
(٥) ڕێک‌وپێک و سادەو گونجاو و بە دەستوور... هتد؛ ناڕۆمانتیکی.
(٦) [Colloq.]. کۆنە باو یا کۆنە شێوازێکی ناسراوە.

n. (۱) نووسەرێک یا هونەرمەندێکی نایاب.
(۲) هۆنراوەیەک. شانۆگەرییەک یا بەرهەمێکی هونەری زۆر باش؛ کلاسیکی.
(۳) [Colloq.]. ڕووداوێکی کۆنی بەناوبانگ.

(This football game is ~ .)

(٤) [Slang]. جل‌وبەرگی نافرەتێک کە لەسەر شێواز یا دەستووری کۆن کرابێ.

the classics, وێژە یا ڕەسەنی یۆنان و ڕۆمانی کۆن

classical (klas′i-k'l), *adj.* (۱) کلاسیکی
(۲) زانای وێژەو کلتوورو هونەری کۆنی یۆنان و ڕۆمان.
(۳) مۆسیقای کلاسیکی
(٤) چەسپیوو جێگیربوو نەک تازەو تاقیکەرەوەیی *(~ political science)* .

classicalism (klas′i-k'l-iz'm), *n.* = classicism.

classicism (klas′ə-siz'm), *n.* (۱) کلاسیزم: دەستوورو پەیڕەوو شێوازی هونەرو وێژەی کۆنی یۆنان و ڕۆمان وەک ڕێک‌وپێکی و سادەیی و گونجاوی و هەست گیراوی.
(۲) پەیڕەوی کردن یا گونجان لەگەڵ نەم دەستوورو شێوازە.
(۳) زانین و لێکۆڵینەوەی هونەرو وێژەی یۆنان و ڕۆمانی کۆن.
(٤) ووتەیەک یا دەربڕینێک یا زاراوەیەکی لاتینی یا یۆنانی.

classicist (klas′ə-sist), *n.* (۱) کلاسیکی کەسێکە کە بڕوای بە پەیڕەوی کردنی دەستوورو شێوازی وێژەو هونەری یۆنان و ڕۆمان هەبێ و لەسەری بڕوات. (۲) زانا یا قوتابی وێژەی یۆنان و ڕۆمانی کۆن.
(۳) کەسێکە کە بڕوای بە فێرکردنی زمانی لاتینی و یۆنانی هەبێ لە قوتابخانەداو داوای فێربوونیان بکات.

classicize (klas′ə-sīz′), *v.t.* کردن بە کلاسیکی.
v.i. لەسەر دەستوورو شێوازی کلاسیکی ڕۆیشتن (بە ڕاست یا بە درۆ).

classifiable (klas′ə-fī′ə-b'l), *adj.* هاوپۆل دەکرێ؛ پۆل پۆل دەکرێ؛ جۆر جۆر دەکرێ.

classification (klas′ə-fi-kā′shən), *n.* هاوپۆل کردن؛ پۆل پۆل کردن؛ جۆر جۆر کردن؛ ڕێکخستن.
-classificatory *(adj.)*.

classified (klas′ə-fīd′), *adj.* (۱) هاوپۆل کراوە؛ پۆل پۆل کراوە؛ جۆر جۆر کراوە. (۲) نهێنی؛ قەدەغەیە سەیر بکرێ (بەتایبەتی دەنگوباسێک یا ڕاپۆرتێکی نهێنی کە قەدەغەیە خەڵک ببیستێ یا ببینێ جگە لە هەندێ کاربەدەستی تایبەتی نەبێ لەبەر پاراستن و ناسایشی وڵات).

classified advertising, جاڕی پۆل پۆل کراو لە ڕۆژنامەدا.
-classifier *(n.)*.

classify (klas′ə-fī′), *v.t.* (۱) هاوپۆل کردن؛ پۆل پۆل کردن.
(۲) قەدەغەکردن لە خەڵک: بەتایبەتی دەنگوباسێک یا ڕاپۆرتێکی نهێنی کە بیستنی یا بینینی قەدەغە دەکرێ لە هەموو کەسێک جگە لە هەندێ کاربەدەستی تایبەتی نەبێ لەبەر پاراستن و ناسایشی وڵات.

classis (klas′is), *n.* دادگای کڵێسە یا ئەنجوومەنی پیران یا پیاوماقوڵانی کڵێسەی ناوچەیەک

classmate (klas′māt′, kläs′māt′), *n.* هاوپۆل (قوتابخانە، زانکۆ).

classroom (klas′rōom′, kläs′room′), *n.* ژووری پۆل (زانکۆ، قوتابخانە)؛ پۆل

class struggle, خەباتی چینایەتی؛ ناکۆکی چینایەتی لەنێوان چینەکانی کۆمەڵدا.

classy (klas′i), *adj.* [Slang], زۆر چاک و نایاب؛ شۆخ‌وشەنگ؛ هەڵکەوتوو؛ بەرز (شێوازو چۆنێتی).

clastic (klas′tik), *adj.* (۱) پارچەکانی لەیەکتری جیاوەکرێتەوە: *(a ~ anatomical model)*
(۲) پارچە پارچە (زەمینناسی)؛ لە پارچە بەردی زۆر کۆن پێکهاتووە (زەمینناسی).

clatter (klat′ēr), *v.i.* (۱) هاڕەهاتن (قاپ‌وقاجاغ)؛ شەقەهاتن.
(۲) چەقەچەق کردن.
v.t. هاڕە ێ هەڵساندن؛ شەقە ێ هەڵساندن.
n. (۱) هاڕە؛ شەقە. (۲) غەڵبەغەڵب. (۳) چەقەچەق.

claudicant (klô′di-kənt), *adj.* شەڵ؛ لەنگ.

claudication (klô′di-kā′shən), *n.* شەڵین؛ لەنگین.

clause (klôz), *n.* (۱) سارستە (زمانەوانی)؛ ڕستەی ناتەواو؛ دەستەیەک زاراوە کە بکەرو کرداری تێدابێ. (۲) بەند یا مەرج (بەتایبەتی لە بڕوانامەیەکی یاسایی یا ڕێکەوتنێکدا).

claustrophobia (klôs′trə-fō′bi-ə), *n.* نەخۆشی‌یەکی- دەروونی‌یە بریتی‌یە لە ترسی ناسایی مرۆڤێک لە جێگەی تەنگەبەر یا داخراودا؛ ترسی جێگەی داخراو و تەنگەبەر.

clavichord (klav′ə-kôrd′), *n.* ئامێرێکی مۆسیقایی ژێدارە ئامێری پیانۆی لێوە وەرگیراوە.

clavicle (klav′ə-k'l), *n.* ئێسقانێکی بچووکی باریکە ئێسقانی چەڵەمە: ئێسقانی سنگەو شان بەیەک دەگەیەنێ.

claw (klô), *n.* (۱) چرنووک (پشیلە، پڵنگ. باڵندە، قرژاڵ... هتد)؛ چنگ؛ ئینۆکی چەماوەو درێژو تیژ (۲) پێی چرنووکدار.

v.t. & v.i. چرنووک ێ گیرکردن؛ چرنووک ێ گیرکردن؛ بڕیندارکردن بە چرنووک.

claw hammer, چەکوشێکە کە سەرێکی سەرەکەی نووشتابێتەوە بۆ بزمار هەڵکەندن.

claw hatchet, تەشوێ‌یەک یا تەورێک کە سەرە کولەکەی قاقدار بێ.

clay (klā), *n.* (۱) گڵ؛ قوڕ ۲) گڵ؛ قوڕ (بەتایبەتی وەک هێمایەک کە لەشی مرۆڤی لێ دروستکراوە)؛ لەشی مرۆڤ.

-clayey *(adj.)*; **clayish** *(adj.)*.

claymore (klā′môr´, klā′mōr´), *n.* شمشێرێکی پانی دوو دەم تیژە لە کۆندا خەڵکی ئوسکوتلەندە بەکاریان دەهێنا

clay stone, بەردی گڵێ

clean (klēn), *adj.* (۱) پاک؛ خاوێن؛ بێگەرد؛ پوخت. (۲) پاک؛ تازە شۆراو (جل‌وبەرگ). (۳) داوێن پاک. (٤) خۆی لە پیسی دوور دەگرێ. (٥) تەواو؛ وورد.

(The police made a ~ sweep of the neighborhood.)

(٦) هیچی تێدا نییە (گیرفان)؛ بەتاڵ: *(~ pockets)*. (۷) سپی (کاغەز). (۸) بژار کراو؛ بێ هەڵە: *(a ~ copy)*. (۹) ساف *(a ~ cut)*. (۱۰) بێ کەندو کۆسپ؛ هیچ بەری ناگرێ. (۱۱) تۆزی نەتۆمی کەمە. (۱۲) گۆشتەکەی دەخورێ (ئاین).

adv. (۱) بە پاکی؛ بە پاک‌وخاوێنی. (۲) بە یەکجاری؛ بە تەواوی.

v.t. (۱) پاکردنەوە؛ خاوێن کردن؛ پوختەکردن. (۲) پوختەکردن؛ پاکردنەوەو ئامادەکردن بۆ لێنان (ماسی، باڵندە... هتد).

v.i. پاکبوونەوە؛ خاوێن بوونەوە.

clean out, (۱) بەتاڵ کردنەوەو پاکردنەوە (۲) بەتاڵ کردنەوە. (۳) [Colloq.]، هیچ پێ نەهێشتنەوە؛ گسک لێدان (پارە):

(The robbers cleaned him out.)

clean up, (۱) پاکردنەوە (مال)؛ پاک‌وخاوێن کردن‌و ڕێکخستن. (۲) خۆ پاکردنەوە؛ خۆشتن‌و سەرداهێنان‌و جلی پاک لەبەرکردن. (۳) [Colloq.]، تەواوکردن (سفرەی خواردن). (٤) [Slang] قازانجێکی زۆر کردن؛ دەسکەوت زۆر بوون.

come clean, [Slang], پاکانەکردن؛ پێ لێنان (گوناە، تاوان)؛ چوونە ژێر تاوان

with clean hands, بەبێ تاوان

clean-cut (klēn′kut′), *adj.* (۱) دیار؛ ڕێک‌وڕەوان؛ پوون. (۲) جیاکراوەتەوە؛ جیاواز؛ لە شتی تر جیایە. (۳) تەڕپۆش؛ ڕێک‌وپێک: *(a ~ young man)*.

cleaner (klēn′ēr), *n.* (۱) کەسێکی پاککەرەوە (مال، فەرمانگە... هتد). (۲) پاککەرەوە (لە دووکانی جل لە ئوتودان‌و پاکردنەوە). (۳) ئامێری پاکردنەوە. (٤) ماددەیەکی پاککەرەوە (بۆ لابردنی لەکەو پیسی تر).

clean-handed (klēn′han′did), *adj.* بێ تاوان؛ بێ گوناە

cleanliness (klēn′li-nis), *n.* پاک‌وتەمیزی؛ پاک‌وخاوێنی؛ خاوێنی؛ پاکێتی؛ پاکی.

cleanly (klēn′li), *adj.* (۱) خاوێن؛ مرۆڤ؛ پاک‌وتەمیز (مرۆڤ)؛ شت بە پاکی ڕادەگرێ. (۲) هەمیشە بە پاک‌وتەمیزی ڕاگیراوە؛ پاک‌وخاوێن (جێگە)

cleanly (klēn′li), *adv.* بە پاک‌وتەمیزی؛ بە پاکی؛ پاک‌وتەمیزانە؛ بە پاک‌وخاوێنی

cleanness (klēn′nis), *n.* پاکی؛ پاکێتی؛ پاک‌وتەمیزی؛ پاک‌وخاوێنی.

cleanse (klenz), *v.t.* (۱) پاکردنەوە؛ خاوێن کردنەوە. (۲) پاکردنەوە لە گوناە یا تاوان

cleanser (klenz′ēr), *n.* پاککەرەوە (ماددە)

clean-shaven (klēn′shāv′n), *adj.* قژو ڕیش تاشراو؛ تەراش کردوو.

cleanup (klēn′up´), *n.* (۱) پاکردنەوە؛ خاوێن کردنەوە. (۲) نەهێشتنی خراپەو بەرتیل‌و بەدخوویی:

(The new mayor planned a ~ of the city.)

(۳) [Slang]، سوود؛ قازانج

clear (klēr), *adj.* (۱) ڕوناک؛ ڕۆشن؛ ساف (ئاسمان): *(a ~ day)*. (۲) پوون؛ دیار؛ باش دەبینرێ: *(a ~ outline)*. (۳) ساف (مێشک)؛ زرنگ؛ ڕەوانبێژ: *(a ~ mind)*. (٤) پوون؛ تێگەیشتنی ئاسانە: *(The meaning is ~.)*. (٥) ئاشکرا؛ دیار: *(a ~ case of neglect)*. (٦) بێ گومان؛ دڵنیا: *(I am ~ on the matter.)*. (۷) ساف (دەنگ)؛ بە باشی دەبیسترێ: *(a ~ sound)*. (۸) پاک (دەروون، دڵ)؛ بێ تاوان: *(a ~ conscience)*. (۹) پووت (قازانج)؛ سافی (دەسکەوت، قازانج):

(He earned a ~ $ 10,000.)

(۱۰) تەواو؛ بێ ڕادە. (۱۱) ڕەوان؛ کراوە. (۱۲) بەڕەڵا؛ بێ پەیوەندی. (۱۳) بەتاڵ؛ بەتاڵ کراو (پاپۆڕ، لۆری، شەمەندەفەر). (۱٤) قەرزار نییە؛ قەرزی لەسەر نییە. (۱٥) بێ تاوان؛ گومانی لەسەر نییە؛ بەخشراوە (دادگەری).

adv. (۱) بە ڕێک‌و ڕەوانی؛ بە پوونی. (۲) [Colloq.]، لەم سەرەوە بۆ نەوسەر؛ هەموو:

(~ through the town)

v.t. (۱) پاکردنەوە. (۲) ڕوونکردنەوە (هەڵوێست، بیر، نەخشە، مەبەست). (۳) کردنەوە (ڕێ)؛ پاکردنەوە: *(He ~ed a path through the snow.)*. (٤) لابردن: *(Let me ~ the dishes.)*. (٥) بەتاڵ کردن؛ داگرتن (بار): *(They ~ed the freighter of cargo.)*. (٦) بەرەڵاکردن؛ ڕزگارکردن (مرۆڤ، شت)؛ بەردان. (۷) بەخشین (دادگەری)؛ ئازادکردن: *(to ~ the accused)*. (۸) بەسەردا بازددان؛ بەسەردا تێپەڕبوون. (۹) بە ژێردا ڕۆیشتن بەبێ لێدان *(The boat ~ed the bridge.)*. (۱۰) دانەوە (قەرز). (۱۱) گومرگ کردن؛ بەردان یا ئازادکردنی پاپۆڕێک (پاش جێبەجێکردنی خواستی گومرگ‌و بەڕێوەبەرێتی بەندەر). (۱۲) دەسکەوتن؛ بە سافی بۆ مانەوە (مووچە، قازانج). (۱۳) قوڕگ پاککردنەوە: *(to ~ one's throat)*. (۱٤) ناردنی چەک‌و دانی پارەکە (بۆ فەرمانگەی بڕینەوەی حسابی نێوان بانقەکان).

v.i. (۱) پوون بوونەوە (۲) بەربوون یا ئازادبوونی پاپۆڕێک لە بەندەر. (۳) ئالوگۆڕکردنی چەک لەنێوان چەند بانقێکدا لە فەرمانگەی بڕینەوەی حسابی نێوان بانقەکان.

n. شوێنێکی بەتاڵ یا چۆڵ.

clear away, (۱) لابردن (قاپ لەسەر مێز). (۲) ڕۆیشتن؛ لەبەرچاو لاچوون یا نەمان؛ لە چاو وون بوون.

clear off, (۱) لابردن. (۲) ڕۆیشتن؛ لەبەرچاو لاچوون.

clear out, (۱) بەتاڵ کردنەوە؛ بەتاڵ کردنەوەو پاکردنەوە. (۲) [Colloq.]، ڕۆیشتن (مرۆڤ)؛ ڕۆیین؛ بەجێهێشتن.

clear the air (or atmosphere), لابردنی گیروگرفت‌و ناکۆکی‌و شتی بە هەڵە وەرگیراو (لەنێوان دوو کەس، دەستە، یا وڵاتدا).

clear up, (۱) ڕێک‌وپێک کردن؛ ڕێکخستن. (۲) بوون بە سایەقە؛ ئاووهەوا خۆش بوون. (۳) ڕوونکردنەوە (بیر، مەبەست، نەخشە). (٤) لابردنی هۆی ناکۆکی‌و گیروگرفت.

in the clear, (۱) سەربەست؛ بەرەڵا. (۲) [Colloq.]، هیچی لەسەر نییە (مرۆڤ)؛ بێ تاوان.

clearance (klēr′ans), *n.* (۱) ڕوونکردنەوە؛ پاکردنەوە. (۲) بۆشایی نێوان دوو شت تا لەیەکتری نەدەن (وەک بۆشایی نێوان ئوتومبیل یا پاپۆڕو پردێک یا شەمەندەفەرو ئوتومبیل‌و تونێلێک). (۳) ڕوونکردنەوەی حساب (بانق). (٤) بڕوانامەی ڕێگەپێدان (پاپۆڕ یا فڕۆکە بە هاتن‌و ڕۆیشتن): *(~ papers)*. (٥) نرخ داشکاندن (بۆ خێرا فرۆشتنی شتومەکی کۆن).

clearance sale, نرخ داشکاندن (بۆ خێرا فرۆشتنی شتومەکی کۆن).

clear-cut (klêr′kut′), *adj.* ١) ڕوون؛ ئاشکرا؛ دیار؛ بێ پێچ‌وپەنا ٢) دیاریکراو؛ ستووردار.

clear-eyed (klêr′id′), *adj.* ١) ئاشبین؛ چاوتیژ ٢) مێشک ساف؛ بیرتیژ؛ تێگەیشتوو.

clear-headed (klêr′hed′id), *adj.* مێشک ساف؛ تێگەیشتوو؛ ڕەوانبێژ

clearing (klêr′iŋ), *n.* ١) ڕوونکردنەوە؛ ڕوون بوونەوە؛ ڕوونی ٢) پارچەیەک زەوی کە پاک کرابێتەوە لە دارودرەخت (بەتایبەتی لە دارستانێکدا بە بڕینی دارودرەختەکە). ٣) (أ) ئالوگۆرکردنی چەک لەنێوان بانقەکانداو حساب ووردکردنەوە (ب) (*pl.*) سەرجەمی ئەو حساباتانەی بەم جۆرە دەبڕێنرێتەوە.

clearinghouse (klêr′iŋ-hous′), *n.* فەرمانگەی ئالوگۆڕکردنی چەکو حساب بڕینەوە (لەنێوان بانقەکاندا).

clearly (klêr′li), *adv.* بە ڕوونی؛ بە ڕێک‌وڕەوانی؛ بە ئاشکرا.

clearness (klêr′nis), *n.* ڕوونی؛ ڕێک‌وڕەوانی.

clear-sighted (klêr′sīt′id), *adj.* ١) ئاشبین؛ چاوتیژ ٢) مێشک ساف؛ تێگەیشتوو؛ ڕەوانبێژ

cleat (klēt), *n.* ١) سنگ یا گۆشە کە دادەکوترێ بەژێر شتێکدا بۆ قایم کردن یا پەتەوکردنی (وەک ڕەفە) (٢) ئانی بێ پێلاو ٣) داری گوریس پێوەهەڵکردن یا پێوەبەستن

v.t. بە سنگەوە بەستن بۆ قایم کردن.

cleavable (klēv′ə-b'l), *adj.* دەقلیشێنرێ؛ دەتلیشێنرێ

cleavage (klēv′ij), *n.* ١) قلیش بردن؛ تلیش بردن؛ شەق بردن؛ لەبەت جیابوونەوە؛ درزبردن؛ داقلیشان؛ داتلیشان. (٢) قلیش؛ تلیش؛ درز- وەک. قلیشی نێوان مەمکی ئافرەتو سمی گیانداری دووسم). ٣) داتلیشان یا بەش بەش بوونی شانەی گیانەوەر (زیندەوەرزانی). ٤) داقلیشانی کانزا بە پانی

cleave (klēv), *v.t.* ١) قلیشاندن (وەک بە تەورو تەوراس)؛ داتلیشاندن ٢) کونکردن؛ کوناودەرکردن (٣) لەیەک جیاکردنەوە.

v.i. ١) قلیشان (بە تەورو تەوراس)؛ داتلیشان؛ لەیەک جیابوونەوە ٢) ڕێگە بۆ خۆ کردنەوە بەناو بنچک‌و دەوەندا

cleave (klēv), *v.i.* ١) خۆ پێوەنووسان ٢) دەست لێ بەرنەدان؛ بۆ دڵسۆز بوون.

cleaver (klēv′ĕr), *n.* چەپەچاغ (قەسابی).

cleek (klēk), *n.* ١) قولاپێکی گەورە. ٢) داری یاری گۆلف

clef (klef), *n.* نیشانەی ناوازی مۆسیقا (کە بەرزو نزمی دەنگ پیشان دەدات لەسەر ئەو کاغەزەی ناوازی مۆسیقای لەسەر دەنووسرێ).

cleft (kleft), *n.* درز؛ قلیش؛ تلیش؛ کەلێن

cleft (kleft), *adj.* ١) قلیشاو؛ داتلیشاو (سمی گیانداری دووسم) ٢) داقلیشاو (گەلا) *(a ~ leave)*

cleft palate, قلیشێکی زگماکیە لە ناسمانەی دەمدا

cleistogamic (klīs′tə-gam′ik), *adj.* = cleistogamous.

cleistogamous (klīs-tog′ə-məs), *adj.* خۆ لەخۆچاککەر (گوڵ)

cleistogamy (klīs-tog′ə-mi), *n.* خۆ لەخۆچاککردن (گوڵ)

clemency (klem′ən-si), *n.* ١) بەزەیی؛ بەزەیی پیاهاتنەوە ؛تاوانبار یا دوژمن)؛ دڵنەرمی ٢) فەرمانی بەزەیی (تاوانبار یا دوژمن)؛ فەرمانی- لێبووردن ٣) فێنکی (ئاو وهەوا)؛ نە گەرمی‌و نە ساردی.

clement (klem′ənt), *adj.* ١) بە بەزەیی؛ دڵنەرم ٢) فێنک (ئاو وهەوا)؛ نە گەرمو نە سارد.

clench (klench), *v.t.* ١) پەرچدانەوە (بزمار)؛ بەرپەرچدانەوە ٢) چەرکردنەوە یا لەیەک گیرکردن (ددان)؛ قوچاندن یا نوقاندن بەتوندی دەست یا مستەکوڵە) ٣) بەتوندی گرتن

n. ١) گرتنێکی توند (٢) نامێزنێکی بەتوندگرت؛ سەری پەرچدراوەی بزمار.

clepsydra (klep′si-drə), *n.* کاتژمێری ئاوی (کە کات دەژمێرێ بەهۆی بەرەبەرە چوونی ئاو یا شلەیەکی تر بە کونێکدا).

cleptomania (klep′tə-mā′ni-ə), *n.* = kleptomania.

clerestory (klêr′stôr′i, klêr′stō′ri), *n.* ١) پووناککەرەوەی کڵێسە: بەشی سەرووی کڵێسەیەک کە دیوارەکانی پەنجەرەی هەیەو ناوەوەی کڵێسەکە پوونا‌ک دەکاتەوە. (٢) دیواری پەنجەرەدار بۆ پووناکی‌و هەوا گۆڕین.

clergy (klûr′ji), *n.* قەشەکان؛ سەرجەمی قەشەکان؛ پارەپرانی کڵێسە

clergyman (klûr′ji-mən), *n.* قەشە؛ پارەبری کڵێسە

cleric (kler′ik), *n.* قەشە؛ قەشەیەک

adj. قەشەیی؛ هی قەشە یا قەشەکان

clerical (kler′i-k'l), *adj.* ١) قەشەیی؛ هی قەشە یا قەشەکان ٢) هی نووسەری فەرمانگە. *(~ jobs)* ٣) دەسەڵاتی پارەپرانی کڵێسەی لە کاروباری پارلیاریدا پێ باشە (بە تەوسەوە).

n. ١) قەشە؛ قەشەیەک. (٢) کەسێک کە دەسەڵاتی پارەپرانی کڵێسەی لە کاروباری پارلیاریدا پێ باشە (بە تەوسەوە).

clericalism (kler′i-k'l-iz′m), *n.* دەسەڵاتی کڵێسەو پارەپرانی لە کاروباری پارلیاریدا.

clericals (kler′i-k'lz), *n.pl.* جل‌وبەرگی قەشە

clerisy (kler′ə-si), *n.* چینی خوێندەواران؛ ڕۆشنبیران

clerk (klûrk), *n.* ١) نووسەری فەرمانگە؛ میرزا. (٢) یاریدەدەری قەشە (بۆڕەپیاو). (٣) فرۆشیار (کە بە مووچە لە دووکانێکدا کاردەکات). (٤) [Archaic]، قەشە. (٥) [Archaic]، خوێندەوار.

v.i. نووسەری کردن لە فەرمانگەدا؛ فرۆشیاری کردن لە دووکانێکدا بە مووچە

-clerkly *(adv.)*; **clerkship** *(n.)*.

clever (klev′ĕr), *adj.* ١) زۆرزان؛ قوماربار؛ زۆل (ووتەو کردار). (٢) دانا؛ سەردەرچوو؛ چالاک. (٣) زیرەک؛ زرنگ. (٤) زیرەکی نووسەرەکەی پیشان دەدات *(a ~ book)*. (٥) [Dial.]، ڕووخۆش. (٦) [Dial. or Slang]، شۆخ؛ قۆز

clevis (klev′is), *n.* شیشێکی ئاسنە لە شێوەی تیپی U دایە هەردوو سەری کوناودەر کراوەو بە پارچە ئاسنێک پێکەوە بەستراوە. شتی پێ دەبەستێ بەدوای تراکتۆرو ئوتومبیلەوە بۆ ڕاکێشانی.

clew (kloo), *n.* ١) گوڕزە بەن؛ گوڕزە ڕێس؛ کلاڤە دەزوو. (٢) کلیلی لێکدانەوە یا چارەسەرکردنی گیروگرفتێک. (هەروەها " clue ") (٣) قۆژنی خوارووی بایەوان (کەشتی بایەوان)؛ ئەڵقەی بایەوان؛ پەتی جۆڵانە.

v.t. ١) (~ up)، هەڵکردن (ڕێس، بەن، پەت)؛ کلاڤەکردن؛ گوڕزەکردن ٢) (~ out)، نیشاندان؛ کلیلی چارەسەر پێدان

clew down, داگرتنی بایەوانی کەشتی بایەوان.

clew up, هەڵکردنی بایەوانی کەشتی بایەوان.

clew lines, سەرجەمی گوریس‌و بەکرەو ئەڵقەو ڕاگرە یا تەوەری بایەوانی کەشتی بایەوان.

cliché (klē-shā′), *n.* ١) کڵێشە (چاپەمەنی)؛ کڵێشە. (٢) کڵێشە: ووتەیەکی بێ تامو پەپووت.

click (klik), *n.* ١) تەقە؛ قرتە (وەک هی قفڵ یا ئەڵقەڕیزی چەپەرەو دەرگ لەکاتی داخستندا). (٢) چرکە یا قرتە (وەک هی گرێی زنجیری پاسکیل لەکاتی لێخوڕیندا کە ددانەکان لە پێچکەی پاسکیلەکە گیردەکات‌و بەری دەدات). (٣) دەنگی بێژانی هەندێ تیپ.

v.i. ١) قرتەهاتن؛ چرکەهاتن؛ تەقەهاتن. (٢) [Slang]، لەپڕ ڕوون دەبێتەوە یا تێگەیشتنی ئاسان دەبێت (هەلوێست، بیر، کردەوە... هتد)؛ سەرکەوتوو بوون.

v.t. قرتە، چرکە، یا تەقە لێ هەلسان.

client (klī′ənt), *n.* ١) پاشکۆ (مرۆڤ)؛ دەست‌وپێوەند؛ کەسێک کە بۆ ژیان‌و پاراستنی چاوی لە دەستی کەسێکی ترەوەیە. (٢) کەسێک یا کۆمپانیایەک یا دەزگایەک کە پارێزەرێک یا ژمێریارێک دەگرێ بۆ جێبەجێکردنی کارێک. (٣) کڕیار؛ مەعمیل.

clientage (klī′ən-tij), *n.* = clientele.

clientele (klī′ən-tel′), *n.* ١) کڕیار یا مەعمیلی هەمیشەیی پارێزەر، پزیشک، ئوتێل، بانق یا دووکانێک. (٢) هەموو ئەم کڕیار یا مەعمیلانە کەدەڵێن (بەتایبەتی نزیک کەناری دەریا یا زەریا).

cliff (klif), *n.*

cliff dweller, ئەندامێکی تیرە هیندیی‌یەکانی پۆژئاوای ئەمەریکای باکوور کە لە نەشکەوت‌و کەندەڵاندا دەژیا

cliff-hanger (klif-hāŋ′ĕr), *n.* (۱) زنجیرەیەکی شانۆگەری سەر تەلەفزیۆنە کە هەموو بەشێکی بە پرووداوێکی سەیرو سەرنج ڕاکێش کۆتایی دێت. بەڵام ئەنجامەکەی نادات بەدەستەوە هەتا بەشی دواتر. (۲) ملەملانێیەکە ئەوەندە هاوتایە ئەنجامەکەی ناتوانرێ بزانرێ هەتا تەواو دەبێ.

climacteric (klī-mak′tĕr-ik, klī′mak-ter′ik), *n.* (۱) کاتی گۆڕینێکی سەرەکی لە ژیانی مرۆڤێکدا؛ قۆناغی گۆڕینێکی لەشی سەرەکی لە مرۆڤێکدا (بەتایبەتی وەستانی بێ نوێژی لە نافرەتی بەسالاچووەدا). (۲) قۆناغێک یا پرووداوێکی زۆر گرنگ‌و سەرەکی

adj. زۆر گرنگ‌و سەرەکی.

the grand climacteric, ساڵی شەست‌وسێیەم لە تەمەنی مرۆڤدا کە گوایە گۆڕینی لەشی زۆر گرنگی لێ پرووەدات

climactic (klī-mak′tik), *adj.* ئەوپەڕی سەرزێ؛ پلە یا خاڵی هەرە بەرز لە ژیانی کەسێک، چیرۆکێک یا پرووداوێکدا

climactical (klī-mak′ti-k'l), *adj.* = **climactic.**

climate (klī′mit), *n.* (۱) ئاووهەوا (بەتایبەتی بۆ ماوەیەکی دوورو درێژی وەک چەند ساڵێک)؛ کەش. (۲) باری گشتی شوێنێک کە کاربکاتە سەر چۆنێتی ژیان‌و پەیوەندی ناو خەڵک یا کۆمەڵ *(a tense ~)*. (۳) ناوچەیەک کە ئاووهەوایەکی تایبەتی هەبێ.

(He went south to a warmer ~ .)

climatic (klī-mat′ik), *adj.* ئاووهەوایی؛ ئاووهەوا

climatically (klī-mat′i-k'l-i, klī-mat′ik-li), *adv.* لەڕووی ئاووهەواوە.

climatology (klī′mə-tol′ə-ji), *n.* زانستی ئاووهەوا؛ کەشناسی

climax (klī′maks), *n.* (۱) پلەی هەرە بەرز؛ پۆپ؛ بەرزترین پلە (کار، پرووداو، هتد)؛ تاف؛ گەرمە. (۲) بەرزترین بەش یا پرووداو (شانۆگەری، چیرۆک، یا فیلمی سینەما). (۳) ئاوهاتنەوە؛ ڕەحەت بوون.

v.i. & v.t. ئاوهاتنەوە؛ ئاوهێنانەوە؛ ڕەحەت بوون؛ گەیاندنە بەرزترین پلە.

climb (klīm), *v.i. & v.t.* (۱) پیاهەڵگەڕان (شاخ، گرد، دیوار... هتد)؛ پیاسەرکەوتن. (۲) پیاهەڵگەڕان (وەک لاولاو بە دیواردا). (۳) بەرزبوونەوە *(He ~ed to power in ten years.)*.

n. (۱) پیاهەڵگەڕانێک؛ پیاسەرکەوتنێک؛ سەرکەوتن. (۲) شتێک یا شوێنێک کە پیایدا هەڵبگەڕێیت.

climb down, هاتنەخوارەوە (شاخ، دیوار، گرد)؛ وازلێهێنان (هەڵوێست یا بیرێکی نابەجێ)

climber (klīm′ĕr), *n.* (۱) پیاهەڵگەڕ (مرۆڤ، شت)؛ پیاهەڵگەڕ (شاخ، گرد). (۲) حوزە بزمارێکە لە پێڵاو دەدرێت بۆ پیاهەڵگەڕانی کرێکاران بە داری تەلەفزیۆنە کە هەموو بەشێکی بە پرووداوێکی سەیرو سەرنج ڕاکێش کۆتایی دێت. بەڵام ئەنجامەکەی نادات بەدەستەوە هەتا بەشی دواتر. (۳) [Colloq.]، کەسێک کە هەمیشە هەوڵی نەوە دەدات لە کۆمەڵدا پێش بکەوێت‌و پلەی بەرزبێتەوە بە مەرایی‌و ماستاو کردن. (٤) ڕووەکی پیاهەڵگەڕاو (وەک لاولاو، دارمێو)

climbing irons, جۆرە بزمار یا چوکڵەیەکە دەدرێت لە پێڵاو بۆ پیاهەڵگەڕان بە داری تەلەفزیۆنە کە پیایدا هەڵبگەڕێیت

clime (klīm), *n.* [Poetic]. وڵات؛ هەرێم؛ ناوچە؛ ئاووهەوا.

clinch (klinch), *v.t.* (۱) پەرچدانەوە (بزمار)؛ بەڕەپەرچدانەوە (۲) قایم کردن یا چەسپاندن بەهۆی پەرچدانەوەوە (۳) بڕینەوەی تەواوی یا یەکجاری (مشت‌ومڕ، سەوداگەری)؛ بە لایەکدا خستن؛ مۆرکردن (سەوداگەری) *(to ~ a deal)*.

v.i. (۱) پەرچدانەوە (بزمار)؛ بەڕەپەرچدانەوە (۲) گرتنی بەرامبەرەکەت لە یاری بۆکسبازیدا تا نەتوانێ بۆکس بهاوێت؛ توندگرتن [Slang] ۲)، باوەش پیاکردن

n. (۱) پێکەوەبەستن؛ پێکەوە قایم کردن. (۲) پەرچدانەوە. (۳) بزمارێکی پەرچدراوە. (٤) ئەو بەشەی بزمارێک کە پەرچدراوەتەوە. (٥) گرتنی بەرامبەرەکەت تا بۆکس نەهاوێت (یاری بۆکسبازی)؛ توندگرتن. (٦) [Slang]، باوەش پیاکردن.

(۷) قوڵفەی گوریس یا پەت؛ گرێ (گوریس، پەت).

clincher (klin′chĕr), *n.* (۱) بگر (مرۆڤ، ئامێر، شت). (۲) بزمارێک کە پەرچ بدرێتەوە. (۳) چەکوش یا ئامێرێکی پەرچدەرەوە (٤) [Colloq.]، بە لایەکدا خەر: ووتەیەک یا دەرکەوتنی ڕاستیی‌یەک یا پرووداوێکی گرنگ کە مشت‌ومڕێک دەخات بە لایەکداو دەیبڕێتەوە؛ بڕیاردەر (ووتە، ڕاستی، پرووداو... هتد).

cling (kliŋ), *v.i.* (۱) خۆ پێوە هەڵواسین (مرۆڤ، پرووەک)؛ دەست پێوەگرتن. (۲) خۆ پێوەنووسان؛ پێوەنووسان؛ لێ دوورنەکەوتنەوە. (۳) دەست لێ بەرنەدان؛ واز لێ نەهێنان: *(He ~s to old-fashioned ideas.)*

clinging vine, ژنێکە کە لە نەندازە بەدەر پشت بە میردەکەی یا دۆستەکەی دەبەستێ‌و هەر چاوی لە دەستی نەوەوەیە

clingstone (kliŋ′stōn′), *adj. & n.* میوەیەکە وەک قۆز کە ناوکەکەی نووساوە بە گۆشتەکەیەوە.

clingy (kliŋ′i), *adj.* لیتن؛ پێوەنووساو؛ جێ.

clinic (klin′ik), *n.* (۱) دیدەنگەی پزیشک؛ تیمارگە؛ فەرمانگەی پزیشک. (۲) فێرکردنی پزیشکەوانی لەڕێی تیمارکردنی نەخۆشەوە لەبەرچاوی قوتابیانی پزیشکەوانی. (۳) دەزگایەکی پزیشکەوانی‌یە کە لە نەخۆشی‌یەکی تایبەتی دەکۆڵێتەوە و چارەسەری ئەو کەسانەش دەکات کە ئەو نەخۆشی‌یەیان هەیە: *(a cancer ~)* (٤) دەزگایەکی کۆمەڵایەتی‌یە کە ئامۆژگاری خەڵک دەکات لە بارێکی ژیاندا: *(a domestic-relations ~)*.

clinical (klin′i-k'l), *adj.* (۱) پزیشکی؛ هی جێگەی نەخۆش؛ تایبەتی بە نەخۆشی لە جێگەدا کەوتوو؛ تایبەتی بە چارەسەرکردنی نەخۆش و لێکۆڵینەوەی نەخۆشی‌یەکەی بە کردار نەک لە تاقیگەدا. (۲) (ا) بە شێوەیەکی زانستی‌و بێ لایەنی‌و هێمنی: *(She regarded his death with ~ detachment.)* (ب) شیکردنەوەیی؛ شیتاڵکاری: *(~ details)* (۳) لەکاتی سەرەمەرگدا دەکرێ.

-clinically *(adv.).*

clinician (kli-nish′ən), *n.* پزیشکی کردەکاری: پزیشکێک کە چارەی نەخۆشی بکات ڕاستەوخۆ نەک لە تاقیگەدا لە نەخۆشی بکۆڵێتەوە

clink (kliŋk), *v.i. & v.t.* شەقە لێ هەڵسان (دوو پەرداخ)؛ زڕە لێ هەڵسان (پەرداخ کاتی خواردنەوە)؛ بەیەکدادانی دوو پەرداخ‌و زڕە لێ هەڵسانیان لە ئاهەنگی خواردنەوەدا.

n. (۱) زڕە (پەرداخ کاتی خواردنەوە)؛ شەقە؛ هاڕە. (۲) [Colloq.]، بەندیخانە (لەبەر زڕەی پێوەند).

clinker (kliŋk′ĕr), *n.* (۱) خشتێکی زۆر سەخت. (۲) خشتێک یا کۆمەڵە خشتێک کە بەهۆی گەرمی‌یەوە وەک شووشەی لێ هاتبێ (۳) تۆپەڵێک پاشماوەی کانزای سووتاو یا تووا‌وە. (٤) [Slang]، هەڵە (بەتایبەتی لە ئاوازدا).

clinker-built (kliŋk′ĕr-bilt′), *adj.* بە تەختەو تەبەقە ئاسنی سوار یەکتر بوو دروستکراوە (پاپۆڕ).

clino- (klī′nō, klī′nə), پێشکۆیەکە بەمانای: لێژ؛ لێژی؛ لێژایی.

clinometer (klī-nom′ə-tĕr), *n.* ئامێری پێوانی لێژایی (بۆری ئاو، زێراب، بەنداو... هتد).

clip (klip), *v.t.* (۱) قرتاندن (مقەست)؛ بڕین یا لێکردنەوە (بە مقەست یا برنگ). (۲) کورتکردنەوە (بالی باڵندە)؛ بڕینەوە (مەڕ یا بزن بە برنگ)؛ قەڵەم کردن (دارو درەختو پرووەک). (۳) [Colloq.]، پیاکێشان (بە پەلەو بە تووندی)؛ مستەکۆڵە پیاکێشان. (٤) قەراغ قرتاندنی پارە: *(~ a coin)*. (٥) [Slang]، دەستبڕین؛ لەخشتەبردن؛ خەڵەتاندن.

v.i. (۱) بڕین؛ قرتاندن؛ بڕینەوە. (۲) لێکردنەوەی ووتار، دەنگوباس، یا وێنەیەک لە ڕۆژنامەیەک یا گۆڤارێک بۆ هەڵگرتنی. (۳) [Colloq.]، بە پەلە ڕۆیشتن یا دەرچوون.

n. (۱) بڕینەوە (مەڕو بزن)؛ قرتاندن؛ قەڵەم کردن؛ لێکردنەوە.

(٢) شتێکی قرتێنراو؛ پارچەیەکی لێکراوە یا بڕراو (ڕۆژنامە، فیلمی سینەما).
(٣) سەرپاکی ئەو بەرگنەی کە لە وەرزێکدا یا بە جارێک لە مەڕێک دەبڕێتەوە.
(٤) [Colloq.]، مستەکۆلەیەکی لەپڕ؛ پیاکێشانێکی تووند و خێرا.
(٥) [Colloq.]، جوولەیەکی لەپڕو خێرا.
clip (klip), *v.i. & v.t.* (١) بە تووندی گرتن؛ پێکەوەنان؛ پێکەوەبەستن؛ لێکدان. (٢) [Archaic & Dial.]، باوەش پیاکردن.
(٣) باوەش پیاکردن لە دراوەو وەستاندن یا بە زەویدا دان کە کردەیەکی قەدەغەیە (یاری فوتبۆڵی نەمەریکی).
n. (١) دەرزی کاغەز: *(~ -paper)*. (٢) پێکارێک کە دوو شت لەیەک بدات. (٣) (بنوارە خاڵی سێیەم). (٤) [Obs.]، باوەش پیاکردن.
clipped form (or **word**), کورتەی ووشەیەک (بۆ نموونە **auto** بۆ **automobile**).
clipper (klip′ĕr), *n.* (١) قرتێنەر یا بڕەر (مرۆڤ). (٢) (*pl.*)، ئامێری قرتاندن، بڕینەوە، یا بڕین (مەکینەی نینۆک کردن، برنگ، مقەستی سەرتاش؛ پێکاری قەڵەم کردن یا کورتکردنەوەی لق‌وپۆپی دارو درەخت). (٣) کەشتی‌یەکی بایەوانی کۆن. (٤) فڕۆکە یا ئۆتومبیلێکی خێرا.
clipping (klip′iŋ), *n.* (١) پارچەیەکی لێکراوە یا قرتێنراو لە شتێک. (٢) بابەتێکی لێکراوە لە ڕۆژنامە بۆ هەڵگرتن.
clique (klēk, klik), *n.* دەستە (خەڵک)؛ تاقم (بە زۆری ناپەسەندی دەردەبڕێ).
v.i. [Colloq.], بوون بە تاقم؛ یەکگرتن و تاقم دروستکردن.
cliquish (klē′kish, klik′ish), *adj.* (١) تاقمی؛ وەک تاقم. (٢) هەر لەگەڵ تاقمی خۆیدا هەڵدەستێت و دادەنیشێ؛ پەیوەندی هەر لەگەڵ تاقمەکەی خۆیەتی نەک لەگەڵ خەڵکی تر.
cliquy, cliquey (klē′ki, klik′i), *adj.* = **cliquish**.
clitoris (klī′tə-ris, klit′ə-ris), *n.* قیتکە؛ میتکە.
cloaca (klō-ā′kə), *n.* (١) زێراب. (٢) ناودەستخانە؛ پێشاو. (٣) بۆشایی‌یەکە کە هەموو جۆرە پیسایی‌یەکی تێدا کۆدەبێتەوە بەر لە هاتنە دەرەوەی لە خشۆکو ماسیو باڵندەی تەڕو وشکانیدا هەیە.
cloak (klōk), *n.* (١) عەبا؛ جبە. (٢) شتێک کە شت دادەپۆشێت یا دەیشارێتەوە؛ شاردنەوە.
v.t. (١) عەبا لەبەرکردن؛ جبە کردنەبەر؛ عەبا پێادان. (٢) شاردنەوە.
cloak-and-dagger (klōk′ən-dag′ĕr), *adj.* پڕ لە پیلانو کردەوەی سووسەییو دەماغ کردنو فێڵبازی.
cloakroom (klōk′rōōm′, klōk′room′), *n.* ژووری دانانی کاتی چاکەت، پاڵتۆ، چەترو جانتا (لە قوتابخانە، تیاترۆ یا مۆزەخانەیەکدا).
clobber (klob′ĕr), *v.t.* [Slang], (١) لێدان بە تووندی و دڵڕەقانە. (٢) بەزاندنی تەواو یا یەکجاری؛ بەزاندن.
cloche (klōsh), *n.* (١) دەفرێکی شووشەی زەنگ شێوەیە پووەکی ناسکی پێ دادەپۆشرێ. (٢) کڵاو یا شەپقەی ژنانە.
clock (klok), *n.* کاتژمێری گەورە (هی سەرمێز یا دیوار)؛ کاتژمێری سەردیوار.
v.t. (١) تۆمارکردنی خێرایی یا کات پێچوونی پێشبڕکێیەک یا پاکەرێک بە کاتژمێرێک کە دەتوانرێ بوەستێنرێو بخرێتەوە کار بەپێی ئارەزوو بۆ پێوانی کاتێکی تایبەتی). (٢) تۆمارکردنی کاتی نیشکردن (کرێکارانی کارخانە): هاتنە سەر کار **clock in**، کار بەجێهێشتن: **clock out**).
clock (klok), *n.* نەقشی سەر گۆزەوی.
clocklike (klok′līk′), *adj.* وەک کاتژمێرە (لە ووردی، تەواوی، ڕێک‌وپێکیدا).
clockwise (klok′wīz′), *adv. & adj.* بە ئاراستەی جوولەی دەستی کاتژمێرە
clockwork (klok′wŭrk′), *n.* (١) نیشکردنی کاتژمێر؛ سەرجەمی پارچەکانی کاتژمێرو کارکردنیان پێکەوە؛ ئامێری کاتژمێر. (٢) ئامێرێکی وەک کاتژمێر کە لە سپرینگو پێچکەو شتی وەها پێکهاتبێ (وەک هەندێ بووکەشووشەی ئۆتۆماتیکی).
like clockwork, زۆر وردو تەواو و ڕێک‌وپێک.
clod (klod), *n.* (١) گڵمتک؛ کڵۆ؛ کەرسمک. (٢) خاک؛ زەوی. (٣) کەودەن؛ دەبەنگ؛ کەسێکی کەر یا گەلحۆ؛ کەسێکی بێ مێشک. (٤) ئەو بەشەی ملی ڕەشەوڕۆخ کە بە شانی‌یەوە نووساوە.
cloddish (klod′ish), *adj.* کەر؛ دەبەنگ؛ بێ مێشک.
cloddy (klod′i), *adj.* پڕ لە گڵمتک، کڵۆ، یا کەرسمک.
clodhopper (klod′hop′ĕr), *n.* (١) جووتیار. (٢) کەسێکی دەبەنگو گەلحۆ. (٣) پێڵاوی جووتیار (کە قورسو ناقۆڵایە).
clodpate (klod′pāt′), *n.* کەسێکی دەبەنگو کەر.
clodpoll, clodpole (klod′pōl′), *n.* = **clodpate**.
clog (klog), *n.* (١) شتێکی قورس کە دەبەسترێ بە دەستو پاشووی وڵاخەوە بۆئەوەی زۆر نەجووڵێت. (٢) کۆسپ. (٣) قاپقاپێکی ئەستوورو بەرزو قورس. (٤) جۆرە سەمایەکە بە قاپقاپی سووکەوە دەکرێ.
v.t. بەرگرتنی کونێک یا بۆرییەکو ڕێ لێگرتنی ئاو یا گاز یا شلەیەکی تر کە پێیدا بڕوات؛ گرتن (بۆری، کون)؛ بەستن؛ وەستاندن؛ پەنگ پێ خواردنەوە (ئاو، زێراب).
v.i. (١) بەرگیران (بۆری ئاو، کون، زێراب)؛ گیران؛ بەستن؛ پەنگ خواردنەوە. (٢) سەماکردن.
-cloggy *(adj.)*.
clog almanac, کاتژمێری دار: کاتژمێرێکی کۆنە بریتی‌یە لە بڕە دارێک کە گرێ یا درزی بچکۆلەی لێ هەڵدەکەندرێ بۆ پێشاندانی ڕابوردنی کات.
clog dance, جۆرە سەمایەکە بە قاپقاپەوە دەکرێ.
cloister (klois′tĕr), *n.* (١) پەرستگا (خاچ پەرستی)؛ قەڵەندەرگا. (٢) ژیانی قەڵەندەری. (٣) شوێنێک کە مرۆڤ بتوانێت بە تەنهایی تێیدا بژی. (٤) ڕاڕەوێک لە قەڵەندەرگا، کڵێسە، یا دانشگایەکدایەو لایەکی کراوەیەو پایەپایەیەو حەوشەیەک یا باخچەیەکی بەتەنیشتەوەیە.
v.t. دابڕین لە خەڵکو قەتیس کردن یا هێشتنەوە لە قەڵەندەرگا یا پەرستگادا؛ بەندکردنو قەدەغەکردنی چوونە دەرەوەو پەیوەندی بەستن لەگەڵ خەڵکدا (بەتایبەتی ئافرەت)؛ خستنە شوێنێکی چەپەکەوەو سەربەستی چوونە دەرەوە پێ نەدان.
cloistered (klois′tĕrd), *adj.* گۆشەگیر؛ بە تەنها ژیاو؛ بێ پەیوەندی لەگەڵ خەڵکدا؛ لە جیهان دابڕاو؛ پارێزراو (لە کارتێکردنی دەرەوە)
cloistral (klois′trəl), *adj.* (١) وەک قەڵەندەرگا وایە؛ جیاکراوە؛ دابڕاو. (٢) دابڕاو لە قەڵەندەرگایەکدا؛ بە تەنها دەژی.
clon (klon, klōn), *n.* = **clone**.
clone (klōn), *n.* (١) چەند پووەکێک کە لە یەک سەرچاوەوە هاتبن، واتە کە هەموو وەچەی یەک پووەک بن (لەڕێی موتوربە یا پەیوەست کردنەوە). (٢) کەسێک کە کتومت لە کەسێکی تر دەچێ.
v.i. & v.t. دروستکردنی گیاندارێک یا پووەکێک یا مرۆڤێک لەڕێی زاووزێوە کە کتومت لە باوکو دایکی بکات؛ پەیوەست کردن (مرۆڤ، گیاندار)
clonus (klō′nəs), *n.* کرژبوون یا لەرزینی ماسولکە.
close (klōs), *adj.* (١) داخراو. (٢) دەورەدراو؛ لە ژوورەوەیە. (٣) تەنگەبەر؛ تەنگ؛ تەسک: *(~ quarters)* . (٤) شاراوە: *(a ~ secret)* . (٥) پەنهانی. (٦) دەست ناکەوێ: *(credit is ~)* . (٧) هەناسەبڕو بۆخەو خنکێنەر لەبەر وەستانی هەوا (ئاووهەوا). (٨) نزیک. (٩) سفت (چنراو): *(~ weave)* . (١٠) پڕ بە بەر: *(a ~ coat)* . (١١) ساف؛ تەراشێکی زۆر نزیک لە پێستی دەموچاوەوە: *(a ~ shave)* . (١٢) نزیک؛ گیانی بە گیانی: *(a ~ friend)* . (١٣) نزیکە لە وێنە ڕاستەقینەکەوە: *(a ~ translation)* . (١٤) وورد: *(~ attention)* . (١٥) نزیک؛ زۆر لەیەک دەچن: *(a ~ resemblance)* .

(١٦) نزیك؛ هاوتا: *(a ~ race)* .

adv. لەنزیكەوە؛ بەووردی.

close (klōz), *v.t.* (١) داخستن (دەرگا، پەنجەرە، كون، پەرتووك، دووكان)؛ جووت كردن (دەرگا)؛ كپ كردن؛ پێوەدان (دەرگا)؛ قەپات كردن؛ سەرگرتن؛ نووقاندن؛ چاو؛ قووچاندن؛ هەڵگرتن (دووكان).

(٢) دوایی پێ هێنان؛ تەواوكردن؛ بڕینەوە (گفتوگۆ، مشتومڕ)؛ داخستن.

(٣) لەبەكدان؛ پێكەوەنان یا بەستن؛ یەك پێگرتن.

v.i. (١) داخران؛ داخستن (٢) دوایی پێ هاتن؛ بڕانەوە.

(٣) لێ نزیكبوونەوە (بۆ نەمبازبوون یا باوەش پیاكردن).

(٤) یەكگرتن؛ لەیەك نزیكبوونەوە.

n. كۆتایی؛ دوایی؛ تەواو؛ تەواوبوون.

close down, داخستن بە یەكجاری (فرۆشگا، دەزگا، فەرمانگە، كارخانە)؛ هەڵگرتنی ئیجگاری.

close in, تاڵبووقەدان؛ تەنگ پێ هەڵچنین.

close out, دووكان و خستن و فرۆشتنی شتومەكەكان بە نرخی داشكاو.

close round, چواردەوەدان؛ تاڵبووقەدان

close up, (١) لەیەك نزیكبوونەوە.

(٢) داخستنی كاتی (دووكان، كارخانە)؛ وەستاندنی كاتی (كار، كارخانە).

(٣) سارێژبوون؛ چاكبوونەوە (برین).

close (klōs), *n.* (١) شوێنێكی دەورگیراو بە دیوار، پەرژین. یا تەلبەن.

(٢) زەمینی چواردەوری خانوویەك. *(a cathedral ~)* .

close call, [Colloq.]. بەناستەم ڕزگاربوون لە كارەسات یا مەترسی؛ نەوەندەی نەمانی تووشی كارەسات ببی.

closed (klōzd), *adj.* (١) داخراو؛ دەورگیراو؛ سنوور گیراو

(٢) قەدەغە (بوون بە نەندام لە هەندێ كۆمەڵ، یانە، یا ڕێكخراوەدا)؛ داخراوە لە خەڵكی نەویستراو (نەندامێتی).

(٣) تایبەتی بە شێوەیەك كە خاڵی دوایی نەبێ وەك بازنە (نەندازە).

close corporation, بەشدارگەیەك كە بەشەكانی هەمووی می چەند كەسێكن و نابەڕۆشن بە كەسی ترو خۆیشیان بەشدارگەكە بەڕێوەدەبەن.

closed chain, زنجیری ـ خراو (كیمیاگەری).

closed circuit, پیشاندانی بەرنامەیەك لەسەر تەلەفزیۆن تەنها بۆ چەند شوێنێكی دیاریكراو (بەرنامەكە بە تەلی تایبەتیدا دەنێردرێ نەك بە هەوادا).

closed shop, كارخانەیەك كە تەنها نەندامانی نەقابە یا یەكێتی دەتوانن كاری تێدا بكەن

closefisted (klōs′fis′tid), *adj.* پیسكە؛ یارەپیس؛ ڕەزیل.

closefitting (klōs′fit′iŋ), *adj.* پڕ بە بەر جل‌وبەرگ؛ پڕ بە پێی خۆیەتی؛ باش پێی دەكا.

close-lipped (klōs′lipt′), *adj.* دەم نووقاو؛ نەدوو؛ بێ دەنگ؛ نهێنی نەدركێن

closely (klōs′li), *adv.* (١) بە تووندی؛ بە قایم (دەرگا داخستن)

(٢) تا ڕادەیەكی زۆر. *(He resembles his father very ~ .)* .

(٣) بە پوختی (كار)؛ بە باشی و ووردی و بێ فرەفێڵ (كار)

(٤) بە ووردی و باشی (چاودێری كردن).

(Watch that man ~ ; he is a thief. Watch the baby ~ .)

close-mouthed (klōs′mouthd′, klōs′mouth′), *adj.* بێ ـ دەنگ؛ دەم نووقاو؛ نەدوو؛ پەنهانی نەدركێن.

closeness (klōs′nis), *n.* نزیكی (برادەرایەتی، جێگە... هتد)

close-out (klōz′out′), *adj.* نرخ شكاندن و فرۆشتنی هەموو شتومەكو داخستنی دووكان

close quarters, (١) دوا سەنگەری سەر پاپۆر؛ دوا شوێنی وەستان دژ بە دوژمن لەسەر پاپۆرێك. (٢) شوێنێكی تەنگەبەر یا قەرەباغ؛ شەڕی دەستەویەخە.

close shave, [Colloq.]. بەناستەم ڕزگاربوون لە كارەسات.

closet (kloz′it), *n.* (١) ژوورێكی بچووكە یا بەشێكە لە ژوورێك كە جل‌وبەرگی تێدا هەڵدەواسرێ یا دادەنرێ. (٢) ژوورێكی بچووك بۆ خوێندنەوەو بیركردنەوە. (٣) ژوورێكی تایبەتی پاشا (بۆ نوێژو پاوێژكاری). (٤) ناوەدستخانە

adj. (١) تایبەتی؛ شاراوە؛ نا ناشكرا.

(٢) بۆ خوێندنەوەو بەكارهێنانی تایبەتی نووسراوە نەك بۆ ئواندنی ئاشكرا

(شانۆگەری): *(~ drama is written only to be read, not acted.)*

v.t. دەرگا لەسەر خۆ داخستن بۆ پاوێژی تایبەتی:

(The treasurer ~ed himself with the accountants for an hour.)

close-up (klōs′up′), *n.* (١) وێنەی لەنزیكەوە گیراو (وێنەی ناسایی یا لەسەر تەلەفزیۆن یا لە سینەما)؛ دیمەنی نزیك (لە وێنەدا).

(٢) لەنزیكەوە سەیركردن.

closure (klō′zhēr), *n.* (١) داخستن؛ داخران؛ مۆركردن.

(٢) كۆتایی؛ كۆتایی هاتن. (٣) نامێری داخستن.

(٤) دوایی پێ هێنانی لێدووان لەسەر مەسەلەیەكو هێنانە پێشەوەی بۆ دەنگ لەسەر دان (پەرلەمان).

v.t. دوایی پێ هێنانی لێدووان لەسەر مەسەلەیەكو هێنانە پێشەوەی بۆ دەنگ لەسەر دان (پەرلەمان).

clot (klot), *n.* تۆپەڵ؛ تۆپەڵە خوێن؛ خوێنی مەیو یا نیمچە بەستوو: *(a blood ~)*

v.i. مەیین (خوێن)؛ پەپكەبەستن؛ بەستن؛ تۆپەڵ تۆپەڵ بوونو بەری بۆری خوێن گرتن.

v.t. بەستن (خوێن)؛ مەیاندن؛ تۆپەڵ تۆپەڵ كردن.

cloth (klôth, kloth), *n.* (١) قوماش (خوری، كەتان، ئاوریشم)؛ چنراو؛ كووتاڵ؛ كاڵا. (٢) پارچەیەك قوماش؛ پەڕۆ: *(tablecloth; washcloth)*

(٣) جل‌وبەرگی نەندامانی پیشەیەك (قەشە، مەلا).

(٤) نەندامانی ئەم پیشەیەو پیشەكەیش خۆی (بەتایبەتی قەشە)؛ قەشە *(He is a man of the ~ .)*

(٥) [Obs.]، جل؛ جل‌وبەرگ.

(٦) قوماشی بایەوان؛ بایەوانی كەشتی بایەوان.

adj قوماش؛ لە قوماش دروستكراوە.

the cloth. قەشە؛ قەشەكان بەگشتی

clothe (klōth), *v.t.* (١) پۆشین.

(٢) جل لەبەركردن؛ جل‌وبەرگ پێدان؛ پۆشتەكردن.

(٣) دەسەڵات پێدان لەڕێی جل‌وبەرگەوە: *(~d in the dignity of his office)*

clothes (klōz, klōthz), *n.pl.* (١) جل‌وبەرگ؛ جل؛ بەرگ.

(٢) جلی سەر جێگە (وەك: چەرچەف، لیفە، پەتۆ... هتد).

clothesline (klōz′līn′), *n.* تەنافی جل.

clothes moth, مۆرانەی جل.

clothespin (klōz′pin′), *n.* جلگرە؛ گیرە.

clothes pole, ئەو دارەیە كە تەنافی جل ڕادەگرێ.

clothes tree, دارێكی ڕاستی سەر پەلاریەیە لەسەر قنگەكەی دادەنرێ لە فەرمانگەیەك یا ماڵێكدا چاكەتو پاڵتۆو شەپقەی پێدا دەكرێ.

clothier (klōth′yēr), *n.* (١) جل‌وبەرگ فرۆش؛ بازرگانی جل؛ جل‌وبەرگ دروستكەر. (٢) كووتاڵ فرۆش؛ بازرگانی قوماش.

clothing (klōth′iŋ), *n.* (١) جل؛ جل‌وبەرگ؛ پۆشەنی. (٢) سەرەخەر.

cloth yard, یاردی كووتاڵ پێوان (سێ پێیە، واتە سی‌وشەش گرێ).

cloture (klō′chēr), *n. & v.t.* دوایی پێ هێنانی لێدووان لەسەر مەسەلەیەك لە پەرلەماندا و دەنگ لەسەر دانی.

cloud (kloud), *n.* (١) هەور؛ هەوروەها.

(٢) ژمارەیەكی ئیجگار زۆر: *(a ~ of locusts)* .

(٣) لێڵی (ئاوێنە، ئاو). (٤) پەڵەیەكی ڕەش لە بەردی مەرمەڕدا.

(٥) لەكە؛ پەڵە؛ شتێكی ناپەسەند كە بەبێ بەهۆی ناخۆشی و لێڵی و تاریكی

v.t. (١) داپۆشین یا سەرگرتن بە هەور؛ بە هەور گرتن.

(٢) لێڵ كردن؛ تاریك كردن؛ شاردنەوە. (٣) مەترسی پەیداكردن؛ تێكدان.

(٤) لەكەداركردن (ئاوبانگ).

v.i. (۱) هەورگرتن. (۲) لێل بوون؛ تێکچوون.
in the clouds, (۱) ناکردەنی؛ کردەنی نەیە؛ ناکردارەکی. (۲) دالغەی لێداوە؛ چووەتە ژێری؛ لە خەیاڵ خەودایە؛ خەیاڵ پڵاوە.
under a cloud, (۱) گومانی بەدکرداری لێ دەکرێ؛ گومانبار. (۲) ماتومەلوول؛ غەمگین؛ پەست؛ خەفەتبار
cloudburst (kloud′bûrst′), *n.* لێزمەیەکی کتوپڕ؛ ڕەهێڵە؛ شەستەباران
cloud-capped (kloud′kapt′), *adj.* لووتکەکەی یا پۆپەکەی بە هەور گیراوە *(a ~ mountain)*
cloudiness (kloud′i-nis), *n.* هەورومەڵایی؛ بە هەور گیران.
cloudless (kloud′lis), *adj.* سایەقە؛ بێ هەورومەڵ.
cloudlet (kloud′lit), *n.* پەڵە هەورێکی بچووک.
cloudy (kloud′i), *adj.* (۱) هەوراوی؛ هەورومەڵایە؛ هەورگرتوو. (۲) (ب) لێل (ئاو، شلە). (ب) لێل؛ تاریک (۳) گرژ (ناوچەوان).
clough (kluf, klou), *n.* چەمێکی باریک
clout (klout), *n.* (۱) [Archaic] ، پەڕۆ؛ پینە: *(dish- ~)* . (۲) [Colloq.] ، مستەکۆڵە؛ بۆکس لێدان؛ زرمە. (۳) لێدانێکی قایم (یاری بێسبۆل). (٤) پەڕوپەک کە دەکرێ بە نیشان (تیروکەوان)؛ لێدانی نەم نیشانە. (٥) [Colloq.]، دەسەڵات؛ زەبر: *(He has a lot of ~ . ; political ~)* .
v.t. (۱) [Archaic] ، پینەکردن. (۲) [Colloq.]، مستەکۆڵە لێدان؛ بۆکس پیاکێشان.
clove (klōv), *n.* (۱) میخەک (۲) دار میخەک
clove (klōv), *archaic past tense of* **cleave.**
clove hitch, گرێ: جۆرە گرێیەکە بۆ بەستنی پەتێک یا گوریسێک بە دارێکەوە یا بە شتێکی ترەوە.
cloven (klō′v'n), *alternative past participle of* **cleave.**
adj. دووفاق؛ قلیشاو؛ تلیشاو.
cloven foot, = **cloven hoof.**
cloven-footed (klō′v'n-foot′id), *adj.* (۱) سمی دووفاقە؛ سمی دووفلیقانەیە. (۲) شەیتانە؛ وەک شەیتان وایە (لەو ئەفسانەیەوەیە کە گوایە شەیتان قاچی یا سمی دووفاقە).
cloven hoof, هێمای سمی دووفاق (مەڕ، بزن، گا، مانگا، ئاسک... هتد): شەیتانە لە ئەفسانەدا.
cloven-hoofed (klō′v'n-hooft′, klō′v'n-hōōft′), *adj.* (۱) سمی دووفاقە (۲) شەیتانە؛ وەک شەیتان وایە (بیروباوەڕێکی ئەفسانەییەیە کە گوایە شەیتان قاچی یا سمی دووفاقە).
clover (klō′vĕr), *n.* وێنجە (نالیکی ناژەڵو ووڵاخ)؛ سێپەرە.
in clover, (۱) لەوەڕەکەی خۆشە؛ لەوەڕگاکەی باشە. (۲) تیروتەسەلە؛ خۆش گوزەرانە؛ ژیانی پڕ لە خێرو خۆشییە.
cloverleaf (klō′vĕr-lēf′), *adj.* سێپەڕەیی؛ وەک گەڵای سێپەرە.
clown (kloun), *n.* (۱) قەشمەر؛ قۆشمەچی؛ گاڵتەچی. (۲) لادێیی. (۳) گێلۆکە؛ گەلحۆ؛ گەمژە؛ نەفام؛ بێ نەزاکەت.
v.i. گاڵتەبازی کردن؛ قۆشمەچێتی کردن
-clownery *(n.).*
clownish (kloun′ish), *adj.* (۱) قەشمەر؛ قۆشمەچی؛ گاڵتەچی (۲) گێلۆکە؛ گەلحۆ؛ بێ نەزاکەت.
cloy (kloi), *v.t.* زۆر خواردن و ناڕەحەت بوون.
club (klub), *n.* (۱) کوتەک؛ دارەدەست؛ دار؛ دار حەیزەران؛ گوڕز. (۲) داری یاری (گۆڵف، پۆڵۆ، هۆکی... هتد). (۳) یانە. (٤) یانەی شەو: *(night ~)* . (٥) سێپەرە (یاری کاغەز یا قومار).
v.t. (۱) بە کوتەک، گوڕز، یا دار لێدان. (۲) هاوکاری کردن؛ دەستی یارمەتی درێژکردن. (۳) لێدان بە قۆناغە تفەنگ.
v.i. یەکگرتن (لە یانەیەکدا).

club car, فارگۆنێکی شەمەندەفەر کە کورسی و خواردنەوەو شتی تری تێدا بێت.
clubfoot (klub′foot′), *n.* پێیەکی شێوە تێکچوو لە زگماکیەوە.
clubfooted (klub′foot′id), *adj.* شێوەی قاچی لە زگماکیەوە تێکچووە.
clubhand (klub′hand′), *n.* (۱) دەستی شێوە تێکچوو لە زگماکیەوە. (۲) دەستێکی وەها تێکچوو.
clubhouse (klub′hous′), *n.* بارەگای یانە؛ یانە.
clubman (klub′mən′, klub′man′), *n.* ئەندامی یانە (بەتایبەتی یەکێک کە زۆر چالاک بێت لە کاروباری کۆمەڵایەتی یانەکەدا).
club sandwich, ساندویچێکی نەستوورە لە نانی برژاوو مریشکو تووژاڵە گۆشتی بەرازو کاهوو و تەماتە... هتد پێکدێت.
club steak, پارچە گۆشتی لاتەپڕاقی گا.
cluck (kluk), *v.i.* (۱) قرتەقرت کردن (مریشک)؛ گارەگارکردن. (۲) قرتەقرت کردن وەک مریشک (مرۆڤ).
v.t. (۱) قرتەقرت کردن؛ بانگ کردن بە قرتەقرت. (۲) وەک مریشک قرتەقرت کردن (مرۆڤ): *(She ~ed her disapproval.)*
n. (۱) قرتەقرت؛ قرتە؛ گارەگار. (۲) دەنگێک کە لە قرتەقرت بچێت.
clue (klōō), *n. Also* **clew,** نیشانە؛ شتێکە کە یارمەتی لێکدانەوەی مەسەلەیەکی گیروگرفتاوی دەدات (ووتە، سەر لەقاندن، کردەوە... هتد)؛ کلیلی هەڵهێنانی مەتەڵێک یا شتێکی شاراوە
v.t. (~ in), کلیلی هەڵهێنانی مەتەڵێک یا شتێکی شاراوە پێدان؛ درکاندنی نەختانێک لە شتێکی نهێنی و شاراوە بۆئەوەی هەموو نهێنییەکە هەڵبهێنرێ.
clumber (klum′bĕr), *n. Also* **clumber spaniel,** جۆرە سەگێکی خرپنی تۆزکەی تووک سپی‌یە.
clump (klump), *n.* (۱) تۆپەڵ. کۆز (خاک)؛ گڵمتک؛ کەرسەک: *(a ~ of earth)* (۲) کۆمەڵێک بنچک یا دارودرەخت. (۳) تەپەتەپ؛ تەپەتەپ؛ تەپە؛ زرمە.
v.i. (۱) بە تەپەتەپ ڕۆیشتن؛ بەڕێوە. (۲) تۆپەڵ بوون؛ گردبوونەوەو بوون بە تۆپەڵ؛ کۆمەڵ بوون؛ خڕبوونەوە
v.t. (۱) ناشتنی کۆمەڵێک دارودرەخت یا ڕووەک پێکەوە. (۲) تۆپەڵ کردن؛ گردکردنەوە؛ کۆمەڵ کردن؛ خڕکردن.
clumpish (klump′ish), *adj.* قورس و ناقۆڵ.
clumpy (klump′i), *adj.* (۱) پڕ لە گڵمتک، کۆز، یا کەرسەک (زەوی). (۲) کۆمەڵ؛ وەک کۆمەڵە دارودرەخت. (۳) قورس و ناقۆڵ.
clumsily (klum′zə-li), *adv.* گەوجانە؛ حۆلانە؛ ناقۆڵیانە؛ نەزانانە؛ جڵفڕانە؛ بە خواروخێچی؛ بە گێژانە؛ گێلانە.
clumsiness (klum′zi-nis), *n.* گەوجی؛ حۆڵ؛ ناقۆڵیی؛ نەزانی؛ جڵفڕی؛ خواروخێچی؛ گێژی؛ گێلی.
clumsy (klum′zi), *adj.* (۱) حۆل؛ گەوج؛ ناقۆڵ؛ نەزان (ڕەووشت، کردەوە)؛ جڵفڕ؛ خواروخێچ؛ گێژ؛ گێل. *(a ~ person)* . (۲) ناقۆڵ؛ باش دروست نەکراو؛ ناڕێک: *(a ~ chair)* (۳) نابەجێ؛ نابەسەند؛ نادروست: *(a ~ excuse)* .
clung (kluŋ), *past tense and past participle of* **cling.**
clupeid (klōō′pi-id), *n.* چەند جۆرە ماسییەکی پەڕەکە نەرمە (وەک ساردین).
cluster (klus′tĕr), *n.* (۱) هێشوو (تری)؛ بۆل. (۲) پڕ یا کۆمەڵ (مرۆڤ، گیاندار، شتومەک).
v.i. & v.t. کۆمەڵ بوون؛ گردبوونەوە؛ خڕبوونەوە؛ کۆمەڵ کردن؛ گردکردنەوە؛ خڕکردنەوە.
clutch (kluch), *v.t.* (۱) گرتن (بە چنگ، بە دەست)؛ چنگ پیاکردن؛ پڕپیاکردن؛ فراندن. (۲) بەتوندی بەدەستەوە گرتنو بەرنەدان.
v.i. (~ at), چنگ پیاکردن؛ پەلاماردان؛ پڕپیاکردن؛ فراندن؛ بە دەست یا

به چنگ گرتن

n. (۱) چنگ؛ چرنووک؛ دەست (لە کاتی پرپیاکردن یا گرتندا). (۲) (*pl*) دەسەلات (ناپەسەند)؛ زەبر: ***(the ~es of imperialism)*** (۳) گرتن؛ بە دەست گرتنێك؛ بەتوندی گرتنێك. (٤) کلاچ (ئوتومبیل). (٥) پایدەری کلاچ کارپێکردن. (٦) [Slang] ناکاوی؛ فریاکەوتن.

clutch (kluch), *v.t.* هەڵهێنان، حووچك، هێنکە.

n. (۱) هێلانەیەکی پڕ لە هێلکە (۲) کۆمەڵێك هێلکە یا جووچك کە پێکەوە هەڵهێنراین.

clutter (klut′ĕr), *n.* ناڕێك‌وپێکی و شت بەسەریەکدا کەوتن و کەڵەکە بوونیان بەسەر یەکدا (ژوور، ماڵ، فەرمانگە، شەقام، مێز)؛ پیس‌وپۆخڵی؛ شێواوی

v.t. (~ up), شت بەسەریەکدانان و کەڵەکەکردنیان بە ناڕێك‌وپێکی؛ تێکدان؛ پیس‌وپۆخڵ کردن؛ بە پیس‌وپۆخڵی ڕاگرتن؛ بەسەریەکدا شێواندن.

v.i. بە جڕینانەو سەر لێ شێواوی کارکردن و جوولانەوە.

clypeus (klip′i-əs), *n.* چوکڵەیەکی وەك فەڵغان وایە بەسەر سەری هەندێ مێروومەدیە.

clyster (klis′tĕr), *n.* حوقنە؛ شاف.

co- (kō), پێشگۆیەکە بەماناى: (۱) پێکەوە؛ لەگەڵ: (co-exist; co-operate; co-education) (۲) هاوبەش؛ پێکەوە: (co-owner; co-author) (۳) تەواوکەر (بەندازە): (complement)

coach (kōch), *n.* (۱) عەرەبانەی ئەسپ. (۲) فارگۆنی شەمەندەفەر (هی ڕێبوار یا نەفەر). (۳) پاس. (٤) ئوتومبێلێکی دوو دەرگا (٥) نمرە یا چوێنێتی هاتوچۆی هەرزان بە فڕۆکە یا شەمەندەفەر. (٦) فێرکەری تایبەتی (کە قوتابیەك فێردەکات و ئامادەی دەکات بۆ تاقیکردنەوە؛ مامۆستای تایبەتی. (۷) ڕاهێنەر یا مەشق پێکەری وەرزشی (تیپی وەرزشی پیشەیی، زانکۆ، قوتابخانە).

v.t. (۱) هەڵگرتن یا گواستنەوە (بە عەرەبانە، پاس، یا فارگۆنی شەمەندەفەر). (۲) فێرکردن و ئامادەکردن بۆ تاقیکردنەوە؛ مەشق پێکردن. (۳) مەشقی وەرزشی پێکردن.

n. (۱) سواری عەرەبانە، پاس، یا فارگۆنی شەمەندەفەر بوون (۲) بوون بە مامۆستای تایبەتی یا ڕاهێنەری وەرزشی.

coach-and-four (kōch′ən-fôr′), *n.* عەرەبانەی چوار ئەسپی

coach dog, *Also* **Dalmation,** جۆرە سەگێکی باریکەڵەی بەڵەکی تووك کورتە. ئەم ناوەی لێنراوە چونکە زوو وا ڕادەهێنران کە بەتەنیشت عەرەبانەوە ڕابکەن.

coacher (kōch′ĕr), *n.* (۱) ڕاهێنەر یا مەشق پێکەری وەرزشی؛ مامۆستای تایبەتی؛ فێرکەری تایبەتی. (۲) نەسپی عەرەبانە.

coachman (kōch′mən), *n.* (۱) عەرەبانچی (۲) جۆرە میشێکی دەستکردە بۆ داوناوەو ڕاوەماسی بەکاردەهێنرێ.

coaction (kō-ak′shən), *n.* زۆرکاری؛ زۆرەملی؛ زۆرداری

coactive (kō-ak′tiv), *adj.* بە زۆرداری؛ بە زۆرەملێ

coactive (kō-ak′tiv), *adj.* پێکەوە کاردەکەر؛ پێکەوە چالاکن؛ پێکەوە ڕووبەڕوبەر

coadjutant (kō-aj′ə-tənt), *adj.* یارمەتیدەری یەکتر دەدەن؛ هاوکاری دەکەن

n. یارمەتیدەر

coadjutor (kō-aj′ə-tĕr, kō′ə-jōō′tĕr), *n.* (۱) یارمەتیدەر (۲) یارمەتیدەری قەشە

coadunate (kō-aj′yoo-nit, kō-aj′yoo-nāt′), *adj.* (۱) یەك گرتوو (۲) پێکەوە نووساو (ڕووەکناسی، زیندەوەرناسی).

coagulate (kō-ag′yoo-lāt′), *v.t.* مەیاندن (خوێن، شلە)؛ بەستن

v.i. مەیین (خوێن، شلە)؛ بەستن؛ پەیکە بەستن.

coagulation (kō-ag′yoo-lā′shən), *n.* (۱) مەیین (خوێن، شلە) بەستن. (۲) تۆپەڵێکی مەییو (خوێن، پەنیر، ماست).

-coagulator ***(n.).***

coagulum (kō-ag′yoo-ləm), *n.* تۆپەڵێکی مەییو (خوێن، پەنیر، ماست، شیر).

coal (kōl), *n.* (۱) خەڵووز؛ زووخاڵ؛ خەڵووزی دار (۲) خەڵووزی بەردین. (۳) پشکۆ؛ سکڵ

v.t. (۱) کردن بە خەڵووز؛ سووتاندن. (۲) خەڵووز پێدان.

v.i. خەڵووز هێنان و کەڵەکەکردن.

carry coals to Newcastle, هێنانی شتێك بۆ شوێنێك کە لەو شوێنە خۆیدا زۆروزەبەنە بێت (" نیوکاسڵ" ناوچەیەکە لە ئینگلتەرە کە بە خەڵووز بەناوبانگە).

haul (or rake, drag, call) over the coals, سەرزەنشت کردن؛ شکاندن (مرۆڤ).

heap coals of fire on (a person's) head, خراپەی کەسێك بە چاکە گەرانەوە و والێکردنی کە پەشیمانو تەریق بێتەوە.

coal car, شەمەندەفەری خەڵووز (بۆ گواستنەوەی لە کانەوە بۆ شوێنی مەبەست).

coaler (kōl′ĕr), *n.* (۱) پاپۆڕ یا شەمەندەفەری خەڵووز گواستنەوە. (۲) فرۆشیاری خەڵووز.

coalesce (kō′ə-les′), *v.i.* (۱) سارێژبوونەوە (دوو ئینسقانی شکاو، برین). (۲) یەکگرتن؛ بوون بەیەك؛ تێکەڵاوبوون؛ کۆمەڵ بوون.

-coalescence ***(n.)***; **coalescent** ***(adj.).***

coal field, ناوچەیەك کە خەڵووزی بەردینی زۆر بێت.

coal gas, (۱) گازی خەڵووز (کە لە خەڵووز دەردەهێنرێ). (۲) گازی خەڵووز (کە پەیدا دەبێت لە سووتاندنی خەڵووزو گازێکی زەهراوی)

coal heaver, کرێکاری خەڵووزی بەردین.

coaling station, شوێنی خەڵووز بارکردن (لەسەر پاپۆڕو شەمەندەفەر).

coalition (kō′ə-lish′ən), *n.* (۱) یەکێتی؛ یەکگرتن. (۲) پێکهاتن یا یەکگرتنی کۆمەڵو بەرە پامیاریەکان لە وڵاتێکدا بۆ ڕووخاندنی ڕژێمێك یا پێکهێنانی ڕژێمێکی تازەو حوکمڕانی وڵاتەکە.

coal mine, کانی خەڵووز؛ کانگەی خەڵووزی بەردین.

coal oil, (۱) نەوت؛ بەنزین. (۲) نەوتی خاو.

coal pit, (۱) کانی خەڵووزی بەردین. (۲) چاڵی خەڵووزی دار.

coal tar, قیری خەڵووز.

coaly (kōl′i), *adj.* (۱) پڕ لە خەڵووز؛ خەڵووزاوی (۲) ڕەش.

coaming (kōm′iŋ), *n.* (۱) لێوارێکی بەرز بەدەوری کونی سەربانێك یا دیوارێکدا. (۲) لێوارێکی بەرز بەدەوری کونی خۆ شۆڕکردنەوە بۆناو پاپۆڕێك (بۆئەوەی ئاو لە کونەکەوە نەچێتە ناو پاپۆڕەکەوە).

coaptation (kō′ap-tā′shən), *n.* سارێژبوونەوە (دوو ئینسقانی شکاو، برین)؛ پێکەوە گونجان.

coarse (kôrs, kōrs), *adj.* (۱) هەڕەمەکی؛ ڕەشۆکی؛ بازاڕی؛ خراپ (۲) درشت (ساوەر، لم): ***(~ sand)*** (۳) زبر (قوماش، تەختە): ***(~ cloth)*** (٤) کەرتڕ؛ بێ نەزاکەت؛ ناپەسەند (کردەوە): ***(a ~ joke)***.

coarse-grained (kôrs′grānd′, kōrs′grānd′), *adj.* (۱) زبر؛ درشت. (۲) کەرتڕ؛ بێ نەزاکەت؛ بێ ماریفەت

coarsen (kôr′s'n, kōr′s'n), *v.t.* زبرکردن؛ درشت کردن

v.i. زبربوون؛ درشت بوون.

coast (kost), *n.* (۱) کەناری دەریا. (۲) [Obs.] سنووری وڵاتێك. (۳) لێژایی؛ شوێنێکی سەرەولێژ (٤) قنگەخلیسکێ.

v.i. (۱) گەشت کردن بە بەڵەم بەتەنیشت کەناری دەریاوە (۲) هاتوچۆکردن لە بەندەرێکەوە بۆ بەندەرێکی تر (مرۆڤ، پاپۆڕ، بەڵەم) (۳) قنگەخلیسکێ کردن. (٤) بەردەوام بوون لە بزووتندا بەهۆی گورخواردن و تەووژمەوە یا هێزی ڕاکێشانەوە نەگەرچی مەکینەش کوژابێتەوە بەتایبەتی لە سەرەوخوارکەیەکدا کە دەتوانرێ گێڕی بۆش بەکاربهێنرێ.

(٥) به لامسەرلایی دانەبەر؛ هیچ هەوڵو تەقەلایەك نەدان.

v.t. گەشت کردن بە بەلەم بەتەنیشت کەناری دەریاوە.

the Coast, [Colloq.]. کەنار زەریای پاسیفیك لە ئەمەریکا؛ کەنار زەریای ڕۆژئاوای ئەمەریکا.

the coast is clear, مەترسی هیچ نەماوە؛ ئەو کەسە یا شتەی مەترسی لێ دەکرا لێرە نەماوەو ڕۆیشتووە.

coastal (kōs′tl), *adj.* کەنار دەریایی؛ کەنار دەریا.

coastal plain, زەوی تەخت بە درێژایی کەناری دەریاو بەتەنیشتیەوە

coast artillery, تۆپی کەناری دەریا ئەو لقەی هێزی چەکداری وولاتێکە کە ئەرکی پاراستنی بەندەرکانو کەنار دەریای پێ سپێردراوە

coaster (kōs′tēr), *n.* (١) بکەری coast (مرۆڤ، شت)

(٢) پاپۆرێکە کە خەڵك یا شتومەك دەگوێزێتەوە لە بەندەرێکەوە بۆ بەندەرێکی تر لەسەر کەناری دەریا. (٣) [Obs.]. سینیەکە کە لەسەر چوارچێوەیەکی پێچکەدار قایم کراوە بۆ پیاناردنی خواردنەوەو شتی تر بۆ ئەو کەسانەی کە دانیشتوون لە ژووری میوان. (٤) پارچە دار، شوشە، پلاستیك یا مقەبایەکە بنەکەی نەرمە دەخرێتە سەر مێزێك و پەرداخ و سوورلخی و کوپی لەسەر دادەنرێ بۆ پاراستنی مێزەکە لە ڕووشاندنو گەرمی. (٥) هێڵێکی شەمەندەفەرە کە سەرەوخوارەو سەرەوژوورەی زۆر تێدایە شەمەندەفەری بە خێرایی پیا دەبوات (لە باخچەی گەشتوگوزاردا)

coaster brake, نیستۆپی دواوەی پاسکیل.

coast guard, (١) هێزی پاسەوانی کەناری دەریا (کە هێزێکی نیمچە سەربازیە). (٢) ئەندامێکی ئەم هێزە

coast line, بە لای یا قەراغی کەناری دەریادا؛ بەتەنیشتی کەناری دەریاوە.

coastward (kōst′wērd), *adj. & adv.* بەرەو کەناری دەریا.

coastwards (kōst′wērdz), *adv.* = coastward.

coastways (kōst′wāz), *adv.* = coastwise.

coastwise (kōst′wīz′), *adv. & adj.* بە لای یا قەراغی کەناری دەریادا؛ بەتەنیشتی کەناری دەریاوە

coat (kōt), *n.* (١) چاکەت؛ پاڵتۆ

(٢) بەرگی سرووشتی گیاندار (وەك: پێست، خوری، تووك، تۆڵ).

٣) دیوی دەرەوەی ڕووەکێك یا پێستەکەی؛ تۆڵ.

(٤) [Obs.]. جلوبەرگێك کە پلەوپایەی کۆمەڵایەتی ئەو کەسە دەردەخات.

(٥) جێر؛ تۆ؛ دەست (بۆیاخی ماڵ یا ئوتومبیل)؛ قات.

v.t. (١) چاکەت لەبەرکردن؛ چاکەت پێدان.

(٢) داپۆشین بە چینێك یا تۆزێك شیرینی (نوقڵ بادەمی)؛ دەستێك یا قاتێك بۆیاخ لێدان

coated (kōt′id), *adj.* (١) چینێك یا قاتێك شیرینی لێدراوە (نوقڵ-بادەمی). (٢) ماددەیەکی بریقەداری لێدراوە (کاغەز).

coatee (kōt ē′), *n.* چاکەتێکی کورت

coati (kō-ä′ti), *n.* گیاندارێکی شیردەری هەموشت خۆری کێوی‌یە ئەمندەی پشیلەیەك دەبێتو لە " ڕاکوون " دەچێت بەڵام کلك‌و لووتی درێژترە.

coating (kōt′iŋ), *n.* (١) ماددەیەکە کە بدرێت لە ڕووی‌ەك بۆ جوانی یا پاراستن؛ جێر؛ قات. *(a ~ of enamel)*

(٢) قوماشی چاکەت دروستکردن.

coat of arms, دروشمی خانەدانی یا سوارچاکی؛ قەڵغانێکە کە نیشانەی تایبەتی هۆز یا تیرەیەکی پێوەیە؛ نیشانەی بەگزادەیی.

coat of mail, قەڵغانێکە لە ئەڵقەی بەیەکداچووی کانزا دروستکراوە.

coattail (kōt′tāl′), *n.* (١) پاشەڵ (چاکەت، جلوبەرگ).

(٢) تێشینکی چاکەتی دووتلیش.

coauthor (kō-ô′thēr), *n.* هاودانەر (پەرتووك، ووتار)؛ هاونووسەر؛ یارمەتیدەری نووسەر.

coax (kōks), *v.t.* (١) مەرایی بۆ کردن؛ کلکەلەقێ بۆ کردن.

(٢) مرۆڤ سازکردن بە مەرایی و کلکەلەقێ تاکو ئەوەی دەتەوێ بیکات: *(She ~ed him into buying her a car.)*

v.i. مەرایی کردن؛ کلکەلەقێ کردن؛ پشی پشی کردن.

coaxial (kō-ak′si-əl), *adj.* یەك تەوەرەیان هەیە؛ لەسەر یەك تەوەرەن.

coaxial cable, تەلی یەك تەوەرە (تەلەفۆن، تەلەگراف، تەلەفزیۆن).

cob (kob), *n.* (١) کولۆ (خەڵووز) (٢) گوڵە گەنمەشامی.

(٣) نێرەی قاز. (٤) ئەسپێکی تۆکمەی کورتەباڵا.

cobalt (kō′bôlt′), *n.* کۆبالت: کانزایەکە ڕەنگی لە زیو دەچێت

cobalt blue, (١) خومێکی شینی سەوزباوە. (٢) ڕەنگی شینی سەوزباوە.

cobble (kob′l), *v.t.* (١) پێڵاو پینەکردن.

(٢) چاکردن یا پینەکردن بە ناقۆڵایی.

cobble (kob′l), *n.* (١) خڕە بەرد. (٢) (*pl.*)، کولۆ خەڵووز

بەردرێژکردن: بەکارهێنانی خڕە بەرد بۆ بەردرێژکردنی شەقامو کۆڵان لەبری *v.t.* قیرتاوکردن.

cobbler (kob′lēr), *n.* (١) خواردنەوەیەکی ساردی سەرخۆشکەرە لە شەراب‌و ئاوی میوەی مزرەمەنی و شەکر دروست دەکرێت. (٢) شیرینیەکە لە میوە (بەتایبەتی سێو یا قۆخ)و شەکرو تۆزاڵە هەویرو نەختاڵێك دارچینی دروست دەکرێو لە فڕندا دەپێشێنرێ.

cobbler (kob′lēr), *n.* (١) پینەچی؛ کەوشدروو.

(٢) کرێکارێکی نەزانی قەڵب کە هەرچی شتێك بکات تێکی دەدات.

cobblestone (kob′l-stōn′), *n.* خڕە بەردێکە شەقامو کۆڵانی پێ بەردرێژ دەکرێ لەبری قیرتاوکردن.

cob coal, کولۆ خەڵووز.

cobelligerent (kō′bə-lij′ēr-ənt), *n.* وولاتێك کە لە پاڵ وولاتێکدا دژی هاودۆزمنی هەموولا جەنگ دەکات.

cobnut (kob′nut′), *n.* (١) بوندوق: کاکلەیەکە لە بستە دەچێت.

(٢) دەرەختێك کە ئەم بەرە دەگرێت.

cobra (kō′brə), *n.* (١) کۆبرا (مار)؛ ئەژدیها.

(٢) قایشێك کە لە پێستی ئەم مارە دروست دەکرێت.

cobweb (kob′web′), *n.* (١) هێلانەی جاڵجاڵۆکە.

(٢) تاڵێکی هێلانەی جاڵجاڵۆکە (٣) شتێکی ناسکی کرێشەیی یا لە داو چوو (وەك هێلانەی جاڵجاڵۆکە) (٤) پیلانێکی ئاڵۆز.

(٥) (*pl.*)، (ا) کەڵەکەبوونی شت‌و ڕەنگو بۆنی کۆن لێ نیشتن لە ئەنجامی بەکارنەهێنان یا خستنە پشت گوێدا. (ب) شێواوی؛ تێکەڵوپێکەڵی *(~ in the brain)*

v.t. بە هێلانەی جاڵجاڵۆکە یا شتێکی وەها داپۆشین.

-cobwebby *(adj.).*

coca (kō′kə), *n.* (١) کۆکا: ڕووەکێکی ئەمەریکای خواروو گەلاکەی ماددەی " کۆکاین " ی لێ دەردەهێنرێ. (٢) گەلای ووشك کراوی ئەم ڕووەکە

cocaine, cocain (kō-kān′, kō′kān), *n.* کۆکاین: ماددەیەکی سڕکەرە لە گەلای ووشك کراوەی ڕووەکی " کۆکا " دەردەهێنرێ (بۆ کەیف‌و بەنج کردن بەکاردەهێنرێ).

cocainism (kō-kān′iz′m), *n.* خووگرتن بە بەکارهێنانی کۆکایینەوە.

cocainize (kō-kān′īz), *v.t.* سڕکردن بە ماددەی کۆکاین.

coccidiosis (kok-sid′i-ō′sis), *n.* نەخۆشی‌یەکە تووشی ڕیخۆڵەو گەدەی گیاندارو باڵندەی ماڵی دەبێت

coccus (kok′əs), *n.* (١) بەکتریای خڕ.

(٢) قاشە میوەیەکە بە دەنك یا تۆزێکەوە کە لە قاشەکانی تری ئەو میوەیە جیا دەبێتەوە لەکاتی گەیبندا.

-coccus (kok′əs), پاشکۆیەکە بەمانای: بەکتریای خڕ.

coccyx (kok′siks), *n.* کلێنچکە.

cochlea (kok′li-ə), *n.* بەشی پێچ لوولی گوێی ناوەوە (کە جەمسەری دەماری بیستنی تێدایە)

-cochlear *(n.).*

cochleate (kok′li-āt′), *adj.* پێچ لوولی (وەك هێلکە شەیتانۆکە)

cock (kok), *n.* (١) کەڵەشێر؛ کەڵەباب. (٢) نێرەی باڵندە.

(٣) خوێندنی کەڵەشێر. (٤) باکەڵەشێر (داهۆڵێکە بووی هەڵکردنی با پیشان دەدات). (٥) سەرۆك؛ پێشڕەو؛ سەردەستە. (٦) دەمەوانە؛ بەلووعە.

(٧) پەلەبستەک (دەمانچە، تفەنگ)؛ پیتک. (٨) لەسەرپێ بوونی چەکێک.
(٩) [Slang]. کێر. (١٠) چاو خوارکردنەوە یا هەڵبڕین
(١١) قەراغی کلاو یا شەپقە بەرزکردنەوە یا خستن بەلادا.

v.t. (١) خستن بەلادا (کلاو، شەپقە).
(٢) گوێ ڕەپکردن. *(A dog ~s his ears.)*
(٣) گوێ قوڵاغ کردن (ئەسپ، کەر)؛ چاو تێ بڕین.
(٤) دەمانچە یا تفەنگ هێنانە سەرپێ

v.i. ڕەپ بوون؛ لاربوونەوە.

cock (kok), *n.* خەرمانێکی قووچەکی؛ مەنۆ یا کۆمەڵە پووشێکی قووچەکی

v.t. کۆمەڵ کردن بە شێوەی قووچەک (پووش).

cockade (kok-ād′), *n.* گوڵێک یا چەند شرێتێکی ڕەنگینی گرێ دراو کە دەکرێت بە شەپقەوە وەک پۆپنەی کەڵەشێر

cock-a-doodle-doo (kok′ə-doo′d′l-dōō′), *n.* (١) قوڕقەی کەڵەشێر؛ خوێندنی کەڵەشێر. (٢) کەڵەشێر.

cock-a-hoop (kok′ə-hōōp′), *adj.* (١) شەپەل؛ شاد؛ شادمان. (٢) فشەکەر؛ خۆهەڵکێشان؛ لەخۆبایی.

cockalorum (kok′ə-lôr′əm, kok′ə-lō′rəm), *n.* (١) کەڵە شێرێکی بچووک. (٢) پیاوێکی بچووک کە خۆی زۆر بە زل بزانێ؛ کەسێکی لەخۆبایی. (٣) فشە.

cockamamie, cockamamy (kok′ə-mam′ik), *adj.* (١) هیچوپووچ؛ بێ نرخ. (٢) قەڵب؛ ساختە. (٣) قسەی قۆڕو بێ مانا؛ قسەی هیچوپووچ.

cock-and-bull story, حیکایەتسکە کە نەچێتە مێشکەوە؛ فشە؛ قسەیەک کە جێی بڕواپێکردن نەبێت

cockateel, cockatiel (kok′ə-tēl′), *n.* تووتێیەکی بچووکی ئوستورالیە

cockatoo (kok′ə-tōō′), *n.* تووتێیەکی گەورەی ڕەنگاوڕەنگی پۆپنە بەرز

cockatrice (kok′ə-tris), *n.* مارێکی بەفسانەیی گوایە نەگەر سەیری هەرچ شتێک بکات دەیکوژێت (گوایە لە هێلکەی کەڵەشێر بووە).

cockboat (kok′bōt′), *n.* بەڵەمێکی بچووک (بەتایبەتی کە خەڵک بگوێزێتەوە لە پاپۆڕێکی گەورەوە بۆ کەناری دەریا).

cockchafer (kok′chāf′ĕr), *n.* قاڵونچەیەکی گەورەیە ڕووەک دەخوات و دەیفەوتێنێ

cockcrow (kok′krō′), *n.* بەرەبەیان؛ کاتی خوێندنی کەڵەشێر.

cocked hat, (١) شەیفەیەکی سێ سووچ (کە لێوارەکەی لە سێ لاوە هەڵگەڕێتەوە. (٢) شەپقەیەکە لێواری پێشەوەو دواوەی تیژ بێ و قووچکەیەکی هەبێت

knock into a cocked hat, [Slang]. لەناوبردن؛ فەوتاندن؛ تێکشکاندن

cocker (kok′ĕr), *n.* = cocker spaniel.

cocker (kok′ĕr), *v.t.* نازکێشان؛ نازپێدان؛ بەدەمەوەدان.

cockerel (kok′ĕr-əl, kok′rəl), *n.* کەڵەشێرێکی بچووک

cocker spaniel, سەگێکی بچووکی گوێ شۆڕی تووک ناوڕیشمەیە.

cockeye (kok′ī′), *n.* چاوێکی خێڵ

cockeyed (kok′īd′), *adj.* (١) خێڵ؛ چاو خێڵ. (٢) [Slang]. خواروخێچ؛ لار. (٣) [Slang]. ناچێت بە مێشکدا؛ نابەجێ. (٤) [Slang]. سەرخۆش.

cockfight (kok′fīt′), *n.* شەڕە کەڵەشێر

cockfighting (kok′fīt′ĭng), *n.* شەڕە کەڵەشێر

cockhorse (kok′hôrs′), *n.* ئەسپە دارینە

cockiness (kok′i-nis), *n.* لەخۆبایی بوون؛ کەشخەچێتی.

cockish (kok′ish), *adj.* لەخۆبایی؛ کەشخەچی

cockle (kok′l), *n.* (١) گیاندارێکی ناوێیە دوو قاوغی وەک دڵی هەیە (٢) قاوغی ئەم گیاندارە ناوێیە. (٣) بەڵەمێکی بچووکەو سووک (٤) چرچ؛ قەد.

v.i. & v.t. چرچ بوون؛ چرچ کردن؛ قەدکردن.

cockles of one's heart, پەڕەی دڵ؛ ناخی دڵ

cockle (kok′l), *n.* بژار یا گژوگیای ناو دەغڵودان.

cockleboat (kok′l-bōt′), *n.* = cockboat.

cockleshell (kok′l-shel′), *n.* (١) قاوغی گیاندارێکی ناوی بچووک. (٢) بەڵەمێکی سووکو بچووک.

cockney (kok′ni), *n.* (١) کۆکنی: کەسێکی خەڵکی گەڕەکی خۆرهەڵاتی شاری " لەندەن " کە بە بێ دەرامەتی ناسراوە. (٢) کۆکنی: زاری خەڵکی ئەم ناوچەیەی شاری " لەندەن " (٣) دانیشتوویەکی شاری " لەندەن " (بۆ سووکی یا پێکەنین).

adj. (١) وەک " کۆکنی " یا زارەکەیان. (٢) وەک هی " لەندەن " یا دانیشتووانی.

cock of the walk, سەردەستە؛ سەرگەورە؛ سەرۆکی تاقم؛ سەردار.

cockpit (kok′pit′), *n.* (١) مەیدانی شەڕە کەڵەشێر. (٢) مەیدانی جەنگ: شوێنێکە کە گەلێک جەنگ تیایدا ڕوویداوە. (٣) ژوورێکە لە پاپۆڕێکی جەنگیدا بۆ حەوانەوەی نەفسەرو دەرمانکردنی بریندارە جەنگ بەکاردەهێنرێ. (٤) ژوورێ لێخوڕینی پاپۆڕ. (٥) ژووری فڕۆکەوان و یاریدەدەرکانی لەناو فڕۆکەیەکدا.

cockroach (kok′rōch′), *n.* سیسرک.

cockscomb (koks′kōm′), *n.* (١) پۆپنەی کەڵەشێر. (٢) کڵاوی قۆشمەچی (کە لە پۆپنەی کەڵەشێر دەچێت). (٣) جۆرە ڕووەکێکە (گوڵەکەی لە پۆپنەی کەڵەشێر دەچێت).

cockshut (kok′shut′), *n.* [Obs. or British Dial.], تاریکو ڕوونی نێوارە.

cockshy (kok′shī′), *n.* (١) نیشان گرتن؛ هاویشتن یا فڕێدان بەرەو نیشانێک (یارییەکی کۆنە بریتییە لە شت هاویشتنە کەڵەشێرێکی بەستراوە بە دارەوە ئەو کەسەی کە ئەی بدات کەڵەشێرەکە دەباتەوە). (٢) نیشان

cocksure (kok′shoor′), *adj.* (١) زۆر دڵنیا. (٢) لەڕادەبەدەر دڵنیا.

cockswain (kok′s'n, kok′swān′), *n.* = coxswain.

cocktail (kok′tāl′), *n.* (١) کۆکتێل: خواردنەوەیەکی سەرخۆشکەری تێکەڵاوە. (٢) مەزە (بەتایبەتی هی گۆشتی گیانداری ناوی کە ترش یا خۆشاوی بەسەردا دەکرێت). *(a shrimp ~)* . (٣) ئەسپێکی کلک قرتاو. (٤) ئەسپێکی دوورەگ.

cocky (kok′i), *adj.* [Colloq.]. لەخۆبایی؛ کەشخەچی.

coco (kō′kō), *n.* (١) دارگوێزی هیندی. (٢) گوێزی هیندی.

adj. لە تویکڵو تویکی گوێزی هیندی دروستکراوە.

cocoa (kō′kō), *n.* (١) کاکاو: ئاردی دەنکی کاکاوی هاڕاو. (٢) خواردنەوەی کاکاو. (٣) قاوەیی (ڕەنگ)

cocoanut (kō′kə-nut′), *n.* = a coconut.

coconut (kō′kə-nut′), *n.* گوێزی هیندی.

coconut palm (or tree), دارگوێزی هیندی.

cocoon (kə-kōōn′), *n.* (١) قۆزاخە. (٢) قاوغ یا بەرگێکی پارێزەر.

cocotte (kō-kot′, kə-kot′), *n.* ئافرەتێکی سووک؛ قەحبە.

cod (kod), *n.* کۆد: جۆرە ماسییەکی دەریاییە.

cod (kod), *n.* (١) [Archaic] ، کیسە. (٢) [Dial.]: تویک؛ قاوغ (فاسۆلیا).

coda (kō′də), *n.* دوا ئاوازی پارچەیەک مۆسیقا.

coddle (kod′l), *v.t.* (١) کوڵاندنی لەسەرخۆ (وەک هێلکە لەناو ئاوێکدا کە نەهاتبێتە کوڵ). (٢) نازکێشان؛ نازپێدان؛ ناز ڕاگرتن.

code (kōd), *n.* (١) یاسا؛ دەستوور. (٢) دەستوور؛ دەستووری ژیان: *(the military ~ ; a moral ~)* . (٣) یەرلە؛ شفرە.

v.t. (١) ڕێکخستن لە شێوەی یاسا یا دەستووردا.

(۲) شفره بو داتان؛ کردن به پەڕله

code name, ناوی نهێنی؛ ناوی پەڕله

codefendant (kō′di-fen′dənt), *n.* داوا لەسەرکراوی دووەم؛ گومانباری دووەم

codeine (kō′di-ēn′, kō′dēn), *n.* کۆدین دەرمانێکی ئازارە لە نەفیون دروست دەکرێت

codex (kō′deks), *n.* (۱) دەستنووسی پەرتووکێکی کلاسیکی یا نێنجیل ۲ [Archaic]، یاسا؛ کۆمەڵە یاسا؛ دەستوور

codfish (kod′fish′), *n.* = **cod.**

codger (koj′ĕr), *n.* [Colloq.]. کەسێکی نەناسایی؛ کەسێکی پیر

codicil (kod′ə-s'l, kod′ə-sil′), *n.* (۱) پاشکۆی وەسیەتنامە. (۲) پاشکۆ

codify (kod′ə-fī′, kō′də-fī′), *v.t.* (۱) کۆکردنەوەو ڕێکخستن یا پۆل پۆز کردنی یاسا. (۲) کردن بە یاسا

-codification *(n.)*; **codifier** *(n.).*

codling (kod′liŋ), *n.* (۱) بەچکە ماسی " کۆد " (کە جۆرە ماسیەیەکی دەریایی یە. (۲) جۆرە ماسیەیەک کە لە " کۆد " دەچێت

codling (kod′liŋ), *n. Also* **codlin,** (۱) جۆرە سێوێکە. (۲) سێوێکی کاڵو کرچ. واتە نەگەییو. (۳) سێوێکی بچووک و خراپ

codling (or codlin) moth, کرمی سێو. هەرمێ. بەمێ

cod-liver oil, ڕۆن گوربیلەی ماسی " کۆد " (دەرمانی بەهێزکردنی خوێنە)

coed, co-ed (kō′ed′), *n.* [Colloq.]. قوتابی کچ لە زانکۆ یا دانشگایەکی تێکەڵاودا

adj. خوێندنی تێکەڵاو (کوڕو کچ)

coeducation (kō′ej-oo-kā′shən), *n.* خوێندنی تێکەڵاو؛ خوێندنی کوڕو کچ پێکەوە

coeducational (kō′ej-oo-kā′shən'l), *adj.* تێکەڵاو. تایبەتی بە خوێندنی کوڕو کچ پێکەوە لە قوتابخانە یا زانکۆدا *(a ~ college)*

coefficient (kō′ə-fish′ənt), *adj.* هاوکاریکەر

n. هاوکۆلکە

-coele (sēl), بڕگەیەکە بەمانای بۆشایی

coelenterate (si-len′tĕr-āt′), *n.* گیاندارێکی ئاوی بێ بڕبڕاگەی پشتە کە نەبانی کۆنەندامی هەرس بۆشاییەکی وەک کیسەی هەیە

coelenteron (si-len′tĕr-on′), *n.* بۆشایی وەک کیسەی ئاوەوەی گیانداری ئاوی بێ بڕبڕاگەی پشت

coeliac (sē′li-ak′), *adj.* هی بۆشایی گەدە

coelom (sē′ləm), *n.* بۆشایی ناوەشی هەندێ گیاندار

coequal (kō-ē′kwəl), *adj. & n.* هاوتا؛ یەکسان؛ هاوپلە؛ هاوپایە

coerce (kō-ūrs′), *v.t.* زۆرلێکردن؛ بەزۆر پێکردن؛ بە زۆرەملێ کردن؛ زۆرداری کردن

coercion (kō-ūr′shən), *n.* زۆرلێکردن؛ زۆرداری؛ زۆرەملێ

coercive (kō-ūr′siv), *adj.* زۆرکار

coessential (kō′ə-sen′shəl), *adj.* هەمان سروشتیان هەیە

coetaneous (kō′i-tā′ni-əs), *adj.* هاوچەرخ؛ هاوتەمەن

coeternal (kō′i-tūr′n'l), *adj.* نەمرز وەک یەک؛ هەتا هەتا پێکەوە دەژین

coeval (kō-ē′v'l), *adj.* هاوچەرخ؛ هاوتەمەن

coexist (kō′ig-zist′), *v.i.* پێکەوە ژیان و هەڵکردن لە هەمان چەرخ و شوێندا؛ یا بەتەنیشت یەکەوە (دوو وڵات، ڕێکخراو، مرۆڤ، یا بیروباوەڕ)

coexistence (kō′ig-zis′təns), *n.* (۱) پێکەوە ژیان و هەڵکردن لە هەمان چەرخ و شوێندا یا بەتەنیشت یەکەوە (دوو وڵات، ڕێکخراو، مرۆڤ، یا بیروباوەڕ). هاوگوزەرانی (۲) بە ناشتی ژیانی دوو وڵات پێکەوە لەگەڵ جیاوازی قوڵی بیروباوەڕیاندا

-coexistent *(adj.).*

coextend (kō′ik-stend′), *v.t. & v.i.* ئەوەندەی یەک درێژبوونەوە لە کات و شوێندا

-coextension *(n.)*; **coextensive** *(adj.).*

coffee (kôf′i, kof′i), *n.* (۱) قاوە (خواردنەوە) (۲) قاوە (دەنک یا تۆز). (۳) ڕووەک یا درەختی قاوە

adj. تایبەتی بە قاوە (تام یا ڕەنگ)؛ قاوە

coffee bean, تۆز یا دەنکی قاوە

coffee break, پشووی قاوە خواردنەوە (پشوویەک لە کاردا کە قاوە یا خواردنەوەی تری تێدا دەخورێتەوە)

coffeecake (kôf′i-kāk′, kof′i-kāk′), *n.* کێکی قاوە (کە مێوژو گوێزی تێدایەو لەگەڵ قاوەدا دەخورێت)

coffeehouse (kôf′i-hous′, kof′i-hous′), *n.* قاوەخانە؛ چایخانە

coffee mill, ئامێر یا مەکینەی هاڕینی قاوەی برژاو

coffeepot (kôf′i-pot′, kof′i-pot′), *n.* قۆری قاوە؛ جزو

coffee shop, چێشتخانەیەکە کە قاوەو جۆرە خواردەمەنیەکی تێدا دەست دەکەوێت

coffee table, مێزێکی نزمی بچووکە لە ژووری میواندا قاوە، چا، هەروەها خواردنەوەی ترو میوەی لەسەر دادەنرێت؛ تەپلەک

coffee tree, دار قاوە؛ درەختی قاوە

coffer (kôf′ĕr, kof′ĕr), *n.* (۱) قاسە؛ سندوقێکی کانزایی قایمە شتی بەنرخی تێدا هەڵدەگیرێ (۲) (*pl.*)، خەزێنە؛ خەزێنە. (۳) تابلۆیەکی ڕازاوەیە لە بنمیچ یا کورەمزێکدا. (٤) **cofferdam**

cofferdam (kôf′ĕr-dam′, kof′ĕr-dam′), *n.* (۱) بەندای ئاوبڕ (کە لەناو ڕوبارێکدا بەکاردەهێنرێ بۆ ئاوبڕین لەو شوێنەی پایەی پردێکی تێدا دروست دەکرێت. (۲) سندوقی ئاوبڕ (کە بە قەراغی پاپۆڕێکەوە توند دەکرێ بۆ چاکردنەوەی بەشی ژێر ئاوی پاپۆڕەکە)

coffin (kôf′in, kof′in), *n.* (۱) دارتەرم؛ تەرم؛ تابووت (۲) چاڵایی سمی ئەسپ

v.t. (۱) خستنە ناو دارتەرمەوە. (۲) بەستنەوە

coffin bone, نێسقانی ناو سمی ئەسپو گیانداری تری وەها

coffle (kof′l), *n.* کاروانی بەند یا گیاندار کە پێکەوە بەستراوەتەوە لەکاتی گواستنەوەدا؛ قافڵە

cog (kog), *n.* (۱) ددانی پێچکەیەک کە لە ددانەکانی تری پێچکەکە دەگیرێ و پێچکەکە دەخولێنێتەوە. (۲) پێچکەیەکی ددانداوی (پاسکیل). (۳) [Colloq.]، کەسێکی بچووک یا ناگرنگ لە دەزگایەکی گەورەدا

cog (kog), *v.t. & v.i.* (۱) گزی کردن لە هەڵدانی زاردا (تاوڵە، قومار). (۲) ساختەکردن؛ فێڵ و تەڵەکەکردن؛ خەڵەتاندن

n. [Obs.]. (۱) گزی لە هەڵدانی زاردا (تاوڵە، قومار). (۲) ساختە؛ فێڵ و تەڵەکە؛ خەڵەتاندن

cogency (kō′jən-si), *n.* هێزی پێ سەلماندن (لە بیروباوەڕ یا لێکۆڵینەوە یا نووسین یا باسێکدا)

cogent (kō′jənt), *adj.* پێ سەلمێنەر (بیروباوەڕ، لێکۆڵینەوە، نووسراو، باس، لێدوان)

cogged (kogd), *adj.* ددانداوی (پێچکە)؛ پێچکەی ددانداوی هەیە

cogitate (koj′ə-tāt′), *v.i.* لێکۆڵینەوە؛ بیرکردنەوە

v.t. لێکۆڵینەوە؛ بیرلێکردنەوە

cogitation (koj′ə-tā′shən), *n.* (۱) بیر. (۲) بیرلێکردنەوە؛ لێکۆڵینەوە

cogitative (koj′ə-tā′tiv), *adj.* بیرکەرەوە

cognac (kō′nyak, kon′yak), *n.* کۆنیاک: (۱) جۆرە براندیەیەکی فەرەنسەیە لە ناوچەی " کۆنیاک " لە فەرەنسا دروست دەکرێت (۲) براندی: جۆرە خواردنەوەیەکی سەرخۆشکەرە

cognate (kog′nāt), *adj.* (۱) خزم؛ هاوبنچینە؛ هاوسەرچاوە. (۲) هاوسەرچاوە؛ هاوبنچینە (ووشە، زمان)

| English *apple* and German *apfel* are ~ words. ; French and Spanish are ~ languages. |

(۳) هاوسروشت؛ لەیەک دەچن.

n. (۱) خزم. مرۆڤ. (۲) دوو ووشە لە دوو زمان یا زیاتردا کە دەنگ و مانایان لەیەک بچیت و لە هەمان بنچینەوە هاتبن (بۆ نموونە: brow؛ ئەڕۆ genou؛ پێ ped؛ دوو two).

cognation (kog-nā′shən), ***n.*** خزمایەتی؛ لە هەمان سەرچاوە یا بنچینەوە هاتن

cognition (kog-nish′ən), ***n.*** (۱) زانین؛ فێربوون؛ هەستپێکردن؛ ئاسین ۲ شتێکی زانراو یا هەستپێکراو.

cognitive (kog′nə-tiv), ***adj.*** تایبەتی بە فێربوون یا زانین (توانای مێشکی).

cognizable (kog′ni-zə-b'l, kon′i-zə-b'l), ***adj.*** (۱) دەتوانرێ بزانرێت فێربێت. یا هەستی پێ بکرێت (۲) لەژێر دەسەڵاتی دادگایەکدایە.

cognizance (kog′ni-zəns, kon′i-zəns), ***n.*** (۱) هەستپێکردن؛ زانین ۲ سەرنج؛ ئاگاداربوون (۳) مەودای فێربوون یا زانین لەپرێی سەرنج دانەوە ٤ نیشانەیەکی جیاکەرەوە (٥) ماف یا دەسەڵاتی دادگایەک بۆ لێکۆڵینەوەی دۆسیەک؛ لێکۆڵینەوەی داوایەک لەلایەن دادگاوە

take cognizance of, ئاگاداربوون؛ زانین؛ بینین؛ دان نان بە بوونی شتێکدا

cognizant (kog′ni-zənt, kon′i-zənt), ***adj.*** ئاگادارە؛ دەزانێت.

cognize (kog′nīz′), ***v.t.*** ئاگاداربوون؛ پێزانین؛ هەستپێکردن.

cognomen (kog-nō′mən), ***n.*** (۱) ناوی باوباپیری کەسێک (لە پۆمای کۆندا: ۲) ناوی باوباپیر؛ لەقەب (۳) نازناو؛ ناو

-cognominal ***(adj.).***

cognoscente (kō′nyō-shen′te), ***n.*** زانا؛ شارەزا

cognoscible (kog-nos′ə-b'l), ***adj.*** cognizable.

cognovit (kog-nō′vit), ***n.*** دان پیانانی نووسراوی داوانێکراو بە گوناهەکەیدا لە دادگا

cogwheel (kog′hwēl′), ***n.*** پێچکەی دەنانەوی کە دەنانەکانی لە دەنانی پێچکەیەکی تر یا زنجیرێک گیردەبێت و دەبێتە هۆی خولانەوە. وەک پاسکیل).

cohabit (kō-hab′it), ***v.i.*** پێکەوە ژیان وەک ژن و مێرد بەتایبەتی بەبێ ماڕەبڕین؛ هاوجێیی کردن.

cohabitant (kō-hab′ə-tənt), ***n.*** کەسێک کە هاوماڵی کەسێکی تر بکات وەک ژن و مێرد بەبێ ئەوەی ماڕەییان برابێت لەیەکتری؛ هاوجێ.

cohabitation (kō-hab′ə-tā′shən), ***n.*** پێکەوە ژیانی دوو کەس وەک ژن و مێرد بەبێ ئەوەی ماڕەییان برابێت لەیەکتری؛ هاوجێیی کردن.

coheir (kō-âr′), ***n.*** میراتبەر؛ میراتگر؛ بەشداری میرات

coheiress (kō-âr′is), ***n.*** میراتبەری مێیینە؛ میراتگرێکی ژن یا کچ

cohere (kō-hēr′), ***v.i.*** (۱) پێکەوەلکان؛ پێکەوەنووسان (۲) پێکەوە گونجان یا مانا بەخشین (نووسراو. بیروڕا. چیرۆک).

coherence (kō-hēr′əns), ***n.*** (۱) پێکەوەلکان؛ پێکەوەنووسان (۲) لەگەڵ یەکدا گونجان یا مانا بەخشین (نووسراو. بیروڕا. چیرۆک).

(His story lacked ~ .)

coherency (kō-hēr′ən-si), ***n.*** = coherence.

coherent (kō-hēr′ənt), ***adj.*** (۱) پێکەوەلکاو؛ پێکەوەنووساو (۲) لەگەڵ یەکدا دەگونجێت یا مانا دەبەخشێت (نووسراو. بیروڕا. چیرۆک).

cohesion (kō-hē′zhən), ***n.*** (۱) پێکەوەلکان؛ پێکەوەنووسان (۲) پەکگرتن گەردی ماددە–فیزیا (۳) پێکەوە گونجان و مانا بەخشین و ڕێک‌وپێکی (نەخشە. بیروڕا. کار).

cohesive (kō-hē′siv), ***adj.*** (۱) پێکەوەلکاو؛ پێکەوەنووساو (۲) لەگەڵ یەکدا گونجاو و مانابەخش و پوون و ڕێک‌وپێک.

(The government does not have a ~ policy.)

cohort (kō′hôrt), ***n.*** (۱) پەل سوپای پۆمای کۆن؛ کۆمەڵە سەربازی (۲) تاقم؛ کۆمەڵ (۳) هاوکار؛ یاریدەدەر

(The mayor came with one of his ~s.)

coif (koif), ***n.*** (۱) کڵاو. (۲) کڵاو یا شەپقەیەکی سپی پارێزەرانی بەرزی ئینگلتەرە لە کۆندا. (۳) پلەی پارێزەری بەرز لە ئینگلتەرە.

coiffeur (kwä-fūr′), ***n.*** دەلاک؛ سەرتاش.

coiffure (kwä-fyoor′), ***n.*** (۱) کڵاو. (۲) قژ داهێنانێکی تایبەتی.

coign, coigne (koin), ***n.*** قوژبن یا سووچێکی دەرپۆقیو.

coign of vantage, جێگەیەکی باش بۆ چاودێری یا کارکردن.

coil (koil), ***v.t.*** هەڵکردن (پەت، گوریس)؛ لوولدان؛ پێچ پێدان؛ با پێدان.

v.i. (۱) پێچ خواردن (پەت، گوریس)؛ پەیکەخواردن (مار)؛ لوول بوون. (۲) بە پێچاوپێچ ڕۆیشتن وەک مار.

n. (۱) پێچ خواردن؛ پەیکەخواردن؛ ئەڵقەخواردن. (۲) شتێک کە پێچ یا ئەڵقەی خواردبێت؛ تەنێکی لوول خواردو یا پێچاوپێچ. (۳) یەکێک لەو ئەڵقانە؛ پێچێک. (٤) کۆمەڵە بۆرییەکی پێکەوە بەستراوی ڕیزکراو یا پێچاوپێچ. (٥) کۆیلی ئوتومبیل.

coil (koil), ***n.*** [Archaic]. هەراوهوریا؛ هەرا؛ ئاشووب

coin (koin), ***n.*** (۱) بەردی بناغە؛ بەردی گۆشە؛ پوار. (۲) پارەی ووردە؛ وورد (۳) [Slang]، پارە؛ دراو؛ سکە.

v.t. (۱) پارەی وورد دەرکردن؛ سکەلێدان. (۲) داتاشین یا دارشتن (ووشە، زاراوە)؛ داهێنان (ووشە، زاراوە).

v.i. پارەی وورد دەرکردن؛ سکەلێدان.

coin money, [Colloq.], پارە زۆر بە خێرایی پەیداکردن؛ سکەلێدان؛ سەرکەوتووبوونی دارایی

pay (a person) back in his own coin, لەگەڵ کەسێکدا جووڵانەوە بەوپێیەی لەگەڵتدا دەجووڵێتەوە.

coinage (koin′ij), ***n.*** (۱) پارەی ووردە دەرکردن؛ سکەلێدان. (۲) پارەی ووردە. (۳) مافی سکەلێدان. (٤) ووشەیەکی داتاشراو یا دارێژراو؛ داتاشین یا دارشتنی ووشەو زاراوە

coincide (kō′in-sīd′), ***v.i.*** (۱) لێکچوون؛ جووت بوون؛ دەقاودەق بوون. (۲) هاوکات؛ پووداو لە هەمان کاتدا؛ پێکەوتن (کاتی پووداو).

(His arrival ~s with yours.)

(۳) گونجان یا پێکەوتن لەگەڵ یەکتردا (بیروڕا، ویست، مەیل).

(Our interests ~ .)

coincidence (kō-in′sə-dəns), ***n.*** (۱) لێکچوون؛ دەقاودەق؛ وەک یەک بوون. (۲) گونجان یا پێکەوتن لەگەڵ یەکدا (۳) پووداتی دوو شت لە هەمان کاتدا. (٤) پێکەوت.

coincident (kō-in′sə-dənt), ***adj.*** (۱) پووداو لە هەمان کاتدا؛ لە هەمان کاتو شوێندایە. (۲) گونجاو؛ دەقاودەق؛ وەک یەکن.

(His hobby is ~ with his vocation.)

(۳) پێکەوت.

coincidental (kō-in′sə-den′t'l), ***adj.*** = coincident.

coiner (koin′ēr), ***n.*** (۱) پارەی ووردە دروستکەر (پارەی ساختە). (۲) داهێنەر.

coinheritor (kō′in-her′ə-tēr), ***n.*** = coheir.

coinsurance (kō′in-shoor′əns), ***n.*** بیمەی دوولایەنە یا هاوبەش (کە کۆمپانیایەک و خاوەن زەوی‌وزار یا شتی تر پێکەوە لێبڕسراوی بیمەی ئەو زەوی‌وزارە یا شتە بن).

coir (koir), ***n.*** توێکو پووشی گوێزی هیندی کە دەکرێ بە گوش.

coition (kō-ish′ən), ***n.*** جووت بوون؛ گان.

coitus (kō′i-təs), ***n.*** جووت بوون؛ گان.

coke (kōk), ***n.*** کۆک؛ خەڵووزی کۆک

coke (kōk), ***n.*** (۱) کۆکاین. (۲) کۆکا؛ کۆکاکۆلا.

v.t. [Slang], (~ **up**), کۆکاین پێدان؛ کارتێکردن بە کۆکاین پێدان.

col (kol), ***n.*** دەربەند.

cola (kō′lə), ***n.*** کۆلا (خواردنەوەیەکە لە تۆوی داری " کۆلا " دروست

دەکرێت)؛ کۆکاکۆلا

cola (kō′lə), *n. plural of* colon.

colander (kul′ən-dĕr, kol′ən-dĕr), *n.* دەفرێکە بنەکەی کون کونە سەوزەی تێدا دەشۆرێتەوەو شتی تیا دەچۆرێنرێتەوە؛ پاڵێوگ

colchicum (kol′chi-kəm, kol′ki-kəm), *n.* (١) پووەکێکی گوڵدارە وەک زەنبەق وایە. (٢) تۆو و قەدی ژێر زەوی نەم پووەکە کە چارەسەری نەخۆشی ڕۆماتیزمی پێ دەکرێت

cold (kōld), *adj.* (١) سارد؛ سەرما؛ ساردوسڕ؛ بێ تین (٢) مردوو؛ سڕ

(٣) هەست مردوو؛ خوێن سارد؛ دوورەپەرێز: *(a ~ person)*

(٤) سارد؛ نابەدڵ؛ ووشک *(a ~ reception)*

(٥) ناخۆش؛ دڵشکێن: *(They had a ~ realization of their plight.)*

(٦) بێ لایەن؛ بێ مەبەستو هەستی خۆیی: *(~ logic)*.

(٧) ڕەنگی سارد (وەک هەندێ ڕەنگی شین، سەوز، یا بۆر).

(٨) بێ مەیل؛ خوێن سارد؛ بێ هەستو هەوەسی جووت بوون.

(٩) [Slang]، بێ هۆش *(The boxer was knocked ~ .)*

(١٠) بۆن کز (ڕاوکەر)ن

n. (١) ساردی؛ ساردوسەرمایی؛ بێ تینی (٢) سەرمابوون؛ سەرما (٣) هەڵامەت

catch (or take) cold, هەڵامەت گرتن؛ هەڵامەت تووش بوون.

cold comfort, ناسوودەیی نادات بە دڵ؛ ناسوودە نەبەخش.

have cold feet, [Colloq.], ووڕە بەردان؛ ترسان؛ نەوێران

give (a person) the cold shoulder, بە ساردی یا ووشکی لەگەڵدا جووڵانەوە؛ گوێ بێ نەدان.

in the cold, گوێ پێ نەدراو؛ خراوە لاوە؛ بێ ئاگا.

throw cold water on, سارد‌کردنەوە؛ بە ساردی گرتن.

coldblooded (kōld′blud′id), *adj.* (١) پلەی گەرمی لەشی بەپێی دەوروبەرەکەی دەگۆڕێت (خشۆک، ماسی... هتد): *(Fishes and reptiles are ~ animals.)*

(٢) سەرمابردەلە

(٣) دڵڕەق؛ بێ بەزەیی؛ بێ ڕەحم

cold chisel, نەسکەنەی سارد: کە لە پۆڵای ناوەڕاو دروست دەکرێتو کانزای ساردی بێ دەبڕێت

cold frame, چوارچێوەی سەرد چوارچێوەیەکی شووشەی بن گەرمەیە شەتڵی بچووکی تێدا دەپارێزرێت

cold front, بەرەی سارد هەوای سارد کە بەرەو ناوچەی گەرم هەڵدەکات.

cold-hearted (kōld′här′tid), *adj.* بێ بەزەیی؛ بێ هەست؛ دڵڕەق؛ بێ ڕەحم

cold pack, (١) بەتانی و حاولی تەری سارد کە لە نەخۆشەوە دەپێچرێت بۆ چارەسەرکردنی. (٢) شێوەیەکی خواردەمەنی کردنە قوتووەوەیە (لەپێشەوە خواردەمەنیەکە بە خاوی یا ساردی دەکرێتە ناو قوتووەکەوەو دوای نەوە گەرم دەکرێتەوە)

cold-shoulder (kōld′shōl′dĕr), *v.t.* [Colloq.]. بە ساردی یا ووشکی لەگەڵدا جووڵانەوە؛ گوێ پێ نەدان.

cold shoulder, [Colloq.], گوێ پێ نەدانی دەسەنقەست؛ بە ساردی یا ووشکی لەگەڵدا جووڵانەوە: *(She gave her former friend the ~ .)*

cold snap, ماوەیەکی کورتو لەپڕی ناوەهەوای سارد

cold sore, زیپکەیەک کە لە دەمو لێو دێت (بەتایبەتی لەکاتی هەڵامەت یا لەرزوتادا)

cold steel, چەکی پۆڵایین (وەک: چەقۆ، ڕم، شیر... هتد)

cold storage, هەڵگرتنی خواردەمەنی و شتی تر لە شوێنی ساردا.

cold turkey, [Colloq.], خۆکشانەوەی بەکسەرو تەواو لە شتێک کە خووی پێوەگیرابێت (وەک خواردنەوەی سەرخۆشکەر، دەرمان، جگەرە... هتد).

cold sweat, ئارەق کردنەوەیەکە لەرزو سڕبوونی لەگەڵدایە (لەکاتی ترس یا دڵ داخوڕپاندا).

cold war, شەڕەقسەی نێوان دوو وڵات یا بەرە؛ شەڕەدەمو ناکۆکی ڕامیاری، پڕوپاگەندە، ڕاگەیاندنو ئابووری نێوان دوو وڵات کە لەوانەیە ببێتە هۆی پوودانی شەڕی تەواو.

cold wave, شەپۆلی سارد: ماوەیەک کە ناوەهوا ساردتر بێت لە ئاسایی.

cole (kōl), *n.* یەکێکە لە چەند جۆرە پووەکێک وەک کەلەرم.

colectomy (kə-lek′tə-mi), *n.* دەرهێنانی ڕیخۆڵە کوێرە یا بەشێکی بە نەشتەرگەری.

coleslaw (kōl′slô′), *n. Also* cole slaw, زەلاتەیەکە لە کەلەرمی جنراو دروست دەکرێت.

coleus (kō′li-əs), *n.* پووەکێکی نەفەریقاییە گەلاکانی ڕەنگاوڕەنگە.

colic (kol′ik), *n.* (١) ژانەسکی منداڵی شیرەخۆرە. (٢) گریانو نووزانەوەی منداڵ بەهۆی نەم ژانەسکەوە.

adj. تایبەتی بە ژانەسک.

colicky (kol′ik-i), *adj.* (١) سک ئێشەیی؛ وەک سک ئێشە. (٢) سک ئێشەی لەگەڵدایە (منداڵی ساوا). (٣) دەبێت بەهۆی سک ئێشە.

colicroot (kol′ik-rōōt′, kol′ik-root′), *n.* جۆرە پووەکێکە خۆی یا ڕەگەکەی دەرمانی سک ئێشەی لێ دروست دەکرێت.

coliseum (kol′ə-sē′əm), *n.* (١) [C-]، یاریگای گەورەی بەناوبانگی پۆمای کۆن. (٢) یاریگایەکی گەورە؛ خانوویەکی گەورە کە وەرزشی تێدا دەکرێت.

colitis (kō-lī′tis), *n.* هەوکردن یا داگیرسانی پەردەی ڕیخۆڵە کوێرە.

collaborate (kə-lab′ə-rāt′), *v.i.* (١) هاوکاری کردن (بەتایبەتی لە کردنی کارێک یا بەرهەمێکی هونەری یا وێژەیی یا زانستی

(٢) هاوکاری کردن لەگەڵ دوژمندا.

collaboration (kə-lab′ə-rā′shən), *n.* (١) هاوکاری کردن (لە نووسینی پەرتووکێک یا بەرهەمێکی هونەریدا)

(٢) هاوکاری کردن لەگەڵ دوژمندا.

collaborationist (kə-lab′ə-rā′shən-ist), *n.* هاوکاریکەری دوژمن: کەسێکە کە هاوکاری لەگەڵ داگیرکەری وڵاتەکەیدا بکات.

collaborator (kə-lab′ə-rā′tĕr), *n.* هاوکاریکەری کەسێک یا چەند کەسێکی تر لە نووسینی پەرتووکێک، کارێکی هونەری یا زانستیدا

collage (kə-läzh′), *n.* کۆلاژ: هونەرێکە بریتییە لە پێوەنووساندنی شتی هەمەجۆرە بە جیوە وەک: پارچەی پۆژنامە، وێنە، قوماشو گوڵو شتی تری وەها بە تابلۆیەکەوە بە شێوەیەکی گونجاو یا نەگونجاو.

collagen (kol′ə-jen′), *n.* کۆلاجین: ماددەیەکی جەلاتینی جیوەییە لە ئێسقانو کرکراگەو تێشووی لەشدا هەیە.

collapse (kə-laps′), *v.i.* (١) پووخان؛ ڕمان؛ هەرەس هێنان؛ تەپین؛ تێلیسانەوە؛ کەوتن. (٢) شکان؛ تێکشکان: *(The enemy's defenses ~d.)*

(٣) بەلاداهاتن؛ بەلاداکەوتن (مرۆڤ لەبەر خراپیی باری تەندروستی).

(٤) نووشتانەوە (کورسی، مێز).

v.t. خستن؛ ڕووخاندن؛ نوشتانەوە

n. (١) ڕووخان؛ تێلیسانەوە؛ هەرەس هێنان؛ تەپین؛ کەوتن. (٢) ژێرکەوتن؛ سەرنەکەوتن (بازرگانی، دەزگای پیشەسازی یا کرێو فرۆشتن) (٣) سەرنەگرتن؛ ڕووخان (گفتوگۆ) (٤) بەلاداهاتن؛ بەلاداکەوتن (مرۆڤ لەبەر خراپیی باری تەندروستی)

collapsible (kə-lap′sə-b'l), *adj.* دەنووشتێترێتەوە (کورسی، مێز)

collar (kol′ĕr), *n.* (١) ملیوان؛ یەخە (کراس، چاکەت). (٢) شتێک کە وەک ملوانکە بۆ جوانی بکرێتە مل. (٣) قایشی ملی سەگ؛ ڕست (بۆ ملی سەگو تانجی). (٤) قایشی بەرملی ئەسپو ماین (کە بەشێکە لە زین). (٥) ئەڵقەی پێوەبەستنی دوو بۆری. (٦) خاڵی مل (هەندێ باڵندەو گیاندار).

(٧) کەفی سەر پەرداخی بیرە

(١) قایش لە مل کردن؛ ملیوان لێنان (٢) دەست بەسەردا گرتن؛ داگیرکردن. *v.t.* (٣) [Colloq.] مل گرتن؛ وەستاندن و قسە لەگەڵ کردن.

(She ~ed him in the hall.)

collarbone (kol′ĕr-bōn′), *n.* نێسقانی چەلەمە؛ چەلەمە.

collard (kol′ĕrd), *n.* جۆرێکە لە کەلەرم

collaret, collarette (kol′ĕr-et′), *n.* ملیوانێکی چڕوکە لە فەروو یا ئاوریشم ... هتد.

collate (ko-lāt′, kol′āt), *v.t.* (١) بەراوردکردنی پەرتووک بەووردی لەگەڵ یەکتردا (٢) لێ وردبوونەوەو پیاچوونەوەی پەرەکانی پەرتووکێک بۆ دڵنیابوون لە ڕێک‌وپێکی پێش لە بەرگ گرتنی (٣) ڕیزکردن‌و جیاکردنەوەو ڕێک‌وبێک کردن (مەکینەی زیرۆکس) (٤) دانانی قەشە بە مووچە.

(٥) لێ وردبوونەوەی پەرتووکێک پەرە بە پەرە بۆ دڵنیابوون کە هیچ پەرەیەکی ناتەواو نییە

collateral (kə-lat′ĕr-əl), *adj.* (١) هاوڕێ؛ تەریب؛ بەتەنیشت یەک (٢) لەگەڵبە یە؛ تەواوکەر. (٣) ناسەرەکی.

(٤) چوونیەت لە سروشت‌و بایەخدا.

(٥) لە هەمان بنچینەیە؛ بۆڕە خزم.

(٦) دەستەبەری قەرز لەسەروو دەستەبەری ناسایی‌یەوە؛ بارمتە.

(a ~ loan)

n. (١) بۆڕە خزم (٢) سەرمایەیەک کە دەستەبەری قەرزێکی پێ دەکرێ (وەک خانوو) ؛ بارمتە

collation (ko-lā′shən, kə-lā′shən), *n.* (١) بەراوردکردنی پەرتووک لەگەڵ یەکتردا؛ (٢) ڕیزکردن‌و ڕێک‌وپێک کردنی پەرەکانی پەرتووکێک. (٣) کورتە ناسینکی ناوەڕۆکی پەرتووکێک ،وەک ژمارەی پەرەکانی، ژمارەی وێنەکان... هتد (٤) دانانی قەشەیەک بە مووچە. (٥) کۆبوونەوەی ڕۆژانەی ووشکەسۆفی‌یانی پەرستگایەک (بۆ گوێگرتن لە خوێندنەوەی ئایینی).

(٦) ژەمێت خواردنی سووک لە کۆتایی ڕۆژانی بەڕۆژووبووندا.

(٧) ژەمێت خواردنی سووک

colleague (kol′ēg), *n.* هاوکار؛ هاوپیشە؛ ئاوەڵ؛ هەڤاڵ.

collect (kə-lekt′), *v.t.* (١) کۆکردنەوە؛ گردکردنەوە؛ خڕکردنەوە؛ چنینەوە؛ کۆمەڵ کردن (٢) کۆکردنەوە (پووڵ، پەرتووک، وێنە) بۆ کەیف‌و هۆگری (٣) کۆکردنەوە؛ گرتن یا وەرگرتن (باج، کرێ).

(٤) هاتنەوەسەرخۆ؛ هێمن بوونەوە؛ خۆ گورچ کردنەوە

v.i. (١) کۆبوونەوە؛ گردبوونەوە؛ خڕبوونەوە (٢) کۆمەڵ بوون (٣) وەرگرتن؛ گردکردنەوە (کرێ).

adj. & adv. پارەکەی لەسەر نەو کەسەیە کە تەلەفۆنەکەی بۆ دەکرێت

(He telephoned ~ . ; a ~ call)

collect (kol′ekt), *n.* نوێژێکی کورت

collectanea (kol′ek-tā′ni-ə), *n.pl.* هەڵبژاردە ووتار، هەڵبەست؛ کۆمەڵە هەڵبەست یا ووتارێکی نووسەرێک یا زیاتر کە پێکەوە لە پەرتووکێکدا بڵاوکراونەتەوە

collected (kə-lek′tid), *adj.* (١) کۆکراوە؛ خڕکراوە؛ کۆمەڵ کراو (٢) هێمن؛ لەسەرخۆ

collection (kə-lek′shən), *n.* (١) کۆکردنەوە؛ خڕکردنەوە؛ گردکردنەوە (٢) کۆمەڵ (مرۆڤ، شت)؛ هەند؛ تاقە *(a ~ of stamps)* (٣) کۆمەڵ؛ تۆپەڵ *(a ~ of dust)*

(٤) بارین؛ پێدان؛ دەقنە

collective (kə-lek′tiv), *adj.* (١) گشتی؛ هەمووی

(a ~ decision ; a ~ leadership) (٢) کۆملەی؛ پێکەوە

(٣) هەرەوەزی کۆمەڵە، کار)

(٤) ناوی کۆ (ڕێزمان)؛ ناوێکی تاکە کە کۆ دەگەیەنێت (وەک class, army, orchestra, crowd)

n. (١) کارێکی هەرەوەزی؛ کۆمەڵەی هەرەوەزی

(٢) ئەندامانی کۆمەڵەیەکی هەرەوەزی وەها. (٣) ناوی کۆ (ڕێزمان).

collective bargaining, گفتوگۆی بە کۆمەڵ؛ لەنێوان خاوەن کارو نوێنەری کرێکاران یا یەکێتی کرێکاراندا دەربارەی مووچەو ماوەی کارو باری گشتی کار.

collective farm, کێڵگەی هەرەوەزی.

collectively (kə-lek′tiv-li), *adv.* بەگشتی؛ بە کۆمەڵ؛ هەموو؛ پێکەوە.

collective security, ئاسایشی گشتی؛ پەیمانی نێوان وواڵتان بۆ پاراستنی ئاسایشی جیهان لەڕێی سزادانی ئەو وواڵتەی هێرش دەباتە سەر وواڵتێکی تر.

collectivism (kə-lek′tiv-iz′m), *n.* سۆشیالیزم؛ خاوەنێتی‌و بەڕێوەبردنی هۆی بەرهەم لەلایەن گشت گەلەوە یان میری کە نوێنەرێتی.

-collectivist *(n.)*; collectivistic *(adj.)*.

collectivity (kol′ek-tiv′ə-ti), *n.* (١) کۆمەڵ؛ گشت (٢) گەل؛ میللەت؛ هەموو گەل (٣) سۆشیالیزم

collectivize (kə-lek′tiv-iz′), *v.t.* (١) دانانی سۆشیالیزم لە شوێنێکدا؛ کردن بە سۆشیالیست (٢) گۆڕینی خاوەنێتی‌و بەڕێوەبردنی هۆی بەرهەم لە هی کەسی سەربەستەوە بۆ هی هەموو گەل.

collector (kə-lek′tĕr), *n.* (١) باجگر؛ باج یا قەرز سەن (٢) کۆکەرەوە.

college (kol′ij), *n.* (١) دانشگا؛ کۆلیج؛ زانستگا (٢) خانووەکانی دانشگا.

(٣) کۆ؛ کۆمەڵەیەک کە ئەندامانی دەسەڵاتو مافو ئەرکێکی تایبەتی‌یان هەیێت‌و کارێکی تایبەتی‌یان پێ سپێردرابێت: *(the electoral ~)* .

(٤) قوتابخانەی پیشەیی: *(business ~)* .

College of Cardinals, کۆلیجی کاردینالان: کۆڕی سەرەک قەشەکانی کڵێسەی کاسۆلیکی ڕۆما کە پاپا هەڵدەبژێرن‌و نەنجوومەنی ڕاوێژکاریی پاپان

collegial (kə-lē′ji-əl), *adj.* دانشگایی؛ کۆلیجی.

collegian (kə-lē′jən, kə-lē′ji-ən), *n.* قوتابی دانشگا؛ دەرچوویەکی تازەی دانشگا

collegiate (kə-lē′jit, kə-lē′ji-it), *adj.* (١) دانشگایی؛ کۆلیجی. (٢) وەک قوتابیانی دانشگا؛ تایبەتی بە قوتابیانی دانشگا (جۆری ژیان‌و هەڵسان‌و دانیشتن): *(a ~ activity)* .

collenchyma (kə-leŋ′kə-mə), *n.* تێشووی ڕووەک کە بریتی‌یە لە شانەی درێژکۆڵەی لاکێشەیی کە دیواری سووچەکانی نەستوورە

collet (kol′it), *n.* (١) ئەڵقەیەکی کانزایی (٢) ئەو بەشەی ئەڵقەیەک کە بەردی نەڵماسی تێدا دادەبڕێنێت.

collide (kə-lid′), *v.i.* (١) بەیەکدادان (دوو ئۆتومبیل، فڕۆکە، شەمەندەفەر... هتد). (٢) بەیەکداهاتن (مرۆڤ، بیروڕا)

collie (kol′i), *n.* سەگێکی مام ناوەندی تووک درێژی سەر باریک‌و درێژە.

collier (kol′yĕr), *n.* (١) کرێکاری کانە خەڵووز. (٢) پاپۆڕی گواستنەوەی خەڵووز (٣) کەشتیوانی سەر پاپۆڕێکی وەها

colliery (kol′yĕr-i), *n.* کانە خەڵووزێک بە خۆی‌و خانووەکانی‌و کەرەسەکانی‌یەوە.

colligate (kol′ə-gāt′), *v.t.* (١) لێکدان؛ پێکەوەبەستن؛ پێکەوە کۆکردنەوە. (٢) پەیوەندی لەنێواندا پەیداکردن‌و لێکدانی ڕاستی‌و بیروڕای جیاواز بۆ گەیشتن بە سوودی گشتی.

-colligation *(n.)*.

collimate (kol′ə-māt′), *v.t.* (١) ڕێک کردن؛ هاوڕێک کردن. (٢) خستنەسەر نیشان (تێلسکۆپ)؛ جووت کردنی چاو لەگەڵ نیشاندا (تێلسکۆپ).

-collimation *(n.)*.

collimator (kol′ə-mā′tĕr), *n.* جووتکەری چاو لەگەڵ نیشاندا (تێلسکۆپ).

collinear (kə-lin′i-ĕr), *adj.* (١) لەسەر هەمان هێڵن (٢) هەمان تەوەرەیان هەیە؛ لەسەر هەمان تەوەرەن.

collins (kol′inz), *n.* کۆلینز: خواردنەوەیەکی سەرخۆشکەری سارده له ڤۆدکا، جن، ڕەم و ئاوی لیمۆو ئاوی گازاوی و شەکر پێکدێت.

collinsia (kə-lin′si-ə, kə-lin′zi-ə), *n.* جۆرە ڕووەکێکی گوڵ ڕەنگاوڕەنگە

collision (kə-lizh′ən), *n.* (١) بەیەکدادان (دوو ئوتومبیل، پاسکیل، فڕۆکە، شەمەندەفەر... هتد). (٢) بەیەکداهاتن (مرۆڤ، بیروڕا، قازانج)؛ ناکۆکی.

collocate (kol′ō-kāt′), *v.t.* ڕێک‌وپێک کردن؛ ڕێکخستن؛ ڕێزکردن

collocation (kol′ō-kā′shən), *n.* (١) ڕێک‌وپێک کردن؛ ڕێکخستن؛ ڕێزکردن (٢) ڕێکخستن یا ڕێزکردنی ووشە بەرامبەر یەکتر.

collodion (kə-lō′di-ən), *n.* کۆلۆدیۆن: شلەیەکی زوو گرگری بێ ڕەنگی لینجە زوو ووشک دەبێتەوە لە پزیشکەوانی و وێنەگرتندا بەکاردەهێنرێ.

collogue (kə-lōg′), *v.i.* [British Dial.], پیلان گێڕان؛ بە نهێنی لەگەڵ دووان

colloid (kol′oid), *n.* (١) ماددەیەکی لینجە. (٢) ماددەیەکە لووی " سایرۆید " دەریدەدات. (٣) ماددەیەکی ڕوونە لە تێشووی لەشدا دەردەکەوێت لەکاتی نائاسایدا.

collop (kol′əp), *n.* (١) پل؛ پلە گۆشت (٢) چرچە گۆشتی لەش.

colloq., = colloquial.

colloquial (kə-lō′kwi-əl), *adj.* زمانی ووتوێژ؛ تایبەتی بە زمانی گفتوگۆ یا قسەکردن؛ زمانی دەمەتەقێ؛ زمانی دووانەن.

colloquialism (kə-lō′kwi-əl-iz′m), *n.* (١) زمانی ووتوێژ، گفتوگۆ یا قسەکردن. (٢) زاراوە یا ووتەیەکی گفتوگۆیی، ووتوێژی، یا دەمەتەقێیی

colloquist (kol′ə-kwist), *n.* بەشداری کۆڕ یا کۆنفرانسێك.

colloquium (kol′ə-kwi′əm), *n.* کۆڕ؛ کۆنفرانس؛ کۆبوونەوەیەکی نەکادیمی بۆ ئێکۆڵینەوە لە باسێکی تایبەتی.

colloquy (kol′ə-kwi), *n.* (١) کۆڕ؛ کۆنفرانس. (٢) ئووسراوێکی وێژەیی بە زمانی دەمەتەقێ یا ووتوێژ

collude (kə-lōōd′, kə-lūd′), *v.i.* پیلانی بەدکاری دانان؛ پیلان گێڕان

collusion (kə-lōō′zhən, kə-lū′zhən), *n.* پیلان؛ دەست تێکەڵ کردن بۆ مەبەستێکی خراپ؛ ڕێکەوتن بۆ بەدکاری.

collusive (kə-lōō′siv, kə-lū′siv), *adj.* تایبەتی بە پیلان گێڕان؛ ڕێکەوتن بۆ بەدکاری

collyrium (kə-lir′i-əm), *n.* دەرمانی چاو؛ دەرمانی چاوشتن

collywobbles (kol′i-wob′lz), *n.pl.* [Colloq.], سك نێشە

colocynth (kol′ə-sinth′), *n.* گوڕاك

cologne (kə-lōn′), *n.* کۆلۆنیا؛ ئاوی کۆلۆنیا. بۆنێکی خۆشە مرۆڤ لە خۆی دەدات

colon (kō′lən), *n.* جووت حاڵ (:) خاڵبەندی)؛ دوو خاڵ.

colon (kō′lən), *n.* ڕیخۆڵە گەورە؛ قۆڵۆن.

colon (kō-lōn′), *n.* دراوی وڵاتی " کۆستاریکا " و " سلڤادۆر ".

colonel (kûr′n'l), *n.* کۆلۆنێل پلەیەکی ئەفسەریی بەرزی سوپایە؛ کەرەنێل

-colonelcy *(n.)*; **colonelship** *(n.)*.

colonial (kə-lō′ni-əl), *adj.* (١) کۆلۆنیالی؛ داگیرکەری؛ داگیرکەر (٢) تایبەتی بەو سیانزە ناوچەیەی داگیرکراوی ئینگلتەرە بوو کە پاش شۆڕشی ئەمەریکا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکای لێ پێکهێنرا.

n. دانیشتوویەکی ناوچە یا وڵاتێکی داگیرکراو.

colonialism (kə-lō′ni-əl-iz′m), *n.* کۆلۆنیالیزم: داگیرکەری؛ ئیمپریالیزم: ناراکاری.

colonic (kə-lon′ik), *adj.* تایبەتی بە ڕیخۆڵە گەورە؛ قۆڵۆنی.

colonist (kol′ə-nist), *n.* (١) داگیرکەر؛ دانیشتووێکی سەرەتایی کۆڵ نشینێك؛ کەسێک کە وڵاتی خزی بەجێ دەهێڵێت و شوێنێکی تر داگیردەکات و ناوەدانی دەکاتەوە و دەیکات بە شوێنی نیشتەجێی خزی.

(٢) دانیشتووی کۆڵ نشینێك.

colonization (kol′ə-ni-zā′shən, kol′ə-nī-zā′shən), *n.* داگیرکردن و ئاوەدانکردنەوە؛ کردن بە ژێردەستەی خۆ؛ داگیرکردن.

colonize (kol′ə-nīz′), *v.t.* (١) داگیرکردن و ئاوەدانکردنەوە؛ داگیرکردن؛ کردن بە کۆڵ نشین؛ ئاواکردنەوە. (٢) خەڵك نیشتەجێ کردن لە کۆڵ نشینێکدا. *v.i.* (١) کردن بە کۆڵ نشین؛ داگیرکردن و ئاوەدانکردنەوە. (٢) نیشتەجێ بوون لە کۆڵ نشینێکدا.

colonnade (kol′ə-nād′), *n.* ڕیزە پایەی خانوویەك. **-colonnaded** *(adj.)*.

colony (kol′ə-ni), *n.* (١) کۆڵ نشین؛ ژێردەستە؛ شوێنێك کە بێگانە هاتبێ داگیریان کردبێت و ئاوەدانیان کردبێتەوە. (٢) نیشتەجێکانی کۆڵ-نشینێکی وەها. (٣) وڵاتی داگیرکراو؛ ناوچەیەك یا وڵاتێکی بێ هێزی داگیرکراو لەلایەن وڵاتێکی بەهێزەوە. (٤) [C-]، نەو سیانزە ناوچەیەی ئەمەریکای باکوور کە لەژێر دەستی ئینگلتەرەدا بوون و پاش شۆڕشی ئەمەریکا ڕزگاریان بوو وە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکایان پێکهێنا. (٥) کۆمەڵێك خەڵکی هاوڕەگەز یا هاوپیشە کە لە گەڕەکێکی شاردا نزیك لەیەکەوە بژین: *(the Italian ~ in chicago ; an artist's ~)* (٦) گەڕەکێکی وەها. (٧) کۆمەڵێك ڕووەك یا گیانداری هاوجۆر کە پێکەوە لەیەك شوێندا بژین.

colophon (kol′ə-fon′, kol′ə-fən), *n.* (١) چەند ووشەیەك لە کۆتایی پەرتووکێکدا ناوی نووسەرو کات و شوێنی بڵاوکردنەوەی پەرتووکەکەی تێدا دەبرێت (٢) دڕووشمی بڵاوکەرەوەی پەرتووکێك کە لە پەڕەی یەکەمیز یا دواهەمینی پەرتووکەکە دەدرێت.

color (kul′ēr), *n.* (١) ڕەنگ. (٢) ڕەنگ (جگە لە ڕەش و سپی و بۆر): *(She likes ~s better than black or white.)* (٣) ڕەنگی دەموچاو (بەتایبەتی هی سوورو سپی) (٤) ڕەنگی پێست (مرۆڤ). (٥) ڕەنگی پێستی قولەڕەشێك یا کەسێکی تری وەها. (٦) *(pl.)*، نیشانە یا جلی ڕەنگاوڕەنگ کە پێناسەی کەسێکە. (٧) *(pl.)*، ئاڵا یا دڕووشمی وڵاتێك یا ڕێکخراوێك. (٨) *(pl.)*، نەو لایەی کە کەسێك لەسەرێتی؛ هەڵوێست و بیروڕای کەسێك *(Stick to your ~s.)* (٩) ڕووالەت. (١٠) بەڵگە؛ جێی بڕوابوون: *(The circumstances gave ~ to his claim.)* (١١) جۆر؛ چەشن. (١٢) ڕوون وەك وێنە: *(There is ~ in his writing.)* (١٣) شێوەی ڕەنگ یا بۆیە بەکارهێنان.

v.t. (١) ڕەنگ کردن؛ بۆیەکردن؛ لە خوم دان. (٢) ڕەنگ گۆڕین. (٣) والێکردن کە جێی بڕواپێکردن بێت. (٤) گۆڕین؛ کارتێکردن: *(His experience ~ed his views.)*

v.i. (١) ڕەنگ گرتن. (٢) ڕەنگ گۆڕین. (٣) ڕەنگ سوور هەڵگەڕان؛ تەریق بوونەوە.

call to the colors, (١) گرتن بە سەربان. (٢) بانگ کردنی سەربازان بە کەڕەنا بۆ هەڵکردن و داگرتنی ئاڵا.

change color, (١) ڕەنگ زەرد هەڵگەڕان؛ ڕەنگ گۆڕین. (٢) تەریق بوونەوە و سوورهبوونەوە.

lose color, ڕەنگ زەرد هەڵگەڕان؛ ڕەنگ گۆڕین؛ ڕەنگ سپی هەڵگەڕان.

serve with the colors, لە سوپادا بوون.

show one's colors, (١) ڕاستی خۆ پیشاندان؛ ڕووی خۆ هەڵماڵین؛ خۆ ئاشکراکردن. (٢) بیروڕای خۆ دەربڕین؛ هەڵوێستی خۆ ئاشکراکردن.

under color of, بە بیانووی نەوەوە.

with flying colors, زۆر بە سەرکەوتوویی؛ زۆر بە باشی.

colorable (kul′ĕr-ə-b'l), *adj.* (۱) ڕەنگ دەکرێت؛ ڕەنگ دەگرێت. (۲) دڕۆزنە؛ ڕووکەش؛ هەڵخەڵەتێنەر.

coloration (kul ĕr-ā′shən), *n.* (۱) ڕەنگ *(Some animals have protective ~ .)* (۲) ڕێکخستنی ڕەنگ.

color-bearer (kul′ĕr-bâr ĕr), *n.* هەڵگری ئاڵا.

color-blind (kul′ĕr-blīnd′), *adj.* ڕەنگ کوێر؛ ناتوانێت ڕەنگەکان ببینێ یا نەبەکتری‌یان جیابکاتەوە

color blindness, ڕەنگ کوێری؛ ڕەنگ نەبینین یا جیانەکردنەوە لەیەکتر

colored (kul′ĕrd), *adj.* (۱) ڕەنگدار؛ ڕەنگیز (۲) هی ڕەنگێکی تایبەتی (۳) هی ڕەگەزێک کە سپی نەبێ بەتایبەتی قوڵەڕەش؛ ڕەش (ڕەگەز؛ مرۆڤ). (٤) گۆڕاو؛ تێکدراو؛ شێواو؛ کارتێکراو *(His remarks were ~ by his prejudice.)*

color filter, ڕەنگ بالێوەر (ڕەنگەکاری).

colorful (kul′ĕr-fəl), *adj.* (۱) ڕەنگاوڕەنگ؛ ڕەنگین؛ جوان‌و دڵگیر (۲) نەشێکە

color guard, هەڵگرو پاسەوانی ئاڵا

colorific (kul ĕr-if′ik), *adj.* (۱) ڕەنگدەرەوە؛ ڕەنگدار. (۲) وەک ڕەنگ؛ ڕەنگ

colorimeter (kul ĕr-im′ə-tĕr), *n.* ئامێرێ دیاریکردن یا دەست‌نیشان کردنی ڕەنگ‌و پێوانی تۆخی ڕەنگ

-colorimetric *(adj.)*; **colorimetrically** *(adv.)*.

colorimetry (kul ĕr-im′ə-tri), *n.* دیاریکردنی ڕەنگ‌و پێوانی تۆخی ڕەنگ.

coloring (kul′ĕr-iŋ), *n.* (۱) ڕەنگ لێدان؛ ڕەنگ کردن (۲) ڕەنگ؛ تۆیە؛ خوم. (۳) پووالەت؛ ڕووکەش. (٤) ڕەنگ. (٥) شێواز یا ڕەنگێکی تایبەخۆ

colorist (kul′ĕr-ist), *n.* (۱) ڕەنگ بەکارهێنەر. (۲) وێنەکێشێکی لێهاتوو لە بەکارهێنانی ڕەنگدا

colorless (kul′ĕr-lis), *adj.* (۱) بێ ڕەنگ. (۲) ڕەنگ مردوو؛ ڕەنگ هەڵگەڕاو. (۳) ووشک‌و بێ تام (مرۆڤ، کردار، ڕووداو). (٤) بێ لایەن.

color line, *Also* **color bar,** دیواری کۆمەڵایەتی و ئابووری‌و ڕامیاری کە ڕەگەزی سپی‌و ڕەگەزەکانی تر بەتایبەتی ڕەش لەیەکتری جیادەکاتەوە.

composed (kəm-pōzd′), *adj.* هێمن؛ لەسەرخۆ؛ سەلار.

-composedly ***(adv.).***

composer (kəm-pōz′ēr), *n.* ئاوازدانەر.

composing room, ژووری ئامادەکردنی تیپ (چاپەمەنی).

composite (kəm-poz′it), *adj.* (۱) ئاوێتە؛ تێکەڵاو؛ لە چەند بەش یا توخم پێکهاتوو. (۲) تایبەتی بە ڕووەکێك کە گوڵەکەی دەوری دراوە بە گەڵا (وەك گوڵەبەڕۆژە، چاوپشیلە... هتد)

n. (۱) شتێکی ئاوێتە؛ شتێکی چەند توخمی. (۲) ڕووەکێك کە گوڵەگەی گەڵا دەورەی دابێت (وەك گوڵەبەڕۆژە).

composite number, ژمارەی دابەش: ژمارەیەك کە بەسەر ژمارەیەکی تردا دابەش دەکرێت بەبێ ئەوەی هیچی بمێنێتەوە.

composition (kom′pə-zish′ən), *n.* (۱) دانان؛ پێکەوەنان؛ یەکخستن؛ دروستکردن؛ پێکهێنان؛ داڕشتن. (۲) هۆنینەوە؛ هەڵبەستن (وێژە)؛ داڕشتن؛ دانان. (۳) هەڵبەست؛ هۆنراوە. (٤) پەخشان؛ نووسراوێك (بەتایبەتی هی قوتابی لە وانەی زماندا). (٥) هەڵبەستێکی مۆسیقا؛ پارچەیەك مۆسیقا: ***(a musical ~)*** (٦) چۆنێتی پێکهێنانی شتێك و ئەو پارچە یا کەرەسانەی ئێی پێکدەهێنرێت؛ کەرەسەی داڕشتن یا دروستکردن و چۆنێتی ئەو دروستکردنە. (۷) ڕێکەوتن؛ پێکهاتن؛ گونجان؛ بڕینەوەی ناکۆکی (بەتایبەتی هی کەسێکی ناببووت کە قایل دەبێت بەشێك لە قەرزەکانی بداتەوە). (۸) پێکهێنانی ووشە یا ڕستەی ئاوێتە (زمانەوانی). (۹) ئامادەکردنی تیپ (چاپەمەنی).

compositor (kəm-poz′i-tēr), *n.* ئامادەکەری تیپ (چاپەمەنی).

compost (kom′pōst), *n.* (۱) شتێکی تێکەڵاو یا ئاوێتە. (۲) سەرەنوێلکێکی بچووکە لە کونجێکی باخچەیەکدا پەیدا پاشماوەی سەوزەو شتی تری ئۆرگانیکی ڕزیوی تێدا کۆدەکرێتەوە و دەکرێتە ناو باخچەکەوە وەك پەین.

composure (kəm-pō′zhēr), *n.* هێمنی؛ لەسەرخۆیی؛ تێك نەچوون؛ خۆ تێك نەدان: ***(Try to maintain your ~.)*** .

compotation (kom′pō-tā′shən), *n.* خواردنەوەی شتی مەستکەر پێکەوە لەگەڵ هاوڕێدا.

-compotator ***(n.).***

compote (kom′pōt), *n.* (۱) میوەی کوڵێنراو لەگەڵ شیلەدا. (۲) دەفرێکی دەسکدار یا سێپادار کە لەسەر سێپاکەی دادەنرێت و میوەو نۆقڵو شتی وەها تێ دەکرێت؛ دەفرێکە قنچکێکی درێژی هەیە لەسەر قنچکەکەی دادەنرێت و میوەو نۆقڵو شتی وەهای تێ دەکرێت.

compound (kom-pound′, kəm-pound′), *v.t.* (۱) پێکەوەنان؛ تێکەڵاوکردن؛ یەکخستن. (۲) ڕێکەوتن؛ بڕینەوە (ناکۆکی). (۳) ڕێکەوتن لەسەر دانەوەی قەرزێك بە دانەوەی تەنها هەندێك لە قەرزەکە. (٤) کەڵەکەکردن؛ کۆمەڵ کردن؛ حساب کردنی قازانجی پارەیەك کە لە بانقدا دادەنرێت بە کۆکردنەوەی قازانجی پارەکە خۆی و قازانجی ئەو قازانجەش کە پارەکە دەیکات: ***(The interest is ~ed daily.)*** . (٥) دەرمان گرتنەوە بەگوێرەی ڕەچەتە؛ ئامادەکردنی دەرمان بە تێکەڵاوکردنی چەند دەرمانێك.

(٦) زیادکردن؛ خستنە سەر:

(He ~ed his financial difficulties by buying a new car.)

v.i. (۱) قایل بوون؛ ڕێکەوتن. (۲) ڕێکەوتن لەگەڵ خاوەن قەرزێکدا.

adj. ناوبنە؛ تێکەڵاو؛ لێکدراو؛ پێکهاتوو؛ داڕێژراو.

n. (۱) دارشتە؛ داڕێژراو؛ ناوبڕە. (۲) شتێك كە لە دوو تۆخم یا زیاتر پێکهاتبێت و تایبەتخۆکانی نەو تۆخمانە وون بن لە شتە پێکهاتووەکەدا. (۳) ووشەی لێکدراو (ڕێزمان). (**blackboard**) .

compound a felony (or crime), قایل بوون بە بەرتیل یا شتی وەها بۆ چاو نووقاندن لە تاوانێك و ناگادار نەکردنی پۆلیس یا نەدانی تاوانبارەکە بە دادگا.

compound (kom′pound), ***n.*** خانوویەك یا چەند خانوویەکی پەرژین کراو یا جیاکراوە: (ا) لە وڵاتانی پۆژهەڵاتدا نەو ناوچەیەی نەوروپاییەکان (ب) لە وڵاتانی نەفەریقادا کوختەکانی خەڵکی وڵاتەکە خۆی (ج) شوێنی ڕاگرتنی دەستبەسەرانی جەنگ.

compound flower, گوڵێکی گەلاّ دەورەدراو (وەك گوڵەبەڕۆژە).

compound fraction, کەرتی تێکەڵ.

compound fracture, جۆرە نیسقان شکانێکە کە نیسقانەکە لە پێستەکەوە هاتبێتە دەرەوە.

compound interest, نەو قازانجەی دەدرێت بە پارەیەك کە لە بانقدا دانراوە بە پارەکە خۆی و قازانجی قازانجەکەیشی

compound leaf, گەلای دوو فلیقانە.

compound number, ژمارەی تێکەڵ هەندێکە کە بە دوو ژمارە دەربڕێت وەك (**4 ft., 7 in.; 11b., 3 oz.**) .

compound sentence, ڕستەی لێکدراو

comprador, compradore (kom′prə-dôr′), ***n.*** کۆمپرادۆر نوێنەر یا بڕواپێکراوێکی خۆڵاتی دەزگایەکی بازرگانی یا کاروباری بیگانەیە کە سەرەوکاری کرێکارو مووچەخۆرە خۆڵاتییەکانی پێ سپێردراوە.

comprehend (kom′pri-hend′), ***n.*** (۱) چوونە مێشکەوە؛ تێگەیشتن؛ سەر لێ دەرچوون. (۲) گرتنەوە؛ تیابوون.

comprehensible (kom′pri-hen′sə-b'l), ***adj.*** مرۆڤ تێی دەگات؛ مرۆڤ دەتوانێت تێی بگات یا سەری ایێی دەرچێت؛ دەچێتە مێشکەوە.

comprehension (kom′pri-hen′shən), ***n.*** (۱) تێگەیشتن؛ توانای تێگەیشتن (۲) گرتنەوە؛ تێدابوون.

comprehensive (kom′pri-hen′siv), ***adj.*** (۱) گشتگر؛ تێگرا؛ گشتی (تاقیکردنەوە یا هەڵسەنگاندن):

(a ~ examination; a ~ review of the situation)

(۲) دەتوانێت باش تێ بگات.

compress (kəm-pres′), ***v.t.*** پەستن؛ پەستانەوە؛ گردکردنەوە؛ کورتکردنەوە یا پوخت کردن (نووسراو)؛ گوشین؛ بچووك کردنەوە؛ هێنانەوەیەك.

n. (۱) پارچەیەك پەڕۆی تۆپەڵ یا قەدکراو (کە دەخرێتە سەر نەندامێکی لەش بۆ پەستانەوەی) (۲) پارچەیەك پەڕۆی وەها دەرمانداوی (کە دەخرێتە سەر نەندامێکی هەوکردوو). (۳) مەکینەی پەستنەوەی لۆکەو گووزەکردنی.

compressed (kəm-prest′), ***adj.*** (۱) پەستراوە؛ گوشراو؛ گرد؛ کۆ. (۲) پان کراوە؛ تەخت کراو.

compressed air, هەوای پەستراوە.

compressible (kəm-pres′ə-b'l), ***adj.*** دەپەستێنەوە

compression (kəm-presh′ən), ***n.*** (۱) پەستان. (۲) پلەی پەستان (مەکینەی ئوتومبیل).

-compressive ***(adj.).***

compressor (kəm-pres′ĕr), ***n.*** (۱) پەستێنەر؛ گوشەر. (۲) ماسولکەی پەستێنەر. (۳) مەکینەی پەستانی هەوا یا گاز. (٤) ئامێرێکی نەشتەرگەری کە نەندامێکی لەشی پێ دەپەستێنێتەوە.

comprise (kəm-prīz′), ***v.t.*** (۱) پێکهاتن لە (۲) گرتنەوە؛ تێدابوون؛ بەشێك بوون لە.

compromise (kom′prə-mīz′), ***n.*** (۱) پێکەوتنێك کە بڕیتی بێت لە وازهێنان لە مافی خۆ؛ خۆفرۆشتن؛ سازش لەسەر کردن. (۲) بارێکی ناوەڕاستانە؛ چارەسەرێکی ناوەڕاستانە.

(۳) خستنە مەترسی لەکەداربوون، ناوپیس بوون یا ناچاربوون بە وازهێنان لە بیروباوەڕو هەڵوێستو مافی خۆ:

(a ~ of one's good name and reputation)

v.t. (۱) پێکەوتن (لەڕێی وازهێنانەوە لە مافی خۆ)؛ سازش لەسەر کردن. (۲) وازهێنان لە مافی خۆ؛ قایل بوون بە کەمتر لە مافی خۆ؛ خۆفرۆشتن. (۳) خستنە مەترسی لەکەداربوون، ناوپیس بوون یا ناچاربوون بە وازهێنان لە بیروباوەڕو هەڵوێستو مافی خۆ:

(By accepting the bribe, he ~d himself.)

v.i. پێکەوتن؛ پێکەوتن بە وازهێنان لە مافی خۆ.

compromiser (kom′prə-mīz′ĕr), ***n.*** وازهێنەر لە مافی خۆ (لەڕێی پێکەوتن لەگەڵ بەرامبەرەکەی)؛ خۆفرۆش.

comptometer (komp-tom′ə-tĕr), ***n.*** ژمێرەر؛ پێژمێر.

comptroller (kən-trōl′ĕr), ***n.*** لێپرسراوی خەرجی دەزگایەك؛ چاودێری خەرجی؛ ژمێریار.

compulsion (kəm-pul′shən), ***n.*** (۱) زۆرەملێ؛ زۆر؛ زۆردارەکی. (۲) خوتخوتە؛ ناچاربوونی کەسێك بە کردنی کارێك بەتایبەتی هی نابەجێ یا مندالانە بەهۆی هێزێکی دەروونیەوە کە پاڵی پێوەدەنێت و ناتوانێت بەرهەڵستی بکات؛ نەو هێزە دەروونیەی کە بەرهەڵستی ناکرێت

compulsive (kəm-pul′siv), ***adj.*** زۆرلەخۆکەر؛ تایبەتێیە بە هێزێکی پاڵپێوەنەری دەروونی بەرهەڵست نەکراو.

compulsory (kəm-pul′sĕr-i), ***adj.*** زۆرەملێ؛ زۆردارەکی؛ بەزۆر؛ هەموو کەس دەگرێتەوە: ***(~ education)*** .

compunction (kəm-puŋk′shən), ***n.*** هەست بە گوناهباری کردن؛ هەست بە بێ ویژدانی کردن؛ پەشیمانی؛ سەرزەنشتی دەروون.

-compunctious ***(adj.).***

compurgation (kom′pĕr-gā′shən), ***n.*** بەخشین یا ئازادکردنی گومانبارێك لەسەر سوێندخواردنی چەند شایەتێك (دادگا).

compurgator (kom′pĕr-gā′tĕr), ***n.*** شایەتێك کە سوێند دەخوات لە دادگادا لەسەر بێ تاوانی گومانبارێك و دەبێتەهۆی بەرەڵاکردنی.

computable (kəm-pūt′ə-b'l, kom′pyoo-tə-b'l), ***adj.*** دەژمێررێت؛ دەتوانرێ بژمێررێت.

computation (kom′pyoo-tā′shən), ***n.*** (۱) ژماردن؛ لێکدانەوە. (۲) ئەنجامی ژماردنێك.

compute (kəm-pūt′), ***v.t. & v.i.*** ژماردن؛ لێکدانەوە.

n. ژماردن؛ لێکدانەوە: ***(beyond ~)*** .

computer (kəm-pū′tĕr), ***n.*** کۆمپیوتەر؛ ژمێرەری ئەلەکترۆنی؛ پێژمێری ئەلەکترۆنی.

computerize (kəm-pū′tĕr-īz′), ***v.t.*** بەکارهێنانی کۆمپیوتەر لە جێبەجێکردنی کاروباردا.

comrade (kom′rad, kom′rid), ***n.*** (۱) هاوڕێ؛ برادەر؛ ئاوەڵ (۲) [C-]، [Colloq.]، ئەندامێکی حیزبی شیوعی.

comrade in arms, ئاوەڵێکی سەرباز؛ ئاوەڵێکی چەك لە شان.

comradeship (kom′rad-ship′, kom′rid-ship′), ***n.*** ئاوەڵی؛ هاوڕێیی؛ برادەری.

con (kon), ***adv.*** دژ؛ دژ بە:

(They argued the matter pro and ~ .)

n. کەس، دەنگ یا بیرێکی دژ.

con (kon), ***v.t.*** بەووردی خوێندنەوە؛ لێکۆڵینەوە؛ لەبەرکردن؛ ڕەوانکردن.

con (kon), ***v.t.*** لێخوڕینی بەلەم یا پاپۆڕێك.

n. (۱) پلەی لێخوڕی بەلەم یا پاپۆڕ. (۲) لێخوڕینی بەلەم یا پاپۆڕێك

con (kon), ***adj.*** [Slang], [Short of **confidence**], ساختەچی؛ دەستبڕ؛ دزۆن: ***(a ~ man)*** .

v.t. دەستبڕین؛ هەڵخەڵەتاندن (لەڕێی بڕواپێکردنەوە):

(He ~ned everybody into lending him money.)

con- (kon), **– com-.**

conation (kō-nā′shən), *n.* هێزی ویستن و هەوڵدان و کولّنەدان لە مردڤدا

conatus (kō-nā′təs), *n.* (١) هەوڵ؛ کۆشش (٢) هێزێکی سروشتییە کە پاڵ بە گیاندارەوە دەنێت بۆ ویستن و هەوڵدان

concatenate (kon-kat′n-āt′), *v.t.* پێکەوەبەستن (زنجیر)

concatenation (kon′kat-′n-ā′shən), *n.* (١) پێکەوەبەستن (زنجیر) (٢) زنجیرە؛ زنجیرەیەک شت یا پرووداتی پێکەوە بەستراوو پەیوەندیدار

concave (kon-kāv′, kən-kāv′, kon′kāv), *adj.* قوپاو؛ چاڵ؛ بۆش و قوپاو

n. برووبەک، هێڵێک یا شتێکی قوپاو

v.t. قوپاندن

concavity (kon-kav′ə-ti, kən-kav′ə-ti), *n.* (١) قوپاوی؛ چاڵی (٢) برووبەک یا شتێکی قوپاو

concavo-concave (kon-kā′vō-kon-kāv′), *adj.* لە دوو لاوە قوپاو

concavo-convex (kon-kā′vō-kon-veks′), *adj.* قوپاوو قۆزتر؛ لایەکی قوپاوەو لایەکی قۆزتر

conceal (kən-sēl′), *v.t.* (١) شاردنەوە؛ داپۆشین؛ خۆداگرتن (٢) کردن بە ژێرەوە (دەنگوباس)؛ داپۆشین (دەنگوباس یا پرووداو)؛ شاردنەوە

concealment (kən-sēl′mənt), *n.* (١) شاردنەوە؛ داپۆشین؛ کردن بە ژێرەوە؛ داپۆشین (٢) جێگای شاردنەوە؛ پێ‌وشوێنی شاردنەوە؛ شاردنەوە

concede (kən-sēd′), *v.t.* (١) دان پیانان؛ پێ لێنان (٢) دان بە دۆڕاندن یا بەزینداتان؛ دان بە سەرکەوتنی بەرامبەردا نان: *(He ~d defeat.)*

v.i. وازهێنان لە ماف؛ سەر دانەواندن

conceit (kən-sēt′), *n.* (١) بیر؛ را؛ بیروباوەڕ (٢) گومڕایی؛ فیز؛ لووت بەرزی؛ لەخۆبایی‌بوون (٣) دەستەواژە (وێژە، هۆنراوە). (٤) خەیاڵ

v.t. (١) [Obs.] بیرکردنەوە؛ هێنانە بەرچاوی خۆ. (٢) [Dial.] خۆش ویستن؛ حەزلێکردن؛ بەدڵ بوون

out of conceit with, لەبەرچاوکەوتن

conceited (kən-sē′tid), *adj.* گومڕا؛ لووت بەرز؛ بەفیز؛ لەخۆبایی

conceivable (kən-sēv′ə-b′l), *adj.* دەشێت؛ بۆی هەیە؛ لەوانەیە؛ دەچێتە میشکەوە

-conceivably *(adv.).*

conceive (kən-sēv′), *v.t.* (١) سکپڕبوون بە؛ سکپڕبوون *(She ~d a child.)*

(٢) هێنانە بەرچاوی خۆ؛ بۆچوون؛ لە میشکدا دروستکردن؛ بیرلێکردنەوە (٣) تێگەیشتن. (٤) دەربڕین (بە قسە یا بە نووسین)

v.i. (١) سکپڕبوون (٢) (~ of : ~ on : ~ upon). لە میشکدا دروست بوون؛ بیرلێکردنەوە؛ هێنانە بەرچاو

concentrate (kon′s′n-trāt′, kon′sen-trāt′), *v.t.* (١) کۆمەڵ کردن لە ناوچەڕ یا ناوەڕاستدا؛ کۆکردنەوە لە ناوچەرگەدا؛ چەق پێ بەستن (٢) بیروهۆشی خۆ خستنە سەر (باسێک، پرووداوێک یا بیروباوەڕێک) (٣) تووندکردنەوە؛ خەست کردنەوە؛ بەهێزکردن (٤) کۆکردنەوەی لەشکر لەیەک شوێندا

v.i. (١) چەق بەستن؛ کۆبوونەوە لە ناوچەرگەدا؛ کۆمەڵ بوون لە ناوەڕاستدا (٢) (~ on : ~ upon). بیروهۆشی خۆ خستنە سەر (٣) تووندبوونەوە؛ خەست بوونەوە؛ بەهێزبوون

n. شتێکی خەست یا تووندبووەوە (خواردەمەنی)

adj. خەست

-concentrator *(n.).*

concentration (kon′s′n-trā′shən, kon′sen-trā′shən), *n.* (١) چەق بەستن؛ کۆبوونەوە لە ناوچەقدا؛ گردبوونەوە لە ناوەڕاستدا (٢) بیروهۆش خستنە سەر (٣) خەستی (خواردنەوە)

concentration camp, ژوردووگای زۆرەملێ؛ گرتووخانە- (بۆ دەستبەسەرانی جەنگ و گیراوانی دژی بڕێم)

concentric (kən-sen′trik), *adj.* هاوچەق (بازنە): *(a ~ circles)*

-concentrically *(adv.)*; **concentricity** *(n.).*

concept (kon′sept), *n.* بیرێکی گشتی یا بڵاو؛ بیر

conception (kən-sep′shən), *n.* (١) سکپڕبوون؛ سکپڕی؛ دروستبوونی ناوڵەمە (٢) ناوڵەمە (٣) سەرەتا (کار، پروداو... هتد) (٤) بیر؛ بیرێکی گشتی (٥) بیر یا نەخشەیەکی ڕەسەن (٦) هێزو توانای بیرکردنەوەو پێکەوەنان

conceptive (kən-sep′tiv), *adj.* توانای بیرکردنەوەو پێکەوەنانی هەیە

conceptual (kən-sep′chōō-əl), *adj.* تایبەتی بە بیرو بیرکردنەوەو پێکەوەنان

conceptualism (kən-sep′chōō-əl-iz′m), *n.* ڕێبازێکی فەلسەفەییە دەڵێت: کە بیری گشتی هیچ ڕاستییەکی ئەبیە تەنها لە میشکدا نەبێت

-conceptualist *(n. & adj.).*

concern (kən-sūrn′), *v.t.* (١) پەیوەندی پێوەبوون؛ لەلا گرنگ بوون؛ بەتەنگەوەهاتن؛ تایبەتی بوون بە: *(The subject ~s all of us.)* . (٢) پێوە خەریک بوون: *(He ~s himself with trivia.)* . (٣) تووشی خەمو مەراق کردن

n. (١) شتێک کە بەتەنگیەوە بێیت؛ شتێک کە لەلات گرنگ بێت (٢) بەتەنگەوەهاتن؛ دڵسۆزی: *(~ for his well-being)* . (٣) پەیوەندی. (٤) مەراق؛ خەم (٥) کۆمپانیا؛ دەزگایەکی بازرگانی یا کاروبار

as concerns, سەبارەت بە؛ دەربارەی؛ لە بابەت

concerned (kən-sūrnd′), *adj.* بەتەنگەوەهاتوو؛ دڵسۆز؛ بەپەروا؛ خەمخۆر

concerning (kən-sūrn′iŋ), *prep.* دەربارەی؛ سەبارەت بە

concernment (kən-sūrn′mənt), *n.* (١) کاروبار؛ بەرژەوەندی (٢) پەیوەندی؛ گرنگی؛ بایەخ (٣) خەریک بوون (٤) خەم؛ مەراق

concert (kən-sūrt′), *v.t. & v.i.* پێکەوە کارکردن؛ بە ڕێکەوتنو هاوکاری هەردوولا کارکردنو بڕیاردان؛ پێکەوە نەخشەدانان؛ یەکخستن

n. (١) ڕێکەوتن؛ هاوکاری کردن؛ پێکەوە گونجان (٢) گونجانی ئاواز؛ پێکەوە گونجان (٣) ئاهەنگی مۆسیقاو گۆرانی

adj. تایبەتی بە ئاهەنگی مۆسیقاو گۆرانی

in concert, پێکەوە؛ هەموو لەگەڵ یەک؛ لەگەڵ

concerted (kən-sūr′tid), *adj.* (١) پێکەوەکراو؛ یەکخراو؛ یەکگرتوو؛ پێکەوە نەخشەکراو و جێبەجێکراو؛ گشتی؛ کۆ: *(They made a ~ effort to help him.)*

(٢) بەگۆڕەی دەنگو ئامێری مۆسیقا ڕێکخراوە (مۆسیقا)

concertina (kon′sēr-tē′nə), *n.* ئامێرێکی مۆسیقایی وەک ئۆکۆردیۆنە

concertmaster (kon′sērt′mas′tēr, kon′sērt′mäs′tēr), *n.* یاریدەدەری سەرۆکی ئۆرکێسترا

concertmeister (kon′sērt′mīs′tēr), *n.* = **concertmaster.**

concerto (kən-cher′tō), *n.* کۆنچێرتۆ: ئاوازێکی مۆسیقایە کە بە یەک ئامێر یا زیاتر بە جیا جیا لە دەدرێت، واتە بەتەنها لەگەڵ ئۆرکێسترادا

concession (kən-sesh′ən), *n.* (١) دان پیانان؛ بەدەستەوەدان؛ دان ئان بە سەرکەوتنی بەرامبەردا؛ وازهێنان لە ماف؛ پێ لە ڕاستییەک یا پرووداوێک نان. (٢) شتێک یا پرووداوێک کە دانی پیابنرێت؛ مافێکی وازلێهێنراو؛ مافێکی دراو بە بەرامبەر یا بە دوژمن. (٣) مافێکی تایبەتی کە لەلایەن فەرمانڕەوایی یا کۆمپانیەکەوە درابێت، بەتایبەتی: (١) مافی بەکارهێنانی

زەوی‌و هەروەها شتی ژێرزەوی وەک نەوت‌و کانزای تر.

concessionaire (kən-sesh′ən-âr′), *n.* (ب) مافی خواردن‌و خواردنەوە فرۆشتن لە باخچەیەکی گشتی یا شوێنی جەماوەریی تردا. (٤) ئەو زەوی‌و جێگەو مافە تایبەتییەی بەم شێوەیە دراوە.

concessionary (kən-sesh′ən-er′i), *adj.* خاوەن مافێکی تایبەتی پێدراو (مانای سێیەمی ووشەی پێشوو ببینە).

n. = concessionaire.

concessioner (kən-sesh′ən-ēr), *n.* = concessionaire.

concessive (kən-ses′iv), *adj.* تایبەتی بە وازهێنەر لە مافی خۆ یا پێدانی مافێکی تایبەتی. (٢) رستەیەک کە نامرازی دان پیانانی تێدابێت (وەک though, although, even though) (ڕێزمان).

conch (koŋk, konch), *n.* (١) گوێچکەماسی (بەتایبەتی یەکێکی لوول خواردووی گەورە). (٢) بۆشایی گوێ؛ گوێی دەرەوە.

concha (koŋ′kə), *n.* (١) ئەندامێک کە لە گوێچکەماسی بچێت وەک ئێسقانی ناو لووت. بۆشایی ناو گوێ‌و گوێی دەرەوە (٢) گومەزێکی نیمچە بازنەیی.

conchiferous (koŋ-kif′ēr-əs), *adj.* گوێچکەماسیدار.

conchology (koŋ-kol′ə-ji), *n.* زانستی گیاندارە گوێچکەماسیدارو گوێچکەماسی (زیندەوەرزانی).

-conchologist *(n.)*.

concierge (kon′si-ûrzh′), *n.* (١) دەرگاوان (٢) بەردەست؛ ڕاگرتە (ناومال)؛ کارگوزار.

conciliate (kən-sil′i-āt′), *v.t.* (١) دل ڕاگرتن؛ دڵنەرم کردن؛ دڵنەوایی کردن؛ ناشتکردنەوە؛ ڕازی کردن. (٢) ڕاکێشانی دڵی کەسێک بە چاکەکردن لەگەڵیدا.

-conciliation *(n.)*; **conciliator** *(n.)*; **conciliatory** *(adj.)*.

concinnity (kən-sin′ə-ti), *n.* لەگەڵ یەکدا گونجاوو جوان (وێژە).

concise (kən-sīs′), *adj.* کورت (نووسراو)؛ کورت‌و پڕمانا.

-concisely *(adv.)*; **conciseness** *(n.)*.

concision (kən-sizh′ən), *n.* (١) کورتی و پڕمانایی (نووسراو). (٢) [Archaic]. جیابوونەوە؛ بەش بەش بوون (کۆمەڵ یا ڕێکخراو).

conclave (kon′klāv, koŋ′klāv), *n.* (١) کۆبوونەوەیەکی نهێنی؛ کۆڕێکی تایبەتی. (٢) کۆڕی نهێنی کەڵەقەشەکان بۆ هەڵبژاردنی پاپا.

conclude (kən-klōōd′, kən-klūd′), *v.t.* (١) کۆتایی پێ هێنان (کۆبوونەوە). (٢) گەیشتنە ئەنجام؛ وابڕیارکەوتن؛ دوزینەوە. (٣) بڕیاردان. (٤) بڕینەوە (ڕێکەوتن)؛ بەستن (پەیمان)؛ ڕێکەوتن لەسەر.

(The two sides ~d a treaty.)

v.i. (١) کۆتایی هاتن؛ تەواوبوون (کۆبوونەوە). (٢) ڕێکەوتن.

conclusion (kən-klōō′zhən, kən-klū′zhən), *n.* (١) کۆتایی؛ دوایی؛ پایان. (٢) دوا ووتە؛ دوا بەشی ووتار یا گفتوگۆیەک (کە گەلێک جار پوختەی هەموو ووتارەکەی تێدایە). (٣) ئەنجام. (٤) بڕیارێک. لەئەنجامی گفتوگۆدا (٥) بڕینەوە (ڕێکەوتن)؛ بەستن (پەیمان).

in conclusion, لەئەنجامدا؛ لە کۆتاییدا؛ لە دوا ووتەدا

try conclusions with, بەشداربوون لە مشت‌ومڕ، ملەملێ؛ یا پێشبڕکێیەکدا

conclusive (kən-klōō′siv, kən-klū′siv), *adj.* یەکلاکەرەوە (بەڵگە)؛ بڕیاردەر (بەڵگە)؛ دوایی پێ هێنەر (بەڵگە، ووتە).

(The evidence against him is ~ .)

concoct (kon-kokt′, kən-kokt′), *v.t.* (١) تێکەڵاوکردن (کەرەسە)؛ پێکهێنان؛ ئامادەکردن بە تێکەڵاوکردنی چەند کەرەسەیەک (خواردەمەنی)؛ گرتنەوە (دەرمان). (٢) نەخشەکێشان؛ ڕێکخستن (درۆ)؛ هەڵبەستن (حیکایەت، درۆ)؛ پێکەوەنان یا ڕێکخستن (پیلان).

concoction (kon-kok′shən, kən-kok′shən), *n.* (١) ڕێکخستن؛ پێکهێنان؛ ئامادەکردن؛ هەڵبەستن (درۆ). (٢) شتێکی ئاوێتەی پێکهێنراو یا ئامادەکراو (خواردەمەنی)؛ شتێکی هەڵبەستراو یا ڕێکخراو (درۆ، پیلان).

concomitance (kon-kom′ə-təns, kən-kom′ə-təns), *n.* (١) پێکەوەبوون؛ لەگەڵدابوون؛ پێکەوەبوون یا ژیان. (٢) پێکەوەبوونی لەش‌و گیانی مەسیح لە هەموو بەشێکی " شێوی خودایی "دا کە لە کلێسەدا دەکرێت.

concomitancy (kon-kom′ə-tən-si, kən-kom′ə-tən-si), *n.* concomitance.

concomitant (kon-kom′ə-tənt, kən-kom′ə-tənt), *adj.* لەگەڵ بوو؛ پێکەوە؛ لەگەڵ؛ لەگەڵێتی‌و ئێی نابێتەوە.

n. لەگەڵدابوو (شت، بارودۆخ).

concord (kon′kôrd, koŋ′kôrd), *n.* (١) گونجان؛ تەبایی؛ ڕێکەوتن. (٢) ئاسایش‌و ئاسوودەیی‌و پەیوەندی باش (لەنێوان دوو وواڵتدا). (٣) پەیمانی برادەرێتی (نێوان دوو وواڵت). (٤) لەگەڵ یەک ڕێکەوتنی ووشەی ڕستەیەک. (٥) لەگەڵ یەک سازان (ئاوازی مۆسیقا).

concordance (kon-kôr′d′ns, kən-kôr′d′ns), *n.* (١) گونجان؛ ڕێکەوتن؛ سازان؛ پێکهاتن. (٢) پێرستێکی ئەلفبایی.

concordant (kon-kôr′d′nt, kən-kôr′d′nt), *adj.* گونجاو؛ لەگەڵ یەک ڕێکەوتوو؛ پێکەوە شیاو.

concordat (kon-kôr′dat), *n.* (١) پەیمان. (٢) پەیمانێک کە پاپا دەیبەستێت لەگەڵ فەرمانڕەوایێکدا دەربارەی کاروباری کلێسە.

concourse (kon′kôrs, koŋ′kōrs), *n.* (١) بەیەکگەیشتن (دوو- ڕوبار)؛ لەیەکدان. (٢) جەماوەر. (٣) شوێنی کۆبوونەوەی جەماوەر. (٤) شوێنێکی کراوە (لە باخچەی گشتی یا ئێستگەی شەمەندەفەردا). (٥) شەقامێکی پان.

concrescence (kon-kres′′ns), *n.* لەیەکدان‌و بوون بە یەک پارچە (ڕووەکناسی)؛ بوون بەیەکی شانەی ڕووەک.

concrete (kon-krēt′, kon′krēt), *adj.* (١) ڕەق. (٢) دیار؛ بەرجەستە؛ هەستپێکراو؛ بە چاو بینراو. (٣) تایبەتی. (٤) کۆنکریتی؛ لە کۆنکریت دروستکراو. (٥) ناوی شتێک کە بە چاو ببینرێ‌و هەستی پێ بکرێت (ڕێزمان).

n. (١) شتێکی کۆنکریتی. (٢) کۆنکریت.

v.t. (١) پتەوکردن؛ ڕەق کردن. (٢) بە کۆنکریت دروستکردن.

v.i. ڕەق بوون؛ پتەوبوون؛ یەکگرتن.

concretion (kon-krē′shən), *n.* (١) بوون بە یەک؛ ڕەق بوون؛ پتەوبوون. (٢) تۆپەڵێکی بەردین؛ تۆپەڵێکی ڕەق. (٣) تۆپەڵە کانزای ناو بەردی لمین (زەوی ئاسی). (٤) بەرد یا تۆپەڵە بەردی ناو میزەڵدان. (٥) پێکەوەنووسانی پەنجەی دەست یا پێ.

concretize (kon′kri-tīz′), *v.t.* تایبەتی کردن.

concubinage (kon-kū′bə-nij), *n.* (١) ژیانی پیاوێک‌و ژنێک بێ ئەوەی پێکەوە بەبێ ماڕەکردن؛ هاوسەرێتی پیاوێک‌و ژنێک بەبێ ماڕەکردن. (٢) باری ژنێک (ژن)؛ باری ژیانی ژنێک.

concubine (koŋ′kyoo-bīn′, kon′kyoo-bīn′), *n.* (١) ژنێک (ژن)؛ ژنێک کە لەگەڵ پیاوێکدا دەژی بەبێ ماڕەکردن. (٢) ژنی دووەم: لە کۆمەڵگایەکدا کە فرە ژندارێتی تێدابێت.

concupiscence (kon-kū′pə-s′ns), *n.* حەزکردنێکی لە ئەندازە بەدەری جووت بوون؛ هەوەسی بەتینی جووت بوون؛ زۆر ئارەزووی گان.

concupiscent (kon-kū′pə-s′nt), *adj.* حەشەری؛ زۆر حەزکەر لە جووت بوون؛ بەهەوەس (جووت بوون).

concur (kən-kūr′), *v.i.* (١) ڕێکەوتن (کاتی ڕوودان)؛ هاوکات. (٢) هاوکاری کردن؛ یەکگرتن.

(Several circumstances ~red to bring about this result.)

(٣) لەگەڵدابوون (پا)؛ پا لەسەربوون؛ ڕێکەوتن (پا)؛ پێکهاتن.

concurrence (kən-kūr′əns), *n.* (١) ڕێکەوتن (کات یا شوێنی

پوودان. (۲) هاوکاری؛ یەکگرتن. (۳) پێکهاتن؛ پرێکەوتن.
(٤) خاڵی بەیەکگەیشتنی چەند هێڵێك. (٥) ماف یا داوایەکی هاوبەشی.

concurrent (kən-kūr′ənt), *adj.* (۱) لە هەمان کات یا شوێندا پوودار. (۲) پێکەوە کارکەر؛ هاوکاریکەر؛ لەگەڵدا کارکەر. (۳) بەیەکگەیشتن؛ بەرەو هەمان شوێن چوو. (٤) پرێکەوتوو؛ یەکگرتوو. (٥) هاوبەشی دەسەڵاتو ماف.

n. (۱) شتێکی لەگەڵدا گونجاو یا هاوئەنجام. (۲) [Rare]، هاوچاو.

concurrently (kən-kūr′ənt-li), *adv.* لە هەمان کاتدا؛ پێکەوە؛ لەگەڵ.

concurrent resolution, بڕیاری یەکێك لە بەشەکانی پەرلەمان کە بەشی دووەمیش پەسەند بکات (ئەم جۆرە بڕیارە هێزی یاسایی نییە).

concussion (kən-kush′ən), *n.* (۱) پاوەشان؛ پاتەکان؛ خوریە. (۲) پاوەشانو زیان پێ گەیاندنی مێشکو کەمکردنەوەی هۆشیاری لەئەنجامی لێدان، پیادان یا کەوتنێکدا.

condemn (kən-dem′), *v.t.* (۱) ناڕەزایی دەربڕین؛ سەرزەنشت کردن. (۲) تاوانبارکردن؛ گوناهبارکردن. (۳) سزا بەسەردادان: *(He was ~ed to death.)* . (٤) دەست بەسەرداگرتنی زەوی‌وزار بۆ بەکارهێنانی گشتی. (٥) بڕیاری چۆڵ کردن یا ڕووخاندنی دان لەبەر پەرپووتی (خانوو): *(The old house was ~ed by the housing authorities.)* (٦) بڕیاردانی چارەسەرنەبوونی نەخۆشێك.

condemnable (kən-dem′nə-b'l), *adj.* شایستەی تاوانبارکردنە؛ شایستەی سەرزەنشتە؛ گوناهبارە؛ لۆمە دەکرێ.

condemnation (kon′dem-nā′shən), *n.* (۱) تاوانبارکردن (۲) سەرزەنشت؛ سەرزەنشت کردن. (۳) هۆی تاوانبارکردن یا سەرزەنشت کردن.

-condemnatory *(adj.).*

condensable (kən-den′sə-b'l), *adj.* (۱) خەست دەکرێتەوە؛ خەست دەبێتەوە (۲) کورت دەکرێتەوە (پەخشان).

condensate (kən-den′sāt), *v.t. & v.i.* [Rare], (۱) خەست - کردنەوە (۲) کورتکردنەوە.

adj. (۱) خەستکراوە (۲) کورتکراوە.

n. (۱) شتێکی خەستکراوە. (۲) شتێکی کورتکراوە.

condensation (kon′den-sā′shən), *n.* (۱) خەستکردنەوە؛ خەستی؛ چڕی؛ تۆپەڵ کردن؛ تۆپەڵ بوون. (۲) کورتکردنەوە (پەخشان، وێژە)؛ کورتی. (۳) شتێکی خەستکراوە؛ شتێکی خەست؛ تۆپەڵ. (٤) شتێکی کورتکراوە (پەخشان، وێژە)؛ پارچە نووسراوێکی کورتکراوە.

condense (kən-dens′), *v.t.* (۱) خەستکردنەوە؛ توندکردنەوە؛ پەستنەوە؛ تۆپەڵ کردن. (۲) کورتکردنەوە (پەخشان، وێژە، هەڵبەست). (۳) بەتین کردن؛ بەتینترکردن (تیشکی ڕووناکی). (٤) گۆڕینی شێوەی شتێك بە خەستکردنەوە (وەك لە هەڵم یا گازەوە بۆ شلە).

v.i. (۱) خەستبوونەوە؛ توندبوونەوە؛ تۆپەڵ بوون؛ پەستنەوە. (۲) گۆڕانی شتێك بۆ شتێکی تر بەهۆی خەستبوونەوەیەوە (هەڵمو گاز بۆ شلە).

condensed milk, شیری قوتوو. شیری خەستکراوەی شەکر تێکراو.

condenser (kən-den′sēr), *n.* (۱) خەستکەرەوە؛ کۆکەرەوە. (۲) ئامێری کۆکەرەوەی تەوژمی کارەبا ,مەکینەی ئوتومبیل). (٤) ڕووناکی یا تیشك کۆکەرەوە (ئاوێنە).

condensible (kən-den′sə-b'l), *adj.* = **condensable.**

condescend (kon′di-send′), *v.i.* (۱) بەفیزەوە لەگەڵ جوولانەوە؛ خۆ هێنانە خوارەوە بۆ پلەی کەسانێك کە نزمترین یان بە نزمتریان دانێیت لە خۆت و هەندێ جار بە جوانی و هەندێ جار بەفیزەوە جوولانەوە لەگەڵیاندا؛ بە سووکی تەماشاکردنی خەڵك؛ بە جوانی لەگەڵ خەڵکدا جوولانەوە بەڵام بەفیزەوە و بەشێوەیەك کە پیشانی بدەیت کە تۆ لەوان باشتریت بەڵام هێزت دێت لەگەڵیان هەڵسوکەوت بکەیت. (۲) [Obs.]، قایل بوون؛ پرێکەوتن.

condescendence (kon′di-sen′dəns), *n.* (۱) بە جوانی لەگەڵ خەڵکدا جوولانەوە بەڵام بەفیزەوە و بەشێوەیەك کە پیشانی بدەیت کە تۆ لەوان باشتریت بەڵام بڕێت دێت هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکەیت؛ بە سووك تەماشاکردن. (۲) [Scot.]، لیستەی سکاڵاکانی داواچی (دادگا).

condescending (kon′di-sen′diŋ), *adj.* بە جوانی لەگەڵ خەڵکدا دەجوولێتەوە بەڵام بەفیزەوە و بەشێوەیەك کە پیشانی بدات کە ئەو لەوان باشترە بەڵام بڕێزی دێت هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکات؛ بە سووك تەماشاکردن.

-condescendingly *(adv.).*

condescension (kon′di-sen′shən), *n.* بە جوانی لەگەڵ خەڵکدا جوولانەوە بەڵام بەفیزەوە و بەشێوەیەك کە پیشانی بدەیت کە تۆ لەوان باشتریت بەڵام بڕێزت دێت هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکەیت؛ بە سووك سەیرکردن.

condign (kən-dīn′), *adj.* پەوا (سزا)؛ لە جێی خۆیدایە (سزا)؛ هەڵدەگرێت.

condiment (kon′də-mənt), *n.* بەهارات.

condition (kən-dish′ən), *n.* (۱) مەرج: *(Ability is one of the ~s of success.)* (۲) دۆخ (مرۆڤ، شت). (۳) باری تەندروستی؛ تەندروست؛ ئامادە (تەندروستی): *(He is in ~ . ; Your horse seems to be in good ~ .)* (٤) [Colloq.]، نەخۆشی: *(He has a heart ~ .)* . (٥) پلەی کۆمەڵایەتی: *(a person of high ~)* . (٦) *(pl.)*، بارودۆخ؛ چۆنێتی: *(good economic ~ ; poor driving ~)* (۷) بەشی مەرج دەربڕ لە پستەیەکی مەرجیدا کە بە " if " یان " unless " دەست پێ دەکات (ڕێزمان): *(If I get enough money, I will by a car.)* (۸) نمرەی خراپ دان بە قوتابیەك‌و دانانی پرکردنەوەی نمرەکە بە مەرجێك بۆ مانەوەی لە هەمان پۆلدا؛ نمرەیەکی وەها خراپ.

v.t. (۱) مەرج دانان؛ کردن بە مەرج. (۲) تەندروست کردن؛ باش‌و بەهێزکردن: *(Exercise ~s your body.)* (۳) داواکردن لە قوتابیەك کە نمرە خراپەکەی بەرز بکاتەوە بۆنەوەی دەرچێت (٤) ڕاهێنان؛ فێرکردن (دەروونناسی)؛ بڕیاردانی چۆنێتی ڕەوشتی مرۆڤ گیاندار: *(Society ~s us to behave in a certain way.)* . (٥) بڕیاردان: *(Our income ~s what we spend.)* .

v.i. مەرج دانان.

in condition, تەندروستی باش بوون؛ لە تەندروستیدا بوون.

in no condition to, تەندروستی نەوە هەڵناگرێ؛ لە تواناندا نەبوون: *(He is in no condition to travel.)*

on condition that, بە مەرجێك؛ ئەگەر.

out of condition, تەندروستی باش نەبوون (بەهۆی وەرزش نەکردن‌و نەجوولانەوە): *(I haven't exercised lately, so I am ou of condition.)*

conditional (kən-dish′ən-'l), *adj.* (۱) بە مەرج؛ مەرجی تێدایە؛ مەرجی لەسەر دانراوە؛ بە مەرجەوە دراو یا کراو: *(~ aid)* . (۲) مسۆگەر نییە. (۳) مەرجی (ڕێزمان): *(a ~ clause)* .

conditionally (kən-dish′ən-'l-i), *adv.* بەمەرجەوە.

conditioned (kən-dish′ənd), *adj.* (۱) لە بار یا دۆخێکی تایبەتیدایە. (۲) بەمەرجە؛ دەکەوێتە سەر مەرجێك یا زیاتر. (۳) لە دۆخێکی باشدایە؛ تەندروستی باشە؛ ئامادەیە. (٤) ڕاهاتووە (دەروونناسی)؛ فێربووە.

conditioner (kən-dish′ən-ēr), *n.* (۱) گونجێنەر؛ فێنککەرەوە: *(air- ~)* (۲) (ا) مادەیەکە کە چۆنێتی شتێك باشتر دەکات: *(a soil ~)* . (ب) دەرمانی قژ چاکردن: *(a hair ~)* . (۳) ڕاهێنەری وەرزشی.

condole (kən-dōl′), *v.i.* سەرخۆشی لێکردن؛ هاوسۆزی لەگەڵ کردن لە مردنی خزمێکدا

condolence (kən-dō′ləns), *n.* پرسەنامە؛ سەرخۆشی لێکردن؛ سەرخۆشی.

condom (kon′dəm, kun′dəm), *n.* لاستیک (بۆ جووت بوون).

condominium (kon′də-min′i-əm), *n.* (١) (ا) هاوبەشی کردن لە حوکمڕانی ناوچەیەکدا لەلایەن دوو وڵات یا زیاترەوە. (ب) ناوچەیەک کە وەها حوکمڕانی بکرێت. (٢) (ا) خانوویەکی گەورەی بەش بەش کە هەر بەشێکی هی کەسێک بێت. (ب) بەشێک لە خانوویەکی گەورەی وەها.

condonation (kon′dō-nā′shən), *n.* (١) لێبووردن؛ لێ خۆش بوون. (٢) لێبووردنی مێردێک یا ژنەکەی لە داوێن پیسی نەوی تریان (دادگا).

condone (kən-dōn′), *v.t.* لێبووردن؛ لێ خۆش بوون؛ چاو لێ پۆشین؛ پەسەندکردن: *(You shouldn't ~ criminal acts.)* .

condor (kon′dēr), *n.* (١) سیسارکی نەمەریکی گەورە. (٢) پارەیەکی ئالتوونە وێنەی سیسارکی لەسەرە لە هەندێک وڵاتانی نەمەریکای باشوور.

conduce (kən-dōōs′, kən-dūs′), *v.i.* (~ to; ~ toward), -وا لێکردن؛ هاندان؛ یارمەتی پوودانی شتێک دەدات.

conducive (kən-dōō′siv, kən-dū′siv), *adj.* (~ to). هاندەر؛ یارمەتیدەر؛ بوون بە هۆی:
(Fresh air is ~ to health.; Noise is not ~ to study.)

conduct (kon′dukt), *n.* (١) ڕابەری. (٢) بەڕێوەبردن؛ کردن. (٣) ڕەوشت؛ ڕەفتار (٤) [Obs.]، ڕابەر؛ چاوساغ.

v.t. (١) ڕابەری کردن؛ ڕێ پیشاندان؛ بردن بۆ شوێنێک. (٢) بەڕێوەبردن؛ ئاراستەکردن. (٣) ڕابەری کردنی ئۆرکێسترا: *(to ~ an orchestra)* . (٤) هەلسان و دانیشتن؛ ڕەفتارکردن:
(She always ~s herself well in public.) (٥) گەیاندن (کارەبا، گەرما): *(The wire ~s electricity.)* .

v.i. (١) ڕابەری کردن؛ ڕێ پیشاندان (٢) سەرکردەیی کردنی ئۆرکێسترا.

conductance (kən-duk′təns), *n.* توانای ماددەیەک بۆ گەیاندنی کارەبا؛ گەیاندن (کارەبا).

conductible (kən-duk′tə-b'l), *adj.* (١) دەگەیەنرێت (کارەبا)؛ گەیەنەر (٢) دەتوانێت بگەیەنێت (کارەبا).

conduction (kən-duk′shən), *n.* (١) گەیاندن (تاو بە جۆگەیەکدا). (٢) (ا) گەیاندن (کارەبا، گەرما... هتد). (ب) توانای گەیاندن بوون.

conductive (kən-duk′tiv), *adj.* (١) تایبەتی بە توانای گەیاندن. (٢) تایبەتی بە گەیاندن (کارەبا، گەرما، تاو... هتد).

conductor (kən-duk′tĕr), *n.* (١) ڕابەر؛ چاوساغ؛ ڕێ پیشاندەر. (٢) ڕابەری ئۆرکێسترا یا تیپی مۆسیقا. (٣) بلیتبڕ و وەرگر (شەمەندەفەر، پاس... هتد)؛ باجگر (شەمەندەفەر، پاس). (٤) گەیەنەر (کارەبا، گەرمی... هتد)؛ کارەبابەر
-conductorship *(n.)*.

conduit (kon′dit, kon′doo-it), *n.* (١) جۆگە؛ بۆری. (٢) بۆری یاراستنی تەلی کارەبا. (٣) [Archaic]، کانی؛ کانیاو.

conduplicate (kon-dōō′plə-kit, kon-dū′plə-kit), *adj.* لە باری درێژی و لە ناوەڕاستدا دانوشتاو (گەڵا، پەڕەی خونچە).

condyle (kon′dil), *n.* ئێسقانی دەربڕوقیو.
-condylar *(adj.)*; **condyloid** *(adj.)*.

condyloma (kon′di-lō′mə), *n.* زیادە گۆشتێکی وەک مێخەکە وایە لەدەوری کۆم و کۆنەندامی جووت بوون دێت (بەتایبەتی بەهۆی فەرەنگی، یا ئاتەشەکەوە)

cone (kōn), *n.* (١) قووچەک (ئەندازە). (٢) شتێک کە وەک قووچەک وابێت، وەک: (ا) قووچەکێکی لە بسکویت دروستکراوە دوندرەی تێن دەکرێت و دەبشخورێت. (ب) پۆپەی ئاگرپژێن. (٣) بەری دارێکی هەمیشە سەوز (لە قووچەک دەچێت). وەک قووچەک لێکردن؛ وەک قووچەک دروستکردن. *v.t.*

coneflower (kōn′flou ĕr), *n.* پووەکێکە گوڵی قووچەک ئاسایی دەگرێت.

coney (kō′ni, kun′i), *n.* = cony.

confab (kon′fab), *n.* [Colloq.]. دەمەتەقێ؛ ووتوبێژ؛ دووان.

confabulate (kən-fab′yoo-lāt′), *v.i.* دەمەتەقێ کردن؛ دووانن؛ ووتوبێژکردن.

confabulation (kən-fab′yoo-lā′shən), *n.* دەمەتەقێ؛ دووان؛ ووتوبێژ.

confect (kən-fekt′), *v.t.* (١) تێکەڵاوکردن؛ گرتنەوە. (٢) مربا دروستکردن. (٣) کردن؛ دروستکردن.

confection (kən-fek′shən), *n.* (١) تێکەڵاوکردن؛ دروستکردن؛ گرتنەوە. (٢) نوقڵ؛ شیرینی؛ حەڵوا. (٣) دەرمانێکی شیرین کراوە بە شەکر یا هەنگوین. (٤) پارچە جلێکی نایابی ژنانە.

confectionary (kən-fek′shən-er′i), *adj.* کردن بە نوقڵ؛ شیرینی دروستکردن. *v.t.* (١) تایبەتی بە نوقڵ و شیرینی ترو دروستکردنیان. (٢) تایبەتی بە حەڵواچی یا کارەکەی. (١) دووکانی حەڵواچی؛ حەڵواخانە. (٢) حەڵوا؛ نوقڵ؛ شیرینی. *n.*

confectioner (kən-fek′shən-ĕr), *n.* حەڵواچی؛ شیرینی فرۆش.

confectioners' sugar, شەکری حەڵواچی: شەکری زۆر وورد.

confectionery (kən-fek′shən-er′i), *n.* (١) حەڵوا؛ شیرینی؛ نوقڵ و جیکلاتەو شیرینی تر. (٢) حەڵواچێتی. (٣) دووکانی حەڵواچی؛ حەڵواخانە.

confederacy (kən-fed′ĕr-ə-si), *n.* (١) پەیمان (لەنێوان چەند وڵات، حیزب، یا کۆمەڵێکدا). (٢) هاوپەیمانی؛ یەکێتی. (٣) پیلان؛ پیلانکاری قەدەغە.

the Confederacy, ئەو یانگزە ویلایەتەی باشووری ئەمەریکا کە لە ساڵی ١٨٦٠-١٨٦١ دا لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا جیابوونەوە. وە ئەم جیابوونەوەیە بوو بەهۆی پوودانی شەڕی ناوخۆی ئەمەریکا.

confederate (kən-fed′ĕr-it), *adj.* (١) یەکگرتوو؛ هاوپەیمان. (٢) [-C]، تایبەتی بەو ویلایەتانەی لە ئەمەریکا جیابوونەوە (ووشەی پێشوو). *n.* (١) هاوپەیمان (مرۆڤ، کۆمەڵ، وڵات). (٢) هاوبەشی پیلان (کاری قەدەغە). (٣) [-C]، یەکێک لەو یانگزە ویلایەتەی باشوور کە لە ئەمەریکا جیابوونەوە.

confederation (kən-fed′ĕr-ā′shən), *n.* یەکگرتن؛ بوون بە یەک؛ پەیمان بەستن. *v.t.* & *v.i.* (١) یەکێتی؛ هاوپەیمانی. (٢) یەکێتی چەند وڵاتێک؛ بوون بە یەک (چەند وڵاتێک).

the Confederation, یەکێتی یا بوون بە یەکی ویلایەتەکانی ئەمەریکا لە ساڵی ١٧٨١-١٧٨٩.

confer (kən-fūr′), *v.t.* پێ بەخشین (بڕوانامە، ڕێزێکی تایبەتی)؛ پێدان: *(The university ~red an honorary degree on him.)* ڕاوێژکردن؛ گفتوگۆکردن؛ دووان؛ کۆنگرە بەستن؛ پرس پێکردن. *v.i.*

confer (kən-fūr′), *v.t.* بەڕاوردکردن؛ ڕوانینە سەرچاوەیەکی تر بۆ بەڕاوردکردن (لێکۆڵینەوە) (کورتەکەی cf. یان conf.) .
-conferment *(n.)*.

conferee (kon′fĕr-ē′), *n.* (١) بەشداری کۆنگرە؛ بەشداری کۆڕ؛ کۆڕگر؛ ڕاوێژکەر. (٢) پێ بەخشراوی بڕوانامە، ماف، یا ڕێزێکی تایبەتی

conference (kon′fĕr-əns), *n.* (١) ڕاوێژ؛ ڕاوێژکردن؛ گفتوگۆ. (٢) کۆنفرانس؛ کۆڕ؛ کۆنگرە. (٣) کۆبوونەوە یا کۆنگرەی دوو لیژنە یا زیاتری هەردوو ئەنجوومەنی پەرلەمان بۆ پێکهاتن لەسەر جیاوازی گەڵاڵەی نەو یاسایانەی هەردوو لقی پەرلەمان پەسەندیان کردووە. (٤) یەکێتی چەند کڵێسە، قوتابخانە، یا تیپی وەرزشی.
-conferential *(adj.)*.

conferva (kən-fūr′və), *n.* جۆرە قەوزەیەکە؛ قەوزە.

confess (kən-fes′), *v.t.* (۱) دان پیانان (کەموکوڕی، تاوان، ڕا)؛ ڕێ‌لێنان؛ چوونەژێر. (۲) دان پیانان (ڕاستیەک).
(۳) ئاشکراکردنی بڕواکردن بە بیروباوەڕێک.
(٤) (ا) پاکانەکردن بۆ قەشە بۆ خۆش بوون لە تاوانی پاکانەکەر.
(ب) گوێگرتن لە پاکانەیەکی وەها لەلایەن قەشەوە.
v.i. (۱) دان پیانان (تاوان، کەموکوڕی)؛ چوونەژێر. (۲) (ا) پاکانەکردن لەبەردەمی قەشەدا.
(ب) گوێگرتنی قەشە لە پاکانەیەکی وەها.
confess to, دان پیانان؛ ڕێ‌لێنان
confession (kən-fesh′ən), *n.* (۱) دان پیانان؛ ڕێ‌لێنان (۲) شتێکی دان پیانراو. (۳) چوونەژێر (تاوان)؛ ڕێ‌لێنان (تاوان، گوناه).
(٤) پاکانە (گوناه و خراپەکاری بۆ قەشە بۆ لێ خۆش بوون و سڕینەوەیان).
(٥) بڕوا (ئاین). (٦) تاقمێکی یەک ئاین.
(۷) گۆڕ (کەسێکی ئاینی پیۆڕ یا شەهیدێک)؛ نزرگە؛ مەرقەد.
confessional (kən-fesh′ən-ˈl), *n.* (۱) ژوورێکی بچووکە لە قوژبنی کڵێسەدا کە تیایدا قەشە گوێ لە پاکانەی گوناهباران دەگرێت.
(۲) پاکانە (گوناه بۆ قەشە)؛ پاکانەکردن.
adj. (۱) تایبەتی بە پاکانەو پاکانەکردن. (۲) تایبەتی بە بیروباوەڕ (ئاین).
confessionary (kən-fesh′ən-erˌi), *adj. & n.* [Rare]. confessional.
confessor (kən-fesˈər), *n.* (۱) دان پیانەر؛ ڕێ‌لێنەر؛ پاکانەکەر. (۲) کەسێکە کە بیروباوەڕی ئاینی خۆی ئاشکرابکات نەگەرچی ببێت بەهۆی چەوسانەوەی. (۳) قەشەیەک کە گوێ لە پاکانەی گوناهباران دەگرێت و لێیان خۆش دەبێت
confetti (kən-fetˈi), *n.pl.* (۱) نوقڵ و جیکلاتەو شیرینی تر کە لە ناهەنگو شایییدا بەناو خەڵکدا بڵاودەکرێتەوە. (۲) پارچە کاغەزی بچووکی ڕەنگاوڕەنگ کە لە ناهەنگو شایییدا بەناو خەڵکدا بڵاودەکرێتەوە؛ کاغەزی ڕازاندنەوەی ڕەنگاوڕەنگ.
confidant (kon′fə-dantˊ), *n.* هاوڕاز؛ ڕازگر؛ کەسێک کە ڕازونیازی دڵی خۆتی لەلا ئاشکرا بکەیتو بیپارێزێت؛ نهێنی پۆش.
confidante (kon′fə-dantˊ), *n.* هاوڕازی مێینە؛ ڕازگری مێینە؛ نهێنی پۆشی مێینە.
confide (kən-fīdˈ), *v.i.* بڕواپێکردن؛ متمانەپێکردن.
v.t. (۱) پێ ووتن (ڕازونیازی دڵی خۆ): *(She ~d her difficulties to her friend.)*
(۲) پێ سپاردن (نەرک، شت، کەس).
confidence (kon′fə-dəns), *n.* (۱) باوەڕ؛ متمانە؛ پشت نەستووری. (۲) دڵنیایی. (۳) بڕوا بە خۆ کردن؛ بڕوا بە توانای خۆ بوون.
(٤) کەسێک یا شتێکی پشت پێ بەستراو.
(٥) هاوڕازی؛ ڕازگری: *(She took him into her ~.)*
(٦) دڵنیایی ڕازپۆشین: *(It was told in strict ~.)*
(۷) ڕاز؛ نهێنیەک کە بە نهێنی پۆشێک بووترێت
confidence game, لەخشتەبردنی کەسێکو شت لێسەندنی لەلایەن ساختەچیەکەوە پاش ئەوەی وا لەو کەسە دەکات بڕوای پێ بکات.
confidence man, ساختەجی؛ پیاوێکی ساختەچی کە شت لە خەڵک دەسێنێت پاش ئەوەی وایان لێدەکات بڕوای پێ بکەن؛ چاوبەست.
confident (kon′fə-dənt), *adj.* (۱) دڵنیا؛ پشت نەستوور. (۲) بڕوا بە خۆ کەر *(a ~ manner)*. (۳) [Archaic]. خۆش بڕوا.
n. هاوڕاز؛ نهێنی پۆش.
confidential (konˌfə-denˈshəl), *adj.* (۱) نهێنی؛ قەدەغە: *(~ information)*
(۲) بڕیارنە؛ بڕواپێکەرانە.
(۳) بڕواپێکراو: *(a ~ agent)*.
-confidentiality *(n.)*; **confidentially** *(adv.)*.

confidential communication, نهێنی‌یەک کە بە پارێزەر، پزیشک، یا ژنو مێردی خۆ دەورتێرێتو ناتوانرێ بەزۆر ڕێیان ناشکرا بکرێت لە دادگا.
confiding (kən-fīdˈiŋ), *adj.* خۆش باوەڕ؛ بڕواکەر.
configuration (kən-figˊyoo-rāˈshən), *n.* شێوە؛ وێنە؛ ڕیز- کردنو یەکخستنی هەموو ئەو بەشانەی شتێکیان لێ پێکهاتووە.
confine (konˈfīnˊ), *n.* (۱) (*pl.*) ، (ا) سنوور؛ ڕادە. (ب) ناوچەیەکی سنووردار. (۲) [Poetic]، بەندی؛ گیرۆدەیی. (۳) [Obs.]، بەندیخانە؛ شوێنێکی بێ سەربەستی.
v.i. [Rare]. هاوسنووربوون.
v.t. (۱) سنوور بۆ دانان؛ سنوور بۆ دیاریکردن؛ ئابڵوقەدان؛ بەستنەوە؛ جڵەوگرتن: *(Please ~ your remarks to the facts.)*
(۲) بەندکردن؛ قەتیس کردن؛ خستنە بەندیخانەوە؛ گیرۆدەکردن؛ بەستنەوە؛ ڕاگرتن: *(The doctor ~d him to his room.)*.
be confined, مندالبوون.
confinement (kən-fīnˈmənt), *n.* قەتیس بوون؛ قەتیس کردن؛ بەستراندەوە: (ا) لە بەندیخانەدا بوون؛ خستنە بەندیخانەوە.
(ب) بەندێتی؛ سەربەست نەبوون؛ گیرۆدەیی.
(ج) مندالبوون؛ لە جێگەدا کەوتن (کاتی مندالبوون).
confirm (kən-fûrmˈ), *v.t.* (۱) جێگیرکردن؛ چەسپاندن؛ بەهێزکردن؛ دووپاتکردنەوە؛ پاڵپشتی کردن. (۲) مۆرکردن (پەیمان)؛ پەسەندکردن.
(۳) سەلماندن؛ ساغ کردنەوە؛ چەسپاندن (ڕاستیەک).
(٤) وەرگرتنی کەسێک بە ئەندام لە کڵێسەدا پاش دووپاتکردنەوەی ئەو بەڵێنە ئایینیانەی بە مندالی دایکو باوکی بۆیان داوە.
confirmation (konˌfər-māˈshən), *n.* (۱) چەسپاندن؛ جێگیرکردن؛ جێگیربوون؛ پاڵپشتی کردن. (۲) مۆرکردن؛ پەسەندکردن.
(۳) بەڵگە؛ شتێک کە ڕاستی و دروێی ڕووداوێک ساغ دەکاتەوە؛ ساغ کەرەوە
(٤) وەرگرتنی کەسێک بە ئەندام لە کڵێسەدا پاش دووپاتکردنەوەی ئەو بەڵێنە ئایینیانەی بە مندالی دایکو باوکی بۆیان داوە.
-confirmative *(adj.)*; **confirmatory** *(adj.)*.
confirmed (kən-fûrmdˈ), *adj.* (۱) مۆرکراو (پەیمان)؛ پەسەندکراو. (۲) چەسپاو؛ جێگیربوو؛ هەمیشەیی: *(a ~ bachelor)*.
(۳) وەرگیراوە بە ئەندام لە کڵێسەدا پاش دووپاتکردنەوەی ئەو بەڵێنە ئایینیانەی بە مندالی دایکو باوکی بۆیان داوە.
confiscable (kən-fisˈkə-bˈl), *adj.* لەوانەیە دەستی بەسەردا بگیرێت؛ بۆی هەیە دەستی بەسەردا بگیرێت.
confiscate (konˈfis-kātˊ), *v.t.* دەست بەسەردا گرتن (خانوو، زەوی‌وزار، سەرمایە).
adj. (۱) دەست بەسەردا گیراو.
(۲) خانوو و زەوی‌وزارو سەرمایەکەی دەستی بەسەردا گیراوە.
confiscation (konˌfis-kāˈshən), *n.* (۱) دەست بەسەردا گرتن؛ دەست بەسەردا گیران (خانوو، زەوی‌وزار، سەرمایە).
(۲) شتی دەست بەسەردا گیراو.
-confiscator *(n.)*.
confiteor (kən-fitˈi-ôrˊ), *n.* نوێژی پاکانەکردن (خاچ پەرستی).
confiture (konˈfi-choorˊ), *n.* مرەبا؛ شیرینی.
conflagrant (kən-flāˈgrənt), *adj.* گڕاوی؛ بڵێسەدار.
conflagration (konˌflə-grāˈshən), *n.* ئاگرێکی گەورە (بەتایبەتی کە زیانبەخش و وێرانکەر بێت)؛ مەشخەڵ.
conflation (kən-flāˈshən), *n.* (۱) لەیەکدان و کردن بە یەک (دوو شێوەی نووسراوێک). (۲) ئەنجامی ئەم لەیەکدان و کردن بە یەکە؛ نووسراوێکی لێکدراوو پێکهاتوو (لە دوو شێوەی جیاوازدا).
conflict (kən-flikt′), *v.i.* (۱) شەڕکردن؛ بەیەکدادان؛ جەنگ کردن. (۲) ڕێک نەکەوتن؛ نەگونجان: *(His interests ~ with mine.)*
n. (۱) شەڕ؛ جەنگ؛ بەیەکداکێشان. (۲) ناکۆکی؛ نەگونجان؛ دووبەرەکی.

(٣) پەشیوی‌و ناڕاوەی ناوخۆی کەسێك (بەهۆی نەگونجانی ئارەزووەکان لەگەڵ یەکتردا).

-confliction *(n.)*; **conflictive** *(adj.)*.

conflicting (kən-flikt′iŋ), *adj.* نەگونجاو؛ ناکۆك

(~ emotions)

confluence (kon′flōō-əns), *n.* (١) بەیەکگەیشتن (دوو جۆگە یا پووبار)؛ پڕاوە ناو یەك. (٢) (ا) شوێنی پڕاوە یەك یا بەیەکگەیشتنی چەند جۆگەیەك. ب) ئەو جۆگە تازەیەی کە لەم پڕاوە ناو یەکە پێکدێت. (٣) کۆبوونەوە؛ بەیەکگەیشتن؛ پڕاوە ناو یەك (جەماوەر). (٤) جەماوەرێك؛ کۆمەڵێك خەڵك.

confluent (kon′flōō′ənt), *adj.* (١) بەیەکگەیشتوو؛ پڕاوەتە ناو یەکتر؛ پڕاوەتە یەك. *(~ streams)*. (٢) بوون بە یەك (چەند دوومەڵ یا بریندێك).

n. (١) جۆگەیەك کە بڕژێتە ناو جۆگەیەکی تردەوە. (٢) زێ؛ جۆگە.

conflux (kon′fluks), *n.* = confluence.

confocal (kon-fō′k'l), *adj.* هەمان تیشکۆی هەیە.

conform (kən-fôrm′), *v.t.* (١) وەك یەك لێکردن؛ هاوشێوەکردن: *(He ~ed his ideas to ours.)*

(٢) گونجاندن؛ ڕاهێنان.

v.i. (١) وەك یەك وابوون؛ هاوشێوەبوون.

(٢) لەگەڵ گونجان؛ ڕێکەوتن: *(The novel ~ed to my notion of a good story.)*

(٣) ڕەفتارکردن بەپێی؛ پەیڕەوی کردن؛ جوواڵنەوە بەپێی ڕێبازو نەریت.

(٤) پەیڕەوی کردنی کڵێسەی ئینگلتەرە.

conformable (kən-fôr′mə-b'l), *adj.* (١) گونجاو؛ ڕێکەوتوو.

(٢) لەیەك چوو؛ وەك یەك. (٣) ملکەچ؛ پەیڕەویکەر.

(٤) هاوڕێك (چینی زەوی) (زەوی ناسی).

conformance (kən-fôr′məns), *n.* = conformity.

conformation (kon′fôr-mā′shən), *n.* (١) [Rare]. گونجان؛ گونجاندن؛ سازاندن

(٢) ڕێکخستن‌و ڕێزکردنی پارچەکانی شتێك لەگەڵ یەکدا بە جوانی.

(٣) شێوە؛ چۆنێتی پێکهاتنی شتێك (بەگوێرەی یەکخستنی بەشەکانی).

conformist (kən-fôr′mist), *n.* (١) پەیڕەویکەر؛ گونجاو لەگەڵ خوو و نەریتی کۆمەڵدا. (٢) پەیڕەویکەری کڵێسەی ئینگلتەرە.

conformity (kən-fôr′mə-ti), *n.* (١) لەگەڵ گونجان؛ لەیەکچوون.

(٢) پەیڕەوی کردنی ڕەوشت‌و خوو و نەریتی خەڵکی تر یا کۆمەڵگا؛ لاسایی‌کردنەوە. (٣) پەیڕەوی کردن‌و پەسەندکردنی کڵێسەی ئینگلتەرە.

confound (kən-found′, kon-found′), *v.t.* (١) تێکوپێکدان؛ شێواندن بەسەریەکدا؛ تێکدان؛ تێکەڵاوکردن.

(٢) سەرڵێ شێواندن؛ سەرڵێ تێکدان.

(٣) [Archaic]. بەزاندن؛ ڕووخاندن؛ فەوتاندن؛ بەسەردا زاڵبوون.

(٤) [Archaic]. شەرمەزارکردن؛ تەریق کردنەوە.

(٥) لەعنەت لێکردن.

confounded (kən-foun′did), *adj.* (١) سەرڵێ شێواو؛ واق ووڕماو.

(٢) بە لەعنەت؛ لەعنەت لێکراو (٣) بۆگەن؛ پیس؛ ناپەسەند.

confraternity (kon′frə-tūr′nə-ti), *n.* (١) برایەتی

(٢) یەکێتی؛ کۆمەڵێك خەڵکی هاوپیشە یا هاوبیروباوەڕ.

confrere (kon′frâr), *n.* هاوکار؛ ئاوەڵ.

confront (kən-frunt′), *v.t.* (١) بەڕەو ڕوو وەستان؛ تووش بوون.

(٢) بەڕەنگاربوون؛ ڕووبەڕوو وەستان.

(٣) ڕووبەڕووکردن: *(He ~ed the accused with the evidence.)*

(٤) بەراووردکردن

confrontation (kon′frun-tā′shən), *n.* ڕووبەڕوو وەستان؛ بەڕەنگاربوون.

Confucian (kən-fū′shən), *adj.* تایبەتی بە " کۆنفیوشەس " و پێبازو بیروباوەڕەکەی‌و ئەوانەی پەیڕەوی دەکەن.

n. پەیڕەویکەری پێبازو فەلسەفەی " کۆنفیوشەس ".

Confucianism (kən-fū′shən-iz′m), *n.* پێبازو فەلسەفەی " کۆنفیوشەس " کە بریتیە لە دڵسۆزی بۆ باوك‌و دایك، خێزان، برادەر، باوباپیر، هەروەها پاراستنی ئاشتی‌و دادپەرستی.

confuse (kən-fūz′), *v.t.* (١) تێکوپێکدان؛ تێکەڵاوکردن؛ شێواندن.

(٢) سەرڵێ شێواندن؛ سەرڵێ تێکدان؛ سەرشێت کردن؛ چەواشەکردن.

(٣) بەهەڵەداچوون؛ نەناسینەوە: *(I ~d you with someone else.)*

-confusing *(adj.)*.

confused (kən-fūzd′), *adj.* (١) سەرڵێ شێواو؛ شڵەژاو؛ پەشۆکاو.

(٢) تێکەڵوپێکەڵ؛ شێواو؛ تێکچوو.

-confusedly *(adv.)*.

confusion (kən-fū′zhən), *n.* (١) سەرڵێ شێوان؛ چەواشەیی؛ حەپەسان؛ تەریق بوونەوە. (٢) پشێوی؛ ناڕاوە؛ پاشاگەردانی.

(٣) بەهەڵەداچوون؛ نەناسینەوە.

confutation (kon′fyoo-tā′shən), *n.* (١) بەدرۆخستنەوە؛ سەلماندنی هەڵەیی شتێك یا بیروباوەڕێك. (٢) بەڵگەی بەدرۆخەرەوە.

confute (kən-fūt′), *v.t.* (١) بەدرۆخستنەوە؛ سەلماندنی هەڵەیی کەسێك. (٢) سەلماندنی هەڵەیی هەڵوێست یا بیروباوەڕێك بە بەڵگەوە؛ بەدرۆخستنەوە (ووتە، دەنگوباس). (٣) تێکوپێکدان؛ لەکەڵك خستن.

conga (koŋ′gə), *n.* (١) کۆنگا: جۆرە سەمایەکی ئەمەریکای لاتینیی‌یە. (٢) مۆسیقای ئەم جۆرە سەمایە.

con game, [Slang], = confidence game.

congé (kon′zhā), *n.* (١) دەرکردن: *(He gave me my ~.)*

(٢) مااڵئاوایی کردن؛ خواحافیزی کردن.

(٣) [Archaic]، کڕنووش بردن لەکاتی مااڵئاواییدا.

(٤) نەقشێکی ڕازاندنەوە (خانووسازی).

congeal (kən-jēl′), *v.i.* (١) ڕەق بوون (بەهۆی بەستن یا ساردکردنەوە)؛ خەست بوونەوە. (٢) مەیین (ماست، محەلەبی)؛ مەیین؛ توندبوونەوە.

v.t. (١) ڕەق کردن؛ خەستکردنەوە. (٢) مەیاندن؛ توندکردنەوە.

-congealment *(n.)*.

congelation (kon′jə-lā′shən), *n.* (١) مەیین؛ توندبوونەوە.

(٢) شتێکی مەییو یا توندبووەوە.

congener (kon′ji-nēr), *n.* هاوجۆر، چین، ڕەگەز یا توخم (مرۆڤ، گیاندار، شت).

-congeneric *(adj.)*; **congenerous** *(adj.)*.

congenial (kən-jēn′yəl), *adj.* (١) (ا) لەیەکچوو؛ لەگەڵ یەك گونجاو: *(~ tastes)*

(ب) هاوڕەفتارو حەزو ناحەز: *(~ friends)*.

(٢) بەدڵبوو؛ باش؛ شیاو؛ پەسەند: *(~ surroundings)*.

-congeniality *(n.)*.

congenital (kən-jen′ə-t'l), *adj.* (١) زگماکی: *(a ~ defect)*.

(٢) ڕەوشت، کردەوە، یا خوویەکی زگماکی: *(a ~ thief)*.

-congenitally *(adv.)*.

conger (koŋ′gēr), *n.* جۆرە ماسی‌یەکی گەورەیە گۆشتەکەی دەخورێت.

congeries (kon-jēr′ēz, kon-jēr′i-ēz′), *n.* کۆمەڵ؛ تۆپەڵ.

congest (kən-jest′), *v.t.* (١) خوێن تێزان (نەندامێکی لەش).

(٢) کەڵەکەکردن؛ زۆر پڕکردن؛ قەرەبالغ کردن؛ بەرگرتن.

v.i. (١) خوێن تێزان؛ خوێن تێدا کۆمەڵ بوون.

(٢) زۆر پڕبوون؛ بەستران؛ گیران (لووت لەکاتی هەڵامەتدا)؛ بەرگیران.

congestion (kən-jes′chən), *n.* (١) خوێن تێزان (نەندامی لەش یا دەماغ). (٢) (ا) پڕبوون؛ بەستران؛ گیران (لووت لەکاتی هەڵامەتدا)؛ بەرگیران.

(ب) قەرەبالغی؛ پڕی؛ پەستان بەسەر یەکدا: *(traffic ~)*.

congested (kən-jes′tid), *adj.* (١) خوێن تێزاو.

(٢) (ا) پڕ؛ بەرگیراو؛ گیراو: *(a ~ nose)*.

(ب) قەرەبالغ. *(a ~ road)*

conglobate (kon-glō′bāt, koŋ′glō-bāt´), *v.t. & v.i.* تۆپەڵ کردن؛ تۆپەڵ بوون؛ خڕبوونەوە.

adj. تۆپەڵ؛ تۆپەڵ بوو؛ خڕ؛ خڕبوو.

-conglobation *(n.).*

conglobe (kon-glōb′), *v.t. & v.i.* = conglobate.

conglomerate (kən-glom′ĕr-āt´), *v.t.* کۆمەڵ کردن؛ کردن بە تۆپەڵ.

v.i. کۆمەڵ بوون؛ تۆپەڵ بوون؛ بوون بە تۆپەڵ.

n. (۱) تۆپەڵ؛ کۆمەڵ؛ تۆپەڵێکی هەمەچەشن. (۲) بەردێک کە لە وورده بەردو زیخ و چیمەنتۆ پێک هاتبێت (زەمینناسی). (۳) هاوبەشی یا کۆمپانیایەکی گەورە کە لە چەند کۆمپانیایەکی جیا جیا پێک هاتبێت و هەر کۆمپانیایەک بە جۆرە کارێکەوە خەریک بێت.

adj. (۱) تۆپەڵ؛ کۆمەڵ بوو؛ تۆپەڵ کراو. (۲) هەمەچەشن؛ هەمەڕەنگ؛ جۆر بە جۆر. (۳) لە شتی جیا جیا پێکهاتووەو بە کەرەسەیەکی وەک چیمەنتۆ پەق بووەو وەک بەردی لێهاتووە (زەمینناسی).

conglomeration (kən-glom ĕr-ā′shən), *n.* (۱) کۆمەڵ بوون؛ تۆپەڵ بوون؛ پەکگرتن. (۲) تۆپەڵێکی هەمەچەشنە؛ شتێکی ناوێتە. (۳) کۆمەڵ یا تۆپەڵێکی یەکگرتوو.

conglutinate (kən-glōō′tə-nāt´), *adj.* بە سریش پێکەوە نووسێنراو؛ بە کەتیرە لێکدراو.

v.t. & v.i. پێکەوەنووساندن (بە سرێش)؛ پێکەوەنووسان.

-conglutination *(n.).*

congou (koŋ′gōō), *n. Also* congo, جۆرە چایەکی ڕەشی چینیيە.

congratulate (kən-grach′ə-lāt´), *v.t.* (۱) پیرۆزبایی لێکردن؛ چاوڕوونی لێکردن. *(We ~d the boy on winning the race.)* (۲) [Obs.]. ئاهەنگ گێڕان. (۳) [Obs.]. سڵاولێکردن.

congratulation (kən-grach´ə-lā′shən), *n.* (۱) پیرۆزبایی؛ پیرۆزبایی لێکردن؛ پیرۆزبایی کردن (۲) *(pl.)* پیرۆزبایی؛ پیرۆزبێت!؛ چاوتان ڕوون!؛ خۆشی لە خۆت!.

congratulator (kən-grach′ə-lā´tĕr), *n.* پیرۆزباییکەر.

-congratulatory *(adj.).*

congregate (koŋ´grə-gāt′), *v.t.* کۆکردنەوە؛ کۆڕ یێ بەستن.

v.i. کۆبوونەوە؛ کۆڕبەستن.

adj. (۱) کۆ؛ کۆبووەوە؛ پێکەوە. (۲) گشتی؛ هەموو.

congregation (koŋ´grə-gā′shən), *n.* (۱) کۆبوونەوە (۲) کۆمەڵێک خەڵک کە پێکەوە کۆبوونەوە. (۳) دەستەی نوێژکەران؛ کۆمەڵێک نوێژکەر لە پەرستگادا؛ کۆمەڵێک خەڵک لە پەرستگادا. (٤) ئەندامانی پەرستگایەک؛ ئەندامانی کڵێسەیەک. (٥) ئاوەدانیەک یا ناوایەک لە سەرەتای ئاوەدانکردنەوەی ئەمەریکای باکوور. (٦) جوولەکە؛ جوولەکەکان. (۷) لیژنەیەک لە کەڵە قەشەکان.

congregational (koŋ´grə-gā′shən-'l), *adj.* (۱) تایبەتی بە ئەندامانی پەرستگایەک؛ وەک کۆمەڵێک نوێژکەران لە پەرستگایەکدا؛ تایبەتی بەم کۆمەڵە. (۲) [C-]، تایبەتێیە بە سەربەستی هەموو پەرستگایەک و ئەندامەکانی.

congregationalism (koŋ´grə-gā′shən-'l-iz'm), *n.* (۱) شێوەیەکە لە ڕێکخراوی کڵێسەیی کە سەربەستی دەدات بە هەموو کڵێسەیەک و ئەندامەکانی کە سەر بەم ڕێکخراوەن. (۲) [C-]، بیرۆباوەڕو ڕێبازی لقێکە لە ناینی پرۆتستانتی کە سەربەستی دەدات بە کڵێسەو ئەندامانی نەو کڵێسانەی کە سەر بەون.

congress (koŋ′grəs), *n.* (۱) کۆبوونەوە؛ پەکگرتن. (۲) جوت بوون؛ گان. (۳) پەیوەندی کۆمەڵایەتی. (٤) کۆنگرە؛ کۆبوونەوەیەکی گەورە.

(٥) ئەنجوومەنی تایبەتی کە نوێنەرانی میللەتان و ناینەکانی تێدایە بۆ باسکردنی گیروگرفتی جیهانی.

(٦) ئەنجوومەنی نوێنەران (هی گشت وڵاتێک)؛ پەرلەمان؛ کۆنگرێس.

(۷) [C-]، (ا) ئەنجوومەنی نوێنەرانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە هەردوو لقەکەیەوە؛ کۆنگرێسی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا.

(ب) کۆبوونەوەیەکی ئەم ئەنجوومەنە.

(ج) سەرجەمی ئەندامانی ئەم ئەنجوومەنە کە پێکەوە کاردەکەن بۆ ماوەی دوو ساڵ.

congressional (kən-gresh′ən-'l), *adj.* (۱) تایبەتی بە- ئەنجوومەنێک یا کۆبوونەوەکانی. (۲) [C-]، تایبەتی بە کۆنگرێسی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا.

Congressional district, ناوچەیەک لە ناوچەکانی هەڵبژاردن لە یەکێک لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کە هەر دوو ساڵ جارێک نوێنەرێک هەڵدەبژێرێت بۆ کۆنگرێسی ئەمەریکی کە لە واشنتۆن کۆدەبێتەوە.

congressman (koŋ′grəs-mən), *n.* ئەندامی کۆنگرێسی ئەمەریکی؛ نوێنەری گەل؛ نوێنەر (بەتایبەتی لە کۆنگرێسی ئەمەریکیدا).

congresswoman (koŋ′grəs-woom´ən), *n.* ئەندامێکی ژنی کۆنگرێسی ئەمەریکی؛ نوێنەرێکی ژنی گەل؛ نوێنەری ژن (بەتایبەتی لە کۆنگرێسی ئەمەریکیدا).

congruence (koŋ′grōō-əns), *n.* (۱) گونجان؛ لەیەکچوون (۲) شیان؛ بەجێیی. (۳) لەگەڵ یەک ڕێکەوتن؛ پێکەوە گونجان (ڕێزمان) (٤) (ا) پەیوەندی نێوان دوو ژمارەیە کە ئەگەر دابەشیان بکەیت بەسەر هەمان ژمارەدا ئەوەی لێی دەمێنێتەوە وەک یەک وادەبێت (بیرکاری). (ب) جووت بوون (ئەندازە)؛ جووتی؛ یەک بەیەکی.

congruency (koŋ′grōō-ən-si), *n.* = congruence.

congruent (koŋ′grōō-ənt), *adj.* (۱) لەگەڵ یەک گونجان؛ لەیەکچوون. (۲) لەگەڵ ڕێکەوتن؛ لەگەڵ گونجان (ڕێزمان). (۳) جووت بوون (ئەندازە)؛ جووتی؛ یەک بەیەکی. (٤) ئەگەر دابەش بکرێن بەسەر هەمان ژمارەدا ئەوەی کە دەمێنێتەوە وەک یەک وادەبێت (بیرکاری).

congruity (kən-grōō′ə-ti), *n.* (۱) لەگەڵ یەکدا گونجان؛ گونجان؛ شیان؛ ڕێکەوتن. (۲) جووت بوون (ئەندازە)؛ یەک شێوەیی؛ یەک بەیەکی.

congruous (koŋ′grōō-əs), *adj.* گونجاو؛ شیاو؛ ڕێکەوتوو؛ بەجێ؛ شیاو؛ پەسەند.

conic (kon′ik), *adj.* قووچەکی؛ شێوە قووچەکی.

conical (kon′i-k'l), *adj.* = conic.

conics (kon′iks), *n.pl.* ئەو بەشەی ئەندازەناسی کە لە شێوەی قووچەکی دەکۆڵێتەوە.

conic section, شێوەی قووچەکی (ئەندازە).

conifer (kō′nə-fēr, kon′ə-fēr), *n.* داری سنەوبەر.

-coniferous *(adj.).*

conjectural (kən-jek′chēr-əl), *adj.* (۱) تایبەتی بە ڕەمل لێدان؛ بەپێی ڕەمل لێدانەوە؛ گۆتەرەکاریيە. (۲) حەز لە ڕەمل لێدان دەکات.

conjecture (kən-jek′chēr), *n.* ڕەمل لێدان؛ گۆتەرەکاری؛ وادانان؛ گۆتەرە؛ مەزەندە.

v.t. & v.i. ڕەمل لێدان؛ گۆتەرەکاری کردن؛ وادانان؛ لاوابوون؛ مەزەندەکردن.

conjoin (kən-join′), *v.t. & v.i.* پێکەوەبەستن؛ بەیەک گەیاندن؛ یەک پێگرتن؛ یەکگرتن؛ کردن بە یەک؛ بوون بە یەک؛ کۆکردنەوە؛ لەیەکدان.

conjoint (kən-joint′), *adj.* (۱) یەکگرتوو؛ پێکەوە. (۲) دووقۆڵی؛ دوولایی؛ ناوکۆیی.

conjointly (kən-joint′li), *adv.* پێکەوە؛ بە یەکگرتوویی.

conjugal (kon′joo-gəl), *adj.* تایبەتی بە ژن و مێرد؛ هی ژن و مێردایەتی.

-conjugality *(n.).*

conjugate (kon′joo-git), *adj.* (۱) جووتە؛ دووانە؛ پێکەوە بەستراو

(۲) جووت جووت؛ دووانه (گەڵ)؛ دوو گەڵ بە یەك لاسكەوە.
(۳) لە هەمان رەگەوە وەرگیراوە (روشە)؛ هاوڕەگو هاوماناو (روشە).
(٤) دوو خاڵ؛ هێڵ یا هەندی لەیەكچوو (بیركاری).
n. دوو روشەی هاوڕەگو هاوماناو.
v.t. (۱) بەیەك گەیاندن؛ جووت كردن؛ كردن بە یەك؛ یەك پێگرتن.
(۲) گەردانكردنی كردار (رێزمان).
(write- wrote- written; play- played- played)
v.i. (۱) [Rare]، جووت بوون (ژن و پیاو).
(۲) یەك پێگرتن؛ یەكخستن (پووەكناسی).
(۳) (ا) گەردانكردنی كردار (رێزمان). (ب) گەردان بوونی كردار.
conjugation (kon´joo-gā´shən), *n.* (۱) یەككرتن؛ بوون بە یەك؛ جووت بوون؛ پێكەوەبەستن.
(۲) بەیەكداچوونی دوو پووەكی یەك شانە بە مەبەستی زاووزێ.
(۳) گەردانكردنی كردار (رێزمان).
(speak- spoke- spoken; smile- smiled- smiled)
-conjugational *(adj.)*; **conjugator** *(n.)*.
conjunct (kən-juŋkt´, kon´juŋkt), *adj.* [Archaic]. یەككرتوو؛ پێكەوە بەستراو؛ یەكبوون.
conjunction (kən-juŋk´shən), *n.* (۱) بە یەك گەیاندن؛ پێكەوە؛ بوون بە یەك؛ لەگەڵ. (۲) رێكەوتن؛ هاوكات (رووداو): *(the ~ of events)*.
(۳) نزیكی دوو نەستێرە لەیەكتر؛ *(planets in ~)*.
(٤) ئامرازی لێكدەر؛ ئامرازی پەیوەندی:
(and, but, or, through, because, etc.)
conjunctiva (kon´juŋk-tī´və), *n.* پێستی دیوی ناوەوەی پێڵووی چاوو دیوی دەرەوەی چاو.
conjunctive (kən-juŋk´tiv), *adj.* (۱) یەككرتوو؛ جووت بوو.
(۲) لەیەكدەر؛ گەیەنەر. (۳) لێكدەر (ئامراز، روشە).
n. ئامراز یا روشەی لێكدەر (رێزمان): *(and, but, unless, through)*.
-conjunctively *(adv.)*.
conjunctivitis (kən-juŋk´tə-vī´tis), *n.* هەوكردنی پێستی دیوی ناوەوەی پێڵووی چاو.
conjuncture (kən-juŋk´chēr), *n.* (۱) بوون بە یەك؛ یەككرتن.
(۲) رووداوی چەند شتێك پێكەوە؛ یەككرتنی چەند پووداوێك.
(۳) تەنگوچەڵەمە؛ گیروگرفت.
conjuration (kon´joo-rā´shən), *n.* (۱) بانگ كردن؛ داواكردن؛ بانگ. (۲) دزعای جادووگەری. (۳) جادووگەری.
(٤) [Archaic]، لە خوا پاڕانەوە.
conjure (kən-joor´), *v.i.* (۱) بانگ كردن و هێنانەپووی جنۆكەو دێو و درنج. (۲) جادووگەری كردن؛ سیحربازی كردن.
v.t. (۱) داواكردن؛ لێ پاڕانەوە؛ تكاكردن:
(I ~ you in the name of God to help me.)
(۲) بانگ كردن و هێنانە پێشەوەی جنۆكەو دێو و درنج.
(۳) (ا) (~ up)، هێنانە بەرچاو؛ هێنانەوە بیر:
(She ~d up visions of a better life.)
(ب) (~ away)، رەواندنەوە؛ بەبادان؛ لەبیربردنەوە:
(The music ~d my troubles away.)
conjurer, conjuror (kən-joor´ēr), *n.* (۱) جادووگەر.
(۲) تەكاكەر؛ پاڕەڕەو.
conk (koŋk), *n.* [Slang], (۱) سەر. (۲) لووت، [British]
(۳) بەسەردا مالێن؛ پیامالێن.
v.t. [Slang], پیامالێن؛ بەسەردا مالێن.
conk out, [Slang], (۱) لەپڕ لەكاركەوتن (مەكینە)؛ پەككەوتن.
(۲) ماندووبوون؛ بەلاداهاتن و خەولێكەوتن لە ماندووبیدا.
con man, [Slang], = confidence man.
conn (kon), *v.t.* پاپۆڕ یا بەلەم لێخوڕین.

n. لێخوڕین (پاپۆڕ، بەلەم).
connate (kon´āt), *adj.* (۱) زگماكی؛ خۆیی.
(۲) هاوبنچینە؛ هاوسەرچاوە؛ هاوسروشت.
(۳) لە زگماكیی‌یەوە پێكەوەنووسان (پووەكناسی).
connation (kə-nā´shən), *n.* لە زگماكیی‌یەوە پێكەوەنووسان.
connatural (kə-nach´ēr-əl), *adj.* (۱) زگماكی؛ سروشت كرد؛ خۆیی. (۲) هاوبنچینە؛ هاوسەرچاوە؛ هاوسروشت.
connect (kə-nekt´), *v.t.* (۱) پێكەوەنووساندن؛ پێكەوەلكاندن؛ جووت كردن؛ لێكدان؛ پێكەوەبەستن؛ هەڵبەستن.
(۲) وەك یەك سەیركردن (لە مێشكدا)؛ بەیەكەوە بەستن (لە مێشكدا)
(We ~ orange blossoms with weddings.)
(۳) گەیاندن بە؛ بە یەك گەیاندن:
(The operator will ~ you with New York.)
(٤) پێكەوەبەستن (كارەبا).
v.i. (۱) پێكەوەنووسان؛ پێكەوەلكان.
(۲) گەیشتن و یەككرتنەوە لە كاتی دیاریكراودا (شەمەندەفەر، پاس، فڕۆكە بۆئەوەی ڕێبوار بە قۆناغی دووەمی گەشتەكەیدا بگات).
(۳) شیان؛ گونجان؛ ڕێكەوتن.
(٤) [Slang]، سەركەوتووبوون لە لێدانی تۆپێكدا (وەرزش).
connected (kə-nek´tid), *adj.* (۱) پێكەوە بەستراو؛ پێكەوە لكێنراو؛ لكاو؛ لێكدراو. (۲) گونجاو و مانابەخش (نووسراو، بیروباوەڕ، چیرۆك).
(۳) پەیوەندیدار.
-connectedly *(adv.)*.
connecter (kə-nek´tēr), *n.* = connector.
connecting rod, شیشی بەیەككگەیەنەر (مەكینەی نوتومبیل).
connection (kə-nek´shən), *n.* (۱) پێكەوەبەستن؛ پێكەوەلكاندن؛ بەستن؛ جووت بوون؛ لێكدان. (۲) لێكدەر؛ هۆی لێكدان؛ گەیەنەر؛ پەیوەست.
(۳) پەیوەندی: (ا) چەند شتێكی پێكەوە بەستراو؛ پەیوەستی.
(ب) گونجان و مانا بەخشین (نووسراو، چیرۆك، هەڵبەست)؛ پەیوەستی.
(ج) مەیدانی ووتەو نووسراو؛ چوارچێوە یا قاڵبی ووتەو نووسراو؛ پەیوەستی
(د) پەیوەندی خزمایەتی یا هاوپێشەیی.
(٤) (*pl.*)، (ا) خزم (بەتایبەتی لەپڕی ژن و ژنهێنانەوە).
(ب) ناسیاوێكی بەدەسەڵات؛ پشت: *(He has powerful ~s.)*.
(۵) (*pl.*)، گۆڕینی هۆی هاتوچۆ لەلایەن ڕێبوارەوە بەتایبەتی لەكاتی گەشتی دوورودرێژدا (چونكە ئەو فڕۆكە، شەمەندەفەر، یا پاسەی سواری دەبێت لە سەرەتای گەشتەكەدا لەوانەیە هەرچەند قۆناغێك بتبات بەرەو جێی مەبەست یا دواقۆناغ، چونكەر هەر یەكە ڕێی دیاریكراوی خۆیە).
(٦) تاقمێك خەڵكی هاوپیشە یا هاوئاین. (۷) لقێكی ئایینی.
(۸) تەڵی كارەبا (كە تەووژمی كارەبای پێدا دەڕوات). (۹) هێڵی تەلەفۆن.
-connectional *(adj.)*.
in connection with, (۱) دەربارەی؛ سەبارەت بە؛ لەم پووەوە.
(۲) لەگەڵ؛ پێكەوە.
connective (kə-nek´tiv), *adj.* تایبەتی بە پێكەوەبەستن؛ پێكەوەبەست.
n. ئامرازی لێكدەر؛ ئامرازی پەیوەندی؛ روشەی پەیوەست؛ لكێنەر (روشە).
(and, but, or, unless, although, etc.)
connective tissue, تێشووی پێكەوەبەست (لەش).
connector (kə-nek´tēr), *n.* لێكدەر (مرۆڤ، ئامێر، روشە، ئامراز)؛ لكێنەر؛ گەیەنەر؛ روشە یا ئامرازی پەیوەندی.
connexion (kə-nek´shən), *n.* = connection.
conning tower, (۱) قوللەی لێخوڕین و ڕوانین (پاپۆڕی جەنگی).
(۲) قوللەی ڕوانین؛ ڕوانگە (ژنردەریایی).
conniption (kə-nip´shən), *n.* [Colloq.], تووڕەبوون یا هیستریایەكی سەردەمی؛ حاڵ لێهاتن (منداڵ).
connivance (kə-nī´vəns), *n.* (۱) خۆ لێ گێل كردن (قاوان).

(۲) چاو لێ نووقاندن (تاوان)؛ چاو لێ پۆشین‌و هاندانی کردنی تاوانێك؛ پیلان.
connive (kə-nīv′), *v.i.* (۱) چاوپۆشین (له کرده‌وه‌ی ناپه‌سه‌ند)؛ خۆ گێل کردن له تاوانێك یا به‌دکاریه‌ك وه حه‌زکردن به سه‌رکه‌وتنی له دڵه‌وه. (۲) (~ with) .. پیلان گێڕان؛ به نهێنی هاوکاری کردن له کاری ناپه‌سه‌ندا. **-conniver** *(n.).*

connivent (kə-nīv′ənt), *adj.* سه‌رمکانیان له‌یه‌ك ده‌ده‌ن؛ به‌رمو یه‌ك چوو (باڵی مێش‌ومه‌گه‌ز، نێره‌کی پووه‌ك).

connoisseur (kon′ə-sûr′), *n.* شاره‌زا (خواردن‌و خواردنه‌وه)؛ سه‌رده‌رچوو؛ بزان.

connotation (kon′ə-tā′shən), *n.* (۱) واگه‌یاندن (مانا). (۲) واتا یا مانای ووشه‌یه‌ك زیاد له مانای بنچینه‌یی ووشه‌که: *("Politician" has different ~s from "statesman".; Some words have good ~s while others have bad ~s.)* (۳) مانای گشتی‌و تایبه‌خۆی ووشه‌یه‌ك (ژیربێژی) **-connotative** *(adj.).*

connote (kə-nōt′), *v.t.* واگه‌یاندن؛ گه‌یاندن (مانا)؛ مانا گه‌یاندن زیاد له مانای بنچینه‌یی ووشه‌که: *(The word "mother" ~s love, care, tenderness, etc.; The word "politician" ~s opportunism, dishonesty, etc.)*

connubial (kə-nōō′bi-əl, kə-nū′bi-əl), *adj.* ژن‌ومێردایه‌تی؛ تایبه‌تی به ژن‌ومێردایه‌تی. **-connubiality** *(n.)*; **connubially** *(adv.).*

conoid (kō′noid), *adj. Also* **conoidal,** قووچه‌کی *n.* شتێکی قووچه‌کی؛ وێنه‌یه‌کی قووچه‌کی (نه‌ندازه)؛ قووچه‌ك.

conquer (koŋ′kər), *v.t.* (۱) داگیرکردن؛ ده‌ست به‌سه‌ردا گرتن. (۲) به‌زاندن؛ شکاندن؛ به‌سه‌ردا زاڵبوون: *(We ~ed the enemy.)* . *v.i.* زاڵبوون؛ بردنه‌وه

conqueror (koŋ′kēr-ər), *n.* (۱) داگیرکه‌ر؛ زه‌وتکه‌ر. (۲) زاڵ؛ به‌زێنه‌ر.

conquest (koŋ′kwest, kon′kwest), *n.* (۱) داگیرکردن؛ گرتن؛ شکان؛ به‌زان (۲) شتێکی داگیرکراو (وڵات، گه‌ل، تاڵانی). (۳) (ا) دڵفراندنی که‌سێك. (ب) که‌سێکی دڵفرێنراو.

conquian (koŋ′ki-ən), *n.* کۆنکه‌ن جۆره یاریه‌کی کاغه‌زه.

conquistador (kon-kwis′tə-dôr′), *n.* یه‌کێك له نیسپانیه‌یی داگیرکه‌ره‌کانی مه‌کسیك یا پیرۆ یا وڵاتانی تری نه‌مه‌ریکا له‌سه‌ده‌ی شانزه‌همدا

consanguine (kon-saŋ′gwin), *adj.* = consanguineous.

consanguineous (kon′saŋ-gwin′i-əs), *adj.* خزم‌وخوێش؛ خزم؛ هاوخوێن؛ هاو باووباپیر.

consanguinity (kon′saŋ-gwin′ə-ti), *n.* خزمایه‌تی؛ خزمی؛ خزم‌وخوێشی؛ هاوخوێنی؛ هاو باووباپیری.

conscience (kon′shəns), *n.* ده‌روون؛ وێژدان. **in all conscience,** (۱) له هه‌قیانه‌تدا؛ به‌پێی هه‌قیانه‌ت؛ نه‌گه‌ر هه‌قیانه‌تت ده‌وێت (۲) بێ گومان؛ به ڕاستی؛ له ڕاستیدا. **on one's conscience,** هه‌ستکردن به بێ وێژدانی (له‌نه‌نجامی کردنی کارێکدا که ده‌زانیت ناڕه‌وایه)؛ هه‌ست به گوناهباری کردن؛ له نه‌ستۆدا بوون.

conscienceless (kon′shəns-lis), *adj.* بێ وێژدان؛ ده‌روون ڕه‌ش.

conscience money, پاره‌ی وێژدان: پاره‌یه‌که ده‌دێت بۆ سووك کردنی باری وێژدان (که‌سێك ده‌یدات که هه‌ست به گوناهباری بکات له‌بەر کردنی شتێك که نه‌ده‌بوو بیکات یا نه‌کردنی شتێك که ده‌بوو بیکات).

conscience-stricken (kon′shəns-strik′ən), *adj.* هه‌ست به گوناهباری کردن (له‌بەر کردنی کارێکی خراپه).

conscientious (kon′shi-en′shəs, kon′si-en′shəs), *adj.* به وێژدان؛ خاوەن وێژدان؛ سه‌رڕاست؛ ڕاست: *(a ~ worker)* . **conscientious objector,** که‌سێکه که نه‌یه‌وێت چه‌ك هه‌نگرێت یا بچێته ناو سوپاوه چونکه دژی جه‌نگ‌و پیاوکوشتنه‌و ناشتیخوازه (به‌تایبه‌تی ئه‌ندامی هه‌ندێك کۆمه‌ڵی ئایینی).

conscionable (kon′shən-ə-b'l), *adj.* ڕەوا؛ هەق.

conscious (kon′shəs), *adj.* (۱) به‌هۆش؛ به‌ئاگا؛ هۆشمه‌ند. (۲) ووریا؛ هۆشیار؛ ئاگادار؛ بزان. (۳) شه‌رمن؛ زوو ته‌ریق ده‌بێته‌وه. (٤) هه‌ستپێکه‌ر: *(~ guilt)* . (٥) ده‌سه‌نقه‌ست: *(a ~ insult)* . **-consciously** *(adv.).*

the conscious, مێشکی ئاگادار: ئه‌و به‌شه‌ی چالاکی مێشکه که مرۆڤ خۆی پێی ده‌زانێت‌و ئه‌ی ئاشکرایه‌و ئاگای لێیه‌تی (ده‌رووننناسی)؛ هه‌ستی پێ زانراو؛ بیروهۆشی به‌ئاگا.

consciousness (kon′shəs-nis), *n.* (۱) هۆش؛ هۆشیاری؛ به‌ئاگایی. (۲) بیروهۆش‌و هه‌ست‌و نه‌ست‌و بیروباوه‌ڕو حه‌زونه‌زی مرۆڤ. (۳) بیروهۆشی به‌ئاگا (ده‌رووننناسی)؛ بیروهۆشی هه‌ستپێکراو. (٤) (ا) ئاگاداربوونی مرۆڤ له باری ژیانی خۆی. (ب) ئاگاداربوونی که‌سێك له باری ژیان به‌گشتی‌و چه‌وسانه‌وه‌ی گه‌ل، چینێك یا ڕه‌گه‌زێك به‌تایبه‌تی.

consciousness-raising, ووریابوونه‌وه؛ ووریاکردنه‌وه: ئاگادارکردنی مرۆڤ له باری ناڕه‌وای ژیان‌و چه‌وسانه‌وه‌ی گه‌ل تاوه‌کو ئامادەبێت بۆ گۆڕینی.

conscript (kən-skript′), *v.t.* (۱) به‌زۆر گرتن به سه‌رباز. (۲) بێگارپێکردن (له‌لایه‌ن میریه‌وه). *adj.* به‌زۆر گیراو به سه‌رباز. *n.* سه‌ربازێکی به‌زۆر گیراو؛ که‌سێك که به‌زۆر گیرابێت به سه‌رباز.

conscription (kən-skrip′shən), *n.* (۱) سه‌ربازگرتن؛ سه‌ربازگری. (۲) بێگار (بۆ میری). (۳) سه‌رانه‌یه‌که میری له گه‌ڵ ده‌سه‌نێت له‌کاتی جه‌نگدا.

consecrate (kon′sə-krāt′), *v.t.* (۱) (ا) پیرۆزکردن: *(~ a church)* (ب) پیرۆزکردن: *(The bishop ~d the bread and wine.)* . (۲) کردنی قه‌شه‌یه‌ك به سه‌رۆك قه‌شه له ئاهه‌نگێکی ئاینییدا. (۳) ته‌رخان کردن: *(He ~d his life to art.)* . (٤) پیرۆزکردن؛ پله‌ی پیرۆزی پێدان: *(a tradition ~d by time)* .

consecrated (kon′sə-krā′tid), *adj.* پیرۆز: پیرۆزکراو؛ پیرۆز.

consecration (kon′sə-krā′shən), *n.* (۱) ئاهه‌نگی پیرۆزکردن؛ پیرۆزکردن. (۲) پیرۆزی؛ پیرۆزکراوی. **-consecrator** *(n.).*

consecution (kon′sə-kū′shən), *n.* (۱) به‌رمو دوایی؛ زنجیره. (۲) په‌یوه‌ندی بیرێك به‌و بیره‌ی که له پێشیوه‌یه‌تی و نه‌وه‌یشی که له دواوه‌یه‌تی (ژیربێژی).

consecutive (kən-sek′yoo-tiv), *adj.* (۱) یه‌ك له دوای یه‌ك؛ به‌رمو دوا به‌بێ پچڕان: *(four ~ weeks)* . (۲) هه‌موو به‌شه‌کان په‌یوه‌ندی‌یان هه‌یه له‌گه‌ڵ یه‌کتریدا (چیرۆك، دووان... هتد) (۳) نه‌نجامدەر (ڕێزمان). **-consecutively** *(adv.).*

consensual (kən-sen′shōō-əl), *adj.* (۱) به ڕەزامه‌ندی هه‌ردوولا کراوه: *(a ~ contract)* . (۲) خۆنه‌ویست.

consensus (kən-sen′səs), *n.* یه‌کێتی بیروباوەڕ؛ ڕێکه‌وتن- (بیروباوەڕ)؛ پێکهاتنی بیروباوەڕی گشت خه‌ڵك ده‌باره‌ی مه‌سه‌له‌یه‌ك؛ یا له‌سه‌ر بوونی گشتی: *(They rule the country by ~ .)* .

consent (kən-sent′), *v.i.* ڕێکه‌وتن؛ ڕازی بوون؛ پەسه‌ندکردن. *n.* ڕێکه‌وتن؛ یا له‌سه‌ر بوون؛ پەسه‌ندکردن: *(by common / general ~)* .

consentaneous (kon′sen-tā′ni-əs), *adj.* (۱) ڕێکه‌وتوو؛ پێکه‌وه گونجاو. (۲) به یه‌ك ده‌نگ؛ هه‌موو؛ ڕای هه‌مووی له‌سه‌ره.

consentient (kən-sen′shənt), *adj.* هه‌موو یه‌ك ده‌نگ؛

به پای گشتی

consequence (kon′si-kwens′, kon′si-kwəns), *n.* (۱) بەرەو دوایی (۲) ئەنجام. (۳) پەیوەندی نێوان هۆو ئەنجام. (٤) گرنگی هۆیەك یا مەسەلەیەك: *(a matter of no ~)*. (٥) گرنگی و بەدەسەلاتی کەسێك: *(a person of ~)*.

in consequence, لەئەنجامدا؛ لەبەرئەوە؛ کەوابوو.

in consequence of, لە ئەنجامی ئەوەدا؛ بەهۆی ئەوەوە؛ لەبەرئەوە.

take the consequences, قایل بوون بە ئەنجامی کردەوەی خۆ

consequent (kon′si-kwent′, kon′si-kwənt), *adj.* (۱) لەوەوە هاتووە؛ لە ئەنجامی ئەوە. (۲) پاشکۆیەتی. (۳) یەك لەدوای یەکە.

n. (۱) پاشکۆ؛ شتێك کە لەدوای شتێکی ترەوە بێت (۲) ئەنجام. (۳) دووەم بەشی ڕێژەیەك یا کەرتێك (بیرکاری).

consequent on (or upon), لە ئەنجامی ئەوەدایە.

consequential (kon′si-kwen′shəl), *adj.* (۱) لە ئەنجامدایە؛ ئەنجامە. (۲) لەخۆبایی؛ بەفیز؛ گومڕا؛ کەشخەچی؛ تڕزل. (۳) [Rare]، گرنگ.

-consequently *(adv.)*.

conservancy (kən-sûr′vən-si), *n.* (۱) پاراستنی سامانە سروشتییەکان (وەك: دارستان، ئاوی ڕوبارو دەریاچە، گیانداری کێوی). (۲) لیژنەی پاراستنی سامانی سروشتی لە ئینگلتەرە.

conservation (kon′sĕr-vā′shən), *n.* (۱) پاراستن؛ هێشتنەوە؛ بەفیڕۆنەدان (۲) پاراستن یا پارێزگاری کردنی سامانە سروشتییەکان (وەك دارستان، ئاوی ڕوبارو دەریاچە، گیانداری کێوی... هتد).

conservationist (kon′sĕr-vā′shən-ist), *n.* پارێزەری سامانە سروشتییەکان

conservation of energy, مانەوەی ووزە وەك خۆی و نەفەوتانی (فیزیا)

conservatism (kən-sûr′və-tiz′m), *n.* کۆنەپارێزی؛ پاراستنی تەریت و ڕێنمایی کۆن؛ کۆنەپەرستی؛ هێشتنەوەی باری شتێك وەك خۆی و بەرهەڵستی کردنی گۆڕینی؛ ڕێبازو بیروڕای حیزبێك یا کۆمەڵێکی کۆنەپەرست.

conservative (kən-sûr′və-tiv), *adj.* (۱) کۆنەپەرست؛ کۆنەپارێز؛ حەزکەر بە پاراستنی تەریت و ڕێنمایی کۆن: *(a ~ political party)*. (۲) تایبەتی بە فەلسەفەو هەڵوێستی کۆنەپەرستی *(~ views)*. (۳) [C-]. تایبەتی بە حیزبی ڕاستڕەو یا کۆنەپەرستی ئینگلتەرەو کەنەدا. (٤) مام ناوەندی؛ ناوەندی (خەملاندن): *(a ~ estimate)*. (٥) کۆن؛ کۆنەباو: *(a ~ suit)*. (٦) پارێزەر؛ نەفەوتێنەر.

n. (۱) کەسێکی کۆنەپەرست؛ کۆنەپەرست؛ کۆنەپارێز (۲) [C-]. نەندامی حیزبێکی ڕاستڕەو یا کۆنەپەرستی ئینگلتەرەو کەنەدا. (۳) کەسێکی پارێزەر؛ نەفەوتێنەر.

conservator (kon′sĕr-vā′tĕr, kən-sûr′və-tĕr), *n.* پارێزگار؛ پارێزەر؛ پێ سپێردراو؛ پاسەوان.

conservatory (kən-sûr′və-tô′ri, kən-sûr′və-tō′ri), *adj.* تایبەتی بە پارێزگاری یا پاراستن

n. (۱) زانستگای مۆسیقا یا شانۆ؛ زانستگای هونەر. (۲) ژووری پاراستنو پیشاندانی ڕووەك و گوڵ؛ شەتڵگا؛ جامخانەی گوڵ و نەمام.

conserve (kən-sûrv′), *v.t.* (۱) پاراستن؛ پارێزگاری کردن؛ هەڵگرتن؛ هێشتنەوە؛ بەفیڕۆنەدان: *(C~ your energy.)*. (۲) مرەبا دروستکردن؛ مرەباگرتنەوە.

n.pl. مرەبایەکی دوو میوە.

consider (kən-sid′ĕr), *v.t.* (۱) لێ وردبوونەوە؛ تەماشاکردن؛ تێبینین؛ لێکۆڵینەوە (۲) بیرلێکردنەوە: *(Let's ~ the problem.)*. (۳) بایەخ پێدان؛ لێکدانەوە؛ ڕەچاوکردن: *(Her behavior is not hard to understand if you ~ her background.)*. (٤) دڵی خەڵك ڕاگرتن: *(You have to ~ other people.)*. (٥) وادانان؛ دانان: *(Money is generally ~ed important.)*. (٦) بڕوا وابوون (پاش بیرلێکردنەوە): *(We ~ him guilty.)*. (۷) بە خەیاڵداهاتن؛ بیرلێکردنەوەو پەسەندکردن: *(Would you ~ going with us?)*

v.i. بیرکردنەوە.

considerable (kən-sid′ĕr-ə-b'l), *adj.* (۱) زۆر؛ ئێجگار زۆر (پلە، هەند، ڕادە): *(a ~ amount of money)*. (۲) شایستەی بیرلێکردنەوەیە؛ گرنگ.

-considerably *(adv.)*.

considerate (kən-sid′ĕr-it), *adj.* دڵی خەڵك ڕاگر؛ بەهەست؛ بە تەنگ هەستی خەڵکەوە هاتوو.

consideration (kən-sid′ə-rā′shən), *n.* (۱) لێکۆڵینەوە؛ لێ وردبوونەوە: *(The matter is under ~ .)*. (۲) دڵی خەڵك ڕاگرتن؛ بە تەنگ دڵ و هەستی خەڵکەوە هاتن. (۳) ڕێز؛ ڕێزلێگرتن. (٤) بیر؛ ڕا؛ بیروڕا. (٥) شتێکی بە بایەخ لە بڕیاردانێکدا. (٦) گرنگی؛ بایەخ. (۷) پاددداشت؛ کرێ.

in consideration of, (۱) لەبەر؛ بەهۆی. (۲) بەرامبەر بە؛ لە پاددداشتی ئەوەدا.

on no consideration, هەرگیز؛ قەت.

take into consideration, بایەخ پێدان؛ ڕەچاوکردن؛ لێکدانەوە.

under consideration, ایێی دەکۆڵرێتەوە (بۆ ئەوەی بڕیاری لەسەر بدرێت)؛ بیری لێ دەکرێتەوە.

considered (kən-sid′ĕrd), *adj.* (۱) بەووردی ایێی کۆڵراوەتەوە؛ بیرلێکراوە. (۲) بەڕێز.

considering (kən-sid′ĕr-iŋ), *prep.* ڕەچاوکردن؛ ئەگەر هەموو شتێك لێك بدەینەوە؛ ئەگەر حساب بۆ هەموو شتێك بکەین.

adv. [Colloq.], ڕەچاوکردن؛ ئەگەر حساب بۆ هەموو شتێك بکەین.

consign (kən-sīn′), *v.t.* (۱) خستن؛ خستنەناو؛ ناردن: *(to ~ to hell; They ~ed him to jail.)*. (۲) پێ سپاردن (ئەمانەت)؛ دانە دەست؛ کردن بە لێپرسراو: *(C~ the orphan to her uncle's care.)*. (۳) دانان؛ بۆ دانان؛ تەرخان کردن. (٤) شتومەك ناردن بۆ نوێنەرێك لە شار یا وڵاتێکی تر بۆ فرۆشتن یا هەڵگرتن. (٥) [Obs.]، مۆرکردن؛ ئیمزاکردن؛ پەنجەپیانان.

-consignation *(n.)*; **consignable** *(adj.)*.

consignee (kon′sī-nē′, kon′si-nē′), *n.* بۆ نێردراو: نوێنەری کۆمپانیایەك یا ووردەفرۆشێك کە شتومەکی بۆ دەنێردرێت تاوەکو بیفرۆشێت

consigner (kən-sī′nĕr), *n.* = consignor.

consignment (kən-sīn′mənt), *n.* (۱) ناردنی شتومەك بۆ ووردەفرۆشێك یا نوێنەرێك لەلایەن کۆمپانیایەکەوە بۆ فرۆشتن یا هەڵگرتنی. (۲) شتێکی نێردراو (بەتایبەتی بارگەیەك شتومەك کە بنێردرێت بۆ نوێنەری کۆمپانیایەك بۆ فرۆشتن یا هەڵگرتنی).

on consignment, دەنێردرێت بۆ نوێنەری کۆمپانیایەك یا ووردەفرۆشێك بە مەرجێك کە شتەکە فرۆشرا پارەکەی بنێردرێتەوە بۆ کۆمپانیاکە

consignor (kən-sīn′ĕr, kon′sī-nôr′), *n.* نێرەر: کەسێك یا دەزگایەکی بازرگانی کە شتومەك دەنێرێت بۆ نوێنەرەکەی بۆ فرۆشتن یا هەڵگرتنی.

consist (kən-sist′), *v.i.* (۱) (~ of)، پێکهاتن؛ پێکهاتن لە؛ پەیدابوون لە: *(Water ~s of hydrogen and oxygen.)*. (۲) (~ in)، بەندبوون لەسەر؛ لەوەدابوون؛ بریتی بوون لە: *(Wisdom does not ~ only in knowing many facts.)*. (۳) (~ with)، گونجان لەگەڵ؛ ڕێکەوتن لەگەڵ. (٤) [Archaic]، یەك پێگرتن؛ نووسانن پێکەوە؛ کردن بە یەك.

consistence (kən-sis′təns), *n.* = consistency.

consistency (kən-sis′tən-si), *n.* (١) خۆگرتن (شله)؛ خەستی. (٢) پادەی خەستی یا تووندوتۆڵی؛ یەك دەدانی: *(This yogurt is of the right ~ .)* (٣) گونجان لەگەڵ یەکتر؛ پێکەوتن؛ یەك نەوایی؛ چوونیەکی: *(These accounts show no ~ .)* (٤) بەردەوامی لەسەر پێبازێکی دانراوو لەسەر پێکهاتوو؛ نەگۆڕان.

consistent (kən-sis′tənt), *adj.* (١) [Rare] ، خۆگر؛ تووندوتۆڵ: *(~ soil)* (٢) لەگەڵ گونجاو؛ لەگەڵ پێکەوتوو: *(Overeating is not ~ with good health.)* (٣) بەردەوام؛ نەگۆڕ: *(~ behavior)* .

-consistently *(adv.).*

consistory (kən-sis′tə-ri), *n.* (١) شوێنی کۆبوونەوەی لیژنە یا دادگایەك. (٢) لیژنەیەکی کڵێسەیی؛ دادگایەکی کڵێسەیی. (٣) کۆبوونەوەیەکی لیژنە یا دادگایەکی وەها.

consociate (kən-sō′shi-it), *adj.* یەك؛ یەککرتوو.

n. هاوبەش.

v.i. & v.t. یەکگرتن؛ بوون بە یەك؛ یەك پێکرتن؛ کردن بە یەك.

consolation (kon´sə-lā′shən), *n.* (١) دڵنەوایی‌کردن؛ سەبووری؛ دڵخۆشی دانەوە. (٢) سەرخۆشی؛ سەرخۆشی لێکردن. (٣) دڵخۆشکەرە (مرۆڤ، شت، ڕووداو)؛ دڵنەوایێکەر.

consolation prize, پاداشتی دڵخۆشکردن: دەدرێت بە کەسێك کە لە پێشبڕکێیەکدا زۆر باش دەبێت، بەڵام ئەوەندە نا کە بیباتەوە.

consolatory (kən-sol′ə-tôr´i, kən-sol′ə-tō´ri), *adj.* تایبەت بە دڵخۆش کردن یا دڵنەوایی کردن؛ خەم ڕەوێن.

console (kən-sōl′), *v.t.* دڵخۆشی دانەوە؛ دڵنەوایی کردن؛ سەرخۆشی لێکردن؛ سەبووری دانەوە.

console (kon′sōl), *n.* (١) گۆشە یا سێپایەکی ڕازاوە (کە ڕەفە یا مێزو شتی وەهای لەسەر دەچەسپێنرێت). (٢) مێزێکی جوانی قەد دیوار. (٣) دوگمەیی ڕادیۆو تەلەفزیۆن و سنووقی قەوان. (٤) مێزی " ئۆرگان " کە ئامێرێکی مۆسیقایی‌یە لە پیانۆ دەچێت. (٥) دوگمەیی بەشی چاودێری کردنی ئامێری کارەبایی یا مەکینە.

console table, مێزێکی ڕازاوەی نەقشدارە چەسپ دەکرێت لەناو دیوارێکدا یا بەقەد دیوارێکەوە.

consolidate (kən-sol′ə-dāt´), *v.t.* (١) کردن بە یەك؛ یەکخستن. (٢) چەسپاندن؛ بەمێزکردن: *(The government ~d its power.)* .

v.i. (١) بوون بە یەك؛ یەکگرتن. (٢) پتەوبوون؛ بەمێزبوون؛ چەسپین.

consolidated school, قوتابخانەی یەکگرتوو: قوتابخانەیەکە کە گەلێك ناوچە یا گەرەکی تەنیشت شاری بۆ دێت.

consolidation (kən-sol´ə-dā′shən), *n.* (١) یەکێتی؛ یەکگرتن؛ بوون بە یەك. (٢) جێگیربوون؛ چەسپاندن؛ پتەوبوون.

-consolidator *(n.).*

consols (kon′solz, kən-solz′), *n.pl.* سەندەی دارایی حوکمڕانی ئینگلتەرە

consommé (kon´sə-mā′), *n.* گۆشتاو؛ شۆربای ڕوونی گۆشت یا گۆشت و سەوزە (دەپاڵێورێت و تەنها ئاوە ڕوونەکەی دەمێنێتەوە).

consonance (kon′sə-nəns), *n.* (١) گونجان؛ ڕێکەوتن لەگەڵ یەکدا؛ تەبایی. (٢) گونجانی چەند ئاوازێکی مۆسیقا پێکەوە؛ یەك نەوایی.

consonancy (kon′sə-nən-si), *n.* = consonance.

consonant (kon′sə-nənt), *adj.* (١) گونجاو؛ یەك نەوا. (٢) هاودەنگ.

n. (١) تیپی نەبزوێن (دەنگناسی)؛ تیپێك کە پەیدا دەبێت بە: (ا) بەربەستێو بەرەڵاکردنی هەوا (p, t, k, b, d, g) . (ب) بەربەستکردنی هەوا لەلایەکەوە لەکاتێکدا لەلایەکی ترەوە دەرباز دەبێت (m, n, ŋ, l, r) . (ج) بەزۆر پاڵ بە هەواوە نان لە درزێکەوە (f, v, z, sh, zh, th, h, w) . (د) بە هەموو ئەم سێ شێوەیە پێکەوە (ch, j) . (٢) دەنگ یا بڕگەی کەم دەنگ.

-consonantal *(adj.).*

consort (kon′sôrt), *n.* (١) هاوبەش؛ ناوەڵ. (٢) ژن؛ مێرد؛ ژنی پاشا؛ مێردی شازن؛ هاوسەر. (٣) کەشتیی‌یەك کە لەگەڵ کەشتیی‌یەکی تردا دەڕوات؛ کەشتی هاوڕێ. (٤) [Obs.]، (ا) هاوڕێیەتی؛ ناوەڵێتی. (ب) یەکێتی؛ ڕێکەوتن. (ج) یەك نەوایی؛ گونجانی ئاواز.

v.i. (١) لەگەڵدابوون؛ لەگەڵدا هەڵسان و دانیشتن؛ برادەرێتی لەگەڵدا کردن. (٢) لەگەڵدا گونجان؛ لەگەڵدا ڕێکەوتن.

v.t. (١) کردن بە یەك؛ یەك پێکرتن. (٢) [Obs.]، (ا) لەگەڵدابوون؛ لەگەڵدا چوون. (ب) ژنهێنان؛ هاوجێیی کردن. (ج) یەك ئاواز دروستکردن.

consortium (kən-sôr′shi-əm), *n.* (١) یەکێتی؛ کۆمەڵە؛ ڕێکخراو. (٢) یەکێتی دارایی: ڕێکەوتنێکە لەنێوان دەزگای دارایی و بانقەکانی دوو وڵات یا زیاتردا بۆ یارمەتیدانی وڵاتێکی تر. (٣) مافی مێردێك لە خۆشەویستی و یارمەتیدان و لەگەڵدابوونی ژنەکەیدا؛ مافی ژنێك بۆ هەمان شت لە مێردەکەی.

conspectus (kən-spek′təs), *n.* (١) چاوپیاخشاندنێکی گشتی بە باسێکدا؛ سەیرکردنێکی سەرپێیی باسێك. (٢) کورتە (باس)؛ پوختە.

conspicuous (kən-spik′ū-əs), *adj.* (١) ڕوون؛ ناشکرا؛ دیار؛ زۆر لەبەرچاو: *(a ~ billboard; a ~ man)* . (٢) سەرنج ڕاکێش: *(She was ~ for her beauty.)* .

conspiracy (kən-spir′ə-si), *n.* (١) پیلان. (٢) پیلان گێڕان؛ پیلانبازی کردن. (٣) پیلانبازان؛ پیلان گێڕان. (٤) پێکهاتن و هاوکاری کردن (بۆ ئەنجامی خراپ): *(the ~ of events)* .

conspirator (kən-spir′ə-tēr), *n.* پیلانباز؛ پیلانگێڕ.

-conspiratorial *(adj.)*; **conspiratory** *(adj.).*

conspire (kən-spīr′), *v.i.* (١) پیلان گێڕان؛ پیلان دانان. (٢) هاوکاری کردن و یەکگرتن (بۆ هەر مەبەستێك بێت): *(Events ~d to ruin him.)*

constable (kon′stə-b'l, kun′stə-b'l), *n.* (١) کاربەدەستێکی گەورە لە کۆشکی پاشا یا بەگزادەیەکدا (سەدانی ناوەڕاست). (٢) فەرماندەی قەڵایەکی پاشایی. (٣) پۆلیس (لە ئینگلتەرە)؛ پاسەوان. (٤) فەرمانبەر یا نەفسەری ئاسایش.

-constableship *(n.).*

constabulary (kən-stab′yoo-ler´i), *n.* (١) ناوچەیەك کە پۆلیسێك لێبڕسراوی بێت. (٢) هەموو پۆلیسی ناوچەیەك یا شارێك. (٣) مێزێکی پۆلیس و چەکدار. (٤) پۆلیس.

adj. تایبەتی بە پۆلیس و نەو ناوچانەی لێبڕسراویانن.

constancy (kon′stən-si), *n.* بەردەوامی؛ نەگۆڕان: (ا) ڕا نەگۆڕین؛ لەسەر هەمان ڕێباز مانەوە. (ب) بەردەوام بوون لە خۆشەویستی یا دڵسۆزیدا (بەتایبەتی لەنێوان یاراندا)؛ وەفا. (ج) چوونیەکی؛ ڕێکوپێکی.

constant (kon′stənt), *adj.* (١) بەردەوام؛ نەگۆڕ: (ا) ڕا نەگۆڕ؛ لە ڕێ لانەدەر. (ب) دڵسۆز؛ بە وەفا؛ خۆشەویستی‌یەکەی بەردەوامە. (ج) چوونیەك؛ دڵ نەگۆڕ؛ وەك خۆی دەمێنێتەوە. (٢) بەردەوام؛ هەمیشەیی؛ سەروەر: *(~ interruptions)* .

n. (١) شتێکی نەگۆڕ؛ شتێك کە هەمیشە هەر وەك خۆی دەمێنێتەوە (٢) هەند یا ژمارەی نەگۆڕ (بیرکاری، فیزیا).

constantly (kon′stənt-li), *adv.* (١) هەمیشە؛ بەردەوام. (٢) پەیتا پەیتا؛ زۆر جار؛ جار لەدوای جار.

constellate (kon′stə-lāt´), *v.t.* کۆکردنەوە؛ خڕکردنەوە.

v.i. کۆبوونەوە؛ گردبوونەوە؛ خڕبوونەوە.

constellation (kon´stə-lā′shən), *n.* (١) کۆمەستێرە؛ حەوتەوانە.

(٢) شوێنی نەستێرە لەکاتی لەدایکبوونی کەسێکدا (ئەستێرەوانی)؛ بورج.
(٣) کۆمەڵێك شتی سەرنج ڕاکێش: ***(a ~ of beautiful women)*** .

consternate (kon′stĕr-nāt′), *v.t.* ترساندن؛ تۆقاندن؛ تووشی مەترسی کردن؛ واق ووڕماندن.

consternation (kon′stĕr-nā′shən), *n.* ترس؛ تۆقان؛ مەترسی؛ واق ووڕمان.

constipate (kon′stə-pāt′), *v.t.* (١) تووشی قەبزی کردن؛ گرفت پێکردن؛ تووشی گیراوی کردن. (٢) [Obs.]، پەستنەوە.
-constipated ***(adj.)***.

constipation (kon′stə-pā′shən), *n.* (١) ناڕەوانی؛ قەبزی. (٢) [Obs.]، پەستنەوە.

constituency (kən-stich′ōō-ən-si), *n.* (١) دەنگدەرانی ناوچەی هەڵبژاردن؛ هەموو دانیشتوانی ناوچەیەکی هەڵبژاردن. (٢) ناوچەی هەڵبژاردن (٣) کریارەکان؛ ناشتاکان؛ پاڵپشتیکەران.

constituent (kən-stich′ōō-ənt), ***adj.*** (١) بەشێکی بنچینەیی (لە پێکهێنانی شتێکدا)؛ بەشێکی پێکهێنەر: ***(a ~ part)*** .
(٢) دەنگدەر؛ مافی دەنگدانی هەیە.
n. (١) دەنگدەر؛ هەڵبژێرەر؛ دانیشتووی ناوچەیەکی هەڵبژاردن. (٢) دانەرێ کەسێك لە جێی خۆ؛ کریار؛ پاڵپشتیکەر. (٣) بەشێکی پێکهێنەر. (٤) دانەیەك لە بەشەکانی ڕستەیەك (زمانەوانی).

constitute (kon′stə-tōōt′, kon′stə-tūt′), *v.t.* (١) دامەزراندن؛ دانان (یاسا، فەرمانڕەوایی، دەزگا). (٢) دیاری کردن؛ دانان: ***(The students ~d him their spokesman.)*** . (٣) پێکهێنان: ***(Twelve people ~ a jury.)*** . (٤) لە کەرەسە یا شت پێکهێنان.

constitution (kon′stə-tōō′shən, kon′stə-tū′shən), *n.* (١) دامەزراندن؛ دانان؛ پێکهێنان. (٢) پێکهاتن. (٣) شێوەی پێکهێنان یا پێکهاتن. (٤) شێوەی پێکهاتنی کەسێك (لەش و مێشك)؛ تەندروستی لەش و مێشك: ***(a man of strong ~)***
(٥) دەسوور: یاسا بنچینەییەکان (وڵات، کۆمەڵە، ڕێکخراو، دەزگا... هتد).
(٦) بڕوانامە یا قەوانەیەك کە ئەم دەستوورەی تێدا نووسراوە.
(٧) [C-]، دەستووری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا.

constitutional(kon′stə-tōō′shən-'l, kon′stə-tū′shən-'l), ***adj.*** (١) بنچینەیی؛ بناغەیی: ***(a ~ weakness)*** . (٢) بنچینەییە لە لەشدا. (٣) بۆ تەندروستی باشە. (٤) تایبەتی بە دەستوور؛ بەپێی دەستوور؛ دەستووری: ***(~ rights)*** . (٥) پەیڕەوی دەستوور دەکات.
n. [Colloq.], وەرزشێك کە بۆ تەندروستی باش بێت (بەتایبەتی پیاسە یا بە پێ ڕۆیشتن).

constitutionalism (kon′stə-tōō′shən-'l-iz'm, kon′stə-tū′shən-'l-iz'm), *n.* (١) فەرمانڕەوایی بەپێی دەستوور. (٢) پەیڕەوی کردنی دەستوور.

constitutionalist (kon′stə-tōō′shən-'l-ist, kon′stə-tū′shən-'l-ist), *n.* (١) دەستوورخواز؛ پەیڕەوێکەری دەستوور. (٢) دەستوورناس؛ پسپۆڕی دەستوورو پەیڕەوی کردنی دەستوور.

constitutionality (kon′stə-too′shən-al′ə-ti, kon′stə-tū′shən-al′ə-ti), *n.* بەپێی دەستوور بوون؛ دەستووریێتی هەڵوێست، کردەوە. یا ڕووداوێك.

constitutionally (kon′stə-tōō′shən-'l-i, kon′stə-tū′shən-'l-i), *adv.* (١) لەڕووی تەندروستییەوە؛ چۆنێتی پێکهاتنی لەش و مێشك: ***(He is ~ frail.)*** .

(٢) بەپێی دەستوور؛ بەشێوەیەکی دەستووری: ***(Social change can be brought about ~ .)***

constitutional monarchy, پژێمی پاشایەتی دەستووری.

constitutive (kon′stə-tōō′tiv, kon′stə-tū′tiv), ***adj.*** (١) زۆر گرنگ بۆ پێکهێنانی شتێك؛ بنچینەیی؛ بناغەیی: ***(a ~ part)*** . (٢) دانەر؛ بنچینە دانەر؛ دەسەڵاتی دانان و کردنی هەیە.

constrain (kən-strān′), *v.t.* (١) جڵەوگرتن؛ سنوور بۆ دانان؛ ڕاگرتن. (٢) زۆرلێکردن؛ ناچارکردن: ***(He was ~ed to agree.)*** .

constrained (kən-strānd′), ***adj.*** (١) جڵەوگیراو؛ بەستراوە؛ گیراو. (٢) بە زۆر کراو؛ ناچاری؛ درۆ: ***(a ~ laugh)*** .

constraint (kən-strānt′), *n.* (١) جڵەوگرتن؛ سنوور دانان؛ بەستنەوە؛ بەندکراوی. (٢) زۆرداریکی؛ ناچاری. (٣) پێ پەست کردن یا کردن بە ڕێزەوەی هەست و هەوەسی سەروشتی؛ ڕەوشتی درۆو ناسەروشتی. (٤) سنوور؛ جڵەو.

constrict (kən-strikt′), *v.t.* هێنانەوەیەك؛ گوشین؛ بچووك کردنەوە؛ تەنگەتاوکردن.
-constrictive ***(adj.)***; **constrictively** ***(adv.)***.

constriction (kən-strik′shən), *n.* (١) (ا) هێنانەوەیەك؛ گوشین؛ بچووك کردنەوە؛ قەتیس کردن. (ب) هاتنەوەیەك؛ بچووك بوونەوە؛ قەتیس بوون. (٢) تەنگەتاوبوون؛ تەنگەنەفەس بوون؛ هەست بەستنەوە؛ سنووردار. (٣) بەستەرەوە؛ سنوور بۆ دانەر؛ کۆسپ.

constrictor (kən-strik′tĕr), *n.* (١) بەستەرەوە؛ کۆسپ؛ ڕێگر. (٢) ماسولکەی گوشێنەر؛ ماسولکەی کرژبوو یا چووەوەیەك. (٣) ماری گوشێنەر: ماریکە نێچیرەکەی دەکوژێت بە خۆپێچان لە لەشیەوە گوشینی هەتا هەناسەی لەبەر دەبڕێت.

constringe (kən-strinj′), *v.t.* هێنانەوەیەك؛ کرژکردن؛ گرتن.

constringency (kən-strin′jən-si), *n.* هاتنەوەیەك؛ کرژبوون؛ گیران.
-constringent ***(adj.)***.

construct (kən-strukt′), *v.t.* (١) دروستکردن (پرد، خانوو)؛ داڕشتن (ڕستە، ووشە)؛ دامەزراندن. (٢) ڕێکخستن؛ ڕێك و پێك کردن؛ دانان (بیردۆز). (٣) دروستکردنی شێوەیەکی نەندازەیی بەگوێرەی ویستراو (پیرکاری).
n. (١) شتێکی دروستکراو یا داڕێژراو (بیردۆز، بیروباوەڕ، ڕێباز... هتد). (٢) پارچە نووسراوێك بەتایبەتی کە لە کۆمەڵێك دەستەواژە پێك هاتبێت (زمانەوانی).

construction (kən-struk′shən), *n.* (١) داڕشتن (ووشە، ڕستە، بیردۆز)؛ دامەزراندن؛ دروستکردن. (٢) چۆنێتی دروستکردن یا داڕشتن (خانووسازی، زمانەوانی). (٣) شتێکی دروستکراو (خانوو). (٤) لێکدانەوە (ووتە، بیر): ***(Don't put the wrong ~ on my statement.)***
(٥) داڕشتنی ڕستە یا سازستەیەك بە ووشە؛ ڕێکخستن و پەیوەندی ووشە لە ڕستە یا سازستەیەکدا؛ پەیوەندی نێوان ووشەکانی ناو ڕستە.
-constructional ***(adj.)***; **constructionally** ***(adv.)***.

constructionist (kən-struk′shən-ist), *n.* لێکدەرەوەی یاسا یا دەستوور.

constructive (kən-struk′tiv), ***adj.*** (١) سوودبەخش؛ بەسوود؛ مەبەستی چاککردنە نەك ڕووخاندن: ***(~ criticism)*** . (٢) تایبەتی بە داڕشتن و دروستکردن یا شتێکی دروستکراو. (٣) ڕاستەوخۆ دەرنەبڕاوە، بەڵکو لە لێکدانەوەدا دەردەکەوێت (دادگەری): ***(~ crime)***

constructor (kən-struk′tĕr), *n.* دروستکەر؛ سەرکار (خانوو).

construe (kən-strōō′), *v.t.* (١) شیکردنەوەی ڕستە (ڕێزمان). (٢) لێکدانەوە (بیروباوەڕ، ڕووداو، کردەوە، هەڵوێست):

(Her sudden departure was ~d as an insult.)

(٣) وەرگیڕان (لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر).

v.i. (١) شیکردنەوەی پستە (ڕێزمان).

(٢) لێکدانەوە (بیرووباوەڕ، هەڵوێست، بیردۆز، کردەوە، پوودار).

consubstantial (kon´səb-stan´shəl), ***adj.*** هاوسروشت؛ هاوناوگۆڕ

consul (kon´s'l), ***n.*** (١) یەکێک لە دوو فەرماندە سەرەکییەکەی ڕۆمای کۆن. (٢) یەکێک لە سێ فەرماندە سەرەکییەکەی شۆڕشی فەرەنسی لە ساڵی ١٧٩٩-١٨٠٤. (٣) قونسوڵ؛ نوێنەری وڵاتێک لە یەکێک لە شارەکانی وڵاتێکی تردا؛ شابەندەر.

consular (kon´s'l-ēr, kon´syoo-lēr), ***adj.*** شابەندەری؛ قونسوڵی؛ تایبەتی بە شابەندەرو کارو دەسەڵاتی.

consular agent, جێگری قونسوڵ یا شابەندەر لە شارێکدا کە بایەخی بازرگانی کەم بێت.

consulate (kon´s'l-it, kon´syoo-lit), ***n.*** (١) شابەندەرخانە؛ فەرمانگەی شابەندەر. (٢) پلەوپایەو کارو دەسەڵاتی شابەندەر. (٣) ماوەی ماندووبوونی شابەندەر لەسەر کار. (٤) فەرمانڕەوایی بە شابەندەر (ڕۆمای کۆن و فەرەنسا دوای شۆڕشی فەرەنسی).

the Consulate, فەرمانڕەوایی شابەندەری فەرەنسا ١٧٩٩-١٨٠٤.

consul general, قونسوڵی گشتی؛ شابەندەری گشتی: لە شارێکی سەرەکی وڵاتێکی بێگانەدا دادەنیشێت و سەرەوکاری چەند شابەندەرێکی شارە بچووکەکانی دەوروپشتی دەکات.

consulship (kon´s'l-ship´), ***n.*** (١) قونسوڵێتی؛ پلەوپایەو کارو دەسەڵاتی شابەندەر. (٢) ماوەی ماندووبوونی قونسوڵ لەسەر کار.

consult (kən-sult´), ***v.i.*** ڕاوێژکردن؛ پرس پێکردن.

v.t. (١) ڕاوێژ پێکردن؛ پرس پێکردن؛ ڕاوێژ لەگەڵ کردن؛ سەیرکردن بۆ دۆزینەوەی ئەو شتەی پێویستە (پەرتووک، فەرهەنگ، نەخشە).

(to ~ one's lawyer, a doctor, a map, a dictionary, etc.)

(٢) بایەخ پێدان؛ نەخستنە پشت گوێ.

(C~ your own wishes in the matter.)

n. [Obs.], ڕاوێژ؛ ڕاوێژکردن

consultant (kən-sul´t'nt), ***n.*** (١) ڕاوێژیار؛ ڕاوێژپێکراو. (٢) ڕاوێژکار.

consultation (kon´s'l-tā´shən), ***n.*** (١) ڕاوێژ؛ ڕاوێژکردن؛ پرس پێکردن. (٢) کۆبوونەوەیەک بۆ لێکۆڵینەوەو ڕاوێژکردن و نەخشەدانان.

consultative (kən-sul´tə-tiv), ***adj.*** تایبەتی بە ڕاوێژکردن و پرس پێکردن؛ ڕاوێژکاری: *(His function was ~ .)*.

consumable (kən-sōōm´ə-b'l, kən-sūm´ə-b'l), ***adj.*** -بەکار دەهێنرێت. شتومەک، کەلوپەل، خواردەمەنی).

n. شتێک کە بەکاربهێنرێت.

consume (kən-sōōm´, kən-sūm´), ***v.t.*** (١) فەوتاندن؛ لەناوبردن؛ ماندووکردن؛ سووتاندن (مەجاز): *(This project will ~ you.)*. (٢) تەواوکردن؛ هیچ نەهێشتنەوە؛ ماشینەوە؛ خواردن؛ خواردنەوە. (٣) بەفیڕۆدان (یارە، کات، ووزە)؛ کارکردن (ووزە)؛ بەکارهێنان.

v.i. لەناوچوون؛ نەمان.

consumed with, گرفتار بووە بە (دڵ پیسی، خەمۆخەفەت، حەزێک)؛ بیرو هۆشی ناوەتە سەر شتێک.

consumer (kən-sōōm´ĕr, kən-sūm´ĕr), ***n.*** (١) فەوتێنەر؛ لەناوبەر؛ بەفیڕۆدەر؛ بەکارهێنەر. (٢) بەرخۆر؛ کڕیار.

consumers' goods, شتومەکی بەکارهێنان؛ شتومەکی فڕۆشتن (وەک خواردەمەنی و جل‌وبەرگ کە مرۆڤ دەیکڕێت و بەکاری دەهێنێت)؛ فڕۆتەنی.

consumerism (kən-sōōm´ĕr-iz'm, kən-sūm´ĕr-iz'm), ***n.*** پاراستنی مافی کڕیار.

consummate (kən-sum´it), ***v.t.*** (١) هێنانەدی؛ جێبەجێکردن. (٢) بوون بە زاوا؛ دڕووست بوون: *(They ~d their marriage.)*.

adj. *(a ~ liar; a ~ skill)*.

consummation (kon´sə-mā´shən), ***n.*** (١) هێنانەدی؛ هاتنەدی؛ هێنانە بەرهەم؛ هاتنە بەرهەم. (٢) ئەنجام؛ کۆتایی؛ دوایی. (٣) بوون بە زاوا؛ جووت بوون.

-**consummative** ***(adj.)***; **consummator** ***(n.)***.

consumption (kən-sump´shən), ***n.*** (١) بەکارهێنان؛ خواردن و تەواوکردن؛ نەهێشتن؛ تەواوکردن. (٢) دەردەباریکە؛ سیل. (٣) (ا) بەکاربردن یا بەکارهێنانی شتومەک لەلایەن کرێبارانەوە (ئابووری ناسی) (ب) هەند یا کۆی ئەو شتومەکەی مرۆڤ بەکاری دەهێنێت.

consumptive (kən-sump´tiv), ***adj.*** (١) بەکارهێنەر؛ فەوتێنەر؛ لەناوبەر؛ بەفیڕۆدەر. (٢) تایبەتی بە فرۆتەنی کە بەکارهێنەر دەیکڕێت (ئابووری ناسی). (٣) (ا) تایبەتی بە دەردەباریکە یا سیل. (ب) سیلاوی؛ لەوانەیە تووشی سیل ببێت.

n. کەسێکی سیلاوی؛ سیلاوی.

contact (kon´takt), ***n.*** (١) لێکەوتن؛ بەرکەوتن؛ لێکدان؛ لێکخشان. (٢) پەیوەندی؛ پەیوەندی کردن؛ تووش بوون؛ ناسین: *(He made some ~s with important people.)* (٣) کەسێک کە پەیوەندی باش بێت، واتە جێی بڕوا بێتو یارمەتیت بدات: *(He is a good ~ to have.)* (٤) کەسێکی دڕماوی یا نەخۆش.

(٥) (*pl.*) [Colloq.]، چاویلکەیەکی پێوەنووس: چاویلکەیەکی زۆر بچووک دەگرێتە چاوو بە چاوەوە دەنووسێت.

(٦) (ا) بەیەک گەیاندنی دوو کارەباکێش. (ب) نامێری ئەم بەیەک گەیاندنە.

v.t. (١) لێکخشاندن؛ لێکدان؛ بەیەک گەیاندن.

(٢) پەیوەندی کردن؛ پەیوەندی لەگەڵ بەستن.

v.i. پەیوەندی لەگەڵدابوون؛ تووش بوون؛ ناسین.

contact flying, *Also* **contact flight,** فڕینی نزم بە پادەیەک کە فڕۆکەوان ڕێی خۆی بدۆزێتەوە بەهۆی شتی سەر زەوی‌یەوە وەک ڕوبارو شاخ و خانوو... هتد.

contact lenses, *Also* **contact lens,** چاویلکەی پێوەنووس: چاویلکەیەکی زۆر بچووکە دەگرێتە ناو چاوو بە چاوەوە دەنووسێت.

contagion (kən-tā´jən), ***n.*** (١) تووش بوون یا گرتنی نەخۆشی لە کەسێکی ترەوە؛ بڵاوبوونەوە یا تەشەنەکردنی نەخۆشی. (٢) درم؛ نەخۆشیەک کە مرۆڤ لەیەکتری‌یەوە بیگرێت؛ نەخۆشی تێپەڕ. (٣) هۆی تێپەڕبوون یا تەشەنەکردنی نەخۆشی. (٤) ژەهر. (٥) بەخێرایی بڵاوبوونەوەی نەریت، خوو، باو یا مۆدەیەک. (٦) کارتێکەرێکی خراپ یا ڕەووشت تێکدەرێک کە زوو بڵاودەبێتەوە و تەشەنە دەکات: *(Racial hatred is a ~ .)*.

contagious (kən-tā´jəs), ***adj.*** (١) درم؛ تێپەڕ (نەخۆشی)؛ بەتەشەنە: *(a ~ disease)*. (٢) هەڵگری نەخۆشی تێپەڕ یا هۆی تێپەڕبوونەکە. (٣) تەشەنەکەر (خوو، نەریت، باو، مۆدە): *(a ~ laughter)*.

contain (kən-tān´), ***v.t.*** (١) تێدابوون: *(What does this box ~ ?; The book ~s a good deal of useful information.)* (٢) گرتن؛ توانای گرتن هەبوون؛ نەوەندەبوون: *(A gallon ~s four quarts)* (٣) بەربەست کردن؛ وەستاندن؛ ڕاگرتن؛ سنوور بۆ دانان. (٤) دابینکردن؛ خۆگرتن؛ ڕاگیرکردن (خۆ، هەست): *(Can you ~ your enthusiasm?)* (٥) توانای دابەش بوون بەسەر ژمارەیەک یا چەند ژمارەیەکدا بەبێ ئەوەی هیچی بمێنێتەوە (بیرکاری): *(12 ~s 2, 3, 4 and 6 .)*.

container (kən-tān´ĕr), ***n.*** دەفر؛ شتێک کە شتی تێدا بنێت یا تێی بکرێت (سندوق، قوتوو، ڕاپ، شووشە، تەنەکە... هتد).

containment (kən-tān´mənt), ***n.*** بەربەست کردن (بیروباوەڕێکی

پامیاری. ئایینی یا ئەتەوەیی، یا وولاتێك كە مەترسی لێ بكرێت)؛ وەستاندن؛ پاگرتن

contaminant (kən-tam′ə-nənt), *n.* پیسكەر (مرۆڤ، میكرۆب، مادده)

contaminate (kən-tam′ə-nāt′), *v.t.* پیس كردن بە میكرۆب یا شتی تر (ئاو، خواردن و خواردنەوە، هەوا)؛ خراپ كردن (ڕەووشت)؛ تووش كردن (نەخۆشی).

contamination (kən-tam′ə-nā′shən), *n.* (۱) پیس كردن؛ پیس بوون؛ خراپ بوون. (۲) پیسكەر؛ پیسی.

contaminator (kən-tam′ə-nā′tēr), *n.* پیسكەر (مرۆڤ، مادده، میكرۆب)؛ تووشكەر (مرۆڤی نەخۆش یا بەدڕەفتار)

conte (kōnt), *n.* (۱) چیرۆكێكی ڕێ لە ڕووداوی سەرنەاسا. (۲) چیرۆك؛ حیكایەت.

contemn (kən-tem′), *v.t.* بە سووك سەیركردن.

-contemner *(n.).*

contemplate (kon′təm-plāt′), *v.t.* (۱) بەوردی سەیركردن؛ وردبوونەوە. (۲) بیرلێكردنەوە؛ لێكۆڵینەوە.

(۳) نیازبوون؛ بەتەمابوون: *(He is ~ing marriage.)* .

(٤) چاوەڕوان بوون؛ بینین (لە داهاتوودا): *(I don't ~ any problem.)* .

v.i. بیركردنەوە

-contemplator *(n.).*

contemplation (kon′təm-plā′shən), *n.* (۱) لێكۆڵینەوە؛ بیركردنەوە. (۲) نیاز؛ نیازبوون؛ بەتەمابوون. (۳) ڕابینین؛ چاوەڕوان بوون.

contemplative (kon′təm-plā′tiv), *adj.* بیركەرەوە؛ تایبەتی بە بیركردنەوە و سۆفێتی: *(a ~ life)* .

n. (۱) كەسێكی بیركەرەوە؛ كەسێك كە زۆربەی كاتی بە بیركردنەوە بەرێتە سەر. (۲) ئەندامی كۆمەڵێكی سۆفیگەری؛ ئەندامی كۆمەڵێكی ئایینی كە بیركردنەوە و سۆفی گەریتی ڕێنمایێتی.

-contemplatively *(adv.)*; **contemplativeness** *(n.).*

contemporancity (kən-tem′pēr-ə-nē′ə-ti), *n.* هاوچەرخ؛ هاوسەردەمی؛ هاوكاتی؛ هاوەمی.

contemporaneous (kən-tem′pə-rā′ni-əs), *adj.* هاوچەرخ؛ هاوسەردەم؛ هاوكات: *(~ events)* .

contemporary (kən-tem′pə-rer′i), *adj.* (۱) هاوچەرخ. (۲) هاوتەمەن. (۳) نوێ؛ تازە؛ سەردەم: *(~ art)* .

n. (۱) *(pl.)* هاوتەمەن: *(We are ~ies)* . (۲) كەسێك كە هەڵوێستو بیروباوەڕی نوێ بێت و لەگەڵ ئەم چەرخەدا بگونجێت.

contemporary with, هاوچەرخ؛ هاوسەردەم؛ هاوتەمەن.

contemporize (kən-tem′pə-rīz′), *v.t. & v.i.* هاوچەرخ كردن؛ هاوچەرخ بوون

contempt (kən-tempt′), *n.* (۱) بە سووك سەیركردن؛ پق لێ بوونەوە؛ قێزهاتنەوە *(We feel ~ for a liar.; to have ~ for somebody)* . (۲) سووكی *(He fell into ~ as a result of his foolish act.)* . (۳) ڕێز نەمان؛ ڕێز نەگرتن: *(Familiarity breeds ~ .)* . (٤) هەڵگەڕانەوە؛ بێ ڕێزی پیشاندان (بەتایبەتی بۆ دادگا یا پەرلەمان)؛ سەركێشی كردن: *(~ of court; ~ of congress)* .

contemptible (kən-temp′tə-b'l), *adj.* پیس و بۆگەن (مرۆڤ، كردەوە، ڕەفتار)؛ پیس؛ بۆگەن؛ خوێڕی؛ سووك؛ بێ نرخ؛ بە سووك سەیركراو.

contemptuous (kən-temp′chōō-əs), *adj.* بە سووك سەیركەر؛ سووك؛ سووكانە: *(She gave him a ~ look.)* .

contend (kən-tend′), *v.i.* (۱) تێكۆشان (جەنگ)؛ خەبات كردن؛ شەڕكردن *(Napoleon's troops ~ed with the armies of Europe at Waterloo.)*

(۲) خەبات كردن؛ هەوڵدان؛ بەرەنگاربوون؛ ڕووبەڕوو وەستان.

(۳) پێشبڕكێ كردن؛ ملەملێ كردن: *(He will ~ for the prize.)* .

v.t. سووربوون لەسەر (ڕا، بیروڕا، هەڵوێست)؛ دووپاتكردنەوەی هەڵوێستێك ئەگەرچی خەڵك هەڵوێستیان پێچەوانە بێت: *(We ~ that he is guilty.)*

-contender *(n.).*

content (kən-tent′), *adj.* (۱) بەرچاوتێر؛ پڕ ناسوودە. (۲) ڕازی؛ قایل.

v.t. ڕازی كردن؛ ڕازی بوون؛ قایل بوون: *(C ~ yourself with reading about it.)*

n. (۱) بەرچاوتێری؛ قایلی. (۲) [British]، دەنگدانی " بەڵێ " لە ئەنجوومەنی لۆردەكان لە پەرلەمانی ئینگلیزیدا.

content (kon′tent), *n.* (۱) *(pl.)* (۱) ناو شتەی لە دەفرێكدایە (وەك: سنووق، شووشە، مەنجەڵ، قاپ... هتد): *(the ~ of a box)* . (ب) ناوەڕۆك (پەرتووك)؛ ناونامخن: *(table of ~)* . (۲) ناوەڕۆك؛ مانا؛ مەبەست: *(The ~ of a poem is distinguished from its form.)* (۳) فراوانی؛ چەند گرتن؛ شوێنی چەند تیابوونەوە. (٤) قەبارە؛ قەوارە. (٥) ڕێژە یا چەند تێدابوونی ماددەیەك لە شتێكی تاوێتەدا.

contented (kən-ten′tid), *adj.* پڕ ناسوودە؛ بەرچاوتێر؛ قایل.

contention (kən-ten′shən), *n.* (۱) شەڕەقسە؛ مشتومڕ؛ ناكۆكی. (۲) تێكۆشان؛ هەوڵدان (بۆ بردنەوەی ملەمانێیەك)؛ خەبات. (۳) لەسەر سووربوونی ڕایەك یا هەڵوێستێك لە مشتومڕێكدا.

bone of contention, هۆی ناكۆكی؛ ئەو شتەی ناكۆكی لەسەرە.

contentious (kən-ten′shəs), *adj.* (۱) حەز لە مشتومڕكەر؛ حەز لە شەڕەقسەكەر؛ شەڕانی. (۲) مشتومڕی (مەسەلە، باس)؛ تایبەتی بە ناكۆكی یا هۆی ناكۆكییەك.

contentment (kən-tent′mənt), *n.* پڕ ناسوودەیی؛ قایلی.

conterminous (kən-tūr′mi-nəs), *adj.* (۱) هاوسنوور. (۲) لەناو هەمان سنووردان.

contest (kon-test′), *v.t.* (۱) ناڕەزایی دەربڕین دەربارەی شتێك؛ هەوڵی بەدڕۆخستنەوە دان؛ بەربەرەكانی كردن: *(They will ~ the results of the election.)* (۲) شەڕ لەسەر كردن؛ خەبات بۆ كردن (زەوی‌وزار، بنكەی سوپایی)؛ تێكۆشان؛ خەبات كردن دژی؛ خەبات كردن لەگەڵ.

v.i. (۱) ناكۆكی؛ دووبەرەكی؛ شەڕ. (۲) شەڕەقسە؛ مشتومڕ.

n. (۳) پێشبڕكێ؛ ملەملێ؛ بۆڕبۆڕێن.

-contestable *(adj.)*; **contestation** *(n.).*

contestant (kən-tes′tənt), *n.* (۱) پێشبڕكێكەر؛ ملەملێكەر. (۲) تانووت لێدەر (ئەنجامی هەڵبژاردن، وەسیەت، بریاری لیژنە)؛ خەباتكەر دژی هەڵوێستێكی بە ناڕەوا دانراو؛ ناڕەزایی دەربڕ.

context (kon′tekst), *n.* (۱) میانە؛ چوارچێوە (ووتە، ڕستە، نووسراو)؛ دەق (ووتە، نووسراو): *(It is unfair to quote this remark out of its ~ .)* (۲) ڕابوردوو، بنچینەو باروودۆخی ڕووداوێك.

-contextual *(adj.).*

contexture (kən-teks′chēr, kon-teks′chēr), *n.* (۱) چنین؛ پێكەوەنان؛ یەكخستن؛ كۆكردنەوە؛ هەڵبەستن؛ هۆنینەوە. (۲) چنراوێك؛ پارچەیەك قوماش یا كوتاڵ؛ شتێكی هەڵبەستراو. (۳) چۆنێتی چنین، هەڵبەستن، هۆنینەوە یا پێكەوەنانی شتێك.

contiguity (kon′ti-gū′ə-ti), *n.* (۱) نزیكی؛ لێكەوتن؛ بەركەوتن. (۲) [Rare]، زنجیرە.

contiguous (kən-tig′ū-əs), *adj.* (۱) لەیەككەوتوو؛ هاوسنوور. (۲) نزیك؛ بەتەنیشت یەكەوە.

continence (kon′tə-nəns), *n. Also* **continency,** (۱) خۆڕاگرتن؛ دان بەخۆدا گرتن. (۲) خۆڕاگرتن (جووت بوون)؛ خۆ دوور گرتن؛ گان نەكردن.

continent (kon′tə-nənt), *adj.* (۱) خۆڕاگر؛ میانڕەو.
(۲) خۆ دوور گر (جوور بوون).

continent (kon′tə-nənt), *n.* (۱) کیشوەر
(۲) [Rare]، کۆسپ؛ جڵەو؛ شتێکی ڕێگر یا دابینکەر.

the Continent, ئەورووپا جگە لە ئینگلتەرەو ئیرلەندە.

continental (kon′tə-nen′t'l), *adj.* (۱) کیشوەری؛ تایبەتی بە کیشوەرێک. (۲) [C-]، ئەورووپی؛ تایبەتی بە ئەورووپا.
(۳) [C-]، تایبەتی بە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەکاتی شۆڕشی ئەمەریکادا: *(C~ Congress)* .

n. (۱) [C-] ، ئەورووپایی؛ دانیشتوویەکی کیشوەری ئەورووپا.
(۲) [C-]، سەربازێکی ئەمەریکی لەکاتی شۆڕشی ئەمەریکادا.
(۳) پارەیەکی کاغەز بوو کە لەکاتی شۆڕشی ئەمەریکادا دەردەچوو پاشان نرخی نەما دوای شۆڕشەکە، لەبەرئەوە دەوترێ: " not worth a continental " واتە " بێ نرخە "

continental code, شفرەی " مۆرس " ی جیهانی.

continental divide, (۱) لووتکەی زنجیرە شاخێکی کیشوەری کە ڕووبارو ئاوی کیشوەرێک بەش دەکات بە دوو بەشەوە و هەریەکەیان بە دیوێکدا دەڕۆن؛ ئاوەڕێژ (۲) [C- D-]، لووتکەی زنجیرە شاخی " ڕۆکی " ئەمەریکای باکوور کە ڕووبارەکان بەش دەکات هەندێکیان بەرەو دەریای " ئەتڵانتیک " و هەندێکیان بەرەو دەریای " پاسفیک " دەکشێن.

continental shelf, بەشی تەنکاوی دەریا لە قەراغەکانی دەریادا.

contingence (kən-tin′jəns), *n.* (۱) لێکەوتن؛ بەرەک کەوتن. contingency (۲)

contingency (kən-tin′jən-si), *n.* (۱) (ا) لەوانەبوونی ڕوودانێک؛ بۆ هەبوونی ڕوودانی شتێک. (ب) ناکاوی؛ ناکاوی دواڕۆژ:
(We must be ready for any ~ .; They have made ~ plans.)
(۲) ڕێکەوت؛ مسۆگەر نەبوون.
(۳) مەرجی؛ دەکەوێتە سەر شتێکی تر.

contingent (kən-tin′jənt), *adj.* (۱) لەوانەیە؛ بۆی هەیە ڕووبدات.
(۲) ڕێکەوت (۳) مەرجی؛ دەکەوێتە سەر شتێکی تر.
(٤) [Archaic]، لەبەک دەدەن؛ بەربەک دەکەون.
(٥) ڕاستی و چەوتی بەستراوە بە چەند شتێکی ترەوە (بیردۆز).

n. (۱) ڕێکەوتێک؛ ڕێکەوت. (۲) بەش یا ڕێژە (لەشکر، کرێکار، نوێنەر).
(۳) (ا) دەستەبەک خەڵک کە نوێنەریی وڵاتەکەیان بکەن لە ڕووداوێکدا.
(ب) ڕەوەند؛ هاووڵاتی وڵاتێک کە لە وڵاتێکی بێگانەدا دەژی.

continual (kən-tin′ū-əl), *adj.* (۱) پەیتا پەیتا؛ جار لەدوای جار؛ بە ڕێک وپێکی و زوو زوو ڕووبەدات. (۲) بەردەوام؛ بێ ووچان.

continually (kon-tin′ū-əl-i), *adv.* (۱) جار لەدوای جار؛ زوو زوو؛ پەیتا پەیتا. (۲) بە بەردەوامی؛ بەبێ وەستان؛ بەبێ ووچان.

continuance (kən-tin′ū-əns), *n.* (۱) بەردەوامی (ڕوودان، بار، کردار)؛ لەسەر ڕۆیشتن. (۲) ماوە؛ ماوەی بەردەوام بوون (ڕوودان، بار، کردار).
(۳) ماندوە (فرمان، جێگە): *(his ~ in office)* .
(٤) پاشکۆ (چیرۆک)؛ پاشبەند.
(٥) دواخستن بۆ بەرواریکی تر (دادگەری).

continuant (kən-tin′ū-ənt), *n.* تیپێکی سادە (نەبزوێن) کە بێژانی دەتوانرێت درێژ بکرێتەوە هەتا هەناسە لەبەر بوونەکەدا ناماێنێ بەبێ ئەوەی چۆنێتی تیپەکە بگۆڕێت، وەک: " f, s, z, m, n, l, r " (زمانگاسی).

continuation (kən-tin′ū-ā′shən), *n.* (۱) بەردەوام بوون؛ لەسەر ڕۆیشتن؛ درێژەپێدان. (۲) دەستپێکردنەوە؛ تێهەڵچوونەوە.
(۳) پاشبەند؛ پاشکۆ.

continuation school, قوتابخانەی نێواران.

continue (kən-tin′ū), *v.i.* (۱) بەردەوام بوون؛ درێژەکێشان:
(The war ~d for five years.)
(۲) ماندوە (لەسەر کار، جێگە... هتد):
(The chairman ~d in office for another year.)
(۳) بەردەوام بوون لەسەر؛ کۆڵ نەدان:
(We ~d to demand our rights.)
(٤) دەستپێکردنەوە؛ تێهەڵچوونەوە:
(The speaker ~d.)

v.t. (۱) بەردەوام بوون؛ لەسەر ڕۆیشتن؛ درێژەپێدان. (۲) دەستپێکردنەوە. (۳) هێشتنەوە:
(The people ~d Roosevelt in office for four terms.)
(٤) دواخستن بۆ ڕۆژێکی تر (دادگەری).

continued fraction, کەرتی بەردەوام (بیرکاری).

continued proportion, ڕێژەی بەردەوام: سێ ژمارە یا زیاتر کە ڕێژەی نێوان دوو ژمارەی تەنیشت یەکیان وەک یەک وابێت (۳، ٦، ۱۲، ۲٤، ٤۸).

continued story, چیرۆکی بەردەوام: کە بە بەش بەش لە گۆڤارێک یا ڕۆژنامەیەکدا بڵاودەکرێتەوە.

continuity (kon′tə-nōō′ə-ti, kon′tə-nū′ə-ti), *n.* (۱) لەسەر-ڕۆیشتن؛ بەردەوام بوون؛ بەردەوامی. (۲) زنجیرە؛ یەک پارچە.
(۳) سیناریۆی فیلمێکی سینەمایی.
(٤) نووسراوەی بەرنامەیەکی ڕادیۆ یا تەلەفزیۆن.

continuous (kən-tin′ū-əs), *adj.* بەردەوام؛ هەمیشە؛ بێ ووچان؛ سەروەڕ؛ پێکەوە بەستراو.
-continuously *(adv.)*.

continuum (kən-tin′ū-əm), *n.* نەپچڕاو (شت، هەند، زنجیرە)؛ یەک پارچە؛ شتێکی یەک پارچە

contort (kən-tôrt′), *v.t.* (۱) شێواندن؛ تێکدان؛ خواروخێچ کردن:
(a face ~ed with pain)
(۲) شێواندن (مانا، ووتە، ووشە)؛ تێکدان؛ گۆڕین (مانا):
(to ~ a word out of its ordinary meaning)

v.i. خواروخێچ بوون؛ شێوان.

contortion (kən-tôr′shən), *n.* (۱) شێوە تێکدان (دەموچاو، لەش)؛ شێوان؛ شێوە تێکچوون؛ تێکچوون؛ خواروخێچی.
(۲) شێوە تێکدانێک؛ شێوە تێکچوونێک.

contortionist (kən-tôr′shən-ist), *n.* (۱) تەنافباز؛ بەهلەوان.
(۲) هونەرمەندێک کە شێوەو ماناى ووشە یا ڕێنە تێکدەدات.

contour (kon′toor), *n.* ڕووخسار (شێوە، لەش، زەوی، کۆمەڵە شت، تۆپەڵ)؛ سنوور؛ تارمایی؛ چوارچێوە؛ بەرزو نزمی و گونجانی ئەندامەکانی لەش.

v.t. (۱) ڕووخسار کێشان؛ چوارچێوە یا نەخشەی گشتی کێشان.
(۲) دڕووستکردنی ڕێگەیەک بەپێی شێوەی سڕووشتی ناوچەکە.

contour feather, پەڕی دەرەوەی باڵندەیەک کە شێوەو ڕووخساری باڵندەکە دیاری دەکات.

contour line, (۱) هێڵێکی نەبینراو کە شوێن و هەمان بەرزاییەکانی سەر زەوی بەیەک دەگەیەنێت. (۲) هێڵی سەر نەخشەیەک کە نەم شوێن و هەمان بەرزاییانە پیشان بدات.

contour map, نەخشەیەکە کە ڕووخساری شوێنێک، واتە بەرزی و نزمی پیشان دەدات.

contra (kon′trə), *adv.* بەپێچەوانەوە؛ بەدژەوە.

contra- (kon′trə), پێشگرێکە بەماناى: دژ بە؛ دژ؛ بە دژی؛ بەرامبەر.

contraband (kon′trə-band´), *n.* (۱) قاچاخچێتی.
(۲) شتومەکی قاچاخ؛ شتێک کە هێنان و بردنی بۆ وڵاتێک قەدەغە بێت.
(۳) کەرەستەی قاچاخی جەنگ: ئەو کەرەستەی جەنگەیە کە لە وڵاتێکی بێ‌لایەنەوە دەچێت بۆ وڵاتێک کە لە جەنگدا بێت لەگەڵ وڵاتێکی تردا و بەرامبەرەکەی مافی هەیە بیگرێت و دەستی بەسەردا بگرێت.
(٤) بەندێکی قولەڕەش کە لەکاتی شەڕی ناوخۆی ئەمەریکادا ڕای بکردایە یا بە قاچاخی دەربکرایە بۆ بەشی سەرووی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا

adj. قاچاخ؛ قەدەغە؛ هێنان و بردنی بۆ وڵات قەدەغەیە.

contrabandist (kon′trə-ban´dist), *n.* قاچاخچی.

contraband of war, بەندێکی قولەڕەش کە لەکاتی شەڕی ناوخۆی

نەمەریکا؛ ڕای بکردایە یا بە قاچاخی دەربکرایە بۆ بەشی سەرووی وواڵاتە-یەکگرتووەکانی نەمەریکا.

contrabass (kon′trə-bās′), *adj.* دەنگی گر؛ دەنگی نزمو پڕ.
n. کەمانچەی دەنگ قورس‌و نزم.

contraception (kon′trə-sep′shən), *n.* نەهێشتنی سکپڕبوون؛ ڕێگەگرتن لە سکپڕبوون (هەروەها پێشی دەووترێ: **birth control**).

contraceptive (kon′trə-sep′tiv), *adj.* تایبەتی بە ڕێگەگرتن لە منداڵبوون؛ هی نەهێشتنی سکپڕی.
n. هۆی نەهێشتنی سکپڕبوون (دەرمان، ئامێز)؛ ڕێگر لە منداڵبوون.

contraclockwise (kon′trə-klok′wīz), *adj. & adv.* = **counterclockwise.**

contract (kon′trakt), *n.* (١) ڕێکەوتن. (٢) بەڵێندان (کار)؛ قۆنتەرات. (٣) ماوەبڕین. (٤) ڕێکەوتننامە؛ بەڵگەنامەیەک کە مەرجەکانی ڕێکەوتنێکی تێدا نووسرابێت
v.t. (١) ڕێکەوتن؛ بەڵێندان (کار)؛ قۆنتەرات گرتن. (٢) [Rare]، ماوەبڕین؛ ماوەکردن. (٣) گرتن (نەخۆشی)؛ تووش بوون: *(He ~ed the disease.)*. (٤) هێنانەوەیەک (کانزا): *(Cold ~s metals.)*. (٥) (ا) کرژکردن (ماسولکە). (ب) کرژکردن (دەموچاو). (٦) کورتکردنەوەی ووشە یا دەستەواژەیەک بە لابردنی تیپێک‌و هەندێک جارپش بە لێکدانی دوو ووشەکە: **I'm = I am; can't = cannot**.
v.i. (١) ڕێکەوتن؛ ڕێکەوتن لەسەر. (٢) هاتنەوەیەک (کانزا). (٣) (ا) کرژبوون (ماسولکە). (ب) کرژبوون (دەموچاو)؛ چرچ‌ولۆچ بوون.

-contractibility; contractibleness; contractible *(n.).*

contracted (kən-trak′tid), *adj.* (١) چووەوەیەک؛ کورتکراوە؛ کرژبوو؛ هەڵقرچاو. (٢) مێشک تەسک. (٣) تووش بوو (نەخۆشی).

contractile (kən-trak′t'l, kən-trak′til), *adj.* (١) دەجێنەوەیەک؛ دەنوشتێنرێتەوە (باڵی جانەوەر؛ پێچکەی فرۆکە پاش بەرزبوونەوەی لە زەوی) *(~ wings)*. (٢) هێنەرەوەیەک؛ توانای هێنانەوەیەکی شتێکی تری هەیە (هێز، شت).

contraction (kən-trak′shən), *n.* (١) چوونەوەیەک (کانزا). (٢) کرژبوون (ماسولکە)؛ هاتنەوەیەک یا پەق بوون (ماسولکە). (٣) (ا) کورتکردنەوەی ووشە یا دەستەواژە بە لابردنی تیپێک یا زیاتر (پڕزمان). (ب) ووشەیەکی کورتکراوە بەم جۆرە.

-contractive *(adj.).*

contractor (kon′trak-tēr), *n.* (١) قۆنتەراتچی (خانوو، ڕێگەوبان، ... هتد)؛ بەڵێندەر *(a building ~)*. (٢) لایەنێک لەو لایەنانەی پەیمانێک یا ڕێکەوتنێک مۆر دەکات. (٣) شتێک کە دێتەوەیەک یا کورت دەبێتەوە یا کرژ دەبێت (ماسولکە).

contractual (kən-trak′chōō-əl), *adj.* تایبەتی بە ڕێکەوتن، پەیمان. یا قۆنتەرات.

contradict (kon′trə-dikt′), *v.t.* (١) بەدرۆخستنەوە. (٢) بەڕەڕچدانەوە (ووتە، دووان). (٣) لەگەڵ نەگونجان؛ یەک نەکەوتن؛ دژبوون.
v.i. بەڕەڕچدانەوە

contradiction (kon′trə-dik′shən), *n.* (١) بەدرۆخستنەوە. (٢) بەڕەڕچدانەوە. (٣) لەگەڵ یەک نەگونجاو؛ ناکۆک؛ پێچەوانە؛ دژ. (٤) ووتەیەک کە بەڕەڕچی خۆی دەداتەوە. (٥) کەسێک یا شتێک کە لەگەڵ خۆیدا نەگونجێت.

contradictory (kon′trə-dik′tēr-i), *adj.* (١) ناکۆک؛ دژ بە یەکتر؛ لەگەڵ یەک نەگونجاو: *(~ statements)*. (٢) بەڕەڕچدەرەوە؛ بەدرۆخەرەوە.
n.pl. هەریەک لە دوو بیری ناکۆک (بیردۆز).

contradistinction (kon′trə-dis-tiŋk′shən), *n.* جیاوازی لەڕێی بەراوردکردنەوە؛ جیاکردنەوەی دوو شت بە بەراوردکردنیان لەگەڵ یەکتر.

-contradistinctive *(adj.)*; **contradistinctively** *(adv.)*.

contradistinguish (kon′trə-dis-tiŋ′gwish), *v.t.* لەیەکتر- جیاکردنەوەی دووشت بە بەراوردکردنیان لەگەڵ یەکتر.

contraindicate (kon′trə-in′də-kāt′), *v.t.* بە باش نەزانین یا پەسەندنەکردنی چارەسەرێک کە نیازبووە بکرێت (پزیشکەوانی)

-contraindication *(n.)*.

contralto (kən-tral′tō), *n.* (١) نزمترین دەنگی گۆرانی ووتنی ژنێک لە نۆپەرایەکدا. (٢) ژنێک کە ئەم جۆرە دەنگەی هەبێت. (٣) پۆڵێک کە پێویستی بەم جۆرە دەنگە هەبێت.

contraposition (kon′trə-pə-zish′ən), *n.* هەڵوێستی دژ بە؛ ناکۆکی؛ دژ.

contraption (kən-trap′shən), *n.* [Colloq.], کەلەکەترێ؛ ئامێرێک کە سەیر دروست کرابێت یا پێکەوەنرابێت (ئەم ووشەیە بۆ گاڵتە-پێکردن یا بە سووک سەیرکردنی شتێک بەکاردەهێنرێت).

contrapuntal (kon′trə-pun′t'l), *adj.* تایبەتی بە پێکەوە لێدانی دوو ئاوازی مۆسیقا کە تا چەند لەگەڵ یەکتردا دەگونجێن، هەروەها سەربەخۆن

contrapuntist (kon′trə-pun′tist), *n.* کەسێکی شارەزا لەم جۆرە هونەرەدا (ووشەی پێشوو ببینە).

contrariety (kon′trə-rī′ə-ti), *n.* (١) ناکۆک (بیر، ووتە، کردەوە)؛ نەگونجان؛ دژ بە یەک.
(٢) شتێکی ناکۆک یا نەگونجاو لەگەڵ شتێکی تردا.

contrariness (kən-trâr′i-nis, kon′trer-i-nis), *n.* نەگونجان؛ ناکۆکی (ووتە، بیر، کردەوە).

contrarious (kən-trâr′i-əs), *adj.* [Rare or Obs.], دژ؛ ناحەز؛ ناڵەبار.

contrariwise (kon′trer′i-wīz′), *adv.* (١) بەپێچەوانەوە (بیر، هەڵوێست)؛ بەپێچەوانەی ئەوە؛ بە دژی ئەوە. (٢) بە هەڵوگێڕاوەیی. (٣) ناڵەبارانە؛ بە ناڵەباری

contrary (kon′trer-i), *adj.* (١) پێچەوانە؛ بەپێچەوانەوە؛ دژ: *(~ to the doctor's advice)*. (٢) نەهات؛ ناپەسەند: *(The ship was delayed by ~ winds.)*. (٣) کەللەڕەق؛ ناڕاوەچی؛ ناپەسەند.
n. شتێکی پێچەوانە؛ شتێک کە دژ بە شتێکی تر بێ.
adv. بەپێچەوانەوە.

by contraries, بەپێچەوانەی ئەوەوە کە چاوەڕوان دەکرێت: *(Many things in our lives go by contraries.)*

on the contrary, بەپێچەوانەوە؛ بەپێچەوانەی ئەوەوە: *(You think I have nothing to do. On the contrary, I am very busy.)*

to the contrary, بەپێچەوانەی ئەوەوە: *(I will come on Monday unless you write me to the-contrary.)*

contrast (kən-trast′), *v.t.* بەراوردکردن؛ جیاوازی پیشاندان؛ بەرامبەرکردن: *(C~ Tom with his brother!)*.
v.i. لەگەڵ یەکتردا جیاوازبوون: *(Her actions ~ with her words.)*.
n. (١) بەراوردکردن؛ بەراوردی؛ بەراورد. (٢) جیاوازییەکی ئێجگار زۆر؛ جیاوازی: *(The ~ between the two brothers is remarkable.)*. (٣) کەسێک یا شتێکی زۆر جیاواز (لەنجامی بەراوردکردندا). (٤) ئەنجامی کارتێکردنی دوو شتی جیاواز بەتەنیشت یەکەوە (وێنە، دیمەن)

contrasty (kən-tras′ti), *adj.* زۆر جیاوازبوون لە پووناکی‌و لێڵیدا (وێنەگری).

contravene (kon′trə-vēn′), *v.t.* (١) شکاندن (یاسا، نەریت)؛ پێشێل کردن: *(to ~ a law or a custom)*. (٢) لەگەڵدا نەگونجان؛ لەگەڵدا ڕێک نەکەوتن؛ دژ وەستان.

(to ~ a statement) (۳) بەربەرەکانی کردن؛ بەرپەرچدانەوە (دووان).

contravention (kon´trə-ven´shən), *n.* (۱) شکاندن (یاسا، نەریت). (۲) لەگەڵ نەگونجان؛ بەرپەرچدانەوە؛ بەربەرەکانی کردن (دووان)؛ دژ.

contredanse (kōn´trə-däns´), *n.* (۱) سەمای بەرامبەری: جۆرە سەمایەکی فۆلکلۆریی بریتیی‌یە لە ڕیزبوونی سەماکەرەکان بە جووت جووت لە دوو هێڵی بەرامبەردا. (۲) ئاوازی مۆسیقایی ئەم جۆرە سەمایە.

contretemps (kōn´trə-tän´), *n.* ڕووداوێکی دڵتەزێن؛ ڕووداوێکی بەدبەختی چاوەڕوان نەکراوی تەریق کەرەوە.

contribute (kən-trib´yoot), *v.t. & v.i.* (۱) باربووکردن (پارە، خواردەمەنی، شتومەک)؛ پێدان (لەگەڵ لێقەوماندا)؛ پیتاک کردن؛ یارمەتیدان:

(He ~d money, food, and clothing to the victims of the war.) (۲) بەشداری کردن؛ بەشداربوون؛ هاوبەشی کردن (لەگەڵ، کردار، بیرۆباوەڕ):

(to ~ ideas or suggestions; to ~ to the work of an academy) (۳) نووسین و بڵاوکردنەوەی ووتار یا هۆنراوە لە گۆڤار یا ڕۆژنامەدا بەخۆڕایی یا بە پارە: هاوکاری کردن:

(He ~s to several newspapers and journals.)

contribute to, دەست تێدابوون (هێنانەدی ئامانجێک)؛ بوون بە هۆ:

(Drink contributed to his ruin.)

-contributable *(adj.)*; **contributive** *(adj.)*.

contribution (kon´trə-bū´shən), *n.* (۱) باربووکردن؛ دەستی یارمەتی دڕێژکردن لەکاتی لێقەوماندا. (۲) بارووت: ئەوەی بارووت کراوە (پارە، خواردەمەنی، شتومەک)؛ پیتاک؛ یارمەتی. (۳) باجی جەنگ: باجێکی تایبەتی‌یە کە لە خەڵک دەسەنرێت لەکاتی جەنگدا. (٤) نووسراوێک کە دەدرێت یا دەفرۆشرێت بە ڕۆژنامە یا گۆڤارێک بۆ بڵاوکردنەوە.

contributor (kən-trib´yoo-tēr), *n.* (۱) بارووکەر؛ یارمەتیدەر. (۲) نووسەرێک کە ووتار یا هۆنراوە بۆ گۆڤار یا ڕۆژنامەیەک دەنووسێت؛ هاوکاری گۆڤار یا ڕۆژنامەیەک: *(The magazine has many ~s.)*

-contributory *(adj.)*.

contrite (kən-trīt´, kon´trīt), *adj.* (۱) پەشیمان (لە کردنی گوناه)؛ هەستکەر بە کردنی گوناهێکی گەورەو پاشگەزبووەوە لەو گوناهە. (۲) نیشانەی پەشیمانی لە گوناه: *(~ words)*.

contrition (kən-trish´ən), *n.* پەشیمانی لە کردنی گوناهێکی گەورە: پەشیمان بوونەوە؛ هەستکردن بە گوناه کردن و پەشیمان بوونەوە لەو گوناهە.

contrivance (kən-trīv´əns), *n.* (۱) دروستکردن (ئامێر، پیلان)؛ هەڵبەستن (درۆ). (۲) شتێکی دروستکراو یا هەڵبەستراو: (ا) پێکار، ئامێر. (ب) پیلان. درۆ، فێڵ.

contrive (kən-trīv´), *v.t.* (۱) دۆزینەوە (پلان، ڕێبازی چارەسەر).

(We must ~ a way to deal with the problem.)

(۲) دروستکردن (ئامێر، پێکار)؛ داتاشین:

(They have ~d an automatic dishwasher.)

(۳) پیلان گێڕان؛ هەڵبەستن (درۆ).

(٤) سەرکەوتن لە کردنی شتێکدا بە زانایی و زیرەکی خۆ:

(He ~d to get in.)

v.i. پیلان گێڕان؛ هەڵبەستن؛ نەخشەکێشان

-contriver *(n.)*.

control (kən-trōl´), *v.t.* (۱) تاقیکردنەوەی ڕاستی شتێک بە بەراوورد کردن لەگەڵ شتێکدا کە دەزانرێت ڕاستە (دارایی کۆمپانیایەک). (۲) ڕێکوپێک کردنی کاروباری دارایی. (۳) چاودێری کردن؛ فەرمان بەسەردا کردن؛ دەست بەسەردا گرتن. (٤) جڵەوگرتن: سنوور بۆ دانان؛ ڕاگرتن:

(C~ yourself!; A good rider knows how to ~ his horse.)

n. (۱) دەسەڵات؛ دەسەڵات بەسەردابوون. (۲) جڵەوگیری؛ دابینکردن؛ چاودێری؛ ڕکێف (۳) هۆی دابینکردن یا جڵەوگرتن. (٤) ئەندازە؛ پێوانە. (٥) (*pl.*)، ئامێری لێخوڕین (فڕۆکە، پاپۆڕ، شەمەندەفەر، ئوتومبیل).

lose control, لەژێر ڕکێفدا نەمان؛ دەست بەسەردا نەڕۆیشتن؛ بۆ دابین نەکران؛ لەژێر دەست دەرچوون.

gain control, هێنانە ژێر ڕکێفەوە؛ خستنە ژێر دەست؛ دابینکردن

beyond control, لە دەست دەرچوو؛ لەژێر ڕکێفدا نەماو.

out of control, لە دەست دەرچووە؛ دابین نەکراو؛ ڕاگیر ناکرێت؛ لەژێر دەستدا نەماوە.

under control, دابین دەکرێت؛ لەژێر ڕکێفدا بوون؛ ڕێک‌وپێک:

(The situation is under control.)

controllable (kən-trōl´ə-b'l), *adj.* دابین دەکرێت؛ ڕاگیر دەکرێت؛ دەستی بەسەردا دەڕوات؛ ڕێک‌وپێک دەکرێت.

controller (kən-trōl´ēr), *n.* (۱) ژمێریار؛ لێپرسراوی خەرجی دەزگایەکی میری. (۲) بەڕێوەبەر؛ فەرماندە؛ ڕاگیرکەر. (۳) ئامێری ڕاگرتنی خێرایی و ووزەی مەکینەیەک.

-controllership *(n.)*.

controversial (kon´trə-vūr´shəl), *adj.* (۱) تایبەتی بە چەندو چۆن و ڕێک نەکەوتن لەسەر مەسەلەیەک؛ مشت‌ومڕی (مەسەلە، مرۆڤ):

(Abortion is a ~ subject.; He is a ~ person.)

(۲) هەڵگری لە چەندوچۆن؛ مشت‌ومڕکەر.

controversy (kon´trə-vūr´si), *n.* (۱) ناکۆکی؛ مشت‌ومڕ؛ ڕێک نەکەوتن لەسەر مەسەلەیەک؛ بگرەوبەردە. (۲) مەسەلەیەک کە ڕای خەڵک زۆر جیاواز بێت دەربارەی و مشت‌ومڕیان لەسەری بێت.

controvert (kon´trə-vūrt´), *v.t.* (۱) بەدرۆخستنەوە؛ دژ وەستان؛ بەرپەرچدانەوە. (۲) مشت‌ومڕ لەسەر کردن؛ لێکۆڵینەوە.

controvertible (kon´trə-vūr´tə-b'l), *adj.* بەدرۆ دەخرێتەوە (ووتە، بیرۆباوەڕ، هەڵوێست)؛ دەتوانرێت بەرپەرچ بدرێتەوە.

cortical (kôr′ti-k'l), *adj.* (١) تایبەتی بە تونکی دەرەوەی ئەندامێکی ناوەوەی لەشی مرۆڤ. (٢) تونکڵی؛ تونکی.

(٣) تایبەتی بە تونکی دەرەوەی مێشک.

corticate (kôr′ti-kit, kôr′ti-kāt′), *adj.* تونکدار؛ تونکڵاوی

corticose (kôr′ti-kōs′), *adj.* = **corticate.**

cortisone (kôr′tə-sōn′, kôr′tə-zōn′), *n.* کۆرتیزۆن: دەرمانێکە بۆ گەلێک نەخۆشی بەکاردێت وەک باداری؛ هۆرمۆنی چارەسەرکردن

coruscate (kôr′əs-kāt′, kor′əs-kāt′), *v.i.* دەرەوشانەوە؛ تریفەدان؛ شەوقدانەوە؛ بریسکەدانەوە.

coruscation (kôr′əs-kā′shən, kor′əs-kā′shən), *n.* - (١) دەرەوشانەوە؛ تریفەهاتن؛ بریسکەدانەوە؛ شەوقدانەوە. (٢) بریسکە؛ کڵپە.

(٣) بریسکەیەکی زیرەکی؛ نووانێکی لەپڕی زیرەکی (وەک بریسکە).

corvée (kôr-vā′), *n.* بێگار.

corves (kôrvz), *n. plural of* **corf.**

corvette, corvet (kôr-vet′), *n.* (١) پاپۆڕێکی جەنگی کۆن.

(٢) پاپۆڕێکی جەنگی بچووک کە دژی ژێردەریایی بەکاردەهێنرێت.

corvine (kôr′vīn, kôr′vin), *adj.* وەک قەڵەڕەش؛ قەڵەڕەشانە.

corydalis (kə-rid′ə-lis), *n.* ڕووەکێکە گوڵی هەمەڕەنگ دەگرێت

corymb (kôr′imb, kor′im), *n.* هێشوە گوڵێکە لاسکی گوڵەکانی دەرەوەی هێشووەکە درێژترە لەوانەی ناوەوە بە جۆرێکی وەها کە پۆپی هێشووەکە تەخت دەردەچێت.

-corymbose *(adj.)*.

coryphaeus (kôr′ə-fē′əs, kor′ə-fē′əs), *n.* (١) سەرتیپی-

کۆرەسی شانۆگەری یونانی کۆن. (۲) سەرتیپ (کۆرەس، ڕێکخراو).

coryphee (kôr′ə-fā′, kor′ə-fā′), ***n.*** سەماکەرێکی سەرەکی تیپی باڵێ.

coryza (kə-rī′zə), ***n.*** هەڵامەتێکی قورس؛ هەڵامەت.

cosignatory (kō-sig′nə-tôr′i, kō-sig′nə-tō′ri), ***adj.*** مۆرکەر یا ئیمزاکەری پەیمانێک لەگەڵ چەند لایەکی تردا.

n. لایەک کە پەیمانێک مۆر دەکات لەگەڵ چەند لایەکی تردا (وڵات، ڕێکخراو).

cosigner (kō′sīn′ər), ***n.*** دەستەبەر؛ لەنەستۆگر

cosmetic (koz-met′ik), ***adj.*** تایبەتی بە ئارایشت؛ جوانکەر.

n. ئارایشت؛ دەرمانی ئارایشت کردن؛ سوورواو سپیاو.

-cosmetically ***(adv.).***

cosmetician (koz′mə-tish′ən), ***n.*** ئارایشتکەر؛ دەموچاوهەڵگر

cosmetology (koz′mə-tol′ə-ji), ***n.*** هونەری ئارایشتکردن؛ هونەری جوانکردن

-cosmetologist ***(n.).***

cosmic (koz′mik), ***adj.*** ***Also*** **cosmical,** (۱) گەردوونی؛ تایبەتی بە گەردوون. (۲) زۆر گەورە؛ زۆر فراوان؛ بێ سنوور. (۳) [Rare]، ڕێکوپێک.

-cosmically ***(adv.).***

cosmic dust, تەپوتۆزی گەردوونی

cosmic rays, ***Also*** **ültra gamma rays,** تیشکی گەردوونی کە زۆر کورت و تیژە

cosmism (koz′miz′m), ***n.*** فەلسەفە و بیردۆزی ئارگۆڕینی گەردوون.

cosmo- , cosm- (koz′mō, koz′mə), پێشگرێکە بەمانای: گەردوون؛ جیهان.

cosmogony (koz-mog′ə-ni), ***n.*** (۱) بنچینە و پەیدابوونی گەردوون. (۲) تیۆری بنچینە و پەیدابوونی گەردوون.

-cosmogonic ***(adj.).***

cosmographer (koz-mog′rə-fēr), ***n.*** گەردوونناس

cosmographic (koz′mə-graf′ik), ***adj.*** تایبەتی بە زانستی گەردوون

cosmographical (koz′mə-graf′i-k'l), ***adj.*** = cosmographic.

cosmography (koz-mog′rə-fi), ***n.*** گەردوونناسی (۱) باسێکی گشتی گەردوون یا جیهان (ب) زانستی پێکهاتنی گەردوون یا جیهان و بەشە پەیوەندیدارەکانی (زەمینناسی و جوگرافیا و ئەستێرەناسی) کە بەشێکن لەم زانستە.

cosmology (koz-mol′ə-ji), ***n.*** گەردوونناسی؛ زانستی گەردوون

-cosmologic ***(adj.)***; **cosmological** ***(adj.)***; **cosmologically** ***(adv.)***; **cosmologist** ***(n.).***

cosmonaut (koz′mə-nôt′), ***n.*** کەشتیوانی ئاسمانی؛ ئاسمانگەڕ

cosmopolitan (koz′mə-pol′ə-t'n), ***adj.*** (۱) تایبەتی بە هەموو جیهان. (۲) جیهان پەرست؛ ڕەگەزپەرست و وڵات پەرست نییە. (۳) دانیشتووەکانی لە هەموو لایەکی جیهانەوە هاتووە: ***(a ~ city)*** . (٤) لە هەموو لایەکی جیهاندا دەبوێت یا هەیە (پووەک، گیاندار).

n. هاووڵاتی جیهانی: کەسێکە کە جیاوازی ناکات لەنێوان وڵات و ڕەگەزەکەی خۆی و وڵات و ڕەگەزەکانی تری جیهاندا وە بە یەک چاو سەیریان دەکات و لە هەرچ شوێنێکدا بڕی بەختەوەرە

cosmopolite (koz-mop′ə-līt′), ***n.*** (۱) هاووڵاتی جیهانی (ووشەی پێشوو ببینە) (۲) پووەک یا گیاندارێک کە لە هەموو لایەکی جیهاندا هەبێت، بڕوێت یا بژی.

cosmorama (koz′mə-ram′ə, koz′mə-rä′mə), ***n.*** پیشانگای دیمەنی هەموو لایەکی جیهان.

cosmos (koz′məs, koz′mos), ***n.*** (۱) گەردوون. (۲) هاوئاواز؛ هاودەنگی؛ گونجان. (۳) پووەکێک گەلاکەی وەک پەڕە گوڵی هەمەڕەنگ دەگرێت.

Cossack (kos′ak, kos′ək), ***n.*** قەرقازی؛ کەسێکی قەوقازی؛ پۆڵیسێکی گەلی قەوقاز لە بەشی خواروی یەکێتی سۆڤیەتی جاران کە بە ئەسپ سواری ناسراوە.

adj. تایبەتی بە گەلی قەوقاز؛ قەوقازی.

cosset (kos′it), ***n.*** (۱) بەرخی ناومان. (۲) گیاندارێکی ماڵی کە بۆ خۆشی پادەگیرێت نەک بۆ سوود (سەگ، پشیلە، کەروێشک، باڵندە... هتد).

cost (kôst), ***v.i.*** (۱) تێچوون؛ بایی ئەوەندە بوون: ***(This book ~s nine dollars.; A car ~s a lot of money.)*** (۲) پێویست بوون؛ تێچوون: ***(Making a dictionary ~s a lot of time and care.)*** (۳) بوون بەهۆی لەدەست چوون؛ ئەوەندە تێچوون: ***(Carelessness may ~ you your life.)***

v.t. هەڵسەنگاندنی نرخی بەرهەم هێنانی شتێک.

n. (۱) نرخ؛ بەها: ***(The ~ of living is much higher now than it used to be.)*** (۲) ***(pl.)*** (ا) ئەو پارەیەی کە دەچێتە هێنانی داوایەک بۆ بەر دادگا وە ئەو لایەی داواکە دەدۆڕێنێت دەبێت بیدات. (ب) کرێی پارێزەر. (۳) ئەو نرخەی کە لەپێناوی دەست کەوتنی شتێکدا دەدرێت: ***(The letter was won at great ~ of life.)***

at all costs, بە هەر نرخێک بێت؛ هەرچەندی تێ بچێت.

at any cost, بە هەر نرخێک بێت؛ هەرچەندی تێ بچێت.

costa (kos′tə), ***n.*** (۱) پەراسوو؛ دەمار (تونێکاری). (۲) شتێک کە لە پەراسوو بکات وەک دەماری ناوەڕاستی گەڵایەک.

co-star (kō′stär′), ***n.*** هاوئەکتەر (فیلمی سینەمایی).

v.t. & v.i. نووساندن وەک هاوئەکتەر لە فیلمێکی سینەمایدا؛ هاوئەکتەری کردن لە فیلمێکدا.

costard (kos′tērd, kôs′tērd), ***n.*** (۱) جۆرە سێوێکی ئینگلیزییە. (۲) [Archaic & Humorous]، سەر؛ کەللە.

coster (kos′tēr, kôs′tēr), ***n.*** = **costermonger.**

costermonger (kos′tēr-muŋ′gēr, kôs′tēr-muŋ′gēr), ***n.*** میوەو سەوزە فرۆشێکی سەر سووچی شەقامێک یا دەستگیر لە عەرەبانەیەکدا.

costive (kos′tiv, kôs′tiv), ***adj.*** (۱) گرفت کردوو؛ قەبز. (۲) دەبێت بەهۆی گرفت کردن؛ گرفتپێنەکەر. (۳) سست؛ خاو. (٤) پیسکە؛ ڕەزیل؛ پارەپیس.

costly (kôst′li), ***adj.*** (۱) گرانبەها؛ گران. (۲) بەنرخ؛ نرخی تەواو نابێت؛ نایاب. (۳) زۆر دەکەوێت لەسەر ئەو کەسەی دەیکات؛ خۆبەختکردنی لەدوایە؛ زۆری تێ دەچێت: ***(a ~ war; ~ efforts)*** .

-costliness ***(n.).***

costmary (kost′mâr′i, kôst′mâr′i), ***n.*** سیس عومەر: ڕووەکێکی گەڵا بۆن خۆشە.

cost of living, بەهای ژیان: تێکڕای خەرجی کەسێک یا خێزانێک بۆ خواردن و خانوو جل‌وبەرگ و هاتوچۆی پێویستی تری ژیان.

cost-plus (kôst′plus′), ***n.*** نرخی بەرهەم هێنان و هەندێک قازانج (کە وەک بنچینەیەک بەکاردێت لە پەیمانی زۆربەی حکومەتەکاندا بۆ پشتگیری کردنی جەنگ).

costrel (kos′trəl), ***n.*** شووشەیەکی قوڵفەدارە بۆ شلە تێکردن و هەڵواسین بە قەد یا شاندا.

costume (kos′tōōm, kos′tūm), ***n.*** (۱) جل‌وبەرگ؛ بەرگ؛ پۆشاک. (۲) جل‌وبەرگی ڕەگەز، ناوچە، یا بۆنەیەکی تایبەتی: ***(I will wear my Kurdish ~ tomorrow.)*** (۳) جل‌وبەرگی مەبەستێکی تایبەتی: ***(a riding ~)*** .

v.t. جل‌وبەرگی تایبەتی لەبەرکردن لە بۆنەیەکی تایبەتیدا.

a costume party, ئاهەنگێک کە خەڵک خۆیانی بۆ دەگۆڕن و جل‌وبەرگی

سەیر لەبەردەکەن کە جیاوازە لە جلی پۆژانەیان

a costume piece (or play), شانۆگەریەک کە ئەکتەرەکان جلوبەرگی مێژوویی تێدا لەبەردەکەن، واتە ئەو جلوبەرگەی کە باوبووە لەو کاتەدا کە شانۆگەریەکە باسی دەکات.

costumer (kos-tōōm′ĕr, kos-tūm′ĕr), *n.* بەرگدرو فرۆش. یا بەکری دەری جلوبەرگی جیاوازو سەیر.

cosy (kō′zi), *adj.* = cozy.

cot (kot), *n.* چەرپایە یا جێگەیەکی تەسکی نوستن کە لە قوماشێکی ئەستوور دروستکراوەو لەسەر چوارچێوەیەکی قاچ کورتەو دەنووشتێنرێتەوە؛ جێگەی نووستنی منداڵ کە تەسکو بچووکەو دەنووشتێنرێتەوەو هەڵدەگیرێت.

cot (kot), *n.* (١) تەوێلە یا کوخەیەکی بچووکی مەڕ. (٢) [Poetic]. کوخەت؛ خانووی بچووک.

(٣) کیفێکە بۆ پەنجەیەکی بریندار دەکرێت بۆ پاراستنی.

cote (kōt), *n.* (١) [Dial.]. کوخەت؛ خانووی بچووک. (ب) هێلانەی کۆتر یا باڵندەی تر. (ج) تەوێلە یا کوخەی مەڕ.

cotemporaneous (kō-tem′pə-rā′ni-əs), *adj.* = contemporaneous.

cotemporary (kō-tem′pə-rer′i), *adj. & n.* = contemporary.

cotenant (kō-ten′ənt), *n.* هاوکرێچی؛ هاوکرێگرتە.

coterie (kō′tĕr-i, kō′tə-rē′), *n.* دەستە؛ تاقم؛ کۆمەڵ؛ تاقمێک کە دەم دەم کودەبنەوە بەمەبەستی چالاکی کۆمەڵایەتی، وێژەیی، یا هونەری. *(a literary ~)*

coterminous (kō-tûr′mə-nəs), *adj.* = cothurnus.

cothurn (kō′thĕrn, kō-thûrn′), *n.* = cothurnus.

cothurnus (kō-thûr′nəs), *n.* (١) جزمەیەکە ئەکتەری تراجیدی یۆنانو ڕۆمان لەپێیان دەکرد. (٢) تراجیدیا؛ مەرگەسات. (٣) شێوەی تراجیدیا لە شانۆگەریدا.

cotillion (kō-til′yən, kə-til′yən), *n.* (١) سەمایەکی خێزای فەرەنسەییە. (٢) موسیقای ئەم سەمایە. (٣) ئاهەنگێکی سەمایە کە بۆ یەکەم جار کچی تێدا پێشکەشی کۆمەڵ دەکرێت.

cotquean (kot′kwēn′), *n.* [Archaic], (١) ژنێکی دەم پیسی بێ حەیا. (٢) بیاوێکی سەرژنانی؛ پیاوێک کە نیشی ژنانەی ناوماڵ بکات.

cottage (kot′ij), *n.* (١) کوخەت. (٢) خانوویەکی بچووکی هاوینەهەواری.

cottage cheese, جۆرە پەنیرێکی سپی دەنک خڕی دادار داندارە.

cottager (kot′ij-ĕr), *n.* (١) نیشتەجێی خانووی بچووک؛ کوخەنشین. (٢) [British]. ڕەنجبەر؛ وەرزێر؛ مسکێن.

cotter, cottar (kot′ĕr), *n.* (١) کوخەنشین. (٢) [Scot.]. مسکێن؛ بەکرێگری کێڵگەیەک.

cotter (kot′ĕr), *n.* جۆرە بورغوێکە کە دوو پارچەی مەکینەیەکی پێکەوە پێ دەبەسترێت؛ پوازێکی ئاسنە کە دەکرێت بە کونێکدا بۆ پێکەوەبەستنی دوو پارچەی مەکینەیەک.

cottier (kot′i-ĕr), *n.* مسکێن؛ بەکرێگری کێڵگە لە خاوەن زەوی.

cotton (kot′n), *n.* (١) لۆکە ٢) پەمۆ؛ پووەکی پەمۆ. (٣) بەرهەمی پەمۆ. (٤) جلوبەرگی لۆکە؛ دەزووی لۆکە.

adj. لۆکەیی؛ تایبەتی بە لۆکە؛ لە لۆکە دروستکراو؛ لۆکەت؛ کەتان.

cotton (up) to, [Colloq.], (١) لەگەڵ گونجان؛ لەگەڵ یەکتری ڕێکەوتن. (٢) برادەری کردن؛ بوون بە برادەر؛ لەگەڵدا هەڵسان‌و دانیشتن. (٣) بەدڵداچوون؛ حەزلێکردن

cotton batting, لۆکەی پزیشکەوانی.

Cotton Belt, هەرێمی باشووری ووڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کە لۆکەی زۆرەو بە لۆکە ناسراوە.

cotton cake, پەموانە؛ ناوکە پەمۆ (دەدرێت بە مەڕومااڵت).

cotton flannel, کەتان.

cotton gin, جیکەنە؛ شیکەنە؛ مەکینەی جیاکردنەوەی پەمۆ لە پەموانە.

cottonmouth (kot′n-mouth′), *n.* مارێکی ژەهراوی گەورەیە.

cotton picker, (١) پەمووچن؛ پەموورێن؛ مرۆڤ یا مەکینەیەک کە پەمۆ دەچنێت یا دەڕنێت. (٢) پەموورێنەکەر (مەکینە)؛ پەمۆ پوختەکەر.

cottonseed (kot′n-sēd′), *n.* پەموانە؛ تۆوی پەمۆ.

cotton stainer, جانەوەرێکە قۆزاخەی پەمۆ پەڵەدار دەکات.

cottontail (kot′n-tāl′), *n.* کەروێشکێکی ئەمەریکییە کلکی کورتو تووکن‌و بن سپیە.

cottonweed (kot′n-wēd′), *n.* گیایەکە تووکی لۆکەیی بە گەڵاکانیەوەیەتی.

cottonwood (kot′n-wood′), *n.* (١) درەختێکی تۆز تووکاوییە. (٢) داری ئەم جۆرە درەختە.

cotton wool, لۆکەی خاو (بۆ برینپێچی، لێفە، بەری جلوبەرگ).

cottony (kot′n-i), *adj.* (١) لۆکەیی؛ تایبەتی بە لۆکە. (٢) فشەڵ؛ نەرم؛ وەک لۆکە.

cotyledon (kot′l-ē′d'n), *n.* یەکەم گەڵای تۆوێکی پشکوتوو؛ چەکەرە.

couch (kouch), *n.* (١) قەنەفە. (٢) جێی حەوانەوە. (٣) [Poetic]، جێی نووستن. (٤) [Obs.]، لانە. (٥) (ا) چینێک جۆ کە هەڵدەخرێت بۆئەوەی بتەقێتەوە (بیرە دروستکردن). (ب) شوێنی ئەم جۆ هەڵخستنە.

v.t. (١) لەسەر قەنەفە دانیشتن یا پاڵکەوتن. (٢) دامێنانەوەی تیر، نێزە، یا ڕم بۆ نیشانەگرتن‌و هاریشتنی. (٣) دەربڕین (بیر، هەڵوێست)؛ دەربڕین بەجۆرێکی شاراوە: *(His refusal was ~ed in very polite words.)* (٤) نەقشکردن؛ نەخشاندن؛ نەخش‌ونیگارکردن. (٥) [Obs.]، شاردنەوە. (٦) جۆ هەڵخستن بۆ تەقینەوەی (بیرە دروستکردن).

v.i. (١) پاکشان یا پاڵکەوتن لەسەر جێ یا قەنەفە. (٢) خۆ مات کردن (بۆ پەلامارداڵ)؛ خۆ مت کردن؛ خۆ مەڵاسدان (٣) کۆمەڵ بوون (گەڵ)؛ گردبوونەوە.

couchant (kouch′ənt), *adj.* (١) پاکشاو یا پاڵکەوتوو (گیاندار). (٢) خۆ مت کردوو؛ خۆ مەڵاسداو (گیانداری وەک شێر، پڵنگ، وورچ... هتد)

couch grass, گیایەکە زۆر تەرز فرێ دەدات‌و پەرەدەسێنێت.

cougar (koō′gĕr), *n.* گیاندارێکی درندەی خێزایە لە پڵنگ بچووکترە؛ پشیلەکێوی گەورە؛ شێری چیا.

cough (kôf), *v.i. & v.t.* کۆکین؛ فرێدان بە کۆکین (بەڵغەم)؛ هێنانەوە کۆکە.

n. (١) هێنانەوە بە کۆکین (بەڵغەم)؛ فرێدان بە کۆکین. (٢) [Slang]، دانە دەست (پارە).

cough up,

cough drop, خەپلەی کۆکە؛ دەرمانی کۆکە لە شێوەی نوقوڵدا.

could (kood), (١) پابوردووی کرداری " **can** " (٢) کرداری یارمەتیدەرە: (ا) لەوانەبوون دەردەبڕێت: *(It ~ be so.)* . (ب) ڕێگەدان دەردەبڕێت: *(C~ I go?)* .

couldn't (kood′nt), = could not.

couldst (koodst), [Archaic or Poetic], شێوەی ڕابوردووی کرداری " **can** " بۆ گونجەر (ڕێزمان): *(Thou ~)* ، واتە تۆ دەتتوانی.

coulee (kōō′li), *n.* (١) چەمێکی قوڵ کە لە باراناو یا بەفراو پێکدێت‌و هاوینان وشکە. (٢) (ا) جۆگەیەکی ئاگرپژێنی. (ب) تەبەقێکی ڕەقی ئاگرپژێنی.

coulisse (kōō-lēs′), *n.* (١) پارچە دارێکە کە کەندۆک یا دیزاینێکی تێدابێت‌و دەرگا یا شتێکی وەها پیایدا هاتوچۆ بکات یا بەئاسانی بسووڕێت. (٢) (ا) دیمەنی لاکانی شانۆ. (ب) ماوەی نێوان ئەم دیمەنانە.

coulomb (kōō-lom′), *n.* یەکەی پێوانی تەزووی کارەبا؛ هەندی ئەو کارەبایەی کە تەزوویەکی یەک ئەمپێری دەیدات لە چرکەیەکدا.

coulter (kōl′tĕr), *n.* = colter.

coumarin (kōō′mə-rin), *n.* ناوێتەیەکی بلووریی‌یە لە چێشت لێنانو دروستکردنی بۆنی خۆشدا بەکاردەهێنرێت

council (koun′s'l), *n.* (١) ئەنجوومەن؛ کۆڕ. (ا) ئەنجوومەنی شارەوانی. (ب) ئەنجوومەنی یاسایی یا پاوێژکاری. (ج) ئەنجوومەنی کرێکارانی شارێك. (د) ئەنجوومەنی کلێسە. (٢) لێکۆڵینەوەو لێدووانی ئەنجوومەنێك.

councilman (koun′s'l-mən), *n.* ئەندامی ئەنجوومەنی شارەوانی.

council of ministers, ئەنجوومەنی وەزیران.

council of war, (١) ئەنجوومەنی جەنگ (٢) ئەنجوومەنی دانانی نەخشەی کار.

councilor, councillor (koun′s'l-ēr), *n.* ئەندامی ئەنجوومەن.

counsel (koun′s'l), *n.* (١) پاوێژ؛ پاوێژکردن؛ پاوێژکاری. (٢) ئامۆژگاری؛ تەمێکردن؛ بەسەرداهاتن: *(to give good ~)*. (٣) نەخشە؛ بڕیار. (٤) پارێزەر؛ دەستەیەك پارێزەر. (٥) [Archaic] زیرەکی؛ دانایی؛ زرنگی. (٦) [Obs.] ڕاز؛ نەخشە یا بیرێکی نهێنی

v.t. (١) ئامۆژگاری کردن؛ تەمێکردن. (٢) پەسەندکردن؛ هاندانی پەسەندکردنی نەخشە یا بڕیارێك.

v.i. پاوێژکردن؛ پاوێژپێکردن؛ ئامۆژگاری کردن یا وەرگرتن.

keep one's own counsel, نەخشەو پلانو بیروباوەڕی خۆ بە کەس نەووتن؛ ڕازی خۆ لای کەس نەدرکاندن.

take counsel, پاوێژکردن؛ لێکۆڵینەوە

counselor, consellor (koun′s'l-ēr), *n.* (١) پاوێژکار؛ ئامۆژگاریکەر. (٢) پاوێژکاری دادی بالێوزخانەیەك. (٣) پارێزەر (دادگا). (٤) ڕابەر یا ئامۆژگاریکەری دەستەیەك مندال لە گەشتێکی چەند ڕۆژی دەرەوەی شاردا.

count (kount), *v.t.* (١) ژماردن *(He ~ed five.; to ~ from one to twenty)* (٢) کۆکردنەوە؛ سەرجەم کردن؛ ژماردن: *(The shopkeeper was ~ing his money.)* (٣) دانان؛ وا دانان؛ ژماردن؛ وا ژماردن: *(I no longer ~ him among my friends.; He ~s himself fortunate.)* (٤) ڕەچاوکردن؛ لێکدانەوە

v.i. (١) ژماردن (٢) ڕەچاوکردن. *(His opinions don't ~ .)* (٣) بە گرنگ دانان؛ گرنگ بوون.

n. (١) ژماردن (٢) سەرجەم. (٣) هەرێەك لەو تاوانانەی کە ئاراستەی گومانبارێك دەکرێت (دادگا).

count for, بەنرخ بوون؛ بایەخ بوون

count in, دانان بە بەشێك لە

count off, جیاکردنەوەو کردن بە بەش بەشی یەکسانەوە.

count on (or upon), پشت بێ بەستن؛ پێدا ڕاپەڕموون

count out, (١) گوێ پێ نەدان؛ بایەخ پێ نەدان؛ دانەنان بە بەشێك لە. (٢) [British] دوایی پێ هێنانی لێکۆڵینەوەی باسێك لە پەرلەمانی نینگلتەرەدا لەبەر ئامادەنەبوونی ڕێژەیەکی تایبەتی لە ئەندامەکان. (٣) [Colloq.] دۆراندنی هەڵبژاردنێك بە هەڵە ژماردنی دەنگەکان. (٤) بڕیاردانی ئاوبڕێوان بە دۆراندنی بۆکسبازێك لەبەر کەوتنی و هەڵنەسانەوەی لە ماوەی ژماردنی یەك تا دە.

count (kount), *n.* کۆنت بەگزادەیەکی ئەوروپایی؛ ئازناوێکی ئەوروپایی‌یە وەك " ئاغا "

countdown, count-down (kount′doun′), *n.* ژماردنی- بەرەوژێری هەتا سفر لەکاتی تەقاندنی مووشەك یا بۆمبای ئەتۆمی یا هەڵدانی کەشتی ئاسمانی بۆ بۆشایی ئاسمان؛ ژماردنی بەرەو سفری وەها لە هەر بوارێکدا بێت.

countenance (koun′tə-nəns), *n.* (١) ڕووخسار؛ ڕوو؛ شێوە. (٢) نیشانەی پەسەندکردن لە ڕووخساردا. (٣) پەسەندکردن؛ پاڵپشتی کردن. (٤) هێمنی؛ خۆگرتن؛ لەسەرخۆیی: *(lose ~)*.

v.t. پەسەندکردن؛ پاڵپشتی کردن: *(to ~ someone's behavior)*.

in countenance, هێمن؛ لەسەرخۆ.

keep one's countenance, خۆگرتن؛ تێك نەچوون؛ نەدانە پێکەنین.

put out of countenance, سەر لێ شێواندن؛ تەریق کردنەوە؛ تەریق بوونەوە.

counter (koun′tēr), *n.* (١) ژمێرەر (مرۆڤ، ئامێر)؛ ژمێریار. (٢) پارچەیەك باغە یا پلاستیکی بچووك کە ژمارەی پێ پادەگیرێت لە قومارداً لەبری پارە. (٣) پارەیەکی کاغەزایی قەڵب. (٤) بەرمێز؛ مێزی درێژ (بانق، فرۆشگا، فەرمانگە، بار، چێشتخانە)؛ پێشخوان.

over the counter, لە فەرمانگەدا دەکڕێت‌و دەفرۆشرێت نەك لە بارەگای پارەبازیدا.

under the counter, بەدزی‌یەوە (کڕین‌و فرۆشتن لە بازاڕی ڕەشدا)؛ بە پەنهانی.

counter (koun′tēr), *adv.* بەپێچەوانەی؛ بەدژی: *(to act ~ to a person's wishes)*

adj. دژ؛ پێچەوانە.

n. (١) پێچەوانە؛ دژ. (٢) سنگی نەسپ. (٣) پارچەیەك قایشی قایم بەدەوری دیوی ناوەوەی پاژنەی پێڵاودا. (٤) بەشی سەرناوی دواوەی کەشتی. (٥) چاڵایی نێوان دوو چۆکڵە. (٦) بۆکسێك کە دەهاوێژرێت لەکاتی خۆڵادان لە بۆکسی بەرامبەر (بۆکسبازی)

v.t. & v.i. (١) بەپێچەوانە جوواڵانەوە؛ دژەستان؛ بەرهەڵستی کردن. (٢) بۆکسدان لە بەرامبەر لەکاتی خۆڵادان لەبەردەمی بۆکسەکەیدا (بۆکسبازی).

counter (koun′tēr), *n. & v.t.* [Archaic], تووش هاتن؛ تووش بوون؛ هاتنەڕێ.

counter- (koun′tēr), پێشگرێکە بەمانای: (١) بەپێچەوانەی: *(counterclockwise)* (٢) دژ؛ دژ کردار: *(counterattack)*. (٣) هاوتا؛ بەرامبەر: *(counterpart)*.

counteract (koun′tēr-akt′), *v.t.* بەرهەڵستی کردن؛ پووچکردنەوە یا کەمکردنەوەی کاریگەری شتێك: *(The doctor gave him some medicine to ~ the effects of the poison.)*

counteraction (koun′tēr-ak′shən), *n.* کرداری دژ یا هاوتا. -counteractive *(adj.)*.

counterattack (koun′tēr-ə-tak′), *n.* هێرشی دژ؛ هێرشێك کە بەرپەرەکانی هێرشی دوژمن بکات.

v.t. & v.i. هێرشی پێچەوانە کردنەسەر؛ هێرش کردنەسەر بۆ بەرپەرەکانی کردنی هێرشی دوژمن.

counterattraction (koun′tēr-ə-trak′shən), *n.* سەرنج- ڕاکێشانی هاوچاو یا دژ؛ دڵفڕێنی هاوچاو.

counterbalance (koun′tēr-bal′əns), *n.* (١) کێشی هاوهێز؛ کێشی هاوتا. (٢) کردار یا کاریگەری هاوهێز؛ هێز یا کردارێکی هاوتا

v.t. هاوتایی کردن؛ هاوهێزی کردن.

counterblow (koun′tēr-blō′), *n.* لێدانێکی پێچەوانە؛ لێدانی بەرامبەر.

counterchange (koun′tēr-chānj′), *n.* (١) تاوانبارکردنی پێچەوانە. (٢) هێرشی پێچەوانە.

v.t. (١) تاوانبارکردنی پێچەوانە. (٢) هێرش بردنەسەری پێچەوانە.

countercheck (koun′tēr-chek′), *n.* (١) کۆسپ؛ بەربەست. (٢) دووبارە پیاچوونەوە (بۆ دڵنیایی لە هەڵە)؛ ڕەچاوکردن.

v.t. (١) کۆسپ دانان لە ڕێگەدا؛ وەستاندن.

(۲) دووباره بیاچوونەوە (بۆ دڵنیایی لە هەڵە)؛ ڕەچاوکردن.

counterclaim (koun′tĕr-klām′), *n.* داوای پێچەوانە (دژی داواچی لە دادگادا).

v.t. & v.i. داوای پێچەوانە پێشکەش کردن لە دادگادا

counterclaimant (koun′tĕr-klām′ənt), *n.* داواکاری پێچەوانە (دژی داواچی لە دادگادا).

counterclockwise (koun′tĕr-klok′wīz′), *adj. & adv.* بە پێچەوانەی حوولەی میلی کاتژمێرەوە.

countercurrent (koun′tĕr-kŭr′ənt), *n.* تەووژم یا تەزووی پێچەوانە

counterdemonstration (koun′tĕr-dem′ən-strā′shən), *n.* خۆپیشاندانی پێچەوانە دژی خۆپیشاندانێکی تر؛ خۆپیشاندانی بەرامبەر یا دژ.

counterespionage (koun′tĕr-es′pi-ə-nij), *n.* سووسەکردنی دژ یا پێچەوانە؛ دژە سووسە.

counterfeit (koun′tĕr-fit), *adj.* (۱) ساختە. *(~ money)* . (۲) درۆ؛ دروزنانە؛ ڕووالەت: *(~ sorrow)* .

n. (۱) نموونەیەکی قەڵب یا ساختە (دراو). (۲) [Archaic] ، ساختەچی. (۳) [Archaic]، وێنە (پەیکەر، دیمەن).

v.t. & v.i. (۱) دراوی قەڵب یا ساختە دەرهێنان. (۲) وا دەرخستن؛ وا پیشاندان بە درۆوە. (۳) لێکچوون؛ لەیەکچواندن.

counterfeiter (koun′tĕr-fit′ĕr), *n.* دراوی ساختە دروستکەر؛ دراوی قەڵب لێدەر

counterfoil (koun′tĕr-foil′), *n.* قنگە چەک یا ڕەسید کە لەلای خاوەنەکەی دەمێنێتەوە.

counterjumper (koun′tĕr-jump′ĕr), *n.* [Colloq.]. فرۆشیار (دووکان)

counterman (koun′tĕr-mən), *n.* بەردەستی چێشتخانەیەک کە لەسەر پێشخوان کاردەکات

countermand (koun′tĕr-mand′), *v.t.* (۱) سڕینەوەی فەرمانێک (۲) کشاندەوەی فەرمانێک.

n. فەرمانێک کە فەرمانی پێشووتری دەسڕێتەوە.

countermeasure (koun′tĕr-mezh′ĕr), *n.* کرداری بەجێوانە یا دژ.

countermine (koun′tĕr-mīn′), *n.* (۱) تونێلێک کە تەقەمەنی تێ دەکرێت بۆ وێرانکردنی تونێلی دوژمن (۲) تەقەمەنی ژێرئاو بۆ لەناوبردنی ژێردەریایی دوژمن (۳) پیلانی دژ؛ پیلانی تێکدەر.

v.i. & v.t.* (۱) بەربەرەکانی کردنی کردارەکانی دوژمن بە کرداری هاوتا. (۲) شکاندن یا تێکدانی پیلانی دوژمن بە پیلانێکی تر.

countermove (koun′tĕr-mōōv′), *n.* جوولەی دژ؛ جوولانەوەی پێچەوانە یا تۆڵەیی.

v.i. & v.t. جوولانەوەی دژ. پێچەوانە، یا تۆڵەسەندن.

counteroffensive (koun′tĕr-ə-fen′siv), *n.* هێرشی پێچەوانە؛ هێرشی بەربەرەکانی؛ هێرشی دژ.

counterpane (koun′tĕr-pān′), *n.* پۆپەشمین یا جاجمێک کە دەدرێت بەسەر جێگەی نووستندا.

counterpart (koun′tĕr-pärt′), *n.* (۱) هاوتا؛ بەرامبەر؛ هاوسەنگ؛ پارسەنگ *(Your right hand is the ~ of your left hand.)* . (۲) تەواوکەر *(Woman is the ~ of man.)* (۳) [Obs.]. وێنە؛ دەق.

counterplot (koun′tĕr-plot′), *n.* پیلانێک کە بۆ شکاندنی پیلانی تر دادەنرێت؛ پیلانی پیلان تێکدەر.

v.t. & v.i. دانانی پیلانێک بۆ شکاندن یا ژێرخستنی پیلانێکی تر.

counterpoint (koun′tĕr-point′), *n.* (۱) (ا) ناوازێک کە دەخرێتە پاڵ ناوازێکی ترو لەگەڵی دەگونجێنرێت. (ب) خستنە پاڵ یەکترو گونجاندنی ناواز. (۲) بێروباوەڕ یا وەڵامێکی پێچەوانە یا دژ.

counterpoise (koun′tĕr-poiz′), *n.* (۱) هاوسەنگ؛ پارسەنگ؛ شتێکی هاوتا. (۲) هێزێکی هاوتا؛ کاریگەرییەکی هاوهێز. (۳) هاوسەنگی؛ هاوتایی.

v.t. هاوتاکردن؛ هاوسەنگ کردن؛ بوون بە پارسەنگ.

counterpoison (koun′tĕr-poi′z'n), *n.* (۱) دەرمانی دژە ژەمر. (۲) ژەمری دژە ژەمر؛ دژە ژەمر.

counterproductive (koun′tĕr-prə-duk′tiv), *adj.* دەبێتە هۆی ئەنجامی خراپ؛ زیانبەخش.

counterproposal (koun′tĕr-prə-pō′z'l), *adj.* پێشنیازی پێچەوانە؛ پێشنیازێک کە بۆ بەرهەڵستی کردنی پێشنیازێکی تر دەکرێت.

counterreformation (koun′tĕr-ref′ĕr-mā′shən), *n.* بزووتنەوەیەکی چاکسازییە کە بەڕەچڕی بزووتنەوەیەکی تری چاکسازی پێشتر دەداتەوە و بەرهەڵستی دەکات و هەڵی دەگیرێتەوە.

Counter Reformation, بزووتنەوەی چاکسازی لە کڵێسەی کاسۆلیکیدا لەئەنجامی بزووتنەوەی چاکسازی پرۆتستانتی، واتە دابەشبوونی کڵێسە بە دوو بەشەوە و جیابوونەوەی پرۆتستانتەکان لەسەدەی شانزەهەمدا.

counterrevolution (koun′tĕr-rev′ə-lōō′shən), *n.* شۆڕشی دژ؛ بزووتنەوەی دژ بە شۆڕش.

counterrevolutionary (koun′tĕr-rev′ə-lōō′shən-er′i), *n.* دوژمنی شۆڕش؛ کەسێکی دژ بە شۆڕش.

adj. دژ بە شۆڕش؛ تایبەتی بە بزووتنەوەو هەڵوێستی دژ بە شۆڕش.

counterscarp (koun′tĕr-skärp′), *n.* دیواری دەرەوەی خەندەقی پارێزەر (خەندەقی پڕ لە ئاوی دەوری قەڵایەک کە لە هێرشی دوژمن دەپارێزێت).

countershaft (koun′tĕr-shaft′), *n.* ستوونی ئاوەڕاست کە ووزە یا بزووتن لە ستوونی سەرەکییەوە دەگەیەنێت بەو پارچەیەی مەکینە کە پێویستە بسووڕێنێتەوە تاکو مەکینەکە کار بکات.

countersign (koun′tĕr-sīn′), *n.* (۱) مۆری دەستەبەری؛ ئیمزای دەستەبەری؛ مۆری پەسەندکردن. (۲) پەڕلە؛ نیشانەی نهێنی

v.t. مۆرکردنی بڕوانامەیەک بۆ دەستەبەری.

countersignature (koun′tĕr-sig′nə-chĕr), *n.* مۆر یا ئیمزای دەستەبەری.

countersink (koun′tĕr-siŋk′), *v.t.* (۱) گەورەکردنی دەمی کونێک بۆ پێکردنی بورغوێک بە کونەکە. (۲) پیاکردنی بورغوێک بەم کونەدا.

n. (۱) ئامێری گەورەکردنی کونێکی وەها. (۲) کونێکی گەورەکراو بەم شێوەیە.

counterstatement (koun′tĕr-stāt′mənt), *n.* ووتەی بەرپەرچ دەرەوە؛ ووتاری دژ.

counterstroke (koun′tĕr-strōk′), *n.* لێدانێکی پێچەوانە.

countervail (koun′tĕr-vāl′), *v.t.* (۱) بەکارهێنانی هێزێکی هاوتا دژی هێزی بەرامبەر. (۲) بژاردن؛ بۆ بژاردن.

(۳) بەرهەڵستی کردن؛ بەرپەرچدانەوە؛ هاوسەنگ کردن.

counterweight (koun′tĕr-wāt′), *n.* هاوتا؛ هاوسەنگ؛ پارسەنگ.

v.t. هاوتاکردن؛ هاوسەنگ کردن؛ پارسەنگ کردن.

counterwork (koun′tĕr-wŭrk′), *n.* (۱) دژکار. (۲) سەنگەری دژ بە سەنگەری دوژمن یا بەرامبەر.

countess (koun′tis), *n.* کۆنتێس: (ا) ژن یا بێوەژنی " کۆنت " : نازناوێکی ئەورووپاییە وەک " خانم " یا " خان " . (ب) ژنێکی بەگزادە کە لە پلەی " کۆنت " دایە.

countinghouse (koun′tiŋ-hous′), *n.* فەرمانگەی ژمێریاری و نامەکاری و فایل هەڵگرتنی کارگە یا دەزگایەکی بازرگانی؛ فەرمانگەی شتی تۆمارکراو.

countless (kount′lis), *adj.* بێ شومار؛ گەلێک؛ زۆر؛ ژمارەیەکی لە ژماردن نەهاتوو.

countrified (kun′tri-fīd′), *adj.* ***Also*** **countryfied,** لادێیی؛ کراو بە لادێیی؛ وەک لادێیی لێهاتوو.

country (kun′tri), *n.* (۱) وولات؛ کیشوەر. (۲) هاوولاتیان؛ دانیشتووانی وولاتێك. *(Does the ~ really want war?)* (۳) نیشتمان؛ خاکی باووباپیران. *(to return to one's ~)*. (٤) ناوچە؛ زەوی‌وزار. *(~ wooded)*. (٥) لادێ؛ دەروودێهات؛ دەرەوەی شار. (٦) بەشێك لە بەشەکانی زانست. *(This subject is strange ~ to me.)*. (۷) دەستەی سوێندخۆران لە دادگادا.

adj. (۱) لادێ، لادێیی؛ تایبەتی بە لادێ یا لادێیی. (۲) [Dial]، هاوولاتی؛ خۆمالی؛ هی وولاتی خۆ.

go to the country, هەڵگرتنی نەنجوومەنی گشتی پەرلەمانی ئینگلتەرەو هەڵبژاردنی تازە کردن

country club, یانەی سەرمایەدارانو خۆش گوزەرانان (بۆ وەرزشو چالاکی تری ئەندامان).

country cousin, لادێیی؛ کەسێکی لادێیی کە بە شار پانەهاتووەو ژیانی ناوشاری پێ خۆش نێیە سەری لێ دەشێوێنت.

country-dance (kun′tri-dans′, kun′tri-däns′), *n.* سەمای لادێ: جۆرە سەمایەکە بەزۆری خەڵکی لادێ دەیکەن وە بریتییە لە پێزبوونی ژن و پیاو بەرامبەر بە یەك یا لە ئەڵقەیەکداو سەماکردنیان پێکەوە.

countryfied (kun′tri-fīd′), *adj.* → **countrified.**

countryfolk (kun′tri-fōk′), *n.* لادێیی؛ خەڵکی لادێ

country gentleman, بەگزادەی لادێ؛ پیاوێکی سامانداری خاوەن زەوی‌وزارو خانووبەرەیەکی زۆر لە لادێدا.

country house, خانووبەرەی بەگزادەیەکی لادێ؛ خانوویەکی گەورەو خۆشی چەپەکی لادێ

countryman (kun′tri-mən), *n.* (۱) لادێیی. (۲) هاوولاتی؛ هاونیشتمانی.

countryseat (kun′tri-sēt′), *n.* خانوویەکی گەورەی دەرەبەگێك لە لادێ

countryside (kun′tri-sīd′), *n.* (۱) دەشت‌ودەر؛ دەشت؛ دێهات؛ دەرەوەی شار؛ لادێ. *(A trip to the ~ is always refreshing.)*. (۲) خەڵکی لادێ؛ دانیشتووانی لادێ.

countrywoman (kun′tri-woom′ən), *n.* (۱) ژنە لادێیی؛ نافرەتی لادێ. (۲) هاوولاتی (نافرەت)؛ هاونیشتمانی.

county (koun′ti), *n.* (۱) ناوچە یا هەرێمێکی بەرێوەبەرایەتی (هاوتای "قەزا" یە). (۲) دانیشتووانی ئەم ناوچەیە. (۳) [Obs.] هەرێمێك کە "کۆنت" یێك بەرێوەی دەبات.

county seat, بارەگای ئەم ناوچە بەرێوەبەرایەتییە کە پێی دەووترێت "کاونتی"

coup (kōō), *n.* (۱) لێدانێك؛ پیاکێشانێك؛ پیامالینێك؛ پیادانێك. (۲) کردارێکی لەپڕو ناکاوو سەرکەوتوو. *(He pulled off a great ~ .)*. (۳) لێدانی بڕێمێك پووخاندنی؛ لێدانی میری‌و هەڵگێڕانەوەی.

coup de grâce, (۱) لێدانی کوشندە: دوا لێدان یا گوللەیەك کە کەسێکی بریندار یا نەخۆشی پێ دەکوژرێتو دەحەوێنرێتەوە (ئەم جۆرە کوشتنە لە ڕقەوە نایەت بەڵکو لە دڵ پێ سووتاندنو بەزەییپێداوەیە). (۲) کرداری دوایی پێ هێنەر؛ کردارێك کە شتێك بخات بەلایەکداو بیبڕێنێتەوە.

coup de main, هێرشێکی لەپڕو لەناکاو (جەنگ).

coup d'état, کۆدێتا لێدانو ڕووخاندنی ڕژێمێك؛ لێدانو هەڵکەڕاندنەوە دژی میری.

coup de théâtre, (۱) گۆڕینێکی لەپڕو سەرنج ڕاکێش لە شانۆگەریدا. (۲) کردار یا ڕووداوێکی سەرنج ڕاکێشو هێنەرەجۆش.

coup d'oeil, سەیرکردنێکی لەپڕو کورت.

coupe (kōōp), *n.* ئوتومبیلێکی دوو دەرگا کە جێی دوو تا پێنج کەسی تێدا دەبێتەوە

coupé (kōō-pā′), *n.* (۱) عەرەبانەیەکی داخراو کە جێی دوو کەسی تێدا دەبێتەوە. (۲) دوا قارگۆنی شەمەندەفەری ئەوروپایی. (۳) **coup**.

couple (kup′l), *n.* (۱) جووتێك شت یا کەسی هاوجۆز؛ دوو کەس یا شتی هاوبابەت. *(a ~ of girls, rabbits, books, apples, etc.)* (۲) جووت؛ جووتە: (ا) ژن‌و مێرد: *(a married ~)*. (ب) جووتە دەزگیران: *(a courting ~)*. (ج) جووتە سەماکەر: *(Ten ~s took to the floor.)*. (۳) [Colloq.]، چەند (شت، کەس، بیروباوەڕ، شوێن... هتد)؛ لە دوو زیاتر، بەڵام زۆر نا: *(I've a ~ of things to do.)*. (٤) پەیوەندی؛ پەیوەست بوون.

(٥) دوو هێزی هاوتا کە لە ڕێکی یەکتر بەڵام بە پێچەوانەی یەکتڕەوە دەبزوێن

v.t. (۱) پێکەوەبەستن؛ لێکدان. (۲) کردن بە ژن‌و مێرد؛ جووت کردن (۳) لێکدانی دوو تەووژمی کارەبا.

v.i. (۱) بوون بە دووان؛ جووت گرتن. (۲) جووت بوون؛ گان کردن.

coupler (kup′lĕr), *n.* (۱) بەیەك گەیەنەر؛ کەسێك کە جووت دەگرێت لەگەڵ کەسێکی تردا. (۲) نامێری بەیەك گەیاندن؛ نامێری بەیەك گەیاندنی دوو قارگۆنی شەمەندەفەر.

couplet (kup′lit), *n.* دووخشتەکی.

coupling (kup′liŋ), *n.* (۱) بەیەکگەیشتن؛ لێکدان؛ جووت بوون. (۲) نامێرێکی بەیەك گەیەنەر. (۳) نامێری بەیەك گەیاندنی دوو قارگۆنی شەمەندەفەر. (٤) نامێری بەیەك گەیاندنی دوو تەووژمی کارەبا.

coupon (kōō′pon, kū′pon), *n.* کۆپۆن.

courage (kûr′ij), *n.* (۱) ئازایەتی؛ قارەمانی؛ نەبەردی؛ بەجەرگی. (۲) [Obs.]، مێشك؛ دل؛ هۆش؛ هۆش‌وگیان.

have the courage of one's convictions, نەترسان لە کردنی ئەو شتەی بە ڕاستی دەزانیتو بڕوات پێی هەیە.

courageous (kə-rā′jəs), *adj.* ئازا؛ قارەمان؛ نەبەرد؛ بەجەرگ.

courant (kōō-ränt′), *n.* = **courante.**

courante (kōō-ränt′), *n.* (۱) سەمایەکی خێرای فەرەنسەییە (۲) مۆسیقای ئەم سەمایە.

courier (koor′i-ĕr, kûr′i-ĕr), *n.* (۱) پەیامبەر (بەتایبەتی هەڵگری پەیامی گرنگ‌و پەلەی میری). (۲) هاوەڵی گەشتیار: کەسێك کە بەکرێ دەگیرێت بۆئەوەی لەگەڵ گەشتیاراندا بێت‌و هۆی گواستنەوەو ئوتێلیان بۆ بگرێت‌و سەرەوکاری جانتاکانیان بکات.

course (kôrs, kōrs), *n.* (۱) بەرەو پێشەوە ڕۆیشتن؛ پێشکەوتن. (۲) ناراستەی ڕۆیشتن. (۳) ماوە: *(in the ~ of a week)*. (٤) ناوەڕۆ (جۆگە، ڕووبار). (٥) ناوچە یا ڕێڕەوی ملەمڵێیەك: *(a race ~ ; a golf ~)*. (٦) ڕێبازی سروشتی شتێك؛ ڕێڕەو: *(The law must take its ~ .)*. (۷) زنجیرە؛ لیستە. (۸) ڕێبان: *(the ~ of true love)*. (۹) بەشی ژەمێك خواردن: *(The main ~ was fish.)*. (۱۰) چینە خشت، بەرد، یا دار لە دیوار یا سەربانێکدا. (۱۱) کۆرس (زانکۆ، قوتابخانە)؛ وەرزی خوێندن: *(The psychology ~ was interesting.)*

v.i. (۱) نیشتنەسەر (ڕاوکردن)؛ شوێن کەوتن؛ ڕافڕاندن. (۲) تێ بەردان (سەگ لە ڕاوکردندا). (۳) خێرا پێدارۆیشتن: *(The blood ~d through his veins.)*

v.t. (۱) ملەملێ کردن. (۲) نیشتنەسەر؛ شوێن کەوتن؛ ڕافڕاندن. (۳) ڕاوکردن بە سەگ.

a matter of course, شتێکی سروشتی؛ شتێکی ناسایی.

in due course, لە کاتی خۆیدا.

in the course of, لە ماوەی؛ لە کاتی.

of course, بێ گومان.

to run its course, بە ڕێگەی سروشتی خۆدا ڕۆیشتن هەتا دوایی هاتن.

to stay the course, خۆڕاگرتن‌و بەردەوام بوون هەتا کۆتایی؛ لانەدان.

to take its course, ڕێگەی سروشتی خۆ گرتن.

courser (kôr′sēr, kōr′sēr), *n.* [Poetic], نەسپێکی خێرا.
courser (kôr′sēr, kōr′sēr), *n.* باڵندەیەکی خێرای کەنار دەریایە.
courser (kôr′sēr, kōr′sēr), *n.* (۱) سەگی پاو. (۲) پاوچی.
coursing (kôr′siŋ, kōr′siŋ), *n.* (۱) نیشتنەسەر (پاو)؛ پافراندن؛ شوێن کەوتن. (۲) پاوکردن بە سەگ.
court (kôrt, kōrt), *n.* (۱) حەوشە. (۲) حەوشەیەکی سەر داپۆشراو. (۳) شەقامێکی کورتی دەرنەچوو. (٤) گۆڕەپان؛ وەرزشگا (تەنس، باسکە، بالە)؛ بەشێکی گۆڕەپانی وەرزشی. (٥) خانوویەکی گەورە کە دالأنێکی سەرنەگیراو یا حەوشەیەکی گەورەی لەبەردەمدا بێت. (٦) کۆشکی شاهانە؛ کۆشکی پاشا. (۷) خێزان و پاوێژکارو دەستوپێوەندی پاشا. (۸) پاشا و وەزیرو پاوێژکارەکانی وەک ئەنجوومەنی فەرمانڕەوایی. (۹) کۆڕی پاشا. (۱۰) مەرایی. (۱۱) دڵداری؛ هەوڵی دڵ پاکێشان دان. (۱۲) (ا) دادگا؛ دادگەر؛ دادگەران. (ب) خانەی دادگا. (ج) کۆڕی دادگەران.
v.t. (۱) مەرایی کردن؛ کلکەڵەقێ بۆ کردن. (۲) دڵداری کردن؛ هەوڵی دڵ پاکێشان دان (۳) (ا) هەوڵی دەستگیربوون دان: *(You must ~ an opportunity.)* . (ب) بەشوێنداگەڕان: *(You are ~ing trouble.)* .
v.i. دڵداری کردن؛ هەوڵی دڵ پاکێشان دان.
contempt of court, بە سووک سەیری دادگا یا دادگەر کردن؛ گوێ نەدان بە بڕیاری دادگا یا دادگەر.
pay court to, (۱) دڵداری لەگەڵ کردن؛ هەوڵی دڵ پاکێشان دان. (۲) مەرایی کردن؛ کلکەڵەقێ بۆ کردن.
settle a case out of court, بڕینەوەی ناکۆکی یا داوایەک لە دەرەوەی دادگا
take a case (someone) to court, دان بە دادگا (ناکۆکی، مرۆڤ).
courteous (kûr′ti-əs), *adj.* زمان شیرین؛ ناسک؛ پووخۆش و بەئەنگ هەستی خەڵکەوە هاتوو.
courtesan, courtezan (kôr′tə-z'n, kōr′tə-z'n), *n.* قەحبە؛ ئافرەتێکی سووک
courtesy (kûr′tə-si), *n.* (۱) زمان شیرینی؛ ناسکی؛ پووخۆشی و بەئەنگ هەستی خەڵکەوە هاتن. (۲) چاکە؛ کردەوە یا ووتەیەکی ناسک. (۳) پەسەندی و سەرپەرشتی و ڕێگەدان: *(a radio program presented by* [through] *the ~ of- a business company.)* (٤) کرنووش بردن (کج).
courtesy title, ناڵناوی ڕێزلێگرتن (کە دەنرێت لە ئەوەی " دۆق " و بەگزادە لەڕووی ڕێزەوە نەک لەبەرئەوەی مافیان پێوەیەتی).
courthouse (kôrt′hous´, kōrt′hous´), *n.* (۱) خانەی دادا؛ دادگا (۲) بارەگای فەرمانڕەوایی ناوچە؛ سەرا.
courtier (kôr′ti-ēr, kôr′tyēr, kōr′ti-ēr), *n.* (۱) پاش میر؛ دەستوپێوەندێکی پاشا. (۲) مەراییکەر.
courtly (kôrt′li, kōrt′li), *adj.* (۱) پاشایانە؛ جوان و بەرز (ڕەفتار، ئەریت)؛ ڕێک و پێک: *(~ manners)* . (۲) مەراییکەرانە؛ خۆسووککەرانە.
adv. بە جوانی و ڕێک و پێکی (ڕەفتار، ئەریت).
-courtliness *(n.).*
courtly love, دڵداری کردن لەگەڵ ئافرەتێکی مێرددارو پەرستنی لە دوورەوە بەبێ هەوڵدانی جووت بوون لەگەڵیدا (ئەریتێکی سەدانی ناوەڕاستە)؛ خۆشویستن لە دوورەوە.
court-martial (kôrt′mär´shəl, kōrt′mär´shəl), *n.* - (۱) دادگای سوپایی. (۲) (*pl.*) دادپرسینێک لە دادگای سوپاییدا.
v.t. دران بە دادگای سوپایی.
Court of Appeals, دادگای پیاچوونەوە.
Court of St. James, دادگای شاهانەی ئینگلیزی.
court plaster, برین هەڵپێچ.
courtroom (kôrt′rōōm´, kōrt′room´), *n.* ژووری دادگا.
courtship (kôrt′ship, kōrt′ship), *n.* دڵداری و ماوەی نەو دڵداریەیە" دڵداری.
cousin (kuz′'n), *n.* (۱) ئامۆزا (کوڕ یا کچ)؛ پوورزا؛ خاڵۆزا. (۲) خزم (نێر یا مێ). (۳) ئەندامی کۆمەڵ یا گەلێکی هاوڕەگەز. (٤) نەو ناوەی پاشا بانگی پاشایەکی تر یا بەگزادەیەکی پێ دەکات (٥) [Slang]، هاوچارێک کە بەبێ ئەوەی پێی بزانێت سوودت پێ دەگەیەنێت.
cousin-german (kuz′'n-jûr′mən), *n.* ئامۆزا (نێر یا مێ)؛ پوورزا؛ خاڵۆزا.
cousinry (kuz′'n-ri), *n.* ئامۆزاو پوورزاو خاڵۆزا یا خزمان بەتێکڕایی. **-cousinship** *(n.).*
couteau (kōō′tō′), *n.* (۱) چەقۆیەکی گەورەیە کە وەک چەک هەڵدەگیرێت. (۲) خەنجەرێکی دوو دەم.
couth (kōōth), *adj.* (۱) ڕەفتارجوان؛ بەڕەووشت (بۆ پێکەنین بەکاردێت). (۲) [Obs.]، زانراو؛ ناسراو.
couture (kōō′tür), *n.* (۱) نەخشەکێشان و دووریو و فرۆشتنی جل و بەرگی ژنانە (بەتایبەتی هی مۆدەو جوان). (۲) کەسێک کە نەخشەی جل و بەرگی مۆدەی ژنانە دەکێشێت و دەیدرووێت و دەیفرۆشێت.
couturier (koo′tü′ryā´), *n.* (۱) نەخشەکێش و بەرگدروو فرۆشیاری جل و بەرگی مۆدەی ژنانە. (۲) دەزگای نەخشەکێشان و دووریو و فرۆشتنی بەرگی مۆدەی ژنانە.
couvade (kōō-väd′), *n.* نەریتی هەندێک خێڵی دوور لە شارستانیەت کە بڕیتیە لە هاوسۆزی مێرد لەگەڵ ژنەکەیدا لەکاتی منداڵبوونیدا بە کەوتنی لەسەر جێگە هەروەک ئەویش منداڵی ببێت.
covalence (kō-vā′ləns), *n.* *Also* covalency, هاوهێزی (کیمیا).
cove (kōv), *n.* (۱) نەشکەوت؛ کەنار یا قوژبنی کەندەڵانێک. (۲) کەنداوێکی بچووک. (۳) پارچەی نێوان دوو گرد یا بێشە؛ دەربەندێکی تەسک. (٤) تیرەیەک زەوی کە لە بێشەیەک دەدات. (٥) (ا) تیلماسکێکی ڕازێنەرەوەی قوپاو لە بنمیچێکدا. (ب) کەوانەیەکی قوپاو.
v.t. & v.i. قوپاندن؛ قوپان.
cove (kōv), *n.* [British Slang], زەلام؛ کابرا؛ کوڕ.
covenant (kuv′ə-nənt), *n.* (۱) پەیمان؛ ڕێکەوتن. (۲) پەیمانی خوا لەگەڵ نادەمیزاددا (بەگوێرەی ئینجیل).
v.i. & v.t. پەیمان بەستن؛ پەیماندان.
covenantee (kuv´ə-nənt-ē′), *n.* پەیماندەر؛ پەیمانبەست.
covenanter (kuv′ə-nən-tēr), *n.* پەیماندەر؛ پەیمانبەست.
covenantor (kuv′ə-nən-tēr), *n.* پەیماندەر؛ پەیمانبەست.
cover (kuv′ēr), *v.t.* (۱) (ا) داپۆشین (بۆ پاراستن یا شاردنەوە)؛ سەر داپۆشین؛ سەرنانەوە. (ب) پووکەش کردن؛ تێهەڵسوون. (۲) داپۆشین: *(Snow ~ed the highway.)* . (۳) سواربوون؛ گاین؛ جووت بوون. (٤) لەسەر نیشتن (مریشک لەسەر هێلکە). (٥) پۆشین؛ بەرگ کردنەبەر. (٦) شاردنەوە. (۷) پاراستن: *(Warships ~ed the landing of the invading army.)* (۸) گرتنەوە: *(The law ~s such cases.)* . (۹) پاراستنی دارایی؛ بیمەکردن: *(My auto insurance ~s theft.)* . (۱۰) بڕین (ڕێگە): *(He ~ed the distance in ten minutes.)* . (۱۱) باسکردن؛ لێکۆڵینەوە؛ گرتنەوە: *(The book ~s the subject thoroughly.)* (۱۲) نیشانەلێگرتن. (۱۳) یاری کردن بە کاردێکی بەنرختر لەوەی پێشوو (یاری کاغەز یا قومار). (۱٤) دەنگوباس کۆکردنەوەو وێنەگرتن بۆ ڕۆژنامە، ڕادیۆ، یا تەلەفزیۆن: *(The reporter ~ed the accident.)*

(۱۵) قایل بوون به مەرجی گرەوێک.
v.i. (۱) پووکەش کردن؛ بەسەردا بڵاوکردنەوە (۲) [Colloq.]، کارکردن لەبری؛ جێگری کردن (۳) شاردنەوەی شتێک بۆ پاراستنی هاوکارێک و ڕزگارکردنی لە سزا یا سەرزەنشت کردنی: *(to ~ up for a colleague)*.
n. (۱) (ا) بەرگ؛ بەرتووک. (ب) سەرقاپ؛ قەپاغ؛ سەر (ج) پێخەف؛ سەرەخەو. (۲) سەنگەر (۳) لانە یا شوێنی خۆشاردنەوەی گیانداری کێوی (٤) سەرمێز و قاپ و کەوچک و چنگاڵ بۆ یەک کەس (٥) مزی چوونە تیاترۆ یا یانەی سەما. (٦) پووالەت؛ خۆنوواندنی درۆ.
break cover, هاتنەدەرەوە لە شوێنی خۆشاردنەوە.
cover up, (۱) گرتنەوە؛ داپۆشین. (۲) شاردنەوە (ڕان).
take cover, خۆشاردنەوە یا خۆپاراستن لە گوللەی دوژمن
under cover, (۱) بەدزییەوە. (۲) بە پووالەت؛ بەسەرزاری. (۳) شاراوە.
under the same cover, لە هەمان زەرفدا (نامەنووسین).
coverage (kuv′ĕr-ij), *n.* (۱) داپۆشین؛ مەودای داپۆشین (۲) ڕادەی لێکۆڵینەوەو باسکردن (ڕۆژنامە، ڕادیۆ، تەلەفزیۆن): *(The news ~ of the war was extensive.)* (۳) ڕادەی پاراستن لەلایەن کۆمپانیای بیمەوە (وەک خانوو سووتان، دزی، ڕووداوی نوتومبیل) (٤) ڕادەی پاراستن بە دراو.
coverall (kuv′ĕr-ôl′), *n.* بەرگێکی یەک پارچەی سەرتاپایە خاوەن پێشە لەبەری دەکات (بەتایبەتی فیتەرو کرێکاری کارگەو کشتیار)
cover charge, مزی چوونە تیاترۆ یا یانەی سەما
cover crop, دانەوێلەیەک کە دەچێنرێت بۆ پاراستنی زەوی لە ڕامااڵین
covered (kuv′ĕrd), *adj.* (۱) داپۆشراو؛ شاراوە (۲) قەپاغدار؛ سەرقاپدار. (۳) پارێزراو (بیمە) (٤) کڵاو لەسەر؛ کڵاودار
covered wagon, واگۆنێکی سەر داپۆشراوی بە نەسپ یا گا ڕاکێشراو
cover girl, کچێکی حوان کە زوو زوو وێنەکەی لەسەر بەرگی گۆڤارەکان دەبینرێت؛ کچی سەر بەرگی گۆڤار
covering (kuv′ĕr-iŋ), *n.* بەرگ؛ سەرەخەر؛ پێخەف؛ قاوغ؛ سەرقاپ
covering letter, نامەیەک کە لەگەڵ بڕوانامە یا بەڵگەیەکدا دەنێردرێت بۆ ڕوونکردنەوەی
coverlet (kuv′ĕr-lit), *n.* (۱) پۆپەشمێر یا جاجمێک کە دەدرێت بەسەر جێگەی نووستندا (۲) شتێک کە شتێکی تری پێ داوەپۆشرێت.
coverlid (kuv′ĕr-lid), *n.* = coverlet.
covert (kuv′ĕrt), *adj.* (۱) نهێنی؛ شاراوە؛ پەنهانی: *(a ~ threat; a ~ operation)* (۲) داپۆشراو؛ پارێزراو.
n. (۱) کەنار؛ پەنا (۲) شوێنی خۆشاردنەوەی گیانداری کێوی وەک بێشە (ڕاو). (۳) پەڕێکی نەرمو بچکۆلەیە لەبنی پەڕە گەورەکانی باڵندەدا (زیندەوەرزانی)
covertly (kuv′ĕrt-li), *adv.* بەنهێنی؛ بەدزییەوە
coverture (kuv′ĕr-chĕr), *n.* (۱) پەنا؛ کەنار؛ شوێنی خۆشاردنەوە یا پاراستن (۲) شاردنەوە؛ بەرگ؛ سەر. (۳) باری ژیانی ئافرەتی مێرددار (کە لەژێر دەست یا پاراستنی مێردەکەیایەتی).
covet (kuv′it), *v.t.* & *v.i.* ڕیستن یا حەزلێکردن (بەتایبەتی شتێک کە هی کەسێکی تر بێت)؛ بێزووکردن بە شتی کەسێکی تردوە.
covetous (kuv′i-təs), *adj.* بێزووکەر بە شتی کەسێکی تردوە؛ چاوچنۆک؛ چاوبرسی
covey (kuv′i), *n.* (۱) پۆلە مەل (بەتایبەتی قەتن یا کەو). (۲) دەستە (مرۆڤ)؛ تاقم.
covin (kuv′in), *n.* (۱) [Archaic] ، ساختە؛ فێڵوتەڵەکە (۲) [Obs.] پەیمانێکی نهێنی. (۳) پەیمانێکی دووکەسی بۆ لەخشتەبردنو ساختەلێکردنی کەسێک یا چەند کەسێکی تر
coving (kōv′iŋ), *n.* تیلماسکێکی ڕازێنەرەوەی بنمیچ (خانووسازی).

cow (kou), *n.* (۱) مانگا. (۲) مێینەی فیل و نەهەنگ و گامێش.
cow (kou), *v.t.* ترساندن؛ بەچەترسێن کردن.
coward (kou′ĕrd), *n.* ترسنۆک؛ کەسێکی بێ غیرەتو نامەردو پوشت.
adj. ترسنۆک؛ بێ غیرەت؛ نامەرد؛ کوونی.
cowardice (kou′ĕr-dis), *n.* ترسنۆکی؛ بێ غیرەتی؛ نامەردی.
cowardliness (kou′ĕrd-li-nis), *n.* = cowardice.
cowardly (kou′ĕrd-li), *adj.* ترسنۆک؛ ترسنۆکانە؛ بێ غیرەت؛ نامەرد؛ نامەردانە: *(a ~ act)*.
adv. بە ترسنۆکانە؛ بە نامەردانە.
cowbane (kou′bān′), *n.* پووەکێکی ژەهراویە لە گێزەر دەچێت.
cowbell (kou′bel′), *n.* زەنگی مانگا (کە دەکرێتە ملی مانگا بۆئەوەی خاوەنەکەی بزانێت لە کوێدایە بە دەنگی زەنگەکەدا).
cowberry (kou′ber′i, kou′bĕr-i), *n.* جۆرە تووترێکێکە.
cowbird (kou′bûrd′), *n.* باڵندەیەکی ڕەشی بچووکە لەنزیک ڕەشە-ووڵاخەوە دەژی و هێلکە لە هێلانەی باڵندەی تردا دەکات.
cowboy (kou′boi′), *n.* گاوان (بەتایبەتی بە سواری نەسپەوە).
cowcatcher (kou′kach′ĕr), *n.* چوارچێوەیەکی کانزاییە بە پێشی شەمەندەفەرەوە بەستراوە بۆ پاکردنەوەی هێڵە ئاسنەکان.
cower (kou′ĕr), *v.i.* خۆ گرمۆڵەکردن یا چوونەوەیەک (لە ترس یا لە سەرمادا)؛ خۆکشانەوە (لە ترس یا لە سەرمادا).
cowfish (kou′fish′), *n.* (۱) جۆرە ماسییەکی شاخدارە. (۲) جۆرە نەهەنگێکی بچووک یا گیانداری ئاوی شیرداوە.
cowgirl (kou′gûrl′), *n.* گاوانی کچ؛ کچە گاوان.
cowhand (kou′hand′), *n.* *Also* **cow hand,** گاوان.
cowherd (kou′hûrd′), *n.* گاوان.
cowhide (kou′hīd′), *n.* (۱) پێستە مانگا. (۲) قایشی پێستە مانگا. (۳) قامچی پێستە مانگا (بەتایبەتی هی هۆنراوە).
v.t. قامچی لێدان؛ فەلاقەکردن بە قامچی پێستە مانگا.
cow killer, جۆرە زەردەوالەیەکە نەگەر بە ڕەشەوڵاخەوە بدات دەیکوژێت.
cowl (koul), *n.* (۱) کڵاوی ووشکەسۆفی. (۲) کەواو کڵاوی ووشکەسۆفی. (۳) شتێک کە لە کڵاو بچێت: (ا) کڵاوەی سەر لووڵە زۆپا یا کڵاوپۆڕنە (ب) بەشی پێشەوەی ئوتومبیل. (ج) قاوغ یا کڵاوەی مەکینەی فڕۆکە
v.t. کڵاو کردنەسەر؛ کڵاوە خستنەسەر.
cowl (koul), *n.* [Archaic], دەفرێکی دوو قوڵفەیی یە ئاوی پێ دەگوێزرێتەوە.
cowled (kould), *adj.* (۱) کڵاوناسا؛ کڵاوەئاسا. (۲) کڵاولەسەر.
cowlick (kou′lik′), *n.* تۆپەلێک قژی جیابووەوە کە بەتەختی بەسەر سەرەوە ناوەستێت وەک ئەوەی مانگا لستبێتێیەوە.
cowling (kou′liŋ), *n.* قاوغ یا کڵاوەی مەکینەی فڕۆکە.
cowlstaff (koul′staf′, koul′stäf′), *n.* دارێکە دەکرێت بە هەردوو قوڵفەی دەفری ئاو گواستنەوەداو بە دوو کەس هەڵدەگیرێت.
cowman (kou′mən), *n.* (۱) خاوەنی کێڵگەی ڕەشەوڵاخ. (۲) [British]، گاوان.
co-worker (kō-wûr′kĕr), *n.* هاوکار؛ هاوفرمان؛ هاوەڵی کار.
cowpea (kou′pē′), *n.* لۆبیا.
cow pony, ئەسپی کورتەباڵای گاوان.
cowpox (kou′poks′), *n.* ئاوڵەی ماڵگا؛ ئاوڵەی ڕەشەوڵاخ.
cowpuncher (kou′pun′chĕr), *n.* = cowboy.
cowrie, cowry (kou′ri), *n.* گوێچکەماسییەکی بەنرخە (وەک پارە لە هەندێک وڵاتانی ئەفەریقا و خواروی ئاسیادا بەکاردەهێنرێت).
cow shark, قرشێکی گەورەیە.
cowshed (kou′shed′), *n.* پەچەی سەرگیراوی ڕەشەوڵاخ؛ کەپر یا تەوێلەی ڕەشەوڵاخ.
cowslip (kou′slip′), *n.* جۆرە گوڵێکی بۆن خۆشە.
cox (koks), *n.*, *v.t.* & *v.i.* = coxcomb.

coxa (kok′sə), *n.* (١) سمت: سمتەجۆلە؛ نێسقانی سمت. (٢) ڕانی مێروو

-coxal *(adj.).*

coxalgia (kok-sal′ji-ə), *n.* نەخۆشی یا ئازاری سمتەجۆلە یا نێسقانی سمت

coxalgy (kok′sal´ji), *n.* = coxalgia.

coxcomb (koks′kōm´), *n.* (١) کلاوی پڕپنەدار وەك پڕپنەی کەلەشێر. ٢) پڕپنەی کلاوێکی وەها. (٣) کەسێکی لەخۆبایی بەفیزی هیچوپووچ؛ کەسێکی زۆر تەپڕۆش. (٤) پڕپنەی کەلەشێر.

coxswain (kok′s'n, kok′swān´), *n.* کەشتی لێخوڕ

coy (koi), *adj.* (١) شەرمن؛ بەشەرم. (٢) نازکەر؛ بەناز؛ نازفرۆش.

v.i. [Archaic], شەرم کردن.

v.t. [Obs.], (١) هێمن کردنەوە؛ لاواندنەوە. (٢) دەست پێداهێنان.

-coyly *(adv.)*; **coyness** *(n.).*

coyote (kī′ōt, kī-ō′ti, kī-ōt′), *n.* گورگێکی بچووکی نەمەریکای باکوورە

coyotillo (kō´yə-tēl′yō, kī´ə-tēl′yō), *n.* پووەکێکی دڕکاوی ژەهراویە

coypu (koi′pōō), *n.* گیاندارێکی ئاوی شیرداری کرۆژەندەیە لە گۆڕ-هەڵکەنە دەچێت

coz (kuz), *n.* [Colloq.]. = cousin.

coze (kōz), *v.i.* دەمەتەقێ کردن

n. دەمەتەقێ

cozen (kuz′'n), *v.t. & v.i.* ساختەکردن؛ گێژی کردن؛ هەڵخەڵەتاندن.

cozenage (kuz′'n-ij), *n.* ساختە؛ گێژی؛ فێڵوتەڵەکە.

cozey (kō′zi), *adj.* = cozy.

cozy (kō′zi), *adj.. (a ~ room)* (١) گەرم و خۆش و خنجیلانە (شوێن). (٢) نزیك و گیانی بە گیانی (برادەرێتی).

n. کلاوەی قوڕی جا (نەریتێکی ئینگلیزیە بۆ مانەوەی چاکە بە گەرموگوڕی).

cozy up to, [Colloq.], خۆ لێ بردنە پێشەوە بۆ سوود وەرگرتن

crab (krab), *n.* (١) قرژاڵ؛ قرژانگ. (٢) چنگنە. (٣) مەکینەی شت بەرزکردنەوە. (٤) [C-]. کۆنەستێرەی قرژاڵ؛ بورجی قرژاڵ (ئەستێرەوانی). (٥) فڕینی لابەلایی فڕۆکەیەك.

v.i. پاوکردنی قرژاڵ؛ قرژاڵ گرتن.

v.t. فڕینی فڕۆکەیەك بە لابەلایی.

catch a crab, بەلاداخستنی بەلەمی سەوڵ (بەهۆی بە هەڵە سەوڵ-لێدانەوە).

crab (krab), *n.* (١) جۆرە سێوێکی مزرە. (٢) کەسێکی تەنگەجیکڵانەو تووڕەوتڕۆز زۆر سکاڵاکەر.

adj. تایبەتی بە جۆرە سێوێکی مز.

v.t. & v.i. [Colloq.], هەمیشە سکاڵاکردن؛ پەخنەگرتن.

crab apple, (١) جۆرە سێوێکی مزرە (کێوی یا ماڵی). (٢) داری نەم جۆرە سێوە.

crabbed (krab′id), *adj.* (١) تووڕەوتڕۆز تەنگەجیکڵانە. (٢) ئاڵۆزاو؛ تێگەیشتنی گرانە لەبەر ئاڵۆسکاوی. (٣) خوێندنەوەی گرانە لەبەر شێواوی بەسەرەیەکدا: *(~ handwriting)* .

crabber (krab′ĕr), *n.* (١) قرژانگ گر. (٢) بەلەمی ڕاوە قرژانگ. (٣) [Colloq.]، کەسێکی هەمیشە سکاڵاکەر یا ڕەخنەگر.

crabby (krab′i), *adj.* تەنگەجیکڵانەو تووڕەوتڕۆ.

crab grass, جۆرە گیایەکە خێرا تەرز فڕێ دەدات و چنگ دەداتە یەکدو دەکرێت بە چیمەن.

crab louse, چنگنەیەکە دەداتە ناوگەڵ.

crabs (krabs), *n.pl.* [Colloq.], چنگنەتێدانی ناوگەڵ.

crabstick (krab′stik´), *n.* (١) داردەست یا گۆچانی دارسێو. (٢) کەسێکی تەنگەجیکڵانەو تووڕەوتڕۆز زۆر بەسکاڵا.

crab tree, دارسێوێکە کە سێوی مزر دەگرێت.

crack (krak), *v.i.* (١) شەقە لێ هەڵسان (لە کاتی قرنجان یا شکاندا)؛ قرچەهاتن. (٢) شەقە لێ هەڵسان (قامچی، تفەنگ):

(His rifle ~ed and the deer fell dead.)

(٣) درزبردن؛ تەقین (پیالە، پەرداخ)؛ شکان؛ قڵیش بردن؛ قرنجان

(to ~ an egg)

(٤) گڕبوونی دەنگ (کە منداڵ دەبێتە هەرزە). (٥) [Dial.]، فشەکردن. (٦) [Dial.]، دەمەتەقێ کردن. (٧) [Slang]، ڕووخان (مێشك یا لەش):

(Will he ~ under the strain?)

(٨) نوکتەبازی کردن؛ قسەی نەستەق کردن.

v.t. (١) شەقە لێ هەڵساندن: *(C~ the whip)* . (٢) درز پێ بردن؛ تەقاندن؛ قرنجان؛ شکان؛ قڵیش پێ بردن. (٣) دەنگ گەڕکردن. (٤) شیبوونەوە لەئەنجامی کوڵاندندا (نەوتی خاو). (٥) [Colloq.]، زلە لێدان؛ شەقە لێ هەڵساندن بە لێدان؛ تەقاندن (پەنجە). (٦) [Colloq.]، چارەسەرکردن؛ دوزینەوە:

(The police have finally ~ed that murder case.)

(٧) [Slang]، بڕین (دزی)؛ شکاندنو کردنەوە:

(The thief ~ed the safe.)

(٨) [Slang]، نوکتەبازی کردن؛ قسەی نەستەق کردن:

(He enjoys ~ing jokes.)

(٩) شکاندن (ناوبانگ). (١٠) (ا) کردنەوەو خواردنەوە: *(to ~ a bottle of wine)* . (ب) کردنەوەو خوێندنەوە: *(to ~ a book)* .

n. (١) شەقە: *(the ~ of a whip)* . (٢) درز؛ قڵیش؛ تڵیش. (٣) قرنجان؛ درزبردن؛ قڵیشان؛ شکان. (٤) دەنگ گڕبوون. (٥) [Dial.]، دەمەتەقێ. (٦) [Archaic]، فشە؛ فشەبازی. (٧) [Colloq.]، شەپازلە؛ شەقەی زلە یا شەپازلە؛ شەقەی هەر لێدانێك. (٨) چرکە (کات). (٩) درز؛ مال بڕین. (١٠) [Slang]، هەوڵ؛ تەقەلا. (١١) [Slang]، نوکتە؛ قسەی نەستەق؛ قسەی زل.

adj. [Colloq.], نایاب؛ کارامە؛ لێهاتوو.

crack a book, [Slang], کردنەوەو خوێندنەوەی پەرتووکێك.

crack a smile, [Slang], زەردەخەنە هاتن.

crack down (on), [Colloq.], بە تووندوتیژی لەگەڵ جوواڵنەوە (میری لەگەڵ نەوانەی شتی قەدەغە دەکەن).

crack up, [Colloq.], (١) کەرتنەخوارەوە (فڕۆکە). (٢) ڕووخان (مێشك یا لەش)؛ بەرگەنەگرتن.

crack wise, [Slang], قسەی زل کردن.

crackajack (krak′ə-jak´), *adj. & n.* [Slang], = cracker-jack.

crackbrained (krak′brānd´), *adj.* شێت؛ سەیر (مرۆڤ).

cracked (krakt), *adj.* (١) قڵیشاو؛ قرنجاو؛ درزبردوو؛ شکاو. (٢) گڕ (دەنگ). (٣) [Colloq.]، شێت.

cracker (krak′ĕr), *n.* (١) شکێنەر (ئامێر، مرۆڤ)؛ گوێزشکێن. (٢) دەمەڕقاچان. (٣) بسکویت. (٤) کەسێکی سپی هەژار لە لادێی بەشی خوارووی وواڵتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا (لەڕووی بێزلێهاتنەوە بەکاردێت).

crackerbarrel (krak′ĕr-bar´əl), *adj.* تایبەتی بە دەمەتەقێی هەمەچەشنەی دووکانی لادێ.

crackerjack (krak′ĕr-jak´), *adj.* [Slang], نایاب؛ کارامە؛ لێهاتوو.

n. (١) [Slang] ، شتێکی نایاب. (٢) کەسێکی لێهاتوو یا کارامە.

crackle (krak′'l), *v.i.* قرچەقرچ هاتن یا تەقین (داری ناو ئاگر).

v.t. شکاندنو قرچەقرچ لێ هەڵساندن.

n. (۱) قرچەقرچ؛ دەنگی تەقینەوە (داری ناو ئاگر، دەمەرقاچان).
(۲) درزی باریکی سەر گۆزە‌ودیزە (وەک نەقش).
(۳) گلینەیەک کە ئەم درزە باریکەی لەسەر کرابێت.

crackleware (krak′′l-wâr′), *n.* گلینەیەک کە درزی باریکی وەک نەقشی لەسەر کرابێت.

crackling (krak′liŋ), *n.* (۱) قرچەقرچ؛ تەقینەوە (داری ناو ئاگر).
(۲) دیوی دەرەوەی گۆشتی سوورەوەکراوی بەراز کە وەک قاوورمە ووشکە.

crackly (krak′li), *adj.* قرچۆک؛ ووشک.

cracknel (krak′n'l), *n.* (۱) بسکوێتێکی ووشکی پەق.
(۲) پارچە گۆشتی وردی سوورەوەکراوی بەران.

crack of doom, نیشانەی ڕۆژی قیامەت.

crackpot (krak′pot′), *n.* [Colloq.], کەسێکی شێتۆکەو سەیرو سەمەرە. خاوەن بیروباوەڕی ناناسایی.

adj. سەیرو شێتۆکەو خاوەن بیری سەیر.

cracksman (kraks′mən), *n.* [Slang], دز؛ مالبڕ.

crackup (krak′up′), *n.* (۱) لێکدانی ئوتومبیلو شکانی.
(۲) ڕووخان (مێشک یا لەش)؛ مێشک تێکچوون.

-cracy (krə-si), پاشگرێکە بەمانای: فەرمانڕەوایی؛ جۆری فەرمانڕەوایی: *(democracy, autocracy)*

cradle (krā′d'l), *n.* (۱) بێشکە؛ لانک؛ لانکە.
(۲) کاتی ساوایی یا منداڵی.
(۳) شوێنی لەدایکبوون، سەرەتا، یا دەستپێکردنی شتێک (بیروباوەڕ، ئاین، شارستانێتی... هتد): *(the ~ of civilization)*.
(٤) [Poetic]، شوێنی حەوانەوە.
(٥) چوارچێوەیەکی شیش‌و گوریس.
(٦) تەختەیەکی پێچەکدارە فیتەر بەکاری دێنێت بۆ کارکردن لەژێر ئوتومبیلدا.
(۷) چوارچێوەیەکی دار یا ئاسن بۆ لەسەردانانی بەلەم، پاپۆڕ، یا فڕۆکە لەکاتی دروستکردن، چاکردن، یا بەرزکردنەوەدا.
(۸) سێبای تەلەفۆن: ئەو بەشەی تەلەفۆن کە بیستۆکەکەی دەخرێتە سەر.
(۹) چوارچێوەیەکە دەبەسترێت بە داسەوە لەکاتی دروێنەدا وەک پەنجەکانی دەست وەهایە
(۱۰) چوارچێوەیەکە وەک بێژنگ بۆ شۆردنەوەو جیاکردنەوەی زێڕ لە لم.

v.t. (۱) ڕاژەندن؛ خستنە بێشکەوە. (۲) پەروەردەکردن.
(۳) دروێنەکردنی دەغڵودان بە داسێک کە چوارچێوەیەکی پێوەبەستراوە وەک پەنجەکانی دەست وەهایە. (٤) دانان یا بەرزکردنەوەی بەلەمێک بە چوارچێوەی تایبەتی. (٥) جیاکردنەوەی زێڕ لەو لمەی کە زێڕی تێدایە بە بێژنگی تایبەت.

v.i. ڕاکشان لە بێشکەدا.

rob the cradle, ژنی زۆر لە خۆ منداڵتر هێنان.

cradlesong (krā′d'l-sôŋ′), *n.* لایلایە

craft (kraft, kräft), *n.* (۱) کارامەیی؛ دانایی؛ شارەزایی.
(۲) فێڵبازی؛ کەڵەکچێتی. (۳) پیشەگەری؛ پیشەسازی؛ پیشە.
(٤) (۱) ئەندامانی پیشەگەرییەک. (ب) ئەندامانی یەکێتی پیشەگەرییەک.
(٥) بەلەم، پاپۆڕ یا فڕۆکە.

-craft (kraft, kräft), پاشگرێکە بەمانای: پیشە؛ پیشەگەری؛ کارامەیی؛ دانایی؛ شارەزایی: *(handicraft, witchcraft)*.

craftiness (kraf′ti-nis, kräf′ti-nis), *n.* فێڵبازی؛ کەڵەکچێتی.

craftsman (krafts′mən, kräfts′mən), *n.* (۱) پیشەگەر؛ وەستا.
(۲) هونەرمەند.

craftsmanship (krafts′mən-ship′, kräfts′mən-ship′), *n.* وەستایی؛ شارەزایی؛ دانایی؛ کارامەیی.

craft union, یەکێتی ئەندامانی پیشەگەرییەک.

crafty (kraf′ti, kräf′ti), *adj.* فێڵباز؛ زۆرزان؛ تەڵەکەباز؛ زۆل.
-craftly *(adv.)*.

crag (krag), *n.* بەردێکی سەخت‌و لێژ (بەتایبەتی کە سەری هێنابێتە دەرەوە لە شاخ یا کەندەڵانێکدا)؛ کەندەڵانێکی سەخت‌و لێژ.

cragged (krag′id), *adj.* = craggy.

craggy (krag′i), *adj.* سەخت‌و لێژ (شاخ، کەندەڵان، بەرد)؛ بەردانی‌و سەخت؛ گرنج گرنج یا قۆرتاوی (دەم‌وچاو).
-cragginess *(n.)*.

cragsman (kragz′mən), *n.* شاخەوان.

cram (kram), *v.t.* (۱) (ا) ناخنین؛ زۆر پڕکردن. (ب) تێ ترنجاندن؛ تێ خزاندن. (۲) زۆر خواردن. (۳) [Colloq.]، کۆشش کردن‌و مێشکی خۆ یا یەکێکی تر ناخنین بە زانیاری بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ تاقیکردنەوەیەک بەتایبەتی ماوەیەکی کورت لەپێش تاقیکردنەوەدا.

v.i. (۱) زۆر خواردن یا بەپەلە خواردن.
(۲) [Colloq.]، کۆشش کردن‌و مێشکی خۆ یا یەکێکی تر ناخنین بە زانیاری بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ تاقیکردنەوەیەک بەتایبەتی ماوەیەکی کورت.

n. (۱) [Colloq.] ، تێ ترنجان؛ تێ خزان؛ تێ ناخنین.
(۲) (ا) مێشکی خۆ ناخنین بە زانیاری بۆ تاقیکردنەوەیەک (بەتایبەتی لە ماوەیەکی کورتدا لەپێش تاقیکردنەوەکە). (ب) ئەو زانیاریەی بەم شێوەیە دەناخنرێتە مێشکەوە.

cramp (kramp), *n.* (۱) کۆڵنج؛ ئازاری ماسولکە پەق بوون.
(۲) ووشک بوون یا گۆچ بوونی کاتی ماسولکەیەکی زۆر بەکارهێنراو.
(۳) (*pl.*)، ژانەسک؛ باپێچ؛ پێچ.

v.t. کۆڵنج پێکردن؛ هاتنە ژان.

cramp (kramp), *n.* (۱) قولاپ؛ شیشێکی ئاسن کە هەردوو سەرەکەی نووشتێنرابێتەوە. (۲) گیرە. (۳) کۆسپ؛ جڵەو؛ ڕاگیرکەر؛ پەستەرەوە. (٤) بارێکی تەنگەبەرو پەستکەر.

v.t. (۱) بە گیرە قایم کردن یا بەستنەوە. (۲) بەستنەوە؛ قەتیس کردن؛ ڕێگرتن. (۳) لێخوڕین (ئوتومبیل).

adj. (۱) قەتیس؛ بەستراوە؛ ڕێ لێ گیراو. (۲) ناخوێندرێتەوە (دەستنووس).

cramp one's style, [Slang], باری ژیان تێکدان؛ دەست بەستنەوە؛ ڕێ لێگرتن‌و بەستنەوەی کارامەیی و لێهاتوویی ناسایی کەسێک.

cramped (krampt), *adj.* (۱) (ا) تەنگەبەر؛ تەسک؛ پڕو تەسک.
(ب) مێشک تەسک. (۲) ناخوێندرێتەوە لەبەر پڕی نووسینەکەو کەمی جێگە (دەستنووس): *(~ handwriting)*.

crampfish (kramp′fish′), *n.* ماسییەکە تەزووی کارەبایی لێوە دەردەچێت (هەروەها پێشی دەووترێ: " electric ray " ، " torpedo fish ").

crampon (kram′pən), *n.* (۱) قولاپ (بۆ بەرزکردنەوەی قورسایی).
(۲) بزماری بنی پێڵاو (بۆ نەخلیسکان لەسەر سەموڵ).

crampoon (kram-pōōn′), *n.* = crampon.

cranberry (kran′ber′i, kran′bĕr-i), *n.* (۱) تووترک.
(۲) ڕووەکی تووترک.

crane (krān), *n.* (۱) قونگ. (۲) هەرچ باڵندەیەک کە لە قونگ بچێت (وەک شێنەشاهۆ). (۳) کرەین؛ مەکینەی بەرزکەرەوە (خانووسازی).

v.t. (۱) بەرزکردنەوە بە ئامێری " کرەین " .
(۲) مل درێژکردن‌و بەرزکردنەوە بۆ باشتر بینینی دیمەنێک.

v.i. (۱) مل بەرزکردنەوەو درێژکردن بۆ باشتر بینینی دیمەنێک.
(۲) سڵ کردنەوە؛ دووڵی کردن.

crane's-bill, cranesbill (krānz′bil′), *n.* سارەزنیای کێوی.

cranial (krā′ni-əl), *adj.* کاسەسەری؛ کەللەسەری؛ هی کەللەی سەر.

craniate (krā′ni-it), *adj.* کاسەسەردار (وەک گیانداری شیردەر، باڵندە، ماسی‌و خشۆک).

n. گیاندارێک کە کاسەی سەری هەبێت.

craniology (krā′ni-ol′ə-ji), *n.* کاسەی سەر زانی: زانستی- لێکۆڵینەوەی کاسەی سەر بەتایبەتی هی مرۆڤ تایبەخۆکانیان‌و جیاوازی قەوارەو شێوەیان.

craniometer (krā′ni-om′ə-tēr), *n.* ئامێری پێوانی کاسەی سەر.

craniometry (krā′ni-om′ə-tri), *n.* زانستی پێوانی کاسەی سەر.

craniotomy (krā′ni-ot′ə-mi), *n.* نەشتەرگەری کاسەی سەر.
cranium (krā′ni-əm), *n.* کاسەی سەر: کەللەسەر.
crank (kraŋk), *n.* (۱) هەندل (ئوتومبیل). (ب) دەسك. (۲) خولخولیتی؛ هەوەسکاری؛ هەوەسبازی. (۳) کردەوە یا بیرێکی سەیرو نائاسایی. (٤) [Colloq.]، کەسێکی سەیر (خوو، کردەوە، بیروباوەڕ). (٥) [Colloq.]، کەسێکی تەنگەجیکلانەو تووڕەوتڕۆو بەسکالا.
v.t. (۱) هەندل لێدان؛ سلف لێدان (ئوتومبیل)؛ ئوتومبیل خستنەگەڕ بە هەندل یا سلف لێدان. (۲) وەك هەندل لێکردن؛ بادان و خاوروخێچ کردن. (۳) هەندل پێدان.
v.i. (۱) هەندل لێدان؛ خستنەگەڕی ئوتومبیل بە هەندل لێدان. (۲) [Obs.]، بادان و خاوروخێچ کردن.
crank (kraŋk), *adj.* (۱) لەوانەیە وەرگەڕێت لەبەر شلۆقی (بەلەم). (۲) شلۆق.
crank (kraŋk), *adj.* [Dial.], بەکەیف، وورپاو کەیف خۆش.
crankcase (kraŋk′kās′), *n.* سندوقی شەفت (مەکینەی ئوتومبیل).
crankshaft (kraŋk′shaft′, kraŋk′shäft′), *n.* شەفت (مەکینەی ئوتومبیل)
cranky (kraŋ′ki), *adj.* (۱) تەنگەجیکلانەو تووڕەوتڕۆو بەسکالا. (۲) سەیر (مرۆڤ بە کردەوە، خوو، یا بیروباوەڕ). (۳) [Dial.]، شل؛ لە گێڕ چووەتە دەرەوە. (ب) خراپ؛ شکاو. (٤) خاوروخێچ. (٥) شلۆقەو لەوانەیە وەرگەڕێت (بەلەم).
-crankily *(adv.)*; **crankiness** *(n.)*.
cranny (kran′i), *n.* درز (دیوار، بەرد)؛ قلیش؛ تلیش.
crap (krap), *n.* (۱) جۆرە قومارێکە بە دوو زار دەکرێت. (۲) زار (وشەیەکی خراپ لەم قومارەدا). (۳) [Vulgar]، گوو؛ پیسایی. (٤) [Vulgar Slang]، قسەی قۆڕ؛ قسەی هیچ وپووچ. (٥) [Vulgar Slang]، شتێکی بێ فەر.
crap out, (۱) زارێکی خراپ بۆ هاتن لە قوماری " کراپس " دا. (۲) [Slang]، ژێرکەوتن؛ نشوستی هێنان.
crape (krāp), *n. Also* crepe, (۱) قوماشێکی تەنکی کرژ (خوری، کەتان، وریسم). (۲) شریتێکی ڕەش لەم جۆرە قوماشە کە دەبەسترێت بە باڵەوە لەکاتی شیندا.
crapehanger (krāp′haŋ ̄er), *n.* کەسێکی ڕەشبین.
crape myrtle, دارێکی بچووکە گوڵی سوورو سپی و پەمەیی دەگرێت.
crappie (krap′i), *n. Also* croppie, جۆرە ماسییەکە.
craps (kraps), *n.pl.* کراپس قومارێکە بە دوو زار دەکرێت.
crapshooter (krap′shoōt ̄er), *n.* قومارکەری " کراپس " (ووشەی پێشوو سینە).
crapulence (krap′yoo-ləns), *n.* (۱) نەخۆش کەوتنێك کە لەئەنجامی زۆر خواردن یا زۆر خواردنەوەوە بێت. (۲) خواردن یا خواردنەوەی زۆرو لە ڕادە بەدەر
-crampulent *(adj.)*; crampulous *(adj.)*.
crash (krash), *v.i.* (۱) کەوتن، کەوتنەخوارەوە، یا لێکدان بە دەنگێکی زل و شکان یا وورد وخاش بوون؛ وەرگەڕان (ئوتومبیل). (۲) دەنگێکی گەورە پەیدابوون لەکاتی شکان یا کەوتنەخوارەوەدا؛ ڕووخان و دەنگێکی گەورە پەیدابوون؛ هاڕەهاتن. (۳) بزووتنەوە بە دەنگێکی زلەوە. (٤) کەوتنەخوارەوەو شکان یا وورد وخاش بوون (فڕۆکە)؛ نیشتنەوەی تووندوتیژو هەندێك زیان لێکەوتن (فڕۆکە). (٥) هەڕەس بردن یا ڕووخانی بەپەلە (بازرگانی): *(Their business ~ed.)*.
v.t. (۱) شکاندن، لێکدان، خستنەخوارەوە، یا وورد وخاش کردن (ئوتومبیل، فڕۆکە). ۲) پێداکردن بە دەنگێکی بەرز. (۳) وورد وخاش کردن؛ شەق پێ بردن. (٤) [Colloq.]، خۆداکوتان لە ناهەنگێکدا بەبێ بانگ کردن؛ بەزۆر چوونە تیاترۆ یا سینەمایەکەوە بەبێ بلیت: *(We ~ed the party.)*.
n. (۱) هاڕە؛ شەقە؛ تەقە؛ تەپەیەکی زل. (۲) لێکدان، شکان، یا کەوتنەخوارەوە (ئوتومبیل، فڕۆکە)

(۳) ژێرکەوتنێکی پەلە (بازرگانی)؛ هەڕەس بردن یا ڕووخانێکی پەلەو چاوەڕوان نەکراو (باری ئابووری وواڵات، بازرگانی).
adj. [Colloq.]. بە پەلەو هەموو هێزو توانایەکەوە (بۆ کردن و سەرکەوتنی کارێك): *(a ~ course; a ~ program to build highways)*.
crash (krash), *n.* قوماشێکی زبر.
crash dive, خۆ نوقوم کردنێکی بە پەلەو ناکاوی ژێردەریایی‌یەك (بۆ دەربازبوون لە هێرشی دوژمن).
crash-land (krash′land′), *v.t.* نیشتنەوەی فڕۆکەیەك بە پەلەو لەناکاوییدا و گەلێك جار تێك‌وپێکدانی.
crass (kras), *adj.* (۱) کەڕو نەفام؛ هیچ نەزان و کەرتێی تەواو. (۲) [Rare]، زبر؛ نەستوور. (۳) تەواو: *(~ ignorance)*.
-crassly *(adv.)*; **crassness** *(n.)*.
crassitude (kras′ə-tōōd′, kras′ə-tūd′), *n.* کەرتێی و نەزانی؛ زۆر کەڕی و نەفامی.
-crat (krat), پاشگرێکە بەمانای: (۱) پاڵپشتکەری ڕژێمێك یا ڕێبازێکی ڕامیاری و فەلسەفی: *(democrat)*. (ب) ئەندامی پارتێکی کۆمەڵایەتی: *(aristocrat)*.
cratch (krach), *n.* [Dial.], ئاخور.
crate (krāt), *n.* (۱) سندوقی تەختە یا سەبەتە (بۆ گواستنەوەی شتی فڕۆتەنی یا عەمارکردنی). (۲) ئەو شتومەکەی دەکرێتە سندوقێکی وەهاوە (۳) [Slang]، ئوتومبیل یا فڕۆکەیەکی کۆن و پەککەوتە.
v.t. شتومەك خستنە ناو سندوقێکی تەختەی وەهاوە.
crater (krā′tər), *n.* (۱) چاڵایی دەمی ئاگرفڕێن یا قەڵبزەیەکی گەرم. (۲) چاڵێك کە لە تەقینەوەی بۆمباوە لە زەویدا دروست دەبێت؛ چاڵ؛ چاڵایی. (۳) دەفری تێکەڵاوکردنی شەراب لە یۆنانی کۆندا.
craunch (kränch, krônch), *v.t. & v.i.* = crunch.
cravat (krə-vat′), *n.* (۱) ملپێچ؛ ملبەند. (۲) بۆینباخ.
crave (krāv), *v.t.* (۱) بێزووبێوەکردن؛ تامەزۆبوون؛ زۆر حەزلێکردن (۲) پاڕانەوە.
v.i. بێزووکردن؛ تامەزۆبوون.
craven (krā′vən), *adj.* ترسنۆك؛ بێ غیرەت.
n. کەسێکی ترسنۆك یا بێ غیرەت.
cry craven, خۆ بەدەستەوەدان.
craving (krāv′iŋ), *n.* بێزوو؛ حەز یا ئارەزوویەکی ئێجگار زۆر.
craw (krô), *n.* (۱) چیکلانەی باڵندە. (۲) گەدەی گیاندار.
to stick in the (or one's) craw, بەدڵ نەبوون؛ پەسەندنەکردن.
crawfish (krô′fish′), *n. Also* crayfish, گیاندارێکی بچووکی ئاوی قاوغداره لە کوللەی ئاو دەچێت.
v.t. [Colloq.]. (~ **out**), خۆکشانەوە.
crawl (krôl), *v.i.* (۱) بە خشکە ڕێشتن (مار، کرم)؛ خشان بەسەر زەویدا. (۲) گاگۆڵکێ کردن؛ بە قنگەخشکێ ڕێشتن. (۳) زۆر بە هێواشی ڕێشتن (کات). (٤) مێرووڵەکردن (قاچ؛ دەست، ڕان... هتد). (٥) سەرشۆڕکردن؛ بە سەرشۆڕی جووڵانەوە. (٦) مەلەکردن لە کونجێکی تەیمان کراودا لە تەنکاوێکدا (ئەم تەیمان کردنە بۆ گرتنی ماسی و جلە دەکرێت).
n. (۱) خشان؛ بە خشکەیی ڕێشتن. (۲) گاگۆڵکێ؛ قنگەخشکێ. (۳) باسکەمەلە.
crawl (krôl), *n.* کونجێکی تەیمان کراو لەناو تەنکاوێکدا بۆ گرتنی جلەو ماسی.
crayfish (krā′fish′), *n.* گیاندارێکی بچووکی ئاوی قاوغداره لە کوللەی ئاو دەچێت.
crayon (krā′ən, krā′on), *n.* (۱) پێنووسی بۆیە؛ قەڵەمی بۆیە. (۲) نیگاری پێنووسی بۆیە.
v.t. وێنەکێشان بە پێنووسی بۆیە.
craze (krāz), *v.t.* (۱) شێت کردن؛ مێشك تێکدان.

(۲) درزی بچووك كردنه گۆزه‌ودیزه‌وه.

v.i. (۱) شێت بوون؛ مێشك تێكچوون.
(۲) درزی بچووك تی بوون (گۆزه‌ودیزه).

n. (۱) ئێجگار زۆر حەزلێكردن یا شێت بوونی خەڵك بۆ شتێك كه بووبێت به باو: ***(Jogging or running is the latest ~ .)***
(۲) مۆده؛ مۆده‌یه‌كی سه‌رده‌می؛ خولیا.
(۳) درزێكی بچووك له گۆزه‌ودیزه‌دا.

crazed (krāzd), *adj.* (۱) شێت (۲) شێت‌وشه‌یدا؛ دێوانه.
(۳) درزی بچكۆله‌دار (گۆزه‌ودیزه).

craziness (krā′zi-nis), *n.* شێتی؛ بێ مێشكی؛ دێوانه‌یی.

crazy (krā′zi), *adj.* (۱) شێت؛ بێ مێشك.
(۲) [Colloq.]، شێت‌وشه‌یدا؛ دێوانه: ***(He is ~ about her.)***
(۳) درزاوی؛ درز تی بوو؛ په‌پووت؛ شلۆق.

-crazily *(adv.).*

like crazy, [Colloq.], زۆر به‌جۆشه‌وه و به په‌له‌و به‌په‌ی ووزه‌و توانا‌وه: ***(He is working like crazy.)***

crazy bone, ئێسقانی ئانیشك
crazy quilt, لێفه‌ی هه‌مه‌ڕه‌نگ‌و په‌ڵه‌ڵاوی.
crazyweed (krā′zi-wēd´), *n.* پووه‌كێكی ژه‌هراوی‌یه (كه ئاژه‌ڵ ده‌یخوات ژه‌هر ایڵی ده‌دات).

creak (krēk), *v.i. & v.t.* جیره‌جیركردن؛ جیره‌جیرهاتن؛ قرچه‌قرچ كردن. ***n.*** جیره‌جیر؛ جیره؛ قرچه.

creaky (krēk′i), *adj.* (۱) جیره‌جیركه‌ر.
(۲) په‌پووت (خانوو، پرد)؛ كۆن‌و جیره‌جیركه‌ر (ده‌رگا).

-creakily *(adv.)*; **creakiness** *(n.).*

cream (krēm), *n.* (۱) سه‌رتۆزێ؛ قه‌تماغه‌ی شیر؛ قه‌یماغ؛ شیری خه‌ست.
(۲) خوارده‌مه‌نی‌یه‌كه كه له سه‌رتۆزێ دروستكرابێت یا وه‌ك سه‌رتۆزێ خۆی گرتبێت: ***(ice ~)*** . (۳) كرێم: ئارایشتێكه له ده‌موچاو ده‌درێت.
(٤) خواردنه‌وه‌یه‌كی سه‌رخۆشكه‌ری خه‌سته.
(٥) باشترین به‌شی شتێك؛ سه‌رتۆزێ (مه‌جان): ***(These students are the ~ of the crop.)***
(٦) ڕه‌نگی سپی زه‌ردباو؛ ڕه‌نگی شیری.

adj. (۱) تایبه‌تی به سه‌رتۆزێ؛ له سه‌رتۆزێ دروستكراو.
(۲) وه‌ك سه‌رتۆزێ خۆی ده‌گرێت؛ وه‌ك كرێم خۆی ده‌گرێت.
(۳) سپی زه‌ردباو.

v.i. سه‌رتۆزێ به‌ستن؛ سه‌رتۆزێ گرتن.

v.t. (۱) سه‌رتۆزێ لابردن یا گرتنه‌وه. (۲) باشترین به‌ش یا چێن لابردن.
(۳) (۱) شیری زۆر خه‌ست تێكردن (قاوه، چا).
(ب) به شیری خه‌ست لێنان (چێشت).
(٤) تێكهه‌ڵدان‌و گرتنه‌وه‌ی شتێك تا وه‌ك شیری خه‌ستی لێ دێت.
(٥) سه‌رتۆزێ به‌ستن به شیر.

cream cheese, په‌نیرێكی نه‌رمه وه‌ك قه‌یماغ وایه.
cream-colored (krēm′kul ̄erd), *adj.* سپی زه‌ردباو؛ شیری (ڕه‌نگ).

creamer (krēm′ēr), *n.* (۱) سوراحی یا ده‌فرێكی زۆر بچووك بۆ شیری خه‌ست تێكردن (۲) نامێری جیاكردنه‌وه‌ی سه‌رتۆزێ له شیر.
(۳) به‌فرگره‌یه‌كه شیری تێ ده‌خرێت بۆئه‌وه‌ی سه‌رتۆزێ ببه‌ستێت.

creamery (krēm′ēr-i), *n.* (۱) كارگه‌ی شیره‌مه‌نی؛ كارگه‌ی پاكژ- كردنی شیر و دروستكردنی په‌نیرو كه‌ره. (۲) فرۆشگای شیره‌مه‌نی.
(۳) شوێنی دانانی شیر بۆ قه‌تماغه بەستن.

creamy (krēm′i), *adj.* (۱) پڕ له سه‌رتۆزێ؛ چه‌ور.
(۲) وه‌ك سه‌رتۆزێ وایه له خۆگرتن‌و ڕووانه‌تدا.
(۳) سپی زه‌ردباو؛ شیری (ڕه‌نگ).

crease (krēs), *n.* (۱) خه‌تی پانتۆڵی له‌ئوتودراو؛ خه‌تی جل‌وبه‌رگی قه‌د كراو. (۲) چرچ‌ولۆچ (جل‌وبه‌رگ).

(۳) هێڵی ناو گۆڕه‌پان (یاری " كریكێت " و " هۆكی ") .

v.t. (۱) ئوتوكردن یا قه‌دكردن‌و خه‌ت تێدا په‌یداكردن (جل‌وبه‌رگ).
(۲) چرچ‌ولۆچ كردن. (۳) ڕووشاندن به گوللە؛ به‌ئاسته‌م بریندارکردن به گوللە.

v.i. چرچ‌ولۆچ بوون؛ هێڵ تێكه‌وتن (به ئوتوكردن یا قه‌دكردن).
-creasy *(adj.).*

create (krē-āt′, kri-āt′), *v.t.* (۱) هێنانه جیهانه‌وه؛ هێنانه بوون؛ گیان به به‌ردا كردن. (۲) دامه‌زراندن؛ دروستكردن. (۳) داهێنان.
(٤) دروستكردن؛ بوون به هۆ: ***(It ~d a lot of problems for him.)*** .

creatine (krē′ə-tēn´, krē′ə-tin), *n. Also* **creatin,** كریاتین: ماددەیەكی سپی بلووری‌یه (له تێشووی ماسولكه‌ی گیاندار بڕیڕه‌دارەكاندا هه‌یه).

creation (krē-ā′shən, kri-ā′shən), *n.* (۱) هێنانه جیهانه‌وه؛ هاتنه بوونه‌وه؛ هاتنه جیهانه‌وه؛ په‌یدابوون.
(۲) دروستكردن؛ دامه‌زراندن. (۳) داهێنان؛ دۆزینه‌وه؛ داهاتن.
(٤) جیهان؛ جیهان‌و هه‌موشتێكی ناوی.
(٥) شتێكی تازه داهێنراو یا تازه دۆزراوه.

the Creation, دروستكردنی جیهان له‌لایه‌ن خوداوه؛ دروستبوونی جیهان.

creationism (krē-ā′shən-iz′m, kri-ā′shən-iz′m), *n.* – (۱) بیروباوه‌ڕێكه ده‌ڵێت: خودا هه‌موو گیاندارو شتێكی سه‌ر زه‌وی دروستكردووه و هه‌ر له‌خۆیانه‌وه یا له‌ئه‌نجامی گۆڕینداو په‌یدا نه‌بوون (ئاین).
(۲) بیروباوه‌ڕێكه ده‌ڵێت: خودا گیان ده‌كات به به‌ری هه‌موو نا‌ده‌میزادێكدا كه له‌دایك ده‌بێت.
-creationist *(n.).*

creative (krē-ā′tiv, kri-ā′tiv), *adj.* داهێنه‌ر؛ خاوەن بیر؛ دانا؛ به‌هره‌دار.
-creatively *(adv.)*; **creativeness** *(n.).*

creativity (krē ̄ā-tiv′ə-ti), *n.* توانای داهێنان هه‌بوون؛ داهێنان؛ به‌هره‌داری؛ دانایی.

creator (krē-ā′tēr, kri-ā′tēr), *n.* (۱) داهێنه‌ر؛ دروستكه‌ر.
(۲) [C-]، خودا؛ یه‌زدان؛ كردگار.

creature (krē′chēr), *n.* (۱) دروستكراوێك (زیندوو یا نازیندوو).
(۲) زیندەوەر؛ بوونه‌وەر؛ گیاندار، به‌تایبه‌تی: (ا) وولاخ یا ئاژەڵ.
(ب) نا‌ده‌میزاد (له‌ڕووی سووكی، به‌زەیی، یا خۆشه‌ویستی‌یه‌وه به‌كاردێت).
(۳) جانەوەر؛ ده‌عبا. (٤) ده‌سكه‌لا؛ دارده‌ست؛ كه‌سێك كه چاوبه‌ره‌وژێری كه‌سێكی تر بێت بۆ هه‌موو سه‌ركه‌وتنێكی‌و شتێك كه هه‌یه‌تی‌و هه‌میشه‌ش له‌ژێر ڕكێفیدا بێت.

the creature, ویسكی یا خواردنه‌وه‌یه‌كی سه‌رخۆشكه‌ری تر (له‌ڕووی گاڵته‌وه).

creature comfort, شتی ئاسوده‌به‌خش (خوارده‌مه‌نی، جل‌وبه‌رگ، شوێنی حه‌وانه‌وه... هتد).

crèche (krāsh, kresh), *n.* (۱) وێنه یا ئه‌ووزه‌ی ئه‌و ته‌ویله‌یه‌ی كه حه‌زره‌تی مه‌سیحی تێدا له‌دایك بووه. (۲) دایه‌نگه؛ شوێنی چاودێری كردنی منداڵان. (۳) نه‌خۆشخانه یا په‌ناگای منداڵی زۆل.

credence (krē′d ̄ns), *n.* (۱) بڕوا؛ باوەڕ؛ بڕواپێكردن: ***(Give no ~ to rumors.)***
(۲) بڕوانامه: ***(a letter of ~)*** .
(۳) خوانی شێوی خودایی (كڵێسه).

credendum (kri-den′dəm), *n.* بڕوا (ئاین).

credential (kri-den′shəl), *n.* (۱) بڕواپێدەر.
(۲) (*pl.*)، بڕوانامه (باڵیۆز، نوێنه‌ر، داواكاری كارێك... هتد)؛ به‌ڵگه‌نامه؛ پێناس؛ ئه‌واڵه.

credenza (kri-den′zə), *n.* (۱) دۆڵابی په‌رتووك‌و شتی وه‌ها.
(۲) خوان.

credibility (kred´ə-bil′ə-ti), *n.* بڕوا؛ بڕوا پێ بوون؛ بڕواپێكردن؛

باوەڕ پێ بوون؛ جێی بڕوابوون.

credible (kred′ə-b'l), *adj.* جێی بڕوایە؛ بڕوای پێ دەکرێت؛ باوەڕپێکراو؛ دەچێتە مێشکەوە.

credit (kred′it), *n.* (١) بڕوا؛ باوەڕ (٢) جێی بڕوابوون؛ بڕوا پێ بوون. (٣) ناوبانگ؛ ناوی باش؛ ناو. (٤) بایەخ. (٥) ستایش. *(He deserves ~ for telling the truth.)* . (٦) جێی شانازی: *(He is a ~ to his nation.)* . (٧) *(pl.)*، دان نان بە بەشدارییوونی ئەوانەی دەستیان هەبووە لە هێنانەدی شتێکدا (وەک فیلمی سینەما). (٨) مایە؛ سەرمایە؛ ئەو دراوەیە کە ماوە لە حسابی کەسێکدا لە بانقدا. (٩) قەرز؛ قەرزوقۆڵە؛ قەرزکاری: *(He never buys on ~ .)* . (١٠) ئەو بەشەی قەرزێک کە دەدرێتەوە یا دراوەتەوە. (١١) (ا: وانەکانی کۆرسێک کە قوتابی لە زانکۆدا دەیخوێنێت و نمرەی لەسەر وەردەگرێت (ب) تۆمارکردنی ئەو کۆرسانەی کە قوتابی تەواوی کردووە لە بڕوانامەکەیدا

credit one with, (١) بڕواپێکردن. (٢) جێی شانازی بوون؛ جێی شانازی پێوەکردن بوون. *v.t.* (٣) ستایش کردن؛ چاکە ووتن. (٤) لە قەرز دەرکردن؛ لە حسابی کەسێک دەرکردن (بانق). (٥) تۆمارکردنی کۆرسی تەواوکراو لە بڕوانامەی قوتابیەکدا. شتی چاکە خستنەپاڵ.

do credit to, جێی شانازی بوون

give credit to, (١) بڕواپێکردن؛ هەق پێدان. (٢) ستایش کردن

give one credit for, هەق پێدان؛ ستایش کردن بۆ کردەوەیەکی باش.

letter of credit, باوەڕنامەی دارایی (بانق).

on credit, بە قەرز

to one's credit, جێی شانازی بوون بۆ کەسێک.

creditable (kred′it-ə-b'l), *adj.* (١) جێی شانازی یا ستایشە (٢) دەتوانرێت بدرێتە پاڵ کەسێک یا لایەک.

credit line, (١) ناوبردن یا دان نان بە بەشداربوونی کەسێک لە کارێکدا (فیلمی سینەمایی، دەنگوباس و ووتاری پۆژنامە). (٢) ڕادەی ئەوپەڕی قەرز کە دەدرێت بە کەسێک یا دەزگایەک. (هەروەها پێی دەووترێ " line of credit ") .

credit card, کارتی قەرز

creditor (kred′i-tēr), *n.* خاوەن قەرز؛ قەرزدەر

credit union, کۆمەڵەیەکی هەرەوەزی قەرزکاری: کۆمەڵەیەکی هەرەوەزییە قەرز دەدات بە ئەندامەکانی بە قازانجێکی کەم

credo (krē′dō, krā′dō), *n.* بڕوا؛ باوەڕ؛ بیروباوەڕ.

credulity (krə-dōō′lə-ti, krə-dū′lə-ti), *n.* خۆشباوەڕیی؛ ساویلکەیی.

credulous (krej′oo-ləs), *adj.* خۆشباوەڕ؛ ساویلکە.

creed (krēd), *n.* (١) بیروباوەڕی ئایینی. (٢) بڕوا؛ پێنیان.

creek (krēk, krik), *n.* (١) جۆگە؛ جۆگەلە؛ چەم. (٢) کەنداوێکی تەسک یا بچووک.

creel (krēl), *n.* (١) زەمیلەی ماسی گر (کە ماسی گیراوی تێ دەکرێت). (٢) زەمیلەی ماسی گرتن: زەمیلەیەکە ماسی و گوێچکەماسی پێ پاوەدەکرێت. (٣) چوارچێوەی ڕاگیرکەری خولخولۆکەی ڕستن.

creep (krēp), *v.i.* (١) خشان؛ بەسەر سکدا خشان؛ بەسەر زەویدا خشان. (٢) بە هێواشی جووڵانەوە؛ لەسەرخۆ بزووان. (٣) بەزییەوە یا بەترسەوە بزووان. (٤) (~ up)، پەیدابوون و پەرەسەندنی بەرەبەرە و بەبێ سەرنج ڕاکێشان. (٥) کرژبوون (لەش). (٦) مێرووڵەکردن (پێست، لەش). (٧) هەڵگەڕان بە دیوار، یا شتی تردا (ڕووەک). (٨) خوارپوون (کانزا).

creep one the creeps, [Colloq.], (١) خشان؛ بەسەر سکدا خشان. (٢) جووڵانەوەیەکی لەسەرخۆ یا بەترسەوە. *n.* (٣) [Slang]، کەسێکی پیس و بۆگەن و بێ نرخ. قێزلێهاتنەوە و ترس لێ نیشتن و

قێن هەڵسان.

make one's flesh creep, بوون بە هۆی ترس لێ نیشتن و قێزلێهاتنەوە وەک ئەوەی جانەوەر بەسەر پێستدا بخشێت یا لەش مێرووڵە بکات.

creeper (krēp′ēr), *n.* (١) خشۆک (مرۆڤ، گیاندار، ڕووەک). (٢) ڕووەکێکی خۆهەڵواسەر بە دیواردا یا بەسەر زەویدا خشاو. (٣) باڵندەیەکی خشاو بەسەر داردا (بەمەبەستی بژێوی). (٤) ئامێرێکی قوڵاپداره بنی ئەستێڵ و گۆمو دەریاچەی پێ هەڵدەکەنرێت. (٥) *(pl.)*، ئاڵێکی بزماراویە دەدرێت لە بنی پێڵاو بۆ نەخلیسکان. (٦) ئامێری گواستنەوەی شت بۆ مەکینەیەک یا لە بەشێکی مەکینەکەوە بۆ بەشێکی تری. (٧) *(pl.)*، بەرگی یەک پارچەی سەرتاپای منداڵ.

creepy (krēp′i), *adj.* (١) خشۆک. (٢) پیس و بۆگەن و ترسناک.

creese (krēs), *n.* خەنجەرێکی دەم لووڵ مالیزییە.

cremate (krē′māt, kri-māt′), *v.t.* سووتاندن (لاشەی مردوو لەبری ناشتنی).

cremation (kri-mā′shən), *n.* سووتاندنی لاشەی مردوو لەبری ناشتنی.

cremator (krē′mā-tēr, kri-mā′tēr), *n.* (١) سووتێنەری لاشەی مردوو (مرۆڤ). (٢) فڕنی تێدا سووتاندنی لاشەی مردوو. (٣) کووڕە یا ناگردانی زبڵ و پاشەڕۆک سووتاندن.

crematorium (krē′mə-tôr′i-əm, krem′ə-tō′ri-əm), *n.* = crematory.

crematory (krē′mə-tôr′i, krem′ə-tō′ri), *n.* (١) کووڕە یا فڕنی تێدا سووتاندنی لاشەی مردوو. (٢) خانوویەک کە فڕنێکی ڕەهای تێدابێت. *adj.* تایبەتی بە سووتاندنی لاشەی مردوو.

crème de cacao, خواردنەوەیەکی سەرخۆشکەری شیرینە تامی کاکاو دەدات.

crème de la crème, سەرتوێژی سەرتوێژ، واتە هەرە باشترین یا باشترینی باشترین.

crème de menthe, خواردنەوەیەکی سەرخۆشکەری شیرینە تامی نەعنا دەدات.

crenate (krē′nāt), *adj.* دانەدار یا گرنج گرنج (گەڵا): *(a ~ leaf)* .

crenation (kri-nā′shən), *n.* دانەداری؛ گرنج گرنجی.

crenature (kren′ə-chēr, krē′nə-chēr), *n.* (١) گرنج گرنجێیەک. (٢) گرێ (گەڵای گرنج گرنجاوی).

crenel, crenelle (kren′'l), *n.* بۆشایی یا کونی سەر تارمەیەک کە وەک سەنگەر بەکاردەهێنرێت و تەقەی لێوە دەکرێت.

crenelate, crenellate (kren′'l-āt′), *v.t.* بۆشایی یا کون هێشتنەوە لە تارمەیەکدا کە وەک سەنگەر بەکاردەهێنرێت و تەقەی لێوە دەکرێت. -crenelation, crenellation *(n.)*.

crenulate (kren′yoo-lit, kren′yoo-lāt′), *adj.* دانەدار یا گرنج گرنجاوی (گەڵا، گوێچکەماسی).

crenulation (kren′yoo-lā′shən), *n.* (١) دان؛ گرنج (٢) گرنج گرنجاوێتی؛ دانەداری.

Creole (krē′ōl), *n.* (١) دانیشتوویەکی بنەچەیی دوورگەکانی هیندی ڕۆژئاوا، ئەمەریکای ناوەڕاست، بەشێک لە ئەمەریکای باشوور، یا ویلایەتەکانی وواڵتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکای سەر کەنداوی مەکسیک. (٢) کەسێک کە لە بنەچەی فەرەنسی یا ئیسپانی بێت و لە ئەمەریکا لەدایک بووبێت. (٣) [c-]، کەسێک کە لە بنەچەی قولەڕەش بێت و لە ئەمەریکا لەدایک بووبێت. (٤) کەسێک کە لە بنەچەی دانیشتووە فەرەنسییە کۆنەکانی ویلایەتی " لویزیانا " بێت. (٥) ئەو زمانە فەرەنسییەی ئەم جۆرە کەسانە ووتوێژی پێ دەکەن. (٦) دانیشتوویەکی ویلایەتی " لویزیانا " لە بەشی هەرە خوارەوەی وواڵتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا. (٧) کەسێک لە بنەچەی دانیشتووە نیسپانییە کۆنەکانی ویلایەتی " تەکساس " بێت. (٨) [c-]، کەسێکی دووڕەگ کە ڕەگێکی قولەڕەش بێت.

creosol (krē′ə-sōl′, krē′ə-sol′), *n.* شلەیەکی چەوری بێ ڕەنگی

تیژە بۆ دەرمان بەکاردێت (کیمیا)

creosote (krē′ə-sōt´), *n.* شلەیەکی چەوری پڕوونی بۆن تیژە بۆ دەرمانو پاراستنی تەختەو دار بەکاردەهێنرێت.

crepe, crêpe (krāp), *n.* (۱) قوماشێکی تەنکی ژاکاوی ناوریشم، کەتان، یا خوری. (۲) پارچەیەک قوماشی ڕەشی وەها کە بە قۆڵەوە دەبەسترێت لە شیندا (۳) پارچە کاغەزێکی تەنکی ژاکاو (هەروەها: **crepe paper**).

crepitant (krep′ə-tənt), *adj.* تەقەتەقکەر؛ قرچەقرچکەر.

crepitate (krep′ə-tāt´), *v.i.* تەقەتەق کردن؛ قرچەقرچ هاتن. **-crepitation** *(n.).*

crept (krept), *past tense of* **creep.**

crepuscle (kri-pus′l), *n.* تاریک‌و لێل؛ تاریک‌و ڕوون.

crepuscular (kri-pus′kyoo-lĕr), *adj.* (۱) تاریک‌و لێلی؛ لێل؛ ناڕوون. (۲) شەوەکی؛ بە شەو هوشیاربوونەوەو چالاک بوون (جانەوەر).

crescendo (krə-shen′dō, krə-sen′dō), *adj. & adv.* بەرەبەرە بەرزبوونەوە لەرووی دەنگو جۆش‌و توندوتیژی‌یەوە (ئاوازی مۆسیقا).

n. بەرەبەرە بەرزبوونەوەی دەنگو جۆش‌و توندوتیژی ئاوازی مۆسیقا.

crescent (kres′ənt), *n.* (۱) هانگی یەک شەوە؛ هانگی تازە. (۲) شتێک کە شێوەی لە دەمەداس یا هانگی تازە بچێت (پیزە خانوو). (۳) دروشمی تورکیا. (٤) (ا) هێزو دەسەڵاتی تورکی. (ب) هێزو دەسەڵاتی ئیسلام.

adj. (۱) [Poetic]، پەرەسەندوو؛ گەشەکردوو. (۲) دەمەداسی؛ کەوانەیی.

cress (kres), *n.* تەرەتیزە.

cresset (kres′it), *n.* چرا؛ مەشخەڵ؛ دەفرێکە نەوتی تێ دەکرێت‌و بە دار یا دیوارێکدا هەڵدەواسرێت‌و دادەگیرسێت وەک چرا.

crest (krest), *n.* (۱) پۆپنەی کەڵەشێر؛ کڵاوە (۲) پەرێک یا دروشمێک کە دەکرێت بە کڵاوێکدا. (۳) کڵاو. (٤) مۆر؛ دروشم. (٥) (ا) سەرتوێژ. (ب) تەوقەسەر (چیا، گرد)؛ لێوار؛ تیرە. (ج) ئەوپەڕی بەرزی یا سەرکەوتن (٦) (ا) ڕەپەی مل (ئەسپ، شێر). (ب) یاڵی ئەسپ‌و ماین یا شێر. (۷) بەرزایی ئیسقانێک. (۸) [Archaic]، نازایی؛ شانازی.

v.t. (۱) ڕازاندنەوە بە پۆپنە، کڵاوە، یا پەڕ. (۲) خستنەسەر سەر. (۳) بەرزبوونەوەو گەیشتنە تەوقەسەر یا لێوار (ڕوبار).

v.i. وەک تیرە لێهاتن (شەپۆل).

crested (kres′tid), *adj.* پۆپنەدار.

crestfallen (krest′fôl′ən), *adj.* (۱) پۆپنەشکاو؛ پۆپنەخوار. (۲) غەمبار؛ بەزیو؛ پەست.

cretaceous (kri-tā′shəs), *adj.* (۱) تەباشیری؛ گەچی؛ تایبەتی بە تەباشیر یا گەچ. (۲) [C-]، تایبەتی بە چەرخی تەباشیری یا گەچی.

the Cretaceous, چەرخی تەباشیری یا گەچی (زەمینناسی).

Cretan (krē′t'n), *adj.* تایبەتی بە دورگەی " کریت " لە یۆنان‌و خەڵکەکەی‌و کلتوورەکەی.

n. دانیشتوویەکی دورگەی " کریت " ؛ کریتی.

cretin (krē′tin), *n.* (۱) کەسێک کە نەخۆشی‌یەکی زگماکی هەبێت کە بریتی‌یە لە کارنەکردنی لووی دەرەقی کە دەبێتە هۆی گەشەنەکردنی مێشک‌و لەش. (۲) کەسێکی کەر یا بن مێشک.

cretinism (krē′tin-iz′m, krē′t'n-iz′m), *n.* نەخۆشی‌یەکی زگماکی‌یە بریتی‌یە لە کارنەکردنی لووی دەرەقی کە دەبێتە هۆی بن مێشکی‌و گەشەنەکردنی لەش.

cretonne (kri-ton′, krē′ton), *n.* کریتۆن: قوماشێکی لۆکە یا کەتانی نەستووری نەخشەدارە بۆ پەردە بەکاردەهێنرێت.

crevasse (krə-vas′), *n.* (۱) درزێکی قوول بەتایبەتی لە بەستەڵەک یا یەخچاڵێکی سرووشتیدا. (۲) کون یا کەلەبەرێک لە بەستەکی قەراغ ڕوبارو جۆگەدا

v.t. درز، کون، یا کەلەبەر تێکردن.

crevice (krev′is), *n.* درز؛ قلیش؛ کون؛ کەلەبەر. **-creviced** *(adj.).*

crew (krōō), *n.* (۱) دەستە؛ تاقم؛ کۆمەڵ؛ جەماوەر. (۲) دەستەی کارگەران؛ تاقمێک کرێکار کە پێکەوە کار بکەن: *(a road ~)*. (۳) فڕۆکەوانان؛ دەستەی کارگەرانی ناو فڕۆکە یا کەشتی: *(an airplane ~)*

(٤) کەشتی‌یەوانان؛ کەشتیوان‌و کارگەرانی سەر پاپۆڕێک جگە لە ئەفسەرەکان.

(٥) دەستەی سەوڵ لێدەران کە لە هەشت کەس پێکدێت.

(٦) وەرزش‌و ملەمانێی سەوڵ لێدان لە زانکۆدا.

crew cut, کەللەشەک؛ سەرتاشینی سفر یا لەبندا.

crewman (krōō′mən), *n.* ئەندامی دەستەی کارگەران.

crewel (krōō′əl), *n.* پێسی باریکی خوری (نەقشکردن).

crib (krib), *n.* (۱) ئاخور. (۲) تەویلە؛ گەور. (۳) ژوور یا کوخێتەیەکی بچووکی ناقۆڵە. (٤) بێشکە؛ لانک؛ لانکە. (٥) زەمیلە. (٦) چوارچێوەیەکی دار یا ئاسن. (۷) عەمار (دانەوێلە). (۸) [Colloq.]، (ا) دزی‌یەکی بچووک. (ب) دزینی بیروباوەڕی خەڵک‌و بڵاوکردنەوەی بەناوی خۆوە. (۹) [Colloq.]، (ا) قۆپیەکردنی قوتابی (لەڕێی بەکارهێنانی پوختەی باسێک یا گۆڕینێکی دەقاودەقی هۆنراوەیەکی زمانی بێگانە لە تاقیکردنەوەدا). (ب) کاغەزی قۆپیەکردن. (۱۰) وەرەقی فڕێدراو (قومار). (۱۱) [Slang]، قەحبەخانە.

v.t. (۱) بەستنەوە؛ قەتیس کردن؛ خستنە بێشکە یا تەویلەوە. (۲) [Colloq.]، دزینی بیروباوەڕی خەڵک‌و بڵاوکردنەوەی بەناوی خۆوە. (۳) [Colloq.]، دزین. (٤) [Colloq.]، بۆڵەبۆڵ کردن.

v.i. [Colloq.], قۆپیەکردن (تاقیکردنەوە).

cribbage (krib′ij), *n.* جۆرێکە لە یاری کاغەز.

cribriform (krib′ri-fôrm´), *adj.* کون کوناوی (وەک بێژنگ)؛ کون کون.

crick (krik), *n.* ڕەقیتەی مل‌و پشت؛ ئازارێکی لەپڕی تیژ لە مل یا پشتدا.

v.t. ڕەقیتەپێکردن؛ ئازار پێ گەیاندنی ماسولکەی مل یا پشت.

cricket (krik′it), *n.* سیسرک.

cricket (krik′it), *n.* (۱) یاری " کریکێت " : یاری‌یەکە بەزۆری لە نینگلتەرە باوە بە تۆپ‌و گەڵاکوتک دەکرێت. (۲) [Colloq.]، ڕەفتاری ناسک‌و پەسەندو جوان؛ یاری کردن بەبن گزی کردن؛ گیانی وەرزشی.

v.i. یاری " کریکێت " کردن.

cricket (krik′it), *n.* تەپڵەکێکی نزمی بچووکە قاچی دەخرێتە سەر یاریکەری " کریکێت "

cricketer (krik′it-ĕr), *n.*

cricoid (krī′koid), *adj.* ئەلقەیی؛ خڕ.

n. کرکڕاگەیەکی خڕە لە بەشی خوارەوەی قوڕگدا.

cried (krīd), *past tense and past participle of* **cry.**

crier (krī′ĕr), *n.* (۱) گرینۆک؛ کەسێکی گریاو. (۲) جارچی دادگا. (۳) جارچی ناوشار. (٤) هاوارکەر (دەستگێڕ، چەرچی)؛ فرۆشیاری هاوارکەر.

crime (krīm), *n.* (۱) تاوان؛ خوێنخۆری. (۲) گوناه.

criminal (krim′ə-n'l), *adj.* (۱) تاوانی؛ تایبەتی بە تاوان‌و سزا: *(~ law)*

(۲) تاوانبار؛ گوناهبار؛ گوناهکار.

(۳) خوێنخۆری؛ تاوانی: *(a ~ act)*.

n. کەسێکی تاوانبار، گوناهبار، یا خوێنخۆر.

criminal conversation, داوێن پیسی؛ زینا.

criminality (krim´ə-nal′ə-ti), *n.* (۱) تاوانبارێتی؛ گوناهبارێتی. (۲) تاوانێک؛ گوناهێک.

-criminally *(adv.).*

criminal law, یاسای تاوان‌و سزادان.

criminalize (krim′ə-n'l-īz´), *v.t.* بە تاوان دانان‌و سزا بۆ بڕینەوە.

criminate (krim′ə-nāt´), *v.t.* (۱) تاوانبارکردن؛ گومانبارکردن.

(۲) پیشاندانی بەڵگەی تاوانباریتی. (۳) سەرزەنشت کردن.
-crimination *(n.)*; **criminatory** *(adj.)*.

criminologist (krim´ə-nol′ə-jist), *n.* تاوان‌و تاوانبارناس؛ زانای تاوان‌و تاوانبار.

criminology (krim´ə-nol′ə-ji), *n.* تاوان‌و تاوانبارناسی؛ زانستی تاوان‌و تاوانباران.

crimp (krimp), *v.t.* (۱) قەدکردن (جل‌وبەرگ). (۲) لوول کردن (قژ). (۳) لە قالب دان یا دەق پێگرتنی چەرم بەپێی پێویست.

n. (۱) (ا) قەدکردن (ب) تویّ؛ قەد. (۲) (*pl.*)، قژی لوول کراو.

put a crimp in, [Slang], پێ لێگرتن؛ کۆسپ لەبەردەمدا دانان.

crimp (krimp), *n.* کەسێک کە خەڵک بە زۆرەملێ یا فێڵ‌وتەڵەکە دەگرێت بە سەرباز یا کەشتیوان.

v.t. خەڵک گرتن بە سەرباز یا کەشتیوان بە زۆرەملێ یا فێڵ‌وتەڵەکە.

crimple (krim′p'l), *v.t. & v.i.* چرچ‌ولۆچ کردن؛ چرچ‌ولۆچ بوون؛ ژاکاندن؛ ژاکان.

crimpy (krimp′i), *adj.* لوول (قژ) . *(~ hair)*

crimson (krim′z'n), *n.* ڕەنگی ئاڵ یا قرمزی.

adj. (۱) ئاڵ؛ قرمزی؛ سوور وەک خوێنی لووت. (۲) خوێناوی.

v.t. & v.i. ئاڵ کردن؛ ئاڵ بوون؛ سوورکردن؛ سوورِبوون.

cringe (krinj), *v.i.* (۱) کرژبوون (لە ترس یا لە نازاردا)؛ خۆکشانەوە (لە مەترسی یا نازار). (۲) کلکەلەقێ بۆ کردن؛ مەرایی بۆ کردن؛ مل بۆ شۆڕکردن.

n. مل شۆڕکردن؛ کلکەلەقێ کردن؛ مەرایی کردن.

cringle (kriŋ′g'l), *n.* ئەڵقەیەک یا قوڵفەیەک بە تەوەر یا پاگرەی کەشتی باوە (بۆ گوریس بیاکردن‌و بەستنی بایەوان).

crinite (krī′nīt), *adj.* تووکن

crinkle (kriŋ′k'l), *v.i. & v.t.* (۱) چرچ‌ولۆچ بوون؛ چرچ‌ولۆچ کردن؛ لوول بوون؛ لوول کردن. (۲) خشەخش هاتن (وەک دەنگی پەڕەی کاغەز کە گرموڵە دەکرێت‌و فڕێ دەدرێت).

n. چرچ‌ولۆچی؛ لوولی؛ لۆچ؛ لوول.

crinoid (krī′noid, krin′oid), *adj.* (۱) گوڵە زەبەقی (۲) تایبەتی بە گیاندارێکی ئاوی بچووکی بێ گازەرای لە گوڵ چوو.

n. گیاندارێکی وەها

crinoline (krin′'l-in, krin′'l-ēn´), *n.* (۱) قوماشێکی نەستووری لۆکە یا کەتانە بۆ بەری جل‌وبەرگ بەکاردەهێنرێت. (۲) ژێرکراسێکە بۆ دەق پێگرتن‌و فش بوونەوەی کراس یا تەنوورە لەبەردەکرێت. (۳) کراسێکی فش بووەوە لە ناوقەد بەرەوخوار.

criosphinx (krī′ə-fiŋks´), *n.* دەعبایەکی نەفسانەییە لەشی مەڕۆ سەری بەرانی هەیە.

cripple (krip′'l), *n.* کەسێک یا گیاندارێکی گۆج، گێڕ، شەل، ئیفلیج، پەککەوتە، دەستەپاچە، یا کەفتەکار.

v.t. (۱) شەل‌و گۆج کردن؛ کەفتەکارکردن؛ ئیفلیج کردن. (۲) لەکارخستن؛ پەکخستن.

crisis (krī′sis), *n.* (۱) خاڵی گۆڕان لە نەخۆشێیەکدا کە لەدوایەوە نەخۆشەکە یا بەرەو چاکبوونەوە دەڕوات یا بەرەو مردن. (۲) خاڵی گۆڕان لە بارێکی ژیاندا. (۳) تەنگوچەڵەمە؛ گیروگرفت؛ دژواری؛ تەنگانە.

crisp (krisp), *adj.* (۱) ووشک‌وبرنگ؛ ووشک‌وقرچۆک؛ ووشک. (۲) ڕوون‌و وورد‌و کورت‌و لە جێی خۆیدا (ووتە، لێکدانەوە): *(~ analysis)* . (۳) بەجۆش *(~ dialogue)* . (٤) فێنک یا نەختێک ساردو خۆش‌و وورياکەرەوە: *(~ air)* . (٥) لوول (قژ): *(~ hair)* . (٦) چرچ‌ولۆچاوی. (۷) تورت‌و تازە (کاهوو): *(~ lettuce)* .

v.t. & v.i. (۱) ووشک کردنەوە؛ ووشکبوونەوە. (۲) لوول کردن؛ لوول بوون.

crispate (kris′pāt), *adj.* لوول؛ لوول کراو.

crispated (kris′pā-tid), *adj.* = crispate.

crispation (kris-pā′shən), *n.* (۱) لوول؛ لوول بوون. (۲) کرژبوونێکی کەمی ماسولکە یا پێست.

crisper (kris′pēr), *n.* ئوتوی لوول کردنی قژی سەر.

crispy (kris′pi), *adj.* = crisp.

crisscross (kris′krôs´), *n.* (۱) لێدانی چەپ‌و ڕاستی دوو هێڵ وەک ئەم نیشانەیە (X) (هەندێک جار خەڵکی نەخوێندەوار لەبری ئیمزا بەکاری دەهێنن). (۲) نەخشەی لێدانی چەند هێڵێکی چەپ‌و ڕاست.

adj. لێدان؛ لێدراو؛ لێکدراو.

v.t. هێڵێکی ڕاست‌و چەپ پیاهێنان

v.i. بە شەفتوڵ یا پێچەوانە بزووتن.

adv. بە لێکدراوی (هێڵ)؛ بە شەفتوڵ؛ بە خواری.

crissum (kris′əm), *n.* (۱) ناوچەی دەوری کونی پیسایی باڵندە. (۲) ئەو پەڕە وورداندەی دەوری کونی پیسایی باڵندە دادەپۆشن.

cristate (kris′tāt), *adj.* = crested.

cristated (kris′tā-tid), *adj.* = crested.

criterion (krī-tēr′i-ən), *n.* پێوەر؛ کێش؛ ئەندازە.

critic (krit′ik), *n.* (۱) هەڵسەنگێنەری پەرتووک‌و فیلمی سینەمایی‌و شانۆگەری‌و هونەر (بەتایبەتی کەسێک کە هەڵسەنگاندنەکەی لە ڕۆژنامە یا پەرتووکدا بڵاوبکاتەوە‌و ئەمە پیشەی بێت‌و هەر بەمەیش گوزەران بکات)؛ ڕەخنەگر. (۲) کەسێکی بە ڕەخنە؛ ڕەخنەگر.

critical (krit′i-k'l), *adj.* (۱) بە ڕەخنە؛ ڕەخنەگر؛ ڕەخنەباز: *(He is very ~ of you.)*

(۲) تایبەتی بە لێکۆڵینەوەی وورد: *(a sound ~ estimate of the problem)*

(۳) تایبەتی بە هەڵسەنگاندن‌و هەڵسەنگێنەرەکان.

(٤) پەڕێشان؛ پڕ لە مەترسی؛ ترسناک؛ شلۆق: *(a ~ situation in internation relations)*

(٥) گرنگ؛ زۆر بە بایەخ: *(His support is ~ .)*

(٦) گۆشە شلۆق (بیرکاری)؛ گۆشە مۆڵەکە.

critical angle, گۆشە شلۆق (زانستی بینایی‌و فڕین).

critical point, خاڵی شلۆق.

critical state, بارِی شلۆق؛ بارِی ناسک.

criticaster (krit′ik-as´tēr), *n.* هەڵسەنگێنەرێکی قەڵب؛ شەن‌وکەوکەرێکی لێنەهاتوو.

criticise (krit′ə-sīz´), *v.i. & v.t.* = criticize.

criticism (krit′ə-siz′m), *n.* (۱) هەڵسەنگاندن (وێژە، پەخشان، هونەر، فیلم)؛ پیشەو هونەری هەڵسەنگاندن. (۲) هونەرو زانست‌و ڕێبازی هەڵسەنگاندن. (۳) ڕەخنە؛ ڕەخنەگرتن؛ ڕەخنەکاری.

critique (kri-tēk′), *n.* (۱) ووتارێکی هەڵسەنگێنەر یا شەن‌وکەوکەر (وێژە، پەخشان، هونەر)؛ ووتاری هەڵسەنگاندن یا شەن‌وکەوکردن. (۲) هەڵسەنگاندن؛ شەن‌وکەوکردن.

critter, crittur (krit′ēr), *n.* [Dial.], گیاندار، بەتایبەتی: (ا) گیاندارێکی ماڵی (وەک مانگا، پارێز، یا ئاژەڵی تر). (ب) دەعبا (گوورگ، وورچ ... هتد). (ج) ئاژەمیزاد (لەڕووی گاڵتەپێکردن یا پێکەنینەوە).

the critter, خواردنەوەی سەرخۆشکەر (لەڕووی گاڵتەوە).

croak (krōk), *v.i.* (۱) خوێندن (بۆق، قەڵەڕەشکە)؛ واقەواق کردن؛ قریوە. (۲) (ا) بۆڵەبۆڵ کردن؛ سکاڵاکردن؛ قڕەهاتن. (ب) ڕەش بینین؛ قڕاندن. (۳) [Slang]، مردن.

v.t. (۱) خوێندن (بۆق، قەڵەڕەشکە)؛ قڕەقڕکردن؛ ووتن بە دەنگی گڕ. (۲) [Slang]، کوشتن.

n. خوێندنی بۆق یا قەڵەڕەش؛ قڕەی بۆق؛ قڕەقڕ.

-croakily *(adv.)*; **croaky** *(adj.)*.

croaker (krōk′ēr), *n.* (۱) گیاندارێک کە وەک بۆق یا قەڵەڕەش

بخوێنێت. (٢) جۆرە ماسیەکە مرخەمرخ دەکات.
(٣) کەسێکی ڕەشبین؛ کەسێک کە هەمیشە بۆ شت بقرێنێت.

Croat (krō′at, krō′ət), *n.* = **Croatian.**

Croatia (krō-ā′shə), *n.* کرواتیا.

Croatian (krō-ā′shən), *adj.* کرواتی: تایبەتی بە وڵاتی کرواتیا و نەتەوە و زمان و کلتوورەکەی.

n. (١) کەسێکی کرواتی. (٢) زمانی کرواتی.

crochet (krō-shā′), *n.* چنین؛ جۆرە چنینێکە کە بە شیشی سەرچەماوە دەکرێت.

v.i. چنین بەم جۆرە شیشە

crock (krok), *n.* (١) مەرکانە؛ کووپە؛ گۆزە. (٢) سووڵەت.

crock (krok), *n.* [British Dial.], (١) سووتووی ڕەش. (٢) جۆرە خومێکە کە زوو لە جل‌وبەرگ دەبێتەوە.

v.t. [Dial.], پیس کردن (بە سووتووی ڕەش یا شتی پیس).

crock (krok), *n.* [British], کەسێکی کەفتەکار یا پەککەوتە.

v.i. [British Slang], نەخۆش کەوتن؛ پەککەوتن؛ کەفتەکاربوون.

crocked (krokt), *adj.* [Slang], سەرخۆش.

crockery (krok′ēr-i), *n.* دەفری گڵین (گۆزە، دیزە، مەرکانە، کووپە، قاپ... هتد).

crocket (krok′it), *n.* نەخش‌و نیگارێکە لە شێوەی گەڵا و گوڵی کەوانەییدا لە خانووسازیدا بەکاردێت.

crocodile (krok′ə-dīl′), *n.* تیمساح: گیاندارێکی خشۆکە.

crocodile tears, فرمێسکی تیمساح؛ فرمێسکی درۆزنە، واتە غەمباری پووڵەت‌و درۆ (نەمە لە بیروباوەڕێکی کۆنەوە هاتووە کە گوایە تیمساح فرمێسک بۆ نێچیرەکەی دەڕێژێت لەکاتێکدا دەیخوات).

crocodilian (krok′ə-dil′i-ən), *n.* تیمساح و گیانداری خشۆکی تری هەمان جۆر.

adj. (١) نەهەنگی. (٢) تایبەتی بە جۆری نەهەنگ و گیانداری تری لەم توخمە.

crocus (krō′kəs), *n.* (١) سوسەن (گوڵ. ڕووەک)؛ چەند جۆرە ڕووەکێکە لە بابەتی سوسەن گوڵی هەمەڕەنگ دەگرێت. (٢) زەعفەران (ڕەنگ)؛ زەردێکی پرتەقاڵی. (٣) جۆرە بۆیەیەکی بریقەدارە.

croft (krôft), *n.* [British & Scottish], (١) کێڵگەیەکی بچووکی پەرژین کراو. (٢) کێڵگەیەکی بچووکی بەکرێدراو؛ زەوی.

crofter (krôf′tēr), *n.* [British & Scottish]. کشتیاری کێڵگەی بەکرێگر؛ وەرزێر؛ جووتیار (کە خاوەنی زەوی خۆی نەبێت).

cromlech (krom′lek), *n.* (١) گوومەزێکی زۆر کۆنە کە پێکهاتووە لە تاشەبەردێک و نراوەتە سەر چەند کێڵێک. (٢) گوومەزێکی زۆر کۆنە کە پێک‌هاتووە لە چەند کێڵێک کە بە بازنەیی دانراون بەچواردەوری گردۆڵەیەکدا.

crone (krōn), *n.* پیرژنێکی پووکاوە؛ مەڕێکی پیر.

crony (krō′ni), *n.* برادەرێکی کۆنی گیانی بە گیانی؛ برادەرێکی نزیک (بەتایبەتی کە وەک دەسکەڵا یا کلک بێت).

crook (krook), *n.* (١) قوڵاپ؛ شتێکی چەماوە. (٢) گۆچان. (٣) دارەدەستی قەشە. (٤) چەمینەوە؛ چەمانەوە. (٥) چەرتی؛ چەرتی‌یەک؛ پێچ. (٦) [Colloq.]، کەسێکی ساختەچی، سەرچەرت، فریوباز، یا دز.

v.t. & v.i. چەمانەوە؛ چەمینەوە؛ چەوتانەوە.

crookback (krook′bak′), *adj.* پشت کۆم؛ کۆم؛ کۆماوە.
-crookbacked *(adj.).*

crooked (krook′id), *adj.* (١) خواروخێچ؛ چەوت؛ خوار؛ لار؛ کوور. (٢) ساختەچی؛ سەرچەوت؛ فرۆفێڵاوی؛ فریوباز.

crookneck (krook′nek′), *n.* کوولەکەی مل باریک‌و خوار.

croon (krōōn), *v.i.* لاوانەوە؛ گۆرانی وتن لەبەرخۆوە بە دەنگێکی نزم.

n. لاوانەوە؛ گۆرانی وتنێک لەبەرخۆوە بە دەنگێکی نزم.
-crooner *(n.).*

crop (krop), *n.* (١) چیکڵدانە (باڵندە). (٢) دانەوێڵە؛ دەغڵ‌ودان. (٣) بەرهەمی دانەوێڵەی وەرزێک یا زەوی‌وزارێک.

(٤) دەستە، تاقم، کۆمەڵ، نەوە، یا بەرهەمی وەرزێک: *(a ~ of students)* .
(٥) پێستەیەکی خۆشکراو بە یەک پارچەیی. (٦) دەسکی قامچی.
(٧) قامچی‌یەکی قوڵفەدار. (٨) دووڕینەوە، بەتایبەتی: (ا) کەللەشەک؛ سەرتاشینی سفر یا لەبندا. (ب) شێوازی نەم جۆرە سەرتاشینە.
(ج) گوێ بڕین، قرتاندن، یا کورتکردنەوە.

v.t. (١) سەر قرتاندن؛ قرتاندن؛ بڕینەوە: *(Sheep ~ grass.)* .
(٢) دووڕینەوە؛ دروێنەکردن؛ چنینەوە.
(٣) چاندن؛ تۆودان؛ ناشتن.
(٤) سەرتاشین لەبندا؛ قژ کورتکردنەوە.

v.i. (١) دانەوێڵە هێنانە بەرهەم یا پێگەیاندن (زەوی‌وزار).
(٢) دانەوێڵە چاندن؛ ناشتن؛ تۆودان

crop up (or out), (١) هاتنەپوو؛ سەرهەڵدان (لەپڕو چاوەڕوان نەکراو): *(All sorts of unexpected difficulties cropped up.)*
(٢) دەرکەوتن؛ دیاربوون (لەسەر ڕووی زەوی وەک: بەرد، کانزا... هتد).

crop-eared (krôp′êrd′), *adj.* (١) گوێ بڕاو، قرتاو، یا کورتکراوە.
(٢) قژ لەبندا تاشراو بەجۆرێک کە گوێچکەکان دیارین.

cropper (krop′ēr), *n.* (١) بڕەرەوە (مرۆڤ، مەکینە)؛ دروێنەکەر یا تۆوچێنەر (مرۆڤ، مەکینە). (٢) دانەوێڵەی بە بەرهەم (بەبڕشت‌و بەبێ بڕشت)
(٣) کشتیارێک کە زەوی‌وزاری کەسێکی تر دەگرێتە دەست‌و بەشێک لە بەرهەمی زەوی‌یەکە دەبات بۆ خۆی. (٤) [Colloq.]، (ا) کەوتن؛ کەوتنێکی زۆر خراپ (ب) ژێرکەوتن؛ لەوتان.

come a cropper, [Colloq.], (١) کەوتن؛ کەرتنەخوارەوە.
(٢) ژێرکەوتن؛ لەوتان: *(To come a cropper in an examination.)* .

crop ratation, چاندنی کێڵگە بە دانەوێڵەی جیاواز وەرز لەدوای وەرز

croquet (krō-kā′), *n.* کرۆکی: یارییەکە بە مێکوت‌و تۆپی دارین دەکرێت.

croquette (krō-ket′), *n.* پارچەیەک گۆشتی کوتراو یا ماسییە کە تێکەڵ دەکرێت لەگەڵ ووردەنان، سەوزە، یا برنجداو خڕ هەڵدەدرێت‌و لە ڕۆندا سوور دەکرێتەوە.

croquignole (krō′kə-nōl′, krō′kin-yōl′), *n.* شێوازێکی قژ- لوول کردنە.

crosier (krō′zhēr), *n.* گورز یا دارەدەستی سەرەک قەشە.

cross (krôs), *n.* (١) سێدارە؛ چواردارە. (٢) خاچ (نیشانەی مەسیح). (٣) پەیکەرێکە لە شێوەی خاچدا یا خاچێکی بەسەرەوە بێت لە چوارپێیانێک یا لە سنووڕێکدا. (٤) دارەدەستێک کە خاچێکی بەسەرەوەیە و لەبەردەمی سەرەک قەشەوە هەڵدەگیرێت (لەڕووی نیشانەی دەسەڵاتی ئایینی‌یەوە). (٥) خاچ پەرستی؛ ئایینی خاچ پەرستی. (٦) مەینەتی؛ چەرمەسەری؛ ناخۆشی. (٧) نەم نیشانەیە (X) . (٨) دروشمێک لە شێوەی خاچدا (نیشانەی سوار- چاکی یا مەدالیای تایبەتی). (٩) جووت کردن یا جووت بوونی دوو توخمی جیاواز. (١٠) نەنجامی نەم جووت بوونە؛ دوورەگ.
(١١) [-C]، (ا) کۆنەستێرەی باکوور. (ب) کۆنەستێرەی باشوور.

v.t. (١) نیشانەی خاچ کردن؛ نیشانەی خاچ لەخۆدان.
(٢) پەنجەی شایەتمان‌و پەنجە گەورە چەپ‌و ڕاست لەیەکتردان بۆ بەخت باشی (نەفسانە): *(C~ your fingers.)* .
(٣) یەکترپرینی دوو شەقام یا کۆڵان.
(٤) هێڵ پێداهێنان؛ ڕەشکردنەوە؛ سڕینەوە (بە هێڵ پێداهێنان).
(٥) پەڕینەوە: *(He ~ed the street.)* .
(٦) پێدا تێپەڕین.
(٧) بڕین؛ بەسەردا ڕۆیشتن: *(The bridge ~es a river.)* .
(٨) پێ گەیشتن؛ هاتنەڕێ؛ تووش بوون؛ بەیەکگەیشتن.
(٩) بەرەو ڕوو وەستان؛ دژ وەستان: *(No one likes to be ~ed.)* .
(١٠) جووت کردنی دوو توخم (گیاندار، ڕووەک).

v.i. (١) یەکترپرین (دوو شەقام یا کۆڵان).
(٢) بڕین؛ درێژبوونەوە لەسەبەر بۆ نەوبەر.
(٣) تووش بوون؛ بەیەکگەیشتن؛ هاتنەڕێ؛ پێ گەیشتن.

چاکردنی دوو توخم یا زیاتر (مرۆڤ، گیاندار، پووەك).
cross fire, (۱) ئاگربارانی گوللەی یەکتربڕ؛ تەقەکردن لە هەمان نیشان لە دوو شوێن یا زیاترەوە. (۲) یەکگرتنەوەی چەند شتێك لە هەمان شوێندا.
cross-grained (krôs′grānd′), *adj.* (۱) دەمار ناڕێکو چەپو-پاستو بەیەکداچوو (دار، تەختە). (۲) تووڕەوتڕۆ؛ تەنگەجیکلانە؛ سەرسەخت.
crosshead (krôs′hed′), *n.* (۱) شیشی گەیەنەر (مەکینە). (۲) سەردێڕی بەندێك یا بەشێکی نووسراوێك (ووتار، پۆژنامە، گۆڤار، پەرتووك).
crossing (krôs′iŋ), *n.* (۱) پەڕینەوە؛ بڕین. (۲) شوێنی پەڕینەوە (شەقام، ڕووبار)؛ بوار. (۳) چوارڕێیان؛ دووڕیان؛ شوێنی یەکتربڕینی دوو شت. (٤) جووت کردن یا لەیەك چاکردنی دوو توخم (مرۆڤ، گیاندار، پووەك) (٥) شوێنی یەکتربڕینی هەر چوار لای زەمینەی کلێسەیەك کە لە شێوەی خاچدا دروستکرابێت.
cross-legged (krôs′leg′id, krôs′legd′), *adj.* چوارمەشقی (دانیشتن)؛ قاچ لەسەر قاچ (دانیشتنی سەر کورسی).
crosslet (krôs′lit), *n.* خاچێکی بچووك.
crossopterygian (kro-sop′tə-rij′i-ən), *n.* جۆرە ماسییەکی دواپاڵو یا بنەڕووە کە بە بایەری گیاندارە بڕبڕەدارە ووشکاییەکان دادەنرێت.
crossover (krôs′ō′vĕr), *n.* (۱) شوێنی پەڕینەوە (شەقام، ڕووبار)؛ بوار. (۲) هێڵێکی کورتی شەمەندەفەر کە بەهۆیەوە شەمەندەفەر لە هێڵێکی سەرەکییەوە دەگوێزێتەوە بۆ هێڵێکی سەرەکی تر. (۳) گۆڕینەوەی تایبەخۆی زگماکی لەنێوان کرۆمۆسۆمی هاوسرووشتدا.
crosspatch (krôs′pach′), *n.* [Colloq.], کەسێکی تووڕەوتڕۆی تەنگەجیکلانەی بەسکالا.
crosspiece (krôs′pēs′), *n.* پارچە دار یا ئاسنێکە کە وەك دەستەك لەسەر دوو پایە، دیرەك، یا سنگ دانرابێت.
cross-pollinate (krôs′pol′ə-nāt′), *v.t. & v.i.* لەیەك چاکردن یا جووت بوونی پووەك بەهۆی با، مێش‌ومەگەز، یا مرۆڤ خۆیەوە.
cross-pollination (krôs′pol′ə-nā′shən), *n.* لەیەك چاکردن یا جووت کردنی پووەك بەهۆی مێش‌ومەگەز، با، یا مرۆڤ خۆیەوە.
cross-purpose (krôs′pûr′pəs), *n.* (۱) مەبەستی دژ یا پێچەوانە. (۲) (*pl.*)، یاری ووشەبازیو پرسیارو وەڵام.
be at cross-purposes, لە مەبەستی یەکتر نەگەیشتن؛ کارکردن، ووتوویژ کردن، یا نەخشەدانانی دوو کەس یا کۆمەڵ دژی یەکتر نەك بەدەسەنقەست، بەڵکو بەهۆی تێنەگەیشتن لە مەبەستو بیروباوەڕی یەکتری.
cross-question (krôs′kwes′chən), *v.t.* = cross-examine. *n.* پرسیارێکە کە دەکرێت لەکاتی پرسیارو وەڵامی توندوتیژدا.
cross-refer (krôs′ri-fûr′), *v.t.* سەرنج ڕاکێشانی خوێنەر لە بەشێکی پەڕتووکێکەوە بۆ بەشێکی تری یا بۆ پەڕتووکێکی تر بۆ زانیاری زیاتر.
cross reference, سەرنج ڕاکێشانی خوێنەر لە بەشێکی پەڕتووکێکەوە بۆ بەشێکی تری بۆ زانیاری زیاتر.
crossroad (krôs′rōd′), *n.* (۱) ڕێگەیەك کە ڕێگەیەکی تر دەبڕێت. (۲) شوێنی لێکدان یا بەیەکگەیشتنی دوو ڕێگە. (۳) (*pl.*)، (ا) چوارڕێیان؛ دووڕیان. (ب) شوێنی بەیەکگەیشتن و تێکەڵبوونی دوو کلتوور یا زیاتر. (ج) قۆناغی گرنگو هەڵبژاردنی ڕێبازی ژیان.
at the crossroads, کاتی ڕێبازی تازە گرتنو هەڵوێست گۆڕین.
cross section, (۱) بڕینی شتێك لە باری پانی. (۲) بڕگە. (۳) نموونە؛ نموونەیەکی هەمەچەشنە یا هەمەلایەن.
cross-stitch (krôs′stich′), *n.* تەقەلێکە کە لە لێکدانی دوو تەقەلی چەپو پاست پێکهاتبێت لە شێوەی (X) دا.
cross street, (۱) شەقامێکە کە لە شەقامێکی تر دەدات. (۲) شەقامێکی بچووکە کە دوو شەقامی سەرەکی بەیەك دەگەیەنێت.
cross talk, بەیەکداچوونی دوو نیستگەی ڕادیۆ، تەلەفزیۆن یا هێڵی تەلەفۆن.

(٤) جوت بوونی دوو توخم (گیاندار، پووەك).
adj. (۱) بڕەو؛ پێدا تێپەڕ. (۲) دژ؛ پێچەوانە. (۳) تووڕە؛ تەنگەچیکلانە؛ زویر. (٤) دوورەگ (گیاندار، پووەك).
cross off (or out), هێڵ پێداهێنان. واتە سڕینەوە یا کوژانەوە.
cross oneself, بە دەست یا هێما نیشانەی خاچ لەخۆدان.
cross one's fingers, پەنجەی شایەتمانو پەنجە گەورە چەپو پاست لەیەکدان (بۆ بەخت باشی).
cross one's heart, نیشانەی خاچ لە دڵی خۆ دان بە دەست یا هێما (نیشانەی پاستی ووتنە).
cross one's mind, بە مێشکدا هاتن؛ بە خەیاڵدا هاتن.
cross one's path, تووش بوون (لەسەر ڕێگە)؛ بەیەکگەیشتن؛ هاتنەبڕێ.
take the cross, خەبات کردن (بۆ بوون بە خاچ پەرست یا بیروباوەڕو ڕێبازێکی تر).
the Cross, (۱) خاچی لەسەر هەڵواسینی مەسیح. (۲) مەینەتی و تاڵاوچەشتن و مردنی مەسیح. (۳) ئایینی خاچ پەرستی؛ خاچ پەرستان؛ جیهانی خاچ پەرستی.
cross- (krôs), پێشگرێکە بە هەموو ماناکانی ووشەی " cross " ی پێشوو بەکاردەهێنرێت.
crossbar (krôs′bär′), *n.* شیشێکی لابەلا کە ڕایەڵ دەکرێت بەسەر دوو کۆڵەکە یا سنگی ستوونیەوە بۆ وەرزش کردن یا شوێن نیشانەکردن.
v.t. دانانی نەم جۆرە شیش یا چوارچێوەیە.
crossbeam (krôs′bēm′), *n.* نیرگە؛ دەستەك.
crossbill (krôs′bil′), *n.* باڵندەیەکی بچووکە لە جۆری فیسقە.
crossbones (krôs′bōnz′), *n.* دوو نیسقانی بە چەپو پاست دانراو لەژێر کاسەی سەرێکدا وەك نیشانەی مەترسی یا مردن لەسەر ئاڵای چەتەی دەریا یا شوشەی ژەهراوی دەبینرێت.
crossbow (krôs′bō′), *n.* تیروکەوان؛ چەکێکی جەنگی کۆنە.
crossbred (krôs′bred′), *adj.* دوورەگ.
n. گیاندار یا پووەکێکی دوورەگ؛ دوورەگ.
crossbreed (krôs′brēd′), *v.t.* جووت کردن یا لەیەك چاکردنی دوو توخم (گیاندار، پووەك).
v.i. جووت بوونی دوو توخم.
n. دوورەگ؛ مرۆڤ، گیاندار، یا پووەکێکی دوورەگ.
cross-country (krôs′kun′tri), *adj.* (۱) بە دەشت‌ودەر نەك بە ڕێگەدا (ڕۆیشتن، پێشڕکێ، لێخوڕین): *(a ~ race)*. (۲) لەم پەڕی وڵاتەوە بۆ ئەوپەڕ؛ لە سەرانسەری وڵاتدا.
crosscut (krôs′kut′), *v.t. & v.i.* لە باری پانی و لەم پەڕەوە بۆ ئەوپەڕ بڕین یا بڕینەوە
adj. (۱) بۆ بڕینەوە لە باری پانی دروستکراوە (مشار): *(a ~ saw)*. (۲) لە باری پانی بڕاوە، واتە بەپێچەوانەی دەمار یا ڕەگی ناو تەختەو دارەکە.
n. (۱) بڕینەوەیەك یا بڕینێك لە باری پانی؛ ڕێبازێکی باری پانی. (۲) قەدبڕ.
crosse (krôs), *n.* دار یا ڕاکێتی یاری " لەکرۆس " کە بە تۆپ دەکرێت.
cross-examination (krôs′ig-zam′ə-nā′shən), *n.* - (۱) پرسیارلێکردنێکی وورد و توندوتیژو دوورودرێژ (بەتایبەتی هی ناحەزانە). (۲) پرسیارلێکردنی وورد و توندوتیژی شایەتی بەرامبەر لە دادگادا بۆ بەدرۆخستنەوەی شایەتەکە.
cross-examine (krôs′ig-zam′in), *v.t.* (۱) پرسیارلێکردن بە وورد‌ی‌و توندوتیژی‌و دوورودرێژی (بەتایبەتی هی ناحەزانە). (۲) پرسیارلێکردنی شایەتی بەرامبەر لە دادگادا بە وردی‌و توندوتیژی‌و دوورودرێژی بۆ بەدرۆخستنەوەی شایەتەکە.
cross-eye (krôs′ī′), *n.* خێلی؛ چاو چەپ‌وڕاستی.
cross-eyed (krôs′īd′), *adj.* خێل؛ چاو چەپ‌وڕاست.
cross-fertilization (krôs′fûr′t'l-ə-zā′shən), *n.* جووت کردن یا لەیەك چاکردنی دوو توخم یا زیاتر (مرۆڤ، گیاندار، پووەك).
cross-fertilize (krôs′fûr′t'l-īz′), *v.t.* جووت کردن یا لەیەك-

cross tie, دەستەك (بەتایبەتی هی هێڵی شەمەندەفەر).
crosstrees (krôs′trēz´), *n.pl.* دوو داری لابەلا بەسەر تەوەرەی کەشتی باوە
crosswalk (krôs′wôk´), *n.* شوێنی پەڕینەوەی پیادە بە شەقامێکدا.
crossway (krôs′wā´), *n.* = crossroad.
crossways (krôs′wāz´), *adv.* = crosswise.
cross wind, بایەکە کە بە لابەلای ڕێبازی مرۆڤ، فڕۆکە، یا پاپۆڕدا هەڵدەکات.
crosswise (krôs′wīz´), *adv.* (١) بە لابەلایی؛ بە چەپ و ڕاستدا. (٢) بەپێچەوانە؛ بە دژی.
crotch (kroch), *n.* (١) ناوپەڵی دارێکی دووپەڵ؛ گۆشەی بەیەکگەیشتنی دوو پەڵ. *(She was sitting in the ~ of a tree.)* . (٢) ناوگەڵ؛ ناولنگ.
-crotched *(adj.).*
crotchet (kroch′it), *n.* (١) قولاپێکی بچووک. (٢) شتێکی وەک قولاپ. (٣) هەوەس یا ئارەزوویەکی نابەجێ و سەرسەختی حولحولایانە. (٤) ئاوازێکی کورت (مۆسیقا).
crotchety (kroch′ə-ti), *adj.* حولحولۆ و سەرسەخت؛ تەنگەجێکڵانە.
croton (krō′t'n), *n.* جۆرە ڕووەک یا دارێکە دەرمانی لێ دەردەهێنرێت.
crouch (krouch), *v.i.* (١) خۆمەڵاسدان؛ خۆمتکردن؛ خۆماتدان. (٢) کرنووش بۆ بردن؛ کرنووش بۆ کردن.
v.t. کرنووش بۆ بردن؛ کرنووش بۆ کردن.
n. خۆمەڵاسدان؛ خۆماتدان.
croup (krōōp), *n.* نەخۆشی وەناق.
-croupous *(adj.)*; **croupy** *(adj.).*
croup (krōōp), *n.* کەفڵی نەسپ و ماین.
croupier (krōō′pi-ēr), *n.* سەرهوکارێکەری مێزی قومار: پارەی سەر مێزی قومارەکە کۆدەکاتەوە و بەشی براوەکان دەدات.
crouton (krōō-ton′, krōō′ton), *n.* پارچەیەک نانی ووشکی برژاوی بچووکە کە دەکرێتە ناو شۆربا یا زەڵاتەوە.
crow (krō), *n.* (١) قەڵەڕەش؛ قاژۆ. (٢) [C-] ، ناوی کۆنەستێرەیەکە. (٣) نوێڵ
as the crow flies, ڕاست؛ ڕێک؛ بە ڕێکی؛ بە هێڵێکی ڕێک و ڕەوان.
eat crow, [Colloq.], پێ لە هەڵەی خۆ نان و تەریق بوونەوە.
crow (krō), *v.i.* (١) خوێندنی کەڵەشێر؛ قووقاندن؛ قووقەکردن. (٢) هاوارکردنی خۆشی لەئەنجامی زاڵبوون یا سەرکەوتندا. *(Stop ~ing over your victory.)* . (٣) شانازی کردن؛ خۆفشکردنەوە. (٤) زریقەکردنی خۆشی (مندال).
n. (١) خوێندنی کەڵەشێر؛ قووقە. (٢) زریقەی خۆشی (مندال).
crowbar (krō′bär´), *n.* نوێڵ.
crowberry (krō′ber´i, krō′bēr-i), *n.* جۆرە تووترێکێکە
crowd (kroud), *v.i.* پاڵەپەستۆکردن؛ قەرەبالغی کردن.
v.t. (١) پاڵەپەستۆکردن؛ قەرەبالغی کردن؛ تێکچڕان. (٢) [Colloq.]، تەنگەتاوکردن؛ زۆر بۆ هێنان؛ هەڵپێچان (قەرزدانەوە). (٣) ڕێ لە بەرامبەر گرتن بۆ دەست نەکەوتنی تۆپ (یاری باسکە).
n. (١) کۆمەڵێکی گەورە (مرۆڤ، شت). (٢) جەماوەر؛ گەل؛ خەڵک؛ قەرەبالغی. (٣) [Colloq.]، تاقم؛ دەستە.
crowd (kroud), *n.* ئامێرێکی مۆسیقایی کۆنە لە کەمانچە دەچێت.
crowded (kroud′id), *adj.* قەرەبالغ؛ پڕ؛ جەنجاڵ.
crowfoot (krō′foot´), *n.* (١) ڕووەکێکە گەڵاکەی لە قاچی قەڵەڕەشکە دەچێت. (٢) جەمسەرێکی زنکی پاتری. (٣) ئامێرێکی بزماراویە لەسەر زەوی دادەنرێت بۆ وەستاندنی ئەسپ سواری دوژمن (٤) پەتی هەڵواسینی چەترێ بەر دەرگا و پەنجەرە.
crown (kroun), *n.* (١) چەپکە گوڵی سەر ڕازاندنەوە (نیشانەی پاداشت و خەڵات و سەرکەوتنە). (٢) پاداشت؛ خەڵات. (٣) کڵاوی زێڕینی شاهانە؛ تاج. (٤) دەسەڵاتی شاهانە. (٥) شا؛ پاشا. (٦) شتێکی جوان و ڕازێنەرەوە. (٧) (ا) دراوێکی ئینگلیزییە. (ب) هەرچ دراوێک کە وێنەی تاجی لەسەر هەڵکەندرابێت. (٨) تەوقەسەر. (٩) تەوقەسەری کڵاو یا شەپقە. (١٠) کڵاوەی هەرچ شتێک؛ لووتکەی شاخ. (١١) نەوپەڕی بەرزی؛ پۆپ. (١٢) (ا) ئەو بەشەی دندان کە لە پووکەوە سەری دەرهێناوە؛ سەری دندان. (ب) کڵاوەی دەستکردی دندان (لە زێڕ یا داڕشتە). (١٣) (ا) شوێنی بەیەکگەیشتنی لاسک یا قەدو پەگی پووەکێک. (ب) لق و پۆپی دار؛ کڵاوەی گوڵ.
v.t. (١) کڵاوی زێڕین کردنەسەر؛ تاج خستنەسەر سەر. (٢) کردن بە پاشا؛ خستنەسەر تەختی پاشایی. (٣) خەڵات کردن. (٤) کڵاوە بۆ دندان دروستکردن. (٥) بەسەر یا پۆپەوە بوون: *(The hill is ~ed with a wood.)* . (٦) تەواو جوان کردن. (٧) [Slang]، لە تەوقەسەردان. (٨) کردن بە پاشا (یاری دامە).
the Crown, (١) دەسەڵاتی پاشا. (٢) شا؛ پاشا.
crown canopy, کەپری لق و پۆپی دار لە دارستانێکدا.
crown colony, وڵاتێکی تەواو ژێردەستەی تاجی ئینگلتەرە.
crown land, زەوی وزاری پاشا.
crownpiece (kroun′pēs´), *n.* (١) کڵاوەی شتێک. (٢) قایشی تەوقەسەری لغاوی ئەسپ و ماین.
crown prince, جێنشینی پاشا؛ جێگری پاشا.
crown saw, مشاری لوولەکی (بۆ کونی خڕ کردنە شت).
crow's-foot (krōz′foot´), *n.* (١) چڕ و ڕۆچی دەروپشتی چاو. (٢) تەقەڵێکی سێ سووچە کە وەک نەقش دەدرێت لە تیکی دروومانێک. (٣) ڕووەکێکی گوڵ و گەڵا درکاویە. (٤) ئامێرێکی بزماراویە لەسەر زەوی دادەنرێت بۆ وەستاندنی ئەسپ سواری دوژمن.
crow's-nest (krōz′nest´), *n.* (١) ڕووانگەیەکی بچووکی سەر پاپۆڕ. (٢) ڕووانگەی قەراغ دەریا یا شوێنی تر.
croze (krōz), *n.* درز یا کەندەکی بەرمیلێک کە سەرەکەی تێ دەخرێت و دەچەسپێنرێت.
crozier (krō′zhēr), *n.* = crosier.
crucial (krōō′shəl), *adj.* (١) زۆر گرنگ: *(a ~ decision)* . (٢) سەخت؛ ناهەموار؛ گران؛ ناخۆش؛ دژوار. (٣) چەپ و ڕاست (تۆنکاری)؛ لە شێوەی خاچدا.
cruciate (krōō′shi-it, krōō′shi-āt´), *adj.* (١) گەڵای خاچ شێوە (ڕووەکناسی). (٢) چەپ و ڕاست (بانی باڵندە).
crucible (krōō′sə-b'l), *n.* (١) دەفرێکی کانزایی سەختە کە بەرگەی گەرمای زۆر بگرێت بەمەبەستی تووانەوەی کانزای تر تێیدا. (٢) بۆشایی بنی فڕنێک کە کانزای تووانەوەی تێدا کۆدەبێتەوە. (٣) تاقیکردنەوەیەکی سەختی و دژوار.
crucifer (krōō′sə-fĕr), *n.* (١) خاچ هەڵگر (لە نوواندنی کلێسەدا). (٢) هەرچ ڕووەکێک گوڵەکەی لە شێوەی خاچدا بێت.
-cruciferous *(adj.).*
crucifix (krōō′sə-fiks´), *n.* (١) خاچێک کە وێنەی عیسای بە هەڵواسراوی پێوەبێت. (٢) خاچ (وەک نیشانەیەکی ئایینی).
crucifixion (krōō´sə-fik′shən), *n.* (١) هەڵواسین؛ لەسێدارەدان. (٢) [C-]، هەڵواسینی مەسیح؛ بەسێدارەوەکردنی مەسیح یا نوواندنی نەم کارە لە پەیکەر و وێنەو نیگاردا.
cruciform (krōō´sə-fôrm′), *adj.* لە خاچ دەچێت.
crucify (krōō′sə-fī´), *v.t.* (١) هەڵواسین؛ لەسێدارەدان. (٢) بەزاندن، کوشتن، یا دابینکردنی ئارەزووی بەدی لەش. (٣) چەوساندنەوە؛ ئازاردان.
crud (krud, krood, krōōd), *v.t. & v.i.* [Dila.], مەیخ؛ خۆگرتن.
crud (krud), *n.* (١) [Slang] ، پیسایی (بەتایبەتی کە قەتماغەی بەستێت یا ووشک بووبێتەوە)؛ شتێکی پیس و بۆگەن.

(۲) کەسێکی پیس‌و بۆگەن. (۳) [Slang]، نەخۆشی پێست؛ گەری.

-cruddy *(adj.)*.

crude (krōōd), *adj.* (۱) خاو؛ نەپاڵێوراو؛ پوختە نەکراو: *(~ oil)* .
(۲) بەگەییو؛ کاڵ‌وکرچ
(۳) کەرتێ؛ کاڵ (مرۆڤ)؛ سادە: *(a ~ fellow)* .
(٤) ناپوختە (کار)؛ قەڵب؛ خراپ: *(~ woodwork)* .
(٥) ڕووت؛ نەپازاوە: *(~ reality)* .

crudely *(adv.)*; **crudity** *(n.)*; **crudeness** *(n.)*.

crude oil, نەوتی خاو یا پوختە نەکراو.

cruel (krōō′əl), *adj.* دڵڕەق؛ بێ بەزەیی؛ ستەمکار.

cruelty (krōō′əl-ti), *n.* (۱) دڵڕەقی؛ بێ بەزەییێتی؛ ستەمکاری.
(۲) کردەوەیەکی دڵڕەقانە؛ کردەوە یا ووتەیەکی بێ بەزەییانە.

cruet (krōō′it), *n.* شووشەیەکی بچکۆلەی سەر مێزی نانخواردنە سرکە یا پۆنی زەڵاتەی تێ دەکرێت.

cruise (krōōz), *v.i.* (۱) گەشتکردن بە بەلەم؛ گەڕان بۆ ڕابواردن بە بەلەم، کەشتی، ئوتومبیل، یا فڕۆکە بەبێ نەخشەیەکی تایبەتی‌و جێیەکی مەبەست.
(۲) گەڕان *(A taxi ~s in search of passengers.)* .
(۳) ڕۆیشتن بە خێرایی‌یەک کە بگونجێت بۆ قۆناغی دوور:
(The airplane ~d at 270 miles an hour.)

n. گەشتی دەریایی؛ گەشت؛ گەڕانی کەیف‌و ڕابواردن.

cruiser (krōōz′ēr), *n.* (۱) بەلەم، کەشتی، یا فڕۆکەی گەشت.
(۲) پاپۆڕێکی جەنگی خێرا کە بەناسانی مناوەڕەی پێ دەکرێت.
(۳) بەلەمێکی گەورە کە هەموو پێویستی‌یەکی شەو تێدانامانەوەی تێدابێت.
(هەروەها پێشی دەووترێت: " cabin cruiser ").
(٤) ئوتومبیلی پۆلیس. (هەروەها پێشی دەووترێت: " squad car ").

cruising speed, خێرایی ناسایی فڕۆکە.

cruller (krul′ēr), *n.* کێکی شیرین.

crumb (krum), *n.* (۱) وورده‌نان؛ گوێچکەنان؛ پەنجک: *(bread ~s)* .
(۲) نەخت؛ تۆزقال: *(~s of knowledge)* .
(۳) ناوەڕۆکە هەویراوی‌یەکەی نان.

v.t. (۱) وردکردن؛ وردوخاش کردن. (۲) تۆندکردنەوە بە وورده‌نان.
(۳) [Colloq.]، پاکردنەوەی مێزی نانخواردن‌و لابردنی وورده‌نان لەسەری.

v.i. وردبوون؛ وردوخاش بوون.

crumble (krum′b'l), *v.t.* وردکردن؛ پارچەپارچەکردن.

v.i. ڕووخان؛ وردبوون؛ وردوخاش بوون؛ پروان؛ داپزان.

crumblings (krum′b'l-iŋz′), *n.* پارچەی وورده؛ وورده‌نان.

crumbly (krum′bli), *adj.* بەناسانی وورد دەبێت؛ بەناسانی پارچە پارچە دەبێت؛ قرچۆک.

crummie, crummy (krum′i, kroom′i), *n.* [Scot. & Bri.-Dial.], مانگای شاخ چەماوە.

crummy (krum′i), *adj.* *Also* **crumby**, [Slang], قەڵب؛ خراپ؛ پیس؛ بۆگەن (کار، شوێن، مرۆڤ؛ خواردن، شت... هتد)؛ ناپەسەند.

crump (krump, kroomp), *v.t.* (۱) کرۆشتن (بە ددان)؛ داکرماندن؛ خرمەخرم لێ هەڵسان. (۲) زرمە لێ هەڵسان؛ قرچە لێ هەڵسان.

v.i. زرمەهاتن؛ قرچەهاتن.

n. (۱) دەنگی کرۆشتن؛ خرمەخرم. (۲) زرمە؛ قرچە.

crumpet (krum′pit), *n.* جۆرە کێکێکی خڕی تەنکە سوور دەکرێتەوە و بە کەرەوە دەخورێت.

crumple (krum′p'l), *v.t.* ژاکاندن‌و گرمۆڵەکردن؛ گرمۆڵەکردن؛ چرچ‌ولۆچ کردن.

v.i. (۱) ژاکان؛ گرمۆڵەبوون؛ چرچ‌ولۆچ بوون.
(۲) [Colloq.]، ڕووخان؛ هەرەس هێنان.

n. چرچ‌ولۆچی؛ ژاکاوی.

crunch (krunch), *v.i.* & *v.t.* (۱) داکرۆشتن (بە ددان)؛ داکرماندن؛ خرمەخرم لێ هەڵسان. (۲) هارین؛ هارە لێ هەڵساندن.

n. (۱) داکرمان؛ داکرۆشتن؛ خرمەخرم.
(۲) دەنگی هارین؛ هارە.

crunchy (krun′chi), *adj.* خرمەخرمی دێت کە دەخورێت.

crupper (krup′ēr, kroop′ēr), *n.* (۱) پاڵوو (زین، کورتان).
(۲) کەفەڵ یا سمتی نەسپ‌و ماین.

crural (kroor′əl), *adj.* تایبەتی بە لاق یا لوولاق.

crus (krus), *n.* (۱) لاق؛ لوولاق. (۲) هەرچ ئەندامێک کە لە لاق بچێت.

crusade (krōō-sād′), *n.* (۱) [C-] ، جەنگی خاچ پەرستان کە لە سەدانی یانزەو دوانزەو سیانزەدا گێڕایان دژی موسوڵمانەکان لە پۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. (۲) جەنگێکی ئایینی. (۳) خەبات (لەپێناو یا دژی بیروباوەڕێکدا).

v.i. خەبات کردن؛ تێکۆشان؛ هەوڵدانێکی بەتین.

crusader (krōō-sād′ēr), *n.* (۱) خاچ پەرستێک کە بەشداری جەنگی خاچ پەرستەکان بووبێت (ووشەی پێشوو ببینە).
(۲) خەباتکەر؛ تێکۆشەر؛ ئالاهەڵگر.

cruse (krōōz, krōōs), *n.* [Archaic], دەفرێکی بچووک بۆ ئاو، ڕۆن، هەنگوین... هتد.

crush (krush), *v.t.* (۱) وورد‌کردن؛ وورد‌وخاش کردن؛ پرواندن.
(۲) فلیقاندنەوە؛ پان‌وپلیش کردنەوە؛ قوپاندن؛ پلیشاندنەوە؛ گرمۆڵەکردن
(۳) شکاندن؛ بەزاندن: *(He ~ed his enemies.; a ~ing defeat)* .
(٤) گوشین؛ ووشێن‌و ئاو یا خۆشاو لێ دەرهێنان (میوە).

v.i. (۱) وورد‌بوون؛ وورد‌وخاش بوون. (۲) فلیقانەوە؛ پلیشانەوە؛ پەستانەوە.

n. (۱) پەستنەوە؛ پەستاوتن؛ فلیقانەوە؛ وورد‌وخاش بوون.
(۲) جەماوەرێک کە ترنجابنە شوێنێکی بچووکەوە (۳) خۆشاو
(٤) (ا) دڵ پێداچوون (بەتایبەتی کاتی)" حەزلێکردن" حەز:
(She had a ~ on him.)
(ب) کەسێکی دڵ پێداچوو

crust (krust), *n.* (۱) (ا) دیوی دەرەوەو ڕەقی نان، کولێرە، کێک... هتد.
(ب) نانی ڕەق بووەوە؛ نانەڕەقە (۲) بنکڕ.
(۳) تۆزاڵ یا تونکی ڕەق (زەوی، بەفر)؛ قاوغ.
(٤) دیوی دەرەوەی زەوی (زەمیناسی).
(٥) کڕێش؛ بریتی وشک بووەوە؛ قەتماغە.
(٦) خڵتەی ڕەق بووی شەراب لەناو شووشەدا.
(۷) [Slang]، چاوقایمی؛ بێ شەرمی؛ بێ حەیایی.

v.t. & *v.i.* (۱) ڕەق بوون (تونک، تۆزاڵ)؛ قەتماغە بەستن.
(۲) داپۆشین بە تونک یا قاوغێکی ڕەق؛ ڕەق کردنی دیوی دەرەوەی شتێک

crustacean (krus-tā′shən), *n.* گیاندارێکی ناوی قاوغدار (قرژاڵ، کوللەی ئاو... هتد).

adj. تایبەتی بەم جۆرە گیاندارە.

crustaceous (krus-tā′shəs), *adj.* (۱) قاوغدار؛ تونکداری ڕەق.
(۲) تایبەتی بە گیانداری ناوی قاوغدار.

crustal (krus′t'l), *adj.* تونک ڕەق (بەتایبەتی زەوی).

crusted (krus′tid), *adj.* (۱) تونکداری ڕەق؛ بنکردار؛ ڕەق.
(۲) خڵتە ڕەق بوو (شەراب). (۳) کۆن.

crusty (krus′ti), *adj.* (۱) ڕەق (نان، کێک)؛ تونکداری ڕەق.
(۲) تۆندوتیژو ڕەق (مرۆڤ).

crutch (kruch), *n.* (۱) دارشەق؛ گۆچان (۲) پشتگیر؛ پاڵپشت.
(۳) ناولنگ؛ ناوگەڵ.

v.t. پشت گرتن؛ پشتگیری کردن؛ پاڵپشت کردن

crux (kruks), *n.* (۱) خاچ. (۲) کێشە؛ گیروگرفتێکی سەرسووڕهێنەر.
(۳) ناوکرۆک؛ گرنگترین‌و سەرەکی ترین بەش یا خاڵی مەسەلەیەک.
(٤) [C-]، ناوی کۆنەستێرەیەکە.

cry (krī), *v.i.* (۱) هاوارکردن؛ قیراندن؛ قیژاندن؛ نالاندن؛ بانگ کردن.
(۲) گریان؛ کرووزانەوە. (۳) وەڕین، لووراندن، یا هەر دەنگێکی تری گیاندار.

v.t. (۱) پارانەوە. (۲) هاوارکردن. (۳) بانگ کردن؛ بانگدان؛ بانگ هەڵدان یا جارادان (بۆ شت فرۆشتن، کڕین، یا چاکردن).

n. (۱) هاوار؛ قیژە؛ قیرە؛ نالە. (۲) گریان؛ کرووزانەوە. (۳) بانگ؛ بانگ هەڵدان؛ بڵاوکەرەوە. (٤) پارانەوە؛ داوا؛ داوالێکردن. (٥) قاو؛ واتەوات. (٦) ناڕەزایی گەل؛ هاواری گەل. (۷) دروشم؛ بانگەواز؛ بانگی جەنگ. (۸) وەڕە، لووڕە، یا هەر دەنگێکی تری وەهای گیاندار. (۹) وەڕینی سەگ لەکاتی پاوەدا. (۱۰) گەلەسەگ.

a far cry, (۱) ماوەیەکی دوور. (۲) زۆر جیاواز؛ شتێکی زۆر جیاواز.

cry down, لە پلە نزم کردنەوە؛ شکاندن؛ بە سووک سەیرکردن.

cry for, (۱) بۆ گریان؛ داواکردن. (۲) ویستن؛ پێویست بوون.

cry one's eyes (or heart) out, بە کوڵ گریان؛ شیوەن کردن.

cry oneself to sleep, خۆ کردنە خەو بە گریانێکی زۆر.

cry out, (۱) هاوارکردن؛ قیژاندن؛ نالاندن. (۲) سکاڵاکردن؛ ناڕەزایی دەربڕین بە دەنگی بەرز.

cry over spilled milk, خەفەت بۆ شتی لەدەست چوو خواردن.

cry up, ستایش کردن؛ بە شان و باهودا هاتنەخوارەوە.

cry wolf, دەنگ بە هاوار بوون؛ بانگدانی مەترسی درۆ.

definite (def′ə-nit), adj. (١) دیاریکراو؛ سنووردار.
(٢) ڕاست و ڕەوان؛ ڕوون
(٣) مسۆگەر؛ بێ گومان: (It's ~ that he'll go.) .
(٤) تایبەتی؛ نامرازی تایبەتی (ڕێزمان): ("the" is a ~ article.)
-definiteness (n.).
definite article, نامرازی پێناس، تایبەتیکەر، یا دیاریکەر وەك: " the " (ڕێزمان).
definition (def′ə-nish′ən), n. (١) پێناسە؛ پێناسین؛ پێناسین:
(the ~ of a concept; word ~s)
(٢) دیاری کردن؛ سنووردانان.
(٣) دیاری کردنی شتێك بە ووردبین
(٤) پلەی ڕوونی دەنگ و وێنە (ڕادیۆ، تەلەفزیۆن).
definitive (di-fin′ə-tiv), adj. (١) کۆتایی پێ هێنەر؛ کۆتایی:

(a ~ answer)

(۲) ڕاستترین و تەواوترین؛ هەرە ڕاست و تەواو.

(a ~ dictionary; a ~ edition of Shakespeare)

(۳) دیاریکەر؛ سنووردانەر (٤) بە تەواوی گەورەبوو (زیندەوەرزانی).

n. ووشەی دیاریکەر یا پێناسین (ڕێزمان)، وەک:

(this, that, any, some)

definitude (di-fin′ə-tōōd´, di-fin′ə-tūd´), *n.* ووردی؛ تەواوی؛ بێ چەندوچۆنی.

deflagrate (def′lə-grāt´), *v.t. & v.i.* سووتان بە مەشخەڵانی ئاگر بە پەڵەو کوتوپڕ.

deflate (di-flāt′), *v.t. & v.i.* (۱) فش کردنەوە؛ فش بوونەوە؛ هەوا لێ دەرهێنان؛ هەوا لێ دەرهاتن. *(to ~ a tire)*.

(۲) بێ بایەخ کردن؛ شکاندن (مرۆڤ)؛ نرخ کەمکردنەوە.

deflation (di-flā′shən), *n.* (۱) فش بوونەوە؛ فش کردنەوە. (۲) چوونەوەخۆ (ئابووری)؛ چوونەوەیەک؛ کەمی پارە لە بازاڕدا بەهۆی بەرزبوونەوەی بەهای پارەو شکانی نرخی شتومەک.

deflect (di-flekt′), *v.t.* لادان؛ پێچکردنەوە؛ وەرگێڕان؛ شکاندنەوە؛ وەرچەرخاندن.

v.i. وەرگەڕان؛ پێچکردنەوە؛ لادان؛ شکانەوە؛ وەرچەرخان:

(The bullet struck a wall and was ~ed from its course.)

-deflective *(adj.)*; **deflector** *(n.)*.

deflection (di-flek′shən), *n.* شکانەوە؛ وەرچەرخان؛ لادان؛ وەرگەڕان.

defloration (def ləra-rā′shən), *n.* (۱) گوڵ لێکردنەوە (۲) بێ بن کردن؛ کچ کونکردن.

deflower (di-flou′ēr), *v.t.* (۱) بێ بن کردن؛ کچ کونکردن. (۲) گوڵ لێکردنەوە. (۳) وێرانکردن؛ خراپ کردن؛ پیس کردن.

defoliant (di-fō′li-ənt), *n.* ماددەیەکی کیمیایی یە دارودرەختی پێ گەڵا ڕووت دەکرێت.

defoliate (di-fō′li-āt´), *v.t.* دارودرەخت ڕووتکردن؛ گەڵا لێکردنەوە.

-defoliation *(n.)*.

deforest (dē-fôr′ist, dē-for′ist), *v.t.* دارستان بڕین؛ پاکردنەوەی ناوچەیەک لە دارودرەخت؛ ڕووتکردن لە دارودرەخت.

-deforestation *(n.)*.

deform (di-fôrm′), *v.t.* (۱) شێوە تێکدان؛ ڕووخسار شێواندن؛ شێواندن؛ خوارووخێچ کردن (۲) ناشرین کردن.

v.i. شێوە تێکچوون؛ ڕووخسار شێواو؛ ناشرین بوون.

-deformation *(n.)*.

deformed (di-fôrmd′), *adj.* (۱) شێوە تێکچوو؛ ڕووخسار شێواو؛ خوارووخێچ و گێر. (۲) ناشرین.

deformity (di-fôr′mə-ti), *n.* (۱) شێوە تێکچوون؛ ڕووخسار شێواوی. (۲) خوارووخێچییەک؛ شێوە تێکچوونێک. (۳) نەندامێکی خوارووخێچ یا شێوە تێکچووی لەش. (٤) ناشرینی. (٥) کەسێک یا شتێکی شێوە تێکچوو.

defraud (di-frôd′), *v.t.* بە ساختە لە دەست دەرکردن (سامان)؛ هەڵخەڵەتاندن و لێ کێشانەوە

defray (di-frā′), *v.t.* پارەی شتێک دان (گەشت، ناهەنگ)؛ گرتنە ئەستۆی تێچوونی شتێک: *(to ~ the cost of a trip)*.

-defrayal *(n.)*; **defrayment** *(n.)*.

defrock (dē-frok′), *v.t.* لە قەشەیی لابردن؛ دەرکردن لە قەشەیی؛ بەرگی قەشەیی لێ سەندنەوە

defrost (dē-frôst′, dē-frost′), *v.t.* خاوکردنەوە (خواردەمەنی)؛ بەفر یا سەهۆڵ لێ لابردن (بەفرخەر، باڵی فڕۆکە)؛ تەم لابردن (لە دیوی ناوەوەی شووشەی ئوتومبیل).

v.i. بەفر یا سەهۆڵ پێوە نەمان؛ خاوبوونەوە.

defroster (dē-frôs′tēr, dē-fros′tēr), *n.* سەهۆڵ لابەر یا تووێنەرەوە: ئامێرێکی گەرمادەرە بۆ تواندنەوەی سەهۆڵ یا هەر نەهێشتنی دروست بوونی سەهۆڵ؛ تەم لابەر لەسەر شووشەی ئوتومبیل

deft (deft), *adj.* کارامە؛ سەردەرچوو؛ لێهاتوو (کاری دەستی).

defunct (di-fuŋkt′), *adj.* نەماو؛ مردوو؛ هەڵوەشێنراو:

(a ~ company or organization)

defuse (di-fūz′), *v.t.* (۱) لەکارخستن؛ پووچەڵ کردنەوە (بۆمبا، مین)؛ پەکخستن؛ ڕەواندنەوە (۲) هێمن کردنەوەی بارێکی ئاڵۆز:

(He was able to ~ the situation.)

defy (di-fī′), *v.t.* (۱) بەرهەڵستی کردن؛ بەربەرەکانی کردن؛ بەرەو ڕوو وەستان. (۲) بە کەسێک ووتن: " ئەمە ئەرزو ئەمە گەز "

degeneracy (di-jen′ēr-ə-si), *n.* (۱) نزمی (ڕەووشت)؛ سووکی؛ سەرسەرێتی. (۲) داوەشین؛ ڕزین؛ بۆگەن کردن؛ شیبوونەوە.

degenerate (di-jen′ēr-it), *adj.* نزم (ڕەووشت)؛ سووک؛ سەرسەری؛ بێ ناموس؛ بەرەو خراپی ڕۆیشتوو.

n. کەسێکی نزم (ڕەووشت، توانای مێشت)؛ کەسێکی سووک یا سەرسەری؛ کەسێکی بێ ناموس

v.i. (۱) خۆ سووک کردن یا نزم کردنەوە؛ سووک بوون؛ دانە دواوە (۲) بەناخداچوون (زیندەوەرزانی).

-degenerative *(adj.)*.

degeneration (di-jen ēr-ā′shən, de´jen-ēr-ā′shən), *n.* (۱) نزمی؛ سووکی؛ بێ ناموسی؛ سەرسەرێتی. (۲) بەناخداچوون (زیندەوەرزانی). (۳) شیبوونەوە (تێشووی لەش یا ڕووەک)؛ لەکارکەوتنی نەندامی زیندەوەر (بەهۆی نەخۆشی یا بریندارییەوە).

degradation (deg´rə-dā′shən), *n.* (۱) لە پلەوپایە نزم بوونەوە؛ لێ سەندنەوەی پلەو ڕێز. (۲) سووکی؛ نزمی؛ نزم بوونەوە. (۳) بایەخ شکان. (٤) شەرمەزاری؛ ئابڕووچوون (٥) خوارنەوە؛ داخوران (زەمینناسی).

degrade (di-grād′), *v.t.* (۱) لە پلەوپایە کەمکردنەوە. (۲) سووک کردن؛ نزم کردن؛ بەناخدابردن (ڕەووشت). (۳) بێ بایەخ کردن؛ بایەخ شکاندن یا نزم کردنەوە. (٤) شەرمەزارکردن؛ حەیاو ئابڕوو بردن. (٥) خوارنەوە؛ داخوران (زەمینناسی).

v.i. خۆ سووک کردن؛ خۆ شکاندن؛ ئابڕووی خۆ بردن.

degraded (di-grād′id), *adj.* (۱) پلە نزم کراو. (۲) بایەخ شکاو؛ بێ بایەخ (۳) سووک؛ نزم (٤) شەرمەزارکراو؛ ئابڕووبراو

degrading (di-grād′iŋ), *adj.* ئابڕووبەر؛ شەرمەزارکەر؛ ناشرین؛ لە پلەوپایە کەمکەردەوە؛ نەنگ. *(a ~ job)*.

degree (di-grē′), *n.* (۱) پلە. (۲) پلەوپایەی کۆمەڵایەتی (۳) ڕادە (٤) بڕوانامە (زانکۆ، قوتابخانە): *(an M.A. ~)*.

(٥) پلەی بەراوورد (ڕێزمان):

(The positive ~ of good is good, the comparative ~ is better, and the superlative ~ is best.)

(٦) پلە (بیرکاری، گەردووننناسی، جوگرافیا):

(A right angle has 90 ~s.)

by degrees. ووردە ووردە؛ بەرە بەرە؛ نەختە نەختە.

to a degree, (۱) تا ڕادەیەکی زۆر. (۲) نەختێک.

dehumanize (dē-hū′mə-nīz´), *v.t.* لە مرۆڤایەتی کەمکردنەوە؛ لە مرۆڤایەتی خستن.

-dehumanization *(n.)*.

dehydrate (dē-hī′drāt), *v.t.* (۱) ووشک کردنەوە (میوەهات). (۲) ئاو لێ دەرهێنان (کیمیاگەری).

ووشکبوونەوە (لەش)؛ ئاو لە لەشدا کەم بوونەوە (نەخۆشی)

v.i.

dehydration (dē'hī-drā'shən), *n.* ووشکبوونەوە (لەش)؛ ئاو لە لەشدا کەم بوونەوە. *(He is suffering from ~ .)*

deification (dē'ə-fi-kā'shən), *n.* پەرستن؛ کردن بە خودا؛ وەک خودا سەیرکردن؛ بە خودا دانان

deify (dē'ə-fī'), *v.t.* (١) کردن بە خودا؛ وەک خودا لێکردن؛ وەک خودا سەیرکردن (٢) پەرستن.

deign (dān), *v.i. & v.t.* (١) بێزەحاتن؛ خۆ بە زلتر دانان: *(I do not ~ to reply to such a question.)*

(٢) فیزەحاتن؛ فیزەحێنان

deism (dē'iz'm), *n.* بڕوابوون بە خودا بەلأم بە خودایەک کە جیهانی دروستکردووە و ئیتر وازی لێ هێناوە)؛ خودا‌پەرستی بەبێ بڕوابوون بە ئاین. **-deist** *(n.)*; **deistic** *(adj.)*.

deity (dē'ə-ti), *n.* (١) خودا؛ بانوخودا؛ خودا بچکۆلە (٢) خودایی؛ خودایەتی (٣) کەسێک یا شتێک کە وەک خودا بپەرسترێت.

the Diety, خودا

deject (di-jekt'), *v.t.* دلشکست کردن؛ پەستکردن؛ غەمبارکردن.

dejecta (di-jek'tə), *n.pl.* گوو؛ بیسایی

dejected (di-jek'tid), *adj.* دلشکست؛ پەست؛ غەمبار؛ ماتومەلوول.

dejection (di-jek'shən), *n.* دلشکستی؛ پەستی؛ غەمباری

deka- (dek'ə), ⁻ deca-.

delay (di-lā'), *v.t.* (١) دواخستن (بۆ دواڕۆژ): *(to ~ a meeting)* . (٢) ڕاگیرکردن؛ بەنگ بوون؛ دواخستن؛ بەقنگداخستن: *(They ~ed me.)* .

v.i. دواکەوتن؛ بەنگ بوون: *(Don't ~ .)* .

n. دواکەوتن *(We must start without ~ .)* .

delectable (di-lek'tə-b'l), *adj.* زۆر خۆش (هەندێ جار لەپووی تەوسەوە) ؛ بەتام.

delegate (del'ə-gāt'), *n.* (١) نوێنەر (کونگرە، کۆڕ، ڕێکخراو، حیزب، ئەنجومەن بەکگرتووەکان) (٢) نوێنەری پەرلەمان

v.t. (١) کردن یا دانان بە نوێنەر (٢) پێ سپاردن *(to ~ authority to someone)* .

delegation (del'ə-gā'shən), *n.* (١) کردن بە نوێنەر؛ بوون بە نوێنەر (٢) پێ سپاردن (٣) دەسەلأتی پێ سپێردراو (٤) نوێنەر؛ نوێنەران.

delete (di-lēt'), *v.t.* سڕینەوە (ووشە، بەند)؛ لابردن

deleterious (del'ə-tēr'i-əs), *adj.* زیانبەخش (بۆ ئاسوودەیی یا تەندروستی)

deletion (di-lē'shən), *n.* (١) سڕینەوە (ووشە، بەند)؛ لابردن (٢) ووشە یا بەندێکی سڕاوە

deliberate (di-lib'ər-it), *adj.* (١) دەسەنقەست *(a ~ act)* . (٢) ووردو لەسەرخۆ *(a ~ judge)* (٣) هێواش؛ لەسەرخۆ؛ چاک *(Take ~ aim.)*

v.i. (١) تێبینین بە ووردی و تەواوی؛ لێ وردبوونەوە (٢) لێکۆینەوە بە ووردی بۆ بڕیاردان *(a jury ~s.)* .

v.t. لێکۆڵینەوە

deliberately (di-lib'ər-it·li), *adv.* (١) بە دەسەنقەست. (٢) بە ووردی (٣) لەسەرخۆ

deliberation (di-lib'ər-ā'shən), *n.* (١) لێکۆڵینەوە بە ووردی (٢) *(pl.)* لێدووان؛ لێکۆڵینەوە؛ لێکدانەوە؛ لێ وردبوونەوە (٣) ووردی؛ لەسەرخۆیی

delicacy (del'i-kə-si), *n.* (١) ناسکی؛ ناسکو نازداری *(the ~ of a child's face)* (٢) بێ هێزی؛ ناسکی *(the invalid's ~)* . (٣) ناسک: *(negotiations of great ~)* (٤) هەستی خەڵک ڕاگرتن (٥) خواردنێکی خۆش و نایاب *(Caviar is a ~ .)* .

delicate (del'i-kit), *adj.* (١) ناسک؛ نەرم: *(a ~ skin)* . (٢) خۆش (خواردەمەنی)؛ بەتام. (٣) سووک و ناسک و خۆش: *(~ air)* (٤) ناسک؛ زوو زیانی پێ دەگات: *(a ~ child; a ~ stomach)* . (٥) ناسک (بارودۆخ): *(a ~ situation)* . (٦) کارامە؛ لێهاتوو (کاری دەستی): *(She has a ~ touch.)* (٧) سەلار؛ ڕەوڕشت جوان. (٨) بە تەنگ هەستی خەڵکەوە هاتوو؛ ناسک. **-delicately** *(adv.)*; **delicateness** *(n.)*.

delicatessen (del'i-kə-tes'n), *n.pl.* (١) خواردنی ئامادەکراوی وەک گۆشتی کوڵاو، ماسی، باستورمە، پەنیر، زەڵاتە یا ساندویچ. (٢) فرۆشگای ئەم جۆرە خواردنانە

delicious (di-lish'əs), *adj.* خۆش (خواردەمەنی)؛ بەتام؛ بەلەزەت.

delict (di-likt'), *n.* تاوان.

delight (di-līt'), *v.t.* دڵخۆش کردن؛ دڵشاد کردن.

v.i. (١) دڵخۆش کردن؛ دڵشاد کردن؛ خۆشی پێدان (٢) (~ in)، دڵخۆش بوون؛ دڵشاد بوون؛ خۆشی لێ بینین: *(He ~s in teasing his small sister.)*

n. (١) خۆشی؛ شادی؛ بەختەوەری. (٢) دڵخۆشکەر؛ دڵشادکەر؛ شادکەر.

delighted (di-līt'id), *adj.* خۆشحاڵ؛ شادمان؛ کامەران: *(I am ~ to see you.)*

delightful (di-līt'fəl), *adj.* خۆش؛ دڵخۆشکەر؛ شادکەر: *(a ~ evening; a ~ person)*

delimit (di-lim'it), *v.t.* سنوور بۆ دانان؛ سنوور دیاری کردن. **-delimitation** *(n.)*.

delineate (di-lin'i-āt'), *v.t.* (١) نەخشەدانان. (٢) ڕوونکردنەوە. **-delineation** *(n.)*.

delinquency (di-liŋ'kwən-si), *n.* (١) کەمتەرخەمی؛ فەرامۆشی؛ دواکەوتن لە قەرزدانەوەدا. (٢) (أ) تاوان؛ لاساری. (ب) تاوانی منداڵان؛ لاساری: *(juvenile ~)*

delinquent (di-liŋ'kwənt), *adj.* (١) کەمتەرخەم؛ فەرامۆش. (٢) تاوانبار (بەتایبەتی منداڵ). (٣) کاتی دانەوەی بەسەرچووە (باج، قەرز)؛ نەدراو (باج، قەرز): *(~ taxes; a ~ debt)* .

n. (١) کەسێکی کەمتەرخەم؛ فەرامۆشکەر. (٢) کەسێکی تاوانبار (بەتایبەتی منداڵ)؛ لاسار: *(He is a ~ .)* .

deliquesce (del'ə-kwes'), *v.i.* یەق کردنەوە؛ بوون بە ئاو.

delirious (di-lir'i-əs), *adj.* (١) ووڕێنەکەر (کاتی لەرزوتا)؛ قسە بزڕکێنەر؛ قسە بزڕکاو. (٢) تایبەتی بە ووڕێنەکردن. (٣) لە خۆشیدا نازانێت چی بکات؛ لە خۆشیدا خەریکە شێت دەبێت: *(He is ~ with joy.)*

delirium (di-lir'i-əm), *n.* (١) ووڕێنە (بەهۆی لەرزوتاوە)؛ قسە بزڕکان. (٢) جۆشی لە ڕادە بەدەر؛ خۆشیەکی زۆر. (٣) ووتەیەک یا ووتارێکی تێکەڵاوبێنکەڵاوی شێتانە.

delirium tremens, ووڕێنەیەکە کە لەرزین و ئارەق کردنی لەگەڵە لە ئەنجامی سەرخۆشیدا.

deliver (di-liv'ər), *v.t.* (١) ڕزگارکردن: *(to ~ from slavery)* . (٢) یارمەتیدان بۆ منداڵبوون: *(The doctor ~ed the child.)* (٣) ووتاردان؛ ووتن: *(He ~ed a speech.)* (٤) (~ to)، پێدان؛ گەیاندنە دەست: *(I ~ed the money to him.)* (٥) پێ گەیاندن؛ گەیاندن: *(The mailman ~s the mail.)* . (٦) دان؛ بەرهەم هێنان؛ بەرهەم دان. (٧) لێدان؛ پێیادان: *(to ~ a blow)* . (٨) [Colloq.]، دەنگ بۆ سەدن یا وەرگرتن (هەڵبژاردن): *(to ~ votes)*

deliverance (di-liv'ər-əns), *n.* (١) ڕزگارکردن؛ ڕزگاربوون. (٢) ڕزگاری. (٣) ڕایەک یا بڕیارێکی بڵاوکراوە.

delivery (di-liv'ər-i), *n.* (١) بەدەستەوەدان.

(۲) گەیاندن (کەل‌وپەل، کەرەسە، خواردەمەنی، پۆستە)؛ دانەدەست.
(There are two ~ies a day.)

(۳) نەو شتەی دەگەیەنرێت. (٤) منداڵبوون: *(a smooth ~)*.

(٥) ووتاردان؛ وتن.

(٦) شێوەی ووتاردان یا دووان: *(an actor's poor ~)*.

(۷) لێدان؛ پیاکێشان (۸) فڕێدان (۹) ڕزگارکردن؛ ڕزگاربوون؛ ڕزگاری.

(۱۰) گۆڕینی خاوەنێتی قەوارە یا شتومەک.

dell (del), *n.* دۆڵێکی بچووکی تەریکی دارستاناوی.

delouse (dē-lous′, dē-louz′), *v.t.* پاکردنەوە لە نەسپێ؛ نەسپێ دوور کردن؛ دوزین.

Delphian (del′fi-ən), *adj. Also* **Delphic,** (۱) تایبەتی بە " دێلفای " پەرستگای خوای نەفسانەیی یۆنان (۲) لێڵ؛ نەبیتراو.

delphinium (del-fin′i-əm), *n.* جۆرە گوڵێکە

delta (del′tə), *n.* (۱) تیپی چوارەمی ئەلف‌وبێی یۆنانی. (۲) دەلتا.

delude (di-lōōd′, di-lūd′), *v.t.* بەهەڵەدابردن؛ هەڵخەڵەتاندن *(Don't ~ yourself.)*

deluge (del′ūj), *n.* (۱) لافاو (۲) باران بارینێکی زۆر؛ لێزمە باران. *(a ~ of visitors)*: (۳) ژمارەیەکی زۆر.

v.t. (۱) کردن بە ژێر لافاوەوە؛ کردن بە لافاو

(۲) کردن بە ژێرەوە (بە شتی باش یا خراپ)؛ هەناسە لێ بڕین (مەجاز).

the Deluge, لافاوەکەی نووح (قورئان، ئینجیل)

delusion (di-lōō′zhən, di-lū′zhən), *n.* (۱) بەهەڵەدابردن (۲) هەڵخەڵەتان (۳) بڕوایەکی هەڵە؛ هەڵە (٤) خەیاڵی خاو.

-delusive *(adj.)*.

deluxe (di-looks′, di-luks′), *n.* جوان‌و نایاب

delve (delv), *v.i.* (۱) [Archaic] . هەڵکەندنی زەوی (بە بێل‌و خاکەنان) *(to ~ into the past; to ~ into books)* (۲) لێکۆڵینەوە؛ چوونە ناو.

v.t. [Archaic], هەڵکەندنی زەوی.

demagnetize (dē-mag′nə-tīz′), *v.t.* بارگەی موگناتیسی لابردن

demagogue (dem′ə-gôg′, dem′ə-gog′), *n.* دێماگۆگ: کەسێکی دێماگۆگی: کەسێکە کە هەستی جەماوەر دەجوڵێنێت‌و هانیان دەدات بە مەبەستی دەسکەوتنی نامانجەکانی خۆی.

-demagogic *(adj.)*; **demagogism** *(n.)*.

demagoguery (dem′ə-gôg ĕr-i, dem′ə-gog ĕr-i), *n.* کردەوەو تاکتیک‌و ڕێبازی دێماگۆگ (وەشەی پێشوو ببینە).

demand (di-mand′, di-mänd′), *v.t.* (۱) داواکردن (بە تووندی)؛ وێستن *(We ~ our rights.)*

(۲) پێویست بوون: *(The work ~s patience.)*.

v.i. داواکردن

n. (۱) داواکردن ۲) داوا؛ داواکاری؛ داخوازی؛ خواست.

(۳) شتێکی داواکراو (٤) پێویستی

(٥) (ب) وێستنی شتومەکی ناوبازاڕ (نابووری)

(ب) نەوەندە شتومەک کە خەڵک دەیەوێ بیکڕێت بە نرخێکی تایبەتی لە کاتێکی تایبەتیدا. *(supply and ~)*

in demand, لەبڕەودایە؛ بەبڕەو؛ بازاڕی گەرمە.

on demand, لەکاتی داواکردندا؛ دەدرێت لەکاتی داواکردندا

(This check is payable on demand.)

demarcate (di-mär′kāt′, dē′mär-kāt), *v.t.* (۱) سنووردانان؛ سنوور دیاری کردن. (۲) جیاکردنەوە؛ جیاوازی کردن.

-demarcation *(n.)*.

demean (di-mēn′), *v.t.* سووک کردن. مرۆڤ شتی پێوێن: لە پلەوپایە کەمکردنەوە؛ شکاندن.

(He ~ed himself by taking the bribe.)

-demeaning *(adj.)*.

demean (di-mēn′), *v.t.* ڕەفتارکردن؛ هەڵسان‌و دانیشتن.

demeanor, demeanour (di-mēn′ĕr), *n.* ڕەفتاری لەبەرچاو؛ ڕەوشتی بەدەرەوە؛ هەڵسان‌و دانیشتن: *(a quiet ~)*.

dement (di-ment′), *v.t.* مێشک تێکدان؛ شێت کردن.

demented (di-ment′id), *adj.* مێشک تێکچوو؛ نەخۆش (مێشک)؛ شێت.

dementia (di-men′shə, di-men′shi-ə), *n.* مێشک تێکچوون؛ نەخۆشی مێشک؛ شێتی

demerit (dē-mer′it), *n.* (۱) ناتەواوی؛ کەم‌وکووڕی؛ خراپی. (۲) نمرەی لێ شکاوی قوتابی (بەهۆی تەمەڵی یا بێ حەیایی).

demi- (dem′i), پێشگرێکە بەمانای: نیو؛ نیمچە؛ وەک؛ کەمتر لە.

demigod (dem′i-god′), *n.* نیمچە خودا؛ خودای بچووک.

demilitarize (dē-mil′ə-tə-rīz′), *v.t.* سوپا کشانەوە؛ بێ سوپا کردن؛ لەژێر دەستی سوپا هێنانە دەرەوە.

-demilitarization *(n.)*.

demilitarized zone, ناوچەی سوپا لێ کێشراوە؛ ناوچەی بێ سوپا.

demise (di-mīz′), *n.* (۱) گۆڕینی خاوەنێتی زەوی‌وزار بە وەسیەت یا بە کرێ. (۲) گۆڕینی پاشا بە مردن یا وازهێنان لە تەختی پاشایی. (۳) مردن. (٤) نەمان؛ دوایی هاتن؛ کۆبوون.

v.t. (۱) زەوی‌وزار پێدان بە وەسیەت یا بە کرێ

(۲) کردن بە پاشا لە ئەنجامی مردن یا وازهێنانی پاشا.

v.i. بۆ مانەوە (میرات).

demitasse (dem′i-tas′, dem′i-täs′), *n.* فنجانی قاوە؛ کوپێی بچووک.

demobilize (dē-mō′b'l-īz′), *v.t. & v.i.* لەشکر بڵاوەپێکردن؛ بەرەڵاکردنی هێزی چەکدار

-demobilization *(n.)*.

democracy (də-mok′rə-si), *n.* (۱) دیموکراسی؛ دیموکراتیەت؛ فەرمانڕەوایی گەل. (۲) فەرمانڕەوایی زۆربەی گەل (پەرلەمان، حیزب... هتد. *(England is a ~ .)*

(۳) وڵاتێکی دیموکراسی: *(England is a ~)*.

(٤) یەکسانی؛ بە یەک چاو سەیرکردنی هەموو.

(٥) جەماوەر؛ بۆرە پیاوان.

democrat (dem′ə-krat′), *n.* (۱) کەسێکی دیموکراتی؛ دیموکراسیخواز. (۲) یەکسانی پەرست؛ یەکسانیخواز.

(۳) [D-]، ئەندامی حیزبی دیموکراتی ئەمەریکی.

democratic (dem′ə-krat′ik), *adj.* (۱) دیموکراتی؛ تایبەتی بە دیموکراسی؛ لەسەر دیموکراسی ڕۆیشتوو: *(~ rule; a ~ country)*.

(۲) بۆ هەموکەس؛ بۆ جەماوەر: *(~ entertainment)*.

(۳) یەکسانیخواز؛ خاکی؛ بێ فیز: *(a ~ person)*.

(٤) [D-]، تایبەتی بە حیزبی دیموکراتی ئەمەریکی.

-democratically *(adv.)*.

democratize (də-mok′rə-tīz′), *v.t. & v.i.* کردن بە دیموکراتی؛ بوون بە دیموکراتی.

-democratization *(n.)*.

demography (di-mog′rə-fi), *n.* دیمۆگرافیا: زانستی سەرژمێری دانیشتووان لەڕووی زۆربوون، مردن، ژنهێنان‌و شووکردن، دابەشبوونیان بەسەر ناوچەیەکدا.

-demographer *(n.)*; **demographic** *(adj.)*.

demoiselle (dem′wä-zel′), *n.* (۱) کچ. (۲) قولنگ (باڵندە). (۳) پەپوولە قنگ باریکە

demolish (di-mol′ish), *v.t.* (۱) ڕووخاندن (خانوو). (۲) وێران کردن؛ تێک‌وپێکدان؛ فەرتاندن.

-demolishment *(n.)*.

demolition (dem′ə-lish′ən, dē′mə-lish′ən), *n.* ڕووخاندن (خانوو)؛ وێران کردن؛ تێک‌وپێکدان.

demon (dē′mən), *n.* (۱) جنۆکە؛ شەیتان؛ دێوودرنج.

(۲) گیانی پاریزەر؛ فریشتەی پاریزەر.
(۳) کەسێکی بەدخواز و دڵڕەق وەک شەیتان؛ پیاوخراپ.
(٤) کەسێکی کارامەو بزان و شارەزا: ***(a ~ at golf)*** .

demoniac (di-mō′ni-ak´), ***adj.*** (۱) تایبەتی بە شەیتان یا جنۆکە.
(۲) شەیتان سواری سەری بووە. (۳) شەیتانی؛ شەیتانانە.

n. کەسێک کە شەیتان سواری سەری بووبێت.

demonic (dē-mon′ik), ***adj.*** (۱) تایبەتی بە شەیتان یا جنۆکە؛ شەیتانی. (۲) شەیتان پاڵی پێوە دەنێت؛ فریشتەیەک سرووشی بۆ دەهێنێت.

demonism (dē′mən-iz′m), ***n.*** بڕواکردن بە شەیتان و جنۆکەو دێوودرنج.

demonology (dē´mən-ol′ə-ji), ***n.*** (۱) لێکۆڵینەوەی شەیتان و جنۆکەو دێوودرنج و بڕواکردن بەم جۆرە شتانە.
(۲) ووتارێکی نووسراو دەربارەی ئەم جۆرە شتانە

demonstrable (di-mon′strə-b'l, dem′ən-strə-b'l), ***adj.*** دەتوانرێ پێشان بدرێت یا بەڵگەی بۆ بهێنرێتەوە و بسەلمێنرێت.

-demonstrability ***(n.)***; **demonstrableness** ***(n.)***; **demonstrably** ***(adv.)***.

demonstrant (di-mon′strənt), ***n.*** بەشداریکەری خۆپیشاندانێکی گشتی.

demonstrate (dem′ən-strāt´), ***v.t.*** (۱) سەلماندن؛ بەڵگە بۆ- هێنانەوە. (۲) پیشاندان؛ ڕوونکردنەوە؛ دەرخستن؛ خستنە پێش چاو.
(۳) هەست دەربڕین.

v.i. (۱) خۆپیشاندان (خۆپیشاندانێکی گشتی)؛ هەستی خۆ دەربڕین بە ناشکرا لە خۆنواندنێکی گشتیدا. (۲) پیشاندانی هێزی سوپایی.

demonstration (dem´ən-strā′shən), ***n.*** (۱) بەڵگە بۆ هێنانەوە؛ سەلماندن. (۲) پیشاندان؛ ڕوونکردنەوە؛ خستنە بەر چاو.
(۳) دەرخستن؛ پیشاندان: ***(a ~ of grief)*** .
(٤) خۆپیشاندانی گشتی؛ خۆنواندنی گشتی.
(٥) پیشاندانی هێزی سوپایی. (٦) سەلماندن (بیرکاری).

demonstrative (di-mon′strə-tiv), ***adj.*** (۱) دەرخەر؛ پیشاندەر؛ ڕوونکەرەوە. (۲) (~ of)، نیشانەی ئەوەیە؛ ئەوە دەسەلمێنێت؛ مانای ئەوەیە.
(۳) بنچینەکەی لەسەر پیشاندان و سەلماندن دامەزراوە: ***(a ~ science)*** .
(٤) هەست پێشاندەر: ***(a ~ child)*** .
(٥) پیشاندەر (ڕێزمان): ***("That" is a ~ pronoun.)*** .

n. ڕاناو یا ناوەڵناوی پیشاندەر (ڕێزمان).

demonstrative pronoun, ڕاناوی پیشاندەر.
(this, that, these, those " وەک

demonstrator (dem′ən-strā´tēr), ***n.*** (۱) پیشاندەر
(۲) مامۆستای پیشاندەر لە تاقیگەدا.
(۳) فەرمانبەری کۆمپانیایەک کە نامێرێک یا شتێکی تازە پیشانی جەماوەر دەدات بۆ هاندانیان بۆ کڕینی.
(٤) بەشداربووی خۆپیشاندانێکی گشتی؛ خۆپیشاندەر.

demoralize (di-môr′ə-līz´, di-mor′ə-līz´), ***v.t.*** (۱) ووژە- پێ بەردان؛ ووژە شکاندن؛ بێ ووژە کردن (۲) ڕەووشت خراپ کردن.
(۳) پشێوی خستنەوە؛ شێواندن؛ سەر لێ شێواندن.

-demoralization ***(n.)***.

demos (dē′mos), ***n.*** گەل؛ جەماوەر؛ میللەت.

demote (di-mōt′), ***v.t.*** پلە کەمکردنەوە؛ پلە کەمکردنەوە (نەفسەر، کاربەدەست... هتد).

-demotion ***(n.)***.

demount (dē-mount′), ***v.t.*** داگرتن (مەکینە)؛ هێنانە خوارەوە: ***(to ~ a motor)***

demur (di-mūr′), ***v.i.*** (~ at) (~ to), (۱) ڕارایی کردن؛ دوودڵی کردن (۲) پەڵپ گرتن (دادگا).

demure (di-myoor′), ***adj.*** (۱) شەرم؛ سەلار؛ سەنگین؛ بە ناڕوو: ***(a ~ young lady)***

(۲) خۆ بە شەرمن نوواندن؛ بە درۆ شەرمن.

demurrage (di-mūr′ij), ***n.*** (۱) کەمتەرخەمی لە بارکردن یا بارداگرتنی پاپۆڕ یا لۆری لە بەندەردا لە ماوەی دیاریکراودا.
(۲) پێ بژاردنی ئەم کەمتەرخەمیەیە (کە گومرگ دەیسەنێت).

demurrer (di-mūr′ēr), ***n.*** پەڵپ (دادگا).

den (den), ***n.*** (۱) (ا) لانە (شێر، پڵنگ... هتد)؛ بێشەڵان (گیانداری کێوی).
(ب) مەڵبەند؛ لانە. (۲) قەفەز یا لانەی گیاندارێکی کێوی لە باخچەی گیاندارانداو.
(۳) پەناگا؛ ئەشکەوت؛ جێی خۆشاردنەوە.
(٤) پەناگای دزو جەردە یا کەسانی بێ لانە. (٥) ژوورێکی چەپەڵ.
(٦) ژوورێکی بچکۆلەی خۆش لە ماڵێکدا کە تەرخان کراوە بۆ خوێندنەوەو بێ دەنگی و کارکردن؛ خەڵوەت؛ خەڵوەتگا؛ خەڵوەت.

v.i. لە لانەدا ژیان؛ خۆشاردنەوە لە پەناگادا

denationalize (dē-nash′ə-n'l-īz´), ***v.t.*** (۱) سەندنەوەو لێ- وەرگرتنەوەی ماف و نیشانەو تایبەتخۆی نەتەوایەتی (گەل، مرۆڤ).
(۲) گەڕاندنەوەی دەزگای پیشەسازی و بازرگانی و ئابووری و کشتوکاڵی میللی کراو بۆ خاوەنەکانی

denaturalize (dē-nach′ēr-əl-īz´), ***v.t.*** (۱) ناسرووشتی کردن؛ لێ دەرهێنانی نیشانەو تایبەخۆی سرووشتی شتێک.
(۲) لێ سەندنەوەی مافی هاوولاتێتی.

denial (di-nī′əl), ***n.*** (۱) پەسەندنەکردن (خواست).
(۲) بەرپەرچدانەوە؛ بەدرۆخستنەوە:
(the ~ of a statement or an accusation)
(۳) حاشالێکردن: ***(the ~ of one's family)***
(٤) بڕوا پێ نەکردن (ئاین).
(٥) نەدان؛ پێ نەدان (خواست).
(٦) خۆشی لە خۆ قەدەغەکردن؛ ڕێی خۆشی لە خۆ گرتن: ***(self- ~)***

denier (də-nēr′), ***n.*** حاشاکەر؛ بەرپەرچدەرەوە؛ بێ بڕوا.

denigrate (den′ə-grāt´), ***v.t.*** (۱) ڕەش کردن.
(۲) ناو پیس کردن؛ لەکەدارکردن؛ ناو شکاندن یا خراپ کردن؛ سووک کردن.

-denigration ***(n.)***; **denigrator** ***(n.)***.

denim (den′im), ***n.*** (۱) جۆرە قوماشێکی لۆکەی نەستوورە.
(۲) ***(pl.)***، جل و بەرگی ئەم قوماشە.

denizen (den′i-z'n), ***n.*** (۱) نیشتەجێ؛ دانیشتوو (ماڵ، ناوچە)
(۲) [British]، بێگانەیەک کە هەندێک مافی تایبەتی هاوولاتی درابێتێ.
(۳) (ا) گیاندارێک یا ڕووەکێک کە بووبێت بە نیشتەجێی شوێنێکی تازە
(ب) ووشەی بێگانە؛ ووشەی خواستراو.

denominate (di-nom′ə-nāt´), ***v.t.*** ناولێنان؛ ناونان؛ دیاری کردن

denominate number, ژمارەی دیاریکەر؛ ژمارەی ناولێنەر.
(وەک ژمارە ۱۲ لەم ووتەیەدا: **12 pounds**) .

denomination (di-nom´ə-nā′shən), ***n.*** (۱) ناولێنان؛ ناونان.
(۲) ناو. (۳) ناوی بابەتێک شت.
(٤) بابەت یا چەشنی پارە: ***(five-dollar ~s)*** .
(٥) چەشن (ئاین)؛ تاقم، یا ڕێبازێکی ئایینی: ***(a Protestant ~)***

denominationalism (di-nom´ə-nā′shən-'l-iz'm), ***n.*** (۱) بیروباوەڕی دووبەرەکێتی ئایینی. (۲) دابەشبوونی ئایینێک یا بڕواپێکەرانی ئایینێک بە چەند بەشێکەوە؛ دووبەرەکێتی ئایینی. (۳) بانگدان بۆ دووبەرەکێتی یا بەشکردنی ئایینی.

denominative (di-nom′ə-nā´tiv, di-nom′ə-nə-tiv), ***adj.*** (۱) ناولێنەر. (۲) تایبەتی بە کردارێکی لە ناو یا ناوەڵناو دارێژراو (ڕێزمان):
("to eye" is a ~ verb.)

n. کردارێکی لە ناو یا ناوەڵناو دارێژراو (ڕێزمان).

denominator (di-nom′ə-nā´tēr), ***n.*** (۱) ناولێنەر.
(۲) ژێرە (بیرکاری).

denotation (dē´nō-tā′shən), ***n.*** (۱) نیشانەکردن؛ واگەیاندن؛

نیشانەی شتێك بوون. (۲) نیشانە. (۳) مانای ڕاستەوڕاستی ووشەیەك.

denote (di-nōt′), *v.t.* (۱) نیشانەکردن. (۲) واگەیاندن (ووشە، ووتە، نیشانە)؛ نیشانەی شتێك بوون؛ واتە وابوون.

denouement (dā-nōō′män), *n.* (۱) کۆتایی چیرۆکێك (۲) ئەو پەردەیەی شانۆگەرییەك کە تێیدا هەموو شتێك ڕوون دەبێتەوە (۳) بەدەستەوە.

denounce (di-nouns′), *v.t.* (۱) ئاشکراکردن؛ سەرزەنشت کردن؛ پەنجەی تاوان بۆ ڕاکێشان؛ ناڕەزایی دەربڕین دەربارە. (۲) ڕاپۆرت لێدان؛ خەبەرلێدان. (۳) ڕاگەیاندن بە نیازی دوایی پێ هێنانی پەیمانێك (نێوەڵاتان).

-denouncement *(n.).*

dense (dens), *adj.* (۱) پڕ؛ پەستراو؛ خەست؛ تووند. (۲) چڕ؛ نەستوور. (۳) بێ مێشك؛ کەڕ؛ کەودەن؛ حەپۆل. (٤) تاریك؛ جامی وێنە.

density (den′sə-ti), *n.* (۱) پڕی؛ چڕی؛ نەستووری؛ خەستی؛ تووندی. (۲) چڕی (زانیشتوان). *(the ~ of population)*.

(۳) بێ مێشکی؛ کەڕی؛ حەپۆلی؛ کەودەنی. (٤) چڕی تەزووی کارەبا

dent (dent), *n.* قوپاوی

v.t. قوپاندن

v.i. قوپان

dental (den′tᵊl), *adj.* پەیوەندی بە ددان؛ هی ددان

dental floss, دەزووی پاکردنەوەی ددان

dented (den′tid), *adj.* قوپاو

denti- (den′ti, den′tə), پێشگرێکە بەمانای: هی ددان؛ تایبەتی بە ددان

dentist (den′tist), *n.* پزیشکی ددان؛ دانساز

dentistry (den′tis-tri), *n.* زانستی پزیشکەوانی ددان؛ دانسازی

dentition (den-tish′ən), *n.* ددان دەرهێنان

denture (den′chēr), *n.* تاقمە ددانی دەستکرد

denudate (den′yoo-dāt′, di-nu′dat), *v.t.* ڕووتکردن (زەوی)؛ داخۆڕان؛ داماڵین؛ ڕامااڵین

adj. ڕووت

denude (di-nōōd′, di-nüd′), *v.t.* (۱) ڕووتکردنەوە (جل‌وبەرگ). (۲) ڕووتکردن (زەوی‌وزار). *(The land was ~d of vegetation.)*.

(۳) داخوڕان (زەمینناسی)؛ داخوڕان؛ ڕامااڵین؛ داماڵین.

-denudation *(n.).*

denunciate (di-nun′si-āt′, di-nun′shi-at′), *v.t.* = denounce.

denunciation (di-nun′si-ā′shən, di-nun′shi-ā′shən), *n.* (۱) ئاشکراکردن؛ پەنجەی تاوان بۆ ڕاکێشان؛ سەرزەنشت کردن؛ ناڕەزایی یا بیزاری دەربڕین دەربارەی شتێك. (۲) ڕاپۆرت لێدان؛ خەبەرلێدان. (۳) ڕاگەیاندنی دوایی پێ هێنانی پەیمانێك.

-denunciator *(n.).*

deny (di-nī′), *v.t.* (۱) بەڕەچدانەوە؛ بەدرۆخستنەوە (۲) حاشالێکردن. (۳) ڕێ پێ نەدان؛ ڵێ قەدەغەکردن؛ نەهێشتن. (٤) پەسەندنەکردن (خواست)؛ پێ نەدان؛ نابەدڵی کردن؛ بێ بەش کردن.

deny oneself, لە خۆ قەدەغەکردن (جووت بوون، خۆشی)؛ ڕێی خۆشی لە خۆ گرتن.

deny oneself to, کەس نەبینێ؛ خۆکشانەوە ڕێگەنەدان بە کەس بۆ بینینی

deodorant (dē-ō′dēr-ənt), *adj.* بۆنبڕ؛ بۆنی ناخۆش بە.

n. بۆنبڕ؛ دەرمانی بۆنی ناخۆش بە.

deodorize (dē-ō′dēr-īz′), *v.t.* بۆنی ناخۆش ڵێ لابردن؛ بۆنی ناخۆش بڕین.

depart (di-pärt′), *v.i.* (۱) ڕۆیشتن؛ بەجێهێشتن. (۲) کەوتنەڕێ؛ دەستپێکردن (گەشت، کاروان). (۳) مردن؛ سەرنانەوە؛ کۆچ کردن. (٤) (~ from)، لادان (ڕێبان، نەریت). *(to ~ from old customs)*.

v.t. [Archaic]. بەجێهێشتن؛ کۆچ کردن *(~ this life)*.

departed (di-pär′tid), *adj.* (۱) ڕابوردوو. (۲) مردوو؛ کۆچ کردوو؛ خوالێخۆشبوو.

the departed, (۱) مردووەکە؛ خوالێخۆشبوو (۲) مردووان؛ مردووەکان.

department (di-pärt′mənt), *n.* (۱) بەڕێوەبەرایەتی؛ بەش؛ فەرمانگە؛ دەزگا. *(the police ~ ; all governmental ~s)*.

(۲) لق (زانیاری)؛ بەش (زانکۆ، کۆلێج). *(the ~ of physics; the physics ~ ; the history ~)*

(۳) پیشە؛ پسپۆڕی. *(Writing is his ~ .)*.

(٤) وەزارەت (تەنها لە ئەمەریکادا). *(the Education D~ ; the Agriculture D~)*

(۵) بەڕێوەبەرایەتی ناوچە لە فەرمنسا.

departmental (di-pärt′men′tᵊl, dē′pärt-men′tᵊl), *adj.* (۱) تایبەتی بە بەش، لق، دەزگا، بەڕێوەبەرایەتی، یا فەرمانگە. (۲) بەش بەش کراو

departmentalize (di-pärt′men′tᵊl-īz′, dē′pärt-men′tᵊl-īz′), *v.t.* بەش بەش کردن؛ خانە خانە کردن

-departmentalization *(n.).*

department store, فرۆشگای گەورەی کەلوپەلو وورده بابەتی بەش بەش.

departure (di-pär′chēr), *n.* (۱) ڕۆیشتن؛ بەجێهێشتن. (۲) کەوتنەڕێ؛ دەستپێکردن (گەشت، کار). (۳) [Archaic]. مردن؛ کۆچ؛ کۆچ کردن. (٤) لادان (ڕێبان، نەریت، خوو)

depend (di-pend′), *v.i.* (۱) (~ upon; ~ on)، کەوتنەسەر؛ بەندبوون لەسەر؛ بەستران بە. *(Health ~s on good food and exercise.; His success ~s upon his own efforts.)*

(ب) لەسەر بەندبوون یا کەوتنەسەر (مەرجی نەزانراو یا دیاری نەکراو). *(It ~s. ; That ~s.)*

(ج) پاشکۆبوون؛ لەسەر بەندبوون بۆ ماوا بەخشین (ڕێزمان).

(۲) (~ upon; ~ on)، پشت پێ بەستن (یارمەتی)؛ بەتەمابوون *(She ~s on her parents.; He ~s on his pen for a living.)*

(۳) (~ from)، شۆڕبوونەوە.

(٤) نەنجام دیارنەبوون.

dependability (di-pen′də-bil′ə-ti), *n.* پشت پێ بەستران؛ سەرڕاستی

dependable (di-pen′də-bᵊl), *adj.* پشتی پێ دەبەسترێت؛ پشت پێ بەستراو؛ سەرڕاست

dependence (di-pen′dəns), *n.* (۱) بەندبوون لەسەر؛ کەوتنەسەر (۲) پاشکۆیەتی؛ ژێردەستی. (۳) پشت پێ بەستن (بۆ یارمەتی). *(You should end your ~ on others for help.)*

(٤) بڕوا پێ بوون؛ پشت پێ بەستن؛ بەتەمابوون. (۵) [Rare]، کەسێك یا شتێکی پشت پێ بەستراو. (٦) [Archaic]، شتێکی شۆڕبووەوە یا هەڵواسراو.

dependency (di-pen′dən-si), *n.* (۱) کەوتنەسەر؛ بەندبوون لەسەر *(our ~ on others)*. (۲) پشت پێ بەستن؛ ژێردەستی. (۳) شتێکی پاشکۆ. (٤) وڵات یا ناوچەیەکی ژێردەستە

dependent (di-pen′dənt), *adj.* (۱) شۆربووەوە؛ هەلواسراو. (۲) ~ on: بەندە لەسەر؛ کەوتووەتە سەر؛ بەستراوە بە. (۳) ~ on: پشت پێ بەستن. (٤) پاشکۆ.

n. کەسێک کە پشت بە کەسێکی تر دەبەستێ بۆ دەرامەت؛ خواردەمەنی؛ پاشکۆ.

dependent clause, نیمچە ڕستەی پاشکۆ (ڕێزمان).

depict (di-pikt′), *v.t.* (۱) پیشاندان (لەڕێی نیگارکێشان، پەیکەر، یا هونەری تردوە)؛ دەرخستن. (۲) نیشانەهەڵدان؛ پیشاندان (لەڕێی نووسینەوە).

depiction (di-pik′shən), *n.* (۱) پیشاندان؛ دەرخستن. (۲) وێنە یا پەیکەرێک کە شتێک پوون بکاتەوە. (۳) نیشانەهەڵدان.

deplete (di-plēt′), *v.t.* (۱) بەتاڵ کردنەوە؛ هیچ تێدا نەهێشتن؛ گسک لێدان؛ برانەوە. (۲) خوێن لێ دەرهێنان (پزیشکەوانی).

depletion (di-plē′shən), *n.* (۱) بەتاڵ بوونەوە؛ هیچ تێدا نەمان. (۲) بێ ووزەیی بەهۆی خوێن لێهاتنێکی زۆرەوە.

deplorable (di-plôr′ə-b'l, di-plō′rə-b'l), *adj.* (۱) ناخۆش؛ جێی داخە (۲) شایستەی سەرزەنشت کردنە؛ ناپەسەندە؛ زۆر خراپ.

deplore (di-plôr′, di-plōr′), *v.t.* (۱) بێ ناخۆش بوون؛ داخ بێ- خواردن. (۲) ناڕەزایی دەربڕین؛ بێزاری نیشاندان؛ بە توندی ناپەسەند کردن.

deploy (di-ploi′), *v.t. & v.i.* بڵاوکردنەوەی سوپا (بۆ جەنگ).

deployment (di-ploi′mənt), *n.* بڵاوکردنەوەی سوپا (بۆ جەنگ)؛ دابەشبوونی سوپا.

depopulate (dē-pop′yoo-lāt′), *v.t.* قڕخستنە شوێنێک (بە جەنگ، نەخۆشی، لێقەومان،... هتد)؛ کەس تێدا نەهێشتنەوە؛ کەمکردنەوەی- دانیشتوان

-depopulation *(n.)*.

deport (di-pôrt′, di-pōrt′), *v.t.* (۱) بەزۆر دەرکردن لە وڵات (بەتایبەتی بێگانەیەکی ناپەسەند)؛ لە وڵات دوورخستنەوە. (۲) ڕەفتارکردن؛ ڕەفتارنوواندن.

deportation (dē′pôr-tā′shən, dē′pōr-tā′shən), *n.* دەرکردن یا دوورخستنەوەی بێگانەیەکی ناپەسەند لە وڵات.

deportee (dē′pôr-tē′, dē′pōr-tē′), *n.* دوورخراوە؛ بێگانەیەکی ناپەسەندی لە وڵات دەرکراو.

deportment (di-pôrt′mənt, di-pōrt′mənt), *n.* ڕەفتارنوواندن؛ جۆرێتی ڕەفتارکردن؛ هەڵسان‌و دانیشتن؛ ڕەفتار.

depose (di-pōz′), *v.t.* (۱) لابردن (پاشا، سەرۆک وەزیران، سەرکۆمار)؛ لەکارخستن (۲) گەواهیدان (لەسەر سوێند لە دادگادا)؛ شایەتیدان.

v.i. گەواهیدان (لەسەر سوێند لە دادگادا)؛ شایەتیدان.

deposit (di-poz′it), *v.t.* (۱) سپاردن؛ پێ سپاردن. (۲) دانان (پارە لە بانقدا)؛ پارە خستنە بانقەوە. (۳) بارمتەدانان؛ پێشەکی دان: *(They ~ed $500 on a new house.)* . (٤) دانان. (٥) خڵتەدانان یا کۆبوونەوە؛ نیشتن (خڵتە).

n. (۱) سپاردە؛ پێ سپاردە. (۲) سپاردن؛ پێ سپاردن. (۳) پارەی لە بانقدا دانراو. (٤) بارمتە؛ پێشەکی. (٥) عەمار. (٦) خڵتە؛ پاشماوە. (۷) شتی نیشتوو (لم، گڵ، کانزا... هتد).

depositary (di-poz′ə-ter′i), *n.* (۱) کەسێکی شت پێ سپێردراو. (۲) عەمار

deposition (dep′ə-zish′ən, dē′pə-zish′ən), *n.* (۱) لابردن (پاشا، سەرکۆمار، سەرۆک وەزیران)؛ لەکارخستن. (۲) (ا) گەواهیدان (دادگا). (ب) گەواهی نووسراو بە سوێندەوە (بۆ بەکارهێنانی لە دادگادا). (۳) سپاردن؛ پێ سپاردە. (٤) سپاردە.

depositor (di-poz′i-tēr), *n.* پارەدانەر لە بانقدا.

depository (di-poz′ə-tôr′i, di-poz′ə-tō′ri), *n.* (۱) عەمار؛ گەنجینە. (۲) کەسێکی شت پێ سپێردراو.

depot (dē′pō), *n.* (۱) عەمار؛ گەنجینە. (۲) نیستگە (شەمەندەفەر، پاس).

depravation (dep′rə-vā′shən), *n.* (۱) بەدڕەفتارکردن. (۲) سووکی؛ نزمی؛ سەرسەرێتی؛ بەدڕەفتاری.

deprave (di-prāv′), *v.t.* بەدڕەفتارکردن؛ خوو خراپ کردن؛ فێری سەرسەرێتی کردن.

depraved (di-prāvd′), *adj.* سووک؛ سەرسەری؛ بەدڕەووشت؛ بەدڕەفتار.

depravity (di-prav′ə-ti), *n.* (۱) سووکی؛ سەرسەرێتی؛ بەدڕەفتاری؛ بەدڕەووشتی. (۲) کردەوەیەکی سووک یا سەرسەریانە.

deprecate (dep′rə-kāt′), *v.t.* (۱) ناڕەزایی دەربڕین؛ پەسەندنەکردن. (۲) سووک کردن؛ لە بایەخ کەمکردنەوە.

-deprecation *(n.)*; **deprecatory** *(adj.)*.

depreciate (di-prē′shi-āt′), *v.t.* (۱) لە نرخ کەمکردنەوە؛ نرخ شکاندن (خانوو، زەوی‌وزار، شتومەک). (۲) سووک کردن؛ شکاندن؛ لە بایەخ کەمکردنەوە.

v.i. نرخ شکان؛ نرخ کەمبوونەوە (خانوو، زەوی‌وزار، شتومەک).

-depreciator *(n.)*.

depreciation (di-prē′shi-ā′shən), *n.* (۱) نرخ شکاندن بەهۆی یا لە ئەنجامی کۆن بوون‌و بەکارهێناندا (خانوو، مەکینە). (۲) لێ دەرکردنی ئەم نرخ شکانە لە باجداندا. (۳) شکانی نرخی پارە (٤) سووک کردن؛ لە بایەخ کەمکردنەوە.

depredate (dep′ri-dāt′), *v.t. & v.i.* تاڵان کردن؛ ڕاووڕووت کردن؛ ڕووتکردنەوە.

-depredation *(n.)*; **depredator** *(n.)*.

depress (di-pres′), *v.t.* (۱) نەواندن؛ نزمکردنەوە. (۲) کۆست خستن؛ پەستکردن؛ غەمبارکردن؛ دڵ گرتن. (۳) بێ هێز کردن. (٤) نرخ شکاندن؛ بایەخ کەمکردنەوە؛ کەمکردنەوە (چەندێتی). (٥) [Obs.]، پەستنەوە؛ پەستاندنەوە؛ پێشێل کردن.

-depressing *(adj.)*; **depressor** *(n.)*.

depressant (di-pres′ənt), *adj.* هێمنکەرەوە (مێشک‌و ماسولکە).

n. دەرمانی هێمنکەرەوە (مێشک‌و لەش).

depressed (di-prest′), *adj.* (۱) دڵتەنگ؛ مەلوول؛ غەمبار؛ پەست. (۲) نەویو؛ داکەوتوو؛ چاڵ. (۳) بەلاداکەوتوو (ڕووەکناسی). (٤) (ا) بێ بازار؛ کز: *(a ~ economy)* . (ب) هەژار؛ بێ بازاری کاری تێکردووە: *(a ~ area)* .

depression (di-presh′ən), *n.* (۱) نزمکردنەوە؛ نزم بوونەوە؛ نەوین. (۲) نزمایی؛ چاڵایی؛ نەرمیوی؛ شوێنێکی نەویو (زەوی)؛ نیشتوویی. (۳) کەمی پەستانی هەوا. (٤) بێ بازاڕی؛ بازارکزی‌و بێکاری؛ قڕوقاتی. (٥) دڵتەنگی؛ مەلوولی؛ غەمباری؛ پەستی؛ کۆست کەوتن. (٦) کەمبوونەوەی چالاکی مێشک‌و لەش.

depressive (di-pres′iv), *adj.* پەستکەر؛ نزمکەرەوە.

n. کەسێکی دڵتەنگی مەلوولی خەفەتبار.

deprivation (dep′rə-vā′shən), *n.* (۱) (ا) نەبوونی؛ بێبەشی؛ بەش خۆراوی. (ب) بێبەش کردن؛ بەش خواردن. (۲) لەدەست چوون؛ لەکیس چوون. (۳) لەکارەەرکردن؛ لەکارخستن.

deprive (di-prīv′), *v.t.* (۱) بەزۆر لێ سەندن: *(He was ~d of his property.)* (۲) لێ سەندنەوە؛ بێبەش کردن؛ بەش خواردن؛ لێ سەندن: *(to ~ of comforts; to ~ of one's rights)* (۳) لەکارەەرکردن؛ لەکارخستن (بەتایبەتی لە پلەی کلێسە).

-deprived *(adj.)*.

dept., = 1. department. 2. deputy.

depth (depth), *n.* (۱) قوواڵی؛ قووڵایی. (۲) تۆخی (ڕەنگ).

(۳) قوولی. بیروباوەڕ. (٤) قوولی یا توندوتیژی (هەست).
(٥) نزمی. ناواز. (٦) ناوەڕاست یا نیوە (زستان، شەو).
(۷) (*pl.*). ناوچەرگە: ***(the ~s of a forest)***
(۸) (*pl.*). ناخ (زەوی، دەریا، ئاسمان).
(۹) (*pl.*). ناخ (پەستی هەست): ***(in the ~s of despair)***.

deputation (dep′yoo-tā′shən), *n.* (۱) دەسەلات پێدان؛ کردن بە جیگر یا نوێنەری خۆ؛ پێ سپاردن. (۲) جێگر؛ نوێنەر.

depute (di-pūt′), *v.t.* (۱) دەسەلاتی جێگری پێدان. (۲) کردن بە نوێنەری خۆ.

deputize (dep′yoo-tīz′), *v.t.* کردن بە جێگری خۆ؛ کردن بە نوێنەر

v.i. بوون بە جێگر؛ جێگری کردن.

deputy (dep′yoo-ti), *n.* (۱) جێگر: ***(a ~ minister)***. (۲) نوێنەر. پەرلەمان).

derail (dē-rāl′), *v.t.* لە هێڵ لابردن (شەمەندەفەر)؛ لە ڕێ لابردن؛ پووچ کردن (نەخشە، ئاوات).

v.i. لە هێڵ لادان (شەمەندەفەر)؛ لە ڕێ لادان.

-derailment ***(n.).***

derange (di-rānj′), *v.t.* (۱) تێکدوپێکدان؛ شێواندن؛ لەیەک ترازاندن. (۲) مێشک تێکدان؛ شێت کردن.

deranged (di-rānjd′), *adj.* (۱) شێواو. تێکدوپێکدراو؛ لەیەک ترازاو (۲) شێت؛ بەخۆش (مێشک): ***(a ~ individual)***.

derangement (di-rānj′mənt), *n.* (۱) شێواوی؛ لەیەک ترازاوی. (۲) شێتی؛ نەخۆشی (مێشک)

derelict (der′ə-likt′), *adj.* (۱) دەست لێ هەڵگیراو؛ بەجێهێڵراو (پاپۆڕ لەناو دەریادا). (۲) کەمتەرخەم؛ فەرامۆش

n. (۱) شتێکی دەست لێ هەڵگیراو یا واز لێ هێنراو. (۲) کەسێکی بێ لانەو دەربەدەرو بێکارە کە لەسەر شەقامو نەمڵاو نەولادا بژێ. (۳) کەسێکی کەمتەرخەم؛ کەسێکی فەرامۆش (٤) زەوی پیکهاتوو لە کشانەوەی دەریا.

dereliction (der′ə-lik′shən), *n.* (۱) دەست لێهەڵگرتن؛ بەجێهێشتن (۲) دەست لێ هەڵگیراوی. (۳) کەمتەرخەمی؛ فەرامۆشی: ***(He was fired for ~ of duty.)***. (٤) (ا) پێکهاتنی زەوی بە کشانەوەی دەریا (ب) زەوی بەم جۆرە پێکهاتوو.

deride (di-rīd′), *v.t.* گاڵتەپێکردن؛ پێ پێکەنین؛ لاقرتی پێکردن

derision (di-rizh′ən), *n.* (۱) گاڵتەپێکردن؛ پێ پێکەنین؛ لاقرتی (۲) [Rare]، کەسێکی لاقرتی؛ کەسێکی لاقرتی پێکراو.

-derisive ***(n.).***

derivation (der′ə-vā′shən), *n.* (۱) داڕشتن؛ دەرهێنان؛ وەرگرتن. (۲) شتێکی داڕێژراو یا وەرگیراو (ووشە، بیروباوەڕ). (۳) بنچینە. بنج‌وبناوان. (٤) سەرچاوەو گۆڕانی ووشە. (٥) ووشەسازی؛ زانستی دۆزینەوەی بنچینەی ووشە (زمانەوانی). (٦) ووشە داڕشتن. (۷) دۆزینەوە؛ ئەنجام کردن (پیرکاری).

derivative (də-riv′ə-tiv), *adj.* (۱) وەرگیراو؛ ناڕەسەن (هونەر، وێژە) ***(~ art)***. (۲) تایبەتی بە داڕشتن، وەرگرتن، یا دەرهێنان.

n. (۱) شتێکی وەرگیراو یا ناڕەسەن. (۲) ماددەیەکی لێ وەرگیراو، لێ دەرهێنراو، یا بەرهەم هێنراو (کیمیاگەری) (۳) ووشەیەکی داڕێژراو یا وەرگیراو

derive (də-rīv′), *v.t.* (۱) ~ from: لێوە وەرگرتن؛ هەڵهێنجان. (۲) ئەنجام کردن؛ دۆزینەوە. (۳) داڕشتن؛ وەرگرتن (ووشە)؛ وەرگیران. (٤) گەڕانەوە بۆ سەرچاوە (زمانەوانی). (٥) لێ وەرگرتن؛ لێ دەرهێنان (کیمیاگەری).

v.i. لێوەهاتن؛ لێوە وەرگیران.

(Thousands of English words are ~d from Latin.)

derm- (dûrm), = dermo-.

-derm (dûrm), پاشگرێکە بەمانای: پێست؛ چەرم.

dermal (dûr′məl), *adj.* پێستی؛ چەرمی.

dermat- (dûr′mət), = dermato-.

dermato- (dûr′mə-tō, dûr-mat′ō), پێشگرێکە بەمانای: چەرم؛ پێست.

dermatologist (dûr′mə-tol′ə-jist), *n.* پزیشکی پێست.

dermatology (dûr′mə-tol′ə-ji), *n.* پزیشکەوانی پێست.

dermis (dûr′mis), *n.* (۱) تونکی ژێر پێستی دەرەوە. (۲) پێست؛ چەرم.

dermo- (dûr′mō, dûr′mə), پێشگرێکە بەمانای: پێست؛ چەرم

derogate (der′ə-gāt′), *v.i.* (۱) (~ from)، لە پلە یا بایەخ کەمکردنەوە. (۲) سووک کردن

v.t. [Archaic or Obs.], سووک کردن؛ لە پلە یا بایەخ کەمکردنەوە.

-derogation ***(n.).***

derogative (di-rog′ə-tiv), *adj.* ~ derogatory.

derogatory (di-rog′ə-tôr′i, di-rog′ə-tō′ri), *adj.* (۱) سووک (ووتە)؛ ناشرین؛ گاڵتەپێکەر: ***(a ~ remark)*** (۲) لە بایەخ کەمکەرەوە؛ شکێنەر؛ سووککەر.

derrick (der′ik), *n.* (۱) نامێزی بەرزکەرەوە یا هەڵگر. (۲) چوارچێوەیەکی کانزایی بەرز لەسەر بیرەنەوتێک.

derrière (der′i-er′), *n.* سمت؛ کەفڵ؛ قنگ.

dervish (dûr′vish), *n.* دەروێش.

descant (des′kant), *n.* (۱) گۆرانی؛ ئاواز. (۲) تێبینی؛ ڕەخنە؛ دووان

v.i. (۱) (~ on; ~ upon)، تێبینی لەسەرکردن. (۲) لێدووان؛ باسکردن. (۳) گۆرانی ووتن؛ ئاواز دانان

descend (di-send′), *v.i.* (۱) نزم بوونەوە؛ هاتنەخوارەوە. (۲) لە گشتی‌یەوە چوون بۆ تایبەتی یا لە گەورەوە بۆ بچووک. (۳) بەرەوخواربوونەوە (گرد، شاخ). (٤) (from ~)، لێوەهاتن؛ لێوە بوون؛ لێوە هاتنەخوارەوە: ***(We are all ~ed from Adam.)*** ***(The estate ~ed to the nephew.)*** (٥) بۆ ماندوە (میراتی): ***(to ~ to that level)*** (٦) (to ~)، خۆ نزم کردنەوە؛ خۆ سووک کردن: ***(They ~ed on the enemy.; Our friends ~ed upon us.)*** (۷) (upon; ~ on ~)، بەسەردادان (دیدەنی، هێرش)؛ پەلاماردان: (۸) نزم بوونەوە بەرەو ئاسۆ (ئەستێرەوانی)؛ ئاوابوون.

-descending ***(adj.).***

descendant (di-sen′dənt), *n.* نەوە؛ وەچە؛ بەرە؛ توخم.

descendent (di-sen′dənt), *adj.* هاتەخوارەوە؛ نزم بووەوە.

descent (di-sent), *n.* (۱) نزم بوونەوە؛ هاتنەخوارەوە. (۲) ڕەگەز؛ بنەچە؛ ڕیشە. (۳) نەوە؛ بەرە؛ نەتەوە. (٤) لێژایی؛ بەرەوخوارکە. (٥) ڕێگەی بەرەوخوارکە. (٦) (upon; ~ on ~)، بەسەردادان (دیدەنی، هێرش)؛ پەلاماردان. (۷) نشوستی هێنان. (۸) (to ~)، سووکی (ڕەووشت)؛ خۆ سووک کردن؛ سووک بوون (۹) بۆمانەوەی زەوی‌وزار لە باوباپیرەوە.

describe (di-skrīb′), *v.t.* (۱) نیشانەهەڵدان؛ وەسف کردن؛ باسکردن: ***(Please ~ what you saw.)*** (۲) وێنەکێشان.

-describable ***(adj.).***

description (di-skrip′shən), *n.* (۱) نیشانەهەڵدان؛ وەسف کردن؛ وەسف: ***(a ~ of a thief)***. (۲) جۆر؛ چەشن؛ بابەت: ***(books of every ~)***. (۳) وێنە؛ وێنەکێشان: ***(the ~ of a circle)***.

descriptive (di-skrip′tiv), *adj.* نیشانەهەڵدەر؛ ڕوون: ***(a ~ passage; ~ writing)***

descriptive linguistics, زمانەوانی وەسفی: لقێکە لە زمانەوانی کە باسی زمانو پێکهاتنی دەکات بێ گوێدان بە مێژوری ئەو زمانەو بەراوردکردنی لەگەڵ زمانی تردا.

descry (di-skrī′), *v.t.* (١) بەدی کردن؛ بینین (لە دەرەوە) (٢) دۆزینەوە؛ بۆ گەڕان و دۆزینەوە.

desecrate (des′i-krāt′), *v.t.* گڵاوکردن؛ پیس کردن.
-desecrater *(n.)*; **desecrator** *(n.)*.

desecration (des′i-krā′shən), *n.* گڵاوکردن؛ پیس کردن؛ گڵاوبوون؛ پیس بوون.

desegregate (dē-seg′rə-gāt′), *v.t.* لابردن یا نەهێشتنی جیاوازی ڕەگەزایەتی (لە قوتابخانەو زانکۆدا)؛ جیانەکردنەوەو تێکەڵکردن (ڕەگەز):
(Most schools in Southern United States have ~d.)
-desegregation *(n.)*.

desensitize (dē-sen′sə-tīz′), *v.t.* (١) هەست کوشتن؛ سڕکردن (٢) هەستیاری نەهێشتن بەرامبەر هەندێ خواردن و شتی تر (پزیشکەوانی).

desert (di-zûrt′), *v.t.* (١) بەجێهێشتن؛ چۆڵ کردن (٢) بەجێهێشتنی کەسێک لەکاتی تەنگانەدا؛ پشت تێکردن. (٣) (ا) ڕاکردن لە سوپا؛ هەڵاتن. (ب) شوێنی کار بەجێهێشتن بەبێ پرس.

v.i. ڕاکردن لە سوپا؛ هەڵاتن؛ هەڵاتن لە کار.

desert (dez′ĕrt), *n.* بیابان؛ چۆڵەوانی.

adj. (١) بیابانی (٢) چۆڵ؛ چۆڵوهۆڵ. *(a ~ island)*.

desert (di-zûrt′), *n.* (١) شایستەیی؛ هەڵگرتن (پاداشت، سزا)؛ ڕەوایی. (٢) *(pl.)* پاداشت یا سزای ڕەوا: *(He got his just ~s.)*.

deserter (di-zûr′tĕr), *n.* (١) ڕاکردوو لە سەربازی یا سوپا؛ هەڵاتوو. (٢) کەسێکە کە خێزانەکەی، هاوڕێ، یا پێبازەکەی بەجێ دەهێڵێت؛ پشت تێکەر (لەکاتی تەنگانەدا).

desertion (di-zûr′shən), *n.* (١) ڕاکردن لە سوپا؛ هەڵاتن (٢) بەجێهێشتن؛ پشت تێکردن (لەکاتی تەنگانەدا).

deserve (di-zûrv′), *v.t. & v.i.* شایستەبوون (پاداشت، سزا)؛ هەڵگرتن؛ هێنان؛ شایان بوون؛ چێ ڕەوابوون.

deserved (di-zûrvd′), *adj.* شایستە؛ ڕەوا. *(a ~ vacation)*.

deservedly (di-zûr′vid-li), *adv.* بە ڕەوا؛ شایستە. *(to be ~ blamed)*

deserving (di-zûr′viŋ), *adj.* شایستەی پاداشت، ستایش، یا یارمەتیە

n. شایستەیی (پاداشت، سزا).

desex (di-seks′), *v.t.* پووکاندنەوەی نەندامی زاووزێی گیاندار بە خەساندن و دەرهێنانی هێلکەدان یا تۆو.

desiderata (di-sid′ĕr-āt′ə), *n. plural of* desideratum.

desideratum (di-sid′ĕr-ā′təm), *n.* خواست؛ نامانج؛ هیوا؛ شتێکی ویستراو یا ئارەزووکراو.

design (di-zīn′), *v.t.* (١) نەخشەدانان؛ نەخشەکێشان؛ نەخشەکردن؛ ڕەنگ ڕشتن؛ پلان دانان. *(to ~ a house, a bridge, a plane, etc.)*. (٢) لە مێشکدا نەخشەکردن (٣) نیازی کردنی کارێک بوون (٤) تەرخان کردن؛ دانان.

v.i. نەخشەدانان؛ نەخشەکێشان؛ نەخشەکردن: *(She ~s for a coat manufacturer.)*

n. (١) نەخشە؛ پلان؛ ڕۆژە. (٢) نیاز. (٣) نامانج؛ ئاوات. (٤) *(pl.)* (~ on; ~ upon): پیلانێکی نهێنی و ناپەسەند: *(He has ~s on your life.; He has ~s on her property.)* (٥) نەخشە: *(a ~ for a house)*. (٦) نەخشەکاری؛ نەخش؛ نەخشاندن: *(the ~ of a rug)*. (٧) بەرهەمێکی هونەری.

by design, بەدەسەنقەست: *(Was it done by accident or design?)*

designate (dez′ig-nit), *adj.* دانراوە لە پلەیەکدا بەڵام دەستی بەکار نەکردووە؛ ناونراو؛ دەستنیشان کراو: *(ambassador ~)*.

v.t. (١) دەستنیشانکردن؛ دیاری کردن؛ نیشانەکردن. (٢) تەرخان کردن؛ دانان (بۆ مەبەست، کات، یا نیشێکی تایبەتی) (٣) ناونان؛ ناولێنان. (٤) دانان لەسەر کار؛ دامەزراندن.

designation (dez′ig-nā′shən), *n.* (١) دەستنیشانکردن؛ دیاری کردن. (٢) لەسەر کار دانان. (٣) ناو؛ نیشانە.

designee (dez′ig-nē′), *n.* کەسێکی دەستنیشان کراو، دانراو، یا دیاریکراو بۆ کارێک، ئەرکێک، یا پلەیەکی فەرمانڕەوایی.

designer (di-zīn′ĕr), *n.* (١) نەخشەکێش؛ نەخشەکەر (جل‌وبەرگ). (٢) نەخشەکێشی دیکۆری شانۆ: *(a set ~)*. (٣) پیلانگێڕ.

desirable (di-zīr′ə-b'l), *adj.* ویستراو؛ باش؛ نایاب؛ جوان؛ پەسەند.
-desirability *(n.)*; **desirableness** *(n.)*; **desirably** *(adv.)*.

desire (di-zīr′), *v.t.* (١) حەزکردن؛ ویستن؛ ئارەزووکردن. (٢) داخوازی کردن. (٣) حەزلێکردن (زاووزێ)؛ هەوەس هەڵسانی جووت بوون.

n. (١) حەز؛ ئارەزوو. (٢) هەوەسی جووت بوون. (٣) داخوازی؛ خواست. (٤) هیوا؛ ئاوات؛ شتێک یا کەسێکی ویستراو.

desirous (di-zīr′əs), *adj.* حەزکەر؛ ئارەزووکەر؛ حەزپێکەر: *(He is ~ of going abroad.)*

desist (di-zist′), *v.i.* دەست هەڵگرتن؛ وازهێنان؛ وەستان.

desk (desk), *n.* (١) مێزی نووسین و خوێندنەوە. (٢) مێز یا قەفەز لە دەزگایەکی گەورەدا: *(an information ~)*. (٣) فەرمانگە یا لقی فەرمانگەی دەزگایەکی فەرمانڕەوایی یا میللی. (٤) سێپای ئاوازەنی ئۆرکێستڕا.

desolate (des′ə-lit), *adj.* (١) چۆڵ؛ چۆڵوهۆڵ. (٢) دڵتەنگکەر؛ ناخۆش. (٣) وێرانە.

v.t. (١) چۆڵ کردن. (٢) وێران کردن (٣) بەجێهێشتن.
-desolateness *(n.)*; **desolater, desolator** *(n.)*.

desolation (des′ə-lā′shən), *n.* (١) چۆڵی؛ چۆڵوهۆڵی. (٢) وێرانی؛ وێرانەیی. (٣) خەفەتباری؛ غەمباری. (٤) تەنهایی؛ هەستی تەنهایی. (٥) شوێنێکی چۆڵ و ناخۆش؛ چۆڵەوانی.

despair (di-spâr′), *v.i.* هیوا بڕین؛ نائومێدبوون؛ وورەبەردان.

n. (١) نائومێدی؛ بێ هیوایی؛ هەناسەساردی؛ دڵشکستی. (٢) هۆی نائومێدی (مرۆڤ، شت)؛ هیوابڕ؛ دڵشکستکەر.

despairing (di-spâr′iŋ), *adj.* نائومێد؛ بێ هیوا؛ هیوابڕاو.
-despairingly *(adv.)*.

despatch (di-spach′), *v.t. & n.* = dispatch.

despatcher (di-spach′ĕr), *n.* = dispatcher.

desperado (des′pə-rā′dō, des′pə-rä′dō), *n.* تاوانبارێکی ترسناکی بێباک؛ تاوانکارێکی یاخی چاونەترس؛ کەسێکی بێ هیوای بێباک.

desperate (des′pĕr-it), *adj.* (١) (ا) بێ هیوا؛ نائومێد؛ داماو. (ب) بێباک و ترسناک: *(a ~ criminal)*. (ج) لە ئەنجامی هیوابڕینەوەیە: *(a ~ act)*. (٢) بێچارە؛ بێ دەرمان؛ ترسناک: *(a ~ illness)*. (٣) زۆر؛ بێ ئەندازە: *(in ~ need)*.
-desperately *(adv.)*; **desperateness** *(n.)*.

desperation (des′pĕr-ā′shən), *n.* (١) نائومێدی؛ بێ هیوایی؛ هەناسەساردی؛ دڵشکستی: *(He had a look of ~ on his face)*. (٢) بێباکی و جەنگاوەری لە ئەنجامی نائومێدیدا.

despicable (des′pik-ə-b'l, di-spik′ə-b'l), *adj.* پیس‌وبۆگەن؛ نامەرد؛ مایەی قێزلێهاتنەوەیە؛ نزم (کردەوە، مرۆڤ)

despise (di-spīz′), *v.t.* بە سووک سەیرکردن؛ رق لێ بوون؛ قێزلێهاتنەوە.

despite (di-spīt′), *n.* (١) کردەوەیەک لەڕووی سووک سەیرکردنەوە. (٢) رق؛ قین؛ کینە.

prep. هەرچەند؛ نەگەرچی؛ لەگەڵ ئەوەشدا.

in despite of, لەگەڵ ئەوەشدا؛ لە ڕقی ئەوە.

despiteful (di-spīt′fəl), *adj.* [Archaic], قینداوی؛ کینە لە دڵ.

despond (di-spond′), *v.i.* وورەبەردان؛ هیوابڕین؛ دڵشکست بوون.

despondence (di-spon′dəns), *n.* غەمگینی؛ دڵتەنگی؛ بێ هیوایی

despondency (di-spon′dən-si), *n.* بێ هیوایی؛ غەمگینی؛ بێ وورەیی؛ دڵتەنگی؛ خەفەتباری.

despondent (di-spon′dənt), *adj.* مەلوول؛ پەست؛ بێ وورە؛ نائومێد.

despot (des′pət, des′pot), *n.* (١) ئیمپراتۆری بێزەنتی؛ سەرەک-قەشەی کڵێسەی یۆنانی. (٢) زۆردار؛ فەرمانڕەوای بەربەرەڵا و زۆردار.

despotic (di-spot′ik), *adj.* زۆردارانە؛ زۆردار. *(a ~ ruler)* .

despotism (des′pət-iz′m), *n.* (١) زۆرداری؛ بەربەرەڵایی- فەرمانڕەوایی (٢) فەرمانڕەوایەکی زۆردار یا بەربەرەڵا و ڕەها.

desquamate (des′kwə-māt′), *v.i.* تۆپک هەڵدان (پیست)؛ تۆپک فڕێدان

dessert (di-zūrt′), *n.* شیرینی.

destabilize (des′tab′ə-līz′), *v.t.* پشێوی خستنەوە؛ شلۆق کردن؛ ناناسوودە کردن *(to ~ a government)* .

destination (des′tə-nā′shən), *n.* دواقۆناغ؛ جێی مەبەست.

destine (des′tin), *v.t.* (١) چارەنووس وابوون؛ لە ناوچەوان نووسران *(You were ~d to be great.)*

for ، ٢. بەرخان کردن؛ چوون بۆ (دواقۆناغ).

destined for, ١. بەردو ـەوێ چوون *(This grain shipment is destined for Africa.)*

٢. چارەنووس و بوون *(destined for leadership)* .

destiny (des′tə-ni), *n.* چارەنووس

destitute (des′tə-tōōt′, des′tə-tūt′), *adj.* (١) بێ ... ~ of) ; ئەیەنی *(~ of experience)* .

(٢) هەژار؛ بێ دەرامەت.

(٣) [Obs.] بەجێهێڵراو؛ وازلێهێنراو

-destitution *(n.)*.

destroy (di-stroi′), *v.t.* (١) ڕووخاندن؛ وێرانکردن؛ کاول کردن. (٢) لەناوبردن؛ نەهێشتن؛ تێکدان. (٣) کوشتن.

destroyer (di-stroi′ēr), *n.* (١) ڕووخێنەر؛ لەناوبەر؛ وێرانکەر؛ تێکدەر (٢) کەشتیەیەکی جەنگی خێرای بەهێز.

destruct (di-strukt′), *v.t.* خستنەخوارەوەو لەناوبردنی مووشەک یا کەشتی هەوایی بەدەستقەست پاش تەقاندن یا هەڵدان.

destructible (di-struk′tə-b′l), *adj.* دەتوانرێ لەناوبرێ یا بفەوتێنرێ

-destructibility *(n.)*; **destructibleness** *(n.)*.

destruction (di-struk′shən), *n.* (١) وێرانکردن؛ لەناوبردن؛ ڕووخاندن؛ تێکدان. (٢) وێرانی؛ لەناوچوون؛ ڕووخان؛ تێکچوون. (٣) هۆی لەناوبردن یا فەوتاندن.

destructionist (di-struk′shən-ist), *n.* ڕووخێنەر؛ هەرکەس لە- ڕووخاندن (بەتایبەتی دەزگای کۆمەڵایەتی).

destructive (di-struk′tiv), *adj.* (١) وێرانکەر؛ لەناوبەر؛ تێکدەر *(a ~ person, storm, etc.)*

(٢) زیانبەخش *(~ criticism)* .

-destructively *(adv.)*; **destructiveness** *(n.)*.

desultory (des′′l-tôr′i, des′′l-tō′ri), *adj.* (١) پچڕپچڕ (کار، بیر). (٢) لامسەرلا.

-desultorily *(adv.)*; **desultoriness** *(n.)*.

detach (di-tach′), *v.t.* (١) لێکردنەوە؛ جیاکردنەوە؛ لێ ترازاندن. (٢) ناردن بۆ ئەرکێکی تایبەتی (پۆلیس، سوپا).

-detachable *(adj.)*.

detached (di-tacht′), *adj.* (١) لێ جیاکراوە؛ جیا؛ لێکراوە. (٢) دوورەپەرێز؛ گۆشەگیر؛ سارد؛ بێ هەستو بێ پەیوەندی؛ بێ لایەن *(a ~ person)*

detachment (di-tach′mənt), *n.* (١) لێ جیاکردنەوە؛ جیایی؛ لێ جیابوونەوە. (٢) گۆشەگیری؛ دوورەپەرێزی؛ ساردی؛ بێ لایەنی (٣) دەستەیەک سەرباز یا پاپۆر کە نێردرابن بۆ ئەرکێکی تایبەتی؛ مەفرەزە. (٤) ناردنی نەم دەستە سەربازە یا پاپۆرە بۆ نەم ئەرکە.

detail (di-tāl′), *n.* (١) دوورودرێژی (باس)؛ وورد؛ وردەکاری *(Explain it in ~ .)*

(٢) بەشێکی وردو ناگرنگ *(That is only a ~)* .

(٣) (ا) دەستەیەک چەکداری هەڵبژێردراو بۆ ئەرکێکی تایبەتی؛ مەفرەزە (ب) نەم ئەرکە.

v.t. (١) بە دوورودرێژی باسکردن؛ بە وردی گێڕانەوە. (٢) هەڵبژاردنو ناردنی دەستەیەک هێزی چەکدار بۆ ئەرکێکی تایبەتی

in detail, بە دوورودرێژی؛ بە وردی.

detain (di-tān′), *v.t.* (١) خستنە بەندیخانەوە؛ گرتن؛ گلدانەوە. (٢) دواخستن؛ ڕاگرتن؛ بەندکردن؛ بەنگ کردن.

-detainer *(n.)*; **detainment** *(n.)*.

detainee (di-tā′nē′), *n.* گیراو (مرۆڤ)؛ بەندکراو.

detect (di-tekt′), *v.t.* (١) دۆزینەوە؛ دۆزینەوە (تاوان، تاوانبار): *(They ~ed him in the act of stealing the jewels.)*

(٢) هەستپێکردن: *(Can you ~ anything strange here?)*

-detectable *(adj.)*; **detectible** *(adj.)*.

detection (di-tek′shən), *n.* دۆزینەوە؛ دۆزینەوە (تاوان، تاوانبار)؛ هەستپێکردن: *(the ~ of crime)*

detective (di-tek′tiv), *adj.* (١) تایبەتی بە دۆزینەوە (٢) تایبەتی بە پۆلیسی نهێنیو کارەکەیان: *(a ~ story)* .

n. پۆلیسی نهێنی.

detector (di-tek′tēr), *n.* (١) دۆزەرەوە (مرۆڤ، سەگی پۆلیسی). (٢) دۆزەرەوەی شەپۆلی کارەبایی یا شتی تر (نامێر)؛ هەستپێکەر.

detent (di-tent′), *n.* گێرە (مەکینەکاری).

détente (dā′tänt′), *n.* کەم بوونەوەی ئالۆزیو ناخەزیو دوژمنایەتی نێوان وولاتان؛ ئاسایشی نێوان وولاتان.

detention (di-ten′shən), *n.* (١) گرتن؛ خستنە بەندیخانەوە؛ بەندکردن؛ گلدانەوە. *(a ~ center)* . (٢) دواخستن؛ دواکەوتنی ناچاری

deter (di-tūr′), *v.t.* ڕێ لێگرتن (لە مرۆڤ، دەستە، یا وولاتێک لە کردنی کاری ناپەسەند)؛ وەستاندن؛ نەهێڵان (ڕووداتی کاری خراپ).

deterge (di-tūrj′), *v.t.* پاکردنەوە (برین).

detergent (di-tūr′jənt), *adj.* پاکەرەوە.

n. مادەیەکی پاکەرەوە (سابوونی جلو قاپوقاقاجاغ شتن)؛ سابونی جلو قاپ شتن.

deteriorate (di-tēr′i-ə-rāt′), *v.i. & v.t.* خراپتربوون؛ دانە دواوە؛ بەرەو خراپی چوون: *(The situation ~d.; His illness ~d .)*

deterioration (di-tēr′i-ə-rā′shən), *n.* بەرەو خراپی چوون؛ خراپتربوون؛ دانە دواوە.

determinant (di-tūr′mə-nənt), *adj.* بڕیاردەر.

n. هۆیەک یا شتێکی بڕیاردەر.

determinate (di-tūr′mə-nit), *adj.* (١) دیار؛ دیاریکراو؛ دیاردە. (٢) بڕاوە؛ بڕیار لەسەر دراو؛ یەکجارەکی. (٣) سوور لەسەر.

determination (di-tūr′mə-nā′shən), *n.* (۱) بڕیاردان؛ بڕیار. (۲) دیاریکردن. (۳) سووربوون لەسەر. (٤) زەبر؛ هیممەت.

determinative (di-tūr′mə-nā′tiv, di-tūr′mə-nə-tiv), *adj.* (۱) بڕیاردەر (شت). (۲) دیاریکەر (ووشە، نامراز) (ڕێزمان).

determine (di-tūr′min), *v.t.* (۱) دیاریکردن؛ سنوور بۆ دانان. (۲) بڕیاردان؛ بڕینەوە؛ یەکلاکردنەوە. (۳) بڕیاردان پاش لێکۆڵینەوەیەکی زۆر. (٤) دۆزینەوە؛ بە ووردی لێکدانەوە. (٥) ئاراستەکردن؛ ڕێبار بۆ دانان. (٦) دوایی پێ هێنان.

v.i. (۱) بڕیاردان؛ بڕینەوە. (۲) دوایی هاتن.

determined (di-tūr′mind), *adj.* سوور لەسەر

determiner (di-tūr′min ĕr), *n.* (۱) بڕیاردەر (مرۆڤ، شت). (۲) ووشە یا نامرازی دیاریکەر (ڕێزمان).

determinism (di-tūr′min-iz′m), *n.* فەلسەفەی ناچاری یا پێشەکی بڕیاردراو بڕیتییە لەو فەلسەفەیەی کە دەڵێت: کرداری مرۆڤ چۆنێتی ژیانی بە دەست خۆی نییە بەڵکو بۆی بڕاوەتەوە لە ئەنجامی گەلێک هۆکارە کە دەسەڵاتی بەسەردا نییە وەک پۆژگاری ڕابوردوو و باری کۆمەڵایەتی و دەروونی و دەوروبەری.

-determinist *(n.)*; **deterministic** *(adj.)*.

deterrence (di-tūr′əns, di-ter′əns), *n.* (۱) ڕێ لێگرتن (لە- پووداتی کاری ناپەسەند). (۲) ڕێگر؛ کۆسپ (لەڕێی کاری ناپەسەندا).

deterrent (di-tūr′ənt, di-ter′ənt), *adj. & n.* ڕێ لێگر کاری- ناپەسەند؛ کۆسپ.

detest (di-test′), *v.t.* زۆر ڕق لێ بوون؛ قین لێ بوون

detestable (di-tes′tə-b'l), *adj.* شایستەی ڕق لێ بوونەوە؛ پیس و بۆگەن

detestation (dē′tes-tā′shən), *n.* (۱) ڕق؛ قین؛ کینە. (۲) کەسێک یا شتێکی ڕق لێ بوو یا پیس و بۆگەن.

dethrone (dē-thrōn′), *v.t.* (۱) لە تەختی پاشایەتی هێنانەخوارەوە؛ لە پاشایەتی خستن. (۲) لێخستن (لە پلەوپایە)؛ هێنانەخوارەوە لە پلەی بەرز.

-dethronement *(n.)*.

detonate (det′ə-nāt′, dē′tō-nāt′), *v.i.* تەقین (بۆمبا)؛ تەقینەوە

v.t. تەقاندن؛ تەقاندنەوە

-detonation *(n.)*; **detonator** *(n.)*.

detour (dē′toor, di-toor′), *n.* (۱) لە ڕێ لادان؛ پێچکردنەوە؛ لادان؛ لادان لە ڕێی ڕاستەوخۆ؛ پێچە بەدەورە. (۲) ڕێیەکی سەردەمی پێچوپەنادار کە بەکاردەهێنرێت لەباتی ڕێی ناسایی.

v.t. & v.i. پێچکردنەوە و لادان لە ڕێی ڕاستەوخۆ

detract (di-trakt′), *v.t.* کەمکردنەوە (پلە، ڕێز، جوانی)؛ سووک کردن

v.i. (~ from), *(Anger ~s from her beauty.)* لێ کەمکردنەوە

detraction (di-trak′shən), *n.* (۱) لێ کەمکردنەوە (پلە، ڕێز، جوانی؛ سووک کردن (۲) سووکی سووککەر.

-detractive *(adj.)*; **detractor** *(n.)*.

detrain (dē-trān′), *v.i.* لە شەمەندەفەر دابەزین.

v.t. لە شەمەندەفەر دابەزاندن

-detrainment *(n.)*.

detriment (det′rə-mənt), *n.* (۱) زیان

dresser (dres'ēr), *n.* (١) مێزی چێشتخانە (کە خواردەمەنی لەسەر ئامادە دەکرێت). (٢) دۆڵابی قاپ وقاجاغی چێشتخانە.

(٣) مێزی ئارایشت؛ دۆڵابی ئاوێنەدار.

dressing (dres'iŋ), *n.* (١) جل لەبەرکردن (٢) جل وبەرگ

(٣) دەرمان و سارغی برین پێچان (٤) پەین.

(٥) ماددەیەکە قوماشی پێ ڕەق دەکرێت لە کاتی دروستکردنیدا.

(٦) سرکەو ڕۆنی زەڵاتە؛ ترش وخوێ.

(٧) ئاوناخنی بانندە بەتایبەتی قەل کە لە فرندا دەپێشێنرێت.

(٨) [Colloq.]. سەرزەنشت کردن؛ شکاندن.

dressing-down (dres'iŋ-doun'), *n.* [Colloq.]. (١) شکاندن؛ سەرزەنشت کردن. (٢) فەلاقەکردن؛ لێدان.

dressing gown, ڕۆبی لەبەرکردن.

dressing room, ژووری خۆگۆڕێن و ئارایشتی ئەکتەران (لەپشت شانۆ).

dressing table, مێزی ئارایشت کردن.

dressmaker (dres'māk ēr), *n.* بەرگدرووی ژنان.

dress rehearsal, دوا پەراوەی شانۆگەری یا ئامەنگێکی ڕەسمی بە جل وبەرگی ڕاستەقینەوە (پێش پیشاندانی بۆ خەڵک)

dress suit, دەستەجلی ڕێک وپێکی ئامەنگ و بە شەو چوونەدەرەوە.

dressy (dres'i), *adj.* [Colloq.], (١) جلی جوان و کەشخە لەبەردەکات؛ خۆڕازێنەرەوە. (٢) جوان و ئاسک و ڕێک وپێک (جل وبەرگ).

drew (drōō), *past tense of* **draw.**

dribble (drib'l), *v.i. & v.t.* (١) ئاو ئ ڕژاندن؛ بە تنۆک تنۆک یا دڵۆپی بچووک هاتنەخوارەوە. (٢) ئاوی دەم تکان؛ ئاو تێژانە ئاو دەم

(٣) تۆپ نزیک کردنەوە لە گۆڵ بە لێدان یا هەڵبەزان و دابەزاندنی بچووک (یاری تۆپی پێ، باسکە).

n. (١) تنۆک؛ دڵۆپی بچووک؛ ڕژێ.

(٢) بەرەبەرە یاری کردن بە تۆپ (بۆ نزیک کردنەوەی لە گۆڵ).

(٣) [Colloq.]، تەپ ونم؛ نەرمەباران.

driblet, dribblet (drib'lit), *n.* بڕێکی زۆر کەم؛ کەم کەم؛ تنۆک؛ دڵۆپ: *(He pays his debt in ~s .)* .

dried (drīd), *past tense and past participle of* **dry.**

drier (drī'ēr), *n.* (١) ووشککەرەوە (مرۆڤ، ئامێر، شت).

(٢) مەکینەی جل ووشک کردنەوە.

(٣) ماددەیەکە دەکرێتە ئاو بۆیەوە بۆ ئەوەی زوو ووشک ببێتەوە.

drift (drift), *n.* (١) ڕاماڵێن (بە تەووژمی با یا ئاو). (٢) ڕێبار.

(٣) لادانی پاپۆڕ یا فڕۆکە لەڕێی خۆی (بەهۆی تەووژمی ئاو یا باوە)

(٤) مەیل. (٥) مەبەست؛ مانا: *(I get your ~ .)* .

(٦) شتێک کە بە یا بە ئاو ڕای ماڵێت (وەک: بەفر، باران، لم، خۆڵ... هتد).

(٧) کۆمەڵێک بەفر یا لم کە بە ڕای ماڵی بێت و کۆی کردبێتەوە.

(٨) بەردو زێخ و لم کە ڕووبار یا ڕووبارێ سەهۆڵێن ڕای ماڵێت.

(٩) (ا) ئامێری داکوتانی شتێکی قورس. (ب) ئامێری گەورەکردنی کونێک.

(١٠) کونێکی لابەلا لە کانگەیەکدا. (١١) تەووژمێکی دەریایی هێواش

v.i. (١) ڕاماڵێن (بە تەووژمی با یا ئاو)؛ ڕاماڵران.

(٢) وێڵ بوون؛ ژیان و هەڵسان و دانیشتن بەبێ لێکدانەوە: *(He doesn't know what he wants to be or do; he is just ~ing through life.)*

(٣) لادان (لە ڕێی خۆ)؛ لادان لە باس.

(٤) کۆمەڵ بوون لە ئەنجامی ڕاماڵیندا (بەفر، لم).

driftage (drif'tij), *n.* (١) ڕاماڵێن.

(٢) لادان لە ڕێی خۆ (بەهۆی ڕاماڵینەوە بە ئاو یا بە با).

(٣) شتی ڕاماڵراو؛ شتی لاناوکەوتوو.

drifter (drif'tēr), *n.* (١) (ا) کەسێکی وێڵ؛ کەسێکی بێ ئامانج و بێ مەبەست لە ژیاندا؛ لاناوکەوتوو. (ب) کەسێکی گەڕۆک یا بێ لانە

(٢) بەلەمی ڕاوەماسی (کە تۆڕێکی پێوەیە لەگەڵ شەپۆڵی ئاوەکەدا دێت و دەچێت).

driftwood (drift'wood'), *n.* داروتەختەی ڕاماڵراو (کە لاناو دەکەوێت لە کەناری دەریا یا ڕووبارەدا).

drill (dril), *n.* (١) سمۆ؛ دەرەوشە؛ ئامێرێکی کارەبایی وەک سمۆیە بۆ دار کۆنکردن بەکاردێت. (٢) مەشق (سوپا، وەرزش، قوتابخانە)؛ ڕاهێنان.

(٣) شێوازی مەشق یا ڕاهێنان.

v.t. (١) کون تێکردن (بە سمۆ یا دەرەوشە).

(٢) مەشق پێکردن (سوپا، وەرزش).

(٣) مەشق پێکردن (خوێندن)؛ ڕاهێنان (بە دروپاتکردنەوەی کار)؛ فێرکردن.

v.i. (١) کون تێکران (دار). (٢) مەشق کردن (سوپا، وەرزش، خوێندن).

drill (dril), *n.* (١) دێراو.

(٢) دێراوێک تۆوی نێژراو.

(٢) مەکینەی دێراو یا چاڵ لە زەوییدا دروستکردن و تۆو تێدانانشتنی.

v.t. (١) تۆو چاندن یا دێراو یا بە ڕیز. (٢) چاندنی کێڵگەیەک بەم شێوەیە.

drillmaster (dril′mas′tĕr, dril′mäs′tĕr), *n.* (١) مامۆستای مەشق (سوپا)؛ مەشق پێکەر (سوپا). (٢) مامۆستایەکی تووندوتیژ کە لەڕێی مەشقەوە قوتابی فێردەکات؛ کەسێک کە لەڕێی مەشقەوە خەڵک فێڕی شت دەکات

drink (driŋk), *v.t.* (١) خواردنەوە.

(٢) نۆشین؛ بادە نۆشین. (٣) هەڵمژین.

v.i. (١) خواردنەوە. ٢) هەڵمژین

(٣) خواردنەوەی شەراب و شتی سەرخۆشکەر.

(٤) خواردنەوەی شەراب و شتی تری سەرخۆشکەر بە زۆری یا خووپێوەگرتنی.

n. (١) خواردنەوە؛ شلەیەک کە بخورێتەوە.

(٢) خواردنەوەی سەرخۆشکەر (شەراب، عەرەق، ویسکی... هتد).

(٣) زۆر خواردنەوە یا خوو بە خواردنەوە گرتن.

(٤) پێک (شەراب یا خواردنەوەی تری سەرخۆشکەر).

(٥) [Slang]. زەریا؛ دەریاڵووش.

drink in, بەتاسەوە وەرگرتن بە هەموو هەستەکان و مێشک.

drink to, بادە نۆشین بە خۆشی کەسێکەوە

drinkable (driŋk′ə-b'l), *adj.* بۆ خواردنەوە دەشێت؛ دەخورێتەوە

n.pl. خواردنەوە

drinker (driŋk′ĕr), *n.* (١) کەسێک کە دەخواتەوە.

(٢) عەرەق خۆر؛ کەسێک کە مەی و خواردنەوەی تر زۆر دەخواتەوە.

drip (drip), *v.i. & v.t.* تکان؛ تکەکردن؛ چۆڕەچۆڕکردن؛ تنۆک تنۆک هاتنەخوارەوە

n. (١) تکان؛ تکە تک هاتنەخوارەوە. (٢) شلەیەک کە بە تنۆک تنۆک بێتەخوارەوە. (٣) دەنگی لۆڤێک یا تنۆکێکی کەوتە خوارەوە (٤) لێواری بەنجەرەیەک یا سەربانێک کە بارانی لێ دەگیرێنێتەوە. (٥) [Slang]. کەسێکی ووشکی دڵ مردوو.

drip-dry (drip′drī′), *adj.* ووشک دەبێتەوە بە هەڵخستن و ئوتوکردنی ناوێت (جل و بەرگ. قوماش).

drip grind, قاوەی وورد هاوراو

dripolator (drip′ə-lā′tĕr), *n.* قۆری قاوە

dripping (drip′iŋ), *adj.* زۆر تەر؛ ناوی لێ دەتکێت

n. (١) دڵۆپ دڵۆپ ئاو لێ تکان. (٢) (*pl*) جەور یی و شتی تر کە لە گۆشتی برژاو دەتکێت.

drippy (drip′i), *adj.* (١) باراناوی

(٢) [Slang]. هەست ناسک؛ دڵ ناسک؛ بەسۆز.

dript (dript), *alternative past tense and p. p. of* drip.

drive (drīv), *v.t.* (١) پاڵ پێوەنان بۆ پێشەوە؛ لێخوڕین.

(٢) پاڵ پێوەنان؛ وا لێکردن. *(Ambition drove him to crime.)*.

(٣) بەزۆر کارپێکردن (بەتایبەتی لە پاڕە بەدەر)؛ زۆرلێکردن.

(٤) فڕێدان یا تێهەڵدان بە قایم (تۆپ)

(٥) پێدانبردن؛ سمین؛ کونکردن.

(٦) لێخوڕین (ئوتومبیل، گالیسکە)؛ لێخورین لەلایەن مرۆڤەوە.

(٧) گواستنەوە بە ئوتومبیل یا مەکینەی تری خۆبزوێن.

(٨) لێخوڕین (بە مەکینە). *(A gasoline engine ~s the motorboat.)*.

(٩) کردن؛ حێبەحێکردن؛ ڕاپەڕاندن؛ بە ئەنجام دان. *(to ~ a bargain)*.

(١٠) ڕاپێچکردنی نێچیر بۆناو تۆڕ یا دام.

v.i. (١) دەڕەڕیر بۆ پێشەوە بە قایمی و بە خێرایی

(٢) پیادان مستەکۆڵە؛ فڕێدان، تێهەڵدان، یا لێدان (تۆپ)؛ تەقاندن (مووشەک).

(٣) لێخورین (ئوتومبیل)؛ ڕۆیشتن. *(The car ~s well.)*.

(٤) بە ئوتومبیل چوون یا گەشت کردن؛ گواستنەوە بە ئوتومبیل.

(٥) لێخورین (ئوتومبیل). *(Can she ~ ? ; He ~s.)*.

n. (١) لێخورینێک

(٢) گەشتی ئوتومبیل. *(We went for a ~ yesterday.)*.

(٣) ڕێی ئوتومبیل؛ ڕێگەوبان.

(٤) ڕاپێچکردنی ئاژەڵ بۆ نیشانەکردن یا سەربڕین.

(٥) لێدان، فڕێدان، یا تێهەڵدانی تۆپ بە قایمی و بە خێرایی.

(٦) چۆنێتی ئەم فڕێدان یا تێهەڵدانە.

(٧) هەوڵ؛ کۆشش. *(a ~ to raise money)*.

(٨) هێرشی سوپا.

(٩) ووزە؛ تاقەت؛ هێزی پاڵ پێوەنان یا هاندان؛ چالاکی.

(a person with initiative and ~)

(١٠) دارو تەختەی سەرئاوکەرتوو

(١١) ئەو بەشەی مەکینەیەک کە دەبیزوێنێت یا ایڵی دەخورێت.

(١٢) هەست یا خواستی بنچینەیی بەهێزو هاندەری مرۆڤ؛ هەوەس. *(According to Freud, the sexual ~ is behind all human activities.)*

(١٣) [Colloq.]، ڕێگەیەکی تایبەتی ئوتومبیل لەنێوان ماڵێک و ڕێگەی گشتی یا شەقامدا.

drive at, مەبەست بوون (لە دووان)؛ ویستن. *(What are you driving at?)*

drive away, (١) هەڵفڕاندن؛ قاودان؛ تەرەکردن؛ دەرکردن.

(٢) بە ئوتومبیل ڕۆیشتن و بەجێهێشتنی شوێنێک.

drive back, گەڕاندنەوە بۆ دواوە؛ بەرهەڵستی کردن: *(They drove back the enemy.)*

drive out, دەرپەڕاندن؛ دەرکردن؛ شاربەدەرکردن؛ پەرەوازەکردن: *(to drive people out of their ancestral homeland)*

drive-in (drīv′in′), *n.* (١) بانق یا چێشتخانەیەک کە خەڵکی دەتوانن کاروباری بانقەکەیان جێبەجێ بکەن یا خواردەمەنی بکڕن هەر لەناو ئوتومبیلەکەیانەوە بەبێ ئەوەی دابەزن. (٢) سینەمایەکی سەروبەر بەرەڵایە کە خەڵکی دەتوانن لە ئوتومبیلەکانیاندا دانیشن و فیلمی تێدا ببینن بە شەو.

adj. تایبەتی بە بانق، چێشتخانە، یا سینەمایەکی وەها.

drivel (driv′l), *v.i. & v.t.* (١) ئاوی دەم تکان؛ ئاوتێزانە دەم.

(٢) قسەی قۆپ کردن؛ قسەی هیچ و پووچ و بێ تام کردن.

n. (١) لیک؛ ئاوی دەم. (٢) قسەی قۆپ و بێ تام.

-driveler; driveller *(n.)*.

driven (driv′n), *past participle of* drive.

adj. (١) ڕامانراو و کۆمەڵ کراو *(~ snow)*. (٢) والێکراو؛ پاڵ پێوەنراو *(~ mad)*.

driver (drīv′ĕr), *n.* (١) (ا) لێخوڕ (ئوتومبیل، گالیسکە، ئەسپ... هتد)؛ شۆفێر: *(taxi- ~)* (ب) سوار (ئەسپ، ووشتر... هتد). (٢) شوان؛ گاوان

(٣) کەسێک کە زۆر ئیش بە بەردەستەکانی دەکات و ماندووبان دەکات.

(٤) چەکوش. (٥) گورزی گۆڵف

(٦) ئەو بەشەی مەکینە کە دەبیزوێنێت یا ایڵی دەخورێت.

driver's license, مۆڵەتی ئوتومبیل لێخورین.

driver's seat, بەدەستەلات؛ سەرگەورە؛ لێپرسراو.

driveway (drīv′wā′), *n.* ڕێگەی ئوتومبیلی نێوان ماڵێک و شەقامەکەی بەردەمی

driving (drīv′iŋ), *adj.* (١) بزوێن (مەکینە).

(٢) توند؛ تووندوتیژ؛ قایم؛ بەتین: *(a ~ rain)*

(٣) چالاک؛ بەزەبر (مرۆڤ).

drizzle (driz′l), *v.i.* تەپوتم کردن؛ نمەنم بارین.

n. تەپوتم؛ نمەنمی باران؛ پرووشە باران.

-drizzly *(adj.)*.

droit (droit), *n.* ماف.

dromedary (drom′ə-der′i), *n.* وشترێی عەرەبی کە یەک کۆپارەی هەیەو زۆر خێرایە

drone (drōn), *n.* (١) نێرە هەنگ (کە چزووی نییەو کارناکات و تەنها بۆ جووت بوون دروستە بووە). (٢) کەسێکی بێکار کە ڕەنجی خەڵکی تر

دەخوات؛ مفتەخۆر؛ کەسێکی تەمەڵ کە بار بێت بەسەر خەڵکەوە.
(٢) فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان کە بە تەلسز ئ دەخوڕێنت.

v.i. مفت خواردن؛ تەمەڵی کردنو بوون بە بار بەسەر خەڵکەوە؛ کات کوشتن.

drone (drōn), *v.i.* (١) ووزەووزکردن؛ دەنگێکی یەک نەواو بەردەوام لێوەهاتن وەک دەنگی پووپە هەنگ). (٢) دووان بەشێوەیەکی یەک نەواو ووشك.

n. (١) ووزەووز؛ دەنگێکی یەك نەواو بەردەوام. (٢) زوپنا. (٣) ناوازێکی یەك نەواو نزم.

drool (drōōl), *v.i. & v.t.* (١) ئاو زانە دەمەوە؛ ئاوی دەم تکان. (٢) [Slang]. قسەی قۆپو بێ تام کردن؛ قسەی مندالانەو هیچوپووچ کردن.

n. (١) لیك؛ ئاوی دەم. (٢) قسەی قۆپو مندالانە؛ قسەی هیچوپووچو بێ تام.

droop (drōōp), *v.i.* (١) داکەوتن؛ شۆڕبوونەوە:
(The branches of the willows ~ed over the water.; The leaves (flowers, plants, trees, etc.) were ~ing.)
(٢) ووزە نەمان؛ لاوازبوون؛ هێز پێ نەمان
(٣) پەست بوون؛ مەلوول بوون؛ کۆست کەوتن: *(His spirits ~ed.)*.

v.t. شۆڕکردنەوە؛ داهێلان

n. شۆڕبوونەوە؛ داکەوتن.

droopy (drōōp′i), *adj.* داکەوتوو؛ شۆڕ؛ شۆڕبووەوە؛ پەست؛ مەلوول؛ غەمگین *(~ eyes, flowers, leaves, spirits, etc.)*.

-droopily *(adv.)*; **droopiness** *(n.)*.

drop (drop), *n.* (١) دڵۆپ؛ تنۆك؛ نمە. (٢) چڕ (ئاو، شلە). (٣) نەخت. (٤) *(pl.)*، دەرمانی شلەی بە دڵۆپ (دەرمانی چاو). (٥) شتێکی خڕی بچووك (وەك: گوارە، مرووی، نوقڵ... هتد). (٦) شکان (نرخ)؛ کەمبوونەوە؛ هاتنەخوارەوە: *(a ~ in prices)*. (٧) کەوتنەخوارەوە؛ بەربوونەوە؛ داکەوتن؛ شۆڕبوونەوە. (٨) شتێك کە دادەدرێتەوە یا بەردەدرێتەوە. (٩) ماوەی بەربوونەوە یا کەوتنەخوارەوەی شتێك؛ ماوەی نێوان شوێنێکی بەرز و شوێنێکی نزم: *(a ~ of fifty feet)*.

v.i. (١) دڵۆپ دڵۆپ هاتنەخوارەوە؛ تك تك ئ هاتنەدەرەوە. (٢) کەوتنەخوارەوە؛ بەربوونەوە؛ کەوتن. (٣) کەوتنە سەر زەوی (لەبەر ماندوویی، بریندار، یا مردن). (٤) کەوتن خەوێکەوتن): *(She ~ped off to sleep.)*. (٥) دوایی هاتن؛ کۆتایی پێ هاتن؛ بڕینەوە: *(Let the matter ~ .)*. (٦) شکان (نرخ، پلەی گەرما)؛ کەمبوونەوە؛ نزم بوونەوە. (٧) بەربوونەوە یا هاتنەخوارەوە بە تەووژمی با یا ئاو. (٨) زاین گیاندار).

v.t. (١) تکاندن؛ بە دڵۆپ دڵۆپ بەردانەوە. (٢) هەڵپرژاندن. (٣) بەردانەوە؛ خستنەخوارەوە؛ فڕێدان. (٤) زاین؛ تۆمکین؛ بەچکەبوون. (٥) بە لامسەرلایی پرتاندن (پێشنیاز، ووتە، لاپەڕ). (٦) ناردن نامە *(to ~ someone a line)*. (٧) خستن بە بریندارکردن یا کوشتن. (٨) بڕینەوە (باس)؛ وازلێهێنان؛ کۆتایی پێ هێنان: *(to ~ a subject)*. (٩) شۆڕکردنەوە؛ نزم کردنەوە (١٠) بواردن یا پەراندنی تیپێك یا چەند تیپێك لە ووشەیەکدا. (١١) هێلکە شکاندنو کردنە ناو ئاوی گەرمەوە بە ساغی بۆ کوڵاندنی. (١٢) [Colloq.]. دانان یا بەجێهێشتنی کەسێك یا شتێك لە شوێنێکدا *(She ~ped him off at school.)*. (١٣) [Slang]. پارە دۆڕاندن؛ لەکیس چوون

at the drop of a hat, زۆر بەئاسانی؛ بەکەمەرا؛ بێ پارایی؛ تەنها بە نیشانە پێدانێك

drop behind, بەجێمان؛ دواکەوتن؛ کەوتنە دواوە.

drop by, سەرلێدانێکی کورت یا چاوەڕوان نەکراو.

drop in, سەرلێدانێکی کورت یا چاوەڕوان نەکراو.

drop off, (١) ڕۆیشتن؛ لە چاو وون بوون. (٢) [Colloq.]. خەوڵێکەوتن

drop out, خۆکشانەوە (لە ئەندامێتی یا بەشداربوون)؛ وازهێنان.

drop leaf, لایەکی مێز کە دەنووشتێنرێتەوە لەکاتی بەکارنەهێناندا.

droplet (drop′lit), *n.* دڵۆپێکی زۆر بچووك.

drop letter, نامەی ناوخۆ: نامەیەك کە دەگەیەنرێ بە خاوەنەکەی لەلایەن هەمان پۆستەخانەوە کە لێوەی نێردراوە.

dropout (drop′out′), *n.* قوتابی وازهێنەر لە خوێندن (بەتایبەتی هی ناوەندی و نامادەیی)

dropping (drop′iŋ), *n.* (١) خستنەخوارەوە؛ کەوتنەخوارەوە. (٢) شلەی بە دڵۆپ دڵۆپ کەوتووەخوارەوە. (٣) *(pl.)*. ڕیقنەو شیاکەو تەرس و پشقل.

dropsy (drop′si), *n.* ئاوبەنگ.

-dropsical *(adj.)*.

droshky (drosh′ki, drôsh′ki), *n.* گالیسکە؛ عەرەبانەی دوو-ئەسپی

dross (drôs, dros), *n.* (١) بەڵغ یا خڵتەو پیسی سەر ڕووی کانزای تووا‌وە. (٢) زبڵ؛ پیسی؛ خڵتە؛ شتی هیچوپووچو بێ نرخ.

-drossiness *(n.)*; **drossy** *(adj.)*.

drought (drout), *n.* (١) بێ بارانی؛ ووشکە سال؛ ووشکانی؛ کەم بارانی. (٢) نەبوونی؛ کەمی؛ قاتی. (٣) [Archaic]، تینوێتی

-droughty *(adj.)*.

drove (drōv), *n.* (١) ڕان (ئاژەڵ)؛ گاگەلێك کە بەڕێوەبێت. (٢) کۆمەڵە خەڵك (کە بجوولێن یا بەڕێوەبەن). (٣) ئەسکەنەی خانووساز بۆ بەرد نەقاڕی کردن.

v.t. & v.i. (١) بەرد نەقاڕی کردن بە نەسکەنەی تایبەتی. (٢) [British]، شوانی یا گاوانی کردن؛ ئاژەڵو گاگەل لێخوڕین.

drove (drōv), *past tense of* **drive**.

drover (drōv′ĕr), *n.* (١) ئاژەڵ لێخوڕ؛ ئاژەڵ بەر بۆ بازاڕ بۆ فرۆشتن. (٢) دەڵاڵی ئاژەڵ کڕینو فرۆشتن.

drown (droun), *v.i.* خنکان لە ئاودا؛ نوقم بوونو مردن.

v.t. (١) خنکاندن لە ئاودا؛ نوقم کردن لە ئاوداو خنکاندن. (٢) لە ئاو هەڵکێشان؛ لە ئاودا نوقم کردن؛ زۆر باش تەپکردن. (٣) مراندن (دەنگ): *(The few boos were ~ed out by applause.)*. (٤) لە کۆڵ کردنەوە؛ لەناوبردن؛ سەرنگوم کردن؛ نەهێشتن (بە نقوم کردن). *(He ~ed his worries in drink.)*

drowse (drouz), *v.i.* وەنەوزەکوتان؛ خەوهاتن؛ خەولێکەوتن.

v.t. (١) هێنانە خەو؛ کردنە خەو؛ خەولێخستن؛ خاوکردنەوە. (٢) بە وەنەوزەکوتان کات بەسەربردن.

n. وەنەوزەکوتێ؛ خەوالوویی؛ خەوهاتن.

drowsiness (drou′zi-nis), *n.* وەنەوزەکوتێ؛ خەوالوویی؛ خەوهاتن.

drowsy (drou′zi), *adj.* (١) خەوالوو؛ خەوی دێت؛ وەنەوزەکوتێیەتی. (٢) خەولێخەر؛ هێنەرەخەو. (٣) لە وەنەوزەکوتێ یا خەوالوویی‌یەوە پەیدابوو

drub (drub), *v.t.* (١) دارکاری کردن؛ فەلاقەکردن. (٢) بەزاندن (جەنگ، ملەملێ).

n. لێدان بە دار؛ فەلاقە؛ پیامانێ

drudge (druj), *n.* کەسێك کە ئیشی دەستی قورس و ووشك و ناخۆش دەکات

v.i. ئیشی دەستی قورس و ووشك و ناخۆش کردن

drudgery (druj′ĕr-i), *n.* ئیشی دەستی قورس و ووشك و ناخۆش؛ کولەمەرگی؛ کوێرەوەری

drug (drug), *n.* (١) دەرمان. (٢) ماددەی بێهۆشکەر (وەك حەشیشە، تلیاك). (٣) [Obs.]، ماددەی کیمیایی؛ خوم.

v.t. (١) دەرمان پێدان. (٢) ژەهرتێکردن (خواردنەوە). (٣) بێ هۆش کردن بە دەرمانی بێ هۆشکەرە؛ هەست سڕکردن.

drug on the market, کاڵایەکی بێ بازاڕ (لەبەر زۆرو زەبەنەیی).

drug addict, حەشیشەکێش؛ تلیاك خۆر.
drugget (drug′it), *n.* لباد؛ حەسیر.
druggist (drug′ist), *n.* (۱) دەرمانفرۆش؛ بازرگانی دەرمان. (۲) دەرمانسار؛ دەرمانگەر؛ ئەجزاچی.
drugstore (drug′stôr´, drug′stōr´), *n.* دەرمانخانە؛ ئەجزاخانە.
druid, Druid (drōō′id), *n.* پیاوێکی ئایینی جادووگەر، یا فالچی سیلتەکانی کۆن.
drum (drum), *n.* (۱) تەپڵ؛ دەهۆڵ. (۲) دەنگی دەهۆڵ؛ دەنگی تەپڵ لێدان. (۳) شتێك كه له تەپڵ بكات. (٤) بەکرە یا لوولەکی ئاسن. (٥) پیپی ئاسن. (٦) (ب) گوێی ئاوەڕاست.
v.i. (۱) تەپڵ لێدان؛ دەهۆڵ لێدان. (۲) هەڵمسان.
v.t. (۱) تەپڵ لێدان؛ دەهۆڵ لێدان. (۲) کۆکردنەوە بە تەپڵ لێدان.
drum into, پەیتا پەیتا بۆ دەرخستن یا چێ ووتن
drum out of, (۱) لە سوپا دەرکردن بە تەپڵ لێدانەوە. (۲) دەرکردن
drum up, (۱) کۆکردنەوە یا بانگ کردن بە تەپڵ لێدان. (۲) یارمەتی کۆکردنەوە بە داواکردنو مال بە مال گەڕان.
(to drum up support for a cause)
drumbeat (drum′bēt´), *n.* دەنگی دەهۆڵ؛ دەنگی تەپڵ لێدان
drumhead (drum′hed´), *n.* (۱) چەرمی تەپڵ (۲) پەردەی گوێی ئاوەڕاست (۳) سەری بەکرەیەکی دەستاپێ کە شیشی پێدادەکرێت بۆ بادانی بەکرەکەو گوریس هەڵکردن لەسەری.
drumhead court-martial, دادگای سوپایی مەیدانی جەنگ
drum major, سەردەستەی تەپڵ لێدەران لە خۆنوواندنێکدا
drum majorette, کچە سەردەستەی تەپڵ لێدەران
drummer (drum′ĕr), *n.* (۱) تەپلچی؛ تەپڵ لێدەر؛ دەهۆڵ ژەن (۲) [Colloq.] فرۆشیاری گەڕۆك.
drumstick (drum′stik´), *n.* (۱) داری تەپڵ لێدان (۲) لاخاوی لاقە مریشکی کوڵاو یا هی باڵندەیەکی تر.
drunk (druŋk), *past participle of* **drink.**
adj. (۱) سەرخۆش؛ مەست؛ کەیل (۲) شەیدا؛ شێتوشەیدا *(~ with joy, happiness, etc.)*.
n. [Slang], (۱) کەسێکی سەرخۆش. (۲) ناهەنگی خواردنەوەی سەرخۆشکەر.
drunkard (drun′kĕrd), *n.* کەسێکی هەمیشە سەرخۆش؛ کەسێك کە زۆر زۆو زۆو دەخواتەوەو سەرخۆش دەبێت.
drunken (druŋ′kən), *adj.* (۱) سەرخۆش؛ مەست (۲) هەمیشە سەرخۆش (۳) لە ئەنجامی سەرخۆشیەوەیە؛ لەکاتی سەرخۆشیدا پووداوە.
drunkenness (druŋ′kən-nis), *n.* سەرخۆشی؛ مەستی؛ کەیلی
dry (drī), *adj.* (۱) وشک؛ وشك‌وبرنگ؛ بێ شێ (۲) وشکانی. (۳) بێ باران؛ کەم باران؛ وشك *(a ~ summer)*. (٤) سپس؛ وشکەوەبوو؛ هەڵپووکاو؛ هەڵقرچاو. (٥) تینوو. (٦) وشت کردوو (بێر، ئاژەڵ)؛ وشك *(a ~ well, cow, sheep, etc.)*. (۷) بەبێ کەرەو مرەبا (نان) *(a ~ toast)*. (۸) رەق؛ شلە نەبێت؛ وشك (خواردەمەنی)؛ وشکەمەنی *(~ foods)*. (۹) شیرین نەبێت؛ شیرین نەکراو (شەراب) *(~ wine)*. (۱۰) بەڵغەمی لەگەڵ نەبێت؛ وشك (کۆکە) *(a ~ cough)*. (۱۱) خواردنەوەو فرۆشتنی یا تەنها فرۆشتنی شەرابو خواردنەوەی تری *(Kansas was a ~ State.)*. (۱۲) سادە؛ ڕاستەوخۆ؛ بێ پێچ‌وپەنا؛ سارد *(~ facts)*. (۱۳) بێ سوود؛ بێ ئەنجام *(a ~ interview)*. (۱٤) وشك (کار، پیرۆزا)؛ ناخۆش (ئیش، دووان)؛ *(a ~ lecture)*. (۱٥) نادیارو بەتەوسەوەو وشك *(a ~ sense of humor)*.
n. [Colloq.], کەسێك کە دژی خواردنەوەو فرۆشتنی شەرابو خواردنەوەی تری سەرخۆشکەر بێت.

v.t. وشك کردنەوە.
v.i. وشکبوونەوە؛ کزبوونەوە.
dry off, وشك کردنەوە (لەش).
dry up, (۱) وشك کردنەوە؛ وشك کردن؛ هەڵقرچاندن؛ *(The hot sun dried up all the puddles in the road.)* (۲) وشك بوون؛ هەڵقرچان (ڕووەك)؛ وشکبوونەوە؛ *(The streams dried up during the hot summer.)* (۳) [Slang]، زمان یا دەم وشك بوون؛ دەم بوون بە تەنەوە؛ قسە پێ نەمار
dryad, Dryad (drī′əd, drī′ad), *n.* حۆری دارستان (نەفسانەی یۆنانی). -dryadic *(adj.)*.
dry cell, شانەی وشك (کارەبا)؛ باتری وشك.
dry-clean (drī′klēn′), *v.t.* بە بەنزین یا شتی تری وەها شتن (جل). -dry-cleaner *(n.)*.
dry cleaning, بە بەنزین یا شتی تری وەها جل‌وبەرگ شتن؛ وشکەشۆر کردن
dry dock, گۆمێکە دەتوانرێت ئاوەکەی بەتاڵ بکرێتەوە و کەشتی تێدا دروست بکرێت یا چاك بکرێتەوە.
dryer (drī′ĕr), *n.* = drier.
dry goods, کووتاڵو جل‌وبەرگ.
dry ice, سەهۆڵی وشك (کە بریتیەیە لە دووەم ئۆکسیدی کاربۆن کە بیبەستێت)؛ بۆ ڕاگرتنی شت بە ساردی بەکاردێت، وەك ئێسقانی شکاو و لەجن‌چوو بە گەرم‌وگووڕی کە تازە وای لێ هاتبێت.
dry kiln, کووڕەی وشك: بۆ وشك کردنەوەی دارو تەختە بە گەرمی دەستکرد.
dry law, یاسای قەدەغەکردنی دروستکردنو فرۆشتنی شەرابو خواردنەوەی تری سەرخۆشکەر.
dryly (drī′li), *adv.* بە ساردی (لەگەڵ جووڵانەوە)؛ بە وشکیەکەوە.
dry measure, کێشەی وشك: بۆ کێشانو پێوانی دانەوێڵەو خواردنی تری وشك.
dryness (drī′nis), *n.* وشکی.
dry nurse, دایەنێك کە مەمك نەدات بەو منداڵەی چاودێری دەکات.
dry run, [Military Slang], (۱) تاقیکردنەوە یا ڕاهێنانێکی تفەنگچێتی بەبێ بەکارهێنانی گوللەو تەقەمەنی ڕاستەقینە (سوپا)؛ تاقیکردنەوەیەکە بەبێ بەکارهێنانی کەرەسەی ڕاستەقینە. (۲) پەڕاوە (بۆ هەر جۆرە پووداوێك).
dry-salt (drī′sôlt´), *v.t.* خوێ کردن بۆ پاراستن (گۆشت، قاوورمە).
dry wash, شۆرراو و وشك کراوە بەڵام لە ئوتو نەدراو (جل‌وبەرگ).
duad (dōō′ad, dū′ad), *n.* جووت؛ دوان.
dual (dōō′əl, dū′əl), *adj.* (۱) دوان؛ جووت؛ جوتە؛ دوانە: *(~ ownership; ~ purpose)* (۲) دوولایی؛ دووسروشتی؛ دووکەرتی؛ دوانەیی؛ دووڕویی: *(He has a ~ nature.)* (۳) جووت (ڕێزمان)؛ جووت.
n. وشەی جووت یا دوانی (ڕێزمان)؛ لە هەندێ زمانداوەك: عەرەبی، یۆنانی، سانسکریتی... هتد.
dualism (dōō′əl-iz′m, dū′əl-iz′m), *n.* (۱) دوانەیی؛ دوولایی؛ دوو بەشی دژ بە یەك؛ جیاوازی؛ دووسروشتی. (۲) تیۆریەکە دەڵێت: جیهان لە دوو شت پێکهاتووە، مێشك و لەش، واتە بیرو نەبیرو (فەلسەفە). (۳) (ا) تیۆریەکە دەڵێت: جیهان دوو هێزی دژ بە یەك بەڕێوەی دەبەن، باشی و خراپی (ئاین). (ب) بیروڕایەکە کە دەڵێت: مرۆڤ دوو سروشتی هەیە، لەشی و گیانی. -dualist *(n.)*.
duality (dōō-al′ə-ti, dū-al′ə-ti), *n.* دووسروشتی؛ دوولایی؛ ڕێبازی دوولاگری؛ دوو بەشی دژ بە یەك.

dual personality, کەسێکی دووسەروشت (دەروونناسی).
dual purpose, دوو کەڵکدار؛ دوو کاری پێ دەکرێت.
dub (dub), *v.t.* (۱) لێدان؛ پیادان؛ پیامالین. (۲) لێدان (تەپڵ). (۳) ناو نازناو، یا سەرناو پێ بەخشین؛ ناوی گەورە لێنان. ٤) ساف‌ولووس و ڕێک کردن (دار، تەختە). (٥) نەرم‌و ساف‌ولووس کردن (چەرم). (٦) [Slang]: خراپ لێدان (گۆڵف).
n. (۱) دەنگی تەپڵ یا دەهۆل. (۲) [Slang]، تەپڵ ژەنێکی نەشارەزا. (۳) [Slang]، کەسێکی حۆل ناکارامەی ناقۆڵای هیچ نەزان.
dub (dub), *v.t.* تۆمارکردنی پارچە مۆسیقایەک لە پارچە مۆسیقایەکی تردا.
n. گفتوگۆو مۆسیقای تازە خراوەسەر فیلمی سینەما (بەتایبەتی هی فیلمێکی بیگانە).
dub in, (۱) گفتوگۆو مۆسیقا خستنەسەر فیلمی سینەما. (۲) گفتوگۆو مۆسیقای نوێ خستنەسەر فیلمێکی سینەما لە جێی هی فیلمەکە خۆی.
dubious (dōō′bi-əs, dū′bi-əs), *adj.* (۱) دوور مانا بەخش (تێبینی، ستایش)؛ گومان لێکراو: *(a ~ remark, compliment, etc.)* . (۲) دوودڵ؛ بەگومان: *(to feel ~ about something)* . (۳) نەنجامی نازانرێ؛ خۆبەختە؛ نازانرێ چۆن دەبڕێتەوە: *(a ~ battle)* . (٤) پشتی پێ نابەسترێ (مرۆڤ)؛ گومان لێکراو: *(a ~ person)* .
dubitable (dōō′bi-tə-b'l, dū′bi-tə-b'l), *adj.* جێی گومانە؛ گومان لێکراو؛ مسۆگەر نەبێ.
ducal (dōō′k'l, dū′k'l), *adj.* تایبەتی بە دۆق یا دۆق نشین.
ducat (duk′ət), *n.* (۱) دەکەت؛ یارەیەکی زێڕ یا زیوی ئەوروپایی کۆنە. (۲) [Slang]، بلیت.
duchess (duch′is), *n.* (۱) ژنە دۆق؛ ژنە میر. (۲) میری ژن یا بەگزادە ژنی سەرۆکی ناوچە.
duchy (duch′i), *n.* دۆق نشین؛ میرنشین؛ دۆقی ژن نشین.
duck (duk), *n.* (۱) مراوی. (۲) گۆشتی مراوی. (۳) [Colloq.]، کەسێکی خۆشەویست. (٤) [Colloq.]، کەسێکی سەیر. (٥) [Colloq.]، کەسێکی حۆل. (٦) ئوتومبیل یا هۆیەکی هاتوچۆی ڕەوڕەوەداری تەڕو وشکانی.
like water off a duck's back, پێوەی نالکێت یا ناوەستێت؛ کاری تێ ناکات.
duck (duk), *v.t. & v.i.* (۱) خۆفرێدانە ناو ناوەوە؛ خستنەناو ناوەوە یا نوقم کردن بۆ هەناسەیەک. (۲) بەیەلە خۆ لێ لادان (گوللە، بەرد، شتی فرێدراو یا کەوتووە خوارەوە)؛ سەردانەواندن، وەرگەڕان، خۆشاردنەوە یا خۆلادان بەیەلە بۆ شت بەرنەکەوتن. (۳) خۆ لێ دزینەوە (ئەرک، کار، کەس).
duck (duk), *n.* جۆرە کەتان یا قوماشێکی قایم.
duckbill (duk′bil′), *n. Also* platypus, گیاندارێکی ئاوی بچووکی شیردەری هێلکەکەری قاچ تەنراوە دەنووکی لە هی مراوی دەچێت.
ducking stool, کورسی بێ پشتی لە ئاو هەڵکێشان: کورسییەکی بێ پشتە مرۆڤی بەدکارو تاوانباری پێوە دەبەسترایەوەو دەخرایە ناو ئاوەوە (جۆرە سزایەک بوو بۆ ئافرەتی شەڕەنگێز لە ئەمەریکا).
duckling (duk′liŋ), *n.* بەچکە مراوی.
ducks and drakes, یاری بەردەاویشتن بەسەر ڕووی ئەستێل یا گۆمێکی گەورەدا: بە مەرجێک چەند جارێک ڕووی ئاوەکە بپەڕێنێت ئەوسا بکەوێتە ناو ئاوەکەوە.
play ducks and drakes with one's money, پارەی خۆ بەفیڕۆدان (وەک ئەوەی فڕێی بدەیتە ناو ئاوەوە).
ducky (duk′i), *adj.* [Slang], نایاب؛ زۆر خۆش و جوان و باش.
duct (dukt), *n.* (۱) بۆری؛ لوولە؛ ناوبارە؛ جۆگە. (۲) بۆری، لوولە، یا دەماری ناولەش (بۆ بردنی شلەی دەردراو یا پیسایی).
ductile (duk′t'l, duk′til), *adj.* (۱) چەر (کانزا)؛ دەکشێنرێت؛ قرچوک نەبێ *(~ metals)* . (۲) پلاستیکی؛ شلک؛ نەرم.

(۳) بەئاسانی دابین دەکرێ یا بەڕێوە دەبرێ.
dud (dud), *n.* (۱) فیشەکی بۆش یا چرووک؛ گوللە یا بۆمبایەک کە نەتەقیبێتەوە. (۲) کەسێکی چرووک؛ کەسێکی بێ هونەر، کوونی، یا هیچ‌وپووچ؛ شتێکی پووچەڵ یا چرووک.
dude (dōōd, dūd), *n.* (۱) پیاوێکی زۆر تەڕپۆش؛ پیاوێک کە نەوەندە بە تەنگ جل‌وبەرگ‌و ڕووالەتی‌یەوە دێت بە پەلەپیتکە خۆی دەتەکێنێ. (۲) [Slang]، شلەشاری؛ کابرا؛ زەلام (بەتایبەتی دانیشتووی شار یا گەشتیار).
dude ranch, گەشتگای دەرەوەی شار کە گەشتیاران بە سواری ئەسپ و هەڵەو وەرزشتی ترەوە کات بەسەردەبەن تیایدا.
due (dōō, dū), *adj.* (۱) کاتی دانەوەیەتی (قەرز): *(The first payment is ~ . ; The rent is ~ .)* (۲) ڕەوا؛ شایستە: *(Give him ~ respect.)* . (۳) (ا) ئەوەندەی یا نەوەی پێویستە: *(~ care)* (ب) لە کاتی خۆیدا؛ چۆن پێویستە وەها: *(in ~ time; in ~ course)* (٤) کاتی خۆیەتی؛ کاتی گەیشتێتی (فڕۆکە، شەمەندەفەر، پاس... هتد): *(The plane is ~ at 6:00 P.M.)*
adv. بەتەواوی؛ تەواو؛ یەکسەر (ڕاستە): *(~ west)* .
n. (۱) نەوەی کاتی دانەوەیەتی؛ نەوەی ڕەوایە یا شایستەیە. (۲) *(pl.)*، ئابوونە.
become (or fall) due, کاتی دانەوەی یا دانی دەبێت.
due to, لەبەر؛ بەهۆی.
give the devil (or a person) his due, مافی خۆ پێدان ئەگەرچی پێشی ڕەوا نەبێت.
due date, ڕۆژی دانەوە (قەرز)؛ ڕۆژی گەڕاندنەوە (شتی خواستراو).
duel (dōō′əl, dū′əl), *n.* (۱) شێربازی؛ شەڕەشیر؛ شمشێربازی. (۲) دووبەرەکی؛ ملەملێ؛ شەڕ (بە دەم): *(a verbal ~)* .
v.i. & v.t. شێربازی کردن؛ شەڕەشیرکردن.
duelist, duellist (dōō′əl-ist, dū′əl-ist), *n.* شێرباز.
dues (dōōz, dūz), *n.pl.* ئابوونە.
duet (doō-et′, dū-et′), *n.* (۱) گۆرانی یا ئاوازی دووقۆڵی. (۲) دوو کەس کە پێکەوە گۆرانی بڵێن یا مۆسیقا لێ بدەن.
duffel, duffle (duf′'l), *n.* (۱) قوماشێکی خوری نەستوورە.
(۲) پێویستی ڕاوچی. کەشتی‌یەوان، یا دەشتەوانێک کە لەگەڵ خۆیاندا دەیبەن.
(۳) پێویستی کەسێک کە دەچێتە چادرگاو لەگەڵ خۆیدا دەیبات.
duffel bag, تووڕەکەیەکی نەستوورە وورەدشتی تێ دەکرێ‌و دەدرێ بەسەر شانا.
duffer (duf′ēr), *n.* (۱) [Obs.]، دەستگیر (بەتایبەتی هی خشڵ و شتی وەهای هەرزانبەها). (۲) [Slang]، کەسێکی ناکارامە، حۆل، یا بێ مێشک.
dug (dug), *past tense and past participle of* dig.
dug (dug), *n.* گوان؛ گۆمەکی گیاندار.
dugout (dug′out′), *n.* (۱) بەلەمێکە لە دارێکی هەڵکەندراو کراوە. (۲) پەناگا. (۳) کونجێکە یاریکەرانی "بێسبۆڵ" تێدا کۆدەبنەوە کاتی حەوانەوە.
duke (dōōk, dūk), *n.* (۱) دۆق: شازادەیەکە کە فەرمانڕەوای ناوچەیەکی سەربەخۆیە. (۲) شازادە؛ بەگزادە.
dukedom (dōōk′dəm, dūk′dəm), *n.* (۱) دۆق نشین؛ شازادەنشین. (۲) پلەوپایەی دۆق.
dulcet (dul′sit), *adj.* (۱) خۆش نەوا؛ خۆش ئاواز. (۲) [Archaic]، خۆش (تام، بۆن)؛ شیرین.
dulcimer (dul′sə-mēr), *n.* سەنتوور.
dull (dul), *adj.* (۱) بێ مێشک؛ کەر؛ تێنەگەیشتوو. (۲) بێ هەست؛ هەست مردوو: *(to grief)* . (۳) سست؛ خاو. (٤) دڵ مردوو؛ سارد؛ وشک؛ مردوو. (٥) ووشکاو ناخۆش؛ ناخۆش؛ ووشک (مەجاز)؛ بێ تاقەتکەر.

(a ~ party, lecture, meeting, etc.)

(٦) کول *(a ~ blade)*

(٧) بێ ڕەنگ؛ کاڵ؛ مردوو (ڕەنگ). *(a ~ color)* .

(٨) ناتوندوتیژ؛ سووک *(a ~ headache)* .

(٩) باش ناناسرێتەوە یا دیاری ناکرێت (دەنگ، تەپە): *(a ~ thud)* .

(١٠) ناسوودە نەبەخش؛ ناخۆش: *(~ weather)* .

(١١) کز. بازڕ: *(Business is ~ .)* .

v.t. & v.i. (١) سڕکردن (هەست)؛ سڕبوون؛ خاوکردنەوە.

(to ~ the senses)

(٢) بێ هێشت کردن؛ بێ هێشت بوون *(to ~ the mind)*

(٣) کول کردن؛ کول بوون.

-dullness; dulness *(n.)*; **dully** *(adj.).*

dullard (dul′ĕrd), ***n.*** کەسێکی کەڕو بێ هێشت

duly (dōō′li, dū′li), ***adv.*** (١) بەپێی دەستوورو نەریت؛ بەڕێک‌وپێکی؛ چۆن پێویستە وەها *(a ~ - elected president)* .

(٢) لە کاتی خۆیدا؛ بەبێ دواکەوتن.

dumb (dum), ***adj.*** (١) لاڵ؛ بێ زمان

(٢) زمان بەستراو (لە ترس، خوڕیە، یا حەپەساندا) (٣) بێ دەنگ.

(٤) [Colloq.] گەمژە؛ بێ هێشت؛ گێل؛ کەر؛ دەبەنگ؛ کەودەن.

play dumb, خۆ گێل کردن؛ خۆ بە گێل پیشاندان

dumbbell (dum′bel′), ***n.*** (١) ئاسنێک هەردوو سەری تۆپە ئاسنە بە دەست بەرزەکرێتەوە بۆ ماسولکە بەهێزکردن

(٢) [Slang]. کەسێکی کەڕو گێژ بێ هێشت

dumbfound (dum′found′), ***v.t.*** = **dumfound.**

dumb show, (١) شانۆگەری یا نوواندنێکی بێ دەنگ.

(٢) نیشانەی بێ دەنگ؛ دەست‌و دەم‌وپێ‌و چاو جوڵاندن بەبێ دەنگ.

dumbwaiter (dum′wāt′ĕr), ***n.*** (١) تەپەکێکی بچووکە دەخرێتە لای مێزی ناخواردنەوە (٢) نەسانسێری چێشتخانە بۆ هێنان‌و بردنی خواردەمەنی و قاپ‌وقاچاغ لە نهۆمێکەوە بۆ یەکێکی تر.

dumdum (bullet), گوللەی دەمدەم گوللەیەکی لووت نەرمە کە لە نیشانەکەی دا دەناوسێت‌و دەبێتە هۆی بریندێکی گەورە.

dumfound (dum′found′), ***v.t.*** سەرسام کردن؛ حەپەساندن؛ سەرسوڕمان‌و زمان بەستن.

dummy (dum′i), ***n.*** (١) کەسێکی لاڵ یا بێ زمان

(٢) پەیکەری وەک نادەمیزاد بۆ پیشاندانی جل‌وبەرگ لە فرۆشگادا؛ بووکەشووشە (٣) شتێکی دروزنە (٤) دەسکەلا؛ نۆکەر؛ کەسێک کە بەسەرزاری سەربەخۆ بێت. بەڵام لە ڕێزەوە دەسکەلای کەسێکی تر بێت.

(٥) [Slang]. کەسێکی کەڕو بێ هێشت‌و گێژ.

(٦) گەڵاڵەی چاپەمەنی (٧) مەکینەی شەمەندەفەری دەنگ کپ کراو.

adj. (١) بێ دەنگ (٢) دروزنە؛ پووکەش؛ ساختە.

(٣) دەسکەلا؛ هەر بەناو *(a ~ corporation)*

dump (dump), ***v.t.*** (١) هەڵڕشتن؛ ڕۆکردن؛ ڕشتن

(٢) فرێدان (٣) شتومەک خستنە ناو بازارەوە بە نرخێکی هەرزان.

v.i. (١) هەڵڕزان؛ کەوتنەخوارەوەو کۆمەڵ بوون.

(٢) زبڵ فرێدان (٣) بازار پڕکردن لە شتومەک بە نرخی هەرزان.

n. (١) سەرەنوبلک

(٢) شوێنی تێ فرێدان‌و هەڵڕشتنی شتی بێ نرخ یا نەویستراو

(٣) شوێنێکی سەردەمی لە مەیداندا بۆ دابەشکردنی تەقەمەنی، خواردەمەنی، یا جل‌وبەرگ بەسەر لەشکردا.

(٤) [Slang]. شوێنێکی ناخۆش‌و ناشرین‌و بێ ئاسوودە

(٥) [Slang]. هەرشوێنێک؛ جێگەیەک

dump (dump), ***n.*** [Archaic]. (١) ئاواز یا گۆرانیەیەکی دڵگیر.

(٢) گۆرانی یا ئاواز

in the dumps, پەست؛ مەموون؛ غەمبار؛ خەفەتبار.

(He is down in the dumps.)

dumpling (dump′liŋ), ***n.*** (١) تۆپەڵە هەویرێکی خڕە وەک کلکەی بچووک کە لەئاو شۆربا یا شلەدا دەکوڵێنرێت.

(٢) شیرینیەیەکە بریتیەیە لە پارچە نانی لە میوە پێچراوەو پێشێنراو.

(٣) [Colloq.]، کەسێک یا گیاندارێکی کورت‌و قەڵەو.

dump truck, گەلاڵبە.

dumpy (dump′i), ***adj.*** کورت‌و تۆکمە؛ کورت‌و قەڵەو.

dumpy (dump′i), ***adj.*** پەست؛ غەمبار؛ خەفەتبار.

dun (dun), ***adj.*** دێز؛ بۆر.

n. (١) ڕەنگی دێز یا بۆر (٢) جۆرە مێشێکە.

dun (dun), ***v.t. & v.i.*** پەیتا پەیتا داوای قەرزکردنەوە.

n. کەسێک کە پەیتا پەیتا داوای قەرزەکەی دەکاتەوە.

dunce (duns), ***n.*** (١) کەسێکی نەزان‌و ووشک

(٢) کەسێکی دەبەنگ، کەودەن، گەلۆز، یا بێ هێشک.

dune (dōon, dūn), ***n.*** گردۆڵکەی لم.

dung (duŋ), ***n.*** (١) شیاکە؛ سەنێر؛ تەپاڵە؛ ڕیتاڵە.

(٢) پیسایی؛ پیسی.

v.t. پەیناوکردن (کێڵگە).

dungaree (duŋ´gə-rē′), ***n.*** (١) جۆرە قوماشێکی نەستوورە.

(٢) *(pl.)*، پانتۆڵ یا بەرگی سەرتاپای لەم قوماشە دروستکراو (بەرگی کار).

dung beetle, قالۆنچەی ناو شیاکەو سەر سەرەنوێڵک.

dungeon (dun′jən), ***n.*** (١) سەنگەری ناو قەڵا؛ قەڵا

(٢) زیندان؛ ژوورێکی تاریکی ژێرزەمین (لە بەندیخانەدا یا وەک بەندیخانە ناخۆش).

dunghill (duŋ′hil′), ***n.*** (١) سەرەنوێڵک؛ کۆمەڵە شیاکە یا تەپاڵە.

(٢) شتێکی پیس.

dunk (duŋk), ***v.t. & v.i.*** لە قاوە، شیر، یا شۆربا هەڵکێشان پێش خواردنی (کێک، نان، بسکویت... هتد).

dunnage (dun′ij), ***n.*** (١) ناوئاخنی نەرم کە دەخرێتە ژێر سنووق‌و دەوروپشتی بۆ پاراستنی لەسەر کەشتی. (٢) جانتا‌و باوڵ‌و کەل‌وپەل.

duo (dōō′ō, dū′ō), ***n.*** گۆرانی یا ئاوازی دووقۆڵی.

duodecimal (dōō ´ə-des′ə-m'l, dū ´ə-des′ə-m'l), ***adj.*** دوانزەهەم؛ تایبەتی بە دوانزە یا دوانزەیی.

n. (١) دوانزەیەک. (٢) *(pl.)*، شێوازی ژماردنی دوانزەیی (بیرکاری).

duodenum (dōō ´ə-dē′nəm, dū´ə-dē′nəm), ***n.*** ڕیخۆڵەی دوانزەگرێ.

duologue (dōō′ə-lôg´, dū′ə-lôg´), ***n.*** گفتوگۆی دووقۆڵی (بەتایبەتی لەسەر شانۆ).

dupe (dōōp, dūp), ***n.*** کەسێکی خۆش باوەڕ یا ساویلکە؛ کەسێکی بەئاسانی هەڵخەڵەتێنراو.

v.t. خەڵەتاندن؛ فریودان؛ لەخشتەبردن؛ ساختە لێکردن.

dupery (dōōp′ĕr-i, dūp′ĕr-i), ***n.*** ساختە؛ ساختە لێکردن؛ خەڵەتاندن.

duple (doo′p'l, dū′p'l), ***adj.*** دوو ئەوەندە؛ دوانە؛ دوان.

duplex (dōō′pleks, dū′pleks), ***adj.*** (١) دوو ئەوەندە (مەکینە).

(٢) دوولا یا دووبەش (مەکینە).

n. (١) خانوویەکی دوولا یا دوو بەش (کە هەر بەشەیان سەربەخۆیەو بۆ خێزانێکە). (٢) ژوورێکی دووخانەیی لە شەمەندەفەردا.

duplex apartment, خانوویەکی دوو نهۆمی.

duplex house, خانوویەکی دوو بەش (کە هەر بەشەیان سەربەخۆبن‌و مافێکی تێدابێت)

duplex telegraphy, ناردنی دوو بروسکە بە یەک تەلدا لە یەک کاتداو بۆ دوو لای جیاواز.

duplicate (dōō′plə-kit, dū′plə-kit), ***adj.*** (١) دوان؛ دوانە.

(٢) دەقاودەق. (٣) دوو بەشی چوونیەکی هەیە.

n. (١) وێنەی دەقاودەق. (٢) هاوتا؛ بەرامبەر.

v.t. (۱) دوو قات کردن؛ دوو نەوەندە کردن
(۲) وێنەی دەقاودەق دەرهێنان؛ لەسەر دەرهێنان؛ لەبەرگرتنەوە.
(۳) دووبارەکردنەوە؛ دووپاتکردنەوە (کردار، کار، ڕەفتار):
(She ~ her former success.)

in duplicate, بە دوو وێنەی دەقاودەق

duplicating machine, مەکینەی وێنەی دەقاودەق دەرهێنان.

duplication (dōō′plə-kā′shən, dū′plə-kā′shən), *n.* (۱) وێنەی دەقاودەق دەرهێنان؛ دووبارەکردنەوە. (۲) وێنەی دەقاودەق.

duplicator (dōō′plə-kā′tĕr, dū′plə-kā′tĕr), *n.* مەکینەی وێنەی دەقاودەق دەرهێنان.

duplicity (dōō-plis′ə-ti, dū-plis′ə-ti), *n.* دووڕوویی؛ دووزمانی؛ فێڵوتەڵەکەبازی

durability (door′ə-bil′ə-ti, dyoor′ə-bil′ə-ti), *n.* بەرگەگرتن؛ قایمی؛ مانەوەو نەدڕان. نەشکان، یا نەهەوتان؛ بەردەوامی.

durable (door′ə-b'l, dyoor′ə-b'l), *adj.* (۱) بەرگەگر؛ قایم؛ بەتین؛ بەکێش؛ بەگیر: *(~ cloth; a ~ pair of shoes)*.
(۲) چەسپیو؛ نەگۆڕ؛ بەردەوام: *(a ~ peace)*.

dura mater, پەردەی هەرە دەرەوەی مێشک و بڕیراگەی پشت (کە قایمو بەکێشە.

duramen (dyoo-rā′min), *n.* ناوچەرگەی ڕەقی قەدی درەخت

durance (door′əns, dyoor′əns), *n.* بەندی؛ خستنە بەندیخانەوە؛ خرانە زیندانەوە

duration (doo-rā′shən, dyoo-rā′shən), *n.* (۱) بەردەوام بوون؛ بەردەوامی؛ مان (۲) ماوەی خایاندن؛ ماوەی بەردەوام بوون؛ ماوە.

duress (doo-res′, dyoo-res′), *n.* (۱) بەندی؛ خستنە بەندیخانەوە؛ خرانە زیندانەوە (۲) زۆرەملێ؛ زۆر؛ بە زۆر؛ تۆپزی:
(to do something under ~ ; a confession signed under ~)

during (door′iŋ, dyoor′iŋ), *prep.* (۱) بە درێژایی کات؛ لەکاتی؛ لە ماوەی *(The sun gives us light and heat ~ the day.)*.
(۲) لەکاتی؛ لە کاتێکدا: *(He left ~ the lecture.)*.

dusk (dusk), *adj.* [Poetic], ڕەشباو؛ ڕەشتاڵە؛ تاریک.
n. (۱) زەردەپەڕ؛ تاریکو لێڵی پاش ڕۆژئاوابوون. (۲) تاریکی.

v.t. & v.i. تاریک کردن؛ تاریک داهاتن

dusky (dus′ki), *adj.* (۱) ڕەشباو؛ ڕەشتاڵە. (۲) تاریک؛ لێڵ. (۳) غەمگین؛ بەرچاو تاریک؛ پەست؛ خەفەتبار.
-duskily *(adv.)*; **duskiness** *(n.)*.

dust (dust), *n.* (۱) تەپوتۆز؛ تۆز.
(۲) هەندێکی زۆر تەپوتۆز کە وەک پەڵە هەور بوەستێت.
(۳) پشێوی؛ سەر لێ شێواوی؛ هەراوهوریا. (٤) خاک؛ خۆڵ؛ گڵ.
(٥) پاشماوەی لەشی ڕزیو کە دەبێت بە خۆڵ یا گڵ.
(٦) ڕیسوابی؛ سەرشۆڕی. (۷) شتێکی بێ نرخ و هیچوپووچ.
(۸) [British]. زبل؛ خاکوخۆڵ. (۹) [Rare]. گەرد.
(۱۰) هەڵە. (۱۱) تۆزقاڵە زێڕ. (۱۲) [Slang]، پارە؛ دراو.

v.t. (۱) تەپوتۆز پێوەکردن؛ تۆزاوی کردن
(۲) پۆدرە پێوەکردن؛ پۆدرە لێدان.
(۳) ~ off. تەکاندن؛ پاکردنەوە؛ گسک لێدان؛ سڕین و تەپوتۆز لێ لابردن.

v.i. (۱) تەکاندن؛ سڕین و تەپوتۆز لێ لابردن؛ پاکردنەوە.
(۲) خۆگەواندن لە تەپوتۆزدا (باڵندە).
(۳) تەپوتۆزاوی بوون؛ خۆڵاوی بوون

bite the dust, لە جەنگدا کوژران؛ بەزین.

lick the dust, (۱) لە جەنگدا کوژران؛ بەزین
(۲) کڕنوش بردن؛ سەر دانەواندن

make (raise) a dust, کردن بە تەپوتۆز؛ ناڕاوەنانەوە؛ هەراوهوریا خستنەوە

throw dust in (someone's) eyes. بەهەڵەدابردن؛ خەڵەتاندن؛ چاوبەست کردن

dustbin (dust′bin′), *n.* تەنەکەی خۆڵ؛ خۆڵدان؛ زبڵدان.

dust bowl, ناوچەیەک کە بێ بارانی وەک بیابانی لێ دەکات.

duster (dus′tĕr), *n.* (۱) تەپوتۆز پاکەرەوە یا سڕەوە (مرۆڤ، شت)؛ فڵچە؛ پەڕۆ یا نیسفەنجی شت سڕینەوە. (۲) تەختەسڕ.
(۳) ئامێری پۆدرە لێدان. (٤) ئامێری خوێ یا شەکر پێوەکەر؛ خوێدان.
(٥) پاڵتۆ یا چاکەتی پاراستنی جلوبەرگ لە تۆزاوی بوون لەکاتی گەشتکردندا بە ئوتومبیلی سەرکراوە.

dustman (dust′mən), *n.* خۆڵڕێژ.

dustpan (dust′pan′), *n.* دەفرێکی بچووکی دەم پانە خۆڵی پاش گسکدانی تێ دەکرێت و پێی دەکرێتە ناو تەنەکەی خۆڵەوە.

dustproof (dust′prōōf′), *adj.* تەپوتۆزبڕ.

dust storm, گەردەلوول.

dusty (dus′ti), *adj.* (۱) خۆڵاوی؛ تەپوتۆزاوی
(۲) وورد وەک تۆز. (۳) بۆر

Dutch (duch), *adj.* (۱) تایبەتی بە هۆڵندە (گەل، زمان، کلتوور).
(۲) [Slang]، ئەڵمانی.
n. (۱) زمانی هۆڵندی. (۲) [Slang] ، ئەڵمانی.
(۳) گەلی هۆڵندە. (٤) [Slang]، گەلی ئەڵمانیا.

go Dutch, [Colloq.], پارەی خۆ دان و کەس وێری کەس نەکردن (چێشتخانە، سینەما، گەشت. ناهەنگ... هتد)؛ بە لێفەی خۆ نووستن (مەجاز).

Dutch courage, (۱) ئازایی‌یەک کە لە خواردنەوەوە بێت؛ ئازایی سەرخۆشی. (۲) خواردنەوەی سەرخۆشکەر.

Dutch door, دەرگای دوو بەشی لە باری لابەلا بەمەرجێک بتوانرێت بەشی سەرەوەو خوارەوەی بە جیا بکرێتەوە یا دابخرێت.

Dutch oven, (۱) مەنجەلێکی سەر قۆزەغە کە گۆشت و خواردەمەنی تری لە فڕندا تێدا دەپێشێنرێت. (۲) کووڕەیەکە لایەکی بەرەڵایەو سەرەکەی گیراوە ڕووی لا بەرەڵاکەی دەکرێتە ناگرو گۆشتی تێدا دەبرژێنرێ. (۳) تەنوور

Dutch treat, [Colloq.], پارەی خۆ دان و کەس وێری کەس نەکردن (چێشتخانە، سینەما، گەشت. ناهەنگ... هتد)؛ بە لێفەی خۆ نووستن (مەجاز).

Dutch uncle, [Colloq.]. کەسێک کە بە تووندوتیژی و بە ڕەقی تەمێی کەسێکی تر بکات

duteous (dōō′ti-əs, dū′ti-əs), *adj.* گوێ ڕایەڵ؛ گوێگر؛ ملکەچ.

dutiable (dōō′ti-ə-b'l, dū′ti-ə-b'l), *adj.* گومرگی لەسەرە (شتومەکی لە دەرەوە هێنراو)؛ گومرگ دەکرێت؛ پێویستە گومرگ بکرێت.

dutiful (dōō′ti-fəl, dū′ti-fəl), *adj.* (۱) لە هەستکردن بە پێویستی سەرشانەوە هاتووە (۲) گوێ ڕایەڵ؛ گوێگر؛ ملکەچ.

duty (dōō′ti, dū′ti), *n.* (۱) پرێز.
(۲) پێویستی سەرشان؛ ئەرک؛ ئەرکی سەرشان
(۳) باجی گومرگ؛ گومرگ
(٤) پلەی بەکاری مەکینە: *(a heavy- ~ tractor)*

do duty for, جێگری کردن؛ لەباتی بوون؛ جێ گرتنەوە.

off duty, پاش کار؛ دوای نیشی ڕۆژانە؛ دەستبەتاڵ.

on duty, لەسەر کار؛ لەکاتی نیشدا

duty-free (dōō′ti-frē′, dū′ti-frē′), *adj. & adv.* گومرگ لەسەر نەبوو؛ باجی گومرگی لەسەر نادرێت.

dwarf (dwôrf), *n.* (۱) کورتەبنە؛ کورتەبالا؛ کورتەبالایەک.
(۲) گیاندار یا ڕووەکی بچووکتر لە توخمی خۆی.
v.t. (۱) نەهێشتنی گەورەبوون؛ ڕێگرتن لە پەرەسەندن (مرۆڤ، گیاندار، ڕووەک).
(۲) بچووک کردنەوە. (۳) بوون بە هۆی بچووک نواندن؛ باشترو جوانترو کارامەتر نواندن (لە بەراوردا): *(He ~s everybody around him.)*
v.i. گەورەنەبوون؛ بچووک نواندن.
adj. بچووک؛ کورتەبالا؛ کورتەبنە.

dwarfish (dwôrf′ish), *adj.* کورتەبالا؛ کورتەبنە؛ بچکۆلە

dwell (dwel), *v.i.* نیشتەجێبوون؛ لە شوێنێکدا ژیان بۆ ماوەیەک یا

به یەکجاری
[*to ~ in the country (in the city, in England, etc.)*]
dwell on (or upon), زۆر بیرلێکردنەوە، زۆر لەسەر ڕۆیشتن (دووان، نووسین)؛ درێژەپێدان: *(Don't dwell too much on past failures.)*
dweller (dwel′ēr), *n.* نیشتەجێ؛ دانیشتوو: *(a city- ~)*
dwelling (dwel′iŋ), *n.* مال؛ جێ نشینگە؛ خانوو.
dwelt (dwelt), *alternative p.p. and past tense of* **dwell.**
dwindle (dwin′d'l), *v.i.* کەمبوونەوە؛ کزبوون؛ چوونەوەیەک
v.t. کەمکردنەوە؛ کەمکردن
dyad (dī′ad), *n. & adj.* جووت؛ دوو؛ دوان
dyarchy (dī′är-ki), *n.* جووت فەرمانڕەوایی (لە یەک ناوچەدا).
dye (dī), *n.* (١) خوم (٢) ڕەنگ؛ بۆیە
v.t. ڕەنگ کردن؛ لە خوم دان؛ لە خوم هەڵکێشان.
v.i. ڕەنگ گرتن
of deepest dye, بەدترین؛ خر پترین
dyed-in-the-wool (dīd′'n-thə-wool′), *adj.* (١) لە خوم دراوە پێش پرستنی (٢) نەگۆڕ
dyeing (dī′iŋ), *n.* لە خوم هەڵکێشان؛ لە خوم دان؛ ڕەنگ کردن
dyer (dī′ēr), *n.* خومچی
dying (dī′iŋ), *present participle of* **die.**
adj. (١) لە سەرەمەرگدایە؛ گیان دەدات؛ لە مردندایە.
(٢) لە نەماندایە؛ بەرەو نەمان دەچێت: *(a ~ social order)*
(٣) تایبەتی بە مردن
n. مردن؛ کۆچی دوایی کردن
dyke (dīk), *n. & v.t.* = **dike.**
dynam- (dī′nəm), = **dynamo-.**
dynamic (dī-nam′ik), *adj.* (١) تایبەتی بە هێز، تین، یا جموجوڵ
(٢) چوست‌وچالاک؛ چالاک؛ بەتین. (٣) بگۆڕ؛ هەمیشە بگۆڕ.
dynamics (dī-nam′iks), *n.pl.* (١) دینامیک: لقێکە لە زانستی فیزیا
کە لە کارتێکردنی هێز یا تین لەسەر شتی جوڵاو یا نەجوڵاو دەکۆڵێتەوە.
(٢) هێزی جوڵێنەر (بینراو یا نەبینراو).
dynamism (dī′nə-miz′m), *n.* (١) نەو تیۆرییەیە کە دەڵێت
هێز یا تین و کارکردنە سەر شت بنچینەی هەموو دیاردەیەکی سروشتی و
ژیانە. (٢) چوست‌وچالاکی؛ چالاکی.
dynamite (dī′nə-mīt′), *n.* دینامیت
v.t. ڕووخاندن. تەقاندنەوە. یا پارچە پارچە کردن بە دینامیت.
dynamo (dī′nə-mō′), *n.* دینەمۆ: دروستکەری کارەبا
dynamo- (dī′nə-mō), *Also* **dynam-,** پێشگرێکە بەمانای
هێز؛ تین
dynamometer (dī′nə-mom′ə-tēr), *n.* پێوەری هێز یا تین
dynamometry (dī′nə-mom′ə-tri), *n.* پێوانی هێز یا تین
-dynamometric *(adj.)*: **dynamometrical** *(adj.).*
dynast (dī′nast, dī′nəst), *n.* فەرمانڕەوا یا حوکمڕان (بەتایبەتی
یەکێک کە لە باروباپیرییەوە بۆی ماوێتەوە).
dynasty (dī′nəs-ti), *n.* بەرە یا بنەچەی حوکمڕانان؛ خێڵ یا هۆزی
فەرمانڕەوایان (کە بۆ ماوەیەکی زۆر فەرمانڕەوایی وڵاتێک دەکەن).
dys- (dis), پێشگرێکە بەمانای: بەد؛ خراپ؛ سەخت
dysentery (dis′'n-ter′i), *n.* زەحیری؛ دیزەنتری: نەخۆشی سک-
ئێشە و سکچوون و خوێن لە پیسایدا بوون
dysfunction (dis-fuŋk′shən), *n.* باش کارنەکردنی ئەندامێکی
لەش
dyslexia (dis-lek′si-ə), *n.* توانای خوێندنەوە کەم بوون بەهۆی
پاش و پێشخستنی تیپەکانەوە (نەخۆشی)
-dyslexic *(adj.).*
dyspepsia (dis-pep′shə, dis-pep′si-ə), *n.* گرفت؛ گرفت کردن.
dyspeptic (dis-pep′tik), *adj.* (١) گرفتکەر.
(٢) بەرچاو تاریک؛ دەموچاوگرژ؛ ڕەشبین
n. کەسێکی گرفت کردوو.
dysphonia (dis-fō′ni-ə), *n.* دەنگ نووسان و باش قسە بۆ نەکران
(نەخۆشی).
dysphoria (dis-fôr′i-ə, dis-fō′ri-ə), *n.* هەستکردن بە مەراق و
بێ ئارامی و ڕازی نەبوون لە ژیان و ئازاری لەش.
dysuria (dis-yoor′i-ə), *n.* باش میز بۆ نەکران؛
بە ئازارەوە میز بۆ کران.

E e

E, e (ē), *n.* (۱) تیپی پێنجەمی ئەلفوبێی ئینگلیزی‌یە (۲) دەنگی ئەم تیپە (۳) پێنجەم لە لیستەیەکدا.

adj. (۱) تایبەتی بە تیپی E, e (۲) پێنجەم.

E (ē), *n.* (۱) شتێک کە لە شێوەی تیپی E دا بێت. (۲) لە ژمێری پۆمانیدا بەرامبەری (۲۵۰)یە (۳) پێنجەم؛ نمرەی پێنجەم.

each (ēch), *adj. & pron.* هەر یەکە؛ هەر یەکێک.

adv. . *(Give them an apple ~ .)* یەکێ؛ هەر یەکی؛ سەرو

each other, یەکتری (ئەها بۆ دوو کەس، گیاندار یا شت)؛ یەکتر.

eager (ē′gĕr), *adj.* (۱) بەپەرۆش؛ بەپەرۆشەوە؛ بەدڵ؛ بەشەوق (۲) [Archaic] تیژ.

-eagerly *(adv.)*; **eagerness** *(n.)*.

eagle (ē′g'l), *n.* (۱) سیسارک (۲) وێنەی سیسارک کە وەک درووشم بەکاربهێنرێت (۳) دراوێکی کۆنی ئەمەریکی‌یە نرخی دە دۆلارە (٤) [-] ئاوی کونەستێرەیەکە

eagle-eyed (ē′g'l-īd′), *adj.* چاوتیژ

eaglet (ē′glit), *n.* بەچکە سیسارک

ear (ēr), *n.* (۱) گوێ؛ گوێچکە (۲) بەشی دەرەوەی گوێ (۳) هەستی بیستن (٤) تیژی هەستی بیستن (بەتایبەتی لە جیاوازی کردندا لەبەینی ئاوازدا). (٥) شتێک کە لە گوێ بکات.

be all ears, زۆر بە وردی یا بە باشی گوێگرتن.

(I am all ears when you talk.)

fall on deaf ears, گوێ پێ نەدران

(His warnings fell on deaf ears.)

give (or lend) ear, گوێ لێگرتن؛ گوێ پێدان؛ گوێ راهێلان.

have (or keep) an ear to the ground, گوێ پێدان بە ڕای گشتی.

have the ear of, نزیک بوون لە کەسێکەوە و گوێ لێ گیران (دەسەڵات).

in one ear and out the other, لە گوێیەکەوە چوونەژوورەوە و لە گوێیەکەی ترەوە هاتنەدەرەوە (ئامۆژگاری)؛ بێ کەڵک.

play by ear, (۱) مۆسیقا لێدان بەبێ نۆتە (۲) کردنی کارێک یا جوولانەوەیەک چۆن ڕێکەوت وەها، واتە بەگوێرەی باری ئەو کاتەو بەبێ نەخشەدانان.

turn a deaf ear, گوێ نەگرتن (بە دەسەنقەست)؛ گوێ پێ نەدان.

up to the ears, ئێجگار؛ بەکجار؛ زۆر.

(He is in debt up to the ears.)

ear (ēr), *n.* *(an ~ of corn.)* . گوڵ (شامی، گەنم، جۆ... هتد).

earache (ēr′āk′), *n.* گوێ ئێشە.

eardrop (ēr′drop′), *n.* گوارە؛ ئەڵقەی گوێ.

ear drops, دەرمانی گوێ (کە بە دڵۆپ بکرێتە ناو گوێوە).

eardrum (ēr′drum′), *n.* (۱) پەردەی گوێی ناوەڕاست (۲) گوێی ناوەڕاست.

eared (ērd), *adj.* *(long- ~)* . گوێچکەدار.

earful (ēr′fool′), *n.* [Colloq.]. (۱) پڕ گوێ؛ زۆر. (۲) دەنگوباس یا ووتووێژی گرنگ یا سەرسوڕمێنەر. (۳) سەرزەنشتی

(I got an ~ of that.)

earl (ŭrl), *n.* ناژناوێکی ئینگلیزی‌یە وەک " ئاغا " یا " بەگ "

earlap (ēr′lap′), *n.* (۱) نەرمە گۆشتی گوێ. (۲) گوێی دەرەوە.

earldom (ŭrl′dəm), *n.* (۱) ناوچەی ژێردەستی ئاغا یا بەگێکی ئینگلیزی. (۲) پلەی ئاغا یا بەگێکی وەها.

ear lobe, نەرمە گۆشتی گوێ.

early (ŭr′li), *adv. & adj.* (۱) زوو؛ لە سەرەتای سەردەمێکدا (۲) زوو؛ پێش کاتی خۆی (۳) زۆر لە کۆندا. (٤) لە دواڕۆژێکی نزیکدا.

-earliness *(n.)*.

early bird, [Colloq.], کەسێکە کە زوو دەگاتە شوێنێک یا بەیانیان زوو لە خەو هەڵدەستێ.

earmark (ēr′märk′), *n.* (۱) نیشانە یا داخ کرانێکی گوێی ئاژەڵ بۆ ناسینەوەی. (۲) نیشانە.

v.t. (۱) نیشانەکردن یا داخ کردنی گوێی ئاژەڵ بۆ ناسینەوەی. (۲) نیشانەکردن؛ دیاری کردن. (۳) تەرخان کردن یا خستنەلاوە بۆ مەبەستێکی تایبەتی (پارە، ئازووقە... هتد)؛ بۆ دانان (پارە).

(This money has been ~ed for education.)

earmuffs (ēr′mufs′), *n.pl.* گوێ پۆش (بۆ سەرما).

earn (ŭrn), *v.t.* (۱) دەسکەوتن (پارە)؛ پەیداکردن لە ئەنجامی کۆششدا (پارە). *(to ~ money; to ~ a living)*

(۲) شایستەبوون (پاداشت، سزا)؛ پێ ڕەوا بوون.

(She ~ed that spanking. ; a well ~ed rest)

earnest (ŭr′nist), *adj.* (۱) سوور لەسەر؛ بەجۆش؛ دڵسۆز. (۲) گرنگ. *(~ matters)* .

-earnestly *(adv.)*; **earnestness** *(n.)*.

in earnest, بەدڵ؛ بەڕاستی؛ بەڕاست؛ بێ گاڵتە

earnest (ŭr′nist), *n.* (۱) پێشەکی (کڕین و فرۆشتن)؛ بارمتە؛ پارەی دراو (پێشەکی). *(~ money)* . (۲) پەیمان؛ بەڵێن

earnest money, پارەی پێشەکی (کڕین و فرۆشتن)؛ بارمتە.

earnings (ŭr′niŋz), *n.pl.* (۱) دەسکەوت؛ موچە (۲) قازانج.

earphone (ēr′fōn′), *n.* بیستۆک؛ پێ بیست.

earring (ēr′riŋ′), *n.* گوارە؛ ئەڵقەی گوێ.

earshot (ēr′shot′), *n.* مەودای بیستنی دەنگی ڕووتی نادەمیزاد.

ear-splitting (ēr′split′iŋ), *adj.* گوێ کەرکەر (دەنگی قایم)؛ زۆر قایم (دەنگ).

earth (ŭrth), *n.* (۱) سەرزەمین؛ جیهان؛ زەوی. (۲) دانیشتووانی ئەم جیهانە؛ هەموو مرۆڤی سەرزەمین (۳) زەمین؛ ووشکانی. (٤) [Poetic]، وڵات؛ نیشتمان (٥) خاک؛ گل؛ خۆڵ (٦) [Poetic]، (ا) لەشی مرۆڤ؛ لەش. (ب) کاروباری سەرزەمینی مرۆڤ. (۷) لانە (گیاندار)؛ کونی گیاندار.

v.t. (۱) ناشتن (دانەوێڵە، نەمام، ڕووەک). (۲) ڕاونانی گیاندارێک بۆ ناو کونەکەی.

v.i. خۆشاردنەوە لە کونی زێنزەمینەدا (ڕێوی، گیانداری تر).
come back (or down) to earth, واز لە خەیاڵ پڵاوی هێنان؛ بوون بە ڕاستیخواز
down to earth, سادە؛ خاکی؛ ڕاستیخواز.
run to earth, (۱) ڕاوکردن (۲) دۆزینەوە پاش گەڕانێکی زۆر
earthborn (ûrth′bôrn′), *adj.* (۱) سەرزەمینی؛ جیهانی. (۲) مرۆڤ؛ تاسەر نامێنێ (وەک مرۆڤ).
earth-bound (ûrth′bound′), *adj.* (۱) زەمینی؛ بە سەرزەمێنو کاروباری سەرزەمینییەوە بەستراوە (۲) بەرەو سەرزەمین هاتوو یا ڕێبشتوو.
earthen (ûr′thən), *adj.* (۱) گڵین؛ قوڕین. (۲) سەرزەمینی؛ تایبەتی بەم جیهانە نەک بە نەرەودنیا.
earthenware (ûr′thən-wâr′), *n.* دەفری گڵین؛ قاپوقاچاغی گڵین؛ گڵینە
adj. گڵین؛ قوڕین
earthiness (ûr′thi-nis), *n.* (۱) سادەیی؛ خاکێتی. (۲) سەرزەمینی.
earthliness (ûrth′li-nis), *n.* سەرزەمینێتی؛ تایبەتی بەم جیهانە؛ نەمەو دنیایەتی.
earthling (ûrth′liŋ), *n.* (۱) نەوەمیزاد؛ مرۆڤ؛ مەردوم؛ نینسان. (۲) مرۆڤێک کە ژۆر خەریکی کاروباری ئەم جیهانە بێت و بەلایەوە گرنگ بێت.
earthly (ûrth′li), *adj.* (۱) سەرزەمینی؛ ئەمەودنیایی؛ تایبەتی بە کاروباری سەرزەمین. (۲) لەوانەیە؛ بۆی هەیە.
earthquake (ûrth′kwāk′), *n.* بوومەلەرزە
earthward (ûrth′wērd), *adj. Also* earthwards, بەرەو زەمین
earthwork (ûrth′wûrk′), *n.* (۱) سەنگەر؛ بەستو. (۲) کاری زەوی هەڵکەندن و بەستو یا سەنگەر دروستکردن.
earthworm (ûrth′wûrm′), *n.* کرمی ناو خاک؛ کرمی زەوی
earthy (ûr′thi), *adj.* (۱) زەمینی؛ خاکی؛ گڵی. (۲) تایبەتی بە کاروباری سەرزەمین. (۳) سادە؛ خاکی.
ear-wax (êr′waks′), *n.* مۆمی گوێ
earwig (êr′wig′), *n.* (۱) هەزارپێ (۲) جۆرە مێروویەکە قنگەکەی وەک مقەستە وایە.
v.t. کارکردنە سەر بە فڕوفێڵ و بیانوو لە ژێرەوە.
ease (ēz), *n.* (۱) ئاسوودەیی؛ خۆشی؛ بێ سەرئێشەیی و تەنگوچەڵەمەیی. (۲) هێمنی؛ لەسەرخۆیی؛ هەڵسان و دانیشتنی سرووشتی و سادە. (۳) ئاسانی. *(He writes with ~ .)* (٤) خۆش گوزەرانی و ئاسانی و ئاسوودەیی: *(to live a life of ~)*. (٥) دەستبەتاڵی و ئاسوودەیی؛ خۆشی.
v.t. (۱) دڵنەوایی کردن؛ دڵنەوایی دانەوە؛ دڵخۆش کردن؛ یاری شان سووک کردن (۲) نازار یا ناخۆشی کەمکردنەوە. (۳) ئاسان کردن؛ ئاسانترکردن. (٤) ~ away, down, up, or off ; شل کردنەوە (گرێ، پەت، گوریس)؛ جارکردنەوە. (٥) دانەواندن و وردە وردە؛ بەرە بەرە نزم کردنەوە و دانان: *(They ~ed the piano into place.)*
v.i. (۱) کەم بوونەوە (نازار، ناخۆشی، تووندوتیژی). (۲) جوواڵن یا جوواڵندن و وردە وردە
at ease, (۱) لە ئاسوودەیدایە؛ لە خۆشیدایە؛ دڵنیا؛ بێباک (۲) ڕەحەت کە (فەرمانی سوپا).
ill at ease, پەشێو و؛ بێ ئاسوودە؛ ناڕەحەت؛ مەراقدار: *(He is ill at ease in the company of strangers.)*
take one's ease, پێ ئ ڕاکێشان و حەوانەوە
easeful (ēz′fəl), *adj.* پر ئاسوودەو خۆشی؛ ڕەحەت؛ ئاسان؛ هێمن و دڵنیا
easel (ē′z'l), *n.* سێپای وێنە لەسەر کێشان.
easement (ēz′mənt), *n.* (۱) هێمن کردنەوە؛ ئاسوودەیی پێدان؛ کەمکردنەوە (تووندوتیژی، نازار)؛ ئاسان کردن.

(۲) شتێکی ئاسوودەبەخش یا هێمنکەرەوە؛ نازار یا تووندوتیژی کەمکەرەوە؛ ڕەحەتکەر. (۳) مافی پێدارۆیشتنی خاوەن زەوییەک بە زەوییەکەی دراوسێیدا (بۆ گەیشتنە زەوییەکەی خۆی).
easily (ē′z'l-i, ēz′i-li), *adv.* (۱) بەئاسانی. (۲) بەبێ ئێش و ئازار. (۳) بێ چەندوچۆن: *(She is ~ the best dancer.)*. (٤) زۆر لەوانەیە: *(The train may ~ be late.)*.
easiness (ēz′i-nis), *n.* (۱) ئاسانی. (۲) بێباکی؛ گوێ پێ نەدان. (۳) هێمنی؛ لەسەرخۆیی؛ ژیری.
east (ēst), *n.* (۱) ڕۆژهەڵات. (۲) ناوچەیەکی ڕۆژهەڵاتی (۳) [E-]. بەشی ڕۆژهەڵاتی جیهان (وەک ئاسیا).
adj. (۱) ڕۆژهەڵاتی؛ تایبەتی بە ڕۆژهەڵات؛ بەرەو ڕۆژهەڵات؛ پووەو ڕۆژهەڵات (۲) لە ڕۆژهەڵاتەوە؛ ڕۆژهەڵاتی: *(an ~ wind)*. (۳) [E-]. بەشی ڕۆژهەڵاتی کیشوەر، وڵات، یا ناوچەیەک: *(E~ Africa; E~ London)*
adv. ڕۆژهەڵاتی؛ لە ڕۆژهەڵات؛ بەرەو ڕۆژهەڵات.
east-bound (ēst′bound′), *adj.* بەرەو ڕۆژهەڵات دەڕوات
Easter (ēs′tēr), *n.* ئیستەر: جەژنی زیندووبوونەوەی عیسا سێ ڕۆژ پاش هەڵواسینی (خاچ پەرستی).
Easter egg, هێلکەی ئیستەر: هێلکەیەکی ڕەنگ کراوە بە بۆنەی جەژنی زیندووبوونەوەی عیساوە بۆ جوانی یا دیاری بەکاردەهێنرێت بەتایبەتی بۆ منداڵان.
easterly (ēs′tēr-li), *adj.* ڕۆژهەڵاتی؛ لە ڕۆژهەڵاتەوە دێت: *(an ~ wind)*
adv. (۱) بەرەو ڕۆژهەڵات (۲) لە ڕۆژهەڵاتەوە: *(The wind blew ~ .)*.
eastern (ēs′tērn), *adj.* (۱) تایبەتی بە ڕۆژهەڵات؛ بەرەو ڕۆژهەڵات؛ ڕۆژهەڵاتی (۲) لە ڕۆژهەڵاتەوە هەڵدەکات (با): *(an ~ wind)*. (۳) [E-]. تایبەتی بە ڕۆژهەڵات و گەل و کلتوورو زمان و سرووشت و کۆمەڵی کەسێکی ڕۆژهەڵاتی؛ ڕۆژهەڵاتیێک.
easterner (ēs′tēr-nēr), *n.* (۱) کەسێکی ڕۆژهەڵاتی؛ ڕۆژهەڵاتیێک. (۲) [E-]. دانیشتوویەکی بەشی ڕۆژهەڵاتی ئەمەریکا.
Eastern Hemisphere, نیوەی ڕۆژهەڵاتی سەرزەمین (کە ئەورووپا و ئاسیا و ئەفەریقا و ئوستراڵیا دەگرێتەوە).
easternmost (ēs′tērn-mōst′), *adj.* ئەوپەڕی ڕۆژهەڵات.
easting (ēs′tiŋ), *n.* (۱) ڕۆیشتن یا لادان بەرەو ڕۆژهەڵات (کەشتی‌یەوانی). (۲) ناراستەی ڕۆژهەڵات (۳) ماوەی لێخوڕین بەرەو ڕۆژهەڵات (کەشتی‌یەوانی).
eastward (ēst′wērd), *adv. & adj. Also* eastwards, بەرەو ڕۆژهەڵات.
n. ناوچە یا شوێنێکی بەرەو ڕۆژهەڵات.
-eastwardly *(adv.).*
easy (ē′z'i), *adj.* (۱) ئاسان؛ سووک. *(an ~ job)*. (۲) خۆش گوزەران؛ خۆش و ئاسان: *(an ~ life)*. (۳) ئەرەو ڕەحەت (کورسی): *(an ~ chair)*. (٤) هێمن؛ لەسەرخۆ؛ ژیر: *(~ manners)*. (٥) هێواش؛ لەسەرخۆ: *(an ~ pace)*. (٦) دڵنەرم؛ نەرم (مرۆڤ). (۷) بێ بازاڕ (فرۆتەنی). (۸) نرخەکەی شلۆقە (۹) بەئاسانی دەست دەکەوێت بە قازانجێکی کەم (پارە): *(~ money)*
adv. [Colloq.] بەئاسانی.
easy come-easy go, ئەوەی بە ئاسانی دەست کەوێت، بەئاسانیش لەدەست دەچێت.
on easy street, خۆش گوزەران
take it easy, [Colloq.], (۱) گوێ مەدەری؛ نەوە ناهێنێ؛ خەفەت مەخۆ. (۲) هێواش!؛ پەلە مەکە!. (۳) خۆت ماندوو مەکە. (ئەم وتەیە هەندێ جار

لەباتی خواحافیزی بەکاردەهێنرێت).
easy chair, کورسی‌یەکی نەرم و پەحەت
easy-going (ēz′i-gō′iŋ), *adj.* (۱) خوش ڕەوت (نەسپ).
(۲) هێمن؛ نەسەرخۆ؛ بەناسانی لەگەڵدا گونجاو *(an ~ person)* .
easy mark, [Colloq.]. کەسێکی ساویلکە کە بەناسانی بەهەڵەدا ببرێت.
eat (ēt), *v.t.* (۱) خواردن (۲) (~ away, or up)، هەڵ لوشین؛ ماشینەوە؛ هەموی خواردن و هیچ لێ نەهێشتنەوە؛ قوتارکردن.
(۳) خواردنەوە ،وەک بە تێزاب)؛ داخوران؛ داپزان.
v.i. خواردن
eat into, (۱) خواردنەوە ،وەک بە تێزاب)؛ داخوران؛ داپزان
(۲) کنەلێکردن (خواردەمەنی)؛ خواردن و تەواوکردنی هەندێکی.
eat one's heart out, [Colloq.], دڵ شەق بردن (لە داخدا یا لە پەستیدا ؛ دڵ دەرهاتن.
eat one's words, پەشیمان بوونەوە لە وتراوێکی پێشووتر؛ پاشگەزبوونەوە؛ بوون بە قسەی خۆوە.
eat up, (۱) هەڵ لوشین؛ ماشینەوە؛ قوتارکردن؛ هیچ نەهێشتنەوە.
(۲) بەتەواوی خەریک کردن: *(eaten up with curiosity)* .
eatable (ēt′ə-b'l), *adj.* بەکاری خواردن دێت؛ بۆ خواردن دەشێت؛ دەخورێت
n.pl. شتێک کە بەکاری خواردن بێت یا بۆ خواردن بشێت؛ خواردەمەنی.
eaten (ēt′'n), *past participle of* **eat.**
eater (ē′tĕr), *n.* کەسێکی زۆرخۆر
eatery (ē′tĕr-i), *n.* [Colloq.], چێشتخانە بەتایبەتی هی سادە).
eating (ēt′iŋ), *n.* (۱) خواردن
(۲) خواردەمەنی؛ شتێک بەکاری خواردن بێت.
eating-house, چێشتخانە
eaves (ēvz), *n.pl.* گوێ سەبانە؛ گوێ سوانە.
eavesdrop (ēvz′drop′), *n.* (۱) چۆراوگە.
(۲) نەو شوێنەی چۆراوگەی لەسەر دەچۆرێنتەوە.
v.t. بە درێژەوە گوێ لە خەڵک گرتن؛ خۆ لێ داگرتن (بۆ قسە دزین): *(You shouldn't ~ on people.)*
-eavesdropper *(n.).*
ebb (eb), *n.* (۱) نیشت و ، ناو نیشتنەوە.
(۲) کزبوون ، کەم بوونەوە و بەرەو نەمان چوون *(the ~ of one's hopes)* .
v.i. (۱) ناو نیشتنەوە؛ کشانەوەی ناو (دەریا).
(۲) کزبوون ، کەم بوونەوە؛ کەمکردن؛ کشانەوە
ebb tide, نیشتاو
ebon (eb′ən), *adj. & n.* [Poetic]. = **ebony.**
ebony (eb′ən-i), *n.* دارخەیزەران.
adj. (۱) لە خەیزەران دروستکراو (۲) ڕەش.
ebullience (i-bul′yəns, i-bul′i-əns), *n.* (۱) قلپەقلپدان؛ هەڵچوون (۲) شەوق و شادی؛ بەدەماخی.
-ebulliency *(n.).*
ebullient (i-bul′yənt, i-bul′i-yənt), *adj.* (۱) قلپەقلپەر
(۲) بە شەوق و شادە؛ بەدەماخ؛ بەکەیف.
ebullition (eb′ə-lish′ən), *n.* (۱) قلپەقلپدان (۲) شەوق و شادی.
(۳) لەپڕ هەڵچوون (هەست).
eburnation (ē′bĕr-nā′shən, eb′ĕr-nā′shən), *n.* ڕەقبوونی نێسقان یا کرکراگە (نەخۆشی).
ec- (ek), پێشگرێکە بەمانای بەدەر؛ لە دەرەوەی.
eccentric (ik-sen′trik, ek-sen′trik), *adj.* (۱) دوو چەقی
جیاوازیان هەیە بازنە): *(~ circles)* .
(۲) خولگەکەی لە ناوەڕاستدا نییە: *(an ~ wheel)* .
(۳) زۆر خر نییە (٤) نارێک.
(۵) سەیر ، مرۆڤ، کردەوە، ڕەووشت)؛ نەشاز؛ سەیرو نەنتیکە.
n. (۱) بازنەیەکی چەق جیاواز لەگەڵ بازنەیەکی تەنیشتیدا.
(۲) کەسێکی سەیر؛ کەسێکی نەشاز.
-eccentrically *(adv.).*
eccentricity (ek′sən-tris′ə-ti), *n.* (۱) جیاوازی چەقی دوو بازنە.
fluky, flukey (flōōk′i), *adj.* [Slang], (۱) بە ڕێکەوت؛ بە شانس. (۲) هەمیشە دەگۆڕێ: *(a ~ wind)* .

flume (flōōm), *n.* (۱) جۆگەیەکی دەستکرد (بۆ گواستنەوەو هێنانە خوارەوەی بڕەدار لە شاخ‌و گردەوە بۆ ووزە پێدان وەک هی ئاشی کۆن).
(۲) چەمێکی تەسک کە جۆگەیەکی پێدا ڕبوات.
v.t. دار گواستنەوە بە جۆگەیەکی دەستکردا.

flummery (flum′ĕr-i), *n.* (۱) خواردنێکی نەرم‌وشل (وەک: لەپە، شلە، محەللەبی... هتد). (۲) قسەی هیچ‌وپووچ؛ مەرایی.

flung (fluŋ), *past tense and past participle of* **fling.**

flunk (fluŋk), *v.t.* [Colloq.], (۱) دەرنەچوون (تاقیکردنەوە)؛ کەوتن (کۆرس، خوێندن): *(He ~ed the English Examination.)* .
(۲) دەرنەچووانەن؛ خستن: *(The teacher ~ed her in the course.)* .
(۳) بوون بە هۆی دەرنەچوون یا کەوتن.
v.i. [Colloq.], (۱) دەرنەچوون (قوتابی)؛ کەوتن. (۲) دەست هەڵگرتن.
n. [Colloq.], (۱) دەرنەچوون؛ کەوتن (قوتابی). (۲) نمرەی دەرنەچوون.
flunk out, [Colloq.], (۱) دەرنەچوون‌و وازهێنان لە قوتابخانە.
(۲) دەرنەچووانەن‌و لە قوتابخانە دەرکردن یا قوتابخانە پێ بەجێهێشتن.

flunkey, flunky (fluŋ′ki), *n.* (۱) بەردەست؛ خزمەتکار؛ نۆکەر.
(۲) مەرایی کەرێک.

fluoresce (flōō´ə-res′), *v.i.* شەوقی سپی دانەوە.
fluorescence (floo´ə-res′′ns), *n.* شەوقی سپی ئەلەکتریک (وەک هی نیۆن).
fluorescent (flōō´ə-res′′nt, floor-es′′nt), *adj.* شەوقی سپی دەرهوە.
fluorescent lamp, گلۆپی سپی (کە شەوقی سپیش دەداتەوە).
fluoride (flōō′ə-rīd´, flōō′ə-rid), *n.* فلۆرید (ناوێنە).
fluorine (flōō′ə-rēn´, flōō′ə-rin), *n.* فلۆرین.
fluorite (flōō′ə-rīt´), *n.* فلۆریت.
fluoroscope (floor′ə-skōp´, flōō′ə-rə-skōp´), *n.* ئامێری بینینی بەشی ناوەوەی لەش بەهۆی تیشکی ئێکسەوە.

flurry (flūr′i), *n.* (۱) بایەکی قایمی کەم خایەن؛ با؛ هەڵکردنی بایەکی قایم‌و کەم خایەن. (۲) کڕێوە؛ باران یا بەفرباریەنێکی کەم: *(snow ~ies)* .
(۳) شپرزەیی، سەر لێ تێکچوون، یا هاتنە جۆش‌و جم‌وجوولێکی کوتوپڕی:
(a ~ of activities)
v.t. شپرزەکردن؛ پەشێواندن؛ سەر لێ شێواندن؛ هێنانە جۆش‌و جم‌وجوول.

flush (flush), *v.i.* (۱) پیا ڕۆیشتن‌و بڵاوبوونەوە بە گورجی:
(The blood ~ed in his face.)
(۲) ڕەنگ سوور هەڵگەڕان لە تەریقیدا یا لە تووڕەییدا؛ تەریق بوونەوە
(۳) دڕەوشانەوە؛ بڵێسە سەندن.
(٤) بەتاڵ بوونەوەو پاکبوونەوە بە ئاو پیاکردن.
(٥) دەرپەڕان؛ قاودان.
v.t. (۱) بەتاڵ کردنەوەو پاککردنەوە بە ئاو پیاکردن (ئاودەستخانە).
(۲) تەریق کردنەوە؛ ڕەنگ سوور هەڵگەڕاندن. (۳) هێنانە جۆش.

(٤) قاودان؛ دەریەڕاندن. (٥) سفت کردن؛ ساف‌ولووس کردن؛ پێك کردن:
(The mason ~ed the joint with mortar.)

n. (١) ئاو پیاڕۆیشتن‌و پاکبوونەوە (ئاودەستخانە).
(٢) گەورەبوون یا نەشونماکردنێکی کوتوپڕ. (٣) هاتنە جۆش‌و خرۆش.
(٤) تەریق بوونەوە؛ ڕەنگ سوور هەڵگەڕان. (٥) دەرەوشانەوە؛ بڵێسەدان.
(٦) هەست بە گەرما کردن لەپڕ (کاتی تا لێ هاتن‌و بێ نوێژی).

adj. (١) دەوڵەمەند؛ خۆش گوزەران. (٢) فرە؛ مشە؛ زەبەنە.
(٣) بەتین؛ بەجۆش؛ ڕەنگ ئاڵ یا سوور هەڵگەڕاو.
(٤) سفت؛ ڕێك؛ ساف *(The door is ~ with the walls.)*.
(٥) بە تەواوی؛ بەکسەر.

adv. (١) بە ڕێکی؛ بە سفت‌و سافی. (٢) بە تەواوی؛ یەکسەر.

flush (flush), *n.* فلەش: دەستێکی تایبەتی لە یاری کاغەزدا.

fluster (flus′tĕr), *v.t.* پەشۆکاندن؛ سەر لێ شێواندن؛ سەرکوێرکردن.

v.i. پەشۆکان؛ سەر لێ شێوان؛ سەرکوێربوون.

n. پەشۆکاوی؛ پەشۆکان؛ سەر لێ شێوان.

flute (flōōt), *n.* شمشاڵ؛ بلوێر؛ فلوت.

v.t. & v.i. شمشاڵ لێدان

fluter (flōōt′ĕr), *n.* شمشاڵژەن؛ شمشاڵ لێدەر.

flutist (flōōt′ist), *n. Also* flautist, شمشاڵژەن؛ بلوێرژەن.

flutter (flut′ĕr), *v.i.* (١) باڵەفڕێ کردن؛ باڵ شەکانەوە؛ پەلەقاژێ کردن؛ فڕەفڕکردن (باڵندە). (٢) فڕین (دەمار). (٣) شەکینەوە (ئاڵا)؛ شەکانەوە.
(٤) لەرزین؛ هاتنە جۆش. (٥) جرت‌وفرت کردن.

v.t. (١) شەکاندنەوە؛ فڕەفڕپێکردن؛ باڵەفڕێ کردن؛ لەرزاندنەوە.
(٢) پەشێواندن؛ شپرزەکردن؛ هێنانە جۆش‌و خرۆش.

n. (١) باڵەفڕێ؛ فڕەفڕ؛ شەکینەوە؛ لەرزین؛ لەرینەوە.
(٢) پەشێوی؛ سەر لێ شێوان؛ جۆش‌و خرۆش؛ شپرزەیی.
(٣) دڵەکوتێ؛ دڵەفڕکێ.

fluvial (flōō′vi-əl), *adj.* ڕووباری.

flux (fluks), *n.* (١) ڕۆیشتنی خشۆکانە (ئاو، شلە)؛ ڕەوانی یا ڕەوت (شلە). (٢) ئاو هەڵسان (دەریا)؛ بەرزاو؛ ئاو بەرزبوونەوە.
(٣) هەمیشە گۆڕان: *(Fashion is always in a state of ~.)*.
(٤) سکچوون؛ ڕەوانی. (٥) ماددەیەکە لەحیمی پێ دەکرێت.
(٦) ڕێژەی ڕەوتی شلە یا ووزە بەسەر ڕووبەکدا.

v.t. (١) کان تووانەوە‌و لێکدانیان (لەحیم کردن).
(٢) پاککردنەوە (پزیشکەوانی).

v.i. [Archaic], (١) لەبەر ڕۆیشتن (شلە، ئاو). (٢) بەر بەرەڵاکردن (شلە).

fluxion (fluk′shən), *n.* (١) ڕۆیشتنی خشۆکانە (ئاو، شلە).
(٢) هەمیشە گۆڕان. (٣) لەبەر ڕۆیشتن؛ لێ هاتنە دەرەوە (شلە، پیسایی).

fly (flī), *v.i.* (١) فڕین (باڵندە، فڕۆکە)؛ بە فڕۆکە فڕین یا هاتوچۆکردن.
(٢) فڕین (فڕۆکەچی). (٣) شەکانەوە (ئاڵا)؛ شەکینەوە.
(٤) لەپڕ بزوان *(The door flew open.)*.
(٥) فڕین (کات: *(Time ~ies.)*. (٦) ڕاکردن؛ دەربازبوون؛ هەڵاتن.
(٧) ڕاوکردن بە هەڵۆ.

v.t. (١) هەڵدان بە ئاسماندا (کۆلارە)؛ فڕین: *(to ~ a kite)*.
(٢) فڕۆکە لێخوڕین یا فڕین: *(to ~ an airplane)*.
(٣) بەسەردا فڕین: *(He flew the Pacific.)*.
(٤) بە فڕۆکە گواستنەوە؛ بە فڕۆکە فڕاندن یا هەڵگرتن.
(٥) دەربازبوون؛ هەڵاتن؛ ڕاکردن.

n. (١) ئەو زمانەبەی زنجیر یا قۆپچەی پانتۆل دادەپۆشێت.
(٢) دەرگای چادر (قوماش). (٣) (ا) پانایی ئاڵایەك.
(ب) قەراغی ئاڵا (کە لەڕوبەڕی دارئاڵاکەوەیە). (٤) پێچکە؛ ڕەوڕەوە.
(٥) پەڕەیەکی سپی لە سەرەتا یا کۆتایی پەرتووکێکدا.
(٦) عەرەبانەیەکی یەك ئەسپی. (٧) (*pl.*)، بنمیچی شانۆ.

fly at, هێرش بردنە سەر؛ پەلاماردان.
fly in the face of, ڕووبەڕوو وەستان؛ دژ وەستان؛ لەگەڵدا نەگونجان.
fly into, لەپڕ هەڵچوون (هەست).
fly off, لە ناکاو ڕۆیشتن؛ بە پەلە ڕۆیشتن.
let fly (at), (١) تێگرتن؛ تەقەلێکردن؛ پیادان.
(٢) هێرش بردنە سەر بە دەم.

fly (flī), *n.* (١) مێش. (٢) شتێکی لە پەڕی پلاستیکی ڕەنگاوڕەنگ دروستکراوە لە شێوەی جانەوەردا لە ڕاوەماسیدا بەکاردەهێنرێت بۆ دان.

fly-by-night (flī′bi-nīt′), *adj.* (١) پشتی پێ نابەسترێت (لەڕووی دارایی یا بازرگانییەوە)؛ شلۆق.
(٢) جێی گومانە‌و سەردەمی‌یە؛ کاتی‌و هیچ‌وپووچ.

n. (١) قەرزارێك کە لە خاوەن قەرزەکانی ڕادەکات‌و بە شەو دەرباز دەبێت.
(٢) شتێکی سەردەمی‌و پشت پێ نەبەستراو جێی گومان.

flyer (flī′ĕr), *n.* = flier.

flying (flī′iŋ), *adj.* (١) فڕندە؛ فڕۆك؛ بفڕ. (٢) خێرا.
(٣) شەکاوە (ئاڵا). (٤) کورت‌و بە پەلە: *(a ~ trip)*.
(٥) هی فڕۆکە یا فڕۆکەوان: *(a ~ field; a ~ suit)*.

send flying, جم‌وجووڵێکی زۆر تێخستن.
flying boat, فڕۆکەی ئاوی.
flying buttress, پایەیەك کە بە هۆی تاقێکەوە دەنووسێنرێت بە دیوارێکەوە بۆ پاڵپشتی کردنی.
flying colors, (١) ئاڵای شەکاوە. (٢) سەرکەوتن.
flying field, فڕۆکەخانە.
flying fish, ماسی فڕندە (دەتوانێت بازد بدات بە هەوادا).
flying machine, فڕۆکە.
flying saucer, دەفری فڕیو؛ قاپی فڕندە؛ قاپی بفڕ (کە بریتی‌یە لە دیاردەیەك لە شێوەی قاپدا مرۆڤ دیونێتی بە ئاسماندا فڕیوە).

fly-leaf (flī′lēf′), *n.* پەڕەیەکی سپی لە سەرەتا یا کۆتایی پەرتووکێکدا.
fly net, پەردە کوللە (کە بریتی‌یە لە پەردەیەك مرۆڤ هەڵیدەدات بۆ خۆپاراستن لە مێش‌و مێشوولە... هتد).

fly-paper (flī′pā′pĕr), *n.* کاغەزی مێش (کە بریتی‌یە لە تەبەقە کاغەزێکی لینج یا زەهر پێوەکراو بۆ مێش کوشتن).

fly sheet, نامیلکە.

fly-weight (flī′wāt′), *n.* بۆکسبازێك کە ١١٢ پاوەن قورس بێت یا کەمتر.

fly-wheel (flī′hwēl′), *n.* ڕەوڕەوەیەکی قورسە بە مەکینەیەکەوە دەبەسترێت بۆ ڕێك‌وپێك کردنی خێرایی یا کارکردنی مەکینەکە بە بەردەوامی.

foal (fōl), *n.* جوانو ئەسپ؛ جوانوماین؛ جوانولکە؛ جاش (کەر، هێستر).

v.t. & v.i. زاین (ماین، کەر، هێستر).

foam (fōm), *n.* (١) کەف (ئاو، شەپۆل، بیرە، عەرەق).
(٢) [Poetic]، دەریا.

v.i. کەف کردن

v.t. کەف پێکردن.

foam at the mouth, زۆر تووڕەبوون؛ ئێجگار تووڕەبوون.

foamy (fōm′i), *adj.* (١) کەفاوی. (٢) لە کەف پێکهاتوو.
(٣) وەك کەف.

-foamily *(adv.)*; foaminess *(n.)*.

fob (fob), *n.* (١) گیرفانی کاتژمێر. (٢) زنجیری کاتژمێری گیرفان.
(٣) گەوهەرێك یا شتێکی جوان بەسەری زنجیرێکەوە.

fob (fob), *v.t.* [Obs.], خەڵەتاندن؛ گزی لێکردن؛ دەستبڕین.

focalize (fō′k'l-īz′), *v.t. & v.i.* (١) کۆکردنەوە لە ناوچەدا؛ تێشکۆکردن؛ تێشکۆبوون.
(٢) ڕاگرتن لە یەك شوێن یا نەندامدا (نەخۆشی).

-focalization *(n.)*.

focus (fō′kəs), *n.* (١) تێشکۆ. (٢) ناوچەرگە؛ ناوەڕاست؛ ناوچەق.
(٣) نەندامێك یا بەشێکی لەش کە نەخۆشی‌یەکی تیا ڕاگیراوە.
(٤) ناوەڕاست یا ناوچەقی بوومەلەرزێیەك.

v.t. (۱) تیشکۆکردن *(to ~ a camera)* .
(۲) چاو تن برین؛ ناراستەکردن *(F~ your attention on study.)* .
in focus, ڕوون؛ دیار.
out of focus, لێڵ؛ نادیار.
fodder (fod′ĕr), *n.* ئالف؛ ئالت.
v.t. ئالف پێدان؛ ئالیک پێدان.
foe (fō), *n.* دوژمن؛ ناحەز.
foetal (fē′t'l), *adj.* = fetal.
foetus (fē′tŏs), *n.* = fetus.
fog (fôg, fog), *n.* (۱) تەم؛ تەمومژ
(۲) لێڵی (مێشک، بار یا دۆخ)؛ ناڕوونی.
v.i. (۱) بە تەم گیران؛ بە تەم داپۆشران. (۲) لێڵ بوون؛ ناڕوون بوون.
v.t. (۱) بە تەم گرتن؛ بە تەم داپۆشین. (۲) لێڵ کردن؛ تێکدان؛ ناڕوون کردن
(۳) شێواندن؛ سەرسام کردن
fog bank, تەمێکی زۆر چڕ.
fog-bound (fôg′bound´, fog′bound´), *adj.* تەم ڕێی گرتووە (کەشتی).
foggy (fôg′i, fog′i), *adj.* (۱) تەماوی؛ بە تەم گیراو یا داپۆشراو؛ پڕ تەم (۲) لێڵ؛ ناڕوون. (۳) سەر لێ شێواو؛ پەشۆکاو؛ واق ووڕماو؛ شێواو.
-fogginess *(n.).*
foghorn (fôg′hôrn´, fog′hôrn´), *n.* (۱) هۆرنی تەم (کە لەکاتی تەمدا ئاوەناو لێ دەدرێت لە قەراغی دەریادا یا لەلایەن کەشتییەوە بۆ ووریاکردنەوەی کەشتی و بەلەم). (۲) دەنگێکی بەڕێی تێژی دەنگدەرەوە.
fogy, fogey (fō′gi), *n.* کەسێکی کۆنەپەرست
foible (foi′b'l), *n.* (۱) کەموکوڕی (ڕەووشت)؛ ناتەواوییەکی بچووک (ڕەووشت و سروشت). (۲) بەشی بن هێزی شیر (لە ناوەڕاستەوە بۆ نووکەکەی).
foil (foil), *v.t.* (۱) کۆسپ خستنە ڕێ؛ ڕێگرخستن؛ ڕێگە پێ نەدان؛ ڕێی سەرکەوتن نەدان *(He was ~ed in his attempt.)* .
(۲) سەر لێ شێواندن (بە وونکردنی شوێن پێ یا بۆن گۆڕین بەتایبەتی لە ڕاوکردندا).
n. (۱) بۆز یا شوێن پێی گیاندارێک.
(۲) شێرێکی درێژی تەنکی نووک داپۆشراو (بۆ شێربازی). (۳) شێربازی.
(٤) [Archaic] ڕێ لێگرتن؛ ڕێگرخستن؛ ڕێی سەرکەوتن نەدان.
foil (foil), *n.* (۱) پەڕەی کانزا *(tin ~ ; gold ~)* .
(۲) نەخشێکی وەک گەڵای ڕووەک (خانووسازی)
(۳) کەسێک کە بێچەوانەی کەسێکی تر بێت لە ڕەووشت و سروشتدا.
v.t. (۱) بە پەڕەی کانزا داپۆشین؛ پەڕەی کانزا تێوە پێچان.
(۲) [Rare] . بە پێچەوانەی کەسێکی تر ڕەفتارکردن.
(۳) پەنجەرە ڕازاندنەوە بە نەخشی وەک گەڵای دار (خانووسازی).
foist (foist), *v.t.* (۱) بە درێژەوە تێخستن (مەرجێک لە ناو قۆنتەراتێکی نووسراودا). (۲) (~ on ; ~ upon). ساختەکردن
fold (fōld), *v.t.* (۱) قەدکردن؛ لوول کردن؛ دانوشتاندن؛ نوشتانەوە؛ پێچانەوە. (۲) نوشتانەوە و کردن بە یەکدا. *(F~ your arms.)* .
(۳) هێنانەوەیەک؛ قەدکردن: *(A bird ~s its wings.)*
(٤) گرتنەباوەش؛ باوەشی پیاکردن. (٥) پێچانەوە؛ گرتنەوە.
v.i. (۱) قەدبوون؛ نوشتانەوە؛ قەدگرتن.
(۲) [Slang]. ژێرکەوتن؛ ناشبەتاڵ لێکردن؛ داخستن.
(The business ~ed.)
n. (۱) قەدکردن؛ لوول کردن؛ دانوشتاندن. (۲) توێ؛ قەد؛ لۆ.
(۳) خەتی قەدکردن.
fold up, (۱) پێچانەوە؛ لوولدان؛ قەدکردن
(۲) [Slang]. ژێرکەوتن؛ ناشبەتاڵ کردن؛ داخستن.
fold (fōld), *n.* (۱) پەچە؛ کۆز. (۲) مەڕو بزنی ناو پەچە.
(۳) (ا) نەندامانی کڵێسەیەک. (ب) کڵێسەیەک.

(٤) کۆمەڵێکی یەک ئامانج و یەک نەوا.
v.t. کردنە پەچەوە (مەڕ، بزن).
-fold (fōld), پاشگرێکە بەمانای: کەڕەت؛ ئەوەندە؛ جار: *(tenfold, fivefold, etc.)*
folder (fōl′dĕr), *n.* (۱) قەدکەر (مرۆڤ، ئامێر). (۲) فایل؛ ملەفە.
(۳) ئامێلکەیەکی لوول کراو یا نوشتاوە.
foliage (fō′li-ij), *n.* (۱) گەڵای دارو درەخت؛ گەڵا بەسەرجەمی.
(۲) نەخش و نیگارێک لە شێوەی گەڵا و لق و پۆپدا.
foliar (fō′li-ĕr), *adj.* گەڵایی؛ تایبەتی بە گەڵا.
foliate (fō′li-āt´), *v.t.* (۱) کردن بە پەڕە یا توێی تەنکەوە.
(۲) ڕازاندنەوە بە نەقشی وەک گەڵا.
(۳) ژمارە دانان لەسەر پەڕەی پەرتووکێک یا پەراوێک.
v.i. (۱) چین چین بوون. (۲) گەڵا کردن؛ گەڵا دەرکردن.
adj. (۱) بە گەڵا داپۆشراو. (۲) گەڵایی؛ وەک گەڵا.
foliation (fō´li-ā′shən), *n.* (۱) گەڵا کردن؛ گەڵا دەرکردن
(۲) گەڵا پێوە بوون. (۳) تەنک کردن و پەڕەپەڕەکردنی کانزا.
(٤) پارچە پارچە بوون و وەک گەڵا لێهاتن.
(٥) ژمارە دانان لەسەر پەڕەی پەرتووکێک (لەسەر هەموو پەڕەیەک نەک یەک پەڕە).
(٦) نەخش و نیگارێک لە شێوەی گەڵادا.
(۷) چۆنێتی بوونی گەڵا لە خونچەیەکدا.
folio (fō′li-ō′, fōl′yō), *n.* (۱) پەڕەیەکی گەورەی یەک جار قەدکراو.
(۲) پەرتووکێک کە لە پەڕەی نوشتاوەی وەها پێکهاتبێت.
(۳) پەڕەی پەرتووک یا دەستنووسێک کە هەر یەک لای ژمارەی لەسەر بێت
(٤) ژمارەی لاپەڕەی پەرتووکێک.
adj. یەک جار قەدکراو (پەڕە).
v.t. ژمارە دانان لەسەر لاپەڕەی پەرتووکێک.
folk (fōk), *n.* (۱) نەتەوە؛ گەل؛ تیرە؛ خێڵ؛ ڕەگەز؛ میللەت.
(۲) *(pl.)*، خەڵک؛ کەسان: *(Town ~s are not like farmers.)* .
میللی؛ هی گەل؛ ڕەمەکی: *(~ music)* . *adj.*
just folks, [Dial. or Colloq.], خەڵکی سادە؛ کەسانی خاکی و بێ هونەر.
(one's) folks, [Colloq.], خزم؛ خزم و کەس و کار.
folk dance, هەڵپەڕکێ؛ سەمای میللی.
folklore (fōk′lôr´, fōk′lōr´), *n.* (۱) فۆلکلۆر: کەلەپووری بیروبڕوا قسەی نەستەق و نەفسانەو نەریت و خوری میللی. (۲) لێکۆڵینەوەی فۆلکلۆر.
folklorist (fōk′lôr´ist, fōk′lōr´ist), *n.* زانای فۆلکلۆر.
folk music, مۆسیقای فۆلکلۆری یا میللی.
folk song, گۆرانی فۆلکلۆری یا میللی.
folksy (fōk′si), *adj.* [Colloq.], (۱) خاکی؛ سادە؛ وەک خەڵکی سادە.
(۲) دۆستانە؛ ڕووخۆش.
folk tale, چیرۆکی نەفسانەیی فۆلکلۆری یا میللی؛ سەرگووزشتە.
follicle (fol′i-k'l), *n.* (۱) کیس یا کونی بچووکی ناو پێست بۆ شتی وەک ئارەق لێ هاتنە دەرەوە لە لەش: *(a hair ~)* .
(۲) تۆوێک یا کەلوویەکی ووشکی لە یەک لاوە کراوە. (۳) قۆزاخە.
follow (fol′ō), *v.t.* (۱) لە دواوە هاتن؛ لە دواوە ڕۆیشتن.
(۲) لەگەڵدا بوون؛ لەگەڵدا ڕۆیشتن.
(۳) شوێن کەوتن (بۆ گرتن)؛ دواکەوتن؛ ڕاڤراندن.
(٤) لەسەر ڕێ ڕۆیشتن؛ پەیڕەوی کردن: *(to ~ the right road)* .
(٥) جێگرتنەوە: *(He ~ed his father as manager.)* .
(٦) دوابەدوا هاتن.
(۷) لێوە پەیدابوون؛ دەرئەنجام بوون:
(Disease often ~s malnutrition.)
(۸) لەسەر ڕێ و شوێن ڕۆیشتن؛ چاولێکردن.
(۹) لەسەر ڕۆیشتن؛ پەیڕەوی کردن؛ بە گوێ کردن:
(We ~ed the rules of the game.)
(۱۰) پاڵپشتی کردن (بیروڕا، ڕێبان).

(١١) گوێگرتن؛ سەرنج پێدان.
(١٢) گوێ پێدان؛ ناگا لێ بوون: *(He ~s local politics.)* .
(Do you ~ me?) (١٣) تێگەیشتن
v.i. (١) لە دواوە هاتن یا پۆیشتن. (٢) لەگەڵدا بوون؛ لەگەڵدا پۆیشتن. (٣) بوون بە هۆ.
as follows, بەم جۆرەی خوارەوە؛ وەك لە خوارەوە پوون کراوەتەوە.
follow out, تەواوکردن؛ بە تەواوی جێبەجێکردن؛ پەیڕەوی کردن.
follow suit, لەسەر ڕێ و شوێنی کەسێکی تر ڕۆیشتن؛ چاولێکردن.
follow through, بەردەوام بوون لەسەر کارێك تا تەواوکردنی؛ لەسەر ڕۆیشتن و تەواوکردن.
follow up, (١) دووکەوتن؛ دواکەوتن و بەرنەدان. (٢) تەواوکردن؛ بەجێهێنان؛ بە تەواوی جێبەجێکردن. (٣) شوێن کەوتن (داخواست، سکالانامە)؛ هەنگاوی تازە نان بۆ پالپشتی کردن و جێبەجێکردنی کارێك. (٤) لێکۆڵینەوەی زیاتر؛ بەردەوام بوون لەسەر.
follower (fol′ō-ēr, fol′ə-wēr), *n.* (١) پاشکۆ؛ کلك؛ دەسکەلا؛ شوێن کەوتوو. (٢) چاولێکەر. (٣) بەردەست؛ خزمەتکار. (٤) بەشێکی مەکینە کە ووزەو بزوێنی لە بەشێکی تری مەکینەکەوە بۆ دێت.
following (fol′ō-iŋ, fol′ə-wiŋ), *adj.* ئایندە؛ داهاتوو؛ خوارەوە؛ ئەمانەی خوارەوە
n. کۆمەڵێك لە شوێن کەوتووان؛ دەستەیەکی پالپشتیکەر؛ دەستەی پاشکۆو خواردەستان.
the following, (١) ئەمانەی حوارەوە؛ ئەمەی خوارەوە. (٢) ئایندە؛ داهاتوو.
follow-through (fol′ō-thrōō′), *n.* بەردەوام بوون لەسەر کارێك تا تەواوکردنی (بەتایبەتی لێدانی توپ لە یاریدا).
follow-up (fol′ō-up′, fol′ə-wup′), *adj.* هی دواتر؛ ئەوەی لە پاش ئەوەی تر هاتوە دێت: *(~ visits ; ~ letter)* .
n. (١) کارێك یا شتێکی پاشکۆ؛ ئەوەی لە دواترەوە دێت؛ هەنگاوی ئایندە (بۆ پالپشتی کردنی هەنگاوی پێشووتر). (٢) هەنگاوی ئایندە نان (وەك نووسینی نامەیەکی تر یا سەردانی یەکێك).
folly (fol′i), *n.* (١) گەوجێتی؛ کەرێتی؛ بێ میشکی؛ نەزانی. (٢) کردەوەیەك یا بڕوایەکی کەرانە. (٣) هەوڵدانێکی بێ سوودو گرانبەها.
foment (fō-ment′), *v.t.* (١) هەنوون (لەش)؛ بە ئاوی گەرم داشتن و شتی گەرم لێنان (لەش). (٢) هاندان؛ بزواندن؛ ڕێ بۆ خۆش کردن: *(to ~ rebellion)*
-fomentation *(n.).*
fond (fond), *adj.* (١) ساویلکە (٢) [Dial.] ، شێت؛ شێتۆکە. (٣) دڵنەرم؛ دل ناسك. (٤) ناسك و ڕم لە خۆشەویستی: *(~ caresses)* . (٥) خۆش؛ خۆشەویست: *(my ~est wish)* .
fond of, خۆشویستن؛ خوایشت وێستن؛ چوونە دڵەوە: *(to be fond of a person)*
fondle (fon′d'l), *v.t.* دەست پیاهێنان (خۆشەویستی)؛ دەست تێوەدان و یاری پێکردن (بۆ دەربڕینی خۆشەویستی): *(to ~ a baby, a lover, a cat, etc.)*
fondly (fond′li), *adv.* (١) ساویلکانە. (٢) خۆشەویستانە؛ لەڕووی خۆشەویستیەوە.
fon-due (fon′dōō, fon-dōō′), *n.* خواردەمەنیەکی گەرمە لە پەنیری تووەو کەرەو هێلکەو مەی پێکدێت بە نانەوە دەخورێت.
food (fōōd), *n.* (١) خواردەمەنی؛ خۆراك؛ نان؛ نمەك؛ بژێو؛ خواردن. (٢) خواردنێکی تایبەتی؛ خواردەمەنیەکی تایبەتی. (٣) دان؛ شتی زاخاو دەرەوە یا بژوێن: *(~ for thought)* .
food-stuff (fōōd′stuf′), *n.* خواردەمەنی؛ خواردەمەنی خاو؛ بژێو.
fool (fōōl), *n.* (١) کەسێکی بێ میشك، کەر، نەزان، یا گێل. (٢) کەسێکی قۆشمەچی یا گاڵتەبێژ (لە کۆندا لە کۆشکی پاشاکاندا ڕادەگیرا هەر بۆ ڕابواردن و پێکەنین).

v.i. (١) خۆ گێل کردن؛ ڕەووشتی مندااڵنە یا بێ میشکانە نواندن. (٢) گاڵتەکردن.
v.t. هەڵخەڵەتاندن؛ بە هەڵە بردن.
be no (or nobody's) fool, زۆزان؛ زۆل؛ لێهاتوو؛ کەر نەبێە
fool around, [Colloq.], (١) کات بەفیڕۆدان؛ بە شتی هیچ و پووچ و مندااڵنەوە کات بەسەر بردن. (٢) [Slang]، داوێن پیسی کردن؛ بە دزێیەوە ڕابواردن (بەتایبەتی ژنی مێرددار یا پیاوی ژندار)
fool with, [Colloq.], دەستکاری کردن؛ لاقەکردن.
play the fool, خۆ گێل کردن؛ خۆ لێ هەڵەکردن.
fool (fōōl), *n.* شیرینیێەکە لە میوە دروست دەکرێت.
foolery (fōōl′ēr-i), *n.* (١) کردەوە یا ڕەوشتێکی شێتانە یا کەرانە. (٢) کەرێتی.
foolhardy (fōōl′här′di), *adj.* چاوقایم؛ سەرکێش؛ هەڵەشە؛ سەرگەرم؛ نازاو بێ میشك.
-foolhardily *(adv.)*; **foolhardiness** *(n.).*
foolish (fōōl′ish), *adj.* (١) بێ میشك؛ کەر؛ نەزان؛ گەوج. (٢) بێ مانا؛ قۆڕ. (٣) [Archaic]، بێ نرخ؛ هیچ و پووچ.
foolishness (fōōl′ish-nis), *n.* (١) بێ میشکی؛ کەرێتی؛ نەزانی؛ گەوجی. (٢) کردەوەیەك یا شتێکی کەرانە.
fool-proof (fōōl′prōōf′), *adj.* (١) ئەوەندە ئاسان و ڕێك و ڕەوانە کەسێکی بێ میکیش دەزانێ کاری پێ بکات. (٢) قەت تێ ناشکێ، خراپ ناببێت، یا ژێر ناکەوێت: *(a ~ plan)* .
foolscap (fōōlz′kap′), *n.* پەڕە کاغەزێ گەورە (کە پانی ١٣ گرێو درێژی ١٧ گرێ بێت).
fool's errand, کردەوەیەکی بێ سوودو کەرانە.
fool's paradise, بەهەشتی کەران یا بێ میشکان.
foot (foot), *n.* (١) پێ؛ قاچ. (٢) شتێك کە لە شوێندا وەك پێ بێت: (أ) بن، پێچکە (مێز، کورسی) (ب) لاخواروو شتێك: *(the ~ of a page)* . (ج) دامێنی شاخ؛ بناری شاخ. (٣) لاخواروو جێ ی نووستن یا گۆڕ (کە جێ ی قاچە). (٤) ئەو بەشەی گۆزەوی کە قاچ دادەپۆشێت. (٥) پێ (پێوان). (٦) پیادە (سوپا، پۆلیس). (٧) خڵتە. (٨) خشتە (هۆنراوە)؛ دوو بڕگە یا زیاتری پێکەوە ووتراوی هۆنراوە: (to be or not to be) لە سێ خشتە یا "فووت" پێکهاتووە.
v.i. (١) سەماکردن. (٢) بە پێ ڕۆیشتن؛ پیاسەکردن. (٣) بزوان یا بۆ پێشەوە ڕۆیشتن (کەشتی).
v.t. (١) پیا ڕۆیشتن؛ پاکردن لەسەر؛ سەماکردن لەسەر. (٢) گۆزەوی لەپێکردن. (٣) کۆکردنەوەو سەرجەم دەرهێنان. (٤) [Colloq.]، پارەدان: *(He ~ed the bill.)* .
foot it, [Colloq.], سەماکردن؛ بە پێ ڕۆیشتن؛ پاکردن.
foot up, کۆکردنەوەو سەرجەم دەرهێنان.
have one foot in the grave, [Colloq.], سەر لە گۆڕی گۆڕ لەرزین؛ پیرو نەخۆش.
on foot, (١) بە پێوە وەستاو. (٢) بە پێ ڕۆیشتن؛ پاکردن. (٣) بەردەوام بوون؛ خەریك بوون.
put one's best foot forward, [Colloq.], (١) زۆر خێرا پاکردن یا ڕۆیشتن. (٢) (أ) بە باشترین شێوە خۆ پیشاندان. (ب) ئەرکەپی هەوڵدان.
put one's foot down, [Colloq.], لەسەر سووربوون؛ پێ دان بە زەویدا، واتە لەسەر سووربوون.
put one's foot in it (or one's mouth), [Colloq.], هەڵەکردن یا شتێکی خراپ ووتن و تەریق بوونەوە لە ئەنجامدا.
-foot (foot), پاشکۆیەکە بەمانای: پێ (پێوان- درێژی، پانی، بەرزی، قوولی): *(six-foot)* .

footage (foot′ij), *n.* درێژی بە پێ فیلمی سینەما.
football (foot′bôl´), *n.* (۱) یاری فوتبۆڵینی نەمەریکی. (۲) تۆپی ئەم یارییە. (۳) مەسەلەیەک، کێشەیەک، یا کەسێک کە هیچ دەستەیەک نەیگرێتە خۆی و یاری پێ بکەن وەک تۆپی شەق شەقێن.
footboy (foot′boi´), *n.* بەردەستێکی منداڵ.
footbridge (foot′brij´), *n.* پردی پیادەڕۆ
-footer (foot′ĕr), پاشکۆیەکە بەمانای: کەسێک یا شتێکی نەوەندە درێژ یا بەرز... هتد: *(a six-footer)* .
footer (foot′ĕr), *n.* پیادە؛ پیادەڕۆ.
footstep (foot′step´), *n.* (۱) هەنگاو. (۲) دەنگی شوێن پێ.
footgear (foot′gêr´), *n.* پێڵاو
foothill (foot′hil´), *n.* گردی بناری شاخ؛ گردی دامێنی شاخ.
foothold (foot′hōld´), *n.* (۱) شوێن پێ؛ جێی وەستان. (۲) جێیەکی ئاسوودەو باش بۆ پاڵپشتی.
footing (foot′iŋ), *n.* (۱) بە پێ پۆیشتن یا گەڕان. (۲) شوێن پێیەکی پتەو. (۳) بنچینە؛ بناغە: *(This business must be put on a sound ~ .)* . (٤) ئاست *(to be on an equal ~ with)* . (٥) (ا) کۆکردنەوەو سەرجەم دەرهێنان (ب) سەرجەم. (٦) بنی دەرپەڕیوی پایە یا دیوار.
footless (foot′lis), *adj.* (۱) بێ پێ؛ بێ قاچ. (۲) بێ بناغە؛ بێ بن؛ بێ پاڵپشت. (۳) [Colloq]، ئاکارامە؛ ڵێ نەهاتوو.
footlights (foot′līts´), *n.pl.* (۱) شەوقهاوێژی سەرزەمینەی شانۆ. (۲) شانۆ؛ پیشەی ئەکتەری.
footlocker (foot′lok ĕr), *n.* باوڵی سەربار (کە لەبەر پێی جێی نوستنەکەیەوە دایدەنێت).
footloose (foot′lōōs´), *adj.* بەرەڵا (مرۆڤ)؛ ئازاد؛ دەتوانێت بە هەرچ لایەکدا بیەوێت بچێت.
footman (foot′mən), *n.* (۱) بەردەست؛ خزمەتکار. (۲) [Archaic]، سەربازی پیادە.
footmark (foot′märk´), *n.* شوێن پێ؛ جێ پێ.
footnote (foot′nōt´), *n.* پەراوێز؛ تێبینی پەراوێز.
v.t. پەراوێز یا تێبینی پەراوێز نووسین.
footpath (foot′path´, foot′päth´), *n.* پیادەڕێ؛ تووڵەڕێ؛ زەلامەڕێ؛ ڕێچکە
footprint (foot′print´), *n.* شوێن پێ؛ جێ پێ.
footrest (foot′rest´), *n.* شوێنی حەوانەوەی پێ (لە کاتی دانیشتندا یا پاڵدانەوەدا).
foot soldier, سەربازی پیادە
foot-step (foot′step´), *n.* (۱) هەنگاو. (۲) دەنگی پێ. (۳) شوێن پێ؛ جێ پێ. (٤) پلەی پێ پلیکانە.
follow in (someone's) footsteps, لەسەر ڕێو شوێنی کەسێک ڕۆیشتن؛ چاولێکردن.
footstone (foot′stōn´), *n.* کێلی بەر پێی گۆڕ
footwear (foot′wâr´), *n.* پێڵاو.
footwork (foot′wŭrk´), *n.* شێوەی بەکارهێنانی پێ لە وەرزشو هەڵپەرکێدا.
fop (fop), *n.* (۱) کەسێکی بێ مێشک. (۲) کەسێکی زۆر تەپۆش؛ کەسێک کە بە پەلەپێتکە خۆی دەتەکێنێ.
foppery (fop′ĕr-i), *n.* کردەوەو جل‌وبەرگی کەسێکی تەپۆش.
foppish (fop′ish), *adj.* تایبەتی بە کەسێکی زۆر تەپۆش؛ کەشخەچی؛ لووت بەرزو بە پەلەپێتکە خۆتەکێنەر.
for (fôr; *unstressed* fĕr), *n.* (۱) لەباتی؛ لەجیاتی. (۲) لەجێی؛ لەبریتی: *(His agent acted ~ him.)* . (۳) بۆ؛ لەپێناوی: *(They fought ~ freedom.)* . (٤) بە ناوی نەوەوە؛ بۆ ڕێزلێنانی نەو: *(The baby was named ~ his grandfather.)* (٥) لەبەر؛ بۆ؛ بۆ نەو ئامانجە: *(He carried a gun ~ protection.)* (٦) بۆ (چوون بۆ شوێنێک)؛ بەرەو: *(She has just left ~ home.)* (۷) بۆ (گەڕان بۆ شتێک)؛ بە دوادا: *(The child looked ~ his dog.)* (۸) بۆ (کەسێک یا شتێک): *(flowers ~ a girl)* . (۹) بۆ (شیان بۆ مەبەستێک): *(a room ~ sleeping)* . (۱۰) بە دوایدا؛ بۆ: *(The child cried ~ his mother.)* . (۱۱) بۆ: *(It is cool ~ July.)* . (۱۲) لەبەر؛ بە؛ بەهۆی: *(He cried ~ pain.)* . (۱۳) لەگەڵ نەوەشدا: *(She is stupid ~ all her learning.)* . (۱٤) بۆ؛ لە بەرامبەری: *(a good day ~ every ten bad ones)* (۱٥) بە؛ بە نەوەندە: *(He sold the house ~ $ 10000.)* (۱٦) بۆ نەوەندە (کات، دووری یا ماوە): *(The movie lasts ~ an hour.; The road runs ~ five miles.)* (۱۷) بۆ (کات) *(I made an appointment ~ three o'clock.)* . (۱۸) [Obs.]، لەپێش.
conj. لەبەر؛ چونکە؛ لەبەرئەوەی.
forage (fôr′ij, for′ij), *n.* (۱) ئاڵف؛ ئالیک. (۲) بۆ ئاڵف، خواردەمەنی، یا ئازووقە گەڕان؛ بۆ لەوەڕگا گەڕان.
v.i. (۱) بۆ ئاڵف، خواردەمەنی، یا ئازووقە گەڕان (۲) (~ for; ~ about)، گەڕان بە دوای شتێکی پێویستدا.
v.t. (۱) (ا) ئازووقە خستن؛ خواردەمەنی ڵێ وەرگرتن یا ڵێ سەندن. (ب) تاڵان کردن؛ ڕووتکردنەوە. (۲) ئاڵف پێدان؛ خواردن پێدان. (۳) ئاڵف دەسکەوتن بە بۆ گەڕان.
for-as-much (fôr´əz-much′), *conj.* نەوەندەی؛ هەتا (پلە).
foray (fôr′ā, for′ā), *v.t. & v.i.* تاڵان کردن؛ ڕاوو ڕووت کردن؛ ڕووتکردنەوە.
n. هێرشی تاڵان کردن؛ هێرشی ڕاوو ڕووت کردن؛ هێرش.
forbade, forbad (fĕr-bad′, fôr-bad′), *past tense of* forbid.
forbear (fôr-bâr′, fĕr-bâr′), *v.t.* (۱) نەکردن؛ خۆ ڕاگرتن (لە کردن یا ووتنی شتێک). (۲) [Archaic]، دەربردن؛ هەڵکردن؛ بەرگەگرتن
v.i. خۆ ڕاگرتن؛ نەکردن (کار)؛ خۆگرتن.
forbear (fôr′bâr′), *n.* = forebear.
forbearance (fôr-bâr′əns, fĕr-bâr′əns), *n.* (۱) خۆگرتن؛ خۆ ڕاگرتن؛ هەڵکردن؛ ئارام بوون (۲) ماوەی زیادە پێدان بۆ دانەوەی قەرزێک.
forbid (fĕr-bid′, fôr-bid′), *v.t.* قەدەغەکردن؛ ڕێ پێ نەدان؛ نەهێشتن.
forbiddance (fĕr-bid′ns, fôr-bid′ns), *n.* قەدەغەکردن؛ قەدەغەکراوی.
forbidden (fĕr-bid′n, fôr-bid′n), *adj.* قەدەغەکراو؛ قەدەغە.
forbidden fruit, (۱) بەری ئەو دارەی قەدەغە بوو لە نادەمو حەوا کە ایێی بخۆن (قورئان، ئینجیل). (۲) شتێکی ویستراوی قەدەغەکراو.
forbidding (fĕr-bid′iŋ, fôr-bid′iŋ), *adj.* بە سام؛ سامناک؛ سامدار؛ ترسناک؛ بە شکۆ.
forbore (fôr-bôr′, fôr-bōr′), *past tense of* forbear.
forborne (fôr-bôrn′, fôr-bōrn′), *p.p. of* forbear.
force (fôrs, fōrs), *n.* (۱) هێز؛ ووزە؛ تین. (۲) تەووژم. (۳) زۆر؛ زۆرکاری؛ زۆرەملی؛ زەبر؛ توندوتیژی. (٤) لەنگەر (ڕەوشت)؛ قورسی: *(the ~ of character)* .
(٥) هێزی سوپایی یا دەریایی؛ نێزە.
(٦) کۆمەڵ (سەرباز، کەشتیوان)؛ دەستە.
v.t. (۱) زۆرلێکردن؛ بەزۆر پێ کردن.

(٢) به زۆر سواربوون؛ بەزۆر لەگەڵدا جووت بوون.
(٣) به زۆر ڕێگەکردنەوە یا شکاندن یا داگیرکردن؛ بەسەردا دان.
(I ~d the gun from his hand.) (٤) به زۆر لێ سەندن.
(Hunger ~d him to steal.) (٥) ناچارکردن؛ وایکردن.
(~ on ; ~ upon). (٦) سەپاندن بەسەردا؛ بەزۆر سەپاندن بەسەردا:
(He ~ed his attention on her.)

by force, به زۆر؛ به زۆرەملێ؛ به زۆرکاری.
in force, (١) به هەموو هێزەوە؛ هەموو هێز.
(٢) کاری پێ دەکرێ (یاسا)؛ لە کاردایە (پەیڕەو، یاسا).

forced (fôrst, fōrst), *adj.* (١) هی زۆرکاری؛ بە زۆرەملێ؛ بەزۆر؛ بێگار.
(~ labor) .
(٢) ناسرووشتی؛ درۆ؛ دڕووستکراو.
(a ~ smile) .
(٣) ناچاری
(a ~ landing) .

-forcedly *(adv.).*

forceful (fôrs′fəl, fōrs′fəl), *adj.* بە زەبروزەنگ؛ بەهێز؛ بەتین؛ بەگۆڕ؛ تووندوتیژ؛ بەکار؛ کاریگەر.
(a ~ person, argument, etc.) .

forceps (fôr′səps, fôr′seps), *n.* مقەستی پزیشک

forcible (fôr′sə-b'l, fōr′sə-b'l), *adj.* (١) بە زۆرەملێ؛ بە زۆر کراو.
(٢) بە زەبروزەنگ؛ بەهێز؛ تووندوتیژ.

forcibly (fôr′sə-bli, fōr′sə-bli), *adv.* بە زۆر؛ بە زۆرەملێ؛ بە زۆرکاری

ford (fôrd, fōrd), *n.* بووار؛ تەنکاو؛ تەنکایی
v.t. لە بووارەوە یا تەنکاوەوە پەڕینەوە.

fordo (fôr-dōō′), *v.t.* [Archaic]. (١) لەناوبردن؛ نەهێشتن؛ کوشتن.
(٢) ماندووکردن

fordone (fôr-dun′), *adj.* [Archaic]. ماندوو؛ هیلاک

fore (fôr, fōr), *adv.* پێشەوە؛ پێشەکەی؛ لووتەکەی (کەشتی).
adj. لەپێشەوە؛ لە پێشەکەیدا.
n. بەشی پێشەوە یا بەردەم.

fore- (fôr, fōr), پێشکۆیەکە بەمانای: (١) لەپێش (کات، جێگە، پلە، ڕێز): *(forecast, forenoon)* .
(٢) لەبەردەم؛ پێش. *(forearm, forehead)* .

fore-and-aft (fôr′n-aft′, fōr′n-äft′), *adj.* بە درێژایی (کەشتی)

fore and aft, (١) لە پێشی کەشتیەوە تا پشتەکەی.
(٢) لە پێش و پاشی کەشتیەوە؛ لە هەردوو سەری کەشتیەوە.

forearm (fôr′ärm′, fōr′ärm′), *n.* باسک؛ قۆڵ (بۆار ئانیشک و مەچەک).

forearm (fôr-ärm′, fōr-ärm′), *v.t.* پێشەکی چەکدارکردن؛ پێشەکی خۆ ئامادەکردن.

forebear (fôr′bâr′, fōr′bâr′), *n.* باوو باپیر

forebode (fôr-bōd′, fōr-bōd′), *v.t. & v.i.* (١) نیشانەی نەوە بوون (بەتایبەتی شتێک یا پووداوێکی بەدووم).
(٢) دل خەبەردان یا پێشبینی کردنی پووداوێکی بەدووم و ناخۆش.

foreboding (fôr-bōd′iŋ, fōr-bōd′iŋ), *n.* نیشانەی پووداوێکی بەدووم یا کارەساتی

forecast (fôr′kast′, fōr′käst′), *v.t.* (١) پێشەکی هەڵسەنگاندن.
(٢) پێشبینێن (ئاوهەوا، پووداوی تر).
n. پێشبینی *(weather ~)* .

forecastle (fōk′s'l, fôr′kas′'l), *n.* (١) بەشی پێشەوەی سەرپێشتی کەشتی. (٢) بەشی پێشەوەی کەشتییەکی بازرگانی (شوێنی حەوانەوەی کەشتییەوانەکان

foreclose (fôr-klōz′, fōr-klōz′), *v.t.* (١) ڕێ لێگرتن؛ نەهێشتن؛ قەدەغەکردن (٢) ڕێ نەدان یا قەدەغەکردنی دەرهێنانەوەی بارمتەیەک یا شتێکی ڕەهن کراو لەبەر نەدانی قیستەکان لە کاتی خۆیدا.

(٣) پێشەکی بڕینەوەی مەسەلەیەک.
foreclosure (fôr-klō′zhēr), *n.* (١) قەدەغەلێکردنی دەرهێنانەوەی شتێکی ڕەهن کراو (لەبەر نەدانی قیستەکان لە کاتی خۆیدا)
(٢) خانوو سەندنەوە لە خاوەنەکەی لەلایەن بانقەوە لەبەر نەدانی مانگانەکانی

forefather (fôr′fä′thēr, fōr′fä′thēr), *n.* باوو باپیر؛ باپیر؛ داپیر.

forefinger (fôr′fiŋ′gēr, fōr′fiŋ′gēr), *n.* پەنجەی شایەتمان؛ دۆشاوەژە.

forefoot (fôr′foot′), *n.* سمی ووڵاخ؛ سمی گیاندارێکی چوارپێ.

forefront (fôr′frunt′, fōr′frunt′), *n.* (١) بەردەم؛ هەرە پێشەوە؛ پێشی پێشەوە؛ پێشەنگ.
(٢) ناوچەرگەی کار یا شت؛ شوێنی هەرە گرنگ.

forego (fôr-gō′, fōr-gō′), *v.t.* (١) لە پێشدا بوون یا هاتن (کات، جێ، پلە). (٢) دەست لێ هەڵگرتن (ماف)؛ واز لێ هێنان.

foregoing (fôr′gō′iŋ, fōr′gō′iŋ), *adj.* پێشوو؛ پێشووتر.
the foregoing, ئەوەی پێشوو (ووتە، نووسراو، تێبینی)؛ ئەوەی لەوەڕپێشتر ووتراوە یا نووسراوە.

foregone (fôr-gôn′, fōr′gon), *adj.* (١) پێشوو؛ پێشووتر؛ ڕابوردوو. (٢) پێشەکی بڕیاردراو یا زانراو؛ دیار؛ مسۆگەر؛ بێ گومان:
(a ~ conclusion)

foreground (fôr′ground′, fōr′ground′), *n.* (١) بەردەم (وێنە)؛ بەر. (٢) دیارترین شوێن.

forehand (fôr′hand′, fōr′hand′), *adj.* (١) بەردەم؛ پێشترین.
(٢) بە پێشەوەی دەست کراو (لێدانی یاری تەنس).
n. (١) جێی بەردەم؛ جێی سوودبەخش.
(٢) بەشی پێشەوەی ئەسپ (کە لە بەردەمی سوارداییە).
(٣) لێدانی توپ بە پێشەوەی دەست (یاری تەنس).

forehead (fôr′id, for′əd), *n.* (١) ناوچەوان؛ تەختی ناوچەوان؛ تەوێڵ. (٢) بەردەم یا پێشەوەی شتێک.

foreign (fôr′in, for′ən), *adj.* (١) بێگانە؛ هی بێگانە؛ دەرەکی.
(٢) ناسرووشتی؛ ناڕاسا؛ بەشێک نەبێ لە:
(Unkindness is ~ for his nature.)
(٣) پەیوەندی پێوە نەبێ؛ دەرەکی.

foreign affairs, کاروباری دەرەوە.

foreigner (fôr′in-ēr, for′ən-ēr), *n.* (١) بێگانە؛ کەسێکی بێگانە. (٢) ئاوارە؛ دەرەکی؛ ئاوەکی. (٣) شتێکی بێگانە (بەتایبەتی کەشتی).

foreign exchange, (١) ئالوگۆڕی پارە لەگەڵ ووڵاتان یا کەسانی بێگانە. (٢) حەوالەو بڕوانامەی دارایی بێگانە.

foreignism (fôr′in-iz′m, for′ən-iz′m), *n.* ووتە، خوو، یا نەریتێکی بێگانە.

foreign legion, هێزێکی سوپایی لە بێگانە پێکهاتوو.

foreign mission, (١) دەستگایەکی ئایینی کە دەستەیەک خەڵک دایان ناببێت لە ووڵاتێکی بێگانەدا (بەتایبەتی لەلایەن خاچ پەرستەکانەوە).
(٢) باڵیۆزخانەی ووڵاتێک لە ووڵاتێکی بێگانە

foreign office, وەزارەتی دەرەوە.

forejudge (fôr-juj′, fōr-juj′), *v.t.* پێشەکی حوکم دان بەسەردا.

foreknow (fôr-nō′, fōr-nō′), *v.t.* پێشەکی زانین.

foreknowledge (fôr′nol′ij, fōr-nol′ij), *n.* پێشەکی زانین.

forelock (fôr′lôk′, fōr′lôk′), *n.* (١) پەرچەم؛ قژی ناوچەوان.
(٢) پەرچەمی ئەسپ و ماین.

foreman (fôr′mən, fōr′mən), *n.* (١) سەرۆکی دەستەی سوێندخواران (دادگا). (٢) سەرکار؛ سەروەستا؛ چاوەش.

-foremanship *(n.).*

foremost (fôr′mōst′, fōr′məst), *adj. & adv.* یەکەم؛ هەرە؛ لەپێشترین؛ گرنگترین؛ لەسەروو هەموشتێکەوە.

forename (fôr′nām′, fōr′nām′), *n.* ناوی یەکەمی کەسێک.

forenamed (fôr′nāmd´, fōr′nāmd´), *adj.* ناوبراو؛ لەپێشدا ناوبراو.

forenoon (fôr′nōōn´, fōr-nōōn′), *n.* پێش نیوەڕۆ؛ چێشتەنگاو؛ کاتی نێوان هەتاوکەوتن‌و نیوەڕۆ.

adj. لە بەیانیدا؛ لە چێشتەنگاودا.

forensic (fə-ren′sik), *adj.* دادگایی؛ دادگەری.

foreordain (fôr´ôr-dān′, fōr´ôr-dān′), *v.t.* چارەنووس نووسین؛ ڕەها بۆ بڕینەوە.

-foreordination *(n.)*.

forereach (fôr-rēch′, fōr-rēch′), *v.t. & v.i.* (١) پێشکەوتن؛ پەلەکردن‌و پێشکەوتن (کەشتی، بەلەم). (٢) بردنەوە (ملەملێ)؛ پێشکەوتن.

forerun (fôr-run′, fōr-run′), *v.t.* (١) لە پێشتێیەوە هاتن. (٢) نیشانەی نەوە بوون.

forerunner (fôr-run′ĕr, fōr′run′ĕr), *n.* (١) پێشەنگ. (٢) نیشانەی دواڕۆژ. (٣) (ا) کەسی پێشووتر (ب) باوو باپیر

foresaid (fôr′sed´, fōr′sed´), *adj.* لەپێشدا ناوبراو؛ هی پێشووتر ناوبراو.

foresee (fôr-sē′, fōr-sē′), *v.t.* ڕابینین؛ وا چارەڕوان کردن؛ پێشەکی بینین یا زانین؛ پێشبینین.

-foreseer *(n.)*.

foreshadow (fôr-shad′ō, fōr-shad′ō), *v.t.* نیشانەی پوودانێکی دواڕۆژ بوون؛ پێشەکی وا گەیاندن یا دەرخستن.

foreshow (fôr-shō′, fōr-shō′), *v.t.* پێشەکی وا دەرخستن، پێشاندان. یا گەیاندن؛ نیشانەی نەوە بوون.

foresight (fôr′sīt´, fōr′sīt´), *n.* (١) پێشبینی (٢) دوورڕبینی؛ لێکدانەوە.

foreskin (fôr′skin´, fōr′skin´), *n.* پێستی سەری کێر کە لەکاتی خەتەنەکردندا دەبڕێت.

forest (fôr′ist, for′ist), *n.* دارستان

v.t. دارو درەختێ تێدا ناشتن؛ کردن بە دارستان.

forestall (fôr-stôl′, fōr-stôl′), *v.t.* (١) ڕێ لێگرتن (بە کەوتنە خۆ پێشەکی)؛ وەستاندن. (٢) چارەڕوان کردن‌و چارەسەرکردن پێشەکی. (٣) قۆرخ کردن (بازرگانی).

forestation (fôr´is-tā′shən, for´is-tā′shən), *n.* ناشتنی دارستان‌و چاودێری کردن‌و پاراستنی

forester (fôr′is-tĕr, for′is-tĕr), *n.* (١) دارستانناس (٢) کارمەندی دارستان. (٣) دارستان نشین (مرۆڤ، گیاندار). (٣) جۆرێکە لە مۆرانە.

forest ranger, دارستانەوان؛ کارمەندی دارستان. (پێشی دەوترێ " ranger ").

forestry (fôr′is-tri, for′is-tri), *n.* (١) [Rare] ، دارستان. (٢) دارستانناسی؛ زانستی دارستان؛ ناشتن‌و پاراستنی دارستان. (٣) بەخێوکردنی دارستان بۆ دارو تەختە

foretaste (fôr′tāst´, fōr′tāst´), *n.* بەرکول.

v.t. [Rare], بەرکول کردن.

foretell (fôr-tel′, fōr-tel′), *v.t.* پێشبینین؛ نیشانەی پوودانێکی دواڕۆژ بوون.

forethought (fôr′thôt´, fōr′thôt´), *n.* (١) دوورڕبینی؛ پێشەکی بیرلێکردنەوە. (٢) پێشەکی کەوتنەخوز نەخشەدانان.

foretold (fôr-tōld′), *past tense and p.p. of* foretell.

foretooth (fôr′tōōth´, fōr′tōōth´), *n.* ددانی پێشەوە.

forever (fĕr-ev′ĕr, fôr-ev′ĕr), *adv.* (١) هەتاهەتا؛ بە یەکجاری. (٢) هەمیشە؛ بەردەوام

forevermore (fĕr-ev´ĕr-môr′, fôr-ev´ĕr-môr′), *adv.* = forever.

foreverness (fĕr-ev′ĕr-nis, fôr-ev′ĕr-nis), *n.* هەتاهەتایی؛ هەمیشەیی.

forewarn (fôr-wôrn′, fōr-wôrn′), *v.t.* پێشەکی ئاگادارکردن؛ پێشەکی ووریاکردنەوە.

foreword (fôr′wûrd´, fōr′wûrd´), *n.* پێشەکی (پەرتووک)؛ سەرەتا.

forfeit (fôr′fit), *n.* (١) سزا (پارە، ماف)؛ لێ سەندنەوە (ماف). (٢) شتێکی لێ سەنراو لەباتی تاوانێک؛ شتی دەست لێ هەڵگیراو لەباتی تاوانێک.

v.t. (٣) دەستەڵگرتن (ماف)؛ وازهێنان. دەستەڵگرتن یا لێ سەندنەوەی مافێک لەبەر تاوانباریێک.

forfeiture (fôr′fi-chĕr), *n.* (١) دەست لە ماف هەڵگرتن؛ دەست لێ بەردار بوون. (٢) شتێکی دەست لێ هەڵگیراو؛ سزا.

forgave (fĕr-gāv′, fôr-gāv′), *past tense of* forgive.

forge (fôrj, fōrj), *n.* (١) کووڕەی ئاسنگەر. (٢) دووکانی ئاسنگەر.

v.t. (١) داڕشتن (کان)؛ کانزا تووانەوە و شت لێ دروستکردنی. (٢) داڕشتن. (٣) ساختەکردن (بڕوانامە، چەکی بانق، پارە... هتد).

v.i. (١) داڕشتن (کان). (٢) ساختەکردن.

forge (fôrj, fōrj), *v.t. & v.i.* بەردەوام بوون لەسەرو بەرەبەرە پێشکەوتن.

forger (fôr′jĕr, fōr′jĕr), *n.* (١) داڕێژەر؛ ئاسنگەر. (٢) چێرۆک هەڵبەست؛ درۆ هەڵبەست؛ درۆزن. (٣) ساختەکەر (پارە، بڕوانامە، چەک)؛ ساختەچی.

forgery (fôr′jĕr-i, fōr′jĕr-i), *n.* (١) ساختە؛ ساختەکاری (پارە، بڕوانامە، چەک). (٢) شتێکی ساختە.

forget (fĕr-get′, fôr-get′), *v.t.* (١) لەبیرچوون؛ لەبیرچوونەوە؛ لەیادکردن. (٢) فەرامۆش کردن؛ خستنە پشت گوێ.

v.i. لەبیرچوون؛ لەیادکردن.

forget oneself, (١) بیر هەر لە خۆت کردنەوە و بیر لە خۆ نەکردنەوە؛ هەر بەتەنگ خەڵکەوە هاتن. (٢) ڕەوشتی ناشرین نووساندن؛ ناشرینانە جووڵانەوە.

forgetful (fĕr-get′fəl, fôr-get′fəl), *adj.* (١) فەرامۆشکەر. (٢) بێ هۆش.

-forgetfulness *(n.)*.

forget-me-not (fĕr-get′mi-not´), *n.* جۆرە گوڵ‌و ڕووەکێکە.

forgive (fĕr-giv′, fôr-giv′), *v.t.* (١) لێبووردن؛ لێخۆشبوون؛ بەخشین؛ گەردن ئازادکردن. (٢) لە قەرز خۆشبوون.

v.i. لێبووردن؛ لێخۆشبوون.

-forgivable *(adj.)*; **forgiver** *(n.)*.

forgiveness (fĕr-giv′nis, fôr-giv′nis), *n.* لێبووردن؛ بەخشین؛ لێخۆشبوون؛ گەردن ئازادکردن؛ بەخشندەیی.

forgiving (fĕr-giv′iŋ, fôr-giv′iŋ), *adj.* بەخشندە؛ لێبوورد؛ لێبووردوو. *(a ~ person)*.

forgo (fôr-gō′), *v.t.* (١) دەست لێ هەڵگرتن؛ وازلێهێنان؛ پارێزکردن. (٢) [Archaic]، (ا) تێپەڕبوون. (ب) گوێ پێ نەدان؛ چاو لێ پۆشین. (ج) بەجێهێشتن.

forgone (fôr-gôn′, fōr-gon′), *p.p. of* forgo.

forgot (fĕr-got′, fôr-got′), *past tense of* forget.

forgotten (fĕr-got′n, fôr-got′n), *p.p. of* forget.

fork (fôrk), *n.* (١) چنگاڵ؛ چەتاڵ. (٢) سێلك (کشتوکاڵ). (٣) دوڕیانە؛ شوێنی جیابوونەوەی ڕوبار یا بەیەکگەیشتنی زێکانی ڕوبارێك (٤) زێ؛ ڕێگەیەکی جیابوونەوە؛ لق.

v.i. لق لێ جیابوونەوە؛ بوون بە دوو بەشەوە (ڕێ، ڕوبار): *(The road ~s here.)*

v.t. (١) وەك چنگاڵ لێکردن. (٢) جیاکردنەوە؛ بەش بەش کردن.

(۳) هەڵگرتن بە سێلك

forked (fôrkt), *adj.* دووفلیقانە؛ پەل پەل؛ دووقاق.

forlorn (fēr-lôrn′, fôr-lôrn′), *adj.* (۱) جێماو؛ بەجێهێڵراو. (۲) غەمبار؛ بارکەوتوو؛ دڵتەنگ؛ کوڵۆل. (۳) بێ هیوا؛ هیوا بڕاو.

form (fôrm), *n.* (۱) شێوە. (۲) لەش (مرۆڤ، گیاندار)؛ قەد. (۳) دابڕێژگە؛ دەق؛ قاڵب. (٤) شێواز؛ چۆنێتی: *(Democracy is a ~ of government.)* . (٥) دەستوور (کردنی کارێك). (٦) نیستیمارە؛ فۆرم. (۷) جۆر؛ چەشن: *(Man is a ~ of animal life.)* . (۸) بار؛ دۆخ. (۹) کونە کەروێشك. (۱۰) پۆل (قوتابخانە)؛ پلە. (۱۱) [Archaic]، جوانی. (۱۲) شێوەی ووشە (ڕێزمان).

v.t. (۱) دروستکردن؛ کردن؛ دامەزراندن؛ پێکهێنان؛ پێکهوەنان. (۲) فێرکردن؛ ڕاهێنان؛ داڕشتن (ڕەوشت). (۳) فێربوون (خوێ)؛ ڕاهاتن. (٤) هێنانە بەرچاوی خۆ؛ پیرلێکردنەوە. (٥) پێکهێنان: *(The boys ~ed lines.)* . (٦) پێکهێنان: *(Thirteen States ~ed the original United States.)* (۷) دروستکردن؛ پێکهوەنان (ڕستە): *(to ~ a sentence)* .

v.i. (۱) پێکهاتن؛ شێوە وەرگرتن؛ دەق بەستن؛ دەق گرتن. (۲) هاتنەدی؛ پەیدابوون.

bad form, ڕەوشتی ناشرین.

good form, ڕەوشتی جوان.

-form (fôrm), *(cuneiform)* پاشگۆیەکە بەمانای: (۱) وەك؛ لە شێوەی: (۲) نەوەندە شێوەی هەیە: *(uniform)* .

formal (fôr′m'l), *adj.* (۱) ڕووکەش؛ هی دەرەوە؛ دیار. (۲) ناوەکی. (۳) بە دەستوور؛ بەپێی دەستوور. (٤) ڕووکەشی. (٥) میری کار؛ میری. (٦) (۱) لە بۆنەی تایبەتیدا لەبەردەکرێت: *(a ~ dress)* . (ب) ڕەسمی؛ بە دەستوور: *(a ~ dance)* . (۷) ڕێك‌وپێك؛ وورد. (۸) ڕەسمی: *(a ~ contract)* . (۹) بەپێی شێوازی ڕاست: *(~ language)* .

n. [Colloq.], (۱) سەما بە جلی ڕەسمییەوە. (۲) کراسی ڕەسمی نافرەت.

formality (fôr-mal′ə-ti), *n.* شتێك کە هەر بۆ ناو بکرێت یا بووترێت؛ نەریتی هیچ‌وپووچ‌و ڕووکەشی؛ شتێکی ڕووکەشی.

formalize (fôr′m'l-īz′), *v.t.* شێوە پێدان؛ چەسپاندن؛ بەپێی دەستوور کردن.

-formalization *(n.).*

formally (fôr′m'l-i), *adv.* (۱) بە ڕەسمی؛ بە دەستوور. (۲) لەڕووی شێوازو ڕووکەشەوە.

format (fôr′mat), *n.* (۱) شێوە و قەوارەو جۆری ڕێکخستنی پەڕتووك یا گۆڤارێك. (۲) شێوازی بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی؛ شێواز.

formation (fôr-mā′shən), *n.* (۱) پێکهێنان؛ دامەزراندن؛ پێکهاتن؛ دروستکردن. (۲) شتێکی دامەزراو یا پێکهاتوو. (۳) ڕێك‌وپێکی؛ جۆری ڕێکخستن. (٤) چەند چینێکی هەمان کان یا بەرد (زەمینناسی). (٥) پۆل (باڵندە، فڕۆکە)؛ دەستە (سەربان).

formative (fôr′mə-tiv), *adj.* (۱) پێکهێنەر؛ پەروەردەکەر: *(A teacher is a ~ influence on a child.)* (۲) هی پەروەردەبوون؛ هی گەورەبوون؛ ساوا: *(a child's ~ years)* . (۳) ووشە پێکهێنەر (پاشگۆ، پێشگۆ).

n. (۱) پاشگۆ یا پێشگۆیەك کە ووشەی نێ پێك دەهێنرێت. (۲) ووشەیەکی وەها پێکهاتوو.

former (fôr′mēr), *adj.* (۱) پێشوو؛ ڕابوردوو؛ جاران؛ پێشووتر: *(in ~ times)* (۲) یەکەم؛ هی یەکەم؛ هی پێشتر ناوبراو.

former (fôr′mēr), *n.* پێکهێنەر؛ دروستکەر؛ دامەزرێنەر.

formerly (fôr′mēr-li), *adv.* لەوەوپێش؛ جاران؛ جاری جاران.

formidable (fôr′mi-də-b'l), *adj.* (۱) سامناك؛ بە سام؛ سامدار؛ بەشکۆ؛ شکۆدار. (۲) سەخت؛ گران؛ زەحمەت.

-formidably *(adv.)*; **formidability** *(n.).*

formless (fôrm′lis), *adj.* بێ شێوە؛ بێ سەروقنگ.

form letter, نامەیەك کە دەقاودەقی گەلێك نامەی تر (کۆمپانیاو دەستگای تر دەینێرن بۆ خەڵك).

formula (fôr′myoo-lə), *n.* (۱) ڕێژە (زمانەوانی)؛ قاڵبی داڕشتن. (۲) دەستوور؛ شێواز. (۳) (ا) ڕەچەتە؛ شێوەی دەرمان گرتنەوە. (ب) شێوەی ئامادەکردنی خواردەمەنی بۆ مندااڵی ساوا؛ ئەم جۆرە خواردنە. (٤) هاوکێشە (بیرکاری، کیمیا... هتد).

formulate (fôr′myoo-lāt′), *v.t.* پێکهێنان؛ دانان؛ داڕشتن؛ گەاڵەکردن؛ ڕێك‌وپێك کردن: *(to ~ a theory)* .

-formulator *(n.).*

formulation (fôr′myoo-lā′shən), *n.* دانان؛ پێکهێنان؛ داڕشتن؛ گەاڵەکردن.

formulism (fôr′myoo-liz'm), *n.* پشت پێ بەستن‌و پەیڕەوی کردنی ڕێژەو دەستوور.

formulize (fôr′myoo-līz′), *v.t.* = formulate.

fornicate (fôr′ni-kāt′), *v.i.* داوێن پیسی کردن؛ جووت بوون؛ گان کردن؛ زیناکردن.

-fornicator *(n.).*

fornication (fôr′ni-kā′shən), *n.* داوێن پیسی؛ جووت بوون؛ گان کردن؛ زینا؛ زیناکردن.

forsake (fēr-sāk′, fôr-sāk′), *v.t.* (۱) وازلێهێنان (خوێ، بیروڕا)؛ دەست لێ هەڵگرتن. (۲) بەجێهێشتن؛ پشت لێ هەڵکردن؛ پشت تێکردن؛ دەست لێ بەردان.

forsaken (fēr-sāk′ən, fôr-sāk′ən), *adj.* جێهێڵراو (جێگە، مرۆڤ)؛ دەست لێ هەڵگیراو؛ پشت لێ هەڵکراو؛ چۆڵ کراو؛ چۆڵ؛ چۆڵ‌وهۆڵ؛ دڵتەنگ.

forsook (fēr-sook′, fôr-sook′), *past tense of* forsake.

forsooth (fēr-sōōth′, fôr-sōōth′), *adv.* [Archaic]، بێ گومان؛ بەڕاستی؛ لە ڕاستیدا.

forswear (fôr-swâr′), *v.t.* (۱) پاکانەکردن؛ سوێندخواردن بە دەست هەڵگرتن لە شتێك. (۲) حاشالێکردن.

v.i. بە درۆ سوێندخواردن؛ بەڵێن شکاندن.

forswear oneself, سوێند بە درۆ خواردن.

forsworn (fôr-swôrn′, fôr-swōrn′), *p.p. of* forswear.

adj. سوێند بە درۆ خواردوو.

fort (fôrt, fōrt), *n.* (۱) قەاڵ؛ سەنگەر. (۲) ئوردوگا؛ لەشکرگا؛ قشلە.

hold the fort, شەڕ لەسەر کردن؛ بەرهەڵستی کردن؛ بەرگری کردن.

forte (fôrt), *n.* (۱) ئەو کارە یا ڕشتەیەی کەسێك زۆر شارەزایی‌و کارامەیی تێدا هەبێت: *(Writing is his ~.)* . (۲) بەهێزترین بەشی دەمە شیر.

forte (fôr′ti, fôr′tā), *adj. & adv.* بەرز (دەنگی مۆسیقا).

forth (fôrth, fōrth), *adv.* (۱) پێشەوە (کات، جێ، پلە). (۲) دەرەوە؛ دەرێ؛ ڕوو؛ دیار. (۳) [Archaic]، دەرەوەی وڵات.

and so forth, وە هەروەها؛ وە شتی تری وەها؛ هتد.

forthcoming (fôrth′kum′iŋ), *adj.* (۱) داهاتوو؛ بەڕێوەیە؛

نزیکی ڕوودانه: *(the ~ election)* .
(۲) نامادە: دەستگیر دەبن؛ هاتوو: *(The promised money was not ~ .)*
(۳) هیچ نەشارەوە؛ هاوکارییکەر: *(a ~ witness)* .
n. هاتنە پێشەوە؛ هاتنەڕوو.
forthright (fôrth′rīt′, fôrth′rīt′), *adj.* (۱) بۆ پێشەوە؛ یەکسەر.
(۲) ڕاستەوڕاست؛ قسەلەڕوو؛ ڕاست؛ ڕاستگۆ؛ لەڕوو.
adv. (۱) بۆ پێشەوە؛ بە ناشکرا؛ بەبێ شاردنەوە؛ بە ڕاستەوڕاستی.
(۲) دەستبەجێ؛ یەکسەر؛ دەمودەست؛ ڕاستەوخۆ.
forthwith (fôrth′with′, fôrth′with′), *adv.* دەستبەجێ؛ یەکسەر؛ ڕاستەوخۆ؛ دەمودەست.
fortieth (fôr′ti-ith), *adj.* (۱) چلەمین؛ چلەم (۲) چل یەک
fortification (fôr′tə-fi-kā′shən), *n.* (۱) بەهێزکردن (بە دڕووستکردنی سەنگەڕو دیوارو خەندەق بە دەوردا)؛ قایم کردن.
(۲) شتی بەهێزکەر (سەنگەر، دیوار، خەندەق).
(۳) قەڵا؛ سەنگەر؛ شوێنێکی بەهێزکراوو پارێزراو.
fortify (fôr′tə-fī′), *v.t.* (۱) بەهێزکردن (بە دڕووستکردنی سەنگەرو دیوارو خەندەق). (۲) بەهێزکردن
(۳) پاڵپشتی کردن: *(He ~ied his argument with statistics.)* .
(٤) بەهێزکردنی خواردنەوەی سەرخۆشکەر (بە زیادکردنی کحول).
(٥) بەهێزکردنی خواردەمەنی (بە تێکردنی ڤیتامینات و شتی تر).
v.i. سەنگەر دڕووستکردن.
-fortifiable *(adj.)*; **fortified** *(adj.)*; **fortifier** *(n.)*.
fortitude (fôr′tə-tōōd′, fôr′tə-tūd′), *n.* بەجەرگی؛ دەربڕین یا خۆڕاگرتن لە کاتی ناخۆشی و کارەساتدا.
fortitudinous (fôr′tə-tōō′də-nəs, fôr′tə-tū′də-nəs), *adj.* نازا؛ بەجەرگ؛ خۆڕاگر بەرامبەر ناخۆشی و کارەسات.
fortnight (fôrt′nīt, fôrt′nit), *n.* [Chiefly British]. دوو هەفتە
fortnightly (fôrt′nīt-li), *adv. & adj.* دوو هەفتەیی؛ هەر دوو هەفتە جارێک.
n. گۆڤارێک کە هەر دوو هەفتە جارێک دەردەچێت.
fortress (fôr′tris), *n.* قەڵا؛ سەنگەر؛ شوێنێکی پارێزراو.
v.t. پاراستن بە سەنگەر یا قەڵا.
fortuitous (fôr-tōō′ə-təs, fôr-tū′ə-təs), *adj.* ڕێکەوت؛ بە ڕێکەوت ڕوودان.
-fortuitously *(adv.)*; **fortuitousness** *(n.)*.
fortuity (fôr-tōō′ə-ti, fôr-tū′ə-ti), *n.* ڕێکەوت؛ ڕێکەوتن.
fortunate (fôr′chə-nit), *adj.* (۱) بەختەوەر؛ بە بەخت؛ بەختدار؛ بە شانس؛ خوابێداو. (۲) بەهات؛ هات؛ باش؛ پەسەند.
fortunately (fôr′chə-nit-li), *adv.* خۆشبەختانە؛ ئەوەی باش بوو؛ بۆ بە شانسی.
fortune (fôr′chən), *n.* (۱) بەخت؛ چارەنووس؛ شانس؛ ئامەد؛ بەش؛ ناوچەوان (۲) بەختەوەری؛ بە بەختی؛ بەهات. (۳) سامان؛ سامانێکی زۆر.
tell one's fortune, دەستگرتنەوە؛ چارەنووس خوێندنەوە؛ فاڵگرتنەوە.
fortune hunter, کەسێک کە دەیەوێت دەوڵەمەند بێت لە ڕێگەی ژنهێنان یا شووکردنەوە.
fortune-teller (fôr′chən-tel′ər), *n.* فاڵچی؛ فاڵگر؛ فەتاح فاڵ؛ دەستگرەوە
forty (fôr′ti), *adj. & n.* چل
the forties, چلەکان (هی سەدەیەک یا تەمەنی مرۆڤێک).
forum (fôr′əm, fō′rəm), *n.* (۱) دووانگە. (۲) دادگا. (۳) کۆڕ (بەتایبەتی بۆ لێدوانی کاروباری گشتی)
forward (fôr′wərd), *adj.* (۱) لەپێشەوە؛ پێشەوە؛ بۆ پێشەوە
(۲) پێشکەوتوو (۳) بەڕەو پێشەوە ڕۆیشتوو.
(٤) نامادە بۆ یارمەتیدان؛ بە پەرۆش (بۆ یارمەتی): *(He was ~ in helping.)*
(٥) پوو قایم؛ پوو هەڵماڵراو؛ بێ شەرم.
(٦) بۆ پاشەڕۆژ.
(۱) بۆ پێشەوە؛ بەرەو پێشەوە. *adv.*
(۲) بەرەو داهاتوو: *(Look ~ .)* .
(۳) بەرچاو؛ دیار: *(He brought ~ an opinion.)* .
یاریکەری ڕیزی پێشەوە؛ یاریکەری هێرشبەر. *n.*
(۱) پێشخستن؛ بەرەوپێدان. (۲) ناردن. *v.t.*
(۳) حەوالەکردن یا ناردنی پۆستە بۆ ناونیشانی تازەی کەسێک: *(F~ her mail to New York.)*
backwards and forwards, بۆ دواوەو بۆ پێشەوە.
come forward, هاتنە پێشەوە؛ وەرە پێشەوە.
Forward! بۆ پێشەوە؛ بۆ پێشەوە بڕۆ!
look forward, بەرەو داهاتوو ڕوانین؛ بیر لە داهاتوو کردنەوە.
look forward to, بە شەوقەوە چاوەڕێ کردن؛ بۆ بەپەرۆشەوە بوون.
forwarder (fôr′wēr-dēr), *n.* حەوالەکەر؛ نێرەر؛ بار حەوالەکەر.
forwards (fôr′wērdz), *adv.* = forward.
fossa (fos′ə), *n.* چاڵ؛ بۆشاییەکی بچووک
fosse (fôs, fos), *n.* خەندەق (بۆ پارێزگاری).
fossil (fos′′l), *n.* (۱) بەردو کانی ژێر زەمین.
(۲) پاشماوەی بەردینی گیانداروو ڕوەکی لە کۆنەوە مردووی ژێرخاک.
(۳) [Colloq.]، کەسێکی کۆنباو یا کۆنەپەرست.
adj. (۱) تایبەتی بە پاشماوەی بەردینی گیانداروو ڕوەکی لە کۆنەوە مردوو
(۲) کۆن؛ کۆنباو؛ پڕبیو.
fossilize (fos′′l-īz′), *v.t.* (۱) وەک بەرد لێکردن؛ کردن بە بەرد (پاشماوەی ڕوەک و گیانداری لە کۆنەوە مردوو). (۲) کۆنباو کردن
v.i. بوون بە بەرد؛ کۆنباو بوون؛ پڕبیو.
-fossilization *(n.)*.
foster (fôs′tēr, fos′tēr), *v.t.* (۱) بەخێوکردن؛ گەورەکردن؛ پەروەردەکردن (منداڵ)؛ هەڵگرتنەوە (منداڵ)
(۲) پەرە پێ سەندن؛ هاندان؛ بەرەو پێدان؛ بوون بە هۆی: *(Hunger ~s disease.)*
(۳) لە دڵدا بوون (هیوا)؛ بەتەما بوون: *(She ~ed hopes of becoming an actress.)*
fosterage (fôs′tēr-ij, fos′tēr-ij), *n.* (۱) پەروەردەکردن یا بەخێوکردنی منداڵێکی هەڵگیراوە. (۲) پێ سپاردنی منداڵێکی هەڵگیراوە بە بەخێوکەرەکانی. (۳) پەرە پێ سەندن؛ بەرەوپێدان؛ هاندان.
foster brother, شیر برا؛ برای هەڵگیراوە.
foster child, منداڵێکی هەڵگیراوە.
foster father, باوکێک کە منداڵێکی هەڵگیراوە بەخێوەکات.
fosterling (fôs′tēr-liŋ, fos′tēr-liŋ), *n.* منداڵێکی هەڵگیراوە.
foster mother, دایکێک کە منداڵێکی هەڵگیراوە بەخێوەکات.
foster parent, دایکێک یا باوکێک کە منداڵێکی هەڵگیراوە بەخێوەکات.
foster sister, شیر خوشک؛ خوشکی هەڵگیراوە.
fought (fôt), *past tense and past participle of* **fight.**
foul (foul), *adj.* (۱) بۆگەن (بۆن): *(a ~ odor)* .
(۲) پیس؛ پیس‌وپۆخڵ.
(۳) بۆگەن کردوو (خواردەمەنی)؛ بۆگەن.
(٤) ناشرین (زمان، ڕەوشت)؛ پیس: *(~ language)* .
(٥) ناپەسەند؛ زۆر خراپ؛ بەد: *(a ~ murder)* .
(٦) ناخۆش (ئاووهەوا)؛ زریاناوی؛ باوبۆراناوی: *(~ weather)* .
(۷) ئاڵۆسکاو (پەت). (۸) ناڕەوا.
(۹) ناپاک (مرۆڤ، کردەوە). (۱۰) [Colloq.]، ناخۆش.
(۱۱) فاول (یاری، وەرزش)؛ هەڵە (وەرزش). (۱۲) پڕ لە هەڵە (چاپەمەنی)
n. فاوڵ (یاری).

(۱) پیس کردن. (۲) ئابڕووبردن؛ سەرشۆڕکردن؛ شەرەف شکاندن. *v.t.*
(۳) بەردەم گرتن؛ گرتن (بۆری، کون)؛ بەستن؛ بەر بەستن:
(Grease often ~s sink drains.)
(٤) ئالۆسکاندن. (٥) فاول کردن (یاری، وەرزش)؛ هەڵەکردن (وەرزش).
(٦) خۆ پیادان.
(۱) پیس بوون. (۲) گیران (کون، بۆری). (۳) ئالۆسکان. *v.i.*
(٤) خۆ پیادان؛ بەرکەوتن. (٥) فاول کردن (یاری).
foul up, [Colloq.], شێواندن؛ تێکدان؛ تێکوپێکدان؛ ئالۆسکاندن.
foul-mouthed (foul′mou*th*d′, foul′moutht′), *adj.* بەدگۆ؛ دەم پیس؛ جوێن فرۆش؛ زمان پیس؛ بەدزمان.
foulness (foul′nis), *n.* (۱) پیسی؛ بۆگەنی؛ پیسێتی؛ ناپەسەندی.
(۲) شتێکی پیس و بۆگەن.
foul play, (۱) گزی؛ ساختە.
(۲) ناپاکی (کردەوە)؛ کارێکی ناپاکانە و خراپ (وەک کوشتن).
found (found), *past tense and past participle of* **find.**
found (found), *v.t.* (۱) بناغەدانان؛ دڕووستکردن؛ بنچینەدانان:
(The city was ~ed in 1700 .)
(۲) دانان؛ دامەزراندن؛ پێکهێنان:
(The college was ~ed in 1970 .)
found (found), *v.t.* داڕشتن (کانزا).
foundation (foun-dā′shən), *n.* (۱) دامەزراندن؛ بنچینە دانان؛ دانان. (۲) (ا. دەستگایەکی خێرخوازی دارایی بۆ پارەپێدانی نەخۆشخانە، قوتابخانە. یا پرۆگرامێکی خێرخواز.
(ب) پارەو سەرمایەی ئەم جۆرە دەستگایە.
(۳) بناغە؛ بنچینە؛ بن‌وبنچینە.
foundation stone, بەردی بناغە
founder (foun′dĕr), *v.i.* (۱) پێ داچوون؛ پێ هەڵکەوتن؛ ساتەمکردن. (۲) پربوون لە ئاوو نوقم بوون (کەشتی، بەلەم)؛ نوقوم بوون.
(۳) تێکشکان؛ ڕووخان؛ ژێرکەوتن.
v.t. نوقوم کردن؛ تێکشکاندن.
n. ئاوسانی سمی ئەسپ.
founder (foun′dĕr), *n.* دامەزرێنەر؛ دانەر
founder (foun′dĕr), *n.* داڕێژەر
foundling (found′liŋ), *n.* منداڵێکی بەجێهێڵراو لەلایەن باوکو دایکیەوە کە نەزانرێ کێن.
foundry (foun′dri), *n.* (۱) داڕشتن (کانزا).
(۲) داڕشتنگا؛ داڕشتگە
fount (fount), *n.* (۱) کانی؛ کارێز.
(۲) سەرچاوە. *(a ~ of wisdom)*
fountain (foun′t'n), *n.* (۱) کانی؛ کارێز.
(۲) سەرچاوەی ئاو، ڕووبار، یا جۆگە.
(۳) سەرچاوە. (٤) فوارە.
(٥) عەمارو؛ عەماری شلە (وەک هی مەرەکەب، نەوت... هتد).
fountainhead (foun′t'n-hed′), *n.* (۱) سەرچاوەی ئاو؛ سەرچاوەی کانی. (۲) سەرچاوە.
fountain pen, پاندان؛ پێنووسی مەرەکەب.
four (fôr, fōr), *adj. & n.* چوار
on all fours, بە گاگۆڵکێ؛ گاگۆڵکێ.
four-dimensional, چوارلایی
fourfold (fôr′fōld′, fōr′fōld′), *adj. & adv.* چوار ئەوەندە؛ چوارقات
four-footed (fôr′foot′id, fōr′foot′id), *adj.* چوارپێ
four-letter word, ووشەیەکی چوار تیپی ناشرین یا پیس (وەک fuck, shit, etc.).
fourscore (fôr′skôr′, fōr′skōr′), *adj. & n.* هەشتا

foursome (fôr′səm, fōr′səm), *adj.* چوارکەسی؛ چواری.
n. چوارکەسی؛ تاقمێکی چوارکەسی
fourteen (fôr′tēn′, fōr′tēn′), *adj. & n.* چواردە.
fourteenth (fôr′tēnth′, fōr′tēnth′), *adj. & n.* (۱) چواردەهەم؛ چواردەهەمین. (۲) چواردەیەک.
fourth (fôrth, fōrth), *adj. & n.* (۱) چوارەم؛ چوارەمین.
(۲) چواریەک.
fourthly (fôrth′li, fōrth′li), *adv.* چوارەم؛ چوارەمین
four-wheel (fôr′hwēl′, fōr′hwēl′), *adj.* چوارپێچەیی؛ چوارپێچە: *(a ~ drive)* .
four-wheeled (fôr′hwēld′, fōr′hwēld′), *adj.* چوارپێچەیی؛ چوارپێچەدار.
fowl (foul), *n.* (۱) مەل؛ باڵندە؛ باڵدار.
(۲) باڵندەی ماڵی (مریشک، مراوی، قاز).
(۳) گۆشتی باڵندە بەتایبەتی هی ماڵی.
v.i. ڕاوکردنی باڵندەی کێوی.
fowler (foul′ĕr), *n.* ڕاوکەری باڵندەی کێوی.
fox (foks), *n.* (۱) ڕێوی. (۲) فەرو یا پێستی ڕێوی.
(۳) کەسێکی فێڵباز و زۆل. (٤) گوش.
(٥) [Obs.]، جۆرە شێرێکە. (٦) [Slang]، نافرەتێکی جوان.
v.t. (۱) ڕەنگ کردن (بە ڕەنگی قاوەیی‌یەکی سوورباو)
(۲) فێڵ لێکردن؛ هەڵخەڵەتاندن.
(۳) پێڵاو پینەکردن یا چاککردنەوە.
foxed (fokst), *adj.* (۱) ڕەنگ کراو (بە ڕەنگێکی قاوەیی سوورباو).
(۲) هەڵخەڵەتاو. (۳) پینەکراو (پێڵاو).
foxglove (foks′gluv′), *n.* جۆرە ڕووەکێکە.
foxhole (foks′hōl′), *n.* چاڵێکە وەک سەنگەر سەربازخۆی تێدا لە دوژمن دەپارێزێ.
foxhound (foks′hound′), *n.* تاجی؛ جۆرە سەگێکی ڕاوە.
fox hunt, ڕاوە ڕێوی.
foxily (fok′s'l-i), *adv.* زۆڵانە؛ بە زۆڵانە.
foxiness (fok′si-nis), *n.* زۆڵی؛ زۆڵێتی؛ فێڵبازی.
fox-tail (foks′tāl′), *n.* قەڵاس.
fox terrier, سەگێکی بچکۆڵەی ڕاوە.
fox trot, (۱) ڕەوتێکی تایبەتی ئەسپە. (۲) جۆرە سەمایەکە.
(۳) مۆسیقای ئەم سەمایە
foxy (fok′si), *adj.* (۱) فێڵباز؛ زۆل. (۲) قاوەیی سوورباو.
(۳) ترشاو (بیرە، مەی).
(٤) پەڵەپەڵەدارو کەپوو هەڵهێناو (پەرتووکی کۆن).
foyer (foi′ĕr, foi′ā), *n.* دالان.
fracas (frā′kəs), *n.* دەمەقاڵێ؛ شەڕەدەم؛ شەڕ.
fraction (frak′shən), *n.* (۱) لەتکردن؛ بەشکردن؛ کەرتکردن.
(۲) پارچە؛ لەت؛ بەش؛ کەرت؛ نەخت. (۳) کەرت (بیرکاری).
fractional (frak′shən-'l), *adj.* (۱) کەرتی (بیرکاری).
(۲) زۆر بچووک؛ زۆر کەمو بێ بایەخ.
fractious (frak′shəs), *adj.* (۱) لاسار؛ سەرکێش. (۲) تەنگەجێکڵانە.
fracture (frak′chĕr), *n.* (۱) شکان (ئێسقان)؛ قرنجان؛ قرنجاوی؛ شکاوی. (۲) درز.
v.t. & v.i. شکاندن (ئێسقان)؛ شکان؛ قرنجاندن؛ قرنجان (ئێسقان).
fragile (fraj′əl), *adj.* ناسک؛ بە ئاسانی دەشکێ؛ بەرگەنەگر
-fragility *(n.)*.
fragment (frag′mənt), *n.* (۱) پارچە؛ لەت؛ کەرت؛ کوت.
(۲) بەشێکی ناتەواو.
fragmentary (frag′mən-ter′i), *adj.* پچڕپچڕ؛ پارچە پارچە؛ لەت لەت؛ کەرت کەرت؛ بەش بەش.

-fragmentariness *(n.).*

fragmentation (frag´mən-tā′shən), *n.* پچڕپچڕ کردن؛ پارچە پارچە بوون؛ بەش بەش بوون؛ کەرت کەرت بوون؛ لەت لەت بوون.

fragmentation bomb, بۆمبایەکە کە تەقییەوە پارچە پارچە دەبێت و بڵاودەبێتەوە و خەڵک دەکوژێت.

fragmented (frag′mən-tid), *adj.* پچڕپچڕ؛ لەت لەت؛ کەرت کەرت؛ بەش بەش.

fragmentize (frag′mən-tīz´), *v.t.* پچڕپچڕ کردن؛ لەت لەت کردن؛ پارچە پارچە کردن.

fragrance (frā′grəns), *n.* (١) بۆن خۆشی. (٢) بۆنێکی خۆش.

fragrant (frā′grənt), *adj.* بۆن خۆش.

frail (frāl), *adj.* (١) ناسک؛ بە ئاسانی دەشکێ. (٢) لاواز؛ مرۆڤ؛ بێ هێز. (٣) بە ئاسانی هەڵدەفریوێنرێ؛ بە ئاسانی دەخرێتە سەر ڕێی خراپە. (٤) [Slang]، ژن؛ کچ؛ ئافرەت.

frailty (frāl′ti), *n.* (١) بێ هێمەتی؛ بە ئاسانی هەڵفریواندن. (٢) کەم‌وکورتی ڕەوشت.

frame (frām), *v.t.* (١) نەخشەدانان؛ نەخشەکێشان؛ دانان: *(They ~d a constitution.)* (٢) دروستکردن؛ پێکەوەنان. (٣) ووتن؛ پرتاندن؛ دەربڕین: *(His lips ~d the words.)* . (٤) گونجاندن؛ شیان. (٥) لە چوارچێوە گرتن؛ دەورەگرتن. (٦) تاوان بۆ هەڵبەستن؛ بە درۆ تاوانبارکردن؛ سەپاندن بەسەردا (تاوان): *(The police ~d him.)*

n. (١) نەخشە؛ شێوازە. (٢) پەیکەری نێسک؛ لەشی مرۆڤ؛ قاوغی لەش. (٣) چوارچێوە. (٤) کلێشە. (٥) شێوە؛ شێواز. (٦) سروشت؛ باری هەست و هۆش و مێشک: *(a happy ~ of mind)* . (٧) [Slang]، بە درۆ تاوانبارکردن؛ تاوان بۆ دروستکردن. (٨) خانەبەکی فیلمی سینەما.

frame of mind, باری هەست و هۆش و مێشک؛ هەڵوێست.

frame-up (frām′up´), *n.* [Colloq.], تووسر کردن بە تاوانی درۆ؛ تاوان بۆ هەڵبەستن

frame-work (frām′wŭrk´), *n.* چوارچێوە؛ شێوازە

franc (franŋk), *n.* فرانک پارەی فەرەنسا و سویسرایە.

franchise (fran′chīz), *n.* (١) ئازادی (لە نەرکێک). (٢) مافێکی تایبەتی (کە میری بەخشیبێتی بە کەسێک یا کۆمپانیایەک). (٣) مافی دەنگدان. (٤) مافی تایبەتی فرۆشتنی شتێک.

francolin (franŋ′kə-lin), *n.* پۆپ

frank (franŋk), *adj.* (١) قسەلەڕوو؛ لەڕوو؛ ڕاستەوڕوو؛ لەڕوودا دانەماو. (٢) ناشکرا؛ دیار.

groan (grōn), *v.i.* (۱) نااڵاندن؛ نرکاندن؛ نرکەنرک کردن؛ نااڵین. (۲) لووراندن (با). *(The wind ~s.)* (۳) نااڵەهاتن لەژێر چەوسانەوەدا (٤) بار قورس بوون؛ نقەنق کردن لەژێر باری قورسدا.

v.t. نااڵاندن؛ نااڵەنااڵ کردن.

n. نااڵە؛ نااڵەنااڵ؛ نااڵین؛ ناهۆ نااڵە؛ نکە

grocer (grō′sĕr), *n.* دووکاندار؛ ووردەفرۆش؛ بەقاڵ

grocery (grō′sĕr-i), *n.* (۱) دووکانداری؛ دووکاندارێتی؛ بەقاڵی. (۲) دووکان (هی خواردەمەنی و وورده شتی ناومال) (۳) *(pl.)* فرۆتەنی دووکان (خواردەمەنی و وورده شتی ناومال).

grog (grog), *n.* (۱) خواردنەوەی سەرخۆشکەر (کە ئاوی تێکەڵاو دەکرێت). (۲) خواردەوەی سەرخۆشکەر.

groggy (grog′i), *adj.* (۱) [Colloq.] سەرخۆش؛ مەست. (۲) گێژ و بێ هێز و شلۆق و بەم لاو بەولادا کەوتوو (بەهۆی لێدان، نەخۆشی، یا بێ خەویەوە)

-groggily *(adv.)*; **grogginess** *(n.).*

groin (groin), *n.* (۱) ناوگەڵ؛ پێشەڵ؛ گەڵوگون؛ گەڵوقوز. (۲) شوێنی لێکدانی دوو تاق (خانووسازی).

groom (grōōm, groom), *n.* (۱) مەیتەری وواڵغ. (۲) زاوا (۳) [Archaic] (ا) پیاو. (ب) خزمەتکار؛ بەردەستی پیاو. (۳) نامادەکردن و ڕاهێنانی مرۆڤ بۆ مەبەستێکی تایبەتی.

(He was ~ed for political office.)

groomsman (grōōmz′mən, groomz′mən), *n.* برازاوا

groove (grōōv), *n.* (۱) دێڕاو؛ درز؛ هێڵ؛ قڵیش؛ تڵیش؛ کەندر. (۲) چاڵو جۆڵی (۳) ڕۆتین؛ یەک نەوایی.

v.t. کەندەک تێ کردن؛ درز تیا هەڵکەندن یا کردن؛ قڵیش کردن.

groovy (grōōv′i), *adj.* خۆش (ڕووداو، کار، کردار... هتد)

grope (grōp), *v.i., v.t. & n.* پەل کوتان (وەک لە ژوورێکی تاریکدا)؛ پەلەقاژێ؛ دەست کوتان بەم لاو بەولادا (بۆ دۆزینەوەی شت یا ڕێگە).

gross (grōs), *adj.* (۱) زۆر قەڵەو. (۲) ناشکرا؛ هەڵمااڵراو؛ هەڵەیەکی دیار. *(a ~ violation)*. (۳) چڕ؛ پڕ (٤) زبر. (۵) ناشرین (ڕەوشت، کردەوە)؛ ناپەسەند؛ نابەجێ. *(~ language)*. (٦) نەزان؛ ڕێ بەدی نەکەر. (۷) سەرجەم؛ هەموو؛ سەروبەر؛ کۆ. *(one's ~ income)*.

n. (۱) هەموو؛ هەمووی؛ سەرجەم. (۲) دووانگزە دەرزەن.

v.t. & v.i. [Colloq.], سەرجەم کردن.

grotesque (grō-tesk′), *adj.* (۱) سەیرو ناسرووشتی و شێواو (بەرهەمی هونەری). (۲) ناشرین؛ بەدڕوو؛ بێ مانا؛ شێواو.

n. (۱) تابلۆ یا پەیکەرێکی ناسرووشتی و سەیرو شێواو. (۲) نەخشە یا شێوازێکی دژ بە سرووشت و ناشرین و شێواو.

grotesquerie, grotesquery (grō-tes′kĕr-i), *n.* (۱) شتێکی ناشرین و سەیرو ڕووخسار شێواو. (۲) ناشرینی ڕووخساری شت؛ بەڕووبی ناسرووشتی ڕووانەت. (۳) تابلۆو پەیکەری ناسرووشتی و شێواو و سەیر

grotto (grot′ō), *n.* ئەشکەوت (سرووشتی یا دەستکرد).

grouch (grouch), *v.i.* [Colloq.], بۆڵەبۆڵ کردن و مڕومڕنی نووراندن.

n. [Colloq.], (۱) کەسێکی مڕومڕن و بۆڵەبۆڵکەر؛ کەسێکی سکاڵاکەر. (۲) مڕومڕنی؛ تەنگەجیکڵانەیی. (۳) هۆی سکاڵا و بۆڵەبۆڵ و مڕومڕنی.

grouchy (grouch′i), *adj.* [Colloq.], مڕومڕن؛ مڕن؛ بێ تاقەت؛ تەنگەجیکڵانەیی؛ بۆڵەبۆڵ و سکاڵاکەر. *(a ~ man or woman)*

-grouchily *(adv.)*; **grouchiness** *(n.).*

ground (ground), *n.* (۱) (ا) بن؛ بنچینە. (ب) بنی دەریا. (۲) زەمین؛ زەوی؛ نەرز؛ زەمینە. (۳) خاک؛ زەوی؛ ڕووی زەوی؛ ووشکانی. (٤) پارچەیەک زەوی تایبەتی. *(a hunting ~)*. (۵) مەودای باس و گفتوگۆ. (٦) دووری لە ئامانجەوە؛ ماوەی گەیشتن بە ئامانج. (۷) بنچینە؛ بناغە. (۸) *(pl.)*، هۆ؛ بەڵگە. (۹) ڕوو. (۱۰) پەیوەندی نەلەکتریکی بە زەمینەوە.

adj. (۱) زەمینی؛ هی زەمینی؛ نزیک بە زەمین؛ *(~ floor)* . (۲) لە زەمیندا ڕووا یا ژیاو.

v.t. (۱) خستنەسەر زەوی؛ لەسەر زەمین دانان. (۲) لە زەوی دان (کەشتی، بەلەم). (۳) دامەزراندن؛ دانان (لەسەر بناغەی پتەو (٤) دانان لەسەر (بەڵگە). (۵) فێرکردنی سەرەتای باسێک. (٦) لەسەر زەمین هێشتنەوە و قەدەغەی فڕین لێکردن: *(The plane was ~ed by bad weather.)* (۷) گەیاندن بە زەمین (تەڵی نەلەکتریک)؛ تەل.

v.i. (۱) کەوتنەسەر زەوی؛ کەوتنەخوارەوە. (۲) لە زەوی دان (کەشتی، بەلەم).

above ground, زیندوو.

break ground, (۱) هەڵکەندن. (۲) کێڵان.

(۳) بنچینە دانان (خانوو)؛ ڕەنگ ڕشتن (خانوو)؛ دەست بە دروستکردن (خانوو). (٤) دەستپێکردن (کار، پرۆژە، نەرک).

cover ground, (۱) ڕێگە بڕین؛ بڕین یا تەواوکردنی بەشێک لە ڕێگەی گەشت. (۲) کردنی بەشێک لە کار یا نەرک.

from the ground up, لە بنەڕەتەوە؛ هەمووی؛ بە ووردی و تەواوی.

gain ground, پەرەسەندن؛ بەهێزبوون؛ پێشکەوتن.

give ground, کشانەوە؛ شکان؛ بەزین؛ بێ هێز بوون و بەدەستەوەدان.

hold one's ground, خۆ ڕاگرتن بەرامبەر بە هێرش؛ نەکشانەوە؛ واز لە ماف و جێگەی خۆ نەهێنان؛ بەرگەگرتن؛ بەرگری کردن.

lose ground, دواکەوتن؛ دۆڕاندن؛ بێ هێز بوون.

on firm ground, پتەو.

on one's own ground, (۱) لە بارێک یا دەوروبەرێکدا کە شارەزای بیت. (۲) لە باسێکدا کە باشی بزانیت. (۳) لە شوێنی خۆتدا؛ لە ماڵەوە.

on the ground of, لەبەر؛ بەهۆی.

run into the ground, [Colloq.], لە تام کردنە دەرەوە؛ لە ڕادە بەدەر کردن.

shift one's ground, هەڵوێستی خۆ گۆڕین؛ جێ گۆڕکێ کردن.

stand one's ground, خۆ ڕاگرتن لەبەر هێرشدا؛ نەکشانەوەو نەبزوان؛ نەجووڵان؛ هەڵوێستی خۆ نەگۆڕین و بەرنەدان.

ground (ground), *past tense and p.p. of* **grind.**

ground crew, تاقمی چاك كردنو باش پاگرتنو پاراستنی فڕۆكه لەسەر زەمین، واتە لە فڕۆكەخانەدا.

ground floor, نهۆمی بەكەمی خانوو.

groundless (ground′lis), *adj.* بێ بەڵگە؛ درۆ؛ بێ هۆ.

groundling (ground′liŋ), *n.* (١) (ا) ماسی لە بن ئاودا ژیاو. (ب) گیانداری ناو زەمین یا نزیك لە زەمینەوە ژیاو (ج) پووەكی تەرزفڕێندەر بەسەر زەویدا (شووتی، خەیار، تڕۆزی... هتد). (٢) تەماشاكەرێك كە لە هەرزانترین كورسیدا دادەنیشێ بۆ بینینی شانۆنامەیەك. (٣) كەسێكی سادەو نەزان.

grounds (groundz), *n.pl.* (١) حەوشەو چیمەنو باخچەی خانوو یا مانێكی گەورە. (٢) خڵتە: *(coffee ~)*. (٣) بەڵگە؛ هۆ: *(~ for divorce)*.

ground swell, هەستانی ئاوی دەریا بەهۆی زریان یا بوومەلەرزەیەكی دوورەوە

ground water, ئاوی ژێرزەمین (وەك هی كانی).

ground-work (ground′wûrk′), *n.* بنچینە؛ بناغە

group (grōōp), *n.* (١) دەستە؛ تاقم؛ كۆمەڵ. (٢) پۆل؛ بابەت (پووەك). گیاندار)؛ تووخم (٣) پۆلێك فڕۆكە.

v.t. & v.i. كۆمەڵ كردن؛ كۆكردنەوە؛ دەستە دەستە كردن؛ پۆل پۆل كردن.

grouper (grōōp′ēr), *n.* جۆرە ماسیەیەكی گەورەیە.

grouse (grous), *n.* باڵندەیەكی كێوی‌یە لە مریشك دەچێت؛ هامری كێوی.

grouse (grous), *v.i.* [Slang]. سكاڵاكردن؛ بۆڵەبۆڵ كردن.

n. [Slang], (١) سكاڵا؛ بۆڵەبۆڵ. (٢) كەسێكی هەمیشە سكاڵاكەر یا بۆڵەبۆڵكەر.

grout (grout), *n.* (١) خڵتە (٢) گەچ، قوڕو قسڵ، یا چیمەنتۆیەكی شل كە درزی پێ پڕ دەكرێتەوە.

v.t. بە قوڕو قسڵ یا گەچ درز پڕ كردنەوە.

grove (grōv), *n.* باخ؛ كۆمەڵە درەختێك؛ دارستانێكی بچووك.

grovel (gruv′l, grov′l), *v.i.* (١) بەسەر دەمدا پاكشان یا خۆ دان بە زەویدا ٢: كرنوشوش بۆ بردن؛ دەستەونەژنۆ وەستان؛ خۆ سووك كردن. (٢) جەز لە خۆ سووك كردن

-groveler; groveller *(n.).*

grow (grō), *v.i.* (١) پووان (پووەك)؛ چەكەرەكردن؛ پشكوتن. (٢) پەروەردەبوون؛ ژیان؛ پووان؛ توانای پووان بوون. (٣) گەورەبوون؛ نەشونماكردن؛ بە خۆدا هاتن؛ گەشەكردن. (٤) زۆربوون؛ زیادكردن؛ فرەبوون. (٥) بوون بە؛ وا لێهاتن *(He grew tired of his job.)*. (٦) بوون بە یەكێ یەیوەست بوون.

v.t. (١) پووادن؛ بەخێوكردن؛ چاندن؛ پەروەردەكردن؛ پێگەیاندن. (٢) هێشتنەوە سمێڵ. ڕیش). *(He tried to ~ a mustache.)*. (٣) پەرە پێ سەدن؛ گەشەپێكردن.

grow on, پێ ڕاهاتن؛ وورده وورده بەدڵدا چوون

grow out of, (١) لێوەهاتن؛ لە سەرچاوەیەكەوە هاتن. (٢) تاقەت لێ چوون.

grow up, (١) گەورەبوون؛ بە خۆدا هاتن. (٢) وا لێهاتن

grower (grō′ēr), *n.* كشتوكاڵكەر؛ وەرزێر.

growl (groul), *v.i.* (١) مراندن (سەگ)؛ مرەمڕكردن؛ مرەمڕهاتن. (٢) قوڕاندن (سك)؛ لووراندن (ڕەشەبا). (٣) بۆڵەبۆڵ كردن. (٤) گرمەهاتن (هەورەتریشقە، توپ).

v.t. بە بۆڵەبۆڵ كردن دەربڕین.

n. (١) مرەمڕ؛ مرە (٢) قوڕەقوڕی سك. (٣) بۆڵە بۆڵ.

grown (grōn), *past participle of* **grow.**

adj. (١) هەراش؛ گەورە؛ پێگەیشتوو. (٢) بە شێوەیەكی تایبەتی یا لە شوێنێكی تایبەتیدا هێنراوەتە بەرهەم: *(home- ~ vegetables)*

grown-up (grōn′up′), *n.* كەسێكی هەراش یا گەورە

grown-up (grōn′up′), *adj.* هەراش؛ گەورە.

n. كەسێكی هەراش یا گەورە

growth (grōth), *n.* (١) گەورەبوون؛ نەشونماكردن؛ گەشەكردن. (٢) (ا) زۆربوون؛ زیادبوون. (ب) چەندی ئەم زیادبوونە. (٣) شتێكی پووار: *(a thick ~ of grass)*. (٤) زیادە گۆشت؛ دوومەڵ.

grub (grub), *v.i.* (١) زەوی هەڵكەندن؛ هەڵكەندن. (٢) كاری ناخۆش‌و ووشك كردن. (٣) بۆ گەران.

v.t. (١) زەوی پاك كردنەوە لە ڕەگ. (٢) لە ڕەگ هەڵكێشان؛ لە ڕەگ دەرهێنان

(٣) [Slang]، خواردن پێدان.

n. (١) كرمۆكە (بەتایبەتی هی قاڵونچە). (٢) كەسێك كە كارێكی ناخۆش‌و ووشك دەكات. (٣) [Slang]، خواردەمەنی.

-grubber *(n.).*

grubby (grub′i), *adj.* (١) كرم یا كرمۆكە تێداو (ناژەڵ). (٢) پیس‌وپۆخڵ (جل‌وبەرگ)؛ شڕووڕ: *(~ clothes)*.

grudge (gruj), *v.t.* (١) بەخیلی پێ بردن: *(He ~s John his beautiful wife.)* (٢) بە نابەدڵی‌یەوە پێدان؛ پێ ڕانەبینین: *(The miser ~ed his dog its food.)*

n. (١) كینە؛ ڕق؛ قین. (٢) هۆ یا بەڵگەی كینە.

grudgingly (gruj′iŋ-li), *adv.* بە نابەدڵی‌یەوە.

gruel (grōō′əl), *n.* شۆربا.

v.t. سزادان؛ ماندووكردن بە لێپرسینەوە؛ چەوساندنەوە.

grueling, gruelling (grōō′əl-iŋ, grōō′liŋ), *adj.* سەخت- (كار، ئەرك، لێپرسینەوە)؛ قورس؛ زۆر ناخۆش (كار، لێپرسینەوە) *(~ work)* بەسەرهاتێكی سەختو ناخۆش.

n.

gruesome (grōō′səm), *adj.* ترسناك؛ جەرگبڕ؛ زۆر ناخۆش (دیمەن، كردار، شوێن... هتد): *(~ scenes of torture and death)*

gruff (gruf), *adj.* (١) قسەڕەق؛ تووڕەوتڕۆ؛ تووڕە؛ كەرتڕ. (٢) گڕ (دەنگ).

-gruffy *(adj.).*

grumble (grum′b'l), *v.i.* (١) بۆڵەبۆڵ كردن؛ برتەوبۆڵەكردن. (٢) گرمەهاتن (هەورەتریشقە).

n. (١) بۆڵەبۆڵ؛ برتەوبۆڵە. (٢) گرمە.

-grumbler *(n.)*; **grumbly** *(adj.).*

grumpish (grum′pish), *adj.* = **grumpy.**

grumpy (grum′pi), *adj.* تەنگەجیكلانە؛ تووڕەوتڕۆ؛ لچ هەڵقورتاو.

-grumpily *(adv.)*; **grumpiness** *(n.).*

grunt (grunt), *v.i. & v.t.* مرقەمرق كردن (وەك بەران)؛ مرخەمرخ كردن؛ مرخاندن.

n. (١) مرقەمرق؛ مرخەمرخ؛ مرقە. (٢) جۆرە ماسی‌یەكە مرخە دەكات كە لە ئاو دەردەهێنرێت.

guarantee (gar′ən-tē′), *n.* (١) دەستەبەری؛ بەڵێنی دانەوەی قەرزی كەسێكی تر. (٢) سەندە؛ كومپیالە. (٣) گەرەنتی؛ بەڵێن؛ پەیمان. (٤) دەستەبەر. (٥) بەڵێن یا گەرەنتی وەرگر. (٦) مسۆگەری.

v.t. (١) پشتگیری كردن؛ دەستەبەری كردن؛ گەرەنتی كردن: *(They ~ their products.)* (٢) بەڵێندان.

guarantor (gar′ən-tēr, gar′ən-tôr′), *n.* دەستەبەر؛ كەفیل؛ بەڵێندەر.

guaranty (gar′ən-ti), *n.* (١) دەستەبەری.

(۲) گەرەنتی؛ بەڵێنی مسۆگەری. (۳) سەنەد؛ کومپیالە.

v.t. دەستەبەری کردن؛ بەڵێنی پشتگیری کردن دان؛ گەرەنتی دان.

guard (gärd), *v.t.* (۱) پاراستن؛ ئاگاداری کردن

(۲) پاسکردن؛ پاسەوانی کردن؛ بە دیارەوە بوون.

(۳) [Archaic]، لەگەڵدا چوون بۆ پاراستن.

v.i. (~ against), ووریا بوون لە شتێك یا کەسێك)؛ ئاگا لە خۆ بوون؛ *(to ~ against infection)*

n. (۱) پاسەوانی؛ پاراستن. (۲) وورییایی؛ هوشیاری.

(۳) پاسەوان؛ پاسدار؛ دیدەوان؛ نۆبەچی؛ یاساوڵ.

(٤) ئامێری پارێزەر (بۆ پاراستنی مەکینە یا بەکارهێنەرەکەی).

(٥) باریکەری بەرگر (فوتبۆل، باسکە... هتد).

mount guard, دەست بە نۆبەی پاسەوانی کردن

off (one's) guard, ناووریا؛ ناهوشیار.

on (one's) guard, ووریا؛ هۆشیار؛ بەئاگا.

stand guard, پاسەوانی کردن؛ چاودێری کردن؛ ئاگاداری کردن

guarded (gär′did), *adj.* (۱) پارێزراو

(۲) پاسەوانی کراو؛ چاودێری کراو؛ دابینکراو.

(۳) لە سنوور نەچووە دەرەوە؛ بە ترسەوە: *(a ~ speech)* .

guardhouse (gärd′hous´), *n.* (۱) پاسەوانخانە؛ پاسدارخانە

(۲) گرتووخانەی سەربازو نەفسەر.

guardian (gär′di-ən), *n.* (۱) پاسەوان؛ پاسدار؛ پارێزەر؛ پارێزگار؛ خەمخۆر. (۲) پێ سپێردراوی منداڵێك یا کەسێك کە نەتوانێت کاروباری خۆی بەڕێوەببات؛ لە ئەستۆگر؛ لێپرسراو؛ خەمخۆر.

-guardianship *(n.).*

guard-rail (gärd′rāl´), *n.* نەردە پێ پلیکانەو ڕێگە)

guardsman (gärdz′mən), *n.* (۱) پاسەوان؛ پاسدار

(۲) نەبد می هێزی پاسدارانی میللی

guava (gwä′və), *n.* (۱) داری " گوافە "

(۲) بەری نەم دارە کە سەوزەو لە هەرمێ دەچێ، بەڵام بچووکترە دەخورێت یا دەکرێت بە مەربا

gubernatorial (gōō´bĕr-nə-tôr′i-əl, gū´bĕr-nə-tō´ri-əl), *adj.* تایبەتی بە فەرمانڕەوای هەرێم یا ویلایەتێکو فەرمانگەکەی.

guerdon (gûr′d'n), *n.* [Poetic], پاداشت خەڵات

v.t. [Poetic], پاداشت دانەوە؛ خەڵات کردن.

guerilla, guerrilla (gə-ril′ə), *n.* (۱) شەڕی پارتیزانی؛ شۆڕشی بارتیزانی. (۲) پارتیزان

adj. پارتیزانی

guess (ges), *v.t. & v.i.* (۱) هەڵهێنان مەتەڵ؛ گۆترەکاری کردن.

(۲) وازانین؛ وادانان؛ لا وابوون *(I ~ you can do it.)* .

n. هەڵهێنان (مەتەڵ شتێکی نەبێنی)؛ گۆترە؛ گۆترەکاری.

guess-work (ges′wûrk´), *n.* (۱) هەڵهێنان (مەتەڵ)

(۲) گۆترەکاری

guest (gest), *n.* (۱) میوان. (۲) میوانی نوتێل.

(۳) میوانی یانە یا دەزگایەك کە خۆی تێیدا نەندام نەبێت.

(٤) لاوورگە (حانەوەر، گیاندار)؛ لاکوت.

adj. (۱) بۆ میوان؛ تایبەتی بە میوان.

(۲) بە میوانی یا بانگ کردن کاردەکات: *(a ~ artist)* .

v.t. میوانداری کردن.

v.i. میواندارێ پێکردن.

guest-house(gest′hous´) *n.* میوانخانە

guest of honor, میوانی بەڕێز

guffaw (gə-fô′), *n.* قاقای پێکەنین؛ تریقانەوە؛ تریق و هووڕ

v.i. تریقانەوە؛ پێکەنین بە دەنگێکی بەرز؛ تریقەی پێکەنین هاتن.

guidance (gīd′'ns), *n.* ڕابەری؛ ڕابەری کردن؛ ناموژگاری؛ ڕێنمایی؛ ڕێگە پێشاندان.

guide (gīd), *v.t.* (۱) ڕابەری کردن؛ ڕێگە نیشاندان؛ پێشڕەوی کردن.

(۲) ناراستەکردن. (۳) فێرکردن؛ ڕاهێنان.

(٤) بەڕێوەبردن؛ حوکمڕانی کردن.

v.i. بوون بە ڕابەر؛ ڕابەری کردن.

n. (۱) ڕابەر؛ پێشڕەو؛ پێشەنگ.

(۲) چاوساغی گەشتکەران؛ ڕابەری گەشتکەران.

(۳) ڕێگە پیشاندەر (نیشانە).

(٤) ڕابەرنامەی گەشتکەران؛ ڕێبەری ڕێبوار.

(٥) ڕابەرنامە؛ پەرتووکی ڕابەر: *(a ~ to mathematics)* .

guidebook (gīd′book´), *n.* ڕابەرنامەی گەشتکەران

guided missile, مووشەکی ناراستەکراو.

guideline (gīd′līn´), *n.* پەیڕەو؛ ڕابەرنامە.

guidepost (gīd′pōst´), *n.* دار یا ستوونی ڕێگە نیشاندەر (بۆ ڕێبواران)

guild (gild), *n.* یەکێتی (کرێکاران، فەرمانبەران، پیشەسازان)؛ جڤات؛ نەقابە.

guilder (gil′dĕr), *n.* پارەی هۆڵەندەو نەمسا

guildsman (gildz′mən), *n.* ئەندامی یەکێتی یا نەقابەیەك.

guile (gīl), *n.* فرۆفێڵ؛ ساختە؛ ساختەبازی؛ مەکربازی؛ فێڵبازی؛ زۆڵێتی.

guileful (gīl′fəl), *adj.* فێڵباز؛ ساختەچی؛ مەکرباز؛ زۆڵ.

guileless (gīl′lis), *adj.* بێ فێڵو تەڵەکە؛ سەرڕاست؛ ساویلکە؛ دڵپاك.

guillotine (gil′ə-tēn´), *n.* گیلۆتین؛ ئامێری سەربڕینی تاوانباران کە لە فەرەنسەوە داهاتووە.

guilt (gilt), *n.* (۱) تاوان؛ گوناە؛ سووچ؛ خەتا

(۲) هەست بە گوناهباری کردن؛ هەست بە بێ ویژدانی کردن.

guiltless (gilt′lis), *adj.* بێ تاوان؛ بێ گوناە؛ بێ سووچ؛ بێ خەتا.

guilty (gil′ti), *adj.* (۱) تاوانبار؛ گوناهبار؛ خەتابار؛ تاوانکار؛ بەتاوان.

(۲) هەست بە گوناهباری کەر؛ هەستکەر بە بێ ویژدانی: *(~ conscience)* .

-guiltily *(adv.)*; **guiltiness** *(n.).*

guinea (gin′i), *n.* (۱) جونەی: پارەیەکی ئینگلیزیی.

(۲) باڵندەیەکی ماڵیی لە مریشك دەچێ.

(۳) [Slang]. ئیتاڵی (لەپووی سووکیی‌یەوە).

guinea fowl, باڵندەیەکی ماڵیی لە مریشك دەچێ.

guinea hen, = guinea fowl.

guinea pig, (۱) بەرازی گینی: گیاندارێکی بچووکە نەوەندەی کەرۆشکێکی ماڵی دەبێت لە توخمی مشکەکوێرەیە بۆ تاقیکردنەوەو لێکۆڵینەوە لە تاقیگەدا بەکاردەهێنرێ.

(۲) کەسێك یا شتێك کە بۆ تاقیکردنەوەو لێکۆڵینەوە بەکاربهێنرێ.

guise (gīz), *n.* (۱) [Archaic] ، ڕەفتار؛ خووڕەووشت.

(۲) جل‌وبەرگ؛ جل (۳) ڕوو؛ ڕووخسار؛ شێوەی دەرەوە.

(٤) ڕووالەت؛ ڕووالەتی درۆ؛ پەردە: *(Under the ~ of friendship he betrayed us.)*

v.t. (۱) [Archaic] ، پۆشین یا جل لەبەرکردن بە شێوەیەکی تایبەتی

(۲) [British Dial.]. شاردنەوە؛ خۆ لێ گۆڕین؛ ڕووخسار گۆڕین

v.i. [British Dial.], خۆ گۆڕین؛ دەماخ کردن

guitar (gi-tär′), *n.* گیتار؛ ئامێرێکی مۆسیقایی‌یە لە عوود دەچێ.

guitarist (gi-tär′ist), *n.* گیتارژەن؛ گیتار لێدەر

gulf (gulf), *n.* (۱) کەنداو. (۲) کەندەڵان؛ کەندر؛ کەندەڵانێکی قوڵو پان.

(۳) جیاوازی (نێوان دوو کەس، بیروباوەڕ، کۆمەڵ، وڵات... هتد).

(٤) گێژاو؛ گەرداو.

v.t. قووتدان؛ ماشینەوە؛ هەموو گرتنەوە.

gull (gul), *n.* باڵندەیەکی دەریایی قاچ تەنراوی پەڕ سپی‌و ڕەش‌و بۆرە ئەوەندەی مراوی‌یەك دەبێت. (هەروەها " sea gull ") .

gull (gul), *n.* کەسێکی ساویلکە؛ کەسێکی خۆشباوەڕی بە ئاسانی

هەڵخەڵەتێنراو

v.t. هەڵخەڵەتاندن؛ فێڵ لێکردن

gullet (gul′it), *n.* (١) سوڕینچکە؛ سوڕێنچک (٢) قوڕگ؛ مل (٣) جۆگەی ئاو؛ چەم؛ گەڵی

gullibility (gul´ə-bil′ə-ti), *n.* ساویلکەیی؛ خۆشباوەڕی؛ بەسزمانی

gullible (gul′ə-b'l), *adj.* ساویلکە؛ خۆشباوەڕ؛ بەسزمان

-gullibly *(adv.).*

gully (gul′i), *n.* گەڵی؛ چەم

gulp (gulp), *v.t.* (١) هەڵ لووشین (خواردنەوە)؛ هەڵقوڕاندن بە پەلەو چاوبرسیەیانە *(~ down coffee)* .

(٢) گریان هاتن و وەستاندنی (کە وەک تف قووتدان دیارە).

v.i. هەناسە وەستان (هەر وەک لە کاتی هەڵقوڕاندنی قومێکی زلدا).

n. (١) هەڵقوڕاندن بە پەلە؛ هەڵ لووشین (٢) قومێکی زل

gum (gum), *n.* (١) گەوەن؛ جەوی؛ سرێش (٢) لاستیک (٣) بنێشت؛ جاچک

v.t. (١) جەوی دەردان؛ گەوەن دەردان (٢) لینج بوون؛ لیقن بوون

gum (gum), *n.* پووک

gumbo (gum′bō), *n.* (١) داری بامن؛ پووەکی بامن (٢) بامن (٣) شلەی بامن (٤) شۆربا یا شلەی ماسی (٥) جۆرە خاکێکی خوارووی پۆژئاوای ئەمەریکایە کە تەڕ بوو لینج دەبێت.

(٦) زمانی فەرەنسی قولەڕەشەکانی ویلایەتی " لویزیانا " ی خواروو ئەمەریکا و نیندیزی پۆژئاوا

gumption (gump′shən), *n.* (١) [Colloq.] : زیرەکی (لە کاروباری ژیاندا)؛ پۆژزانی؛ زرنگی (٢) گیانی دەستپێشکەری کردن و چارنەترسان؛ کۆشش کردن و چاوقایمی و کۆڵ نەدان.

gun (gun), *n.* (١) تفەنگ؛ دەمانچە؛ چەک؛ تۆپ (٢) تەقەی چەکێک بۆ دەستپێکردن یا دوایی هاتنی پێشبڕکێ یا ملمانێیەک. (٣) ئامێرێک کە لە شێوەو بەکارهێناندا لە تفەنگ بچێت. (٤) [Slang]. دەمەوانەی مەکینەیەک.

v.t. (١) [Colloq.] . تەقەلێکردن؛ کوشتن (٢) [Slang]. جوواندنی دەمەوانەی مەکینەیەک بۆ خێراترکردنی.

big gun, (١) کەسێکی گرنگ و بەدەسەڵات؛ کەسێکی دەست پێشتر (٢) ئەفسەرێکی گەورە

stick to one's guns, خۆ پاگرتن بەرامبەر بە هێرش؛ نەکشانەوە؛ هەڵوێست یا ڕێبازی خۆ نەگۆڕین

gun-boat (gun′bōt´), *n.* بەلەمی چەکداری پاسەوانی

gunboat diplomacy, دیبلۆماسیەیەتی هەڕەشەو زۆرەملێ

gun-fire (gun′fīr´), *n.* تەقەی تفەنگ؛ تفەنگ تەقاندن؛ تەقە تفەنگ

gung ho, زۆر بەجۆش (بۆ کردنی شتێک، هەڵوێستێک، بۆ کەسێک)؛ بەپەرۆش *(He is ~ on working for world peace.)* .

gunlock (gun′lôk´), *n.* چەخماخ (تفەنگ)

gunman (gun′mən), *n.* (١) تفەنگچی ؛ بەتایبەتی تاوانبارێک)؛ تفەنگ لە شان؛ پیاوخراپێکی چەک لە شان (٢) تفەنگ دروستکەر

gunner (gun′ēr), *n.* (١) سەربازی تۆپ تەقێن (٢) ئەفسەری نێپرسراوی تۆپ و کەشتیەیەکی جەنگی (٣) پاوچی

gunnery (gun′ēr-i), *n.* (١) تۆپ؛ تۆپی گەورە (٢) تۆپی گەورە دروستکردن و تەقاندن (٣) تۆپ تەقاندن

gunny (gun′i), *n.* (١) ئەو قوماشەی گونیەی لێ دروست دەکرێت (٢) گونیە؛ خەرار

gunny sack, گونیە؛ خەرار

gun-powder (gun′pou´dēr), *n.* باروود

gun-runner (gun′run´ēr), *n.* قاچاخچی تفەنگ و چەکی تر

gun-shot (gun′shot´), *n.* (١) گوللە؛ تەقەی تفەنگ؛ تەقە (٢) [Rare]، تفەنگ تەقاندن (٣) مەودای بڕکردنی گوللەیەک

adj. تایبەتی بە گوللە: *(a ~ wound)* .

gun-shy (gun′shī´), *adj.* لە تەقەی تفەنگ ترساو: *(a ~ dog)* .

gunsmith (gun′smith´), *n.* تفەنگساز؛ چەکساز؛ وەستای تفەنگ و دەمانچە.

guppy (gup′i), *n.* جۆرە ماسیەیەکی بچووکی ڕەنگاوڕەنگە بۆ جوانی بەخێو دەکرێت.

gurgle (gūr′g'l), *v.i.* بلقەبلق کردن (وەک ئاوی شەربە یا شووشە)؛ قڵپەهاتن؛ خوڕەهاتن

n. بلقەبلقی ئاو؛ خوڕەی ئاو یا دەنگێکی وەها.

gush (gush), *v.i.* (١) فیچقەکردن (خوێن، ئاو، فرمێسک)؛ ئ هاتنەدەرەوە بەخوڕ (٢) [Colloq.]، نووسین یا دووان بە جۆشەوە

n. (١) فیچقە؛ فیچقەکردن؛ پژان (٢) [Colloq.]، پیشاندانی هەست یا جۆشی لە ڕادە بەدەر.

gushy (gush′i), *adj.* هەست پیشاندەر بە ناشکرا لە ڕادە بەدەر.

gusset (gus′it), *n.* تیرۆژو؛ خشتەک

gust (gust), *n.* (١) بایەکی قایم کە لەپڕ هەڵدەکات؛ ڕەشەبا (٢) باران، دووکەڵ، ئاگر، یا دەنگێکی لەپڕو بەتین (٣) هەڵچوونێک، تووڕەبوونێک، یا پێکەنینێکی لەپڕ.

gust (gust), *v.t.* [Scot.], تام کردن؛ حەزلێکردن

gustation (gus-tā′shən), *n.* (١) تام کردن (٢) هەستی تام کردن

gusto (gus′tō), *n.* (١) حەز؛ مەیل (٢) زۆر حەزلێکردن؛ زۆر بەدڵ بوون؛ زۆر بە حەزەوە (٣) جۆش: *(to do something with ~)* .

gusty (gus′ti), *adj.* قایم (با): *(~ winds)* .

gut (gut), *n.* (١) *(pl.)* ، هەناو (٢) ڕیخۆڵە (٣) ژێ (کە دروست دەکرێت لە ڕیخۆڵەی هەندێ گیانداری وەک پشیلە بۆ کەمانچەو دوورینەوەی بڕین). (٤) قۆزاخەی ئاوریشم (٥) ڕێڕەوێکی تەسک؛ گەڵی (٦) *(pl.)*، [Slang]، (ا) غیرەت؛ نازایی؛ چاونەترساوی؛ بەجەرگی (ب) بێ حەیایی؛ چەقاوەسوویی؛ بێ شەرمی (ج) هێز؛ کاریگەری

v.t. (١) هەناو دەرهێنان (٢) ناوەوەی ڕیزانکردن وەک بە ئاگر: *(Fire ~ted the building.)*

gutless (gut′lis), *adj.* بێ غیرەت؛ ترسنۆک؛ کوونی

-gutlessness *(n.).*

gutsy (gut′si), *adj.* [Slang], بەغیرەت؛ نازا؛ بەجەرگ

-gutsiness *(n.).*

gutter (gut′ēr), *n.* (١) ناوەڕۆ؛ ناوەڕۆگە؛ زێراب (٢) باری ژیانێکی پڕ لە نەبوونی و بێ دەرامەتی و پیس و پۆخڵی و ڕەشوڕووتی

v.t. زێراب یا ناوەڕۆگە بۆ دروستکردن.

v.i. (١) بە جۆگەدا ڕۆیشتن (٢) توانەوە (مۆم)

gutteral (gut′ēr-'l), *adj.* (١) قوڕگی؛ تایبەتی بە قوڕگ (٢) بە قوڕگ دەوترێ (دەنگ) (٣) پڕ لە دەنگی لە قوڕگدا پەیدابوو یا بە قوڕگ ووتراو: *(Arabic is a ~ language.)*

n. (١) دەنگێک کە لە قوڕگەوە دێت یا پەیدا دەبێت (وەک دەنگی تیپی ح، خ، ع، غ). (٢) نیشانەی ئەم جۆرە دەنگە.

guy (gī), *n.* گوریس، زریزە، یا دارێک کە بۆ چەسپاندن یا ڕاگیرکردنی شتێک بەکاردەهێنرێت.

guy (gī), *n.* (١) کەسێکی سەیر لە ڕووخسار یا جلوبەرگیدا (٢) [Slang]، کوڕ؛ پیاو؛ کابرا؛ زەلام

v.t. [Colloq.], گاڵتەپێکردن؛ بێ پێکەنین

guzzle (guz′'l), *v.i. & v.t.* زۆر خواردنەوە

gym (jim), *n.* . gymnasium (١)

(٢) کۆرسێکی جیمناستیک یا وەرزش لە قوتابخانە یا کۆلیجدا.

gymnasium (jim-nā′zi-əm), *n.* (١) جیمنازیۆم: خانوو یا هۆڵی یاری جیمناستیک یا وەرزش کردن؛ یاریگای سەرگیراو؛ وەرزشگا (تەنافبازی).

(٢) [G-]، قوتابیەکی قوتابخانەی ناوەندی ئەڵمانی و هەندێ وڵاتانی ئەورووپی تر کە ئامادە دەکرێت بۆ چوونە زانکۆ

gymnast (jim′nast), *n.* تەنافباز؛ یاریکەری جیمناستیک.

gymnastic (jim-nas′tik), *adj.* وەرزشی؛ تایبەتی بە وەرزش.

gymnastics (jim-nas′tiks), *n.pl.* تەنافبازی؛ یاری جیمناستیک.

gyneco- (jī′ni-kō, jin′i-kō), پێشگرێکە بەمانای: هی ژنان؛ تایبەتی بە ژن

gynecologist (gī′ni-kol′ə-jist, jī′ni-kol′ə-jist), *n.* پزیشکی ژنان؛ پزیشکی نەخۆشی ژنان (بەتایبەتی هی نەندامی زاوزێ).

gynecology (gī′ni-kol′ə-ji, jī′ni-kol′ə-ji), *n.* پزیشکەوانی نەخۆشی ژنان (بەتایبەتی هی نەندامی زاوزێ).

-gynecologic *(adj.)*; **gynecological** *(adj.)*.

gynephobia (jī′ni-fō′bi-ə, jin′i-fō′bi-ə), *n.* لە ژن ترسان

gyno- (jī′nō, jin′ə), پێشگرێکە بەمانای: (١) ژن؛ مێ. (٢) نەندامی زاوزێی ژن

gyp (jip), *n.* [Slang], (١) ساختە؛ فێڵ و تەڵەکە؛ فێڵ.

(٢) ساختەچی؛ کەسێکی ساختەچی یا تەڵەکەباز

v.t. & v.i. [Slang], ساختەلێکردن؛ هەڵخەڵەتاندن.

gypsum (jip′səm), *n.* گەچ

gypsy, gipsy (jip′si), *n.* (١) قەرەج

(٢) [G-]، زمانی قەرەجەکان. (٣) کەسێک کە لە قەرەج دەچێت.

adj. وەک قەرەج؛ قەرەجانە؛ تایبەتی بە قەرەج.

v.i. وەک قەرەج ژیان، واتە ژیانی گەڕۆکی

gyrate (jī′rāt, jī-rāt′), *v.i.* خولانەوە بە دەوری خۆدا (گێژاو، مەکینە، گەردەلوول)

adj. پێچاوپێچ؛ پێچ لوول

-gyration *(n.)*; **gyrator** *(n.)*.

gyre (jīr), *n.* (١) خولانەوە بە دەوری خۆدا؛ خولانەوە

(٢) بازنە؛ ئەڵقە؛ شتێکی پێچ لوول

gyve (jīv), *n.* [Archaic]. پێوەند؛ پێوەن

v.t. پێوەندکردن.

H h

H, h (āch), *n.* (۱) تیپی هەشتەمی ئەلفوبێی ئینگلیزی. (۲) دەنگی ئەم تیپە. (۳) هەشتەمین شت لە ڕیزێکدا.

adj. (۱) تایبەتی بەم تیپە. (۲) هەشتەمین.

H, h (āch), *n.* (۱) شتێک کە شێوەی لەم تیپە بکات. (۲) ژمارەی ڕۆمانی بۆ (۲۰۰).

ha (hä), *interj.* ها!: ئەها! دەنگێکە سەرسامی، گومان، تووڕەیی، خۆشی، یا ناخۆشی دەردەبڕێت.

habeas corpus (hā′bi-əs kôr′pəs), فەرمانی دادگا بە هێنانی بەندێک یا گیراوێک بۆ دادگا تاکو بڕیار بدرێت ئایا بەند کردنی یا گرتنی ڕەوایە یان نا.

haberdasher (hab′ĕr-dash ĕr), *n.* (۱) فرۆشیاری شتومەکی پیاوان (وەک کراس، بۆینباخ، دەستەسڕ، دەسکێش، کڵاو... هتد). (۲) وورددەفرۆش (وەک دەرزی و دەزوو قۆچە... هتد).

haberdashery (hab′ĕr-dash ĕr-i), *n.* (۱) وورده شت. (۲) دووکانی وورددەفرۆشی.

habiliment (hə-bil′ə-mənt), *n.* (۱) پارچەیەک جل (۲) (*pl*) حل‌وبەرگ.

habilitate (hə-bil′ə-tāt′), *v.t.* (۱) پۆشتەکردنەوە: پۆشین؛ جل لەبەرکردن. (۲) ئازووقەو پارە دان بە کانگایەک

-habilitation ***(n.).***

habit (hab′it), *n.* (۱) حل‌وبەرگ؛ جل (۲) حل‌وبەرگێکی تایبەتی (وەک هی مەلا یا سواری وڵاخ بۆ ژن): ***(a monk's ~ ; a woman's riding ~)*** (۳) خوو؛ نەریت؛ پیشە؛ عادەت. (٤) هۆگری بە شتێکەوە گرتنو واز لێ نەهێنانی: ***(the alcohol ~)*** . (٥) شێوەی تایبەتی گەورەبوونی ڕووەک یا گیاندارێک.

v.t. (۱) جل لەبەرکردن؛ جلی تایبەتی لەبەرکردن؛ پۆشین. (۲) [Archaic]، تێدا ژیان؛ نیشتەجێ بوون تێیدا.

habitable (hab′i-tə-b'l), ***adj.*** بەکاری تێدا ژیان دێت؛ بۆ تێدا ژیان دەشێت.

habitat (hab′ə-tāt′), *n.* (۱) شوێنی سروشتی گیاندارێک یا ڕووەکێک؛ ئەو شوێنەی کە گیاندارێک یا ڕووەکێک بەزۆری تێیدا دەژی یا دەبینرێت؛ نیشتەجێی گیاندار یا ڕووەک؛ دەوروبەری سروشتی گیاندار یا ڕووەک. (۲) هەوارگا؛ نیشتەجێی مرۆڤێک یا شتێک.

habitation (hab′ə-tā′shən), *n.* (۱) تێدا ژیان؛ ژیان؛ ژین. (۲) مأل؛ هەوارگا؛ نیشتەجێ؛ خانوو.

habitual (hə-bich′o͞o-əl), ***adj.*** (۱) خوو؛ بووە بە خوو. (۲) هەمیشەیی؛ بەردەوام؛ هۆگری پێوەگرتوو: ***(a ~ smoker)*** . (۳) باو.

habitually (hə-bich′o͞o-əl-i, hə-bich′oo-li), ***adv.*** هەمیشە؛ جار لەدوای جار؛ بە خوو؛ عادەتەن.

habituate (hə-bich′o͞o-āt′), *v.t.* (۱) ڕاهێنان؛ ڕاهاتن؛ خۆ ڕاهێنان؛ فێربوون؛ فێرکردن. (۲) [Colloq.]، زۆر چوونە شوێنێک؛ زوو زوو سەردان لە شوێنێک.

-habituation ***(n.).***

habitude (hab′ə-to͞od′, hab′i-tūd′), *n.* (۱) سروشت؛ جۆری هەڵسانو دانیشتن. (۲) باو؛ خوو.

habitué (hə-bich′o͞o-ā′, hə-bich′o͞o-ā′), *n.* کەسێکە کە زوو زوو دەچێتە چێشتخانە، یانە، یا تیاترۆیەک.

hacienda (hä′si-en′də), *n.* کێڵگە یا خانوویەکی گەورەو زەوی‌و زاری دەورەکەی لە لادێ.

hack (hak), *v.t.* (۱) داپاچین؛ لەت کردن یا بڕینەوە (بە تەشوێ یا تەور). (۲) زەوی هەڵکەندنو تەخت کردن (بە قوڵنگەو خاکەنان) (۳) شەق لە لوولاق دان (یاری فوتبۆڵێن).

v.i. (۱) بڕین بە شێوەیەکی نەزانانە. (۲) کۆکین.

n. (۱) ئامێری داپاچین یا هەڵکەندن (تەور، تەشوێ، قوڵنگ، خاکەنان) (۲) تڵیش یا قڵیشێک کە بە تیغێکی تیژ دەکرێتە شتێک. (۳) کۆکە. (٤) ڕووشان یا بڕینی لوولاق لە نەنجامی شەق تێ هەڵدانا (یاری فوتبۆڵێن).

hack (hak), *n.* (۱) ئەسپی کرێ؛ ئەسپی عەرەبانە. (۲) بارگیر. (۳) ئەسپی سواری. (٤) ئەسپێکی پیری بێ کارە. (٥) نووسەرێکی بەکرێ گیراو (بەتایبەتی بۆ نووسینی شتی ووشک‌وناخۆش). (٦) عەرەبانەی کرێ. (۷) تەکسی. (۸) عەرەبانچی.

v.t. (۱) بە کرێ گرتن بۆ نووسینی شتی ووشک‌و ناخۆش. (۲) بە کرێ دان (ئەسپ). (۳) سواندن؛ سوان.

v.i. (۱) سواربوونی ئەسپی کرێ. (۲) [Colloq.]، تەکسی لێخوڕین.

adj. (۱) بە کرێ گیراو بۆ نووسینی شتی ووشک‌و بێ تام: ***(a ~ writer)*** (۲) سوواو؛ کۆن‌و پەڕپووت (ووتە، زاراوە)؛ پەڕپووت؛ هێچ‌وپووچ.

hack (hak), *n.* (۱) چوارچێوەیەکی بە تەل یا شیش تەنراو (بۆ لەسەر هەڵخستنی پەنیرو ماسی یا بۆ ناخۆڕی ڕەشەوڵاخ). (۲) ڕێزە خشتێکی کاڵ کە لەبەر هەتاو دادەنرێن بۆ ووشک بوونەوە خستنە سەر چوارچێوەیەک بۆ ووشک بوونەوە.

v.t.

hackle (hak′l), *n.* (۱) پەڕی ملی کەڵەشێرو کۆترو تاووس. (۲) پەڕی ملی کەڵەشێر کە دەکرێت بە کلکی مێشێکی دەستکردەوە بۆ ڕاوەماسی. (۳) (*pl.*)، تووکی ملو پشتی سەگ کە ڕاست دەبێتەوە لە کاتی مەترسیدا

hackman (hak′mən), *n.* عەرەبانچی.

hackney (hak′ni), *n.* (۱) ئەسپی کرێ؛ ئەسپی سواری. (۲) عەرەبانەی کرێ. (۳) کرێکارێکە کە ئیشی ووشک‌و ناخۆشی دەدرێت بەسەردا.

adj. (۱) بە کرێ گیراو. (۲) سوواو؛ پەڕپووت؛ کۆن‌و بێ تام‌و بێ مانا؛ هێچ‌وپووچ.

v.t. (۱) بەکرێدان. (۲) سواندن؛ سوان؛ لە کەڵک خستن بە بەکارهێنانی زۆر.

hackneyed (hak′nid), ***adj.*** سوواو (ووتە، زاراوە)؛ پەڕپووت؛ کۆن‌و بێ تام: ***(a ~ phrase)***

hack-saw (hak′sô′), *n.* = **a hack saw.**

hack saw, مشاری ئاسنبڕ

had (had), *past tense and p.p. of* **have.**

haddock (had′ək), *n.* جۆرە ماسییەکی بچووکی دەریایی‌یە.

Hades (hā′dēz), *n.* (۱) (ا) ئارامگای گیانی مردووان (نەفسانەی یۆنانی، نینجیل) (ب) فەرمانڕەوای ئەم ئارامگایە. (۲) [Colloq.] [h-]، دۆزەخ؛ جەهەننەم.

hadj (haj), *n.* حەج؛ حەج کردن.

hadji (haj′ē), *n.* حاجی

hadn't (had′nt), = **had not.**

haemo- (hē′mə, hem′ə), = **hemo-.**

haemoglobin (hē′mə-glō′bin, hem′ə-glō′bin), *n.* = **hemoglobin.**

haemophilia (hē′mə-fil′i-ə, hem′ə-fil′yə), *n.* = **hemophilia.**

haft (haft, häft), *n.* مشتو (چەقۆ، شیر)

hag (hag), *n.* (۱) دیوودڕنجی مێ؛ مێ جنۆکە. (۲) جادوگەری ژن (۳) پیرێژنێکی ناپەسەندو ناشرین. (٤) جۆرە ماسیەیەکە.

hag (hag), *v.t.* داپاچین؛ بڕین؛ لەتکردن.

n. (۱) (ا) دارودەخت بڕینەوە؛ دار داپاچین. (ب) بەشی دارستانێک کە بۆ بڕینەوە دانراوە. (ج) دارو دەختی بڕاوە. (۲) ژۆنگاو؛ بەشێکی پتەوی زەلکاو.

haggard (hag′ērd), *adj.* (۱) هەڵۆیەکی بە هەراشی گیراو. (۲) کێوی؛ مانی نەکراو؛ دابین نەکراو. (۳) ڕەنگ زەردوڵاوازو ماندوو قوپاو: *(a ~ face, look, etc.)* .

n. هەڵۆیەکی بە هەراشی گیراو.

haggle (hag′l), *v.t.* بڕین یا لەتکردن بە شێوەیەکی نەزانانە.

v.t. سەوداکردن؛ مشتومڕکردن (لەسەر نرخ و سەودا).

n. سەودا؛ سەوداکردن؛ مشتومڕ (لەسەر نرخ و سەودا).

hagiarchy (hag′i-är′ki, hā′ji-är′ki), *n.* فەرمانڕەوایی پیاوە ئایینیە پیرۆزەکان.

hagi-, hagio- (hag′i-ō, hā′ji-ō), پێشگرێکە بەمانای پیرۆز.

hagiocracy (hag′i-ok′rə-si, hā′ji-ok′rə-si), *n.* فەرمانڕەوایی پیاوە ئایینیە پیرۆزەکان.

hagiography (hag′i-og′rə-fi), *n.* (۱) لێکۆڵینەوەی ژیاننامەی پیاوە ئایینیە پیرۆزەکان. (۲) پەرتووکێکی ئەم جۆرە ژیاننامانە.

-hagiographer *(n.)*; **hagiographist** *(n.).*

hagiology (hag′i-ol′ə-ji, hā′ji-ol′ə-ji), *n.* (۱) وێژەی ژیانی پیاوە ئایینیە پیرۆزەکانو نوسینەکانیان. (۲) پەرتووکێکی ژیانو نوسینی پیاوە ئایینیە پیرۆزەکان. (۳) لیستەی پیاوە ئایینیە پیرۆزەکان.

haiku (hī′kōō), *n.* جۆرە هەڵبەستێکی یابانیە لە سێ دێڕ پێکدێتو حەفدە برگەیە

hail (hāl), *v.t.* (۱) سڵاولێکردن یا بەخێرهاتن کردن بە دەنگێکی بەرز. (۲) ناونان *(They ~ed him their leader.)* . (۳) بانگ کردن: *(They ~ed a taxi.)* .

n. (۱) سڵاو یا بەخێرهاتن کردن بە دەنگێکی بەرز؛ سڵاو. (۲) ماوەی بڕکردنی هاوارێک: *(He is within ~)* .

interj. سڵاوت لێ بێ!؛ بەخێربێن!.

hail from, نیشتەجێ یا خەڵکی شوێنێک بوون. *(I hail from Karadagh.)*

hail (hāl), *n.* (۱) تەرزە.

(۲) بارین (تەرزە، ئاگر، تەقەمەنی): *(a ~ of explosives)* .

v.i. تەرزە بارین.

v.t. (~ on; ~ upon), بەسەردا بارانا؛ تێگرتن؛ دانەبەر (جوێن، بەرد، گوللە): *(He ~ed curses upon us.)* .

hailstone (hāl′stōn′), *n.* دەنکە تەرزە؛ تەرزە

hailstorm (hāl′stôrm′), *n.* باوبۆرانێکی تەرزە.

hair (hâr), *n.* (۱) قژ؛ تووک؛ موو؛ قژی سەر؛ تیسک؛ پرچ؛ ئەگریجە؛ زوڵف. (۲) قوماش یا تەنراوی تووک.

(۳) زۆر کەم (ماوە، پلە، جیاوازی): *(He missed the target by a ~)* .

get in one's hair, [Slang], پەستکردن؛ زیزکردن.

let one's hair down, [Slang], بەر بۆ خۆ بەرەڵاکردن؛ شەرم نەکردن.

make one's hair stand on end, ترساندن؛ تۆقاندن

not turn a hair, خۆ نەشڵەژاندن؛ نەشڵەژان.

split hairs, مشتومڕکردن لەسەر شتی هیچوپووچ.

to a hair, بە تەواوی؛ بەبێ کەموزیاد؛ هەمووی پاستە.

hair-breadth (hâr′bredth), *n.* ماوەیەکی کورت یا تەسک؛ ئەوەندەی مووێک؛ زۆر کەم.

adj. بە ئاستەم؛ بە حاڵ.

(a ~ escape)

hair-brush (hâr′brush′), *n.* فڵچەی سەرداهێنان.

hair-cut (hâr′kut′), *n.* سەرتاشین.

hair-do (hâr′dōō′), *n.* قژ چاک کردنو ڕێکوپێک کردنی ژنان؛ ئارایشتی قژی ئافرەت.

hairdresser (hâr′dres′ēr), *n.* دەڵاکی ژنان؛ سەرتاشی ژنان

hairdressing (hâr′dres′iŋ), *n.* (۱) پیشەی دەڵاک یا سەرتاش؛ دەڵاکی. (۲) قژ چاک کردنو ئارایشت کردن. (۳) دەرمانی ئارایشت کردنی قژ.

adj. تایبەتی بە چاک کردنو ئارایشت کردنی قژ.

hairless (hâr′lis), *adj.* سەرڕووتاو؛ بێ قژ؛ بێ موو

hairline (hâr′līn′), *n.* (۱) گوریس؛ پەتی موو (۲) هێڵی باریک. (۳) قوماشی هێڵدار. (٤) سنووری قژی ناوچەوان.

hair-piece (hâr′pēs′), *n.* بارۆکە.

hairpin (hâr′pin′), *n.* تەوقەی سەر.

adj. زۆر شکاوە (پێچ)؛ سەخت یا تیژ (پێچ، لوف). *(a ~ curve in the road)*

hair-raising (hâr′rāz′iŋ), *adj.* [Colloq.], جەرگبڕ؛ ترسناک؛ ناخۆش.

hair-spliting (hâr′split′iŋ), *n. & adj.* مشتومڕکردن لەسەر شتی هیچوپووچ.

-hair-spliter *(n.).*

hair-spring (hâr′spriŋ′), *n.* زەمبەلەکی کاتژمێر (کە وەک موو وایە).

hair trigger, پەلەپێتکەیەک کە بە ئاستەم پەنجەی بەرێکەوێت چەکەکە دەتەقێنێت.

hairy (hâr′i), *adj.* تووکن؛ تووکاوی؛ تیسکن.

-hairiness *(n.).*

haji, hajji (haj′ē), *n.* حاجی.

halberd (hal′bērd), *n. Also* **halbert,** چەکێکی کلک درێژە لە ڕەو تەوری شەڕ پێکهاتووە.

halcyon (hal′si-ən), *n.* (۱) باڵندەیەکە بەپێی نەفسانە شەپۆڵو بای دەریای هێمن کردۆتەوە لەکاتی کڕکەرتنیدا لەسەر دەریا لە چڵەی زستاندا. (۲) باڵندەیەکی پۆپنەدارە.

adj. (۱) تایبەتی بەم باڵندە پۆپنەدارە (۲) هێمن؛ خۆش؛ پڕ کامەرانی: *(~ days)* .

hale (hāl), *adj.* تەندروست (بەتایبەتی کەسێکی بەتەمەن).

hale (hāl), *v.t.* (۱) بەزۆر ڕاکێشان. (۲) بەزۆر بردنی کەسێک بۆ شوێنێک.

half (haf, häf), *n.* نیو؛ نیوە؛ نیمە.

adj. (۱) نیو؛ نیوە؛ نیمە (۲) ناتەواو؛ بەش بەش؛ کەرت؛ لەت؛ نیمچە.

adv. (۱) نیو؛ نیوە. (۲) [Colloq.]، نیمچە؛ تا ڕادەیەک: *(I was ~ convinced)* . (۳) بە هیچ جۆرێک؛ قەت: *(He doesn't ~ approve.)* .

by half, زۆر؛ ئێجگار زۆر.

in half, بە دوو بەشەوە؛ نیواو نیو؛ وەکو یەک.

not half bad, باش
one's better half, [Slang]. هاوسەر (ژن یا میرد)؛ ژنی کەسێك؛ میردی کەسێك
half-and-half (haf′′nd-haf′, häf′′n-häf′), *n.* شتێکی نیوان نیو بەتایبەتی (ا) شیری چەور (ب) خواردنەوەیەکی تێکەڵاو.
adj. & adv. نیوانیو؛ لە دوو شتی ئەوەندەی یەك پێکهاتوو
half-baked (haf′bākt′, häf′bākt′), *adj.* (۱) باش نەبرژاو؛ پێ نەگەیيو؛ ناکام. (۲) باش لێ نەکۆڵراوە؛ باش ئامادە نەکراو؛ بەوردی نەکراو؛ نیوەوناتەواو: *(a ~ scheme)* . (۳) نەشارەزا؛ نەزان؛ بێ مێشك
half-blood (haf′blud′, häf′blud′), *n.* (۱) زیبر؛ زەخوشك. (۲) کەسێکی دوورەگ.
-half-blooded *(adj.).*
half-breed (haf′brēd′, häf′brēd′), *n.* کەسێکی دوورەگ (بەتایبەتی منداڵی کەسێکی سپی و هیندیيەکی ئەمەریکی).
adj. دوورەگ.
half brother, زیبرا
half-caste (haf′kast′, häf′käst′), *n.* کەسێکی دوورەگ.
adj. دوورەگ
half-hearted (haf′härtid, häf′härtid), *adj.* نیوە نابەدڵ؛ لووتەلا *(a ~ attempt at painting.)*
half-heartedly (haf′härtid-li), *adv.* بە نیوەبەدڵییەوە؛ بە لووتەلاوە
half-hour (haf′our′, häf′our′), *n.* نیو سەعات؛ سی خولەك.
adj. (۱) نیو سەعاتی؛ نیو سەعات دەخایەنێت. (۲) هەموو نیو سەعاتێك؛ نیو سەعاتانە پووەدات.
half-hourly (haf′our′li, häf′our′li), *adj. & adv.* هەموو نیو سەعاتێك؛ نیو سەعاتانە پووەدات.
half-length (haf′leŋkth′, häf′leŋth′), *adj.* (۱) نیوەی درێژی یا کاتی ئاسایی (۲) هی ئاوقەد بەرەو ژوور (وێنە).
n. وێنەی لەئاوقەد بەرەو ژوور
half-mast (haf′mast′, häf′mäst′), *n.* هێنانەخوارەوەی ئاڵا بۆ ئاوەڕاستی دارئاڵادا (نیشانەی شین و کارەسات).
adv. لە ئاوەڕاستی دارئاڵادا.
v.t. شۆڕکردنەوەی ئاڵایەك بۆ ئاوەڕاستی دارئاڵاکە.
half-moon (haf′mōōn′, häf′mōōn′), *n.* شێوەی مانگ لە بەینی یەك شەوەو چواردە شەوەدا. (۲) شتێك کە شێوەی وابێ.
half-penny (hā′pən-i, hāp′ni), *n.* نیو فلس (پارەی ئینگلیزی).
adj. (۱) نیو فلس دەنێت. (۲) بێ نرخ؛ هیچ‌وپوچ.
half sister, زەخوشك.
half-staff (haf′staf′, häf′stäf′), *n.* = **half-mast.**
half title, ناو یا ناونیشانی ناوەوەی پەڕتووکێك.
half-truth (haf′trōōth′, häf′trōōth′), *n.* نیوە ڕاست و نیوە درۆ.
half-way (haf′wā′, häf′wā′), *adj.* (۱) نیوەڕێ؛ ناوەڕاست؛ نیوەی ڕێگە (۲) ناتەواو؛ نیوەوناتەواو: *(~ measures)* .
adv. (۱) نیوەی ڕێ. (۲) بە نیوەو ناتەواوی.
(۳) [Colloq.]، نەختێك؛ تۆزێك: *(He'd win if he were ~ good.)* .
meet halfway, وازهێنان لە هەندێك مافی خۆ لەپێناوی ڕێکەوتن لەگەڵ بەرامبەردا.
half-wit (haf′wit′, häf′wit′), *n.* کەسێکی کەڕو بێ مێشك.
half-witted (haf′wit′id, häf′wit′id), *adj.* کەڕو بێ مێشك.
halibut (hal′ə-bət), *n.* ماسییەکی گەورەی دەریایيە.
hall (hôl), *n.* (۱) کۆشك
(۲) [H-]، فەرمانگەو جێی کۆبوونەوە. (۳) خانوویەکی گشتی (بۆ کاروباری کۆمەڵایەتی). (٤) هۆڵ (زانکۆ، کۆلیج)؛ ژوورێکی گەورە. (٥) (ا) کۆلیجێکی بچووکی زانکۆیەکی ئینگلیزی. (ب) خانووی نەم کۆلیجە. (٦) پارەو.
hallelujah, halleluiah (hal′ə-lōō′yə), *interj. & n.* سوپاس بۆ خودا؛ هالیلویا؛ هاوارێکە خۆشی و پەسەند کردن دەگەیێنێت.
hallmark (hôl′märk′), *n.* (۱) مۆرێکە لەسەر شتومەکی زێڕو زیوی ئینگلیزی هەڵدەکەنرێت کە نیشانەی ڕەسەنی و ڕاستەقینەیی دەگەیێنن (۲) نیشانەی ڕەسەنی و باشی و ڕاستەقینەیی.
halloo (hə-lōō′), *v.i., v.t., interj. & n.* هاوارکردن؛ هاوار.
hallow (hal′ō), *v.t.* (۱) پیرۆزکردن. (۲) بە پیرۆز دانان؛ پەرستن.
hallow (hə-lō′), *v.i., v.t., interj. & n.* = **halloo.**
hallowed (hal′ōd), *adj.* پیرۆز.
Halloween (hal′ō-ēn′, häl′ə-wēn′), *n.* جەژنی هەموو پیاوچاکان یا پیاوە پیرۆزەکان کە ڕێکەوتی دوا ڕۆژی "ئۆکتۆبەر" دەکات و وەك "شەوی شەوی بەراتی"ی کوردەواری وایە.
hallucinate (hə-lōō′sə-nāt′, hə-lū′sə-nāt′), *v.i.* تووشی "هەلوەسە" بوون، واتە مێشك تێکچوون و شتی سەیرو ناڕاست هاتنە بەرچاو و ووڕێنەکردن.
v.t. تووشی "هەلوەسە" کردن.
hallucination (hə-loo′sə-nā′shən, hə-lū′sə-nā′shən), *n.* هەلوەسە: مێشك تێکچوون و شتی سەیرو ناڕاست هاتنە بەرچاو و ووڕێنەکردن.
hallucinosis (hə-lōō′sə-nō′sis), *n.* نەخۆشی "هەلوەسە" کە تووشی مێشك دەبێت.
hallway (hôl′wā′), *n.* پارەو؛ داڵان.
halo (hā′lō), *n.* (۱) خەرمانە (مانگ، ڕۆژ). (۲) تریفە: ئەڵقەیەکی ڕووناکە بە دەوری سەری پیاوچاکێکدا کە نیشانەی پاکی و پیرۆزییە. (۳) نەو پیرۆزی و مەزنی و بەرزییە کە دەدرێتە پاڵ هەندێ کەسی ئەفسانەیی یا مێژووییی.
halt (hôlt), *n.* وەستان؛ ڕاوەستان.
(to come to a ~ ; to bring to a ~)
v.i. & v.t. وەستان؛ ڕاوەستان؛ وەستاندن؛ ڕاوەستاندن؛ ڕاگیرکردن؛ بەرپەستکردن.
call a halt, وەستاندن؛ فەرمانی ڕاوەستاندن دان.
halt (hôlt), *v.i.* (۱) شەلین. (۲) (ا) بڕوا بەخۆ نەبوون لە دووانا؛ وەك لاڵ دووان؛ زوو زوو وەستان و دەم بەیەکدا هاتن لە دووانا: *(He ~s in his speech.)*
(ب) دوودڵ و ڕاڕا بوون لە کاردا.
(۳) ناتەواوو ناتەجێ بوون (بەرواوەڕ، نووسین).
n. [Archaic], شەڵ.
halter (hôl′tēr), *n.* (۱) ڕەشۆ؛ ڕەشوە؛ ڕەشمە.
(۲) پەتی هەڵواسین یا بە سێدارەدا کردن.
(۳) هەڵواسین (تاوانبار)؛ بە سێدارەدا کردن.
(٤) بەرمەمکانەی نافرەت کە بە ملەوە هەڵدەواسرێ.
v.t. (۱) ڕەشۆکردن؛ بە ڕەشمە بەستنەوە؛ ڕەشۆ کردنەسەر.
(۲) هەڵواسین (تاوانبار)؛ بە سێدارەدا کردن؛ بە پەتدا کردن.
halves (havz, hävz), *plural of* **half.**
by halves, (۱) بە نیوەو نیوەچڵی؛ بە ناتەواوی. (۲) بە نابەدڵی.
go halves hamlet, دانی پارەی تێچوو یا خەرج کراو بە نیوانیوی.
ham (ham), *n.* (۱) ڕان (لەش). (۲) (ا) بەشی پشتەوەی ڕان.
(ب) ڕان و سمت. (۳) ڕانی گیاندارێکی چوارپێ.
(٤) ڕانی بەراز؛ گۆشتی ڕانی بەراز.
(٥) [Slang]، نەکتەرێکی هەڵبی خۆنوێنەر.
(٦) [Slang]، کارکەرێکی نەشارەزای ڕادیۆ یا لاسلکی: *(a radio ~)*
hamburger (ham′bûr′gēr), *n.* هامبرگەر: ساندویچێکی گۆشتی

کوتراوی برژاوی گا

hamlet (ham′lit), *n.* کوێرە دێ؛ دێیەکی زۆر بچووک.

hammer (ham′ĕr), *n.* (۱) چەکوش

(۲) شتێک کە لە چەکوش بکات: (ا) پیتکەی تفەنگو دەمانچە.

(ب) زەنگ لێدەر (ج) ئەو بەشەی پیانۆ کە لە ژێکانی دەدات.

(۳) نیسقانی گوێی ناوەوە.

(٤) ا. چەکوشی سەرۆکی کۆڵ یا پەرلەمان. (ب) چەکوشی مەزاتکەر.

v.t. (۱) بە چەکوش لێدان؛ پیادان بە چەکوش.

(۲) چەکوش کاری کردن؛ داکوتان بە چەکوش؛ داچەقاندن بە چەکوش.

(۳) بە زۆر خستنەناو. *(~ the idea into his head.)*

v.i. بە چەکوش لێدان یا پیادان.

hammer (away) at, (۱) هەمیشە خەریک بوونو کۆشش لەگەڵدا کردن

(۲) باس کردن یا ووتنەوە جار لەدوای جار.

hammer out, (۱) گەلالەکردن؛ ڕێکوپێک کردن.

(۲) یان کردنەوە بە چەکوش. (۳) ڕاستکردنەوە بە چەکوش (قوپاوی).

under the hammer, خراوەتە مەزاتەوە؛ لە مەزاتدایە.

hammer and sickle, چەکوشو داس (ئالا).

hammock (ham′ək), *n.* جۆلانە

hamper (ham′pĕr), *v.t.* ڕێ لێگرتن؛ دواخستن؛ کۆسپ خستنەبەر ڕێگا.

hamper (ham′pĕr), *n.* زەمیلەیەکی گەورەی سەرگیراو.

hamster (ham′stĕr), *n.* گیانداریکی کرۆژەندەیە لە مشکەکوێرە گەورەترە هەندێ جار لە تاقیگە بەکاردەهێنرێ بۆ تاقیکردنەوەی زانستی.

hamstring (ham′strin ′), *n.* (۱) دەماری پشت نەژنۆی مرۆڤ.

(۲) دەماری پشت قولەقاچی گیانداری چوارپێ.

v.t. (۱) لەکارخستن بە بڕینی دەماری پشت نەژنۆ یا پشت قولەپێ؛ شەڵوگۆچ کردن (۲) پەکخستن؛ هێز لێ بڕین؛ لەکارخستن.

hand (hand), *n.* (۱) دەست؛ دەس

(۲) لا؛ دەس *(at your right ~)*.

(۳) دەسەڵات *(He rules with an iron ~ .)*.

(٤) چاودێری *(The child is in good ~ .)*.

(٥) بەشداری *(Take a ~ in this work.)*

(٦) دەس تێدابوون *(One can see his ~ in the affair.)*.

(۷) تەوقە (نیشانەی بەڵێن، برادەرێتی، ڕێکەوتن، پەسەندکردن): *(Give me your ~ on that.)*

(۸) بەڵێنی خواستن یا ژنهێنان: *(He asked for her ~ .)*.

(۹) کارامەیی؛ شارەزایی؛ توانای کارکردن بە دەس: *(This work shows a master's ~ .)*

(۱۰) شێوەی کردنی کارێک.

(۱۱) دەستنووس؛ دەسنووس؛ دەسخەت (۱۲) ئیمزا.

(۱۳) چەپڵە *(They gave the singer a ~ .)*.

(۱٤) یارمەتی؛ یارێدە. *(Lend me a ~ .)*

(۱٥) کەسێک کە نیشی دەستی دەکات (کەشتیوان، وەرزێر، کرێکار).

(۱٦) سەرچاوە (۱۷) وێنەی دەس (بۆ ڕێ نیشاندان).

(۱۸) نیشاندەر (خولەک ژمێر یا کاتژمێر): *(the ~s of a clock)*.

(۱۹) پانایی بەری لەپ (پێوانێکە نزیکەی چوار گرێیە).

(۲۰) ا. سەرجەمی کاغەزی دەسی قومارچی؛ دەستی یاریکەرێک.

(ب) سەرجەمی ئەو کاغەزانەی بەش دەکرێت بەسەر یاریکەراندا.

(ج) یاریکەرێک (د) دەستێک یاری کردن. (۲۱) (ا) هێشووە مۆز.

(ب) چەپکێک گەڵا توتن.

adj. (۱) دەست؛ تایبەتی بە دەست. (۲) دەستی (کار)؛ بە دەست کراو.

v.t. (۱) دانەدەست؛ پێدان؛ پێ گەیاندن. (۲) بردن بۆ؛ یارمەتیدان.

(۳) پێچانەوەی بایەوانی کەشتی.

ask for a lady's hand, داواکردن (بۆ شووپێکردن)

(at) first hand, لە سەرچاوەکەوە؛ یەکسەر

at hand, (۱) نزیک. (۲) ئامادە.

at the hand (or *hands*) of, بە دەستی؛ لە سایەی (بەتەوسەوە)؛ بەهۆی.

bite the hand that feeds one, گاز لەو دەستە گرتن کە خواردنت دەداتێ. واتە هەڵگەڕانەوە لەو کەسەی چاکەت لەگەڵ دەکات؛ نەمەک کوێری کردن

by hand, بە دەست، واتە نەک بە مەکینە.

change hands, دەستاودەست کردن؛ خاوەن گۆڕان.

force one's hand, زۆر لە کەسێک کردن کە نیازی خۆی دەربڕێ یا خۆی بخات بە لایەکدا پێش ئەوەی ئامادە بێت.

from hand to mouth, لە دەستەوە بۆ دەم؛ بێ دەرامەت؛ بە کولەمەرگی ژیان.

hand and foot, (۱) دەستو پێ بەستنەوە.

(۲) هەمیشە دڵسۆزانە. *(She will wait on him hand and foot.)*

hand down, (۱) بۆ بەجێهێشتن (کەلەپوور، میرات).

(۲) بڕیاردان (دادگەر): *(The judge handed down his decision.)*

hand in, دانەدەست؛پێدان؛ دان

hand in hand, (۱) دەست لە دەستی یەکدا.

(۲) شان بە شانی یەکتری؛ پێکەوە؛ پشت بە یەکتری.

hand out, بەخشینەوە؛ دابەشکردن؛ بەشکردن.

hand over, دەست لێ هەڵگرتن؛ دانەدەست؛ پێدان.

hand over fist, [Colloq.], بە ئاسانی و زۆر. *(He is making money hands over fist.)*

hands down, بە ئاسانی. *(He can beat him hands down.)*

hands off ! دەستی لێ مەدە!؛ دەستی تێوە مەدە!؛ وازی لێ بهێنە؛ دەستکاری مەکە!.

hands up! دەست بخەرە سەر سەرت!؛ دەست هەڵبڕەو خۆت بدە بەدەستەوە.

hand to hand, لە نزیکەوە (شەڕ)؛ شەڕی دەستەوێخە. *(hand to hand combat)*

have one's hands full, سەرقاڵ؛ سەرقاڵ بوون.

hold hands, دەستی یەکتر گرتن (خۆشەویستی).

in hand, (۱) لەژێر دەستدایە. (۲) دەست دەکەوێت؛ هەیە؛ لە دەستایە. (۳) خەریکە ئامادە دەکرێت.

join hands, (۱) دەستی یەکتر گرتن؛ هەرەوەزکردن؛ بوون بە بەشدار.

(۲) بوون بە ژنومێرد؛ یەکتری مارەکردن.

lay hands on, (۱) هێرش بردنەسەر؛ ئازاردان.

(۲) گرتن؛ گرتنەدەست؛ دەست بەسەرداگرتن.

(۳) دەست خستنەسەرو پیرۆزکردن.

not lift a hand, هیچ نەکردن؛ هیچ هەوڵ نەدان.

off one's hands, لەژێر چاودێریدا نەمان؛ هەق بەسەرەوە نەمان.

on hand, (۱) نزیک. (۲) لەبەردەستدایە؛ هەیە. (۳) ئامادە.

on one's hand, لێپرسراو؛ لەژێر چاودێریدا.

on the one hand, لە سەرێکەوە؛ لە لایەکەوە.

on the other hand, (بەڵام) لە سەرێکی تریەوە؛ لە لایەکی تریشەوە.

out of hand, (۱) لە دەست دەرچوو؛ دابین ناکرێ؛ لە دەستدا نەماوە.

(۲) یەکسەر بەبێ بیرلێکردنەوە. (۳) تەواو

shake hands, تەوقەکردن.

show one's hand, نیازی خۆ ئاشکراکردن.

throw up one's hands, وازهێنان؛ کۆڵ دان؛ دەست هەڵگرتن.

wash one's hands of, دەست لێ شتن.

with a heavy hand, (۱) بە ناشرینی. (۲) بە توندوتیژی.

with a high hand, بە لووت بەرزییەوە؛ بە لەخۆبایی‌یەوە.

with clean hands, بە پاکی؛ بەبێ تاوان.

handbag (hand′bag ′), *n.* (۱) جانتای دەستی ژنانە.

(٢) جانتای دەست

handball (hand′bôl´), *n.* (١) یاریەکی دووکەسی یا چوارکەسی ژوورەوەیە تۆپێکی بچووکی تێدا دەدرێت بە قەد دیوارێکدا.

handbarrow (hand′bâr´ō), *n.* عەرەبانەی دەستی؛ عەرەبانەی خۆل.

handbook (hand′book´), *n.* (١) پەیرەونامە؛ پەرتووکی سەرچاوە (ڕێزمان، زانست... هتد)؛ ڕابەرنامە. (٢) ڕابەرنامەی گەشتکەران؛ ڕێنامە. (٣) بەرنامەی گرەو (ڕێسن).

handbreadth (hand′bredth´), *n.* پانایی بەری لەپ (پێوانێکە بریتیيە لە چوار گرێ)

hand-cart (hand′kärt´), *n.* عەرەبانەی دەستی.

hand-clasp (hand′klasp´ hand′kläsp´), *n.* تەوقە؛ تەوقەکردن

handcuff (hand′kuf´), *n. (pl.).* کەلەپچە؛ دەسبەند.

v.t. کەلەپچەکردن؛ کەلەپچە کردنەدەست.

handful (hand′fool´), *n.* (١) پڕ مشت؛ مشت؛ مست؛ لالوپنج. (٢) ژمارەیەکی کەم؛ چەند. *(a mere ~ of people)* . (٣) زۆر؛ فرە؛ بەس (٤) [Colloq.]، کەسێک یا شتێکی بە زەحمەت دابینکراو.

hand glass, (١) گەردبین (بۆ خوێندنەوەی چاپەمەنی بچووک). (٢) ئاوێنەی بچووکی دەسکدار. (٣) شووشەی پووەک داپۆشین.

hand grenade, نارنجۆک؛ نارنجە

handgrip (hand′grip´), *n.* (١) تەوقە؛ تەوقەکردن؛ بە قایم گرتن بە دەست. (٢) دەسک. (٣) (*pl.*) شەڕی دەستەویەخە

come to handgrips, شەڕی دەستەویەخە کردن.

handicap (han′di-kap´), *n.* (١) ملەملێیەکە کە کۆسپێ تێدا دەخرێتە بەردەم بەمێزەکانو یارمەتی بن مێزەکان دەدرێت بۆ ئەوەی هەڵ بردنەوە بدرێت بە هەمووکەس. (٢) (ا) کۆسپ (لەبەردەم یاریکەری بەمێزدا). (ب) یارمەتی بۆ یاریکەری بێ مێزن. (٣) کەم ئەندامی؛ ناتەواوی؛ کەموکوڕی.

v.t. (١) کۆسپ خستنەبەردەم یاریکەری بەمێز؛ یارمەتیدانی یاریکەری بێ مێز (٢) کۆسپ خستنەڕێ؛ دەست بەستنەوە؛ پەکخستن.

handicapped (han′di-kapt´), *adj.* پەککەوتە؛ کەم ئەندام.

handicraft (han′di-kraft´, han′di-kräft´), *n.* (١) شارەزایی لە ئیشی دەستدا؛ کارامەیی پیشەی دەستی. (٢) پیشەی دەستی (جۆلایی، تەنین، بەرە کردن، گوزەودیزەکاری).

-handicraftsman *(n.).*

handily (han′d'l-i), *adv.* (١) بە باشی و ڕێکوپێکی؛ کارامانە. (٢) بە ئاسانی

handiwork (han′di-wûrk´), *n.* (١) ئیشی دەست؛ کاری دەست (٢) شتی دەستکرد (٣) ئەنجامی کرداری خۆ؛ دەستکردی خۆ: *(This mess is my ~ .)* .

handkerchief (haŋ′kēr-chif, haŋ′kēr-chēf´), *n.* دەستەسڕ

hand-knit (hand′nit′), *adj.* بە دەست چنراو

hand-knitted (hand′nit′id), *adj.* = **hand-knit.**

handle (han′d'l), *n.* (١) دەسک؛ کلک (ئامێر)؛ قوڵف؛ قوڵفە؛ مشتو. (٢) شتێکی وەک دەسک. (٣) هەڵ؛ شتێک کە بەکاردەهێنرێت بۆ مەبەستی خۆ. (٤) سەرناو؛ ناڕناو

v.t. (١) دەست تێوەدان؛ بە دەست بەرزکردنەوە. (٢) دەستکاری کردن؛ بە دەست کردن. (٣) کردن؛ بەڕێوەبردن؛ سەرەوکاری کردن؛ دابینکردن. (٤) جێبەجێکردن؛ کردن؛ ڕایی کردن؛ خەریک بوون: *(Our office ~s many requests.)* (٥) نووسین یا دووان دەربارە. (٦) پیشەوکاروبار ئەوە بوون. (٧) لەگەڵ جوولانەوە؛ ڕەفتارکردن یا نووراندن لەگەڵ.

v.i. کارکردن؛ ئیشکردن؛ بەڕێوەبران: *(The car ~s well.)* .

fly off the handle, [Colloq.], لەپر هەڵچوون یا تووڕەبوون

handle bar, دەسکی پاسکیلو ماتۆرسایکل.

handler (han′dlēr), *n.* (١) مەشق دادەر؛ ڕاهێنەر؛ فێرکەر: *(a dog ~)* (٢) مەشق دادەر یا بەڕێوەبەری کاروباری بۆکسبازی.

hand-made (hand′mād′), *adj.* دەستکرد؛ بە دەست کراو نەک بە ماکینە.

handmaid (hand′mād´), *n.* کارەکەر؛ بەردەستی ژن.

handmaiden (hand′mād´n), *n.* = **handmaid.**

hand out, بەخشینەوە (پارە، جل‌وبەرگ، خواردەمەنی)؛ بڵاوکردنەوە (نامیلکە، بڵاونامە، نووسراو)

handout (hand′out´), *n.* (١) خێر؛ پارەو جل‌وبەرگو خواردەمەنی دراو بە کەسێکی بێ دەرامەت. (٢) نامیلکە؛ بڵاونامە، یا نووسراوی دابەشکراو (٣) دەنگوباسی بڵاوکراوە.

hand-picked (hand′pikt′), *adj.* (١) بە دەست هەڵبژێررا (میوە، سەوزە). (٢) دەستنیشانکراو؛ ناونیشان کراو یا هەڵبژێرراو: *(a ~ candicate, successor, etc.)*

handrail (hand′rāl´), *n.* تەیمانی شیشە ئاسن (بە قەراغی پێ پلیکانەدا بۆ دەست پێوەگرتن).

handsaw (hand′sô´), *n.* مشاری دەست؛ مشار.

handsel (hand′s'l, han′s'l), *n.* (١) دیاری سەری ساڵی تازە. (٢) [Rare]، (ا) یەکەم قیمەت. (ب) سفتاح. (٣) نۆبەرە.

v.t. (١) دیاری پێدان. (٢) پەنگ ڕشتن؛ کردنەوە بە ئاهەنگ (شوێنێکی تازە). (٣) نۆبەرەلێکردن؛ کردن یا بەکارهێنان بۆ یەکەم جار.

handshake (hand′shāk´), *n.* تەوقە؛ تەوقەکردن.

handsome (han′səm), *adj.* (١) زۆر (مووچە، پارە): *(a ~ salary, sum, etc.)* (٢) بەجێ؛ پەسەند؛ باش؛ شیاو: *(It was ~ of him to say that.)* . (٣) (ا) قۆز (پیاو)؛ شۆخو نێسک سووک (پیاو): *(a ~ man)* . (ب) جوانو باش: *(a ~ book, piece of work, etc.)* .

hand-to-hand (hand′tə-hand′), *adj.* دەستەویەخە (شەڕ)؛ زۆر لە نزیکەوە: *(~ combat)*

hand-to-mouth (hand′tə-mouth′), *adj.* ژیانی کولەمەرگی؛ بێ دەرامەتی؛ بێ قایمەکاری بۆ داهاتوو.

handwork (hand′wûrk´), *n.* ئیشی دەستکرد؛ بە دەست کراو نەک بە ماکینە.

handwriting (hand′rīt´iŋ), *n.* (١) نووسین بە دەست. (٢) دەسخەت؛ نووسین. (٣) [Archaic]، دەستنووسێک؛ شتێکی بە دەست نووسراو (پەرتووک، نامیلکە).

see the handwriting on the wall, نیشانەی بەدبەختی و ناخۆشی و کارەساتی داهاتوو بە ڕوونی بینین.

handy (han′di), *adj.* (١) نزیک؛ لەبەردەستدایە؛ بە ئاسانی دەست دەکەوێ؛ ئاسان. (٢) باش (ئامێر)؛ بە ئاسانی بەکاردەهێنرێت (ئامێر)؛ بە کەڵک: *(a ~ device)* .

(٣) بەئاسانی لێ دەخوڕێت (کەشتی)

(٤) کارامە (لە کاری دەستدا)؛ سەردەرچوو؛ بزان (کاری دەست).

handyman (han′di-mən), *n.* هەمەکار؛ کەسێک یا کرێکارێکی شارەزا لە هەموو وردەکارێکی دەستیدا، وەک چاککردنەوەو داتانو دڕووستکردنی شتی ناوماڵو فەرمانگەو کارگە.

hang (haŋ), *v.t.* (١) هەڵواسین (جل، شتومەک). (٢) کردن بە پەتەوە؛ لە سێدارەدان؛ خنکاندن؛ هەڵواسین؛ لە قەتارەدان. (٣) وێنە هەڵواسین (٤) ڕازاندنەوە بە شتی هەڵواسراو. (٥) پێشاندانی وێنەو تابلۆ لە موزەخانەدا. (٦) ڕێگرتن لە بڕیاردانی گشتی کۆڕێک بە درۆوستانو دەنگدان بەو جۆرە

(نەنجوومەنی سوێندخواراني دادگا).

v.i. (۱) هەڵواسران؛ هەڵواسین. (۲) شۆڕبوونەوە (جل‌وبەرگ).
(۳) بە سەیارەدا کران؛ بە پەتەوە کران؛ لە قەنارەدران. (٤) بەلاداکەوتن.
(٥) ڕاپایی کردن؛ دووڵی کردن.
(٦) پیشاندانی وێنەو تابلۆی خۆ لە موزەخانەدا.

n. (۱) شێوەی شۆڕبوونەوەو وەستانی شتێك.
(۲) شێوەی کردنی کارێك یا شتێك: *(to get the ~ of it)* .
(۳) مانا یا گرنگی شتێك. (٤) وەستان؛ ڕاپایی.
(٥) لێڕایی؛ سەرەوخوارکە.

hang around (or about), (۱) لە دەور کۆبوونەوە؛ لە دەوروپشت بوون (۲ [Colloq.]، کات کوشتن و خۆ خستن بە قنگدا؛ هەمیشە لە نارادا بوون و هیچ نەکردن و تەمەڵی کردن

hang back, (۱) دواکەوتن (۲) دووڵی کردن و خۆ لە دواوە گرتن یا هیچ نەکردن (لە ترسدا یا لە شەرمدا).

hang on, (۱) دەست پێوەگرتن؛ دەست لێ بەرنەدان.
(۲) کۆڵ نەدان؛ بەردەوام بوون؛ وازنەهێنان.
(۳) لەسەر بەنگ بوون؛ کەوتنەسەر.
(٤) قورسایی لەسەر شتێك بوون؛ پاڵپشتی کران؛ لەسەر بەندبوون.
(٥) باش کوێ لێگرتن.

hang out, (۱) شۆڕبوونەوە؛ سەردەرهێنان.
(۲) [Slang]. (ا) نیشتەجێ بوون؛ ژیان لە شوێنێك.
(ب) زوو زوو چوونە شوێنێك؛ زۆر کات بردنەسەر لە شوێنێك:
(He hangs out in that cafe.)

hang over, (۱) بە سەردا شۆڕبوونەوە؛ بە سەرەوە بوون.
(۲) خول خواردن بەسەردا یا بە دەوردا؛ بە سەردا گەڕان یا سوورانەوە؛ چاودێری کردن. (۳) هەڕەشەلێکردن؛ دەوردان و ترس خستنەبەر.
(٤) لە کۆنەوە بۆ مانەوە.

hang together, (۱) بەیەکەوە نووسان.
(۲) بەگگرتن؛ پشتی یەکتری گرتن.

hang up, (۱) هەڵواسین (جل‌وبەرگ، وێنە). (۲) تەلەفۆن داخستن.
(۳) تەلەفۆن لەسەر داخستن: *(to hang up on somebody)* .
(٤) وەستاندن. گفتوگۆ، کار؛ ڕاگیرکردن؛ دواخستن.

hanger (haŋ′ēr, haŋ′gär), *n.* گەراجی فڕۆکە؛ مۆنگەی سەر داپۆشراوی فڕۆکە

hanger (haŋ′ēr), *n.* (۱) شت هەڵواسین (مرۆڤ).
(۲) پداوکۆڕ؛ پیاو بەپەتەوەکەر؛ مرۆڤ لە قەنارەدەر.
(۳) شتێکی شۆڕبووەوە (شیر بە پشتێنەوە). (٤) شتی شتومەك پیا هەڵواسین (قولاپ، برمار، پەت، عەللاگەی جل‌وبەرگ).

hanger-on (haŋ′ēr-on′), *n.* (۱) خۆپیاهەڵواسینەر؛ پاشکۆ.
(۲) مفتخۆر؛ لاکوت؛ مشەخۆر.

hanging (haŋ′iŋ), *adj.* (۱) هەڵواسراو (۲) شۆڕبووەوە؛ داهێڵراو.
(۳) خوار؛ لار. (٤) نەبڕاوە؛ بەلایەکدا نەکەوتوو.
(٥) خەمبار؛ دڵگیر؛ پەست.
(٦) شایستەی هەڵواسینە؛ بافتی کردن بە پەتەوەیە.

n. (۱) هەڵواسین. شتومەك). (۲) هەڵواسین (مرۆڤ). بە پەتەوە کردن؛ لە قەنارەدان. (۳) *(pl.)* شتومەکی بە دیوارەوە یا پەنجەرەوە هەڵواسراو.

hangman (haŋ′mən), *n.* پیاوکوژ؛ مرۆڤ بە سێدارەداکەر.

hang-nail (haŋ′nāl′), *n.* زیادە نینۆك؛ پارچە پێستێکی مردوو لە قەراغ یا بنی نینۆکەوە

hang-out (haŋ′out′), *n.* [Slang]. هەوارگە؛ لانە؛ شوێنێکە کە کەسێك زوو زوو سەری لێ بدات.

hang-over (haŋ′ō′vēr), *n.* (۱) پاشماوەی کۆن؛ شتێکی لە کۆنەوە ماوە. (۲) سەرئێشەو دڵ تێکەڵهاتنی ڕۆژی دوای سەرخۆشی؛ سەرخۆشی بەرنەدانی ڕۆژی دوای خواردنەوە.

hank (haŋk), *n.* (۱) کڵاف (دەزوو، بەن). (۲) نەڵقەیەکی ئاسن یا دارە بایەوانی کەشتی و بەلەمی پیا هەڵدەواسرێت.

hanker (haŋ′kēr), *v.i.* (~ for; ~ after), حەزلێکردن؛ دڵ بۆ لێدان؛ بە تاسەوە بوون بۆ؛ بێزو بۆ کردن.

hanky-panky (haŋ′ki-paŋ′ki), *n.* [Colloq.], (۱) فێڵبازی؛ ساختە؛ ساختەچێتی؛ گزی کردن؛ دووڕوویی؛ ناپاکی (بەتایبەتی لە دڵداری و ژن‌ومێردایەتیدا). (۲) ووتەو کردەوەی هیچ‌وپووچ و بێ مێشکانە.

hansel (han′s'l), *n.* = **handsel.**

hansom (han′səm), *n.* عەرەبانەیەکی سواری دووپێچکەیی یەك ئەسپیی‌یە.

hap (hap), *n.* (۱) بەخت؛ شانس؛ هات‌ونەهات.
(۲) *(pl.)* ڕووداو.

v.i. [Archaic]. بە ڕێکەوت ڕووداو

haphazard (hap′haz′ērd), *n.* ڕێکەوت؛ لامسەرلا.

adj. بەڕێکەوت؛ بەلامسەرلا.

adv. بەڕێکەوت؛ بەلامسەرلایی

-haphazardly *(adv.)*; **haphazardness** *(n.).*

hapless (hap′lis), *adj.* بەدبەخت؛ کوێڵ.

haply (hap′li), *adv.* [Archaic], بەڕێکەوت؛ بەڵکو؛ بەشکو؛ لەوانەیە.

happen (hap′′n), *v.i.* (۱) ڕووداو؛ قەومان؛ هاتنەڕوو.
(۲) بەڕێکەوت ڕووداو.
(۳) وا ڕێکەوتن؛ وا هەڵکەوتن: *(I ~ed to see it.)* .
(٤) [Colloq.]، لەخۆوە دەرکەوتن.

happen on (or *upon*), تووش بوون یا دۆزینەوە بەڕێکەوت

happen to, لێ ڕووداو؛ بەسەرداهاتن.

happening (hap′′n-iŋ), *n.* ڕووداو؛ ڕووداو؛ بەسەرهات

happily (hap′′l-i), *adv.* (۱) بەوەی باش بوو؛ بۆ بەخت باشی.
(۲) بە بەختیاری؛ بە خۆشی؛ بە دڵشادی.
(۳) بە ڕێك‌وپێکی؛ بە باشی؛ بە زمانپاراوی.

happiness (hap′i-nis), *n.* (۱) بەختیاری؛ شادی؛ کامەرانی؛ خۆشی و شادی؛ ئاسوودەیی؛ دڵخۆشی. (۲) بەختەوەری؛ خۆش بەختی؛ بەخت.
(۳) شیاوی؛ پەسەندی.

happy (hap′i), *adj.* (۱) بەختەوەر؛ خۆش بەخت
(۲) بەختیار؛ دڵشاد؛ شاد؛ کامەران؛ دڵخۆش.
(۳) پەسەند؛ بەجێ؛ شیاو: *(a ~ suggestion)* .
(٤) خۆش: *(~ news)* .

happy-go-lucky (hap′i-gō-luk′i), *adj. & adv.* بێباك؛ بێ خەم؛ بێ مەراق؛ گوێ نەدەر.

harangue (hə-raŋ′), *n.* ووتارێکی دوورودرێژو لەخۆبایی‌یانەو بە هاوار دڕندانەو هێرشاوی.

v.i. بە زمانی خۆش‌و شیرین لەگەڵ دووان.

honeybee (hun′i-bē´), *n.* هەنگ.

honeycomb (hun′i-kōm´), *n.* (١) شانە هەنگوین؛ دووبەرەی هەنگوین. (٢) شتێك کە لە شانە هەنگوین بکات.

v.t. (١) کون کون کردن؛ کون تێکردن. (٢) بنکەن کردن؛ هەموورگرتنەوە.

v.i. کون کون بوون؛ کون تێ بوون.

adj. شانە هەنگوینی؛ وەك شانە هەنگوین.

honeydew (hun′i-dōō´, hun′i-dū´), *n.* (١) شیلە (کە گەڵای هەندێك درەخت دەریدەدات). (٢) **honeydew melon**

honeydew melon, جۆرە کاڵەکێکی زۆر شیرینە وەك هەنگوین.

honeyed (hun′id), *alternative past tense and p.p. of-* **honey.**

adj. (١) شیرین کراو؛ شیرین؛ هەنگوین تێکراو. (٢) خۆش‌و شیرین (وشە، دووان): *(~ words)* .

honeymoon (hun′i-mōōn´), *n.* (١) یەکەم مانگی دوای ژنهێنان یا شووکردن. (٢) مانگی شەکراو؛ ئەو کاتەی بووك‌و زاوا پێکەوە بەسەری دەبەن دوای شایی.

v.i. شیرینە مانگ ڕابواردن؛ ماوەی دوای شایی پێکەوە بردنە سەر (بووك‌و زاوا).

honeysuckle (hun′i-suk´l), *n.* پووەکێکی گەڵاوگوڵ شیلاوی گوڵ سپی‌و بۆن خۆشە بە دارو دیوارا هەڵدەگەڕێت.

honied (hun′id), *adj.* = **honeyed.**

honk (hôŋk, hoŋk), *n.* (١) دەنگی قازە کێویلە. (٢) هۆڕنی ئوتومبیل.

v.i. & v.t. هۆڕن لێدان.

honky-tonk (hôŋ′ki-tôŋk´), *n.* [Slang], مەیخانە یا تیاترۆیەکی هەرزانبەهاو بەدناو.

honor, honour (on′ēr), *n.* (١) ڕێز. (٢) ناوبانگ؛ ناوی باش؛ سەربەرزی. (٣) پاستی؛ ڕەووشت چاکی؛ باشی؛ سەربەرزی: *(He conducts himself with ~ .)*

(٤) داوێن پاکی؛ پاکی. (٥) ناموس؛ شەرەف؛ ئابڕوو؛ حەیا. (٦) شانازی؛ جێی شانازی: *(It is a great ~ to be your friend.)* (٧) [Il-]، نازناوی ڕێزگرتن (بەڕێزتان، بەڕێز فلان کەس)؛ جەناب: *(Your, His, Her H~)*

(٨) خەڵات؛ نیشانەی خەڵات. (٩) *(pl.)* خەڵات یا بڕوانامەی شەرەف کە دەدرێت بە قوتابی لێهاتوو و زیرەك. (١٠) بەڵێنی شەرەف (بۆ کردن یا نەکردنی کارێك). (١١) مایەی سەربەرزی‌و شانازی: *(to be an ~ to one's family)* .

v.t. (١) ڕێزلێنان؛ ڕێزگرتن. (٢) گەورەکردن (نەڵێن: گەورەت کردین)؛ ڕێزگرتن: *(to ~ someone)* . (٣) پەرستن. (٤) خەڵات کردن. (٥) (أ) ڕاگرتن؛ نەشکان؛ پەیڕەوی کردن: *(to ~ an agreement)* (ب) قایل بوون بە دانەوەی قەرز لەکاتی خۆیدا: *(Will you ~ this check?)*

do honor to, (١) زۆر ڕێزلێگرتن. (٢) بوون بە مایەی شانازی بۆ گەورەکردن.

do the honors, (١) خانەخوێیی کردن؛ بە نەرکی خانەخوێ هەڵسان. (٢) نەرکی ناهەنگێڕ بینین وەك میوان بەیەکتری ناسین‌و ووتاری پێشەکی خوێندنەوەو بادەنۆشین خوازی.

on (or upon) one's honor, شەرەف خواردن؛ سوێند بە شەرەف خواردن. (نەڵێن: بە شەرەفم): *(on my honor)* .

honorable (on′ēr-ə-b'l), *adj.* (١) بەڕێز (کە وەك نازناو بەکاردەهێنرێت: بەڕێز فلان کەس)؛ جەناب. (٢) بەناوبانگ؛ بەڕێز. (٣) بە شەرەف؛ بە ناموس؛ سەربەرز؛ پووسپی؛ مەرد: *(an ~ man)* . (٤) (أ) جێی شانازیە: *(~ mention)* . (ب) مایەی شەرەف‌و سەربەرزییە: *(~ peace terms)*

honorably (on′ēr-ə-bli), *adv.* بە شەرەفەوە؛ بە ناموسەوە؛ مەردانە؛ بە سەربەرزی: *(to behave ~ ; to live and die ~)* .

honorarium (on´ə-râr′i-əm), *n.* خەڵاتی ڕێزگرتن: ئەو پارەیەیە کە دەدرێت بە کەسێك لە بریتی کارێك کە کرێی بۆ نەبڕاوەتەوە.

honorary (on′ə-rer′i), *adj.* (۱) تەنها لەرووی ڕێزگرتنەوە دەکرێت یا دەدرێت (بڕوانامەی دکتۆرا)؛ شانازنامە: *(an ~ degree)* (۲) (ا) هەر بەناوو لەرووی ڕێزلێنانەوە (پلەیەکی بەرز لە دەزگایەکدا): *(the ~ president of the club; an ~ title)* (ب) بە خوشی خۆر بێ موچە (ئەرك بینین). (۳) لەسەر بەڵێنو سەرپاستی نەو کەسە بەندە ئەك لەسەر یاسا (ئەرکی- سەرشان، قەرز).

honorific (on′ə-rif′ik), *adj.* بۆ ڕێزلێنرتنە؛ بۆ شانازی دەربڕینە (بەو کەسەوە *(an ~ title)*

n. ووشە، نازناو، یا شێوەیەکی بانگ کردنو گفتوگۆیە کە نیشانەی ڕێزگرتنە لەو کەسە

honour (on′ĕr), *n. & v.t.* = **honor.**

hood (hood), *n.* (۱) کلاو یا کلێتەی سەرومل داپۆش (بە جیا یا وەك بەشێك لە ڕۆب و عەبا وەك هی قەڵەندەری خاچ پەرستان). (۲) (ا) کلاوی ڕێبی ئاهەنگی دەرجوونی قوتابی کۆلێج و زانکۆ. (ب) بۆنێت یا کلاوەی ئوتومبیل. (ج) سەری عەبەبانەی ئەسپ و مندال. (هـ) چاوبەستی باز (کاتی ڕاونەکردن). (۳) پۆپنەی دانندە کلاوەی مەل

v.t. (۱) کلاو کردنەسەر؛ کلاوە کردنەسەر؛ چاوبەستکردن (۲) شاردنەوە داپۆشین.

hood (hood), *n.* [Slang], شەلاتی؛ شەقاوە؛ شەقاوەچی.

-hood (hood), پاشگرێکە بەمانای (۱) بار؛ سەردەم؛ چەرخ: *(childhood)* (۲) هەموو ئەندامانی کۆمەڵە یا پیشەیەك *(priesthood)*.

hooded (hood′id), *adj.* (۱) کلاو لەسەر؛ کلاودار (۲) کلاوەدار؛ سەردار؛ داپۆشراو (۳) پۆپنەدار.

hoodlum (hōōd′ləm), *n.* [Colloq.], شەلاتی؛ شەقاوە؛ شەقاوەچی.

hoodwink (hood′wiŋk′), *v.t.* (۱) چاوبەستکردن؛ چاوبەستنەوە (۲) [Obs.] شاردنەوە؛ داپۆشین (۳) خەڵەتاندن؛ هەڵخەڵەتاندن؛ ساختەلێکردن؛ بەفریودان.

hoocy (hōō′i), *interj. & n.* [Slang], قسەی قۆرو بێ مانا؛ قسەی هیچ وپووچ

hoof (hoof, hōōf), *n.* (۱) سمی وڵاخ؛ سمی گیاندار (۲) [Slang] پێ؛ قاچ.

v.t. & v.i. (۱) بە ژێر پێوەکردن؛ پێشێل کردن؛ کوتانەوە بە سم. (۲) [Colloq.] بە پێ ڕۆیشتن؛ پیاسەکردن. (۳) [Slang]، سەماکردن. (٤) [Slang] نیمڕاکردن؛ مۆرکردن

on the hoof, زیندوو؛ سەرنەبڕراو

hoofed (hooft, hōōft), *adj.* سمدار

hoofer (hoof′ĕr, hōōf′ĕr), *n.* [Slang], سەماکەر

hook (hook), *n.* (۱) قولاب (۲) قولابی ڕاوەماسی (۳) (ا) سنگ جل هەڵواسین. (ب) قەناره (٤) [Nautical Slang]، لەنگەر (کەشتی). (٥) داس. (٦) (ا) موركی چەماوەی ژەوی (ب) پێچی ڕوبار یا جۆگە. (۷) داو تەڵە (۸) بەشی داکوتراوی ئەنجامە.

v.t. (۱) بە قولاب گرتن (۲) خەڵەتاندن؛ هەڵخەڵەتاندن؛ دەسبڕین؛ فریودان؛ ساختەلێکردن (۳) دزین؛ ڕفاندن (٤) قۆچ لێدان؛ بریندارکردن. (٥) وەك قولاب لێکردن. (٦) سووڕێنن؛ سووڕانی چەماوە؛ شێوەی چنین. (۷) تۆپ لێدان و پێنج پێکردنەوەی (یاری بێسبۆل) (۸) پێوەکردن (ژنهێنان و شووکردن)؛ پێوەبوون

v.i. (۱) چەمینەوە چەمانەوە (۲) (ا) بەستراوەو بە قولاپ (ب) گیرانەوە بە قولاپ (۳) [Slang] پێوەبوون (ژنهێنان و شووکردن). *(He is ~ed.)* (٤) [Slang] تووش بوون و واز بۆ لێ نەهێنران (خوو، خۆشەویستی)؛ پێوەبوون؛ تێکەوتن (دڵداری):

(He is ~ed on cigarettes.; She is ~ed on him.)

by hook or by crook, بەزۆر بێ یا بە خوایشت؛ بە هەرچۆنێك بێت؛ بە هەرشێوەیەك بێت.

get off the hook, ڕزگاربوون لە ئەرکێك یا لێپرسینەوەیەك؛ بەرەڵاکردن؛ شتێکی ناخۆش لەکۆل کردنەوە.

hook up, (۱) پێوەبەستن بە قولاپ (۲) بەستن بە ئەلەکتریکەوە (ڕادیۆ، تەلەفزیۆن)؛ پێکەوەبەستن؛ کردن بەیەکدا.

hookah, hooka (hook′ə), *n.* نێرگەلە.

hook and eye, قولاپ و ئەڵقەیەکی بچووکە دەکرێن بەیەکدا بۆ جل بەستن بەیەکەوە (سوخمەی مەمك، بەروانکە... هتد).

hooked (hookt, hook′id), *adj.* (۱) چەماوە. (۲) قولاپدار؛ سنگدار. (۳) [Slang]، (ا) هۆگری بەنگە؛ تلیاك خۆر (ب) پێوەبوو؛ بە دواوەوە بوو؛ گیراو.

hooker (hook′ĕr), *n.* (۱) کەشتیەکی بچووکی دوو تەوەرەی هۆڵەندییە. (۲) کەشتیەکی یەك تەوەرەی ئینگلیزی یا ئێرلەندییە (۳) کەشتیەکی کۆنی ناقۆڵ. (٤) [Slang]، سیخوڕ؛ جاسووس.

hooker (hook′ĕr), *n.* [Slang], (۱) قومێك ویسکی (۲) قەحبە؛ ئافرەتێکی سووك.

hook-nose (hook′nōz′), *n.* لووتی چەماوە.

-hooknosed *(adj.).*

hook-up (hook′up′), *n.* (۱) تەڵو سوێچی بەستنی ڕادیۆو تەلەفزیۆن و تەلەفۆن... هتد؛ بەستنی ئەم شتانە (۲) [Colloq.]، پەیمان یا یەکگرتنی دوو حیزب یا فەرمانڕەوایی.

hook-worm (hook′wūrm′), *n.* کرمی قولاپدار (لەڕیخۆڵەدا)

hooky (hook′i), *n.* [Colloq.], خۆدزینەوە لە قوتابخانە یا لە ئیش: *(to play ~)*

hooligan (hōō′li-gən), *n.* **-hoodlum.**

-hooliganism *(n.).*

hoop (hōōp, hoop), *n.* (۱) ئەڵقە، شریت، یا تیرەیەکی ئاسنە کە دەوری بەرمیلی تەختەوسنووقی پێ دەگیرێ. (۲) ئەڵقەی دەست؛ ئەموستیلە (۳) ئەڵقەی ژێر تەنوورە (بۆ فشکردنەوەی).

v.t. دەوردان بە ئەڵقە، شریت، یا تیرەیەك

hoopla (hōōp′lä), *n.* [Colloq.], (۱) هەراوزەنا؛ هەراوهوریای ئاهەنگ و خۆشی؛ دەبدەبە. (۲) دووانێکە بۆ چاوبەستکردنو بەهەڵەدابردنو سەر لێ شێواندن.

hoopoe (hōō′pōō), *n.* پەپووسلێمانکە.

hoop skirt, (۱) چوارچێوەی ژێر تەنوورە بۆ فشکردنەوەی (۲) تەنوورەی فشکراوە بەم شێوەیە.

hooray (hoo-rā′), *interj., n., v.i. & v.t.* = **hurrah.**

hoot (hoot), *v.i.* (۱) خوێندنی کونەپەپو (۲) هووهاکێشان.

v.t. (۱) هووها لێ کێشان؛ ناڕەزایی دەربڕین بە هووها لێ کێشان. (۲) بە هووهاکێشان کردنەدەرەوە: *(They ~ted him out of the room.)*

n. (۱) دەنگی کونەپەپو؛ خوێندنی کونەپەپو. (۲) دەنگێکی وەها. (۳) هووها؛ هووهاکێشان (٤) شتێکی هیچ وپووچ و بێ نرخ: *(He doesn't give a ~ for your opinion.)*

hooves (hōōvz, hoovz), *n. alternative plural of* **hoof.**

hop (hop), *v.i.* (۱) بە هەنگەشەڵێ بازدان یا ڕۆیشتن. (۲) قونەکردن (بۆق، مەل)؛ قونەقون کردن؛ هەڵقونین؛ بازدان. (۳) [Colloq.]، سەماکردن. (٤) [Slang]، ڕۆیشتن.

v.t. (۱) بەسەردا بازدان؛ خۆ بەسەردا هەڵدان: *(H~ the hedge.)* . (۲) خۆ هەڵدانە سەر؛ بازدانە سەر؛ سواربوون: *(to ~ a train)* . (۳) [Colloq.]، بەسەردا فڕین بە فڕۆکە.

n. (۱) هەنگەشەڵێ. (۲) قونە؛ قونەقون؛ بازدان؛ خۆهەڵدان.

(٣) [Colloq.]، سەما. (٤) [Colloq.]، بە فڕۆکە فڕین بەسەردا.

hope (hōp), *n.* (١) هیوا؛ ئومێد؛ ئومێدەواری؛ ئاوات؛ خواست. (٢) ئامانج. (٣) کەسێک یا شتێک کە هیوای شتێکی لێ دەکرێت. *(He is our ~ .)* . (٤) [Archaic]: پشت پێ بەستن.

v.t. & v.i. هیواداربوون؛ هیوابوون؛ هیواکردن؛ ئومێدکردن؛ ئاوات خواستن؛ وێستن؛ داواکردن؛ بەتەمابوون.

hope against hope, هیواکردن هەرچەند هیواش بڕاوە؛ هیوا نەبڕین نەگەرچی لەوە دەچێ شتەکە هیچ هیوایەکی لێ ناکرێ

hopeful (hōp′fəl), *adj.* (١) هیوادار؛ ئومێدەوار؛ ئاواتەخواز؛ بەتەما (٢) جێی هیوابە؛ باش؛ هیوابەخش. *(a ~ sign)* .

n. کەسێک کە هیوای سەرکەوتنی لێ دەکرێ؛ کەسێک کە کۆششی سەرکەوتن دەکات. *(a presidential ~)*

hopefully (hōp′fəl-i), *adv.* (١) بە ئومێدەواری؛ بە هیوادارانە (٢) ئومێد وابێ. وا هیوا دەکرێت *(H~ we will arrive this evening.)* .

hopeless (hōp′lis), *adj.* (١) بێ ئومێد؛ نائومێد؛ هیوابڕاو؛ بێ هیوا *(a ~ person)*

(٢) ئومێدی لێ ناکرێ؛ تاریک؛ لێل. (٣) بێ دەرمان؛ دەرمانی نێیە. (٤) بێ چارە؛ چارەسەری نێیە *(a ~ situation)* (٥) قەڵب؛ ناڵەمار؛ بێ فەڕ؛ ناکارامە *(a ~ teacher, tennis player, writer, etc.)*

-hopelessly *(adv.)*; **hopelessness** *(n.)*.

hophead (hop′hed′), *n.* [Slang], بەنگکێش؛ تلیاک خۆر

hopper (hop′ĕr), *n.* (١) قوتەکەر مرۆڤ. گیاندار؛ بازدەر. (٢) جانەوەری قوتەکەر (کوللە). (٣) (ا) ڕەحەتی (شت پێ تێکردن)؛ گولبینە (کەنوو). (ب) عەمار؛ کەنوو؛ دەفری شت تیاهەڵگرتنی سەردەمی.

hopple (hop′l), *v.t. & n.* = **hobbel.**

hopscotch (hop′skoch′), *n.* یاری خەتخەتێنی

horde (hôrd, hōrd), *n.* (١) خێڵێکی کوچەری مەغۆڵ. (٢) خێڵێکی کوچەر؛ کۆمەڵێکی گەڕۆک. (٣) ئۆردو؛ گەلە؛ پوورە؛ کۆمەڵێکی وورووژاو؛ کۆمەڵ

v.i. بە جەماوەر بێنکەوە ژیان؛ بە کۆمەڵ یا ئۆردو پێکەوە ژیان.

horizon (hə-rī′z'n), *n.* (١) ئاسۆ؛ کەناری ئاسمان (٢) مەودای توانا و دووربینی و شارەزایی و ڕێ بەدەیی *(a man of limited ~s)*

horizontal (hôr´ə-zon′t'l, hor´ə-zon′t'l), *adj.* (١) تایبەتی بە ئاسۆ؛ ئاسۆیی (٢) ئاسۆیی (هێڵ)؛ لابەلا *(a ~ line)* . (٣) هی هەمار چین یا پلە. (٤) تەخت.

-horizontally *(adv.)*.

horizontal union, یەکێتی کرێکارانی یەک پیشە؛ نەقابەی یەک پیشەگەری

hormone (hôr′mōn), *n.* هۆرمۆن؛ ماددەیەکە هەندێ گلاند یا لووی لەش دەردەدات کە گەیشتە هەندێ نەندامی لەش کاری تێدەکات.

-hormonal *(adj.)*; **hormonic** *(adj.)*.

horn (hôrn), *n.* (١) شاخ (بزن، بەران، گا، بەرانەکێوی... هتد). (٢) شاخی هەندێ جانەوەر (کوللە، شەیتانۆکە... هتد). (٣) (*pl.*) نیشانەی پیاوی ژن گایراو (٤) خواردنەوەیەک کەلە کەڵەشاخدا بێ. (٥) کەڵەشاخی پیت و زەبەنەیی. (٦) کەڵەشاخ. (٧) شتێک کە لە کەڵەشاخ بچێت: (ا) نەمسەرو نەرسەری مانگی تازە. (ب) نووکی زەوی سێ لا ئاوی. (ج) لووتی دەزگا. (د) قەڵپووزی زین. (هـ) زێی ڕوبار (٨) (ا) بوقیە (مۆسیقا). (ب) کەڵەشاخێک کە فووی پیادەکرێ. (٩) (ا) هۆرنی ئوتومبیل (ب) هۆرنی تەم. *(fog ~)* (١٠) لووتکەی سەختی چیایەک.

(١١) نیشانەی سەربەرزی و پایەبەرزی و بەهێزی.

v.t. (١) شاخ لێ ڕووماندن. (٢) لە شێوەی شاخدا دروستکردن. (٣) قۆچ لێدان؛ بەر قۆچ دان. (٤) [Archaic]، سەرشۆڕکردنی پیاوێک بە گاینی ژنەکەی.

blow one's horn, [Colloq.], بە شان و باڵی خۆدا هاتن؛ ستایشی خۆ کردن؛ فشەفش کردن؛ لاف لێدان.

horn in, [Slang], خۆتێهەڵقورتان.

hornbill (hôrn′bil´), *n.* باڵندەیەکی ترۆپیکی گەورەی دەنووک نوشتاوەیە.

horned (hôrnd), *adj.* (١) شاخدار. *(a ~ cow)* . (٢) سەری وەک شاخە. *(the ~ moon)* . (٣) [Archaic]، ژن گایراو

horned toad, جۆرە مارمێلکەیەکی پێست پوولەکەداری کلک کورتی لەش درکاوی وەک شاخ.

hornet (hôr′nit), *n.* زەردەوالە؛ شەنگەسوورە.

hornets' nest, شارە زەردەوالە؛ دەستەیەک لە دوژمنان و ناحەزان.

horny (hôr′ni), *adj.* (١) شاخدار. (٢) لە شاخ دروستکراو. (٣) ڕەق وەک شاخ. (٤) [Slang]، بە خوڕش؛ بە ئالۆش؛ برسی گان.

-horniness *(n.)*.

horologe (hôr′ə-lōj´, hor′ə-loj´), *n.* کاتژمێر.

horology (hô-rol′ə-ji, hō-rol′ə-ji), *n.* (١) زانستی کات ژماردن؛ هونەری کاتژمێری. (٢) هونەری کاتژمێر دروستکردن.

-horologer *(n.)*; **horologic** *(adj.)*; **horologist** *(n.)*.

horoscope (hôr′ə-skōp´, hor′ə-skōp′), *n.* نەخشەی چارەنووس دۆزینەوە (بەگوێرەی شوێنی نەستێرە لەکاتی لەدایکبوونی نەو کەسەدا)؛ نەخشەی چەرخەکان و کەلووەکان (کە نەستێرەناس و بەختگرەوە بەکاری دێنن).

horrendous (hô-ren′dəs, ho-ren′dəs), *adj.* ستەم؛ زۆر بەدو ناپەسەند (کردار)؛ پیس؛ زۆر خراپ؛ ناشرین (کردەوە).

horrent (hôr′ənt, hor′ənt), *adj.* (١) ڕەپ (وەک درک). (٢) [Rare]، تۆقێنراو؛ تۆقاو؛ گیان هاتە لەرزین.

horrible (hôr′i-b'l, hor′i-b'l), *adj.* (١) ستەم؛ تۆقێنەر؛ ترسناک. *(War is ~ .)* (٢) ناپەسەند؛ بەد؛ پیس؛ بۆگەن؛ خراپ؛ ناخۆش.

(a ~ smell, act, man, place, time, etc.)

-horribly *(adv.)*.

horrid (hôr′id, hor′id), *adj.* (١) زبر؛ تیژ. (٢) تۆقێنەر؛ ترسناک؛ ستەم. (٣) [Colloq.]، بەد؛ ناپەسەند؛ ناخۆش؛ پیس؛ بۆگەن؛ خراپ؛ ناشرین.

horrific (hô-rif′ik, ho-rif′ik), *adj.* ستەم؛ ترسناک؛ تۆقێنەر.

horrify (hôr′ə-fī´, hor′ə-fī´), *v.t.* (١) تۆقاندن؛ زراوبردن؛ ترساندن. (٢) [Colloq.]، دل ڕاچڵەکاندن؛ داچڵەکاندن؛ دل داخوڕپاندن.

-horrification *(n.)*.

horror (hôr′ĕr, hor′ĕr), *n.* (١) لەرزین (لە ترسدا). (٢) ترس؛ مەترسی؛ زراوچوون. (٣) ڕق؛ قین؛ قێزهاتنەوە؛ قین لێهاتن. (٤) شتێکی ستەم؛ ترسناک، یا تۆقێنەر. (٥) [Colloq.]، شتێکی زۆر ناخۆش و ناپەسەندو پیس.

hors d'oeuvre (ôr´dürv′, ôr′duv′), *pl.* پێش خۆراک؛ مەزە؛ بەردڵکەرەوە.

horse (hôrs), *n.* (١) ئەسپ؛ ماین؛ بەرزە وڵاخ. (٢) ئەسپ. (٣) شتێک کە مرۆڤ سواری دەبێت وەک ئەسپ (٤) چوارچێوەیەک کە مشارکاری لەسەر دەکرێت. (٥) پیاو (لەڕووی گاڵتە، برادەری، یا سووکیەوە). (٦) [Colloq.]، ئەسپی شەترەنج. (٧) چوارچێوەی بەسەردا بازددان (تەنافبازی).

(٨) سوار: ئەسپ سواران (سوپا): (*a squadron of ~*).
v.t. (١) سواری ئەسپ کردن؛ ئەسپ پێدان. (٢) خستنەسەر ئەسپێکی دارینە بۆ فەلاقەکردن. (٣) فەلاقەکردن. (٤) [Slang]. گالتەپێکردن؛ سەرخستنەسەر.
v.i. سواری ئەسپ بوون؛ بە سواری ئەسپ چوون.
adj. (١) ئەسپی؛ ئەسپینە؛ تایبەتی بە ئەسپ. (٢) بە سواری ئەسپەوە؛ بە سواری ئەسپ. (٣) زل و گەورەو قەبە: (*~ radish*).
back the wrong horse, (١) گەرەکردن لەسەر ئەسپی دۆڕاو (پێشبڕکێی ئەسپ). (٢) لایەنگیری کردنی لای دۆڕاو.
be on one's high horse, [Colloq.], خۆبادان؛ لەخۆبایی بوون؛ لووت بەرزی کردن.
from the horse's mouth, لە سەرچاوەکەوە (باس یا دەنگوباس بیستن). (*to get a story from the horse's mouth*).
hold one's horses, [Slang], خۆڕاگرتن؛ دان بەخۆدا گرتن.
horse around, [Slang], زەمەزل کردن
horse of another (or different) color, مەسەلەیەکی زۆر جیاوازە
horseback (hôrs′bak´), *n.* (١) پشتی ئەسپ. (٢) ئاوپێژ.
adv. بە سواری: (*They came on ~*).
horsecar (hôrs′kär´), *n.* (١) ئوتومبیل یا واگۆنی ئەسپ پاکێش. (٢) ئوتومبیلی ئەسپ گواستنەوە.
horsefly (hôrs′flī´), *n.* خەرەنگێر.
horsehair (hôrs′hâr´), *n.* (١) تووکی یاڵ یا کڵکی ئەسپ. (٢) قوماشی نەم تووکە.
adj. (١) لەم تووکە دروستکراو. (٢) بەم تووکە داپۆشراو یا ئاخنراو.
horsehide (hôrs′hīd´), *n.* (١) پێستە یا کەوڵی ئەسپ. (٢) قایشی نەم پێستەیە.
horselaugh (hôrs′laf´, hôrs′läf´), *n.* قاقای پێکەنین (لەپووی گاڵتەپێکردنەوە).
horse mackerel, جۆرە ماسیەیەکی گەورەیە (وەک " تونا ").
horseman (hôrs′mən), *n.* (١) ئەسپ سوار؛ سوار. (٢) سوارە (لەشکر). (٣) سوارچاک؛ ئەسپ ناسی.
horsemanship (hôrs′mən-ship´), *n.* سوارچاکی؛ ئەسپ سواری؛ شارەزایی؛ ئەسپ و ئەسپ سواری.
horse opera, [Slang], فیلم یا شانۆنامەیەکە لە بابەت گاوانی ئەمەریکاوە
horseplay (hôrs′plā´), *n.* زەمەزل؛ شەرەشەق
horse-power (hôrs′pou´ĕr), *n.* (١) هێز یا خێرایی ئەسپێک. (٢) پێوانەی تین یا توانای مەکینەیەک.
horse-radish (hôrs′rad´ish), *n.* تووری تووند.
horse sense, [Colloq.], = **common sense.**
horse-shoe (hôr′shōō´, hôrs′shōō´), *n.* (١) نانی ئەسپ؛ نان. (٢) هەرشتێک لە نان بچێت. (٣) یاریەکە بریتیە لە فڕێدانی نان و خستنیە ناو سنگێکی داکوتراو لە دووری چل پێوە.
v.t. ئەسپ نان کردن
horseshoe crab, = **king crab.**
horsetail (hôrs′tāl´), *n.* (١) کڵکی ئەسپ. (٢) دروشمی دەسەڵاتی پاشای تورکی کۆن.
horsewhip (hôrs′hwip´), *n.* قامچی؛ قەمچی.
v.t. قەمچی لێدان؛ بە قامچی لێدان.
horsewoman (hôrs′woom´ən), *n.* (١) ئەسپ سواری ژن؛ سوار (ژن). (٢) سوارچاکی ژن؛ ئەسپ ناسی (ژن).
horsy (hôr′si), *adj.* (١) ئەسپی؛ ئەسپین؛ لە ئەسپ دەچێ. (٢) حەزکەر لە باسی ئەسپ و ڕەبازێن و ڕاو بە سواری ئەسپەوە... هتد.

-horsily *(adv.)*; horsiness *(n.)*.
hortative (hôr′tə-tiv), *adj.* = **hortatory.**
hortatory (hôr′tə-tôr´i, hôr′tə-tō´ri), *adj.* تایبەتی بە ئامۆژگاری و هاندان بۆ پیاوچاکی.
horticulture (hôr′ti-kul´chĕr), *n.* باخەوانی؛ باخەوانێتی؛ بێستانەوانی؛ زانستی درەختی بەردارو بێستان و گوڵوگوڵزار پەروەردەکردن
-horticultural *(adj.)*.
horticulturist (hôr´ti-kul′chĕr-ist), *n.* باخەوان؛ بێستانەوان؛ زانای داری میوەو بێستان و گوڵوگوڵزار.
hosanna (hō-zan′ə), *n. & interj.* هاوارێکە وەک: خوایە هەر خۆت گەورەیت!؛ خوایە هەر خۆت هەیت!؛ خوایە بە قوربانت بم!.
hose (hōz), *n.* (١) (ا) پانتۆڵی درێژ. (٢) پانتۆڵی کورت.
(٢) (*pl.*) (ا) گۆزەوی ژنانە. (ب) گۆزەوی پیاوانە. (٣) سۆندە؛ لاستیکی ئاو
v.t. (١) بە سۆندە ئاودان؛ بە سۆندە ئاوپیاکردن و شۆردن.
(٢) [Slang]، بە سۆندە لێدان.
hosier (hō′zhĕr), *n.* گۆزەوی و جلی چنراو فرۆش.
hosiery (hō′zhĕr-i), *n.* (١) (ا) گۆزەوی ژنانەو پیاوانە. (ب) جل و بەرگی چنراو. (٢) پیشەی گۆزەوی و جلی چنراو فرۆشی.
hospice (hos′pis), *n.* خانەی ڕێبوارو فەقیرو هەژارو نەخۆشان (بەتایبەتی کە لایەکی ئاینی یا تەکیەیەک سەرپەرشتی بکات).
hospitable (hos′pi-tə-b'l), *adj.* (١) میوانپەروەر؛ نان بدە؛ بەنان؛ خانزادە؛ بەخزمەت؛ میوانخواز.
(٢) مێشک کراوە؛ مێشک فراوان: (*to be ~ to new ideas*).
-hospitably *(adv.)*.
hospital (hos′pi-t'l), *n.* (١) (ا) لانەی ڕێبواران؛ خانەی ڕێبواری هەژار. (ب) هەتیوخانە؛ هەژارخانە.
(٢) خەستەخانە؛ نەخۆشخانە؛ بیمارستان؛ بیمارخانە؛ تیمارخانە.
hospitality (hos´pi-tal′ə-ti), *n.* میوانپەروەری؛ میواندار؛ نان بدەیی؛ میوانخوازی؛ خزمەتی میوان کردن.
hospitalization (hos´pi-t'l-ə-zā′shən, hos´pi-t'l-ī-zā′-shən), *n.* لە خەستەخانە کەوتن؛ نوستن لە خەستەخانە.
hospitalization insurance, بیمەی چارەکردن لە خەستەخانەدا.
hospitalize (hos′pi-t'l-īz´), *v.t.* نواندن لە خەستەخانە بۆ دەرمان کردن؛ بردن بۆ خەستەخانە بۆ تیمارکردن.
host (hōst), *n.* (١) خانەخوێ؛ میواندار؛ خاوەن مال؛ ئاهەنگێڕ.
(٢) خانچی؛ ئوتێلچی. (٣) گیاندارێ یا پووەکێک کە دەبێتە لانەی گیاندار یا پووەکێکی تری مفتخۆر لەسەری دەژی.
v.t. & v.i. میوانداری کردن؛ خانەخوێیی کردن.
host (hōst), *n.* (١) لەشکر؛ سوپا.
(٢) ئۆردو؛ ژمارەیەکی زۆرو بێ ئەندازە: (*a ~ of golden daffodils*).
host (hōst), *n.* نانی پیرۆزکراوی شێوی خواهانە (خاچ پەرستی).
hostage (hos′tij), *n.* دیل؛ بە دیل گیراو؛ دەستبەسەر.
take someone hostage, بە دیل گرتن (وەک بارمتە بۆ جێبەجێکردنی مەبەستێک).
hostel (hos′t'l), *n.* (١) خان. (٢) ئوتێل یا خانەیەکی هەرزان بۆ ڕێبواری گەنج. (هەروەها پێشی دەوترێ: youth hostel).
hosteler (hos′t'l-ĕr), *n.* (١) خانچی؛ ئوتێلچی.
(٢) میوانی ئەم جۆرە ئوتێلە.
hostess (hōs′tis), *n.* (١) خانەخوێ (ژن)؛ میواندار؛ خاوەن مال.
(٢) (ا) ئوتێلچی (ژن)؛ خانچی. (ب) ژنی ئوتێلچی یا خانچی.
(٣) (ا) بەردەستی ئاو فڕۆکە (ژن). (ب) سفرەچی ژن؛ سەرەک بەردەستی چێشتخانە (کە پێشوازی لە خەڵک دەکات و لەسەر مێز دایان دەنێت).
hostile (hos′t'l), *adj.* (١) دوژمنانە؛ جەنگاوەر: (*a ~ act*).
(٢) ناحەز؛ دژ؛ ڕقاوی؛ ڕووناخۆش: (*a ~ person*).
(٣) نەشیاو؛ نەگونجاو (دەورووبەر)؛ دژ: (*a ~ environment*)

hostility (hos-til′ə-ti), *n.* (۱) دوژمنایەتی؛ دوژمنی؛ دووبەرەکی؛ ڕقەبەری؛ ناحەزی؛ قینەبەری. (۲) (ا) کاری ناحەزانە؛ کاری دوژمنانە. (ب) شەڕوشۆڕ؛ ناژاوە؛ شەڕ. *(to end all hostilities in the region)* .

hostler, ostler (hos′lēr, os′lēr), *n.* (۱) مەیتەر. (۲) کرێکارێک کە مەکینەی شەمەندەفەر چی پێویست بێ دەیکات لە دوا ئیستگە بۆ باش ڕاگرتنی. (۳) [Obs.]، خانچی؛ ئوتێلچی.

hot (hot), *adj.* (۱) گەرم؛ گەرموگوڕ؛ داخ؛ بەتین (ئاگر). (۲) تووڕ؛ تیژ (بیبەر، پیاز). *(~ pepper)* . (۳) تەنگەحیکلانە؛ زووهەڵچوو؛ سەرگەرم. *(~ temper)* . (٤) تووڕە؛ توندوتیژ. *(~ words)* . (ب گەرم؛ جەنگ). *(~ battle)* . (٥) بەجۆش. (٦) بە خرۆش؛ بە نالۆش. (۷) مشت‌ومڕی؛ مشت‌ومڕی لەسەرە. *(a ~ issue)* . (۸) جەنگ لەسەر شان (ڕاڤڕاندن). *(~ pursuit)* . (۹) گەرم (تەڵی ئەلەکتریک)؛ ئەلەکتریکی لەسەرە. (۱۰) [Slang]، (ا) نوێ (دەنگوباس)؛ تازە. *(~ news)* . (ب تازە گەیشتووە یا هاتووە. *(~ from the front)* . (ج) تیژ (بۆن، بەتایبەتی لە ڕاوکردندا). (د) خەبەرلێدان یا پێگەیشتنێکی نهێنی تازەو گرنگ (دەربارەی ڕوونکردنەوەی تاوانێک یا دۆزینەوەی شتێکی وون). *(a ~ tip)* . (هـ) تازە دزراو؛ شتی دزراو. (و) قاچاخ؛ شتی قاچاخ. (۱۱) [Slang]، نایاب؛ باش. (۱۲) بەجۆش (مۆسیقای جان).

adv. بە گەرمی؛ بە گەرم؛ بە تووڕی؛ بە توندوتیژی.

in hot water, [Colloq.], لە تەگەرە چەنەمەدا بوون؛ لە ناخۆشی یا گیرۆدەدا بوون.

make it hot for, ژیان لێ تاڵ کردن؛ ژیان لێ تێکدان؛ ناڕەحەت کردن.

hot air, [Slang], فشە؛ فشەفش؛ قسەی بۆشو هیچوپووچ.

hotbed (hot′bed′), *n.* (۱) شەتڵگایەکی بە شووشە دەورگیراوی پەین تێکراوی بە گەرمی ڕاگیراو بۆ شەتڵ بە خێرایی پەروەردەکردن. (۲) جێی زوو پەرەسەندنی شتێک. *(This neighborhood is a ~ of crimes.)*

hot-blooded (hot′blud′id), *adj.* (۱) خوێن گەرم؛ بەجۆش؛ بەهەست. ۲) سەرگەرم؛ زووهەڵچوو.

hot cake = pan cake.

sell (or go) like hot cakes, [Colloq.], زۆری لێ دەفرۆشرێو خێرا؛ زۆر بەبڕەو دەبێ؛ کرپاری زۆر دەبێ.

hotchpot (hoch′pot′), *n.* زەوی‌وزار تێکەڵاوکردن بۆ دابەشکردنی بە یەکسانی لەناو میراتبەرێ مردوویەکدا کە وەسیەتنامەی بەجێ نەهێشتبێ.

hotch-potch (hoch′poch′), *n.* (۱) چێشتی شلە. (۲) چێشتی مجەوەر؛ شتی تێکەڵاوو پێکەڵاو. hotchpot (۳)

hot dog, (۱) حوارد‌نێکە لە گۆشتی کوتراوی بەران، گا، یا قەل دەکرێت لە شێوەی لوولەدایە درێژی ٤–٥ گرێو نەستووری گرێیەک دەبێت. (۲) [Colloq.]، ووتەیەکە ڕەزامەندی‌و پەسەندکردن‌و خۆشی دەردەبڕێت.

hotel (hō-tel′), *n.* ئوتێل؛ خان؛ میوانخانە.

hothead (hot′hed′), *n.* کەسێکی سەرگەرمی تووڕەوتڕۆ؛ سەرچێ.

hotheaded (hot′hed′id), *adj.* سەرگەرم؛ تووڕەوتڕۆ؛ سەرچێ؛ سەرشێت؛ زووهەڵچوو؛ هەڵەشە.

hothouse (hot′hous′), *n.* شەتڵگای بە شووشە دەورگیراوی گەرم؛ جامخانەی گەرمی ڕووەک‌و نەمام.

hot rod, hot-rod, [Slang]. ئوتومبێلێکە مەکینەکەی دەستکاری دەکرێت بۆ بە گوڕترو بەهێزترو گرمە زڵترکردنی.

hot spring, کانیاو؛ کانیاوی گەرم.

hot spur (hot′spûr′), *n.* کەسێکی هەڵەشەی سەرگەرم.

hot-tempered (hot′tem′pērd), *adj.* سەرگەرم؛ تووڕەوتڕۆ؛ تەنگەتیلکە؛ زووهەڵچوو

hot toddy, toddy, براندی یا ویسکی تێکەڵاوکراو لەگەڵ ئاوی گەرمدا.

hot water, (۱) ئاوی گەرم. (۲) [Colloq.]، (in ~) تەنگوچەڵەمە؛ گێژاو؛ ناخۆشی.

hound (hound), *n.* (۱) تانجی؛ سەگی ڕاو. (۲) سەگ. (۳) کەسێکی بێ نرخی بۆگەن.

v.t. (۱) ڕاوکردن؛ دواکەوتن‌و لەکۆل نەبوونەوە؛ شوێن کەوتنی ناحەزانە. *(Tax collectors ~ him.)* (۲) هاندان؛ تێ کردن (سەگ).

hour (our), *n.* (۱) سات؛ سەعات (کات). (۲) (ا) کاتێکی تایبەتی؛ *(the dinner ~)* . (ب) کات؛ *(He spent his happiest ~s in Paris.)* . (ج) ماوەی وانەیەک لە قوتابخانەدا؛ وانە؛ *(The ~ lasts fifty minutes.)* (د) (*pl.*) کاتی دەوام یا کارکردن؛ *(His office ~s are from 1-5.)* (هـ) (*pl.*) کاتی لە خەوهەڵسان‌و نوستن؛ *(He keeps late ~s.)* (۳) کاتی ڕۆژ یا شەو؛ *(The ~ is 2:30 .)* . (٤) سات (هی ڕێگە یا چەند خایاندنی)؛ *(It is three ~s from New York to Washington by rail.)* (٥) (ا) کاتی نوێژکردنی ڕۆژانە (خاچ پەرستی). (ب) ئەم نوێژە.

after hours, دوای دەوام یا کاتی کارکردن.

at the eleventh hour, لە دوا سەعاتدا؛ لە دوا هەناسەدا؛ درەنگ.

hour after hour, هەموو ساتێک؛ سەعات لە دوای سەعات.

hour by hour, سەعات بە سەعات؛ هەر ساتی جارێک.

of the hour, هی ئێستا؛ هی ئەمڕۆ

one's hour, کاتی مردن؛ کاتی گیان دەرچوون.

the small (or wee) hours, پاش نیوەشەو.

hourglass (our′glas′, our′gläs′), *n.* کاتژمێری لم.

hour hand, دەستی کاتژمێر.

houri (hoo′ri, hou′ri), *n.* (۱) حۆری. (۲) نافرەتێکی جوان.

hourly (our′li), *adj.* (۱) هەر ساتی جارێک؛ ساتانە؛ هەموو ساتێک. (۲) ماوەی ساتێک؛ ساتی؛ لە ساتێکدا؛ *(The ~ output)* (۳) زوو زوو؛ بەردەوام

house (hous), *n.* (۱) (ا) خانوو. (ب) ماڵ. (۲) (ا) کۆلیجی زانکۆیەک. (ب) ئوتێل؛ خان. (ج) شوێنی ژیانی تاقمێک؛ *(a fraternity ~)* . (د) تەکیە؛ قەڵەندەرگا. (۳) خێزان؛ ماڵ. (٤) [H-] مۆز (بەتایبەتی هی ناودارو خانەدان)؛ بنەماڵە؛ خێز؛ *(The H~ of Tudor)* (٥) (ا) لانە؛ پەناگا؛ *(the monkey ~ in a zoo)* . (ب) عەمار؛ جێی هەڵگرتنی شتێک لەکاتی بەکارنەهێنانیدا؛ *(a carriage ~)* (٦) جێنشین؛ مەڵبەند؛ نارامگا. (۷) (ا) شانۆ؛ سینەما. (ب) تەماشاکەرانی شانۆ یا سینەما. (۸) (ا) جێی کاروکاسبی؛ جێی بازرگانی (ب) دەزگای بازرگانی؛ *(a printing ~)* . (۹) کڵێسە؛ کەنیشتە؛ پەرستگا. (۱۰) (ا) خانووی پەرلەمان. (ب) [H-]، پەرلەمان؛ ئەنجومەنی نوێنەران؛ *(The H~ of Representatives)* (۱۱) (ا) بورجی گەردوون. (ب) نیشانەی ئەم بورجە. (۱۲) (ا) ئوتێل؛ مەیخانە؛ چێشتخانە؛ *(to have a drink on the ~)* .

(ب· [Slang]. قەحبەخانە

v.t. (١) جێگردنەوە؛ خانوو یا ژوور پێدان.

(٢) جێ نیابوونەوە. *(The building ~s ten people.)* .

(٣) پەنادان؛ لانەدان؛ لانەپێدان؛ جێگردنەوە.

(٤) عەمارکردن؛ هەڵگرتن.

v.i. تێدا دانیشتن؛ تێدابوون.

bring down the house, [Colloq.]. کردن بە چەپڵەڕێزان (کۆڕ).

clean house, (١) مال یاککردنەوەو ڕێکخستن.

(٢) لابردنی شتی ناخۆش‌و ناپەسەندو لەکۆل خۆکردنەوەی.

keep house, کەیبانوێتی کردن؛ ئیش‌وکاری مال کردن.

on the house, بەلاش؛ خۆڕایی؛ لەسەر خاوەن چایخانە، بار، چێشتخانە، یا نوتێلەکەیە *(to have a drink on the house)* .

set (or put) one's house in order, کاروباری خۆ ڕێک‌وپێک کردن.

house arrest, بەندکردن لە مالی خۆدا لەباتی بەندیخانە.

houseboat (hous′bōt´), *n.* بەلەمێکە وەک مال بۆ تیا ژیان بەکاردەهێنرێت.

house-breaker (hous′brāk ēr), *n.* مالڕ؛ دزی مال.

house-breaking (hous′brāk´iŋ), *n.* مال بڕین؛ مال دزین.

house-broken (hous′brō´k'n), *adj.* فێرکراوە پیسایی لە شوێنی تایبەتیدا بکات نەک لە ناومالدا (سەگ‌و پشیلە)

house-dress (hous′dres´), *n.* کراسی ناومال (هی ئیشکردن).

housefly (hous′flī´), *n.* مێشی ناومال؛ مێش.

houseful (hous′fool′), *adj.* پڕ بە مالێک؛ نەوەندەی مالەکە جێی تێدابێتەوە؛ بە پڕی: *(a ~ of guests)*

household (hous′hōld´), *n.* خێزان؛ مال؛ مال‌ومندال.

adj. هی مال‌و خێزان. *(~ affairs)* .

household arts, = **home economics.**

householder (hous′hōl´dēr), *n.* گەورەی مال؛ خاوەن مال؛ سەرگەورەی مال.

household word, وتەیەک یا ناوێک کە هەمووکەس بیزانن‌و لەسەر زمانی هەمووکەس بێت: *(His name is not quite a ~ .)* .

housekeeper (hous′kēp ēr), *n.* (١) کەیبانو؛ ژنی ناومال؛ بنەوان.

(٢) کارەکەر؛ سەرکاری کارەکەرو بەردەستی مالێک (ژن)

housekeeping (hous′kēp´iŋ), *n.* مانداری؛ ئیشی ناومال کردن؛ ئیشی ناومال؛ کەیبانوێتی.

housemaid (hous′mād´), *n.* کارەکەر

housemother (hous′muth ēr), *n.* چاودێر یا بەڕێوەبەری خانەی قوتابیانی کوڕ یا کچ (ژن)؛ کەیبانووی خانەی قوتابیان.

house of cards, شتێک کە بە ئاسانی بڕووخێت یا هەرەس بەرێت

House of Commons, ئەنجوومەنی پەرلەمانی گشتی یا جەماوەری نینگلتەرەو کەنەدا.

house of correction, بەندیخانەی ڕاستکردنەوە (بۆ ئەوانەی تاوانی بچووکیان کردووە)؛ بەندیخانەی تەمێکردن؛ تەمێخانە.

House of Lords, ئەنجوومەنی پەرلەمانی لۆردەکانی نینگلتەرە.

House of Representatives, ئەنجوومەنی نوێنەران، واتە پەرلەمانی ئەمەریکاو ئوستڕالیاو نیوزیلەندەو مەکسیک.

house organ, نامیلکەی کۆمپانیایەک بۆ فەرمانبەرەکانی خۆی

house party, (١) ئاهەنگێکی چەند شەوو ڕۆژی یا هیچ نەبێ یەک شەوو ڕۆژی لە مالێکدا (٢) میوانەکانی ئەم ئاهەنگە

house physician, (١) پزیشکی جێنشینی خەستەخانە.

(٢) پزیشکی جێنشینی هەندێ دەزگای وەک نوتێل.

house-room (hous′rōōm´, hous′room´), *n.* ژووری مالێک (بۆ دانیشتن‌و نوستن یا شت هەڵگرتن)

housetop (hous′top´), *n.* سەربان

housewares (hous′wârz´), *n.pl.* دەفری ناومال؛ قاپ‌و قاچاخ‌و شتی وەها).

housewarming (hous′wôr´miŋ), *n.* ئاهەنگی گواستنەوە بۆ مالێکی تر یا تازە (خاوەن مال دەیگێڕێت).

housewife (hous′wīf´), *n.* (١) کەیبانو؛ بنەوان؛ ژنی ناومال.

(٢) قوتووی دەرزی‌و دەزوو.

housewifely (hous′wīf´li), *adj.* هی کەیبانو یا بنەوان؛ تایبەتی بە ئیشی ناومال.

housewifery (hous′wīf´ēr-i, hous′wīf´ri), *n.* کەیبانوێتی؛ بنەوانی؛ ئیشی ناومال.

housework (hous′wūrk´), *n.* ئیشی ناومال؛ ئەرکی ناومال.

housing (houz′iŋ), *n.* (١) خانوو بۆ دۆزینەوەو پێدان.

(٢) خانوو؛ خانوو بە گشتی. (٣) خانەسازی: *(the ~ problem)*

(٤) (ا) پەناگا؛ پەنا؛ شوێنی حەوانەوە؛ پاراستنگا.

(ب) مال یا جێی پارچەی مەکینەیەک.

(٥) شوێنی سەری دەستەکو نیرگە تێخستن یا تیادانان.

(٦) قوژبنی پەیکەر تیادانان.

housing (houz′iŋ), *n.* (١) سەرزین. (٢) (کۆ) شتی ڕازاندنەوە.

hove (hōv), *alternative past tense and p.p. of* **heave.**

hovel (huv′l, hov′l), *n.* (١) پەچە؛ کۆز. (٢) کوخ؛ کووخ.

v.t. جێگردنەوە لە کوخێکدا؛ پەناپێدان لە کوخێکەیەکدا.

hover (huv′ēr, hov′ēr), *v.i.* (١) بە ئاسمانەوە وەستان (بالندە، فڕۆکە). (٢) (**~ around; ~ near**), لەنزیکەوە یا بەسەر سەرەوە وەستان‌و چاودێری کردن.

how (hou), *adv.* (١) بەچی جۆرێک؛ چۆن (ڕێ، شێوە): *(He showed us ~ to work the machine.)*

(٢) چۆن: *(H~ are you? ; H~ does she feel?)* .

(٣) چەند؛ تا چی ڕادەیەک: *(H~ do you like that?)* .

(٤) بۆ؛ بۆچی؛ چۆن (هۆی کردنی کارێک): *(H~ is it that you don't know?)*

(٥) بە چەند (نرخ): *(H~ are these shirts sold on sale?)*

(٦) چۆن (مانا وجۆن): *(H~ should I interpret this?)* .

(٧) ناوی چییە؛ بە چی ناوێک بانگ دەکرێت: *(H~ is she called?)* .

(٨) چی؟ (بۆ دووبارەکردنەوەی ووتە): *(H~ is that again?)* .

n. شێوەی کردن؛ چۆنێتی؛ ڕێباز؛ شێواز؛ ڕێکە: *(Show me the ~ of it.)*

how about? ڕات چییە دەربارەی؟؛ هەستت چۆنە لە بابەت.

how come? بۆچی؟؛ بۆ؟: *(How come you are so late?)*

how now? ئەمە چییە؟؛ ئەمە مانای چییە؟؛ ئەمە بۆچی وایە؟.

how so? بۆچی؟؛ بۆ؟.

How do you do?, چۆنی (ووتەیەکە دەووترێت لە ناسینی خەڵکدا بۆ یەکەم جار وە کەسەکەی تریش لە وەڵامدا هەمان ووتە دەڵێتەوە)

howdy (hou′di), *interj.* [Dial. or Colloq.], چۆنی؟؛ مەرحەبا؟؛ ئەم کاتەت باش.

however (hou-ev′ēr), *adv.* (١) هەرچۆنێک بێت؛ بە هەرشێوەیەک بێت. (٢) تا هەر چ ڕادەیەک بێت.

conj. لەگەڵ ئەوەشدا؛ بەڵام.

howl (houl), *v.i.* (١) لووراندن (گورگ، سەگ)؛ حەچلوورکردن.

(٢) نالاندن؛ هاوارکردن؛ قیژاندن؛ گریان.

(٣) گڤەگڤ کردن (با)؛ لووراندن (با): *(The wind ~ed.)* .

v.t. (١) دەربڕین بە لووڕە؛ لووراندن.

(٢) مەبەستی خۆ جێبەجێکردن بە لووڕە؛ هاوار بەسەردا کردن.

n. لووڕە؛ لووڕەلوور؛ گڤەگڤ؛ قیژە؛ نالە؛ هاوار.

howl down, قسە پێ بڕین بە هاوار هاوارو قیژە قیژ (ووتاربێژ): *(to howl down a speaker)*

howler (houl′ĕr), *n.* (۱) لوورەلوورکەر؛ هاوارکەر (۲) مەیموونی لوورەلوورکەر. [Colloq.] (۳)، هەلەیەکی کەرانە.

howler (houl′ĕr), *n.* [Archaic], = **owl.**

howlet (hou′lit), *n.* [Archaic], = **owl.**

howsoever (hou′sō-ev′ĕr), *adv.* (۱) تا هەر چ رادەیەک بێت. (۲) هەرچۆنێک بێت؛ بە هەرشێوەیەک بێت؛ هەرچۆن بێت.

hoy (hoi), *n.* (۱) کەشتێیەکی کۆنباوی بچووک. (۲) کەشتی بار.

hoy (hoi), *interj.* هێ؛ هاوارنکە بۆ سەرنج راکێشان یا وڵاخ لێخوڕین.

hoyden (hoi′d'n), *n.* کچە کوڕانی؛ کچێکی جەربەزەی چەقاوەسوو

adj. جەربەزە و چەقاوەسوو.

-hoydenish *(adj.).*

hub (hub), *n.* (۱) توپ یا تەوەرەی پێچکە، پانکە. یا پەروانەیەک. (۲) ناوجەرگەی جموجوڵ و چالاکی؛ ناوجەرگە؛ چەق:

(That place is the ~ of activity.)

hubble-bubble (hub′'l-bub′'l), *n.* (۱) نیرگەلە (۲) هەراهەرا؛ غەڵبەغەڵب؛ ژاوەژاو؛ دەنگەدەنگ.

hubbub (hub′ub), *n.* غەڵبەغەڵب؛ ژاوەژاو؛ دەنگەدەنگ

hubris (hū′bris), *n.* شانازی؛ لەخۆبایی بوون.

huckleberry (huk′'l-ber′i), *n.* تووترک (دارو بەر).

huckster (huk′stĕr), *n.* (۱) چەرچی فرۆشیاری گەڕۆک (۲) فرۆشیاری شتومەک لەسەر پادیۆ و تەلەفزیۆن. (۳) [Slang]، نووسەری بانۆنامەی شت فرۆشتن بۆ پادیۆ و تەلەفزیۆن.

v.t. (۱) شت فرۆشتن؛ چەرچێتی کردن (۲) سەوداکردن.

huddle (hud′'l), *v.i.* (۱) سەر بەیەکەوە نان؛ کۆمەڵ بوون؛ خڕبوونەوە:

(Animals ~ together from fear or for warmth.)

(۲) خۆ خزانەناو. (۳) پاوێژکردن؛ کۆمەڵ بوون بۆ پاوێژکردن.

v.t. (۱) کۆمەڵ کردن؛ گردکردنەوە؛ کۆکردنەوە. (۲) خۆ نزیک کردنەوە؛ خۆ خزانەناو. (۳) بە پەلەو لامسەرلایی کردن. (٤) خستنەناو بە پەلەو شپرزەیی و ناڕێکوپێکی:

(He ~d the children into the automobile.)

n. (۱) کۆمەڵێکی ناڕێکوپێکو شێواو (نادەمی، شتومەک). (۲) شێوەی؛ شێوان؛ ناڕێکوپێکی. (۳) کۆڕیکی نهێنی؛ ڕاوێژو گفتوگۆی نهێنی. (٤) کۆڕیکی کورتی تیپی یاری (فوتبۆڵی نەمەریکی).

go into a huddle, [Slang]. کۆڕی نهێنی گرتن.

hue (hū), *n.* ڕەنگ

hue (hū), *n.* هاوار؛ هەراهەرا؛ هاوار هاوار.

hue and cry, (۱) ا. هاوار هاواری ئەوانەی شوێن تاوانبارێک دەکەون بۆ گرتنی. (ب) ئەم شوێنە کەوتنە.

(۲) هەراوزەنا؛ هەرا هەراو ناڕەزایی دەربڕین؛ هەراو هوریا:

(to raise a hue and cry against a politician)

hued (hūd), *adj.* ڕەنگدارێکی تایبەتی: *(rosy- ~ ; many- ~)* .

huff (huf), *v.t.* (۱) فووتێکردن؛ ئاوساندن. (۲) بەچەترسێن کردن؛ هەڕەشەلێکردن. (۳) تووڕەکردن؛ زوێرکردن.

v.i. (۱) ئاوسان. (۲) [Obs.]، فووتێکران (لوت بەرزی و لەخۆبایی بوون). (۳) پیش خواردنەوە؛ زوێربوون؛ پەست بوون. *(~ing and puffing.)* .

n. پیش خواردنەوە؛ تووڕەیی؛ هەڵچوون؛ شێتگیری؛ تەنگەتیلکەیی.

huffish (huf′ish), *adj.* (۱) لوت بەرز؛ لەخۆبایی؛ بەفیز. (۲) تەنگەتیلکە؛ پیش خۆرەوە؛ زوو تووڕەبوو؛ مۆن؛ تەنگەجیکلانە؛ دەموچاو گرژ

-huffishly *(adv.)*; **huffishness** *(n.).*

huffy (huf′i), *adj.* (۱) تەنگەجیکلانە؛ زووهەڵچوو؛ زوو تووڕەبوو؛ هەست ناسک. (۲) تووڕە؛ زوێر. (۳) [Obs.]، لەخۆبایی؛ لوت بەرز؛ بەفیز.

-huffily *(adv.)*; **huffiness** *(n.).*

hug (hug), *v.t.* (۱) باوەش پیاکردن. (۲) ووشین لە باوەشدا. (۳) واز لێ نەهێنان (بیروڕا، ڕێبان)؛ دەست لێ بەرنەدان. (٤) بەرنەدان؛ گرتن؛ نەلێنی باوەشی پیادەکات:

(The automobile ~ged the curb.)

v.i. باوەش پیاکردن؛ باوەش بەیەکترا کردن.

n. (۱) باوەش؛ باوەش پیاکردن. (۲) ووشین (لە باوەشدا).

huge (hūj), *adj.* زۆر زل؛ زۆر گەورە؛ فیلەتەن؛ قەبە؛ کەتە (مرۆڤ).

-hugely *(adv.).*

hugger-mugger (hug′ĕr-mug′ĕr), *n.* (۱) تێکەڵاوی‌وپێکەڵاوی؛ شێواوی. (۲) [Archaic]، نهێنێتی.

adj. (۱) تێکەڵاوپێکەڵاو؛ شێواو. (۲) [Archaic]، نهێنی.

adv. (۱) بە تێکەڵاوی‌وپێکەڵاوی؛ بە شێواوی. (۲) [Archaic]، بە نهێنی.

huh (hu), *interj.* هەه؟!؛ دەنگێکە بۆ پرسیارکردن، بە سووک سەیرکردن، سەرسامی دەربڕین.

hulk (hulk), *n.* (۱) کەشتی. (ب) کەشتێیەکی زل ناقۆڵ. (۲) قاوغی کەشتێیەکی کۆن. (۳) (*pl.*) لاشە یا قاوغی کەشتێیەکی کۆن یا یەکێکی وەها کە دڕووست نەکراوە بەو نیازەی گەشتی دەریایی بکات وە کراوە بە بەندیخانە یا عەمار. (٤) کەسێک یا شتێکی زل و ناقۆڵ

v.i. (۱) بە زل و قەبەیی بەرز دەبێتەوە. (۲) [Dial.]، دانیشتن، وەستان، یا جوواڵەوە بە ناقۆڵایی و شان خواری و لەش قورسانە.

hulking (hul′kiŋ), *adj.* قەبەو ناقۆڵ.

hulky (hul′ki), *adj.* = **hulking.**

hull (hul), *n.* (۱) توێک (گەنم، جۆ، چەلتووک)؛ سۆس؛ کەپەک؛ تۆپکڵ (گوێز، بادەم)؛ کەلوو (پاقلە، لۆبیا). (۲) وورده گەڵای دەوری شلیک و تووترک. (۳) قاوغ؛ بەرگ؛ سەر؛ تووک؛ تۆپخ.

v.t. توێک لێکردنەوە؛ تۆپکڵ لێکردنەوە؛ پاک کردن.

hull (hul), *n.* (۱) چوارچێوە یا لاشەی کەشتی. (۲) چوارچێوەی فڕۆکەی ئاوی. (۳) قاوغ یا چوارچێوەی کەشتی ئاسمانی یا مووشەک.

v.t. لێدان و کوتکردنی لاشەی کەشتی بە بۆمبا.

hullabaloo (hul′ə-bə-loo′, hul′ə-bə-lōō′), *n.* هەراوهوریا؛ هەراوزەنا؛ دەنگەدەنگ؛ غەڵبە غەڵب.

hum (hum), *v.i.* (۱) ووزەووزکردن (هەنگ)؛ فڕەفڕکردن (پانکەی- ئەلەکتریکی). (۲) هەمهم کردن؛ لەبەر خۆوە ناوازی گۆرانی ووتن بەبێ دەم کردنەوە. (۳) دەنگدانەوە: *(The room ~med with voices.)* . (٤) [Colloq.]، سەرقاڵ بوون؛ هەمیشە لە جموجووڵ بوون.

v.t. (۱) لەبەرخۆوە ناوازی گۆرانی ووتن بەبێ دەم کردنەوە. (۲) لایلایە بۆ کردن: *(to ~ a child to sleep)* .

n. (۱) لەبەر خۆوە ناوازی گۆرانی ووتن بەبێ دەم کردنەوە. (۲) ووزەووز؛ فڕەفڕ.

hum (hŏm), *interj.* (۱) ئەهم: دەنگی قوڕگ پاککردنەوە. (۲) هم: دەنگێکە خۆشی، سەرسامی، یا بە سووک سەیرکردن دەردەبڕێ

v.i. (۱) پرتەکردنی یەکێک لەم دەنگانەی پێشوو. (۲) منجەمنج کردن لە دروواندا.

human (hū′mən), *adj.* مرۆڤی؛ نادەمی؛ نادەمیزادی؛ مرۆڤانە؛ نادەمیزادانە.

n. مرۆڤ؛ نادەمیزاد؛ نادەمی.

human being, مرۆڤ؛ نادەمیزاد؛ نادەمی؛ کەس.

humane (hyoo-mān′), *adj.* (۱) بە بەزەیی؛ بە ڕەحم؛ دڵ بە خەڵک سووتاو؛ مرۆڤانە. (۲) مرۆڤی؛ پەروەردەکەرو بە بڕەوکەری ڕەفتاری مرۆڤانەی

جوان وەك دڵ بە خەڵك سووتان: *(a ~ education)* .

humanism (hū′mən-iz′m), *n.* (۱) سروشتی نادەمیزاد؛ نادەمیزادی؛ مرۆڤی. (۲) فەلسەفەو ڕێبازی مرۆڤایەتی کە ژیانی نادەمیزاد لەم جیهانەدا بە گرنگتر دادەنێ لە لێکۆڵینەوەی ئاینو شتی مانایی و نەبینراو. (۳) لێکۆڵینەوەو خوێندنی زانستو هونەری مرۆڤایەتی. (٤) [H-] بزووتنەوەی مرۆڤایەتی کە لە سەدەی بزووتنەوەدا پووید ا لە ئەورووپا و بریتی بوو لە خوێندنو لێکۆڵینەوەی وێژەو هونەرو ژیواری یۆنانو ڕۆمانی کۆن

humanist (hū′mən-ist), *n.* (۱) قوتابی یا زانای ئەدەبو کلتووری یۆنانی و لاتینی. (۲) قوتابی یا زانای سروشتو کاروبارو خۆش گوزەرانی مرۆڤ؛ مرۆڤ پەرست (۳) قوتابی یا زانای باسە نادەمیزادییەکان.

-humanistic *(adj.)*; **humanistically** *(adv.)*.

humanitarian (hyoo-man′ə-târ′i-ən), *n.* مرۆڤ پەرست چاکەکەر؛ کەسێک کە چاکەوخۆشی و خۆش گوزەرانی هەموو مرۆڤێکی بوێت؛ پیاوی چاکو بە بەزەیی.

adj. مرۆڤ پەرست؛ چاکەکەر؛ خۆشی و چاکەو خۆش گوزەرانی مرۆڤ خواست؛ بەبەزەیی *(a ~ act)*

humanitarianism (hyoo-man′ə-târ′i-ən-iz′m), *n.* (۱) مرۆڤ پەرستی؛ چاکەوخۆشی و خۆش گوزەرانی مرۆڤ ویستن؛ چاکەکردن؛ دل بە مرۆڤ سووتان. (۲) فەلسەفەیەکە کە دەڵێت ئەرکی سەرشانی مرۆڤ تەنها مرۆڤ پەرستی و چاکەو خۆش گوزەرانی مرۆڤ ویستنە. (۳) بڕوانەبوون بە خورایەتی عیسا (ڕێبازی ئاینی).

humanity (hyoo-man′ə-ti), *n.* (۱) سروشتی مرۆڤ. (۲) *(pl.)* مرۆڤایەتی؛ هەستی باشی نادەمیزادیتی. (۳) خەڵك؛ مرۆڤ؛ هەموو مرۆڤ؛ توخمی نادەم. (٤) بەڕەحمی؛ بەزەیی هاتنەوە؛ دل سووتان بە خەڵك.

the humanities, (۱) وێژەو زمان بەتایبەتی هی لاتینی و یۆنانی. (۲) زانستێیەکانی مرۆڤ؛ ئەو زانستانەی دەربارەی مرۆڤن وەك وێژەو فەلسەفە (هەندێ جار هونەرو مێژوویش)

humanize (hū′mə-nīz′), *v.t.* (۱) بە مرۆڤ کردن؛ خوڕەوشتی مرۆڤ پێدان. (۲) ڕەفتار پوختەو جوان و خاوێن کردن؛ کردن بە مرۆڤێکی چاکو بەبەزەیی؛ کردن بە مرۆڤ پەرست.

v.i. بوون بە مرۆڤ پەرست؛ ڕەووشت چاك بوون.

-humanization *(n.)*.

humankind (hū′mən-kīnd′), *n.* توخمی نادەم؛ نادەمیزادان؛ خەڵك؛ مرۆڤ؛ هەموو مرۆڤ

humanly (hū′mən-li), *adv.* (۱) مرۆڤانە؛ نادەمیزادانە (۲) ئەوەی نە توانای مرۆڤدا بێت؛ لەڕێی مرۆڤانەوە *(to do everything ~ possible to help them)* (۳) بەپێی شارەزایی و زانینی مرۆڤ.

humble (hum′b'l), *adj.* (۱) بێ فیز؛ بێ هەوا؛ خاکی؛ پەسوا؛ ملکەچ؛ سەرکز؛ بێ نان: *(a ~ man, woman, etc.)* . (۲) (۱) نزم (پلەوپایە، پیشە)؛ فەقیر: *(a man of ~ birth; a ~ occupation)* (ب) هام ناوەندی؛ فەقیرانە: *(a ~ home)* .

v.t. ملکەچ کردن؛ فیز شکاندن؛ سەر بێ دانەواندن؛ پەسواکردن: *(to ~ one's enemies; to ~ oneself before God)*

-humbleness *(n.)*.

humblebee (hum′b'l-bē′), *n.* = **humble-bee.**

humbly (hum′bli), *adv.* (۱) بێ فیزانە؛ خاکیانە؛ ملکەچانە. (۲) بە پەسوایی؛ بە لووت شکاوی؛ بە سەردانەواوی (۳) بە فەقیرانە؛ لە پلەوپایەی نزمەوە.

humbug (hum′bug′), *n.* (۱) ساختە؛ فێڵوتەڵەکە؛ دەسبڕین. (۲) قسەی بۆش و ساختەبازانە؛ قسەی قۆپو هیچوپووچ. (۳) کەسێکی دەسڕ، ساختەچی، کەڵەکچی، یا بەفڕوبەر. (٤) ساختەچێتی؛ فێڵبازی؛ دەسبڕی.

v.t. دەسبڕین؛ بە فڕیوبردن؛ خەڵەتاندن؛ ساختەلێکردن.

-humbugger *(n.)*; **humbuggery** *(n.)*.

humdinger (hum′diŋ′ər), *n.* [Slang]. مرۆڤ یا شتێکی زۆر نایاب.

humdrum (hum′drum′), *adj.* ووشکو ناخۆش (ژین، فرمان).

n. (۱) کەسێکی ووشکو بێ تاقەت کەر. (۲) گفتوگۆی ووشکو ناخۆشو بێ تاقەت کەر؛ ووشکی (مەجان).

humid (hū′mid), *adj.* تەر (هەوا، ناووهەوا)؛ شێدار (هەوا): *(~ air; ~ weather)*

humidifier (hyoo-mid′ə-fī′ər), *n.* شێدارکەری هەوا (ئامێر)؛ تەرکەری هەوای ناومال

humidify (hyoo-mid′ə-fī′), *v.t.* شێدارکردن یا تەرکردنی هەوای ناومال بە ئامێر (بۆ ئەوانەی نەخۆشی تەنگەنەفەسییان هەیە).

-humidification *(n.)*.

humidity (hyoo-mid′ə-ti), *n.* (۱) شێدارێ (ناووهەوا). (۲) پلەی شێدارێ (ناووهەوا).

humiliate (hyoo-mil′i-āt′), *v.t.* ڕیسواکردن؛ نابڕووبردن؛ سەر پێ شۆڕکردن؛ چاوشکاندن؛ ڕووشکاندن؛ مل پێ شۆڕکردن؛ لووت شکاندن؛ شکاندن؛ شەرەف بردن.

humiliating (hyoo-mil′i-āt′iŋ), *adj.* شەرمەزارکەر (کردار، ڕووداو)؛ ڕیسواکەر؛ شەرەف شکێن؛ سەرشۆڕکەر؛ چاوشکێن.

humiliation (hyoo-mil′i-ā′shən), *n.* ڕیسوایی؛ شەرمەزاری؛ سەرشۆڕی؛ چاوشۆڕی؛ مل شۆڕی؛ ڕیسوابوون؛ شکان.

humility (hyoo-mil′ə-ti), *n.* (۱) بێ فیزی؛ بێ هەوایی؛ سەرکزی؛ ملکەچی. (۲) *(pl.)* کردەوەی بێ فیزانەو ملکەچانە.

humming-bird (hum′iŋ-būrd′), *n.* جۆرە باڵندەیەکی زۆر بچووکە وەك فیسقە وایە؛ ویزەویزە.

hummock (hum′ək), *n.* (۱) تەپۆڵکە؛ گردۆڵکە. (۲) گردۆڵکەی ناوی زەوییەکی سەهۆڵ بەندان. (۳) گردۆڵکەیەکی چڕی نزیك زۆنگاوێك.

humor, humour (hū′mər, ū′mər), *n.* (۱) شلەی ناو لەشی گیاندار یا ڕووەك. (۲) سروشتی مرۆڤ؛ باری مێشك و هەست. (۳) هەوەس. (٤) گاڵتەوگەپ؛ گاڵتەوپێکەنین. (٥) قۆشمەچێتی؛ گاڵتەچێتی؛ نوکتەچێتی؛ گاڵتەبازی. (٦) هەستی قۆشمەچێتی بوون. (۷) نەخۆشی پێست.

v.t. دڵ پاگرتن؛ لاواندنەوە؛ نازکێشان؛ دڵ نەوایی کردن؛ دڵ نەشکاندن.

sense of humor, هەستی قۆشمەچێتی؛ توانای گاڵتەوگەپ کردن؛ نوکتەچێتی: *(He has a sense of humor.)* .

out of humor, زوێر؛ بێ تاقەت؛ ڕووناخۆش؛ پەست.

humorist (hū′mər-ist, ū′mər-ist), *n.* قۆشمەچی؛ گاڵتەباز؛ نوکتەچی.

-humoristic *(adj.)*.

humorous (hū′mər-əs, ū′mər-əs), *adj.* (۱) نەنتیکە؛ مێنەرەپێکەنین؛ سەیر: *(a ~ sight, event, etc.)* . (۲) قۆشمە؛ قۆشمەچی؛ سەیرخۆش؛ قسەخۆش؛ نەنتیکە(مرۆڤ)؛ نوکتەچی *(a ~ person)*

humour (hū′mər, ū′mər), *n.* & *v.t.* = **humor.**

hump (hump), *n.* (۱) کۆپارەی حوشتر؛ پشت کۆمی (نەخۆشی)؛ قۆرتاوی؛ قۆرتی سەر پشت (۲) تەپۆڵکە؛ گردۆڵکە (۳) پەستی؛ غەمباری؛ دڵتەنگی.

v.t. (۱) کۆماندنەوە؛ نوشتاندنەوە: *(The cat ~ped its back.)* . (۲) [Slang]، خۆ ماندووکردن. (۳) [Slang]، سۆك پێوەدان؛ کوت پێوەدان؛ گاین؛ لەگەڵ جووت بوون.

humpback (hump′bak′), *n.* (۱) پشت کۆمی؛ قەمووری. (۲) کەسێکی پشت کۆم؛ قەمور. (۳) نەهەنگێکی گەورەی کۆپارەدار

humpbacked (hump′bakt´), *adj.* پشت کۆم؛ قەمور
humped (humpt), *adj.* = **humpbacked.**
humpy (hump′i), *adj.* (۱) قۆرتاوی؛ کۆپارەدار. (۲) لە کۆپارە یا قۆرت چوو.
humus (hū′məs), *n.* گیاو پووەکی گەنیوی رەش داگیرساو کە دەبێتە پەین بۆ زەوی.
hunch (hunch), *v.t.* کۆم کردنەوە؛ نوشتاندنەوە (پشت)؛ کۆماندنەوە: *(Don't ~ your back.)*
v.i. پاڵ نان بۆ پێشەوە
n. (۱) کۆپارە، حوشتر)؛ کۆمی؛ قەموری. (۲) تۆپەڵ؛ کۆمەڵ؛ قۆرت. (۳) [Colloq.]، دڵ خەبەردان بە پوودانی شتێك باش بێت یا خراپ؛ هەست وا بوون؛ هەست وا کردن؛ وا زانین: *(I have a ~ we will win this time.; I have a ~ we are being tricked.)*
hunchback (hunch′bak´), *n.* (۱) پشتی کۆماوە؛ پشتی قەمور. (۲) کەسێکی پشت کۆم یا قەمور.
hunchbacked (hunch′bakt´), *adj.* = **humpbacked.**
hundred (hun′drid), *n.* (۱) سەد. (۲) سەد دۆلاریەك.
hundredfold (hun′drid-fōld´), *adj., adv. & n.* سەدئەوەندە. سەد قات
hundredth (hun′dridth), *adj. & n.* (۱) سەدەم؛ سەدەمین. (۲) سەدیەك؛ یەك لەسەر سەد.
hung (huŋ), *past tense and past participle of* **hang.**
Hungarian (huŋ-gâr′i-ən), *adj.* هەنگاری؛ مەجەری (گەل و زمان و کلتوور)
n. (۱) هەنگاریەك؛ هاوڵاتیەکی مەجەر یا هەنگاریا. (۲) زمانی مەجەری یا هەنگاری.
hunger (huŋ′gēr), *n.* (۱) برسێتی. (۲) حەز؛ تاسە بۆ بوون بێزوو.
v.i. (۱) برسی بوون (۲) (~ for ; ~ after)، بۆ بەتاسەوەبوون؛ بێزوو پێوەکردن؛ حەزلێکردن: *(to ~ for a woman, love, comfort, etc.)*
v.t. برسی کردن؛ لە برسا کوشتن.
hunger strike, مان گرتن لە نانخواردن؛ مان گرتنی نانخواردن.
hungry (huŋ′gri), *adj.* (۱) برسی. (۲) بێزووکەر؛ بەتاسەوە: *(a ~ glance)*. (۳) [Rare] برسیکەر. (٤) بێ پیت؛ بێ بەر؛ پووتەنی؛ ووشك: *(~ soil)*.
-hungrily *(adv.)*; **hungriness** *(n.).*
hunk (huŋk), *n.* [Colloq.], پلێکی گەورە (گۆشت)؛ پارچە نان؛ کلۆ؛ تۆپەڵ
hunks (huŋks), *n.* کەسێکی مرۆمۆنی ناپەسەندی پیسکە.
hunt (hunt), *v.t.* (۱) پاوکردن (۲) بە شوێندا گەڕان؛ بە دوادا گەڕان؛ بۆ گەڕان (۳) (ا) شوێن کەوتن؛ دواکەوتن. (ب) دواکەوتن و لەکۆل نەبوونەوە؛ پاوکردن؛ هەراسان کردن (٤) پشکنین بە وردی (شوێن). (٥) پاوکردن بە ئەسپ و تانجی و سەگ.
v.i. (۱) پاوکردن (۲) بۆ گەڕان؛ گەڕان بە دوادا.
n. (۱) پاو؛ پاوکردن (۲) پاوکەران؛ تاقمێك پاوکەر. (۳) ناوچەی پاو. (٤) پشکنین؛ بۆ گەڕان.
hunt down, (۱) دواکەوتن و گرتن یا کوشتن: *(to hunt down a criminal)* (۲) بۆ گەڕان و دوزینەوە.
hunt up, (۱) بۆ گەڕان (۲) دوزینەوە بە بۆ گەڕان.
hunter (hun′tēr), *n.* (۱) پاوچی؛ پاوکەر؛ نێچیرەوان. (۲) سەگ، تانجی، یا ئەسپی پاو.
hunting (hunt′iŋ), *n.* پاو؛ پاوکردن؛ پاوچێتی.
adj. هی پاو؛ هی پاوکردن
hunting ground, شوێنی پاو؛ پاوگە.
huntress (hun′tris), *n.* (۱) پاوچی ژن؛ ژنە پاوچی؛ بانوخودای پاوچی (ئەفسانە). (۲) مایینی پاو.
huntsman (hunts′mən), *n.* [Chiefly British], (۱) پاوچی؛ پاوکەر. (۲) سەردەستەی پاوێك یا پاوچییان.
hurdle (hûr′d'l), *n.* (۱) تەیمان. (۲) چوارچێوەی گواستنەوەی تاوانباران بۆ هەڵواسینیان لە نینگلتەرە لە کۆندا. (۳) چوارچێوە یا کۆسپی بەسەردا بازددان (مەملایێ ئەسپ یا پاکەران). (٤) *(pl.)* مەملایێ بەسەر کۆسپدا بازددان (ئەسپ، پاکەر). (٥) کۆسپ؛ کەندوکۆسپ؛ قۆرت؛ بەربەست.
v.t. (۱) تەیمان کردن؛ پەرژین کردن (۲) بازددان بەسەر کۆسپ یا چوارچێوەدا (مەملێ). (۳) سەرکەوتن بەسەر کەندوکۆسپدا؛ زاڵبوون بەسەر کۆسپ و ناخۆشیدا
the hurdles, مەملایێ بازددان بەسەر کۆسپ یا چوارچێوەدا (ئەسپ، پاکەر).
-hurdler *(n.).*
hurdy-gurdy (hûr′di-gûr′di), *n.* ئامێرێکی مۆسیقایی کۆنباوە.
hurl (hûrl), *v.t.* (۱) فڕێدان (بەرد، شت)؛ تووڕدان؛ هەڵدان؛ پیادان؛ پیاکێشان: *(They ~ed stones at the police.)*. (۲) هەڵگەڕانەوە؛ فڕێدانە خوارەوە؛ پووخاندن؛ هەڵدان؛ هەڵدانە خوارێ. (۳) پێ ووتن بە دەنگی بەرز بە تووڕەیی (جوێن).
v.i. (۱) پیادان؛ فڕێدان؛ پیاکێشان (۲) [Archaic]، بە پەلە دەرپەڕین یا پۆیشتن. (۳) [Slang]، تۆپ هەڵدان (یاری بێسبۆل).
n. فڕێدان؛ تووڕدان؛ هەڵدان؛ پیادان.
hurly (hûr′li), *n.* [Archaic], = **hurly-burly.**
hurly-burly (hûr′li-bûr′li), *n.* هەراوهوریا؛ هەراوزەنا؛ پشێوی؛ غەڵبەغەڵب
hurrah (hoo-rô′, hə-rä′), *interj. & n.* نافەرین!؛ نافەرم!؛ دەست خۆش!
v.i. & v.t. نافەرین کردن؛ هاندان.
hurray (hoo-rā′, hə-rā′), *interj., n., v.t. & v.i.* = **hurrah.**
hurricane (hûr′i-kān´), *n.* گەرداو؛ باوبۆران.
hurricane lamp, لەپای گەرداو: گڵۆپێك یا مۆمێکی بە شووشە دەورەگیراو؛ فانۆس.
hurried (hûr′id), *adj.* (۱) پەلەلێکراو؛ پافرێنراو. (۲) پەلە؛ بە پەلە کراو: *(a ~ meal, tour, etc.)*.
hurriedly (hûr′id-li), *adv.* بە پەلەپرووسکێ؛ بە پەلەپرووسکێ؛ بە پەلە؛ بە هەڵەداوان؛ بە پەلەفرتی.
hurry (hûr′i), *v.t.* پەلە لێکردن؛ دەستوبرد لێکردن؛ زوو لێکردن؛ خێرالێکردن.
v.i. پەلەکردن؛ زووکردن؛ خێراکردن؛ دەستوبردکردن.
n. پەلە؛ پەلەکردن؛ دەستوبرد؛ بە خێرا.
hurry up!, خێراکە!؛ پەلە کە!؛ زوو کە!؛ دەستوبرد کە!.
hurry-scurry (hûr′i-skûr′i), *n.* شپرزەیی؛ پەلەپرووزکێ؛ پەلەفرتێ.
v.t. پەلەپرووسکێ کردن؛ بە پەلەو شپرزەیی جوولانەوە؛ پەلەفرتێ بوون.
adj. شپرزە؛ پەلە؛ پەلەیەتی.
adv. بە شپرزەیی؛ بە شپرزە؛ بە پەلە.
hurt (hûrt), *v.t.* (۱) بریندارکردن؛ ئازاردان. (۲) زیان لێدان؛ زیان پێ گەیاندن (۳) دڵ ئازاردان؛ دڵ ئێشاندن؛ هەست بریندارکردن.
v.i. (۱) بریندارکردن؛ ئازاردان؛ بریندار بوون. (۲) ئێشان؛ ئازاربوون؛ ژان کردن: *(My leg ~s.)*.
n. (۱) ئازار؛ ئێش؛ برین؛ ئێش و ئازار. (۲) زیان.

(۳) هەست بریندارکەر؛ دڵ ئازاردەر

hurtful (hūrt′fəl), *adj.* (۱) بە ئازار؛ ئازاردەر (۲) زیانبەخش.

husband (huz′bənd), *n.* (۱) مێرد؛ هاوسەر (۲) [Archaic]، سەرکار. (۳) کەسێکی گرێ، دەست بە پارەوە گر، یا دەست قووچاو.

v.t. (۱) ژن مارەکردن؛ ژنهێنان؛ بوون بە مێرد. (۲) دەست بە پارەوە گرتن؛ پارە بەفیڕۆنەدان. (۳) [Archaic]، دان بە شوو؛ ڤی مارەکردن؛ مێرد بۆ دۆزینەوە. (٤) [Obs.]. کشت کردن؛ ڕووەک بەخێوکردن؛ زەوی چاندن.

husbandman (huz′bənd-mən), *n.* [Archaic]. کشتیار؛ ژانای کشتوکاڵ

husbandry (huz′bənd-ri), *n.* (۱) بەڕێوەبردنی کاروباری ناوماڵ. (۲) دەست بە پارەوە گرتن؛ پارە بەفیڕۆنەدان؛ گیری. (۳) کشتوکاڵ؛ کشت کردن؛ کشتیاری. (٤) بەخێوکردن و پەروەردەکردنی هەموو جۆرە گیاندارێکی ماڵی بەشێوەیەکی ژانستیانە. *(animal ~)*.

hush (hush), *v.t.* (۱) بێ دەنگ کردن؛ دەم کوت کردن؛ دەم پێ داخستن. (۲) هێمن کردنەوە؛ هێنانەوە سەرخۆ؛ کۆژاندنەوە (ئاژاوە). (۳) شاردنەوە دەنگوباس)؛ قەدەغەکردنی باڵوبوونەوە؛ داپۆشین.

v.i. بێ دەنگ بوون؛ دەم داخستن.

adj. [Archaic], بێ دەنگ؛ خاموش.

n. بێ دەنگی؛ خاموشی.

interj. بێ دەنگ بە ! ووس بە! وس!

hush up, (۱) بێ دەنگ کردن؛ دەمکوت کردن. (۲) شاردنەوەی دەنگوباس؛ پێشێل کردن یا ڕێگرتن لە باڵوبوونەوەی دەنگوباس

hush-hush (hush-hush), *adj.* [Colloq.]. نهێنی؛ شاراوە

hush money, بەرتیلی بێ دەنگ بوون (لە باڵوکردنەوەی دەنگوباسێک)؛ بەرتیلی دەمکوت کردن.

hush puppy, خواردنێکە لە بەشی خوارووی ئەمەریکا بریتییە لە خرۆکەیەک گەنمەشامی کوتراوی سوورەوەکراو ئەوەندەی گوێزێک دەبێت.

husk (husk), *n.* (۱) تۆپک (دانەوێلە)؛ کەپک؛ سۆس؛ تۆپکی دانەوێلەو سەوزە (گەڵای گوڵە گەنمەشامی). (۲) تۆپکڵ؛ قاوغ.

v.t. پاک کردن؛ تۆپکڵ لێکردنەوە.

-husker *(n.).*

husky (hus′ki), *adj.* (۱) (ا) تۆپکڵاوی؛ تۆپکاوی. (ب) وەک تۆپکڵ یا تۆپک (۲) نووساو (دەنگ)؛ گڕ؛ دەنگ نێر. *(a ~ voice)* .

-huskily *(adv.)*; **huskiness** *(n.).*

husky (hus′ki), *adj.* چوارشانە؛ کەتە؛ تێکسمڕاو؛ زل؛ چەتەوول؛ زرتەبۆز

n. کەسێکی چوارشانە، کەتە، یا تێکسمڕاو.

-huskiness *(n.).*

husky (hus′ki), *n.* سەگێکی زل توول درێژە گالیسکە بەفرینەی پێ ڕادەکێشرێ هەروەها پێی دەڵێن: " Alaskan husky " وە " Siberian husky ".

hussy (huz′i. hus′i), *n.* (۱) ئافرەتێکی سووک (لەڕووی سووکی یا گاڵتەوە). (۲) ئافرەتێکی بێ حەیاو چەقاوەسوو.

hustings (hus′tiŋz), *n.pl.* (۱) (ا) ئەنجومەنی لێکۆڵینەوە. (ب) دادگای ناوشاری ئینگلیزی (ج) دووانگەی ئامزەدکردنی نوێنەران بۆ هەڵبژاردنیان بۆ پەرلەمان (۲) هەڵبژاردن (۳) دووانگە.

hustle (hus′l), *v.t.* (۱) پاڵەپەستۆکردن؛ پاڵ پێوەنان؛ بەزۆر ڕێ بۆ خۆ کردنەوە (۲) زۆرلێکردن؛ پاڵ پێوەنان یا دەرکردن بە پەلەو ناشرینانە: *(He ~d the unwelcome visitors out of the house.)*

(۳) [Colloq.]، پەلەلێکردن؛ بەپەلەکردن. (٤) [Colloq.]، بۆ گەڕان و دۆزینەوە بە چالاکی‌یانە؛ ڕاکێشان: *(to ~ new customers)*

v.i. (۱) پاڵەپەستۆکردن؛ پاڵ نان؛ بەزۆر ڕێ بۆ خۆ کردنەوە. (۲) هەوڵو تەقەلا؛ کارکردن یا جووڵانەوە؛ هەوڵو تەقەلا زۆردان.

n. (۱) پاڵەپەستۆ؛ پاڵ نان. (۲) [Colloq.]، کۆشش؛ هەوڵو تەقەلا؛ چالاکی.

-hustler *(n.).*

hut (hut), *n.* کوختە؛ کوخ؛ خانوچکە.

v.t. کوختەبۆ دۆزینەوە؛ کوختە پێدان.

v.i. لە کوختەدا ژیان.

hyacinth (hī′ə-sinth′), *n.* (۱) (ا) یاقووت. (ب) چەند جۆرە بەردێکی بەنرخی سوورکار یا پرتەقاڵیی‌یە. (۲) هاس؛ گوڵە هاس. (۳) باڵندەیەکی ئاوی پەڕ ئەرخەوانی‌یە. (٤) ئەرخەوانی شینکار.

hyacinthine (hī′ə-sin′thin, hī′ə-sin′thīn), *adj.* (۱) یاقووتی؛ وەک هاس؛ بە یاقووت یا هاس ڕازاوە. (۲) شین؛ ئەرخەوانی شینکار. (۳) پرتەقاڵی‌یەکی سوورکار.

hybrid (hī′brid), *adj.* (۱) گیاندار یا ڕووەکی دوورەگ. (۲) شتێکی ناڕەسەن؛ شتێکی دوورەگ یا تێکەڵاو (۳) ووشەی دوو بڕگە؛ لە دوو بڕگە یا ووشەی زمانی جیاجیا پێکهاتووە

adj. دوورەگ؛ تێکەڵاو.

-hybridism *(n.).*

hybridize (hī′bri-dīz′), *v.t. & v.i.* دوو تۆخم کردن؛ دوو تۆخم تێکەڵاوکردن؛ دوو تۆخم لە یەک چاککردن.

-hybridization *(n.).*

hydrant (hī′drənt), *n.* بۆری یا بەلوعەی ئاگرکوژێن؛ بریتی‌یە لە بۆری‌یەکی گەورەی ستوونی لەسەر شەقامەکاندا بەستراوە بە سەرچاوەی ئاوەوە بۆری لاستیکی نەستووری پێوە دەبەستێ‌و ئاگری پێ دەکوژێنرێتەوە (هەروەها پێی دەوترێ: " fire hydrant ").

hydrate (hī′drāt), *n.* ئاوێتەی ئاوو ماددەیەکی تر.

v.t. ئاو تێکەڵاوکردن؛ لەگەڵ ئاودا تێکەڵاوکردن.

v.i. لەگەڵ ئاودا تێکەڵاوبوون.

-hydrated *(adj.)*; **hydration** *(n.).*

hydraulic (hī-drô′lik), *adj.* هایدرۆلیکی؛ (ا) بە ئاو دەگەڕێ (مەکینە). (ب) ڕەق بوون لەگەڵ ئاودا (چیمەنتۆ، قوڕوقسڵ). (ج) تایبەتی بە زانستی شلەو سرووشتی‌و بەکارهێنانی لە ئەندازەدا.

hydraulics (hī-drô′liks), *n.* زانستی شلەو بەکارهێنانی لە ئەندازەدا.

hydric (hī′drik), *adj.* (۱) تایبەتی بە هایدرۆجین. (۲) تایبەتی بە تەڕی یا شێ؛ تەڕ؛ ئاو زۆر ویست.

hydro- (hī′drō, hī′drə), پێشگرێکە بەمانای: (ا) ئاو. (ب) هایدرۆجین دار؛ هایدرۆجینی تێدایە.

hydrocephalus (hī′drə-sef′ə-ləs), *n.* نەخۆشی‌یەکی زگماکی‌یە بریتی‌یە لە زۆری شلە لە سەردا کە دەبێتەهۆی گەورە بوونی کاسەی سەرو بچووک بوونەوەی مێشک.

hydrocephaly (hī′drə-sef′ə-li), *n.* – **hydrocephalus.**

hydroelectric (hī′drō-i-lek′trik), *adj.* تایبەتی بە ئەلەکتریکی لە ئاو دروستکراو.

hydroelectricity (hī′drō-i-lek′tris′ə-ti), *n.* ئەلەکتریکی ئاو؛ ئەلەکتریکی لە ئاو دروستکراو.

hydrogen (hī′drə-jən), *n.* هایدرۆجین.

hydrogenate (hī′drə-jə-nāt′), *v.t.* هایدرۆجین تێکردن؛ هایدرۆجین تێکەڵاوکردن.

-hydrogenation *(n.).*

hydrogen bomb, بۆمبای هایدرۆجینی.

hydrogenize (hī′drə-jə-nīz′), *v.t.* = **hydrogenate.**

hydrogenous (hī-droj′ə-nəs), *adj.* هایدرۆجیناوی؛

هایدرۆجینی تێدایە

hydrography (hī-drog′rə-fī), *n.* زانستی لێکۆڵینەوەی نەخشە بۆ دروستکردنی دەریاو دەریاچەو ڕووبار (بەتایبەتی دەربارەی سوودی بازرگانی و دەریاوانی).

-hydrographer *(n.)*; **hydrographic** *(adj.)*.

hydrokinetics (hī′drō-ki-net′iks), *n.pl.* زانستی بزووتنی شلە (فیزیا).

-hydrokinetic *(adj.)*.

hydrology (hī-drol′ə-ji), *n.* زانستی ئاو و تایبەخۆکانی و دابەشبوونی بەسەر زەوی و ژێرزەویدا بەتایبەتی ژێرزەوی

-hydrologic *(adj.)*; **hydrologist** *(n.)*.

hydromechanics (hī′drō-mi-kan′iks), *n.pl.* زانستی بزووتن و هاوسەنگی شلە (فیزیا).

hydromel (hī′drə-mel′), *n.* ئاو و هەنگوینی تێکەڵاو (خواردنەوە).

hydrometallurgy (hī′drə-met′l-ūr′ji), *n.* پاک و پوخت کردنی کانزای خاو بە شۆردنەوەی بە شلە.

hydrometer (hī-drom′ə-tēr), *n.* پێوەری هێزی موگناتیسی شلە (ئامێر).

hydrometry (hī-drom′ə-tri), *n.* پێوانی هێزی موگناتیسی شلە

hydropathy (hī-drop′ə-thi), *n.* دەرمان کردن و چارەکردنی نەخۆشی بە ئاو.

initiatory (i-nish′i-ə-tôr′i, i-nish′i-ə-tō′ri), *adj.* (۱) سەرەتایی (۲) تایبەتی بە ناهەنگ و نەریتی ئەندامی تازە وەرگرتن لە

inject (in-jekt′), *v.t.* (۱) دەرێی لێدان؛ شرینقەلێدان. (۲) تێکردن؛ تێخستن؛ پیاکردن. (۳) تێ فڕێدان (ووتە، سەرنج، تێبینی)؛ تێکەڵاوکردن؛ تێخستن *(to ~ plitics in the discussion)*

injection (in-jek′shən), *n.* (۱) دەرێی لێدان؛ شرینقەلێدان. (۲) خستنەناو؛ تێکردن؛ تێکران. (۳) (۱) شرینقە؛ دەرێی: *(to give a patient an ~)* . (ب) دەرمانی بە شرینقە لێدراو.

injudicious (in'jōō-dish′əs), *adj.* نابەجێ؛ ناژیرانە.

injunction (in-juŋk′shən), *n.* (۱) فەرمان؛ پێ ووتن (۲) فەرمانی دادگا.

injure (in′jēr), *v.t.* (۱) بریندارکردن؛ زامارکردن؛ ئازاردان؛ زیان لێدان. (۲) هەست بریندارکردن؛ کارێکی ناڕەوا کردن بەرامبەر؛ هەست ئازاردان: *(You ~d my feeling.)*

injurious (in-joor′i-əs), *adj.* (۱) زیانبەخش؛ بە زیان. (۲) بریندارکەر (هەست)؛ لکەدارکەر؛ پیسواکەر؛ ناشرین؛ سووک.

injury (in′jēr-i), *n.* (۱) برین؛ زام؛ زیان؛ ئازار. (۲) ستەمکاری؛ هەست بریندارکردن؛ ماف پێشێل کردن؛ دەستدرێژی (۳) کارێکی ناڕەوا یا ستەم.

injustice (in-jus′tis), *n.* (۱) ناڕەوایی؛ زۆرداری؛ زوڵم؛ زوڵم و زۆر؛ ناهەقی؛ غەدر؛ بێ دادی. (۲) کارێکی ناڕەوا یا ناهەق؛ کردەوەیەکی زاڵمانە.

ink (iŋk), *n.* مەرەکەب.

v.t. (۱) لە مەرەکەب هەڵکێشان (مۆی)؛ مەرەکەب کردن بەسەردا. (۲) بە مەرەکەب نیشانەکردن.

inkhorn (iŋk′hôrn′), *n.* مەرەکەبدان (هی کەڵەشاخ).

inkling (iŋk′liŋ), *n.* (۱) نیشانە؛ نیشانەیەکی ناڕاستەوخۆ. (۲) ناگا؛ دل خەبەردان؛ هەست؛ هەستپێکردن: *(I had no ~ of what was happening.)*

inkstand (iŋk′stand′), *n.* (۱) مەرەکەبدان و قەڵەمدانی سەر مێز. (۲) مەرەکەبدانی سەر مێز؛ مەرەکەبدان؛ شووشە مەرەکەب.

inkwell (iŋk′wel′), *n.* مەرەکەبدانی سەر مێز؛ شووشە مەرەکەب.

inlaid (in′lād′, in-lād′), *adj.* بۆ جوانی خراوەتە ناو شتێکەوە یا تێیدا هەڵکەندراوە بەڵام ڕێکە لەگەڵ ڕووی شتەکەدا (نەقش‌ونیگار).

inland (in′lənd), *adj.* (۱) تایبەتی بە بەشی ناوەوەی وڵاتێک. (۲) خۆڵاتی؛ خۆمالی

n. ناوەوەی وڵاتێک؛ ناوچەی ناوەوەی وڵات.

adv. بەرەو ناوەوەی وڵاتێک؛ دوور لە سنووری وڵاتەوە.

inlander (in′lən-dēr), *n.* جێنشین یا دانیشتووی بەشی ناوەوەی وڵاتێک.

in-law (in′lô′), *n.* خزمی ژن (خەسوو، خەزوور، ژن برا، ژن خوشک، برازن؛ زاوا،... هتد)؛ خزمی مێرد؛ خزمی ژن و مێرد.

inlay (in-lā′), *v.t.* (۱) تێخستن یا هەڵکەندنی زێڕو بەردی بەنرخ یا نەقش و نیگار لەناو شتێکدا بە مەرجێک لەگەڵ ڕووی شتەکەدا ڕێک بێت. (۲) ڕازاندنەوەی ڕووی شتێک بەم جۆرە.

n. (۱) شتی ڕازێنەرەوەی لە ڕوویەکدا هەڵکەنراو یا تێخراو. (۲) ددان پرکەرەوە؛ ناوئاخنی ددانی پرکراوە.

inlet (in-let′), *v.t.* خستنەناو؛ تیا قایم کردن یا چەسپاندن.

n. (۱) (ا) جۆگە؛ ڕووبار. (ب) جۆگە یا کەنداوێک کە لە ڕووبار، دەریا، یا دەریاچەیەکەوە هاتبێ یا جیابووبێتەوە (ج) کەنداوێکی نێوان دوو دوورگە (۲) دەرگا؛ کون؛ جێی چوونەژوورەوە. (۳) شتێکی تێخراو، تێ چەسپێنراو، یا لێ هەڵکەنراو.

inmate (in′māt′), *n.* (۱) هاوخانە؛ هاوماڵ؛ نیشتەجێی خانوویەک (۲) نیشتەجێی بەندیخانە، شێتخانە، یا پەناگا؛ بەند: *(the prison ~s demanded better treatment.)*

in memoriam (in´mə-môr′i-əm), [L.]. به یادی فلان کەسەوە
لەسەر کێلی مردوو لە بڵاوکراوەی ڕۆژنامەدا دەنووسرێ بە بۆنەی مردنی کەسێکەوە

inmost (in′mōst´, in′məst), *adj.* innermost.

inn (in), *n.* (١) خان؛ ئوتێل (٢) چێشتخانەو مەیخانە؛ مەیخانە (٣) خانەی ڤوتابیانی ئینگلتەرە

innards (in′ərdz), *n.pl.* (١) هەناو؛ ڕیخۆلە؛ ناوسک (٢) ناوەڕۆک؛ ناوناخن؛ بەشی ناوەوەی شتێک

innate (in′āt, i-nāt′), *adj.* زگماکی؛ خوێی؛ لە خۆدایە؛ لە خۆدایە؛ سروشتی
(~ courtesy; to have an ~ ability to sympathize with others)

-innately *(adv.)*; innateness *(n.)*.

inner (in′ər), *adj.* (١) ناوەوە؛ هی ناوەوە؛ ژوورەوە
(an ~ room, door, etc.)

(٢) تایبەتی بە مێشکەو دەروون؛ دەروونی؛ گیانی
(٣) هی ناخ؛ ڤوول؛ تایبەتی بە خۆ؛ نهێنی؛ کەس پێ نەزان *(~ emotion)*

inner circle, *n.* ناوەوە؛ ناوەخۆ
دەستەی دەسەلاتداران یا نزیک لە فەرمانڕەوا؛ دەستەی کارپەردەست یا شت بەدەستی ووڵاتێک یا دەزگایەک

inner city, ناوەوەی شار؛ بەتایبەتی گەڕەکە هەژارو قەرەبالغەکان

innermost (in′ər-mōst´, in′ər-məst), *adj.* (١) هەرە ناوەوە؛ هی ناوی ناوەوە؛ هی ناوەوە (٢) دەروونی؛ کانگا؛ ناخ؛ ڤوڵترین؛ کەس پێ نەزانو تایبەتی بە خۆ
(One's ~ thoughts, feeling, and desires)

inning (in′iŋ), *n.* کایە؛ یاری

innkeeper (in′kēp´ər), *n.* خانچی؛ ئوتێلچی

innocence (in′ə-s'ns), *n.* (١) بێ تاوانی؛ بێ سووچی؛ بێ گوناهی (٢) داوێن پاکی؛ پاکی (٣) بەسزمانی؛ ساویلکەیی؛ دڵ سافی؛ بێ فرۆفێڵی؛ سادەیی (٤) مێشک سووکی؛ مندانێتی؛ کەرێتی؛ بێ مێشکێتی؛ نەزانی (٥) کەسێکی ساویلکە، داوێن پاک، بێ تاوان، یا بێ مێشک (٦) جۆرە ڕووەکێکی گوڵ شین و سپەیە

innocent (in′ə-s'nt), *adj.* (١) داوێن پاک؛ پاک
(as ~ as a child)

(٢) بێ تاوان؛ بێ سووچ؛ بێ گوناه
(He was found ~ of all charges.)

(٣) زمان بەبەخش؛ بێ زیان؛ بێ وەی *(an ~ remark)*
(٤) سادەیلکە؛ بەسزمان
(٥) بەڕاڕ؛ بێ نەزان؛ سادە؛ نەشارەزا
(٦) بێ فرۆفێڵ؛ بێ مەبەست؛ سادە *(an ~ smile)*

n. (١) کەسێکی داوێن پاک (٢) کەسێکی ساویلکەو سادەو هیچ نەزان
(٣) منداڵ

innocuous (i-nok′ū-əs), *adj.* بێ زیان؛ زیان نەبەخش؛ بێ وەی

innovate (in′ə-vāt´), *v.i.* داهێنانی شتی تازە؛ تازەکردنەوە؛ شێواوو ڕێبازو نامێڕی نوێ بەکارهێنان لە کارو لە ژیاندا

innovation (in´ə-vā′shən), *n.* (١) شتی تازە؛ داهێنان؛ تازەکردنەوە؛ هەمیشە ڕێبازو نامێڕی تازە بەکارهێنان؛ ڕێی تازە دۆزینەوە بۆ شت کردن (٢) شتێکی تازە داهێنراو؛ ڕێبازێکی تازە؛ نامێزێکی تازە؛ داهێنراو

innovative (in′ə-vā´tiv), *adj.* تازەکەرەوە (ڕێباز، نامێر، شێواز)؛ داهێنەر؛ تازە؛ تازە دەستپێکراو؛
(an ~ artist, teacher, person; an ~ method)

innovator (in′ə-vā´tər), *n.* داهێنەری ڕێبازو شێوازو نامێزی تازە

innoxious (i-nok′shəs, in-nok′shəs), *adj.* بێ زیان؛ بێ وەی؛ زیان نەبەخش

innuendo (in´ū-en′dō), *n.* پلار؛ لاپلار؛ توانج؛ تەقە (مەجاز)؛ قسەی بە تۆنکل؛ ووتەی تۆنکدار

innumerable (in-nū′mər-ə-b'l), *adj.* لە ژماردن نایەت؛ ناژمێڕرێ؛ بێ شومار؛ لە ژمارە نەهاتوو

innumerous (i-nōō′mər-əs, in-nū′mər-əs), *adj.* = innumerable.

innutritious (in´nōō-trish′əs, in´ū-trish′əs), *adj.* نابژوێنی؛ کەلکی کەمە یا نییە بۆ تەندروستی (خواردەمەنی)

inobservance (in´əb-zûr′vəns), *n.* (١) سەرنج نەدان؛ بێ سەرنجی؛ گوێ نەدان (٢) پەیڕەوی نەکردن (یاسا، پەیمان، نەریت)
-inobservant *(adj.)*.

inoculate (in-ok′yoo-lāt´), *v.t.* (١) کوتان (پزیشکەوانی) (٢) خستنە مێشکەوە؛ مێشک پڕکردن لە

inoculation (in-ok´yoo-lā′shən), *n.* (١) کوتان (پزیشکەوانی) (٢) دەرمانی کوتان

inoculum (in-ok′yoo-ləm), *n.* دەرمانی کوتان

inodorous (in-ō′dər-əs), *adj.* بێ بۆن

inoffensive (in´ə-fen′siv), *adj.* بێ زیان؛ زیان نەبەخش؛ بێ وەی؛ ناپەسەند نییە؛ خراپ نییە؛ ناشرین نییە (ڕەووشت، کردەوە)

inofficious (in´ə-fish′əs), *adj.* (١) بێکار؛ کارنەکەر (٢) دژ بە سروشت یا پەیڕەوی کردنی نەریتو پەیوەندی خێزانی– (بە وەسیەتنامەیەک دەووترێ کە ئەوانەی مافی میراتی بردنیان هەیە هەمووبان تێدا بێ بەش کرابن بەبێ پیشاندانی هیچ هۆیەک)

inoperable (in-op′ər-ə-b'l), *adj.* (١) ناخرێتە کار؛ کاری پێ ناکرێ (٢) بۆ نەشتەرکاری ناشێ *(an ~ cancer)*

inoperative (in-op′ə-rā´tiv, in-op′ər-ə-tiv), *adj.* (١) کاری پێ ناکرێ (یاسا، پەیڕەو)؛ وەستێنراو (٢) ناکاریگەر؛ بێ ئەنجام؛ بێ کەڵک

inopportune (in-op´ər-tōōn′, in´op-ər-tūn′), *adj.* کاتی خۆی نییە؛ ناوەخت؛ نابەجێ *(an ~ time, visit, request, etc.)*

inordinate (in-ôr′d'n-it), *adj.* (١) ناڕێکوپێک؛ شێواو (٢) (a) لە ڕادە بەدەر؛ زیاد لە پێویست؛ نابەجێ *(~ demands)* (ب) جڵەونەگیراو؛ بەر بۆ بەرەڵاکراو؛ بەرەڵا؛ دابڕێ نەکراو؛ بێ سنوور *(~ passions)*

-inordinately *(adv.)*.

inorganic (in´ôr-gan′ik), *adj.* (١) نازیندەبەر؛ نائۆرگانیک *(Rocks and metals are ~ substances.)*
(٢) ناسرووشتی؛ دەستکرد
(٣) تایبەتی بە کیمیای نۆرگانیک

-inorganically *(adv.)*.

inorganization (in-ôr´gən-ī-zā′shən), *n.* تاریک ڕێبکی؛ شێواوی

inosculate (in-os′kyoo-lāt´), *v.i.* (١) بەیەکگەیشتنی سەرەکانیان (دەماری خوێن، بۆری)؛ لێکدان (ب) لەیەکەوەئاڵان (ئەرز)؛ ئاڵۆسکان (٢) تێکەڵاوبوون؛ بوون بەیەک؛ یەکگرتن

-inosculation *(n.)*.

inpatient (in′pā´shənt), *n.* نەخۆشی لە خەستەخانە کەوتوو

input (in′poot´), *n.* (١) ووزە یا تەوژمی نەلەکتریکی خراوەناو مەکینەیەکەوە؛ تێخراو (٢) زانیاری خراوەناو کۆمپیوتەرەوە بۆ چارەسەر– کردنی (٣) شتێکی پێشکەش کراو یا خراوە بەرچاو (پێشنیار، ڕەخنە)
(The director is asking for our ~ concerning this matter.)

inquest (in′kwest), *n.* (١) لێکۆڵینەوەیەکی دادگەری لە مردنێکی ناکاوی و ناسرووشتی (بەتایبەتی لە بەردەم دەستەی سوێندخواراندا) (٢) دەستەی لێکۆڵەرەوەی وەها (٣) ئەنجامو بڕیاری لێکۆڵینەوەیەکی وەها (٤) لێکۆڵینەوە؛ ساغ کردنەوە

inquietude (in-kwī′ə-tōōd´, in-kwī′ə-tūd´), *n.* بێ ئارامی؛ بێ سەروتی؛ نەسرەوتن

inquire (in-kwīr′), *v.i.* (۱) پرسین؛ پرسیارکردن. (۲) ~ into ، لێکۆڵینەوە؛ ساغ کردنەوە؛ لێ وردبوونەوە.
inquire after, لێ پرسینەوە لە تەندروستی کەسێک.
inquiry (in-kwīr′i, in′kwə-ri), *n.* (۱) پرسین؛ پرسیارکردن (۲) لێکۆڵینەوە؛ ساغ کردنەوە؛ وردبوونەوە (۳) پرسیار؛ پرس.
inquisition (in′kwə-zish′ən), *n.* (۱) لێکۆڵینەوە؛ ساغ کردنەوە؛ لێ وردبوونەوە (۲) inquest. (۳) [I-] (ا) بۆ گەڕان و سزادانی بێ بڕوایان لەلایەن کڵێسەی کاسۆلیکەوە (ب) دادگای کڵێسە لە سەدەی سیانزەهەمدا بۆ سزادانی کفرکردن و کافران (ج) نیشوکاری ئەم دادگایە.
-inquisitional *(adj.).*
inquisitive (in-kwiz′ə-tiv), *adj.* (۱) حەز بە شت زانین کەر؛ حەزکەر بە پرسیارکردن و فێربوون: *(to have an ~ mind)* . (۲) حەزکەر بە دۆزینەوە و زانینی دەنگوباس و شتی نهێنی زیاد لە پێویست: *(She is very ~ .)*
-inquisitively *(adv.)*; **inquisitiveness** *(n.).*
inquisitor (in-kwiz′ə-tēr), *n.* (۱) لێکۆلەرەوە. (۲) [I-] کاربەدەست یا دادپرسێکی دادگای کڵێسە (ژمارە سێی ووشەی پێشوو ببینە.
-inquisitorial *(adj.).*
inroad (in′rōd′), *n.* (۱) پەلامار؛ هێرش؛ شاڵاو؛ بەردەباران. (۲) کەلە؛ کەلەلێکردن؛ دەستدرێژی؛ زیان؛ بنکەن: *(These long hours will make ~s on your health.)*
insalivate (in-sal′ə-vāt′), *v.t.* خواردەمەنی و تف تێکەلاوکردن لەکاتی جوێدا
insane (in-sān′), *adj.* (۱) شێت؛ مێشک تێکچوو. (۲) تایبەتی بە شێتان؛ هی شێتان: *(an ~ asylum)* . (۳) شێتانە؛ بێ مێشکانە؛ نابەجێ؛ بێ مانا: *(an ~ idea)* .
-insanely *(adv.).*
the insane, شێتان؛ خەڵکی شێت
insanitary (in-san′ə-ter′i), *adj.* ناتەندروستی؛ پیس و پۆخڵ؛ بۆ تەندروستی خراپە: *(~ conditions, houses, etc.)* .
insanitation (in-san′ə-tā′shən), *n.* پیس و پۆخڵی؛ ناپاکوتەمیزی؛ ناتەندروستی
insanity (in-san′ə-ti), *n.* (۱) شێتی؛ شێتێتی؛ مێشک تێکچوون (۲) نابەجێیی؛ بێ مێشکی؛ کەرێتی؛ بێ مانایی
insatiable (in-sā′shə-b'l. in-sā′shi-ə-b'l), *adj.* تێربەخۆر؛ هەرگیز تێر نابێ؛ تێربوونی بۆ نییە؛ چاوبرسی: *(an ~ person; ~ desires)*
-insatiability *(n.)*; **insatiably** *(adv.).*
insatiate (in-sā′shi-it), *adj.* = insatiable.
inscribe (in-skrīb′), *v.t.* (۱) لەسەر هەڵکەندن (ناو، ووتە، نیشانە، دروشم) : *(to ~ a name on a tombstone)* (۲) ناو خستنەسەر لیستەیەک؛ ناونووسین. (۳) پێشکەش کردنی پەرتووکێک بۆ کەسێک (بە نووسینی چەند ووتەیەک لەسەرەتای پەرتووکەکەدا). (٤) لە مێشکدا چەسپاندن. (٥) دروستکردنی وێنەیەکی نەندازەیی لەناو وێنەیەکی تردا بە مەرجێک لە زۆرترین شوێندا کەمەرەکانیان لەیەکتر بدەن (نەندازە).
inscription (in-skrip′shən), *n.* (۱) ناو یا نیشانە لەسەر هەڵکەندن. (۲) شتی لەسەر هەڵکەنراو (ناو، نیشانە، دروشم، ووتە)؛ شتی نووسراو؛ نووسین *(The ~ on the monument, the coin, the medal, etc.)* . (۳) پێشکەش کردنی پەرتووکێک بە یەکێک لە سەرەتای پەرتووکەکەدا.
-inscriptional *(adj.)*; **inscriptive** *(adj.).*
inscrutable (in-skrōō′tə-b'l), *adj.* سەری لێ دەرناکرێ (مەسەلە، نووسراو)؛ ناخوێنرێتەوە؛ کەس ناتوانێ تێی بگات (مەسەلە، پاس، مرۆڤ،

شوێن)؛ لێڵ؛ هەست و نەستی نازانرێ؛ مەبەستی نازانرێ: *(an ~ person, people, look, country, face, etc.)*
-inscrutability *(n.)*; **inscrutableness** *(n.).*
insect (in′sekt), *n.* مێروو؛ جانەوەر؛ جڕوجانەوەر؛ مێشوومەگەز.
insectarium (in′sek-târ′i-əm), *n.* (۱) مێرووخانە (بۆ لێکۆڵینەوە)؛ جڕوجانەوەرخانە (۲) مێرووی پەروەردەکراو بۆ لێکۆڵینەوە
insectary (in′sek-ter′i), *n.* = insectarium.
insecticide (in-sek′tə-sīd′), *n.* مێرووکوژە؛ مێرووکوژ (دەرمان)؛ دەرمانی جانەوەرکوژ؛ دەرمانی مێشوومەگەز لەناوبردن.
insectile (in-sek′til), *adj.* (۱) مێرووبی؛ هی مێشوومەگەز؛ جانەوەری. (۲) لە مێروو یا جانەوەر پێکهاتوو.
insectivore (in-sek′tə-vôr′, in-sek′tə-vōr′), *n.* گیاندار یا پووەکی مێروخۆر.
insectivorous (in′sek-tiv′ĕr-əs), *adj.* مێروخۆر؛ جانەوەرخۆر.
insectology (in′sek-tol′ə-ji), *n.* مێروناسی؛ جانەوەرناسی؛ زانستی جڕوجانەوەر.
insecure (in′si-kyoor′), *adj.* (۱) مەترسیدار؛ پڕ مەترسی؛ مەترسی لێکراو؛ بێ ئاسایش. (۲) بڕوا بە خۆ نەبوو؛ ناڕاسوودە؛ ترساو؛ بە ترس: *(an ~ person, child, etc.)*
(۳) شلۆق؛ پشت پێ نەبەستراو؛ نەچەسپیو
insecurity (in′si-kyoor′ə-ti), *n.* (۱) مەترسی (۲) بڕوا بە خۆ نەبوون؛ ترس؛ ترسان. (۳) شلۆقی؛ نەچەسپاوی؛ پشت پێ نەبەستران.
inseminate (in-sem′ə-nāt′), *v.t.* سکپڕکردن؛ لێ پەرین؛ پیتاندن؛ تۆماو تێکردن؛ چاک کردن؛ لێ چاک کردن.
-insemination *(n.)*; **inseminator** *(n.).*
insensible (in-sen′sə-b'l), *adj.* (۱) بێ هەست؛ هەست مردوو؛ هەست بە هیچ نەکەر. (۲) بێ هۆش؛ لە هۆش خۆ چوو. (۳) گوێ نەدەر؛ بێباک؛ بێ دەربەست؛ بێ ئاگا (٤) ناشرین (کردەوە، ڕەووشت)؛ نابەجێ؛ بێ مانا؛ دژی خەڵک ڕێنەگر؛ بێ هەست؛ بێ هەستانە: *(an ~ person, act; ~ behavior)* . (٥) نەوەندە کەمە هەستی پێ ناکرێ.
-insensibility *(n.)*; **insensibly** *(adv.).*
insensitive (in-sen′sə-tiv), *adj.* (۱) هەست پێ نەکەر؛ هەست نەکەر؛ هەست مردوو: *(~ to beauty, touch, etc.)* . (۲) بێ هەست (بەرامبەر بە خەڵک)؛ بێ دەربەست؛ گوێ نەدەر؛ کاری تێ ناکرێ: *(~ to people's wishes)* .
-insensitivity *(n.)*; **insensitiveness** *(n.).*
insentient (in-sen′shi-ənt, in-sen′shənt), *adj.* بێ گیان؛ بێ هۆش؛ بێ ژین.
inseparable (in-sep′ĕr-ə-b'l), *adj.* لە یەکتر جیا نابنەوە؛ لە یەکتری جیا ناکرێنەوە؛ هەمیشە پێکەوەن: *(~ friends)* *n.pl.* کەسانی هەمیشە بەیەکەوە و لەیەک جیانەبووەوە
insert (in-sûrt′), *v.t.* (۱) تێخستن؛ خستنەناو؛ خستنە نێوانەوە. *(to ~ a key in a hole or an advertisment in a newspaper)*
(۲) خستنەسەر؛ خستنەناو؛ دانەدەم: *(to ~ a sentence in a paragraph)*
n. شتی تێخراو (بەتایبەتی پەڕەیەکی زیادە لەناو ڕۆژنامە یا پەرتووکێکدا).
insertion (in-sûr′shən), *n.* (۱) تێخستن؛ خستنەناو؛ خستنەسەر. (۲) شتێکی تێخراو (ڕستەی زیادە لەناو بەندا، بڵاوکراوەیەک لە ڕۆژنامەدا... هتد). (۳) شێوەو جێی لێکدانی ماسولکە یا نەندامی لەش. (٤) تیرە، تیلماسک، یا نەقشێک کە دەدرێتە دەم جل و بەرگ.
inset (in-set′), *v.t.* خستنەناو؛ تێخستن.
n. شتێکی تێخراو یا خراوەسەر (بەتایبەتی وێنە یا نەخشەیەکی بچووک کە دەخرێتەسەر یا ناو وێنە یا نەخشەیەکی گەورەتر)

inshore (in′shôr´, in′shōr´), *adv. & adj.* (۱) بەرەو دەراغی دەریا (۲) نزیک قەراغی دەریا؛ لە نزیک قەراغی دەریا دەکرێت

inside (in´sīd′, in′sīd´), *n.* (۱) ناوەوە؛ ناو؛ ژوورەوە؛ لە ناوەوە؛ ناوەکەی (۲) دیوی ناوەوە (۳) ناوەڕاست (٤) دەروون؛ هەستو نەست (٥) (*pl.*) [Colloq.]، ناوسك؛ ڕیخۆلە؛ هەناو (٦) [Slang]، دەنگوباسی نهێنی

adj. (۱) ناوەکی؛ ناوەوە؛ هی ناوەوە (۲) بۆ ناوەوە گونجاو یا باش (۳) لەناومالدا بەکارهێنراو؛ هی ناومال (٤) نهێنی تەنها کەسانی نزیک دەیزانن

(~ information; the ~ story)

adv. (۱) لە ناوەوە؛ ناوەکی (۲) لەناومالدا

prep. (۱) لە ماوەی؛ بە کەمتر لە (کات) (۲) بۆناو؛ بەرەو

inside of, [Colloq.], بە کەمتر لە (کات)؛ لە ماوەی

(inside of a week)

inside out, (۱) ناوەڕوو؛ بە هەڵگەڕاوەیی (۲) بە وردی؛ زۆرباش؛ هەموی

. (to know something inside out)

on the inside, نزیك لەوانەوە کە شتیان بە دەستە

insider (in´sīd′ēr), *n.* (۱) ئەندامی بەدەسەڵاتی دەستە یا کۆمەڵێك (۲) کەسێکی نزیك بەوانەی شتیان بە دەستە؛ کەسێکی بە ئاگاو بەدەسەڵات لە کۆمەڵە. حیزب، یا فەرمانڕەواییدا؛ کەسێکی خۆیی

inside track, (۱) دیوی ناوەوەی مەیدانی پێشبڕکێ، واتە دیوە کورتترەکە (۲) بارێکی باش، زاڵ، یا خاترگیراو لە ملمەلێیەکدا

(One candidate for the job had the ~ .)

insidious (in-sid′i-əs), *adj.* (۱) پیس کردەوە؛ مرۆڤ؛ فێڵباز؛ نهێنکر؛ مەجاز؛ ناپاك

(an ~ enemy, remark, etc.)

(۲) هەستی پێ ناکرێ هەتا وورده وورده تەشەنە دەکات؛ نهێنگر (مەجاز)

(an ~ disease)

-insidiously *(adv.)*; **insidiousness** *(n.).*

insight (in′sīt´), *n.* (۱) ڕێ بەرچی؛ تێڕوانینی؛ سەرنج تێژی؛ توانای بەش بینین و تێگەیشتن

(a man of ~ ; ~ into human character)

(۲) تێگەیشتن لە ئەنجام یا بە بەکارهێنانی ڕێ بەدەیی

(to gain an ~ into a person's mind)

insignia (in-sig′ni-ə), *n.pl.* دروشم، کۆمەڵە، ئەندامێتی، پلەوپایەی کارمەندەستی وەك ئەفسەرو پۆلیس)؛ نیشان

insignificance (in´sig-nif′ə-kəns), *n.* ناگرنگی؛ بێ بایەخی؛ هیچ‌وپووچی؛ بێ نرخی

insignificancy (in´sig-nif′ə-kən-si), *n.* (۱) ناگرنگی؛ هیچ‌وپووچی؛ بێ بایەخی؛ بێ نرخی (۲) کەسێك یا شتێکی هیچ‌وپووچ

insignificant (in´sig-nif′ə-kənt), *adj.* (۱) هیچ‌وپووچ؛ ناگرنگ؛ بێ نرخ؛ بێ بایەخ (۲) بچووك؛ کەم (۳) بێ مانا

insincere (in´sin-sēr′), *adj.* ناپاك؛ دڵسۆز؛ دووڕوو؛ پشت بێ بەبەستراو

insincerity (in´sin-ser′ə-ti), *n.* ناپاکی؛ دڵسۆزی؛ دووڕوویی؛ پشت بێ بەبەستران

insinuate (in-sin′ū-āt), *v.t.* (۱) بە خشپەو دانایانە خۆبردنە-پێشەوەو چوونەناو (۲) بە لاتیل پێ ووتن؛ وا گەیاندن؛ لاپلار تێگرتن؛ دەربڕین بە ناڕاستەوخۆ

. (He ~d his doubt of her ability.)

insinuating (in-sin′ū-ā´tiŋ), *adj.* (۱) گومان پەیداکەر؛ لاپلار؛ ناڕاستەوخۆ ئاماژە؛ ووتە)

(~ remarks)

(۲) خۆ لا شیرینکەر؛ پڕ لە مەرایی و خۆبردنەپێشەوە

. (a silky ~ voice)

insinuation (in-sin´ū-ā′shən), *n.* (۱) توانج هاویشتن؛ لاپلار تێگرتن؛ بە لاتیل پێ ووتن (۲) توانج؛ لاپلار؛ قسەی بە تۆنکل (۳) مەرایی؛ کردەوە یا ووتەی خۆ لێ بردنەپێشەوە

insipid (in-sip′id), *adj.* (۱) بێ تام؛ ناخۆش

. (~ food)

(۲) (ا) ووشك (دەمەتەقێ، چیرۆك)؛ بێ تام (مەجاز)

(~ conversation; an ~ story)

(ب) ووشك و بێ مێشك و هەست مردوو

. (pretty but ~ young lady)

-insipidity *(n.).*

insipience (in-sip′i-əns), *n.* کەرێتی؛ بێ مێشکی

insipient (in-sip′i-ənt), *adj.* کەر؛ بێ مێشك

insist (in-sist′), *v.i. & v.t.* سووربوون لەسەر؛ پێ لێ داگرتن؛ بە زۆر داواکردن؛ ووڕك گرتن

(He ~s on the rights of minorities.; I ~ that you come.; Don't agree unless he ~s.)

insistence (in-sis′təns), *n.* سوور بوون لەسەر؛ پێ لێ داگرتن؛ زۆرلێکردن؛ بە زۆر داواکردن؛ ووڕك گرتن

insistent (in-sis′tənt), *adj.* (۱) سوور لەسەر؛ ووڕگر؛ کۆڵنەدەر لە داواکردن (۲) سەرنج ڕاکێش

insofar (in´sō-fär′, in-sə-fär′), *adv.* ئەوەندەی کە؛ بەو ڕادەیەی کە

(Insofar as I can say now, I shall come.)

insolate (in′sō-lāt´), *v.t.* لەبەر هەتاو هەڵخستن

insolation (in´sō-lā′shən), *n.* (۱) لەبەر هەتاو هەڵخستن (۲) چارەکردنی نەخۆشی بە تیشکی خۆر (۳) گەرمابردن؛ خۆرانگار؛ هەتاوگار (٤) (ا) تیشکی پۆژی کەوتەسەر زەوی (ب) ڕادەی ئەم تیشکە

insolence (in′sə-ləns), *n.* (۱) لووت بەرزی؛ لەخۆبایی بوون؛ فیز؛ تێزڵ؛ کەشوفش (۲) بێ حەیایی؛ بێ شەرمی؛ چاوقایمی (۳) کردەوەیەکی لووت بەرزانە یا بێ حەیایانە

insolent (in′sə-lənt), *adj.* (۱) لەخۆبایی؛ لووت بەرز؛ بەفیز؛ تێزڵ (۲) بێ حەیا؛ بێ شەرم؛ چاوقایم

insoluble (in-sol′yoo-b'l), *adj.* (۱) بێ چارە؛ چارەسەری ئەبێ؛ چارەسەر ناکرێ (۲) ناتوێنەوە

-insolubility *(n.).*

insolvable (in-sol′və-b'l), *adj.* بێ چارە؛ چارەسەری ئەبێ؛ چارە ناکرێ

insolvency (in-sol′vən-si), *n.* نابووتی؛ مایەپووتی؛ قەرز بۆ نەدرانەوە

insolvent (in-sol′vənt), *adj.* (۱) نابووت؛ مایەپووت (۲) بەشی قەرزدانەوە ناکات (میرات) (۳) تایبەتی بە مایەپووتی یا مایەپووتان

n. کەسێکی مایەپووت

insomnia (in-som′ni-ə), *n.* خەوزڕان؛ خەو لێ نەکەوتن

-insomnious *(adj.).*

insomniac (in-som′ni-ak´), *n.* کەسێك کە تووشی خەوزڕان بووبێ و خەوی لێ نەکەوێ

insomuch (in´sō-much′, in´sə-much′), *adv.* (۱) بەڕادەیەك؛ بە ڕادەیەك کە (۲) (~ as)، لەبەرئەوەی؛ چونکە

inspect (in-spekt′), *v.t.* (۱) پشکنین؛ بە وردی سەیرکردن (بۆ کەوکووڕی)؛ گەڕان؛ لێ وردبوونەوە

(to ~ a house, a car, a suitcase, someone's work, etc.)

(۲) بەسەرکردنەوە

. (to ~ troops)

inspection (in-spek′shən, *n.* (۱) پشکنین؛ بە وردی گەڕان یا سەیرکردن (بۆ کەموکووڕی) (۲) بەسەرکردنەوە (لەشکر)

inspector (in-spek′tēr), *n.* (۱) پشکنیار؛ پشکنەر (۲) ئەفسەری بەرزی پۆلیس

-inspectorship *(n.).*

inspiration (in´spə-rā′shən), *n.* (۱) هەناسە هەڵکێشان؛ هەناسە وەرگرتن (۲) سرووش پێدان؛ سرووش؛ وەحی (۳) هاندان؛ بزواندن؛ بزوێنەر؛ میشك بزوێنەر؛ پێشنیار؛ پێ ووتن

-inspirational *(adj.)*.

inspire (in-spīr′), *v.t.* (۱) (ـ) فووتێکردن؛ فووپیاکردن.
(ب) ژیاندنەوە یا گیان پێدان بە فووپیاکردن.
(۲) هەناسە هەڵکێشان؛ هەناسە وەرگرتن.
(۳) کارتێکردن؛ بزواندن؛ خستنە جم‌وجوڵ؛ هاندان
(٤) سرووش پێدران لە خوداوە. *(God ~d the Bible.)*
(٥) ڵ بوونەوە بوون بە هۆ ئەنجام دران *(Kindness ~s love.)*.
(٦) تێدا دروستکردن یا پەیداکردن: *(It ~d fear in their hearts.)*.

v.i. (۱) هەناسە هەڵکێشان؛ هەناسە وەرگرتن.
(۲) هاندان؛ بزواندن؛ خستنە جم‌وجوڵ.

inspirit (in-spir′it), *v.t.* ژیاندنەوە بووژاندنەوە؛ جۆشدان؛ دڵخۆش کردن

instability (in′stə-bil′ə-ti), *n.* ناناسوودەیی؛ بێ ئاسوودەیی؛ پشێوی؛ شڵەژاوی؛ دانەمرکاوی؛ نەچەسپیوی؛ شڵۆقی؛ شڵ‌وشۆقی: *(~ in a country, a family, a person, etc.)*

instable (in-stā′b'l), *adj.* = unstable.

install (in-stôl′), *v.t.* (۱) دانان بە فەرمانڕەوا یا کاربەدەستێکی گەورە بە ئاهەنگەوە: *(to ~ a president, a governor, a government, etc.; to ~ in office)*
(۲) جێی خۆ خۆش کردن؛ جێی خۆ کردنەوەو تیا دانیشتن.
(۳) تیا دانان (ئەئەفۆن، ئەلەکتریك؛ بەلوعە.... هتد). *(to ~ a telephone, a heating or lighting system in a house)*

installation (in′stə-lā′shən), *n.* (۱) دانان یا دانران بە فەرمانڕەوا؛ دامەزراندن؛ چەسپاندن (۲) مەکینەو کەرەسەی دانراو یا دامەزراو: *(a heating, lighting, or telephone ~)*
(۳) بنکەی سوپا؛ نۆردرگا: *(military ~s)*.

installment, instalment (in-stôl′mənt), *n.* (۱) قیست؛ قیستی ماڵگانە (۲) ئەڵقەی چیرۆکێکی زنجیرەیی (کە بە چەند جارێك دەردەچێ) *(The story was published in ~s.)*.

installment, instalment (in-stôl′mənt), *n.* installation.

instance (in′stəns), *n.* (۱) داوا؛ نکا؛ داواکردن (۲) وێنە؛ نموونە.
(۳) جار؛ کەرەت: *(in the first ~)*.
(٤) [] هۆ؛ پاڵنەر
(٥) داو؛ دۆخ

v.t. (۱) پێشنیار؛ دەرخستن؛ دەرکەوتن. (۲) نموونە هێنانەوە؛ نموونە دان.

for instance, بۆ نموونە بۆ وێنە

instant (in′stənt), *adj.* (۱) پەلە؛ دەبێ دەستبەجێ بکرێ؛ ناخرنتە بنست گوێ (۲) هی ئەم مانگە: *(in reply to your letter of the 19th ~)*
(۳) خەریکە پوودەدات؛ لە پوودانایە.
(٤) کوتوپڕ دەستبەجێ؛ خێرا.
(to feel ~ relief after taking a dose of medicine)
(٥) کوتوپڕ ئامادە دەکرێ (وەك قاوەی ووشکی ئامادەکراو کە تەنها ئاوی دەکرێ بەسەراو دەخورێتەوە)؛ یەکسەری؛ هەناسەیەکی پێ دەچێ: *(~ coffee)*

n. (۱) خولەك؛ چرکە؛ هەناسە (کات): *(I will be back in an ~ .)*
(۲) کاتێکی تایبەتی

on the instant, خێرا؛ یەکسەر؛ کوتوپڕ

the instant, هەر کە؛ کوتوپڕ کە؛ یەکسەر کە: *(I will let you know the instant he arrives.)*

instantaneous (in′stən-tā′ni-əs), *adj.* (۱) یەك چرکەیی؛ یەك هەناسەیی؛ لە یەك هەناسەدا دەبێ یا پوودەدات
(۲) کوتوپڕی؛ یەکسەری؛ دەمودەستی؛ خێرا: *(an ~ reply)*.

-instantaneously *(adv.)*.

instanter (in-stan′tĕr), *adv.* کوتوپڕ؛ یەکسەر؛ دەمودەست.

instantly (in′stənt-li), *adv.* (۱) بەپەلە.
(۲) دەستبەجێ؛ زوو بە زوو؛ کوتوپڕ؛ یەکسەر؛ دەمودەست؛ خێرا: *(I went there ~ to help.)*

instead (in-sted′), *adv.* لەباتی؛ لەجیاتی؛ لەبریتی؛ لەبری: *(Since we had no honey, we used sugar ~ . ; I asked for an orange, but she gave me an apple ~ .)*

instead of. لەباتی؛ لەبریتی؛ لەبری؛ لەجیاتی؛ لەجێی: *(I will go instead of you.)*

instep (in′step′), *n.* (۱) شانەی پێ
(۲) ئەو بەشەی گۆرەوی یا پێڵاو کە شانەی پێ دادەپۆشێ.
(۳) دیوی پێشەوەی لاقی ئەسپ لەنێوان پاشوو قولەقاچدا.

instigate (in′stə-gāt′), *v.t.* هاندان؛ پاڵ پێوەنان؛ جۆشدان؛ نانەوە (شەڕ)؛ فیتدان؛ ڕێ بۆ خۆش کردن: *(to ~ a rebellion, a quarrel, etc.; to ~ workers to go out on a strike)*

-instigation *(n.)*; instigator *(n.)*.

at the instigation of, بە هاندانی (فلان کەس یا لا)؛ بەفیتی

instill, instil (in-stil′), *v.t.* (۱) تێکردن دڵۆپ دڵۆپ
(۲) (~ in; ~ into)، خستنە مێشکەوە بەرەبەرە؛ لە مێشکدا چەسپاندن یا ناشتن

-instillation *(n.)*; instillment *(n.)*.

instinct (in′stiŋkt), *n.* (۱) زگماك؛ هەست‌و هۆشی؛ زگماکی یا سروشتی: *(Suckling is an ~ in mammals.)*.
(۲) بەهرە؛ توانای زگماکی؛ سەلیقە: *(to have an ~ for music; She has an ~ for doing the right thing.)*

adj. پڕ لە: *(~ with emotions)*.

instinctive (in-stiŋk′tiv), *adj.* زگماکی؛ خۆیی؛ لە خۆوە *(an ~ reaction)*

-instinctively *(adv.)*.

instinctual (in-stiŋk′choō-əl), *adj.* زگماکی؛ خۆیی.

institute (in′stə-tōōt′, in′stə-tūt′), *v.t.* (۱) دامەزراندن؛ دانان؛ هێنانەکایەوە: *(to ~ a custom or rule)*.
(۲) دەستپێکردن؛ کردن: *(to ~ an investigation, changes, etc.)*.
(۳) دامەزراندن یا دانان لەسەر کار؛ دانان بە کاربەدەستی گەورە

n. (۱) (ا) پەیڕەو؛ ڕێباز؛ بنەما؛ یاسا؛ دەزگا.
(ب) کورتەی ئەم پەیڕەو یا یاسایانە. (۲) (ا) دانشگا؛ ئامۆژگا.
(ب) خانووی دانشگایەك. (ج) دانشگای پیشەسازی
(د) دانشگایەکی بەرزی لێکۆڵینەوەو خوێندن.
(هـ) بەرنامەیەکی کورتی تایبەتی خوێندن.

institution (in′stə-tōō′shən, in′stə-tū′shən), *n.* (۱) دانان؛ دامەزراندن؛ هێنانەکایەوە؛ دەستپێکردن. (۲) نەریت؛ خوونەریتی کۆمەڵایەتی؛ پەیوەندی‌و دام‌و دەزگای کۆمەڵایەتی: *(Marrige as an ~ is under attack.)*
(۳) (ا) ئامۆژگا؛ دانشگا: *(~s of higher learning)*
(ب) دەزگا (دانشگا، قوتابخانە، مزگەوت، کڵێسە، بەندیخانە، شێتخانە، خەستەخانە،... هتد)
(٤) شوێن یا خانووی ئەم جۆرە دەزگایە
(٥) شێتخانە؛ بەندیخانە
(٦) [Colloq.]، کەسێك یا شتێك کە بووبێ بە بەشێکی هەمیشە لە ئارادای ژیانی کۆمەڵایەتی: *(He is an ~ .)*
(۷) کۆمەڵە یاسا و پەیڕەوێك

-institutional *(adj.)*.

institutionalism (in′stə-tū′shən-'l-iz′im), *n.* (۱) بڕوا پێ بوون‌و لایەنگیرکردنی دەزگاکانی کۆمەڵ بەتایبەتی ئاین. (۲) بەخێوکردن‌و

ئاگا لێ بوونی بێ کەسان و هەژاران لەلایەن دەزگا کۆمەڵایەتییەکانەوە.

institutionalize (in´stə-tū´shən-'l-īz´), *v.t.* (۱) کردن بە دەزگایەکی چەسپیو لە کۆمەڵدا. (۲) خستنە شێتخانە یا بەندیخانەوە.

instruct (in-strukt´), *v.t.* (۱) فێرکردن؛ وانە ووتنەوە؛ پەروەردەکردن لە قوتابخانەدا (۲) نامۆژگاری کردن؛ بۆ ڕوون کردنەوە؛ پێ ڕاگەیاندن؛ ڕابەری کردن: *(The judge ~s the jury.)* . (۳) فەرمان پێدان؛ پێ ووتن: *(The officer ~ed his soldiers to shoot.)*

instruction (in-struk´shən), *n.* (۱) فێرکردن؛ پەروەردەکردن (قوتابخانە)؛ وانە ووتنەوە (۲) زانیاری؛ زانست (۳) فەرمان؛ نامۆژگاری؛ ڕابەری؛ ڕێنمایی

-instructional *(adj.).*

instructive (in-struk´tiv), *adj.* فێرکەر؛ بەکەڵک (پەند)؛ چاوکەرەوە: *(an ~ lesson, experience, book, trip, etc.)*

instructor (in-struk´tĕr), *n.* مامۆستا؛ وانەبێژ؛ فێرکار؛ مامۆستای پلە نزمی کۆلیج یا زانکۆ

instructorship (in-struk´tĕr-ship´), *n.* پلەی مامۆستایەتی؛ مامۆستایی؛ کاری مامۆستایەتی

instrument (in´stroo-mənt), *n.* (۱) هۆ مرۆڤ شت؛ دەسکەلا پێکار *(to be the ~ of a person's death)* . (۲) ئامێر (بەتایبەتی هی زانیاری یا وورەکاری)؛ پێکار (۳) ئامێری مۆسیقی *(a musical ~)* . (٤) بڕوانامەیەکی یاسایی (کۆمپیالە، سەندە، قۆنتەرات، تاپۆ).

v.t. (۱) نووسین یا ئامادەکردنی بڕوانامەیەکی یاسایی. (۲) ڕێکخستن و گونجاندنی ئاوازو ئامێری مۆسیقی.

instrumental (in´stroo-men´t'l), *adj.* (۱) بەکەڵک؛ گرنگ؛ بەکار؛ ئەنجامدەر؛ یارمەتیدەر: *(to be ~ in finding work for a friend)* . (۲) (۱) ئامێری (مۆسیقا)؛ بە ئامێر لێدەری یا دەژەنری: *(~ music)* . (ب) بۆ ئەوە نووسراوە یا دانراوە کە بە ئامێر لێ بدرێت (مۆسیقا).

instrumentalism (in´stroo-men´t'l-iz'm), *n.* تیۆری‌یەکە کە دەڵێت بیرویاوەڕ تەنها هۆیەکە بۆ کردنی شتێک وە ئرخی بیرویاوەڕ بە سەرکەوتنی کردارەکەوە بەستگە.

instrumentalist (in´stroo-men´t'l-ist), *n.* (۱) مۆسیقاژەن؛ مۆسیقانێدەر (۲) لایەنگری تیۆری " instrumentalism "

instrumentality (in´stroo-men-tal´ə-ti), *n.* (۱) کەڵک بوون؛ کاریگەری بە ئەنجام گەیەنەری (۲) هۆ

instrumentation (in´stroo-men-tā´shən), *n.* (۱) ئامێر بەکارهێنان لە کارێکدا. (۲) ڕێکخستن و گونجاندنی ئاواز لەگەڵ ئامێری مۆسیقادا: ئاوازگەری (۳) لێکۆڵینەوەو پێشخستن و دروستکردنی ئامێری زانیاری

instrument flying, فڕینی فڕۆکە بە ئامێر

instrument panel, دەشبوول؛ تەڵاب یا تەختەی پارچەی لێخوڕین (فڕۆکە، ئوتومبیل)

insubordinate (in´sə-bôr´d'n-it), *v.t.* لێ هەڵگەڕاوەو؛ بەقسە نەکردن؛ یاخی بوون؛ بە گوێ نەکردن

insubordination (in´sə-bôr´d'n-ā´shən), *n.* لێ هەڵگەڕاوەو؛ بەقسەنەکردن؛ یاخی بوون؛ بە گوێ نەکردن؛ قسە پێ ووتنەوە

insubstantial (in´səb-stan´shəl), *adj.* (۱) خەیاڵی؛ بوونی نییە (۲) نابەتەو؛ لاواز؛ بێ هێز؛ شلۆق؛ هیچ؛ کەم.

insufferable (in-suf´ĕr-ə-b'l), *adj.* لەگەڵی دەرنابرێ؛ لەگەڵی هەڵناکرێ؛ لە ووزە بەدەر *(~ insults; an ~ person)* .

insufficiency (in´sə-fish´ən-si), *n.* (۱) بەش نەکردن؛ کەمی؛ کەموکوڕی (۲) شتێکی کەم یا بەش نەکردوو

insufficient (in´sə-fish´ənt), *adj.* کەم؛ ناتەواو؛ بەش ناکات؛ بەس نییە؛ کەموکوڕ

-insufficiently *(adv.).*

insular (in´sə-lĕr, in´syoo-lĕr), *adj.* (۱) دوورگەیی (۲) لە دوورگە ژیاو؛ دوورگە نیشتەنی. (۳) جیا (وەک دوورگە)؛ دابڕاو؛ دوور؛ پچڕاو؛ گۆشەگر. (٤) بیرومێشک تەسک. (٥) تایبەتی بە شانەو تێشووی پەڕ؛ لا تەریک، یا جیا.

-insularity *(n.).*

insulate (in´sə-lāt´, in´syoo-lāt´), *v.t.* (۱) جیاکردنەوە؛ دابڕین؛ دابڕکردن؛ لێ پچڕاندن. (۲) جیاکردنەوەو پاراستن؛ دەورگرتن یا داپۆشین بە ماددەیەکی ئەلەکتریک، گەرما، سەرما، یا دەنگ نەگەیێن.

insulation (in´sə-lā´shən, in´syoo-lā´shən), *n.* (۱) پاراستن؛ جیاکردنەوەو پاراستن؛ دەورگرتنو پاراستن بە ماددەیەکی ئەلەکتریک، گەرما، سەرما، یا دەنگ نەگەیێن؛ بابڕکردن؛ هەوابری (۲) ماددەی نەگەیەنەر؛ جیاکەر، یا لادەر.

insulator (in´sə-lā´tĕr, in´syoo-lā´tĕr), *n.* نەگەیێنی؛ نەگەیەنەری ئەلەکتریکی.

insulin (in´sə-lin, in´syoo-lin), *n.* ئەنسۆلین: دەرمانی نەخۆشی شەکرە.

insult (in´sult), *n.* ڕووشکاندن (بە ووتە یا کردەوە)؛ قسەی سووک؛ سووکی.

v.t. (۱) ڕووشکاندن (بە کردەوە یا بە قسە)؛ شکاندن؛ قسەی سووک پێ ووتن؛ سووک کردن. (۲) [Obs.]، هێرش بردنە سەر؛ پەلامارداڵ.

v.i. [Archaic]. بە لووت بەرزی و لەخۆبایینێتی ڕەفتار نووانڈن.

insuperable (in-sū´pĕr-ə-b'l), *adj.* زاڵبووڵی بەسەردا بۆ نەیە؛ ناشکێنرێ؛ کۆڵی پێ نادرێ: *(~ barriers, difficulties, etc.)*

insupportable (in´sə-pôr´tə-b'l), *adj.* (۱) لەگەڵی هەڵناکرێ؛ لە ووزە بەدەر. (۲) ناڕەوا؛ بێ بناغە؛ بێ پاڵپشت: *(an ~ claim)*

insuppressible (in´sə-pres´ə-b'l), *adj.* ناشارێتەوە؛ دابێن ناکرێ؛ داناموکێتەوە؛ ڕێی لێ ناگیرێ؛ دەمکوت ناکرێ.

insurable (in-shoor´ə-b'l), *adj.* بیمە دەکرێت.

insurance (in-shoor´əns), *n.* (۱) بیمە؛ پاراستن (۲) ئرخی بیمەکردن؛ ئەو پارەیەی دەدرێ بە بیمە. (۳) پادەی بیمەکردنی ژیان، شتوومەک، خانوو... هتد. (٤) بیمەکاری؛ پیشەوکاروباری بیمەکاری.

insure (in-shoor´), *v.t.* (۱) دڵنیابوون؛ پشت نەستوور بوون؛ دووپاتکردنەوە: *(Please ~ the accuracy of your reports.)* (۲) مسۆگەرکردن؛ گەرەنتی کردن: *(Your degree will ~ you a job.)* . (۳) پاراستن: *(Care ~s one against error.)* . (٤) بیمەکردن: *(to ~ a car, a house, etc.)* .

v.i. بیمەکردن؛ بیمە پێدان یا بۆ کردن

insured (in-shoor´d), *n.* بیمەکراو: کەسێک کە ژیانی یا سەرمایەو شتوومەکی بیمە دەکات.

insurer (in-shoor´ĕr), *n.* بیمەکەر: کۆمپانیێک یا کەسێک کە ژیان یا سەرمایەو شتوومەکی خەڵک بیمە دەکات.

insurgence (in-sūr´jəns), *n.* شۆڕش؛ ڕاپەڕین؛ یاخی بوون.

insurgency (in-sūr´jən-si), *n.* = insurgence.

insurgent (in-sūr´jənt), *adj.* شۆڕشگێڕ؛ یاخی بوو؛ یاخی.

n. کەسێکی شۆڕشگێڕ؛ کەسێکی یاخی؛ یاخی.

insurmountable (in´sĕr-moun´tə-b'l), *adj.* زاڵنبووڵی بەسەردا بۆ نەیە؛ ناشکێنرێ: *(~ difficulties)* .

-insurmountability *(n.).*

insurrection (in´sə-rek´shə), *n.* یاخی بوون؛ شۆڕش؛ ڕاپەڕین.

-insurrectionary *(adj. & n.)*; **insurrectionist** *(n.).*

insusceptible (in´sə-sep´tə-b'l), *adj.* (۱) کاری تێ ناکرێ: *(~ to flattery)*

(٢) تووش نابێ (نەخۆشی) *(~ to disease)*

intact (in-takt′), *adj.* دەست لێوە نەدراو؛ نەگۆڕاو؛ ساغ؛ هیچی لێ کەم نەکراوەتەوە؛ سەرمۆر؛ بێ گەرد: *(to live on the interest and keep one's capital ~ ; to find or leave something ~)*

intaglio (in-tal′yō, in-täl′yō), *n.* (١) بەقش وئیگاری هەڵکەندراو لەناو یا لە ژێر ڕووی شتێکدا. (٢) بەردێکی بەنرخی نەقش لەسەر هەڵکەنراو (لە ژێر ڕوویەکەوە). (٣) نەقشی وەها هەڵکەندن.

v.t. نەقش هەڵکەندن لەناو یا لە ژێر ڕووی شتێکدا.

intake (in′tāk), *n.* (١) وەرگرتن؛ هێنانە ژوورەوە. (٢) ئەوەندەی وەردەگیرێ، دێتە ژوورێ، یا پیا دەبڕێت: *(A small pipe has little ~ .)* (٣) دەم بۆری، خەنەق)؛ کون: *(The sewer ~ was too small.)* . (٤) ئەسکیوونەوە؛ بچووک بوونەوە (٥) (أ) وورەی وەرگیراو یا پێدراو (مەکینە)؛ سووتەمەنی. (ب) خواردەمەنی خوراو.

intangible (in-tan′jə-b'l), *adj.* بە دەست ناگیرێ؛ بەردەست ناکەوێ؛ هەستی پێ ناکرێ؛ کەم؛ لێڵ؛ ناچێتە مێشکەوە؛ تێگەیشتنی گرانە: *(an ~ amount, idea, reward, etc.)* . **-intangibility** *(n.).*

integer (in′tə-jēr), *n.* (١) شتێکی تەواو؛ هەموو، یا گشت. (٢) ژمارەیەکی تەواو، واتە کەرت نەبێ (بیرکاری).

integral (in′tə-grəl), *adj.* (١) پێویست؛ تەواوکەر؛ لێ جیا نەکراوە؛ تایبەتی بە بەشێک کە جیا نەکرێتەوە: *(an ~ part)* . (٢) تەواو؛ گشت؛ هەموو (٣) تایبەتی بە ژمارەی تەواو (بیرکاری). *n.* (١) شتێکی تەواو، هەموو، یا گشت (٢) تەواوکاری (بیرکاری).

integrant (in′tə-grənt), *n.* بەشێکی لێ جیا نەبووەوە.

integrate (in′tə-grāt′), *v.t.* (١) تەواوکردن؛ گشتکردن. (٢) کردن بەیەک؛ یەک پێکرتن؛ هێنانەناو؛ کردن بە بەشێک لە: *(to ~ a group into the society)* (٣) سەرجەم کردن یا پێشاندان. (٤) جیاوازی لابردن؛ جیاوازی نەکردن؛ دەرگاکردنەوە بۆ هەموو نەتەوەیەک: *(to ~ the schools)* (٥) تەواوکردن بیرکاری).

v.i. بوون بەیەک؛ یەکگرتن

integration (in′tə-grā′shən), *n.* (١) یەکگرتن؛ بەک پێگرتن؛ یەکخستن ٢) جیاوازی لابردن؛ جیاوازی نەهێشتن و دەرگاکردنەوە بۆ هەموو ڕەگەزێک *(school ~ in southern United States)* . (٣) تەواوکاری بیرکاری). (٤) یەکخستن و گشتکردنی کەسێک (دەروونناسی).

integrator (in′tə-grā′tĕr), *n.* (١) یەکخەر؛ یەک پێگر. (٢) نامێزی ژمارەدنی تەواوکاری (بیرکاری).

integrity (in-teg′rə-ti), *n.* (١) هەمووێی؛ گشتی؛ گشت. (٢) ساغی باشی؛ بێگەردی؛ پارچە پارچە نەکراوی. (٣) ڕاستگۆیی؛ ڕاستی؛ سەرڕاستی؛ ڕاستی و دروستی؛ ناموس؛ چاک ڕەوشتی *(He is a man of ~ .)* .

integument (in-teg′yoo-mənt), *n.* پێست؛ تونکل؛ تویک؛ قاوغ؛ پێسته

intellect (in′tə-lekt′, in′t'l-ekt′), *n.* (١) مێشک؛ توانای بیرکردنەوەو تێگەیشتن و لێکۆڵینەوە. (٢) زیرەکی؛ زرنگی؛ مێشک باشی؛ لێهاتوویی؛ دانایی؛ توانای بەرز *(a man of ~)* . (٣) (أ) مێشکێکی باش (ب) کەسێکی زیرەک (ج) مێشک باشەکان؛ مرۆڤە زیرەکەکان

intellection (in′tə-lek′shən), *n.* (١) بیرکردنەوە ٢) بیر

intellectual (in′tə-lek′choō-əl), *adj.* (١) مێشکی؛ هی مێشک؛ تایبەتی بە مێشک؛ هی پۆشنبیری: *(~ activities)* . (٢) پێویست بە بیرکردنەوە کەر؛ بیرکەرەوە؛ مێشک بەکارهێن. (٣) زیرەک؛ پۆشنبیر؛ پووناکبیر. *n.* پۆشنبیر؛ پووناکبیر؛ کەسێکی پۆشنبیر. **-intellectually** *(adv.).*

intellectualism (in′tə-lek′choō-əl-iz′m), *n.* (١) پۆشنبیری؛ پۆشنبیرێتی؛ پووناکبیرێتی. (٢) ئەو فەلسەفەیەیە کە دەڵێت: سەرچاوەی هەموو زانینێک مێشک و بیرکردنەوەیە نەک هەست.

intellectualist (in′tə-lek′choō-əl-ist), *n.* کەسێک کە لە پادە بەدەر خەریکی کاروباری مێشکی‌یە.

intellectualize (in′tə-lek′choō-əl-iz′), *v.t.* بۆچوون و لێکۆڵینەوە و چارەسەرکردنی شت لە ڕێی مێشک و بیرکردنەوەوە نەک لە ڕێی هەستەوە.

intelligence (in-tel′ə-jəns), *n.* (١) مێشک؛ توانای بیرکردنەوەو تێگەیشتن. (٢) زیرەکی؛ مێشک باشی؛ بە توانایی. (٣) (أ) [Rare]، کەسێکی زیرەک؛ بوونەوەرێکی بە مێشک. (ب) [-I]، فریشتە. (٤) دەنگوباس؛ سووسە. (٥) سووسەکردن؛ جاسووسی کردن (بەتایبەتی لە کاروباری سوپا و پۆلیسیدا (٦) دەزگای سووسەکردن؛ دەزگای جاسووسی؛ سەرجەمی جاسووسان

intelligence department (or **bureau**), بەڕێوەبەرێتی سووسەکردن؛ فەرمانگەی سووسە.

intelligent quotient, زیرەکی پێو؛ ژیری پێو؛ پلەی زیرەکی یا ژیری (بە کورتی I.Q.): *(to have a high (or low) I.Q.)* .

intelligent test, تاقیکردنەوەی زیرەکی.

intelligent (in-tel′ə-jənt), *adj.* (١) مێشکدار. (٢) زیرەک؛ زانا؛ دانا؛ بەمێشک: *(an ~ person)* . (٣) زیرەکانە؛ زانایانە: *(an ~ answer, approach, etc.)* . (٤) بەئاگا؛ ئاگادار؛ تێگەیشتوو.

intelligentsia (in-te′ə-jent′si-ə), *n.* چینی پۆشنبیرانی کۆمەڵ؛ پۆشنبیران.

intelligible (in-tel′i-jə-b'l), *adj.* (١) تێگەیشتراو؛ دیار؛ ڕوون (٢) تێگەیشتراو تەنها بە مێشک (فەلسەفە)؛ مێشکی؛ تەنها لە مێشکدایە **-intelligibility** *(n.)*; **intelligibly** *(adv.).*

intemperance (in-tem′pĕr-əns), *n.* (١) زیادەڕۆیی (بەتایبەتی لە جلّەوی بۆ ئارەزوو شل کردندا)؛ لە ئەندازە بەدەری؛ خۆ بۆ نەگیراو؛ تووڕەیی (٢) مەی زۆر خواردنەوە.

intemperate (in-tem′pĕr-it), *adj.* (١) جلّەو بۆ ئارەزوو شلکەر؛ زیادەڕۆ؛ بەر بۆ خۆ بەرەڵاکەر (٢) تووڕە؛ تووڕەوتڕۆ؛ تەنگەجیکلانە. (٣) توندوتیژ؛ قایم: *(an ~ wind)* . (٤) مەی زۆر خۆرەوە.

intend (in-tend′), *v.t.* (١) نیازبوون؛ بەتەمابوون؛ ویستن؛ لەسەر سووربوون؛ مەبەست بوون. (٢) بۆ مەبەستێک کران یا ئامادەکردن؛ بەو نیازە کران: *(The cake was ~ed for the party.)* . (٣) مانا وابوون؛ نیشانەبوون (٤) [Archaic]، ئاراستەکردن.

v.i. نیازبوون؛ بەتەمابوون.

intended (in-ten′did), *adj.* (١) دەسەنقەست؛ بە دەسەنقەست کراو. (٢) هی دواڕۆژ؛ بەتەمابوو (ژنهێنان): *(an ~ wife)* . *n.* [Colloq.]. دەزگیران؛ ژن یا مێردی دواڕۆژ؛ هاوسەری دواڕۆژ.

intense (in-tens′), *adj.* (١) توندوتیژ؛ تیژ؛ زۆر؛ بەهێز؛ زیادەڕۆ: *(~ light, heat, pain, etc.)* (٢) ماندووکەر؛ توندوتیژ؛ ! تیژ؛ بەدل؛ بەتین: *(~ thought)* . (٣) بەهەست؛ هەست تیژ؛ هەست توندوتیژ؛ زووهەڵچوو؛ بەجۆش *(an ~ person)* (٤) زۆر؛ نێچگار زۆر؛ بەتین: *(~ activity)* .

(٥) تاریك وێنه.

-intensely *(adv.)*; **intenseness** *(n.)*.

intensify (in-ten′sə-fī′), *v.t.* (١) توندوتیژ کردن؛ قایم کردن؛ به‌هێز کردن؛ زۆرکردن؛ پێ لێ هه‌ڵبڕین؛ قوڵ کردن: *(to ~ our efforts)*

(٢) تۆخ یا تاریك کردنی جام (وێنه‌گرتن)

v.i. توندوتیژ بوون؛ به‌هێزبوون

-intensification *(n.)*; **intensifier** *(n.)*.

intension (in-ten′shən), *n.* (١) سوورىبوون له‌سه‌ر؛ نیاز؛ مه‌به‌ست.

(٢) توندوتیژی؛ توندوتیژکردن؛ زیاده‌ڕۆیی.

(٣) ماناى زیاد له ماناى بنچینه‌یی ووشه‌یه‌ك

intensity (in-ten′sə-ti), *n.* (١) توندوتیژی؛ قوڵی (هه‌ست)؛ جۆش؛ تین؛ قایمی؛ توندی (٢) زیاده‌ڕۆیی؛ له ئه‌ندازه به‌ده‌ری؛ زۆری. (٣) تاریکی وێنه‌یه‌ك. (٤) زه‌بر یا توندوتیژی (فیزیا)

intensive (in-ten′siv), *adj.* (١) توندوتیژکه‌ر؛ زۆرکه‌ر؛ قوڵکه‌ر

(٢) توندوتیژ؛ قوڵ (٣) به‌رهه‌م زیادکه‌ر (کشتوکاڵ)؛ تایبه‌تی به به‌رهه‌م زیادکردن (٤) به‌هێزکه‌ر (ڕێزمان)؛ دووپاتکه‌ره‌وه (ووشه)؛ *("Awfully" and "terribly" are used as ~ words. e.g. a terribly hot day; an awfully difficult book.)*

n. (١) شتێکی توندوتیژکه‌ر یا به‌هێزکه‌ر

(٢) ووشه‌ی به‌هێزکه‌ر (ڕێزمان) (ژماره چوار ببینه)

intent (in-tent′), *adj.* (١) تیژ؛ *. (an ~ look)*

(٢) خه‌ریکه پێوه‌ی. *(He was ~ on his studies.)*

(٣) سوور له‌سه‌ر. *(He was ~ on going.)*

n. (١) نیاز؛ مه‌به‌ست *. (with ~ to kill)*

(٢) (أ) ده‌مانج؛ هیوا؛ (ب) [Obs.]. ماناء واتا

to (or for) all intents and purposes, هه‌رجۆنێك سه‌یرى بکه‌یت یا بیگرى؛ له هه‌موو ڕوویه‌کەوه یا بارێکه‌وه؛ له ڕاستیدا.

intention (in-ten′shən), *n.* (١) نیاز؛ مه‌به‌ست؛ به‌ته‌ما بوون.

(٢) (أ) ده‌مانج؛ هیوا؛ *(what is your ~ ?)*

(ب) (pl.) نیازى ژنهێنان‌و شووکردن

(٣) [Archaic]. ماناء واتا (٤) شێوه‌ى بۆچوون یا تێگه‌یشتن (ژیرێزى).

(٥) بڕیز سارێژبوون.

intentional (in-ten′shən-'l), *adj.* ده‌سه‌نقه‌ست

intentionally (in-ten′shə-'l-i), *adv.* به ده‌سه‌نقه‌ست

inter (in-tûr′), *v.t.* ناشتن مردوو

inter- (in′tĕr), پێشگرێکه به‌ماناى: (١) له‌نێوان؛ له‌ناو؛ له ناوه‌ند؛ نێو: *(international)*

(٢) بێکه‌وه؛ له‌سه‌ر یه‌کتر (کارتێکردن)؛ دوولایی: *(interact)*.

interact (in′tĕr-akt′), *v.i.* کار له‌یه‌ك کردن؛ کارلێکردن؛ تێکه‌ڵبوون

interaction (in′tĕr-ak′shən), *n.* کار له‌یه‌ك کردن؛ کار له‌یه‌کتر کردن؛ تێکه‌ڵبوون؛ تێکه‌ڵاوى.

interbreed (in′tĕr-brēd′), *v.t.* زاووزێ پێ کردن یا له‌یه‌ك- چاك کردنى هه‌مدچه‌شنه‌ى گیاندارو ڕووه‌ك

v.i. زاووزێ کردن یا له‌یه‌ك چاك بوونى هه‌مه‌چه‌شنه‌ى گیاندارو ڕووه‌ك

intercede (in′tĕr-sēd′), *v.i.* (١) نکا بۆ کردن؛ بۆ تێکه‌وتن *(His colleagues ~d with the dean on his behalf.)*

(٢) ناوبژى کردن؛ چوونه نێوانه‌وه

intercellular (in′tĕr-sel′yoo-lĕr), *adj.* نێوشانه؛ له‌نێوشانه‌دا

intercept (in′tĕr-sept′), *v.t.* (١) به‌ره‌وبڕى دانه‌وه؛ ڕێ پێ گرتن؛ به‌ره‌نگاربوون؛ وه‌ستاندن؛ به‌ربه‌رچدانه‌وه؛ گرتن *(to ~ the enemy, the thief, letters, messages, etc.)*

(٢) ڕاگیرکردن. نیشانه‌کردن. یا ده‌وره‌دان له‌نێوان دوو خاڵ، هێڵ یا ڕووداو (بیرکارى).

n. هێڵ یا ڕووى ده‌وره‌دراو (بیرکارى)

intercepter (in′tĕr-sep′tĕr), *n.* = interceptor.

interception (in′tĕr-sep′shən), *n.* به‌ره‌وبڕى دانه‌وه؛ ڕێ پێ گرتن؛ به‌ره‌نگاربوون‌و وه‌ستاندن.

interceptor (in′tĕr-sep′tĕr), *n.* (١) به‌ره‌وبڕى ده‌ره‌وه؛ وه‌ستێنه‌ر. (٢) فڕۆکه‌یه‌کى جه‌نگى خێرایه بۆ به‌ره‌وبڕى دانه‌وه‌و وه‌ستاندنى‌فڕۆکه‌ى دوژمن

intercession (in′tĕr-sesh′ən), *n.* تکا بۆ کردن؛ بۆ تێکه‌وتن؛ ناوبژى کردن؛ چوونه نێوانه‌وه.

-intercessional *(adj.)*; **intercessor** *(n.)*.

interchange (in′tĕr-chānj′), *v.t.* (١) گۆڕینه‌وه؛ دان‌و وه‌رگرتن: *(They ~d presents.)*

(٢) جێگۆڕکێ پێکردن؛ ئاڵوگۆڕکردن.

(٣) به نۆبه‌کردن؛ به نۆره‌کردن: *(He ~d work with play.)*

v.i. گۆڕینه‌وه؛ ئاڵوگۆڕکردن؛ ئاڵوگۆڕبوون.

n. (١) گۆڕینه‌وه؛ ئاڵوگۆڕکردن. (٢) نۆبه؛ نۆره؛ نۆبه‌کارى؛ نۆره‌کردن. (٣) دووڕیانه‌یه‌ك یا چواڕیانه‌یه‌کە وا کراوه که ڕێگه‌کان له‌یه‌ك نادەن‌و نۆتومبیل له ڕێیه‌کەوه ده‌چێته سه‌ر ڕێیه‌کى تر به‌بێ وه‌ستان.

interchangeable (in′tĕr-chān′jə-b'l), *adj.* ئاڵوگۆڕپان پێ ده‌کرێت؛ له‌باتى یه‌کتر به‌کارده‌هێنرێن؛ وه‌ك یه‌ك وان: *(~ tools, words, machines, ideas, etc.)*

-interchangeability *(n.)*; **interchangeably** *(adv.)*.

intercollegiate (in′ĕr-kə-lē′jit), *adj.* نێو دانشگایان؛ نێو زانکۆ کۆلیجه‌کان: *(~ sports)*.

intercom (in′tĕr-kom′), *n.* [Slang], هۆى نێوبه‌یوه‌ندى یا په‌یوه‌ندى کردنى ناوه‌کى (فه‌رمانگه، خانوو، فڕۆکه، پاپۆڕ): *(The pilot made the announcement on the ~ .)*

intercommunicate (in′tĕr-kə-mū′ni-kāt′), *v.t.* & *v.i.* په‌یوه‌ندى کردن له‌گه‌ڵ یه‌کدا له‌ناو شوێنێکدا یا شتێکدا.

-intercommunication *(n.)*.

interconnect (in′tĕr-kə-nekt′), *v.t.* پێکه‌وه‌به‌ستن.

v.i. پێکه‌وه‌به‌ستران.

-interconnection *(n.)*.

intercontinental (in′tĕr-kon′tə-nen′t'l), *adj.* (١) نێو- کیشوه‌ر؛ نێو کیشوه‌ران؛ کیشوه‌ران پێکه‌وه‌به‌ست: *(~ flights)*.

(٢) بڕ ده‌کات له کیشوه‌رێکه‌وه بۆ کیشوه‌رێکى تر: *(~ missiles)*.

intercourse (in′tĕr-kôrs′, in′tĕr-kōrs′), *n.* (١) په‌یوه‌ندى‌و سه‌رداگه‌رى نێو وڵاتان یا میلله‌تان یا مرۆڤ؛ ئاڵوگۆڕکردن (شتومه‌ك، بیروڕا)

(٢) گان؛ جووت بوون؛ جووت گرتن؛ چوونه‌جێ (به‌زۆرى ناوده‌برێ به: **sexual intercourse**).

interdenominational (in′tĕr-di-nom′ə-nā′shən-'l), *adj* له‌نێو به‌شه‌کان یا له‌قه‌کانى ناینێکدا.

interdental (in′tĕr-den′t'l), *adj.* (١) نێو دانان؛ له‌نێو دداندا. (٢) ده‌بێژرێ به سه‌رى زمان له‌نێوان دوو ڕیز دداندا. (وه‌ك th له ووشه‌ى: this و think دا).

interdepartmental(in′tĕr-di-pärt′men′t'l), *adj.* نێو- به‌شان؛ هى نێوان له‌قه‌کان یا به‌شه‌کانى ده‌زگایه‌ك.

interdependence (in′tĕr-di-pen′dəns), *n.* پشت به‌یه‌ك به‌ستن؛ له‌سه‌ر یه‌ك به‌ندبوون؛ هاوبه‌ندى.

interdependency (in′tĕr-di-pen′dən-si), *n.* = interdependence.

interdependent (in′tĕr-di-pen′dənt), *adj.* پشتیان به یه‌کترىیه؛ له‌سه‌ر یه‌ك به‌ندن؛ هاوبه‌ندن: *(~ people, countries, groups, etc.)*

interdict (in′tĕr-dikt′), *v.t.* (١) ڕه‌ده‌غه‌کردن؛ یاساغ کردن.

(٢) ڕێ لێگرتن؛ به‌ره‌نگاربوون‌و ڕێ بڕین‌و وه‌ستاندنى دوژمن؛ نه‌هێشتن؛

نەهێڵان ٣: بڕ بەش کردن یا دابڕکردنی کڵێسە یا نەندامێکی لە کاروباری ئایینی (بابتی کاسۆلیکی).

n. (١) قەرەنی قەدەغەکردن. (٢) قەدەغەکردنی کڵێسەیەکی کاسۆلیکی یا نەندامێکی لە هەڵسان بە هەندێ کاروباری ئایینی

interdiction (in´tĕr-dik′shən), *n.* قەدەغەکردن؛ ڕێ لێگرتن؛ نەهێشتن؛ وەستاندن

interest (in′tĕr-ist, in′trist), *n.* (١) بەش؛ ماف *(to have an ~ in a piece of property)*

(٢) (pl.) چاکە؛ قازانج؛ سوود؛ *(to look after one's own ~s)*

(٣) بەرژەوەندی *(the business ~s; the steel ~)*

(٤) خاترانە؛ دەسەڵات؛ خوایشت. (٥) خولیا حەزێکی زۆر؛ هەوەس؛ شتی بەتەنگەوەهاتوو. *(We have similar ~s.; His great ~s in life are music and literature.)*

(٦) گرنگی؛ سەرنج ڕاکێشان *(a matter of little ~)*

(٧) قازانج؛ سوود؛ سوود *(to pay 6% ~ on a loan)*

(٨) سڵاو؛ بە سڵاوەوە؛ بە زیادەوە؛ بە خاترانەوە *(He repaid her kindness with ~. ; to return a blow with ~)*

v.t. (١) حەز پێ پەیداکردن؛ مەیل پێ پەیداکردن؛ هەوەس هەڵساندن؛ *(I want to ~ him in the plan.)*

(٢) سەرنج ڕاکێشان؛ *(The story did not ~ him.)*

(٣) حەزلێکردن؛ هەوەس لێ بوون *(She is ~ed in travelling.)*

in the interest (or interests) of. لەبەر؛ لەبەرخاتری؛ بۆ سوودەندی؛ بۆ

interested (in′tĕr-is-tid, in′tə-res´tid), *adj.* (١) بەشدار؛ مافدار. (٢) لایەنگر؛ سوودی خۆی تێدایە: *(an ~ witness)*

(٣) حەزکەر؛ بەحەز؛ هەوەسدار؛ بەهەوەس *(an ~ look)*

interesting (in′tĕr-is-tiŋ, in′tə-res´tiŋ), *adj.* خۆش؛ سەیر؛ سەرنج ڕاکێش؛ نەتێکە *(an ~ man, woman, book, conversation, film, place, town, time, idea, meeting, etc.)*

interfere (in´tĕr-fēr′), *v.i.* (١) بەیەکدا بوون (بەسپی)؛ قاچ لەیەکدان؛ پڕۆیشتندا. (٢) بەیەکدادان؛ لەیەکدان؛ بەیەکداکێشان. (٣) دەست کشانە ناو؛ دەست تێخستن؛ دەست تێوەردان؛ دەست هێنانەپێ؛ خۆتێهەڵقورتان *(He ~s in other people's affairs.)*

(ب) کەوتنە نێوانەوە

(٤) داوی مافنامەی داهێنان کردن لەلایەن چەند کەسێکەوە گوایە لەبەر دەستپێشکەری کردن لەو داهێنانەدا

(٥) کارکردنەسەر یەکی شەپۆلی دەنگ یا پڕوناکی (فیزیا).

(٦) ڕێ لێگرتن لە شەپۆلی ڕادیۆو بەرنامە وەرگرتن *(to ~ with radio signals)*

interfere with, (١) وەستاندن؛ ڕێ لێگرتن؛ ڕێک نەکەوتن لەگەڵ؛ نەساز (٢) پەستکردن؛ زەبرکردن

interference (in´tĕr-fēr′əns), *n.* (١) دەست کێشانە ناو؛ دەست تێخستن؛ دەست تێوەردان؛ تێ هەڵکوتان؛ تێ هەڵجوون؛ دەستدرێژی. (٢) بەری یاریکەری تر گرتن لەکاتی یاریدا. ٣ کارکردنەسەر یەکتری شەپۆلی دەنگ یا پڕوناکی (فیزیا) ٤ ووژەووری سەر ڕادیۆو تەلەفزیۆن (کە ڕێ دەگرێت لە وەرگرتنی بەرنامەکە بە ساغی.

interfuse (in´tĕr-fūz′), *v.t.* (١) تێکەڵوکردن؛ تێکەڵ کردن لەگەڵ. ٢) پیاکردن؛ تێکردن. ٣) هەموورگرتنەوە؛ پیا بڵاوبوونەوە.

v.i. تێکەڵ بوون؛ تێکەڵاوبوون

intergrade (in´tĕr-grād′), *v.i.* گۆڕینی بەرە بەرە؛

تێکەڵ بوونی پلەپلەیی

interim (in′tĕr-im), *n.* ماوە؛ کات؛ یا ماوەی نێوان دوو ڕووداو. *adj.* سەردەمی؛ کاتی؛ ساتی *(an ~ council, president, government, etc.)*

in the interim, لەو کاتەدا؛ لەو سەردەمەدا

interior (in-tēr′i-ēr), *adj.* (١) ناوخۆ؛ ناوخۆیی؛ ناوەوە؛ هی ناوەوە. (٢) ناوەوەی وڵات، واتە دوور لە سنوور یا کەناری دەریا. (٣) ناوەکی؛ کەسی؛ تایبەتی بە خۆ؛ تایبەتی؛ نهێنی

n. (١) (ا) بەشی ناوەوە؛ ناوەوە؛ دیوی ناوەوە. (ب) ناو ژوور؛ ناو خانوو؛ ژوورەوە؛ ناو؛ *(the ~ of a house, room, building, etc.)* (ج) بەشی ناوەوە یا ناوخۆی وڵاتێک. (د) سرووشتی مرۆڤێک؛ ناوکرۆک؛ ماک؛ گەوهەر (٢) دیمەن یا وێنەی ناو ژوور یا خانوویەک (٣) [ا-]. کاروباری ناوخۆی وڵاتێک *(the I~ Minister; the Department (or Ministry) of the I~)*

interior decoration, هونەری ڕازاندنەوەی ناومال

interject (in´tĕr-jekt′), *v.t.* هەڵدانە قسە یا دووان؛ پێ بڕین (قسە)؛ تێهەڵقورتان؛ تێخستن: *(to ~ a question, remark)*

-interjector *(n.).*

interjection (in´tĕr-jek′shən), *n.* (١) تێهەڵقورتان؛ پێ بڕین (قسە)؛ هەڵدان (کفتوگۆ). (٢) هاری سەرسامی (ڕێزمان)؛ ووشەی سەرسامی؛ ئامرازی سەرسامی؛ *(Good!; Oh!; Alas!)*

interlace (in´tĕr-lās′), *v.t. & v.i.* چنین؛ لێکهەڵکێشان؛ بەیەکداکردن؛ بەیەکدا چوون؛ *(~ing branches)*

interlay (in´tĕr-lā′), *v.t.* (١) خستنە نێوانەوە؛ خستنەناو؛ لەناودا دانان. (٢) ڕازاندنەوە بە شت خستنە نێوانەوە

interleaf (in′tĕr-lēf´), *n.* (١) پەڕەیەکی سپی‌یە دەخرێتەناو پەرتووکێکەوە بۆ شت تێدا نووسین (٢) نووسراوی ناو ئەم پەڕەیە

interline (in´tĕr-līn′), *v.t.* تێبینی نووسین لەنێوان دێڕی پەرتووکدا

interline (in′tĕr-lin´), *v.t.* بەرێکی زیادە لە جل‌وبەرگ دان

interlink (in´tĕr-liŋk′), *v.t.* پێکەوەبەستن؛ لەیەک گیرکردن (گێڕ).

interlock (in´tĕr-lok′), *v.t. & v.i.* (١) پێکەوەبەستن؛ پێکەوەبەستران؛ لێکهەڵکێشان بە جۆرێک کە لێک جیانەبنەوە؛ لەیەک گیرکردن (گێڕ)

interlocution (in´tĕr-lō-kū′shən), *n.* دووان؛ گفتوگۆ؛ ووتوێژ؛ دەمەتەقێ؛ قسەکردن پێکەوە

interlocutor (in´tĕr-lok′yoo-tĕr), *n.* دوێنەر؛ قسەکەر؛ گفتوگۆکەر

-interlocutory *(adj.).*

interlope (in´tĕr-lōp′), *v.i.* (١) دەستدرێژی کردنە سەر بازاڕی کەسێکی تر (٢) دەست خستنەناو کاروباری خەڵکەوە؛ خۆتێهەڵقورتان

-interloper *(n.).*

interlude (in′tĕr-lōod´, in′tĕr-lud´), *n.* (١) شانۆنامەیەکی کورتی قۆشمەیە پێشکەش دەکرا لەنێوان پەردەکانی شانۆنامەیەکدا هەر بۆ پێکەنین (٢) خوەوواندنێک لەنێوان پەردەکانی شانۆنامەیەکدا (٣) شانۆنامەیەک (٤) پارچە مۆسیقایەکە کە لێدەدرێت لەنێوان بەشەکانی گۆرانی، شانۆنامە، یا خودا پەرستی لە کڵێسەدا (٥) ماوەی نێوان دوو ڕووداو؛ پشوو؛ ووچان؛ شتێکە کە ئەم ماوەیەی پێ دەبڕێتە سەر: *(~s of waiting between trains)*

interlunar (in´tĕr-lōō′nĕr, in´tĕr-lu′nĕr), *adj.* لەنێوان مانگی کۆنو تازەدا، واتە ئەو چوارشەوەی مانگی تێدا نابینرێ

intermarriage (in´tĕr-mar′ij), *n.* (١) ژنهێنان‌و شوکردن لەنێوان خێزان‌و تیرەو چێڵەزی جیاجیادا

(۲) ژنهێنان و شووکردنی ناوخۆیی، واتە لەناو خزمی نزیکدا.

intermarry (in′tĕr-mar′i), *n.* (۱) ژنهێنان و شووکردن لەنێوان خێزان و تیرەو چێو ڕەگەزی جیاجیادا (۲) ژنهێنان و شووکردنی ناوخۆیی، واتە لەناو خزمی نزیکدا

intermediacy (in′tĕr-mē′di-ə-si), *n.* ناوەندێتی

intermediary (in′tĕr-mē′di-er′i), *adj.* مام ناوەندێتی

n. (۱) ناوبژیکەر (۲) هۆ، ڕێ، ڕێگە (۳) قۆناغ یا شێوەی ناوەندی یا ناوەڕاست.

intermediate (in′tĕr-mē′di-it), *adj.* ناوەندی، ناوەنجی

(an ~ school, stage, etc.)

n. (۱) شتێکی ناوەندی یا ناوەنجی (۲) ناوبژیکەر (۳) مادەیەکە دروست دەبێ لە قۆناغی ناوەڕاستدا لە ڕێی دروستکردنی دوا بەرهەمەکە (کیمیاگەری)

v.i. ناوبژی کردن، کەوتنە نێوانەوە، ڕێکخستنەوە

-intermediation *(n.)*; **intermediator** *(n.)*.

interment (in-tûr′mənt), *n.* ناشتن، مردوو

intermezzo (in′tĕr-med′zō), *n.* (۱) مووسیقیێکی شانۆیی یا مۆسیقایی کورت لەنێوان پەردەکانی شانۆنامە یا نۆپەرایەکدا. (۲) پارچەیەک مۆسیقای کورتە کە وەک پرد بەشە گەورەکان بەیەکەوە دەبەستێ.

interminable (in-tûr′mi-nə-b'l), *adj.* دوایی نایەت، بێ پایان، دوایی پێ نایەت، بێ بڕ، دوورودرێژ

(an ~ speech, sermon, debate; ~ suffering)

-interminably *(adv.)*.

intermingle (in′tĕr-miŋ′g'l), *v.t.* تێکەڵاوکردن، تێکەڵ کردن

v.i. تێکەڵاوبوون، تێکەڵ بوون

intermission (in′tĕr-mish′ən), *n.* (۱) بڕین، ڕاگرتن (کار)، دووان (۲) ووچان (شانۆنامە، فیلمی سینەما)، ناهەنگ، پشوو

(~s between acts of a play)

intermit (in′tĕr-mit′), *v.t. & v.i.* بەین بەین وەستان، ڕاگرتن، یا پچڕاندن

intermittent (in′tĕr-mit′'nt), *adj.* دەمەدەم، دەم دەم، ناوبەناو، جارجاری، پچڕ پچڕ، بەین بەین

(~ fever, pain, rain, activity)

-intermittence *(n.)*; **intermittently** *(adv.)*.

intermittent current, تەوژمی نەهەکتریکی پچڕ پچڕی یەکلایی

intermix (in′tĕr-miks′), *v.t.* تێکەڵ کردن، تێکەڵاوکردن، ناوبەناوکردن

v.i. تێکەڵ بوون، تێکەڵاوبوون، ناوبەناوبوون

-intermixture *(n.)*.

intern (in′tûrn), *n. Also* interne. پزیشکی نیشتەجێ پزیشکێکی تازە دەرچووە، لە خەستەخانە کاردەکات لەژێر چاودێری پزیشکێکی شارەزادا.

v.i. کارکردن وەک پزیشکی نیشتەجێ

v.t. (۱) گرتن، ناچاڕان یا گومان لێکراوان بەتایبەتی لەکاتی جەنگدا، بەندکردن، خستنە بەندیخانەوە

(Coountries often ~ aliens in time of war.)

(۲) کەشتی گەلانەوە یا ڕاگیرکردن لە بەندەردا

adj. [Archaic], ناوەوەیی، ناوەکی

internal (in-tûr′n'l), *adj.* (۱) ناوەکی، هی خۆ، خۆیی، هی ناوەوە

(~ evidence)

(~ revenue, wars, affairs, etc.) (۲) ناوخۆ، ناوخۆیی وڵات

(۳) هەڵوێ نەخۆشی، پزیشکی، ناوەوە

(~ injuried, bleeding, medicine)

(~ remedies) (٤) دەرمانی بۆ ناو لەشە

(٥) دەروونی، کەسی، تایبەتی بە دەروون و هەست و نەستی کەسێک، خۆیی

-internally *(adv.)*.

internal-combustion engine, مەکینەی سووتانی ناوەکی

internalize (in-tûr′n'l-iz′), *v.t.* کردن بە بەشێک لە خۆ، پەیڕەوی کردن (بیروڕا، ڕێبان)، ڕێ پێدانی شتی دەرەوە بۆ کارکردنەسەر دەروون و هەست و نەست.

internal medicine, پزیشکەوانی هەناوی، پزیشکەوانی ناوەکی، نەو لقەی پزیشکەوانییە کە لە نەخۆشی و چارەکردنی نەندامی ناوەوەی لەش بەبێ نەشتەرکاری دەکۆڵێتەوە.

internal revenue, دەسکەوتی ناوخۆی وڵات (کە زۆربەی لە باجی دەسکەوت و قازانجەوە دێت)

international (in′tĕr-nash′ən-'l), *adj.* جیهانی، گێتی، گێتێتی، نێوەڵاتان، نێوميللەتان

(an ~ incident, treaty, court)

n. (۱) ڕێکخراو یا کۆمەڵەیەکی جیهانی (۲) کەسێک کە هاوڵاتی وڵاتێک بێ و نیشتەجێی وڵاتێکی تر بێ.

-internationally *(adv.)*.

internationale (in′tĕr-nash′ən-'l), *n.* سروودی بزووتنەوەی چینی کرێکارو سۆشیالیستی جیهان.

internationalism (in′tĕr-nash′ən-'l-iz′m), *n.* (۱) گێتێتی، جیهانێتی (۲) هاوکاری جیهانی بۆ چاکەی گشتی.

-internationalist *(n.)*; **internationality** *(n.)*.

internationalize (in′tĕr-nash′ən-'l-īz′), *v.t.* خستنەژێر ڕکێف یا چاودێری جیهانەوە، کردن بە جیهانی.

-internationalization *(n.)*.

international law, یاسای جیهانی (کە هەموو وڵاتێک دەبێت پەیڕەوی بکات لە پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی تردا)

International Phonetic Alphabet, IPA, نەلفوبێی دەنگبێژی جیهانیی

interne (in′tĕrn), *n.* = **intern.**

internecine (in′tĕr-nē′sin, in′tĕr-nē′sīn), *adj.* (۱) بکوژ، کوشندە، وێرانکەر، خوێنی ڕۆری تێدا دەڕژێ، خوێناوی

(~ wars)

(۲) کوشندەیە بۆ هەردووڵا، بۆ هەردووڵا زیانبەخش

(۳) تایبەتی بە ناکۆکی ناوخۆ (گەل، کۆمەڵە، حیزب، دەستە).

internece (in′tĕr-nē′), *n.* بە دیل گیراوی جەنگ، دەستبەسەر (بەتایبەتی هاوڵاتیێکی بێگانە لەکاتی جەنگدا)، گیراو، دیل

internist (in-tûr′nist), *n.* پزیشکی هەناوی، پزیشکی نەخۆشی ناوەکی.

internment (in-tûrn′mənt), *n.* گرتن یا گیرانی هاوڵاتی بێگانە لەکاتی جەنگدا، خستنە بەندیخانەوە، دەستبەسەرکردن (بەتایبەتی لەکاتی جەنگدا).

internship (in′tĕrn-ship′), *n.* (۱) نیشو کارو پلەی پزیشکی نیشتەجێ لە خەستەخانەدا (۲) ماوەی کارکردنی پزیشکی نیشتەجێ لە خەستەخانەدا.

internuncio (in′tĕr-nun′shi-ō′), *n.* (۱) ناوبژیکەر، نوێنەر (۲) نوێنەری دیپلۆماسی پلەیەک لە خوار باڵیۆزەوەی پاپا لە وڵاتێکدا

interpellate (in′tĕr-pel′āt, in-tûr′pi-lāt′), *v.t.* لێپرسینەوەی کاربەدەستی گەورەی میری لە پەرلەماندا

-interpellation *(n.)*.

interpenetrate (in′tĕr-pen′ə-trāt′), *v.t.* پیاچوون، تێچوون، تێخستن، پیاکردن، چوونە ناوی ناوەوە، هەموو گرتنەوە، بە تەواوی چوونە ژوورەوە

v.i. چوونە ناو یەکتریی‌یەوە، بەیەکداچوون

-interpenetration *(n.)*.

interphone (in′tĕr-fōn′), *n.* تەلەفۆنی ناوخۆ (فەرمانگە، فڕۆکە).

interphase (in′tĕr-fās′), *n.* ماوەی نێوان دوو بەشبوونی شانەیەک.

interplanetary (in′tĕr-plan′ə-ter′i), *adj.* هی نێوان

نەستێرەکان

interplay (in′tĕr-plā´), *n. & v.i.* کارکردنەسەر یەک

interpolate (in-tûr′pə-lāt´), *v.t. & v.i.* (۱) گۆڕین، تێکدان، یا دەست تێوەدانی دەقی ووتار، چیرۆک، نووسراو، یا پەرتووکێک بە ووشەو ڕستەی تازەو زیادە تێخستنی. (۲) خستنەناو شتی ترەوە؛ شتی زیادە خستنەناو

-interpolation *(n.).*

interpose (in´tĕr-pōz′), *v.t.* (۱) تێخستن؛ خستنە نێوانەوە؛ خستنەناو ۲) دەست کێشانە ناو؛ خۆتێهەڵقورتان

(۳) قسە پێ بڕین؛ هەڵدانە قسە؛ تێبینی کردن لەکاتی گفتوگۆدا؛

(to ~ a remark, question, or objection)

v.i. (۱) هاتنە نێوانەوە (۲) دەست کێشانە ناو؛ خۆتێهەڵقورتان. (۳) قسە پێ بڕین؛ هەڵدانە قسە

-interposition *(n.).*

interpret (in-tûr′prit), *v.t.* (۱) مانا لێکدانەوە؛ ڕوونکردنەوە. (۲) گۆڕین لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر (بە دەم یا بە زار)؛ *(to ~ a speech)* .

(۳) لێکدانەوە *(He ~ed the silence as contempt.)* .

v.i. گۆڕین لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر (بە دەم یا بە زار)؛ گۆڕینی گفتوگۆ یا ووتاری قسەکەرێک بۆ زمانی گوێگرەکانی.

-interpretative *(adj.).*

interpretation (in-tûr´pri-tā′shən), *n.* (۱) لێکدانەوە؛ ڕوونکردنەوە ۲) بۆچوون؛ ڕا

(۳) گۆڕین لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر بە دەم.

interpreter (in-tûr′pri-tĕr), *n.* (۱) وەرگێڕ؛ تەرجومان؛ کەسێک کە بە دەم گفتوگۆ یا ووتاری قسەکەرێک دەگۆڕێت بۆ زمانی گوێگرەکانی.

interracial (in´tĕr-rā′shəl), *adj.* هی نێو ڕەگەزان؛ نێو ڕەگەزی

interrelate (in´tĕr-ri-lāt′), *v.t. & v.i.* پێکەوەبەستران؛ پەیوەندیبەکی نزیک هەبوون پێکەوە.

-interrelation *(n.)*; **interrelationship** *(n.).*

interrelated (in´tĕr-ri-lā′tid), *adj.* پێکەوە بەستراون؛ پەیوەندیبەکی نزیکیان هەیە پێکەوە.

interrogate (in-ter′ə-gāt´), *v.t. & v.i.* پرسیارلێکردن بە ووردی و دوورودرێژی (دادگا، پۆلیسخانە) *(He ~d the witness.)* .

interrogation (in-ter´ə-gā′shən), *n.* پرسیارلێکردن بە ووردی و دوورودرێژی (دادگا، پۆلیسخانە) *(The ~ took a long time.)* .

interrogation mark (or point), = question mark.

interrogative (in´tə-rog′ə-tiv), *adj.* (۱) پرسیارکەر؛ پرسیارکەری ۲) لە پرسیارکردندا بەکاردەهێنرێت (ڕێزمان).

n. ووشەی پرسیارکردن (ڕێزمان) *(what?; where?; why?)* .

interrogator (in-ter′ə-gā´tĕr), *n.* پرسیارکەر بەتایبەتی لە دادگا، پۆلیسخانە، یا گرتووخانەدا).

interrogatory (in´tə-rog′ə-tôr´i, in´tə-rog′ə-tō ri), *adj.* وەک هی پرسیارلێکردن لە پۆلیسخانەو دادگادا؛ *(an ~ tone)* .

n. پرسیارێک یا چەند پرسیارێک (بەتایبەتی کە ناراستەی گومانبارێک بکرێ).

interrupt (in´tə-rupt′), *v.t.* (۱) قسە پێ بڕین *(to ~ a speaker)*

(۲) پچڕاندن (بەردەوامی کارێک)؛ وەستاندن؛ ڕێ لێگرتن.

v.i. قسە پێ بڕین

interrupted (in´tə-rup′tid), *adj.* (۱) پچڕ پچڕ. (۲) نارێک (ڕیواناسی)

interrupter, interruptor (in´tə-rup′tĕr), *n.* (۱) قسە پێ بڕ؛ خۆتێهەڵقورتێنەر (۲) ئامێری بڕینی تەووزمی نەلەکتریکی بەشێوەیەکی سەردەمی و نۆتوماتیکی

interruption (in´tə-rup′shən), *n.* (۱) قسە پێ بڕین؛ پچڕان؛ گفتوگۆ. (۲) شتێک کە کارێک یا ڕووداوێک دەبڕێ یا دەپچڕێنێ؛

پچڕێنەر. (۳) ماوەی پچڕان؛ ووچان؛ پشوو.

intersect (in´tĕr-sekt′), *v.t.* کردن بە دوو بەشەوە بە پیاتێپەڕین؛ لێکدان (هێڵ، ڕێ)؛ بڕین *(A line ~s the angle.)*

v.i. لەیەکدان (هێڵ، ڕێ)؛ یەکتری بڕین؛ بەیەکگەیشتن؛ *(The roads ~ at the railroad.)*

intersection (in´tĕr-sek′shən), *n.* (۱) یەکتربڕین (ڕێ، هێڵ)؛ لەیەکدان. (۲) چوارڕێیان؛ دووڕێیان؛ دووڕیان؛ *(There is a traffic light at the ~ .)*

(۳) شوێنی یەکتربڕین یا لێکدانی دوو هێڵ یا دوو ڕوو.

intersperse (in´tĕr-spûrs′), *v.t.* (۱) پرشو بڵاوکردنەوە؛ بڵاوکردنەوە بە ناوەدا؛ دانان لێرەو لەوێ. (۲) ڕازاندنەوە بە شت هەر لە شوێن نە شوێنێک.

-interspersion *(n.).*

interstate (in′tĕr-stāt´), *adj.* لەنێوان ولایەت یا لیواکانی وولاتێکی فیدرالیدا؛ *(~ commerce, highway, traffic, etc.)* .

interstellar (in´tĕr-stel′ĕr), *adj.* نێو ئەستێرەکان

intertribal (in´tĕr-trī′bəl), *adj.* نێو تیرەکان یا خێڵەکان.

intertwine (in´tĕr-twīn′), *v.t. & v.i.* لەیەک ئاڵاندن؛ لەیەکەوە ئاڵان؛ لەیەک هەڵکێشان؛ لوول خواردن بەیەکەوە؛ تێکەڵبوون (مەجازی)؛

(The branches ~ . ; The strands of a rope are ~d.)

-intertwined *(adj.)*; **intertwinement** *(n.).*

intertwist (in´tĕr-twist′), *v.t. & v.i.* intertwine.

interval (in′tĕr-v'l), *n.* (۱) دووری یا ماوەی نێوان دوو شت. (۲) ماوەی نێوان دوو ڕووداو؛ ماوە؛ سەردەم. *(Trains leave at short ~s.)*

(۳) جیاوازی بەرزی دوو ناواز

at intervals, (۱) ناوبەناو؛ بەین بەین؛ جارنەجار (۲) لێرەو لەوێ؛ هەر لە شوێن نە شوێنێک.

intervene (in´tĕr-vēn′), *v.i.* (۱) کەوتنە نێوانەوە (کات)؛ ڕوودان؛ *(the years that ~d)*

(۲) (ا) کەوتنە نێوانەوە (بۆ ڕێکخستن)؛ ناوبژی کردن. *(to ~ in a dispute)*

(ب) دەست خستنەناو کاروباری وولاتێکی تر یا خەڵکەوە؛ دەستدرێژی کردنەسەر وولاتێکی تر. *(to ~ in a forign country's affairs)*

intervention (in´tĕr-ven′shən), *n.* دەست کێشانە ناو (بەتایبەتی کاروباری وولاتێکی تر)؛ دەستدرێژی کردنەسەر؛ دەست خستنەناو *(military ~ ; to be opposed to armed ~)*

interview (in′tĕr-vü´), *n.* (۱) دیدەنی (بۆ گفتوگۆکردن)؛ چاوپێکەوتن؛ *(an ~ between an employer and an applicant for a job)*

(۲) دیدەنی یا کۆبوونەوەی ڕووبەڕووی ڕۆژنامەچی و کەسێک؛ *(to have an ~ with the prime minister)*

(۳) ووتارێکی بڵاوکراوە لە ڕۆژنامە، ڕادیۆ؛ یا تەلەفزیۆندا دەربارەی ئەم دیدەنییە.

v.t. دیدەنی کردن (بۆ گفتوگۆ)؛ ڕووبەڕوو لەگەڵ دووانی کەسێک بۆ دەنگوباس لێوەرگرتنی؛ *(He has ~ed many politicians.)*

interweave (in´tĕr-wēv′), *v.t.* (۱) چنین؛ لەیەک هەڵکێشان؛ لەیەکەوە ئاڵاندن (۲) تێکەڵ کردن؛ تێکەڵاوکردن؛ *(~ing truth with fiction)*

interwoven (in´tĕr-wō′vən), *adj.* (۱) پێکەوە چنراو؛ لەیەکەوە ئاڵاو؛ لەیەک هەڵکێشراو. (۲) تێکەڵ کراو؛ تێکەڵاوکراو

intestate (in-tes′tat, in-tes′tit), *adj.* (۱) وەسیەتنامەی نەنووسیوە یا بەجێ نەهێشتووە؛ *(to die ~)*

(۲) له وەسیەتنامەدا: مرباز نەدراوە بۆ کێ بێت: وەسیەتنامە نایگرێتەوە:
(an ~ estate)

n. کەسێک کە دەمرێت بێ ئەوەی وەسیەتنامە بەجێ بهێڵێت

intestinal (in-tes′ti-n'l), *adj.* پێخۆڵەیی: هەناوی

intestinal fortitude, غیرەت: ئازایی و کۆڵ نەدان: زات

intestine (in-tes′tin), *adj.* ناوخۆیی: ناوەڵاتی: ناوەکی

n. پێخۆڵە.

inthrall, inthral (in-thrôl′), *v.t.* = enthrall.

inthrone (in-thrōn′), *v.t.* = enthrone.

intima (in′ti-mə), *n.* دیواری ناوەوەی بۆری خوێن

intimacy (in′tə-mə-si), *n.* (۱) تێکەڵاوی نەبێنی دوو کەس یا زیاتر: دۆستایەتی: تێکەڵی: نزیکی

(۲) کردەوەیەک کە نیشانەی دۆستایەتی و نزیکی بێ (هاچ: دەستگرتن).

(۳) جووت بوونی دڕی

intimate (in′tə-mit), *adj.* (۱) ناوەکی: خوێی: قوڵ:
(one's ~ feelings, thoughts, etc.)

(۲) کەسی: پەیوەندی: خۆیی: هەست‌ونەستی
(the ~ details of one's life)

(۳) زۆر نزیک: برادەر: برادەری): گیانی بە گیانی:
(an ~ friend; to be on ~ terms with a person)

(٤) قوڵ: وورد: باش *(an ~ knowledge of Kurdish literature)*

(٥) ناوکۆزکی: ساغەیی: هەرە ناوەوە *(the ~ structure of an atom)*

n. برادەرێکی گیانی بە گیانی: برادەرێکی زۆر نزیک

v.t. (۱) بڵاوکردنەوە: ووتن: دەربڕین

(۲) درکاندن: وەیشاندن: بە ناڕاستەوخۆ دەربڕین یا نیشاندان:
(He ~d his approval of the plan.)

-intimateness *(n.).*

intimately (in′tə-mit′li), *adv.* زۆر لە نزیکەوە: ناسین):
گیانی بە گیانێتیانە: زۆر بە باشی یا وورڕی (زانین):
(to know a person or subject ~)

intimation (in′tə-mā′shən), *n.* (۱) بڵاوکراوە: ووتن

(۲) درکاندن: نیشانە: پێشنیار: ئاگا

intimidate (in-tim′ə-dāt′), *v.t.* بەچەترسێنن کردن: ترساندن

(بە هەڕەشە: ترس دانەبەرو هەڕەشەلێکردن.
(to ~ a witness; to ~ a person into doing something.)

-intimidator *(n.).*

intimidation (in-timə-dā′shən), *n.* بەچەترسێنن: ترسن:
(to give in or surrender to ~) ترساندن بە هەڕەشە

into (in′tōō, in′too, in′tə), *prep.* (۱) بۆ ناوەوە: بەرەو ژوورەوە:
(to come or walk ~ a building)

(۲) هەتا ناوەڕۆ: بەرەو دوا بوون: کات:
(They worked far ~ the night.)

(divided ~ parts: (۳) بە (بوون بە: گۆڕین بە: کردن بە: بەش کردن بە:
to put French ~ English; rain that turned ~ snow)

intolerable (in-tol′ēr-ə-b'l), *adj.* لەگەڵی بەرنەبڕێ: لەگەڵی
هەڵ ناگرێ: لە ڕادە بەدەر: زۆر خراپ *(~ heat, pain, oppression)*

-intolerably *(adv.).*

intolerance (in-tol′ēr-əns), *n.* (۱) چاونەپۆشین: تەنگەجیکڵانەیی:
هەست خراپ بوون بەرامبەرو ڕێ ڵێ بووندوە:
(his ~ of other races and religions)

(۲) پێ نەکەوتن (خواردن: خواردنەوە: دەرمان): هەستیاری
(his ~ of alcohol)

intolerant (in-tol′ēr-ənt), *adj.* چاونەپۆش: تەنگەجیکڵانە:
هەست خراپ بەرامبەر: ڕێ ڵێ بووندوە: *(an ~ person)*

intolerant of, چاونەپۆش: ڕێ ڵێ بووندوە: لەگەڵ هەڵ نەکەر
(He is intolerant of his children's laziness.)

intomb (in-tōōm′), *v.t.* = entomb.

intonate (in′tō-nāt′), *v.t.* (۱) خوێندن بە ناوازەوە (قورئان).
(۲) بە دەنگێکی تایبەتی ووتن

intonation (in′tō-nā′shən), *n.* (۱) خوێندن بە ناوازەوە (قورئان).
(۲) بەرزو نزمی دەنگ (قسەکردن: گۆرانی: خوێندنەوە).

intone (in-tōn′), *v.t.* (۱) خوێندن بە ناوازەوە (قورئان)
(۲) بەرزیو نزمیەکی تایبەتی دان بە دەنگ (ووتە: گۆرانی).
(۳) بە گۆرانی ووتن

v.i. (۱) خوێندن بە دەنگی بەرزو بە ناوازەوە (۲) لووراندن.

in toto (in tō′tō), [L.], بە هەمووی: هەمووی پێکەوە:
بە تەواوی: سەرجەم.

intoxicant (in-tok′sə-kənt), *n.* خواردنەوەی سەرخۆشکەر:
بەنگ یا دەرمانی هەست سڕکەر یا سەرخۆشکەر.

adj. سەرخۆشکەر: مەستکەر

intoxicate (in-tok′sə-kāt′), *v.t.* (۱) سەرخۆش کردن: مەست کردن:
کەیل کردن. (۲) شەیداکردن: هێنانە جۆش: شێتوشەیداکردن.
(۳) ژەهراوی کردن (پزیشکەوانی): ژەهراوی بوون.

intoxicated (in-tok′sə-kā′tid), *adj.* (۱) سەرخۆش: مەست:
کەیل. (۲) شێتو شەیدا: شەیدا: *(~ with love)* .

intoxication (in-tok′sə-kā′shən), *n.* (۱) سەرخۆشی: مەستی:
کەیلی. (۲) شەیدایی: شێتوشەیدایی.

intra- (in′trə), پێشگرێکە بەمانای: لەناو: لەناوەوە: ناوەکی:
(intramural, intravenous)

intractable (in-trak′tə-b'l), *adj.* (۱) سەرکێش: کەللەڕەق:
دابین ناکرێ: سەرسەخت. (۲) دەستکاری ناکرێ: بە ئاسانی لە قاڵب نادرێ یا
شێوەی ناگۆڕێ. (۳) چارە ناکرێ: دەرمان ناکرێ بە ئاسانی: کەم ناکرێتەوە
(ئێش‌وئازار).

intramural (in′trə-myoor′əl), *adj.* (۱) لەناو سنووری شوێنێکدا
(شار: زانکۆ: کۆلێج) (۲) لەنێوان نەندامانی قوتابخانە یا زانستگایەکدا:
ناوەکی: *(~ athletics)* .

(۳) لەناو دیوار یا بۆشایی ئەندامێکدا (زیوارناسی).

intransigence (in-tran′si-jəns), *n.* *Also* **intransigeance,**
سەرسەختی و هەڵوێستە نەگۆڕین: ڕێک نەکەوتن: مەیلی ڕێکەوتن نەبوون
(کاروباری پاڕمانی): *(the ~ of the warring factions)* .

intransigent (in-tran′si-jənt), *adj.* سەرسەخت: ڕا نەگۆڕ:
هەڵوێست نەگۆڕو ڕێک نەکەوت:
(an ~ country, party, group, faction, etc.)

n. کەسێکی سەرسەخت کە ئامادە نەبێ ڕای خۆی بگۆڕێو ڕێک بکەوێ
(بەتایبەتی لەکاروباری پاڕمانیو جەنگیدا).

intransitive (in-tran′sə-tiv), *adj.* تێنەپەڕ (ڕێزمان):
تایبەتی بە کرداری تێنەپەڕ، واتە کە پێویستی بە تەواوکەر نەبێ:
(I sleep.; He slept.)

n. کرداڕێکی تێنەپەڕ (ڕێزمان).

-intransitively *(adv.).*

intrant (in′trənt), *n.* تازە کاربەدەست: تازە نەندام (یانە: کۆمەڵە:
دەستەیەکی ئاینی... هتد).

intrastate (in′trə-stāt′), *adj.* لەناو سنووری یەک ویلایەت یا
لیوادا (بەتایبەتی لە ئەمەریکا)

intravenous (in′trə-vē′nəs), *adj.* ناو دەمار: لەناو دەماری
خوێندا: لە دەمارەوە: *(an ~ injection; ~ feeding)* .

-intravenously *(adv.).*

intreat (in-trēt′), *v.t.* & *v.i.* = entreat.

intrench (in-trench′), *v.t.* & *v.i.* = entrench.

intrenchment (in-trench′mənt), *n.* = entrenchment.

intrepid (in-trep′id), *adj.* نازا؛ نەترساو؛ بەزات؛ بەغیرەت.
intricacy (in′tri-kə-si), *n.* ووردی؛ نالۆسکاوی؛ نالۆزی
intricate (in′tri-kit), *adj.* ووردە؛ نالۆز؛ نالۆسکاو؛ گران؛ تێکەبشسی کراوە
(~ directions; an ~ plot, design, or plan; an ~ machine)
-intricately *(adv.)*; **intricateness** *(n.).*
intrigue (in-trēg′), *v.i.* (١) دڵداری کردن بە دزێیەوە.
(٢) پیلانبازی کردن؛ پیلان گێڕان؛ *(to ~ against one's friends)*.
v.t. (١) فڵداری کردن؛ فرۆفێڵ کردن؛ بە فرۆفێڵ شتێك بەجێهێنان.
(٢) سەرنج زۆر ڕاکێشان و پێ خۆش بوون؛ *(The plan ~ed her.)*.
n. (١) پیلانسازی کردن؛ پیلان گێڕان
(٢) پیلان پیلانبازی؛ پەنگ؛ فرۆفێڵ. *(She loves ~s.)*.
(٣) دڵداریەکی دزێ
intrinsic (in-trin′sik), *adj.* (١) ناوەکی؛ خۆیی؛ هی خۆ؛ ناوخۆیی؛
(the ~ worth of a man; ~ qualities; the oppressive relationships ~ to capitalism)
(٢) هی ناوەوەی لەش یا نەندامێکی.
-intrinsical *(adj.)*; **intrinsically** *(adv.).*
intro- (in′trō), پێشگرێکە بەمانای: بەرەو؛ بەرەو ناوەوە؛ لەناو
introduce (in′trə-dōos′, in′trə-dūs′), *v.t.* (١) جاوساغی کردن؛ بردنە ژوورەوە (٢) پێشکەشی کۆمەڵێك کردن بە ڕەسمی؛ پێناسین.
(٣) تێخستن؛ خستنەناو.
(٤) هێنانە پێشەوە؛ پێشکەش کردن.
(to ~ a subject into a conversation)
(٥) هێنانەکایەوە؛ هێنانە ناوەوە (بۆ بەکارهێنان).
(The war ~d many new words.)
(٦) پێشکەش کردنی شتێکی تازە بۆ فرۆشتن؛ خستنە بازارەوە؛ خستنەڕوو.
(٧) پێناسین؛ پێشکەش کردن؛ بەیەکتر ناسین؛
(I would like to ~ my friend to you.; to ~ two people ; He ~d the speaker to the audience.)
(٨) ا: پێشاندن؛ چاوکردنەوە *(They ~d him to city life.)*.
ب: فێرکردن؛ ڕاهێنان؛ خستنە پێش چاو. *(She ~d him to music.)*.
(٩) پێشکەش کردن بە ڕەسمی بۆ لێکۆڵینەوە (گەڵەی یاسا)؛
(to ~ a bill to Congress)
(١٠) دەستپێکردن؛ پێشکەش کردن؛
(He ~d his speech with a joke.)
introduction (in′trə-duk′shən), *n.* (١) پێناسین؛ هێنانەکایەوە؛ پێشکەش کردن (٢) شتێکی پێ ناسراو؛ پێشکەش کراو، یا هێنراوەکایەوە.
(٣) ا: پێشەکی (پەرتووک، ووتار)؛ سەرەتا.
ب: سەرەتای پارچەیەك مۆسیقا
(٤) بیناسین یا پێشکەش کردن (کەسێك بە کەسێکی تر، کەسێك بە گوێگران یا بە کۆمەڵ)
introductory (in′trə-duk′tōr-i), *adj.* سەرەتایی؛ پێشەکی؛ هی پێشەکی *(~ remarks by the speaker)*.
introspect (in′trə-spekt′), *v.t. & v.i.* لە هەست و بیرووباوەڕی خۆ کۆبینەوە؛ لە خۆ کۆڵینەوە؛ بیرکردنەوە لە هەست و نەستی خۆ.
introspection (in′trə-spek′shən), *n.* لە هەست و بیرووباوەڕی خۆ کۆبینەوە؛ لە هەست و نەستی خۆ کۆڵینەوە
introspective (in′trə-spek′tiv), *adj.* (١) تایبەتی بە لێکۆڵینەوەی هەست و بیرووباوەڕی خۆ.
(٢) لە هەست و نەستی خۆ کۆڵەرەوە؛ *(an ~ person)*.
introversion (in′trə-vūr′zhən), *n.* (١) گوشەگیری؛ پووبەکرەوەیی؛ سەرنجدان بە بیرو هەستی خۆ نەك بە دەرەوە.
(٢) بۆ ناوەوە چوون؛ چەمانەوە بەرەو ناوەوە
-introversive *(adj.).*

introvert (in′trə-vūrt′), *v.t. & v.i.* (١) گوشەگیری؛ گۆشەگرتن؛ لە هەست و نەستی خۆ کۆڵینەوە (٢) بەرەو ناوەوە چوون یا نوشتانەوە
n. (١) شتێکی چەماوە بەسەر خۆیدا یا بۆ ناوەوە.
(٢) گۆشەگیر؛ کەسێکی گۆشەگیر
adj. گۆشەگیر.
-introvertive *(adj.).*
intrude (in-trōōd′), *v.t.* (١) سەپاندن بەسەردا؛ دان بەسەردا
(٢) خۆ سەپاندن بەسەردا؛ خۆ داکوتان؛ دەست کێشانە ناو؛ دەستدرێژی کردنەسەر؛ خۆتێهەڵقورتاندن (٣) بەردی تواوە بەزۆر کردن بەسەر یا بەناو بەردی تردا (زەمینناسی).
v.i. خۆ سەپاندن بەسەردا؛ خۆ داکوتان. *(I hope I'm not ~ing.)*.
intruder (in-trōō′dĕr), *n.* (١) خۆ بەسەردا سەپێنەر؛ خۆ داکوت؛ خۆتێهەڵقورتێنەر (٢) دەستدرێژی کردنەسەر (دز، دوژمن، فڕۆکەی دوژمن)؛ دەست کێشەرە ناو
intrusion (in-trōō′zhən), *n.* (١) خۆ بەسەردا سەپاندن؛ خۆداکوتان؛ خۆتێهەڵقورتان (٢) دەست بەسەرداگرتن یا داگیرکردنی زەوی‌وزاری خەڵك؛ چوونە ناو زەوی خەڵکەوە.
(٣) دەستدرێژی کردنەسەر؛ چوونە ناو یا دەست کێشانە ناو وڵاتێکی تر؛
(an ~ into our country's air space)
(٤) بەزۆر بەردی تواوە کردنەسەر یا ناو توێی بەردی تر؛ (زەمینناسی)
-intrusive *(adj.).*
intrust (in-trust′), *v.t.* = entrust.
intubate (in′tyoo-bāt′, in′too-bāt′), *v.t.* بۆری خستنەناو نەندامێکی لەشەوە (وەك قورگ بۆ هەناسەدان)
-intubation *(n.).*
intuit (in′tū-it, in-tōō′it), *v.t. & v.i.* لەخۆوە زانین؛ بە زگماکی هەستپێکردن یا زانین.
intuition (in′tōō-ish′ən, in′tū-ish′ən), *n.* (١) لە خۆوە زانین؛ هۆشی زگماکی؛ بە زگماکی زانین یا هەستپێکردن؛
(to know something by ~)
(٢) ڕێ بەدەیی؛ سەلیقە
(٣) شتێکی لە خۆوە زانراو یا بە زگماکی هەستپێکراو.
intuitive (in-tōō′i-tiv, in-tū′i-tiv), *adj.* (١) لە خۆوە زانراو؛ بە زگماکی زانراو یا هەستپێکراو؛ *(~ knowledge)*.
(٢) لە خۆوە زان؛ ڕێ بەدیکەر؛ بە زگماکی زان یا هەستپێکەر؛
(an ~ person; Are women more ~ than men?)
-intuitiveness *(n.).*
intuitively (in-tōō′i-tiv-li, in-tū′i-tiv-li), *adv.* لەخۆوە (زانین، کردەوە، ڕەووشت)؛ بە زگماکی نەك بە فێربوون
(to know something ~)
intwine (in-twīn′), *v.t. & v.i.* = entwine.
inundate (in′ən-dāt′, in-un′dāt′), *v.t.* (١) داپۆشین بە ناو یا بە ئاوی لافاو؛ لافاو لێ هەڵسان؛ نوقوم کردن لە ئاودا
(٢) نوقوم کردن؛ کردن بە ژێرەوە هەر وەك بە لافاو؛ پڕبوون؛ پڕکردن؛
(to ~ with requests; to be ~ed with letters)
-inundation *(n.).*
inure (in-yoor′), *v.t.* ڕاهێنان (بە شتی ناخۆش)؛
(to be ~d to hardships)
v.i. دەستپێکردن یا خستنەکار (یاسا، یەرەو)؛
(Compensation benefits ~ from the first day of disability.)
inutile (in-ū′tl), *adj.* بێ سوود؛ بێ کەڵك.
inutility (in′yoo-til′ə-ti), *n.* (١) بێ سوودی؛ بێ کەڵکی
(٢) کەسێك یا شتێکی بێ کەڵك.
invade (in-vād′), *v.t.* (١) هێرش بردنە سەر؛ پەلامارداڵ؛ داگیرکردن؛ دەستدرێژی کردنەسەر؛ شاڵاو بۆ بردن؛ *(to ~ another country)*

(۲) تێ وروژان: تێ چران؛ تێ وروکان؛ هێرش بردنە سەر؛ داگیرکردن (مەجاز). *(The children ~d the kitchen.)*

(۳) دەستدرێژی کردنەسەر؛ سنوور شکاندن؛ خۆ سەپاندن بەسەردا. *(He ~d my privacy.)*

(٤) پیابڵاوبوونەوەو ڕیان لێدان. *(Disease ~s tissues.)*

v.i. پەلامارداندا؛ هێرش بردنە سەر؛ شاڵاو بۆ بردن

invader (in-vād′ĕr), *n.* داگیرکەر؛ پەلامارەر؛ هێرش بەرە سەر؛ دەستدرێژکەر.

invalid (in′və-lid), *adj.* (۱) نەخۆش؛ کەفتەکار؛ لاوازو نەخۆش؛ پەککەوتە؛ بێ هێز (۲) هی کەفتەکاران؛ تایبەتی بە نەخۆش و کەفتەکاران. *(an ~ home)*

n. کەسێکی نەخۆش و کەفتەکار؛ کەسێکی پەککەوتەو هەمیشە نەخۆش و لە جێگادا کەوتوو.

v.t. (۱) پەکخستن؛ کەفتەکارکردن؛ لاوازکردن. (۲) ئازادکردنی سەرباز لەبەر نەخۆشی یا کەفتەکاری.

v.i. (۱) پەککەوتن؛ کەفتەکاربوون؛ لاوازبوون. (۲) خۆلێخستنی سەرباز لەبەر نەخۆشی یا کەفتەکاری.

invalid (in-val′id), *adj.* نادروست؛ پووچ؛ بێ بایەخ؛ بەتاڵ بووەتەوە (باوەڕنامە)؛ کاری پێ ناکرێ؛ نابەجێ. *(an ~ excuse, argument, claim, passport, etc.)*

invalidate (in-val′ə-dāt′), *v.t.* بەتاڵکردنەوە بروانامە. پاساو)؛ نادروستکردن؛ سڕینەوە (مەجاز)؛ پووچ کردن

-invalidation *(n.)*.

invalidity (in′və-lid′ə-ti), *n.* نادروستی؛ بەتاڵی؛ نابەجێیی؛ پووچی.

invaluable (in-val′ū-ə-b'l), *adj.* زۆر بەنرخ؛ زۆر بە بایەخ؛ نرخی لەسەر دانرێ لەبەر زۆر بەنرخی *(~ paintings, advice, service, help, etc.)*

invariable (in-vâr′i-ə-b'l), *adj.* نەگۆڕ؛ ناگۆڕی

invariably (in-vâr′i-ə-bli), *adv.* هەمیشە؛ هەموو کاتێک؛ بەبێ گۆڕین *(He is ~ late to class.)*

invariant (in-vâr′i-ənt), *adj.* نەگۆڕ.

n. هێندێ نەگۆڕ (بیرکاری)

invasion (in-vā′zhən), *n.* (۱) پەلامارد ن؛ هێرش بردنە سەر؛ داگیرکردن؛ شاڵاو؛ دەستدرێژی. *(a military ~)*

(۲) دەستدرێژی (بۆ سەر ماف)؛ سنوور شکاندن؛ هێرش *(an ~ of privacy)*

-invasive *(adj.)*.

invective (in-vek′tiv), *adj.* هێرش بەرە سەر (بە دەم)؛ جوێن فرۆش؛ سەرزەنشتکەر؛ دەم پیس؛ بەدگۆ

n. (۱) هێرش بردنەسەرێکی توند (بە دەم)؛ بەدگۆیی (۲) (*pl.*) جوێن؛ ووشەی پیس

inveigh (in-vā′), *v.t.* هێرش بردنە سەر بەتوند (بە دەم)

inveigle (in-vē′g'l, in-vā′g'l), *v.t.* بەهەڵەبردن؛ بەفریوبردن هەڵفریواندن (بۆ کردنی کاری ناپەسەند)

invent (in-vent′), *v.t.* (۱) داهێنان (بامێر یا شتی تازە)؛ دۆزینەوە (بامێر). *(Edison ~ed the phonograph.)*

(۲) هەڵبەستن (درۆ، هەڵگە)؛ دروستکردن؛ *(to ~ an excuse, alibi, etc.)*

inventer (in-vent′ĕr), *n.* inventor.

invention (in-ven′shən), *n.* (۱) داهێنان (بامێرو شتی تازە) (۲) شتێکی د هسکرد (بامێر (۳) شتێکی هەڵبەستراو؛ درۆ.

inventive (in-ven′tiv), *adj.* (۱) تایبەتی بە داهێنان (۲) داهێنەر؛ زیرەک؛ دۆزەردوە؛ بەتوانا (داهێنان، هەڵبەستن) *(He has an ~ mind.)*

inventor (in-ven′tĕr), *n.* داهێنەر؛ دۆزەرەوە (نامێر).

inventory (in′vən-tôr′i, in′vən-tō′ri), *n.* بارنامە؛ لیستەی بەسەرکردنەوە.

v.t. (۱) لیستەی بەسەرکردنەوە بۆ ئامادەکردن. (۲) خستنەسەر یا تۆمارکردن لە لیستەی بەسەرکردنەوەدا.

inverse (in-vûrs′), *adj.* (۱) هەڵگەڕاوە؛ سەربەرەوخوار هەڵگەڕاوە. (۲) پێچەوانە؛ بە پێچەوانە. (۳) بە پێچەوانە (بیرکاری)؛ پەیوەندی بە پێچەوانە *(an ~ ratio or proportion)*

n. پێچەوانە؛ شتێکی پێچەوانە. *(Love is the ~ of hate.)*

v.t. هەڵگەڕانەوە؛ پێچەوانەکردن؛ وەرگەڕان.

inversely (in-vûrs′li), *adv.* بە پێچەوانە؛ بە پێچەوانەی ئەوەوە

inverse proportion, پەیوەندی بە پێچەوانە (بیرکاری).

inverse ratio, پەیوەندی بە پێچەوانە (بیرکاری).

inversion (in-vûr′zhən, in-vûr′shən), *n.* (۱) هەڵگەڕانەوە؛ وەرگەڕان. (۲) شتێکی هەڵگەڕاوە. (۳) وەرگەڕانی دەستووری ڕێکخستنی ناسایی ڕستە (ڕێزمان)؛ پاشو پێشخستنی بکەرو کردار. *(Waiting at the gate was the host.; That I like.)*

(٤) پێچەوانەکردن (بیرکاری). (٥) گۆشەگیری.

(٦) وەرگەڕانی ئاواز.

(۷) هەڵگەڕانەوەی زمان بە پشتدا (دەنگبێژی).

(۸) هەتیوبازی؛ حەز لە توخمی خۆ کردن؛ نێربازی

invert (in-vûrt′), *v.t.* (۱) سەربەرەوخوارکردنەوە؛ هەڵگێڕانەوە؛ هەڵگەڕاندنەوە. (۲) وەرگەڕاندن؛ پاشو پێشخستن؛ پێچەوانەکردن. (۳) نوشتاندنەوە بۆ ناوەوە؛ بەرەو ناوخۆ وەرگەڕاندن.

n. (۱) شتێکی هەڵگەڕاوە. (۲) هەتیوباز؛ نێرباز

invertebrate (in-vûr′tə-brāt′), *adj.* (۱) بێ بڕبڕاگە؛ (۲) ترسنۆک؛ بێ غیرەت؛ پارا؛ بێ بار.

n. گیانداری بێ بڕبڕە یا بڕبڕاگە.

inverted commas, [British], = quotation marks, وێرگوڵی سەرەوژێر؛ وێرگوڵی هەڵگەڕاوە

invest (in-vest′), *v.t.* (۱) پۆشین؛ جل لەبەرکردن؛ کردنەبەر؛ ڕازاندنەوە (۲) داپۆشین؛ گرتنەوە. *(Fog ~s the city.)*

(۳) ڕەبوون لە؛ هەڵکێشران لە؛ تێدابوون؛ کرانەبەر (مەجاز). *(The old ruins were ~ed with romance.)*

(٤) دانان بە فەرمانڕەوا یا کاربەدەستێکی گەورە بە ئاهەنگەوە.

(٥) دەسەڵات پێدان؛ ماف پێدان *(The military governor has been ~ed with full authority.)*

(٦) وەسوودهێنان؛ پارە هەڵسوراندن؛ پارە خستنە نێش بۆ قازانج؛ بە بەرهەم هێنان. *(to ~ money in real estate)*.

(۷) تێدا خەرج کردن (کات، کۆشش، ووزە، پارە، ڕەنج)؛ ڕەنج تێیادان *(We have ~ed a lot of time and effort in this project.)*

(۸) ئابڵووقەدان؛ دەوردان بە سەرباز

v.i. وەسوودهێنان؛ پارە خستنە نێشەوە بۆ قازانج؛ پارە هەڵسوراندن

investigate (in-ves′tə-gāt′), *v.t.* لێکۆڵینەوە بە ووردی؛ لێ وردبوونەوەو پشکنین و ساغ کردنەوە. *(to ~ a crime, the causes of a railway accident, etc.)*

-investigative *(adj.)*.

investigation (in-ves′tə-gā′shən), *n.* لێکۆڵینەوە بە ووردی (تاوان، ڕووداو).

investigator (in-ves′tə-gā′tĕr), *n.* لێکۆڵەرەوە (تاوان، ڕووداو).

investiture (in-ves′tə-chĕr), *n.* (۱) لەسەر کار دانان بە ڕەسمی و بە ئاهەنگەوە؛ دەسەڵات پێدان؛ کردن بە فەرمانڕەوا. (۲) بەرگ؛ داپۆشەر؛ پۆش؛ سەرەخەر.

investment (in-vest′mənt), *n.* (۱) داپۆشین؛ بەرگ لەبەرکردن؛

پۆشین ۲ کردن به فەرمانڕەوا دەسەلات پێدان؛ دانان لەسەر کارو ماف‌و
دەسەلات بەسان ۳ (أ) وەسوودهێنانی پارە؛ پارە هەڵسووڕاندن بۆ قازانج
(ب) پارەی وەسوودهێنراو؛ ئەو پارەیەی دەخرێتە نیشەوە بۆ قازانج
(a large ~)
(ج) ئەو شتەی پارەی تیا وەسوود دەهێنرێ یا دەخرێتە نیش بۆ قازانج
(زەوی‌وبار، خانوو، بازرگانی... هتد).
(٤) ئابلوقەدان؛ دەورگرتن بە سەرباز

investor (in-ves′tĕr), *n.* پارە وەسوودهێنەر؛ پارە هەڵسووڕێنەر بۆ قازانج

inveterate (in-vet′ĕr-it), *adj.* (۱) دێرین؛ کۆن؛ ڕەگ داکوتاو؛ چەسپاو *(an ~ prejudice)*
(۲) فێر؛ خوو پێوەگر؛ وازنەهێنەر بۆ تەرک نەکەر
(an ~ smoker, liar, etc.)

invidious (in-vid′i-əs), *adj.* (۱) ڕق هەڵسێنەر؛ پیس (کردەوە)
(۲) ناڕەوا؛ ناپەسەند (۳) [Obs.]، چاو لەدوو؛ بەغیل

invigilate (in-vij′ə-lāt′), *v.t.* چاودێری کردنی قوتابیان لەکاتی تاقیکردنەوەدا

invigorate (in-vig′ə-rāt′), *v.t.* بەهێزکردن؛ ووزەپێدان؛ هێنانە جوش؛ خوێن جوڵاندن؛ بزواندن
(an ~ing climate, speech, atmosphere)

invincible (in-vin′sə-b'l), *adj.* نەبەز؛ ناڕەزێ؛ ناشکێنرێ؛ ناشکێ *(an ~ army, spirit, will, etc.)*
-invincibility *(n.).*

inviolable (in-vī′ə-lə-b'l), *adj.* (۱) پیرۆز؛ نابێ بشکێنرێ؛ نابێ دەستکاری بکرێ *(an ~ oath, promise, law, etc.)*
(۲) نەبەز؛ سەرنەڕاو؛ بەرهەڵستی هەموو هێرشێك دەکات؛ داگیر ناکرێ؛ ناگیرێ
-inviolability *(n.).*

inviolate (in-vī′ə-lit, in-vī′ə-lāt′), *adj.* دەست نێوە نەدراو؛ دەستکاری نەکراو؛ پیرۆز؛ دەستدرێژ نەکراوە سەر؛ پاك

invisible (in-viz′ə-b'l), *adj.* (۱) نەبینراو؛ شاراوە؛ داپۆشراو؛ نادیار؛ بێ ڕەنگ‌وڕەنگ (۲) بە چاو نابینرێ لەبەر بچووکی
n. شتێك بە تەواوەتی بە چاو نەبینراو
-invisibility *(n.).*
the Invisible, خودا؛ بەدرێن
invisible ink, مەرەکەبی نەبینراو

invitation (in′və-tā′shən), *n.* (۱) بانگ کردن بۆ نان خواردن، ئاهەنگ گێڕانی شتێك؛ بانگ؛ خوڵك کردن (دەعوەت)
(۲) هاندان؛ ڕاکێشان

invite (in-vīt′), *v.t.* (۱) بانگ کردن بۆ نان خواردن، ئاهەنگ گێڕانی کارێك؛ دەنگ کردن
(to ~ someone to a party, dinner, etc.)
(The speaker ~d questions.) (۲) داواکردن؛ تکاکردن
(۳) هێنان بەسەر خۆدا؛ بوون بە هۆ *(to ~ trouble)*
(ب) هاندن؛ ڕاکێشان
n. [Slang], بانگ کردن؛ بانگ *(to send someone an ~)*

inviting (in-vīt′iŋ), *adj.* هاندەر؛ ڕاکێش؛ ڕاکێشان؛ جوان؛ دڵفرێن؛ سەرنج ڕاکێش *(an ~ smile)*

invocation (in′və-kā′shən), *n.* (۱) داواکردن لە خودا بۆ یارمەتی؛ نزا؛ لە خودا پاڕانەوە؛ نزاکردن (۲) نزایەك لە سەرەتای ڕوودانێکی ڕەسمی یا نووسینێکی وەک کتێبەدا (۳) نزای بوێژ لە سەرەتای داستان یا هۆنراوەدا بۆ خودا ی سەروش‌و هونەر بۆ یارمەتیدانی لە نووسینەکەیدا
(٤) حەوکەو دێوو درێج بانگ کردن (جادووگەری)

invoice (in′vois), *n.* (۱) بارنامە
(۲) باری تۆمارکراو لە بارنامەدا؛ بار
v.t. تۆمارکردن لە بارنامەدا؛ بارنامە ئامادەکردن

invoke (in-vōk′), *v.t.* (۱) لە خودا پاڕانەوە؛ نزاکردن؛ داوای یارمەتی کردن لە خودا یا کەسێکی ئایینی پیرۆز
(۲) جنۆکەو دێوو درێج بانگ کردن (جادووگەری)
(۳) داواڵێکردن؛ پاڕانەوە؛ تکاکردن؛ هاوار بۆ بردن

involuntary (in-vol′ən-ter′i), *adj.* (۱) خۆ نەویست؛ خۆ نەکرد؛ بەبێ ئارەزووی خۆ *(an ~ act)*
(۲) بێ دەسەنقەست؛ ڕێکەوت
(۳) لە خۆیەوە ڕوودەدات؛ نۆتۆماتیکی *(Digestion is ~ .)*
-involuntarily *(adv.).*

involute (in′və-lōōt, in′və-lūt′), *adj.* (۱) ئاڵۆز؛ ئاڵۆسکاو
(۲) لوول خواردوو؛ پێچ لوول؛ پێچ خواردوو (گوێچکەماسی، قاوغ)
(۳) بۆ ناوەوە لوول خواردوو (گەڵا).

involution (in′və-loo′shən, in′və-lū′shən), *n.* (۱) ئاڵۆسکان؛ تێوە ئاڵۆزان؛ تێوەگلان (۲) شتێکی ئاڵۆز؛ ئاڵۆزی
(۳) لوول خواردن بۆ ناوەوە؛ ئەندامێکی پێچ لوول
(٤) پووکانەوە (تەندروستی)؛ دانە دواوە
(٥) ڕستەیەکی ئاڵۆز بەتایبەتی کە بکەرو کردار لەیەك جیاکرابێتەوە بە دەستەواژەیەك (ڕێزمان)
(٦) (أ) چوونەوەیەکی ئەندامێکی لەش‌و گەڕانەوەی بۆ قەبارەی ئاسایی (سکی ئافرەت پاش منداڵبوون) (ب) کزبوونی چالاکی لەش بەتایبەتی کە ئافرەت دەگاتە تەمەنی وەستانی بێ نوێڕی یان خوێن پژانی مانگانەی.

involve (in-volv′), *v.t.* (۱) داپۆشین؛ دەورگرتن؛ پێچانەوە؛ گرتنەوە: *(Fog ~d the shoreline.)*
(۲) لوول خواردن؛ پێچ خواردن؛ پەیکەخواردن
(۳) ئاڵۆزان؛ ئاڵۆسکاندن
(٤) تووش کردن؛ تێوەگلاندن؛ تێوەتلان؛ پێوەکردن (سەرئێشە، تاوانباری)
(٥) گرتنەوە؛ تێدابوون؛ ڕاکێشانە ناوخۆ:
(The procession ~d thousands as it moved toward the Bastille.)
(٦) پێویست
(۷) خەریك بوون؛ پێوە خەریك بوون:
(He is ~d in repairing his house.)

involved (in-volvd′), *adj.* (۱) گێرۆگرفتاوی؛ تێکەپشتنی گرانە؛ ئاڵۆز؛ ئاڵۆسکاو؛ وورد (۲) دەستی تێدایەتی (ڕوودان، تاوان)

involvement (in-volv′mənt), *n.* (۱) تووش کردن؛ تێوەگلان؛ پێوەکردن (۲) پەیوەندی بە کارێك یا ڕوودانێکەوە؛ دەست تێدابوون؛
(His ~ in the crime was never proved.)
(۳) کاروباری ئاڵۆز

invulnerable (in-vul′nĕr-ə-b'l), *adj.* (۱) نازار نادرێ؛ زیانی پێ ناگات؛ کاری تێ ناکرێ؛ هەستی بریندار ناکرێ *(an ~ person)*
(۲) داگیر ناکرێ؛ ناگیرێ؛ بەرهەڵستی هەموو هێرشێك دەکات
(an ~ base, position, etc.)
-invulnerably *(adv.).*

inward (in′wĕrd), *adj.* (۱) ناوەوە؛ هی ناوەوە؛ ناوەکی
(the ~ organs of the body)
(۲) گیانی؛ مێشکی؛ دەروونی (۳) بەرەو ناوەوە چوو
(٤) ناوەوە؛ دوور لە قەراغ (٥) خۆیی؛ زگماکی؛ ناوەکی
(٦) [Archaic]، خۆمانی؛ ناوخۆیی
(۷) [Obs.]، کەسی؛ نهێنی؛ تایبەتی بە خۆ
n. (۱) بەشی ناوەوە؛ شتی ناوەوە (۲) *(pl.)*، ڕیخۆڵە
adv. (۱) بەرەو ناوەوە (۲) بۆ ناو مێشك، گیان، یا دەروون (۳) [Obs.]، لە ناوەوە

inwardly (in′wĕrd-li), *adv.* (۱) لە ناوەوە (۲) بەرەو ناوەوە (۳) لە مێشك‌و دەروونداً؛ لە ناوخۆدا. واتە بێ ئەوەی کەس بیزانێ
(to be ~ resentful; to grieve ~)

inwardness (in′wērd-nis), *n.* (۱) پیرکردنەوە لە هەستونەست‌و بیری خو ۲) گەوهەر؛ ناوکوژک؛ ماك. (۳) قوولی هەست‌و بیر؛ دڵسۆزی.

inwards (in-wērdz), *adv.* = inward.

inwrap (in-rap′), *v.t.* = enwrap.

inwrought (in′rôt′, in-rôt′), *adj.* (۱) چنراوە بە قوماشەکەوە (نەقش‌ونگار) پێوە چنراو. (۲) تێکەڵ؛ باش تێکەڵاوکراو.

iod-, iodo- (ī-od′), پێشگرێکە بەمانای یۆد.

iodate (ī′ə-dāt′), *v.t.* یۆد تێکردن

n. یۆدات

iodin (ī′ə-din), *n.* = iodine.

iodine (ī′ə-dīn, ī′ə-din), *n.* یۆد

iodize (ī′ə-dīz′), *v.t.* یۆدلێدان؛ بە یۆد برین دەرمان کردن

ion (ī′ən, ī′on), *n.* ئایۆن (فیزیا. کیمیا)

-ionic *(adj.).*

-ion, پاشگرێکە بەمانای: (۱) کردارێك یا ئەنجامی کردارێك: *(indention)*

(۲) باری شتێك *(cohesion)*

Ionic (ī-on′ik), *adj.* (۱) تایبەتی بە ئایۆنیا و گەلەکەی

(۲) هی زمانی ئایۆنی کە بەشێکە لە زمانی یۆنانی

(۳) تایبەتی بە شێوازی خانووسازی ئایۆنی کە بریتیە لە چوکڵەی لوول خواردوو یا پێچ پێچ بە سەری کۆڵەکەوە.

n. (۱) جۆرە تیپێکی گەورەی بە ئاسانی خوێنراوەیە (چاپەمەنی).

(۲) زاراوی ئیۆنی کە بەشێکە لە زمانی یۆنانی.

iota (ī-ō′lə), *n.* (۱) تیپی نوهەمی ئەلفوبێی یۆنانی

(۲) تۆز؛ تەحت؛ تۆزێك؛ نەختێك

IOU, I.O.U. (ī′ō′ū′), من قەرزارێ ئەم سێ تیپەی لەسەر دەنووسێ و دەیدات بە خاوەن قەرز وەك سەندەو کورتەی ئەم سێ وشەیەیە: " I owe you ".

IPA, = International Phonetic Alphabet, ئەلفوبێی ئەنگلیزی جیهانی

IQ, I.Q., = intelligence quotient.

ir- (ir), پێشگرێکە بەمانای: نە؛ بێ. لەپێش ڕوستەیەکدا؛ بەکاردەهێنرێ کە بە " r " دەست پێ بکات: *(irresponsible; irreversible)*

Irak (ē-räk′, i-rak′), *n.* = Iraq.

Iran (ē-rän′, ī-ran′), *n.* ئێران

Iranian (ī-rā′ni-ən), *adj.* تایبەتی بە ئێران و گەلەکەی و زمانەکەیان و کلتوورەکەیان

n. (۱) هاوواڵاتیەکی ئێران؛ فارس

(۲) لقێکە لە زمانی هیندی-ئەوروپی کە فارسی و کوردی و ئەفغانی، واتە پەشتۆ دەگرێتەوە

Iraq (ē-räk′, i-rak′), *n.* عێراق

Iraqi (ē-rä′ki), *n.* (۱) عێراقی؛ هاوواڵاتیەکی عێراق

(۲) زمانی عەرەبی عێراقی

adj. عێراقی؛ تایبەتی بە عێراق و گەل و زمان و کلتوورەکەی

irascible (i-ras′ə-b'l, ī-ras′ə-b'l), *adj.* تەنگەهێلانە؛ سەرگەرم؛ تەنگەنێلکە؛ خوڕەوتڕۆ؛ زووهەڵچوو.

-irascibility *(n.).*

irate (ī′rāt, i-rāt′), *adj.* (۱) تووڕە؛ بە تووڕەییەوە؛ تووڕەییانە؛ *(an ~ phone call)* لە تووڕەییەوە

ire (ir), *n.* تووڕەیی؛ ڕق

ireful (ir′fəl), *adj.* تووڕە؛ ڕقاوی

iris (ī′ris), *n.* (۱) پەلکە ڕەنگینە؛ پرچی ئایشن و فاتمە.

(۲) گڵینە؛ گڵینەی چاو؛ ڕەشینە؛ ڕەشینەی چاو

(۳) سەوسەن؛ گوڵە سەوسەن.

Irish (ī′rish), *adj.* ئێرلەندی؛ تایبەتی بە ئێرلەندەو گەلەکەی‌و زمانەکەی‌و کلتوورەکەی.

n. (۱) زمانی ئێرلەندی

(۲) [Colloq.]، تووڕەیی؛ ڕق *(get one's ~ up)*

the Irish, گەلی ئێرلەندە؛ ئێرلەندەییەکان.

Irish coffee, خواردنەوەیەکە لە قاوەو ڕیسکی‌و کرێم پێکدێت.

Irishman (ī′rish-mən), *n.* (۱) ئێرلەندییەك؛ پیاوێکی ئێرلەندی؛ هاووڵاتیەکی ئێرینەی ئێرلەندی (۲) کەسێکی بنەچە ئێرلەندی

Irish Republican Army, [IRA], ڕێکخراوێکە خەبات بۆ سەربەخۆیی ئێرلەندە دەکات.

Irish setter, سەگێکی تووك درێژی سووری ناوڕیشەییە.

Irish terrier, سەگێکی بچووکی قژ لوولی سووریارە.

irk (ûrk), *v.t.* پەستکردن؛ بێ تاقەت کردن؛ ڕق هەڵسان.

irksome (ûrk′səm), *adj.* ناخۆش (نەرك، چۆنێتی: بارێك)؛ بێ تاقەت کەر؛ پەستکەر؛ ووشك (کار): *(an ~ tack; ~ restrictions)*

iron (ī′ərn), *n.* (۱) ئاسن (۲) (ا) ئوتوو (ب) ئامێرێکی ئاسن.

(۳) *(pl.)*، پێوەند؛ پێوەندی ئاسن (٤) هێز؛ سەختی.

(٥) [Slang]، چەکێکی ئاگرینی بچووك.

(٦) داری گۆڵف (کە سەرەکەی ئاسنە).

(۷) دەرمانی هێز کە ئاسنی تێدا بێ.

adj. (۱) ئاسنین؛ ئاسن؛ ئاسنینە.

(۲) سەخت؛ بەهێز؛ ئاسنین؛ ئانوشتێتەوە: *(an ~ temperament, will, etc.)*

(۳) بێ بەزەیی؛ دڵڕەقانە؛ بێ ڕەحمانە: *(to hit with an ~ hand)*

v.t. (۱) لە ئاسن گرتن؛ بە ئاسن داپۆشین. (۲) پەیوەندکردنی بەندێك

(۳) جل لەئوتوودان؛ ئوتوولێدان

v.i. جل لەئوتوودان؛ ئوتوولێدان

have irons in the fire, خەریك بوون (کاروکاسبی، ڕابواردن، چالاکی).

in irons. پەیوەندکراو؛ بەندکراو؛ لە بەندیخانەدا.

iron out, ساف کردن؛ لابردن (قۆرت، کۆسپ، ناکۆکی)؛ ناکۆکی بڕینەوە: *(They held a meeting to iron out their differences.)*

strike while the iron is hot, بە گەرما وگەرم کردن؛ کردنی کارێك لە باشترین کاتدا؛ هەڵسان بە کارێك لەکاتی خۆیدا.

Iron Age, (۱) چەرخی ئاسن: چەرخی بەکارهێنانی ئاسن کە لە سالی هەزاری پێش زایینەوە دەستپێکرد. (۲) [i-a-]، دوا چەرخ‌و خراپترین چەرخی جیهان (نەفسانەی کۆن).

iron-clad (ī′ərn-klad′), *adj.* (۱) لە ئاسن گیراو؛ ئاسن پۆش؛ لە قەڵغانی ئاسن گیراو.

(۲) توندوتیژ؛ سەخت؛ بە زەبروزەنگ: *(an ~ rule)*

(۳) مسۆگەر؛ تەواو: *(~ guarantees)*

n. کەشتیەیەکی جەنگی بە قەڵغان دەورگیراو.

iron curtain, پەردەی ئاسنین: بەربەستێکە کە بەری پەیوەندی دەگرێ لەنێوان وواڵاتانداو بەتایبەتی لەنێوان یەکێتی سۆڤیەت‌و هاوپەیمانەکانی‌و وواڵاتە ڕۆژئاواییەکاندا.

iron hand, توندوتیژ؛ سەخت؛ بە زەبروزەنگ: *(to rule a country with an ~)*

-iron-handed *(adj.).*

iron horse, [Colloq.], (۱) ئەسپە ئاسنینە؛ پاسکیل.

(۲) مەکینەی بزوێن؛ مەکینەی شەمەندەفەر.

ironic, ironical (ī-ron′ik, ī-ron′i-k'l), *adj.* (۱) بە تەوس؛ لاقرتیی؛ سەیر؛ لاقرتیی ڕۆژگار یا ژیان؛ پێچەوانە (مەبەست، مانا)؛ تەوس: *(an ~ remark, event, etc.)*

(۲) بە تەوسەوە قسەکەر؛ لاقرتن باز؛ پڕ لە لاقرتی.

-ironically *(adv.).*

ironing (ī′ərn′iŋ), *n.* (۱) جل لەئوتوودان.

(۲) ئەو جلەی لەنوتوو دەدرێ.

ironing board, مێزی نوتووکردن

ironist (ī-ron′ist), *n.* لاقرتێ باز؛ بە تەوسەوە قسەکەر.

iron-master (ī′ĕrn-mas′tĕr, ī′ĕrn-mäs′tĕr), *n.* خاوەن کارگەی ئاسن

iron-monger (ī′ĕrn-muŋ′gĕr), *n.* ئامێری ئاسن فرۆش؛ ئاسن فرۆش

iron-side (ī′ĕrn-sīd′), *n.* پیاوێکی بەجەرگ و ئازا.

ironsmith (ī′ĕrn-smith′), *n.* ئاسنگەر

ironware (ī′ĕrn-wâr′), *n.* دەفری ئاسن؛ شتومەکی ئاسن.

ironwork (ī′ĕrn-wŭrk′), *n.* ئامێری ئاسن؛ پارچە ئاسن.

ironworker (ī′ĕrn-wŭr′kĕr), *n.* (۱) ئامێری ئاسن دروستکەر؛ کرێکاری ئاسن (۲) دروستکەری چوارچێوەی پردی ئاسن.

ironworks (ī′ĕrn-wŭrks′), *n.pl.* کارگەی ئاسن یا تواندنەوەی ئاسن؛ کارگەی ئامێری قورسی ئاسن.

irony (ī′rə-ni), *n.* (۱) لاقرتی؛ تەوس

(The speaker was using ~ when he said that the stupid plan was "very clever.")

(۲) قسەی بەتەوس؛ قسەی لاقرتی؛ قسەی بە پێچەوانە.

(۳) لاقرتی‌ی بۆژگار، ژیان، یا چارەنووس؛ شتێکی سەیر؛ سەیر؛ پوودانێک کە پێچەوانەی ئەوە بێ کە چاوەڕێی دەکرێ.

(If a poor man inherits a great fortune and dies soon, we might call it one of life's ~ies.)

(٤) خۆ گێل کردن یا خۆ بە نەزان پیشاندان لە ووتوێژو مشتومڕدا.

Socratic irony (پێشی دەووترێ).

irradiance (i-rā′di-əns), *n.* شەوقدانەوە؛ پرووناکی دانەوە؛ شەوق

irradiant (i-rā′di-ənt), *adj.* بە شەوق؛ شەوقدار؛ شەوق هاوێژ؛ بریقەدار

irradiate (i-rā′di-āt′), *v.t.* (۱) شەوقدانەوە؛ پرووناکی دانەوە؛ بریقەدانەوە. (۲) پرووناکردنەوە؛ پێشاندان بە پرووناکی.

(۳) دانەوە؛ بڵاوکردنەوە؛ بۆ بوونەوە: *(to ~ joy)*.

(٤) دەرمان کردن بە تیشکی سینی‌و سەروو وەنەوشەیی... هتد.

v.i. (۱) شەوقدانەوە؛ تیشکدانەوە. (۲) پرووناک بوونەوە.

adj. بە شەوق؛ شەوقدار

irradiation (i-rā′di-ā′shən, ir′rā-di-ā′shən), *n.* (۱) شەوق دانەوە؛ بریقەدانەوە؛ تیشکدانەوە. (۲) تیشک؛ شەوق.

(۳) (أ) پرونکردنەوە. (ب) بۆ پروون بوونەوە؛ تێگەیشتن.

(٤) دەرمان کردن بە تیشکی سینی‌و سەروو وەنەوشەیی... هتد.

irrational (i-rash′ən-'l), *adj.* (۱) بێ مێشک؛ توانای بیرکردنەوەی ئەبێ *(to behave like ~ animals)*.

(۲) نابەجێ؛ لەگەڵ مێشکدا نەگونجاو: *(~ fears)*.

irrationalism (i-rash′ən-'l-iz'ĭm), *n.* بیروبڕوا، بیر، یا کرداری نابەجێ.

irrationality (i-rash′ə-nal′ə-ti), *n.* (۱) بێ مێشکی

(۲) نابەجێیی.

(۳) بیر یا کردارێکی نابەجێ.

irreconcilable (i-rek′ən-sīl′ə-b'l), *adj.* (۱) ناشتیان نابێتەوە؛ پێکەوە هەڵ ناکەن؛ ڕێک ناکەون؛ ئاشت نابنەوە: *(~ foes)*.

(۲) پێکەوە نەگونجاو؛ دژی یەکتر؛ ناکۆک:

(~ ideas, statements, actions, etc.)

n. (۱) کەسێکی سەرسەخت؛ کەسێک کە ڕێک ناکەوێت لەسەر هیچ شتێک. (۲) *(pl.)* بیروباوەڕو کرداری پێکەوە نەگونجاو، ناکۆک، یا دژ بە یەکتر.

-irreconcilability *(n.)*.

irrecoverable (ir′i-kuv′ĕr-ə-b'l), *adj.* دەست ناکەوێت؛ لەکیس چووە؛ نایەتەوە؛ نامێنێرێتەوە؛ چاک ناکرێتەوە: *(~ losses)*.

irredeemable (ir′i-dēm′ə-b'l, ir′ri-dēm′ə-b'l), *adj.* (۱) ناگۆڕێتەوە بە پارەی ووردە (پارەی کاغەز)؛ نرخەکەی دەست ناکەوێتەوە بە پارەی ووردە. (۲) ناکرێتەوە (شتی بارمتەکراو)؛ دەرنامێنرێتەوە لە بارمتە.

(۳) نادرێتەوە (قەرز)؛ دەست ناکەوێتەوە؛ ناسەنرێتەوە.

(٤) لەدەست چووە؛ لەکیس چووە؛ ناگەڕێنرێتەوە؛ ناگەڕێتەوە: *(~ losses)*.

(٥) چاک نابێ (ڕەووشت، مرۆڤ، ڕەفتار)؛ ناخرێتەوە سەر ڕێی ڕاست؛ دەستی لێ شۆراوە (کەسێکی سەرسەری بێ ڕەووشت)؛ ناگۆڕێ.

irreducible (ir′i-dōōs′ə-b'l, ir′ri-dūs′ə-b'l), *adj.* (۱) کەم ناکرێتەوە؛ کەمتر ناکرێتەوە (۲) ناگۆڕێ بۆ بارێکی ویستراو.

irrefragable (i-ref′rə-gə-b'l), *adj.* بە درۆ ناخرێتەوە؛ بەڕەڕ نادرێتەوە.

irrefutable (i-ref′yoo-tə-b'l, ir′ri-fū′tə-b'l), *adj.* بە درۆ ناخرێتەوە؛ بەڕەڕ نادرێتەوە؛ ڕاست: *(~ evidence)*.

-irrefutability *(n.)*; **irrefutably** *(adv.)*.

irregardless (ir′i-gärd′lis, ir′ri-gärd′lis), *adj. & adv.* = regardless.

irregular (i-reg′yoo-lĕr), *adj.* (۱) ناوێزە؛ جیا؛ ناتاسا

(۲) نارێک‌وپێک؛ نادەستووری؛ تێکەڵاوپێکەڵاو.

(۳) خوارووخێچ؛ نایەکسان؛ لاسەنگ؛ نارێک.

(٤) نارێک‌وپێک؛ لامسەرلا؛ چۆن ڕێکەوت وەها؛ بە نارێک‌وپێکی پوودەدات: *(~ intervals, visits, etc.)*

(٥) نادەستووری (ڕێزمان)؛ بە جیا گەردان دەکرێت (ڕێزمان): *(Go and write are ~ verbs.)*

n. (۱) شتێکی نارێک‌وپێک؛ کەسێکی نارێک‌وپێک.

(۲) سوپا یا سەربازی نایاسایی.

irregularity (i-reg′yoo-lar′ə-ti, ir′reg-yoo-lar′ə-ti), *n.* (۱) نارێک‌وپێکی؛ نارێکی؛ نادەستوورێتی؛ پەیڕەوی یاسا نەکردن

(۲) شتێکی نارێک یا نارێک‌وپێک.

irrelative (i-rel′ə-tiv), *adj.* = irrelevant.

irrelevance (i-rel′ə-vəns), *n.* (۱) پەیوەندی نەبوون بە باسەکەوە؛ لە باس بەدەری؛ ناگرنگی. (۲) شتێکی لە باس بەدەر؛ شتێکی بێ پەیوەندی بە باسەکەوە یا ناگرنگ.

irrelevancy (i-rel′ə-vən-si), *n.* = irrelevance.

irrelevant (i-rel′ə-vənt), *adj.* پەیوەندی بە باسەکەوە نەبێ؛ بێ پەیوەندی؛ لە باس بەدەر؛ ناگرنگ؛ لە جێی خۆیدا نەبێ: *(an ~ issue, remark, question, etc.)*

irreligious (ir′i-lij′əs, ir′ri-lij′əs), *adj.* بێ ئاین؛ کافر.

irremediable (ir′i-mē′di-ə-b'l), *adj.* بێ چارە؛ بێ دەرمان؛ چاک ناکرێ؛ چاک ناکرێتەوە.

irremissible (ir′i-mis′ə-b'l, ir′ri-mis′ə-b'l), *adj.* لێخۆش‌بوونی بۆ نەبێ.

irremovable (ir′i-mōōv′ə-b'l), *adj.* ناجوولێنرێ؛ ناجوولێ؛ لانابرێ.

irreparable (i-rep′ĕr-ə-b'l), *adj.* چاک ناکرێ؛ چاک ناکرێتەوە؛ جێی خۆی ناگرێتەوە: *(an ~ damage)*.

-irreparably *(adv.)*.

irrepealable (ir′i-pēl′ə-b'l, ir′ri-pēl′ə-b'l), *adj.* لانابرێ؛ ناسڕێتەوە (یاسا)؛ ناگۆڕێ؛ هەڵناوەشێنرێتەوە.

irreplaceable (ir′i-plās′ə-b'l), *adj.* هیچ جێگەی ناگرێتەوە (شت، مرۆڤ)؛ جێگەی پڕ ناکرێتەوە:

(an ~ leader, thing, person, etc.)

irrepressible (ir′i-pres′ə-b'l), *adj.* پێشێل ناکرێ؛ دابین ناکرێ؛ ناگیرێ؛ دەمکوت ناکرێ؛ داناسرکێنرێ؛ جڵەوی ناگیرێ: *(~ joy)*.

irreproachable (ir′i-prōch′ə-b'l), *adj.* بێگەرد؛ بێ سووچ؛

بێ لۆمە؛ لۆمەی ناکرێ؛ لۆمەی لەسەر نییە. (~ behavior)

irresistible (ir´i-zis´tə-b'l), *adj.* بەرهەڵستی ناکرێ؛ بەری ناگیرێ؛ بەربەست ناکرێ؛ بەربەرەکانی ناکرێ؛ زۆر جوان و دڵڕفێن. *(an ~ feeling, smile, beauty, desire, etc.)*

-irresistibility *(n.)*; **irresistibly** *(adv.)*.

irresoluble (i-rez´ə-lyoo-b'l), *adj.* = insoluble.

irresolute (i-rez´ə-lōōt´, i-rez´ə-lūt´), *adj.* پارا؛ دوودڵ

irresolution (ir´rez´ə-lū´shən), *n.* پارایی؛ دوودڵی

irresolvable (ir´i-zol´və-b'l), *adj.* (١) شی‌ناکرێنەوە؛ پارچە پارچە ناکرێت (٢) چاری نییە (ناکۆکی، کێشە)؛ ناخرێ بە لایەکدا؛ نابڕێتەوە

irrespective (ir´i-spek´tiv), *adj.* [Rare]. گوێ پێ نەدەر؛ بێباک

irrespective of, بێ گوێ دان بە؛ لەگەڵ نەوەشدا؛ بێ ڕەچاوکردن. *(He rushed forward to help irrespective of the-consequences.)*

irresponsibility (ir´i-spon´sə-bil´ə-ti), *n.* (١) بێ لۆمەیی؛ بێ سووچی (٢) پشت پێ نەبەستران؛ گوێ نەدانە نەنجامی کاری خۆ؛ بێ هەستی؛ بێباکی.

irresponsible (ir´i-spon´sə-b'l), *adj.* (١) لۆمە ناکرێ؛ لۆمەی لەسەر نییە؛ ئێی ناپرسرێتەوە *(an ~ child)*.

(٢) پشتی پێ نابەسترێ؛ بێباک؛ گوێ نەدەر؛ ناشرین (کردەوە)؛ بێ هەست؛ نابەجێ *(an ~ person, behavior, act, etc.)*

n. کەسێکی پشت پێ نەبەستراو، بێباک، یا گوێ نەدەر

irresponsibly (ir´i-spon´sə-bli), *adv.* بە بێباکانە؛ بە ناشرینی؛ بە پشت پێ نەبەستراوانە؛ بە نابەجێیی. *(He behaved ~ toward his parents.)*

irresponsive (ir´i-spon´siv), *adj.* (١) کاری تێ نەکردووە؛ هیچ نەگۆڕاوە یا چاکتر نەبووە *(The patient is ~ to treatment.)*.

(٢) وەڵام نەدەرەوە؛ بێ مەیل.

irretrievable (ir´i-trēv´ə-b'l), *adj.* دەست ناکەوێتەوە؛ ناگەڕێنرێتەوە؛ ناهێنرێتەوە؛ لەدەست چوو *(an ~ loss)*.

irreverence (i-rev´ēr-əns), *n.* (١) ڕێز نەگرتن (٢) کارێک یا کردەوەیەک کە ڕێز نەگرتن پیشان دەدات (٣) ڕێز لێ نەگیران

irreverent (i-rev´ēr-ənt), *adj.* ڕێز نەگر؛ ڕێز لێ نەگر؛ بە چاوی سووک تەماشاکەر *(an ~ person, act, behavior, etc.)*.

irreversible (ir´i-vûr´sə-b'l), *adj.* (١) هەڵناوەتێنرێتەوە (بڕیار)؛ ناسڕێتەوە یاسا؛ ناگۆڕێ *(an ~ decision)*

(٢) پاش و پێش ناخرێ؛ هەڵناگێڕێتەوە؛ ناگێڕێتەوە بۆ دواوە.

-irreversibility *(n.)*; **irreversibly** *(adv.)*.

irrevocable (i-rev´ə-kə-b'l), *adj.* هەڵناوەشێنرێتەوە (بڕیار)؛ ناگۆڕێ؛ ناسڕێتەوە؛ لانابرێ؛ هەتا هەتا هەڵوەشانەوەی بۆ نییە *(an ~ decision, judgment, act, etc.)*

irrevocably (i-rev´ə-kə-bli), *adv.* بەشێوەیەک کە هەڵناوەشێتەوە یا نەگۆڕێ؛ هەتا هەتا *(They are ~ separated, tied together, etc.)*.

irrigable (ir´i-gə-b'l), *adj.* بەراو؛ ئاو دەدرێ (زەوی‌وزار)؛ ئاوەنیا

irrigate (ir´ə-gāt´), *v.t.* (١) ئاودان (زەوی‌وزار، ڕووەک)؛ ئاودێری کردن (٢) شۆردن یا پاککردنەوە (پزیشکەوانی)

-irrigator *(n.)*.

irrigation (ir´ə-gā´shən), *n.* ئاودان (زەوی‌وزار، ڕووەک)؛ ئاودێری

-irrigational *(adj.)*.

irritability (ir´ə-tə-bil´ə-ti), *n.* (١) تەنگەحیلکانەیی؛ بێ تاقەتی؛ تەنگەتیلکەیی؛ زوو شێتگیربوون (٢) ناسکی (نەندامی لەش).

irritable (ir´ə-tə-b'l), *adj.* (١) تەنگەحیلکانە؛ تەنگەتیلکە؛ زوو تووڕەبوو؛ زوو شێتگیربوو (٢) ناسک (نەندامی لەش): *(an ~ stomach)*

-irritably *(adv.)*.

irritant (ir´ə-tənt), *adj.* پەستکەر؛ تووڕەکەر؛ ناخۆش (شت).

n. (١) شتێکی چووزێنەرەوە یا ناڕەحەتکەر (ئالەت، تەپوتۆز).

(٢) شتێکی پەستکەر؛ شتێک یا کەسێکی دڵ پەستکەر یا سەرێشێنێر.

irritate (ir´ə-tāt´), *v.t.* (١) پەستکردن؛ تووڕەکردن؛ بێ تاقەت کردن؛ بێزارکردن؛ سەرێشاندن (٢) داگیرساندن (پزیشکەوانی)؛ هەوپێکردن؛ ئازاردان؛ سوورکردنەوە؛ چووزاندنەوە؛ ئێشاندن: *(Harsh soap ~s the skin.; The heavy smoke ~ed my eyes.)*

irritation (ir´ə-tā´shən), *n.* (١) پەستکردن؛ تووڕەکردن؛ دڵگرتن. (٢) پەستی؛ دڵگیران؛ تووڕەبوون (٣) شتێکی پەستکەر، تووڕەکەر، یا دڵگر (٤) ئازارگەیشتن؛ داگیرسان (نەندامی لەش)؛ سوورىبوونەوە یا هەوکردن: *(stomach, skin, or eye ~)*

irrupt (i-rupt´), *v.i.* (١) سنوور شکاندن؛ پەلاماردان؛ شاڵاو بردنە سەر؛ هێرش بردنە سەر. (٢) زیادبوونی ناڕێک‌وپێک (دانیشتوان).

-irruption *(n.)*; **irruptive** *(adj.)*.

is (iz), باری کرداری "بوون"، بۆ کەسی سێیەمی تاکی نادیار: *(She ~ ready.; The book ~ not there.; It ~ ten o'clock.; He ~ doing his homework.)*

as is, نێستا چۆنە هەر وەها؛ بەبێ گۆڕین؛ چۆنە وەها.

is- (is), = iso-.

-ish (ish), پاشگرێکە بەمانای: (١) – ی (نیسپانی، کوردی، ئێرلەندی): *(Spanish, Kurdish, Irish)*

(٢) – ئانە (منداڵانە): *(childish, devilish)*.

(٣) مەیل یا خەریکی ئەو شتە بوو: *(bookish)*.

(٤) – باو (سووریاو)؛ نەختێ: *(tallish, reddish, bluish)*.

(٥) [Colloq.]، نزیکەی (ژمارە): *(thirtyish)*.

Isis (ī´sis), *n.* خودای پیت (ئەفسانەی میسری).

Islam (is´ləm, is-läm´, iz´ləm), *n.* (١) ئیسلام؛ ئایینی ئیسلام (٢) موسوڵمانان (٣) وڵاتە ئیسلامیەکان.

Islamic(is-lam´ik, is-läm´ik, iz-lam´ik), *adj.* ئیسلامی.

Islamite (is´ləm-īt´, iz´ləm-īt´), *n.* موسوڵمانێک؛ موسوڵمان.

island (ī´lənd), *n.* (١) دوورگە؛ (جزیرە) (٢) دوو بەینی (ڕێگاوبان، شەقام)؛ تیلماسکە زەوییەکە لەنێوان ڕێگاوبان یا شەقامی دووسەریدا کە ئوتومبیلی پیا ناڕوات بۆ جیاکردنەوەی ڕێگەکەو سەلامەتی

v.t. (١) کردن بە دوورگە؛ وەک دوورگە لێکردن؛ جیاکردنەوە؛ دابڕکردن (٢) پچڕپچڕکردن.

islander (ī´lən-dĕr), *n.* دوورگەنشین؛ نیشتەجێی دوورگە.

isle (īl), *n.* دوورگەیەکی بچووک: *(the British I~s)*.

v.t. جیاکردنەوە؛ دابڕکردن.

v.i. لە دوورگەدا ژیان یا نیشتەجێ بوون.

islet (ī´lit), *n.* دوورگەیەکی زۆر بچووک.

ism (iz'm), *n.* تیۆری، فەلسەفە، یا ڕێبازێک کە ناوەکەی بە " ism " دوایی دێت (لە پووی سووکێیەوە).

-ism (iz'm), پاشگرێکە بەمانای: (١) کردنی کارێک یا ئەنجامەکەی: *(terrorism)*

(٢) باری "بوون": *(barbarism)*.

(٣) ڕەفتارو کردەوەی تایبەخۆ: *(patriotism)*.

(٤) ڕێبازو؛ تیۆری؛ فەلسەفە *(socialism)*.

(٥) دڵسۆزی بۆ: *(nationalism)*.

(٦) بارێکی ناڕاسایی: *(alcoholism)*.

isn't (iz´'nt), = is not.

iso- (ī´sō, ī´sə), پێشگرێکە بەمانای: وەک یەک؛ هاو؛ کوت‌ومت؛ یەکسان.

isobar (ī´sə-bär´), *n.* (١) هێڵێکە کە لەسەر نەخشە دەکێشرێت لەنێوان

ناوچەی هاویەستاوتنی هەوا لە هاوپەیکی تایبەتیدا.
(٢) نەتۆمی هاوکێشەی نەتۆمی و ژمارەی نەتۆمی جیاواز.

isocracy (ī-sok′rə-si), *n.* پژیمی یەکسانی (لەبووی دەسەلاتی پامیاریەوە)

isodiametric (ī′sə-dī′ə-met′rik), *adj.* هاوتیرە

isodynamic (ī′sō-dī-nam′ik), *adj.* (١) هاوهێز
(٢) هاوهێزی موگناتیسی.

isoelectric (ī′sō-i-lek′trik), *adj.* هاوهێزی نەلەکتریکی.

isogenous (ī-soj′ə-nəs), *adj.* هاوسەرجاوە

isolate (ī′sə-lāt′, is′ə-lāt′), *v.t.* (١) جیاکردنەوە؛ دابڕکردن؛ دابڕین؛ تەریک کردن؛ پەڕکردن. (٢) گەورەکردن یا بەخێوکردنی نموونەیەکی بەکتریایی بە تەنها. (٣) قۆرەتێن کردنی نەخۆش؛ جیاکردنەوەی نەخۆش.

isolation (ī′sə-lā′shən, is′ə-lā′shən), *n.* (١) دوورەپەرێزی؛ تەریک گری؛ بربوون؛ دابڕبوون؛ گۆشەگیری؛ خۆ دوور گرتن؛ تەنهایی؛ تەریکی. خەلوەت؛ پەڕبوون؛ بێ پەیوەندێتی. *(to live in ~)* .
(٢) قۆرەتێن کردن؛ جیاکردنەوەی نەخۆش.
(an ~ hospital, ward, etc.)

isolated (ī′sə-lā′tid, is′ə-lā′tid), *adj.* چەپە حێگا؛ لاتەریک؛ دوورەپەرێز؛ دوور؛ پەڕ؛ بێ پەیوەندی.

isolationism (ī′sə-lā′shən-iz′m), *n.* گۆشەگیری پامیاری و بازرگانی وولاتێك

isolationist (ī′sə-lā′shən-ist), *n.* پاڵپشتکەری گۆشەگیری پامیاری و بازرگانی وولاتەکەی؛ گۆشەگیر؛ گۆشەگیرخواز؛ کەنارگر.

isometric (ī′sə-met′rik), *adj.* هاوپێوانە؛ هاوکێشە

isometry (ī-som′ə-tri), *n.* (١) هاو ئەوەندەی پەکی؛ هاوپێوانی.
(٢) هاوبەرزی (لە ئاستی دەریاوە).

-ison (ə-s'n), *(comparison)* . پاشگرێکە ناوی لێ دروست دەکرێ.

isonomy (ī-son′ə-mi), *n.* یەکسانی (ماف)

isosceles (ī-sos′ə-lēz′), *adj.* سێگۆشەی جووت لا.
(~ triangle) . سێگۆشەی دوو لا یەکسان.

isostasy (ī-sos′tə-si), *n.* هاوتایی زەمین (زەمینناسی)
-isostatic *(adj.)*.

Israeli (iz-rā′li), *adj.* ئیسرائیلی؛ جولەکە؛ یەهوودی.

Israelite (iz′ri-əl-īt′), *n.* جولەکە؛ عیبرانی؛ یەهوودی؛ ئیسرائیلی.

issuable (ish′ōō-ə-b'l, ish′ū-ə-b'l), *adj.* (١) دەردەکرێت (چاپەمەنی)؛ بۆی هەیە دەربکرێت یا بڵاوبکرێتەوە.
(٢) ئەی دەکوڵرێتەوە لە دادگادا.

issuance (ish′ōō-əns, ish′ū-əns), *n.* دەرکردن (چاپەمەنی، یاسا. پەپرەو.

issue (ish′ōō, ish′ū), *n.* (١) چوونە دەرێ؛ دەرچوون.
(٢) دەرگا؛ کون؛ ڕێ (٣) ئەنجام؛ بەرهەم.
(٤) وەچە؛ نەوە؛ منداڵ؛ بەچە
(٥) قازانج؛ دەسکەوت
(٦) مەسەلە؛ باس؛ مەسەلەیەکە کە ناکۆکی لەسەرە؛ کێشە.
(to debate an ~)
(٧) دەرکردن (ڕۆژنامە، گۆڤار، بڕوانامەی دارایی، پەپرەو، یاسا).
(٨) (ا بڵاوکراوە (ڕۆژنامە، گۆڤار، بڕوانامەی دارایی). *(an ~ of bonds)* .
(ب) ژمارەی ڕۆژنامە یا گۆڤار.
(the most recent ~ of a magazine, journal, newspaper)
(٩) (ا خوێن یا کێم لێ هاتن؛ خوێن ڕۆان.
(ب) کون تێکردنی دوومەلێك بۆ کێم دەرکردن.

v.i. (١) هاتنەدەرەوە؛ لێ هاتنەدەرەوە؛ لێ هاتن؛ لێ ڕژیشتن؛ ڕژیشتن.
(blood ~ing from the wound)
(٢) لێوەهاتن (باروبارین)؛ نەوە یا وەچەی فلانە کەس یا تیرە بوون.
(٣) نەخامی نەوە بوون؛ لەوەوە هاتن؛ بوون بە هۆ؛ لێوە پەیدابوون.

(٤) دەسکەوتن؛ هاتنەدەست.
(٥) دەرکران (ڕۆژنامە، گۆڤار)؛ بڵاوکرانەوە؛ دەرچوون.

v.t. (١) دەردان؛ لێ هاتن؛ لێ ڕژیشتن؛ لێ هاتنەدەرەوە؛ فرێدان.
(٢) دابەشکردن؛ پێدان. *(to ~ supplies to the soldiers)*
(٣) دەرکردن (ڕۆژنامە، گۆڤار، پەپرەو، بڕوانامەی دارایی)؛ بڵاوکردنەوە
(to ~ a newspaper, a magazine, a new stamp, government bonds, a decree, etc.)

at issue, ئەو باسەی ئێی دەکوڵرێتەوە؛ ئەو مەسەلەیەی ناکۆکی لەسەرەو دەبێ باس بکرێ و بخرێ بە لایەکدا.
(At issue is whether we are for freedom or not.)

join issue, (١) کەوتنە ناکۆکی یا مشتومڕەوە لەگەڵ یەکتردا.
(٢) مەسەلەیەك پێکەوە خستنە بەردەمی دادگا بۆ بڕیار لەسەردان.

take issue, ڕێك نەکەوتن لەگەڵ؛ ڕا لەسەر نەبوون؛ ناکۆکی لەگەڵدا بوون.
(I take issue with what you just said.)

isthmus (is′məs), *n.* پارچە زەوییەکی تەسکە هەردوو لای ئاو یا دەریایە دوو شوێنی ووشکانی بەیەك دەگەیێنێ؛ تەنگە زەوی.
(the I~ of Panama)

-istic (is′tik), پاشگرێکە بەمانای: تایبەتی بە؛ ناسراوە بە.
(artistic, altruistic)

it (it), *pron.* (١) ئەو (بۆ شتی بێ گیان، گیاندار، یا منداڵ).
(I~ is playing in the yard.; I~ is four months old.; who is ~? I~ is mine.)
(I~ is cold.; I~ is raining.) (٢) بکەری کرداری گشتی.
(٣) تەواوکەری نادیار.
(Carry ~ off successfully.; Confound ~ !; Face ~ out.)

Italian (i-tal′yən), *adj.* ئیتاڵی؛ هی گەلو زمانو کلتووری ئیتاڵیا.
n. (١) ئیتاڵی؛ هاوڵاتیبەکی ئیتالیا (٢) زمانی ئیتاڵی.

italic (i-tal′ik), *adj. & n.* چاپی خوار؛ تیپی لار.
(This is ~ type.)

italicize (i-tal′ə-sīz′), *v.t.* بە تیپی خوار چاپ کردن (بۆ سەرنج ڕاکێشان).

Italy (it′l-i), *n.* ئیتالیا.

itch (ich), *v.i.* (١) هاتنە ئاڵۆش؛ هاتنە خورو؛ خوران.
(٢) کەوتنەسەر کەڵکەڵە؛ زۆر حەزکردن.
n. (١) ئاڵۆش؛ خورو؛ خوران؛ خورۆش.
(٢) کەڵکەڵە؛ حەزێکی زۆر *(to have an ~ to travel)* .

itchy (ich′i), *adj.* ئاڵۆشاوی؛ بە ئاڵۆش؛ خورواوی؛ بە خورۆش؛ بە خورو. *(an ~ skin)*
-itchiness *(n.)*.

-ite (īt), پاشگرێکە بەمانای: (١) نیشتەنی؛ نیشتەجێ؛ دانیشتوو؛ هاوڵاتی. *(Brooklynite)* .
(٢) شوێن کەوتووی بیروباوەڕێك؛ خواز؛ پاڵپشتیکەر. *(Hashemite)* .
(٣) شتێکی دروستکراو. *(dynamite)*
(٤) شتێکی بەردین.
(٥) بەشی ئەندامێکی لەش. (٦) خوێ (کیمیا). *(nitrite)* .

item (ī′təm), *n.* (١) دانە؛ بەند؛ شت؛ ماددە.
(an ~ in a catalog; the first ~ on a program)
(٢) دەنگوباس.
(Are there any interesting ~s in today's newspaper?)

v.t. نووسین لە لیستەدا؛ تۆمارکردن لە لیستەیەکدا.

itemize (ī′təm-īz′), *v.t.* لیستەگرتن؛ تۆمارکردن لە لیستەیەکدا؛ نووسین دانە بە دانە. *(to ~ a bill; an ~d list, account)*

iterate (it′ə-rāt′), *v.t.* دووبارەکردنەوە؛ دووپاتکردنەوە.
-iteration *(n.)*.

itineracy (i-tin′ēr-ə-si, i-tin′ēr-ə-si), *n.* = itinerancy.

itinerancy (ī-tin′ēr-ən-si, i-tin′ēr-ən-si), *n.* (۱) گەڕۆکی؛ هاتوچۆ کردن لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێک بە فرمان. (۲) دەستەیەک مەلا یا دادپرسی گەڕۆک. (۳) فرمانێک کە پێویست بە هاتوچۆ کردن بکات لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێک.

itinerant (ī-tin′ēr-ənt, i-tin′ēr-ənt), *adj.* گەڕۆک

(~ musician, farm workers, etc.)

n. گەڕۆکێک؛ گەڕۆک

itinerary (ī-tin′ə-rer´i, i-tin′ə-rer´i), *n.* (۱) ڕێگەی گەشت؛ ڕێ؛ ڕێگا (۲) یادداشتی گەشتیار (۳) ڕابەرنامە (٤) بەرنامەی گەشت؛ نەخشەی گەشت.

itinerate (ī-tin′ə-rāt´, i-tin′ə-rāt´), *v.t.* گەڕان (بەتایبەتی بۆ مەبەستی ئاین بڵاوکردنەوە یا دادپرسی).

-itious (ish′əs), پاشگرێکە بەمانای: - دار؛ هی؛ تایبەتی بە:

(nutritious, seditious)

-itis (ī′tis), پاشگرێکە بەمانای: نەخۆش یا نەخۆشی بەتایبەتی هەوکردن یا داگیرسانی نەندامێکی لەش:

(bronchitis, appendicitis, tonsillitis)

it'll (it′l), = it will; it shall.

its (its), *pron.* ڕانماوی بوونە بەمانای: - ی؛ هی ئەو:

(The dog wagged ~ tail.; The horse broke ~ leg.)

it's (its), = it is; it has.

itself (it-self′), *pron.* (۱) خۆی: بۆ گیاندارو بێ گیان و ڕووەک:

(The dog scratched ~ .)

(۲) خۆی لە خۆیدا؛ هەر خۆی (بۆ دووپاتکردنەوە):

(The house ~ is not worth much but the land is valuable.)

(۳) بە تەنها؛ هەر خۆی: *(The house stands all by ~)* .

-ity (ə-ti, i-ti), پاشگرێکە بەمانای: بار؛ دۆخ:

(adversity, chastity)

I've (īv), = I have.

-ive (iv), پاشگرێکە بەمانای: (۱) هی؛ تایبەتی بە: *(native)* . (۲) بکەر؛ جەزلێکەر؛ خواز *(destructive, creative)* .

ivied (ī′vid), *adj.* بە لاولاو داپۆشراو؛ لاولاواوی

ivory (ī′vēr-i), *n.* (۱) ماهی؛ سەدەف. (۲) ددانی فیل. (۳) ددان. (٤) ڕەنگی سەدەف؛ سپی (٥) (*pl.*) شتی لە سەدەف دروستکراو؛ شتی ماهی ا) کلیلی پیانۆ (ب) ددان (ج) زار (تاوڵە، دۆمینە). (د) تۆپی بلیارد

adj. (۱) لە سەدەف یا ماهی دروستکراو. (۲) سپی؛ سپی کاڵ.

ivory tower, شوێن یا هەڵوێستی گۆشەگیری و خۆ دوور گرتن لە ژیان و هەر خەریکی بیرکردنەوە بوون (هەندێ جار لەپووی سووکی و ڕەخنەو گاڵتەپێکردنەوە بەکاردەهێنرێت).

ivy (ī′vi), *n.* لاولاو

Ivy League, کۆمەڵەی هەشت زانکۆی پۆژهەڵاتی ئەمەریکایە بۆ وەرزش و چالاکی ناوخۆ (وەتەکە هەڵوێستو مۆدەو بیروڕای قوتابیانی ئەم زانکۆیانە دەردەبڕێت).

-ization (ə-zā′shən, ī-zā′shən), پاشگرێکە ناو لە کردارەوە پێکدێنێ بەمانای باری شتێک؛ بوونی شتێک:

(realization; sterilization)

-ize (īz), پاشگرێکە کرداری لێ پێکدێت بەمانای: (۱) کردن بە؛ والێکردن: *(democratize, Americanize, sterilize)* . (۲) بوون بە؛ والێهاتن: *(crystalize)* . (۳) خستنەبەر؛ کەوتنەبەر: *(oxidize)* . (٤) کردنی شتێک؛ هەڵسان بە کردارێک: *(theorize, soliloquize)* .

J j

J, j (jā), *n.* (۱) تیپی دەهەمی ئەلف‌وبێی ئینگلیزی‌یە. (۲) دەنگی ئەم تیپە. (۳) ئیشانەی پلەی دەهەم لە لیستەیەکدا. (٤) شتێک کە شێوەی وەک ئەم تیپە وابێت.

jab (jab), *v.t. & v.i.* (۱) ئێوەژەندن؛ پیاکردن؛ یا لێدان بە شتێکی تیژ. (۲) مستەکۆڵە لێدان خێرا خێرا.

n. (۱) ئێوەژەندن. (۲) مستەکۆڵە.

jabber (jab′ēr), *v.t. & v.i.* چەنەدان؛ چەنەبازی کردن؛ قسەی هیچ‌وپووچ کردن.

n. چەنەبازی؛ هەڵەوەڕی؛ قسەی هیچ‌وپووچ و بێ مانا.

jack (jak), *n.* (۱) [J-]. شاگرد. (۲) [J-]، کابرا؛ کوڕ؛ پیاو. (۳) [J-]. کەشتی‌یەوان. (٤) دارفرۆش؛ دارکەر. (٥) [J-]. هەمەکارە؛ کەسێک کە وورده شارەزایی‌یەکی هەبێت لە گەلێک کاردا. (٦) شتێکە چەکمەی لە پێ پێ دادەکەنرێ. (۷) ئامێرێ هەڵگەڕاندنەوەی شیشی گۆشت برژاندن. (۸) جەک (ئوتومبیل بەرزکردنەوە)؛ ئامێرێکی شت بەرزکردنەوە. (۹) قاز؛ قەڵەباچکە (۱۰) نێرەکەر. (۱۱) نێرە کەرێشک. (۱۲) نێرە ماسی " سالمۆن " (۱۳) [Slang]، پارە؛ پۆلیس؛ پۆلیسی نهێنی. (۱٤) کاغەزی " جاک "ی قومار. (۱٥) چرای شەوپاو. (۱٦) بەیداخی کەشتی. (۱۷) سوێچی ئەلەکتریک.

v.t. (۱) بەرزکەرەوە بە جەک. (۲) پاوکردن یا بۆ گەڕان بە چرا.

adj. نێرینەی هەندێ گیاندار.

every man jack, هەموو کەس

jack up, (۱) بەرزکردنەوە بە جەک. (۲) [Colloq.]. بەرزکردنەوە (نرخ، مووچە، کرێ): *(to jack up food prices)* (۳) [Colloq.]. سەرزەنشت کردن؛ لۆمەکردن؛ تەمێ کردن بۆ کارکردن.

jack- (jak), پێشگرێکە بەمانای (۱) نێرینە: *(jackass, jackdaw)*. (۲) گەورە؛ بەهێز: *(jackboot, jackknife)*. (۳) کور؛ کابرا *(jack-in-the box)*.

jackal (jak′ôl, jak′əl), *n.* (۱) چەقەڵ (۲) دەسکەڵا؛ دارەدست؛ بەردەست؛ نۆکەر؛ کلك (۳) دەستێر؛ ساختەچی.

jackass (jak′as), *n.* (۱) نێرەکەر. (۲) کەسێکی کەرو بێ مێشك.

jackboot (jak′bōōt), *n.* (۱) چەکمە؛ جزمەی درێژکە دەگاتە ژوور ئەژنۆ. (۲) پێشانەی زەبروزەنگ یا زۆرداری.

jackdaw (jak′dô), *n.* قاز؛ قەڵەباچکە

jacket (jak′it), *n.* (۱) چاکەت. (۲) بەرگی دەرەوەی پەرتووك کە لە بەرگە رەقەکە گیراوە. (۳) قاوغی فیشەك. (٤) تونکڵی فاسۆلیا و پاقلە. (٥) (ا) بەرگی قەوان. (ب) بەرگی بروانامە یا فایلێك. (٦) هەر بەرگێك کە شتێکی تێوە بپێچرێت.

v.t. (۱) چاکەت لەبەرکردن. (۲) پێچانەوە.

jackhammer (jak′ham ēr), *n.* ئامێرێکی بە دەستەوە گیراوی بەرد کوتکەرە.

jack-in-the-box (jak′in-*thə*-boks), *n.* بووکەشووشەیەکە قومقومەیەکی تێدایە

jackknife (jak′nīf), *n.* (۱) قەڵەمپڕی گەورە. (۲) جۆرە خۆفڕێدانێکە ئاو گۆمی مەلەوە کە مەلەوانەکە بە نووشتاوەیی خۆی فڕێ دەداتە ئاوەکەوە و لاقی ڕاست دەکاتەوە پێش گەیشتنە ئاوەکە بە سەردا

v.t. چەقۆ لێدان.

v.i. نووشتانەوە لە ئاوەڕاستدا (مەلەکردن، لۆڕی وەرگەڕاو بە لادا).

jack-of-all-trades (jak ′ov-ôl′trādz), *n.* کەسێك کە وورده شارەزایی‌یەکی هەیە لە هەموو شتێکدا؛ هەمەکارە.

jack-o'-lantern (jak′ə-lan′tērn), *n.* (۱) پووناکی‌یەکە لەسەر زەلکاو دەبینرێ بە شەو. (۲) کوولەکەیەکی بۆش کراوە تونکڵەکەی شێوەی دەموچاوێکی لێ هەڵدەکەنرێ و مۆمێکی دەخرێتە ناوەوە (بە بۆنەی شەوی شەوی بەراتەوە).

jackpot (jak′pot), *n.* (۱) بلیت یا پاداشتی هەرە گەورەی پیانقۆ یا هایبەختێك. (۲) [Colloq.]، پاداشت یا دەسکەوتی هەرە بەنرخ و باش

hit the jackpot, [Slang]. (۱) بلیتی هەرە بەنرخ بۆ دەرچوون لە پیانقۆ یا هایبەختێکدا. (۲) دەسکەوتنی پاداشتی هەرە بەنرخ و گەورە.

jack rabbit, کەرۆشکە کێوی.

jacks (jaks), *n.pl.* هەڵماقۆ.

jackstone (jak′stōn), *n.* (۱) (*pl.*) هەڵماقۆ (۲) بەردە هەڵماقۆ.

jade (jād), *n.* (۱) بەردێکی بەنرخی سەوزە (۲) ڕەنگی سەوزی تۆخ.

adj. (۱) لەم بەردە بەنرخە دروستکراوە. (۲) سەوزی تۆخ.

jade (jād), *n.* (۱) ئەسپێکی پەککەوتەی بێ فەڕو ماندوو. (۲) (ا) ئافرەتێکی سووك و بەرەڵا. (ب) ئافرەت (لە ڕووی گاڵتەوە)

v.t. & v.i. ماندووکردن؛ ماندووبوون؛ سواوان.

jaded (jād′id), *adj.* ماندوو؛ بێ تاقەت (لەبەر زۆر کردنی شتێك)؛ ئارەزوو لێ نەبوو (لەبەر تێربوون لە شتێك).

jag (jag), *n.* (۱) قەڵەب یا قڵیشێکی قەراغ ئاوڕێك (۲) چوکڵە؛ نووك؛ قەراغێکی گرنج گرنجاوی: *(a ~ of rock)*.

v.t. بە ئاوڕێکی بڕین (قوماش)؛ گرنج گرنج کردن.

jag (jag), *n.* (۱) [Colloq.]، بارە دار؛ بارە گزرە. (۲) [Slang]، سەرخۆشی. (۳) [Slang]، ئاهەنگێکی سەرخۆشانە.

jagged (jag′id), *adj.* نووك تیژ؛ چوکڵەدار؛ گرنج گرنج؛ داندار (دەمی مشار): *(a ~ rock, mountain, edge, etc.)*.

jaggy (jag′i), *adj.* = jagged.

jaguar (jag′wär, jag′ū-är), *n.* پڵنگە بەڵەکی ئەمەریکی.

jail (jāl), *n.* بەندیخانە؛ زیندان؛ حەپسخانە.

v.t. خستنە بەندیخانەوە؛ خستنە زیندانەوە؛ بەندکردن.

jail-bird (jāl′bûrd), *n.* [Colloq.]. (۱) بەند؛ بەندکراو؛ حەپس (۲) کەسێك کە زۆر زۆر دەخرێتە بەندیخانەوە.

jailbreak (jāl′brāk), *n.* ڕاکردن لە بەندیخانە؛ بەندیخانە بڕین و دەربازبوون.

jailer, jailor (jāl′ēr), *n.* بەندیوان؛ پاسەوانی بەندیخانە.

jam (jam), *v.t.* (۱) تێ ناخنین؛ تێ ترنجاندن؛ پەستنەوە؛ زۆر پڕکردن. (۲) هارین؛ بریندارکردن. (۳) پاڵەپەستۆکردن. (٤) ڕێ گرتن؛ پڕکردن و ڕێ لە هاتوچۆ گرتن: *(The streets are ~med with cars.)* (٥) عاستی کردن؛ عاستی بوون؛ گیران؛ بەستن:

(The door was ~med and couldn't be opened.)

(٦) ووژەوور خستنەسەر بەرنامەی رادیۆ یا تەلەفزیۆن:

(to ~ a radio broadcast)

v.i. (١) (ا) ماسنی بوون؛ بەستران؛ گیران

(ب) پەککەوتن بەهۆی نەم ماستی بوون یا گیرانەوە.

(٢) پالەپەستۆکردن.

(٣) [Slang]، موسیقالێدان بە گەرەلاوژێ

n. (١) پالەپەستۆ؛ ڕێ گیران (بەهۆی تێ ترنجانەوە)؛ گیران یا ماستی بوون:

(a traffic ~)

(٢) [Colloq.]، تەنگوچەلەمە؛ گیروگرفت.

jam (jam), *n.* مرەبا

jamboree (jam′bə-rē′), *n.* (١) زەماوەندێکی پڕ لە غەڵبەغەڵب؛ ناهەنگێکی سەنگ زل. (٢) ناهەنگێکی جیهانی دیدەوانی.

(٣) کۆنگرە؛ کۆڕێکی گەورە.

jampack (jam′pak′), *v.t.* [Colloq.]. پڕکردن؛ پەستنەوە؛ تاخنین:

(a road ~ed with cars)

jam session, کۆڕێکی مۆسیقای سەرپێیی؛ ناهەنگێکی سەرپێیی مۆسیقای جاز (کە گەلێک جار زیاد لە یەک تیپ مۆسیقای تێدا ڕێ دەدەن).

Jan., = January.

jangle (jaŋ′g`l), *v.i.. (the bell ~ed.)* (١) دەنگێکی ناساز لێوەهاتن؛

(٢) شەڕکردن؛ شەڕەدەم کردن.

v.t. دەنگێکی ناساز لێوەهاتن.

n. (١) قسەکردن بە دەنگی بەرز (٢) دەنگی ناساز؛ دەنگی ناخۆش.

(٣) دەمەقاڵێ؛ شەڕەدەم؛ شەڕە دەنووک.

janitor (jan′i-tĕr), *n.* (١) دەرگاڤان (٢) فەراش؛ بەردەست

-janitorial *(adj.).*

January (jan′ū-er′i), *n. Abbreviated* **Jan.,** ڕێبەندان؛ مانگی یەکەمی ساڵ بەپێی ساڵنامەی زایینی.

Jap (jap), *n. & adj.* [Slang]. یابانی (لە ڕووی سووکایەتیەوە).

Japan (jə-pan′), *n.* یاپان؛ ژاپۆن

Japanese (jap′ə-nēz′), *adj.* یابانی کەس و زمان و کلتووری یاپان

n. (١) هاوواڵاتیەکی یاپان؛ یابانی. (٢) زمانی یابانی.

jar (jär), *v.i.* (١) دەنگێکی ناخۆش لێوەهاتن وەک هی کڕاندن یا ڵێ خشاندن؛ کڕاندن؛ ڵێ خشاندن. (٢) (~ on). پەستکردن.

(٣) ڕاوەشان؛ ڕاتەکان

(٤) بەیەکدادان؛ تەگوتنجان؛ شەڕکردن؛ ناکۆکی لەنێواندا بوون.

v.t. (١) ڕاتەکاندن؛ ڕاوەشاندن:

(The earthquake ~ed many buildings.)

(٢) کڕاندن؛ لێکخشاندن.

(٣) خوریە لە دڵ دان.

n. (١) کڕەکڕ؛ دەنگی ناسازی لێکخشاندن یا کڕاندن.

(٢) ڕاوەشان؛ ڕاتەکان:

(We felt a little ~ when the engine joined the train.)

(٣) خوریە؛ ڕاچڵەکان. *(The bad news gave me a ~ .)*

(٤) ناکۆکی؛ دەمەقاڵێ؛ بەیەکدادان؛ تەگونجان.

jar (jär), *n.* (١) شووشە؛ گۆزە؛ دیزە؛ کووپە.

(٢) پڕ دەفرێکی شووشە یا گڵین.

jar (jär), *n.* تۆزێ یا بە ئاستەم کراوە (دەرگا): *(on the ~).*

jargon (jär′gən, jär′gon), *n.* (١) قسەی تێکەڵاوپێکەڵاو.

(٢) زمانێکی سەیر کە تێگەیشتنی گران بێت

(٣) زمانێکی دوورەگ یا تێکەڵاو.

(٤) زمانێکی پڕ لە زاراوەی تایبەتی بە پیشەیەک کە کەسانی تر بە ئاسانی تێی ناگەن: *(the medical ~).*

v.i. دووان بە زمانێک کە کەس بە ئاسانی تێی نەگات (یا لەبەر تێکەڵاوو پێکەڵاوی یا لەبەر زاراوەی تایبەتی).

jargonize (jär′gən-īz′), *v.i. & v.t.* بە زمانێکی پڕ لە زاراوەی تایبەتی دووان یا نووسین.

jasmine, jasmin (jas′min, jaz′min), *n.* یاسەمین.

jasper (jas′pĕr), *n.* بەردێکی بەنرخی سوورباو، قاوەیی، یا زەردە.

jaundice (jôn′dis, jän′dis), *n.* (١) زەردووبی.

(٢) دڵ پیسی و بەخیلی و دڵ کرمێیی.

v.t. (١) تووشی زەردووبی کردن.

(٢) تووشی دڵ کرمێیی کردن بەهۆی دڵ پیسی و بەخیلییەوە.

jaunt (jônt, jänt), *v.i.* گەشتێکی کورت کردن.

n. گەشتێکی کورت

jaunty (jôn′ti, jän′ti), *adj.* (١) پۆشتە؛ شۆخ؛ تەپڕۆش

(٢) قیت؛ بەکەیف؛ دڵخۆش؛ بێباک؛ کەیف قنج

(٣) [Obs.]، خانەدان؛ ڕەووشت جوان.

-jauntily *(adv.)*; **jauntiness** *(n.).*

javelin (jav′lin, jav′ə-lin), *n.* (١) تیر.

(٢) تیرێکی سەر تیژی دارین (لە مەلەمایێ وەرزشدا بەکاردێت).

jaw (jô), *n.* (١) کاژێر؛ شەوێلک؛ شەوێلگە.

(٢) دەمی گیرە؛ دەمی ئامێرێکی وەک مەنگەنە.

(٣) دەمی دۆڵ، گەڵی، یا دەربەندێک. (٤) [Slang]، قسەی ناشرین و کەرتڕانە.

v.i. [Slang], قسەکردن.

v.t. [Slang], سەرزەنشت کردن؛ شکاندن.

jawbone (jô′bōn′), *n.* ئێسکی شەوێلگە؛ شەوێلگە.

jawbreaker (jô′brāk′ĕr), *n.* شەوێلک شکێن: (١) ووشەیەکە پرتاندنی یا ووتنی زۆر گران بێ بە دەم. (٢) نۆقوڵی ڕەق.

jay (jā), *n.* (١) قەڵەباچکە. (٢) [Slang] ، کەسێکی بێ مێشکی زۆرۆژ.

jaywalk (jā′wôk′), *v.i.* [Colloq.], لە شەقام پەرینەوە لە شوێنی قەدەغەوە و بێ گوێ دان بە پەیڕەوی پەرینەوە: *(J~ing is illegal.)*

-jaywalker *(n.).*

jazz (jaz), *n.* (١) جاز؛ مۆسیقای جاز. (٢) مۆسیقای سەما.

(٣) [Slang]، جۆش؛ قنج‌وقیتی.

(٤) [Slang]، (ا) قسەی هیچ‌وپووچ و بێ مانا.

(ب) فشە: *(all that ~ about his adventures)* .

adj. وەک مۆسیقای جاز.

v.t. مۆسیقای جاز لێدان.

jazz up, هێنانە جۆش؛ قسە پێوەنان؛ خۆش و جوان کردن؛ بەهارات پێوەکردن (مەجان)؛ خێراترکردن؛ گورج کردنەوە.

jazzy (jaz′i), *adj.* (١) وەک مۆسیقای جاز؛ جازی.

(٢) [Slang]، بەجۆش؛ خۆش؛ گەرم؛ بەکەیف.

jealous (jel′əs), *adj.* (١) بەتەنگەوەهاتوو؛ بە وورییایی پارێزیکەر:

(A man is ~ of his rights.)

(٢) دڵ پیس: *(a ~ wife, husband, etc.)* .

(٣) بەخیل؛ بەخیلی پێ بەر.

jealousy (jel′əs-i), *n.* (١) دڵ پیسی. (٢) بەخیلی؛ بەخیلی پێ بردن.

jean (jēn, jān), *n.* (١) جۆرە قوماشێکی کەتانی نەستووری قایمە.

(٢) *(pl.)* پانتۆڵێک کە لەم قوماشە دروستکرابێت.

jeep (jēp), *n.* جیپ.

jeer (jēr), *v.i. & v.t.* هووها ڵێ کێشان؛ هووهالێکردن؛ گاڵتەپێکردن.

n. هووها؛ گاڵتەپێکردن.

Jehovah (ji-hō′və), *n.* خودا؛ خوا؛ یەزدان.

jejune (ji-jōōn′), *adj.* (١) نابڕێو؛ بێ کەڵک (خواردەمەنی).

(٢) ووشک و بێ تام؛ ناخۆش: *(a ~ story, lecture, etc.)* .

(٣) مندااڵنە (ڕەووشت)؛ هەرزەیی: *(a ~ behavior)* .

Jekyll and Hyde, کەسێکی سەروشت دووڤاق؛ کەسێک کە هەر دەمە بە جۆرێک ڕەفتار بنوێنێ.

jell (jel), *v.i. & v.t.* [Colloq.], (١) بوون یا کردن بە جەلاتین یا

شیرینی‌یەکی جەلاتینی (۲) مەیین؛ دەق بەستن؛ خۆگرتن؛ توندبوونەوە:
(Our plans haven't ~ed yet.)
n. [Colloq.], شیرینی جەلاتینی.
jelly (jel′i), *n.* شیرینی‌یەکی جەلاتینی؛ جەلاتین.
jelly-bean (jel′i-bēn´), *n.* نوقولێکی جەلاتینی.
jelly-fish (jel′i-fish´), *n.* (۱) ماسی بەرمەلیقە. (۲) [Colloq.] کەسێکی بوودەڵە؛ کەسێکی بێ غیرەت.
jeopardize (jep′ēr-dīz´), *v.t.* خستنە مەترسی‌یەوە:
(The soldier ~ed his life to save his comrade.)
jeopardy (jep′ēr-di), *n.* (۱) مەترسی؛ لە مەترسیدا بوون:
(to be in ~ ; to put someone's life in ~)
(۲) مەترسی تاوانبارکران لە دادگادا.
jerboa (jēr-bō′ə), *n.* گیاندارێکی بچووکە بە بازوو دەپوات لە مشک دەچێت
jerk (jûrk), *v.t.* (۱) تەکان یێدان؛ ڕاوەشاندن؛ پاڵ پێوەنان‌و ڕاکشان‌و بادان بە قایم؛ هەڵبەزودابەز پێکردن.
(۲) (out ~), بە هەناسە برکێ‌و پەڵە ووتن.
v.i. (۱) هەڵبەزودابەزکردن. (۲) فڕین (چاو، ماسولکە)؛ فرتەفرت کردن.
n. (۱) تەکان؛ ڕاوەشان؛ پاڵ پێوەنان‌و ڕاکێشان.
(۲) فڕین (چاو، ماسولکە)؛ فرتەفرت. (۳) [Slang]، کەسێکی نالەبارو بێ بایەخ‌و بێ فەڕو کەڵو هیچی چاک لە دەست نەهاتوو.
-jerky *(adv.)*; **jerkiness** *(n.)*.
jerk (jŭrk), *v.t.* توێ کردنی گۆشت‌و ووشک کردنەوەی‌و هەڵگرتنی.
n. گۆشتی توێ توێ کراوی ووشک کراوە (بەتایبەتی گۆشتی گا و مانگا).
jerky (jûr′ki), *adj.* (۱) هەڵبەزودابەزکەر؛ پڕ لە تاسە:
(a ~ automobile ride)
(۲) فرتەفرتکەر (ماسولکە).
jerky (jûr′ki), *n.* گۆشتی گا و مانگای توێ توێ کراوی ووشک کراوە.
jersy (jûr′zi), *n.* (۱) قوماشێکی بەرمی چنراوی خوری یا ئاوریشمی کشاو. (۲) بلووسێک لەم قوماشە کرابێت (کەشتی‌یەوان‌و وەرزشکاران لەبەری دەکەن). (۳) بلووسێکی چنراوی تەسک.
jest (jest), *n.* (۱) توانج؛ لاپلار؛ پلار. (۲) نوکتە.
(۳) گاڵتە *(to say something in ~)* .
(٤) کەسێک یا شتێک کە مایەی پێکەنین‌و گاڵتەپێکردنە؛ گاڵتەچی خەڵک.
(٥) [Obs.]. (ا) کارێکی گرنگ. (ب) چیرۆکێکی فشە.
v.i. (۱) توانج تێگرتن؛ کلک پێوەکردن؛ لاپلار تێگرتن.
(۲) گاڵتەکردن؛ نوکتەبازی کردن.
jester (jes′tēr), *n.* گاڵتەباز؛ نوکتەباز (بەتایبەتی کەسێکی نەنتیکە کە پیشەی قۆشمەبازی‌و نوکتەبازی بووە لە کۆشکی پاشاکانی سەدەی ناوەڕاستدا
Jesuit (jezh′ōō-it, jez′ū-it), *n.* (۱) جەزوێتی ئەندامی لقێکی ئایینی خاچ پەرستی کە ناوی " جەزوێت " ە. (۲) [j-]، کەسێکی فێڵباز.
Jesus (jē′zəs), *n.* عیسا
jet (jet), *v.i. & v.t.* فیچقەکردن؛ بە گوڕم هاتنەدەرەوە لە کونێکی تەسکەوە
n. (۱) فیچقە؛ فیچقەی ئاو یا شلەی تر. (۲) لووڵە؛ دەم (بۆری)؛ ئاوپژێن. (۳) فڕۆکەی فیشکەدار
jet (jet), *n.* (۱) کانزایەکی ڕەشی ڕەقە خشڵی لێ دروست دەکرێ. (۲) ڕەشێکی بریقەدار؛ قەترانی ڕەش.
adj. (۱) لەم کانزا ڕەشە بریقەدارە دروستکراوە. (۲) ڕەش؛ ڕەشی قەترانی.
jet airplane, jetliner, فڕۆکەی فیشکەدار
jetblack (jet′blak´), *adj.* ڕەشی بریقەدار
jet-propelled (jet′prə-peld´), *adj.* بە ئامێری فیشکەدار لێ دەخورێت.
jet propulsion, لێخورین بە مەکینەی فیشکەدار (فڕۆکە، کەشتی).

بەلەم).
jet stream, (۱) تەورژمی بایەکی بەهێز (۲) دووکەڵی دوای فڕۆکەی فیشکەدار.
jetsam (jet′səm), *n.* (۱) بارێکی فڕێدراو لە کەشتی یا فڕۆکەوە لەکاتی ناکاویدا بۆ بار سووکی. (۲) بارێکی فڕێدراوی وەها کە ئاو پای بەناێتە کەنارێ دەریا. (۳) شتومەکی فڕێدراو
jettison (jet′ə-s'n, jet′ə-z'n), *n.* (۱) فڕێدانی باری فڕۆکەو کەشتی لەکاتی ناکاویدا بۆ بار سووک کردنی. (۲) باری وەها فڕێدراو.
v.t. (۱) فڕێدانی باری فڕۆکەو کەشتی لەکاتی ناکاویدا بۆ بار سووک کردنی
(۲) فڕێدانی شتی بێ کەڵک.
jetty (jet′i), *n.* (۱) دیواری بەربەستی بەرزاوی دەریا و پاراستنی بەندەر، ئەسکەلە، یا کەنارێ دەریا (۲) مۆڵگەی کەشتی.
jetty (jet′i), *adj.* ڕەشی قەترانی؛ زۆر ڕەش‌و بریقاوە.
Jew (jōō), *n.* جووەکە؛ جوو.
jewel (jōō′əl), *n.* (۱) خشڵ؛ گەوهەر.
(۲) کەسێک یا شتێکی زۆر خۆشەویست‌و بەنرخ.
jeweler, jeweller (jōō′əl-ēr), *n.* زەرەنگەر.
jewelery, jewellery (jōō′əl-ri), *n.* خشڵ.
Jewish (jōō′ish), *adj.* هی جووەکە؛ تایبەتی بە جووەکە
Jewry (jōō′ri), *n.* (۱) گەڕەکی جووەکەکان؛ گەڕەکی جووەکە. (۲) گەلی جووەکە؛ جوو زبان. *(American J~)* .
jibe (jīb), *v.i.* (۱) لادانی بایەوانی کەشتی لە لایەکی کەشتیەکەوە بۆ لاکەی تری. (۲) گۆڕینی ڕێبازی کەشتی بۆ ڕوو پێ گۆڕینی بایەوانەکەی (۳) [Colloq.]، گونجان؛ ڕێککەوتن لەگەڵ یەک؛ یەککەوتن (بیروڕا):
(Our views don't ~ .)
v.t. (۱) لادانی بایەوانی کەشتی لە لایەکەوە بۆ لایەکی تر.
(۲) ڕێباز بە کەشتی گۆڕین بۆ ڕوو پێ گۆڕینی بایەوانەکەی.
n. (۱) لادانی بایەوانی کەشتی بایەوان لە لایەکەوە بۆ لایەکی تر.
(۲) ڕێباز گۆڕانی کەشتی بۆ ڕوو پێ گۆڕینی بایەوانەکەی.
jibe (jīb), *v.i. & v.t.* گاڵتەپێکردن؛ پێ پێکەنین
n. گاڵتەپێکردن؛ گاڵتە؛ قەشمەری.
jiffy (jif′i), *n.* [Colloq.], هەناسەیەک؛ ماوەیەکی زۆر کەم یا کورت:
(done in a ~ ; I'll be back in a ~ .)
jig (jig), *n.* (۱) هەڵپەڕکێیەکی بە جۆش‌و پڕ لە هەڵبەزینەوە.
(۲) مۆسیقای هەڵپەڕکێیەکی وەها. (۳) جۆرە قولاپێکی ڕاوەماسی‌یە.
(٤) ئامێرێک کە بە ڕاوەشاندن کاری پێ دەکرێ (بێژنگی پاکردنەوەی کانزا، سەوزی نەخەکتریکی). (٥) [Slang]، یاری؛ فێڵ؛ گاڵتە.
v.i. & v.t. (۱) هەڵپەڕین بە جۆش. (۲) ڕاوەشاندن؛ لە بێژنگ دان.
the jig is up, [Slang], کار لە کار ترازاوە؛ یاری تەواو!
jigger (jig′ēr), *n.* (۱) سەماکەری بە جۆش.
(۲) پێوانەیەکی بچووکە بۆ پێوانی خواردنەوەی سەرخۆشکەر.
(۳) هێن؛ ئامێرێک یا شتێک کە ئاوەکەی نەزانرێ یا لە بیرچووبێ.
(٤) دارێکی کورتی سەر ئاسنینەی گۆڵف.
(٥) جۆرە قولاپێکی ڕاوەماسی‌یە. (٦) بێژنگی کانزا پاکردنەوە.
(۷) (ا) بایەوانێکی بچووک. (ب) خولخولۆکەی کارپێکردنی بایەوانی کەشتی.
(ج) بەلەمێکی بایەوانی بچووک.
(د) تەوەرەی پێشەوەی بەلەم یا کەشتی بایەوانی.
jiggle (jig′l), *v.t. & v.i.* لەراندنەوە؛ لەرینەوە.
n. لەرە؛ لەرانەوە.
jigsaw (jig′sô´), *n.* مشارێکی دەم باریکە بۆ بڕینەوەی شت بە خواروخێچی.
jigsaw puzzle, مەتەڵ یا یارییەکە بریتی‌یە لە پارچە دار یا مقەبای خواروخێچ کە ئەگەر بە ڕاستی بنرێن بەیەکەوە شێوەیەکی لێ دەردەچن.
jihad (ji-häd′), *n.* (۱) خەباتی ئایینی.
(۲) خەبات کردن بۆ یا دژی بیروباوەڕێک.

jillion (jil′i-ən), *n.* ژمارەیەکی بی سنوور؛ ژمارەیەکی لە ژماردن نەهاتوو

jilt (jilt), *n.* ئافرەتێك كە دڵدارەكەی بەجێ دەهێڵێ پاش ئەوەی بەڵێنی خۆشەویستی پێ دەدات.

v.t. بەجێهێشتن یا واز لە دڵدار هێنان پاش بەڵێنی خۆشەویستی پێدانی

(When he lost his money she ~ed him.)

Jim Crow (jim′ krō′), (١) [Colloq.] ، ڕەگەزپەرستی دژی قولەڕەش ٢ [Slang]، قولەڕەشێك (لە ڕووی سووکایەتەوە).

jingle (jiŋ′g'l), *v.i.* (١) زرنگانەوە (زەنگ، پارەی وورد... هتد)؛ زرنگەزنگ کردن؛ ڕەهاتن؛ هاژەلێهاتن

(٢) یەك ئاوار یا یەك ئەوا بوونی هۆنراوە

v.t. زرنگاندەوە؛ ڕێ لێ هەڵسان؛ هاژە لێ هەڵساندن

n. (١) زرنگە؛ ڕەڕێ؛ زرنگانەوە؛ هاژە

(٢) هەڵبەستێکی یەك ئاواز

jingo (jiŋ′gō), *n.* کەسێکی جەنگاوەر و شۆڤێنی

adj. شۆڤێنیی و جەنگاوەری

by jingo!, [Colloq.]. سوێندێکی بێ مانایە لەسەر سوورهوون یا سەرسامی دەگەیەنێت.

-jingoist *(n.)*; **jingoistic** *(adj.)*.

jingoism (jiŋ′gō-iz′m), *n.* شۆڤێنیتی و جەنگاوەری.

jink (jiŋk), *v.i.* خێرا ڕاکردن و زوو زوو ڕێچکردنەوە بۆ دەربازبوون لە دەست شتێك یا کەسێك

n. (١) خۆ لێ لادان (بە کوتوپڕ ڕێچکردنەوە).

(٢) *(pl.)* شەڕەشەق؛ زرمەزڵ؛ گاڵتەوگەپ

jinn, jinni (jin), *n.* جنۆکە

jinx (jiŋks), *n.* [Slang]. کەسێك یا شتێکی بەدووم

v.t. [Slang], ***(to put a ~ on)*** . بەختی ڕەش بۆ هێنان؛ نوشتەلێکردن

jitter (jit′ĕr), *v.i.* [Slang], (١) جرت‌وفرت کردن؛ هاتن و چوون بە جڕینانە ٢ سەماکردن بە جۆش

the jitters, [Slang], جرت‌وفرت؛ جڕینی؛ بێ ئارامی؛ سەرشێتی.

jitterbug (jit′ĕr-bug′), *n.* [Slang], سەماکەرێکی بە جۆش بە مۆسیقای جاز.

v.i. [Slang], سەماکردن بە جۆش بە مۆسیقای جاز.

jittery (jit′ĕr-i), *adj.* [Slang], بە جرت‌وفرت؛ جڕین؛ جرت‌وفرتکەر؛ بێ ئارام

jive (jīv), *n.* [Slang]. (١) گاڵتەوگەپ کردن لەلایەن جازلێدەرەوە لەکاتی مۆسیقالێدانەکەدا (٢) زمانی تایبەتی بە جازلێدەرو گۆێگرانی

(٣) مۆسیقای جاز (٤) درۆ؛ قسەی هیچ‌وپووچ و بەهەڵبەر؛ گاڵتە

v.i. [Slang], (١) مۆسیقای جاز لێدان (٢) سەماکردن بە جاز

(٣) گاڵتەکردن؛ درۆکردن

v.t. [Slang], درۆ لەگەڵ کردن؛ گاڵتە لەگەڵ کردن

job (job), *n.* (١) فرمان؛ کار؛ ئیش.

(٢) کارێکی تایبەتی کە بە کرێ یا بە پارە دەکرێت

(٣) (أ) نەو شتەی کاری لەسەر دەکرێ (ب) ئەنجامی کارەکە.

(٤) پلەوپایە؛ کاربەدەستی.

(٥) ئەرك؛ ئەرکی سەرشان.

(It was her ~ to get her younger brother ready for school.)

(٦) [Colloq.]، کارێك یا ئیشێکی گران.

(٧) [Colloq.]، بار؛ چۆنێتی.

(٨) [Colloq.]، تاوان (بەتایبەتی دزی یا مال بردن).

(٩) [Colloq.]، کارێك کە بە ڕووالەت بۆ سوودی گشتی کرابێت، بەڵام لە ڕاستیدا بۆ سوودی خۆ کراوە

(١٠) [Colloq.]، زیان لێدان؛ زیان؛ ئازاردان.

v.i. (١) کاری هەمەجەشنە کردن (٢) بە یەك یەك، پارچە پارچە، یا دانە دانە ئیش کردن (٣) دەڵاڵی کردن

(٤) بەکارهێنانی پلەوپایەی خۆ بۆ سوودی تایبەتی.

v.t. (١) شتومەك کڕین لە کارگەو فرۆشتنەوەی بە تاك فرۆشان.

(٢) قۆنتەرات وەرگرتن و دانەوەی بە قۆنتەرات بە خەڵکی تر؛ دەڵاڵی کردن

(٣) جێبەجێکردنی کاروباری گشتی یا ڕەسمی، بە ناپاکی بۆ سوودی خۆ.

(٤) بە کرێ دان (ئەسپ، عەرەبانە).

by the job, بە یەك یەك، دانە دانە، پارچە پارچە، یا جیا جیا (کردنی کارێك بە پارە).

odd jobs, هەموو جۆرە فرمانێك؛ کاری هەمەچەشنە:

(to work at odd jobs)

on the job, (١) [Colloq.] ، لەکاتی ئیش کردندا.

(٢) [Slang]، بە تەنگ فرمان یا ئەرکی سەرشانەوە هاتوو؛ بە دڵ ئیش کردوو.

jobber (job′ĕr), *n.* (١) دەڵاڵ: کەسێك کە شتومەك بە کۆ دەکڕێ و دەیفرۆشێتەوە بە تاکفرۆش.

(٢) کەسێك کە دانە دانە یا یەك یەك ئیش بە قۆنتەرات دەگرێ و دەیکات.

(٣) کەسێك کە کاری ڕەسمی بە ناپاکی بەکاردەهێنێ بۆ سوودی خۆی.

(٤) دەڵاڵی بڕوانامەی دارایی

jockey (jok′i), *n.* ئەسپ سواری پێشبڕکێی ئەسپ.

v.t. & v.i. (١) ئەسپ سواری کردن لە پێشبڕکێی ئەسپدا

(٢) گڕی کردن؛ فێڵ کردن؛ دەستبڕین

(٣) مناوەرە کردن یا فێڵ کردن بۆ جێی باش گرتن، سوود دەسکەوتن یا خۆ پێشخستن: ***(The candidates were ~ing for position.)*** .

jockstrap (jok′strap′), *n.* ناوگەڵ بەند (وەرزشکار لەبەری دەکەن)؛ پێشەڵ بەند؛ بەرموسڵدان بەند.

jocose (jō-kōs′), *adj.* (١) ئەنتیکە؛ گاڵتە؛ سەیر.

(٢) گاڵتەباز؛ ئەنتیکە (مرۆڤ)؛ سەیرخۆش.

jocosity (jō-kos′ə-ti), *n.* (١) سەیرخۆشی؛ نوکتەبازی؛ گاڵتەبازی.

(٢) نوکتە؛ شتێکی ئەنتیکە یا سەیر.

jocular (jok′yoo-lĕr), *adj.* (١) گاڵتەباز؛ ئەنتیکە؛ سەیرخۆش؛ قۆشمە. (٢) گاڵتە؛ بە گاڵتەوە؛ نوکتە.

jocularity (jok´yoo-lar′ə-ti), *n.* (١) گاڵتەبازی؛ نوکتەبازی.

(٢) نوکتە؛ گاڵتەیەك.

jocund (jok′ənd, jō′kənd), *adj.* دەم بە پێکەنین؛ دڵخۆش؛ ڕووخۆش.

jocundity (jō-kun′də-ti), *n.* (١) دڵخۆشی؛ ڕووخۆشی.

(٢) کارێك یا ووتەیەکی دەم بە پێکەنینانە.

jog (jog), *v.t.* (١) پاڵ پێوەنان، ڕاتەکاندن، یا ڕاوەشاندن بە ئەسپایی.

(٢) سیخورمەلێدان. (٣) بیرخستنەوە؛ هێنانەوەبیر.

v.i. (١) ڕاکردن لەسەرخۆ؛ لۆقەکردن؛ هەروەڵەکردن:

(I ~ five times a week.)

(٢) (~ on; ~ along)، لەسەرخۆ ڕۆیشتن یا بەردەوام بوون.

n. (١) سیخورمە؛ پاڵ پێوەنان یا ڕاتەکانێکی بە ئەسپایی.

(٢) لۆقە؛ ڕاکردنێکی لەسەرخۆ؛ هەروەڵە.

jog (jog), *n.* (١) دەرپۆقێ؛ چوکڵە؛ نوك: ***(a ~ in the wall)*** .

(٢) لادان یا ڕێ گۆڕینێکی کوتوپڕی.

v.i. پێچکردنەوە.

joggle (jog′'l), *v.t. & v.i.* ڕاوەشاندن یا ڕاتەکاندن بە هێواشی

n. ڕاوەشاندن یا ڕاتەکاندنێکی هێواش.

joggle (jog′'l), *n.* (١) چاڵ و زمانە بۆ کردنی دوو دار یا بەرد بۆ بەیەکداچوون و لێکدان. (٢) چاڵ، قلیش، یا زمانەیەك بۆ ئەم لێکدانە.

v.t. لێکدانی دوو دار یا بەرد بە چاڵ و زمانە.

jog trot, (١) لۆقە؛ ڕاکردنێکی لەسەرخۆ؛ هەروەڵە.

(٢) لەسەرخۆ کردنی کارێك.

John Doe, (١) کەسێکی خەیاڵی یا نەناسراو؛ فلان کەس؛ فلانو فیسار.

(٢) کەسێکی سادە یا ئاسایی.

John Hancock, John Henry, ئیمزا یا مۆری کەسێك.

Johnny-on-the-spot (jon′i-on′*th*ə-spot′), *adj.* هەمیشە ئامادە

n. کەسێکی هەمیشە ئامادە.

joie de vivre (zhwå′də-vēvr′), [Fr.], خۆشی ژیان؛ رابواردن؛ کەیف

join (join), *v.t.* (١) پێکەوەبەستن؛ پێکەوەلکاندن؛ دانەدەم. (٢) یەکگرتن؛ یەک پێگرتن: *(to ~ forces; to ~ in marriage)* . (٣) چوونە ڕیزەوە؛ چوونەناو؛ بوون بە ئەندام یا بەشێک لە: *(He ~ed a labor union.)* (٤) لێکدان؛ بوون بە یەک: *(The path ~s the highway.)* . (٥) لەگەڵدا بوون یا چوون؛ هاوڕەمی کردن: *(J~ me in a walk.)* . (٦) گەڕانەوە بۆ شوێنی خۆ: *(The soldier ~ed his regiment.)* . (٧) [Colloq.]. بە تەنیشت یەکەوە بوون؛ هار سنوور بوون. (٨) لێکدان (نەندازە).

v.i. (١) بەیەکگەیشتن؛ لێکدان. (٢) چوونە ڕیزەوە؛ بوون بە ئەندام تێیدا. (٣) بەشداری کردن *(to ~ in the conversation, singing, etc.)* .

n. (١) لێکدانێک؛ بەیەکگەیشتنێک. (٢) جێی لێکدان یا بەیەکگەیشتن.

joinder (join′dēr), *n.* (١) بەیەکگەیشتن؛ لێکدان؛ بوون بەیەک. (٢) بووژ بەیەکی چەند داواچێیەک یا داوا لەسەرکراوێک (دادگەری).

joiner (join′ēr), *n.* (١) بەیەکگەیێنەر (مرۆڤ، شت). (٢) دارتاش. (٣) [Colloq.]. کەسێک کە ببێ بە ئەندام لە گەلێک ڕێکخراوەدا یا خۆی پێیاندا هەڵپەسێرێ.

joinery (join′ēr-i), *n.* (١) دارتاشی. (٢) شتی دارتاش دروستکەر.

joint (joint), *n.* (١) جێی بەیەکگەیشتنی دوو شت. (٢) چۆنێتی ئەم بەیەکگەیشتنە. (٣) پارچەیەکی لەیەکدراو لەگەڵ پارچەی تردا. (٤) پارچەیەکی گەورە گۆشت بە ئێسقانەوە. (٥) ئەنجامە. (٦) جومگە؛ خرتکە. (٧) جێی لق لێبوونەوەی لقێک. (٨) دڕێی بەرد یا تاوێر (زەمینناسی). (٩) [Slang]، خانوو؛ ماڵ. (١٠) [Slang]. چێشتخانە، بار، تیاترێ، یا چایخانەیەکی هەرزانبەهاو ناوبانگ نەختێک خراپ. (١١) [Slang]، جگەرەی مەریوانە

adj. (١) هاوکات؛ هەمان کات. (٢) دووقۆڵی؛ دوولایی: *(a ~ communique)* . (٣) هاوبەش؛ هی دوو بەشدار یا زیاتر: *(~ property)* . (٤) بەشدار؛ هاوبەش. *(a ~ owner)* .

v.t. (١) بەیەکگەیاندن یا پێکەوەبەستن (بە ئەنجامە). (٢) گۆشت بڕین بە ئێسقانەوە؛ جیاکردنەوە لە جومگەدا.

out of joint, (١) لە جێ چوو؛ لە خرتکە چوو؛ لەیەک ترازاو. (٢) پەشێواو؛ شێواو؛ شیرازە تێکچوو.

joint account, حسابی هاوبەشی یا دووقۆڵی بانق.

joint committee, لیژنەی دووقۆڵی یا زیاتر.

jointly (joint′li), *adv.* پێکەوە؛ بە دووقۆڵی؛ بە هاوبەشی؛ بە کۆمەڵ.

joint resolution, بڕیاری دووقۆڵی (لەلایەن دوو لقی پەرلەمانەوە).

joint return, ئیستیمارەی باجی دەسکەوتی ژن و مێردێک بە دووقۆڵی نەک بە جیا جیا

jointure (join′chēr), *n.* بەجێهێشتنی زەوی‌وزار لە وەسیەتنامەدا لە مێردەوە بۆ ژن

joist (joist), *n.* دەستەک؛ تیرگە

joke (jōk), *n.* (١) نوکتە؛ ووتەیەکی نەنتیکە یا سەیر. (٢) گاڵتە؛ گەمە. (٣) کەسێکی گاڵتەچی یا هیچوپوچ؛ شتێکی هیچوپوچ بێ بایەخ.

v.i. (١) نوکتە ووتن؛ نوکتەبازی کردن. (٢) گاڵتەکردن؛ بە گاڵتەوە ووتن.

v.t. گاڵتەپێکردن؛ کلک بێوەکردن؛ پێ پێکەنین.

no joke, بێ گاڵتە؛ مەسەلەکە گاڵتەی لەگەڵ ناکرێ

practical joke, پەنگ؛ پەنگ پێدان؛ گاڵتەپێکردنێک کە هەر بە دەم نەبێت، بەڵکو کرداریشی لەگەڵ بێت: *(to play a practical joke on someone)*

joker (jōk′ēr), *n.* (١) نوکتەچی؛ نوکتەباز؛ گاڵتەباز؛ قۆشمەچی. (٢) گیروگرفتێکی شاراوە. (٣) مەرجێک یا بەندێکی شاراوە لە یاسایەکدا (٤) جۆکەر (قومار).

jollify (jol′ə-fī′), *v.t. & v.i.* دڵخۆش کردن

jolliness (jol′i-nis), *n.* ← jollify.

jollity (jol′ə-ti), *n.* (١) کەیف قنجی؛ بە کەیفی (٢) ناهەنگ؛ زەماوەند.

jolly (jol′i), *adj.* (١) بە کەیف؛ کەیف قنج؛ پووخۆش (٢) [Colloq.]، خۆش (کات بەسەربردن): *(to have a ~ time)* .

adv. زۆر؛ بە تەواوی: *(~ well)* .

v.t. & v.i. [Colloq.], (١) دڵخۆش کردن (بە نوکتەو مەرایی... هتد)؛ (٢) کەیف خۆش کردن. (٣) گاڵتەپێکردن؛ پێ پێکەنین.

jolt (jōlt), *v.t.* (١) ڕاوەشاندن؛ ڕاتەکاندن؛ لەڕانەوە؛ تاسەپێکردن: *(The old car ~ed its passengers as it went over the rough road.)* (٢) شڵەژاندن؛ تێکدان.

v.i. ڕاوەشان؛ ڕاتەکان؛ تاسەکردن؛ لەڕینەوە.

n. (١) تەکان؛ ڕاتەکان؛ پاڵ؛ لەڕینەوە؛ ڕاوەشان؛ تاسە. (٢) شڵەژان؛ تێکچوون؛ خوربە؛ داچڵەکین؛ ڕاتەکان (هەست): *(The news gave us all a ~ .)*

-jolty *(adj.)*.

Jonah (jō′nə), *n.* (١) " یونس " ی پەیامبەر (٢) بەشێکە لە " ئینجیل " ی کۆن. (٣) کەسێکی بەدووم.

jongleur (joŋ′glēr), *n.* شایەرێکی گەڕۆک.

Jordan (jôr′d'n), *n.* (١) ڕوباری ئوردون. (٢) ئوردون.

Jordan almond, نوقڵە بادەمی.

jostle (jos′'l), *v.t. & v.i.* پاڵەپەستۆ کردن؛ پاڵ بەیەکەوە نان.

n. پاڵەپەستۆ؛ پاڵ؛ پاڵ نان

jot (jot), *n.* نەخت؛ تۆز؛ نەختاڵ؛ دەنک؛ تۆسقاڵ: *(She doesn't care a ~ for him.)*

v.t. (~ down), نووسین؛ تۆمارکردن (تێبینیێەکی کورت): *(to ~ down a note, remark, name, etc.)*

journal (jûr′n'l), *n.* (١) بیرنامە؛ یادنامەی ڕۆژانە؛ یادداشت. (٢) پەڕاوی بیرنامە. (٣) کارنامەی کۆڕ، پەرلەمان، کۆمیتە، یا ڕێکخراوێک (٤) تۆماری ڕۆژانەی کەشتێیەک. (٥) ڕۆژنامە. (٦) گۆڤار. (٧) تۆماری ڕۆژانەی دەزگایەکی بازرگانی (٨) ڕاگەر یا جێی ڕاگیربوونی تەوەر (مەکینەگەری)

journalese (jûr′n'l-ēz′, jûr′n'l-ēs′), *n.* شێوازی نووسینی ڕۆژنامەو گۆڤار.

journalism (jûr′n'l-iz′m), *n.* (١) ڕۆژنامەگەری؛ ڕۆژنامەچێتی. (٢) نووسینی ڕۆژنامەو گۆڤار (٣) ڕۆژنامەو گۆڤار.

journalist (jûr′n'l-ist), *n.* (١) ڕۆژنامەگەر؛ ڕۆژنامەچی. (٢) یادداشت نووس؛ بیرنامەی ڕۆژانە نووس.

-journalistic *(adj.)*; journalistically *(adv.)*.

journalize (jûr′n'l-īz′), *v.t. & v.i.* تۆمارکردن (لە بیرنامە، یا تۆماری ڕۆژانەی دەزگایەکی بازرگانیدا).

journey (jûr′ni), *n.* گەشت؛ گەڕان: *(a ~ of three days; a three days' ~ ; to make a ~ ; to go on a ~).*

v.i. گەشتکردن؛ گەڕان؛ چوون بۆ شوێنێک.

journeyman (jûr′ni-mən), *n.* (١) کرێکار؛ کارگەر.

(۲) تازە وەستا؛ کارگەرێکی کارامە یا شارەزا

journeywork (jûr′ni-wûrk´), *n.* کاری کارگەرێکی شارەزا.

joust (just, joust, jōōst), *n.* (۱) شەڕەتیرێکی ڕاستەقینە یا درۆ لەنێوان دوو سوارچاکدا بە سواری ئەسپەوە. (۲) (*pl.*) کێ بڕکێ؛ ملەملێ؛ پێشبڕکێ.

v.i. شەڕەتیرکردن بە ڕاستی یا درۆ (لەنێوان دوو سوارچاکدا بە سواری ئەسپەوە)

Jove (jōv), *n.* گەورەخودای ئەفسانەی ڕۆمانی.

by Jove!, بە خودا! (سوێندێکە سەرسامی یا لەسەر سوورمان دەردەبڕێ).

jovial (jō′vi-əl), *adj.* (۱) (ا) تایبەتی بە گەورەخودای ئەفسانەی ڕۆمانی (ب) تایبەتی بە ئەستێرەی کاروانکەر " جۆپیتەر ". (۲) ڕووخۆش؛ دەم بە پێکەنێ؛ بەکەیف.

joviality (jō´vi-al′ə-ti), *n.* ڕووخۆشی؛ دەم بە پێکەنینی؛ کەیف خۆشی

jowl (joul, jōl), *n.* (۱) شۆڕبلگەی خوارەوە بە چەناگەو ڕوومەتەوە (۲) ڕوومەت

jowl (joul, jōl), *n.* (۱) غەبغەبەی مرۆڤ (۲) (ا) غەبغەبەی گاومانگا (ب) چەرمی بەرملی باڵندەی وەک مریشکو کەڵەشێرو قەلەموون. (۳) سەروملی ماسی.

joy (joi), *n.* (۱) خۆشی؛ شادی؛ دڵخۆشی (۲) هۆو سەرچاوەی شادی. (۳) شادی دەربڕین

v.i. دڵخۆش بوون؛ شادبوون؛ کەیف پێ هاتن.

v.t. (۱) دڵخۆش کردن؛ شادکردن (۲) [Archaic] . پێ خۆش بوون.

joyful (joi′fəl), *adj.* (۱) شاد؛ بەختیار؛ دڵخۆش: *(a ~ person)* . (۲) خۆش دەنگوباس؛ دڵخۆشکەر: *(~ news)* .

-joyfully *(adv.)*; joyfulness *(n.)*.

joyless (joi′lis), *adj.* (۱) خەمبار؛ غەمگین؛ مات. (۲) ناخۆش دەنگوباس).

-joylessly *(adv.)*; joylessness *(n.)*.

joyous (joi′əs), *adj.* = joyful.

-joyously *(adv.)*; joyousness *(n.)*.

joy ride, گەڕانێک بە ئوتومبیل (بەتایبەتی هەر بۆ کەیفو بە خێرایی و بێباکانە)

Jr., jr. = junior.

jubilant (jōō′bi-ənt), *adj.* ڕۆر بەکەیف؛ دڵخۆش؛ شاد؛ گەشکەدار *(A ~ crowd welcome him.)*

-jubilantly *(adv.)*.

jubilate (jōō′bə-lā´tē, jōō′bə-lä´tē), *v.i.* لە خۆشیدا ناهەنگ گێڕان؛ کەیف خۆشی دەربڕین.

jubilation (jōō´bi-lā′shən), *n.* (۱) دڵخۆشی؛ خۆشی (بە بۆنەی سەرکەوتنەوە) (۲) ناهەنگو زەماوەند (بە بۆنەی سەرکەوتنەوە).

jubilee (jōō′bi-ē´), *n.* (۱) یاد. بەتایبەتی: (ا) یادی پەنجا ساڵە *(golden ~)*

(ب) یادی بیستوپێنج ساڵە: *(silver ~)*

(ج) یادی شەست یا حەفتاوپێنج ساڵە: *(diamond ~)* .

(۲) لێخۆشبوونی پاپا لە گوناهباران هەموو بیستوپێنج ساڵ جارێک؛ ماوەی نەهێ لێخۆشبوونە (۳) کاتی ناهەنگو خۆشی. (٤) شادی؛ خۆشی

Judaic (jōō-dā′ik), *adj.* (۱) هی جوولەکە (۲) هی ئایینی جوولەکە

Judaism (jōō′di-iz´m), *n.* (۱) ئایینی جوولەکە. (۲) پەیڕەوی کردنی خوو و نەریتو پەیڕەوی جوولەکە.

Judas (jōō′dəs), *n.* (۱) جوداس (یەکێک بوو لە دوانزە قوتابیەکەی عیسا کە ناپاکی لەگەڵ کردو بە هەڵواسینی دا). (۲) کەسێکی ناپاک.

Judas tree, دار نەرخەون

judge (juj), *n.* (۱) دادپرس؛ دادگەر؛ دادوەر (۲) سەرپشک (یاری، ناکۆکی، ملەملێ).

(۳) هەڵسەنگێنەر؛ پاکو پیس کەر؛ شارەزا: *(a good ~ of horses, books, music, etc.)*

v.i. (۱) دادپرسین؛ دادپرسی کردن؛ دادگەری کردن. (۲) سەرپشکی کردن؛ خستن بە لایەکدا (ملەملێ، ناکۆکی)؛ بڕیار لەسەر دان. (۳) فەرمان دەرکردن؛ فەرمان دان. (٤) هەڵسەنگاندن؛ پاکوپیس کردن؛ ڕا دان دەربارە. (٥) سەرزەنشت کردن؛ لۆمەکردن؛ خەتابارکردن: *("J~ not that ye be not ~d.")*

(٦) بە باشتر زانین: *(We ~d it better to start at once.)* .

judgeship (juj′ship), *n.* پلەو فرمانی دادگەر؛ کاروبارو ئەرکی سەرشانی دادوەر.

judgement (juj′mənt), *n.* (۱) بڕیار. (۲) بڕیاری دادگا: *(The ~ was against him.)* . (۳) قەرزێک لە ئەنجامی بڕیاری دادگادا. (٤) سزای خواکردە. (٥) سەلیقە؛ بۆچوونێکی باش؛ توانای پاکو پیس کردن: *(a man of good ~)*

(٦) ڕا: *(in my ~)* .

judgement day, Judgement Day, ڕۆژی قیامەت؛ ڕۆژی داوەری.

judicatory (jōō′di-kə-tôr´i, jōō′di-kə-tō´ri), *adj.* دادگەری؛ دادپرسی؛ دادی.

n. (۱) دادگا. (۲) دەزگای دادگەری؛ دەزگاکانی دادوەری بە کۆمەڵ.

judicature (jōō′di-kə-chēr), *n.* (۱) دادپرسین؛ دادگەری. (۲) پلەو دەسەڵاتو کاری دادپرس. (۳) ڕادەی دەسەڵاتی دادگایەک یا دادپرسێک. (٤) دادگا. (٥) دەزگای دادگاو دادپرسان بە کۆمەڵ.

judicial (jōō-dish′əl), *adj.* (۱) دادی؛ دادگایی؛ دادگەری: *(the ~ system)*

(۲) بە فەرمانی دادگایەک یا دادگەرێک کراوە. (۳) دادپرسی؛ دادگەری. (٤) بۆ دادگەر دەشێت. (٥) ڕەوا؛ دادپەروەر؛ بە سەلیقەو بیر لایەنو ژیر لە بڕیاردانداز: *(a man with a ~ mind)*

-judicially *(adv.)*.

judiciary (jōō-dish′i-er´i, jōō-dish′ër-i), *adj.* دادگەری؛ دادی؛ دادگایی.

n. (۱) دەزگاو دەسەڵاتی دادگەری (کە بەشێکە لە دەسەڵاتو دەزگاکانی میری): *(The ~ must be independent.)*

(۲) دادپرسان؛ دادگەران.

judicious (jōō-dish′əs), *adj.* ژیر؛ پاکو پیس کەر؛ عاقل؛ تێگەیشتوو.

-judiciously *(adv.)*; judiciousness *(n.)*.

judo (joo′dō), *n.* جودۆ: زۆرانبازی یابانی.

jug (jug), *n.* (۱) دەفرێکی گڵین، شووشە، یا کانزایی (سوراحی، شووشە، گۆزە، لوولینە، مەسینە، شەربە، دیزە). (۲) [Slang]، بەندیخانە؛ زیندان

v.t. (۱) کردنە سوراحی، شووشە، یا لوولینە. (۲) لێنان یا کوڵاندن لە دەفرێکی سەرنراوەدا. (۳) [Slang]، خستنە بەندیخانەوە.

juggle (jug′l), *v.t.* (۱) یاری کردن بە تۆپو چەقۆ شتی وەها بە هەڵدانیان بە هەواداو گرتنەوەیانو هەڵدانەوەیان. (۲) جێ گۆڕکێ پێکردن؛ ناڕۆگۆڕێ پێکردن؛ دەستکاری کردن بە نیازی خەڵەتاندن و سوودی خۆیی: *(The cashier ~ed the figures to show a profit.)*

v.i. هەڵدانی تۆپو چەقۆ شتی وەها بە هەواداو گرتنەوەیانو هەڵدانەوەیان بێ ئەوەی بکەونە سەر زەوی.

juggler (jug′lēr), *n.* (۱) کەسێک کە تۆپ و شتی وەها هەڵدەدات بە هەوادا و دەیان گرێتەوە و هەڵیان دەداتەوە هەر بۆ سەیر. (۲) گرێکەر؛ فێڵباز؛ دەستکاری شت کەر بۆ مەبەستی تایبەتی خۆ.

jugglery (jug′lēr-i), *n.* (۱) هەڵدانی تۆپ و شتی وەها بە هەوادا گرتنەوەیان و هەڵدانەوەیان هەر بۆ سەیر. (۲) فێڵبازی؛ گڕی؛ خەڵەتاندن.

jugular (jug′yoo-lēr, jōō′gyoo-lēr), *adj.* (۱) هی قوڕگ و مل. (۲) هی دەماری قوڕگ و مل.

jugular vein, یەکێک لەو دوو دەمارەی مل کە خوێن لە سەرەوە دەبەنەوە بۆ دل

juice (jōōs), *n.* (۱) شیلە؛ شیرە؛ ئاووگ؛ خۆشاو؛ ئاو؛ پینگاو؛ تەپی. (۲) شلەی دەردراو لە لەشی گیاندارێک. (۳) ناوکرۆک؛ پوختە؛ ماک؛ گەوهەر. (٤) [Slang]. ئەلەکتریک؛ کارەبا. (٥) [Slang]. بەنزین؛ گاز؛ نەوت؛ سەرچاوەی ووزە.

v.t. [Colloq.], شیلە ئی دەرهێنان؛ گوشین و خۆشاو ئی دەرهێنان.

juicer (jōō′sēr), *n.* ئاوکر؛ گوشەر؛ ئامێری خۆشاو دەرهێنەر لە میوەو سەوزە.

juicy (jōō′si), *adj.* (۱) تەروبر؛ ئاودار؛ پڕ لە خۆشاو یا شیلە. (۲) خۆش و سەرنج ڕاکێش و پیلانماوی (چیرۆک، نوکتە، قسەی پاش مەلە):

(a ~ story; ~ details)

-juicily *(adv.)*; **juiciness** *(n.).*

jujitsu, jujutsu (jōō-jit′sōō), *n.* زۆرانبازی یابانی.

jujube (jōō′jōōb), *n.* (۱) هەنەب. (۲) دار هەنەب. (۳) مرەبای هەنەب.

juke box (jōōk), [Colloq.], فۆنۆگراف یا سندوقی قەرانیکە لە هەندێ چێشتخانەو مەیخانەدا بە پارەی وورد کار دەکات.

July (jōō-lī′), *n.* پووشپەڕ؛ مانگی تەموز؛ میوەگەنان.

jumbel (jum′b'l), *v.t.* (۱) تێکەڵاوو پێکەڵاوکردن؛ شێواندن بەسەر یەکدا؛ تێکەڵ کردن وەک چێشتی مجەوەر. (۲) سەر ئی شێواندن.

v.i. (۱) تێکەڵاوو پێکەڵاوبوون؛ بەسەر یەکدا شێوان. (۲) سەر ئی شێوان.

n. (۱) چێشتی مجەوەر؛ شتێکی تێکەڵاوو پێکەڵاو؛ شتێکی بەسەر یەکدا شێواو. (۲) شێواوی؛ شێوان؛ سەر ئی شێواوی؛ شتێکی بێ سەروبن.

jumbo (jum′bō), *n.* کەسێک. گیاندارێک، یا شتێکی زڵ و قەبە.

adj. زڵ؛ زۆر ڕ؛ گەورە؛ قەبە.

jump (jump), *v.i.* (۱) باز دان؛ هەڵمبازدان؛ خۆهەڵدان؛ قونەکردن (بۆق). (۲) هەڵبەزینەوە؛ پاتەکان. (۳) هەڵ سڵەمینەوە؛ ڕاچڵەکین؛ داچڵەکین؛ پاپەڕین؛ پاچەنین:

(to ~ at a loud voice)

(٤) باز دان لە باسێکەوە بۆ باسێکی تر.

(٥) لەپڕ بەرزبوونەوە؛ زیادبوون لەپڕ: *(Prices have ~ed recently.)*.

(٦) باز دان بەسەردا خواردن (داشی دامە).

(۷) پەلەکردن؛ نە پەلە گەیشتنە ئەنجام: *(to ~ to conclusions)*.

v.t. (۱) باز دان بەسەردا.

(۲) باز پێدان؛ قەڵەمبازد پێدان: *(He ~ed his horse over the fence.)*

(۳) [Slang]. باز دانە سەر یا ناو: *(to ~ a train, bus, etc.)*.

(ب) باز دانی (٤) بەرزکردنەوە (نرخ)؛ زیادکردن (٥) باز دان (فیلم).

(٦) [Slang]. هەڵکوتانە سەر؛ پەلاماردان؛ شاڵاو بۆ بردن.

(۷) [Slang]. ڕاکردن؛ دەربازبوون؛ لەپڕ بەجێهێشتن: *(He ~ed town.)*.

(۸) بەسەردا باز دان و خواردن (داشی دامە).

(۹) تەواوکردنی چیرۆک یا دەنگوباسێک لە لایەڕەیەکی تردا (پۆژنامەگەری).

n. (۱) باز: قەڵەمباز؛ قونە؛ هەڵبەزینەوە. (۲) ماوەی باز. (۳) کۆسپ؛ قۆرت؛ شتێکی بەسەردا باز دراو.

(٤) گۆڕینێکی کوتوپڕ لە باسێکەوە بۆ باسێک: *(a ~ in the story)*.

(٥) بەرزبوونەوە یا زیادبوونی لەپڕ (نرخ): *(a ~ in prices)*.

(٦) هەڵ سڵەمینەوە؛ ڕاچڵەکین؛ فرتەفرت.

(۷) (the ~) *(pl.)* ووڕینەو لەرزین و فرتەفرت

(۸) ملەملێی باز دان (وەرزش): *(high ~)*

(۹) باز دان بەسەراو خواردنی داشی دامە.

(۱۰) دێرێک کە بە خوێندەوار دەڵێت چیرۆکەکە لەسەر چی لاپەڕەیەک تەواو دەکرێ (پۆژنامەگەری).

get (or have) the jump on, [Slang], دەستپێشکەری کردن؛ لە پێش هاوچاودا دەستپێکردن (ملەملێ، پێشبڕکێ).

jump at, (۱) گەیشتنە ئەنجام بە پەلەو بێ لێکۆڵینەوەی تەواو. (۲) بە پەرۆشەوە ڕازی بوون یا پەسەندکردن؛ قۆزینەوە:

(to jump at an offer)

jump bail, کەفالەت شکاندن؛ ڕاکردن و واز لە دەستەبەری هێنان.

jump on, [Slang], سەرزەنشت کردن؛ هێرش بردنە سەر بە دەم.

jump ship, پشت لێ هەڵکردن؛ بەجێهێشتن؛ دەستبەرداربوون؛ ڕاکردن لە نەرک.

jump the gun, [Slang], (۱) دەست بە ملەملێ کردن لە پێش نیشانە یا فەرمانی دەستپێکردندا. (۲) پەلەکردن و دەستپێکردنی کارێک بەر لە کاتی خوی.

jump the track, لەپڕ لە هێڵ لادان یا دەربەڕین (شەمەندەفەر).

on the jump, [Colloq.], سەرقاڵ؛ هەمیشە خەریک

jumper (jum′pēr), *n.* (۱) باز دەر (مرۆڤ، شت).

(۲) گالیسکە بەفرینە؛ ئەسپە بەفرینە.

(۳) گیرە (کاتژمێر).

(٤) تەڵی ئەلەکتریک پێ گەیاندن (خستنەکاری باتریێەکی مردووی ئوتومبیلێک بە بەستنی بە باتریێەکی کارکەرەوە). (٥) پریاسکەگەیێن.

(٦) ئامێری کونکەر (کانگەری).

jumper (jum′pēr), *n.* (۱) چاکەتی کارگەرو کەشتیێەوان (بۆ بە پاکی ڕاگرتنی جلی ناوەوە). (۲) کراسی بێ قۆڵی ژنانە.

(۳) چاکەتێکی کڵاوداری فەرو.

(٤) جلی یەک پارچەی سەرتاپای یاری منداڵ

jumpy (jum′pi), *adj.* (۱) (ا) هەڵبەزودابەزکەر؛ پڕ لە تاسە.

(ب) زوو زوو دەگۆڕێ؛ هەمیشە گۆڕاو. (۲) هەر لە خۆیەوە هەڵ دەسڵەمێتەوە (لە ترسدا)؛ زوو هەڵدەچێت؛ زوو زوو دادەچڵەکێ؛ بە جرتوفرت

(a ~ horse, guard, policeman, etc.)

junction (juŋk′shən), *n.* (۱) بەیەکگەیشتن؛ بەیەکگەیاندن؛ لێکدان. (۲) شوێنی بەیەکگەیشتن. (۳) چوار ڕێیان؛ دووڕیانە.

juncture (juŋk′chēr), *n.* (۱) بەیەکگەیشتن؛ بەیەکگەیاندن؛ لێکدان. (۲) جەمسەر. (۳) کاتێکی تایبەتی: *(at this ~)*. (٤) تەنگوچەڵەمە؛ کاتی تەنگوچەڵەمە. (٥) بار؛ دۆخ.

June (jōōn), *n.* جۆزەردان؛ باران بڕان.

jungle (juŋ′g'l), *n.* (۱) بێشەڵان؛ بێشە؛ دارستانێکی چڕی پڕ درندە. (۲) چڕستان؛ شوێنێکی پڕ لە ڕووەکو دارو درەخت. (۳) [Slang]. نیشتەجێی خەڵکی بێ لانەو دەربەدەر.

junior (joōn′yēr), *n.* (۱) کوڕ یا بچووک (نازناوی کوڕێکە کە ناوی وەک هی باوکی وەها بێت): *(John Brown, J~.)*.

(۲) پلە کەمتر؛ پلە نزمتر؛ پلە نزم: *(a ~ partner, officer, etc.)*

(۳) تازەتر؛ نوێ تر؛ لە دواوەتر. (٤) تایبەتی بە قوتابی پۆلی سێیەم یا پۆلی سێیەمی کۆلیج. زانکۆ، یا قوتابخانەی نامادەیی.

n. (۱) کەسێکی گەنج یا منداڵ؛ لاو. (۲) کەسێکی پلە نزمتر؛ کەسێکی پلە نزم. (۳) قوتابی پۆلی سێیەمی کۆلیج، زانکۆ، یا قوتابخانەی نامادەیی.

one's junior, کەسێکی لە خۆ گەنجتر؛ کەسێکی لە خۆ منداڵتر.

junior college, کۆلیج یا دانشگای دووساڵەیی پاش قوتابخانەی نامادەیی (کە بەرامبەر بە دوو ساڵی یەکەمی زانکۆ یا کۆلیجی چوارساڵەیە).

junior high school, قوتابخانەی ناوەندی (کە بریتیێە لە پۆلی حەوت و هەشت و نۆ، واتە سێ پۆل دوای قوتابخانەی سەرەتایی).

juniper (jōō′nə-pēr), *n.* عەرعەر؛ دار عەرعەر.

junk (juŋk), *n.* (۱) شرە؛ کۆنە؛ پرووپیت؛ خەرەکە شکاو.

(۲) [Colloq.]، شتێکی بێ نرخ؛ خڵتە؛ شتێک کە هەر بۆ فڕێدان بشێت.

(۳) قاوورمە.

v.t. [Colloq.]. . *(He ~ed his car.)* فڕێدانی شتی کۆنەو بەکەڵک نەماو.
junk (juŋk), *n.* کەشتیەکی بایەوانی چینی
junket (juŋ′kit), *n.* (١) محەللەبی؛ پەنیری شیرین (٢) سەیران؛ ناهەنگێک بە نانخواردنەوە. (٣) گەشت (٤) گەشتی کاربەدەستێک لەسەر حسابی میری
v.i. گەشتکردن لەلایەن کاربەدەستێکەوە لەسەر حسابی میری.
v.t. میوانداری کردن لە سەیران یا ناهەنگێکدا.
junkie (juŋki), *n.* [Slang]. حەشیشەخۆر؛ هێرۆین خۆر
junkman (juŋk′man´), *n.* کۆنەفرۆش
junkyard (juŋk′yärd´), *n.* کۆنەخانە؛ کۆنەخانەی ئوتومبیل.
junta (jun′tə), *n.* (١) ئەنجوومەن یا لیژنەی ڕامیاری و کارگێڕی (بەتایبەتی دەستەیەک کە جڵەوی وڵات دەگرنە دەست پاش ڕووخاندنی میری). (٢) دەستەیەکی پیلانگێڕ.
junto (jun′tō), *n.* دەستەیەکی پیلانگێڕ
Jupiter (jōō′pə-tĕr), *n.* (١) گەورەخودای ڕۆمانەکان (ئەفسانەی ڕۆمانی) (٢) جوپیتەر: گەورەترین ئەستێرەی کاروانکەرو پێنجەمین لە دووریدا لە ڕۆژەوە موشتەری
jural (joor′əl), *adj.* (١) دادی؛ دادگەری (٢) تایبەتی بە ماف و ئەرکی سەرشان.
jurant (joor′ənt), *n.* سوێندخۆر (دادگەری).
jurat (joor′at), *n.* (١) [Obs.] . کەسێکی سوێنددراو (دادگەری). (٢) دادپرس (٣) بڕوانامەیەکە دەنووسێنرێ بە شایەتیەکەوە ڕوونی دەکاتەوە کەیو لە کوێو لە بەردەمی کێدا ئەم شایەتیەیە دراوە.
juridic, juridical (joo-rid′ik, joo-rid′i-k'l), *adj.* دادگەری؛ تایبەتی بە دادگەری و داواو ڕووداو کاروباری دادگا.
jurisconsult (joor´is-kən-sult′, joor´is-kon′sult), *n.* زانای دادگەری؛ دادگەر؛ یاسازان
jurisdiction (joor´is-dik′shən), *n.* (١) دادپرسێ؛ دادپرسی؛ ماف و دەسەلاتی دادپرسێن؛ دادگەری. (٢) دەسەلات؛ دەسەلاتداری؛ *(A country's courts have ~ not only over its own citizens but over foreigners who are living in the country.)* (٣) ڕادەی دەسەلات یا دەسەلاتداری. (٤) سنوورو مەودای دەسەلاتداری؛ بەش کردنی دەسەلات بەگوێرەی ناوچە. (٥) دادگا
jurisprudence (joor´is-prōō′d'ns), *n.* (١) فەلسەفەو زانستی یاساو یاساداتان؛ فەلسەفەو زانستی دادگەری. (٢) کۆمەڵێک یاسا؛ سەرجەمی یاسا. (٣) لقێک لە یاسا یا دادگەری.
jurisprudent (joor´is-prōō′d'nt), *n.* = jurist.
jurist (joor′ist), *n.* زانای یاسا؛ یاسازان؛ دادگەر.
juristic (joo-ris′tik), *adj.* تایبەتی بە یاساو یاسازانی؛ تایبەتی بە دادگەری
juror (joor′ĕr), *n.* (١) سوێندخۆر یەکێک لەو دوانزە کەسەی کە دادگاو پارێزەری گومانبارێک هەڵبژێرن بۆ بڕیاردانی تاوانبار یا بێ تاوانی گومانبارەکە (٢) سەرپشک؛ نەندامی دەستەیەکی سەرپشکی (ملەملێ) کێ برکێ).
jury (joor′i), *n.* (١) دەستەی سوێندخواران. بڕیتیە لەو دوانزە کەسەی کە دادگاو پارێزەری گومانبارێک هەڵبژێرن بۆ بڕیاردانی تاوانبار یا بێ تاوانی نەو گومانبارە. (٢) دەستەی سەرپشک (ملەملێ، کێ برکێ).
jury (joor′i), *adj.* هی بەکارهێنانی سەردەمی لەسەر کەشتیەک *(a ~ mast)*
juryman (joor′i-mən), *n.* = juror.
just (just), *adj.* . *(a ~ decision)* (١) ڕەوا؛ هەق؛ بێ لایەن. (٢) دادپەروەر؛ دادپەرست؛ هەق پەرست. *(a ~ man)* . (٣) شایستە؛ هەقی خۆیەتی؛ ڕەوا. *(a ~ punishment)* (٤) بەجێ؛ شیاو.

(٥) لە جێی خۆیایەتی؛ بێ هۆ یا بنچینە ئێیە. *(a ~ suspicion)* (٦) ڕاست. (٧) تەواو؛ دەقاودەق.
adv. (١) بە تەواوی؛ بێ کەمو زیاد. *(~ one o'clock)* . (٢) نزیکەی. (٣) تەنها؛ هەر. *(~ a simple soul)* . (٤) بە ئاستەم؛ تەنها بە تۆزێک. *(He ~ missed the train.)* . (٥) هەر ئێستا؛ تازە. *(She has ~ left.)* . (٦) [Colloq.]، زۆر؛ ئێجگار؛ بە ڕاستی. *(It's ~ beautiful.)* .
just now, هەر ئێستا؛ پێش هەناسەیەک.
just the same, [Colloq.], لەگەڵ ئەوەشدا.
justice (jus′tis), *n.* (١) دادپەروەری؛ دادپەرستی؛ داد؛ هەق پەرستی؛ هەق. (٢) سەرڕاستی؛ ڕاستی. (٣) ڕەوایی (مەسەلەیەک). *(the ~ of our cause)* . (٤) پاداشت یا سزای شایستە. (٥) دادگەری؛ دادپرسی. (٦) دادپرس؛ دادگەر.
bring to justice, دان بە دادگا بۆ سزای ڕەوای خۆ وەرگرتن.
do justice to, (١) بە ڕەوا لەگەڵ جووڵانەوە؛ مافی خۆ پێدان. (٢) نرخ زانین؛ نرخی خۆ پێدان؛ بایەخی خۆ پێدان؛ *(to do justice to the occasion)*
do oneself justice, بایەخ بە خۆ دان؛ ماف بە خۆ دان؛ خۆ بێ ماف نەکردن.
justice of the peace, دادپرسی ناوبژی کردن.
justiceship (jus′tis-ship´), *n.* دادگەرێتی؛ پلەو فەرمانو ماوەی لەسەر کار مانەوەی دادپرس.
justiciable (jus-tish′i-ə-b'l), *adj.* (١) دەتوانرێ بدرێ بە دادگا. (٢) لە سنووری دەسەلاتی دادگادایە.
justifiable (jus´tə-fī′ə-b'l), *adj.* بەڵگەدار؛ ڕەوا؛ هەق؛ بەڵگەی بۆ دەهێنرێتەوە: *(His anger is ~.; ~ homicide)* .
-justifiability *(n.)*; justifiably *(adv.)*.
justification (jus´tə-fi-kā′shən), *n.* (١) بەڵگە؛ بیانوو؛ بڕوبیانوو: *(One can find ~ for any act he commits.; His ~ for stealing was that his children were hungry.)* (٢) بەڵگە یا بیانوو هێنانەوە. (٣) بێ تاوانی.
justify (jus′tə-fī´), *v.t.* (١) بەڵگە هێنانەوە؛ بە ڕەوا پیشاندان؛ بڕوبیانوو دۆزینەوە. (٢) بەخشین؛ نازادکردن؛ بڕیاری بێ تاوانی دان. (٣) هێنان؛ شایستەبوون: *(Does anything ~ taking a life?)* (٤) چاک کردنو ڕێکخستنی تیپ (چاپەمەنی).
v.i. (١) بە ڕەوا پیشاندان؛ بەڵگە هێنانەوە. (٢) سەلماندنی شیانی کەسێک بۆ بوون بە دەستەبەر. (٣) ڕێزکردنو ڕێکخستنی تیپ (چاپەمەنی).
justly (just′li), *adv.* بە هەق؛ بە ڕەوا.
jut (jut), *v.i.* سەردەرهێنان؛ دەرپۆقین: *(He saw a gun ~ting out of some bushes.)*
n. چوکڵە؛ نووک؛ سەر.
Jute (jōōt), *n.* ئەندامی تیرەیەکی ئەڵمانی کە لە سەدەی پێنجەمدا ئینگلتەرەیان داگیرکرد.
jute (jōōt), *n.* (١) گوش: پێشاڵێکە گونیەو پەتی گوشێنو شتی وای لێ دروست دەکرێت. (٢) ڕووەکێکە ئەم جۆرە پێشاڵەی لێ دەردەهێنرێ.
adj. گوشین؛ گوشی.
jutty (jut′i), *n.* (١) بەشێکی دەرپۆقیو یا سەردەرهێنەری دیوارێک یا خانوویەک. (٢) ئەسکەلە؛ دیواری بەرەبەستکەری بەرزاوی دەریا (بۆ پاراستنی بەندەرێک یا کەناری دەریاکە).
v.i. & v.t. دەرپۆقین؛ سەر هێنانە دەرەوە.
juvenescence (jōō´və-nes′'ns), *n.* گەنج بوونەوە.
juvenile (jōō′və-n'l, jōō′və-nīl´), *adj.* (١) منداڵ؛ گەنج. (٢) منداڵانە؛ هی منداڵ؛ گەنجی؛ هەرزانە.

n. (١) منداڵ؛ منداڵێك؛ هەرزە. (٢) نەكتەرێك كە دەورى گەنج دەبینێ. (٣) كتێبی منداڵان.

juvenile court, دادگای منداڵان؛ دادگای هەرزە (لە هەژدە ساڵ كەمتر).


juvenile delinquent, تاوانبارێكی منداڵ؛ تاوانبارێكی گەنج یا هەرزە (لە هەژدە ساڵ كەمتر).

juvenilia (joo´və-nil′i-ə, jōō´və-nil′yə), *n.pl.* بەرهەمی منداڵی یا گەنجی (نووسین، وێنەكێشی)؛ كرداری منداڵی یا گەنجی.

juvenility (jōō´və-nil′ə-ti), *n.* (١) منداڵێتی؛ هەرزەیی. (٢) كردەوە یا ڕەوشتێكی منداڵانە. (٣) منداڵان؛ هەرزەكاران.

juxtapose (juks′tə-pōz´), *v.t.* خستنەپاڵ یەكتری (بەتایبەتی بۆ بەراوردكردن)؛ لە لای یەكەوە دانان.

juxtaposition (juks´tə-pə-zish′ən), *n.* (١) خراندەپاڵ یەكتری (بۆ بەراوردكردن)؛ لە لای یەكەوە دانران: *(the ~ of ideas)* . (٢) لە لای یەكەوە بوون.



K, k (kā), *n.* (۱) تیپی یانزەهەمی ئەلفوبێی ئینگلیزیيە (۲) دەنگی نەم تیپە "کەی" (۳) نیشانەی یانزەهەم لە ڕیزێکدا.

adj. (۱) تایبەتی بەم تیپە (۲) یانزەهەم

K (kā), *n.* (۱) شتێك لە شێوەی تیپی " **k** "دا.

(۲) ژمارە ۲۵۰ی ڕۆمانی. (۳) نیشانەی ژمارەی نەگۆڕ (بیرکاری).

adj. شێوەی وەك " **k** "وایە.

Kaaba (kä′bə, kä′ə-bə), *n.* کەعبە

Kabuki (kə-bo͞o′kē), *n.* کابوکی جۆرە شانۆگەرییەکی یابانیيە بە سەماو گۆرانییەوە.

kaiser (kī′zĕr), *n.* قەیسەر؛ ئیمپراتۆر؛ شاهەنشا؛ نازناوی فەرمانڕەواکانی ئیمپراتۆرنشینی ڕۆمانی پیرۆز و نەمساو ئەڵمانیا.

kaka (kä′kə), *n.* تووتیيەکی نیوزیلەندییە.

kakapo (kä′kä-pō′), *n.* تووتیيەکی زەمین نشینی شەوینی نیوزیلەندییە

kale (kāl), *n.* (۱) سەوزەیەکە وەك کەلەرم وەهایە (۲) شۆربا یا شلەی نەم سەوزەیە. (۳) [Slang]، پارە (بەتایبەتی هی کاغەز).

kaleidoscope (kə-lī′də-skōp′), *n.* (۱) ئامێرێکی لوولەکییە پارچە شووشەی هەمە شێوەو نەندازەو ڕەنگو نەقشی تێدایەو نەم شێوەو ڕەنگو نەقشە دەگۆڕێ بە هی تر بە بادانی ئامێرەکە.

(۲) شتێکی هەمیشە گۆڕ بەتایبەتی لە ڕەنگو نەخشەدا)

-kaleidoscopic *(adj.)*; **kaleidoscopically** *(adv.)*.

kangaroo (kaŋ′gə-ro͞o′), *n.* کەنگەر گیاندارێکی ئوستورالیيە. بە قەڵەز قەڵەز دەڕوات و بەچکەکەی لە کیسەیەکدا هەڵدەگرێ لەبەرخۆیەوە.

kangaroo court, [Colloq.]. دادگایەکی بێ دادی دادگایەکی هەرەسکاریيە کە نەسەر یاساو دەستوور ناڕوات.

kaput (kə-po͞ot′), *adj.* [Colloq.], فەوتاو؛ پەك کەوتوو؛ شکاو؛ بەکەڵك نەماو

karat (kar′ət), *n.* = carat.

karate (kä-rä′tē), *n.* کاراتێ واتە " بە دەستی خاڵی " . جۆرە خۆپاراستنێکی بێ چەکی یابانیيە بریتیيە لە هەل هێنانو لە دوژمن دان بە لای دەست

karma (kär′mə, kür′mə), *n.* (۱) کارمە سەرچەمی کردارو ڕەووشتی کەسێك لە یەکێك لە ژیانەکانیدا یا لە چەرخێکی ژیانیدا کە کاردەکاتە سەر چارەنووسی لە ژیانەکانی تریدا یا لە چەرخەکانی تری ژیانیدا (ئایینی بوودیو هیندی). (۲) چارەنووس.

katharsis (kə-thär′sis), *n.* = catharsis.

kayak (kī′ak), *n.* بەلەمی سەردا پۆشراوی ئەسکیمۆیی.

keel (kēl), *n.* (۱) نیرگە یا شێلمانی ژێر بەلەمو کەشتی بە درێژی. (۲) [Poetic]، کەشتی. (۳) سەرچەمی شیشی ژێر فرۆکە (بۆ دانەکەوتنی بنەکەی). (٤) تیرەئەی بەرسنگی بانْدە.

v.t. (۱) نیرگە یا شێلمان خستنە ژێر.

(۲) هەڵگەڕاندنەوەی کەشتییەك بۆ سەر لایەکی.

keel over, [Colloq.], (۱) هەڵگەڕاندنەوە؛ وەرگەڕاندن.

(۲) کەوتن؛ بوورانەوەو کەوتن.

on an even keel, (۱) بە ڕێکی؛ ڕاست؛ بەبێ کەوتن یا خواربوونەوە بەملاو بەولادا. (۲) بە بێ هەڵبەزو دابەز؛ بە ڕێك و ڕەوانی:

(to stay on an even keel)

keel (kēl), *n.* (۱) کەشتییەکی بن تەخت (بەتایبەتی هی خەڵووز گواستنەوە)؛ باریجەی خەڵووز. (۲) بارە خەڵووزی کەشتی یا باریجەیەکی وەها. (۳) کێشانەیەکی ئینگلیزی خەڵووزە بریتیيە لە بیست و یەك تەن

keel (kēl), *n.* بۆیەیەکی سوورە.

keen (kēn), *adj.* (۱) تیژ. *(a ~ knife, edge, etc.)* .

(۲) تیژ؛ بڕ. *(a ~ appetite, wind, etc.)* .

(۳) تیژ؛ وریا؛ زیرەك؛ ڕێ بەدیکەر: *(~ eyes; a ~ mind)*

(٤) زۆرزان.

(٥) سوور لەسەر؛ هەوەس لەسەر؛ بۆ بە جۆش:

(to be ~ on doing something)

(٦) تووندوتیژ. (۷) [Slang]، زۆر باش؛ نایاب.

keen (kēn), *n.* شیوەن؛ واوەیلێ.

v.t. & v.i. شیوەن کردن؛ واوەیلێ کردن.

keep (kēp), *v.t.* (۱) پەیڕەوی کردن (نەریتێك وەك کار نەکردن لە پۆژی هەینیدا): *(They kept the Sabbath.)* .

(۲) (ا) پاراستن. (ب) ئاگاداری کردن؛ چاو تێوەبوون (بۆ ئاگاداری).

(ج) هێشتنەوە بە باشی و ڕێك و پێکی. (د) ژیاندن؛ بەخێوکردن؛ یارمەتیدان (هـ) خواردن پێدان یا جێکردنەوە بە پارە؛ بەخێوکردن بە پارە:

(She ~s boarders.)

(و) ڕاگرتن (بەردەست): *(They ~ servants.)* .

(ز) دەفتەرگرتن: *(to ~ books for a business firm)* .

(ح) تۆمارکردن (یادداشت)؛ نووسین هەموو ڕۆژ: *(She ~s a diary.)* .

(۲) بەڕێوەبردن.

(٤) بەردەوام بوون لەسەر؛ ڕاگرتن لە باری خۆیدا:

(~ your engine running.)

(٥) هەڵگرتن بۆ داهاتوو یا بۆ ماوەیەکی زۆر.

(٦) هەبوون (لە فرۆشگادا).

(۷) (ا) گرتن (بەندیخانە)؛ بەستنەوە. (ب) گلدانەوە؛ ڕاگیرکردن

(ج) ڕێ لێگرتن: *(The rain kept us from going out.)* .

(د) پێ نەدان.

(هـ) هەڵگرتن بۆ خۆ: *(She kept the change.)* .

(و) لێ شاردنەوە (دەنگوباس): *(He kept the news from her.)*

(ز) دەست لێ هەڵنەگرتن.

(ح) مانەوە لەسەر ڕێبازێك یا لە شوێنێك؛ لە ڕێ لانەدان.

v.i. (۱) بەردەوام بوون؛ مانەوە لەسەر باری خۆ، جێگە، ڕێباز، هتد...

(۲) (on ~) کۆل نەدان؛ واز نەهێنان؛ بەردەوام بوون لەسەر:

(to ~ on talking)

(۳) خۆ ڕاگرتن؛ ڕێ بە خۆ نەدان: *(She can't ~ from telling us.)*

(٤) نەفەوتان؛ مانەوە بە ڕێك و پێکی و باشی؛ بۆگەن نەکردن:

(The food will ~ .)

(٥) [Colloq.]، بە کراوەیی مانەوە؛ بەردەوام بوونی کۆڕ گرتن:

(Will school ~ all day?)

(٦) [Colloq.]، نیشتەجێی شوێنێك بوون؛ ژیان لە شوێنێکدا.

n. (۱) چاودێری؛ ئاگا لێ بوون؛ سەرپەرشتی؛ پاراستن. (۲) (ا) قەڵا؛ سەنگەر. (ب) ناوچەرگەی قەڵا؛ قوللەی ناوقەڵا. (۳) [Rare]، بەخێوکردن؛ ژیاندن. (٤) خۆراک؛ خواردەمەنی؛ بژوێن. *(The horse isn't worth its ~ .)*

for keeps, [Colloq.], (۱) شتە براوەکە هەڵ دەگرێ بۆ خۆی (۲) هەتا هەتا

keep at, بەردەوام بوون لەسەر.

keep down, (۱) کەمکردنەوە (خەرجی)؛ بە کەمی هێشتنەوە. (۲) کەمکردنەوە (دەنگ)؛ کپ کردنەوە. (۳) ڕێی پەرەسەندن لێگرتن.

keep in with, پەیوەندی بە باشی مانەوە لەگەڵدا؛ بە برادەرێتی مانەوە لەگەڵ.

keep off, (۱) لێ دوورکەوتنەوە؛ لە دوورەوە وەستان. (۲) بەرهەڵستی کردن؛ لە دوورەوە ڕاگرتن.

keep on, بەردەوام بوون لەسەر؛ سووربوون لەسەر؛ دەست هەڵنەگرتن.

keep out, لێ دوورکەوتنەوە؛ هەق بەسەرەوە نەبوون

keep to oneself, (۱) گۆشەگیری کردن؛ بە تەنهایی ژیان. (۲) بە کەس نەوتن (دەنگوباس)؛ شاردنەوە.

keep up, (۱) بە باشی ڕاگرتن؛ پاراستن. (۲) بەردەوام بوون لەسەر. (۳) بڕکردن لەگەڵدا؛ لەگەڵدا دەرچوون؛ دوا نەکەوتن. (٤) (~ with)، بە ئاگاداری مانەوە.

keep up with, دوا نەکەوتن؛ بڕکردن لەگەڵدا؛ لەگەڵ دەرچوون؛ پیاگەیشتن

keeper (kēp′ĕr), *n.* (۱) بەندیوان؛ پاسەوانی بەندیخانە. (۲) پاسەوانی باڵندەو گیاندار (وەک لە باخچەی گیانداراندا). (۳) پارێزگار؛ چاودێرێکەر. (٤) خاوەن *(shopkeeper, innkeeper)* (٥) گیرە. نامێر

keeping (kēp′iŋ), *n.* (۱) پەیرەوی کردن؛ ڕاگرتن و نەشکاندن (بەڵێن). (۲) سەرپەرشتی؛ ئاگا لێ بوون؛ پاراستن. (۳) بەخێوکردن. (٤) دۆخ. (٥) هێشتنەوە. (٦) هەڵگرتن و پاراستن بۆ داهاتوو. (۷) گونجان. *(His acts are not in ~ with his promises.)*

keepsake (kēp′sāk′), *n.* یادگار. شتێک کە هەڵ دەگیرێ یا دەبەخشرێت بۆ یادگار.

kef (kāf), *n.* (۱) کەیف. سەرخۆشی (لە بەنگ کێشانەوە). (۲) بەنگ.

keg (keg), *n.* (۱) بەرمیلێکی بچووک (دە گاڵۆن دەگرێ). (۲) کێشانەیەکی بزمارە (سەد پاوەنە)

kelp (kelp), *n.* (۱) گیای دەریا (گەڵا پان و بۆرە). (۲) خۆڵەمێشی نەم گیایە (بۆدی لێ دەردەهێنرێت).

ken (ken), *v.t.* (۱) [Scot.]، زانین. (۲) [Archaic]، بینین؛ سەیرکردن.

v.i. [Scot.], پێ زانین؛ لێ زانین.

n. (۱) [Rare]، بینین؛ ماوەی چاو بڕکردن؛ بینایی. (۲) هەستپێکردن؛ زانین؛ مەودای زانین یا ڕێ بەدیی کردن.

kennel (ken′ĕl), *n.* (۱) کولانە سەگ (۲) (*pl.*) جێی زاوزێ پێ کردن و بەخێوکردنی سەگ. (۳) گەلە سەگ.

v.t. خستنە کولانە سەگەوە

v.i. لە کولانە سەگدا ژیان.

kennel (ken′ĕl), *n.* زێرابی سەر بەردەڵا؛ ئاوەڕۆگە

kenning (ken′iŋ), *n.* (۱) [Scot.]، زانیاری؛ زانین. (ب) نەخت. (۲) ئاوی مەجازی شتێک لە هۆنراوەدا (وەک: sea-stead بەمانای: ship).

kept (kept), *past tense and past participle of* keep.

keratin (ker′ə-tin), *n.* نەو ماددەیەیە لە لەشدا کە شاخ و نینۆک و قژو سمی لێ دروست دەبن

keratosis (ker′ə-tō′sis), *n.* مێخەکە

kerchief (kūr′chif), *n.* (۱) سەرپۆش. (۲) دەسەسر.

kern (kūrn), *n.* نووکی تیپێکی چاپ.

kern, kerne (kūrn), *n.* (۱) [Archaic]، سەربازێکی پیادەی کۆنی ئێرلەندی یا ئوسکوتلەندی. (۲) وەرزێرێکی ئێرلەندی.

kernel (kūr′n'l), *n.* (۱) دەنک (گەنم، جۆ، برنج، هتد...)؛ تۆو. (۲) کاکل. (۳) ناوکرۆک؛ گەوهەر؛ ماک.

kerosene (ker′ə-sēn′, ker′ə-sēn′), *n.* نەوت.

ketchup (kech′əp), *n. Also* catsup, catchup, دژشاوی تەماتە بە بەهاراتەوە.

kettle (ket′'l), *n.* (۱) کتڵی؛ کتری چا. (۲) تەپڵ (کە بنەکەی ئاسن بێ و سەرەکەی چەرم). (۳) چاڵە قوورتە؛ چاڵ. (٤) چاڵە قوورتەی ناو شاخێکی سەموڵێن

kettle of fish, کاروبارێکی ناقۆڵا؛ بارێکی ناقۆڵاو گیروگرفتاوی ناخۆش.

kettledrum (ket′'l-drum′), *n.* تەپڵێکی بن ئاسن و سەر چەرم.

key (kē), *n.* (۱) کلیل. (۲) (ا) کلیلی کاتژمێر. (ب) دەمبووس. بزمار، یا کێلوێک کە دەخرێتە کوڵیکەوەو شتێکی پێ قایم دەکرێ یا دادەخرێ. (ج) شتێک کە دوو شت پێکەوە ڕاگیر دەکات (وەک بەردی سەر تاق). (د) دوگمەی پیانۆ یا تیپنووس. (۳) شتێک کە وەک کلیل بکاتەوەو داہێنات بەتایبەتی: (ا) دەرگای ناوچەیەک (ب) نەخشە یا کلیلی لێکدەرەوە (دەنگبێژی)؛ نووسراوی سەر نەخشەیەک کە نەخشەکە لێکدەداتەوە. (ج) کەسێک یا شتێکی زۆر گرنگ (بۆ جێبەجێکردنی کارێک). (٤) دەنگ؛ بەرزونزمی دەنگێک (٥) شێوازی دەربڕین و نووسین و بیرکردنەوە. *(He wrote and spoke in a cheerful ~ .)* (٦) سەرجەمی ناوازی پارچەیەک مۆسیقا.

adj. زۆر گرنگ؛ گرنگ. *(a ~ industry; He has a ~ position in the government.)*

v.t. (۱) داخستن بە کلیل یا کێلوون؛ کلیل دان. (۲) (ا) بەردی تەرقەسەری تاق دانان. (ب) نەخشە یا کلیلی لێکدانەوە بۆ داناز. (۳) ڕێکخستنی بەرزی و نزمی دەنگ یا ئاواز. (٤) گونجاندن؛ یەکخستن؛ یەک دان کردن.

key up, (۱) بەرزکردنەوە (دەنگ، ئاواز). (۲) وورووژاندن؛ خستنە جۆش؛ بژواندن.

key (kē), *n.* دوورگەیەکی نزم؛ تیرە بەرد یا لمێک کە لە ناستی ئاودا بێت یا نەختێک لە ژێر لە ژووری ناستی ئاوەکەوە بێت.

keyboard (kē′bôrd′, kē′bōrd′), *n.* کلیل بەند (پیانۆ، تیپنووس)

keyed (kēd), ***adj.*** (۱) کلیل یا دوگمەدار (ئامێری مۆسیقا). (۲) کلیل دراو؛ کێلوون دراو. (۳) بەرزی و نزمی لە پلەیەکی تایبەتیدا دانراوە (دەنگ، ئاواز).

keyhole (kē′hōl′), *n.* کونە کلیلی دەرگا؛ کونە قفل.

keynote (kē′nōt′), *n.* (۱) نزمترین دەنگی ئاوازێکی مۆسیقا؛ ئاوازی بناغە. (۲) بنچینەی ووتارێک یا ڕێبازێک؛ بیروباوەڕی هەرە گرنگ.

v.t. سەرووتار خوێندنەوە؛ بنچینە یا بیروباوەڕی هەرە گرنگی ووتارێک یا نەخشەیەک پێشکەش کردن.

keynoter (kē′nōt′ĕr), *n.* سەرووتار خوێنەرەوەی کۆنگرەیەک یا کۆڕێک

keynote address *or* **speech,** سەرووتاری کۆنگرەیەک یا کۆڕێک؛ ووتاری سەرەکی کۆنگرەیەک یا ئاهەنگێکی ڕەسمی.

keystone (kē′stōn′), *n.* (۱) بەردی سەرتاق (کە هەردوو لای تاقەکە پێکەوە ڕادەگرێ). (۲) بەردی بناغە؛ گرنگترین بەش یا پارچە

khaki (kak′i, kä′ki), *adj.* (۱) خاکی؛ بۆر (۲) لە قوماشی خاکی دروستکراو

n. (۱) خاکی؛ ڕەنگی خاکی. (۲) جل و بەرگ یا قوماشی خاکی.

khan (kän, kan), *n.* خان (ئازناو).

khan (kän, kan), *n.* خان؛ کاروان سەرا.

kibbutz (ki-bo͝ots′), *n.* ئاوایی‌یەکی هەرەوەزی کشتوکالی جوولەکەیە.

kibitzer (kib′it-sēr), *n.* [Colloq.], (۱) کەسێک کە لە لای پیرێکی قومارچی‌یەوە دادەنیشێ و خۆی هەل دەقورتێنێتە یاری‌یەکە. (۲) خۆتێهەلقورتێنەر.

kick (kik), *v.i.* (۱) (ا) شەق تێهەلدان؛ تێهەلدان (ب) لەقەدان: جووتەدان؛ جووتە وەشاندن. (۲) بە تووندی گەڕانەوە بۆ دواوە (چەکی ئاگرین پاش تەقاندنی). (۳) [Colloq.]، بۆلەبۆڵ کردن؛ سکاڵا کردن.

v.t. (۱) (ا) شەق تێهەلدان؛ تێهەلدان؛ لە تۆپ هەلدان. (ب) جووتەلێدان؛ لەقەلێدان. (۲) بە تووندی گەڕانەوە بۆ دواوە (چەکی ئاگرین پاش تەقاندنی). (۳) بە شەق یا بە زۆر ڕێ بۆ خۆ کردنەوە. (٤) گۆڵ کردن (یاری تۆپێن). (٥) [Colloq.]، خوو تەرک کردن (جگەرە کێشان، خواردنەوە، هتد...):

(He ~ the habit.)

n. (۱) (ا) شەق (ب) شەق تێهەلدان. (ج) لەقە؛ جووتە. (۲) گەڕانەوە بۆ دواوە بە تووندی (چەکی ئاگرین پاش تەقاندنی). (۳) [Colloq.]، بۆلەبۆڵ؛ سکاڵا. (٤) [Colloq.]، خۆشی؛ کەیف.

(to get a ~ out of something) .

(٥) (ا) شەق لە تۆپ هەلدان؛ شەقێکی وەها (ب) تۆپی شەق لێدراو. (ج) ماوەی ڕکردنی شەق یا تۆپی شەق لێدراو. (د) تۆپەی شەق لە تۆپ هەلدان.

kick around (or about), [Colloq.], (۱) شەق شەقێن پێکردن؛ بە ناشرینانە لەگەل جووڵانەوە. (۲) گوێزانەوە؛ گواستنەوە لەم شوێن بۆ ئەو شوێن. (۳) باس کردن؛ لێکۆڵینەوە.

(to kick an idea around) .

kick back, (۱) [Colloq.]، لەپڕ یا لە ناکاو گەڕانەوە بۆ دواوە یا هەڵبەزینەوە (چەکی ئاگرین پاش تەقاندنی). (۲) [Slang]، (ا) شتی دزراو دانەوە بە خاوەنەکەی. (ب) بەرتیل پێدان (بەتایبەتی بەش کردنی هەندێ لەو پارە، بەرتیل، قازانج، مووچە یا بەخشیشەی کە دەستکەوتووە لە ڕێی چەوتەوە لەگەل کەسێک یا چەند کەسێکی تردا).

kick off, (۱) شەق لە تۆپ هەلدان بۆ یەکەم جارو دەست بە یاری کردن. (۲) دەستپێکردن

(to kick off a political campaign) .

(۳) [Slang]، مردن.

kick one's heels, کات بەفیڕو دان بە چاوەڕێ کردنی بێ سوود

kick out, (۱) [Colloq.]، دەرکردن؛ کردنە دەرەوە (۲) تۆپ لە یاریگا کردنە دەرەوە بە شەقی قایم.

kick the bucket, [Slang], مردن

kick up one's heels, کاتێکی خۆش بردنە سەر؛ ڕابواردن؛ کەیف کردن (بەتایبەتی پاش کارێکی ووشک و ناخۆش).

kikback (kik′bak´), *n.* (۱) (ا) گەڕانەوە بۆ دواوە لەپڕو بە قایم (چەکی ئاگرین پاش تەقاندنی). (ب) ئەنجامێکی تووندوتیژ. (۲) [Slang]، (ا) بەرتیل (بەتایبەتی ئەو بەرتیل؛ بەخشیش، قازانج، یا مووچەیەی کە دەستکەوتووە لە ڕێی چەوتەوەو بەش دەکرێ لەگەل کەسێک یا چەند کەسێکی تردا). (ب) گەڕانەوەی شتی دزراو بۆ خاوەنەکەی.

kid (kid), *n.* (۱) (ا) کار؛ کارێژلە. (ب) بەچکە ئاسک یا بزنە کێوی. (۲) گۆشتی کار یا گیسک. (۳) پێستی کارو گیسک. (٤) [Colloq.]، (ا) منداڵ. (ب) لاو؛ هەرزە. (٥) [Slang]، گالتە؛ گەمە.

adj. (۱) لە پێستی کار یا گیسک دروستکراو. (۲) [Colloq.]، بچووک (بۆ؛ خۆشک)؛ بچکۆلە.

(his ~ sister; his ~ brother)

v.t. & v.i. (۱) زاین (زێن).

(۲) [Slang]، (ا) خەڵەتاندن؛ بە هەڵە بردن؛ فێڵ لێکردن:

(Don't ~ yourself.)

(ب) گالتەکردن؛ گالتە لەگەل کردن؛ کلک پێوەکردن؛ گەمە کردن.

no kidding, (۱) بێ گالتە (۲) بێ گالتە!؛ ناشێ!

kid gloves, دەستکێشێکی نەرمە لە چەرمی کار یا گیسک دروست دەکرێ

handle with kid gloves, [Colloq.], بە ئاسکی و لەسەرخۆ و وریایی لەگەڵدا جووڵانەوە.

kidnap (kid′nap), *v.t.* فڕاندن (گەورە یا منداڵ بەتایبەتی بۆ پارە سەندن بۆ بەردانی).

-kidnaper; kidnapper *(n.).*

kidney (kid′ni), *n.* (۱) گورچیلە؛ گورچک. (۲) (ا) سروشتی کەسی. (ب) توخم؛ جۆر.

kidney bean, جۆرە فاسۆلیایەکی قاوەیی‌یە لە شێوەی گورچیلەدا.

kidney stone, بەردی گورچیلە.

kidskin (kid′skin´), *n.* چەرمی کارو گیسک (دەستکێش و پێڵاوی لێ دروست دەکرێ).

kike (kīk), *n.* [Slang], جوولەکە (لە ڕووی سووکی‌یەوە).

kill (kil), *v.t.* (۱) کوشتن؛ سەربڕین؛ مردارکردنەوە؛ خپ کردن. (۲) فەوتاندن؛ وێران کردن؛ نەهێشتن؛ تێکدان؛ لە کەڵک خستن. (۳) بەزاندن (گەلاڵەی یاسا لە پەرلەماندا)؛ ژێر خستن:

(The bill was ~ed in the committee.)

(٤) کات کوشتن.

(٥) گوڕاندنەوە (مەکینە):

(It ~ed the motor.) .

(٦) ڕێ لە بڵاوکردنەوە گرتن:

(The editor ~ed the story.)

(۷) نەهێشتن (ئازار)؛ کوشتن (ئێش و ئازار):

(to ~ the pain)

(۸) [Colloq.]، بە سەردا زاڵبوون. (۹) لابردن (چاپەمەنی)؛ کوژاندنەوە (۱۰) لێدانی تۆپ نەوەندە بە قایم کە نەتوانرێ بگەڕێنرێتەوە (یاری تەنس).

v.i. (۱) کوشتن؛ سەربڕین؛ مردارکردنەوە. (۲) مردن؛ فەوتان:

(These plants ~ easily.) .

n. (۱) کوشتار؛ کوشتن؛ کوژران؛ سەربڕین. (۲) گیاندارێکی سەربڕاو، کوژراو، یا ڕاوکراو.

in at the kill, (۱) ئامادەبوون لە کاتی کوشتنی گیاندارێکی ڕاوکراودا. (۲) ئامادەبوون لە کۆتایی کارێکدا یا لەکاتی سەرکەوتنێکدا.

kill off, قەلاچۆکردن؛ هیچ نەهێشتن؛ بەرپاکردن.

kill two birds with one stone, بە بەردێک دوو نیشان شکاندن.

kill (kil), *n.* جۆگە؛ ڕووبار؛ چەم.

killer (kil′ēr), *n.* (۱) کوشتیار؛ پیاوکوژ؛ خوێنڕێژ؛ بکوژ. (۲) نەهەنگێکی دڕندەی بکوژە.

killer whale, جۆرە نەهەنگێکی دڕندەی بکوژە.

killing (kil′iŋ), *adj.* (۱) کوشندە؛ بکوژ. (۲) ماندووکەر؛ هێز لێ بڕ. (۳) [Colloq.]، زۆر جوان و دڵگیر؛ دڵفڕێن. (٤) [Colloq.]، قۆشمە؛ زۆر سەیر؛ سەیرخۆش.

n. (۱) کوشتار. (۲) [Colloq.] ، دەسکەوتێک، قازانجێک، یا سەرکەوتنێکی گەورەو لەپڕ:

(He made his ~ in real estate.) .

kill-joy (kil′joi´), *n.* کەسێک کە خۆشی لە خەڵک تێک دەدات.

kiln (kil, kiln), *n.* کڵ؛ کووڕەی گۆزەو دیزە سووڕکردنەوە.

v.t. کڵ دان؛ گۆزەو دیزە سووڕکردنەوە لە کووڕە یا کڵ دا.

kilo (kē′lō, kil′ō), *n.* (۱) کیلۆ؛ کیلۆگرام. (۲) کیلۆمەتر.

kilo- (kil′ō, kil′ə), پێشگرێکە بەمانای: هەزار:

(kilogram, kilowatt)

kilogram, kilogramme (kil′ə-gram´), *n.* کیلۆگرام؛ هەزار گرام.

kilometer, kilometre (kil′ə-mē´tēr), *n.* کیلۆمەتر؛ هەزار مەتر.

kilowatt (kil′ə-wot´, kil′ə-wôt´), *n.* کیلۆوات؛ هەزار " وات "

kilt (kilt), *v.t.* (۱) توێ یا چرچ خستنە جل و بەرگەوە. (۲) [Scot.]، تەنووڕەیەکی تا ئەژنۆی توێ توێ یا چرچدارە پیاوانی ئوسکوتلەندە لەبەری دەکەن.

kilter (kil′tēr), *n.* [Colloq.], *Also* **kelter,** بە پێڵەوپێکی کارکردن؛

(in ~ ; out of ~) به باشی گەران (مەکینە).

kimono (kə-mō′nə, ki-mō′nō), *n.* (۱) کراسێکی دەڵبی درێژی قۆڵ کورت و زۆڵ یابانیی‌یە بۆ ژن‌و پیاو. (۲) کراسێکی دەڵبی درێژی ژنانەیە.

kin (kin), *n.* (۱) خزم؛ خزم‌و کەس‌وکار. (۲) خزمایەتی؛ کەس‌وکاریتی.

adj. خزمن؛ خزم؛ نزیک (پەیوەندی).

near of kin, خزمی زۆر نزیک؛ زۆر نزیک.

next of kin, خزمی هەرە نزیک؛ نزیکترین خزم.

of kin, نزیک (پەیوەندی)؛ خزم.

kind (kīnd), *n.* (۱) [Rare or Archaic] ، (ا) سەرچاوە؛ بنەچە. (ب) سروشت. (ج) شێوە.

(What ~ of dog is that?) (۲) توخم؛ رەگەز.

(۳) جۆر؛ جەشن.

(the ~ of people who are cheerful in the morning)

after one's (or its) kind, [Archaic], وەک توخمی خۆ؛ بەگوێرەی سروشتی توخمی خۆ.

in kind, (۱) شت گۆڕینەوە؛ شت کڕین بە شت نەک بە پارە. (۲) بە هەمان شێوە لەگەڵ جوڵانەوە.

(to repay insolence in kind) .

kind of, [Colloq.], (She is kind of pretty.) نەختێ؛ تۆزێ.

of a kind, (۱) هاو؛ هەمان؛ هەمان چەشن؛ هاوتوخم. (۲) قەڵب؛ ناپەسەند؛ بازاڕی؛ خراپ.

(entertainment of a kind) .

kind (kīnd), *adj.* (۱) دڵنەرم؛ بەبەزەیی؛ بەڕەحم. (۲) پووخۆش.

(~ regards) (۳) کەرەم (هەست)؛ لە دڵەوە.

kindergarten (kin′dĕr-gär′t'n), *n.* باخچەی منداڵان.

kindergartner, kindergartener (kin′dĕr-gärt'nĕr), *n.* (۱) منداڵی باخچەی منداڵان. (۲) مامۆستای باخچەی منداڵان.

kindhearted (kīnd′här′tid), *adj.* دڵنەرم؛ بەڕەحم؛ بەبەزەیی.

kindle (kin′d'l), *v.t.* (۱) سووتاندن؛ ناگر تێبەردان. (۲) داگیرساندن؛ ناگرکردنەوە. (۳) هێنانە جۆش؛ خستنە جۆش. (٤) پروناک کردنەوە؛ بووژاندنەوە.

v.i. (۱) ناگرگرتن؛ سووتان. (۲) هاتنە جۆش. (۳) بووژانەوە. (٤) پروناکبوونەوە؛ داگیرسان؛ گەشبوونەوە.

kindle (kin′d'l), *v.t. & v.i.* [Dial.], زاین (گیاندار)

kindliness (kīnd′li-nis), *n.* (۱) دڵنەرمی؛ بەڕەحمی؛ بەزەیی. (۲) کارێکی بەڕەحمانە

kindling (kin′dliŋ), *n.* چڵوچێو؛ چاوگە؛ چێلکەی ئاگر.

kindly (kīnd′li), *adj.* (۱) دڵنەرم؛ بەبەزەیی؛ بەڕەحم.

(a ~ climate) (۲) خۆش؛ باش.

(۳) [Archaic]، زگماکی؛ سروشتی.

adv. (۱) بە دڵنەرمانە؛ بەڕەحمەوە. (۲) بە باشی؛ بە چاکی.

(~ shut the door.) (۳) تکایە.

(take ~ to) (٤) [Obs.]، لەخۆوە؛ بە زگماکی.

take kindly to, بەدڵ بوون؛ پەسەندکردن؛ حەزلێکردن.

kindness (kīnd′nis), *n.* (۱) دڵنەرمی؛ ڕەحم؛ بەڕەحمی؛ بەزەیی. (۲) کارێکی دڵنەرمانە یا بە ڕەحم

kindred (kin′drid), *n.* (۱) خزمایەتی. (۲) خزم؛ خزم‌و کەس‌وکار. (۳) لەیەکچوون (سروشت‌و دەروون)؛ وەک یەکی؛ هاو.

adj. (۱) خزم؛ نزیک (پەیوەندی خزمایەتی)

(We are ~ spirits.) (۲) لەیەک دەچن لە سروشت‌و دەروندا؛ نزیک (پەیوەندی گیانی، بیروباوەڕ)؛ وەک یەکن.

kinematics (kin′ə-mat′iks), *n.pl.* زانستی بزووتن (زانستی-میکانیکی)

kinetic (ki-net′ik, kī-net′ik), *adj.* تایبەتی بە بزووتن

kinetics (ki-net′iks, kī-net′iks), *n.pl.* زانستی بزووتنی شت لە ڕووی نەرم هێزانەوە کە دەبێتە هۆی نەم بزووتنە

kinfolk (kin′fōk′), *n.pl.* [Dial.], = kinsfolk.

king (kiŋ), *n.* (۱) پاشا؛ شا.

(an oil ~) (۲) کەسێکی زۆر سەرکەوتوو و بەرز لە کارەکەیدا.

(۳) شتێکی هەرە بەرزو نایاب لە توخمەکەیدا.

(٤) شا (شەترەنج‌و دامەو یاری‌و قوماری کاغەز).

king crab, قرژاڵی گەورە.

kingdom (kiŋ′dəm), *n.* (۱) شانشین.

(the ~ of poetry) (۲) جیهان؛ مەودا.

(۳) یەکێک لە سێ بەشەکەی سروشت کە جیهانی گیاندارو سەوزەو کانزان

(٤) [Archaic]، پاشایەتی؛ دەسەڵاتی پاشا

(٥) جیهانی خودایی.

kingfish (kiŋ′fish′), *n.* (۱) شاماسی: چەند جۆرە ماسی‌یەکی گەورەن. (۲) [Colloq.]، سەردار؛ سەردەستە؛ سەرۆک.

kinglet (kiŋ′lit), *n.* (۱) پاشایەکی بێ بایەخ؛ پاشای ووڵاتێکی بچووک‌و بێ بایەخ. (۲) کڵاوکوپە

kingly (kiŋ′li), *adj.* پاشایانە؛ بۆ پاشا دەشێت نەوەندە نایابە؛ نایاب.

adv. [Archaic], پاشایانە.

-kingliness *(n.).*

king post, شا دێرەک.

king's (or queen's) English, the, زمانی ئینگلیزی ڕەسەن؛ ئینگلیزی پەتی کە پەسەندە بۆ نووسین‌و ناخاوتن‌و ووشەی بازاڕی تێدا نییە

king's evil, دەردەباریکە؛ سیلی لووی لەمفاوی بەتایبەتی هی مل.

kingship (kiŋ′ship), *n.* (۱) پاشایەتی؛ دەسەڵاتی پاشا.

(His ~) (۲) لەرمانڕەوایی؛ پاشایەتی. (۳) خاوەن شکۆ.

king-size (kiŋ′sīz′), *adj.* [Colloq.], گەورە؛ ژل؛ زۆر گەورە.

(a ~ cigarette)

king-sized (kiŋ′sīzd′), *adj.* = king-size.

kink (kiŋk), *n.* (۱) لوولی (قژ، پەت، تەل، دەزوو). (۲) گرێ؛ کۆسپ.

(۳) کۆڵنج؛ کەڕی بە نازاری ماسولکە.

(٤) (ا) هەوەس؛ بیر یا نارەزوویەکی سەیر ولەپڕ.

(ب) خوێکی سەیرو ناشاسا

v.i. & v.t. لوول بوون؛ لوول کردن؛ کڕبوون.

kinky (kiŋ′ki), *adj.* (۱) لوول (قژ؛ کڕ: (~ hair) .

(۲) [Slang]، سەیرو ناشاسا (خوێ).

-kinkiness *(n.).*

kinsfolk (kinz′fōk′), *n.pl.* خزم؛ خزمان؛ خزم‌و کەس‌وکار.

kinship (kin′ship), *n.* (۱) خزمایەتی. (۲) پەیوەندی نزیک.

kinsman (kinz′mən), *n.* خزمی نێرینە؛ خزمی پیاو.

kinswoman (kinz′woom′ən), *n.* خزمی مێینە؛ ژنە خزم.

kiosk (ki-osk′), *n.* (۱) سایبات؛ کەپر. (۲) قەفەز (بۆ شت تێدا فرۆشتن وەک کانتین یا بۆ تێدا دانیشتن‌و چاودێری کردنی شتێک).

kip (kip), *n.* (۱) پێستەی خۆش نەکراوی گوێرەکەو کاوڕو گیانداری بچووکی تر. (۲) کۆمەڵێک پێستەی وەها.

kip (kip), *n.* (۱) [Slang] ، (ا) خانوویەک کە هەر ژوورەی بە کرێ درابێ بە کەسێک. (ب) ژوورێکی وەها. (ج) جێی نووستن. (۲) [Obs.]، قەحبەخانە

kipper (kip′ĕr), *v.t.* پاک کردن‌و کردن بە قاوورمەی ماسی " سەلمۆن ".

n. (۱) ماسی " سەلمۆن " یا " تراوت " لە سەردەمی هێلکە کردندا. (۲) ئەم جۆرە ماسی‌یە بە قاورمەکراوی.

kirk (kŭrk), *n.* [Scot. & North England], کڵێسە

the Kirk, کڵێسەی نوسکوتلەندە.

kismat, kismet (kiz′mət, kis′mət), *n.* چارەنووس.

kiss (kis), *v.t. & v.i.* (۱) ماچ کردن.

(۲) بە ناستەم یا بە هێواشی دەست تێوەدان یا بەرکەوتن.

n. (۱) ماچ. (۲) بە ناستەم بەرکەوتن. (۳) جۆرە نوقوڵێکە.

kisser (kis′ĕr), *n.* (۱) ماچکەر. (۲) [Slang] ، (ا) لێو. (ب) دەم‌وچاو.

kit (kit), *n.* (۱) سەتڵێک یا دەفرێکی دارین.

(۲) (أ) کۆڵی ئازووقەی سەربار (جگە لە چەک)
(ب) کەرەسەو ئازووقەی گەشت: *(a travel ~)*
(ج) کەرەسەی کار (بەتایبەتی وورده کەرەسە): *(a mechanic's ~)*.
(۳) قوتو یا سندوقی کەرەسەو ئازووقە تیا هەڵگرتن.
(٤) [Colloq.]، دەستە؛ تاقم؛ کۆمەڵ.

the whole kit and caboodle, [Colloq.]. سەرپاک؛ هەموو؛ گشتی؛ هەموویان مرۆڤ. شت)؛ بە گەورەو بچووکەوە

kit (kit), *n.* = kitten.

kit (kit), *n.* [Rare]. کەمانچەبەکی بچووک

kitchen (kich′ən), *n.* (۱) چێشتخانە؛ مووبەق.
(۲) کەرەسەی چێشت لێنان

kitchenette (kich´ən-et′), *n.* چێشتخانەی بچووک؛ مووبەقی بچووک

kitchen garden, باخچەی سەوزەو میوەهات بۆ بەکارهێنانی خۆ.

kitchenware (kich′ən-wâr´), *n.* قاپو قاچاغی چێشتخانە وەک مەنجەڵو تاوەو شتی وەها

kite (kīt), *n.* (۱) کۆلارە؛ دال (۲) کەسێکی چاوبرسی و بە هەڵپە؛ کەسێکی زۆڵو قوماربازو (۳) کۆلارەی مندالان.
(٤) بایەوانی سووکو بەرز (٥) کومپیالەیەکی بێ نرخ یا ساختە.

v.i. [Colloq.]. (۱) فڕین وەک کۆلارە؛ فڕین بە بێ خشپەو خێرا.
(۲) پارە دەستکەوتن بە کومپیالەو چەکی بێ نرخ یا ساختە

v.t. نووسین بە دانی کومپیالەی بێ نرخ یا ساختە

kith (kith), *n.* [Archaic]. برادەران؛ خزمان؛ دەروداوسێ.

kith and kin, برادەرو دەروداوسێو خزمو کەسوکار.

kitten (kit′n), *n.* بەچکە پشیلە؛ بێچووە پشیلە یا هی هەندێ گیانداری تر.

v.i. & v.t. تۆکێن (پشیلە)؛ بەچکەبوون

kitty (kit′i), *n.* (۱) بەچکە پشیلە؛ بێچووە پشیلە. (۲) پشیلە

kitty (kit′i), *n.* ئەو پارەیەی قومارچی کۆی دەکەنەوە بۆ کڕینی شتێک بە کۆمەڵ وەک خواردنەوە یا خواردن... هتد)

kitty-cornered (kit′i-kór´nērd), *adj. & adv.* *Also* kitty-corner, لایەلا؛ چەپو ڕ ست

Klan (klan), *n.* = Ku Klux & Klan.

kleptomania (klep´tə-mā′ni-ə), *n.* *Also* cleptomania, حەز لە دزی کردن (بەتایبەتی وورده شتی فرۆشگا یا ناومال)
-kleptomaniac *(adj.).*

knack (nak), *n.* (۱) (أ) فێڵ. (ب) ڕێگەیەکی ئاسانو زیرەکانە بۆ کردنی شتێک (۲) شارەزایی (کردنی کارێک)؛ کارامەیی؛ توانا؛ بەهرە؛ سەر لێ دەرچوون؛ سەلیقە (بۆ کردنی شتێک بە باشی):
(to have a ~ for doing something)
(۳) [Rare]، زیرەکانیانە؛ شتی ڕازانەوەی هەرزانبەها یا بازاڕی.

get the knack for, فێرموونی کردنی شتێک بە ئاسانی و بە خێرا؛ ڕێ ڕاهاتن بە کردنی کارێکو ئاسان بوونی

knap (nap), *v.t. & v.i.* [Dial.]. (۱) پیاکێشان؛ پیادان
(۲) شکاندن؛ تەقەزم لێکردنەوە. (۳) گازلێگرتن؛ پەلاماردان.

knap (nap), *n.* [Dial.]. تەوقەسەری گرد؛ پۆپ

knapsack (nap′sak´), *n.* کۆڵ؛ تووڕەکەیەکە کەرەسە، ئازووقە، پەڕتووک یا وورده شتی تێ دەکرێو دەدرێ بە شانداڕ؛ تووڕەکەی شان

knave (nāv), *n.* (۱) [Archaic]. (أ) بەردەستی نێرینە
(ب) پیاوێکی بێ پلەوپایە یا بنەچە نزم.
(۲) کەسێکی زۆڵو قوماربازو ناپاک؛ کەسێکی ناکەس بەچەو ناپیاو.

knavery (nāv′ėr-i), *n.* ناکەس بەچەیی؛ ناپاکی و زۆڵی؛ کردەوەی ناپاکو پیس و زۆڵانە

knavish (nāv′ish), *adj.* ناپاک؛ ناکەس بەچە؛ ناکەس بەچەیی؛ زۆڵو نامەرد

knead (nēd), *v.t.* (۱) شێلان (هەویر، قوپ). (۲) شێلان؛ پشت. لەش.

knee (nē), *n.* (۱) ئەژنۆ؛ چۆک؛ کەشکەژنۆ (۲) ئەژنۆی پانتۆڵ.
(۳) گۆشە (دارتاشی).

v.t. (۱) ئەژنۆ پیادان؛ بە ئەژنۆ لێدان؛ ئەژنۆ بەرکەوتن.
(۲) بە گۆشە قایم کردن (دارتاشی).

bring to one's knees, سەر پێ دانەواندن؛ سەر پێ شۆڕکردن؛ بەزاندن.

knee breeches, پانتۆڵی کورت (هەتا ئەژنۆ)

knee-cap (nē′kap´), *n.* (۱) کەشکەژنۆ؛ کڵاوەی ئەژنۆ؛ کاسەی ئەژنۆ.
(۲) پەڕۆ یا شتێکی وەها کە دەکرێتە سەر کڵاوەی ئەژنۆ بۆ پاراستنی.

knee-deep (nē′dēp´), *adj.* (۱) دەگاتە ئەژنۆ؛ هەتا ئەژنۆ دێت.
(۲) هەتا ئەژنۆ داپۆشراوە؛ نوقوم بووە هەتا ئەژنۆ:
(They stood ~ in water.)
(۳) سەرقاڵ.

knee-high (nē′hī´), *adj.* دەگاتە ئەژنۆ؛ ئەوەندەی ئەژنۆ بەرزە:
(~ grass)

knee jerk, فرتەفرتی ئەژنۆو لاق؛ فرتەی ئەژنۆ.

kneel (nēl), *v.i.* (۱) چۆک دادان.
(۲) کڕنووش بۆ بردن؛ سەر بۆ دانەواندن.

knee-pad (nē′pad´), *n.* پەڕۆیەکە وەرزشکار ئەژنۆی پێ دەپارێزێت.

knell (nel), *v.i.* (۱) لێدانی زەنگی کڵێسە بە بۆنەی مردنی کەسێکەوە.
(۲) دەنگی شیوەن یا بەدوومی لێوە هاتن.

v.t. (۱) یانگ کردن یا بڵاوکردنەوەی دەنگوباس بە زەنگ لێدان.
(۲) [Obs.]، زەنگ لێدان.

n. (۱) دەنگی زەنگی کڵێسە لەکاتی پرسەی مردوویەکدا.
(۲) نیشانەی مردن یا بەدوومی. (۳) دەنگێکی غەمگین.

knelt (nelt), *alternative past tense and past participle of* **kneel.**

knew (nōo, nū), *past tense of* **know.**

knicker-bocker (nik′ėr-bok´ėr), *n.* (۱) کەسێکی نیویۆرکی کە لە بنەچەی هۆڵەندی بێت. (۲) کەسێکی نیویۆرکی.
(۳) [-k]، شەروانێکی هەڵکراو تا ئەژنۆ.

knickers (nik′ėrz), *n.pl.* (۱) شەروانێکی هەڵکراو تا ئەژنۆ.
(۲) بەرگێکی ژێرەوەی ژنانە کە لەم پانتۆڵە دەچێ.

knick-knack (nik′nak´), *n.* زۆرزنگیانە؛ خشڵی هەرزانبەها یا بازاڕی.

knife (nīf), *n.* (۱) چەقۆ. (۲) دەمی تیغ یا مەکینەی بڕین.

v.t. (۱) چەقۆ لێدان؛ بەر چەقۆ دان؛ بڕیندارکردن بە چەقۆ.
(۲) [Colloq.]، لە ژێرەوە ناپاکی لەگەڵ کردن؛ بە دزییەوە نازاردان

under the knife, [Colloq.], لە ژێر نەشتەرکاریدایە.

knife-edge (nīf′ej´), *n.* (۱) دەمە چەقۆ. (۲) دەمە تیغ
(۳) پاگرەی تەرازوو.

knight (nīt), *n.* (۱) شاسوار؛ کەڵەسوار؛ پلەیەکی شاسواریە کە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا پاشا دەیدا بە سوارچاکی بەگزادە.
(۲) ئەسپ (شەترەنج).

v.t. پلەی کەڵەسواری پێدان: *(He was ~ed for his war services.)*

knight-errant (nīt′er′ənt), *n.* کەڵەسوارێکە کە دەگەڕێ بە شوێن شەڕوشۆڕو نەهێشتنی ناهەقیدا بۆ ئازایەتی نواندن
-knight-errantry *(n.).*

knighthood (nīt′hood), *n.* (۱) پلەوپایەی کەڵەسوار.
(۲) کەڵەسواری؛ شاسواری. (۳) کەڵەسواران؛ شۆڕەسواران.

knightliness (nīt′li-nis), *n.* کەڵەسوارێتی؛ شاسوارێتی.

knightly (nīt′li), *adj.* (۱) تایبەتی بە کەڵەسوار؛ کەڵەسواری؛ شاسواری. (۲) لە کەڵەسواران پێکهاتوو.

adv. [Archaic], کەڵەسوارانە؛ شاسوارانە

knit (nit), *v.t.* (۱) چنین. (۲) پێکەوەبەستن؛ کردن بەیەک.

(٣) ناوچەوان گرژکردن؛ بروّ هێنانەوەیەك.
(٤) [Archaic & Dial.]، گرێدان؛ پێکەوە گرێدان.

v.i. (١) چنین
(٢) سارێژبوونەوە (نیسقانی شکاو: بڕین)؛ بوونەوە بەیەك (نیسقان).
(٣) هاتنەوەیەك (بڕی)؛ کرژبوون: ***(His brows ~ in thought.)*** .

knitting (nit′iŋ), ***n.*** (١) چنین ٢) چنراو؛ شتێکی چنراو.

knives (nīvz), ***n.*** *plural of* **knife.**

knob (nob), ***n.*** (١) گرێ؛ دوگمە؛ چۆکلەیەکی خڕ؛ گۆپکە.
(٢) دەسکی دەرگا؛ دەسکی خڕ. (٣) گردێکی خڕ؛ شاخێکی خڕ.

knobbed (nobd), ***adj.*** گرێدار؛ گرێ گرێ؛ دەسکدار

knobby (nob′i), ***adj.*** (١) گرێ گرێ؛ گرێدار؛ گرێ یاوی
(٢) وەك گرێ، دوگمە، یا گۆپکە.

knobkerrie (nob′ker´i), ***n.*** کوتەك.

knock (nok), ***v.i.*** (١) لە دەرگادان. (٢) پیادان؛ لێدان؛ بەیەکدادان؛ بەرکەوتن ٣) تەقەتەق یا تەپەتەپ کردن (مەکینە).
(٤) [Colloq.]، پەخنەگرتن.

v.t. (١) پیادان؛ پیاکێشان؛ لێدان.
(٢) (~ down; ~ off) بە زەویدادان؛ خستن.
(٣) کون تێکردن بە پیاکێشان یا پیادان: ***(He ~ed a hole in the wall)*** .
(٤) [Colloq.]، پەخنەگرتن.

n. (١) پیادان؛ لێدان؛ پیاکێشان. (٢) لە دەرگادان؛ تەقەی دەرگا.
(٣) تەقەتەق یا تەپەتەپی مەکینە. (٤) [Colloq.]، پەخنە.

knock about (or around), [Colloq.], (١) گەران
(٢) بیرازکردن؛ شەق و زللەو مستەکۆڵە لێدان پەیتا پەیتا.

knock down, (١) بە زەویدادان؛ بغ دان؛ خستن.
(٢) هەڵوەشاندنەوەی شتێك بۆ گواستنەوەی بە ئاسانی.
(٣) نرخ کەمکردنەوە؛ نرخ هێنانەخوارەوە.

knock off, (١) [Colloq.]. (ا) پایدۆس لێکردن؛ دەست لە کار هەڵگرتن.
(ب) کار بەجێهێشتن. (٢) [Colloq.]، لێ داشکان؛ لێ دەرکردن:
(He knocked off five dollars from the price.)
(٣) [Colloq.]. کردن؛ بەجێهێنان؛ تەواوکردن (نووسین، کار).
(٤) [Slang]، کوشتن (٥) [Slang]، دزین.
(٦) [Slang]، گاین؛ چوونە جێ لەگەڵ.

knock out, (١) بە زەویدادان (بۆکسبازی).
(٢) بێ هۆش کردن؛ هێز لێ بڕین؛ هۆش لێ بڕین.
(٣) بەزاندن: ***(to knock out a competitor)*** .
(٤) پەکخستن؛ لەکارخستن. (٥) [Colloq.]، کردنی شتێك بە پەلە.
(٦) [Slang]، سەرسام کردن؛ واق ووڕماندن.

knock up, (١) [British Slang] ، ماندووکردن؛ هێز لێ بڕین.
(٢) [Slang]، سکپڕکردن.

knockdown (nok′doun´), ***adj.*** (١) قایم (لێدان، پیاکێشان)؛ توند.
(٢) بە ئاسانی هەڵدەوەشێنرێ: ***(a ~ table)*** .

n. (١) بۆکسێك یا زللەیەك کە پیاو دەدات بە زەویدا.
(٢) خستن؛ کەوتن؛ بە زەویدادان. (٣) [Slang]، پێ ناسین بە کەسێك.

knocker (nok′ĕr), ***n.*** دەرگا پێ لێدەر ئەڵقەیەکی ئاسنە بە دەرگاوە چەسپێنراوە لە دەرگای پێ دەدرێت

knock-out (nok′out´), ***adj.*** بە زەویدادەر (بۆکس، زلله).

n. (١) بۆکسێکی بێهۆشکەر. (٢) بە زەویدادان (بۆکسبازی)؛ خستن.
(٣) دڵفڕێن؛ جوان؛ ئایاب؛ زۆر چاك: ***(She is a ~.; The film is a ~.)*** .

knoll (nōl), ***n.*** تەپۆلکە؛ گردۆلکە

knot (not), ***n.*** (١) گرێ ٢) گرێ یا ئەڵقەیەك لە شریتێکدا بۆ جوانی.
(٣) کۆمەڵ (مرۆڤ: شت)؛ تاقم؛ دەستە؛ تۆپەڵ. (٤) پەیوەندی ژن و مێردایەتی.
(٥) گیروگرفت؛ کێشە؛ ئالۆزکاری؛ ئالۆزی. (٦) گرێی دار.
(٧) (ا) پێوانەی خێرایی کەشتی لە سەعاتێکدا: ***(a vessel of 15 ~s)*** .
(ب) میلی دەریایی.

v.t. (١) گرێدان؛ گرێ لێدان. (٢) ئالۆسکاندن؛ ئالۆزاندن.
v.i. (١) گرێ خواردن. (٢) ئالۆسکان؛ ئالۆزان.

knot (not), ***n.*** بآندەیەکە لە نزیك دەریاوە دەژی.

knotted (not′id), ***adj.*** (١) گرێدراو؛ گرێ لێدراو؛ بە گرێ قایم کراو.
(٢) گرێدار؛ گرێ یاوی؛ پڕ لە گرێ
(٣) ئالۆز؛ ئالۆسکاو. (٤) سەیر؛ سەرسوڕمێنەر.

knotty (not′i), ***adj.*** (١) گرێدار؛ گرێ یاوی؛ پڕ لە گرێ:
(a ~ board)
(٢) ئالۆز؛ ئالۆسکاو؛ چارەسەرکردنی گرانە؛ ئالۆزاو: ***(a ~ problem)*** .

know (nō), ***v.t.*** (١) زانین. ***(We ~ the facts.)*** .
(٢) ئاگا لێ بوون؛ پێ زانین. (٣) شارەزابوون.
(٤) لێ زانین: ***(She ~s music.)*** .
(٥) ناسینەوە؛ ناسین: ***(I'd ~ that face anywhere.)*** .
(٦) لەیەك جیاکردنەوە؛ جیاکردنەوە:
(It is not always easy to ~ right from wrong.)
(٧) چوونە جێ لەگەڵ؛ جووت بوون لەگەڵ؛ گاین:
(Have you known her?)

v.i. (١) زانین. (٢) ئاگا لێ بوون؛ پێ زانین.

in the know, [Colloq.], دەنگوباسی نهێنی لایەك؛ شتی نهێنی دەزانێت

knowable (nō′ə-b'l), ***adj.*** دەتوانرێ بزانرێ؛ دەزانرێت

know-how (nō′hou′), ***n.*** [Colloq.], شارەزایی؛ لێ زانین؛ کارامەیی.

knowing (nō′iŋ), ***adj.*** (١) بزان؛ ئاگادار.
(٢) زۆرزان؛ زرنگ؛ دانا؛ زیرەك.
(٣) ئاگاداری دەگەیێنێت؛ نیشانەی ئاگا لێ بوون یا زانینە: ***(a ~ look)*** .
(٤) دەسەنقەستی؛ دەسەنقەست.

knowingly (nō′iŋ-li), ***adv.*** (١) بە دەسەنقەست:
(I would never ~ do anything to hurt you.)
(٢) بە شێوەیەکی وەها کە نیشانەی زانین یا ئاگا لێ بوون بێ:
(to look ~ at a person)

know-it-all (nō′it-ôl′), ***adj.*** [Colloq.], بە لە هەموو شت زان یا شارەزا خۆ دەرخەر: ***(a ~ attitude)*** .

n. کەسێك کە وا خۆی دەردەخات لە هەموو شت دەزانێ و شارەزایە.

knowledge (nol′ij), ***n.*** (١) (ا) زانین. (ب) لێ زانین؛ شارەزایی.
(ج) ئاگاداری. (د) تێگەیشتن. (٢) زانست؛ زانیاری؛ زانستی.
(٣) شتی زانراو.
(٤) [Archaic]، جووت بوون؛ چوونە جێ لەگەڵ؛ گاین: ***(carnal ~)*** .

to (the best of) one's knowledge, بەپێی زانینی خۆ؛ ئەوەندەی کە یەکێك یا کەسێك بیزانێ:
(to the best of my knowledge he is an honest man.)

knowledgeable (nol′ij-ə-b'l), ***adj.*** شارەزا؛ تێگەیشتوو؛ زانا؛ بزان.

known (nōn), *past participle of* **know.**

know-nothing (nō′nuth´iŋ), ***n.*** (١) هیچ نەزان؛ کەسێکی هیچ نەزان. (٢) کەسێکی بێ ئاین.

knuckle (nuk′'l), ***n.*** (١) جومگە؛ کەشك؛ گرێی پەنجە.
(٢) خرتکەی گیاندار بە گۆشتی دەوروپشتیەوە کە شلەو شۆربای پێ لێ دەنرێت. (٣) جومگەی ئەنجامە. (٤) (*pl.*) بۆکسی ئاسن.

v.t. کەشك لێدان؛ لێدان بە جومگەی پەنجە.

knuckle down, (١) بە دڵ هەوڵدان؛ بە چالاکی کۆشش کردن.
(٢) مل دان؛ مل شۆڕکردن؛ دەست هەڵگرتن؛ پووخان (مرۆڤ).

knuckle under, مل دان؛ مل شۆڕکردن؛ دەست هەڵگرتن؛ پووخان (مرۆڤ).

knucklebone (nuk′'l-bōn´), ***n.*** (١) جومگە؛ نێسقانی جومگە

(۲) ئینسقانێك و جومگەی گیاندار.

knuckleduster (nuk′l-dus′tĕr), *n.* بۆکسی ئاسن

kohl (kōl), *n.* کل

kook (kōōk), *n.* [Slang]. کەسێکی شێتۆکەو سەیر.

kopeck, kopek (kō′pĕk), *n.* کۆپێك پارەیەکی یەکێتی سۆڤیەتی جارانە سەدیەکی " ڕۆبڵ " یکە

Koran (kō-rän′, kō′ran), *n.* قورئان

Korean (kō-rē′ən. kô-rē′ən), *adj.* تایبەتی بە کۆریا و گەلەکەی و زمانەکەی و کلتوورەکەی.

n. (۱) کەسێکی کۆری. (۲) زمانی کۆری.

kosher (kō′shĕr), *adj.* (۱) (أ) پاك و خاوێن بەپێی دەستووری ئاینی جوولەکە (خواردەمەنی): *(~ food)* .

(ب) خواردنی پاك و خاوێنی تێدا دەفرۆشرێ یا ئ دەترێ بەگوێرەی ئاینی جوولەکە *(a ~ kitchen)* .

(۲) [Slang]، پەسەند؛ دروست؛ چاك؛ باش؛ ڕەوا؛ ڕاست؛ بەجێ.

n. خواردەمەنی پاك و خاوێن بەپێی دەستووری ئاینی جوولەکە.

v.t. پاك و خاوێن کردن (خواردەمەنی).

koto (kō′tō), *n.* ئامێرێکی مۆسیقای ژێداری یابانیە.

kremlin (krem′lin), *n.* قەڵای شارێك لە یەکێتی سۆڤیەتی جاران

the Kremlin, (۱) قەڵای مۆسکۆ کە بارەگای فەرمانڕەوای یەکێتی سۆڤیەتە (۲) فەرمانڕەوای یەکێتی سۆڤیەت.

Ku Klux Klan (kū′kluks′klan′), کۆمەڵەی کو کلەکس کلان: کۆمەڵەیەکی ڕەگەزپەرستە سپیپیەکانە لە بەشی خواروی ئەمەریکادا دامەزرێنرا لە دوای شەڕی ناوخۆی ئەمەریکاوە بۆ درێژەپێدانی پێشێل کردنی مافی قولەڕەشەکان و زاڵی ڕەگەزی سپی.

Ku Klux Klanner, ئەندامێکی کۆمەڵەی " کو کلەکس کلان " ی ڕەگەزپەرست (ووشەی پێشوو ببینە)

kumquat (kum′kwŏt), *n.* (۱) یەنگی دنیا (۲) درەختی ئەم میوەیە.

Kurd (kūrd, koord), *n.* کورد.

Kurdish (kūr′dish, koor′dish), *adj.* کوردی؛ تایبەتی بە گەلی کورد و زمانەکەی و کلتوورەکەی؛ شتی کوردی.

n. زمانی کوردی؛ کوردی (زمان).

Kurdistan (kūr′di-stan′, koor′di-stän′), *n.* کوردستان

kyack (kī′ak), *n.* (باری وولاخ)؛ شەڵتە.

L l

L, l (el), *n.* (۱) تیپی دوانزەهەمی ئەلفوبێی ئینگلیزی‌یە. (۲) دەنگی نەم تیپە. " ئێل ". (۳) قالبی ئەم تیپە. (٤) نیشانەی دوانزەهەم لە لیستەیەکدا.

adj. (۱) تایبەتی بەم تیپە. (۲) دوانزەهەم.

L (el), *n.* (۱) شتێک لە شێوەی ئەم تیپەدا (بەتایبەتی ئەخشەی خانوو). (۲) نیشانەی ژمارە (٥٠) لە لاتینیدا.

lab (lab), *n.* [Colloq.], = laboratory.

label (lā′bə'l), *n.* (۱) نیشان؛ شەقڵ؛ نیشانە؛ کارتی ناوو ناونیشانو ناوەرۆک. کە دەنووسێنرێ بە فرۆتەئ‌یەک، نامەیەک، یا شتی ترەوە. (۲) ناونیشان؛ ناوی نراو لە کەسێک، کۆمەڵێک، یا شتێک؛ نیشانە. (۳) بەرزەکێکی جوانە لەسەر دەرگا و پەنجەرەوە (خانووسازی).

v.t. (۱) نیشانەکردن؛ شەقڵ کردن؛ مۆرکردن؛ ناوو ناونیشان لێدان یا لەسەر نووسین. *(They ~led the boxes.)* (۲) ناولێنان؛ ناو خستنەدوا. *(to ~ a person a "liberal" or "conservative")*

labial (lā′bi-əl), *adj.* (۱) لێوی. لێوەکی؛ دوو لێوی. (۲) بە لچ و لێو بێژراو (دەنگناسی)؛ وەک تیپی: (b, p, m).

n. دەنگێکی لێوی.

labialize (lā′bi-əl-īz′), *v.t.* بە لێو بێژرانی دەنگ، هەندێ جار لە ڕادە بەدەرانە

-labialization *(n.).*

labiodental (lā′bi-ō-den′t'l), *adj.* بە لێوو ددان بێژراو (دەنگناسی)؛ وەک تیپی: (f, v).

labium (lā′bi-əm), *n.* (۱) لێو؛ لچ. (۲) (کۆ) لچی زێی ئافرەت. (۳) لێوی کۆبەرەی هەندێ گوڵ. (٤) لێوی خوارووی هەندێ جانەوەر.

labor (lā′bĕr), *n.* (۱) کار؛ نیش؛ پەنج؛ فرمان. (۲) ئەرک. کارێکی تایبەتی. (۳) کرێکاران؛ چینی کرێکاران: *(the right of ~ ; skilled and unskilled ~)* (٤) نیشی کرێکاران؛ پەنجی کرێکار. (٥) بەرەڕان؛ ژانی منداڵبوون. *(She's in ~)*

v.i. (۱) پەنجدان؛ کارکردن؛ فرمان کردن؛ نیشکردن. (۲) هەوڵدان؛ کۆشش کردن؛ خۆ ماندووکردن؛ ئارەق ڕشتن. (۳) (ا بە زەحمەت‌وبە هێواشی ڕۆیشتن: *(The old car ~ed up the hill.)*

(ب) هەڵبەز و دابەز کردن؛ بەملاو بەوڵادا هاتن.

(٤) ژان گرتنی ئافرەت پێش منداڵبوون.

v.t. درێژەپێدان؛ زۆر لەسەر ڕۆیشتن؛ لە تام کردنە دەرەوە: *(Do not ~ the point.)*

laboratory (lab′rə-tôr′i, lab′ĕr-ə-tō′ri), *n.* تاقیگە؛ تاقیخانە؛ زەمونگە.

adj. لە تاقیگەدا کراو؛ تاقیگەیی.

Labor Day, جەژنی کرێکاران.

labored (lā′bĕrd), *adj.* (۱) هێواش و گران و بە نازارو ماندووکەر: *(~ breathing)* (۲) دەستکرد؛ ناسرووشتی: *(a ~ style of writing)*.

laborer (lā′bĕr-ĕr), *n.* کرێکار؛ کارگەر؛ ئیشکەر؛ فرمانکەر.

laborious (lə-bôr′i-əs, lə-bō′ri-əs), *adj.* (۱) گران؛ قورس؛ ناخۆش (کار)؛ زەحمەت. (۲) زۆر ئیشکەر؛ کۆششکەر؛ زۆر پەنجدەر

laborite (lā′bĕr-īt′), *n.* (۱) ئەندام یا پشتگیرێکی حیزبی کرێکاران. (۲) [L-]، ئەندام یا پشتگیرێکی حیزبی کرێکارانی ئینگلتەرە.

labor party, (۱) حیزبی کرێکاران. (۲) حیزبی کرێکارانی ئینگلتەرە.

labor-saving (lā′bĕr-sāv′iŋ), *adj.* ئەرک کەمکەرەوە (ئامێر): *(a ~ device)*

labor union, یەکێتی کرێکاران؛ جڤاتی کرێکاران.

labour (lā′bĕr), *n., v.t. & v.i.* = labor. [British Spelling].

labyrinth (lab′ə-rinth′), *n.* (۱) ڕێگە یا شوێنێکی پڕ لە پێچوپەنا (کە مرۆڤ وون تێیدا ببێ)؛ پێچوو پەنا؛ ڕێ وونە (۲) کاروبارێکی ئاڵۆز. (۳) گوێی ناوەوە.

labyrinthian (lab′ə-rin′thi-ən), *adj.* = labyrinthine.

labyrinthine (lab′ə-rin′thin), *adj.* (۱) پڕ لە پێچوو پەنا؛ پێچوو پەنادار. (۲) ئاڵۆز؛ ئاڵۆسکاو؛ سەرسوڕهێنەر.

lace (lās), *n.* (۱) قەیتان (پێڵاو، جل تونداکردنەوە)؛ بەن؛ بەنەخوێن. (۲) شریت، قەیتان، یا بەنۆکەی جل پێ پازێنەرەوە (بەتایبەتی بەرگی ئەفسەر). (۳) نەقش (جل‌وبەرگ، دەسمەسڕ، متیل)؛ نەقشکاری. (٤) قومێک لە خواردنەوەی سەرخۆشکەر کە دەکرێتە چا و قاوەوە

v.t. (۱) قایم کردن بە قەیتان یا بەن؛ پێکەوەبەستن؛ توندکردنەوە. (۲) (~ up). کەمەربەند توندکردنەوە (بۆ ناوقەدو سک تەسک کردنەوە). (۳) چنین؛ لەیەک هەڵکێشان. (٤) پازاندنەوە بە نەقش و شریتی جوان؛ نەقشکاری کردن. (٥) پیرازکردن؛ دارکاری کردن؛ تێهەڵدان. (٦) قومێک خواردنەوەی سەرخۆشکەر کردنە ناو چا و قاوەوە.

v.i. قایم بوون یا بەستران بە قەیتان.

lace into, [Colloq.], (۱) هێرش بردنە سەر؛ پەلاماردان (۲) هێرش بردنە سەر بە دەم؛ سەرزەنشتکردن.

lacerate (las′ə-rāt′), *v.t.* (۱) کوتانەوە و شینکردنەوەی پێست‌ولەش؛ بڕین (پێست)؛ بریندارکردن. (۲) هەست بریندارکردن؛ هەست ئازاردان

adj. (۱) کوتراوەو شین بووەوە (پێست، لەش)؛ بریندارکراو؛ بریندار. (۲) قەراغ گرنج گرنج (گەڵا).

-laceration *(n.).*

lacertilian (las′ĕr-til′i-ən), *adj.* تایبەتی بە هەندێ گیانداری خشۆک.

n. گیانداڕێکی خشۆک (وەک مارمێلکە).

lacework (lās′wŭrk′), *n.* نەقش و نیگار.

laches (lach′iz), *n.* فەراموشی (بەتایبەتی لە داواکردنی مافی خۆ لەکاتی خۆیدا)

lachrymal (lak′rə-m'l), *adj.* فرمێسکی؛ تایبەتی بە فرمێسک.

n. (۱) دەفرێکی بچووکە لە گۆڕە کۆنەکانی ڕۆمانەکاندا دۆزراوەتەوە، گوایە بۆ فرمێسکی شیوەن کەران بووە. (۲) (*pl.*)، لووی فرمێسک ڕێژ.

lachrymose (lak′rə-mōs′), *adj.* (۱) گرینۆک؛ چاو بە فرمێسک؛ زۆر فرمێسک ڕێژ. (۲) هێنەرە گریان؛ غەمگین؛ فرمێسک پێ ڕێژ.

lack (lak), *n.* (۱) کەمی؛ کەموکوڕی؛ بەش نەکردن (۲) نەبوون؛ هیچ نەبوون؛ نەبوونی؛ بێ (۳) شتی کەم، نەبوو، یا پێویست.
v.i. (۱) کەم بوون؛ بەش نەکردن؛ کەموکوڕی بوون (۲) نەبوون؛ دەست نەکەوتن.
v.t. (۱) نەبوون؛ هیچ نەبوون (۲) پێویست بوون.

lackadaisical (lak´ə-dā″zi-k'l), *adj.* بێ تاقەت؛ ماندوو؛ بێ هێز؛ سست؛ تەمەڵ؛ بێباک؛ نازدار؛ خۆ بەناز فرۆش.

lackey (lak″i), *n.* (۱) بەردەست (۲) نۆکەر؛ کلک؛ دەسکەلا؛ بە کڕێ گیراو. *(a ~ of imperialism)* .
v.t. & v.i. نۆکەری کردن

lackluster, lacklustre (lak″lus´tĕr), *adj.* مردوو (هەست، ڕەنگ)؛ بێ هەست؛ بێ ڕەنگ؛ بێ بریقە؛ بێ جۆش. *(~ eyes)* .

laconic (lə-kon″ik), *adj.* کورت‌و پڕ ماناـ کورت؛ کەم دوو؛ نەدوو. *(a ~ person, answer, style, etc.)*
-laconically *(adv.)*; laconicism *(n.)*; laconism *(n.)*.

lacquer (lak″ĕr), *n.* (۱) جۆرە بۆیەیەکە (۲) پارچەیەک شتی ڕازێنەرەوەی دارین کە بەم بۆیەیە بۆیە کرابێ.
v.t. بۆیەکردن بەم جۆرە بۆیەیە.

lacrimal (lak″rə-m'l), *adj. & n.* = lachrymal.

lacrimose (lak″rə-mōs´), *adj.* = lachrymose.

lacrosse (lə-krôs″, lə-kros″), *n.* یارییەکی دە یارێکەریی‌یە لە هەر تیپێکدا، هەر تیپێک هەوڵ دەدات بە ڕاکێتی دەسک دریژەوە توپەکە بکات بە گۆڵی تیپی بەرامبەریدا

lactate (lak″tāt), *v.i.* (۱) هاتنە شیر؛ شیردان؛ شیر دەردان (۲) مەمک پێدان؛ شیرپێدان.
n. خوێی ترشەنۆکی شیر
-lactation *(n.)*.

lacteal (lak″ti-əl), *adj.* (۱) شیری؛ وەک شیر؛ تایبەتی بە شیر (۲) تایبەتی بە دەماری "کیلۆس" بەر ("کیلۆس" خواردەمەنی پەلەخوردکراوە کە وەک شلەی شیری وایە)
n. دەماری "کیلۆس" بەر

lacteous (lak″ti-əs), *adj.* شیری؛ لە شیر چوو

lactescent (lak-tes″'nt), *adj.* (۱) شیری؛ لە شیر چوو (۲) وەک شیر لێ هاتوو (۳) شیلە یا شیرە دەردەر (ڕووەک).
-lactescence *(n.)*.

lactic (lak″tik), *adj.* شیری؛ لە شیر وەرگیراو؛ شیر.

lactiferous (lak-tif″ĕr-əs), *adj.* شیردەر؛ شیربەر؛ شیردەردەر.

lacto- (lak″tō, lak´tə), پێشگرێنکە بەمانای: شیری.

lactobacillus (lak´tō-bə-sil″əs), *n.* بەکتریای ترشێنەر؛ بەکتریای دروستکەری ترشی لاکتیک؛ واتە ترشی شیر.

lactose (lak″tōs), *n.* لاکتۆز؛ شەکری شیر

lacuna (lə-kū″nə), *n.* بۆشایی؛ کون؛ کەلەبەر؛ درز؛ چاڵایی.
-lacunal *(adj.)*; lacunar *(adj.)*.

lacunar (lə-kū″nĕr), *n.* (۱) بنمیچی چاڵ چاڵی ڕازاوە (۲) یەکێک لەم چاڵە ڕازاوانەی بنمیچ.

lacy (lās″i), *adj.* نەقش‌و نیگاری ناسکدار

lad (lad), *n.* (۱) کوڕ؛ لاو؛ هەرزە (۲) پیاو؛ کابرا (لە ڕووی دۆستی‌یەوە)

ladder (lad″ĕr), *n.* (۱) پەیژە (۲) هۆی پێشکەوتن یا بەرزبوونەوەی بەرەبەرە. *(the ~ of success)* .

lade (lād), *v.t. & v.i.* (۱) بار لێ بارکردن؛ بار لێنان؛ بارکردن (۲) ئاوهەڵهێنجان بە چەمچە یا سەتڵ؛ ئاو یا شلە دەردان.

laden (lād″n), *alternative past participle of* lade.
adj. (۱) بار لێنراو؛ بارگراو؛ پڕ (۲) تووش بوو؛ بارگران؛ گرفتار. *(~ with pain)* .

laden (lād″n), *v.t. & v.i.* = lade.

lading (lād″iŋ), *n.* (۱) بارکردن؛ بار لێنان؛ بار لێ بارکردن. (۲) بار.

ladle (lā″d'l), *n.* چەمچە؛ ئەسکوێ.
v.t. هەڵهێنجان بە چەمچە؛ شلەو ئاو دەردان یا هەڵهێنجان بە چەمچە.

ladleful (lā″d'l-fool´), *n.* پڕ بە چەمچەیەک.

lady (lā″di), *n.* (۱) خان؛ خاتوون؛ خاتوو؛ بانوو؛ خانم (۲) ئافرەت؛ ژن. (۳) دڵدار؛ یار؛ خۆشەویست (٤) ژن؛ خێزان؛ هاوسەر (٥) [L-]، مریەم (دایکی عیسا). *(Our L~)* .
(٦) [L-]، نازناوی ئافرەتێکی پلەوپایەی کۆمەڵایەتی بەرز.
adj. (۱) مێ؛ مێینە؛ ژن. *(a ~ barber)* .
(۲) بۆ ئافرەت شیاو؛ هی ژن؛ ژنانە.

ladybird (lā″di-būrd´), *n.* = ladybug.

ladybug (lā″di-bug´), *n.* خانخاڵوکە.

lady in waiting, کارمەندی شانۆ یا کۆچە پاشا.

lady-killer (lā″di-kil´ĕr), *n.* [Slang], دڵفڕێنی ئافرەت؛ پیاوێک کە زۆر ژن حەزی لێ بکەن‌و بۆی بە تاسەوە بن؛ ژن کوژ.

ladylike (lā″di-līk´), *adj.* خانمانە؛ خاتوونانە؛ ڕەوشت جوان (ئافرەت).

ladyship (lā″di-ship´), *n.* (۱) خانمێتی؛ پلەوپایەی خاتوونێتی. (۲) [L-]، خانم؛ خاتوون؛ خاتوو؛ نازناوی ئافرەتێکی پلەوپایەدار.

lag (lag), *v.i.* دواکەوتن؛ بەجێمان؛ زۆر پێچوون؛ خۆ بە قنگدا خستن.
n. (۱) دواکەوتن؛ بەجێمان. (۲) ماوەی دواکەوتن یا بەجێمان.

lag behind, دواکەوتن؛ بەجێمان؛ پیانەگەیشتن.

lag (lag), *n.* پەل یا پەراسووی بەرمیل.

lag (lag), *v.t.* (۱) ناردن بۆ ئۆردوگای بێگاری یا بەندیخانە. (۲) گرتن؛ بەندکردن.
n. [Slang], (۱) تاوانباری ناو ئۆردوگای بێگاری؛ تاوانبار. (۲) ماوەی بەندێتی لە بێگارخانەدا.

lagan (lag″ən), *n.* باری لە کەشتی فڕێدراو لە باوبڕاندا پاش بەستنی بە شتێکی سەرئاوکەوتووەوە بۆ دەرهێنانەوەی لە دواڕۆژدا.

laggard (lag″ĕrd), *n.* کەسێکی سست‌و هەمیشە دواکەوتوو.
adj. دواکەوتوو؛ سست؛ خاو.

lagger (lag″ĕr), *n.* کەسێک یا شتێکی سست‌و دواکەوتوو.

lagoon (lə-gōōn″), *n.* گۆم، دەریاچە، یا زەلکاوێک کە نزیک بێ لە دەریاوە یا ئاوەکەی لەوێوە هاتبێ.

laic (lā″ik), *adj.* تایبەتی بە جەماوەری خەڵک جگە لە شێخ‌و مەلا پیاوە ئایینی‌یەکان؛ هی خەڵکی ڕەمەکی‌و دوور لە ئایین.
n. = layman.
-laical *(adj.)*.

laicize (lā″ə-sīz´), *v.t.* لە ژێر دەستی ئایین‌و پیاوە ئایینی‌یەکان دەرهێنان؛ ڕەمەکی کردن.

laid (lād), *past tense and past participle of* lay.

lain (lān), *past participle of* lie.

lair (lâr), *n.* لانە؛ نیشتەجێی گیاندارێکی کێوی.

laissez-faire (les´ā-fâr″), *n.* بەرەڵایی (بەتایبەتی لە کار‌وبار‌ی بازرگانی‌و کاروکاسبیدا)؛ سەربەستی دان بە دەزگاکانی بازرگانی‌و کاروکاسبی و دەست نەخستنە کاروبارێنەوە لەلایەن میری‌یەوە؛ دەست نەهێنانە ڕێ.

laissez-passer (les′ā-pas″ĕr), *n.* پەساپۆرت.

laity (lā″ə-ti), *n.* (۱) جەماوەری خەڵک جگە لە شێخ‌و مەلا و پیاوە- ئایینی‌یەکان. (۲) بۆرە پیاوان؛ تێکڕای خەڵکی ڕەمەکی یا نەوانەی کە پیشەیەکی وەهایان نی‌یە کە شارەزایی‌یەکی تایبەتی بوێت.

lake (lāk), *n.* (۱) گۆم؛ دەریاچە. (۲) گۆمە نەوت یا شلەی تر.

lake (lāk), *n.* (۱) بۆیەیەکی سووری تۆخ (۲) ڕەنگی نەم بۆیەیە.

lam (lam), *n. & v.i.* [Slang], ڕاکردن لە ترسی سزا؛ دەربازبوون.

on the lam, [Slang], لە ڕاکردندا لە ترسی سزا.

take it on the lam, [Slang]. ڕاکردن لە ترسی سزا؛ هەربازبوون.
lama (lä′mə), *n.* ووشکەسۆفیەکی بوودی لە تبەت و مەنگۆلیا.
lamasery (lä′mə-ser´i), *n.* پەرستگا یا نشینگای ووشکەسۆفیانی بوودی.
lamb (lam), *n.* (١) بەرخ؛ کووڕ؛ مەڕ. (٢) گۆشتی بەرخ، کاوڕ یا مەڕ. (٣) پیستەی بەرخ و کاوڕو مەڕ. (٤) کەسێکی بەسۆزمان و بێ تاوان بەتایبەتی منداڵێک. (٥) کەسێکی ساویلکە.
v.i. زایین (مەڕ)؛ بەرخ بوون.
like a lamb, (١) بەسۆزمانانە؛ بە ترسەوە؛ بەسۆزمان. (٢) ساویلکە.
the Lamb, عیسا
lambaste (lam-bāst′), *v.t.* (١) پیارکردن؛ دارکاری کردن؛ کوتان. (٢) سەرزەنشتکردن
lambkin (lam′kin), *n.* بەرخۆلە (هەندێ جار بە منداڵ دەووترێ).
lamblike (lam′līk´), *adj.* بەسۆزمان؛ ساویلکە؛ وەک مەڕ
Lamb of God, عیسا
lambskin (lam′skin´), *n.* (١) پێستەی بەرخ و مەڕ بەتایبەتی بە خوریەکەیەوە. (٢) چەرمی بەرخ و مەڕ
lame (lām), *adj.* (١) شەل؛ لەنگ. (٢) ڕەق بوو بە ئێش و ئازار. (٣) هیچ و پووچ؛ کەس پێ نەسەلمێنراو؛ کەس پێ بڕوانەکەر؛ قەڵب؛ بێ فەڕ.
(a ~ excuse)
v.t. & v.i. شەل کردن؛ شەل بوون؛ لە کەڵک خستن.
lame duck, (١) کەسێکی پەککەوتە، زەبوون، دەسەپاچە، یا ناکارامە؛ شتێکی کەڵک نەماو. (٢) نەندامێکی پەرلەمان یا سەرەک کۆمارێک کە هەڵنەبژێرابێتەوە بۆ کایەیەکی تازە یا خۆی خانەنشین کردبێ، بەڵام هێشتا ماوەیەکی مابێ لەسەر کار.
lament (lə-ment′), *v.i.* شیوەن کردن؛ شێن کردن؛ کڕووزانەوە؛ زۆر پێ ناخۆش بوون.
v.t. (١) شیوەن بۆ کردن؛ شێن بۆ کردن؛ بۆ گریان؛ زۆر پێ ناخۆش بوون. (٢) زۆر پەشیمان بوونەوە.
n. (١) شێن؛ شیوەن؛ لاوانەوە؛ سکاڵا؛ سکاڵا وگریان؛ کڕووزاندنەوە. (٢) هەڵبەستی شیوەن (وێژە یا مۆسیقا).
lamentable (lam′ən-tə-b'l), *adj.* (١) جێی پەشیمانیەیە؛ جێی داخە؛ ناخۆش. (٢) دڵگیر؛ شیوەنی. (٣) قەڵب؛ خراپ؛ بێ فەڕ؛ هیچ و پووچ. *(a ~ piece of acting)* .
-lamentably *(adv.).*

lamentation (lam´ən-tā′shən), *n.* شیوەن؛ شێن؛ وارەیلێ؛ لاوانەوە؛ سکاڵا؛ سکاڵا وگریان؛ ڕۆڵە ڕێ.
lamia (lā′mi-ə), *n.* (١) دەعباییەکی نەفسانەیی خوێنمژە. (٢) گیاندارێکی خوێنمژ؛ جنۆکەی مێینە؛ نەفسوونگەر.
lamina (lam′ə-nə), *n.* (١) تەبەقێکی تەنک؛ تۆێ؛ چین. (٢) لەپی گەڵا؛ گەڵای درەخت بێجگە لە قنچکەکەی.
laminate (lam′ə-nāt´), *v.t.* (١) کردن بە تەبەق یا تۆێەکی تەنک. (٢) چین چین کردن؛ تۆێ تۆێ کردن. (٣) بە تۆێ تۆێی تەنک داپۆشین. (٤) بە تۆێ تۆێی تەنک دروستکردن. (٥) پێکەوەنووساندن بە پەستاندنەوە.
adj. تۆێ تۆێ؛ چین چینی تەنک.
laminated (lam′ə-nā´tid), *adj.* (١) تۆێ تۆێ؛ کراوە بە چین چینی تەنک. (٢) پێکەوە نووسێنراو یا پەستێنراوە (پێناس).
lamination (lam´ə-nā′shən), *n.* (١) تۆێ تۆێ کردن؛ چین چینی تەنک کردن. (٢) شتێکی تۆێ تۆێ یا چین چینی تەنک. (٣) تۆێ؛ چینی تەنک.
lammergeier, lammergeyer (lam′ēr-gī ēr), *n.* داڵاش

lamp (lamp), *n.* (١) (ا) چرا؛ لەمپا. (ب) گوڵۆپ. (٢) سەرچاوەی زانست و ژیری و دانایی. (٣) [Poetic]، خۆر؛ مانگ؛ ئەستێرە. (٤) [Slang] (*pl.*)، چاو
v.t. [Slang]. تەماشاکردن؛ سەیرکردن.
lamplight (lamp′līt´), *n.* شەوقی چرا؛ ڕووناکی چرا.
lampoon (lam-pōōn′), *n.* داشۆڕی؛ بەدگۆیی (بە نووسین).
v.t. داشۆڕی کردن؛ داشتن؛ بەدگۆیی کردن لە وێژەدا
-lampooner *(n.)*; **lampoonery** *(n.)*; **lampoonist** *(n.).*

lamppost (lamp′pōst´), *n.* ستوونی کارەبا یا چرای سەر ڕێ.
lance (lans, läns), *n.* (١) نێزە؛ ڕم. (٢) سەربازی سوارەی تیرەوان. (٣) تیری ڕاوە نەهەنگ یا ماسی. (٤) چەقۆی دوو دەمی نەشتەرکاری.
v.t. (١) ڕم پیاکردن؛ هێرش بردنە سەر بە نێزە. (٢) هەڵدڕین بە چەقۆی دوو دەمی.
lance corporal, سەربازی جێگری سەرۆک (سوپای ئینگلیزی)
lancer (lan′sēr, län′sēr), *n.* تیرەوان؛ سەربازی سوارەی تیرەوان.
lancers (lan′sērz, län′sērz), *n.pl.* (١) جۆرە سەمایەکە. (٢) مۆسیقای ئەم سەمایە.
lancet (lan′sit, län′sit), *n.* (١) چەقۆی دوو دەمی نەشتەرکاری. (٢) پەنجەرەی باریکی بەرزی سەر تیژی ناو تاق.
lancet window, پەنجەرەی باریکی بەرزی سەر تیژی ناو تاق
lancinate (lan′sə-nāt′), *v.t.* بڕیندارکردن (مەجازی)
land (land), *n.* (١) زەمین؛ ووشکانی. (٢) (ا) وڵات؛ خاک. (ب) گەل؛ میللەت؛ دانیشتوانی خاکێک. (٣) زەوی؛ زەوی‌وزار. *(rich ~)* . (٤) خانووبەرە؛ زەوی‌وزار. *(L~ is a good investment.)* . (٥) (*pl.*) مووڵک. (٦) لادێ. (٧) سەرمایەی سرووشتی ژێرزەمین و سەرزەمین.
v.t. (١) دابەزین لە کەشتی؛ گەیشتنە ووشکانی. (٢) گەیاندن؛ بردن:
(This train will ~ you in NewYork tomorrow.)
(٣) گیرساندنەوە *(This fight ~ed them both in jail.)*
(٤) نیشاندنەوە: *(The pilot ~ed the plane safely.)* .
(٥) هێنانە ناو بەڵەم یا سەر ووشکانی:
(He ~s the fish wich she hooks.)
(٦) [Colloq.]، دەسکەوتن؛ دەزگیربوون: *(He ~ed a job.)* .
(٧) [Colloq.]، پیادان؛ پیاکێشان: *(He ~ed a punch on his face.)*
v.i. (١) لە کەشتی دابەزین (٢) گەیشتنە بەندەر (کەشتی). (٣) گەیشتن. (٤) گیرسانەوە. (٥) نیشتنەوە (فڕۆکە، بالندە) *(The plane ~ed in London.)*
make land, گەیشتنە کەناری دەریا یا ووشکانی
landau (lan′dô, lan′dou), *n.* (١) عەرەبانەیەکی چوارپێچکەی سەرگیراوی دوو بەش. (٢) ئوتومبیلێکی کۆنباوی بەم شێوەیە.
landed (lan′did), *adj.* (١) خاوەن زەوی‌وزار: *(~ gentry)* . (٢) لە خانووبەرەو زەوی‌وزار پێکهاتوو: *(a ~ estate)* .
landfall (land′fôl´), *n.* (١) بەدیکردنی ووشکانی لە کەشتی یا فڕۆکەوە (٢) ئەم ووشکانیەی بەدیکراوە.
land grant,lands بەخشینی زەوی‌وزار لەلایەن میریەوە بە زانکۆ دانشگاو دەزگای کۆمەڵایەتی و گشتی.

landholder (land′hōl´dĕr), *n.* خاوەن زەوی‌وزار؛ زەویدار
landing (lan′diŋ), *n.* (١) نیشتنەوە؛ گەیشتنە بەندەر یا ووشکانی. (٢) جێی بارکردن و باداگرتنی کەشتی. les (٣) تەختایی سەر تەوقەسەری ڕیزە پێ پلیکانە. (٤) دابەزین؛ گیرسانەوە.

landing field, فڕگە، فڕوکەخانە
landing gear, ئامێری فڕۆکە پێ نیشتنەوە.
landlady (land′lā′di), *n.* (١) خاوەن خانووی بە کرێ دراو (ژن). (٢) بەڕێوەبەری ئوتێل یا خانووی بە کرێ دراو (ژن).
landless (land′lis), *adj.* خاوەنی زەوی‌وزار نەبوو.
landlocked (land′lokt′), *adj.* (١) بە ووشکانی دەورەدراو: *(a ~ country)*
(٢) لە دەریا دابڕاوو قەتیس بوو لە جۆگەو ڕووبارەدا (ماسی): *(the ~ salmon)*
landloper (land′lō′pĕr), *n.* کەسێکی بێ لانەی دەربەدەری گەڕۆک.
landlord (land′lôrd′), *n.* (١) دەرەبەگ؛ خاوەن زەوی‌وزار؛ خاوەن مولک‌و خانووی بە کرێ دراو. (٢) بەڕێوەبەری ئوتێل یا خانووی بە کرێ دراو.
landlubber (land′lub ĕr), *n.* ووشکانی نشێن‌و نەشارەزای ژیانی دەریایی. کەشتی‌یەوان لە ڕووی سووکی‌یەوە بە خەڵکی تری دەڵێن).
landman (land′mən), *n.* ووشکانی نشین.
landmark (land′märk′), *n.* (١) نیشانەی سنوور؛ سنوور دابڕێکەری زەوی، ناوچە، یا شوێنێک. (٢) (ا) نیشانەی سەر ڕێگا (کە ڕێبوار ڕێگەی پێ دەناسێتەوە)؛ نیشانەی ڕێنوما. (ب) شتێکی زۆر لەبەرچاو کە شوێنێکی پێوە بناسرێت (خانوو، دار): *(Their house was a ~ in the town.)*
(٣) گۆڕین یا ڕووداتێکی مێژوویی گرنگ: *(~s in the history of civilization)*
land mine, مینی زێرزەوی؛ تەقەمەنی زێرزەوی.
land-owner (land′ōn ĕr), *n.* خاوەن زەوی‌وزار؛ خاوەن مولک؛ دەرەبەگ **-landownership** *(n.).*
landscape (land′skāp′), *n.* (١) دیمەنی دەشت‌ودەر. (٢) (ا) وێنەیەکی دیمەنی دەشت‌ودەر (ب) هونەری وێنەگرتن‌و نیگارکێشانی دیمەنی جوانی دەشت‌ودەر
v.t. ڕێک کردن‌و جوانکردنی دیمەنی زەمینی دەرووپشتی خانوو (بە دارو چیمەن تا ناشتن‌و نەخشەکێشانی).
v.i. کارکردن لە نەخشەکێشان‌و جوانکردنی زەمینی دەرووپشتی خانوو.
landscape architect, نەخشەکێشی جوانکردنی زەمینی دەرووپشتی خانوو
landscape architecture, نەخشەکێشانی جوانکردنی زەمینی دەرووپشتی خانوو.
landslide (land′slīd′), *n.* (١) هەڕەس بردنی قەدپاڵێک؛ هەڕەس هێنان. (٢) بەردو خاک‌و خۆڵی هەڕەس بردوو. (٣) (ا) وەرگرتنی زۆربەی دەنگ لە هەڵبژاردنێکدا. (ب) بردنەوەیەکی گەورەی هەڵبژاردنێک: *(The election was a ~.)*
(ج) بردنەوەیەکی گەورە.
landsman (landz′mən), *n.* (١) ووشکانی نشین. (٢) کەشتی‌یەوانێکی تازەو نەشارەزا
lane (lān), *n.* (١) باریکەڕێ (بەتایبەتی لە لادێ دا کە نەم دیوو نەو دیوی پەڕژین بێت). (٢) کۆڵان؛ کووچە. (٣) ڕاڕەوی نێوان ڕیزە خەڵکی وەستاو. (٤) ڕێگەی دەریایی یا هەوایی دیاریکراو بۆ کەشتی‌و فڕۆکە؛ هێڵی دەریایی و هەوایی: *(sea ~s)*
(٥) هێڵ؛ خانە (هاتوچۆی ئوتومبیل لە شەقامو ڕێگەوباندا): *(traffic ~s; a four- ~ highway.)*
(٦) هێڵ خانە. یا ڕێبازی دیاریکراو بۆ پێشبڕکێکەرێک (مەلەکردن، ڕاکردن، سەوڵ لێدان... هتد)
language (laŋ′gwij), *n.* (١) زمان؛ زبان: *(The English ~; foreign ~s)*
(٢) شێوازی زمان بەکارهێنان‌و هەست دەربڕین *(a person with a great command of ~; strong ~)*
(٣) زمانی پیشەیەکی تایبەتی: *(technical ~; the ~ of diplomacy)*.
(٤) زمانی نیشانەیی بە دەست‌و پەنجە: *(deaf-and-dumb ~)*.
languid (laŋ′gwid), *adj.* (١) بێ هێز؛ لاواز؛ پووکاوە (٢) سارد (مەجان)؛ بێ تاقەت؛ ماندوو. (٣) سست؛ خاو؛ هێواش
languish (laŋ′gwish), *v.i.* (١) پووکانەوە؛ لاواز بوون؛ هێز لێ بران. (٢) چەوسانەوە؛ پووکانەوە لە خەم‌و خەفەت‌و برسێتیدا: *(~ing in prison)*
(٣) خاوبوونەوە؛ سست بوون؛ ساردبوونەوە.
(٤) بە تاسەوە بوون بۆ؛ خەفەت بۆ خواردن؛ خۆزگە بۆ خواردن‌و پێوە نالاندن: *(He ~ed for her)*
(٥) نووساندنی هەست ناسکی‌و خەمباری‌و خۆشەویستی بە سەرزاری.
-languisher *(n.)*; **languishment** *(n.).*
languishing (laŋ′gwish-iŋ), *adj.* (١) لاواز؛ بێ هێز؛ ماندوو. (٢) زۆر خایەن؛ زۆر پێچوو (٣) خاو؛ سست؛ هێواش. (٤) بەتاس؛ خۆزگەخواز *(a ~ eye, look, etc.)*
(٥) ناسک؛ پڕ لە خۆشەویستی‌و بۆ بەتاسەوەبوون:
languor (laŋ′gĕr), *n.* (١) بێ هێزی؛ لاوازی. (٢) بێ تاقەتی؛ ساردی؛ گوێ نەدان. (٣) هەست ناسکی. (٤) سستی؛ خاوی؛ هێواشی. (٥) ناخۆشی‌و دڵتەنگکەر (ناووهەوا)؛ قورس.
languorous (laŋ′gĕr-əs), *adj.* (١) بێ هێز؛ لاواز. (٢) خاو؛ سست. (٣) سستکەر؛ هێواش کەرەوە؛ خاوکەرەوە
langur (luŋ-gōōr′), *n.* جۆرە مەیموونێکی کلك درێژی برۆ پرە.
lank (laŋk), *adj.* (١) باریکەڵە (مرۆڤ)؛ ڕیوەڵە؛ بااڵ بەرزو باریک؛ ڕەقەڵە. (٢) خاو (قژ)؛ درێژو خاو.
lanky (laŋ′ki), *adj.* ڕیوەڵە؛ ڕەقەڵە؛ باریك‌و درێژ؛ باریکەڵە؛ باریك‌و ناشرین: *(a ~ boy, tree, etc.)*
-lankily *(adv.)*; **lankiness** *(n.).*
lanner (lan′ĕr), *n.* (١) جۆرە هەڵۆیەکە؛ هەڵۆ. (٢) مێینەی ئەم هەڵۆیە (ڕاوی پێ دەکرێت).
lanneret (lan′ĕr-et′), *n.* نێرە هەڵۆ (ووشەی پێشوو ببینە).
lantern (lan′tĕrn), *n.* (١) چرا؛ لەمپا؛ لۆکس؛ فانۆس؛ شووشەی چرا یا لەمپا. (٢) ژوورێ چرای سەر بورجی پوولاکی بۆ پێ پێشاندانی کەشتی‌و کەشتی‌یەوان لە کەنارێ دەریادا. (٣) کلاوپۆژنە. (٤) چرای ئەفسوونەیی؛ فانۆسی ئەفسوونەیی.
lap (lap), *n.* (١) دامێنی کراس‌و کەوا. (٢) کۆش. (٣) چمکە کراس (بۆ شت هەڵگرتن). (٤) باوەش؛ ئاووش. (٥) (ا) سەرێك چوون. (ب) تۆپێ سەر یەك چوو. (ج) مەودای سەر یەك چوون. (٦) خول (گۆمی مەلە، ڕاکردن لە یارێگادا)؛ سووڕ؛ چەرخە (٧) پێچ (گوریس بە دەوری سنگ یا مێخدا). (٨) ئامێرێ بڕین‌و ساف‌و لووس کردنی بەردی بەنرخ
v.t. (١) پێچانەوە؛ قەدکردن. (٢) گرتنەباوەش؛ دەورەدان؛ دەورگرتن: *(He was ~ped in luxury.)*
(٣) سواری یەکتر کردنی دوو شت یا زیاتر بە جۆرێك کە سەری شتەکەی سەرەوە لەوەی ژێرەوە تێپەڕ ببێت (وەك پوولەکەی ماسی): *(You must ~ the second board over the first.)*
(٤) تێپەڕبوون (سەری شتێکی دانراو لە سەری شتەکەی ژێری)
(٥) بڕین یا ساف‌و لووس کردن بە ئامێرێ تایبەتی (بەردی بەنرخ).
(٦) خول یا سووڕخواردنێك زیاتر لە کەسەکەی تر (پێشبڕکێی مەلەو ڕاکردن).
v.i. (١) پێچرانەوە؛ قەدکران. (٢) دانرانی دوو شت لەسەر یەکتری بە جۆرێك کە سەری ئەوەی سەرەوە لەوەی ژێرەوە تێپەڕ ببێت.
in the lap of luxury, لە خۆش گوزەرانیدا؛ لە خێرو خۆشیدا.
in the lap of gods, لە دەست خودادایە؛ لە دەستی ئادەمیزاددا نییە.
lap (lap), *v.i. & v.t.* (١) ئاو خواردنەوە وەك سەگ؛ شڵپ‌وهووڕ ئ هەڵساندن؛ بە شڵپە شڵپ خواردنەوە. (٢) لستنەوە (مەجان)؛ شڵپە شڵپ کردن (شەپۆل)؛ بە نەسپایی پێداهێنان؛ پێداکێشان: *(waves ~ping on the beach)*

n. (۱) خواردنەوەی بە شلپە شلپ وەك سەگ. (۲) شلپە؛ خواردنەوەی سەگ، شەپۆل؛ شلپ‌وهوڕ. (۳) شتێکی بە شلپە شلپ خواردنەوە.

lap up, (۱) بە شلپە شلپ خواردنەوە یا خواردن (شلە، خواردنی شلەی وەك شۆربا)؛ هەڵ لووشین. (۲) [Colloq.]، هەڵ لووشین؛ قۆستنەوە؛ بە چاوبرسێتیانە خواردن یا بردن بۆ خۆ.

laparo- (lap′ə-rə), پێشگرێکە بەمانای: لاقەبرغە؛ دیواری سك.

laparotomy (lap′ə-rot′ə-mi), *n.* سك هەڵدڕین لە لاوە یا لە هەر چ شوێنێکەوە بە نەشتەرکاری.

lap-board (lap′bôrd′, lap′bōrd′), *n.* تەختەیەکی بچووکی سەرکۆشی نووسینە (لەباتی مێز).

lap dog, سەگێکی بچووکی ناوماڵە (دەتوانرێت بخرێتە ناو کۆشەوە).

lapel (lə-pel′), *n.* یەخەی چاکەت؛ بەرۆك؛ یەخەی بەر سنگی چاکەت.

lapful (lap′fool′), *adj.* پڕ کۆشێك؛ زۆر؛ فرە.

lapidary (lap′ə-der′i), *n.* (۱) زەرەنگەر؛ کارگەری گەوهەرو بەردی بەنرخی تر. (۲) -ەڵاڵی گەوهەرو بەردی بەنرخی تر.

adj. (۱) تایبەتی بە گەوهەرو شت لەسەر هەڵکەندنی؛ هی زەرەنگەری؛ هی هونەری لەسەر گەوهەر هەڵکەندن. (۲) لەسەر گەوهەر هەڵکەنراو. (۳) نەوەندە باش‌و جوان‌و نایابە شایستەی لەسەر گەوهەر هەڵکەندنە؛ ***(~ prose)***

lapidate (lap′ə-dāt′), *v.t.* (۱) بەردە باران کردن. (۲) کوشتن بە بەردە باران.

-lapidation *(n.)*.

lapillus (lə-pil′əs), *n.* بەردێکی شووشەیی ناگرپژێنەیە (نەوەندەی گوێزێکە)

lapin (lap′in), *n.* (۱) کەرووشك. (۲) کەوڵە کەرووشك.

lapis lazuli (lap′is laz′yoo-lī′), (۱) لاجی وەرد بەردێکی نیمچە بەنرخە. (۲) لاجی وەردی؛ شینی ئاسمانی.

lappet (lap′it), *n.* (۱) چمکی ڕازێنەرەوەی بەرەڵای جل‌وبەرگ یا سەرپێچ (وەك چمکی مشکی‌و جامانە). (۲) پارچە چەرم یا گۆشتی داکەوتوو (غەبغەبەی گا و مانگا، نەرمە گۆشتەی گوێ).

lapse (laps), *n.* (۱) لە زمان دەرچوون؛ لە دەست دەرچوون؛ هەڵە؛ کەموکوڕی. (۲) دانەدواوە (ڕەووشت)؛ بێ ڕەوشتی نووان. (۳) نزم بوونەوە؛ پێ داچوون. (٤) فەوتان؛ وێران بوون. (٥) تێپەڕبوون (کات)؛ ڕابواردن؛ بەسەرچوون. (٦) *(i)* دەست لە ماف هەڵگرتن یا مافێك لێ سەنرانەوە لەبەر جێبەجێ نەکردنی نەرکی سەرشان‌و کەمتەرخەمی (ب) وەرنەگرتنی میراتێك لەبەر مردنی میراتبەرەکە

v.i. (۱) چوونە بارێکی تایبەتیەوە؛ کەوتن. ***(He ~d into unconsciousness.)*** (۲) دانەدواوە (ڕەووشت)؛ پێ داچوون (ڕەفتار)؛ لە ڕێی ڕاست لادان. (۳) تێپەڕبوون (کات)؛ ڕابواردن؛ بەسەرچوون. (٤) بەتاڵ بوونەوە بەهۆی نەدانی مانگانە یا قیستەوە (بیمە). (٥) بوون بە مۆلکی یەکێکی تر (لە ئەنجامی مردن یا کەمتەرخەمیدا).

larboard (lär′bērd, lär′bôrd′, lär′bōrd′), *n.* دەستەچەپی کەشتی یا فڕۆکەیەك (نەگەر لە دواوە بووەستیت‌و سەیری پێشەوە بکەیت)؛ لاچەپی کەشتی‌و فڕۆکە.

adj. & adv. تایبەتی بە دەستەچەپی کەشتی‌و فڕۆکە.

larcener (lär′sə-nēr), *n.* = larcenist.

larcenist (lär′sə-nist), *n.* دز.

larcenous (lär′sə-nəs), *adj.* دز؛ حەز لە دزی کەر

larceny (lär′sə-ni), *n.* دز؛ دزێتی؛ -زین

larch (lärch), *n.* (۱) دارەختێکە لە توخمی سنەوبەر (۲) داری نەم دارەختە.

lard (lärd), *n.* بەزی بەران؛ بیوی بەراز

v.t. (۱) بە بەزی بەراز چەورکردن؛ چەورکردن. (۲) تۆی گۆشتی بەراز خستنە مریشك‌و گۆشتی گاوە پێش کوڵاندنیان. (۳) ڕازاندنەوە.

larder (lär′dēr), *n.* (۱) گەنجینە. (۲) ئازووقە.

lardon (lär′dən), *n.* *Also* **lardoon,** تۆی گۆشتی بەرازە کە دەخرێتە مریشك‌و گۆشتی گاوە پێش کوڵاندنیان.

large (lärj), *adj.*. ***(a ~ heart)*** (۱) (ا) بەخشندە؛ دەست‌و دڵ تێر؛ بدە: (ب) دەستبڵاو؛ پارە لە بەرد دەر. ***(a ~ room, office, house, etc.)*** (۲) گەورە؛ زل؛ فراوان. ***(a ~ sum of money)*** (۳) زۆر. (٤) درشت؛ گەورە. ***(a ~ manufacturer)*** (٥) گەورە؛ بە ئەندازەیەکی زۆر. (٦) بهات (با)؛ هات؛ باش. (۷) گشتی.

adv. (۱) بە زل (نووسین)؛ بە گەورەیی. (۲) بە بای بهات یا باشەوە.

at large, (۱) بەرەڵا (تاوانبار)؛ بەڵەسە: ***(The killer is still at large.)*** (۲) بە دوورودرێژی؛ بە وردی: ***(He spoke at large on the housing problem.)*** (۳) بە گشتی: ***(the society at large)*** (٤) نوێنەری گشتی ناوچەیەك ***(a congressman at large)*** (٥) گشتی؛ گەڕۆك (باڵیۆز)؛ دانەنراوە بۆ وڵاتێك بەڵکو هی گشتیەو دەگەڕێت بە سەرەوە: ***(ambassador at large)***.

large-hearted (lärj′här′tid), *adj.* بەخشندە؛ دەست‌و دڵ فراوان؛ بدە؛ هاوسۆز؛ بە بەزەیی.

large intestine, ڕیخۆڵە گەورە.

largely (lärj′li), *adv.* (۱) زۆر؛ بە ئەندازەیەکی زۆر (۲) بە زۆری: ***(His failure is due ~ to laziness.)***.

large-minded (lärj′mīn′did), *adj.* مێشك فراوان؛ مێشك کراوە

large-scale (lärj′skāl′), *adj.* (۱) گەورە (نەخشە). (۲) مەودا گەورە؛ گەورە؛ بە ئەندازەیەکی زۆر: ***(a ~ offensive, war, business operation, etc.)***

largess, largesse (lär′jis, lär′jes), *n.* بەخش.

lark (lärk), *n.* کڵاوکوڕە.

lark (lärk), *v.i.* [Colloq.], گاڵتەوگەپ کردن؛ یاری کردن

v.t. [Colloq.], گاڵتەپێکردن؛ کلك پێوەکردن؛ سەرخستنەسەر.

n. گاڵتەوگەپ؛ یاری؛ یاری سەیرو خۆش.

larkspur (lärk′spûr′), *n.* = delphinium.

larva (lär′və), *n.* کرمۆکە؛ بێچووە مێروو.

-larval *(adj.)*.

laryngal (lə-riŋ′gəl), *adj.* قوڕقوڕاکەیی؛ بینەقاقەیی؛ قوڕگی.

laryngitic (lar′in-jit′ik), *adj.* تایبەتی بە قوڕگ نێشەو دەنگ نوسان؛ قوڕگ نێشاو.

laryngitis (lar′in-jī′tis), *n.* قوڕگ نێشە بە دەنگ نوسانەوە.

laryng-, laryngo- (lə-riŋ′gō, lə-riŋ′gə), پێشگرێکە بەمانای: قوڕگ؛ قوڕقوڕاگە؛ بەربین. (۲) قوڕقوڕاگەیی؛ بەربینی؛ قوڕگی.

laryngology (lar′iŋ-gol′ə-ji), *n.* پزیشکەوانی قوڕگ.

laryngotomy (lar′iŋ-got′ə-mi), *n.* نەشتەرکاری قوڕگ؛ قوڕگ هەڵدڕین (نەشتەرکاری)

larynx (lar′iŋks), *n.* قوڕگ؛ قوڕقوڕاگە؛ بینەقاقا

lasagna (lə-zän′yə), *n.* لەزانیا: خواردەمەنیەکی نیتاڵیەیە لە هەکەکرۆنی‌و گۆشتی کوتراو‌و دۆشاوی تەماتەو پەنیر دەکرێت لە فڕندا

lascivious (lə-siv′i-əs), *adj.* هەوەس هەڵسێنەر؛ بە ئالۆش؛ چاوچێس (جووت بوون)؛ چاوباشقال؛ بەرەڵا: ***(a ~ look, act, novel, etc.)***

-lasciviously *(adv.)*; **lasciviousness** *(n.)*.

laser (lā′zēr), *n.* تیشکی "لەیزەر"

lash (lash), *n.* (١) قامچی، قەمچی. (٢) لێدانێك بە قامچی. (٣) پلار؛ توانج؛ سەرزەنشتی؛ ووتەیەكی تووندوتیژ. (٤) پیاكێشانێك. (٥) برژانگ؛ برژانگێك.

v.t. (١) قامچی لێدان؛ دارکاری کردن؛ فەلاقە کردن. (٢) راوەشاندن. *(an angry lion ~ing his tail)* . (٣) پیادان بە قایم؛ پیاکێشان؛ لێدان *(The waves ~ed the cliffs.)* . (٤) هێرش کردنە سەر بە دەم؛ سەرزەنشتکردن؛ شکاندن. (٥) هێنانە جۆش؛ هاندان.

v.i. (١) راوەشان. (٢) لێدان؛ پیادان؛ پیاکێشان؛ پیامالین. *(He ~ed at everything that came near.)*

lash out, (١) بە توند پیامالین؛ پیاکێشان؛ بە قایم لێدان. (٢) هێرش بردنە سەر بە تووندی بە دەم؛ بە تووندی سەرزەنشتکردن؛ شکاندن: *(to lash out at somebody)*

lash (lash), *v.t.* بەستنەوە بە پەت، گوریس، یا زنجیر.

lashing (lash′iŋ), *n.* (١) بە قامچی لێدان؛ دارکاری کردن. (٢) هێرشی بە تووندی بە دەم؛ سەرزەنشت: *(He got a tongue ~ .)* .

lashing (lash′iŋ), *n.* (١) بەستنەوە. (٢) پەت؛ گوریس.

lass (las), *n.* (١) کچ. (٢) یار، دڵدار. (٣) کارەکەر.

lassitude (las′ə-tōōd´, las′ə-tūd´), *n.* ماندوویەتی؛ پرووکان؛ بێ هەناوی؛ بێ تاقەتی؛ بێ هێزی.

lasso (las′ō), *n.* کەمەند؛ پەتێکی قوڵفەدارە نەسپ و رەشەوولاخی بەرەڵای پێ دەگیرێنەوە

v.t. بە کەمەند گرتنەوە؛ کەمەندکردن؛ کەمەند هاویشتن.

last (last, läst), *adj.* (١) دواهەمین؛ دواترین؛ دوا؛ قرە؛ هەرە دوایی؛ دوایەك؛ دوایین *(the ~ place; the ~ person)* . (٢) دوا؛ تەنها نەوەی کە ماوە. (٣) ڕابوردوو (مانگ، ساڵ، هەفتە): *(~ month, week, year, etc.)* . (٤) نەوەی کە هەر چاوەڕوانی لێ ناکرێ؛ دوایین: *(She was the ~ person that they would have suspected.)* (٥) هەرە؛ کەورەترین *(of the ~ importance)* . (٦) بێ ئەرج ترین؛ دوا؛ کەمترین. (٧) تازەترین؛ نوێ ترین. (٨) دوا؛ تازەترین: *(the ~ word in scientific research)* .

adv. (١) لە دوا ییدا؛ هەرە دوایی؛ دوا. (٢) دواجار. (٣) لە کۆتاییدا؛ لە ئاکامدا

n. (١) دوا شت: *(This is the ~ of the apples.)* . (٢) دوا چەرخ، قۆناغ.

at (long) last, لە نەخامدا؛ لە ئاکامدا؛ لە هەرە دواییدا

breathe one's last, مردن؛ دوا هەناسە هەڵکێشان

see the last of, دوا چاوپێکەوتن؛ ئیتر نەبینینەوە *(I hope we have seen the last of him.)*

to the last, هەتا مردن؛ هەتا دوا هەناسە.

last (last, läst), *v.i.* (١) بەردەوام بوون؛ خایاندن *(The war ~ed four years.)* (٢) بەرگەگرتن؛ دەربردن؛ هەڵ کردن؛ مانەوە: *(He will not ~ too long in his new job.)* (٣) بەش کردن؛ مان؛ بەس بوون: *(will our food ~ ?)* .

last (last, läst), *n.* قاڵبی پێڵاو

v.t. قاڵب خستنەناو پێڵاوەوە.

last (last, läst), *n.* کێشانەیەکە بریتییە لە چوار هەزار پاوەند

lasting (las′tiŋ, läs′tiŋ), *adj.* هەمیشە، بەردەوام، بەرگەگر *(a ~ peace)*

n. (١) هەمیشەیی، بەردەوامی؛ بەرگەگرتن. (٢) جۆرە قوماشێکی قایمە.

Last Judgment, پۆژی قیامەت.

lastly (last′li, läst′li), *adv.* لە کۆتاییدا؛ لە نەنجامدا؛ ئیتر: *(I ~ , I must explain that...)*

Last Supper, دوا شێوی عیسا پێش لە سێدارەدانی. (هەروەها پێشی دەوترێت: Lord's Supper).

last word, (١) دوا گوفتار؛ دوا ووتە (کە گفتوگۆیەك یا مشتومڕێك دەبڕێنێتەوە). (٢) [Colloq.]، دوا مۆدە.

latch (lach), *n.* ئەلقەڕێز؛ سوورگی؛ کڵۆم.

v.t. & v.i. ئەلقەڕێزکردن.

latch on to, [Slang], (١) خۆ پێوە هەڵواسین؛ دەست پێوە گرتن و بەرنەدان. (٢) دەسکەوتن؛ پەیداکردن. (٣) تێگەیشتن.

latchet (lach′it), *n.* قەیتانی پێڵاو.

late (lāt), *adj.* (١) درەنگ؛ دواکەوتوو؛ لە دوا. (٢) (ا) دوا دوا؛ درەنگ؛ نزیکی کۆتایی: *(~ afternoon)* . (ب) دوا؛ بەشی دوایی: *(the ~ Middle Ages)* . (٣) خوالێخۆشبوو: *(the ~ president)* .

adv. (١) درەنگ؛ دواکەوتوو. (٢) لە دوا دوای. (٣) تازە؛ بەم زوانە؛ لەم درەنگانەدا: *(I saw him as ~ as yesterday.)* .

of late, بەم زوانە؛ تازە؛ لەم دوایییەدا: *(I have not seen him of late.)*

too late, کار لە کار ترازاوە؛ تازە درەنگە.

lately (lāt′li), *adv.* لەم دوایییەدا؛ لەم چەندانەدا؛ بەم زوانە: *(I haven't seen him ~ .)*

latency (lā′t'n-si), *n.* (١) شاراوەیی؛ نادیاری؛ داپۆشراوی. (٢) ماتی؛ کشوماتی (زیندەوەرزانی)؛ کپی؛ کپ بوون.

latent (lā′t'nt), *adj.* (١) شاراوە؛ نادیار؛ داپۆشراو: *(~ talent, qualities, etc.)* (٢) مات (زیندەوەرزانی)؛ کشوماتی؛ خاموش: *(~ disease germs)*

latent period, ماوەی نێوان تووش بوونی نەخۆشییەك و دەرکەوتنی نیشانەکانی.

later (lāt′ēr), *adv.* لە دوایییدا؛ لە پاشدا؛ دوای ئەوە.

later on, لە دوای ئەوە؛ لە پاشا؛ دوایی.

sooner or later, ئێستا بێ یا کاتێکی تر؛ زوو بێ یا درەنگ: *(We must all die sooner or later.)*

lateral (lat′ēr-əl), *adj.* لابەلایی؛ لەلاوە؛ لا؛ تەنیشت. *(~ movement)*

n. شتی لابەلا؛ شتی تەنیشتی.

-laterally *(adv.).*

latest (lāt′ist), *adj.* تازەترین؛ نوێ ترین؛ دواترین؛ دوا.

at the latest, دوا کات؛ لەوە درەنگتر نا: *(I will be back tomorrow at the latest.)*

the latest, تازەترین؛ نوێ ترین؛ دواهەمین.

lath (lath, läth), *n.* (١) تەختەداری باریك و تەنك (کە لە خانووسازی و تەیمانەی پەنجەرە و دەرگادا بەکاردەهێنرێت) (٢) پەرە کانزای تەنکی کون کون یا تەلی هێلەکی (خانووسازی).

v.t. تەختەداری باریك و تەنك لێدان؛ تەیمانە دروستکردن بە تەختەداری باریك و تەنك.

lathe (lāth), *n.* (١) ئامێری دارو کانزا داتاشین و ڕێك و پێك کردن. (٢) چەرخی گۆزەکەر.

v.t. داتاشین و ڕێك و پێك کردنی تەختەدارو کانزا.

lather (lath′ēr), *n.* (١) کەفە سابوون؛ کەف. (٢) کەفی لالفاوەو شوێنی تری لەش.

v.t. (١) کەفە سابوون لێدان؛ سابوون لێدان. (٢) [Colloq.]، دارکاری کردن؛ فەلاقەکردن.

v.i. کەف کردن: *(This soap ~s well.)* .

lathing (lath′iŋ, läth′iŋ), *n.* تەختەداری باریکەو تەنک لە دیوارو بنمیچ دان‌و گەچکاری کردنی.

Latin (lat′n), *adj.* لاتینی (زمان، کلتوور، گەل، ئایینی کاسۆلیکی).

n. (١) لاتینی: هاوبیشتمانیی‌یەکی پۆمای کۆن. (٢) لاتینی: زمانی لاتینی. (٣) کەسێکی ئیتالی، ئیسپانی، یا نەمەریکای لاتینی (کە زمانەکەیان لە لاتینی‌یەوە وەرگیراوە) (٤) کاسۆلیکی؛ کاسۆلیکی پەروەر.

Latinate (lat′n-āt´), *adj.* لە زمانی لاتینی‌یەوە وەرگیراوە؛ پڕ لە وشەی لاتینی‌و لە لاتینی‌یەوە وەرگیراو.

Latinize (lat′n-īz´), *v.t.* (١) وەرگێڕان بۆ لاتینی؛ کردن بە لاتینی. (٢) وەک لاتینی نێکردن (٣) بە تیپی لاتینی نووسین. (٤) پەیڕەوی ئاین‌و دەستووری کاسۆلیکی کردن.

v.i. وردە‌و وشەی لاتینی بەکارهێنان.

latish (lāt′ish), *adj.* نەختێ درەنگ

latitude (lat′ə-tōōd´, lat′ə-tūd´), *n.* (١) پانی: فراوانی (٢) مەودا (٣) سەربەستی کردارو ڕادەربڕین‌و هەڵسان‌و دانیشتن؛ کردنی شت بە دڵی خۆ: *(to allow people great ~ in their jobs.)* . (٤) هێڵی پانی (جوگرافیا). (٥) ئاوچە *(pl.)* *(high ~s; low ~s)*

-latitudinal *(adj.).*

latitudinarian (lat´ə-tōō´d'n-âr′i-ən, lat′ə-tū′d'n-âr′i-ən), *adj.* مێشک کراوە (بەتایبەتی لە کاروباری ئاینیدا)؛ چاوپۆشیکەر.

n. کەسێکی مێشک کراوە؛ کەسێکی چاوپۆشیکەر (بەتایبەتی لە سەربەستی ئاینیدا).

-latitudinarianism *(n.).*

latrine (lə-trēn′), *n.* ئاودەستخانە (بەتایبەتی هی جەماوەری وەک لە فڕۆدگاو قوتابخانەدا)؛ پێشاو.

-latry (lə-tri), پاشگرێکە بەمانای: پەرستن: *(idolatry)* .

latten (lat′n), *n.* (١) پەڕەی تەنکی مس. (٢) پەڕەی تەنکی کانزا بەتایبەتی تەنەکە.

latter (lat′ĕr), *adj.* (١) دواتر: نەوەی دوایی؛ بەشی دوایی؛ دوایی‌یەکەی: *(the ~ part of the year, the century, the book, etc.)* (٢) دووهەمین شت یا کەسی ئاوبراو: *(Of these two men the former is dead and the ~ still alive.)*

-latterly *(adv.).*

latter-day (lat′ĕr-dā´), *adj.* تازەباو؛ نوێ باو

lattermost (lat′ĕr-mōst´), *adj.* دواترین.

lattice (lat′is), *n.* (١) تەیمانەی پەنجەرەو دەرگا: تەڵی پەنجەرەو دەرگا. (٢) چوارچێوەی تەنراو (٣) دەرگاو پەنجەرەی تەیمانەدار.

v.t. (١) تەیمانە دروستکردن؛ وەک تەیمانە لێکردن (٢) تەیمانە لێدان؛ بە تەیمانە داپۆشین.

lattice work (lat′is-wûrk´), *n.* تەیمانەی دەرگاو پەنجەرە؛ چوارچێوەی تەیمانەیی.

laud (lôd), *n.* (١) ستایش؛ پیاهەڵدان (٢) سروود یا گۆرانی ستایشی

v.t. ستایش کردن؛ بە شان‌و باهودا هاتنە خوارەوە.

laudable (lôd′ə-b'l), *adj.* جێی ستایشە؛ باش.

laudanum (lôd′'n-əm, lôd′nəm), *n.* (١) شتێکی گیراوەیە بە تلیاکەوە (٢) گیراوەیەکی تلیاک‌و خواردنەوەی کحوایی‌یە.

laudation (lô-dā′shən), *n.* ستایش کردن؛ ستایشکاری؛ ستایش.

laudative (lôd′ə-tiv), *adj.* = **laudatory.**

laudatory (lôd′ə-tôr´i, lôd′ə-tō´ri), *adj.* ستایشکار؛ ستایشکەر

laugh (laf, läf), *v.i.* پێکەنین

v.t. (١) بە پێکەنین دەربڕین. (٢) بە پێکەنین وەدیهێنان یا والێکردن.

n. (١) پێکەنین. (٢) شتێک کە مایەی پێکەنین بێت

have the last laugh, لە ئەنجامدا بردنەوە یا سەرکەوتن پاش ژێرکەوتنێکی سەردەمی

laugh at, پێ پێکەنین؛ گاڵتەپێکردن

laugh away, خۆ دەربازکردن یا پەڕاندنەوە لە شتێکی ناخۆش بە پێکەنین؛ بە پێکەنین بردنە سەر: *(to laugh away a person's fears or doubts)*

laugh in one's sleeve, بە دزێیەوە پێکەنین؛ لە ناوەوە پێکەنین.

laugh off, خۆ پەڕاندنەوە لە بارێکی ناخۆش بە پێکەنین، لاقرتی، یا بێباکی نواندن. *(to laugh off an embarrassing situation)*

laugh out of (or on) the other (or wrong) side of the-mouth, هەست بە ناخۆشی کردن پاش خۆشی.

no laughing matter, (شتێکی) گاڵتە ئێبە؛ شتێکی گرنگەو ئابن بە سووکی بگیرێ؛ گاڵتەی پێ ناکرێ.

laughable (laf′əb'l, läf′ə-b'l), *adj.* سەیر؛ شایانی گاڵتە یا پێکەنینە؛ بۆ پێکەنین یا گاڵتەپێکردن باشە.

-laughableness *(n.)*; **laughably** *(adv.).*

laughing gas, گازی پێکەنین.

laughing jackass, = **kookaburra.**

laughingly (laf′iŋ-li, läf′iŋ-li), *adv.* بە پێکەنینەوە؛ بە گاڵتەوە.

laughing-stock (laf′iŋ-stok´, läf′iŋ-stok´), *n.* قەشمەری؛ کەسێک یا شتێک کە گاڵتەچی هەموو کەس بێت.

laughter (laf′tĕr, läf′tĕr), *n.* پێکەنین.

launch (lônch, länch), *v.t.* (١) تەقاندن؛ هەڵدان؛ فڕێدان؛ ناردن (بۆ ئاسمان وەک مووشەک یا کەشتی ئاسمانی): *(to ~ a missile, rocket, etc.)* (٢) بۆ یەکەم جار خستنەئاو ئاوەوە‌و خستنەگەڕ (کەشتی‌و بەلەمی تازە) (٣) هێرش بردنە سەر؛ دەست بە هێرش کردن: *(to ~ an attack)* . (٤) دامەزراندن (لەسەر کار یا پیشەیەک)؛ دەستپێکردن. *(to ~ a new career; to ~ a young man into business)*

v.i. (١) ناردنە ئاو دەریاوە؛ دەستپێکردن. (٢) (~ into) خۆ تێ فڕێدان؛ بە جۆشەوە دەستپێکردن: *(She ~ed into a tirade.)*

n. (١) نزم کردنەوەی کەشتی یا بەلەمێکی تازە بۆ ئاو دەریا. (٢) حەوزی کەشتی دروستکردن (کە کەشتی تازەی لێوە دەنێررێتە ئاو دەریا) (٣) کاتی دەستپێکردن (کار، هێرش، مووشەک تەقاندن).

launch (lônch, länch), *n.* (١) گەورەترین بەلەمی سەر کەشتێیەکی جەنگی. (٢) بەلەمی مەکینە.

launching pad, launch pad (or platform), بنکەی مووشەک تەقاندن؛ بنکەی هاوێشتن یا تەقاندنی مووشەک‌و کەشتی ئاسمانی

launder (lôn′dĕr, län′dĕr), *n.* تەشتی پاککردنەوە کانزای خاو.

v.t. جل شتن؛ جل شۆردن: *(to ~ clothes)* .

v.i. (١) بەرگەی شتن گرتن: *(This fabric ~s well.)* (٢) جل شتن؛ جل شۆردن

laundress (lôn′dris, län′dris), *n.* جل شۆر (ئافرەت)

laundromat (lôn′drə-mat´, län′drə-mat´), *n.* جل شۆرک؛ جل شۆرخانە.

laundry (lôn′dri, län′dri), *n.* (١) جل شتن؛ جل شۆردن (٢) جل شۆرک؛ جل شۆرخانە (٣) (ا) جلی پیس (کە دەبێت بشۆرێ یا ئامادەیە بۆ شتن): *(I have to do my ~ today.)* (ب) جلی تازە شۆراو

laundryman (lôn′dri-mən, län′dri-mən), *n.* کرێکار یا سەرپەرشتیکەری جل شۆرخانە‌و ئوتوخانە.

laundrywoman (lôn′dri-woom′ən, län′dri-woom′ən), ***n.*** = laundress.

laureate (lô′ri-it), ***adj.*** (۱) به چڵو گوڵو گەڵای " دەفنە " چنراو (۲) گوڵبەندی "دەفنە" پێ بەخشراو (۳) هەڵکەوتوو (بەتایبەتی هۆنەر)؛ شاعیری بلیمەت (٤) خەڵات کرو (***Nobel ~***)

n. (۱) کەسێکی گوڵبەندی " دەفنە " پێ بەخشراو؛ کەسێکی خەڵات کراو (۲) هۆنەری هەڵکەوتوو؛ شاعیری کۆشکی پادشا

v.t. (۱) ڕێزلێنان بە گوڵبەندی " دەفنە " پێ بەخشین (۲) کردن بە هۆنەری کۆشکی پادشا

-laureateship ***(n.).***

laurel (lô′rəl, lär′əl), ***n.*** (۱) دەفنە درەختێکی هەمیشە سەوزە (۲) گوڵبەندی نەم درەختە کە بە کەسێك دەبەخشرێت لە سەرکەوتنیدا؛ گوڵبەندی سەرکەوتن. (۳) (***pl.***) (۱) پلەوپایە بەرزی؛ ناوداری؛ ناوبانگ. (ب) سەرکەوتن.

v.t. (۱) گوڵبەندی سەرکەوتن پێ بەخشین (۲) ڕێزلێنان

look to one's laurels, پاراستنی دەسکەوت و پلەوپایەی خۆ لە هاوچاوان

reap (or win) one's laurels, ڕێزلێ نران؛ گوڵبەندی سەرکەوتن پێ بەخشران؛ بەروبوومی سەرکەوتن خواردن.

rest on one's laurels, شانازی کردن بە سەرکەوتنی ڕابوردووەوە و پاڵ لێدانەوە؛ ڕازی بوون بە دەسکەوت و سەرکەوتنی ڕابوردوو قاچ لێ ڕاکێشان.

lava (lä′və, lav′ə), ***n.*** (۱) ئاگراو؛ شلەی ئاگرینی ئاگرڕێژن (کە بریتێیە لە کانزاو بەردی تواوە). (۲) نەم ئاگراوە پاش ساردبوونەوەی و وەك بەردلێهاتنی

lavatory (lav′ə-tôr′i, lav′ə-tō′ri), ***n.*** (۱) جۆرنە دەستشۆر (۲) ئاودەستخانە؛ ئاودەست؛ پێشاو؛ ژووری دەست شتن.

lave (lāv), ***v.t. & v.i.*** شتن؛ شۆردن

lave (lāv), ***v.t.*** بە چەمچە تێکردن یا هەڵهێنجان.

lavender (lav′ən-dər), ***n.*** (۱) گوڵە خەزنم؛ چاران چەقیلە؛ پرووەکێکی بۆن خۆشە. (۲) بۆن و گوڵاوی نەم گوڵە (۳) نەرخەوانی

adj. نەرخەوانی

v.t. بۆن خۆش کردن بەم گوڵە.

laver (lā′vər), ***n.*** (۱) جۆرنە بەتایبەتی هی مس کە لە کەنیشتەدا دەست و قاچی تێدا دەشۆرا (۲) پاکژکەرەوە؛ شتی پاککەرەوەی گیانی.

laver (lā′vər), ***n.*** جۆرە گیایەکی دەریاییە دەخورێت.

lavish (lav′ish), ***adj.*** (۱) دەستبڵاو؛ بەدە؛ دەستودڵ تێر؛ (***to be ~ in giving one's money)*** (۲) (۱) زیاد لە پێویست؛ زۆر؛ فەنتازی؛ فرە؛ بەرچاوتێر؛ (***~ praise; ~ expenditure; a ~ party, life-style, etc.)***

v.t. بە دەست و دڵ تێرانە پێدان یا خەرج کردن (***He ~ed his love on his children.)***

-lavishly ***(adv.)***; lavishness ***(n.).***

law (lô), ***n.*** (۱) قانون؛ یاسا؛ دەستوور (۲) قانونێك؛ یاسایەك (***They have established ~ and order.)*** (۳) ئاسایش؛ ئاسوودەیی (٤) زانستی یاسا؛ یاساگەری (٥) دادگا (***They had to resort to ~ to settle the matter.)*** (٦) یاسای تایبەتی بە بەشێکی تایبەتی ژیان (***business ~)*** (۷) دادگەری؛ دادپرسی؛ پارێزەری؛ پیشەی دادپرس و پارێزەر (۸) یاسا زانین (۹) پەیڕەو؛ یاسا (۱۰) هەستو هۆشی ڕگماکی (***the ~ of self-preservation)*** (۱۱) فەرمانی خودایی

go to law, چوونە دادگا بۆ دادپرسی؛ شکات کردن

lay down the law, زەبروزەنگ نواندن؛ سنوور بۆ دانان؛ بەر بۆ بەرەڵا نەکردن

take the law into one's own hands, مافی خۆ سەندن بە دەستی خۆز بەزۆر (لەباتی چوونە دادگا).

law-abiding (lô′ə-bīd′iŋ), ***adj.*** یاساپەرست؛ یاساپەروەر؛ ملکەچ.

law-breaker (lô′brāk′ər), ***n.*** یاساشکێن.

law-breaking (lô′brāk′iŋ), ***n.*** یاسا شکاندن.

adj. یاساشکێن

law court, دادگا.

lawful (lô′fl), ***adj.*** (۱) یاسایی؛ بەپێی یاسایە؛ ناقەدەغە: (***a ~ act; ~ methods)*** (۲) دان پێدانراو؛ دەستووری: (***the ~ heir)*** . (۳) دڕووست؛ حەڵاڵ: (***a ~ marriage)*** .

-lawfully ***(adv.)***; lawfulness ***(n.).***

lawgiver (lô′giv′ər), ***n.*** (۱) یاسای گەل بدەر؛ پێشەوایەکە کە دەستووری ژیان دادەنێت بۆ گەلەکەی. (۲) lawmaker .

lawless (lô′lis), ***adj.*** (۱) بێ یاسا؛ بەرەڵا: (***a ~ city)*** . (۲) قەدەغە؛ دژ بە یاسا: (***a ~ act)*** . (۳) لاسار؛ یاخی؛ سەرکێش: (***a ~ person)*** .

-lawlessly ***(adv.)***; lawlessness ***(n.).***

lawmaker (lô′māk′ər), ***n.*** یاسادانەر

lawn (lôn), ***n.*** چیمەن.

lawn (lôn), ***n.*** مەلمەڵ؛ کرێشە.

lawn mower, چیمەنبڕ؛ مەکینەی چیمەن بڕین.

Law of Moses, یاسای موسا؛ تەورات.

law of nations, یاسای نێو وواڵتان.

lawsuit (lô′sōōt′, lô′sūt′), ***n.*** دادخوازی؛ داواکاری (دادگا).

lawyer (lô′yər), ***n.*** پارێزەر (دادگا).

lax (laks), ***adj.*** (۱) ڕەوان؛ سکچوو (۲) شل؛ شڵوشێواو؛ خاو. (۳) (۱) کەمتەرخەم؛ بێباك: (***to be ~ about paying one's bills)*** . (ب) بەرەڵا (ڕەووشت)؛ شل (مەجان)؛ سووك (مەجان): (***~ morals)*** . (٤) خاو یا کشاو (زمان و کاژێر لەکاتی بێژانی هەندێ لە دەنگە بزوێنەکاندا وەك: " e " لە " let " وە " i " لە " hide " دا).

-laxity ***(n.)***; laxness ***(n.).***

laxative (lak′sə-tiv), ***adj.*** سك ڕەوین.

n. دەرمانی ڕەوانکەرە.

lay (lā), ***v.t.*** (۱) بە زەویدا دان؛ خستنە خوارەوە: (***He laid his opponent low with one punch.)*** (۲) (***~ in; ~ on***)، دانان؛ دانان لەسەر، لەژێر، یا لەناو؛ خستنەسەر؛ پاڵخستن: (***L~ the pencil on the table.)*** (۳) دانان لە شوێنێکی تایبەتیدا؛ خستنە شوێنێکی تایبەتی؛ خشتکاری کردن: (***to ~ bricks, a carpet, etc.)*** . (٤) خستنەسەر؛ پێدان: (***He ~s great emphasis on occuracy.)*** (٥) هێلکەکردن: (***Chickens ~ eggs.)*** . (٦) هێمن کردنەوە؛ دامرکاندنەوە: (***His doubts were laid.)*** (۷) پارەدانان بۆ گرەو. (۸) لەسەر دانان (باج، سزا)؛ بۆ بڕینەوە. (۹) دانان (نەخشە، پیلان)؛ کردن: (***L~ your plans carefully.)*** (۱۰) ئامادەکردن (مێزی نان خواردن). (۱۱) بە هی خۆ دانان؛ دەست بەسەردا گرتن: (***He laid claim to the property.)*** (۱۲) خستنەپاڵ؛ دانەپاڵ: (***The murder was laid to Jones.)*** (۱۳) [Slang]، گاین؛ جووت بوون لەگەڵ.

v.i. (۱) هێلکەکردن. (۲) گرەوکردن. (۳) پاکشان؛ پاڵکەوتن. (٤) بە چالاکی کارکردن.

n. (۱) بار؛ جۆرێتی هاتنه بەرچاوی شوێنێك؛ جۆرێتی پرکخرانی زەوی‌وزار: *(the ~ of the land)*

(۲) بەش (لە قازانجێك).

(۳) پلەی لوول خواردنی تانی گوریس یا پەت

(٤) [Slang]. (ا) هاوسەر: نافرەتێك (کە لەگەڵی جووت دەبیت): *(a good ~)*

(ب) گان

lay about (one), (۱) ئازایانە جەنگان؛ بە هەموو لایەکدا لێدان؛ مستەکۆڵە کێشان بە هەموو لایەکدا.

(۲) چالاکی نواندن.

lay a course, (۱) بە لایەکی تایبەتیدا ڕۆیشتن (کەشتی).

(۲) نەخشەدانان؛ ڕێ دانان بۆ کارێك.

lay aside, (۱) خستنەلاوە؛ لابردن؛ لادان: *(He laid his book aside to listen.)*

(۲) هەڵگرتن؛ پاشەکەوت کردن؛ خستنەلاوە: *(to lay aside money for one's old age)*

(۳) وازهێنان (خوو)؛ دەست لێ هەڵگرتن؛ تەرك کردن.

lay away, (۱) پاشەکەوت کردن؛ هەڵگرتن؛ خستنەلاوە.

(۲) خستنە لاوە (فرۆتەنی لە فرۆشگایەکدا پاش نەوەی کریارەکە پێشەکی هەندێ لە نرخەکەی دەدات)؛ بۆ دانان (فرۆتەنی): *(I asked the store manager to lay away a suitcase for me.; Some stores lay away merchandise for their clients after they pay a percentage of the price.)*

(۳) ناشتن

lay bare, ڕووتکردنەوە؛ خستنەڕوو

lay before, خستنە بەرچاو؛ خستنە بەردەم؛ خستنە پێش؛ پێشکەش کردن: *(to lay the facts before them)* .

lay by, هەڵگرتن؛ پاشەکەوت کردن.

lay down, (۱) خۆبەختکردن؛ ژیانی خۆ بەختکردن: *(to lay down one's life for a cause or a person)*

(۲) پێ دان بە زەویدا؛ لەسەر سوورپوون؛ زەبر نواندن؛ ووتن بە تووندی: *(to lay down the law)*

(۳) چەك فرێدان؛ خۆ دان بە دەستەوە: *(to lay down one's arms)* .

(٤) گرەوکردن. (٥) عەمارکردن؛ هەڵگرتن.

lay (fast) by the heels, بەندکردن؛ گرتن؛ پێوەندکردن؛ ڕێی دەربازبوون لێ گرتن.

lay for, [Colloq.], خۆ بۆ مات دان (بۆ پەلاماردان)

lay hands on, (۱) لێدان (زلله، مستەکۆڵە): *(Don't lay hands on the child.)*

(۲) دۆزینەوە.

lay into, [Slang], (۱) لێدان یا پیامانێن پەیتا پەیتا.

(۲) سەرزەنشتکردن؛ هێرش بردنە سەر بە دەم.

lay it on, [Colloq.], (۱) فشەکردن. (۲) بە شانو بالدا هاتنە خوارەوە.

lay low, (۱) بە لەپەرە کەوتن.

(۲) [Slang]. سەری خۆ کزکردن؛ خۆشاردنەوە.

lay off, (۱) خستنەلاوە (مشت‌ومڕ).

(۲) لە کار دەرکردن (بەتایبەتی بۆ ماوەیەکی کورت)؛ لێ خستن: *(He was laid off yesterday.)*

(۳) سنوور بۆ دانان؛ سنوور جیاکردنەوە.

(٤) [Slang]. (۱) وەستان؛ وازهێنان

(ب) لە گاڵتەپێکردن یا سەر خستنەسەر وەستان؛ بڕینەوە (قسەی ناشرین، سەر خستنەسەر، ڕەخنە... هتد).

lay on, (۱) لێ هەڵسوون؛ لێدان (مەڵحەم، پۆن... هتد).

(۲) هێرش بردنە سەر؛ لێدان بە توند.

lay oneself open, خۆ خستنە بەر یا ڕێ دان بە (هێرش، لۆمە، ڕەخنە): *(to lay oneself open to criticism by one's actions)*

lay open, (۱) هەڵدڕین؛ کردنەوە. (۲) خستنەڕوو؛ هەڵماڵین.

lay out, (۱) خەرج کردن. (۲) ڕێك‌وپێك کردن؛ ڕێزکردن.

(۳) ڕاخستن؛ داخستن؛ هێنانەڕوو.

(٤) شۆردن‌و کفن کردن؛ ئامادەکردن بۆ ناشتن.

(٥) [Slang]. بە زەویدا دان‌و لە هۆش خۆ خستن؛ کوشتن.

lay over, لادان (ڕێبوار)؛ مانەوە یا پشوودانی ڕێبوار لەنێوان دوو قۆناغدا

lay to rest, ناشتن؛ بە خاك سپاردن.

lay up, (۱) هەڵگرتن؛ پاشەکەوت کردن؛ خستنەلاوە.

(۲) پەکخستن (نەخۆش). (۳) لە کار کێشانەوە بۆ چاك کردن (کەشتی)

lay waste. وێران کردن.

lay (lā), *past tense of* **lie,** پاکشان.

lay (lā), *adj.* (۱) تایبەتی بەوانەی کە قەشە نین.

(۲) تایبەتی بە بۆرەپیاو یا بۆرەپیاوان؛ تایبەتی بە کەسێك کە ئەوە پیشەی نەبێت کە باسی دەکرێت: *(No ~ reader will understand this medical text.)*

lay (la), *n.* (۱) هەڵبەستێکی کورت (بەتایبەتی کە بکرێت بە گۆرانی).

(۲) [Archaic]. گۆرانی؛ ئاوان.

layer (lā′ĕr), *n.* (۱) چین؛ توێخ؛ تووێك؛ لۆ؛ توێ؛ تیرە؛ تووێژ: *(a ~ of meat, clay, etc.)*

(۲) (ا) وەستا (خشتکاری)؛ خشتکاریکەر: *(a brick- ~)* .

(ب) هێلکەکەر: *(good ~s; bad ~s)* .

(۳) چڵێکە دەکرێت بەژێر خاکەوە و ڕەگ دادەکوتێ بەبێ ئەوەی لە ڕووەکەکە بکرێتەوە.

v.t. & v.i. ڕووادنی ڕووەك بە کردنی چڵەکانی بەژێر خاکەوە بۆ ڕەگ داکوتان بەبێ لێکردنەوەیان لە ڕووەکەکە.

layer cake, کێکی چین چین.

layman (lā′mən), *n.* (۱) کەسێك کە قەشە نەبێت.

(۲) مرۆڤی ڕەمەکی؛ بۆرەپیاو؛ کەسێك کە ئەوە پیشەی نەبێت کە باسی دەکرێت: *(This medical textbook is not for the ~ .)* .

layoff (lā′ôf′), *n.* (۱) لە کار دەرکردن بۆ ماوەیەك؛ لێ خستنی سەردەمی: *(There were many ~s in the oil industry last year.)*

(۲) ماوەی نەم لێ خستنە.

lay-out (lā′out′), *n.* (۱) ڕاخستن؛ بڵاوکردنەوە؛ خستنە بەرچاو.

(۲) نەخشە: *(the ~ of a factory)* .

(۳) شێوەی ڕێکخستن: *(The newspaper ~ is his responsibility.)*

(٤) [Colloq.]. بارەگا؛ فەرمانگە؛ جێی کاری کەشخە.

(٥) کۆمەڵە ئامێر.

lay-over (lā′ō′vĕr), *n.* لادان (ڕێبوار)؛ پشوودان یا مانەوەی ڕێبوار لەنێوان دوو قۆناغدا.

lazar (lā′zĕr, laz′ĕr), *n.* سوالکەرێکی گەب.

lazaretto (laz′ə-ret′ō), *n.* *Also* **lazaret, lazarette,** -(۱) خەستەخانەی گەڕان؛ خەستەخانەی نەخۆشیبە درمەکان.

(۲) کەرەنتینەخانە. (۳) گەنجینەی کەشتی.

laze (lāz), *v.i.* تەمەڵی کردن؛ سوورانەوە

v.t. (~ away), کات کوشتن؛ تەمەڵی کردن؛ سوورانەوە.

laziness (lā′zi-nis), *n.* تەمەڵی؛ تەمەڵێتی.

lazuli = lapis lazuli.

lazy (lā′zi), *adj.* (۱) تەمەڵ؛ لەش گران

(۲) سست‌و قورس؛ خاو؛ خاوخلیچك: *(a ~ motion)* .

(۳) کاتی پشت لێکردنەوە یا پشوودان: *(a ~ day)*

-lazily *(adv.).*

lazy-bones (lā′zi-bōnz′), *n.* [Colloq.]. کەسێکی تەمەڵ

lazy tongs, مقاشی تەمەڵکەل: مقاشێکە شتوومەکی پێ هەڵدەگیرێ‌و دەهێنرێ.

lazzarone (laz´ə-rō´nā), *n.* سوانکەری بێ لانە.

lb., [L.], libra = pound.

lea (lē), *n.* [Poetic], مێرگ؛ لەوەڕگا

leach (lēch), *v.t.* (۱) پاڵاوتن؛ پاککردنەوە.
(۲) لێ دەرهێنان (بە پاڵاوتن).

v.i. (۱) لێ دەرهێنران (بە پاڵاوتن یا شۆردنەوە). (۲) توانەوە و ناوبردن.

n. (۱) پاڵاوتن. (۲) نامێرێکی وەک بێژنگە.
(۳) ماددەیەکە کە شلەیەکی پێ دەپاڵێورێ

lead (lēd), *v.t.* (۱) پێشڕەوی کردن؛ سەرکردەیی کردن:
(to ~ a people)
(۲) ڕاکێشان (جلەو): *(He led the horse by the bridle.)* .
(۳) پێشکەوتن؛ ڕێ پیشاندان: *(L~ the way!)* .
(٤) والێکردن؛ بوون بە هۆ: *(His troubles led him to drink.)* .
(٥) چوون بۆ: *(This room ~s to another one.)* .
(٦) پێ کردن *(A teacher ~s his pupils to think clearly.)* .
(۷) سەرکردەیی یا سەرتیپی کردن (لقە لەشکر، هێرش، ئۆرکیسترا، باڵ).
(۸) بردنەسەر (ژیان)؛ ژین: *(He ~s a busy life.)* .
(۹) پێ بردنە سەر (ژیان): *(She ~s him a dog's life.)* .
(۱۰) دەستپێکردن؛ کردنەوە

v.i. (۱) پێشڕەوی کردن؛ سەرکردەیی کردن؛ ڕێنوماییی کردن.
(۲) وەها بوون؛ وەها ڕۆیشتن.
(۳) بوون بە هۆ *(One thing led to another.)* .
(٤) دەستپێکردن (٥) یەکەم مستەکۆڵە هاویشتن (بۆکسبازی).
(٦) یەکەم دەست یاری کردن (یاری کاغەز).

n. (۱) سەرکردەیی؛ پێشڕەوی:
(In community projects he always took the ~ .)
(۲) وێنە: نموونە *(We will follow your ~ .)* .
(۳) پێشکەوتن (پێشبڕکێ).
(٤) مەودای پێشکەوتن (پێشبڕکێ): *(We hold a safe ~ .)* .
(٥) نیشانە؛ کلیلی مەتەل هەڵهێنان.
(٦) یەکەم مستەکۆڵە (بۆکسبازی).
(۷) یەکەم دەست یا مافی یەکەم دەست یاری کردن (یاری کاغەز).
(۸) تەلی تەلەکتریک گەیێن.
(۹) (أ) دەوری سەرەکی (فیلم، شانۆنامە): *(Who plays the ~ ?)* .
(ب) نوواندەری سەرەکی کە ئەم دەورە دەبینێ.
(۱۰) (أ) سەردێڕ یا یەکەم بەندی دەنگوباسێک (ڕۆژنامەگەری).
(ب) دەنگوباسی سەرەکی (ڕۆژنامەگەری، تەلەفزیۆن، ڕادیۆ):
(the ~ story in today's papers)
(۱۱) چینە کانزای خاوی زۆراوی لە بنی ووشکە ڕوبارەدا.

adj. پێشەوە: هی پێشەوە؛ یەکەم: *(the ~ horse)* .

lead astray, بەهەڵەدابردن: خستنەسەر ڕێی چەوت
(He was led astray by evil companions.)

lead (a person) by the nose, جلەوی کەسێک بە دەست بوون
(She leads him by the nose.)

lead off, دەستپێکردن: کردنەوە (ئاهەنگ، کۆڕ، ووتار... هتد):
(Who is going to lead off the discussion?)

lead on, (۱) فریودان؛ هاندان؛ دان بۆ ڕۆکردن؛ تەفرەدان
(She led him on.; Don't lead people on.)
(۲) بەرەو پێشەوە بردن؛ پاڵ پێوەنان بۆ پێشەوە

lead the way, پێشکەوتن؛ ڕێ پیشاندان؛ ڕێنوماییی کردن؛ بوون بە نموونە بۆ خەڵک.

lead up to, (۱) ڕێ بۆ تەختکردن؛ بەرە بەرە بۆ ئامادەکردن؛ بەرەو مەبەست بردن (گفتوگۆ)
(I don't know what you're leading up to.)
(۲) بوون بە ئەنجام؛ بەرەو ئەوە ڕۆیشتن.

lead (led), *n.* (۱) قوڕقوشم.
(۲) شتێکی قوڕقوشمی: (أ) سەنگێکە بۆ پێوانی قوواڵیی دەریا.
(ب) (*pl.*) [British]، پەڕەی قوڕقوشمەییە بۆ سەربان داپۆشین.
(ج) چوارچێوەی شووشەی پەنجەرە.
(د) تیلماسکێکە بۆ جیاکردنەوەی دێڕی چاپەمەنی.
(۳) فیشەک؛ گوللە.
(٤) گرافیت: جۆرە کاربۆن (خەڵووز)ێکە قەڵەمی ڕەشی لێ دروستدەکرێت.
قوڕقوشمی.

adj. (۱) قوڕقوشم لێدان. (۲) سوورکردنەوە بە قوڕقوشم (گلێنەکاری).

v.t. (۳) پان کردنی نێوان دێڕەکانی چاپەمەنی بە تیلماسکی قوڕقوشمی.
قوڕقوشماوی بوون؛ قوڕقوشم لێدران.

v.i.

leaden (led´n), *adj.* (۱) قوڕقوشمی. (۲) قورس؛ گران (سەنگ).
(۳) سست؛ خاو؛ قنگ گران. (٤) خەمبار؛ مات؛ دڵتەنگ.
(٥) خۆڵەمێشی؛ قوڕقوشمی (ڕەنگ).

leader (lēd´ēr), *n.* (۱) سەرۆک؛ سەرکردە؛ ڕابەر؛ فەرماندەر؛ پێشڕەو؛ پێشەوا؛ سەرگەورە. (۲) بەڕێوەبەر.
(۳) (أ) سەرۆکی حیزب یا ڕێکخراوێک.
(ب) کەسێکی بەدەسەڵات لە کۆمەڵەیەکی ڕامیاریدا؛ سەرکردە.
(٤) (أ) سەردەستە (تیپی مۆسیقا).
(ب) مۆسیقاژەنی سەرەکی (تیپی مۆسیقا).
(٥) نەسپی پێشەنگ (گالیسکەی چەند نەسپی).
(٦) سەرووتار (ڕۆژنامەگەری).
(۷) (*pl.*) ڕیزە خاڵی چاو ئاراستەکەر بۆ نەوپەڕی لاپەڕە (وەک لە پێرستدا).
(۸) بۆری (بۆ ئاوەڕۆی سەربان).
(۹) ژێ (تونێکاری)؛ ماسولکەژێ.
(۱۰) ژێیەکی کورتە قولاپ یا دانی پێوە دەبەسترێت بە ژێ سەرەکییەکەوە (ڕاوەماسی).
(۱۱) تەوقەسەرەی چڵە دار یا دەوەن؛ چڵ یا لقی سەرەکی ڕووەک.

leadership (lēd´ēr-ship´), *n.* (۱) سەرکردایەتی؛ سەرۆکایەتی؛ ڕابەرایەتی؛ پێشڕەوی؛ پلەوپایەی سەرکردە.
(۲) توانای سەرکردایەتی یا سەرۆکی.
(۳) کۆمەڵە سەرکردە؛ دەستەیەک سەرۆک.

lead-in (lēd´in´), *n.* (۱) پێشەکی؛ سەرەتا.
(۲) بەرنامەی پێشەنگ (تەلەفزیۆن، ڕادیۆ).
(۳) تەلی پێ گەیێن: ئەو بەشەیە لە تەلی ئیریەلێک کە دەبەسترێت بە ئامێرە ئەلەکترۆنییەکەوە وەک تەلەفزیۆن و ڕادیۆ.

leading (lēd´iŋ), *n.* سەرۆکایەتی کردن؛ سەرکردایەتی کردن؛ پێشڕەوێتی؛ ڕابەرێتی.

adj. (۱) سەرەکی؛ گرنگ؛ بنچینەیی: *(a ~ writer, factor, role)* .
(۲) لەپێش هەموانەوە؛ یەکەم؛ پێشەنگ: *(the ~ candidate)* .
(۳) نوواندەری سەرەکی؛ دەوری سەرەکی بینین (فیلم، شانۆنامە):
(a ~ lady, man)

leading article, سەرووتار (ڕۆژنامەگەری).

leading lady, نوواندەری سەرەکی (فیلم، شانۆنامە).

leading man, نوواندەری سەرەکی (فیلم، شانۆنامە).

leading question, پرسیارێکە وەها دەکرێت کە ئەو وەڵامەی پرسیارکەرەکە دەیەوێت بیدرێتەوە.

lead line, = sounding line.

lead-off (lēd´ôf´), *n.* (۱) سەرەتا (وەرزش)؛ یەکەم لێدان (یاری).
(۲) سەرەتا.

adj. دەستپێکەر؛ تایبەتی بە دەستپێکردن.

lead pencil, قەڵەمی ڕەش؛ قەڵەم

lead poisoning, ژەهری قوڕقوشم لێدران (کە دەبێتە هۆی خوێن کەمی و قەبزی و سک ئێشە و ماسولکە ئێشە و گۆجی).

leadsman (ledz´mən), *n.* قوواڵیی دەریا پێو.

leady (led′i), *adj.* (۱) قورقوشمی: لە قورقوشم دەچێت. (۲) قورس
leaf (lēf), *n.* (۱) گەڵا. (۲) (ا) پەڕەی گوڵ. (ب) پەڕە گەڵا. (۳) پەڕە: پەڕە کاغەز. (٤) (ا) پەڕەی خوان (کە دەتوانرێ لە مێزەکە بکرێتەوە یا بخرێتەوە سەری بەپێی کەم و زۆری میوان). (ب) پەڕەی چەسپیوی خوان. (٥) پەڕەی دەرگا و پەنجەرەی نوشتاوە. (٦) پەڕەی کانزایی.
v.i. (۱) گەڵاکردن: گەڵاگرتن: *(Trees ~ in the spring.)* . (۲) (~ through): پەڕە هەڵدانەوە: پەڕەپەڕەکردن: *(to ~ through a book)*
v.t. پەڕەپەڕەکردن: پەڕە هەڵدانەوە.
in leaf, گەڵاگرتوو: سەوز: گەڵای پێوەیە: *(The fig tree is in leaf.)*
take a leaf out of a person's book, لەسەر ڕێ و شوێنی کەسێک ڕۆیشتن: کردنی کەسێک بە نموونەی خۆ.
turn over a new leaf, پەڕەیەکی تازە هەڵدانەوە لە ژیاندا (بەتایبەتی بەمانای تەرک کردنی خووی خراپ): سەرلەنوێ دەستپێکردن و بیرچوونەوەی ڕابوردوو
leafage (lēf′ij), *n.* گەڵا: سەرجەمی گەڵاکانی ڕووەکێک یا درەختێک
leaf hopper, مێرووی بازدەدەر (شیلەو تەڕایی گەڵا دەخوات)
leafless (lēf′lis), *n.* بێ گەڵا: ڕووت
leaflet (lēf′lit), *n.* (۱) گەڵاچکۆلە: گەڵای تازە. (۲) بەشێکی گەڵایەکی خانە خانەدار. (۳) بڵاوکراوە (بەتایبەتی هی کوڕت و ڕووپاگەندە): ناهێلکە: *(propaganda ~s)*
leaf-stalk (lēf′stôk), *n.* لاسکە گەڵا.
leafy (lēf′i), *adj.* (۱) گەڵادار: لە گەڵا پێکهاتوو: گەڵایی. (۲) گەڵای زۆرە: پڕ گەڵا. (۳) گەڵا بان وەک (کاهوو، سپێناغ): *(Lettuce and spinach are ~ vegetables.)*
league (lēg), *n.* (۱) پەیمان (لە نێو وڵاتان، یانە، کۆمەڵە، یا تیپدا). (۲) (ا) یەکێتی (نێوان وڵاتان). (ب) یەکێتی (نێوان تیپی وەرزش، یانە، ڕێکخراو، یا مرۆڤدا).
v.t. & v.i. یەککرتن: بوون بە یەک
in league, هاوپەیمان: *(He is in league with the enemy.)*
league (lēg), *n.* (۱) پێوانەیەکی دووریی بریتییە لە سێ میل (لە هەندی وڵاتیشدا چوار): فرسەخ. (۲) دووجای نەم پێوانەیە.
leaguer (lē′gĕr), *n.* (۱) گەمارۆدان. (۲) لەشکری گەمارۆدەر. (۳) ئۆردوگای نەم جۆرە لەشکرە.
leaguer (lē′gĕr), *n.* نەندامی یەکێتییەک (هی نێو وڵاتان، یانە، ڕێکخراو، تیپی وەرزش... هتد): هاوپەیمان.
leak (lēk), *v.i.* (۱) تکەکردن: دڵۆپەکردن: دەڵاندن (۲) ~ in; ~ out): ڕێ دان بە ئ چوون یا تێ چوونی ئاو و هەوا: فشکردنەوە. (۳) ئاشکرابوون: دەرکەوتن: درکان: *(The truth ~ed out.)* .
v.t. (۱) ڕێ دان بە ئ چوون یا تێ چوونی ئاو و هەوا: فشکردنەوە. (۲) درکاندن: ئاشکراکردن: دەرخستن: *(to ~ secrets or information)* .
n. (۱) درز: کون: کەلەبەر (۲) تکە: دڵۆپە: دەڵان *(a ~ in the roof)* (۳) (ا) دەربازبوون و لەکیس چوونی ووزەی ئەلەکتریکی. (ب) جێی نەم دەربازبوونە (٤) (ا) درکانی دەنگوباسی نهێنی (بە دەسەنقەست یا بەبێ دەسەنقەست). (ب) دەنگوباسی درکێنراو. (ج) درکێنەری نەم دەنگوباسە: سەرچاوەی نەم درکاندنە
leakage (lēk′ij), *n.* (۱) دڵۆپە: دڵۆپەکردن: تکە (۲) شتی ئ چوو یا تێ چوو (شلە، هەوا) (۳) نەو بڕەی لە دەفرێک دەچێت یا تێی دەچێت. (٤) نەو بڕەی کە وا دادەنرێت لەکیس دەچێت لە گواستنەوەی شلەدا بە لێچوونی لە دەفر (بازرگانی).
leaky (lēk′i), *adj.* (۱) تکەکەر: دڵۆپەکەر: *(a ~ roof)* . (۲) [Colloq.]، دەم دراو. -leakiness *(n.)*.
lean (lēn), *v.i.* (۱) لاربوونەوە: خوارببوونەوە: چەمینەوە. (۲) شان لەسەر دادان: دەست پێوەگرتن: پاڵ پێوەدان: *(He ~ed on the desk.; ~ing against the railing)* (۳) (~ on; ~ upon): پشت پێ بەستن: *(L~ on me for help.)* . (٤) لایەنگیری کردن: پاڵپشتی کردن: بەلاوە باشتر بوون: *(You ~ toward state control of education.)* (٥) [Colloq.]، (~ on): زۆر بۆ هێنان: زۆرلێکردن: بەگیرهێنان: *(Their boss is ~ing on them.)*
lean (lēn), *adj.* (۱) لەپ: لاواز: پەقەڵە: باریک. (۲) بێ چەوری (گۆشت): *(~ meat)* . (۳) کەم (قازانج، بەر، بووجە، سەرمایە): *(a ~ budget)* .
n. گۆشتی بێ چەوری.
leaning (lēn′iŋ), *n.* (۱) لاری: خواری: لاربوونەوە. (۲) مەیل: ئارەزوو: لایەنگری.
leant (lent), *alternative past tense and p.p. of* **lean.**
leap (lēp), *v.i.* قەڵەمبازدان: بازدان: قونەکردن: هەڵبەزینەوە.
v.t. (۱) قەڵەمبازدان بەسەردا: بازد بەسەردا دان. (۲) بازدپێدان: *(He ~ed his horse over the wall.)* .
n. (۱) قەڵەمبازد: بازد: قونە: هەڵبەزینەوە. (۲) مەودای قەڵەمبازد. (۳) نەو شوێنەی بازدی لێوە دەدرێت: شت یا شوێنی بازد بەسەردا دراو. (٤) گۆڕپانێکی کوتوپڕی (٥) قۆستنەوە: بە پەرۆشەوە بوون بۆ هەل بۆ هەڵکەوتن (بۆ کردنی شتێک): *(to ~ at the chance to do something)* یەکەدوو لێ نەکردن.
a leap in the dark, کارێکی پڕ مەترسی: کارێکی نەنجام نەزانراو.
by leaps and bounds, ئێجگار زۆر: زۆر خێرا (پێشکەوتن، پەرەسەندن): *(His business is growing by leaps and bounds.)*
leapfrog (lēp′frôg′, lēp′frog′), *n.* یەکەو حەیزەران: یەکەو گۆتەکە.
v.t. & v.i. بەرەو پێشەوە ڕۆیشتن یا قەڵەمبازدان وەک لە یەکەو گۆتەکەدا.
leapt (lept, lēpt), *alternative past tense and p.p. of* **leap.**
leap year, ساڵی پڕ: ٣٦٦ ڕۆژ.
learn (lûrn), *v.t.* (۱) فێربوون. (۲) ڕەوان کردن. (۳) بیستن: زانین: پێ زانین: *(I ~ed that he had been sick.)* (٤) بۆ دەرکەوتن. (٥) عارنان: *(I've learnt my lesson.)* . (٦) فێربوون (خوو، هەڵوێست): *(You have ~ed humility.)* . (۷) فێرکردن (بەم مانایە نێستا هەر نەخوێندەوار بەکاری دەهێنن):
v.i. (۱) فێربوون. (۲) بیستن: پێ زانین: زانین.
learned (lûr′nid), *adj.* (۱) زانا: بزان: زۆر تێگەیشتوو: دانا: *(a ~ man)* (۲) زانایانە: تایبەتی بە زانایان: زانیاری (گۆڤار، ڕێکخراو): *(a ~ society, journal, etc.)*
learning (lûr′niŋ), *n.* (۱) فێربوون. (۲) زانیاری: زانست.
learnt (lûrnt), *alternative past tense and p.p. of* **learn.**
leary (lêr′i), *adj.* = leery.
leasable (lēs′ə-b'l), *adj.* بەکرێ دەدرێت (بەتایبەتی بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بەتایبەتی خانوو زەوی‌وزار): بەکرێ دەگیرێت.
lease (les), *n.* (۱) کرێ نامە (خانوو زەوی‌وزار): قۆنتەراتی بەکرێدان یا بەکرێ گرتن. (۲) ماوەی بەکرێدان یا بەکرێ گرتن (خانوو زەوی‌وزار). (۳) خانوو زەوی‌وزاری بەکرێ دراو.

v.t. (۱) بەکرێ دان (خانوو زەوی‌وزار) (۲) بەکرێ گرتن (خانوو زەوی‌وزار).
a new lease on life, ژیان نوێ بوونەوە (لە ئەنجامی لە ئەخۆشی چاکبوونەوە، مەراق ئەمان، یا بژگار بوون لە کارەساتێک).
lease-holder (lēs′hōl´dĕr), *n.* کرێچی (خانوو زەوی‌وزار) کرێ گرتە
leash (lēsh), *n.* (۱) زەشوە؛ زەشمە؛ جڵەو؛ هەوسار؛ پەت.
(kept in ~): (۲) دابینکردن؛ جڵەوگیری.
(۳) سێ سەگ. کەوێشك... هتد (ڕاوکردن)؛ دەستەی سێیانە.
v.t. (۱) زەشوەکردن؛ زەشمە کردنەسەر؛ بەستنەوە؛ پەت کردن.
(۲) جڵەوگرتن؛ دابینکردن.
hold in leash, دابینکردن جڵەوگرتن.
strain at the leash, سەرکێشی کردن؛ بێ ئارامی نوواندن
least (lēst), *adj.* کەمترین
adv. بە کەمترین
n. کەمترین
at (the) least, (۱) بەلای کەمەوە؛ هیچ نەبێ. (۲) هەرچۆنێك بێ.
not in the least, هیچ؛ بە هیچ جۆرێك؛ بە هیچ ڕادەیەك.
(I'm not in the least tired.)
leastways (lēst′wāz´), *adv.* [Dial.], = leastwise.
leastwise (lēst′wīz´), *adv.* [Colloq.], = at least.
leather (leth′ĕr), *n.* (۱) چەرم؛ پێستەی خۆش کراو؛ قایش؛ پێستەی دەباخ کراو. (۲) شتومەکی لە چەرم دروستکراو؛ شتی چەرم.
adj. چەرم؛ لە چەرم دروستکراو؛ چەرمین.
v.t. (۱) چەرم نێختن. (۲) بە قامچی لێدان؛ قامچی پێدان.
leatherback (leth′ĕr-bak´), *n.* جۆرە کیسەلێکی دەریایی گەورەیە
leathern (leth′ĕrn), *adj.* (۱) چەرمین؛ چەرم؛ لە چەرم دروستکراو.
(۲) لە چەرم دەچێت.
leatherneck (leth′ĕr-nek´), *n.* [Slang], سەربازی هێزی دەریایی ئەمەریکی
leatheroid (leth′ĕr-oid´), *n.* چەرمی دەستکرد.
leathery (leth′ĕr-i), *adj.* چەرمی؛ وەك چەرم وایە؛ ئەرم و جێر.
leave (lēv), *v.t.* (۱) نیشتنەوە؛ نەبردن؛ لێ بەجێهێشتن.
(۲) بەجێهێشتن شوێنەوار، پاشماوە، نیشانە جێ)
(۳) لە دوای خۆ بەجێهێشتن؛ لە دوا بەجێمان.
(The deceased ~s a widow and two children.)
(٤) بۆ بەجێهێشتن لە وەسیەتنامەدا).
(She left her fortune to charity.)
(٥) (~ to; ~ up to): پێ سپاردن (لێبرسراو)؛ پێ پێدان بۆ بڕیاردان.
(I will ~ that to you.; She ~s such decisions up to me.)
(Ten minus two ~s eight.): (٦) ماندوە (ژمێرە).
(Here is my proposal- take it or ~ it.). (۷) نەویستن؛ بەجێهێشتن.
(۸) بەجێهێشتن (شوێن)؛ ڕۆیشتن؛ بڕۆیت.
(we will ~ town tomorrow.)
(۹) بەجێهێشتن لە دوای خۆ (مرۆڤ، شت).
(I left him there.; She left it in the car.)
(۱۰) وازلێهێنان؛ دەست لێ هەڵگرتن؛ دەست لێ بەردار بوون
(۱۱) خۆ لێ کشانەوە؛ وازهێنان؛ دەست هەڵگرتن
(۱۲) [Slang] هێشتن؛ پێ پێدان
v.i. ڕۆیشتن؛ ڕۆیین
leave off, (۱) وەستان؛ دەست هەڵگرتن.
(leave off alcohol): (۲) تەرك كردن؛ وازهێنان.
leave one alone, بەرۆك نەڕدان؛ لێ گەڕان؛ وازلێهێنان؛ لە کۆڵ بوونەوە.
(Leave me alone, please.)
leave out, پەڕاندن؛ لەبیرچوونەوە و باس نەکردن.
(to leave out a letter, some names, an important item, unnecessary details, etc.)
leave word (with), ڕاسپاردن؛ پەیام بۆ بەجێهێشتن.
(I will leave word with my neighbour to open the door for you and let you in my house.)
leave (lēv), *n.* (۱) ماوە؛ ماوەپێدان؛ پێ پێدان؛ پێ پێ دران.
(۲) ووچان؛ پشوو؛ ماوە دان بۆ ووچان گرتن.
(۳) ماوەی ئەم ووچانە.
beg leave, داوای ماوەدان کردن؛ داواکردن بە پێ پێدان.
by your leave, بە یارمەتی تۆ؛ ئەگەر ڕێم پێ دەدەیت.
on leave, لە ووچاندایە؛ لە ووچانە.
take leave of, خواحافیزی لێکردن.
take one's leave, ڕۆیشتن؛ خواحافیزی کردن و ڕۆیشتن.
leave (lēv), *v.i.* گەڵاکردن؛ گەڵاگرتن.
leaved (lēvd), *adj.* (۱) گەڵای پێوەیە؛ گەڵای کردووە.
(narrow- ~): (۲) جۆرێك یا ژمارەیەکی تایبەتی گەڵای پێوەیە.
leaven (lev′n), *n.* (۱) هەویرترش؛ هەوێن.
(۲) بیرۆڕایەك یا کارێك کە وورده وورده شت دەبزوێنێ و دەژێنێتەوە و جۆشی تێ دەخات.
v.t. (۱) هەویرترش تێکردن؛ هەویر هەڵهاتن؛ هەوێن تێکردن.
(۲) ژیاندنەوەی بەرە بەرە؛ پیا بڵاوبوونەوە و بزواندن یا جۆش تێخستن.
leave of absence, ووچان؛ ووچان پێدان.
leaves (lēvz), *n. plural of* **leaf.**
leave-taking (lēv′tāk´ĭŋ), *n.* خواحافیزی کردن؛ خواحافیزی؛ ڕۆیشتن.
leavings (lēv′ĭŋs), *n.pl.* پاشماوە؛ خڵتە؛ پاشەڕۆ؛ گەنوگو؛ زبڵ.
Lebanese (leb´ə-nēz′), *adj.* لوبنانی (گەل، کلتوور).
n. لوبنانی؛ کەسێکی لوبنانی.
lecher (lech′ĕr), *n.* پیاوێکی داوێن پیس؛ چاوچنۆس.
lecherous (lech′ĕr-əs), *adj.* داوێن پیس؛ چاوچنۆس.
-lecherously *(adv.)*; lecherousness *(n.)*.
lechery (lech′ĕr-i), *n.* داوێن پیسی؛ چاوچنۆسی.
lectern (lek′tĕrn), *n.* (۱) مێزی ئینجیل لێوە خوێندنەوە لە کڵێسەدا.
(۲) دووانگە؛ مێزی دووانەدار؛ سێپای ووتار خوێندنەوە.
lection (lek′shən), *n.* (۱) خوێندنەوەی ئینجیل لە کڵێسەدا لەکاتی نوێژدا. (۲) خوێندنەوەی دەقی نووسراوێکی جیا لە دەقێکی تری هەمان نووسراو.
lectionary (lek′shən-er´ĭ), *n.* لیستەی ئەو بەشانەی ئینجیل کە دەخوێنرێنەوە لە کڵێسەدا لەکاتی نوێژدا.
lector (lek′tĕr), *n.* (۱) خوێندەرەوەی ئینجیل لە کڵێسەدا لەکاتی نوێژدا.
(۲) وانەوانی هەندێ زانکۆ.
lecture (lek′chĕr), *n.* (۱) وانە.
(۲) سەرزەنشتێکی دوورودرێژ: *(to give someone a ~)*.
v.i. وانە بێژان؛ وانە دان.
v.t. (۱) وانە بێژان؛ وانە بۆ دان. (۲) سەرزەنشتکردن بە دوورودرێژی
lecturer (lek′chĕr-ĕr), *n.* وانەوان؛ وانەبێژ؛ مامۆستا.
lectureship (lek′chĕr-ship´), *n.* وانەبێژی؛ پلەی وانەوان
led (led), *past tense and past participle of* **lead.**
ledge (lej), *n.* (۱) لێواری پەنجەرە یا ڕەفە؛ ڕەفە.
(۲) (ا) لووتکەی شاخ؛ لووتکەی بەرد. (ب) تیرە بەردی ژێر ئاوی کەنار دەریا
(۳) تیرە بەردی کانزاداری ژێرزەمین.
ledger (lej′ĕr), *n.* (۱) تەختەبەردی سەر گۆڕ.
(۲) بڕەداری ئاسۆیی سێیارە (۳) دەفتەری ژمێریاری؛ دەفتەری ژمێرە
ledger board, تەختەداری سەر تەیمانی پێ پلیکانەو تەلارو شوێنی تر.
lee (lē), *n.* (۱) پەنا؛ پەناگا؛ جێی پەنا (۲) شوێنێك کە با نەیگرێتەوە.
(۳) ئەو دیوەی کەشتی و بەلەم کە با ناگرێتەوە.

adj. بانەگرەوە؛ تایبەتی بە دیوی بانەگرەوە.

leech (lēch), *n.* (۱) پزیشک. (۲) زاروو؛ زەروو؛ زالوو.
(۳) مفتخۆر؛ لاوورگە؛ لاکوت؛ هەوانتەخۆر؛ ناخوونەککەر؛ مشەخۆر.

v.t. (۱) چارەکردن؛ چاککردنەوە؛ دەرمان کردن.
(۲) خوێن گرتن بە زەروو؛ خوێن بەردان بە زالوو

v.i. لاکوتی کردن؛ مفتخۆری کردن؛ ناخوونەك کردن.

leech (lēch), *n.* قەراغی دەرەوەی بایەوان؛ قەراغی ستوونی بایەوان.

leek (lēk), *n.* سەوزەیەکە لە توخمی تەرە پیازە گەلاکانی لە کەوەر دەچێت، بەڵام زۆر پانترە

leer (lêr), *n.* سەیرکردنێکە بە لاتیلەی چاوو بە بزەوە بە نیازی پیس‌و ناپەسەندانە یا تەماع کردنە ئافرەتێك یا شتێك.

v.i. تەماشاکردن بەم جۆرە.
(The nasty old man ~ed on the young girl.)

leery (lêr'i), *adj. Also* **leary**, [Colloq.], بە ترس؛ بە گومان.
(I am ~ of people like him.)

lees (lēz), *n.pl.* خڵتە؛ تڵپی نیشتوو؛ نیشتووی بن دەفر.

lee shore, ئەو کەنار دەریایەی بەرەو ئەوێ با هەڵدەکات.

leeward (lē'wērd), *adj., n., & adv.* بەرەو ئەو لایەی کە با بۆی هەڵدەکات

leeway (lē'wā´), *n.* (۱) لادانی کەشتی‌و فڕۆکە لە ڕێی ڕاستی خۆیان بەهۆی باوە. (ب) گۆشەی ئەم لادانە.
(۲) [Colloq.]، مەودای لادانی ڕێ پێدراو (پارە خەرج کردن، کات بردنەسەر، کاروبار هەڵسوڕاندن، ڕەفتار نواندن)؛ سەربەستی کردنی شت بە دڵی خۆ.
(With this tight schedule I don't have much ~.)

left (left), *adj.* (۱) چەپ (۲) چەپڕەو (ڕامیاری).

n. (۱) لای چەپ؛ چەپ. (۲) مستەکۆڵەیەك بە دەستی چەپ (بۆکسبازی).
(۳) [the L-]، حیزب، کۆمەڵە، یا هەڵوێستێکی چەپڕەو.

adv. بەرەو چەپ؛ بە لای چەپدا.

left (left), *past tense and past participle of* **leave**.

left-handed (left'han'did), *adj.* (۱) چەپەڵە؛ چەپە
(۲) بەدەستی چەپ کراو. (۳) ناکارامە؛ گێل؛ گەلحۆ؛ گێژ.
(٤) نادڵسۆز؛ نابەدڵ؛ مەبەست خراپ. *(a ~ compliment)*.
(٥) morganatic.
(٦) بۆ دەستی چەپ کراوە؛ بە دەستی چەپ بەکاردەهێنرێ.
(۷) لە ڕاستەوە بۆ چەپ دەسووڕێتەوە (بە دژی دەسی کاتژمێرەوە).

adv. بە دەستی چەپ. *(He writes ~.)*.

leftism (lef'tiz'm), *n.* چەپڕەوی (ڕامیاری).

leftist (lef'tist), *n.* چەپڕەو (ڕامیاری)؛ چەپڕۆ.

leftover (left'ō´vēr), *n. & adj.* بەرماوە؛ پاشماوە؛ چێشتی کۆن؛ پاشەڕۆك

left wing, *Also* **Left Wing,** چەپڕەو (حیزب، کۆمەڵە)؛ چەپی (ڕامیاری).

-left-wing *(adj.)*.

left-winger (left'wiŋ ēr), *n.* چەپڕەو (مرۆڤ)؛ ئەندامی حیزب یا کۆمەڵەیەکی چەپڕەو.

lefty (lef'ti), *n.* [Slang], کەسێکی چەپەڵە

leg (leg), *n.* (۱) لاق؛ لنگ (۲) لنگی شەروال‌و پانتۆل.
(۳) شتێك کە لە لاق بچێ: (ا) لاق یا پێچکە (کورسی، مێز).
(ب) لاقی سپیاو پرگال.
(٤) قۆناغ. *(the last ~ of our trip)*.
(٥) یەکێك لە دوولا ستوونییەکەی سێگۆشەیەك.

v.t. [Colloq.], (~ it), بە پێ ڕۆیشتن؛ ڕاکردن

give a leg up, [Colloq.], پاڵ پێوەنان؛ یارمەتیدان؛ هاندان.

have not a leg to stand on, [Colloq.], هیچ بەڵگەو بیانوویەکی ئەیە بۆ هەڵوێستێك یا کردەوەیەك.

on one's last leg, [Colloq.], زۆر بە بەرەوە نەمان؛ زۆری نەماوە (بۆ مردن، ڕۆڕکەوتن، نابوت بوون، یا ماندوو بوون)؛ باری شلۆقە.

pull one's leg, [Colloq.], گاڵتە لەگەڵ کردن؛ درۆ لەگەڵ کردن هەر بۆ گاڵتە.
(I was pulling your leg when I told you about winning a lottery.)

shake a leg, [Slang], (۱) پەلەکردن. (۲) سەماکردن

legacy (leg'ə-si), *n.* (۱) میراتی؛ جێماوە.
(۲) کەلەپوور؛ پاشماوەی دێرین؛ نەریت.

legal (lē'g'l), *adj.* (۱) یاسایی؛ دروستە؛ ڕێ دراو. *(a ~ act)*.
(۲) تایبەتی بە پارێزەران‌و دادپرسان. *(~ ethics)*.
(۳) لە ڕووی یاساوە؛ بەپێی یاسا. *(a ~ offense)*.
(٤) تایبەتی بە تەورات. (٥) حەڵاڵ.

legal cap, کاغەزی نووسینی پارێزەر.

legalism (lē'g'l-iz'm), *n.* پەیڕەوی کردنی کوێرانەی یاسا.

-legalist *(n.)*; **legalistic** *(adj.)*; **legalistically** *(adv.)*.

legality (li-gal'ə-ti), *n.* (۱) دروستێتی؛ یاسایەتی؛ بەپێی یاسایەتی شتێك. *(the ~ of his act)*.
(۲) پەیڕەوی کردنی یاسا.
(۳) شت یا هەنگاوی پێویست بەپێی یاسا

legalize (lē'g'l-īz´), *v.t.* (۱) ڕێ پێدان بەپێی یاسا؛ دروستکردن: *(to ~ abortion)*
(۲) حەڵاڵ کردن؛ بەپێی یاسا کردن.

-legalization *(n.)*.

legally (lē'g'l-i), *adv.* لە ڕووی یاساوە؛ لە باری یاساوە؛ بەپێی یاسا

legal tender, چەشنی پارە کە بەپێی یاسا دەبێت خاوەن قەرز وەری بگرێت لە وەرگرتنەوەی قەرزەکەیدا:
(Dimes are a ~ for any sum up to ten dollars.)

legate (leg'it), *n.* باڵیۆزی پاپا؛ نوێنەری دیپلۆماسی (بەتایبەتی هی پاپا).

-legateship *(n.)*.

legatee (leg´ə-tē'), *n.* میراتگر؛ میراتبەر.

legation (li-gā'shən), *n.* (۱) نوێنەری دیپلۆماسی ناردن.
(۲) ئەرکی ڕێ سپێردراوی ئەم نوێنەرە.
(۳) دەزگایەکی دیپلۆماسییە پلەیەك لەخوار باڵیۆزخانەوەیە.
(٤) سەرۆکی ئەم دەزگایەو فەرمانبەرەکانی.
(٥) فەرمانگەی ئەم دەزگایە.

legend (lej'ənd), *n.* (۱) داستان؛ ئەفسانە. (۲) کۆمەڵە داستان.
(۳) کەسێکی زۆر بەناوبانگ یا شتێك کە دەبێتە داستان؛ کەسێکی ئەوەندە لێهاتووە کە وەك ئەفسانەی لێ دێت.
(٤) ناونیشانێکی هەڵگەڕاوە لەسەر سکەیەك یا دروشمێکی خانەدانی.
(٥) تێبینی ڕوونکەرەوەی نەخشە یا وێنەیەك.

legendary (lej'ən-der´i), *adj.* داستانی؛ ئەفسانەیی؛ ئەفسانەوی: *(a ~ figure in Kurdish history)*

legendry (lej'ən-dri), *n.* سەرجەمی داستان یا ئەفسانەکان.

legerdemain (lej´ēr-di-mān'), *n.* (۱) دەست سووکی؛ فێڵ‌و تەڵەکەی جادووگەر؛ جادووگەری. (۲) فێڵ‌و تەڵەکە؛ تەڵەکەبازی؛ فێڵ ساختە؛ فڕوفێڵ.

leggy (leg'i), *adj.* (۱) لاق درێژ لە ئەندازە بەدەر. *(a ~ colt)*.
(۲) [Colloq.]، لاق جوان‌و درێژ (ئافرەت). (۳) لاسك درێژ.

legible (lej'ə-b'l), *adj.* پوون (دەستنووس)؛ بە ئاسانی دەخوێنرێتەوە؛ دەخوێنرێتەوە. *(~ handwriting)*.

-legibility *(n.)*; **legibleness** *(n.)*.

legibly (lej'ə-bli), *adv.* بە جۆرێك کە بخوێنرێتەوە (دەستنووس)؛ بە ڕوونی: *(Please, write ~.)*.

legion (lē′jən), *n.* (۱) لقێکی لەشکری ڕۆمانی (لەنێوان سێ هەزار تا شەش هەزار سەربازدا). (۲) ئوردو؛ لەشکر. (۳) ژمارەیەکی زۆر؛ گەلێک. (٤) [L-]، یەکێتی جەنگاوەرانی کۆن؛ ڕێکخراوی سەربازانی کۆن.

legionary (lē′jən-er′i), *adj.* ئوردویی؛ لەشکری.

n. (۱) ئەندامی ئوردو؛ ئەندامی لەشکرێك. (۲) ئەندامی ڕێکخراوێکی جەنگاوەرانی کۆن.

legionnaire (lē′jən-âr′), *n.* (۱) ئەندامی لەشکرێك یا ئوردوێك. (۲) [L-]، ئەندامێکی ڕێکخراوی سەربازانی کۆن.

Legion of Honor, خەڵاتێکی بەرزی فەرەنسەیە بۆ سەربازان.

Legion of Merit, خەڵاتی لیهاتوویی. خەڵاتێکی بەرزی ئەمەریکییە بۆ سەربازان

legislate (lej′is-lāt′), *v.i. & v.t.* یاسادانان

legislation (lej′is-lā′shən), *n.* (۱) یاسادانان ۲. یاسا؛ قانون

legislative (lej′is-lā′tiv), *adj.* (۱) یاساسازی؛ یاسادانان

(~ powers, functions; the ~ branch of government)

(۲) دەسەڵاتی یاسادانان: *(a ~ assembly)* .

(۳) لە ڕێی یاسادانانەوە کراو.

n. لقی یاساسازی میری؛ دەستەی یاسادانەران؛ پەرلەمان؛ ئەنجومەنی نوێنەران.

legislator (lej′is-lā′tēr), *n.* یاسادانەر؛ ئەندامی دەستەی یاسادانەران؛ ئەندامی پەرلەمان.

legislature (lej′is-lā′chēr), *n.* ئەنجومەنی یاسادانەران؛ پەرلەمانی یەکێك لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا؛ ئەنجومەنی یاسادانان؛ ئەنجومەنی یاساسازی.

legist (lē′jist), *n.* یاسازان؛ پسپۆری یاسا.

legit (li-jit′), *n.* [Slang], شانۆنامەی پەسەند

adj. [Slang], = **legitimate.**

legitimacy (li-jit′ə-mə-si), *n.* ڕەوایی؛ دروستی؛ دروستێتی؛ پەسەندی؛ بەجێیی *(The ~ of a government, claim, purpose)* .

legitimate (li-jit′ə-mit), *adj.* (۱) حەڵاڵ زادە. *(a ~ child)* .

(۲) دروست؛ ڕەوا *(a ~ claim, purpose, etc.)* .

(۳) بەجێ؛ پەسەند *(a ~ reason for being absent)* .

(٤) ڕاستەقینە

(٥) (أ) دەستووری؛ بەپێی یاسا دانراوە: *(a ~ government)* .

(ب) بەپێی مافی میراتی بۆی ماوەتەوە؛ دەستووری: *(a ~ king)* .

(٦) پەسەند (شانۆنامە)؛ تایبەتی بە شانۆنامەیەك کە ناوکرۆکەکەی گرنگ بێت نەك گاڵتەوگەپ *(~ drama, theatre)* .

v.t. (۱) (أ) بە ڕەوا دانان؛ ڕەواکردن (ب) حەڵاڵ کردن؛ دروستکردن.

(۲) کردن بە حەڵاڵ زادە (لە دادگا).

-legitimately *(adv.)*; **legitimation** *(n.)*.

legitimatize (li-jit′ə-mə-tīz′), *v.t.* = legitimize.

legitimist (li-jit′ə-mist), *n.* لایەنگری دەسەڵاتی دەستووری بەتایبەتی هی کەسێك کە داوای پادشایەتی دەکات چونکە بە میراتی بۆی ماوەتەوە

-legitimism *(n.)*.

legitimize (li-jit′ə-mīz′), *v.t.* بە ڕەوا پێشاندان؛ ڕەواکردن؛ بەڵگە بۆ هێنانەوە *(to ~ a claim, right, situation, etc.)* .

legume (leg′ūm, li-gūm′), *n.* (۱) ڕووەکی پاقلەیی؛ پاقلەو تۆخمەکەی (وەك نۆبێ، فاسۆلیا، نۆك... هتد)

(۲) کەلوی پاقلەو تۆخمەکەی

(۳) تۆوی پاقلەو تۆخمەکەی

leguminous (li-gū′mi-nəs), *adj.* پاقلەیی؛ کەلووداڵ؛ تایبەتی بە ڕووەکی کەلووداڵ

leg work, [Colloq.]. ئەرکی بیادە؛ پیادەکار؛ ئەرکێك یا کارێکە کە بە پێ ڕۆیشتن جێبەجێ دەکرێت (وەك: دەنگوباس کۆکردنەوە بۆ ڕۆژنامەو تەلەفزیۆن و ڕادیو)

leister (lēs′tēr), *n.* ڕمی چنگاڵی (بۆ ڕاوەماسی).

n. ڕمی چنگاڵی گرتنە ماسی.

leisure (lē′zhēr, lezh′ēr), *n.* کاتی بەتاڵ؛ کاتی بێ نیشی؛ ئاسوودەیی.

adj. (۱) بەتاڵ (کات)؛ دەستبەتاڵ: *(~ time)* .

(۲) ئاسوودەو بێ نیش؛ خۆش گوزەران: *(the ~ class)* .

at leisure, (۱) دەستبەتاڵ؛ بەتاڵ

(۲) لەسەرخۆ؛ بەبێ پەلەکردن؛ بە هێواشی؛ بە شێنەیی.

at one's leisure, کە دەست گەیی؛ لەکاتی دەستبەتاڵیدا؛ بە هەوەسی خۆ: *(Read this at your leisure.)* .

leisured (lē′zhērd, lezh′ērd), *adj.* (۱) دەستبەتاڵ؛ ئاسوودەو بێ نیش. (۲) لەسەرخۆ؛ بە هێواشی؛ بە شێنەیی.

leisurely (lē′zhēr-li, lezh′ēr-li), *adj.* لەسەرخۆ؛ بە شێنەیی؛ بە هێواشی؛ بەبێ پەلەکردن؛ ئاسوودە: *(a ~ meal, drive, trip, etc.)*

adv. بە لەسەرخۆیی؛ بە شێنەیی.

-leisureliness *(n.)*.

leitmotif, leitmotiv (līt′mō-tēf′), *n.* بیری سەرەکی (لە چیرۆك، هۆنراوە، یا شانۆنامەیەکدا کە زوو زوو دووبارە دەکرێتەوە وە چیرۆکەکە دەبەستێت بەیەکەوە).

leman (lem′ən, lē′mən), *n.* [Archaic], (۱) دڵدار (پیاو، ژن)؛ خۆشەویست. (۲) دۆست (نافرەت).

lemma (lem′ə), *n.* (۱) بەڵگەیەك یا بیرێکی پێ سەلمێنراوە بۆ سەلماندنی بیرێکی گرنگتر بەکاردەهێنرێ. (۲) (أ) بیری ناوبراو لە سەرباسدا (ب) ووشەی لە فەرهەنگۆکدا ڕوون کراوە.

lemon (lem′ən), *n.* (۱) لیمۆ. (۲) دار لیمۆ. (۳) ڕەنگی لیمۆیی؛ ڕەنگی زەرد. (٤) [Colloq.]، شتێکی قەڵەو بێ فەر؛ کچێکی ناشرین؛ کەسێك یا شتێکی بێ کەڵك و سەرنەکەوتوو: *(The used car I bought was a ~.)*

adj. (۱) لیمۆیی (ڕەنگ)

(۲) تامی لیمۆ دەدات؛ لیمۆیی؛ بە لیمۆ کراو.

lemonade (lem′ən-ād′), *n.* ئاوی لیمۆ؛ خۆشاوی لیمۆ؛ شەربەتی لیمۆ.

lemon drop, نوقڵە لیمۆ.

lemur (lē′mēr), *n.* جۆرێکە لە مەیموون.

lemures (lem′yoo-rēz′), *n.pl.* خێوی شەوگەڕی مردووان (ئەفسانەی ڕۆمانی).

lend (lend), *v.t.* (۱) بە دەستیاو پێدان؛ بە ئەمانەت پێدان: *(to ~ someone a book)*

(۲) قەرز پێدان.

(۳) پێدان؛ لێ زیادکردن؛ خۆشترو جوانترکردن: *(A fire ~s cheer to a room.)*

(٤) دەستگیرۆیی کردن؛ یارمەتیدان؛ پێدان: *(to ~ a helping hand)*

v.i. قەرزدان.

lend itself (or oneself) to, ڕێگەدان؛ بۆ ئاسان کردن؛ گونجان؛ شیان: *(The novel lends itself to reading.)*

length (lenkth, lenth), *n.* (۱) درێژی؛ درێژایی. (۲) دووری. (۳) ماوەی خایان؛ ماوەی پێ چوون؛ ماوە. (٤) دوورودرێژی. (٥) پێوانەیەکە بریتییە لە درێژی شتێك یا گیاندارێك لە پێشپکێدا: *(His boat won by two ~s.; Her horse won by a ~.)*

(٦) درێژی یا ماوەی خایانی بڕگانی تیپە بزوێنێك

at full length, بەتەواوی ڕاکشاو (لەش).

at length, (۱) لە ئاکامدا؛ لە دواییدا.

(۲) بە دوورودرێژی: *(We discussed the subject at length.)*

go to any length, هەوڵدان بەو ڕەڕی توانا؛ خۆ پێوە ماندووکردن؛

سل نەکردنەوە لە کردنی هیچ شتێك (بۆ دەسکەوتن یا جێبەجێکردنی شتێك).
go to great (or all) lengths, = go to any length.
keep at arm's length, دوورەپەریز لێ وەستان؛ ساردی لەگەڵ نواندن؛ دوور ڕاگرتن: *(She tried to keep him at arm's length.)* .
lengthen (leŋk′th'n, leŋ′th'n), *v.t.* درێژکردنەوە؛ درێژکردن؛ درێژەپێدان
v.i. درێژبوونەوە؛ درێژبوون
lengthily (leŋk′thə-li, leŋ′thə-li), *adv.* بە دوورودرێژی
lengthways (leŋkth′wāz′, leŋth′wāz′), *adv. & adj.* **lengthwise.**
lengthwise (leŋkth′wīz′, leŋth′wīz′), *adv. & adj.* لەسەر باری درێژی؛ بە باری درێژی؛ بە درێژی
lengthy (leŋk′thi, leŋ′thi), *adj.* زۆر دوورودرێژ: *(a ~ speech, lecture, discussion. etc.)*
-lengthiness *(n.)*.
lenience (lē′ni-əns, lēn′yəns), *n.* = leniency.
leniency (lē′ni-ən-si, lēn′yən-si), *n.* (١) بەزەیی؛ دڵنەرمی؛ نەرمی (٢) کارێکی دڵنەرمانە
lenient (lē′ni-ənt, lēn′yənt), *adj.* دڵنەرم؛ نەرم؛ بە بەزەیی؛ شل؛ جڵەو شلکەر: *(a ~ judge, teacher, parent, etc.)* .
Leninism (len′in-iz′m), *n.* بیروباوەڕو فەلسەفەی لینین
-Leninist; Leninite *(n. & adj.)*.
lenitive (len′ə-tiv), *adj.* ئازارکوژ؛ ئازاربڕ
n. دەرمانی ئازارکوژ
lenity (len′ə-ti), *n.* = leniency.
lens (lenz), *n.* (١) گەردبیر؛ زەرەبین؛ شووشەی بینین (چاوێلکە، کامێرا). (٢) پەردەیەکی بڕشنی چاوە لە پشتی پەشینەی چاوەوە تیشك کۆدەکاتەوە.
Lent (lent), *n.* ماوەی بۆژوگرتن لە ئایینی خاچ پەرستیدا (بریتییە لە چل بۆژ).
lent (lent), *past tense and past participle of* lend.
lenticular (len-tik′yoo-lĕr), *adj.* (١) دوو ڕوو قۆقز (٢) گەردبینی
lentigo (len-tī′gō), *n.* (١) شڵ؛ کونج (٢) نیشانەیەکی زگماکی (وەك خاڵ).
lentil (len′t'l, len′til), *n.* (١) نیسك (٢) ڕووەکی نیسك
Leo (lē′ō), *n.* (١) ناوی کۆ نەستێرەیەکە. (٢) بورجی شێر.
leonine (lē′ə-nīn′), *adj.* شێرانە؛ وەك شێر.
leopard (lep′ĕrd), *n.* (١) بەور؛ پڵنگ. (٢) کەوڵی دەور یا پڵنگ (٣) وێنە یا پەیکەری شێرێکە لە لاوەو سەری بەرەو ڕووی تەماشاکەرە (وەك: شێرێ نینگلیزی لەسەر دروشم یا شێرێ تر).
leopardess (lep′ĕr-dis), *n.* بەوری مێ؛ مێ پڵنگ
leotard (lē′ə-tärd′), *n.* بەرگێکی یەك پارچەی تەنافبازو سەماکەرانە
leper (lep′ĕr), *n.* گەڕ؛ گول؛ کەسێکی گەڕوگول
lepidopterous (lep′ə-dop′tĕr-əs), *adj.* تایبەتی بە جانەوەری باڵ تەنکی پوولەکاوی (وەك پەپوولە).
lepidote (lep′ə-dōt′), *adj.* بە پوولەکەو کاژ یا تۆزاڵ داپۆشراو (ڕووەکناسی).
leprechaun (lep′rə-kôn′), *n.* جنۆکەیەکە بە خەزنەی شاراوە دەزانن و هەر کەس بیگرێ پیشانی دەدات (نەفسانەی ئیرلەندی).
leprosarium (lep′rə-sâr′i-əm), *n.* خەستەخانەی گەران.
leprosy (lep′rə-si), *n.* گەڕی؛ گەڕو گول
leprous (lep′rəs), *adj.* (١) گەڕ؛ گول. (٢) لە گەڕ دەچێت.
lesbian (lez′bi-ən), *adj.* پانپانۆکی کەڕ؛ قاشکەرو قاش کراو.
n. نافرەتی پانپانۆکی کەڕ؛ نافرەتێکە کە حەز لە نافرەتی تر دەکات.

lesbianism (lez′bi-ən-iz′m), *n.* پانپانۆکی؛ حەزکردنی نافرەت لە نافرەت
lesion (lē′zhən), *n.* (١) برین؛ زام؛ ئازار. (٢) بریتی پێست. (٣) زیان پێ گەیشتنی ئەندامێکی لەشو لەکارکەوتنی.
less (les), *adj.* (١) کەمتر. (٢) بچووکتر؛ نزمتر (پلەوپایە)؛ خوارتر.
adv. کەمتر؛ بە ڕادەیەکی کەمتر.
n. هەندێکی کەمتر؛ بڕێکی کەمتر.
prep. ئەوەندەی لێ دەرچێ (ژمێرە): *(Five dollars ~ two.)* .
-less (lis), پاشگرێکە بەمانای: بێ؛ بە بێ: *(pitiless, dauntless, relentless)*
lessee (les-ē′), *n.* کرێچی؛ کرێ گرتە.
lessen (les′'n), *v.t.* (١) کەمکردنەوە؛ کەمکردن (٢) شکاندن؛ لە پلەوپایە کەمکردنەوە.
v.i. کەم بوونەوە؛ کەم بوون.
lesser (les′ĕr), *adj.* (١) کەمتر. (٢) بچووکتر؛ نزمتر (پلەوپایە)؛ خوارتر.
lesson (les′'n), *n.* (١) وانە (٢) بەش (پەرتووکی قوتابخانە). (٣) شتێك کە فێربوونی پێویستە. (٤) پەند؛ فێربوونێکە لە ئەنجامی هەڵەکردندا: *(I hope you've learned your ~ .)* (٥) سەرزەنشت. (٦) بەشێکی ئینجیل (کە لە کڵێسەدا دەخوێنرێتەوە).
v.t. (١) فێرکردن؛ وانە پێ ووتنەوە. (٢) سەرزەنشتکردن.
(٩) گرتن (برادەر)؛ پەیداکردن: *(We all want to ~ money.)* .
(١٠) پەیداکردن (پارە)؛ دەسکەوتن: *(This restaurant made him.)* .
(١١) سەرخستن؛ کردن بە پیاو: *(What do you ~ of his strange actions?)*
(١٢) تێگەیشتن؛ لێکدانەوە: *(She made a quick movement.)* .
(١٣) کردن: *(to ~ war)* .
(١٤) کردن؛ خەریک بوون: *(to ~ a speech, remark, etc.)* .
(١٥) دان (ووتار)؛ کردن (قسە)؛ بێژان: *(M~ him behave.)* .
(١٦) والێکردن؛ بە زۆر پێ کردن: *(The ship made port.)* .
(١٧) گەیشتن: *(He made the train.)* .
(١٨) فریاکەوتن؛ پیاگەیشتن: *(The salesman made six towns on this trip.)*
(١٩) چوون (بە نیشوکار):
(٢٠) بڕین (ڕێگە، دووری): *(They made the distance in five hours.)*
(٢١) (ا) ڕێشتن (خێرایی): *(My car can ~ 90 miles an hour.)* .
(ب) بڕکردن.
(٢٢) (ا) لێنان (چا، قاوە، نانو چێشت): *(I'll ~ you some tea.)* .
(ب) کردنەوە (ئاگر): *(Let's ~ a fire.)* .

(٢٣) [Colloq.]، وەرگیران (لە ڕێکخراوێك یا تیپێکدا)؛ گەیشتنە ئامانج.
(He made the team.; She made the headlines.)
(٢٤) [Slang]، تاوکردن؛ جووت بوون؛ گاین. (٢٥) یاری بردنەوە.

v.i. (١) دەستکردن بە کارێك یا شتێك. *(She made to go.)* .
(٢) ڕۆیشتن بەرەو؛ خۆ بۆ کوتان. *(He made for the door.)* .
(٣) بوون؛ بە شێوەیەکی تایبەتی ڕەووشت نووساندن.
(M~ bold, merry, etc.)
(٤) کردن. *(M~ fast; M~ ready)* .
(٥) کەڵەکەبوون؛ زۆربوون؛ قوول بوون؛ هەڵسان (ئاو).

n. (١) دروستکردن؛ کردن.
(٢) بەرهەم (بەتایبەتی شتی دروستکراو)؛ سەرجەمی شتی دروستکراو.
(٣) مۆدێل؛ شێواز (شتی دروستکراو).
(٤) جۆرو شوێنو ناوی دروستکەر. *(an automobile of English ~)* .
(٥) سروشتی کەسی. *(a man of this ~)* .

make a fool (or ass) of, بە کەرکردن؛ بە کەر دەرخستن؛ والێکردن کە بە کەر دیار بێ.
make after, ڕاکردن بە دوادا؛ شوێن کەوتن؛ نیشتنە سەر.
make as if (or as though), وا دانان
make away with, (١) دزین؛ بردن؛ بردنو ڕاکردن.
(The thieves made away with two thousand dollars.)
(٢) سەر بە گۆمدا کردن؛ خۆ لێ ڕزگارکردن.
(٣) ماشینەوە؛ هەموو خواردن. (٤) کوشتن.
make believe, وا دانان؛ وا نووساندن؛ وا دەرخستن.
(The children made believe they were adults.)
make for, (١) خۆ بۆ کوتان؛ چوون بەرەو.
(٢) هێرش بردنە سەر؛ پەلامارداردان. (٣) هەوڵ بۆ دان؛ کۆشش بۆ کردن.
make haste, پەلەکردن؛ خێراکردن.
make it, [Colloq.], دەسکەوتن؛ هێنانەدی؛ جێبەجێکردن؛ پێ گەیشتن (ئامانج)
make love, (١) دەستبازی کردن. (٢) جووت بوون؛ گاین.
make off, ڕاکردن؛ دەربازبوون؛ هەڵاتن؛ بۆی دەرچوون.
make off with, دزین؛ بردن
(The burglars made off with a lot of money.)
make or break, یا گاڵ دێنێ یا پەموو.
make out, (١) (ا) بە حاڵ بەدی کردن؛ بە ئاستەم بینین.
(ب) بە حاڵ بۆ خوێندنەوە.
(٢) تێگەیشتن؛ سەر لێ دەرچوون. *(I can't make him out.)* .
(٣) نووسین؛ نووسینەوە؛ ئامادەکردن. *(to make out a list)* .
(٤) پرکردنەوە (ئیستمارە).
(٥) وا دەرچوون؛ وا دەرکەوتن.
(٦) وا پیشاندان؛ وا ووتن.
(٧) بە باشی ڕۆیشتن (کاروبار).
make over, (١) تازەکردنەوە. *(to make over a coat)* .
(٢) خستنەسەر (مووڵك)؛ پێدان؛ خستنەسەر ناوی کەسێك (مووڵك، سامان).
(He has made over the whole business to his son.)
make the most (or best) of, (١) بە باشترین شێوە بەکارهێنان.
(He makes the most of the little he has.)
(٢) پێ دەربردن بە هەرچۆنێك بێت.
make up, (١) داهان؛ نووسین؛ پێکەوەنان.
(٢) بریتی بوون لە؛ بوون؛ پێکهێنان.
(Students make up half the population of the town.)
(٣) هەڵبەستن (چیرۆك، درۆ)؛ ڕێکخستن؛ دروستکردن.
(to make up stories, lies, etc.)
(٤) تەواوکردن.
(٥) (~ for)؛ بۆ بژاردن. (٦) ڕێکخستن.
(٧) ئاشتکردنەوە؛ ئاشتبوونەوە. *(We made up.)* .
(٨) سووراووسپیاو کردن؛ ئارایشتکردن.
(٩) بڕیاردان. *(I've made up my mind.)* .
(١٠) سەرلەنوێ تاقیکردنەوە (لەبەر دەرنەچوون یا دیار نەبوون).
(to make up a test)
make up for, بۆ بژاردن؛ هەق بۆ کردنەوە.
(We must make up for lost time.)
make up one's mind, بڕیاردان.
(Have you made up your mind?)
make up to, (١) خۆ لێ بردنە پێشەوە؛ مەرایی کردن.
(٢) هەق بۆ کردنەوە. *(We must make it up to him somehow.)* .
on the make, (١) [Colloq.]، خەریکی پارە پەیداکردنو خۆ پێشخستنە (لەڕووی سووکیەوە).
(٢) [Slang]، خەریکی ڕاوکردنە (دڵداری، تاوکردن).

make (māk), *n.* [Obs. or British Dial.], (١) هاوتا؛ هاوپلە؛ ئاوەڵ؛ هەڤاڵ. (٢) هاوسەر؛ دۆست.

make-believe (māk′bə-lēv′), *n.* (١) ڕووالەت؛ وا نووساندن؛ سەرزاری؛ ڕووالەتبازی. (٢) ڕووالەتباز؛ بە درۆ خۆ وا دەرخەر؛ خۆ وا پیشاندەر

adj. درۆزنە؛ درۆ؛ خەیاڵی؛ ڕێخەوی.
(a ~ character, situation, world, etc.)

maker (māk′ēr), *n.* (١) بکەر؛ دروستکەر.
(٢) [M-]، خودا. (٣) [Archaic]، هۆنەر؛ بۆێژ.
(٤) ئیمزاکەری کۆمپیاڵە.

makeshift (māk′shift′), *n.* چارەی سەردەمی؛ چارەسەری کاتی.

adj. سەردەمی (چارە).

make-up (māk′up′), *n.* (١) پێکهاتن؛ شێوەی پێکهاتن.
(the complex ~ of a corporation)
(٢) سروشتی مرۆڤ. *(He has an easygoing ~ .)* .
(٣) ڕێکخران؛ ڕێکخستن (تیپو وێنەی چاپەمەنی).
(٤) (ا) ئارایشت؛ سووراووسپیاو. (ب) شێوەی ئارایشتکردن.
(ج) ئارایشتو جلوبەرگی نوێنەر (شانۆگەری).
(٥) [Colloq.]، تاقیکردنەوەی دووبارە یا لەباتی (بۆ قوتابیەک کە لە تاقیکردنەوەی یەکەمدا کەوتبێ یا ئامادە نەبووبێ و نەیدابێ).

making (māk′iŋ), *n.* (١) کردن؛ دروستکردن؛ پێکهێنان؛ پێکهوەنان.
(٢) هۆی سەرکەوتن یا پێگەیشتن. (٣) (ا) شتێکی دروستکراو.
(ب) بەرهەمی یەك جار؛ ئەوەندەی جارێك دروست دەکرێ.
(ج) (*pl.*)، داهات؛ دەسکەوت.
(٤) (*pl.*)، ئەوەی پێویستە؛ نیشانە؛ تایبەتێ:
(He has the ~s of a good doctor.)
(٥) (*pl.*)، [Colloq.]، کاغەزو تووتنی جگەرە دروستکردن.

mal- (mal), پێشگرێکە بەمانای: خراپ؛ ناتەواو؛ هەڵە:
(malfunction, maladjustment, malnutrition)

malaco- (mal′ə-kə), پێشگرێکە بەمانای: (١) نەرم.
(٢) گیانداری ئاوی نەرمی قاوغدار.

malacology (mal′ə-kol′ə-ji), *n.* زانستی گیاندارە ئاوییە نەرمە قاوغدارەکان.

maladjusted (mal′ə-jus′tid), *adj.* لەگەڵ دەوروبەردا نەگونجاو، ڕانەهاتوو، یا ڕێك نەکەوتوو.

maladjustment (mal′ə-just′mənt), *n.* (١) لەگەڵ دەوروبەردا نەگونجان یا ڕانەهاتن. (٢) باش پێ نەکردن (پارچە مەکینە)؛ بە هەڵە چاك کراو

maladminister (mal′əd-min′ə-stēr), *v.t.* خراپ بەڕێوەبردن؛ باش نەبردن بەڕێوە.

-maladministration *(n.)*.

maladroit (mal′ə-droit′), *adj.* (١) بێ دەستوپێ؛ ناکارامە؛ گەلحق. (٢) نەزان؛ ڕێ بەدیێی نەکەر.

malady (mal′ə-di), *n.* نەخۆشی. پاستی و مەجازی): *(spiritual ~ies; a social ~)*

malaise (ma-lāz′), *n.* بێ تاقەتی ' کزی؛ پەستی؛ بێ وورەیی؛ لەش داهێزران؛ ناڕەحەتی.

malamute (mä′lə-mūt´), *n.* سەگێکی ڕێ بەهێزی تیسکنی ئەلاسکایی.

malapert (mal′ə-pūrt´), *adj.* [Archaic], بێ حەیا ' بێ شەرم؛ پووقایم.

n. [Archaic], کەسێکی بێ شەرمو بێ حەیا.

malapropism (mal′ə-prop-iz′m), *n.* (١) بە هەڵە بەکارهێنانی وشەو تێکەڵ کردنی (لەبەر لەیەکچوونی دەنگیانەوە). (٢) وێنەیەکی نەم هەڵە بەکارهێنانە.

malapropos (mal´ap-rə-pō′), *adj.* لە جێی خۆیدا نەبوو؛ نابەجێ؛ لە ناکاتدا بوو.

adv. بەشێوەیەکی نابەجێ.

malar (mā′lēr), *adj.* هی کوڵم. هی ئیسقانی کوڵم.

n. ئیسقانی کوڵم.

malaria (mə-lâr′i-ə), *n.* لەرزوتا؛ مەلاریا

malarkey, malarky (mə-lär′ki), *n.* [Slang], قسەی بێ مانا؛ قسەی هیچ وپووچ

malcontent (mal′kən-tent´), *adj.* ناڕازی و سەرکێش (دژی پڕژێمێك یا دۆخێکی تایبەتی)؛ کینە لە دل.

n. کەسێکی ناڕازی و سەرکێش؛ کەسێکی کینە لە دڵو ئامادەی شۆڕش یا یاخی بوون

male (māl), *adj.* (١) نێرینە؛ نێر؛ نێرە؛ باوکە. (٢) بەهێز. (٣) پیاوانە. (٤) هی پیاوان؛ لە کۆرو پیاو پێکهاتوو. *(a ~ choir)* .

(٥) (ا) هی نێرەك؛ نێرە؛ هی نەندامی نێرینەی گوڵ. (ب) نێرەکی؛ نێرەك هەڵگر؛ نێرەکدار: *(~ flowers)* .

(٦) نێرە (مەکینەناسی)؛ دەگرێت بە کوندا (سوێچی کارەبا، بۆری...هتد).

n. نێرینەی مرۆڤو گیاندارو پووەك.

malediction (mal´ə-dik′shən), *n.* (١) لەعنەت لێکردن؛ لەعنەت. (٢) بەدگۆیی؛ ناو پێس کردن؛ بەدناوکردن.

malefaction (mal´ə-fak′shən), *n.* تاوان؛ بەدکاری؛ خراپەکاری؛ خراپە

malefactor (mal′ə-fak´tēr), *n.* تاوانبار؛ بەدکار؛ خراپەکار.

malefic (mə-lef′ik), *adj.* زیانبەخش؛ پێس؛ مال وێرانکەر؛ بەد.

maleficence (mə-lef′ə-s'ns), *n.* بەدکاری؛ خراپەکاری؛ زیان؛ خراپە

-maleficent *(adj.).*

malemute, malemiut (mä′lə-mūt´), *n.* = malamute.

malevolence (mə-lev′ə-ləns), *n.* بەدخوازی؛ ناحەزی؛ کینەو بەدخوازی

malevolent (mə-lev′ə-lənt), *adj.* بەدخواز؛ ناحەز؛ کینە لە دڵو بەدخوا.

malfeasance (mal-fē′z'ns), *n.* کارێکی قەدەغە لەلایەن کاربەدەستێکەوە (وەك بەرتیل وەرگرتن).

malformation (mal´fôr-mā′shən), *n.* شێوان (لەش یا نەندام)؛ شێوانی ماکرایی؛ بە ناڕێکی یا ناتەواوی پێکهاتن

malformed (mal-fôrmd′), *adj.* شێواو (لەش یا نەندام)؛ بە شێواوی. ناڕێکی، یا ناتەواوی پێکهاتوو.

malfunction (mal-fuŋk′shən), *v.i.* بە باشی ئیش نەکردن (مەکینە، ئامێر)؛ کارنەکردن؛ وەستان:

(Some of the instruments ~ed.)

n. بە باشی ئیش نەکردن؛ ناتەواوی؛ کارنەکردن؛ وەستان.

malice (mal′is), *n.* بەدخوازی؛ ناحەزی؛ ڕق؛ کینە: *(I bear you no ~ .)*

malicious (mə-lish′əs), *adj.* بەدخواز؛ ناحەز؛ کینەدار؛ پێس؛ ڕقانی: *(a ~ person, remark, act, etc.)* .

malign (mə-līn′), *v.t.* بەدگۆیی کردن؛ ناو پێس کردن؛ بەدناوکردن؛ خراپە ووتن.

adj. (١) بەدخواز؛ ناحەز؛ پێس. (٢) زیانبەخش؛ بەد؛ خراپ.

-maligner *(n.).*

malignance (mə-lig′nəns), *n.* = malignancy.

malignancy (mə-lig′nən-si), *n.* (١) بەدخوازی؛ کینەو بەدخوایی؛ پێسی؛ ناحەزی. (٢) کوشندەیی (شێرپەنجە، برین)؛ زیانبەخشی. (٣) برینێکی کوشندە (شێرپەنجە)؛ سندان.

malignant (mə-lig′nənt), *adj.* (١) زۆر بەدخواز؛ زۆر ناحەز؛ زۆر کینەدار. (٢) زۆر زیانبەخش؛ بەد؛ پێس. (٣) کوشندە (شێرپەنجە، سندان، نەخۆشی)؛ سندانی؛ بکوژ؛ پێس *(a ~ tumor, disease, etc.)*

-malignantly *(adv.).*

malignity (mə-lig′nə-ti), *n.* (١) زۆر بەدخوازی؛ زۆر ناحەزی؛ ڕقێکی زۆر. (٢) کارێك، هەستێك یا پووداوێکی بەدو ناحەزانە. (٣) کوشندەیی (برین)؛ بکوژی.

malinger (mə-liŋ′gēr), *v.i.* بە درۆ خۆ نەخۆش خستن (بۆ خۆ- دزینەوە لە کار).

malkin (mô′kin), *n.* [Obs. or British Dial.], (١) ژنی چەپەڵ. (٢) داهۆڵ. (٣) [Scot.]، کەرێشك؛ کەرێشکە کێوی. (٤) پشیلە.

mall (môl), *n.* (١) (ا) مێکوتی یاری " pall-mall " . (ب) ئەم یارییە. (ج) یاریگای ئەم یارییە. (٢) قەیسەری؛ بازاڕی سەرگیراو. (٣) دووبەینی (ڕێگاوبان، شەقام). (٤) جێی پیاسە؛ ڕێڕەوی دارستێبەراوی بۆ پیاسەکردن.

mall (môl), *n. & v.t.* = maul.

mallard (mal′ērd), *n.* نێرەمراوی؛ سۆنە.

malleable (mal′i-ə-b'l), *adj.* (١) نەرم (کانزا)؛ چەکوشخۆر. (٢) بە ئاسانی ڕادێت؛ ملدەر؛ نەرم؛ گونجاو.

-malleability *(n.).*

mallee (mal′i), *n.* (١) جۆرێکە لە یوکالیپتۆسی نوستورالی. (٢) چڕستان یا بێشەڵانێك لەم درەختە.

mallemuck (mal′i-muk´), *n.* چەند جۆرە باڵندەیەکی دەریایی گەورەیە وەك قەترەس و فیلمار.

malleolus (mə-lē′ə-ləs), *n.* ئیسقانی قولەپێ.

mallet (mal′it), *n.* (١) مێکوت؛ چەکوشی دار. (٢) گورزی مێکوت ئاسای هەندێ یاری وەك " پۆلۆ " .

malleus (mal′i-əs), *n.* ئیسقانی مێکوتی گوێی ناوەوە.

mallow (mal′ō), *n.* (١) چەند توخمە پووەکێکە هێرۆو لۆکەو بامێ دەگرێتەوە. (٢) تۆڵەکە.

malm (mäm), *n.* (١) جۆرە بەردە قسڵێکی سپی بۆری نەرمە. (٢) [British Dial.]، گڵێکی نەرمی تەباشیریە (خشتی لێ دروست دەکرێ).

malmsey (mäm′zi), *n.* (١) جۆرە شەرابێکی شیرینی بۆن خۆشە. (٢) ئەو ترێیەی ئەم شەرابەی لێ دروست دەکرێ.

malnourished (mal-nūr′isht), *adj.* بەدخۆراك؛ گەندەخۆر.

malnutrition (mal´nōō-trish′ən, mal´nū-trish′ən), *n.* بێ خواردنی؛ بەدخۆراکی؛ کەم خۆراکی؛ گەندەخۆری.

malodor (mal-ō′dēr), *n.* بۆنێکی پیس.

malodorous (mal-ō′dēr-əs), *adj.* بۆگەن.

malposition (mal´pə-zish′ən), *n.* باری چەوتی (بەتایبەتی هی ئاوڵەمە لە منداڵداندا).

malpractice (mal-prak′tis), *n.* (١) خەتاکاری پزیشك لە

چارەکردنی نەخۆشدا بەهۆی گوێ پێ نەدانەوە یا نەزانینەوە (کە دەبێتە هۆی زیان پێ گەیاندنی نەخۆشەکە). (٢) یاسا شکاندن بۆ سوودی خۆ (بەتایبەتی لەلایەن کاربەدەستانەوە).

malt (môlt), *n.* (١) جۆی ترشاوی چوکەرەکردوو (بۆ بیرە درووستکردن). (٢) خواردنەوەیەکە وەک بیرە: بیرە.

v.t. بیرە درووستکردن لە جۆ

v.i. بوون بە بیرە

malted milk, (١) تۆزێکە لە شیری وشک و جۆی ترشاوی چوکەرەکردووی وشک کراوەی هاپراو پێکدێت. (٢) خواردنەوەیەکە لەم تۆزەو شیرو دۆندرمە دەکرێت.

malt liquor, بیرەو خواردنەوەی تری وەهای لە جۆ درووستکراو؛ خواردنەوەیەکە لە بیرە دەچێ.

maltose (môl′tōs), *n.* جۆرێکە لە شەکر (لە جۆی ترشاو دەردێت). (هەروەها پێشی دەووترێ: " **malt sugar** ").

maltreat (mal-trēt′), *v.t.* بەدڕەفتاری لەگەڵ کردن؛ خراپ لەگەڵ جوولانەوە.

-maltreatment *(n.).*

malvasia (mal´və-sē′ə), *n.* (١) جۆرە ترێیەکە شەرابی- " malmsey " لێ دروست دەکرێ. (٢) ئەم شەرابە.

malversation (mal´vĕr-sā′shən), *n.* بەدڕەفتاری کاربەدەست (وەک: دزی، بەرتیل وەرگرتن... هتد)

mamma, mama (mä′mə), *n.* (١) دایک (ووشەی منداڵانە)؛ دایە. (٢) [Slang]، ژنێکی جوان و پان‌وپڕو شەهوانی و هەوەس هەڵسێنەر.

mamma (mam′ə), *n.* هەمک؛ مەمە؛ گوان.

mammal (mam′əl), *n.* شیردەر؛ مەمکدار؛ گواندار.

mammalian (ma-mā′li-ən), *adj.* شیردەر؛ مەمکدار؛ گواندار.

n. = **mammal.**

mammalogy (ma-mal′ə-ji), *n.* مەمکدارناسی؛ گواندارناسی؛ زانستی شیردەرەکان.

mammary (mam′ə-ri), *adj.* مەمکی؛ گوانی؛ تایبەت بە مەمک یا گوان.

mammary gland, ئەندامی شیردەر؛ لووی شیردار.

mammiferous (ma-mif′ĕr-əs), *adj.* مەمکدار؛ گواندار.

mammilla (ma-mil′ə), *n.* گۆی مەمک؛ گۆی گوان

mammillate (mam′ə-lāt´), *adj.* (١) گۆدار (٢) لە گۆی مەمک دەچێ.

mammock (mam′ək), *n.* پارچە؛ کەرت؛ کوت؛ لەت.

v.t. کوت کوت کردن؛ پارچە پارچە کردن.

mammon (mam′ən), *n.* (١) [M-] ، خوا دروزنەی سامان و چاوبرسێتی؛ شەیتانی سامان پەرستی و چاوبرسێتی (٢) سامان (لەڕووی خراپیەوە چونکە دەپەرستێت).

mammonism (mam′ən-iz´m), *n.* سامان پەرستی و چاوبرسێتی؛ زێڕپەرستی.

mammoth (mam′əth), *n.* (١) جۆرە فیلێکی قرتێنەرتووە. (٢) شتێکی نێجگار زۆر گەورە.

adj. زۆر زل؛ زۆر گەورە؛ فیلەتەن؛ نێجگار زۆر گەورە؛ زەبەلاح.

mammy (mam′i), *n.* (١) دایک (ووشەی منداڵانە بە هەمان مانای- " mamma "): دایە. (٢) ژنە قولەڕەشی لەلەی منداڵی سپی یا کارەکەرێکی کۆنی مااڵێک (بەتایبەتی لە ناوچەی خواروی ئەمەریکا).

man (man), *n.* (١) مرۆڤ؛ نادەمیزاد. (٢) مرۆڤایەتی؛ نادەمیزادان؛ خەڵک؛ توخمی نادەمیزاد. (٣) (ا) پیاو؛ کور؛ نێرینە؛ نێر. (ب) کابرا؛ زەلام؛ کەس. (٤) (ا) پیاو؛ بەردەست؛ پاگرتە؛ نۆکەر.

(ب) کرێکار؛ مووچەخۆر: *(The employer talked to his ~.)* .

(ج) *(pl.)* سەربار (هەموو جۆرێک): *(officers and men)* .

(د) [Archaic]، بەندە؛ مسکێن؛ پەنجەبەر.

(ه) (ا) مێرد: *(They are ~ and wife.)* .

(ب) دۆست؛ دڵدار؛ یار.

(٦) مەرد؛ نێر؛ پیاو؛ ئازا. (٧) پیاوەتی؛ مەردایەتی. (٨) ئەندامی تیپ (وەرزش یا پرۆژە). (٩) پارچەی شەترەنج و دامە. (١٠) کەشتی (لە وشەی پەیوەستیدا وەک: " **merchantman** " ؛ " **man-of-war** ").

v.t. (١) پیاو خستنەسەر (کار، بەرگری، سەرەوکاری): *(They ~ned the ship, barricades, tables, etc.)*

(٢) جێی خۆ گرتن (کار، بەرگری): *(M~ the guns!)* .

(٣) خۆ گورج کردنەوە؛ بەهێزکردن: *(He ~ned himself for the ordeal.)*

interj. [Slang], ووشەیەکە خۆشی و سەرسامی دەردەبڕێ: *(Oh, ~ ! ; M~, what a sight!)*

adj. نێر؛ نێرینە.

as a (or one) man, پێکەوە؛ هەموو پێکەوە.

be one's own man, سەربەست؛ لە ژێر دەستی کەسدا نەبوون؛ بە هەوەسی خۆ شت کردن.

man and boy, لە منداڵیشدا؛ لە گەورەییشدا.

to a man, هەموویان؛ هەمووکەس؛ دوایەکیان.

-man (mən, man), پاشگرێکە بەمانای: کەس؛ پیاو؛ مرۆڤ: (ا) خەڵکی وڵاتێکی تایبەتی: *(Englishman, Frenchman)* . (ب) پیشەگەر: *(laundryman)* . (ج) مەکینەچی؛ لێخوڕ یا بەکارهێنەری مەکینەیەک: *(motorman)* .

mana (mä′nä), *n.* هێزو دەسەاڵتی لە سرووشت بەدەر؛ هێزی خودایانە؛ هێزی نەفسوونەیی.

manacle (man′ə-k'l), *n.* (١) *(pl.)* ، کەلەپچە. (٢) پاگیرکەر؛ پاگر؛ بەستەرەوە.

v.t. (١) کەلەپچەکردن. (٢) ڕێ لێگرتن؛ بەستنەوە؛ پاگیرکردن؛ پاگرتن.

manage (man′ij), *v.t.* (١) ڕاهێنان (ئەسپ)؛ مەشق پێکردن. (٢) بەڕێوەبردن؛ هەڵسووڕاندن؛ سەرەوکاری کردن؛ گێڕان: *(to ~ a hotel, restaurant, household, etc.)*

(٣) [Rare]، دەست پێوەگرتن (پارە، ئازووقە)؛ بەفیڕۆنەدان.

(٤) هێنانە ژێربارەوە؛ مااڵی کردن؛ مل پێدان.

(٥) بەجێهێنان؛ سەرکەوتن لە کارێکدا (بەتەوسەوە).

v.i. (١) بەڕێوەبردن؛ سەرەوکاری کردن؛ هەڵسووڕاندن. (٢) دەربردن؛ هەڵکردن: *(I don't know how but I'll ~.)* .

n. [Archaic], (١) **manége** . (٢) بەڕێوەبردن؛ بەڕێوەبەرایەتی.

manageable (man′ij-ə-b'l), *adj.* دابین دەکرێ؛ بەڕێوەدەبرێ؛ دەکرێت؛ جێبەجێ دەکرێت.

-manageability *(n.).*

management (man′ij-mənt), *n.* (١) بەڕێوەبردن؛ هەڵسووڕاندن. (٢) توانای بەڕێوەبردن؛ لێهاتوویی بەڕێوەبردن. (٣) بەڕێوەبەرایەتی؛ دەستەی بەڕێوەبەرایەتی یا بەڕێوەبەران: *(the hotel ~ ; Labor and ~ failed to agree on wages.)*

manager (man′ij-ĕr), *n.* (١) کارگێڕ؛ بەڕێوەبەر (میوانخانە، چێشتخانە، دەزگای بازرگانی و پیشەسازی)؛ سەرکار. (٢) بەڕێوەبەری لێهاتووی دەستگر بە پارەوە. (٣) بەڕێوەبەری تیپی وەرزش. (٤) بەڕێوەبەری کاروباری گۆرانی بێژێک یا سەماکەرێک.

managerial (man′ə-jēr′i-əl), *adj.* بەڕێوەبەری؛ بەڕێوەبردن: *(~ skills, positions, duties, etc.)*

managership (man′ij-ĕr-ship´), *n.* پلەوپایەو ئەرکی بەڕێوەبەر؛ بەڕێوەبەرایەتی.

manakin (man′ə-kin), *n.* (١) چەند توخمە باڵندەیەکی ڕەنگاوڕەنگی

manikin (٢) بچووکه .

mañana (mä-nyä′nä), *n.* [Sp.], سبەینێ

adv. (١) سبەینێ (٢) هەرکاتێك ڕێکەوت لەمەودوا (ئەم ووتەیە ئەوە دەگەیەنێ که پێویست ناکات پەله له کارەکه بکرێ و خوا گەورەیە هەرکات کرا دەکرێت).

man-at-arms (man′ət-ärmz′), *n.* سەربار. بەتایبەتی یەکێکی سوارەی پرچەك له سوپای سەدەی ناوەڕاستدا.

manatee (man′ə-tē′), *n.* مانگای دەریا. گیاندارێکی دەریایی گیاخۆری گەورەی ناوچه گەرمەکانه

manchet (man′chit), *n.* نانی گەنمی نایاب.

man-child (man′chīld′), *n.* کوڕ. منداڵی نێرینه.

manchineel (man′chi-nēl′), *n.* (١) درەختێکی ناوچەی گەرمی ئەمەریکایە شیلەو بەری ژەهراوی هەیە (بەرەکەی له سێو دەچێ).

(٢) دارونەخته‌ی ئەم درەختە.

manciple (man′si-p'l), *n.* قوتەراتچی ئاژووقه (پەرستگا، دانشگای ئینگلیزی... هتد).

mandala (man′də-lə), *n.* مەندەله. کلێشەیەکی خڕی نەخشداره نیشانەی گەردوونه (ئایینی بوودی).

mandamus (man-dā′məs), *n.* فەرمانی دادگای بەرز.

v.t. فەرمانێکی وەها بۆ دەرکردن.

mandarin (man′də-rin), *n.* (١) کاربەدەستی بەرزی چینی لەکاتی پادشایەتیدا (٢) [M-]، شێوەزمانی چینی ڕەسمی و چینه ڕۆشنبیرو بەرزەکان.

(٣) (ا) لاەنگی. (ب) دار لەلانگی. (ج) هەندێ درەختی هەمان تۆخم.

(٤) ڕەنگی پرتەقاڵی تۆخ.

(٥) (ا) جۆرە چاکەتێکی چینی. (ب) جۆرە چاکەتێکی ژنانەی چینییه

adj. تایبەتی بەم چینه بەرزانەی چین: ڕێك‌وپێك و جوان و باش و ناساده (زمان، خواردەمەنی، شێواز... هتد)

mandarin duck, جۆرە مراوی‌یەکی ڕەنگاوڕەنگی پۆپنەداره.

mandatary (man′də-ter′ĭ), *n.* (١) وولاتێکی دەسەلات پێدراو بۆ بەڕێوەبردنی وولاتێك یا ناوچەیەکی بێگانه.

(٢) [Rare] کەسێکی دەسەلات پێدراو بۆ کردنی شتێك.

mandate (man′dāt), *n.* (١) فەرمان (بەتایبەتی هی نووسراو)؛ دەسەلات (٢) (ا) ئەو فەرمانەیه که کۆمەڵی نەتەوەیەکگرتووەکان دای به هەندێ له وولاته نەندامەکانی دوای جەنگی جیهانی یەکەم بۆ بەڕێوەبردنی هەندێ وولات و ناوچەی ژێردەستەی بێگانه (وەك له پۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا). (ب) ناوچه یا وولاتێکی وەها بەڕێوەبراوی ژێردەسته.

(٣) دەسەلاتێکی گشتی یا فەرمانێکه که گەل دەیدات به یەکێك له نوێنەرەکانی (وەك سەرکۆمار یا ئەندامی پەرلەمان) بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەیەك.

(٤) فەرمانێکی دادگایی یا پاپایی.

v.t. پێ سپاردن یا خستنه ژێر دەستی ناوچەیەك به وولاتێك بۆ بەڕێوەبردنی سەردەمی بەڕێوەبردنی ناوچەیەکی ژێردەستەی وەها.

mandator (man-dā′tēr), *n.* دەسەلات پێدەر

mandatory (man′də-tôr′ĭ, man′də-tō′rĭ), *adj.* (١) زۆرەکی؛ بەزۆر. فەرمانی. *(Military service is ~ in some countries.)* .

(٢) تایبەتی به دەسەلاتی و فەرمانی بەڕێوەبردنی ناوچەیەکی ژێردەسته.

(٣) فەرمان پێدراوی بەڕێوەبردنی ناوچەیەکی ژێردەسته.

mandible (man′də-b'l), *n.* (١) شەویلگی خواروو.

(٢) لاخواروی دەنووك یا لاسەروو. (٣) دەمی جانەوەر.

mandibular (man-dib′yoo-lĕr), *adj.* شەویلگەیی؛ کاژێری.

n. ئێسقانی کاژێری خواروو.

mandibulate (man-dib′yoo-lit), *adj.* (١) شەویلگدار

(٢) خواردەمەنی پێ دەجوورێ.

n. جانەوەری شەویلگدار.

mandolin (man′d'l-in′, man′də-lin′), *n.* ماندۆلین. ئامێرێکی مۆسیقایی ژێداره له عوود دەچێ.

mandrake (man′drāk), *n.* (١) گیا نادەمه. گیایەکی ژەهراوی‌یه

ڕەگەکەی بۆ دەرمان بەکاردەهێنرێ.

(٢) ڕەگی ئەم ڕووەکه که له کۆندا وا دەزانرا شێوەی له نادەمیزاد دەچێ.

mandrel, mandril (man′drəl), *n.* (١) تەوەرێکی چەسپیوه شتی پێوه قایم دەکرێ لەکاتی بڕینەوە و ڕێك‌وپێك کردنیدا.

(٢) قاڵبێکی لوولەیی‌یه شتی بەدەوردا دادەڕێژرێ.

mandrill (man′dril), *n.* مەیموونێکی زل دڕی ڕۆژاوای ئەفەریقایه.

mane (mān), *n.* (١) یاڵ (ئەسپ، ماین، شێر، گامێشی ئەمەریکی).

(٢) پرچ؛ پرچی درێژی پر.

man-eater (man′ēt′ĕr), *n.* (١) پیاوخۆر؛ گۆشتی نادەمیزاد خۆر (نادەمیزاد). (٢) گیاندارێکی نادەمیزادخۆر، بەتایبەتی: (ا) هەندێ کۆسه.

(ب) شێرو پڵنگێك که حەز له گۆشتی نادەمیزاد دەکەن.

manège, manege (ma-nezh′, mə-nāzh′), *n.* (١) سوارچاکی؛ ئەسپ سواری و مەشق پێکردنی ئەسپ.

(٢) ڕەوت و خوێنواندنی ئەسپی مەشق پێکراو.

(٣) ئەسپی سوارچاکی (بۆ مەشق پێکردنی ئەسپ و خەڵك فێری سواری کردن).

manes, Manes (mā′nēz), *n.pl.* (١) گیانی باوو باپیرانی مردوو که به خودا دادەنران (ئایینی کۆنی ڕۆمان).

(٢) گیان یا خێوی مردووی زۆر بەڕێز.

maneuver, manoeuvre (mə-nōō′vĕr, mə-nū′vĕr), *n.* (١) (*pl.*)، مناوەڕەی سوپایی؛ مەشقی تایبەتی لەشکر.

(٢) پیلان؛ فێڵ‌وتەڵەکه؛ مناوەڕه:

(The child tried various ~s to get his way.)

v.i. & v.t. (١) مناوەڕه به لەشکرکردن.

(٢) پیلانی زۆرزانانه دانان؛ پیلان گێڕان؛ به فێڵ ئامانجی خۆ هێنانەدی؛ مناوەڕەکردن:

(He ~ed his way to victory.; She ~ed herself out of an embarrassing position.)

maneuverable (mə-nōō′vĕr-ə-b'l), *adj.* مناوەڕەی پێ دەکرێ؛ به ئاسانی پێچی پێ دەکرێتەوە و ڵێ دەخوڕێ؛ به ئاسانی دەجووڵێنرێ و دەگۆڕێ.

-maneuverability *(n.).*

man Friday, بەردەست، یاریدەدەر، یا شاگردێکی دڵسۆزو لێهاتوو.

manful (man′fəl), *adj.* مەرد؛ ئازا؛ پیاو؛ بەزەبر؛ بەووره.

manganese (maŋ′gə-nēs′, maŋ′gə-nēz′), *n.* مەنگەنیز.

manganic (man-gan′ik, maŋ-gan′ik), *adj.* مەنگەنیزی.

manganous (maŋ′gə-nəs, man-gan′əs), *adj.* مەنگەنیزی.

mange (mānj), *n.* گەپی (گیانەوەرو مرۆڤ)؛ کەچەڵی.

mangel-wurzel (maŋ′g'l-wûr′z'l), *n.* جۆرە چەوەندەرێکی گەورەیه دەدرێ به ڕەشەوڵاخ.

manger (mān′jĕr), *n.* ئاخور.

mangle (maŋ′g'l), *v.t.* (١) پێست و لەش شین کردنەوە و شێواندن و بڕیندارکردن و کوتانەوە: *(The body was ~d beyond recognition.)* .

(٢) تێکدان (لەڕووی نەزانینەوە)؛ شێواندن: *(to ~ a speech, text, etc.)* .

mangle (maŋ′g'l), *n.* (١) ئامێری له ئوتووداری قوماش و جل‌وبەرگ.

(٢) [Chiefly British]، ئامێری جل گوشین.

mango (maŋ′gō), *n.* (١) مانگۆ: میوەیەکی ترۆپیکی ڕەنگ زەردو سووری گۆشتنی پێست ئەستووری ناوك ڕەقه به گەیی‌وی دەخوڕێ و به کاڵی دەکرێ به " عەنبه " . (٢) درەختی ئەم میوەیه.

mangonel (maŋ′gə-nel′), *n.* ئامێرێکی جەنگی بەردهاوێژی کۆنه.

mangosteen (maŋ′gə-stēn′), *n.* (١) میوەیەکی ترۆپیکی ترشو شیرینی گۆشتنی پێست ئەستووری پرتەقاڵی‌یه.

(٢) درەختی ئەم میوەیه.

mangrove (maŋ′grōv), *n.* جۆرە دارو دەوەنێکی هەمیشه سەوزی ناوچه گەرمه زەلکاوی‌یەکانه لقەکانیشی ڕەگی ڵێ دەبێتەوە.

mangy (mān′ji), *adj.* (١) گەپ؛ کەچەڵ.

(۲) دڕاو (جل‌وبەرگ)؛ شڕ: *(a ~ old coat)* .
(۳) پەڕپووت؛ کەلاوەیی؛ کۆن‌و پیس‌وپۆخڵ‌و ناخۆش:
(a ~ apartment building)

manhandle (man′han´d'l, man ĥan′d'l), *v.t.* . [Rare] (۱) بە دەست جوواندن نەک بە مەکینە. (۲) بە تووندوتیژی لەگەڵ جووڵانەوە؛ دانەبەر تەکان‌و پاڵ پێوەنان‌و ڕاپسکان.

manhattan (man-hat′ən), *n.* جۆرە خواردنەوەیەکی تێکەڵاوی سەرخۆشکەرە (لە وێسکی‌و ڤەرموس دەکرێت).

manhole (man′hōl´), *n.* کونی لێوە چوونە ناو زێراب‌و بۆری ژێرزەمین (بۆ کار تێداکردن).

manhood (man′hood), *n.* (۱) کاتی پیاوەتی؛ تەمەنی پیاوەتی. (۲) پیاوەتی؛ مەردایەتی؛ ئازایەتی. (۳) پیاوان؛ پیاو.

manhour (man′our′), *n.* کاری سەعاتانە: بڕێکی پێوانەیەکی بەرهەمی سەعاتانەی کارێک.

manhunt (man′hunt´), *n.* بەدواداگەڕانی تاوانبارێک بەتوندی (لەلایەن پۆلیسەوە)

mania (mā′ni-ə), *n.* (۱) شێتی؛ شێتی‌و بێ ئارامی؛ دێوانەیی؛ شێتەپەتەڕێتی (۲) خولیا: *(a ~ for collecting stamps)* .

-mania (mā′ni-ə), پاشگرێکە بەمانای خولیا؛ شەیدایی: *(kleptomania)*

maniac (mā′ni-ak´), *adj.* شێتەپەتەڕی؛ دێوانە؛ شێتێکی تەواو.
n. کەسێکی شێتەپەتەڕی.

manic (man′ik, mā′nik), *adj.* شێتەپەتەڕی؛ شەیدا؛ دێوانە.

manic-depressive (man′ik-di-pres′iv), *adj.* شەیدا و پەست بەنۆرە؛ بەنۆرە جارێک زۆر بە کەیف‌و جارێک زۆر پەست‌و دڵتەنگ (دەروونناسی)
n. کەسێکە کە بەنۆرە جارێک شێت‌و شەیدایە لە خۆشیدا و جارێک زۆر پەست‌و دڵتەنگ (دەروونناسی)

Manicheism, Manichaeism (man′ə-kē´iz'm), *n.* بیرو- باوەڕێکی ئایدیایە بڕێکیە لە بڕوابوون بە ناکۆکی نێوان باشی (ڕووناکی، خودا، گیان) و خراپی (تاریکی، شەیتان، لەش).
-Manichean; Manichaean *(n. & adj.).*

manicure (man′ə-kyoor′), *n.* نینۆک کردن‌و بۆیەکردنیان.
v.t. & v.i. نینۆک کردن‌و بۆیەکردنیان.

manicurist (man′ə-kyoor´ist), *n.* ژنێکە پیشەی نینۆک کردن‌و بۆیەکردنیانە

manifest (man′ə-fest´), *adj.* دیار؛ ئاشکرا؛ ڕوون.
v.t. (۱) دەرخستن؛ ئاشکراکردن؛ پیشاندان؛ ڕوونکردنەوە. (۲) سەلماندن؛ ساغ کردنەوە. (۳) (ا) لە بارنامەی کەشتیدا تۆمارکردن. (ب) بارنامە پیشاندان.
v.i. دەرکەوتن؛ هاتنەڕوو.
n. (۱) بارنامەی کەشتی‌و فڕۆکە (بارو ڕێبوار). (۲) گواستنەوەی خواردەمەنی زوو لەناوچوو بەهۆی هاتوچۆی خێراوە. (۳) [Obs.] (ا) نیشانە. (ب) بەیاننامە.

manifestant (man′ə-fes′tənt), *n.* بەشداربووی خۆپیشاندانێک؛ خۆپیشاندەر

manifestation (man′ə-fes-tā′shən), *n.* (۱) دەرخستن؛ دەرکەوتن؛ پیشاندان؛ هاتنەڕوو؛ خستنەڕوو.
(۲) نیشانە: *(His silence was a ~ of cowardice.)* .
(۳) خۆپیشاندان.

manifesto (man´ə-fes′tō), *n.* بەیاننامە بەتایبەتی یەکێکی ڕامیاری گرنگ دەربارەی بیروباوەڕو ئامانج).
v.i. بەیاننامە دەرکردن.

manifold (man′ə-fōld´), *adj.* (۱) لە گەڵێک بەش‌و چەشن‌و تایبەتخۆ

پێکهاتوو: *(~ wisdom)* .
(۲) فرەجۆر؛ جۆراوجۆر؛ زۆرو جیاجیا؛ جۆرەها: *(~ duties)* .
(۳) گەڵێک جار؛ چەندەها جار: *(a ~ villain)* .
(٤) گەڵێک بەشی مەکینەیەک کارپێدەکات لە هەمان کاتدا.
n. (۱) شتێکی جۆراوجۆر یا فرەبەش. (۲) وێنەی دەقاودەق.
(۳) بۆرییەک کە چەند بۆرییەکی لقی لێ دەبێتەوە (مەکینەی ئوتومبیل).
v.t. (۱) گەڵێک وێنە لێ دەرهێنان: *(to ~ a letter)* .
(۲) فرەکردن؛ زۆرکردن؛ چەندەها جارکردن.

manifolder (man′ə-fōl´dĕr), *n.* مەکینەی وێنەی دەقاودەق دەرهێنان.

manikin, mannikin (man′ə-kin), *n.* (۱) کورتەبالا؛ بستەبالا؛ کوڵەبنە. (۲) پەیکەرێکە لە شێوەی ئادەمیزاددا بۆ لێکۆڵینەوە لە زانستگای پزیشکەوانیدا بەکاردەهێنرێ. (۳) **mannequin** .

man in the street, کەسێکی ئاسایی؛ بۆرەپیاو.

manioc (man′i-ok´, mā′ni-ok´), *n.* (۱) ڕووەکێکی تروپیکێیە ڕەگەکەی دەخورێ. (۲) نیشاستەی دەرهێنراو لەم ڕەگە.

maniple (man′ə-p'l), *n.* (۱) دەستەی سوپای ڕۆمانی کۆن (بڕێتێیە لە ٦۰ یا ۱۰۰ کەس). (۲) باڵبەستی کاتی خوانی خودایی (خاچ پەرستی).

manipulate (mə-nip′yoo-lāt´), *v.t.* (۱) بە دەست خستنەکار؛ بە دەست بەکارهێنان بە کارامانە؛ بەکارهێنان. (۲) بەکارهێنان بە زیرەکانە بۆ بەدەست‌و سوودی خۆ؛ کارتێکردن بۆ سوود‌و مەبەستی خۆ:
(A clever politician knows how to ~ his supporters. She always tries to ~ him.)
(۳) دەستکاری کردن بۆ سوود‌و مەبەستی خۆ؛ ساختەکردن (ژمێریاری، نرخ، تۆمارنامە): *(to ~ accounts)* .
-manipulative; manipulatory *(adj.)*; **manipulator** *(n.).*

manipulation (mə-nip´yoo-lā′shən), *n.* (۱) بە دەست بەکارهێنان بە کارامانە. (۲) بەکارهێنان‌و دابینکردن بە زیرەکانە بۆ سوودی خۆ. (۳) دەستکاری کردن یا ساختەکردن بۆ سوودی خۆ (ژمێریاری، نرخ).

manito, manitou, manitu (man′ə-tō´), *n.* خودا یا هێزی سروشتی باش‌و خراپ (لای هیندیی‌یە سوورەکانی ئەمەریکا).

mankind (man′kīnd′), *n.* (۱) توخمی نادەمیزاد؛ ڕەگەزی مرۆڤ؛ هەموو‌کەس. (۲) پیاوان؛ نێرینە.

manlike (man′līk´), *adj.* (۱) لە پیاو دەچێ؛ شێوەی لە پیاو دەکات. (۲) پیاوانە؛ بۆ پیاو شیاو؛ بۆ پیاو باشە.

manliness (man′li-nis), *n.* پیاوەتی؛ ئازایەتی؛ مەردایەتی.

manly (man′li), *adj.* (۱) مەرد؛ بەهێز؛ پیاو؛ ئازا؛ نێر.
(۲) پیاوانە؛ تایبەتی بە پیاو یا پیاوان؛ هی پیاو: *(~ sports)* .
adv. مەردانە؛ ئازایانە؛ پیاوانە.

man-made (man-mād′), *adj.* دەستکرد؛ مرۆڤ کرد.

manna (man′ə), *n.* (۱) گەزۆ؛ مەن (کە بۆ جوولەکە دابارى بەپێی ئینجیل). (۲) خۆراکێکی گیانی، دڵخۆشی‌یەک، یا یارمەتی‌یەک کە وەک لە ئاسمانەوە بارى بێت وابێت. (۳) شیلەی دارەڕەشێکی ئەورووپایی‌یە دەکرێ بە دەرمانی ڕەوانی.

mannequin (man′ə-kin), *n. Also* **manikin,** (۱) پەیکەری جل‌وبەرگ نوواندنی فرۆشگا. (۲) مۆدێل. ئافرەتێکە پیشەی لەبەرکردنی جل‌و بەرگی تازەباوە بۆ نوواندنی لە پیشانگا و فرۆشگادا.

manner (man′ĕr), *n.* (۱) شێوەی کردنی شتێک؛ شێواز:
(Do it in this ~ .)
(۲) (ا) ڕەوشت؛ شێوەی هەڵسان‌و دانیشتن:
(He has an awkward ~ .; His ~ showed his anger.)
(ب) ڕەوشتی جوان؛ خووی جوان؛ سەلاری: *(She has ~ .)* .
(۳) خوو؛ نەریتی تایبەتی کەسێک (لە قسەکردن یا ڕەفتارکردندا):
(It is his ~ to be sarcastic.)
(٤) *(pl.)* (ا) نەریتی کۆمەڵایەتی.

(ب) ڕەووشت؛ خوو: ***(good ~s; bad ~s)*** .
(٥) شێوازی تایبەتی هونەرو مۆسیقاو وێژە.
(٦) [Archaic or Literary]، جۆر:
(What ~ of man is he? all ~ of things)
by all manner of means, بێ گومان
by no manner of means, بە هیچ جۆرێك؛ بە هیچ شێوەیەك.
in a manner of speaking, تا ڕادەیەك؛ دەتوانیت وا بڵێیت.
to the manner born, لە پشتاو پشتەوە بۆی ماوەتەوە؛ لە زگماکیەوە فێرە؛ بە بنەچە وەهان؛ ئەڵێی دێت.

mannered (man′ērd), *adj.* (١) ڕەووشتی تایبەتیدار؛ خووی تایبەتیدار: ***(ill- ~ ; well- ~)*** .
(٢) ناسرووشتی؛ خۆنوێنەر؛ خۆبادەر؛ بەپۆز.

mannerism (man′ēr-iz′m), *n.* (١) خووی تایبەتی زۆر لەبەرچاو (لە قسەکردن یا ڕەفتاردا کە کەسێکی پێ ناسراوەو پێ دەناسرێتەوە).
(٢) لە ڕادە زیاتر بەکارهێنانی شێوازێکی تایبەتی لە هونەرو وێژەو دووانو ڕەفتاردا.

mannerless (man′ēr-lis), *adj.* بەدڕەووشت؛ بەدخوو؛ بێ ڕەووشت؛ ڕەووشت ناشرین.

mannerly (man′ēr-li), *adj.* ڕەووشت جوان؛ ناسك.
adv. بە جوانی؛ بە ناسکی؛ بە شێوەیەکی جوان؛ بە ڕەووشت جوانی.
-mannerliness *(n.)*.

mannikin (man′ə-kin), *n.* = manikin.

mannish (man′ish), *adj.* (١) کوڕانی (بە کچێك یا ژنێك دەوترێ لەڕووی سووکایەتیەوە)؛ ژنە کوڕانی: ***(her ~ clothes and behavior)*** .
(٢) پیاوانە؛ بۆ پیاو شیاو؛ لە پیاو هاتوو.

mannite (man′īt), *n.* = mannitol.

mannitol (man′ə-tōl′, man′ə-tol′), *n.* مانیتۆڵ ماددەیەکی کحول شیرینە لە گەڵێك ڕووەکدا هەیە بۆ خۆراك و تاقیکردنەوەی کاری گورچیلە بەکاردێت

mannose (man′ōs), *n.* مانۆز جۆرە شەکرێکە لە نۆکسیدکردنی " مانیتۆڵ " پێکدێت.

manoeuvre (mə-nōō′vēr, mə-nū′vēr), *n., v.i. & v.t.* - **maneuvre.**

man of God, (١) خوداناس؛ ئایندار؛ پیرۆز؛ سۆفی؛ قەلەندەر.
(٢) قەشە؛ مەلا؛ مالووم.

man of the world, کەسێکی تێگەیشتوو و دنیادیدە؛ زانا؛ کەسێکی چاوکراوە.

man-of-war (man′əv-wôr′, man′ə-wôr′), *n.* کەشتی جەنگ.

manometer (mə-nom′ə-tēr), *n.* (١) پێوەری پەستانی گازو هەڵم؛ پەستان پێو. (٢) پێوەری پەستانی خوێن.

manor (man′ēr), *n.* (١) دەرەبەگ نشین؛ ناوچەی سەر بە دەرەبەگ.
(ب) کۆشکی دەرەبەگی ناوچەیەکی وەها. (٢) زەوی‌وزارو کێڵگەی دەرەبەگ.
(٣) کۆشکی ناو زەوی‌وزار.
(٤) زەوی بە کرێ گیراو (لە سەرەتای دروستبوونی نەمەریکادا).

manor house, کۆشکی دەرەبەگ؛ کۆشکی خاوەن زەوی‌وزار (لەناو زەوی‌وزارەکەدا).

manpower (man′pou ēr), *n.* (١) هێزی باهووبازوو؛ هێزی ئادەمیزاد (بۆ کارکردن). (٢) سەرجەمی کرێکاران یا فەرمانکەرانی ناوچەیەك یا وڵاتێك کە پێویست بێت بۆ جێبەجێکردنی کارێك.

manqué (mäṅ′kā′), *adj.* سەرنەکەوتوو؛ بە ناماڵ نەگەیشتوو؛ ناتەواو ***(a poet, artist, Napoleon, ~)*** .

manrope (man′rōp′), *n.* گوریسی پەیژەو قەراغی پێ پلیکانەی کەشتی (بۆ دەست پێوەگرتن).

mansard (man′särd), *n.* (١) سەربانێکە هەموو دیوەکانی لە دوو بەش پێکهاتووە بەشی ژێرەوەی لێژترە. (هەروەها " mansard roof ") .

(٢) خانەی ژێر نەم سەربانە.
manse (mans), *n.* (١) خانە یا ماڵی قەشە (بەتایبەتی ئوسکوتلەندی). (٢) [Obs.]، (ا) mansion . (ب) ئەوەندە زەوی‌وزار کە خێزانێك گوزەرانی پێ بکات.

manservant (man′sūr′vənt), *n. Also* **man servant,** بەردەست؛ خزمەتکار؛ خزمەتچی.

mansion (man′shən), *n.* (١) کۆشك؛ خانوویەکی گەورەو خۆش. (٢) کۆشکی دەرەبەگ. (٣) [Archaic]، ماڵ؛ خانە؛ خانوو.
(٤) یەکێك لە بیست‌وهەشت خولگەکەی مانگ

man-sized (man′sīzd′), *adj.* پیاوانە؛ بۆ پیاو دەشێ؛ هەر بە پیاو دەکرێ؛ زل؛ گەورە: ***(a ~ job, piece of pie, model, etc.)*** .

manslaughter (man′slô′tēr), *n.* پیاوکوشتن بە ناڕەوا، بەڵام بەبێ کینەو بێ دەسنقەستی؛ مردنی کوشتن بە ڕێکەوت.

manslayer (man′slā′ēr), *n.* پیاوکوژ بە دەسنقەست یا بێ دەسەنقەست.

mansuetude (man′swi-tōōd′, man′swi-tūd′), *n.* سەرکزی؛ ملکەچی؛ بەسزمانی.

manta (man′tə), *n.* (١) قوماشێکی لۆکەی هەرزانبەهایە (بۆ دەستماڵ و شتی وەها). (٢) دەستماڵ. (٣) سەرەخەری بار. (٤) **devilfish**

manteau (man′tō), *n.* (١) (ا) عەبای ژنانە. (ب) عەبا.
(٢) [Obs.]، کراسی دەڵبی ژنانە.

mantel (man′t′l), *n.* ڕەفە یا لێواری سەر ئاگردانی ناو دیوار.

mantelet (man′t′l-et′, mant′lit), *n.* (١) عەبای کورتی بێ قۆڵی دەڵب. (٢) (ا) قەڵغان یا زرێی سەربازی هێرشبەر.
(ب) زرێی تۆپ هاوێژ.

mantelletta (man′tə-let′ə), *n.* عەبای سەرەك قەشەو کاردینالی کاسۆلیکی.

mantelpiece (man′t′l-pēs′), *n.* = mantel.

mantic (man′tik), *adj.* پێشبینیکەر؛ نوقڵانەلێدەر.

mantilla (man-til′ə), *n.* (١) سەرپۆش (بەتایبەتی کە ئافرەتی ئیسپانی و مەکسیکی دەیدەن بەسەریاندا). (٢) دەستماڵ؛ عەبای کورت

mantis (man′tis), *n.* کوللەحاجی.

mantle (man′t′l), *n.* (١) کەوا؛ عەبا.
(٢) پۆشەنی؛ پۆشاك؛ سەرەخەر؛ داپۆشەر. (٣) **mantel** .
(٤) دیوی دەرەوەی دیوار. (٥) هەوای گەرمی دەوروپشتی گرە ئاگر.
(٦) تۆڕی لۆکس (کە ڕووناکی دەداتەوە لەکاتی داگیرساندا).
(٧) دیواری فڕنی کانزا تووادنەوە. (٨) قەپاغی مێشك.
(٩) چینی سەرەوەی زەوی.
(١٠) پەردەی پێستی نێوان لەشی و قاوغ لە گوێچکەماسی و هەندێ گیانداری قاوغداری تردا کە بە بەردی کەنارەدەریاوە دەنووسێن.

mantle (man′t′l), *v.t.* (١) پۆشین؛ داپۆشین؛ شاردنەوە: ***(All the high points about the valley were –d in fresh snow.)***
(٢) عەبا بەسەردا دان؛ کەوا لەبەرکردن.
v.i. (١) داپۆشران (وەك: ئاو بە کەف یا خڵتەو پیسی و گەندوگوو).
(٢) بڵاوبوونەوە بەسەر ڕوویەکدا؛ کشان؛ کشانەوە.
(٣) ڕەنگ سوور هەڵگەڕان (لە خۆشی یا تەریقیدا).

mantlepiece (man′t′l-pēs′), *n.* = mantelpiece.

mantra (man′trə), *n.* ووتەی پیرۆز: بڕێکیە لە چەند ووتەیەك لەکاتی نوێژ یا دۆعاو نزاکردندا دەوترێ (ئایینی بوودی و هیندی).

mantua (man′chōō-ə, man′tōo-ə), *n.* عەبا؛ کراسی دەڵبی ژنان.

manual (man′ū-əl), *adj.* (١) دەستی؛ بە دەست کارێنکراو؛ بە دەست کراو. (٢) پەیڕەونامەیی؛ ڕێڕەونامەیی.
n. (١) پەیڕەونامە؛ ڕێڕەونامە؛ پەرتووکێکی بچووکە دەربارەی شێوەی کردنی شتێك یا بەکارهێنانی مەکینەیەك. (٢) کلیل بەند (ئۆرگانی مۆسیقا).
(٣) پەیڕەونامەی بەکارهێنانی چەك بەتایبەتی تفەنگ.

manually (man′ū-ə-li), *adv.* به دەست (جستنەکاری مەکینە یا لێخوڕینی). *(to fly an airplane ~)*.

manual alphabet, ئەلفوبێی دەستی (بۆ کەڕوڵاڵ).

manual training, فێرکردنی پیشەی دەستی (وەک: دارتاشی، کارەباچێتی و بەرگدروویی... هتد لە قوتابخانەدا)؛ ڕاهێنانی پیشەگەری.

manufactory (man´yoo-fak′tĕr-i), *n.* = factory.

manufacture (man´yoo-fak′chĕr), *n.* (۱) دروستکردن (بە دەست یا بە مەکینە). (۲) شتی دروستکراو؛ کەلوپەلی دروستکراو.

v.t. (۱) دروستکردن (بە دەست یا بە مەکینە). (۲) نووسین یا بەرهەم هێنان وەک بە مەکینەو بەبێ بیرلێکردنەوە (هونەر، وێژە، پەرتووک). *(to ~ textbooks)*.

manufacturer (man´yoo-fak′chĕr-ĕr), *n.* (۳) هەڵبەستن (درۆ، بەڵگە، دەنگوباس)؛ داتاشین.
خاوەن کارگە؛ پیشەساز؛ پیشەگەر؛ دروستکەر (کارگەر، کارگە، دەستگا).

manumission (man´yoo-mish′ən), *n.* ڕزگارکردن (بەندایەتی)؛ ئازادکردن.

manumit (man´yoo-mit′), *v.t.* ڕزگارکردن (بەندایەتی)؛ ئازادکردن.

manure (mə-nyoor′, mə-noor′), *n.* پەین.

v.t. پەین تێکردن؛ پەیناوکردن.

manus (mā′nəs), *n.* (۱) دەست؛ سمی پێشەوەی گیانداری بڕیرەدار؛ چنگ؛ دەستی وڵاخ. (۲) دەسەڵاتی مێرد بەسەر ژنەکەیدا (یاسای ڕۆمانی).

manuscript (man′yoo-skript´), *adj.* دەستنووس

n. دەستنووس؛ ووتار، پەرتووک، یا بڕوانامەی بە دەست نووسراو نەک بە چاپ.

manx cat, Manx cat, جۆرە پشیلەیەکی مالی بێ کلکە.

many (men′i), *adj.* زۆر؛ گەلێک؛ فرە؛ چەندەها.

n. ژمارەیەکی زۆر؛ زۆر؛ گەلێک؛ گەلێک کەس یا شت.

pron. ژمارەیەکی زۆر؛ زۆر؛ گەلێک.

a good many, ژمارەیەکی زۆر؛ زۆر؛ گەلێک.

a great many, ژمارەیەکی ئێجگار زۆر؛ ئێجگار زۆر

many a man, گەلێک کەس؛ گەلێک پیاو.

the many, (۱) زۆربەی خەڵک.
(۲) خەڵک؛ جەماوەر

many-sided (men′i-sīd′id), *adj.* (۱) فرە ڕوو؛ زۆر ڕوو
(۲) فرە توانا و سەر لە گەلێک شت دەرچوو.

manzanita (man´zə-nē′tə), *n.* دارودەوەنێکی هەمیشە سەوزی ڕۆژاوای نەمەریکایە گوڵی سپی و پەمەیی دەگرێ.

map (map), *n.* (۱) نەخشە (جوگرافیا). (۲) شتێکی وەک نەخشە.
(۳) [Slang]. دەموچاو؛ ڕووخسار.

v.t. (۱) نەخشەکردن؛ پێشاندان لەسەر نەخشە؛ نەخشە بۆ کردن.
(۲) ~ out ... نەخشەکێشان. *(He ~ped out his working time.)*.
(۳) ڕووی زەوی پێوان بۆ نەخشە درووستکردن.

put on the map, [Colloq.], ناودارکردن؛ بەناوبانگ کردن؛ ناو پێ دەرکردن.

maple (mā′p'l), *n.* (۱) کەوت؛ دارکەوت. (۲) دارو تەختەی ئەم درەختە.
(۳) ڕەنگی زەردی سوورباوی ئەم دارو تەختەیە.
(٤) تامی شیلەو شەکری ئەم درەختە.

adj. (۱) لە دارکەوت دروستکراو. (۲) شیلەی ئەم درەختەی تێکراوە.

maple sirup, شیلەی هەندێ توخمی دارەکەوت.

maple sugar, شەکری شیلەی دارەکەوت.

maqui (mä′kē), *n.* دەوەنێکی هەمیشە سەوزە بەرەکەی شەرابی لێ دروست دەکرێ.

maquis (mä-kē′), *n.* (۱) بێشە؛ بێشەلان (کە کەسانی پەنابەرو ڕاکردوو خۆیانی تێدا دەشارنەوە).
(۲) [M-]، خەباتگێری فەرەنسی دژی ئەڵمانیی‌یە نازی‌یەکان.

mar (mär), *v.t.* شێواندن؛ تێکدان؛ لێ کەمکردنەوە (لە خۆشی و تەواوی و چاکی)؛ لەکەدارکردن: *(Nothing ~red this perfect day.; to ~ a happy occasion, her beauty, etc.)*

n. لەکە.

marabou (mar′ə-boo´), *n.* (۱) لەقڵەلێکی گەورەی ئەفەریقایی‌یە.
(۲) پەڕە نەرمەکەی ژێر باڵ و کلکی ئەم لەقڵەقە (شەپقەی ژنانەی لێ دروست دەکرێ). (۳) جۆرە ئاوریشمێکی ناسکە.

marabout (mar′ə-bōōt´), *n.* ووشکەسۆفی؛ قەڵەندەر.

maraca (mə-rä′kə), *n.* کوولەکەی مل درێژی ووشک کراوە (کە دەنکە زبخ یا دانەوێڵەی تێ دەکرێ و وەک ئامێرێکی مۆسیقی بەکاردەهێنرێ).

marasca (mə-ras′kə), *n.* جۆرە گێلاسێکی کێوی‌یە.

maraschino (mar´ə-skē′nō), *n.* جۆرە خواردنەوەیەکی سەرخۆشکەرە لە گێلاسی کێوی دروست دەکرێ.

marasmus (mə-raz′məs), *n.* بەرەبەرە پووکانەوەی لەش (بەتایبەتی لە منداڵدا).

marathon (mar′ə-thon´, mar′ə-thən), *n.* (۱) پێشبڕکێ‌یەکی ڕاکردنە ماوەکەی بیست‌وشەش میل و سێ‌سەدو هەشتاوپێنج یاردەیە.
(۲) ملەملەیەکی درێژخایەن. *(a dance ~)*.

maraud (mə-rôd′), *v.i.* پێدانگەران بۆ تاڵانکردن؛ تاڵانکردن.

v.t. تاڵانکردن.

n. تاڵانکردن؛ تاڵانکردن و کوشتن و بڕین؛ هێرشێک بۆ تاڵانکردن.

marauder (mə-rôd′ĕr), *n.* تاڵانکەر؛ تاڵانکەرو بکوژو بڕ.

marble (mär′b'l), *n.* (۱) مەرمەر؛ تەختەبەردی مەرمەر؛ بەردە مەرمەر.
(۲) شتێکی سەخت و ساف‌ولووس وەک مەرمەر. (٤) هەڵمات.
(٥) (*pl.*)، هەڵماتین؛ مووشین. (٦) (*pl.*)، کۆمەڵێک پەیکەری مەرمەر.

adj. (۱) لە مەرمەر دروستکراو؛ مەرمەر. (۲) سەخت و ساف‌ولووس.
-marbly *(adj.)*.

marbleize (mär′b'l-īz´), *v.t.* وەک مەرمەر لێکردن (لە ڕەنگو شێوەدا).

marbling (mär′bliŋ), *n.* (۱) مەرمەرکاری؛ وەک مەرمەر لێکردن (لە ساف و لووسی و ڕەنگو دەمارەدەماربدا).
(۲) شێوەو ڕەنگی مەرمەر.
(۳) بەرگو پەڕە وەک مەرمەر نەخشکردن (پەرتووک بەندی).

marc (märk), *n.* (۱) تڵپەو پاشەڕۆکی ترێ و میوەی تری گووشراو.
(۲) " براندی " لەم تڵپەو پاشەڕۆکە دروستکراو.

March (märch), *n.* مارت؛ نەوڕۆز؛ خاکەلێو.

march (märch), *v.i.* (۱) بە ڕیز ڕۆیشتن (وەک سەربان).
(۲) ڕەوتکردن. (۳) بەرەو پێشەوە ڕۆیشتن بە ڕێکوپێکی و سەروەڕا کشان.

v.t. بە ڕیز ڕەوت پێکردن وەک سەربان.

n. (۱) (ا) بە ڕیز ڕۆیشتن وەک سەرباز؛ ڕۆیشتنی سەربازانە.
(ب) ڕێ ڕۆیشتن.
(۲) بەرەو پێشەوە ڕۆیشتن: *(the ~ of events)*.
(۳) ڕەوت.
(٤) قۆناغ: *(a day's ~)*.
(٥) بە پێ ڕۆیشتنێکی دوورودرێژی ماندووکەر.
(٦) مارش: مۆسیقای ڕەوتی سەربازی.

on the march, لە پێشکەوتندایە؛ بەرەو پێشەوە دەڕۆن: *(Science is on the march.)*

march (märch), *n.* (۱) سنووری وڵات؛ سنوور.
(۲) ناوچەی سەر سنووری دوو وڵات کە ناکۆکی لەسەر بێ چونکە هەردوولا داوای دەکەن.

marcher (mär′chĕr), *n.* کەسێکی وەک سەرباز ڕۆیشتوو؛ بەشدارێکی ڕێ پێوان.

marchesa (mär-ke′zä), *n.* مەرکیزە: ژن یا بێوەژنی مەرکیز (ووشەی داهاتوو ببینە).

marchese (mär-ke′ze), *n.* مەرکیز: بەگزادەی ئیتاڵی.

marching orders, (۱) فەرمانی لەشکر بۆ چوون بۆ جەنگ؛ فەرمانی دەستپێکردنی خەباتێک یا کارێک. (۲) فەرمانی دەرکردن (لە شوێنێک یا کارێک)

marchioness (märʹshən-is, märʹshə-nesˊ), *n.* (۱) ژنە بەگزادە (۲) marchesa.

marchland (märchʹlandˊ), *n.* ناوچەی سەر سنوور.

marchpane (märchʹpānˊ), *n.* = marzipan.

Mardi gras, ڕۆژی کەرنەڤاڵ لە شاری " نیۆئۆرلیانس " ی ئەمەریکی و " پاریس " و هەندێ شوێنی تر.

mare (mâr), *n.* مایین؛ ماکەڕ؛ هێستەر مێچکە.

marc (mârʹi), *n.* (۱) دەریا (۲) ناوچەیەکی تاریکی سەر ڕووی مانگ (لە کۆندا وا دەزانرا کە دەریایە).

mare (mâr), *n.* دەعبا یا جنۆکەیەکە لە کۆندا وایان دەزانی کە دەبێتە هۆی مێردەرمە

mare's-nest (mârzʹnestˊ), *n.* (۱) ساختە؛ درۆ؛ شتێکی درۆزنە. (۲) بارێکی زۆر ئالۆز.

mare's-tail (mârzʹtālˊ), *n.* (۱) پەلە هەورێکە لە شێوەی کلکی ئەسپدا (گوایە نیشانەی ئاووهەوای ناخۆشە). (۲) ڕووەکێکی ئاوییە گوڵی زۆر بچووک دەگرێ و گەڵاکانی وەک تاڵەموو باریکن. (۳) ڕووەکێکی لاسک بۆشە.

margarine (märʹjə-rin, märʹjə-rēnˊ), *n.* مارجەرین ڕۆنی ڕووەک (وەک کەرە وایە)

margarita (märˊgə-ritʹə), *n.* مارگەریتە کۆکتێلێکی سەرخۆشکەرە لە " تەکیلە " و ئاوی لیمۆ دەکرێ (خوێ دەکرێت بە قەراغی ئەو پەرداخەی پێی دەخورێتەوە)

margin (märʹjin), *n.* (۱) قەراغ؛ کەنار؛ لێوار؛ تەنیشت: *(the ~ of a pool, pond, etc.)*

(۲) پەراوێز؛ پەرتووک؛ دەفتەر).

(۳) پلەی جیاوازی: *(a ~ of 500 votes; He escaped defeat in the election by a narrow ~ .)*

(٤) یەدەک (پارە، کات)؛ سپێر

(٥) جیاوازی نێوان نرخی کڕین و فرۆشتنی فرۆتەنی و بەشەکانی کۆمپانیاکانی بۆرسە (٦) (۱) کەمترین پلەی قازانج کە لەوە کەمتر بۆ کۆمپانیایەک دەست نادات ئیتر کار بکات. (ب) جیاوازی نێوان نرخی فرۆشتنی شتومەک و نرخی دروستکردنی

v.t. (۱) سنوور بۆ کردن؛ قەراغ بۆ دروستکردن.

(۲) نووسینەوە لە پەراوێزی پەرتووک یا دەفتەردا؛ کورتکردنەوە لە پەراوێزدا.

marginal (märʹji-nʹl), *adj.* (۱) پەراوێزی؛ لە پەراوێزدا نووسراو: *(~ notes)*

(۲) سنووری؛ قەراغی.

(۳) کەم؛ زۆر کەم؛ ناگرنگ: *(~ abilities, differences, profits)* .

marginalia (märˊjə-nāʹli-ə, märˊjə-nālʹyə), *n.pl.* تێبینی پەراوێزی.

marginate (märʹjə-nātˊ), *v.t.* پەراوێز بۆ کردن؛ سنوور بۆ کردن.

adj. پەراوێزدار؛ سنووردار؛ قەراغدار.

-margination *(n.).*

margrave (märʹgrāv), *n.* (۱) فەرمانڕەوای سوپایی ناوچەیەکی سنووری ئەڵمانی. (۲) میری ئەڵمانی؛ شازادەی ئەڵمانی.

margraviate (mär-grāʹvi-it), *n.* ناوچەی سنووری ژێردەستی فەرمانڕەوای سوپایی.

marguerite (märˊgə-rētʹ), *n.* جۆرێکە لە گوڵە چاوپشیلە

marigold (marˊi-gōldʹ), *n.* گوڵە شەستپەڕ؛ هەمیشە بەهار؛ گوڵە قەیفە

marijuana, marihuana (mârˊi-wäʹnə), *n.* مەریوانە؛ بەنگ

marimba (mə-rimʹbə), *n.* ئامێرێکی مۆسیقی‌یە

marina (mə-rēʹnə), *n.* لەنگەرگای بەلەمو یەخت.

بەندەری بچووکی بەلەمو کەشتی و یەخت.

marinade (marˊə-nādʹ), *n.* (۱) خۆشاوی گۆشت و ماسی تیادانان پێش برژاندن یا سوورکردنەوەی (کە لە سرکە یا شەراب و بەهارات پێکدێت) (۲) گۆشت و ماسی خۆشاوکراو یا ترش و خوێ کراو.

marinate (marʹə-nātˊ), *v.t.* خۆشاوکردن یا ترش و خوێ کردنی گۆشت و ماسی.

marine (mə-rēnʹ), *adj.* (۱) (ا) دەریایی؛ تایبەتی بە دەریا: *(~ exploration)*

(ب) دەریایی؛ ئاوی؛ لەناو دەریادا ژیاو (گیاندار، ڕووەک): *(~ life)*

(۲) تایبەتی بە هاتوچۆو بازرگانی دەریایی.

(۳) تایبەتی بە کەشتی ڕانی: *(~ chart)* .

(٤) تایبەتی بە سەربازو یا لەشکری پیادەی دەریایی.

n. (۱) (ا) سەربازی هێزی دەریایی پیادە

(ب) [M-]: سەربازی هێزی دەریایی پیادەی ئەمەریکی.

(۲) کەشتی بازرگانی و سوپایی بە کۆمەڵ؛ سەرجەمی کەشتی وڵاتێک.

(۳) وەزارەتی دەریایی (لە هەندێ وڵاتدا).

(٤) وێنەی دەریا یا کەشتی

Marine Corps, هێزی دەریایی ئەمەریکی.

mariner (marʹə-nēr), *n.* کەشتیوان؛ دەریاوان؛ دەریایی.

Mariolatry (mârˊi-olʹə-tri), *n.* مریەم پەرستی.

marionette (marˊi-ə-netʹ), *n.* بووکە سەماکەرە؛ بیجبیجەخانمی بە دەست یا بە تەل جوڵێنراو.

marital (marʹə-tʹl), *adj.* (۱) مێردی؛ هی مێرد.

(۲) ژن و مێردی؛ هی ژن و مێردی؛ خێزانی؛ هی ژنهێنان و شووکردن؛ هاوسەری: *(~ status)*

maritime (marʹə-tīmˊ), *adj.* (۱) نزیک بە دەریا؛ تەنیشت دەریا؛ سەر دەریا: *(~ provinces; a ~ people)* .

(۲) هی کەشتی ڕانی؛ هی بازرگانی و هاتوچۆی دەریایی: *(~ laws)* .

(۳) کەشتیوانی؛ دەریاوانی؛ تایبەتی بە کەشتیوانان.

marjoram (märʹjēr-əm), *n.* جاترە کێویلە.

mark (märk), *n.* (۱) نیشانە؛ نیشان. (۲) نیشانەیەکی تایبەتی: (ا) نیشانەی خاڵبەندی (زمانەوانی): *(punctuation ~s)* .

(ب) شەقڵ؛ نیشانی سەر شتومەک (بازرگانی): *(a trade- ~)* .

(ج) نیشانەی باشی و خانەدانی: *(Politeness is a ~ of good upbringing.)*

(د) نمرە (قوتابخانە): *(a ~ of "B" in history)* .

(هـ) مۆر. (و) دڕووشم.

(۳) پلەو نیشانەی لێهاتوویی و پەسەندکراوی: *(This novel dosen't come up to the ~ .)*

(٤) گرنگی؛ پایە بەرزی؛ لێهاتوویی؛ ناسراوی؛ بەناوبانگی: *(a man of ~)*

(٥) کارتێکردن؛ نیشانەی نەم کارتێکردنە: *(Good teachers have their ~s on their students.)*

(٦) نیشانەی ڕانومایی. (۷) پلە؛ ئاست؛ شوێن.

(۸) (ا) نیشان (بۆ تەقەلێکردن و پێکان). (ب) ئامانج؛ ئاوات.

(۹) سەرنج پێدانێک؛ گوێ پێدانێک؛ ووریابوون.

(۱۰) [Archaic]، (ا) سنووری وڵات؛ سنوور.

(ب) مۆلکی گشت دێ، شارۆچکە، یا کۆمەڵ.

(۱۱) ئاست یا هێڵی دەستپێکردنی پێشبڕکێ.

v.t. (۱) نیشانەکردن؛ نیشانکردن؛ دیاریکردن.

(۲) نووسین؛ وێنەکردن؛ لەسەر نووسین.

(۳) پیشاندان بە نیشانەیەک.

(٤) دەرخستن؛ پیشاندان: *(Her smile ~ed her happiness.)* .

(٥) جیاکردنەوە؛ دیاریکردن.
(Great scientific discoveries ~ed the 19th century.)
(٦) سەرکردن؛ تێبینین؛ سەرنج پێدان. *(M~ my words.)*
(٧) نمرە پێدان؛ نمرە لەسەر دانان.
(The teacher ~ed the examination papers.)
(٨) نرخ لەسەر دانان (فرۆتەنی)
(٩) تۆمارکردن یا ڕاگرتن (خاڵی پێشبڕکێ).

v.i. (١) نیشانەکردن؛ نیشانکردن؛ دیاریکردن
(٢) تێبینی کردن؛ سەرنجدان (٣) تۆمارکردن یا ڕاگرتن (خاڵی پێشبڕکێ)

beside the mark, (١) نەپێکان (٢) بێ پەیوەندی
hit the mark, (١) لە نیشان دان؛ پێکان؛ نیشان شکاندن.
(٢) سەرکەوتن؛ بە ئامانج گەیشتن (٣) ڕاست بوون؛ ڕاست کردن.
make one's mark, ناوەدەرکردن؛ ناوبانگ دەرکردن؛ سەرکەوتن و ناوپەیداکردن.
mark down, (١) نووسین؛ تۆمارکردن (٢) نرخ شکاندن یا کەمکردنەوە.
mark off (or out), سنوور نیشانەکردن؛ سنوور بۆ دانان؛ جیاکردنەوە
mark out for, بۆ هەڵبژاردن؛ بۆ جیاکردنەوە.
mark time, (١) هەنگاوان هەر لە شوێنی خۆدا؛ قاچ بەرز و نرم کردنەوە لە شوێنی خۆدا بەبێ ڕۆیشتن بۆ پێشەوە.
(٢) پێش نەکەوتن؛ لە جێی خۆدا مانەوە (٣) کات کوشتن؛ کات بردنەسەر.
mark up, (١) نیشانەکردن (٢) نرخ زیادکردن (فرۆتەنی).
miss the mark, (١) نیشان نەشکاندن؛ لە نیشان نەدان؛ نەپێکان؛ بە ئامانج نەگەیشتن (٢) ڕاست نەکردن؛ بەهەڵەداچوون؛ لە ڕاستیەوە دوور.

mark (märk), *n.* (١) سەنگێکی کۆنی ئەورووپایی زێڕو زیوە.
(٢) مارک پارەی ئەڵمانی (٣) پارەیەکی ئوسکوتلەندی کۆنە

markdown (märk′doun′), *n.* (١) نرخ شکاندن (فرۆتەنی).
(٢) چەندی بەم نرخ شکاندنە

marked (märkt), *adj.* (١) نیشانەکراو؛ نیشانکراو. *(~ cards)* .
(٢) دەستنیشان کراو (لەبەر گومانداریی و ناحەزی) *(a ~ man)* .
(٣) زۆر دیار؛ لەبەرچاو؛ نەوتۆ. *(a ~ change in behavior)* .

markedly (märʹkid-li), *adv.* زۆر بە زۆری؛ بێجگار زۆر؛ نەوتۆ.

marker (märʹkēr), *n.* (١) نیشانەکەر؛ شتی نیشانەکەر: (ا) کێلە قەبر. (ب) نیشان یا نیشانەی سەر ڕێگە (ج) شریتێک یا شتێکی تر کە لەو شوێنەی پەڕتووکێکدا دادەنرێ کە خوێنەرەکە دەیگاتێ
(٢) فرۆتەی نیشانەکەر (٣) خوێنەرەوەی نووسراوو نمرە پێدەری
(٤) هێڵ بەداخی بچووک، یا شتی تر کە یاریگای بێ نیشانە دەکرێ.
(٥) (ا) تۆمارکەری خاڵی یاری و پێشبڕکێ (مرۆڤ، نامێر).
(ب) خاڵی یاری یا پێشبڕکێ

market (märʹkit), *n.* (١) بازار (٢) خەڵکی ناو بازار
(٣) فرۆشگا؛ دووکان: *(a meat ~)* .
(٤) کڕین و فرۆشتن؛ شتومەک. پارەبازی؛ ئالووێر *(an active, slow, ~)* .
(٥) نرخ؛ نرخی نێستای شتێک

v.t. (١) بردنە بازار؛ ناردنە بازار (٢) خستنە بازارەوە (٣) فرۆشتن
v.i. (١) کڕین و فرۆشتن؛ کڕین یا فرۆشتن (٢) ئاڵووگۆڕ کردن

be in the market for, وێستن؛ حەز بە کڕینی کردن؛ پێویست بێ بوون
be on the market, خرانە ناو بازارەوە.
(His house is on the market.)
buyer's market, بازاڕی کڕیارە؛ باری بازار لە سوودی کڕیارە (لەبەر زەبەنەیی فرۆتەنی)
put on the market, خستنە بازارەوە
seller's market, بازاڕی فرۆشیارە؛ باری بازار لە سوودی فرۆشیارە (لەبەر کەمی فرۆتەنی)

marketability (märʹkit-ə-bilʹə-ti), *n.* (١) بازاڕ هەبوون؛ باش بوون بۆ فرۆشتن؛ کڕیار بۆ هەبوون (٢) بڕەو

marketable (märʹkit-ə-b'l), *adj.* (١) دەفرۆشرێ؛ بازاڕی هەیە.
(٢) بەبڕەو. (٣) تایبەتی بە کڕین یا فرۆشتن.

market-place (märʹkit-plās′), *n. Also* **market place,** ~(١) بازاڕ. (٢) شوێنی ئاڵووێرکردن (مەجاز)؛ شوێنی ئاڵوگۆڕکردنی بیروباوەڕ؛ بازاڕ: *(the ~ of ideas)* .

market price, نرخی بازاڕ.
market value, نرخی بازاڕ.

marking (märʹkiŋ), *n.* (١) نیشانەکاری؛ نیشانەکردن؛ نیشانکردن.
(٢) نیشان؛ نیشانە.
(٣) نیشانەی ڕەنگ و شتی گیاندار یا ڕووەک.

marksman (märksʹmən), *n.* نیشانچی؛ نیشان شکێن؛ دەست ڕاست.

marksmanship (märksʹmən-ship′), *n.* نیشانچێتی؛ نیشان شکێنی؛ دەست ڕاستی

markup (märkʹup′), *n.* (١) نرخ زیادکردن.
(٢) چەندی ئەم نرخ زیادکردنە
(٣) ئەو زیادەیەی دەخرێتە سەر نرخی تێچوونی فرۆتەنیەک بۆ فرۆشتنی بە قازانج.

marl (märl), *n.* (١) خاکێکە بۆ پەیناوکردن و خشت و چیمەنتۆ دڕووستکردن بەکاردەهێنرێ. (٢) [Poetic]، زەمین

v.t. پەیناوکردن بەم خاکە.

marlin (märʹlin), *n.* (١) ماسیەیەکی گەورەی بن دەریایە.
(٢) ڕەمەماسی.

marmalade (märʹmə-lād′), *n.* مرەبای تونکڵ و تڵپە پرتەقاڵ.

marmoreal (mär-môrʹi-əl, mär-mōʹri-əl), *adj.* (١) مەرمەر. (٢) وەک مەرمەر ساف و لووس و ساردو سڕی.

marmorean (mär-môrʹi-ən, mär-mōʹri-ən), *adj.* marmoreal.

marmoset (märʹmə-zetʹ), *n.* مەیموونێکی بچکۆلەی ئەمەریکای باشووڕو ناوەڕاستە.

marmot (märʹmət), *n.* مشکەشاخی؛ گیاندارێکی کرۆژەندەی قەڵەوی توک زبری کلک تووکن و کورتە.

maroon (mə-rōōnʹ), *n. & adj.* سووری قاوەیی؛ سووری تێرو شەرابی.

maroon (mə-rōōnʹ), *n.* (١) (ا) قوڵەڕەشی بەندی ڕاکردوو یا پەنابەر. (ب) وەچەی قوڵەڕەشێکی وەها.
(٢) [Rare]، کەسێکی گیرخواردوو لە چۆڵەوانیەکدا.

v.t. (١) بەجێهێشتنی کەسێک لە دوورگەیەک یا کەنارەدریایەکی چۆڵدا بۆئەوەی دەنگی بە کەس نەگاتو سزا بچێژێ.
(٢) بەجێهێشتن لە چۆڵەوانیەکدا کە لێ دەربازبوون یا ڕزگاربوونی نەبێ؛ گیر پێ خواردن.

marplot (märʹplotʹ), *n.* کەسێکی بێ مێشک کە شت تێک دەدات بە خۆتێهەڵقورتاندن.

marque (märk), *n.* (١) تۆڵە. (٢) . letters of marque

marquee (mär-kēʹ), *n.* (١) چادرێکی گەورەی لاکراوەیە بۆ ئاهەنگی دەرەوە. (٢) چەترێکی گەورەی سەربان ئاسایە بەسەر بەردەرگای میوانخانەو سینەماو شوێنی ترەوە. (هەروەها پێشی دەوترێ: " marquise ")

marquess (märʹkwis), *n.* = marquis.

marquetry, marqueterie (märʹkə-tri), *n.* ڕازاندنەوەی کورسی و مێز بە سەدەفو نەقشی جوان.

marquis (märʹkwis), *n.* مەرکیز: بەگزادەی هەندێ وڵاتی ئەورووپایی.

marquise (mär-kēzʹ), *n.* (١) مەرکیزی ژن: (ا) ژن یا بێوەژنی " مەرکیز " . (ب) ژنە بەگزادە (٢) marquee .
(٣) ئەموستێلەیەکە بەردی بەنرخی هێلکەیی تێدا چەسپێنراوە.

marriage (mar′ij), *n.* (١) ژنهێنان؛ شووکردن؛ ژنهێنان و شووکردن. (٢) ژن و میردایەتی. (٣) شایی. (٤) مارە؛ مارەبڕین. (٥) یەکبوونی پەیوەندی زۆر نزیک.

marriageable (mar′ij-ə-b'l), *adj.* بەشوو؛ تەمەنی بۆ ژنهێنان یا شووکردن دەشێ

marriage certificate, مارەنامە

married (mar′id), *adj.* (١) ژندار؛ میرددار؛ خێزاندار (٢) تایبەت بە ژن و میردی؛ ژن و میردی. (٣) زۆر نزیک؛ گیانی بە گیانی؛ یەکگرتوو.

marron (mar′ən), *n.* (١) جۆرێکە لە کەستەنە؛ کەستەنەی نیسپانی. (٢) درەختی کەستەنە

marrow (mar′ō), *n.* (١) مۆخ. (٢) ناوکزۆک؛ ناوەڕۆک؛ نەژاد. (٣) زیندوێتی؛ هێزی ژیان؛ هێز.

marrowbone (mar′ō-bōn′), *n.* (١) نیسقانی مۆخدار؛ نیسقانی ناو شلەو شۆربا. (٢) (*pl.*). (ا) ئەژنۆ (لەرووی پێکەنینەوە). (ب) نیسقانی چەپۆ راست.

marry (mar′i), *v.t.* (١) مارەکردن؛ لێ مارەبڕین. (٢) ژنهێنان؛ هێنان؛ شووپێکردن؛ شووکردن. (٣) (~ off). بەشووداں؛ *(to ~ off one's daughter)*. (٤) یەک پێکرتن؛ یەکگرتن؛ بوون بە یەک.

v.i. (١) شووکردن؛ ژنهێنان (٢) بوون بە یەک؛ یەکگرتن.

marry (mar′i), *interj.* [Archaic or Dial.]. ووتەیەکە سەرسامی یا تووڕەیی دەردەبڕێ.

Mars (märz), *n.* (١) خودای جەنگ (لەفسانەی ڕۆمانی). (٢) جەنگ؛ شەڕوشۆڕ. (٣) مەریخ؛ ئەستێرەیەکی گەڕۆکە.

marsh (märsh), *n.* زەلکاو؛ زۆنگاو؛ زۆنگ.

marshal (mär′shəl), *n.* (١) کاربەدەستێکی گەورەی کۆشکی شاهانەی کۆن (بۆ سەرپەرشتی کاروباری سوپایی و ئاهەنگ). (٢) مارشاڵ. بەرزترین پلەی ئەفسەری. (٣) سەرپەرشتیاری خۆپیشاندان یا ڕێ ڕۆیشتن؛ ڕێکخەری خۆپیشاندان (کە بانیەند دەبەستێ): *(the ~ of a parade)*. (٤) (ا) یاسا وڵی دادگا.

(ب) سەرۆکی پۆلیس یا فەرمانگەی ئاگرکوژاندنەوە لە هەندێ شاری ئەمەریکادا.

v.t. (١) ڕێکخستن؛ ڕێزکردن و ئامادەکردن (بۆ بەرەنگاری)؛ کۆکردنەوەو ئامادەکردن *(to ~ military forces, forces, facts, etc.)*. (٢) (ا) ڕێ پیشاندان؛ ڕابەری کردن؛ بردن بۆ *(to ~ persons into the presence of the king.)*

(ب) سەرپەرشتی کردن؛ سەرەوکاری کردن؛ بەڕێوەبردن.

v.i. ڕێکخستن. دروشمی قەڵغان و تیرە).

marshalcy (mär′shəl-si), *n.* پلەوپایەی مارشاڵ

-marshalship *(n.).*

marsh elder, چەند جۆرە ڕووەکێکی دو زەلکاوە.

marsh gas, میسان؛ گازی زەلکاو.

marsh hawk, هەڵۆی زەلکاو

marsh hen, (١) مریشکە ڕەشەی ئەمەریکی. (٢) باڵندەیەکی ناو زەلکاوە وەک قوڵنگ وایە.

marshiness (mär′shi-nis), *n.* زەلکاوێتی؛ زۆنگاوێتی

marsh mallow, (١) ڕووەکێکی زەلکاوییە (ڕەگەکەی دەکرێ بە دەرمان و شیرینی). (٢) شیرینیێکە لە ڕەگی ئەم ڕووەکەو جەلاتین و شەکرو نیشاستە دروست دەکرێ.

marshy (mär′shi), *adj.* (١) زەلکاوی *(~ land)*. (٢) لە زەلکاودا دەژی؛ نیشتەجێی زەلکاوە.

marsupial (mär-sōō′pi-əl, mär-sū′pi-əl), *adj.* تووڕەکەدار؛ تایبەتی بە گیاندارە شیردەرە تووڕەکەدارەکان وەک کەنگەر.

n. گیانداری شیردەری تووڕەکەداری وەک کەنگەر.

marsupium (mär-sōō′pi-əm), *n.* (١) تووڕەکەی ژێرسکی هەندێ گیانداری وەک کەنگەر. (٢) تووڕەکەیەکی وەها لە هەندێ ماسی و گیانداری قاووغداری ئاویدا.

mart (märt), *n.* (١) بازار. (٢) [Obs.] (ا) ئالووێر. (ب) پێشانگە یا بازاڕێکی کاتی.

marten (mär′t'n), *n.* (١) دەڵەک. (٢) کەوڵ یا فەرەی دەڵەک

martial (mär′shəl), *adj.* (١) جەنگی؛ بۆ جەنگ شیاو؛ شەڕوشۆڕی *(~ music, songs, etc.)*. (٢) جەنگاوەر؛ نازا. (٣) سوپایی *(~ court)*. (٤) [Archaic]. ئاسنی؛ ئاسنین. (٥) [M-]. لەژێر ڕکێفی چەپەڵی " مەریخ " دایە (ئەستێرەوانی)

martial law, دەسەڵاتی سوپایی؛ فەرمانڕەوایی سوپایی.

martin (mär′t'n), *n.* باڵندەیەکە لە توخمی پەڕەسێلکە.

martinet (mär't'n-et′, mär′t'n-et′), *n.* (١) ئەفسەری بەزەبرو تووندوتیژ. (٢) کەسێکی بەزەبرو تووندوتیژ.

martingal (mär′t'n-gal′), *n.* = martingale.

martingale (mär′t'n-gāl′), *n.* (١) قایشی نێوان تەنگەی ئەسپ و پەشوە یا لغاوەکەی (بۆ ئەوەی سەرکێشی نەکات) (٢) (ا) گوریسی ڕاگرتنی تەوەری بەلەم و کەشتی یا. (ب) سنگی ژێر تەوەری پێشەوەی بەلەم و کەشتی یا. (٣) زیادکردنی ئەو پارەیەی قوماری لەسەر دەکرێ لەلایەن کەسی دۆڕاوەوە پاش هەموو دۆڕانێک بۆ هێنانەوەی ئەوەی کە دۆڕاندوویەتی.

martini (mär-tē′ni), *n.* مارتینی: کۆکتێلێکی سەرخۆشکەرە لە " جن " و " فەرموس " پێکدێت.

martlet (märt′lit), *n.* (١) martin. (٢) دروشمێکی خانەدانی و سوارچاکێیە بریتیە لە باڵندەیەکی بێ لاقی وەک پەڕەسێلکە.

martyr (mär′tēr), *n.* (١) گیانبەخش (لەپێناوی ئاین یا بیروباوەڕدا)؛ شەهید؛ خۆبەختکەر. (٢) کەسێکە کە ئازارو ناخۆشی و زوخاوی زۆر دەچێژێ. (٣) کەسێکە کە پیشانی خەڵکی دەدات کە لە ئازارو ناخۆشیدایە بۆ هاوسۆزی کردن لەگەڵیدا.

v.t. (١) کردن بە قوربانی؛ کوشتن لەبەر پەشیمان نەبوونەوە لە ئاین یا پرنسیپ یا بیروباوەڕدا؛ شەهیدبوون؛ خۆبەختکردن. (٢) ئازارو مەینەتی چەشتن؛ زوخاوێکی زۆر چەشتن؛ چەوساندنەوە

martyrdom (mär′tēr-dəm), *n.* (١) گیانبەخشی (لەپێناوی ئاین یا بیروباوەڕدا)؛ شەهیدبوون؛ خۆبەختکردن. (٢) ئازارو مەینەتی چەشتن؛ زوخاوێکی زۆر چەشتن؛ چەوسانەوە

martyrology (mär′tēr-ol′ə-ji), *n.* (١) تۆمارنامەی گیانبەخشان. (٢) لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی گیانبەخشان بەتایبەتی هی خاچ پەرستان. (٣) ژیاننامەی گیانبەخشان (مێژووی خاچ پەرستی).

martyry (mär′tēr-i), *n.* نزرگەی گیانبەخش؛ گومەزی شەهید.

marvel (mär′v'l), *n.* (١) شتێکی زۆر سەیر؛ بلیمەت. (٢) [Archaic]، سەرسوورمان.

v.i. & v.t. سەرسوورمان؛ سەر لێ سوورماندن.

marvelous, marvellous (mär′v'l-əs), *adj.* (١) زۆر سەیرو ئاتاسا؛ سەرسوورهێنەر. (٢) [Colloq.]، زۆرباش؛ نایاب؛ پەسەند؛ زۆر چاک.

Marxian (märk′si-ən), *adj. & n.* تایبەت بە کارل مارکس؛ مارکسی.

Marxism (märk′siz'm), *n.* مارکسیەت: فەلسەفەو بیروباوەڕی کارل مارکس.

Marxist (märk′sist), *adj.* مارکسی؛ تایبەت بە کارل مارکس.

n. مارکسی؛ کەسێکی مارکسی؛ لایەنگری مارکسیەت.

Mary (mâr′i), *n.* مریەم؛ دایکی عیسا.

marzipan (mär′zi-pan′), *n.* شیرینیێکە لە بادەمی هاپراوو شیرو سپێنەی هێلکە دروست دەکرێ. (پێشی دەوترێ: " marchpane ").

mascara (mas-kar′ə), *n.* ماسکاره ئارایشتێکە وەک کل وایە برژانگ و برۆی پێ ڕەنگ دەکرێ.

mascot (mas′kot, mas′kət), *n.* کەسک؛ گیاندارێک یا شتێکە گوایە بەختەوەری لەدوایە یا دەهێنێت بەسەر خەڵکدا (بەتایبەتی کە بکرێ بە دروشمی تیپێکی وەرزشی یا ڕێکخراوێک).

masculine (mas′kyoo-lin), *adj.* (١) نێرینە؛ نێر (٢) بەهێز وەک پیاو؛ پیاوانە. (٣) بۆ پیاو دەشێ؛ پیاوانە؛ کوڕانە. (٤) لە پیاو دەچێ (ژن)؛ کوڕانی؛ ژنە کوڕانی. *(a ~ woman)* . (٥) نێرینە ڕێزمان). *(the ~ gender)*

n. (١) (ا) نێر؛ نێرینە. (ب) پیاو؛ کوڕ. (٢) (ا) توخمی نێرینە (ڕێزمان). (ب) ووشەیەکی وەها نێرینەیی؛ نێری؛ پیاوەتی؛ بەهێزی و نێری.

masculinity (mas′kyoo-lin′ə-ti), *n.* (١) بەردکاری؛ بەردتاشی؛ پیشەی- بەردکاری؛ وەستایی خانووی بەردوخشت؛ بەردوخشتکاری؛ خانووسازی بەردو خشت. (٢) خانوو یا شتی لە بەردو خشت دروستکراو؛ خانووی بەردو خشت.

mash (mash), *n.* (١) جۆی خووساوی هاڕاو (کە بیرەی لێ دروست دەکرێ). (٢) دانەوێڵەی هاڕاوی خووساو (کە دەدرێ بە ئاژەڵ و پەشەوڵاخ و ئەسپ و مریشک). (٣) هەریسە.

v.t. (١) جۆ خووساندن و بیرە لێ دروستکردن. (٢) فلیقانەوە؛ هارین و وەک هەویر یا هەریسە لێکردن. *(~ potatoes)* . (٣) هارین؛ کوتان. (٤) [Slang]، چاوباشقاڵی یا چاوبازی لەگەڵ کردن.

masher (mash′ĕr), *n.* (١) ئامێری فلیقانەوەی سەوزە و میوە. (٢) [Slang]. پیاوێکە کە بە زۆر دەیەوێ چاوباشقاڵی بکات لەگەڵ ئافرەتێکی نەناسیاودا

mashie, mashy (mash′i), *n.* جۆرە گوڕزێکی یاری " گۆڵف " ە.

mask (mask, mäsk), *n.* (١) ڕووپۆش؛ ماسکە؛ دەموچاوگر. (٢) پۆشاک؛ پۆشەنی؛ داپۆشەر. (٣) ئاهەنگێک یا کەرنەڤاڵێک کە خەڵکی دەموچاوی خۆیان دەگۆڕن یا ماسکە لە دەموچاو دەکەن. (٤) دەماخکەر. (٥) دەموچاو، بەتایبەتی: (ا) پەیکەری دەموچاو؛ قاڵبی دەموچاو. (ب) وێنەیەکی شێواوی دەموچاو بۆ گاڵتە و لاقرتی. (ج) وێنەی سەر و دەموچاو کە نەکتەرەکانی یۆنان و ڕۆمان لەسەر شانۆ لەسەریان دەکرد. (٦) کلاوزری؛ کلاوی گاز. *(gas ~)* . (٧) دەموچاو یا سەری ڕێوی و سەگ. (٨) پۆشەنی مناوەرەی لەشکر. (٩) شریتی داپۆشەر. (١٠) masque .

v.t. (١) داپۆشین بە ماسکە؛ ڕووپۆشین؛ دەموچاو هەڵبەستن؛ دەماخ کردن؛ ماسکە کردنەسەر. (٢) شاردنەوە؛ داپۆشین. *(to ~ one's enmity under an apperance of friendliness)*

v.i. ماسکە لەسەرکردن (بۆ کەرنەڤاڵ یا ئاهەنگ)؛ ڕووپۆشین؛ دەموچاو هەڵبەستن.

masked (maskt, mäskt), *adj.* (١) دەماخ کردوو؛ ڕووپۆشراو؛ ماسکە لەسەر . *(A ~ gunman tried to rob the bank.)* (٢) شاراوە؛ داپۆشراو (بۆ بەهەڵەدابردن). (٣) ماسکەی تێدا لەسەردەکرێ؛ خەڵکی خۆی بۆ دەگۆڕێ (کەرنەڤاڵ، ئاهەنگی سەما). *(a ~ ball)*

masker, masquer (mas′kĕr, mäs′kĕr), *n.* ماسکە لەسەر؛ بەشداری کەرنەڤاڵ یا شانۆنامە بە ڕووپۆشراوی.

masking tape, شریتی پێوەلکێن؛ شریتی سرێشاوی؛ شریتی داپۆشەر (بۆ داپۆشینی قەراغی دەرگاو پەنجەرە لەکاتی بۆیەکردندا).

masochism (maz′ə-kiz′m), *n.* (١) ماسۆشیەت. نەخۆشیەکی دەروونییە بریتییە لە لەزەت بینینی کەسێک لە چەوساندنەوە و ئازاردان و تێهەڵدان بە دەستی هاوسەرینەکەی. (٢) (ا) خۆشی و لەزەت بینین لە ئازاردان و چەوساندنەوەی خۆ. (ب) بە شوێن چەوساندنەوە و ئازاری خۆدا گەڕان.

masochist (maz′ə-kist), *n.* (١) لەزەت وەرگر لە چەوساندنەوە و ئازار چەشتن بە دەستی هاوسەرینەکەی. (٢) لەزەت و خۆشی بین لە ئازار و ناخۆشی و چەوساندنەوەی خۆ

-masochistic *(adj.)*; **masochistically** *(adv.)*.

mason (mā′s'n), *n.* (١) وەستای دیوارو خانوو؛ بەردتاش؛ بەنا. (٢) ماسۆنی.

v.t. بەردکاری کردن؛ بە بەرد دروستکردن؛ دیوارو خانووی بەرد دروستکردن.

mason bee, هەنگێکە بە تەنها دەژی و هێلانەکەی لە قوڕ یا لم و خۆڵ دروست دەکات.

Mason-Dixon line, هێڵی مەیسن- دیکسن: سنووری نێوان ویلایەتی " مەریلاند " و " پەنسلڤانیا " کە بە سنووری نێوان بەشی خوارو و سەروو ئەمەریکا دادەنرێ.

Masonic, masonic (mə-son′ik), *adj.* ماسۆنی.

Mason jar, شووشەیەکی دەم پانی هەوابڕە لەناوماڵدا خواردەمەنی تێدا هەڵدەگیرێ.

masonry (mā′s'n-ri), *n.* (١) بەردکاری؛ بەردتاشی؛ پیشەی- بەردکاری؛ وەستایی خانووی بەردوخشت؛ بەردوخشتکاری؛ خانووسازی بەردو خشت. (٢) خانوو یا شتی لە بەردو خشت دروستکراو؛ خانووی بەردو خشت. (٣) [M-]، ماسۆنیەتی: (ا) بیروباوەڕو ڕێبازی ماسۆنیەتی. (ب) ماسۆنیەکان . masquerade (١)

masque (mask, mäsk), *n.* (٢) شانۆنامەیەکی سەدانی شانزەو حەڤدەیە بە جل و بەرگی جوان و مۆسیقاو سەماوە پێشکەش دەکراو گفتوگۆی کەم تێدابوو.

masquerade (mas′kə-rād′, mäs′kə-rād′), *n.* (١) ئاهەنگێکە بە جلی جوان و دەماخ کردنەوە. (٢) جل و بەرگی ئاهەنگێکی وەها.

v.i. (١) دەماخ کردن؛ خۆگۆڕین. (ب) بە درۆ وا پیشاندان؛ شتی درۆزن و ساختە (١) بەشداربوون لە ئاهەنگێکدا بە جلی جوان و دەماخ کردنەوە. (٢) بە درۆ وا پیشاندان؛ خۆگۆڕین؛ ڕەفتاری ساختەو درۆزنانە نواندن؛ دەماخ کردن.

v.t. بە ماسکە داپۆشین؛ شاردنەوە؛ گۆڕین.

Mass, mass (mas, mäs), *n.* (١) نوێژی بەکۆمەڵ لە کڵێسەی کاسۆلیکیدا. (٢) مۆسیقای ئەم نوێژە.

mass (mas), *n.* (١) تۆپەڵ؛ بارست. (٢) ژمارەیەکی زۆر؛ کۆمەڵ؛ زۆر؛ گەلێک؛ کۆمەڵێکی گەورە. (٣) جەماوەر؛ خەڵک؛ گەلێک کەس. (٤) بارستایی؛ قەبارە؛ گەورەیی. (٥) زۆربەی؛ بەشی زۆری شتێک. (٦) تۆپەڵە کانزای ناڕێک و پێکی ژێرزەمین. (٧) گیراوەی توندی حەب لێ دروستکراو (دەرمانسازی).

adj. (١) بەکۆمەڵ؛ فرەیی؛ بەکۆمەڵ نەک تاک تاک: *(~ production)* . (٢) جەماوەری؛ تایبەت بە هەمووکەس؛ گشتی: *(~ education)* .

v.t. & v.i. تۆپەڵ کردن؛ کۆکردنەوە؛ کۆمەڵ کردن؛ بارست کردن؛ تۆپەڵ بوون؛ کۆمەڵ بوون.

in the mass, پێکەوە؛ بەگشتی؛ هەموو.

the masses, جەماوەر؛ خەڵک؛ گەل؛ بۆزە پیاوان؛ کۆمەڵانی خەڵک.

massacre (mas′ə-kĕr), *n.* (١) گەلەکوشتار؛ قەلاچۆ؛ کوشتار؛ کوشتن و سەربڕینی دڕندانەی بەکۆمەڵ. (٢) [Slang]، بەزینێکی زۆر خراپ (یاری، وەرزش).

v.t. (١) قەلاچۆکردن؛ کوشتن و سەربڕینی گەلێک کەس یا گیاندار بەشێوەیەکی دڕندانەو بەبێ پاڵەو پیس لێکردن. (٢) [Slang]، زۆر خراپ بەزاندن (یاری، وەرزش).

massage (mə-säzh′), *n.* مەساج؛ شێلان؛ هەنوون؛ دەست پیاهێنان.

v.t. لەش شێلان؛ شێلان؛ هەنوون؛ دەست پیاهێنان؛ مەساج کردن.

-massager; massagist *(n.)*.

massasauga (mas′ə-sô′gə), *n.* مارێکی زەنگۆڵەداری خواروو ئەمەریکایە.

masseter (ma-sē′tĕr), *n.* ماسولکەی جوین (لە شەویلگەی لاخواروودا).

masseur (ma-sûr′), *n.* پشت شێل بە پیشە؛ لەش شێل.

masseuse (ma-sooz′), *n.* ژنی پشت شێل بە پیشە؛ ژنی لەش شێل.

massicot (mas′i-kot′), *n.* ماسیکۆت: یەکەم نۆکسیدی قوڕقوشم.

massif (mas′if), *n.* (١) بەشی سەرەکی ڕیزە شاخێک؛ چەند لووتکە شاخێکی لەیەکدراو.

(٢) پارچەیەک زەوی دابڕاو لە دەوروپشتەکەی بە درێژی گەورە.

massive (mas′iv), *adj.* (١) قەبە، گەورە، زۆر زل؛ فیلەتەن: *(a ~ piece of furniture)* (٢) گەورە، زل؛ بەشکۆ: *(a ~ head, forehead, etc.)* . (٣) گەورە نە قەبارەو تووندوتێژی‌و مەودادا؛ لە ئەندازە بەدەر: *(a ~ military buildup along the frontier)* (٤) گەورەتر یا زیاتر لە ئاسایی: *(a ~ dose of vitamin C)* . (٥) گشتی: زۆر خراپ‌و ترسناک (نەخۆشی): *(a ~ heart-attack)* .

-massiveness *(n.).*

mass media, (sing. *mass medium*), هۆی ڕاگەیاندنی گشتی (تەلەفزیۆن، ڕادیۆ، ڕۆژنامە).

mass production, دروستکردنی بڕێکی زۆر شتوومەک بە مەکینە بەکۆمەڵ‌و نێکراپی

massy (mas′i), *adj.* قەبە، گەورە؛ زۆر زل؛ قورس.

mast (mast, mäst), *n.* (١) دارئاڵای کەشتی‌و بەلەم؛ ستوونی کەشتی‌و بەلەم. (٢) بەشێکی ئەم دارئاڵایە. *(the top ~)* . (٣) تەوەر یا ستوون (مەکینە). (٤) [M-]. دادپرسی لەلایەن ئەفسەرێکی هێزی دەریایی ئەمەریکی‌یەوە.

v.t. دارئاڵا تێداداڵان یا خستنەسەر.

before the mast, (١) جێی کاری دەریاوانە ئاساییەکان لە کەشتی‌یەکدا ئەک ئەفسەرەکان (٢) وەک دەریاوانێکی ئاسایی.

mast (mast, mäst), *n.* بەڕوو و بەری هەندێ درەختی تر کە دەدرێ بە بەرازی ماڵی.

mast-, = masto-.

mastaba, mastabah (mas′tə-bə), *n.* گۆڕێکی فیرعەونەکانی میسرە لە شێوەی ژوورێکی لاکێشەیی دیوار خواری سەربان تەختدایە.

mastectomy (mas-tek′tə-mi), *n.* مەمک دەرهێنان بە نەشتەرگەری (پزیشکەوانی)

master (mas′tĕr, mäs′tĕr), *n.* (١) کەسێکی ژوورەدەست، سەرگەورە: یا بەدەسەڵات (ب) گەورەی ماڵ؛ خاوەن ماڵ. (ب) سەرۆکی دەزگایەک. (ج) خاوەن کار؛ سەرکار؛ کارگێر. (د) خاوەن بەند؛ خاوەن گیاندار. (هـ) سەرەک کەشتی‌یەوانی کەشتی‌یەکی بازرگانی (و) براوە (پێشبڕکێ). (ز) مامۆستای پیاوی قوتابخانەی سەرەتایی. (ح) مامۆستایەکی بەرزی فەلسەفە یا ئاین کە خەڵک شوێنی بکەون. (٢) شتێکی بەدەسەڵات: *(Love is his ~ .)* (٣) (ا) وەستا؛ پیشەگەرێکی زۆر لێهاتوو. (ب) هونەرمەندێکی گەورەو لێهاتوو. (٤) بەرهەمی هونەرمەندێکی گەورەو لێهاتوو. (٥) سەروەر؛ سەرەک؛ گەورە؛ ئاغا. (٦) [M-]. ناڕناوی کەسێکە بەتایبەتی: (ا) پیاوێکی پلەوپایەدار. (ب) هەر پیاوێک یا کوڕێک. (نیستا " Mr. " بەکاردەهێنرێ). (ج) کوڕێک کە زۆر منداڵە تا پێی بووترێ: " Mr. " . (د) کارگێر: سەرکار: لێپرسراوی شوێنێک. (٧) خاوەن بڕوانامەی " ماستەر " . (٨) یاریدەدەری دادپرس.

adj. (١) تایبەتی بە سەرەک، سەرگەورە، یا ئاغا. (٢) زۆر لێهاتوو: قاڵ؛ دەستباڵا *(a ~ craftsman, theif, etc.)* . (٣) سەرەکی *(a ~ switch, key, etc.)* (٤) سەرچاوەیی: وێنەی سەرەکی (کە وێنەی تری لەبەر دەگیرێتەوە).

v.t. (١) دابینکردن؛ بەزاندن؛ خستنە ژێردەستەوە؛ هێنانەبەر بار؛ مل پێ شۆڕکردن (٢) بەتەواوی فێربوون؛ زۆرباش فێربوون: *(to ~ an art, a language, craft, science, etc.)*

master-at-arms (mas′tĕr-ət-ärmz′), *n.* ئەفسەری دابینکردن‌و ئاسایش لە کەشتی‌یەکی جەنگیدا.

masterful (mas′tĕr-fəl, mäs′tĕr-fəl), *adj.* (١) بەزەبروزەنگ: تووندوتێژ: نێر (٢) (ا) لێهاتوو؛ بەتوانا؛ بەدەست؛ کارامە: شارەزا: *(a ~ pianist)* (ب) زۆر چاک‌و بە کارامانە کراو؛ کاریگەر: *(a ~ speech)* .

-masterfully *(adv.)*; **masterfulness** *(n.).*

master key, کلیلی گشتی؛ شاکلیل؛ کلیلێکە کە چەند قفڵێکی جیاواز دەکاتەوە

masterly (mas′tĕr-li, mäs′tĕr-li), *adj.* زۆرباش؛ کارامانە؛ شارەزایانە؛ نایاب: *(He did a ~ job.)*

adv. بە کارامەیی؛ بە شارەزایانە؛ بە باشی

-masterliness *(n.).*

master mason, وەستای لێهاتووی بەردوخشتکاری؛ سەروەستای خانوو و دیواری بەردوخشت.

mastermind (mas′tĕr-mīnd′, mäs′tĕr-mīnd′), *n.* کەسێکی زۆر زیرەک بەتایبەتی دانەرو بەڕێوەبەری نەخشەیەک یا پرۆژەیەک؛ نەخشەکار نەخشەدانان (پرۆژە، جوولانەوە)؛ ڕێنخستن‌و ڕابەری کردن:

v.t. *(to ~ a revolution, an activity, attack, etc.)*

Master of Arts, (Abbr. *A.M.; M.A.*), (١) بڕوانامەی ماستەری ئەدەبیات (کە پشتەی زانستە مرۆڤایەتی‌یەکان‌و هونەر... هتد دەگرێتەوە). (٢) وەرگری ئەم بڕوانامەیە لە زانکۆدا.

master of cermonies, (Abbr. *M.C.; m.c.*), چاودێری ئاهەنگ؛ ڕابەری ئاهەنگ؛ ئاهەنگ گێڕ.

Master of Science, (Abbr. *M.S.; M.SC.*), بڕوانامەی ماستەر هی زانست.

masterpiece (mas′tĕr-pēs′, mäs′tĕr-pēs′), *n.* (١) شاکار؛ بەرزترین‌و باشترین بەرهەمی هونەری. (٢) شاکاری هونەرمەندێک یا نووسەرێک؛ باشترین بەرهەمی هونەرمەندێک یا نووسەرێک.

mastership (mas′tĕr-ship′, mäs′tĕr-ship′), *n.* (١) دابێن‌و دابینکاری؛ دابینکردن. (٢) مامۆستایەتی (بەتایبەتی قوتابخانەی سەرەتایی)؛ پلەوپایەو ئەرکی مامۆستایەتی. (٣) شارەزایی؛ کارامەیی؛ لێهاتوویی. (٤) وەستایەتی؛ وەستایی

master stroke, کارێکی نایاب؛ کارێک یا جێبەجێکردنێکی بەرز لێهاتووانەو نایاب.

masterwork (mas′tĕr-wŭrk′, mäs′tĕr-wŭrk′), *n.* masterpiece.

master workman, (١) وەستا؛ سەروەستا. (٢) سەرکار؛ کارگێر.

mastery (mas′tĕr-i, mäs′tĕr-i), *n.* (١) دابینکاری؛ دابینکردن؛ دەست بەسەردا ڕۆیشتن (٢) (ا) شارەزایی؛ کارامەیی؛ لێهاتوویی. (ب) زانینی شتێک زۆر بە باشی: *(a poet's ~ of the language)*

masthead (mast′hed′, mäst′hed′), *n.* (١) سەری تەوەری کەشتی (٢) نۆبەچی سەر تەوقەسەری تەوەری کەشتی. (٣) ئەو بەشەی ڕۆژنامە یا گۆڤارێک کە ناوی ڕۆژنامە یا گۆڤارەکە و خاوەنەکەی‌و سەرنووسەرو شوێنی بڵاوکردنەوەو نرخ... هتد، تێدا دەنووسرێ.

v.t. (١) کردنی کەشتیوانێک بە نۆبەچی لەسەر تەوقەسەری تەوەری کەشتی بۆ سزادانی. (٢) بەرزکردنەوەو پیشاندان لەسەر تەوقەسەری تەوەری کەشتی.

mastic (mas′tik), *n.* (١) مەستەکی: جەوی‌یەکە لە جۆرە درەختێک دەگیرێ بنێشت‌و بۆیە‌و دەرمانی لێ دروست دەکرێ (٢) داری مەستەکی (٣) عەرەقی مەستەکی. (٤) جۆرە چیمەنتۆیەکە.

masticate (mas′tə-kāt′), *v.t.* (١) جوین (خواردەمەنی). (٢) جنین؛ شێلان

-mastication *(n.)*; **masticator** *(n.).*

masticatory (mas′ti-kə-tôr′i, mas′ti-kə-tō′ri), *adj.* بۆ جوین بەکاردەهێنرێ (دەم، ددان)؛ تایبەت بە کرداری جوین.

n. بنێشت؛ شتێک کە دەجوورێ بۆ تف زیادکردن.

mastiff (mas′tif, mäs′tif), *n.* سەگێکی گەورەو بەهێزی پێست لووسی گوێ شۆڕی ڕاوو پاسە.

mastitis (mas-tī′tis), *n.* هەوکردنی مەمک

masto- (mas′tō, mas′tə), *Also* mast-, پێشگرێکە بەمانای:

مەمك؛ تايبەت بە مەمك يا گوان؛ گۆی مەمك.

mastodon (mas′tə-don´), *n.* گياندارێكی قرتێنەوتووە لە توخمی فيل.

mastoid (mas′toid), *adj.* (١) مەمكی؛ گۆمەمكی

(٢) چوكلەگۆيی؛ تايبەتی بە ئێسقانی پشت گوێچكە كە لە گۆی مەمك دەچێ.

n. (١) ئێسقانی پشت گوێچكە كە لە گۆی مەمك دەچێ.

(٢) [Colloq.] mastoiditis.

mastoidectomy (mas´toid-ck′tə-mi), *n.* لابردنی ئێسقانی پشت گوێچكە بە نەشتەرگەری.

mastoiditis (mas´toid-ī′tis), *n.* هەوكردنی ئێسقانی پشت گوێچكە كە لە گۆی مەمك دەچێ.

masturbate (mas′tĕr-bāt´), *v.i.* دەسپەڕكردن؛ ناوهێنانەوە.

masturbation (mas´tĕr-bā′shən), *n.* دەسپەڕ؛ ناوهێنانەوە؛ ئاوی خۆ هێنانەوە.

mat (mat), *n.* (١) حەسير؛ ڕاخەر؛ بەرە. (٢) doormat.

(٣) پارچە تەنراوێكی قوماش يا پووشە دەخرێتە ژێر قاپەوە لەسەر مێزی ئانخواردن (٤) ژێرخەرێكی نەستووری نەرمە لە وەرزشگادا بۆ زۆرانبازی و هەڵبەزودابەز لەسەركردن.

(٥) شتی چنگ لەيەكداوی چڕ (قژ). *(a ~ of hair)*

v.t. (١) پارچە حەسير يا فەرش لەسەر ڕاخستن.

(٢) تەنێو تاڵوزاندن پێكەوە

v.i. پێكەوە تەنران و چنگ دانە يەك.

mat (mat), *adj.* بێ بريقە؛ مردوو (ڕەنگ).

n. (١) پرويەكی بێ بريقە؛ پووكاری بێ ڕەنگ.

(٢) پەراوێزێكی بێ بريقەيە دەخرێتە نێوان وێنەيەك و چوارچێوەيەك.

v.t. پەرداخ كردنی پووكارێك بەبێ بريقە.

matador (mat′ə-dôr´), *n.* ماتەدۆر؛ زۆرانبازی گای ئيسپانی (كە كەڵەگاكە دەكۆڕێ پاش يارى پێكردنی).

match (mach), *n.* (١) پڵێتە (تەقەمەنی) (٢) دەنكە شقارتە.

match (mach), *n.* (١) هاوتا؛ هاوسەنگ؛ حەريف

(٢) تاكی جووتە شت يا مرۆڤی لەيەكچوو.

(٣) جووت (شت يا كەسی بۆ يەكتر شياو).

(Her purse and shoes were a good ~ .)

(٤) ملەملێ؛ پێشبڕكێ

(٥) (ا) شووكردن؛ ژنهێنان. *(She made a good ~ .)*

(ب) ڕێكخستنی كچ و كوڕ (بۆ خواستن).

(٦) كەسێك كە بۆ هاوسەر بشێت؛ كچێك كە بۆ هێنان باش بێت؛ كوڕێك كە بۆ شووپێكردن باش بێت.

(١) ژن بۆ دۆزينەوە؛ مێرد بۆ دۆزينەوە؛ ڕێكخستنی كچ و كوڕێك بۆ ژنهێنان؛ *v.t.* ڵێ مارەكردن (٢) (ا) بەرەنگاربوون

(ب) ملەملێ لەگەڵ كردن؛ شان لە شان دان.

(He can ~ anybody in his specialty.)

(٣) هاوچار بۆ دۆزينەوە؛ هاوتاكردن؛ حەريف بۆ دۆزينەوە.

(٤) لەيەكچوون *(The markings on the stamps ~ each other.)*

(٥) ڵێ هاتن (جل وبەرگ)؛ لەگەڵ يەك گونجان؛ بۆ يەك شياو.

(The coat ~es the dress.)

(٦) لەيەكچواندن *(I want to ~ this cloth.)*

(٧) شێرخەت كردن (٨) بەراووردكردن

v.i. (١) ژنهێنان؛ شووكردن

(٢) لەيەكچوون؛ لەگەڵ يەك گونجان؛ بۆ يەك شياو؛ لەيەككردن.

(The colors ~ . ; The description ~es.)

matchbox (mach′boks´), *n.* قوتووە شقارتە؛ شقارتە

matchless (mach′lis), *adj.* بێ هاوتا؛ بێ وێنە

matchmaker (mach′māk ĕr), *n.* شقارتە دروستكەر

matchmaker (mach′māk ĕr), *n.* (١) ژن‌مێرد بۆ خەڵك دۆزەرەوە؛ ڕێكخەری كچ و كوڕ بۆ ژنهێنان.

(٢) ڕێكخەری زۆرانبازی و بۆكسبازی.

-matchmaking *(n. & adj.).*

match point, دوا خاڵی بردنەوەی هاوبەركێيەك (يارى تەنس).

mate (māt), *n.* (١) ئاوەڵ؛ هاوڕەگ؛ هاوڕێ؛ *(classmate, roommate)*

(٢) لنگ يا تاكی جووتێك شت: *(the ~ to this glove)* .

(٣) هاوسەر؛ ژن؛ مێرد.

(٤) ڕێزە يا مێيەی دوو باڵندە يا گياندارى جووت بوو.

(٥) [Archaic]، هاوتا؛ هاوسەنگ

(٦) ياريدەدەری كاپتنی كەشتی: *[chief (second, third) ~]*

(٧) ياريدەدەر (لەسەر كەشتی): *(the cook's ~)* .

v.t. (١) جووت كردن؛ يەكخستن؛ يەك پێكرتن.

(٢) بوون بە ژن‌ومێرد؛ شووپێكردن؛ ژنهێنان.

(٣) جووت پێكرتن؛ لێنان (وڵاخ)؛ كەڵدان؛ لێ چاكردن؛ لێ پەراندن.

v.i. (١) بوون بە ژن‌ومێرد؛ جووت بوون؛ گاين.

(٢) جووت بوون (ڕێرەمێی باڵندە و گياندار)؛ پێوەبوون؛ زاوزێ كردن. *(Some animals ~ in the spring.)*

mate (māt), *n., interj., v.t.* = checkmate.

mater (mā′tĕr, mä′tĕr), *n.* [Chiefly British Obsolete], = mother.

material (mə-tĕr′i-əl), *adj.* (١) بەرجەستە؛ بەرجەستەدار: *(a ~ object ; a ~ evidence)*

(٢) (ا) لەشی؛ جەستەيی: *(~ pleasures)* .

(ب) هی جيهانی (وەك شت و پارە و پلەوپايە) نەك گيانی: *(~ success)* .

(٣) گرنگ؛ سەرەكی.

n. (١) كەرەسە؛ شت: *(raw ~)* .

(٢) قوماش؛ كوتان. (٣) *(pl.)*، نامێر؛ كەرەسە: *(writing ~s)* .

(٤) شتومەك.

materialism (mə-tĕr′i-əl-iz′m), *n.* (١) فەلسەفەی ماددی.

(٢) پارەپەرستی؛ شت پەرستن؛ ماددە پەرستی.

materialist (mə-tĕr′i-əl-ist), *n.* (١) بڕوابوو بە فەلسەفەی ماددی.

(٢) پارەپەرست؛ ماددەپەرست.

materialistic (mə-tĕr´i-ə-lis′tik), *adj.* (١) تايبەتی بە فەلسەفەی ماددی. (٢) پارەپەرست؛ ماددەپەرست؛ پووڵەكی.

-materialistically *(adv.).*

materiality (mə-tĕr´i-al′ə-ti), *n.* (١) بەرجەستەيی؛ بەرجەستەداری. (٢) لەش؛ ماددە.

materialize (mə-tĕr′i-ə-līz´), *v.t.* (١) لەش بە بەرداكردن؛ گيان بە بەرداكردن. (٢) هێنانەپووی فريشتەيەك يا گيان بە بەرداكردنی.

v.i. (١) هاتنەدی؛ سەرگرتن: *(Our plans did not ~ .)* .

(٢) هاتنەپوو بە لەشەوە (فريشتە، دێوودرنج).

-materialization *(n.).*

materially (mə-tĕr′i-əl-i), *adv.* (١) لەڕووی ناوەڕۆكەوە نەك شێوە

(٢) تايبەتی بە شتی بەرجەستەدار.

(٣) تا ڕادەيەكی زۆر؛ نێجگار؛ زۆر: *(His testimony is ~ different from hers.)*

materiel, matériel (mə-tĕr´i-el′), *n.* (١) كەرەسە (بەتايبەتی هی دەزگايەك) (٢) كەرەسەو چەكی سوپايی.

maternal (mə-tûr′n'l), *adj.* (١) دايكی؛ دايكانە: *(~ instinct)* .

(٢) لە دايكەوە بۆ ماوە؛ دايكی.

(٣) دايكی؛ لە دايكەوە: *(~ aunt, grandparents, etc.)* .

maternity (mə-tûr′nə-ti), *n.* (١) دايكێتی؛ دايكايەتی؛ دايكی.

(٢) هەستی دايكايەتی؛ خۆشەويستی دايكايەتی

adj. هی منداڵبوون؛ هی سكپڕی و منداڵبوون:

(a ~ dress, ward, hospital, leave, etc.)

maternity hospital, نەخۆشخانەی منداڵبوون؛ زاینگە

math (math), *n.* [Colloq.]. = **mathematics.**

mathematical (math´ə-mat′i-k'l), *adj.* (۱) بیرکاری؛ هی ژمارەوپێوان (۲) وورد؛ تەواو؛ بێ کەموزیاد.

-mathematically *(adv.).*

mathematician (math´ə-mə-tish′ən), *n.* زانای بیرکاری؛ بیرکارناس؛ زانای ژمارەوپێوان.

mathematics (math´ə-mat′iks), *n.pl.* زانستی بیرکاری؛ ژمارەوپێوان

matin (mat′in), *n.* (*pl.*) (۱) نوێژی بەرەبەیان (کڵێسەی کاسۆلیکی). (۲) [Poetic]. خوێندنی بەیانیانی باڵندە

adj. (۱) تایبەتی بە نوێژی بەرەبەیان. (۲) هی بەیانی؛ هی بەیانیان.

-matinal *(adj.).*

matinee, matinée (mat′'n-ā´, mat′'n-ā´), *n.* نوواندنێک بەرنامەیەک یا پیشاندانێکی بە پارە (بەتایبەتی شانۆنامەیەک یا فیلمێکی پاش نیوەڕۆ).

matinee idol, نەکتەرێکی قۆز کە ژن زۆر حەز لە فیلمەکانی دەکەن و دەیبەرستن

matrass (mat′rəs), *n.* شوورەیەکی مل باریکە بۆ دڵۆپاندن.

matri- (mā′tri, mat′ri), . *(matriarch)* پێشگرێکە بەمانای: دایک

matriarch (mā′tri-ärk´), *n.* دایکە سەرۆک: ئافرەتێکە کە سەرگەورەی خێزان یا خێڵەکەیەتی

-matriarchal *(adj.)*; **matriarchic** *(adj.).*

matriarchate (mā′tri-är´kit), *n.* (۱) خێزانێک یا خێڵێک کە ئافرەت سەرگەورەی بێت (۲) پرۆسەیەک کە بە سەرۆکایەتی ئافرەت بێت.

matriarchy (mā′tri-är´ki), *n.* (۱) پرۆسەی دایک سالاری؛ پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتییە کە سەرۆکایەتی خێزان و خێڵ دەدات بە ئافرەت وە لەم پرۆسەدا منداڵەکان لەپرۆی دایکەوە دەدۆزرێتەوە نەک باوک. (۲) **matriarchate.**

matricide (mā′trə-sīd´, mat′rə-sīd´), *n.* (۱) دایکی خۆکوشتن. (۲) دایکی خۆکوژ

-matricidal *(adj.).*

matriculant (mə-trik′yoo-lənt), *n.* قوتابی وەرگیراو لە زانکۆ

matriculate (mə-trik′yoo-lāt´), *v.t.* وەرگرتن لە زانکۆ (یاش تاقیکردنەوەی تایبەتی).

v.i. وەرگیران لە زانکۆ

matriculation (mə-trik´yoo-lā′shən), *n.* (۱) وەرگرتن یا وەرگیرانی لە زانکۆ (۲) تاقیکردنەوەی وەرگرتن لە زانکۆ.

matriculator (mə-trik′yoo-lā´tĕr), *n.* = matriculant.

matrilineal (mā´trə-lin′i-əl, mat´rə-lin′i-əl), *adj.* لەرێی دایکەوەیە نەک باوک (بنەچە، خزمایەتی)

matrimonial (mat´rə-mō′ni-əl), *adj.* هی ژنهێنان و شووکردن؛ هی ژن و مێردایەتی

matrimony (mat′rə-mō´ni), *n.* (۱) ژنهێنان و شووکردن؛ ژنهێنان؛ شووکردن (۲) ژن و مێردایەتی. (۳) ژیانی ژن و مێردایەتی (٤) جورە یارییەکی کاغەز یا قومار.

matrix (mā′triks, mat′riks), *n.* (۱) منداڵدان؛ تێزانگ. (۲) سەرچاوە؛ نیشتمان؛ زێد؛ شوێنی لێوە پەیدابوون. (۳) (۱) نەو کونجەی ژێرزەمین یا سەرزەمین کە بەردی بەنرخی تێدا چەسپیوە. (ب) قاڵب (ج) قاڵبی تیپی چاپەمەنی. (٤) (۱) ماددەی نێوان شانەکانی گیاندار و پووەک. (ب) نەو شانانەی نینۆک و ددانیان لێوە پەیدا دەبێ.

matron (mā′trən), *n.* (۱) ژنی مێرددار؛ ژنی قەیرە؛ ژنێکی منداڵداری بەساڵداچوو؛ کەیبانوو.

(۲) بەرپرسی قوتابخانە، نەخۆشخانە، یا بەندیخانە (ئافرەت).

matronize (mā′trən-īz´, mat′rən-īz´), *v.t.* سەرپەرشتی کردن وەک دایک بۆ منداڵەکەی.

matronly (mā′trən-li), *adj.* (۱) سەلار (ئافرەت)؛ سەنگین؛ بە شەرم‌وشکۆ. (۲) تایبەتی بە ئەرکی سەرپەرشتی (ئافرەت)

matron of honor, بەربووک.

mat (mat), *n.* پەرداخ کردنێکی بێ ڕەنگ.

matte (mat), *n.* تێکەڵاوێکی کانزایی‌یە.

matted (mat′id), *adj.* (۱) چڕوچنگ لەیەک داوو پەستراوە: *(~ hair)*

(۲) پەراوێزی بۆ کراوە (وێنەی لە چوارچێوە گیراو).

matter (mat′ĕr), *n.* (۱) شت؛ ماددە (۲) کەرەسە. (۳) ناوەڕۆکی نووسراوێک نەک شێوازەکەی (٤) هەند؛ بڕ: *(a ~ of a few days)* . (٥) مەسەلە؛ باس: *(business ~s)* . (٦) (ا) شتێکی گرنگ؛ مەسەلەیەکی گرنگ. (ب) گرنگی: *(It's of no ~ .)* . (۷) (the ~)، کێشە؛ ناخۆشی؛ گیروگرفت؛ مەسەلە (ناخۆشی): *(What's the ~ ?)*

(۸) پۆستە: *(second-class ~)* . (۹) (ا) کێم (ب) پیسایی؛ گوو. (۱۰) (ا) شتی لە چاپدراو. (ب) تیپی ئامادەکراو (چاپەمەنی)

v.i. (۱) گرنگ بوون؛ قەی کردن: *(It doesn't ~ .; Does it really ~ what I think?)*

(۲) کێم لێ هاتن؛ گەیین (دوومەڵ).

as a matter of fact, لە ڕاستیدا؛ ئەوی ڕاستی بێت.

for that matter, لەو ڕووەوە؛ سەبارەت بە.

no laughing matter, گاڵتە نییە؛ زۆر گرنگە

no matter, (۱) گرنگ نییە؛ قەی ناکات. (۲) لەگەڵ نەوەشدا؛ بەبێ گوێدان بە.

matter of course, شتێکی ئاسایی‌یە؛ شتێکی سرووشتی‌یەو جێی سەرسامی نییە.

matter-of-fact (mat′ĕr-əv-fakt´), *adj.* بێ پێچ‌وپەنا؛ بێ ئەملاو ئەولا؛ بەبێ هەستانە؛ بە ووشکی.

matter of opinion, دەکەوێتە سەر ڕای نەو کەسە؛ هەرکەس ڕای خۆی هەیە دەربارەی.

mattock (mat′ək), *n.* پاچ؛ قوڵنگ.

mattress (mat′ris), *n.* (۱) دۆشەک. (۲) تەیمانێکی ئەستووری دارو گەڵا و بنچکەداری تەنراوە بۆ یاراستنی قەراغی پۆبار لە ڕامانێو هەڕەس بردن.

maturate (mach′oo-rāt´, mat′yoo-rāt´), *v.i.* (۱) گەیین (دوومەڵ)؛ کێم دەردان. (۲) گەیین؛ پێگەیشتن؛ کامڵ بوون.

maturation (mach´oo-rā′shən), *n.* (۱) گەیین (دوومەڵ)؛ کێم دەردان. (۲) گەیین؛ پێگەیشتن؛ کامڵ بوون؛ هەراش بوون.

mature (mə-tyoor′, mə-toor′), *adj.* (۱) هەراش (پووەک، گیاندار)؛ گەیو. (۲) کامڵ؛ گەورە؛ هەراش؛ قەیرە: *(a person of ~ age)*

(۳) تێگەیشتوو؛ بەجێ؛ هێمن: *(a ~ person, reaction, etc.)*

(٤) باش لێکۆڵراوە؛ باش بیرلێکراوە: *(a ~ plan of action)*

(٥) کاتی دانەوەی هاتووە: *(a ~ loan, bond, etc.)* .

v.t. (۱) پێگەیاندن. (۲) باش لێکۆڵینەوە.

v.i. (۱) (ا) گەیین؛ پێگەیشتن. (ب) هەراش بوون؛ گەورەبوون: *(Girls ~ early.)*

(۲) کاتی دانەوە هاتن (بانقەنۆت).

maturity (mə-tyoor′ə-ti, mə-toor′ə-ti), *n.* (۱) هەراشی؛

کامل بوون (۲) گەیین؛ پێگەیشتن. (۳) لێکۆڵراوەیی (٤) تێگەبشتن؛ لەسەرخۆیی: *(This kind of work requires ~ .)* .

(٥) (ا) کاتی دانەوە هاتن (بانقەنۆت).

(ب) ئەم کاتی دانەوەیە.

matzo (mät′sō. mät′sə), *n.* (*pl.* matzoth, matzos). جۆرە نانێکی هەویرترش تێنەکراوی پەقە (جوولەکە لە هەندێ جەژنا دەیخۆن).

maudlin (môd′lin), *adj.* (۱) بەسۆز و گرینۆک؛ هەست ناسک و گرینۆک (۲) بەسۆز و گرینۆک لەسەرخۆشیدا.

maul (môl), *n.* (۱) کوتەک (بۆ سنگ داچەقاندن)؛ پیک (۲) گورز؛ دارەدست [Archaic]

v.t. (ا) لێدان؛ بریندارکردن؛ پێست شینکردنەوە. (ب) هەڵگوفتن؛ گلۆفینەوە: *(A hunter was ~ed by a bear.)* .

(۲) قڵیشاندن بە پیلەو پوار؛ لەتکردن (دار)

-mauler *(n.).*

maulstick, mahlstick (môl′stik ′), *n.* داری نیگارکێش دارێکی درێژی باریکە نیگارکێش بۆ لەگەڵ بەکاری دەهێنێ

maund (mônd), *n.* مەن (کێشان)

maunder (môn′dĕr), *v.i.* (۱) سوورانەوە؛ خول خواردن. (۲) وورێنەکردن؛ قسەی بێ سەروبەر کردن.

mausoleum (mô′sə-lē′əm), *n.* گۆڕێکی گەورە (بەتایبەتی لەناو خانوویەکی حواندا)؛ گۆڕی کەسێکی مەزن؛ نارامگای مەزن.

mauve (mōv), *n.* ڕەنگی مۆر؛ مۆیەی بنەوشەیی

adj. مۆر؛ خامەکی؛ بنەوشەیی.

maverick (mav′ĕr-ik), *n.* (۱) گوێرەکە یا مانگای نەسمراوی لە گاگەل وونبوو یا دابڕاو؛ گوێرەکە یا جوانوری ناوەکی بێ خاوەن. (۲) پارێز یا نەسپی ڕاکردوو. (۳) [Colloq.]، کەسێکی سەربەخۆ کە مل نادات بۆ حیزبەکەی یا کۆمەڵەکەی؛ کەسێک کە خۆی جیاکردەبێتەوە لە حیزب یا کۆمەڵەکەی و ڕێگەی سەربەخۆی گرتبێ

mavis (mā′vis), *n.* باڵندەیەکی دەنگ خۆشە لە توخمی ڕیشۆلە.

maw (mô), *n.* (۱) (ا) گەدە؛ وورگ (ب) گەدەی چوارەمی گیانداری کاڕێژکەر (۲) قورگ و کاژێرو سوورێنچکی گیانداری زۆرخۆر.

maw (mô), *n.* [Dial.], = ma; mamma; mother.

mawkish (môk′ish), *adj.* (۱) دڵ تێکەڵهێنەر؛ پیس؛ زۆر بێ تام. (۲) بەسۆز یا هەست ناسک بەشێوەیەکی بێ تام و منداڵانە.

max., = maximum.

maxi (mak′si), *n.* تەنووری یا کراسی ناوداماو.

maxilla (mak-sil′ə), *n.* شەویلگی سەرەوە؛ یەکێک لە دوو نیسقانەکەی شەویلگی سەرەوە.

maxillary (mak′sə-ler′i, mak-sil′ə-ri), *adj.* هی شەویلگی سەرەوە

n. = maxilla.

maxim (mak′sim), *n.* پەند؛ پەندی پێشینان؛ قسەی نەستەق؛ ووتەی بەجێ

maximal (mak′sə-m′l), *adj.* نەوپەڕ؛ پەڕی نەوپەڕ

maximize (mak′sə-mīz′), *v.t.* گەیاندنە پەڕی نەوپەڕ؛ زیادکردن هەتا بەرزترین پلە؛ هەتا بتوانرێ زیادکردن و گەورەکردن.

maximum (mak′sə-məm), *n.* پەڕی نەوپەڕ؛ نەوپەڕ؛ زیاترین؛ زۆرترین

maxwell (maks′wel, maks′wəl), *n.* ماکسوێڵ یەکەی تەووژمی موگناتیسی

May (mā), *n.* (۱) بەختەبارێن؛ باران بڕان؛ بانەمەڕ؛ مایس؛ مانگی پێنجەمی ساڵنامەی گریگۆری. (۲) (ا) بەهاران؛ بەهار. (ب) لاوی؛ لاوێتی؛ گەنجی؛ تافی گەنجی. (۳) [m-]، گۆزەی ئینگلیزی. (٤) ناهەنگی جەژنی کرێکاران (یەکی مایس)

may (mā), *v.* (۱) لەوانەیە؛ لەوانەبوون؛ بۆی هەیە؛ بۆ هەبوون؛ ڕەنگە: *(It ~ rain.)*

(۲) ڕێ پێدان؛ ڕێگەدان: *(You ~ go.)* .

(۳) بۆ ئەوەی؛ تاکو: *(Write to him at once so that he ~ know our plans.)*

(٤) ئاوات خواستن؛ هیوا وابوون؛ دۆعاکردن (وەک: یاخوا وابێ یا وانەبێ!) *(M~ you be happy!; M~ he go!)*

maybe (mā′bi, mā′bē), *adv.* لەوانەیە؛ ڕەنگە؛ بەڵکو.

Mayday (mā′dā′), *n.* ڕزگارمان کەن!؛ شفرەی هاوارکردنە بۆ یارمەتی لە کەشتی و فڕۆکەوە لەکاتی تەنگانەدا. *(There was no M~ call.)* (ووشەی " S.O.S " ببینە).

May Day, جەژنی یەکی مایس؛ جەژنی کرێکاران.

mayest (mā′ist), *archaic second person singular of* **may.**

mayhap (mā′hap′, mā hap′), *adv.* = maybe.

mayhem (mā′hem, mā′əm), *n.* (۱) بریندارکردن و پەکخستن؛ پەل بڕینەوە بە دەسەنقەست. (۲) کارێکی زیانبەخش و ناپەسەند؛ ئازاردان. (۳) پشێوی.

mayonnaise (mā′ə-nāz′, mā′ə-nāz′), *n.* مەیۆنەیز: گیراوەیەکی خەستی سپیکارە لە زەردینەی هێلکەو سرکەو بەهارات پێکدێت لە بابۆڵەی خواردەمەنی دەدرێت و دەخورێت.

mayor (mā′ĕr, mâr), *n.* سەرۆکی شارەوانی؛ بەڕێوەبەری شار.

-mayoral *(adj.)*; **mayoralship** *(n.).*

mayoralty (mā′ĕr-əl-ti, mâr′əl-ti), *n.* پلەوپایەی سەرۆکی شارەوانی؛ ماوەی فەرمانڕەوایی سەرۆکی شارەوانی.

Maypole (mā′pōl′), *n.* ستوونی مایس: دارێکی بەرزی بە گوڵ ڕازاوەیە لە جەژنی یەکی مایسدا سەمای لەدەور دەکرێ.

mayst (māst), *archaic second person singular of* **may.**

mazard (maz′ĕrd), *n.* [Obs.], (۱) سەر؛ کەللەسەر؛ کاسەی سەر. (۲) دەموچاو.

maze (māz), *v.t.* [Archaic], (۱) ووڕکردن؛ گێژکردن؛ واق ووڕماندن. (۲) سەرسام کردن؛ سەر لێ شێواندن؛ حەپەساندن.

n. (۱) ڕێگەی پڕ لە پێچ‌وپەنا؛ ڕێگەی پێچ پێچاوی؛ پێچ‌وپلووچ؛ ڕێ وورنە. (۲) سەرشێواوی؛ حەپەساوی؛ واق ووڕماوی.

-mazy *(adj.).*

M.C., = Master of Cermonies.

M.D., پزیشک.

M-day (em′dā′), *n.* = mobilization day., ڕۆژی ڕەشبگیر دەستپێکردن بۆ جەنگ.

me (mē: *unstressed* mi), *pron.* من (کەسی یەکەمی تاک) (ڕێزمان).

mead (mēd), *n.* خواردنەوەیەکی کحولاییە.

meadow (med′ō), *n.* مێرگ.

-meadowy *(adj.).*

meadow lark, کلاوکوپەی مێرگ.

meadowsweet (med′ō-swēt′), *n.* جۆرە گوڵەباخێکی بۆنخۆشە

meager, meagre (mē′gĕr), *adj.* (۱) لەڕولاواز؛ لەر: *(a ~ face)*

(۲) کەم؛ کز: *(a ~ meal, salary, etc.; ~ resources)* .

meal (mēl), *n.* (۱) ژەم؛ ژەمێک خواردن؛ چێشت. (۲) کاتی نانخواردن.

meal (mēl), *n.* دانەوێڵەی هاڕراو: *(corn ~)* .

mealie (mēl′i), *n.* (۱) *(pl.)*، گەنمەشامی. (۲) گوڵەشامی.

meal ticket, (۱) تکتی خواردن. (۲) [Slang]، هۆی گوزەران؛ مایەی گوزەران یا ژیان؛ پشتیوانی دارایی (کار. مرۆڤ).

mealtime (mēl′tīm′), *n.* کاتی نانخواردن.

meal worm, مۆرانەی ئاردو دانەوێڵە.

mealy (mēl′i), *adj.* (١) وورد وەك نارد؛ ئاردی (٢) دامەوێڵەی هاپراوی تێدایە. (٣) بەڵمك؛ كونج كونج؛ خاڵ خاڵ؛ خاڵاوی. (٤) سپی؛ كاڵ؛ پەنگ زەرد. (٥) **mealy-mouthed**.

mealy-mouthed (mēl′i-mouṭht), *adj.* زمان لووس

mean (mēn), *v.t.* (١) نیازبوون؛ مەبەست بوون؛ ویستن. *(He ~s to go.)*

(٢) مانا وابوون؛ واگەیاندن؛ واگرتنەوە؛ واتا وابوون. *(What does this word ~ in Kurdish?)*

(٣) بڕیتی بوون لە؛ مایەی نەوە بوون؛ بوون بە هۆ. *(Money does not necessarily ~ happiness.)*

v.i. (١) مەبەست بوون؛ نیازبوون؛ ویستن. *(to ~ well).* (٢) بایەخ بوون؛ گرنگ بوون. *(Money ~s little to me.)*

mean well by, هەستی باشو برایانەو چاكە ویستن.

mean (mēn), *adj.* (١) گەنگ؛ پەشۆكی؛ بازاڕی؛ قەڵب. *(He is no ~ scholar.)*

(٢) هەژار؛ نزم (پلەوپایە). *(of ~ birth).* (٣) بێ شكۆ. (٤) بێ بایەخ؛ بێ نرخ؛ هیچوپووچ. (٥) پەرپووت (ڕووخسار)؛ ناشرین؛ بێ فەر. *(a ~ house in a ~ street)*

(٦) بەد؛ ناپەسەند؛ ناكەس؛ ناپیاو؛ نامەرد؛ نزم. (٧) ڕەزیل؛ پیسكە؛ پووڵەكی. (٨) سەركێش (ئەسپ): *(a ~ horse).* (٩) [Colloq.]، ناپەسەند؛ بەدخو؛ دڕ؛ تووڕەوتێز؛ بەدسرووشت؛ ڕووگرژ؛ دڵڕەق؛ شەڕەنگێز؛ خراپ (ڕەفتار لەگەڵ خەڵكدا): *(a ~ remark; Don't be so ~ to your little brother.)*

(١٠) [Colloq.]، شەرمەزار. (١١) [Colloq.]، نەخۆش. (١٢) [Slang]، (ا) قایم؛ ناگەڕێنرێتەوە (تۆپی یاری)؛ سەخت: *(He throws a ~ ball.)*

(ب) لێهاتوو؛ كارامە؛ شارەزا.

mean (mēn), *adj.* (١) ناوەڕاست؛ ناوەند. (٢) مام ناوەندی؛ ناوەندی. *n.* (١) ناوەڕاست (٢) نێوانڕۆیی؛ میانڕۆیی. (٣) تێكڕا (ژمارەوپێوان).

meander (mi-an′dĕr), *n.* (١) ڕێگە یا ڕێبازی خواروخێچ؛ چەم یا ناوەڕۆی پێچاوپێچ. (٢) سووڕانەوە؛ گەڕان. (٣) نەخشەی پێچاوپێچ. *v.i.* (١) بە پێچاوپێچ ڕۆیشتن؛ بە خواروخێچی ڕۆیشتن: *(Streams tend to ~ through level land.)*

(٢) سووڕانەوە؛ گەڕان بەبێ مەبەست: *(~ing through the bazar, life, etc.)*

meandrous (mi-an′drəs), *adj.* پێچاوپێچ (چەم، ڕووبار، ڕێگە)؛ خواروخێچ.

meaning (mēn′iŋ), *n.* (١) واتا؛ مانا: *(the ~ of a word).* (٢) [Archaic]، مەبەست؛ نیاز. *adj.* (١) واتادار؛ گرنگ؛ مانابەخش. (٢) بە مەبەست.

meaningful (mēn′iŋ-f'l), *adj.* واتادار؛ مانابەخش؛ گرنگ؛ بەنرخ؛ پڕ مانا *(a ~ experience).*

meaningless (mēn′iŋ-lis), *adj.* بێ مانا؛ هیچوپووچ؛ بێ نرخ.

meanness (mēn′nis), *n.* (١) گەنگی؛ بێ نرخی؛ قەڵبی؛ بێ فەری. (٢) ڕەزیلێتی؛ پووڵەكێتی؛ خۆپەرستی. (٣) بەدخوازی؛ ناپەسەندی؛ دڵڕەقی؛ ڕووگرژی؛ كینە لە دڵ؛ خراپی (ڕەووشت). (٤) كارێكی ناپەسەندی دڵڕەقانەی كینە لە دڵانەی بەدخوازانە.

means (mēnz), *n.pl.* (١) هۆ؛ ڕێگە؛ ڕێباز: *(a ~ to an end).* (٢) سەرمایە؛ سامان؛ پارە؛ داهات؛ دەرامەت؛ دەسكەوت: *(He's a man of ~.; to live within one's ~)*

by all means, بێ گومان؛ مسۆگەر؛ بە مسۆگەری.

by any means, هەرچۆنێك بێت؛ بە هەرشێوەیەك بێت؛ بە هەرجۆرێك بێت.

by means of, بەهۆی؛ لەڕێگەی.

by no means, بە هیچ جۆرێك؛ بە هیچ ڕەنگێك؛ بە هیچ كلۆجێك.

means to an end, هۆی بە مەبەست گەیشتن؛ هۆی دەستكەوتنی ئامانجێك.

meant (ment), *past tense and past participle of* **mean.**

meantime (mēn′tīm), *adv.* (١) لەو كاتەدا. (٢) لە هەمان كاتدا. *n.* ماوەی نێوان دوو كات.

meanwhile (mēn′hwīl), *adv. & n.* = **meantime.**

measles (mē′z'lz), *n.pl.* سووڕیژە.

measly (mēz′li), *adj.* (١) سووڕیژەیەتی. (٢) [Slang]، كەم؛ زۆر كەم؛ هیچوپووچ: *(a ~ tip).*

measurability (mezh ĕr-ə-bil′ə-ti), *n.* بۆ پێوان یا ئەندازە گرتن شیان.

measurable (mezh′ĕr-ə-b'l), *adj.* (١) دەپێوڕێ؛ ئەندازەی دەگیرێ؛ دەتوانرێ بپێوڕێت. (٢) زۆر؛ ئەوتۆ: *(a ~ amount of rain).*

measurably (mezh′ĕr-ə-bli), *adv.* تا ڕادەیەكی زۆر؛ زۆر؛ ئێجگار: *(His health has improved ~.).*

measure (mezh′ĕr), *n.* (١) ئەندازە (پانی، درێژی، بەرزی، قەبارە، ئەستووری، سەنگ... هتد). (٢) پێوان. (٣) پێوانە؛ ئەندازە؛ كێشانە. (٤) هەندا؛ بڕێكی تایبەتی یا دیاریكراو. (٥) (ا) ڕادە یا سنووری دیاریكراو: *(Remain within ~.).* (ب) ڕادە یا ئەندازەی بەجێ: *(She grieved beyond ~.).* (٦) ڕادە: *(in large ~).* (٧) هەنگاو؛ هەڵسان بە كارێكی پێویست؛ تەقەلا؛ تەگبیر: *(We have to take ~s to deal with the problem.)*

(٨) گەڵاڵەی یاسا؛ گەڵاڵەنامە؛ یاسا. (٩) كێش (هۆنراوە). (١٠) سەمای لەسەرخۆ؛ جوولەیەكی ئەم جۆرە سەمایە. (١١) ژمارەی بەسەردا دابەشكراو بەبێ ئەوەی هیچی بمێنێتەوە (ژمارەوپێوان). (١٢) كێش (مۆسیقا). (١٣) پانی شەقڵ یا لاپەڕە (چاپەمەنی).

v.t. (١) ئەندازەگرتن؛ پێوان؛ كێشان. (٢) (**~ off; ~ out**)، جیاكردنەوە بە پێوان یا ئەندازەگرتن. (٣) هەڵسەنگاندن: *(He ~d his foe).* (٤) بەراووردكردن: *(I'll ~ my talent against his.).* (٥) بە بااگرتن؛ بە قەدگرتن. (٦) ڕاگرتن (كات)؛ ژماردن (كاتژمێر): *(A clock ~s time.).* (٧) گونجاندن بەپێی ئەندازەیەك. (٨) لێكدانەوە. (٩) بڕین (ڕێگە، ماوە)؛ پێدا تێپەڕبوون.

v.i. (١) ئەندازەگرتن؛ پێوان؛ كێشان. (٢) ئەوەندە بوون یا دەرچوون (درێژی و پانی... هتد): *(This room ~s thirty feet across.)*

beyond measure, لە ئەندازە بەدەر؛ ئێجگار زۆر.

for good measure, بە سڵاوەوە (پێوان، كێشان).

in a measure, تا ڕادەیەك؛ نەختێك.

in great measure, = **in (a) large measure.**

in (a) large measure, تا ڕادەیەكی زۆر.

in some measure, تا ڕادەیەك.

made to measure, دەستكرد (جل‌وبەرگ)؛ بە پێوانە دروستكراو.

measure out, دابەشكردن بە پێوانە.

measure up to, لەو پلەیەدا بوون؛ توانا بەسەردا شكان؛ دەرهاتن (كردار، مەترسی، مرۆڤ... هتد): *(to measure up to a job, challenge, someone's expectations,*

task, etc.)

take measures, هەنگاوی پێویست نان؛ هەڵسان بە کاری پێویست؛ کەوتنە خۆ.

take one's measure, هەڵسەنگاندن

measured (mezh′ērd), *adj.* (۱) پێوراو؛ ئەندازە گیراو. (۲) (ا) ڕێک‌وپێک؛ چوونیەک. (ب) وورد و لەسەرخۆز بەردەوام: *(He walked with ~ steps.)*. (۳) کێشدار (هۆنراوە). (٤) باش بیرلێکراوە؛ بە ئەندازەو هێمنانەو ووریایانە کراو یا ووترا؛ بە ژمارە (مەجاز): *(~ words; a ~ speech, response, etc.)*. (٥) دەسەنقەست. (٦) کەم.

measureless (mezh′ēr-lis), *adj.* بێ ئەندازە؛ لە ڕادە بەدەر؛ لە ئەندازە بەدەر. بێ شومار؛ ئێجگار زۆر یا گەورە.

measurement (mezh′ēr-mənt), *n.* (۱) ئەندازەگرتن؛ پێوان. (۲) (ا) ئەندازە یا قەبارە بەپێی پێوانو کێشان. (ب) (*pl.*) ئەندازە: *(a person's ~)*. (۳) پێوانە؛ کێشانە؛ ئەندازە؛ سەنگ.

meat (mēt), *n.* (۱) خواردەمەنی؛ خۆراک؛ خواردن: *(~ and drink)*. (۲) گۆشت (هی گیانداری چوارپێ). (۳) گۆشتی میوەهات. (٤) ناوکۆک؛ ناوەڕۆک؛ کۆک: *(the ~ of a story)*. (٥) ژەم (بەتایبەتی نانی نێوارە). (٦) [Slang]. کارێک یا شتێک کە کەسێک شارەزایی تێدا بێت و حەزی لێ بکات: *(Tennis is his ~ .)*

meat-ball (mēt′bôl), *n.* (۱) کفتە؛ گۆشتی قیمەی خڕ هەڵدراوی ئەوەندەی گوێزێک. (۲) [Slang]، کەسێکی کەڕ بێ مێشک.

meatless (mēt′lis), *adj.* (۱) بێ گۆشت؛ گۆشتی تێدا نێیە. (۲) گۆشتی تێدا ناخوردرێ: *(a ~ day)*.

meatman (mēt′man), *n.* گۆشتفرۆش.

meatus (mi-ā′təs), *n.* کون یا بۆری ناولەش (کونەگوێ، بۆری میزە).

meaty (mēt′i), *adj.* (۱) گۆشتی؛ تامی گۆشت دەدات؛ لە گۆشت دەچێ. (۲) (ا) پڕ لە گۆشت. (ب) گۆشتن؛ قەڵەو. (۳) مێشک بزوێر؛ خەرپەوێن؛ ناوکرزکی زۆرە (مەجاز): *(a ~ subject for study and debate)*

-meatiness *(n.)*.

Mecca, Mekka (mek′ə), *n.* (۱) مەککە. (۲) [-m]، (ا) شوێنێکە کە گەلێک کەس بۆی دەچن؛ قیبلە. (ب) شوێنێکە کە مرۆڤ ناواتەخوازە ببینێ. (ج) ناوات؛ ئامانج.

mechanic (mə-kan′ik), *adj.* [Archaic], (۱) هی ئیشی دەستی (۲) هی مەکینە

n. (۱) فیتەر؛ مەکینەچی (۲) [Archaic]، (ا) پیشەگەر. (ب) کەسێکی پیسی بۆگەن.

mechanical (mə-kan′i-k'l), *adj.* (۱) مەکینەیی؛ تایبەت بە مەکینە. (۲) بە مەکینە دروستکراو. (۳) هی مەکینەکاری. (٤) بیرکردنەوەی ناوێ؛ ئۆتۆماتیکی؛ لە خۆوە یا خوڕەوەیە: *(a ~ act)*. (٥) [Archaic]، (ا) هی پیشەی دەستی. (ب) هی پیشەگەران؛ هی چێنی وەستاو کرێکاران. (ج) نزم؛ پیس و بۆگەن.

mechanically (mə-kan′i-k'l-i), *adv.* (۱) بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی؛ لە خۆوە. (۲) لەڕووی مەکینەو کارکردنێیەوە: *(There is nothing wrong with the car ~ .)*. (۳) دەربارەی مەکینەو مەکینەکاری؛ دەربارەی شارەزایی مەکینەکاری: *(He is ~ inclined.)*

mechanician (mek′ə-nish′ən), *n.* مەکینەچی؛ مەکینەناس؛ ئەندازیاری مەکینە.

mechanics (mə-kan′iks), *n.pl.* (۱) زانستی بزووتن و کارکردنە سەر ووزە بۆ سەر لەش (فیزیا). (۲) مەکینەکاری؛ زانست و پیشەی مەکینەکاری. (۳) چۆنێتی کردنی شتێک؛ لایەنی کردەنی کارێک کە بیرکردنەوەی زۆر ناوێت *(the ~ of writing)*

mechanism (mek′ə-niz′m), *n.* (۱) پارچەکانی مەکینەیەک و کارکردنیان پێکەوە: *(the ~ of a clock)*. (۲) (ا) کۆنەندام. (ب) شێوەی بە ئەنجام هێنان. (۳) لایەنی تەکنیکی. (٤) بیروباوەڕ یا فەلسەفەیەکە دەڵێت: ژیان و جیهان لەڕێگەی فیزیا و کیمیاوە لێکدەدرێتەوە.

mechanistic (mek′ə-nis′tik), *adj.* مەکینەیی؛ تایبەتی بە مەکینەو مەکینەناسی و بیروباوەڕی مەکینەپەرستی.

mechanize (mek′ə-nīz′), *v.t.* (۱) وەک مەکینە لێکردن. (۲) بە مەکینە بەرهەم هێنان لەباتی دەست: *(to ~ agriculture)*. (۳) مەکینە بەکارهێنان لە کارگەدا (٤) کەرەسەی جەنگ دان بە سوپا.

-mechanization *(n.)*.

medal (med′l), *n.* نیشان؛ مەدالیا

v.t. مەدالیا پێدان.

medalist, medallist (med′l-ist), *n.* (۱) مەدالیاچی؛ نیشان دروستکەر. (۲) نیشان وەرگر؛ مەدالیا بەرەوە؛ مەدالیا پێ بەخشراو.

medallion (mə-dal′yən), *n.* (۱) مەدالیای گەورە؛ مەدالیا. (۲) نەقشێکی خڕ یا هێلکەییە فەرش و قوماش و شتی تەنراوی پێ دەڕازێنرێتەوە.

meddle (med′l), *v.i.* (۱) (~ in; ~ with)، دەست تێوەردان؛ دەست خستنە ناو کاروباری خەڵکەوە؛ خۆتێهەڵقورتان؛ تێهەڵچوون؛ دەست تێکێشان: *(Don't ~ in other people's affairs.)*. (۲) (with ~)، دەست تێوەدان؛ دەستکاری کردن. (۳) [Obs.]، (ا) چوونە ناو؛ تێکەڵبوون. (ب) بەربەرەکانی کردن.

-meddler *(n.)*.

meddlesome (med′l-səm), *adj.* خۆتێهەڵقورتێنەر؛ دەست تێوەردەر.

media (mē′di-ə), *n.* *alternative plural of* medium.

media (mē′di-ə), *n.* پەردەی ناوەڕاستی دیواری بۆری خوێن.

mediacy (mē′di-ə-si), *n.* (۱) (ا) ناوەڕاستێتی؛ ناوەندێتی. (ب) ناڕاستەوخۆیی پەیوەندی (۲) ناوبژیکاری؛ ناوبژی کردن.

mediaeval (mē′di-ē′v'l, med′i-ē′v'l), *adj.* = medieval.

medial (mē′di-əl), *adj.* (۱) ناوەڕاستی؛ هی ناوەڕاست؛ ناوەندی. (۲) ناوچەقی. (۳) (ا) مام ناوەندی؛ ناونجی. (ب) ئاسایی.

n. (۱) (ا) تیپی ناوەڕاستی ووشە. (ب) شێوەی تیپی ناوەڕاست. (۲) دەنگی تیپی (b, d, g) لە ناوەڕاستی ووشەدا.

median (mē′di-ən), *adj.* (۱) ناوەڕاست؛ ناوەڕاستی؛ ناوەندی. (۲) تایبەتی بە هێلێک کە وێنەیەکی نەندازەیی وەک سێگۆشە یا لەشێک دەکات بە دوو کەرتی یەکسانەوە لەسەر باری درێژی. (۳) هی ژمارەی ناوەڕاستی پرێز ژمارەیەک (وەک ژمارە (۹) لەم ڕیزەدا: ۲ ٤ ٥ ۹ ١٤ ١٧ ٣٠).

n. (۱) ژمارە، خاڵ، یا هێڵی ناوەڕاست (نەندازە، ژمێرەکاری)؛ ناوەند. (۲) دەماری خوێن یا هەستەدەماری ناوەند. (۳) تیرە زەوییەکی باریکە لە ناوەندی ڕێگاوبان و شەقامی دووسەریدا؛ ناوەند.

mediastinum (mē′di-as-tī′nəm), *n.* (۱) پەردەی نێوان سی‌یەکان. (۲) ئەو بۆشاییەی سنگ کە دڵ و هەموو ئەندامەکانی تری تێدایە جگە لە سی‌یەکان.

mediate (mē′di-āt′), *v.i.* (۱) لە ناوەڕاستدا بوون؛ لە ناوەندا بوون. (۲) ناوبژی کردن؛ ئاشتکردنەوە؛ کەوتنە بەینەوە؛ ڕێکخستنەوە: *(to ~ between two warring nations)*

v.t. هێنانەدی لەڕێگەی ناوبژی کردنەوە: *(to ~ a settlement)*.

adj. (۱) ناوەند؛ ناوەندی؛ ناوەڕاستی. (۲) ناڕاستەوخۆ.

mediation (mē´di-ā´shən), *n.* ناوبژی کردن؛ ناشتکردنەوە؛ ڕێکخستن. *(All attempts at ~ by a third party were rejected.)* .

mediator (mē´di-ā´tēr), *n.* ناوبژێکەر؛ ناشتکەرەوە.

mediatory (mē´di-ə-tôr´i, mē´di-ə-tō´ri), *adj.* ناوبژێکەری. تایبەتی بە ناوبژێکەر یا ناوبژیکاری.

medic (med´ik), *n.* [Colloq.], (۱) پزیشک؛ نەشتەرگەر. (۲) قوتابی پزیشکەوانی؛ پزیشکێکی تازە دەرچوو؛ برینپێچ. (۳) نەندامی تیپی پزیشکەوانی سوپا.

medic (med´ik), *n.* = **alfalfa.**

medicable (med´i-kə-b'l), *adj.* بە دەرمان چارەسەر دەکرێ؛ بە دەرمان چاک دەبێتەوە.

medical (med´i-k'l), *adj.* (۱) پزیشکی؛ پزیشکەوانی. (۲) پێویستی بە دەرمانکردنە نەک نەشتەرکاری. (۳) [Archaic]، وەک دەرمان وایە؛ چاکەرەوە.

n. [Colloq.], تێروانینی گشتی پزیشکی.

medical examiner, پزیشکی لێکۆڵەرەوەی یاسایی: کە لاشەی مردوو تونێکاری دەکات بۆ دۆزینەوەی هۆی مردنەکەی (لە مردنی ناشایدا وەک کوشتن و خۆکوشتن... هتد). (پێشی دەوترێ: " **coroner** ") .

medical jurisprudence, پزیشکەوانی یاسایی.

medically (med´i-k'l-i, med´ik-li), *adv.* (۱) بە دەرمان. (۲) لەڕووی پزیشکەوانییەوە؛ لەڕووی پزیشکییەوە.

medicament (mə-dik´ə-mənt, med´i-kə-mənt), *n.* دەرمان

medicate (med´i-kāt´), *v.t.* (۱) دەرمانکردن. (۲) دەرمان تێکردن؛ دەرمان لێدان.

-medicative *(adj.).*

medication (med´i-kā´shən), *n.* (۱) دەرمان لێدان؛ دەرمانکردن. (۲) دەرمان

medicinal (mə-dis´'n-'l), *adj.* چاکەرەوە؛ چارەکەر (دەرمان)؛ بۆ چارەکردنی نەخۆشی باشە؛ وەک دەرمانە: *(~ herbs)* .

-medicinally *(adv.).*

medicine (med´ə-s'n), *n.* (۱) پزیشکەوانی؛ زانستی پزیشکەوانی. (۲) دەرمان. (۳) (ا) شتێک، نەریتێک، یا جادووگەرییەک کە گوایە خەڵک دەپارێزی و وەک دەرمان نەخۆش چاک دەکاتەوە (هیندییە نەمەریکاییەکان). (ب) نەفسوون: هێزی جادووگەری. (٤) [Obs.]، **medicine man** .

v.t. دەرماڵکردن؛ دەرمان پێدان؛ دەرمان لێدان.

medicine man, جادووگەر؛ پزیشکی جادووگەر.

medico (med´i-kō´), *n.* [Colloq.], (۱) پزیشک؛ نەشتەرگەر. (۲) قوتابی پزیشکەوانی.

medico- (med´i-kō´), پێشگرێکە بەمانای پزیشکەوانی.

medieval, mediaeval (med´i-ē´v'l), *adj.* سەدەی ناوەڕاست؛ هی سەدەی ناوەڕاست.

medievalism, mediaevalism (mē´di-ē´v'l-iz'm, med-´i-ē´v'l-iz'm), *n.* (۱) بیروباوەڕ نەریتی سەدەی ناوەڕاست. (۲) پەیڕەوی کردن و بڕوا پێ بوون و دڵسۆزی بۆ بیروباوەڕ نەریتەکانی سەدەی ناوەڕاست؛ سەدەی ناوەڕاست خوازی. (۳) بیروباوەڕ یا نەریتێکی سەدەی ناوەڕاست. (٤) لێکۆڵینەوەی سەدەی ناوەڕاست.

medievalist, mediaevalist (mē´di-ē´v'l-ist), *n.* (۱) زانا یا قوتابی سەدەی ناوەڕاست؛ سەدەی ناوەڕاست ناس. (۲) سەدەی ناوەڕاست خواز.

medio- (mē´di-ō, mē´di-ə), *Also* **medi-,** پێشگرێکە بەمانای: ناوەند؛ ناوەندی؛ ناونجی.

mediocre (mē´di-ō´kēr, mē´di-ō´kēr), *adj.* مام ناوەندی؛ نارنجی؛ نە باش و نە خراپ؛ ڕەشۆکی؛ ڕەمەکی.

mediocrity (mē´di-ok´rə-ti), *n.* (۱) مام ناوەندیتی (توانا، لێهاتوویی، چۆنێتی)؛ ڕەمەکێتی؛ نە باشی و نە خراپی.

(۲) توانا و لێهاتوویی مام ناوەندییانە.

(۳) کەسێکی مام ناوەندی لە توانا و لێهاتوویدا.

meditate (med´ə-tāt´), *v.t.* (۱) [Rare] ، بیرلێکردنەوە.

(۲) نەخشەدانان؛ وا نیازبوون؛ ویستن؛ بەتەمابوون.

v.i. بە قوڵی بیرکردنەوە؛ بیرکردنەوە.

-meditator *(n.).*

meditation (med´ə-tā´shən), *n.* (۱) بیرکردنەوەی قوڵ؛ بە قوڵی بیرکردنەوە. (۲) بە قوڵ بیرکردنەوەی ئایینی.

meditative (med´ə-tā´tiv), *adj.* (۱) حەزکەر لە بیرکردنەوە؛ بیرکەرەوە: *(a ~ mind)* .

(۲) بیرکردنەوەیی؛ تایبەتی بە بیرکردنەوە.

Mediterranean (med´ə-tə-rā´ni-ən), *adj.* (۱) لە (ا) ، (m-) ناوەوەی ووڵاتدا؛ دوور لە قەراغ دەریاوە. (ب) بە زەوی دەورگیراو (دەریا، دەریاچە).

(۲) هی دەریای سپی ناوەڕاست و ناوچەی دەوروبەری: *(a M~ climate)* .

(۳) هی گەلانی ناوچەی دەریای سپی ناوەڕاست.

n. (۱) دەریای سپی ناوەڕاست. (۲) کەسێکی خەڵکی ئەم ناوچەیە.

Mediterranean Sea, دەریای سپی ناوەڕاست.

medium (mē´di-əm), *n.* (*pl.* media or mediums), (ا) (۱) شتێکی مام ناوەندی یا ناونجی. (ب) پلەی ناوەڕاست یا ناوەندی؛ دۆخی ناوەندی. (۲) هۆ؛ ناوەند: *(The ether is the supposed ~ for radio waves.)* . (۳) هۆ: *(Radio is a ~ of communication.)* . (٤) (ا) ناوەند. (ب) دەوروبەر؛ شوێن. (٥) کەسێکە کە گوایە هۆی پەیوەندییە لەئێوان خەڵکی مردوو و زیندوودا؛ پەیامبەری ئێوان خەڵکی مردوو و زیندوو. (٦) هۆی دەربڕین (هونەر): *(This sculptor's favorite ~ is stone.)* .

adj. مام ناوەندی؛ ناونجی.

medium of exchange, هۆی ئاڵوگۆڕکردن یا گۆڕینەوە (وەک پارە یا شتێک لەجێی پارە)

medlar (med´lēr), *n.* گۆیژ.

medley (med´li), *n.* (۱) کۆمەڵێکی هەمەچەشنی تێکەڵاو (مرۆڤ، گیاندار، شت)؛ کۆمەڵێکی هەڕەمەی وەک چێشتی مجەور: *(What a ~ of races in America!)*

(۲) پارچە مۆسیقایەک کە لە چەند پارچەیەکی بچووکی نەساز پێکهاتبێ.

(۳) [Archaic] ، **melee** .

adj. تێکەڵاو؛ هەڕەمە؛ هەمەڕەنگ؛ هەمەجۆر.

medulla (mi-dul´ə), *n.* (۱) (ا) مۆخ. (ب) ناوەڕۆکی هەندێ نەندامی لەش (وەک گورچیلەو قژ... هتد). (۲) ناوەڕۆکی لیقنی قەفی هەندێ ڕووەک

-medullary *(adj.).*

Medusa (mə-dōō´sə, mə-dū´zə), *n.* (۱) مەدووسە: یەکێکە لە " گۆرگۆن " ەکانی نەفسانەی یۆنانی (ووشەی " **gorgon** " ببینە). (۲) ماسییەبە نەرمەلیقە.

-medusan *(adj.).*

medusoid (mə-dōō´soid, mə-dū´zoid), *n.* (۱) شێوەیەکی وەک ماسییەبە نەرمەلیقە. (۲) ماسییەبە نەرمەلیقە

adj. لە ماسییەبە نەرمەلیقە دەچێ.

meed (mēd), *n.* [Poetic], پاداشت؛ خەڵات.

meek (mēk), *adj.* (۱) بە ئارام؛ ملکەچ. (۲) (ا) بەسزمان؛ سەرکز؛ بێ فیز. (ب) سەرشۆڕ؛ بێ غیرەت. (۳) [Obs.]، لەسەرخۆ؛ هێمن؛ دڵنەرم.

-meekly *(adv.)*; **meekness** *(n.).*

meet (mēt), *v.t.* (ا) (۱) تووش بوون؛ پێ گەیشتن؛ تووش هاتن؛ بەیەکگەیشتن: *(I met him in the street.)* . (ب) تووش بوون (ناخۆشی): *(He met his fate.)* .

(٢) چوون بەپیرەوە؛ بەخێرهاتن کردن: *(He met her at the airport.)* .
(٣) (ا) ناسینی بۆ یەکەم جار: *(I met her a year ago at a party.)* .
(ب) دیدەنی کردن
(٤) بەرەنگاربوون؛ پووبەڕوو وەستان؛ شەڕ لەگەڵ کردن؛ دەستەویەخە وەستان.
(٥) بەرپەرچدانەوە؛ بەرهەڵستی کردن: *(We can ~ this objection.)* .
(٦) تووش هاتن؛ چەشتن؛ هاتنەپێ: *(Their plan will ~ disaster.)* .
(٧) هاتنە بەرچاو؛ وا دەرکەوتن.
(٨) (ا) ڕازی کردن؛ جێبەجێکردن: *(to ~ her wishes)* .
(ب) دانەوە (قەرز)؛ دان.

v.i. (١) یەکگرتن؛ بەیەکگەیشتن؛ لە یەکتری دان: *(The two streams ~ near our town.)*
(٢) بەرکەوتن؛ لێدان.
(٣) یەکتر ناسین: *(We met a week ago.)* .
(٤) بەرەنگاربوون؛ دەستەویەخە وەستان؛ پووبەڕوو وەستان.
(٥) بوون بەیەک؛ یەکگرتن. (٦) کۆڕگرتن؛ کۆبوونەوە.

n. (١) کۆبوونەوە (وەرزش)؛ کۆڕگرتن؛ کۆڕ: *(a swim ~ ; an athletic ~)*
(٢) کۆڕگرتووان؛ ئەوانەی کۆدەبنەوە.
(٣) جێی کۆبوونەوە؛ جێی کۆڕ.

meet a person halfway, هەوڵی ڕێکەوتن دان لەگەڵ کەسێک یا لایەک بە هەڵسان بە نیوەی ئەو ئەرکانەی پێویستە بۆ ئەم ڕێکەوتنە.

meet with, تووش هاتن (مرۆڤ، کۆسپ، ناخۆشی): *(to meet with misfortune)*

meet (mēt), *adj.* بەجێ؛ وا باشە؛ وا جوانە.

meeting (mēt′iŋ), *n.* (١) کۆبوونەوە؛ یەکگرتن؛ کۆڕگرتن.
(٢) کۆڕ؛ کۆبوونەوە. (٣) (ا) کۆڕگرتووان.
(ب) جێی کۆبوونەوە (بۆ ئامانجی ئایینی)
(٤) جێگای بەیەک گەیشتن. (٥) بەرەوڕووبوونەوە بۆ شەڕ؛ شەڕە شیر.

mega- (meg′ə), *(megaphone)* . پێشگرێکە بەمانای: (١) گەورە؛ زل: *(megacycle)* (٢) یەک ملیۆن جار؛ ملیۆنێک

megacephalic (meg′ə-sə-fal′ik), *adj.* سەر زل

megacephalous (meg′ə-sef′ə-ləs), *adj.* = megacephalic.

megacycle (meg′ə-sī′k'l), *n.* ملیۆنێک خول لە چرکەیەکدا (فیزیا).

megalith (meg′ə-lith′), *n.* بەردی زل کە لە پەیکەرو خانووی یادگاری زۆر کۆندا بەکاردەهێنرا.

megalo- (meg′ə-lō, meg′ə-lə), پێشگرێکە بەمانای: گەورە؛ زل؛ بەمێز: *(megalomania, megalopolis)*

megalomania (meg′ə-lə-mā′ni-ə), *n.* شێتی گەورەیی خوازی؛ شێتی خۆ بە زل زانین؛ شێتی کردنی کاری گەورەو سەرناسا.

-megalomaniac *(adj.).*

megalopolis (meg′ə-lop′ə-lis), *n.* شارێکی زۆر گەورە؛ کۆمەڵە شارێکی گەورەی بەتەنیشت یەکەوە.

megaphone (meg′ə-fōn′), *n.* بڵندگۆ؛ ئامێری دەنگ گەورەکەر.

v.t. & v.i. دەنگ گەورەکردن.

megathere (meg′ə-thêr′), *n.* گیاندارێکی گەورەی گیاخۆری قڕتێکەوتووە.

megaton (meg′ə-tun′), *n.* مێگاتەن: هێزێکی تەقینەوەیە ئەوەندەی هێزی تەقینەوەی یەک ملیۆن تەن لە تەقەمەنی سێیەم نەتراتی ئۆلیوین دەبێت.

megrim (mē′grim), *n.* (١) migraine . (٢) هەوەس: هەوەسی سەردەمی و حولحولایانە؛ هەوەسبازی.
(٣) پەستی: مات و مەلوڵ؛ دڵتەنگی.
(٤) سەرەخوڵ (بەتایبەتی لە ئەسپ و ئاژەڵدا)؛ سەرەسووڕکێ.
(هەروەها پێشی دەوترێ: " blind stagger ") .

meiosis (mī-ō′sis), *n.* (١) دابەشبوونی کەمبوونەوەیی یا نیوەیی لە شانەی گیانەوەردا. (٢) litotes .

-meiotic *(adj.).*

melan-, = melano-.

melancholia (mel′ən-kō′li-ə), *n.* مێلانخۆلیا (دەروونناسی)؛ پەستی؛ مات و مەلوڵی؛ دڵتەنگی؛ غەمگینی.

-melancholiac *(adj. & n.).*

melancholic (mel′ən-kol′ik), *adj.* (١) مات و مەلوڵ؛ پەست؛ دڵتەنگ؛ غەمبار؛ مێلانخۆلیای لەگەڵدایە. (٢) تایبەتی بە مێلانخۆلیا؛ لەوانەیە تووشی مێلانخۆلیا ببێت.

-melancholically *(adv.).*

melancholy (mel′ən-kol′i), *n.* (١) [Archaic] ، (ا) ڕەشاو: یەکێکە لە چوار شلەی ناو لەشی مرۆڤ کە پێشینان وایان دەزانی دەبێتە هۆی غەمباری و دڵتەنگی. (ب) نەخۆشی مێلانخۆلیا، واتە غەمباری و دڵتەنگی.
(٢) مات و مەلوڵی؛ غەمباری؛ پەستی؛ دڵتەنگی. (٣) بیرکردنەوەی قوڵی وەها.
(٤) [Obs.]، نەخۆشی مێلانخۆلیای لەگەڵدایە.

mélange (mā′länzh′), *n.* هەرەمەی شتی تێکەڵوپێکەڵ.

melanic (mə-lan′ik), *adj.* پێست ڕەش؛ ڕەش؛ قژو پەڕو پێست ڕەش.

melanin (mel′ə-nin), *n.* ڕەنگی ڕەش (پێست و قژو پەڕی گیاندار).

melanism (mel′ə-niz′m), *n.* پێست ڕەشی بەشێوەیەکی نائاسایی؛ ڕەشی چاوو پێست و قژو پەڕ... هتد. (پێشی دەوترێ: " melanosis ") .

melanite (mel′ə-nīt′), *n.* جۆرە بەردێکی بەنرخە.

melano- (mel′ə-nō, mel′ə-nə), *Also* **melan-,** پێشگرێکە بەمانای: ڕەش؛ زۆر ڕەش؛ ڕەشی قەترانی.

melanoid (mel′ə-noid′), *adj.* ڕەنگ ڕەش (پێست، چاو، قژ، پەڕ).

melanoma (mel′ə-nō′mə), *n.* لوو، بڕین، یا سندانێکی ڕەشی کوشندە.

melanosis (mel′ə-nō′sis), *n.* ڕەشی نائاسایی پێست و شانەکانی لەش (نەخۆشی ناسی). (پێشی دەوترێ: " melanism ") .

-melanotic *(adj.).*

melanous (mel′ə-nəs), *adj.* پێست و قژ ڕەش.

melaphyre (mel′ə-fīr′), *n.* مێلافایەر: بەردێکی ئاگرپژێنی ڕەشباوە.

meld (meld), *v.t., v.i. & n.* دەست پێشاندان بۆ خاڵ ژماردن (قومار).

meld (meld), *v.t.* تێکەڵ و کردن؛ تێکەڵ کردن.

v.i. تێکەڵ و بوون؛ تێکەڵ بوون؛ بوون بەیەک.

melee, mêlée (mā-lā′, mā′lā, mel′ā), *n.* (١) (ا) شەڕی دەستەویەخە. (ب) شەڕە مستەکۆڵە؛ بەیەکداچوون؛ بەیەکدادان؛ بەیەکداهاتن: *(He struck his wife and aunt, and during the ~ the baby also suffered scratches.)*
(٢) پاڵەپەستۆی جەماوەری: *(the rush-hour ~)* .

melic (mel′ik), *adj.* (١) هەڵبەستە؛ هی گۆرانی و هۆنراوە.
(٢) هی هەڵبەستی گۆرانی یۆنانی.

melilot (mel′i-lot′), *n.* چەند جۆرە گیایەکی سێیەڕەیی بۆن خۆش و شیرینە.

meliorate (mēl′yə-rāt′), *v.t.* باشترکردن (جۆر، توخم، وەچە، نەوە)؛ چاکردن؛ پەرە پێ سەندن.

v.i. باشتربوون (توخم)؛ چاکتربوون.

-meliorable *(adj.)*; **melioration** *(n.)*; **meliorative** *(adj.).*

meliorism (mēl′yə-riz′m), *n.* (١) ئەو بیرو باوەڕەی کە دەڵێت: جیهان هەمیشە بەرەو باشی دەڕوات و مرۆڤیش دەتوانێ پەرە بسەنێ بەم چاک بوونە بە هەوڵ و تەقەلای خۆی. (٢) پەرە پێ سەندنی کۆمەڵ (لەڕێگەی نەمێشتنی نەخۆشی و بەرزکردنەوەی پلەی ژیانەوە).

-meliorist *(n. & adj.)*; **melioristic** *(adj.).*

mell (mel), *v.t. & v.i.* [Obs. or British Dial.], تێکەڵ کردن؛ تێکەڵ و بوون.

melliferous (mə-lif′ēr-əs), *adj.* هەنگوین بەرهەم دەهێنێ؛

هەنگوینی لێ پەیدا دەبێ.

mellifluence (mə-lif′lōō-əns), *n.* هەنگوینایی؛ شیرین؛ خۆش دەنگ، مۆسیقا).

mellifluent (mə-lif′lōō-ənt), *adj.* = **mellifluous.**

mellifluous (mə-lif′lōō-əs), *adj.* دەڵێی هەنگوینە؛ ساز وشیرین (دەنگ)؛ خۆش (دەنگ، مۆسیقا، ووشە): *(her ~ voice)* .

mellow (mel′ō), *adj.* (١) گەبیو (میوە)؛ شیرین و خۆش و پڕ لە ئاو؛ تەڕوبڕ پێگەبیو. (٢) گەڕاوە (شەراب)؛ تام خۆش: *(~ wine)* . (٣) خۆش (دەنگ، ئاووهەوا)؛ نەرم (دەنگ)؛ دڵگیر (ڕەنگ): *(~ air, weather, etc.)*

(٤) شێدارو بەپیت (خاك).

(٥) لەسەرخۆ و تێگەیشتوو و ژیر (بەهۆی تەمەنەوە).

(٦) [Colloq.] ڕووخۆش؛ کوڕی باش؛ ناسك: *(He is a ~ guy.)* .

(٧) [Colloq.]، سەرخۆش؛ نەختێك سەرخۆش؛ خەیاڵی هەیە.

(٨) [Slang]، نایاب؛ زۆر چاك.

v.t. گەیاندن؛ پێ گەیاندن.

v.i. (١) گەیان؛ پێگەیین. (٢) بڵ بوون؛ گەیین.

(٣) گەڕانەوە (مرۆڤ)؛ هێمن بوونەوە.

melodeon (mə-lō′di-ən), *n.* (١) ئامێرێکی بچووکی مۆسیقای بۆرییدارە وەك نەرگۆن. (٢) جۆرێکە لە ئەکۆردیۆن.

melodic (mə-lod′ik), *adj.* (١) خۆش (ئاوان). . **melodious** (٢) **-melodically** *(adv.)*.

v.i. (۱) وێنەی نموونەیی دروستکردن؛ قاڵب دروستکردن (۲) (ا) پۆزلێدان بۆ وێنەگر یا نیگارکێش بۆ وێنەگرتن. (ب) جل‌وبەرگی مۆدە لەبەرکردن و نواندنی لە پیشانگادا

-modeler; modeller *(n.)*.

modeling, modelling (mod′l-iŋ, mod′liŋ), *n.* (۱) قاڵب دروستکردن؛ نموونەی وەک قاڵب دروستکردن. (۲) شێوە (بەتایبەتی هی دەموچاو)؛ ڕووخسار. (۳) (ا) پۆزلێدان بۆ وێنەگر یا نیگارکێش. (ب) جل‌وبەرگی مۆدە لەبەرکردنو نواندنی لە پیشانگادا.

moderate (mod′ĕr-it), *adj.* (۱) ناوەندی؛ بەئەندازە؛ ناتوندوتیژ؛ ئیوانڕەو:

(~ demands, views, opinions, etc.; a ~ organization, man, etc.)

(۲) نە زۆرو نە کەم؛ ناوەندی: *(~ prices)* .
(۳) فێنک؛ نە گەرمو نە سارد: *(a ~ climate)* .
(٤) مام ناوەندی؛ نە باشو نە خراپ: *(a man of ~ skills)* .

n. کەسێکی میانڕەو (لەڕووی ڕامیاری و ئایدیەوە).

v.t. (۱) جڵەوگرتن؛ هێمن کردنەوە (بیروڕا)؛ خاوکردنەوە؛ لە تووندوتیژی کەم کردنەوە: *(He has ~d his political views.)* . (۲) گێڕان (کۆپ): *(Who will ~ this meeting?)* .

v.i. (۱) هێمن بوونەوە؛ خاوبوونەوە؛ لە تووندوتیژی کەم بوونەوە. (۲) کۆڕ گێڕان.

moderately (mod′ĕr-it-li), *adv.* بەئەندازە؛ نەختێک؛ تا ڕادەیەک.

moderation (mod´ə-rā′shən), *n.* (۱) جڵەوگیری؛ هێمن کردنەوە؛ لە تووندوتیژی کەمکردنەوە. (۲) مام ناوەندێتی؛ نە زۆرو نە کەمی؛ بەئەندازەیی (۳) نیوانڕەوی؛ هێمنی؛ لەسەرخۆیی؛ ناتوندوتیژی (لەڕووی ڕامیاری و ئایدیەوە).

in moderation, بەئەندازە؛ نە زۆرو نە کەم؛ بە شێوەیەکی مام ناوەندی.

moderator (mod′ə-rā´tĕr), *n.* کۆڕگێڕ.

modern (mod′ĕrn), *adj.* (۱) تازە؛ نوێ. (۲) تازەباو؛ نوێ باو؛ تازە داهاتوو. (۳) [M-]، تایبەتی بە زمان یا شێوەی زمانی ئێستا بەکارهێنراو نەک هی کۆن.

n. (۱) کەسێکی نەم چەرخە. (۲) کەسێکی بیروباوەڕ تازەباو؛ نوێخواز.

-modernly *(adv.)*; modernity *(n.)*.

Modern English, زمانی ئینگلیزی نوێ (لە سەرەتای سەدەی شانزەهەمەوە تا ئەمڕۆ).

modernism (mod′ĕrn-iz′m), *n.* (۱) (ا) تازەباوی (بەکارهێنانی وشە، بیروڕا)؛ تازەباوپەرستی. (ب) وشەیەک، ئەریتێک، یا بیروڕایەکی تازەباو. (۲) [M-]، تازەباوکردنی خاچ پەرستی بەگوێرەی زانست (کە بە کفر دادەنرێ). (۳) هونەرکاری تازەباو.

-modernist *(n.)*; modernistic *(adj.)*.

modernization (mod´ĕrn-i-zā′shən), *n.* تازەکردنەوە؛ تازەکاری؛ تازەباوکاری؛ تازەباوکردنەوە.

modernize (mod′ĕrn-īz´), *v.t. & v.i.* تازەکردنەوە (بۆ گونجاندن لەگەڵ چەرخی تازەدا)؛ تازەباوکردن.

modest (mod′ist), *adj.* (۱) بێ فیز؛ بێ هەوا؛ خاکی؛ سادە. (۲) شەرمن؛ بەحەیاو بەشەرم؛ بە حەیا: *(~ behavior)* . (۳) (ا) نیوانڕۆ؛ بەئەندازە: *(a ~ request)* . (ب) کەم؛ نە زۆرو نە کەم: *(a ~ salary; ~ wages)* . (٤) سادە؛ ساکار؛ مام ناوەندی؛ نە باشو نە خراپ: *(a ~ home)* .

modesty (mod′is-ti), *n.* (۱) بێ فیزی؛ بێ هەوایی؛ سادەیی؛ خاکێتی؛ خۆهەڵنەکێشان. (۲) نیوانڕۆیی؛ بەئەندازەیی؛ نە کەمو نە زۆری (۳) پەردەی شەرم؛ حەیا؛ شەرم؛ حەیاو شەرم.

modicum (mod′i-kəm), *n.* نەختێک؛ تۆزێک.

modifiable (mod′ə-fī´ə-b'l), *adj.* دەتوانرێ بگۆڕێ.

modification (mod´ə-fi-kā′shən), *n.* (۱) گۆڕین؛ گۆڕینێکی کەم؛ سازاندن. (۲) نەنجامی گۆڕینێکی کەمی وەها. (۳) نەختێک کەمکردنەوە؛ کەمکردنەوە؛ هێنانە خوارەوە. (٤) مانا گۆڕین یا پوونکردنەوە (وەک ناوەڵناو و ناوەڵکردار) (ڕوشەی دوای نەمەو ژمارە سێی دووهەم ڕوشەی دوای نەمە ببینە).

modifier (mod′ə-fī´ĕr), *n.* ڕوشە یا دەستە ڕوشەی ماناگۆڕ یا پوونکەرەوە: *(Adjectives and adverbs are ~s.)* .

modify (mod′ə-fī´), *v.t.* (۱) گۆڕین؛ نەختێک گۆڕین؛ سازکردن: *(to ~ one's behavior, views, a contract, etc.)*

(۲) نەختێک کەمکردنەوە؛ کەمکردنەوە.
(۳) گۆڕین یا پوونکردنەوەی مانای پستەیەک (ڕێزمان): *("Large" ~ies "house" in " a large house".)*

modish (mōd′ish), *adj.* مۆدە؛ بەپێی مۆدەی تازەیە؛ مۆدەپەرست؛ تازەباو؛ تازەبوخوان؛ مۆدەی تازە پەرست.

modiste (mō-dēst′), *n.* بەرگ‌ـروویی مۆدەی ژنانە؛ فرۆشیار و نەخشەکێشی بەرگی تازەباوی ژنانە.

modulate (moj′oo-lāt′), *v.t.* (١) ڕێک‌وپێک کردن؛ ڕێکخستن؛ گونجاندن. (٢) بەڕۆ نزم کردنەوەی دەنگ.
(٣) گۆرانی ووتن؛ خوێندنەوە وەک بە گۆرانی؛ خوێندن (سرود).
(٤) گۆڕینی ئاوازی مۆسیقا.
(٥) گۆڕینی مەودا و لەرەی شەپۆلی ڕادیۆ.
v.i. (١) گۆڕینی ئاوازی مۆسیقا. (٢) گۆڕانی مەودا و لەرەی شەپۆلی ڕادیۆ.

modulation (moj′oo-lā′shən), *n.* (١) بەڕۆنزمی دەنگ. (٢) گۆڕینی ئاوازی مۆسیقا. (٣) گۆڕینی لەرەو مەودای شەپۆلی ڕادیۆ.
(٤) نەمانی هێزی سەر ووشەو کورت بوونەوەی (ووشەی " have " لەم دوو پستەیەد بەراورد بکە. *(I've gone.; I have friends.)*

modulator (moj′oo-lā′tēr), *n.* (١) ڕێک‌وپێککەر؛ گونجێنەر. (٢) ئامێری گۆڕینی لەرەو مەودای شەپۆلی ڕادیۆ.
(٣) هەستەدەمارێکی تۆپی چاوە.

module (moj′ōōl. moj′ul), *n.* (١) حوزە پێوانەیەکە (بۆ ئاوی ڕۆیبو). (٢) پێوانەیەکە دەکرێ بە ئەندازە بۆ لێکدانەوەی هەموو ئەندازەیەکی خانوویەک (وەک تیرەی کۆڵەکە). (٣) ئامێرێکی ئەلەکترۆنییە کە بەشێکە لە ئامێرێکی گەورەتر. (٤) بەشێکە لە کەشتی هەوایی.
-modular *(adj.)*.

modulus (moj′oo-ləs), *n.* (١) ئەندازە؛ نموونە. (٢) ژمارەی بەسەردا دابەشکراو. (٣) مەودا

modus operandi, [L.], شێوەی کارکردن؛ شێوەی کار جێبەجێکردن؛ شێوەی ڕەفتارنوواندن؛ شێوەی کاروبار بەڕێوەبردن.

modus vivendi, [L.], (١) شێوەی ژیان؛ چۆنێتی ژیان. (٢) ڕێکەوتنێکی سەردەمی.

mofette, moffette (mō-fet′), *n.* (١) کونێکە دووەم ئۆکسیدی کاربۆن و گازی تری لەژێر زەوییەوە لێ دێتە دەرەوە (دوای ئاگرپژێن). (٢) ئەو گازانەی لە کونێکی وەهاوە لەژێر زەوییەوە دێنە دەرەوە.

Mogul (mō′gul, mō-gul′), *n.* (١) مەغۆل؛ مەغۆلی. (٢) [-m] کەسێکی گەورەو بەدەسەلات؛ کەسێکی گرنگ. (٣) [-m] مەکینەیەکی هەڵمە بۆ ڕاکێشانی شەمەندەفەری قورس.

mohair (mō′hâr′), *n.* (١) مەڕی کارەموو. (٢) قوماشی مەڕی. (٣) جۆرەبەرگی مەڕی.

Mohammedan (mō-ham′ə-dən), *adj.* تایبەتی بە ئیسلام؛ تایبەتی بە پێغەمبەر (مەڕوەها " Muhammadan ").
n. موسوڵمان؛ موسوڵمانێک.

Mohammedanism (mō-ham′ə-dən-iz′m), *n.* ئیسلام. ئایینی ئیسلام (مەڕوەها " Muhammadanism ").

Mohawk (mō′hôk), *n.* (١) خێڵێکی هیندی سووری ئەمەریکاییە. (٢) ئەندامێکی ئەم خێڵە. (٣) زمانی ئەم خێڵە.
adj. تایبەتی بەم خێڵە

moiety (moi′ə-ti), *n.* (١) نیو؛ نیوە. (٢) هەند؛ بەش؛ بڕ

moil (moil), *v.i.* ئارەق ڕشتن؛ ئیشی قورس و ناخۆش کردن.
n. (١) ئیشی قورس و ناخۆش. (٢) پشێوی؛ شێواوی.

moist (moist), *adj.* شێدار؛ تەر.

moisten (mois′n), *v.t. & v.i.* تەرکردن؛ تەڕبوون؛ شێداربوون

moisture (mois′chēr), *n.* شێ؛ شێداری؛ تەری

moke (mōk), *n.* [Slang]. (١) قوڵەڕەش (لەپووی سووکی‌یەوە). (٢) کەر؛ گوێ درێژ. (٣) کەسێکی کەرو بێ مێشک. (٤) ئەسپێکی پیری پەککەوتە.

molar (mō′lēr), *adj.* (١) هاوەر شتی پێ دەهاوێ. (٢) کاکیلەیی
n. کاکیلەی خوار

molar (mō′lēr), *adj.* هی پارچەیەک هەمووی نەک گەردەکانی (فیزیا).

molasses (mə-las′iz), *n.* دۆشاو.

mold, mould (mōld), *n.* (١) قاڵب؛ چوارچێوە. (٢) مۆدێل. (٣) شتێکی بە قاڵب دروستکراو؛ شتێکی لە قاڵب دراو. (٤) شێوە. (٥) سروشتی تایبەتی کەسێک. (٦) **molding** .
v.t. (١) لەقاڵبدان؛ داڕشتن؛ بە قاڵب دروستکردن. (٢) دروستکردن یا ڕێک‌وپێک کردن لەسەر شێوەیەکی تایبەتی؛ گەڵەکردن *(to ~ a person's character)*

mold, mould (mōld), *n.* کەپوو
v.i. کەپوو هەڵهێنان.

mold, mould (mōld), *n.* (١) خاک (بەتایبەتی هی فشەڵ و پڕ لە ڕووەکی گەنیوو بۆ کشتوکاڵ کردن باش). (٢) [Poetic]، (ا) زەمین؛ خاک. (ب) گڵی گۆڕ. (٣) [Obs.]، گڵ (کە بەپێی ئاین مرۆڤی لێ دروست بووە)؛ خاک.

molder (mōl′dēr), *v.i.* پزین؛ پووان.
v.t. پزاندن؛ پووواندن.

molding, moulding (mōl′diŋ), *n.* (١) لەسەر قاڵب دەرهێنان؛ بە قاڵب دروستکردن؛ قاڵبکاری؛ داڕشتن. (٢) شتێکی لەسەر قاڵب دروستکراو. (٣) نەقشی ڕازێنەرەوە (خانووسازی (٤) تەختەدارێکی باریکە لە بنی دیوارو قەراغی بنمیچ و شوێنی تری خانوو دەدرێ بۆ جوانی و قایمی و شت داپۆشین.

moldy, mouldy (mōl′di), *adj.* کەپروای؛ کەپوو هەڵهێناو؛ بۆن کردوو؛ بۆن کۆنی لێ دێ؛ بۆگەن.
-moldiness *(n.)*.

mole (mōl), *n.* خاڵ.

mole (mōl), *n.* مشکەکوێرە؛ جرجەکوێرە.

mole (mōl), *n.* (١) بەربەستی کەنار دەریا (بۆ پاراستنی بەندەر). (٢) بەندەڕی پارێزراو لە شەپۆلی دەریا بە بەربەستێکی وەها.

mole, mol (mōl), *n.* کێشی گەردی بە گرام (کیمیا).

mole (mōl), *n.* تۆپەڵە گۆشتی زیادەی ناو منداڵدان؛ ئاوساوی ناو منداڵدان (لە نەخۆشی و باش گەورە نەبووئی ئاوڵەمەوە دروستە دەبێ).

molecular (mə-lek′yoo-lēr), *adj.* گەردیلەیی؛ گەردی.

molecule (mol′ə-kūl′), *n.* (١) گەردیلە؛ گەرد. (٢) تۆز؛ نەخت؛ نەختاڵ؛ تۆسقاڵ.

molehill (mōl′hil′), *n.* تەپۆلکەیەکی بچکۆلەی خۆڵە مشکەکوێرە یا گۆڕەهڵکەنە لەژێر زەوییەوە دەریدەدات.
make a mountain out of a molehill, شتی بچووک زۆر زل کردن؛ گیروگرفتی بچووک و هیچ‌وپووچ زل کردن؛ شت گەورەکردن.

molest (mə-lest′), *v.t.* دەست هێنانە ڕێ (بەمەبەستی جوورت بوون)؛ دەستدرێژی کردنە سەر مرۆڤ؛ پەستکردن؛ دەست تێوەدان و ئازاردان. *(to ~ a child, girl, woman, etc.)*
-molestation *(n.)*; **molester** *(n.)*.

moll (mol), *n.* [Slang]. (١) دۆستی تاوانکارێک یا دزێک. (٢) ئافرەتێکی سووک؛ قەحبە.

mollah (mol′ə), *n.* = **mullah.**

mollify (mol′ə-fī′), *v.t.* (١) دڵنەوایی کردن؛ دڵ نەرم کردن؛ دڵ هێنانەوە جێی خۆ. (٢) هێمن کردنەوە؛ ساردکردنەوە؛ خاوکردنەوە؛ دامرکاندنەوە (تووڕەیی). *(to ~ a person's anger)* .
-mollification *(n.)*; **mollifier** *(n.)*.

mollusc (mol′əsk), *n.* – **mollusk.**

molluscan, molluskan (mə-lus′kən), *adj.* هی گیاندارە نەرمە قاوغدارەکان.

mollusk, mollusc (mol′əsk), *n.* گیانداری نەرمی قاوغدار یا قاڵەداری ئاوی (وەک گوێنەکەماسی و شەیتانۆکە... هتد).

molly (mol′i), *n.* ماسی‌یەکی ڕەنگاوڕەنگە بۆ جوانی پەروەردە دەکرێ

mollycoddle (mol′i-kod′l), *n.* پیاوێك یا كوڕێكی بەنازی سەرژنانەی بوردەڵە

v.t. نازكێشان

Molotov cocktail, [Slang]. نارنجۆكێكە مریشیە لە شووشەیەكی پڕ لە بەنزین یا شلەی ئاگرگری تر

molt (mōlt), *v.i.* كاڵ فڕێدان؛ تووژ فڕێدان؛ پەڕی كۆن فڕێدانو هی تازە دەركردن

n. (١) كاڵ فڕێدان؛ پەڕی كۆن فڕێدان (٢) كاڵ یا پەڕی فڕێدراو

molten (mōl′t'n), *archaic past participle of* melt.

adj. (١) تووا؛ تووێنراو (٢) تووێنراوەو نە قاڵبدا داڕێژراو

mom (mom), *n.* [Colloq.]. = **mother.**

moment (mō′mənt), *n.* (١) ماوەیەكی كورت؛ ماوەیەكی زۆر كەم؛ هەناسە. *(He'll join you in a ~ .)* (٢) كاتێكی تایبەتی *(at that ~)* . (٣) كاتێكی گرنگ. (٤) گرنگی؛ بایەخ *(business of great ~)* . (٥) زەبری هێز مەكینەناسی.

the moment, ئێستا؛ لەم كاتەدا *(I'm busy at the moment.)* .

the moment that, هەر كە؛ یەكسەر كە

momentarily (mō′mən-ter′ə-li), *adv.* (١) بۆ هەناسەیەك؛ بۆ ماوەیەكی زۆر كەم *(The phone was ~ out of order.)* . (٢) پاش نەختێك؛ بەم زووانە؛ هەر ئێستا *(We will start ~ .)* . (٣) هەموو هەناسەیەك؛ لە چركەیەكەوە بۆ چركەیەكی تر.

momentary (mō′mən-ter′i), *adj.* (١) سەردەمی؛ كاتی؛ كورت. (٢) هەموو هەناسەیەك پرووەدات

-momentariness *(n.).*

momently (mō′mənt-li), *adv.* (١) هەموو هەناسەیەك؛ لە چركەیەكەوە بۆ چركەیەكی تر. (٢) یەكسەر (٣) بۆ هەناسەیەك؛ بۆ چركەیەك

momentous (mō-men′təs), *adj.* زۆر گرنگ: *(a ~ decision)* . **-momentousness** *(n.).*

momentum (mō-men′təm), *n.* گور؛ تەووژم؛ تاو؛ هێز؛ تین؛ پاڵ پێوەنانێكی بەتین *(Falling objects gain ~ . ; The revolutionary movement is gathering ~ .)*

Momus (mō′məs), *n.* (١) خودای لاقرتی و پەخنە لەفسانەی یۆنانی (٢) [m-]. كەسێكی زۆر پەخنەگر؛ زۆر بە پەخنە.

monachal (mon′ə-k'l), *adj.* = monastic.

monachism (mon′ə-kiz'm), *n.* = monasticism.

monad (mon′ad, mō′nad), *n.* (١) یەكە؛ شتێكی یەك پارچە كە بەش نەكرێ (٢) زیندەوەرێكی یەك شانە؛ نەمیبا (٣) گەردیلەیەكی یەك هاوهێزی (كیمیا).

monadelphous (mon′ə-del′fəs), *adj.* نێرەكەكانی بێكەوەن وەك چەپكێك (رووەكناسی)

monandrous (mə-nan′drəs), *adj.* (١) تاك مێرددار؛ یەك مێرددار (٢) تایبەتی بە تاك مێرددارى (٣) تاك نێركدار؛ یەك نێركدار

monandry (mə-nan′dri), *n.* تاك مێرددارى؛ یەك مێردى؛ یەك مێرددارى

monarch (mon′ērk), *n.* (١) پاشا (٢) جۆرە پەپولەیەكی نەمەریكایی قاوەیی سوورىكارى قەراغ باڵ ڕەشە

-monarchal; monarchial *(adj.).*

monarchic (mə-när′kik), *adj. Also* monarchical. پاشایی؛ تایبەتی بە پاشا

monarchism (mon′ēr-kiz'm), *n.* بیروباوەڕی پاسایەتی؛ پڕۆگرامی پاشایەتی؛ پاشایەتی پەرستن؛ پاشایەتی خواستن

monarchist (mon′ēr-kist), *n.* پاشایەتی پەرست؛ پاشاپەرست؛ پاشاخواز

-monarchistic *(adj.).*

monarchy (mon′ēr-ki), *n.* (١) ڕژێمی پاشایەتی؛ پاشایی (٢) شانشین؛ وڵاتی شانشین

monastery (mon′əs-ter′i), *n.* پەرستگای ووشكەسۆفیان؛ نشینگەی ووشكەسۆفیان؛ خەڵوەتگای ئایینی؛ تەكیە (خاچ پەرستی)

monastic (mə-nas′tik), *adj.* (١) هی پەرستگای ووشكەسۆفیان (٢) هی ووشكەسۆفی؛ ووشكەسۆفیانە

n. ووشكەسۆفی

-monastical *(adj.).*

monasticism (mə-nas′tə-siz'm), *n.* ژیانی ووشكەسۆفیتی؛ ووشكەسۆفیتی

monatomic (mon′ə-tom′ik), *adj.* (١) تاك گەردیلەیی (٢) تاك هاوتایی (كیمیا)

Monday (mun′di), *n.* ڕووشەممە

monetarily (mon′ə-ter′ə-li, mun′ə-ter′ə-li), *adv.* بەپووی پارەوە؛ لەپووی سكەوە

monetary (mon′ə-ter′i, mun′ə-ter′i), *adj.* (١) هی سكە؛ تایبەتی بە سكەی وڵاتێك (٢) هی پارە

money (mun′i), *n.* (١) پارە؛ دراو (٢) سامان

in the money, [Slang]. (١) براوەیە؛ لە براوەكانە (٢) دەوڵەمەند؛ زەنگین؛ سەرمایەدار

make money, پارە پەیداكردن؛ پارە دەسكەوتن

put money into, پارە تێخستن؛ پارە تێدا خەرج كردن

put money on, گرەو لەسەر كردن

moneybag (mun′i-bag′), *n.* (١) كیسەی پارە (٢) *(pl.)* [Colloq.]. (أ) سامان؛ سەرمایە (ب) كەسێكی پارەدار

money-changer (mun′i-chān′jēr), *n.* (١) پارە گۆڕەرەوە (هی جۆرەها وڵات). (٢) مەكینەی پارە ووردكەرەوە

moneyed (mun′id), *adj.* (١) دەوڵەمەند؛ زەنگین؛ پارەدار (٢) هی پارەو پارەداران؛ تۆپنەری پارەو سەرمایەداران

moneylender (mun′i-len′dēr), *n.* پارە بە قەرزدەر بە قازانج؛ سووخۆر

money-maker (mun′i-māk′ēr), *n.* (١) كەسێكی پارە كۆكەرەوە؛ كەسێكی پارە (زۆر) پەیداكەر (٢) نیشتیكی بەسوودو پارە پەیداكەر؛ شتێك یا كاسبیەكی پارە پەیداكەر: *(This business is a ~ .)* .

money-making (mun′i-māk′iŋ), *n.* (١) پارە پەیداكردن؛ پارە دەسكەوتن؛ قازانج كردن (٢) سكەلێدان.

adj. (١) بەسوود؛ پارەی زۆر تێدایە؛ پارەی لێ دەست دەكەوێ: *(a ~ business)*

(٢) پارە پەیداكەر؛ خەریكی پارە پەیداكردنە.

money order, حەوالەی پارە (لە پۆستەخانە دەكرێ).

monger (muŋ′gēr), *n.* (١) فرۆشیار؛ فرۆش: *(fishmonger)* . (٢) دەڵاڵ؛ كەسێك كە بازرگانی بە شتێكی ناپەسەندەوە بكات؛ كەسێكی بەدخوا: *(warmonger, scandalmonger)* .

Mongol (moŋ′gəl, moŋ′gol, moŋ′gōl), *n.* (١) هاوولاتیەكی مەنگۆلیا؛ كەسێكی مەنگۆلی (٢) زمانی مەنگۆلی

Mongolian (moŋ-gō′li-ən, mon-gōl′yən), *adj.* (١) تایبەتی بە مەنگۆلیاو گەلەكەی و كلتوورەكەی. (٢) مەنگۆلی. (٣) زمانی مەنگۆلی (٤) تووشی " Mongolism " بووە. (نەم ووشەیە ببینە).

n. (١) هاوولاتی مەنگۆلیا؛ كەسێكی مەنگۆلی. (٢) زمانی مەنگۆلی

Mongolism (moŋ′gəl-iz'm), *n.* بێ مێشكی مەنگۆلی

بارێكی زگماكیە بریتیە لە مێشك سووكی و پاستوچەپی چاوو نزیكیان

لەیەکەوە و کەلە تەختی

Mongoloid (moŋ′gəl-oid′), *adj.* (١) مەنگۆلی

(٢) بێ مێشکی مەنگۆلی تووش بووە (وشەی پێشوو ببینە).

mongoose, mongoos (moŋ′gōōs, muŋ′gōōs), *n.* جۆرە گیاندارێکی گۆشتخۆرە توانای ڕاوکردنی جرج و ماری ژەهراوی ... هتد هەیە.

mongrel (muŋ′grəl, moŋ′grəl), *n.* (١) دوورەگ (بەتایبەتی سەگ)؛ گیانداری دوورەگ. (٢) مرۆڤی دوورەگ؛ مرۆڤی ناڕەسەن. (٣) شتی دوو توخم؛ شتی ناڕەسەن.

adj. دوورەگ؛ لەڕووی سووکایەتەوە)؛ ناڕەسەن.

monicker, moniker (mon′i-kĕr), *n.* [Slang]. ناو؛ نازناو

monism (mon′iz'm, mō′niz'm), *n.* بیروباوەڕێکی فەلسەفەییە کە دەڵێت بیرو مادەدە هەموو یەکەو ڕاستێتی گەردوون هەر یەکەو پارچە پارچە ناکرێ.

monition (mō-nish′ən), *n.* (١) ووریاکردنەوە؛ ئاگادارکردنەوە؛ ئاگاداری (مەترسی). (٢) فەرمانی سەرەک قەشە بە نەکردنی تاوانێک. (٣) بانگ کردن بۆ دادگا.

monitor (mon′ə-tĕr), *n.* (١) [Rare]، ئامۆژگار؛ ئامۆژگاریکەر. (٢) قوتابی چاودێر؛ چاودێری پۆل؛ چاودێر. (٣) بیرخەرەوە؛ ئاگادارکەرەوە؛ ووریاکەرەوە. (٤) جۆرە قۆپچییەکی گەورەی ماسی خۆرە. (٥) گیرەی سەر لوولەی ئاو (ئاگرکوژێندنەوە) (٦) ئامێری چاودێریکەر (مەکینەی ئەلەکترۆنی و ڕاگەیاندن).

v.t. & v.i. (١) چاودێری کردن (مرۆڤ، شت، بار... هتد)؛ *(to ~ a person, situation, etc.)*

(٢) چاودێری کردنی مەکینەی ئەلەکترۆنی و ڕاگەیاندن (ڕادیۆ تەلەفزیۆن).

monitorial (mon′ə-tôr′i-əl, mon′ə-tō′ri-əl), *adj.* تایبەتی بە چاودێری یا ئامۆژگاری.

monitorship (mon′ə-tĕr-ship′), *n.* پلەوپایەو ماوەی پێ سپاردنی چاودێری پۆل یا هەر چاودێرییەک.

monitory (mon′ə-tôr′i, mon′ə-tō′ri), *adj.* ووریاکەرەوە؛ بیرخەرەوە؛ ئاگادارکەرەوە؛ *(a ~ glance)*.

n. نامەی ووریاکەرەوە؛ نامەی ئاگادارکردن.

monk (muŋk), *n.* ووشکەسۆفی (چاچ پەرستی)؛ خواپەرست؛ کەشیش؛ قەلەندەر؛ پەرستگانشین.

monkery (muŋk′ĕr-i), *n.* (١) ووشکەسۆفێتی؛ ژیانی ووشکەسۆفی؛ ژیانی ووشکەسۆفێتی. (٢) پەرستگای ووشکەسۆفی؛ تەکیە. (٣) ووشکەسۆفیان

monkey (muŋ′ki), *n.* (١) مەیموون (٢) مندالێکی قۆشمەو هاروهاج و دەمەلاسکێکەر. (٣) [Slang]، کەسێکی گاڵتەپێکراو؛ گاڵتەچی خەڵک. (٤) ئامێری جۆراوجۆری مەکینەکاری

v.i. [Colloq.] (~ with; ~ around with), یاری پێکردن؛ دەست تێوەدان؛ خۆ پێوە خڵافاندن؛ دەست تێخستن (کاروباری خەڵک).

v.t. [Rare], لاسایی کردنەوە؛ دەمەلاسکێ کردن.

monkey business, [Slang], کردەوەو کرد ڕی چەوت؛ ڕەوشتی بێ مێشکانەو ناپاکو تەلەکەبازی؛ فێڵبازی.

monkeyish (muŋ′ki-ish), *adj.* مەیموونی؛ وەک مەیموون؛ مەیموون ئاسایی

monkeyshine (muŋ′ki-shīn′), *n.* [Slang]، usually in pl., فێڵوتەلەکە؛ گاڵتەوگەپ؛ گاڵتە.

monkey wrench, (١) ئیسپانەیەکە دەمەکەی دەگونجێنرێ بۆ ئەوەی بۆ هەموو جۆرە بوڕغوێک ببێت. (٢) [Colloq.]، تێکدەر؛ شتی تێکدەر یا شێوێنەر؛ *(He threw a ~ into the plans.)*.

monkhood (muŋk′hood′), *n.* (١) ژیانی ووشکەسۆفی؛ قەلەندەری؛ ووشکەسۆفێتی. (٢) ووشکەسۆفیان

monkish (muŋk′ish), *adj.* وەک ووشکەسۆفی؛ ووشکەسۆفیانە؛ ووشکەسۆفی ئاسا.

mono-, mon- (mon′ō, mon′ə), پێشگرێکە بەمانای: (١) تاک؛ تاکەو؛ یەک؛ تەنها. (٢) تاک گەردیلە؛ یەک گەردیلە.

monocarpic (mon′ə-kär′pik), *adj.* یەک جار بەر دەگرێ و دەمرێ؛ یەک بەرێ؛ ساڵەکی.

monochord (mon′ə-kôrd′), *n.* (١) ئامێری مۆسیقی یەک ژێ. (٢) [Rare]، یەک نەوایی؛ گونجان؛ یەک دەنگی.

monochromat (mon′ə-krō-mat), *n.* کەسێکە کە ڕەنگ نابینێ؛ یەک ڕەنگە؛ ڕەنگ کوێر.

monochromatic (mon′ə-krō-mat′ik), *adj.* (١) یەک ڕەنگی. (٢) یەک شەپۆل (ڕووناکی).

monochromatism (mon′ə-krō-mat′iz'm), *n.* ڕەنگ کوێری؛ ڕەنگ نەبینین تەنها هی بۆر نەبێ.

monocle (mon′ə-k'l), *n.* چاوێلکەی یەک چاو.

monoclinous (mon′ə-klī′nəs), *adj.* نێرومێ پێکەوە (ڕووەکناسی)؛ نێرک و نێرەکی پێکەوەن لە هەمان گوڵدا.

monocracy (mə-nok′rə-si), *n.* فەرمانڕەوایی یەک کەسی؛ فەرمانڕەوایی ڕەها؛ پاشایەتی.

monocrat (mon′ə-krat′), *n.* فەرمانڕەوایی یەک کەسی پەرست؛ لایەنگری فەرمانڕەوایی ڕەها؛ پاشایەتی پەرست.

monocular (mə-nok′yoo-lĕr), *adj.* (١) یەک چاوە؛ تاک چاو؛ تاکە چاو. (٢) یەک چاوی؛ بۆ یەک چاو کراوە.

monodrama (mon′ə-drä′mə), *n.* شانۆگەری یەک کەسی

monody (mon′ə-di), *n.* (١) هەڵبەستی گۆرانی (لە شانۆنامەی کارەساتیی یۆنانی کۆندا). (٢) هۆنراوەی شیوەن؛ هەڵبەستی لاوانەوە. (٣) دەنگێکی یەک نەوا (وەک هی شەپۆل). (٤) ناوازێکی مۆسیقی یا گۆرانییە کە یەک دەنگ تیایدا زاڵە بەسەر دەنگەکانی تردا.

-monodic *(adj.)*; **monodically** *(adv.)*; **monodist** *(n.)*.

monoecious (mə-nē′shəs, mō-nē′shəs), *adj.* (١) نێرەموو. (٢) تاک ماڵ (ڕووەکناسی)؛ نێرک و نێرەکی لە هەمان ڕووەکدان بە گوێی جیاواز؛ نێرومێی پێکەوەیە (ڕووەکناسی).

monogamist (mə-nog′ə-mist), *n.* پیاوی یەک ژنە؛ یەک هاوسەرە؛ ژنی یەک مێردە.

monogamous (mə-nog′ə-məs), *adj.* یەک ژنە؛ یەک مێردە؛ یەک هاوسەرە.

monogamy (mə-nog′ə-mi), *n.* (١) یەک ژنی؛ یەک مێردی؛ یەک هاوسەری. (٢) [Rare]، یەک جار ژنهێنان یا شووکردن لە هەموو ژیاندا

monogenesis (mon′ə-jen′ə-sis), *n.* (١) پەیدابوونی هەموو زیندەوەر لە یەک شانە. (٢) زیادبوون یا زاوزێ کردن لەڕێی کەرت بوونی شانەوە و بوونی هەر کەرتێک بە زیندەوەرێکی تازە. (٣) monogenism.

-monogenic *(adj.)*; **monogenetic** *(adj.)*.

monogenism (mə-noj′ə-niz'm), *n.* پەیدابوونی هەموو مرۆڤ لە یەک کەسەوە یا لە یەک جووت باوو باپیرەوە.

monogram (mon′ə-gram′), *n.* نیشانەیەکی دوو تیپی یا زیاترە بەتایبەتی تیپی یەکەمی ناوو نازناوی کەسێک دەڕێ لە نامەو دەستەسڕو چاکەتو جۆرەها شتی ئەو کەسە.

v.t. نیشانەی وەها لێدان.

monograph (mon′ə-graf′, mon′ə-gräf′), *n.* (١) ووتارێک یا پەرتووکێکە دەربارەی باسێکی تەسک. (٢) ووتارێکە دەربارەی توخمێک ڕووەک یا گیاندار.

-monographer *(n.)*; **monographic** *(adj.)*.

monogyny (mə-noj′ə-ni), *n.* یەک ژنی؛ یەک ژنهێنان لە هەمان کاتدا.

-monogynist *(n.)*; **monogynous** *(adj.)*.

monolatry (mə-nol′ə-tri), *n.* یەک خوا پەرستی: پەرستنی تاکە خوایەک بەڵام بڕوابوون بە خوای تریش.

monolith (mon′ə-lith´), *n.* (۱) تەنەردێکی گەورەیە (لە خانووسازی هەروەها بەیکەرکاریدا بەکاردەهێنرێ). (۲) پەیکەرێکی یەک تلەبەردی؛ پایە.

monolithic (mon´ə-lith′ik), *adj.* (۱) تلەبەردی؛ وەک تلەبەرد وایە. (۲) گەورەو یەک یارچەو پتەوو یەک نەواو چوونیەک.

monologue (mon′ə-lôg´, mon′ə-log´), *n.* *Also* monolog. مۆنۆلۆگ (۱) ووتارێکی دوورودرێژی یەک کەسی؛ دووانێکی یەک کەسی؛ گفتوگۆیەکی یەک لایی. (۲) هەڵبەستێکە بە زمانی یەک کەسەوە. (۳) خۆ دووواندن (شانۆنامە)؛ دووانی یەک کەسی (شانۆنامە). (٤) خوودووانێکی دووانی یەک کەسی

-monologist; monologuist *(n.).*

monomania (mon´ə-mā′ni-ə), *n.* (۱) خولیای یەک بیر (نەخۆشی دەروونی). (۲) سەرنجی بێ ئەندازە دان بە بیرێک یا باسێک؛ خولیا

monomaniac (mon´ə-mā′ni-ak´), *n.* شێتی یەک بیر؛ خولیای یەک بیر یا شت.

monometallic (mon´ō-mə-tal′ik), *adj.* (۱) یەک کانزایی؛ لە یەک کانزا پێکهاتوو. (۲) یەک کانزا بەکارهێنی (سکەلێدان)

monometallism (mon´ə-met′l-iz´m), *n.* بەکارهێنانی یەک کانزا وەک زێر یا زیو بۆ بنچینەی سکە.

monomial (mō-nō′mi-əl), *adj.* (۱) یەک پارەیی (جەبر) ژمارەو پێوان. ۲) یەک وشەیی (ئاو: زیندەوەرزانی)

monomolecular (mon´ō-mə-lek′yoo-lēr), *adj.* یەک گەردیلەیی

monophagous (mon´ə-fā′gəs), *adj.* یەک جۆر خواردەمەنی خۆر (جانەوەر).

monophobia (mon´ə-fō′bi-ə), *n.* ترسی تەنیایی.

-monophobic *(adj.).*

monophonic (mon´ə-fon′ik), *adj.* (۱) یەک ناوازی؛ یەک دەنگی. (۲) یەک کەنالی هەوایی (ئامێری ئەلەکترۆنی)

monophony (mə-nof′ə-ni), *n.* مۆسیقای یەک ناواز

monophthong (mon′əf-thôŋ´, mon′əf-thoŋ´), *n.* (۱) تاک دەنگی تێپە بزوێن (وەک " a " لە وشەی " father " دا). (۲) دوو تێپە بزوێنی یەک دەنگ (وەک " ea " لە وشەی " leaf " دا).

monophyletic (mon´ə-fī-let′ik), *adj.* (۱) یەک بنەچەیی؛ هی یەک بنەچە؛ یەک سەرچاوەیی. (۲) یەک توخمی (پووەکناسی؛ گیانەوەرناسی).

monoplane (mon′ə-plān´), *n.* فڕۆکەی دووباڵ (وشەی " biplane " ببینە).

monopode (mon′ə-pōd´), *adj.* یەک پێیی

n. گیانداری یەک پێ (بەتایبەتی توخمە مرۆڤێکی نەفسانەیی).

monopolist (mə-nop′ə-list), *n.* (۱) قۆرخکەر. (۲) لایەنگری قۆرخکاری

monopolistic (mə-nop´ə-lis′tik), *adj.* قۆرخ؛ قۆرخکاری

monopolize (mə-nop′ə-līz´), *v.t.* قۆرخکردن؛ قەدەغەکردن لە کۆمپانیا یا خەڵکی تر.

-monopolization *(n.)*; monopolizer *(n.).*

monopoly (mə-nop′ə-li), *n.* (۱) قۆرخ؛ قۆرخکاری؛ قۆرخکردن؛ قەدەغەکردن (۲) قەدەغەکردن بۆ خۆ. (۳) شتێکی قۆرخکراو. (٤) کۆمپانیایەک یا چەند کۆمپانیایەکی قۆرخکەر.

monorail (mon′ə-rāl´), *n.* تاک هێڵی ئاسن (بۆ شەمەندەفەرو مەکینەی ڕەوڕەوەدار).

monosepalous (mon´ə-sep′l-əs), *adj.* یەک گەڵایی (تەختەی گوڵ)

monospermal (mon´ə-spūr′m'l), *adj.* = monospermous.

monospermous (mon´ə-spūr′məs), *adj.* تاک تۆوی (پووەکناسی)

monosyllabic (mon´ə-si-lab′ik), *adj.* یەک برگەیی (زمانەوانی).

monosyllable (mon′ə-sil´ə-b'l), *n.* ووشەی یەک برگەیی (وەک. man, bed, etc.).

monotheism (mon′ə-thē-iz'm), *n.* یەک خواپەرستی؛ یەک خواناسی.

monotheist (mon′ə-thē´ist), *n.* یەک خواپەرست؛ یەک خواناس.

monotheistic (mon´ə-thē-is′tik), *adj.* یەک خواپەرست؛ یەک خواناسی.

-monotheistical *(adj.)*; monotheistically *(adv.).*

monotone (mon′ə-tōn´), *n.* (۱) یەک دەنگ؛ یەک ئاواز؛ یەک نەوا: *(to speak in a ~)* (۲) گۆرانی ووتن؛ ووتار خوێندنەوە، یا دووانی یەک نەوا. (۳) گۆرانی بێژێک یا ووتارخوێنەرەوەیەکی یەک نەوا.

adj. یەک دەنگ؛ یەک ئاواز؛ یەک نەوا.

monotonous (mə-not′ə-nəs), *adj.* (۱) یەک نەوا؛ یەک ئاواز؛ یەک دەنگ. (۲) ووشک (مەجاز)؛ ووشکو ناخۆش؛ بێ تاقەتکەر (لەبەر چوونیەکی): *(a ~ speech, lecture, person, life, day, job, etc.)*

-monotonously *(adv.).*

monotony (mə-not′ə-ni), *n.* (۱) یەک نەوایی؛ یەک ئاوازی؛ یەک دەنگی؛ چوونیەکی (۲) ووشکی (مەجاز)؛ ووشکیو ناخۆشی.

monotype (mon′ə-tīp´), *n.* (۱) تاکە جۆری توخمەکەی (زیندەوەرزانی). (۲) (ا) مەکینەی داڕشتنی تیپی تاک تاک (چاپەمەنی). (ب) تیپی بەم جۆرە داڕێژراو.

monovalent (mon´ō-vā′lənt), *adj.* (۱) تاک هاوتا (کیمیا) (۲) بەرهەڵستیکەری هەندێ میکرۆب.

-monovalence *(n.).*

monoxide (mon-ok′sīd, mə-nok′sīd), *n.* یەکەم ئۆکسید.

Monseigneur, monseigneur (mon´sen-yūr′), *n.* (۱) ناڕ- ناوێکی فەرەنسییە دەدرێ بە کەسانی پایەدار وەک میرو سەرەک قەشە (۲) کەسێکە کە ئەم ناونازناوەی درابێتێ.

monsieur (mə-syö′), *n.* [Fr.], مسیۆ: ووشەیەکی فەرەنسییە بەرامبەر بە " Mr. " ی ئینگلیزی بەمانای " کاک ".

Monsignor, monsignor (mon-sēn′yēr), *n.* (۱) ناونازناوی هەندێ کاربەدەستانی بەرزو سەرەک قەشەی کاسۆلیکییە. (۲) کەسێکە کە ئەم ناونازناوەی هەبێ.

monsoon (mon-sōōn′), *n.* (۱) مۆنسوون: وەرزە بایەکی ناوچەی زەریای هیندیو خواروی ئاسیایە. (۲) وەرزی ئەم بایە. (۳) بایەکە کە هەر وەرزە بەرەو لایەک هەڵ بکات یا لەنێوان دەریاو ووشکانی دەرووپشتیدا هەڵ بکات.

monster (mon′stēr), *n.* (۱) دەعبا؛ گیاندار یا بووەکێکی ناشاسو سەیر. (۲) دەعبا؛ زیندەوەرێکی نەفسانەیی. (۳) کەسێکی درندەو ناپەسەندو بەدخوو پیسو ناشرین. (٤) گیانەوەر یا شتی زل؛ عیفریت.

monstrosity (mon-stros′ə-ti), *n.* (۱) جانەوەری؛ دەعبایەتی؛ ناپەسەندی؛ پیس‌وبۆگەنی؛ بەدی. (۲) جانەوەر؛ دەعبا؛ شتێک یا گیاندارێکی زل؛ زیندەوەرێکی ناشاسا.

monstrous (mon′strəs), *adj.* (۱) زۆر زل؛ زۆر زلو قەبە. (۲) ناشاسا لە شێوە یا سروشتدا؛ ناسرووشتی. (۳) لە دەعباچوو؛ سەیرو ناشرین. (٤) تۆقێنەر؛ زۆر خراپ؛ پیس؛ زۆر ناپەسەند؛ بەد: *(a ~ crime)*

montage (mon-täzh′, mōn-täzh′), *n.* (۱) مۆنتاژ: (ا) هونەرو شێوازی لێکدانو خستنە تەنیشتو سەر یەکتری چەند وێنەیەکی جیاواز. (ب) وێنەیەکی پێکهێنراو بەم شێوەیە.

(٢) مۆنتاژ. (١) دروستکردنو ڕێکخستنی زنجیرەیەک وێنەو نووساندنی سینەما دەربارەی هەمان باس. (ب) بەرنامەیەکی سینەمایی یا تەلەفزیۆنی وەها.

month (munth), *n.* مانگ

month after month, مانگ لەدوای مانگ؛ هەموو مانگێك.

month by month, مانگ بە مانگ.

month in, month out, هەموو مانگێك

monthly (munth′li), *adj.* (١) مانگی؛ مانگێك دەخایەنێ؛ مانگێکی بێ دەچێ. (٢) مانگانە؛ مانگی جارێك دەکرێ یا دەدرێ؛ مانگی؛ *(a ~ magazine)*

(٣) هی بێ نوێژی ئافرەت.

n. (١) گۆڤارێکی مانگانە؛ مانگنامە. (٢) (*pl.*)، بێ نوێژی ئافرەت.

adv. مانگی؛ مانگی جارێك؛ هەموو مانگێك.

monument (mon′yoo-mənt), *n.* (١) پەیکەری یادگار؛ خانووی یادگار. (٢) پاشماوەی دێرین یا مێژوویی. (٣) شتێکی گرنگو بەبایەخی نەمر. (٤) بەردی سنوور؛ نیشانەی سنوور (٥) [Obs.]، گۆڕ. (٦) [Obs.]، پەیکەر.

monumental (mon´yoo-men′t'l), *adj.* (١) یادەوەری؛ هی یادگار. (٢) گرنگ؛ نەمر؛ بەنرخ؛ مەزن؛ گەورە. *(a ~ book)*. (٣) زۆر؛ گەورە. (٤) سەرسوڕمێنەر؛ لە ئەندازە بەدەر؛ زۆر؛ *(~ ignorance, ineptitude, etc.)*

-mony (mō′ni), پاشگرێکە بەمانای: ئەنجامی شت، بار، یا دۆخ؛ *(patrimony, sanctimony)*

moo (mōō), *n.* بۆرە (گا و مانگا).

v.i. بۆراندن؛ بۆرەبۆرکردن.

mooch, mouch (mōōch), *v.i.* [Slang], (١) خۆ مات کردن؛ بەخشیەو بەدزیەوە ڕۆیشتن. (٢) سوورپانەوە؛ جادە پێوان.

v.t. [Slang], (١) دزین. (٢) ناخوونەك کردن؛ مشەخۆری کردن؛ سواڵکردن.

mood (mōōd), *n.* (١) باری هۆش و هەست و مێشك؛ سرووشت؛ *(in a merry, gloomy, bad ~)*

(٢) (*pl.*) پەستی؛ بەرچاوتاریکی؛ پووگرژی.

(٣) [Obs.]. تووڕەیی.

mood (mōōd), *n.* بار یا ڕێزەی کردار (ڕێزمان)؛ لە زمانی ئینگلیزیدا کردار سێ بار یا ڕێزەی هەیە؛ **(indicative, subjunctive, imperative)**

moodiness (mōōd′i-nis), *n.* دڵتەنگی؛ پەستی؛ دەمێك دڵخۆشو دەمێك غەمبار؛ زوو زوو گۆڕانی باری هەست؛ بێ باری باری هەست.

moody (mōōd′i), *adj.* (١) دەمێك دڵخۆشو دەمێك غەمبار؛ زوو زوو هەستو هۆش بگۆڕ؛ بێ بار (هەستو هۆش و سرووشت). (٢) پەست؛ ڕووگرژ؛ دڵتەنگ.

-moodily *(adv.).*

moon (mōōn), *n.* (١) مانگ؛ هەیڤ. (٢) مانگ (کات). (٣) مانگەشەو؛ شەوقی مانگەشەو. (٤) نەستێرەیەکی بچووکە کە بەدەوری یەکێکی گەورەتردا بسووڕێتەوە.

v.i. زەحمەتبینین؛ خەوبینین؛ سووڕانەوە

v.t. کات کوشتن بە زەحمەتبینینەوە.

moonbeam (mōōn′bēm´), *n.* شەوقی مانگەشەو.

moon-blind (mōōn′blīnd´), *adj.* شەوکوێر

moon blindness, (١) شەوکوێری. (٢) چاونێشەی نەسپ.

mooncalf (mōōn′kaf´, mōōn′käf´), *n.* (١) کەسێکی بەزگماکی بێ مێشك. سووك. (٢) زیندەوەرێکی سەیرو شێوە ئاناسا.

mooneye (mōōn′ī´), *n.* (١) چاوی نەخۆشی نەسپ. (٢) شەوکوێری. (٣) جۆرە ماسیەیەکی ڕەنگ زیویە.

moon-eyed (mōōn′īd´), *adj.* (١) شەوکوێر. (٢) ئەبلەق؛ چاو دەرپۆقیو لە ترس یا سەرسامیدا.

moon-faced (mōōn′fāst´), *adj.* دەموچاو خڕ

moonfish (mōōn′fish´), *n.* ماسیەیەکی دەریایی ڕەنگ زیوی خڕینە.

moonflower (mōōn′flou´ĕr), *n.* (١) ڕووەکێکی خۆهەڵواسەری گوڵ سپێیە بە شەو گوڵەکەی دەم دەکاتەوە لە توخمی لاولاوە. (٢) گوڵی ئەم ڕووەکە.

moonish (mōōn′ish), *adj.* (١) مانگی؛ لە مانگ چوو. (٢) بێ بار؛ حولحولی.

moonlight (mōōn′līt´), *n.* مانگەشەو؛ شەوقی مانگەشەو؛ شەوقی مانگ.

adj. (١) هی مانگەشەو؛ هی شەوقی مانگ. (٢) مانگەشەو؛ بە شەوقی مانگ ڕووناك کراوەتەوە. (٣) بە مانگەشەو کراو؛ بە شەو کراو.

v.i. کارێکی تر گرتنەدەست بەتایبەتی بە شەو.

moonlighting (mōōn′līt´iŋ), *n.* کارێکی تر گرتنەدەست کە پەیوەندی بە پیشەی ئەو کەسە خۆیەوە نەبێ بەتایبەتی بە شەو.

moonlit (mōōn′lit), *adj.* مانگەشەو؛ بە شەوقی مانگ ڕووناك کراوە.

moonrise (mōōn′rīz´), *n.* (١) مانگ هەڵهاتن. (٢) کاتی مانگ هەڵهاتن.

moonset (mōōn′set´), *n.* (١) مانگ ئاوابوون. (٢) کاتی مانگ ئاوابوون

moonshine (mōōn′shīn´), *n.* (١) مانگەشەو؛ شەوقی مانگ. (٢) قسەی هیچ وپووچ و بێ مانا؛ قسەی قۆپ. (٣) [Colloq.]، ویسکی و ئەلکحولی تری بە قاچاخ دروستکراو یا فرۆشراو

v.i. بە قاچاخ ویسکی و ئەلکحولی تر دروستکردن یا فرۆشتن؛ قاچاخچێتی کردن بە ویسکییەوە.

moonshiner (mōōn′shīn´ĕr), *n.* قاچاخچی ویسکی و خواردنەوەی ئەلکحولی تر؛ ویسکی و خواردنەوەی ئەلکحولی تر دروستکەر بە قاچاخ.

moonstone (mōōn′stōn´), *n.* بەردە مانگ؛ بەردێکی بەنرخی سپی ڕوونی بریقەدارە وەك مرواری وایە دەکرێ بە خشڵ.

moonstruck (mōōn′struk´), *adj.* *Also* **moonstricken,** -(١) دێوانە؛ مێشك تێکچوو؛ شێت. (٢) کوشتەی دڵداری؛ شەیدای دڵداری.

moony (mōōn′i), *adj.* (١) مانگی؛ وەك مانگ. (٢) (ا) خڕ وەك مانگی چواردە شەو. (ب) کەوانەیی وەك مانگی نوێ. (٣) مانگەشەو. (٤) بە شەوقی مانگ ڕووناك کراوە. (٥) داڵدەچی؛ دێوانە؛ شەیدا.

Moor (moor), *n.* (١) هاوڵاتیێکی موسوڵمانی باکووری ئەفەریقا لە ڕەگەزی تێکەڵاوی بەربەرو عەرەب؛ بەربەر. (٢) داگیرکەرێکی ئیسپانیا لە سەدەی هەشتەمی زاینیدا (کە لەم نەتەوەیە بوون).

moor (moor), *n.* (١) دەشتی زۆنگاوی یا بنچکاوی و چۆڵ؛ چۆڵەوانی؛ دەشتی چۆڵ. (٢) دەشتی پڕ لە باڵندە بۆ ڕاوکردن.

moor (moor), *v.t.* (١) لەنگەر هاویشتن؛ بەستنەوە بە گوریس و زنجیر (کەشتی، بەلەم، فڕۆکە). (٢) بەستنەوە؛ قایم کردن.

v.i. (١) لەنگەر هاویشتن؛ بەستنەوە (کەشتی). (٢) بەسترانەوە.

moorage (moor′ij), *n.* (١) لەنگەر فڕێدان؛ بەستنەوە. (٢) لەنگەرگا. (٣) کرێی لەنگەر هاویشتن لە لەنگەرگادا.

moor hen, مریشکە ئاوی.

mooring (moor′iŋ), *n.* (١) لەنگەر هاویشتن؛ بەستنەوە (کەشتی، بەلەم، فڕۆکە). (٢) (*pl.*)، گوریس و زنجیری بەستنەوە. (٣) (*pl.*)، لەنگەرگا

Moorish (moor′ish), *adj.* تایبەتی بە بەربەرەکانی سەرووی ئەفەریقا و کلتوورەکەیان بەتایبەتی خانووسازی وەك: خانووسازی بەربەرەکان؛ *(M~ architecture)*

moose (mōōs), *n.* گیاندارێکی گەورەی ئەمەریکای باکوورە لە توخمی کەڵەکێوی ئەوەندەی کەڵەگایەك دەبێ.

moot (mōōt), *n.* (١) ئەنجوومەنێکی ناوچەیی کۆنی ئینگلیزیێیە بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ناوچەکە. (٢) لێکۆڵینەوەیەکی گریمانەکی (بەتایبەتی هی داواکاریێك لە دانشگای یاسا بۆ مەشق کردن).

جێی گومانە؛ نەبڕاوەتەوە؛ بە لایەکدا نەخراوە: **adj.**
(a ~ question; That's a ~ point.)

(١) لێکۆڵینەوە؛ باسکردن. (٢) هێنانە پێشەوە بۆ لێکۆڵینەوە. **v.t.**
(٣) لێکۆڵینەوەی داواکارییەکی گریمانەکی هەر بۆ مەشق (لە دادگای لاسایی یا دروزنەدا بۆ قوتابیانی دانشگای یاسا):

moot court, دادگای لاسایی، دروزنە، یا مەشق (بۆ قوتابیانی دانشگای یاسا)

mop (mop), *n.* (١) گسکی ئیسفنج، ڕێس، یا پەڕو (بۆ شتن و سڕینەوەی زەمینەی ژوور). (٢) تۆپەلە شتی بژو ئاڵۆز (قژ، بەرگ).

v.t. شتن و سڕینەوە بە گسکی ئیسفنج، یا پەڕۆ: *. (to ~ the floor)*

mop the floor with (a person), [Slang], بەزاندن؛ گەورزاندن؛ دان بە زەویدا؛ زەوی پێ سڕینەوە.

mop up, [Colloq.], (١) تەواوکردن (کار، شەڕ). (٢) پاکردنەوە لە پاشماوەی لەشکری دوژمنی شکاو: *(mopping-up operations)*

(٣) [British]، ماشینەوە؛ هەڵ لووشین؛ گسک لێدان.

mope (mōp), *v.i.* (١) داخ و خەفەت خواردن؛ دڵتەنگ بوون؛ ئاخ وداخ هەڵکێشان: *. (He ~s about in the house all day.)*
(٢) سوورپانەوە؛ گەڕان.

n. (١) کەسێکی پەست و بێ تاقەت؛ کەسێکی داخ و خەفەت خۆر؛ غەمگین. (٢) (*pl*). پەستی؛ خەفەتباری؛ دڵتەنگی.

moped (mōpt), *n.* ماتۆرسکیلێکی بچووک.

mopish (mōp′ish), *adj.* پەست؛ داخ و خەفەت خۆر؛ غەمبار.

moppet (mop′it), *n.* منداڵ؛ کچۆڵە.

moquette (mō-ket′), *n.* ڕێڕەخەری کوڵکن؛ فەرشی تووکن؛ پێنەی کوڵکن بۆ ڕێڕەخەری وەها.

moraine (mə-rān′, mō-rān′), *n.* بارستێک خۆڵ و بەردو لمی ڕاماڵراو بە بۆباری سەهۆڵێن.

moral (môr′əl, mor′əl), *adj.* (١) تایبەتی بە ڕێو ڕەوشتی ڕاست و چەوت؛ هی ڕێی چاک و خراپ: *. (~ standards; a ~ question)*
(٢) داوێن پاک؛ ڕاستگۆ؛ پاک؛ ڕەوشت چاک؛ ڕاست: *(a ~ act; a ~ man; to live a ~ life)*
(٣) ڕێو ڕەوشتی چاک و خراپ دەزانێ.
(٤) ڕێو ڕەوشتی چاک یا ڕاست فێرکەر: *. (a ~ book)*
(٥) گیانی *(to give a person ~ support)*.
(٦) هەمان ئەنجام گەیێن وەک شتە ڕاستەقینەکە: *. (a ~ victory)*
(٧) لەو ئەیە؛ زۆر بۆی هەیە: *. (a ~ certainty)*

n. (١) پەند. *. (What is the ~ of the story?)*
(٢) (*pl.*). ڕێو ڕەوشتی ڕاست و باش؛ ڕاستڕەوی؛ بنچینەی ڕەوشت چاکی؛ ڕەوشتی چاک و خراپ: *. (His ~s are excellent.)*

morale (mə-ral′, mō-räl′), *n.* ووڕە؛ گیان؛ گیانی بەرز: *(The ~ of our troops is high.)*

moralism (môr′əl-iz′m, mor′əl-iz′m), *n.* (١) نامۆژگاری ڕەوشت باشی؛ نامۆژگاری ڕێو ڕەوشتی ڕاست گرتن. (٢) پەند.
(٣) ڕێو ڕەوشتی ڕاست.

moralist (môr′əl-ist, mor′əl-ist), *n.* (١) مامۆستای ڕێو ڕەوشتی ڕاست؛ بیرخەرەوەی ڕێو ڕەوشتی ڕاست و چەوت.
(٢) پاک؛ کەسێکی ڕاستڕەو؛ ڕێو ڕەوشتی ڕاستگر.

moralistic (môr´ə-lis′tik, mor´ə-lis′tik), *adj.* زیاد لە پێویست سوور لەسەر پیشاندانی ڕێو ڕەوشتی چاک و خراپ: *(His ~ attitude turns people off.)*

morality (mô-ral′ə-ti, mə-ral′ə-ti), *n.* (١) ڕاستی و چەوتی کارێک یا کردەوەیەک. (٢) داوێن پاکی؛ پاکی؛ ڕەوشتی جوان؛ ڕەفتاری باش.
(٣) زانستی ڕێو ڕەوشتی ڕاست؛ بنچینەکانی ڕێو ڕەوشتی باش.
(٤) پەند. **morality play** (٥)

morality play, جۆرە شانۆنامەیەکی سەدەی پانزەهەم و شانزەهەم لەبارەی ڕێو ڕەوشتی ڕاست و چەوت (ئەکتەرەکان وێنەی ڕەوشتی وەک باشی و بەدکاری و شتی تریان دەنواند).

moralize (môr′ə-līz′, mor′ə-līz′), *v.i.* پیشاندانی ڕێو ڕەوشتی چاک و خراپ لە نووسین و دروانداا (بەتایبەتی زیاد لە پێویست)

v.t. (١) (ا) لێکدانەوە لەڕووی ڕاستی و چەوتییەوە.
ب) پەند لێوە وەرگرتن؛ پیشاندانی پەند.
٢) پلەی ڕاستڕەوی بەرزکردنەوە؛ ڕاستکردنەوە (ڕەوشت).

-moralization *(n.).*

morally (môr′əl-i, mor′əl-i), *adv.* (١) بە ڕەوشت پاکی؛ بە پاکی؛ بە داوێن پاکی؛ بە ڕاستڕەوی. (٢) لەڕووی ڕەوشت چاکییەوە؛ لەڕووی پاکییەوە؛ لەڕووی ڕێو ڕەوشتی ڕاست و چەوتەوە.

moral philosophy, فەلسەفەی ڕەوشت؛ زانستی ڕێو ڕەوشتی ڕاست و چەوت؛ فەلسەفەی ڕێو ڕەوشتی چاک و خراپ.

morass (mô-ras′, mə-ras′, mō-ras′), *n.* (١) زۆنگاو؛ زەلکاو. (٢) ئاڵۆزی؛ بارێکی ناخۆش گیروگرفتاوی؛ شتێکی سەر لێ شێوێنەر.

moratorium (môr´ə-tôr′i-əm, mor´ə-tō′ri-əm), *n.* (١) وەستاندن یا دواخستنی قەرزدانەوە لەلایەن بانق یا وەڵاتێکەوە بەپێی یاسا. (٢) ماوەی ئەم وەستاندن یا دواخستنە. (٣) وەستاندن یا دواخستنی کار یا بەرنامە؛ قەدەغە؛ قەدەغەکردن:
(There is a building ~ in this town.)

moratory (môr′ə-tô´i, mor′ə-tō´ri), *adj.* دواخەر؛ دەسەڵاتی دواخستنی قەرزدانەوە پێدەر: *. (a ~ contract)*

moray (môr′ā, mō-rā′), *n.* جۆرە مارماسییەکی ڕەنگاوڕەنگی چاوبرسییە.

morbid (môr′bid), *adj.* (١) نەخۆش؛ ناساغ.
(٢) دڵتەنگ؛ بەرچاوتاریک؛ پەست؛ هەمیشە بیرکەرەوە لە شتی ناخۆش:
(a ~ person, mind, etc.)
(٣) ناخۆش؛ پیس؛ دڵتەنگکەر؛ ترسناک؛ جەرگبڕ:
(the ~ details of a story)
(٤) هی نەندامی نەخۆش (توێکاری): *. (~ anatomy)*

morbidity (môr-bid′ə-ti), *n.* (١) (ا) نەخۆشی؛ ناساغی.
(ب) دڵتەنگی؛ پەستی؛ بەرچاوتاریکی.
(٢) ڕێژەی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی لە ناوچەیەک یا وەڵاتێکدا.

morbific (môr-bif′ik), *adj.* دەبێتە هۆی نەخۆشی.

morbilli (mor-bil′ī), *n.pl.* = measles.

mordacious (môr-dā′shəs), *adj.* (١) تووندوتیژ (ووتە)؛ ببڕ؛ تیژ؛ بەتەوسەوە. (٢) تفتوتاڵ؛ تفت؛ تاڵ؛ تووند.

-mordacity *(n.).*

mordant (môr′d'nt), *adj.* (١) تووندوتیژ (ووتە)؛ ببڕ؛ تیژ
(٢) داڕێژنەر (تێزاب)؛ ژەنگ پێ هەڵێنەر.
(٣) ڕەنگ چەسپێنەر (خومکاری).

n. (١) ماددەی ڕەنگ چەسپێنەر (خومکاری).
(٢) ماددەیەکە وەک تێزاب بۆ کڵێشە هەڵکەندن لەسەر کانزا.

v.t. ماددەی ڕەنگ چەسپێنەر تێکردن؛ ماددەی خورندە لێدان.

more (môr, mōr), *adj.* (١) زیاتر (هەند، پلە)؛ زۆرتر (هەند)؛ پتر.
(٢) زۆرتر (ژمارە)؛ زیاتر (ژمارە).
(٣) هی تر؛ تر؛ کە:
(There is ~ tea in the tea- pot.; Would you like ~ coffee.)

n. (١) هەندێکی زیاتر؛ بڕێکی زیاتر.
(٢) ژمارەیەکی زیاتر: *. (M~ of us are going.)*
(٣) شتێکی تر؛ هیچی تر: *. (M~ cannot be said.)*
(٤) شتێکی گرنگتر.

adv. (١) زۆرتر؛ زیاتر: *. (~ satisfying)*
(٢) زیاد لەوەش؛ لەوەش بەوڵاوە؛ جگە لەوەش.

more and more, هەتا بێ لە زۆربوونداید؛ لە هەموو کات زیاتر.
more or less, (١) تا ڕادەیەک. (٢) کەم تا زۆر؛ نزیکەی.
no more, هیچی تر؛ نیتر بەسە.
once more, جارێکی تر؛ دیسانەوە.
moreen (mə-rēn′), *n.* قوماشێکی نەستوورو قایمی خوری یا لۆکەیە (بۆ پەردەو پینەکردنی قەنەفە بەکاردەهێنرێ)
morel (mə-rel′), *n.* جۆرێکە لە قارچک
moreover (môr-ō′vĕr, mōr-ō′vĕr), *adv.* سەرەڕای ئەوەش؛ زیاد لەوەش؛ هەروەها؛ جگە لەوەش؛ سەربارى ئەوەش.
mores (mō′rēz, môr′ēz), *n.pl.* خوونەریتی کۆمەڵایەتی؛ نەریت؛ هەڵوێستی کۆمەڵگەیەک دەربارەی ڕەوشتی ڕاستو چەپ.
(according to the ~ of this soceity)
morganatic (môr´gə-nat′ik), *adj.* تایبەتی بە هێنانی ژنێکی پلەوپایە لە خۆ کەمتر (بە مەرجێک نە ژنەکەو نە ئەو منداڵانەی دەیبێت میراتی وەرنەگرن)
morgue (môrg), *n.* (١) مردوورخانە؛ حەی دانانی مردووی پرێکەوتو نەناسراو بۆ ناسینەوەیان و ناشتنیان. (٢) (ا) سەرچاوەی کۆنی ڕۆژنامە کە ژمارەی کۆن و وێنەو شتی تر دەگرێتەوە. (ب) ژوورى نەم سەرچاوانە.
moribund (môr′ə-bund´, mor′ə-bənd), *adj.* (١) گیان دەدات؛ لە مردندایە؛ حەریکە دەمرێ. (٢) بەرەو نەمان دەچێ؛ باوی نەماوە؛ کۆنباو؛ لە نەماندایە؛ حەریکە دوایی پێ دێت.
morion (môr′i-on´, mō′ri-on´), *n.* کڵاوزرێی بێ لێوارى خۆر.
morion (môr′i-on´, mō′ri-on´), *n.* جۆرە بەردێکی بەنرخی قاوەیی یا ڕەشباوە؛ " کوارتز " ی قاوەیی یا ڕەشباو.
Mormon (môr′mən), *n.* مۆرمەن. نەندامی کلێسەو کۆمەڵێکی ئاینی نەمەریکییە لە ساڵی ١٨٣٠ دا دامەزراوە.
adj. مۆرمەنی؛ تایبەتی بە مۆرمەنەکانو ئاینەکەیان.
morn (môrn), *n.* [Poetic]. = **morning.**
morning (môr′niŋ), *n.* (١) بەیانی
(٢) سەرەتا *(the ~ of life)*
(٣) (ا) بەرەبەیان؛ شەبەقی؛ مەلابانگدان.
(ب) [M-]، باوخوای بەرەبەیان؛ بانوخوای شەبەق.
adj. هی بەیانی؛ بەیانی؛ هی بەیانیان.
morning-glory (môr′niŋ-glôr´i, môr′niŋ-glō´ri), *n.* گوڵە لاولاو
morning sickness, دل تێکەڵهاتنی بەیانی؛ دل تێکەڵهاتنی بەیانیانە تورشی ژنی تازە سکپڕبوو دەبێ بۆ ماوەی چەند مانگێک.
morning star, (١) ئەستێرەی بەیان؛ کاروان کۆژە؛ ناهی؛ ڤینۆس (٢) ڕووەکێکی گوڵ زەردی کالیفۆرنیاییە.
Moroccan (mə-rok′ən), *adj. & n.* مەراکشی
moron (môr′on, mō′ron), *n.* کەسێکی بێ مێشک؛ دەبەنگ.
-moronic *(adj.)*; **moronism** *(n.)*; **moronity** *(n.)*.
morose (mə-rōs′), *adj.* مڕومۆز؛ گرژ؛ دڵتەنگ؛ بەرچاوتاریک.
-morosely *(adv.)*; **moroseness** *(n.)*.
-morph (môrf), پاشگرێکە بەمانای شێوەیەکی تایبەتی هەیە.
morpheme (môr′fēm), *n.* مۆرفیم بچووکترین پارچەی واتاداری زمانە (زمانەوانی)؛ بچووکترین بەشی واتاداری ووشەیە.
-morphic (môr′fik), پاشگرێکە بەمانای شێوەیەکی تایبەتی هەیە *(anthropomorphic)*
morphine (môr′fēn), *n.* مۆرفین دەرمانی سڕکەرو ئازارکوژ.
morphinism (môr′fin-iz´m), *n.* (١) نەخۆشی خووی مۆرفین بەکارهێنان و بۆ تەرک نەکران. (٢) خووی مۆرفین بەکارهێنان و بۆ تەرک نەکران.
morphogenesis (môr´fə-jen′ə-sis), *n.* گۆڕانی زیندەوەر لەکاتی گەورەبوون و پەرەسەندنیدا
morphologist (môr-fol′ə-jist), *n.* (١) زانای ووشەسازی؛ ووشەساز. (٢) زانای شێوەو پێکهاتنی زیندەوەر.
morphology (môr-fol′ə-ji), *n.* (١) زانستی شێوەو پێکهاتنی زیندەوەر. (٢) زانستی پێکهاتن و شێوەی زەوی (زەمینناسی). (٣) ووشەسازی؛ لێکۆڵینەوەی شێوەو پێکهاتن و مێژووی ووشە.
-morphological *(adj.)*.
morphosis (môr-fō-sis), *n.* شێوەی پێکهاتن و پەرەسەندنی زیندەوەرێک یا ئەندامەکانی
-morphous (môr′fəs), = **morphic.**
morro (mor′ō), *n.* گردێکی خڕ؛ تەپۆلکە خڕە.
morrow (mor′ō, môr′ō), *n.* [Archaic or Poetic], (١) بەیانی؛ *(Good ~ !)*
(٢) سبەینێ؛ ڕۆژی دوایی؛ ڕۆژی دوای ڕووداندێک.
(٣) کاتی دوابەدوای ڕووداندێک.
Morse code, شفرەی " مۆرس " بۆ بڕووسکە ناردن.
morsel (môr′s'l), *n.* (١) پارو؛ تیکە؛ پنچک.
(٢) نەخت؛ تۆسقال؛ پنتک.
(٣) خواردەمەنیەکی خۆش.
v.t. دابەشکردن؛ بەش بەش کردن.
mort (môrt), *n.* (١) [Obs.] ، مردن؛ کۆچی دوایی.
(٢) فووکردن بە کەرەنادا پاش پێکان یا کوشتنی نێچیر.
mort (môrt), *n.* ژمارەیەکی زۆر؛ گەلێک.
mortal (môr′t'l), *adj.* (١) بمر؛ مەرگدار؛ مردنی؛ *(Man is ~ .)*
(٢) هی مرۆڤ (کە دەبێ بمرێ)؛ نادەمیزادی.
(٣) هی ئەم جیهانە یا ژیانە. (٤) هی مردن.
(٥) کوشندە؛ بکوژ. *(a ~ blow, wound, etc.)* .
(٦) گیان کوژ. *(a ~ sin)* .
(٧) خوێنخوار. *(a ~ enemy)* .
(٨) زۆر خراپ؛ بەد؛ ناپەسەند. *(a ~ terror)* .
(٩) [Colloq.]، (ا) زۆر؛ نێجگار؛ لە ئەندازە بەدەر.
(ب) ووشکو دوورودرێژو ناخۆش.
n. مرۆڤ؛ نادەمیزاد.
mortality (môr-tal′ə-ti), *n.* (١) مردن؛ مەرگداری.
(٢) مردنی جەماوەری یا بێ شومار (بەهۆی جەنگ، دەرد، یا برسێتی یەوە).
(٣) ڕێژەی مردووان؛ ژمارەی مردووانی ناوچەیەک: *(the ~ from disease)*
(٤) هەموو مرۆڤ؛ مرۆڤایەتی؛ توخمی نادەمیزاد.
(٥) [Obs.]، مردن.
mortally (môr′t'l-i), *adv.* (١) بە کوشندەیی؛ کوشندەییانە: *(He was ~ wounded.)*
(٢) زۆر؛ نێجگار.
mortar (môr′tēr), *n.* (١) دەسکەوان؛ دۆڵ؛ دەسکودۆڵ: *(~ and pestle)*
(٢) مەکینەی شت هارین یا کوتان.
(٣) تۆپ (جەنگ).
(٤) قوڕوقسڵ؛ قسڵوگەچ؛ چیمەنتۆو لم و ناوی تێکەڵ کراو.
v.t. بە قوڕو قسڵ یا چیمەنتۆو لم قایم کردن و چاک کردن.
mortgage (môr′gij), *n.* (١) بارمتە؛ دانانی شتێک بە بارمتە.
(٢) بڕوانامەی بە بارمتە دانان (بەتایبەتی هی خانوو زەوی‌وزار).
v.t. (١) بە بارمتە دانانی شتێک بۆ قەرز وەرگرتن (بەتایبەتی خانوو): *(to ~ one's house)*
(٢) گرەو لەسەرکردن؛ بەڵێندان بە دان: *(He ~d his future happiness.)*
mortgagee (môr´gi-jē′), *n.* بارمتەگر.
mortgagor, mortgager (môr′gi-jēr), *n.* بارمتەدانەر.
mortician (môr-tish′ən), *n.* سەرپەرشتی شۆردن و نامادەکردنو

ناشتنی مردوو

mortification (môr´tə-fi-kā′shən), *n.* (۱) پێی خۆشی لە خۆ گرتن؛ سزای خۆ دان بە خۆشی لە خۆ قەدەغەکردن؛ ئارەزوو کوشتن؛ سزای خۆ دان. (۲) ڕیسوایی؛ ڕیسوابوون؛ ڕیسواکردن. (۳) تیراوێ؛ پووکانەوەی ئەندامێکی لەش. (٤) ڕیسواکەر؛ مایەی شوورەیی.

mortify (môr′tə-fī´), *v.t.* (۱) سزای خۆ دان بە ئارەزوو کوشتنو خۆشی لە خۆ قەدەغەکردن؛ خواردنو خۆشی لە خۆ بڕین. (۲) ڕیسواکردن؛ شکاندن. (۳) تیراوێ تووش کردن؛ داڕزاندن یا پووکانەوەی ئەندامێکی لەش.

v.i. (۱) سزای خۆ دان بە خۆشی لە خۆ قەدەغەکردن؛ خواردنو خۆشی لە خۆ بڕین. (۲) پووکانەوەی ئەندامی لەش؛ داڕزان.

mortise, mortice (môr′tis), *n.* کونێکە دەکرێتە پارچە دارێکەوە بۆ پیاکردنی زمانەیەک‌و چەسپاندنی.

v.t. (۱) لێکدان‌و چەسپاندن بە کون‌و زمانە. (۲) کونکردن بۆ زمانە پیاکردن‌و قایم کردن.

mortmain (môrt′mān), *n.* خانوو ڕەوی‌وزار دان بە مزگەوت‌و قوتابخانە بە خێر یا وەقف.

mortuary (môr′chōō-er´i), *n.* (۱) خانەی شتن‌و ئامادەکردنی مردوو بۆ ناشتن. (۲) (ا) میراتێکە کە کەسێکەوە کە لە گیانەڵادا بێ بۆ قەشەکەی (ب) میراتێکە لە قەشەکەیەوە کە لە گیانەڵادا بێ بۆ سەرگەورەکەی.

adj. (۱) تایبەتی بە مردوو ناشتن. (۲) مردنی؛ تایبەت بە مردن.

Mosaic (mō-zā′ik), *adj.* مووسایی؛ تایبەتی بە مووسا و ئامۆژگاری‌و فەرمان‌و یاساکانی.

mosaic (mō-zā′ik), *n.* (۱) نەخشکاری هەمەچەشن لەسەر دیوارو شوورشەو ڕووی تر. (۲) نەخشی جۆراوجۆرو ئاڵۆزی سەر دیوارو شووشەو شوێنی تر. وێنەی هەمەچەشن‌و پارچە پارچەی لێکدراو. (۳) شتی جۆراوجۆر؛ شتی هەمەچەشن‌و هەمەڕەنگ. (٤) نەخۆشیێکە گەڵا پەڵەپەڵاوی‌و چڕ‌ولۆچ دەکات.

v.t. (۱) نەخشەی هەمەچەشن کردن؛ وێنەی جۆراوجۆرو هەمەڕەنگ‌و پارچە پارچە لێکدان. (۲) ڕازاندنەوە بە نەخشە یا وێنەیەکی وەها.

-mosaic *(adj.)*; **mosaicist** *(n.)*.

Mosaic law, یاسای مووسا؛ یاسای جوولەکە کە بە ناوی مووساوە ناسراوە و لە پێنج بەشی یەکەمی نێنجیلدایە.

Moses (mō′ziz, mō′zəs), *n.* مووسا؛ پێغەمبەری جوولەکە.

mosey (mō′zi), *v.i.* [Slang], ڕۆیشتن؛ چوون؛ پیاسەکردن؛ گەڕان: *(I will ~ on home.)*

Moslem (moz′ləm, mos′ləm), *n.* موسوڵمان

adj. موسوڵمانی؛ ئیسلامی.

Moslem calendar, ساڵنامەی ئیسلامی یا عەرەبی.

mosque (mosk), *n.* مزگەوت

mosquito (mə-skē′tō), *n.* مێشوولە

mosquito net, پەردەکوللە

moss (môs, mos), *n.* قەوزە

v.t. بە قەوزە داپۆشین.

mossback (môs′bak´, mos′bak´), *n.* (۱) کیسەڵ، ماسی یا گوێچکەماسی پیری پشت قەوزاوی. (۲) [Colloq.]، کەسێکی کۆنەپەرست.

moss-grown (môs′grōn´, mos′grōn´), *adj.* (۱) قەوزاوی؛ بە قەوزە داپۆشراو (۲) کۆنە؛ کۆنەباو؛ کۆنەپەرست.

mossy (môs′i, mos′i), *adj.* (۱) قەوزاوی؛ بە قەوزە داپۆشراو. (۲) لە قەوزە دەچێ.

most (mōst), *adj.* (۱) زۆرترین؛ زیاترین؛ هەرە؛ – ترین: *(He took ~ of the credit.)* . (۲) زۆرترین؛ زیاترین؛ – ترین.

adv. (۱) زیاترین؛ – ترین: *(~ horrible)* . (۲) زۆر: *(a ~ beautiful morning)* . (۳) [Colloq.]، نزیکەی: *(M~ everyone agrees with you.)*

at (the) most, پەڕی نەوپەڕی؛ بەڵای زۆرەوە.

for the most part, بەزۆری؛ زۆربەی جار.

make the most of, ئەوپەڕی سوود لێ وەرگرتن؛ زۆرترین کەڵک لێ وەرگرتن: *(to make the most of one's opportunities)*

-most (mōst), پاشگرێکە بەمانای: هەرە: *(foremost)* .

mostly (mōst′li), *adv.* بەزۆری؛ بەشی زۆری.

mot (mō), *n.* پەند؛ قسەی نەستەق.

mote (mōt), *n.* گەردیلەی تەپوتۆز.

motel (mō-tel′), *n.* مۆتێل: ئوتێلی سەرەڕێ؛ ئوتێلی سادەی نزیک ڕێگاوبان‌و هەندێک جاریش ناوشار (کە بە زۆری خەڵکی ڕەفتەنی لێ دادەبەزێت).

moth (môth, moth), *n.* مۆرانە.

moth ball, خڕیلەی نەفتالینی مۆرانەکوژ (بۆ جل‌وبەرگ پاراستن).

moth-eaten (môth′ē´t'n, moth′ē´t'n), *adj.* (۱) مۆرانە خواردوو. (۲) داڕزاو؛ کۆن؛ سووا؛ بەکار نەماو. (۳) کۆنەباو؛ کۆن.

mother (mu*th*′ēr), *n.* (۱) دایک. (۲) دایکە. (۳) سەرچاوە. (٤) (ا) نافرەتێکە کە ئەرک‌و دەسەڵاتی دایکی هەبێت. (ب) سەرۆکە ژنی دەستگایەکی ئایینی یا پەرستگایەک: *(~ superior)* . (۵) دایە: ئازناوی نافرەتێکی بەتەمەنە لەبووی ڕێزەوە. (٦) تایبەخۆکانی دایک.

adj. (۱) دایکی؛ تایبەتی بە دایک: *(~ love)* . (۲) زگماکی: *(~ tongue)* .

v.t. (۱) منداڵبوون؛ هێنانە جیهانەوە: *(to ~ a child)* . (۲) چاودێری کردن‌و بەخەنگەوە هاتن وەک دایک؛ پەروەردەکردن.

mother (mu*th*′ēr), *n.* (۱) هەوێنی سرکە؛ سەرتوێژی لیقنی شلەی ترشاو (هەروەها پێشی دەوترێ: " **mother of vinegar** "). (۲) [Obs.]، خڵتە.

mother country, = motherland.

motherhood (mu*th*′ēr-hood´), *n.* (۱) دایکایەتی؛ دایکێتی؛ دایکی. (۲) تایبەخۆکانی دایک. (۳) دایکان.

mother-in-law (mu*th*′ēr-'n-lô´), *n.* خەسوو.

motherland (mu*th*′ēr-land´), *n.* (۱) نیشتمان. (۲) نیشتمانی باووباپیر.

motherly (mu*th*′ēr-li), *adj.* دایکانە؛ دایکی؛ وەک دایک؛ بەڕەحم.

adv. هەر وەک دایک؛ دایکانە.

-motherliness *(n.)*.

mother-of-pearl (mu*th*′ēr-əv-pūrl′), *n.* ماددەیەکی ڕەنگاو–ڕەنگە بە بەری قاقڵەی هەندێ گیانداری ئاوییەوەیە قۆچەو خشڵی لێ دروست دەکرێ.

mother of vinegar, هەوێنی سرکە؛ سەرتوێژی لیقنی شلەی ترشاو.

Mother's Day, جەژنی دایک (کە دووەم یەک شەممەی مانگی جۆزەردە).

mother superior, سەرەک نافرەتی پەرستگای ژن.

mother tongue, زمانی دایک؛ زمانی زگماکی.

mother wit, زیرەکی زگماکی؛ هەستوهۆش.

mothy (môth′i, moth′i), *adj.* (۱) مۆرانە تێی داوە. (۲) مۆرانە خواردوو.

motif (mō-tēf′), *n.* (۱) بیر یا مەبەستی بەرهەمێکی وێژەیی یا هونەری زوو زوو دووپات کراوە. (۲) بیری بنچینەیی یا سەرەکی.

(۳) نەخشەبەکی زۆر دووپات کراوە (خانووسازی، پازاندنەوە).
motile (mō′t'l, mō′til), *adj.* بزوێ (زیندەوەرانی)؛ خۆبزوێن.
motility (mō-til′ə-ti), *n.* بزوێی (زیندەوەرانی)؛ خۆبزوێنی.
motion (mō′shən), *n.* (۱) بزووان؛ بزووتن؛ جوولە؛ جوولانەوە (۲) ڕەوت (۳) توانای بزووان؛ توانای جوولانەوە هەبوون. (٤) هێما؛ جوولانەوەی دەست و چاو بۆ بیروڕا دەربڕین. (٥) مەیل؛ ویست. (٦) پێشنیار (بۆ دەنگ لەسەر دان لە کۆڕ یا نەنجوومەندا). (۷) داوای فەرمار دەرکردن (دادگا). (۸) سەرجەمی ئامێری بزوێ (مەکینەکاری). (۹) گۆڕینی بەرزو نزمی ئاوازی مۆسیقا.
v.i. دەست یا چاو جوولاندنەوە بۆ نیشانە پێدان.
v.t. پێ ووتن بە بزووتنی دەست یا چاو؛ نیشانە پێدان بە جوولەی دەست یا چاو
in motion, لە گەڕاندایە؛ دەجوڵێ؛ لە جموجوڵدایە
put (set) in motion, خستنەکار؛ خستنە جموجوڵ؛ بزواندن؛ خستنەگەڕ. *(The plan was put in motion.)*
motionless (mō′shən-lis), *adj.* نەبزوێ؛ وەستاو؛ بێ جوولە؛ جوولەنەکەر
motion picture, سینەما؛ فیلمی سینەما.
motivate (mō′tə-vāt′), *v.t.* هاندان؛ پاڵ پێوەنان؛ بزواندن.
motivation (mō′tə-vā′shən), *n.* هاندەر؛ پاڵنەر؛ پاڵ پێوەنان.
motive (mō′tiv), *n.* (۱) پاڵنەر؛ هۆکار؛ بزوێنەر؛ مەرام؛ *(We despise those who act from low or selfish ~s .)* motif (۲)
adj. بزوێنەر؛ بزوێن.
v.t. هاندان؛ پاڵ پێوەنان
ulterior motive, مەرامی دوور؛ مەرامی شاراوە.
-motive (mō′tiv), پاشگرێکە بەمانای بزوێ؛ بزووان؛ تایبەت بە بزوان *(automotive, locomotive)*
motiveless (mō′tiv-lis), *adj.* بێ مەرام
motive power, (۱) هێزی بزوێن (هەڵم، ئەلەکتریک... هتد). (۲) مەکینەکانی شەمەندەفەرێک (۳) هێزی پاڵپێوەنەر؛ هێزی جوولێنەر.
motivity (mō-tiv′ə-ti), *n.* هێزی بزواندن
mot juste (mō´ zhüst′), [Fr.]. ووشەی پڕ بە پڕ؛ ووشەی تەواو؛ ووتەی گونجاو
motley (mot′li), *adj.* (۱) هەمەڕەنگ؛ خاڵ خاڵ. *(a ~ coat)* (۲) بەرگی هەمەڕەنگ لەبەرکەر *(a ~ fool)* (۳) هەمەجەشن؛ تێکەڵاو *(a ~ crowd, group, etc.)*.
n. (۱) قوماشی هەمەڕەنگ یا خاڵ خاڵ (۲) بەرگی هەمەڕەنگ (کە قەشمەرچی لەبەری دەکرد بەتایبەتی هی کۆشکی شاهانەی کۆن؛ (۳) [Obs.]. قەشمەری کۆشکی شاهانەی کۆن؛ قەشمەر.
motmot (mot′mot), *n.* باڵندەیەکی ناوچە گەرمەکانی نەمەریکایە لە توخمی قەلەباچکە
motor (mō′tĕr), *n.* (۱) مەکینە؛ ماتۆر؛ بزوێنەر؛ مەکینە بزوێن (۲) ئوتومبیل
adj. (۱) بزوێن؛ تایبەتی بە مەکینە بزوێن (۲) مەکینەی هەیە؛ بە مەکینە دەڕوات *(a ~ vehicle; a ~ -boat)* (۳) بە ئوتومبیل *(a ~ trip)* (٤) تایبەتی بە هەستەدەماری ماسولکەبزوێن
v.i. بە ئوتومبیل گەڕان؛ بە ئوتومبیل چوون یا گەشتکردن.
motorbike (mō′tĕr-bīk′), *n.* [Colloq.], ماتۆرسکیل؛ ماتۆر.
motorboat (mō′tĕr-bōt′), *n.* بەلەمی ماتۆر.
motorbus (mō′tĕr-bus′), *n.* پاس؛ پاسی کاروان
motorcade (mō′tĕr-kād′), *n.* ڕێزبەستنی چەند ئوتومبیلێک پێکەوە.

motorcar (mō′tĕr-kär′), *n.* ئوتومبیل.
motorcycle (mō′tĕr-sī′k'l), *n.* ماتۆرسکیل.
v.i. سواری ماتۆرسکیل بوون.
motorcyclist (mō′tĕr-sī′klist), *n.* ماتۆرسکیلچی.
motorist (mō′tĕr-ist), *n.* ئوتومبیل لێخوڕ؛ ئوتومبیلچی (بەتایبەتی هی ئوتومبیلی خۆ نەک بە پیشە).
motorize (mō′tĕr-īz′), *v.t.* (۱) بە ئوتومبیل یا بە مەکینەکردن لەباتی گالیسکەو ئەسپ. (۲) مەکینە خستنە سەر؛ مەکینە لێ بەستن.
motorman (mō′tĕr-mən), *n.* لێخوڕی پاسی ئەلەکتریکی ئاوشار یا ترام؛ لێخوڕی شەمەندەفەری ئەلەکتریکی ژێرزەمین.
motor scooter, ماتۆرسکیلی بچووک.
mottle (mot′'l), *v.t.* خاڵ خاڵ کردن؛ پەڵەپەڵاوی کردن؛ ڕەنگاوڕەنگ کردن.
n. (۱) خاڵ؛ خاڵ خاڵ؛ پەڵەی ڕەنگاوڕەنگ. (۲) نەقشی خاڵ خاڵاوی، پەڵەپەڵە، یا ڕەنگاوڕەنگ (وەک هی مەڕمەڕ).
mottled (mot′'ld), *adj.* خاڵ خاڵ؛ خاڵ خاڵاوی؛ پەڵەپەڵاوی؛ ڕەنگاوڕەنگ.
motto (mot′ō), *n.* دروشم.
mouch (mōōch), *v.i. & v.t.* = mooch.
mouflon, moufflon (mōōf′lon), *n.* جۆرێکە لە مەڕەکێوی.
moulage (mōō-läzh′), *n.* (۱) لەقالبدان بۆ ناسینەوە (بەتایبەتی شوێن پێ و شوێن پەنجە). (۲) قالبێکی ڕەها.
mould (mōld), *n., v.t. & v.i.* [Chiefly British], = mold.
moulding (mōl′diŋ), *n.* = molding.
mouldy (mōl′di), *adj.* = moldy.
mound (mound), *n.* (۱) سەنگەری لم و خۆڵ. (۲) تەپۆڵکە؛ گردۆڵکە. (۳) بەستوو؛ بەستەك؛ بارست. (٤) ئەو نەخشە بەرزاییپەیە کە تۆپەاوێژی لەسەر دەوەستێ (یاری بێسبۆل).
v.t. (۱) سەنگەری خۆڵ و لم بەدەوردا دروستکردن. (۲) کەڵەکەکردن؛ گردکردنەوە؛ کۆمەڵ کردن.
mount (mount), *n.* (۱) شاخ؛ چیا؛ گرد. *(M~ Everest)*. (۲) [Obs.]، سەنگەری بەرز؛ بەستوو. (۳) بەشە کۆشتنەکانی بەری لەپ.
mount (mount), *v.i.* (۱) (**up** ~)، پیا هەڵگەڕان؛ پیا سەرکەوتن. (۲) سواربوون. (۳) زۆربوون؛ زیادبوون؛ لە زیادبووندایە: *(The number of casualties was ~ing.)*
v.t. (۱) پیا سەرکەوتن؛ سەرکەوتن: *(She ~ed the stairs.)*. (۲) (ا) سواربوون (ئەسپ، کەر، هێستر): *(He ~ed his horse.)* (ب) چوونە سەر (سەکۆ، کورسی). (۳) سواربوون (ئافرەت، گیاندار بۆ جووت بوون). (٤) خستنەسەرو قایم کردن؛ لەسەر دانان و چەسپاندن: *(He ~ed the statue on a pedestal.)* (٥) تێخستن و چەسپاندن؛ خستنەسەرو قایم کردن: *(to ~ a picture)*. (٦) گردنەبەری پەیکەری جل‌وبەرگ و نواندنی؛ پیشاندان. (۷) (ا) ڕاستکردنەوە و لە شوێنی خۆدا چەسپاندن و ئامادەکردن: *(to ~ a gun)* (ب) هەبوون (چەك): *(This ship ~s six cannon.)*. (ج) دانان بە پاسەوان. (د) نۆرەی پاسەوانی کردن.
n. (۱) سواربوون (ئەسپ)؛ شێوەی سواربوون. (۲) شتێك کە بۆ سواربوون بێ (ئەسپ، پاسکیل). (۳) سواربوونی ئەسپی پێشبڕکێ. (٤) پاڵپشت.
mountain (moun′t'n), *n.* (۱) شاخ؛ چیا؛ کەژ؛ کێو. (۲) (*pl.*) زنجیرە شاخ. (۳) بەستەك؛ بارست؛ کۆمەڵێکی گەورە؛ تۆپەڵێکی زل.
adj. (۱) شاخی؛ چیایی. (۲) زۆر زل.
mountain cat, (۱) وڕێ. (۲) پشیلەکێوی.

mountain chain, زنجیره شاخ، ڕیزه شاخ.
mountain dew, [Colloq.], (۱) ویسکی
(۲) ویسکی یه قاچاخ دروستکراو.
mountaineer (moun′t'n-êr′), *n.* (۱) شاخ نشین
(۲) شاخەوان
v.i. شاخەوانی کردن.
mountain goat, بزنەکێوی
mountain lion, شێری ئەمەریکی، وێز.
mountainous (moun′t'n-əs), *adj.* (۱) شاخاوی، چیایاوی؛ شاخ‌وداخاوی. (۲) زۆر زل؛ زۆر گەورە.
mountain range, زنجیره شاخ، ڕیزه شاخ.
mountain sheep, مەڕەکێوی
mountain sickness, گێژی شاخ، سەرەخولێی سەر شاخ.
mountebank (moun′tə-baŋk′), *n.* (۱) دەرمانفرۆشی ساختەباز (لە شوێنکی گشتیدا). (۲) کەسێکی ساختەباز
mounted (moun′tid), *adj.* (۱) سوار (ئەسپ، پاسکیل)؛ سواربوو
(۲) سوارە *(~ police)*.
(۳) داگیراوە (تفەنگ)؛ ئامادە بۆ بەکارهێنان؛ لەسەر پەلەپیتکەیە: *(a ~ gun)*.
(٤) خراوەسەرو چەسپێنراو بۆ لەچوارچێوەگرتن.
(٥) بزۆک: هۆی گواستنەوەی هەیە (سوپا).
mounting (moun′tiŋ), *n.* (۱) سواربوون
(۲) پالپشت وێنە لەچوارچێوەگرتن.
mourn (môrn, mōrn), *v.i.* (۱) شینکردن؛ شیوەنکردن؛ بۆ گریان؛ داخ بۆ خواردن. (۲) ڕەش پۆشین؛ جلی ڕەش لەبەرکردن. (۳) خوێندن (کۆتر).
v.t. (۱) شیوەن بۆ کردن؛ شین بۆ کردن؛ بۆ گریان. (۲) داخ بۆ خواردن.
mourner (môr′nēr, mōr′nĕr), *n.* شیوەنکەر؛ کەسێکە کە لە پرسەدا بەشداری دەکات.
mournful (môrn′fəl, mōrn′fəl), *adj.* (۱) شیوەنی، پرسەیی.
(۲) غەمگین، دڵگیر، بەسۆز *(a ~ song, sound, etc.)*.
mourning (môr′niŋ, mōr′niŋ), *n.* (۱) شیوەن، شین
(۲) جل‌وبەرگی ڕەش، پۆشاکی ڕەش (۳) ماوەی ڕەشپۆشی یا شین.
mouse (mous), *n.* (۱) مشک (۲) (ا) کچ (لەبووی خۆشەویستێیەوە).
(ب) کەسێکی ترسنۆک و نالەبار. (۳) [Slang]، چاو شین بوونەوە (لە ئەنجامی لێدانەوە). (٤) جۆرێکە لە گرێ (کەشتێیەوانی).
v.i. (۱) ڕاوە مشک کردن؛ مشک گرتن.
(۲) بە دزێیەوە بۆ گەڕان؛ بە خشپە بەدوادا گەڕان.
mouser (mou′zēr), *n.* پشیلەی مشکگر
mousetrap (mous′trap′), *n.* تەڵەی مشک
mousey (mou′si, mou′zi), *adj.* = mousy.
mousse (mōōs), *n.* مووس جۆرە شیرینێیەکە لە شیری خەستی شلەقێنراو و سپێنەی هێلکەو شەکر دروست دەکرێ.
mousseline (mōōs lēn′), *n.* [Fr.], (۱) muslin.
(۲) جۆرە شووشەیەکی نەقش لەسەر کراوە.
moustache (məs-tash′, mus′tash), *n.* = mustache.
mousy (mou′si, mou′zi), *adj.* (۱) لە مشک چوو؛ بێ دەنگ؛ ترسنۆک
(۲) پڕە لە مشک؛ مشک تێی داوە
mouth (mouth), *n.* (۱) دەم؛ زار (۲) لێو؛ لچ‌ولێو؛ دەم‌ولێو.
(۳) کەس: کە دەبێ بژێنرێ یا خواردنی بدرێتێ:
(He has four ~s to feed.)
(٤) (ا) پرێزگەی ڕووبار (ب) دەمی دەفر.
(ج) دەمی لوولەی چەکی ئاگرین.
(د) دەمی گیرە یا مەنگەنە. (ھ) دەمی کەپەنای.
v.t. (۱) ووتن؛ دەربڕین (بەتایبەتی بە خۆنووساندنەوە)؛ ووتاردان.
(۲) دەم‌وچاو گرژکردن.
down in (or at) the mouth, [Colloq.], پەست؛ غەمبار؛ خەفەتبار.
give mouth to, ووتن؛ دەربڕین؛ ووتاردان.
have a big mouth, [Slang], دەم درێژی کردن؛ زمان درێژی کردن؛ دەم لێ کردنەوە.
mouthful (mouth′fool′), *n.* (۱) پڕ بە دەم. (۲) پاروو؛ تیکە.
(۳) نەخت؛ تۆز.
(٤) [Colloq.]، ووشە یا ووتەیەکی دوورودرێژ (کە بە ناسانی ناڕێژرێ).
(٥) [Slang]، ووتەیەکی بەجێ: *(say a ~)*.
mouthpiece (mouth′pēs′), *n.* (۱) ئەو بەشەی دەنرێ بە دەمەوە یا دەخرێتە ناو دەمەوە:
(the ~ of a telephone, of a pipe, of a horse's bit, etc.)
(۲) ئەو بەشەی ئامێرێکی مۆسیقێیە کە دەمی پێوە دەنرێ (وەک شمشال).
(۳) دەم ڕاستی دەستە، کۆمەڵە، یا حیزبێک.
(٤) [Slang]، پارێزەری تاوانکاران.
mouthy (mouth′i, mouth′i), *adj.* زۆرووڕ؛ هەڵەوەڕ؛ فشەکەر.
movability (mōōv′ə-bil′ə-ti), *n.* توانای جوڵاندن هەبوون.
movable, moveable (mōōv′ə-b'l), *adj.* (۱) دەجوڵێنرێ؛ دەتوانرێ بجوڵێنرێ (سامان)؛ دەبزوێنرێ؛ هەڵدەگیرێ: *(~ property)*.
(۲) دەگوێزرێتەوە؛ لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر دەگۆڕێ: *(~ holidays)*.
n. (۱) شتێک کە بتوانرێ بجوڵێنرێ.
(۲) *(pl.)*، سامانی هەڵگرتەنی کەسێک خۆی (بەتایبەتی کەرەسەی ناومان).
move (mōōv), *v.t.* (۱) گواستنەوە؛ گوێزانەوە (۲) بزواندن؛ جوڵاندن.
(۳) والێکردن؛ پاڵ پێوەنان
(٤) خستنە جم‌وجوڵ؛ هێنانە جۆش:
(He ~d the crowd with his speech.)
(٥) پێشنیازکردن (لە کۆڕ یا ئەنجومەنێکدا بۆ دەنگدان لەسەر).
(٦) گووپێکردن؛ پیسایی پێکردن.
(۷) فرۆشتن: *(to ~ the merchandise)*.
v.i. (۱) جوڵان؛ بزوان؛ چوون؛ ڕۆیشتن.
(۲) گواستنەوە (بۆ ماڵ یا شاری تازە)؛ گوێزانەوە؛ بارکردن:
(They ~d last month.; We will ~ to our new house.)
(۳) هەڵسان و دانیشتن؛ ژیان؛ جم‌وجوڵ کردن:
(We ~ in good society.)
(٤) پێشکەوتن.
(٥) کەوتنەخۆ؛ جمان؛ کارکردن؛ بە کار هەڵسان.
(٦) گەڕان (مەکینە)؛ کارکردن.
(۷) داواکردن: *(to ~ for a new trial)*.
(۸) پیسایی کردن؛ گووکردن؛ بەتاڵبوونەوە.
(۹) [Colloq.]، (~ on): دەستکردن بە ڕۆیشتن؛ ڕۆیشتن:
(I.et's be ~ing on.)
(۱۰) جوڵاندن (داشی دامەو شەترەنج)
(۱۱) فرۆشتن.
n. (۱) جوڵە؛ جوڵانەوە؛ جمە. (۲) هەنگاو (بەرەو ئامانج).
(۳) گواستنەوە (ماڵ)؛ گوێزانەوە.
(٤) جوڵان (داشی دامەو شەترەنج)؛ نۆرە (یاری)
get a move on, [Slang], (۱) بزوان؛ جوڵان؛ جمان (۲) پەلەکردن.
on the move, گەڕۆک؛ هەمیشە لە جم‌وجوڵدایە
moveable (mōōv′ə-b'l), *adj.* = movable.
movement (mōōv′mənt), *n.* (۱) جوڵە؛ جوڵانەوە؛ بزوان.
(۲) هاتوچۆ؛ هاتن‌وچوون؛ جم‌وجوڵ.
(۳) پیسایی؛ گوو: *(bowel ~)*.
(٤) مناوەرە (سوپا). (٥) ڕەوت؛ لەنجە؛ چۆنێتی جوڵانەوە.
(٦) بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی یا ڕامیاری.

(۷) ڕووداو (جێڕۆک، شانۆنامە). (۸) مەیل؛ جم‌وجوڵ بە لایەکی تایبەتیدا. (۹) گۆڕانی نرخی فرۆتەنی. (۱۰) پارچە بڕۆکەکانی مەکینەیەک. (۱۱) ا. حێرایی مۆسیقا. (ب) کێشی مۆسیقا. (ج) بەشێکی سەمفۆنیا. (۱۲) کێشی هۆنراوە

mover (mōōv′ĕr), *n.* (۱) گەڕۆک. (۲) گوێزەرەوە (بەتایبەتی کەسێک کە پیشەی گواستنەوەی شتومەکی خەڵک بێت).

movie (mōōv′i), *n.* [Colloq.], (۱) فیلمی سینەما. (۲) سینەما.

the movies, (۱) پیشەسازی سینەما. (۲) فیلمی سینەما. (۳) سینەماکان.

moviegoer (mōōv′i-gō ĕr), *n.* [Colloq.], کەسێک کە زۆر زوو دەچێتە سینەما

movie house, [Colloq.], سینەما

moving (mōōv′iŋ), *adj.* (۱) بزووک. جوولاوە. (۲) بزوێنەر؛ جوولێنەر (۳) هەست بزوێن؛ هەست جوولێنەر.

moving picture, فیلمی سینەما

moving staircase (or **stairway**), = escalator.

mow (mō), *v.t.* (۱) چیمەن بڕین؛ بڕین (چیمەن؛ گیا)؛ دوورینەوە *(to ~ a lawn)*

(۲) (~ down). قەڵاچۆکردن؛ بە کۆمەڵ کوشتن؛ ماکۆدان؛ دروێنەکردن (مەجاز). *(We ~ed down the enemy.)*

v.i. چیمەن بڕین؛ گیا بڕین

mow (mou), *n.* (۱) گوورە. (۲) کایەن

mow, mowe (mou, mō), *n.* & *v.i.* [Archaic], دەم‌وچاو گرژ کردن؛ خۆ مۆنکردنەوە.

mower (mō′ĕr), *n.* چیمەنبڕە؛ مەکینەی چیمەن بڕین.

mown (mōn), *alternative past participle of* mow.

mozzetta, mozetta (mō-zet′ə), *n.* چاکەتێکی کورتی تەپڵەدار پاپا و سەرەک قەشەکان لەبەری دەکەن.

Mr. (mis′tĕr), *plural* Messrs., = mister.

Mrs. (mis′iz), *plural* Mmes., خانم؛ خان؛ ژنانی ناشارەزای مێرداردار.

MS. (mis), خانم؛ خان؛ ژنانی ناشارەزا، مێرددار بێ یا بێ مێرد.

M.S., = Master of Science., بڕوانامەی ماستەری زانیاری

M.Sc., = Master of Science., بڕوانامەی ماستەری زانیاری

much (much), *adj.* زۆر (بۆ شتی نەژمێردراو)؛ گەلێک؛ نەوتۆ *(~ rain, money, food, etc.)*

adv. (۱) زۆرتر؛ زیاتر؛ زۆر؛ گەلێک. *(He is ~ happier now.)*

(۲) نزیکەی؛ کەم تا زۆر. *(He is ~ the same as yesterday.)*

n. (۱) بڕێکی زۆر؛ هەندێکی زۆر. *(There is ~ to be done.)*

(۲) شتێکی سەرناسا، لێهاتوو، یا گرنگ. *(As a leader, he is not ~ .)*

as much again, دوو نەوەندە

as much as, نەوەندەی

make much of, زۆر بە گرنگ دانان؛ زل کردن؛ زۆر گوێ پێدان؛ زیاد لە پێویست گەورەکردن.

think much of, زۆر ڕێزلێنگرتن

mucid (mū′sid), *adj.* (۱) کەڕواوی؛ بۆندار (۲) لینج.

mucilage (mū′s'l-ij), *n.* (۱) سرێشێ؛ جیوە. (۲) ماددەیەکی لینجی جەلاتینیی‌یە لە هەندێ ڕووەکدا هەیە.

muck (muk), *n.* (۱) پەینی تازە؛ پەینی شێدار (۲) پیسی؛ پیسایی؛ لیخە.

v.t. (۱) پەیناوکردن؛ پەین تێکردن. (۲) [Colloq.] ، پیسکردن؛ لیخنکردن. (۳) پاکردنەوە کانزای خاو).

make a muck of, تێکدان (کار)؛ بە نەزانانە کردن‌و تێکدان

muck about, [Chiefly British], [Colloq.], خۆخەڵەفاندن؛ کات بەفیڕۆدان

muck up, [Colloq.], (۱) پیس‌وپۆخڵ کردن. (۲) تێکدان (نەخشە، پلان)؛ شێواندن.

mucker (muk′ĕr), *n.* [British Slang], کەسێکی نزم یا ناکەس؛ کەسێکی کاڵ‌وکرچ.

muckamuck (muk′ə-muk), *n.* [Slang], کەسێکی خۆ بە زل زان؛ پیاوی گەورە (لەڕووی لاقرتی‌وە).

muckrake (muk′rāk′), *v.i.* شتی پیس‌و خراپ دۆزینەوە لەسەر کەسانی بەناوبانگ‌و کاربەدەستانی میری‌و بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەدا؛ ناوپیس کردن؛ دەرخستنی ڕەوشت‌و کردەوەی ناپەسەندی کەسانی ناردار

-muckraker *(n.).*

muckworm (muk′wūrm′), *n.* کرم یا کرمۆکەی ناو شیاکەو پیسایی.

mucky (muk′i), *adj.* پیس؛ پیس‌وپۆخڵ؛ لیخن

muco-, muc- (mū′kō, mū′kə), پێشگرێکە بەمانای: (۱) چڵم؛ ڕیخۆڵ. (ب) پەردەی چڵمێ؛ لینجە پەردە.

mucosa (mū-kō′sə), *n.* = mucous membrane.

mucous (mū′kəs), *adj.* (۱) چڵمێ؛ چڵمی؛ چڵم دەردەر. (۲) لینج.

-mucousity *(n.).*

mucous membrane, پەردەی چڵمێ؛ لینجە پەردە.

mucus (mū′kəs), *n.* چڵم؛ ڕیخۆڵ؛ هەر ماددەیەکی لینجی وەک چڵم کە لەش دەری بدات.

mud (mud), *n.* (۱) قوڕ؛ لیتە؛ قوڕولیتاو. (۲) قسەی سووک؛ بوختان؛ لەکە؛ قسەی خراپ (کە بخرێتە دوای یەکێک)

v.t. قوڕاوی کردن؛ پیس کردن.

throw (or fling) mud at, ناونێراندن؛ ناوپیس کردن؛ بەدناوکردن؛ لەکەدارکردن.

mud bath, خۆ لە قوڕولیتەی کانزاوی هەڵکێشان (بۆ چارەسەری باداری)؛ گەرماوی قوڕولیتەی کانزاوی.

mud cat, جۆرە ماسی‌یەکی ناو ڕوبارە.

muddiness (mud′i-nis), *n.* قوڕاوێتی؛ لیخنێتی؛ لێلێتی.

muddle (mud′′l), *v.t.* (۱) تێکدان (کار)؛ تێکەڵاوپێکەڵاوکردن؛ شێواندن. (۲) خوارندنەوە تێکەڵاوکردن یا تێکدان. (۳) لێل کردن. (٤) سەر لێ تێکدان (بە خواردنەوەی سەرخۆشکەر)؛ سەر لێ شێواندن. (٥) سەر لێ تێکدان؛ سەر لێ شێواندن؛ مێشک تێکدان.

v.i. سەر لێ شێواو؛ سەر لێ تێکچوون؛ تێکەڵوپێکەڵ بوون.

n. (۱) تێکەڵاوپێکەڵاوی؛ شێواوی. (۲) سەر لێ تێکچوون؛ سەر لێ شێواوی.

muddle through, هەرچۆنێک بێت بە ئەنجام گەیاندنی کارێک لەگەڵ هەڵەو تێکەڵاوپێکەڵاویشدا؛ جێبەجێکردنی کارێک بە زەحمەت.

muddle-headed (mud′′l-hed′id), *adj.* بێ مێشک؛ کەوڕەن؛ سەر لێ شێواو.

muddy (mud′i), *adj.* (۱) قوڕاوی. (۲) لیخن؛ لێل. (۳) لێل؛ تێکەڵاوپێکەڵاو؛ شێواو *(~ thinking)* .

v.t. & v.i. قوڕاوی کردن؛ قوڕاوی بوون؛ لێل کردن؛ لێل بوون؛ لیخن بوون *(to ~ the water, the situation, etc.)*

mudfish (mud′fish′), *n.* ماسی‌یەکی ناو قوڕولیتەو ناوی لیخنە.

mudguard (mud′gärd′), *n.* کڵاوەی پێچکەی پاسکیل‌و ئوتومبیل (بۆ ڕێ نەدانی قوڕ بەملا و بەولادا).

mud hen, مریشکی زەلکاو.

mudhole (mud′hōl′), *n.* چاڵەقوڕ (لە ڕێگاوباندا).

mud pie, حەمامۆکە.

mud puppy, قوڕناویلکە.

mudsill (mud′sil′), *n.* موورەداری بناغەی خانوو.

mudslinger (mud′sliŋ′ĕr), *n.* ناوپیسکەر بە ناڕەوا (بەتایبەتی ناحەزان‌و هاوچاوانی ڕامیاری لەکاتی هەڵبژاردندا)؛ ناوزڕێن؛ بوختانچی

-mudslinging *(n.).*

mudstone (mud′stōn′), *n.* بەردی گڵین (کە هەوای بەرکەوت دەپڕوێ).

mud turtle, کیسەڵی ئاو قوڕوڵیتە.

muezzin (mū-ez′in), *n.* بانگدەر

muff (muf), *n.* (۱) دەسکێشێ دەسکێشێکە شوێنی پەنجەکانی بە جیاجیا تێ بەڵکو هەموی یەک خانەیە. (۲) (ا) تۆپ نەگرتنەوە (یاری بێسبۆل). (ب) کارێکی ناقۆڵا و نەشارەزایانە؛ تێکدانی کار لەبەر نەزانین. (ج) ناقۆڵاکار؛ ناکارامە؛ کارتێکدەر.

v.t. & v.i. بە ناکارامەیی کردن (وەرزش)؛ بە ناقۆڵایانەو نەزانانەکردن.

muffin (muf′in), *n.* خەپڵەتانی نەستوورو بچووک؛ کێکی بچووک.

muffle (muf′′l), *v.t.* (۱) (~ up)، داپۆشین بە (ملپێچ، بەتانی، یا پاڵتۆ)؛ پێچانەوە (لەبەر سەرما). (۲) دەم هەڵبەستن؛ دەموچاو هەڵبەستن؛ چاو بەستنەوە؛ دەماخ کردن. (۳) کپ کردن؛ دەنگ لێ بڕین.

(to ~ a sound, an explosion, etc.)

n. (۱) دەم هەڵبەست؛ چاوبەست. (۲) دەنگ کپکەر؛ خەفەکەر. (۳) فرێنێکە بۆ سوورکردنەوەی گۆزەودیزە بەبێ بەرکەوتنی پاستەوخۆی گڕی ئاگرەکە.

muffler (muf′lēr), *n.* (۱) دەم هەڵبەست؛ ملپێچ (۲) کپکەرەوە؛ دەنگ خەفەکەری نەگرۆسی ئوتومبیل

mufti (muf′ti), *n.* (۱) موفتی (ئایینی ئیسلام). (۲) بەرگی مۆڵکی (بەتایبەتی لەبەری یەکێکدا کە هەمیشە بەرگی سوپایی لەبەرکردبێ)

mug (mug), *n.* (۱) کووپی نەختێک قورس‌و گەورەی چاو قاوە (جاران ڕێتەی دەموچاوێکی لەسەر دەکرا). (۲) پڕ کووپێکی وەها. (۳) [Slang]، (ا) دەموچاو. (ب) دەم. (ج) لچ هەڵقورتان؛ مۆنی؛ ڕووی گرژ. (د) کەسێکی قسەڕەقی بێ نەزاکەتی نەزان.

v.t. [Slang], (۱) وێنەگرتن (بەتایبەتی هی تاوانکارێک لەلایەن پۆلیسەوە). (۲) پەلاماردان لە پشتەوە و دەست خستنە بینەقاقا بەنیازی ڕووتکردنەوە.

v.i. [Slang], (۱) دەموچاوی خۆ گرژکردن یا شێواندن لە دەمەلاسکێدا (بەتایبەتی لەسەر شانۆ). (۲) پەلاماردان لە پشتەوە و دەست خستنە بینەقاقا بەنیازی ڕووتکردنەوە.

mugger (mug′ēr), *n.* [Slang], (۱) ڕووتکەرەوە (بەتایبەتی کە پەلاماری کەسێک دەدات لەدواوە و دەست دەخاتە بینەقاقای). (۲) نەکتەرێکە دەموچاوی خۆی گرژ دەکات یا دەشێوێنێ لە دەمەلاسکێدا لەسەر شانۆ.

muggy (mug′i), *adj.* گەرم‌و شێدار (ئاووهەوا)؛ بۆخە.

(~ weather)

-mugginess ***(n.).***

Muhammadan (moo-ham′əd-ən), ***adj. & n.*** موسوڵمان (هەروەها " Muhammedan ").

mulatto (mə-lat′ō, myoo-lat′ō), *n.* کەسێکی دوورەگ لە دایک و باوکێکی ڕەش و سپی.

adj. سەوز؛ ڕەشتاڵە

mulberry (mul′ber′i, mul′bēr-i), *n.* (۱) تووز؛ تووە سپیکە. (۲) دارتوو (۳) نەرخەوانی؛ ڕەنگی نەرخەوانی سوورکار.

mulch (mulch), *n.* گڵۆگیای ووشک‌و گەڵا و تۆپکەداری خرکراوە لە بنی ڕووەکدا بۆ هێشتنەوەی تەراپی بنی ڕووەکەکەو پاراستنی ڕەگەکانی لە سەرما و گەرما

v.t. گڵۆگیای ووشک‌و گەڵا و تۆپکەدار خستنە بنی ڕووەک.

mulct (mulkt), *v.t.* (۱) سزادان بە پارە لێ سەندن (لەبەر تاوان). (۲) بە فێڵ‌وتەڵەکە لێ سەندن؛ بە ساختە لێ کێشانەوە.

n. سزای پارە (لەبەر تاوانێک).

mule (mūl), *n.* (۱) هێستر؛ قاتر (۲) ڕێسەری لۆکە؛ مەکینەی ڕستنی لۆکە. (۳) [Colloq.]، کەسێکی کەللەڕەق؛ کەسێکی سەرسەخت‌و مانگر. (٤) توخمە گیاندارێکی دوورەگی بێ بەر.

mule (mūl), *n.* سۆڵێکە پارچەی پێ داناپۆشێ

mule deer, فیلەگێژە.

mule skinner, [Colloq.], قاترچی؛ هێسترچی.

muleteer (mū′lə-tēr′), *n.* قاترچی؛ هێسترچی.

muley (mū′li, mool′i, mōō′li), ***adj. & n.*** = **mulley.**

muliebrity (mū′li-eb′rə-ti), *n.* (۱) ژنێتی؛ ژنانەیی. (۲) مێچەیی؛ ناسکی؛ ژنانەیی.

mulish (mūl′ish), *adj.* (۱) هێستری. (۲) کەللەڕەق؛ سەرسەخت؛ مانگر. (۳) (ا) بێ بەر؛ نەزۆک. (ب) دوورەگ.

mull (mul), ***v.t. & v.i.*** [Colloq.], (~ over), بیرلێکردنەوە:

(to ~ over a question)

mull (mul), *v.t.* خۆشاوکردن؛ گەرمکردنەوەو خۆشاوکردن (شەراب، بیرە، ئاوی سێو).

mull (mul), *n.* مەلەمەل: قوماشی ئاوریشم یا چیتی تەنک.

mullah, mulla (mul′ə, mool′ə), *n.* مەلا؛ مامۆستای ئایینی.

muller (mul′ĕr), *n.* دەسکەوان (بۆ هاپینی دەرمان‌و بۆیە)

mullet (mul′it), *n.* چەند جۆرە ماسی‌یەکی دەریاو ڕووبارەکانە.

mulley, muley (mool′i, mōō′li), *adj.* شاخ کراو (ڕەشەوڵاخ)؛ بێ شاخ.

n. مانگای بێ شاخ؛ مانگای شاخ کراو.

mulligan (mul′i-g'n), *n.* [Slang], شلەی گۆشت‌و سەوزە (بەتایبەتی هی پیاوی هەژاری بێ لانە).

mullion (mul′yən), *n.* تیغەدار یا شیشی ستوونی خانەخانەکەری شووشەی پەنجەرە.

multi- (mul′ti, mul′tə), پێشگرێکە بەمانای: فرە؛ زۆر؛ چەندەها؛ هەمە؛ گەلێک؛ چەند.

(multicolored, multimillionaire)

multicolored (mul′ti-kul′ĕrd), *adj.* هەمەڕەنگ؛ فرە ڕەنگ.

multi-ethnic (mul′ti-eth′nik), *adj.* فرە نەتەوە؛ فرە ڕەگەز.

(a ~ city)

multifarious (mul′tə-fâr′i-əs), *adj.* هەمەچەشن؛ فرە جۆر؛ جۆراوجۆر؛ جیاجیا؛ جۆرەها

multifid (mul′tə-fid), *adj.* بەش بەش (گەڵا)؛ خانە خانە؛ پارچە پارچە.

multifold (mul′tə-fōld′), *adj.* تۆێ تۆێ

multiform (mul′tə-fôrm′), *adj.* فرە شێوە؛ هەمەچەشن؛ جۆرەها.

multilateral (mul′ti-lat′ĕr-əl), *adj.* (۱) فرە لایەن؛ فرە ڕوو؛ فرە لا. (۲) چەند لایی؛ فرە لایی؛ چەندەها وڵات یا لایەن تێیدا بەشدارە.

(a ~ treaty)

-multilaterally ***(adv.).***

multimillionaire (mul′ti-mil′yən-âr′), *n.* خاوەنی چەندەها ملیۆن دۆلار یا پاوەند؛ فرە ملیۆندار.

multipara (mul-tip′ə-rə), *n.* ئافرەتێکە کە سکی پڕە بە منداڵی دووەم یا بەڵای کەمەوە دوو منداڵی لەوەپێش بووە.

multiparous (mul-tip′ə-rəs), *adj.* (۱) سکپڕ بە دووەم منداڵ. (۲) لە یەک بەچکە زیاتری دەبێ لە سکێکدا.

multipartite (mul′ti-pär′tīt), *adj.* (۱) بەش بەش؛ جۆرەها؛ فرە بەش؛ پارچە پارچە. (۲) **multilateral** .

multiped (mul′ti-ped′), ***adj. Also*** **multipede,** فرە پێ.

n. گیاندارێکی فرە پێ؛ گیاندارێکە لە چوار پێ زیاتری هەیە.

multiple (mul′tə-p'l), *adj.* چەندجار؛ جۆراوجۆر؛ زۆر؛ فرە.

n. ئەنجامی لێکدان (ژمارەوپێوان): ***(10 is a ~ of 5 and 2 .)*** .

multiple-choice (mul′tə-p'l-chois′), *adj.* فرە وەڵامی؛ چەند وەڵامێک دەدات بۆنەوەی یەک وەڵامی ڕاستیان هەڵبژێرێت:

(a ~ test, question, etc.)

multiple sclerosis, نەخۆشی ڕەق بوون‌و ووشکبوونەوەی هەستە دەمارەکان کە دەبێتە هۆی لەکارکەوتن‌و لەرزینی ماسولکەکان.

multipliable (mul′tə-pli′ə-b'l), *adj.* دەتوانرێ لەیەک بدرێ (ژمارەوپێوان).

multiplicable (mul′tə-pli-kə-b'l), *adj.* = multipliable.

multiplicand (mul′tə-pli-kand′), *n.* ژمارەی لێدراو

multiplicate (mul′tə-pli-kāt′), *adj.* (١) توێ توێ. (٢) چەندەها زۆر.

multiplication (mul′tə-pli-kā′shən), *n.* لێکدان (ژمارەو پێوان).

multiplication table, خشتەی لێکدان (ژمارەوپێوان).

multiplicity (mul′tə-plis′ə-ti), *n.* (١) زۆری؛ چەندەها؛ زۆری و جۆراوجۆری. (٢) ژمارەیەکی زۆر؛ گەلێک.

multiplier (mul′tə-plī′ĕr), *n.* (١) زیادکەر (مرۆڤ، شت)؛ زاوزێکەر. (٢) ژمارەی پێ لێدراو (ژمارەوپێوان). (٣) ئامێری بەهێزکەر (فیزیا).

multiply (mul′tə-plī′), *v.t.* (١) زیادکردن؛ زۆرکردن؛ پەرەپێدان. (٢) لێکدان (ژمارەوپێوان).

v.i. (١) زاوزێ کردن؛ پەرەسەندن؛ زۆربوون. *(Rabbits ~ rapidly.)* (٢) لێکدان (ژمارەیەک لە ژمارەیەکی تر).

multitude (mul′tə-tōōd′, mul′tə-tūd′), *n.* (١) زۆری؛ فرەیی؛ ژمارە زۆری. (٢) ژمارەیەکی زۆر؛ گەلێک؛ کۆمەڵ؛ هەزاران *(There was a ~ of volunteers.)* (٣) the ~, جەماوەر؛ خەڵک؛ بۆرە پیاوان.

multitudinous (mul′tə-tūd′i-nəs), *adj.* (١) بێ شومار؛ زۆر؛ نێجگار زۆر. ٢) زۆرو جۆراوجۆر؛ هەمەچەشن.

multivalent (mul′ti-vā′lənt, mul-tiv′ə-lənt), *adj.* (١) فرە هاوهێزی (کیمیا). (٢) فرە مانا؛ فرە نرخ.

multure (mul′chĕr), *n.* مزی ئاش؛ ئاشانە.

mum (mum), *n.* بیرەبەکی خەست و تیژە.

mum (mum), *v.i.* خۆگۆرین بۆ خۆبووماندن.

mum (mum), *n.* [Colloq.], = chrysanthemum.

mum (mum), *n.* [Colloq.], = mother.

mum (mum), *adj.* بێ دەنگ؛ نەدوو؛ قسەنەکەر؛ دەم داخراو

interj. بێ دەنگ بە!؛ قسە مەکە!؛ دەمت داخە!

mumble (mum′b'l), *v.t. & v.i.* (١) منجەمنج کردن؛ لەژێر لێوەوە وتن. *(Don't ~ your words.; The old man was ~ing to himself.)* (٢) بە بووک حووین بەهێواشی و ناڕەحەتی (لەبەر بێ دەندی).

n. منجەمنج

mumbo jumbo (mum′bō jum′bō), *n.* (١) بتێکی [M- J-]. ناشرینە خێڵە ڕەشەکانی ڕۆژاوای سوودان دەیان پەرست؛ جادووگەرێکی ئایدیە کە بە ناو گوایە خەڵک لە وەی دەپارێزێ. (٢) شتێکی ترسناک. (٣) نەرێتی نابێ هیچ و پووچ و بێ مانا؛ نەرێتی وەک جادووگەری. (٤) قسەی هیچ و پووچ؛ قسەی قۆڕو بێ مانا.

mummer (mum′ĕr), *n.* (١) نەکتەری خۆگۆڕی شانۆیی بێ دەنگ. (٢) نەکتەر.

mummery (mum′ĕr-i), *n.* (١) نواندنێکە بە جلی خۆگۆڕینەوە. (٢) نواندنێکی کەشوفشانە؛ نەریت یا ئاهەنگێکی پڕ لە کەشوفش و هیچ و پووچ و دووڕوویانە.

mummification (mum′ə-fi-kā′shən), *n.* مومیاکردن؛ مومیاکاری

mummify (mum′ə-fī′), *v.t.* مومیاکردن؛ دەرهێنانی ئاوسکی مرۆڤ یا گیانداری مردوو و دەرمان تێکردنی بۆ پاراستنی لە بۆگەنکردن.

v.i. وشکبوونەوە؛ هەڵقرچان؛ سیس بوونەوە.

mummy (mum′i), *n.* (١) مومیا؛ مردووی مومیاکراو (٢) کەسێکی هەڵقرچاو؛ کەسێکی ڕەقەڵە و سیس بووەوە.

mump (mump), *v.t. & v.i.* (١) = [Dial.] mumble. (٢) [Old Slang]، (ا) سوالکردن؛ پاڕانەوە. (ب) گزی کردن.

mumps (mumps), *n.pl.* ملەخرێ؛ ئاوسانی لووی لیکی ژێر گوێچکە.

munch (munch), *v.t. & v.i.* کرمانەن؛ مڵچاندن؛ مڵچەملچ کردن.

mundane (mun′dān), *adj.* (١) جیهانی؛ تایبەتی بەم جیهانە نەک بە جیهانێکی بەرزترو گیانی: *(~ pleasures)*. (٢) ئاسایی؛ ووشکو ناخۆش (مەجان)؛ سادە. *(a ~ job, task, etc.)*.

mung bean, ماش.

municipal (mū-nis′ə-p'l), *adj.* (١) (ا) شارەوانی؛ هی شارەوانی؛ هی ئاوشار. (ب) سەربەخۆیی ئاوخۆی هەیە. (٢) تایبەتی بە کاروباری ئاوخۆی وواڵات یا هەرێمێک.

municipality (mū-nis′ə-pal′ə-ti), *n.* (١) شار؛ شارەوانی؛ شارێک کە سەربەخۆیی ئاوخۆی هەبێ. (٢) کاربەدەستانی شار؛ کاربەدەستانی شارەوانی.

municipalize (mū-nis′ə-p'l-īz′), *v.t.* (١) خستنەسەر شار؛ کردن بە بەشێک لە شار؛ دانەدەم شار. (٢) کردن بە شار؛ کردن بە شارێک کە سەربەخۆی ئاوخۆی هەبێ. -municipalization *(n.)*.

munificence (mū-nif′ə-s'ns), *n.* بەخشندەیی؛ زۆر دڵفراوانی؛ زۆر دەستودڵ کراوەیی.

munificent (mū-nif′ə-s'nt), *adj.* (١) بەخشندە؛ زۆر دڵفراوان؛ زۆر دەستودڵ کراوە. (٢) زۆر دڵفراوانی دەنوێنێ؛ نیشانەی بەخشندەیی و دەستودڵ کراوەییە: *(a ~ gift)*.

muniment (mū′ni-mənt), *n.* (١) هۆی خۆپاراستن؛ هۆی پاراستن. (٢) *(pl.)*، باوەڕنامەی خاوەنێتی زەوی‌وزارو شتی تر؛ باوەڕنامەی ماف.

munition (mū-nish′ən), *v.t.* کەرەستەی جەنگ پێدان؛ چەکدارکردن؛ چەک پێدان.

munitions (mū-nish′ənz), *n.pl.* جبەخانە؛ چەک و کەرەستەی جەنگ (گوللە، بۆمبا... هتد).

mural (myoor′əl), *adj.* (١) هی سەر دیوار؛ هی دیوار؛ بۆ سەر دیوار. (٢) وەک دیوار؛ دیواری.

n. نیگار یا دیمەنی لەسەر دیوار کراو.

muralist (myoor′əl-ist), *n.* نیگارکێشی سەر دیوار.

murder (mûr′dĕr), *n.* پیاوکوشتن بە دەستەنقەست؛ پیاوکوژی؛ خوێن ڕشتن؛ خوێن ڕێژی.

v.t. (١) پیاوکوشتن بە دەستەنقەست؛ کوشتن؛ خوێن ڕشتن. (٢) کوشتن بە شێوەیەکی دڕندانەو بێ بەزەییانە (جەنگ). (٣) تێکدان؛ شێواندن: *(She ~ed that song.)*.

v.i. پیاوکوشتن بە دەستەنقەست؛ خوێن ڕشتن.

get away with murder, [Slang], کارێکی خراپ کردنو کەس پێ نەزانێن و سزا نەدران؛ بەدکاری کردنو وەک بەرزەکی باتان بۆی دەرچوون

murder will out, (١) پیاوکوژ هەر دەردەکەوێ؛ پیاوکوژی هەر دەردەکەوێ. (٢) کاری نهێنی و بەدکاری هەر دەردەکەوێ وەک یا دەرەنگ

murderer (mûr′dĕr-ĕr), *n.* پیاوکوژ؛ خوێن ڕێژ.

murderess (mûr′dĕr-is), *n.* ئافرەتی پیاوکوژ؛ پیاوکوژی ژن.

murderous (mûr′dĕr-əs), *adj.* (١) دڕندە؛ کوشندە؛ پیاوکوژانە؛ زۆر بەد؛ زۆر دڵڕەقانە: *(a ~ act)*. (٢) تایبەتی بە پیاوکوشتن؛ هی پیاوکوژی: *(a ~ rage)*. (٣) [Colloq.]، زۆر گران؛ زۆر ناخۆش و ترسناک: *(a ~ exam)*.

murine (myoor′īn, myoor′in), *adj.* هی توخمی مشک؛ هی گیانداری کرۆژدە (وەک مشک و مشکەکوێرە... هتد).

n. گیانداری کرۆژدە.

murk (mûrk), *n.* تاریکی؛ لێڵی؛ نادیاری.

adj. [Archaic], تاریک؛ لێڵ؛ ناڕوون.

murky (mûr′ki), *adj.* (١) تاریک. (٢) لێڵ (ئاو، ئاسمان)؛ لیخن؛

(~ waters, air, etc.) تەم‌ومژاوی

(٣) لێڵ (مێشک)؛ شێواو؛ تێکچوو.

(٤) نادیار؛ لێڵ. تێگەیشتنی گرانە.

-murkily *(adv.)*; **murkiness** *(n.)*.

murmur (mûr′mēr), *n.* (١) خوڕە؛ خوڕەخوڕ؛ خوڕەی ئاو.

(٢) بۆڵە؛ بۆڵەبۆڵ لەژێر لێوەوە؛ خوتەوبۆڵە.

(٣) پرتەپرتی دڵ (پزیشکەوانی).

v.i. (١) خوڕەهاتن؛ خوڕەخوڕهاتن.

(٢) خوتەو بۆڵەهاتن؛ بۆڵەهاتن لەژێر لێوەوە

v.t. لەژێر لێوەوە وتن؛ بەبەر خۆوە ووتن.

murmurous (mûr′mēr-əs), *adj.* (١) خوڕەخورکەر

(٢) منجەمنجاوی؛ خوتەوبۆڵە لێوە هاتوو.

murphy (mûr′fi), *n.* [Slang]. = **potato**.

murrain (mûr′in), *n.* (١) دەردی ڕەشەوڵاخ.

(٢) [Archaic]، تاعوون

muscadine (mus′kə-din, mus′kə-dīn´), *n.* (١) جۆرە ترێیەکە.

(٢) [Obs.]. حۆرێکە لە شەراب.

muscat (mus′kət, mus′kat), *n.* (١) جۆرە ترێیەکی شەرابە

(٢) شەرابی ئەم ترێیە

muscatel (mus´kə-tel′), *n.* (١) جۆرە شەر بێکی شیرینە.

(٢) جۆرە ترێیەکی شیرینە ئەم شەرابەی لێ دروست دەکرێ.

muscle (mus′l), *n.* (١) ماسولکە؛ ماڵۆڵە؛ بازوو.

(٢) هێزی ماسولکە. (٣) هێز؛ زەبر؛ زەبروزەنگ.

(to put some ~ into law enforcement)

v.i. [Colloq.], (~ in), بەزۆر خۆ پیاکردن؛ بەزۆر ڕێی خۆ کردنەوە

muscle sugar, شەکری خاو؛ شەکری پاک نەکراوە

Muscovite (mus′kə-vīt´), *n.* دانیشتووی شاری مۆسکۆ؛ ڕووسی؛ هاونیشتمانیەکی ڕووسی

adj. ڕووسی؛ تایبەتی بە ڕووسیا.

muscovite (mus′kə-vīt´), *n.* کانزایەکی فافۆنی یا شووشەیی کارەبا نەگەیەنەرە

muscular (mus′kyoo-lēr), *adj.* (١) ماسولکەیی؛ بازۆیی.

(٢) ماسولکەدار؛ بازووبار؛ بەهێز؛ بازۆڵەدار.

muscular dystrophy, نێسکەنەرمە

muscularity (mus´kyoo-lar′ə-ti), *n.* ماسولکەداری بەهێزی؛ بازۆڵەداری

musculature (mus′kyoo-lə-chēr), *n.* باری ڕێکخراوی ماسولکە یا ئەندامێکی لەش

musculo- (mus′kyoo-lō, mus′kyoo-lə), *Also* **muscal-**, پێشگرێکە بەمانای ماسولکە؛ بازوو.

Muse (mūz), *n.* (١) بانوخوای وێژەو هۆنراوەو هونەرو زانیاری (ئەفسانەی یۆنانی) (٢) [m-]، پەری هۆنراوەو هۆنەر؛ پەری شیعر.

muse (mūz), *v.i.* (~ over; ~ on), بیرکردنەوە؛ داڵغەلێدان

v.t. (١) بیرلێکردنەوە. (٢) تێدا ڕامان؛ سەیرلێهاتن.

n. بیرکردنەوە

museful (mūz′fəl), *adj.* بیرکەرەوە. داڵغەلێدەر.

musette (mū-zet′), *n.* (١) جۆرێکە لە زورنا یا جووزەلە.

(٢) ئاواز. (٣) تووڕەکەی سەرشانی سەرباز.

museum (mū-zē′əm), *n.* مۆزەخانە؛ ئەنتیکەخانە.

mush (mush), *n.* (١) شۆربای گەنمەشامی.

(٢) شتێکی نەرم‌وشلی تەڕوبڕی خەست‌وخۆڵ.

(٣) [Colloq.]، سووزداری لە ڕادە بەدەر؛ هەست ناسکی (بەتایبەت دڵداری).

mush (mush), *v.i.* کاروانکردن بەناو بەفردا بە گالیسکە بەفرینەی سەگ.

n. کاروانێکی وەها.

interj. تێخوڕینی سەگی گالیسکەی بەفرین.

mushroom (mush′room, mush′room), *n.* قارچک.

adj. (١) قارچکی؛ بە قارچک کراو.

(٢) لە قارچک دەچێ (لە شێوە یا زوو پەرەسەندندا).

v.i. (١) زوو پەرەسەندن؛ زوو گەورەبوون؛

(The demonstration ~ed into a riot.; Their business ~ed in the first year.)

(٢) ئاوسان و سەر پان بوونەوە وەک قارچک؛ وەک قارچک لێهاتن.

mushy (mush′i), *adj.* (١) بڵ؛ نەرم و فشەڵ. *(~ rice)*.

(٢) [Colloq.]، لە ڕادە بەدەر بەسۆز؛ زۆر بەسۆزو هەست ناسک.

music (mū′zik), *n.* (١) ساز؛ مۆسیقا.

(٢) ئاوازێکی خۆش (وەک خوێندنی باڵندەو خوڕەخوڕی ئاو).

face the music, [Colloq.], ڕووبەڕووی ئەنجامی ناخۆشی کاری خۆ وەستان و قبوڵ کردنی.

set to music, ئاواز بۆ دانان؛ مۆسیقا بۆ دانان.

musical (mū′zi-k'l), *adj.* (١) سازی؛ مۆسیقایی.

(٢) خۆش ئاواز؛ دەنگخۆش.

(٣) مۆسیقازان؛ حەزکەر لە مۆسیقا؛ لێهاتووی مۆسیقا؛ *(a ~ person)*.

(٤) بە مۆسیقاوە؛ بە ئاوازەوە *(a ~ comedy)*.

n. (١) **musical comedy** . (٢) ئاهەنگ بە مۆسیقاوە.

musical comedy, شانۆنامەی مۆسیقایی؛ فیلمی مۆسیقایی؛ فیلمی بە گۆرانی و مۆسیقاوە.

musicale (mū´zi-kal′), *n.* [Fr.], ئاهەنگێک بە مۆسیقاوە.

music box, سندوقی مۆسیقا.

music hall, شانۆی مۆسیقاو شانۆگەری؛ هۆڵی مۆسیقاو شانۆگەری.

musician (mū-zish′ən), *n.* مۆسیقاژەن بە پیشە؛ ساز لێدەر.

musicologist (mū´zi-kol′ə-jist), *n.* مۆسیقاناس.

musicology (mū´zi-kol′ə-ji), *n.* زانستی مۆسیقا؛ مۆسیقاناسی.

musing (mūz′iŋ), *adj.* بیرکەرەوە.

n. بیرکردنەوە.

musk (musk), *n.* (١) مسک: ماددەیەکی بۆنداره لە تووڕەکەیەکی ژێر چەرمی سکی ئاسکی مسک دەردەهێنرێ. (٢) مسک: بۆنێکی خۆشە بۆ لەخۆدان. (٣) ئاسکی مسک.

musk deer, ئاسکی مسک.

musket (mus′kit), *n.* مەسکەت: جۆرە تفەنگێکی سەربازی پیادەی کۆنە.

musketeer (mus´kə-tēr′), *n.* سەربازی مەسکەت لەشان؛ مەسکەت لەشان.

musketry (mus′kit-ri), *n.* (١) هونەری تەقاندنی تفەنگی مەسکەت (٢) (أ) تفەنگی مەسکەت بە کۆمەڵ. (ب) مەسکەت لەشانان.

muskmelon (musk′mel´ən), *n.* (١) شەمامە؛ کاڵەکەزەردە.

(٢) ڕووەکی شەمامە

muskrat (musk′rat´), *n.* (١) مشکی ئاوی: گیاندارێکی کرۆژەندەی ئاوی کەوڵ ساف و بریقەدارە لە مشک دەچێ. (٢) کەوڵی ئەم گیاندارە.

musk rose, گوڵە مسک: گوڵێکی بۆنخۆشی سپی‌یە.

muslin (muz′lin), *n.* مۆزلین: قوماشێکی لۆکەی تەنکە

musquash (mus′kwäsh), *n.* = **muskrat**.

muss (mus), *n.* [Colloq. or Dial.], (١) پشێوی؛ ناڕاوە.

(٢) شەڕ؛ دەمەقاڵێ.

v.t. [Colloq. or Dial.], (~ up), تێکدان؛ شێواندن.

mussel (mus′l), *n.* جۆرێکە لە گوێچکەماسی

mussy (mus′i), *adj.* [Colloq.], ناڕێک‌وپێک؛ تێکەڵوپێکەڵو؛ بەسەرێکدا شێواو.

must (must), *v.aux.* (١) پێویستە؛ دەبێ؛ پێویست کردن:

(I ~ pay you.)

(٢) دەبێ؛ لەوە دەچێ: *(Then you ~ be her cousin.)*.

(It ~ have rained while we were in.) (٢) دەبێ: دەبێ وابووبێ.

n. شتێکی پێویست: شتێک کە پێویستە بکرێ یا بێ.

| This book (film, play) is a ~ . |

adj. پێویست: پێویستە.

must (must), *n.* (١) مەستو: بەدبیەتی نێرەفیلی بەئانۆش. ٢) نێرەفیلی بەئانۆش.

must (must), *n.* شەرابی تازە: خۆشاوی تازە.

must (must), *n.* بۆگەن: بۆگەن کردن.

mustache, moustache (məs-tash′, mus′tash), *n.* سمێل.

mustang (mus′taŋ), *n.* ئەسپەکسوی پۆژاوای ئەمەریکا.

mustard (mus′tērd), *n.* (١) خەرتەنە. (٢) تۆوی هەڕاوی خەرتەنە کە دەگیرێتەوەو وەک بەهاراتو دەرمان بەکاردێت. (٣) زەرد: ڕەنگی زەرد.

mustard gas, گازی خەرتەنە: گازێکی ژەهراوی کوشندەیە.

mustard oil, ڕۆنی خەرتەنە: سابوونی لێ دروست دەکرێ.

muster (mus′tēr), *v.t.* (١) کۆکردنەوە سەرباز: کۆمەڵ کردن.

(The man was ~ed for roll call.) بانگ کردن.

(٢) ~ up : گورج کردنەوە: کەوتنەخۆ: خستنەیەک (ئازایی، هێز): کۆکردنەوە.

(M~ up your courage.)

v.i. کۆبوونەوە سەرباز: ڕێزبوون.

n. (١) کۆبوونەوە سەرباز بۆ ئاو خواردنەوەو پشکنین. (٢) کۆمەڵ: کەسانی کۆبوونەوەیەک: کۆبوونەوە. (٣) لیستەی ناوی لقێکی سوپا یا هێزی دەریایی.

muster in, گیران بە سەربار.

muster out, لە سەربازی خستن یا ئازادکردن.

pass muster, باشە: پەسەندە: بەکاردەهێنرێ: پلەکەی پەسەندە.

mustiness (mus′ti-nis), *n.* بۆن کەپوو: بۆن دڕن.

musty (mus′ti), *adj.* (١) بۆن کەپووای: بۆن دڕناوی: بۆن کۆن. (٢) کۆن: باوەڕەهاو: سووار.

mutability (mū′tə-bil′ə-ti), *n.* بگۆڕی: هەمیشە گۆڕان: بێ باری.

mutable (mū′tə-b'l), *adj.* (١) بگۆڕ: دەگۆڕێ: دەتوانرێ بگۆڕێ. (٢) بێباک: حولحولۆ: هەمیشە گۆڕاو.

mutate (mū′tāt), *v.i. & v.t.* گۆڕان: گۆڕین: گۆڕان بنچینەیی و کوتوپڕ (زیندەوەرزانی).

mutation (mū-tā′shən), *n.* (١) گۆڕان: گۆڕین. (٢) گۆڕانی سیفە: سروشت: یا تایبەخۆیی. (٣) (١) گۆڕینێکی بنچینەیی کوتوپڕی گیاندارێک یا ڕووەکێک و بوون بەهۆی جیاوازیەکی زۆر لەچاو توخمو بنەچەکەیدا (ب) گیانلەبەر یا ڕووەکێک کە ئەم گۆڕینەی بەسەردا بێت.

mutatis mutandis (mū-tā′tis mū-tan′dis), [L.] دوای ئەوەی ئەو گۆڕینەی پێویست بوو بکرێ کرا.

mutative (mū′tə-tiv), *adj.* دەگۆڕێ: گۆڕان تێدایە: گۆڕانی تێکەوتووە.

mutchkin (much′kin), *n.* [Scot.], پێوانەیەکی شلەیە هەشت یەکی گالۆنێکە.

mute (mūt), *adj.* لاڵ: بێ دەنگ.

n. (١) لاڵ: کەرولاڵ: کەسێکی کەرولاڵ. (٢) تیپی بێ دەنگ (زمانەوانی). (٣) شتێکە بۆ کزکردنی دەنگی ئامێرێکی مۆسیقایی.

v.t. (١) دەنگ کزکردن: نزم کردنەوە: خەفەکردن: کپ کردن. (٢) لە تۆخی کەمکردنەوە: ڕەنگ: لە تووندوتیژی کەمکردنەوە (دەنگ).

mutilate (mū′t'l-āt′), *v.t.* (١) دەست و پەل بڕین: پەل بڕین.

(His body was ~d.) بەسەربەکدا شێواندن (لەش): کەلەلاکردن.

(٢) شێواندن: تێکدان.

(The censors ~d his speech.)

-mutilation *(n.)*; **mutilative** *(adj.)*; **mutilator** *(n.)*.

mutineer (mū′t'n-ēr′), *n.* کەسێکی یاخی: سەربازی یاخی: یاخی: سەرپێچ.

mutinous (mū′t'n-əs), *adj.* یاخیبوو: سەرپێچ.

mutiny (mū′t'n-i), *n.* یاخی بوون: سەرپێچی: یاخی بوونی سەرباز یا کەشتیەوان لە سەرۆکەکانیان.

v.i. یاخی بوون: سەرپێچی کردن.

mutt (mut), *n.* [Slang], (١) گێژوویژ: کەسێکی بێ مێشک. (٢) سەگی دووڕەگ.

mutter (mut′ēr), *v.i.* (١) منجەمنج کردن: لەژێر لێوەوە ووتن. (٢) بۆڵەبۆڵ کردن (بە دەنگی نزم): خوتەوبۆڵەهاتن: سکاڵاکردن. (٣) گرمەهاتن: گرمەگرم کردن.

v.t. بۆڵەبۆڵ کردن: سکاڵاکردن لەژێر لێوەوە: خوتەوبۆڵەهاتن.

n. (١) منجەمنج کردن: بۆڵەبۆڵ کردن. (٢) بۆڵەبۆڵ: ووڕتەوورت: منجەمنج: سکاڵا.

mutton (mut′'n), *n.* (١) گۆشتی مەڕ. (٢) [Rare] : مەڕ.

mutual (mū′chōō-əl), *adj.* (١) (ا) دوولایی: دووسەرە: دووسەری.

(~ friendship, hate, suspicion, etc.)

(ب) وەک یەک وان بۆ یەکتری: (~ enemies) .

(٢) ناوکزیی: هاو: (our ~ friend) .

(٣) تایبەت بە کۆمپانیایەکی بیمە کە ئەندامەکانی بەشداری سوودو زیانی دەبن.

mutualism (mū′chōō-əl-iz′m), *n.* هاوکاری: ئالوگۆرکردنی سوود: لەسەر یەکتری زیانی دوو گیاندار.

mutuality (mū′chōō-al′ə-ti), *n.* دوولایەنی: دووسەری.

mutualize (mū′chōō-əl-īz′), *v.t. & v.i.* (١) دوولایی کردن: کردن بە دووسەر: کردن بە هی هەردوولا. (٢) بەشداری کردنی کۆمپانیایەک: کردنی کۆمپانیایەک بە هی کرێکارەکانی.

mutually (mū′chōō-əl-i), *adv.* بۆ هەردوولا: دوولایەنە: دووسەری: (~ beneficial)

muzzle (muz′'l), *n.* (١) لمۆز: قەپۆز: دەموقەپۆز. (٢) دەمبەست: دەمبێن: لەواشە. (٣) سەر یا دەمی لوولەی چەکی ئاگرین.

v.t. (١) لەواشەکردن: دەمبێنەکردن: لمۆزکردن. (٢) دەم داخستن: قسە لێ قەدەغەکردن.

my (mī), *pron.* هی من: ~ م (سەرم، پێڵاوەکانم).

interj. پەحەا: پەکوو: بەهیبەها: هاوار بە مانم: (Oh, ~ !) .

my- (mī), **myo-**.

myalgia (mī-al′ji-ə), *n.* ئازاری ماسولکە.

myasthenia (mī′as-thē′ni-ə), *n.* بێ هێزی ماسولکە: لاوازی و سستی ماسولکە.

mycelium (mī-sē′li-əm), *n.* بەشی سەوزەواتی قارچک و توخمەکەی کە لە شێوەی تالە دەزووداں.

myco- (mī′kō, mī′kə), پێشگرێکە بەمانای: قارچک: کەپوو.

mycobacterium (mī′kō-bak-tēr′i-əm), *n.* بەکتریای کەپوو.

mycology (mī-kol′ə-ji), *n.* (١) قارچک زانی: کەپووزانی: زانستی قارچک و کەپوو. (٢) هەموو جۆرە قارچک و کەپوویەکی ناوچەیەک.

mycosis (mī-kō′sis), *n.* (١) پەیدابوونی کەپوو لە لەشدا: کەپووەهلێنانی لەش. (٢) نەخۆشی کەپوو.

mydriasis (mi-drī′ə-sis, mī-drī′ə-sis), *n.* فراوانبوونی بیلبیلەی چاو (بەهۆی نەخۆشی یا دەرمانەوە).

myelencephalon (mī′ə-len-sef′ə-lon′), *n.* بەشی دواوەی مێشک.

myelitis (mī′ə-lī′tis), *n.* هەوکردنی مۆخی بڕبڕە: نەخۆشی مۆخ.

myelo- (mī′ə-lō), پێشگرێکە بەمانای: مۆخی بڕبڕەی پشت.

myeloid (mī′ə-loid′), *adj.* (١) هی مۆخی بڕبڕە. (٢) تایبەتی بە مۆخ: لە مۆخ چوو یا وەرگیراو.

myna, mynah (mī′nə), *n.* باڵندەیەکی ئاسیایی: لاسایی مرۆڤ دەکاتەوە.

myo- (mī′ō, mī′ə), پێشگرێکە بەمانای: ماسولکە.
myocardiograph (mī′ō-kär′di-ə-graf′, mī′ō-kär′di-ə-gräf′), *n.* نامێرێ تۆمارکەری بزوانی ماسولکەی دڵ؛ وێنەگری بزوانی ماسولکەی دڵ.
myocarditis (mī′ō-kär-dī′tis), *n.* هەوکردنی ماسولکەی دڵ.
myocardium (mī′ō-kär′di-əm), *n.* ماسولکەی دڵ.
myogenetic (mī′ō-jə-net′ik), *adj.* لە ماسولکەوە پەیدابووە؛ لە ماسولکەوە هاتوو.
myograph (mī′ə-graf′, mī′ə-gräf′), *n.* نامێرێ تۆمارکردنی گرژی ماسولکە.
myology (mī-ol′ə-ji), *n.* ماسولکەناسی (تۆیکاری)
myoma (mī-ō′mə), *n.* تاوساوێیەکی لە تێشووی شانە پێکهاتوو؛ لووی شانەی ماسولکە.
myomatous (mī-om′ə-təs), *adj.* تایبەتی بە تاوساوی شانەی ماسولکە.
myopathy (mī-op′ə-thi), *n.* نەخۆشی ماسولکە.
myope (mī′ōp), *n.* نەخۆشی نزیک بین؛ نزیک بین.
myopia (mī-ō′pi-ə), *n.* نەخۆشی نزیک بینی؛ نزیک بینی.
myopic (mī-op′ik), *adj.* نزیک بین.
myopy (mī′ə-pi), *n.* = myopia.
myosis (mī-ō′sis), *n.* چوونەوەیەک یا کرژبوونی بیلبیلەی چاو (بەهۆی نەخۆشی یا بەکارهێنانی دەرمانەوە).
myosotis (mī′ə-sō′tis), *n.* پرووەکێکە گوڵی ڕەنگاوڕەنگ دەگرێ.
myotic (mī-ot′ik), *adj.* هی بیلبیلەی چاو هێنانەوەیەک‌و کرژکردن؛ بیلبیلەی چاو کرژبوو؛ دەبێتە هۆی چوونەوەیەکی بیلبیلەی چاو.
n. دەرمانی بیلبیلەی چاو کرژکردن یا هێنانەوەیەک.
myria- (mir′i-ə), پێشگرێکە بەمانای: (١) بێ شومار؛ زۆر؛ گەلێک. (٢) دە هەزار
myriad (mir′i-əd), *n.* (١) دە هەزار (٢) هەزاران؛ هەزارەها؛ ژمارەیەکی بێ شومار یا نێجگار زۆر.
adj. بێ شومار؛ هەزارەها؛ نێجگار زۆر
myriapod (mir′i-ə-pod′), *adj. & n.* هەزارپێ.
myriapodan (mir′i-ap′ə-dən), *adj. & n.* = myriapod.
myriapodous (mir′i-ap′ə-dəs), *adj.* = myriapod.
myrmeco- (mûr′mi-kō, mûr′mi-kə), پێشگرێکە بەمانای: مێروولە
myrmecology (mûr′mi-kol′ə-ji), *n.* زانستی مێروولە
myrmecophagous (mûr′mi-kof′ə-gəs), *adj.* مێروولەخۆر
myrrh (mûr), *n.* (١) جەوی دار "مۆر" (٢) داری "مۆر" دارێکی بۆنخۆشە جەوێیەک دەردەدات بۆنی خۆشی لێ دروست دەکرێ.
myrtaceous (mûr-tā′shəs), *adj.* مۆردی؛ هی درەختی مۆرد‌و یوکالیپتۆس
myrtle (mûr′t'l), *n.* مۆرد.
myself (mī-self′, mə-self′), *pron.* (١) خۆم *(I went ~.; I hurt ~.)* (٢) دڵخۆش چاکی خۆم؛ دڵخۆش باشیم: *(I am not ~ when I rage like that.)*
mystagogue (mis′tə-gôg′, mis′tə-gog′), *n.* لێکدەرەوەی شتی ئایینی لێڵ‌و نهێنی؛ ماموستای شتی نهێنی‌و نەزانراوی ئایینی.
-mystagogy *(n.).*
mysterious (mis-tēr′i-əs), *adj.* نادیار؛ لێڵ؛ شاراوە
mystery (mis′tēr-i, mis′tri), *n.* (١) شتی نەزانراو یا دەرنەکەوتوو؛ نهێنی *(the ~ of life)* (٢) (ا) پووداوێکی شاراوە (بەتایبەتی پیاوکوشتن) (ب) چیرۆکی پووداوێکی شاراوەی وەها. (٣) لێڵی؛ نهێنی؛ شاراوەیی: *(An air of ~ surrounds this affair.)* (٤) (*pl.*)، نەریت‌و بیروڕای ئایینی. (٥) کۆمەڵی ئایینی نهێنی کۆن. (٦) **a mystery play** (ا) ئوپێڕێی بەکۆمەڵی کڵێسەی کاسۆلیکی. (ب) پووداوی ژیاننامەی عیسا‌و مەریەم.
mystery, پیشە.
mystery play, شانۆنامەی پووداوێکی ئینجیل بەتایبەتی هی ژیاننامەی عیسا.
mystic (mis′tik), *adj.* (١) تایبەتی بە نەریت‌و بیروڕای ئایینی نهێنی. (٢) نهێنی؛ شاراوە؛ نادیار: *(~ powers)*. (٣) هی سۆفی یا سۆفێتی.
n. سۆفی.
mystical (mis′ti-k'l), *adj.* (١) نیشانەیی؛ گرنگ لەڕووی ئایینیەوە. (٢) هی سۆفی یا سۆفێتی. (٣) [Rare]، شاراوە؛ لێڵ؛ نهێنی؛ نادیار
mysticism (mis′tə-siz′m), *n.* (١) سۆفێتی. (٢) بیروڕای شاراوە یا نادیار؛ بیرکردنەوە لە شتی نادیار.
mystify (mis′tə-fī′), *v.t.* (١) سەرسام کردن؛ سەرسوڕماندن. (٢) شاردنەوە بۆ تێنەگەیشتنی؛ وەهالێکردن کە سەیر بێتە بەرچاوو تێنەگەیشتنی گران بێت.
-mystification *(n.).*
mystique (mis-tēk′), *n.* هەستی سەرسامی‌و شکۆ پێدان‌و دڵفڕاندن کە شتێک، کەسێک، یا پیشەیەک دروستی دەکات لەلای هەندێ کەس *(the ~ of Eastern music, art, progress, revolution, the acting profession, etc.)*
myth (mith), *n.* (١) ئەفسانە. (٢) سەرجەمی ئەفسانەکان. (٣) چیرۆکی ئەفسانەیی؛ چیرۆکی درۆ. (٤) کەسێک یا شتێکی ئەفسانەیی.
mythic (mith′ik), *adj.* = mythical.
mythical (mith′i-k'l), *adj.* (١) ئەفسانەیی: *(a ~ creature)*. (٢) درۆ؛ هەڵبەستراو؛ ڕێکخراو.
mythicize (mith′i-sīz′), *v.t.* کردن بە ئەفسانە؛ بە ئەفسانە دانان؛ وەک ئەفسانە لێکردن.
mytho- (mith′ō, mith′ə), پێشگرێکە بەمانای: ئەفسانە.
mythological (mith′ə-loj′i-k'l), *adj.* ئەفسانەیی.
mythologist (mi-thol′ə-jist), *n.* ئەفسانەزان؛ قوتابی ئەفسانە.
mythologize (mi-thol′ə-jīz′), *v.i.* ئەفسانە لێکدانەوە؛ دەربارەی ئەفسانە نووسین.
v.t. = mysticize.
mythology (mi-thol′ə-ji), *n.* (١) ئەفسانەزانی؛ زانستی ئەفسانە. (٢) کۆبێبی ئەفسانە؛ پەرتووکێک دەربارەی ئەفسانە. (٣) ئەفسانە؛ سەرجەمی ئەفسانەی چەرخێک یا نەتەوەیەک.
mythomania (mith′ə-mā′ni-ə), *n.* زۆر حەز لە درۆکردن؛ حەز لە شت گەورەکردن.
mythopoeic, mythopeic (mith′ə-pē′ik), *adj.* ئەفسانە دروستکەر؛ حەزکەر لە ئەفسانە دروستکردن.
mythos (mī′thəs), *n.* (١) = myth (ب) = mythology. (٢) نەریت‌و خوورەوشتی نەتەوەیەک وەک لە هونەری ئەو نەتەوەیەدا دەردەکەوێ. (٣) مرۆڤ پەرستی.
myxedema, myxoedema (mik′si-dē′mə), *n.* جۆرە نەخۆشیەیەکە لە ئەنجامی باش کارنەکردنی لووی "سایرۆد" هوە تووش دەبێ‌و نیشانەکانی ورشکبوونەوەی پێست‌و سستی لەش‌و مێشکە
myxo- (mik′sō, mik′sə), پێشگرێکە بەمانای: چڵم؛ ماددەی لینج.
myxoid (mik′soid′), *adj.* چڵمین؛ لینج.

myxoma (mik′sō-mə), *n.* لووی بێ زیانی چڵمێن.

myxomycete (mik´sō-mī-sēt′), *n.* کەڤووی چڵمێن یا لیێنج.

N n

N, n (en), *n.* (١) تیپی چواردەهەمی ئەلفوبێی ئینگلیزیيە. (٢) دەنگی نهم تیپیە: " ئین " . (٣) قاڵبی نهم تیپە. (٤) نیشانەی پلەی چواردەهەم؛ پلەی چواردەهەم.

adj. ١) تایبەتی بهم تیپە. (٢) چواردەهەم؛ پلەی چواردەهەم.

N (en), *n.* (١) شتێکە لە شێوەی تیپی " N " دا. (٢) ژمارە (٩٠)ی ڕۆمانی.

nab (nab), *v.t.* [Colloq.], ١) بر پێداکردن؛ هەڵپروسکان؛ ڕفاندن. (٢) گرتن (تاوانکار).

nabob (nā′bob), *n.* ١) فەرمانڕەوای خۆیی ناوچەیەکی ئیمپراتۆرییەتی مەغۆل لە هیندستان؛ فەرمانڕەوای ناوچەیی هیندی. (٢) دەوڵەمەندێکی دەوڵەمەند لە هیندستاندا. (٣) کەسێکی زۆر دەوڵەمەند.

nacelle (nə-sel′), *n.* حاملەی فڕۆکەوان. مەکینە، یا بار لە هەندێ فڕۆکەدا

nacre (nā′kĕr), *n.* = mother-of-pearl.

nacreous (nā′kri-əs), *adj.* ١) هاوشێوەیەکی وەک مرواری (قاقەلەی گیانداری ناوی). (٢) بریقەدار.

nadir (nā′dĕr, nā′dêr), *n.* ١) نزمترین خاڵی جیهان (نەستێرەناسی). (٢) نزمترین پلە؛ نزمترین شوێن؛ بنی بن؛ پەستترین کات.

(the ~ of human misery)

nag (nag), *v.t.* سەرکونکردن (بە ڕەخنەو برتەوبۆڵە)؛ سەر خستنەسەر؛ هەمیشە بۆڵەبۆڵ کردن بەسەردا و ڕەخنەلێگرتن.

v.i. هەمیشە بۆڵەبۆڵ کردن و ڕەخنەگرتن.

n. ١) سەرکونکردن؛ هەمیشە بۆڵەبۆڵ کردن و ڕەخنەگرتن. ٢) [Colloq.]. سەرکونکەر (بەتایبەتی نافرەت و بەتایبەتیش بۆ منداڵێکی هەمیشە بۆڵەبۆڵکەرو سکاڵاکەر (نافرەت).

nag (nag), *n.* ١) ئەسپی سواری بچووک؛ ئەسپ. ٢) ئەسپی پیری لەکارکەوتوو؛ ئەسپی بن فەر.

nagger (nag′ĕr), *n.* کەسێکی سەرکونکەر (بەتایبەتی نافرەت)؛ کەسێکی هەمیشە بۆڵەبۆڵکەرو ڕەخنەگر.

naiad (nā′ad, nī′ad), *n.* ١) حۆری ئاو؛ کچێکی ئەفسانەییيە گوایە لە کانی و ڕوبارەدا دەژی و دەبێتە هۆی هەڵقوڵانیان و ووشک نەکردنیان. ٢) ئاوڕۆشنکەرەوە. (٣) نافرەتی مەلەوان.

naif (nä-ēf′), *adj.* = naive.

nail (nāl), *n.* ١) نینۆک (ب) چنگ؛ چرنووک. (٢) بزمار. ٣) پێوانەیەکی کۆنی کوتاڵە بریتیيە لە دوو گرێو چواریەکی گرێیەک. ٤) [Slang]، جگەرە.

v.t. ١) بزمارلێدان؛ بە بزمار قایم کردن. ٢) بەستنەوە (مەجان)؛ مسۆگەرکردن؛ دڵنیابوون لە دەستکەوتنی شتێک *(He ~ ed the bargain, contract, etc.)* ٣) چاو تێ بڕین؛ چاو لێ نەترووکاندن: *(eyes ~ ed to the stage)* ٤) [Colloq.]، گرتن؛ بەرەوبڕی دانەوەو گرتن: *(to ~ a criminal)* ٥) [Colloq.]، هەڵمانین (درۆ)؛ خستنەڕوو؛ گرتن: *(to ~ a lie)* ٦) پێکان و خستنەخوارەوە: *(to ~ a bird in flight)*

fight tooth and nail, بەوپەڕی تواناوە شەڕکردن یا هەوڵدان.

hit the nail on the head, پێکان؛ باش بۆ چوون؛ باش ووتن یا کردن.

nail (a person) down (to a promise), بەستنەوەی کەسێک بە بەڵێنەکەیەوەو واز لێ نەهێنانی هەتا بەڵێنەکەی جێبەجێ دەکات.

nail up, ١) بە بزمار داکوتان یا هەڵواسین. ٢) داخستن بە بزمار (دەرگا، پەنجەرە)؛ بە بزمار قایم کردن: *(to nail up a window)*

on the nail, ١) یەکسەر؛ دەمودەست؛ بەبێ دواکەوتن. ٢) لە کات یا شوێنی خۆیدا.

nail clipper, نبنۆککەر؛ مەکینەی نینۆک کردن.

nail file, بڕبەندی نینۆک.

naive, naïve (nä-ēv′), *adj.* ساویلکە؛ خۆش باوەڕ؛ نەزان؛ دل ساف. -naively *(adv.)*; naiveness *(n.)*.

naiveté, naïvete (nä-ēv′tā′, nä-ēv′tā), *n.* ١) ساویلکەیی؛ خۆش باوەڕی؛ نەزانی؛ دل سافی (٢) تێبینی یا کردارێکی ساویلکانە؛ گوفتار یا کاری دل سافانە.

naivety (nä-ev′ti), *n.* = naiveté.

naked (nā′kid), *adj.* ١) ڕووت؛ ڕووتوقووت. *(a ~ body)* ٢) هەژار؛ بێ دەرامەت؛ فەقیر. (٣) بەرهەڵ؛ نەپارێزراو. ٤) (أ) ڕووت؛ لەناو کێلانەکەیدا ئەیە: *(a ~ sword)* (ب) ڕووت (دڕەخت) (ج) ڕووت (دیوار)؛ نەڕازاوە؛ هیچی پێوە نەیە: *(a ~ wall)* ٥) ناشکرا؛ ڕووت؛ هەڵماڵراو: *(the ~ truth; ~ aggression)* ٦) بەتاڵ. *(a ~ contract)* ٧) بێ تووک؛ بێ پەڕ؛ بێ قاووغ؛ بێ پووڵەکە؛ ڕووت.

naked eye, چاوی ڕووت؛ چاوی بێ چاوێلکە یا دووربین.

nakedness (nā′kid-nis), *n.* ڕووتی؛ ڕووتوقووتی؛ هەڵماڵراوی؛ ناشکرایی.

nameable (nām′ə-b'l), *adj.* ١) ناو دەهێنرێ؛ دەتوانرێ ناوی بهێنرێ. (٢) شایانی ناوبردنە؛ بەناو؛ دیار

namby-pamby (nam′bi-pam′bi), *adj.* ١) ناسکۆڵە؛ ژنانە؛ هەست ناسک. (٢) بوودەڵە؛ بێ غیرەت؛ بێ دەسەڵات؛ چرووک؛ لاواز؛ ڕاڕا.

n. ١) قسەو نووسراوی ژنانەو چرووکانە؛ نووسراوی بەسۆز (٢) کەسێکی بێ غیرەتو بێ دەسەڵات؛ کەسێکی بوودەڵە (لەڕووی سووکی).

name (nām), *n.* ١) ناو. (٢) قسەی خراپ؛ ناوونانۆزە. *(They called him ~s.)* (٣) (أ) ناو؛ ناوبانگ؛ ناوداری: *(a good ~)* (ب) ناوبانگی باش؛ ناوی باش. (٤) خێڵ: *(the last of my ~)* (٥) بەناو؛ هەر بەناو: *(He is chief in ~ only.)* ٦) کەسێکی ناودار؛ کەسێکی زۆر بەناوبانگ: *(the greatest ~ in science)* (٧) ناو (ژیربێژی).

adj. ناسراو؛ ناودار؛ بەناوبانگ.

v.t. ١) ناولێنان؛ ناونان (٢) ناوهێنان؛ ناوبردن؛ ناونووس کردن: *(He was ~ed in the report.)* (٣) بە پاستی ناو ووتن: *(He ~ed the States of the Union.)* (٤) داننان لەسەر کارێکەدەستێیەکی گرنگ؛ دامەزراندن.

(٥) دیاری کردن (نرخ، کات)؛ داناین. ***(to ~ a price, date, day, etc.)*** .

call a person names, جوین پیدان؛ جنیو پیدان؛ ناوی سووك پی ووتن.

in the name of, (١) بەناوی. ***(in the name of the law)*** . (٢) بەپێی دەسەلاتی؛ بەناوی.

know only by name, تەنها ناو زانین و هیچی تر؛ نەناسین.

to one's name, هەبوون؛ خاوەنی بوون.

(He only has ten dollars to his name.)

nameable (nām′ə-b'l), *adj.* – namable.

name-dropper (nām′drop′ĕr), *n.* کەسێکە کە زۆر زوو ناوی کەسانی بەناوبانگ دەهێنێ لەبەرچاوی خەڵك کە گوایە دەیان ناسێ بۆ خۆفشکردنەوە و خۆهەڵکێشان.

nameless (nām′lis), *adj.* (١) بێ ناو؛ ناو نەزانراو. ***(~ stars)*** . (٢) کەس نەزان؛ نەناسراو. (٣) ناوی ناهێنرێ؛ ناتوانرێ باسی بکرێ. ***(~ dread)*** . (٤) شاراوە؛ لێڵ؛ نادیار. (٥) شایانی ناوبردن نەبێە؛ نەوەندە خراپە ناتوانرێ ناوی بڕێ. ***(~ voices)*** .

namely (nām′li), *adv.* واتە

namesake (nām′sāk´), *n.* هاوناو؛ کەسێکە کە بە ناوی کەسێکی ترەوە ناوی نراوە

nanny (nan′i), *n.* [British]. لەلەی منداڵ؛ دایەن.

nanny goat, [Colloq.], بزن

nap (nap), *v.i.* سەرخەوشکاندن؛ قنگەخەوکردن؛ کەوێشکەخەوکردن.

n. سەرخەو؛ کەوێشکەخەو؛ قنگەخەو؛

(to take a ~ ; I take a ~ every afternoon.)

nap (nap), *n.* (١) تیسك قوماش و تەنراوی تازە (٢) نەو تیسکەی لە تەنراوی تازە دەبێتەوە بە یەکەم فڵچە لێدان. (٣) گەندەمۆو (ڕووەکناسی).

v.t. (١) تیسك بژکردنەوە بە فڵچە (٢) تیسکی درێژتر زیادە بڕین؛ ساف کردن؛ سفت کردن.

napalm (nā′päm), *n.* ناپالم؛ بۆمبای ناپالم.

nape (nāp, nap), *n.* بۆقەنەی مل؛ پشت مل؛ نەستۆ

napery (nā′pĕr-i), *n.* سەرمێزو دەستەسڕو شتی تری وەهای ناومال.

naphthalene (naf′thə-lēn´, nap′thə-lēn´), *n.* نەفتالین

napkin (nap′kin), *n.* (١) دەستەسڕی کاغەز؛ دەستەسڕی سەر مێزی نانخواردن (٢) [Chiefly British]، دەپێچی منداڵ.

napoleon (nə-pō′li-ən, nə-pōl′yən), *n.* (١) پارەیەکی زێڕی فەرەنسایی کۆنە (٢) جۆرە یاریەکی کاغەزە (٣) جۆرە شیرینیەکی فەرەنسیە.

Napoleonic (nə-pō′li-on′ik), *adj.* ناپلیۆنی؛ تایبەتی بە ناپلیۆنی یەکەم و هێرشە جەنگیەکانی و چەرخەکەی.

nappy (nap′i), *adj.* تووکاوی؛ گەندەمواوی

nappy (nap′i), *adj.* (١) بەتین (بیرە). (٢) نەختێ سەرخۆش.

n. [Scot.], بیرە؛ خواردنەوەیەکە لە بیرە دەکات.

narcism (när′siz'm), *n.* – narcissism.

narcissism (när-sis′iz'm), *n.* (١) خۆپەرستی؛ من منۆکی. (٢) دڵ چوونە خۆ؛ حەز لە خۆ کردن؛ خۆ خۆشویستن.

narcissist (när-sis′ist), *n.* (١) خۆپەرست (٢) حەز لە خۆ کەر؛ دڵ بە خۆوە بوو.

-narcissistic *(adj.)*.

narcissus (när-sis′əs), *n.* (١) [N-] لاوێکی جوان بوو نەوەندە حەزی لە وێنەی خۆی دەکرد لە ناودا هەتا پووکایەوە و بوو بە نێرگز (٢) نێرگز

narco- (när′kə, när-kō′), پێشگرێنکە بەمانای: (١) سڕی؛ سستی؛ خاوی. (٢) دەرمانی سڕکەر.

narcolepsy (när′kə-lep´si), *n.* نەخۆشی زۆر نوستن.

narcosis (när-kō′sis), *n.* سڕبوون یا گێژبوون بە تلیاك کێشان و شتی تری وەها.

narcotic (när-kot′ik), *adj.* (١) سڕکەر؛ گێژکەر. (٢) تایبەتی بە شتی گێژکەر یا سڕکەر وەك بەنگ و تلیاك و... هتد. (٣) تایبەتی بە تلیاك؛ تایبەتی بەو کەسانەی خوویان بە تلیاك کێشان و شتی تری وەهاوە گرتووە

n. (١) دەرمانی گێژکەر (وەك تلیاك و بەنگ و... هتد)؛ شتی سڕکەر. (٢) تلیاك. (٣) شتی خەولێخەر یا شتی سستکەر.

narcotism (när′kə-tiz'm), *n.* (١) گێژبوون یا سڕبوون بە تلیاك کێشان و شتی تری وەها (٢) خووگرتن بە تلیاك کێشان و شتی تری گێژکەر یا سڕکەرەوە.

nares (nâr′ēz), *n.pl.* کونە لووتەکان؛ کونە لووت.

narghile (när′gə-li, när′gə-lā´), *n.* ***Also*** **nargile, nargileh** نێرگەلە.

narial (nâr′i-əl), *adj.* ***Also*** **naric, narine,** هی کونە لووتەکان؛ کونە لووتی.

nark (närk), *n.* [British Slang], سووسە؛ سیخوڕ؛ جاسووس.

v.i. سیخوڕی کردن؛ سووسەکردن.

narrate (na-rāt′, nar′āt), *v.t.* & *v.i.* گێڕانەوە (چیرۆك)؛ هۆنینەوە.

narration (na-rā′shən), *n.* (١) گێڕانەوە (چیرۆك)؛ هۆنینەوە؛ دووان. (٢) چیرۆك. (٣) چیرۆکی نووسراو؛ نووسراوی گێڕاوە (وەك مێژوو، ژیاننامەو... هتد).

narrative (nar′ə-tiv), *adj.* (١) چیرۆکی؛ لەشێوەی چیرۆکدایە؛ هۆنراوەیی. (٢) لەشێوەی چیرۆکدا دەنووسێت.

n. (١) چیرۆك. (٢) چیرۆك گێڕانەوە؛ هونەری چیرۆك گێڕانەوە.

narrator, narrater (na-rā′tĕr), *n.* چیرۆکبێژ؛ چیرۆك گێڕەرەوە؛ گێڕەرەوە.

narrow (nar′ō), *adj.* (١) تەسك؛ تەنگ؛ تەنگەبەر؛ باریك. (٢) کەم: ***(a ~ majority)*** . (٣) تەسك (مێشك): ***(a ~ mind, outlook)*** . (٤) وورد: ***(a ~ inspection)*** . (٥) بە ناستەم؛ بە حال: ***(a ~ escape)*** . (٦) بێ دەرامەت؛ کەم دەرامەت؛ دەستکورت: ***(~ circumstances)*** .

v.i. تەسکبوونەوە: ***(The river ~s.)*** .

v.t. تەسك کردنەوە؛ سنوور بۆ دانان؛ کەمکردنەوە (مەودا):

(He ~ed the argument.)

n. (١) ڕێگەی تەسك؛ ڕێڕەوی تەسك. (٢) گەروو (ئاوەڕێ)؛ تەنگاو.

-narrowness *(n.)*.

narrowly (nar′ō-li), *adv.* (١) بە ناستەم؛ بە حال: ***(He ~ escaped drowning, getting caught, etc.)*** (٢) بە وردی.

narrow-minded (nar′ō-mīn´did), *adj.* مێشك تەسك؛ بیر تەسك.

-narrow-mindedly *(adv.)*; **narrow-mindedness** *(n.)*.

narthex (när′theks), *n.* (١) هەیوانی قەراغ کڵێسە (لە کۆندا نافرەت و خەڵکی تاوانکاری پەشیمان بووەوە بەکاریان دەهێنا). (٢) پارەوەی کڵێسە.

narwhal (när′wəl, när′hwəl), *n.* ***Also*** **narwhale,** کەرکەدەنی دەریا: جۆرە نەهەنگێکی تەوەری باکووڕە کەڵەیەکی درێژی هەیە لە شاخ دەچێت.

nasal (nā′z'l), *adj.* (١) لووت؛ تایبەتی بە لووت. (٢) بە لووت بژراو (وەك تیپی: م، ن، نگ). (٣) منگن؛ تایبەتی بە دەنگی لووتی: ***(a ~ voice)*** .

n. (١) دەنگی منگن؛ تیپی منگن یا بە لووت ووتراو. (٢) نێسقانی لووت

(۳) لووت پۆش (کلاوزی).

nasalize (nā′z'l-īz´), *v.t. & v.t.* به لووت قسه‌کردن؛ به لووت ووتن؛ منگنی کردن.

-nasalization *(n.).*

nascency (nas′'n-si, nā′s'n-si), *n.* له‌دایکبوون؛ پەیدابوون؛ هاتنه جیهه‌نەوه.

nascent (nas′'nt, nā′s'nt), *adj.* ساوا (کلتور، بیروڕا)؛ تازه؛ تازه پەیدابوو؛ تازه له‌دایکبوو.

nastiness (nas′ti-nis), *n.* (۱) بەدی؛ ناپەسەندی؛ پیسی؛ بەدخوایی؛ بەدسروشتی (۲) کارێک یا گوفتارێکی ناپەسەندو پیس.

nasturtium (nə-stūr′shəm), *n.* (۱) پووەکێکە گەڵای قەڵغانی و گوڵی ڕەنگاوڕەنگی وەک ڕەحەتی دەگرێت. (۲) گوڵی ئەم پووەکە.

nasty (nas′ti), *adj.* (۱) پیس؛ چەپەڵ؛ پیس‌وپۆخڵ.

(۲) ناخۆش (چێژ)؛ پیس: *(a ~ taste)* .

(۳) ناشرین (کردار، ڕەوشت)؛ بۆگەن؛ پیس؛ نزم.

(٤) ناخۆش (ناوهەوا)؛ پیس؛ خراپ: *(~ weather)* .

(٥) تووڕەوترۆ؛ بەدخواز؛ ناپەسەند؛ کینەدار؛ بەدسروشت؛ خراپ: *(a ~ temper, person, remark, etc.)*

(٦) زیانبەخش؛ خراپ؛ ترسناک: *(a ~ bruise, wound, etc.)* .

-nastily *(adv.).*

natal (nā′t'l), *adj.* (۱) هی له‌دایکبوون: *(~ injuries)* .

(۲) هی کات یا شوێنی له‌دایکبوون

natality (nā-tal′ə-ti), *n.* (۱) له‌دایکبوون ، [Rare] birth rate (۲)

natant (nā′t'nt), *adj.* سەرئاوکەوتوو؛ سەرئاو: *(the ~ leaves of water lilies)*

natation (nā-tā′shən), *n.* مەلەکردن؛ مەلە؛ هونەری مەلەکردن

natatorial (nā´tə-tôr′i-əl, nā´tə-tō′ri-əl), *adj.* = **natatory.**

natatorium (nā´tə-tôr′i-əm, nā´ə-tō′ri-əm), *n.* گۆمی مەلە (بەتایبەتی هی ژوورەوە یا ناو خانوو).

natatory (nā′tə-tôr´i, nā′tə-tō´ri), *adj.* هی مەلە؛ سەرئاوکەوتوو؛ مەلەکەری (بالندە)

nates (nā′tēz), *n.pl.* گووپی سمت؛ گووپی قنگ؛ کەفەل.

natheless (nāth′lis, nath′lis), *adv. Also* nathless, [Arch.], = **nevertheless.**

nation (nā′shən), *n.* (۱) نەتەوە؛ گەل؛ میللەت. (۲) وڵات.

(۳) (ا) خێل. (ب) خێڵێکی هیندی ئەمەریکی.

(ج) خاکی خێڵێکی وەها.

national (nash′ən-'l), *adj.* (۱) نەتەوەیی؛ نیشتمانی؛ میللی؛ نەتەوایەتی. (۲) نیشتمانپەروەر؛ وڵات پەروەر.

n. (۱) هاووڵاتی؛ هاونیشتمانی: *(a U.S. ~)* .

(۲) هاووڵات؛ هاونیشتمان.

national anthem, سروودی نیشتمانی؛ سروودی میللی.

national bank, بانقی میللی

national Guard, پاسەوانی نیشتمانی؛ پاسەوانی میللی.

national income, داهاتی ساڵێکی وڵات؛ دەسکەوتی میللی.

nationalism (nash′ən-'l-iz'm), *n.* (۱) نەتەوەپەرستی؛ نەتەوەگەریێتی؛ نەتەوەچێتی؛ ڕەگەزپەرستی.

(۲) نیشتمانپەروەری؛ نیشتمانپەروەریتی.

(۳) سەربەخۆیی خواز.

nationalist (nash′ən-'l-ist), *n.* (۱) نەتەوەپەرست؛ نەتەوەچی؛ ڕەگەزپەرست؛ نەتەوەپەروەر. (۲) نیشتمانپەروەر.

adj. هی نەتەوەپەرستی؛ هی نیشتمانپەروەری.

nationalistic (nash´ən-'l-is′tik), *adj.* نەتەوەپەرست؛ هی نەتەوەپەرستی؛ هی نیشتمانپەروەری.

nationality (nash´ə-nal′ə-ti), *n.* (۱) زێدنامە؛ زێنامە؛ ڕەگەزنامە. (۲) نەتەوە؛ گەل؛ ڕەگەز: *(There are many ~ies in America.)*

(۳) سەربەخۆیی نیشتمانی؛ سەربەخۆیی نەتەوەیی.

(٤) تایبەخۆز پووخسارو ڕەوشتی نەتەوەیەک.

nationalization (nash´ən-'l-ī-zā′shən), *n.* خۆمالی کردن؛ کردن به مالی میللەت.

nationalize (nash′ən-'l-īz´), *v.t.* (۱) هەموو وڵات پێ گرتنەوە؛ گشتی کردن؛ بلاوکردنەوە بە هەموو وڵاتدا. (۲) کردن بە مالی میللەت؛ خۆمالی کردن؛ خۆمالی کردنی هۆی بەرهەم هێنان وەک: کارگەو کۆمپانیا و پیشەسازی ... هتد: *(to ~ the oil companies)* .

(۳) کردن بە وڵاتێکی سەربەخۆ؛ سەربەخۆیی پێدان.

nationally (nash′ən-'l-i), *adv.* (۱) لە هەموو وڵاتەکەدا؛ لەمسەری وڵاتەوە بۆ ئەوسەری. (۲) وەک نەتەوەیەک؛ وەک گەلێک

national park, باخی گەل؛ باخی میللی: سەیرانگایەکی جوانو دڵگیرە میری سەرپەرشتی دەکات بۆ ڕابواردن و بەکارهێنانی گەل.

nationhood (nā′shən-hood´), *n.* سەربەخۆیی نەتەوەیی؛ بوون بە نەتەوە یا وڵاتێکی سەربەخۆ.

nationwide (nā′shən-wīd´), *adj.* سەرانسەری وڵات؛ گشتی؛ هی هەموو وڵات: *(a ~ strike)* .

native (nā′tiv), *adj.* (۱) زگماکی: *(a ~ ability)* .

(۲) خۆمالی؛ خۆیی؛ خۆڵاتی؛ ناوخۆیی؛ بنەچەیی؛ خۆکەری: *(~ industry; ~ plants; a ~ New Yorker).*

(۳) (ا) هی خۆ؛ خۆیی: *(one's ~ land)* .

(ب) دایکی؛ زگماکی: *(one's ~ language)* .

(٤) سروشتی؛ خواکرد؛ دەست تێوە نەدراو.

(٥) تایبەتی بە دانیشتوانی ناوچەیەک (بەتایبەتی گەلی سەرەتایی)؛ خۆیی: *(~ customs)*

n. (۱) خۆمالی؛ شتێکی خۆمالی؛ شتێکی خۆیی.

(۲) (ا) خەڵکی شوێنێک بە بنەچە؛ کەسێکی خۆڵاتی: *(a ~ of Sulaimani)*

(ب) گیاندار یا پووەکی خۆمالی؛ گیاندار یا پووەکی خۆڵاتی یا هی ناوچەکە خۆی. (۳) کەسێکی نیشتەنی؛ نیشتەجێ.

native-born (nā′tiv-bôrn´), *adj.* خەڵکی فلان شوێنە؛ لە فلان شار یا وڵات لەدایکبووە

nativism (nā′tiv-iz'm), *n.* (۱) پێشخستنی سوودی خەڵکی وڵاتەکە خۆی بەسەر هی کۆچکەراندا. (۲) فەلسەفەی بیری خۆیی: دەڵێت کە گوایە مێشک خۆی لە خۆیدا بیروڕای لێوە پەیدادەبێت بەبێ ئەوەی لە دەرەوەی خۆی وەری بگرێ. (۳) بووژاندنەوەی نەریت و خوری خۆڵاتی.

nativity (nə-tiv′ə-ti, nā-tiv′ə-ti), *n.* (۱) لەدایکبوون.

(۲) بارودۆخی لەدایکبوون. (۳) چارەنووس دۆزینەوە بەگوێرەی کەلوەکان

the Nativity, (۱) لەدایکبوونی عیسا. (۲) نووانەی ئەم لەدایکبوونە.

(۳) پۆژی کریسمەس.

natural (nach′ĕr-əl), *adj.* (۱) سروشتی؛ بەگوێرەی سروشت.

(۲) سروشتکرد؛ خواکرد؛ خواکردە.

(۳) تایبەتی بە سروشت؛ سروشتی: *(a ~ science)* .

(٤) (ا) خاو؛ نەپاڵێوراو (ب) نەژان؛ کێوی؛ کاڵوکرچ؛ تێنەگەیشتوو.

(٥) هی جیهانی سروشتی نەک گیانی.

(٦) زگماکی؛ لەخۆوە: *(~ abilities)* .

(۷) سروشتی؛ بە زگماکی: *(~ rights)* .

(۸) ڕاستەقینە؛ سروشتی.

(۹) ناسایی؛ سروشتی؛ سەیر نەبێ؛ جێی سەرسوڕمان نەبێ: *(a ~ outcome)*

(۱۰) ناسایی؛ لە جێی خۆیایەتی: *(a ~ courtesy)* .

(۱۱) خاکی؛ سادە؛ بەبێ کەشوفش.

(۱۲) رۆن *(a ~ child)* .

n. (۱) کەسێکی بێ منێشک؛ کەر؛ کەودەن.
(۲) [Colloq.] کەسێکی کارامەو لێهاتوو بە زگماکی
(۳) [Colloq.] شتێکە بۆی هەیە کە زۆر سەرکەرتوو بێت.

natural gas, گازی سروشتی

natural history, (۱) مێژووی سروشتی (گیانەوەرناسی، ڕووەکناسی، کانزاناسی، زەمینناسی). (۲) لێکۆڵینەوەی گیاندارو ڕووەک بەشێوەیەکی نازانیاریبانە.

naturalism (nach′ĕr-əl-iz′m), *n.* (۱) هەست و کردەوەو بیری سروشتی (۲) (ب) خۆ بەستنەوە بە شێوازی ڕاستەقینەوە لە نوواندنی دیاردەی ژیاندا بەبێ گۆڕین و ڕازاندنەوەی بەتایبەتی لە وێژەو هونەری نیگارکێشاندا. (ب) ئەنجامی ئەم شێوازە. (۳) فەلسەفەیەکە دەڵێت: کە سروشت هەموشتێکە لە جیهاندا و هیچ شتێک نییە لە سروشت بەدەر؛ سروشتخوازی؛ سروشت حوایی

naturalist (nach′ĕr-əl-ist), *n.* (۱) سروشتناس؛ زانای سروشت؛ زانای گیاندار و ڕووەک. (۲) سروشتخواز لە وێژەو هونەردا (ووشەی پێشوو ببینە)

naturalistic (nach ĕr-ə-lis′tik), *adj.* (۱) هی مێژووی سروشتی و زانابانی مێژووی سروشت (۲) تایبەتی بە سروشتخوازی لە وێژەو هونەردا (ووشەی پێشوو ببینە). (۳) بەپێی سروشت؛ سروشتی.

(۲) لووی بچووك؛ ئاوساوی.
(۳) گرێ (ڕەگ، قەف، قەد).
nodulose, nodulous (noj′oo-lōs′), *adj.* گرێیاوی؛ گرێدار.
nodus (nō′dəs), *n.* گرێ گرێ؛ گرێدار.
noesis (nō-ē′sis), *n.* تەنگوچەڵە (شانۆنامە، چیرۆك)؛ گیروگرفت.
noetic (nō-et′ik), *adj.* تێگەیشتن تەنها لەڕێی مێشکەوە.
(۱) مێشکی؛ تایبەتی بە مێشك.
(۲) هەزکەر لە مێشك بەکارهێنان.
n. ڕۆشنبیر؛ مێشك بەکارهێنەر.
nog (nog), *n.* (۱) تەختەداری دیوار (بۆ بزمارو سنگ پیادا داکوتان)؛ مێخی دیوار؛ سنگ. (۲) نیرگە (کانگا).
v.t. (۱) خشتکاری کردن لەناو چوارچێوەی دارپندا. (۲) قایم کردن بە مێخ.
nog, nogg (nog), *n.* (۱) [British] جۆرە بیرەیەکی خەست‌و بەتینە.

(۲) eggnog.

noggin (nog′in), *n.* (۱) کوپێکی بچووک. (۲) پێوانەیەکی بچوکی حواردنەوەی کحوولیە. (۳) [Colloq.] سەر؛ کەللە.

nogging (nog′iŋ), *n.* خشتکاری نێو چوارچێوەی دار.

Noh, noh (nō), *n.* جۆرە شانۆگەرییەکی یابانی‌یە (بینینی "No").

noil (noil), *n.* (۱) خوری گرێ خواردوو یا ناڕەسکاو. (۲) پرزۆنەی حوری و لۆکەو تیسك.

noise (noiz), *n.* (۱) دەنگەدەنگ؛ دەنگی بەرزو ناسازا؛ هەرا هەرا؛ غەڵبەغەڵب؛ هەراوزەنا. (۲) (ا) دەنگ. (ب) دەنگی چاوەڕوان نەکراو؛ تەقەتەق؛ تەقەوڕەقە. (۳) [Obs.] ووتووڕا؛ ڕادیو. (٤) ووزەووڕ؛ ڕادیو. تەلەفزیۆن؛ خشەخش.

v.t. قاڕخستنەوە.

v.i. (۱) زۆرویژی کردن؛ بە دەنگی بەرز قسەکردن؛ دەمەوەری کردن. (۲) دەنگەدەنگ کردن.

noiseless (noiz′lis), *adj.* بێ دەنگ؛ بێ چرکە؛ کپ.

noisemaker (noiz′māk ′ĕr), *n.* دەنگەدەنگکەر (بەتایبەتی فیقەو زەنگی ناهەنگ و زەماوەند).

noisily (noiz′ə-li), *adv.* بە دەنگەدەنگ؛ بە دەنگی زل؛ بە غەڵبەغەڵب.

noisiness (noiz′i-nis), *n.* دەنگ بەری؛ دەنگەدەنگ هاتن؛ غەڵبەغەڵب هاتن؛ دەنگ زۆر هاتن (ئامێر).

noisome (noi′səm), *adj.* (۱) زیانبەخش؛ بۆ تەندروستی خراپ. (۲) بۆگەن؛ پیس. ***(a ~ odor)***.

noisy (noiz′i), *adj.* (۱) دەنگ زل؛ دەنگ گەورە؛ دەنگی زۆر لێوەدێت؛ دەنگاوی. ۲. پڕ لە دەنگەدەنگ؛ پڕ لە غەڵبەغەڵب. ***(the ~ city)***.

noma (nō′mə), *n.* برینی دەم (بەتایبەتی لە منداڵدا).

nomad (nō′mad, nom′ad), *n.* (۱) کۆچەر؛ ڕەوەند؛ دەشتەکی. (۲) گەڕۆك؛ لاسەگۆڕ.

adj. کۆچەر؛ گەڕۆك.

nomadic (nō-mad′ik), *adj.* هی کۆچەر؛ کۆچەری. ***(They lead a ~ life.)***

nomadism (nō′mad-iz′m, nom′ad-iz′m), *n.* کۆچەرێتی؛ ژیانی کۆچەری.

no man's land, (۱) زەوی بەردەڵ؛ چۆڵەوانی؛ زەوی بێ خاوەن. (۲) مەیدانی نێوان دوو لەشکری جەنگاوەر کە هیچیان بۆیان نەگیرێ. (۳) ناوچەیەکە کە کەس نەوێرێ بۆی بچێ لەبەر مەترسی و ئاژاوە.

nomarch (nom′ärk), *n.* فەرمانڕەوای ناوچەیەکی یۆنان.

nom de guerre (nōn də gâr′), [Fr.], ناوی نهێنی (سەربازی- فەرەنسی).

nom de plume (nom′ də plōōm), [Fr.], ناوی نهێنی نووسەر.

nome (nōm), *n.* ناوچەیەکی مسری کۆن و یۆنانی نێستا.

nomenclator (nō′mən-klā′tĕr), *n.* (۱) بانگکەری ناوی میوان و پێشاندەری جێی میوان لەسەر مێزی خوان (لە ڕۆمای کۆندا). (۲) ناولێنەر (زانست. هونەر)؛ زانای ناولێنەر؛ ناودۆزەرەوە بۆ شتی تازە.

nomenclature (nō′mən-klā′chĕr), *n.* (۱) ناولێنان (زانست. هونەر)؛ ناونان. (۲) شێوەو چۆنێتی ناولێنان لە لقێکی زانست یا هونەردا. (۳) سەرجەمی زاراوەو ناوی لقێکی زانست یا هونەر.

nominal (nom′ə-n'l), *adj.* (۱) هی ناو؛ تایبەتی بە ناو. (۲) هی ناو (ڕێزمان). (۳) هەر بەناو؛ تەنها بەناو. ***(a ~ leader)***. (٤) کەم؛ زۆر کەم. ***(a ~ fee)***

n. ووشەیەکە کە لە شێوەو کردارا لە ناو دەچێ.

-nominally *(adv.).*

nominalism (nom′ə-n'l-iz′m), *n.* فەلسەفەیەکە دەڵێت کە بیرۆباوەڕی ڕووت تەنها لە مێشکدا هەن و هەر بەناوو بوونی ڕاستەقینەیان نییە.

-nominalist *(n.)*; **nominalistic** *(adj.).*

nominal value, بەهای بەناو.

nominal wages, موچەیەکە کە بەگوێرەی هێندی پارەکە لێکدەدرێتەوە نەك بەگوێرەی نەو شتانەی کە بەو پارەیە دەکڕێت، واتە نرخی ڕاستەقینەی پارەکە.

nominate (nom′ə-nāt′), *v.t.* (۱) ناونان؛ ناولێنان؛ دیاری کردن. (۲) دانان لەسەر کار؛ دامەزراندن. (۳) پاڵاوتن (هەڵبژاردن)؛ نامزەدکردن؛ ***(to ~ someone for president)***.

-nominator *(n.).*

nomination (nom′ə-nā′shən), *n.* (۱) دانان لەسەر کار؛ دانان بە کاربەدەست؛ دامەزراندن. (۲) پاڵاوتن (هەڵبژاردن)؛ نامزەدکردن؛ نامزەدکاری.

nominative (nom′i-nə-tiv), *adj.* (۱) دانراو لەسەر کار (نەك هەڵبژێراو)؛ دامەزرێنراو. (۲) ناوی کەسێکی پێوەیە. ***(a ~ will)***. (۳) باری بکەر (ڕێزمان).

n. (۱) باری بکەر (ڕێزمان). (۲) ووشەیەك کە لەم بارەدا بێ.

nomince (nom′ə-nē′), *n.* کەسێکی پاڵاوتراو (هەڵبژاردن)؛ نامزەدکراو.

nomogram (nō-mog′rəm), *n.* نەخشەی نەندازەیی.

nomography (nō-mog′rə-fi), *n.* – nomogram.

nomology (nō-mol′ə-ji), *n.* زانستی یاساو یاسادانان؛ زانستی یاسای سروشتی و ژیربێژی.

-nomy, پاشگرێکە بەمانای: زانستی فلانە شت، زانستی ڕێکخراو بەپێی نەخشەیەکی تایبەتی: ***(astronomy)***.

non- (non), پێشگرێکە بەمانای: نە؛ بێ؛ وا نییە؛ نا: ***(nonresident, non-American, nonathletic)***

non-age (non′ij, nō′nij), *n.* (۱) تەمەنی منداڵی و هەرزەیی؛ تەمەنی لە بیست‌ویەك ساڵ کەمتر. (۲) (ا) هەرزەیی؛ کاڵوکڕچی. (ب) ساوایی؛ قۆناغی سەرەتایی.

nonagenarian (non´ə-ji-nâr′i-ən), *adj.* (۱) نەوەدساڵە؛ تەمەنی نەوەد ساڵ زیاترە. (۲) تایبەتی بە تەمەنی نەوەد ساڵو زیاتر

n. کەسێکی نەوەد ساڵ؛ کەسێکی نەوەد ساڵو بەرەوژوور.

non-aggression pact, پەیمانی لاشەڕی؛ پەیمانی ناجەنگاوەری.

nonagon (non′ə-gon´), *n.* نۆلا؛ نۆلایی؛ نۆگۆشەیی؛ ڕووی نۆلا.

non-aligned (non´ə-līnd′), *adj.* بێ لایەن (وڵات)؛ نەندامی هیچ پەیمانێکی جەنگ نەبوون. ***(a ~ nation)***.

non-alignment (non´ə-līn′mənt), *n.* بێ لایەن (وڵات)؛ نەندامی هیچ پەیمانێکی جەنگ نەبوون.

nonce (nons), *n.* بۆ ئێستا؛ تەنها بۆ ئەم بەکارهێنانە (ووشە)؛ هەر بۆ ئەمجارە. (بەتایبەتی لەم ووتەیەدا: " for the nonce ").

nonce word, ووشەیەکی داتاشراو بۆ بەکارهێنانێکی تایبەتی.

non-chalance (non′shə-ləns, non´shə-läns′), *n.* بێباکی؛ لامسەرلایی.

non-chalant (non′shə-lənt, non´shə-länt′), *adj.* (۱) سارد؛ (هەست، هەڵوێست)؛ بێ جۆش. (۲) بێباك؛ لامسەرلا.

non-com (non′kom´), *n.* [Colloq.], = non-commissioned officer.

non-combatant (non-kom′bə-tənt, non-kum′bə-tənt), *n.* (۱) شەڕنەکەر: کەسێکە کە لە سوپادایە، بەڵام ناچێتە مەیدانی جەنگەوە (وەك: قەشە، چێشتکەر... هتد). (۲) شارستانییەك لەکاتی جەنگدا؛ شارنشین؛ سویل.

adj. (۱) تایبەتی بە نەندامانی شەڕنەکەری سوپا. (۲) تایبەتی بە سویل؛ شارنشین.

non-commissioned officer, نەفسەربار.

non-committal (non´kə-mit′l), *adj.* خۆبە هیچ لایەکدا ساغ

نەکەرەوە؛ نە لێرەو نە لەوێ: *(a ~ answer, attitude, etc.)* .

non-compliance (non´kəm-plī′əns), *n.* پەیڕەوی نەکردن؛ مل نەدان.

non compos mentis (non kom′pos men′tis), [L.] مێشك ناتەواو؛ مێشك تێكچوو

non-conducter (non´kən-duk′tēr), *n.* نەگەیێن ؛نەلەکتریك گەرما. دەنگ)

non-conformist (non´kən-fôr′mist), *n.* پەیڕەوی نەکەری باوو نەریتی کۆمەڵەکەی؛ نەگونجاو لەگەڵ کۆمەڵەکەیدا لە بیروڕاو هەڵوێستو ڕەوشتیدا؛ شوێن بیروڕای خۆ کەوتوو.

non-conformity (non´kən-fôr′mə-ti), *n.* [N-] (١) پەیڕەوی نەکردنی کڵێسەی ئینگلیزی. (٢) بیروڕاو هەڵوێستی پەیڕەوی نەکەرانی کڵێسەی ئینگلیزی. (٣) پەیڕەوی نەکردنی باوو نەریتی کۆمەڵی خۆ؛ نەگونجان لەگەڵ بیروڕاو هەڵوێستی کۆمەڵی خۆداو لەسەر بیروڕای خۆ پڕیشتن.

non-cooperation (non´kō-op´ə-rā′shən), *n.* ناهاوکاری؛ هاوکاری نەکردن

non-descript (non´di-skript′), *adj.* ناتایبەتی؛ ناجیاواز؛ هەرەمە *n.* کەسێك یا شتێکی ناتایبەتی و جیانەکراوە لە کەسان یا شتی تر.

none (nun), *pron.* (١) کەس؛ هیچ کەس: *(N~ but Jack can do it.)*

(٢) هیچ؛ هیچ کەس؛ هیچ شتێك: *(There are ~ on the table.)* . *(I want ~ of it.)* هیچی؛ هیچ *n.* . *(He is ~ the stronger for it.)* هیچ؛ بە هیچ جۆرێك: *adv.*

non-entity (non-en′tə-ti), *n.* (١) نەبوون. (٢) شتێکی نەبوو. (٣) کەسێکی هیچوپووچ؛ کەسێکی بێ بایەخ و گرنگ پێ نەدراو.

nones (nōnz), *n.pl.* (١) پۆژی حەوتەمی مانگی نەوڕۆو باران بڕانو پووشپەڕو کەلاڕێزانو پۆژی پێنجەمی مانگەکانی تر (سالنامەی ڕۆمانی). (٢) (ا) عەسر. (ب) نوێژی عەسر (خاچ پەرستی).

nonessential (non´i-sen′shəl), *adj.* ناپێویست؛ پێویست نەبیە *n.* کەسێك یا شتێکی ناپێویست

nonesuch (nun′such´), *n.* (١) کەسێك یا شتێکی بێ هاوتا؛ بێ وێنە. (٢) جۆرە سێوێکە.

none-the-less, لەگەڵ ئەوەشدا.

non-existence (non´ig-zis′təns), *n.* (١) نەبوون (٢) شتێکی نەبوو؛ شتێك کە بوونی نەبێ.

-non-existent *(adj.).*

non-feasance (non-fē′z'ns), *n.* جێبەجێ نەکردن یا خستنە پشت گوێ ی نەرکی سەرشان (یاسا).

non-intervention (non´in-tēr-ven′shən), *n.* دەست نەکێشانە؛ ناو (کاروباری وڵاتی تر)؛ دەست نەخستنە ناو؛ دەستدرێژی نەکردن.

non-joinder (non-join′dēr), *n.* ناتەواوی داوانامە (دادگا).

non-juror (non-joor′ēr), *n.* (١) مل کەچ نەکەر بۆ پاشا یا میری. (٢) [N-]. قەشەی کڵێسەی ئینگلیزی مل کەچ نەکەر بۆ پاشا ولیامو ماری ژنی لە ساڵی ١٦٨٩ دا.

non-metal (non-met′'l, non′met′'l), *n.* ناکانزا ؛وەك کاربۆن، نۆکسجین، نایترۆجین).

non-metallic (non-met′'l-ik, non´met′'l-ik), *adj.* ناکانزا

non-pareil (non´pə-rel′), *adj.* بێ هاوتا؛ بێ وێنە؛ کەسێکی بێ هاوتا یا بێ وێنە *n.*

non-plus (non-plus′, non′plus), *n.* سەر لێ شێواو؛ سەر لێ تێکچوون؛ سەر لێ شێواوی *v.t.* سەر لێ شێواندن؛ سەر لێ تێکدان.

non-productive (non´prə-duk′tiv), *adj.* (١) بێ بەرهەم؛ بێ سوود؛ بێ بەر *(a ~ plan)* . (٢) بێ بەرهەم؛ بە شت هێنانە بەرهەمەوە خەریك نەبیە: *(Clerks and salesmen are ~ presonnel.)*

non-profit (non-prof′it), *adj.* ناسوودی؛ بۆ سوود دانەنراوە؛ مەبەستی قازانج نەبیە: *(a ~ organization)* .

non-residence (non-rez′ə-dəns), *n.* نانیشتەجێبی.

non-resident (non-rez′ə-dənt), *adj.* نانیشتەجێ. *n.* (١) نانیشتەجێ؛ نیشتەجێی سەردەمی. (٢) کەسێك کە نیشتەجێی شوێنێکی دوورە لە شوێنی کار یا خوێندنیەوە.

non-resistance (non´ri-zis′təns), *n.* بەرهەڵستی نەکردن؛ ملدان.

non-resistant (non´ri-zis′tənt), *adj.* بەرهەڵستی نەکەر؛ ملدەر. *n.* بەرهەڵستی نەکەر؛ ناشتیخواز؛ لاشەر؛ ملکەچ.

non-restrictive (non´ri-strik′tiv), *adj.* (١) نەبەستەرەوە. (٢) تایبەتی بە ووشەیەك یا دەستەواژەیەك کە مانای ڕستەکەی لەسەر بەند نیەیە و نەگەر لایش بڕێ ڕستەکە ماناکەی هەر دەبەخشێ (ڕێزمان) (وەك دەستەواژەی نێوان یەرگولەکانی نەم ڕستەیە): *(John, who is six feet tall, is younger than Bill.)*

non-sectarian (non´sek-târ′i-ən), *adj.* بێ پەیوەندی بە هیچ تیرەیەکی ئایینیەوە.

nonsense (non′sens, non′səns), *n.* (١) قسەی قۆپو بێ مانا؛ قسەی هیچوپووچ؛ کردەوەی بێ مانا؛ قسەی هەلەق ومەلەق. (٢) شتی هیچوپووچ؛ شتی بێ بایەخ. (٣) ڕەووشتی کەرانەو بێ مانایانە

nonsensical (non-sen′si-k'l), *adj.* بێ مانا؛ هیچوپووچو بێ مانا؛ ناچێ بە مێشکدا. *(~ remarks)*

non-sequitur (non-sek′wi-tēr), (١) ئەنجامی بێ مانا؛ ئەنجامی بێ پەیوەندی لەو بەڵگەیەوە کە لێوەی وەرگیراوە: *(I am certain that all Germans like opera because I have not met one who did not like it.)* (٢) ووشەیەکە کە هیچ پەیوەندی نەبێت بە ئەوانەی لەپێشیەوە هاتوون

non-skid (non′skid′), *adj.* نەخزاو (تایە)؛ ناخزێ

non-stop (non′stop′), *adj.* بێ وەستان؛ بەردەوام؛ یەکبین. *(a ~ flight)*

non-such (nun′such´), *n.* = nonesuch.

non-verbal (non-vûr′b'l), *adj.* بێ زارەکی؛ بێ قسەکردن؛ بێ دەنگ: *(~ communication)* .

non-viable (non-vī′ə-b'l), *adj.* (١) توانای ژیانی نیەیە؛ ناتوانێ بژی و گەورە ببێ: *(a ~ fetus)* . (٢) سەرناگرێ؛ ناکردەنی

non-violence (non-vī′ə-ləns), *n.* لاشەڕێتی؛ ڕێبازی لاشەڕی و ناشتیخوازی (بۆ چاك کردن و گۆڕینی کۆمەڵ).

-non-violent *(adj.)*; **non-violently** *(adv.).*

noodle (nōō′d'l), *n.* (١) کەسێکی ساویلکە یا بێ مێشك. (٢) [Slang]، سەر؛ کەللەسەر.

noodle (nōō′d'l), *n.* تاڵە مەعکەرۆنی یا سپاگێتی.

nook (nook), *n.* (١) قوژبن؛ قوڕنە (٢) پەنا؛ گۆشە؛ شوێنی لاتەریك؛ پەناگا.

noon (noon), *n.* (١) نیوەڕۆ. (٢) تاف؛ پۆپە؛ نەوپەڕ: *(in the ~ of his life)* . (٣) [Rare or Poetic]، (ا) نیوەشەو. (ب) شوێنی مانگ لە نیوەشەودا

noonday (nōōn′dā´), *n. & adj.* کاتی نیوەڕۆ؛ نیوەڕۆ.

no-one (nō′wun´, nō′ən), *pron.* = no one.

no one, هیچ کەس؛ کەس.

nooning (nōōn′iŋ), *n.* [Archaic or Dial.], (١) نیوەڕۆ. (٢) پشوری نیوەڕۆ (٣) نانی نیوەڕۆ؛ ژەمی نیوەڕۆ؛ قاوەڵتی.

noon-tide (nōōn′tīd´), *n.* = noon.

noon-time (nōōn′tīm´), *n.* = noon.

noose (nōōs), *n.* (١) قوڵفەی پەتو گوریس؛ قوڵفەی کەمەند؛ هەڵواسین؛

مل به پەتەوە کردن. (٢) تەڵە؛ داو.

v.t. (١) کردن بە داوەوە؛ بە تەڵە گرتن. (٢) قوڵفەلێدان (گوریس، پەت).

(٣) [Rare] مل کردن بە پەتەوە؛ هەڵواسین.

nope (nōp), *adv.* [Slang], = no.

nor (nôr), *conj.* نە؛ نە نەمیش.

(I can neither go ~ stay.; He doesn't smoke, ~ does he drink.)

Nordic (nôr′dik), *adj.* تایبەتی بە ڕەگەزی سپی ئەورووپای باکوور بەتایبەتی ئەسکەندیناڤیا کە باڵا بەرز سەر درێژکۆڵە و قژ ڕەردو چاوشینن.

n. کەسێکی ئەم ڕەگەزە؛ کەسێکی ئەسکەندیناڤی.

norm (nôrm), *n.* (١) نموونە (ڕەووشت)؛ پێوانە؛ پێوەر؛ ڕەووشتی ناسا؛ وێنەی نموونەیی. (٢) ناوەند (ژمارەوپێوان)؛ ناوەندی.

normal (nôr′m'l), *adj.* (١) (ا) ناسایی؛ ناسا:

(What is the ~ temperature of the human body?)

(ب) سادە؛ ساکار. (٢) لەخۆوە پووداو؛ بە سرووشتی پووداو.

(٣) یەکبڕ (ژمارەوپێوان)؛ لابەلا؛ ستوونی.

(٤) مام ناوەندی (لە زیرەکی و هۆشمەندی و هێمنیدا)؛ ناسایی.

n. (١) شتی ناسایی. (٢) ناوەندی؛ تێکڕا.

normalcy (nôr′m'l-si), *n.* ناسایەتی؛ مام ناوەندێتی؛ ناوەندێتی.

normality (nôr-mal′ɔ-ti), *n.* = normalcy.

normalize (nôr′m'l-iz′), *v.t.* هێنانە سەر بارێ ناسایی؛ ناسایی کردن *(to ~ the relations between the two countries)*.

-normalization *(n.)*.

normally (nôr′m'l-i), *adv.* (١) بە شێوەیەکی ناسایی (٢) بە ناسایی *(He is ~ home in the evening.)*.

normal school, زانستگای مامۆستایانی سەرەتایی.

Norman (nôr′mən), *n.* نۆرمەندی. (١) یەکێک لە داگیرکەرەکانی " نۆرمەندی " کە سەدەی دەهەمدا. (ب) نەتەمێکی نەو تێرەیەی نینگلتەرەی داگیرکرد لە سانی ١٠٦٦ی پ.ز دا. (ج) هاوڵاتیەکی ناوچەی " نۆرمەندی " فەرەنسی. (٣) شێوەزمانی فەرەنسی ناوچەی " نۆرمەندی "

adj. (١) تایبەتی بە ناوچەی " نۆرمەندی " فەرەنسی و نۆرمەندیەکان و زمانو کلتوورەکەیان. (٢) شێوەیەکی خانووسازیە کە لە ناوچەی " نۆرمەندی " یەوە داماتووە

normative (nôr′mə-tiv), *adj.* (١) پێوانەیی؛ پێوەری؛ نموونەیی؛ وێنەیی؛ هی ئاسایی. (٢) تایبەتی بە شێوەی نموونەیی بۆ بەکارهێنان (پێزمان).

Norse (nôrs), *adj.* نەرویجی؛ ئەسکەندیناڤی.

n. زمانە ئەسکەندیناڤییەکان.

the Norse, (١) ئەسکەندیناڤییەکان (٢) ئەسکەندیناڤیەکە پێزاوایی یەکان.

north (nôrth), *n.* (١) باکوور؛ باکووری؛ سەروو؛ سەرەوە؛ ژوورو. (٢) [N-]. بەشی باکووری زەمین. (٣) [Poetic] بای باکوور.

adj. (١) باکووری؛ ژوورو؛ سەروو. (٢) لە باکوورەوە هاتوو *(a ~ wind)*. (٣) [N-]. بەشی باکووری کیشوەر یا وڵاتێک:

(N~ India; N~ America) **adv.** بەرەو باکوور؛ بەرەو ژوور.

North American, (١) هی ئەمەریکای باکوورو گەلەکەی. (٢) هاوڵاتیەکی ئەمەریکای باکوور.

northbound (nôrth′bound′), *adj.* بەرەو باکوور؛ بەرەو باکوور پێشتوو؛ بەرەو ژوور.

northeast (nôrth′ēst′), *n.* (١) باکووری پۆژهەڵات. (٢) ناوچەی باکووری پۆژهەڵات.

adj. & adv. بەرەو باکووری پۆژهەڵات؛ هی باکووری پۆژهەڵات.

northeaster (nôrth′ēs′tēr), *n.* بای بەهێزی باکووری پۆژهەڵات.

northeasterly (nôrth′ēs′tēr-li), *adj. & adv.* (١) بەرەو باکووری پۆژهەڵات. (٢) لە باکووری پۆژهەڵاتەوە *(a ~ wind)*.

northeastern (nôrth′ēs′tērn), *adj.* (١) هی باکووری پۆژهەڵات. (٢) لە باکووری پۆژهەڵاتەوە *(a ~ wind)*. (٣) [N-]، تایبەتی بە ناوچەی باکووری پۆژهەڵاتی ئەمەریکا.

northeastward (nôrth′ēst′wērd), *adj. & adv.* بەرەو باکووری پۆژهەڵات.

n. ناوچەی باکووری پۆژهەڵات.

northeastwardly (nôrth′ēst′wērd-li), *adj. & adv.* (١) بەرەو باکووری پۆژهەڵات. (٢) لە باکووری پۆژهەڵاتەوە *(a ~ wind)*.

northeastwards (nôrth′ēst′wērdz), *adv.* = northeastward.

norther (nôr′*th*ēr), *n.* بای قایم یا باوبۆرانی باکووری.

northerly (nôr′*th*ēr), *adj.* (١) باکووری؛ بەرەو باکوور؛ تایبەتی بە باکوور. (٢) لە باکوورەوە؛ باکووری *(a ~ wind)*.

adv. (١) بەرەو باکوور. (٢) لە باکوورەوە؛ باکووری.

northern (nôr′*th*ērn), *adj.* (١) باکووری؛ بەرەو باکوور؛ لە باکوورد. (٢) لە باکوورەوە؛ باکووری *(a ~ wind)*. (٣) [N-]، هی ناوچەی باکوور.

n. = northerner.

northerner (nôr′*th*ēr-nēr; nôr′*th*ən-ēr), *n.* (١) نیشتەنی ناوچەی باکووری وڵاتێک؛ خەڵکی باکوور. (٢) [N-]، نیشتەنی ناوچەی باکووری ئەمەریکا.

northern lights, شەرقی بەرەبەیانی جەمسەری باکووری زەمین.

northernmost (nôr′*th*ērn-mōst′), *adj.* دوورترین ناوچەی باکوور.

northing (nôr′thiŋ, nôr′*th*iŋ), *n.* (١) ماوەی بڕاو بەرەو باکوور؛ پێی بڕاو بەرەو باکوور (کەشتیەوانی). (٢) لادان بەرەو باکوور (ئەستێرەوانی).

northland (nôrth′lənd, nôrth′land′), *n.* ناوچەی باکووری وڵات؛ بەشی سەرووی وڵاتێک.

-northlander *(n.)*.

Northman (nôrth′mən), *n.* = Norseman.

North Pole, جەمسەری باکووری زەمین؛ پۆڵی باکووری زەمین.

North Star, ئەستێرەی جەمسەری باکووری زەمین.

northward (nôrth′wērd), *adv. & adj.* بەرەو باکوور؛ بەرەو ژوور.

n. ناوچەی باکووری.

northwardly (nôrth′wērd-li), *adj. & adv.* (١) بەرەو باکوور. (٢) لە باکوورەوە؛ لە باکوورەوە هەڵکردوو *(a ~ wind)*.

northwards (nôrth′wērdz), *adv.* = northward.

northwest (nôrth′west′), *n.* باکووری پۆژئاوا.

adj. (١) بەرەو باکووری پۆژئاوا؛ لە باکووری پۆژئاوادا. (٢) لە باکووری پۆژئاواوە *(a ~ wind)*.

adv. بەرەو باکووری پۆژئاوا؛ لە باکووری پۆژئاواوە.

northwester (nôrth′wes′tēr), *n.* بای قایم یا باوبۆرانی باکووری پۆژئاوا.

northwesterly (nôrth′wes′tēr-li), *adj. & adv.* (١) لە باکووری پۆژئاوادا؛ بەرەو باکووری پۆژئاوا. (٢) لە باکووری پۆژئاواوە *(a ~ wind)*.

northwestern (nôrth′wes′tērn), *adj.* (١) لە باکووری پۆژئاوادا؛ بەرەو باکووری پۆژئاوا. (٢) لە باکووری پۆژئاواوە *(a ~ wind)*. (٣) [N-]، تایبەتی بە ناوچەی باکووری پۆژئاوای ئەمەریکا.

northwestward (nôrth′west′wērd), *adv. & adj.* بەرەو باکووری پۆژئاوا.

n. ناوچەی باکووری پۆژئاوا.

northwestwardly (nôrth′west′wērd-li), *adj. & adv.* -(١)

بەرەو باکووری ڕۆژئاوا. (٢) لە باکووری ڕۆژئاواوە: ***(a ~ wind)*** .

northwestwards (nôrth´west′wērds), *adv.* = northwestward.

Norwegian (nôr-wē′jən), *adj.* نەرویجی (گەل، زمان، کلتوور)

n. (١) هاوڵاتیی‌یەکی نەرویج؛ کەسێکی نەرویجی. (٢) زمانی نەرویجی.

nose (nōz), *n.* (١) لووت؛ کەپوو. (٢) لمۆز. (٣) هەستی بۆن کردن. (٤) (ا) بۆن. ب) بە بۆن دۆزینەوە. (٥) بەشێکی دەرپۆقیو کە لە لووت بچێ (وەک لوولەی مەسینەو قۆری، لووتی فڕۆکەو بەلەمو کەشتی). (٦) [British Slang]، سووسە؛ سیخوڕ؛ جاسووس.

v.t. (١) بە بۆن دۆزینەوە؛ بۆن کردن. (٢) لووت لێخشاندن؛ لووت لێ هەڵسوون. (٣) بە لووت یا بەشی پێشەوە ڕێگەکردنەوە: ***(The ship ~d its way into the harbor.)*** (٤) بە ناستەم بەزاندن.

v.i. (١) بۆن کردن. (٢) خۆتێهەڵقورتان (کاروباری خەڵک). (٣) بەرەو پێشەوە چوون. (٤) [British Slang]، سووسەیی کردن؛ سیخوڕی کردن

by a nose, (١) بە نەوەندەی لووتێک یا لمۆزێک (پێشبڕکێی ئەسپ). (٢) بە ناستەم؛ نەوەندەی نەختێک.

count noses, سەر ژمارەن کۆڕ. دەنگدانی ئەنجوومەن).

cut off one's nose to spite one's face, زیان لە خۆ دان لە ڕقی خۆ.

follow one's nose, (١) یەکسەر بەرەو پێشەوە ڕۆیشتن. (٢) شوێر هەستی خۆ کەوتن؛ بۆن کردن (مەجاز).

lead by the nose, بەتەواوی لەژێر ڕکێفدا بوون؛ بەتەواوی لەژێر دەستدا بوون: ***(She is leading her husband by the nose.)***

look down one's nose at, [Colloq.], بە چاوی سووک سەیرکردن.

on the nose, [Slang], بەتەواوی؛ بەبێ کەمو زیاد

pay through the nose, پارەی زۆر پێدان؛ زۆر گران کەوتن لەسەر.

poke one's nose into, خۆتێهەڵقورتان؛ دەست تێخستن (کاروباری خەڵک)

turn up one's nose at, بە هیچ دانەنان؛ پێ ڕازی نەبوون؛ گاڵتەپێکردن

under one's (very) nose, بە ناشکرا؛ بە بەرچاوەوە.

nose bag, تووڕەکەی وڵاخ

noseband (nōz′band´), *n.* بەشی سەرلووتی نفاو و ڕەشمە.

nosebleed (nōz′blēd´), *n.* خوێن ڕژان؛ لووت ڕژان.

nosedive (nōz′dīv´), *v.i.* کەوتنەخوارەوەی خێراو لەپڕو سەربەرەوخوار (فڕۆکە).

nose dive, (١) کەوتنەخوارەوەی خێراو لەپڕی فڕۆکە سەربەرەوخوار. (٢) هاتنەخوارەوەیەکی لەپڕو خێراو یەکجار: ***(Oil prices took a ~ .)*** .

nosegay (nōz′gā´), *n.* چەپکە گوڵ؛ دەستە گوڵ.

nosepiece (nōz′pēs´), *n.* (١) ئەو بەشەی کلاوزێی کە لووت دەپارێزێ. (٢) noseband (٣) ئەو بەشەی لە لووت دەچێ (سەری سوزندە). (٤) پردی سەرلووتی چاوێلکە

nose ring, (١) ئەڵقەی لووتی وڵاخ یا گیانداری تر (بۆ ڕاکێشانی بە پەت یا زنجیر). (٢) لووتەوانە

nosey (nōz′i), *adj.* = nosy.

noso-, nos- (nō′sō, nos′ə), پێشگرێکە بەمانای نەخۆشی.

nosology (nō-sol′ə-ji), *n.* (١) پۆل کردنی نەخۆشی؛ هاوپۆل کردنی نەخۆشی. (٢) زانستی هاوپۆل کردنی نەخۆشی (پزیشکەوانی).

nostalgia (nos-tal′jə, nos-tal′ji-ə), *n.* (١) بیری ماڵەوە کردن؛ یادی نیشتمان کردن. (٢) خۆزگە خواستن بۆ جاری جاران؛ خۆزگە خواستن بۆ شتی ڕابوردوو لەدەست چوو؛ خۆزگە خواستن بە گەڕانەوە بۆ ڕابوردوو.

-nostalgic *(adj.).*

nostology (nos-tol′ə-ji), *n.* زانستی پیری؛ پیریناسی.

nostril (nos′trəl), *n.* کونە لووت

nostrum (nos′trəm), *n.* (١) (ا) دەرمانی خۆماڵی؛ دەرمانی نەپێنی. (ب) دەرمانی ساختە؛ دەرمانی پشت پێ نەبەستراو. (٢) دەرمانی هەموو تەنگوچەڵەمەیەکی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری؛ دەرمانی هەموو دەردێک.

nosy, nosey (nōz′i), *adj.* [Colloq.], حەز بە سووسە کەر؛ حەزکەر بە نەپێنی زانین؛ زۆر بە پرسیار.

-nosiness *(n.).*

not (not), *adv.* نە؛ نا؛ نەخێر؛ هیچ.

nota bene (nō′tə bē′ni), [L.], تێبینی؛ باش سەرنجی لێ بدە.

notability (nō'tə-bil′ə-ti), *n.* (١) کەسێکی ناسراو یا ناودار (٢) ناودارێتی؛ ناسراوی؛ بەناوبانگی؛ دیاری؛ سەرنج ڕاکێشی.

notable (nō′tə-b'l), *adj.* سەرنج ڕاکێش؛ شایانی باس؛ دیار؛ بەناو؛ ناسراو.

n. کەسێکی بەناو؛ کەسێکی ناسراو یا بەناوبانگ.

notably (nō′tə-bli), *adv.* (١) بەتایبەتی. (٢) تا ڕادەیەکی زۆر؛ تێجگار.

notarial (nō-târ′i-əl), *adj.* (١) تایبەتی بە دادنووس. (٢) ئامادەکراو و مۆرکراو لەلایەن دادنووسەوە.

notarize (nō′tə-rīz´), *v.t.* مۆرکردنی بڕوانامەیەک لەلایەن دادنووسەوە: ***(to ~ a document, petition, etc.)*** .

-notarization *(n.).*

notary (nō′tēr-i), *n.* = notary public.

notary public, دادنووس؛ بڕوانامە مۆرکەر.

notation (nō-tā′shən), *n.* (١) بەکارهێنانی نیشانە لەباتی ووشەو دەستەواژەو ژمارە. (٢) کۆمەڵێک نیشانەی وەها (ژمارەوپێوان، نۆتەی مۆسیقا) (٣) تێبینێ؛ تێبینیکاری؛ تێبینی نووسین. (٤) تێبینی پەراوێزی پەرتووک و پەراو؛ تێبینی؛ یادداشت.

notch (noch), *n.* (١) درزێک لە شێوەی حەوتدا؛ قڵیشێکی وەها. (٢) دەربەند؛ گەڵ؛ چەم؛ باریکە ڕێی شاخ. (٣) [Colloq.]، پلە؛ گرێ؛ نمرە: ***(His average dropped a ~ .)***

v.t. (١) قڵیشی وەک ژمارە حەوت لەسەر هەڵکەندن. (٢) ژماردن بە هەڵکەندنی درزی وەک حەوت لەسەر دار.

note (nōt), *n.* (١) نیشانە: ***(a ~ of sadness)*** . (٢) گرنگی؛ ناوداری؛ ناسراوی؛ شایانی باس: ***(a person of ~)*** . (٣) نیشانە (وەک نیشانەی پرسیار یا سەرسامی لە نووسیندا). (٤) تێبینی؛ سەرنج: ***(Please take ~ of this.)*** . (٥) یادداشت. (٦) یادنامە (دیبلۆماسی). (٧) پەراوێز؛ تێبینی پەراوێز. (٨) بانقە نۆت؛ کومپیالە؛ بڕوانامەی دارایی: ***(a promissory ~ ; a bank ~)*** (٩) بانگ؛ بانگەواز؛ دەنگ. (١٠) خوێندنی بانگنامە. (١١) نیشانە پێ ووتن. (١٢) [Archaic or Poetic]، ناواز؛ گۆرانی؛ نەوا (١٣) (ا) نۆتەی مۆسیقا. (ب) نیشانەی نۆتەیەکی وەها. (ج) دوگمەی پیانۆ یا ئامێری مۆسیقای تر.

v.t. (١) سەرنج پێدان؛ تێبینی کردن؛ تێبینین. (٢) تێبینین بە نووسین؛ نووسین؛ خستنە سەر کاغەز. (٣) ناوبردن؛ ناوهێنان. (٤) نیشانەی نەوە بوون؛ وا گەیاندن. (٥) لە پەراوێزدا نووسین؛ ڕوونکردنەوە لە پەراوێزدا. (٦) نۆتەی مۆسیقا نووسین

compare notes, بیروڕا تێبینی بەراوردکردن؛ باس کردن.

strike the right note, پێکان (نووسین، ووتن، کردار... هتد)؛ کردنی شتێک بە جوانی و بەبێ زیادو کەمی.

take notes, تێبینی نووسین

take note of, سەرنج پێدان؛ سەیرکردن.

notebook (nōt′book´), *n.* پەڕاو؛ دەفتەر
noted (nōt′id), *adj.* ناودار؛ بەناوبانگ؛ بەناو: *(a ~ poet)* .
noteless (nōt′lis), *adj.* (١) سەرنج ڕانەکێش؛ نەبینراو؛ نەناسراو؛ ڕەمەکی (٢) نامۆسیقی.
note of hand, = promissory note.
note paper, کاغەزی نامە نووسین
noteworthy (nōt′wūr´*th*i), *adj.* سەرنج ڕاکێش؛ شایانی باس؛ نایاب.
-noteworthily *(adv.)*; **noteworthiness** *(n.)*.
nothing (nuth′iŋ), *n.* (١) هیچ شتێك؛ هیچ (٢) (أ) نەبوون؛ نەبوونی. (ب) بێ بایەخی؛ ناگرنگی؛ هیچوپووچی. (٣) شتێکی نەبوو؛ شتێك کە بوونی نەبێ. (٤) (أ) شتێکی هیچوپووچ یا بێ بایەخ. (ب) کەسێکی هیچوپووچ یا بێ بایەخ. (٥) سفر (ژمارەوپێوان).
adv. بە هیچ جۆرێك؛ هیچ
for nothing, (١) خۆڕایی؛ بەلاش. (٢) بێ سوود؛ بێ کەڵك؛ بە هیچ چوو. (٣) بە خوت‌و خۆڕایی؛ بەبێ هیچ هۆیەك.
make nothing of, (١) بە هیچ دانەنان؛ بە هیچوپووچ دانان؛ بایەخ پێ نەدان؛ گوێ پێ نەدان. (٢) تێنەگەیشتن؛ سەر لێ دەرنەکردن. (٣) بەکارنەهێنان؛ سوود لێ وەرنەگرتن؛ نەکردن.
nothing but, تەنها؛ هەر.
nothing doing, [Colloq.]. (١) نا؛ نابێ؛ پەسەند نەکردن؛ نەخێر. (٢) بێ سوودە؛ بێ ئەنجامە؛ سەرناگرێ؛ بە هیچ ناگات.
nothing less than, هیچی کەمتر نییە لە؛ هەر وەك یەك وان.
nothing short of, = nothing less than.
think nothing of, بە ئاسان دانان؛ بە هیچ دانەنان؛ بە هیچ نەزانین؛ نەوەندە بە گرنگ دانەنان.
to say nothing of, نەگەر باسی نەوەیش هەر نەکرێ؛ بەبێ ڕەچاوکردنی نەوەیش.
nothingness (nuth′iŋ-nis), *n.* (١) هیچێتی؛ هیچی؛ نەبوون؛ نەبوونی. (٢) هیچوپووچی؛ بێ بایەخی؛ ناگرنگی؛ بێ کەڵکی. (٣) بێ هۆشی (٤) بەتاڵی؛ شوێنی بەتاڵ. (٥) شتی هیچوپووچ؛ شتێکی بێ بایەخ.
notice (nō′tis), *n.* (١) ئاگاداری؛ ئاگانامە؛ ڕاگەیاندن؛ ڕاگەیاندننامە. (٢) ڕاپۆرتێکی کورت (دەربارەی پەرتووك یا شانۆنامەیەکی تازە). (٣) ڕاگەیاندنێکی نووسراو یا چاپکراو. (٤) (أ) سەرنج پێدان؛ گوێ پێدان؛ باك؛ سەرنج. (ب) ڕێز؛ ڕێزلێگرتن؛ بە جوانی لەگەڵدا جوولانەوە. (٥) ڕاگەیاندن (دەربارەی دوایی پێهێنانی قۆنتەرات، پەیمان یا پەیوەندییەك):
(The tenant gave ~ .)
v.t. (١) (أ) ئاوڕدان؛ ئاوهێنان؛ تێبینی کردن (ب) هەڵسەنگاندن بە کورتی. (٢) (أ) سەرنج پێدان؛ سەیرکردن؛ گوێ پێدان. (ب) ڕێزگرتن؛ بە جوانی لەگەڵ جوولانەوە. (٣) [Rare]، پێ ڕاگەیاندن.
serve notice, پێ ڕاگەیاندن؛ ئاگاداری کردن.
take notice, سەرنج پێدان؛ بینین؛ پێزانین؛ گوێ پێدان؛ ئاگاداربوون.
noticeable (nō′tis-ə-b′l), *adj.* (١) دیار؛ سەرنج ڕاکێش. (٢) گرنگ؛ شایانی سەرنج پێدانە.
noticeably (nō′tis-ə-bli), *adv.* (١) بە ئاشکرا؛ بە شێوەیەك کە سەرنج ڕاکێشێ (٢) تا ڕادەیەکی زۆر؛ ئێجگار؛ زۆر.
notification (nō´tə-fi-kā′shən), *n.* (١) ئاگادارکردن؛ پێ ڕاگەیاندن (٢) ئاگاداری؛ ڕاگەیاندن؛ ئاگانامە؛ ڕاگەیاندننامە.
notify (nō′tə-fī´), *v.t.* پێ ڕاگەیاندن؛ ئاگادارکردن.
-notifier *(n.)*.
notion (nō′shən), *n.* (١) (أ) بیر؛ بیروڕای گشتی. (ب) بیری لێڵ یا ناڕوون. (٢) ڕوا؛ باوەڕ؛ ڕا.

(٣) ئارەزوو؛ هەوەس؛ مەیل. (٤) نیان.
(٥) (*pl.*) شتوومەکی بچووکی ناو فرۆشگا (وەك: دەرزی‌و دەزوو).
notional (nō′shən-′l), *adj.* (١) بیروڕایی؛ تایبەتی بە بیروڕا. (٢) تەنها لە مێشکدایەو لەوانەیشە ڕاست نەبێ؛ خەیاڵی:
(a ~ value of one's own skills)
(٣) هەوەسباز؛ شوێن بیری سەیر کەوتوو.
(٤) مانای سەربەخۆی خۆی هەیە (ڕێزمان).
noto-, not- (nō′tō, nō′tə), پێشگرێکە بەمانای: پشت.
notochord (nō′tə-kôrd´), *n.* (١) پەتکی پشت: پەتێکی نەرمە کاری بڕبڕاگە دەبینێ لە گیاندارە سەرەتاکاندا. (٢) پەتێکی نەرمە لە ناولەمەی بڕبڕەدارەکاندا کە لە دواییدا دەبێتە بڕبڕەی پشت.
notoriety (nō´tə-rī′ə-ti), *n.* (١) ناوزڕان؛ بەدناوی؛ ناتۆزە؛ ناوبانگی خراپ. (٢) کەسێکی ناوزڕاو؛ کەسێکی بەدناو یا ناوبانگ پیس.
notorious (nō-tôr′i-əs, nō-tō′ri-əs), *adj.* (١) لە هەموو شوێن باس کراو؛ باش زانراو؛ بڵاو. (٢) بەدناو؛ ناوزڕاو؛ ناو خراپ‌و هەمیشە باس کراو؛ بە ناتۆزە:
(a ~ criminal, thief, smuggler, etc.; a city ~ for smog and traffic jams)
-notoriously *(adv.)*; **notoriousness** *(n.)*.
notwithstanding (not´with-stan′diŋ), *prep.* لەگەڵ ئەوەشدا کە؛ هەرچی چەند: *(They traveled on, ~ the storm.)* .
adv. لەگەڵ ئەوەشدا: *(They will do it, ~ .)* .
conj. ئەگەرچی؛ هەرچی چەند؛ لەگەڵ ئەوەشدا.
nought (nôt), *n.* = naught.
noumenon (nōō′mi-non´, nou′mi-non´), *n. pl.* **noumena,** شتێکی بە مێشك‌و زگماکی زانراو بەبێ یارمەتی هەستەکان (فەلسەفەی " کانت "); شتی ڕووت، مانایی، یا نادیار.
noun (noun), *n.* ناو (ڕێزمان).
nourish (nūr′ish), *v.t.* (١) خواردن پێدان؛ بووژاندنەوە؛ گەورەکردن؛ پەروەردەکردن؛ بەهێزکردن (زەوی). (٢) هاندان؛ پەرە پێ سەندن؛ بڕەوپێدان:
(to ~ feelings of love or hatred; to ~ friendship)
nourishing (nūr′ish-iŋ), *adj.* بژوێن؛ بۆ تەندروستی باشە؛ بووژێنەرەوە: *(~ food)* .
nourishment (nūr′ish-mənt), *n.* (١) خواردن پێدان؛ بووژاندنەوە؛ پەروەردەکردن؛ خواردن پێدران. (٢) خواردەمەنی؛ خواردنی بەکەڵك؛ بژوێن. شتێکی بەکەڵك بۆ پەرە پێ سەندن‌و درێژەپێدانی شتێکی تر:
(There is no ~ in that type of food.)
nous (nōōs, nous), *n.* مێشك (فەلسەفە)؛ بیرکردنەوەو تێگەیشتن.
nou-veau riche (noo´vō´ rēsh′), [Fr.], تازە پیاکەوتوو؛ تازە دەوڵەمەند؛ نەدی‌وبدی.
Nov., November.
nova (nō′və), *n.* ئەستێرەیەکە کە لەپڕ دەگەشێتەوەو لەدوای نەوە بەرەبەرە کزدەبێتەوە (ئەستێرەوانی).
novaculite (nō-vak′yoo-līt´), *n.* جۆرە بەردێکە بەردەسانی لێ دروست دەکرێت.
novation (nō-vā′shən), *n.* گۆڕینەوە بە هی تازە (قەرز، قۆنتەرات، پەیمان... هتد)؛ تازەکردنەوە.
novel (nov′′l), *adj.* تازە؛ نوێ؛ سەیر؛ تازەباو؛ تازە داهاتوو:
(a ~ idea)
novel (nov′′l), *n.* (١) چیرۆك؛ داستان؛ ڕۆمان. (٢) ئەم جۆرە نووسینەی ڕێژە.
novelette (nov´ə-let′), *n.* کورتە چیرۆك.
novelist (nov′′l-ist), *n.* چیرۆك نووس.
-novelistic *(adj.)*.
novella (nō-vel′lä), *n.* کورتە چیرۆك؛ چیرۆکچە.
novelty (nov′′l-ti), *n.* (١) تازەیی؛ نوێیی؛ خۆشی‌و ئەنتیکەیی شتی

تازه. *(The ~ of the romance soon wears off.)* .
(۲) شتێکی تازەو سەیرو نەتێکە
(۳) (*pl.*) شتێکی هەرزانبەهاو بچووکو جوان بۆ یاری یا پازاندنەوە.

November (nō-vem′bĕr), *n.* سەرپەڵە؛ سەرماوەرز؛ مانگی یانزەهەمی ساڵنامەی گریگۆری.

novena (nō-vē′nə), *n.* نوێژو خواپەرستنێکی نۆ پۆژی (ئایینی کاسۆلیکی).

novice (nov′is), *n.* (۱) ووشکەسۆفی تازەکوورە؛ نەندامێکی تازەی دەستەیەکی ئایینی
(۲) تازە بڕوا بەتایبەتی بە خاچ پەرستی)؛ تازە وەرگەڕاو (بۆ ئاینێکی تر).
(۳) نەوکار؛ تازەکوورە؛ نەزان؛ نەشارەزا؛ شاگرد؛ فەریك.

novitiate, noviciate (nō-vish′i-it, nō-vish′i-āt′), *n.* (۱) ماوەی شاگردێتی ووشکەسۆفی. (۲) شاگردێتی دەستەیەکی ئایینی.
(۳) ووشکەسۆفی تازەکوورە؛ نەندامی تازەکوورەی دەستەیەکی ئایینی.
(٤) نشینگەی ووشکەسۆفی تازەکوورە.

novocain, novocaine (nō′və-kān′), *n.* نۆڤۆکەین: دەرمانێکی سڕکەرە.

now (nou), *adv.* (۱) (ا) ئێستا؛ ئێستە (ب) هەر ئێستا؛ یەکسەر.
(۲) پاش نەمە؛ لەم کاتەدا (بەتایبەتی لە چیرۆك گێڕانەوەدا):
(N~ a series of catastrophes occurred.)
(۳) (ا) تازە؛ هەر ئێستا؛ نەختێك لەمەوپێش: *(He left just ~ .)* .
(ب) نا ئێستا؛ هەر ئێستە؛ پاش نەختێك: *(They are leaving just ~ .)* .
(٤) لەبەرنەوەی شت بەم بارەدا کەوت؛ ئێستا ئیتر:
(N~ we'll never know what happened.)
((هەندێ جاریش ووشەی " now " لە ڕستەدا بەکاردێت بەبێ نەوەی هیچ مانایەکی تایبەتی ببەخشێ)): *(come ~ , don't be absurd.)* .

conj. لەبەرنەوەی
(N~ that you are well again, you can travel.)

n. ئێستا؛ ئێستە؛ نیستا.

interj. ووتەیەکی سەرسامیبە سەرزەنشتی یا وورياکردنەوە دەگەیەنێ.

now and again, = now and then.

now and then, جارجار؛ جاروبار؛ جارنەجار؛ جاربەجار؛ ناوبەناو.

nowadays (nou′ə-dāz′), *adv.* ئێستا؛ لەم ڕۆژانەدا؛ لەم کاتەدا.

n. ئێستا؛ ئێستە.

noway (nō′wā′), *adv.* بە هیچ جۆرێك؛ بە هیچ ڕەنگێك؛ بە هیچ کولۆحێك.

noways (nō′wāz′), *adv.* = noway.

nowhere (nō′hwâr′), *adv.* لە هیچ شوێنێك؛ لە هیچ جێگەیەك؛ لە هیچ کوێیەك.

get nowhere, سەرنەکەوتن؛ بە نەنجام نەگەیشتن؛ بە هیچ نەگەیشتن.

nowhere near, جیاوازیان زۆرە؛ زۆر دوورە لێوەی (مەجان)؛ هەر نزیکیش نین: *(This is nowhere near so good as that.)* .

nowheres (nō′hwârz′), *adv.* [Dial.], = nowhere.

nowhither (nō′hwi*th*′ĕr), *adv.* بۆ هیچ شوێنێك؛ لە هیچ شوێنێك.

nowise (nō′wīz′), *adv.* = noway.

noxious (nok′shəs), *adj.* زیانبەخش؛ پیس؛ ژەهراوی؛ خراپ بۆ تەندروستی یا ڕەوشت: *(~ gases)* .

nozzle (noz′l), *n.* (۱) سەری لوولەی ئاو و بەلووعەو سوندە... هتد؛ دەمی بۆری (۲) [Slang]، لووت؛ لمۆز؛ کەپوو.

nth (enth), *adj.* ژمارەیەکی زۆر؛ ڕادەیەکی زۆر.

to the nth degree (or power), لە ڕادە بەدەر؛ نێجگار زۆر؛ هەتا پەڕی نەوپەڕ

nuance (nōō-äns′nū′äns), *n.* جیاوازیەکی کەمو بە ناستەم هەستپێکراو لە ڕەنگ یا ماناندا.

nub (nub), *n.* (۱) گرێ؛ چوکڵە؛ بەرزەك؛ بەشی دەرپۆقیو؛ کوڵۆ.
(۲) بنك؛ کۆتەرە؛ قنچك.
(۳) [Colloq.]، مانا یا ناوکرۆکی چیرۆکێك؛ مەبەست: *(the ~ of a story)*

nubbin (nub′in), *n.* (۱) کوڵۆ؛ گرێ؛ تۆپەڵێکی بچووك.
(۲) گوڵە گەنمەشامیبەکی بچووك یا ناتەواو.
(۳) میوەی ناتەواو؛ شتێکی بچووك لەچاو توخمەکەیدا.

nubble (nub′l), *n.* گرێی بچووك.

nubby (nub′i), *adj.* گرێیاوی (قوماش)؛ گرێ گرێدار.

nubile (nōō′b'l, nū′bil), *adj.* بەشوو؛ بۆ شووکردن دەشێت لەڕووی تەمەنو جوانیبەوە).

-nubility *(n.).*

nubilous (nōō′b'l-əs, nū′bil-əs), *adj.* (۱) هەوراوی؛ تەماوی؛ تەمومژاوی (۲) لێل؛ ناڕوون؛ نادیار.

nucha (nū′kə), *n.* پشت مل

nuclear (nōō′kli-ĕr, nū′kli-ēr), *adj.* نەتۆمی؛ گەردیلەیی.

nuclear energy, ووزەی نەتۆمی؛ ووزەی نەتۆم.

nuclear fission, کەرتبوونی نەتۆم؛ کەرتبوونی نەتۆمو بەرەڵبوونی ووزە.

nuclear physics, فیزیای نەتۆمی.

nucleate (nōō′kli-it, nū′kli-āt′), *adj.* ناوکدار؛ ناوەڕۆکدار.

v.t. لەدەوری ناوك یا ناوەڕۆك کۆکردنەوە.

v.i. بوون بە ناوك یا بناغە.

nuclei (nōō′kli-ī′, nū′kli-ī′), *n. plural of* nucleus.

nucleus (nōō′kli-əs, nū′kli-əs), *n.* (۱) ناوك؛ ناوەڕۆك؛ ناوجەرگە.
(۲) بناغە؛ تۆو (مەجان)؛ سەرەتا: *(the ~ of an art collection)* .
(۳) کۆمەڵە شانەی مێشك یا بڕبڕە.
(٤) ناوەڕاستی پروناکی سەری نەستێرەی کلکدار.
(٥) ناوەڕۆکی شانە (گیانەوەرناسی). (٦) ناوکی نەتۆم (فیزیا، کیمیا).

nude (nōōd, nūd), *adj.* (۱) ڕووت (لەش)؛ ڕووتوقووت.
(۲) ناتەواو (قۆنتەرات)؛ بەتاڵ.

n. لەشی ڕووت (لە وێنە، تابلۆ. یا پەیکەردا).

nudge (nuj), *v.t.* سیخوڕمە تێوەژەندن؛ نانیشك تێوەژەندن؛ پاڵ پێوەنان؛ هاندان.

n. سیخوڕمە؛ پاڵ؛ هان؛ هاندان.

nudism (nōōd′iz'm, nūd′iz'm), *n.* بیروباوەڕی ڕووتێتی؛ ڕووتێتی (لەبەر هەتاو بۆ تەندروستی)؛ ڕێڕەوی ڕووتیخوازی.

nudist (nōōd′ist, nūd′ist), *n.* ڕووتیخواز؛ کەسێکە کە بڕوای بەوەیە مرۆڤ لە شوێنی وەك کەنار دەریادا بە ڕووتی بگەڕێ یا دانیشێ.

adj. ڕووت؛ ڕووتوقووت؛ هی ڕووتوقووتەکان: *(a ~ beach, colony)* .

nudity (nōōd′ə-ti, nūd′ə-ti), *n.* (۱) ڕووتی (لەش)؛ ڕووتێتی؛ ڕووتوقووتی: *(~ in film and on stage is not allowed.)* .
(۲) شتێکی ڕووت.

nugget (nug′it), *n.* (۱) پارچەیەك کانزای بچووکی خاو (بەتایبەتی زێڕ).
(۲) نەختێك شتی بەنرخ؛ پارچەیەکی بچووکو نایاب: *(~s of information)*

nuisance (nōō′s'ns, nū′s'ns), *n.* شتێك، کردەوەیەك، کەسێك یا بارێکی پەستکەرو ناپەسەند: *(Flies and mosquitoes are a ~ . ; He is a ~ . ; what a ~ !)*

nuisance tax, باجی پەستکەر (چونکە نەختە نەختەو بە چەندەها جار لە خەڵك دەسەنرێت).

null (nul), *adj.* (۱) بەتاڵ (پەیمان، قۆنتەرات، یاسا)؛ ڕووچ؛ هەڵوەشاو؛ ئیتر کاری پێ ناکرێ. (۲) نەبوو؛ هیچ؛ بە هیچ ناچێ.
(۳) هیچوڕووچ؛ بێ بایەخ؛ ناگرنگ.

n. سفر.

null and void, بەتاڵ (پەیمان، قۆنتەرات)؛ هەڵوەشاو؛ ڕووچ؛

کاری پێ ناکرێ: *(This contract is null and void.)* .

nullification (nul´ə-fi-kā′shən), *n.* (۱) بەتاڵ کردنەوە (پەیمان، قۆنتەرات، یاسا)؛ هەڵوەشاندنەوە. (۲) ڕازی نەبوونی هەرێمێکی نەمەریکا بە کارپێکردنی یاسای فیدراڵی نەمەریکی.

nullifier (nul′ə-fī´ər), *n.* (۱) بەتاڵ کەرەوە؛ هەڵوەشێنەر (۲) لایەنگری ڕێگەنەدانی هەرێمێکی نەمەریکا بە کارپێکردنی یاسای فیدراڵی.

nullify (nul′ə-fī´), *v.t.* (۱) بەتاڵ کردنەوە (پەیمان، قۆنتەرات، یاسا)؛ هەڵوەشاندنەوە *(The court ~ied the contract.)* . (۲) تێکدان؛ بە هیچ کردن.

nullipara (nə-lip′ər-ə), *n.* نافرەتی بێ منداڵ؛ نافرەتی نەزۆک یا سک نەکردوو

nulliparous (nə-lip′ər-əs), *adj.* نەزۆک، ڕەق، بێ بەر.

nullity (nul′ə-ti), *n.* (۱) پووچیەتی (پەیمان، قۆنتەرات، یاسا، مارەیی)؛ بەتاڵیتی (۲) کاڕێک یا بڕوانامەیەکی پووچ (لەڕووی یاساوە). (۳) هیچیەتی؛ هیچی؛ هیچ.

numb (num), *adj.* (۱) سڕ، لە گۆ کەوتوو؛ تەزیو *(fingers ~ with cold)*

(۲) کاس، واق ووڕماو؛ ووشک بوو (مەجاز) *(~ with grief)* . (۳) بێ هەست؛ مردوو (هەست)؛ بێبەش؛ هیچ کارتێنەکردوو: *(a ~ feeling; People have become ~ to all the violence around them.)*

v.t. سڕکردن، لە گۆ خستن؛ ماندن (ئازار، پزیشکەوانی).

v.i. سڕبوون، لە گۆ کەوتن.

number (num′bər), *n.* (۱) ژمارە؛ نمرە. (۲) *(pl.)* ژمارەوپێوان. (۳) سەرجەم؛ کۆ

(٤) دەستە؛ کۆمەڵ؛ ژمارەیەک؛ چەند: *(A ~ of his friends came.)* . (٥) *(pl.)* گەلێک؛ زۆر (٦) هەند؛ بڕ

(۷) ژمارەیەک یا دانەیەک لە زنجیرەیەکدا: (ا) ژمارەیەکی ڕۆژنامە یا گۆڤارێک: *(The June ~ of a magazine)*

(ب) نەڵقەی زنجیرەک (گۆڕانی، سەما، خوێنواندن)

(۸) شێوەی ووشە بۆ پیشاندانی باری تاک یا کۆ (ڕێزمان): *(The list was long.; The lists were long.)*

(۹) کێش (هۆنراوە).

v.t. (۱) ژماردن (۲) ژمارە لەسەر دانان.

(۳) دانان بە یەکێک یا بەشێک لە دەستەیەک.

(٤) ژمارەو ماوە بۆ بڕینەوە یا بۆ دانان: *(His days are ~ed .)* .

(٥) کردنە نەوەندە؛ سەرجەم نەوەندەبوون؛ نەوەندەبوون: *(The rebels ~ed in the thousands.)*

(٦) [Obs.]. بۆ دانان؛ بۆ تەرخان کردن.

v.i. (۱) ژماردن (۲) دانران بە بەشێک لە

a number of, چەندێک؛ ژمارەیەک؛ هەندێک. *(a number of the students failed in the examination.)*

beyond number, لە ژماردن نایەت؛ بێ شومار

even number, ژمارەی جووت

get one's number, [Slang]. ڕاستی کەسێک بۆ دەرکەوتن.

odd number, ژمارەی تاک؛ ژمارەی یەکتەنی

one's number is up, [Slang]. نۆرەی مردنی هاتووە

without number, لە ژماردن نایەت؛ بێ شومار.

numberless (num′bər-lis), *adj.* (۱) لە ژماردن نایەت؛ بێ شومار. (۲) بێ ژمارەیە؛ ژمارەی پێوە نێیە

number one, [Colloq.]. (۱) خۆ *(He always takes care of ~ .)*

(۲) نمرە یەک؛ نایابترین؛ باشترین.

numen (nū′mən), *n.* هێزێکی خودایی (نەفسانەی ڕۆمانی)؛ خودا؛ گیانێکی مەزن؛ هێزێکی پیرۆزی خودایی

numerable (nōō′mər-ə-b'l, nū′mər-ə-b'l), *adj.* دەژمێردرێت؛ لە ژماردن دێت؛ ژوز نێیە

numeral (nōō′mər-əl, nū′mər-əl), *adj.* هی ژمارە؛ تایبەتی بە ژمارە یا نمرە.

n. ژمارە؛ نمرە؛ تیپێک کە نیشانەی ژمارەیەکە

numerary (nū′mər-er´i, nū′mər-er´i), *adj.* هی ژمارە؛ تایبەتی بە ژمارە یا نمرە.

numerate (nōō′mə-rāt´, nū′mə-rāt´), *v.t.* (۱) ژماردن. (۲) ژمارە خوێندنەوە.

numeration (nōō´mə-rā′shən, nū´mə-rā′shən), *n.* (۱) ژماردن (بە نووسین یا خوێندنەوە). (۲) دەستوور یا شێوەی ژماردن؛ ژمارە خوێندنەوە یا ژمارە دانان.

numerator (nōō′mə-rā´tər, nū′mə-rā´tər), *n.* (۱) سەرە (کەرتی ژمارەوپێوان). (۲) ژمێرەر (مرۆڤ، ئامێر)؛ ژمێریار.

numeric (nōō-mer′ik, nū-mer′ik), *adj.* = **numerical.**

numerical (nōō-mer′i-k'l, nū-mer′i-k'l), *adj.* (۱) ژمارەیی؛ تایبەتی بە ژمارە. (۲) هی ژمارەیەک؛ نیشانەی ژمارەیەکە. (۳) بە ژمارە نیشان دەدرێت نەک بە تیپ.

-numerically *(adv.).*

numerology (nōō´mə-rol′ə-ji, nū´mə-rol′ə-ji), *n.* فاڵ گرتنەوە لەڕێی ژمارەوە؛ لێکۆڵینەوەی مانای جادووگەری ژمارە

numerous (nōō′mər-əs, nū′mər-əs), *adj.* بێ شومار؛ فرە؛ ژمارەیەکی زۆر؛ زۆر؛ گەلێک.

numinous (nū′mə-nəs), *adj.* (۱) تایبەتی بە هێزێکی پیرۆزی خودایی. (۲) پیرۆز؛ مەزن (گیان).

numismatic (nōō´miz-mat′ik, nū´mis-mat′ik), *adj.* (۱) هی پارەی ووردەو مەدالیات. (۲) **numismatics**

numismatics (nōō´miz-mat′iks), *n.* لێکۆڵینەوەی پارەی ووردەو مەدالیات؛ کۆکردنەوەی پارەی ووردەو مەدالیات.

-numismatist *(n.).*

numismatology (nōō-miz´mə-tol′ə-ji), *n.* = numismatics.

numskull, numbskull (num′skul´), *n.* کەودەن؛ گەلحۆ؛ کەسێکی کەرو بێ مێشک؛ گەمژە؛ دەبەنگ.

nun (nun), *n.* سۆفیلکەژن (خاچ پەرستی)؛ پەرستگانشین (نافرەت).

nuncio (nun′shi-ō′), *n.* باڵیۆزی پاپا.

nuncle (nuŋ′k'l), *n.* [Dial.], = **uncle.**

nuncupative (nuŋ′kyoo-pā´tiv), *adj.* هەر بە دەم (وەسیەتنامە)؛ نەنووسراو؛ بە دەمی.

nunnery (nun′ər-i), *n.* (۱) پەرستگای نافرەت (خاچ پەرستی)؛ خانەی سۆفیلکەژنان. (۲) کۆمەڵگای سۆفیلکەژن.

nuptial (nup′shəl, nup′chəl), *adj.* (۱) هی بووک‌و زاوایەتی؛ هی شایی؛ هی ژنهێنان‌و شووکردن: *(the ~ day)* . (۲) تایبەتی بە کات یا وەرزی جووت بوون.

n.pl. شایی؛ شادی.

nurse (nūrs), *n.* (۱) دایەن (هەروەها پێی دەووترێ " wet nurse "). (۲) لەلەی منداڵ. (۳) نەخۆشەوان. (٤) پەروەردەکار؛ پارێزەر؛ مەڵبەند؛ نشینگە: *(England, the ~ of liberty)*

v.t. (۱) مەمک پێدان (دایک، دایەن)؛ شیرپێدان. (۲) لەلەیی کردنی منداڵ (۳) چاودێری کردنی نەخۆش؛ ئاگاداری کردنی نەخۆش: *(to take up ~ing as a career)*

(٤) هەوڵی چارەکردن دان (نەخۆش بۆ نەخۆشی‌یەکەی): *(He is ~ing a cold.)*

(٥) پەروەردەکردن؛ چاودێری کردن؛ ئاگاداری کردن‌و بەخێوکردن:

(to ~ young plants)

(٦) لە مێشکدا هەڵگرتن؛ بیرلێکردنەوە: *(to ~ feeling of revenge)* .

(٧) دەست پێوەگرتن؛ گرتنە باوەش؛ خستنەسەر کۆش.

(٨) بە هێواشی خواردنەوە؛ لەسەرخۆ خواردنەوە: *(to ~ a beer)* .

v.i. (١) مەمک خواردن؛ شیر خواردن: *(The baby is still ~ing.)* .

(٢) مەمک پێدان؛ شیر پێدان.

(٣) چاودێری کردنی نەخۆش؛ نەخۆشەوانی کردن.

nurseling (nûrs′liŋ), *n.* = **nursling.**

nursemaid (nûrs′mād´), *n.* لەلە؛ لەلەی منداڵ؛ دایەن.

nursery (nûr′sēr-i, nûrs′ri), *n.* (١) ژووری نوستنی منداڵ.

(ب) ژووری یاری منداڵ. (ج) دایەنگا. (٢) شەتڵگا.

(٣) پەروەردەگا؛ هۆی پەرەسەندن و پەروەردەکردن و پاراستن.

nursery-maid (nûr′sēr-i-mād´, nûrs′ri-mād´), *n.* **nursemaid.**

nursery-man (nûr′sēr-i-mən, nûrs′ri-mən), *n.* خاوەن شەتڵگا؛ کارگەری شەتڵگا.

nursery rhyme, هۆنراوەی منداڵان؛ هۆنراوە یا کورتە چیرۆکی منداڵان.

nursery school, دایەنگا؛ قوتابخانەی منداڵانی لە پێنج سال کەمتر.

nursing bottle (nûr′siŋ), مەمکەشووشە؛ مەمەی منداڵ.

nursing home, خانەی پیران و کەلەکاران.

nursling, nurseling (nûrs′liŋ), *n.* (١) منداڵی شیرەخۆرە؛ کۆرپە.

(٢) (ا) بەچکە. (ب) شەتڵ. (٣) کەسێک یا شتێکی بە باشی و پڕێک وپێکی چاودێری کراو و خزمەت کراو.

nurture (nûr′chēr), *n.* (١) خۆراک؛ خواردەمەنی.

(٢) پەروەردە؛ پەروەردەکردن؛ گەورەکردن؛ بەخێوکردن.

(٣) دەروونەرو کارتێکردنی پێگەیشتنی مرۆڤ؛ ژینگەو کارکردنە سەری پەروەردەی مرۆڤ.

v.t. (١) ژیاندن؛ خۆراک پێدان؛ بەخێوکردن؛ گەورەکردن؛ پەروەردەکردن؛ پێگەیاندن: *(to ~ a child)* .

(٢) پەرە پێ سەندن؛ برەوپێدان؛ بەهێزکردن؛ چاودێری کردن: *(to ~ a friendship)*

nut (nut), *n.* (١) گوێز؛ ووشکە میوەی کاکڵەدار: *(Walnuts, pecans, chestnuts, peanuts, and almonds, etc. are all ~s .)*

(٢) کاکڵە؛ ناوک (گوێز، بادەم، بستە، کەستەنە... هتد).

(٣) (*pl.*) چەرەس؛ شەوچەرە.

(٤) گیروگرفت؛ کێشە؛ کەسێک یا شتێکی بە گیروگرفت. (٥) سەموولە.

(٦) [Slang]. (ا) سەر. (ب) (*pl.*) گون.

(٧) [Slang]. کەسێکی شێتۆکەو سەیر؛ کەسێکی بێ مێشک.

v.t. گوێز کۆکردنەوە؛ ووشکە میوەی کاکڵەدار گردکردنەوە.

hard (or tough) nut to crack, (١) گیروگرفتێکی گران؛ کارێکی گران؛ مەسەلەی دژوار. (٢) کەسێکە کە بە گران شتی پێ بسەلمێنرێ؛ کەسێکە کە بە ئاسانی خۆی نەدات بەدەستەوە و سوور بێ لەسەر پێبازی خۆی.

off one's nut, [Slang], شێت

nutant (nōō′t'nt, nū′t'nt), *adj.* پۆپە چەماوە (ووەک)؛ سەر داکەوتوو.

nutation (nōō-tā′shən, nū-tā′shən), *n.* (١) سەرلەقاندن؛ سەرلەقێ؛ وەنەوزەکووتی. (٢) لەرینەوەیەکی کەمی تەوەری زەمین.

(٣) وەرگەڕانی قەف یا لاسکی ڕووەک.

nut-brown (nut′broun´), *adj.* قاوەیی تۆخ

nut-gall (nut′gôl´), *n.* مازوو

nut-cracker (nut′krak´ĕr), *n.* گوێزشکێن

nutlet (nut′lit), *n.* (١) گوێزۆلکە. (٢) ناوکی گێلاس و قۆخ و هەنووژە.

nutmeg (nut′meg), *n.* (١) تۆو یا کاکڵەی جۆرە گوێزێکی ناوچە گەرمەکانە بۆنی خۆشە دەهاوێنێ بۆ بەهارات. (٢) داری ئەم چەشنە گوێزە.

nutpick (nut′pik´), *n.* کاکڵەی گوێز دەرهێنەر: ئامێرێکی نووک تیژە.

nutria (nōō′tri-ə, nū′tri-ə), *n.* (١) جۆرە گیاندارێکی قرتێنەری ئاوی نەمەریکای باشووڕە. (٢) کەوڵی ئەم گیاندارە.

nutrient (nōō′tri-ənt, nū′tri-ənt), *adj.* باش بۆ تەندروستی (خواردەمەنی)؛ بژوێن

n. بژوێن؛ خواردەمەنی باش بۆ تەندروستی.

nutriment (nōō′trə-mənt, nū′trə-mənt), *n.* (١) خواردەمەنی؛ خۆراک. (٢) شتی گەشەپێدەر؛ شتی پەرە پێ سەند.

nutrition (nōō-trish′ən, nū-trish′ən), *n.* (١) خۆراک پێدان؛ خواردەمەنی خواردن. (٢) خۆراک؛ خواردەمەنی.

nutritional (nōō-trish′ən-'l, nū-trish′ən-'l), *adj.* بژوێنی؛ تایبەتی بە خۆراک.

nutritionist (nōō-trish′ən-ist, nū-trish′ən-ist), *n.* زانای خۆراک؛ شارەزای خواردەمەنی.

nutritious (nōō-trish′əs, nū-trish′əs), *adj.* بژوێن؛ بژوێنی؛ بەکەڵک بۆ تەندروستی (خواردەمەنی): *(~ foods)* .

nuts (nuts), *adj.* [Slang], شێت؛ سەرلێداو؛ بێ مێشک.

interj. [Slang], ووتەیەکی سەرسامیی یە وەڕسی یا ناڕەزایی یا بێ نومێدی دەردەبڕێ.

be nuts about, [Slang], (١) زۆر حەزلێکردن؛ زۆر خۆشویستن؛ بۆ شێت بوون: *(He is nuts about her.)* .

(٢) زۆر بەدڵ بوون.

nutshell (nut′shel′), *n.* تونکلە گوێز.

in a nutshell, زۆر بە کورتی.

nutty (nut′i), *adj.* (١) پڕ لە گوێز؛ پڕ لە کاکڵە.

(٢) تامو بۆنی لە گوێز دەچێ. (٣) [Slang]، (ا) زۆر بەجۆش؛ شێت و شەیدا (ب) شێت؛ شێتۆکە؛ سەیر.

-nuttiness *(n.).*

nuzzle (nuz′'l), *v.t.* (١) لمۆز لێ هەڵسوون؛ لووت لێخستن.

(٢) لە ڕەگ دەرهێنان بە لمۆز.

v.i. (١) لووت لێخستن؛ لمۆز لێدان یا لێ هەڵسوون.

(٢) خۆتێهەڵسوون و چوونە باوەشەوە بۆ خۆشەویستی و گەرمی

nylon (nī′lon), *n.* (١) گۆزەوی نایلۆن. (٢) (*pl.*) نایلۆن.

nymph (nimf), *n.* (١) بووکی ناو ڕوبارو شاخ و کێوو دارستان (ئەفسانەی یۆنان و ڕۆمان)؛ حۆری. (٢) (ا) کچێکی جوان. (ب) کچ.

(٣) پێ کوڕە؛ کرمۆکە.

-nymphal *(adj.)*; **nymphean** *(adj.).*

nymphet (nim′fət, nim-fet′), *n.* کچێکی جوان.

nympho (nim′fə), *n.* [Slang], = **a nymphomaniac.**

nympholepsy (nim′fə-lep´si), *n.* (١) شێت و شەیدایی و هاری لە ئەنجامی سەیرکردنی بووکی ئەفسانەییدا.

(٢) شێت و شەیدایی (لە ئەنجامی ناڕەزووکردنی شتی دەستگیرنەبووا).

nympholept (nim′fə-lept´), *n.* کەسێکی شێت و شەیدا (لە ئەنجامی سەیرکردنی بووکی ئەفسانەییدا).

-nympholeptic *(adj.).*

nymphomania (nim´fə-mā′ni-ə), *n.* حەشەرێتی؛ هەمیشە لەسەر هەوەس بوونی ژن؛ تێر لە گان نەخواردن (نافرەت).

nymphomaniac (nim´fə-mā′ni-ak´), *adj.* حەشەری؛ هەمیشە لەسەر هەوەس (نافرەت)؛ تێر نەخۆر لە گان (ژن).

n. ژنی حەشەری؛ ژنی هەمیشە لەسەر هەوەس؛ نافرەتی زۆر حەزکەر لە گان.

O o

O, o (ō), *n.* (۱) تیپی پانزەهەمی ئەلفوبێی ئینگلیزیيە. (۲) ڕەنگی ئەم تیپە (۳) قاڵبی ئەم تیپە. (٤) سفر (٥) شتێك لە شێوەی ئەم تیپەدا. (٦) نیشانەی پلەی پانزەهەم.

O (ō), *adj.* (۱) تایبەتی بەم تیپە (۲) خڕ؛ هێلکەیی (۳) پانزەهەم؛ پلەی پانزەهەم

O (ō), *interj.* نیشانەیەکی سەرسامیيە بە گەلێك مانا و شێوە بەکاردەهێنرێت. (۱) بۆ بانگ کردن یا هاوار بۆ هێنان: *(~ God, save us!)* . (۲) بۆ دەربڕینی سەرسامی و ترس و نازار (وەك: ئەی!، ئای!، ئۆه!). (نیستا بە " oh " دەنووسرێت).

oaf (ōf), *n.* (۱) منداڵێکی ناتەواوی ئالۆگۆڕکراو بە منداڵێکی ئاسایی یا تەواو (۲) منداڵێکی شێواو و ناتەواو یا گێل.

oafish (ōf′ish), *adj.* (۲) کەسێکی جڵفڕ یا دەبەنگ؛ کەسێکی کەرو بێ مێشك جڵفڕ؛ گێل؛ کەودەن؛ بێ مێشك

oak (ōk), *n.* (۱) دارەبڕوو؛ بەڕوو (۲) تەختەدارو داری بەڕوو (۳) هەر جۆرە ڕووەکێکی وەك بەڕوو (٤) گوڵبەندی گەڵای بەڕوو (٥) کەرەسەی ئاوماڵو شتی تری لە دارەبڕوو دروستکراو.

adj. هی تەختەداری بەڕوو؛ هی دارەبڕوو؛ لە دارەبڕوو دروستکراو؛ بەڕوو

oak apple, oak gall, مازوو

oaken (ōk′ən), *adj.* لە تەختەداری بەڕوو دروستکراو؛ بەڕوو

oakum (ō′kəm), *n.* پرزۆنەی گوشی کۆنە (قیری لێ دەدرێ و درزی بەلەم و کەشتی پێ دەگیرێ)

oar (ôr, ōr), *n.* (۱) سەوڵ؛ دارە سەوڵ (۲) سەوڵ لێدەر

v.t. & v.i. سەوڵ لێدان.

put one's oar in, دەست خستنە نێش و کاری خەڵکەوە؛ پەنجە تێوەردانی کاری خەڵك

rest on one's oars, پشوودان؛ پشوو وەرگرتن

oarfish (ôr′fish′, ōr′fish′), *n.* سەوڵەماسی؛ ماسییەکی دەریایی گەورەی پەڕەکە درێژە

oarlock (ôr′lok′, ōr′lok′), *n.* قفڵی سەوڵ لەشێوەی " U " دایە بۆ پاگیرکردنی سەوڵ لە جێی خۆیدا لەکاتی سەوڵ لێداندا؛ گیرەی سەوڵ.

oarsman (ôrz′mən, ōrz′mən), *n.* سەوڵ لێدەر

oarsmanship (ôrz′mən-ship′, ōrz′mən-ship′), *n.* هونەری سەوڵ لێدان؛ سەوڵ لێدان.

oasis (ō-ā′sis, ō′ə-sis), *n.* (۱) مێرگ (بەتایبەتی لە بیاباندا). (۲) پەناگ؛ جێی حەوانەوە

oat (ōt), *n.* چەند جۆرە دانەوێڵەیەکە لە جۆ دەچێ بۆ ئالیك بەکارهێنرێت و هەندێ جۆریشی ئادەمیزاد دەیخوات.

feel one's oats, (۱) کەیف قنج بوون؛ بە دەماخ بوون؛ سرك بوون. (۲) خۆ بە زل زانین؛ تێزێ نووساندن.

sow one's wild oats, بەر بۆ خۆ بەرەڵاکردن و زۆر ڕابواردن لەکاتی لاوییدا.

oaten (ōt′n), *adj.* لە دانەوێڵەی " oat " دروستکراوە کە لە جۆ دەچێ.

oath (ōth), *n.* (۱) سوێند؛ سوێنگ؛ سوێن. (۲) سوێندخواردن. (۳) پەیمان. (٤) کفر؛ لەعنەت.

take an oath, سوێندخواردن؛ سوێندبران.

under oath, بە سوێندخواردنەوە؛ بە سوێندەوە؛ بە سوێنگەوە بەستراوەتەوە: *(He testified under oath.)* .

oatmeal (ōt′mēl′), *n.* (۱) دانەوێڵەی " oat " بە وورد کراوی یا هاڕاوی؛ ئاردو وردەی ئەم دانەوێڵەیە. (۲) شۆربا یا هەریسەی ئەم دانەوێڵەیە.

ob- (ob, əb, ōb), پێشگرێکە بەمانای: (۱) بەرەو. (۲) دژ؛ دژ بە. (۳) لەسەر. (٤) بەتەواوی (٥) بە هەڵگەڕاوەیی.

obduracy (ob′doo-rə-si, ob′dyoo-rə-si), *n.* (۱) دڵڕەقی. (۲) ناپەشیمانی. (۳) کەللەڕەقی؛ قیرسیچمەیی؛ سەرسەختی.

obdurate (ob′doo-rit, ob′dyoo-rit), *adj.* (۱) دڵڕەق. (۲) ناپەشیمان. (۳) کەللەڕەق؛ قیرسیچمە؛ سەرسەخت.

obedience (ō-bē′di-əns, ə-bē′di-əns), *n.* (۱) بە گوێ کردن؛ گوێ ڕایەڵی؛ بەقسەکردن؛ ملدان؛ ملکەچی. (۲) دەسەڵاتی کلێسە. (۳) کۆمەڵگایەك کە لە سنووری ئەم دەسەڵاتەدا بێت.

obedient (ō-bē′di-ənt, ə-bē′di-ənt), *adj.* گوێ ڕایەڵ؛ ملکەچ؛ بە گوێکەر؛ مل شۆڕ؛ گوێ ڕاگر.

obeisance (ō-bā′s'ns, ō-bē′s'ns), *n.* (۱) کڕنووش؛ کڕنووش بردن. (۲) ڕێز؛ ڕێزگرتن؛ ملدان: *(They did ~ to him.)* -**obeisant** *(adj.)*.

obelisk (ob′l-isk′), *n.* (۱) میل؛ پایەی بەردینی چوارگۆشەی سەر قووچکەیی (گەلێك جار نووسینی بزماری لەسەرە). (۲) **obelus** .

obelus (ob′l-əs), *n.* (۱) نیشانەی " – " یا " " کە لە دەستنووسە کۆنەکاندا بەکاردەهێنرا بۆ پێشاندانی ئەو بەندو بەشانەی کە گومانی لێ بکرێ. (۲) نیشانەی خەنجەر کە دەخرێتە پاڵ ووشەیەك کە لە پەراوێزدا ڕوون کرابێتەوە.

obese (ō-bēs′), *n.* زۆر قەڵەو.

obesity (ō-bēs′ə-ti, ō-bes′ə-ti), *n.* زۆر قەڵەوی؛ قەڵەوی لە ڕادە بەدەر.

obey (ō-bā′, ə-bā′), *v.t. & v.i.* پەیڕەوکردن؛ بە گوێ کردن؛ ملدان؛ بەقسەکردن؛ ملکەچ کردن: *(Soldiers must ~ orders.)*

obfuscate (ob-fus′kāt, ob′fəs-kāt′), *v.t.* (۱) تاریك کردن؛ لێل کردن؛ داپۆشین؛ شاردنەوە: *(The fog ~d the shore.)* (۲) لێل کردن؛ شێواندن؛ تێکدان؛ سەر لێ تێکدان: *(His emotions ~d his judgement.)* -**obfuscation** *(n.)*.

obit (ō′bit, ob′it), *n.* = **obituary**.

obiter dictum (ob′i-tēr dik′təm), *n.* (۱) ڕای لامسەرلا یا ڕێکەوتی دادپرس کە هیچ پەیوەندی نەبێ بەو داوایەی لەبەردەمیایەتی (۲) تێبینییەکی بێ بیرکردنەوە یا ڕێکەوتی.

obituary (ō-bich′ōō-er′i, ə-bich′ōō-er′i), *n.* یادکردنەوەی مردوو لە ڕۆژنامەدا؛ هەواڵی مردنی کەسێك لەگەڵ کورتەی ژیاننامەکەیدا لە ڕۆژنامەدا.

adj. هی هەواڵی مردنی کەسێك و یادکردنەوەی لە ڕۆژنامەدا: *(~ notices)* .

object (ob′jikt), *n.* (۱) شت؛ شتی هەستپێکراو. (۲) کەسێك یا شتێك کە جێی گاڵتەپێکردن، خۆشەویستی، ڕق یا جۆرە

(to be an ~ of ridicule, contempt, love, etc.) هەستێکی تر بێ
(٣) ئامانج؛ مەبەست: (What is the ~ of the game?)
(٤) شتێک کە مێشک وەری بگرێ یا هەستی پێ بکات.
(٥) کارلێکراو (ڕێزمان)؛ تەواوکەر (ڕێزمان).
object (əb-jekt′, ob-jekt′), *v.i. & v.t.* (١) دژ وەستان؛ بەرەەرەکانی کردن؛ بەرپەرچدانەوە؛ تەگەرەلێدان:
(He ~ed to the testimony of the witness.)
(٢) پەسەند نەکردن؛ ناڕەزایی دەربڕین:
(He ~s to modern materialism.; I ~ to the noise.)
(٣) دەست هێنانە ڕێ؛ تەگەرەلێدان؛ پەلپ گرتن؛ بەرەەلستی کردن.
objectify (əb-jek′tə-fī′, ob-jek′tə-fī′), *v.t.* شێوەی تەندار پێدان؛ بەرگ کردنەبەر؛ پیشاندان نەک وەک شتێکی پڕوت بەڵکو وەک شتێکی هەستپێکراو و لەبەرچاو.
objection (əb-jek′shən, ob-jek′shən), *n.* (١) پەسەند نەکردن؛ دژ وەستان؛ بەرەەلستی کردن. (٢) ڕەخنە؛ پەلپ؛ تەگەرە؛ ناڕەزایی.
(٣) هۆی پەسەند نەکردن؛ هۆی دژ وەستان.
objectionable (əb-jek′shən-ə-b'l), *adj.* ناپەسەند؛ بەد؛ خراپ؛ نابەجێ؛ ناشرین (کردەوە، ووتە، ڕەووشت)؛ جێی ڕەخنەیە:
(an ~ smell, person, act, word, etc.)
-objectionably *(adv.)*.
objective (əb-jek′tiv, ob-jek′tiv), *adj.* (١) تایبەتی بە شتێکی هەستپێکراو نەک بە شتێکی ڕووتی ناو مێشک؛ تەندار.
(٢) بێ لایەن؛ نەسەر شتەکە خۆی بەندە نەک هەستی کەسێتی خۆ:
(an ~ person, description, analysis, etc.)
(٣) تایبەتی بە باری کارلێکراو (ڕێزمان): (me, him, her, them).
n. (١) شتێکی هەستپێکراوی لەبەرچاو؛ شتێکی تەندار.
(٢) مەبەست؛ ئامانج. (٣) (ا) باری کارلێکراو (ڕێزمان).
(ب) ووشەیەک کە لەم بارەدا بێت: (me, him, her, them).
objectively (əb-jek′tiv-li, ob-jek′tiv-li), *adv.* بە بێ لایەنانە؛ بە بێ لایەنی (to report the news ~).
objectivism (əb-jek′tiv-iz'm, ob-jek′tiv-iz'm), *n.* (١) بیرو باوەڕی مادیی بیروباوەڕێکی فەلسەفەییە کە دەڵێت: ڕاستی ئەوەیە کە هەستی پێ بکرێ و لەبەرچاو بێت نەک تەنها بیروباوەڕێک بێ لە مێشکدا.
(٢) بایەخ دان بە باسی هەستپێکراو نەک هەستی خۆ لە ویژەدا.
objectivity (ob′jek-tiv′ə-ti), *n.* (١) بێ لایەنی؛ بێ لایەنێتی (His report lacks ~.)
(٢) ڕاستی هەستپێکراو نەک هی ڕووت و تەنها لە مێشکدا.
objectless (ob′jikt-lis), *adj.* بێ ئامانج؛ بێ مەبەست.
object lesson, پەند ڕوونکردنەوە لەڕێی شتی لەبەرچاو و هەستپێکراوەوە.
objurgate (ob′jĕr-gāt′, əb-jūr′gāt), *v.t.* بە تۆندی سەرزەنشت کردن؛ شکاندن
oblanceolate (ob-lan′si-ə-lit, ob-lan′si-ə-lāt′), *adj.* لە ڕم دەچێ: بنەکەی باریک و پۆپەکەی پانە (گەڵا): (an ~ leaf).
oblate (ob′lāt, ob-lāt′), *adj.* (١) خۆبەختکەر بۆ خودا.
(٢) هەردوو سەرەکەی پان یا تەختە (ئەندازە).
n. سۆفیلکە؛ خوایەرست.
oblation (ob-lā′shən, əb-lā′shən), *n.* (١) قوربانی دان (بۆ خودا)؛ قوربانی کردن. (٢) قوربانی.
obligate (ob′lə-gāt′), *v.t.* (١) بەستنەوە بە بەڵێن، قۆنتەرات، یا پەیمانەوە؛ ناچارکردن (٢) منەتبارکردن؛ چاوبەرەوژێرکردن.
adj. (١) بەستراوە بە بەڵێن، پەیمان، یا قۆنتەراتێکەوە؛ ناچار.
(٢) بە بارێکی ژیانەوە بەستراوەتەوە.
obligation (ob′lə-gā′shən), *n.* (١) بەستنەوە بە بەڵێن یا پەیمانەوە؛ بەستراوە بە بەڵێنەوە. (٢) پێویستی سەرشان:
(a person's ~ to his family, friends and country)
٣. پەیمان؛ بەڵێن.
٤. (ا) منەتباری (ب) منەت.
obligatory (ə-blig′ə-tôr′i, ob′li-gə-tō′ri), *adj.* پێویست؛ پێویستی سەرشانە؛ زۆرەکی (Attendance at school is ~.)
oblige (ə-blīj′, ō-blīj′), *v.t.* (١) زۆرلێکردن؛ ناچارکردن؛ بەگیرهێنان؛ بە زۆر پێ کردن. (٢) چاوبەرەوژێرکردن؛ منەتبارکردن.
-obliger *(n.)*.
obligee (ob′li-jē′), *n.* (١) ناچارکراو؛ بە زۆر پێ کراو؛ بەگیرهێنراو.
٢) چاوبەرەوژێرکراو؛ منەتبارکراو.
٣) کەسێکی بەستراوە بە قۆنتەرات یا پەیمانەوە.
obliging (ə-blīj′iŋ, ō-blīj′iŋ), *adj.* (١) [Rare]، زۆرەکی.
(٢) چاکەکەر؛ هەمیشە نامادەی یارمەتیدانی خەڵکە؛ دەستودڵ فراوان.
obligor (ob′li-gôr′, ob′li-gôr′), *n.* بەڵێندەر؛ پەیماندەر؛ خۆبەستەرەوە بە پەیمانەوە یا بە قۆنتەراتەوە
oblique (ə-blēk′), *adj.* (١) لار؛ خوار؛ ناڕێک؛ لابەلا.
oozy (ōō′zi), *adj.* ئاودەڵێ؛ ئاو یا خوێن ڵێ تکاو؛ خوێن تێژاو

oozy (ōō′zi), *adj.* لیندج؛ لیتاوی

opacity (ō-pas′ə-ti), *n.* (۱) تاریکی؛ ڕووناکی لێوە نەهاتن. (۲) شتێکی ناڕۆشن یا ڕووناکی لێوە نەهاتوو.

opah (ō′pə), *n.* ماسی‌یەکی دەریایی گەورەی ڕەنگاوڕەنگە.

opal (ō′p'l), *n.* بەردێکی بەنرخی ڕۆشنی هەمەڕەنگە.

opaline (ō′p'l-in, ō′p'l-in′), *adj.* ڕۆشن؛ دڕەوشاوە؛ ڕەنگین.

opaque (ō-pāk′, ə-pāk′), *adj.* (۱) ڕووناکی لێوە نایەت؛ تاریك؛ تەنێ *(~ glass)* . (۲) نەدڕەوشاوە (۳) نەلەکتریك یا گەرما نەگەیێنن. (۴) ناڕوون (باس)؛ لێڵ؛ تێگەیشتنی گرانە. (۵) بێ مێشك؛ کەودەن؛ کەر.

n. (۱) شتێکی ناڕۆشن یا تاریك. (۲) شتەیەکە بۆ داپۆشینی بەشێکی جام (وێنەگری).

op. cit., [L.], لە هەمان سەرچاوەی ناوبراودا (پەراوێز).

open (ō′p'n), *adj.* (۱) کراوە *(an ~ door)* . (۲) بەردەڵ؛ بەر بەرەڵا *(an ~ field)* . (۳) کراوە؛ دانەخراو؛ نەپێچراوە. (۴) سەربەرەڵا؛ سەربەتاڵ؛ کراوە: *(an ~ can, jar, bottle, etc.)* . (۵) نەپارێزراو؛ بەرەڵا. (۶) کراوە *(an ~ book)* . (۷) یەك نەگرتوو؛ ناکۆك؛ ناڕێك: *(~ ranks)* .

۸ کراوە؛ سەهۆڵ نەگرتوو؛ نەبەستووە. ۹ کراوەیە بۆ هەموکەس *(an ~ meeting or tournament)* ۱۰ نەبڕیاوەتەوە؛ نەخراوە بە لایەکدا: *(an ~ question)* ۱۱ کراوە؛ فراوان: *(an ~ mind)* ب) بەدەستودڵ کراوە. ۱۲ کراوەیە؛ لە کاردایە: *(an ~ account)* ۱۳ نەگیراو؛ کراوە: *(The job is still ~ .)* . ۱٤ کراوەتەوە: *(The store is ~ .)* . ۱۵ ناشکرا؛ زانراو؛ لەبەرچاو: *(an ~ quarrel)* . ۱٦ لەڕوو؛ قسە لەڕوو؛ ڕووکراوە: *(an ~ person, manner, etc.)* ۱۷ ڕوون؛ سایەقە ۱۸ ا) بەکراوەیی بێژراو (تیپە بزوێن). ب) بە تیپە بزوێن دواهاتوو (بڕگە).

v.t. (۱) کردنەوە: *(O~ the door, please.)* . (۲) کردنەوە: *(to ~ a road through the mountain)* (۳) کردنەوە: *(He ~ed the book.)* . (٤) دەرگا کردنەوە بۆ هەموکەس (ئەندامێتی) (۵) دەستپێکردن؛ کردنەوە (کۆڕ): *(to ~ a conference)* (٦) کردنەوە؛ سەر هەڵپچڕین: *(to ~ a bottle, can, etc.)* (۷) دانان (فرۆشگا، یانە... هتد)؛ کردنەوە: *(He ~ed a new store.)* (۸) داچەقاندن. (۹) هەڵهێنان (چاو).

v.i. (۱) کرانەوە: *(The flowers are ~ing.; The door ~ed.)* . (۲) دەرکەوتن؛ هاتنە بەرچاو. (۳) کرانەوە؛ مێشك. (٤) دەستپێکردن؛ کرانەوە: *(When does the school ~ again?; The story ~s with a terrible murder.; The play ~s next week.)* (۵) ~ onto)، کرانەوەو ڕوانین بەسەردا: *(The door ~s onto a lovely garden.)*

open fire, تەقەلێکردن؛ گوللە پێوەنان

open out, (۱) کرانەوە؛ کشان. (۲) دەرکەوتن؛ هاتنە بەرچاو.

open to, (۱) کراوەیە بۆ؛ ئامادەیە بۆ پاسکردن؛ ئارەزوومەند: *(We are open to suggestions.)* (۲) بۆی هەیە؛ لەوانەیە؛ دەیگرێتەوە: *(This tactic is open to criticism.)* (۳) هەیە (هەل، کار)؛ کراوەتەوە بۆ: *(The job is open to both men and women candidates.)*

open up, (۱) کردنەوە؛ کرانەوە. (۲) ڕاخستن. (۳) دەستپێکردن؛ کردنەوە؛ کرانەوە (٤) [Colloq.]، ڕووکرانەوە؛ زمان کرانەوە؛ جڵەو بۆ خۆ بەردان‌و قسەکردن لەڕوو یا ڕەفتار نوواندن: *(The guests opened up after a while.)*

the open, (۱) شوێنێکی تەخت‌و پان‌و کراوە (لەسەر ووشکانی یا لە دەریادا). (۲) دەشت‌ودەر؛ دەرەوە. (۳) هەموکەس دەیزانێ: *(Their secrets are all in the open now.)* (٤) [O-]، پێشبڕکێیەکی کراوە بۆ هەموکەس.

open-air (ō′p'n-âr′), *adj.* = outdoor.

open air, دەرەوەی ماڵ؛ دەرەوە؛ دەشت‌ودەر.

open-and-shut (ō′p'n-'n-shut′), *adj.* ئاسان: *(an ~ case)* .

open-door (ō′p'n-dôr′, ō′p'n-dōr′), *adj.* بێ قەدەغە؛ دەرگا کراوەتەوە بۆ وەرگرتنی هەموکەس یا هەمور ووڵاتێك: *(an ~ policy of admission to schools)*

open door, (۱) وەرگرتنی بێ قەدەغە؛ دەرگای کراوە بۆ وەرگرتنی هەموکەس یا ووڵاتێك. (۲) سەربەستی بازرگانی لەگەڵ ووڵاتێك لەلایەن هەمور

ووڵاتانەوە بەبێ مەرج.

open-ended (ō′p'n-end′id), *adj.* (١) بێ سنوور (٢) دەتوانرێ بگۆڕێ بەگوێرەی پێویستی: *(an ~ plan)*

opener (ō′p'n-ēr), *n.* (٣) نەبراوەتەوە: نەخراوە بە لایەکدا. (١) مەکینەی قوتوو هەڵپچڕین: *(a can- ~)* (٢) پەردەی یەکەم (شانۆنامە، نووساندنی قۆشمە).

(٣) یەکەم بڕی.

open-eyed (ō′p'n-id′), *adj.* (١) چاوکراوە: ووریا. (٢) بە ووریایی کراو.

open-handed (ō′p'n-han′did), *adj.* بەخشندە: بەرچاوتێر.

open-hearted (ō′p'n-här′tid), *adj.* (١) قسە نەڕوو: کراوە: لەڕوو (٢) دڵنەرم: بەخشندە: دڵ فراوان: دڵکراوە.

open house, (١) مبوانداریەکی گشتی یا کراوە بۆ هەموو کەس. (٢) کردەوەی شوێنێکی وەک قوتابخانە بۆ میوان بەتایبەتی باوک و دایکی قوتابی: یا بەزگایەکی تر بۆ ئەوانەی دەیانەوێ ببینن. (٣) دەرگاکردنەوەی خانوویەک کە لەناو بازاڕدا بێت بۆ فرۆشتن بۆئەوەی کڕیاران ببینن

opening (ō′p'n-iŋ), *n.* (١) (ا) کردنەوە (ب) کرانەوە (٢) کون: کەلەبەر: دەرگا: کەلێن: دەم. (٣) پووتەنی ناو دارستانێک (٤) (ا) سەرەتا: دەستپێکردن (ب) کراوەوە: کردنەوە: *(the ~ of a project)* (٥) هەل (~ *as soon as there is an*) . (٦) جێگەیەکی بەتاڵ لە فەرمانگەیەک یا دەزگایەکدا بۆ کارکردن: *(There is an ~ for a clerk in my department.)*

open letter, نامەیەکی کراوە نامەیەکی ڕەخنەو سکالایە بۆ کاربەدەستێک یا نەنجوومەنێک بەڵام لە ڕۆژنامەدا بڵاودەکرێتەوە

open-minded (ō′p'n-mīn′did), *adj.* مێشک کراوە: گوێ ڕاگر لە بیروڕا بەڵگەی نوێ

-open-mindedly *(adv.)*; **open-mindedness** *(n.).*

openly (ō′p'n-li), *adv.* بە ئاشکرا: بێ پێچوپەنا: لەڕوو.

open-mouthed (ō′p'n-mouth′), *adj.* (١) دەم کراوە (٢) واق ووڕماو: دەم داچەقاو (سەرسامی) (٣) دەم پان

openness (ō′p'n-nis), *n.* (١) ئاشکرایی: شت نەشاردنەوە (٢) قسەلەڕوویی (٣) هەموو کەس وەک یەک تەماشاکردن.

open season, وەرزی ڕاوکردن: بە مۆڵەتی میری).

open secret, نهێنیەیەکی گشت کەس پێ زانێ: نهێنی ئاشکرا

open sesame, هۆی سەرکەوتن یا بە ئامانج گەیشتنی مسۆگەر

open shop, کارگەی کراوە دەزگایەکە ئەندامی یەکێتی و ناتەندامیش بەکری دەگرێت

opera (op′ĕr-ə), *n.* (١) ئۆپەرا: چیرۆکێکی شانۆگەریەیە بە گۆرانی و مۆسیقاوە دەنوێنرێت. (٢) ئۆپەراخانە

operable (op′ĕr-ə-b'l), *adj.* (١) چارە دەکرێت بە نەشتەرکاری: *(an ~ cancer)* (٢) بەکاردێت: ئیش دەکات: کاری پێ دەکرێت: *(an ~ motor)* . (٣) کردەنی *(an ~ plan)*

opera house, خانەی ئۆپەرا: شانۆی ئۆپەرا.

operate (op′ə-rāt′), *v.i.* (١) کەوتنەگەڕ: ئیش کردن (مەکینە): کارکردن (٢) کارتێکردن: بە ئەنجام گەیاندن. (٣) (~ against): هێرش بردنە سەر: لەشکرلێکردن (٤) نەشتەرکاری کردن: نەشتەرگەری کردن

v.t. (١) خستنەگەڕ: لێخوڕین (ئوتومبیل، تراکتۆر): ئیش پێکردن (٢) بەڕێوەبردن *(to ~ a restaurant)*

operation (op′ə-rā′shən), *n.* (١) کارکردن: کارپێکردن

(٢) هێز: دەسەڵات.

(٣) کردار: کار (بەتایبەتی کە نەڵقەیەک بێت لە زنجیرەیەک کاردا).

(٤) کردارێکی سوپایی.

(٥) نەشتەرکاری.

(٦) ژمارەکاری (ژمارەوپێوان).

in operation, کارەکات: لەگەڕدایە: لەکارکردندایە: *(The factory is in operation.)*

operational (op′ə-rā′shən-'l), *adj.* (١) تایبەتی بە کردارێک یا کارێک. (٢) تایبەتی بە کرداری سوپایی. (٣) بەکاردەهێنرێت: دەخرێتە کار: کاردەکات: *(an ~ aircraft)* .

operative (op′ə-rā′tiv, op′ĕr-ə-tiv), *adj.* (١) کاردەکات: دەخرێتە کار. (٢) کارێگەر (٣) تایبەتی بە نەشتەرکاریەیەک.

n. (١) کرێکاری پیشەسازی: کرێکار. (٢) پۆلیسی نهێنی.

operator (op′ə-rā′tĕr), *n.* (١) کرێکار: کارگەر: *(a telephone ~)* (٢) خاوەن کار: خاوەن کارگە (٣) پارەباز. (٤) نیشانەی ژمارەکاری (کۆکردنەوە، لێ دەکردن... هتد). (٥) [Colloq.]، کەسێکی زۆڵی زمان لووسی لەخشتەبەر: کەسێکە مەبەستی هەرچۆنێک بێت دەستی دەکەوێت لەڕێی چەوتەوە: *(He is such an ~ .)*

operculum (ō-pûr′kyoo-ləm), *n.* (١) قاوغی هەناسەکێشی ماسی. (٢) چمکی داپۆشەر یا سەرگر (گیانەوەرناسی، ڕووەکناسی).

operetta (op′ə-ret′ə), *n.* کورتە ئۆپەرا.

ophidian (ō-fid′i-ən), *n.* مار: خشۆکی بێ پەل.

adj. ماری: هی مارو خشۆکی تری بێ پەل.

ophiology (of′i-ol′ə-ji), *n.* مارناسی: زانستی مار.

ophite (of′īt, ō′fīt), *n.* بەردەمار: جۆرە بەردێکی خاڵ خاڵاوی سەوزە.

ophthalmia (of-thal′mi-ə), *n.* چاوئێشە: چاو گل کردن: چاو هەوکردن.

ophthalmic (of-thal′mik), *adj.* (١) هی چاو: تایبەتی بە چاو. (٢) چاوئێشەیی

ophthalmitis (of′thal-mī′tis), *n.* = **ophthalmia.**

ophthalmo-, ophthalm- (of-thal′mə), پێشگرێکە بەمانای: چاو: تایبەتی بە چاو: *(ophthalmoscope)* .

ophthalmologist (of′thal-mol′ə-jist), *n.* پزیشکی چاو: پزیشکو نەشتەرگەری چاو.

ophthalmology (of′thal-mol′ə-ji), *n.* پزیشکەوانی چاو.

-ophthalmological *(adj.).*

ophthalmoscope (of-thal′mə-skōp′), *n.* بینەری چاو: ئامێرێکە بۆ تێڕوانینی چاو: چاوپشکنەر: بینەری پزیشک.

-ophthalmoscopic *(adj.)*; **ophthalmoscopy** *(n.).*

-opia (ō′pi-ə), پاشگرێکە بەمانای: ئاتەواوی چاو: کەموکوڕی بینایی: *(myopia)*

opiate (ō′pi-it, ō′pi-āt′), *n.* (١) دەرمانی تلیاکاوی: دەرمانی سڕکەر: بەنگ. (٢) شتێکی ئارام پێدەر یا دامرکێنەرەوە.

adj. (١) تلیاکاوی: تلیاکی تێدایە. (٢) سڕکەر: خەولێخەر: ئارام پێدەر

v.t. [Rare]. (١) دەرمان کردن بە تلیاک. (٢) سڕکردن: مراندن.

opine (ō-pīn′), *v.t. & v.i.* وا دانان: وا زانین: ڕا وا بوون.

opinion (ə-pin′yən), *n.* (١) ڕا: *(public ~ ; In my ~ , he is a fool.)* (٢) بیروباوەڕ: بیروڕا. (٣) هەڵسەنگاندن: ڕای لێکۆڵراوە: *(a legal ~)* . (٤) گوفتاری دادپرس: فەرمان: بڕیار.

opinionated (ə-pin′yən-ā′tid), *adj.* ڕای خۆبەرست: لە ڕای خۆی نایەتە خوارەوە: هەر ڕای خۆی لا پەسەندە: کەللەڕەق

opium (ō′pi-əm), *n.* تلیاك؛ بەنگ
opium poppy, خەشخاش پووەکی بەنگ؛ پووەکی تلیاك.
opossum (ə-pos′əm), *n. Also* possum, گیاندارێکی نەمەریکایی شەوگەڕی هەموو شتخۆری شیرداری کلك درێژی دارودرەخت نشینە بەچکەی لە تووڕەکەیەکدا هەڵدەگرێ و خۆی دەکات بە مردوو کە هێرشی بۆ دەبرێت
opponent (ə-pō′nənt), *adj.* (١) بەرامبەر وەستاو؛ بەرامبەر.
(٢) دژوەستاو؛ دژ؛ ناحەز؛ نەیار.
(٣) ڕێ لێگر (ماسولکە).
n. کەسی بەرامبەر وەستاو (کەین‌وبەین، مشت‌ومڕ، یاری، شەڕ، کۆڕ)؛ دوژمن؛ ناحەز
opportune (op′ər-tōōn′, op′ər-tūn′), *adj.* (١) سار؛ گونجاو؛ باش (کات *(at an ~ time)*
(٢) لە کاتی خۆیدا؛ لە کاتێکی باشدا؛ *(an ~ remark)*.
opportunism (op′ər-tōōn′iz′m, op′ər-tūn′iz′m), *n.* هەڵ پەرستی.
opportunist (op′ər-tōōn′ist, op′ər-tūn′ist), *n.* هەڵ پەرست؛ کەسێکی هەڵ پەرست
adj. هەڵ پەرست.
-opportunistic *(adj.)*.
opportunity (op′ər-tōō′nə-ti, op′ər-tū′nə-ti), *n* دەرفەت؛ هەل؛ بۆار؛ مۆڵەت؛ هەڵکەوت
oppose (ə-pōz′), *v.t.* (١) دژوەستان؛ بەربەرەکانی کردن؛ بەرهەڵستی کردن؛ دژایەتی کردن؛ بەرپەرچدانەوە لە ڕووداو وەستان؛ شەڕ لەگەڵ کردن؛ *(to ~ the enemy; to ~ the new ideas)*
(٢) بەرامبەرکردن *(to ~ anger with good nature)*.
be opposed to, دژ بوون؛ ناقابل؛ ناڕازی؛ پێ خۆش نەبوون؛ *(I am opposed to your going abroad.)*
opposite (op′ə-zit), *adj.* (١) بەرامبەر؛ نەوی تر (دیو، لا)؛ *(the house ~ to ours; the ~ side of the street)*
(٢) پێچەوانە؛ *(in the ~ direction)*.
(٣) دژ بە؛ ناحەز بە؛ ناحەز.
(٤) هاوتا (٥) جوورتە (پووەکناسی)
n. ووشەی پێچەوانە؛ ووشەی دژ مانا؛ *(Black and white are ~s.)*.
adv. بەرامبەر؛ *(He played ~ her in that film.)*.
prep. بەرامبەر؛ نەوبەر
opposite number, کەسێکی هاوپلە لە پێکخراوێك، دەزگایەك، یا ووڵاتێکی تردا؛ کەسی بەرامبەر.
opposition (op′ə-zish′ən), *n.* (١) بەربەرەکانی؛ بەربەرەکانی کردن.
(٢) ناحەزی؛ دژایەتی؛ دوژمنایەتی. (٣) کۆسپ؛ شتی بەرهەڵستیکەر.
(٤) { ♌ } حیزبی دژ وەستاو یا ناحەز؛ بەرەی بەربەرەکانی؛ *(the O~ party; the O~ ; leader of the O~)*
(٥) بەرامبەری (ئەستێرەناسی)
oppress (ə-pres′), *v.t.* (١) دڵگرتن؛ پەستکردن؛ بوون بە بارێکی قورس بەسەرەوە ٢) چەوساندنەوە؛ ستەمکاری کردن؛ زوڵم و زۆرلێکردن.
(٣) { Obs } (أ) پێشێل کردن؛ پێپەستکردن؛ پلیشاندنەوە. (ب) بەسەردا زاڵبوون.
oppression (ə-presh′ən), *n.* (١) زوڵم و زۆر؛ ستەمکاری؛ زۆرداری؛ زۆرلێکردن؛ چەوساندنەوە. (٢) کارێکی ستەمکارانە یا زۆردارانە.
(٣) دڵگرتن؛ پەست بوون؛ پەستی
oppresive (ə-pres′iv), *adj.* (١) چەوسێنەرەوە؛ زۆردار؛ ستەمکار؛ *(an ~ regime, king, ruler, etc.)*
(٢) ناڕەوا؛ ناهەموار؛ نامەق؛ *(~ laws, taxes, rules, etc.)*.
(٣) دڵگر؛ هەناسە لێ بڕ؛ ناخۆش؛ تەنگ (دەروبەر، هەوا)؛ *(an ~ atmosphere, air; ~ weather, heat)*
-oppresively *(adv.)*; oppresiveness *(n.)*.

oppressor (ə-pres′ər), *n.* زۆردار؛ زاڵم؛ چەوسێنەرەوە؛ ستەمکار.
opprobrious (ə-prō′bri-əs), *adj.* (١) ناشرین (ووتە، ڕەووشت)؛ ڕووشکێن؛ پیسواکەر؛ سووکەر؛ سووك *(~ words)*.
(٢) مایەی ڕووڕەشی‌یە؛ ناشرین؛ بێ شەرمانە؛ شووڕەیی *(~ behavior)*
opprobrium (ə-prō′bri-əm), *n.* (١) شووڕەیی؛ حەیاچوون؛ پیسوایی (٢) کارێکی حەیابەرە؛ کردەوەیەکی پیسواکەر.
oppugn (ə-pūn′), *v.t.* بەرپەرچدانەوە؛ بەڵگەهێنانەوە دژی؛ ڕەخنەلێگرتن.
opt (opt), *v.i.* هەڵبژاردن؛ *(The people ~ed for independence.)*
optic (op′tik), *adj.* هی چاو؛ هی بینین یا بینایی
n. [Colloq.], چاو.
optical (op′ti-k'l), *adj.* (١) هی چاو؛ هی بینایی.
(٢) هی بینابیزانی؛ هی زانستی ڕووناکی و بینین.
(٣) هی بینینە؛ یارمەتی بینین دەدات.
optician (op-tish′ən), *n.* چاوپلکەساز؛ چاوپلکەچی
optics (op′tiks), *n.pl.* بینابیزانی؛ زانستی ڕووناکی و بینین.
optimism (op′tə-miz′m), *n.* خۆش بینی؛ خۆش بینین؛ گەشبینی؛ باش بینی.
optimist (op′tə-mist), *n.* خۆش بین؛ بەرچاو ڕووناك؛ باش بین.
optimistic (op′tə-mis′tik), *adj.* خۆش بین؛ باش بین *(I remain ~ about the future.)*
-optimistically *(adv.)*.
optimize (op′tə-miz′), *v.t.* گەورەترین سوود لێ وەرگرتن؛ زۆر بە باشی بەکارهێنان.
optimum (op′tə-məm), *n.* باشترین (دۆخ، پلە، سوود، هەند).
adj. باشترین؛ چاکترین؛ *(the ~ temperature for growing vegetables)*
option (op′shən), *n.* (١) هەڵبژاردن؛ مافی ویستن یا هەڵبژاردن؛ ناڕەزوومەندی؛ *(I have no ~ but to go .)*
(٢) شتێکی هەڵبژێراو؛ ئەوەی دەشێت هەڵبژێرێت *(None of the ~s is satisfactory.)*
(٣) مافی کڕین یا فرۆشتنی شتێك لە ماوەیەکی تایبەتیدا؛ *(I have an ~ on a piece of land.)*
optional (op′shən-'l), *adj.* بە کەیفی خۆیە؛ بە ناڕەزوو یا ویستی خۆیە؛ *(Taking the test is ~ .)*.
optometer (op-tom′ə-tər), *n.* پێوەری بینایی؛ ئامێری پێوانی مەودای بینین.
optometrist (op-tom′ə-trist), *n.* پسپۆڕی بینایی و چاوپلکە؛ پزیشکی چاو؛ چاوپلکەساز.
optometry (op-tom′ə-tri), *n.* (١) پێوانی مەودای بینایی؛ پێوانی دوورو نزیکی بینین. (٢) تێبوانینی چاو بۆ ناتەواوی و چاوپلکە بۆ هەڵبژاردنی
opulence (op′yoo-ləns), *n.* (١) سامان؛ زەنگینی؛ دەوڵەمەندی (٢) زۆرو زەبەندەیی.
opulency (op′yoo-lən-si), *n.* = opulence.
opulent (op′yoo-lənt), *adj.* (١) دەوڵەمەند؛ زەنگین.
(٢) زۆرو زەبەند *(~ vegetation)*.
opuntia (ō-pun′shi-ə), *n.* هەنجیری دڕکاوی؛ هەرمێی دڕکاوی؛ پووەکێکی بیابانە.
opus (ō′pəs), *n.* (١) پارچەیەك مۆسیقا.
(٢) بەرهەمێکی وێژەیی (چیرۆك، هۆنراوە، شانۆگەری)
opuscule (ō-pus′kūl), *n.* پارچە مۆسیقایەکی کورت و هیچ‌وپووچ
or (ôr), *conj.* (١) یا؛ یان؛ *(I'll offer her tea ~ coffee.)*.
(٢) یا (لە دوو شت زیاتر)؛ *(apples, pears, peaches, ~ plums)*
(٣) واتە؛ یان؛ یا؛ *(botany, ~ the science of plants)*.

(٤) یا؛ یار یاوەکو
(Either go ~ stay.; whether he stays ~ goes.)

adj. زێڕی؛ زەرد.

-or (ēr), . *(inventor, inspector)* پاشگرێکە بەمانای: (١) یەکەر. *(horror, error)* (٢) دۆخ؛ بار.

oracle (ôr′ə-k'l, or′i-k'l), *n.* (١) پێشبینی پەیامبەر؛ وەڵامێکی پێشبینی ئوو لە یەکێك لە خوداکانەوە کە پێرێك یا پێغەمبەرێك دەیگەیاندەوە بەو کەسەی پرسیاری بکردایە دەربارەی دواڕۆژ (نەفسانەی یۆنان و ڕۆمان). (٢) شوێنی پێگەیاندنی ئەم وەڵامە. (٣) پەیامبەری ئەم پەیامە: *(to consult an ~)*.

(٤) (أ) کەسێکی زۆر تێگەیشتوو. (ب) ئامۆژگاری کەسێکی زۆر تێگەیشتوو.

oracular (ô-rak′yoo-lēr, ō-rak′yoo-lēr), *n.* (١) تایبەتی بە وەڵامو پێشبینی خودایی (ووشەی پێشوو ببینە): *(an ~ warning)*. (٢) دانا؛ زرنگ؛ تێگەیشتوو. (٣) لێڵ؛ نائاسان؛ ناڕوون.

oral (ôr′əl, ō′rəl), *adj.* (١) بە دەم؛ بە ڕۆ
(~ instructions)

(٢) بە دەم وەرگیراو *(an ~ vaccine)*. (٣) دەم؛ هی دەم *(~ hygiene)*.

n. (often plural), تاقیکردنەوەی زارەکی

-orally *(adv.).*

oral contraceptive, حەبی منداڵ نەبوون؛ حەبی سکپڕ نەبوون

orange (ôr′ənj, or′inj), *n.* (١) پرتەقاڵ. (٢) داڕپرتەقاڵ (٣) ڕەنگی پرتەقاڵی.

adj. (١) تایبەتی بە پرتەقاڵ (٢) پرتەقاڵی؛ نارنجی.

orangeade (ôr′ənj-ād′ or′inj-ād′), *n.* ئاوی پرتەقاڵ

orange pekoe, جۆرە چایەکی سیلانیپە.

orangery (ôr′ənj-ri, or′inj-ri), *n.* جامخانەی داڕپرتەقاڵ؛ داڕپرتەقاڵی تێدا پەروەردە دەکرێ لە ناوچە ساردەکاندا.

orangewood (ôr′ənj-wood′, or′inj-wood′), *n.* داڕپرتەقاڵ

orangutan, orangoutang (ō-raŋ′oo-tan′), *n.* مەیموونێکە لە مرۆڤ دەچێ لە دارستانەکانی " بۆرنیۆ "و" سوماترە " دەژی؛ مرۆڤی کێوی؛ مرۆڤی دارستان

orate (ôr′āt, ō-rāt′), *v.i. & v.t.* ووتاردان؛ ووتار خوێندنەوە؛ ووتار خوێندنەوە بە کەشوفشەوە.

oration (ô-rā′shən, ō-rā′shən), *n.* ووتار؛ ووتاردان؛ ووتار خوێندنەوە لە پێکەوتنێکی پەسمیدا.

orator (ôr′ə-tēr, or′ə-tēr), *n.* (١) ووتاربێژ؛ ووتاردەر (٢) ووتاربێژی لێهاتوو

oratorical (ôr′ə-tôr′i-k'l, or′ə-tō′ri-k'l), *adj.* (١) تایبەتی بە ووتاردان یا ووتاربێژ. (٢) حەزکەر لە ووتاردان.

oratorio (ôr′ə-tôr′i-ō′, or′ə-tō′ri-ō′), *n.* پارچەیەک مۆسیقای ئاینی درێژ

oratory (ôr′ə-tôr′i, or′ə-tō′ri), *n.* (١) ووتاربێژی؛ ووتاردان؛ هونەری ووتاربێژی. (٢) کڵێسەیەکی تایبەتی بچووک.

orb (ôrb), *n.* (١) خڕوکی زەوی؛ گێتی؛ خڕۆك (٢) (أ) نەستێرە؛ ڕۆژ؛ مانگ. (ب) [Obs.]، سەرزەمین؛ سەرزەوی. (ج) [Obs.]، خولگەی نەستێرە. (٣) [Poetic]، چاو؛ گۆی چاو. (٤) خڕۆکی شاهانە خڕۆکێکە خاچێکی بە سەرەوەیە هێمای دەسەڵاتی شاهانەیە. (٥) [Archaic]، (أ) مەودای چالاکی؛ مەیدانی دەسەڵات؛ مەبدان. (ب) پلەوپایە. (٦) گشت؛ هەموو. (٧) [Rare]، بازنە؛ شتێکی خڕ.

v.t. (١) خڕکردن؛ بازنەکردن. (٢) [Poetic] ، دەورگرتن

v.i. (١) لە خولگەیەکدا سووڕانەوە. (٢) [Poetic] ، خڕبوون.

orbicular (ôr-bik′yoo-lēr), *adj.* (١) خڕ؛ بازنەیی. (٢) خڕو تەخت (گەلا). (٣) تەواو؛ سەراپا؛ هەموو.

orbiculate (ôr-bik′yoo-lit, ôr-bik′yoo-lāt′), *adj.* = orbicular.

orbiculated (ôr-bik′yoo-lā′tid), *adj.* = **orbiculate.**

orbit (ôr′bit), *n.* (١) چاڵی چاو. (٢) خولگە؛ سوێگە: *(the earth's ~ round the sun)*. (٣) مەودای چالاکی و ژانین و بەسەرهاتو هەڵسوکەوت: *(one's social ~)* (٤) مەودای دەسەڵات و دابینکاری؛ ڕکێف. (٥) پێستی دەوری چاوی باڵندە.

v.t. (١) خستنە خولگەوە (مانگی دەستکرد). (٢) بەدەوردا خولانەوە؛ سووڕانەوە بەدەوردا:
(The moon ~s the earth.; He ~s the film world.)

v.i. سووڕانەوە؛ خولانەوە.

orc (ôrk), *n.* = grampus.

orchard (ôr′chērd), *n.* (١) باخ. (٢) داری باخ.

orchardist (ôr′chērd-ist), *n. Also* **orchardman,** باخەوان.

orchestra (ôr′kis-trə), *n.* (١) سازبەند؛ سازو سەمتوور؛ ئۆرکێسترا؛ دەستەی مۆسیقاژەنان. (٢) جێی سازبەند لە شانۆیەکدا. (٣) کورسی ڕیزەکانی پێشەوەی شانۆیەك.

-orchestral *(adj.).*

orchestrate (ôr′kis-trāt′), *v.t. & v.i.* (١) ساز دانان بۆ سازبەند. (٢) سازاندن؛ ڕێکخستن؛ ڕێك‌وپێك کردن: *(to ~ an event)*.

orchestration (ôr′kis-trā′shən), *n.* (١) پارچە ئاوازی ئامادەکراو بۆ سازبەند. (٢) سازاندن یا ڕێکخستنی سازی سازبەند. (٣) سازاندن؛ ڕێکخستن.

orchid (ôr′kid), *n.* (١) جۆرە گوڵێکە. (٢) ئەرخەوانی؛ ئەرخەوانیی کاڵ.

orchitis (ôr′ki-tis), *n.* باگونە.

ordain (ôr-dān′), *v.t.* (١) ڕێکخستن؛ ڕێك‌وپێك کردن؛ ئامادەکردن. (٢) لە چارە نووسین؛ وا بۆ داناڵ؛ فەرماندان؛ بۆ بڕیارەوە:
(God has ~ed death as our lot.)

(٣) داناڵ بە قەشە؛ کردن یا دامەزراندن بە قەشە: *(He was ~ed priest.)*
(٤) داناڵ بە مالووم.

-ordainment *(n.).*

ordeal (ôr-dēl′, ôr-dē′əl, ôr′dēl), *n.* (١) شێوەیەکی دادپرسی کۆنە بۆ بڕیاردانی تاوانبارێتی یا بێ تاوانی گومانبارێك و بڕیارێیە لە تاقیکردنەوەیەکی سەختی گومانبارەکە (وەك دەستی خستنە ئاو ئاوی لەکوڵەوە) و گوایە ئەگەر بێ تاوان بێ ئەوا خوا دەیپارێزێت و زیانی بێ ناگات. (٢) تاقیکردنەوەیەکی سەخت؛ کارەساتێکی ناخۆش؛ کارێکی سەخت:
(to go through a terrible ~)

order (ôr′dēr), *n.* (١) پلەوپایەی کۆمەڵایەتی. (٢) ئاسایش؛ ئاسوودەیی. (٣) ڕیز؛ بەرودوایی. (٤) ئەخشە؛ شێوەی ڕێکخستن؛ پەیڕەو. (٥) تاقم؛ دەستە. (٦) (أ) ڕێبازێکی ئایینی: *(a monastic ~)*. (ب) ڕێکخراوی ئەیێنی. (٧) (أ) دەستەیەکی خەڵات کراو. (ب) دڕووشمی ئەم دەستەیە. (٨) ڕێك‌وپێکی. (٩) دۆخ؛ بار: *(The motor was in very poor ~ .)*. (١٠) فەرمان؛ فەرمایشت؛ فەرمووده. (١١) چەشن؛ جۆر؛ چەشن. (١٢) پێناز؛ ڕێ؛ ڕێگە؛ شێوەی کردنی شتێك. (١٣) (أ) داوا؛ خواست؛ داواکاری:
(Have you received my ~ for books?)

(ب) شتی داواکراو: *(I delivered her grocery ~ .)*.
(ج) یەك بەش خواردەمەنی داواکراو لە چێشتخانەدا:

(I'll have an ~ of French fries.)

(١٤) شێوەی خانووسازی.

(١٥) فەرمانی دادپرس؛ بڕیاری دادپرس.

(١٦) (*pl.*) بڵاوکراوەی سوپایی.

(١٧) چین (زیندەوەرزانی، پووەکناسی).

(١٨) (ا) یەکێک لە نۆ پلە یا جۆرەکانی فریشتە. (ب) پلەیەکی قەشەیەتی.

(ج) (*pl.*) پلەی قەشە. *(He took holy ~s .)*

(د) ناهەنگی کردن بە قەشە.

v.t. (١) ڕێکخستن؛ ڕێک‌وپێک کردن؛ ڕێزکردن. (٢) فەرمان بەسەردا کردن؛ بەسەردا خوڕین؛ فەرمان پێدان. (٣) داواکردن *(to ~ groceries, a hamburger, a beer, etc.)*. ordain (٤)

v.i. (١) فەرمانکردن؛ فەرماندان. (٢) داواکردن.

a large (or tall) order, کارێکی گران

call to order, دەست بە کۆبوونەوە کردن؛ دەستپێکردن (کۆڕ)؛ کۆڕ بەستن. *(He called the meeting to order.)*.

in order, (١) بەپێر؛ ڕێک‌وپێک. (٢) باش کاردەکات. (٣) بەپێی پەیرەوە. (٤) بەجێ؛ شیاو.

in order that, بۆئەوەی؛ تاکو؛ تاوەکو.

in order to, بۆئەوەی؛ تاکو؛ تاوەکو

in short order, خێرا؛ یەکسەر؛ زوو.

made to order, بەپێی ویستی کڕیار دروستکراوە؛ دەستکرد.

on order, داواکراوە بەڵام هێشتا نەگەیشتووە (ئازووقە، کەرەسە).

on the order of, وەک

order (a person) about, هەمیشە فەرمان بەسەردا کردن؛ پەیتا پەیتا بەسەردا خوڕان.

out of order, (١) ناڕێک‌وپێک؛ لە ڕیز چووە دەرەوە. (٢) شکاو؛ پەککەوتوو؛ لەکارکەوتوو؛ تێکچوو (٣) ناپەیرەوی؛ بەگوێرەی پەیرەو نیە (خواست، پێشنیاز، یا بەڕەچدانەوەی کەسێک لە کۆڕێکدا).

(٤) نابەجێ؛ نەشیاو؛ لە جێی خۆیدا نیە.

take holy orders, بوون بە قەشە. ڕێک‌وپێکی.

orderliness (ôr′dēr-li-nis), *n.*

orderly (ôr′dēr-li), *adj.* (١) ڕێک‌وپێک؛ جوان ڕێکخراو؛ پاک‌وتەمیز: *(an ~ room)*

(٢) بە ناشتی؛ ئاسایشانە: *(an ~ crowd; an ~ transition of power)*

(٣) هی ڕاگەیاندنی فەرمانی سوپایی.

n. (١) سەربازی بەردەستی نەفسەر. (٢) بەردەستی خەستەخانە.

ordinal (ôr′d'n-əl, ôr′di-n'l), *adj.* (١) پلەیی (ژمارە): (first, second, third, tenth, thirtieth, etc. 1st, 2nd, 10th, 30th, etc.)

(٢) هی جینە زیندەوەر یا پووەک

n. (١) ordinal number . [O-] (٢) کتێبی نوێژکردن.

ordinal number, ژمارەی پلەیی. (first, second, third, ninth, fourteenth, etc.)

(ووشەی " cardinal number " ببینە).

ordinance (ôr′di-nəns), *n.* (١) فەرمان. (٢) نەریت. (٣) نەریتی ئاینی (بەتایبەتی هی شێوی پیرۆز لە کڵێسەدا). (٤) یاسای شارەوانی؛ یاسای ناوخۆی شار: *(a city ~)*.

ordinarily (ôr′d'n-er′ə-li, ôr′də-nâr′ə-li), *adv.* بە ئاسایی؛ بە ڕۆری

ordinary (ôr′d'n-er′i), *adj.* (١) ئاسایی (٢) ڕەمەکی؛ هەرەمە؛ بازاڕی؛ ساکار.

n. (١) کەسێک، شتێک، یا بارێکی ئاسایی. (٢) کاربەدەستێکی کڵێسە یا دادگای ئاسایی (واتە جێگری کەسێکی تر نەبێت). (٣) (ا) نەو بەشەی نوێژی ناو کڵێسە کە هیچ ناگوترێت. ب) نامیلکەی نەم نوێژە. (ج) قەشەی بەندیخانە. (٤) (ا) ژەمێک خواردنە کە چێشتخانەیەک هەموو ڕۆژێک لە هەمان کاتدا پێشکەشی دەکات بە هەمان نرخ. (ب) چێشتخانەیەکی وەها. (٥) دروشمی سوارچاکی ئاسایی.

-ordinariness *(n.)*.

out of the ordinary, ئاناسایی؛ ئانائاسا؛ سەرئاسا

ordination (ôr′də-nā′shən), *n.* (١) (ا) کردن بە قەشە؛ بوون بە قەشە. (ب) ناهەنگی کردن بە قەشە. (٢) ڕێکخستن؛ هاوپۆل کردن.

ordnance (ôrd′nəns), *n.* (١) تۆپ (سوپا). (٢) کەرەسەی جەنگ؛ تەقەمەنی؛ چەکی جەنگ.

ordonnance (ôr′də-nəns), *n.* (١) ڕێکخستن (وێژە، نیگارکێشی، خانووسازی)؛ سازدان. (٢) یاسا؛ یاسای شارەوانی؛ فەرمان؛ فەرمانئامە

ordure (ôr′jēr, ôr′dyoor), *n.* (١) پیسایی؛ شیاکە؛ گوو. (٢) شتێکی ڕەووشت پیسکەر.

ore (ôr, ōr), *n.* کانزای خاو؛ کانزای پاک نەکراوە.

oread (ôr′i-ad′, ōr′i-ad′), *n.* بووک یا حۆری گردو شاخ (نەفسانەی یۆنانی).

oregano (ō-re′gə-nō′), *n.* جاترە.

organ (ôr′gən), *n.* (١) ئۆرگەن: ئامێرێکی مۆسیقایی بۆریدارە لە پیانۆ دەچێ. (٢) ئەندام (لەش). (٣) دەزگا؛ هۆ؛ ئامێر؛ پێکەر: *(Parliament is the chief ~ of government.)* (٤) هۆی ڕاگەیاندنی حیزبێک یا ڕێکخراوێک (ڕۆژنامە، گۆڤار)؛ ئۆرگان.

organic (ôr-gan′ik), *adj.* (١) تایبەتی بە ئەندام؛ ئەندامی. (٢) ناوەکی؛ خۆیی؛ بەشێکی ئ جیانەبووەوەیە: *(an ~ part)*. (٣) ڕێکخراو؛ یەک ئاوات؛ ڕێک‌وپێک؛ سازاو: *(an ~ whole)* (٤) ئۆرگانیک (کیمیا). (٥) زیندە؛ زیندە ماددە. (٦) (ا) بە پەین پەروەردەکراو نەک بە پەینی کیمیایی؛ بەشێوەی سرووشتی بەخێوکراو: *(~ gardening; ~ vegetables, foods, etc.)*. (ب) هۆرمۆنات یا ماددەی کیمیایی تێ نەکراوە: *(~ meat)*. (ج) خاکی؛ سرووشتی؛ سادە: *(an ~ lifestyle)*. (٧) بنچینەیی؛ بناغەیی.

-organically *(adv.)*.

organic chemistry, کیمیای ئۆرگانیک.

organicism (ôr-gan′ə-siz'm), *n.* (١) تیۆرییەکە دەڵێت: کە هەموو نەخۆشیەک لە گۆڕانی نەندامی لەشەوە تووش دەبێت. (٢) بیروباوەڕێکە کە دەڵێت: کۆمەڵ وەک زیندەوەرێک وایە.

organism (ôr′gən-iz'm), *n.* (١) زیندەوەر؛ گیانەوەر (٢) ڕێکخراوێک یا شتێکی لە زیندەوەر چوو؛ ڕژێم؛ دەزگا: *(the social ~)*.

organist (ôr′gən-ist), *n.* ئۆرگەنژەن؛ ئۆرگەن لێدەر.

organization (ôr′gən-ī-zā′shən), *n.* (١) ڕێکخستن؛ سازدان (٢) (ا) شێوەو پلەی ڕێکخستن یا ڕێکخراوی: *(a high degree of ~)* (ب) پێکهاتن. (٣) (ا) دەزگا؛ شتێکی یەک پن گیراو یا یەکخراو؛ کۆمەڵ (ب) ڕژێم. (٤) ڕێکخراو؛ یەکێتی. (٥) دەستەی فەرمانگێڕیی ڕێکخراوێک.

organize (ôr′gən-īz′), *v.t.* (١) ڕێکخستن؛ ڕێک‌وپێک کردن؛ سازدان: *(to ~ one's thoughts before speaking)* (٢) ڕێکخستن: *(to ~ a strike)*. (٣) دانان؛ دامەزراندن؛ ڕێکخراو دانان: *(to ~ a club)*. (٤) یەکێتی کرێکاران دانان؛ یەک پێگرتنی کرێکاران: *(to ~ a union; to ~ the workers in a union)*

v.i. (١) پێکهاتن؛ بوون بەیەک؛ یەکگرتن.

(۲) چوونه ناو یەکێتی کرێکارانەوە؛ بوون بە ئەندام لە ڕێکخراوێکدا.

organizer (ôr′gən-īz′ĕr), *n.* ڕێکەر؛ یەکێتی کرێکاران، ڕێکخراو، حیزب. (هند)

organo- (ôr′gə-nō), **organogenesis** (ôr′gə-nō-jen′ə-sis), *n.* پێشگرێکە بەمانای: ئەندامی؛ زیندەلەیی. سەرچاوەو پێکهاتنی ئەندام

organography (ôr′gə-nog′rə-fi), *n.* باسکردنی زانستیی‌یانەی ئەندامی گیانلەبەرو ڕووەک

organology (ôr′gə-nol′ə-ji), *n.* ئەندامناسی؛ زانستی شێوەو پێکهاتن‌و بەرهەسەندن‌و کاری ئەندامی گیانەوەر

organon (ôr′gə-non′), *n.* (۱) هۆی بیرکردنەوەو فێربوون؛ هۆی ڕاگەیاندنی زانیاری. (۲) ڕێبازی لێکۆڵینەوە؛ هۆی لێکۆڵینەوە.

organum (ôr′gə-nəm), *n.* (۱) organon. (۲) پارچەیەک مۆسیقای هەمەدەنگ.

organza (ôr-gan′zə), *n.* جۆرە قوماشێکی ناورێشمی‌یە.

orgasm (ôr′gaz′m), *n.* ئاوهاتنەوە؛ ڕەحەت بوون.
-orgasmic *(adj.).*

orgiastic (ôr′ji-as′tik), *adj.* تایبەتی بە "orgy" (ووشەی دوایی ببینە).

orgy (ôr′ji), *n.* (۱) ئاهەنگی گۆرانی‌و سەماو خواردنەوەو جووت بوون لە یۆنان‌و ڕۆمای کۆندا بەبۆنەی پەرستنی هەندێک لە خوداکانەوە. (۲) گەلەگان؛ ئاهەنگی گانی بە کۆمەل. (۳) بەر بۆ خۆ بەرەڵاکردن لە شتێکدا؛ لە ئەندازە بەدەر خەریک بوون بە کارێکەوە *(an ~ of work, reading, etc.)*

oriel (ôr′i-əl, ō′ri-əl), *n.* پەنجەرەیەکی گەورەی دەرپۆقیو

orient (ôr′i-ənt, ō′ri-ənt), *n.* (۱) [Poetic]. ڕۆژهەڵات. (۲) [O-]. ڕۆژهەڵات؛ ئاسیا. (ب) ڕۆژهەڵاتی دوور (چین، یابان... هتد). (۳) (ا) بریقەی مرواری؛ نەو تایبەخۆیەی باشی مرواری دەنوێنێ. (ب) مرواری باش

adj. (۱) [Poetic]: ڕۆژهەڵاتی. (۲) بریقەدار؛ درەوشاوە؛ نایاب؛ زۆر بەنرخ. (۳) [Poetic]. بەرزبووەوە (وەک خۆر).

v.t. (۱) ڕووکردنە ڕۆژهەڵات (خانوو)؛ بەرەو ڕۆژهەڵات وەرگێڕان. (۲) ڕاهێنان؛ ڕاهاتن بە بارو هەلومەرجێکی نوێ. (ب) ڕووکردنە ڕۆژهەڵات؛ شارەزاکردن؛ پێناسین.

v.i. (۱) ڕووکردنە ڕۆژهەڵات. (۲) ڕاهاتن بە بارو دەوروبەرو هەلومەرجێکی تازە.

oriental (ôr′i-en′tl, ō′ri-en′tl), *adj.* (۱) ڕۆژهەڵاتی. (۲) [O-]. هی ڕۆژهەڵاتی دوورو گەلو کلتوورەکانی.

n. [O-], کەسێکی ڕۆژهەڵاتی دوور (وەک چینی‌و یابانی)؛ هاووڵاتیێکی ڕۆژهەڵاتی دوور.

? Does he have a humanistic ~ ?)

(٤) توانای گەڕانەوەی هەندێ بانگەوەو گیاندار بۆ هێلانەو لانەکانیان لە شوێنی دوورەوە بەبێ سەر لێ تێکچوونیان

Orientalism (ôr′i-en′tl-iz′m, ō-ri-en′tl-iz′m), *n.* (۱) خوونەریتی گەلانی ڕۆژهەڵات؛ خوو نەریتی ڕۆژهەڵاتی. (۲) زانیو لێکۆڵینەوەی زمانو کلتووری گەلانی ڕۆژهەڵات؛ ڕۆژهەڵاتناسی

Orientalist (ôr′i-en′tl-ist, ō-ri-en′tl-ist), *n.* ڕۆژهەڵاتناس

Orientalize (ôr′i-en′tl-īz′, ō-ri-en′tl-īz′), *v.t.* وەکو ڕۆژهەڵاتی لێکردن (لە ڕووخسارو ڕووالەت‌و تایبەخۆدا).

v.i. وەک ڕۆژهەڵاتی لێهاتن.

Oriental rug, قاڵیی ڕۆژهەڵاتی؛ مافوور یا فەرشی ڕۆژهەڵاتی. (پێشی دەوترێ "Oriental carpet").

orientate (ôr′i-en-tāt′, ō کون دەم: دەرچە

oriflamme (ôr′ə-flam′, or′ə-flam′), *n.* (۱) ئالای جەنگی فەرەنسای کۆن؛ ئالای پیرۆزی هاندەر؛ دڕووشمی بەرز.

origin (ôr′ə-jin, or′ə-jin), *n.* (۱) سەرەتا؛ پەیدابوون. (۲) بنەچە؛ ڕەچەڵەک؛ بنەماڵە. (۳) سەرچاوە؛ بنچ‌وبناوان؛ ماک؛ بناوان.

original (ə-rij′ə-n'l), *adj.* (۱) یەکەم؛ پێشترین؛ هی سەرەتا: *(the ~ inhabitants of a country)* (۲) تازە؛ ڕەسەن؛ بێ وێنە؛ نوێ؛ لەوەو پێش نەکراوە یا نەبووە: *(~ ideas)* (۳) داهێنەر؛ شتی تازە داهێنەر: *(an ~ writer)*. (٤) تایبەتی بە وێنەی سەرەتایی (کە وێنەی تری لەبەر وەردەگیرێ). *n.* (۱) وێنەی سەرەتایی (کە وێنەی تری لەبەر وەردەگیرێ): *(This is not the ~ but only a copy.)* (۲) بەرهەمی هونەری یا وێژەی ڕەسەن. (۳) کەسێک کە نوێنرابێ لە تابلۆیەکدا یا سەرباسی چیرۆکێک بێت (٤) کەسێکی داهێنەر؛ داهێنەر. (٥) کەسێکی سەیر. (٦) ئەو زمانەی کە لە سەرەتاوە بەرهەمێکی وێژەیی پێ نووسراوە *(to read Homer in the ~)*

originality (ə-rij′ə-nal′ə-ti), *n.* (۱) ڕەسەنی؛ تازەیی (بەرهەمی هونەری‌و وێژەیی... هتد): *(His work does not show much ~ .)*. (۲) شتێکی ڕەسەن یا تازە

originally (ə-rij′ə-n'l-i), *adv.* (۱) لە سەرەتاوە؛ لە بنچینەوە. (۲) بە شێوەیەکی دیارو جیاواز؛ بە ڕەسەنی.

original sin, یەکەم گوناهی ئادەم (ئاین).

originate (ə-rij′ə-nāt′), *v.t.* داهێنان؛ هێنانەڕوو؛ دەستپێکردن.

v.i. داهاتن؛ پەیدابوون؛ هاتنەڕوو؛ دەستپێکردن.
-origination *(n.).*

originative (ə-rij′ə-nā′tiv), *adj.* داهێنەر؛ توانای داهێنانی هەیە.

originator (ə-rij′ə-nā′tĕr), *n.* داهێنەر؛ دەستپێکەر.

oriole (ôr′i-ō′ri-ōl′ät), *v.t. & v.i.* (۱) ڕووکردنە ڕۆژهەڵات؛ ڕووکردنە لایەک. (۲) ڕاهاتن؛ شارەزابوون؛ چاووگوێ کردنەوە یا کرانەوە؛ شارەزاکردن: *(~ oneself)*.

orientation (ôr′i-en-tā′shən), *n.* (۱) (ا) ڕاهاتن؛ ڕاهێنان. (ب) شارەزابوون؛ شارەزاکردن؛ پێشاندان؛ پێناسین؛ چاوو گوێ کرانەوە: *(an ~ week for new students at the university)* (۲) (ا) ڕووکردنە ڕۆژهەڵات؛ دڕووستکردنی کڵێسە بە جۆرێک کە قوربانیگاکەی یا پێش نوێژگاکەی لە لای ڕۆژهەڵاتەوە بێت. (ب) ڕوو؛ لا. (۳) شێوەی بیرکردنەوەو فەلسەفەو مەیل‌و هەلومەرجێک: *(What is the ~ of the new president*.

orifice (ôr′ə-fis, or′ə-fis), *n.* l′, ō′ri-ōl′), *n.* بانگەوازەیەکی ڕەنگاوڕەنگە لە توخمی ڕیشۆڵە.

orison (ôr′i-z'n, or′i-z'n), *n.* (usually in plural), نوێژ؛ نزا.

ormolu (ôr′mə-lōō′), *n.* زەرد؛ زێڕە دروزنە (لە مسی زەردو کانزای تر پێکدێت‌و شتی پێ دەڕازێنرێتەوە).

ornament (ôr′nə-mənt), *n.* (۱) جوانکەر؛ شتی ڕازێنەرەوە؛ نەخشونیگار. (۲) خشڵ؛ تیتە. (۳) ئارایش؛ ئارایش. (٤) جێی شانازی؛ کەسێک کە جێی شانازی بێت بۆ کۆمەڵ یا پیشەکەی.

v.t. ڕازاندنەوە؛ جوانکردن.

ornamental (ôr′nə-men′t'l), *adj.* ڕازێنەرەوە؛ جوانکەر؛ هی ڕازاندنەوە.

n. شتێکی جوان‌و ڕازێنەرەوە (بەتایبەتی درەختێک یا ڕووەکێک کە بۆجوانی‌یەکەی دەپوێنرێت نەک بۆ بەرەکەی).

ornamentation (ôr′nə-men-tā′shən), *n.* (۱) ڕازاندنەوە؛ جوانکردن؛ جوانکاری. (۲) شتی جوان‌و ڕازێنەرەوە؛ خشڵ.

ornate (ôr-nāt′), *adj.* (۱) زۆر ڕازاوە؛ لە ڕادە بەدەر ڕازاوە: *(an ~ hall)*

(۲) ڕازاوە (وێژە): *(an ~ literary style)*.
-ornately *(adv.)*; **ornateness** *(n.).*

ornery (ôr′nēr-i), *adj.* (١) بێ حەیا و چەقاوەسوو؛ شەڕەنگێز؛ تەگەجێکڵانە؛ بەدڕەفتار. (٢) کەللەڕەق؛ سەرسەخت. (٣) پیس و بۆگەن؛ بێ نرخ. (٤) هەرەمە؛ ڕەمەکی؛ بازاڕی.

ornithic (ôr-nith′ik), *adj.* باڵندەیی. هی باڵندە.

ornitho-, ornith- (ôr′ni-thō, ôr′ni-thə), پێشگرێکە بەمانای: باڵندە

ornithologist (ôr′ni-thol′ə-jist), *n.* باڵندەناس؛ زانای باڵندە.

ornithology (ôr′ni-thol′ə-ji), *n.* باڵندەناسی؛ زانستی باڵندە. **-ornithological** *(adj.)*.

oro- (ôr′ō, or′ə), پێشگرێکە بەمانای: شاخ؛ کێو؛ چیا.

orogenesis (ôr′ə-jen′ə-sis), *n.* = orogeny.

orogeny (ô-roj′ə-ni), *n.* شاخ و کێو پێکهاتن (بەتایبەتی لە نەتجامی جوڵانەوەی زەمینەوە)؛ پەیدابوونی چیا.

orography (ô-rog′rə-fi), *n.* شاخ‌وکێوناسی (کە بەشێکە لە جوگرافیا) **-orographic; orographical** *(adj.)*.

oroide (ō′rō-īd′, ō′rō-id), *n.* داڕشتەی زەرد یا زێڕە دروزنە: داڕشتەیەکە لە مس و توتیا و تەنەکە پێکدێت لە زێڕ دەچێ خشڵی هەرزانبەهای لێ دروست دەکرێت.

orometer (ô-rom′ə-tēr), *n.* پێوەری بەرزی شاخ.

orotund (ôr′ə-tund′, ō′rə-tund′), *adj.* (١) گەورە (دەنگ)؛ دەنگدەرەوە؛ پڕو زرنگاوە. (٢) بە تەنتەنە (گفتوگۆ، نووسین)؛ بە کەش‌وفش؛ ڕازاوە؛ خۆهەڵکێشاو. *(~ talk)*.

orphan (ôr′fən), *n.* هەتیو؛ بێ باوک و دایک؛ بێ باوک یا دایک. *adj.* (١) هەتیو. (٢) هی هەتیو. *(an ~ home)*. *v.t.* هەتیوکردن؛ کردن بە هەتیو.

orphanage (ôr′fən-ij), *n.* (١) هەتیوی؛ هەتیوێتی. (٢) هەتیوخانە. (٣) هەتیوان.

orphanhood (ôr′fən-hood′), *n.* هەتیوی؛ هەتیوێتی.

Orpheus (ôr′fi-əs, ôr′fūs), *n.* نۆرفیەس: سازژەنێک بوو سازی نەوەندە دڵگیری لێدەدا گیاندارو دارو بەردی دەجوڵاند (ئەفسانەی یۆنانی).

Orphic (ôr′fik), *adj.* (١) تایبەتی بە بیروباوەڕو نەریتی " نۆرفیەس " . (ووشەی پێشوو ببینە). (٢) خۆش و دڵگیر وەک ئاوازی " نۆرفیەس " ؛ دڵفڕین. ئاوان. (٣) [-o]، نادیار؛ لێڵ؛ شاراوە.

orphrey (ôr′fri), *n.* تیرەیەکی نەخش و نیگاراویە بە عەبای قەشەوە.

ortho- (ôr′thō, ôr′thə), پێشگرێکە بەمانای: (١) ڕێک؛ ڕاست؛ ستوونی. (٢) گۆشەی ڕاست. (٣) ڕاست؛ تەواو؛ بە جوانی و باشی کراو: *(orthography)*. (٤) ڕاستکردنەوەی چەوتی و ئاتەواوی (بەتایبەتی لێسقان): *(orthopedics)*

orthodontia (ôr′thə-don′shi-ə), *n.* ڕاستکردنەوەی ددان و شەویلگی خوارووخێچ.

orthodontic (ôr′thə-don′tik), *adj.* تایبەتی بە ڕاستکردنەوەی ددان و شەویلگی خوارووخێچ.

orthodontics (ôr′thə-don′tiks), *n.* = orthodontia.

orthodontist (ôr′thə-don′tist), *n.* ددان ڕاستکەرەوە: دانسازی ڕاستکردنەوەی ددان و شەویلگی خوارووخێچ.

orthodox (ôr′thə-doks′), *adj.* (١) لەسەر ئاینی باو؛ بەپێی ئاینی چەسپیو کۆن باو. (٢) بەپێی نەریت و دەستووری کۆن و چەسپیو: *(~ ideas)*. (٣) [O-]، تایبەتی بە کڵێسەی ڕۆژهەڵاتی: *(O~ church)*.

orthodoxy (ôr′thə-dok′si), *n.* (١) ڕاستێتی (بیروباوەڕ، ڕەووشت، کردەوە)؛ پەیڕەوی کردنی نەریت و دەستووری کۆن و چەسپیو. (٢) بیروباوەڕو کردەوەو نەریت و دەستووری کۆن.

orthoepy (ôr-thō′i-pi, ôr′thō-i-pi), *n.* (١) زانستی دەنگ؛ دەنگناسی (زمانەوانی). (٢) بێژانی ڕێک‌وپێک؛ بێژەی ڕاست یا تەواو. **-orthoepic** *(adj.)*; **orthoepist** *(n.)*.

orthogenesis (ôr′thə-jen′ə-sis), *n.* (١) بیروباوەڕێکە کە دەڵێت: گۆڕان لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر بە ڕێک‌وپێکی و بەپێی پەیڕەوێکی تایبەتی پوودەدات نەک هەر لەخوە (زیندەوەرزانی). (٢) بیروباوەڕێکە دەڵێت: کە هەموو گەلێک یا کۆمەڵێک بە هەمان قۆناغی گۆڕیندا تێ دەپەڕێ؛ نەگەڕچی دەوروبەریشی جیاواز بێت (کۆمەڵناسی). **-orthogenetic** *(adj.)*; **orthogenetically** *(adv.)*.

orthogonal (ôr-thog′ə-n'l), *adj.* هی گۆشەی وەستاو؛ تایبەتی بە گۆشەی ڕاست

orthography (ôr-thog′rə-fi), *n.* (١) ڕێنووس؛ نووسینەوەی ڕاست. (٢) حونجەکردن؛ حونجە. (٣) خۆش نووسی؛ دەسخەت خۆشی. **-orthographic; orthographical** *(adj.)*.

orthopedic, orthopaedic (ôr′thə-pē′dik), *adj.* تایبەتی بە پزیشکەوانی نێسقان؛ هی نێسقانی شکاو گرتنەوە یا نەشتەرکاری کردن.

orthopedics (ôr′thə-pē′diks), *n.pl.* پزیشکەوانی نێسقان؛ نەشتەرکاری نێسقان.

orthopedist, orthopaedist (ôr′thə-pē′dist), *n.* پزیشکی نێسقان.

orthopedy (ôr′thə-pē′di), *n.* = orthopedics.

orthoscope (ôr′thə-skōp′), *n.* ئامێری تێڕوانینی چاو (پزیشکەوانی)؛ بینەری چاو.

ortolan (ôr′tə-lən), *n.* باڵندەیەکی گۆشت خۆشە لە توخمی چۆلەکەیە.

-ory (ôr′i), پاشگرێکە بەمانای: (١) هی؛ وەک؛ تایبەتی بە. (٢) جێ؛ هەڵبەند؛ – خانە: *(directory)*.

oryx (ôr′iks, ō′riks, or′iks), *n.* مانگا کێوی ئەفەریقا؛ کەلەکێوی.

oscillate (os′ə-lāt′), *v.i.* (١) لەرینەوە؛ لەرانەوە. (٢) ڕاپایی کردن؛ دوودڵی کردن؛ گۆڕان.

oscillation (os′ə-lā′shən), *n.* (١) لەرینەوە؛ لەرانەوە (٢) ڕاپایی؛ دوودڵی؛ دوودڵی کردن؛ گۆڕان. (٣) لەرەلەر (ئەلەکتریک)

oscillator (os′ə-lā′tĕr), *n.* (١) (ا) لەرەلەرکەر؛ لەرۆک. (ب) ڕاپاکەر؛ دوودڵی کەر. (٢) ئامێری لەرەلەر درووستکەر (رادیۆ، ئەلەکتریک).

oscillogram (ə-sil′ə-gram′, os′i-lə-grăm′), *n.* وێنەی لەرینەوە (ئەلەکتریک).

oscillograph (ə-sil′ə-graf′, os′i-lə-gräf′), *n.* تۆمارکەری لەرینەوەی تەووژمی ئەلەکتریکی.

oscilloscope (ə-sil′ə-skōp′), *n.* = oscillograph.

oscitancy (os′i-tən-si), *n.* (١) باوێشک دان. (٢) خەواڵوویەتی.

osculant (os′kyoo-lənt), *adj.* (١) (ا) ماچکەر؛ ماچکەری. (ب) بەرکەوتوو؛ لێخشاو. (٢) ناوکۆ (تایبەخۆی دوو توخمی زیندەوەر).

osculate (os′kyoo-lāt′), *v.t. & v.i.* (١) ماچ کردن. (٢) بەرکەوتن؛ لێخشان؛ لێوەدان. (٣) بەشداربوون لە چەند تایبەخۆیەکدا (زیندەوەرزانی). (٤) لێکەوتن (ئەندازە).

osculation (os′kyoo-lā′shən), *n.* (١) ماچ کردن؛ ماچ کران. (٢) ماچ. (٣) بەرکەوتن؛ لێخشان؛ لێدان. (٤) خاڵی لێکدان (ئەندازە)؛ لێکدان.

-ose (ōs), پاشگرێکە بەمانای: کاربۆهیدرات (وەک نیشاستەو شەکر): *(sucrose)*

-ose (ōs), پاشگرێکە بەمانای: پڕە لە؛ ئەو تایبەخۆیەی هەیە؛ – ئاسا: *(bellicose, morose)*

osier (ō′zhĕr), *n.* (١) دارەبی (بەتایبەتی ئەو جۆرە دارەبییەی کە خەڵەکانی سەبەتەو زەمیلەی لێ دروست دەکرێ). (٢) خەڵی دارەبییەکی وەها.

-osis (ō′sis), پاشگرێکە بەمانای: (ا) بار؛ دۆخ؛ کار: *(osmosis)*. (ب) نەخۆشی: *(neurosis)*.

(ج) زیادە زۆربوون یا پێکهاتنێکی ناپەسەند. *(sclerosis)*.

osmium (oz′mi-əm, os′mi-əm), *n.* نۆزمیۆم: ماددەیەکی کانزایی سەختە

osmose (oz′mōs, os′mōs), *v.i.* دەڵاندن: دادان (ووشەی داهاتوو ببینە)

osmosis (oz-mō′sis, os-mō′sis), *n.* (۱) دەڵاندن؛ دادان؛ پێدا ڕەتبوون. (۲) هەڵمژین؛ فێربوون لەخۆوە و بێ هەوڵدان. *(to learn a language by ~)*

osprey (os′pri), *n.* باڵندەیەکی ماسی خۆرە لە واشە دەچێت.

osseous (os′i-əs), *adj.* ئێسقاناوی؛ لە ئێسقان دەچێ؛ ئێسکدار.

ossicle (os′i-k'l), *n.* ئێسقانە بچکۆلە (بەتایبەتی هی ناو گوێچکە)؛ ئێسکۆلە

ossification (os′ə-fi-kā′shən), *n.* (۱) بوون بە ئێسقان؛ ئێسقان پێکهاتن. (۲) (أ) وەک ئێسقان لێهاتنی ڕیشاڵ. (ب) کۆمەڵێک ڕیشاڵی ڕەق بوو. (۳) وەک بەردلێهاتنی دڵ، هەست، مێشک

ossifrage (os′ə-frij), *n.* (۱) lammergeier . (۲) osprey .

ossify (os′ə-fī′), *v.t. & v.i.* (۱) کردن بە ئێسقان؛ بوون بە ئێسقان؛ وەک ئێسقان لێهاتن. (۲) وەک بەردلێهاتنی دڵ. هەست، یا مێشک.

ossuary (os′ū-er′i, osh′ū-er′i), *n.* ئێسقاندان: دەفرێکە بۆ هەڵگرتنی ئێسقانی مردووان.

osteal (os′ti-əl), *adj.* : osseous.

osteitis (os′ti-ī′tis), *n.* هەوکردنی ئێسقان

ostensible (os-ten′sə-b'l), *adj.* لەڕوو: دیار؛ ڕووالەت؛ سەرزاری *(an ~ reason or purpose)*

ostensibly (os-ten′sə-bli), *adv.* لەڕوو؛ بە ناو؛ بە ڕووالەت؛ بە سەرزاری *(He was ~ for us but in reality he was against us.)*

ostensive (os-ten′siv), *adj.* (۱) (أ) لەڕوو؛ ڕووالەت؛ سەرزاری. (ب) وا دەرخەر. (۲) ئاشکرا؛ دیار.

ostentation (os′tən-tā′shən), *n.* خۆبادان؛ خۆنواندن؛ کەشوفش *(the ~ of the newly-rich)*

ostentatious (os′tən-tā′shəs), *adj.* (۱) خۆبادەر؛ خۆنوێنەر؛ بە کەشوفش؛ بە تەنتەنە. *(an ~ person, manner, etc.)*. (۲) بۆ کەشوفش کراو؛ بۆ تەنتەنەو خۆبادان کراو؛ کەشوفشاوی؛ *(~ jewelry)*

osteo-, oste- (os′ti-ō, os′ti-ə), پێشگرێکە بەمانای: ئێسقان.

osteoblast (os′ti-ə-blast′), *n.* شانەی ئێسقان پێکهێنەر.

osteoclasis (os′ti-ok′lə-sis), *n.* شکاندنەوەی ئێسقان بۆ گرتنەوەی بە باشی و ڕێکوپێکی.

osteoclast (os′ti-ə-klast′), *n.* (۱) شانەیەکە ئێسقانی نەویستراو لەناودەبات. (۲) ئامێری ئێسقان شکاندنەوەو گرتنەوەی بە ڕێکوپێکی.

osteoid (os′ti-oid′), *adj.* لە ئێسقان دەچێ

osteology (os′ti-ol′ə-ji), *n.* ئێسقانناسی؛ زانستی ئێسقان **-osteologist** *(n.)*; **osteological** *(adj.)*.

osteoma (os′ti-ō′mə), *n.* سندانی ئێسقان؛ سندانی شانەی ئێسقان

osteomyelitis (os′ti-ō-mī′ə-lī′tis), *n.* هەوکردنی مۆخ

osteopath (os′ti-ə-path′), *n.* پزیشکی چارەکەری نەخۆشی لەڕێی دەستکاری کردن و ڕاستکردنەوەی بڕبڕەی پشتەوە.

osteopathy (os′ti-op′ə-thi), *n.* چارەکردنی نەخۆشی لەڕێی ڕاستکردنەوەی بڕبڕەی پشت و ماسولکەوە. **-osteopathist** *(n.)*.

osteophyte (os′ti-ə-fīt′), *n.* زیادە ئێسقان

osteoplasty (os′ti-ə-plas′ti), *n.* نەشتەرکاری ئێسقان؛ پینەکاری ئێسقان

osteotome (os′ti-ə-tōm′), *n.* ئێسقانبڕ؛ ئامێری ئێسقان بڕین.

osteotomy (os′ti-ot′ə-mi), *n.* ئێسقان بڕینەوە (نەشتەرکاری)؛ نەشتەرکاری ئێسقان.

ostiary (os′ti-er′i), *n.* (۱) دەرگاوانی کڵێسە. (۲) فەرمانبەری کڵێسەی کاسۆلیکی وەک قەشە.

ostiole (os′ti-ōl′), *n.* کونێلە؛ کون؛ دەم.

ostler (os′lēr), *n.* مەیتەر.

ostosis (os-tō′sis), *n.* پێکهاتنی ئێسقان.

ostracism (os′trə-siz'm), *n.* (۱) شاربەدەرکردن (لە یۆنانی کۆندا)؛ پەڕەوازە؛ دەربەدەرکردن. (۲) تەرەکردن؛ تەراندن؛ پەڕەوازەکردن؛ ناوارەکردن

ostracize (os′trə-sīz′), *v.t.* شاربەدەرکردن؛ دەربەدەرکردن؛ تەرەکردن؛ پەڕەوازەکردن.

ostrich (ôs′trich, os′trich), *n.* حوشترمەل؛ ووشترمەل؛ ووشترمورخ.

other (u*th*′ēr), *adj.* (۱) (أ) تر؛ ئەوی تر؛ ئەوی کە: *(the ~ foot)*. (ب) ئەوانی تر؛ ئەوانی کە: *(His ~ books are better than this.)*. (۲) هی تر؛ جیاواز؛ هی جیاواز: *(any ~ girl)*. (۳) زیادە؛ هی تر؛ هی کە: *(He has no ~ coat.)*. (٤) پێشوو: *(O~ times had their own customs.)*. *pron.* (۱) ئەوی تر: *(Each loved the ~ .)*. (۲) هی تر (مرۆڤ، شت): *(How many ~s are there?)*. *adv.* هیچی تر؛ هیچی کە: *(He can't do ~ than go.)*.

every other, هەر یەک نە یەکێک: *(every other person, house, day, week, etc.)*

of all others, زیاتر لە هەموو؛ زیاد لە هەموویان.

the other day (or night, etc.), دەمێک نێیە؛ تازە؛ لەم چەندانەدا.

otherwhere (u*th*′ēr-hwâr′), *adv.* [Arch. or Dial.], لە شوێنی تردا؛ بۆ شوێنێکی تر.

otherwhile (u*th*′ēr-hwīl′), *adv.* [Archaic or Dial], لە کاتێکی تردا.

otherwise (u*th*′ēr-wīz′), *adv.* (۱) بەپێچەوانە؛ بە شێوەیەکی تر؛ جیاواز: *(He says ~ .; She believed ~ .)*. (۲) لە هەموو ڕوویەکی ترەوە؛ ئەگینا: *(The rent is high, but ~ the house is satisfactory.)* (۳) ئەگەرنا؛ ئەگینا؛ دەنا: *(Do what you are told ~ you will be punished.)* *adj.* هی تر؛ جیاواز؛ بە جۆرێکی تر: *(His answer could not be ~ .)*

other world, ئەوەو دنیا؛ دنیای تر.

otherworldly (u*th*′ēr-wūrld′li), *adv.* (۱) تایبەتی بە ئەوەو دنیا. (۲) ئەوەو دنیا پەرست؛ خۆ تەرخانکەر بۆ شتی ئەوەو دنیایی و گیانی و گوێ نەدەر بە شتی ئەم دنیایە. **-otherworldliness** *(n.)*.

otic (ō′tik, ot′ik), *adj.* گوێچکەیی؛ هی گوێچکە.

otiose (ō′shi-ōs′, ō′ti-ōs′), *adj.* (۱) تەمەڵ؛ بێکارە. (۲) بێ سوود؛ بێ کەڵک.

otitis (ō-tī′tis), *n.* گوێ هەوکردن؛ گوێ چوزانەوە.

oto-, ot- (ō′tō, ō′tə), پێشگرێکە بەمانای: گوێ؛ گوێچکە.

otocyst (ō′tə-sist′), *n.* کیسی شلەداری بیستن و لەنگەرگیری لە بێ بڕبڕەکاندا.

otolaryngology (ō′tə-lâr′iŋ-gol′ə-ji), *n.* پزیشکەوانی قورگ و گوێ.

otolith (ō′tə-lith′), *n.* گەردێکی بەردین یا ئێسقانی ناو گوێچکەیە.

otology (ō-tol′ə-ji), *n.* پزیشکەوانی گوێ. **-otological** *(adj.)*; **otologist** *(n.)*.

otoscope (ō′tə-skōp′), *n.* بینەری گوێ: ئامێری تێڕوانینی

تاقیکردنەوەی گوێ.

otter (ot′ĕr), *n.* (۱) سەگ ئاو؛ گیاندارێکی ئاوی گۆشتخۆری تووکنی قاچ پەردەداری پەل کورتی بچووکە. (۲) کەولّی ئەم گیاندارە.

Ottoman (ot′ə-mən), *adj.* عوسمانی؛ عوسمانی؛ تورکی

n. (۱) عوسمانییەک؛ تورکێک؛ تورک. (۲) [ŏ-] : جۆرە کورسییەکی نزمی بێ پشتە. (ب) جۆرە قەنەفەیەکە. (ج) کورسی بێ

Ottoman Empire, ئیمپراتۆرنشینی عوسمانی.

oubliette (o͞o′bli-et′), *n.* زیندانی ژێرزەمین.

ouch (ouch), *interj.* ئاخ؛ ئۆف؛ دەنگێکە ئازاری کوتوپڕ دەگەیەنێ.

ouch (ouch), *n.* [Archaic]. (۱) یەخەبەندی بە گەوهەر پازاوە. (۲) جێی گەوهەر تێخستن (وەک ئەنقەو یەخەبەند... هتد).

v.t. [Archaic], پازاندنەوە بە یەخەبەندی گەوهەردار.

ought (ôt), *v.aux.* (۱) پێویستە؛ دەبێ:

(He ~ to pay his debts.)

. *(You ~ to eat more slowly.)* (۲) وا باشە؛ دەبێ

(۳) وا چاوەڕوان دەکرێ؛ نیاز وایە:

(I ~ to be through by next Friday.)

ought (ôt), *n.* هەر شتێک؛ هەرچی شتێک.

adv. هیچ

ought (ôt), *n.* سفر.

ounce (ouns), *n.* (۱) ئاونس شانزە یەکی پاوەند

. *(an ~ of care, kindness, intelligence, etc.)* (۲) نەختێک؛ تۆزێک:

ounce (ouns), *n.* پلنگی سپی؛ پلنگی بەفری.

our (our), *pron.* هی ئێمە؛ مان؛ - ی ئێمە:

(~ home; ~ goal; ~ share)

ours (ourz), *pron.* هی خۆمان؛ هی ئێمە؛ - ی ئێمە.

(a friend of ~ ; This house is ~ .; O~ are better.: O~ is larger than yours.)

ourself (our-self′), *pron.* خۆمان (بە زمانی شاهانە)؛ خۆم.

ourselves (our-selvz′), *pron.* (۱) خۆمان؛ خۆمان؛ دووپاتکردنەوە:

(We went ~ .)

. *(We hurt ~ .)* (۲) خۆمان

(۳) خۆمان؛ تەواو خۆمان:

(We are not ~ when we rage like that.)

-ous (əs), پاشگرێکە بەمانای پڕ لە: *(joyous, odorous)*

oust (oust), *v.t.* دەرکردن لە کار؛ لابردن؛ لێ خستن:

(to ~ a president from office)

ouster (ous′tēr), *n.* (۱) دەرکردن (لە کار)؛ دەرکران؛ لابردن؛ لێ خستن:

(The demonstrations led to the ~ of the president.)

(۲) دەرکەر؛ لابەر

(۳) خانوو زەوی‌وزار لیسەندنەوە بە ناڕەوایی؛ لە مالّ یا مولّک دەرکردن بەزۆر؛ مولّکو مالّ زەوتکردن.

out (out), *adv.* (۱) (ا) لە دەرەوە؛ بۆ دەرەوە: *(~ of the house)* . (ب) دەرەوە؛ لە دەرەوەی مالّ. (ج) مانگرتوو.

. *(Come ~ and play .)* (۲) دەرێ؛ دەرەوە:

. *(Disease broke ~ .)* (۳) بەربابوون

. *(tired ~)* (٤) بە تەواوی؛ بەکجار:

. *(The moon came ~ .)* (٥) هاتنەدەرەوە؛ دەر:

(٦) خستنە ناو بازارەوە؛ دەرهێنان:

(The firm put ~ a new line of shoes.)

. *(fade ~ ; burn ~ ; die ~)* (۷) دوایی هاتن؛ تەواوبوون؛ نەمان:

. *(speak ~)* (۸) بە دەنگی بەرز؛ بە تووند:

. *(stand ~)* (۹) دیاربوون؛ دەرکەوتن؛ زۆر بەدەرەوەبوون:

. *(branch ~ ; spread ~ ; sort ~)* (۱۰) بلاوبوونەوە:

(۱۱) جیابوونەوە؛ ناکۆک بوون؛ دوورکەوتنەوە لە یەکتر:

(Friends may fall ~ .)

. *(pick ~)* (۱۲) لێ هەلّبژاردن

. *(He passed ~ .)* (۱۳) [Slang]، بوورانەوە؛ لە هۆش خۆ چوون:

adj. (۱) دەرەکی؛ هی دەرەوە: *(~post; ~field; ~lying)* . (۲) لە سنوور بەدەر؛ لە رادە بەدەر.

(۳) هی سەر سنوور.

. *(~ because of sickness)* (٤) نەهاتوو؛ نەدیار:

. *(~ at the elbow)* (٥) بەدەرەوە؛ هەلّماڵراو؛ ڕووت:

. *(~ five dollars)* (٦) دۆراو:

. *(The television is ~ .)* (۷) پەککەوتوو؛ شکاو؛ لە کارکەوتوو:

(۸) ناکۆک؛ ناڕێک

prep. (۱) لێوە؛ ئەیەوە (۲) لە دەرەوەی: *(~ this window)*

n. (۱) [Slang] ، بەڵگە؛ ڕێگەی خۆپەراندنەوە.

(۲) (*pl.*) حیزبی دۆراو (هەلّبژاردن). (۳) (ا) ووشە پەراندن (چاپەمەنی).

(ب) ووشەی پەرێنتراو. (٤) تۆپێک کە دەچێتە دەرەوە (یاری تەنس)

v.i. ئاشکرابوون؛ دەرکەوتن: . *(Truth will ~)*

v.t. (۱) دەرکردن؛ کردنەدەرەوە بە زۆر.

(۲) [British Slang]، بە زەویدا دان.

interj. بڕۆ دەرەوە؛ بچۆ دەرەوە

all out, [Colloq.], بە تەواوی؛ بە یەکجاری؛ پڕ بە دڵ

on the outs, [Colloq.], ناکۆکن؛ ناڕێکن.

out and out, بە تەواوی؛ تەواو؛ لە سەدا سەد:

(He's a scoundrel out and out .)

out for, زۆر هەوڵ بۆ دان؛ تەقەلاکردن.

out from under, [Colloq.], لە گیروگرفت یا مەترسی ڕزگاربوون.

out of, (۱) لە ناوەوەی.

(۲) لە؛ لەناو ژمارەیەک کەس یا شتدا:

(Out of a hundred people two were chosen.)

(۳) لە دەرەوەی؛ دوور لە؛ دوورە دەست:

(out of the reach of police)

. *(buildings made out of stone)* (٤) لە:

. *(out of spite)* (٥) لە؛ بەهۆی؛ لەوەوە:

. *(out of money)* (٦) بێ؛ پێ نەبوون:

(They were cheated out of fifty dollars.) (۷) لێ سەنران؛ لێ

out of place, لە جێی خۆیدا نییە؛ ناگونجێ.

out of sight, نابینرێ؛ نەبینراو؛ لە چاو وون بوو.

out to, . *(He is out to get you.)* زۆر هەوڵ بۆ دان؛ تەقەلاکردن:

out- (out), پێشگرێکە بەمانای: (۱) دەرەکی؛ دەرەوە:

(outbuilding, outpatient)

. *(outbound; outcast)* (۲) بۆ دەرەوە؛ بەرەو دەرەوە:

(۳) باشتر لە (پێشبڕکێ)؛ گەورەتر لە؛ خێراتر لە؛ زۆرتر لە:

(outrun; outdo; outsell)

outage (out′ij), *n.* بڕین (ئەلەکتریک)؛ بڕان؛ وەستان:

(a power ~ lasting several hours)

out-and-out (out′ən-out′), *adj.* تەواو؛ بە تەواوی؛ لە سەدا سەد؛ ئێجگار.

outbalance (out-bal′əns), *v.t.* سەنگینتربوون لە؛ زۆرتربوون لە

outbid (out-bid′), *v.t.* لەسەر زیادکردن (هەراج)؛ پارە زیاتر دان.

outbound (out′bound′), *adj.* . *(an ~ train)* پڕۆشتوو؛ چوو:

outbrave (out-brāv′), *v.t.* (۱) ئازاتربوون لە.

(۲) لێ نەترسان؛ بەرەو ڕوو وەستان.

outbreak (out′brāk′), *n.* بەربابوون؛ بڵاوبوونەوە؛ تەقینەوە:

(an ~ of war, violence, disease, etc.)

outbreed (out-brēd′), *v.t. & v.i.* (۱) لە یەک چاک کردن لەگەڵ

توخمی جیاوازدا. (۲) ژنهێنان‌و شووکردن له دەرەوەی خێڵ یا خێزان.

outbreeding (out′brēd´iŋ), *n.* (۱) نە یەک چاک کردن لەگەڵ توخمی جیاوازدا (۲) ژنهێنان‌و شووکردن لە دەرەوەی خێڵ یا خێزان.

outbuilding (out′bil´diŋ), *n.* خانووی دەرەوە: خانوویەکی بچووک لە دەرەوەی مال بەڵام بەشێکە لێی (وەک کایەن، تەوێلە، سایەبان، چەرداخ...).

outburst (out′bûrst′), *n.* هەڵچوون، تووڕەیی، شادی... هتد)؛ هاڕە؛ تەقینەوە. *(an ~ of emotions, anger, joy, violence, etc.)*

outcast (out′kast´, out′käst´), *adj.* دەربەدەر؛ دەربەدەرکراو

n. (۱) کەسێکی دەربەدەر؛ کەسێکی تەرە یا نەویستراو. (۲) کەسێکی هیچ‌وپووچ؛ شتێکی هیچ‌وپووچ

outcaste (out′kast´, out′käst´), *n.* کەسێکی لە چین یا خێڵی خۆ دەرکراو (لە هیندستان).

outcome (out′kum´), *n.* ئەنجام؛ بەر؛ مایە.

outcry (out′krī´), *n.* (۱) هاوار؛ قیژە؛ نالە. (۲) ناڕەزایی دەربڕینێکی توندوتیژ.

outdated (out-dāt′id), *adj.* کۆنەباو؛ باونەماو؛ کۆن.

outdistance (out-dis′tәns), *v.t.* پێشکەوتن؛ پێشبڕکێ یا ملەملێ).

outdo (out-dōō′), *v.t.* بۆڕپێدان؛ لێ بردنەوە؛ پێشکەوتن: *(He will ~ anybody in wit.)*

outdo oneself, (۱) بۆر بە خۆ دان؛ لە خۆ باشتربوون؛ باشتر بە ئەنجام گەیاندن لە ڕابوردووی خۆ. (۲) هەوڵێکی ئێجگار زۆر دان.

outdoor (out′dôr´, out′dōr´), *adj.* دەرەوە؛ هی دەرەوەی مال؛ هی شوێنی کراوە؛ دیدەوانی: *(~ games)*.

outdoors (out´dôrz′, out´dōrz′), *adv.* دەرەوە؛ دەرەوەی مال: *(Is it cold ~ ?)*

n. دەشت‌ودەر؛ دەرەوە. *(She loves the ~ .)*.

outer (out′ēr), *adj.* (۱) دەرەکی؛ هی دەرەوە؛ دوور لە ناوچەقەوە. (۲) دوور؛ پەر؛ لاتەریک: *(~ regions)*.

outermost (out′ēr-mōst´), *adj. & adv.* پەڕتڕین؛ دەرەوەترین؛ دوورترین

outer space, بۆشایی دەرەوەی ئاسمان.

outface (out-fās′), *v.t.* (۱) چاوشکاندن؛ بۆڕپێدان لە چاو تێ بڕیندا. (۲) بەرەو ڕوو وەستان؛ بەرهەڵستی کردن.

outfall (out′fôl´), *n.* ئاوەڕێژ جۆگە، ڕووبار، زێراب).

outfield (out′fēld´), *n.* (۱) پەڕی یاریگای بێسبۆل (۲) یاریکەرانی نەم ناوچەیەی یاریگای بێسبۆل.

outfit (out′fit), *n.* (۱) کەرەسە. *(a carpenter's ~)*. (۲) دەستەجل؛ بەرگ؛ جل‌وبەرگ. *(an elegant ~)*.

(۳) دەستەیەکی هەمان پیشە (بەتایبەتی هی سوپا یا بازرگانی). (٤) کەرەسە یا جل‌وبەرگ پێدان؛ بەبەرگرتن

v.t. بەبەرگرتن؛ جل‌وبەرگ‌و کەرەسەی گەشت‌و یاری‌و کار پێدان.

-outfitter *(n.)*.

outflank (out-flaŋk′), *v.t.* (۱) دەورەدان (هێزی دوژمن)؛ دەورگرتن. (۲) ڕێ لێ بەستنەوە؛ داناتربوون لە؛ دەست بەسەر ئاحەزدا ڕۆیشتن.

outflow (out′flō´), *n.* (۱) لە بەر ڕۆیشتن (شلە، ئاو)؛ ڕەوت؛ ڕۆیشتن؛ تەورێم؛ ڕۆیشتنی خشۆکانە؛ خەرج کردن. (۲) لە بەر ڕۆیشتوو؛ ئەو شتەی لە بەری دەڕوات. (۳) ئەو هەندەی لە بەری شتێک دەڕوات؛ ئەوەندەی خەرج دەکرێت.

outfoot (out-foot′), *v.t.* خێراتر ڕۆیشتن یا ڕاکردن لە.

outfox (out-foks′), *v.t.* فێڵبازتربوون لە؛ زیرەکتربوون لە؛ زۆڵتربوون لە.

outgeneral (out-jen′ēr-әl), *v.t.* لێ بردنەوە لە سەرکردایەتی‌و پیلان دانانەوە.

outgo (out-gō′), *v.t.* تێپەڕبوون؛ پێشکەوتن؛ زیاتربوون لە.

n. (۱) ڕۆیشتن؛ لە بەر ڕۆیشتن؛ خەرجکاری.

(۲) خەرجی؛ پارەی خەرج کراو.

outgoing (out′gō´iŋ), *adj.* (۱) (!) ڕۆیشتوو؛ ئەوەی دەڕوات: *(an ~ ship)*

(ب) خەریکە دەڕوات‌و دەبێتە هی ڕابوردوو: *(the ~ administration, government, director, etc.)*

(۲) ڕووکراوە؛ سەر بەدەرەوە؛ ڕوو بەدەرەوە؛ کۆمەڵخواز؛ ڕووخۆش *(an ~ person)*

n. (۱) ڕۆیشتن؛ چوون. (۲) (*pl.*) پارەی خەرج کراو؛ خەرجی.

outgrow (out-grō′), *v.t.* (۱) گەورە بوون‌و ئیتر بە بەر نەکردن: *(to ~ one's clothes)*

(۲) خێراتر گەورەبوون؛ گەورەتربوون لە: *(Tom has outgrown his elder brother.)*

(۳) گەورەبوون‌و تەرک کردن (خوو): *(to ~ the bad habits of boyhood)*

outgrowth (out′grōth´), *n.* (۱) گەشەکردن؛ گەورەبوون؛ پەرەسەندن. (۲) وەچە؛ شتێکی تازە ڕووا یا گەشەکردوو: *(an ~ of new shoots on a branch)*

(۳) ئەنجام؛ مایە؛ بەرهەم: *(Crime is often an ~ of poverty.)*.

outguess (out-ges′), *v.t.* (۱) هەڵهێنانی نیازو پیلانی کەسێک یا لایەک. (۲) فێڵبازتربوون لە.

outhaul (out′hôl´), *n.* پەتی ڕاکێشانی بایەوان بەسەر تەوەری کەشتی‌و بەلەمی بایەواندا.

outhouse (out′hous´), *n.* (۱) ئاودەستخانەی دەرەوەی مال؛ ئاودەستی دەرەوە. (۲) **outbuilding**.

outing (out′iŋ), *n.* (۱) گەشت؛ سەیران. (۲) پیاسە

outland (out′land´), *n.* (۱) وڵاتی بێگانە. (۲) (*pl.*) ناوچە دەرەکی‌و دوورەکانی وڵاتێک؛ ناوچە پەڕەکانی وڵاتێک یا زەوی‌و زارێکی گەورە.

adj. (۱) بێگانە. (۲) پەڕ؛ تەرێک؛ دەرەوە.

outlander (out′lan´dēr), *n.* بێگانە؛ کەسێکی بێگانە؛ دەرەکی.

outlandish (out-lan′dish), *adj.* (۱) بێگانە؛ هی بێگانە (۲) سەیر؛ ناناسایی: *(an ~ dress)*.

(۳) کێوی. (٤) دوور؛ دەرەکی؛ لا چەپ؛ تەرێک.

outlast (out-last′, out-läst′), *v.t.* زیاتر بەرگەگرتن لە؛ زیاتر دەربردن یا بەردەوام بوون لە؛ بۆڕپێدان: *(These shoes will probably ~ me.)*

outlaw (out′lô´), *n.* (۱) تاوانبارێک کە مافی پاراستنی یاسایی لێ سەنرابێتەوە لەلایەن دادگاوە. (۲) قاچاخ؛ یاخی؛ کەسێکی یاخی؛ چەتە؛ تاوانبارێکی یاخی. (۳) گیاندارێکی تۆڕو دابین نەکراو.

v.t. (۱) بە یاخی دانان؛ بە چەتە دانان. (۲) لێسەندنەوەی مافی پاراستنی یاسایی. (۳) قەدەغەکردن: *(to ~ gambling)*.

outlawry (out′lô´ri), *n.* (۱) قەدەغەکاری؛ قەدەغەکردن؛ قەدەغەکران. (۲) بە یاخی دانران؛ مافی پاراستنی یاسایی لێ سەنرانەوە. (۳) یاخێتی؛ چەتەیی.

outlay (out′lā´), *n.* (۱) پارە خەرج کردن. (۲) ئەوەندەی کە خەرج دەکرێ؛ خەرجی.

v.t. پارە خەرج کردن.

outlet (out′let´), *n.* (۱) کون؛ دەرگا؛ کەلەبەر؛ دەروو. (۲) هۆی دەربڕین؛ کەلەبەر: *(an ~ for one's emotions, energies, etc.)*

(۳) کەلەبەر؛ جۆگەی لێ بووەوە؛ ئاوەڕۆ: *(the ~ of a lake)*.

(٤) (!) بازاڕ. (ب) فرۆشگای فرۆتەنێیەکی تایبەتی؛ فرۆشگا.

(٥) جێی سوێچ (ئەلەکتریک).

outlier (out′lī´ēr), *n.* (۱) دەرەکی؛ ئاوەکی؛ کەسێکی دابڕاو لە

کۆمەڵەکەیەوە (٢) کەسێک کە ماڵەکەی دووبارە لە شوێنی کارەکەیەوە.

(٣) تاشەبەردێکی داپراو لە دەروبەرەکەیەوە بەهۆی خوارنەوەوە (زەمیناسی).

outline (out′līn′), *n.* (١) چوارچێوە؛ سنوور؛ کەمەرە؛ چێوە.

v.t. (۱) جووت کردن؛ جووت جووت کردن.
(۲) جووت پێ گرتن؛ لە یەك چاك کردن.
(۳) هاوجووت بۆ دۆزینەوە؛ هاوبەش بۆ پەیداکردن.

v.i. (۱) (~ off)، جووت گرتن؛ بوون بە جووت یا جووتە.
(۲) مارەکردن؛ ژنهێنان؛ شوو پێ کردن؛ بوون بە هاوسەر.

pair off, (۱) جووت پێ گرتن؛ جووت جووت کردن؛ جووت کردن.
(۲) جووت گرتن‌و پۆیشتن؛ جووت جووت بوون‌و کشانەوە.

paisley (pāz′li), *adj.* (۱) هی قوماشێکی خوری نەقش‌ونیگاراوی

ڕەنگاوڕەنگ. (٢) لەم جۆرە قوماشە دروستکراوە

n. (١) قوماشی خوری ڕەنگاوڕەنگی نەقشونیگاراوی؛ شال. (٢) دەستمان یا جل‌وبەرگی تری لەم قوماشە دروستکراو.

pajamas (pə-jam′əz, pə-jä′məz), *n.pl.* بیجامە

pal (pal), *n.* [Colloq.]. برادەر؛ هاوڕێ.

v.t. & v.i. [Colloq.]. بوون بە هاوڕێ؛ برادەری کردن

palace (pal′is), *n.* (١) کۆشکی شاهانە؛ کۆشک. (٢) خانوبەرەکی زۆر گەورەو جوان. (٣) خانوبەرەکی گەورەو جوانی پێشانگا و خۆنوواندن.

paladin (pal′ə-din), *n.* (١) یەکێک لە دوانزە سوارچاکە بەگزادەکەی " شارلەمان " . (٢) پاڵەوان؛ قارەمان؛ سوارچاک.

palaestra (pə-les′trə), *n.* (١) وەرزشگا (بەتایبەتی هی زۆرانبازی لە یۆنانی کۆندا). (٢) (ا) قوتابخانەی زۆرانبازی. (ب) جیمنازیۆم؛ وەرزشگا؛ مەشقگا.

palanquin, palankeen (pal′ən-kēn′), *n.* کەژاوە (کە دوو کەس بە شان هەڵیان گرتبێت)

palatability (pal′i-tə-bil′ə-ti), *n.* (١) تام خۆشی؛ خۆشێتی. (٢) پەسەندێتی؛ بەجێیی؛ بەدڵ بوون.

palatable (pal′i-tə-b'l), *adj.* (١) تام خۆش؛ خۆش؛ دەخوڕێت (٢) پەسەند؛ بەجێ؛ بەدڵ بوو؛ جێی پەزامەندی و پەسەندە.

palatal (pal′i-t'l), *adj.* (١) هی ناسمانەی دەم؛ هی مەڵاشوو؛ هی دەم. (٢) بە بەرکەوتنی سەری زمان و ناسمانەی دەم دەبێژرێ وەک دەنگی " ج " و " ش " (دەنگناسی)؛ مەڵاشوویی

palatalize (pal′i-t'l-īz′), *v.t.* گۆڕین بۆ دەنگێکی وەها کە بە بەرکەوتنی سەری زمان و ناسمانەی دەم دەبێژرێ.

palate (pal′it), *n.* (١) ناسمانەی دەم؛ مەڵاشوو (٢) هەستی چەشتن؛ چەشتن؛ هەستی تام کردن. (٣) چێژی مێشک و دڵ؛ هەستی بەدڵ بوون و پەسەندکردن.

palatial (pə-lā′shəl), *adj.* (١) بۆ کۆشک دەشێت: *(~ gardens)* (٢) زۆر گەورەو جوان و ڕازاوە؛ لە کۆشک دەچێ؛ زۆر جوان و کەشخە (خانوو): *(a ~ house)*

palatinate (pə-lat′'n-āt′, pə-lat′'n-it), *n.* (١) هەرێمی ژێردەستی دەرەبەگێکی گەورە (٢) پلەوپایەی میرێکی دەرەبەگی. (٣) [-it]. دانیشتووی هەرێمێکی نەڵمانیا کە بە " پەلاتین " ناسراوە.

palatine (pal′ə-tīn′, pal′ə-tin), *adj.* (١) کۆشکی (٢) مافی شاهانەی هەیە. (٣) تایبەتی بە میر یا بەگزادە.

n. (١) کاربەدەستی کۆشکی شاهەنشا. (٢) دەرەبەگێکی سەدانی ناوەڕاست کە وەک پاشا هەرێمەکەی خۆی دەڕان. (٣) کەولی سەرشان. (٤) [-it]. یەکێکە لەو حەوت گەردی ڕۆمای لەسەر دروستکراوە. (٥) [-it]. دانیشتووێکی هەرێمی " پەلاتین " ی نەڵمانی.

palatine (pal′ə-tīn′, pal′ə-tin), *adj.* هی ناسمانەی دەم؛ مەڵاشوویی

n. نێسقانی ناسمانەی دەم.

palaver (pə-lav′ĕr), *n.* (١) کۆڕی خێڵە نەفەریقاییەکان؛ کۆڕی نێوان خێڵە نەفەریقاییەکان و بازرگان و کەسانی نەورووپایی تر لە نەفەریقادا. (٢) دەمەتەقێ؛ قسە. (٣) مەرایی؛ زمان لووسی.

v.t. & v.i. مەرایی کردن؛ زمان لووسی کردن

pale (pāl), *adj.* (١) ڕەنگ زەرد هەڵگەڕاو؛ ڕەنگ سپی هەڵگەڕاو؛ ڕەنگ پەڕیو *(to turn ~)* . (٢) بێ ڕەنگ؛ کز (ڕووناکی). (٣) بێ هێز؛ بێ تێز.

v.i. (١) ڕەنگ زەرد بوون؛ ڕەنگ سپی هەڵگەڕان؛ ڕەنگ پەڕین. (٢) کز دەربوون؛ ناگرنگ و هیچ‌وپووچ دیاربوون لەچاو شتێکی تردا: *(My work ~d beside his.)*

v.t. ڕەنگ زەرد هەڵگەڕاندن؛ کزکردن.

-paleness *(n.)*.

pale (pāl), *n.* (١) سنگ (تەیمان)؛ قیسپ. (٢) پەرژین؛ تەیمان؛ سنوور. *(outside the ~ of the law)* (٣) شوێنێکی پەرژین کراو (٤) میلی ستوونی ناوەڕاستی قەڵغان.

beyond the **pale,** لە سنووری ڕەفتار جوانی بەدەر.

pale- , palae- (pā′li), paleo-.

palecthnology (pā′li-eth-nol′ə-ji), *n.* ڕەگەزی کۆن ناسی؛ لێکۆڵینەوەی ڕەگەزە کۆنەکانی بەر لە مێژوو.

paleo- (pā′li-ō), *Also* pale- , palae-, (ا) کۆن؛ پێشگرێکە بەمانای: بەر لە مێژوو. (ب) سەرەتایی؛ کێوی.

paleobotany (pā′li-ō-bot′ə-ni), *n.* لێکۆڵینەوەی ڕووەکە بەردەنێیەکان؛ زانستی ڕووەکی وەک بەرد لێهاتوو.

paleography (pā′li-og′rə-fi), *n.* (١) نووسینی کۆن؛ نووسینە کۆنەکان (وەک نووسینی بزماری). (٢) لێکۆڵینەوەی نووسین و نووسراوە کۆنەکان ؛ هەڵهێنان یا دەرکردن و خوێندنەوە و باسکردنی نووسراوە کۆنەکان

-paleographic; paleographical *(adj.)*; paleographer *(n.)*.

paleolith (pā′li-ə-lith′), *n.* نامێزی بەردینی کۆن.

paleolithic (pā′li-ə-lith′ik), *adj.* تایبەتی بە دەوری بەرد.

paleolithic man, مرۆڤی دەوری بەرد.

paleontology (pā′li-ən-tol′ə-ji), *n.* (١) زانستی پاشماوە بەردینەکانی گیاندارو ڕووەکی کۆن (زەمینناسی)؛ لێکۆڵینەوەی بوونەوەری زۆر کۆن. (٢) ڕاپۆرتێکی نووسراو دەربارەی ئەم لێکۆڵینەوەیە.

-paleontological *(adj.)*; paleontologist *(n.)*.

Paleozoic (pā′li-ə-zō′ik), *adj.* (١) هی چەرخە زۆر کۆنەکان (زەمینناسی). (٢) هی بەردی ئەم چەرخە.

paleozoology (pā′li-ō-zō-ol′ə-ji), *n.* زانستی پاشماوە بەردینەکانی گیاندارو جانەوەری کۆن (زەمینناسی).

-paleozoological *(adj.)*.

Palestinian (pal′əs-tin′i-ən, pal′əs-tin′yən), *adj. & n.* فەڵەستینی.

palette (pal′it), *n.* (١) تەختەیەکە نیگارکێش بۆیەکانی لەسەر تێکەڵاو دەکاتو ڕێک دەخات. (٢) ڕەنگی بەکارهێنراو لەلایەن نیگارکێشێکی تایبەتێیەوە؛ ڕەنگی تابلۆیەکی تایبەتی.

palette knife, چەقۆی کول تێکەڵاوکردنی بۆیەی نیگارکێش.

palfrey (pôl′fri), *n.* [Archaic]. ئەسپێکی بچووکە ژن سواری دەبێ.

palimpsest (pal′imp-sest′), *n.* پێست یا تەختەبەردێکە کە دوو- سێ جار شتی لەسەر نووسرابێ و کوژێنرابێتەوە، بەڵام هەندێ لە نووسینە کۆنەکەی هێشتا هەر پێوە دیاربێت

palindrome (pal′in-drōm′), *n.* ووشەیەک یا ڕستەیەک یا ژمارەیەکە کە لە پێشەوەو دواوە دەخوێنرێتەوە بەبێ گۆڕینی ماناکەی: (madam; rotator; Able was I ere I saw Elba.; 1441)

paling (pāl′iŋ), *n.* (١) تەیمان دروستکردن؛ تەیمان کردن. (٢) تەیمان. (٣) قیسپ؛ سنگ (تەیمان)

palingenesis (pal′in-jen′ə-sis), *n.* (١) لەدایکبوونەوە؛ زیندووبوونەوە. (٢) زیندووبوونەوەی گیانی مردوو لە لەشێکی تری زیندوودا. (٣) گۆڕانی تەواوی جانەوەر لەکاتی گەورەبوونیدا.

palinode (pal′ə-nōd′), *n.* (١) هەڵبەستی پاشگەزی: هەڵبەستێکە کە هۆنەر تێیدا پاشگەز دەبێتەوە لە هەڵبەستێکی پێشوو. (٢) پاشگەزبوونەوە

palisade (pal′ə-sād′), *n.* (١) سنگی نەستووری نووک تیژ. (٢) تەیمانی سنگی نەستووری نووک تیژ بۆ پاراستن. (٣) *(pl.)*، ڕیزە کەندەڵانی بەرزو زۆر لێژی قەراغ ڕوبار

v.t. بەهێزکردن و پاراستن بە تەیمانی سنگی نەستوورو نووک تیژ.

palish (pāl′ish), *adj.* نەختێک ڕەنگ سپی هەڵگەڕاو؛

ئەختبلك رەنگ زەرد

pall (pôl), *v.t.* لەبەرچاو خستن؛ بێ تاقەت کردن؛ پەستکردن

v.i. (١) سست بوون؛ بێ تاقەت بوون؛ ماندووبوون. (٢) لەبەرچاوکەوتن (لەبەر زۆری)؛ تاقەت لێ چوون

pall (pôl), *n.* (١) پەردەی دارتەرم؛ تارای تەرم. (٢) پەردەیەکی رەشی دڵتەنگکەری ئاشرین. *(a ~ of smoke)* (٣) [Obs.]. پەردە؛ پۆشاک (٤) [Obs.]. عەبا. (٥) (أ) تارای کاسەی شەرابی پیرۆزی کڵێسە. (ب) تارای قوربانیگای کڵێسە.

v.t. پەردە بەسەردا دان؛ داپۆشین بە پەردە.

Palladian (pə-lā′di-ən), *adj.* (١) تایبەتی بە " پالاس ئەسینا " کە ماتوورخوای ژیری بوو لای یۆنانەکان. (٢) هی ژیری و زانیاری.

Palladium (pə-lā′di-əm), *n.* (١) پەیکەری ماتوورخوای ژیری " پالاس ئەسینا " لە یۆنان و ڕۆما (بەتایبەتی پەیکەرەکەی شاری " تڕوی " کە گوایە شارەکەی دەپارێست). (٢) [-P]. شتێکە کە پارستنی شوێنێک یا لەسەر بەندە؛ بارێزەر؛ قەڵا

palladium (pə-lā′di-əm), *n.* ماددەیەکی کیمیایی زیویی لە توخمی پلاتین

Pallas (pal′əs), *n.* (١) ناوی بانووخوای ژیری یۆنانی کۆنە (٢) پەکێکە لە ئەستێرە کاروانیی بچووکەکانی نێوان " مەریخ و موشتەری " .

pallbearer (pôl′bâr′ər), *n.* تەرم هەڵگر؛ دارتەرم هەڵگر.

pallet (pal′it), *n.* (١) ماڵەی گۆزەودێزە کەر؛ ماڵەی ساف کردن (٢) palette (٣) تەختەی شت لەسەر دانان یا شت پێ گواستنەوە. (٤) ئامێری چاپکردن لەسەر بەرگی کتێب. (٥) چەکوشی کاتژمێر.

pallet (pal′it), *n.* دۆشەکی پووش؛ جێی پووش؛ گەنگەجێ؛ جێی هێچوپووچ

pallet (pal′it), *n.* میلی ستووتی سەر قەڵغان

pallette (pal′it), *n.* تەپەقی ژێر ماڵی قەڵغان

palliasse (pal-yas′, pal′yas), *n.* = paillasse.

palliate (pal′i-āt′), *v.t.* (١) لە نازار کەم کردنەوە؛ نازار کوشتن؛ لە توندوتیژی کەم کردنەوە (٢) بەڵگە بۆ هێنانەوەی تاوان؛ لە ستەمکاری- تاوانبک کەم کردنەوە بە بەڵگە بۆ هێنانەوەی

palliative (pal′i-ā′tiv, pal′i-ə-tiv), *adj.* هی نازار یا ستەم کەم کردنەوە

n. نازارمرێن؛ نێشی کۆڕ؛ ستەم کەمکەرەوە

pallid (pal′id), *adj.* ڕەنگ زەرد؛ ڕەنگ پێ نەماو؛ بێ ڕەنگ

(the ~ face of an invalid)

pallium (pal′i-əm), *n.* (١) کەوابەکی پیاوانەی یۆنانی کۆنە (٢) تووکی مێشک (٣) عەبای پاپا و سەرەک قەشە (٤) تووک یا ڕیشاڵی تەنیشت قاوغی هەندێ گیانداری ئاوی؛ بەرگی ناو قاوغی نەم گیاندارانە.

pall-mall (pel′mel′), *n.* (١) پۆل مۆل یاریەیەکی کۆنە بریتێیە لە لێدانی تووپکی دارین بە مێکوتێکەو خستنێیە ناو ئەڵقەیەکی ئاسنینی هەڵواسراو بەوسەری کۆڵانێکەوە. (٢) ئەو کۆڵانەی یاریەیەکی وەهای تێدا بکرێ.

pallor (pal′ər), *n.* ڕەنگ زەردیی دەموچاو؛ بێ ڕەنگی

palm (päm), *n.* (١) دارخورما (٢) گەڵای دارخورما کە نیشانەی سەرکەوتنە (٣) سەرکەوتن؛ زاڵبوون (٤) مەدالیایەکی خەڵاتی سوپایە لە شێوەی گەڵای دارخورمادا

bear (or carry off) the palm, بردنەوە؛ سەرکەوتن؛ خەڵات کران.

yield the palm to, دان بە دۆڕاندنا نان؛ دان بە سەرکەوتنی هاوچاوادا نان؛ پێ لە بەزین نان

palm (päm), *n.* (١) بەری لەپ؛ بەری دەست؛ لەپ؛ ناو لەپ؛ ناو دەست. (٢) بەری لەپی دەستکێش (٣) پانایی شاخی ئاسک و مەڕەکێوی. (٤) بست؛ پانایی بەری لەپ (پێوان). (٥) دەمی سەوڵ؛ سەرە پانەکەی شتی تری وەک سەوڵ

v.t. (١) شاردنەوە لە بەری لەپدا. (٢) بەری دەست لێدان

grease the palm of, بەرتیل پێدان

have an itching palm [Colloq.], بەری دەست خوران بۆ پارە؛ زۆر حەز لە پارە کردن؛ زۆر برسی پارە بوون.

palm off, بە ساختە بردنەسەر؛ بە درۆ بردنەسەر یا خۆ پەڕاندنەوە.

palmar (pal′mər), *adj.* وەک بەری لەپ؛ لە بەری دەستدا؛ هی بەری لەپ یا سمی گیاندار.

palmary (pal′mə-ri), *adj.* زۆر لێهاتوو؛ سەرکەوتوو.

palmate (pal′māt, pal′mit), *adj.* وەک بەری دەست وایە

palmer (päm′ər), *n.* بەکراوەیی: (أ) وەک هەندێ گەڵا. (ب) قاچی پەردەداری گیانداری ئاوی (١) حاجی‌یەک کە گەڵایەکی دارخورمای هەڵدەگرت نیشانەی ئەوەی کە حەجی کردووە لە " ئەرزی پیرۆز " لە سەدانی ناوەڕاستدا لە ئەورووپا. (٢) حاجی. (٣) palmer worm .

palmer worm, (١) جۆرە تەتەڵەمیرانێکی زیانبەخشە بۆ ڕووەک. (٢) جۆرە کرمۆکەیەکە گەڵای دارسێو دەخوات.

palmetto (pal-met′ō), *n.* جۆرە داخورمایەکی بچووکی گەڵا باوەشێنیی.

palmist (päm′ist), *n.* فاڵگر؛ فاڵگرەوە؛ دەستگرەوە.

palmistry (päm′is-tri), *n.* دەستگرتنەوە؛ فاڵگرتنەوە؛ فال.

palm leaf, گەڵای باوەشێنی دارخورمای بچووک (باوەشێن و کڵاوی لێ دروست دەکرێت).

palm oil, ڕۆنی دارخورما.

palmy (päm′i), *adj.* (١) پر لە دارخورما؛ دارخورما سێبەری بەسەردا داوە. (٢) دارخورمایی. (٣) سەرکەوتوو؛ زاڵ؛ گەشەکردوو. *(~ days)*

palmyra (pal-mī′rə), *n.* دارخورمایەکی گەڵا باوەشێنی پانی هیندی‌یە.

palomino (pal′ə-mē′nō), *n.* ئەسپی (عەرەبی) شێ یا بۆری کڵک و یاڵ زیوی.

palp (palp), *n.* = palpus.

palpable (pal′pə-b'l), *adj.* (١) بە دەست دەگیرێ؛ بە ئاسانی هەستی پێ دەکرێ. (٢) دیار؛ ڕوون؛ ئاشکرا.

-palpability *(n.)*.

palpate (pal′pāt), *v.t.* بە دەست تاقیکردنەوە (پزیشکەوانی)؛ بە دەست پشکنین.

-palpation *(n.)*.

palpebral (pal′pə-brəl), *adj.* هی برژانگی چاو.

palpitant (pal′pə-tənt), *adj.* لەرزیو؛ لێدەر (دل، دەمار)؛ پلدەر؛ پرتەپرتکەر.

palpitate (pal′pə-tāt′), *v.i.* (١) پرتەپرت کردن (دل)؛ پلدان؛ خێرا لێدان (دل)؛ دڵەکوتێ کردن. (٢) لەرزین.

palpitation (pal′pə-tā′shən), *n.* (١) دڵەکوتێ؛ دل خێرا لێدان؛ پرتەپرتی دڵ؛ پلدان. (٢) لەرزین؛ لەرزەلەرز.

palpus (pal′pəs), *n.* شاخی هەستیاری تەنیشت دەمی جانەوەر.

palsied (pôl′zid), *adj.* گۆچ؛ پەککەوتوو؛ سر.

palsy (pôl′zi), *n.* گۆچی؛ ئیفلیجی یا پەککەوتنی نەندامێکی لەش (هەندێ جار بە لەرزینەوە).

v.t. (١) گۆچ کردن؛ ئیفلیج کردن؛ سڕکردن؛ ووشک کردن. (٢) پەکخستن (بەترساندن)؛ هێز لێ بڕین.

palter (pôl′tər), *v.i.* (١) دووزمانی کردن؛ درۆکردن؛ جامبازی کردن؛ خۆ بەدەستەوە نەدان؛ تەڵەکەبازی کردن. (٢) بە سووک دانەبەر؛ بە هیچوپووچ دانان؛ گاڵتەپێهاتن. (٣) چەندوچوون کردن لەسەر نرخ؛ سەوداگەری کردن.

paltriness (pôl′tri-nis), *n.* کەمی؛ هیچوپووچی؛ بێ نرخی؛ بێ بایەخی.

paltry (pôl′tri), *adj.* کەم؛ هیچوپووچ؛ بێ نرخ؛ بێ بایەخ.

paludal (pə-lōō′d'l, pal′yoo-d'l), *adj.* (١) زەلکاوی؛ زۆنگاوی. (٢) لە زەلکاوەوە تووش دەبێ (وەک نەخۆشی مەلاریا).

paludism (pal′yoo-diz′m), *n.* مەلاریا؛ لەرزوتا

pampas (pam′pəz), *n.pl.* دەشتی زۆر گەورەی بە گیا داپۆشراوی بێ دارودرەختی نەمەریکای لاتینی بەتایبەتی ئەرجەنتین.

pampas grass, گیایەکی بەرزە لە زەل دەچێ گوڵێکی پرشاڵیی زەردکاری هەیە لە پرچی ئافرەت دەچێ.

pampean (pam′pi-ən, pam-pē′ən), *adj.* تایبەت بە دەشتە فراوانەکانی ئەمەریکای لاتینی و دانیشتووە هیندیی‌یەکانی.

pamper (pam′pēr), *v.t.* (١) خواردن زۆر پێدان؛ زۆر تێرکردن. (٢) نازکێشان؛ زۆر بەدەمەوەدان؛ جڵەو بۆ بەرەڵاکردن.

(He ~s the child.)

pamphlet (pam′flit), *n.* (١) ناملیکە؛ بڵاوکراوە. (٢) ووتاری ناو ناملیکەیەک (کە بەزۆری لەبارەی باسێکی هاوچەرخەوەیە).

pamphleteer (pam′fli-tēr′), *n.* ناملیکەنووس؛ ناملیکە بڵاوکەرەوە؛ ووتارنووسی ناملیکە.

v.i. ناملیکە بڵاوکردنەوە؛ ناملیکە نووسین؛ ووتار نووسین بۆ ناملیکەیەک.

Pan (pan), *n.* خودای لەوەڕگاو دارستان و گیاداری کێوی و ئاژەڵو شوان کە لاق و کڵکو شاخی وەک هی بزنەو قەدیشی وەک ئادەمیزاد (ئەفسانەی یۆنانی)

pan (pan), *n.* (١) تاوە؛ مەنجەڵۆکە؛ قابلەمە. ***(frying ~)*** (٢) (ا) دەفری شۆردنەوەو پاکردنەوەی زێڕی خاو. (ب) تای تەرازوو. (٣) پڕ تاوەیەک؛ پڕ مەنجەڵۆکەیەک. (٤) چاڵایی؛ نزمایی. (٥) زەوی ڕەق. (٦) پارچە سەهۆڵی سەرئاوکەوتوو. (٧) بارودخانەی تفەنگو دەمانچەی کۆن. (٨) [Slang]. دەموچاو؛ ڕووخسار

v.t. (١) لە تاوەدا سوورکردنەوە؛ لە مەنجەڵۆکەدا لێنان (٢) [Colloq.]. پەسەند نەکردن؛ ڕەخنەلێگرتن. (٣) جیاکردنەوەی زێڕی خاو لە زیخ و لم بە شۆردنەوەی.

v.i. (١) زیخ و لم شۆردنەوە بۆ جیاکردنەوەی زێڕی خاو. (٢) زێڕ دەستکەوتن.

pan out, (١) زێڕ هێنانە بەرهەم؛ زێڕ دەستکەوتن. (٢) [Colloq.]. ڕوودان؛ هاتنەدی. (٣) [Colloq.]، سەرگرتن؛ سەرکەوتن.

pan (pän), *n.* (١) گەلای دارێکە لە توخمی دارخورما. (٢) ماددەیەکە لەم گەلایە دەردەهێنرێ بۆ جوین.

pan (pan), *v.t. & v.i.* جووڵانی کامێرا بۆ وەرگرتنی فیلمی تەلەفزیۆنی یا سینەمایی

pan- (pan), پێشگرێکە بەمانای: (١) گشت؛ هەموو. ***(pantheism)*** (٢) [-|ˈ-]: گشتگرەوە؛ هەموو دەگرێتەوە. ***(Pan-American)*** (ب) ڕێڕەوی یەکێتی و هاوکاری هەموو. ***(Pan-Americanism)***.

panacea (pan′ə-sē′ə), *n.* دەرمانی هەموو دەردێک

panache (pə-nash′, pə-näsh′), *n.* (١) پەڕی لە تەپڵە دراو (٢) ڕەوشت جوانی؛ بێ باکی؛ پۆز؛ قۆزی؛ کەشخەیی.

Pan-American (pan′ə-mer′ə-kən), *adj.* تایبەت بە نەمەریکای سەروو. خواروو. ناوەڕاست و گەلەکانیان.

Pan-Americanism (pan′ə-mer′ə-kən-iz′m), *n.* هاوکاری نابووری و ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و کلتووری نێوان نەمەریکای سەروو، خواروو، ناوەڕاست

pancake (pan′kāk′, paŋ′kāk′), *n.* (١) شلکێنە. جۆرە کێکێکە لە شلکێنە نەستوورترە بەیانیان دەخورێ. (٢) نیشتنەوەی فڕۆکە بە شێوەیەکی ستوونی

v.i. & v.t. فڕۆکە نیشتنەوە بە شێوەیەکی ستوونی.

panchromatic (pan′krō-mat′ik), *adj.* بەرگەی هیچ جۆرە ڕووناکی‌یەک ناگرێ. ***(~ film)***

pancreas (pan′kri-əs, paŋ′kri-əs), *n.* پەنکریاس. لوویەکە شلەیەک دەردەدات و دەیڕژێنێتە گەدەوە بۆ پەلخورد کردن و هەڵمژینی خواردن.

pancreatic (pan′kri-at′ik, paŋ′kri-at′ik), *adj.* پەنکریاسی

pancreatic juice, شلەی پەنکریاسی (ڕوشەی پێشوتر ببینە).

panda (pan′də), *n.* (١) پاندا؛ وورچی چینی؛ گیاندارێکی شیردەری ڕەشوسپیی تووکنی شاخەکانی چین و تیبەت لە توخمی وورچە. (هەروەها پێشی دەوترێ " giant panda ").

pandemic (pan-dem′ik), *adj.* (٢) گیاندارێکی بچووکی مەمکداری سووری کاڵک درێژە لە هیمالایا دەژی (١) بڵاو؛ گشتی (٢) بە هەموو لایەکدا بڵاوبووەتەوە (نەخۆشی)؛ داکەوتوو.

n. دەرد؛ پەتا

Pandemonium (pan′di-mō′ni-əm), *n.* (١) شەیتانخانە؛ نشینگای شەیتانان (٢) دۆزەخ. (٣) [-p]، ئاژاوەخانە؛ شوێنێکی پڕ لە پشێوی و بگرەوبەردە. (٤) [-p]، ئاژاوە؛ پشێوی؛ بگرەوبەردە؛ گەرەلاوژێ.

pander (pan′dēr), *n. Also* panderer, (١) گەواد. (٢) دەڵاڵ

v.t. [Archaic], گەوادی بۆ کردن.

v.i. (~ to), گەوادی کردن؛ چی بووێت بۆی دەکات (شتی سووک).

pandit (pun′dit), *n.* کەسێکی زانا؛ دانا.

Pandora (pan-dôr′ə, pan-dō′rə), *n.* پاندۆرا؛ ئافرەتێک بوو کە " زووس " سەرۆکی خواکانی یۆنان ناردی بۆ سزادانی ئادەمیزاد بە- سنووقێکەوە " Pandora's box " چونکە " پرۆمیسیەس " ئاگری دزی بوو لە خوداکان وە کە سنووقەکەی کردەوە هەرچی بەڵاو خراپەو ناپەسەندی هەبوو ئێی هاتە دەرەوەو بڵاوبووەوە بەناو مرۆڤدا تەنها " هیوا " نەبێت لە سنووقەکەدا مایەوە (ئەفسانەی یۆنانی)

pandora (pan-dôr′ə, pan-dō′rə), *n.* ئامێرێکی مۆسیقایی ژێدارە.

pandurate (pan′doo-rāt′, pan′dyoo-rit), *adj.* = panduriform.

panduriform (pan-door′ə-fôrm′, pan-dyoor′ə-fôrm′), *adj.* لە کەمانچە دەچێ (وەک هەندێ گەڵا)

pane (pān), *n.* (١) تەختە شوشەی پەنجەرە؛ تەبەقە شوشەی پەنجەرە. (٢) خانەی دەرگا؛ تەختەدار (کە بەشێک دەبێ لە دەرگا یا دیوار یا لەبەینی دوو سنگدا لە شوورەیەکدا).

panegyric (pan′ə-jir′ik), *n.* (١) ووتارێکی ستایشی. (٢) ستایش؛ پیاهەڵدان؛ ڕێزلێنان.

panegyrize (pan′ə-ji-rīz′), *v.t. & v.i.* ستایش کردن؛ پیاهەڵدان؛ ڕێزلێنان

panel (pan′l), *n.* (١) (ا) لباد یا جلی ژێر زین (ب) زینی نەرم. (٢) خانەی ڕووبەرێک کە نزمترە یا بەرزترە لە دەوروپشتەکەی یا خراوەتە ناو چوارچێوەوە: (ا) خانەی بەینی دوو سنگی شوورەیەک. (ب) خانەی دەرگایەک. دیوارێک یا سەر دۆڵابێک (ج) تەبەقە شوشەی پەنجەرە (٣) دوگمەبەند؛ کلیل بەند (وەک ئوتومبیل و فڕۆکە): ***(an instrument ~)*** (٣) (ا) تەختەداری نیگار لەسەر کێشراو. (ب) نیگار یا تابلۆیەکی وەها. (ج) وێنەیەکی لاکێشەیی. (٤) کۆڕ؛ نەنجوومەن: ***(a ~ will discuss the issue.)*** (٥) تەبەقی باڵێکی فڕۆکە. (٦) تیلماسکە قوماشێکی ڕەنگ جیاواز دەدرێ لە کراسێک لە باری درێژی. (٧) (ا) لیستەی ناوی ئەو کەسانەی لە دادگاوە بانگ دەکرێن بۆ بوون بە سوێندخۆر. (ب) کۆڕی سوێندخۆران (دادگا).

v.t. (١) تەبەقە شوورشە. تەختە یا کانزا تێخستن؛ ڕازاندنەوە بە تەبەقەیەکی وەها (٢) کۆڕی سوێندخۆران هەڵبژاردن.

panel discussion, کۆڕ؛ کۆڕگرتنێکی ناشکرا لەبەردەم کۆمەڵێک خەڵکدا؛ لێکۆڵینەوەیەک لەلایەن دەستەیەکەوە لەبەردەم کۆمەڵێک خەڵکدا.

paneling, panelling (pan′l-iŋ), *n.* (١) تەبەقە شوورشە، تەختە یا کانزا لێدان. (٢) تەبەقە تەختەی دیوار پێ داپۆشراو (بۆ جوانی یا قایمی).

panelist (pan′l-ist), *n.* (١) ئەندامی کۆڕ؛ بەشداری کۆڕ؛ ئەندامی دەستەی لێکۆڵینەوە. (٢) ئەندامی دەستەیەک کە لە بەرنامەیەکی ڕادیۆ یا تەلەفزیۆندا پرسیاریان لێ دەکرێ.

pan fish, ماسی‌یەک کە ئەوەندە بچکۆلە بێت بە ساغی لە تاوەیەکدا

سوورکردنەوە.

pan-fry (pan′frī′), *v.t.* سوورکردنەوە لە تاوەدا.

pang (paŋ), *n.* ئازاری تووندوتیژی کوتوپڕ (هی لەش یا مێشک‌و هەست): ئازارێکی تیژی وەک تیر: هەستێکی ناخۆشی کوتوپڕی: *(the ~s of hunger; ~s of remorse)*

panhandle (pan′han′d'l), *n.* (١) دەسکی تاوە. (٢) [P-]. ناوچەیەکە کە لە دەسکی تاوە بچێت ،وەک کلکی باکووری پۆژاوای تەکساس.

panhandle (pan′han′d'l), *v.t. & v.i.* [Slang]. سوالکردن: دەست لە خەڵک پانکردنەوە.

panhandler (pan′han′dlēr), *n.* سوالکەر: دەست لە خەڵک پانکەرەوە.

Panhellenic (pan′hə-len′ik), *adj.* (١) هی هەموو یۆنانییەکان (٢) هی یەکێتی هەموو یۆنانییەکان (٣) تایبەتی بە پێکخراوە کۆمەڵایەتی- یەکانی کوران‌و کچانی زانکۆ کە ناوی یۆنانیان لێنراوە

Panhellenism (pan-hel′ən-iz′m), *n.* بزووتنەوەی یەکگرتنی هەموو یۆنانییەکان: بیروباوەڕو ڕێبازی یەکگرتنی هەموو یۆنانییەکان.

panic (pan′ik), *adj.* هی وورەبەردان: هی تۆقان: لە ئەندازە بەدەر (ترس): هۆ کاتی ناکاوی‌و ترسی زۆر: *(~ fear)*

n. (١) وورەبەردان: ترسێکی ئێجگار زۆرو کوتوپڕ *(The earthquake caused a lot of ~ .)* (٢) ترسی هەرەس هێنانی دەزگا دارایی‌یەکانی کۆمەڵ (٣) [Slang]. کەسێک یا شتێکی قۆشمە.

v.t. (١) تۆقاندن: زۆر ترساندن: وورە پێ بەردان. (٢) [Slang]. هێنانە پێکەنین.

v.i. تۆقین: زۆر ترسان: وورەبەردان: ترس لێ هەنیشتن: *(He ~ked when he lost control of the car.)*

panic grass, گیای ئالف: گیای گزرە.

panicky (pan′ik-i), *adj.* (١) وورەبەردار: تۆقیو: زۆر ترساو. (٢) پڕ لە ترس: ترس خەرەبەر: *(a ~ situation)* (٣) زوو وورە بەردەر: بێ وورە: ترسنۆک: زوو دەتۆقێ.

panicle (pan′i-k'l), *n.* گوڵی یەک یەل: وەک گوڵە جۆداس)

panic-stricken (pan′ik-strik′n), *adj.* زۆر ترساو: تۆقیو: وورەبەردار

panic-struck (pan′ik-struk′), *adj.* = panic-stricken.

paniculate (pə-nik′yoo-lāt′, pə-nik′yoo-lit), *adj.* *Also-* **paniculated,** پەل پەلاوی (وەک گوڵە جۆداس)

panjandrum (pan-jan′drəm), *n.* کارەبەدەستێکی خۆ بە زل زان: پیاوی گەورە ،لەڕووی لاقرتیوە.

pannier (pan′yēr, pan′i-ēr), *n.* (١) سەبەتە: بەرچنە: سەوی. (٢) (أ) چوارچێوەیەکە تەنوورەی پێ قش دەکرێتەوە لەدەوری سمتدا. (ب) تەنوورەیەکی وەها فشکراوە

pannikin (pan′ə-kin), *n.* (١) تاوەی بچکۆلە: مەنجەڵۆکە (٢) کووپی کانزایی

panoply (pan′ə-pli), *n.* (١) زرێی هەموو لەش داپۆشەر: قەڵغان (٢) (أ) بەرگی ڕەسمی. (ب) بەرگی پازاوەو جوان (ج) بەرگی جوانی پارێزەر: قەڵغان (مەجاز). (٣) تەنتەنە: فەنتازێتی: خۆ نواندنێکی جوان: *(the full ~ of a military funeral)*

panorama (pan′ə-ram′ə, pan′ə-rā′mə), *n.* (١) دیمەنێکی گەورەی جوان: دیمەنێکی گەورەی هەموشت لێوە دیار (٢) زنجیرە دیمەنێکە لەبابەت باسێکی تایبەتی‌یەوە: زنجیرە دیمەنی پرووداوێک: *(a ~ of ancient civiliztion)* (٣) چاوپیاخشاندنێکی گشتی: هەڵسەنگاندنێکی گشتی

panoramic (pan′ə-ram′ik), *adj.* پانۆ گەورە (دیمەن): هەموورشتێکی لێوە دیارە: هەموولایەکی لێوە دەبینرێ: *(a ~ view)*

panpipe (pan′pīp′), *n.* ئامێرێکی مۆسیقایی کۆنە بریتی‌یە لە پێزە شمشاڵێکی لەیەکتر درێژتر.

pansy (pan′zi), *n.* (١) گوڵەوەنەوشە. (٢) بنەوشەیی: وەنەوشەیی. (٣) [Slang]، (أ) سەرژنانی: کچانی: ژنانی: خلەکچانی. (ب) حیز: لووسکە.

pant (pant), *v.i.* (١) هەناسەبڕکێ کردن. (٢) زۆر خێرا لێدان (دڵ): پلدان: پرتەپرت کردن. (٣) (~ for; ~ after) بۆ بەتاسەوە بوون: بۆ بەپەڕۆشەوە بوون: ئاوات بۆ خواستن: خۆزگە بۆ خواستن. (٤) دووکەڵ یا هەڵم لێ هەڵسان (مەکینە): فیشکەکردن.

v.t. (~ out; ~ forth), بە هەناسەبڕکێوە وتن.

n. (١) هەناسەبڕکێ. (٢) دڵ لێدان بە خێرایی‌و بەپەلە. (٣) فیشکەی مەکینە: دووکەڵ یا هەڵم لێ هەڵسان.

pantalets, pantaletts (pan′tə-lets′), *n.pl.* (١) بەرگێکی ژێرەوەی ژنانەی وەک پانتۆڵە لەژێر تەنوورەوە لەبەردەکرێ‌و لە ئەژنۆدا هەڵدەکرێت‌و گێزوگۆڵنگی لێ دەدرێ (لە سەدەی نۆزدەدا لەبەر دەکرا) (٢) گێزوگۆڵنگی دەوری نەژنۆی نەم پانتۆڵە.

pantaloon (pan′tə-lōōn′), *n.* (١) [P-] ، (أ) کەسێکە لە کەسانی شانۆنامەی قۆشمەی ئیتاڵی کۆن کە پانتۆڵی تەسک‌و درێژی لەبەردەکرد‌و هەمیشە گاڵتەی پێ دەکرا (ب) کەسێکە لە کەسانی شانۆنامەی بێ دەنگ کە قۆشمەبازی شانۆنامەکە دەیکات بە گاڵتەچی خۆی. (٢) (*pl.*)، پانتۆڵ

pantheism (pan′thē-iz′m), *n.* (١) بیروڕایەکە کە دەڵێت: خوا لە هەموشتێکدا هەیە‌و هەموو کەسێک‌و شتێک لەم جیهانەدا تایبەخۆی خوایی تێدایە: بیروڕایەکە دەڵێت: خوا هەموشتێکە‌و هەموشتێکیش خوایە، واتە خواو سروشت هەردووکیان هەر یەکێکن‌و هەموشتێکیش وەک خوا پیرۆزە (٢) گشت خواپەرستی: ڕێڕەوی جیهان پەرستی: ڕێڕەوی هەموشت پەرستی (گوایە خوا لە هەموشتێکدا هەیە).

pantheist (pan′thē-ist), *n.* گشت خواپەرست (ووشەی پێشوو ببینە).

-pantheistic *(adj.)*.

pantheon (pan′thē-on′, pan′thi-ən, pan-thē′ən), *n.* (١) [P-]، پەرستگایەکە لە ڕۆما بۆ گشت خواکان تەرخانکراوە. (٢) پەرستگای گشت خواکان. (٣) هەموو خواکانی گەلێک. (٤) گۆڕستانی پیاوە گەورەکانی گەلێک.

panther (pan′thēr), *n.* (١) پڵنگ: پڵنگی نەمەریکی: دێڕ. (٢) جۆرە پڵنگێکی ڕەشە.

pantheress (pan′thēr-is), *n.* پڵنگی مێینە: دێڕی مێینە.

panties (pan′tiz), *n.pl.* دەڕێی کورتی ژنو منداڵ.

pantile (pan′tīl′), *n.* خشتی کاشی‌یەکی سەربانە قەراغەکەی دەخرێتە سەر یەکتری کە لەسەر سەربان دادەنرێ.

pantofle, pantoffle (pan′tə-f'l, pan-tof′'l, pan-tōō′f'l), *n.* پێڵاوی ناوماڵ: نەعل: سوڵ.

pantograph (pan′tə-graf′, pan′tə-gräf′), *n.* ئامێرێ وێنەی دەقاودەقی نەخشەو وێنە لەبەردەکردن بە گەورەکراوی یا بچووکراوی

pantomime (pan′tə-mīm′), *n.* (١) نوانەری شانۆنامەیەکی بێ دەنگ لە ڕۆمای کۆندا. (٢) شانۆنامەی بێ دەنگ: نواندنێکی بێ گفتوگۆ (هەروەها " mime "). (٣) هێماو کردەوەی بێ دەنگی هەست‌و بیروباوەڕ دەربڕین.

adj. تایبەتی بە شانۆنامەی بێ دەنگ.

v.t. & v.i. نواندن لە شانۆنامەی بێ دەنگدا: بە هێماو کردەوە هەست‌و بیروباوەڕ دەربڕین.

-pantomimic *(adj.)*.

pantomimist (pan′tə-mīm′ist), *n.* نوانەری شانۆنامەی- بێ دەنگ.

pantry (pan′tri), *n.* گەنجینە: ئاڵووقەخانە.

pants (pants), *n.pl.* (۱) پانتۆل، شەروال (۲) دەرپێی پیاوانە یا ژنانە.
pap (pap), *n.* (۱) [Archaic] گۆی مەمک.
(۲) شتێکی نە گۆی مەمک چوو.
pap (pap), *n.* (۱) خواردنی شل یا نەرم بۆ منداڵی ساواو نەخۆش.
(۲) شتێکی هیچ‌وپووچ و بێ بایەخ؛ کتێب و شتی نووسراوی هیچ‌وپووچی بۆ خەڵکی بێ میشک باش؛ شتی فشەڵ. (۳) چاکەی کاریەدەست بۆ ناشناکانی.
papa (pä′pə, pə-pä′), *n. Also* pa; paw; pop. بابە؛ باوک؛ بووە (ووشەی منداڵ).
papacy (pā′pə-si), *n.* (۱) پاپایەتی پلەوپایەی پاپا
(۲) ماوەی فەرمانڕەوایی پاپا. (۳) پاپاکان
(٤) [P-] فەرمانڕەوایی کڵێسەی کاسۆلیکی کە پاپا سەرۆکیەتی.
papal (pā′p'l), *adj.* (۱) هی پاپ؛ پاپایی. *(a ~ visit)* .
(۲) هی پاپایەتی. ۳ تایبەتی بە کڵێسەی کاسۆلیکی.
papaw (pô′pô, pə-pô′), *n.* (۱) papaya .
(۲) (۱) درەختێکی نەمەریکای باکوورە بەرێکی زەردی پڕ لە دەنک دەگرێ.
(ب) بەری ئەم درەختە.
papaya (pə-pä′yə), *n.* (۱) درەختێکی ناوچە گەرمەکانە بەرێکی وەک کاڵەک یا شەمامە دەگرێ. (۲) بەری ئەم درەختە
paper (pā′pĕr), *n.* (۱) کاغەز. ۲) پەرە.
(۳) کاغەزی تێت لەسەر نووسراو یا چاپکراو؛ ووتاری نووسراو؛ لێکۆڵینەوە؛ ڕاپۆرت *(to write a ~)* .
(٤) کۆمپیالە؛ بانقەنۆت؛ بروانامەی دارایی. (٥) ڕۆژنامە.
(٦) کاغەزی تێوەپێچان؛ قوتووی کاغەز.
(۷) کاغەزی دیوار (کاغەزێکی جوانە سەرتاپا لە دیوار دەدرێت).
(۸) (۱) بلیتی خۆڕایی (سینەما و شانۆ).
(ب) ئەو کەسەی بەم بلیتە دەچێتە ژوورەوە.
(۹) بروانامە؛ ناسنامە.
(۱۰) سەرجەمی نووسین و نامەو بروانامەی کەسێک: *(the Lincoln ~s)* .
adj. (۱) هی کاغەز؛ کاغەز؛ لە کاغەز درووستکراو: *(~ money)* .
(۲) تەنک وەک کاغەز. (۳) تەنها لەسەر کاغەزە؛ بەناو: *(~ profits)* .
v.t. (۱) بە کاغەز داپۆشین (دیوار) (ژمارە حەوت ببینە): *(to ~ a room)* .
(۲) لەسەر کاغەز نووسین؛ لەسەر نووسین؛ بە نووسین لێدووان.
(۳) بە کاغەز پێچانەوە.
(٤) [Slang] پرکردنی سینەما لە خەڵک بە بلیتی خۆڕایی.
commit to paper, نووسین؛ خستنە سەر کاغەز.
on paper, (۱) بە نووسراوی؛ بە چاپکراوی؛ بە نووسین
(۲) هەر بەناو؛ لەسەر کاغەز:
(On paper he was worth nearly a million dollars.)
put pen to paper, نووسین؛ دەست بە نووسین کردن.
paperback (pā′pĕr-bak′), *n.* کتێبی بەرگ نەرم
کتێبی بەرگ کاغەز.
adj. هی بەرگی نەرم؛ هی بەرگ کاغەز *(a ~ edition of the novel)* .
paper birch, دارەسپی نەمەریکی (کە تونکەکەی سپیکارە).
paper-board (pā′pĕr-bôrd′), *n.* مقەبا
paper-bound (pā′pĕr-bound′), *adj.* = paperback.
paper cutter, (۱) paper knife .
(۲) کاغەزبر بە پ ێ و درێژی‌یەک کە کەسێک بیەوێ.
paper hanger, کەسێکە کە پێشەی کاغەز گرتنە دیوارە.
paper hangings, = wallpaper.
paper knife, چەقۆیەکی هەردوو دیو کولە نامەو کتێبی تازەی پێ هەڵدەپچڕێت (پێشی دەوترێ: " paper cutter ") .
paper mill, کارگەی کاغەز.
paper money, پارەی کاغەز: *(A dollar bill is ~ .)* .
paper mulberry, دارتووی کاغەز ئی درووستکراو
paper nautilus, گیاندارێکی هەشت پەڵی ناوی‌یە لە توخمی هەشت پێ مێی‌یەکانی قاوغێکی تەنکی وەک کاغەزی هەیە بەچکەکانی تێیدا گەورە دەکات.
paperweight (pā′pĕr-wāt′), *n.* شتێکی قورس و بچووکە دەخرێتە سەر کاغەزی سەرمێز بۆ ئەوەی پەرش‌وبڵاو نەبێتەوە.
paperwork (pā′pĕr-wûrk′), *n. Also* paper work, فایلکاری؛ نووسینکاری (فەرمانگەی میری)؛ کاروباری ڕاپۆرت نووسین و خوێندنەوەو ئیستیمارە پڕکردنەوەو نامەو داواکاری و ئیشی مامۆستا... هتد.
papeterie (pap′ə-tri), *n.* سنووقی کەرەستەی نووسین.
papier-mâché (pā′pĕr-mə-shā′), *n.* مادەیەکە لە تڵپەی کاغەزو جەوی پێکدێت بە ئەرمی هەرچ شێوەیەک کە بوویستری ئێی دروست دەکرێ.
papilionaceous (pə-pil′i-ə-nā′shəs), *adj.* لە پەپوولە دەچێ (وەک هەندێ گوڵ)
papilla (pə-pil′ə), *n.* (۱) (ا) گۆی مەمک؛ گۆ. (ب) شتێک کە لە گۆی بچووک بچێ (وەک زیادە گۆشتی بن ددانی تازە دەرهاتوو یا بن قژ یا سەر زمان)
(۲) شانەیەکی بچووکی دەرپۆقیو (ڕووەکناسی).
papillary (pap′ə-ler′i, pə-pil′ĕr-i), *adj.* گۆمەکی؛ گۆیی.
papilloma (pap′ə-lō′mə), *n.* دوومەڵی گۆیی؛ زیادە گۆشتی گۆیی؛ مێخەکە.
papillon (pap′ə-lon′), *n.* سەگێکی بچووکی ناوماڵە.
papist (pā′pist), *n.* کاسۆلیکی؛ پاپایی.
adj. کاسۆلیکی (لەڕووی ئاحەزی‌یەوە).
papistry (pā′pis-tri), *n.* بڕوباوەڕی کاسۆلیکی (لەڕووی ئاحەزی‌یەوە).
papoose (pa-pōōs′), *n.* منداڵی ساوای هیندی سووری نەمەریکایی.
pappus (pap′əs), *n.* تۆپەڵە تووکی دەوری هەندێ گوڵ، تۆزو میوە نەرم؛ بڵ؛ شل.
pappy (pap′i), *adj.* ئاڵەتی سوور.
paprika, paprica (pa-prē′kə, pap′ri-kə), *n.*
Pap smear, = Pap test.
Pap test, تاقیکردنەوەی شلەی دەردراوی زێی نافرەت بۆ بوون و نەبوونی نەخۆشی شێرپەنجە. (هەروەها پێشی دەوترێ: " Pap smear ") .
papyrus (pə-pī′rəs), *n.* (۱) زەل؛ ڕووەکێکە لە زەل دەچێ لە وڵاتی میسردا هەیە. (۲) کاغەزی زەل (۳) بروانامەیەک یا نووسراوێکی کۆنی لەسەر ئەم جۆرە کاغەزە نووسراو (وەک هی میسری‌یە کۆنەکان).
par (pär), *n.* (۱) بەهای بەناوی پارە.
(۲) هاوتایی؛ یەکسانی؛ چوونیەکی لە پلە یا تواناداً:
(He is on a ~ with his classmates in ability.)
(۳) ناوەندی؛ ناستی ناوەندی؛ پلەی پەسەندکراو:
(His work is above ~ . ; Her work is not up to ~ .)
(٤) بەهای بەناوی بەش (پارەبازی).
adj. (۱) چوونیەک (پلە)؛ هاوتا. (۲) ناوەندی؛ مام ناوەندی.
para- (par′ə), *(parallel)* . پێشگرێکە بەمانای: (۱) بەتەنیشت؛ بەلای. (۲) لەگەڵ. (۳) وەک؛ لێچوو. (٤) تێکچوو؛ ناناسایی (پزیشکەوانی)
para- (par′ə), *(parachute)* . پێشگرێکە بەمانای: (۱) پارێزەر.
(۲) پەرەشووت بەکارهێنەر. *(paratroop)* .
parable (par′ə-b'l), *n.* سەرگوزەشتە؛ چیرۆکێکی کورتی پەند پڕونکەرەوە.
parabola (pə-rab′ə-lə), *n.* هێڵێکی چەماوەیە لە بڕینی قووچەکێک بە پووتەختێکی هاوڕێک پەیدا دەبێ.
parachute (par′ə-shōōt′), *n.* پەرەشووت؛ چەتری نیشتنەوە.
v.t. بە پەرەشووت خستنە خوارەوە
v.i. بە پەرەشووت هاتنە خوارەوە
parachutist (par′ə-shoōt′ist), *n.* پەرەشووتەوان؛ ئەوەی بە پەرەشووت لە فڕۆکە دێتە خوارەوە (بەتایبەتی سەربان).
paraclete (par′ə-klēt′), *n.* (۱) بە هاوارەوە هاتوو؛ لەسەرکەرەوە؛

parade (pə-rād′), *n.* (۱) خۆنواندن بە کەش‌وفش؛ خۆپیشاندانی بە تەنتەنە. (۲) (ا) خۆنواندنی لەشکر؛ خۆپیشاندانی سوپایی. *(a military ~)*

(ب) جێی یەکگرتنی سوپا بۆ خۆنوواندن.

(ج) جێی ئەم خۆ نوواندنە.

(۳) ڕێ ڕۆیشتن؛ خۆپیشاندان یا نواندن بە ڕێ ڕۆیشتن؛ نمایش.

(٤) (ا) شەقامی گشتی پیاسەکردن؛ پیاسەڕێ. (ب) پیاسەکەران.

v.t. (۱) لەشکر پیشاندان یا نواندن.

(۲) بە شەقامدا ڕۆیشتن لە خۆپیشاندانداً. *(The band ~d the street.)*

(۳) خۆپیشاندان بە کەش‌وفشەوە؛ خۆپیشاندان‌و خۆبادان. *(to ~ one's skill, knowledge, etc.)*

v.i. (۱) بەشداربوون لە نوواندڕۆیی‌دا؛ بەسەر شەقامدا ڕۆیشتن‌و خۆپیشاندان.

(۲) بە کەش‌وفشەوە ڕۆیشتن؛ خۆبادان‌و خۆپیشاندان؛ پیاسەکردن.

(۳) ڕێزبوون بۆ خۆنواندن یا خۆپیشاندان (لەشکر).

on parade, لەبەرچاوی هەموکەسەوە؛ دەرخراوە تا هەموکەس ببینێ.

paradigm (par′ə-dim, par′ə-dīm′), *n.* (۱) نموونە؛ وێنە.

(۲) وێنەی هەموو شێوەکان‌و باری ووشە (ڕێزمان).

paradigmatic (par′ə-dig-mat′ik), *adj.* نموونەیی؛ وێنەیی.

paradise (par′ə-dīs′), *n.* (۱) (ا) [P-] ؛ بەهەشت (ئاین)

(ب) بەهەشت (۲) (ا) شوێنێکی زۆر خۆش‌و جوانی وەک بەهەشت.

(ب) بارێکی زۆر خۆش‌و پڕ ناسوودەیی وەک بەهەشت.

paradisiac (par′ə-dis′i-ak′), *adj.* بەهەشتی؛ بەهەشتانە؛ خۆش‌و حوان وەک بەهەشت.

paradox (par′ə-doks′), *n.* (۱) ووتەیەک کە لەوە دەچێ بێ مانا بێ‌و بە منشکدا نەچێ، بەڵام لەوانەشە ڕاست بێ. (۲) ووتەیەکی ناکۆک‌و ناڕاست؛ ووتەیەکی نەگونجاو لەگەڵ خۆیدا.

(۳) (ا) شتێکی ناکۆک یا نەگونجاو بەپێی زانینی خەڵک.

(ب) کەسێک کە ڕەوشت‌و کردەوەی لەگەڵ یەکتر ناگونجێ

paradoxical (par′ə-dok′si-k'l), *adj.* لەگەڵ یەک نەگونجاو (ووتە، شت، ڕووداو)؛ ناکۆک. *(a ~ statement)*

-paradoxically *(adv.).*

paraffin, paraffine (par′ə-fin, par′ə-fēn′), *n.* پارافین؛ مادەیەکی سپی مێوییە لە پەترۆل دەردەهێنرێ‌و دەکرێ بە مۆم‌و لە کاغەز دەدرێ تاکو ئاو کاری تێ نەکات

paragenesis (par′ə-jen′ə-sis), *n.* پێکهاتنی کانزا بەتەنیشت یەکەوە بوون بە بەشێک لەیەکتر.

paragon (par′ə-gon′, par′ə-gən), *n.* (۱) نموونە؛ وێنەی نایاب: *(She was a ~ of virtue and beauty.)* (۲) نەڵماسێکی نایاب.

(۳) جۆرە قەوارەیەکی چاپە

paragraph (par′ə-graf′, par′ə-gräf′), *n.* (۱) بەند (نووسین)

(۲) نیشانەی بەندی تازە. (۳) ووتارێکی کورتی ناو ڕۆژنامە یا گۆڤارێک.

v.t. (۱) لە بەندێک یا چەند بەندێکدا نووسین.

(۲) بەند بەند کردن؛ بە بەند بەند ڕێکخستن.

v.i. وتاری کورت نووسین بۆ ڕۆژنامە.

paragrapher (par′ə-graf′ĕr, par′ə-gräf′ĕr), *n.* نووسەری ووتاری کورت (بەتایبەتی بۆ سەرووتاری ڕۆژنامە).

parakeet (par′ə-kēt′), *n.* *Also* **parrakeet, parroket, paroquet, parroquet,** جۆرە تووتێیەکی بچووکە.

paralax (par′ə-laks′), *n.* وادیاربوونی گۆڕانی جێی شتێک بە سەیرکردنی لە گۆشەیەکی جیاوازەوە.

parallel (par′ə-lel′), *adj.* (۱) هاوڕێ؛ بەرامبەر (هێڵ). *(~ lines, bars, etc.)* (۲) چوونیەک؛ وەک یەک؛ دەقاودەق وەک یەک.

n. (۱) هێڵی هاوڕێک؛ شتی هاوڕێک.

(۲) هاوتا؛ هاوکێش. *(kindness without ~)*

(۳) لەیەکچوون؛ چوونیەکی؛ هاوتایی. (٤) بەراوردکردن؛ بەراوردکاری.

(٥) هێڵی پانی (جوگرافیا). (٦) (*pl.*)، دوو هێڵی هاوڕێکی ستووێی‌یە بۆ تێبینی (پەراوێزی چاپەمەنی).

v.t. (۱) هاوڕێ کردن. (۲) هاوڕێکبوون. *(The highway ~s the river.)*

(۳) بەراوردکردن؛ پیشاندانی چوونیەکی. (٤) هاوتاکردن.

(٥) هاوتابوون؛ هاوکێش بوون؛ شان لە شان دان.

parallel bars, میلی هاوڕێک (وەرزش)؛ شیشی هاوڕێک.

parallelepiped (par′ə-lel′ə-pī′pid, par′ə-lel′ə-pip′id), *n.* ئاوێزەی شەش گۆشەیی (ئەندازە)؛ تەنێکی شەش ڕووی لاتەریبە.

parallelism (par′ə-lel-iz′m), *n.* (۱) هاوڕێکی؛ بەرامبەری (هێڵ).

(۲) چوونیەکی؛ هاوتایی؛ هاوکێشی؛ وەک یەکی.

(۳) بیروباوەڕێکی فەلسەفەییە کە دەڵێت: مێشک‌و لەش بە هاوتایی کاردەکەن‌و کاردەکەنە سەر یەکتری، بەڵام بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ.

parallel of latitude, هێڵی پانی (جوگرافیا).

parallelogram (par′ə-lel′ə-gram′), *n.* لاتەریب (ئەندازە).

paralogism (pə-ral′ə-jiz′m), *n.* هەڵەی بیرکردنەوە‌و لێکدانەوە؛ هەڵەکاری لێکدانەوە؛ ناڕێبەڕێی.

paralysis (pə-ral′ə-sis), *n.* (۱) ئیفلیجی؛ ئیفلیج بوون؛ گۆجی؛ وشک بوون؛ سڕی؛ شەپلە؛ کەفتەکاری. (۲) پەککەوتن؛ لەکارکەوتن.

paralytic (par′ə-lit′ik), *adj.* (۱) ئیفلیجکەر؛ وەک ئیفلیجی وایە؛ گۆجکەر. (۲) گۆج؛ ئیفلیج؛ کەفتەکار؛ پەککەوتە.

n. کەسێکی ئیفلیج؛ گۆج؛ پەککەوتە؛ شەپلە لێدراو.

paralyze (par′ə-līz′), *v.t.* (۱) ئیفلیج کردن؛ گۆج کردن؛ کەفتەکارکردن؛ شەپلەلێدان.

(۲) لەکارخستن؛ پەکخستن؛ ووشک کردن؛ وەستاندن.

paramatta (par′ə-mat′ə), *n.* قوماشێکی تەنکی نەرمی خوری‌و لۆکە یا خوری‌و ناوریشمە.

paramedic (par′ə-med′ik), *n.* بریندێچی فریاگوزاری (بەتایبەتی کەسێک کە فریای نەخۆش بکەوێ بە ئوتومبیلی فریاکەوتنی نەخۆشخانەو لەکاتی ناکاویدا)؛ یاریدەدەری پزیشک.

paramedical (par′ə-med′i-k'l), *adj.* هی بریندێچی فریاگوزاری‌و کارو پیشەیان؛ هی بریندێچ یا یاریدەدەری پزیشک.

parament (par′ə-mənt), *n.* شتوومەکی ڕازێنەرەوەی نایینی (بۆ هەڵواسین بە بەرگی قەشەی گەورەدا).

parameter (pə-ram′ə-tĕr), *n.* (۱) ژمارەی نرخی گۆڕاو (ژمارەو پێوان). (۲) سنوور؛ ڕادە. (۳) نیشانە؛ تایبەخۆ.

paramilitary (par′ə-mil′ə-ter′i), *adj.* تایبەتی بە هێزی نیمچە سوپایی (کە لەگەڵ سوپادا یا لەباتی سوپا کاردەکەن وە گەلێک جارپشر بە نهێنی).

paramorphism (par′ə-môr′fiz′m), *n.* گۆڕانی کانزایەک بەبێ گۆڕانی پێکهاتنی کیمیایی کانزاکە.

paramount (par′ə-mount′), *adj.* (۱) گرنگترین؛ بەرزترین؛ باشترین؛ زیاترین؛ هەرە بەرز. *(of ~ importance)*

(۲) بەدەسەڵاتترین؛ پلە بەرزترین؛ گەورەترین؛ مەزن. *(a ~ leader)*

n. بەدەسەڵاتترین کەس؛ گەورەترین کەس؛ مەزنترین کەس؛ فەرمانڕەوای هەرە گەورە

paramour (par′ə-moor′), *n.* دۆست؛ یار؛ دڵدار.

paranoia (par′ə-noi′ə), *n.* (۱) نەخۆشی‌یەکی دەروونی‌یە بریتی‌یە لە هەست بە چەوساندنەوە کردن یا خۆ بە زل زانین.

(۲) زۆر بەگومان بوون لە خەڵک؛ ترسێکی نێجگار زۆر؛ زراوچوون.

paranoiac (par′ə-noi′ak), *n.* کەسێکی هەستکەر بە چەوسانەوە یا خۆ بە زل زان (نەخۆشی دەروونی)؛ کەسێکی زۆر بەگومان‌و بەترس لە خەڵک

adj. هەستکەر بە چەوساندنەوە؛ خۆ بە زل زان؛ زۆر بەگومان‌و بەترس.

paranoid (par′ə-noid′), *adj.* (۱) هی نەخۆشی هەستکردن بە چەوسانەوە یا خۆ بە زل زانین. (۲) زۆر بەگومان‌و بەترس لە خەڵک؛ زراوچوو.

n. (۱) شتێ هەستکەر بە چەوساندنەوە؛ شێتی خۆ بە ژل زان. (۲) کەسێکی زۆر بەگومانو بەترس لە خەڵک.

paranymph (par′ə-nimf), *n.* (۱) مراراوا (۲) بەربووک.

parapet (par′ə-pit, par′ə-pet′), *n.* (۱) دیوار یا شووڕەی سەنگەر؛ سەنگەر (۲) شووڕە یا دیواری باڵقۆن، سەربان، یا پرد؛ نەردە.

paraph (par′əf), *n.* نەقش‌ونیگارێکی بچووکی دوای ئیمزایە بۆ ڕێگرتن لە ساختە.

paraphernalia (par′ə-fĕr-nā′li-ə, par′ə-fə-nāl′yə), *n. pl.* (۱) شتوومەکی خۆ؛ جڕوجیازی خۆ؛ ووردەشتی خۆ. (۲) کەرەسە؛ ئامێر (۳) شتی جۆراوجۆر؛ ووردەشتی هەمەجۆر. (٤) جڕوجیازی ئافرەت خۆی؛ شتوومەکێکە کە ئافرەت خۆی خارەنی بێ.

paraphrase (par′ə-frāz′), *n.* (۱) بە ووشەی خۆ دەربڕینی پارچە نووسراوێک یا ووتەی کەسێکی تر؛ ڕوونکردنەوەو کورتکردنەوەی نووسین و بیروڕای کەسێکی تر بە ووشەی خۆ (۲) ناقیکردنەوەی دەربڕینو کورتکردنەوەی پارچە نووسراو و ووتەی کەسێکی تر بە ووشەی خۆ تا قوتابخانەدا.

v.t. & v.i. دەربڕینو ڕوونکردنەوەو کورتکردنەوەی پارچەیەک نووسراو یا ووتەی کەسێکی تر بە ووشەی خۆ.

paraphrastic (par′ə-fras′tik), *adj.* ڕوونکردنەوەیی؛ لێکدانەوەیی.

paraplegia (par′ə-plē′ji-ə), *n.* ئێسکەنەرمە؛ گێڕی؛ ئیفلیجی بەشی خوارووی لەش.

paraplegic (par′ə-plej′ik, par′ə-plē′jik), *adj.* گێڕ؛ ئیفلیج؛ تووشی ئێسکەنەرمە بووە؛ بەشی خوارەوەی لەشی ئیفلیجە.

n. کەسێک کە بەشی خواروی لەشی ئیفلیج بێت؛ ئیفلیج؛ کەسێکی گێڕ یا تووشی ئێسکەنەرمە بوو.

parapsychology (par′ə-sī-kol′ə-ji), *n.* پاراسایکۆزۆجی لقێکە لە زانستی دەروونناسی کە لە دیاردەی لە سروشت بەدەر دەکۆڵێتەوە وەک دڵ خەبەردان بە ڕووداێک یا دوورەسۆسە... هتد.

paraquet (par′ə-ket′), *n.* = parakeet.

paraselene (par′ə-si-lē′ni), *n.* ڕۆشنایی‌یەکی مانگ ئاسایی‌یە بەسەر خەرمانەی مانگەوە وە پێشی دەورتری؛ " مانگە درۆزنە ".

parasite (par′ə-sīt′), *n.* (۱) مشەخۆر؛ مفتەخۆر؛ هەوانتەخۆر؛ لاخۆر؛ لاوورگە؛ لاکوت؛ مووشەک. (۲) خۆرە؛ زیندەوەری مشەخۆر؛ ڕووەک یا گیانداری مشەخۆر

parasitic (par′ə-sit′ik), *adj.* (۱) مشەخۆر؛ لاوورگە. (۲) لە زیندەوەری مشەخۆرەوە تووش دەبێ (نەخۆشی).

-parasitical *(adj.)*; **parasitically** *(adv.)*.

parasiticide (par′ə-sit′ə-sīd′), *adj.* قەلاچۆکەری زیندەوەری مشەخۆر؛ ئاوبەری بوونەوەری لاوورگە دەرمانی قەلاچۆکردن یا لەناوبردنی زیندەوەری مشەخۆر.

n.

parasitism (par′ə-sīt-iz′m), *n.* (۱) مشەخۆری؛ لاکوتی؛ لاوورگی. (۲) نەخۆشی لە مشەخۆرەوە تووش بوو (وەک نەخۆشی پێست).

parasitize (par′ə-si-tīz′), *v.t.* مشەخۆری کردن؛ لاوورگی کردن

parasitology (par′ə-sī-tol′ə-ji), *n.* زانستی مشەخۆری.

parasol (par′ə-sôl′, par′ə-sol′), *n.* چەتری خۆڕەتاوی ژنانە.

parataxis (par′ə-tak′sis), *n.* ژمێرەیەک ڕستەی لێکدراو بە یەرگول؛ لێکدانی چەند ڕستەیەک بە یەرگول (وەک نەم سێ ڕستەیە): *(I came., I saw., I conquered.)*

parathyroid gland, یەکێکە لەو چوار لووە هێلکەیی‌یەی تەنیشت لووی " سایرۆید " لەژێر ملدا.

paratrooper (par′ə-trōōp′ĕr), *n.* سەربازی پەرەشووت؛ پەرەشوتەوان

paratroops (par′ə-trōōps′), *n.pl.* هێزی سەربازی پەرەشووت؛ پەرەشوتەوانان

paratyphoid fever, جۆرێکە لە گرانەتا (کەمێک سووکترە)

paravane (par′ə-vān′), *n.* مەکینەی ڕامالینی مینەی دەریایی.

par avion, بە پۆستەی هەوایی؛ بە فڕۆکە.

parboil (pär′boil′), *v.t.* (۱) نیوەکوڵ کردن (برنج؛ گۆشت). (۲) زۆر گەرماکردنو بێ نیسراحەت کردن.

parbuckle (pär′buk′l), *n.* گوریسی جووت قوڵفە (بۆ بەرزکردنەوەی بەرمیل و شتی تری لوولەکی).

v.t. هەڵبڕین بە گوریسی جووت قوڵفە (بەرمیل و شتی تری لوولەکی).

parcel (pär′s'l), *n.* (۱) پرپاسکە؛ بەستەک؛ گورزە؛ پاکەت. (۲) دەستە؛ تاقم *(a ~ of fools)*. (۳) پەڵەزەوی (بەتایبەتی کە بەشێکی دابەشکراو بێ لە پارچەیەک زەوی گەورە): *(a ~ of land)*. (٤) بەش؛ بەشێکی گرنگو جیانەبووەوە: *(part and ~)*.

v.t. (۱) (~ out)، بەش بەش کردن (زەوی): *(to ~ out a piece of property or an estate)* (۲) کردن بە پرپاسکە؛ بەستەک کردن؛ پێچانەوە وەک پرپاسکە. (۳) گونیە پێچان لە گوریس یا پەتەوە (کەشتیوانی).

adj. & adv. نیمچەیی؛ بەشی؛ کەرتی؛ نەختێک؛ تا ڕادەیەک

parcel post, پۆستەی بەستەک‌و پرپاسکە؛ پۆستەخانەی بەستەک‌و پرپاسکە.

parcenary (pär′sə-ner′i), *n.* برابەشی‌یی میراتی؛ هاوبەشی‌یی میراتی.

parcener (pär′sə-nēr), *n.* برابەشی میراتی؛ هاوبەشی میراتی.

parch (pärch), *v.t.* (۱) برژاندن (نۆک، گەنمەشامی... هتد). (۲) ووشک کردنەوە؛ هەڵقرچاندن لە تینوێتیدا. (۳) تینووکردن. (٤) هەڵقرچاندن بە سەرما

v.i. (۱) زۆر ووشکبوونەوە؛ هەڵقرچان (لێو، زەوی) (۲) زۆر تینووبوون.

parchment (pärch′mənt), *n.* (۱) پێستەی مەڕو بزن کە شتی لەسەر دەنووسرێ. (۲) بەڵگەنامەی لەسەر پێستەی وەها نووسراو (۳) جۆرە کاغەزێکە لەم پێستەیە دەچێ.

pard (pärd), *n.* [Archaic or Poetic], وێڕ؛ پڵنگ.

pard (pärd), *n.* [Slang], هاوڕێ؛ دۆست؛ هاوبەش.

pardon (pär′d'n), *v.t.* (۱) بەخشینی تاوانکار بە فەرمانی دادگا یا میری. (۲) لێ خۆش بوون؛ لێبووردن؛ بەخشین؛ گەردن ئازادکردن؛ چاو لێ پۆشین.

n. (۱) (ا) بەخشینی تاوانکار بە فەرمانی دادگا یا میری؛ بەخشران. (ب) فەرمانی ئەم بەخشینە. (۲) بەخشین لە گوناە (ئایینی کاسۆلیکی). (۳) لێبووردن؛ لێ خۆش بوون؛ چاو لێ پۆشین

I beg your pardon, (۱) بمبووڕە؛ ببووڕە (۲) بەڵێ؟ گوێم لێ نەبوو چیت ووت تکایە دووبارەی کەرەوە.

pardon me!?; pardon!?, (۱) ببووڕە. (۲) بەڵێ؟.

pardonable (pär′d'n-ə-b'l), *adj.* دەبەخشرێ؛ دەبووڕێ؛ چاوی لێ دەپۆشرێ.

pardoner (pär′d'n-ĕr), *n.* (۱) کەشیشێک بوو لە سەدەکانی ناوەڕاستدا لەلایەن پاپاوە دەسەڵاتی پێ درابوو کە بەڵگەنامەی لە گوناە خۆش بوون بە خەڵک بفرۆشێ. (۲) بەخشندە.

pare (pâr), *v.t.* (۱) تاشین و ڕێک‌وپێک کردن؛ داتاشین. (۲) پاکردن (میوە)؛ تۆپکل لێکردنەوە. (۳) (~ away; ~ down)، بەرەبەرە کەمکردنەوە (خەرجی)؛ داتاشین

paregoric (par′ə-gôr′ik, par′ə-gor′ik), *adj.* ئازارکوژ

n. دەرمانی ئازارکوژی بەنگاوی

parent (pâr′ənt), *n.* (۱) باوک؛ دایک. (۲) باوو باپیر. (۳) سەرچاوە؛ بنچینە؛ بناغە (٤) گیاندار یا ڕووەکی دایکە.

parentage (pâr′ənt-ij), *n.* (۱) بنەچە؛ ڕەگەز (۲) باوکو دایکێتی.

parental (pə-ren′t'l), *adj.* دایکو باوکی؛ هی باوکو دایک

parenteral (par-en′tĕr-əl), *adj.* لە دەرەوەی ڕیخۆڵە؛ لەڕێی دەم‌وگەدەو گیپانەوە ئێیە؛ بەڵکو لەڕێی بۆری خوێن یا ماسولکەوەیە

(وەك دەرمان یا خۆراکی نەخۆش).

parenthesis (pə-ren′thə-sis), *n.* (۱) ووشە یا ووتەی نێوان دوو کەوانە یا یەرگول؛ پسکە یا ووشەی ناواخن (۲) (*pl.*)، کەوانە (رێزمان)؛ دوو کەوانە (۳) ڕووداتی بێ پەیوەندی بە باسەوە؛ بەسەرهاتی لەلاوە.

parenthesize (pə-ren′thə-sīz′), *v.t.* خستنە نێوان دوو کەوانە یا یەرگولەوە.

parenthetical (par′ən-thet′i-k'l), *adj.* (۱) ناواختی (رێزمان)؛ کەوانەیی (۲) تایبەتی بە پسکەی ناواختی: *(a ~ statement)*.

-parenthetically *(adv.)*.

parenthood (pâr′ənt-hood′), *n.* باوکو دایکی؛ باوکو دایکێتی.

paresis (pə-rē′sis, par′ə-sis), *n.* (۱) نیمچە ئەفلیجی؛ نیمچە گۆجی. (۲) general paresis.

paresthesia, paraesthesia (par′es-thē′zhə, par′es-thē′zhi-ə), *n.* تێکچوونی هەستی پێست و هەمیشە کزانەوەو خووڕان و مێرووڵەکردن.

-paresthetic *(adj.)*.

paretic (pə-ret′ik, pə-rē′tik), *adj. & n.* نیمچە ئیفلیج؛ نەخۆشی " paresis " ی هەیە.

par excellence (pär ek′sə-läns′), [Fr.]. باشترین؛ نایابترین؛ بێ هاوتا؛ زۆرباش.

parfait (pär-fā′), *n.* جۆرە شیرینیەکە.

parget (pär′jit), *v.t.* گەچکاری کردن.

n. (۱) گەچ (۲) گەچکاری؛ نەقش‌ونیگاری گەچ بە دیوارەوە.

parhelic circle, نەڵقەی خۆرتاسا خەرمانەیەک یا نەڵقەیەکی ڕۆشنە لە ئاسمانی ئاسۆ (پێشی دەوترێ: " parhelic ring ").

parhelion (pär-hē′li-ən, pär-hēl′yən), *n.* خۆرە درۆزنە؛ ڕۆشنایی‌یەکە هەندێ جار لەسەر نەڵقەی خەرمانەی خۆر دەبینرێ.

pariah (pə-rī′ə, par′i-ə, pä′ri-ə), *n.* (۱) نەندامی چینێکی زۆر نزمی هیندستان و بۆرما. (۲) کەسێکی تەرەکراو یا دەرکراو لە کۆمەڵ؛ کەسێکی خۆ لێوە دوورگیراو؛ کەسێکی دابڕاو لە کۆمەڵ.

paries (pâr′i-ēz′), *n.* دیواری نەندامێک یا شانەیەکی بۆش.

parietal (pə-rī′ə-t'l), *adj.* (۱) [Rare] تایبەتی بە ژیانی دانشگا. (۲) هی دیواری نەندامی بۆش. (۳) هی نێسقانی سەروو لای کاسەی سەر. (٤) بەستراوە بە دیواری منداڵدانەوە (ڕووەکناسی).

parietal lobe, نێسقانی سەروو لای دیواری کاسەی سەر.

pari-mutuel (par′i-mū′chōō-əl), *n.* (۱) هاوگەروکاری جۆرە گەروێکی غارەرێنە کە براوەکان بەگوێرەی نەمە پارە براوەکە بەش دەکەن بەپێی نەو پارەیەی گەروبان لەسەر کردووە پاش مز سەندن. (۲) مەکینەی نەم جۆرە گەروە.

paring (pâr′iŋ), *n.* (۱) تاشین؛ داتاشین؛ پاککردن؛ ڕنین (دارتاشی)؛ تونکل کردن. ۲) تەڵاش؛ تونکڵ: *(nail- ~s)*.

pari passu (par′i pas′ū, pâr′i pas′ōō), [L.]. (۱) وەکو یەک؛ شان بە شانی یەک؛ بە هەمان خێرایی: *(to proceed ~)*. (۲) پێکەوە و لە هەمان کاتدا؛ لە هەمان کاتدا.

Paris green, تۆزێکی ژەهرینی سەوزە بۆ جانەوەر کوشتن و بۆیە بەکاردەهێنرێ.

parish (par′ish), *n.* (۱) قەشەنشینی ئینگلتەرە؛ ناوچەیەکی ئینگلیزی بە قەشە سپێردراوە بەپێی دابەشکردنی کڵێسەیی‌یەوە. (۲) ناوچەیەکی ئینگلتەرەی فەرمانڕەوایی ناوخۆیە. (۳) (ا) قەشەنشین؛ گەرەک یا ناوچەی بە قەشە سپێردراو. (ب) نەندامانی کڵێسەی ناوچەیەکی وەها.

go on the parish, یارمەتی پارە وەرگرتن لە کڵێسەی ناوچە (بەتایبەتی لە ئینگلتەرە).

parishioner (pə-rish′ən-ēr), *n.* نەندامی کڵێسە.

Parisian (pə-rizh′ən), *adj. & n.* پاریسی؛ نیشتەنی شاری پاریس.

parity (par′ə-ti), *n.* (۱) یەکسانی؛ هاوتایی؛ هاوسەنگی؛ وەک یەکی. (۲) لەیەکچوون؛ چوونیەکی. (۳) هاونرخیی پارەی وڵاتان.

parity (par′ə-ti), *n.* (۱) منداڵبوون؛ بوون بە دایک؛ منداڵ هێنانە دنیاوە. (۲) سەرجەمی منداڵانی ئافرەتێک.

park (pärk), *n.* (۱) سەیرانگا؛ باخچەی گشتی؛ باخی میللی؛ مێرگوزار. (۲) یاریگای بێسبۆل. (هەروەها " ball park " یا " baseball park ") (۳) مۆڵگەی ئوتومبیل. (٤) مۆڵگەی ئوتومبیل و کەرەسەو تفاقی سوپا.

v.t. (۱) ڕاگرتنی ئوتومبیل لە مۆڵگەدا؛ وەستانی ئوتومبیل لە شوێنێکدا. (۲) کۆکردنەوەی کەرەسەو تفاقی سوپا و پێزکردنیان لە مۆڵگەیەکدا. (۳) [Slang]، دانان یا بەجێهێشتن لە شوێنێکدا بۆ ماوەیەک.

v.i. ئوتومبیل ڕاگرتن لە مۆڵگە یا شوێنێکی تردا.

parking lot, مۆڵگەی ئوتومبیل؛ گۆڕەپانی ڕاگرتنی ئوتومبیل.

parking meter, مەکینەی کات ڕاگرتنی ماوەی وەستانی ئوتومبیل (لەسەر شۆستە بە قەراغی شەقامەوە یا لە مۆڵگەدا دانراوەو پارەی تێ دەخرێ بۆ هەقی وەستانی ئوتومبیل).

parking ticket, تکتی ئوتومبیل وەستان: سزایەکی پارەیە پۆلیس دەیدات بە خاوەنی نەو ئوتومبیلەی کە لە شوێنی قەدەغەدا دەیوەستێنێ یا لە کاتی خۆی زیاتر دەیوەستێنێ.

Parkinson's disease, نەخۆشی لەرزۆکی (بەتایبەتی دەست و سەر لەرزین)؛ نەخۆشی گۆجی و لەرزۆکی.

parkway (pärk′wā′), *n.* پێگەوبانێکی پانی قەراغ ڕاڕاوەیە بە دارودرەخت.

parlance (pär′ləns), *n.* (۱) گفتوگۆ؛ ووتوێژ؛ ڕاوێژ. (۲) شێوازی زمان (لە نووسین یا دووواندا): *(newspaper ~)*.

parlay (pär′li, pär-lā′), *v.t. & v.i.* (۱) گرەوکردن. (۲) بەکارهێنانی سەرمایەیەک بە لێهاتووانە.

parley (pär′li), *v.i.* گفتوگۆکردن (بەتایبەتی لەگەڵ دوژمندا)؛ کۆڕگرتن لەگەڵ دوژمندا.

n. گفتوگۆی نێوان دوو سوپای دوژمن؛ ڕاوێژکردن یا کۆڕی نێوان دوو سوپای دوژمن بە یەک.

parliament (pär′lə-mənt), *n.* (۱) پەرلەمان؛ نەنجوومەنی نوێنەرانی گەل. (۲) [P-]، پەرلەمانی ئینگلیزی. (۳) یەکێک لە دادگا بەرزەکانی فەرەنسا لەپێش شۆڕشی ۱۷۸۹ دا.

parliamentarian (pär′lə-men-târ′i-ən), *n.* (۱) [P-]، لایەنگری پەرلەمان دژی (چارلسی یەکەم) لە شەڕی ناوخۆی ئینگلتەرەدا کە پێیان دەوترا: " سەرخر " . (۲) پەرلەمانتار: کەسێکی شارەزاو لێهاتوو لە پەیڕەوو چەندوچۆنی پەرلەمانیدا. (۳) نەندامی پەرلەمان.

parliamentary (par′lə-men′tə-ri), *adj.* پەرلەمانی: (ا) وەک: پەرلەمان؛ تایبەتی بە پەرلەمان. (ب) پەرلەمان فەرمانی لەسەر داوە. (ج) بە پەیڕەوی پەرلەمانە. (د) ڕێزمی پەرلەمانییە.

parlor, parlour (pär′lēr), *n.* (۱) (ا) دیوەخان؛ ژووری میوان. (ب) ژووری دانیشتن. (۲) سالۆنی میوانخانە. (۳) دەزگای بازرگانی؛ دووکان: *(an ice-cream ~ ; a beauty ~)*.

parlor car, فاگۆنی فەنتازی شەمەندەفەر.

parlormaid (pär′lēr-mād′), *n.* کارەکەری ژووری میوان.

parlous (pär′ləs), *adj.* (۱) ترسناک؛ سامناک. (۲) نۆزان؛ زیرەک.

adv. [Archaic], ئێجگار زۆر؛ زۆر.

Parmesan cheese, پەنیرێکی ووشکە ڕەندە دەکرێت و دەکرێ بەسەر هەندێ خواردەمەنیدا.

parochial (pə-rō′ki-əl), *adj.* (۱) هی گەرەکێک یا ناوچەیەکی کڵێسەیی؛ تایبەتی بە کڵێسە یا کڵێسەیەک؛ ئاینی: *(a ~ school)*. (۲) تەسک (بیروڕا)؛ تەسکبین: *(a ~ point of view, mentality, etc.)*.

parochialism (pə-rō′ki-əl-iz′m), *n.* تەسکی بیروڕا؛ تەسکبینی؛ بیرکردنەوە لە گۆشەیەکی ناوچەیی‌یەوە نەک فراوان و گشتی.

parochial school, قوتابخانەی کڵێسە؛ قوتابخانەیەکە کە کڵێسە بەڕێوەی دەبات‌و پشتگیری دارایی دەکات.

parodist (par′ə-dist), *n.* نووسەری لاساییکەرەوە (ووشەی داهاتوو ببینە)

parody (par′ə-di), *n.* (۱) لاسایی وێژەیی و مۆسیقایی؛ نووسراوێك یا پارچە مۆسیقایەکە لاسایی نووسراوێك یا پارچە مۆسیقایەکی تر دەکاتەوە بۆ لاقرتی. (۲) لاسایی‌کردنەوەیەکی هیچ‌وپووچ و بێ مانا.

v.t. لاسایی کردنەوەی نووسەرێك، هەڵبەستێك، یا پارچەیەك مۆسیقا... هتد: *(to ~ an author, a poem, etc.)*

parol (par′əl), *n.* ووتار؛ ووتە

adj. بەدەمی؛ ووتراو

parole (pə-rōl′), *n.* (۱) پەیمان بەتایبەتی دیلی جەنگ کە بەردرا نیتر وازدەهێنێ و شەڕ ناکاتەوە. (۲) بەردانی بەندیك لە بەندیخانە پێش تەواوبوونی سزاکەی لەبەر ڕەفتار چاکی و پەیماندانی بە بەردەوام بوونی ئەم ڕەفتارە؛ بەردانی بەندیك بە مەرجی خراپە نەکردن: *(to be on ~ ; to break one's ~)* . (۳) ماوەی ئەم بەردانە. (٤) ووشەی نهێنی (سوپا).

v.t. بەردان لە بەندیخانە پێش تەواوبوونی سزا لەبەر ڕەفتار چاکی و بە مەرجی خراپە نەکردن

on parole, ئازادکراوە لە بەندیخانە پێش تەواوبوونی سزاکەی لەبەر ڕەووشت باشی و بە مەرجی خراپە نەکردن.

parolee (pə-rō′lē′), *n.* بەندیکی ئازادکراو پێش تەواوبوونی سزاکەی لەبەر ڕەفتار چاکی و بە مەرجی خراپە نەکردن.

paronomasia (par′ə-nō-mā′zhə, par′ə-nō-mā′zhi-ə), *n.* (۱) pun (۲) ووتەی بە تۆنکڵ بەکارهێنان.

paronym (par′ə-nim), *n.* (۱) ووشەی هاوەنگ و هاوسەرچاوە. (۲) ووشەی لە زمانی بێگانەوە وەرگیراو.

paronymous (pə-ron′ə-məs), *adj.* (۱) هاوسەرچاوە (ووشە) (۲) هاوەنگ، بەڵام ماناو حونجەو سەرچاوە جیاواز (ووشە):

(e.g. pair, pare, pear)

paroquet (par′ə-ket′), *n.* = parakeet.

parotid (pə-rot′id), *adj.* تایبەتی بە لووی بن گوێ

n. = paratoid gland.

parotid gland, لووی بن گوێ

parotitis (par′ə-tī′tis), *n.* ملەخرێ.

-parous (pĕr′əs), پاشگرێکە بەمانای: منداڵبوون؛ بوون؛ هێنانە دنیاوە.

paroxysm (par′ək-siz′m), *n.* (۱) لەپڕ سەر ئ هەڵدانەوەی نەخۆشی: ناوبەناو ئ پیس کردنی نەخۆشی. (۲) پێکەنین، تووڕەبوون، یا هەڵچوونێکی تاوتاوو خۆ بۆ نەگیران؛ فێ؛ حاڵ ئ هاتن.

paroxytone (par-ok′sə-tōn′), *n.* وشەیەکە کە برگەی پێش دواهەمینی بگیرێ (ڕێزمان).

parquet (pär-kā′, pär-ket′), *n.* (۱) زەمینەی نهۆمی یەکەمی شانۆیەکە لەبەردەمی شانۆکەوە هەتا ژێر باڵکۆنەکان. (۲) (ا) تەختەداری نەقش‌ونیگاراوی جۆراوجۆری پارچە پارچە کە زەمینەیەکی پێ دادەپۆشرێ (ب) زەمینەی داپۆشراو بەم جۆرە تەختەدارانە.

v.t. داپۆشینی زەمینەی ژوور بە تەختەداری نەقش‌ونیگاراوی پارچە پارچە.

parquet circle, بەشی ژێر باڵکۆنی شانۆ.

parquetry (pär′kit-ri), *n.* تەختەداری نەقش‌ونیگاراوی جۆراوجۆری پارچە پارچە کە زەمینەی ژووری پێ دادەپۆشرێ.

parrakeet (par′ə-kēt′), *n.* = parakeet.

parricide (par′ə-sīd′), *n.* (۱) باوك یا دایکی خۆکوژ؛ باوك‌و دایکی خۆکوژ. (۲) باوك یا دایکی خۆکوشتن؛ باوك‌و دایکی خۆکوشتن.

-parricidal *(adj.)*.

parroket, parroquet (par′ə-ket′), *n.* = parakeet.

parrot (par′ət), *n.* (۱) تووتی (۲) کەسێکە کە وەك تووتی لاسایی قسەو کردەوەی خەڵك دەکاتەوە.

v.t. لاسایی کردنەوەی قسەو کردەوەی خەڵك وەك تووتی.

parrot fever, = psittacosis.

parrot fish, جۆرە ماسییەکە ڕەنگاوڕەنگییەکەی و کاژێری لە تووتی دەچێ.

parry (par′i), *v.t.* (۱) خۆ ئ پاراستن (مستەکۆڵە، لێدان)؛ لە خۆ لادان؛ خۆ ئ پزگارکردن. (۲) وەڵام بەدەستەوە نەدان؛ خۆ بەدەستەوە نەدان.

v.i. لە خۆ لادان؛ خۆ ئ پاراستن.

n. (۱) لە خۆ لادانی هێرش (شێربازی)؛ خۆپاراستن. (۲) وەڵام بەدەستەوە نەدان؛ وەڵامی بە پێچوپەنا.

parse (pärs), *v.t. . (to ~ a sentence)* شیکردنەوەی ڕستە (ڕێزمان).

v.i. شیکرانەوەی ڕستە

parsimonious (pär′sə-mō′ni-əs), *adj.* ڕەزیل؛ پیسکە؛ پارەپیس.

parsimony (pär′sə-mō′ni), *n.* ڕەزیلی؛ پیسکەیی؛ پارەپیسی.

parsley (pärs′li), *n.* مەعدەنووس.

parsnip (pärs′nip), *n.* گێزەری سپی.

parson (pär′s'n), *n.* قەشە؛ کەشیش.

parsonage (pär′s'n-ij), *n.* (۱) مالی قەشە (کە ئەندامانی کڵێسەکەی پێی دەبەخشن). (۲) مووچەو زەوی‌وزاری بە قەشە بەخشراو (لەلایەن ئەندامانی کڵێسەکەیەوە).

part (pärt), *n.* (۱) (ا) بەش؛ کەرت. (ب) پارچە (مەکینە، نامێر). (ج) لەت؛ کەرت؛ پارچەی لێکراوە. (د) هەند؛ بڕ: *(He lost ~ of his fortune.)* . (هـ) بەش: *(Which ~ of the book did you like best?)* . (و) ئەندام (لەش) (۲) بەرکەوت؛ بەش: (ا) ئەرکی سەرشان؛ بەشی خۆ (کار): *(We do our ~)* . (ب) *(pl.)*، توانا؛ لێهاتوویی: *(a man of ~s)* . (ج) ڕۆڵی کەسێکی ناو شانۆنامە: *(He played the ~ of a prince.)* (د) ووتەو کرداری کەسێکی ناو شانۆنامەیەك. (۳) *(pl.)*، ناوچە: *(He left these ~s.)* . (٤) لا (سەرداگەری، پەیمان، ڕێکەوتن، ناکۆکی). (٥) خەتی سەرداهێنان.

v.t. (۱) بەشکردن؛ بەش بەش کردن؛ پارچە پارچە کردن (۲) سەرداهێنان بە دوو دیودا تا خەتی تێ بکەوێ: *(He ~s his hair.)* . (۳) لەیەك جیاکردنەوە؛ جیاکردنەوە؛ لە یەك دابڕین. (٤) لەیەك جیاکردنەوە لە مێشکدا. (٥) لەیەك جیاکردنەوەی دوو مادده (کیمیا. (٦) [Archaic]، دابەشکردن؛ بەسەردا بەشکردن.

v.i. (۱) لەیەك جیابوونەوە. (۲) بوون بە چەند بەشێکەوە یا لقێکەوە. (۳) پەیوەندی لەگەڵ بڕین؛ جیابوونەوە (برادەرێتی): *(The friends ~ed in anger.)*

(٤) ڕۆیشتن؛ بەجێهێشتنی شوێنێك؛ جمان. (٥) مردن؛ کۆچی دوایی کردن.

بەشێك: *(to own ~ interest in a company)* .

adj. تاپادەیەك؛ لە هەندێ ڕووەوە؛ لە لایەکەوە.

adv. لەلایەن منەوە؛ بەلای منەوە.

for my part, بەزۆری؛ بەشی زۆری.

for the most part, تاپادەیەك؛ لە لایەکەوە؛ لە ڕوویەکەوە.

in part, بەشێکی گرنگە لە؛ بەشێکی پێویست‌و جیانەبووەوەیە.

part and parcel, (۱) هەرێمێك بە لایەکدا ڕۆیشتن.

part company, (۲) لەیەك جیابوونەوە (برادەرێتی)؛ پەیوەندی پچڕاندن؛ لەیەك دابڕان. (۳) ڕا لەگەڵ نەبوون؛ ڕا جیابوون لە: *(On that question I'm afraid I must part company with*

you.)

part from, لەجیهێشتن (شوێن)؛ ڕۆیشتن.

part with, دەست لێ هەڵگرتن.

(He doesn't like to part with his money.)

play a part, ١) ڕۆڵ بینین؛ بە درۆ شتێك كردن بۆ خەڵەتاندن؛ بە ئاپاكانە و هەڵ بە ڕووالەت كردەوە كردن. ٢) بەشداربوون.

take part in, تێدا بەشداربوون؛ تێدا هاوبەش بوون.

partake (pär-tāk′), *v.i.* ١) تێدا بەشداربوون. ٢) هاوخواردن كردن؛ نانخواردن لەگەڵ؛ بەشی خۆ بردن.

v.t. [Rare], تێدا بەشداربوون؛ هاوبەش بوون.

-partaker *(n.).*

partake of, ١) (ا) هاوخواردن كردن؛ بەشداری كردن لە ژەمێك خواردندا.

(to partake of a meal with one's friends)

ب) بردن؛ بەشی خۆ بردن؛ هەندێك بردن. ٢) هاوسروشت بوون؛ لێچوون؛ لێكردن.

parterre (pär-târ′), *n.* ١) باخێكی گوڵی پارەودارو بە ئەندازە كراو؛ گوڵستانێكی نەخشەدار. ٢) parquet circle

parthenocarpy (pär′thə-nō-kär′pi), *n.* هەرگرتنی بێ چاكردن یا حیوت گرتن

parthenogenesis (pär′thə-nō-jen′ə-sis), *n.* زایینی بێ جووت بوون یا پەرین؛ زایینی كچی؛ زایینی بێچوو لە هێلكەی بەپیت نەكراوەوە (وەك لە هەندێ جانەوەرو قەوزەدا)

-parthenogenetic *(adj.).*

Parthenon (pär′thə-non´, pär′thə-nən), *n.* پەرستگای بانووخوا "ئەسینا" لە شاری "ئەسینا" ی پایتەختی یۆنان.

Parthenos (pär′thə-nos´), *n.* كچ؛ كچی كون نەكراو؛ تایبەخۆیەكی گەلێك لە بانووخواكانی كۆنی یۆنانە بەتایبەتی "ئەسینا".

partial (pär′shəl), *adj.* ١) لایەنگر؛ سەر بە لایەك؛ خاترگر؛ لاگر. ٢) تەواو؛ كەرتی؛ نەختی؛ نیمچە. *(a ~ success, eclipse, etc.)*

partial to, لایەنگرتن؛ خۆشویستن؛ بەدڵ بوون؛ لایەنگر بە.

partial fraction, كەرتی كەرت؛ كەرتی كەرتی.

partiality (pär′shi-al′ə-ti, pär-shal′ə-ti), *n.* ١) لایەنگری؛ بە لایەكدا ڕاتاشین؛ خاتری لایەك گرتن. ٢) حەزلێكردن؛ ویستن؛ بەدڵ بوون. *(a ~ for pretty girls)*

partially (pär′shəl-i), *adv.* ١) بە لایەنگرانە؛ بە خاترگرتنی لایەك؛ بە ڕاتاشین بە لایەكدا. ٢) تا ڕادەیەك؛ تا ڕادەیەك؛ نەختێك؛ لە ڕوویەكەوە؛ لە لایەكەوە.

partible (pär′tə-b'l), *adj.* بەش دەكرێت؛ جیادەكرێتەوە

participant (pär-tis′ə-pənt, pēr-tis′ə-pənt), *n.* بەشداربوو؛ بەشدار؛ هاوبەش؛ بەشداری كارێك

adj. بەشداربوو؛ بەشدار؛ هاوبەشیكەر

participate (pär-tis′ə-pāt´, pēr-tis′ə-pāt´), *v.i.* بەشداربوون لە كارێكدا؛ هاوبەشی كردن. *(to ~ in an activity, contest, etc.)*

v.t. [Rare], بەشداری كردن؛ بەشداربوون.

-participance *(n.)*; **participator** *(n.).*

participation (pär-tis´ə-pā′shən, pēr-tis´ə-pā′shən), *n.* بەشداری (كار)؛ بەشداربوون؛ هاوبەش بوون

participial (pär´tə-sip′i-əl, pär´tə-sip′yəl), *adj.* تایبەتی بە "participle"

n. وشەیەكە لە كردارەوە وەرگیراوەو وەك ناو یا ناوەڵناو لە پستەدا بەكاردەهێنرێ (ڕێزمان)

participle (pär′tə-si-p'l), *n.* ناوەڵناوی كرداری؛ وشەیەكە لە كردارەوە وەرگیراوەو وەك ناوەڵناو بەكاردەهێنرێ وە تایبەخۆی كردارو ناوەڵناوییشی هەیە (ڕێزمان)

("Going" and "gone" are the present and past ~s of "go".)

particle (pär′ti-k'l), *n.* ١) گەرد؛ تۆز؛ نەختاڵ *(a dust ~ ; not a ~ of truth)*

٢) بەند (نووسراو، ووتار).

٣) ئامراز (وەك: نامرازی پەیوەندیو شوناسی... هتد) (ڕێزمان)

٤) ووردیلە (فیزیا)؛ دەنكۆڵە. ٥) پارچە نانی پیۆزكراو (كلێسە).

parti-colored (pär′ti-kul´ērd), *adj.* ١) ڕەنگاوڕەنگ. ٢) جۆراوجۆر؛ هەمەچەشنە.

particular (pēr-tik′yoo-lēr, pär-tik′yoo-lēr), *adj.* ١) هی تایبەتی؛ تایبەتی بە كەسێك، بارێك، یا شتێك: *(a ~ person, case, situation, thing, etc.)*

٢) تایبەتی: *(Why did she choose this ~ hat?)*

٣) شایانی باس؛ گرنگ؛ تایبەتی: *(I had no ~ reason for going.)*

٤) وورد؛ بەوردی: *(a full and ~ account of the incident)*

٥) بە قێزوبێز؛ بە هیچ پازی نەبوو؛ تەپۆش؛ هەموشتێكی لا گرنگە: *(She's too ~ about what she wears.)*

n. ١) كەسێك، شتێك، یا بارێكی تایبەتی؛ شتێكی جیاواز. ٢) تاكە شتێك؛ تێبینیێك؛ دانەیەكی ناسەرەكی؛ خاڵ.

go into particulars, بەوردی باسكردن؛ بە دوورودرێژی لێ دوان.

in particular, بەتایبەتی.

particularism (pēr-tik′yoo-lēr-iz'm), *n.* ١) بیروڕایەكی ناینیێیە كە دەڵێت: تەنها كەسانی تایبەتی دەچنە بەهەشت (ئایننناسی). ٢) خۆ تەرخانكردن بۆ حیزبێك، بیروڕایەك، نەتەوەیەك، یا كارێكی تایبەتی. ٣) سەربەخۆیی ناوخۆی نەتەوەو ناوچەی وڵاتێك بەبێ گوندان بە چاكەی ئەوانی تر؛ خودموختاری؛ ناوچەگەرێتی.

particularity (pēr-tik´yoo-lar′ə-ti, pär-tik´yoo-lar′ə-ti) *n.* ١) تایبەتیەتی. ٢) زۆر بەتەنگ هەموشتێكەوە هاتن نەگەرچی ووردیش بێ، زۆر گوێدان بە شتی وورد. ٣) بە قێزوبێزی؛ بە پەلەپیتكە خۆ تەكاندن؛ تەپۆشی. ٤) شتێكی تایبەتی: (ا) تایبەخۆیەك. (ب) شتێكی ووردو ناگرنگ؛ تاكە شتێكی ناگرنگ؛ خاڵ.

particularize (pēr-tik′yoo-lēr-īz´, pär-tik′yoo-lēr-īz´), *v.t.* تایبەتی كردن؛ یەك بە یەك ناوهێنان یا باسكردن؛ بەتایبەتی و دوورودرێژی باسكردن نەك بەگشتی.

-particularization *(n.).*

particularly (pēr-tik′yoo-lēr-li, pär-tik′yoo-lēr-li), *adv.* ١) بەتایبەتی. ٢) یەك بە یەك؛ بەوردی؛ بە دوورودرێژی.

parting (pär′tiŋ), *adj.* ١) جیاكەرەوە. ٢) ڕۆیشتوو. ٣) مردوو؛ لەمردندایە. ٤) لەكاتی ڕۆیشتندا ووتراو یا كراو: *(a ~ comment)*

n. ١) جیابوونەوە؛ لەیەك جیابوونەوە؛ بەش بوون. ٢) شوێنی لەیەك جیابوونەوە؛ دووڕێیان. ٣) جیاكەرەوە؛ شتی لەیەك جیاكەرەوە. ٤) خەتی سەرداهێنان. ٥) ڕۆیشتن؛ خواحافیزی. ٦) مردن؛ كۆچی دوایی.

partisan, partizan (pär′tə-z'n), *n.* ١) حیزبی؛ لایەنگر؛ حیزبی؛ لایەنگری بەتێو كوێرانە. ٢) خەباتكەری چەكدار (بەتایبەتی لە ناوچەرگەی خاكی دوژمندا)؛ پێشمەرگە؛ پارتیزان.

adj. ١) تایبەتی بە حیزبێك؛ سەر بە حیزب یا كۆمەڵێك؛ لایەنگری كوێرانە: *(~ politics)*

٢) پێشمەرگەیی؛ هی خەباتكەری چەكدار؛ پارتیزانی: *(~ fighting, warefare, operations, etc.)*

partisanship (pär′tə-z'n-ship´), *n.* ١) لایەنگری؛ حیزبچێتی؛ حیزبێتی. ٢) لایەنگری كوێرانە.

partite (pär′tit), *adj.* بەش بەش؛ بەشكراو؛ بەش: *(tripartite)*.

partition (pär-tish′ən, pēr-tish′ən), *n.* ١) بەش بەش كردن؛ بەشكردن؛ جیاكردنەوە. ٢) تیغەدیوار؛ تیغە؛ دیوار؛ پەردە. ٣) بەش؛ پارچە؛ لەت؛ خانە.

(٤) دابەشکردنی خانووبەرە یا زەوی‌وزارو تاپۆکردنی هەر بەشەی لەسەر یەکێك.
(٥) دابەشکردن (ژمارەوپێوان).

v.t. (١) بەش بەش کردن؛ بەشکردن؛ دابەشکردن: *(to ~ a country)* .
(٢) بە تیغەدیوار یا پەردە جیاکردنەوە: *(to ~ a room)* .

partitive (pär′tə-tiv), *adj.* (١) جیاکەرەوە؛ لەیەك جیاکەرەوە.
(٢) تایبەتی بە ووشەی بەستەرەوە یا بەشی.

n. ووشەی بەشی (رێزمان): *(few, some, any, etc.)* .

partizan (pär′tə-zˇn), *n. & adj.* = partisan.

partlet (pärt′lit), *n.* بەرگێکی ژنانەی نەقش‌ونیگاردارە شان‌و مل‌و بەرسنگ دادەپۆشێت

partly (pärt′li), *adv.* تا پادەیەك؛ هەندێك؛ لە لایەکەوە؛ لە سەرێکەوە

partner (pärt′nĕr), *n.* (١) هاوبەش؛ بەشدار؛ برابەش؛ هاوکار
(٢) هاوبەشی ژیان؛ هاوسەر؛ ژن؛ میرد. (٣) هاوبەش (یاری، یاری کاغەن)؛ هاوتیپ. (٤) ناوەڵ سەما (لە سەمای دووکەسیدا).
(٥) کۆڵەکەی تەوەر (کەشتی بایەوان).

v.t. (١) کردن بە هاوبەش. (٢) بوون بە هاوبەش.

partnership (pärt′nĕr-ship′), *n.* (١) هاوبەشی بەشداری؛ هاوکاری؛ ناوکۆیی. (٢: ا) کۆمپانیای هاوبەشی.
(ب) پەیمانی کۆمپانیای هاوبەشی. (ج) هاوبەشانی کۆمپانیایەکی وەها.

part of speech, (١) بەشێك لە بەشەکانی ئاخاوتن (رێزمان): (وەك: ناو، ئاوەڵناو، کردار... هتد). (٢) ووشەیەکی یەکێك لەم بەشانەی ئاخاوتن.

partook (pär-took′), *past tense of* partake.

partridge (pär′trij), *n.* پۆر

part-time (pärt′tīm′), *adj.* کەرتەکات؛ نیمەکات؛ سەرومڕ دێیە، بەڵکو تەنها بەشێکی پۆژ، هەفتە، یا مانگە (کار):
(~ work, teaching, etc.; a ~ teacher, student, etc.)

parturient (pär-tyoor′i-ənt, pär-toor′i-ənt), *adj.* (١) دەزێ: خەریکە دەزێ: خەریکە منداڵی دەبێ؛ لە ژاندایە. (٢) هی زایین؛ هی منداڵبوون.
(٣) خەریکە شتێکی تازە بدۆزێتەوە یا بیرێکی تازەی بۆ بێت.

parturition (pär′choo-rish′ən), *n.* زایین؛ منداڵبوون؛ بەچکەبوون.

party (pär′ti), *n.* (١) حیزب
(٢) دەستە؛ کۆمەڵ؛ تاقم: *(a surveying ~)* .
(٣) ئاهەنگ؛ زەماوەند: *(a ~ ; a dinner ~ ; a cocktail ~)* .
(٤) بەشدار؛ پەیوەندیدار: *(I'll not be ~ to the affair.)* .
(٥) لا (ئاکۆکی، دادخوازی)؛ لایەن.

party-colored (pär′ti-kul′ĕrd), *adj.* = parti-colored.

party line, (١) سنووری نێوان دوو زەوی.
(٢) هێڵی ئاوکۆیی تەلەفۆن: هێڵێکە کە تەلەفۆنی چەند ماڵێکی لەسەرەو هەرجارە یەکێکیان دەتوانن تەلەفۆنەکانیان بەکاربهێنن. (٣) *(pl.)*، پەیڕەوو ڕێبازی حیزبێك کە نە حیزبەکەو نە نەندامەکانی لایی لانادەن.

party man, نەندامی دڵسۆزو پشت پێ بەستراوی حیزب؛ نەندامی لە ڕێ لانەدەری حیزب.

party politics, حیزبایەتی: حیزبایەتی کوێرانە؛ حیزب پەرستی.

party wall, دیواری بەینی دوو خانوو؛ دیواری ئاوکۆیی دوو خانوو.

parure (pə-roor′), *n.* دەستە خشڵ

parvenu (pär′və-nōō′, pär′və-nū′), *n.* تازەپیاکەوتوو؛ نەدێ‌وبدێ؛ تازە دەوڵەمەند

adj. هی تازەپیاکەرتوو. وەك نەدێ‌وبدێ.

parvis (pär′vis), *n.* (١) حەوشەی کڵێسە یا کۆشك.
(٢) ڕیزە کۆڵەکەی بەردەمی کڵێسە.

pasha (pə-shä′, pash′ə, pä′shə), *n.* پاشا.

pass (pas, päs), *n.* دەربەند

pass (pas, päs), *v.i.* (١) ڕۆیشتن؛ بۆ پێشەوە چوون.
(٢) دزێڕبوونەوە؛ ڕۆیشتن (ڕێگە): *(The road ~es around the hill.)* .

(٣) دەستاودەست کردن
(٤) گۆڕان (لە بارێکەوە بۆ بارێکی تر):
(to ~ from a solid to a liquid state)
(٥) تێپەڕبوون؛ پێ گەیشتنەوەو تێپەڕبوون:
(The sports car ~ed on the right.)
(٦) ووتران لەنێوان دوو کەس یا لادا؛ کران (سڵاو، قسە).
(٧) (ا) دوایی هاتن؛ وەستان؛ بەسەرچوون:
(The fever ~ed.; The storm ~ed.)
ب) ڕۆیشتن؛ بەجێهێشتن.
(٨) (**on** ~): مردن
(٩) تێپەڕبوون؛ بەسەرچوون: *(The hour ~ed quickly.)* .
(١٠) دانران (یاسا)؛ پەسەندکران (گەڵاڵەی یاسا): *(The bill ~ed.)* .
(١١) دەرچوون (تاقیکردنەوە)؛ بڕین: *(to ~ a test)* .
(١٢) ڕوودان: *(What ~ed in my absence?)* .
(١٣) بڕیاردران؛ بڕیاردان: *(The jury ~ed upon the case.)* .
(١٤) پەڕاندن (نۆبەی خۆ بەتایبەتی لە یاری کاغەزدا).
(١٥) تۆپ فڕێدان بۆ هاوتیپ.
(١٦) دران لە کەسێکەوە بە کەسێکی تر (تاپۆ، ناو، پلەوپایە):
(The title ~ed to the elder son.)

v.t (١) بەجێهێشتن؛ بەلادا تێپەڕبوونو بەجێهێشتن؛ بەلادا ڕەت بوون: *(I - ed Mr. Johnson just now.; We have ~ed her house.)*
(٢) [Archaic]، بڕین (ڕێگە).
(٣) بەلادا ڕۆیشتن‌و نەبینین؛ گوێ پێ نەدان.
(٤) قازانج نەدان.
(٥) زیاتربوون لە؛ تێپەڕبوون: *(The returns ~ed all expectations.)* .
(٦) (ا) دەرچوون (تاقیکردنەوە)؛ بڕین؛ تێدا سەرکەوتن:
(He ~ed every test.)
(ب) دەرچووواندن: *(The teacher ~ed all the students.)* .
(٧) دەست پێداهێنان: *(He ~ed his hand through her hair.)*
(٨) پێداکردن؛ پێدابردن *(to ~ a thread through a needle)*
(٩) بە بەردەمدا ڕۆیشتن.
(١٠) بردنەسەر؛ کات بەسەربردن؛ ڕابواردن:
(He ~ed his winter in the mountains.)
(١١) (ا) گەیاندن؛ ڕاگەیاندن: *(They ~ed the news quickly.)*
(ب) دانەدەست؛ پێدان: *(P~ the bread, salt, knife, etc.)* .
(ج) شتی ساختە دەستاودەست پێکردن: *(to ~ counterfeit money)*
(د) لەسەر یەکێکی تر تاپۆکردن.
(١٢) تۆپ فڕێدان بۆ هاوتیپ: *(to ~ the ball)*
(١٣) لێ دەرچوون؛ لێ هاتنە دەری *(No secrets ~ her lips.)* .
(١٤) میزو گوو کردن: *(to ~ water)* .
(١٥) (ا) دانان (یاسا)؛ پەسەندکردن: *(The parliament ~ed the bill.)*
(ب) دانران (یاسا)؛ پەسەندکران
(The bill ~ed the House of Representatives.)
(١٦) بڕیاردەرکردن: *(to ~ judgment on something of someone)*

n. (١) ڕۆیشتن؛ تێپەڕبوون؛ ڕەت بوون. (٢) دەرچوون (تاقیکردنەوە)؛ بڕین.
(٣) نمرەی دەرچوون؛ نمرەی بەناستەم دەرچوون:
(She got a ~ in the exam.)
(٤) بار (بەتایبەتی هی گیروگرفتاوی)؛ دۆخ: *(a strange ~)* .
(٥) (ا) بلیتی خۆڕایی؛ بلیتی هەمیشەیی خۆڕایی.
(ب) پشوونامەی سەرباز. (ج) تێپەڕنامە.
(٦) دەست سووکی جادووگەرو قومارچی بۆ فێڵبازی‌و گزی.
(٧) جوولەی دەست لە نوواندنی موگناتیسیدا.
(٨) شاڵاوی فڕۆکە بەسەر نیشانێکدا؛ بەسەردا تێپەڕبوون.
(٩) نۆبەی خۆ پەڕاندن (یاری کاغەن).
(١٠) (ا) تۆپ فڕێدان بۆ هاوتیپ. (ب) شیر پێداکردن (شەرە شیر).

(١١) هەوڵی چاوباشقاڵی لەگەڵ کردن دان؛ هەوڵی تاوکردن دان.
(He made a ~ at her.)

a pretty pass, بارێکی گێرۆگرفتاوی؛ بارێکی ناخۆش و مەترسیدار.
bring to pass, بوون بەهۆی ڕووداو.
come to pass, ڕووداو؛ هاتنەدی؛ وا ڕێکەوتن.
make a pass at, (١) هەوڵی لێدان دان؛ شاڵاو بۆ بردن بۆ لێدان. (٢) [Slang]. هەوڵی چاوباشقاڵی لەگەڵ کردن دان؛ هەوڵی تاوکردن دان.
pass around, دەستاودەست پێکردن؛ لە یەکێکەوە دران بە یەکێکی تر؛ بەسەردا گێڕان؛ دابەشێن.
pass away, مردن؛ کۆچی دوایی کردن؛ دوایی هاتن.
pass by, (١) بەلادا تێپەڕین. (٢) پێشاندان بۆ ڕا وەرگرتن.
pass for, وا هاتنە بەرچاو (شتی ساختە)؛ وا دانران؛ بەدرۆ وا دەرکەوتن.
pass off, (١) بەسەرچوون؛ دوایی هاتن. (٢) ڕووداو؛ هاتنەدی.
(٣) بەدرۆ وا نیشاندان. *(He passed himself off as a nobleman.)*
(٤) سەربڕ لێ لابردن (بارێکی تەریقکەرەوە)؛ بە گاڵتەگرتن (بۆ تەریق نەبوونەوە).
pass one's lips, (١) خواردنەوە؛ خواردن.
(٢) درکاندن؛ لە دەم هاتنە دەرێ؛ ووتن.
pass out, [Slang]. بوردنەوە؛ بوراندەوە.
pass over, پەڕاندن؛ بواردن؛ گوێ پێ نەدان.
pass through, پێدا تێپەڕبوون (ناخۆشی)؛ بەسەردا هاتن؛ چەشتن.
pass time, ڕۆژ بردنە سەر؛ کات بەسەربردن؛ کات کوشتن.
pass up, هەل لە دەست خۆ دان؛ هەل لەکیس چوون؛ لە دەست دان؛ لەقە لێدان (مەجاز). *(to pass up an opportunity)*

passable (pas′ə-b'l, päs′ə-b'l), *adj.* (١) دەبڕێت. ڕێکەو؛ دەتوانرێت پێدا بڕۆیت یا بپەڕیتەوە. *(a ~ road, stream, etc.)*
(٢) دەستاودەستی پێ دەکرێ (پارە)؛ بۆ ئالوگۆڕپێکردن دەشێ. *(~ currency)*
(٣) ماندوودەیی؛ پەسەندە؛ نە باش و نە خراپ. *(~ grades; a ~ knowledge of English)*
(٤) بوی هەیە بکرێ بە یاسا؛ لەوانەیە دەنگی لەسەر بدرێ بۆ بوون بە یاسا.

passably (pas′ə-bli, päs′ə-bli), *adv.* بە ماندووبی یانە.
passacaglia (pas′ə-käl′yə), *n.* (١) سەمەیەکی ئیتاڵی کۆنە. (٢) مۆسیقای ئەم سەمایە.
passado (pə-sä′dō), *n.* شێر بیاکردن لە هەڵوێستێکی وەهادا کە قاچێکی شێربازەکە لەپێش ئەوی تریەوە بێت.
passage (pas′ij), *n.* (١) (أ) ڕۆیشتن؛ تێپەڕبوون؛ ڕەت بوون؛ چوون. (ب) بەسەرچوون؛ تێپەڕبوون (کات). *(the ~ of time)*
(ج) گۆڕان (لە بارێکەوە بۆ بارێک یا لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر).
(د) [Obs.]. مردن؛ کۆچی دوایی کردن.
(هـ) دانانی یاسا؛ کردن بە یاسا؛ مۆرکردن؛ پەسەندکردن (پەرلەمان). *(the ~ of a bill)*
(٢) گەشتی دەریایی یا هەوایی.
(٣) (أ) ماف گەشتکردن بە کەشتی؛ کورسی یا جێی گیراو لە کەشتیدا. *(to book a ~)*
(ب) کرێی گەشتێکی وەها.
(٤) (أ) ڕێگە؛ گوزەر؛ ڕێبان. (ب) پارەو. (ج) بۆری؛ کون. *(the nasal ~)*.
(٥) ماف هاتن و چوون بەسەربەستی.
(٦) ئەوەی کە ڕووبەدات لەنێوان دوو کەسدا (شەڕ، ڕووتووێژ، دڵداری... هتد).
(٧) پارچە یا برگە (ووتار، چیرۆک، شانۆنامە)؛ بەند. *(a ~ from Hamlet)*.
(٨) بەشێکی سیمفۆنیەک یا بەرهەمێکی مۆسیقایی.
(٩) گووکردن؛ پیسایی کردن.

v.i. (١) گەشتکردن؛ چوونە گەشت؛ ڕۆیشتن. (٢) شەڕکردن؛ دەمەقاڵێ بوون.

passageway (pas′ij-wā′), *n.* ڕێگە؛ ڕێرەو؛ کۆاڵان؛ گوزەر.
passbook (pas′book′, päs′book′), *n.* (١) دەفتەری حسابی بانقی کەسی. (٢) دەفتەری حساباتی "bankbook".

دوکاندار یا بازرگان.
pass degree, [Chiefly British], بڕوانامەی بەناستەم دەرچوون لە زانکۆ.
passé (pa-sā′, pas′ā), *adj.* (١) کۆنەباو؛ باو نەماو؛ بەسەرچوو. (٢) پیر؛ کۆن؛ سیس؛ پەککەوتوو.
passel (pas′'l), *n.* فرە؛ ژمارەیەکی زۆر؛ گەلێک.
passementerie (pas-men′tri), *n.* نەقشکاریی قەراغی جل‌وبەرگ.
passenger (pas′'n-jĕr), *n.* (١) ڕێبوار؛ کاروانی؛ ڕەوەند. (٢) گەشتکەر؛ سوار؛ ڕەفتەنی.
passenger pigeon, جۆرە کۆترێکی قرتێکەوتووی کۆچەری کلک درێژی نەمەریکاییە.
passe partout (pas pär-to͞o′), [Fr.], (١) ئەوەی بە هەموو-شوێنێکدا دەچێ؛ ئەوەی هیچ ڕێگەیەکی لێ ناگیرێ. (٢) کلیلی گشتی؛ شاکلیل؛ کلیلێکە گەلێک قفڵی جیاواز دەکاتەوە. (٣) مقەبا یا کاغەزی وێنە لە چوارچێوە گرتن. (٤) شریتی سرێشاوی پەراوێزی وێنەی لە چوارچێوە گیراو.
passer-by (pas′ĕr-bī′, päs′ĕr-bī′), *n.* کەسێکی بەلادا تێپەڕبوو؛ مرۆڤی تێپەڕبوو.
passerine (pas′ĕr-in′, pas′ĕr-īn′), *adj.* تایبەتی بە باڵندەی نیشتووی دەنگ خۆش (وەک بۆرەک و فیسقەگولەو پاساری... هتد).
n. باڵندەیەکی ئەم توخمە.
pas seul (pä′ söl′), [Fr.], سەمای یەک کەسی.
passible (pas′ə-b'l), *adj.* هەستیار؛ هەست ناسک.
passim (pas′im), *adv.* [L.], لە هەموو شوێنێکی کتێبەکەدا هەیە: ووشەیەکە لە ڕوونکردنەوەی پەرتووکێکدا بەکاردەهێنرێ بۆ پەنجە ڕاکێشان بۆ ووشەیەکی زۆر بەکارهاتوو لەو پەرتووکەدا.
passing (pas′iŋ, päs′iŋ), *adj.* (١) تێپەڕبوو (پیادا، بەلادا، یا بەسەردا). (٢) سەردەمی؛ کاتی؛ کەم خایەن؛ زوو لەناوچوو.
(٣) لامسەرلایی؛ بەبێ بیرلێکردنەوە: *(a ~ remark)* .
(٤) دەرچوو (نمرە): *(She got a ~ grade in chemistry.)* .
(٥) هی ئێستا؛ تازە.
(٦) [Archaic]، زۆر؛ بەدەر؛ ئێجگار زۆر.

adv. [Chiefly Archaic], زۆر؛ ئێجگار زۆر.

n. (١) پیادا ڕۆیشتن؛ بەناودا یا بەسەردا ڕۆیشتن؛ تێپەڕبوون.
(٢) هۆی تێپەڕبوون یا پەڕینەوە؛ شوێنی تێپەڕبوون.
(٣) [Poetic]، مردن؛ کۆچی دوایی کردن.
in passing, بە لامسەرلایی؛ بە ڕێکەوت؛ بەبێ زۆر بیرلێکردنەوە: *(He mentioned it in passing.)*
passing bell, زەنگی مردن (بە بۆنەی مردنی کەسێکەوە لێدەدرێ).
passion (pash′ən), *n.* (١) ئێش و ئازاری گیانبەخش؛ تاڵو. (٢) [P-]، (أ) ئێش و ئازاری مەسیح لەکاتی هەڵواسین یا لەکاتی ئێوان دوا شێو و هەڵواسیندا. (ب) باسی ئەم ئازارە لە ئینجیلدا.
(ج) دەربڕینی ئەم ئازارە لە پارچەیەک مۆسیقا یا تابلۆیەکدا.
(٣) (أ) هەست؛ سۆز. (ب) هەستێکی تایبەتی (وەک تووڕەیی، خۆشی... هتد).
(٤) هەستێکی زۆر بەتین، بەتایبەتی: (أ) تووڕەییەکی زۆر.
(ب) حەز؛ حەزلێکردن (هونەر، وەرزش... هتد)؛ جۆش: *(She has a ~ for music.)*
(ج) خۆشەویستی؛ خۆشویستن. (د) حەزی بەتینی جووت بوون؛ جۆش.
(٥) شتێک کە جێی هەستێکی بەتین بێت.

passional (pash′ən-'l), *adj.* هەستی؛ سۆزی؛ جۆشی.
n. پەرتووکی ئێش و ئازاری گیانبەخشان و پیاوچاکان (خاچ پەرستی).
passionate (pash′ən-it), *adj.* (١) بەسۆز؛ بەهەست؛ هەستدار؛ بەئاسانی دێتە جۆش. (٢) سەرگەرم؛ زوو هەڵچوو؛ تووڕەوتڕۆ.
(٣) بەتین؛ بەسۆز؛ لە دڵەوە؛ خەڵک هێنەرە جۆش: *(a ~ speech)* .
(٤) بەجۆش (جووت بوون)؛ بەئاڵۆش؛ بەهەوەس؛ چاوچنۆک.
(٥) قوڵ (هەست)؛ تووندوتیژ.

-passionately *(adv.).*

passionflower (pash′ən-flou ēr), *n.* گوڵه نازار (گوایه

بەشێك لە گوڵەکەی لە برینی عیسا دەچێ)؛ گوڵه سەعاتی.

passion fruit, _

passionless (pash′ən-lis), *adj.* بێ هەست؛ سارد؛ لەسەرخۆ؛

هێمن.

Passion play, شانۆنامەی نازاری عیسا.

Passion Sunday, یەك شەممەی نازار: دووەم یەك شەممەی پێش

جەژنی هەڵواسینو زیندووبوونەوەی عیسا.

passive (pas′iv), *adj.* (١) کارتێکراو؛ کار نەکەرە سەر هیچ شتێك.

(٢) بەرهەڵستی نەکەر؛ مل کەچ؛ لاشەر؛ خوێن سارد.

(٣) هیچ نەکەر؛ ناکارا؛ ناچالاك.

(٤) بێ جوڵه (کیمیا)؛ تێن ێ بڕاو.

(٥) کارلێکراو (ڕێزمان)؛ ناکارا؛ تایبەتی بە ڕستەیەکە کە کارلکەی کاری

ێ کرابێ نەك کارکەر بێ؛ هی کرداری ڕستەیەکە کە کار نەکاتە سەر شتێك،

وەك: " was struck " لەم ڕستەیەدا:

(The tree was struck by lightning.)

(٦) بێ قازانج (بەشی کۆمپانیای هاوبەش)؛ قازانج نەدەر.

(٧) سستی (پزیشکەوانی)؛ خاوی

n. (١) باری ناچالاکی کردار لە ڕستەدا (ڕێزمان)؛ ڕستەیەکە کە کردارەکەی

نادیار بێ (٢) کرداری ناچالاك؛ کرداری نادیار.

passive resistance, بەرهەڵستی کردنی میری زۆردارو یاساکانی

لەڕێگەی مل نەدانو هاوکاری لەگەڵ نەکردنی نەك لەڕێگەی خوێن ڕشتنەوە.

passivism (pas′iv-iz′m), *n.* ناچالاکی؛ هیچ نەکردن؛ مل کەچی؛

هەڵوێستی ناهاوکاری؛ لاشەڕی.

-passivist *(n.).*

passivity (pa-siv′ə-ti), *n.* مل کەچی؛ هیچ نەکردن؛ ناچالاکی.

passkey (pas′kē′, päs′kē′), *n.* (١) master key .

(٢) کلیلی تایبەتی.

passport (pas′pôrt′, päs′pōrt′), *n.* (١) گوزەرنامە؛ پەسارت.

(٢) هۆی سەرکەوتن؛ پەسەندکران، یا بە نامانج گەیشتن:

(His wit was his ~ .; Her good look was her ~ .)

password (pas′wūrd′, päs′wūrd′), *n.* ووشەی نهێنی؛

ووشەی تێپەڕبوون (بەلای پاسەوانەوە)؛ پەڕلە.

past (past, päst), *adj.* (١) دوایی هاتوو؛ تەواوبوو؛ نەماو

(His worries are ~ .)

(٢) حاران؛ پێشوو؛ کۆن؛ کاتی کۆن؛ بەرو.

(٣) ڕابوردوو؛ پێشوو: *(the ~ week)* .

(٤) هی پێشوو: *(a ~ chairman)* .

(٥) ڕابوردوو (ڕێزمان)؛ نیشانەی کاتی ڕابوردوو.

n. (١) ڕابوردووی کەسێك (بەتایبەتی ڕابوردوویەکی لەکاری):

(The actress was found to have a ~ .)

(٢) (أ) کاتی ڕابوردوو (ڕێزمان). (ب) کردارێکە کە کاتی ڕابوردوو نیشان بدات.

prep. (١) زووتر لە؛ کۆنتر لە. (٢) دوورتر لە. (٣) زیاتر لە (پلە، بڕ).

(٤) بەدەر؛ بەولاوە: *(It's ~ belief.)* .

adv. بەدەر؛ بەولاوە (کات، شوێن).

the past, ڕابوردوو؛ کۆن؛ کاتی کۆن؛ ڕۆژانی ڕابوردوو.

pasta (päs′tə), *n.* (١) هەویری مەعکەرۆنی و سپاگێتی و خواردەمەنی

تری نیتاڵی؛ مەعکەرۆنی؛ سپاگێتی. (٢) ژەمێك خواردنی مەعکەرۆنی و

سپاگێتی یا خواردەمەنی تری نیتاڵی.

paste (pāst), *n.* (١) هەویری شیرینی. (٢) گیراوە؛ شلە؛ شتی گیراوە

(دەرمانی دڕان، بۆیە، دۆشاوی تەماتە): *(tooth ~ ; tomato ~)* .

(٣) شیرینیەکی جەلاتینیە. (٤) قوڕی گڵینەکاری. (٥) سرێش؛ هێلم.

(٦) جۆرە شووشەیەکی بریقەدارە (خشڵی دەستکردو هەرزانبەهای ێ

دروست دەکرێ). (٧) [Slang]. مستەکۆڵه

v.t. (١) پێوە نووساندن بە سرێش؛ پێوەنان؛ پێوە چەسپکردن.

(٢) داپۆشین بە شتی سرێش لێدراو. (٣) [Slang]، مستەکۆڵە پێدان؛ لێدان

pasteboard (pāst′bôrd′, pāst′bōrd′), *n.* (١) کاغەزی کارتۆن؛

مقەبا. (٢) [Slang]، شتێکی دروستکراو لە کاغەزی نەستوور یا مقەبا (وەك

کاغەزی قومار، بلیت... هتد).

adj. (١) مقەبایی؛ کارتۆنی. (٢) درۆزنە؛ ناسك؛ شەقوشڕ؛ پووکەشی.

pastel (pas′tel), *n.* (١) پرووەکێکە خوم یا ڕەنگی شین لە گەڵاکەی

دەگیرێ. (٢) خوم یا ڕەنگی شینی گیراو لە گەڵای نەم پرووەکە.

pastel (pas-tel′, pas′tel), *n.* (١) (أ) گیراوەیەکە قەڵەم بۆیەی ێ

دروست دەکرێ. (ب) قەڵەم بۆیەیەکی لەم گیراوەیە دروستکراو

(٢) وێنەی بەم قەڵەم بۆیەیە کێشراو. (٣) نیگارکێشان بە قەڵەم بۆیەی وەها.

(٤) ڕەنگێکی کاڵو ناسك. (٥) کورتە باسێکی پەخشانی.

adj. کاڵو ناسك (ڕەنگ).

pastelist, pastellist (pas′tel-ist, pas-tel′ist), *n.* وێنەکێشی

تابلۆی ڕەنگ کاڵو ناسك.

pastern (pas′tērn), *n.* (١) مەچەکی نەسپ.

(٢) مەچەکی سەگو گیانداری چواڕێی تر

pasteurization (pas′tēr-i-zā′shən, pas′chēr-ī-zā′shən), *n.* خاوێن کردن بە کوڵاندنو میکرۆب کوشتن (شیر، بیرە)؛ پوختەکردن.

pasteurize (pas′tēr-īz′, pas′chēr-īz′), *v.t.* پوختەکردن؛

خاوێن کردنی شیرو بیرە بە کوڵاندنو میکرۆب کوشتن.

pasticcio (päs-tēt′chô), *n.* پارچەیەك مۆسیقا یا بەرهەمێکی

وێژەیی یە کە لە چەند سەرچاوەیەکەوە وەرگیرابێ یا دزرابێ.

pastiche (pas-tēsh′, päs-tēsh′), *n.* (١) بەرهەمێکی مۆسیقایی یا

وێژەیی یە کە لاسایی بەرهەمێکی تر دەکاتەوە بۆ لاقرتی پێکردنی.

(٢) کۆمەڵێك شتی جۆراوجۆر؛ کۆمەڵێکی هەڕەمەی وەك چێشتی مجەور

pastille (pas-tēl′), *n. Also* pastil, (١) لەبزینەی دەرمان؛

لەبزینەی دەرماناوی. (٢) کوڵۆیەکی بۆندارە لە ژوورێکدا دەسووتێنرێ بۆ هەوا

پاکردنەوەو بۆن خۆشی. (٣) گیراوەی قەڵەم بۆیە ێ دروستکردن.

(٤) قەڵەم بۆیەیەی لەم گیراوەیە دروستکراو.

pastime (pas′tīm′, päs′tīm′), *n.* شتی کات پێ بردنەسەر؛

شتی کات پێ ڕابواردن؛ ڕابواردن.

past master, (١) سەرۆکی پێشووی یانە یا کۆمەڵەیەك.

(٢) وەستا؛ کەسێکی شارەزا لە پیشەیەکدا.

pastor (pas′tēr, päs′tēr), *n.* (١) شوان.

(٢) قەشە؛ سەرپەرشتیکەری کڵێسەی ناوچە یا گەرەکێك.

pastoral (pas′tēr-əl, päs′tēr-əl), *adj.* (١) هی شوانو گاوانو

شوانێتی. (٢) هی دەشت‌ودەرو باخ‌وباخات‌و مەڕومااڵت‌و شوانێتی.

(٣) تایبەتی بە وێژەیەك کە لە ژیانی لادێو شوانێتی دەدوێ.

(٤) وەك ژیانی لادێ لە خۆشی‌و سادەییدا؛ خۆش‌و سادەو نزیك بە سروشت؛

پڕ ئاسوودەو خۆشی. (٥) تایبەتی بە قەشەو کاروباری.

n. (١) هۆنراوەیەك یا شانۆنامەیەکە دەربارەی شوانو شوانێتی.

(٢) وێژەی لە ژیانی لادێو شوان دووا. (٣) دیمەنی لادێ.

(٤) پەرتووکێکە دەربارەی نەرکی قەشە.

(٥) نامەیەکە لە سەرەك قەشەوە بۆ نەندامانی کڵێسە یا قەشەکان.

(٦) گۆرانی سەرەك قەشە. (٧) pastorale .

-pastoralism *(n.)*; **pastoralist** *(n.).*

pastorale (pas′tə-rä′li), *n.* (١) پارچە ئاوازێکە دەربارەی ژیانی

پڕ ئاسوودەیی لادێو شوانی. (٢) نۆپەرایەکە دەربارەی ژیانی لادێو شوانی و

مەڕومااڵت.

pastoral staff, گۆرانی سەرەك قەشە

pastorate (pas′tēr-it, päs′tēr-it), *n.* (١) سەرەك قەشەیەتی؛

قەشەیەتی؛ ئەرکی قەشە یا سەرەك قەشە. (٢) ماوەی قەشەیەتی قەشەیەك لە

کڵێسەدا. (٣) دەستە قەشە؛ سەرجەمی قەشەکان

past participle, شێوەی گەردانی سێیەمی کردارە وەك ئاوەڵناو

بەکاردەهێنرێ: " baked potatoes " و " finished work "، وەک شێوەکرداریش بۆ دەربڕینی سەردەمی ڕابوردوو بەکاردەهێنرێ (ڕێزمان):
(The work was finished.; She had baked the potatoes.)

past perfect, ڕابوردووی -وور (ڕێزمان)؛ ڕابوردووی تەواو؛ شێوەیەکی کرداری کە تەواوبوونی کارێک دەگەیەنێ لەپێش کارێکی تردا یا لەپێش کاتێکی تایبەتی ڕابوردوودا (وەک: " had locked " لەم ڕستەیەدا:
(He had locked the door before he left.)

pastrami (pə-strä′mi), *n.* باسترمە

pastry (pās′tri), *n.* (١) هەویری شیرینی (٢) شیرینی وەک کێک و کولیچە و پاقلاوە... هتد.

past tense, کاتی ڕابوردوو (ڕێزمان)

pasturage (pas′chĕr-ij, päs′chĕr-ij), *n.* (١) لەوەڕ. (٢) (ا) لەوەڕگا. (ب) مافی بەکارهێنانی لەوەڕگا (٣) ئاژەڵ و وڵاخ لەوەڕاندن؛ لەوەڕاندن.

pasture (pas′chĕr, päs′chĕr), *n.* (١) لەوەڕ (٢) لەوەڕگا؛ پاوان؛ پاکژ

v.t. (١) لەوەڕاندن. (٢) لەوەڕین.

v.i. لەوەڕین؛ لەوەڕ خواردن

-pasturer *(n.).*

pat (pat), *adj.* . *(a ~ answer)* (١) لەکاتی خۆیدا؛ بەجێ؛ ساز؛ ئامادە: (٢) تەواو؛ ڕاست؛ لە جێی خۆیدایەتی.

adv. (١) لەکاتی خۆیدا؛ بوو؛ لە جێی خۆیدا بێ کەم و زیاد: *(The reply came ~ .)* (٢) ئامادە.

have (or know) down pat, هەموو ی باش تێگەیشتن؛ هەموو ی زانین؛ هەموو ی باش لەبەربوون.

stand pat, [Colloq.]. (١) سوور بوون لەسەر؛ لە ڕای خۆ لانەدان (٢) کاهەری نەڕامەکێشان (یاری قومار)

pat (pat), *n.* (١) لێدانێکی بەئەسپایی بە دەست یا بە پەنجە؛ دەست پیادانی گورج و بەئەسپایی (٢) دەنگی نەم دەست پیادانە؛ تەپە؛ دەنگی بە دەست لێدان. (٣) قاڵب (کەرە)

v.t. (١) دەست پیادان بەئەسپایی؛ تەپە لێ هەڵسانەوە بە شتێکی تەخت بەئەسپایی (٢) ڕێکوپێک کردن بە دەست پیادان بەئەسپایی و پەیتاپەیتا (گونکە هەوێر، تۆپەڵە قوڕ لە گڵینەکاریدا).

v.i. تەپەتەپ کردن لە ڕ کردندا.

pat someone (or oneself) on the back, ئافەرین کردن؛ دەست بە پشتدا دان بۆ ئافەرین کردن یا پیرۆزبایی سەرکەوتن لێکردن.

patagium (pə-tā′ji-əm), *n.* (١) پەردەیەکی باڵ ئاسایی یە لە شەمشەمەکویرەدا (٢) پەردەی کشاوی بەینی باڵ و لەشی باڵندە.

patch (pach), *n.* (١) پینە (٢) سەرعی لە بریتەوە پێچراو. (٣) پینەی جۆ (٤) پارچەیەک قوماشە لەسەر قۆڵی کراس و چاکەتی سەرباز دەدرێ وەک بینناسە (٥) پارچەیەک قوماشی بچکۆلەی ڕەشە ژن دەیدات لە دەموچاوی یا پشتی وەک ئارایشت. (٦) پەڵە: پەڵەی جیاواز لە دەروبەری: *(~es of blue sky)* (٧) (ا) پەڵە ڕەوی: پارچە زەوی: *(a ~ of desert land; a potato ~)* . (ب) بەرهەمی پەڵە زەوییەکی وەها *(a ~ of grass, beans, etc.)* . (٨) پێنک: پارچە: سەرەمقەست.

v.t. (١) پینەکردن: دووبریتەوە (٢) بە پارچەی جۆراوجۆر هەمەڕەنگ دروستکردن (وەک لێفە). (٣) (~ up; ~ together)، چاکردن بەپەلە و بەلامسەرلایی؛ پینەکردن

patch up, ڕێکەوتن (دوو کەس یا لای ناکۆک)؛ بریتەوە (ناکۆکی)؛ ڕێکخستن؛ پینەکردن. *(They patched up their differences.)*

-patchable *(adj.).*

patchouli (pach′oo-li, pə-choō′li), *n.* (١) ئەعنای هیندی (٢) بۆنێکە لە ڕۆنی ئەم ئەعنایە دەگیرێ. (هەروەها " patchouly ").

patch pocket, گیرفانێکە بە دەرەوەی چاکەت یا بەرگی تروە دەدووڕێ وەک پینە.

patchwork (pach′wûrk´), *n.* (١) پینەکاری؛ پارچەی جۆراوجۆری بەیەکەوە دووراوو کراو بە بەرگی لێفە. (٢) نەقشکاری بەرگە لێفەیەکی وەها (٣) شتی پارچە پارچەو پینەای؛ شتی تێکەڵاوو جۆراوجۆرو ناڕێک

patchy (pach′i), *adj.* . *(a ~ pair of trousers)* (١) (ا) پینەای: (ب) لە پینە چوو (٢) پچڕپچڕ؛ پارچە پارچە؛ ناڕێک وپێک؛ یەک نەوا نەبیە؛ هەمووی وەک یەک باش نەبیە: *(~ work)* .

-patchily *(adv.)*; **patchiness** *(n.).*

pate (pāt), *n.* (١) سەر. (٢) تەرقەسەر. (٣) زیرەکی (لەڕووی گاڵتە یا لاقرتیوە).

pâte (pät), [Fr.], (١) کولیچەی گۆشت یا ماسی. (٢) جگەر یا گۆشتی ووردکراو وەک هەویر لێکراو بۆ هەڵسوون لە تاڵو پسکیت.

patella (pə-tel′ə), *n.* (١) تاوەی بچووکی پەل. (٢) **kneecap** . (٣) ئەندامی لە تاوەچوو (زیندەوەرزانی، ڕووەکناسی).

paten (pat′n), *n.* (١) دەوری یا دەفری خوانی قوربانی لە کڵێسەدا. (٢) دەوری؛ قاپ. (٣) خەپڵەی کانزایی تەنک.

patency (pā′t'n-si), *n.* (١) ڕووبنی؛ ئاشکرایی؛ دیاری. (٢) ڕێ لێ نەگیران (پزیشکەوانی)؛ بەر بەرەڵایی.

patent (pat′'nt), *adj.* (١) (ا) کراوە (بڕوانامەیەک بۆ پشکنینی جەماوەر)؛ ناقەدەغە. (ب) کراوەتەوە بۆ هەموو کەس. (٢) ئاشکرا؛ دیار؛ ڕوون (٣) بەر بەرەڵا؛ ڕێ بۆ کراوە. (٤) پارێزراو یا قەدەغەکراو بە مافی داهێنانی تازە. (٥) تازە (شێواو، ڕێ، هۆ)؛ نوێ و نەنتیکە؛ ناناسایی: *(a ~ method of lighting a fire)*

(٦) نایاب (نارد). (٧) تەرز فرێدەر؛ پەرەسەندرو؛ بڵووبووەوە.

n. (١) مافنامەی دانان: بڕوانامەیەکە میری دەیبەخشێ بە داهێنەری شتێکی تازە کە مافی بەکارهێنان و بەرهەم هێنان و فرۆشتن و کەڵک لێ وەرگرتنی دەدات بە داهێنەرەکە بۆ ماوەیەکی تایبەتی: *(to get a ~)* . (٢) (ا) ئەم مافنامەیە. (ب) ئەو داهێنراوەی بەم مافنامەیە دەپارێزرێ بۆ داهێنەرەکەی. (٣) (ا) بەخشینی زەوی میری بە کەسێک. (ب) بڕوانامە یا تاپۆی ئەم بەخشینە. (ج) زەوی بەخشراو بەم جۆرە. (٤) مافی تایبەتی؛ قۆرخ؛ تاپۆ (مەجاز): *(She had no ~ on charm.)* .

v.t. (١) وەرگرتنی مافی داهێنانی تازە (ژمارە یەک ببینە)؛ تۆمارکردنی داهێنراوی تازە بۆ پاراستنی (لەوەی کە کەسێکی تر بیکات بە هی خۆی) و بڕوانامەی داهێنان وەرگرتن: *(to ~ a new invention)* . (٢) [Rare]، مافی داهێنانی تازە پێدان.

patentee (pat´'n-tē′), *n.* خاوەنی مافی داهێنانی تازە.

patent leather, قایشی بریقەداری ڕەقی ڕەش.

patently (pā′t'nt-li, pat′'nt-li), *adv.* بەئاشکرا؛ لەبڕوو؛ بێ پێچووپەنا.

patent medicine, دەرمانێکە کە بە مافی داهێنانی تازە پارێزراوە و بەبێ ڕەچەتە دەکڕرێت.

Patent Office, فەرمانگەی مافی داهێنانی تازە بەخشین.

patentor (pat′'n-tēr), *n.* بەخشندەی مافی داهێنانی تازە.

patent right, مافی داهێنانی تازە.

pater (pā′tēr), *n.* [Chiefly British Colloq.], = **father.**

paterfamilias (pā´tēr-fə-mil′i-əs), *n.* گەورەی ماڵ (نێرینە)؛ باوک.

paternal (pə-tûr′n'l), *adj.* (١) باوکی؛ باوکێتی؛ باوکانە. (٢) لە باوکەوە بۆ ماوەتەوە. (٣) هی باوکی؛ لەلای باوکییەوەیە: *(~ grandparents; ~ aunt)*

paternalism (pə-tûr′n'l-ĭz'm), *n.* شێوەی باوکانە پەیوەندییەکە وەک هی باوک و منداڵ کە میری پەیڕەوی دەکات لەگەڵ گەلدا یا کەسێکی بەدەسەڵات لە ڕەفتارکردنیدا لەگەڵ نەوانەی بەردەستی.

paternalistic (pə-tûr′n'l-ĭs′tĭk), *adj.* باوکانە (هەندێ جار لەڕووی ناپەسەندییەوە بەتایبەتی لە ڕەفتارکردنی کەسێکی خۆ بە زل زان لەگەڵ یەکێکی خواردەستیدا کە بە هیچ‌وپووچ و منداڵی دادەنێ)؛ تایبەتی بە کۆمەڵگایەک کە بیاو شتی بەدەستە نەک ژن: *(a ~ attitude; a ~ society)*

-paternalistically *(adv.).*

paternity (pə-tûr′nə-tĭ), *n.* (١) باوکێتی؛ باوکی. (٢) سەرچاوە؛ بنچینە.

paternoster (pā′tĕr-nŏs′tĕr, pät′ĕr-nŏs′tĕr), *n.* (١) نزای خواوەند (خاچ پەرستی). (٢) (ا) دەنکە تەزبیحی نزاپێکردن. (ب) تەزبیحی وەها. (٣) نزا؛ دوعا.

path (path, päth), *n.* (١) ڕێچکە؛ باریکەڕێ؛ تووڵەڕێ؛ لارێ؛ گوزەر؛ پیادەڕێ. (٢) ڕێنیا؛ ڕێگەی ژیان؛ ڕێ؛ ڕێرەو: *(the ~ of righteousness)*

pathetic (pə-thĕt′ĭk), *adj.* (١) (ا) جێی داخە؛ ناخۆش؛ پڕ لە ناخۆشی؛ هەست جوونێن: *(a ~ sight, situation, etc.)* (ب) کەساس؛ شایستەی بەزەیی پیاهاتنەوەیە؛ کوڵۆڵ و داماو: *(a ~ person)* (٢) هەستی؛ تایبەتی بە هەست.

-pathetically *(adv.).*

pathetic fallacy, هەستی نادەمیزادانە دانەپاڵ شتی بێ گیان: *(the angry sea; a stubborn wind; a sad day)*

pathfinder (path′fĭn′dĕr, päth′fĭn′dĕr), *n.* پێشڕەو؛ ڕێی تازە دۆزەرەوە.

pathless (path′lĭs, päth′lĭs), *adj.* ڕێگەی پیادا نەبراوە؛ کەس پێیادا نەڕۆیشتووە؛ نەزانراو.

patho- (path′ō, path′ə), *Also* path-, پێشگرێکە بەمانای نەخۆشی؛ نێش‌وئازار؛ هەست: *(pathology)*.

pathogen (path′ə-jĕn), *n.* میکرۆب؛ هەر زیندەوەرێکی گەردبینی کە ببێتە هۆی نەخۆشی

pathogene (path′ə-jēn′), *n.* = pathogen.

pathogenesis (path′ə-jĕn′ə-sĭs), *n.* نەخۆشی پەیدابوون؛ نەخۆشی کەوتنەوە و پەرەسەندن.

pathogenetic (path′ō-jə-nĕt′ĭk), *adj.* (١) تایبەتی بە نەخۆشی پەیدابوون. (٢) دەبێتە هۆی نەخۆشی (میکرۆب)؛ بۆی هەیە ببێتە هۆی نەخۆشی: *(~ bacteria)*

pathogenic (path′ə-jĕn′ĭk), *adj.* = pathogenetic.

pathogeny (pə-thŏj′ə-nĭ), *n.* = pathogenesis.

pathological (path′ə-lŏj′ĭ-k'l), *adj.* *Also* pathologic, (١) تایبەتی بە لێکۆڵینەوەی نەخۆشی. (٢) هی نەخۆشی؛ هۆکەی نەخۆشییە؛ لە نەخۆشییەوە پەیدادەبێ. (٣) وەک نەخۆشی وایە؛ تێکچوو؛ ڕەفتارەکەی وەک نەخۆشییەو بەدەست خۆی نییە: *(He is a ~ liar.)*.

pathologist (pə-thŏl′ə-jĭst), *n.* نەخۆشی ناس؛ زانای نەخۆشی (بەتایبەتی ئەوەی کە لە ئەزموونەی پزیشکیدا کاردەکات).

pathology (pə-thŏl′ə-jĭ), *n.* (١) زانستی نەخۆشی و پەیدابوونی و پەرەسەندنی و ئەنجامەکانی؛ نەخۆشی زانی. (٢) نیشانەکانی نەخۆشی؛ ئەنجامەکانی نەخۆشی.

pathos (pā′thŏs), *n.* (١) [Rare]، نێش‌وئازار. (٢) ئەو شتەی کە لە دیمەنێکدا یا بەسەرهاتێکدا دەبێتە هۆی هاوسۆزی و بەزەیی پیاهاتنەوە. (٣) بەزەیی پیاهاتنەوە؛ هاوسۆزی. (٤) ئەو لایانەی هونەرو بەرهەمی هونەری کە پەیوەندییان هەیە بە هەستەوە.

pathway (path′wā′, päth′wā′), *n.* = path.

-pathy (pə-thĭ), پاشگرێکە بەمانای: هەست؛ نێش‌وئازار؛ نەخۆشی؛ چارەکردنی نەخۆشی؛ دەرمانکردن: *(antipathy, osteopathy)*.

patience (pā′shəns), *n.* (١) ئارام گرتن؛ خۆگرتن؛ سەروت؛ تاقەت؛ دان بەخۆداگرتن؛ دەربڕدن. (٢) [Cheifly British]، یارییەکی کاغەزی یەک کەسییە

patient (pā′shənt), *adj.* (١) بەئارام؛ ئارامگر؛ دان بەخۆداگر. (٢) کۆڵنەدەر؛ خۆڕاگر؛ بەتاقەت؛ دەربڕ.

n. نەخۆشێکە کە لەژێر چاودێری پزیشکدا بێت؛ نەخۆش: *(There are fifty ~s in the hospital.)*

patiently (pā′shənt-lĭ), *adv.* بەئارامەوە؛ بەبێ پەلەکردن؛ لەسەرخۆ.

patina (pat′ĭ-nə), *n.* دەوری؛ قاپی دەم پل

patina (pat′'n-ə), *n.* ژەنگی سەوزکاری مس و زەرد.

patio (pä′tĭ-ō′, pat′ĭ-ō′), *n.* (١) هەیوان؛ بەرهەیوان. (٢) حەوشەی دەورگیراوی ناوەوە.

patois (pat′wä), *n.* (١) شێوەزمانی بازاڕی ناوچەیی فەرەنسی. (٢) (ا) شێوەزمانی ناوچەیی. (ب) شێوەزمانی بازاڕی یا نەخوێندەواران. (٣) شێوەزمانی تایبەتی پیشەگەرییەک.

patri- (pat′rə, pat′rĭ), پێشگرێکە بەمانای: باوک؛ باوکی: *(patrimony)*

patriarch (pā′trĭ-ärk′), *n.* (١) باوک؛ سەرگەورەی خێزان یا تیرە (وەک یەکێک لە پێغەمبەرەکانی ناوبراو لە قورئان و ئینجیل و تەورات‌دا)؛ پەتریارک (٢) دامەزرێنەر (ئاین؛ ڕێگەی ژیان؛ بازرگانی؛ کۆمەڵگا... هتد. (٣) سەرەک قەشە؛ کاربەدەستێکی گەورەی کڵێسە. (٤) پیاوێکی زۆر بەشکۆو بەتەمەن. (٥) بەتەمەنترین یا گەورەترین کەسی کۆمەڵێک یا دەستەیەک؛ سەرگەورە.

patriarchal (pā′trĭ-är′k'l), *adj.* *Also* patriarchic, (١) بەشکۆ. (٢) تایبەتی بە ڕژێمێکی کۆمەڵایەتییە کە دەسەڵاتی فەرمانڕەوایی تیایدا بەدەست پیاوە: *(a ~ social system or society)*. (٣) لەژێردەستی سەرەک قەشە یا پەتریارکدایە.

patriarchate (pā′trĭ-är′kĭt), *n.* ناوچەی ژێردەستی سەرەک قەشە یا پەتریارک؛ پەتریارک نشین.

patriarchy (pā′trĭ-är′kĭ), *n.* (١) ڕژێمی باوکی؛ ڕژێمێکی کۆمەڵایەتییە بریتیە لە فەرمانڕەوایی باوک (وە نێرینەکان) بەسەر خێزان و تیرەداو منداڵ چوونەوە سەر باوکو بنەچەی باوک نەک هی دایک. (٢) فەرمانڕەوایی باوکی؛ کۆمەڵگایەکە کە لەژێر دەسەڵاتو فەرمانڕەوایی باوکدایە نەک هی دایک

patrician (pə-trĭsh′ən), *adj.* (١) بەگزادەیی؛ نەرستۆکراتی. (٢) بۆ بەگزادە دەشێ؛ لە نەرستۆکراتی دێت.

n. (١) بەگزادە یا نەرستۆکراتێیەکی ڕۆمانی. (٢) کاربەدەستێکی گەورەی ڕۆمانی لە یەکێک لە ناوچەکانی ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمانی کۆن. (٣) خانەدان؛ خانزادە؛ بەگزادە.

patriciate (pə-trĭsh′ĭ-ĭt, pə-trĭsh′ĭ-āt′), *n.* (١) بەگزادەیی؛ پلەوپایەی بەگزادە یا خانزادە. (٢) چینی بەگزادە یا خانزادە

patricide (pat′rə-sīd′), *n.* (١) باوکی خۆکوشتن. (٢) باوکی خۆکوژ.

-patricidal *(adj.).*

patrilineal (pā′trə-lĭn′ĭ-əl, pat′rə-lĭn′ĭ-əl), *adj.* باوکی نەک دایکی (خزمایەتی، بنەچە دوزینەوە، ناو بۆ مانەوە، میراتی)؛ لەڕێی باوکەوە نەک دایکەوە.

patrimony (pat′rə-mō′nĭ), *n.* (١) میراتی لە باوکەوە یا لە باوو باپیرەوە بۆ ماوە؛ میراتی (٢) کەڵەپوور. (٣) زەوی‌وزارو شتی تری بە کڵێسە بەخشراو.

-patrimonial *(adj.).*

patriot (pā′trĭ-ət, pā′trĭ-ŏt′), *n.* کەسێکی نیشتمانپەروەر؛ نیشتمان پەرست؛ نیشتمانپەروەر.

patriotic (pā′trĭ-ŏt′ĭk), *adj.* نیشتمانی؛ نیشتمانپەروەر؛ نیشتمان پەرست.

-patriotically *(adv.).*

patriotism (pā′trĭ-ət-ĭz'm), *n.* نیشتمانپەروەری؛

نیشتمانپەروەرێتی؛ نیشتمان پەرستی

patristic (pə-tris′tik), *adj.* تایبەتی بە دامەزرێنەرو سەرۆکەکانی کۆنی کڵێسەو نووسینەکانیان

patrol (pə-trōl′), *v.t. & v.i.* پاسکردن

n. ١) پاسەوان؛ نۆبەچی؛ حەسحەس. ٢) دەستەی دیدەوانان.

-patroler *(n.).*

patrol car, ئوتومبیلی پاسەوان.

patrolman (pə-trōl′mən), *n.* پاسەوان؛ نۆبەچی؛ حەسحەس

patrol wagon, ئوتومبیلی گواستنەوەی بەند

patron (pā′trən), *n.* ١) سایەدار؛ پارێزەر؛ لایەنگر؛ پشتیوان (بەتایبەتی بە پارە). *(a ~ of the arts)*

٢) کریاری سەرومر (فرۆشگا، چێشتخانە... هتد)؛ مەعمیل.

٣) لە پۆمای کۆندا کەسێک بوو کە بەندەکەی ئازادکردبوو، بەڵام هێشتا هەر لەژێر رکێفیدا بوو.

patronage (pā′trən-ij, pat′rən-ij), *n.* ١) پشتیوان کردن بە پارە؛ سایە؛ پشتیوانی؛ پاراستن؛ لایەنگیری کەسێکی سایەدار.

٢) خۆ بە ژێر دانان لە خەڵک؛ بە جوانی لەگەڵ جوڵانەوە لەبەر لە خۆ بە کەمتر دانان. ٣) سەوداگەری سەرومر لەگەڵ فرۆشگا، چێشتخانە، میوانخانە یا شوێنکی ئازگانی تردا. ٤) کریاران؛ مەعمیلەکان؛ سەوداگەران.

٥) دامەزراندنی فەرمانبەرانی میری بە خاترو خوایشت نەک بەپێی توانا؛ دەسەلاتی نەم دامەزراندنە.

٦) ئەو نیشانەی میری کە دەبەشرێنەوە بە خاترو خوایشت.

patroness (pā′trən-is, pat′rən-is), *n.* سایەداری نافرەت

patronize (pā′trə-nīz′, pat′rə-nīz′), *v.t.* ١) پشتیوانی کردن (بەتایبەتی بە پارە)؛ هێنانە ژێر سایەی خۆوە؛ پاراستن.

٢) بە جوانی لەگەڵ جوڵانەوە لەبەر بە کەمتر دانان لە خۆ؛ بە سووک تەماشاکردنو لەگەڵ جوڵانەوە وەک خێرپێکردن. *(He often ~s his employees.)*

٣) هەمیشە لێ کڕین. *(to ~ a shop)*

-patronizer *(n.)*; **patronizingly** *(adv.).*

patron saint, پیری سایەداری شوێنێک. کەسێک، یا دەزگایەک

patronymic (pat′rə-nim′ik), *adj.* هی نازناوی باوک یا باووباپیر.

n. ١) نازناوێکە کە پێشگر یا پاشگری پێوەبێت. وەک: " Johnson " کوڕی جۆن " وە " McAdams " " کوڕی ئادەمز ").

٢) نازناو؛ سەرناو

patsy (pat′si), *n.* [Slang]. کەسێکی قەشمەری؛ گاڵتەچی خەڵک.

patten (pat′′n), *n.* ١) قاپقاپ ٢) پێڵاوی بن بەرز.

patter (pat′ēr), *v.t. & v.i.* بەپەلە یا لەبەرخۆوە وتن.

n. ١) شمووماڵی تایبەتی پیشەگەریەک (کە کەسی تر بە باشی تێی ناگات). ٢) زۆر خێرا قسەکردن؛ زمان لووسی

٣) [Colloq.]، قسەی بێ تامو هیچوپووچ؛ هەڵەوەری.

pattern (pat′ērn), *n.* ١) نموونە ٢) قاڵب

٣) نەخشە (وەک هی جل لەسەر دووڕین). *(a dress ~)*

٤) وێنە ٥) شێوازی هەمیشە دووبارەکراوە؛ بابەت. *(behavior ~s)*

٦) شێواز؛ شێوە ٧) بەشی دەستێک جل یا کراسێک لە قوماش.

v.t. ١) لەسەر نەخشەیەک کردن؛ (~ on; ~ upon; ~ after) لاسایی کردنەوەی نەخشەیەک؛ لەسەر نەخشەیەک کردن یا دەرهێنان. *(to ~ a dress on a Parisian model)*

٢) ڕازاندنەوە یا داپۆشین بە نەخشەیەک

patty (pat′i), *n.* ١) کولیچە

٢) خەڵیلەیەک گۆشتی هاڕاو یا ماسی (وەک شفتە). *(a Hamburger ~)*

pausity (pô′sə-ti), *n.* ١) ژمارەکەمی

٢) کەمی؛ کەمێتی؛ کزی؛ نەبوونی؛ بەش نەکردن.

paunch (pônch), *n.* ١) وورگی زل؛ وورگ

٢) یەکەم وورگی گیانداری کاوێژکەر.

paunchy (pôn′chi), *adj.* وورگ زل

-paunchiness *(n.).*

pauper (pô′pēr), *n.* ١) کەسێکە کە بە خێر دەژی.

٢) کەسێکی هەژار؛ کەسێکی بێ پووڵو پارە.

pauperism (pô′pēr-iz′m), *n.* ١) هەژاری؛ بێ پووڵو پارەیی.

٢) هەژاران.

pauperize (pô′pēr-īz′), *v.t.* هەژارکردن؛ بێ پووڵو پارە کردن.

pause (pôz), *n.* ١) وەستانێکی کەم؛ وەستان؛ کورتە ووچان؛ هەڵوێستانەوە. ٢) وەستانێکی هەناسەیی یا زۆر کورت لە ووتار خوێندنەوە، یا ووتووێژ... هتد. ٣) پاڕایی؛ دوودڵی.

٤) نیشانەی وەستانێکی کورت لە نووسیندا (خاڵبەندی).

v.i. ١) وەستان؛ هەڵوێستان؛ وەستان بۆ ماوەیەکی زۆر کەم؛ پاڕایی کردن.

٢) (~ on; ~ upon)، وەستانو بیرلێکردنەوە؛ لەسەر مانەوە (دروان). *(to ~ on a point)*: دڕێژەپێدان.

give one pause, بوونە هۆی پاڕایی یا دوودڵی؛ نادڵنیاکردن؛ گومان لێ پەیدابوون

pave (pāv), *v.t.* قیرتاوکردن.

pave the way (for), ڕێ بۆ خۆش کردن؛ ڕێ بۆ کردنەوە؛ ڕێ بۆ تەخت کردن.

pavement (pāv′mənt), *n.* ١) ڕوویەکی چیمەنتۆکراو یا قیرتاوکراو (وەک شۆستە). ٢) ڕێگەی قیرتاو؛ شەقامی قیرتاوکراو.

٣) قیرتاو؛ چیمەنتۆ زیخ و وورددەبەردی بەکارهێنراو لە شۆستەو ڕێگەی چاک کردندا.

pavilion (pə-vil′yən), *n.* ١) چادرێکی گەورە؛ سەیوان؛ کەپر یا ساباتێکی گەورە ٢) چەرداخی ناو باخێکی گشتی

٣) بەشی پێشانگایەک یا خانوویەکی گەورە. ٤) کرکڕاگەی گوێ.

v.t. جێکردنەوە لەناو چادر یا ژێر سایات و سەیواندا.

paving (pāv′iŋ), *n.* ١) قیرتاوکردن. ٢) ڕێی قیرتاوکراو؛ ڕووی چیمەنتۆکراو. ٣) قیرتاو؛ چیمەنتۆ زیخ و وورده بەرد.

pavis (pav′is), *n.* قەڵغانی هەمو لەش.

pavonine (pav′ə-nīn′, pav′ə-nin), *adj.* ١) وەک تاووس؛ تاووسی. ٢) ڕەنگین (وەک پەلکەڕەنگینە یا کلکی تاووس).

paw (pô), *n.* ١) چنگ؛ چنگی گیانداری چواڕێ (وەک سەگو پشیلەو شێرو پڵنگ... هتد)؛ پێی چنگدار.

٢) [Colloq.]، دەست (دەستێکی زل).

v.t. ١) چنگ لێدان؛ چنگ پیادان؛ ڕووشاندن بە چنگ.

٢) سمکۆڵ کردن: *(to ~ the ground)*.

٣) بە ناشرینانە ڕەفتار لەگەڵ نوواندن؛ هەڵگڵۆفتنەوە.

paw (pô), *n.* [Dial.], باوک.

pawl (pôl), *n.* گیرە.

pawn (pôn), *n.* ١) بارمتە؛ بارمتەی دانراو لەبری قەرز.

٢) دەست بەسەر (کە وەک بارمتە گل دەدرێنەوە).

٣) دانان بە بارمتە؛ کردن بە بارمتە.

v.t. ١) لە بارمتەدا دانان؛ خستنە ڕەهنەوە: *(to ~ jewelry)*.

٢) خستنە مەترسیەوە؛ گرەو لەسەر کردن: *(He ~ed his honor.)*

pawn (pôn), *n.* ١) داش (شەترەنج، دامە)؛ سەرباز یا پیادەی شەترەنج؛ بێ نرخترین داش. ٢) دەسکەلا؛ کەسێکی ناگرنگە کە کەسانی تر بەکاری دەهێنن و یاری پێ دەکەن بۆ هێنانەدی مەبەستی تایبەتی خۆیان: *(We are only a ~ in the game of international politics.)*

-pawner *(n.)*: **pawnor** *(n.).*

pawnage (pôn′ij), *n.* لە بارمتەدا دانان؛ کران بە بارمتە؛ بارمتەکاری

pawnbroker (pôn′brō′kēr), *n.* بارمتەگر؛ کەسێکە کە پارە دەدات بە قەرز بەرامبەر بە بارمتەیەک.

pawnshop (pôn′shop′), *n.* بارمتەخانە؛ دوکانی بارمتەگر.

pawn ticket, پەسیدی شتی بارمتەکراو.
pawpaw (pô′pô´), *n.* = papaw.
pay (pā), *v.t.* (۱) پێدان؛ دان؛ مووچە پێدان؛ کرێ پێدان؛
(Most tenants ~ their rent on time.)
(۲) دانەوە *(She paid kindness with evil.)* .
(۳) قەرزدانەوە. *(to ~ one's debts)* .
(٤) کردن (ئافەرین، ستایش)؛ پێشکەش کردن؛
(to ~ someone a compliment)
(٥) سەرلێدان. *(Let us ~ him a visit.)* .
(٦) دان (قازانج). *(The bank ~s five percent interest.)* .
(۷) هێنان؛ بەسوود بوون؛ *(It will ~ you to read this book.)* .
v.i. (۱) پێدان؛ دان؛ دانەوە
(۲) بەکەڵک بوون؛ هێنان؛ بەسوودبوون؛ *(It ~s to be honest.)* .
n. (۱) پێدان؛ دان؛ پێدران (۲) مووچە؛ کرێ. (۳) پاداشت.
(٤) کەسێک لەڕووی سەرچەوتی و سەرپاستیەوە لە قەرزدانەوەدا.
adj. (۱) هی پێدان یا پێدران (مووچە، کرێ... هتد).
(۲) بەردی بەنرخی تێدایەو بەسووە؛ *(~ gravel)* .
(۳) بە پارەیە؛ بە پارە ئیش دەکات. *(a ~ telephone)* .
in the pay of, بە کرێ گیراوە لەلایەن؛ مووچەی بۆ بڕاوەتەوە لەلایەن؛
(He is in the pay of the enemy.)
pay as you go, پارەدان لەکاتی کڕیندا نەک پێشەکی یا بە قەرز.
pay back, دانەوە (پاداشت، قەرز)؛ بۆ بژاردن.
pay down, (۱) پارەی زەق دان.
(۲) پێشەکی هەندێکی دانو نەوەی دەمێنێتەوە بە قەرز.
pay for, (۱) سزا چەشتن بەهۆی؛ ئازار خواردن بەهۆی؛
(to pay for one's mistakes, sins, etc.)
(۲) بۆ بژاردن
pay off, (۱) دانەوەی قەرز بەتەواوی؛ هەموو مووچە یا کرێ پێدان لەکاتی دەرکردندا (۲) تۆڵە لێ سەندن. (۳) پاداشت دانەوە (بە چاک یا خراپ).
(٤) پێشی کەشتی وەرگێڕان بەرەو نەو لایەی کە با بۆی هەڵدەکات.
(٥) [Colloq.]، بەرتیل پێدان.
pay one's way, بەشی خۆ دان لە خەرجی؛ منەتی کەس هەڵ نەگرتن.
pay out, (۱) پارەدان؛ پارە خەرج کردن.
(۲) گوریس شل کردن (کەشتیوانی).
pay up, قەرزدانەوە بەتەواوی؛ هەموو قەرزەکە یا پارەکە دانەوە بە یەکجار.
pay (pā), *v.t.* داپۆشین بە قیر یا مادەی تر بۆ ئاوبڕکردن (درزی کەشتی).
payable (pā′ə-b'l), *adj.* (۱) دەتوانرێ بدرێتەوە (قەرز).
(۲) دەبێ بدرێتەوە لە ڕۆژێکی دیاریکراودا. (۳) بەسوود (کانگا، بازرگانی).
payday (pā′dā´), *n.* ڕۆژی مووچە وەرگرتن یا دان؛
ڕۆژی مانگانە وەرگرتن یا دان.
payee (pā-ē′), *n.* پێدراو (پارە، قەرز، کومپیالە، بانقەنۆت).
payer (pā′ēr), *n.* بدەر (پارە، قەرز، کومپیالە، بانقەنۆت).
payload (pā′lōd´), *n.* (۱) بارگەی کرێ؛ باری بە کرێ گوێزراوە.
(هەروەها دەیشنووسرێ: " pay load ") .
(۲) (ئ) باری فڕۆکە (بە ڕێبوارو بارەوە). (ب) تەقەمەنی سەری مووشەک.
(ج) کەرەسەی زانیاری کۆکردنەوەو گەیاندنی نەستێرەی دەستکرد.
(د) کەرەسەی کەشتی هەوایی.
paymaster (pā′mas´tĕr, pā′mäs´tĕr), *n.* فەرمانبەری مووچەو کرێدەر
payment (pā′mənt), *n.* (۱) دانەوە (قەرز)؛ دان؛ درانەوە؛
(to demand ~ of a debt)
(۲) قیست؛ پارەی دراو (مانگانە)؛ *(a low monthly ~)* .
(۳) پاداشت (بە چاک یا بە خراپ)؛ سزا؛ خەڵات؛ بۆ بژاردن.
paynim (pā′nim), *n.* (۱) [Archaic]، pagan .
(۲) کەسێکی خاچ نەپەرست بەتایبەتی موسوڵمانێک.

pay-off (pā′ôf´), *n.* [Colloq.], (۱) (ا) دان؛ پێدان (مووچە، کرێ)؛ دانەوە (قەرز). (ب) کاتی دانەوە یا پێدان. (۲) پرێکەوتن (سەوداگەری).
(۳) دەسکەوتێک یا دۆڕاندنێکی چاوەڕوان نەکراو. (٤) تۆڵە؛ سزا. (٥) بەرتیل
payola (pā-ō′lə), *n.* (۱) بەرتیل دان. (۲) بەرتیل.
payroll (pā′rōl´), *n.* (۱) لیستەی مووچەی مانگانە؛ لیستەی مووچە
(۲) سەرجەمی مانگانەی دراو؛ سەرجەمی مووچەی دراو لە جارێکدا؛
(to meet a ~)
pea (pē), *n.* (۱) پۆڵکە؛ پووەکێکی تەرز فرێدەرە بەرەکەی سەوزە لە نۆک دەچن دەکرێ بە چێشت (۲) بەری ئەم پووەکە.
(۳) چەند پووەکێکی تری ئەم توخمە (وەک: نیسک و نۆک).
as like as two peas, دەقاودەق لەیەک دەچن؛ کتومت وەک یەک وان.
peace (pēs), *n.* (۱) ئاشتی. (۲) پەیمانی ئاشتی.
(۳) ئاسایش. (٤) ئاسوودەیی؛ *(~ of mind)* (٥) سازین؛ پێکەوە گونجان. (٦) بێ دەنگی؛ هێمنی.
v.i. بێ دەنگ بە!؛ بێ دەنگ بوون.
at peace, (۱) لە ئاشتیدایە؛ لە جەنگدا نییە؛ لە ناکۆکیدا نییە.
(۲) پڕ ئاسوودە؛ ئاسوودە؛ خاموش.
hold (or keep) one's peace, بێ دەنگ بوون؛ قسە نەکردن؛ دەم داخستن.
keep the peace, ئاسایش پاگرتن؛ ئاسایش پاراستن؛ ڕێگە نەدان بە پشێوی و یاسا شکاندن.
make one's peace with, ئاشتبوونەوە لەگەڵ؛ ڕێکەوتنەوە لەگەڵ.
make peace, ڕێکەوتن؛ جەنگ دوایی پێ هێنان؛ ئاشتی خستنەوە؛ شەڕوشۆڕ بڕینەوە.
peaceable (pēs′ə-b'l), *adj.* (۱) لاشەڕ؛ ئاشتیخواز.
(۲) ئاسوودە؛ پڕ ئاسوودە؛ بێ شەڕوشۆڕ.
-peaceably *(adv.).*
peace conference, کۆنگرەی ئاشتی و شەڕوشۆڕ دوایی پێ هێنان؛ کۆڕی ئاشتی.
peaceful (pēs′fəl), *adj.* (۱) ئاشتیخواز؛ لاشەڕ؛
(a ~ people, tribe, person, etc.)
(a ~ town; a ~ evining) (۲) ئاسوودە؛ پڕ ئاسوودە؛ هێمن؛ خاموش.
(۳) بەبێ شەڕوشۆڕ؛ لەڕێگەی ئاشتیەوە؛ بە ئاشتی؛
(a ~ settlement of the conflict)
-peacefully *(adv.)*; **peacefulness** *(n.).*
peacemaker (pēs′māk ĕr), *n.* ئاوبژێکەر؛ ئاشتکەرەوە.
peace offering, (۱) قوربانی بۆ سوپاس کردنی خودا.
(۲) دیاری ئاشتی؛ دیاریەکە کە پێشکەش دەکرێ بە ئاحەزێک لەپێناری ئاشتی و ئاشتبوونەوەدا
peace officer, پۆلیس؛ بانبازی ئاسایش.
peace pipe, = calumet.
peacetime (pēs′tīm´), *n.* کاتی ئاشتی؛ کاتی بێ شەڕوشۆڕ
adj. هی ئاشتی؛ تایبەتی بە کاتی ئاشتی.
peach (pēch), *n.* (۱) دارقۆخ. (۲) قۆخ. (۳) ڕەنگی قۆخ؛ ڕەنگی پرتەقاڵیی زەرد (٤) [Slang]، کەسێکی جوان و باش؛ ڕووخۆش و خۆشەویست؛ شتێکی جوان.
adj. (۱) قۆخی. (۲) ڕەنگ قۆخی؛ پرتەقاڵیی زەرد.
peach (pēch), *v.t. & v.i.* بۆ تێچاندن؛ جاسووسی بەسەرەوە کردن.
peachy (pē′chi), *adj.* (۱) قۆخی (لەڕووی ڕەنگو پێکهاتنەوە).
(۲) [Slang]، زۆر خۆش؛ نایاب؛ بێنەرد؛ *(We had a ~ time.)*
peacock (pē′kok′), *n.* (۱) تاووس.
(۲) کەسێکی بە کەشوفش و لەخۆبایی.
v.i. خۆفشکردنەوە (وەک تاووس یا عەلەشیش)؛ بە قنج و قیتی ڕۆیشتن؛ خۆنوواندن.

-peacockish *(adj.)*; peacocky *(adj.)*.

peacock blue, شینی تاووسی؛ شینی سەوزکار.

peafowl (pē′foul′), *n.* تاووس؛ مێ تاووس

pea green, سەوزی پۆلکەیی؛ سەوزی کاڵی زەردباو.

peahen (pē′hen′), *n.* مێ تاووس

peak (pēk), *v.i.* لاوازبوون؛ پووکانەوە؛ سیس بوون.

peak (pēk), *n.* (۱) قوڕتکە؛ قووچکە؛ تەوقەسەر؛ پێپە؛ *(the ~ of a cap; the ~ of a roof)* (۲) (ا) لووتکە؛ لووتکەشاخ؛ سەرلووتکە؛ سەرملە. (ب) شاخ؛ سەرشاخ. (۳) تاف؛ گەرمە؛ نەوپەڕ؛ هەڕەت *(at the ~ of his powers; the ~ of summer)*

v.t. گەیاندنە بەری نەوپەڕ

v.i. گەیشتنە بەری نەوپەڕ؛ گەیشتنە بەرزترین پلە.

adj. نەوپەڕ؛ بەرزترین پلە؛ *(~ efficiency)*. .

peaked (pēkt, pēk′id), *adj.* لووت تیژ؛ لووتکەدار؛ قووچکەدار.

peaked (pēk′id), *adj.* لاواز؛ پووکاوە؛ سیس.

peal (pēl), *n.* (۱) دەنگی زەنگ؛ دەنگی لێدانی چەند زەنگێك. (۲) دەنگێکی گەورەی درێژخایەن (تەق‌وتووقی تفەنگ، تریقانەوە یا قاقای پێکەنین، هەورەگرمە... هتد)؛ دەنگی زرنگانەوە

v.i. & v.t. زرنگانەوە؛ دەنگدانەوە.

peanut (pē′nut′), *n.* (۱) پووەکی بستەی سودانی (لە تۆخمی پۆلکەو نۆکە) (۲) بستەی سودانی؛ کەلووی بستەی سودانی (۳) [Slang] کەسێکی بچووک یا بێ بایەخ‌و هیچ‌وپووچ (٤) *(pl.)* [Slang]، هەندێك پارەی زۆر کەم؛ هەندێکی زۆر کەم؛ شتێکی کەم‌و بێ نرخ‌و هیچ‌وپووچ *(He bought the car for ~s.; He paid ~s for it.)*

peanut butter, کەرەی بستەی سودانی؛ بریتییە لە بستەی هاوراوی وەك کەرە لێهاتوو کە لە نان هەڵدەسووڕێ‌و دەخورێ.

pear (pâr), *n.* (۱) دارهەرمێ (۲) هەرمێ

pearl (pûrl), *n.* (۱) مرواری (۲) . mother-of-pearl (۳) شتێکی جوان‌و بەنرخ‌و بچووك وەك مرواری. (٤) ڕەنگی مرواری؛ ڕەنگی سپی زەردکار یا خۆڵەمێشی شینکار. (٥) جۆرە چاپێکە

v.t. (۱) ڕازاندنەوە بە مرواری. (۲) وەك مرواری لێکردن لە شێوەو ڕەنگدا.

v.i. ڕاوە مرواری کردن

adj. (۱) تایبەتی بە مرواری؛ بە مرواری ڕازاوە؛ مرواریدار. (۲) مرواری ئاسا؛ لە مرواری دەچێ لە شێوە یا ڕەنگدا

cast pearls before swine, پێشکەش کردنی شتێکی جوان‌و خۆش‌و نایاب بە کەسێك کە نرخی نەزانێ.

pearl barley, جۆساوەر

pearl diver (or fisher), مرواریگر؛ ڕاوکەری مرواری.

pearl gray, خۆڵەمێشی کاڵی شینکار.

pearl millet, گاڵ؛ هەرزن

pearly (pûr′li), *adj.* (۱) لە مرواری دەچێ لە شێوەو ڕەنگدا؛ مرواری ئاسا *(~ teeth)* (۲) مرواریدار؛ بە مرواری ڕازاوە.

pearmain (pâr′mān), *n.* جۆرە سێوێکە

peart (pêrt, pûrt), *adj.* [Dial.]. (۱) کەیف خۆش؛ قنج‌وقیت. (۲) زۆرزان؛ زیرەك

peasant (pez′nt), *n.* (۱) جووتیار؛ ڕەنجبەر؛ وەرزێر؛ مسکێن (۲) لادێیی (۳) کەسێکی کێوی هیچ نەزانی کەرتێر

peasantry (pez′n-tri), *n.* (۱) جووتیاران؛ ڕەنجبەران؛ وەرزێران. (۲) باری ژیان‌و پلەوپایەی جووتیار.

peascod, peasecod (pēz′kod′), *n.* کەلووە پۆلکە

pease (pēz), *n.* . plural of pea (۲) . pea . [Obs.] (۱)

pea soup, (۱) شۆربای نیسك (۲) [Slang] ، تەمێکی چڕی زەردباو.

peat (pēt), *n.* پاشماوەی پووەکی ڕزیوی ناو زەلکاو (بۆ سووتەمەنی‌و زەوی داپۆشین‌و پەین بەکاردەهێنرێ).

peat moss, (۱) جۆرە قەوزەیەکی شۆنی زۆر تەڕە. (۲) ئەم جۆرە قەوزەیە بە ڕزیوی (وەك پەین بەکاردەهێنرێ).

pebble (peb′l), *n.* (۱) چەو؛ زیخ؛ وورده بەرد. (۲) (ا) بەردی کوارتز: بەردێکی بلووری ڕووەن بێ ڕەنگە. (ب) چاوێلکە یا گەردبینی لەم بلووڕە دروستکراو. (۳) ڕوویەکی زبری چڕوڵۆچاوی دەستکردە (وەك هی قایش‌و کاغەز).

v.t. (۱) چەریزکردن. (۲) زبرکردنی ڕووی قایش‌و کاغەز.

-pebbly *(adj.)*.

pecan (pi-kan′, pi-kân′, pē′kan), *n.* (۱) گوێزی ئەمەریکی: شێوەکەی هێلکەییەیە‌و تۆزکڵەکەی تەنکە‌و ڕەنگەکەی‌و تامەکەی وەك گوێزە (۲) دارگوێزی ئەمەریکی.

peccable (pek′ə-b'l), *adj.* بۆی هەیە گوناه یا هەڵە بکات؛ لە گوناه بەدوور نییە.

-peccability *(n.)*.

peccadillo (pek′ə-dil′ō), *n.* گوناهێکی بچووك؛ هەڵەیەکی بچووك؛ هەڵە.

peccancy (pek′ən-si), *n.* (۱) گوناهباری؛ تاوانباری. (۲) گوناه.

peccant (pek′ənt), *adj.* (۱) گوناهبار؛ گوناهکار. (۲) سنوورشکێن؛ پەیڕەوی نەکەر؛ کاری ناشرینکەر. (۳) دەبێتە هۆی نەخۆشی.

peccary (pek′ə-ri), *n.* گیانداڕێکی ئەمەریکییە لە بەراز دەچێ.

peck (pek), *v.t.* (۱) دەنووك لێدان؛ دانە بەر دەنووك. (۲) کون تێکردن؛ تێکردن: *(The bird ~ed a hole in the bread.)* (۳) چینەکردن؛ بە دەنووك هەڵگرتن.

v.i. پیادان (وەك بە دەنووك یا شتێکی نووك تیژ).

n. (۱) دەنووك لێدانێك؛ لێدان. (۲) شوێن دەنووك؛ نیشانەی دەنووك لێدان. (۳) [Colloq.]، ماچێکی خێرای وەك دەنووك لێدان.

peck at, (۱) پیادان (وەك بە دەنووك یا شتی نووك تیژ؛ دەنووك لێدان. (۲) [Colloq.]، بە قێزوبێزەوە خواردن؛ چینە تێدا کردن؛ بەناستەم لێ خواردن. (۳) [Colloq.]، هەمیشە ڕەخنەلێگرتن.

peck (pek), *n.* (۱) پێوانەیەکی دەغڵ‌ودانە بریتییە لە چواریەکی " بوشل " یەك، واتە دوو گاڵۆن (۲) دەفرێکی یەك پێنکی. (۳) [Colloq.]، برێکی زۆر (ناخۆشی، سەرئێشە).

pecker (pek′ēr), *n.* (۱) دارکۆنکەرە؛ باڵندە یا شتی دەنووك لێدەر. (۲) قوڵنگە؛ پاچ. (۳) [British Slang]، غیرەت؛ ئازایی (٤) [Vulgar]، کێر.

pecking order, گەورە‌و بچووکی؛ پێکهاتنی کۆمەڵگای مرۆڤ‌و باڵندە‌و گیاندار بەپێی گەورە‌و بچووکی‌و پلەوپایە (کە نەویش دەکەوێتە سەر دڕی‌و بەدەسەڵاتی‌و پارەداری... هتد).

pecten (pek′tən), *n.* پەردەیەکی شانەییە بەدەوری چاوی باڵندە‌و گیاندارە خشۆکەکاندا.

pectin (pek′tin), *n.* پەکتین: ماددەیەکی لیقنە لە میوەدا هەیە وەك سێو بۆ دەق پێگرتنی مرەبا‌و نەرمەلیقە‌و دەرمان‌و نارایشت بەکاردەهێنرێ

pectoral (pek′tə-rəl), *adj.* (۱) سنگی؛ سینەیی؛ تایبەتی بە سنگ (۲) بۆ نەخۆشی سی‌و سنگ بەکەڵکە. (۳) دەکرێ بە سنگەوە: *(a ~ cross)* (٤) دەروونی؛ هی هەست‌و دەروون.

n. (۱) ئەندام یا ماسولکەی سنگ. (۲) پەرەکەی سنگی. (۳) دەرمانی سنگ. (٤) سینەبەند؛ شتێکە دەکرێ بە سنگەوە بۆ جوانی.

pectoral arch (or girdle), پشتێنی سینەیی (لە بڕبڕەدارەکاندا). (لە مرۆڤیشدا پێی دەوترێ: " shoulder girdle ").

pectoral cross, خاچی سینەیی (کە سەرەك قەشە دەیکات بە سنگی‌یەوە).

pectoral fin, پەرەکەی سینەیی ماسی.

peculate (pek′yoo-lāt′), *v.t. & v.i.* پارە لرف لێدان؛ دزینی پارەو شتی پێ سپێردراو.
-peculation *(n.)*; **peculator** *(n.)*.

peculiar (pi-kūl′yēr), *adj.* (۱) تایبەتی بە (کەسێک، شتێک، شوێنێک، گەلێک... هتد)؛ جیاکەرەوە: *(a custom ~ to Americans)* . (۲) تایبەتی *(a ~ talent for distorting the truth)* . (۳) سەیر؛ ناڕاسا: *(a ~ man; ~ habits, actions, etc.)* .

n. (۱) شتێکی تایبەتی بە کەسێک (ماف). (۲) کڵێسەیەکی تایبەتی (کە بەشێک نەبێ لە کڵێسەکانی ئەو ناوچەیەی کە خۆی تێدایە، بەڵکو بەشێک بێ لە کڵێسەی ناوچەیەکی تر).
-peculiarly *(adv.)*.

peculiarity (pi-kūl′i-ar′ə-ti, pi-kūl′yar′ə-ti), *n.* (۱) شتێکی تایبەت بە خۆ؛ تایبەخۆ (۲) تایبەتێتی. (۳) شتێکی سەیر یا ناڕاسا؛ خوو‌یەک یا تایبەخۆیەکی سەیر. *(~ies of speech, dress, habit, etc.)* .

pecuniary (pi-kū′ni-er′i), *adj.* (۱) دارایی؛ پارەیی؛ پارە: *(~ considerations; a ~ loss, reward, etc.)* (۲) تایبەتی بە سزای پارە: *(a ~ offense)*

-ped, -pede (ped), پاشگرێکە بەمانای: پێ؛ قاچ.

pedagogic (ped′ə-goj′ik), *adj.* (۱) تایبەتی بە مامۆستا و پیشەی مامۆستایەتی. (۲) تایبەتی بە زیاد لە پێویست بایەخ دانی مامۆستا بە فێربوونی شتی هیچ‌وپووچ و وورد.
-pedagogical *(adj.)*; **pedagogically** *(adv.)*.

pedagogics (ped′ə-goj′iks), *n.pl.* = pedagogy.

pedagogue (ped′ə-gog′, ped′ə-gôg′), *n.* (۱) مامۆستا (هەندێ جار لەڕووی سووکی‌یەوە لەبەر زۆر گوێدان بە شتی هیچ‌وپووچ). (۲) مامۆستایەکی ووشک کە زۆر بایەخ دەدات بە شتی ناو کتێب و وورد و هیچ‌وپووچ.
-pedagoguish *(adj.)*.

pedagogy (ped′ə-gō′ji, ped′ə-goj′i), *n.* (۱) مامۆستایەتی؛ مامۆستایی؛ پیشەی مامۆستایەتی. (۲) فێرکاری؛ هونەری پەروەردە و فێرکردن (بەتایبەتی نامادەکردنی قوتابی بۆ مامۆستایەتی).

pedal (ped′′l), *adj.* (۱) هی پێ (۲) بە پایەدەر لێ دەخورێت؛ بە پایەدەر ئێش دەکات.

n. پایەدەر (پاسکیل، پیانۆ، مەکینەی جل دوورین).

v.t. & v.i. (۱) پایەدەرلێدان. (۲) پاسکیل لێخوڕین.

pedant (ped′′nt), *n.* (۱) مامۆستایەکی مێشک تەسک کە زۆر بایەخ دەدات بە فێربوونی شتی وورد و هیچ‌وپووچ و لەبەرکردنی کوێرانەی پەپڕەو. (۲) کەسێک کە هەر شتی ناو کتێب بزانێ و گوێ نەداتە شتی کردەنی. (۳) زانای خۆدەرخەر. (٤) [Obs.]، مامۆستا.

pedantic (pi-dan′tik), *adj.* زۆر بایەخدەر بە فێربوونی قوتابی بۆ شتی وورد و هیچ‌وپووچ؛ ووشک و مێشک تەسک (مامۆستا)؛ هەر شارەزای شتی ناو کتێبە.
-pedantically *(adv.)*.

pedantry (ped′′n-tri), *n.* (۱) زۆر بایەخدانی مامۆستا بە فێربوونی شتی وورد و هیچ‌وپووچ؛ مێشک تەسکی مامۆستا. (۲) خۆبادان بە پلەی زانیاری و شارەزایی خۆوە. (۳) نموونەی کردەوەیەکی یەکێک لەم دوو جۆرە کەسەی سەرەوە.

pedate (ped′āt), *adj.* (۱) پێدار؛ قاچدار. (۲) لە پێ دەچێ؛ قاچ ئاسا؛ وەک پێ کاردەکات: *(~ appendages)* . (۳) باوەشێنی (گەلا)؛ بەش بەش: *(a ~ leaf)*

peddle (ped′′l), *v.i.* (۱) دەستگیری کردن؛ چەرچێتی کردن؛ گەڕان بە کۆڵان‌دا بۆ شت فرۆشتن. (۲) خۆ خەریک کردن بە شتی هیچ‌وپووچەوە.
v.t. (۱) دەستگیری کردن؛ چەرچیتی کردن؛ شت فرۆشتن مال بە مال *(~ing goods from door to door)* (۲) نەختە نەختە فرۆشتن یا بلاوکردنەوە (بەنگ، بیرۆباوەڕ، قسەی پاش مەلە): *(~ing drugs, an idea, etc.)*

peddler, pedlar (ped′lēr), *n.* دەستگیر؛ چەرچی.
peddlery, pedlary (ped′lēr-i), *n.* (۱) دەستگیری؛ چەرچێتی. (۲) فرۆتەنی دەستگیر.
peddling (ped′liŋ), *adj.* بە شتی هیچ‌وپووچەوە خەریک؛ هیچ‌وپووچ؛ بێ بایەخ.

-pede, -ped (pēd), پاشگرێکە بەمانای: پێ؛ قاچ.
pederast (ped′ə-rast′, pē′də-rast′), *n.* هەتیوباز؛ نێرباز.
pederasty (ped′ə-ras′ti, pē′də-ras′ti), *n.* هەتیوبازی؛ نێربازی.

pedestal (ped′is-t'l), *n.* (۱) بنکە (بۆ پەیکەر یا گوڵدان لەسەر دانان)؛ بن (پایە، کۆڵەکە). (۲) بناغە.
v.t. خستنە سەر بنکە؛ خستنە سەر پاڵپشت.
put (or set) on a pedestal, پەرستن؛ وەک بت پەرستن؛ شکۆپێدان لە ئەندازە بەدەر.

pedestrian (pə-des′tri-ən), *adj.* (۱) پیادە: *(~ traffic)* . (۲) ڕەشۆکی؛ بازاڕی؛ ووشک و ناخۆش (وێژە)؛ هیچ ئەزان؛ سادە: *(a ~ literary style)*

n. پیادە؛ کەسێکی پیادە.

pedestrianism (pə-des′tri-ən-iz′m), *n.* (۱) بە پێ گەڕان (بۆ تەندروستی)؛ پیادەیی؛ بە پێ ڕۆیشتن (۲) ڕەشۆکێتی؛ بازاڕێتی؛ ئەزانی؛ ووشکی و ناخۆشی؛ بێ تامی.

pedi- (ped′i), پێشگرێکە بەمانای: پێ؛ قاچ: *(pedicure)* .
pediatric (pē′di-at′rik, ped′i-at′rik), *adj.* تایبەتی بە پزیشکەوانی منداڵان.

pediatrician (pē′di-ə-trish′ən), *n.* پزیشکی منداڵان؛ پسپۆری نەخۆشی منداڵان.

pediatrics (pe′di-at′riks, ped′i-at′riks), *n.pl.* پزیشکەوانی منداڵان.

pediatrist (pē′di-at′rist, ped′i-at′rist), *n.* = pediatrician.

pedicel (ped′i-s'l), *n.* (۱) قەدە بچکۆلە. (۲) ئەندامی ڕاگر (زیندەوەرزانی).

pedicle (ped′i-k'l), *n.* = pedicel.

pedicular (pi-dik′yoo-lēr), *adj.* (۱) نەسپێیی؛ هی نەسپێ. (۲) نەسپێ وون؛ نەسپێ تێی داوە.

pediculous (pi-dik′yoo-ləs), *adj.* نەسپێ تێی داوە.

pedicure (ped′i-kyoor′), *n.* (۱) پزیشکی پێ. (۲) قاچ چاکردنەوە. (۳) نینۆکی قاچ کردن و بڕبەنکردنی.

pedigree (ped′ə-grē′), *n.* (۱) بنەچە؛ ڕەگەز؛ ڕەچەڵەک. (۲) بنەچەی گیاندارێکی ڕەسەن (نەسپ، سەگ... هتد)؛ ڕەسەنناممەی گیاندارێک.

pedigreed (ped′ə-grēd′), *adj.* ڕەسەن (بەتایبەتی سەگ و نەسپ): *(a ~ dog)*

pediment (ped′ə-mənt), *n.* (۱) ڕووی سێگۆشەیی لاسەربان (خانووسازی یۆنانی و ڕۆژاوایی). (۲) ڕوویەکی سێگۆشەیی ڕازێنەرەوە بەسەر دەرگا یا ناگردانەوە.

pedlar (ped′lēr), *n.* = peddler.

pedo-, ped- (pē′dō, pē′də), پێشگرێکە بەمانای: منداڵ؛ بەچە.
pedodontia (pē′də-don′shə), *n.* دانسازی منداڵ.
pedology (pi-dol′ə-ji), *n.* زانستی ڕەووشت و پەروەردەکردنی منداڵ.
-pedological *(adj.)*; **pedologist** *(n.)*.

pedometer (pi-dom′ə-tēr), *n.* هەنگاوژمێر: ئامێرێکە بۆ پێوانی ئەو ڕێگەیەی بە پێ دەبڕێت.

peduncle (pi-duŋ′k'l), *n.* (۱) لاسکە گوڵ؛ لاسکە مێشوو؛ قەف. (۲) ڕیشاڵی هەستەدەماری مێشک. (۳) ئەندامێکی لاسکی یا قەفی زیندەوەری

بربڕەدار.

-peduncular *(adj.).*

pedunculate (pi-duŋ′kyoo-lit, pi-duŋ′kyoo-lāt′), *adj.* قەفدار؛ لاسکدار

Also **pedunculated,**

peek (pēk), *v.i.* سەرەتاتکێ کردن؛ بە گوڕج و دزێیەوە سەیرکردن؛ سەرەتاتکێ کردن

(to ~ at something)

n. . *(to take a ~ at)*

peekaboo (pēk′ə-bōō′), *n.* چاوشارکێ؛ یارییەکی منداڵانەیە بریتیەیە لە بە دەست دەموچاوی خۆ داپۆشین و لەپڕ هەڵماڵینی و هاوارکردنی " پیکابوو "

peel (pēl), *v.t.* توێکل لێکردنەوە؛ پاککردن؛ داماڵێن؛ توێک فڕێدان؛ توێخ لێبوونەوە؛ توێکل داماڵران

(to ~ an orange)

v.i. (١) توێک فڕێدان؛ توێخ لێبوونەوە؛ توێکل داماڵران (٢) [Slang]. خۆ ڕوورتکردنەوە.

n. توێکل؛ توێک؛ توێخ.

peel off, خۆ دابڕینی فرۆکەیەک لە پۆلەکەی بۆ بۆردوومانکردن یا نیشتنەوە

peel (pēl), *n.* قوللە (بەتایبەتی وەک یەکێک لەوانەی لەسەر سنووری ئوسکوتلەندەو ئینگلتەرە لە سەدەی شانزەدا دروستکراوە)؛ قەڵا

peeling (pēl′iŋ), *n.* توێکل؛ توێک؛ توێخ

peen (pēn), *n.* سەرە تیژەکەی چەکوش

peep (pēp), *v.i.* (١) جریکەکردن (بەچکە باڵندە)؛ جریواندن؛ جریوەکردن (٢) زیقەزیق کردن (وەک منداڵ)؛ چرکەکردن؛ جیقەکردن.

n. (١) جریکە؛ جریکەجریک؛ جریوە (٢) زیقەزیق؛ چرکە؛ دەنگی بچووکی سکاڵا

(I don't want to hear a ~ out of you.)

peep (pēp), *v.i.* (١) لە کونێکەوە سەیرکردن؛

(to ~ through the keyhole)

(٢) بە دزێیەوە و بە پەلە سەیرکردن؛ سەرەتاتکێ کردن؛

(He ~ed at her across the room.)

(٣) سەردەرهێنان؛ بەرەبەرە یا نەختێک سەردەرخستن؛

(Stars ~ed through the clouds.)

v.t. سەر پێ دەرهێنان؛ سەر پێ دەرپەڕاندن.

n. (١) سەرەتاتکێ؛ سەیرکردنێکی بە پەلەو بە دزێیەوە. (٢) کونی لێوە سەیرکردن (٣) هەڵاتن (ڕۆژ، بەرەبەیان)؛ یەکەم دەرکەوتن.

peeper (pēp′ĕr), *n.* (١) لە کونەوە و بە نیمچە دزێیەوە سەیرکەر (بەتایبەتی کەسێک کە چێژ لەوە وەربگرێ کە بە دزێیەوە سەیری دەستبازی و کێرو قۆزو جووت بوونی خەڵک بکات) (٢) [Slang]. چاو.

peeper (pēp′ĕr), *n.* (١) بۆق ٣ کەسێک یا گیاندارێکی زیقەزیقکەر

peephole (pēp′hōl′), *n.* کونە ڕۆشنە؛ کونی دەرگا (بۆ لێوە سەیرکردن)؛ کونی بە دزێیەوە لێوە سەیرکردن.

Peeping Tom, کەسێکە کە چێژ لەوە وەردەگرێ بە دزێیەوە سەیری کێرو قۆزو جووت بوونی خەڵک بکات

peep show, سنووقێکە چەند وێنەیەک یا شتی تری تیایەو کونێکیشی تیایە بە گەردینەوە بۆ لێوە سەیرکردنی وێنەکانی ناوی

peep sight, نیشانگای تفەنگ و دەمانچە.

peer (pêr), *n.* (١) کەسێکی هاوپلە؛ هاوتا (پلە، تەمەن، گرنگی، بەرامبەر بە یاسا)؛ حەریف (٢) بەگزادەی ئینگلیزی (٣) [Archaic]. هەڤاڵ؛ ناوەل

v.t. (١) هاوپلەکردن؛ هاوتاکردن (٢) بە بەگزادەکردن

peer of the realm, ئەندامێکی چینی بەگزادەی ئینگلیزی کە بە هۆی بنەچەکەیەوە مافی ئەندامێتی هەیە لە ئەنجوومەنی لۆردانی پەرلەمانیدا.

peer (pêr), *v.i.* (١) بە وردی سەیرکردن؛ باش لێ وردبوونەوە؛ باش تێڕوانین *(to ~ into a dark cave)* (٢) سەردەرهێنان؛ هەڵاتن؛ نەختێک دەرکەوتن

(The moon ~ed from behind a cloud.)

peerage (pêr′ij), *n.* (١) چینی بەگزادەی وڵاتێک (٢) پلەوپایەی بەگزادە؛ بەگزادەیی (٣) بەگزادەنامە؛ کتێبێکە بە ناوو بنەچەی بەگزادەکانەوە.

peeress (pêr′is), *n.* (١) ژنە بەگزادە. (٢) بانوو بەگزادە.

peerless (pêr′lis), *adj.* بێ هاوتا؛ بێ وێنە.

peeve (pēv), *v.t.* پەستکردن؛ تووڕەکردن؛ زوێرکردن.

n. (١) سکاڵا؛ *(a pet ~)* .

(٢) پەستی؛ تووڕەیی؛ زوێری؛ پێش خواردنەوە؛ *(to be in a ~)*

peeved (pēvd), *adj.* پەست؛ تووڕە؛ زوێر؛ تۆراو؛ قین هەڵساو.

peevish (pēv′ish), *adj.* (١) بە سکاڵا؛ زوێر بە سکاڵا (٢) تووڕەوتڕێ؛ تەنگەجێکڵانە؛ قیناوی.

-peevishly *(adv.)*; **peevishness** *(n.).*

peewee (pē′wē′), *n.* کەسێک یا شتێکی نزمجگار بچووک.

peg (peg), *n.* (١) سنگ؛ مێخ؛ چوقوڵ (٢) دەمەوانە؛ تۆپەوانە (٣) دوگمەی تونداکردنەوەو ڕاگرتنی ڕێڕی کەمانچەو عوود (٤) ماوەی نێوان دوو سنگ (٥) پلە؛ نمرە (٦) قولاپ (٧) [Colloq.]، پێ؛ قاچ؛ لاق؛ بنکە (٨) [Colloq.]، ددان (٩) [British]، خواردنەوەی کحوڵی بەتایبەتی براندی.

v.t. (١) داخستن بە دەمەوانە یا تۆپەوانە. (٢) سنگ داکوتان؛ مێخ داکوتان؛ سنگ لێدان (٣) نیشانەکردن بە سنگ؛ پلە دیاریکردن بە مێخ (٤) قولاپ لێدان (٥) نرخ چەسپاندن (پارەبازی) (٦) [Colloq.]، هاوێشتن (تۆپ)؛ هەڵدان

v.i. (١) کۆشش کردن؛ هەمیشە هەوڵدانو خەریک بوون (٢) ڕاگرتن یا تۆمارکردنی سەرجەمی خاڵی براوە (یاری).

round peg in a square hole, کەسێکی نەگونجاو بۆ نەو شوێنو بارو نیشەی تێیدایە. (هەروەها " a square peg in a round hole ").

take down a peg, پلەیەک هێنانە خوارەوە؛ فیز شکاندن؛ لە پلە کەمکردنەوە

Pegasus (peg′ə-səs), *n.* (١) ئەسپی باڵدار کە بە سمکۆڵێک کانیاوی بانووخوای هۆنراوەی هەڤقوڵان (نەفسانەی یۆنانی) (٢) ئیلهامی هۆنراوەیی (٣) ناوی کۆنەستێرەیەکی باکووریە.

peg leg, [Colloq.], (١) لاقی دارین؛ لاقی تەختە (٢) کەسێکە بە لاقێکی دارینەوە.

pegmatite (peg′mə-tīt′), *n.* بەردێکی ئاگرپژێنی زبری گرانیتیەیە.

peg-top (peg′top′), *adj.* هەرمێیی یا مزراحی (بەتایبەتی پانتۆڵێک کە لە سەرەوە دەڵب بێو دەرەلنگەکانی تەسک بێ).

peg top, (١) مزراح (٢) پانتۆڵی لە سەرەوە دەڵب و دەرەلنگ تەسک

peignoir (pān-wär′, pān′wär), *n.* = negligee.

pejoration (pē′jə-rā′shən, pej′ə-rā′shən), *n.* (١) دانە دواوە؛ بەناخداچوون؛ بەرەو خراپی چوون. (٢) گۆڕینی مانای ووشە بەرەو خراپی لە ماوەی چەند چەرخێکدا (زمانەوانی).

pejorative (pē′jə-rā′tiv, pi-jôr′ə-tiv), *adj.* سووکو ناشرین (ووشە)؛ لە ڕێز کەمکەرەوە (ووشە)؛ *(a ~ term)*

n. ووشەی سووکو ناشرین (کە بە کەسێک، کۆمەڵێک یا ڕەگەزێک بووترێ).

pekan (pek′ən), *n.* (١) گیاندارێکی شیردەری نەمەریکای باکوورە لە توخمی دەڵک (٢) کەولی ئەم گیاندارە.

Pekingese (pē′kiŋ-ēz′), *n.* (١) هاووڵاتیەکی پەکێن. (٢) شێوەزمانی پەکێن. (٣) سەگێکی بچووکی تووک درێژو ئاوڕیشەیی چاو دەرپۆقیوە.

pekoe (pē′kō; Brit. pek′ō), *n.* پیکۆ: جۆرە چایەکی ڕەشە.

pelage (pel′ij), *n.* تووک یا کەولی گیانداری شیردەر.

pelagic (pə-laj′ik), *adj.* زەریایی؛ ئۆقیانووسی.

pelargonium (pel′är-gō′ni-əm), *n.* چەند جۆرە ڕووەکێکن لە توخمی ساردۆنیا.

pelerine (pel´ə-rēn′), *n.* بەرگێکی پاڵتۆیی بێ قۆڵی دەنبی ژنانەیە.
pelf (pelf), *n.* [Rare] (١) تاڵانی. (٢) سامان؛ سامانی گڵاو؛ مااڵی دنیا.
pelican (pel′i-kən), *n.* باڵندەیەکی ئاوی گەورەی دەنووک پان و درێژە تووڕەکەیەک لەژێر ملیدایە بۆ ماسی تێکردن و خواردنی.
pelisse (pə-lēs′), *n.* پاڵتۆی فەروەی درێژی ژنانەیە.
pelite (pē′līt), *n.* بەردی گڵێ.
pellagra (pə-lā′grə, pə-lag′rə), *n.* بەخوشیبەکی درێژخایەنە نیشانەکانی زیری پێست و سك نێشەو دەمارتوندیە.
pellet (pel′it), *n.* (١) گوڵۆ؛ حەبی دەرمان؛ تۆپەڵ؛ خڕۆک؛ دەنك. (٢) گوللەتۆپی کۆن. (٣) گوللە؛ فیشەك. (٤) ساچمە.
v.t. (١) تۆپەڵکردن؛ خڕەڵدان (٢) گوللە یا ساچمە تێگرتن.
pellicle (pel′i-k'l), *n.* پێستی تەنك؛ پەردەی تەنك؛ تووێڵ.
pellitory (pel′ə-tôr´i, pel′ə-tō´ri), *n.* ڕووەکێکی پزیشکیی هەڵگەڕاوە
pell-mell, pellmell (pel′mel´), *adv.* (١) بە شێواوی؛ بە پەرش‌وبڵاوی؛ بە تێکەڵوپێکەڵی (٢) بە پەلەپرووزێ؛ بە شپرزەیی.
adj. (١) شێواو؛ پەرش‌وبڵاو؛ تێکەڵوپێکەڵ. (٢) بە پەلەپرووزێ؛ بە شپرزە.
n. شێواوی؛ پەرش‌وبڵاوی؛ تێکەڵوپێکەڵی.
pellucid (pə-lōō′sid), *adj.* (١) ڕوون؛ ڕۆشن؛ دیار. (٢) ئاسان؛ ڕوون (باس). *(a ~ explanation)*.
-pellucidity *(n.)*.
pelota (pe-lō′tə), *n.* جۆرە یارییەکی تۆپە
pelt (pelt), *v.t.* (١) پیامانێن؛ پەیتاپەیتا؛ پێدان؛ بەردەباران کردن؛ گوللەباران کردن *(to ~ someone with snowballs, eggs, etc.)*. (٢) کوتانەوە. (٣) فڕێدان؛ هاوێشتن.
v.i. (١) کوتانەوە: *(The rain is ~ing down.)*. (٢) خێرا ڕاکردن؛ خێرا ڕۆیشتن؛ بە پەلە ڕۆیشتن.
n. (١) پیامانێن؛ پیاکێشان؛ لێدان؛ زلە؛ شەپازلە. (٢) خێرایی؛ گوڕ *(running at full ~)*.
pelt (pelt), *n.* (ا) پێستە (بەتایبەتی بە تووکەکەیەوە). ب) پێستەی ئامادەکراو بۆ خۆشکردن. (٢) کەوڵ؛ فەروە. (٣) پێستی مرۆڤ
peltate (pel′tāt), *adj.* قەڵغانی (گەڵا)؛ لاسکەکەی بە ناوەڕاستەکەیە- وەیەتی نەك بە قنگەکەیەوە. *(a ~ leaf)*
pelting (pel′tiŋ), *adj.* [Archaic], هێچ‌وپووچ؛ بێ بایەخ؛ بێ نرخ؛ پارەبیس؛ پیس‌وبۆگەن؛ خوێڕی.
peltry (pel′tri), *n.* پێستەی خۆش نەکراو
pelvic (pel′vik), *adj.* سمتەجۆڵەیی؛ هی سێبەندە.
pelvis (pel′vis), *n.* سمتەجۆڵە؛ سێبەندە.
pemmican, pemican (pem′i-kən), *n.* خواردەمەنیەکی هیندیە نەمەریکاییەکانە بریتیە لە گۆشتی کوتراوی ووشك کراوەی تێکەڵاوی ڕۆن کراوو هەنگیراو
pemphigus (pem′fi-gəs, pem-fī′gəs), *n.* نەخۆشیەکە دەبێتە هۆی بڵق کردنی پێست
pen (pen), *n.* (١) پەچە؛ کۆڕ؛ گەوڕ؛ مۆڵگە؛ کۆلانە. ٢ ناژەڵی ناو پەچە یا گەوڕ؛ ناژەڵی مۆڵ خواردوو. ٣ شوێنێکی بچووکی چواردەور گیراو (وەك یاریگای منداڵی کۆڕپە). ٤ نەهنگەرگای چاککردنەوەی پاپۆڕی ژێرئاو.
v.t. کردنە پەچەوە؛ کردنە کۆڕەوە
pen (pen), *n.* (١) پێنووس؛ خامە؛ پاندان؛ قەڵەم (٢) نووکی پاندان یا پێنووس. (٣) (ا) نووسین؛ شێوازی نووسینی وێژەیی. ب) پیشەی نووسین؛ نووسەری (ج) نووسەر. (٤) [Archaic] پەڕ؛ قەفی پەڕ. ٥) قاوغی وەك پەڕی ناوەوەی هەندی گیانداری دەریایی.
v.t. نووسین: *(to ~ a letter)*.
pen (pen), *n.* [Slang], بەندیخانە.
penal (pē′n'l), *adj.* (١) سزایی؛ تایبەتی بە سزا؛ بە سزا دادەنرێ. (٢) سزا دەبڕێتەوە؛ سزایی: *(~ laws; the ~ code)*. (٣) سزای لەسەرە؛ دەبێتە هۆی سزادان: *(a ~ offense)*. (٤) هی سزادانە؛ سزایی؛ بۆ سزادان کراوە: *(a ~ colony)*.
penal code, یاسای سزایی: بریتیە لە سەرجەمی یاسای دەربارە بە جۆرەها تاوان و ئەو سزایەی بۆیان بڕیاوەتەوە.
penalize (pē′n'l-īz´, pen′'l-īz´), *v.t.* (١) بە تاوان دانان: *(to ~ drinking liquor)* (٢) سزادان.
-penalization *(n.)*.
penal servitude, خستنە بەندیخانەوە بێگار یا ئیشی گران پێ کردن.
penalty (pen′'l-ti), *n.* (١) سزا (٢) سزای پارە. (٣) سزای یاریکەر (لەبەر لەسەر پەیڕەوی نەڕۆیشتن لەکاتی یاریدا)
penance (pen′əns), *n.* تۆبە؛ تۆبەکردن؛ تۆبەکاری؛ سزای تۆبەکاری؛ پەشیمان بوونەوە و سزای خۆ وەرگرتن.
v.t. تۆبە پێکردن.
do penance, تۆبەکردن.
penates (pi-nā′tēz), *n.pl.* خوداکانی ناومااڵی ڕۆمانەکانی کۆن.
pence (pens), *n.* [British], *plural of* **penny.** (هەروەها لە ووشەی لێکدراودا بەکاردێت وەك " twopence ").
penchant (pen′chənt), *n.* ئارەزووی بەتین؛ حەز؛ بەدڵ بوون.
pencil (pen′s'l), *n.* (١) فڵچەی هونەرمەند (٢) شێوازی نیگارکێشی و لێهاتوویی هونەرمەندێك. (٣) پێنووس؛ خامە (٤) میلی کلکاری: *(an eyebrow ~)*.
(٥) (ا) کۆمەڵە تیشکی لە یەك خاڵدا بەیەکگەیشتوو (بینەواری). ب) ڕێنەی پێکهاتوو لە کۆمەڵە هێڵێکی لە یەك خاڵدا بەیەکگەیشتوو (نەندازە).
v.t. (١) نووسین؛ ڕێنەکێشان. (٢) پێنووس خستنە سەر.
pencil sharpener, قەڵەمدان؛ قەڵەمدادەر.
pend (pend), *v.i.* (١) چاوەڕێی بڕیارکردن. (٢) [Dial.]، بەندبوون لەسەر؛ کەوتنە سەر.
pendant, pendent (pen′dənt), *n.* (١) پارچە خشڵێکە کە لە ملوانکەیەك یا بازنێکەوە شۆڕ بووبێتەوە؛ گوارە. (٢) ناوێزە؛ چل چرا. (٣) پەیکەرێکی جوانی شۆڕبووەوەیە لە بنمیچێکەوە. (٤) زریزە یا ئەڵقەی کاتژمێری گیرفان. (٥) پەتی شۆڕبووەوە لە تەوەری کەشتییەوە. (٦) تاکی جووتە شتی دەقاودەق یا لەیەکچوو.
adj. شۆڕبووەوە؛ هەڵواسراو.
pendent, pendant (pen′dənt), *adj.* (١) شۆڕبووەوە؛ هەڵواسراو. (٢) دەرپۆقیو. (٣) بڕیار نەدراو؛ بە لایەکدا نەکەوتوو؛ نەبڕاوەتەوە.
pending (pen′diŋ), *adj.* (١) بڕیار نەدراو؛ یەکلایی نەکراوە؛ ساغ نەکراوە. (٢) خەریکی ڕوودانە؛ نزیکی ڕوودانە.
prep. (١) لەماوەی؛ لەکاتی *(~ these discussions)*. (٢) هەتا؛ تاکو؛ تا ئەو کاتەی؛ بە چاوەڕوانی شتێکەوە هەتا ڕوودەدات *(~ his arrival)*
pendragon (pen-drag′ən), *n.* فەرماندەری گشتی؛ پێشەوا؛ شازادەی کۆنی نینگلتەرە.
pendular (pen′joo-lēr), *adj.* (١) بەندۆڵی؛ لە بەندۆڵی کاتژمێری گەورە دەچێ (٢) جۆلانێکەر (وەك بەندۆل)؛ هاتوچۆکەر؛ شەکاوە
pendulous (pen′joo-ləs), *adj.* (١) (ا) شۆڕبووەوە؛ هەڵواسراو. ب) جۆلانێکەر (بەندۆڵی کاتژمێر)؛ هاتوچۆکەر. (٢) ڕاڕا؛ دوودڵ.
pendulum (pen′joo-ləm, pen′d'l-əm), *n.* (١) بەندۆڵی- کاتژمێر. (٢) شتێکە کە هەمیشە دێت و دەچێ وەکو جۆلانە؛ شتێکی هەمیشە

گۆڕاو. *(the ~ of public opinion)*

peneplain, peneplane (pē′nə-plān′), *n.* زەوی نەختکراو بە داشۆران یا داخورانەوە.

penetrability (pen′i-trə-bil′ə-ti), *n.* توانای پێداچوون بوون.

penetrable (pen′i-trə-bl), *adj.* کون دەکرێ؛ پێداچوونی لە تواناداایە.

penetralia (pen′ə-trā′li-ə), *n.pl.* (١) ناوجەرگە (پەرستگا)؛ ناخ؛ ناوی ناوەوە. (٢) شتی شاراوە؛ شتی پەنهانی.

penetrant (pen′ə-trənt), *adj.* تیژ؛ کوکەر؛ بڕ؛ پێداچوو.

penetrate (pen′ə-trāt′), *v.t.* (١) پێداچوون؛ کونکردن؛ پێدا تێپەڕبوون. (٢) پێدا بڵاوبوونەوە؛ هەموو گرتنەوە. (٣) زۆر کارتێکردن. (٤) تێگەبشتن.

v.i. (١) کونکردن؛ پێداچوون. (٢) زۆر کارکردنە سەر مێشک.

penetrating (pen′ə-trāt′iŋ), *adj.* (١) تیژ؛ بەتێز. *(a ~ sound or smell)*. (٢) قوول؛ زۆری بڕیوە. *(a ~ wound)*. (٣) زیرەک؛ ڕێ بەدییەکەر؛ تیژ. *(a ~ mind; ~ insight)*.

penetration (pen′ə-trā′shən), *n.* (١) کونکردن؛ پێداچوون؛ پێدا تێپەڕبوون. (٢) توانای پێداچوون یا کونکردن. (٣) قوڵی (بڕینی گوللە بۆ نیشانەکەی پاش پێکانی). (٤) مێشک تیژی؛ زیرەکی؛ ڕێ بەدییی.

penetrative (pen′ə-trā′tiv), *adj.* تیژ؛ کونکەر

penetrometer (pen′ə-trō′mə-tĕr), *n.* (١) پێوەری هێزی بڕین یا برکردنی تیشکی نێکس. (٢) پێوەری ڕادەی پێداچوونی تەنی نیمچە ڕەق.

penguin (peŋ′gwin, pen′gwin), *n.* پەنگوین باڵندەیەکی ئاوی ناوچە سەردەکانە پێی پەردەدارە ناتوانێ بفڕێ

penholder (pen′hōl′dĕr), *n.* قەڵەمدان

penicillin (pen′ə-sil′in), *n.* پەنسلین (دەرمان).

penicillium (pen′ə-sil′i-əm), *n.* پەنسلیۆم: کەپووی نان و پەنیرو میوەی گەنیو. لە هەندێ جۆرە کەپووی تایبەتی دەرمانی پەنسلین وەردەگیرێ).

peninsula (pə-nin′sə-lə, pə-nin′syoo-lə), *n.* سێلاو؛ نیمچە دوورگە

penis (pē′nis), *n.* کێر.

penitence (pen′ə-təns), *n.* تۆبە؛ تۆبەکردن؛ پەشیمانی.

penitent (pen′ə-tənt), *adj.* پەشیمان؛ تۆبەکەر.

n. تۆبەکارێک؛ کەسێکی پەشیمان.

penitential (pen′ə-ten′shəl), *adj.* تۆبەیی؛ پەشیمانی؛ تۆبەکاری.

n. (١) تۆبەکارێک؛ کەسێکی پەشیمان (٢) لیستە یا ناملکەی پەیرەوی‌یەکانی کڵێسە دەربارەی تۆبەکردن.

penitentiary (pen′ə-ten′shə-ri), *adj.* (١) تایبەتی بە تۆبەکاری؛ تۆبەیی. (٢) بۆ سزادان و ڕاستکردنەوە بەکاردێت: *(a ~ device)*. (٣) سزای لەسەرە؛ سزای ئەو کەسە دەدرێ کە بیکات: *(a ~ offense)*.

n. (١) بەندیخانە (بەتایبەتی هی تاوان و تاوانکاری ترسناک)؛ تۆبەخانە (٢) (ب) ئەنجوومەنی تۆبەکاری کڵێسەی کاسۆلیکی. (ب) کارەدەستی لێپرسراوی تۆبەکاری لە کڵێسەدا

penknife (pen′nīf′), *n.* قەڵەمبر؛ چەقۆی بچووک

penman (pen′mən), *n.* (١) ڕووسووسکار؛ لەبەرنووس؛ ڕوونووسەر (٢) خۆشنووس؛ خەتخۆش (٣) نووسەر

penmanship (pen′mən-ship′), *n.* (١) خۆشنووسی؛ خەتخۆشی؛ هونەری خۆشنووسی. (٢) شێوازێکی تایبەتی خۆشنووسی.

penna (pen′ə), *n.* پەڕی دەرەوەی باڵندە

pen name, ناوی نهێنی نووسەر؛ ئەو ناوەی نووسەر لەباتی ناوی ڕاستەقینەی خۆی بەکاری دەهێنێت.

pennant (pen′ənt), *n.* (١) باڵای سێگۆشەی باریک (کە دەکرێ بە دڕووشمی قوتابخانە. تیپی یاری. کەشتی... هتد) (٢) باڵایەکی وەها کە دەکرێ بە خەڵاتی تیپی براوە یا بە دڕووشمی بردنەوەکە.

pennate (pen′āt), *adj.* = pinnate.

pennated (pen′ā-tid), *adj.* = pennate.

penni (pen′i), *n.* پارەیەکی فنلەندیە.

penni- (pen′i), *(penniform)* پێشگرێکە بەمانای: پەڕ؛ لە پەڕ دەچێ:

penniform (pen′i-fôrm′), *adj.* وەک پەڕ؛ لە پەڕ دەچێ.

penniless (pen′i-lis), *adj.* بێ پوول و پارە؛ هەژار؛ نابووت.

pennon (pen′ən), *n.* (١) ئالای سێگۆشەیی باریکی سوارچاک. (٢) **pennant**. (٣) ئالا. (٤) پەڕ؛ باڵ.

penny (pen′i), *n.* (١) پێنس: پارەیەکی ئینگلیزی‌یە دوانزەیەکی " شلنگ " یەکە. (٢) سەنت: پارەیەکی ئەمەریکی و کەنەدایی‌یە بریتی‌یە لە سەدیەکی دۆلارێک. (٣) فلس؛ پوول؛ پارەی کەم نرخ. (٤) پارەیەکی زۆر؛ هەندێکی زۆر پارە: *(a pretty ~)*.

a penny for your thoughts, ئەم ووتەیە بە کەسێک دەووترێ کە دڵگەی لێدابێ و ناگای لە کەسانی دەوروپشتی نەمابێ بەمانای: " ئەوەی کە بیری لێ دەکەیتەوە فلسێک ناهێنێ ".

a pretty penny, [Colloq.], بڕێکی زۆر پارە؛ پارەیەکی زۆر.

penny-wise and pound-foolish, پوول بە پوول کۆی دەکاتەوە بە قڕپ دایدەنێ؛ لە شتی هیچ‌وپووچدا ووریایە و دەست بە خۆیەوە دەگرێ بەڵام لە شتی گرنگدا هیچ.

turn an honest penny, بە ئارەقی ناوچەوان پارە پەیداکردن؛ بە سەرڕاستی پارە پەیداکردن.

penny-a-line (pen′i-ə-līn′), *adj.* (١) هەر بۆ دێڕێک فلسێکی دەدرێتێ. (٢) هەرزانیەها (نووسین)؛ قەڵەم؛ ڕەشۆکی.

penny-a-liner (pen′i-ə-līn′ĕr), *n.* نووسەرێکی بە کرێ گیراوی پۆژنامە کە بۆ هەر دێڕێک فلسێک وەردەگرێ؛ نووسەری بازاڕی

penny ante, یارییەکی پۆکەرە کە گرەوی بچووکی لەسەر دەکرێ.

penny pincher, [Colloq.], پووڵەکی؛ پارەپیس؛ ڕەزیل؛ پیسکە.

pennyroyal (pen′i-roi′əl), *n.* (١) ڕووەکێکە لە توخمی نەعنا. (٢) پۆنی ئەم ڕووەکە.

pennyweight (pen′i-wāt′), *n.* کێشانەیەکی زۆر سووکە بریتی‌یە لە بیست یەکی " ئاونس " یەک یا ١٥٥٥ گرام.

penny-wise (pen′i-wīz′), *adj.* ووریا و پووڵەکی‌یە کە دێتە سەر پارەی کەم و شتی هیچ‌وپووچ.

penny-wise and pound-foolish, پوول بە پوول کۆی دەکاتەوە بە قڕپ دایدەنێ؛ لە شتی هیچ‌وپووچدا ووریایە و دەست بە خۆیەوە دەگرێ بەڵام لە شتی گرنگدا هیچ.

pennywort (pen′i-wŭrt′), *n.* چەند جۆرە ڕووەکێکی گەلا خڕن لە درزە بەردو دیوارو زەلکاودا دەڕوێن.

pennyworth (pen′i-wŭrth′), *n.* (١) بایی پەنس یا پوولێک. (٢) کڕینی شتێک بە هەرزان؛ بایەخی شتێک بەرامبەر بەو پارەیەی پێی دراوە. *(a good ~)*

(٣) نەختێک؛ هەندێک؛ تۆزێک؛ بڕێکی کەم.

penology, poenology (pē-nol′ə-ji), *n.* زانستی بەندیخانە بەڕێوەبردن و ڕاستکردنەوەی تاوانکاران.

-penological *(adj.)*; **penologist** *(n.)*.

pensile (pen′sil), *adj.* (١) شۆڕبووەوە؛ هەڵواسراو. (٢) هێلانەی شۆڕبووەوە کردوو.

pension (pen′shən), *n.* (١) مانگانەی خانەنشینی. (٢) بەخشیشی سەرومڕە کە کەسێکی پارەدار بۆ هونەرمەندێکی‌دەبڕێتەوە

v.t. خانەنشین کردن بە مانگانەوە.

pension off, خانەنشین کردن بە مانگانەوە؛ دەرکردن لە کارو مانگانە پێدان.

pension (pon′si-on′), *n.* پەنسیۆن: میوانخانەیەکی ئەوروپایی‌یە.

pensionary (pen′shən-er′i), *adj.* (١) هی موڕچەی خانەنشینی؛

به مووچەی خانەنشینی دانراو. (۲) بە کرێ گیراو؛ چاوەڕێی دەستی خەڵک.

n. (۱) مووچەی خانەنشینی وەرگر. (۲) بە کرێ گیراو؛ دەسکەلا.

pensioner (pen′shən-ər), *n.* (۱) خانەنشین بە مانگانەوە؛ خانەنشین. (۲) کەسێکە کە بە خێرو بەخشیشی کەسێکی تر دەژی.

pensive (pen′siv), *adj.* (۱) مات؛ لە بیری قوڵو خەمناکدا؛ *(a ~ mood)*

(۲) ماتی‌و دڵتەنگی گەیەنەر (هۆنراوە)؛ بیری قوڵو پڕ لە خەم دەرپڕ.

penstock (pen′stok´), *n.* (۱) دەرگای عەماراو ئاوێ دابینکردنی لافاو. (۲) ئاوبارە؛ بۆری ئاو یا جۆگەی ئاوبردن بۆ گەردوونە.

pent (pent), *alternative past tense and p.p. of* pen.

adj. قەتیس کراو؛ پەنگ خواردووەوە؛ گیراو؛ پێ پەست کراو؛ *(~ -up emotion)*

penta-, pent- (pen′tə), پێشگرێکە بەمانای: پێنج؛ *(pentameter, pentagon)*

pentacle (pen′tə-k'l), *n.* نەستێرەیەکی پێنج گۆشەییە وەک نیشانەیەکی جادووگەری بەکاردەهێنرێ

pentad (pen′tad), *n.* (۱) پێنج؛ ژمارە پێنج (۲) دەستە یا زنجیرەی پێنجی. (۳) چەرخێکی پێنج ساڵی.

pentadactyl (pen´tə-dak′til), *adj.* پێنج پەنجەیی.

pentagon (pen′tə-gon´), *n.* وێنەی پێنج گۆشەیی یا پێنج سووچ؛ پێنج لا

the Pentagon, پێنتاگۆن؛ بارەگای وەزارەتی بەرگری ئەمەریکا.

pentagonal (pen-tag′ə-n'l), *adj.* پێنج گۆشەیی؛ پێنج لایی

pentagram (pen′tə-gram´), *n.* (۱) pentacle.

(۲) وێنەیەکی پێنج هێڵی.

pentahedron (pen´tə-hē′drən), *n.* وێنەی بەرجەستەی پێنج لا یا پێنج ڕوو ئەندازە)

-pentahedral *(adj.).*

pentamerous (pen-tam′ər-əs), *adj.* پێنج بەشی (ڕووەکناسی، زیندەوەرناسی)

pentameter (pen-tam′ə-tər), *n.* (۱) دێڕێکی پێنج کێشی هۆنراوە. (۲) هۆنراوەی پێنج کێشی

pentangular (pen-taŋ′gyoo-lər), *adj.* پێنج گۆشەیی.

pentathlon (pen-tath′lən, pen-tath′lon), *n.* بۆزبۆڕێنی پێنجی. بۆزبۆڕێنێکی وەرزشییە بریتییە لە بەشداربوونی هەموو یاریەکەرێک لە پێنج ملەمێدا.

pentavalent (pen´tə-vā′lənt, pen-tav′ə-lənt), *adj.* پێنج-هاوهێزی (کیمیا)

pentecost (pen′ti-kôst´, pen′ti-kost´), *n.* جەژنێکی جوولەکەو خاچ پەرستانە.

pent-up (pent′up´), *adj.* قەتیس کراو؛ پەنگ خواردووەوە؛ گیراو؛ پێ پەست کراو *(~ emotion)*.

penult (pē′nult, pi-nult′), *n.* شتی بەر لە دواترین شت (بەتایبەتی بڕگەی پێش دوابڕگەی ووشەیەک).

penultimate (pi-nul′tə-mit), *adj. & n.* = penult.

penumbra (pi-num′brə), *n.* (۱) نیمچە سێبەر (لەنێوان سێبەری تەواوو ڕووناکی تەواودا). (۲) (ا) نیمچە سێبەری دەوروپشتی خاڵە ڕەشەکانی خۆر. (ب) نیمچە سێبەری دەوری مانگی گیراو. (۳) چێوە؛ دەوروپشت.

penurious (pə-nyoor′i-əs, pə-noor′i-əs), *adj.* (۱) پیسکە؛ ڕەزیل؛ پارەپیس؛ پوولەکی. (۲) ڕووتەنی؛ بێ بەرهەم؛ *(a ~ land)*.

penury (pen′yoo-ri), *n.* (۱) هەژاری؛ نەبوونی؛ بێ دەرامەتی. (۲) کەمی؛ بێ بەرهەمی (زەوی)؛ کەم بەرهەمی؛ قاتی؛ شت نەبوونی.

peon (pē′ən), *n.* (۱) (ا) کرێکاری نەمەریکای لاتینی (ب) کەسێکی بێنگارێنکراو؛ کەسێکە کە نیشی پێ دەکرێ لەباتی قەرزدانەوە. (۲) (ا) سەربازی پیادەی هیندی (ب) پۆلیسی هیندی. (ج) بەردەست.

peonage (pē′ən-ij), *n.* (۱) بێگارپێکردنی کەسانی قەرزار لەباتی قەرزدانەوە؛ بەکرێدانی بەند لەلایەن میرێیەوە بەو کەسانەی کە دەیانەوێ نیشیان پێ بکەن. (۲) کرێکاری؛ باری ژیانی کرێکار.

people (pē′p'l), *n.* (۱) گەل؛ نەتەوە؛ میللەت. (۲) دانیشتوانی شارێک یا شوێنێک؛ خەڵک: *(the ~ of NewYork)* . (۳) دەست‌وپێوەند.

(٤) تاقم؛ ئەندامانی کۆمەڵە، چین، یا پیشەی خۆ.

(٥) کەس‌وکار؛ خزم؛ خزم‌و کەس‌وکار؛ باوباپیر.

(٦) جەماوەر؛ خەڵک؛ بۆرەپیاوان.

(۷) هاوواڵتیان یا دەنگدەرانی وواڵتێک.

(۸) ئەم‌ونەو؛ خەڵک: *(I don't care what ~ say.)* .

(۹) توخم (گیاندار). (۱۰) مرۆڤ؛ نادەمیزاد.

v.t. ئاوەدانکردنەوە؛ خەڵک تێدا نیشتەجێکردن؛ پڕکردن لە خەڵک.

people's front, بەرەی نیشتمانی؛ بەرەی میللی.

pep (pep), *n.* [Colloq.], چوست‌وچالاکی؛ تین؛ جۆش؛ ووزە؛ زیندوویتی.

v.t. [Colloq.], (~ up), بزواندن؛ زیندووکردنەوە؛ خستنەجۆش.

peplos, peplus (pep′ləs), *n.* بەرگێکی وەک دەستماڵ یا ملپێچی ئافرەتی یۆنانی کۆنە.

peplum (pep′ləm), *n.* (۱) . peplos

(۲) بەرگێکی چرچی زۆر کورتە لە کەمەرەوە شۆڕ دەبێتەوە بەسەر تەنووردا.

pepper (pep′ər), *n.* (۱) بیبەر؛ دەلوبیبەر. (۲) ئاڵەت.

(۳) ئاڵەتی سوور.

v.t. (۱) ئاڵەت پێوەکردن. (۲) زۆر پێوەکردن (بەهارات).

(۳) تێگرتن (گوللە، پرسیار). (٤) بیرازکردن؛ کوتان؛ تێهەڵدان.

pepper-and-salt (pep′ər-'n-sôlt′), *adj.* ماش‌وبرنج (ڕەنگ): *(a ~ beard, moustache, hair)*

pepperbox (pep′ər-boks´), *n.* ئاڵەتدان (بۆ ئاڵەت کردن بە خواردنەوە).

peppercorn (pep′ər-kôrn´), *n.* (۱) دەنکە ئاڵەت.

(۲) شتێکی هیچ‌وپووچ‌و بێ نرخ.

peppermint (pep′ər-mint´), *n.* (۱) نەعنا. (۲) ئارەقی نەعنا.

(۳) نوقڵی نەعنا.

pepper pot, (۱) . pepperbox

(۲) چەند جۆرە چێشتێکی شلەی گۆشت‌و سەوزەی تیژە.

pepper tree (or shrub), داربیبەر: دارێکی هەمیشە سەوزی گەڵا باریک‌و بچکۆلەی لق شۆڕبووەوەیە.

peppery (pep′ər-i), *adj.* (۱) ئاڵەتاوی؛ تروش؛ تیژ.

(۲) توندوتیژ (ووتار، نووسراو)؛ بڕ.

(۳) تەنگەجیکلانە؛ سەرگەرم؛ تووڕەوترۆ.

-pepperiness *(n.).*

peppy (pep′i), *adj.* [Slang], گورج‌وگۆڵ؛ چوست‌وچالاک؛ قیت؛ زیت.

pepsin (pep′sin), *n.* پێپسین: (۱) ماددەیەکی لیکاوی ترشەڵۆکە لە گەدەدا خواردەمەنی پرۆتینی دەگۆڕێ بۆ شێوەیەکی ئاسانتر بۆ هەرسکردن؛ ئاووگی هەرس. (ب) هەمان ماددە کە لە گەدەی مەڕو گوێرەکەو بەرازدا دەگیرێت‌و بۆ دەرمانی هەرس بەکاردەهێنرێ.

pepsinogen (pep-sin′ə-jən), *n.* ماددەیەکە لە لووەکانی گەدەدا ئاووگی هەرس یا پێپسینی لێوە پەیدا دەبێ (ووشەی پێشوو ببینە)

peptic (pep′tik), *adj.* (۱) یارمەتیدەری هەرس؛ بۆ هەرس باشە.

(۲) هەرسکەر. (۳) تایبەتی بە ئاووگی هەرس؛ لە ئاووگی هەرسەوە پەیدابوو (بریتی گەدەو ڕیخۆڵە): *(a ~ ucler)* .

peptize (pep′tīz), *v.t.* گۆڕین بۆ شلەیەکی لیقن.

peptone (pep′tōn), *n.* ماددەیەکە لە هەرسکردنی پرۆتێن پەیدا دەبێ.

peptonize (pep′tə-nīz´), *v.t.* لە پرۆتینەوە کردن بە " پێپتۆن " بە هۆی ئاووگی هەرسەوە.

per (pûr; *unstressed* pĕr), *prep.* (۱) بەهۆی؛ لەڕێی؛ بە: *(~ bearer)*

(۲) هەر دانەی؛ هەر یەکی؛ هەر...: *(one dollar ~ gallon; ~ person; ~ kilogram)*

(۳) لە: *(twenty ~ cent)*

(٤) بەپێی؛ بەگوێرەی؛ لەسەر: *(~ instructions)*

per- (pûr; *unstressed* pĕr), پێشگرێکە بەمانای: (ا) بەناو؛ پێیدا: *(percolate)* (ب) بەتەواوی؛ زۆر: *(persuade)* (ج) هاوهێزی ماددەیەکی زیاتر لە ئاسایی (کیمیا).

peracid (pûr′as′id), *n.* پێراسید؛ ترشەلۆکێکە ئۆکسجینی زیاتر تێدایە لە ترشەلۆکی هاوچەشنی تر

peradventure (pûr′ăd-ven′chĕr), *adv.* [Archaic]. (۱) بۆی هەیە؛ لەوانەیە: *(~ it will rain.)* (۲) ئەڕێکەوت: *(If, ~ , he comes.)*

n. [Archaic], گومان: *(We shall win, without ~ .)*

perambulate (pĕr-am′byoo-lāt′), *v.t.* (۱) بە پێ پێدا ڕۆیشتن؛ بە پێ بڕیەر؛ پێدا گەڕان؛ پیاسە پێداکردن (۲) بە پێ ڕۆیشتن؛ گەڕان؛ پیاسەکردن لە سنوور دیاریکردن یا ڕووپێوان

v.i. بە پێ ڕۆیشتن؛ گەڕان؛ پیاسەکردن

-perambulation *(n.).*

perambulator (pĕr-am′byoo-lā′tĕr), *n.* (۱) پیاسەنەر گەڕۆک؛ پیەدێری ڕووی زەوی و سنوور دیاریکەر (۲) ئامێری پێوانی دووری ڕووبێو بەکاری دەهێنێ، [Chiefly British] (۳) عەرەبانەی منداڵ

per annum (pĕr an′əm), [L.], ساڵانە؛ هەر ساڵێ؛ ساڵی

percale (pĕr-kāl′, pĕr-kal′), *n.* قوماشێکی لوتکەیە؛ چیت

per capita (pĕr kap′ə-tə), [L.], هەرکەسی سەری؛ *(~ income)* هەموو بەکێک؛ بۆ هەموو مرۆڤێک

perceivable (pĕr-sē′və-b'l), *adj.* (۱) هەستی پێ دەکرێ؛ دەبیسرێ (۲) مرۆڤ دەتوانێ تێری بکات؛ دەتوانرێ بزانرێ

perceive (pĕr-sēv′), *v.t.* (۱) تێگەیشتن؛ بینین (بە مێشک)؛ هێنانە بەرچاوی خۆ (۲) هەست پێکردن پێزانین بینین

percent, per cent (pĕr-sent′), *n.* لە سەدا؛ دەلێین لە سەدا *(ten ~)* نەوەندە وە نیشتەکەیشی نەمەیە

percentage (pĕr-sen′tij), *n.* (۱) ڕێژەی سەدی (۲) ڕێژە؛ ڕادە؛ بەش: *(only a small ~ of books are worth reading.)* (۳) کەلک؛ سوود

percentile (pĕr-sen′til, pĕr-sen′tīl), *n. & adj.* هەر یەکە لە پلەکانی ڕێژەی سەدی (ژمێرکاری)؛ پلە یا بەشی سەدی.

percentum (pĕr sen′təm), [L.]. = per cent.

percept (pûr′sept), *n.* شتێکی هەست پێکراو بە مێشک یا بە ئەندەکانی هەست؛ شتێکی هێنراوە بەرچاو (بە مێشک).

perceptible (pĕr-sep′tə-b'l), *adj.* (۱) هەست پێکراو؛ دیار؛ بە چاو بینرا و؛ پێ زانراو (بە مێشک یا بە هەست) (۲) نەوتۆ؛ زۆر؛ دیار: *(a ~ change in him)* بینراو

-perceptibility *(n.).*

perceptibly (pĕr-sep′tə-bli), *adv.* (۱) بە ئەندازەیەک کە ببینرێ یا هەستی پێ بکرێ (۲) بە جۆرێکی نەوتۆ؛ تا ڕادەیەک؛ تێجگار

perception (pĕr-sep′shən), *n.* (۱) هەست پێکردن؛ ئاگا لێ بوون؛ بینین؛ مەحاڵ (۲) شێوەو توانای تێگەیشتن یا هەست پێکردن؛ بینایی (۳) شتی هەست پێکراو یا تێگەیشتراو (٤) وا هاتنە بەرچاو؛ وا تێگەیشتن؛ وا بۆچوون (٥) ڕێ بەدەیی؛ هەست تێژی

perceptive (pĕr-sep′tiv), *adj.* (۱) تایبەتی بە هەست پێکردنەوە؛ تێگەیشتن *(~ faculties)* (۲) هەست تێژ؛ بەهەست؛ ووردبین؛ بزان؛ ڕێ بەدەیکەر *(a ~ person)*

-perceptively *(adv.)*; **perceptivity** *(n.)*; **perceptiveness** *(n.).*

perceptual (pĕr-sep′choo-əl), *adj.* تایبەتی بە هەست پێکردن؛ دەکەوێتە سەر تێگەیشتن و هەستکردن؛ هی هاتووە بەرچاو.

-perceptually *(adv.).*

perch (pûrch), *n.* جۆرە ماسیەیەکی پوبارە.

perch (pûrch), *n.* (۱) جێی نیشتنی باڵندە (لقەدار، درەخت... هتد). (۲) (ا) جێ (بەتایبەتی جێیەکی بەرزو بەدەرەوە): *(his new ~ as president)* (ب) جێی دانیشتن یا وەستان؛ کورسی؛ شوێنی بەرز. (۳) پێوانەیەکی درێژییە بریتییە لە پێنج یاردو نیو (بەتایبەتی بۆ زەوی). (٤) پێوانەیەکی پووبەرە بریتییە لە سی یاردەو چواریەکی یاردەیەک (٥) پێوانەیەکی بەردە. (٦) شەفتی گالیسکە.

v.i. نیشتن؛ هەڵنیشتن؛ هەڵتروشکان؛ چیچکەکردن.

v.t. دانان لەسەر شوێنێکی بەرز؛ هەڵنیشاندن؛ هەڵچوچکاندن.

perchance (pĕr-chans′, pĕr-chäns′), *adv.* (۱) بەڕێکەوت. (۲) **perhaps**

perchlorate (pĕr-klôr′āt, pĕr-klō′rāt), *n.* خوێی ترشەلۆکی پێرکلۆریک.

perchloric acid, ترشەلۆکی پێرکلۆریک.

percipience (pĕr-sip′i-əns), *n.* = perception.

percipient (pĕr-sip′i-ənt), *adj.* هەست تێژ؛ ووردبین؛ بەسەرنج.

n. کەسێکی هەست تێژ یا ووردبین.

percolate (pûr′kə-lāt′), *v.t.* (۱) پاڵاوتن (۲) تێزاندن؛ دەڵاندن؛ دادان. (۳) قاوە لێنان؛ جۆشدان (قاوە): *(to ~ coffee)*

v.i. پاڵێوران.

n. شلەی پاڵێوراو.

-percolation *(n.).*

percolator (pûr′kə-lā′tĕr), *n.* جەزۆ؛ ئامێری قاوە لێنان

per contra (pĕr kon′trə), [L.], بەپێچەوانەوە.

percuss (pĕr-kus′), *v.t.* لێدان (وەک بە سەری پەنجە یا کەشک لێدانی سنگ و پشتی نەخۆش لەلایەن پزیشکەوە).

percussion (pĕr-kush′ən), *n.* (۱) لەیەکتردانی دوو شت و تەقە لێ هەڵساندنی. (۲) تەقە. (۳) تەقینەوەی باروتی فیشەک. (٤) بە سەری پەنجە یا کەشک لێدانی سنگ و پشتی نەخۆش لەلایەن پزیشکەوە. (٥) دەنگدانەوەی شەپۆلی دەنگ لە گوێدا؛ دەنگ بەر گوێ کەوتن. (٦) سەرجەمی ئامێری مۆسیقی بە دەست لێدراو یا بەیەکدا کێشراو (تەپڵ، پیانۆ، زەنگ، دەهۆل... هتد).

percussion cap, تەرەقە؛ قاوغی باروتی فیشەک.

percussion instrument, ئامێری مۆسیقی بە دەست لێدراو یا بەیەکدا کێشراو (تەپڵ، پیانۆ، زەنگ، دەهۆل... هتد).

per diem (pĕr dī′əm), [L.], (۱) هەر ڕۆژی. (۲) ڕۆژانە: خەرجییەکی ڕۆژانەیە دەدرێت بە فەرمانبەر لەسەرو مووچەکەیەوە بۆ کرێی خواردن و نووستن لەکاتی چوونە دەرەوەی شار یا وەڵاتدا بە کاروباری میری یا کۆمپانیاکەی.

perdition (pĕr-dish′ən), *n.* (۱) نەمان؛ فەوتان؛ لەناوچوون. (۲) (ا) لەعنەت لێکرانی هەتاهەتایی؛ خرانە جەهەننەم هەتاهەتا؛ چوونە دۆزەخ (ب) دۆزەخ.

perdu, perdue (pĕr-dōō′, pĕr-dū′), *adj.* شاراوە؛ نەبینراو (وەک لەناو بۆسەیەکدا)؛ لەچاو وون.

n. سەربازێک یا دەستەیەک سەرباز کە نەرکێکی پڕ مەترسیان درابێ بەسەر شانیدا.

perdurable (pĕr-door′ə-b'l, pĕr-dyoor′ə-b'l), *adj.* قایم؛ زۆر بەرگەگر؛ هەرگیز نەشکاو و پەک نەکەوتوو؛ هەرگیز نەفەوتاو.

peregrinate (per′ə-gri-nāt′), *v.i.* گەشتکردن؛ گەڕان؛

گەڕان بە وڵاتی بێگانەدا؛ کۆچەرێتی کردن.
v.t. بەناوداڕ گەڕان یا گەشتکردن.
-peregrination *(n.)*; **peregrinator** *(n.)*.
peregrine (per′ə-grin, per′ə-grīn′), *adj.* (۱) بێگانە (۲) گەڕۆک؛ کۆچەر
n. جۆرە هەڵوێەکی گەورەو خێراید.
peregrine falcon, هەڵوێەکی گەورەو خێراو پەڕ سپیو بۆرە
peremptory (pēr-emp′tēr-i), *adj.* (۱) دوا؛ نەگۆڕ (بریاری دادگا)؛ کۆتایی بێ هێنەر؛ ئیتر چەندوچۆنی لەسەر ناکرێ: *(a ~ writ)*. (۲) فەرمانی؛ بەڕەڕچی نادرێتەوە؛ دەبێ هەر ببێ؛ دوانەخراو. (۳) دیکتاتۆری؛ زۆرداری؛ توندوتیژ؛ لەخۆبایی؛ خۆبادەر: *(a ~ manner)*.
-peremptorily *(adv.)*; **peremptoriness** *(n.)*.
perennial (pə-ren′i-əl), *adj.* (۱) بە درێژایی سال هەیەو بەردەوامە. (۲) هەمیشەیی؛ درێژخایەن؛ دوایی نەهاتوو: *(~ youth)*. (۳) چار لەدوای چار سەرهەڵدەداتەوە. (٤) چەند ساڵی (ڕووەک)؛ لە دوو ساڵ زیاتر ژیاو: *(a ~ plant)*.
n. ڕووەکێکی چەند ساڵی یا لە دوو ساڵ زیاتر ژیاو.
-perennially *(adv.)*.
perfect (pūr′fikt), *adj.* (۱) تەواو؛ بێگەرد؛ بێ کەموکوڕی؛ زۆرباش؛ نموونەیی ۲. دەقاودەق: *(a ~ copy)* (۳) تەواو؛ بەبێ کەموزیاد: *(a ~ fool)* (٤) تیژەو بڕەکی لە هەمان گوڵدایە (٥) تایبەتی بە باری کرداری تەواو؛ واتە کە کارەکە تەواو کرابێ) لەکاتی دووادا (ڕێزمان)، وە ئەم باری کرداری تەواوە سێ جۆرە: past perfect (۲) simple perfect (۱) future perfect (۳)
v.t. (۱) تەواوکردن؛ بە ئەنجام گەیاندن. (۲) کەموکووڕی لێ دەرهێنان؛ ناتەواوی تێدا نەهێشتن؛ بێگەردکردن؛ چاکردن تا ئەوپەڕی ڕادە: *(He ~ed his imitation of the president.)*.
n. (۱) باری کرداری تەواو (ڕێزمان) (ژمارە پێنج ببینە) (۲) کردارێک لە باری کرداری تەواودا (ڕێزمان)
perfectible (pēr-fek′tə-b'l), *adj.* بێگەرد دەکرێ؛ دەتوانرێ بگەیەنرێ بە پلەی تەواوی یا بێ کەموکووڕی.
-perfectibility *(n.)*.
perfection (pēr-fek′shən), *n.* (۱) بێگەردکردن؛ گەیاندنە پلەی تەواوی یا بێ کەموکووڕی: *(The ~ of the machine took many months.)* (۲) پلەی تەواوی؛ بێ کەموکووڕی (۳) نموونەی بێ کەموکووڕی یا تەواوی (مرۆڤ، شت): *(She was the ~ of beauty and virtue.)*
to perfection, بەتەواوی بە ئەوپەڕی باشی یا تەواوییەوە
perfectionism (pēr-fek′shən-iz′m), *n.* (۱) بیروباوەڕێکە کە دەڵێت مرۆڤ دەتوانێ بگاتە پلەی تەواوی یا بێگەردی لەبڕوی ڕەوشتو ئایدیۆلۆگەوە (۲) ڕازی نەبوون بە هەر کارێک کە لە پلەی بێگەردی یا تەواوی کەمتر بێ
perfectionist (pēr-fek′shən-ist), *n.* (۱) بڕواکەر بەو بیروباوەڕەی کە دەڵێت مرۆڤ بۆی هەیە بگاتە پلەی بێگەردی لە هەموو ڕوویەکەوە. (۲) کەسێکی ڕازی نەبوو بە هیچ کارێک یا شتێک نەگەر نەختێک ناتەواوی هەبێو لە سەدا سەد بە دڵی خۆی نەبێ.
perfective (pēr-fek′tiv), *adj.* (۱) بەڕەو باشی و تەواوی چوو (۲) تایبەتی بە باری کرداری تەواو (ڕێزمان).
n. (۱) باری تەواوی کردار (ڕێزمان) (۲) کردارێکی باری تەواو.
perfectly (pūr′fikt-li), *adv.* (۱) بەشێوەیەکی بێگەرد یا تەواو؛ بە ئەوپەڕی تەواوی یا بێگەردییەوە. (۲) بەتەواوی؛ تەواو؛ لە سەدا سەد: *(~ black)*

perfect participle, = past participle.
perfervid (pēr-fūr′vid), *adj.* زۆر بەجۆش؛ زۆر بەپەڕۆش.
perfidious (pēr-fid′i-əs), *adj.* ناپاک؛ پەیمان شکێن.
perfidy (pūr′fə-di), *n.* ناپاکی؛ پەیمان شکێنی.
perfoliate (pēr-fō′li-it, pēr-fō′li-āt′), *adj.* تایبەتی بە گەڵایەکە کە دەڵێی لاسکەکەی پێداچووە: *(a ~ leaf)*.
perforate (pūr′fə-rāt′), *v.t.* (۱) کونکردن؛ کون تێکردن. (۲) بە پیز کون تێکردن (پەڕە کاغەز یا پوول بۆ لەیەککردنەوەی بەئاسانی)
adj. پیزە کون تێکراو
-perforator *(n.)*.
perforated (pūr′fə-rāt′id), *adj.* پیزە کون تێکراو: *(a ~ sheet of paper)*
perforation (pūr′fə-rā′shən), *n.* (۱) پیزە کون تێکردن؛ پیزە کون تێکراوی (۲) پیزە کون (کە دەکرێتە پەڕەیەک کاغەزەوە).
perforce (pēr-fôrs′, pēr-fōrs′), *adv.* بەناچاری؛ لەتاواندا.
perform (pēr-fôrm′), *v.t.* (۱) کردن؛ جێبەجێکردن؛ بەجێهێنان؛ پێ هەڵسان: *(to ~ a task)*. (۲) نووساندن یا پیشاندان (شانۆنامە، مۆسیقا، جادووگەری): *(to ~ a play)*.
v.i. نووساندن یا پیشاندان (شانۆنامە، مۆسیقا، جادووگەری): *(to ~ in a play)*
performance (pēr-fôr′məns), *n.* (۱) کردن؛ جێبەجێکردن؛ بەجێهێنان؛ پێ هەڵسان: *(to be faithful in the ~ of one's duties)* (۲) کارێکی گرنگ؛ کارێکی جێبەجێکراو. (۳) (ا) خوێندنەوە (شانۆنامە) (ب) شێوازی خوێندنەوە. (٤) شێوەی باشو خراپی کارکردنی مەکینەیەک یا ئامێرێک؛ کاریگەری مەکینە (٥) نووساندن یا پیشاندانێکی گشتی (شانۆنامە، ئاهەنگی مۆسیقا)
performer (pēr-fôr′mēr), *n.* هونەرمەندی سەماکەر؛ گۆرانی بێژ یا شانۆ.
perfume (pēr-fūm′), *v.t.* بۆن لێدان؛ گوڵاو پێوەکردن.
n. گوڵاو؛ بۆنی خۆش؛ بۆن.
perfumer (pēr-fūm′ēr), *n.* (۱) گوڵاوفرۆش؛ بۆنفرۆش؛ فرۆشیارو دروستکەری بۆنی خۆش (۲) بۆن خۆشکەر؛ بۆندارکەر.
perfumery (pēr-fum′ēr-i), *n.* (۱) گوڵاوفرۆشی؛ گوڵاوچێتی (۲) بۆنی خۆش؛ بۆن؛ گوڵاو بەگشتی (۳) کارگە یا فرۆشگای بۆنو گوڵاو
perfunctory (pēr-fuŋk′tēr-i), *adj.* (۱) لامسەرلایی؛ ڕۆتینی؛ بە دڵ نەکراو: *(a ~ smile, examination, letter, etc.)* (۲) بێباک؛ بێ دەربەست؛ بەتەنگەوە نەهاتوو؛ لامسەرلا: *(a ~ teacher)*.
-perfunctorily *(adv.)*; **perfunctoriness** *(n.)*.
perfuse (pēr-fūz′), *v.t.* (۱) هەڵپڕژاندن؛ داپۆشین (بە شلە یا ڕووناکی)؛ لێ هەڵکێشان؛ هەموورگرتنەوە؛ سەرانسەر پێدا بڵاوکردنەوە؛ پێوەکردن. (۲) تێڕژاندن؛ تێکردن؛ پێداکردن یا پێدابردنی شلە.
-perfusion *(n.)*; **perfusive** *(adj.)*.
pergola (pūr′gə-lə), *n.* پارەوێکی تەنراوە وەک کەپر بۆ ڕووەک پێداهەڵگەڕان.
perhaps (pēr-haps′, pēr-aps′), *adv.* (۱) بەڵکو؛ ڕەنگە؛ لەوانەیە: *(P~ I'll buy it for you.; P~ we'd better go.)* بەشکو. (۲) بەرێکەوت: *(If, ~, he shouldn't come.)*
peri (pēr′i), *n.* پەری.
peri- (per′i, per′ə), پێشگرێکە بەمانای: (ا) بەچوارەدەوریدا: *(periscope)* (ب) نزیک؛ بەتەنیشت: *(perigee)*.
periapt (per′i-apt′), *n.* چاوەزار؛ نوشتە.
pericardiac (per′ə-kär′di-ak), *adj.* = pericardial.
pericarditis (per′i-kär-dī′tis), *n.* هەوکردنی پەردەی دڵ.
pericardium (per′ə-kär′di-əm), *n.* پەردەی دڵ.

pericarp (per′ə-kärp′), *n.* تونکی میوه؛ قاوغ؛ ئەرگ؛ یا تویکی تۆو

perichondrium (per′ə-kon′dri-əm), *n.* پێست یا پەردەی کرێکۆک

pericranium (per′ə-kra′ni-əm), *n.* پێستی ناسکەی سەر

periderm (per′ə-dûrm′), *n.* تونکن؛ شانەکانی ژێر تونکلی قەدو ڕەگی دار و ڕووەکخۆر و پووەك

peridium (pi-rid′i-əm), *n.* بەرگ یا پێستی تەنکامی تۆزی هەندێ کەرووک

peridot (per′ə-dot′), *n.* بەردێکی بەنرخی پوونی سەوزی زەردباوە

peridotite (per′ə-dō′tīt), *n.* بەردێکی بەرخی ڕەشی قورسی ئاگرپژێنەیە

perigee (per′ə-jē′), *n.* (١) نزیکترین خاڵی سوورانەوەی مانگ یا هاتکی دەستکرد بۆ زەوی (٢) نزمترین یا نزیکترین شوێن

-perigean *(adj.).*

perigynous (pi-rij′ə-nəs), *adj.* ئەو کەکەی تەقەیەك پێکدێنێ بەدەوری بێرکەکەدا ڕووەکناسی

perihelion (per′ə-hē′li-ən), *n.* نزیکترین خاڵی سوورگەی ئەستێرەیەکی گەڕۆك لە خوڕەوە

peril (per′əl), *n.* مەترسی ترس

v.t. خستنە مەترسییەوە

perilous (per′ə-ləs), *adj.* پڕ مەترسی؛ مەترسیدار؛ سامناك

(a ~ path, course of action, etc.)

-perilously *(adv.).*

perimeter (pə-rim′ə-tĕr), *n.* (١) (ا) کەمەرە ژمارەوپێوان (ب) دێڕی ئەو کەمەردیە (٢) سنووری پارێزەرو پارێزراو (سوپا)؛ سنووری-ناسایش (٣) سنوور ***(A fence marks the ~ of the field.)*** (٤) ئامێری تاقیکردنەوەی هێزو مەودای بینایی (پزیشکەوانی)

perimetric (per′ə-met′rik), *adj.* (١) سنووری؛ کەمەردیی (٢) تایبەتی بە پێوانی هێزو مەودای بینایی

perimetry (pə-rim′ə-tri), *n.* پێوانی هێزو مەودای بینایی (پزیشکەوانی)

perimorph (per′ə-môrf′), *n.* بەردە بنووڕیکە بە چواردەوری بەردە بنووڕیکی ترەوە

perinephrium (per′ə-nef′ri-əm), *n.* پێشانی جەوری دەوروپشتی گورچیلە

perineum (per′ə-nē′əm), *n.* ناوکنی ناوچەی بەینی کلیتچکەو تووکەبەر کە کێرو قۆزو قنگ دەگرێتەوە

period (pēr′i-əd), *n.* (١) سەردەم؛ ماوە؛ دەم؛ کات؛ کاتێکی تایبەتی؛ تاو؛ قۆناغ (٢) وانە؛ کاتی وانەیەك؛ ماوەی وانەیەك؛ ***(The first ~ at our school starts at eight o'clock in the morning.)*** (٣) قۆناغی نەخۆشی؛ ماوەی نەخۆشی (٤) بێ نوێژی (٥) کۆتایی؛ دوایی؛ پایان (٦) چەرخ (زەمینناسی) (٧) (ا) ڕستەی تەواو؛ ڕستەی (ڕێزمان) (ب) خاڵی کۆتایی ڕستە (ج) خاڵ کە لە کۆتایی ووشەی کورت کراوەدا بەکاردەهێنرێ لە ئینگلیزیدا؛ (N.Y. = New York; Mr. = Mister; adj. = adjective)

adj. هی سەردەمێك یا چەرخێکی تایبەتی ***(~ furniture or painting)***

periodic (pēr′i-od′ik), *adj.* (١) دەسەدەمی سەردەمی؛ ناوبەناوی جارەجاری (٢) لە سەردەمی ڕێك‌وپێکدا پوودەدات (٣) تایبەتی بە ڕستەیەك کە ماناکەی دەرناکەوێ هەتا کۆتایی‌یەکەی نەیەت.

periodical (pēr′i-od′i-kl), *adj.* (١) دەسەدەمی؛ سەردەمی؛ ناوبەناوی جارەجاری (٢) لە سەردەمی ڕێك‌وپێکدا بڵاوکراوە (گۆڤار) (٣) تایبەتی بە گۆڤار

n. گۆڤار؛ ڕۆژنامە

periodically (pēr′i-od′i-k'l-i, pēr′i-od′ik-li), *adv.* (١) لە سەردەمی ڕێك‌وپێکدا (٢) جارەبەجار؛ دەمەدەم؛ ناوبەناو

periodicity (pēr′i-ə-dis′ə-ti), *n.* سەرهەڵدانەوەی ناوبەناوی ڕێك‌وپێك (تا)

periodic sentence, ڕستەیەکە کە ماناکەی دەرناکەوێ هەتا کۆتایی‌یەکەی نەیەت.

periodontal (per′i-ə-don′t'l), *adj.* هی پووك و بێخ و ناوچەی دەوروپشتی ددان

periodontics (per′i-ə-don′tiks), *n.pl.* دانسازی پووك و بێخی ددان؛ زانستی نەخۆشی‌یەکانی پووك و بێخ و ناوچەی دەوروپشتی ددان

periosteum (per′i-os′ti-əm), *n.* پەردەی ڕەقی ئێسقان داپۆشەر

periostitis (per′i-os-ti′tis), *n.* هەوکردنی پەردەی ئێسقان؛ داگیرسانی دیوی دەرەوەی ئێسقان

periotic (per′i-ō′tik, per′i-ot′ik), *adj.* (١) هی دەوروپشتی گوێ؛ کەوتووەتە دەوروپشتی گوێوە (٢) هی ئێسقانی گوێی ناوەوە

peripatetic (per′i-pə-tet′ik), *adj.* (١) [P-] ، هی فەلسەفەی ئەرستۆی یۆنانی و قوتابی‌یەکانی (٢) گەڕۆك (گوایە ئەرستۆ بە پیاسەوە کۆڕی خوێندنی گرتووە لەو باخەدا کە قوتابخانەی بووە).

n. (١) [P-] ، قوتابی‌یەکی ئەرستۆ (٢) کەسێکی گەڕۆك

peripheral (pə-rif′ĕr-əl), *adj.* (١) (ا) سنووری (ب) کەمەرەیی؛ چێوەیی (٢) تایبەتی بە دەرەوە یا پووی لەش؛ دەرەکی (تویکاری) (٣) ناگرنگ ***(a ~ point, idea, thing, etc.)*** (٤) تایبەتی بە کەرەسەی ناگرنگی لەگەڵ کۆمپیوتەر بەکارهاتوو

n. پارچەیەك کەرەسەی ناگرنگ

-peripherally *(adv.).*

periphery (pə-rif′ĕr-i), *n.* (١) کەمەر (ئەندازە)؛ چێوە (٢) (ا) سنوور؛ پەڕ (ب) ناوچەی دەوروپشتی سنوور (ج) دەوروپشت (٣) پووی وێنەی ئەندازەیی (٤) جەمسەری هەستەدەمار

periphrase (per′ə-frāz′), *n.* = periphrasis.

periphrasis (pə-rif′rə-sis), *n.* (١) دڕێژەپێدان (دووان، نووسین)؛ زۆر لەسەر شت ڕۆیشتن و مەبەست دەربڕین دان بەدەستەوە؛ قسە جوێنەوە (٢) نموونەیەکی دڕێژەپێدراوی وەهای نووسین و دووان

periphrastic (per′ə-fras′tik), *adj.* (١) دڕێژەپێدراو (دووان، نووسراو) (٢) بەکارهێنانی کرداری یارمەتیدەر یا ئامراز لەباتی گەردانی کرداری سەرەکی (ڕێزمان)؛ (وەك: " she did sing. " لەباتی " she sang. " وە " the word of his father " لەباتی " his father's word ")

-periphrastically *(adv.).*

perique (pə-rēk′), *n.* جۆرە تووتنێکی ڕەشی بۆنداری " لویزیانا " یە

periscope (per′ə-skōp′), *n.* دووربینی پاپۆڕی ژێرئاو (کە شتی سەرئاوی پێ دەبینرێ)

perish (per′ish), *v.i.* لەناوچوون؛ نەمان؛ فەوتان؛ مردن؛ پزین

perishable (per′ish-ə-b'l), *adj.* زوو فەوتاو (میوە، سەوزە)؛ زوو لەناوچوو؛ زوو لە کەلك کەوتوو؛ زوو خراپ بوو ***(foods)*** (~)

n. خواردەمەنی‌یەکی زوو لە کەلك کەوتوو یا خراپ بوو

perissodactyl, perisosodactyle (pə-ris′ə-dak′til), *adj.* (١) یەك سمی؛ یەك سمدار (٢) تایبەتی بە گیانداری یەك سمی (نەسپ، کەر)

n. گیانداری یەك سمی

peristalsis (per′ə-stal′sis), *n.* چوونەوەیەکی ناوبەناوی لەخۆوەی ڕیخۆڵە کە پاڵ بە خواردەمەنی هەرس کراوەوە دەنێ بەرەو خوار

peritoneum, peritonaeum (per′i-tə-nē′əm), *n.* چەرمە- چەقاڵتە؛ پەردەی سك

peritonitis (per′i-tə-nī′tis), *n.* هەوکردنی چەرمە چەقاڵتە

periwig (per′ə-wig′), *n.* = wig.

periwinkle (per′ə-wiŋ′k'l), *n.* مۆرد

periwinkle (per′ə-wiŋ′k'l), *n.* (۱) بنج بێچوزکەی دەریایی (۲) قاقلەی نەم گیاندارە دەریاییە بچووکە.

perjure (pûr′jĕr), *v.t.* بە درۆ سوێندخواردن لە دادگادا (کە دەبێتە هۆی سزادان).

-perjurer *(n.).*

perjury (pûr′jĕr-i), *n.* بە درۆ سوێندخواردن لە دادگادا

perk (pûrk), *v.t.* (۱) ~ up . قوتکردنەوە؛ بەرزکردنەوە (۲) ~ up . زیندووکردنەوە؛ کەیف قنج کردن

(The good news ~ed him up.)

v.i. (۱) قوت بوونەوە (گوێ) (۲) بە قنجی پۆیشتن (۳) ~ up . کەیف قنج بوونەوە؛ جۆش تێکەوتن.

perky (pûr′ki), *adj.* زیت؛ چوست وچالاک؛ بەدەماخ.

permanence (pûr′mə-nənș), *n.* هەمیشەیی؛ هەتاهەتایی؛ نەگۆڕان

permanency (pûr′mə-nən-si), *n.* (۱) . permanence (۲) شتێکی هەمیشەیی

permanent (pûr′mə-nənt), *adj.* هەمیشەیی؛ نەگۆڕ؛ نیجگاری؛ هەتاهەر.

n. [Colloq.], قژ لوول کردنی دەستکرد

permanent wave, قژ لوول کردنی دەستکرد.

permanganate (pĕr-maŋ′gə-nāt′), *n.* پەرمەنگەنات خوێی ترشەلوکی پەرمەنگەنیک (بۆ پاکردنەوە بەکاردێت).

permanganic acid, ترشەلوکی پەرمەنگەنیک

permeability (pûr′mi-ə-bil′ə-ti), *n.* بۆهەبوونی پێداچوون و بلاوبوونەوە

permeable (pûr′mi-ə-b'l), *adj.* پێداچوو یا پێدابلاوبووەوە (شلە)؛ شلە دادەدات

permeance (pûr′mi-ənș), *n.* پێداچوون و بلاوبوونەوە؛ هەموورگرتنەوە.

permeate (pûr′mi-āt′), *v.t. & v.i.* پێداچوون و بلاوبوونەوە؛ چوونە ناوەوە و هەموورگرتنەوە؛ پێدا بلاوبوونەوە:

(Water ~ing through the soil, membrane, etc.)

permeation (pûr′mi-ā′shən), *n.* پێداچوون و بلاوبوونەوە؛ چوونە ناوەوە و پێدا بلاوبوونەوە.

permeative (pûr′mi-ā′tiv), *adj.* توانای پێداچوون و پێدا بلاوبوونەوە هەبوون

per mensem (pĕr men′səm), [L.]. مانگانە؛ مانگی؛ هەر مانگی.

permissibility (pĕr-mis′ə-bil′ə-ti), *n.* هێشتن؛ ڕێ پێدران؛ شیاو؛ بۆ هەبوون

permissible (pĕr-mis′ə-b'l), *adj.* ڕێدراو؛ هێنراو؛ ماوە پێدراو

permission (pĕr-mish′ən), *n.* ڕێ پێدران؛ ماوەپێدان؛ ماوە.

(You have my ~ to go.)

permissive (pĕr-mis′iv), *adj.* (۱) ڕێ پێدەر؛ ماوەپێدەر (۲) هێنراو؛ ڕێ پێدراو؛ قەدەغە نەکراو (۳) بەرەڵا؛ ڕەوشت، مرۆڤ؛ جڵەوشلکەر؛ بەر بۆ بەرەڵاکەر.

(a ~ society, parent, etc.)

-permissiveness *(n.).*

permit (pĕr-mit′), *v.t.* (۱) هێشتن؛ قەدەغە نەکردن؛

(Smoking is not ~ted.)

(He is ~ted to leave.) (۲) ڕێ پێدان؛ ماوەپێدان؛

v.i. . *(I'll come if time and weather ~ .)* مەوەدان؛ ڕێ دان

n. مۆڵەت؛ بڕوانامەی ڕێ دان.

permutation (pûr′myoo-tā′shən), *n.* (۱) گۆڕین؛ گۆڕینی تەواو؛ ڕێکخستنەوە. (۲) بەکێك لە شێوەکانی ڕیزە شتێکی پاش‌وپێش خراو

permute (pĕr-mūt′), *v.t.* (۱) بەتەواوی گۆڕین؛ گۆڕینی بەکجاری (۲) ڕێکخستنەوە؛ ڕیزکردنەوە.

pernicious (pĕr-nish′əs), *adj.* (۱) (۱) زیانبەخش؛ وێرانکەر. (ب) کوشندە؛ بکوژ؛ پیس (نەخۆشی). (۲) خراپ؛ ناپەسەند. *(a ~ philosophy)*

-perniciously *(adv.)*; **perniciousness** *(n.).*

pernicious anemia, کەم خوێنی زیانبەخش.

pernickety (pĕr-nik′ə-ti), *adj. Also* **persnickety,** (۱) بە قیژە بێژ؛ بە هیچ ڕازی نەبوو (۲) وورد (کار)؛ پێویست بە وورد‌ی و شارەزایی و ناسکی دەکات

perorate (per′ə-rāt′), *v.i.* (۱) ووتاری دوورودرێژ خوێندنەوە. (۲) کۆتایی هێنان بە ووتار؛ پوختەی ووتار دووپاتکردنەوەو کۆتایی پێهێنانی.

peroration (per′ə-rā′shən), *n.* بەشی کۆتایی ووتار (کە پوختەی ووتارەکەی تێدا دووبارە دەکرێتەوە).

peroxide (pĕr-ok′sīd), *n.* پێروکسید.

v.t. پێروکسید لێدان.

adj. بە پێروکسید سپی کراوە (ڤژ)

perpend (pûr′pənd), *n.* بەردێکی گەورەی ناو دیوارە لەم دیو لەدیوەوە سەر دەردەهێنێ بۆ پتەوی دیوارەکە

perpend (pĕr-pend′), *v.t. & v.i.* [Archaic]. بیرلێکردنەوە

perpendicular (pûr′pən-dik′yoo-lĕr), *adj.* (۱) ستوونی؛ ڕاست. (۲) یەکێ. (۳) [P-]، شێوازێکی خانووسازی ئینگلیزیە بە هێڵی ستوونی ناسراوە

n. هێڵی ستوونی؛ هێڵی ڕاست یا وەستاو.

perpetrate (pûr′pə-trāt′), *v.t.* کردنی کارێکی ناپەسەند؛ تاوان کردن؛ بە کارێکی خراپ هەڵسان؛ *(to ~ a crime)*

-perpetration *(n.).*

perpetrator (pûr′pə-trā′tĕr), *n.* تاوانکار؛ کاری ناپەسەند کەر.

perpetual (pĕr-pech′oo-əl), *adj.* (۱) هەمیشەیی؛ هەتاهەتایی. (۲) بەردەوام؛ هەمیشە بەردەوام. (۳) بە درێژایی وەرز گوڵ بە دەم.

n. پوورەکی گوڵ بە دەم بە درێژایی وەرز (بەتایبەتی گوڵەباخ).

perpetually (pĕr-pech′oō-əl-i), *adv.* (۱) هەمیشە؛ هەتاهەتا. (۲) بەردەوام؛ بەبێ وەستان.

perpetuate (pĕr-pech′oō-āt′), *v.t.* درێژەپێدان؛ هەمیشەکردن.

-perpetuation *(n.)*; **perpetuator** *(n.).*

perpetuity (pûr′pə-toō′ə-ti, pûr′pə-tū′ə-ti), *n.* (۱) هەتا-هەتایی؛ هەمیشەیی (۲) شتێکی هەمیشەیی (مورچەی خانەنشینی)

in perpetuity, هەمیشە؛ هەتاهەتا.

(to own a piece of property in perpetuity)

perplex (pĕr-pleks′), *v.t.* (۱) سەر لێ تێکدان؛ سەر لێ شێواندن؛ سەرسام کردن؛ حەپەساندن. (۲) ئالۆزان؛ ئالۆسکان.

perplexed (pĕr-plekst′), *adj.* (۱) سەر لێ شێواو؛ حەپەساو؛ سەرسوڕماو؛ سەر لێ تێکچوو (۲) ئالۆز؛ ئالۆسکاو.

perplexing (pĕr-plek′siŋ), *adj.* سەر لێ شێوێن؛ سەر لێ تێکەر؛ سەرسامکەر

perplexity (pĕr-plek′sə-ti), *n.* (۱) سەر لێ شێوان؛ شێواو؛ سەر لێ تێکچوون؛ سەرسوڕماوی (۲) شتێکی ئالۆزو سەرسوڕمێنەر.

perquisite (pûr′kwə-zit), *n.* (۱) سەرموچە. (۲) بەخشیش. (۳) مافی تایبەتی.

perron (per′ən), *n.* پێ پلیکانەی دەرەوە (لە بەینی قەدپاڵێکو دەرگای دەرەوەی خانوویەکدا).

perry (per′i), *n.* خۆشاوی هەرمێ.

per se (pûr′ sē′), [L.], خۆی لە خۆیدا؛ شتەکە هەر وەك خۆی و هیچی تر.

persecute (pûr′sə-kūt′), *v.t.* (۱) چەوساندنەوە (۲) بەستکردن

-**persecutive** *(adj.)*; **persecutor** *(n.)*.

persecution (pûr′sə-kū′shən), *n.* چەوساندنەوە

perseverance (pûr′sə-vêr′əns), *n.* کۆڵنەدان؛ وازنەهێنان؛ خۆڕاگرتن؛ بەردەوام بوون لەسەر؛ تاقەت

persevere (pûr′sə-vêr′), *v.i.* کۆڵنەدان؛ وازنەهێنان؛ خۆڕاگرتن؛ بەردەوام بوون لەسەر کارێکی سەخت و گران

persevering (pûr′sə-vêr′ĭng), *adj.* کۆڵنەدەر؛ وازنەهێنەر؛ خۆڕاگر

Persia (pûr′zhə, pûr′shə), *n.* ئێران؛ وڵاتی فارس

Persian (pûr′zhən, pûr′shən), *adj.* فارسی زمان، کلتوور، گەل؛ ئێرانی

n. (١) کەسێکی فارسی یا ئێرانی (٢) زمانی فارسی؛ فارسی

Persian cat, جۆرە پشیلەیەکی تووک درێژو ناوریشمی‌یە

Persian Gulf, کەنداوی فارسی

Persian lamb, (١) بەرخی فارسی (٢) بەرگنی لوول و ڕەش یا بۆری نەم بەرخە (بۆ فەروە دروستکردن).

Persian rug (or **carpet**), قالی ئێرانی؛ ماقوور یا فەرشی ئێرانی

persiflage (pûr′si-fläzh′), *n.* گاڵتە؛ لافرتن

persimmon (pĕr-sim′ən), *n.* (١) جۆرە دارەختێکە بەرێکی پرتەقاڵی سێبەر دەگرێ نەوەندەی قۆخێک دەبێ نامەکەی لە خورما دەچێت. (٢) بەری بەم دارەختە

persist (pĕr-sist′, pĕr-zist′), *v.i.* (١) کۆڵنەدان؛ وازنەهێنان. (٢) لەسەر ڕۆیشتن؛ سووربوون لەسەر؛ ووڕک گرتن. (٣) بەردەوام بوون؛ دوایی نەهاتن؛ مانەوە؛ نەبڕانەوە.

persistence (pĕr-sis′təns, pĕr-zis′təns), *n.* (١) کۆڵنەدان؛ وازنەهێنان (٢) لەسەر ڕۆیشتن؛ سووربوون لەسەر؛ ووڕک (٣) بەردەوام بوون؛ دوایی نەهاتن؛ نەبڕانەوە

persistency (pĕr-sis′tən-si, pĕr-zis′tən-si), *n.* persistence.

persistent (pĕr-sis′tənt, pĕr-zis′tənt), *adj.* (١) کۆڵنەدەر؛ وازنەهێنەر (٢) سوور بەسەر؛ ووڕکگر *(~ attacks)* (٣) بەردەوام؛ بێ ووچان؛ نەبڕاوە

-**persistently** *(adv.)*.

persnickety (pĕr-snik′ə-ti), *adj.* [Colloq.] = pernickety.

person (pûr′sən), *n.* (١) کەس؛ زەلام؛ مرۆڤ؛ تاکەمیزاد (٢) کابرا *(offences against the ~)* (٣) لەش (٤) خو *(the first ~ : I, we ; the second ~ : you; the third ~ : he, she, it)* (٥) کەس (ڕێزمان)

in person, ڕووبەڕوو؛ خۆ؛ خۆ بە خۆ

persona (pĕr-sō′nə), *n.* (١) کەس؛ مرۆڤ؛ زەلام (٢) *(pl.)* کەسانی چیرۆک یا شانۆنامە

personable (pûr′sən-ə-bl), *adj.* شۆخ؛ خوێن؛ قۆز؛ ڕێک‌وپێک؛ خوو ڕەوشت خوان

personage (pûr′sən-ĭj), *n.* (١) کەسێکی ناودار (٢) کەس؛ مرۆڤ؛ زەلام (٣) کەسێکی ناو چیرۆک، شانۆنامە یا ڕۆژنامە (٤) ڕووخسار

persona grata (pĕr-sō′nə grä′tə, grā′tə), [L.], کەسێکی پەسەندکراو؛ بەتایبەتی دیپلۆماسی

personal (pûr′sən-əl), *adj.* (١) خوێی؛ تایبەتی بە کەسێک؛ کەسی؛ تایبەتی؛ هی خو *(a ~ opinion)* (٢) کەسی؛ خۆکردوو *(a ~ interview)* (٣) ناسەتی بە لەش و ڕووخساری خو *(~ hygiene)* (٤) ا. دێڕی یا دەربارەی کەسێکی تایبەتی ب. حەزکەر لە باسکردنی کاروباری تایبەتی کەسێک (بەشێوەیەکی ناشرینانە): *(He always becomes ~ in an argument.)*

(a ~ God) (٥) کەسی؛ لە مرۆڤ چوو؛ مرۆڤ ئاسایی؛

(٦) کەسی (ڕێزمان) (٧) تایبەتی بە موڵک یا شتومەکی خۆ.

n. (١) دەنگوباسێکی کەسی (لە ڕۆژنامەیەکدا). (٢) باڵوکراوەیەک دەربارەی کاروبارێکی کەسی (نە ڕۆژنامەیەکدا)

personal effects, شتومەکی خۆ؛ کەل‌وپەلی تایبەتی بە خۆ.

personality (pûr′ə-nal′ə-ti), *n.* (١) کەسێتی (٢) سەرجەم ڕەووشت و تایبەخۆی سرووشتی کەسێک: *(She has ~ .)* (٣) کەسێکی ناسراو: *(a television ~)* (٤) *(pl.)* تێبینی ناشرین یا سووک دەربارەی کەسێک.

personalize (pûr′sə-nə-līz′), *v.t.* (١) تایبەتی کردن بە کەسێک؛ بەسەر خۆدا هێنان؛ ناراستەی خۆ کردن. (٢) لەش بەبەردا کردن؛ وەک مرۆڤ داناان. (٣) ناوی خۆ لەسەر نووسین یا هەڵکەندن؛ *(~d checks, stationery, etc.)*

personally (pûr′sən-əl-i), *adv.* (١) خۆ بە خۆ؛ خۆی؛ *(He took care of the matter ~ .)* (٢) وەک کەسێک؛ خۆی؛ *(Though I dislike him ~ , I like his writings.)* (٣) بە ڕای خۆ؛ لەلایەن خۆوە؛ *(P~ , I'd rather not go.)* (٤) وەک ناراستەی خۆ کرابێت؛ *(She took his remarks ~ .)*

personal pronoun, پاناوی کەسی؛ (I, me, you, we, he, she, it, they)

personal property, شتومەکی خۆ؛ کەل‌وپەلی گواستراوەی خۆ.

persona non grata (pĕr-sōnə non grä′tə, grā′tə), [L.], کەسێکی پەسەند نەکراو؛ کەسێکی ناپەسەند یا نەویستراو (بەتایبەتی دیپلۆماسی‌یەک لە وڵاتی بێگانەدا).

personate (pûr′sən-āt′), *v.t.* (١) خۆنووساندن لە شانۆنامەدا؛ لاسایی کردنەوە (٢) گیان بەبەرداکردنی شت (وێژە)؛ وەک ئادەمیزاد سەیرکردن. (٣) بە درۆ خۆ کردن بە کەسێکی تر (بۆ خەڵەتاندن).

-**personation** *(n.)*; **personator** *(n.)*.

personification (pĕr-son′ə-fi-kā′shən), *n.* (١) گیان بەبەردا کردنی شت (وێژە)؛ بە ئادەمیزاد دانان (٢) وێنەیەکی گیان بەبەرداکردنی شت لە وێژەدا: *(Flowers danced about the lawn.)* *(The old man was the very ~ of evil.)* (٣) وێنە؛ نموونە:

(٢) پاراستن لە بۆگەن کردن. (٣) هەڵگرتنی خواردەمەنی بۆ دواڕۆژ بە کردنە قوتووەوە یا خوێ کردنی یا ترشیات کردنی. (٤) ڕاگیرکردن؛ ڕاگرتن لە دۆخی خۆیدا؛ بەردەوام بوون. (٥) پاراستن یا هەڵگرتنی گیاندارو ماسی و باڵندە بۆ ڕاوی خۆ.

press (pres), *v.t.* (١) خواردەمەنی و میوە هەڵگرتن بە کردنە قوتووەوە یا خوێ کردنی یا ترشیات کردنی. (٢) ڕاگرتن یا پاراستنی شوێنی ڕاوی تایبەتی. *n.* (١) (*pl.*) ، میوەی قوتوو (وەک مربا و شتی وەها). (٢) پارێزگاری گیاندار: ناوچەیەکی قەدەغەکراوە لە ڕاوچی و ناوەدانکردنەوە بۆ پاراستنی گیاندارو ماسی و باڵندەکانی و جار بە جار ڕێگەی نەختێک ڕاوکردنی تێدا دەدرێ. (٣) خواردەمەنی پارێزەر: ماددەیەکە دەکرێتە ناو خواردەمەنیەوە بۆئەوەی بۆگەن نەکات. (٤) شتێکە کە قەدەغەی کۆمەڵێک کەسی تایبەتیە: *(Anicient Greek is the ~ of scholars.)*

preshrunk (prē′shruŋk′), *adj.* پێشەکی چۆتەوەیەک: تایبەت بە جل‌وبەرگێکە کە لەکاتی دروستکردندا دەچێتەوەیەک بۆئەوەی لەدواییدا کە شۆڕا نەچێتەوەیەک.

preside (pri-zīd′), *v.i.* (١) کۆڕگیرا؛ سەرۆکایەتی کۆڕ یا کۆبوونەوە کردن: *(He ~d at the meeting.)* . (٢) سەرگەورەیەتی کردن؛ لەلای سەرووی مێزەوە دانیشتن؛ جڵەوگیری کردن؛ سەرپەرشتی کردن. (٣) پیانۆ یا ئامێری تری مۆسیقا لێدان: *(to ~ at the piano)*

presidency (prez′i-dən-si), *n.* (١) سەرکۆماری؛ سەرکۆمارێتی. (٢) پلەوپایەو ماوەی سەرکۆمار. (٣) [P-]، سەرکۆماری ئەمەریکا. (٤) ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی کلێسەی " مۆرمەنی " .

president (prez′i-dənt), *n.* (١) سەرۆک (زانکۆ، یانە، کۆمەڵە، ڕێکخراو). (٢) [P-]، سەرکۆمار.

president-elect (prez′i-dənt-i-lekt′), *n.* سەرکۆماری تازە هەڵبژێراو (کە هێشتا نەچووەتە سەر کار).

presidential (prez″i-den′shəl), *adj.* (١) تایبەتی بە سەرکۆمار؛ سەرکۆماری. (٢) تایبەتی بە پرۆژەیک کە سەرکۆماری بە جیا تیایدا هەڵدەبژێرێت لە پەرلەمان وە سەرکۆمار ایێی ناپرسرێتەوە لەلایەن پەرلەمانەوە

presidentship (prez′i-dənt-ship″), *n.* سەرکۆمارێتی؛ پلەوپایەو ماوەی سەرکۆمار.

presidial (pri-sid′i-əl), *adj.* هی ئۆردوگا یا بنکەی سوپایی.

presidiary (pri-sid′i-er″i), *adj.* = presidial.

presidio (pri-sid″i-ō′), *n.* ئۆردوگا؛ لەشکرگا؛ بنکەی سوپایی؛ قەڵایەکی بە ئۆردوگا پارێزراو.

presidium (pri-sid′i-əm), *n.* پرۆزیدیۆم: (ا) چەند جۆرە ئەنجوومەنیکی فەرمانگێڕی یەکێتی سۆڤیەتی جارانە. (ب) [P-]، ئەنجوومەنی بەرزی فەرمانگێڕی پەرلەمانی سۆڤیەتیە.

presignify (prē-sig′nə-fī″), *v.t.* نیشانەبوون بۆ ڕووداننێکی داهاتۆ؛ پێشەکی واگەیاندن.

press (pres), *v.t.* (١) ووشین؛ گوشین. (٢) ئاوێنگرتن؛ هەڵگوشین؛ گوشین. (٣) (ا) پەستنەوە؛ پەستانەوە؛ پەستن. (ب) لە ئوتوودا. (٤) خۆ پێوەنووساندن؛ باوەش پیاکردن؛ هەڵگوشین. (٥) ڕۆڵێکردن؛ زۆر کردنەسەر. (٦) بەگیرەنان؛ هەڵپێچان؛ گەیاندنە تین. (٧) بەزۆر دان بەسەردا: *(She ~ed the gift on her friend.)* . (٨) لێ پاڕانەوە؛ تکاکێکردن. (٩) پەنجە پیانان؛ پاڵ پێوەنان. (١٠) تەنگەتاوکردن؛ پەستکردن. (١١) هاندان. (١٢) [Archaic]، تێ ترنجان؛ کۆبوونەوە؛ کەڵەکەبوون. (١٣) [Obs.]، چەوساندنەوە.

v.i. (١) پەستنەوە؛ پەستانەوە. (٢) بۆ پێشەوە ڕۆیشتن بە هەموو هێزو توانایەکەوە. (٣) درێژدان؛ ڕێ بۆ خۆ کردنەوە بەزۆر. (٤) تێ ترنجان؛ کەڵەکەبوون؛ کۆبوونەوە. (٥) بەگیرەنان؛ هەڵپێچان؛ زۆر بۆ هێنان.

n. (۱) پەستاوتن؛ پەستانەوە؛ پەستن. (۲) جەماوەر؛ کۆمەڵە خەڵک. (۳) مەکینەی گوشین. (٤) (ا) مەکینەی چاپ. (ب) چاپخانە. (ج) چاپەمەنی. (د) ڕۆژنامە؛ ڕۆژنامەو گۆڤار. (هـ) ڕۆژنامەگەری. (و) ڕۆژنامەگەران. (ز) ناوەڕۆکی ڕۆژنامە؛ ووتارو تێبینی ڕۆژنامەچیان. (٥) دۆڵاب.

go to press, دەستکردن بە لەچاپدان.

press (pres), *v.t.* (۱) بەزۆر گرتن بە سەرباز. (۲) بەشێوەیەکی جیاواز لە ئاسایی بەکارهێنان.

n. (۱) بەزۆر گرتن بە سەرباز. (۲) فەرمانی بەزۆر گرتن بە سەرباز.

press agent, ئوتێلەری بڕوپاگەندە (بۆ نەکتەرێک. کۆمپانیایەک. ڕێکخراوێک ... هتد).

press board (pres′bôrd′, pres′bōrd′), *n.* (۱) مقەبا (۲) مێزی ئوتوو

press box, لۆجی ڕۆژنامەگەران لە یاریگادا.

press conference, کۆڕی ڕۆژنامەگەری.

presser (pres′ēr), *n.* ئوتووچی

press gallery, لۆجی ڕۆژنامەگەران (لە پەرلەمان یا نەنجوومەنی تری وەهادا)

press gang, دەستەی ڕۆژەملێ بۆ بەزۆر خەڵک گرتن بە سەرباز.

pressing (pres′iŋ), *adj.* (۱) دەبێ یەکسەر جێبەجێ بکرێ؛ پەلە؛ زۆر پێویست. *(a ~ need for food and medicine)*.

(۲) بەگیرهێنەر: تەنگ پێ هەڵچنەر؛ داواکەری کۆڵنەدەر.

pressman (pres′mən), *n.* (۱) کارگەری چاپخانە. (۲) [Br ush] ڕۆژنامەچی

pressmark (pres′märk′), *n.* ناونیشانی پەرتووک: ژمارەیەک یا تیپێک لەسەر پشتی پەرتووک دەنووسرێ بۆ دیاریکردنی شوێنەکەی لە کتێبخانەدا

press release, بڵاوکراوەی ڕۆژنامەگەری.

pressroom (pres′rōōm′, pres′room′), *n.* ژووری مەکینەی چاپ لە چاپخانەدا

press secretary, سکرتێری ڕۆژنامەگەری.

pressure (presh′ēr), *n.* (۱) پەستن؛ ووشین. (۲) پەستان؛ پاڵەپەستۆ؛ تەووژم. (۳) زەبر. (٤) بەگیرهێنان؛ هەڵپێچان؛ زۆر بۆ هێنان؛ ڕۆڵێکردن؛ تەنگ پێ هەڵچنین؛ گوشار. (٥) پاڵەپەستۆ یا پەستانی کارەبایی؛ نەرکی کارەبایی. (٦) پاڵەپەستۆی هەوا. (۷) پاڵەپەستۆی سەر پووپەک (فیزیا). (۸) ئارێکی قورس و ناخۆش؛ تەنگەتاوی؛ پەستی. (۹) [Obs.] حێن نیشانە.

v.t. [Colloq.], ڕۆڵێکردن؛ بەگیرهێنان؛ هەڵپێچان؛ زۆر کردنە سەر؛ تەنگ پێ هەڵچنین *(to ~ someone into doing something)*.

pressure cooker, مەنجەڵی هەڵم

pressure guage, (۱) پێوەری پاڵەپەستۆی هەوا و هەڵمو ئاو (۲) پێوەری هێز یا تەووژمی تەقینەوەیەک

pressure group, دەستەی زۆر: دەستەیەکە بۆ زۆر خستنە سەر ئەندامانی پەرلەمان و میری بۆ لایەنگری کردنی مەسەلەیەک یا دژ وەستانی.

pressure suit, بەرگی پەستاوتن (بۆ لەبەرکردن لە کەشتی هەوایدا). (پێشی دەووترێ " pressurized suit ").

pressurize (presh′ēr-īz′), *v.t.* گونجاندنی پەستاوتن (لەئاو فڕۆکەدا)

-pressurization *(n.)*.

presswork (pres′wūrk′), *n.* (۱) کارگێڕی چاپخانە. (۲) چاپەمەنی: بەرهەمی چاپخانە.

prestidigitation (pres′tə-dij′i-tā′shən), *n.* جادووگەری: دەست سوکی جادووگەر لە فێڵبازیدا.

-prestidigitator *(n.)*.

prestige (pres-tēzh′, pres′tij), *n.* پایە بڵندی؛ پایە بەرزی؛ شکۆ؛ ڕێزو دەسەڵات و ناوداری (کە لە کردنی کاری گەورەوە بێت)

prestigious (pres-tij′əs), *adj.* پایە بڵند؛ پایەدار؛ بەشکۆ؛ بەڕێزو بەدەسەڵاتو بەناوبانگ. *(a ~ job, person, etc.)*.

prestissimo (pres-tis′ə-mō′), *adv. & adj.* زۆر بەخێرایی: فەرمان یا ئامۆژگاری سەرەک ئۆرکێسترا بۆ مۆسیقاژەن.

n. پارچەیەک مۆسیقای خێرا؛ جوولەیەکی خێرای مۆسیقای ئۆرکێسترا

presto (pres′tō), *adv. & adj.* (۱) خێرا (۲) زۆر بەخێرایی: فەرمان یا ئامۆژگاری سەرەک ئۆرکێسترا بۆ مۆسیقاژەن

n. پارچەیەک مۆسیقای خێرا؛ جوولەیەکی خێرای مۆسیقای ئۆرکێسترا

presumable (pri-zoōm′ə-b'l, pri-zūm′ə-b'l), *adj.* وادانراو؛ دەتوانرێ وادانرێ؛ بۆی هەیە وابێ.

presumably (pri-zōōm′ə-bli, pri-zūm′ə-bli), *adv.* بەناو؛ وا دادەنرێ؛ بۆی هەیە وابێ *(We were ~ on the right path.)*

presume (pri-zōōm′, pri-zūm′), *v.t.* (۱) پرکێشی کردن؛ وێران: *(to ~ to say or do something)* (۲) وازانین؛ لا وابوون؛ دڵنیابوون؛ وادانان (بەدڵنیاییەوە). *(A person is ~d innocent until proven guilty.)* (۳) وادانان: (٤) وا گەیاندن

v.i. (۱) زۆر بە شەرم شکاوی لەگەڵ جوڵانەوە؛ لە سنووری نەزاکەت چوونە دەرەوە. (۲) (~ on; ~ upon) بە ناڕەوا بەکارهێنان بۆ مەبەستو ئامانجی خۆ.

presumption (pri-zump′shən), *n.* (۱) پرکێشی؛ بێ شەرمی؛ پێ لێ هەڵبڕین؛ چاوقایمی (۲) وادانان؛ گریمانی (۳) شتی وادانراو (٤) هۆی وادانان یا وا گریمان (٥) لێکدانەوە یا ڕێ بەدی کردنی بە بەڵگە (دادگەری).

presumptive (pri-zump′tiv), *adj.* (۱) هۆی بڕوا؛ هۆی وادانان یا گریمانەیی: *(~ evidence)*. (۲) وادانراو؛ وا بڕوابوو *(an heir ~)*.

presumptuous (pri-zump′chōō-əs), *adj.* (۱) بێ شەرم؛ بێ ئابڕوو؛ پرکێشیکەر؛ چاوقایم؛ بێ حەیا؛ لە سنووری نەزاکەت دەرچوو؛ بە بێ شەرمانە جوڵانەوە. (۲) [Obs.] presumptive.

presuppose (prē′sə-pōz′), *v.t.* (۱) پێشەکی وادانان. (۲) پێویست بوون بە؛ وا پێویست کردن: *(A healthy body ~s healthy living.)*

presupposition (prē′sup-ə-zish′ən), *n.* (۱) پێشەکی وادانان؛ گریمانەی پێشەکی. (۲) گریمانە؛ شتی پێشەکی وادانراو.

pretence (pri-tens′, prē′tens), *n.* [British Spelling], pretense.

pretend (pri-tend′), *v.t.* (۱) واپیشاندان؛ وادەرخستن؛ وانووساندن؛ واووتن: *(He ~ed ignorance of the law.)* (۲) بە درۆ واپیشاندان؛ بە درۆ وانووساندن؛ بە درۆ وا دەرخستن: *(He ~ed that he was ill.)* (۳) خۆ کردن بە؛ خۆ گۆڕین؛ خۆ وانووساندن: *(She ~ed that she was a princess.)*

v.i. (۱) (~ to) واپیشاندان؛ وادەرخستن؛ وانووساندن. (۲) خۆ کردن بە؛ خۆ گۆڕین؛ خۆ وانووساندن.

pretended (pri-ten′did), *adj.* (۱) درۆزنە؛ درۆ. (۲) وا ووتراو (درۆ بێ یا ڕاست)؛ بەناو یا بەڕووالەت.

pretender (pri-ten′dēr), *n.* (۱) خۆ وادەرخەر؛ خۆ واپیشاندەر؛ ڕووالەتباز؛ خۆنوێنەر. (۲) داواکەری تەختی پاشایی بە درۆ.

pretense (pri-tens′, prē′tens), *n.* *Also* **pretence,** (۱) وا-پیشاندان؛ وادەرخستن؛ وانووساندن. (۲) خۆ واپیشاندان؛ خۆ وادەرخستن. (۳) ڕووالەت؛ سەرزاری؛ ڕووالەتبازی. (٤) بەهانە؛ بیانوو. (٥) [Rare]، مەبەست؛ نیاز.

pretension (pri-ten′shən), *n.* (۱) خۆ واپیشاندان؛ خۆ وادەرخستن.

(٢) حوفشکردنەوە؛ خۆنووساندن؛ خۆبادان. (٣) کەش‌وفش؛ فیز.
(٤) پرووالەتبازی (٥) بەهانە؛ بیانوو.

pretentious (pri-ten′shəs), *adj.* (١) خۆ وابیشادەر؛ خۆ وادەرخەر. (٢) پرووالەتباز. (٣) بە کەش‌وفش؛ بەفیز؛ خۆبادەر؛ خۆفشکەرەوە؛ خۆدەرخەر

-pretentiously *(adv.)*; **pretentiousness** *(n.)*.

preter- (prē′tĕr), پێشکرێک بەمانای: بەدەر؛ لەوپەڕ؛ لەولا؛ لەردیو *(preternatural)*

preterit, preterite (pret′ĕr-it), *adj.* (١) هی دەم کاتی ڕابوردوو (ڕێزمان) (٢) [Rare]: ڕابوردوو؛ پێشوو.

n. (١) دەم کاتی ڕابوردوو (ڕێزمان). (٢) کرداری دەم کاتی ڕابوردوو (ڕێزمان).

preterition (pret′ĕr-ish′ən), *n.* (١) خستنە پشت گوێ؛ لەبیرچوون؛ گوێ پێ نەدان. (٢) ناونەبردنی میراتبەرێک لەلایەن خاوەن وەسیەتنامەوە (٣) ناونووس نەکردنی ئەوانەی دەچنە دۆزەخ و تەنها ناونووس کردنی ئەوانەی دەچنە بەهەشت لەلایەن خواوە (ئایینی " کالڤن " ی).

pretermit (prē′tĕr-mit′), *v.t.* (١) خستنە پشت گوێ؛ لەبیرچوون؛ گوێ پێ نەدان (٢) چاوپۆشین؛ چاو لێ نووقاندن.

-pretermission *(n.)*; **pretermitter** *(n.)*.

preternatural (prē′tĕr-nach′ĕr-əl), *adj.* (١) نائاسایی؛ ناوێزە. (٢) لە سەروشت بەدەر؛ سەرنائسا.

-preternaturalism *(n.)*.

pretext (prē′tekst), *n.* بەهانە؛ بیانوو؛ بروبیانوو؛ پەڵپ.

pretor (prē′tĕr, prē′tôr), *n.* = praetor.

prettify (prit′i-fī′), *v.t.* جوانکردن؛ ڕازاندنەوە

prettily (prit′l-i), *adv.* بە جوانی؛ بە ڕێک‌وپێکی.

prettiness (prit′i-nis), *n.* جوانی؛ قەشەنگی؛ ئێسک سووکی؛ دڵگیری

pretty (prit′i), *adj.* (١) جوان؛ قەشەنگ؛ ئێسک سووک. (٢) دڵگیر؛ ڕەنگین. (٣) زۆر باش (گەلێک جار بەتەرسەوە)؛ نایاب؛ چاک. (٤) تەپڕوش؛ سەرژنانی؛ کچانی. (٥) [Archaic]. ناسک؛ ووردو نایاب. (٦) [Archaic or Scot.]، ئازا؛ چارنەترس. (٧) [Colloq.]. زۆر (ژمارە، هەند، ڕادە): *(It costs a ~ penny.)*.

adv. (١) تا ڕادەیەک؛ زۆر؛ نەختێک *(~ bad, good, small, etc.)*. (٢) [Dial.]. بە جوانی؛ بە ڕێک‌وپێکی.

sitting pretty, [Slang]. تێروتەسەل؛ خۆش گوزەران؛ دەوڵەمەند.

prettyish (prit′i-ish), *adj.* نەختێک جوان یا نیسک سووک.

pretzel (pret′s′l), *n.* مەزەیەکی زۆرخوێیە لە مارمارۆکەی زۆر باریکی گرێ گرێ و نەڵقە نەڵقە دەچێ.

prevail (pri-vāl′), *v.i.* (١) بردنەوە؛ زاڵبوون؛ سەرکەوتن بەسەردا: *(We ~ed over our enemies.)*. (٢) سەرکەوتن: *(Truth will ~.; The will of the people will ~.)*. (٣) لە بڕەودابوون؛ باوبوون؛ بڵاوبوون.

prevail on (or **upon, with**), قایل کردن؛ پێ سەڵماندن؛ ڕازی کردن؛ وایلێکردن: *(We prevailed upon him not to sue her.)*.

prevailing (pri-vāl′iŋ), *adj.* (١) زاڵ؛ سەرکەوتوو؛ بەبڕەو (٢) باو؛ بڵاو *(the ~ attitude about war)*.

prevalence (prev′ə-ləns), *n.* (١) [Rare]. زاڵی؛ سەرکەوتوویی. (٢) بەباوی؛ بڵاوی

prevalent (prev′ə-lənt), *adj.* (١) [Rare]. زاڵ؛ سەرکەوتوو. (٢) بەباو؛ بەڕەو؛ بڵاو: *(~ fashions, customs, ideas, etc.)*.

prevaricate (pri-var′ə-kāt′), *v.i.* (١) ئاین‌ونوێنبازی کردن؛ خۆ نەدان بەدەستەوە؛ ڕاستی نەدان بەدەستەوە (٢) درۆکردن.

-prevaricator *(n.)*.

prevarication (pri-var′ə-kā′shən), *n.* (١) ئاین‌ونوێن

(٢) درۆودەڵەسە.

prevenience (prē-vēn′yəns), *n.* (١) پێشڕۆیی؛ لەپێشەوە بوون. (٢) دەستپێشکەری. (٣) جێبەجێکردنی پێویستی کەسێک.

prevenient (prē-vēn′yənt), *adj.* (١) پێشڕۆ؛ لەپێشەوە. (٢) بەپیرەوەچوونی پێویستی‌یەک یا گیروگرفتێک؛ دەستپێشکەری

prevent (pri-vent′), *v.t.* (١) ڕێ لێگرتن؛ ڕێنەدان؛ نەهێشتن؛ بەربەستکردن؛ کۆسپ خستنە سەر ڕێ: *(to ~ an accident; What ~ed you from coming?)*

(٢) بەپیرەوەچوونی پێویستی‌یەک، خواستێک، یا گیروگرفتێک؛ دەستپێشکەری کردن. (٣) [Archaic]، ڕابەری کردن.

preventable (pri-ven′tə-b'l), *adj.* دەتوانرێ ڕێگەی لێ بگیرێ؛ دەتوانرێ نەهێڵرێ ڕووبدات: *(War is ~.)*.

preventative (pri-ven′tə-tiv), *adj.* = preventive.

prevention (pri-ven′shən), *n.* (١) ڕێگەگرتن؛ نەهێشتن. (٢) پاراستن؛ خۆپاراستن: *(P~ is better than cure.)*.

preventive (pri-ven′tiv), *adj.* (١) بەربەستکەر؛ ئاگربڕ؛ ڕێگر: *(to take ~ steps or measures)*.

(٢) ڕێگر لە نەخۆشی؛ لە نەخۆشی پارێز.

n. (١) ئاگربڕ؛ ڕێ لێگر؛ کۆسپ. (٢) دەرمانی لە نەخۆشی پاراستن؛ هۆی لە نەخۆشی پاراستن؛ لاستیک (جووت بوون).

preview (prē-vū′), *v.t.* **Also prevue,** پێشەکی بینین (فیلم، شانۆگەری، پەپڕووک، پیشانگە)؛ لەپێش خەڵکدا بینین؛ پێشەکی پیشاندان.

n. بینینی پێشەکی (فیلم، شانۆگەری، پیشانگە، یا پەپڕووک لەلایەن دەستەیەکی بانگ کراوەوە)؛ پیشاندانی پێشەکی.

previous (prē′vi-əs, prēv′yəs), *adj.* (١) پێشوو (کات، نۆرە، ڕێز)؛ بەر لە؛ ڕابوردوو؛ پێشتر: *(the ~ day, time, occasion, etc.)*. (٢) [Colloq.]، پەلە؛ پێش کاتی خۆی؛ زوو؛ هەڵەشە؛ نەبەکام.

previous to, لەپێش؛ بەر لە.

previously (prē′vi-əs-li), *adv.* لەوەوپێش؛ لەمەوبەر؛ بەر لەوە؛ لەمەوپێش.

previous question, پێشنیازێکی پەرلەمانی‌یە بۆ دەنگدانی کوتوپڕ لەسەر ئەو مەسەلەیەی کە لەبەردەستدایە.

previse (prē-vīz′), *v.t.* [Rare], (١) پێشبینین؛ پێشزانین. (٢) پێشەکی ووریاکردنەوە.

prevision (prē-vizh′ən), *n.* (١) پێشبینی؛ دووربینی. (٢) دڵ خەبەردان

prevocational (prē′vō-kā′shən-'l), *adj.* تایبەتی بە خوێندنی پێویست پێش چوونە قوتابخانەی پیشەیی.

prevue (prē′vū′), *n.* = preview.

prewar (prē′wôr′), *adj.* بەر لە جەنگ.

prexy (prek′si), *n.* [Slang], سەرۆک (بەتایبەتی هی دانشگا یا زانکۆ).

prey (prā), *n.* (١) تاڵانی. (٢) نێچیر. (٣) مرۆڤ یا شتی قوربانی؛ مرۆڤ یا شتی نێچیر: *(He was ~ to his own appetites.)*

(٤) ڕاوکردن؛ نێچیر کوشتن.

v.i. (١) تاڵانکردن؛ ڕووتکردنەوە. (٢) ڕاوکردن؛ کوشتن بۆ خواردن: *(Lions ~ on deer.)*. (٣) دەستڕێن؛ بەکارهێنان بۆ مەبەستی خۆ؛ کردن بە قوربانی بۆ مەبەستی خۆ (مەجاز): *(Dishonest businessmen ~ on their customers.)*. (٤) خراپ کارتێکردن؛ زیان لێدان؛ تێکدان: *(Remorse ~ed upon his mind.)*

Priapus (prī-ā′pəs), *n.* (١) خودای زاوزێ‌و باخ‌و باخات‌و هێزی جووت بوون‌و نەوە خستنەوەی پیاو (ئەفسانەی یۆنانی‌و ڕۆمانی)

(۲) [-p]. کێر.

price (prīs), *n.* (۱) نەها؛ بایی (۲) نرخ؛ بایەخ؛ هێنان.
(۳) خەڵاتی کوشتن یا گرتنی کەسێك.
(٤) پارەی خەڵك پێ کڕین؛ بەرتیل؛ پارە یا شتی بەرتیل.
(Some people think that every man has his ~ .)
(٥) نرخی دەسکەوتنی شتێك: *(Freedom has its ~ .)* .

v.t. (۱) نرخ لەسەر دانان؛ نرخ بۆ دانان.
(All our goods are clearly ~d.)
(۲) نرخ پرسین یا دۆزینەوە: *(They spent hours ~ing dresses.)* .

at any price, بە هەر نرخێك بێت؛ هەرچەندی تێ بچێت؛ هەرچۆنێك بێت
beyond (or without) price, نرخی لەسەر دانانرێ ئەوەندە بەنرخە.
every man has his price, هەموركەس دەتوانرێ بكڕیرێ.
priced out of the market, ئەوەندە گرانە كەس بۆی ناكڕیرێ.
price control, نرخ بۆ بڕینەوەی میری.
priceless (prīs′lis), *adj.* (۱) ئەوەندە بەنرخە نرخی لەسەر دانانرێ؛ زۆر بەنرخ (۲) [Colloq.]، سەیر؛ زۆر سەیر.
price tag, (۱) لێبڵی نرخ (كە لە فرۆتەنی دەدرێ).
(۲) نرخ؛ بەها: *(a high ~)* .

prick (prik), *n.* (۱) كوڵێكی زۆر بچووك (كە بە شتێكی نووك تیژ كرابێتە شتێك یا شوێنێكەوە).
(۲) دڕك؛ شتی نووك تیژ (نیزە، چزووی هەنگ، یاخ... هتد).
(۳) دڕك پیاكردن؛ شتی نووك تیژ پیاكردن؛ ئازێنینەوە؛ سمین.
(٤) ئازاری دڕك یا شتی تیژ پیاكران؛ ئازاری تووندوتیژ.
(٥) ئازار؛ داخ؛ نیش. *(~ of remorse)* .
(٦) [Vulgar]. (۱) كێر.
(ب) كەسێكی نایەسەند، بەدرەووشت؛ بێزاركەر یا نالەبار.

v.t. (۱) كونی بچكۆلە تێكردن؛ كون تێكردن و فشكردنەوە.
(۲) داخ كردن لە دڵدا؛ ئازاردان: *(Remorse ~ed his conscience.)* .
(۳) دڕك پیاكردن؛ سمین؛ شتی نووك تیژ پیاكردن.
(٤) نیشانەكردن بە خاڵ.
(٥) بزماردان لە گۆشتی دەست یا پاشووی ئەسپ لەكاتی نان كردندا و شەل كردنی. (٦) [Archaic]، هاندان؛ تێوەژەندن.

v.i. (۱) ئازار پێ گەیشتن. (۲) مێرووڵەكردن؛ چووزانەوە؛ مووچركە پیاهاتن. (۳) [Archaic]، ئاوزەنگی لێدان؛ غاركردن.
(٤) (~ off; ~ out)، نەمام گواستنەوە و ناشتن.
(٥) گوێ قوڵاخ كردن.

adj. گوێ قوڵاخ (سەگ).
prick up, هەڵسان؛ قیت بوونەوە.
prick up one's (or its) ears, (۱) گوێ قوڵاخ كردن؛ گوێ قوڵاخ بوون (۲) باش گوێگرتن؛ باش سەرنج پێدان.

pricket (prik′it), *n.* (۱) مۆمدان.
(۲) ئاسكە كێوی نێرینەی دووبەهارە.

prickle (prik′l), *n.* (۱) دڕك
(۲) مووچركە؛ مێرووڵەكردن؛ چووزانەوە.

v.t. (۱) دڕك پیاكردن؛ ئازێنێ؛ شتی نووك تیژ پیاكردن.
(۲) مووچركە پیاهێنان؛ چووزانەوە.

v.i. مووچركە پیاهاتن؛ چووزانەوە.

prickliness (prik′li-nis), *n.* دڕكاوی؛ تیژی؛ چووزانەوە.
prickly (prik′li), *adj.* (۱) دڕكاوی؛ تیژ (۲) چووزێنەرەوە.
prickly ash, بنچكێكی دڕكاوی گول زەردە.
prickly heat, گەرمەژنە.
prickly pear, هەنجیری دڕكاوی؛ هەرمێ دڕكاوی.
prickly poppy, خەشخاشی دڕكاوی.
pride (prīd), *n.* (۱) فیز؛ لووت بەرزی؛ خۆبادان.
(۲) شانازی؛ سەربەرزی؛ شانازی بەخۆوە كردن.
(۳) شتێكە كە جێی شانازی بێ؛ مایەی شانازی: *(His children are his ~ .)*
(٤) هەڵبژاردە؛ باشترینی كۆمەڵێك: *(the ~ of the team)* .
(٥) تیژی یا بەدەماخی ئەسپ.
(٦) هەرەت؛ تاف: *(the ~ of manhood)* .
(۷) [Archaic]، (ا) جوانی و بەشكۆیی و نایابی و شۆخی و پازاوەیی.
(ب) شتی پازێنەرەوە.
(۸) [Obs.]، هاتنەكەڵ؛ هاتنە با؛ بەبایی؛ هەوەسی جووت بوون

v.i. [Rare]. جێی شانازی بوون؛ سەر پێ بەرزكردنەوە.
pride oneself on, شانازی پێوەكردن؛ خۆ پێوە بادان؛ سەر پێ بەرزبوونەوە.

prideful (prīd′fool), *adj.* (۱) سەربەرز؛ پڕ شانازی
(۲) لووت بەرز؛ بەفیز.

-pridefully *(adv.)*; **pridefulness** *(n.)*.

prier (prī′ĕr), *n.* *Also* **pryer,** كەسێكی زۆر بەپرسیاری نابەجێ و خۆتێهەڵقورتێنەری كاروباری خەڵك.
priest (prēst), *n.* قەشە؛ كەشیش.
priestcraft (prēst′kraft´, prēst′kräft´), *n.* پیشەی قەشەیی؛ ڕێبازو پیشەی قەشەكان
priestess (prēs′tis), *n.* قەشەی ژن؛ كەشیشی ژن.
priesthood (prēst′hood), *n.* (۱) قەشەیەتی؛ كەشیشی؛ پلەوپایەی قەشە. (۲) قەشەكان؛ كۆمەڵی كەشیشان.
priestly (prēst′li), *adj.* (۱) قەشەیی؛ كەشیشی.
(۲) بۆ قەشە شیاو؛ شایستەی كەشیشە؛ قەشانە.

-priestliness *(n.)*.

priest-ridden (prēst′rid´n), *adj.* لەژێر دەستی قەشەكاندایە؛ لەژێر ڕكێفی و زەبروزەنگی قەشەكاندایە.
prig (prig), *n.* (۱) كەسێكی زۆر گوێدەر بە شتی بچووك و مێشك تەسك و بەفیز؛ كەسێكە كە هەموشت بە تۆندی بگرێ بەتایبەتی مەسەلەی ڕەوشت و پەیڕەوی كردنی ڕێبازی بە باش زانراو.
(۲) [Archaic]، كەسێكی تەپڕۆشی ژیانی لەخۆبایی.

-priggery *(n.)*; **priggish** *(adj.)*; **priggishly** *(adv.)*; **priggishness** *(n.)*.

prig (prig), *v.t.* [British Slang], دزین
v.i. [Scot. or Dial.], چەندوچۆنی كردن.
n. [British Slang], دز؛ گیرفانبڕ.

prim (prim), *adj.* سەلار؛ سەنگین؛ لە پادە بەدەر ڕێكوپێكو تۆندوتیژ لە ڕەفتار نواندندا: *(a very ~ and proper old lady)* .

v.t. & v.i. سەلاری نواندن؛ دەم داخستن و سەنگینی نواندن.
prima ballerina, سەرگەورە یا یەكەم ژنە سەماكەری بالێ.
primacy (prī′mə-si), *n.* (۱) بالادەستی؛ بەرتری؛ یەكەمی (لە بەرزی و دەسەلاتو پێشڕۆیی و نۆرەدا)؛ زاڵی؛ دەستڕۆیی بەسەر هەموو ئەوانی تری تۆخمەكەیدا. (۲) سەرەك قەشەیەتی؛ پلەوپایەو ئەركی سەرشانی سەرەك قەشە. (۳) دەسەلاتی بەرزی پاپا.
prima donna, (۱) سەرگەورە یا یەكەم گۆرانی بێژی ئۆپەرایەك.
(۲) نوانەرێكی سەرگەرمی لەخۆبایی؛ كەسێكی بەفیزی لەخۆبایی.
prima-facie evidence, بەڵگەیەكە كە ئەگەر بە درۆ نەخرێتەوە ڕاستییەك دەسەلمێنێ یا دەچەسپێنێ (دادگەری).
prima facie (prī′mə fā′shi-ē′ fā′shi), [L.], لە یەكەم بینینەوە؛ هەر لە یەكەم چاوپێكەوتنەوە؛ بەبێ لێ وردبوونەوە.
primage (prī′mij), *n.* (۱) ئەو كرێیەی خاوەن بار دەیدات بە كەشتیوانەكان بۆ بارکردن و چاودێری كردنی بارەكەی.
(۲) مزی دراو بە خاوەن كەشتی.
primal (prī′m'l), *adj.* (۱) سەرەتایی؛ كۆن؛ یەكەمین؛ پێشترین.

(۲) سەرەکی؛ گرنگترین؛ بنچینەیی

primarily (prī′mer′ə-li, prī′mĕr-ə-li), *adv.* (۱) لە سەرەتاوە؛ لەبنەڕەت؛ یەکەم جار. (۲) بەزۆری؛ بەتایبەتی؛ لە هەموو شت زیاتر.

primary (prī′mer′i, prī′mĕr-i), *adj.* (۱) سەرەتایی؛ کۆنترین؛ پێشتر: *(a ~ instinct)* . (۲) (ا) بنچینەیی؛ بناغەیی (ب) تایبەتی بە ڕەنگە بنچینەییەکان (وەک سوور، زەرد، شین و سەوز). (۳) سەرەتایی: *(a ~ school)* . (٤) سەرەکی؛ زۆر گرنگ؛ بنچینەیی: *(the ~ reason)* . (٥) چەرخی سەرەتا یا کۆن (زەمینناسی). (٦) (ا) تایبەتی بە ڕەگ یا بنچینەی کورت نەکراوەی ووشە (زمانەوانی). (ب) هی دەم کاتی نێستقا و دواپۆڕ (زمانی لاتینی و یۆنانی و سانسکریتی). (۷) هی پەڕی زل و ڕەقی پشتەوەی باڵ.

primary *n.* (۱) شتکی سەرەتایی یا بنچینەیی؛ شتێکی سەرەکی یا گرنگ. (۲) (ا) هەڵبژاردنی سەرەتایی (ب) ڕەنگی سەرەتایی (کە لە ڕەنگی تێکەوە وەرنەگیراوە). (۳) نەستێرەی گەورۆک (٤) پەڕی زل و ڕەقی پشتەوەی باڵ. (٥) کوێنکی بنچینەیی (کارەبا)

primary accent, (۱) هێز یا گیرەی سەرەکی ووشە لە وتندا (دەنگناسی). (۲) نیشانەی ئەم هێزە یا گیرەیە (کە لەم فەرهەنگەدا بە هێڵێکی بچووکی نەستووری ڕەشی خوار نیشان دراوە وەک هەر لەم ووشەیە خوێدا [prī′mer′i]).

primary cell, خانەی سەرەتایی (کارەبا)

primary color, ڕەنگی بنچینەیی (وەک سوور، زەرد، شین. سەوز)

primary school, قوتابخانەی سەرەتایی.

primate (prī′mit, prī′māt), *n.* (۱) [Rare] سەرۆک؛ سەرکەوڕە (۲) سەرەک قەشە (۳) گیانداری باڵا (وەک مرۆڤ مەیموون).

-primatial *(adj.).*

prime (prīm), *adj.* (۱) سەرەتایی؛ بنچینەیی؛ کۆنترین. (۲) سەرەک؛ سەرکەوڕە: *(~ minister)* . (۳) سەرەکی؛ گرنگترین: *(a ~ advantage)* (٤) باشترین؛ نایابترین؛ نمرە یەک: *(~ beef)* (٥) بناغەیی؛ بنچینەیی: *(the ~ reason)* (٦) تایبەتی بە ژمارەی خۆیەش (کە بەسەر هیچ ژمارەیەکدا دابەش ناکرێ تەنها خۆی و ژمارە یەک نەبێت وەک ژمارە ۳، ٥، ۷).

prime *n.* (۱) یەکەم سەعاتی ڕۆژ؛ بەرەبەیان. (۲) سەرەتا. (۳) بەهار؛ کاتی بەهار. (٤) هەرەتی هەرزەکاری؛ تافی گەنجی؛ هەرەتی گەنجی. (٥) هەرەت؛ تاف: *(He was in his ~).* (٦) باشترین بەشی شتێک. (۷) هەڵبژاردە؛ چاکترینیان. (۸) ژمارەی خۆیەش (ژمارە شەش ببینە) (۹) پلەکەوە بە یەک دەنگ (مۆسیقا).

prime *v.t.* (۱) ئامادەکردن. (۲) داگرتنەوە (چەکی ئاگرین). (۳) ترومبا خستنەکار. (٤) ئامادەکردنی ڕووبەک بۆ بۆیەکردن: *(to ~ a wall)* . (٥) وەڵامدانەوە دەنگوباس پێدان؛ فێرکردن و ئامادەکردن؛ ڕابەری کردن: *(The witness had been ~d by a lawyer.)*

prime *v.i.* ئامادەکردن (تفەنگ. ترومپا، دیوار بۆ بۆیاخ کردن، مرۆڤ... هتد).

prime cost, نرخی دروستکردن: کە تەنها کرێی کرێکارو کەرەستەی خاو دەگرێتەوە و هیچی تر.

primely (prīm′li), *adv.* [Colloq.], زۆر بە باشی؛ زۆر بە نایابی.

prime meridian, هێڵی نیوەڕۆ: هێڵێکی درێژی یەپلەکەی سفرە هێڵی درێژی لێوە دەپێورێ بە ڕوانگەی گرێنیچدا تێپەڕ دەبێ (لەنزیک لەندەن).

prime minister, سەرەک وەزیران.

prime mover, (۱) بزوێنەری یەکەم. (۲) بزوێنەر؛ جوڵێنەر. (۳) مەکینەی بزوێن. (٤) هۆی یەکەم یا سەرەتایی بزوان (فەلسەفە).

primer (prim′ĕr), *n.* (۱) پەرتووکی نزاو نوێژ. (۲) پەرتووکی ئەلف‌وبێ؛ پەرتووکی سەرەتایی (بۆ فێرکردنی نووسین و خوێندنەوە). (۳) پەرتووکی سەرەتایی (هی هەر باسێک یا زانیاریەک بێ) (٤) قەبارەیەکی تایبەتی تیپی چاپەمەنیە.

primer (prīm′ĕr), *n.* (۱) ئامادەکەر (مرۆڤ، شت)؛ سازکەر. (۲) ئاگردەری چەک؛ تەقێنەری چەک؛ پڵیتە.

prime rate, کەمترین ڕێژەی قازانج کە بانق لە قەرزارەکانی دەسەنێ.

prime ribs, گۆشتی پەراسووی گا.

prime time, کاتی هەڵبژاردە: ئەو چەند سەعاتەی ئێواران کە زۆرترین خەڵک سەیری تەلەفزیۆن دەکەن.

primeval (prī-mē′v'l), *adj.* زۆر کۆن؛ سەرەتایی؛ دێرین؛ هی سەدەکانی کۆنی پێش مێژوو.

priming (prīm′iŋ), *n.* (۱) ئامادەکاری؛ ئامادەکردن. (۲) ئاگردەری چەک؛ تەقێنەر؛ باروودی تەقێنەر؛ پڵیتە. (۳) ئامادەکردنی دیوارێک یا بنمیچێک بۆ بۆیەکردن؛ یەکەم چینی ئەم بۆیەیە

primipara (prī-mip′ə-rə), *n.* ئافرەتی سکپر بۆ یەکەم جار؛ ئافرەتی یەک سک کردوو؛ ژنی یەک منداڵ بوو.

-primiparity *(n.)*; **primiparous** *(adj.).*

primitive (prim′ə-tiv), *adj.* (۱) زۆر کۆن؛ سەرەتایی؛ دێرین. (۲) کۆن و ژنگاکی نەک مرۆڤ کرد. (۳) سادە؛ ساکار؛ سەرەتایی: *(~ weapons)* . (٤) دەشتەکی؛ کێوی؛ دواکەوتوو؛ سەرەتایی: *(~ societies)* . (٥) هی ڕەگی ووشە (زمانەوانی). (٦) هی ژمارەو شێوەی بنچینەیی کە ژمارەو شێوەی تری لێ وەردەگیرێ (ئەندازەو ژمارەوپێوان). (۷) (ا) تایبەتی بە تابلۆ یا نیگارکێشی کۆمەڵگاکانی کۆن و سەرەتایی (ب) خۆفێرکەر (هونەرمەند). (ج) تایبەتی بە نیگارکێشە ئەوروپاییەکانی دوادوای سەدەکانی ناوەڕاست (۸) سەرەتایی (زیندەوەرزانی).

primitive *n.* (۱) کەسێکی کێوی یا دەشتەکی؛ کەسێکی دواکەوتوو یا هیچ نەزان. (۲) شتێکی سادە یا ساکار؛ شتێکی سەرەتایی یا پێش نەخراو. (۳) (ا) تابلۆیەکی دێرین؛ تابلۆیەک کە ژیانی کۆمەڵگا سەرەتایی یا کۆنەکان پیشان بدات. (ب) هونەرمەندی خۆفێرکەر. (٤) شێوە یا ژمارەی بنچینەیی (ئەندازەو ژمارەوپێوان). (٥) ڕەگی ووشە (ڕێزمان).

primitivism (prim′ə-tiv-iz′m), *n.* (۱) کێوێتی؛ دەشتەکێتی. (۲) شێوەی هونەری دێرین؛ نیگارکێشی کۆمەڵگا سەرەتاییەکان یا دەربارەی ئەو کۆمەڵگایانە. (۳) سادەیی؛ ساکارێتی. (٤) دەشتەکی خوازی: پێ باشتربوونی ژیانی سەرەتایی و سادە لە ژیانی پێشکەوتوو.

-primitivist *(n.)*; **primitivistic** *(adj.).*

primogenitor (prī′mə-jen′i-tĕr), *n.* باوباپیر؛ پێشینان؛ باپیرە هەرە گەورە.

primogeniture (prī′mə-jen′i-chĕr), *n.* (۱) نۆبەرەیی؛ کوڕە گەورەیی؛ کچە گەورەیی. (۲) مافی نۆبەرە (بەتایبەتی هی کوڕە نۆبەرە لە بردنی هەموو میراتەکەی باوک و دایکیدا).

primordial (prī-môr′di-əl), *adj.* (۱) زۆر کۆن؛ پێشین؛ دێرین؛ هی سەدانی کۆن. (۲) سەرەتایی؛ بنچینەیی. (۳) تایبەتی بە قۆناغی یەکەم یا سەرەتای پەرەسەندنی بوونەوەرێک.

primordium (prī-môr′di-əm), *n.* سەرەتای ئەندام یا بەشی ئەندامێکی ناوڵەمە.

primp (primp), *v.t. & v.i.* خۆ پازاندنەوە و جلی جوان لەبەرکردن؛ خۆ لە تەل دان.

primrose (prim′rōz′), *n.* (۱) گوڵە بەهارە. (۲) زەردی کاڵی هەندێ گوڵە بەهارە.

adj. (١) گوڵە بەهارەیی. (٢) زەردی کاڵ.

primrose path, ڕێبازی خۆشی پەرستی؛ ڕێبازی کەیف‌و ڕابواردن.

primula (prim′yoo-lə), *n.* = primrose.

prince (prins), *n.* (١) پاشا. [Archaic] (٢) میر؛ فەرمانڕەوای میرنشین. (٣) کوڕ پاشا؛ شازادە. (٤) پیاوێکی پایە بەرز لێهاتوو.

prince consort, مێردی بانووشا

princedom (prins′dəm), *n.* (١) میرنشین. (٢) پلە‌وپایەی میر؛ میرێتی.

princekin (prins′kin), *n.* = princeling.

princelet (prins′lit), *n.* = princeling.

princeling (prins′liŋ), *n.* شازادەی منداڵ یا هیچ‌و بێ پلە‌وپایە؛ گەنگە شازادە.

princely (prins′li), *adj.* (١) میری؛ شازادەیی؛ بەشکۆ. (٢) بەخشندە؛ دەست‌و دڵ کراوە؛ دڵ فراوان. (٣) شایستەی شازادەیە؛ شازادانە؛ نایاب.

-princeliness *(n.).*

Prince of Darkness, شەیتان

Prince of Peace, عیسا

Prince of Wales, جێنشینی پاشای ئینگلتەرە.

prince regent, جێنشینی پاشا لەکاتی منداڵی یا پیری‌و کەفتەکاری پاشادا؛ وەسی.

prince royal, کوڕە گەورەی پاشا یا بانووشا.

prince's-feather (prin′siz-fe*th*′ĕr), *n.* ڕووەکێکی جوان‌و ناسکی گوڵ سوورە

princess (prin′sis, prin′ses), *n.* (١) شازن. [Archaic] (٢) کچە پاشا؛ شازادەی کچ. (٣) ژنی میر؛ ژنی کوڕە پاشا؛ ژنی شازادە. (٤) نافرەتێکی پایە بەرز لێهاتوو.

princesse, princess (prin-ses′, prin′sis), *adj.* هی بەرگی ژنانەی تەسک‌و یەک پارچە.

princess royal, کچە گەورەی پاشا یا بانووشا.

principal (prin′sə-p'l), *adj.* یەکەم؛ گرنگترین؛ سەرەکی؛ بنچینەیی.

n. (١) (أ) سەرۆک؛ سەرگەورە؛ سەرەک. (ب) بەڕێوەبەری قوتابخانە. (ج) سەرەک نووسەر؛ نەکتەری سەرگەورە. (د) شێرباز (٢) نیرگە. (٣) (أ) دەستمایە؛ مایە؛ سەرمایە (ب) قەرزی ڕووت جگە لە سوود. (٤) (أ) بریکار (یاسا). (ب) لێپرسراوی سەرەکی قەرزێک یا نەرکێک. (ج) ناوانکار؛ یاریدەدەری تاوانکار.

principality (prin′sə-pal′ə-ti), *n.* (١) سەرەکێتی؛ [Rare] یەکەمێتی؛ بنچینەییتی. (٢) میرێتی؛ پلە‌وپایەی میر؛ دەسەڵاتی میر. (٣) میرنشین. (٤) (*pl.*) یەکێکە لە نۆ چەشن فریشتە.

principally (prin′sə-p'l-i, prin′sip-li), *adv.* بەزۆری؛ بەتایبەتی؛ لە هەموشت زیاتر

principal parts, شێوە بنچینەییەکانی کردار (ڕێزمان): *(drink, drank, drunk; go, went, gone)*

principalship (prin′sə-p'l-ship′), *n.* بەڕێوەبەرێتی قوتابخانە؛ پلە‌وپایە و نەرک‌و دەسەڵات‌و ماوەی کارکردنی بەڕێوەبەر؛ بەڕێوەبەری.

principle (prin′sə-p'l), *n.* (١) سەرچاوە (٢) ڕێسا؛ دەستوور؛ بنچینە؛ ڕێگەی بنچینەیی؛ یاسای بناغەیی. (٣) پەیڕەو؛ بیروباوەڕی ڕێباز دیاریکەر؛ بیروڕای بنچینەیی: *(the ~ of racial equality)* (٤) ڕێبازی ڕەووشت؛ بنچینەی ڕەفتارو کردار؛ ڕێسا یا دەستووری ڕەووشت: *(~s of conduct; to live up to one's ~s)* (٥) سەرڕاستی؛ ڕەووشت چاکی؛ پاکی؛ بێ پێچ‌وپەنایی: *(a man of ~)*. (٦) تایبەخۆیەکی تایبەتی ماددەیەک. (٧) یاسایەکی سڕووشتییە کە بەپێی ئەوە مەکینەیەک یا شتێک کاردەکات. (٨) ڕێگەی کارکردنی شتێک.

in principle, وەک سەرەتا؛ بەگشتی: *(I support the idea in principle.)*

on principle, بەهۆی بیروباوەڕێکی تایبەتی‌یەوە؛ لەبەر سەرڕاستی؛ بەپێی ڕێبازی ڕەووشت چاکی: *(I refused to participate on principle.)*

principled (prin′sə-p'ld), *adj.* خاوەن بیروباوەڕی ڕاست؛ سەرڕاست؛ بێ پێچ‌وپەنا؛ پاک. *(a high- ~ person)* .

prink (priŋk), *v.t. & v.i.* خۆ ڕازاندنەوە؛ خۆ لە تەل دان.

print (print), *n.* (١) جێ نیشانە؛ نیشانە؛ شوێن (پێ، دەست): *(footprint; the ~ of a heel)* (٢) دامغە؛ مۆر. (٣) شتێکی دامغە لێدراو یا مۆرکراو. (٤) قوماشی نەخشاوی؛ بەرگی لەم قوماشە دروستکراو. (٥) لەچاپدران. (٦) ووشە‌و تیپی چاپکراو: *(~ uneven)* . (٧) نەخشە یا وێنەی لەقاڵبدراو یا وێنەی لەسەر وەرگیراو. (٨) چاپەمەنی؛ شتی لەچاپدراو: *(newsprint)* . (٩) گۆڤار؛ ڕۆژنامە. (١٠) چاپی ئەوەندەهەمی پەرتووکێک. (١١) وێنەی لە جامەوە وەرگیراو: *(I prefer large ~s.)* .

v.t. (١) نیشانەکردن؛ جێ نیشان بەجێهێشتن؛ مۆرکردن؛ لەقاڵبدان. (٢) لەچاپدان؛ چاپکردن؛ بڵاوکردنەوە بەلەچاپدراوی. (٣) بە جیاجیا نووسینی تیپەکان‌و لێک نەدانیان: *(P~ your name, please.)* (٤) وێنە لەسەر جام وەرگرتن. (٥) خستنە مێشکەوە

v.i. (١) چاپگەری کردن؛ لە چاپخانە کارکردن. (٢) وێنە لەسەر دەرهێنان. (٣) بە جیاجیا نووسینی تیپەکان‌و لێک نەدانیان.

in print, (١) بەلەچاپدراوی؛ بە چاپکراوی؛ لەچاپدراو. (٢) دەست دەکەوێ (شتی چاپکراو بەتایبەتی پەرتووک)؛ هێشتا هەر لە بازارد بە چاپکراوی هەیە: *(Is the book still in print?)* .

out of print, دەست ناکەوێ لەلای بڵاوکەرەوەکەی؛ تەواو بووەو نێتر ناکرێ: *(The book is out of print.)* .

printable (prin′tə-b'l), *adj.* (١) لە چاپ دەدرێ؛ وێنەی لێوە وەردەگیرێ. (٢) بۆ لەچاپدان دەشێ.

printed matter, چاپەمەنی (کە بە پۆستەدا بە هەرزانتر دەنێررێت لە نرخی ئاسایی).

printer (prin′tĕr), *n.* (١) چاپگەر؛ چاپکەر. (٢) ئامێری تیپنووسی پێژمێر یا کۆمپیوتەر (کە بەرنامەکە بە لەچاپدراوی دەردەهێنێ).

printer's devil, شاگردی چاپخانە.

printer's mark, ناوو ناونیشانی بڵاوکەرەوە (لەگەڵ بەرواری بڵاوکردنەوە لەدامێنی لاپەڕەی یەکەم دا دەردەکەوێ).

printery (prin′tĕr-i), *n.* (١) چاپخانە. (٢) کارگەی نەخشەلێدانی قوماش.

printing (prin′tiŋ), *n.* (١) لەچاپدان؛ چاپکردن. (٢) چاپگەری؛ پیشەی چاپگەر. (٣) چاپەمەنی. (٤) سەرجەمی ژمارەی پەرتووکێکی بە یەک جار لەچاپدراو: *(the second ~ of the book)* (٥) تیپی بە جیاجیا نووسراو لێک نەدراو.

printing office, چاپخانە (بەتایبەتی هی میری).

printing press, چاپ؛ مەکینەی چاپ؛ چاپخانە.

print out, لەچاپدان (بە ئامێری تیپنووسی پێژمێر یا کۆمپیوتەر).

print-out, شتی لەچاپدراو یا دەرهێنراو بە ئامێری تیپنووسی پێژمێر یا کۆمپیوتەر.

print shop, فرۆشگای چاپ؛ فرۆشگایەکە شتی تێدا لە چاپ دەدرێ‌و وێنەی دەقاودەقی لێ دەردەهێنرێ‌و لێ دەفرۆشرێ.

prior (prī′ēr), *adj.* (۱) پێشتر؛ ڕابوردوو (۲) گرنگتر.

n. سەرۆک بەرستگای خاچ پەرستان.

prior to, بەر لە؛ لەپێش. *(It happened prior to my arrival.)*

priorate (prī′ēr-it), *n.* (۱) پلەوپایەی سەرۆک پەرستگا. (۲) پەرستگا

prioress (prī′ēr-is), *n.* سەرۆک پەرستگای ژنان.

priority (prī-ôr′ə-ti, prī-or′ə-ti), *n.* (۱) پێشتری؛ بەرتری؛ دێرتری؛ پێشترێتی. (۲) گرنگتری؛ مافی لەپێشتربوون؛ مافی پێش خران (لە دەسکەوتنی شتی بەسوودا)؛ یەکەمێتی. *(to have ~ over others)* . (۳) شتێکی پێش خراو (لە جێبەجێکردندا)؛ شتی بە گرنگتر دانراو.

(This is a ~)

priorship (prī′ēr-ship′), *n.* = priorate (1).

priory (prī′ēr-i), *n.* پەرستگای ژن یا پیاو.

prise (prīz), *n.* & *v.t.* هەڵێچراندن؛ جوڵاندن یا لابردن بە نوێڵ؛ هەڵتەکاندن.

prism (priz′m), *n.* (۱) سێپاڵە (تەندازە). (۲) بلوور. شوشە؛ ئاوێزە

prismatic (priz-mat′ik), *adj.* (۱) سێپاڵەیی (۲) بلووری (۳) بریقەدار؛ هەمەڕەنگ؛ بەشەوق

-prismatical *(adj.)*; **prismatically** *(adv.)*.

prison (priz′n), *n.* (۱) بەندیخانە؛ زیندان (۲) بەندکران؛ بەستراوەوە؛ خرانە زیندانەوە؛ بەندی.

v.t. خستنە بەندیخانەوە؛ خستنە زیندانەوە.

prisoner (priz′n-ēr, priz′nĕr), *n.* (۱) زیندانی؛ بەند؛ دیل؛ گیراو؛ بە دیل گیراو. (۲) گیرۆدە؛ بەستراوە.

(a ~ of love; A bad cold kept me a ~ in my room.)

prisoner of war, P.O.W., دیلی جەنگ.

prison fever, = typhus.

prissy (pris′i), *adj.* [Colloq.], (۱) بە ئازوتوور؛ بە قێزوبێز (۲) لە ڕادە بەدەر سەلار و سەنگین؛ گوێدەر بە شتی زۆر وردو هیچوپووچ.

pristine (pris′tēn, pris′tin), *adj.* (۱) وەک دڕخی جاران؛ وەک کۆز جوون بوو وەها؛ وەک جاری جارانی زوو. (۲) (۱) دەشتەکی؛ پاک؛ دەستکاری نەکراو؛ پیس نەبوو بە هۆی پێشکەوتنەوە؛ بە پاکی خۆڕاگرتوو. *(a ~ innocence)* . (ب) پاک؛ حاوێز؛ تازە؛ پوخت.

prithee (pri*th*′i), *interj.* [Archaic]. = please.

privacy (prī′və-si), *n.* (۱) گۆشەگیری؛ تایبەتێتی؛ سەربەخۆیی؛ کەم تێکەڵاوی لەگەڵ خەڵکدا.

(He likes his ~.; to disturb one's ~)

(۲) نهێنێتی.

private (prī′vit), *adj.* (۱) تایبەت بە خۆ؛ ناگشتی؛ خۆیی. *(~ property; a ~ joke)*

(۲) تایبەتی. *(a ~ school, club, etc.)* .

(۳) ناسایی. *(a ~ citizen)*

(٤) تایبەتی؛ کەسی؛ خۆیی. *(a ~ bathroom)*

(٥) نهێنی؛ بڵاونەکراوە؛ شاراوە. *(one's ~ opinion; a ~ affair)* .

(٦) نهێنی خواز *(a ~ person)*

(۷) شاراوە؛ داپۆشراو (تەندامی لەش). *(one's ~ parts)* .

n. (۱) *(pl)* گەڵوگۆن؛ گەڵوقوز. (۲) سەرباز.

in private, بەنهێنی؛ لەلاوە؛ تەنها خۆ.

private enterprise, کاری ئازاد؛ بازرگانی ئازاد یا سەربەست بەپێی ڕێژەی سەرمایەداری بەبێ جڵەوگیری میری

privateer (prī′və-tēr′), *n.* (۱) کەشتی جەنگەری کەشتیەکی میللیەیە میری پێی دەدات بۆ هێرش بردنە سەرو گرتنی کەشتی بازرگانی دوژمن لەکاتی جەنگدا. (۲) سەرەک کەشتیوانی کەشتیەکی وەها؛ کەشتیوانی کەشتیەکی وەها.

v.i. کەشتیوانی کردن لەسەر کەشتیەکی وەها.

privateersman (prī′və-têrz′mən), *n.* = privateer (2).

private first class, سەربازی یەک خەت.

privately (prī′vit-li), *adv.* بەنهێنی؛ بە دزێیەوە؛ لەلاوە؛ بەشێوەیەکی تایبەتی.

private parts, گەڵوگۆن؛ گەڵوقوز.

private school, قوتابخانەی تایبەتی؛ قوتابخانەی میللی.

privation (prī-vā′shən), *n.* (۱) [Rare] ، بێ بەش کردن؛ بێ بەشی. (۲) نەبوون؛ بێ (۳) نەبوونی؛ بێ گوزەرانی؛ دەستکورتی؛ بێ دەرامەتی؛ بێ ئاسوودەیی.

privative (priv′ə-tiv), *adj.* (۱) بێ بەش کەر. (۲) هی بێ بەش کردن یا لێ سەندنەوە. (۳) نیشانەی بێ بەش کردن یا نەبوونە (ڕێزمان).

("non-" is a ~ prefix.)

n. پێشگر یا پاشگری بێ بەش کەر؛ (پێشگر: a-, un-, non- ؛ پاشگر: -less) .

privilege (priv′′l-ij), *n.* مافی تایبەتی؛ مافی جیاوازی.

v.t. مافی تایبەتی پێدان؛ مافی جیاوازی پێدان.

privileged (priv′′l-ijd), *adj.* خاوەن مافی تایبەتی؛ مافی تایبەتی هەبوو. *(the ~ class of society)* .

privily (priv′′l-i), *adv.* بەنهێنی؛ بەدزییەوە؛ بەشێوەیەکی تایبەتی.

privity (priv′ə-ti), *n.* (۱) (ا) ئاگاداری پیلانێک یا شتێکی نهێنی‌و قەدەغە بوون. (ب) بەشداربوون لە شتێکی نهێنی دا. (۲) پەیوەندی نێوان دوو کەسی هاوسوود (کرێچی‌و خاوەن مال؛ خزمایەتی، کرێکارو خاوەن کار... هتد).

privy (priv′i), *adj.* (۱) تایبەتی؛ کەسی؛ خۆیی. (۲) [Archaic]، نهێنی؛ دزی.

n. (۱) ئاودەستخانە؛ ئاودەستی دەرەوەی ئاومال. (۲) کەسێکی پەیوەندیدار بە کەسێک یا کەسانی تردەوە (خزمایەتی، کرێچی‌و خاوەن مال... هتد).

privy to, ئاگادار؛ بەنهێنی ئاگادارکراو؛ *(I was not privy to any information about the matter.)*

privy council, (۱) [P.C.] ، ئەنجوومەنی ڕاوێژکاری پاشای ئینگلتەرە. (۲) ئەنجوومەنی ڕاوێژکاری؛ ئەنجوومەنی تایبەتی ڕاوێژکردن

Privy Purse, بووجەی پاشای ئینگلتەرە (کە پەرلەمان بۆی دەبڕێتەوە).

prix fixe (prē′ fēks′), [Fr.], (۱) ژەمێک خواردنی نرخ بڕواوە (لەبری ئەوەی نرخی هەر شتە بە جیا بێت). (۲) نرخی ئەم ژەمە خواردنە.

prize (prīz), *v.t.* (۱) نرخ بۆ دانان؛ نرخ لەسەر دانان؛ خەملاندن. (۲) زۆر لەلا بەنرخ بوون؛ زۆر بە بەنرخ دانان؛ لە لا خۆشەویست بوون؛ زۆر ڕێزگرتن.

n. (۱) خەڵات؛ بەخشیش؛ شاباش. (۲) شتێکە دەهێنێ هەوڵی بۆ بدەیت؛ شتێکی زۆر بەنرخ.

adj. (۱) خەڵات پێدراو؛ خەڵات کراو؛ خەڵات وەرگر. *(a ~ novel)* . (۲) شایستەی خەڵات کردنە؛ نایاب. (هەندێ جار بەتەوسەوە): *(a ~ answer)*

(۳) خەڵات؛ بە خەڵات دراو.

prize (prīz), *n.* (۱) گرتن؛ دەست بەسەردا گرتن؛ داگیرکردن. (۲) تاڵانی (بەتایبەتی کەشتی جەنگی دوژمن یا بارەکەی). (۳) دەسەڵات بەسەردا بوون؛ زۆر بەسەردا بوون. (٤) [Dial.]، نوێڵ.

v.t. (۱) گرتن؛ دەستبەسەرداگرتن؛ تاڵانکردن. (۲) هەڵتەکاندن؛ جوڵاندن بە نوێڵ؛ هەڵێچراندن.

prize fight, بۆکسبازی بۆ پارە.
prize fighter, بۆکسبازێکە کە بۆکسبازی پیشەیەتی‌و بۆ پارە دەیکات.
prize fighting, بۆکسباری بۆ پارە.
prize ring, (۱) مەیدانی بۆکسبازی بۆ پارە. (۲) بۆکسبازی بۆ پارە.
pro (prō), *adv. & adj.* سەر بە لایەک؛ لایەنگر.
n. (۱) کەسێکی سەر بە لایەک؛ لایەنگری مەسەلەیەکی کۆڕ لەسەر گیراو.
(۲) هۆی لایەنگری کردنی مەسەلەیەک:
(the ~s and cons of the matter)
(۳) دەنگێکە بۆ لایەنگری مەسەلەیەک.
pro (prō), *adj. & n.* [Colloq.], = **professional.**
pro- (prō), پێشگرێکە بەمانای: (ا) لەپێش؛ لەبەردەم. (ب) لەپێش؛ بەر لە.
pro- (prō), پێشگرێکە بەمانای (ا) بۆ پێشەوە پۆیشتن: *(progress)*. (ب) ئەبری؛ لەجیاتی: *(pronoun)*. (ج) لەسەرکردنەوە؛ لەسەرهەڵدان. (د) سەر بە؛ لایەنگریکەر: *(prolabor; pro-American)*.
proa (prō′ə), *n.* بەلەمێکی بایەوانی خێرایە.
probability (prob′ə-bil′ə-ti), *n.* (۱) لەوانەبوون؛ بۆ هەبوون؛ پێ تێ چوون؛ شیان. (۲) شتێکی پێ تێ چوو؛ شتێکە کە لەوانەیە ببێ.
in all probability, زۆر لەوانەیە؛ زۆر پێی تێ دەچێ.
probable (prob′ə-b'l), *adj.* (۱) لەوانەیە؛ پێی تێ دەچێ؛ بۆی هەیە ڕووبدات؛ ڕەنگە. (۲) دەشێ؛ دەگونجێ؛ بۆی هەیە بکرێ بە بەڵگە؛ شیاو: *(~ evidence)*.
probable cause, هۆی بەجێ بۆ بە تاوانبار دانانی گومانبارێک (دادگەری).
probably (prob′ə-bli), *adv.* لەوانەیە؛ بۆی هەیە؛ دەگونجێ؛ ڕەنگە
probang (prō′baŋ), *n.* قوڕگ پاکەرەوە: شیشێکی نەرمی باریکە سەرەکەی ئیسفەنج یا لۆکەی پێوەیە بۆ شت لە قوڕگ لابردن یا دەرمان کردنی بەکاردەهێنرێ.
probate (prō′bāt), *n.* سەلماندنی ڕاستی وەسیەتنامەی مردوویەک لە دادگادا.
adj. تایبەتی بە سەلماندنی دڕووستی وەسیەتنامەی مردوویەک لە دادگادا: *(a ~ judge)*
v.t. (۱) سەلماندنی دڕووستی وەسیەتنامەی مردوویەک لە دادگادا. (۲) وەستاندنی سزای تاوانبارێکی مەترسی لێ نەکراو و خستنێیە ژێر چاودێریەوە لەباتی بەندیخانە.
probate court, دادگای سەلماندنی دڕووستی وەسیەتنامە (هەندێ جار دابەشکردنی زەوی‌وزارو خانو و مالی میراتی).
probation (prō-bā′shən), *n.* (۱) تاقیکردنەوەی لێهاتوویی کەسێک پێش دانانی لەسەر کار. (۲) وەستاندنی سزای تاوانبارێک‌و خستنەیە ژێر چاودێریەوە لەباتی بەندیخانە. (۳) ماوەی مۆڵەتدان بە قوتابیەک بۆ بەرزکردنەوەی نمرەکانی لەژێر چاودێریدا. (٤) باری کەسێکە لەژێر چاودێری وەهادا.
-probational *(adj.)*; **probationary** *(adj.)*.
probationer (prō-bā′shən-ēr), *n.* کەسێکی ژێر چاودێری (ووشەی پێشوو ببینە).
probation officer, ئەفسەری چاودێر: فەرمانبەرێکە دادگا دایدەنێ بۆ چاودێری کردنی ئەو تاوانبارانەی سزاکەیان وەستێنراوە‌و بەرەڵا کراون.
probative (prō′bə-tiv, prob′ə-tiv), *adj.* (۱) هی تاقیکردنەوە؛ تاقیکەرەوە. (۲) سەلمێنەر؛ بەڵگە پیشاندەر؛ تایبەتی بە بەڵگە پیشاندان‌و سەلماندن.
probatory (prō′bə-tôr′i, prō′bə-tō′ri), *adj.* = probative.
probe (prōb), *n.* (۱) نامێرێکی پشکنین؛ نامێرێکی پزیشکی باریکی کولە بۆ پشکنینی برین‌و بۆشایی لەش. (۲) کەشتیەکی هەوایی بە دەهاوێژرێتە بۆشایی ئاسمان بۆ کۆکردنەوەی دەنگوباسی زانیاری لەبارەی بۆشایی دەوروپشتی زەوی‌یەوە (پێشی دەووترێ: **space probe**).
(۲) لێکۆڵینەوەی وورد لە کاری چەوت‌و قەدەغە (بەتایبەتی لەلایەن کۆمیتەیەکی پەرلەمانەوە).
v.t. (۱) پشکنینی برین (وەک گەران بۆ گوللەیەکی جێگیربوو لەناو لەشدا) (۲) لێکۆڵینەوە بەووردی.
v.i. (~ into). پشکنین؛ بۆ گەران؛ لێکۆڵینەوە.
probity (prō′bə-ti, prob′ə-ti), *n.* سەرڕاستی؛ بێ پێچ‌وپەنایی؛ پاکی.
problem (prob′ləm), *n.* (۱) کێشە؛ گیروگرفت؛ دەردەسەری؛ تەنگوچەڵەمە؛ گێچەڵ؛ تەگەرە؛ ناخۆشی؛ مەسەلەی باسکراو. (۲) کێشە (ژمارەوپێوان): *(a mathematical ~)*.
adj. (۱) گیروگرفتاوی؛ کێشەدار: *(a ~ novel)*. (۲) سەرکێش؛ لاسار؛ بە ئاسانی ڕانەهاتوو: *(a ~ child)*.
problematical (prob′lə-mat′i-k'l), *adj.* (۱) گیروگرفتاوی؛ بە ئاسانی چارەسەر ناکرێ. (۲) گومانماوی؛ نامسۆگەر؛ ئەگەرونەگەری.
proboscidian (prō′bə-sid′i-ən), *adj.* تایبەتی بە گیاندارە لمۆزدارەکان (وەک فیل)؛ لمۆزدار.
n. گیانداری لمۆزدار.
proboscis (prō-bos′is), *n.* (۱) لمۆزی فیل. (۲) لمۆزی جانەوەر (بۆ مژین). (۳) لووتی زل (لەپووی گالتەوە)
procaine (prō-kān′, prō′kān), *n.* پرۆکایین: ماددەیەکە لە دەرمانی بەنج دا بەکاردەهێنرێ.
procambium (prō-kam′bi-əm), *n.* ئەو شانانەی پووەکن کە شانەی دارین‌و ئاوگ بەریان لێ دروست دەبێت.
procedural (prə-sē′jēr-əl, prō-sē′jēr-əl), *adj.* تایبەتی بە پەیڕەوی جێبەجێکردنی کاروباری پەرلەمان یا دادگا یا کۆڕێک.
procedure (prə-sē′jēr, prō-sē′jēr), *n.* (۱) شێوەی کردن؛ پەیڕەو؛ شێوەی جێبەجێکردنی کارێک. (۲) ڕێبازی کردنی شتێک. (۳) شێوەو پەیڕەوی جێبەجێکردنی کاروباری پەرلەمان، دادگا یا کۆڕێک.
proceed (prə-sēd′, prō-sēd′), *v.i.* (۱) بەردەوام بوون پاش وەستان؛ دەستپێکردنەوە: *(We then ~ed to the next town.)*. (۲) دەستکردنەوە بە قسەکردن پاش وەستان؛ تێهەڵچوونەوە. (۳) کردن؛ لەسەر پۆیشتن؛ بەردەوام بوون لەسەر؛ دەستپێکردن: *(He ~ed to eat his dinner.)*
(٤) (~ against)، شکات لێکردن؛ دان بە دادگا.
(٥) لێوە پەیدابوون؛ لێوەهاتن.
proceeding (prə-sēd′iŋ, prō-sēd′iŋ), *n.* (۱) بەردەوام بوون لەسەر؛ لەسەر پۆیشتن. (۲) کردار؛ کار. (۳) ڕێباز؛ ڕێ. (٤) *(pl.)*، سەرداگەری؛ سەودا؛ ئاڵووێر. (٥) *(pl.)*، تۆمارنامەی کۆڕی ڕێکخراوێکی زانستی یا هی تر. (٦) (ا) *(pl.)*، شکات. (ب) شکات کردن.
proceeds (prō′sēdz), *n.pl.* داهات؛ بەرهەم (سەرداگەری، چالاکی)؛ دەسکەوتی ئاڵووێر: *(The ~ from the sale of the house will be devoted to charity.)*
procephalic (prō′sə-fal′ik), *adj.* هی پێشەوەی سەر؛ ئاوچەوانی.
process (pros′es), *n.* (۱) ڕێباز؛ شێوەی جێبەجێکردنی کارێک؛ پرۆسە؛ ڕەوتی کار؛ پەیڕەوی هێنانە بەرهەمی شتێک. (۲) هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی کارێک؛ هەنگاو یا قۆناغەکانی پێدا ڕۆیشتنی کردارێک بۆ تەواوبوونی: *(the ~ of digestion)*. (۳) کات تێپەڕبوون یا بەسەرچوون. (٤) بەردەوامی؛ پێشکەوتن؛ بزووان. (٥) (ا) شکات. (ب) فەرمانی دادگا بۆ بانگ کردنی گومانبار بۆ دادگا (ج) سەرجەمی ئەم فەرمانی بانگ کردنانە دەربارەی داواکاریەک.

(٦) زیاده نیسقان؛ زیاده گۆشت؛ نەندام یا پارچەی نەندامی زیادەی گیاندارو بووەك

v.t. (١) بە ڕێنمایکی تایبەتیدا بردن.
(٢) ئامادەکردن بە دەستکاری کردنو گۆڕینو بردن بە چەند هەنگاوێکی تایبەتیدا؛ خۆشکردن (پێستە، خواردەمەنی). *(to ~ food)*.
(٣) شکات لێکردن؛ دان بە دادگا.
(٤) فەرمان پێکردن بۆ چوونە دادگا؛ بانگ کردن بۆ دادگا.

adj. . *(~ cheese)* بەشێوەیەکی تایبەتی ئامادەکراو؛ خۆشکراو؛ ئامادەکراو.

in (the) process of, (١) وا دروست دەکرێ؛ لە ئامادەکردندایە.
(٢) لە کاتی.

process (pros′es), *v.i.* لە نمایشدا بوون؛ لە خۆپیشاندانداً بەشداری کردن

procession (prə-sesh′ən, prō-sesh′ən), *n.* (١) ڕێ ڕۆیشتن؛ بۆ پێشەوە ڕۆیشتن؛ ڕۆیشتنی ڕێك‌وپێك.
(٢) نمایش؛ گەڵەڕەوت؛ خۆپیشاندان. *(a funeral ~)*.
(٣) زنجیرە.

v.i. بەشدارەوونی ڕێ ڕۆیشتن.

processional (prə-sesh′ən-′l, prō-sesh′ən-′l), *adj.* -(١) نمایشی. (٢) تایبەت بە گۆرانی ووتن بە ئاوازەوە (خاچ پەرستی).

n. (١) پەرتووکی نمایشی کڵێسە. (٢) سروودێکی ئاینی یا گۆرانییەکە لە کاتی هاتنەژوورەوەی قەشەکاندا بۆ کڵێسە لەپێش نوێژدا دەووترا.
(٣) ئاوازو مۆسیقای نمایش یا ئاهەنگێکی ئاینی... هتد.

process server, پۆلیسی یاگەیەنەری فەرمانی دادگا بەو کەسانەی کە بانگ دەکرێن بۆ دادگا (گومانبار یا شایەت).

proclaim (prō-klām′), *v.t.* (١) بانگ بۆ هەڵدان؛ جار بۆ دان *(They ~ed her queen.)*
(٢) قەدەغەکردن بە بڵاوکراوە.
(٣) بڵاوکردنەوە؛ بانگ هەڵدان؛ جاردان.
(٤) نیشانەی نەوە بوون؛ واگەیاندن؛ پیشاندان: *(Her every act ~ed her a snob.)*

proclamation (prok′lə-mā′shən), *n.* (١) بڵاوکردنەوە؛ بانگ هەڵدان؛ جاردان. (٢) بڵاوکراوە (بەتایبەتی ئەو میری یا پەسمی)؛ جار: *(the ~ of independence)*

proclivity (prō-kliv′ə-ti), *n.* ئارەزوو (بەتایبەتی بۆ کردەوەو خووی ناپەسەند)؛ حەزی زگماکی؛ مەیلی سرووشتی: *(a ~ to vice)*.

proconsul (prō-kon′s′l), *n.* (١) فەرماندەی لەشکرو بەڕێوەبەری ناوچەیەکی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی. (٢) فەرمانڕەوای ئینگلیز لە یەکێك لە وڵاتە ژێردەستەکانی ئینگلتەرە.

-proconsular *(adj.)*.

proconsulate (prō-kon′s′l-it, prō-kon′syoo-lit), *n.* ماوەی کاربەدەستی و پلەوپایەی فەرماندەی ڕۆمانی.

procrastinate (prō-kras′tə-nāt′), *v.i.* دواخستن؛ کەمتەرخەمی کردن؛ خستنە پشت گوێ؛ بە قنگدا خستن.

v.t. شت دواخستن؛ شت خستنە پشت گوێ؛ کەمتەرخەمی کردن.

procrastination (prō-kras′tə-nā′shən), *n.* کەمتەرخەمی؛ شت خستنە پشت گوێ؛ بە قنگدا خستن.

procrastinator (prō-kras′tə-nā′tēr), *n.* کەمتەرخەم؛ کار لە کاتی خۆیدا نەکەر.

procreant (prō′kri-ənt), *adj.* (١) منداڵی دەبێ؛ بەبەر؛ سك دەکات.
(٢) تایبەتی بە زاوزێ؛ هی سك‌وزا کردن.

procreate (prō′kri-āt′), *v.t.* (١) منداڵبوون؛ زاوزێ کردن؛ سك‌وزا کردن. (٢) هێنانە بەر؛ دروستکردن؛ هێنانە جیهانەوە.

v.i. منداڵبوون؛ زاوزێ کردن؛ سك‌وزا کردن.

-procreator *(n.)*.

procreation (prō′kri-ā′shən), *n.* منداڵبوون؛ زاوزێ کردن؛ سك‌وزا کردن؛ هێنانە جیهانەوە.

procreative (prō′kri-ā′tiv), *adj.* (١) منداڵی دەبێ؛ بەبەر؛ سك دەکات. (٢) زاوزێیی؛ تایبەتی بە سك‌وزا کردن: *(~ instinct)*

procto- (prok′tō, prok′tə), *(proctology)* پێشکێنکە بەمانای: کۆم؛ قنگ:

proctology (prok-tol′ə-ji), *n.* پزیشکەوانی کۆم.

proctor (prok′tēr), *n.* چاودێر (تاقیکردنەوەی قوتابخانەو خانەی قوتابیان یا بەشی ناوخۆ).

v.t. چاودێری کردنی تاقیکردنەوە: *(to ~ an examination)*

-proctorial *(adj.)*; **proctorship** *(n.)*.

proctoscope (prok′tə-skōp′), *n.* ئامێری تێڕوانینی کۆم (پزیشکەوانی).

procumbent (prō-kum′bənt), *adj.* (١) بەسەر دەمدا پاڵ کەوتوو.
(٢) تەرز فرێدەر بەسەر زەویدا؛ بەسەر زەویدا کشان (ڕووەك).

procurable (prō-kyoo′rə-b′l), *adj.* بەئاسانی دەسکەوتوو.

procuration (prok′yoo-rā′shən), *n.* (١) بەجێهێنانی کاروباری کەسێکی تر. (٢) بڕیارنامە؛ وەکالەتنامە.
(٣) بۆ هێنان (نافرەتی سووك)؛ بۆ پەیداکردن.

procurator (prok′yoo-rā′tēr), *n.* (١) بەڕێوەبەری دارایی ناوچەیەکی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی. (٢) بڕیکار؛ وەکیل.

procure (prō-kyoor′), *v.t.* (١) پەیداکردن؛ دەسکەوتن: *(He ~d work.)*
(٢) [Rare]، بوون بە هۆ.
(٣) گەوادی بۆ کردن؛ نافرەت بۆ هێنان.

v.i. گەوادی کردن؛ نافرەت بۆ پەیداکردن یا هێنان.

procurement (prō-kyoor′mənt), *n.* (١) پەیداکردن؛ دەسکەوتن. (٢) نافرەت بۆ هێنان؛ گەوادی بۆ کردن.

procurer (prō-kyoor′ēr), *n.* (١) پەیداکەر. (٢) گەواد.

procuress (prō-kyoor′is), *n.* گەواد (ژن).

prod (prod), *n.* (١) نەقیزە.
(٢) نەقیزە تێوەژەندن؛ تێوەژەندن؛ هان؛ پاڵ.

v.t. (١) نەقیزە تێوەژەندن؛ تێوەژەندن. (٢) هاندان؛ پاڵ پێوەنان.

-prodder *(n.)*.

prodigal (prod′i-g′l), *adj.* (١) پارە بەفیڕۆدەر؛ پارە لەبەرددەر.
(٢) دەستبڵاو؛ بەخشندە؛ دڵ فراوان؛ بەدەم. (٣) زۆروزەبەند؛ فرە؛ مشە.

n. کەسێکی پارە بەفیڕۆدەر؛ کەسێکی پارە لەبەرددەر.

prodigality (prod′i-gal′ə-ti), *n.* (١) پارە بەفیڕۆدان؛ بەفیڕۆدان. (٢) بەخشندەیی؛ دەستبڵاوی؛ دڵ فراوانی.
(٣) زۆروزەبەندیی؛ فرەیی؛ مشەیی.

prodigious (prə-dij′əs), *adj.* (١) زۆر زل؛ زۆر گەورە.
(٢) نائاسایی؛ سەرسوڕمێنەر. (٣) [Obs.]، بەدووم؛ نیشانەی نەهاتە.

prodigy (prod′ə-ji), *n.* (١) ڕووداوێکی نائاسایی یا لە سەروشت بەدەر؛ شتێکی سەرسوڕمێنەر. (٢) کەسێکی بلیمەت (بەتایبەتی منداڵ)؛ کەسێکی هەڵکەوتوو: *(a child ~)*.
(٣) [Archaic]، نیشانەی بەدووەی.

prodrome (prō′drōm), *n.* یەکەم نیشانەی نەخۆشی.

-prodromal *(adj.)*.

produce (prə-dōōs′, prə-dūs′), *v.t.* (١) دەرهێنان؛ دەرخستنو پێدان بۆ سەیرکردن: *(At the police officer's request he ~d his driver's license.)*
(٢) بەرهەم هێنان؛ بەرگرتن: *(This field ~s wheat.; a well that ~s oil)*
(٣) دروستکردن؛ پێکهێنان.
(٤) بوون بە هۆ؛ پەیدا بوون: *(His remarks ~d a flood of rumors.)*

(٥) ئامادەکردن و پیشاندان (فیلم، شانۆگەری)؛ دەرکردن؛ دەرهێنان:
(to ~ a film, play, etc.)

v.i. (١) بەرهەم هێنان؛ بەرگرتن. (٢) دروستکردن؛ پێکهێنان.

n. بەروبوومی کشتوکاڵی؛ سەرزەو میوەو دانەوێڵە (کە لە فرۆشگادا دەفرۆشرێ).

producer (prə-dōōs′ēr, prə-dūs′ēr), *n.* (١) بەرهەمهێنەر (بەروبوومی کشتوکاڵی، شتی دروستکراو... هتد). (٢) فرنی گازی سووتەمەنی دروستکەر (لە خەڵوز). (٣) دەرهێنەری فیلم و شانۆگەری؛ دەرهێنەر.

producer gas, گازی سووتەمەنی لە خەڵووز دروستکراو.

producer goods, producers' goods, شتومەکی بەرهەمهێن: کەرەستەی خاو و مەکینەی بەکارهێنراو بۆ دروستکردنی فرۆتەنی.

producible (prə-dōōs′ə-b'l, prə-dūs′ə-b'l), *adj.* بە بەرهەم دەهێنرێ؛ پەیدا دەکرێ.

product (prod′əkt), *n.* (١) بەرهەم؛ بەروبوم؛ شتی دروستکراو. (٢) ئەنجام: *(War is a ~ of greed.)*. (٣) مادەیەکی پەیدابوو لە ئەنجامی گۆڕانێکی کیمیایی‌یەوە. (٤) ئەنجامی لێکدان (ژمارەوپێوان).

production (prə-duk′shən), *n.* (١) هێنانە بەرهەم؛ هاتنە بەرهەم. (٢) هێنانە بەرهەمی فرۆتەنی. (٣) بەرهەم. (٤) سەرجەمی بەرهەم؛ سەرجەمی شتومەکی دروستکراو. (٥) شانۆگەری‌یەکی پێشکەش کراو لەسەر شانۆ؛ نواندنی شانۆگەری‌یەک.

productive (prə-duk′tiv), *adj.* (١) بەبێت؛ بەبڕشت: *(a ~ farm)*. (٢) بە بەرهەم؛ بەرهەمدار: *(a ~ week)*. (٣) (~ of): دەبێتە هۆی؛ لێ پەیدابوو: *(Waste is ~ of many evils.)*. (٤) بەرهەمهێنەری فرۆتەنی.

-productively *(adv.)*; **productiveness** *(n.)*.

productivity (prō′duk-tiv′ə-ti), *n.* بەبەروبوومی؛ بەپیتی؛ بەبەرهەمی؛ بەبڕشتی.

proem (prō′em), *n.* پێشەکی یا سەرەتایەکی کورت.

prof (prof), *n.* = professor.

profanation (prof′ə-nā′shən), *n.* پیس کردن (شوێنی ئایینی و پیرۆز)

profane (prə-fān′, prō-fān′), *adj.* (١) نائایینی؛ جیهانی: *(~ history, literature, art, writer, etc.)* (٢) کافر؛ خوانەناس؛ بێ ئاین؛ زمان پیس؛ بەدگو. (٣) پیس؛ ناشرین (کردەوە، زمان): *(~ language)*. (٤) ناپیرۆز؛ پیرۆز نەکراو

v.t. (١) پیس کردن (شوێنی ئایینی و پیرۆز). (٢) بۆ مەبەستی نزم و پیس بەکارهێنان؛ بە خراپانە بەکارهێنان؛ پیس کردن.

-profanatory *(adj.)*; **profanely** *(adv.)*; **profaneness** *(n.)*.

profanity (prə-fan′ə-ti, prō-fan′ə-ti), *n.* (١) کافری؛ بێ ئایینی. (٢) زمان پیسی؛ کفر؛ جوێن؛ بەدگۆیی.

profess (prə-fes′), *v.t.* (١) بەناشکرا ووتن؛ دان پیانان؛ بانگ هەڵدان. (٢) بە درۆ واپیشاندان؛ بە درۆ ووتن: *(She ~ed a gratitude she did not feel.)* (٣) پیشەگەری کردن؛ کردن: *(to ~ medicine, law, etc.)*. (٤) بڕوا پێ هێنان بە ناشکرا: *(to ~ Christianity, Islam, etc.)*. (٥) وەرگرتن بە ئەندامی پەرستگا.

v.i. (١) بەناشکرا ووتن؛ دان پیانان. (٢) بوون بە ئەندامی پەرستگایەک؛ خۆ تەرخان کردن بۆ خواپەرستی.

professed (prə-fest′), *adj.* (١) بەناشکرا دان پیانراو؛ بە دەمی خۆی ووتوویەتی: *(a ~ infidel; a ~ opponent of progress)* (٢) بە درۆ؛ هەر بەناو؛ درۆزنە: *(a ~ friend)*. (٣) خۆ تەرخان کردوو بۆ خواپەرستی: *(a ~ man)*.

professedly (prə-fes′id-li), *adv.* (١) بەناشکرا؛ بە دەمی خۆ. (٢) بەناو؛ بە درۆ؛ بە سەرزاری؛ بە ڕووالەت.

profession (prə-fesh′ən), *n.* (١) بانگ هەڵدان بە ڕاست یا بە درۆ؛ وا ووتن؛ وا پیشاندان؛ دان پیانان: *(a ~ of faith)*. (٢) (ا) بڕوا پێ هێنان بەناشکرا بە ئایینێک. (ب) ئایینی بڕواپێکراو؛ بڕوا. (٣) پیشە؛ پیشەگەری؛ نیش‌وکار؛ کار؛ پیشەیەکە کە پێویست بە خوێندنی بەرز بکات (وەک پزیشکەوانی، پارێزەری، ئەندازیاری، مامۆستایی... هتد). (٤) پیشەگەرانی پیشەیەک. (٥) خۆ تەرخان کردن بۆ خواپەرستی.

professional (prə-fesh′ən-'l), *adj.* (١) شایستەی پیشەگەرە؛ پیشەوەر؛ تایبەتی بە پیشەگەری. (٢) بۆ پارە کراو؛ کراو بە پیشە (نەک بۆ خۆشی): *(a ~ writer)*. (٣) هی پیشەگەران؛ ئەوانەی مەبەستیان پارەیە نەک ڕابواردن: *(~ sports)*. (٤) بزان؛ شارەزای ڕشتەی خۆی؛ پیشەوەر؛ پیشەزان: *(a ~ politician)*.

n. (١) پیشەوەر؛ پیشەگەر. (٢) کەسێکە کە شتی ڕابواردن دەکات بە پیشە (وەرزشکاری مووچەخۆر). (٣) پیشەوەرێکی شارەزا یا لێهاتوو؛ کەسێکی دەستبالاّ لە پیشەیەکدا: *(a true ~)*

professionalism (prə-fesh′ən-'l-iz′m), *n.* (١) پیشەگەرێتی؛ لێهاتوویی و شارەزایی لە پیشەی خۆدا؛ گیانی پیشەگەرێتی؛ بە جوانی و ڕێکوپێکی و ووردی و لێهاتوویی ئیشوکاری خۆ کردن: *(He impressed me with his ~ .)* (٢) بەکارهێنانی وەرزشکاری مووچەخۆر لە وەرزشدا؛ کردنی شتێک بە پیشەو بۆ پارە کە بەناو هەر بۆ ڕابواردن دەکرێ.

professor (prə-fes′ēr), *n.* (١) بانگ هەڵدەر بۆ هەست و نەست و بیروباوەڕی خۆ. (٢) مامۆستای زانکۆ یا دانشگا؛ پرۆفیسۆر.

professorate (prə-fes′ēr-it), *n.* پلەوپایەو ماوەی کارکردنی مامۆستا؛ مامۆستایەتی زانکۆ.

professorial (prō′fə-sôr′i-əl, prof′ə-sō′ri-əl), *adj.* تایبەت یا شایستە بە مامۆستای زانکۆ؛ مامۆستایی؛ مامۆستایانە؛ لە مامۆستا چوو *(his ~ demeanor)*

professorship (prə-fes′ēr-ship′), *n.* پلەوپایەی مامۆستای زانکۆ؛ مامۆستایەتی؛ ئەرک و کاری پرۆفیسۆر.

proffer (prof′ēr), *v.t.* پێشکەش کردن: *(to ~ friendship)*.

n. پێشکەش؛ شتی پێشکەش کراو.

proficiency (prə-fish′ən-si), *n.* شارەزایی؛ کارامەیی؛ زانین: *(~ in English)*

proficient (prə-fish′ənt), *adj.* شارەزا؛ کارامە؛ بزان: *(He is ~ in driving a car, two foreign languages, etc.)*

n. کەسێکی شارەزا یا کارامە.

profile (prō′fīl), *n.* (١) لایەکی دەموچاو؛ لاڕوو. (٢) وێنەی لایەکی دەموچاو. (٣) چێوە؛ چوارچێوەی شتێکە: *(the ~ of a distant hill)*. (٤) کورتەی ژیان؛ پوختەی ژیاننامە؛ وێنەی ڕوونکردنەوەی ژیان.

v.t. (١) وێنەی لایەکی دەموچاو کێشان. (٢) پوختەی ژیاننامە نووسین؛ نووسینی کورتەی ژیانی کەسێک.

profit (prof′it), *n.* (١) سوود؛ کەڵک؛ بەروبووم. (٢) قازانج.

v.i. (١) بەسوود بوون؛ بەکەڵک بوون. (٢) سوود لێ وەرگرتن؛ قازانج لێکردن.

v.t. سوود پێ گەیاندن؛ قازانج پێ گەیاندن: *(It ~ed him nothing.)*.

profitable (prof′it-ə-b'l), *adj.* بەسوود؛ بەکەڵک؛ سوودبەخش: *(a ~ business; ~ advice)*

-profitability; profitableness *(n.)*.

profitably (prof′it-ə-bli), *adv.* بەشێوەیەک کە سوودی لێ

وەربگیرێ

profit and loss, لێکدانەوەی قازانج‌و زیان (دەفتەرگری).

pyre (pīr), *n.* (١) کەڵەکەداری لاشەی مردوو لەسەر سووتان (بەپێی نەریتی ئایینی). (٢) کەڵەکەدار یا سووتەمەنی.

pyrene (pī′rēn), *n.* دەنکی میوەی وەک سێوو هەرمێ.

pyrethrum (pī-rē′thrəm), *n.* (١) ڕووەکێکە لە توخمی گوڵە داوودی. (٢) تۆزی مێرووکوژ.

pyretic (pī-ret′ik), *adj.* (١) تا تووشکەر؛ تایبەتی بە نەخۆشی تا. (٢) تای هەیە؛ تادار.

pyretology (pir′ə-tol′ə-gi, pī′rə-tol′ə-ji), *n.* تاناسی؛ پزیشکەوانی تا.

pyrex (pī′reks), *n.* دەفرێکی شووشەیی چێشت لێنانە بەرهەڵستی گەرمی دەکات.

pyrexia (pī-rek′si-ə), *n.* [l.], = fever.

pyrexial (pī-rek′si-əl), *adj. Also* pyrexic, تادار؛ تای هەیە.

pyrheliometer (pīr-hē′li-om′ə-tēr), *n.* پێوەری گەرمی تیشکی خۆر.

pyridine (pir′ə-dēn′, pir′ə-din), *n. Also* pyridin, پیریدین: شلەیەکی زوو بسووتێ بێ ڕەنگ یا زەردی کاڵە لە قەترانی خەڵوزدا هەیە.

pyriform (pir′ə-fôrm′), *adj.* هەرمێیی؛ شێوە هەرمێیی.

pyrite (pī′rīt), *n.* پایرایت: کانزایەکی زەردە لە گۆگردو ئاسن پێکدێت.

pyrites (pə-rī′tēz, pī-rī′tēz, pī′rīts), *n.* ئاوێنەی جۆراوجۆری گۆگردو ئاسن.

pyro- (pī′rō, pī′rə), *(pyromania)* پێشگرێکە بەمانای: (١) ئاگر؛ گەرمی؛ گەرما. (ب) لە گەرمێیەوە پەیدابووە؛ بە گەرما دروست بووە.

pyrochemical (pī′rə-kem′i-k'l), *adj.* تایبەتی بە کارتێکردنی کیمیایی لە گەرمای زۆردا.

pyrogenic (pī′rə-jen′ik), *adj.* (١) ئاگرین؛ بە ئاگر یا گەرما دروست بوو؛ گەرما ئ پەیدابوو. (٢) تا تووشکەر؛ لە تاوە تووش دەبێت (٣) ئاگرین؛ بە ئاگرپژێن دروست بوو (زەمینناسی).

pyrogenous (pī-roj′ə-nəs), *adj.* = pyrogenic.

pyrography (pī-rog′rə-fi), *n.* (١) کلێشە یا نەقش هەڵکەندن لەسەر تەختەدارو قایش بە شیشی سوورەوەکراو. (٢) کلێشە یا نەقشی هەڵکەنراو بەم جۆرە

-pyrographer *(n.)*; **pyrographic** *(adj.).*

pyrolysis (pī-rol′ə-sis), *n.* شیبوونەوەی کیمیایی بە گەرما.

pyrolize (pī-rol′īz′), *v.t.* شیکردنەوەی کیمیایی بە گەرما.

pyromagnetic (pī′rō-mag-net′ik), *adj.* بە کارتێکردنی گەرما و موگناتیس پووان.

pyromancy (pī′rə-man′si), *n.* پێشبینی دواڕۆژ بەهۆی گڕی ئاگرەوە (جادووگەری).

pyromania (pī′rə-mā′ni-ə), *n.* شێتی ئاگر بەردانەوە؛ خولیای ئاگر نانەوە؛ زۆر حەز لە ئاگر نانەوە کردن.

pyromaniac (pī′rə-mā′ni-ak′), *n.* *Also* pyromaniacal, کەسێکە شێتی ئاگر نانەوە بێت؛ زۆر حەزکەر لە ئاگر بەردانەوە.

adj. شێتی ئاگر بەردانەوەیە؛ خولیای ئاگر نانەوەیە.

pyrometer (pī-rom′ə-tēr), *n.* گەرمی پێوی پێوانی پلەی گەرمی زۆر بەرز (وەک هی تەنووری دەستکرد).

pyrometry (pī-rom′ə-tri), *n.* زانستی پێوانی پلەی گەرمی زۆر بەرز (فیزیا).

-pyrometric *(adj.)*; **pyrometrical** *(adj.).*

pyrope (pī′rōp), *n.* چەند جۆرە گەرهەرێکی سوور یا ڕەشە.

pyrophobia (pī′rə-fō′bi-ə), *n.* ترسی ئاگر.

pyrophoric (pī′rə-fôr′ik, pī′rə-for′ik), *adj.* لەخۆیەوە گڕ دەگرێ نەگەر هەوای بەرکەوێ.

pyrosis (pī-rō′sis), *n.* heartburn.

pyrostat (pī′rə-stat′), *n.* پیرۆستات: (١) زەنگی ئاگر: ئامێری وریاکردنەوە لە ئاگر بەربوونەوەدا (ب) ئامێری ڕێکخستنی گەرمی (بۆ پلەی گەرمی بەرز)

pyrotechnic (pī′rə-tek′nik), *adj.* (١) تایبەت بە فیشەکە شێتە. (٢) ئاگری شەوقدەرەوە: بریقەدار: دڵفڕێن: هەست ووروژێن: *(~ wit)* .

-pyrotechnical *(adj.)*; **pyrotechnically** *(adv.)*.

pyrotechnics (pī′rə-tek′niks), *n.pl.* (١) فیشەکە شێتە دروستکردن و بەکارهێنان (٢) نووساندن یا پیشاندانێکی فیشەکە شێتە. (٣) زیرەکی، قسەخۆشی، یا زمانپاراوی نواندن

-pyrotechnist *(n.)*.

pyrotechny (pī′rə-tek′nī), *n.* فیشەکە شێتە دروستکردن و بەکارهێنان

pyroxene (pī′rok-sēn′), *n.* پیرۆکسین: سلیکاتی مەگنیسیۆمی جۆراوجۆر کە لە بەردی ئاگرپژێنیدا هەیە

pyrrhic (pir′ik), *n.* سەمایەکی جەنگی کۆنی یۆنانە

pyrrhic (pir′ik), *n.* دوو برگەی کورت یا هێز لەسەر نەبووی تەنیشت یەک (هۆنراوە ڕێنکخستن)

adj. تایبەتی بە دوو برگەی وەها.

Pyrrhic victory, سەرکەوتنێکە کە لەدوای کوشتارێکی نێجگار زۆرەوە دێتە دی.

Pythagorean (pi-thag′ə-rē′ən), *adj.* فیساگۆرسی: تایبەتی بە بیروڕا و فەلسەفەی زانا و فەیلەسوفی یۆنانی " فیساگۆرس " .

n. فیساگۆرسی: قوتابی فیساگۆرس.

Python (pī′thon), *n.* (١) نەژدیهایەکی زۆر گەورە (نەفسانەی یۆنانی) (٢) پایسۆن: جۆرە مارێکی زۆر گەورەی ناژەهراوییە خۆی دەپێچێ لە نێچیرەکەیەوە و دەیجەرێنێ و دەیکوژێت.

pythoness (pī′thə-nis), *n.* (١) ژنە سۆفی پەرستگای " ئەپۆلۆ " لە " دیلفی " لە یۆنان. (٢) ژنە سۆفی: ژنە فاڵچی

pythonic (pī-thon′ik), *adj.* فاڵگری: پێشبینی دواڕۆژ.

pythonic (pī-thon′ik), *adj.* وەک مارێ " پایسۆن " .


pyuria (pī-yoor′i-ə), *n.* کێم پەیدابوون لە میزدا.

pyx (piks), *n.* (١) دەفری نانە ڕەقەی شێوی خودایی (کڵێسەی کاسۆلیکی) (٢) سندووقێکە لە سکەخانەی ئینگلتەرەدا نموونەی پارەی تێدا هەڵدەگیرێ بۆ تاقیکردنەوە دژی ساختە

pyxidium (pik-sid′i-əm), *n.* کەلوپەلی قەپاغدارە کە قەپاغەکەی لێ بووەوە تۆزەکەی ناوی بەرەڵا دەبێ (ڕووەکناسی)

pyxie (pik′si), *n.* ڕووەکێکی خۆهەڵواسەری ئەمەریکییە.

pyxis (pik′sis), *n.* (١) قوتوو: سندوقی بچووک. (٢) pyxidium .



Q, q (kū), *n.* (۱) تیپی حەفدەهەمی ئەلفوبێی ئینگلیزیيە. (۲) دەنگی نەم تیپە " کیو ".

(۳) (ا) قاڵبی نەم تیپە (ب) نەم تیپە بە چاپکراوی یا هەڵکەنراوی.

(٤) نیشانەی حەفدەهەم لە ڕیزبەندا؛ حەفدەهەم؛ حەفدەهەمین.

adj. (۱) تایبەتی بەم تیپە. (۲) حەفدەهەم؛ حەفدەهەمین.

Q (kū), *n.* (۱) شتێکە لە شێوەی تیپی " Q " یا " q " دا. (۲) ژمارە (٥٠٠)ی ڕۆمانی

qua (kwā, kwä), *adv.* وەک: *(He will testify ~ official.)*

quack (kwak), *v.i.* (۱) واقوراق کردن وەک مراوی. (۲) قسەی هیچوپووچ کردن.

n. واقواقی مراوی

quack (kwak), *n.* (۱) پزیشکی ساختە؛ پزیشکی درۆ. (۲) ژانای ساختە؛ ساختەچی؛ ساختە نوێن.

adj. ساختەچی (پزیشک)؛ ساختە (دەرمان).

v.i. ساختەچێتی کردن (بەتایبەتی لە پزیشکەوانیدا)؛ بە درۆ شت بردنە سەر.

quackery (kwak′ĕr-i), *n.* پزیشکەوانی ساختە یا درۆ؛ ساختەچێتی (بەتایبەتی لە پزیشکەوانیدا).

quackish (kwak′ish), *adj.* (۱) وەک پزیشکی ساختەچی؛ ساختە؛ درۆ. (۲) حەسوودینەر؛ خۆفشکەرەوە؛ گەزاف لێدەر.

quack-salver (kwak′sal′vĕr), *n.* = a quack.

quad (kwäd), *n.* [Colloq.], گۆزەپانی بە خانوو دەورەدراوی خوێندنگا.

quad (kwäd), *n.* [Colloq.], = quadrangle.

quad (kwäd), *n.* [Colloq.], = quadruped.

quad (kwäd), *n.* = quadrat.

quadrangle (kwäd′raŋ′g'l), *n.* (۱) چوارگۆشە (نەندازە) (۲) شوێنێکی چوارگۆشەیی چواردەور گیراو بە خانوو. (۳) خانووەکانی چواردەوری نەم شوێنە.

quadrangular (kwäd-raŋ′gyoo-lĕr), *adj.* چوارگۆشەیی

quadrant (kwäd′rənt), *n.* (۱) چارەکە بازنە؛ چارەکی بازنەیەک. (۲) ئامێرێکی چارەکە بازنەییە بۆ بەرزی پێوان (کەشتیوانی، ئەستێرەوانی).

-quadrantal *(adj.).*

quadrat (kwäd′rät), *n. Also* quad, پەڕەکێکی کانزاییە بۆشایی نێوان ووشەکانی پێ ڕێک دەخرێت (چاپەمەنی).

quadrate (kwäd′rāt), *adj.* (۱) چوارگۆشە؛ لاکێشە. (۲) هی نێسکە چوارگۆشە

(۱) چوارگۆشە؛ لاکێشە (۲) نێسکە چوارگۆشە: نێسقانێکی کەللەیە کارێزی ***n.*** سەرەوەو خوارەوەی باڵندەو ماسیو خشۆکەکان دەبەستێت بەیەکەوە

لەگەڵدا گونجان؛ ڕێککەوتن ***v.i.***

گونجاندن لەگەڵ یەکدا؛ ڕێکخستن ***v.t.***

quadratic (kwäd-rat′ik), *adj.* دووجایی.

n. = **quadratic equation.**

quadratic equation, هاوکێشەی دووجایی (بیرکاری).

quadratics (kwäd-rat′iks), *n.pl.* بەشی هاوکێشەی دووجایی (بیرکاری).

quadrature (kwäd′rə-chĕr), *n.* (۱) دووجاکردن (بیرکاری). (۲) باری دوو نەستێرەی (۹۰) پلە لە یەکتر دوور (نەستێرەناسی).

quadrennial (kwäd-ren′i-əl), *adj.* (۱) چوار ساڵ خایەن. (۲) هەر چوار ساڵ جارێک ڕوو دەدات؛ چوارساڵانە.

n. ڕووداوێکە کە هەر چوار ساڵ جارێک ڕوو بدات.

-quadrennially *(adv.).*

quadrennium (kwäd-ren′i-əm), *n.* چوار ساڵ؛ ماوەی چوار ساڵ.

quadri- (kwäd′ri), *Also* quadr-, پێشگرێکە بەمانای: چوار نەوەندە؛ چوار؛ چوار جار؛ چوارە: *(quadrilingual)*.

quadric (kwäd′rik), *adj. & n.* دووجایی (بیرکاری)

quadricentennial (kwäd′ri-sen-ten′i-əl), *n.* یادی چوارسەد ساڵە.

adj. هی یادی چوارسەد ساڵە

quadriceps (kwäd′ri-seps´), *n.* ماسولکە چوارسەرە (لە پێشی ڕانەوە).

quadrifid (kwäd′rə-fid), *adj.* چوار پارچە (گەڵا، پەڕەی گوڵ).

quadriga (kwäd-rī′gə), *n.* گالیسکەیەکی دوو پێچکەیی چوار ئەسپی پەک بە تەنیشت یەکەوەیە.

quadrilateral (kwäd´rə-lat′ĕr-əl), *n. & adj.* چوارلا (نەندازە).

quadrilingual (kwäd´rə-liŋ′gwəl), *adj.* چوار زمانە: (ا) بە چوار زمان نووسراو. (ب) چوار زمان زان.

quadrille (kwə-dril′, kə-dril′), *n.* (۱) جۆرە سەمایەکی چوار جووت کەسییە. (۲) مۆسیقای ئەم سەمایە.

quadrille (kwə-dril′, kə-dril′), *n.* یاریيەکی کاغەزی چوار کەسییە.

quadrillion (kwäd-ril′yən), *n.* ژمارەیەکە پێکدێت لە یەکو پانزە سفر لە بەردەمیدا (لە ئەمەریکا و فەرەنسا)، یا بیستوچوار سفر لە بەردەمیدا (لە ئینگلتەرەو ئەڵمانیا)

quadripartite (kwäd´rə-pär′tīt), *adj.* (۱) چوار پارچە؛ چوار پارچەیی. (۲) چوار قۆڵی: *(a ~ pact)*.

quadrisect (kwäd′rə-sekt´), *v.t.* کردن بە چوار بەشی وەک یەکەوە.

quadrisyllable (kwäd′rə-sil´ə-b'l), *n.* وشەی چوار برگەیی.

-quadrisyllabic *(adj.).*

quadrivalent (kwäd´rə-vā′lənt, kwäd-riv′ə-lənt), *adj.* چوار هاوهێزی (کیمیا).

-quadrivalence; quadrivalency *(n.).*

quadrivial (kwäd-riv′i-əl), *adj.* چوار ڕێ یان.

quadrivium (kwäd-riv′i-əm), *n.* ڕشتەی خوێندنی زانکۆی سەدانی ناوەڕاست کە پێکهاتبوو لە چوار بەش: ژمارەو پێوان، ئەندازە، مۆسیقا، ئەستێرەناسی.

quadroon (kwäd-rōōn′), *n.* کەسێکە کە چواریەکی خوێنی قولەڕەش بێت.

quadrumane (kwäd′roo-mān´), *n.* گیانداری چوار دەست: گیاندارێکە هەر چوار پەڵی وەک دەست بەکاردەهێنێ.

quadrumanous (kwäd-rōō′mə-nəs), *adj.* چوار دەست:

تایبەتی بەو گیاندارانەی کە هەر چوار پەلیان وەک دەست بەکاردەهێنن (وەک: مەیموون)

quadruped (kwäd′roo-ped´), *n.* چوارپێ؛ گیانداری چوارپێ

adj. چوارپێ؛ هی گیانداری چوارپێ

-quadrupedal *(adj.).*

quadruple (kwäd′roo-p'l, kwäd-rōō′p'l), *adj.* (١) چوار بەشە؛ چوار قۆڵی؛ چوارلایی

(a ~ alliance) (٢) چوار ئەوەندە؛ چوار قات

adv. چوار ئەوەندە؛ چوار قات.

n. ژمارە یا بڕی چوار ئەوەندە

v.t. چوار ئەوەندە زیاد کردن.

v.i. چوار ئەوەندە زیادبوون؛ بوون بە چوار قات

quadruplet (kwäd′roo-plit, kwäd-rōō′plit), *n.* (١) منداڵێکی چوار هاوڕا؛ بەچکەیەکی چوارە

(ب) (*pl.*) چوارە؛ چوار هاوڕا؛ چوار هاوسک.

(٢) چوار شتی هاوتوخم؛ چواری هاوجۆر

quadruplicate (kwäd-rōō′plə-kāt´), *v.t.* (١) کردن بە چوار ئەوەندە؛ چوار قات کردن؛ لە چوار دان. (٢) چوار وێنە لەسەر دەرهێنان

v.i. بوون بە چوار ئەوەندە؛ چوار وێنە لەبەر دەرهاتن

adj. (١) چوار ئەوەندە؛ چوار قات (٢) چوارجا (بیرکاری)

n. دانەیەک لە چوار وێنەی دەقاودەق

-quadruplication *(n.).*

quaestor (kwes′tēr, kwēs′tēr), *n.* خەزنەدار یا ژمێریاری پۆمانی کۆن

quaff (kwäf, kwaf), *v.t. & v.i.* هەڵقوڕاندن

n. (١) هەڵقوڕین. (٢) خواردنەوەی هەڵقوڕێنراو.

quag (kwäg, kwag), *n.* = quagmire.

quagga (kwag′ə), *n.* کەرێکی میل میلی قڕتیکەوتووی خواروو ئەفریقایە لە شێوەی کەرەکێوی

quaggy (kwag′i, kwäg′i), *adj.* (١) زەلکاوی؛ قوڕولیتاوی؛ لینج (٢) فشەڵ؛ شل

quagmire (kwag′mīr´, kwäg′mīr´), *n.* (١) شوێنی فشەڵ کە بە ئاسانی تێیدا بچەقیت؛ زەلکاو. (٢) تووش؛ بارێکی تووش و گیرۆدەکەر؛ تەنگوچەڵەمەی خۆ بۆ ڵ ڕزگار نەکراو.

quail (kwāl), *v.i.* زۆر ترسان؛ سڵ کردنەوە؛ ڕۆح چوون

(The bravest one ~ed.)

quail (kwāl), *n.* سوێسکە

quaint (kwānt), *adj.* (١) نەتنیکە؛ جوان و خنجیلانە؛ کۆن و خشپیلە

(a ~ house, village, etc.)

(٢) سەیر؛ ئاناسا. *(~ methods)*

(٣) نابەجێ؛ بە مێشکدا ناچێت. *(a ~ sense of honor)*

-quaintly *(adv.)*; quaintness *(n.).*

quake (kwāk), *v.i.* (١) لەرینەوە؛ ڕاوەشان؛ لەرزین

(The earth ~ed.)

(٢) لەرزین؛ هاتنە لەرزین؛ لەرز نیهاتن.

(He was ~ing with fear, cold, etc.)

n. (١) لەرزین؛ لەرینەوە؛ ڕاوەشان. (٢) earthquake.

Quaker (kwāk′ēr), *n.* نەدامی کۆمەڵێکی ئایینی ئینگلیزی و نەمەریکێیە کە بڕوای هەیە بە ئاشتیخوازی و سادەیی لە ڕەووشت و نەریتی ئایینی و جل و بەرگ و شتی تردا.

-Quakerism *(n.).*

Quaker gun, تفەنگە دارینە (نیشانەیە بۆ دژ وەستانی کۆمەڵی " کوەیکەرز " بەرامبەر جەنگ). (ووشەی پێشوو ببینە).

Quaker meeting, (١) کۆڕی بێ دەنگی کۆمەڵی " کوەیکەرز " (٢) کۆڕێکی قسە کەم تێدا کراو؛ کۆبوونەوەیەکی بێ دەنگ.

quaky (kwāk′i), *adj.* لەرزۆک؛ لەرەلەرکەر؛ شلۆق.

qualification (kwäl´ə-fi-kā′shən), *n.* (١) شیان.

(٢) لێهاتوویی؛ توانا؛ لە باردا بوون. (٣) مەرج. (٤) پارە؛ سنوور.

qualified (kwäl′ə-fīd´), *adj.* (١) هەموو مەرجێکی تێدایە؛ شیاو؛ شایستە. (٢) لێهاتوو؛ لە بارا بوو؛ لێزان.

(٣) سنووردار؛ کەم؛ بە مەرج؛ بە مەرجەوە:

(He gave only ~ approval.)

qualifier (kwäl′ə-fī´ēr), *n.* (١) کەسێکی شایستە؛ شیاو؛ لێهاتوو.

(٢) ووشە یا دەستەواژەی بەستەرەوە: ووشە یا دەستەواژەیەکە سنوور بۆ مانای ووشەو دەستەواژەی تر دادەنێ و دەگۆڕێ (وەک ئاوەڵناو و ئاوەڵکردار).

qualify (kwäl′ə-fī´), *v.t.* (١) پیشاندانی تایبەخۆکانی شتێک.

(٢) شیاندن یا شایستەکردن (بۆ پیشەیەک یا کارێکی دەستی یەک)

(٣) دەسەڵات پێدان؛ ماف پێدان. (٤) مەرج بۆ دانان؛ سنوور یا پارە بۆ دانان

(٥) لە توندوتیژی کەمکردنەوە؛ نەرم کردنەوە.

(٦) مانا گۆڕین یا دیاری کردن (ڕێزمان): *(Adjectives ~ nouns.)*

v.i. شیان؛ شایستە بوون؛ هەموو مەرجێک تێدا بوون:

(He didn't ~ for the job.)

qualitative (kwäl′ə-tā´tiv), *adj.* چۆنێتی؛ تایبەتی بە چەشن یا جۆر: *(There is a ~ difference between them.)*

qualitative analysis, شیکردنەوەی چۆنێتی (کیمیا).

quality (kwäl′ə-ti), *n.* (١) تایبەخۆ.

(٢) سرووشتی شت؛ گەوهەر؛ نەژاد.

(٣) چۆنێتی؛ چۆنی: *(goods of low ~.)*

(٤) نایابی؛ زۆر باشی.

(٥) (ا) پلەوپایەی کۆمەڵایەتی بەرز؛ بەگزادەیی.

(ب) خەڵکی پلەوپایەی کۆمەڵایەتی بەرز؛ بەگزادە.

(٦) جۆری ئاوازی مۆسیقا.

adj. (١) نایاب؛ زۆر باش؛ باش:

(~ education, people, food, time, etc.)

(٢) چۆنێتی؛ هی چۆنێتی شت: *(~ control)*.

qualm (kwäm, kwôm), *n.* (١) دل تێکچوون؛ دل تێکهەڵهاتن؛ هەستی کوتوپڕ بە دل تێکهەڵهاتن، بوورانەوە، یا نەخۆشی.

(٢) هەستکردنی کوتوپڕ بە گومان یا مەترسی؛ دوودڵی؛ نادڵنیایی.

(٣) ناڕەحەتی دەروون یا ویژدان:

(He had no ~s about betraying his friend.)

qualmish (kwäm′ish, kwôm′ish), *adj.* (١) دل تێکهەڵهاتوو؛ دل تێکچوو. (٢) دەبێتە هۆی دل تێکهەڵهاتن.

(٣) بە ویژدان؛ دووڵە دەربارەی کاری خراپە کردن.

quandary (kwän′dri, kwän′də-ri), *n.* تەنگوچەڵەمە؛ گیژاو؛ نادڵنیایی و سەرسوڕمان؛ تووش.

quantify (kwän′tə-fī´), *v.t.* (١) پێوان؛ ئەندازە دیاری کردن:

(Human misery is hard to ~.)

(٢) پارە یا ئەندازە بۆ دانان (بە بەکارهێنانی ووشەی وەک: all, some, none) (ژێربێژی).

quantitative (kwän′tə-tā´tiv), *adj.* (١) هێندی؛ چەندی؛ چەندێتی. (٢) دەپێورێ.

quantitative analysis, شیکردنەوەی چەندی: لێکدانەوەو پێوانی ڕێژەی توخمەکانی ناوێتەیەک (کیمیا).

quantity (kwän′tə-ti), *n.* (١) هەند؛ بڕ؛ چەند؛ چەندی؛ پارە؛ ئەندازە. (٢) هێندێکی زۆر؛ بڕێکی زۆر: *(to buy or sell in ~)*.

(٣) هەندی بە ئەواوی پێوراوی شتێک.

(٤) تایبەخۆ یا چەندی بۆ پێوان شیاو.

quantum (kwän′təm), *n.* (١) هەند؛ چەندی؛ بڕ؛ ئەندازە. (٢) بەش.

(٣) شتێک کە بتوانرێ بپێورێ یا بژمێرێ.

(٤) بچووکترین ئەندازەی ووزە (فیزیا).

quarantinable (kwôr´ən-tēn′ə-b'l, kwär´ən-tēn′ə-b'l), *adj.* دەشێت کەرەنتینە بکرێت.

quarantine (kwôr′ən-tēn´ kwär′ən-tēn´), *n.* (١) داپرینی پزیشکی؛ کەرەنتینە؛ جیاکردنەوەی نەخۆش لە خەڵکی ساغ بۆ بەربەست کردنی نەخۆشییەکە؛ پەرکردن. (٢) شوێنی داپرین یا جیاکردنەوەی پزیشکی؛ کەرەنتینەخانە. (٣) ماوەی چل ڕۆژ.

v.t. (١) قۆرەنتین کردن؛ داپری پزیشکی کردن؛ جیاکردنەوەی پزیشکی. (٢) پەرکردن؛ جیاکردنەوە؛ داپرکردن.

quarrel (kwôr′əl, kwär′əl), *n.* (١) تیری سەر چوارگۆشەیی تیروکەوانی کۆن. (٢) تەبەقە شوشەی بچووکی چوارگۆشەیی یا لەبزینەی پەنجەرە. (٣) نەسکەنە.

quarrel (kwôr′əl, kwär′əl), *n.* (١) هۆی ناکۆکی و تێکچوون و شەڕ. (٢) دەمەقاڵێ؛ شەڕ؛ دەمەقێ؛ شەڕەقسە؛ ناکۆکی؛ تێکچوون.

v.i. (١) سکاڵاکردن؛ ڕەخنەگرتن. (٢) شەڕکردن؛ بە گژداچوون؛ شەڕ فرۆشتن؛ دەمەقێکردن؛ دەمەقاڵێ بوون؛ بەیەکداهاتن؛ شەڕەقسە کردن؛ پێکاچوون.

-quarreler; quarreller *(n.).*

quarrelsome (kwôr′əl-səm, kwär′əl-səm), *adj.* شەڕانی؛ شەڕەنگێز؛ شەڕفرۆش.

quarry (kwôr′i, kwär′i), *n.* تەبەقە شوشە یا خشتی لەبزینەیی یا چوارگۆشەیی

quarry (kwôr′i, kwär′i), *n.* (١) باڵندەو گیانداری ڕاوکراو (لەلایەن ڕاوچی یا باڵندەو گیانداری ڕاوکەرەوە)؛ نێچیر. (٢) شتی ڕاو بۆ کراو؛ شتی وێستراو یا بە دوادا گەڕاو؛ نێچیر.

quarry (kwôr′i, kwär′i), *n.* (١) کانە بەرد. (٢) سەرچاوەی دەنگوباس.

v.t. (١) بەرد دەرهێنان لە کانە بەرد. *(to ~ out a block of marble)* . (٢) کانزاکردن؛ بەرد لێ دەرهێنان. *(to ~ a hill)* (٣) بۆ گەڕان و دۆزینەوە (زانیاری، دەنگوباس). *(to ~ in old manuscripts)*

-quarrier *(n.).*

quarryman (kwôr′i-mən, kwär′i-mən), *n.* کرێکاری کانە بەرد.

quart (kwôrt), *n.* (١) چارەکە گاڵۆن. (٢) دەفری چارەکە گاڵۆنی.

quart (kärt), *n.* پێڕی چواری (کاغەزی قومارو یاری).

quartan (kwôr′t'n), *adj.* هەر چوار ڕۆژ جارێک سەرهەڵدەدات (لەڕۆژتا

n. چوار بەڕۆ لەڕۆژتایەکە هەر چوار ڕۆژ جارێ لە نەخۆشەکە دێت.

quarter (kwôr′tēr), *n.* (١) چارەک؛ چواریەک. (٢) پێوانەیەکی دەغڵودانە بریتییە لە چارەکە تەنێک. (٣) کێشانەیەکە بریتییە لە ٢٥ پاوەن لە ئەمەریکا یا ٢٨ پاوەن لە ئینگلتەرە. (٤) بست. (٥) چارەکی میل. (٦) وەرز؛ چواریەکی ساڵ؛ سێ مانگ. (٧) وەرزی خوێندن (کە سێ مانگ دەخایەنێت). (٨) چارەک (سەعات). (٩) (ا) جواریەکی دۆلار. (ب) پارەیەکی زیوی ئەمەریکاییە چواریەکی دۆلارێکە. (١٠) جواریەکی پاوەن (کێشانە). (١١) جواریەکی گیانداری سەربڕاو؛ ڕانێک و گۆشتی دەوروپشتەکەی. (١٢) (ا) لایەک لە چوار لاکەی قیبلەنوما. (ب) چواریەکی ماوەی نێوان دوو لای قیبلەنوما. (ج) چواریەکی ئاسۆی بە قیبلەنوما داپۆشراو. (د) ناوچەیەکی زەوی کە کەوتنیتە یەکێک لەم چوار بەشەی ئاسۆوە؛ ناوچەی زەمین. *(the Latin ~ in Paris)* (١٣) گەڕەک. *(living ~s; sleeping ~s)* (١٤) *(pl.)* جێگەوڕێگە؛ نشینگا. (١٥) *(pl.)* کەسێک یا دەستەیەکی دیاری نەکراو. *(This information comes from the highest ~s.)* (١٦) چارەکە یاری فوتبۆڵی ئەمەریکی. (١٧) لایەکی پێڵاو لە قنگە پاژنەکەیەوە هەتا لووتەکەی. (١٨) لایەکی سمی ئەسپ. (١٩) (ا) چواریەکی ماوەی خولانەوەیەکی مانگ بە دەوری زەویدا. (ب) چارەکی یەکەمو سێیەمی مانگ (واتە ئەو کاتەی کە مانگ نیوەی دیارە). (٢٠) (ا) چواریەکی قەڵغان. (ب) دروشمی سەر چواریەکێکی قەڵغان. (٢١) دۆزمنی بەزیوو خۆبەدەستەوەداو بەخشینو نەکوشتن. *(to give or receive ~ ; to ask for ~)* (٢٢) (ا) بەشی پشتەوەی لایەکی کەشتی. (ب) پاسەوانی ئەم بەشە.

v.t. (١) چوار کەرت کردن؛ کردن بە چوار کەرتی وەک یەکەوە. (٢) بەش بەش کردن؛ کەرت کەرت کردن. (٣) حەواندنەوە (بەتایبەتی سەربان)؛ جێگەکردنەوە؛ جێگەو ڕێگە پێدان. (٤) هاتنو چوون بە شوێنێکدا بە شوێن نێچیردا (تانجی). (٥) دروشم لە قەڵغان دان.

v.i. (١) (~ at; ~ with)، جێگە کرانەوە (سەربان)؛ حەوێنرانەوە؛ جێگەو ڕێگە پێدران. (٢) بە شوێن نێچیردا گەڕان (تانجی) (٣) با هەڵکردن لە بەشی دواوەی لایەکی کەشتیەوە.

adj. چارەک؛ چواریەک

at close quarters, لە نزیکەوە

close quarters, جێگەو ڕێگەی تەنگەبەرو قەرەبالغ.

(to live in close quarters)

cry quarter, لێ پاڕانەوە بۆ بەخشین (دوژمنی بەزیوو خۆبەدەستەوەدەر).

quarterage (kwôr′tēr-ij), *n.* (١) مووچە، بەخشیش، باج. یا قیستی وەرزانە (واتە کە سانی چوار جار دەدرێ یا وەردەگیرێ). (٢) نشینگای سەرباز؛ جێی حەواندنەوەی لەشکر.

quarterback (kwôr′tēr-bak´), *n.* یاریکەری سەرەکی یاری فوتبۆڵی ئەمەریکی (کە نەخشەی یاریییەکە دەکێشێو ستراتیجی بۆ دادەنێ).

quarter day, ڕۆژی سەرەتای چوار وەرزی سالانە (کە لە هەمان کاتدا کاتی قیستو کرێو مووچەی وەرزانەیە).

quarterdeck (kwôr′tēr-dek´), *n.* چارەکی پشتەوەی پشتی کەشتی (کە هی ئەفسەرەکانە)

quartered (kwôr′tērd), *adj.* (١) چوار کەرت کراو. (٢) حەوێنراوە (لەشکر)؛ جێگەو ڕێگە پێدراو.

quarterfinal (kwôr´tēr-fī′n'l), *adj.* تایبەتی بە پێشبڕکێی پێش نیمچە دوایی.

n. پێشبڕکێی پێش پێشبڕکێی نیمچە دوایی.

quarter horse, تۆخمە ئەسپێکی بەهێزو خێرایە لە غارغارێنی چارەکە میلدا.

quarter-hour (kwôr′tēr-our′), *n. Also* **quarter hour,** (١) چارەک؛ چارەک سەعات. (٢) نیشانەی چارەکێک پێشو پاش سەعات لەسەر ڕووی کاتژمێر

quarterly (kwôr′tēr-li), *adj.* (١) چارەکی وەرزی؛ سێ مانگی؛ ساڵی چوار جار ڕوو دەدات یا دەردەچێ. *(a ~ magazine)* . (٢) چوار پارچەیی؛ چوار کەرتە. (٣) کەرتێکە لە چوار؛ بەشێکە لە چوار.

adv. وەرزانە؛ وەرزی؛ سێ مانگانە؛ هەر سێ مانگ جارێک.

n.. *(a ~)* بڵاوکراوەیەکە هەر سێ مانگ جارێک دەردەچێ.

quartermaster (kwôr′tēr-mas´tēr, kwôr′tēr-mäs´tēr), *n.* (١) ئەفسەری ئازووقەو جل‌وبەرگ و خانەسازی (لە سوپادا). (٢) ئەفسەری لێپرسراوی قیبلەنوما و کۆ ئامێری ڕاندنی کەشتی (هێزی دەریایی)

quartern (kwôr′tērn), *n.* (١) چارەک؛ چواریەک. (٢) ئانێکە قورسایی چوار پاوەنە.

quarter note, چارەکە نۆتە (مۆسیقا).

quarter-phase (kwôr′tēr-fāz´), *adj.* دوو قۆناغی؛ بە دوو تەوژمی بە نۆرە یا گۆڕاو دەکرێت یا دەگەڕێت (کارەبا).

quarter-saw (kwôr′tēr-sô´), *v.t.* چوار کەرت کردنی دار لە بەری درێژی.

quarter section, پارچەیەک زەوییە پووبەرەکەی (١٦٠) بانەگا (ئەیکەر یا چارەکە میلێکی دووجا بێت.

quarter sessions, دادگای وەرزی (١) دادگایەکی ناوخۆز کەم دەسەلاتی ئینگلیزییە سالی چوار جار دەگیرێ. (ب) دادگایەکی جۆراوجۆری ئەمەریکاییە سالی چوار جار دەگیرێ.

quarter-staff (kwôr′tĕr-staf, kwôr′tĕr-stäf′), *n.* گورزێکی درێژی سەر ئاسنینە بۆ شەڕ.

quartet, quartette (kwôr-tet′), *n.* (١) چوار کەس یا شت؛ چوارە (٢) (أ) ئاوازی مۆسیقا یا گۆرانی چوارقۆڵی (ب) تیپی مۆسیقا یا گۆرانی چوار کەسی.

quartic (kwôr′tik), *adj. & n.* چوارجا (بڕکاری)

quarto (kwôr′tō), *n.* (١) پەرە کاغەزی دوو جار قەدکراو (کە لە ئەنجامدا پانی و درێژی پەڕەکان نۆ گرێ بە دوانزە گرێ دەردەچێ) (٢) پەرتووکی لەم جۆرە پەڕەیە دروستکراو

quartz (kwôrts), *n.* کوارتز بەردێکی بلووری ڕەقی نیمچە بەنرخە.

quartziferous (kwôr-t-sif′ĕr-ŏs), *adj.* کوارتزی؛ لە کوارتز پێکهاتوو؛ کوارتزی تێ دەردەهێنرێت.

quash (kwäsh), *v.t.* پووچ کردنەوە دادگەری)؛ هەڵوەشاندنەوە

quash (kwäsh), *v.t.* کوژاندنەوە (ئاژاوە، ڕاپەڕین)؛ دامرکاندنەوە؛ پێشێل کردن

quasi (kwā′sī, kwā′zī), *adv.* نەختێک یا تا ڕادەیەک لەوە دەچێت؛ ڕووالەتی . *(~ -scientific literature)*

adj. لەوە دەچێت؛ وەک؛ نیمچە؛ بەناو. *(a ~ -victory)* .

quaternary (kwə-tûr′nə-ri), *adj.* (١) چوار؛ دەستە دەستەی چوار چوار (٢) [Q.] تایبەتی بە چەرخی چوارەم (زەمینناسی).

n. (١) ژمارە چوار (٢) چوارەم؛ چوارەمین (٣) دەستەی چواری؛ چوار دانە.

quaternion (kwə-tûr′ni-ən), *n.* چوارین؛ چوارینە؛ دەستەی چوار کەسی یا شتی.

quatrain (kwät′rān), *n.* چوار خشتەکی

quatrefoil (kat′ĕr-foil′, kat′rə-foil′), *n.* (١) گوڵێکی چوار پەڕە (٢) گەڵای چوار یەلک. (٣) کڵێشەیەکی ڕازێنەرەوەیە لە شێوەی گوڵی چوار پەڕەدا یا گەڵایەکی چوار یەلکدا (خانوسازی).

quaver (kwā′vĕr), *v.i.* (١) لەرزین؛ هەڵ لەرزین؛ لەرینەوە. (٢) لەرینەوە (دەنگ، گۆرانی، مۆسیقا).

v.t. (١) بە لەرزینەوە ووتن؛ بە دەنگی لەراوەوە ووتن (٢) گۆرانی ووتن یا مۆسیقا لێدان بە شێوەیەک کە دەنگەکە بلەرێتەوە.

n. (١) دەنگی لەرزۆک؛ لەرزین یا لەرینەوەی دەنگ (٢) نۆتەیەکی مۆسیقای زۆر کورت.

quavery (kwā′vĕr-i), *adj.* لەرزۆک

quay (kē), *n.* شۆستەی بەندەر (بۆ سواربوون و دابەزین و بار کردن و بار داگرتن)؛ ئەسکەلە؛ شۆستەی کەشتی.

quayage (kē′ij), *n.* (١) مزی بەکارهێنانی شۆستەی بەندەر (٢) جێگەیەکی سەر شۆستەی بەندەر (٣) شۆستەکانی بەندەرەکان.

quean (kwēn), *n.* (١) نافرەتێکی بێ شەرم و بێ حەیا (٢) قەحبە (٣) [Scot.] کچ

queasy (kwē′zi), *adj.* (١) دل تێکەڵهاتوو؛ دل تێکچوو (٢) زوو دل تێکەڵهاتوو؛ زوو دل تێکچوو (٣) زوو دڵ تێکچوو (٤) (أ) ناپەحەتکەر (ب) ناپەحەت. (٥) بە قێزوبێز؛ بە هیچ ڕازی نەبوو.

quebracho (kā-brä′chō), *n.* (١) دەرەختێکی ناوچە گەرمەکانی ئەمەریکایە تونێکڵ و دارەکەی بۆ پێستە خۆش کردن و دەرمان و خومکاری بەکاردەهێنرێت (٢) تونێکڵ و داری ئەم دەرەختە.

queen (kwēn), *n.* (١) شاژن؛ ژنە شا؛ هاوسەری پاشا (٢) بانووشا؛ پاشای ژن (٣) شاژن (لە جوانی یا لێهاتوویی)؛ شای ژنان (٤) شوێنێک یا شتێک کە باشترینی توخمەکەی بێت (٥) شاژنی پوورە هەنگ و شارە مێروولە (٦) کچ (کاغەزی قومار).

(٧) وەزیر (شەترەنج). (٨) [Slang]، لووسکە؛ حیز؛ لووسکەی ژنانی.

v.t. (١) کردن بە شاژن؛ کردن بە بانووشا. (٢) کردن بە وەزیر (لە شەترەنجدا ئەویش بە گەیاندنی سەربازێک بۆ دوا خانەی بەرامبەر).

v.i. بانووشایی کردن؛ فەرمانڕەوایی کردن وەک بانووشا.

queen consort, ژنە شا؛ هاوسەری پاشای سەر تەخت.

queendom (kwēn′dəm), *n.* . **queenhood** (٢) (١) بانووشانشین.

queen dowager, بێوەژنی پاشا.

queenhood (kwēn′hood′), *n.* پلەوپایەو فەرمانڕەوایی بانووشا؛ بانووشایەتی.

queenly (kwēn′li), *adj.* (١) بانووشایی. (٢) لە بانووشا دێت؛ بۆ بانووشا دەشێت؛ جوان و ناياب.

adv. بانووشایانە.

-queenliness *(n.).*

queen mother, شاژنی دایک: بێوەژنی پاشای پێشوو وە دایکی پاشا یا بانووشای سەر تەختی ئێستا.

queen olive, جۆرە زەیتوونێکی گەورەیە ناوکێکی باریکی درێژکۆڵەی هەیە.

queen post, دێرەکێکە لەمبەرو ئەوبەرەوە دەدرێتە بەر دەستەکی سەربانی سێگۆشەیی یا جەمەلۆن.

queen's English, see " king's English ."

queen's evidence, see " king's evidence."

quer (kwĕr), *adj.* (١) (أ) ناناسا؛ سەیر؛ ئەنتیکە؛ جیاواز. (ب) ڕەوشت و خوو سەیر. (٢) گێژ؛ دل تێکەڵهاتوو؛ ناساغ: *(~ to feel)* . (٣) [Colloq.]، جێی گومانە؛ پێچوو پەنادار (مرۆڤ): *(a ~ character)* . (٤) [Colloq.]، مێشکی تەواو ئەیە؛ شێتۆکە؛ سەیر. (٥) [Slang]، ساختە؛ قەڵب. (٦) [Slang]، حیز؛ هەتیوباز.

n. [Slang], (١) پارەی قەڵب. (٢) حیز؛ هەتیوباز.

-queerly *(adv.)*; queerness *(n.).*

Queer street, [British], قەرزاری؛ هەژاری: *(to find oneself in ~)*

quell (kwel), *v.t.* (١) کوژاندنەوە؛ دامرکاندنەوە؛ پێشێل کردن: *(to ~ a rebellion)* (٢) هێمن کردنەوە؛ دل هێنانەوە جێ.

quench (kwench), *v.t.* . *(Water ~ed the fire.)* (١) کوژاندنەوە: . *(He ~ed his thirst.)* (٢) تینوێتی شکاندن: (٣) ئاودانەوە (پۆڵا، تیغ).

-quenchable *(adj.)*; quencher *(n.).*

quenchless (kwench′lis), *adj.* (١) ناکوژێتەوە. (٢) تینوێتی ناشکێنێ.

quercitron (kwûr′sit-rən), *n.* (١) بەڕووی ڕەش. (٢) تووکڵی ئەم دارەبڕووە (کە ڕەنگێک یا بۆیەیەکی زەردی لێ دەردەهێنرێ بۆ بۆیەکاری و پێست خۆش کردن). (٣) ئەم ڕەنگە یا بۆیە زەردە.

querist (kwĕr′ist), *n.* پرسیارکەر.

quern (kwûrn), *n.* دەستاڕ؛ بەردەستاڕ.

querulous (kwer′ə-ləs, kwer′yoo-ləs), *adj.* (١) بە ڕەخنە؛ زۆر بە سکاڵا. (٢) سکاڵا و ڕەڕەسی و تەنگەجیکڵانەیی و نووزەنووزکەری دەگەیەنێت: *(a ~ voice)* .

-querulously *(adv.)*; querulousness *(n.).*

query (kwĕr′i), *n.* (١) پرسیار. (٢) گومان. (٣) نیشانەی پرسیار (کە لەدوای پرسیارەوە دادەنرێ یا لەدوای شتێکەوە بۆ گومان دەربڕین لە ڕاستی ئەو شتە).

v.t. (١) پرسیارلێکردن: *(to ~ a person)* .

(۲) گومان دەربڕین؛ گومان لێ بوون؛ دوودڵی دەربڕین.
(۳) گومان دەربڕین (بە دانانی نیشانەی پرسیار لە دوای شتێکەوە)؛ دانانی نەم نیشانەی پرسیارە لە دوای ووتەیەکی گومان لێکراوەوە.

v.i. (۱) پرسیارکردن (۲) گومان دەربڕین؛ گومان بوون.

quest (kwest), *n.* (۱) بۆ گەڕان؛ بە دوادا گەڕان؛ ڕاو؛ گەڕان بە دوای خواستێك یا ئاواتێکدا: *(the ~ for knowledge, gold, etc.)*.
(۲) گەشتێکە بە دوای خواستێکدا یا گێڕەڵدا (وەك هی سوارچاکانی سەدانی ناوەڕاست) (۳) ئەوانەی بەشداری نەم گەشتە دەبن.
(٤) [Rare]، لێکۆڵینەوە (دادگەری).

v.i. (۱) شوێن پێ هەڵگرتن (تانجی): *(dogs ~ing for rabbits)*.
(۲) [Rare]، بە شوێندا گەڕان؛ بۆ گەڕان.

in quest of, بۆ گەڕان؛ بە دوادا؛ بە شوێندا گەڕان: *(He went in quest of food.)*

question (kwes′chən), *n.* (۱) پرسیار؛ پرس: *(There is no ~ of his veracity.)*.
(۲) گومان؛ دوودڵی؛ نادڵنیایی: (۳) مەسەلە یا داوایەکی بەردەم دادگا.
(٤) مەسەلە؛ کێشە؛ باس؛ گیروگرفت: *(The ~ of self-determination for minorities)*
(٥) مەسەلەی باسکراو لە کۆڕێك یا پەرلەمانێکدا.
(٦) شێوەی هێنانە پێشەوەی مەسەلەیەك بۆ دەنگ لەسەر دان لە کۆڕێکدا.

v.t. (۱) پرسیارکردن؛ پرس کردن.
(۲) گومان لێکردن؛ دوودڵی لێکردن: *(I ~ whether his policy will be successful.)*
(۳) پرسیار لێکردن بە ووردی (دادگا، پۆلیسخانە): *(He was ~ed by the police.)*

v.i. پرسیارکردن.

beside the question, پەیوەندی نییە بە باسەکەوە؛ پەیوەندی نییە.

beyond (all) question, هیچ گومانی تێدا نییە؛ هیچ ناکۆکییەك نییە دەربارەی

call into question, (۱) گومان لێکردن؛ دوودڵی دەربڕین دەربارەی: *(His integrity was called into question.)*
(۲) داوای لێدوان و لێکۆڵینەوە کردن.

in question, ناوبراو؛ ئەوەی باسی لێ دەکرێت: *(Where is the man in question?)*

out of the question, هەر نابێ؛ هەر باسیشی مەکە؛ هەرگیز نابێ؛ کاری نەکردە؛ لێدوان هەڵناگرێ: *(Inviting him to the meeting is out of the question.)*

questionable (kwes′chən-ə-b'l), *adj.* (۱) جێی گومان؛ نامسۆگەر؛ گومانی تێدایە (ئەنجام).
(۲) گومانی لێ دەکرێت (ناوبانگ، پاستێتی، سەرپاستی)؛ چەوت: *(a ~ person, tactic, motive, etc.)*

questionary (kwes′chən-er´i), *n.* = questionnaire.

question mark, نیشانەی پرسیار (؟)؛ پرسەك.

questionnaire (kwes´chən-âr′), *n.* پرسیارنامە؛ پرسنامە.

queue (kū), *n.* (۱) پرچ (۲) ڕیز؛ ڕیزە خەڵك (بۆ نۆبەگرتن).

v.i. (~ up), ڕیزبوون؛ نۆبەگرتن؛ ڕیزگرتن (بۆ نۆبەگری).

quibble (kwib′'l), *n.* (۱) pun (۲) خۆبەدەستەوەنەدان لە گفتوگۆدا (بە سەرنج ڕاکێشان بۆ شتی هیچ‌وپووچ و مانای جیا جیای قسە)؛ ئاین‌ونۆین.
(۳) ڕەخنەی هیچ‌وپووچ؛ پەڵپی بێ مانا.

v.i. (۱) خۆبەدەستەوەنەدان لە گفتوگۆدا (بە سەرنج دان بە شتی هیچ‌وپووچ و مانای جیا جیای قسە)؛ پەڵپ و ڕەخنەی هیچ‌وپووچ گرتن و مشت‌ومڕ کردن لەسەر شتی ناگرنگ؛ ئاین‌ونۆین کردن: *(Let's not ~ about details.)*.
(۲) pun

quick (kwik), *adj.* (۱) [Archaic]، زیندوو.
(۲) (۱) خێرا؛ گورج‌وگۆڵ؛ گورج: *(a ~ walk)*.
(ب) زوو کراو؛ خێرا؛ بەدەستوبرد؛ گورج: *(a ~ reply)*.
(۳) سەرپێیی؛ پەلە؛ خێرا: *(a ~ look, visit, etc.)*.
(٤) زیرەك؛ ووریا؛ مێشك تیژ: *(a ~ mind)*.
(٥) هەست تیژ؛ هەستیار: *(a ~ sense of smell)*.
(٦) چاپك؛ بەهەڵپە؛ ووریا.
(۷) زوو هەڵدەچێت؛ سەرگەرم: *(He has a ~ temper.)*.
(۸) سکپڕ؛ بە سك؛ ئاووس.

adv. خێرا؛ بە خێرایی؛ بە پەلە.

n. (۱) زیندووان؛ زیندوو: *(the ~ and the dead)*.
(۲) گۆشتی ژێر نینۆك؛ شوێنی ناسك؛ ناوجەرگە؛ ناوکرۆکی هەست: *(Her sarcasm cut him to the ~.)*

v.t. [Archaic], بزواندن؛ زیندووکردنەوە؛ ووریاکردنەوە.

-quickness *(n.).*

quick assets, پارەی دەستی و ئەو سەرمایەیەی کە دەتوانرێت زوو بفرۆشرێ و بکرێ بە پارە

quicken (kwik′ən), *v.t.* (۱) هێنانەوە هۆش خۆ؛ ووریاکردنەوە؛ زیندووکردنەوە (۲) بزواندن؛ جووڵاندن؛ وروژاندن.
(۳) پەلەلێکردن؛ پەلەکردن؛ خێراکردن: *(to ~ the pace)*.

v.i. (۱) هۆش هاتنەوە بەر خۆ؛ ووریابوونەوە؛ زیندووبوونەوە.
(۲) جووڵانەوەی ناوڵەمە لە سکی دایکیدا؛ گەیشتنە ئەو قۆناغەی سکپڕی کە ناوڵەمە بجووڵێتەوە و نیشانەی ژیان پیشان بدات.
(۳) خێراتربوون؛ خێرابوون؛ گورجتربوون: *(The pulse ~s with fear.)*

quick-fire (kwik′fīr), *adj.* خێرا دەیتەقێنێت (چەکی ئاگرین).

quick fire, گوللەی خێرا و یەك لە دوای یەك تەقێنراو.

quick-freeze (kwik′frēz´), *v.t.* خواردەمەنی خێرا بەستن (بۆ پاراستنی تامەکەی)

quickie (kwik′i), *adj.* [Slang], کاری سەرپێیی؛ کاری پەلە (بەتایبەتی فیلمی سینەما).

quicklime (kwik′līm´), *n.* قسڵ؛ قسڵی زیندوو.

quickly (kwik′li), *adv.* (۱) خێرا؛ گورج؛ بە پەلە؛ بە گورج‌وگۆڵی؛ بە خێرایی (۲) زوو بە زوو؛ بە زووبی؛ زوو؛ بەم زووانە.

quicksand (kwik′sand´), *n.* لمی فشەل (کە بە ئاسانی پێی تێدا دادەچێ).

quickset (kwik′set´), *n.* (۱) قەڵەمی پرووەکێکە دەنێژرێ بۆ پەرژین.
(۲) پەرژینی قەڵەمی وەها.

quicksilver (kwik′sil´vĕr), *n.* جیوە.

adj. جیوەیی؛ حولحولی؛ ڕاڕا.

quick-step (kwik′step´), *n.* (۱) هەنگاوی خێرا (ڕێپشتنی سەرباز بە ڕیز)؛ ڕەوتی خێرا (۲) مۆسیقای نەم جۆرە ڕێپشتنە.
(۳) هەنگاوی خێرای سەما.

quick-tempered (kwik′tem´pērd), *adj.* سەرگەرم؛ زوو هەڵدەچێت؛ تەنگەجیکڵانە.

quick-witted (kwik′wit´id), *adj.* بۆ قسەی ئەنتیکە دانامێنێت

quid (kwid), *n.* پارچەیەك تووتن بۆ جوین.

quid (kwid), *n.* [British Slang], پاوەنی نیسترلینی یا ئینگلیزی.

quiddity (kwid′ə-ti), *n.* (۱) گەوهەری شت؛ ناوەڕۆك؛ نەژاد.
(۲) جیاوازییەکی هیچ‌وپووچ.

quid-nunc (kwid′nuŋk´), *n.* ووت‌ووات خواز؛ خۆتێهەڵقورتێنەر؛ حەز بە سووسە کەر.

quid pro quo, ئەمە بەوە؛ پاك لە پاك؛ کردنی شتێك بۆ کەسێك یا دژ بەو کەسە بەرامبەر بەو شتەی کردوویەتی.

quiescence (kwī-es′'ns), *n. Also* **quiescency,** خاموشی؛ کپی؛ بێ دەنگی؛ کش‌وماتی؛ نەبزووتن؛ وەستان؛ نەجووڵان؛ ماتی؛ هێمنی.

quiescent (kwī-es′'nt), *adj.* خاموش؛ کپ؛ کش‌ومات؛ بێ دەنگ؛

نەبزووت؛ رەستاو؛ مات؛ مردوو؛ بێ جووڵە؛ هێمن.

quiet (kwī′ət), *adj.* (۱) کپ؛ خاموش؛ کشوماتی؛ نەبزووت؛ بە ئارام (۲) بێ دەنگ؛ کپ؛ کشوماتی؛ کز. (ب) نەدوو؛ بێ دەنگ؛ کەم دوو. (۳) مەنگ؛ هێمن؛ کپ. *(a ~ sea)*. (٤) هێمن؛ نەسەرخۆ. *(a ~ disposition)*. (٥) سادەو بێ کەشوفش. *(a ~ furnishing)*. (٦) سەرکز؛ لە خۆ بایی نەبوو؛ سەلار؛ لەسەرخۆ. *(a ~ manner)*. (۷) تەریک. (۸) ئاسوودەو بێ دەنگ. *(a ~ evening at home)*. (۹) هێواش؛ بێ جووجوول. *(a ~ day at the restaurant)*.

n. بێ دەنگی؛ خاموشی؛ هێمنی؛ کشوماتی؛ ئاسوودەیی و بێ دەنگی؛ کپی.

v.t. بێ دەنگ کردن؛ هێمن کردنەوە؛ هێواش کردنەوە؛ دامرکاندنەوە؛ خاموش کردن؛ کپ کردن.

v.i. (~ down), بێ دەنگ بوون؛ دامرکانەوە؛ هێمن بوونەوە؛ سڕەوتن؛ *(The child had been crying but soon ~ed down.)*

adv. بە هێمنی؛ لەسەرخۆ.

-quietness *(n.)*.

quieten (kwī′ə-t′n), *v.t. & v.i.* [Brit. or Dial.], هێمن کردنەوە؛ هێمن بوونەوە؛ بێ دەنگ بوون.

quietism (kwī′ət-iz′m), *n.* (۱) سوفیتی؛ ووشکە سۆفیتی (۲) ئاسوودەیی

quietly (kwī-ət′li), *adv.* بە بێ دەنگ؛ بە بێ خشپە؛ بە هێمنی؛ بە هێواشی؛ بە نەسپایی

quietude (kwī′ə-tōōd′, kwī′ə-tūd′), *n.* بێ دەنگی و ئاسوودەیی؛ هێمنی؛ بێ دەنگی؛ ئارام

quietus (kwī-ē′təs), *n.* (۱) قەرز؛ کەوە؛ تەواوکردنی نەرکی سەرشان (۲) دوایی شت؛ مردن؛ کۆتایی (۳) شتێکی کوشندە. (٤) دوایی پێهێنەر؛ دامرکێنەرەوە؛ هێمنکەرەوە

quill (kwil), *n.* (۱) پەڕی باڵندە (بەتایبەتی پەڕە گەورەو بەهێزەکان). (۲) قەڵەمی بەڕی باڵندە. (۳) پەڕە دڕکاوییەکەی سووچەڕو ڕێشک. (٤) شتی دڕووستکراو لە قەڵەمی پەڕ (وەک پێنووس و پەڕی عوود و گیتار لێدان). (٥) شمشاڵ. (٦) تەشی (۷) تونکڵە داری ووشک کراوە (دەرمانسازی)

v.t. (۱) لۆچ لۆچ کردنی قوماش. (۲) ڕستۆ و هەڵکردنە سەر تەشی.

quilling (kwil′iŋ), *n.* لۆچی دەستکردی قوماش.

quilt (kwilt), *n.* لیفە

v.t. پێکەوە دووڕین وەک لیفە

v.i. لیفە دووڕین؛ لیفەکردن

quilting (kwil′tiŋ), *n.* (۱) لیفە دووڕین؛ لیفەکردن (۲) قوماش و ناوناخنی لیفە

quinary (kwī′nə-ri), *adj.* پێنجە؛ لە پێنج پێکهاتوو.

n. پێنج دانە؛ دەستەیەکی پێنج دانەیی

quince (kwins), *n.* (۱) بەهی (۲) دار بەهی

quincuncial (kwin-kun′shəl), *adj.* پێنجی (ووشەی داهاتوو ببینە)

quincunx (kwin′kuŋks), *n.* (۱) ڕێکخستنی پێنج شت لەسەر چوارگۆشەیەک یا لاکێشەیەک بە جۆرێک کە چواریان لەسەر گۆشەکان بن و پێنجەمیشیان لە ناوەڕاستدا (۲) ڕێکخراوی پەڕەی گوڵی پێنج پەڕەیی.

quindecagon (kwin-dek′ə-gon′), *n.* پانزەگۆشە (نەندازە)؛ وێنەی پانزەلا

quindecennial (kwin′di-sen′i-əl), *adj.* (۱) پانزەسانی؛ هەر پانزە ساڵ جارێک ڕوو دەدات. (۲) پانزە ساڵ دەخایەنێت

n. یادی پانزەهەم

quinquagenarian (kwiŋ′kwə-ji-nār′i-ən), *adj.* پەنجاسالە (تەمەن؛ تەمەنی لەنێوان پەنجا و شەست ساڵدایە

n. کەسێکی پەنجاساڵە؛ کەسێکە تەمەنی لە پەنجاکاندا بێت.

quinque-, quinqu- (kwiŋ′kwə), پێشگرێکە بەمانای پێنج؛ پێنجی؛ پێنجو چەند جارەی پێنج: *(quinquevalent)*.

quinquefoliolate (kwiŋ′kwə-fō′li-ə-lit), *adj.* پێنج گەڵایی.

quinquennial (kwiŋ-kwen′i-əl), *adj.* (۱) پێنج ساڵ خایەن. (۲) پێنج ساڵی؛ هەر پێنج ساڵ جارێک ڕوو بدات.

n. (۱) شتێکی پێنج ساڵ خایەن. (۲) شتێکە هەر پێنج ساڵ جارێک ڕوو بدات

quinquennium (kwiŋ-kwen′i-əm), *n.* پێنج ساڵ؛ ماوەی پێنج ساڵ.

quinquevalent (kwiŋ′kwə-vā′lənt, kwiŋ-kwev′ə-lənt), *adj.* پێنج هاوکێشی.

-quinquevalence *(n.)*; quinquevalency *(n.)*.

quinsy (kwin′zi), *n.* ئاڵووکەوتن و کێم لێهاتنی

quint (kwint, kint), *n.* پێڕی پێنج کاغەزی.

quint (kwint), *n.* [Colloq.], = quintuplet.

quintain (kwin′tin), *n.* (۱) نیشانی تیر هاویشتن (بریتیە لە نیشانێک کە کراوە بە ستوونێکەوە). (۲) تیر هاویشتن.

quintal (kwin′t′l), *n.* (۱) کنتال؛ قینتار: کێشانەیەکە بریتیەیە لە سەد پاوەن لە نەمەریکا و سەدو دوانزە پاوەن لە ئینگلتەرە. (۲) کێشانەیەکی سەد کیلۆیی.

quintan (kwin′tən), *adj.* پێنج ڕۆژی؛ هەر پێنج ڕۆژ جارێک ڕووبەدات.

n. پێنج بەڕۆ؛ تای گەڕاوە؛ تایەکە هەر پێنج ڕۆژ جارێک سەرهەڵدەداتەوە.

quintessence (kwin-tes′ns), *n.* (۱) گەوهەر یا ماددەی پێنجەم: بەگوێرەی فەلسەفەی سەدانی ناوەڕاست پوختەترین ماددەیە (جگە لە ئاو و ئاگرو هەوا و خاک) کە ئەستێرەکان و ئاوکرۆکی هەموو شتی لێ پێکهاتووە (۲) ئاوکرۆک؛ گەوهەر؛ ناوەڕۆک؛ پوختەترین بەشی شتێک. (۳) نموونە؛ وێنە: *(She is the ~ of virtue and beauty.)*

-quintessential *(adj.)*.

quintet, quintette (kwin-tet′), *n.* (۱) دەستەی پێنجی؛ پێنجی؛ پێنج کەس یا شت. (۲) (ا) پارچەیەک مۆسیقا یا گۆرانی پێنج قۆڵی. (ب) تیپی مۆسیقا یا گۆرانی پێنج کەسی.

quintillion (kwin-til′yən), *n.* (۱) ژمارەیەکە بریتیەیە لە یەک و هەژدە سفر لە بەردەمیدا (لە نەمەریکا و فەرەنسا) (۲) ژمارەیەکە بریتیەیە لە یەک و سی سفر لەبەردەمیدا (لە ئەڵمانیا و ئینگلتەرە).

quintuple (kwin′too-p′l, kwin-tū′p′l), *adj.* (۱) پێنجی؛ پێنجە؛ پێنج دانەیی؛ پێنج خشتەکی. (۲) پێنج ئەوەندە؛ پێنج قات

n. ژمارەیەکی پێنج ئەوەندە.

v.t. & v.i. پێنج قات کردن؛ پێنج ئەوەندە لێهاتن؛ لە پێنج دان.

quintuplet (kwin′too-plit, kwin-tū′plit, kwin-tup′lit), *n.* (۱) (ا) منداڵی پێنجە؛ بەچکەیەکی پێنج هاوزا. (ب) (*pl.*) ، پێنجە؛ پێنج هاوزا؛ پێنج هاوسک. (۲) پێنج شتی هاوتوخم؛ پێنجی هاوجۆر.

quip (kwip), *n.* (۱) قسەی نەستەق؛ قسەی زیرەک؛ قسەی نەتنیکە. (۲) (ا) توانج؛ گاڵتە؛ قەشمەری. (ب) نوکتە. (۲) quibble.

(۳) شتێکی سەیرو ناناسا.

v.t. & v.i. قسەی نەستەق کردن؛ توانج گرتن؛ گاڵتەوگەپ کردن.

quipster (kwip′stēr), *n.* قسەی نەستەق کەر؛ توانج گر؛ نوکتەباز؛ گاڵتەچی.

quipu (kē′pōō, kwip′ōō), *n.* چەند پەتێکی ڕەنگاوڕەنگ و گرێ گرێیە خەڵکی " پیرۆ " جاران ژمێریاریان پێ دەکردو پوودا و یان پێ تۆمار دەکردو نامەیان پێ دەنارد.

quire (kwīr), *n., v.t. & v.i.* [Archaic], = choir.

quire (kwīr), *n.* بەستە کاغەزی بیست و چوار یا بیست و پێنج پەڕەیی.

quirk (kwûrk), *n.* (۱) (ا) خوارووخێچی؛ لاری. (ب) خوارووخێچی نووسین (بۆ ڕازاندنەوەو خۆشنووسین). (۲) ئاین و نڕین؛ خۆبەدەستەوەنەدان لە گفتوگۆدا. (۳) نوکتە؛ قسەی نەستەق؛ قسەی خۆش؛ ووتەی نەتنیکە؛ گاڵتەبازی.

(٤) خووی سەیرو تایبەتی کەسێك: *(one of his ~s)*.
(٥) هەوەس یا کردەوەی سەیرو پێشبینی نەکراو.
(٦) درزی بنمیچ (بۆ جوانی).

-quirkiness *(n.)*; **quirky** *(adj.)*.

quirt (kwûrt), *n.* قامچی ئەسپ سوار.

v.t. قامچی لێدان.

quisling (kwiz′liŋ), *n.* وڵات فرۆش (بەتایبەتی ئەوەی هاوکاری لەگەڵ بێگانەدا بکات بۆ داگیرکردنی وڵاتەکەی خۆی)؛ خۆفرۆش؛ جاش.

quit (kwit), *v.t.* (١) قەرزدانەوە؛ ئەرك لەسەر شانی خۆ لادان.
(٢) وازهێنان؛ کۆڵ دان؛ لێ گەڕان؛ دەست لێ هەڵگرتن.
(٣) بەرەڵاکردن؛ دەست لێ بەردان.
(٤) بەجێهێشتن؛ لێ کشانەوە؛ دەست لێ هەڵگرتن
(٥) دەست لە کار هەڵگرتن (لە کۆتایی پۆژدا یا بە یەکجاری)؛ واز لە ئیش هێنان.
(٦) تەرك کردن (خوو).
(٧) [Archaic]، ڕەووشت نوواندن؛ ڕەفتارکردن.

v.i. (١) پۆیشتن؛ بەجێهێشتن. (٢) وازهێنان؛ کۆڵ دان؛ دەست لێ هەڵگرتن.
(٣) [Colloq.]، واز لە ئیش هێنان بە یەکجاری؛ دەست لە کار هەڵگرتن بە تەواوی.

adj. ئازاد؛ بەخشراو؛ بەرەڵا.

call it quits, ئاش بەتاڵ لێکردن؛ وازهێنان؛ دەست هەڵگرتن.

quit it!, بیبڕەوە!؛ بەسیەتی!؛ ئیتر بەسیەتی!.

quitclaim (kwit′klām′), *n.* (١) واز لە مافی خۆ هێنان (بەتایبەتی مووڵك)؛ بەشی خۆ دان بە یەکێکی تر. (٢) بەڵگەنامەی وازهێنان لە مافی خۆ بۆ کەسێکی تر لە مووڵکێك یا شتێکدا.

v.t. وازهێنان لە مافی خۆ بۆ کەسێکی تر لە مووڵکێك یا شتێکدا.

quite (kwīt), *adv.* (١) بە تەواوی؛ بە یەکجاری؛ *(It's not ~ finished.)*
(٢) بە ڕاستی؛ بە بێ گومان.
(٣) [Colloq.]، زۆر؛ تا ڕادەیەکی زۆر: *(~ good)*.

quite a few, گەلێك؛ زۆر؛ چەند؛ ژمارەیەکی نەختێك زۆر.

quitrent (kwit′rent′), *n.* *Also* **quit rent,** مزێکە دەدرێ لە باتی ئیش‌وکار (لە ڕژێمی دەرەبەگیدا).

quits (kwits), *adj.* پاك لە پاك (قەرزدانەوە، تۆڵە سەندن).

cry quits, هاوارکردنی " پاکمان لە پاك "

quittance (kwit′ns), *n.* (١) لە قەرز خۆش بوون؛ گەردن ئازادکردن لە قەرز یا ئەرکی سەرشان؛ بەخشین؛ ئازادکردن.
(٢) بەڵگەنامەی گەردن ئازادکردن لە قەرز یا ئەرکی سەرشان.
(٣) بڕاردن؛ هەق بۆ کردنەوە؛ دانەوە.

quitter (kwit′ēr), *n.* [Colloq.], زۆر دەست هەڵگر؛ زوو وازهێنەر؛ زوو ڕاکەر لە ئەرکی سەرشان؛ بەرگەنەگر.

quittor (kwit′ēr), *n.* نەخۆشی سمی ئەسپ و گیاندار

یەك سەمەکانی تر

quiver (kwiv′ēr), *v.i.* لەرزین؛ لەرینەوە؛ تەزوو بە گیاندا هاتن؛ مووچڕکە پێداهاتن.

n. لەرزین؛ لەرە؛ لەرینەوە؛ تەزوو؛ مووچڕکە.

quiver (kwiv′ēr), *n.* (١) تیردان؛ کیف یا هەگبەی تیر.
(٢) پڕ تیردانێك تیر.

have an arrow left in one's quiver, تەواو پەکی نەکەوتووە؛ هێشتا شتێکی پێ ماوە؛ لە بنی هەمانەکەی نەداوە.

qui vive? [Fr.], کێیە ئەوە؟ (تێخوڕینی پاسەوان).

on the qui vive, لەسەر پێ؛ ووریا؛ ئاگادار.

quixotic (kwik-sot′ik), *adj.* (١) دۆن کیشۆتی؛ لەسەر ڕێو شوێنی دۆن کیشۆت (٢) ناکردەنی؛ خەیاڵی؛ دوور لە ژیانی ڕاستەقینەوە؛ شێتۆکە؛ دێوانەیی؛ زۆر ڕۆمانتیکی.

-quixotical *(adj.)*; **quixotically** *(adv.)*; **quixotism** *(n.)*.

quiz (kwiz), *n.* (١) [Rare]، کەسێکی سەیر. (٢) تەشقەلە؛ پەنگ. (٣) پرسیار. (٤) تاقیکردنەوەیەکی کورت یا بچکۆلە.

v.t. (١) پەنگ پێدان؛ تەشقەلە پێکردن. (٢) پرسیارلێکردن بە وورد. (٣) تاقیکردنەوە (بەتایبەتی هی کورت یا بچووك).

quizzical (kwiz′i-k'l), *adj.* (١) سەیر؛ پێکەنینباوی؛ ئەنتیکە (٢) لاقرتێکەر بە خەڵك؛ گاڵتە بە خەڵك کەر؛ توانج گر؛ گاڵتەچی. (٣) سەرسام ماو؛ سەرسوڕماو؛ سەر لێ شێواو: *(a ~ smile)*.

quod (kwod), *n.* [British Slang], بەندیخانە.

quod vide (kwod vī′di), [L.], بیبینە (ووتەیەکی پەراوێزیپە کورت دەکرێتەوە بۆ q.v.).

quoin (koin, kwoin), *n.* (١) (ا) گۆشەی دەرەوەی دیوار. (ب) بەردی ئەم گۆشەیە (٢) بەردی بناغە؛ بەردی بنچینە. (٣) پارچە دارێك یا کانزای مێخێیە تیپی چاپەمەنی لە جێی خۆیدا پێ ڕادەگیرێ.

v.t. (١) ڕاگرتنی تیپی چاپەمەنی لە جێی خۆیدا. (٢) بەردی بناغە دانان.

quoit (kwoit, koit), *n.* (١) ئەڵقەی یاری ئەڵقەو مێخ: ئەڵقەیەکی ئاسنە دەماوێژێ بۆ ئەوەی لەسەر مێخەکە بنیشێنێتەوە.
(٢) (*pl.*) یاری ئەڵقەو مێخ.

v.i. یاری ئەڵقەو مێخ کردن.

quorum (kwôr′əm, kwō′rəm), *n.* (١) کەمترین ژمارەی ئەندامی ئەنجوومەنێکە کە دەتوانرێ کۆڕی پێ بگیررێت. (٢) دەستەی هەڵبژاردە؛ کۆڕ.

quota (kwō′tə), *n.* بەرکەوت؛ بەشی پێ بڕاو؛ بەش.

quotation (kwō-tā′shən), *n.* (١) ووتەی وەرگیراو لە سەرچاوەیەکەوە بۆ نموونە؛ ووتەی یەکسەر. (٢) وەرگرتنی ووتەی کەسێکو خستنەبەرچاوی وەك نموونە. (٣) (ا) نرخ پێ ووتن یا وەرگرتن (بۆرسە، بازرگانی).
(ب) نرخی پێ ووتراو یا وەرگیراو.

quotation mark, نیشانەی ووتەی وەرگیراو و بە نموونە هێنراوە (وەك ئەمانە ".....")؛ وێرگوڵ سەروژێر؛ وێرگوڵ هەڵگەڕاوە

quote (kwōt), *v.t.* (١) (ا) وەرگرتنی ووتە لە سەرچاوەیەکەوە وەك نموونە؛ لەبەر ووتن: *(The teacher ~ed Shakespeare.)*.
(ب) وەرگرتن لە سەرچاوەیەکەوەو بە بەڵگە یا نموونە هێنانەوە (لە ووتار یا پەرتووکدا). (٢) خستنەناو وێرگوڵ هەڵگەڕاوەوە.
(٣) بە بەڵگە یا نموونە هێنانەوە: *(Can you ~ me a recent instance?)*.
(٤) نرخ پێ ووتن: *(to ~ someone the price of merchandise)*.

n. [Colloq.], (١) . **quotation** (٢) . **quotation mark**

quoth (kwōth), *v.t.* [Archaic], ووتی: *(~ he.)*.

quotha (kwōth′ə), *interj.* [Archaic], ڕاستە! (لە ڕووی لاقرتی یا سەرسامەییەوە).

quotidian (kwō-tid′i-ən), *adj.* (١) ڕۆژانە؛ هەموو ڕۆژێك پووەدەدات. (٢) هیچ‌وپووچ؛ ئاسایی.

n. تای ڕۆژانە.

quotient (kwō′shənt), *n.* ئەنجامی دابەش کردن (بیرکاری)؛ بەرکەوت.

Qur'an (kō-rän′, kō′ran), *n.* = **Koran.**

qursh (kûrsh), *n.* قرش

q.v., [L.], = **quod vide.**

R r

R, r (är), *n.* (۱) تیپی هەژدەهەمی ئەلفوبێی ئینگلیزی‌یە (۲) دەنگی ئەم تیپە: "ئار". (۳) (ا) قانی ئەم تیپە (ب) ئەم تیپە بەچاپکراوی یا هەڵکەندراوی. (٤) نیشانەی هەژدەهەمە لەڕیزێکدا؛ هەژدەهەم.

adj. (۱) تایبەتی بەم تیپە. (۲) هەژدەهەم

R (är), *n.* (۱) شتێکە لەشێوەی تیپی " R " دا. (۲) ژمارە ۸۰ی ڕۆمانی.

rabato (rə-bā′tō, rə-bä′tō), *n.* = rebato.

rabbet (rab′it), *n.* *Also* rebate, (۱) چاڵی تێکراوی قەراغی دارو تەختە بۆ پێداکردنی زمانە. (۲) جومگەی پێکهاتوو لە زمانە کردن بە چاڵدا یا نێرومێ کردنی تەختە.

v.t. چاڵ کردنی تەختەو پێداکردنی زمانە؛ نێرومێ کردنی تەختە

v.i. پێداکردنی زمانە بە چاڵدا؛ نێرومێ کرانی تەختە.

rabbi (rab′ī), *n.* مالوومێ؛ مەلای حوولەکە

rabbin (rab′in), *n.* = rabbi.

rabbinate (rab′in-it), *n.* (۱) مالوومێ؛ پلەوپایەی مالوومی. (۲) مالووم گەل

rabbinic (rə-bin′ik), *n.* زمانی عیبری بەکارهێنراو لە نووسراوەکانی مالوومەکانی سەدەی ناوەڕاستدا

rabbinical (rə-bin′i-kˈl), *adj.* *Also* rabbinic, مالوومی؛ تایبەتی بە مالوومەکانی سەدەی ناوەڕاست و بیروباوەڕو زانیاری و زمانەکەیان.

rabbit (rab′it), *n.* (۱) کەڵە کەرۆشک. ۲) کەرۆشک.

v.i. پاوە کەرۆشک کردن.

rabbit punch, مستەکوتەی بە پشتی ملدا دراو (بۆکسبازی)

rabbitry (rab′it-ri), *n.* کەرۆشک خانە؛ شوێنی پەروەردەکردنی کەرۆشکی ماڵی

rabbit's (or rabbit) foot, پاشووی کەرۆشک کە وەک نوشتە سەیر دەکرێ و گوایە بەختی باش دەهێنێت.

rabble (rab′ˈl), *n.* قەرەباڵغی؛ کۆمەڵە خەڵکێکی دەنگەدەنگەرو دابین نەکراو؛ جەماوەری هەراوهوریاکەر.

v.t. هێرش بردنە سەر بە جەماوەر یا بە پووتەوپووتە

the rabble, پووتەوپووتە؛ بۆرەپیاوان؛ جەماوەر (لەبووی سووکی‌یەوە)؛ ڕەشۆو ڕووت گەل؛ عەلەموجەلە.

rabble (rab′ˈl), *n.* مقاشی تێکدانی ئاسنی تواوەو خاو لە کووڕەدا بۆ کردنی بە ئاسنی نەرم یا بەرگەگر

v.t تێکهەڵدانی ئاسنی تواوەو خاو لە کووڕەدا.

rabblement (rab′ˈl-mənt), *n.* هەراوهوریا؛ پشێوی؛ ئاژاوە.

rabble rouser, پووتەوپووتە وروژێنەر؛ جەماوەر وروژێنەر (بۆ ئاژاوەنانەوە).

rabid (rab′id), *adj.* (۱) دابین نەکراو؛ هار. (۲) تووندوتیژ؛ بێ ئەندازە؛ لە ڕادەبەدەر: *(~ hate.)*. (۳) هار: *(a ~ dog.)*.

-rabidly (*adv.*); **rabidness** (*n.*).

rabidity (rə-bid′ə-ti), *n.* هاری (سەگ)؛ تووندوتیژی؛ هاری.

rabies (rā′bēz, rā′bi-ēz′), *n.* هاری؛ نەخۆشی هاری؛ میکرۆبی هاری.

raccoon (ra-kōōn′), *n.* ڕاکوون: گیاندارێکی ئەمەریکی تیسکنی لەنۆ درێژی گۆشتخۆرو شیردەرە بە دارا هەڵدەگەڕێ بەزۆری بە شەو دێتەدەری لەپشیلە دەچێت.

race (rās), *n.* (۱) پێشبڕکێ؛ کێ بڕکێ؛ ڕاکردن. (۲) *(pl.)* غارغارێن؛ ڕەمبازی. (۳) ملەملێ؛ بۆربۆڕێن: *(The presidential ~ .)*. (٤) بۆ پێشەوە چوون؛ ڕاکەڕاک. (٥) (ا) تەوژمی ئاو؛ خوڕاو؛ شەپۆل. (ب) ڕەوتی تەوژمە ئاو. (ج) ئاوبارە؛ جۆگەی دەستکرد. (٦) هێڵی هاتوچۆی پارچە مەکینە.

v.i. (۱) پێشبڕکێ کردن؛ ڕاکردن(بۆ بردنەوە)؛ کێ بڕکێ کردن. (۲) خێرا ڕۆیشتن یا کردن؛ ڕاکەڕاک کردن؛ پەلەکردن. (۳) خێرا خولانەوە: *(the engine is ~ing.)*.

v.t. (۱) پێشبڕکێ لەگەڵ کردن. (۲) غارغارێن پێ کردن (بۆ بردنەوە)؛ پێشبڕکێ پێ کردن: *(to ~ horses, cars)*. (۳) خێرا خولاندنەوە؛ بەنزین ڕۆر پێدان: *(don't ~ the engine.)*

race (rās), *n.* (۱) ڕەگەز؛ نەتەوە. (۲) کۆمەڵی هاوپیشەو هاوخوو. (۳) توخم؛ ڕەسەن. (٤) تام؛ چەژ.

racecourse (rās′kôrs′, rās′kōrs′), *n.* مەیانی غارغارێن یا ڕەمبازی؛ مەیانی پێشبڕکێ.

racehorse, ئەسپی غارغارێن؛ ئەسپی ڕەمبازی.

raceme (rā-sēm′, rə-sē′), *n.* چەند جۆزە گوڵێکە وەک هێشوو بەسەر لاسکێکەوە ڕیز دەبێ (وەک نێرگزە کێوی).

racer (rās′er), *n.* (۱) پێشبڕکێکەر (ئەسپ، مرۆڤ، ئوتومبیل، فڕۆکە). (۲) خێرا ڕاکەر؛ تیژ؛ خێرا. (۳) جۆرە مارێکە.

race riot, ئاژاوەی نێونەتەوەیی.

racetrack, مەیانی غارغارێن یا ڕەمبازی؛ مەیانی پێشبڕکێ.

raceway (rās′wā′), *n.* (۱) جۆگەی دەستکردی ئاو گواستنەوە؛ ئاوبارە. (۲) بۆری پاراستنی تەلی ئەلەکتریک. (۳) racetrack.

rachis (rā′kis), *n.* (۱) بڕبڕەی پشت. (۲) لاسکی گوڵی هێشووبی (وەک نێرگزی کێوی). (۳) قەفی پەڕ.

rachitis (rə-kī′tis), *n.* = rickets.

racial (rā′shəl), *adj.* (۱) ڕەگەزی؛ نەتەوەیی. (۲) لە جیاوازی نێو ڕەگەزەکانەوە هاتووە.

-racially (*adv.*).

racism (rās′iz′m), *n.* ڕەگەزپەرستی؛ بە سووک سەیرکردنی ڕەگەزی تر.

racist (rās′ist), *adj.* ڕەگەزپەرست.

rack (rak), *n.* (۱) چوارچێوەی شت تیادانان یا لەسەر دانان: (ا) ئاخور. (ب) تەل گورزە پێ بەستنەوە. (ج) سنگی جل هەڵواسین. (د) ڕەفەی دار یا ئاسن. (ھ) چوارچێوەی بۆمبا تێخراو لە فڕۆکەی بۆمباهاوێژدا. (۲) شیشی داندار کە لەگەڵ چەرخێکی داندارا بەیەکدا دەچن و لەیەک گیردەبن (مەکینەکاری). (۳) چوارمێخە؛ خەرکەمان. (٤) تەشکەنجە؛ ئێش و ئازارێکی زۆر؛ هۆی ئێش و ئازاری پیس؛

گۆڕەوشار. مەجان)

v.t. (۱) کردن بە سنگدا (جل، شت‌ومەک)؛ خستنەسەر چوارچێوەیەک یا پەفەیەک؛ پێزکردن بەسەر چوارچێوەیەکدا.
(۲) لە چوارمێخە کێشان؛ لە خەرکەمان دان؛ گۆڕەوشار دان (مەجان).
(۳) ئێش‌و ئازاردان؛ داخ‌وسوێ کردن بەدڵەوە؛ چەوساندنەوە.
(٤) زۆر ماندووکردن؛ زۆر هەوڵدان؛ گوشین (مێشک)؛ پەستاوتن.
(to ~ one's brain to come up with an answer)
(٥) کرێ خانووی زۆر لێ سەندن؛ کرێ خانوو بەرزکردنەوە.

on the rack, لە ئەشکەنجەدایە؛ لە ئێش‌و ئازاردایە؛ لەوپەڕی ناخۆشیدا بوون.

rack one's brain (or memory), ئێجگار زۆر هەوڵدان بۆ بیرکەوتنەوە

rack (rak), *n.* ڕەوت؛ ئەرمەلوقە

v.i. ڕەوت کردن؛ ئەرمەلوقە کردن.

rack (rak), *n.* فەوتان؛ مەمان *(go to ~ and ruin)*.

rack (rak), *n.* پەلە هەوری بەردوو

v.i. بابردن (بەلە هەور).

rack (rak), *v.t.* شەراب لە خڵتە گرتنەوە.

racket (rak′it), *n.* (۱) هەراوهوریا؛ جەنجاڵ؛ دەنگەدەنگ؛ هەڵمەڵا.
(۲) بەزم‌و ڕەزم؛ کەیف‌و ڕابواردن؛ ئاهەنگ‌و خۆشی؛ زەماوەند.
(۳) [Slang] (ا) پارە پەیداکردن بە ساختەو هەڕەشەو چەوتی‌و قاچاخچێتی. (ب) ڕێی چەوت‌و ساختە بۆ پارە پەیداکردن؛ پیلانی ساختە.
(ج) پیشە یا کاسبی پارە زۆر پەیداکەر بەتایبەتی بە چەوتی؛ *(The law profession has become a ~.)*
(د) پیشە؛ کار‌و کاسبی.

v.i. (۱) هەراوهوریە کردن؛ دەنگەدەنگ کردن بە کۆمەڵ.
(۲) خەریکی ئاهەنگ‌و بەزم‌و ڕەزم بوون؛ زەماوەند کردن.

racket (rak′it), *n. Also* racquet, (۱) ڕەکێت؛ ڕەکتی تەنس‌و پینگ پۆنگ. (۲) *(pl.)* ڕاکێت؛ یاریەکە کە تەنس دەچێت بە ڕەکتی دەسک کوڕت دەکرێ لەناو ژوورێکدا.

racketeer (rak′ə-êr′), *n.* پارە پەیداکەر بە فێڵ‌و تەڵەکەو ساختەچێتی‌و هەڕەشەو قاچاخ

v.i. پارە پەیداکردن بە فێڵ‌و تەڵەکەو ساختەو هەڕەشەو قاچاخ.

rackety (rak′ə-ti), *adj.* (۱) بە دەنگ؛ بە دەنگەدەنگ؛ پڕ لە هەراو هوریا. (۲) حەز لە ئاهەنگ‌و بەزم‌و ڕەزم کەر.

rack railway, هێڵی داداری شەمەندەفەر (بۆ بەرەو ژوورکە). (پێشی دەوترێ " cog railway ").

rack-rent (rak′rent′), *n.* کرێ خانووی زۆر گران

v.t. کرێ خانووی زۆر لێ سەندن

-rack-renter *(n.)*.

raconteur (rak′on-tûr′), *n.* چیرۆکبێژی لێهاتوو؛ چیرۆک گێڕەرەوە بەخۆشی

racoon (ra-kōōn′), *n.* = **raccoon.**

racquet (rak′it), *n.* = **racket.**

racy (rās′i), *adj.* (۱) تامەزۆ بۆن خۆش (میوە، شەراب)؛ مزر؛ مەخۆش.
(۲) تووندوتیژ؛ ئیر؛ بڕندە.
(۳) بێ پەردە؛ هەڵمانراو؛ بێ ئابڕوو: *(a ~ novel, story, film, etc.)*.

radar (rā′där), *n.* ڕادار.

radar-scope, شاشەی ڕادار

raddle (rad′′l), *v.t.* چنین؛ لەیەک هەڵکێشان؛ لەیەکەوە ئالاندن

raddle (rad′′l), *n.* گڵەسوور؛ ڕەنگی ئاڵ یا سوور.

v.t. بۆیەی سوور لێدان؛ سوورکردن.

raddled (rad′′ld), *adj.* سەر لێ شێواو؛ پەشۆکاو؛ ماندوو؛ پەشێو؛ شکست؛ شێواو *(He seems ~ these days.)*.

radial (rā′di-əl), *adj.* (۱) (ا) تیشکی (ب) لە یەک شوێندا کۆبووەوە؛ بەرەو ناوچەق هاتوو؛ لەیەک شوێنەوە بڵاوبووەوە.
(۲) نیوەتیرەیی (بیرکاری)؛ وەک نیوەتیرە ڕێکخراو.
(۳) قۆڵی (تۆپکاری)؛ هی ناوچەی قۆڵ.
(٤) سیمدار (تایەی ئۆتۆمۆبیل): *(a ~ tire)*.

radian (rā′di-ən), *n.* گۆشەی نیوەتیرەیی (بیرکاری).

radiance (rā′di-əns), *n. Also* radiancy, (۱) درەوشانەوە؛ شەوق؛ ڕووناکی؛ شەوقدانەوە (۲) ووزەی تیشکاوەر (فیزیا).

radiant (rā′di-ənt), *adj.* (۱) درەوشاوە؛ بەشەوق؛ شەوقدەرەوە؛ ڕووناک؛ بریقەدار؛ تیشکدەر: *(the ~ morning)*.
(۲) پڕ لەخۆشی؛ پڕ کەیف‌و خۆشی‌و ئاسوودە؛ دەم بە پێکەنین‌و خۆش بێ *(a ~ smile, personality, etc.)*
(۳) تیشکدەرەوە؛ تیشکاوەر؛ تیشکدەر: *(~ energy.)*.

radiant (rā′di-ənt), *n.* (۱) سەرچاوەی ئەستێرەی کشاو (ئەستێرەناسی). (۲) سەرچاوەی ڕووناکی.

radiant energy, ووزەی تیشکاوەر.

radiate (rā′di-āt′), *v.i.* (۱) دانەوە (تیشک، ڕووناکی، گەرمی، خۆشی)؛ بریقانەوە؛ تیشکدانەوە؛ بریسکانەوە.
(۲) لێوەهاتن *(Heat ~ from a fire)*.
(۳) بڵاوبوونەوە لەناو چەقەوە؛ لێوە بڵاوبوونەوە: *(Highways ~ from the city .)*

v.t. (۱) تیشکدانەوە؛ شەوقدانەوە؛ گەرمی یا تیشک لێ بوونەوە.
(۲) دانەوە (خۆشی، دڵنیایی)؛ لێوەهاتن: *(He ~ confidence.)*.
(۳) بڵاوکردنەوە لەناوچەقەوە
(٤) ڕووناک کردنەوە؛ شەوق دانە سەر.

adj. (۱) تیشکاوەر؛ تیشکدەرەوە.
(۲) تەڕ یا پەل فڕێدەر لەناو چەقەوە؛ لەناوچەقەوە بڵاوبوونەوە: *(~ flowers)*
(۳) ئەندام‌و پارچەکانی لەناوچەقەوە بڵاوبوونەتەوە بە ڕێک‌وپێکی (گیانەوەرناسی).

n. گیاندارێکە پەلەکانی لەناوچەقەوە بڵاوبوونەتەوە بە ڕێک‌وپێکی (وەک ماسییە نەرمەلیقە).

radiation (rā′di-ā′shən), *n.* (۱) دانەوە (تیشک، گەرمی، خۆشی).
(۲) تیشکدانەوە (فیزیا)؛ تیشکاوەری.
(۳) تیشکی نەتۆم؛ تیشک؛ ووزەی تیشک؛ ووزەی تیشکاوەر.
(٤) ڕێکخرانی پارچەکانی ئەندامێک یا ئەندامەکانی لەشێک بەجۆرێک کە هەموو لەناوچەقێکەوە هاتبن‌و لەوێش یەک بگرنەوە (لەشێوەی تەڵی تایەی پاسکیلدا).

radiator (rā′di-ā′ter), *n.* (۱) ڕادیەتەر؛ سارد‌کەرەوەی ئۆتومبیل.
(۲) ئامێری ژوور گەرمکەرەوە (بەهۆی بۆری ئاوی گەرم‌و هەڵمەوە).
(۳) سەرچاوەی تیشکاوەر (فیزیا). (٤) ئێریەڵی ئێرەر.

radical (rad′i-k′l), *adj.* (۱) بنچینەیی؛ بنەڕەتی؛ ئەوپەڕی: *(~ social changes)*
(۲) شۆڕشگێڕی؛ تووندڕەوی ڕامیاری؛ ڕادیکاڵی: *(a ~ movement)*.
(۳) پیشەیی (ڕووەکناسی)؛ بنجی؛ ڕەگی؛ بنەڕەگی.
(٤) ڕەگی (بیرکاری).

radical (rad′i-k′l), *n.* (۱) ڕەگ؛ بنج؛ بنچینە؛ ڕیشە؛ ڕەگ‌و ڕیشە.
(۲) (ا) شۆڕشگێڕ؛ چەپڕەو؛ ئەوپەڕگر؛ ڕادیکاڵی
(ب) [-R]: ئەندامی کۆمەڵێکی شۆڕشگێڕی یا چەپڕەو.
(۳) کۆمەڵێک ئەتۆم‌و بەڵای کەمەوە یەک ئەلەکترۆن (کیمیا).
(٤) (ا) ڕەگی دووجایی یا سێ جایی (بیرکاری) (ب) **radical sign**.
(٥) ڕەگی ووشە (زمانەوانی)

radicalism (rad′i-k′l-iz′m), *n.* (۱) شۆڕشگێڕیتی؛ ڕادیکاڵیتی؛ تووندڕەوی ڕامیاری؛ چەپڕەوی. (۲) بیرو باوەڕی شۆڕشگێڕیتی؛ ڕێبازو بیرو باوەڕی ڕادیکاڵیتی یا چەپڕەوی.

radically (rad′i-k′l-i, rad′ik-li), *adv.* (۱) لە بنچینەوە؛ لە ڕەگ‌و ڕیشەوە؛ لە سەرچاوەوە.

(English is ~ a Germanic language.)

(۲) بنەرەتی؛ بنچینەیی؛ زۆر؛ نەوتۆیی: *(to change something ~)*.

(۳) بەشێوەیەکی شۆڕشگێڕانە یا چەپڕەوانە.

radical sign, نیشانەی ڕەگی دووجایی یا سێ جایی (بیرکاری)

radicel (rad′ə-sel´), *n.* ڕەگۆلکە؛ ڕەگە بچکۆلە

radices (rā′də-sēz´), *n. alternative plural of* radix

radicle (rad′i-k'l), *n.* (۱) ڕەگی دەماری خوێن یا هەستە دەمار. (۲) (أ) نەو بەشەی ڕووەکی ساوا کە دەبێتە شاردگ. (ب) ڕەگۆلکە؛ ڕەگە چکۆلە.

radii (rā′di-ī´), *n. alternative plural of* radius.

radio (rā′di-ō´), *n.* (۱) بەکارهێنانی شەپۆلی ئەلەکترۆماگنتیکی بۆ ناردن و وەرگرتنی نامەی بێ تەل (۲) پەیوەندی کردن بە دەزگای بێ تەل (۳) ڕادیۆ (٤) دەزگای بێ تەل؛ بێ تەل: تەلسز (٥) (أ) بلاوکردنەوە بە ڕادیۆ یا بەبێ تەل (ب) نیستگەی ڕادیۆ (٦) نامەی بێ تەل

adj. بێ تەل؛ تەلسز

radio- (rā′di-ō, rā′di-ə), پێشگرێکە بەمانای (أ) تیشک؛ تیشکاوەر (ب) بێ تەل تەلسز (ج) قۆل (تونێلکاری) (د) بە تیشکی نەتۆم کراو (پزیشکەدانی) (ه) تیشکی نەتۆمدار

radioactive (rā´di-ō-ak′tiv), *adj.* تیشکی نەتۆمدار؛ تیشکاوەر

radioactivity (rā´di-ō-ak-tiv′ə-ti), *n.* تیشکی نەتۆمداری؛ تیشکاوەری

radio beacon, ڕابەری بێ تەل بۆ ڕێ پیشاندانی کەشتی‌یەوان و فڕۆکەوان

radiobiology (rā´di-ō-bī-ol′əji), *n.* زانستی ئیکۆلیزەی کارکردنەسەری تیشکی نەتۆم لەسەر زیندەوەر

radiobroadcast (rā′di-ō-brôd´kast, rā′di-ō-brôd´käst), *v.t. & n.* بە ڕادیۆ بلاوکردنەوە؛ بەرنامەی ڕادیۆ؛ بلاوکراوەی ڕادیۆ

-radiobroadcaster *(n.)*.

radiocast (rā′di-ō-kast, rā′di-ō-käst), *v.t. & n.* = radiobroadcast.

radiochemistry (rā´di-o-kem′is-tri), *n.* کیمیای تیشکاوەری

radio compass, قیبلەنمای بێ تەل: کەشتی‌یەوانی

radio frequency, لەرەی ڕادیۆ

radiogram (rā′di-ō-gram´), *n.* (۱) نامەی بێ تەل؛ بروسکەی بێ تەل (۲) radiograph

radiograph (rā′di-ō-graf´, rā′di-ō-gräf), *n.* وێنەی تیشکی ئێکس

v.t. وێنەگرتن بە تیشکی ئێکس

-radiographic *(adj)*; **radiography** *(n.)*.

radiolocation (rā´di-ō-lō-kā′shən), *n.* شوێن دیاری کردن یا دۆزینەوەی فڕۆکەی دوژمن بە ڕادار

radiologist (rā´di-ol′ə-jist), *n.* شارەزای پزیشکەوانی تیشکاوەری؛ زانای تیشکی ئێکس و بەکارهێنانی لە پزیشکەوانیدا

radiology (rā´di-ol′əji), *n.* ڕادیۆلۆجی؛ زانیاری تیشک؛ پزیشکەوانی تیشکاوەر زانستی بەکارهێنانی ووزەی تیشکاوەر لە پزیشکەوانیدا

-radiological *(adj.)*.

radiometeorograph (rā´di-ō-mē′ti-er-ə-graf´, rā´di-ō-mē′ti-er-ə-gräf´), *n.* = radiosonde.

radiometer (rā´di-om′ə-ter), *n.* ڕادیۆمەتر؛ پێوەری خەستی ووزەی تیشکاوەری

radiometry (rā´di-om′ə-tri), *n.* پێوانی خەستی ووزەی تیشکاوەری

-radiometric *(adj.)*.

radiophone (rā′di-ō-fōn´), *n.* = radiotelephone.

radioscope (rā′di-os´kə-p), *n.* ڕادیۆسکۆپ: دەزگای تیشکی ئێکس؛ دەزگای تێڕوانین یا پشکنینی لەش بە تیشکی ئێکس.

radioscopy (rā´di-os′kə-pi), *n.* ڕادیۆسکۆپی: پشکنین یا تێڕوانینی لەش بە تیشکی ئێکس.

radiosonde (rā′di-ō-sond´), *n.* پشکنیاری بێ تەل: ئامێرێکی بێ تەلە لە بالۆنێکەوە بەردەدرێتەوە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی ئاووهەوا و ئاردنەوەی بۆ سەرزەمین.

(پێشی دەووتری: " radiometerograph ").

radio spectrum, مەودای لەرەی ئەلەکترۆماگنتیکی ڕادیۆ تەلەفزیۆن و ڕادار؛ مەودای لەرەی شەپۆلی ڕادیۆ.

radio station, نیستگەی ڕادیۆ

radiotelegram (rā´di-ō-tel′ə-gram´), *n.* = radiogram.

radiotelegraph (rā´di-ō-tel′ə-graf´, rā´di-ō-tel′ə-gräf´), *n.*, ***v.t. & v.i.*** ئامێری بروسکە ناردن. نامەی بێ تەل ناردن.

-radiotelegraphic *(adj.)*.

radiotelegraphy (rā´di-ō-tə-leg′rə-fi), *n.* نامەی بێ تەل ناردن.

radiotelephone (rā´di-ō-tel′ə-fōn´), *n.* تەلەفۆنی بێ تەل؛ تەلەفۆنی تەلسز. (هەروەها " radiophone ").

v.t. & v.i. نامە ناردن بە تەلەفۆنی بێ تەل.

-radiotelephonic *(adj)* ; **radiotelephony** *(n.)*.

radiotelescope (rā´di-ō-tel′ə-skōp´), *n.* دووربینی بێ تەل؛ تەلیسکۆپی بێ تەل.

radiotherapy (rā´di-ō-ther′ə-pi), *n.* چارەکردنی تیشکاوەری؛ چارەکردنی نەخۆشی بە تیشک یا تیشکی ئێکس.

radio wave, شەپۆلی ئەلەکترۆماگنتیکی

radish (rad′ish), *n.* تووز.

radium (rā′di-əm), *n.* ڕادیۆم: کانزایەکی سپی تیشکدەرەوەیە.

radium therapy, چارەکردنی نەخۆشی بە ڕادیۆم (بەتایبەتی شێرپەنجە).

radius (rā′di-əs), *n.* (۱) تەلی پێچکەی پاسکیل؛ شتێک کە لەناوچەقەوە بێتەدەرەوە یا لەناوچەقدا یەک بگرێ. (۲) قۆل (مەکینەکاری). (۳) نیوەتیرە (ئەندازە). (٤) ناوچەیەکی بازنەیی بە چواردەوری نیوەتیرەدا: *(there was no house within a ~ of five miles.)* (٥) مەودا: *(within the ~ of my experience .)*.

(٦) (أ) ئێسقانە کورت‌و ئەستوورەکەی دیوی ناوەوەی باسک لە دیوی پەنجە گەورە. (ب) ئێسقانی باسکی گیانداری چوار پێ.

radius vector, دووری تیشکۆیی (بیرکاری، ئەستێرەوانی).

radix (rā′diks), *n.* (۱) ڕەگ (ڕووەک)؛ ڕیشە؛ بنج. (۲) بنچینە (بیرکاری). (۳) ڕەگی ووشە؛ سەرچاوە (زمانەوانی).

radome (rā′dōm´), *n.* ڕادۆم: گوومەزی پارێزەری ئێریەل (هەوایی) ڕادار (بەتایبەتی لە هەندێ فڕۆکەدا بەکاردێت).

radon (rā′don), *n.* ڕادۆن: گازێکی تیشکاوەری‌یە لە کانزای " radium " ەوە پەیدادەبێت (بۆ چارەکردنی نەخۆشی شێرپەنجە بەکاردەهێنرێت)

radula (raj′oo-lə), *n.* ئەندامێکی زمان ئاسایی گیاندارە نەرمەکانە ڕیزێک دەدانی بچووکی پێوەیە بۆ خواردەمەنی لەتکردن.

raff (raf), *n.* (۱) ژمارەیەکی زۆر؛ کۆمەڵ. (۲) [Scot. Or British Dial.]، زبل؛ پاشەڕۆک؛ شتی بۆگەنی فڕێدراو (۳) **riffraff**.

raffia (raf′i-ə), *n.* (۱) دارخورمای ڕافیە. (پێشی دەووتری: " raffia palm ") (۲) ڕیشاڵی گەڵای ئەم دارخورمایە کە سەبەتەو حەسیرو شەپقەی لێ دەچنرێ.

raffinose (raf′ə-nōs´), *n.* شەکرێکی نەختێك شیرینە لە چەوەندەرو تزوی پەمو دەردەمێنرێ.

raffish (raf′ish), *adj.* (۱) بریقەدارو هەڕژانبەها. (۲) سەرسەری؛ بێ ئابرو؛ بێ شەرم؛ بەرەڵا؛ خوێڕی؛ بێ ڕەوشت.

raffle (raf″l), *n.* هایبەخت؛ پشك؛ پیانقۆ.

v.t. ***(~ off),*** پشك ڕاکێشان؛ خستنە هایبەختەوە.

v.i. بەشداری هایبەخت بوون.

raft (raft, räft), *n.* کەڵەك

v.t. (۱) بە کەڵەك پەڕاندنەوە یا گواستنەوە (۲) کەڵەك لێ دروستکردن؛ کردن بە کەڵەك.

v.i. بە کەڵەك پەڕینەوە یا هاتوچۆکردن.

raft (raft, räft), *n.* [Colloq.], ژمارەیەکی زۆر؛ زۆر.

rafter (raf′ter, räf′ter), *n.* گورگە؛ دەستەك

raftsman (rafts′mən, räfts′mən), *n.* کەڵەکەوان؛ کەڵەکچی.

rag (rag), *n.* (۱) پەڕۆ؛ پەڕۆ پاتال؛ پاتاڵ. (۲) تڵپەی پەڕۆ کە کاغەزی لێ دروست دەکرێ. (۳) پارچە؛ کوت؛ پنچك. (٤) *(pl.)* ، شرەوپرە؛ شرە؛ جلی دڕاو؛ کۆنە. (٥) *(pl.)* ، جل‌وبەرگ (لەڕووی گاڵتەوە). (٦) [Slang]، ڕۆژنامە. (۷) دەماری مزرەمەنی.

adj. لە پەڕۆ دروستکراو: ***(a ~ doll)*** .

rag (rag), *v.t.* (۱) کلك پێوەکردن؛ گاڵتە لەگەڵ کردن؛ سەرخستنەسەر. (۲) سەرزەنشتکردن (۳) [British]، تەشقەلە پێ کردن؛ پەنگ پێ دان.

n. [British], تەشقەلە ؛ پەنگ

rag (rag), *n.* (۱) تەختەبەردێکی دیوێکی زبرە سەربانی بێ تەختەپۆش دەکرێت (۲) [British]، هەر جۆرە بەردێکی زبر.

rag (rag), *n.* [Slang], *n. & v.t.* = ragtime.

ragamuffin (rag′ə-muf´in), *n.* منداڵێکی پیس‌و پۆخڵی شرەوپرە لەبەر؛ کەسێکی پنتی یا شرپۆش.

rage (rāj), *n.* (۱) [Obs.] شێتی؛ شێتێتی. (۲) تووڕەییەکی نێجگار زۆر؛ شێتگیری. (۳) هێزێکی تووندوتیژ (وەك هی با و زریان). (٤) حەزی بەتێ؛ ئارەزوویەکی بەتێ؛ پەرۆشی؛ تاسە. (٥) باو؛ مۆدە؛ خولیای سەردەمی گشت کەس.

v.i. (۱) زۆر تووڕەبوون؛ شێتگیربوون. (۲) هەڵچوون (دەریا، باوبۆران...هتد)؛ وروژان: ***(The see ~d.)*** . (۳) بلاوبوونەوە (نەخۆشی)؛ تەشەنە سەندن.

ragged (rag′id), *adj.* (۱) دڕاو؛ شڕ؛ شرو وڕ؛ پەڕپووت: ***(a ~ shirt)***

(۲) پنتی؛ شرەوپرە لەبەر؛ شرۆشیتاڵ لەبەر. (۳) زبر؛ ناڕێك؛ گرنج گرنج: ***(a ~ edge)*** . (٤) بڕ؛ دانەهێنراو (قژ): ***(~ hair)*** (٥) ناتەواو؛ کەم‌وکوڕیدار: ***(a ~ style)*** . (٦) گڕ؛ ناسار ***(a ~ voice)***

-raggedly *(adv.)*; **raggedness** *(n.).*

ragged edge, قەراغ (کەندەڵان. هەزار بەهەزار، باری ناخۆش)؛ لەسەر قەراغ ***(on the ~ of poverty)*** .

ragger robin, ڕووەکێکی لاسك درێژە گوڵی سوورو سپی‌و پەمەیی دەگرێت

raglan (rag′lən), *n.* جۆرە پاڵتۆ یا چاکەتێکی دەڵبە.

ragman (rag′man´, rag′mən), *n.* پەڕۆفرۆش

ragout (ra-gōō′), *n.* ڕاگوو: شلەی گۆشت‌و سەوزە.

ragpicker (rag′pik´er), *n.* کۆنە و شرەوپرە کۆکەرەوەو فرۆش؛ شرەو کۆنەفرۆش

ragtag (rag′tag´), *n.* پووتەوپوتە؛ عەلەوجەلە؛ لاتولووت (پێشی دەوترێ: "ragtag and bobtail" لەڕووی سووکی‌یەوە).

ragmeed (rag′mēd´), *n.* گیایەکە هەڵگەکەی دەبێتەهۆی نەخۆشی هەستیاری.

ragwort (rag′wūrt´), *n.* ڕووەکێکی بەرزی گەڵا دانەدانی گوڵ زەردە.

raid (rād), *n.* (۱) هێرشی ناکاوی لەشکر؛ بەسەردادان؛ هەڵ کوتانە سەر بە لەشکرو فڕۆکەوە؛ پەلاماردانی چەتە بۆ ڕاووڕووت‌و تاڵان کردن. (۲) هێرشی پۆلیس. (۳) هێرش؛ بەسەردادان. (٤) هەوڵی پارەبازان بۆ نرخ شکاندنی "بۆرسە" بە لەپڕ فرۆشتنی بەشەکانیان.

v.t. هێرش بردنە سەر لەناکاو؛ پەلاماردان؛ بەسەردادان.

v.i. بەشداری کردنی هێرش.

raider (rād′e), *n.* (۱) هێرش بەرە سەر (بەتایبەتی کەشتی‌و فڕۆکە)؛ هێرشکەر (۲) [R-]، سەربازی شەڕی دەستەوبەخە.

rail (rāl), *n.* (۱) (ا) تەیمان؛ پەرژین؛ شوورە. (ب) شیشی تەیمان (داریا ئاسن). (۲) نەردە؛ چاغ (پێ پلیکانە). (۳) هێڵی شەمەندەفەر. (٤) شەمەندەفەر: ***(He travels by ~ .)*** . (٥) داری دەرگاو دیوار (لەسەر لا).

v.t. تەیمان کردن؛ پەرژین کردن؛ نەردە بۆ کردن (پێ پلیکانە).

rail (rāl), *v.i.* هێرش بردنە سەر بە دەم؛ بە تووندوتیژی ڕەخنەلێگرتن؛ سەرزەنشتکردن؛ زۆر گلەیی کردن؛ سکاڵا لەدەست کردن.

rail (rāl), *n.* باڵندەیەکی ناو زەلکاوی قاوەیی باڵ کورتە لە قوڵنگ دەچێ.

rail fence, تەیمانی شیشە ئاسن یا دار (کە بەسنگ قایم دەکرێ).

rail-head (rāl′hed´), *n.* (۱) کۆتایی هێڵی شەمەندەفەر؛ ئەوسەر یا کۆتایی هێڵی شەمەندەفەر. (۲) جێی بار داگرتن لە شەمەندەفەرو ناردنی بۆ لەشکر لە مەیانی جەنگدا

railing (rāl′iŋ), *n.* (۱) کەرەسەی تەیمان‌و نەردە. (۲) نەردە (پێ پلیکانە، تەلار)؛ چاغ؛ تەیمان؛ شوورە.

railroad (rāl′rōd´), *n.* (۱) هێڵی شەمەندەفەر؛ هێڵی ئاسن؛ ڕێگای ئاسن؛ ڕێگای شەمەندەفەر.

(۲) دەزگای ڕێگەی شەمەندەفەرو بەڕێوەبردنی.

v.t. (۱) شەمەندەفەر گواستنەوە. (۲) هێڵی شەمەندەفەر بۆ ڕاکێشان؛ ڕێگەی شەمەندەفەر بۆ بردن. (۳) [Colloq]، بەپەلە پاڵ پێوەنان‌و مۆرکردن بۆ ئەوەی کاتی نەوە نەبێ بە وردی ایڵی بکۆڵرێتەوە: ***(They ~ed the law through the Congress.).***

(٤) [Slang] ، بەخۆڕایی خستنە بەندیخانەوە (یا تاوان بۆ هەڵبەستن یا بەپەلە دادپرسین).

v.i. لەسەر ڕێی شەمەندەفەر کارکردن.

railroad flat, خانوویەکە ژوورەکانی وەك فارگۆنی شەمەندەفەر بە ڕیز دروستکراین.

rail-splitter, دارلەتکەری تەیمان‌و شوورە

railway (rāl′wā´), *n.* (۱) هێڵی ئاسنی شەقامەکان (بۆ پاسی ئاوشان). (۲) [British]، railroad.

(۳) هەر هێڵێکی ئاسن بۆ پێچکە بەسەردا خولانەوە.

raiment (rā′mənt), *n.* [Archaic or Poetic], جل‌وبەرگ؛ پۆشاك.

rain (rān), *n.* (۱) باران. (۲) باران بارین. (۳) (ا) کەشی بارانباری. (ب) [*pl.*] وەرزی باران. (٤) شت بارین یا کەوتنەخوارەوەی کوتوپڕ: ***(a ~ of ashes)*** .

v.i. (۱) باران بارین؛ بارین: ***(It is ~ ing.)*** . (۲) بارین (گوللە، بۆمبا...هتد)؛ هاتنەخوارەوە وەك باران؛ وەك باران بارین: ***(Bullets ~ed about him.; Tears ~ed down her cheeks.).*** (۳) باران باراندن (خودا).

v.t. (۱) ڕژاندن وەك باران. (۲) بەسەردا ڕژاندن (بەبەخشیش، ستایش)؛ پێ بەخشینی بێ شومار؛

بەسەردا باراندن (*They ~ed praises or gifts on him.*).

rain cats and dogs, ڕەمێلەکردن؛ بە لێزمە بارین؛ شەستەکردن؛ بەخۆر بارین

rain or shine, باران بێ یا هەتاو؛ هەمیشە؛ هەموو کاتێك.

rain out, دواخستنی ناهەنگێك، یارییەك، یا وەرزشێك بەهۆی بارانەوە.

rainbow (rān′bō), *n.* پەلکە ڕەنگینە؛ پەلکە زێڕینە.

adj. ڕەنگین؛ هەمەڕەنگ؛ ڕەنگاوڕەنگ.

rainbow trout, ماسییەکی ڕەنگینە؛ ماسییەکی جۆگەو پوبارە.

rain check, (١) ئەوبلێتەیە کە دەدرێت بە تەماشاکەرانی یارییەکی دواخراو یا تەواونەکراو بەهۆی بارانەوە تاکو جارێکی تر بتوانن یارییەکە ببینن بە خۆڕایی. (٢) دواخستنی پەسەندکردنی پێشنیازێك یا بانگ کردنێك؛ گفتی دووپاتکردنەوەی بانگ کردنێك یا پێشنیازێك کە ئێستە ناتوانرێ جێبەجێ بکرێت

(She invited us to dinner but we had to get a ~ because we couldn't go.; Can I get a ~ ?)

rain coat (rān′kōt´), *n.* پاڵتۆی باران.

rain drop (rān′drop´), *n.* دڵۆپە باران؛ نمە باران؛ تنۆکە باران.

rain fall (rān′fôl´), *n.* (١) باران بارین؛ باران. (٢) ماوەیەکی دیاریکراو کە تێیدا بارانێکی زۆر دەبارێت.

rain forest, دارستانی باران (دارستانی چڕو هەمیشە سەوزی ناوچە گەرمەکان کە سالی سەد گرێ "ئینچ" بارانی لێ دەبارێ بەڵای کەمەوە).

rain gauge, *Also* **gage,** باران پێو

raininess (rān′i-nis), *n.* بارانارێتی

rain maker, باران بارێن (بە بووکە بارانێ).

rain making, (١) باران باراندن (بە بووکە بارانێ). (٢) باران باراندنی دەستکرد.

rain proof (rān′prōōf´), *adj.* بارانبڕ؛ باران داناداد.

v.t. بارانبڕکردن.

rain storm (rān′stôrm´), *n.* باوبۆران؛ باو باران؛ شەستە باران؛ ڕەمێلە؛ لێزمە.

rain water, باراناو.

rainy (rān′i), *adj.* بارانارێ. (*~ weather; the ~ season*).

rainy day, ڕۆژی تەنگانە؛ ڕۆژی ڕەش.

put away (or provide) for a rainy day, پاشەکەوت کردن بۆ ڕۆژی تەنگانە؛ شت هەڵگرتن بۆ ڕۆژی ڕەش.

raise (rāz), *v.t.* (١) بەرزکردنەوە؛ بڵندکردنەوە. (٢) ڕاستکردنەوە؛ هەڵساندنەوە. (٣) دروستکردن: (*to ~ a monument*). (٤) پێ هەڵسان؛ بەرپاکردن؛ گێڕان (شۆڕش)؛ هاندان: *(The Indians ~d a revolt.)* (٥) زیادکردن (پلە، نرخ، هێز)؛ بەرزکردنەوە: (*He ~d his prices.*). (٦) بەرزکردنەوە (دەنگ، تووندوتیژی): (*She ~d her voice.*). (٧) باری ژیان باش کردن یا پلەوپایە بەرزکردنەوە؛ پێشخستن: *(Hard work ~d the man from poverty.)* (٨) زیندووکردنەوە؛ گیان هێنانەوە بە بەردا: (*to ~ from the dead*). (٩) بوون بەهۆ: (*The remark ~d a laugh.*). (١٠) هێنانە پێشەوە بۆ باس کردن؛ هێنانەکایەوە: *(to ~ an issue or a question in a meeting)* (١١) (ا) کۆکردنەوە (پارە)؛ پێتاك کردن: (*to ~ money for a cause*). (ب) گردکردنەوە؛ پێکەوەنان: (*to ~ an army*). (١٢) لەدەم هاتنەدەرەوە (قیژە، هاوار، وورتە). (١٣) شکاندن (نابڵووقە)؛ دوایی پێ هێنان؛ لابردن: *(We have ~d the siege.)* (١٤) هەڵهێنانی هەویر (بە هەویرترش تێکردن).

(١٥) (ا) بەخێوکردن؛ پەروەردەکردن؛ گەورەکردن؛ پێگەیاندن: *(to ~ children)* (ب) چاندن؛ پەروەردەکردن؛ بەخێوکردن: (*They ~ wheat.*). (١٦) [Scot.]، تووڕەکردن؛ شێتگیرکردن. (١٧) هەڵکردن (ئاڵا، بەیداخ): (*We ~d our flag.*). (١٨) بە ساختە نرخی چەکی پارە زیادکردن. (١٩) لێ نزیکبوونەوە (لە کەشتی تر یا لە ووشکانی). (٢٠) گرەو زیادکردن. (٢١) کۆکێن و بەڵفەم هێنانەوە.

v.i. (١) [Dial.] ، لە خەو هەڵسان. (٢) [Colloq.]، کۆکێن و بەڵفەم هێنانەوە. (٣) گرەو زیادکردن (قومار).

n. (١) بەرزکردنەوە؛ بەرزبوونەوە؛ بڵندبوونەوە. (٢) مووچە بەرزبوونەوە؛ زیادە.

raise hell (or Cain, the devil, the roof, etc.), دنیا هێنانە خوارەوە؛ دنیا دان بەسەریەکدا؛ کردن بە ناخۆشی؛ ناڕاوە نانەوە.

raised (rāzd), *adj.* (١) دەرپەڕیو؛ دەرپۆقیو؛ بەرزەك تێخراو؛ لۆچاوی. (٢) هەڵاتوو (هەویر)؛ پفەڵ؛ پفەڵ کراو.

raisin (rā′z'n), *n.* مێوژ.

raison d'être (re′zōn′ de′tr'), [Fr.], هۆی بوون؛ بەڵگە یا مەبەستی بوون.

raj (räj), *n.* فەرمانڕەوایی؛ دەسەڵاتداری.

rajah; raja (rä′jə), *n.* پاجا: شازادەی هیندی؛ میر یا فەرماندارێکی هیندی.

rake (rāk), *n.* چنگاڵ (بۆ گڕۆگیا و گەڵا کۆکردنەوەو زەوی خۆش کردن).

v.t. (١) زەوی خۆش کردن؛ تەختکردن: (*to ~ the soil smooth*). (٢) کۆکردنەوە؛ تێکدان و کۆکردنەوە: *(to ~ the leaves; to ~ out a fire)* (٣) کۆکردنەوە؛ بۆ گەڕان و کۆکردنەوە؛ پیاگەڕان بە وردی: *(to ~ through old magazines for facts)* (٤) لێ وردبوونەوە؛ چاو پیاخشاندن. (٥) تەقەڵێکردن بە درێژایی لای کەشتی یا پێژە سەربان.

v.i. (١) چنگاڵ بەکارهێنان. (٢) پشکنین؛ گەڕان؛ لێ وردبوونەوە. (٣) گسك لێدان؛ پاك کردنەوە؛ تەختکردن (زەوی)؛ کراندن.

rake up, کای کۆن بەباکردن؛ زیندووکردنەوەی شتی کۆن؛ خستنەڕووی نهێنی کۆن: (*to ~ an old charge against someone*).

rake (rāk), *n.* کەسێکی سەرسەری؛ بێ ئابڕوو؛ بێ شەرم؛ بەرەڵا؛ خوێڕی.

rake (rāk), *v.i.* لێڕبوون؛ خواربوون؛ لاربوونەوە (دارتاڵای کەشتی).

v.t. خوارکردنەوە؛ لارکردنەوە.

n. (١) لاری؛ خواری؛ خواربوونەوە. (٢) گۆشەی نێوان تیغێك و ئەو پرووەی دەبڕێتەوە یا شتەکەی لەسەر دەبڕێتەوە.

rake (rāk), *v.i.* (١) هەڵڕین بەدوای نێچیردا (هەڵق). (٢) شوێن بۆنی نێچیر کەوتن و لووت نان بەزەوییەوە لەباتی بەهەواوە (تانجی).

rake hell (rāk′hel´), *n. & adj.* سەرسەری؛ بێ ئابڕوو؛ بێ شەرم؛ بەرەڵا؛ خوێڕی.

rake off (rāk′ôf´), *n.* [Slang], دەڵاڵیەك یا بەشە قازانجێك کە وەك بەرتیل وەرگیرێت.

raki; rakee (rə-kē′, rak′i), *n.* عەرەق.

rakish (rāk′ish), *adj.* (١) جوان و شۆخ و خێرا (کەشتی)؛ کەشخە و خێرا. (٢) تەرپۆش و کەیف قنج، کەشخە؛ جل قۆز؛ قۆز.

rakish (rāk′ish), *adj.* سەرسەری؛ بێ شەرم؛ بێ ئابڕوو؛ بەرەڵا؛ خوێڕی.

-rakishly *(adv.)*; **rakishness** *(n.)*.

rale (räl), *n.* [Fr.], خێزەی سنگ؛ خێزەخێز.

rally (ral′i), *v.t.* (١) کۆکردنەوەو ڕێکخستن (لەشکری بەزیو و ڕاکردوو). (٢) کۆکردنەوە؛ یەك پێگرتن؛ خڕکردنەوە؛ بانگ کردن بۆ یەکگرتن: *(The leader rallied his people.)*

(٣) زیندووکردنەوە؛ گورج کردنەوە؛ هۆش هێنانەوەبەر.
(He rallied his energy .)

v.i. (١) کۆبوونەوە یەکگرتن. *(The soldiers rallied.)*
(٢) یەکگرتن
(٣) هاتن بە دەنگەوە؛ دەستی یارمەتی بۆ درێژکردن؛ پشتگرتن.
(He ~ied to his defeated friend.)
(٤) هۆش هاتنەوەبەر؛ زیندووبوونەوە
(٥) لێدان و لێدانەوەی تۆپی تەنس چەند جارێك پێش بردنەوەی خاڵێك.
(٦) نرخ بەرزبوونەوە پاش شکانی بۆ ماوەیەك (بۆرسە).

n. (١) کۆبوونەوەی جەماوەری.
(There were several anti-war rallies.)
(٢) لێدان و لێدانەوەی تۆپی تەنس چەند جارێك پێش بردنەوەی خاڵێك.

rally (ral′i), *v.t. & v.i.* گاڵتەپێکردن؛ کلك پێوەکردن؛ تەشمەری پێ کردن؛ پێ پێکەنین.

ram (ram), *n.* (١) بەران؛ بەختە بەران؛ بەختە.
(٢) battering-ram.
(٣) (ا) نووکی تیژی کەشتی بۆ پیاکێشانی کەشتی دوژمن.
(ب) کەشتیەك کە ئەم نووکە تیژەی هەبێ.
(٤) ترومپا؛ پەمپ
(٥) [R-]. (ا) کۆنەستێرەی بەران؛ کەلووی بەران. (ب) بورجی بەران.

v.t. (١) بە تووندی پیاکێشان؛ بە قایم پیامااڵین؛ قۆچ لێدان؛ شۆق لێدان.
(٢) داکوتان؛ بەزۆر چەسپاندن؛ بەزۆر تێخستن یا تێکردن.
(٣) بە زۆر کردن یا سەپاندن بەسەراا؛ بە زۆرەملێ بردنەسەرا؛ بە زۆر پێ کردن.
(٤) تێ ئاخنین؛ تێ ترنجاندن؛ تێ پەستن؛ داگرتنەوە؛ پەستنەوە.

Ramadan (ram′ə-dän′), *n.* ڕەمەزان؛ مانگی ڕەمەزان؛ مانگی ڕۆژوو گرتن

ramble (ram′b'l), *v.i.* (١) گەڕان؛ پیاسەکردن؛ گەڕان بەبێ مەبەست.
(٢) باززدان لە باسێکەوە بۆ باسێکی تر (لە نووسین یان دووانداا)؛ بە پچڕپچڕ نووسین یا دووان؛ قسەی هەڵەق و مەڵەق کردن.
(٣) پێچاوپێچ کردن.
(٤) تەرز فرێدان بە هەمووڵایەکداا بە هەمووڵایەکدا بڵاوبوونەوە:
(The vines ~d over the fence.)

n. پیاسە؛ گەڕانی بێ مەبەست؛ گەڕان.

rambler (ram′bler), *n.* (١) گەڕۆك
(٢) باززدەر لە باسێکەوە بۆ باسێکی تر (لە نووسین و دووانداا).
(٣) گوڵی خۆمەڵنواسەر یا تەرزفرێدەر بە هەمووڵایەکدا.

rambling (ram′bliŋ, ram′b'l-iŋ), *adj.* (١) گەڕۆك
(٢) بڵاوبوونەوە؛ تەرزفرێداو؛ بڵاو و پێچاوپێچ: *(a ~ house)* .
(٣) دوورودرێژو پچڕپچڕ (نووسین، دووان)؛ باززدەر لە باسێکەوە بۆ باسێکی تر.

Rambouillet (ram′boo-lā′), *n.* جۆرە مەڕێکی فەرەنسەییە بۆ خۆری و گۆشت بەخێوکەرێت.

rambunctious (ram-buŋk′shəs), *adj.* [Colloq]. سەرکێش؛ سەرچڵ؛ سەرپێچ؛ جەربەزە؛ هاروهاج؛ چەتوون؛ لاسار.

ramekin; ramequin (ram′ə-kin), *n.* (١) خواردەمەنیەکە لە وورده نان و پەنیر هێلکە دروست دەکرێت و لە فڕندا دەپێشێنرێت.
(٢) دەفری تیا پێشاندنی ئەم خواردەمەنییە.

ramification (ram′ə-fi-kā′shən), *n.* (١) لق و تەرز لێ بوونەوە.
(٢) چڵ؛ لق؛ تەرز
(٣) ئەنجام؛ ئەنجامی ناپاستەوخۆ دوور: *(the ~ of an act)* .

ramiform (ram′ə-fôrm′), *adj.* (١) پەل پەل؛ لق لێ بووەوە؛ پەلدار. (٢) لە لق دەچێت؛ پەل ئاسا.

ramify (ram′ə-fī′), *v.t. & v.i.* لق لێ بوونەوە؛ لق و پۆپ فرێدان؛ بڵاوبوونەوە؛ تەرز فرێدان؛ بەش بەش بوون.

ramose (rā′mōs, rə-mōs′), *adj.* پەلدار؛ پەل پەل؛ لقدار؛ بڵاو.

ramous (rā′məs), *adj.* (١) لە لق یا پەل دەچێت.
(٢) ramose.

ramp (ramp), *n.* (١) پارەوێکی لێژە کە نهۆمەکانی خانوویەك بەیەك دەگەیەنێ. (٢) ڕێگەیەکی کورت و گەلێك جار لێژە کە دوو ڕێگەی بەرزو نزم بەیەکتری دەگەیەنێ. (٣) پێچی نەردە یا چاخ.
(٤) پارەوی سواربوونی فڕۆکەو لێ دابەزینی.

ramp (ramp), *v.i.* (١) لەسەر پاشوو ڕاوەستان و دەست بڵاوکردنەوە (وەك شێرێ پەیکەرو دروشم).
(٢) هەڵوێستێکی ترسناك و هەڕەشانە وەرگرتن.
(٣) بەڵەسەبوون؛ هەڵچوون؛ شێتگیربوون.

rampage (ram-pāj′), *n.* بەڵەسەیی؛ بەڵەسەبوون؛ وروژان و شت شکاندن و زیان دان: *(The crowd went on a ~ .)*

v.i. بەڵەسەبوون؛ شێتگیربوون؛ فەرتەنە نانەوە؛ ئاژاوە خستنەوە؛ وروژان.

rampageous (ram-pā′jəs), *adj.* بەڵەسە؛ لاسار؛ یاخی؛ شێتگیر.

rampant (ram′pənt), *adj.* (١) لە پەرەسەندندایە؛ لە گەشەکردندایە: *(~ plants)*
(٢) بڵاوبووەتەوە بە هەمووڵایەکدا؛ دابین نەکراو؛ تەشەنەکردوو:
(Crime is ~ in the city.)
(٣) بەڵەسە؛ سەرکێش؛ توندوتیژ.
(٤) لایەکی پایەکەی بەرزتر لەلاکەی تر (خانووسازی)؛ پایەیەکی بەرزتر لەپایەکەی تر (تاق).
(٥) لەسەر پاشوو وەستاوەو دەستەکانی بڵاوکردووەتەوە یەکێکیان لە سەروو ئەوی ترەوە (شێرێ پەیکەرو دروشم).

rampart (ram′pärt), *n.* (١) سەنگەر؛ قەڵا؛ شووڕە؛ بەربەست؛ بەست.
(٢) پارێزەر؛ پارێزگار؛ شتی پارێزەر؛ بەربەست:
(Courage is a ~ against troubles.)

v.t. پاراستن بە سەنگەر یا بە شووڕە.

rampion (ram′pi-ən), *n.* شێلمە کێویلە

ramrod (ram′rod′), *n.* زمەی تفەنگ؛ سمە

adj. ڕەق؛ توندوتیژ

v.t. بە زۆر کردن؛ پاڵ پێوەنان بۆ پەسەندکردن:
(to ~ a proposal through a committee)

ramshackle (ram′shak′l), *adj.* شەق و شڕ؛ شلۆق؛ پەرپووت:
(a ~ old building)

ramson (ram′z'n, ram′s'n), *n.* (١) سیرێکی گەڵ پانە.
(٢) ڕەگی ئەم جۆرە سیرە.

ramulose (ram′yoo-lōs′), *adj.* لقی بچکۆلەی زۆر لێ بووەتەوە؛ پەل پەل؛ چڵ چڵ.

ramus (rā′məs), *n.* لق؛ پەل (زیندەوەرزانی)؛ چڵ.

ran (ran), *past tense of* **run**.

also ran, دۆڕاو (غارغارێن، پێشبڕکێ)؛ نەبراوە.

rance (rans), *n.* مەڕمەڕی بەلجیکی (تەختەکەی سوورەو پەلەپەلەی شێن و سپی پێوەیە).

ranch (ranch), *n.* (١) کێڵگەی ڕەشەوڵاخ و ئاژەڵ و وڵاخی بەرزە (کە گەلێك جار خاوەنەکەیشی تێدا دەژی)؛ ئاژەڵگەو ماڵی خاوەنەکەی؛ پەروەردگە یا لەوەڕگای ڕەشەوڵاخ و نەسپ و ئاژەڵ.
(٢) باخ: *(a fruit ~)* .
(٣) ئەوانەی لە ئاژەڵگە کاردەکەن و دەژین.

v.i. لە ئاژەڵگا نیش کردن؛ ئاژەڵگا بردن بەڕێوە.

v.t. لەوەڕاندن؛ کردنە لەوەڕگاوە.

rancher (ran′cher), *n.* (١) (ا) خاوەن ئاژەڵگە؛ خاوەن کێڵگەی ڕەشەوڵاخ و نەسپ و ئاژەڵ. (ب) سەرکاری ئاژەڵگە.
(٢) کاوبۆی؛ گاوان. (هەروەها پێشی دەوترێ: "**ranchman**").

ranchero (ran-chā′rō), *n.* [Sp.], = **rancher**.

ranchman (ranch′mən), *n.* = **rancher**.

rancho (ran′chō, rän′chō), *n.* [Sp.]. (۱) کوخته‌ی کرێکاو گاوانی ئاژەڵگە (۲) ranch.

rancid (ran′sid), *adj.* بۆن دڕن؛ بۆنی پیسی پڕۆن کەرەی کۆن. -rancidity *(n.).*

rancor; rancour (raŋ′ker), کینە؛ کۆنە قین؛ ڕق؛ قین؛ بەدخوازی؛ کۆنە دوژمنایەتی.

rancorous; rancourous (raŋ′ker-ŏs), *adj.* بە قین؛ بە کینە؛ قین هەڵگر؛ کینەدار -rancorously *(adv.)*; rancorousness *(n.).*

rancour (raŋ′ker), *n.* [British spelling]. = rancor.

rand (rand), *n.* (۱) ناوبۆشی قنگە پاژنەی پێڵاو (۲) [Rare or Dial.] قەراغ؛ پەراوێز؛ کەنار (وەک کەناری زەوییەک کەحوتە گا یا مەکینە نایگاتێ بیکێڵێت)

(۳) پارەی نەفەرییاق باشوور.

random (ran′dŏm), *adj.* ڕێکەوت؛ کوێرانە؛ بەبێ بیرلێکردنەوەو پێڵان دان (*a ~ remark, selection, meeting, etc.)*

at random, هەرچۆنێک هەڵسووڕا؛ بە کوێرانە؛ چۆڕ ڕێکەوت وەها (*to shoot at random)*

randomly (ran′dŏm-li), *adv.* چۆڕ ڕێکەوت وەها؛ بەبێ پێڵان؛ بە ڕێکەوت؛ بە کوێرانە: [~ (or do something)] to read

randy (ran′di), *adj.* (۱) حەشەری؛ بەئاڵۆش؛ چاوچێلیس؛ چاوباز (۲) [Scot.] بێ نەزاکەت؛ بەدڕەوشت.

ranee (rä′ni), *n.* = rani.

rang (raŋ), *past tense of* ring.

range (rānj), *v.t.* (۱) ڕیزکردن (۲) هاوبۆل کردن؛ پۆل پۆل کردن؛ ڕێکخستن (۳) خو ـ ئامەپاڵ؛ لایەن گرتن (٤) نیشان گرتن؛ نیشان لێ گرتن؛ ڕیزکردنی نیشانو میلی چەک (٥) پێدا گەران؛ گەڕان: (*They ~d the woods.)* (٦) لەوەڕاندن؛ کردنە لەوەڕگاوە. (۷) ئاژۆکاوی لە لەنگەر لابردنو ڕاستکردنەوەی (بۆ ئەوەی بە ئاسانی شۆڕ بکرێتەوە بۆ لەنگەرخستن)

v.i. (۱) بەرەو لایەک درێژ بوونەوە: (*The mountains ~ toward the south.)*

(۲) گەڕان

(۳) بۆ گەڕان (ڕاو)؛ پێداگەڕان: (*The dog ~d through the woods.)*

(٤) مەودا نەوەندە بوون؛ گەیشتنە نەوەندە (دووری): (*The gun ~d half a mile.).*

(٥) لەنێوان نەوەندەو نەوەندەدا بوون؛ لەنێوان دوو سنوور یا ڕادەدا بوون: (*The children ~d in age from two to five years.)*

(٦) نیشتەنی شوێنێک بوون (ڕووەکو گیاندار)؛ لە ناوچەیەکی تایبەتیدا بوون یا ژیان

(۷) دوزینەوەی ماوە یا دووری نیشان.

n. (۱) ڕیز؛ زنجیرە (۲) پۆل؛ بابەت؛ جۆر (۳) زنجیرە شاخ؛ ڕیزە شاخ (٤) ڕێک؛ ڕاست؛ لەسەر یەک هێڵ بوون (*The tree is on ~ with the house.)*

(٥) (أ) مەودای تفەنگ و دەمانچەو چەکی تر؛ ماوەی بڕکردنی گوللە. (ب) دووری نیشان (٦) مەیانی تفەنگ تەقاندن (بۆ مەشق) (۷) مەودا؛ ڕادەی گەیشتن؛ ماوەی بڕکردن. (*the ~ of my voice)* (۸) گەڕان (۹) لەوەڕگا؛ پاوە (۱۰) حیاو ژی (یلە، کەمو زۆری)؛ ئەم پەڕو ئەوپەڕ؛ ڕادەی جیاوازی: (*The ~ of price was narrow.)*

(۱۱) ئاگردانی چێشت لێنان بە گاز یا کارەبا؛ دەزگای چێشت پێ لێنان (۱۲) نیشتەنی (ڕووەکو گیاندار)؛ شوێنی تیا پووان و ژیان. (۱۳) مەودا (ژمێرەکاری).

adj. بەرەڵا؛ نەبەستراوە؛ لە لەوەڕگادایەو بەرەڵایە: (*~ cattle)* . range finder, دووری نیشان دوزەرەوە (لە توپ و کامێراو شتی تردا)؛ بواردۆز.

ranger (rān′jer), *n.* (۱) [R-] ، (أ) سەربازی هێزش و شەڕی دەستەبەیەخە. (ب) قۆڵ؛ پاسەوان؛ حەسحەس. (۲) (أ) لێپرسراوی باخچەی گشتی (لە ئینگلتەرە). (ب) forest ranger (۳) گەڕۆک. (٤) ڕەشەوڵاخێکی بەرەڵا لە لەوەڕگادا، واتە: نەبەستراوە.

rangy (rān′ji), *adj.* (۱) گەڕۆک. (۲) لاق درێژ. (۳) فراوان؛ بلاو؛ گەورە.

rani; ranee (rä′ni), *n.* (۱) شاژنی هیندی؛ ژنە میر یا فەرماندەری هیندی. (۲) بانووشای هیندی؛ پادشای ژنی هیندی.

rank (raŋk), *n.* (۱) ڕیز؛ زنجیرە. (۲) ڕێک‌وپێکی. (۳) پلە؛ پلەوپایەی کۆمەڵایەتی؛ چینی کۆمەڵ: (*They come from all ~s of life.)*

(٤) پایەداری؛ پلەوپایەی بەرز؛ بەرزی؛ شکۆ: (*a man of ~)* . (٥) پلە (سوپا، میری، کاربەدەستی): (*the ~ of captain)* (٦) پلە؛ نمرە؛ پایە: (*a poet of the first ~)* . (۷) خانەی ئاسۆیی شەترەنج.

(۸) (أ) ڕیز (سەربان، نۆتۆمبیل). (ب) *(pl.)* ، لەشکر؛ سوپا. (ج) *(pl.)*، چینی سەربان: (*He rose from the ~s.)* .

v.t. (۱) ڕیزکردن؛ خستنە ڕیزەوە؛ لەڕیزدا دانان (۲) پلە بۆ دانان؛ پۆل پۆل کردن یا ڕیزکردن بەپێی پلەوپایە: (*She ~s him above the rest.)*

(۳) پلە بەرزتربوون لە: (*A colonel ~s a captain.)* .

v.i. (۱) پلەیەکی تایبەتی هەبوون؛ نەوەندەهەم بوون لە لیستەیەکدا: (*He ~s second on the list.)*

(۲) بەرزترین پلە یا کەس بوون: (*the ~ing member of the committee)*

pull one's rank on, [Military Slang], پلەی خۆ بەکارهێنان بۆ سوود وەرگرتن یا بەسەر بەردەستدا خۆڕین.

rank and file, (۱) چینی سەرباز؛ سەربازان. (۲) ئەندامانی سادەی ڕێکخراوێک یا حیزبێک، نەک سەرکردەکانی

rise from the ranks, لە سەربازییەوە بوون بە نەفسەر وورده ووردە.

rank (raŋk), *adj.* (۱) هەموشوێنێکی گرتووەتەوە نەوەندە تەرزی فڕێداوە؛ لە ئەندازە بەدەر بەهێزەو گەورە بووە: (*~ grass, weed, etc.)* (۲) زۆر بەپیت؛ زیاد لە پێویست بەپیتە: (*~ soil)* . (۳) بۆگەن؛ بۆن دڕن. (٤) نابەجێ؛ ناشرین؛ پیس و بۆگەن؛ پیس. (٥) تەواو (لەڕووی ناپەسەندییەوە)؛ ئەوپەڕ: (*~ treason, deceit, nonsense, etc.)*

ranker (raŋk′er), *n.* [British], (۱) سەربان. (۲) ئەفسەرێک کە لە سەربازییەوە بووبێ بە ئەفسەر.

ranking (raŋk′iŋ), *adj.* بەرزترین ئەندامی ئەنجوومەنێک یا دەستەیەکە: (*the ~ing member)* .

rankle (raŋ′k'l), *v.i.* (۱) هەڵگردن؛ ناوسان؛ دوومەڵ کردن. (۲) پەنگ خواردنەوەو دڵ ئازاردان؛ هەمیشە پەستکردن یا تووڕەکردن؛ وروژاندن؛ یادکردنەوەی دەبێتە هۆی ڕق هەڵسان: (*The insult ~d .)* .

ransack (ran′sak), *v.t.* (۱) پشکنین؛ بەووردی گەڕان یا وورد‌بوونەوە. (۲) تاڵان کردن: (*They ~ed the house, village, etc.)* .

ransom (ran′sŏm), *n.* (۱) گەڕاندنەوە یا بەرەڵاکردنی دیلێک یا کەسێکی فڕێتراو بە پارە. (۲) ئەو پارەیەی دەدرێت (بۆ بەردانی دیلێک یا کەسێکی فڕێتراو). (۳) گوناە پاک کردنەوە بە قوربانی کردن یا سزا چەشتن.

v.t. (۱) پارەدان بۆ بەردانی دیلێك یا كەسێكی فڕێنراو.
(۲) (أ) پارە داواكردن بۆ بەردانی دیلێك یا كەسێكی فڕێنراو.
(ب) بەرەڵاكردنی دیلێك یا كەسێكی فڕێنراو پاش پارە وەرگرتن.
(۳) گوناه پاك كردنەوە بە قوربانی كردن.

rant (rant), *v.i.* (۱) هاوار هاوار كردن؛ قیژەقیژكردن وەك شێتێ؛ قسەی شێتانە كردن. (۲) [British Dial.]، بەزمو ڕەزم گێڕان.

v.t. هاوار هاوار كردن؛ قیژەقیژكردن وەك دێوانە.

n. (۱) قیژەقیژ؛ قیژەو هاوار؛ قسەی شێتانە. (۲) [British Dial.]، بەزمو ڕەزم گێڕان.

rap (rap), *v.t.* (۱) پیاكێشان؛ پیاماڵین؛ لێدان؛ تەقە لێ هەڵسان؛ لە دەرگا دان. ۲) (~ out)، لەپڕو بەپەلە لەدەم دەرپەڕان.

v.i. لێدان؛ لە دەرگا دان؛ تەقە لێ هەڵسانەوە؛ پیادان.

n. (۱) تەقە؛ تەپە. (۲) [Slang]، لۆمە؛ سەرزەنشتی؛ ڕەخنە. *(to take the ~)*.

rap (rap), *n.* (۱) پارەیەكی لێڕلەندی قەڵپە. (۲) [Colloq.]، هیچ. *(I don't care a ~ .)*

rap (rap), *v.t.* (۱) [Obs.] فراندن؛ لە دەست هەڵپڕووسكان؛ گرتن؛ پڕپیاكردن؛ بردن. ۲) دڵفراندن.

rap (rap),[Slang], *n.* دەمەتەقێ؛ قسەكردن پێكەوە بە ناشكراو بێ ترس

v.i. پێكەوە دوان بە ناشكراو بەبێ ترس *(a place where they could meet and ~)*

rapacious (rə-pā′shəs), *adj.* (۱) تاڵانكەر؛ ڕووتكەرەوە. (۲) چاوبرسی؛ برسی؛ بە هیچ تێر نەخۆر؛ چاوچنۆك. (۳) دڕندە؛ نێچیرگۆڕ؛ گۆشتخۆر؛ ڕاوكەر. *(a ~ animal, bird, etc.)*.
-rapaciously *(adv.)*; rapaciousness *(n.)*.

rapacity (rə-pas′ə-ti), *n.* (۱) تاڵانكەری. (۲) چاوبرسێتی؛ چاوچنۆكی؛ برسێتی. (۳) دڕندەیی ڕاوكردن؛ نێچیر كوشتن

rape (rāp), *n.* (۱) بە زۆر گاینی كچو ژن؛ ئافرەت زەوتكردن؛ بە زۆر گاین. (۲) (أ) ڕووتكردنەوە؛ لێ زەوتكردن؛ بەزۆر لێسەندن. (ب) هەڵگرتن؛ فراندن (ئافرەت). (۳) تاڵان كردن؛ تاڵان كردنو وێران كردن. (٤) شكاندن یاسا؛ پەڕژین شكان.

v.t. (۱) بە زۆر گاینی كچو ژن؛ زەوتكردنی ئافرەت. (۲) هەڵگرتن؛ فراندن (ئافرەت)

v.i. بە زۆر گاینی ئافرەت.

rape (rāp), *n.* شێلم

rape (rāp), *n.* تڵپە تری

rape oil, ڕۆنی شێلم

raphe (rā′fē), *n. Also* rhaphe, شوێنی بەیەككەیشتنی نەندامێكی دوو پارچە : وەك زمان؛ سیم یا شیرازە (ڕووەكناسی، گیانەوەرناسی)؛ ناوبەند

raphia (rā′fi′ə), *n.* = raffia.

rapid (rap′id), *adj.* (۱) خێرا؛ گوڕج؛ پەلە. (۲) لێز؛ سەربەرەوخوار؛ سەربەرەوڕوور

-rapidness *(n.)*.

rapid fire (rap′id-fīr′), *adj.* (۱) خێرا تەقیو *(a ~ gun)*. (۲) خێرا؛ پەلە؛ خێرا خێرا *(a ~ talk)*.

rapidity (rə-pid′ə-ti), *n.* خێرایی؛ پەلەیی

rapidly (rap′id-li), *adv.* خێرا؛ بەخێرایی؛ بە گوڕجی؛ زوو؛ بەپەلە

rapier (rā′pi-er, rāp′yer), *n.* شمشێری دووبەم؛ شیری باریك و نووك تیژ

rapine (rap′in), *n.* تاڵان كردن؛ ڕووتكردنەوە؛ ڕاوڕووت؛ تاڵانكاری

rapist (rāp′ist), *n.* بە زۆر گی؛ ئافرەت بە زۆر گێ

rapparee (rap′ə-rē′), *n.* (۱) چەتەی ئێرلەندی. ۲) چەتە؛ ڕاوڕووتكەر؛ تاڵانكەر.

rappee (ra-pē′), *n.* بڕنووتی تونددوتیژ

rapport (ra-pôrt′, ra-pōrt′), *n.* پەیوەندی نزیك؛ دۆستایەتی؛ نزیكی.

rapprochement (ra′prôsh′män′), *n.* ناشتبوونەوە؛ ڕێككەوتنەوە؛ پێكهاتن؛ پێكهاتنەوە.

rapscallion (rap-skal′yən), *n.* قوماربار؛ زۆل؛ پیاوخراپ؛ ناڕەسەن؛ ناپیاو؛ ساختەچی.

rapt (rapt), *adj.* (۱) لەخۆشیدا ئاگا لە خۆ نەماو؛ هۆش لای خۆ نەماو. (۲) شەیدا؛ گەشكەدار. (۳) بیروهۆش نەماو؛ بەتەواوی پێوە خەریك بوو؛ *(~ in thought)*. (٤) شەیدایانە؛ گەشكەدارانە. *(a ~ look)*.

raptorial (rap-tôr′i-əl, rap-tō′ri-əl), *adj.* (۱) بۆ ڕاوكردنو نێچیر گرتن شیاو؛ *(~ claws)*. (۲) تایبەتی بە باڵندەی ڕاوكەر یا گۆشتخۆر؛ هی چرنووكدارەكان.

rapture (rap′cher), *n.* (۱) نەوڕەپڕی خۆشی؛ شەیدایی؛ كامەرانی؛ گەشكە. (۲) [Rare]، لە خۆشیدا ئاگا لە خۆ نەمان.

v.t. [Poetic], شێتوشەیدا كردن؛ بەختیارگردن؛ گەشكەدارگردن.

rapturous (rap′cher-əs), *adj.* گەشكەدار؛ شەیدا؛ زۆر دڵخۆش؛ زۆر كامەران.

rara avis (rā′rə ā′vis), [L.], (۱) كەسێك یا شتێكی بێ هاوتا؛ كەسێكی سەرناسا. (۲) مەڵ دانسقە.

rare (râr), *adj.* (۱) دەگمەن؛ دانسقە؛ كەم؛ زۆر كەم دەست دەكەوێت؛ بەگران دەست دەكەوێت. (۲) بێ هاوتا؛ نایاب؛ زۆر چاك؛ *(a ~ scholar, quality, friendship, etc.)*. (۳) كەم (پاڵەپەستۆی هەوا)؛ تەنك (هەوا). *(~ air)*. (٤) [Obs.]، بلاو؛ پەرش و بلاو.
-rareness *(n.)*.

rare (râr), *adj.* نەبڕاو؛ نەكوڵاو؛ باش نەبڕاو یا نەكوڵاو؛ كاڵوكرچ؛ *(~ meat)*

rarebit (râr′bit), *n.* پەنیری تواوە بەسەر نانی برژاوەوە.

rare-earth elements, توخمە زەمینیەیە دانسقەكان (كیمیا).

raree show, (۱) خۆنوواندنی سەر شەقام. (۲) peep show

rarefaction (râr′ə-fak′shən), *n.* (۱) كەمكردنەوە یا كەم بوونەوەی پاڵەپەستۆی هەوا. (۲) تەنك كردن؛ تەنك بوون
-rarefactive *(adj.)*.

rarefied (râr′fēd′), *adj.* (۱) شاراوە؛ لێڵ؛ كەم كەس تێی دەگات. (۲) بەرز؛ بەرزو بەشكۆ؛ پاك و خاوێن.

rarefy (râr′ə-fī′), *v.t.* (۱) كەمكردنەوەی پاڵەپەستۆی هەوا؛ تەنك كردن؛ لە چڕی یا خەستی كەمكردنەوە. (۲) پاك كردنەوە؛ خاوێن كردن؛ پاكژكردن؛ ناسك كردن؛ بەرزكردنەوە.

v.i. (۱) كەم بوونەوەی پاڵەپەستۆی هەوا؛ تەنك بوون. (۲) خاوێن بوون؛ پاك و خاوێن بوون

rarely (râr′li), *adv.* (۱) بە دەگمەن؛ بە هەڵكەوت؛ كەم جار؛ بە دانسقە. (۲) بەجوانی و نایابی؛ بە لێهاتووانە. (۳) زۆر؛ نێجگار.

rareripe (râr′rīp′), *adj.* زۆر پێگەیيو

n. میوە یا سەوزەی پێگەیيو

rarity (rār′ə-ti), *n.* (۱) دەگمەنی؛ دانسقەیی؛ زۆر كەمی. (۲) نایابی؛ زۆر چاكی. (۳) تەنكی؛ شاشی. (٤) شتێكی دانسقەو نایاب.

rascal (ras′k'l), *n.* (۱) قوماربار؛ ساختەچی؛ زۆل؛ ناڕەسەن. (ئەم ووشەیە گەلێك جار لەڕووی خۆشەویستی و گاڵتەوە بەكاردەهێنرێت) (۲) [Obs.]، پووتە؛ پووتەوپووتەیەك.

adj. (۱) ناكەس؛ ناپاك؛ پیس؛ ناڕەسەن.

(٢) [Obs.] هی ڕووت و پووت

-rascaly *(adv.)*.

rascality (ras-kal′ə-ti), *n.* (١) قوماری ڕێژی؛ پیاوخراپی؛ ناڕەسەنی؛ ناپیاوی؛ ڕێژی؛ دڕیسەندێتی (٢) کارێکی ناپاک و نامەردانە.

rase (rāz), *v.t.* = raze.

rash (rash), *adj.* (١) هەڵەسە؛ سەرچڵ؛ سەرکێش؛ بێباک؛ جەربەزە *(a ~ person)*.

(٢) هەڵەسەت؛ کردەوەی سەرکێشانە *(a ~ act)*.

(٣) [Obs.] زوو بە ئەنجام گەیێن

-rashly *(adv.)* ; **rashness** *(n.)*.

rash (rash), *n.* (١) کەرمەزنە؛ قنچکە؛ زیپکە؛ لیر *(to break out in a ~)*

(٢) جەند ڕووداێنکی یەک لەدوای یەک؛ زنجیرە ڕووداو *(a ~ of criticism)*

rasher (rash′er), *n.* تۆزاڵێک یا تیلماسکێک گۆشتی بەرازی سوورەوەکراو.

rasorial (rə-sôr′i-əl, rə-sō′ri-əl), *adj.* (١) چێبەکی؛ gallinaceous (٢).

rasp (rasp, räsp), *v.t.* (١) لە بڕبەندان کراندن.

(٢) بەدەنگێکی گڕ یا نووساو ووتن.

(٣) بەستەکردن؛ وەرس کردن؛ زێزکردن *(The baby's crying ~ed her nerves.)*

v.i. (١) کراندن؛ هەڵ کراندن

(٢) دەنگێکی ناساز یا ناخۆش کردن؛ کرەکرکردن

n. (١) بڕبەند؛ بڕبەنگ (٢) لە بڕبەنددان.

(٣) دەنگێکی گڕو ناساز؛ دەنگی ناخۆش؛ کرەکڕ؛ دەنگی کراندن.

raspberry (raz′ber′i, raz′ber-i), *n.* (١) تووترک

(٢) [Slang] حرت.

raspy (ras′pi, räs′pi), *adj.* (١) گڕ؛ نووساو *(a ~ voice)*.

(٢) ناساز؛ دەنگ؛ ناخۆش وەک دەنگی کراندن

(٣) تەنگەحیکلانە؛ تەنگەتیلکە؛ زوو پەست دەبێت.

rat (rat), *n.* (١) مشکە کوێرە؛ جرج

(٢) [Colloq.] تۆزەلێک قژ یا قوماشە قژی ئافرەتی پڕتر پێ دەنووێنرێت.

(٣) [Slang] کەسێکی نەێنکری ناپاک. بەتایبەتی: (ا) سیخوڕ؛ جاسووس (بەتایبەتی بەسەر هاوکارەکانی‌یەوە).

(ب) کرێکاری ناباک؛ ناچێتە ناو یەکێتی کرێکارانەوە.

v.i. (١) ڕاوە مشکەکوێرە کردن (بەتایبەتی بە سەگەوە)

(٢) [Slang] پشت تێکردنی هاوڕێ و هاوکار لەکاتی تەنگانەدا (وەک چۆن گوانە جرج کەشتەی‌یەک بەجێ دەهێلێت لەپێش نوقم بوونداً)؛ ناپاکی کردن؛ پەیمان شکاندن (ب) سیخوڕی کردن؛ سووسە کردن (بەتایبەتی بەسەر هاوڕێ و هاوێڵ و هاوکارەوە) *(to ~ on one's classmates, friends, etc.)*

Rats! [Slang], قسەی مۆر قسەی هیچ و پووچ و بێ مانا.

smell a rat, [Slang], هەست بە ێیلانی پیس و ناپاک کردن.

ratable (rāt′ə-bl), *adj.* (١) هەڵ دەسەنگێنڕێ؛ ڕێژەی بۆ دانەنڕێ یا لێکدەدرێنەوە (٢) [British] باجی لەسەرە.

ratafia (rat′ə-fē′ə), *n. Also* **ratafee.** (١) خواردنەوەیەکی کحووڵی‌یە (٢) حۆرێکە لە پسکویت

ratan (ra-tan′), *n.* = rattan.

rataplan (rat′ə-plan′), *n.* دەنگی تەپڵ لێدان؛ سمی ئەسپ لەکاتی غارغارێندا یا تەقەی گوللەپڕژێن.

v.i. & v.t. دەنگێکی وەها لێنوەهاتن

rat-bite fever (or disease), تای جرج؛ بەخۆشی‌یەک لە جرج یا مشکەکوێرە گەستنەرە تووش دەبێت.

ratch (rach), *n.* = ratchet.

ratchet (rach′it), *n.* (١) گێرەو ڕەوڕەوەی دانداو (٢) گێرە (٣) ڕەوڕەوەی دانداو؛ پێچکەی دانداو.

ratchet wheel, ڕەوڕەوەی دانداو

rate (rāt), *n.* (١) تێکڕا؛ (*the ~ of speed per hour*) .

(٢) ڕێژە (*the ~ of exchange.*) .

(٣) بەها؛ نرخ (*postal ~s*) .

(٤) پلە؛ نمرە (*a first ~ musician*) .

(٥) خێرایی؛ (*He reads at a moderate ~ .*) .

(٦) بار؛ گوێرە

(٧) بابەت؛ پلەوپایە؛ جۆر (*a writer of the first ~*)

(٨) [British] مۆڵکانە؛ باجی خانووو زەوی‌وزار.

(٩) [Obs.] ، هەند؛ چەند

v.t (١) نرخ لەسەر دانان؛ هەڵسەنگاندن؛ خەملاندن.

(٢) پلە یا نمرە بۆ دانان؛ هەڵسەنگاندن؛ (*How do you ~ his work?*)

(٣) وادانان؛ دانان؛ *(He is ~d as an important national figure.)*

(٤) دیاری کردنی نرخی بار گواستنەوە.

(٥) [Colloq.] شایستەبوون؛ هەڵ گرتن؛ هێنان

v.i. (١) پلە یا نمرە بۆ دانران (٢) بەنرخ بوون

at any rate, هەرچۆنێک بێت؛ بەهەر حۆرێک بێت

at this rate, (ئەگەر) بەم گوێرەیە بێت؛ بەپێی ئەمە

rate (rāt), *v.t. & v.i.* سەرزەنشتکردن؛ شکاندن؛ پیاهەڵشاخان.

ratel (rā′təl, rä′təl), *n.* گیاندارێکە لە گۆزەهەڵکەنە دەچێت.

rate of exchange, ڕێژە یا بەهای پارە گۆڕینەوە

ratepayer (rāt′pā′er), *n.* [British], باجدەر

-rater (rā′ter), پاشگرێکە بەمانای نمرە ئەوەندە؛ پلە ئەوەندە *(second ~)*

rathe (rāth), *adj.* [Obs. or Poetic], (١) نامادە؛ بەپەرۆشەوە؛ خێرا؛ زوو. (٢) زوو پێگەیيو؛ زوو پشکوتوو.

rather (rath′er), *adv.* (١) خێراتر؛ زووتر

(٢) بەڵایەوە باشترە؛ زیاتر حەزی پێ دەکات. *(He would ~ go than stay.)*

(٣) وا باشترە؛ وا بەجێ ترە؛ لەباتی؛ نەک: *(I , ~ than you, should take the risk.)*

(٤) ڕاستتر وایە؛ نا بەڵکو: *(It was in the morning, or ~ , the early afternoon.)*

(٥) بەپێچەوانەوە؛ بەڵکو. *(We have not lost, ~ , we have won.)*

(٦) نەختێک؛ تۆزێک؛ ئارادەیەک: *(It is ~ cold, stupid, late, etc.)*

(٧) [British Colloq.] بەڵێ ڕاستە! وایە! بەڵێ!! بێ گومان وایە!

had rather, بەڵاوە باشتربوون؛ پێ باشتربوون. *(I had rather die than support that idea.)*

rathskeller (räts′kel′er), *n.* چێشتخانەیەکی ژێرزەمینە خواردنەوەی کحوولی تێدا دەست دەکەوێت.

raticide (rāt′ə-sīd′), *n.* مەرگەموش؛ مەرگەمشک؛ مشک کوژ.

ratification (rat′ə-fi-kā′shən), *n.* پەسەندکردن (پەیمان)؛ مۆرکردن؛ مۆرکران. *(a treaty ~)*

ratify (rat′ə-fī′), *v.t.* پەسەندکردن (پەیمان)؛ مۆرکردن: *(to ~ a treaty)*

-ratifier *(n.)*.

rating (rāt′iŋ), *n.* (١) پلە (سەربازی)

(٢) لە پلەبەکدا دانان؛ نمرە یا پلە پێدان؛ خستنە پۆلێکەوە.

(٣) خەملاندن یا داناینی هێزی مەکینە بەپێی هێزی ئەسپ.

(٤) هەڵسەنگاندنی باری دارایی کەسێک یا بازرگانی‌یەک (بۆ قەرز پێدان) *(His credit ~ is not good.)*

rating (rāt′iŋ), *n.* سەرزەنشتی؛ شکاندن؛ پیاهەڵشاخان

ratio (rā′shō, rā′shi-ō′), *n.* (۱) ڕێژە
(In our class there is a ~ of three boys to two girls.)
(۲) ڕێژە (بیرکاری)
ratiocinate (rash′i-os′ə-nāt′), *v.i.* لێکدانەوە (زیرەکی)
-ratiocination *(n.)*; **ratiocinative** *(adj.)*.
ration (rash′ən, râ′shən), *n.* (۱) بەش
(۲) بەشی بۆ بڕاوە (خواردەمەنی، ئازووقە، ..هتد).
(۳) خۆراکی پۆژانەی سەربازی
(٤) [Military Slang]. خواردەمەنی؛ خواردن؛ خۆراک.
v.t. (۱) بەشی خۆ پێدان؛ خۆراکی پۆژانە دان بە سەرباز
(۲) بۆ بڕینەوە لەکاتی نەبوونی و جەنگدا (خواردەمەنی، شتومەک)؛ کەم پێدان؛
(to ~ food)
rational (rash′ən-′l), *adj.* (۱) مێشکی تایبەتی بەهێزی بیرکردنەوە؛
(~ powers)
(۲) بیرکەرەوە؛ ژیر؛ شت لێکدەرەوە؛
(a ~ person; Man is a ~ being.)
(۳) بەجێ؛ دەچێتە مێشکەوە؛ دروستە . *(a ~ plan, argument, etc.)*
rationale (rash′ə-nal′, rash′ə-nä′li), *n.* (۱) بەڵگە؛ بیانوو؛
(the ~ for going to war) هۆی بنچینەیی
(۲) بەڵگە پیشاندان
rationalism (rash′ən-′l-iz′m), *n.* (۱) هۆش پەرستی؛ بیرپەرستی؛ مێشک پەرستی. (۲) بیروڕایەکە کە دەڵێت بیرو هۆش سەرچاوەی زانینە نەک خودا
rationalist (rash′ən-′l-ist), *n.* هۆشو بیر پەرست؛ مێشک پەرست
-rationalistic *(adj.)*; **rationalistically** *(adv.)*.
rationality (rash′ə-nal′ə-ti), *n.* (۱) بەجێیی؛ بە مێشکدا چوون؛ ژیرێتی کردەوەیەک یا بیروڕایەک (۲) بیروڕایەک یا کردەوەیەکی بەجێ.
rationalization (rash′ən-′l-ī-zā′shən), *n.* (۱) بەڵگە بۆ دۆزینەوە؛ بیانوو بۆ دۆزینەوە (۲) بەڵگە؛ بیانوو
rationalize (rash′ən-′l-ī-z′), *v.t.* (۱) وەها لێکردن کە بەجێ یا دروست بنوێنێ؛ خستنە قالبێکی بەجێ وە.
(۲) بەڵگە بۆ هێنانەوە؛ بیانوو بۆ دۆزینەوە.
(۳) [Chiefly British]. پێشخستنی پیشەسازی.
v.i. (۱) بەشێوەیەکی دروست یا بەجێ بیرکردنەوە.
(۲) بەڵگە بۆ هێنانەوە؛ بیانوو بۆ دۆزینەوە بۆ کردارو ڕەفتاری خۆ.
ratite (rat′īt), *adj.* تایبەتی بە مەڵی ئێسکە کۆڵە تەخت کە ناتوانن بفڕن (وەک ووشتەرمرخ)
n. مەڵی ئێسکە کۆڵە تەخت
ratline (rat′lin), *n.* (۱) پلە پەیژەی کەشتی (کە لەگوریس یا پەت دروستکراوە) (۲) پەتی تەم پلە پەیژەیە.
ratoon (ra-tōōn′), *n. Also* **rattoon,** خەڵف یا وەچی تازەی دارێکی بڕاوە (وەک قامیشە شەکرو مۆز)
v.i. خەڵف یا وەچی تازە دەرکردن.
rat race, [Slang], ڕاکەڕاک؛ هاوچاوی و پێشبڕکێی خەڵکی تەم چەرخە.
ratsbane (rats′bān′), *n.* مەرگەموش؛ ژەهری مشک.
(پێشی دەوترێ "**rat poison**").
rattan (ra-tan′), *n. Also* **ratan,** (۱) ڕاتان؛ جۆرە دارخورمایەکی خۆهەڵواسەری قەد باریک و درێژو جێرە. (۲) قەدی تەم درەختە کە زەمیلەو سەبەتەو گۆچان و شوولکی دارکاری لێ دروست دەکرێ.
(۳) شوولکی دارکاری و گۆچان و دارەستی لەم درەختە دروستکراو.
ratter (rat′er), *n.* (۱) ڕاوکەری مشکەکوێرە (مرۆڤ، پشیلە، سەگ)؛ مشکەکوێرەگر (۲) [Slang]. کەسێکی ناپاک؛ پەیمان شکێن.
rattle (rat′′l), *v.i.* (۱) شەقەشەق کردن؛ تەقەتەق کردن؛ زرنگەزرنگ هاتن؛ زرنگانەوە؛ هاڕەهاڕ
(a train ~ing along the track.; The window ~s in the wind.)

(۲) (**on** ~). چەنەبازی کردن؛ چەنەچەن کردن؛ زۆر ووتن.
v.t. (۱) شەقەشەق لێ هەڵساندن؛ تەقەتەق پێ کردن؛ زرنگەزرنگ لێ هەڵساندن
(He ~d the handle.)
(۲) لەبەرخۆوە بەپەلە ووتن؛ بەپەلە بە دەم خوێندنەوە؛ لەدەم هەڵوەرین.
(He ~d off a list of names.)
(۳) [Colloq.] . وورووژاندن ؛ پەستکردن؛ دەمارگرتن.
(The questions ~d the speaker.)
n. (۱) شەقەشەق؛ شەقە؛ تەقەتەق؛ تەقە؛ زرنگە؛ زرنگەزرنگ؛ زرنگانەوە؛ هاڕەهاڕ
(۲) شەقشەقەی منداڵ (۳) قرخە یا دەنگی گیانەڵا؛ قرخەقرخ.
(٤) زەنگوولەی ماری زەنگوولەدار. (٥) چەنەبازی؛ چەقەچەق؛ چەنەچەن
rattle brain (rat′′l-brān′), *n.* کەسێکی چەنەبازو بێ مێشک
rattle brained (rat′′l-brān′d′, *adj.* چەنەباز؛ بێ مێشک؛ زۆرویژ
rattler (rat′ler), *n.* (۱) ئەوەی دەزرنگێتەوە؛ شەقشەقە؛ ڕاوەشێنەر. (۲) **rattlesnake**. (۳) [Colloq.]، شەمەندەفەری بار.
rattle snake (rat′′l-snāk′), *n.* ماری زەنگوولەدار
rattle trap (rat′′l-trap′), *n.* (۱) شتی کۆنەو شەقوشڕو تەقەتەقەر؛ (بەتایبەتی گالیسکەو ئوتومبیل)؛ ئوتومبیلی کۆنو شەقشەقەر.
(۲) [Slang]، (أ) کەسێکی چەنەباز. (ب) دەم.
rattling (rat′liŋ), *adj.* (۱) شەقەشەقەر؛ تەقەتەقەر
(۲) [Colloq.]، گەرم (گفتوگۆ)؛ خێرا؛ *(~ conversation)*
(۳) زۆر باش؛ زۆر چاک.
adv. [Colloq.], زۆر؛ ئێجگار. *(a ~ good party)* .
rattly (rat′′l-i, rat′li), *adj.* شەقەشەقەر؛ تەقەتەقەر؛ شەقوشڕ.
rattoon (ra-tōōn′), *n.* = ratoon.
rat trap (rat′trap′), *n.* (۱) تەڵەی مشکەکوێرە.
(۲) شوێنێکی پیس و پەپوت و وێرانە. (۳) گیروگرفت؛ تەنگوچەڵەمە
ratty (rat′i), *adj.* (۱) مشکەکوێرەیی؛ جرجی؛ لە مشکەکوێرە دەچێت.
(۲) پڕ لە مشکەکوێرە.
(۳) [Slang]، پەپوت؛ وێرانە؛ ڕووخاو؛ لەکەلاوە دەچێ.
raucity (rô′sə-ti), *n.* (۱) ناسازی و گڕی دەنگ؛ ناخۆشی دەنگ.
(۲) سەرکێشی؛ بەلەسەیی؛ دابین نەکراوی
raucous (rô′kəs), *adj.* (۱) گڕو ناخۆش؛ ناساز؛ بەرزو ناساز؛ تووندوتیژ. *(~ voice, laughter, etc.)* .
(۲) چەتوون؛ سەرکێش؛ لاسار؛ بەلەسە؛ بێ ئاسایش. *(~ frontier town)*
-raucously *(adv.)*; **raucousness** *(n.)*.
ravage (rav′ij), *n.* (۱) وێرانکاری؛ تالأنکاری؛ وێران بوون؛ خاپوور.
(۲) *(pl.)*، لەناوچوون؛ لەناوبران؛ زیان؛ نەنجامی وێرانکاری؛
(the ~s of time, disease, etc.)
v.t. (۱) تالأن کردن؛ ڕووتکردنەوە.
(۲) وێران کردن؛ خاپوورکردن *(The invaders ~d the town.)* .
v.i. (۱) وێران کردن؛ خاپوورکردن
(۲) تێکچوون؛ داوەشان: *(a face ~d by disease)* .
rave (rāv), *v.i.* (۱) وورێنەکردن؛ قسە بزرکاندن؛ وەک شێت قسەکردن؛ قیژاندن: *(~ing like a madman)* .
(۲) بەجۆشەوە لێ دووان؛ پیاهەڵدان (مرۆڤ، شت):
(He ~d about her books.)
(۳) گرمانن؛ گرمەماتن؛ هەڵچون: *(The storm ~d in the forest.)*
v.t. وورێنە پێوەکردن؛ وورێنەکردن؛ شێتانە قسەکردن.
n. (۱) وورێنە؛ قسەی شێتانە. (۲) وورێنەکردن.
(۳) [Slang]، (أ) ستایشی بەجۆش: *(The play got ~s.)* .
(ب) دڵفڕان؛ بۆشێت بوون؛ حەزلێکردن
adj. [Colloq.], زۆر بەجۆش (ستایش):
(The film got ~ reviews.)
ravel (rav′′l), *v.t.* (۱) ئاڵۆسکاندن؛ ئاڵۆزاندن.

(٢) ڕەوینەوە (قوماش، دەزوو)؛ هەڵوەشاندنەوە؛ شیکردنەوە؛ پیشان ڕیشان کردن (٣) (~ out)، ڕوونکردنەوە؛ ناسان کردن

v.i. (١) شیبوونەوە؛ هەڵوەشان (جل، قوماش، تاڵ، دەزوو)؛ ڕەوینەوە؛ داوەشان. سووان. (٢) [Rare]، تاڵۆسکان؛ تاڵۆزان؛ شێوان (٣) هەڵ ڕوان؛ ڕووخان.

n. (١) ڕەوینەوە (دەزوو، قوماش)؛ هەڵوەشان؛ شیبوونەوە (٢) ڕیشاڵ. دەزووی هەڵوەشاو یا پچڕاوو فڕێدراو؛ تاڵی لە قوماش هەڵوەشاو. (٣) تاڵۆسکاوی؛ شتی تاڵۆزاو؛ تاڵۆزاوی؛ گرێ؛ گیرۆگرفت.

ravelin (rav′lin), *n.* سەنگەری سێگۆشەیی دەرەوە.

raveling; ravelling (rav′l-iŋ, rav′liŋ), *n.* (١) هەڵوەشان؛ شیکردنەوە؛ شیبوونەوە. (٢) تاڵی هەڵوەشاو لە قوماش؛ تاڵی جیابووەوە.

ravelment (rav′l-mənt), *n.* شێواوی؛ تاڵۆزکاوی؛ تاڵۆسکان؛ شێوان

raven (rāvən), *n.* قەڵەڕەشکە

adj. ڕەش و بریقەدار

raven (rav′ən), *v.t.* (١) ماشینەوە؛ هەڵ لووشین؛ لرف لێدان (٢) نێچیر گرتن؛ ڕاوکردن؛ تاڵان کردن؛ بە زۆر گرتن؛ داگیرکردن.

v.i. (١) ڕاوکردن؛ گەڕان بۆ نێچیر؛ بۆ تاڵانی گەڕان (٢) ماشینەوە هەڵ لووشین؛ لرف لێدان (٣) زۆر برسی بوون؛ بە هیچ تێر نەخواردن.

n. = ravin.

ravening (rav′ən-iŋ), *adj.* (١) نێچیرکۆڕ؛ ڕاوکەر؛ گۆشتخۆر؛ درێ؛ بۆ نێچیر گەڕاو (٢) هار؛ شێت؛ شێتو هار

ravenous (rav′ən-əs), *adj.* (١) زۆر برسی. زۆرخۆر. (٢) درندە. نێچیرکۆڕ؛ گۆشتخۆر؛ ڕاوکەر (٣) چاوبرسی؛ چێلێس؛ چاوچنۆک؛ بەهیچ تێرنەخۆر. (٤) برسی (ستایش، دەسەڵات ... هتد)؛ زۆر حەزکەر؛ بەپەرۆش.

(~ for praise, power, etc.)

-ravenously *(adv.)*; **ravenousness** *(n.)*.

ravin (rav′ən), *n.* (١) ڕووتکردنەوە؛ تاڵان کردن؛ نێچیر گرتن و کوشتن. (٢) نێچیر؛ تاڵانی (٣) چاوبرسێتی؛ چێلێسێتی؛ بەهیچ تێر نەخواردن.

v.t. & v.i. = raven.

ravine (rə-vēn′), *n.* شیو؛ چەم

raving (rāv′iŋ), *adj.* (١) شێت؛ ووڕینەکەر؛ دێوانە

(a ~ maniac)

(*a ~ beauty*). (٢) [Colloq.] دڵفڕێن؛ شێت وشەیداکەر

n. قسەی بڕکار یا هەڵەق ومەڵەق؛ ووڕێنە؛ قسەی بێ مانا.

ravioli (rav′i-ō′li.), *n.* خواردنێکی نیتاڵیەیە بریتییە لە قاوغە هەویری بجووکی پڕکراو لە گۆشتی قیمە و سپیناغ و دۆشاوی تەماتە و بەهارات.

ravish (rav′ish), *v.t.* (١) هەڵگرتن؛ فراندن (کچ، ژن، شتومەک)؛ بردن (ب) لەناوبردن؛ لەدەست هەڵپرۆسکان؛ لێ سەندنەوە

(~ed from the world by death)

(٢) تاڵان کردن؛ ڕووتکردنەوە (٣) ناڕەحەت بەزۆر گاین؛ بەزۆر سواربوون؛ بێ بن کردن. (٤) دڵفڕاندن؛ شێت وشەیداکردن؛ گەشکەپێدان.

-ravisher *(n.)*.

ravishing (rav′ish-iŋ), *adj.* دڵفڕێن؛ زۆر جوان؛ خۆش

(a ~ woman, beauty, view, etc.)

ravishment (rav′ish-mənt), *n.* (١) هەڵگرتن؛ فراندن (کچ، ژن، شتومەک ... ٣) تاڵانی؛ ڕاوڕووت (٣) ناڕەحەت بە زۆر گاین؛ بێ بن کردن (٤) دڵفڕان؛ گەشکە؛ نەوپەری خۆشی

raw (rô), *adj.* (١) کاڵ؛ نەکوڵاو . *(~ meat, vegetables, etc.)* (٢) (١) خاو؛ نەپاڵێوراو؛ نەبژێرراو؛ پوختە نەکراو . *(~ material)* (ب) خۆش نەکراو (پێستە. سەوزە پێش کردنی بە ترشیات): . *(~ hide)* (٣) نەشارەزا؛ نەزان؛ کاڵ وکرچ؛ تازەکوورە.

(٤) گۆشتەوزوون نەهێناوە؛ تازە (برین)؛ پێست لێ داماڵراو (برین)؛ داگیرساو؛ هەوکردوو؛ بە ئازار. *(a ~ cut, sore, wound, etc.)*

(٥) ساردو شێدارو ناخۆش: *(a ~ wind)* .

(٦) [Colloq.]، بێ پەردە؛ هەڵماڵراو؛ بەرەڵا؛ بێ شەرم.

(٧) [Slang]، تووندوتیژو ناڕەوا:

(a ~ treatment, punishment, etc.)

(٨) لەڕوو؛ بێ پێچ وپەنا؛ بێ هیچ شاردنەوە:

(a ~ portroyal of truth)

n. برین؛ شوێنی هەوکردوو یا داگیرساو.

in the raw, (١) لەدۆخی سەرووشتیدا؛ بەبێ دەستکاری کردن؛ شتەکە خۆی چۆنە هەر وەها: *(nature in the raw)* .

(٢) ڕووت؛ ڕووتوقووت.

raw-boned (rô′bōnd′), *adj.* ڕەقەڵە؛ لەڕ؛ لات.

raw hide (rô′hīd′), *n.* (١) پێستەی خۆش نەکراوی ڕەشەوولاخ و ئاژەڵ. (٢) قامچی نەم پێستەیە.

v.t. قامچی لێدان؛ دانەبەر قامچی.

raw material, کەرەستەی خاو.

raw silk, (١) ئاوریشمی سەرووشتی. (٢) قوماشی نەم ئاوریشمە.

ray (rā), *n.* (١) تیشک؛ گرنگ؛ پرشنگ. (٢) وێنەی تیشک. (٣) تروسکە؛ تۆزقاڵ؛ نەخت؛ تۆزێک: *(a ~ of hope)* .

(٤) هێڵی لە چەقەوە هاتوو وەک نیوەتیرە (نەندازە).

(٥) گوڵەنەستێرەیی (وەک گوڵە چاوپشیلە).

(٦) (ا) نیشانی ڕاگیری پەرەی ماسی. (ب) پەڵ نەستێرەماسی.

v.i. پرشنگدانەوە؛ تیشکدانەوە؛ شەوقدانەوە.

v.t. (١) دانەوە (پرشنگ، تیشک، شەوق). (٢) وێنەگرتن بە تیشکی نێکس.

ray (rā), *n.* پای؛ چەند جۆرە ماسییەکی دەریاریی پانکەڵەن پەڕەکانیان پان و گەورەن و کلکێکی باریک و درێژیشیان هەیە لە قامچی دەچێت.

ray flower, گوڵەنەستێرەیی (وەک گوڵە چاوپشیلە).

rayless (rā′lis), *adj.* تاریک؛ تاریک و نووتەک؛ ڕووناکی بۆ ناچێت

rayon (rā′on), *n.* ڕایۆن: (ا) جۆرە ڕیشاڵێکی دەستکردە. (ب) تەنراوی لەم ڕیشاڵە دروستکراو؛ قوماشی " ڕایۆن".

raze (rāz), *v.t.* (١) ڕووشاندن؛ نەختێک بریندارکردن. (٢) تاشین؛ سڕینەوە؛ لێکردنەوە. (٣) تەختکردن؛ وێران کردن؛ کاول کردن؛ ڕووخاندن بەتەواوی:

(The occupation army ~d hundreds of villages.)

razor (rā′zer), *n.* گوێزانی ڕیش تاشین؛ مەکینەی ڕیش تاشین.

razor back (rā′zer-bak′), *n.* (١) بەرازە کێوی لای خواروی ئەمەریکا (لەشی باریکەو لاقی درێژەو تیغەغەی پشتی تیژە). (٢) جۆرە نەهەنگێکە. (٣) گردی لێژو لوتکە تیژ.

razor billed (rā′zer-bild′), *Also* **razorbill,** مەلێکی دەریایی ڕەشو سپی دەنوک تیغیەیە.

razz (raz), *v.t. & v.i.* [Slang], گاڵتەپێکردن؛ جڕت بۆ لێدان؛ هووها لێ کێشان.

n. [Slang], جڕت؛ هووها.

razzle dazzle (raz′l-daz′l), *n.* [Slang], بەزم وڕەزم؛ پشێوی؛ نووانددنێکە کە سەگ خاوەنی خۆی تیا ناناسێتەوە.

re (rē), *prep.* دەربارەی؛ سەبارەت بە؛ لەبابەت. (" in re " هەروەها).

re- (rē), پێشگرێکە بەمانای: (ا) گەڕاندنەوە بۆ دۆخی جاران یا باری پێشوو؛ دانەوە(repay, restore).

(ب) دووبارە؛ سەرلەنوێ؛ دیسانەوە:

(reread, reappear, replay, etc.)

reach (rēch), *v.t.* (١) دەست بۆ درێژکردن. (٢) دەست گەیشتن: . *(Can you ~ the top shelf ?)* (٣) دانە دەست؛ پێدان: . *(~ me the salt, please.)*

(٤) گەیشتن (شوێن) (We will ~ town by dark.)
(٥) پێ گەیشتن (He didn't ~ his goal.)
(٦) گەیشتنە دەست؛ پێ گەیشتن (The news ~ed me late.)
(٧) کارتێکردن؛ ڕاکێشان؛ دڵ پێ داهێنان.
(٨) پەیوەندی پێوەکردن: (I couldn't ~ her by phone.)
(٩) فریاکەوتن (The help didn't ~ them in time.)
v.i. (١) درێژکردن (دەست، قاچ)؛ ڕاکێشان.
(٢) گەیشتن (His influence ~s into other lands.)
(٣) بڕکردن (دەنگ، چاو)؛ گەیشتن. (٤) هەوڵ بۆ دان.
n. (١) درێژکردن (دەست، قاچ)؛ ڕاکێشان.
(٢) توانای گەیشتن؛ توانای دەسکەوتن: (The goal within ~)
(٣) مەود: (دەسەڵات)؛ ئەو دووریيەی کە شتێک دەیگاتێ؛ ماوەی بڕکردن:
(a short ~ ; a wide ~)
(٤) درێژایی ڕوبارێک یا جۆگەیەک لەنێوان دوو پێچدا؛ ڕاستە ڕوبار.
(٥) شوێنی بەربەرەڵا و فراوان؛ دەشت.
(٦) ئەو ڕەوەرەیە کە ئەکسلی دواوەی ئوتومبیل یا گالیسکە دەبەستێت بە پێشەکەیەوە

above reach = out of reach.
beyond reach = out of reach.
out of reach, (١) دەست نایگاتێ؛ دەستی ناگاتێ
(٢) ناتوانرێ بهێنرێتەدی؛ دوورە دەست؛ دوور؛ پێ گەیشتنی بۆ نییە.
within reach, (١) دەست دەیگاتێ؛ دەستی دەگاتێ.
(٢) دەتوانرێ بهێنرێتەدی؛ نزیک؛ نزیکە دەست؛ پێ گەیشتنی بۆ هەیە.

react (ri-akt′), *v.i.* (١) بەرپەرچی کار دانەوە
(٢) وەڵام دانەوە بەدەم یا بە کردەوە؛ هەڵوێستی خۆ پیشاندان؛ وەڵام دانەوە:
(How did she ~ to the proposal?; She ~ed positively.)
(٣) ڕۆدەستان؛ بەرهەڵستی کردن؛ بەرامبەر یا بەرەو ڕوو وەستان:
(to ~ against injustice)
(٤) گەرانەوە بۆ دۆخی جاران یا کۆن.
(٥) کارلێککردن (کیمیا).

re-act (rē′akt′), *v.t.* سەرلەنوێ کردنەوە؛ جارێکی تر کردنەوە؛ دیسانەوە نوواندن.
(to ~ a scene from the play)

reactance (ri-ak′təns), *n.* بەرکەوتنی تەزووی کارەبای بە نۆرە

reaction (ri-ak′shən), *n.* (١) ڕۆدکردار؛ ڕۆکار؛ بەرپەرچی کار
(٢) وەڵام دانەوەی دەمی یا کرداری؛ وەڵام:
(There has been no ~ from the other side yet.)
(٣) کۆنەپەرستی؛ گەڕانەوە بۆ دۆخی کۆن یا جاران.
(٤) گۆڕینی کیمیایی؛ گۆڕانی کیمیایی؛ کارلێککردن.
(٥) وەڵام یا ڕۆکاری لەش بەرامبەر دەرمان یا بزوێنەر (پزیشکەوانی).

reactionary (ri-ak′shən-er′i), *adj.* کۆنەپەرست
(the ~ forces, groups, etc.)
n. کۆنەپەرستێک؛ کەسێکی کۆنەپەرست.

reactionist (ri-ak′shən-ist), *n. & adj.* = reactionary.

reactivate (ri-ak′tivāt), *v.t.* خستنەوە کار؛ خستنەوە گەڕ؛ زیندووکردنەوە (مەجاز).

-reactivation *(n.).*

reactive (ri-ak′tiv), *adj.* (١) بەرپەرچدەرەوە؛ ڕۆدەستاو؛ بەرامبەر وەستاو. (٢) وەڵام دەرەوە؛ وەڵام دەر نەک دەستپێشکەریکەر.
(٣) کارلێککەر (کیمیا)

reactor (ri-ak′ter), *n.* (١) بەرپەرچدەرەوە؛ بەرامبەر وەستاو؛ ڕۆ وەستاو (٢) کەسێک کە دەرمان کاری خراپی تێ دەکات.
(٣) نامێری بەرگرتنی تەزووی کارەبای بە نۆرە.
(٤) **nuclear reactor**

read (rēd), *v.t.* (١) خوێندنەوە (٢) بەدەنگی بەرز خوێندنەوە
(٣) بۆ بەرکەوتن؛ تێگەیشتن:
(You ~ a person's character in his face.)
(٤) لێکدانەوە (خەو)؛ فاڵ گرتنەوە؛ بەخت بۆ گرتنەوە:
(to ~ someone's fortune)
(٥) پێشبینی کردنی دواڕۆژ؛ وا هاتنە بەرچاو:
(How do you ~ the future of this company.)
(٦) تێگەیشتن بە جۆرێکی تایبەتی: (How do you ~ this poem?)
(٧) نووسران یا لە چاپ دران بەشێوەیەکی تایبەتی:
(This edition ~s " show," not " shew. ")
(٨) کۆشش کردن بۆ تاقیکردنەوە: (to ~ for an exam)
(٩) پیشاندان؛ تۆمارکردن و پیشاندان:
(The thermometer ~s forty degrees.)
(١٠) خستنە دۆخێکی تایبەتیيەوە بە خوێندنەوە (وەک خەو لە خۆ خستن
(She ~ s herself to sleep.)

v.i. (١) خوێندنەوە. (٢) بەدەنگی بەرز خوێندنەوە.
(٣) (~ about; ~ of). فێربوون دەربارەی؛ خوێندنەوە دەربارەی
(٤) کۆشش کردن (قوتابخانە).
(٥) مانایەکی تایبەتی بەخشین یا دان:
(The paragraph ~s to the effect that all men are equal.)
(٦) بەجۆرێکی تایبەتی نووسران یا خوێندنەوە:
(The sentence ~ s as follows.)

read between the lines, کاغەزی سپی خوێندنەوە؛ مانا و مەبەستی شاراوە بینین یا هەستپێکردن
read into, مانای زیادە دانە پاڵ؛ بەجۆرێکی تایبەتی لێکدانەوە یا خوێندنەوە: (You are reading into the poem too much.)
read out of, دەرکردن (لە حیزب یا ڕێکخراوێک بە خوێندنەوەی ناوی دەرکراوەکە بە دەنگی بەرز بەسەر خەڵکدا).
read up on, خوێندنەوە دەربارەی.

read (red), *past tense and p.p. of* read.
adj. زانا؛ تێگەیشتوو یا فێربوو لەڕێی خوێندنەوەوە؛ زۆری خوێندووەتەوە:
(a well ~ person)

readable (rēd′ə-b'l), *adj.* (١) دەخوێنرێتەوە؛ وەها نووسراوە کە بخوێنرێتەوە (٢) خوێندنەوەی خۆش و ئاسانە
-readability *(n.)*; **readableness** *(n.)*; **readably** *(adv.).*

reader (rēd′er), *n.* (١) خوێنەر؛ خوێندەرەوە؛ خوێندەوار.
(٢) خوێنەری هەڵبەست و چیرۆک بە دەنگی بەرز لە شوێنی گشتیدا.
(٣) خوێنەری نووسراوی ئاینی بە دەنگی بەرز بۆ خەڵک لە کڵێسەدا.
(٤) (ا) خوێنەرو هەڵسەنگێنەری دەستنووس پێش چاپ کردنی بە شێوەی پەرتووک. (ب) خوێندەرەوەی پەرتووک پاش چاپ کردنی بۆ هەڵەبڕکردن
(٥) فەرمانبەرێکە کە ژمێرەری ئاو و کارەبا و گاز دەخوێنێتەوە.
(٦) یاریدەدەری مامۆستای زانکۆ (کە تاقیکردنەوە و باسی نووسراوی قوتابیيەکان دەخوێنێتەوە لەباتی مامۆستاکە و ئەرەیان دەداتێ)
(٧) [Chiefly British]. وانەبێژی زانکۆ دانشگا
(٨) پەرتووکی هەڵبژاردەی هۆنراوە و چیرۆک.
(٩) پەرتووکی خوێندەواری فێرکردن.

readership (rēd′ēr-ship′), *n.* (١) سەرجەمی خوێنەری ڕۆژنامە یا گۆڤارێک. (٢) [Chiefly British]. وانەبێژی زانکۆ دانشگا: پلەی وانەبێژی

readily (red′l-i), *adv.* (١) بەکسەر؛ خێرا؛ دەم‌ودەست.
(٢) بەدڵ (٣) بە ئاسانی.

readiness (red′i-nis), *n.* ئامادەیی.

reading (rēd′iŋ), *adj.* (١) بۆ خوێندنەوە کراوە
(٢) هەڵ لە خوێندنەوە دەکات.
n. (١) خوێندنەوە.
(٢) بە دەنگی بەرز خوێندنەوە بۆ خەڵک لە شوێنی گشتیدا (هۆنراوە. شانۆنامە.
چیرۆک): (She gave a public ~ of her poetry.)
(٣) کۆشش کردن (قوتابخانە) (٤) شتی ئامادەکراو بۆ خوێندنەوە

(٥) ژمارەی تۆمارکراوی سەر گەرمی پێو یا پەستان پێو.
(٦) شێوەی جیا جیای ووشەیەك یا رستەیەك لە هۆنراوەیەك یا شانۆنامەیەکی چەند جار لە چاپ دراوەدا.
(There were several ~s for the passage.)
(٧) لێکدانەوەیەکی تایبەتی نووسراوێك.
(What is your ~ of the poem?).

reading room, ژووری خوێندنەوە (لە کتێبخانە یا یانەیەکدا).

readjust (rē′ə-just′), *v.t.* ڕێکخستنەوە؛ گونجاندنەوە؛ ڕاهێنانەوە؛ ڕاهاتنەوە؛ چاك کردن.

-readjustment *(n.).*

readmission (rē′əd-mish′ən), *n.* وەرگرتنەوە (لە قوتابخانە یا شوێنێکدا پاش دەرکردن)؛ وەرگیرانەوە.

readmit (rē′əd-mit′), *v.t.* وەرگرتنەوە (لە قوتابخانە یا ڕێکخراوێکدا پاش دەرکردن).

ready (red′i), *adj.* (١) ئامادە
(The house is ~ for occupancy.)
(٢) ساز؛ هەر دەکات؛ شل. *(She is ~ .)*
(٣) ئامادە *(He is always ~ to blame us.)* .
(٤) کارامە؛ زیرەك؛ لێهاتوو
(٥) بەکسەر؛ دەمودەست؛ خێرا: *(a ~ answer)* .
(٦) نزیك بە دەست؛ بە دەستەوەیە؛ بە ئاسانی دەستی لێ گیر دەبێ؛
(~ cash)
(٧) [Obs.] ، لێزەیە؛ (لە وەلامی ناو خوێندنەوەدا)؛ ئامادەیە!.

v.t. ئامادەکردن
n. (١) پارەی ڕەق؛ پارەی بە دەستەوە یا نزیك بە دەست.
(٢) ئامادەیی تفەنگ بۆ تەقاندن

make ready, (١) ئامادەکردن.
(٢) جل لەبەرکردن؛ خۆ گۆڕین.

ready-made (red′i-mād′), *adj.* (١) ئامادە جل‌وبەرگ، پێلاو)؛ ئامادەستکرد *(~ suits, shoes, etc.)*
(٢) ئامادە (بیروڕا)؛ کۆن؛ هی کەسەکە خۆی نێیە بەڵکو خەڵك لەزووەوە بیری لێ کردووەتەوە؛ پەرپووت: *(~ ideas, opinions, etc.)* .

ready money, پارەی ڕەق

ready-to-wear (red′i-tə-wâr′), *adj.* جل‌وبەرگی ئامادە.

ready-witted (red′i-wit′id), *adj.* واتە بە دەست نەدرووا.
بۆ قسە دانەماو؛ زوو بیرکەرەوە؛ زیرەك؛ وریا

reaffirm (rē′ə-fûrm′),*v.t.* دووپاتکردنەوە؛ تازەکردنەوە.
(Today, we ~ our friendship.)

-reaffirmation *(n.).*

reagent (rē-ā′jənt), *n.* دەرهێری کیمیایی ماددەیەکە کە لەڕێی کارلێککردنی کیمیایی‌یەوە ماددەی تری پێ دەردەخرێ‌و تاقی دەکرێتەوە یا دەگۆڕێت.

real (rē′əl, rēl), *adj.* (١) ڕاست
(٢) ڕەسەقینە؛ تەواو: *(~ gold; a ~ cure; ~ people)* .
(٣) هی خانووبەرە؛ هی زەوی‌وزارو خانوو؛ هی سەرمایەی نەگوێزراوە؛
(~ property)
(٤) ڕاستەقینە (ژمارە، بیرکاری).
(٥) بوونی ڕاستی‌و بێ گومانی هەیە (فەلسەفە)

***n.* (the ~),** شتی ڕەست؛ شتی ڕاستەقینە
adv. [Colloq.], . *(I am ~ sorry.; to have a ~ good time)* زۆر

real (rē′əl, re-āl′), *n.* ڕیال؛ پارەیەکی ئیسپانی کۆنە.

real estate, خانووبەرە؛ خانوو زەوی‌وزار

realgar (ri-al′gər), *n.* ڕیلگار؛ کانزایەکی سووری پرتەقاڵیی بریتییە لە دووەم سونفایدی زەرنیخی فیشەکە شێتەی لێ دروست دەکرێ.

realism (rē′əl-iz′m), *n.* (١) ڕاستی پەرستن؛ شوێن خەیاڵ نەکەوتن؛ کردەنی پەرستی. (٢) نوواندنی ڕاستەقینەی ژیان‌و سروشت لە هونەرو وێژەدا؛ ئەگەر چی خۆش‌و ناشیرینیش بێت؛ ڕێبازی ڕاستێتی لە هونەرو وێژەدا. (٣) فەلسەفەیەکە دەڵێت کە شت بوونی ڕاستەقینەی هەیە نەگەرچی لە ناگاو هۆشی مرۆڤیشدا نەبێ.

realist (rē′əl-ist), *n.* (١) کەسێکی ڕاستی پەرست یا ڕاستی خواز؛ ڕاست بین؛ کەسێکە کە شوێن خەیاڵ نەکەوتبێ‌و خەیاڵ پڵاو نەبێ؛ کردەنی خواز. (٢) ڕاستی پەرست لە هونەرو وێژەدا (ووشەی پێشوو ببینە). (٣) پەیڕەوێکەری فەلسەفەی ڕاستی (ووشەی پێشوو ببینە)

realistic (rē′ə-lis′tik), *adj.* (١) ڕاستی پەرست؛ شوێن خەیاڵ نەکەوتوو.
(A ~ person is one who knows his limits.)
(٢) ڕاستەقینە؛ ڕاستی ژیان یا سروشت پیشاندەر.
(The film is a ~ picture of life in the country.)

-realistically *(adv.).*

reality (ri-al′ə-ti), *n.* (١) ڕاستی.
(٢) کەسێك یا شتێکی ڕاستەقینە.

in reality, لە ڕاستیدا؛ بە ڕاستی.

realization (rē′əl-i-zā′shən), *n.* (١) زانین؛ پێزانین؛ بۆ دەرکەوتن. (٢) هاتنەدی؛ هێنانەدی؛ بە ئەنجام گەیشتن. (٣) شتی بەدی هێنراو یا بەئەنجام گەیشتوو.

realize (rē′ə-līz′), *v.t.* (١) هێنانەدی؛ بە ئەنجام گەیاندن؛ بەجێ هێنان: *(to ~ one's dreams)*
(٢) زانین؛ ناگا لێ بوون؛ پێزانین؛ بۆ دەرکەوتن: *(I ~ the difficulties.)*
(٣) کۆپینەوە یا فرۆشتنی خانوو زەوی‌وزارو بانقەنۆت‌و سامانی تر بە پارەی ڕەق.
(٤) دەسکەوتن؛ هاتنەدەست: *(The company ~d a profit.)*
(٥) ئەوەندە قازانج کردن یا بۆ مانەوە (لە فرۆشتنی خانووبەرەیەکدا).

v.i. گۆڕینەوە یا فرۆشتنی خانووبەرەو بانقەنۆت بە پارەی ڕەق.

really (rē′əli, rēl′i), *adv.* (١) لە ڕاستیدا. (٢) بێ گومان. (٣) بە ڕاستی؛ تەواو؛ زۆر: *(a ~ hot day)* .

realm (relm), *n.* (١) پاشانشین؛ وڵات.
(٢) جیهان؛ مەودا:
(the ~ of imagination, science, thought, etc.)
(٣) بابەت یا توخمە ڕووەك‌و گیانداری تایبەتی بە ناوچەیەك.

real member, ژمارەی ڕاستەقینە (بیرکاری).

realtor (rē′əl-tər, rē′əl-tôr′), *n.* دەڵاڵی خانووبەرە؛ جامبازی خانوو زەوی‌وزار کڕین‌و فرۆشتن.

realty (rē′əl-ti), *n.* (١) . real estate
(٢) [Obs.]، پاکی؛ دڵسۆزی.

ream (rēm), *n.* (١) بەستە کاغەز؛ بەندە کاغەز (٤٨٠–٥١٦ پەڕە).
(٢) *(pl.)* ، بڕێکی زۆر؛ هەندێکی زۆر؛ ئێجگار زۆر: *(~s of verse)* .

ream (rem), *v.t.* (١) کون گەورەکردن. (٢) لابردنی شت بە کون تێکردن. (٣) گوشینی پرتەقاڵ‌و لیمۆ بە گوشەر.

reamer (rēm′ər), *n.* (١) کونکەر؛ نامێری کون تێکردن؛ دەمی درەوشی کارەبایی. (٢) گوشەری پرتەقاڵ‌و لیمۆ.
(٣) کونکەر (مرۆڤ)؛ گوشەر (مرۆڤ).

reanimate (rē-an′ə-māt′), *v.t.* زیندووکردنەوە؛ بووژاندنەوە؛ بەهێزکردن.

-reanimation *(n.).*

reap (rēp), *v.t.* (١) دوورینەوە؛ دروێنەکردن؛ ڕنین؛ خەرمان هەڵگرتن
(٢) چنینەوە؛ دەسکەوتن؛ وەرگرتن (خەڵات): *(You ~ what you sow.)* .

v.i. (١) دوورینەوە؛ دروێنەکردن؛ ڕنین.
(٢) چنینەوە؛ دەسکەوتن؛ خەڵات وەرگرتن.

reaper (rēp′ər), *n.* (١) درەوکەر؛ سەپان؛ دروێنەکەر؛ گۆڵ.

(٢) مەکینەی دروو؛ مەکینەی دروینە.
the (Great) Reaper, مردن
reaping hook, داس
reaping machine, مەکینەی دروینە؛ مەکینەی دروو
reapportion (rē´ə-pôr′shən), *v.t.* سەرلەنوێ بەش کردن؛ سەرلەنوێ دابەش کردن.
reapportionment (rē´ə-pôr′shən-mənt), *n.* (١) سەرلەنوێ دابەش کردن؛ سەرلەنوێ بەش کران. (٢) سەرلەنوێ دابەش کردنی ژمارەی نوێنەرانی پەرلەمان بەسەر ناوچەکانی وڵات یا ناوچەیەکدا بە گوێرەی زیادو کەمی دانیشتوان بەتایبەتی دوای هەموو سەرژمێریەک لە ئەمەریکا.
rear (rêr), *n.* (١) پشتەوە؛ پشت؛ دوا؛ دواوە؛ *(the ~ of a house)*
(٢) پاشەنگ .لەشکر. مێگەل، گاگەل؛ پاشڕەو؛ قنگ (مەجاز).
(٣) [Colloq.]. سمت؛ قنگ، کەفەل.
adj. هی دواوە؛ دواوە. *(a ~ view; a ~ entrance)*.
rear (rêr), *v.t.* (١) بەرزکردنەوە؛ راستکردنەوە؛ ڕاوەستاندن؛ لەسەر پێ ڕاگرتن. (٢) دروستکردن.
(٣) پەروەردەکردن (گیاندار، ڕووەک)؛ زاوزێ پێ کردن؛ بەخێوکردن. *(to ~ children)*.
(٤) بەخێوکردن (منداڵ)؛ گەورەکردن؛ پەروەردەکردن:
v.i. (١) لەسەر پاشوو وەستان؛ هەڵسانە سەر پاشوو.
(٢) بەرزبوونەوە (لووتکە شاخ)؛ بڵندبوونەوە.
rear admiral, پلەیەکی بەرزی ئەفسەری دەریایی یە لەژوور *" کاپتن" موو لەخوار جێگری لەدەریاوە.*
rear guard, پاشکۆی لەشکر؛ پاشڕەوی لەشکر؛ *بەتالیۆنێکە دوای لەشکر دەپارێزێ.*
rearm (rē-ärm′), v.t. & v.i. (١) سەرلەنوێ پرچەک کردنەوە. *(٢) سەرلەنوێ پرچەک کردنەوە بە چەکی چاکترو تازەتر.*
rearmament (rē-ärm′ə-mənt), *n.* سەرلەنوێ پرچەک کردنەوە
rearmost (rêr′mōst´), *adj.* هەرە دوایی؛ دواترین؛ قڕە.
rearrange (rē′ə-rānj′), v.t. (١) سەرلەنوێ ڕێکخستنەوە. *(٢) بە شێوەیەکی جیا یا نوێ ڕێکخستنەوە.*
-rearrangement (n.).
rear view mirror, ئاوێنەی دواوە پێ بینین (لەلایەن ڕانەری ئوتومبیل و ماتۆرسکیلەوە).
rearward (rêr′wôrd´), *n.* (١) حێکەی دواوە.
(٢ [Rare]. پاشەنگی لەشکر؛ پاشەڕۆی لەشکر.
rearward (rêr′wērd), *adj.* لەدواوە؛ دواوە.
adv. بۆ دواوە؛ بەرەو دواوە؛ لەدواوە.
rearwards (rêr′wērdz), *adv.* = rearward.
reason (rē′z'n), *n.* (١ بەڵگە (٢) هۆ؛ بۆنە.
(٣) مێشک؛ توانای بیرکردنەوەو لێکدانەوە. (٤) ژیری.
(٥ گریمانە .ژیربێژی).
v.i. (١ بیرکردنەوە؛ لێکدانەوە.
(٢) بە شێوەیەکی بەجێ بیرکردنەوە یا پێ سەلماندن.
v.t. (١) بیرکردنەوە؛ لێکدانەوە. (٢) گفتوگۆکردن؛ ووتوێژکردن؛ باس کردن.
٣) بەڵگە بۆهێنانەوە؛ ڕەواکردن.
(٤) پێ سەلماندن.
bring (a person) to reason, هێنانەوە سەر ڕێی ڕاست و بیرو کردەوەی نابەجێ پێ وازلێهێنان
by reason of, بەهۆی؛ بە بۆنەی
in reason, (١ ڕەوا. (٢) بەجێ
out of all reason, نابەجێ؛ بێ جێ؛ بێ مانا.
reason that, وا لێکدانەوە؛ لە ئەنجامدا وا بۆ دەرکەوتن.
stand to reason, دیارە؛ دەچێتە مێشکەوە؛ بەجێیە؛ ڕێی تێ دەچێ.

with reason, بێ هۆ نیە؛ لە خۆڕایی نیە؛ بە هەق.
within reason, بە ئەندازە؛ تا ڕادەیەکی بەجێ.
reasonable (rē′z'n-ə-b'l), *adj.* (١) ژیر؛ باش بیرکەرەوە؛ تێگەیشتوو. *(a ~ person)*.
(٢) بەجێ؛ دروست؛ شیاو؛ پەسەند. *(a ~ idea, plan, etc.)*.
(٣) گران نیە؛ نرخەکەی بەجێیە.
-reasonability (n.); **resonableness** *(n.)*.
reasonably (rē′z'n-ə-bli), *adv.* (١) بە ژیری؛ بە شێوەیەکی بەجێو جوان: *(to think ~)*
(٢) تا ڕادەیەک: *(I'm ~ sure.)*.
reasoning (rē′z'n-iŋ), *n.* (١) بیرکردنەوە؛ لێکدانەوە؛ لێکدانەوەو گەیشتنە ئەنجام. (٢) بەڵگە.
reasonless (rē′z'n-lis), *adj.* (١) بێ مێشک؛ بێرنەکەرەوە.
(٢) نابەجێ؛ بێ جێ؛ نادروست.
reassurance (rē´ə-shoor′əns), *n.* (١) دووبارە دڵنیاکردن؛ سەرلەنوێ دڵنیابوون. (٢) دڵنیایی. (٣) سەرلەنوێ بیمەکردن.
reassure (rē´ə-shoor′), *v.t.* (١) سەرلەنوێ دڵنیاکردن؛ دڵنیاکردنەوە. (٢) بیمەکردنەوە؛ دووبارە بیمەکردن.
reave (rēv), *v.t.* (١) تاڵان کردن؛ بەزۆر لێ سەندنو بردن؛ ڕووتکردنەوە. (٢) لێ سەندن؛ بێ بەش کردن.
v.i. تاڵان کردن؛ ڕووتکردنەوە.
reave (rēv), *v.t.* [Archaic]. شکاندن؛ پارچە پارچە کردن.
rebate (rē′bāt, ri-bāt′), *v.t.* (١) (ا) بۆ گەڕاندنەوەی هەندێ لەو پارەیەی دراوە. (ب) هەندێ لە نرخ داشکاندن
(٢) [Rare]، کەمکردنەوە. (٣) [Archaic]، کول کردن (تیغ).
n. پارەی بۆ گەڕێنراوە (پاش کڕینی شتێکو پارەدان)؛ پارەی لە نرخ داشکێنراو: *(Car salesmen are giving ~s to thier customers.)*
rebato (rə-bä′tō), *n. Also* rabato.
rebec (rē′bek), *n. Also* rebeck, تەمبورە؛ ڕەبابە؛ ئامێرێکی مۆسیقی ژێدارە بە کەوان یا بە پەنجە لێدەدرێت.
rebel (reb′'l, ri-bel′), *n.* یاخی؛ شۆڕشگێر؛ سەرپێچ؛ یاخیگەر.
adj. (١) سەرکێش؛ سەرپێچ؛ مل نەدەر؛ یاخی.
(٢) هی یاخی گەران؛ هی شۆڕشگێران؛ شۆڕشگێڕی؛ شۆڕشگێر: *(the ~ forces)*
v.i. (١) یاخی بوون؛ شۆڕشگێران؛ شۆڕش کردن.
(٢) بەرهەڵستی کردن؛ درۆ وەستان؛ لێ هەڵگەڕانەوە؛ بەلەسەبوون.
rebeldom (reb′'l-dəm), *n.* (١) ناوچەی یاخیگەران؛ ناوچەی پڕگارکراو. (٢) یاخیگەران؛ شۆڕشگێران.
(٣) کارو ڕەوشتی یاخیگەران.
rebellion (ri-bel′yən), *n.* (١) یاخیگەری؛ شۆڕش؛ یاخیگەرێتی.
(٢) بەرهەڵستی؛ مل نەدان؛ درۆ وەستان؛ سەرپێچی؛ سەرکێشی
rebellious (ri-bel′yəs), *adj.* (١) یاخی؛ شۆڕشگێر.
(٢) یاخیبانە؛ شۆڕشگێرانە.
(٣) سەرپێچ؛ سەرکێش؛ بەرهەڵستیکەر؛ لێ هەڵگەڕاوە: *(a ~ child)*.
(٤) دابێن نەکراو (برین، نەخۆشی): *(a ~ growth)*.
-rebelliously (adv.); **rebelliousness** *(n.)*.
rebirth (rē-bûrth′, rē′bûrth´), *n.* (١) زیندووبوونەوە لەدوای مردن؛ لەدایکبوونەوە دوای مردن.
(٢) ژیانەوە؛ بزووتنەوە؛ زیندووبوونەوە (مەجاز): *(the ~ of the movement for independence)*
reborn (rē-bôrn′), *adj.* لەدایکبووەوە؛ زیندووبووەوە؛ تازەبووەوە.
rebound (ri-bound′, rē′bound´), *v.i.* (١) هەڵگەڕانەوە؛ گەڕانەوە (پاش لە شتێک دان): *(The ball ~ed .)*.
(٢) گەڕانەوە بۆ ئەو کەسە خۆی؛ بۆ گەڕانەوە:

(Their evil deeds will ~ upon themselves.)

(۳) خۆگرتنەوە ؛ پاش ژێرکەوتن، نەخۆشی ،هتد)؛ هەڵسانەوە؛ هێز هاتنەوەبەر؛ بزووتنەوە؛ بووژانەوە. *(His spiritis ~ed.)*

(٤) [Rare, Obs.] ، دەنگدانەوە

v.t. [Rare], هەڵگەڕاندنەوە؛ گەڕاندنەوە (پاش لە شتێك دان)

n. (۱) هەڵگەڕانەوە؛ گەڕانەوە (پاش لەشت دان).

(۲) خۆگرتنەوە پاش ژێرکەوتن، نەخۆشی، تەلاق)؛ هەڵسانەوە؛ گەڕانەوە؛ بووژانەوەی خێر؛

(He married Jane on the ~ after his wife divorced him.)

rebroadcast (rē-brôd′kast´), *v.t.* (۱) سەرلەنوێ بڵاوکردنەوە

(بە ڕادیو یا تەلەفزیۆن): *(to ~ a program)* .

(۲) وەرگرتن لە نێستگەیەکی تر و بڵاوکردنەوە لەهەمان کاتدا.

n. (۱) دیسانەوە بڵاوکردنەوە. (۲) بەرنامەی سەرلەنوێ بڵاوکراوە.

(۳) بەرنامەی وەرگیراو لە نێستگەیەکی ترەوە و بڵاوکراوە لەهەمان کاتدا.

rebuff (ri-buf′), *n.* (۱) هەڵپەڕجدانەوە؛ لە لووت دان؛ لە لووت دران؛ وەڵام دان (پێشنیازی یارمەتیدان یا وەرگرتن، خوازبێنی، داواکاری).

(۲) بەرهەڵستی؛ کۆسپ؛ بەربەست.

v.t. (۱) لە لووت دان؛ بەرپەرچدانەوە؛ ڕێز نەگرتن و خستنە پشت گوێ؛ وەڵام دانی کەسێك کە بیەوێ یارمەتی بدات یا وەرگرێ. خوازبێنی بکات، یا داوایەك یا پێشنیازێکی هەبێت.

(۲) بەرهەڵستی کردن؛ گەڕاندنەوە؛ ڕاونان؛ دەرکردن.

rebuke (ri-būk′), *v.t.* (۱) بە تووندی سەرزەنشتکردن؛ شکاندن؛ پیاهەڵشاخان. (۲) [Obs.]، (۱) بەرهەڵستی کردن؛ گەڕاندنەوە؛ دەرکردن؛ ڕاونان (ب) پەستانەوە؛ پێشێل کردن؛ پێپەستکردن؛ دابینکردن.

n. سەرزەنشتی تووندوتیژ؛ شکان؛ پیاهەڵشاخان.

rebus (rē′bəs), *n.* مەتەڵێکە بریتییە لە وێنەو نیشانەی وەها کە ناوەکەیان بە دەنگی ناوەکەیان ناوی ورشەی تر بگەیێنێت:

(A picture of a bedspring followed by a picture of a meadow is a ~ for springfield.).

rebut (ri-but′), *v.t.* (۱) بەرپەرجدانەوە (بە بەڵگە)؛ بەدرۆخستنەوە *(to ~ an argument, a person, etc.)*

(۲) [Obs.]بەرهەڵستی کردن؛ گەڕاندنەوە دواوە؛ دەرکردن

v.i. بەڵگەی پێچەوانە پێشکەش کردن بۆ پەرچدانەوە.

rebuttal (ri-but′′l), *n.* بەرپەرجدانەوە (بە بەڵگە)؛ بەرپەرچ.

rebutter (ri-but′er), *n.* (۱) بەرپەرچدەرەوە

(۲) بەرپەرچی بەهانەو بەڵگەی داواکەر لە دادگادا

recalcitrance (ri-kal′si-trəns), *n.* (۱) سەرکێشی؛ سەرپێچی؛ مل نەدان؛ کەللەڕەقی؛ بەرپەرەکانی. (۲) کردەوەیەکی سەرکێشانە یا کەللەڕەقانە.

recalcitrant (ri-kal′si-trənt), *adj.* سەرکێش؛ سەرپێچ؛ سەرسەخت؛ حەز لە بەرپەرەکانی کەر.

n. کەسێکی سەرپێچ و بەرپەرەکانیکەر.

recalcitrate (ri-kal′si-trāt´), *v.i.* سەرپێچی کردن؛ سەرکێشی کردن؛ بەرپەرەکانی کردن؛ مل نەدان.

-recalcitration *(n.).*

recalescence (rē´kə-les′′ns), *n.* بەرزبوونەوەی کوتوپڕی و سەردەمی بڵەی گەرمی و بڵێسە سەندنی ئاسن و پۆڵا لەکاتی ساردبوونەوەدا.

recall (ri-kôl′, rē′kôl´), *v.t.* (۱) بانگ کردنەوە. *(to ~ an ambassador)*

(۲) بیرخستنەوە؛ خستنەوە یاد

(۳) هەڵوەشاندنەوە (بڕیار)؛ سڕینەوە.

(٤) بیرکەوتنەوە؛ هاتنەوە بیر (٥) [Poetic]، زیندووکردنەوە

n. (۱) بانگ کردنەوە: *(a ~ of their ambassador)* .

(۲) (۱) بانگ کردنەوەی سەرباز بۆ نۆردوگا (بە کەپەنا یا تەپڵ):

(to sound the ~)

(ب) بانگ کردنەوەی کەشتی (بە نیشانە).

(۳) بیرکەوتنەوە؛ هاتنەوە یاد.

(٤) هەڵوەشاندنەوە (بڕیار)؛ سڕینەوە.

(٥) لابردنی کارەبەدەستێك یا نەندامێکی پەرلەمان پێش کاتی خۆی بە دەنگدان؛ مافی ئەم لابردنە:

(the ~ of a governer or a member of congress)

recant (ri-kant′), *v.t. & v.i.* حاشاکردن: (لە گوفتارێك یا پایەکی پێشووی خۆ)؛ پێ لە هەڵەی خۆتان و کێشانەوەی بیەوێ یا گوفتاری پابوردوو

-recantation *(n.)*; **recanter** *(n.).*

recap (rē-kap′), *v.t.* دەورە گرتنەوەی تایەی ئوتومبیل.

n. تایەی دەورە گیراو: *(to use ~s instead of new tires)* .

recap (rē-kap′), *v.t.* (*short for* **recapitulate**), کورتکردنەوە؛ ووتنەوە بە کورتی؛ دووبارەکردنەوە بە کورتی: *(to ~ the news)* .

n. کورتە؛ پوختە.

recapitalize (rē-kap´ə-t′l-īz′), *v.t.* گۆڕینی بنچینەی سەرمایەی کۆمپانیایەك.

recapitulate (rē´kə-pich′oo-lāt´), *v.t. & v.i.* کورتکردنەوە؛ دووبارەکردنەوەی کورتە یا پوختەی باسێك؛ بە کورتی ووتنەوە:

(to ~ the main points of a discussion or lecture)

recapitulation (rē´kə-pich´oo-lā′shən), *n.* (۱) کورتکردنەوە؛ دووبارەکردنەوەی کورتە یا پوختەی باسێك. (۲) کورتەی باس؛ پوختە.

(۳) پێدا ڕێشتنی ناوڵەمەیەك بە قۆناغەکانی گۆڕینی توخمەکەیدا

recapture (rē-kap′cher), *v.t.* (۱) (۱)گرتنەوە (جێی داگیرکراو)؛ داگیرکردنەوە؛ گرتنەوەدەست؛ وەرگرتنەوە؛ لێ سەندنەوە (شتی لەدەست چوو.

(ب) گرتنەوە (تاوانکار یا بەندی ڕاکردوو).

(۲) لێ سەندنەوە یا دەستبەسەرداگرتنی زیادە قازانجی کۆمپانیایەك لەلایەن میریێیەوە. (۳) هێنانەوە بەرچاوی خۆ (ڕابوردوو، بەسەرهاتی ڕابوردوو)؛ سەرلەنوێ چەشتنەوە: *(to ~ an experience or an emotion)*

n. (۱) (۱) گرتنەوە (شوێنی داگیرکراو، بەند یا دیلی ڕاکردوو)؛ سەندنەوەی شتی لەدەست چوو. (ب) گیرانەوە. (۲) تالانی سەندنەوە.

(۳) شتی لێ سەنراوە؛ شتی گەڕێنراوە یا گەڕاوە.

(٤) دەستبەسەرداگرتن یا لێ سەندنەوەی زیادە قازانجی کۆمپانیایەك لەلایەن میریێیەوە.

recast (rē-kast′), *v.t.* (۱) داڕێژتنەوە؛ داڕێژانەوە: *(to ~ a gun)* .

(۲) داڕشتنەوە (ڕستە، ووتار)؛ چاك کردن و دووبارە نووسینەوە؛ دەست لێدان *(to ~ a sentence, paragraph, speech, etc.)*

(۳) سەرلەنوێ ژماردن؛ ژمارەنەوە: *(to ~ a column of figures)*

(٤) دابەش کردنەوەی بەشەکانی شانۆنامەیەك: *(to ~ a play)*

n. (۱) داڕشتنەوە؛ سەرلەنوێ داڕشتن؛ داڕێژانەوە.

(۲) داڕێژەی تازە؛ شتی دووبارە داڕێژراو.

recede (ri-sēd′), *v.i.* (۱) کشانەوە؛ گەڕانە دواوە؛ نیشتنەوە (ئاو) *(The flood water ~d.)*

(۲) (from ~) ، لێ کشانەوە؛ لێ پەشیمان بوونەوە (پەیمان، ڕێکەوتن) *(He ~d from his bargain.)*

(۳) بەدوادا داچوون (چەناگە).

(٤) بایەخ یا گرنگی کەم بوونەوە: *(to ~ into the background)*

(٥) لەبیرچوونەوە؛ دوورکەوتنەوە: *(memories of childhood ~)*

receipt (ri-sēt′), *n.* (۱) (۱) وەرگرتن. (ب) وەرگیران.

(۲) *(pl.)*، سەرجەمی شتی وەرگیراو. (۳) پەسید؛ وەرگرتن نامە.

(٤) recipe ، [Dial.].

v.t. (۱) نیشانەکردن یا کۆژاندنەوەی قەرزی دراوە.

(۲) پەسید پێدان یا بۆ نووسین.

v.i. پەسید نووسین یا پێدان.

receivable (ri-sēv′ə-b′l), *adj.* (۱) وەردەگیرێ لەباتی فرۆتەنی یا قەرزدەشێ وەرگیرێ. (۲) کاتی دانەوەیەتی (قەرز): *(accounts ~)* .

n.pl. سەرجەمی ئەو قەرزانەی کاتی دانەوەیان هاتووە.

receive (ri-sēv′), *v.t.* (۱) وەرگرتن؛ بە دەست گەیشتن؛ دەسکەوتن.
(۲) پاکێشان (سەرنج): *(She ~d a lot of attention.)* .
(۳) چەشتن (سزا)؛ خواردن (مەجان)؛ وەرگرتن:
(He ~d punishment, a severe blow, etc.)
(٤) هەڵگرتن؛ ڕاگرتن؛ کەوتنە سەر:
(The four wheels ~ the weight equally.)
(٥) پێ گەیشتن؛ پێ زانین؛ وەرگرتن: *(They ~d the news.)* .
(٦) تێگەیشتن؛ بە مێشکدا چوون؛ دان پیانان.
(۷) گرتن؛ جێ تیابوونەوە؛ وەرگرتن.
(۸) وەرگرتن (ئەندامی تازە): *(to ~ new members)* .
(۹) پێشواری کردن؛ بەپێرەوە چوون؛ بەخێرهاتن کردن؛ میوانداری کردن:
(He ~s visitors at all hours.)
(۱۰) وەرگرتن (وێنەی ڕەوشت):
(to ~ a bad (or good) impression)
(۱۱) وەرگیران؛ پەسەندکران یا نەکران:
(His new book was well ~d.)
(۱۲) بەرکەوتن (بەش).
(۱۳) گوێ لێ بوون و وەرگرتنو دان پیانان:
(to ~ an oath of allegiance)

v.i. (۱) وەرگرتن؛ گەیشتنە دەست.
(It is more blessed to give than to ~ .)
(۲) میوانداری کردن؛ پێشوازی کردن؛ بەخێرهاتن کردن.
(۳) وەرگرتنو گوێبینی شەپۆل ئەلەکترۆمۆگناتیسی بەدەنگەو وێنە (دەزگای ڕادیۆو تەلەفزیۆن)

receiver (ri-sēv′er), *n.* (۱) وەرگر
(۲) خەزنەدار؛ دەغیلەچی؛ پارەوەرگر.
(۳) کەرپار یا وەرگری شتومەکی دزراو.
(٤) تۆپ گرەوە (یاری بێسبۆل).
(٥) پێ سپێردراوی دادگەری؛ کەسێکە کە دادگا ئای دەنێ بۆ چاودێری کردنی سەرمایەی گوێزراوەو نەگوێزراوەی ناکۆکی لەسەر
(٦) دەفر کەمیا (۷) بیستۆک (تەلەفۆن)

receivership (ri-sēv′er-ship′), *n.* پێ سپێرراوێتی دادگایی
(ا) نیشوکاری پێ سپێرراوی دادگایی (ژمارە (٥)ی ووشەی پێشوو ببینە).
(ب) باری چاودێری کراتی سەرمایەی ناکۆکی لەسەر لەلایەن پێ سپێرراوی دادگاییەوە.

recency (rē′s'n-si), *n.* تازەیی ڕووداو؛ تازەیەتی.

recension (ri-sen′shən), *n.* (۱) بژارکردنی پەرتووکێک یا بەرهەمێکی وێژەیی کۆن لەڕێی بەراوردکردنی دەقو سەرچاوەی جیاجیاوە.
(۲) نووسراوێکی وەها بژارە کراو.

recent (rē′s'nt), *adj.* (۱) تازە (ڕووداو)؛ نوێ
(a ~ event, murder, scandal, fashion, etc.)
(۲) [R-]. تایبەتی بە چەرخی تازە (زەمینناسی)

recently (rē′s'nt-li), *adv.* تازە؛ لەم دواییەدا؛
(I haven't seen him ~ .) لەم چەندانەی دواییدا:

receptacle (ri-sep′tə-k'l), *n.* (۱) دەفر (سندوق، قاپ، قوتو، تەنەکە هتد). (۲) بنکی گوڵ (۳) کیف (کارەبا).

reception (ri-sep′shən), *n.* (۱) (ا) وەرگرتن؛ وەرگیران.
(ب) پێشوازی؛ پێشوازی کردن؛ پێشوازی کران؛ بەڕەو پێی چوون.
(۲) شێوەی پێشوازی یا بەخێرهاتن کران: *(a cool ~ ; a hearty ~)* .
(۳) ناهەنگی پێشوازی: *(an official ~)*
(٤) تێگەیشتن؛ چوونە مێشکەوە؛ وەرگرتن.
(٥) باش و خراپی یا ڕوون و لێڵی وەرگرتن (ڕادیۆ، تەلەفزیۆن):
(The storm caused poor ~ .)

receptionist (ri-sep′shən-ist), *n.* پێشوازیکەری فەرمانگە:
(کە بە زۆری ناڤرەتە).

reception room, دیوەخان؛ ژووری میوان؛ ژووری پێشوازی.

receptive (ri-sep′tiv), *adj.* (۱) وەرگر.
(۲) کراوە (مێشک): *(a ~ mind)* .
(۳) باش وەرگر (پێشنیاز، داوا...هتد)؛ پەسەندکار؛ ئامادەیە پەسەندی بکات: *(He was ~ to our proposal.)* .
-receptively *(adv.)*; receptiveness *(n.)*; receptivity *(n.)*.

receptor (ri-sep′ter), *n.* (۱) وەرگر.
(۲) هەستە ئەندام؛ سەرە هەستە دەماری هەستکەر بە بزوێنەری وەک گەرمی، ساردی، ڕووناکی... هتد.

recess (ri-ses′), *n.* (۱) کون؛ قوژبن؛ بۆشایی؛ قوپاوی؛ تاق (لەدیواردا)؛ سووچ. (۲) *(pl.)*، شوێنی تەریک و شاراوە؛ کونج؛ شوێنی شاراوەی ناوی ناوەوە: *(a mountain ~ ; the ~es of the subconscious)* .
(۳) (ا) ووچان؛ پشوو: *(The court is in ~ . ; a school ~)* .
(٤) چالایی (ئەندامی لەش)؛ قوولایی؛ قوونکە.

v.t. (۱) خستنە کونج؛ قوژبن؛ یا چالاییەکەوە؛ خستنە کونێکەوە.
(۲) چالایی تێدا دروستکردن؛ کونج تیا کردن؛ چاڵ کردن؛ بۆش کردن.
(۳) ووچان پێدان؛ ووچان دان؛ پشوودان.

v.i. ووچان دان؛ پشوودان.

recession (ri-sesh′ən), *n.* (۱) گەڕانە دواوە؛ گەڕانەوە؛ کشانەوە.
(۲) بە ڕێز چوونەدەرەوە یا کشانەوەی قەشەو کۆڕەسی کڵێسە پاش تەواوبوونی نوێژ. (۳) چالایی؛ قوپاوی؛ کونج؛ شوێنی قوپاو.
(٤) بێ بازاڕی (ئابووریناسی)؛ بازاڕکزی؛ بازاڕ ساردی:
(The country is now in a ~ .)

recession (rē′sesh′ən), *n.* گەڕاندنەوە بۆ خاوەنی پێشوو؛ دانەوە بە خاوەنی پێشوو.

recessional (ri-sesh′ən-'l), *adj.* (۱) تایبەتی بەو مۆسیقایەی لێدەدرێت لەکاتی کشانەوەی قەشەو کۆڕەسی کڵێشە پاش تەواوبوونی نوێژ.
(۲) [British]: تایبەتی بە ووچانی پەرلەمان.

n. (۱) مۆسیقای چوونەدەرەوەی قەشەو کۆڕەسی کڵێسە پاش تەواوبوونی نوێژ.
(۲) ئەم چوونەدەرەوەیە یا کشانەوەیە.

recessive (ri-ses′iv), *adj.* (۱) گەڕاوە؛ کشاوە.
(۲) بەزیو (زگماکی ناسی)؛ بەرەو نەمان چوو: *(~ genes)* .
(۳) لە برگەی دواوە بۆ هی پێشەوە چوو (گیرە - زمانەوانی).

n. (۱) تایبەخۆی بەرەو نەمان چوو یا کشاوە (زگماکی ناسی).
(۲) زیندەوەرێک کە تایبەخۆی وەهای هەبێت.

recharge (rē-chärj′), *v.t. & v.i.* پڕکردنەوە (باتری)؛ بووژاندنەوە.
recharge one's batteries, ووچان دان و بووژانەوە؛ خۆ بووژانەوە.

réchauffé (rā′shô′fā′), *n.* [Fr.], (۱) خواردەمەنی بەرماوەی گەرم کراوە. (۲) گۆڕین و چاک کردن یا پێنەکردنی نووسراوی کۆنو پێشکەش کردنی

recherché (rə-shâr′shā′), *adj.* (۱) نایاب؛ دانسقە.
(۲) زۆر جوان و ناسک. (۳) لە ڕادە بەدەر ڕێک و پێک.

recidivism (ri-sid′ə-viz'm), *n.* گەڕانەوە بۆ دۆخ یا ڕەووشتی جاران (بەتایبەتی هی تاوانکاری)؛ گەڕانەوەی تاوانکار بۆ تاوانکاری.

recidivist (ri-sid′ə-vist), *n.* تاوانکارێک کە هەمیشە دەگەڕێتەوە بۆ تاوانکاری و چارەی نییە.
-recidivistic *(adj.)*; recidivous *(adj.)*.

recipe (res′ə-pi), *n.* (۱) ڕەچەتە (دەرمان).
(نیستە ووشەی " prescription" بەکار دەهێنرێت).
(۲) دەرمانی گیراوە یا ئامادەکراو بەگوێرەی ڕەچەتەیەک.
(۳) دەستووری ئامادەکردن و لێنانی چێشتێکی تایبەتی:
(She has a new ~ for fish.)
(٤) دەستووری کار؛ دەستووری چارەکردن؛ چارە؛ ڕێگی چارە کردن؛ سەرکەوتن؛ یا دەسکەوتنی شتێک: *(a ~ for success)* .

recipience (ri-sip′i-əns), ***n.*** ***Also*** **recipiency**, (١) وەرگرتن (٢) توانا و مەیلی وەرگرتن هەبوون.

recipient (ri-sip′i-ənt), ***n.*** وەرگر؛ وەرگرتوو. ***(the ~ of a scholarship, gift, favor, etc.)*** ***adj.*** ئامادەبە بۆ وەرگرتن؛ وەرگر.

reciprocal (ri-sip′rə-k'l), ***adj.*** (١) هی بەرامبەر؛ ئالوگۆڕ: ***(I helped him and had ~ help from him.)*** (٢) دووسەری؛ دوولایی. ***(~ love, hatred, protection, etc.)*** (٣) پێچەوانەیی؛ هەڵگەڕاوەیی (٤) یەکتری (ڕێزمان)؛ هی پەیوەندی بەرامبەر یەکتر: ***(" Each other " is a ~ pronoun.)*** ***n.*** (١) بەرامبەر؛ شتی بەرامبەر (٢) ژمارەیەکە نەنجامی دابەش کردنی یەکە بەسەر ژمارەکە خۆیدا: ***(The ~ of 7 is 1/7 .)***

reciprocate (ri-sip′rə-kāt′), ***v.t.*** (١) هێنان و بردن (مەکینە) (٢) پێدان و وەرگرتن (چاکە، خۆشەویستی، دڕمنایەتی، بڕیاوەڕ... هتد)؛ گۆڕینەوە؛ ئالوگۆڕ کردن: ***(They ~ love, enmity, etc.)*** . (٣) پێدانەوە (خۆشەویستی، چاکە، ڕق... هتد)؛ بۆ گەڕاندنەوە: ***(We ~ her affection.)*** (٤) [Rare]: بەرامبەرکردن؛ هاوتاکردن ***v.i.*** (١) هاتن و چوون (مەکینە). (٢) پێدان و وەرگرتن؛ ئالوگۆڕکردن. (٣) پێدانەوە (چاکە یا خراپە)؛ دانەوە؛ بۆ گەڕاندنەوە. (٤) بەرامبەربوون؛ هاوتابوون

reciprocating engine, مەکینەی هاتوچۆکەر بۆ دواوەو بۆ پێشەوە. نەک خولاوە

reciprocation (ri-sip′rə-kā′shən), ***n.*** (١) هاتن و چوون (مەکینە). (٢) پێدان و وەرگرتن (چاکە، خۆشەویستی، یارمەتی)؛ گۆڕینەوە؛ یەک بەیەک: نەمە بەوە. ***(~ is necessary in all human relashionships.)***

reciprocity (res′ə-pros′ə-ti), ***n.*** (١) پێدان و وەرگرتن (چاکە، یارمەتی)؛ گۆڕینەوە؛ چاکە دانەوە. ***(There is no ~ in their relashionship because he always gives and she always takes.)*** (٢) چاکەی بەرامبەری لە بازرگانی نێو دوو وولاتدا؛ نەمە بەوە؛ یەک بەیەک (بە تایبەتی لە کاروباری گومرگ و بازرگانیدا): ***(~ in trade)*** .

recision (ri-sizh′ən), ***n.*** هەڵوەشاندنەوە (یاسا، بڕیار)

recital (ri-sī′t'l), ***n.*** (١) بەدەنگی بەرزو لەبەر خوێندنەوە (ووتار). هەڵبەست: خوێندن (قورئان)؛ لەبەر ووتن. (٢) گێڕانەوە (چیرۆک). (٣) چیرۆکی گێڕاوە؛ چیرۆک؛ باس (٤) باسکردنی موسیقای یەک کەسی؛ سەمای یەک کەسی.

recitation (res′ə-tā′shən), ***n.*** (١) گێڕانەوە چیرۆک؛ (٢) چیرۆکی گێڕاوە؛ چیرۆک. (٣) هەڵبەست یا چیرۆک خوێندنەوە لەبەرو بەدەنگی بەرز بۆ خەڵک؛ لەبەر ووتن. (٤) هەڵبەست یا چیرۆکی لەبەر خوێنراوە بۆ خەڵک (٥) [Obs.]: نەبەر ووتنەوەی هەڵبەستو وەڵامی پرسیار لەلایەن قوتابیەوە. (ب) وانەی هەڵبەستی لەبەرکراو ووتنەوە بە دەنگی بەرز

recitative (res′ə-tā′tiv, ri-sīt′ə-tiv), ***adj.*** (١) تایبەتی بە خوێندنەوەی هەڵبەست لەبەرو بە دەنگی بەرز (٢) تایبەتی بە چیرۆک گێڕانەوە.

recitative (res′ə-tə-tēv′), ***n.*** (١) ووتن یا خوێندنەوە بەدەنگی بەرزو مۆسیقاوە (وەک ئۆپەرا). (٢) ئۆپەرا یا بەشێکی ئۆپەرا بەم جۆرە. (٣) مۆسیقای نواندنێکی وەها

recite (ri-sīt′), ***v.t.*** (١) لەبەر ووتن یا خوێندنەوە (هۆنراوە)؛ خوێندن: قورئان ***(to ~ a poem, a passage from the Koran, etc.)*** (٢) گێڕانەوە (چیرۆک)

(٣) ژماردن.

v.i. (١) لەبەر ووتن یا خوێندنەوە؛ بە دەنگی بەرزو لەبەر خوێندنەوە (٢) خوێندنەوەی هەڵبەستی لەبەرکراو یا وەڵامی پرسیاردانەوە لەبەردەمی مامۆستادا.

reck (rek), ***v.t. & v.i.*** گوێ پێدان؛ بەتەنگەوە هاتن؛ باک بوون؛ ترسان: ***(He does not ~ death.)*** .

reckless (rek′lis), ***adj.*** (١) بێ گوێ؛ بێباک؛ گوێ پێ نەدەر؛ گوێ نەگر. (٢) سەرکێش؛ سەرپێچ؛ بیرنەکەرەوە لە ئەنجامی کرداری خۆ: ***(a ~ driver; ~ driving)*** -recklessly ***(adv.).***

recklessness (rek′lis-nis), ***n.*** بێباکی؛ سەرکێشی؛ سەرپێچی؛ هەڵەشەیی؛ بێ گوێیی.

reckon (rek′ən), ***v.t.*** (١) ژماردن. (٢) وا دانان: ***(I ~ him an enemy.)*** . (٣) هەڵسەنگاندن؛ خەملاندن. (٤) [Colloq.]، وازانین؛ وا بیرکردنەوە؛ لا وابوون.

v.i. (١) ژماردن. (٢) **(reckon on; reckon upon)**، پشت پێ بەستن، بەتەمابوون (١) ناکۆکی لەگەڵدا بڕینەوە؛ لێکدانەوەو خستن بەلایەکدا. reckon with, (٢) ڕەچاوکردن؛ بە گاڵتە نەگرتن: ***(He is a leader to be reckoned with.)***

reckoner (rek′ən-ĕr), ***n.*** (١) ژمێرەر؛ ژمێریار. (٢) خشتەی ژمارە؛ خشتەی بیرکاری (پێشی دەوترێ: " **ready reckoner** ").

reckoning (rek′ən-iŋ), ***n.*** (١) ژماردن. (٢) لێکدانەوە؛ هەڵسەنگاندن. (٣) حساب بڕینەوە. (٤) بڕینەوەی مەسەلەیەک و خەڵات یا سزای خۆ پێدان؛ لێ پرسینەوە. (٥) لیستەی حساب (ئوتێل، لۆقنتە). (٦) (ا) دیاری کردنی جێی کەشتی. (ب) نەم جێیە. day of reckoning, (١) ڕۆژی لێپرسینەوە؛ کاتی لێپرسینەوە. (٢) ڕۆژی قیامەت.

reclaim (ri-klām′), ***v.t.*** (١) هێنانەوە سەر ڕێی ڕاست؛ ڕاستکردنەوەی کەسێک ***(to ~ somebody from error, vice, etc.)*** (٢) زەوی‌وزار چاک کردن؛ زەوی‌وزاری لەوەوپێش بەکارنەهێنراو چاک کردن و ئامادەکردن بۆ کشتوکاڵ یا شتی تر. (٣) شتی بەکەڵک دەرهێنان لە بەرماوە یا شتی فڕێدراو. (٤) [Obs.]، مانی کردن (هەڵق).

v.i. [Obs.], هاوارکردن؛ قیژاندن.

n. چاک بوون؛ هاتنەوە سەر ڕێی ڕاست: ***(He's past ~ .)*** .

reclaim (rē′klām′), ***v.t.*** داواکردنەوە؛ داوای گەڕاندنەوەی شتێک کردن: ***(to ~ one's rights, property, position, etc.)***

reclamation (rek′lə-mā′shən), ***n.*** (١) زەوی‌وزار چاک کردن: ***(land ~)*** (٢) شتی بەکەڵک دەرهێنان لە بەرماوە یا شتی فڕێدراو.

recline (ri-klīn′), ***v.t.*** نوشتاندنەوە بە پشتدا (کورسی)؛ خستن بە پشتدا.

v.i. بەپشتدا پاڵ کەوتن؛ پاڵ دانەوە؛ ڕاکشان؛ پاڵ کەوتن.

recluse (ri-klōōs′), ***adj.*** گۆشەگیر؛ تەریک؛ لاتەریک.

n. کەسێکی گۆشەگیر؛ گۆشەنشین؛ کەنارگر؛ ووشکەسۆفی.

reclusion (ri-klōō′zhən), ***n.*** (١) گۆشەگیری؛ کەنارگری؛ ووشکەسۆفێتی. (٢) بەندێتی تەنها؛ بەندکردنی تەنها.

reclusive (ri-klōō′siv), ***adj.*** گۆشەگیر؛ لاتەریک؛ کەنارگر: ***(a ~ person)***

recognition (rek′əg-nish′ən), ***n.*** (١) ڕێزگرتن؛ ڕێز گیران؛ ڕێز

ڕێز پێشاندان: *(in ~ of your services; to get ~)*.
(۲) بڕواپێکردن ، وڵات یا ڕژێمی تازە: *(~ of the new state)*.
(۳) هەستپێکردن؛ پێ زانین: *(~ of the danger)*.
(٤) ناسینەوە؛ شێوەکردنەوە.
(٥) سڵاو؛ چاک و جۆنی.

recognizable (rek′əg-nīz′ə-b'l), *adj.* هەستی پێ دەکرێت؛ دەناسرێتەوە؛ جیا دەکرێتەوە لە شتی تر؛ دیارە.
-recognizably *(adv.)*.

recognizance (ri-kog′ni-zəns, ri-kon′i-zəns), *n.* (۱) بەڵێنامە - کە لە گومانبار دەسەنرێ کە بێت بۆ دادگا هەر کات داواکرا؛ بەڵێن. (ب) پارەی دانراو لەگەڵ بەڵێننامەکەدا. (۲) recognition. (۳) [Obs.] نیشانە.

recognize (rek′əg-nīz′), *v.t.* (۱) ناسینەوە؛ شێوەکردنەوە: *(to ~ an old acquaintance, a tune, a voice, a place, etc.)*
(۲) وا دانان؛ بە برادەر دانان؛ سڵاوڵێکردن.
(۳) بە ڕاست یا ڕاستەقینە دانان؛ بڕواپێکردن: *(to ~ a claim)*.
(٤) هەستپێکردن؛ پێ زانین *(He ~d the danger.)*.
(٥) پێ ڵێ هان؛ دان پیانان: *(to ~ defeat)*.
(٦) بڕواپێکردن (وڵات یا ڕژێمی تازە): *(to ~ a new state)*.
(۷) ڕێزلێگرتن؛ ڕێز پێشاندان: *(His services to the cause have been ~d.)*
(۸) ڕێ پێدان بۆ قسەکردن لە کۆڕدا.

recoil (ri-koil′), *v.i.* (۱) کشانە دواوە؛ گەڕانە دواوە.
(۲) هەڵ سڵەمینەوە (لە ترس، سەرسامی، یا قێزهاتنەوەدا): *(to ~ from danger)*
(۳) بە تونديی گەڕانەوەی چەکی ناگرین پاش تەقاندنی؛ بە تونديی گەڕانەوەی سپرینگ پاش پاکێشانی و بەردانی.
(٤) (recoil on; recoil upon) ، هەڵگەڕانەوە؛ گەڕانەوە بەسەر خۆدا؛ گەڕانەوە بۆ ئەو شوێنەی لێوەی هاتووە؛ بۆ گەڕانەوە: *(His evil deeds recoiled upon his own head.)*

n. (۱) بە تونديی گەڕانەوەی چەکی ناگرین پاش تەقاندنی؛ هەڵگەڕانەوەی سپرینگ: *(the ~ of a gun)*.
(ب) ماوەی ئەم گەڕانەوەیە.
(۲) هەڵگەڕانەوە؛ گەڕانە دواوە؛ کشانەوە بۆ ناوخۆ.
(۳) هەڵسڵەمینەوە (لە قێز، سەرسامی، یا ترسدا).

recoilless (ri-koil′les), *adj.* ناگەڕێتەوە یا کەم دەگەڕێتەوە پاش تەقاندنی: *(a ~ gun)*.

recoin (rē-koin′), *v.t.* سەرلەنوێ لە سکە دانەوە.

recollect (rek′ə-lekt′), *v.t.* هاتنەوە بیر؛ هاتنەوە یاد.
v.i. لەبیربوون؛ لەیادبوون.

recollect (rē′kə-lekt′), *v.t.* (۱) کۆکردنەوە؛ گردکردنەوە.
(۲) هاتنەوە سەرخۆ؛ هێزو ووزە هاتنەوە بەر؛ هەڵسانەوە: *(to ~ oneself)*
-recollection *(n.)*.

recollection (rek′ə-lek′shən), *n.* (۱) بیر؛ یاد: *(She has a good ~ .)*
(۲) بیرەوەری *(childhood ~s)*.
(۳) یادکردنەوە؛ بیرکردنەوە؛ هاتنەوەبیر.

recommence (rē′kə-mens′), *v.t. & v.i.* دەستپێکردنەوە؛ دیسانەوە دەستپێکردن.

recommend (rek′ə-mend′), *v.t.* (۱) پێ سپاردن: *(I ~ him to your care.)*
(۲) پەسەندکردن: *(I ~ him for this job.; to ~ a book)*.
(۳) بە باش هێنانە بەرچاو: *(Honesty ~s any man.)*.
(٤) وا بەباش زانین؛ پێشنیازکردن؛ ڕاسپاردن: *(I ~ that something be done.)*

recommendation (rek′ə-men-dā′shən), *n.* (۱) پەسەند-کردن؛ پەسەندکاری. (۲) پەسەندنامە؛ نامەی پەسەندکردن: *(He gave me a letter of ~ .)*
(۳) تایبەخۆی چاک (کە کەسێک خۆشەویست دەکات یا پەسەند دەکات لای خەڵک).
(٤) پێشنیاز؛ ڕاسپاردە: *(This was his ~ .)*.
-recommendatiory *(adj.)*.

recommit (rē′kəmit′), *v.t.* (۱) خستنەوە بەندیخانەوە؛ خستنەوە شێتخانە. (۲) ناردنەوە یا گەڕانەوە بۆ ئەنجوومەنی پەرلەمان (گەلاڵەی یاسا).
-recommittal *(n.)*; **recommitment** *(n.)*.

recompense (rek′əm-pens′), *v.t.* (۱) پاداشت دانەوە (بە چاک یا بە خراپ)؛ چاکە دانەوە؛ هەق بۆ کردنەوە؛ هەق ڵێ کردنەوە؛ سزادان.
(۲) بۆ بژاردن؛ بژاردن.

n. (۱) پاداشت. (۲) بژاردن؛ شتی دراو لەجیاتی.
(۳) سزا؛ تۆڵە؛ سزای ڕەوا.

recompose (rē′kəm-pōz′), *v.t.* (۱) ڕێکخستنەوە؛ ڕێکوپێک کردنەوە. (۲) هێمن کردنەوە؛ هێنانەوە سەرخۆ؛ هاتنەوە سەرخۆ؛ ووزە هاتنەوە بەر.

reconcilable (rek′ən-sīl′ə-b'l), *adj.* (۱) ناشت دەکرێنەوە. (۲) یەک دەخرێنەوە؛ دەسازێنرێن.
-reconcilability; reconcilableness *(n.)*; **reconcilably** *(adv.)*.

reconcile (rek′ən-sīl′), *v.t.* (۱) ناشتکردنەوە؛ ڕێکخستنەوە؛ ناوبژی کردن. (۲) بڕینەوە (ناکۆکی، شەڕ)؛ دوایی پێ هێنان.
(۳) گونجاندن؛ سازاندن؛ لەگەڵ یەک ڕێکخستن؛ پێکهێنان (چەند شتێکی جیاواز): *(to ~ different ideas, viewpoints, etc.)*.
(٤) (to ~) ، پێ قایل بوون (بە بارێکی ناخۆش)؛ شان دانە بەر؛ مل بۆ کەچ کردن؛ پێ ڕاهاتن؛ ڕاهێنان: *(I must ~ myself to a life of poverty.)*
-reconcilement *(n.)*; **reconciliatory** *(adj.)*.

reconciliation (rek′ən-sil′i-ā′shən), *n.* (۱) ناشتکردنەوە؛ ناشتبوونەوە؛ ڕێکخستنەوە؛ ڕێککەوتنەوە. (۲) پێکهاتن؛ سازان؛ ڕێککەوتن؛ گونجان؛ گونجاندن.

recondite (rek′ən-dīt′, ri-kon′dit), *adj.* (۱) تێگەیشتنی گرانە؛ گران؛ قورس؛ قوڵ: *(a ~ subject, author, etc.)* .
(۲) شاراوە؛ لێڵ؛ نادیار.

recondition (rē′kən-dish′ən), *n.* چاک کردنەوە؛ پینەکردن؛ وەک تازە لێکردنەوە.

reconnaissance; reconnaissance (ri-kon′ə-səns), *n.* سووسە؛ سووسەکردن؛ تێڕوانینی سەنگەرو لەشکری دوژمن (بە فڕۆکە یا شتی تر).

reconnoiter (rek′ə-noi′ter), *v.t. & v.i.* سووسەکردن؛ تێڕوانینی سەنگەرو لەشکری دوژمن (بە فڕۆکە یا شتی تر).
-reconnoiterer *(n.)*.

reconnoitre (rek′ə-noi′ter), *v.t. & v.i.* [British], = reconnoiter.

reconsider (rē′kən-sid′er), *v.t. & v.i.* (۱) دیسانەوە تێڕوانینو لێکۆڵینەوە (بەتایبەتی بۆ گۆڕینی بڕیارێک یا ڕایەک): *(He refused to ~ his decision.)*
(۲) سەرلەنوێ لێکۆڵینەوە یا باس کردن (لە کۆڕێک یا ئەنجوومەنی پەرلەماندا).
-reconsideration *(n.)*.

reconstruct (rē′kən-strukt′), *v.t.* دروستکردنەوە؛ پێکەوەنانەوە (شتێکی شکاو).

reconstruction (rē´kən-struk′shən), *n.* (۱) دروستکردنەوە؛ پێکەوەنانەوە (شتی شکاو) (۲) ناوەدانکردنەوە؛ ناواکردنەوە.
(۳) [R-] (۱) ناوەدانکردنەوەی ناوچەی خواروی نەمەریکا لەپاش شەڕی براکوژی. (ب) ماوەی ئەم ناوەدانکردنەوەیە (سانی ۱۸٦۷-۱۸۷۷).
(٤) شتێکی سەرلەنوێ دروستکراو؛ شتێکی دوبارە پێکەوەنراو.

reconversion (rē´kən-vûr′zhən), *n.* (۱) گەڕانەوە بۆ دۆخی جاران (بەتایبەتی باری ئابووری و پیشەسازی وولاتێك لە شێوازی جەنگەوە بۆ ئاشتی). (۲) ماوەی ئەم گەڕاندنەوەیە یا گۆڕینە.

reconvert (rē´kən-vûrt′), *v.t. & v.i.* (۱) هەڵگەڕانەوە؛ بادانەوە بۆ دۆخی جاران؛ گەڕانەوە بۆ دۆخی جاران.
(۲) گەڕاندنەوە بۆ دۆخی جاران (بەتایبەتی باری ئابووری و پیشەسازی وولاتێك لە شێوازی جەنگەوە بۆ ئاشتی).

reconvey (rē´kən-vā′), *v.t.* دانەوە بە خاوەن یا شوێنی پێشوو

reconveyance (rē´kən-vā′əns), *n.* دانەوە بە خاوەن یا شوێنی پێشوو. *(the ~ of a house)* .

record (ri-kôrd′), *v.t.* (۱) نووسین؛ تۆمارکردن: *(to ~ the day's events)*
(۲) تۆمارکردن (بەسەر قەوان یا شریت): *(to ~ a song)* .
(۳) نیشاندان؛ پیشاندان (٤) نیشانەکردن

v.i. تۆمارکردن؛ نووسین

n. (۱) تۆمارکاری؛ نووسین؛ نووسینەوە.
(۲) تۆمارنامە؛ تومار. (۳) یادداشت.
(٤) تۆمارنامەی کۆڕی پەرلەمان، دادگا، یا نەنجوومەنێك.
(٥) ڕابوردووی کەسێك: *(He has a clean ~ .)* .
(٦) قەوان ۷: بەرزترین پلە؛ دوا پلە.

adj. هی بەرزترین پلە؛ هی پلەی هەرە بەرز: *(a ~ audience, harvest, temperature, etc.)*

break a record, دوا پلە شکاندن؛ لە هەموو نەنجامێکی پێشوو باشتربوون

go on record, ڕای خۆ دەربڕین بە ناشکراو تۆمارکردن

off the record, بە دزێیەوە؛ بەمەرجێك ناوی خاوەنەکەی نەبرێت (ووتار، بەیاننامە)؛ بۆ ناشکراکردن یا بڵاوکردنەوە نیە: *(He made these statements off the record.)*

on record, (۱) تۆمارکراو
(۲) ناشکرا؛ بڵاوکراوە؛ ناشکرا کراو.

recorder (ri-kôr′dĕr), *n.* (۱) تۆمارکەر؛ تۆمارگر؛ تۆمارکار.
(۲) نامیری تۆمارکردنی مۆسیقا لەسەر شریت. (۳) دادپرسی تاوانی بچووك.
(٤) نامێرێکی مۆسیقیێیە لە بلوێر یا فلووت دەچێ.

recording (ri-kôr′diŋ), *n.* (۱) تۆمارکردن؛ تۆمارکاری (مۆسیقا).
(۲) دەنگی تۆمارکراو لەسەر قەوان و شریت (گۆرانی و مۆسیقا و ووتار).
(۳) قەوان؛ شریتی مۆسیقا.

recount (ri-kount′), *v.t.* (۱) گێڕانەوە (چیرۆك، ڕووداو): *(She ~ed the story of her escape.)*
(۲) یەك بە یەك ناوبردن؛ ژماردن؛ بە ڕیز ووتن *(She ~ed her sins.)* .

recount (rē′kount´), *v.t.* ژماردنەوە؛ دووبارە ژماردن؛ بەسەرکردنەوە.

n. ژماردنەوە (بەتایبەتی دەنگی هەڵبژاردنێك)؛ دیسانەوە ژماردن: *(He demanded a ~ of the election votes.)*

recoup (ri-kōōp′), *v.t.* (۱) دەست کەوتنەوە؛ وەرگرتنەوە (پارەو شتی لەکیس چوو یا هاوتای): *(to ~ a loss)* .
(۲) دانەوە (پارە، قەرز)؛ بژاردن؛ پێدانەوە.
(۳) داشکاندن یا گلدانەوەی نەختێك لە قەرزێك کە کاتی دانەوەی هاتبێ.

v.i. دەست کەوتنەوەی زیان؛ بۆ بژێررانی زیان.

n. دەست کەوتنەوە؛ بۆ بژێررانی زیان.

-recoupable *(adj.)*; **recoupment** *(n.)*.

recourse (rē′kôrs, ri-kôrs′), *n.* (۱) داڵدە بۆ بردن؛ پەنا بۆ بردن *(His one ~ was the law.)* .
(۲) داڵدە؛ پەنا؛ پەناگا:
(۳) مافی داواکردنەوەی قەرز یا کۆمپیالە لە دەستەبەر ئەگەر قەرزارەکە بۆی نەدرایەوە. (٤) [Obs.] بوار یا هەڵ بینینی کەسێك.

recover (ri-kuv′ĕr), *v.t.* (۱) دەست کەوتنەوە؛ سەندنەوە؛ وەرگرتنەوە: *(We ~ed our losses.)* .
(۲) بۆ بژاردن؛ بژاردن.
(۳) چاك کردنەوە؛ بووژاندنەوە؛ هێز هاتنەوە بەر؛ هۆش هاتنەوە بەر: *(He ~ed himself quickly in the hospital.)*
(٤) هەڵسانەوە؛ خۆگرتنەوە (پاش ژێرکەوتن یا شکستی).
(٥) لەدەست پزگارکردن.
(٦) دەسکەوتن لە ڕێی بڕیاری دادگاوە: *(to ~ damages)* .

v.i. (۱) چاکبوونەوە؛ بووژانەوە؛ هۆش هاتنەوە بەر: *(He ~ed quickly from his illness.)*
(۲) هەڵسانەوە؛ خۆگرتنەوە (پاش ژێرکەوتن یا شکستی): *(He still hasn't ~ed from his divorce.)*
(۳) زیان بۆ بژێرران بەپێی بڕیاری دادگا.

recover (ri-kuv′ĕr), *v.t.* بەرگ تێگرتنەوە؛ بەرگی تازە تێگرتن.

recovery (ri-kuv′ĕr-i), *n.* (۱) دەست کەوتنەوە؛ سەندنەوە.
(۲) چاکبوونەوە؛ هێز هاتنەوە بەر؛ بووژانەوە؛ هۆش هاتنەوە بەر: *(We wish you a speedy ~ .)*
(۳) هەڵسانەوە؛ خۆگرتنەوە (پاش ژێرکەوتن یا شکستی)؛ بووژانەوە: *(the economic ~ of the country)*
(٤) (ا) ماوەی چاکبوونەوە. (ب) ماوەی هەڵسانەوە یا خۆگرتنەوە
(٥) ئەو شتەی یا هەندەی کە دەست دەکەوێتەوە.

recreancy (rek′ri-ən-si), *n. Also* **recreance,** (۱) ترسنۆکی. (۲) ناپاکی؛ نادڵسۆزی.

recreant (rek′ri-ənt), *adj.* (۱) ترسنۆك. (۲) ناپاك؛ نادڵسۆز.

n. (۱) کەسێکی ترسنۆك. (۲) کەسێکی ناپاك.

recreate (rek′ri-āt´), *v.t. & v.i.* ڕابواردن؛ زاخاوی مێشك دانەوە؛ لەش و مێشك بووژانەوە؛ یاری کردن.

recreate (rek′ri-āt´), *n.* دروستکردنەوە؛ سەرلەنوێ دروستکردن یا پێکهێنان.

recreation (rek´ri-ā′shən), *n.* (۱) ڕابواردن (وەرزش)؛ یاری؛ مێشك‌ولەش بووژانەوە: *(Everybody needs some ~ after a long day's work.)*
(۲) هۆی ڕابواردن یا کات بردنەسەر (یاری، وەرزش، پیاسە، خوێندنەوە).

recreation (rē′kri-ā′shən), *n.* (۱) دروستکردنەوە؛ سەرلەنوێ دروستکردن. (۲) شتی سەرلەنوێ دروستکراو یا پێکهێنراو

recreational (rek´ri-ā′shən-'l), *adj.* هی ڕابواردن؛ هی لەش و مێشك بووژانەوە؛ هی یاری: *(~ activities, facilities, etc.)* .

recreation room, ژوری یاری.

recreative (rek′ri-ā´tiv), *adj.* تایبەتی بە ڕابواردن یا یاری؛ بووژێنەرەوە؛ خۆش.

recrement (rek′rə-mənt), *n.* پیسی؛ گەندوگوو؛ خڵتە؛ زبڵ؛ پاشەڕۆك.

-recremental *(adj.)*.

recriminate (ri-krim′ə-nāt´), *v.i.* تاوانبارکردنی یەکتری؛ وەڵام دانەوەی تاوانبارکەر بە تاوانبارکردنی خۆی؛ گلەیی و گلەییکاری.

-recriminative*(adj.)*; **recriminatory** *(adj.)*.

recremination (ri-krim´ə-nā′shən), *n.* تاوانبارکردنی یەکتری؛ وەڵام دانەوەی تاوانبارکەر بە تاوانبارکردنی خۆی؛ گلەیی و گلەییکاری.

rec room (rek), [Colloq.], = **recreation room.**

recrudesce (rē´krōō-des′), *v.i.* سەرهەڵدانەوەی نەخۆشی.

-recrudescence; recrudescency *(n.)*; **recrdescent** *(adj.)*.

recruit (ri-krōōt′), *v.t.* (۱) سوپا بەهێزکردن بە سەربازی تازە گیراو.

(۲) گرتن به سەربازی (۳) ئەندامی تازە ڕاکێشانە ناو حیزبو ڕێکخراوەوە؛ ئەندامی تازە دۆزینەوە: هێنانە کۆڕەوە
(٤) بووژاندنەوە: چاککردنەوە؛ بەهێزکردن؛ تەندروستی باش کردن.

recruit (ri-kroōt′), *v.i.* (۱) سەربازی گرتن (۲) جێ گرتنەوە؛ کەرەسەی تازە هێنان بۆ جێ گرتنەوەی هی فەوتاو یا تەواو بوو. (۳) بووژانەوە؛ چاکبوونەوە؛ هێز هاتنەوەبەر.

recruit (ri-kroōt′), *n.* (۱) سەربازی نوێ (۲) ئەندامی نوێ.

recruitment (ri-kroōt′mənt), *n.* (۱) سەربازگرتن. (۲) ئەندامی تازە ڕاکێشان؛ هێنانە ناو کۆڕەوە

rectal (rek′t'l), *adj.* کۆمی. تایبەتی بە کۆم یا قنگ؛ هی ڕیخۆڵە ڕاستە.

rectangle (rek′taŋ′g'l), *n.* لاکێشە. بەشێوەی لاکێشە

rectangular (rek-taŋ′gyoo-ler), *adj.* (۱) لاکێشەیی (۲) گۆشە وەستاو. گۆشە ڕاست

-rectangularity *(n.)*; **rectangularly** *(adv.)*.

recti- (rek′tə, rek′ti), *Also* **rect-**, پێشگرێکە بەمانای: ڕاست

rectifiable (rek′tə-fī′ə-b'l), *adj.* ڕاست دەکرێتەوە؛ چاک دەکرێت

rectification (rek′tə-fi-kā′shən), *n.* ڕاستکردنەوە؛ چاککردنەوە

rectifier (rek′tə-fī′er), *n.* (۱) ڕاستکەرەوە؛ چاککەرەوە. (۲) ئامێری گۆڕینی تەزووی کارەبا لە تەزووی بە نۆرەوە بۆ هی ڕاستەوخۆ یا نەگۆڕ

rectify (rek′tə-fī′), *v.t.* (۱) ڕاستکردنەوە؛ چاککردنەوە؛ چارەسەرکردن: چارەکردن. *(to ~ a mistake, a situation, etc.)* . (۲) ڕاستکردنەوە (ژمارەکاری)؛ گونجاندن. (۳) دووبارە دڵۆپاندن (کیمیا)؛ سەرلەنوێ پاڵاوتن یا پوختەکردن. (٤) گۆڕینی تەزووی کارەبای بە نۆرە بۆ تەزووی ڕاستەوخۆ یا نەگۆڕ. (٥) دۆزینەوەی درێژی هێڵی چەماوە

rectilineal (rek′tə-lin′i-əl), *adj.* = rectilinear.

rectilinear (rek′tə-lin′i-ēr), *adj.* (۱) ڕاست. ڕێک (۲) لە هێڵی ڕاست پێکهاتوو

rectitude (rek′tə-tōōd′, rek′tə-tūd′), *n.* (۱) سەرڕاستی؛ ڕاستی؛ پاکی؛ ڕەووشت چاکو پاکی (۲) [Rare]. ڕاستی؛ ڕێکی.

recto (rek′tō), *n.* (۱) لاپەڕەی ڕاستی پەرتووکێکی کراوە (۲) ڕووی گەلا؛ بەری گەلا

rector (rek′tēr), *n.* (۱) قەشە (۲) سەرۆک قەشە (۳) بەڕێوەبەری دانشگا یا قوتابخانەی ئایینی (٤) بەڕێوەبەری دانشگا یا قوتابخانە؛ سەرۆکی زانکۆ

rectorate (rek′tēr-it), *n.* قەشەبەتی؛ پلەوپایەی قەشە؛ ماوەی قەشەیەتی.

rectory (rek′tĕr-i), *n.* (۱) ماڵی قەشە (۲) پلەوپایەی قەشە؛ قەشەیەتی.

rectrix (rek′triks), *n.* پەڕێکی گەورەی کلکی باڵندە.

rectum (rek′təm), *n.* کۆم؛ قنگ؛ بەشی خوارووی ڕیخۆڵە ڕاستە.

rectus (rek′təs), *n.* ماسولکەیەکی ڕاستی چاو، مل، سك، یا ڕان.

recumbent (ri-kum′bənt), *adj.* (۱) ڕاکشاو؛ پاڵ کەوتوو؛ پاڵدەرەوە *(a ~ statue)* . (۲) پاڵدەرەوە (ئەندامی زیندەوەر)؛ ڕاکشاو (زیندەوەرزانی). (۳) بێ جوڵە؛ بێ دەنگ؛ پاڵ لێدەرەوە؛ نەبزواو.

-recumbency *(n.)*; **recumbently** *(adv.)*.

recuperate (ri-kōō′pə-rāt′), *v.t.* (۱) چاککردنەوە؛ بووژاندنەوە؛ تەندروستی چاك کردن. (۲) دەست کەوتنەوە؛ گەڕاندنەوە؛ سەندنەوە.

recuperate (ri-kōō′pə-rāt′), *v.i.* (۱) چاکبوونەوە؛ بووژانەوە؛ هێز هاتنەوەبەر: *(He ~d quickly from the surgery.)*
(۲) خۆگرتنەوە؛ هەڵسانەوە (پاش ژێرکەوتن یا شکستی).

recuperation (ri-kōō′pə-rā′shən), *n.* (۱) چاکبوونەوە؛ بووژانەوە؛ تەندروستی باش بوونەوە.
(۲) خۆگرتنەوە؛ هەڵسانەوە (پاش ژێر کەوتن یا شکستی).

recuperative (ri-kōō′pə-rā′tiv), *adj.* (۱) تایبەتی بە بووژانەوە یا چاکبوونەوە *(~ powers.)* .
(۲) یارمەتی چاکبوونەوە دەدات؛ چاککەرەوە

recur (ri-kūr′), *v.i.* (۱) گەڕانەوە؛ بۆ گەڕانەوە؛ بادانەوە (بیر، دووان): *(~ing to an earlier question)*
(۲) ڕووداندەوە؛ هاتنەوە پێشەوە (بۆ لێکۆڵینەوە)؛ هاتنەوە کایە؛ دووبارەبوونەوە

recurrence (ri-kūr′əns), *n.* (۳) سەرهەڵدانەوە؛ ڕووداندەوە: *(This problem ~s periodically.)* .
(۱) دووبارەبوونەوە؛ هاتنەوە کایە. (۲) هەڵدانەوە؛ سەرهەڵدانەوە؛ ڕووداندەوە. (۳) [Rare]. دانەوە، پەنا، پەنا بردنەبەر.

recurrent (ri-kūr′ənt), *adj.* (۱) سەرهەڵدەرەوە؛ زوو زوو ڕووداو؛ زۆر ڕووداو یا دووبارەبوونەوە: *(a ~ theme in his writing)*
(۲) گەڕاوە یا پێچکەرەوە بۆلای پێشوو (دەماری خوێن، هەستە دەمار)

recurring decimal, کەرتی دەیی دووبارە (بێرکاری) (وەك ۰،۲۷۸۲۷۸۲۷۸)

recurvate (ri-kūr′vit, ri-kūr′vāt), *adj.* بە پشتدا چەماوە

recurve (ri-kūrv′), *v.t. & v.i.* بە پشتدا چەمانەوە

recusancy (rek′yoo-z'n-si, ri-kū′z'n-si), *n.* یاخێتی؛ مل نەدان؛ بە گوێ نەکردن؛ سەرکێشی.

recusant (rek′yoo-z'nt, ri-kū′z'nt), *n. & adj.* (۱) یاخی؛ سەرپێچ؛ سەرکێش (۲) کاسۆلیکیەیەکی دژ بە کڵێسەی ئینگلیزی.

recuse (ri-kūz′), *v.t.* داوای کشاندنەوە کردنی دادوەر لە مەسەلەیەك کە پەیوەندی بە خۆیەوە هەبێت

recycle (ri-sī′k'l), *v.t.* پوختەکردن یا گۆڕینی پاشماوەو شتی فڕێدراو سەرلەنوێ بەکارهێنانەوەی؛ دەرهێنانی شتی بەکەڵك لە بەرماوەو پاشەڕۆو بەکارهێنانەوەی؛ سەرلەنوێ بەکارهێنانەوە: *(to ~ bottles, old newspapers, plastic material, etc.)*

red (red), *n.* (۱) ڕەنگی سوور؛ ڕەنگی ئاڵ. (۲) بۆیەی سوور یا ئاڵ. (۳) [R-]، (۱) شیوعی؛ سوور (ڕامیاری)؛ تووندڕەو. (ب) کەسێکی سەر بە یەکێتی سۆڤیەت؛ هاوواڵتیەکی یەکێتی سۆڤیەت (ج) (*pl.*) هیندیەیە سوورەکانی ئەمەریکا

red (red), *adj.* (۱) سوور؛ ئاڵ (۲) قژ سوور؛ سەر سوور. (۳) پێست سوور؛ سوور (هیندی ئەمەریکی). (٤) [R-]، (۱) شیوعی؛ تووندڕەو. (ب) سەر بە یەکێتی سۆڤیەت؛ تایبەتی بە یەکێتی سۆڤیەت.

in the red, (۱) قازانج نەکردن لە بازرگانیەکدا؛ تووشی زیان بوون لە بازرگانیدا *(The restaurant is operating in the red.)*
(۲) قەرزار.

see red, [Colloq.], تووڕەبوون؛ بڕ هەڵسان

redact (ri-dakt′), *v.t.* (۱) دارشتن (فەرماننامە، پەیڕەو، یاسا). (۲) بڕیارکردن؛ ئامادەکردن بۆ لەچاپ دان.

-redaction *(n.)*; **redactor** *(n.)*.

red admiral, جۆرە پەپوولەیەکی باڵ سوورو سپی‌یە.

red alert, ووریاکردنەوەی سوور: بەرزترین پلەی ووریایی لەشکرێکە کە چاوەڕێی هێرشی دوژمنە.

red algae, قەوزەی سوور: گیایەکی دەریایی‌یە

red-bait (red′bāt′), *v.t.* تاوانبارکردنی کەسێك بەوەی کەوا سوورە یا شیوعی‌یە.

red-bird (red′būrd′), *n.* جۆرە چۆلەکەیەکی ڕەنگاوڕەنگە.

red blood cell, خڕۆکەی سوور.

red-blooded (red′blud′id), *adj.* بەهێز؛ چوست‌وچالاك؛ نێر؛ پیاو؛ مەرد.

red-breast (red′brest´), *n.* سنگ سوورە؛ بووکە سوورە؛ باڵندەیەکی بچووکی سنگ سوورە.

red-cap (red′kap´), *n.* (١) کۆڵ هەڵگری ئیستگەی شەمەندەفەر (٢) فێرەگولە؛ فیسقەگولە؛ حەوت پەنگیلە. (٣) [British Colloq.]، پۆلیسی سوپا.

red carpet, (١) فەرشی سوور کە پادەخرێت بۆ کارپەدەست یا میوانێکی پایە بەرز ٢) نیشانەی ڕێزێکی زۆر. *(to roll out the red carpet for somebody)*

red cedar, (١) سنەوبەری سوور؛ درەختێکی هەمیشە سەوزە لە توخمی سنەوبەر ٢) دارو تەختەی ئەم درەختە.

red cent, [Colloq.]. فلسە سوور؛ فلس: *(not worth a ~)*

red clover, وێنجە سوورە (ئالف).

red coat (red′kōt´), *n.* سەربازی بینگلیزی (لەکاتی شەڕی سەربەخۆی ئەمەریکادا)

Red Crescent, مانگی سوور: ڕێکخراوێکە یارمەتی لێقەوماوانی جەنگ و بومەلەرزەو لافاوو کارەساتی تر دەدات.

Red Cross, خاچی سوور: ڕێکخراوێکی جیهانیە یارمەتی لێقەوماوانی جەنگ و بومەلەرزەو لافاوو کارەساتی تر دەدات.

redd (red), *v.t.* [Colloq. or Dial.]. (~ up), ڕێکخستن: ڕێک‌وپێک کردن

red deer, ئاسکە سوورە

redden (red′′n), *v.t.* سوورکردن

v.i. سوورهەڵگەڕان؛ سوور هەڵگەڕان؛ تەریق بوونەوە

reddish (red′ish), *adj.* سوورکار؛ سوورباو؛ سوورکەلە.

reddle (red′′l), *n.* = ruddle.

reddleman (red′′l-mən), *n.* = ruddleman.

rede (rēd), *n.*[Archaic, Poetic, or Dial.], (١) تەمی؛ ئامۆژگاری (٢) تەحشە؛ پیلان. (٣) چیرۆک. (٤) لێکدانەوە (خەو).

v.t. [Archaic, Poetic, or Dial.], (١) ئامۆژگاری کردن؛ تەمی کردن (٢) لێکدانەوە (خەو). (٣) گێڕانەوە (چیرۆک).

redeem (ri-dēm′), *v.t.* (١) (ا) لە ڕەهن دەرهێنانەوە؛ کرینەوە؛ هەڵگرتنەوە. *(to ~ a watch from the pawn-shop)*

(ب) کرینەوە ؛ پاش فرۆشتن) (٢) دانەوە (قەرز)

(٣) فرۆشتن یا گۆڕینەوە بە پارە.

(٤) جێبەجێکردن؛ بەجێهێنان؛ هێنانەدی (بەڵێن) *(to ~ an obligation)*

(٥) بۆ بژاردن؛ هەق بۆ کردنەوە. *(to ~ a fault)*

(٦) ئازادکردن بە پارە؛ ڕزگارکردن بە پارە: *(to ~ a prisoner; a ~ed slave)*

(٧) (ا) گوناە پاک کردنەوە یا سڕینەوە (بەقوربانی)؛ قوربانیدان ؛ بۆ ڕزگار کردن). (ب) خۆ کردن بە قوربانی.

-redeemable *(adj.).*

redeemer (ri-dēm′er), *n.* (١) ڕزگارکەر؛ ئازادکەر (٢) [R-]. عیسا

redeliver (rē′di-liv′ēr), *v.t.* (١) دووبارە بۆ ئاردن؛ سەرلەنوێ بۆ ئاردن. (٢) بۆ بردنەوە؛ بۆ گەڕاندنەوە

redemption (ri-demp′shən), *n.* (١) (ا) لە ڕەهن دەرهێنانەوە؛ کرینەوە؛ هەڵگرتنەوە. (ب) دووبارە کرینەوە (پاش فرۆشتن).

(٢) (ا) گۆڕینەوەی قەوالەو وەرگرتنی پارەکەی. (ب) قەرزدانەوە.

(٣) ڕزگارکردن بە خوێنبایی دان؛ ئازادکردن.

(٤) گوناە پاک کردنەوە (خاچ پەرستی)؛ گوناە لەسەر لابردن.

-redemtiple *(adj.)*; **redemptive** *(adj.).*

redemptioner (ri-demp′shən-ēr), *n.* کەسێکە (لەکاتی سەرەتای کۆچ کردندا بۆ ئەمەریکا) کە کرێی ڕێگەکەی بەڵێنی بوو کە گەیشتە ئەمەریکا بەردەستی بکات بە خۆڕایی بۆ ماوەیەکی تایبەتی

redeploy (rē′di-ploi′), *v.t.* گواستنەوەی لەشکر لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر.

-redeployment *(n.).*

redevelop (rē′di-vel′əp), *v.t.* (١) دووبارە شۆردنەوە (وێنە). (٢) چاک کردنەوەی کەلاوە یا شوێنی پووخاو.

-redevelopment *(n.).*

red eye (red′ī′), *n.* (١) جۆرە ماسیەیەکی چاو سوورە. (٢) [Slang]، وێسکی هەرزانبەها. (٣) [Colloq.]، نیشانەی مەترسی یا سووری سەر هێڵی شەمەندەفەر.

redfin (red′fin´), *n.* پەڕەکە سوورە: جۆرە ماسیەیەکی پەڕەکە سوورە.

red fir, (١) درەختێکی هەمیشە سەوزە لە توخمی سنەوبەر دارو تەختەکەی سوورباوە. (٢) دارو تەختەی ئەم درەختە.

red fire, ئاگرە سوورە: ماددەیەکە کە فیشەکە شێتەی لێ دروست دەکرێت گڕێکی سووری لێ دەبێتەوە.

red flag, (١) ئالای سوور؛ ئالای شۆڕش. (٢) ئالای سوور: نیشانەیەکی مەترسیە لەسەر هێڵی شەمەندەفەر بەکاردەهێنرێت. (٣) شتی تووڕەکەر؛ شتی شێتگیرکەر.

red fox, (١) ڕێوێیە سوورە. (٢) کەولی ئەم ڕێوێیە.

red-handed (red′han′did), *adj.* (١) دەست خوێناوی. (٢) بە تاوانەوە گیراو؛ لەکاتی تاوان کردندا گیراو: *(He was caught ~ .)* (٣) خوێناوی.

red head (red′hed´), *n.* (١) کەسێکی سەر سوور یا قژ سوور. (٢) جۆرە مراوییەکی ئەمەریکییە نێرینەکەی سەری سوورە. (٣) دارکونکەرەی سەر سوور.

red-headed (red′hed´id), *adj.* سەر سوور؛ قژ سوور.

red heat, پلەیەکی گەرمییە کانزا تێیدا سوور هەڵدەگەڕێت.

red herring, (١) ماسی "هیترینگ" ی دووکەڵ کراوی سوور هەڵگەڕاوە. (٢) شتێکە بەکاردەهێنرێت بۆ خلافاندنی خەڵک و نەبینینی مەسەلەیەک یا شتێکو شاردنەوەی.

red-hot (red′hot′), *adj.* (١) زۆر گەرم؛ گڕگرتوو. (٢) زۆر بەجۆش؛ زۆر تووڕە؛ ئاگرگرتوو. (٣) تازە (دەنگوباس)؛ نوێ.

red Indian, هیندی سوور؛ هیندی ئەمەریکی.

redingote (red′iŋ-gōt´), *n.* (١) پالتۆیەکی پیاوانەیە. (٢) چاکەتی درێژ یا کراسێکی ژنانەیە.

redintegrate (ri-din′tə-grāt´), *v.t.* چاک کردنەوە؛ یەکخستنەوە؛ دامەزراندنەوە.

redistribute (ri´di-strib′yoot), *v.t.* دابەش کردنەوە؛ سەرلەنوێ دابەش کردن.

-redistribution *(n.)*; **redistributive** *(adj.).*

redistrict (rē-dis′trikt), *v.t.* سەرلەنوێ دابەشکردنی ناوچەکانی هەڵبژاردن.

red lead, ئۆکسیدی قورقوشمی سوور؛ قورقوشمی سوور.

red-letter (red′let′ēr), *adj.* خۆش و لەیاد نەچوو: *(a ~ day)* .

red light, (١) نیشانەی وورياکردنەوە؛ نیشانەی مەترسی. (٢) چرای سووری سەر ڕێگاوبانی ئوتومبیل و هێڵی شەمەندەفەر کە بە نیشانەی وەستانە.

red light district, گەڕەکی قەحبەخانە.

red man = red Indian.

red meat, گۆشتی سوور (کە گۆشتی گاو مەڕو بزن دەگرێتەوە).

red neck or **red-neck,** (١) جووتیارێک یا کرێکارێکی سپی لادێکانی ناوچەکانی خواروی ئەمەریکا کە بە ڕەگەزپەرستی ناسراون (لەڕووی سووکیەوە). (٢) ڕەگەزپەرست.

redness (red′nis), *n.* سووری؛ سوورێتی؛ سوورایی.

redo (rē´dōō′), *v.t.* (١) سەرلەنوێ کردنەوە؛ کردنەوە. (٢) سەرلەنوێ ڕازاندنەوە؛ نەخشاندنەوە.

red ocher, گڵه سوور

redolent (red′ə-lənt), *adj.* (١) بۆن خۆش؛ بۆن و بەرامە خۆش؛ بۆندار (*~ wine*).
(٢) بۆنی نەوە ی هاتوو: *(~ of flowers.)* .
(٣) بیرخەرەوە؛ وا پاگەیێنێ.

redouble (rē-dub′l), *v.t.* (١) دوو نەوەندە زیادکردن: *(We have to ~ our efforts.)*
(٢) دووبارەکردنەوە؛ دووپاتکردنەوە.
(٣) دەنگدانەوە.
(٤) دوو نەوەندە زیادکردنی نەو پارەیەی قوماری لەسەر دەکرێت (یاری " بریج").

v.i. (١) دوو نەوەندە زیادبوون؛ دوو نەوەندە زیادکردن.
(٢) دەنگدانەوە.
(٣) دوو نەوەندە زیادکردنی پارەی قومار لەسەر کراو (یاری " بریج").

redoubt (ri-dout′), *n.* (١) سەنگەر؛ شوورە؛ بەربەست.
(٢) قەڵا؛ مەڵبەندی پارێزراو؛ پەناگای پارێزراو.

redoubtable (ri-dout′ə-b′l), *adj.* (١) ترسناک؛ سامناک؛ نازا
(٢) شایستەی رێزە؛ گاڵتەی پێ ناکرێ: *(a ~ opponent)* .

redoubted (ri-dout′id), *adj.*[Aichaic],= **redoubtable**.

redound (ri-dound′), *v.i.* (١) کارتێکردن (بە باش یا بە خراپ)؛ یارمەتیدەر. *(Your success will ~ to the fame of the college.)* .
(٢) (~ upon) ، بۆ گەڕانەوە: *(Glory ~s upon the brave.)* .

red pencil, بژارکەر و لابردنی نەوەی ناپەسەندە (چاپەمەنی لەلایەن میرییەوە)؛ بژارکردن (وەک بە پێنووسی سوور)

red pepper, (١) ئاڵەتی سوور. (٢) بیبەری سوور.
(٣) ڕووەکی نەم جۆرە بیبەرە.

redpoll (red′pōl′), *n.* سەرسوور: جۆڵەکەیەکی سەر سوورە.

redraft (rē′draft′, rē′dräft′), *n.* گەڵاڵەی دووەم (یاسا).
v.t. گەڵاڵەکردنەوە؛ سەرلەنوێ دارشتنەوە (یاسا).

redress (ri-dres′), *v.t.* (١) ڕاستکردنەوە (بارێکی ناڕەوا)؛ چاک کردنەوە؛ مافی بۆ گەڕاندنەوە؛ چارەسەری سکاڵاکردن: *(to ~ a wrong)*
(٢) ڕاستکردنەوە (هەڵە).
(٣) بۆ بژاردن: هەق بۆ کردنەوە
n. (١) بژاردن. (٢) ڕاستکردنەوە؛ چاک کردنەوە.
(٣) هۆی چارەسەرکردن؛ ڕێی چارەکردن؛ چارە.

redskin (red′skin′), *n.* هیندی سوور؛ هیندی نەمەریکی.

red snapper, سوورە ماسی

red squirrel, سمۆرە سوورە؛ سمۆرەیەکی نەمەریکی تووک سوورباوە.

redstart (red′stärt′), *n.* باڵندەیەکی بچووکی دەنگ خۆشی کلک سوورە.

red tape, پۆتینی میری سستی و زۆر خایانی جێبەجێکردنی کاروباری میری بەهۆی کەندو کۆسپی ناپەجێوە.

reduce (ri-dōōs′), *v.t.* (١) کەمکردنەوە؛ بچووک کردنەوە؛ کورتکردنەوە. (٢) ڕێک وپێک کردن؛ پۆل پۆل کردن. (٣) شیکردنەوە.
(٤) هاڕین؛ تواندنەوە؛ وورد کردن. (٥) هێنانە خوارەوە (پلەوپایە)؛ شکاندن.
(٦) دابینکردن؛ هێنانە ژێر رکێفەوە.
(٧) داگیرکردن؛ گرتن (شار، سەنگەر)؛ بەزاندن.
(٨) (ا) داماوکردن؛ باری ژیان تێکدان: *(He was ~d to poverty.)* .
(ب) والێکردن: *(He was ~d to stealing.)* .
(٩) لاوازکردن؛ گۆشت پێوە نەهێشتن: *(~d to skin and bone)* .
(١٠) سووک کردن (سزا)؛ هێنانە خوارەوە: *(to ~ a prisoner's sentence)*
(١١) هێنانە خوارەوە (نرخ)؛ شکاندن: *(to ~ the price of vegetables)*
(١٢) کەمکردنەوەی کەرتێک بەبێ کەمکردنەوەی نرخەکەی (بیرکاری).
(١٣) بوون بەهۆی دابەشبوونی نیوەیی شانەی زیندەوەر.
(١٤) (ا) نۆکسجین لێ دەرهێنان. (ب) هایدرۆجین تێکردن.
(ج) شتی ناکانزایی لە کانزا لابردن.
(١٥) گرتنەوە (ئیسقانی شکاو)؛ هێنانەوە جێی خۆی (ئیسقانی شکاو، نەندامی لەش).

v.i. (١) کەم بوونەوە؛ بچووک بوونەوە.
(٢) خۆ لەپەکردن بە پارێز؛ قەڵەوی کەمکردنەوە.

-reducibility *(n.)*; **reducible** *(adj.)*; **reducibly** *(adv.).*

reducer (ri-dōōs′ĕr, ri-dūs′ĕr), *n.* (١) کەمکەرەوە؛ بچووککەرەوە.
(٢) بۆرییەکی کورتە دوو بۆری قەبارە جیاوازی پێکەوە پێ دەبەسترێت.

reducing agent, هۆی کەمکەرەوە (کیمیا).

reduction (ri-duk′shən), *n.* (١) کەمکردنەوە؛ کەم بوونەوە؛ بچووک کردنەوە؛ بچووک بوونەوە؛ کورت بوونەوە.
(٢) شتی کەمکراوە؛ بچووک کراوە یا داشکاو (پەڕەی نووسراو، نرخ، ...هتد).
(٣) ڕادەی کەمکردنەوە یا بچووک بوونەوە.
(٤) دابەشبوونی نیوەیی شانەی زیندەوەر.

-reductional *(adj.).*

reductive (ri-duk′tiv), *adj.* (١) هی کەمکردنەوە؛ تایبەتی بە بچووک کردنەوە یا کورتکردنەوە. (٢) کەمکەرەوە؛ بچووککەرەوە؛ کورتکەرەوە

redundance (ri-dun′dəns), *n.* = **redundancy.**

redundancy (ri-dun′dən-si), *n.* (١) زیاد لە پێویست؛ زیادە.
(٢) دووپاتکردنەوەو دوورودرێژی (نووسراو، دووان).
(٣) شتی زیاد لە پێویست (بەتایبەتی نووسین و گفتوگۆ)؛ شتی ناپێویست.

redundant (ri-dun′dənt), *adj.* (١) لە ئەندازە بەدەر؛ زۆر؛ زیاد لەپێویست.
(٢) ناپێویست؛ دووبارەکراوە: *(a ~ word, sentence, etc.)* .
(٣) دوورودرێژ؛ زۆر ووشەی ناپێویست بەکارهێنەر: *(a ~ literary style)* .
(٤) تایبەتی بە کردارێکە کە لەیەک شێوەی ڕابوردووی زیاتر هەبێت (ڕێزمان). (وەک : *awake, dive*).

reduplicate (ri-dōō′plə-kāt′), *v.t.* (١) دوو نەوەندە کردن؛ دووبارەکردنەوە؛ وێنە لەبەر دەرکردنەوە سەرلەنوێ.
(٢) دارشتنی ووشە بە دووبارەکردنەوەی برگەیەک بە هەندێک گۆڕینەوە یا بەبێ گۆڕین: *(chit- chat)* .

v.i. دووپات بوونەوە.

adj. دووبارەکراو؛ دووپاتکراوە

-reduplication *(n.)*; **reduplicative** *(adj.).*

redwing (red′wiŋ′), *n.* سوورباڵ: باڵندەیەکی بچوکی دەنگ خۆشە.

redwood (red′wood′), *n.* (١) سوورەدار: درەختێکی زۆر بەرزو گەورەی هەمیشە سەوزە لە کالیفۆرنیا هەیە. (٢) دارو تەختەی نەم درەختە (کە بۆ خانوو کردن زۆر بەکاردەهێنرێت).

re-echo (rē-ek′ō), *v.t. & v.i.* دەنگدانەوە؛ دووبارە دەنگدانەوە.
n. دەنگدانەوە؛ دەنگدانەوەی دووبارە.

reed (rēd), *n.* (١) زەل؛ قامیش. (٢) چەپکە زەل؛ قامیشەلان. (٣) شمشاڵ. (٤) [Poetic]، تیر. (٥) نەخشێکی خانووسازییە. (٦) دەمی شمشاڵو نای.
v.t. سەربان دروستکردن لە زەل و قامیش.

reedbird (rēd′bûrd′), *n.* باڵندەیەکی بچوکی دەنگ خۆشی کۆچکەری ناو مێرگەکانە.

reedbuck (rēd′buk′), *n.* جۆرە ناسکێکی نەفەریقایی ناو قامیشەلانە.

reeding (rēd′iŋ), *n.* (١) نەخشێکی قۆڕی خانووسازییە لە قامیش دەچێت. (٢) ڕازاندنەوە بە زەل چنراو.

reed organ, ئۆرگەنی قامیش.

reed pipe, زوڕنای قامیش.

reeducate (rē-ej′oo-kāt′), *v.t.* (١) دووبارە پەروەردەکردن؛ پەروەردەکردنەوە. (٢) فێرکردنەوە؛ فێری پیشەی نوێ کردن.

-reeducation *(n.)*.

reef (rēf), *n* ***reef***

(۱) تیرەی بەردینی تەنکاوی گوێ دەریا.
(۲) چینە کانزا ؛ کانگەری؛ دەمار یا تیرە کانزا

reef (rēf), *n.* (۱) بایەوانی پێچراوە یا لوول کراو.
(۲) پێچانەوەی بەشێک لە بایەوان.

v.t. نزم کردنەوەی تەوەرەی بەلەم و کەشتی.

reefer (rēf′ēr), *n.* (۱) پێچەرەوەی بایەوانی بەلەم و کەشتی؛ کەشتیپەوان. (۲) جۆرە چاکەتێکی کەشتیپەوانانە.
(۳) جۆرە چاکەتێکی ژنانەیە. (٤) [Slang]. جگەرەی مەریوانە یا بەنگ.

reef knot, جۆرە گرێیەکە

reek (rēk), *n.* (۱) هەڵم؛ هەڵم و هاڵاو. (۲) بۆنی پیس؛ بۆگەن.
(۳) [Dial.]: دووکەڵ.

v.i. (۱) هەڵم ڵێ هەڵسان؛ دووکەڵ کردن؛ دووکەڵ ڵێ هاتن.
(۲) بۆگەن ڵێ هاتن؛ بۆن ڵێ هاتن. *(He ~s of whisky.)*.
(۳) پڕبوون لەشتی ناخۆشو ناپەسەند؛ پیا بلاوبوونەوە (شتی پیس و خراپ).

v.t. (۱) دووکەڵ تێکردن؛ دووکەڵ لێدان؛ بە دووکەڵ چاک کردن.
(۲) دووکەڵ لێوەهاتن؛ هەڵم و هاڵاو لێوەهاتن.

-reeky *(adj.)*.

reel (rēl), *v.i.* (۱) بە قنگدا کەوتن؛ لاربوونەوە؛ بە پشتدا کەوتن.
(۲) لارەولارکردن؛ بەم لاو بەولادا کەوتن؛ لەتردان (لە خۆشی، سەرخۆشی، یا پەرێشانیدا). *(He was ~ing from the bad news.)*.
(۳) خولانەوە؛ سوڕانەوە. *(The street ~ed before his eyes.)*.
(٤) گێژبوون؛ سەر خولانەوە؛ وڕبوون؛ سەر کاس بوون.

v.t. لارەولارێنکردن؛ خولاندنەوە.

n. خولانەوە؛ لارەولارکردن؛ سوڕانەوە

reel (rēl), *n.* (۱) جۆرە سەمایەکی نوسکوتلەندییە.
(۲) مۆسیقای ئەم سەمایە.

reel (rēl), *n.* (۱) خولخولۆکە؛ بەکرە؛ بەکرەی دەزوو.
(۲) ئەو دەروو یا تەلەی بە بەکرەیەکەوەیە؛ کلاڤە دەزوو.
(۳) هەزار یێی شریتی سینەما

v.t. (۱) هەنکردنە سەر بەکرە (دەزوو، تەل).
(۲) (in ~) ، ڕاکێشانی ماسی یا شتی تر بە هەڵکردنی تەل.
(۳) گێڕانەوە یا نووسین بە ئاسانی.

re-elect (rē′i-lekt′), *v.t.* هەڵبژاردنەوە (نوێنەر).

-reelction *(n.)*.

re-enact (rē′in-akt′), *v.t.* (۱) یاسا دانانەوە؛ دووبارەکردن بە یاسا.
(۲) نووساندنەوە؛ سەرلەنوێ نووساندنەوە (شانۆنامە؛ کردار).
(۳) دووبارەکردنەوە (کرداری ڕابوردوو)

-reenactment *(n.)*.

re-enforce (rē′in-fôrs′), *v.t. & v.i.* = re-inforce.

reenter (rē-en′tĕr), *v.t. & v.i.* (۱) دووبارە چوونەژوورەوە؛ دووبارە تێ چوون. (۲) گەڕانەوەو چوونەناوەوە.

re-entrance (rē-en′trəns), *n.* دووبارە چوونەناوەوە.

re-entry (rē-en′tri), *n.* (۱) گەڕانەوەی کەشتی هەوایی بۆناو هەوای دەوری زەمین. (۲) دووبارە هاتنەناوەوە؛ سەرلەنوێ چوونەژوورەوە.
(۳) (ا) مافی دەستپێکردنەوەی یەکەمینی لە یاری "بریج"دا.
(ب) ئەو کاغەزەی ئەم مافە دەدات بە یارێکەر
(٤) بۆ گەڕانەوەی مافی خاوەنێتی.

reeve (rēv), *n.* (۱) (ا) فەرمانڕەوایی ناوچە (لە ئینگلتەرە).
(ب) کاربەدەستی میری (لە ناوچەیەکی ئینگلتەرە)
(۲) سەرکار (۳) سەرۆکی ئەنجوومەنی شارەوانی (لە کەنەدا).

reeve (rēv), *v.t.* (۱) پەت کردن بە ئەڵقەدا (کەشتیپەوانی).
(۲) قایم کردنو بەستنەوە بە پەت بە ئەڵقەداکردنو بە دەوردا پێچانەوە.
(۳) پەت کردن بە ئەڵقەی بەکرەی شت بەرزکردنەوەدا.

reeve (rēv), *n.* مێژیەی چۆلەکەی لم.

reexamination (rē′ig-zam′ə-nā′shən), *n.* (۱) دووبارە تاقیکردنەوە؛ سەرلەنوێ لێکۆڵینەوە.
(۲) سەرلەنوێ پرسیارلێکردنی شایەت (دادگا).

reexamine (rē′ig-zam′in), *v.t.* (۱) دووبارە تاقیکردنەوە؛ سەرلەنوێ لێکۆڵینەوە. (۲) دووبارە پرسیارلێکردن شایەت (دادگا).

reface (rē-fās′), *v.t.* پووی تازە تێگرتن؛ سواغ دانەوە (دیوار، سەربان).

refect (ri-fekt′), *v.t.*[Obs.], خواردن و خواردنەوە پێشکەش کردن.

refection (ri-fek′shən), *n.* (۱) خواردن و خواردنەوە؛ خواردەمەنی.
(۲) تێرخواردن؛ تێربوون. (۳) ژەمێک خواردەمەنی سووک؛ ژەم.

refectory (ri-fek′tə-ri), *n.* ژوورێ نان خواردنی دانشگا یا پەرستگا.

refectory table, مێزی نان خواردنی دانشگا یا پەرستگا (کە درێژو باریکە).

refer (ri-fûr′), *v.t.* (۱) دانەپاڵ؛ کردنە مل؛ بە هۆ دانان:
(He ~red his troubles to the war.)
(۲) دان بەسەر پشک (بۆ بڕیارەوە یا ناوبژی کردن)؛ خستنە بەردەم:
(The dispute was ~red to arbitration. ; The judge ~red the case to a higher court.)
(۳) سەرنج بۆ ڕاکێشان؛ پەنجە بۆ بردن.
(٤) ناردن بۆ پزیشکی پسپۆر:
(The doctor ~red the patient to a specialist.)
(٥) ناردن؛ ناراستەکردن:
(They ~red me to the information office.)

v.i. (۱) دەربارەی ئەوە بوون؛ لێ دووان:
(The book ~s only to fish.)
(۲) پیاچوونەوە؛ سەیرکردن بۆ بیرکەوتنەوە:
(The speaker ~red to his notes and a map.)
(۳) پاس کردن؛ ناوبردن: *(Don't ~ to the matter again.)*.

-referable *(adj.)*; referral *(adj.)*.

reference (ref′ə-rē′), *n.* (۱) سەرپشکی یاری. (۲) ناوبژیکەر؛ سەرپشک.

v.t. & v.i. سەرپشکی کردنی یاری:
(He ~d the basketball game.)

reference (ref′ĕr-əns), *n.* (۱) دان بە سەرپشک (بۆ ناوبژی کردن یا بڕیندەوە). (۲) دەربارەی؛ سەبارەت بە؛ لەبارەی؛ لەلایەن:
(with ~ to his reply)
(۳) سەرنج بۆ ڕاکێشان.
(٤) پەنجە بۆ درێژکردن؛ ناوبردن.
(٥) ناوبردنی سەرچاوەیەک لە پەرتووک و ووتاردا.
(٦) سەرچاوە:
(In order to write the article, he consulted several ~s.)
(۷) ژمارەی پەراوێز (کە سەرچاوە پیشان دەدات).
(۸) پەسەندکەر؛ پاڵپشت؛ کەسێکە کە بە نووسین یا بە دەم پەسەندی ناسیاوێکی دەکات بۆ ئیش، لە زانکۆ وەرگیران، یا قەرز وەرگرتن... هتد:
(Each job applicant must give the names of three ~s.)
(۹) پەسەندنامە:
(He submitted four ~s with his job application.)

make reference to, ناوبردن؛ پەنجە بۆ درێژکردن؛ نیشانەدان بە.
with reference to, دەربارەی؛ سەبارەت بە؛ لە بابەت؛ لەلایەن؛ نیشانە بە.
without reference to, بەبێ گوێ دان بە؛ بەبێ پەیوەندی بە.
reference book, پەرتووکی سەرچاوە (وەک فەرهەنگ).
reference mark, نیشانەی نیشانەدان بە شتێک لە پەراوێزدا (وەک ئەستێرە).

referendum (ref′ə-ren′dəm), *n.* (۱) ڕاپرسی؛ ڕاوەرگرتن لەڕێی دەنگدانی گشتیپەوە؛ ڕێڕاندۆم. (۲) یادنامەی نوێنەرێکی

دبلۆماسیيە بۆ وولاتەکەی خۆی بۆ ئامۆژگاری وەرگرتن.

referent (ref′ēr-ənt), *n.* (١) ووشەو مانای پەنجە بۆ درێژکراو یا مەبەست. زمانەوانی). (٢) نیشانە یا ووشەی سەرنج ڕاکێشەر (زمانەوانی).

referential (ref´ə-ren′shəl), *adj.* (١) نیشاندەر، پەنجە بۆ ڕاکێش. (٢) سەرچاوەیی.

referral (ri-fûr′əl), *n.* ناردن؛ پەسەندکراو بۆ جێبەجێکردنی کارێک لەلایەن کەسێکی تردەوە.

refill (rē-fil′), *v.t.* پڕکردنەوە؛ داگرتنەوە (چەک):

(to ~ a glass with wine)

n. (١) پڕکەرەوە (بەتایبەتی هی پێنووسی ووشک):

(a ~ for a ball-point pen.)

(٢) دووەم پڕکردنەوە یا زیاتر.

refine (ri-fīn′), *v.t.* (١) پاککردنەوە؛ پالأوتن؛ پوختەکردن؛ پاکژکردن:

(to ~ gold, sugar, oil, etc.)

(٢) ڕەووشت جوانو ناسک کردن؛ باشترکردن (ڕەفتار، زمان، شێوان؛ کەموکوڕی لێ لابردن؛ بژارکردن (مەجان):

(to ~ one's manners; to ~ a language)

(٣) لێ لابردن لەکاتی پاککردنەوەدا.

v.i. (١) پوختەبوون؛ پاکبوونەوە؛ پالأوتن.

(٢) ناسک و جوان بوون (ڕەووشت، زمان، کردەوە).

(٣) وورد بوون لە قسە یا زماندا.

refine on (or upon), چاکترکردن؛ باشترکردن؛ بەرەو باشتر بردن.

refined (ri-fīnd′), *adj.* (١) پوختە؛ پوخت؛ پالأوتە؛ پالأوتراو؛ پاککراوە (٢) ڕەووشت جوان؛ بە ڕەووشت؛ بە نەزاکەت.

(٣) وورد و جوانو ناسک.

refinement (ri-fīn′mənt), *n.* (١) پوختەکردن؛ پوختەبوون؛ پالأوتن؛ چاکبوونەوە. (٢) پوختەیی؛ پالأوتەیی.

(٣) ڕەووشت جوانی؛ جوانو ناسکی (دەموددو، ڕەفتار، زمان).

(٤) وورد‌ی (ووتە، زمان، بیر)؛ تەواوی.

(٥) نموونەی وورد‌ی و تەواوی.

(٦) چاککردن؛ بەرەو باشتر بردن یا بران.

refinery (ri-fīn′ēr-i), *n.* پالێوگە (شەکر، نەوت، کانزا...هتد)؛ کارگەی پوخت کردن: *(a sugar ~ ; oil ~)* .

refinish (rē-fin′ish), *v.t.* بۆیەکردنەوە (شتومەکی ناومال).

refit (rē-fit′), *v.t.* چاککردنەوە؛ پینەکردن: *(to ~ a ship)* .

v.i. چاککرانەوە؛ پینەکران.

n. چاککردنەوە؛ پینەکردن؛ پینە؛ گونجاندن.

reflect (ri-flekt′), *v.t.* (١) دانەوە (شەوق، گەرمی، دەنگ، وێنە)؛ بریقەدانەوە؛ شەوقدانەوە:

(A mirror ~s light.; The mirror ~ed his face.)

(٢) پیشاندان؛ دەرخستن؛ نیشانەی ئەوە بوون:

(His work ~s intelligence.)

(٣) [Rare]، نوشتاندنەوە بە پشتدا.

v.i. (١) دانەوە (شەوق، ڕووناکی، گەرمی، دەنگ)

(٢) پیشان دران؛ دەرخران؛ پیشاندان.

(٣) (~ on; ~ upon) ، بیرکردنەوە؛ لێکۆڵینەوە:

(I must ~ on this matter.)

(٤) (~ on; ~ upon)، لەکەدارکردن، بەدناوکردن؛ ناوزڕاندن؛ بە خراپ پیشاندان: *(This action ~s badly on your character.)* .

reflecting telescope, تەلیسکۆپی ناوێنەدار.

reflection; reflexion (ri-flek′shən), *n.* (١) دانەوە (شەوق، گەرمی، دەنگ، وێنە)؛ بریقەدانەوە:

(the ~ of light, heat, sound, etc.)

(٢) بریقە؛ شەوق.

(٣) وێنە: *(He saw his ~ in the water.)* .

(٤) نیشانە: *(His actions are a ~ of his thoughts.)* .

(٥) بیری قوڵ؛ بیرکردنەوەی قوڵ؛ سەرنجی قوڵ: *(lost in ~)*

(٦) بیر؛ ئەنجامی بیرکردنەوەی قوڵ: *(He wrote down his ~s.)*

(٧) تێبینی.

(٨) لۆمە؛ سەرزەنشتی؛ ناوزڕان:

(to cast a ~ upon a mean's motives)

on reflection, پاش بیرلێکردنەوە بە وورد‌ی.

reflective (ri-flek′tiv), *adj.* (١) شەوقدەرەوە؛ گەرمی دەرەوە؛ دەنگدەرەوە. (٢) پیشاندەر؛ دەرخەر.

(٣) بیرکەرەوە: *(a ~ person)* .

-reflectively *(adj.)*; **reflectiveness** *(n.)*; **reflectivity** *(n.)*.

reflector (ri-flek′tēr), *n.* (١) ڕوو یا شتی بریقەدەرەوە؛ دەنگدەرەوە؛ گەرمی دەرەوە؛ تیشکدەرەوە. (٢) **reflecting telescope**.

reflex (rē′fleks), *n.* (١) (ا) بریقەدانەوە؛ تیشکدانەوە.

(ب) بریقە یا تیشکی دراوە. (٢) وێنەی ناو ناوێنە.

(٣) کرداری خۆنەویستو بێ بیرکردنەوە:

(My first reaction was just a ~ .)

adj. (١) دراوە (تیشک، بریقە، گەرمی، دەنگ).

(٢) خۆنەویستو بێ بیرکردنەوە (کردار): *(a ~ action, effect, etc.)*

(٣) تایبەتی بە گۆشەی پێچەوانە: هی گۆشەیەکە کە لە ١٨٠ پلە زیاترو لە ٣٦٠ پلە کەمتر بێ.

v.t. (١) بە دوادا نوشتاندنەوە؛ بە پشتدا چەماندنەوە.

(٢) بوون بەهۆی کرداری خۆنەویستو بێ بیرکردنەوە.

reflex camera, کامێرای ناوێنەدار.

reflexive (ri-flek′siv), *adj.* (١) بۆ خۆ گەڕاوە؛ بەسەر خۆدا هاتەوە.

(٢) (ا) تایبەتی بە کردارێکی گەڕاوەیە بۆ بکەر (ڕێزمان)؛ تایبەتی بە کردارێکە کە بکەرو تەواوکەری هەمان شتن (وەک " **dressed** ") لەم ڕستەیەدا:

(She dressed herself.)

(ب) تایبەتی بە جێ ناوێکی بەکارهێنراوە وەک تەواوکەری کردارێکی وەها (ڕێزمان). (وەک " **herself** " لە ڕستەی پێشوودا).

n. کردارێک یا جێ ناوێکی بۆ خۆ گەڕاوە (ڕێزمان). (ژمارە دوو ببینە).

-reflexivvely *(adv.)*; **reflexivity** *(n.)*.

refluence (ref′lōō-əns), *n.* = **reflux**.

refluent (ref′lōō-ənt), *adj.* کشاوە (ئاوی دەریا)؛ نیشتوو

reflux (rē′fluks´), *n.* نزماو؛ ئاو کشانەوە یا گەڕانەوە؛ گەڕانەوە (شلە):

(The flux and ~ of the sea.)

reforest (rē-fôr′ist), *v.t.* دارودرەخت تێدا ڕواندنەوە.

-reforestation *(n.)*.

reform (ri-fôrm′), *v.t.* (١) چاککردن؛ ڕاستکردنەوە؛ چارکردن:

(to ~ a system)

(٢) خستنەسەر ڕێی ڕاست؛ ڕەووشت باش کردن.

v.i. ڕێی ڕاست گرتن؛ ڕاستبوونەوە؛ ڕەووشت چاک بوون؛ تۆبە کردن:

(He will never ~ .)

n. (١) چاک بوون؛ چاککردن؛ ڕاستکردنەوە؛ چارکردن:

(~ is needed in the political system.)

(٢) ڕەووشت چاک بوون؛ کەوتنەسەر ڕێی ڕاست.

reform (rē´fôrm′), *v.t.* پێکهێنانەوە؛ ڕێزبوونەوە؛ ڕێکوپێک کردنەوە؛ کۆکردنەوە.

v.i. کۆبوونەوە؛ ڕێزبوونەوە؛ یەکگرتنەوە؛ پێکهاتنەوە.

reformation (ref´ēr-mā′shən), *n.* (١) چاککردن؛ چاک بوون؛ ڕاستکردنەوە؛ چوونەسەر ڕێی ڕاست.

(٢) [R-]، بزووتنەوەی ئاینو ڕاستکردنەوەو دامەزراندنی کڵێسەی پڕۆتستانتی لە ئەورووپا لە سەدەی شانزەهەمدا.

-reformational *(adj.)*; **reformative** *(adj.)*.

reformatory (ri-fôr′mə-tôr´i), *n.* تەمێخانە (بۆ هەرزەی

تاوانکار؛ دەرگایەکە وەک بەندیخانە وایە بۆ تەمێ کردن‌و خستنەوەسەر ڕێگای ڕاستی هەڵڕۆی تاوانکار

reformed (ri-fôrmd′), *adj.* (۱) سەر ڕێگەی ڕاست خراو؛ ڕەوشت‌و کردار چاک بوو: *(a ~ criminal)*. (۲) [R-]، هی کلێسەی پرۆتستانتی

reformer (ri-fôr′mēr), *n.* (۱) چاککەرەوە؛ ڕاستکەرەوەی دەزگای کۆمەڵایەتی‌و ڕامیاری. (۲) یەکێک لە سەرۆکەکانی بزووتنەوەی ئایین‌و ڕاستکردنەوە‌و دامەزراندنی کلێسەی پرۆتستانتی لە ئەورووپادا.

reformist (ri-fôrm′ist), *n.* چاککەرەوە؛ ڕاستکەرەوەی دەزگای کۆمەڵایەتی‌و ڕامیاری

reform school, = reformatory.

refract (ri-frakt′), *v.t.* شکانەوە (تیشکی ڕووناکی- داری ناو ئاو).

refraction (ri-frak′shən), *n.* (۱) شکانەوە (تیشکی ڕووناکی- داری ناو ئاو- هتد) (۲) لادانی تیشکی ڕۆژ یا ئەستێرە لە ڕێڕەوی خۆی (ئەستێرەناسی).

-refractional *(adj.)*; **refractive** *(adj.)*.

refractometer (rē′frak-tom′ə-tēr), *n.* پێوەری شکانەوەی تیشکی ڕووناکی

refractory (ri-frak′tə-ri), *adj.* (۱) سەرسەخت؛ کەللەڕەق؛ لاسار؛ سەرکێش. (۲) بە ئاسانی ناتوێتەوە (کانزا)؛ بەرهەڵستی گەرما دەکات. (۳) دەرمان کاری تێ ناکات (نەخۆشی)؛ چارەکردنی گرانە. (٤) بەرهەڵستی نەخۆشی دەکات؛ نەخۆش ناکەوێت.

refrain (ri-frān′), *v.i.* خۆڕاگرتن؛ ڕێ بە خۆ نەدان؛ نەهێشتن: *(to ~ from making any hostile comment)*

v.t. [Archaic], ڕێ لێگرتن؛ ڕاگرتن؛ وەستاندن.

refrain (ri-frān′), *n.* (۱) ئەو بەشەی هەڵبەستێک کە دووبارە دەکرێتەوە؛ ئەو بەشەی گۆرانییەک کە کۆرەس دەیسەنێتەوە یا دەیڵێتەوە. (۲) مۆسیقای ئەم بەشەی گۆرانی

refrangible (ri-fran′jə-b'l), *adj.* دەشکێتەوە (تیشکی ڕووناکی)؛ دەتوانرێ بشکێنرێتەوە.

-refrangibility *(n.)*.

refresh (ri-fresh′), *v.t.* (۱) بووژاندنەوە (بە خواردن، خواردنەوە، نوستن هتد)؛ ژیانەوە؛ گەشەپێکردن. (۲) فێنک کردنەوە؛ تازەکردنەوە (هەوای ژوور). (۳) بیرخستنەوە؛ خستنەوە یاد: *(to ~ one's memory)*.

v.i. (۱) بووژانەوە؛ ژیانەوە؛ گەشەکردن. (۲) خواردن؛ خواردنەوە. (۳) تازووقەی تازە خستن.

refresher (ri-fresh′ĕr), *n.* شتی بووژێنەرەوە یا فێنککەرەوە.

adj. دەمەزردکەرەوە (مەجان)؛ تازەکەرەوە؛ بیرخەرەوە (شتی لە دەمێکەوە خوێندراو): *(a ~ course)*

refreshing (ri-fresh′iŋ), *adj.* (۱) خۆش؛ فێنککەرەوە؛ بووژێنەرەوە *(a ~ drink)*. (۲) تازە؛ لەمەوپێش نەبیستراو یا نەبینراو؛ جیا؛ ناناسا: *(a ~ point of view)*

refreshment (ri-fresh′mənt), *n.* (۱) بووژانەوە؛ ژیانەوە؛ گەشەپێکردن. (۲) بووژێنەرەوە (خواردەمەنی- خواردنەوە). (۳) *(pl.)*، ساردەمەنی؛ خواردن‌و خواردنەوەیەکی سووک.

refrigerant (ri-frij′ĕr-ənt), *adj.* (۱) ساردکەرەوە (۲) لەش فێنککەرەوە؛ تا کەمکەرەوە؛ تا هێنەرەخوارەوە.

n. (۱) دەرمانی تا؛ دەرمانی تا سووککەر. (۲) ماددەی ساردکەرەوە (لە بەفرخەری کارەباییدا بەکاردەهێنرێت).

refrigerate (ri-frij′ə-rāt′), *v.t.* (۱) ساردکردن (۲) خواردەمەنی و خواردنەوە ساردکردن بۆ پاراستنی.

refrigeration (ri-frij′ə-rā′shən), *n.* ساردکردنی خواردەمەنی‌و خواردنەوە بۆ پاراستنی.

refrigerator (ri-frij′ə-rā′tĕr), *n.* بەفرخەری کارەبایی؛ یەخچاڵ؛ بەفرگر؛ سەهۆڵدان.

refringent (ri-frin′jənt), *adj.* شکێنەرەوە (تیشکی ڕووناکی)؛ شکاوە.

reft (reft), *alternative past tense and p.p. of* **reave**.

adj. ڕێ سەنراو؛ بێ بەش کراو.

refuel (rē-fū′əl), *v.t.* سووتەمەنی تازە تێکردن.

v.i. سووتەمەنی تازە تێکران یا وەرگرتن.

refuge (ref′ūj), *n.* پەنا؛ دااڵدە؛ پەناگا؛ لانە؛ پەرێز.

to give refuge, دااڵدەدان؛ پەنادان.

to take refuge, پەنا بردنە بەر؛ دااڵدە بزەیێنان؛ دااڵدە بۆ بردن.

refugee (ref′yoo-jē′), *n.* پەنابەر؛ پەناهەندە؛ بێ لانە؛ ئاوارە.

refulgence (ri-ful′jəns), *n.* بریقە؛ بریسکە؛ درەوشانەوە.

refulgent (ri-ful′jənt), *adj.* بریقەدار؛ درەوشاوە؛ بریسکەدار.

refund (ri-fund′), *v.t.* پارە بۆ گەڕاندنەوە.

n. پارەی بۆ گەڕێنراوە؛ پارە بۆ گەڕاندنەوە.

refund (rē′fund′), *v.t.* (۱) سەرلەنوێ پارە پێدان؛ پاڵپشتی کردنەوە بە پارە. (۲) قەرزدانەوە بە وەرگرتنی قەرزێکی تازە

refurbish (rē-fûr′bish), *v.t.* تازەکردنەوە؛ نوێ کردنەوە (خانوو، بەلەم).

-refurbishment *(n.)*.

refusal (ri-fū′z'l), *n.* (۱) نەویستن؛ پەسەند نەکردن؛ ڕازی نەبوون. (۲) مافی پەسەندکردن یا نەکردن.

refuse (ri-fūz′), *v.t.* (۱) نەویستن؛ پەسەند نەکردن: *(to ~ an offer)* (۲) ڕازی نەبوون؛ نەکردن؛ بە قسە نەکردن: *(to ~ to go)*. (۳) مل نەدان. (٤) سڵ کردنەوە و باز نەدان (نەسپ).

v.i. ڕازی نەبوون؛ پەسەند نەکردن؛ نەکردن؛ نەویستن.

refuse (ref′ūs, ref′ūz), *n.* پاشەڕۆک؛ سەرکۆزەر؛ پاشماوە؛ زبڵ.

adj. نەویستراو؛ فڕێدراو.

refutable (ref′yoo-tə-b'l), *adj.* بەڕەڕێ دەدرێنەوە؛ بە درۆ دەخرێنەوە.

refutation (ref′yoo-tā′shən), *n.* بەڕەڕێدانەوە؛ بەدرۆخستنەوە.

refute (ri-fūt′), *v.t.* بەڕەڕێدانەوە؛ بەدرۆخستنەوە.

regain (ri-gān′), *v.t.* (۱) دەست کەوتنەوە؛ چنگ کەوتنەوە؛ وەرگرتنەوە؛ هاتنەوە دەست: *(to ~ consciousness, confidence, control, etc.)* (۲) سەرلەنوێ گەیشتنە شوێنێک؛ گەیشتنەوە.

regal (rē′g'l), *adj.* (۱) پادشایانە. (۲) جوان؛ بۆ پاشا شیاو؛ لە پاشا هاتوو.

-regally *(adv.)*.

regale (ri-gāl′), *v.t.* (۱) خۆشی پێدان؛ دڵخۆش کردن. (۲) خواردن‌و خواردنەوەی نایاب پێشکەش کردن.

v.i. خواردنی زۆرو نایاب خواردن.

n. [Obs.], (۱) خوانێکی نایاب؛ خواردن‌و خواردنەوەی زۆرو نایاب. (۲) خواردن یا خواردنەوەی هەڵبژاردە؛ جۆرە خواردنێکی نایاب. (۳) ساردەمەنی.

regalia (ri-gā′li-ə, ri-gāl′yə), *n.* (۱) مافی پاشایەتی؛ مافی پاشا. (۲) دروشم‌و نیشانەی پاشایەتی (وەک تاج‌و گورزی پاشا...هتد). (۳) گێزوگوڵنگ‌و بەرگی تایبەتی پلەوپایەیەک یا چینێکی تایبەتی: *(The general in his full ~ reviewed the troops.)* (٤) جل‌وبەرگی جوان‌و تایبەتی.

regality (ri-gal′ə-ti), *n.* (۱) پاشایەتی. (۲) پاشانشین. (۳) مافی پاشا؛ مافی پاشایەتی.

regard (ri-gärd′), *n.* (۱) سەیرکردن؛ تەماشاکردن؛ تەماشا؛

چاو تێ بڕین. (٢) گوێ پێدان؛ باك؛ بەتەنگەوەهاتن؛ سەرنج:
(with special ~ to your saftety)
(٣) ڕێز: *(He had high ~ for his teachers.)* .
(٤) دەربارەی؛ سەبارەت بە؛ لەبابەت؛ پوو: *(in ~ to your question)* .
(٥) (*pl.*) ، سلاو؛ ڕێزو سلاو:
(Please give my ~s to your brother.)

v.t. (١) چاوتێ بڕین؛ سەیرکردن؛ تەماشاکردن. (٢) ڕەچاوکردن؛ لێکدانەوە. (٣) سەرنج پێدان؛ گوێ پێدان.
(٤) ڕێزلێگرتن؛ ڕێز بۆ هەبوون: *(He ~s his brothers highly.)* .
(٥) وا سەیرکردن؛ وا دانان: *(I ~ this as a opportunity.)* .
(٦) پەیوەندی پێوە بوون: *(This proposal ~s your welfare.)* .
(٧) [Obs.]، بەتەنگەوەهاتن.

v.i. (١) سەیرکردن؛ چاو تێ بڕین. (٢) سەرنج پێدان؛ گوێ پێدان.

as regards, دەربارەی؛ لەبووی؛ سەبارەت بە؛ لە بابەت.
in regard to, دەربارەی؛ لەبووی؛ سەبارەت بە.
with regard to = in regard to.
without regard to, بێ گوێ دان بە

regardful (ri-gärd′fəl), ***adj.*** (١) بە سەرنج؛ بە گوێ.
(٢) ڕێز پێشاندەر؛ ڕێزگر.

regarding (ri-gär′diŋ), ***prep.*** دەربارەی؛ لەبووی؛ سەبارەت بە.

regardless (ri-gärd′lis), ***adj.*** بێ گوێ دان بە؛ بێ سەرنج دان بە:
(~ of the cost)

adv. [Colloq.], لەگەڵ ئەوەشدا؛ بێ گوێ دان بە.

regatta (ri-gat′ə), ***n.*** (١) پێشبڕکێی بەلەم.
(٢) چەند پێشبڕکێیەکی بەلەم.

regelate (rē′jə-lāt′), ***v.i.*** (١) بەستنی دوو پارچە سەهۆڵ پێکەوە بە پەستانەوە (٢) توانەوە و سەرلەنوێ بەستنەوەی دوو پارچە سەهۆڵ بە پەستنەوە.

regelation (rē′jə-lā′shən), ***n.*** (١) بەستنی دووپارچە سەهۆڵ پێکەوە بە پەستنەوە (٢) توانەوە و سەرلەنوێ بەستنەوەی دوو پارچە سەهۆڵ بە پەستانەوە

regency (rē′jən-si), ***n.*** (١) پلەوپایەودەسەلاتی پێ سپێرراوی تەختی پاشایی؛ جێنشینی تەختی پاشایی. (٢) ئەنجوومەنی پێ سپێرراوی تەختی پاشایی. (٣) وڵاتێکە کە جێنشین یا پێ سپێرراوی تەختی پاشایی بیبات بەڕێوە. (٤) ماوەی پێ سپاردنی تەختی پاشایی.

regeneracy (ri-jen′ēr-ə-si), ***n.*** تازەبوونەوە؛ بووژانەوە.

regenerate (ri-jen′ēr-it, ri-jen′ə-rāt′), ***adj.*** (١) تازە لەدایك بووەوە (مەجان). (٢) تازەبووەوە؛ بووژاوە.

v.t. (١) لەدایکبوونەوە (مەجان). (٢) بووژاندنەوە؛ تازەکردنەوە؛ چاککردنەوە. (٣) دامەزراندنەوە. (٤) پڕکردنەوە (باتری). (٥) هەڵدانەوە (پووەکناسی؛ زیندەوەرزانی).

v.i. (١) تازەبوونەوە؛ بووژانەوە؛ هەڵدانەوە (پووەکناسی، گیانەوەرناسی). (٢) لەدایکبوونەوە (مەجان).

regeneration (ri-jen′ə-rā′shən), ***n.*** (١) تازەبوونەوە؛ بووژانەوە؛ هەڵدانەوە (پووەکناسی، گیانەوەرناسی). (٢) لەدایکبوونەوە (مەجان). (٣) پڕکردنەوە (باتری)؛ ووزە پێدانەوە.

regenerative (ri-jen′ə-rā′tiv), ***adj.*** (١) تازەکەرەوە؛ بووژێنەرەوە. (٢) تایبەتی بە تازەبوونەوە یا بووژانەوە.

regent (rē′jənt), ***adj.*** تایبەتی بە پێ سپێرراو یا جێنشینی تەختی پاشایی: *(prince ~)* .

n. (١) پێ سپێرراوی تەختی پاشایی؛ جێنشینی پاشا. (٢) ئەندامی ئەنجوومەنی سەرپەرشتیکەرانی زانکۆ (کە لە بەناوبانگانی کۆمەڵ دادەمەزرێت) (٣) [Obs.]، فەرمانڕەوا.

-regentship ***(n.).***

regicide (rej′ə-sīd′), ***n.*** (١) پاشاکوژ؛ پاشای وڵاتی خۆ کوژ.
(٢) پاشاکوژی؛ پاشا کوشتن.

-regicidal ***(adj.).***

regime (ri-zhēm′, rā-zhēm′), ***n.*** (١) ڕێژم؛ فەرمانڕەوایی؛ شێوەی فەرمانڕەوایی. (٢) پارێز (تەندروستی).

regimen (rej′ə-men′, rej′ə-mən), ***n.*** (١) ڕێژم؛ فەرمانڕەوایی؛ شێوەی فەرمانڕەوایی. (٢) پارێز.
(٣) [Rare]، کارتێکردنی ووشەیەك لەسەر ووشەیەکی تر (ڕێزمان).

regiment (rej′ə-mənt, rej′ə-ment′), ***n.*** (١) فەوج (سوپا).
(٢) ژمارەیەکی زۆر خەڵك. (٣) [Obs.]، فەرمانڕەوایی.

v.t. (١) فەوج پێکهێنان؛ کردن بە فەوج فەوج.
(٢) لە فەوجدا دانان؛ دامەزراندن لە فەوجدا.
(٣) ڕێکخستن؛ دەستە دەستە کردن.
(٤) هێنانە ژێر باری یەك ڕێژم یا پەیڕەو.

-regimental ***(adj.).***

regimentals (rej′ə-men′t'lz), ***n.pl.*** (١) بەرگو گێزوگوڵنگی تایبەتی بە فەوجێك. (٢) جل‌وبەرگی سوپایی.

regimentation (rej′ə-men-tā′shən), ***n.*** هێنانە ژێر باری یەك ڕێژم یا پەیڕەو؛ بە ووردی لەسەر یەك پەیڕەو ڕێشتن.

reginal (ri-jī′n'l), ***adj.*** ژنە پاشایی؛ بانووشایی؛ شاژنی.

region (rē′jən), ***n.*** (١) ناوچەی زەمین.
(٢) ناوچەی وولأت؛ ناوچە؛ هەرێم.
(٣) ناوچەی لەش؛ بەش؛ ناوچە: *(the abdominal ~)* .
(٤) مەیان (زانستی و هونەر یا چالاکی تر).

regional (rē′jən-'l), ***adj.*** (١) ناوچەیی؛ تایبەتی بە ناوچەیەکی سەرزەمین. (٢) ناوخزیی؛ تایبەتی بە ناوچەیەکی بچووك و ناوخۆ:
(a ~ dialect)

-regionally ***(adv.).***

regionalism (rē′jən-'l-iz'm), ***n.*** (١) ناوچەگەری؛ ناوچەپەرستی. (٢) تایبەخۆی ناوچە. (٣) ناوچەگەری لە وێژەو هونەردا.

register (rej′is-ter), ***n.*** (١) تۆمارنامە؛ لیستەی شتی تۆمارکراو.
(٢) خانەی تۆمارنامەیەك؛ دانەیەك لە ناوەڕۆکی تۆمارنامە.
(٣) تۆمارکەر؛ تۆمارکار. (٤) تۆمارکردن؛ تۆمارکاری.
(٥) مەکینەی تۆمارکەر؛ مەکینەی ژمێرەر: *(a cash ~)* .
(٦) مەودای مۆسیقا یا دەنگ.

v.t. (١) تۆمارکردن.
(٢) پیشاندان: *(The thermometer ~s fifty degrees.)* .
(٣) دەربڕین؛ پیشاندان: *(His face ~ed surprise, anger, etc.)* .
(٤) تۆمارکردن (پۆستە، نامە)

v.i. (١) ناو نووسین (لە تۆمارنامەدا)؛ ناوی خۆ تۆمارکردن.
(٢) ناوی خۆ نووسین (بۆ دەنگدان لە هەڵبژاردنێکدا).

registered (rej′is-tērd), ***adj.*** (١) تۆمارکراو.
(٢) تۆمارکراو (پۆستە): *(~ mail; a ~ letter)* .
(٣) تایبەتی بە ئەسپ و سەگی ڕەسەن (کە ناوەکەیان دەنووسرێ لەناو تۆمارنامەی زاوزێ پێ کەرەکەیاندا). (٤) مۆرکراو؛ بڕواپێکراو.

registrant (rej′is-trənt), ***n.*** تۆمارکەر.

registrar (rej′i-strär′), ***n.*** تۆمارکار (زانکۆ، دادگا)؛ کاربەدەستی تۆمارکاری.

registration (rej′i-strā′shən), ***n.*** (١) تۆمارکردن؛ تۆمارکاری.
(٢) دانەیەك لە ناوەڕۆکی تۆمارنامە.
(٣) سەرجەمی خەڵکی ناو تۆمارکراو.

registry (rej′is-tri), ***n.*** (١) تۆمارکردن؛ تۆمارکاری.
(٢) فەرمانگەی تۆمارکاری؛ تۆمارخانە.
(٣) تۆمارنامە.
(٤) ناستنامەی کەشتی (کە بە ئالأی وولأتەکەی خاوەنیدا دیارە).

regius professor, مامۆستایەکی هەندێ زانکۆی نینگلتەرەو

نوسکوتلەندیە کە مووچەکەی لە بەخشیشێکی شاهانە بۆ ئەو زانکۆیە دەمرێت.

reglet (reg′lit), *n.* (١) تیلماسکێکی پارێزنەرەوەیە (خانووسازی). (٢) تیلماسکێکی دارە بۆ جیاکردنەوەی دێڕی تیپ (چاپەمەنی).

regnal (reg′nəl), *adj.* پاشایی، تایبەتی بە پاشا و ماوەی فەرمانڕەوایی‌یەکەی.

regnant (reg′nənt), *adj.* (١) لەسەر تەخت؛ فەرمانڕەوا: *(the King ~)* (٢) زاڵ؛ باو؛ بە برەو؛ بە باو: *(the ~ fashion)*. (٣) بلاّو؛ هەموو شوێنێکی گرتووەتەوە.

regorge (ri-gôrj′), *v.t.* (١) ڕشانەوە؛ هێنانەوە (بەدەم). (٢) [Rare]، قووتدانەوە؛ سەرلەنوێ قووتدان.

v.i. گەڕانەوە (ئاو).

regrate (ri-grāt′), *v.t.* (١) کڕینی خواردەمەنی و شتومەکی ترو فرۆشتنەوەی بە قازانج لە هەمان بازاڕدا یا لە بازاڕی دەوروپشتدا. (٢) فرۆشتنەوەی شتومەکی بەم جۆرە کڕراو بە قازانج

regress (rē′gres, ri-gres′), *n.* (١) گەڕانە دواوە؛ کشانەوە. (٢) مافی گەڕانە دواوە یا کشانەوە.

v.i. گەڕانە دواوە؛ کشانەوە.

regression (ri-gresh′ən), *n.* (١) گەڕانە دواوە؛ کشانەوە. (٢) گەڕانەوە بۆ شێوەیەکی سەرەتایی (زیندەوەرزانی). (٣) دانەدواوە (دەروونناسی)؛ گەڕانەوە بۆ دۆخ یا سەردەمی ڕابووردوو.

regressive (ri-gres′iv), *adj.* (١) گەڕانەوەیی؛ کشانەوەیی. (٢) گەڕاوە دواوە؛ کشاوە؛ بەرەو دواوە ڕۆیشتوو *(~ behavior)*. (٣) ڕێژەکەی کەم دەبێتەوە بە زیادبوونی ئەو پارەیە یا سەرمایەیەی باجی لەسەر دەدرێت *(a ~ tax)*.

-**regressively** *(adv.)*; **regressiveness** *(n.)*.

regret (ri-gret′), *v.t.* (١) داخ بۆ خواردن. (٢) پەشیمان بوونەوە؛ پەشیمانی دەربڕین؛ پاشگەز بوونەوە.

n. (١) داخ؛ ئاخ‌وداخ. (٢) پەشیمانی؛ پەشیمان بوونەوە؛ پاشگەزی.

regretful (ri-gret′fəl), *adj.* پەشیمان؛ ئاخ و داخ هەڵکێش؛ پاشگەز.

regrettable (ri-gret′ə-bl), *adj.* جێی داخە؛ حەیف؛ جێی پەشیمانی‌یە: *(a ~ incident)*.

regrettably (ri-gret′ə-bli), *adv.* بە داخەوە؛ داخەکەم.

regroup (rē-grōōp′), *v.t. & v.i.* یەککرتنەوە؛ سەرلەنوێ کۆبوونەوە و خۆ ئامادەکردن بۆ هەنگاوی نایندە.

regular (reg′yoo-lēr), *adj.* (١) ئاسایی؛ دەستووری؛ ناجیاواز. (٢) ئاسایی؛ هەروەک خۆی یا جاران: *(He sat in his ~ place.)*. (٣) سەرومڕ؛ هەمیشەیی: *(a ~ customer)*. (٤) ڕێک‌وپێک؛ نەگۆڕ: *(a ~ pulse; ~ speed)*. (٥) دەستووری؛ لەسەر پەیڕەوێکی تایبەتی‌یە؛ بەجێ: *(~ meals)*. (٦) ڕێک‌وپێک. (٧) ئاسایی: *(a ~ doctor)*. (٨) [Colloq.]، تەواو، ئێجگار زۆر: *(a ~ nuisance)*. (٩) [Colloq.]، چاڵ؛ باش؛ پشت پێ بەستراو؛ ڕووخۆش. (١٠) هی ووشکەسۆفی؛ تایبەتی بەو پیاوە ئایینی‌یانەی لە پەرستگادا دەژین: *(the ~ clergy)* (١١) ئاسایی (ڕێزمان)؛ بێ هێز (کردار): *(The verb " go" is not ~ .; " Love" is a ~ verb.)* (١٢) چوونێک (نەندازە)؛ گۆشەکان و لاکانی هەموو چوون یەکن. (١٣) یاسایی (سوپا، سەربان): *(a ~ army)*. (١٤) دڵسۆز (نەندامی حیزب)؛ پەیڕەوێکەری حیزب.

n. (١) ووشکەسۆفی. (٢) سەربازی یاسایی. (٣) [Colloq.]: کەسێکی خو و ڕەووشت نەگۆڕ. (٤) نەندامێکی پەیڕەوێکەری حیزب.

regularity (reg′yoo-lar′ə-ti), *n.* ڕێک‌وپێکی؛ چوونیەکی؛ بەپەیڕەو جێبەجێکردن.

regularize (reg′yoo-lə-rīz′), *v.t.* ڕێک‌وپێک کردن؛ بەپەیڕەو یاسا یا پەیڕەو جێبەجێکردن.

regularly (reg′yoo-lēr-li), *adv.* (١) بە ڕێک‌وپێکی. (٢) ئاوبەئاوو بە ڕێک‌وپێکی؛ هەمیشە: *(He writes his family ~ .)*

regulate (reg′yoo-lāt′), *v.t.* (١) ڕێک‌وپێک کردن؛ ڕێکخستن؛ گونجاندن؛ پەیڕەو بۆ دانان: *(to ~ the heat)*. (٢) چاک کردن: *(to ~ a watch)*. (٣) بە ڕێک‌وپێکی بەڕێوەبردن: *(to ~ traffic)*.

regulation (reg′yoo-lā′shən), *n.* (١) ڕێک‌وپێک کردن؛ گونجان. (٢) پەیڕەو.

regulator (reg′yoo-lā′tēr), *n.* ڕێکخەر: (ا) ئامێری ڕێکخەر (پلەی ڕۆیشتنی ئاوو ئەلەکتریک و گاز...هتد). (ب) ڕێکخەری کاتژمێر.

regulatory (reg′yoo-lə-tôr′i, reg′yoo-lə-tō′ri), *adj.* هی ڕێکخستن؛ ڕێکخەر؛ تایبەتی بە ڕێک‌وپێک کردن.

regulus (reg′yoo-ləs), *n.* (١) ئەستێرەیەکە لە کۆنەستێرەی " شێر". (٢) (ا) ئەنتیمۆن: تۆخمێکی کیمیایی‌یە. (ب) خڵتەی کانزا. (ج) کانزای نەختێک پاک کراوە.

regurgitate (rē-gûr′jə-tāt′), *v.i.* بۆ دواوە چوون؛ تەووژم دان بۆدواوە.

v.t. هێنانەوەی خواردەمەنی لە سکەوە بۆ ئاو دەم (بۆ کاوێژکردن یا بۆ دان بە بەچکە وەک هەندێ باڵندە)؛ ڕشانەوە.

-**regurgitant** *(adj.)*; **regurgitation** *(n.)*.

rehabilitate (rē′hə-bil′ə-tāt′), *v.t.* (١) سەرمایەو پلەوپایەو ماف بۆ گەڕاندنەوە. (٢) ناوبانگی باش پێدانەوە پاش ناونزان. (٣) چاک کردنەوە (خانوو، ووڵاتی وێران کراو پاش جەنگ)؛ بووژانەوە؛ ئاوەدانکردنەوە. (٤) گەڕانەوە بۆ دۆخی باشی جاران: *(to ~ a prisoner after his release)*

-**rehabilitation** *(n.)*.

rehash (rē-hash′), *v.t.* داڕشتنی شتی کۆن بە شێوەیەکی تازە (بەتایبەتی لە پەخشان و هۆنراوەو باسی تردا).

n. (١) داڕشتنی باسی کۆن بەشێوەیەکی تازە. (٢) باسی کۆنی داڕێژراو بەشێوەیەکی تازە: *(The new article is just a ~ of old material .)*

rehearsal (ri-hûr′s'l), *n.* (١) گێڕانەوە: *(a ~ of her trouble)* (٢) تاقیکردنەوە؛ مەشق؛ پەراوە. (٣) پەراوە (شانۆنامە): *(the ~ of a play)*. in rehearsal, لە پەراوەدایە (شانۆنامە).

rehearse (ri-hûrs′), *v.t.* (١) بە دەنگی بەرز خوێندنەوە. (٢) گێڕانەوە (بەسەرهات). (٣) پەراوەکردن (شانۆنامە): *(to ~ a play)*. (٤) مەشق پێکردن؛ مەشق کردن. پەراوەکردن (شانۆنامە، ووتار...هتد).

v.i.

reich (rīk), *n.* (١) ئیمپراتۆرنشینی ئەڵمانیا لە سەدەی نۆهەمەوە هەتا سالّی ١٨٠٦ (ڕایخی یەکەم). (٢) ئەڵمانیا: (ا) ئیمپراتۆرنشینی ئەڵمانیا لە سالّی ١٨٧١– ١٩١٩ (ڕایخی دووهەم). (ب) کۆماری ئەڵمانی لە سالّی ١٩١٩– ١٩٣٣. (ج) ئەڵمانیای نازی لە سالّی ١٩٣٣– ١٩٤٥ (ڕایخی سێیەم).

reichsmark (rīks′märk′), *n.* مارکی ئەڵمانی: دراوی ئەڵمانیایە.

reify (rē′ə-fī′), *v.t.* شتی ڕووت یا بێ قەبارە بە شتی قەبارەدار دانان.

-**reification** *(n.)*.

reign (rān), *n.* (١) دەسەڵاتی شاهانە؛ دەسەڵاتی بێ سنوور؛ دەسەڵات. (٢) زاڵی؛ باڵوی؛ دەسەڵاتداری؛ بە بەرەوی: *(the ~ of fashion)*. (٣) ماوەی فەرمانڕەوایی پاشایەک. (٤) فەرمانڕەوایی: *(the ~ of terror)*. (٥) [Rare]، شانشین.

v.i. (۱) فەرمانڕەوایی کردن وەك پاشا؛ پاشایی کردن.
(۲) سەرکەوتن؛ بە برەو بوون؛ زاڵبوون: *(Peace ~s.)* .

Reign of Terror, (۱) سەردەمی تۆقاندن لەکاتی شۆڕشی فەرەنسادا لە ساڵی ۱۷۹۳-۱۷۹٤ کە سەری گەلێك کەسی تێدا پەڕێنرا.

reimburse (rē′im-bûrs′), *v.t.* (۲) [r- t-]، سەردەمی خوێن ڕژاندن و تۆقاندن.
بۆ بژاردنەوەی پارەو زیان؛ پارە پێدانەوە بە کەسێك (لەباتی ئەو پارەیەی داوێتی یا ئەو زیانەی ایێ کەوتووە) *(The company will ~ you for any loss.)* .

-reimbursable *(adj.)*; **reimbursement** *(n.)*.

reimpression (rē′im-presh′ən), *n.* لە چاپدانی دووەمی بەرتووکێك.

rein (rān), *n.* (۱) جڵەو؛ سەرکەلە.
(۲) جڵەو (مەجان)؛ هۆی دابینکردن.
(the ~s of government; the ~s of power)

v.t. (۱) جڵەوکردن (۲) دابینکردن؛ لغاوکردن (مەجان).

v.i. (۱) وەستاندن یا هێواش کردنەوە بە جڵەو.
(۲) [Rare]، ملدان (نەسپ)؛ سەرپێچی نەکردن؛ ملکەچ کردن.

draw rein, *Also* **draw in the reins,** (۱) جڵەوگرتن؛ جڵەوڕاکێشان؛ جڵەو توندکردنەوە. (۲) وەستاندن؛ هێواش کردنەوە.

give (free) rein to, جڵەو بۆ شل کردن؛ بەر بۆ بەرەڵاکردن؛ جڵەو بۆ بەرەڵاکردن؛ بەدەمەوەدان.

keep a rein on, جڵەو توندکردنەوە؛ جڵەوگرتن؛ دابینکردن.

reincarnate (rē′in-kär′nāt), *v.t.* زیندووکردنەوە.

reincarnation (rē′in-kär-nā′shən), *n.* (۱) زیندووبوونەوە؛ زیندووکردنەوە. (۲) بڕوای زیندووبوونەوەی مرۆڤ پاش مردن.

reindeer (rān′dêr′), *n.* ئاسکی شاخە پەلکدار.

reinforce (rē′in-fôrs′, rē′in-fōrs′), *v.t.* (۱) بەهێزکردن (بنکەی سوپایی)؛ سەربازو چەکی تازە بۆ ناردن. (۲) زیادکردن.
(۳) داگرتنەوە (تیکی پەراوێز). (٤) توندکردنەوە؛ قایم کردن.
(٥) پتەوکردن؛ بەهێزترکردن؛ پاڵپشتی کردن:
(He ~d his argument with new evidence.)

reinforced concrete, کۆنکریتی شیش بەند.

reinforcement (rē′in-fôrs′mənt), *n.* (۱) بەهێزکردن؛ پتەوکردن؛ توندکردنەوە. (۲) شتی بەهێزکەر یا پاڵپشتیکەر.
(۳) *(pl)* ، سەربازو چەکو کەرەسەی جەنگی تازە نێراو بۆ بنکەی سوپایی یا مەیانی جەنگ بۆ بەهێزکردنی ئەو لەشکرەی لەوێیە:
(New ~s were sent to the front.)

reins (rānz), *n.pl.* (۱) گورچیلە؛ کەلەکە؛ لاقەبرغە؛ لاخواروی پشتو کەلەکە (۲) سەرچاوەی هەست (کەوا بڕوا بوو کە لەکەلەکەدایە). (۳) هەست.

reinstate (rē′in-stāt′), *v.t.* دانانەوە لەسەر کار (پاش دەرکردن)؛ وەرگرتنەوە لە قوتابخانە؛ گێڕانەوە بۆ سەر کار؛ خستنەوەکار یا گێڕانەوە (یاسا): *(to ~ a worker, student, etc.)* .

reinstatement (rē′in-stāt′mənt), *n.* دانانەوە لەسەر ئیش؛ وەرگرتنەوە لە قوتابخانە؛ گێڕانەوەی یاسا یا پەیڕەو.

reinsure (rē′in-shoor′), *v.t.* بیمەکردنەوە؛ سەرلەنوێ بیمەکردن.

-reinsurance *(n.)*.

reinvest (rē′in-vest′), *v.t.* سەرلەنوێ وەبەرهێنانی سەرمایەو قازانجەکەی؛ دووبارە خستنە ئیشی سەرمایەو قازانج.

-reinvestment *(n.)*.

reis (rās), *n.* دراوی پورتوغاڵیە.

reissue (rē-ish′ōō, rē-ish′ū), *v.t.* لە چاپ دانەوە؛ پووڵ پۆستە دەرکردنەوە.

n. (۱) پەرتووکی سەرلەنوێ لەچاپدراو.
(۲) پووڵ پۆستەی سەرلەنوێ دەرکراو

reiterate (rē-it′ə-rāt′), *v.t.* دووبارەکردنەوە؛ دووپاتکردنەوە:
(He ~d the same statement he made yesterday.)

-reiteration *(n.)*.

reject (ri-jekt′, rē′jekt), *v.t.* (۱) نەویستن؛ پەسەند نەکردن؛ پازی نەبوون؛ بەدڵ نەبوون: *(to ~ an offer)* .
(۲) فڕێدان. (۳) ڕشانەوە.
(٤) بەرهەڵستی کردن؛ مل نەدان؛ لە لووت دان.

n. شت یا کەسی نەویسترا؛ شتی فڕێدراو؛ شتی بەکارنەهاتوو؛ شتی پەسەند نەکراو.

rejectamenta (ri-jek′tə-men′tə), *n.pl.* (۱) شتی بێ کەڵکو فڕێدراو؛ زبڵ. (۲) پیسایی؛ گوو.

rejection (ri-jek′shən), *n.* (۱) نەویستن؛ پەسەند نەکردن؛ پازی نەبوون؛ پەسەند نەکران. (۲) شتی پەسەند نەکراو یا نەویسترا

rejoice (ri-jois′), *v.i.* دڵخۆش بوون؛ دڵشاد بوون؛ زۆر پێ خۆش بوون؛ خۆشحاڵ بوون: *(We ~ in your success.)* .

v.t. دڵخۆش کردن؛ دڵشاد کردن.

rejoicing (ri-jois′iŋ), *n.* خۆشی؛ کامەرانی؛ شادی؛ دڵخۆشی.

rejoin (rē-join′), *v.t.* (۱) بەیەکگەیشتنەوە؛ چوونەوە لا؛ یەکگرتنەوە یا بەیەکگەیشتنەوە پاش جیابوونەوە: *(I will ~ you soon.)* .
(۲) یەك پێگرتنەوە.

v.i. یەکگرتنەوە پاش جیابوونەوە.

rejoin (ri-join′), *v.t.* وەڵام دانەوە؛ لە وەڵامدا ووتن.

v.i. (۱) وەڵام دانەوە. (۲) وەڵام دانەوەی دادخواز (دادگا).

rejoinder (ri-join′dĕr), *n.* (۱) (!) وەڵامی وەڵام. (ب) وەڵام.
(۲) وەڵامی داوا لەسەر بۆ داخواز (دادگا).

rejuvenate (ri-jōō′və-nāt′), *v.t.* گەنج کردنەوە؛ بووژاندنەوە؛ هێزی لاوی پێدانەوە؛ تازەکردنەوە (تین، ووزە، تاقەت)

-rejuvenation *(n.)*.

rejuvenescence (ri-jōō′və-nes′ns), *n.* گەنج بوونەوە.

rekindle (ri-kin′d'l), *v.t. & v.i.* داگیرساندنەوە؛ هەڵگیرسانەوە؛ تازەبوونەوە: *(to ~ a fire; Our hopes ~d.)* .

relapse (ri-laps′), *v.i.* (۱) گەڕانەوە بۆ دۆخی جاران.
(۲) نەخۆش کەوتنەوە پاش چاکبوونەوەیەکی کاتی؛ هەڵدانەوەی نەخۆشی؛ نەخۆش کەوتنەوە (۳) گەڕانەوە بۆ سەر خوو ڕەوشتی خراپ؛ دانەدواوە؛ بە پاشدا هاتن.

n. (۱) گەڕانەوە بۆ دۆخی جاران. (۲) هەڵدانەوەی نەخۆشی؛ نەخۆش کەوتنەوە. (۳) دانەدواوە؛ گەڕانەوە بۆ ڕەوشتو خووی خراپ.

relapsing fever, تای گەڕاوە؛ تای پێنج بەڕۆ؛ تای سەرهەڵدەرەوە.

relate (ri-lāt′), *v.t.* (۱) گێڕانەوە (چیرۆك)؛ ووتن.
(۲) پێشاندان یا بینینی پەیوەندی نێوان دوو شت:
(to ~ theory and practice; to ~ what the government claims to what is actually happening)

v.i. (~ to). پەیوەندی لەگەڵدا بوون یا پەیداکردن؛ ڕەفتار لەگەڵ کردن؛ هەڵسانو دانیشتن لەگەڵدا؛ پەیوەندی پێوە بوون:
(She can't ~ to people well.)

related (ri-lāt′id), *adj.* (۱) گێڕاوە (چیرۆك)؛ ووتراو.
(۲) پەیوەندیدار؛ پەیوەندی پێوە هەیە. (۳) خزمایەتیان هەیە.

relation (ri-lā′shən), *n.* (۱) گێڕانەوە (چیرۆك)؛ ووتن. (۲) چیرۆك.
(the ~ of the individual to society; (۳) پەیوەندی؛ پەیوەستی: *the ~ of theory and practice)*
(٤) خزمایەتی. (٥) خزم؛ کەس و کار.
(٦) *(pl.)* ، دۆستایەتی؛ پەیوەندی برادەرێتی:
(His ~s with his friends are good.)
(۷) *(pl.)* ، پەیوەندی نێو وڵاتان: *(foreign and trade ~s)*
(۸) بەگوێرەی؛ بەپێی.

in (or with) relation to, دەربارەی؛ سەبارەت بە؛ لە بابەت

-relational *(adj.)*.

relashionship (ri-lā′shən-ship′), *n.* (۱) پەیوەندی؛ پەیوەستی. (۲) خزمایەتی.

relative (rel′ə-tiv), *adj.* (۱) پەیوەندیدار؛ پەیوەندی پێوەیە؛ دەربارەی؛ سەبارەت بە: *(His letter was ~ to this matter.)*. (۲) هاوڕێژە؛ هاوپەیوەند: *(We ended in the same ~ positions.)*. (۳) بەراوردی؛ دەکەوێتە سەر شتی تریش نەک هەر شتەکە خۆی؛ بەگوێرەی؛ بەستراوە بەشتی ترەوە و بە تەنها هەڵ ناسەنگێنرێ؛ لە چاو: *(~ wages; " strength" , " speed", "cold", and "heat" are ~ terms.; He accepted defeat with ~ calmness.)*

(٤) تایبەتی بە ووشەی لێکدەر (ڕێزمان): (وەک ووشەی " which " لەم نیمچە ڕستەیەدا): *(the hat which you bought)*

n. (۱) ووشەی لێکدەر (ڕێزمان). (ژمارە چوار ببینە). (۲) شتی هاوڕێژە؛ شتێکی هەڵسەنگێنراو لەچاو شتێکی تردا. (۳) خزم؛ کەس‌وکار.

relative to, (۱) دەربارەی؛ لەبووی؛ سەبارەت بە. (۲) لەچاو؛ ئەگەر بەراوردی بکەیت لەگەڵ شتێکی تردا.

relatively (rel′ə-tiv-li), *adv.* لەچاو شتی تردا؛ ئەگەر بەراوردی بکەیت لەگەڵ شتی تردا: *(a ~ unimportant matter; He is ~ rich.)*

relative clause, نیمچە ڕستەی پەیوەندی: نیمچە ڕستەیەکە کە بە ڕاناوی لێکدەر دەست پێ دەکات (ڕێزمان): (وەک " who hesitates " لەم ڕستەیەدا): *(He who hesitates is lost.)*

relative pronoun, ڕاناوی لێکدەر (ڕێزمان). (وەک ڕاناوی " who " لەم ڕستەیەدا): *(He who hesitates is lost.)*.

relativism (rel′ə-tiv-iz′m), *n.* فەلسەفەی ڕێژەیی؛ بیروباوەڕێکە کە دەڵێت ڕاستی و هەڵسەنگاندنی ڕاستییەکانی ژیان دەکەوێتە سەر مروڤ خۆی و کات و شوێن و باری ژیانی؛ فەلسەفەی هاوپەیوەندی.

relativist (rel′ə-tiv-ist), *n.* (۱) پەیڕەوێکەری فەلسەفەی ڕێژەیی. (۲) زانای بیردۆزەی ڕێژەیی (فیزیا).

relativity (rel′ə-tiv′ə-ti), *n.* (۱) هاوڕێژەیی؛ بەراوردی؛ هاوپەیوەندی دوو شت یا زیاتر لەگەڵ یەکتردا؛ پەچاوکردنی شتێک لەچاو شتێکی تردا. (۲) بیردۆزەی هاوڕێژەی ئەنیشتاین دەربارەی فیزیای گەردوون (کە دەڵێت هەڵسەنگاندن و پێوانی هیچ شتێک بە تەنها ناکرێت بەڵکو بە هاوپەیوەندی لەگەڵ یا لەچاو شتی تردا.)

relator (ri-lā′tēr), *n.* چیمۆکبێژ؛ چیمۆک گێڕەوە.

relax (ri-laks′), *v.t.* (۱) شل کردن: *(He ~ed his hold.)*. (۲) جڵەوشل کردن؛ خاوکردنەوە؛ نەرم کردن: *(She ~ed her discipline of the child.)* (۳) کەمکردنەوە؛ خاوبوونەوە (هەوڵ): *(He ~ed his efforts.)*. (٤) پشوو پێدان؛ حەواندنەوە: *(to ~ the mind, muscle, etc.)*.

v.i. (۱) خاوبوونەوە (ماسولکە)؛ شل بوون. (۲) جڵەو شل بوون؛ زەبرو تووندوتیژی کەم بوونەوە. (۳) پاڵ لێدانەوە؛ پشت لێکردنەوە؛ ئارام گرتن؛ پشوودان: *(He can't ~ because he has too many thing on his mind.)*

relaxant (ri-laks′ənt), *n.* دەرمانی خاوکردنەوەو کرژی نەهێشتنی ماسولکە یا پشوودان بە مێشک.

adj. پشووپێدەر ؛ دەرمان)؛ خاوکەرەوە.

relaxation (rē′lak-sā′shən), *n.* (۱) خاوکردنەوە؛ خاوبوونەوەی کرژی نەمان *(~ muscle)*. (۲) جڵەو شل کردن؛ زەبرو تووندوتیژی کەم بوونەوە؛ خاوکردنەوە: *(a ~ of the rules)* (۳) پشوودان؛ حەوانەوە.

(٤) پاببواردن؛ کەیف‌و خۆشی: *(I play tennis for ~)*.

relay (rē′lā), *n.* (۱) (ا) دەستە ئەسپی حەساوە بۆ نۆرە پێ کردن لەگەڵ ئەسپی ماندووبوا لە گەشتێکی چەند قۆناغیدا؛ نۆرە. (ب) دەستە سەگی حەساوەی نۆرە پێ کراو لە ڕاو یا گالیسکەی بەفرێندا. (۲) دەستە کرێکاری نامادە بۆ نۆرەکردن‌و پشوودان بەوانەی ماندوون؛ شەفتی کرێکار؛ نۆرە. (۳) نامێری ووزە گوێزەرەوە و بەهێزکەر (کارەبا، مەکینەکاری). (٤) (ا) پێشبڕکێی بە نۆرە؛ دەست بەدەست گەیاندن (پێشبڕکێ). (ب) قۆناغێکی ئەم پێشبڕکێیە.

v.t. (۱) پێ گەیاندن (پەیام، دەنگ‌وباس): *(to ~ a massage)*. (۲) نۆرەکردن بە دەستە ئەسپ‌و سەگ‌و کرێکاری ماندو و جێ گرتنەوەیان بە هی حەساوە. (۳) ووزە گواستنەوەو بەهێزکردن (کارەبا، مەکینەکاری).

relay (rē′lā′), *v.t.* داناندەوە؛ سەرلەنوێ داناندن.

relay race, پێشبڕکێی بە نۆرە: بریتییە لە پێشبڕکێیەکی چەند قۆناغی کە ئەندامی تیپەکە هەریەکەیان لە قۆناغێکیدا ڕادەکەن.

release (ri-lēs′), *v.t.* (۱) بەڕەڵاکردن؛ بەردان؛ ئازادکردن: *(to ~ a prisoner)* (۲) هاویشتن (تیر، بۆمبا)؛ فڕێدان. (۳) ڕژاندن؛ لێ هێنانەدەرەوە (شلە، هەوا، گاز). (٤) بەخشین (لە قەرزدانەوە، باج دان...هتد)؛ لێ خۆش بوون. (٥) ئازادکردن (لە ناخۆشی و گیروگرفت)؛ ئارام پێدان. (٦) بڵاوکردنەوە (بەیاننامە، دەنگوباس): *(to ~ a statement)*. (۷) دەست لێ هەڵگرتن‌و دان بە کەسێکی تر (ماف، داوا).

n. (۱) بەردان؛ بەرەڵاکردن؛ ئازادکردن: *(the ~ of prisoners)*. (۲) بەخشین (لە باج یا قەرزدانەوە)؛ لێ خۆش بوون. (۳) ئازادنامە؛ بەخشنامە. (٤) بەرەڵاکردن؛ بەردان. (٥) ڕژان؛ ڕژاندن؛ لێ هاتنەدەرەوە (شلە، گاز، هەوا). (٦) نامێری دەستپێکردن‌و کۆژانەوەی مەکینە. (۷) (ا) بڵاوکردنەوە (پەڕتووک، فیلم، دەنگوباس...هتد). (ب) شتی بڵاوکراوە (پەڕتووک، فیلم، دەنگوباس...هتد). (۸) (ا) دەست لێ هەڵگرتن بۆ کەسێکی تر (ماف، داوا). (ب) بەڵگەنامەی ئەم دەست لێ هەڵگرتنە.

release (rē′lēs′), *v.t.* بە کرێ دانەوە؛ بە کرێ گرتنەوە؛ سەرلەنوێ بە کرێ دان یا بە کرێ گرتن.

relegate (rel′ə-gāt′), *v.t.* (۱) دەرکردن لە وڵات؛ دەرکردن؛ ئاوارەکردن؛ شاربەدەرکردن. (۲) لە پلەو پایەیەکی نزمدا دانان؛ لە پلەی نزمدا فڕێدان. (۳) پۆل پۆل کردن؛ بابەت بابەت کردن. (٤) ئیش پێ سپاردن: *(The director ~d the work to his assistant.; to ~ authority to a subordinate)*

-relegation *(n.)*.

relent (ri-lent′), *v.i.* (۱) دڵ نەرم بوون؛ خاوبوونەوە؛ کۆڵ دان؛ دڵ دامێنان؛ لە تووندوتیژی کەم بوونەوە. (۲) [Obs.]، تووانەوە.

v.t. [obs.]. دڵ نەرم کردن؛ خاوکردنەوە؛ دڵ پێ دامێنان.

relentless (ri-lent′lis), *adj.* (۱) دڵڕەق؛ دڵ سەخت؛ تووندوتیژ؛ دڵ نەرم بوونی بۆ نەیە: *(a ~ enemy)*. (۲) کۆڵنەدەر؛ بێ ووچان؛ بێ ئامان؛ هەرگیز نەوەستاو: *(a ~ effort, storm, wind, etc.)*

relevance (rel′ə-vəns), *n.* پەیوەندی (بە باسەوە): *(What you say has no ~ to the subject.)*

relevancy (rel′ə-vən-si), *n.* = **relevance.**

relevant (rel′ə-vənt), *adj.* پەیوەندیدار (بە باسەوە)؛ پەیوەندی پێوە هەیە: *(This matter is not ~ to our discussion.)*.

reliability (ri-lī′ə-bil′ə-ti), *n.* پشت پێ بەستران؛ پشت پێ بەستن.

reliable (ri-lī′ə-b'l), *adj.* پشت پێ بەستراو؛

پشتی پێ دەبەستێ (مرۆڤ، شت).

reliably (ri-līə-bli), *adv.* (١) بە جۆرێك كە پشتی پێ ببەستێ.
(٢) بە رادەیەك كە پشتی پێ ببەستێ؛ تا پلەیەكی پشت پێ بەستراو.

reliance (ri-lī′əns), *n.* (١) پشت پێ بەستن؛ بڕوا پێ بوون.
(٢) شتی پشت پێ بەستراو.

reliant (ri-lī′ənt), *adj.* (١) پشت پێ بەست؛ پشت پێ بەستوو.
(٢) پشت بە خۆ بەست.

relic (rel′ik), *n.* (١) كۆنینە؛ پاشماوەیەكی نەریت‌و شتی كۆن:
(The death penalty is a ~ of the past.)
(٢) نوشتە؛ مووفەرك؛ پاشماوەی پیاوێكی ئایینی یا كەسێكی خۆبەختكەر كە خەڵك بیپەرستێ‌و بە مووفەرگی دانێ. (٣) یادگار.
(٤) (*pl*) ، لاشەی مردوویەك.

relict (rel′ikt), *n.* (١) بێوەژن. (٢) گیاندارێك یا پووەكێكە كە هێشتا هەر بڕی هەرچەندە توخمەكەی قڕی تێكەڵتووە.
adj. (١) تایبەتی بە گیاندارێك یا پووەكێكی وەها كە هێشتا بەردەوام بێت لەژیاندا. (٢) بێوەژن بوو؛ بێوەپیاو بوو.

relief (ri-lēf′), *n.* (١) دەروو؛ دەرفەت؛ چارە؛ ئاسوودەیی؛ بار سووك بوون. (٢) شتی ئاسوودەبەخش یا بار سووككەر.
(٣) یارمەتی (بەتایبەتی لە میریەوە بۆ هەژارو لێقەوماوان).
(٤) هانا؛ فریاكەوتن؛ (بەتایبەتی هی خەڵكی لێ قەوماو، شارێكی ئابلوقەدراو؛ یا لەشكرێكی گەمارۆدراو)؛ یارمەتی.
(٥) (ا) پشوو پێدان یا نۆرە لەگەڵ كردنی كرێكار یا پاسەوانی ماندوو.
(ب) پشوودێدەر یا نۆرە لەگەڵ كەر.
(٦) (ا) نەخشی دەرپۆقیوی پەیكەرو دیوار (پەیكەرتاشی، خانووسازی).
(ب) پەیكەری قۆرتاوی یا دەرپۆقیو. (٧) بەرزونزمی زەوی.
(٨) پەردەیەكی قۆشمەی شانۆنامە؛ بەشێكی پێكەنینباوی چڕوكێك.
(٩) چاڵوچۆڵی یا قۆرتی دەرپۆقیوی تابلۆ.
(١٠) بەرزونزمی یا چاڵوچۆڵی پوویەك.

in relief, دەرپۆقیو (خانووسازی)؛ چاڵوچۆڵی تێدایە (تابلۆ).
on relief, یارمەتی لە میریەوە وەردەگرێت لەبەر هەژاری.
(He is on relief.)

relief map, نەخشەی بەرزو نزمی پیشاندەر وەك شاخ‌و دۆڵ‌و چەم‌و پوبار

relieve (ri-lēv′), *v.t.* (١) بار سووك كردن؛ بار لە كۆڵ كردنەوە؛ سەر سووك كردن. (٢) (ا) لە ئێش‌و ئازارو ناخۆشی پزگاركردن:
(to ~ his pain)
(ب) چاككردنەوە؛ چارەكردن؛ تیماركردن.
(to ~ the poor ; to ~ a besieged city) (٣) یارمەتیدان؛ فریاكەوتن .
(٤) (ا) بەخشین (لە قەرز یا پێویستیەكی سەرشان)؛ لێ خۆش بوون.
(ب) بار لە كۆڵ كردنەوە؛ باری سەرشان لابردن.
(٥) نۆرە لەگەڵ كردنی كرێكار یا پاسەوانی ماندوو؛ پشوو پێدان:
(She ~d the nurse.)
(٦) لێ خستن؛ دەركردن؛ لابردن لەسەر كار.
(٧) لە ووشكی‌و ناخۆشی شتێك كەمكردنەوە.
(٨) میزو گوو كردن: *(to ~ oneself)* .

relievo (ri-lē′vō), *n.* = relief # 6.

religion (ri-lij′ən), *n.* (١) ئاین.
(٢) شتێكە كە بووبێت بە ئایینی كەسێك نەوەندە پەیڕەوی دەكات:
(Cleanliness was a ~ to him.)

religionism (rilij′ən-iz'm), *n.* (١) ئاین زۆر بە توندوتیژی گرتن؛ لە رادە بەدەر ئاین پەرستی. (٢) لە نەندازە بەدەر بە ئایینی سەرزاری.
-religionist *(n.).*

religiose (ri-lij′i-os′), *adj.* (١) زۆر بە ئاین؛ زۆر لەخواترس.
(٢) زۆر بە ئاین؛ بە سەرزاری.

religiosity (ri-lij′i-os′ə-ti), *n.* (١) لە نەندازە بەدەر بە ئایینی.
(٢) زۆر بە ئایینی سەرزاری؛ خۆ زۆر بە ئایندار پیشاندان.

religious (ri-lij′əs), *adj.* (١) بە ئاین؛ ئایندار.
(٢) ئایینی؛ تایبەتی بە ئاین: *(~ books)* .
(٣) تایبەتی بە كۆمەڵێكی لەخواترس یا ووشكەسۆفی؛ تایبەتی بە نەندامی كۆمەڵێكی وەها.
(٤) زۆر بە وردی پەیڕەوكەری شتێك: *(He is ~ about cleanliness.)* .
n. ووشكەسۆفی؛ پیاو یا ژنی لە پەرستگا ژیاو.
-religiously *(adv.)*; **religiousness** *(n.).*

relinquish (ri-liŋ′kwish), *v.t.* (١) وازلێهێنان؛ بەجێهێشتن.
(٢) دەست لێ هەڵگرتن؛ دان بەدەستەوە:
(We will not ~ any part of our country.; to ~ authority)
(٣) دەست لێ بەرەڵاكردن؛ دەست شل كردن.
-relinquishment *(n.).*

reliquary (rel′ə-kwēr′i), *n.* نوشتەخانە؛ مووفەرك خانە؛ سندووقێك یا ئارامگایەكە كە پاشماوەی پیاوێكی ئایینی تێدا هەڵدەگیرێ.

relique (rel′ik, ri-lēk′), *n.* [Archaic],= relic.

reliquiae (ri-lik′wi-ē′), *n.pl.* پاشماوەی بەردیتی گیاندارو پووەك.

relish (rel′ish), *n.* (١) (ا) تام؛ چەژ. (ب) تامێكی تایبەتی.
(٢) نەختێك؛ تۆزێك. (٣) بۆن‌و بەرامە؛ تامێكی خۆش.
(٤) جۆش؛ تاس؛ بەدڵ: *(He eats with ~ .)* .
(٥) شتێكی خۆش.
(٦) ترشیات؛ بەهارات.
v.t. (١) تام‌و بۆن‌و بەرامەی خۆش پێدان.
(٢) بەدڵ بوون؛ بە لاوە زۆر خۆش بوون؛ بە دڵەوە نووسان؛ حەزلێكردن.
v.i. تامێكی خۆش دان؛ بۆن‌و بەرامە خۆش بوون.

relucent (ri-lōō′s'nt, ri-lū′s'nt), *adj.* بریقەدار؛ شەوقدەرەوە.

reluct (ri-lukt′), *v.i.* [Rare], دڕ وەستان؛ بەرهەڵستی كردن؛ نابەدڵی پیشاندان.

reluctance (ri-luk′t'ns), *n.* (١) نابەدڵی؛ دوودڵی؛ بێ مەیلی؛ حەز پێ نەكردن؛ نەویستن. (٢) [Rare]، دڕ وەستان؛ بەرگری.
(٣) بەرهەڵستی موگناتیسی.

reluctancy (ri-luk′t'n-si), *n.* = reluctance.

reluctant (ri-lukt'nt), *adj.* (١) نابەدڵ؛ حەز پێ نەكەر؛ نەویست؛ بێ مەیل: *(He was ~ to help us.)* .
(٢) بە نابەدڵیەوە كراو؛ بە خۆشی خۆ نەكراو: *(a ~ answer)*
(٣) [Rare]، دڕ وەستاو؛ دژ بەرهەڵستیكەر.

reluctantly (ri-lukt'nt-li), *adv.* بە نابەدڵیەوە؛ بە ناحەزیەوە.

reluctivity (rel′ək-tiv′ə-ti), *n.* بەرهەڵستی موگناتیسی.

relume (rē-lōōm′, rē-lūm′), *v.t.* داگیرساندنەوە.

rely (ri-lī′), *v.i.* (١) پشت پێ بەستن؛ پێدا ڕاپەڕموون.
(٢) (~ on; ~ upon) ، بڕواپێكردن؛ پشت پێ بەستن.

remain (ri-mān′), *v.i.* (١) مانەوە؛ لێ مانەوە:
(Nothing ~ed of the village.)
(٢) مانەوە (لە شوێنێك)؛ گل خواردنەوە: *(He ~ed in the house.)* .
(٣) بەردەوام بوون لەسەر: *(He ~ed optimistic.)* .
(The old house still ~s.) (٤) مانەوە؛ نەفەوتان؛ دەربردن:
(Much ~s to be done.) (٥) مانەوە (ئیشوكار)؛ تەواو نەبوون:

remainder (ri-mān′dēr), *n.* (١) دوا ماوە؛ ماوە؛ پاشماوە؛ لێ ماوە:
(He ate the ~ of the sandwich.)
(٢) پەرتووكی بێ بازاڕی بە هەرزان فرۆشراو.
(٣) دوا ماوە (ژمارەو پێوان)؛ ماوە.
adj. ماوە؛ پاشماوە؛ دواماوە.
v.i. پەرتووك‌و شتی بێ بازاڕ فرۆشتن بە هەرزان.

remains (ri-mānz′), *n.pl.* (١) دوا ماوە؛ پاشماوە؛ ماوە؛ پاشەڕۆك.
(٢) شوێنەوار؛ جێ نیشانە؛ نیشانە.

(٣) شتی لە کۆنەوە بەجێماو (خانوو، پەیکەر... هتد).
(٤) لاشە؛ نێسک‌و پرووسک.
(٥) نووسراوی بلاّونەکراوەی لە دوا بەجێماوی نووسەرێکی مردوو.
(٦) نووسراوی لەدوا بەجێماوی نووسەرێکی کۆن.

remake (rē-māk′, rē′māk′), *v.t.* سەرلەنوێ دروستکردنەوە.
n. شتی سەرلەنوێ دروستکراو.

reman (rē-man′), *v.t.* (١) کرێکار یا سەربازی تازە بۆ ناردن.
(٢) غیرەت خستنەوە بەر؛ زات نانەوە بەر؛ وورە نانەوە بەر.

remand (ri-mand′), *v.t.* (١) ناردنەوە؛ گێڕانەوە
(٢) : ناردنەوەی بەندێك بۆ بەندیخانە (بۆ زیاتر لێکۆڵینەوەی داواکارییەکەی).
(ب) ناردنەوەی داوایەك لە دادگایەکی بەرزەوە بۆ هی نزم (بۆ زیاتر لێکۆڵینەوەی)
n. (١) : ناردنەوە بۆ بەندیخانە؛ خستنەوە بەندیخانە.
(ب) ناردنەوەی داوایەك لە دادگای بەرزەوە بۆ هی نزم.
(٢) کەسێکی نێردراوە بۆ بەندیخانە.

remanence (ri-mān′əns), *n.* (١) مانەوە؛ نەفەوتان؛ دەربڕدن.
(٢) ماوە؛ دوا ماوە؛ پاشماوە. (٣) پاشماوەی تەوژمی موگناتیسی پاش لابردنی سەرچاوەی هێزە موگناتیسییەکە (فیزیا).

-remanent *(adj.).*

remark (ri-märk′), *v.t.* (١) تێبینێ؛ بینین؛ سەرنج دان.
(٢) تێبینی کردن؛ ووتن دەربارە؛ لێ دووان؛ ووتن.
(٣) [Obs]، نیشانەکردن؛ جیاکردنەوە.
v.i. (~ on; ~ upon), تێبینی کردن؛ ووتن دەربارە؛ را دەربڕین دەربارە.
(This point has often been ~ed upon.)
n. (١) سەرنج؛ بینین؛ تێبینی. *(a place worthy of ~).*
(٢) تێبینی؛ ووتە؛ لێ دووان. *(to make a few ~s).*
(٣) remarque.

remarkable (ri-mär′kə-b'l), *adj.* (١) شایانی باسە؛ سەیر.
(٢) سەرنەسا؛ نایاب؛ ناناسایی *(a ~ person, event, etc.).*

-remarkableness *(n.).*

remarkably (ri-mär′kə-bli), *adv.* بەشێوەیەك کە شایانی باسە یا سەرنج رادەکێشێ؛ تارادەیەکی زۆر؛ بە شێوەیەکی ناناسایی؛ زۆر بە باشی.

remarque (ri-märk′), *n.* نیشانەی سەر قەراغی کلێشە (چاپەمەنی).

remediable (ri-mē′di-ə-b'l), *adj.* چارەدار؛ چارە دەکرێ؛ دەرمان دەکرێ

remedial (ri-mē′di-əl), *adj.* (١) چارەکەر؛ دەرمانکەر؛ چاککەرەوە.
(٢) بۆ لابردن یا پاستکردنەوەی کەموکوڕییەکە (بەتایبەتی هی خوێندن و نووسین) *(a ~ class in reading and writing).*

remediless (rem′ə-di-lis), *adj.* بێ چارە؛ چارەی نەبێ؛ دەرمانی نەبێ

remedy (rem′ə-di), *n.* (١) دەرمان؛ چارە؛ چار.
(٢) چارەسەر؛ چارەکردن؛ چارە
(٣) ڕێگایەکی یاسایی بۆ سەندنەوەی مافێك یا چارەکردنی ناڕەوایی‌یەك.
v.t. (١) چاککردنەوە؛ دەرمان کردن؛ چارەکردن.
(٢) چارەسەرکردن؛ پاستکردنەوە؛ چارەکردن؛ کەموکوڕی لابردن.

remember (ri-mem′bĕr), *v.t.* (١) هاتنەوە بیر؛ بیرکەوتنەوە:
(He tried to ~ her name.)
(٢) لەبیربوون؛ لەیادبوون؛ لەبیر نەچوونەوە.
(٣) لەبەرچاو بوون (چاکە).
(٤) : بەسەرکردنەوە (بۆ بەخشیش پێدان یا چاکە لەگەڵ کردن).
(ب) بەخشیش پێدان.
(٥) سڵاوڵێکردن: *(~ me to your father.).*
(٦) [Obs]، بیرخستنەوە؛ خستنەوە یاد
v.i. (١) لەبیربوون؛ لەیادبوون (٢) بیرکەوتنەوە.
(٣) بیر هەبوون؛ توانای بیرکردنەوەو لەبیربوون هەبوون

remembrance (ri-mem′brəns), *n.* (١) لەبیربوون؛ لەیادبوون.
(٢) بیر؛ یاد؛ ماوەی لەبیرمان؛ ماوەی لەیادبوون.
(٣) یادکردنەوە؛ ئاهەنگی یادکردنەوە.
(٤) بیرەوەری. (٥) یادگار.
(٦) *(pl.)* ، سڵاو: *(to send ~s to someone) .*

remembrancer (ri-mem′brən-sĕr), *n.* (١) بیرخەرەوە.
(٢) [Rare]، کاربەدەستی قەرز کۆکەرەوە یا وەرگرەوە (لە ئینگلتەرە).
(٣) یادگار.

remex (rē′mcks), *n.* (*pl.* remiges), شاپەر.

remind (ri-mīnd′), *v.t. & v.i.* بیرخستنەوە؛ هێنانەوە بیر؛ خستنەوە یاد: *(She ~ed me of it.) .*

reminder (ri-mīn′dĕr), *n.* بیرخەرەوە؛ یادخەرەوە (نامە، شت):
(She forgot her promise, so I sent her a ~ .)

remindful (ri-mīnd′fəl), *adj.* (١) لەبیری نەچووە؛ لەیادێتی.
(٢) بیرخەرەوە؛ یادخەرەوە.

reminisce (rem′ə-nis´), *v.i.* (١) یادی کۆن کردنەوە؛ بیر لەشتی کۆن کردنەوە. (٢) لەسەر شتی کۆن نووسین یا دووان.

reminiscence (rem´ə-nis′′ns), *n.* (١) یادی شتی کۆن کردنەوە؛ بیر لەکاتی کۆن کردنەوە. (٢) یاد؛ بیر.
(٣) *(pl.)* ، یادداشت؛ بیرەوەری؛ یادی کۆن.
(٤) بیرخەرەوە؛ یادخەرەوە؛ شتێکە یادی شتێکی ترت دەکاتەوە.

reminiscent (rem´ə-nis′′nt), *adj.* (١) بیر لە شتی کۆن کەرەوە؛ باسی شتی کۆن کەر بە تاسەوە: *(a ~ person) .*
(٢) بیری شت یا پوودانی کۆنت دەخاتەوە؛ لە پووداو یا کاتی ڕابوردوو دەچێت:
(a scene ~ of the idyllic life in his village)

remise (ri-mīz′), *v.t.* دەست هەڵگرتن لە ماف (دادگەری).

remiss (ri-mis′), *adj.* (١) کەمتەرخەم؛ گوێ پێ نەدەر؛ بە باشی پێ هەڵ نەساو: *(to be ~ in one's duties) .*
(٢) کەمتەرخەمی پیشان دەدات؛ نیشانەی نەزانی‌و گوێ پێ نەدانە
(٣) سست؛ تەمەڵ؛ خاو.

-remissness *(n.).*

remissible (ri-mis′ə-b'l), *adj.* دەبەخشرێت (گوناە، تاوان)؛ لێ خۆش بوون یان لێبوردنی هەیە.

remission (ri-mish′ən), *n.* (١) لێبوردن (گوناە، تاوان)؛ بەخشین: *(the ~ of sins)*
(٢) لێ خۆش بوون (قەرز، باج، سزا)؛ دەست لێ هەڵگرتن؛ وازلێهێنان
(٣) کەم بوونەوە (گەرمی، ساردی)؛ کزبوون.
(٤) سووك بوون؛ (نەخۆشی، ئازار)؛ کەم بوونەوە (تووندوتیژی نەخۆشی)؛ کزبوون؛ وەستان: *(a ~ of his fever, cancer, etc.) .*

remit (ri-mit′), *v.t.* (١) لێ خۆش بوون (گوناە)؛ بەخشین؛ لێبوردن:
(God will ~ sin.)
(٢) (أ) لە قەرز خۆش بوون؛ باج لێ سەندن.
(ب) سزا لەسەر لابردن؛ لە سزا خۆش بوون.
(٣) کەمکردنەوە (هەوڵ)؛ خاوبوونەوە: *(He ~ted his efforts.) .*
(٤) گەڕاندنەوە بۆ دۆخی جاران؛ خستنەوە شوێنی خۆی؛ وەك خۆی لێ کردنەوە.
(٥) ناردنەوەی داواکارییەك بۆ دادگایەکی نزمتر بۆ زیاتر لێکۆڵینەوەی.
(٦) دانی مەسەلەیەك بە دەزگا یا کەسێکی شارەزا بۆ لێکۆڵینەوەی.
(٧) قەرزدانەوە؛ پارەدان؛ پارە ناردن:
(Please ~ this amount by the due date.)
(٨) دواخستن (بۆ لێکۆڵینەوەی تر).
(٩) [Rare]، ناردنەوەی بۆ بەندیخانە.
v.i. (١) کزبوون؛ کەم بوونەوە. (٢) دانەوە (قەرز)؛ پارە پێدان؛ پێدان.

-remitable *(adj.)*; **remittor** *(n.).*

remittal (ri-mit′′l), *n.* = remission.

go for a ride, گەڕان (بە سواری ئوتومبیل یا ئەسپ)؛ چوون بۆ گەڕان یا گەشتێکی کورت
ride down, (۱) لێدان و دان بەزەویدا (بە سواری).
(۲) گرتنەوە؛ پێ گەیشتنەوە. (۳) زاڵبوون بەسەردا؛ بەزاندن.
(٤) ڕەتاندن؛ زۆر ماندووکردنی ئەسپ.
ride out, (۱) سەرناوکەوتن و بەرگەگرتنی زیان بەبێ زیانی زۆر.
(۲) بەرگەی ناخۆشی و نەهاتی گرتن؛ دەربردن لەکاتی کارەساتدا؛ هیچ لێ نەهاتن
take for a ride, [Slang]. (۱) بردن بە ئوتومبیل و کوشتن (لەسەر شێوەی شەلاتی و چەتە)؛ بردن و سەرنگووم کردن
(۲) هەڵخەڵەتاندن؛ دەستبڕین.
rider (rīd′ĕr), *n.* (۱) سوار (ئەسپ، پاسکیل، ماتۆرسکیل)؛ ئەسپ سوار.
(۲) پاشکۆی بروانامە یا پاپۆرێک.
(۳) بەندی خراوەسەر گەڵاڵەی یاسا وەک پاشکۆ بۆ مۆرکردنی.
(٤) پارچەی بەستراو بە شتێکی تردوە.
ridge (rij), *n* (۱) تیرەغەی پشتی وواڵخ؛ پشتی گیاندار.
(۲) بەرزایی (شەپۆل، زەوی)؛ لووتکە؛ پۆپ؛ سەردێراو؛ بەرزەک.
(۳) تیغەشان؛ تیرەغە؛ لووتکە (شاخ. بەرد)؛ ئاوڕێژان؛ قەراغ:
(a mountain ~)
(٤) هێڵی قۆقز (وەک هی سەر جل یا شتی تر).
(٥) تیرەغە یا شوێنی لێکدانی دوو دیوی سەربانی لێژ (خانووسازی ڕۆژئاوایی):
(a ~ of a roof)
v.t. & v.i. لێکدان و تیرەغە لێ دروستکردن؛ وەک تیغەشان لێهاتن؛ هێڵی ڕۆیی پێکهێنان
ridgepiece (rij′pēs´), *n.* = ridgepole.
ridgepole (rij′pōl´), *n.* تیرگە (لەسەربانی خانووی ڕۆژئاواییدا).
ridicule (rid′i-kūl´), *n.* لاقرتی؛ گاڵتەپێکردن؛ گاڵتەکاری؛ پێ پێکەنین.
v.t. گاڵتەپێکردن؛ پێ پێکەنین؛ لاقرتی پێکردن.
ridiculous (ri-dik′yoo-ləs), *adj.* بۆ پێکەنین باشە؛ بێ مانا؛ شایستەی لاقرتێیە؛ هیچ وپووچ.
riding (rīd′iŋ), *adj.* (۱) سواربوو؛ سوار؛ ئەوەی سوار دەبێ.
(۲) بۆ سواربوون بەکاردەهێنرێت؛ هی سواری:
(a ~ costume ; ~ horses)
riding crop, قامچی ئەسپ سوار.
riding habit, بەرگی سواری (بەتایبەتی هی ئافرەت).
riding school, ڤوتابخانەی ئەسپ سواری
rife (rīf), *adj.* (۱) باڵو؛ بە هەمووشوێنێکدا باڵووبووەتەوە؛ هەموشوێنێکی گرتووەتەوە:
(Disease is ~ among them.; Gossip was ~ .)
(۲) زۆر؛ زەبەند.
(۳) پڕە لە: *(The report was ~ with error.)* .
riffle (rif′l), *n.* (۱) (ا) لێژایی ناو ڕووبار؛ تیرەبەردی ناو ڕووبار (کە دەبێتە هۆی پەیدابوونی خۆڕاو). (ب) خۆڕاو؛ ڕێژاو؛ قەڵبەزە.
(۲) دەستە کاغەزی یاریو قومار تێکەڵاوکردن بە پەنجە گەورەی هەردوو دەست.
v.t. & v.i. (۱) بوون بە خۆڕاو یا ڕێژاو.
(۲) هەڵدانەوەی پەڕەی پەڕتووک خێرا خێرا بە پەنجە گەورە.
(۳) تێکەڵاوکردنی دەستە کاغەزی یاریو قومار بە پەنجە گەورەی هەردوو دەست.
riffraff (rif′raf´), *n.* (۱) ڕووتەڕووتە؛ لاتولووت.
(۲) زێل؛ گەنوگوو؛ شتی بۆگەنی فڕێدراو.
rifle (rī′f'l), *v.t.* درزکردنی لوولەی تفەنگ.
v.i. تفەنگ تەقاندن.
n. (۱) تفەنگ. (۲) (*pl.*) ، دەستە سەربازی تفەنگ لە شان.
rifle (rī′f'l), *v.t.* (۱) تاڵان کردن.
(۲) ڕووتکردنەوە؛ پشکنین و ڕووتکردنەوە.
(۳) بڕین (مال، خەزنە)؛ گسک لێدان: *(to ~ a safe, house, etc.)* .
(٤) دزین؛ تاڵان کردن.
rifleman (rī′f'l-mən), *n.* (۱) سەربازی تفەنگدار یا تفەنگ لە شان.
(۲) تفەنگچی؛ نیشان شکێن.
riflebird (rī′f'l-bûrd´), *n.* باڵندەیەکە لە توخمی باڵندەی بەهەشت.
rifle pit, خەندەق یا سەنگەری تفەنگچی.
rifler (rī′flĕr), *n.* تاڵانکەر؛ دزا ڕووتکەرەوە؛ چەتە.
rifle range, (۱) تفەنگ هاوێژ؛ ماوەی بڕکردنی گوللەی تفەنگ.
(۲) نیشانگا؛ مەیانی تفەنگ تەقاندن.
riflery (rī′f'l-er´i), *n.* (۱) تفەنگچێتی؛ نیشان شکێنی؛ دەست ڕاستی.
(۲) تەقەی تفەنگ: *(the sound of distant ~ .)* .
rifling (rī′fliŋ), *n.* (۱) درزکردنی ناو لوولەی تفەنگ.
(۲) درزی ناو لوولەی تفەنگ.
rift (rift), *n.* (۱) درز؛ قڵیش؛ تڵیش.
(۲) ناکۆکی؛ ناخۆشی نێوان دوو کەس، کۆمەڵ، یا وواڵت؛ ناڕێکی:
(There is a ~ between them.)
v.i. شەق بردن؛ درزبردن؛ قڵیش بردن؛ پچڕان؛ هەڵتلیشان.
v.t. شەق پێ بردن؛ درز پێ بردن؛ قڵیشاندن؛ هەڵتلیشاندن.
rig (rig), *v.t.* (۱) بایەوان و کەرەسەی تر ئامادەکردن بۆ کەشتی و دانانی.
(۲) ئامادەکردن بە کەرەسەو هەموشتەوە:
(~ged out and ready for action)
(۳) (~ up)، بەپەلە ئامادەکردن.
(٤) [Colloq.]، جل لەبەرکردن؛ ڕازاندنەوە:
(She was ~ged out in her best dress.)
(٥) ساختەکردن؛ ئەنجامی پێشبڕکێیەک بڕیاردان پێشەکی بە ساختە:

(to ~ an election; to ~ prices, a boxing match, etc.)

n. (۱) شێوەی وەستان و ڕێکخستنی بایەوان و ستوونی کەشتی. (۲) کەرەسە؛ کەرەسەی کار. (۳) کەرەسەی بیری نەوت هەڵکەندن. (٤) گالیسکە (بە نەسپێکانەوە). (٥) [Colloq.]، جلی سەیرو نەتێکە.

rigamarole, = rigmarole.

rigger (rig′ēr), *n.* (۱) کارگەی بایەوان و ستوون و کەرەسەی تری کەشتی. (۲) کارگەی لێکدانی پارچەکانی باڵی فڕۆکەو پێکهێنانی.

(۳) کرێکاری سەر بەکرەو مەکینەی شتی قورس بەرزکردنەوە (خانووسازی).

(٤) داربەست (خانووسازی)؛ تەختەبەندی دەوری خانوو لەکاتی دروستکردنیدا.

rigging (rig′iŋ), *n.* (۱) پەت و زنجیری بایەوان و ستوونی کەشتی. (۲) کەرەسەی کار؛ کەرەسە.

right (rīt), *adj.* (۱) ڕاست (هێڵ)؛ ڕێک: *(a ~ line)* .

(۲) وەستاو (گۆشە): *(a ~ angle)* .

(۳) ڕەوا؛ ڕاست؛ باش؛ پەسەند؛ بەجێ؛ سەرڕاست؛ پاک: *(~ conduct)* .

(٤) ڕاست؛ تەواو؛ بێ هەڵە؛ دروست: *(the ~ answer)* .

(٥) باش؛ بەهات؛ گونجاو؛ شیاو.

(٦) دیوی خۆی؛ ئەو دیوەی کە دەبێ لە دەرەوە بێت (قوماش، جل): *(the ~ side of cloth)*

(۷) (أ) تەواو (مێشک). (ب) ژیر؛ مێشک تەواو.

(۸) تەندروست؛ چاک.

(۹) ڕاست (دۆخ، بار)؛ ڕێک‌وپێک؛ باش؛ دروست: *(Make thing ~ again.)*

(۱۰) ڕاست (لا، دیو): *(the ~ side)* .

(۱۱) ڕاستڕەو (ڕامیاری)؛ گۆڕەپەرست.

(۱۲) [Archaic]، ڕاستەقینە.

n. (۱) ڕاستی و دروستی؛ بەجێیی؛ پەسەندی؛ باشی؛ ڕەوایی.

(۲) داد.

(۳) ماف: *(It was his ~ to say what he thought.)* .

(٤) لای ڕاست؛ دیوی ڕاست.

(٥) (أ) دەستی ڕاست (بۆکسبازی). (ب) مستەکۆڵەیەک بە دەستی ڕاست.

(٦) [R-]، حیزب یا ڕێکخراوێکی ڕاستڕەو؛ حیزب و ڕێکخراوە ڕاستڕەوەکان؛ هەڵوێستی ڕاستڕەوی.

adv. (۱) یەکسەر؛ ڕاستەوخۆ؛ ڕاستەوڕاست: *(Go ~ home.)* .

(۲) بە باشی؛ بە چاکی؛ بە ڕێک‌وپێکی.

(۳) بە تەواوی.

(٤) یەکسەر؛ هەر ئێستە؛ دەمودەست: *(Come ~ now.)* .

(٥) بەڕێی یاسا؛ ڕەوا.

(٦) بە ڕاستی؛ بەبێ هەڵە.

(۷) لەلای ڕاستەوە؛ دیوی ڕاست.

(۸) زۆر: *(He knows ~ well.; the ~ honorable ; the ~ reverend)*

v.t. (۱) ڕاستکردنەوە؛ خستنەوەسەر باری ڕاستی خۆی: *(We ~ed the boat and started rowing.)*

(۲) ڕاستکردنەوە؛ هەڵە ڵێ دەرهێنان؛ چاک کردن.

(۳) ڕێک‌وپێک کردن.

(٤) بۆ بژاردن؛ تۆڵەسەندن؛ ڕاستکردنەوە (ناڕەوایی): *(to ~ a wrong)* .

v.i. ڕاستبوونەوە؛ بە ڕاستی یا لەسەر باری خۆ وەستان.

all right, باشە؛ چاکە؛ با وابێ!.

by right (or rights), نەگەر نەوەی ڕەوایەو ڕاستە بووترێ یا بکرێ.

in one's own right, بە شانو باهووی خۆ؛ بەبێ یارمەتی کەسێکی تر: *(She is a queen in her own right.; She won the election in her own right.)*

in the right, ڕاست؛ ڕاست بوون: *(He is in the right and you are in the wrong.)*

right away (or off), یەکسەر؛ هەرئێستە: *(Come right away.)*

rightabout-face (rīt´ə-bout′fās´), *n.* (۱) وەرگەڕان؛ پێچکردنەوەی تەواو. (۲) گۆڕینی تەواوی بیروباوەڕ؛ وەرگەڕان (هەڵوێست)؛ هەڵگەڕانەوە.

right angle, گۆشەی وەستاو (واتە ۹۰ پلە).

righteous (rī′chəs), *adj.* (۱) ڕاست (مرۆڤ)؛ ڕێکەی ڕاست گر؛ لەسەر ڕێی ڕاستە؛ دروست: *(a ~ man)* .

(۲) ڕەوا (مەسەلە، ماف، کردەوە)؛ ڕاست: *(a ~ act)* .

-righteously *(adv.).*

righteousness (rī′chəs-nis), *n.* ڕەوایی کردارێک یا مەسەلەیەک؛ ڕاستی؛ ڕێکەی ڕاست: *(his ~ ; the ~ of our cause)* .

rightful (rīt′fəl), *adj.* (۱) ڕەوا.

(۲) هی ڕاستی خۆی؛ خاوەن ماف؛ مافدار: *(Return the watch to its ~ owner.; the ~ king)*

-rightfully *(adv.)*; **rightfulness** *(n.).*

right-hand (rīt′hand´), *adj.* (۱) هی لای ڕاست؛ ڕاست؛ بەری ڕاست: *(on the ~ side of the street)* .

(۲) هی دەستی ڕاست؛ بە دەستی ڕاست.

(۳) زۆر پشت پێ بەستراو؛ دەستە ڕاست (مەجاز): *(my ~ man; the king's ~ man)*

-right hander *(n.).*

right-handed (rīt′han′did), *adj.* (۱) ڕاستلەر؛ ڕاستە؛ دەستی ڕاست بەکارهێنەر. (۲) بە دەستی ڕاست کراو.

(۳) بۆ دەستی ڕاست کراوە؛ بۆ بەکارهێنان بە دەستی ڕاست دروستکراوە.

(٤) لە چەپەوە بۆ ڕاست سووڕاوە یا ڕۆیشتوو؛ وەک دەستی کاتژمێر وەرچەرخاو.

rightism (rīt′iz′m), *n.* ڕاستڕەوی (ڕامیاری).

rightist (rīt′ist), *n.* ڕاستڕەو؛ کەسێکی ڕاستڕەو (ڕامیاری).

adj. ڕاستڕەو: *(a ~ party, organization, person, etc.)* .

rightly (rīt′li), *adv.* (۱) بە ڕەوایی؛ بە شێوەیەکی ڕەوا.

(۲) بە ڕێک‌وپێکی؛ بە جوانو باشی. (۳) بە ڕاستی؛ بەبێ هەڵە

right-minded (rīt′mīn′did), *adj.* خاوەن بیروڕای ڕاست و بەجێ.

rightness (rīt-nis), *n.* ڕاستی؛ تەواوی؛ بێ هەڵەیی؛ ڕەوایی؛ ڕێکی.

right of search, مافی پشکنین (هی کەشتی وڵاتێکی بێ لایەن بۆ شتی قاچاغ لەکاتی جەنگدا).

right of way, *Also* **right-of-way,** (۱) مافی تێپەڕبوون لەپێشدا: مافی تێپەڕبوونی ئوتومبێلێک یا کەشتێیەک لەپێش ئەوی تردا لە چوار ڕێیانێکدا. (۲) مافی تێپەڕبوون: (أ) مافی تێپەڕبوون بە زەوی یا حەوشەی کەسێکی تردا بۆ گەیشتنە زەوی یا ماڵی خۆ.

(ب) ڕێگەو ڕێچکەی بەکارهێنراو بەم شێوەیە.

(۳) پارچە زەوی دەستبەسەرداگیراو بۆ ڕاکێشانی هێڵی شەمەندەفەرو ڕێگەو کارەبا.

right triangle, سێگۆشەی گۆشە وەستاو.

right-wing (rīt′wiŋ´), *adj.* ڕاستڕەو (ڕامیاری)؛ هی لقی ڕاستڕەوی حیزبێک.

right wing, لقی ڕاستڕەوی حیزبێک یا ڕێکخراوێک؛ حیزبێک یا ڕێکخراوێکی ڕاستڕەو.

right-winger *(n.).*

rigid (rij′id), *adj.* (۱) ڕەق؛ نانوشتێتەوە؛ سەخت: *(a ~ bar)* .

(۲) چەسپیو؛ نەجوڵاو.

(۳) توندوتیژ؛ بە زەبروزەنگ: *(~ regulations)* .

(٤) لەڕێ لانەدەر؛ ڕەق؛ کەللەڕەق؛ نەگۆڕ: *(a ~ person, teacher, parent, etc.)*

rigidity (ri-jid′ə-ti), *n.* (۱) ڕەقی؛ سەختی.

(٢) توندوتیژی؛ رەقی؛ سەرسەختی.

rigmarole (rig′mə-rōl´), *n. Also* rigamarole, (١) قسەی هیچوپووچ و بێ مانا؛ قسەی هەلەق و مەلەق؛ قسەی قۆپ.
(٢) شێوەی کاری ئاڵۆسکاو و بێ مانا.

rigor (rig′ēr), *n. Also* rigour, (١) توندوتیژی؛ زەبروزەنگ: *(the ~ of martial law)*
(٢) باری ناخۆشی ژیان؛ ناخۆشی؛ گرفتاری؛ دژواری: *(the ~s of life)* .
(٣) سەختی ئاووهەوا.
(٤) کارێکی دڵڕەقانە یا بێ بەزەییانە؛ کارێکی چەوسێنەوە.
(٥) ووشکبوونی ڕیشاڵو نەندامی لەش.
(٦) لەرزین (نەخۆشی)؛ مووچڕکە.

rigorism (rig′ĕr-iz'm), *n.* توندوتیژی (ڕەووشت، هەڵوێست، بڕیار)؛ زەبرو زەنگ.

-rigorist *(n.).*

rigor mortis, ووشکبوون یا ڕەق بوونی لەش لەپاش مردن.

rigorous (rig′ĕr-əs), *adj.* (١) توندوتیژ؛ ڕەق؛ بەزەبر: *(~ laws; a ~ person)*
(٢) سەخت (ئاووهەوا): *(a ~ climate)* .
(٣) ڕەق؛ توندوتیژ: *(~ standards)* .

-rigorously *(adv.)*; **rigorousness** *(n.).*

rigour (rig′ĕr), *n.* = rigor.

rile (rīl), *v.t.* [Colloq. or Dial.], (١) لێڵ کردن؛ تێکهەڵدانی شلە بە خڵتەوە و لێڵ کردنی. (٢) تووڕەکردن؛ پەستکردن؛ وروژاندن.

rill (ril), *n.* جۆگەلە.

rill; rille (ril), *n.* خەندقی دوورودرێژو چەم و دۆڵی سەر ڕووی مانگ.

rillet (ril′it), *n.* جۆگەلەی بچووک.

rim (rim), *n.* (١) قەراغ (بەتایبەتی هی شتێکی خڕ)؛ لێوار: *(the ~ of a bowl)*
(٢) چوارچێوەی ئاسنینی ڕەوڕەوە یا چەرخ کە تایەکەی دەخرێتە سەر؛ ئەڵقە: *(the ~ of a tire)*

v.t. (١) کردن بە ئەڵقەیەک بە دەوریدا
(٢) خولانەوە بە دەوری قەراغەکەیدا (وەک تۆپی "گۆڵف" بە دەوری کونەکەدا).

rime (rīm), *n. , v.i. & v.t.* = rhyme.

rime (rīm), *n.* زوقمی سەرگیاو دارودەرەخت.

v.t. بە زوقم داپۆشینی گیاو لق و پۆپی دار.

rimer (rīm′ēr), *n.* = rhymer.

rime riche, هاوکێشەیی یا هاودەنگیەکی دوا ووشەکانی دێرە هەڵبەست کە ووشەی وەها بەکاردێنێ کە دەنگیان چوون یەکەو مانایان جیاوازە: (وەک " write, right " یا " night, knight ").

rimester (rīm′stēr), *n.* = rhymester.

rimose (rī′mōs, rī-mōs′), *adj.* قڵیش قڵیش؛ درزاوی؛ تڵیش تڵیش.

rimple (rim′p'l), *n.* چرچ؛ لۆچ

v.t. & v.i. چرچ ولۆچ کردن؛ چرچ ولۆچ بوون.

rimy (rīm′i), *adj.* زوقماوی؛ بە زوقم داپۆشراو.

rind (rīnd), *n.* تۆکڵ (میوە).

rinderpest (rin′dēr-pest´), *n.* تاعوونی ڕەشەوڵاخ و مەڕوبزن.

ring (riŋ), *v.i.* (١) زرنگانەوە؛ زەهاتن
(٢) دەنگدانەوە؛ وا دەرکەوتن: *(Her promises rang false.)* .
(٣) زەنگ لێدان؛ لێدان (زەنگ).
(٤) زەنگ بۆ لێدان؛ بانگ کردن بە زەنگ: *(She rang for the maid.)* .
(٥) دەنگدانەوە؛ دەنگ لێوە هاتن: *(The room rang with merriment.)*
(٦) زرنگانەوە (گوێ؛ مێشک).

v.t. (١) زەنگ لێدان؛ لێدان (زەنگ). (٢) بانگ بۆ دان.
(٣) پارە تاقیکردنەوە بە زرنگانەوەی؛ جرنگانەوە؛ زرە لێ هەڵساندن

(٤) (**up** ~)، تەلەفۆن بۆ کردن: *(I'll ~you up tonight.)* .

n. (١) دەنگی زەنگ؛ زرە.
(٢) (ا) دەنگێکی وەک هی زەنگ؛ قاقا؛ هاڕە: *(the ~ of laughter)* .
(ب) دەنگێکی زرنگانەوە؛ دەنگدانەوە.
(٣) دەنگێکی تایبەتی؛ نیشانە: *(the ~ of pride)* .
(٤) کۆمەڵە زەنگ. (٥) زەنگ لێدان.
(٦) زەنگ یا دەنگی تەلەفۆن.
(٧) تەلەفۆن؛ پەیوەندی بە تەلەفۆن: *(Give me a ~.)* .

ring down the curtain, (١) پەردەی شانۆ هێنانە خوارەوە؛ شانۆنامە کۆتایی پێ هێنان. (٢) دوایی پێ هێنان؛ تەواوکردن؛ کۆتایی پێ هێنان.

ring in, (١) دەستپێکردن (وەک بە زەنگ لێدان)؛ بانگی دەستپێکردن دان (وەک بە کاتژمێر)؛ نیشانەکردن: *(to ring in the new year)*
(٢) [Slang]، بە ساختە هێنانە ژووروەوە.

ring the bell, سەرکەوتن.

ring up, تۆمارکردنی نرخی فرۆتەنی بە مەکینەی تۆمارکردن و ژماردنی فرۆشگا لەلایەن دەغیلەچییەوە: *(to ring up an item)* .

ring up the curtain, (١) پەردەی شانۆ کردنەوە یا بەرزکردنەوە؛ دەست بە شانۆنامە کردن. (٢) دەستپێکردن.

ring (riŋ), *n.* (١) ئەموستیلە؛ ئەنگوستیلە؛ مستیلە.
(٢) ئەڵقە: *(a key ~)* .
(٣) ئەڵقەی پێنج لووڵ. (٤) شێوەیەکی خڕ.
(٥) بازنە؛ چەرخ؛ خڕۆک. (٦) ئابڵووقە؛ ئەڵقە.
(٧) ئەڵقەی قەدی دار (کە تەمەنی دارەکە پێشان دەدات).
(٨) ئەڵقەی هەڵپەڕکێ.
(٩) دەستەیەک یا تاقمێکی خۆپەرست (لە بازرگانی یا پامیاریدا).
(١٠) گۆڕەپانی خڕ (بۆ بۆڕبۆڕێنو نواندن): *(a circus ~)* .
(١١) مەیانی بۆکسبازی.
(١٢) بۆکسبازی؛ پیشەی بۆکسبازی: *(the ~)* .
(١٣) شوێنی بلیت کڕینو گەروکردن لەسەر غارغارێن و بۆڕبۆڕێنی تردا.
(١٤) بۆڕبۆڕێن یا ملەملێ (بەتایبەتی هی پامیاری وەک خۆ هەڵبژاردن بۆ پەرلەمان یا سەرەک کۆمار): *(He tossed his hat in the ~.)* .

v.t. (١) دەورەدان؛ ئابڵووقەدان.
(٢) وەک ئەڵقە لێکردن؛ خڕکردن؛ کردن بە ئەڵقە.
(٣) ئەڵقە کردنە لووتەوە (کەڵەگا، بەران).
(٤) ئاژەڵ خڕکردنەوە.
(٥) هاویشتنی ئەڵقەیەک یا تاڵێک بۆ کردنی بە مێخێکدا.
(٦) لێکردنەوەی ئەڵقەی قەدی دارێک لە دارەکە.

ringbolt (riŋ′bōlt´), *n.* بڕغو یا بزماری ئەڵقە بە سەرەوە.

ringbone (riŋ′bōn´), *n.* زیادە نێسقانی مووچە یا مەچەکی ئەسپ (کە دەبێتەهۆی شەڵی).

ringdove (riŋ′duv´), *n.* کۆتری خەت لەمل؛ کۆتری خاڵ لە مل.

ringed (riŋd), *adj.* (١) مستیلە لە دەست؛ دیاریکراو (ژنهێنان)؛ مارەکراو؛ نیشانەکراو. (٢) بە ئەڵقە ڕازاوە؛ بە ئەڵقە نیشانەکراو.
(٣) دەورەدراو؛ ئابڵووقەدراو.
(٤) وەک ئەڵقە لێ هاتوو.

ringent (rin′jənt), *adj.* (١) داچەقیو؛ کراوە.
(٢) لێو کراوە (کۆپەڕەی هەندێ گوڵ).

ringer (riŋ′ēr), *n.* (١) ئاڵ یا ئەڵقەی هاوێژراو بەسەر مێخێکدا بۆ پیاکردنی. (٢) هاویشتنێکی وەها.

ringer (riŋ′ēr), *n.* (١) زەنگ لێدەر.
(٢) [Slang]، (ا) ئەسپێک یا یاریکەرێکی بە ساختە بەشدارکراو لە پێشبڕکێیەکدا. (ب) کەسێکی کتومت لە کەسێکی تر چوو: *(He's a ~ for his father.)*

ring finger, پەنجەی نەموستیلە.

ringleader (riŋ′lēd ˊēr), *n.* سەردەستە، بەتایبەتی هی یاخی بوونێك، کۆمەڵێکی نەبنی، ناشووبێك، یا تاقمێکی شەلاتی)؛ سەرگەورە؛ سەرکردە.

ringlet (riŋ′lit), *n.* (١) نەلقەی بچووك. (٢) نەلقەی پرچ.

ringmaster (riŋ′mas ˊtēr, riŋ′mäs ˊtēr), *n.* سەرکار یا بەڕێوەبەری سێرك.

ring-neck (riŋ′nek ˊ), *n.* باڵندەی خاڵ لە مل یا خەت لە مل.

ring-necked (riŋ′nekt ˊ), *adj.* خەت لە مل یا خاڵ لە مل (باڵندە، گیاندار)

ringside (riŋ′sīd ˊ), *n.* تەنیشتی مەیان یا نەلقەی بۆکسبازی؛ (ا) کورسیەیە نزیکەکانی مەیان یا نەلقەی بۆکسبازی و سێرك. (ب) شوێنێکە کە بە ئاسانی پووداوێکی لێوە ببینرێ؛ شوێنی نزیك لە پووداوێکەوە.

ringtoss (riŋ′tôs ˊ), *n.* یارییەکە بریتییە لە هاویشتنی نەلقەی گوریس یا پەت بۆسەر مێخێك بۆ پیاکردنی.

ringworm (riŋ′würm ˊ), *n.* جۆرە نەخۆشییەکی پێستە.

rink (riŋk), *n.* (١) یاریگای سەهۆڵ خلیسکێ؛ مەیانی بەفرە خلیسکێ (لە ژوورەوە). (٢) زەمینەیەکی لووسی تەختەیە بۆ لەسەر خلیسکان. (٣) خانووی مەیانی سەهۆڵ خلیسکێ.

rinse (rins), *v.t.* (١) ئاو تێوەردان؛ ئاو تێ ڕادان (٢) (ا) بەردەشۆرکردن؛ شۆردنەوە. (ب) شتن (سەر، لەش)؛ شۆردن.

n. (١) ئاو تێوەردان؛ ئاو تێ ڕادان. (٢) ئاوی ئاو تێوەردان یا شۆردنەوە.

rinsing (rin′siŋ), *n.* (١) (ا) چلکاو؛ ئەو ئاوەی شتی پێ شۆراوە یا تێوەردراوە. (ب) خلتە. (٢) ئاو تێوەردان؛ ئاو تێ ڕادان؛ شۆردنەوە.

riot (rī′ət), *n.* (١) ناشووب؛ ناژاوە؛ فەرتەنە؛ هەراو فەرتەنە؛ فیتنە. (٢) قاقای پێکەنین؛ تەقینەوە (پێکەنین). (٣) زەبەنەیی (ڕەنگ)؛ زۆری؛ زۆر زەبەنەیی. (٤) (ا) زەماوەندی بەرەڵا؛ بەزم‌وڕەزم؛ ئاهەنگی دەنگەدەنگاوی. (ب) بەرەڵایی؛ سەرسەرێتی. (٥) [Slang]، کەسێك یا شتێکی زۆر سەیرو پێکەنیناوی؛ کەسێکی زۆر قۆشمە. *(He is a ~.; This television show is a ~.)*

v.i. (١) ناژاوە نانەوە؛ ناشووب گێڕان؛ فەرتەنە خستنەوە. (٢) (ا) بەزم‌وڕەزم گێڕان؛ زەماوەندکردن؛ ئاهەنگی دەنگەدەنگاوی گێڕان. (ب) سەرسەرێتی کردن؛ بە بەرەڵایی‌یانە ژیان. (٣) جڵەو بۆ خۆ شل کردن.

v.t. (~ away), پارە بە بەردا دان؛ پارە یا کات بەفیڕۆدان بە شێتانە.

run riot, (١) بەرەڵابوون؛ بەڵەسەبوون؛ جڵەو بۆ خۆ شل کردن بە تەواوی. (٢) بە زۆر زەبەنەیی پەروان؛ تەرز فڕێدان بە هەموولایەکدا؛ ئێجگار زۆر بوون.

read the riot act to, داوالێکردن بە بڕیارەوەی ناشووب نەگینا سزادان.

riotous (rī′ət-əs), *adj.* (١) ناشوباوی؛ ناژاوەیی؛ فەرتەنەیی. (٢) ناشووبگێڕ؛ ناژاوەچی. (٣) دەنگەدەنگاوی؛ بە دەنگی بەرزو غەلبەغەلبەوە. (٤) سەرسەرێ؛ بەرەڵا؛ بێ ئابڕوو. (٥) زۆر بە بڕشت‌و چڕو سەوزو پاراو.

rip (rip), *v.t.* (١) دادڕین؛ داتلێشاندن؛ هەڵتلێشاندن؛ هەڵدڕین. (٢) (~ off ; ~ out)، لێکردنەوە؛ لێ دڕین؛ لێ ڕاندن. (٣) ڕاندن؛ ڕان؛ دڕین. (٤) داتلێشاندن (داروتەختە)؛ قڵیشاندن؛ بڕینەوە؛ لەتکردن.

v.i. (١) ڕان؛ هەڵتلێشان؛ لێکبوونەوە؛ دادڕان. (٢) [Colloq.]، بە خێڕاو تۆندوتیژی جووڵانەوە. (٣) [Colloq.]، (~ into)، هێرش بردنە سەر (بە دەم)؛ بە تۆندی ڕەخنەلێگرتن. *(He ~ped into his opponent's record.)*

n. (١) ڕاوی؛ شوێنی ڕاو؛ ڕان. (٢) ڕاندن؛ لێکردنەوە؛ داتلێشان.

rip into, [Colloq.], هێرش بردنە سەر (بەدەم)؛ بە تۆندی ڕەخنەلێگرتن.

rip out, [Colloq.], بە تووڕەیی‌یەوە ووتن؛ قیژاندن.

rip (rip), *n.* خۆڕاو یا گێژاوێك کە لە بەیەکگەیشتنی دوو شەپۆل پەیدادەبێت. *(a ~ tide)*.

rip (rip), *n.* [Colloq.], (١) کەسێکی سەرسەری؛ کەسێکی بەرەڵاو بێ ڕەوشوشت. (٢) ئەسپێکی پیرو بێ کەڵك. (٣) شتێکی بێ کەڵك.

riparian (ri-pâr′i-ən, rī-pâr′i-ən), *adj.* هی قەراغ ڕوبارو دەریاچە؛ لە قەراغ ڕوبارو دەریاچە ژیاو یا کراو.

rip cord, (١) پەتی پەڕەشووت کردنەوە (بە ڕاکێشانی لەکاتی نزم بوونەوەدا). (٢) پەتی ڕاکێشراو بۆ بەرەڵاکردنی گازی باڵون بۆ نزم بوونەوە.

ripe (rīp), *adj.* (١) گەییو (میوە، دانەوێلە). (٢) گەییو؛ پڕ؛ تەروپڕ. *(~ lips)*. (٣) پێگەیشتووە؛ ماوەیەکی تەواوی بەسەردا ڕۆیشتووە؛ کۆن: *(~ cheese, wine, etc.)* (٤) بەسااڵدا کەوتوو؛ بەتەمەن: *(a person of ~ years)*. (٥) ئامادە: *(~ for mischief)*. (٦) کاتی خۆیەتی؛ کاتێتی: *(The time is ~ for action.)*. (٧) گەییو (دووەماڵ).

-ripely *(adv.)*; **ripeness** *(n.)*.

ripen (rīp′ən), *v.i. & v.t.* پێگەیێن؛ گەیین؛ پێگەیشتن (میوە، دانەوێلە): *(Let the apples ~ before you pick them.)*.

riposte, ripost (ri-pōst′), *n.* (١) هێرشێکی لەپڕو خێرا (شیربازی)؛ شیر پیاکردنی خێرا. (٢) وەاڵمێکی خێراو تۆندوتیژ.

v.i. (١) هێرش بردن بە شیر بە خێرا. (٢) وەاڵم دانەوە بە تۆندوتیژی‌و بە خێرا.

ripple (rip′ l), *v.i.* (١) شەپۆڵی بچووك بچووك دان. (٢) کەوێشکەکردن (گەنم‌و جۆز گیا)؛ بە شێوەی شەپۆڵی بچووك بچووك جووڵانەوە. (٣) خۆڕەخۆڕەاتن؛ خۆڕەماتن.

v.t. (١) شەپۆڵی بچووك بچووك تێخستن. (٢) کەوێشکەپێکردن؛ جووڵاندنەوە بە شێوەی شەپۆل. (٣) خۆڕەخۆڕ لێ هەڵساندن.

n. (١) شەپۆڵی بچووك؛ وورده شەپۆل. (٢) کەوێشکەکردن؛ جووڵانەوەیەکی وەك شەپۆڵی بچووك. (٣) خۆڕەی ئاو؛ خۆڕەخۆڕی ئاو. (٤) خۆڕاوێکی بچووك؛ ڕێژاوێکی بچووك.

ripple (rip′ l), *n.* چیکەنە (بۆ تۆزی پەموو کەتان دەهێنان یا جیاکردنەوە).

v.t. جیاکردنەوەی تۆزی پەمو و کەتان.

ripplet (rip′lit), *n.* شەپۆلێکی زۆر بچووك.

ripply (rip′li), *adj.* (١) خۆڕەخۆڕاوی. (٢) شەپۆڵاوی.

riprap (rip′rap ˊ), *n.* (١) کەڵەکە بەرد؛ بستووی بەرد. (٢) بەردە شکاوی کەڵەکە بەرد.

v.t. کەڵەکە بەرد هەڵچنین یا درووستکردن؛ بە کەڵەکە بەرد پاڵپشتی کردن یا بەهێزکردن.

ripsaw (rip′sô ˊ), *n.* مشاری ددان زل.

ripsnorter (rip′snôr ˊtēr), *n.* [Slang], کەسێك یا شتێکی سەرناسا لە ئایاوی و بەهێزی‌و تۆندوتیژیدا.

riptide (rip′tīd ˊ), *n.* دوو شەپۆڵی بەیەکدادەرو گێژاو درووستکەر

rise (rīz), *v.i.* (١) هەڵسانە سەر پێ؛ ڕاستبوونەوە؛ هەڵسان؛ هەستان. (٢) لەخەوهەڵسان. (٣) زیندووبوونەوە: *(He rose from the grave.)*. (٤) شۆڕش کردن؛ یاخی بوون؛ ڕاپەڕین؛ لێ هەڵسان: *(The people rose against the King.)* (٥) دوایی بە کۆڕ هێنان؛ کۆتایی پێ هێنان: *(The legislature rose for vacation.)* (٦) بەرزبوونەوە؛ بڵندبوونەوە. (٧) هەڵهاتن (ڕۆژ، مانگ...هتد)؛ هەاڵتن: *(The moon rose.)*. (٨) بەرزبوونەوە؛ هەڵسان (ئاو، لافاو): *(The river rose rapidly.)*. (٩) پلەوپایە بەرزبوونەوە؛ سەرکەوتن؛ بەرزبوونەوە لە کۆمەڵدا؛ پێشکەوتن؛

دەسەلات زۆر پەیداکردن.
(١٠) قیت بوونەوە؛ رەق بوون؛ رەپ بوون؛ هەڵسان.
(١١) بەرزبوونەوە؛ بەرەوژوورببوونەوە. *(The hills ~ steeply)* .
(١٢) هاتنەسەر ئاو (ماسی)؛ سەر لە ئاو هێنانەدەرەوە؛ هاتنەسەر پووی ئاو.
(١٣) بەرزبوونەوە (دەنگ)
(١٤) زیادبوون (پلە، بڕ، ژمارە، نرخ...هتد)؛ زیادکردن؛ بەرزبوونەوە.
(١٥) گەورەبوون (دەنگ)؛ بەرزبوونەوە.
(١٦) بەرزبوونەوە (کەیف)؛ بەهێزتربوون؛ کەیف خۆش بوون:
(His spirits rose.)
(١٧) هەڵاتن (هەویر). (١٨) دەرکەوتن؛ سەردەرهێنان.
(١٩) دەستپێکردن. (٢٠) هەڵقوڵان. (٢١) پوودان
(٢٢) هاتنە بەرچاو. (٢٣) هاتنە بەرگوێ.
(٢٤) دروستکران: *(A house is ~ing on the hill.)* .

v.t. (١) هەڵساندن (بالندە لە هێلانەوە یا ماسی بۆسەر ئاو بۆ ڕاوکردن).
(٢) دەرخستن لە ئاسۆوە.

n. (١) هەڵهاتن (مانگ، ڕۆژ)؛ هەڵاتن. (٢) بەرزبوونەوە؛ بۆ سەرەوە چوون.
(٣) پلەوپایە بەرزبوونەوە؛ بەرزبوونەوە لە کۆمەڵدا.
(٤) هاتنەسەر ئاو (ماسی)؛ سەر بەرزکردنەوە بۆسەر پووی ئاو.
(٥) زیندووبوونەوە. (٦) گرد؛ بەرزایی.
(٧) بەرەوژوورکە؛ بەرەوژوورە. (٨) ئاو هەڵسان
(٩) بەرزی؛ پلەی بەرزی (پێ پیلکە).
(١٠) بەرزبوونەوەی دەنگ؛ دەنگ گەورەبوون
(١١) زیادبوون (ژمارە، هەند، پلە، نرخ)؛ بەرزبوونەوە؛ زیادکردن.
(١٢) سەرچاوە؛ شوێنی هەڵقوڵان؛ هەڵقوڵان
(١٣) [British]: مووچە یا پۆژانە بەرزبوونەوە

get a rise out of, [Slang], تووڕەکردن و هاندان بۆ کردنی شتێکی تایبەتی؛ وروروژاندن و تیز پێوەکردن و پق هەڵساندن
give rise to, بوون بەهۆی
rise to, لێهاتوویی خۆ پیشاندان: *(He rose to the occasion.)* .

riser (rīz′ĕr), *n.* (١) لە خەو هەڵساو؛ هەڵساو:
(an early ~ ; a late ~)
(٢) ئەو بەشەی ڕەستاو یا ستوونی پێ پیلکەیەکە کە دوو پێ پیلکە بەیەک دەگەیەنێ: ئەو بەشەی نێوان دوو پێ پیلکەیەکە وەک پێ پیلکەکەی لەسەر ڕاوەستایێ وایە

risibility (riz′ə-bil′ə-ti), *n.* (١) توانای پێکەنین؛ حەز لە پێکەنین
(٢) تایبەتی بە پێکەنین (٣) سەیر؛ قۆشمە؛ مرۆڤ هێنەرە پێکەنین.

risible (riz′ə-b'l), *adj.* (١) حەز لە پێکەنین کەر.
(٢) تایبەتی بە پێکەنین (٣) سەیر؛ قۆشمە؛ مرۆڤ هێنەرە پێکەنین.

rising (rīz′iŋ), *adj.* (١) بەرزبوونەوە؛ بەرەوژوورببوونەوە؛ لە خەو هەڵساو: *(a ~ tide)* لە بەرزبوونەوەدایە.
(٢) لە تەمەن گەورەبوون و پێگەیشتندایە *(the ~ generation)* .

prep. [Colloq.], (١) نەختێک زیاتر لە
(He was ~ fifty.) (٢) [Dial.]. خۆی داوە لە؛ نزیکەی نەوەندەیە

n. (١) ڕایەڕین؛ شۆڕش؛ یاخی بوون
(٢) نووک؛ چوکلە؛ بەرزایی؛ شتی دەربڕوقیو
(٣) [Dial.]. دوومەڵ.

risk (risk), *n.* (١) مەترسی (٢) سەرچڵی؛ خۆ دان بە دەم مەترسییەوە بەبێ لێکدانەوە؛ پرکێشی (٣) (أ) لەوانەبوونی زیان لێکەوتن (بیمە).
(ب) مەترسی بیمەکردنی کەسێک یا شتێک

v.t. (١) خستنە مەترسییەوە: *(We ~ed our lives.)* .
(٢) پرکێشی کردن؛ خۆ دان بە دەم مەترسییەوە؛ نامادەبوون بۆ هەرچ شتێک کە ڕووبدات *(to ~ failure)*

run (or take) a risk, خۆ دان بە دەم مەترسییەوە؛ ژیانی خۆ خستنە مەترسییەوە.

risky (ris′ki), ***adj.*** پڕ مەترسی؛ دووبەختی؛ مەترسیدار؛ ترسناک.
risotto (rē-sôt′tô), *n.* خواردەمەنییەکە بڕێکییە لە برنجی بە گۆشتاو لێنراو و تێکەڵاوکراو لەگەڵ پەنیری جتراودا.
risqué (ris-kā′), ***adj.*** بێ شەرم (جل‌وبەرگ، کردەوە، سوعبەت، گفتوگۆ)؛ بێ پەردە؛ هەڵمارلراو: *(a ~ joke)* .

rite (rīt), *n.* (١) نەریتی ئایینی.
(٢) بەندوباو و نەریتی کۆمەڵایەتی: *(the ~s of courtship)* .
(٣) بەندوباو و نەریت؛ خوونەریت.
(٤) [R-]، لقی ئایینی (خاچ پەرستی).
(٥) [R-]، شێوەو نەریتی خوداپەرستی و نوێژو نزای تایبەتی بە کڵێسەیەک.

ritual (rich′o͞o-əl), ***adj.*** هی بەندوباو و نەریت: *(a ~ dance)* .

n. (١) خوور نەریتی ئایینی و کۆمەڵایەتی و...هتد.
(٢) پەیرەوکردنی خوور نەریتی ئایینی و کۆمەڵایەتی.
(٣) پەپتووکی خوور نەریتی ئایینی. (٤) سەرجەمی خوور نەریت.

ritualism (rich′o͞o-əl-iz′m), *n.* (١) پەیرەوکردنی نەریت؛ خوور نەریت خوازی. (٢) لێکۆڵینەوەی نەریتی ئایینی.

ritualist (rich′o͞o-əl-ist), *n.* (١) زانای خوور نەریت.
(٢) نەریت خواز؛ بە وردی پەیرەوکەری نەریت.

ritualistic (rich′o͞o-ə-lis′tik), ***adj.*** (١) نەریتی؛ تایبەتی بە خوور نەریت. (٢) نەریت خواز؛ بە وردی پەیرەوکەری خوور نەریت.
-ritualistically ***(adv.).***

ritzy (rit′si), ***adj.*** [Slang], کەشخە (شوێن)؛ جوان و ئایاب؛ فەنتازی:
(a ~ hotel)

rivage (riv′ij), *n.* کەنار دەریاو پووبار.
rival (rī′v'l), *n.* (١) هاوچاو؛ خەنیم؛ ڕکەبەر. (٢) شان لە شان دەر؛ هاوتا.
(٣) [Obs.]، ئاوەڵ؛ هاو؛ هاوکار.

adj. هی هاوچاو؛ هی هاوچاوی.

v.t. (١) هاوچاوی لەگەڵ کردن؛ هاوچاوبوون؛ مەلەملێ کردن.
(٢) شان لە شان دان؛ هاوتابوون:
(He ~ed his father in intelligence.)

v.i. [Archaic], هاوچاوی لەگەڵ کردن؛ مەلەملێ کردن.

rivalry (rī′v'l-ri), *n.* هاوچاوی؛ هاوچاوکەری؛ مەلەملێ.
rive (riv), *v.t.* (١) پارچە پارچە کردن؛ دڕاندن؛ لێک جیاکردنەوە؛ کەرتکردن؛ هەڵتەلێشاندن؛ هەڵقەلێشاندن. (٢) شەق پێ بردن (دڵ)؛ پچڕاندن:
دڵ دەرهێنان: *(to ~ the heart with grief)* .

v.i. شەق بردن؛ پچڕان؛ لێک جیابوونەوە؛ هەڵقەلێشان.

riven (riv′n), *alternative past participle of* **rive.**

adj. شەق بردوو؛ پچڕاو؛ قەلێشاو؛ دڕاو؛ کەرت کەرت.

river (riv′ĕr), *n.* (١) ڕووبار؛ زێ؛ چەم.
(٢) هەندێکی زۆر لە شتێک کە وەک ئاوی ڕووبار لەبەری بڕوات؛ جۆگە (مەجاز)
(a ~ of tears)
sell down the river, فرۆشتن (مەجاز)؛ دەستبڕین؛ ناپاکی لەگەڵ کردن (لە فرۆشتنی بەندی قولەڕەشەوە لە ئاوچەی خواروی ڕووباری "میسیسیپی" هاتووە).

river (rīv′ĕr), *n.* قەلێشینەر؛ شەق پێ بەر؛ پارچەپارچەکەر.
river bank, قەراغی ڕووبار؛ کەناری ڕووبار.
river bed, زەمینەی ڕووبار؛ بنی ڕووبار (کە ڕووبارەکەی بەسەردا دەڕوات).
riverhead (riv′ĕr-hed′), *n.* سەرچاوەی ڕووبار.
river horse = hippopotamus.

riverine (riv′ĕr-īn′, riv′ĕr-in), ***adj.*** (١) هی قەراغ ڕووبار؛ هی ئەم بەرو ئەوبەری ڕووبار؛ لە دەوروپشتی ڕووبار.
(٢) ڕووباری؛ تایبەتی بە ڕووبار.

riverside (riv′ĕr-sīd′), *n.* قەراغی ڕووبار؛ کەناری ڕووبار.

adj. لە قەراغی ڕووبار.

rivet (riv′it), *n.* بزماری پەرچدراو؛ بزماری پەرچ.

v.t. (۱) به بزماری پەرچ قایم کردن. (۲) پەرچدانەوەی سەری بزمار. (۳) چەسپاندن؛ قایم کردن؛ به قایم بەستنەوە. (٤) (~ on ; ~ upon) ، چاو تێ برین؛ گوێ باش پێدان؛ سەرنج پێدان. (٥) بە تەواوی سەرنج راکێشان؛ بە تەواوی خەریک کردن.

riviere (rē-vyer′), *n.* ملوانکەی ئەلماس یا بەردی بەنرخی تر.

rivulet (riv′yoo-lit), *n.* جۆگەلە

roach (rōch), *n.* = cockroach.

roach (rōch), *n.* جۆرە ماسیەکی ڕوبارە.

roach (rōch), *n.* (۱) کاکۆڵی داهێنراو لە ناوچەوانەوە بە پشتدا یا لە لاجانگەوە بۆ سەرەوە. (۲) قنگەجگەرەی مەڕیوانە.

v.t. (۱) قژداهێنان بە پشتدا یا بۆ سەرەوە. (۲) بڕینی یاڵی ئەسپ.

road (rōd), *n.* (۱) ڕێ؛ ڕێگە؛ ڕێگا؛ ڕێووبان.

(the ~ to success, fortune, etc.) (۲) ڕێبار؛ ڕێ؛ ڕێگە: .

(۳) ڕێی ئاسن؛ هێڵی شەمەندەفەر.

(pl) (٤) لەنگەرگای کەشتی لە کەنارێ دەریادا.

roadstead ") ڕێشی دەوروبرێ ").

on the road, (۱) بەڕێوە ؛ وەک تیپی شانۆگەری کە هەر ڕۆژە شانۆنامەکەیان لە شارێک دەنوێنن).

(۲) هەمیشە هاتوچۆکەر (وەک فرۆشیاری گەڕۆک)؛ بەڕێوە.

(۳) گەڕۆک؛ ڕەوەند؛ وێڵ

take to the road, (۱) کەوتنەڕێ؛ دەست بە گەشت کردن؛ ڕێگە دانەبەر. (۲) [Archaic]. بوون بە چەتە

road agent, چەتە

roadbed (rōd′bed´), *n.* (۱) (ا) بنچینەی ڕێگەی ئاسن؛ بناغەی ژێر هێڵی شەمەندەفەر. (ب) ووردە بەردو چەوی ژێر هێڵی شەمەندەفەر. (۲) بناغەو ڕووی ڕێگەووبان.

roadblock (rōd′blok´), *n.* (۱) ڕێ بەست (کە ڕێی پێ دەگیرێ لەلایەن سوپا و هێزی پۆلیسەوە). (۲) کۆسپ؛ کەندوکۆسپ.

road hog, ئوتومبیلچی چاوبرسی؛ ئوتومبیلچییەکە کە ڕێگەکە هەمووی داگیردەکات و ناهێڵێت کەس بێشی کەوێت چونکە لە ناوچەقی ڕێگەکەوە ئ دەخورێت

roadhouse (rōd′hous´), *n.* خان؛ کاروان سەرا؛ چێشتخانەو مەیخانە یا یانەیەکی سەر ڕێگای دەرەوەی شارە.

road metal, ووردە بەردو بەردی شکاوی ڕێ پێ چەوڕێژکراو یا نامادەکراو بۆ قیرتاوکردن

road runner, باڵندەیەکی کلک زۆر درێژی کلاو لەسەری بەڵەکاری تیژڕەوی خواروو ڕۆژاوای ئەمەریکایە لەباتی فڕین پادەکات و حەز لە ڕێگە پەرینەوە دەکات بە ڕاکردن.

roadside (rōd′sīd´), *n.* قەراغەڕێ؛ لاڕێ

adj. . (a ~ restaurant, gas station, etc.) هی قەراغەڕێ؛ هی لاڕێ:

roadstead (rōd′sted´), *n.* لەنگەرگای کەشتی لەکەناری دەریادا. (ڕێشی دەوروبرێ " roads ").

roadster (rōd′stēr), *n.* (۱) ئوتومبیلێکی سەرکراوەیە بە کورسیەکی دوو سێ کەسیەوە (۲) ئەسپی سواری ڕێگەووبان. (۳) پاسکیل.

roadway (rōd′wā´), *n.* (۱) ڕێگە؛ ڕێ (۲) سەرەڕێ؛ ئەو بەشەی ڕێگە کە ئوتومبیلی پێدا دەڕوات

roam (rōm), *v.i.* گەڕان؛ سووڕانەوە؛ گەڕان بەبێ مەبەست.

v.t. پێدا گەڕان؛ پێدا ڕۆیشتن؛ پێدا سووڕانەوە:

(to ~ the fields, streets, etc.)

n. گەڕان؛ سووڕانەوە؛ جادە پێوان.

roan (rōn), *adj.* کوێت یا شێ بە پەڵەپەڵەی سپیەوە (ئەسپ).

n. (۱) ڕەنگی قاوەیی سووڕکار بە پەڵەپەڵەی سپیەوە. (۲) ئەسپی کوێت یا شێ بە پەڵەپەڵەی سپیەوە.

roar (rôr, rōr), *v.i.* (۱) نەڕاندن؛ قوڕاندن؛ نەڕەکردن؛ قوڕەکردن؛ بۆڕاندن .(The lion ~ed.)

(۲) هاوارکردن؛ قیژاندن؛ بۆڕاندن (لە ئازاردا).

(۳) بە دەنگی بەرزو خیزەخیزەوە هەناسەدان (ئەسپ).

(٤) گرمەگرم کردن؛ گرمەهاتن؛ بە دەنگی زل قسەکردن یا پێکەنین.

(٥) گرمەهاتن (هەورەگرمە، ئوتومبیل، تفەنگ، دەبابە، زریان...هتد)؛ ووڕەهاتن؛ هاژەهاژ هاتن:

(The tanks ~ed down the road.; The storm ~ed.)

(٦) دەنگدانەوە.

v.t. بە نەڕە ووتن؛ بە دەنگی بەرز ووتن؛ گرماندن؛ نەڕاندن:

(He ~ed a welcome.)

n. (۱) نەڕە؛ نەڕەنەڕ؛ قوڕە؛ بۆڕە:

(The ~ of a lion, tiger, bull, etc.).

(the ~ of laughter) (۲) قاقای پێکەنین: .

(۳) گرمە (هەورەگرمە، دەبابە، زریان، شەپۆل)؛ هاڕە؛ هاژەهاژ؛ هاژە

roaring (rôr′iŋ, rōr′iŋ), *n.* (۱) نەڕاندن؛ بۆڕەبۆڕ هاتن؛ قوڕەکردن؛ بۆڕان. (۲) نەڕە؛ بۆڕە؛ قوڕە؛ گرمە؛ گرمەگرم.

adj. (۳) ئەخۆشیەکی ئەسپە دەبێتە هۆی هەناسەدان بە گرانو بە دەنگی بەرز (۱) بە دەنگی بەرز وەک نەڕە یا بۆڕە؛ دەنگەدەنگاوی.

(a ~ business) (۲) [Colloq.]، زۆر سەرکەوتوو (بازرگانی)؛ گەرم (بازار):

roast (rōst), *v.t.* (۱) برژاندن (گۆشت، بەڕوو، گوێز)؛ گۆشت برژاندن.

(۲) پیشاندن؛ گۆشت پیشاندن (۳) ووشک کردنەوە یا برژاندن (قاوە). (٤) زۆر گەرم کردن؛ دانەبەر گەرمای بەتین. (٥) پوختەکردنی کانزای خاو بە تواندنەوەی لە کووڕەدا. (٦) خۆ گەرم کردنەوە لەبەر ئاگردان. (۷) [Colloq.]، گالتەپێکردن یا ڕەخنەلێگرتن بە تووندوتیژی (گەلێک جار لەڕووی براوەڕێیەوە هەر بۆ ڕابواردن).

v.i. (۱) گۆشت برژاندن؛ گۆشت پیشاندن. (۲) برژێنران؛ برژان؛ پیشان (۳) زۆر گەرم بوون؛ داخ بوون.

n. (۱) گۆشتی برژاو؛ پارچەیەک گۆشتی برژاو یا پیشاو. (۲) پارچەیەک گۆشتی ئامادەکراو یا بەکارهاتوو بۆ برژاندن یا پیشاندن (۳) برژاندن؛ برژان؛ پیشاندن؛ پیشان.

(a steak ~) (٤) [Colloq.]، سەیرانێکە کە گۆشتی تێدا ببرژێنرێت: .

adj. برژاو؛ پیشێنراو؛ برژێنراو: (~ beef) .

roaster (rōs′tĕr), *n.* (۱) برژێنەر (مرۆڤ، ئامێر). (۲) تاوە یا دەفرێکی تری گۆشت تێدا پیشێنراو. (۳) مریشک یا بەچکە بەرازی بۆ برژاندن بەکارهاتوو

rob (rob), *v.t.* (۱) ڕووتکردنەوە؛ ڕووتاندنەوە:

(The thief ~bed me of my money.)

(They ~bed us of our freedom.) (۲) ئ سەندن؛ ئ بێ بەش کردن: .

(to ~ a bank) (۳) بڕین (مال، بانق): .

(٤) تاڵان کردن؛ دزین؛ بە تاڵان بردن.

v.i. ڕووتکردنەوە؛ دزین؛ دزێتی کردن.

robalo (rob′ə-lō´, rō′bə-lō´), *n.* جۆرە ماسیەکی دەریایی لەمەریکێیە.

roband (rob′ənd), *n.* پەتی بایەوان پێ بەستنەوە.

robber (rob′ĕr), *n.* جەردە؛ چەتە؛ خەڵک ڕووتکەرەوە؛ دز؛ مااڵو شوێنی تر بڕ.

robbery (rob′ĕr-i), *n.* جەردەیی؛ چەتەیی؛ چەتەگەری؛ ڕووتکردنەوە؛ دزی؛ مااڵو شوێنی تر بڕین:

(There are bank robberies every day.)

robe (rōb), *n.* (۱) عەبا (دادپرسی؛ قەشە؛ ئاهەنگی دەرچوونی قوتابیانی زانکۆ)؛ جبە؛ کەوا؛ ڕۆب. (۲) ڕۆبی گەرماو یا خۆ ووشک کردنەوە. (۳) کراسی ژنانەی ڕازاوە. (٤) (pl.)، جلوبەرگ.

v.t. & v.i. عەبا کردنەبەر؛ جبە، کەوا، یا ڕۆب لەبەرکردن.

robin (rob′in), *n.* سنگ زەردە؛ بووک سوورە؛ باڵندەیەکی بچووکی

سەنگ سووری مەیلەو زەردە ئەوەندەی چۆلەکەیەک دەبێت.

roble (rō′blā), *n.* داربەروویی کالیفۆرنیا (گەلاکەی جیاوە وەک چەرم و بەڕووی باریکەلەو نووک تیژ دەگرێ) (پێشی دەووترێ: " white oak ").

roborant (rob′ə-rənt), *adj.* بەهێزکەر، دەرمان) هی هێز.

n. دەرمانی هێز.

robot (rō′bət, rob′ət), *n.* (۱) مرۆڤی ئۆتۆماتیکی؛ مرۆڤی بە جەپەنگو خودکارە؛ مرۆڤی مەکینەیی. (۲) کەسێکە کە هەر وەک مەکینە کاردەکات و هیچ بیر ناکاتەوە؛ کەسێکی وەک مەکینە لێ هاتوو؛ واتا بێ بیر

-robotism *(n.)*; robotistic *(adj.)*.

robust (rō-bust′, rō′bust), *adj.* (۱) بەهێز؛ بەهێزوبازوو؛ تێکسمراو؛ چوارشانە: *(a ~ young fellow)*. (۲) سەخت؛ گران *(~ labor)*. (۳) (ا) قایم؛ بەهێز؛ بەرگەگر: *(a ~ plastic)*. (ب) بەهێز؛ چەسپیو؛ قایم: *(a ~ faith)*. (٤) بێ پەردە؛ هەڵمانراو *(~ stories)*. (٥) بەهێز؛ لەرو *(~ language)*. (٦) سەنگین و تووندوتێژ: *(a ~ wine, coffe, etc.)*.

-robustly *(adv.)*; robustness *(n.)*.

robustious (rō-bus′chəs), *adj.* (۱) بەهێز؛ تێکسمراو؛ چوارشانە. (۲) دەنگ زل؛ نەختێک بێ نەزاکەت و دەنگەدەنگکەر

roc (rok), *n.* سیمرخ بالندەیەکی نەفسانەیی یا قرتێکەوتووی زۆر بەهێزو گەورەیە

rocambole (rok′əm-bōl′), *n.* ڕووەکێکە لە سیر دەچێت

rochet (roch′it), *n.* جبە یا عەبای سەرەک قەشە

rock (rok), *n.* (۱) بەرد؛ تەنەبەرد؛ تاشەبەرد؛ گابەرد؛ وورد بەرد (۲) شتێکی سەخت و قایمو چەسپیو (پالپشت، بناغە، پشتیوان). (۳) rock fish (٤) rock dove. (٥) [Chiefly British]، جۆرە نوقوڵێکی ڕەقە. (٦) [Slang]، (ا) *(pl.)*، پارە؛ پارچەیەک پارە (ب) نەڵماس؛ گەوهەرێکی وەک نەڵماس.

on the rocks, (۱) لە شکستیدایە؛ خەریکە تێکدەچێت یا دەفەوتێت؛ خەریکە هەرەس دەبات (مەجاز)؛ لە نەماندایە؛ شلۆقە: *(Their marriage is on the rocks.)* (۲) نابووت؛ بێ پووڵو پارە. (۳) یەکسەر بە سەهۆڵەوە، واتا بەبێ ڕوونکردنەوە (ویسکی): *(whisky on the rocks)*

rock (rok), *v.t.* (۱) ڕاژەندن (لە بێشکە یا جۆلانێدا)؛ جۆلانێ پێکردن: *(She ~ed the baby to sleep.)* (۲) ڕاوەشاندن؛ هێنانە لەرزین: *(The explosion ~ed the building.)*. (۳) شڵەقاندن؛ شڵەژاندن؛ ئاسایش تێکدان: *(The scandal ~ed the town.)* (٤) شوێندنەوەی کانزای خاو بە ڕاوەشاندنی.

v.i. (۱) ڕاژەندن؛ ڕاژەنێ؛ جۆلانێ پێکران. (۲) ڕاوەشان؛ لەرزین؛ لەرینەوە. (۳) شوێنەوەی کانزای خاو لە ڕاوەشێنەردا

n. (۱) ڕاژەندن؛ ڕاژەنێ. (۲) لەرزین؛ لەرینەوە؛ لەرزەلەرز.

rock-and-roll (rok′n-rōl′), *n.* (۱) مۆسیقای " ڕۆک ئەند ڕۆڵ " (۲) سەمای " ڕۆک ئەند ڕۆڵ ".

rockaway (rok′ə-wā′), *n.* گالیسکەیەکی سووکی تەنیشت کراوەی چوارێنچکەیی

rock bass, ماسییەکی ڕوباری نەمەریکییە

rock-bottom (rok′bot′əm), *adj.* زۆر نزم (نرخ)؛ زۆر هەرزان: *(~ prices)*

rock bottom, بنی بنەوە؛ نزمترین پلە: *(He is at ~ psychologically and financially.)*

rock-bound (rok′bound′), *adj.* بە بەرد دەوری دراوە.

rock cod, جۆرە ماسییەکی بچووکە لە دەروپشتی بەردا دەژی.

rock crystal, بلووری بەردین: جۆرە کریستاڵێکی ڕوونو بێ ڕەنگە.

rock dove, *Also* **rock pigeon,** کۆترە کێویلە.

rocker (rok′ēr), *n.* (۱) بێشک ڕاژەن. (۲) کورسی ڕاژەندن. (۳) ئەسپە دارینەی ڕاژەندن (بۆ سواربوونی منداڵان). (٤) یەکێکە لەو دوو تەختەدارە چەماوەی بێشکە یا کورسی ڕاژەندنی لەسەر ڕادەژێنرێت. (٥) دەفرێکی لەرزۆکە بۆ شۆردنەوەو جیاکردنەوەی نانتوون یا کانزای تر لە لمو خۆڵ. (٦) ئامێری ئامادەکردنی تەبەقە کانزا بۆ شت لەسەر هەڵکەندنی. (۷) [R-]، ئەندامی دەستەیەکی هەرزەی شەلاتی ماتۆرسکیل سواری ئینگلیزی.

rockery (rok′ēr-i), *n.* = rock garden.

rocket (rok′it), *n.* مووشەک؛ فیشەکە شێتە.

v.i. (۱) وەک فیشەکە شێتە چوون بە ئاسماندا. (۲) وەک فیشەکە شێتە چوون بە هەوادا (باڵندەی ڕاوکراوی هەڵسێنراو).

rocket (rok′it), *n.* (۱) کووزەڵە. (۲) ڕووەکێکی گوڵ سپیو پەمەیی و زەردو ئەرخەوانییە.

rocketeer (rok′it-ēr′), *n.* مووشەکناس؛ مووشەک هاوێژ؛ زانای مووشەک دروستکردن و هاویشتن.

rocket launcher, مووشەک هاوێژ (ئامێر).

rocketry (rok′it-ri), *n.* مووشەکناسی؛ زانیاری مووشەک دروستکردن و هاویشتن.

rockfish (rok′fish′), *n.* ماسییەکە لە دەروپشتی بەردا دەژی.

rock garden, باخچەی ناوبەرد: باخچەیەکە بە گوڵو بەرد ڕازێنرابێتەوە؛ گوڵستانێکە لە ناوچەیەکی بەردیندا . (پێشی دەووترێ: " rockery ")

rocking chair, کورسی ڕاژێنە.

rocking horse, ئەسپە ڕاژێنە (بۆ سواربوونی منداڵان).

rock oil, [Chiefly British], نەوت؛ پەترۆڵ.

rock pigeon, = rock dove.

rock-ribbed (rok′ribd′), *adj.* (۱) بەردین؛ بەردەڵانی؛ بەردانی. (۲) سەرسەخت؛ ڕەق؛ نەگۆڕ؛ لەپێ خۆ لانەدەر.

rock salt, بەردە خوێ.

rock weed, گیای بەسەر بەردەوە ڕواوی کەناری دەریا.

rocky (rok′i), *adj.* (۱) بەردەڵانی؛ بەردانی؛ بەردەڵان. (۲) بەردین؛ لە بەرد پێکهاتوو. (۳) (ا) چەسپیو وەک بەرد؛ قایم. (ب) بێ بەزەیی؛ ڕەق؛ سەخت: *(a ~ heart)*.

-rockiness *(n.)*.

rocky (rok′i), *adj.* (۱) شۆڵ؛ لەرزۆک؛ دەڵەڕێتەوە: *(a ~ table)*. (۲) [Slang]، گێژو بێ هێز؛ لەتر دەدات.

-rockiness *(n.)*.

rococo (rə-kō′kō), *n.* (۱) شێوازێکی خانووسازی و جوانکاریی بریتییە لە ئەندازە بەدەر ڕازاندنەوە و نەخشو نیگار بەکارهێنان. (۲) شێوازێکی وێژەیە بریتییە لە ڕازانەوەی لە ڕادە بەدەر.

adj. لە ئەندازە بەدەر ڕازاوە؛ زۆر نەخشو نیگاراوی (خانووسازی)؛ زەقو بێ تام.

rod (rod), *n.* (۱) خەڵف؛ تووڵ؛ لق. (۲) ئەوە؛ ڕەچە؛ لقی خێزانێک یا هۆزێک. (۳) دار؛ شیش؛ میل: *(a curtain ~)*. (٤) (ا) داری دارکاری؛ داری فەلاقە. (ب) سزا؛ سزادان. (٥) (ا) گورزی پاشا؛ گورزی فەرمانڕەوا. (ب) دەسەڵات؛ فەرمانڕەوایی؛ زۆرداری؛ زۆردارەکی. (٦) داری ڕاوەماسی: *(a fishing ~)*. (۷) باسک (پێوان). (۸) پێوانەیەکی پێنج یاردو نیویی (بەتایبەتی بۆ زەوی)؛ میلی زەوی پێو (۹) [Slang]، دەمانچە؛ دەمانچەی بەکرەدار.

(۱۰) میکروبی دریژکۆلە. (۱۱) شانەی دریژکۆلەی تۆپی چاو.

spare the rod, سزا نەدان؛ لێ نەدان؛ دارکاری نەکردن.

rode (rōd), *past tense and archaic p.p. of* **ride.**

rodent (rō′d'nt), *adj.* (۱) کرۆژندە؛ قرتێنەر

(۲) تایبەتی بە کرۆژندەکان.

n. گیانداری کرۆژندە یا قرتێنەر (مشک، کەرۆشک، سمۆرە...هتد).

rodeo (rō′di-ō′), *n.* (۱) گردکردنەوەی ڕەشەوولاخ و مۆڵدانیان بۆ سمێر و شتی وەها. (۲) مۆڵگەی ڕەشەوولاخ؛ پەچە.

(۳) نووساندن یا بۆربۆرێنێکی " کاوبۆی" نەمەریکییە کە بریتییە لە سواری ئەسپ و کەڵەگای تۆپرو کەمەندکردنی پارێزو کەڵەگای تۆپرو شتی تری وەها.

rodman (rod′mən), *n.* یاریدەدەری زەوی پێو (میلی زەوی پێوانەکە هەڵدەگرێت).

rodomontade (rod′ə-mon-tād′), *n.* فشە؛ فیشاڵ؛ قسەی زل؛ خۆهەڵکێشان؛ لاف و گەزاف

adj. فشەچی؛ فشەباز

v.i. گەزاف لێدان؛ فشەکردن؛ خۆهەڵکێشان؛ لاف لێدان.

roe (rō), *n.* گەرای ماسی

roe (rō), *n.* = roe deer.

roebuck (rō′buk′), *n.* نێرە ئاسک.

roe deer, *Also* roe, ئاسک؛ جۆرە ئاسکێکی بچووکە.

roentgen (rent′gən), *n.* یۆنتجن یەکەی پێوانەی تیشکی ئێکس.

roentgenize (rent′gə-nīz′), *v.t.* دانەبەر تیشکی ئێکس؛ تیشکی ئێکس لێدان

roentgeno- (rent′gən-ō, rent′gən-ə), پێشگرێکە بەمانای: تیشکی ئێکس

roentgenogram (rent′gən-ō-gram′), *n.* وێنەی تیشکی ئێکس

roentgenography (rent′gən-og′rə-fī), *n.* وێنەگرتن بە تیشکی ئێکس.

roentgenology (rent′gə-nol′ə-ji), *n.* تیشکی ئێکس ناسی؛ بەکارهێنانی تیشکی ئێکس بۆ دیاری کردن و چارەکردنی نەخۆشی.

roentgenotherapy (rent′gən-ō-ther′ə-pi), *n.* چارەکردنی نەخۆشی بە تیشکی ئێکس.

rogation (rō-gā′shən), *n.* (۱) (*pl*) ، ڕۆژانی نوێژ لە خودا پارانەوەی سێ ڕۆژ پێش یادی بەرزبوونەوەی عیسا بۆ ئاسمان (خاچ پەرستی).

(۲) (*pl*) پێشنیازکردنی گەلاڵەی یاسایەک لەلایەن فەرمانڕەوایەکی ڕۆمای کۆنەوە لەبەردەم جەماوەردا. (ب) گەلاڵەی ئەم یاسایە.

Roger (roj′ĕr), *interj. Also* roger, (۱) ووتەیەکە لە پەیوەندی کردن بە دەزگای بێ تەلدا بەکاردەهێنرێت بەمانای " گەیشت" یا " وەرگیاوە"، واتە پەیامەکەت گەیشت یا وەرگیرا. (۲) [Slang]، باشە !؛ چاکە!؛ بەڵێ باشە!؛ ئێ.

rogue (rōg), *n.* (۱) کەسێکی دەربەدەر؛ خانە بە کۆڵ؛ وێڵ؛ بێ لانە؛ ڕەوەند. (۲) دەغەڵ؛ کەسێکی بەکارو پیس؛ پیاوخراپ؛ ناکەس.

(۳) قوماربازی کەڵەکباز؛ سەرسەری (لەڕووی گاڵتەوە)؛ کەتنبار.

(٤) گیاندارێکی چەمووش یا سەرکێش بەتایبەتی فیلێک کە لە ڕەوەکەی دابڕابێت (٥) زیندەوەرێکی گەنگتر لە تۆخمەکەی (بەتایبەتی ڕووەک).

v.t. (۱) دەستڕێن؛ ساختەلێکردن؛ خەڵەتاندن؛ بە ساختە لێ کێشانەوە؛ گڕی لێکردن (۲) لە ڕەگ دەرهێنان یا فەوتاندنی نموونە گەنگەکانی تۆخمە ڕووەکێک؛ بڕارکردنی تۆخمی خراپ؛ بڕارکردنی ڕووەکی خراپ یا گەنگ بۆ پاراستنی تۆخمەکەی

v.i. وێڵ بوون؛ ژیانێکی دەربەدەری و بێ لانەیی بردنەسەر؛ قوماربازی کردن.

roguery (rō′gə-ri), *n.* (۱) ساختەچێتی؛ دەستڕێن؛ فێڵبازی؛ خەڵەتاندن (۲) قوماربازی؛ گۆبەنکاری؛ کەتنبازی.

rogues' gallery, وێنەی تاوانکاران لە پۆلیسخانەدا.

roguish (rō′gish), *adj.* (۱) پیس؛ ناپاک؛ بێ وێژدان؛ دەغەڵ؛ ناکەس.

(۲) ڕۆڵو قوماربازی؛ جەربەزە؛ کەتنبازی هاروهاج؛ تەشقەلەبازی.

roil (roil), *v.t.* (۱) لێڵ کردن (بە تێکهەڵدانی شلەو خڵتەکەی بنی).

(۲) تووڕەکردن؛ زویرکردن؛ پەستکردن.

roily (roi′li), *adj.* (۱) لێڵ. (۲) تووڕە؛ زویر؛ هەڵچوو؛ تەنگەجیکلانە.

roister (rois′tēr), *v.i.* (۱) بە کەش‌وفشەوە ڕۆیشتن؛ خۆبادان؛ ڕۆڵێدان؛ کەشخەکردن (۲) بەزم گێڕان؛ کردن بە بەزم‌وڕەزم.

-roisterer *(n.)*; **roisterous** *(adj.).*

role (rōl), *n.* (۱) دەوری نوێنەرێکی شانۆنامەیەک: *(the leading ~ . He played an important ~ in the rebellion.)*

(۲) ڕۆڵ؛ دەور.

roll (rōl), *v.i.* (۱) خولانەوە؛ سوورانەوە.

(ب) خل بوونەوە؛ گلۆربوونەوە؛ تەپاوتل کردن؛ تل دان.

(۲) گەران؛ سوورانەوە.

(۳) تێپەڕین؛ ڕابوردن: *(The years ~ed by.)*

(٤) خولانەوە (نەستێرەی گەڕۆک، نەستێرە).

(٥) شەپۆل دان؛ هەڵبەزودابەزی ئاو.

(٦) گرمەگرم هاتن؛ تەقینەوە: *(Thunder ~s.)*

(۷) بەرزو نزم بوونەوەی دەنگ.

(۸) گرمۆڵەبوون؛ هەڵکران؛ لوول بوون؛ کلاڤەکردن: *(The string ~ed into a tight ball.)*

(۹) هەڵگەڕانەوە (چاو): *(Her eyes ~ed.)*

(۱۰) (ا) بەملاو بەولادا کەوتن؛ لەنجەولارکردن: *(The ship ~ed.)*

(ب) بە لەنجەولار ڕۆیشتن؛ لەنجەولارکردن.

(۱۱) پان بوونەوە لەژێر باگردێندا.

(۱۲) بە ئاسانی و خێرا بەرەو پێشەوە ڕۆیشتن: *(Now we're ~ing.)*

(۱۳) تەقەلێدان؛ سەرمەوقولات دان.

(۱٤) خۆگەوزان؛ تەپاوتل کردن.

v.t. (۱) تل کردنەوە؛ خل کردنەوە؛ تلاندنەوە؛ تەپاوتل پێکردن؛ تل پێدان.

(۲) خولاندنەوە؛ سوورانەوە. (۳) تەپڵ لێدان خێرا خێرا.

(٤) زمان لوول دان لەکاتی بێژانی هەندێ تیپدا: *(He ~s his r's.)*

(٥) خستنەکار (کامێرا)؛ خولاندنەوە (فیلمی کامێرا): *(~ the camera.)*

(٦) ڕاژەندن؛ لارەولارپێکردن؛ لەنجەولارپێکردن: *(The waves ~ed the ship along.)*

(۷) هەڵگێڕانەوە: *(She ~ed her eyes.)*

(۸) پێچانەوە؛ لوول دان؛ خڕ هەڵدان: *(He ~ed a cigarette.)*

(۹) نان کردنەوە؛ پان کردنەوە (بە تیرۆك و شتی وەها).

(۱۰) زار هەڵدان (تاوڵەو دۆمینە).

(۱۱) ڕاخستن؛ داخستن (بەرە). (۱۲) بابۆڵە کردن.

(۱۳) [Slang]، ڕووتکردنەوەی سەرخۆشێک یا کەسێکی بێ دەسەڵات.

n. (۱) خل بوونەوە؛ تل بوونەوە؛ تل؛ تلاوتل کردن؛ تەقلە. (۲) لوولە (کاغەز). (۳) شتی لوولەکراو (فیلمی کامێرا)؛ تۆپ (قوماش، کاغەز)؛ گوورزە: *(a ~ of film)*

(٤) لیستەی ناو. (٥) بابۆڵە (نان)؛ مارمارە.

(٦) بەکرە؛ باگردێن؛ خولخولۆکە.

(۷) لەنجە؛ لەنجەولار؛ لارەولار. (۸) تەپڵ لێدان.

(۹) دەنگدانەوە (هەورەگرمە)؛ تۆپ تەقاندن)؛ گرمەگرم.

(۱۰) بەرزو نزمی دەنگ.

(۱۱) بەرزایی زەوی؛ بەرزو نزمی زەمین.

(۱۲) [Slang]، بابۆڵە (پارە)؛ سەفتە: *(a ~ of ten dollar bills)*

roll back, (۱) نرخ داشکان و گەڕاندنەوە بۆ ڕادەی نزمی جاران: *(to roll back gas prices)*

(۲) گەڕاندنە دواوە؛ پاڵ پێوەنان بۆ دواوە.

roll in, (۱) گەیشتن یا هاتن (بەتایبەتی ژمارەیەکی زۆر): *(The tanks rolled in.)*

(۲) [Colloq.]، هەڵە تێداکردن (مەجاز)؛ زۆر هەبوون (پارە): *(He is rolling in money.)*

roll out, (١) پان کردنەوە؛ تەخت کردن. (٢) ڕاخستن؛ داخستن (بەڕە).
(to roll out the red carpet for a guest)
roll round, گەڕانەوە (وەرز).
(Winter rolled round again.)
roll up, (١) لوول کردن؛ پێچانەوە؛ گرمۆڵەکردن. (٢) هەڵکردن (قۆڵ، پانتۆڵ). *(Roll up your sleeves.)* . (٣) کەڵەکەکردن؛ کەڵەکەبوون؛ کۆمەڵ بوون؛ زۆربوون.
(His debts were rolling up.)
(٤) [Colloq.]، بە ئوتومبیل گەیشتن.

rollback (rōl′bak), *n.* نرخ داشکان؛ گەڕانەوەی بۆ ڕادەی نزمی جاران.

roll call, ناو خوێندنەوە (قوتابی، سەربان، کۆپ)؛ بەسەرکردنەوە (بۆ ئەوەی بزانرێ کێ دیارەو کێ‌یش دیار نییە).

roller (rōl′ēr), *n.* (١) بکەری roll (٢) بەکرە؛ خولخولۆکە (٣) باگردین. (٤) گوورزەی سارغی. (٥) شەپۆلێکی زل هەڵناوساو کە خۆی دەکێشێت بە کەناری دەریادا. (٦) (/) کۆتری تەقلەباز. (ب) باڵندەیەکە تەقلە لێدەدات لەکاتی فڕیندا.

roller coaster, هێڵێکی ئاسنی بەرزو نزمی پێچ پێچە گالیسکەی سەرکراوەی بچووکی بە تیژی بەسەردا دەڕوات خەڵک سواری دەبێت بۆ خۆشی لە باخچەی چەرخ‌وفەلەکدا.

roller-skate (rōl′ēr-skāt), *v.i.* لەسەر بەستەڵەک خلیسکان بە پێڵاوی پێچکەدارەوە.

roller skate, پێڵاوی پێچکەداری سەهۆڵ خلیسکێ.

roll film, فیلمی هەڵکراو لەسەر بەکرە؛ فیلمی کامێرا.

rollick (rol′ik), *v.i.* زەماوەندکردن؛ یاری کردن؛ خۆش ڕابواردن؛ بەزم‌وڕەزم گێڕان.
n. بەزم‌وڕەزم؛ زەماوەند؛ یاری؛ ڕابواردن.

rollicking (rol′ik-iŋ), *adj.* خۆش (کات؛ ڕابواردن).
(We had a ~ time.)

rollick-some (rol′ik-səm), *adj.* = rollicking.

rolling pin, تیرۆک

roll-over (rol-ō′vēr), *n.* (١) هەڵگەڕانەوە؛ تەقلە؛ نەم دیو نەدیو کردن. (٢) وەرگەڕان (ئوتومبیل).

roly-poly (rō′li-pō′li), *adj.* کورت‌و قەڵەو؛ پان‌وپۆڕ.
n. (١) کەسێکی کورتەبنەو قەڵەو (بەتایبەتی منداڵ)؛ زیندەوەرێکی پان‌وپۆڕ. (٢) [Chiefly British]، جۆرێکە لە کێک.

Romaic (rō-mā′ik), *adj.* (١) هی یۆنانی نوێ. (٢) هی زمانی یۆنانی نوێ.
n. زمانی یۆنانی نوێ

romaine (rō-mān′), *n. Also* romaine lettuce, کاهوو

Roman (rō′mən), *adj.* (١) ڕۆمانی؛ تایبەتی بە ڕۆمای کۆن‌و تازەو دانیشتووەکانی (٢) کاسۆلیکی (٣) [-r]، هی جۆرە تیپێکی ڕاست‌و باریکەڵەیە (چاپەمەنی).
n. (١) نیشتەجێیەکی ڕۆمای کۆن یا تازە؛ هاونیشتمانێیەکی ڕۆمانی. (٢) زمانی نیتاڵی شاری ڕۆما. (٣) لاتینی؛ زمانی لاتینی. (٤) کەسێکی کاسۆلیکی. (٥) [-r] ، جۆرە تیپێکی ڕاست‌و باریکەڵەیە (چاپەمەنی).

roman à clef (rô´mäⁿ´ nä klā′), [Fr.], چیرۆکێکە دەربارەی خەڵک‌و ڕووداوی ڕاستەقینە کە ناوو شتی تری دەگۆڕێ بۆئەوەی خەڵک‌و شوێنەکان نەناسرێنەوە

Roman alphabet, ئەلف‌وبێی ڕۆمانی کۆن (کە زۆربەی ئەلف‌وبێی زمانە تازەکانی ئەورووپای لێوە وەرگیراوە).

Roman candle, جۆرێکە لە فیشەکە شێتە.

Roman Catholic, (١) هی کڵێسەی کاسۆلیکی. (٢) کەسێکی کاسۆلیکی.

Roman Catholic Church, کڵێسەی کاسۆلیکی.

Roman Catholicism, ئایینی کاسۆلیکی.

Romance (rō-mans′, rō′mans), *adj.* تایبەتی بەو زمانانەی کە لە لاتینی‌یەوە وەرگیراون وەک ئیسپانی، پورتوغاڵی، فەرەنسی، ئیتاڵی‌و چەند زمانێکی تر: *(~ languages.)* .
n. ئەم زمانانە.

romance (rō-mans′), *n.* (١) ڕۆمانس: چیرۆکێکی هۆنراوەیی یا پەخشانی کۆنە دەربارەی دڵداری‌و کرداری ناڕایانەو جوامێرانەی سوراچاکان. (٢) چیرۆکێکی دڵداری‌و کرداری جەربەزانە. (٣) وێژەی ئەم جۆرە چیرۆکە پێکهاتوو. (٤) هەستی دڵداری‌و کاری خۆشی‌و جەربەزانە؛ خۆشی ئەم جۆرە هەستە. (٥) زیادەڕۆیی؛ شت هەڵبەستن؛ دروزنی؛ درۆزنەیی. (٦) دڵداری؛ خۆشەویستی. (٧) پارچەیەک مۆسیقای دڵداری.
v.i. (١) " ڕۆمانس" نووسین؛ چیرۆکی دڵداری نووسین یا گێڕانەوە. (٢) بە زمانی دڵدارانە دووان. (٣) زیاد ڕۆیشتن لە بیرکردنەوەو خەیاڵ لێداندا. (٤) [Colloq.]، دڵداری کردن؛ چاوباشقاڵی کردن؛ دەستبازی کردن؛ هەوڵی دڵ ڕاکێشان دان.
v.t. [Colloq.], دڵداری لەگەڵ کردن؛ دەستبازی کردن؛ هەوڵی دڵ ڕاکێشان دان.

Roman Empire, ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی؛ شاهەنشانشینی ڕۆمانی.

Romanesque (rō´mə-nesk′), *n.* (١) شێوازێکی خانووسازی‌یە لە سەدانی یانزەو دوانزەدا باوبوو بریتی‌یە لە بەکارهێنانی تاقی خڕو گوومەزو دیواری زۆر ئەستوور. (٢) شێوازێکی نیگارکێشی وەک ئەمە.
adj. تایبەتی بەم جۆرە شێوازی خانووسازی‌و نیگارکێشی‌یە.

Romanian (rō-mā′ni-ən, rō-mān′yən), *adj.* تایبەتی بە گەل‌و زمان‌و کلتووری ڕۆمانیا؛ ڕۆمانیایی.
n. (١) هاونیشتمانی‌یەکی ڕۆمانیا؛ ڕۆمانیایی. (٢) زمانی ڕۆمانیایی

Romanize (rō′mən-īz′), *v.t.* (١) کردن بە ڕۆمانی؛ وەک ڕۆمانی لێکردن. (٢) کردن بە کاسۆلیک؛ وەرگەڕاندن بۆ ئایینی کاسۆلیکی (٣) گۆڕین بۆ ئەلف‌وبێی ڕۆمانی، واتە لاتینی؛ بە تیپ یا ئەلف‌وبێی ڕۆمانی نووسین.
v.i. (١) وەرگرتن یا پەیڕەوکردنی نەریت‌و یاسای ڕۆمانی. (٢) بوون بە کاسۆلیک.

Roman numerals, ژمارەی ڕۆمانی.
(I = 1, II = 2, M = 1000, C = 100, X = 10, V = 5).

romantic (rō-man′tik), *adj.* (١) ڕۆمانتیکی:
(a ~ story, scene, etc.)
(a ~ idea, scheme, etc.) (٢) خەیاڵی؛ ناکردەنی؛ خەیاڵ پلاوی:
(٣) ڕۆمانتیکی؛ هەستی ڕۆمانتیکی هەیە؛ حەز لە دڵداری‌و شوێن خەیاڵ کەوتن دەکات: *(a ~ girl, youth, man, etc.)* .
(٤) هەستی ڕۆمانتیکی یا دڵداری‌و خەیاڵی خۆش دروستکەر:
(a ~ place, atmosphere, etc.)
(٥) ڕۆمانتیکی: تایبەتی بە بزووتنەوەی ڕۆمانتیکی لە وێژەو هونەردا.
n. (١) کەسێکی ڕۆمانتیکی؛ کەسێکی هەست ناسک‌و حەز لە دڵداری‌و خەیاڵ کەر. (٢) پەیڕەوێکەری ڕێبازو شێوازی ڕۆمانتیکی لە وێژەو هونەردا. (٣) *(pl.)* ، هەست و نیشانەی ڕۆمانتیکی.
-romantically *(adv.)*.

romanticism (rō-man′tə-siz′m), *n.* (١) هەستی ڕۆمانتیکێتی؛ ڕۆمانتیکێتی؛ هەست‌و ڕەووشت‌و کردەوەو هەڵوێستی ڕۆمانتیکی. واتە دڵداری‌و شوێن خەیاڵ‌و هەست کەوتن‌و ناکردەنێتی. (٢) [-R]، بزووتنەوەی ڕۆمانتیکی: ڕێبازو شێوازێکە لە وێژە (بەتایبەتی لە هۆنراوەو هونەردا) لە دوادوای سەدەی هەژدەهەم‌و سەدەی نۆزدەهەمدا پەرەی سەند دژی " کلاسیکی نوێ" وە بریتی بوو لە خۆ ڕزگارکردن لە

شێوازو ناسی کۆن و پەپووت و گوێ دان بە هەستی هۆنەرو سرووشت.

romanticist (rō-man′tə-sist), *n.* ڕۆمانتیکی؛ پەیڕەویکەری ڕۆمانتیکیی؛ فەلسەفەی ڕۆمانتیکی لە وێژەو هونەردا (ووشەی پێشوو ببینە).

romanticize (rō-man′tə-sīz′), *v.t.* بەرگی ڕۆمانتیکی لەبەرکردن؛ بە ڕۆمانتیکیی‌یانە نواندن یا پیشاندان.

v.i. بیری ڕۆمانتیکی کردنەوە؛ ڕۆمانتیکی‌یانە بیرکردنەوە یا شت بینین.

Romany (rom′ə-ni), *n.* (١) قەرەج؛ کاولی (٢) زمانی قەرەجەکان.

adj. قەرەجی؛ تایبەتی بە قەرەجەکان و زمانەکەیان.

Romish (rōm′ish), *adj.* کاسۆلیکی (لەڕووی سووکی‌یەوە).

romp (romp), *n.* (١) یاری و سەماو گاڵتەوگەپ؛ یاری و سەماکردن و ڕابواردن و تریق و هووڕ. (٢) کچی حەز لە یاری کەر؛ کچو منداڵی یاریکەر. (٣) [Slang]، غارغارێن بردنەوە بە ئاسانی؛ پێشبڕکێ بردنەوەی ئاسان (ئەسپ).

v.i. (١) یاری و سەماو گاڵتەوگەپ کردن (بەتایبەتی کچو منداڵ). (٢) [Slang]، غارغارێن بردنەوە بە ئاسانی.

romper (rom′pĕr), *n.* (١) منداڵی یاریکەر؛ یاری و سەماکەر (بەتایبەتی کچو منداڵ). (٢) (*pl.*)، بەرگی سەرتاپای یاری منداڵان.

rompish (rom′pish), *adj.* حەز لە یاری کەر (کچو منداڵ).

rondeau (ron′dō, ron-dō′), *n.* (١) هەڵبەستێکی سیانزە دێڕی دوو کێشەیی‌یە (وە هەندێ جاریش دە دێڕی‌یە). (٢) **rondo**.

rondel (ron′d'l, ron′del), *n.* پارچە هەڵبەستێکی چوارە دێڕی‌یە.

rondo (ron′dō, ron-dō′), *n.* پارچەیەک مۆسیقایە کە ناوازەی سەرەکی‌یەکەی ناوبەناو دووبارە دەکرێتەوە.

rondure (ron′jĕr), *n.* [Poetic], (١) بازنە؛ نەڵقە؛ چەمەری. (٢) خڕی؛ بازنەیی؛ نەڵقەیی.

rontgen (ront′jən), *n.* = **roentgen**.

rood (rōōd), *n.* (١) نەو سێدارەیەی عیسای پێوە هەڵواسرا. (٢) خاچ (هی ناو کڵێسە یا هەر شوێنێکی تر). (٣) پێوانەیەکی ئینگلیزی‌یە بریتی‌یە لە پێنج یاردو نیو هەتا هەشت یارد. (٤) پێوانەیەکی ڕووی زەوی‌یە بریتی‌یە لە چوارێکی " ئەیکەر" یا بانەگایەک (" ئەیکەر" یەک چوارهەزارو چل‌وهەشت مەترە دووجایە).

roof (rōōf, roof), *n.* (١) سەربان (٢) ماڵ؛ لانە. (٣) پۆپە؛ تەوقەسەر؛ سەر. *(the ~ of the world)*. (٤) ناسمانەی دەم؛ سەر. *(the ~ of the mouth; the ~ of a bus)*.

v.t. سەربان بۆ کردن؛ سەرگرتن (خانوو)؛ سەربان گرتن.

go through (or hit, or raise) the roof, (١) کردن بە هەرا (چەپڵەلێدان. ناهەنگ، تووڕەیی). (٢) زۆر تووڕەبوون؛ زۆر سکاڵاکردن بە دەنگی بەرز.

under a person's roof, لە ماڵی یەکێکدا بوون (میواندارى؛ دانەدان).

under one roof, لە هەمان ماڵدا؛ لە هەمان شوێندا.

roofer (rōōf′ĕr, roof′ĕr), *n.* وەستا یا کرێکاری سەربان؛ سەربان چاککەر یا دروستکەر.

roofing (rōōf′iŋ, roof′iŋ), *n.* (١) سەربان دروستکردن یا چاککردن؛ سەرگرتنی خانوو. (٢) سەربان. (٣) کەرەسەی سەربان؛ داروپەردوو.

roofless (rōōf′lis, roof′lis), *adj.* (١) بێ سەربان. (٢) لانەوان؛ دەربەدەر؛ بێ ماڵ و شوێن؛ بێ لانە.

rooftree (rōōf′trē′, roof′trē′), *n.* (١) تیرگە (٢) سەربان. (٣) ماڵ؛ لانە.

rook (rook), *n.* (١) قەڵەڕەشکە؛ قاژ؛ قاژۆ. (٢) گزیکەر؛ ساختەچی (قومار).

v.t. & v.i. گزی کردن؛ ساختەکردن (قومار).

rook (rook), *n.* قەڵا (شەترەنج).

rookery (rook′ĕr-i), *n.* (١) شوێنی هێلانەکردن و بەچکەکردنی قاژۆ؛ هێلانەخانەی قەڵەڕەش. (٢) مۆڵگەی هەندێ گیاندار وەک مانگای دەریا؛ هێلانەخانەی پەنگوین.

(٣) خانوویەکی پەپووتی گەرەکێکی هەژار کە چەند خێزانێکی تێدا دەژی

rookie (rook′i), *n.* (١) سەربازی تازە گیراو. (٢) یاریکەری تازە (بێسبۆل). (٣) نەوکار؛ نوێکار؛ تازەکووڕە؛ فەریک؛ نەشارەزا.

rooky (rook′i), *adj.* پڕە لە قاژ.

room (rōōm, room), *n.* (١) جێ؛ شوێن؛ جێگەوڕێگە: *(We have enough ~ for one more person in our house.)* (٢) بوار؛ دەرفەت؛ ڕێ؛ جێ؛ بۆ هەبوون؛ هەل: *(There's ~ for improvement in your work.; There is ~ for doubt.)* (٣) ژوور؛ هۆدە. (٤) (*pl.*)، شوێنی ژیان؛ خانە. (٥) ئەوانەی لە ژوورێکدان؛ خەڵکی ناو ژوورێک: *(The whole ~ was silent.)*

v.i. تێدا ژیان؛ تێدا دانیشتن یا نیشتەجێ بوون؛ تێدابوون.

v.t. جێگەردنەوە؛ جێگەوڕێگە پێدان؛ لانە پێدان.

make room, جێگەردنەوە؛ جێ بۆ چۆڵ کردن؛ ڕێ دان: *(Make room for the guests.)*

room and board, خواردن و نوستن (بە پارە یا بەخۆڕایی لە شوێنێکدا): *(The school provides ~ for free.)*.

roomer (rōōm′ĕr, room′ĕr), *n.* = **lodger**.

roomette (rōōm-et′, room-et′), *n.* ژوورێکی بچکۆلەی نوستن لە قارگۆنی شەمەندەفەردا.

roomful (rōōm′fool′, room′fool′), *adj.* (١) پڕ ژوورێک؛ ئەوەندەی ژوورێک بیگرێت (مرۆڤ، شت). (٢) سەرجەمی ئەو کەسانە یا شتانەی لە ژوورێکدان؛ خەڵکو شتی ناو ژوورێک.

roominess (rōōm′i-nis, room′i-nis), *n.* فراوانی یا گەورەیی شوێنێک (ژوور، خانوو، کورسی، پارەو).

rooming house, خانوویەکە ژوورەکانی بە جیاجیا دراون بەکرێ (پێشی دەوترێ " loding house ").

roommate (rōōm′māt′, room′māt′), *n.* هاوژوور؛ هاوماڵ؛ هاونشین.

roomy (rōōm′i, room′i), *adj.* فراوان؛ گەورە: *(a ~ apartment, house, place, etc.)*

roorback, roorbach (roor′bak), *n.* بوختان یا درۆودەڵەسە هەڵبەستن (بەتایبەتی بۆ ناوزڕاندن لە هەڵبژاردنێکدا).

roost (rōōst), *n.* (١) (ا) شوێنی نیشتنی مریشک و کەڵەشێرو باڵندەی تر. (ب) نیشتنگای باڵندە؛ جێ‌یەکە کە شوێنی گەنێک باڵندەی تێدابێتەوە بۆ نیشتن. (٢) نەو کۆمەڵە مریشک و کەڵەشێر یا باڵندەیەی تر کە پێکەوە دەنیشن. (٣) لانە؛ خانە.

v.i. (١) نیشتن (مریشک و کەڵەشێرو باڵندەی تر). (٢) حەوانەوە (بۆ شەوێک)؛ جێی خۆ خۆش کردن بۆ شەوێک.

(٩) زنجیرە (شانۆنامە پێشکەش کردن):

(The play had a ~ of a year.)

(١٠) چەند نۆتە یا ئاوازێکی مۆسیقای خێرا خێرا و یەک لەدوای یەکە.

(١١) تێکچڕان (مەعمیلی بانق بۆ پارە وەرگرتن)؛ هێرش:

(There was a ~ on the bank.)

(١٢) درێژبوونەوە؛ بەردەوامی.

(١٣) لێشاو؛ بەرزاو؛ ئاو هەڵنیشتن؛ تەووژم.

(١٤) جۆگەلەی خێرا.

(١٥) (ا) لەسەر ڕۆیشتن (شلە)؛ ڕۆیشتنی ئاو یا شلەی تر.

(ب) هەندی نەم ڕۆیشتنە.

(١٦) (ا) گەرانی کارخانە یا مەکینەیەک بۆ ماوەیەکی تایبەتی.

(ب) بەرهەمی نەم ماوەیە.

(١٧) (ا) بابەت (شتومەک)؛ چەشن؛ جۆر (مرۆڤ، گیاندار...هتد).

(ب) بابەتی ڕەمەکی یا بازاڕی؛ جۆری ئاسایی.

(١٨) (ا) بۆری؛ ڕێ؛ ڕێچکە؛ جۆگە.

(ب) کۆڵ: لانە؛ پەچە: *(a chicken ~ ; a rabbit ~)* .

(١٩) بەرەلایی؛ سەربەستی سووڕانەوە یا گەڕان:

(We had the ~ of his yard.)

(٢٠) ڕەوە: گەل (مێگەل، گاگەل).

(٢١) ڕێی کۆچ یا گەرمیان و کوێستان کردن؛ ئاوچەی تێدابوون و هاتوچۆکردن:

(٢٢) (ا) گەلە ماسی کۆچکەر (بۆ گەراکردن).

(ب) کۆچ کردنی ڕەهای ماسی.

(٢٣) تاڵی هەڵوەشاو یا ڕەویوە (قوماش و جلی تەنراو)؛ هەڵوەشانەوە؛ ڕەوینەوە

(٢٤) بەرەو نیشان چوون و نیشان لێگرتنی فڕۆکەی بۆمباهاوێژ:

(a bombing ~)

(٢٥) لە تۆپ دانی یەک لەدوای یەکو بردنەوە (یاری بلیارد).

adj. (١) تووانە

(٢) داڕێژراو: *(~ metal)* .

(٣) پاڵاوتە؛ پاڵێوراو؛ پوخت: *(~ honey)* .

(٤) قاچاخ: هی قاچاخ: *(~ liquor)* .

a run for one's money, (١) ملەمانێی گران؛ بە ئاسانی دەست نەکەوتن. (٢) خۆشی لێ وەرگرتن؛ شت لێ دەست کەوتن.

in the long run, لە مەودای دووردا؛ لە دواییدا:

(He may win now, but in the long run he will lose.)

on the run, (١) ڕاکردوو؛ ڕافرێنەراو؛ شکاوەو لە ڕاکردندایە:

(We have the enemy on the run now.)

(٢) ڕاکەڕاک دەکات؛ هەڵپە دەکات بە هەموولایەکدا:

(I have been on the run all day.)

(٣) قاچاخ (مرۆڤ)؛ ڕاکردوو: *(The thief is on the run.)* .

run across, تووش بوون بە ڕێکەوت؛ پێ گەیشتن.

run after, (١) شوێن کەوتن؛ دواکەوتن؛ بەدوادا ڕاکردن.

(٢) [Colloq.]، شوێن کەوتن بۆ بوون بە برادەر؛ داوای برادەرێتی لێکردن؛ ڕاکردن بەدوادا

run along, ڕۆیشتن؛ ڕۆین؛ کەوتنەڕێ.

run an errand, کارێکی سەرپێیی بچووک کردن (چوونە بازاڕ یا بانق).

run away with, (١) دزین؛ بردن (٢) ڕەدووکەوتن.

(٣) بە پەلە پەسەندکردن (پیرۆپا، پلان).

(٤) خۆ بۆ نەگیران؛ هەڵچوون: *(His temper ran away with him.)* .

(٥) (ا) بۆڕپێدان؛ بۆڕبۆڕێن بردنەوە.

به شوێن ڕابواردندا؛ ڕاکەڕاککەر (٢) گالیسکەیەکی سووکی یەک کورسی سەرکراوە. (٣) ئۆتومبیلێکی سووکی سەرکراوەی یەک کورسی. (٤) بەڵەمێکی بچووکی ماتۆڕدار

runagate (run′ə-gāt′), *n.* (١) کەسێکی هەڵهاتوو یا قاچاخ؛ کەسێکی ڕاکردوو. (٢) گەڕۆک؛ ئاوارە؛ دەربەدەر.

run-around (run′ə-round′), *n.* *Also* **run-round**, (١) دەستی دەستی پێکردن؛ بەدەمەوەگرتن؛ ئاێن‌وئێن؛ ڕاستی بەدەستەوەنەدان؛ بیانوو: *(to get the ~ from someone; to give someone the ~)* (٢) خانەیەکی چاپکراو بە تەسکی بەدەوری وێنەیەکدا (وەک لە فەرهەنگدا).

runaway (run′ə-wā′), *n.* (١) کەسێکی یاخی یا هەڵهاتوو؛ ڕاکردوو؛ هەڵاتو؛ تۆراو. (٢) ئەسپی بەڵەسە یا پەت پچڕێن.

(٣) ڕاکردن؛ هەڵهاتن؛ هەڵاتن؛ تۆران؛ یاخی بوون؛ بەڵەسەیی.

(٤) بردنەوەیەکی ئاسان؛ سەرکەوتنێکی ئاسان‌و یەکلایی.

adj. (١) ڕاکردوو. بەڵەسە؛ پەت پچڕێن؛ تۆراو: *(a ~ teenager ; a ~ horse)* (٢) هی ڕاکەر؛ هی ڕاکردوو: *(a ~ marriage)* (٣) بە ئاسانی براوە (بۆربۆڕێن، پێشبڕکێ). (٤) ڕوو بەرزبوونەوە (ئرخ): *(~ prices ; a ~ inflation)* .

runcinate (run′si-nit, run′si-nāt′), *adj.* گوێچکە نارێک‌و بە پشتدا کەوتوو (گەلا).

rundle (run′d'l), *n.* (١) پلە پەیژە (٢) چەرخ؛ ڕەوڕەوە؛ پێچکە

rundlet (rund′lit), *n.* (١) بەرمیلی بچووک (٢) پێوانەیەکی شلەی کۆنە بریتیە لە هەژدە گاڵۆن.

run-down (run′doun′), *adj.* (١) قورمیش نەکراوو وەستاو (کاتژمێر). (٢) ماندوو؛ لە پەل‌وپۆ کەوتوو؛ بێ هێزو ناتەندروست (لەبەر زۆر ئیش کردن)؛ لاواز. (٣) پەڕپووت؛ چاک نەکراوو گوێ پێ نەدراو؛ ڕووخاو: *(a ~ building)*

n. کورتە؛ پوختە.

rune (rōōn), *n.* (١) ڕوون: تیپی ئەلف‌وبێێەکی کۆنی ئەسکەندناڤی‌و ئەتەرە ئەڵمانیەکانی تەرە (٢) هەڵبەست. مەتەڵ؛ یا شتێکی تری بەم ئەلف‌وبێیە نووسراو. (٣) نیشانە یا شێوە نووسینێکی ئەفسوونەیی. (٤) [Poetic]. هەڵبەستی فنلەندی. (ب) هەڵبەستێکی ئەسکەندیناڤی کۆن. (ج) [Poetic]. هەڵبەست؛ گۆرانی.

-runic *(adj.).*

rung (ruŋ), *n.* (١) پلە پەیژە (٢) داری نێوان دوو قاچی کورسی؛ داری پاڵپشتی کورسی. (٣) تەڵ پێچکەی پاسکیل (٤) پلە

rung (ruŋ), *past participle and rare past tense of* ring.

run-in (run′in′), *adj.* تێ ترنجاو (ووتەی زیادەی ناو شتی نووسراو یا چاپکراو).

n. (١) ووتەی زیادەی تێ ترنجاو یا خراوە ناو شتی چاپکراو یا نووسراو. (٢) [Colloq.]. شەڕ؛ دەمەقاڵێ؛ مشت‌ومڕ؛ شەڕە قسە؛ دەمەقڕێ: *(She had a ~ with her boss.)*

runlet (run′lit), *n.* جۆگەلە

runnel (run′'l), *n.* (١) جۆگەلە (٢) ناوەڕۆ؛ ناوەڕۆگە.

runner (run′ĕr), *n.* (١) (ا) ڕاکەر (ب) هەڵهاتوو؛ ڕاکردوو؛ قاچاخ. (٢) پەیامبەر. (٣) (ا) قاچاخچی. (ب) بەڵەم یا کەشتی قاچاخچی. (٤) مەکینەچی؛ بەڕێوەبەر (ئامێر). (٥) فەرمانبەر (بانق). (٦) (ا) مەڕە یا قاڵی باریکی ڕاڕەو (ب) سەرمێزی باریکی جوان (کە هەر بەشێکی میزەکە دابپۆشێ). (٧) تاڵی هەڵوەشاو؛ تانێک کە ڕەوبینێتەوە. (٨) (ا) تەرزی خشۆکی ڕەگ داکوتاو (هەر ڕەگێکی دەبێتە ڕووەکێکی تازە). (ب) ڕووەکێکی وەها (وەک شلیلک). (٩) ڕووەکی پیاهەڵگەڕاوی تێوەتاڵۆ. (١٠) ئێی پێڵاوی سەهۆڵ خلیسکێ. (١١) نەو بەشەی ئامێرێک یا مەکینەیەکە کە بەشێکی تری پێدا دێت‌و دەچێت یا دەخلیسکێ. (١٢) ئەو پارچە درێژەی بنی گالیسکەی سەهۆڵە کە لەسەری دەخلیسکێ. (١٣) دارێژگە. (١٤) جۆرە ماسییەکە.

runner-up (run′ĕr-up′), *n.* هاوبڕکێکەری دوای براوە؛ هاوبڕکێکەری دووەم؛ براوەی دووەم.

running (run′iŋ), *n.* (١) ڕاکردن. (٢) توانای ڕاکردن. (٣) هاوبڕکی؛ بۆڕبۆڕێن: *(in the ~)* . (٤) بەڕێوەبردن؛ گێڕان؛ ئیش پێکردن؛ خستنەکار: *(the ~ of a machine)* (٥) (ا) ڕەوت (شلە)؛ ڕەوانی (ئاو)؛ ڕۆێن؛ لەبەر ڕۆێن. (ب) پادەی شلەی لەبەر ڕۆیین.

adj. (١) ڕاکەر؛ خێرا ڕۆیشتوو. (٢) هی ڕاکردن: *(a ~ race)* . (٣) ڕەوان (ئاو)؛ نەوەستاو؛ ڕۆیین: *(~ water)* . (٤) پێکەوە نووساو (نووسین). (٥) تووارە. (٦) کێم لێهاتوو: *(a ~ sore)* . (٧) هەڵگەڕاو (ڕووەک)؛ خشۆک. (٨) لە گەڕدایە؛ ئیش دەکات (مەکینە): *(a ~ engine)* . (٩) بە درێژی (پێوانە): *(a ~ foot)* . (١٠) بەردەوام: *(a ~ fend between the two sides)* . (١١) یەک لەدوای یەک: *(for seven days ~)* . (١٢) زاڵ. (١٣) هی ئێستە؛ بەردەوام: *(a ~ account)* . (١٤) خلیسکاو؛ شل؛ نەچەسپیو: *(a ~ knot)* . (١٥) بە ڕاکردن کراو: *(a ~ jump)* .

in the running, لە هاوبڕکێکەدایە؛ لەوانەیە ببیاتەوە.

out of the running, لە هاوبڕکێکەدا ئەیە؛ لەوانە ئەیە ببیاتەوە (هەڵبژاردن، پێشبڕکێ، غارغارێن، یاری).

running board, چەملەغی ئۆتومبیل.

running gear, بەشە جووڵاوەکان یا ئیشکەرەکانی ئوتومبیل‌و شتی تری خۆبزوێن (وەک گێڕو نەکسل‌و مەکینەو پێچکەکانی).

running head, سەرباسی دووبارەکراوەیە لە لاسەرووی هەموو لاپەڕەیەکدا یا هەر لە تەوقەسەری لاپەڕەی چەپ.

running mate, (پێشی دەوترێ: " running title "). ئاوەڵی هاوبڕکێ: (ا) نەسپی هاونیلە. (ب) نەسپێکە کە خێرایی بۆ ئەسپێکی تری غارغارێن دادەنێ یا دەبڕێتەوە. (ج) کەسێکە کە ناودێر کرابێ بۆ پلەوپایەیەکی جێگری لەگەڵ کەسێکی تردا بۆ پلە سەرەکێیەک (وەک جێگری سەرەک کۆمارو سەرەک کۆمار لە هەڵبژاردنێکدا): *(Jonson was Kennedy's ~ in the 1960 election.)*

running stitch, ڕیزە تەقڵی وورد.

running title, = running head.

running water, ئاوی بەلووعە؛ ئاوی ڕەوان.

runny (run′i), *adj.* (١) ئاو بە لووتدا هاتنەخوارەوە؛ چڵماوی: *(a ~ nose)* (٢) زۆر شل؛ شل: *(~ yogurt, soup, etc.)* .

run-off (run′ôf′), *n.* (١) باراناوو بەفراوی هەڵنەمژراوی بەرەو جۆگەو ئاوەڕۆ چوو. (٢) چڵکاوو پیسایی کارگە. (٣) کایەی بڕیاردەر؛ دوا کایەی بۆڕبۆڕێن، یاری، یا هەڵبژاردنێکە کە کەس نەیبردبێتەوە و بەرامبەر بن: *(Since no one has won the election outright, there will be a ~ .)*

run-of-the-mill (run′əv-thə-mil′), *adj.* بازاڕی؛ ڕەمەکی؛ ئاسایی؛ سادە (نموونە).

run-on (run′on′), *adj.* ١) بەند بەند نەکراو (چاپەمەنی). ٢) پێکەوە بەستراو بە هەڵەو بەبێ وەستان (ڕێزمان): *(a ~ sentence)* .

n. ١) شتی چاپکراوی بەند بەند نەکراو و جیانەکراوە. ٢) ڕستەیەکە کە لە لێکدانی چەند ڕستەیەک پێکهاتووە بە هەڵە (ڕێزمان).

runt (runt), *n.* ١) (أ) کورتەبنە (مرۆڤ، گیاندار، ڕووەک). (ب) بچووکترین بەچکەی بە یەک سک زار. ٢) گا و مانگای بچووک.

-runtiness *(n.)*; **runty** *(adj.)*.

runway (run′wā´), *n.* ١) جۆگە؛ ناوەڕۆ؛ ناوەڕۆگە. ٢) ڕێگەی شتی پێچەکەدار. (٣) ڕێچکەی ئاسکو گیاندارێ تر. ٤) ڕاڕەوی گەڕانەوەی تۆپی " بۆلینگ " پاش خل کردنەوەی. ٥) ڕاڕەوی نێوان شانۆو شانۆخانە. (٦) ڕاڕەوی فڕین و نیشتنەوەی فڕۆکە. ٧) کۆڕ؛ پەچە؛ کولانە مریشک.

rupee (rōō-pē′), *n.* ڕووپێ؛ پارەی هیندو پاکستانە.

rupture (rup′chēr), *n.* ١) شەق بردن؛ پچڕان؛ شەقو پەق بوون؛ دادڕان. ٢) پەیوەندی پچڕان (مرۆڤ، وڵات)؛ پەیوەندی بڕان: *(a ~ in their relations)*

٣) قۆڕی

v.t. & v.i. ١) شەق پێ بردن؛ پچڕاندن؛ شەق بردن؛ لێک جیاکردنەوە. ٢) قۆڕبوون

rural (roor′əl), *adj.* ١) ـیەتی؛ هی لادێ؛ هی دەرەوەی شار؛ دەشتەکی. ٢) لادێیی؛ هی خەڵکی لادێ. ٣) کشتوکاڵی.

-ruralism *(n.)*; **ruralist** *(n.)*.

rurality (roo-ral′ə-ti), *n.* ١) لادێیەتی؛ دەشتەکێتی؛ سادەیی. ٢) تایبەخۆیەکی لادێ؛ دیمەنی لادێ؛ ڕەفتاری لادێیانە.

ruralize (roor′əl-īz´), *v.t.* وەک لادێ لێکردن.

v.i. چوونە لادێ؛ لەلادێ ژیان بۆ ماوەیەک.

-ruralization *(n.)*.

ruse (rōōz), *n.* فێڵ؛ تەڵەکەبازی؛ کەڵەک؛ پەنگ؛ تەڵەکە؛ درۆ؛ ساختە؛ پیلان.

rush (rush), *v.i.* ١) بەلەکردن؛ بە پەلە شت کردن. ٢) هێرش بردنە سەر؛ پەلاماردان. ٣) (~ into) ، بە پەلەو سەرکێشانەو بێباکانە کردن: *(to ~ into marriage)*

٤) بە پەلە هاتن یا چوون؛ لە پڕ تێپەڕبوون یا ڕۆیشتن.

v.t. ١) بەپەلە بردن، ناردن، کردن، یا ڕۆیشتن: *(They ~ed him out of the room.)*

٢) پەلەلێکردن: *(Don't ~ me.)* .

٣) (أ) هێرش بردنە سەر؛ پەلاماردان. (ب) گرتن لە هێرشێکی وەهادا.

n. ١) پەلە. ٢) وروژم؛ وروژم بردنی خەڵک بۆ شوێنێک بەدوای پارە یا ئیشدا: *(the gold ~)*

٣) ڕاکەڕاک؛ پەلەپەل؛ پەلە: *(the ~ of modern life)* .

٤) هێرش؛ پەلامار.

٥) بوونی قوتابی تازەی هەندێک زانکۆو دانشگای نەمەریکی بە نەندام لە یاسەی تایبەتی زانکۆکەدا بە جەماوەری.

٦) قەرەبالغی؛ شپرزەیی و قەرەبالغی.

٧) بردنی توپ بەناو تیپی بەرامبەردا (فوتبۆڵی نەمەریکی).

٨) *(pl.)* ، وێنەی پەلەی بەشێک لە فیلمێکی تازە گیراو بۆ بینینی لەلایەن دەرهێنەر یا سەرپەرشتیاری فیلمەکەوە.

adj. ١) هی پەلە: دەبێ بە پەلە جێبەجێ بکرێ؛ پەلە: *(~ orders)* .

٢) قەرەبالغ: *(~ hour)* .

with a rush, بە پەلە؛ لە پڕ.

rush (rush), *n.* ١) زەل: پووەکێکە لقەکانی دەکرێن بە حەسیر و سەبەتەو کورسی. ٢) پووەکێکی زەلکاوەکانە وەک زەل. ٣) شتی هێچ‌وپووچ و بێ بایەخ.

rush hour, کاتی قەرەبالغی ڕێگەوبانو شەقامەکانە لە ئوتومبیل بەهۆی خەڵک چوون بۆ نیش یا هاتنەوەوە

rush-hour (rush′our), *adj.* هی کاتی قەرەبالغی ڕێگە (ووشەی پێشوو ببینە): *(~ traffic)* .

rusk (rusk), *n.* ١) چۆرەک. ٢) جۆرێکە لە پسکویت.

russet (rus′it), *n.* ١) ڕەنگی قاوەیی؛ قاوەیی. ٢) قوماشێکی قاوەیی زبرە. ٣) جۆرە سێوێکی زستانەی قاوەیی سوورکاری تۆخ‌ڵ نەستوورە.

adj. ١) قاوەیی. ٢) لە جۆرە قوماشێکی زبری قاوەیی دروستکراوە.

Russian (rush′ən), *adj.* ڕوسی (گەل، زمان، کلتوور...هتد).

n. ١) ڕوسی؛ هاونیشتمانیەکی ڕوسیا. ٢) زمانی ڕوسی.

rust (rust), *n.* ١) ژەنگ. ٢) دانە دواوە؛ کەروو هەڵهێنانی مێشک (مەجاز)؛ تەمەڵی؛ خووی خراپ. ٣) ژەنگ (ڕەنگ)؛ قاوەیی سووڕکار. ٤) ژەنگی دانەوێڵە: نەخۆشیەکە ژەنگ بە دانەوێڵە هەڵدەهێنێ.

v.i. & v.t. ١) ژەنگ لێدان (دانەوێڵە). ٢) ژەنگ گرتن؛ ژەنگ هەڵهێنان؛ ژەنگ لێدان. ٣) دانە دواوە؛ ژەنگ هەڵهێنان (مەجاز)؛ کەروو هەڵهێنان: *(His mind had ~ed.)*

٤) ڕەنگی ژەنگ گرتن یا لێدان.

adj. ژەنگ (ڕەنگ)؛ قاوەیی سووڕکار.

-rustily *(adv.)*; **rustiness** *(n.)*.

rust-colored (rust′kul´ērd), *adj.* ژەنگ (ڕەنگ)؛ قاوەیی سووڕکار.

rustic (rus′tik), *adj.* ١) دێهاتی؛ هی لادێ؛ لادێیی؛ دەشتەکی؛ هی دەرەوەی شار. ٢) (أ) سادە؛ خاکی. (ب) گێل؛ نەزان؛ هیچ نەدیو. ٣) لە دارو تەختەی تۆخڵاوی و زیر دروستکراو: *(~ furniture)* ٤) لەهی لادێ دەچێ لە سادەیی و خاکێتی و خنجیلەیی و کۆنباویدا: *(a ~ house, hotel, restaurant, etc.)*

n. لادێیی؛ کەسێکی سادەو نەزان و گێلۆکەو کێوی.

-rustical *(adj.)*; **rustically** *(adv.)*.

rusticate (rus′ti-kāt´), *v.i.* ١) چوونە لادێ. ٢) لەلادێ ژیان.

v.t. ١) ناردنە لادێ؛ بە زۆر لەلادێ دانان. ٢) [British]، دەرکردنی قوتابی لە زانکۆ یا دانشگا بۆ ماوەیەک. ٣) بە شێوەیەکی سادەو خنجیلەو کۆنباو لادێیانە دروستکردن (خانووسازی).

-rustication *(n.)*; **rusticator** *(n.)*.

rusticity (rus-tis′ə-ti), *n.* ١) سادەیی؛ خاکێتی؛ نەزانی؛ گێلۆکەیی؛ کێوێتی. ٢) ژیانی لادێ؛ لادێیەتی. ٣) کردەوەی لادێیانە؛ تایبەخۆ یا خووی لادێیانە.

rustle (rus′l), *v.i. & v.t.* ١) (أ) بۆ گەڕان؛ هەوڵ بۆدان؛ کۆشش کردن. (ب) بۆ خواردن گەڕان؛ خواردن لێ سەندن؛ بۆ ئالف گەڕان. ٢) (أ) ڕاپێچانی ڕەشەوولاخ. (ب) ڕەشەوولاخ دزین.

rustler (rus′lēr), *n.* [Colloq.], ١) کەسێکی چالاکو هەوڵدەر. ٢) ڕەشەوولاخ دز.

rustless (rust′lis), *adj.* بێ ژەنگ؛ ژەنگی پێوە نەبێ.

rust-proof (rust′prōōf´), *adj.* ژەنگ نەگر؛ ژەنگ هەڵنەهێن.

rusty (rus′ti), *adj.* ١) ژەنگاوی؛ ژەنگن؛ ژەنگدار.

(٢) له ژەنگەوە پەیدابووە.
(٣) ژەنگی هەڵهێناوە (مەکینە)؛ باش کارنەکەر لەبەر ژەنگ.
(٤) ژەنگن (مەجاز)؛ شەقوشڕ؛ ئەوەندە باش نییە چونکە ماوەیەکە خراوەتە پشت گوێ و بەکار نەهاتووە:
(His geometry is ~ .; My French is a little ~ .)
(٥) ژەنگی: ئاوەیی سوورکار.
(٦) ڕەنگ چووەوە یا تێکچوو؛ پەڕیووت.

rut (rut), *n.* (١) شوێن پێچکەی نوتومبیل و ماتۆرسکیل.
(٢) قڵیش: ئاودێر: دێڕاو؛ کەندە؛ کەندێ.
(٣) ڕۆتین: ڕاهاتن بە کردنی شتێک یا بیرکردنەوە بە شێوەیەک و بۆ نەگۆڕان:
[*to get in* (or into) *a* ~].

rut (rut), *n.* (١) ئارەزووی پەرین؛ ئارەزووی ئاسک و حوشتر و بەران و سابرێن. هتد بۆ پەرین. (٢) هاتنە تەگە؛ هاتنە با.
(٣) ماوەی نەم بەبابوونە.

v.i. ئارەزوو هەڵسان بۆ پەرین (کەلە ئاسک، بەران، سابرێن... هتد).
v.t. سواربوون؛ پەرین؛ جووت بوون.

rutabaga (rōō′tə-bā′gə), *n.* سەلکی ڕووەکێکە شێوەو تامەکەی لە شێلم دەچێت؛ شێلمە زەردە.

ruth (rōōth), *n.* [Archaic], (١) بەزەیی: بەزەیی پیاهاتنەوە؛ دڵ پێ سووتان. (٢) داخ و خەفەت؛ پەشیمانی.

ruthenic (rōō-then′ik), *adj.* پوتینیۆمی: ووشەی داهاتوو ببینە).

ruthenium (rōō-thē′ni-əm), *n.* پوتینیۆم: تۆخمێکی کانزایی خۆڵەمێشی یە (کیمیاگەری).

ruthful (rōōth′fəl), *adj.* [Archaic], (١) دڵتەنگ: ماتومەلوول؛ خەفەتبار. (٢) بە بەزەیی؛ دڵنەرم؛ بەڕەحم.
(٣) دڵ پڕی دەسووتێ؛ بافتی بەزەیی پیاهاتنەوەیە.

ruthless (rōōth′lis), *adj.* بێ بەزەیی؛ دڵ سەخت؛ دڵڕەق؛ بێ ڕەحم.

rutilant (rōō′ti-lənt), *adj.* [Rare], درەوشاوە؛ بریقەدار.

ruttish (rut′ish), *adj.* بەخرۆش؛ بەئالۆش؛ بەبا.

rutty (rut′i), *adj.* قڵیش قڵیشاوی: کەندڕاوی؛ درزاوی:
(a ~ road)

-ruttiness *(n.).*

rye (rī), *n.* (١) حەوێنج. (٢) ویسکی حەوێنج.

rye (rī), *n.* پیاوە قەرەج

rye grass, زیبزانە؛ مرور.

rye whiskey, ویسکی حەوێنج

S s

S, s (es), *n.* (۱) تیپی نۆزدەهەمی ئەلف‌وبێی ئینگلیزی‌یە. (۲) بەنگی نەم تیپە " ئێس ".

S (es), *n.* (۱) ژمارە " ۷ " یا " ۷۰ "ی پۆمانی.

adj. (۱) شتێکە لەشێوەی تیپی " S " دا. (۲) تایبەتی بەم تیپە. (۲) نۆزدەهەم؛ نۆزدەهەمین لە تیپی " S " دەچێت.

sabadilla (sab′ə-dil′ə), *n.* (۱) پووەکێکی تۆو ژەهراوی ناوچە گەرمەکانە. (۲) تۆوی نەم پووەکە.

sabbatarian (sab′ə-târ′i-ən), *adj.* شەممەیی: تایبەتی بە پۆژی شەممە. واتە پۆژی حەوانەوەی جوولەکە.

n. (۱) شەممەیی: پەیرەویکەری نەریتی حەوانەوە لە پۆژی شەممەدا (وەک جوولەکە). (۲) خاچ پەرستێکە کە پۆژی یەک شەممان دەحەوێنەوە. (۳) کەسێکە کە نەریتی حەوانەوەی پۆژی شەممە (لای جوولەکە) یا یەک شەممە (لای خاچ پەرستان)ی بە تووندوتیژی گرتبێ.

-Sabbatarianism *(n.).*

Sabbath (sab′əth), *n.* (۱) شەممە پۆژی حەوانەوە و خواپەرستی‌یە لای جوولەکە؛ شەممانە. (۲) یەک شەممە: پۆژی حەوانەوە و خواپەرستی لای خاچ پەرستان. (۳) [s-]، ماوەی حەوانەوە.

adj. تایبەتی بە شەممە؛ تایبەتی بە کاتی حەوانەوە.

Sabbatical (sə-bat′i-k'l), *adj.* (۱) شەممەیی؛ تایبەتی بە پۆژی شەممە، واتە پۆژی حەوانەوە لای جوولەکە. (۲) [s-]، هی ماوەی حەوانەوە: *(a ~ leave)* .

n. [s-], = sabbatical year.

sabbatical year, (۱) وەرزی پشوودان یا بە بەیار هێشتنەوەی زەوی‌وزارە هەر حەوت سالێ جارێک لای جوولەکە لە کۆندا. (۲) سالی پشوودان: سالێک یا شەش مانگە دەدرێت بە مامۆستای زانکۆ هەر حەوت سالێ جارێک بۆ پشوودانو لێکۆڵینەوە... هتد. (پێشی دەوترێ: " sabbatical leave ").

saber, sabre (sā′bēr), *n.* (۱) شمشێر. (۲) شمشێری شمشێربازی.

v.t. شمشێر لێدان؛ بە شمشێر کوشتن یا بریندارکردن.

saber rattling, شمشێر پاوەشاندن (نێو وڵاتان)؛ هەڕەشە؛ هەڕەشەلێکردن بە جەنگ.

saber-toothed (sā′bēr-tōōtht′), *adj. Also* sabre-toothed, ددان شمشێری؛ تایبەتی بە گیانداری کەلَبە درێژو چەماوەی وەک شمشێر.

saber-toothed tiger, پڵنگێکی قڕتێکەوتووە.

sable (sā′b'l), *n.* (۱) (ا) سەموورە: گیانەوەرێکە لە توخمی دەڵەک کەوڵەکەی بەنرخە. (ب) کەوڵی سەموورە. (۲) (ا) ڕەش؛ ڕەنگی ڕەش. (ب) (*pl.*)، جلی ڕەش؛ بەرگی شین یا زاری. (۲) قاوەیی تۆخ؛ ڕەنگی قاوەیی تۆخ.

adj. (۱) لە کەوڵی سەموورە دروستکراوە. (۲) ڕەش؛ هی جل‌وبەرگی شین. (۳) تاریک؛ ڕەش؛ دڵتەنگکەر.

sabot (sab′ō, sab′ət), *n.* (۱) قاپ قاپ. (۲) سۆل.

sabotage (sab′ə-tij), *n.* (۱) تێکوپێکدانی دەسەنقەست (وەک هی کەرەسەو بەرهەمی کارخانە لەلایەن کرێکاری مانگر یا بێزارەوە). (۲) تێکوپێکدانو وێران کردن (هی وڵات لەلایەن نۆکەرانی بێگانە یا خەڵکی یاخی‌یەوە لەکاتی جەنگدا بەتایبەتی هی پردو کارخانەو هێڵی شەمەندەفەر... هتد) (۳) تێکوپێکدانی نەخێنی پیلان یا کارێک. (٤) کاری وێرانکەر یا تێکوپێکدەر.

saboteur (sab´ə-tūr′), *n.* [Fr.], تێکوپێکدەر؛ وێرانکەر (ووشەی پێشوو ببینە).

sabra (sabra), *n.* جوولەکەی لە فەلەستین یا ئیسرائیل لەدایکبوو.

sabre (sā′bēr), *n.& v.t.* = saber.

sabulous (sab′yoo-ləs), *adj.* *Also* sabulose, لماوی؛ لمی

sac (sak, sôk), *n.* تووڕەکە (لە گیاندارو پووەکدا).

sacaton (sak′ə-tōn´), *n.* گیایەکە بۆ گزرەو لەوەڕ.

saccate (sak′āt), *adj.* (۱) لە تووڕەکە دەچێ (۲) تووڕەکەدار (پووەکناسی، گیانەوەرناسی).

sacchar- (sak′ēr), = saccharo.

saccharate (sak′ə-rāt´), *n.* خوێی ترشی شەکر (کیمیا).

saccharic acid, ترشی شەکر (کیمیا).

saccharimeter (sak´ə-rim′ə-tēr), *n.* پێوەری پادەی شەکر لە ناوێتەیەکدا.

saccharin (sak′ə-rin), *n.* ساکەرین: ناوێتەیەکی بلووری‌یە چوارسەد ئەوەندەی شەکر شیرینترە (لەباتی شەکر بەکاردەهێنرێت لەلایەن ئەوانەوە کە نەخۆشی شەکرەیان هەیە).

saccharine (sak′ə-rin, sak′ə-rīn´), *adj.* (۱) شەکری؛ لە شەکر دەچێت؛ شەکری تێدایە. (۲) نێچگار شیرین؛ زۆر شیرین و بێ تام؛ *(a ~ voice, smile, etc.)*

-saccharinely *(adv.)* ; **saccharinity** *(n.).*

saccharize (sak′ə-rīz´), *v.t.* کردن بە شەکر" گۆڕین بە شەکر.

saccharo- (sak′ə-rō, sak′ə-rə), *Also* sacchar-, پێشگرێکە بەمانای: شەکر.

saccharoid (sak′ə-roid´), *adj. Also* saccharoidal, لە کەڵە شەکر دەچێت (بەرد)؛ کەڵەشەکری؛ بلووری و دانار داتان.

saccharometer (sak´ə-rom′ə-tēr), *n.* پێوەری پادەی شەکر لە ناوێتەیەکدا.

saccharose (sak′ə-rōs´), *n.* سوکەڵۆز: شەکری قامیشی شەکرو چەوەندەر.

sacculate (sak′yoo-lāt´), *adj. Also* sacculated, تووڕەکەیی؛ لە پیزە تووڕەکەی بچووک دەچێت.

saccule (sak′ūl), *n.* (۱) تووڕەکەی بچووک. (۲) تووڕەکەی گوێی ناوەوە.

sacculus (sak′yoo-ləs), *n.* = saccule.

sacerdotal (sas´ēr-dō′t'l), *adj.* (۱) قەشەیی: تایبەتی بە قەشەو

فەرمانی (٢) تایبەتی بە دەسەلاتی قەشە وەک ناوبژیکەری نێوان خواو

sacerdotalism (sas´ĕr-dō′t'l-iz'm), *n.* بڕوابوون بە دەسەلاتی نادەمیزاد

قەشە وەک ناوبژیکەری نێوان خواو نادەمیزاد.

sachem (sā′chəm), *n.* سەرەک خێڵی هیندی ئەمەریکی.

sachet (sa-shā′), *n.* تووڕەکەی بۆدرەی بۆندار: دەخرێتە ناو جلی هەڵگیراوەوە لەناو دۆڵاب‌و جانتادا بۆ بۆن خۆشی.

sack (sak), *n.* (١) گونیە: تووڕەکە؛ جەوالّ؛ هەگبە؛ توربە؛ کیسە؛ جاخ؛ فەردە (٢) گونیە یا تووڕەکەو شتەکەی ناوی.

(٣) گونیەیەک شت؛ پڕ تووڕەکەیەک؛ پڕ فەردەیەک.

(٤) چاکەتێکی دەڵبی ژنانەو منداڵانەیە.

(٥) [Slang]، لە نیش دەرکردن: *(to get the ~)*.

(٦) [Slang]، جێی نوستن:

(I'm very tired, so I'm going to hit the ~ .)

v.t. (١) کردنە گونیەوە؛ خستنە تووڕەکەوە.

(٢) [Slang]، لە نیش یا کار دەرکردن: *(He ~ed several generals.)*.

hit the sack, [Slang], چوونە جێ (بۆ نوستن)؛ چوون بۆ نوستن؛ نوستن.

sack (sak), *n.* تاڵان (بەتایبەتی هی شاری داگیرکراو)؛ تاڵانکردن؛ ناشبگیر.

v.t. تاڵانکردن؛ ناشبگیرکردن؛ بڕین (ماڵ؛ بانق... هتد).

sack (sak), *n.* جۆرێکە لە مەی.

sackbut (sak′but′), *n.* (١) ئامێرێکی مۆسیقی کۆنە لە کەڕەنا دەچێت.

(٢) ئامێرێکی مۆسیقی ژێداری کۆنە.

sack cloth, (١) جانفاس؛ گوش؛ قوماشی گونیە؛ گونیە.

(٢) قوماشێکی زبرە بۆ جلی شیوەن‌و پەشیمانی (لە مووی بزن دروست دەکرا).

sackful (sak′fool´), *n.* (١) پڕ تووڕەکەیەک؛ پڕ گونیەیەک.

(٢) بڕێکی زۆر؛ زۆر.

sacking (sak′iŋ), *n.* جانفاس؛ گوش؛ قوماشی گونیە؛ گونیە

sack race, پێشبڕکێی ناو گونیە: (هەرکەسە دەچێتە ناو گونیەیەکەوە و بە قونەقون دەڕوات).

sacque (sak), *n.* چاکەتی دەڵبی ژنانەو منداڵانە.

sacral (sā′krəl), *adj.* پەیوەندار؛ تایبەتی بە نەریتی ئایینی.

sacral (sā′krəl), *adj.* سمتەجۆڵەیی

sacrament (sak′rə-mənt), *n.* (١) نەریتی ئایینی پیرۆز (خاچ- پەرستی). (٢) [the S-]، شێوی خواهانە (کڵێسە).

(٣) (أ) نانە ڕەقەو مەی پیرۆزکراوی ئەم شێوە. (ب) نانە ڕەقەی ئەم شێوە.

(٤) شتێکی پیرۆزە بەمانا (٥) نیشانە. (٦) پەیمان (وەک هی مارەبڕین).

sacramental (sak´rə-men′t'l), *adj.* (١) هی نەریتی ئایینی پیرۆز.

(٢) پیرۆز *(a ~ duty)*.

n. نەریتی ئایینی پیرۆز؛ شتێکی بەکارهێنراو لە نەریتی ئایینی پیرۆزدا (وەک خاچ، ئاوی پیرۆز هتد).

sacramentalism (sak´rə-men′t'l-iz'm), *n.* ئەو بیرۆباوەڕەیە کە دەڵێت پەیڕەوکردنی نەریتە ئایینییە پیرۆزەکان پێویستە بۆ چوونە بەهەشت.

-sacramentalist *(n.)*.

sacrarium (sə-krâr′i-əm), *n.* (١) نزرگە؛پەرستگا یا شوێنی دانان‌و هەڵگرتنی شتی پیرۆز وەک بت (پۆمای کۆن)

(٢) ئاوچەی دەوروپشتی قوربانیگا (کڵێسە)

sacred (sā′krid), *adj.* (١) پیرۆز

(A mosque is a ~ building.)

(٢) ئایینی *(~ music; a ~ song)*.

(٣) پیرۆز *(a ~ promise)*.

-sacredly *(adv.)*; sacredness *(n.)*.

sacred College, کۆڕی پیرۆز ئەنجوومەنی کاردینالەکان (ئایینی کاسۆلیکی)

sacred cow, مانگا پیرۆزە کەسێک یا شتێکی لە ژوور ڕەخنەوە. واتە کە کەس نەتوانێ ڕەخنەی لێ بگرێ (لەبووی لاقرتێ‌و کلک پێوەکردنەوە).

sacrifice (sak′rə-fīs′), *n.* (١) قوربانی:

(He killed an ox as a ~ .)

(٢) خۆبەختکردن: *(He gave his life as a ~ for his country.)*

(٣) لەخۆبوردن: *(Parents often make ~s.)* .

(٤) زیان (لە فرۆشتنی شتێکدا بە کەمتر لە نرخی کڕینەکەی).

v.t. (١) کردن بە قوربانی؛ قوربانی کردن.

(٢) بەختکردن: *(He ~d his life to save the drowning child.)* .

(٣) بە زیان فرۆشتن؛ بە کەمتر فرۆشتن لە نرخی کڕینەکەی.

v.i. کردن بە قوربانی؛ قوربانی کردن.

the supreme sacrifice, گیان بەخشین.

sacrificial (sak′rə-fish′əl), *adj.* هی قوربانی؛ تایبەتی بە خۆبەختکردن.

-sacrificially *(adv.)*.

sacrilege (sak′rə-lij), *n.* (١) دزینی شتی پیرۆزو ئاینی یا بڕینی پەرستگا و پیس کردنی؛ کفر؛ کاری دژ بە ئاین:

(Robbery of a church is a ~ .)

(٢) بە سووک تەماشاکردن، پیس کردن، یا ڕێز نەگرتنی شتی پیرۆز؛ کفر (مەجاز).

sacrilegious (sak´ri-lē′jəs, sak´ri-lij′əs), *adj.* (١) دژ بە شتی پیرۆزو ئاینی؛ تایبەتی بە پیس کردن‌و ڕێزنەگرتن‌و بە سووک تەماشاکردنی شتی پیرۆزو ئاینی: *(a ~ act)* .

(٢) پیسکەرو ڕێزنەگری شتی پیرۆز؛ بە سووک تەماشاکەری شتی ئاینی‌و پیرۆز؛ کافر.

-sacrilegiously *(adv.)*; sacrilegiousness *(n.)*.

sacrist (sā′krist), *n.*= sacristan.

sacristan (sak′ris-tən), *n.* (١) کلیلداری عەماری دەفری پیرۆزو جلی قەشە لە کڵێسەدا. (٢) مجەوری کڵێسە.

sacristy (sak′ris-ti), *n.* ژووری دەفرو شتی تری پیرۆزو جلی قەشە لە کڵێسەدا. (هەروەها " Vestry ").

sacro- (sā′krō, sā′krə), پێشگرێکە بەمانای: (أ) سمتەجۆڵە. (ب) سمتەجۆڵەیی

sacroiliac (sā´krō-il′i-ak´), *adj.* سمتەجۆڵەیی؛ هی سمتەجۆڵە.

sacrosanct (sak′rō-saŋkt´), *adj.* زۆر پیرۆز (مرۆڤ، شوێن، یاسا، دەزگا... هتد)؛ نابێ دەستکاری بکرێ؛ تێک بدرێت؛ یا سنووری بشکێنرێت

-sacrosanctity *(n.)*.

sacrum (sā′krəm), *n.* سمتەجۆڵە؛ ئێسقانی جەمسەری هەردوو سمتی گیاندار.

sad (sad), *adj.* (١) خەفەتبار؛ خەمبار؛ غەمگین؛ مات؛ ماتومەلوول؛ دڵتەنگ؛ پەست. (٢) دڵگیر؛ ناخۆش؛ خەفەتاوی: *(a ~ song ; ~ news)* .

(٣) ڕەنگ تاڵ؛ ڕەشتاڵە. (٤) [Slang]، زۆر خراپ.

(٥) [Dial]، قورس (شیرینی)؛ تونەوتۆڵ؛ پەستراوە.

sadden (sad′n), *v.t.* دڵتەنگ کردن؛ خەفەتبارکردن؛ پەستکردن.

v.i. دڵتەنگ بوون؛ خەفەت پێ خواردن؛ پەست بوون؛ پێ ناخۆش بوون.

saddle (sad′l), *n.* (١) زین. (٢) زینی پاسکیل.

(٣) پشتی وواڵخی بەرزە. (٤) تیرەغەی نێوان دوو لووتکە.

(٥) (أ) پارچەیەک گۆشتی پشتی مەڕ (بە بڕبڕەو پەراسووەوە).

(ب) بەشی دواوەی پشتی کەڵەشێر.

v.t. (١) زین کردن؛ زین لێکردن

(٢) ئەرکی قورس خستنەسەر؛ باری قورس لێ نان:

(He is ~d with ten children and heavy debts.)

v.i. زین کردن؛ زین لێکردن؛ سواربوون.

in the saddle, جڵەو بەدەست؛ زاڵ؛ دەست ڕێبیو؛ شت بەدەست.

saddle-bag (sad′l-bag´), *n.* شەلتە؛ خورج؛ هەگبە.

saddle-bow (sad′l-bō´), *n.* قەڵبووزی زین؛ بەرکۆ.

saddle-cloth (sad′l-klôth´), *n.* لبادی ژێر زین.

saddle horse, ئەسپی سواری.
saddler (sad′lēr), *n.* زیندروو؛ زینفرۆش.
saddlery (sad′lēr-i), *n.* (۱) زیندرووێتی؛ پیشەی زیندروو. (۲) زین و لغاوو پەشمەو زینەبەندو قایشی ئەسپ. (۳) دووکانی زیندروو.
saddle-tree (sad′l-trē´), *n.* چوارچێوەی زین.
sadiron (sad′ī´ērn), *n.* ئوتوی قورس.
sadism (sad′iz'm, sā′diz'm), *n.* (۱) سادیزم: خۆش بینین لە ئازاردان و زەبر بەسەردا نووساندن و دڵ سەختی کردن لەگەڵ هاوسەری خۆدا. (۲) سادیزم: خۆش بینین لە ئازاردان و دڵ سەختی نووساندن لەگەڵ خەڵکدا.
sadist (sad′ist, sā′dist), *n.* سادی خۆشی بین لە ئازاردان و دڵ سەختی نووساندن لەگەڵ هاوسەری خۆو خەڵکدا.
sadistic (sa-dis′tik, sā-dis′tik), *adj.* سادی؛ تایبەتی بە سادی؛ سادیبیانە؛ خۆشی بین لە ئازاردانی خەڵک: *(a ~ person, act, etc.)* .
-sadistically *(adv.).*
sad sack [Slang], کەسێکی نەزان و ناکارامە (بەتایبەتی سەربان).
safari (sə-fä′ri, suf′ə-rē´), *n.* (۱) گەشت (بەتایبەتی هی پاو لە پۆژاوای نەفەریقا)؛ گەشتی پاو. (۲) پاوچی و کەرەسەی نەم پاوە.
safe (sāf), *adj.* (۱) بێ مەترسی؛ مەترسی لێ ناکرێ؛ بێ ترس. (۲) سەلامەت؛ زیانی لێ نەکەوتووە؛ ئازاری نەبووە: *(The soldiers have returned ~ from the war.)* (۳) بێ وەی؛ سەلامەت؛ بێ مەترسی: *(a ~ place)* . (٤) زیان نەبەخش؛ ناتوانێ زیان بگەیێنێ: *(A murderer is only ~ when he is in prison.)* (٥) ژیر؛ دوربین؛ وریا. (٦) پشتی پێ دەبەسترێ. (۷) مسۆگەر؛ مەترسی (دۆڵەنی) لێ ناکرێ: *(He has a ~ seat in the parliament.)*
n. (۱) دۆلاب یا سندوقی ئاسن؛ دۆلابی پارەو شتومەکی بەنرخ؛ قاسە. (۲) دۆلابێکی سارد بۆ خواردەمەنی تێداهەڵگرتن: *(a meat ~)* . (۳) سندووق. (٤) [Slang]، لاستیک (جووت بوون).
-safely *(adv.)* ; safeness *(n.).*
safe-breaker (sāf′brā´kēr), *n.* دۆلابی ئاسنبڕ؛ دۆلابی ئاسنشکێن (بۆ دزی).
safe-conduct (sāf′kon′dukt), *n.* (۱) ڕێ پێدانی تێپەڕبوونی بێ مەترسی (بەتایبەتی لەکاتی جەنگدا). (۲) بەڵگەی نووسراوی ئەم ڕێ پێدانە. (۳) پاس کردن و پاسەوانی کردنی ئەم تێپەڕبوونە.
v.t. (۱) ڕێ پێدان بە تێپەڕبوون بە سەلامەتی (بە ئاوچەی دوژمندا). (۲) پاراستن لەکاتی ئەم تێپەڕبوونەدا.
safe-cracker (sāf′krak´ēr), *n.* = safe-breaker.
safe-deposit box, سندوقی سپاردەی ئەمین (بۆ پارەو خشڵو شتومەکی بەنرخ دانان لە بانق یا شوێنێکی قایم و بێ ترسدا).
safeguard (sāf′gärd´), *n.* (۱) مەرجێکی پارێزەر یا دڵنیاکەر لە قۆنتەرات یا پەیمانێکدا. (۲) پارێزەر (شت، مرۆڤ)؛ پارێز: *(Clean food is a ~ against disease.)* (۳) ڕێ پێدانی تێپەڕبوون بەبێ مەترسی. (٤) پاسەوان(قافلە).
(٥) ئامێری دڵنیایی دژ بە پووداوی کوتوپڕی مەکینەیەک؛ زمانەی دڵنیایی.
v.t. پاراستن؛ مسۆگەرکردن؛ پاس کردن: *(to ~ a place, an achievement, etc.)*
safe-keeping (sāf′kēp′iŋ), *n.* پاراستن؛ پاس کردن.
safety (sāf′ti), *n.* (۱) سەلامەتی؛ ئاسوودەیی؛ بێ وەیی؛ پارێزگاری؛ بێ مەترسی. (۲) ئامێر یا زمانەی دڵنیایی دژی پووداوی کوتوپڕی مەکینەیەک. (۳) [Slang]. لاستیک (جووت بوون).
adj. پارێز؛ پارێزەر؛ هی پاراستن؛ هی پارێزگاری: *(~ measures)* .

safety belt, پشتێنی سەلامەتی (لە ئوتومبیلو فڕۆکەدا). (پێشی دەوترێ " seat belt ").
safety glass, شووشەی بێ زیان (کە وورد و خاش نابێ و بۆ جامی ئوتومبیل... هتد بەکاردەهێنرێت).
safety island, ناوچەیەکە لەسەر شەقامدا قەدەغەیە بۆ ئوتومبیل و بۆ پیادە دانراوە. (پێشی دەوترێ: " safety zone ").
safety lamp, (۱) چرای سەلامەتی (لە کانگەدا). (۲) فانۆس؛ لۆکس.
safety lock, (۱) قفڵی سەلامەتی: قفڵێکە کە هەر بە کلیلەکەی خۆی دەکرێتەوە و نابڕێ. (۲) قفڵی سەلامەتی چەکی ئاگرین.
safety match, شقارتەی بێ زیان.
safety pin, دەرزی سنجاق.
safety razor, گوێزانی بێ زیان (ڕیش تاشین).
safety valve, (۱) زمانەی دڵنیایی یا سەلامەتی (مەنجەڵی هەلم.... هتد). (۲) کەلێن (بۆ دەرچواندنی هەست و جۆشی زیادە)؛ دەرەتان؛ هۆی دەربڕین.
safety zone, – safety island.
safflower (saf′lou´ēr), *n.* پۆنی گوڵەبەڕۆژە.
saffron (saf′rən), *n.* (۱) زەعفەران. (۲) پووەکی زەعفەران. (۳) زەردی پرتەقاڵی؛ ڕەنگی زەعفەران.
safranin (saf′rə-nin), *n.* = safranine.
safranine (saf′rə-nēn´), *n.* سافرانین: ماددەیەکی سووری مەیلەو پرتەقاڵیە ڕەنگی پێ دەکرێت.
sag (sag), *v.i.* (۱) نەوین؛ داکەوتن؛ داتەپین: *(The ceiling has ~ged.)* (۲) شۆڕبوونەوە؛ داکەوتن. (۳) لاوازبوون؛ هێز لێ بڕان؛ داتەپین؛ داکەوتن؛ خاوبوونەوە: *(His energies has ~ged.)* (٤) شکان (نرخ، بازاڕ). (٥) لە ڕێ لادان (کەشتی).
v.t. نەواندن؛ داتەپاندن.
n. (۱) نەوین؛ داکەوتن؛ داتەپین. (۲) ڕادەی نەوین یا داکەوتن. (۳) شوێنی نەوین یا داتەپین. (٤) لە ڕێ لادان.
saga (sä′gə), *n.* (۱) داستانی شەڕوشۆڕی نەسکەندنیافی. (۲) داستانی شەڕوشۆڕ؛ چیرۆکی نازایی؛ چیرۆکی دوورودرێژ.
sagacious (sə-gā′shəs), *adj.* (۱) دانا؛ زیرەک؛ زرنگ؛ ژیر؛ زانا؛ دوربین. (۲) [Archaic]، بۆن تیژ.
sagacity (sə-gas′ə-ti), *n.* دانایی؛ زیرەکی؛ زرنگی؛ ژیرێتی؛ زانایی؛ دوربینی.
sagamore (sag′ə-môr´, sag′ə-mōr´), *n.* سەرەک تیرەیەکی خواردەستی هیندی نەمەریکی.
saga novel, چیرۆکی پشتاوپشتی خێزانێک.
sage (sāj), *adj.* (۱) دانا؛ ژیر؛ دوربین؛ زانا. (۲) دانایانە؛ ژیرانە؛ دوربینانە: *(a ~ comment)* . (۳) [Obs.]، گرنگ.
n. کەسێکی دانا یا ژیر (بەتایبەتی کەسێکی بەتەمەنداچوو).
sage (sāj), *n.* پووەکێکە لە توخمی جاترە (دەکرێتە چێشتەوە).
sage grouse, باڵندەیەکی کێوێیە لە مریشک دەچێت بەڵام گەورەترە. (مێیەکەی پێی دەوترێ: " sage hen ").
sagittal (saj′i-t'l), *adj.* (۱) تیری؛ تیر ئاسا؛ لە تیر دەچێت. (۲) تایبەتی بە هێڵی لێکدانی نێسقانی کاسەی سەر.
Sagittarius (saj´i-târ′i-əs), *n.* (۱) کۆنەستێرەی تیرو تیرهاوێژ (نەستێرەوانی). (۲) بورجی تیرو تیرهاوێژ (نەستێرەوانی)
sagittate (saj′i-tāt´), *adj.* تیری؛ تیرئاسا؛ لەتیر دەچێت: *(~ leaves)*

sagittiform (sə-jit′ə-fôrm´, saj′i-tə-fôrm´), *adj.* = **sagittate.**

sago (sā′gō), *n.* نیشاستەیەکی تۆزە لە کرۆکی قەدی هەندێ دارخورما دەردەهێنرێت.

sago palm, دارخورمای " ساگۆ ": لە ناوچە گەرمەکانی ناسیادا دەڕوێت.

saguaro (sə-gwä′rō, sə-wä′rō), *n.* جۆرێکە لە " کاکتەس " (هەنجیری درکاوی) بە ئاسماندا هەڵدەچێت، بەرێکی زەرد دەگرێت لە ئەریزۆنا لە پۆژاوای نەمەریکادا دەڕوێت

said (sed), *past tense and past participle of* **say.**

adj. ناوبراو؛ لەوەوپێش ناوبراو

sail (sāl), *n.* (١) بایەوان. (٢) بایەوان بەگشتی. (٣) گەشتی بایەوان؛ بەلەمی با؛ گەشتی بەلەم یا گەشتی. (٤) شتێکی لە بایەوان چوو (وەک پەروانەی ناشەبا). (٥)

v.i. (١) بە ناودا پۆیشتن بەهۆی بایەوانەوە (گەشتی، پێبوار). (٢) دەست بە گەشت کردن بە گەشتی با. (٣) پاندن بە بایەوان یا پەروانە. (٤) فڕین بەبێ خشپە. (٥) بەجوانی و لەنجەولار پۆیشتن. (٦) [Colloq.]، خێرا تێپەڕبوون. (٧) [Colloq.]، دەست بە کارکردن بە چالاکانە. (~ in).

v.t. (١) بە ناودا پۆیشتن؛ گەشتی ناوی کردن. (٢) گەشتی یا بەلەم پاندن.

in sail, بایەوانەکانی کراونەتەوە، واتە گەشتیەیەکە یا بەلەمەکە لە پۆیشتندایە

make sail, (١) کردنەوەی بایەوان. (٢) دەستکردن بە گەشتی ناوی.

sail against the wind, (١) دژی با پۆیشتن (گەشتی)؛ بەڕەو با چوون. (٢) لە بارێکی دژواردا کارکردن؛ ناخۆشی و گیروگرفت بۆ خۆ دروستکردن.

sail into, [Colloq.], (١) بە چالاکانە دەستپێکردن (نیشوکار). (٢) بە تووندوتیژی سەرزەنشتکردن؛ هێرشی خراپ بردنە سەر.

set sail, (١) بایەوان کردنەوەو ئامادەکردن بۆ گەشت. (٢) دەست بە گەشت کردن؛ کەوتنەڕێ.

take in sail, بایەوان شۆڕکردنەوە یا هەڵکردن.

under sail, لە پۆیشتندایە (گەشتی و بەلەمی با)؛ بایەوانەکانی کراونەتەوەو بەرزکراونەتەوە.

sailboat (sāl′bōt´), *n.* بەلەمی با؛ گەشتی با.

sail-cloth (sāl′klôth´, sāl′kloth´), *n.* قوماشی بایەوان

sailer (sāl′ēr), *n.* بەلەمی با؛ گەشتی با؛ گەشتی بایەوان.

(a swift ~)

sail-fish (sāl′fish´), *n.* جۆرە ماسیەیەکی دەریایی گەورەیە.

sailing (sāl′iŋ), *n.* (١) گەشتی ڕانی؛ شێوەو خێرایی گەشتی ڕانی. (٢) دەست بە گەشتی دەریایی کردن

adj. (١) بە با لێخوڕراو؛ هی بایەوانی. (٢) هی گەشتی ڕانی.

(~ orders) .

sailor (sāl′ēr), *n.* (١) گەشتیەوان؛ دەریاوان؛ زەریاوان. (٢) سەربازی هێزی دەریایی. (٣) پێبواری دەریا بەتایبەتی لەپووی تووش بوون یا تووش نەبوونی گێژی دەریاوە. (٤) جۆرێکە لە کڵاوی پووش.

adj. گەشتیەوانی؛ وەک هی گەشتیوان.

-sailorly ***(adv.).***

sailor's-choice (sāl′ērz-chois´), *n.* هەڵبژاردەی گەشتیەوان: جۆرێکە لە ماسی

sain (sān), *v.t.* (١) نیشانەی خاچ بەسەردا لێدان. (٢) دۆعا بۆ کردن.

sainfoin (sān′foin), *n.* پووەکێکە بۆ ئالف بەکاردێت.

saint (sānt), *n.* (١) پیاوچاک (ئاین)؛ کەسێکی پیرۆز؛ پیر (ئاین). (٢) کەسێکی پیرۆزی مردووە کە خاچ پەرستان دایان نابێ بە " پیاوچاک ".

adj. پیرۆز

v.t. بە " پیاوچاک " دانان (خاچ پەرستی).

sainted (sān′tid), *adj.* (١) بۆ پیاوچاک دەشێت (٢) پیرۆز. (٣) بە پیاوچاک دانراو.

sainthood (sānt′hood´), *n.* (١) پیاوچاکێتی (ئاین)؛ پلەوپایەی " پیاوچاک "؛ پیری (ئاین). (٢) پیاوچاکان بەگشتی.

saintliness (sānt′li-nis), *n.* پیاوچاکێتی (ئاین)؛ پاکی و پیرۆزی.

saintly (sānt′li), *adj.* پیاوچاکانە؛ بۆ پیاوچاک شیاو؛ پاک و پیرۆزە.

saintship (sānt′ship), *n.* = **sainthood.**

saith (seth), *archaic third person singular, present indicative of* **say.**

sake (sāk), *n.* (١) لەپێناو؛ لەبەر؛ بۆ:

(for the ~ of money, peace, humanity, his family, etc.)

(٢) لەبەر؛ لەبەرخاتری؛ سوود: ***(for your ~)*** .

sake (sä′ki), *n.* ساکی: خواردنەوەیەکی سەرخۆشکەری یاباندیە لە عەرەق دەچێت.

saker (sā′kēr), *n.* هەڵۆ.

salaam (sə-läm′), *n.* سەلام؛ سڵاو.

v.t. & v.i. سڵاولێکردن.

salability; saleability (sāl´ə-bil′ə-ti), *n.* فرۆخت؛ بڕەو؛ بازاڕ هەبوون.

salable; saleable (sāl′ə-b'l), *adj.* دەفرۆشرێت؛ بە فرۆخت؛ دەتوانرێ بفرۆشرێت.

salacious (sə-lā′shəs), *adj.* (١) بەئالۆزش (جووت بوون)؛ حەشەری؛ بەهەموەس. (٢) بێ شەرم؛ هەڵمأڵراو؛ ڕووت؛ هەوەس هەڵسێن؛ بێ پەردە:

(a ~ book, novel, poem, picture, etc.)

-salaciously ***(adv.)***; **salaciousness** ***(n.).***

salacity (sə-las′ə-ti), *n.* (١) بەئالۆشی؛ حەشەرێتی. (٢) هەڵمأڵراوی؛ بێ پەردەیی؛ بێ شەرمی.

salad (sal′əd), *n.* زەڵاتە.

salad days, کاتی گەنجی و ساویلکەیی و بەرەڵایی.

salad dressing, خۆشاوی زەڵاتە؛ ترشی و خوێ و سرکاوی زەڵاتە.

salamander (sal′ə-man´dēr), *n.* (١) مارمێلکەیەکی نەفسانەییە (کە گوایە توانیوێتی لەناو ئاگردا بژی). (٢) گیانەڵکی لە ئاگردا ژیاو (نەفسانە). (٣) کەسێکە کە زۆر حەز لە گەرما دەکات؛ گەرماخواز. (٤) دەفرێکە بەرگەی ئاگر بگرێ (مقاش، دەفری چێشت لێنانی ناو تەنوور). (٥) قوپناویلکە؛ مارمێلکە.

salami (sə-lä′mi), *n.* سەڵامی: گۆشتی بەهارات پێوەکراوی توێ توێی بەرازە.

sal-ammoniac, کلۆریدی نەمۆنیا (کیمیا)؛ کلۆریدی نەوشادر.

salaried (sal′ə-rid), *adj.* (١) مووچەخۆر: ***(a ~ person)*** . (٢) بەمووچەوە: ***(a ~ position)***

salary (sal′ə-ri), *n.* مووچە؛ مانگانە.

sale (sāl), *n.* (١) فرۆشتن. (٢) فرۆخت؛ بڕەو؛ بازاڕبوون یا نەبوون. (٣) هەڕاج. (٤) نرخ داشکان؛ نرخ داشکاوی: ***(The shirts are on ~ .)*** .

for (or on) sale, بۆ فرۆشتن:

(Is this house for sale?)

salcability (sāl´ə-bil′ə-ti), *n.* = **salability.**

saleable (sāl′ə-b'l), *adj.* = **salable.**

sales-clerk (sālz′klûrk´), *n.* فرۆشیار (پیاو یا ژن).

sales-girl (sālz′gûrl´), *n.* = **saleslady.**

sales-lady (sālz′lā´di), *n.* [Colloq.], فرۆشیاری ژن؛ ئافرەتی فرۆشیار.

salesman (sālz′mən), *n.* فرۆشیار.

salesmanship (sālz′mən-ship´), *n.* (١) فرۆشیاری؛ پیشەی فرۆشیار. (٢) لێهاتوویی فرۆشیاری.

salesperson (sālz′pûr´s'n), *n.* فرۆشیار (پیاو یا ژن).

sales-room (sālz′rōōm´, sālz′room´), *n.* فرۆشگا.

sales-talk, (۱) هاندان‌و پێ سەلماندنی کەسێك بۆ کڕین. (۲) ووتوێژێکە بۆ هاندانی کەسێك بۆ کردنی شتێك.

sales tax, باجی فرۆتەنی

saleswoman (sālz′woom′ən), *n.* = saleslady.

salic law, یاسای سالی (کە تیرەیەکی فەرەنگی کۆنن): (۱) ماف نەدان بە ئافرەت بۆ میراتی زەوی‌وزار بردن. (ب) ماف نەدان بە ئافرەت بۆ چوونە سەر تەختی پاشایی.

salience (sā′li-əns, sāl′yəns), *n.* *Also* **saliency,** (۱) (ا) بازنە. (ب) فیچقە. (۲) دەرپۆقین؛ شتی دەرپۆقیو؛ چوقڵە؛ نووکە؛ لووتکە؛ دەرپەرین. (۳) ئاشکرایی؛ لەبەرچاوی؛ زۆر دیاربوون.

salient (sā′li-ənt, sāl′yənt), *adj.* (۱) (ا) بازدەر؛ قونەکەر؛ هەڵتووزین (ب) فیچقەکەر. (۲) دەرپۆقیو؛ دەرپەرپو (گۆشە). (۳) دیار؛ لەبەرچاو؛ ئاشکرا؛ لەپوو.

n. (۱) سەری دەرپۆقیوی سەنگەر (۲) گۆشەی دەرپۆقیو؛ بەشی دەرپەرپو.

salientian (sā′li-en′shi-ən, sā′li-en′shən), *adj.* تایبەتی بە گیانداری تەرووشکی قونەکەر؛ قونەکەر.

n. گیانداری قونەکەر (وەك بۆق).

saliferous (sə-lif′ēr-əs), *adj.* خوێی تێدایە؛ خوێی لێ دەردەهێنرێت.

salify (sal′ə-fī′), *v.t.* (۱) سوێرکردن؛ خوێ تێکردن. (۲) گۆڕین بۆ خوێ؛ کردن بە خوێ.

salina (sə-lī′nə), *n.* (۱) نەستێڵی خوێیاوی؛ گۆم یا زەلکاوی خوێیاوی. (۲) کانەخوێ؛ شوێنی خوێ دروستکردن (بە کوڵاندنی ئاوەکە).

saline (sā′līn), *adj.* (۱) خوێیاوی؛ سوێر؛ خوێدار. (۲) هی خوێی کانزایی (کیمیا).

n. (۱) گۆم یا نەستێڵی خوێیاوی؛ کانەخوێ. (۲) خوێی کانزایی. (۳) گیراوەی سوێر (پزیشکەوانی).

salinity (sə-lin′ə-ti), *n.* سوێری؛ خوێیاوێتی.

salinometer (sal′i-nom′ə-tēr), *n.* پێوەری پلەی خوێ لە گیراوەیەکدا.

saliva (sə-lī′və), *n.* لیك؛ لیکاو؛ ئاوی دەم.

salivary (sal′ə-ver′i), *adj.* لیکی؛ لیکاوی؛ تایبەتی بە لیك.

salivate (sal′ə-vāt′), *v.t.* لیکی زۆر پێ دەردان.

v.i. لیك دەردان؛ ئاوتێزانە دەم.

-salivation *(n.)* ; **salivator** *(n.).*

sallet (sal′it), *n.* جۆرە کڵاوزرێیەکە لەسەدەی پانزدەدا لەسەردەکرا

sallow (sal′ō), *adj.* ڕەنگ زەرد؛ ڕەنگ زەرد هەڵگەڕاو.

v.t. ڕەنگ زەرد هەڵگەڕاندن.

sallow (sal′ō), *n.* (۱) شۆڕەبی (۲) شوول یا باریکە لقی شۆڕەبی.

sally (sal′i), *n.* (۱) هێرش (لەلایەن هێزی ئابلوقەدراوەوە)؛ پەلامار. (۲) هەڵمەت؛ هەڵپە؛ لەپڕ دەرپەرین. (۳) قسەی قوت؛ نوکتە؛ قسەی نەنتیکە یا قۆشمە. (٤) گەشت.

v.i. (۱) لەپڕ دەرپەرینە دەرەوە. (۲) هێرش بردنە سەر دوژمن (لەلایەن هێزی ئابلوقەدراوەوە)؛ پەلاماردان. (۳) لە دەرگا یا کون هاتنەدەرەوە (٤) (~ forth ; ~ out)، دەست بە گەشت کردن؛ کەوتنەڕێ.

salmagundi; salmagundy (sal′mə-gun′di), *n.* (۱) جۆرە زەڵاتەیەکە لە تیلماسکە گۆشت‌و هێلکەی کوڵاو‌و پیازو ماسی بچووك دروست دەکرێت. (۲) شتی تێکەڵ؛ شتی هەڕەمە.

salmi; salmis (sal′mi), *n.* گۆشتی باڵندەی کێوی بە بەهارات‌و مەی لێنراو

salmon (sam′ən), *n.* (۱) سەلموون: جۆرە ماسیەیەکی سوورە؛ ماسیەیە خاتوونە (۲) ڕەنگی سووری پرتەقاڵی.

salmonberry (sam′ən-ber′i), *n.* (۱) ڕووەکێکە لە تووترك دەچێت (۲) بەری لە تووترك چووی نەم ڕووەکە.

salmonoid (sal′mə-noid′), *adj.* (۱) سەلموونی؛ لە ماسی سەلموون دەچێت. (۲) لە توخمی سەلموونە.

n. ماسیەیەکە لە توخمی سەلموون.

salmon pink, پەمەیی سەلموونی؛ سووری پرتەقاڵی.

salon (sə-lon′), *n.* (۱) سالۆن؛ دیوەخان؛ سالۆنی حەوانەوە یا چاوەڕێ کردن. (۲) کۆڕی دیوەخان (بەتایبەتی هی هونەرمەندو بوێژو نووسەران لە دیوەخانی یەکێکیاندا). (۳) پێشانگای تابلۆ. (٤) خانە (وەك: سەرتاشخانە)؛ سالۆن: *(a beauty ~)* .

saloon (sə-lōōn′), *n.* (۱) سالۆن؛ دیوەخان؛ سالۆنی حەوانەوە یا چاوەڕێ کردن. (۲) مەیخانە؛ بار. (۳) [British]، نوتومبیلی سالۆن؛ قەمەرە.

saloon-keeper (sə-lōōn′kēp′ēr), *n.* مەیخانەچی.

salpingitis (sal′pin-jī′tis), *n.* هەوکردنی بۆری " فالوبی " و " ئۆستاکی "، واتە هی گوێ.

salpinx (sal′piŋks), *n.* (۱) بۆری فالوبی. (۲) بۆری ئۆستاکی، واتە هی گوێ.

salsify (sal′sə-fī′), *n.* ڕووەکی گوێچکەماسی: ڕووەکێکە ڕەگەکەی گۆشتێو سپی‌و درێژە دەخورێت.

sal soda, کاربۆناتی سۆدیۆم (کیمیا).

salt (sôlt), *n.* (۱) خوێ؛ نمەك. (۲) تام؛ تام‌وبۆی تێژ. (۳) قسەی قوت‌و نەنتیکە‌و تێژ؛ گاڵتەی بڕ؛ قسەی سوێر. (٤) پارێزەر؛ پاککەرەوە. (٥) خوێدان. (٦) [Colloq.]، کەشتێیەوانی قاڵ

adj. (۱) خوێیاوی؛ خوێدار. (۲) خوێ کراو؛ بە خوێ پارێزراو. (۳) سوێر. (٤) تێژ؛ بڕ؛ قوت (قسە).

v.t. (۱) خوێ پێوەکردن؛ خوێ تێکردن. (۲) سوێرکردن؛ خوێ کردن بۆ پاراستن (وەك قاوورمە). (۳) بەهارات پێوەکردن (مەجاز): *(He ~ed his conversation with wit.)*

not worth one's salt, بێ فەڕ؛ بێ بایەخ؛ هیچ‌وپووچ.

salt away (or down), (۱) سوێرکردن‌و هەڵگرتن. (۲) [Colloq.]، پاشەکەوت کردن؛ هەڵگرتن (پارە).

salt of the earth, باشترین کەس یا خەڵك؛ نموونەی باشی‌و دڵپاکی‌و پیاوەتی: *(Those people are the salt of the earth.)*

with a grain of salt, بڕوا زۆر پێ نەکردن؛ گومان لێ بوون؛ بەگومانەوە: *(You have to take what he says with a grain of salt.)*

worth one's salt, بە بایەخ؛ کارامە؛ جێی بڕوایە.

saltant (sal′tənt), *adj.* سەماکەر؛ هەڵپەرکێکەر؛ بازدەر.

saltarello (sal′tə-rel′ō), *n.* (۱) سەمایەکی بەجۆشی ئیتاڵییە. (۲) مۆسیقای ئەم سەمایە.

saltation (sal-tā′shən), *n.* (۱) سەما؛ بازدە؛ قونە. (۲) گۆڕینێکی کوتوپڕی. (۳) پل دان (دەماری خوێن). (٤) گۆڕینێکی بنچینەیی (گیاندار یا ڕووەك).

saltatorial (sal′tə-tôr′i-əl, sal′tə-tō′ri-əl), *adj.* (۱) تایبەتی بە قونەکردن یا بازدان. (۲) قونەکەر؛ بازدەر.

saltatory (sal′tə-tôr′i, sal′tə-tō′ri), *adj.* (۱) قونەکەر؛ بازدەر. (۲) زوو زوو دەگۆڕێ.

salt-cellar (sôlt′sel′ēr), *n.* خوێدان.

salted (sôl′tid), *adj.* (۱) سوێرکراو؛ خوێ کراو (بۆ هەڵگرتن وەك قاوورمە). (۲) [Colloq.]، قاڵ؛ کارامە؛ شارەزا؛ سەردەرچوو.

salter (sôl′tēr), *n.* (۱) خوێ فرۆش؛ خوێ دروستکەر. (۲) گۆشت‌و ماسی سوێرکەر.

saltern (sôl′tērn), *n.* = saltworks.

saltigrade (sal′ti-grād′), *adj.* لاقی بۆ قونەکراوە؛ قونەکەر.

saltiness (sôl′ti-nis), *n.* سوێری.

saltish (sôl′tish), *adj.* نەختێك سوێر.
salt lick, بەردە خوێیەکە کە گیاندار دەیلێسنەوە.
salt marsh, زەلکاوی خوێیاوی
saltpeter ; saltpetre (sôlt′pē´tĕr), *n.* بەردەخوێ؛ نەترانی پۆتاسیۆم‌و سۆدیۆم.
salt rheum, نەخۆشی پیست (بەتایبەتی بیرۆ).
salt shaker, خوێدان
salt-water (sôlt′wô´tĕr, sôlt′wät´ĕr), *adj.* هی ئاوی سوێر؛ لە ئاوی سوێردا ژیاو. *(~ fish)* .
salt water, سوێر‌او؛ ئاوی دەریا.
saltworks (sôlt′wŭrks´), *n.* کارگەی خوێ؛ شوێنی خوێ دروستکردن (لە پرێی گولاندنی خوێ ئاوەکەوە).
salt-wort (sôlt′wŭrt´), *n.* نەسپوون. جۆرە گیایەکە سایبوونی لێ دروست دەکرێ
salty (sôlt′ti), *adj.* (١) سوێر؛ زۆرخوێ (٢) بۆنی دەریای لێ دێت (٣) قوت (قسە)؛ تیژ؛ بڕندە.
salubrious (sə-lōō′bri-əs, sə-lū′bri-əs), *adj.* سازگار
-salubriousness *(n.).*
salubrity (sə-lōō′brə-ti, sə-lū′brə-ti), *n.* سازگاری؛ بۆ تەندروستی باش بوون.
saluki (sə-lōō′ki), *n.* سەلووتی تانجی؛ جۆرێکە لە سەگی ڕاو.
salutary (sal′yoo-ter´i), *adj.* (١) سازگار؛ بۆ تەندروستی باشە. (٢) باش؛ بەسوود؛ بەکەڵك. *(a ~ effect)* .
-salutariness *(n.).*
salutation (sal´yoo-tā′shən), *n.* (١) سڵاو؛ سڵاولێکردن؛ بەخێرهاتن کردن؛ درووە. (٢) سڵاوی سەرەتای نامە (وەك: Dear Sir,).
salutatorian (sə-lōō´tə-tôr′i-ən), *n.* قوتابی بەخێرهاتنکەر؛ ووتاری بەخێرهاتنی خوێندەوە؛ قووتابیەکە ووتاری بەخێرهاتن دەخوێندێتەوە لە ئاهەنگی دەرچوون. (بەگشتی قوتابی دووەم ئەم ووتارە دەخوێندێتەوە. ووشەی " valedictorian " ببینە).
salutatory (sə-lōō′tə-tôr´i), *adj.* بەخێرهاتنی.
n. ووتاری بەخێرهاتن: کە ئەو قوتابیەیەی بە دووەم دەرچووە دەیخوێندێتەوە لە ئاهەنگی دەرچوونی زانکۆ زانستگادا.
salute (sə-lōōt′, sə-lūt′), *v.t.* (١) سڵاولێکردن؛ بەخێرهاتن کردن. (٢) سەلام بۆ کردن (سەربان)؛ سەلام کردن؛ سەلام سەندنەوە. (٣) شکۆپێدان؛ ڕێزگرتن؛ ئافەرین کردن (٤) بەپیرەوەچوون؛ خۆ پێشکەش کردن
v.i. (١) سڵاوکردن؛ بەخێرهاتن کردن (٢) سەلام کردن (سەربان).
n. (١) سڵاو؛ بەخێرهاتن؛ دروود (٢) سەلام (سەربان). (٣) تەقەی توپ (بۆ بەخێرهاتن کردنی ڕەسمی) (٤) بەیداخ نەواندن (بۆ ڕێز پێشاندان).
salvable (sal′və-b'l), *adj.* (١) ڕزگار دەکرێ؛ دەتوانرێ ڕزگار بکرێ (٢) ڕزگار دەکرێ لە فەوتاندن؛ دەرباز دەکرێت.
salvage (sal′vij), *n.* (١) ڕزگارکردنی کەشتی‌و بارەکەی‌و کەشتیەوانەکانی لە مەترسی وەك ئاگرو نوقم بوون‌و داگیرکردن. (٢) مز یا کرێی ئەم ڕزگارکردنە. (٣) کەشتی‌و بارو کەشتیەوانی ڕزگارکراو (٤) هێنانە سەرەوە یا دەرهێنانی کەشتی نوقوم بو. (٥) (ا) دەربازکردنی شتومەك لە مالڕ شوێنی ترى سووتاودا. (ب) شتومەکی دەربازکراوی وەها. (ج) مز یا کرێی ئەم دەربازکردنە. (د) دەسکەوتی فرۆشتنی ئەم شتومەکە (٦) بەکارهێنانی شتومەکی دەربازکراو لە فەوتاندن.
v.t. (١) ڕزگارکردن (لە فەوتاندن، نوقوم بوون یا وەرگەڕانی کەشتی، ئاگر، لافاو. بومەلەرزە ... هتد). (٢) هێنانە سەرەوە یا دەرهێنانی کەشتی نوقوم بوو‌و وەرگەڕاو. (٣) بەکارهێنانی شتی دەربازکراو (لە ئاگرو لافاو‌و شتی وەها)
-salvageable *(adj.)* ; **salvager** *(n.).*
salvation (sal-vā′shən), *n.* (١) ڕزگارکردن؛ ڕزگاربوون؛ ڕزگاری. (٢) هۆی ڕزگاری؛ هۆی ڕزگارکردن: *(~ is his Hard work.)* . (٣) ڕزگارکردن یا ڕزگاربوون لە گوناه (ئاین)؛ گوناه پاك کردنەوە؛ گوناه لەبەر لابردن.
Salvation Army, لەشکری ڕزگاری: ڕێکخراوێکە بۆ یارمەتیدانی هەژاران‌و ئاین بڵاوکردنەوە.
salve (sav, säv), *n.* (١) مەڵهەم. (٢) دەرمانی خەم ڕەوێن؛ خەم ڕەوێن؛ دڵنەوایی: *(Her kind words were a ~ for his sunken heart.)* (٣) مەرایی.
v.t. (١) مەڵهەم لێدان. (٢) خەم ڕەواندنەوە؛ دڵخۆشی دانەوە؛ دڵنەوایی کردن. (٣) مەرایی.
salve (salv), *v.t.* = **salvage.**
salver (sal′vĕr), *n.* سینی؛ دەفری پەل.
salvia (sal′vi-ə), *n.* گوڵە مریەمی: ڕووەکێکی بۆن خۆشە لە توخمی نەعنا.
salvo (sal′vō), *n.* (١) دەسڕێژ؛ هاڕەی گوللە. (٢) گوللە یا مووشەکی یەك لەدوای یەك تەقێنراو. (٣) هاڕەی چەپڵە یا قاقای پێکەنین. (٤) کۆمەڵ یا ڕیزە پرسیار
salvo, خۆبەدەستەوەنەدان؛ بیانوو؛ ڕاکردن لە ئەرك؛ خۆدزینەوە؛ دوودڵی
salvor (sal′vĕr), *n. Also* **salver,** کەشتی یا مرۆڤی ڕزگارکەر (لە نوقوم بوون، سووتان، لافاو...هتد).
samara (sam′ə-rə, sə-mâr′ə), *n.* بەرێکی ووشکی یەك دەنکەیی تۆکلەکەی لە شێوەی باڵدایە وەك بەری دارەڕەش.
samaritan (sə-mar′ə-t'n), *n.* (١) سامری: هاونیشتمانیەکی " سامرە " لە فەلەستێن (٢) کەسێکی دڵپاکە کە هەمیشە یارمەتی خەڵك دەدات.
adj. تایبەتی بە " سامرە " و دانیشتووانەکانی.
samarskite (sə-mär′skīt), *n.* سەمەرسکایت: کانزایەکی بریقەداری ڕەشە ئاسن‌و یورانیۆم‌و هەندێ کانزای تری تێدایە.
samba (sam′bə, säm′bə), *n.* سەمایەکی بەرازیلییە لە بنچینەدا ئەفەریقاییە.
v.i. سەمای " سامبە " کردن.
sambar (sam′bĕr, säm′bĕr), *n.* جۆرە ئاسکێکی زل یاڵداری شاخ سێپەلە.
sambo (sam′bō), *n.* سامبۆ: کەسێکی دوورەگ بەتایبەتی هی قولەڕەش‌و هیندی ئەمەریکایی یا قولەڕەش‌و ئەوروپایی.
same (sām), *adj.* (١) هەمان؛ یەك (کات، شوێن): *(They died on the ~ day.)* (٢) چوونیەك؛ هاو؛ وەك یەك: *(He eats the ~ food every day.)* . (٣) ئەگۆڕاو؛ وەك جاران: *(He looks the ~ as ever.)* . (٤) ئاوبراو؛ پێشووتر ئاوبراو.
pron. (the ~), (١) هەمان کەس، شت، یا پووداو. (٢) کەسێکی زووتر ئاوبراو.
adv. (the ~), هەمان شێوە؛ هەمان جۆر: *(He walks the ~ as his father.)*
all the same, (١) لەگەڵ ئەوەشدا. (٢) بێ بایەخ؛ ناگرنگ؛ هیچ.
just the same, (١) بە هەمان شێوە. (٢) لەگەڵ ئەوەشدا.
sameness (sām′nis), *n.* (١) چوونیەکی؛ وەك یەکی؛ لەیەکچوون. (٢) یەك ئەوایی؛ ئەگۆڕان.
samisen (sam′i-se´), *n.* ئامێرێکی مۆسیقی سێ ژێیی یاباندییە.
samoan (sə-mō′ən), *adj.* سامۆیی؛ تایبەتی بە گەل‌و کلتووری " سامۆا" کە بریتیە لە کۆمەڵە دووڕگەیەك لە زەریای هیندیدا
n. (١) هاونیشتمانی " سامۆا ".

(۲) زمانی " سامۆوا "ی‌پێ‌دەکان.
samovar (sam′ə-vär´, säm´ə-vär′), *n.* سەماوەر.
samp (samp), *n.* لەپەی گەنمەشامی (خواردنێکی هیندی ئەمەریکی‌یە).
sampan (sam′pən), *n.* جۆرە بەلەمێکی سەولّو بایەوانی چینی و یابانی‌یە.
sample (sam′p'l, säm′p'l), *n.* نموونە؛ وێنە؛ بەرکول:
(a ~ of his work)
v.t. (۱) بەرکول کردن؛ خوێ چەشتن؛ تاقیکردنەوە.
(۲) نموونە لێ وەرگرتن.
sampler (sam′plēr, säm′plēr), *n.* (۱) نموونە کۆکەرەوەو تاقیکەرەوە. (۲) ئامێری نموونە وەرگرتن یا کۆکردنەوەو تاقیکردنەوە. (۳) پارچە قوماشی نەخش‌ونیگار لەسەر کراو.
sampling (sam′pliŋ), *n.* (۱) نموونە کۆکردنەوەو تاقیکردنەوە. (۲) شێوەی ئەم کۆکردنەوەو تاقیکردنەوەیە. (۳) نموونە؛ وێنە.
samurai (sam′oo-rī´), *n.* سامورای: (۱) چینی سوپای یابان لەکاتی دەرەبەگیدا. (ب) ئەندامێکی ئەم چینە؛ جەنگاوەری یابانی.
sanative (san′ə-tiv), *adj.* [Rare], چاککەرەوە (نەخۆشی)؛ سازگار.
sanatorium (san´ə-tôr′i-əm, san´ə-tō′ri-əm), *n.* *Also-* **sanatarium,** (۱) بووژانگە: جێیەکی سازگاوە بۆ بووژانەوەی نەوانەی لە نەخۆشی هەڵساوانەتەوە یا ئەوانەی تووشی نەخۆشی قورس بوون.
(۲) خەستەخانەی نەخۆشی قورس (وەک سیل).
sanatory (san′ə-tôr´i, san′ə-tō´ri), *adj.* سازگار؛ بۆ تەندروستی باش؛ چاککەرەوە.
sanbenito (san´bə-nē′tō), *n.* (۱) بەرگێکی گونیەیە کافری تۆبەکار لەبەری دەکرد لەکۆندا. (۲) بەرگێکی وەهای پەشە بە وێنەی شەیتانو گڕی ئاگرەوە ئەو کافرانەی سزای هەڵواسینیان بەسەردا درابوو لەبەریان دەکرد.
sanctified (saŋk′tə-fīd´), *adj.* (۱) پیرۆز؛ پیرۆزکراو.
(۲) **sanctimonious**.
sanctify (saŋk′tə-fī´), *v.t.* (۱) تەرخان کردن بۆکاری پیرۆز؛ پیرۆزکردن. (۲) پاک کردنەوە (لە گوناە)؛ گوناە پاک کردنەوە.
(to ~ a marriage) (۳) پیرۆزکردن لەڕووی ئایینەوە.
(٤) چەسپاندنو پیرۆزکردنی نەریتێک؛ بە پیرۆز دانان.
-sanctification *(n.)* ; **sanctifier** *(n.)*.
sanctimonious (saŋk´tə-mō′ni-əs), *adj.* بە ڕووالەت زۆر خواپەرست؛ دووڕوویی ئایینی.
sanctimony (saŋk′tə-mō´ni), *n.* زۆر خواپەرستی ڕووالەت؛ دووڕوویێتی ئایینی؛ پیرۆزی درۆ.
sanction (saŋk′shən), *n.* (۱) دەسەڵات پێدان؛ ڕێ پێدان. (۲) پەسەندکردن؛ پاڵپشتی کردن؛ هاندان. (۳) سزا. (٤) یاسا؛ فەرماننامە. (٥) *(pl.)*. سزای دراو بەسەر وڵاتێکدا لەلایەن وڵاتانی ترەوە:
(to impose economic ~s on a country)
v.t. (۱) دەسەڵات پێدان؛ مۆرکردن. (۲) پەسەندکردن؛ پاڵپشتی کردن؛ هاندان؛ ڕێ پێدان.
sanctity (saŋk′tə-ti), *n.* (۱) پیاوچاکی؛ پاکی. (۲) پیرۆزی؛ پیرۆزێتی:
(the ~ of a church, mosque, temple).
(۳) بە پیرۆز دانران:
(the ~ of life).
(٤) شتێکی پیرۆز.
sanctuary (saŋk′chōō-er´i), *n.* (۱) (ا) پەرستگا؛ شوێنێکی پیرۆز. (ب) ناوجەرگەی پەرستگا یا شوێنی پیرۆز. (ج) نزرگە؛ مەزارگە. (۲) پەنا؛ پەناگا؛ پارێزگا؛ ئارامگە. (۳) دالّدە. (٤) پارێزگای بالّندەو گیاندار: جێیەکە تەرخان کراوە بۆ ژیان‌و زاوزێ کردنی ئەو گیاندارو بالّندانەی تیایدان‌و ڕاوکردنی تێدا قەدەغەیە.
sanctum (saŋk′təm), *n.* (۱) شوێنێکی پیرۆز. (۲) خەلوەتخانە؛ خەلوەت؛ خەلوەتگا؛ ژووری تایبەتی بە خۆ.
sanctum sanctorum (saŋk′təm saŋk-tôr′əm), (۱) شوێنێکی زۆر پیرۆز؛ ناوجەرگەی شوێنێکی پیرۆز. (۲) شوێنێکی تەنهایی و تایبەتی بە خۆ (لەڕووی گاڵتەوە).
sand (sand), *n.* (۱) لم. (۲) *(pl.)*، کەنار دەریای لمین؛ شوێنی لمین. (۳) لمی کاتژمێری لم.
(٤) *(pl.)*، نەختانّە کات؛ چرکە؛ تۆزە کات:
(the ~ of life).
(٥) [Slang]، نازایی؛ غیرەت. (٦) ڕەنگی لم.
v.t. (۱) لم پێوەکردن؛ لم هەڵپڕژاندن بەسەردا.
(۲) ساف‌ولووس کردن بە سمارتە؛ سمارتە لێدان.
(۳) لم تێکەڵاوکردن؛ لم تێکردن.
(٤) بە لم داپۆشین. (٥) پڕکردن لە لم.
sandal (san′d'l), *n.* (۱) سۆل؛ کالە؛ پێڵاوی سەرپێی؛ نەعل. (۲) قایشی سۆل.
sandal (san′d'l), *n.* = **sandalwood.**
sandalwood (san′d'l-wood´), *n.* (۱) داروتەختەی سەندەل (کە سەخت و ڕەنگ کراوەو بۆن خۆشە). (۲) درەختی سەندەل.
sandarac (san′də-rak´), *n.* (۱) (ا) جۆرە درەختێکە لە توخمی سنەوبەر. (ب) جەوی ئەم درەختە.
(۲) **realgar**.
sandarac tree, جۆرە درەختێکی باکووری ئەفریقایە لە توخمی سنەوبەر دارەکەی بۆن خۆشەو جەوی دەردەدات.
sandbag (sand′bag´), *n.* (۱) تووڕەکە لم؛ کیسە لم؛ گونیە لم. (۲) تووڕەکەیەکی بچووکو باریکەلەیە پڕە لە لم (کە وەک چەک بەکاردەهێنرێت).
v.t. (۱) تووڕەکە لم بەدەور یا لەبەردەمدا دانان (بۆ پاراستن لە لافاو ... هتد)؛ بەربەستکردن بە کیسە لم. (۲) تووڕەکەی بچووکو باریکەلەی پڕ لە لم پیادان.
(۳) [Colloq.]، بەزۆر شت پێ کردن.
sand bar, بستو یا بەرزایی لمی کەنار دەریا و ڕوبار (کە بەهۆی بەرزاو نیشتاوەوە دروست دەبێت).
sandblast (sand′blast´, sand′bläst´), *n.* (۱) تەوژمی هەوا یا هەڵمی تێکەڵ بە لم (کانزاو شووشەو دیواری پێ پاک دەکرێتەوەو ساف‌ولووس دەکرێت). (۲) مەکینەی ئەم پاک کردنەوەو ساف کردنە.
v.t. پاک کردنەوەو ساف‌ولووس کردن بە تەوژمی هەواو لمی تێکەڵ بە لم.
sand-blind (sand′blīnd´), *adj.* نیمچە کوێر؛ چاوکز.
sand-box (sand′boks´), *n.* سندووقە لم (بۆ یاری منداڵان یا کردن بە هێڵی شەمەندەفەرەوە بۆ نەخلیسکان).
sand-cast (sand′kast´, sand′käst´), *v.t.* کانزا داڕشتن لە قاڵبی لمدا.
sand crack, قڵیشی سمی ئەسپ (دەبێتە هۆی شەل).
sand dollar, ژیشکی دەریا؛ گیاندارێکی خەپلەیی پانکەڵەیە حەز بە ناو لم دەکات.
sand eel, = **sand launce.**
sander (san′dēr), *n.* (۱) ساف‌ولووسکەر بە سمارتە؛ سمارتەکەر؛ سمارتەلێدەر. (۲) مەکینەی سمارتەکەر؛ مەکینەی ساف‌ولووسکەر بە سمارتە. (۳) لم بلاوکەرەوە.
sanderling (san′dēr-liŋ), *n.* جۆرێکە لە چۆلەکەی لمی بچکۆلە.
sand flea, کێچی ناو لم.
sand fly, مێشی ناو لم.
sand-glass (sand′glas´, sand′gläs´), *n.* = **hourglass.**
sand grouse, هامری لم.
sand hopper, = **sand flea.**
sand launce, *Also* **sand launce** or **sand eel,** مارماسی لم.
sand-lot (sand′lot´), *adj.* تایبەتی بە یاری ناو لم یا دەشتی بەرەڵا (بەتایبەتی هی منداڵان):
(~ baseball).
sandman (sand′man´), *n.* پیاوێکی ئەفسانەیی‌یە گوایە منداڵ خەواڵوو دەکات بە لم پڕژاندنە ناو چاوی‌انەوە.

sandpaper (sand′pā′pēr), *n.* سمارته: کاغەزی سمارته.
v.t. سمارتەکردن: سمارتەلێدان: ساف‌ولووس کردن بە سمارتە.
sandpiper (sand′pīp′ēr), *n.* چۆلەکەی لم: باڵندەیەکی بچووکی دەنووک درێژو رێکە لە کەناری دەریادا دەژی.
sandstone (sand′stōn′), *n.* بەردە لم: لمی وەک بەرد لێ هاتوو.
sandstorm (sand′stôrm′), *n.* گەردەلوول: گێژەڵوکەی لم: گێژەڵوکە.
sand-table (sand′tā′b'l), *n.* (١) مێزێکی قەراغ بەرزە لمی لەسەر پۆدەکرێ بۆ یاری منداڵان. (٢) مێزێکی لم لەسەرە نەخشەی لەسەر دەکرێ بۆ مناوەرەی سوپایی فێرکردن (٣) مێزێکی خلیسکی خوارە کانزای تێکەڵاو بە لمی دەکرێتە سەر بۆ جیاکردنەوەی.
sandwich (sand′wich), *n.* ساندویچ: بابۆڵە: تێشوو.
v.t. (١) ترنجاندنە نێوان دوو شت یا کەسەوە: خستنە نێوانەوە وەک بەزۆر: *(to be ~ed between two things or persons)*
(٢) جێکردنەوە لە شوێنێکی تەسکدا بە ناستەم.
sandwich-man, (١) کەسێکە کە تەختەیەکی ناگاداری هەڵواسیوە بە سنگیدا و یەکێکیش بە پشتیدا و دەگەڕێ بە شەقامەکاندا، واتە خۆی وەک ساندویچ لێکردووە. (٢) ساندویچ فرۆش: بابۆڵە درووستکەر.
sandy (san′di), *adj.* (١) لماوی: لمانی: لمی.
(٢) شلۆق: نەچەسپیو: بێ بناغە: خۆ ڕانەگر. (٣) ڕەنگ لمی.
-sandiness *(n.).*
sane (sān), *adj.* (١) ژیر: بەمێشک: *(a ~ person)* .
(٢) بەجێ: دروست: *(a ~ policy)* .
sang (saŋ), *alternative past tense of* **sing.**
sangaree (saŋ′gə-rē′), *n.* جۆرێکە لە مەی
sang-froid (sän′frwå′), *n.* هێمنی: تێک نەچوون: بێ بناغە: خۆ ڕانەگر: لەسەرخۆیی: بەجەرگی
sanguinaria (saŋ′gwi-nâr′i-ə), *n.* پووەکێکە خوێناوی: پووەکێکە لە توخمی خاشخاش ڕەگەکەی گەورەیە بۆ دەرمان بەکاردەهێنرێت.
sanguinary (saŋ′gwi-ner′i), *adj.* (١) خوێنین: خوێناوی: خوێن ڕژێن تیا ڕێژراو: *(a ~ battle)* .
(٢) خوێناوی: بە خوێن داپۆشراو.
(٣) خوێنڕێژ: خوێنخۆر: پیاوکوژ: *(a ~ ruler)*
-sanguinarily *(adv.)* ; **sanguinariness** *(n.).*
sanguine (saŋ′gwin), *adj.* (١) سوور (کوڵە. پێستی دەموچاو. پووخسار. (٢) سوور: ڕەنگ سوور: خوێنی.
(٣) بەجۆش: زووهەڵچوو: بەسۆز. (٤) خۆش بین: بە هیوا: دڵخۆش.
sanguinary (٥)
-sanguinely *(adv.)* ; **sanguineness** *(n.).*
sanguineous (saŋ-gwin′i-əs), *adj.* (١) خوێناوی: خوێنی تێدایە.
(٢) سوور: خوێنی (٣) خوێنین: تایبەتی بە خوێن ڕشتن.
(٤) خۆش بین: بە هیوا: پشت نەستوور.
sanguinolent (saŋ-gwin′ə-lənt), *adj.* خوێناوی: خوێنی پێوەیە
sanicle (san′i-k'l), *n.* پووەکێکی لاسک درێژە لە توخمی مەعدەنووس بۆ تەندروستی و دەرمان باشە.
sanics (sā′ni-ēz′), *n.* کێم و خوێن بە تێکڵاوی.
-sanious *(adj.).*
sanitarian (san′ə-târ′i-ən), *adj.* تایبەتی بە پاک‌وتەمیزی و تەندروستی
n. تەندروستی ژن: ژانای تەندروستی.
sanitarium (san′ə-târ′i-əm), *n.* = sanatorium.
sanitary (san′ə-ter′i), *adj.* (١) هی تەندروستی: تەندروستی: *(the ~ conditions are poor)*
(٢) پاک‌وتەمیز: خاوێن

sanitary engineer, تەندازیاری تەندروستی: تەندازیارێکە سەرپەرشتی زێراب و ئاو دەکات.
sanitary napkin, دەسماڵی تەندروستی: پەڕۆیەکە بۆ هەڵمژینی خوێنی نافرەت لەکاتی بێ نوێژیدا.
sanitation (san′ə-tā′shən), *n.* (١) تەندروستی گشتی: بە پاک‌وتەمیزی ڕاگرتنی زێراب و ئاوی ئاوشارو شتی وەها.
(٢) دەرکردن یا فڕێدانی پیسایی و چڵکاوی ئاو زێراب.
sanity (san′ə-ti), *n.* (١) ژیری: مێشک تەواوی.
(٢) بەجێیی و درووستی بڕیارو کردەوەی مرۆڤ.
sank (saŋk), *alternative past tense of* **sink.**
sannup (san′up), *n.* هیندیێەکی ئەمەریکی خێزاندار.
sans (sanz), *prep.* [Archaic or Poetic], بەبێ: بێ: *(~ teeth)* .
sanscrit (san′skrit), *n.* = **sanskrit.**
sansculotte (sanz′koo-lot′, sanz′kyoo-lot′), *n.* بێ پانتۆڵ:
(ا) شۆڕشگێڕێکی فەرەنسەیە لەکاتی شۆڕشی فەرەنسیدا (ووتەیەکی سووکە نرابووە پاڵ شۆڕشگێڕەکانەوە کە گوایە ڕەش و ڕووت و بێ پانتۆڵن).
(ب) شۆڕشگێڕ.
-sansculottic *(adj.)* ; **sansculottism** *(n.).*
sansei (san′sā, sän′sā), *n.* *Also* **sansei,** ئەوەی کۆچەری یابانی لە ئەمەریکا: ئەمەریکایی بە بنەچە یابانی.
sansevieria (san′sə-vi-ē′ri-ə), *n.* پووەکێکە لە توخمی شلێر گەڵاکانی ئەستوورو ڕەق و ڕم ئاسایین.
Sanskrit (san′skrit), *n.* سانسکریت: زمانی وێژەی کلاسیکی، واتە کۆنی هیند.
adj. سانسکریتی: تایبەتی بە زمانی سانسکریت.
Santa (san′tə, san′ti), *n.* = **Santa Claus.**
adj. پێوەژ: پیاوچاک. (نازناوێکە بەتایبەتی بۆ شار): *(Santa Barbara, Santa Fe, etc.)*
Santa Claus; Santa Klaus (san′tə klôz′), سانتەکلۆز: بەگوێرەی ئەریتی خاچ پەرستان پیاوچاکێکە دیاری بۆ منداڵان دەهێنێت لە لە جەژنی کریسمەسدا.
santonin ; santonine (san′tə-nin), *n.* ئاوێتەیەکی بلووری بێ ڕەنگە (کیمیا).
sap (sap), *n.* (١) ئاووگ: ئاووک: ئاوکی بەرزەڕێ و نزمەڕێی پووەک و داودەرخت. (٢) ئاوی ژیان: خوێن.
(٣) تین: زیندەگی: زیندوێتی: چوستوچالاکی: گڤ‌وگوڕ: هێز.
(٤) **sapwood** . (٥) [Slang]، کەسێکی بێ مێشکی ساویلکەی بوردەڵە.
sap (sap), *n.* لەغەمێکی تەسک و دوورودرێژە لێ دەدرێت بۆ گەیشتنە بنکەی دوژمن.
v.t. (١) بنکەن کردن.
(٢) هێز لێ بڕین: بێ تین کردن: ووشک کردنەوە: لاوازکردن: *(The heat ~ped his strength.)*
v.i. (١) لەغەم لێدان: خەندەق لێدان.
(٢) گەیشتنە بنکەی دوژمن بە لەغەم.
sapajou (sap′ə-jo͞o′), *n.* مەیموون: جۆرە مەیموونێکە.
sapanwood ; sappanwood (sə-pan′wood′), *n.* (١) جۆرە دارەختێکی ئاوچە گەرمەکانە بۆیەیەکی سووری لێ دەردەهێنرێت.
(٢) داری ئەم دارەختە.
saphead (sap′hed′), *n.* [Colloq.], کەسێکی بێ مێشک و ساویلکە.
sapheaded (sap′hed′id), *adj.* [Colloq.], بێ مێشک: کەر: گەوج: ساویلکە.
saphena (sə-fē′nə), *n.* یەکێکە لە دوو دەماری گەورەی خوێن لەلاقدا.
-saphenous *(adj.).*
sapid (sap′id), *adj.* (١) بەتام: تامو بۆن خۆش.
(٢) خۆش (بۆ ژاخاوی مێشک).

-sapidity *(n.)*.
sapience (sā′pi-əns), *n.* *Also* **sapiency**, دانایی؛ ژیری؛ زانایی.
sapient (sā′pi-ənt), *adj.* دانا (هەندێك جار لەپووی لاقرتیوە)؛ ژیر؛ زانا
sapless (sap′lis), *adj.* (١) ووشك و برنگ؛ سیس؛ بێ ئاووگ. (٢) بێ هێز؛ سست؛ لاواز؛ بێ تاقەت؛ بێ تین؛ مردوو (مەجاز).
sapling (sap′liŋ), *n.* (١) نەمام. (٢) لاو؛ گەنج. (٣) بەچکە تانجی.
sapodilla (sap´ə-dil′ə), *n.* (١) درەختێکی هەمیشە سەوزی ئاوچە گەرم و تەرەکانی نەمەریکایە. (٢) بەری ئەم درەختە.
saponaceous (sap´ə-nā′shəs), *adj.* سابوونایی؛ سابوونی.
saponifiable (sə-pon´ə-fī′ə-b'l), *adj.* دەکرێ بە سابوون.
saponify (sə-pon′ə-fī′), *v.t.* کردن بە سابوون.
v.i. بوون بە سابوون.
-saponifier *(n.)*; **saponification** *(n.)*.
saponin (sap′ə-nin), *n.* سابۆنین. ماددەیەکی سابوونایی یە لە دارسابوونداً (کیمیا).
sapor ; sapour (sā′pēr, sā′pôr), *n.* بۆن و بەرامە؛ بۆن؛ تام.
-saporous *(adj.)*.
sapota (sə-pō′tə), *n.* = sapodilla.
sappanwood (sə-pan′wood´), *n.* = sapanwood.
sapper (sap′ēr), *n.* ئەندازیاری سوپا (بەتایبەتی هی ئینگلیزی).
sapphire (saf′īr), *n.* (١) گەوهەری شین؛ یاقووتی شین. (٢) ڕەنگی ئەم بەردە بەنرخە.
adj. شینی ئاسمانی؛ شینی یاقووتی؛ شینی مەیلەو سەوز.
sapphirine (saf′ēr-in, saf′ə-rīn´), *adj.* شینی یاقووتی؛ شینی ئاسمانی
n. سلیکاتی مەگنیسیۆم و فالۆزنی شین یا سەوز.
sapphism (saf′iz'm), *n.* = lesbianism.
sappy (sap′i), *adj.* (١) تەڕوبڕ؛ ئاودار. (٢) بەتین؛ زیندوو؛ بە گف‌وگوڕ؛ چوست‌وچالاك؛ بەهێز. (٣) [Slang]، هیچ‌وپووچ؛ بێ تام؛ بێ مانا.
-sappily *(adv.)* ; **sappiness** *(n.)*.
sapremia , sapraemia (sə-prē′mi-ə), *n.* = septicemia.
sapro- ;sapr- (sap′rō, sap′rə), پێشگرێکە بەمانای: ڕزیو؛ گەنیو؛ مردوو. پووکانەوە؛ پوان. *(saprogenic)*.
saprogenic (sap´rə-jen′ik), *adj.* *Also* **saprogenous**, (١) پووکێنەرەوە؛ دەبێتە هۆی ڕزان یا گەنین. (٢) لە پووکانەوە یا ڕزینەوە هاتووە.
saprolite (sap′rə-līt´), *n.* بەردی ڕزیو یا پووکاوە.
saprophagous (sə-prof′ə-gəs), *adj.* بۆگەخۆر؛ شتی گەنیو خۆر
saprophyte (sap′rə-fīt´), *n.* زیندەوەرێك یا پووەکێکە کە لەسەر شتی گەنیو پووکاوە دەژی.
-saprophytic *(adj.)*.
sapsucker (sap′suk´ēr), *n.* ئاووگ هەڵمژە. دارکونکەرەیەکە ئاووگی دار هەڵدەمژێت
sapwood (sap′wood´), *n.* ئەو چینە ئاوگدارە نەرمەی قەدی درەختە کە لەژێر تویکڵەکەوەیە.
saraband (sar′ə-band´), *n.* سەربەند. (ا) سەمایەکی ئیسپانی جوانە (ب) مۆسیقای ئەم سەمایە.
saracen (sar′ə-s'n), *n.* (١) عەرەب (٢) موسڵمان (بەتایبەتی لەکاتی شەڕی خاچ پەرستیدا).
sarcasm (sär′kaz'm), *n.* (١) تەوس. لاقرتی. (٢) لاقرتی کردن؛ بە تەوسەوە ووتن.
sarcastic (sär-kas′tik), *adj.* (١) بە تەوس؛ بە لاقرتی؛ بە تەوسەوە. *(a ~ statement)* (٢) جەز بە لاقرتی کەر؛ قسە بە تەوس. *(a ~ person)*.
-sarcastically *(adv.)*.
sarcenet (särs′net), *n.* قوماشێکی ئاوڕیشمی نەرم و تەنکە.
sarco- ; sarc- (sär′kō, sär′kə), پێشگرێکە بەمانای: گۆشت. *(sarcology)*
sarcocarp (sär′kə-kärp´), *n.* (١) گۆشتی میوەی ئاوکدار (قۆخ، هەڵوژە). (٢) گۆشتی میوە؛ کرۆکی میوە.
sarcology (sär-kol′ə-ji), *n.* تۆپکاری ڕیشاڵە نەرمەکانی لەش.
sarcoid (sär-koid′), *adj.* گۆشتی؛ گۆشت ئاسا؛ لە گۆشت چوو.
sarcoma (sär-kō′mə), *n.* سندانی شێرپەنجەیی ڕیشاڵە لێکدەرەکانی لەش.
sarcomatosis (sär-kō´mə-tō′sis), *n.* تەنینەوەی سندانی شێرپەنجەیی بە ڕیشاڵە لێکدەرەکانی لەشدا.
sarcophagus (sär-kof′ə-gəs), *n.* دارتەرمی بەردین.
sarcous (sär′kəs), *adj.* (١) گۆشتی؛ لە گۆشت پێکهاتوو. (٢) ماسولکەیی؛ لە ماسولکە پێکهاتوو.
sard (särd), *n.* سەرد: جۆرێکە لە یاقیقی ڕووناکی سووری پرتەقاڵی.
sardine (sär-dēn′), *n.* ساردین؛ جۆرە ماسییەکی زۆر بچکۆلەیە دەکرێتە قوتووەوە.
sardius (sär′di-əs), *n.* = sard.
sardonic (sär-don′ik), *adj.* لاقرتێیی؛ بە تەوسەوە؛ لاقرتێکەر. *(a ~ smile, tone of voice, etc.)*
-sardonically *(adv.)*.
sardonyx (sär′də-niks), *n.* جۆرێکە لە یاقیق هێڵی سوورو پرتەقاڵی یان قاوەیی و سپی تەریبی تێدایە
sargasso (sär-gas′ō), *n.* جۆرێکە لەگیای دەریایی
sarge (särj′), *n.* [Colloq.] = sergeant.
sari (sä′rē), *n.* ساری: کراسی ئافرەتی هیندی.
sark (särk), *n.* [Scot. or Archaic], = shirt.
sarmentose (sär-men′tōs), *adj.* تەرزی باریکەو درێژ فڕێدەری ڕەگ داکوتاو وەك شلیك.
sarong (sə-rôŋ′, sä´rôŋ′), *n.* بەرگێکی ژنانەو پیاوانەی دوورگەکانی پاسیفیکە بڕیتییە لە قوماشێکی ڕەنگاوڕەنگی لەخۆوە پێچراو وەك پەشتەمان یا تەنوورە.
sarracenia (sar´ə-sē′ni-ə), *n.* پووەکێکی زەلکاوی نەمەریکییە گەڵاکانی لە سوراخی دەچن جانەوەر دەگرن وەك تەڵە بۆ خۆراکی پووەکەکە.
sarsaparilla (särs´pə-ril′ə), *n.* (١) پووەکێکی ئاوچە گەرمەکانی نەمەریکایە ڕەگەکانی بۆن خۆشن و گەڵاکانی لە دڵ دەچن. (٢) ڕەگی ووشك کراوەی ئەم پووەکە (بۆ تام و بۆن خۆش کردن بەکاردێت). (٣) خواردنەوەیەکی شیرینە ئەم بۆن و بەرامەیەی تێکراوە.
sartor (sär′tēr), *n.* بەرگدروو (ووشەیەکی وێژەیی و قۆشمەیی).
sartorial (sär-tôr′i-əl, sär-tō′ri-əl), *adj.* (١) بەرگدرووییؤ هی بەرگدروان و پیشەکەیان. (٢) بەرگی؛ تایبەتی بە جل‌وبەرگ (بەتایبەتی هی پیاوان). (٣) تایبەتی بە ماسولکەی بەرگدروو (ووشەی داهاتوو ببینە).
sartorious (sär-tôr′i-əs, sär-tō′ri-əs), *n.* ماسولکەی بەرگدروو؛ ماسولکەیەکی باریك و درێژە بە درێژایی پێشەوەی ڕان.
sash (sash), *n.* پشتێن.
sash (sash), *n.* چوارچێوە خلیسکەی دەرگاو پەنجەرە.
sashay (sa-shā′), *v.i.* [Colloq.], (١) بە کەش‌وفشەوە ڕۆیشتن؛ خۆبادان. (٢) هەنگاوتان لە سەمادا بە شێوەی خلیسکان.
n. [Colloq.], گەشت؛ گەڕان؛ سەیران.
saskatoon (sas′kə-tōōn´), *n.* ساسکەتوون: دەوەنێکی نەمەریکایی گوڵ سپیە بەرەکەی دەخورێت.
sass (sas), *n.* [Colloq.], بێ شەرمی؛ چاوقایمی؛ قسە پێ ووتنەوە؛

له گەورەی خۆ هەڵگەڕانەوە.

sassaby (sas′ə-bi), *n.* جۆرە ئاسکە کێوییەکی گەورەی ئەفەریقاییە.

sassafras (sas′ə-fras´), *n.* (۱) ساسافراس. جۆرە درەختێکی ئەمەریکی گوڵ زەردی بەردارە. (۲) تۆپکڵی ووشک کراوەی ئەم درەختە (بۆ پزیشکەوانی و تام خۆش کردن بەکاردەهێنرێت).

sassy (sas′i), *adj.* [Colloq.]. (۳) ئەم تامو بۆنو بەرامەیە.

(۱) بێ حەیا؛ چەقاوەسوو؛ بزێوو دەم هەراش. *(a ~ child)*.

(۲) زەق و بێ شەرمانە (جل‌وبەرگ).

-sassily *(adv.)*; sassiness *(n.)*.

sassy (sas′i), *n.* درەختێکی ئەفەریقایی تۆپکڵو دار ژەهراوییە. (پێشی دەوترێ: " sassy bark ").

sassywood (sas′i-wood´), *n.* = sassy.

sat (sat), *past tense and past participle of* sit.

satan (sā′t'n), *n.* شەیتان

satanic (sā-tan′ik, sə-tan′ik), *adj.* شەیتانی. شەیتانانە

-satanical *(adj.)* ; satanically *(adv.)*.

Satanism (sā′t'n-iz'm), *n.* شەیتان پەرستی

satchel (sach′əl), *n.* جانتای دەست. جانتای قوتابی.

sate (sāt), *v.t.* (۱) تێرکردن

(۲) ئینتەلا پێکردن: لە ئەندازە بەدەر تێرکردن؛ لەبەرچاو خستن (بەهۆی زۆر پێدانەوە).

sat (sat, sāt), *archaic past tense and past participle of* sit.

sateen (sa-tēn′), *n.* ساتین. قوماشێکی لووسی لۆکەیە لە ئاوڕیشم دەچێت

satellite (sat′ə-līt´), *n.* (۱) بەردەست؛ کلك (مرۆڤ)؛ دواکەوتە؛ پاشکۆ؛ کلکەلەقێکەر. (۲) ئەستێرەیەکی گەڕۆکی بچووکە کە بەدەوری یەکێکی گەورەتردا دەسووڕێتەوە؛ مانگ. (۳) مانگی دەستکرد. (٤) وڵاتی پاشکۆ (کە زێردەستەی وڵاتێکی گەورەترە لە خۆی‌و لە قسەی دەرناچێ)؛ کلك (وڵات)

satiability (sā´shi-ə-bil′ə-ti, sā´shə-bil′ə-ti), *n.* تێری؛ تێربوون. تێرخواردن.

satiable (sā′shi-ə-b'l, sā′shə-b'l), *adj.* تێر دەبێت؛ تێر دەخوات؛ تێر دەکرێت؛ تێربوونی بۆ هەیە.

-satiableness *(n.)* ; satiably *(adv.)*.

satiate (sā′shi-āt´), *adj.* تێر؛ تێرو تەسەل؛ مر.

v.t. (۱) تێرکردن. (۲) لەبەرچاو بردن (بە زۆر تێرکردن)؛ زۆر مرکردن.

-satiation *(n.)*.

satiety (sə-tī′ə-ti), *n.* (۱) تێری. تێربوون. مربوون.

(۲) لەبەرچاوکەوتن (لەبەر زۆر تێری)؛ زۆر تێری؛ زۆر مری.

satin (sat′'n), *n.* قوماشی ئاوڕیشم.

adj. ئاوڕیشمی. ساف‌ولووس.

satinet ; satinette (sat′'n-et′), *n.* (۱) قوماشی ئاوڕیشمی تەنك‌و گەنگ. (۲) قوماشێکی نەستووری لۆکەو خوریە.

satinwood (sat′'n-wood´), *n.* (۱) دارو تەختەیەکی ساف‌ولووسە کەرەسەی ئاوماڵی لێ دروست دەکرێت.

(۲) درەختێکی " ماهۆگەنی " یە دارو تەختەکەی زۆر ساف‌ولووسە.

satiny (sat′'n-i), *adj.* ئاوڕیشمی. ساف‌ولووس‌و بریقەدار.

satire (sat′ir), *n.* (۱) هەڵبەست یا چیرۆکی لاقرتی‌و داشۆری‌و دەمەلاسکی‌و پلارهاوێژی. (۲) (أ) وێژەی وەها (ب) هونەری نووسینی ئەم جۆرە وێژەیە

(۳) بەکارهێنانی لاقرتی، دەمەلاسکی، یا قسەی بە تۆپکڵ لە دووان یا نووسیندا؛ پلارهاویشتن

satiric (sə-tir′ik, sa-tir′ik), *adj.* = satirical.

satirical (sə-tir′i-k'l, sa-tir′i-k'l), *adj.* لاقرتیی. دەمەلاسکەیی؛ پلارهاوێژی؛ *(a ~ poem, piece of writing, etc.)*.

-satirically *(adv.)* ; satiricalness *(n.)*.

satirist (sat′ə-rist), *n.* (۱) نووسەری هەڵبەست یا چیرۆکی لاقرتی‌و پلارهاویشتن. (۲) لاقرتیکەر؛ پلارهاوێژ.

satirize (sat′ə-rīz´), *v.t.* لاقرتی پێکردن؛ پلار تێگرتن؛ گاڵتەپێکردن؛ دەمەلاسکی کردن.

satisfaction (sat´is-fak′shən), *n.* (۱) دڵ ئاوخواردنەوە؛ ڕەزامەندی؛ ڕازی کردن؛ ڕازی بوون.

(۲) (أ) گوناه یا تاوان پاککردنەوە بە سزا چەشتن (ئایین).

(ب) بۆ بژاردن (ج) قەرزدانەوە؛ ئەرکی سەرشان بەجێهێنان.

(۳) هۆی ڕەزامەندی؛ هۆی دڵ ئاوخواردنەوە.

give satisfaction, (۱) ڕازی کردن؛ قایل کردن؛ دڵ ئاو پێ خواردنەوە.

(۲) ڕازی بوون بە شێربازی لەگەڵ کردن یا زۆران لەگەڵ گرتن.

to one's (own) satisfactizzon, بە دڵی خۆ.

satisfactorily (sat´is-fak′tēr-ə-li), *adv.* بە باشی؛ بە ڕێك‌وپێکی. *(to do a job ~)*.

satisfactory (sat´is-fak′tēr-i), *adj.* باش؛ تام ئاوەندی؛ پەسەند. *(to get a ~ grade on a test ; to do a ~ job)*

-satisfactoriness *(n.)*.

satisfy (sat′is-fī), *v.t.* (۱) (أ) ڕازی کردن. (ب) ئارەزوو شکاندن.

(۲) پەیڕەوی کردن. (۳) دڵنیا کردن.

(٤) (أ) دانەوە (قەرز) (ب) ئەرکی سەرشان بەجێهێنان.

(٥) بۆ بژاردن.

v.i. ڕازی بوون؛ دڵ ئاوخواردنەوە؛ دڵنیابوون.

satrap (sā′trap, sat′rəp), *n.* (۱) فەرمانڕەوای ئاوچەیی ئێرانی کۆن. (۲) فەرمانڕەوای خواردەست یا ئاسەرەکی بەزەبروزەنگ.

satrapy (sā′trə-pi, sat′rə-pi), *n.* (۱) دەسەلاتو پلەوپایەیەی فەرمانڕەوای ئاوچەیی ئێرانی کۆن؛ فەرمانڕەوایەکی وەها.

(۲) ئاوچەیەکی ئێرانی کۆن

saturant (sach′ēr-ənt), *n.* ماددەی تێرکەر یا تێراوکەر

saturate (sach′oo-rāt´), *v.t.* (۱) تێرکردن؛ تێراوکردن؛ پاراوکردن؛ لە ئەندازە بەدەر تێکردن

(۲) خووساندن؛ لە شلە هەڵکێشان؛ سەرانسەر یا هەموو گرتنەوە.

(۳) پڕکردن؛ زۆر پڕکردن؛ زۆر تێکردن.

(٤) تێدا تووانەوە هەتا بتوانرێ (کیمیا)؛ یەق پێکردنەوە (کیمیا).

adj. (۱) تێراو؛ پڕ؛ پاراو؛ تێر. (۲) تۆخ (ڕەنگ).

-saturable *(adj.)* ; saturability *(n.)* ; saturator *(n.)*.

saturated (sach′oo-rāt´id), *adj.* (۱) تێراو؛ پاراو؛ تێر؛ پڕ (هەڵمژین). (۲) خووساو.

saturation (sach´oo-rā′shən), *n.* (۱) (أ) تێراوی؛ تێری؛ پاراوی؛ پڕی (هەڵمژین)؛ خووسان. (ب) تێراوکردن؛ پاراوکردن؛ پڕکردن؛ تێرکردن.

(۲) یەق کردنەوە (کیمیا). (۳) پاراوی موگناتیسی.

(٤) پووبی یا تۆخی ڕەنگ. (٥) پڕکردنی بازاڕ لە فرۆتەنێیەك.

(٦) داگرتنەوەی نیشانێك بە بۆمبا یا مووشەك‌و لەناوبردنی.

saturation point, پلەی تێراوی، پاراوی، یا پڕی؛ پلەی یەقکردنەوە.

Saturday (sat′ēr-di), *n.* شەممە.

Saturn (sat′ērn), *n.* (۱) خودای کشتوکاڵ (نەفسانەی ڕۆمانی).

(۲) ساتۆرن: دووەم گەورەترین ئەستێرەی گەڕۆکە و شەشەمە لە دووریەوە لە خۆر؛ ئەستێرەیەکی بەیانییە دوای نیوەشەو هەڵدێت.

(۳) قورقوشم.

saturnalia (sat´ēr-nā′li-ə), *n.* (۱) ئاهەنگی خودای ڕۆمانی " ساتۆرن ". (۲) ئاهەنگی بەرەڵا.

Saturnian (sə-tūr′ni-ən), *adj.* (۱) تایبەتی بە خودای ڕۆمانی " ساتۆرن" لە چەرخەکەی پێی دەوترا " سەردەمی زێڕین".

(۲) خۆش گوزەرانی؛ خۆشی‌و ئاسوودەیی.

(۳) تایبەتی بە ئەستێرەی گەڕۆکی " ساتۆرن ".

saturniid (sə-tûr′ni-id), *n.* جانەوەرێکی باڵدارە لە پەپوولە دەچێت.

saturnine (sat′ĕr-nīn´), *adj.* (۱) سست، خاو؛ بەرچاو تاریک؛ پووگرژ؛ موز؛ بەست؛ بەدبین؛ نەدوو. (۲) (ا) قورقوشمی. (ب) ژەهری قورقوشم لێدراو.

saturnism (sat′ĕr-niz´m), *n.* ژەهری قورقوشم لێدان.

satyr (sat′ĕr, sā′tĕr), *n.* (۱) بوونەوەر یا دەعبایەکی حەشەری سەرخۆشی دارستانە لە ئەفسانەی یۆناندا گوێی قوتە و شاخەکانی کورتن سەرو لەشی لەهی مرۆڤ دەچێت و لاقی لە هی بزن. (۲) پیاوێکی حەشەری؛ پیاوی بەخۆش؛ پیاوی کێرچڵیس. (۳) جۆرێکە لە پەپوولەی باڵ قاوەیی.

-satyric ; satyrical *(adj.).*

satyriasis (sat´ə-rī′ə-sis), *n.* حەشەرێتی بی ئەندازەی پیاو؛ زۆر بەخۆشی (پیاو).

satyromaniac (sə-tir´ōmā′ni-ak´), *n.* پیاوی زۆر حەشەری.

sauce (sôs), *n.* (۱) سۆس، ساس. (۲) میوەی هاڕپاو لێنراو. (۳) ئاوی شلە. (٤) مەزە زیادکەر؛ خۆشکەر؛ تام پێدەر؛ تام خۆشکەر. (٥) [Colloq.]، بێ حەیایی؛ بێ شەرمی. (٦) [Dial]، سەوزە. (۷) [Slang] مەی؛ عەرەق.

sauce-box (sôs′boks´), *n.* [Colloq.], منداڵێکی چەقاوەسوو یا بێ حەیا

saucepan (sôs′pan´), *n.* مەنجەڵۆکەی دەسکدار.

saucer (sô′sĕr), *n.* ژێرپیالە، ژێر کووپ.

saucy (sô′si), *adj. Also* sassy, (۱) بێ شەرم، بێ حەیا؛ چەقاوەسوو؛ لە گەورەی خۆ هەڵگەڕاوە. (۲) قنج‌وقیت؛ بەجۆش؛ بزنۆ. (۳) تەپۆش.

-saucily *(adv.)* ; **sauciness** *(n.).*

sauerkraut (sour′krout´), *n. Also* sour-crout, ترشیاتی کەلەرم (خواردنێکی نەڤامایی).

sauger (sô′gĕr), *n.* جۆرە ماسیەکی ڕوباری نەمەریکییە

sauna (sou′nä), *n.* سۆنە. گەرماوی هەڵم.

saunter (sôn′tĕr), *v.i.* پیاسەکردن؛ لۆڵۆڕ ڕۆیشتن.

n. پیاسە؛ لۆڵ لۆڕ ڕۆیشتن.

saurel (sô′rəl), *n.* ماسیەکی دەریاییە.

saurian (sô′ri-ən), *adj.* مارمێلکەیی؛ تایبەتی بە مارو مارمێلکەو تیمساح و دایناسۆر

n. مارمێلکەو نوخمەکەی کە تیمساح و دایناسۆریش دەگرێتەوە بەپێی پۆل پۆل کردنی کۆن

sauro- (sô′rō, sô′rə), *Also* saur-, پێشگرێکە بە ماناى مارمێلکە. *(sauropod)*

sauropod (sô′rə-pod´), *n.* جۆرێکە لە دایناسۆر کە گیاندارێکی زل قرتێکەرتووە

adj. تایبەتی بەم گیاندارەو توخمە قرتێکەرتووەکەی

-sauropodous *(adj.).*

saury (sô′ri), *n.* جۆرە ماسیەکی دەریایی باریکەڵەی لەوز درێژە

sausage (sô′sij), *n.* گۆشتی قیمەکراوی بەهارات پێوەکراوی وەک مارمارە لێکراو

sauté (sō-tā′), *adj.* سوورەوەکراو

v.t. سوورکردنەوە (پیاز). *(to ~ some onions)* .

n. خواردەمەنی سوورەوەکراو

sauterne (sō-tûrn′), *n. Also* sauternes, جۆرێکە لە شەرابی سپی

savage (sav′ij), *adj.* (۱) دڕندە. *(a ~ tiger, person, etc.)* . (۲) کێوی؛ سەرەتایی؛ دەشتەکی؛ بێ شارستانی. *(a ~ tribe)* . (۳) بێ نەزاکەت؛ کەرتر؛ هیچ نەزان. (٤) دڵڕەق؛ بێ بەزەیی (٥) تووڕەوتیژ؛ تەنگەجێکڵانە.

n. (۱) کەسێکی دەشتەکی و هیچ نەزان؛ کەسێکی کێوی و بێ شارستانی. (۲) کەسێکی دڕندە و بێ بەزەیی. (۳) کەسێکی بێ نەزاکەت و ڕەشۆکی.

-savagely *(adv.)* ; **savageness** *(n.).*

savagery (sav′ij-ri), *n.* (۱) کێوێتی؛ دەشتەکێتی؛ بێ شارستانێتی. (۲) دڕندەیەتی؛ دڕندەیی. (۳) کردەوەی دڕندانە. (٤) دڕندە گەل؛ گیانداری دڕندە بەگشتی.

savagism (sav′ij-iz′m), *n.* = savagery.

savanna, savannah (sə-van′ə), *n.* (۱) دەشتی ڕووت‌وقووتی بێ دارودرەخت (بەتایبەتی لە نزیکی ناوچە گەرمەکان). (۲) لەوەڕگای کەم دارودرەخت (بەتایبەتی لە ناوچە گەرمەکانی زەویدا).

savant (sə-vänt′, sav′ənt), *n.* زانا؛ دانا.

save (sāv), *v.t.* (۱) ڕزگارکردن (لە مەترسی). *(to ~ a person from drowing)*

(۲) پاراستن؛ هێشتنەوە بۆ دواڕۆژ.

(۳) پاشەکەوت کردن؛ هەڵگرتن؛ خستنەلاوە؛ کۆکردنەوە (پارە):

(She ~s half of her salary.; We have to ~ up some money for the trip.; We should ~ some of this meat for tomorrow.)

(٤) بۆ گەڕاندنەوە؛ بۆ هێشتنەوە؛ لە کیس نەدان:

(This train ~s several hours.; That will ~ me a lot of trouble.)

(٥) ڕزگارکردن (لە گوناە):

(Christ came into the world to ~ sinners.)

v.i. (۱) پاشەکەوت کردن؛ پارە کۆکردنەوە؛ پارە هەڵگرتن. (۲) ڕزگارکردن. (۳) پاراستن. (٤) ماندوو؛ لەناو نەچوون. (٥) ڕزگارکردن (لە گوناە).

-savable ; savaeble *(adj.).*

save (sāv), *prep.* بێجگە لە؛ جگە لە:

(No man enjoys self-reproach ~ a masochist.)

conj. (۱) جگە لە؛ بێجگە لە. (۲) [Archaic]، تەنها؛ نەگەر لەبەر نەوە نەبێت:

(I am fine ~ that I have a cold.)

save-all (sāv′ôl´), *n.* (۱) گشت پارێزەر (نامێر). (۲) بەرگی ئاوڕامانی دەرەوە (وەک هی کرێکار)

saver (sāv′ĕr), *n.* پاشەکەوتکەر؛ لەکیس نەدەر *(labor ~ ; time ~)* . (ئەم ووشەیە لە ووشەی ناوێنەدا بەکاردەهێنرێت):

savin; savine (sav′in), *n.* (۱) جۆرە سەروویەکی پەل بڵاوی کورتە سەروی کێوی. (۲) پۆنی ئەم سەروە (دەکرێت بە دەرمان).

saving (sāv′iŋ), *adj.* (۱) ڕزگارکەر؛ پارێزەر. (۲) پاشەکەوتکەر؛ پارە کۆکەرەوە یا هەڵگر. (۳) بێجگەلێکەر. (٤) بۆ گەڕێنەرەوە؛ بۆ هێڵەرەوە

(۱) ڕزگارکردن؛ پاراستن. *n.*

(۲) پاشەکەوت کردن؛ پارە هەڵگرتن یا کۆکردنەوە.

(۳) بۆ گەڕانەوە؛ بۆماندوو. *(a ~ of 10%)* .

(٤) *(pl.)*. پارەی نوستوو؛ پارەی مۆڵ؛ پارەی پاشەکەوت کراو یا هەڵگیراو

(٥) دەرهاویشتن؛ بێجگەکاری؛ نەگرتنەوە.

saving (sāv′iŋ), *prep.* (۱) دوور لە ڕووت؛ لەگەڵ ڕێزمدا (بۆ ئێوە). (۲) جگە لە؛ بێجگە لە.

conj. جگە لە؛ بێجگە لە

saving account, حسابی پاشەکەوت (لە بانقدا).

saving bank, بانقی پاشەکەوت.

savior, saviour (sāv′yĕr), *n.* (۱) ڕزگارکەر؛ ئازادکەر. (۲) [S-]، عیسا. *(The ~)*

savoir-faire (sav′wär-fär′), *n.* [Fr.]. سەلیقە؛ لێهاتوویی کۆمەڵایەتی؛ دانایی کۆمەڵایەتی

savor , savour (sā′vĕr), *n.* (١) تام؛ بۆن‌و بەرامە؛ بۆن؛ چەژ؛ چەش (ب) تامی تایبەتی؛ بۆن‌و بەرامەی تایبەتی. (٢) تایبەخۆ. (٣) ئیشانە [Archaic] ٤، ناوبانگ؛ ناو.

v.i. (١) بۆنێکی تایبەتی لێهاتن؛ تامێکی تایبەتی بوون. *(Italian cooking ~s of garlic.)* (٢) لەوەچوون؛ لێکردن؛ لێچوون؛ وەک ئەوە وابوون. (٣) دەرخستن؛ ئیشانەی ئەوە بوون.

v.t. (١) تامێکی تایبەتی پێدان. (٢) تامێک یا بۆن‌و بەرامەیەکی تایبەتی هەبوون. (٣) لەوەچوون؛ ئیشانەی ئەوە بوون؛ دەرخستن. (٤) بە دڵەوە نووسان؛ پێ خۆش بوونی تام‌و بۆنی شتێک؛ بەدڵ بوون؛ بە خۆشی‌یەوە چەشتن. *(He ~ed the wine.)*

savorless ; savourless (sā′vĕr-lis), *adj.* بێ تام؛ بێ تام‌و بۆن‌و بەرامەی تایبەتی.

savory; savoury (sā′vĕr-i), *adj.* (١) تام‌و بۆن‌و بەرامە خۆش. (٢) تووڕ؛ مڕ؛ تیژ. (٣) خۆش؛ پەسەند. (٤) بەجێ؛ لەپووی ئەریتی کۆمەڵایەتی‌یەوە؛ دروست؛ پەسەند؛ بەڕێز.

n. [British], بەرخۆراک؛ مەزە؛ پاش خۆراک.

savory (sā′vĕr-i), *n.* جاترە کێویلە.

savoy (sə-voi′), *n.* جۆرێکە لە کەلەرمی گەلاّ چڕوڵوچ.

savvy (sav′i), *v.i.* [Slang], سەر لێ دەرجوون؛ لێ زانین؛ تێگەیشتن.

n. [Slang], سەلیقە؛ دانایی؛ ژیری؛ تێگەیشتن.

adj. [Slang], زۆرزان؛ دانا؛ زیرەک؛ لێهاتوو؛ سەردەرچوو.

saw (sô), *n.* مشار.

v.t. (١) بە مشار بڕینەوە؛ بڕینەوە. (٢) بە مشار پڕک‌وپێک کردن. (٣) بژواندن بە شێوەی مشارکاری.

v.i. (١) بە مشار بڕینەوە؛ بڕینەوە. (٢) بڕانەوە *(This wood ~s easily.)*

saw (sô), *n.* پەند؛ قسەی پێشینان؛ قسەی نەستەق.

saw (sô), *past tense of* see.

sawbuck (sô′buk′), *n.* (١) ئەسپی مشارکاری. (٢) [Slang]، پارەی دە دۆلاری.

sawdust (sô′dust′), *n.* نارەدە دار.

sawfish (sô′fish′), *n.* ماسی‌یەکی دەریایی دڕندەیە لەژەکەی لە مشار دەچێت.

sawfly (sô′flī′), *n.* مێشە مشاری؛ جۆرە مێشێکە قورتمی مێیەکەی لە مشار دەچێت قەدی پووەکی پێ دەبڕێ‌و گەراکەی تێ دەخات.

sawgrass, گیا مشاری گیایەکە قەراغی گەلاّکانی لە مشار دەچێت.

sawhorse (sô′hôrs′), *n.* ئەسپی مشارکاری؛ چوارچێوەیەکی دارینە داری لەسەر دەبڕێتەوە بە مشار.

saw log, دارێکە ئەوەندە زلە بڕێتەوە بکرێ بە تەختەدار.

saw-mill (sô′mil′), *n.* (١) کارگەی مشارکاری؛ فابریقەی دار بڕینەوە بۆ کردنی بە تەختەدار. (٢) مەکینەی مشارکاری.

sawn (sôn), *alternative past participle of* saw.

saw-toothed (sô′tōōtht′), *adj.* دەنووک مشاری

sawyer (sô′yĕr), *n.* (١) دارڕەوە بە مشار؛ مشارکەر. (٢) قالۆنچەیەکە کرمۆکەکەی کون دەکاتە داری زیندوو و مردوو‌وەدەخواتەوە.

sax (saks), *n.* [Colloq.], = **saxaphone.**

saxatile (sak′sə-til), *adj.* = **saxicoline.**

saxhorn (saks′hôrn′), *n.* ساکسهۆرن؛ ئامێرێکی مۆسیقی‌یە لە بابەتی زورنا.

saxicoline (sak-sik′ə-lın′, sak-sik′ə-lin), *adj.* لەسەر بەرد دەڕوێت؛ بەردنشین (زیندەوەرزانی)

saxicolous (sak-sik′ə-ləs), *adj.* = saxicoline.

saxifrage (sak′si-frij), *n.* پووەکێکی بچووکی گوڵ رەنگاوڕەنگە لە دەوروپشت‌و لەسەر بەرد دەڕوێت‌و گەلاّکانی بە تۆپەڵ لە بنەکەیدا دەڕوێن.

Saxon (sak′s'n), *n.* (١) ساکسۆنی: ئەندامی خێڵێکی ئەڵمانی‌یە کە لە سەدەی پێنجەم‌و شەشەمی پاش زایندا لەگەڵ " ئانگلزەکان " و " جووتەکان " ئینگلتەرەیان داگیرکرد‌و ئەم ئینگلتەرەیەی ئێستایان پێکهێنا. (٢) کەسێکی ئەنگلۆساکسۆنی. (٣) هاوولاّتی‌یەکی ناوچەی ساکسۆنیای ئەڵمانی. (٤) زمانی ساکسۆنی کۆن. (٥) شێوەزمانی ئەڵمانی ناوچەی ساکسۆنیا.

adj. (١) ساکسۆنی: تایبەتی بە ساکسۆنی‌یەکان‌و زمان‌و کلتوورەکەیان (٢) ئەنگلۆ- ساکسۆنی؛ ئینگلیزی. (٣) ساکسۆنیایی: تایبەتی بە ناوچەی ساکسۆنیای ئەڵمانی.

Saxonism (sak′s'n-iz'm), *n.* ووشەیەک یا ووتەیەکی ئینگلیزی‌یە کە سەرچاوەکەی ئەنگلۆ- ساکسۆنی بێت.

Saxony (sak′sə-ni), *n.* (١) جۆرە قوماشێکی خوری ساف‌وڵووسە. (٢) ڕێس یا تەنزاوی ئەم قوماشە.

saxophone (sak′sə-fōn′), *n.* ساکسەفۆن: ئامێرێکی مۆسیقی‌یە لە بابەتی زورنا.

-saxophonist *(n.).*

saxtuba (saks′tōō′bə, saks′tū′-bə), *n.* ساکستوبە: " ساکسهۆرنی" یەکی گەورەیە (ووشەی " saxhorn " ببینە).

say (sā), *v.t.* (١) ووتن؛ بێژان. (٢) دەربڕین؛ قسەکردن. (٣) بە دڵنیایی‌یەوە ووتن: *(I wish I could ~ when it will happen.)* (٤) بە دەنگی بەرز ووتن؛ لەبەر ووتن؛ کردن: *(~ your prayers.)* . (٥) نزیکەی؛ بڵێ ئەوەندە: *(He is ~ forty.; It is ~ worth a dollar.)* (٦) وا ووتن: *(People ~ she is a loose woman.)* .

v.i. ووتن؛ بێژان؛ پادەربڕین.

n. (١) ووتە؛ فەرموودە؛ قسەی کەسێک؛ ووتراو. (٢) هەڵ ڕای خۆ دەربڕین: *(You've had your ~.)* . (٣) دەسەڵاتی بڕیاردان: *(He has the ~ in this matter.)*

go without saying, ئاشکرایە؛ دیارە؛ ووتنی ناوێ.

that is to say, واتە.

sayid; sayyid (sā′yid), *n.* سەید؛ ئەوەی پێغەمبەر.

saying (sā′iŋ), *n.* (١) ووتن؛ بێژان. (٢) پەند؛ قسەی پێشینان؛ گوفتار.

say-so (sā′sō′), *n.* [Colloq.], (١) ووتەی بێ بەڵگە؛ ووتەی لامسەرلایی یا بێ بناغە. (٢) بڕیار؛ فەرمان؛ ووتە: *(He left the hospital on the ~ of his doctor.)* (٣) ماف یا دەسەڵاتی دوا بڕیاردان: *(He has the ultimate ~ on what is to be taught.)*

scab (skab), *n.* (١) قەتماغەی برین؛ بزماتە. (٢) گەپی مەڕومالاّت؛ گەپی؛ کەچەڵی. (٣) ئەخۆشی‌یەکی پووەکە لە گەپی دەچێت. (٤) [Slang]، گەسێکی گەپی پیسی بۆگەن. (٥) (ا) کرێکارێکە کە نایەوێت ببێت بە ئەندامی ڕێکخراوی کرێکاران (ب) کرێکارێکە کە بەشداری مان گرتن ناکات. (ج) کەسێکە کە لەجێی کرێکاری مان گرتوو کارەکات.

v.i. (١) قەتماغە بەستن. (٢) گەپبوون. (٣) کارکردن لەجێی کرێکاری مان گرتوو.

scabbard (skab′ĕrd), *n.* کێلانی خەنجەر و شیرو نێزە؛ کیف.

v.t. خستنە کێلانەوە؛ خستنە کیفەوە.

scabble (skab′'l), *v.t.* بەرد داتاشین یا گەلاّلەکردن

scabby (skab′i), *adj.* (١) قەتماغە بەستن (برین)؛ قەتماغە بەستوو. (٢) گەپ؛ کەچەڵ؛ کرێشاوی. (٣) پیس‌وبۆگەن؛ نزم؛ ناپیاو.

-scabbily *(adv.)* ; **scabbiness** *(n.)*.
scabies (skā′bi-ēz´, skā′bēz), *n.* گەری، نەخۆشی گەری
scabietic (skā´bi-et′ik), *adj.* گەرِ
scabiosa (skā´bi-ō′sə), *n.* سکابیۆزا: گوڵەگەری؛ پووەکێکە گوڵی ڕەنگاورەنگ دەگرێت نێرەکەکەی زۆر بەدەرەوەیە.
scabious (skā′bi-əs), *adj.* (١) گەرِ (٢) لە گەری دەچێت؛ تایبەتی بە گەری.
scabious (skā′bi-əs), *n.* = scabiosa.
scabrous (skā′brəs), *adj.* (١) زبر؛ گرنج گرنجاوی. (٢) ئالۆز؛ سەخت (کێشە)؛ پێویست بە وردی‌و ژیری دەکات بۆ چارەکردنی. (٣) بێ پەردە؛ بەرەڵا (ڕەووشت)؛ هەڵمانراو: *(a ~ novel)*.
scad (skad), *n.* = saurel.
scads (skadz), *n.pl.* [Colloq.], ژمارەیەکی زۆر؛ کۆمەڵێکی زۆر؛ گەلێک. *(~ of people, money, etc.)*.
scaffold (skaf′ld, skaf′ōld), *n.* (١) داربەست (خانوکاری)؛ داربەند (٢) سێدارە؛ قەتارە. (٣) شانۆ یا سەکۆی دارینی سەردەمی بۆ شت پیشاندان. (٤) چوارچێوەی بەرز. (٥) کەرەسەی داربەست.
v.t. (١) داربەست بۆ کردن؛ داربەندکردن (خانووسازی)؛ داربەست دانان. (٢) خستنەسەر چوارچێوە یا سەکۆی سەردەمی بۆ پیشاندان.
scaffolding (skaf′l-diŋ), *n.* (١) کەرەسەی داربەست (خانووسازی). (٢) داربەست؛ کۆمەڵە داربەست.
scagliola (skal-yō′lə), *n.* مەرمەرە دروزنە؛ بەردێکە لە گەچ‌و تۆزی مەرمەر دروست دەکرێت.
scalable (skāl′ə-b'l), *adj.* مرۆڤ دەتوانێ پیایدا هەڵبگەڕێ؛ پێدا هەڵگەڕانی لە توانای مرۆڤدایە.
scalade (skə-lād′), *n.* [Obs.], = escalade.
scalage (skāl′ij), *n.* (١) لێ داشکانی قەوارەو پانی‌و درێژی‌و نرخ (بەهۆی چوونەوەیەک یا کرژبوون‌و زیانی چاوەڕوان لێکراوەوە). (٢) ڕادەی لێ داشکانی دارو تەختەی خانوکاری (بەهۆی چوونەوەیەک‌و ووشکبوونەوەوە).
scalar (skāl′ēr), *adj.* پلە پلەیی؛ پەیژەیی.
n. ڕادەی یا هەندی بە ژمارە دەربڕاو وەک قەوارەو درێژی‌و پلەی گەرما.
scalare (skə-lêr′), *n.* جۆرێکە لە ماسی.
scalariform (skə-lar′ə-fôrm´), *adj.* پەیژەیی؛ پلە پلەیی؛ نمرە نمرەیی
scalawag (skal′ə-wag´), *n. Also* **scallawag**, (١) ناپەسەند؛ پیس؛ ناڕەسەن؛ قوماربار (٢) گیاندارێکی گول، بچووک، یا بێ ئالیک‌و لاواز. (٣) نەدامێکی سپی حیزیی کۆماری لە ناوچەی خواروی ئەمەریکا لە دوای شەڕی براکوژی ئەمەریکا (لەپووی سووکیەوە).
scald (skôld), *v.t.* (١) داپلۆخاندن؛ داخ کردن یا سووتاندن بە ئاوی گەرم یا هەڵم. (٢) هێنانە کوڵان. (٣) ئاوی لەکوڵ بەکارهێنان بەتایبەتی بۆ: (أ) خاوێنکردنەوەی ئامێر لە میکرۆب. (ب) دامالێنی پێستی میوە.
v.i. داپلۆخان؛ سووتان بە ئاوی گەرم یا هەڵم.
n. (١) ئاوچەی داپلۆخیو؛ شوێنی بە ئاوی گەرم یا هەڵم سووتاو. (٢) سپی بوون یا هەڵقرچانی گەڵا‌ر شانەی پووەک بەهۆی کەپوو یا گەرمای زۆرەوە.
scald (skôld, skäld), *n.* = skald.
scalding (skôld-iŋ), *adj.* (١) زۆر گەرم؛ لەکوڵ؛ داخ: *(~ water)* (٢) سووتێنەر؛ داخکەر؛ هەڵقرچێنەر: *(the ~ sun)*. (٣) تووندوتیژ (ڕەخنە)؛ ببڕ؛ بڕندە؛ تیژ: *(a series of ~ editorials)*.
scale (skāl), *n.* (١) پەیژە؛ پێ پلیکانە. (ب) هۆی سەرکەوتن بۆ سەرەوە. (٢) پلە؛ پیزە پلە؛ نمرە: *(the ~s of a thermometer)*. (٣) پێوەر؛ پێوانە؛ ئامێری پلە پلە (بۆ پێوان)؛ پاستەی نیشانەکراو. (٤) (أ) پێوانەی نەخشە: *(a ~ of one inch to a mile)*. (ب) هێڵی پیشاندەری ئەم پێوانەیە. (٥) (أ) ڕێژە. (ب) پلە. (٦) ڕشتەی پێوانە یا ژمارەنێکی پلە پلە. (٧) هەڵگەڕان بە دیواری قەڵا یا سەنگەردا (بۆ گرتنی). (٨) کلیلی ناوازی مۆسیقا.
v.t. (١) پێدا سەرکەوتن؛ پێدا هەڵگەڕان؛ بە پەیژە پێدا سەرکەوتن. (٢) پلە پلە کردن. (٣) پێوان.
(٤) داشکان بەپێی ڕێژەیەک یا پێوەرێکی تایبەتی: *(Prices were ~d down five percent.)*
v.i. (١) پێدا هەڵگەڕان؛ پێدا سەرکەوتن. (٢) بەرزبوونەوە پلە پلە.
on a large (or small) scale, تا ڕادەیەکی زۆر یا کەم؛ بە نەندازەیەکی زۆر یا کەم؛ لە چوارچێوەیەکی فراوانەوە یا تەسکدا.
scale (skāl), *n.* (١) پووڵەکە ماسی. (٢) پووڵەکەی پێستی گیاندارە خشۆکەکان (وەک مار، تیمساح... هتد). (٣) پووڵەکەی لاق‌و قاچی باڵندە‌و باڵی جانەوەر. (٤) تۆزخە پێستی ووشکبووەوەی لە لەش بووەوە؛ تۆزک؛ کاژ. (٥) پووڵەکە.
(٦) پەردەیەکی تەنکە بەسەر کانزای ژەنگ هەڵهێناوەوە دروست دەبێت. (٧) پووڵەکە یا قەتماغەی ڕەقی وورد وورد بووی ناو کتڵی و بەرمیلی ئاو گەرم کردن. (٨) گوێچکە گەڵای بچووکی دەوری خونچە. (٩) مێرووی پووڵەکەیی: ئاوی ڕووەک هەڵدەمژێت‌و دەیفەوتێنن.
v.t. (١) پووڵەکە لێکردنەوە؛ ماسی پاک کردن: *(to ~ a fish)*. (٢) داتاشین؛ داڕووشاندن؛ تۆێ تۆێ کردن؛ کڕاندن.
v.i. (١) تۆزک فڕیدان؛ تۆزخ لێ بوونەوە: *(The paint is ~ing off that old house.)* (٢) بە پووڵەکە داپۆشران.
scalc (skāl), *n.* (١) تای تەرازوو. (٢) (*pl.*) تەرازوو.
v.t. (١) کێشان (بە تەرازوو). (٢) قورسایی یا کێشی ئەوەندە بوون (٣) تاوتوێ کردن؛ بەراوردکردن؛ هاوتا یا هاوسەنگ کردن.
v.i. کێشران.
the scales, بورجی تەرازوو (ئەستێرەوانی).
turn the scales, بڕیاردان؛ خستن بە لایەکدا.
scale insect, مێرووی پووڵەکەیی: مێرووێەکی بچووکە ئاوی ڕووەک هەڵدەمژێت‌و دەیفەوتێنێت.
scalene (skā-lēn′), *adj.* (١) لا جیاواز (گۆشە) (٢) تایبەتی بە ماسولکەی نێوان بڕبڕەی پشت‌و دوو پەراسووی سەرەوە.
scalepan (skāl-pan), *n.* تاقەرازوو.
scaler (skāl′ēr), *n.* ژمێرەری ئەلەکترۆنی
scaling ladder, پەیژەی هەڵگەڕان بە دیواری قەڵا‌ر سەنگەر‌و شوێنی سەختدا.
scall (skôl), *n. Also* **scald**, کەچەڵی؛ تۆنکی پێست فڕیدان.
scallawag (skal′ə-wag´), *n.* = scalawag.
scallion (skal′yən), *n.* تەرەپیاز.
scallop (skäl′əp, skal′əp), *n.* (١) جۆرێکە لە گوێچکەماسی قاقلە باوەشێنی. (٢) گۆشتی ئەم گوێچکەماسییە. (٣) پەڕەکانی قاقلەی ئەم گوێچکەماسییە (کە گەورەکانیان بۆ چێشت لێنان لە فڕندا بەکاردەهێنرێن) (٤) چوکڵەی قەراغی گرنج گرنجی نەقش‌و نیگاری جل‌وبەرگ.
v.t. (١) قەراغ بڕین بە گرنج گرنجی. (٢) ماسی‌و خواردەمەنی تر لێنان لە فڕندا هەتا جوان سوورەبێتەوە.
scallywag (skal′i-wag´), *n.* = scalawag.
scalp (skalp), *n.* (١) بێخی سەر؛ چەرمی سەر؛ بێخ.

(٢) پارچەیەک چەرمی سەری دوژمن کە هیندیەکانی ئەمەریکا هەڵیاندەواسی وەک نیشانەو یادگاری سەرکەوتن بەسەر دوژمنەکەیاندا
(٣) نیشانەی سەرکەوتن؛ یادگاری سەرکەوتن.
(٤) [Colloq.] قازانجێکی کەمە لە کڕینو فرۆشتنەوەی بلیتو شتی وەهادا دەست دەکەوێت

v.t. (١) چەرمی سەر گرتنەوە.
(٢) ساختەلێکردن؛ دەستبڕین؛ ڕووتکردنەوە
(٣) [Colloq.] کڕینو فرۆشتنەوەی شتومەک بۆ قازانجێکی کەمو خێرا.
(٤) [Colloq.] کڕینو فرۆشتنەوەی بلیتی یاریو شانۆخانە بۆ قازانج لە بازاڕی ڕەشدا.

v.i. [Colloq.] کڕینو فرۆشتنەوەی بلیتی یاریو شانۆخانە لە بازاڕی ڕەشدا بۆ قازانجی خێرا

scalpel (skal′pəl), *n.* چەقۆی نەشتەرگەر.

scalper (skal′pĕr), *n.* [Colloq.]. کەسێکە کە بلیتی شانۆخانەو یاری بە هەرزان دەکڕێتو بەگران دەیان فرۆشێتەوە لە بازاڕی ڕەشدا.

scalp lock, کاکۆلێکە هەندێ هیندی ئەمەریکایی بە تەوقەسەرە تاشراوەکەیانەوە دەیهێڵنەوە لە ڕقی دوژمن

scaly (skāl′i), *adj.* (١) پووڵەکەدار؛ پووڵەکاوی؛ بە پووڵەکە داپۆشراو (وەک پێستی ماسی). (٢) تۆپک فرێدەر؛ تووڕ لێ بووەوە؛ کڕێشاوی؛ کڕێش هەڵهێناو. (٣) مێرووی پووڵەکەیی تێی داوە (ڕووەکناسی). (٤) [Slang] بێ نرخ؛ پیس و بۆگەن (مرۆڤ).

scaly anteater, = pangolin.

scammony (skam′ə-ni), *n.* (١) ڕووەکێکی خۆهەڵواسی گەلاّ تیری گوڵ سپیەیە. (٢) جەوی ڕەگی ئەم ڕووەکە (بۆ ڕەوانی بەکاردەهێنرێت)

scamp (skamp), *n.* (١) کەسێکی بێ نرخی سەرسەری؛ کەسێکی ناپەسەندی بەدکار
(٢) مندالێکی قوماربازی شەیتان؛ لاوێکی کەتن بازی بە گۆیەن

-scampish *(adj.).*

scamp (skamp), *v.t.* بە لامسەرلایی و بێباکانە کردن

-scamper *(n.).*

scamper (skam′pĕr), *v.i.* بە پەلەپرۆزێ ڕۆیشتن؛ بە پەلە ڕۆیشتن؛ ڕاکردن؛ تێ تەقاندن.

n. ڕۆیشتنی پەلەپرۆزێ؛ ڕاکردن؛ تێ تەقان؛ ڕۆیشتنی پەلەپرۆزێ

scampi (skam′pi), *n.* کوللەی دەریایی گەورە

scan (skan), *v.t.* (١) شیکردنەوەی دێڕی هەڵبەست بەپێی کێشەکەی.
(٢) بە تەنکی بەرز هۆنراوە خوێندنەوە بۆ دۆزینەوەی کێشەکەی.
(٣) لێ وردبوونەوە (لە ناوچەیەکی بچووک).
(٤) چاوگێران بە پەلە بە ناوچەیەکی گەورەدا لەمسەر بۆ نەوسەر.
(٥) (ا) بە شەوقی تەلەکترۆنی پێداگەران بۆ وێنەگرتن یا ناردنی وێنەیەک (تەلەفزیۆن). (ب) بە ڕادار بۆ شتێک گەران.
(ج) گەران بە شریتی موگناتیساوی یا کارتی تایبەتیدا بۆ زانیاری تایبەتی.
(٦) چاوپیاخشاندن؛ بە پەلە خوێندنەوە؛ پەڕە پەڕە کردن

v.i. (١) شیکردنەوەی دێڕی هەڵبەست بەپێی کێشەکەی.
(٢) گونجاسی دێڕی هەڵبەست لەگەڵ کێشێکی تایبەتیدا.
(٣) خوێندنەوە بە تێشکی تەلەکترۆنی.

n. (١) لێ وردبوونەوە؛ تێ ئواڕین (٢) بینایی؛ مەودای بینایی

scandal (skan′d'l), *n.* (١) کردەوەی ناپرووبەر؛ کاری ناوزڕاو؛ مرۆڤی ناپرووبەر (٢) ناپرووچوون؛ ڕیسوایی؛ شەرمەزاری؛ ڕیسوابوون؛ حەیاچوون (٣) بەدگۆیی؛ لەپاش مڵە بە خراپە باس کردن؛ ناو پیس کردن. (٤) کەسێکی ڕیسوا یا ناپرووچوو.

v.t. (١) بەدگۆیی کردن؛ ناو پیس کردن
(٢) scandalize. [Obs.]

scandalize (skan′d'l-īz′), *v.t.* (١) دڵ داخوڕاندن یا ئاق وڕماندن (٢) بە کردەوەی ناشرین و ناپەسەند ناو پیس کردن؛ ناپرووبردن؛ ڕیسوا کردن. [Archaic]

scandal-monger (skan′d'l-muŋ′gĕr), *n.* کەسێکە کە قاری خراپ دەخاتەوە و ناوی خەڵک پیس دەکات؛ بەدگۆ؛ ناپرووبەر.

scandalous (skan′d'l-əs), *adj.* (١) ناپرووبەر؛ ڕیسواکەر؛ ناشرین؛ حەیابەر: *(her ~ behavior)* .
(٢) بوختانی: بڕیتیە لە ووتەوواتی ناپرووبەر: *(~ rumor)*
(٣) هەڵە لە بوختان کەر؛ هەڵە لە دەنگوباسی ناپرووبەر کەر.

scandal sheet, ڕۆژنامەی ناپرووبەر: ڕۆژنامە یا گۆڤارێکە کە هەمیشە دەنگوباسی ناپرووبەرو بوختانی و ناو پیسکەر بڵاودەکاتەوە.

scandent (skan′dənt), *adj.* خۆهەڵواسەر (ڕووەک): *(a ~ vine)* .

scandian (skan′di-ən), *adj.* ئەسکەندیناڤی

Scandinavian (skan´də-nā′vi-ən), *adj.* ئەسکەندیناڤی (گەل، زمان، کلتور...هتد).

n. (١) کەسێکی ئەسکەندیناڤی؛ ئەسکەندیناڤیەک.
(٢) زمانە ئەسکەندیناڤیەکان (کە بەشێکن لە زمانە ئەڵمانیەکانی سەروو).

scandium (skan′di-əm), *n.* سکاندیۆم: تۆخمێکی کانزایی سووکی ڕەنگ زیویە.

scanner (skan′ĕr), *n.* (١) پشکنەر (مرۆڤ، ئامێر).
(٢) ئامێری پشکنینی لەش (پزیشکەوانی).
(٣) ئامێری ئەلەکترۆنی خوێندنەوەو نێردن.

scanning (skan′iŋ), *n.* پشکنین و دۆزینەوەو بڵاوکردنەوەی دەنگو وێنە بە ئامێری ئەلەکترۆنی (ڕادیۆو تەلەفزیۆن).

scansion (skan′shən), *n.* شیکردنەوە یا بەش بەش کردنی هۆنراوە بەپێی کێشەکانی.

scansorial (skan-sôr′i-əl), *adj.* (١) بۆ پیاهەڵگەڕان کراوە یا دەشێت (وەک قاچی باڵندە). (٢) پیاهەڵگەڕاو؛ توانای پیاهەڵگەڕانی هەیە

scant (skant), *adj.* (١) کەم؛ بەش ناکات؛ نەختێک؛ کز: *(a ~ these miles)* .
(٢) نەختێک کەمتر لە: *(~ of breath)* .
(٣) کەم پێ هان؛ پێ نەمان.

v.t. (١) ڕەزیلی لەگەڵ کردن؛ بەرچاوتەنگی کردن؛ پیسکەیی نوواندن؛ نەوەندە پێ نەدان. (٢) سنوور بۆ دانان؛ کەم پێدان. (٣) کەمکردنەوە (٤) گوێ پێ نەدانو ڕێز لێ نەگرتن؛ سەرنج پێ نەدان؛ بە هیچ دانەنان

scant of, کەم پێ بوون؛ نەوەندە پێ نەمان.

-scantly *(adv.)* ; **scantness** *(n.).*

scantily (skan′t'l-i), *adv.* کەم؛ بە ناتەواوی؛ بە ناستەم: *(She was ~ dressed.)*

scantling (skant′liŋ), *n.* (١) کەم؛ هەندێک یا بڕێکی کەم.
(٢) پانیو دڕێژی کەرەسەی خانوو (وەک خشتو بەردو دارو تەختە).
(٣) پارچەیەک داری بچووکی خانوو؛ دەستەک.
(٤) دیرەک؛ کۆڵەکەی باریک.

scanty (skan′t), *adj.* (١) کەم؛ بە ناستەم بەش دەکات.
(٢) بەش ناکات؛ زۆر کەم؛ بچووک؛ ناتەواو: *(a ~ crop of rice; a ~ dress)*

-scantiness *(n.).*

scape (skāp), *n.* (١) لاسکە گوڵێکی ڕووتە کە یەکسەر لە ڕەگەکەوە لە زەوییەوە هاتبێتە دەرەوە وەک چاران چەقیلەو گوڵاّلە.
(٢) قەفی پەڕی باڵندە. (٣) قەدی کۆڵەکەو پایە.

'scape; scape (skāp), *n., v.t. & v.i.* [Archaic], = escape.

scapegoat (skāp′gōt´), *n.* (١) بزنی گوناە خراوە مل (تەورات و ئینجیل)؛ بزنی قوربانی (بۆ بەڵاّ گێڕانەوە)؛ بزنی تاوان هەڵگر.
(٢) قۆچی قوربانی: کەسێکە کە تاوانو لۆمەو بەدکاری کەسێکی تر یا کۆمەڵێکی دەخرێتە مل.

scape-grace (skāp′grās´), *n.* کەسێکی بێ ئاموسی بەدڕەفتار.

scaphoid (skaf′oid), *adj.* بەڵەمی؛ لە بەڵەم چوو (بەتایبەتی ئێسقانی مەچەکو قولەقاچ).

n. ئێسقانی بەڵەمی.

scapolite (skap′ə-līt′), *n.* سکاپۆلیت: سلیکاتی ئەلەمنیۆم؛ کالسیۆمی شەوقدار.

scapose (skā′pōs), *adj.* (١) لاسکی ڕووتی یەکسەر لە زەوییەوە دەرهاتووە دەگرێت (وەک گوڵاڵەو چاران چەقیلە) (٢) لەم لاسکە ڕووتە دەچێت. (٣) لە لاسکێکی ڕووتی وەها پێکهاتوو.

scapula (skap′yoo-lə), *n.* دەفەی شان (پێشی دەوترێ: " shoulder blade ").

scapular (skap′yoo-lĕr), *adj.* تایبەتی بە دەفەی شان.

n. (١) کراس یا چاکەتێکی بێ باڵی دەڵبی ووشکەسۆفیە. (٢) دوو پارچە قوماشی بچووکی بە بەن پێکەوە بەستراون لەژێر جلەوە لەبەردەکرێن بەسەر سنگەو پشتەوە لەلایەن هەندێ کاسۆلیکەوە وەک نیشانەی لە خواترسی (٣) (ا) **scapula** (ب) پەڕی سەرشانی باڵندە. (٤) سارغی سەرشان (نەشتەرکاری).

scapulary (skap′yoo-lĕr′i), *n. & adj.* = scapular.

scar (skär), *n.* (١) جێ برین؛ جێ نیشانەی برین، سووتاوی یا برین؛ جێی کۆنە برین؛ بزماتە. (٢) جێ نیشانەی گەڵاوڵق لە دارو درەخت کردنەوە؛ بریندارى دواى نەم لێکردنەوەیە (٣) (ا) پاشماوەی ناڕاری هەستیو داخو خەفەت لە منشکو دەروونداا پاشماوەی برینو سووتانی هەستی. (ب) نیشانەی بەردەوامی داخوخەفەتو ناخۆشی (وەک چڕچوڵۆچی ناوچەوان).

v.t. (١) بریندارکردن بە جۆرێک جێ نیشانەکەی هەر بمێنێ؛ داخ کردن. (٢) ناڕاردان بە جۆرێک لە پیری نەچێتەوە؛ ناڕارێکی هەستی وا دان کە نیشانەکەی هەربمێنێ: *(The rape ~red her for life.)*

v.i. نیشانەی برین، سووتاوی، یا برین پێوەمانەوە؛ جێی برین یا سووتاوی پێوە دیاربوون.

scar (skär), *n.* (١) قەد شاخی بەردانی؛ کەندەڵانی بەردین؛ لێژایی بەردین. (٢) بەردی سەردەرهێناوی ناو دەریا.

scarab (skar′əb), *n.* (١) قاڵونچە ڕەشە: کەڵە قاڵونچەیەکی باڵدارە میسریەبە کۆنەکان بە پیرۆزیان دادەنا. (٢) گەوهەرێک یا خشڵێک کە وێنەی ئەم قاڵونچەیەی لەسەر هەڵکەندرابێ (بۆ جوانی یا نوشتە).

scarabaean (skar′ə-bē′ən), *n. & adj.* = scarabaeid.

scarabaeid (skar′ə-bē′id), *adj.* قاڵونچەیی؛ هی توخمی قاڵونچە.

n. قاڵونچە: کە گەلێک جۆر دەگرێتەوە وەک قاڵونچە ڕەشەو گووخلینکەو قاڵونچە یاباني هتد).

scarabaeoid (skar′ə-bē′oid), *adj.* = scarabaeid.

scarabaeus (skar′ə-bē′əs), *n.* = scarab.

scaraboid (skar′ə-boid′), *adj.* قاڵونچەیی

scaramouch (skar′ə-mouch′), *n.* ترسنۆکێکی فشەچی؛ کەسێکی بەدکاری خۆهەڵکێش.

scarce (skârs), *adj.* (١) کەم؛ بەش ناکات؛ کز؛ قات: *(Vegetables are ~ in winter.)* (٢) دەگمەن: دانسقە

make oneself scarce, [Colloq.], خۆ کەم دەرخستن؛ خۆ پێشان نەدان: خۆ دوورخستنەوە لە خەڵک.

-scarceness *(n.).*

scarcely (skârs′li), *adv.* (١) بە ناستەم؛ بە حاڵ: *(He can ~ write a paragraph.)* (٢) بە دەگمەن؛ بەگران: *(That's ~ true.)* (٣) وانییە: نەء

scarcement (skârs′mənt), *n.* ڕەفەی دیوار یا قەد شاخ

scarcity (skâr′sə-ti), *n.* (١) کەمی: کەمێنی؛ کزی؛ بەش نەکردن؛ قاتی؛ قاتوقڕی *(the ~ of food and medicine)* (٢) دانسقەیی؛ دەگمەنی؛ کەم پوودان.

scare (skâr), *v.t.* (١) ترساندن؛ تۆقاندن (٢) [~ away ; ~ off]، ترس خستنەبەر؛ ترساندنو ڕاونان: *[The dog ~d the thief away* (or off) .]

v.i. ترسان؛ تۆقین؛ ترس نیشتنەبەر.

n. ترس؛ ترسێکی گشتی: *(a war ~) .*

scarecrow (skâr′krō′), *n.* (١) داهۆڵ. (٢) ترسی بۆش؛ شتێکە کە هەر بە شێوە ترسناک بێ بەڵام لە ڕاستیدا وانەبێ. (٣) کەسێکی لاوازی جلی کۆنەو شڕوڕ لەبەر.

scarehead (skâr′hed′), *n.* [Colloq.], سەرووتاری گەورەو وورووژێنەری ڕۆژنامە.

scaremonger (skâr′muŋ′gēr), *n.* کەسێکە کە قاوی ترسناک دەخاتەوە؛ کەسێکی دەم بە هاوار؛ ترس خەرەوە.

scarf (skärf), *n.* (١) ملپێچ؛ لەچک؛ سرکەیی؛ ملبەند. (٢) سەرمێزی باریک.

v.t. ملپێچ لە مل کردن؛ لەچک کردنەسەر.

scarf-skin (skärf′skin′), *n.* تونکی پێست؛ ڕووی پێست؛ تووێژاڵی سەرووی پێست.

scarify (skär′ə-fī′), *v.t.* (١) ڕووشاندنی پێست (وەک لە کوتاندا)؛ بە ئاستەم هەڵدڕینی یا هەڵتەپشانی پێست (نەشتەرکاری). (٢) بە تووندی ڕەخنەلێگرتن؛ هێرشی تووندوتیژ بردنەسەر. (٣) هەڵگێڕانەوەی زەوی؛ کێڵان. (٤) پێستی تۆو هەڵدڕین بۆ زوو چەکەرەکردن یا ڕووان.

-scarifier *(n.)* ; **scarification** *(n.).*

scarious (skär′i-əs), *adj.* تەنکو پێست ئاسایی و ووشک: *(~ bracts)*

scarlatina (skär′lə-tē′nə), *n.* – scarlet fever.

scarlatinoid (skär-lat′ə-noid′), *adj.* سووڕەتایی؛ لە سووڕەتا دەچێت.

scarlet (skär′lit), *n.* (١) ڕەنگی ئاڵ؛ ئاڵ؛ سووڕئاڵ؛ سووری گەش. (٢) قوماش یا جلوبەرگی ئاڵ.

adj. (١) ئاڵ؛ سووڕئاڵ؛ سووری گەش. (٢) قەحبەیی؛ سووک؛ داوێن پیسی.

scarlet fever, سووڕەتا: نەخۆشیەکی درمە دەبێتە هۆی ئاوسانی گەرو و پەیدابوونی پەڵەی سوور لەسەر پێست.

scarlet letter, تیپە سووڕە: تیپێکی ئاڵە لە کۆندا ژنی زیناکەروقەحبە دەبوایە بەسەر جلەکانیانەوە لەبەریان بکردایە.

scarlet runner, لۆبیای ئاڵ (گوڵەکەی ئاڵە).

scarlet woman, قەحبە؛ ئافرەتی داوێن پیس.

scarp (skärp), *n.* (١) لێژایی؛ لێژگە؛ قەدپاڵ: کەندەڵان (٢) لێژگەی دەوروپشتی سەنگەر؛ دیواری ناوەوەی خەندەق.

v.t. (١) لێژکردن؛ قەدپاڵ دروستکردن؛ وەک کەندەڵان لێکردن. (٢) کەندەڵان بە دەوروپشتدا دروستکردن.

scar tissue, بزماتە؛ شوێن برینی گۆشتەوزوون هێناوە.

scary (skâr′i), *adj.* [Colloq.], (١) ترسناک؛ سامناک؛ پڕ مەترسی. (٢) ترسنۆک.

scat (skat), *n.* مۆڵگانە؛ باجی زەوی‌وزار.

scat (skat), *v.i.* [Colloq.], بڕۆ! ؛ لاچۆ لێرە! ؛ ڕۆیشتن.

scat (skat), *n.* گۆرانی جازی بێ مانا.

v.i. گۆرانی جازی بێ مانا ووتن.

scat (skat), *n.* جۆرە ماسییەکی ڕوباری پانکەڵە، خڕ، خاڵ خاڵ، یا بەڵەکە (بەتایبەتی بۆ جوانی لە هەوزو پیشانگادا دادەنرێ).

scat (skat), *n.* پیسایی یا پشقڵی گیاندار (بەتایبەتی گیاندارى کێوی ڕاو).

scathe (skāth), *v.t.* [Archaic of Dial.], (١) سووتاندن؛ داخ کردن؛ ئازاردان؛ بریندارکردن. (٢) بە تووندی ڕەخنەلێگرتن؛ بە تووندی سەرزەنشتکردن

n. [Archaic of Dial.], ئازاردان؛ سووتان؛ داخ کردن؛ ئازار.

scathing (skāth′iŋ), *adj.* تووندوتیژ؛ ببڕ؛ بڕندە: *(a ~ article ; ~ remarks, criticism, etc.)*

scato- (skat′ō, skat′ə), پێشگرێکە بەمانای: گوو؛ پیسایی: *(scatology)*

scatology (skə-tol′ə-ji), *n.* (١) گووناسی؛ لێکۆڵینەوەی گوو.

(۲) حولیابوونی گوو و گووکردن
(ب) چارەکردنی نەم نەخۆشی خولیایی‌یە (دەروونناسی).
(۳) زۆر نووسین یا دووان لەسەر باسی پیس‌و بێ پەردە لە وێژەدا
-scatological ; scatologic *(adj.)* **; scatologist** *(n.).*

scatophogus (skat′ə-fə-gəs´), *adj.* شتاکەخۆر، وەک گوو خانەکە؛ پشکل خۆر.

scatter (skat′ĕr), *v.t.* (۱) پەرژاندن؛ تۆزدان.
(ب) لێ هەلپەرژاندن؛ بێزانەوە (۲) پرش‌و بلاوکردنەوە؛ بلاوکردنەوە؛ بلاوەپێکردن؛ پەرەوازەکردن؛ پەخشکردن (۳) بەفیڕۆدان (٤) شکاندنەوە (تیشک، گەرد)؛ دانەوە (فیزیا)

v.i. پەرش‌و بلاوبوونەوە؛ بلاوبوونەوە؛ بلاوەلێکردن؛ پەرەوازەبوون.

(The crowd ~ed.)

n. (۱) پەرش‌و بلاوبوونەوە؛ پەرەوازەبوون؛ پەرت‌و بلاوکردنەوە.
(۲) نەوەی پەرت‌و بلاو دەکرێتەوە یا پەرەوازە دەبێت.

scatterbrain (skat′ĕr-brān´), *n.* کەسێکی بیر لە لای خۆ نەبوو؛ داڵفەجی؛ نادەمیزادی بیربلاو

scatterbrained (skat′ĕr-brānd´), *adj.* بێ هۆش؛ بیربلاو؛ داڵفەجی

scattered (skat′ĕrd´), *adj.* پەرش؛ پرش‌و بلاو؛ پەخش

scattergood (skat′ĕr-good´), *n.* کەسێکی بارە بەفیڕۆدەر؛ کەسێکی دەستبلاو.

scattering (skat′ĕr-iŋ), *n.* (۱) پەرش‌و بلاوکردنەوە
(ب) پەرش بوونەوە؛ پرش‌و بلاوبوونەوە (۲) پەرش‌و بلاوی؛ پرشی.
(۳) پەرش بوونەوەی ڕووناکی (فیزیا)

adj. پەرش‌وبلاو؛ پرش؛ پەخش

scatter rug, بەرە یا فەرشی بچووک (بۆ ڕاخستن لە شوێنێکی بچووکی بەتاڵی ماڵدا؛ زیاتر دەووترێ " throw rug ").

scaup (skôp), *n.* جۆرە مراوی‌یەکی پەڕەش‌و سپی‌یە

scavenge (skav′inj), *v.t.* (۱) کەسکاندن؛ کۆلاڕ‌و شەقام؛ پاک کردنەوە
(۲) موشەکردن؛ گەڕان بۆ خواردن لە بەرماوەی فڕێدراوەدا
(۳) بۆ شتی بەکەڵک هاتوو گەڕان لەناو کۆمەڵە شتی فڕێدراوەدا
(٤) لابردنی گازی سووتاو لە مەکینەی سووتانی ناوەکی
(٥) پاک کردنەوەی کانزای تووا‌وە (کانزاناسی)

v.i. موشەکردن؛ بۆ خواردن گەڕان لەناو بەرماوەی فڕێدراوەدا؛ چڵکاوخواردن؛ گەنگەخواردن؛ گیانەوەری مردارەوەبوو خواردن

scavenger (skav′in-jĕr), *n.* (۱) زبڵڕێژ؛ خۆڵڕێژ
(۲) گیاندار یا ماڵندەی مردارەوەبووخۆر؛ گیانداری گەنگەخۆر؛ گەندەخۆر
(۳) چڵکاوخۆر؛ موشەکەر؛ بەرماوەخۆر؛ گەنگەخۆر
(٤) ماددەی پاککەرەوە (کیمیا)

scenario (si-nâr′i-ō´, si-nä′ri-ō´), *n.* (۱) سیناریۆ؛ کورتەی چیرۆکی شانۆنامە یا نۆڤەرایەک (ب) کورتەی چیرۆکی فیلمی سینەما؛ نەخشەی فیلمی سینەما (ج) کورتەی زنجیرەی ڕووداوی گرینامەیی؛ نەخشەی زنجیرە ڕووداوی هێشتا ڕوونەداو.

scenarist (si-nâr′ist, si-nä′rist), *n.* نووسەری نەخشە یا کورتەی چیرۆکی فیلمی سینەما

scend (send), *n.* بەرزبوونەوەی کەشتی بە شەپۆل؛ پاڵی شەپۆل.

v.i. بەرزبوونەوەی کەشتی بە شەپۆل؛ پاڵنانی شەپۆل

scene (sēn), *n.* (۱) جێی ڕووداێک؛ شوێنی ڕووداوی شتێک

(the ~ of the crime)

(۲) شوێنی ڕووداو، ڕووداوەکانی شانۆنامە، نۆڤەرا، یا فیلمێکی سینەما؛

(The ~ of "Hamlet" is Denmark.)

(۳) پەردە (شانۆنامە)؛ دیمەن (شانۆگەری)
(٤) بەشێکی شانۆنامە، فیلم، یا چیرۆک
(٥) دیمەن و کەرەسەی دەوروپشت‌و ناو شوێنی ڕووداوی بەشێکی شانۆنامە، نۆڤەرا، یا فیلم. (٦) دیمەن؛ وێنە.
(۷) هەڵچوون یا تووڕەبوون لەبەرچاوی خەڵک؛ تەقینەوە؛ هەستی بەتین پیشاندان؛ *(He made a ~ before the guests.; to make a ~)*.
(۸) [Obs.]، شانۆ

behind the scenes, بە نهێنی؛ بە دزی‌یەوە.

scenery (sēn′ĕr-i), *n.* (۱) دیمەن و وێنەی دەوروپشتی شوێنی ڕووداوی بەشێکی شانۆنامە، نۆڤەرا، فیلم. (۲) دیمەن یا وێنەی دەشت‌ودەر.

scenic (sē′nik, sen′ik), *adj.* (۱) (۱) شانۆیی؛ هی نووادن یا خۆدەرخستن. (ب) هی دیمەنی دەروپشت‌و سەر شانۆ.
(۲) جوان (دیمەن، ڕێگە)؛ دڵگیر؛ دیمەنی جوان. *(a ~ route)*

scent (sent), *v.t.* (۱) بۆن کردن.
(۲) وا هەستکردن؛ بۆن کردن (مەجاز).
(۳) بۆنی خۆش لێ هاتن؛ پرکردن لە بۆنی خۆش.
شوێنی بۆن کەوتن (ڕاو).

v.i. بۆن؛ بۆنی تیژ (۲) هەستی بۆن کردن.

n. (۳) بۆنی خۆش؛ گوڵاو؛ بۆن‌وبەرامە.
(٤) بۆن؛ بۆنی گیاندارێکە کە لەدوای خۆیەوە جێی دەهێڵێت‌و تانجی‌و سەگی ڕاو بەهۆیەوە شوێنی دەکەون.
(٥) شوێن بۆن یا شوێنەوار (ڕاو)
(٦) توانایەکی تایبەتی‌یە بۆ دۆزینەوەو پێزانینی شت؛ توانای بۆن کردن (مەجاز): *(a ~ for news)* .

scented (sent′id′), *adj.* (۱) هەستی بۆن کردنی هەیە
(۲) بۆنی خۆشدار. (۳) بۆندار.

scentless (sent-lis), *adj.* بێ بۆن: *(~ flowers)* .

scepter; sceptre (sep′tĕr), *n.* (۱) گورزی شا؛ گورزی پاشایی.
(۲) دەسەڵاتی پاشایی.

v.t. دەسەڵاتی پاشایی پێدان

sceptic (skep′tik), *n. & adj.* = skeptic.

scepticism (skep′tə-siz′m), *n.* skepticism.

sceptre (sep′tĕr), *n. & v.t.* [British spelling], = scepter.

schedule (skej′ool), *n.* (۱) خشتە؛ لیستە
(۲) خشتەی کات (بەتایبەتی هی هاتن‌وچوونی شەمەندەفەرو پاس‌و فڕۆکە).
(۳) بەرنامە؛ بەرنامەی کارو کاتی جێبەجێکردنی

v.t. (۱) خشتە ئامادەکردن؛ لیستە گرتن. (۲) خستنە ناو خشتەوە.

(His speech is ~d for next Monday.) (۳) کاتی تایبەتی بۆ دانان:

schema (skē′mə), *n.* نەخشە؛ وێنەی پیشاندەر

schematic (skē-mat′ik), *adj.* نەخشەیی؛ هی ڕەنگ ڕشتن؛ هی نەخشەکێشی.

-schematically *(adv.).*

schematism (skē′mə-tiz′m), *n.* نەخشە؛ شێوە یا بنچینەی نەخشەکێشی.

schematize (skē′mə-tīz´), *v.i. & v.t.* نەخشەکێشان؛ ڕێکخستن بەپێی نەخشەیەک.

-schematization *(n.).*

scheme (skēm), *n.* (۱) نەخشە؛ ڕێ دانان.
(۲) ڕێکخستنێک؛ پەیڕەو؛ جۆری لێکدان‌و ڕێکخستن: *(a color ~)* .
(۳) پیلان؛ داو؛ نەخشەی نهێنی‌و ناپەسەند: *(a ~ to steal money)*
(٤) نەخشە یا پرۆژەی گرینامەیی. (٥) وێنەی پیشاندەری ئەستێرەوانی

v.t. (۱) نەخشەکێشان؛ نەخشەکردن؛ ڕێ دانان.
(۲) پیلان گێڕان؛ نەخشەی نهێنی‌و ناپەسەند کێشان؛ داونانەوە؛ پیلان دانان

(They ~d the bank robbery together.)

v.i. (۱) نەخشەکێشان؛ نەخشەکردن؛ ڕێ دانان.
(۲) پیلان گێڕان؛ پیلان دانان:

(They ~d to overthrow the government.)

schemer (skēm′ĕr), *n.* پیلانگێڕ؛ پیلانباز؛ داونێرەرەوە؛ فێڵباز.

scheming (skēm′iŋ), *adj.* فێڵباز؛ بیلانباز؛ پیلانگێڕ؛ حەز لە داونانەوە کەر.

schilling (shil′iŋ), *n.* شلنگ پارەی نەمسایە.

schipperke (skip′ĕr-ki), *n.* جۆرە سەگێکی ڕەشی بچووکی تووک کورتی گوێ قوتی بێ کلکە.

schism (siz′m), *n.* (١) دووبەرەکی (بەتایبەتی هی ئایینی وە لە خاچ پەرستیدا)؛ دابەشبوونی ئایینی؛ لێکجیابوونەوە؛ بەش بەش بوون. (٢) تاوانی دووبەرەکی خستنەوە؛ تاوانی دووبەرەکی خوازی یا دابەش کردن. (٣) کۆمەڵێکی جیابووەوە بەهۆی دووبەرەکییەوە؛ تیرە یا تاقمی ئایینی.

schismatic (siz-mat′ik), *adj.* (١) هی دووبەرەکی؛ تایبەتی بە بەش بەش بوونی ئایینی. (٢) دووبەرەکی خواز (ئاین). *n.* کەسێکی دووبەرەکی خواز؛ بەشدارێبووی دووبەرەکێتی ئایینی. **-schismatical** *(adj.).*

schist (shist), *n.* بەردێکی بلووریيە بە ئاسانی توێ توێ دەکرێت.

schistose (shis′tōs), *adj.* بە ئاسانی توێ توێ دەکرێ (ووشەی پێشوو ببینە).

schistosome (shis′tə-sōm′), *n.* جۆرە کرمێکی خۆرەیە لە خوێنی شێردەرو باڵندەدا دەژی و دەبێتە هۆی نەخۆشی ڕیخۆڵە و جگەر.

schistous (shis′təs), *adj.* = schistose.

schizo- (skiz′ō, skiz′ə), *Also* **schiz-**, پێشگرێکە بەمانای: دووقاقە؛ دووفلیقانە؛ دووبەش؛ دووقڵیش؛ تلیش: *(schizophrenia)*.

schizo (skiz′ō, skiz′ə), *adj. & n.*, [Colloq.], = schizophrenic.

schizocarp (skiz′ə-kärp′), *n.* بەری لەت بوو (ڕووەکناسی)؛ بەری دوو کەرت بوو یا شەق بردوو. **-schizocarpous** *(adj.).*

schizogenesis (skiz′ə-jen′ə-sis), *n.* زاوزێی دووکەرت بوون (زیندەوەرناسی).

schizoid (skiz′oid), *n.* کەسێکی جووت سرووشت (ڕەوانناسی)؛ مرۆڤی شیزۆفرینیایی؛ شێتە و ژیرە. *adj.* جووت سرووشت (ڕەوانناسی)؛ شیزۆفرینیایی؛ دووبار.

schizomycete (skiz′ō-mī-sēt′), *n.* بەکتریا؛ وورد زیندەوەر.

schizomycosis (skiz′ō-mī-kō′sis), *n.* نەخۆشی لە بەکتریاوە تورش بوو

schizophrene (skiz′ə-frēn′), *n.* کەسێکی جووت سرووشت (ڕەوانناسی)؛ کەسێکی شیزۆفرینیایی؛ شێتە و ژیرە.

schizophrenia (skiz′ə-frē′ni-ə), *n.* شیزۆفرینیا؛ جووت سرووشت (ڕەوانناسی)؛ شێتەوژیرە.

schizophrenic (skiz′ə-fren′ik), *adj.* شیزۆفرینیایی؛ جووت سرووشت (ڕەوانناسی)؛ دووبار؛ شێتە و ژیرە. *n.* کەسێکی شیزۆفرینیایی؛ مرۆڤی جووت سرووشت (ڕەوانناسی)؛ مرۆڤی جووت کەسێتی یا دووبار.

schizophyte (skiz′ə-fīt′), *n.* بەکتریا یا وورد زیندەوەرێکە کە زاوزێی دووکەرتی دەکات.

schizopod (skiz′ə-pod′), *n.* گیانداری پێ قڵیشدار: جۆرە گیانداڕێکی ناوی قاقلەدارە لە کوللەی دەریا دەچێت. *adj.* تایبەتی بەم جۆرە گیاندارە.

schizothymia (skiz′ə-thī′mi-ə), *n.* شیزۆفرینیای مام ناوەندی؛ نەخۆشی جووت سرووشتی یا کەسێتی مام ناوەندی (ڕەوانناسی)؛ گۆشەگیری. **-schizothymic** *(adj.).*

schmuck (shmuk), *n.* [Slang], کەسێکی کەودەنی هیچ نەزانی لەخۆبایی کەرتڕی هیچوپووچ.

schnapper (shnap′ĕr, snap′ĕr), *n.* = snapper.

schnapps (shnäps, shnaps), *n.* شناپز (١) خواردنەوەیەکی سەرخۆشکەری هۆڵەندییە. (ب) هەر جۆرە خواردنەوەیەکی سەرخۆشکەری بەتین.

schnauzer (shnou′zĕr), *n.* شناوزەر: جۆرە سەگێکی ئەڵمانی لەموێ درێژە.

schnook (shnōōk), *n.* کەسێکی ساویلکەو بێ مێشک؛ کەسێکی بە ئاسانی هەڵخەڵەتاوی خۆشباوەڕ.

schnorrer (shnôr′ĕr), *n.* [Slang], سوالکەر؛ مفتەخۆر؛ لاکوت؛ مشەخۆر.

schnozzle (shnoz′l), *n.* [Slang], لووت؛ کەپوو

scholar (skol′ĕr), *n.* (١) زانا؛ زانیار (لە هەر ڕشتەیەکدا بێ). (٢) قوتابیيەکە کە یارمەتی دارایی لە دەزگایەکەوە وەردەگرێ بۆ خوێندن. (٣) قوتابی؛ خوێندکار. (٤) خوێندەوار؛ کەسێکە کە بتوانێ بنووسێ و بخوێنێتەوە.

scholarly (skol′ĕr-li), *adj.* (١) هی زانایان؛ تایبەتی بە زانیاران؛ شایستەی زانایانە. (٢) تێگەیشتوو؛ زانا؛ بزان. (٣) زانستخواز؛ کۆششکەر. (٤) زانایانە؛ وورد و باش لێکۆڵراوە: *(a ~ article, journal, etc.)*. **-scholarliness** *(n.).*

scholarship (skol′ĕr-ship′), *n.* (١) لێکۆڵینەوەی زانستی؛ فێربوون؛ خوێندن؛ زانایی. (٢) زانیاری؛ زانست. (٣) یارمەتیيەکی دارایيە دەدرێت بە قوتابی لێهاتوو لەلایەن زانستگا یا دەزگایەکی تردەوە بۆ خوێندن: *(He has a university ~ .)*. (٤) دەزگایەکە ئەم جۆرە یارمەتییە دەدات بە قوتابی هەڵکەوتوو.

scholastic (skə-las′tik), *adj.* (١) هی قوتابی و قوتابخانەو زانکۆ ماموستا و خوێندن؛ هی پەروەردەو فێربوون؛ ئەکادیمی؛ هی زانستی: *(~ aptitude, activity, manners, etc.)*. (٢) تایبەتی بە زانایانی فەلسەفەو ژیربێژی سەدانی ناوەڕاست. (٣) ووشک و تەسک و بە توند گیراو. (٤) هی قوتابخانەی ناوەندی: *(~ football games)*. *n.* (١) قوتابی؛ زانا؛ زانیار. (٢) زانای فەلسەفەو ژیربێژی سەدانی ناوەڕاست. (٣) زانای وورد و ووشک و لە ڕادەبەدەر شت بە تۆندگر. **-scholastically** *(adv.).*

scholasticism (skə-las′tə-siz′m), *n.* فەلسەفەو ژیربێژی و ئاین بەو شێوەیەی کە لە زانکۆکانی سەدانی ناوەڕاستدا دەووترایەوە.

scholiast (skō′li-ast′), *n.* شیکەرەوە یا لێکدەرەوەی کۆنی نووسراوە کلاسیکییەکان (بەتایبەتی کە تێبینییەکانی لەسەر پەراوێزی پەرتووکەکان دەنووسی)؛ تێبینی نووس لەسەر پەراوێزی پەرتووکە بەتایبەتی هی نووسراوی کۆن. **-scholiastic** *(adj.).*

sea-fowl (sē′foul´), *n.* (۱) باڵندەی دەریایی؛ هەر باڵندەیەك کە لە دەریا یا نزیك دەریا بژی. (۲) باڵندەی دەریایی بەگشتی.
sea front, بەردەمی دەریا ئەو بەشەی شارێکە کە یەکسەر بەتەنیشت دەریاوەیە؛ بەشی کەناری دەریای شار.
sea gauge, قوواڵیی پێویست بۆ سەرئاوکەوتنی کەشتی.
sea-girt (sē′gûrt´), *adj.* بە دەریا دەورەدراو.
sea-going (sē′gō´iŋ), *adj.* (۱) بۆ گەشتی دەریا کراوە؛ گەشتی ناو دەریای پێ دەکرێت. (۲) sea-faring.
sea-green (sē′grēn´), *adj.* سەوزی شینکار
sea gull, باڵندەیەکی ناوی سپی قاچ پەردەدارە نەختێك لە کۆتر گەورەترە لە کەناری دەریادا دەژی. (هەروەها " gull " .)
sea hog, = porpoise.
sea horse, (۱) نەسپی دەریا؛ ماسییەکی دەریایی بچووکە سەری لە هی ئەسپ دەچێت و پووڵەکەکانی ڕەقن وەك ئێسقان. (۲) Walrus. (۳) گیانەوەرێکی نەفسانەییە نیوەی نەسپە و نیوەی ماسی. (٤) شەپۆلی گەورە
seal (sēl), *n.* (۱) مۆر؛ ئیمزا؛ دامغە.
(۲) لۆك؛ مۆری سوور؛ مێوی مۆرکردن.
(۳) ئامێری هەواڵبر یا گازبر.
(٤) پەیمان؛ بەڵێن.
(٥) نیشانە (بەڵێن یا مۆرکردن):
(Their handshake was a ~ of friendship.)
(٦) پووڵ پارێزنەرەوە: *(a Christmas ~)*.
v.t. (۱) مۆرکردن؛ مۆرلێدان؛ ئیمزاکردن؛ دامغەلێدان.
(۲) داخستن؛ لۆك کردن؛ مۆرکردن. (۳) پەسەندکردن (بە مۆرکردن).
(٤) پێدان؛ بەڵێن پێدان؛ بۆ دانان:
(He has ~ed his estate to his son.)
(٥) دوا بڕیار لەسەردان؛ خستن بە لایەکدا بە جۆرێك کە هەڵوەشانەوەی نەبێت؛ بڕینەوە *(His fate was ~ed.)*
(٦) (ا) بڕینەوە (ژنهێنان)؛ مۆرکردن. (ب) دان بەشوو.
set one's seal to, (۱) مۆرکردن؛ مۆری خۆ لێدان؛ ئیمزاکردن.
(۲) پەسەندکردن.
under seal, مۆرکراو؛ لۆك کراو.
seal (sēl), *n.* (۱) مانگای دەریا؛ گوێرەکە یا پەڵخی دەریا؛ گیاندارێکی شیردەری ماسی خۆرە پێستەکەی لووسە هەر چوارپەڵ پەردەدارن لە سەوڵ دەچن. (۲) کەوڵ یا پێستەی نەم گیاندارە.
(۳) چەرمی دڕووستکراو لەم کەوڵە.
v.i. مانگای دەریا ڕاوکردن.

sea lavender, چاران چەقیلەی دەریا؛ لە زەلکاوی سوێردا دەڕوێت.
sea legs, توانای بە ڕێکی ڕۆیشتن بەسەر کەشتیدا و بەملا ئەولادا نەکەوتن لەکاتی زریاندا.
sealer (sēl′ĕr), *n.* (۱) مۆرکەر؛ لۆککەر؛ داخەر
(۲) بۆیەیەکە لە دیوار دەدرێت پێش بۆیەکردنەوەی کون‌وکەلەبەر.
(۳) فەرمانبەرێکە پێوانەو کێشانە تاقی دەکاتەوەو پاستەکانیان مۆر دەکات، واتە پەسەند دەکات.
sealer (sēl′ĕr), *n.* (۱) ڕاوچی مانگای دەریا
(۲) کەشتی ڕاوی مانگای دەریا.
sealery (sēl′ĕr-i), *n.* (۱) ڕاوی مانگای دەریا.
(۲) جێ ڕاوی مانگای دەریا.
sea lettuce, کاهووی دەریا. گیایەکی دەریاییە گەڵاکەی دەخورێت.
sea level, ئاستی دەریا: لە پێوانی بەرزیو قوواڵیدا بەکاردەهێنرێت.
sealng wax, مۆڕی سوور (بۆ شت مۆرکردن)؛ لۆك.
sea lion, شێرێ دەریا.
seal ring = **signet ring.**
seal-skin (sēl′skin´), *n.* (۱) پێستەی مانگای دەریا.
(۲) بەرگی دڕووستکراو لەم پێستەیە.
seam (sēm), *n.* (۱) تیك (دڕوومان)؛ شیرازە.
(۲) (ا) هێڵی لێکدانی دوو شت (وەك تەختەدار)؛ هێڵ یا شوێنی نێو لێواری دوو شتی لێکدراو. (ب) شوێنی برین دوورینەوە.
(ج) بزماتە؛ شوێن برین؛ جێی کۆنە برین.
(۳) درز؛ قڵیش؛ چرچ. (٤) چینە خەڵووز، بەرد، یا کانزا.
v.t. (۱) تیك گرتن؛ شیرازە گرتن؛ هەڵدوورین.
(۲) نیشانەکردنی نێوان دوو شت بەهێڵ؛ چرچ کردن
(۳) تەریب زەرکەش کردن؛ تەریب ڕازاندنەوە بە ڕیزە قوڵفە.
v.i. (۱) درزبردن؛ شەق بردن؛ قڵیش بردن.
(۲) [Dial.]، دوورینەوە.
(۳) تەریب زەرکەش کردن؛ تەریب ڕازاندنەوە بە ڕیزە قوڵفە.
sea-maid, *Also* **sea-maiden,** بانوخوای دەریا.
seaman (sē′mən), *n.* (۱) کەشتیوان؛ دەریاوان
(۲) سەربازی هێزی دەریایی.
seaman-like (sē′mən-līk´), *adj.* وەك کەشتیوانێکی باش؛ بۆ کەشتیوان شیاو.
seamanship (sē′mən-ship´), *n.* کەشتیوانی؛ دەریاوانی؛ پیشەی کەشتیوان.
sea-mark (sē′märk´), *n.* (۱) نیشانەی بەرزاو (لە کەناردەریادا).
(۲) نیشانێکی زۆر لەبەرچاو لە کەناردەریادا بۆ ڕابەری کەشتیوانان (وەك چراخان یا منارەی کەنار دەریا).
sea mew = **sea gull.**
seamless (sēm′lis), *adj.* (۱) یەك پارچە؛ بێ تیك (۲) نەگۆڕ.
seamstress (sēm′stris), *n.* بەرگدرووی ژن.
seamy (sēm′i), *adj.* (۱) تەقەڵۆ کەموکوڕییەکانی هەموو دیارە (وەك دیوی ژێرەوەی جلوبەرگ)؛ تەقەڵەکانی بەدەرەوەیە.
(۲) ناشرین؛ ناپەسەند؛ پیس؛ خراپ: *(the ~ side of life)*
séance (sā′äns), *n.* (۱) کۆڕ؛ کۆبوونەوە.
(۲) کۆڕگرتن لەگەڵ گیانی مردوودا؛ دانیشتنێکە بۆ گفتوگۆ لەگەڵ گیانی مردووانداً.
sea otter, دەلەکی دەریا: گیاندارێکی دەریایی شیردەری پەل تەنراوی قاوەیی‌یە کەولەکەی بەنرخە.
sea-plane (sē′plān´), *n.* فڕۆکەی ئاوی: لەسەر ئاو دەنیشێتەوەو دەفڕێ.
sea-port (sē′pôrt´, sē′pōrt´), *n.* بەندەر.
sea power, (۱) هێزی دەریایی.
(۲) ووڵاتێکی بەهێز لە دەریادا؛ ووڵاتێکە کە هێزی دەریایی گەورەی هەبێت

sea-quake (sē′kwāk´), *n.* بوومەلەرزەی دەریا؛ لە بنی دەریادا پووەدات

sear (sêr), *adj.* هەڵقرچاو؛ ووشک؛ ووشکەوەبوو؛ سیس؛ هەڵپەروکاو.

v.t. (١) ووشک کردنەوە. (٢) هەڵقرچاندن؛ هەڵکەروزان؛ سووتاندن؛ برژاندن. (٣) داخ کردن. (٤) هەست مراندن؛ پەق کردن (دڵ، هەست).

v.i. هەڵقرچان؛ هەڵکەروزان؛ سیس بوونەوە؛ ووشکبوونەوە.

n. شوێنی داخ کراو؛ سووتاوی؛ شوێنی سووتاو؛ جێ داخ.

sear (sêr), *n.* قفڵی دڵنیایی یا سەلامەتی تفەنگ

sea raven, قەلەڕەشی دەریا؛ ماسییەکی گەورەی دەریایی بێ پوولەکەی سەر زل دەم پانە لە " sculpin " دەچێت.

search (sûrch), *v.t.* (١) پشکنین؛ گەڕان؛ بۆ گەڕان:

(They ~ed the house for weapons.)

(٢) پشکنین (مرۆڤ).

(٣) لێ وورد بوونەوە؛ لێکۆڵینەوە؛ گەڕان:

(He ~ed his soul for the answer.)

(٤) پیاچوون؛ لێوە چوونەژوورەوە.

v.i. بۆ گەڕان؛ بە شوێندا گەڕان؛ گەڕان

n. (١) پشکنین؛ گەڕان؛ بۆ گەڕان؛ بە شوێندا گەڕان؛ لێکۆڵینەوە؛ لێ وورد بوونەوە. (٢) وەستاندنی کەشتی وولاتێکی بێ لایەن بۆ شتی قاچاخ لەلایەن کەشتی وولاتێکەوە کە لە جەنگدا بێت. (ووشەی " right of search " ببینە).

in search of, بە شوێندا یا دوادا گەڕان بە هیوای دۆزینەوە؛ بە شوێندا؛ بەدوادا

search out, بۆ گەڕان و دۆزینەوە؛ بەدوادا گەڕان؛ سۆراخ کردن:

(to search out an old friend)

searching (sûr′ching), *adj.* (١) وورد. پشکنین.

(٢) تیژ. جاو؛ دەڵێی بۆ شت دەگەڕێت: *(~ eyes ; a ~ look)* .

(٣) سارد. تیژ: *(the ~ wind)* .

search-light (sûrch′lit´), *n.* (١) تیشکی پشکنین؛ چرای پشکنین.

(٢) ئامێری سەرچاوەی ئەم تیشکە.

search party, تاقمی پشکنین؛ تاقمی پشکنین (بۆ کەسێک یا شتێکی ون بوو)

search warrant, فەرمانی پشکنین (کە دادپرس دەیدات بە پۆلیس بۆ پشکنینی ماڵێک، خانوویەک...هتد).

sea robber = pirate.

sea robin, جۆرە ماسییەکی سوورکاوە

sea room, فراوانی دەریا: ئەوەندە جێگە کە بەشی ڕانین و پێچکردنەوەی کەشتی بکات

sea rover, (١) کەشتی چەتەی دەریا. (٢) pirate .

sea-salt (sē′sôlt´), *n.* خوێی دەریا

seascape (sē′skāp´), *n.* (١) دیمەنی دەریا.

(٢) وێنە یا تابلۆی دیمەنێکی دەریا.

sea scout, دیدەوانی دەریا

sea scorpion = sculpin.

sea serpent, ماری دەریا: (أ) گیاندارێکی گەورەیە لە مار دەچێت و گوایە لە دەریادا دەژی بەڵام هەرگیز بە تەواوی نەبینراوە. (ب) ماری ژەهراوی دەریا.

sea shell, قاڵەی زیندەوەری دەریا.

sea-shore (sē′shôr´, sē′shōr´), *n.* کەناری دەریا

sea-sick (sē′sik´), *adj.* تووشی سەرەگێژەی دەریا بووە (بەهۆی سواربوونی کەشتی و بەلەمەوە).

sea-sickness (sē′sik´-nis), *n.* سەرەگێژەی دەریا؛ سەرەخولی دەریا.

sea-side (sē′sīd´), *n.* کەناری دەریا؛ ناوچەی قەراغ دەریا.

adj. لە کەناری دەریادا؛ تایبەتی بە قەراغ دەریا.

sea snake, (١) ماری ژەهراوی دەریا. (٢) . sea serpent

season (sē′z'n), *n.* (١) وەرز: یەکێکە لەچوار وەرزی سال.

(٢) کڕ؛ کەش: *(the planting ~ ; the harvest ~)* .

(٣) کاتی پوودانی شتێک؛ باشترین کات بۆ پوودانی شتێک؛ هەرەت؛ وەرز؛ کڕ *(the fish ~ ; the orange ~)*

(٤) سەردەم؛ ماوەیەکی کورت؛ ماوە.

(٥) کاتی جەژنێکی تایبەتی؛ کاتێکی تایبەتی: *(the Christmas ~ ; the holiday ~)*

v.t. (١) ترش و خوێ کردن؛ بەهارات پێوەکردن.

(٢) زیادەپێوەنان بۆ خۆشی و سەرنج ڕاکێشان (چێژک، دەنگوباس)؛ بەهارات پێوەکردن (مەجاز)

(٣) وازلێهێنان هەتا باش دەگات یا خۆش دەبێت (قاوورمە، شەراب، ترشیات).

(٤) ڕاهێنان؛ ڕاهاتن؛ فێربوون: *(He was ~ed to the hard life.)*

(٥) هێمنکردنەوە (ووتار. ووتە)؛ لە تووندوتیژی کەمکردنەوە: *(~ your remarks with discretion.)*

v.i. گەیین (خواردن و خواردنەوە، شەراب، باسترمە، قاوورمە...هتد)

for a season, بۆ ماوەیەک؛ سەردەمێک.

in good season, زوو؛ نەختێک پێش کاتی خۆی بۆ دوانەکەوتن.

in season, (١) وەرزی خۆیەتی؛ کڕێتی؛ کاتی خۆیەتی؛ هەرەتێتی: *(Crops are in season now.)*

(٢) لەکاتی خۆیدا؛ کاتی خۆیەتی؛ لە کاتێکی باشدا.

in good season (٣)

(٤) بەبا؛ بەکەڵ؛ بەتگە؛ هاتنە تگە.

in season and out of season, هەمیشە؛ هەموکاتێک.

out of season, بەسەرچووە؛ وەرزی نەیە؛ کاتی خۆی نەیە: *(Apples are out of season.)*

seasonable (sē′z'n-ə-b'l), *adj.* (١) لەگەڵ نەو وەرزەدا گونجاو؛ ئاسایی بە بۆ نەو وەرزە؛ چۆن چاوەڕوان دەکرێ لەو وەرزەدا وەها. *(We've had ~ weather.)*

(٢) لەکاتی خۆیدا؛ بەجێ؛ بۆ نەو کاتە باش: *(He gave his foolish friend some ~ advice.)*

-seasonably *(adv.).*

seasonal (sē′z'n-əl), *adj.* وەرزی؛ دەمدەمی؛ بەگوێرەی وەرز: *(Fruit-picking is a ~ occupation.)*

seasoning (sē′z'n-iŋ), *n.* (١) بەهارات؛ داوودەرمان؛ ترش و خوێ: *(Salt and pepper are ~s.)*

(٢) داوودەرمان تێکردن؛ ترش و خوێ کردن.

season ticket, بلیتی وەرزی: بلیتێکە کە بۆ درێژایی وەرزێک هەر باشە بۆ شتی وەک سینەما و شانۆنامەو پاس و شەمەندەفەر...هتد.

season squirt, فیچقە دەریا: گیاندارێکی بچووکی دەریایی نەبزۆکە فیچقە ئاو دەهاوێژێ کە دەستی لێوەدرا.

sea-strand, = sea-shore.

sea swallow, پەرەسێلکەی دەریا: باڵندەیەکە نەوەندەی کۆترێکە.

seat (sēt), *n.* (١) شوێنەی دانیشتن (وەک لە سواربوونی نەسپدا).

(٢) جێی دانیشتن؛ جێ. (٣) کورسی؛ تەختەی دانیشتن؛ تەخت.

(٤) کەفڵ؛ قنگ؛ سمت (٥) قنگی پانتۆڵ یا شەروال.

(٦) جێ قنگی کورسی؛ جێی قنگ خستنەسەری کورسی.

(٧) نەندامێتی پەرلەمان یا ئەنجوومەنێک: *(He has a ~ on the commission, in parliament, etc.)*

(٨) بن؛ بنی شت.

(٩) شوێنی خستنەسەری بنی شتێک؛ جێ بن.

(١٠) مەڵبەند؛ بارەگا؛ شوێن؛ پایتەخت: *(The ~ of government ; A university is a ~ of learning.)*

(١١) پایتەخت.

(١٢) نشینگە؛ مانْ؛ خانووبەرە.

v.t. (١) دانیشاندن (٢) جێگەبوونەوە: *(The stadium ~s 10000 people.)* .
(٣) کورسی تیادانان؛ کورسی پێنەکردن یا بەرگ تێگرتنەوە. (٤) دامەزراندن (لەسەر کار)؛ دانان؛ خستنەسەر.

be seated, دانیشتن. *(Please be seated.)*

seat oneself, دانیشتن. *(Please seat yourself.)*

take a seat, دانیشتن. *(Won't you take a seat?)*

win a seat, بردنەوە (هەڵبژاردنی پەرلەمان، نەنجوومەنی شارەوانی)

seat belt, پشتێنی سەلامەتی (لە فڕۆکەو ئوتومبیلدا)؛ پشتێنی کورسی. (پێشی دەوترێ: " safety belt ").

seater (sēt′ĕr), *n.* شتێکە کە نەوەندە کورسی یا جێی دانیشتنی تێدانیێت (فڕۆکە، ئوتومبیل): *(a two ~ ; a four ~)* .

seating (sēt′iŋ), *n.* (١) کورسی تێدا دانان. (٢) بەرگی کورسی. (٣) شێوەی دانانو ڕێکخستنی کورسی یا دانیشتنی خەڵک لە شوێنێکدا. (٤) ا بنی شت. (ب) جێی بن لەسەر دانان

sea trout, جۆرە ماسییەکی دەریاییە

sea urchin, ژیشکی دەریا

sea wall, بەربەستی شەپۆل؛ دیواری پاراستنی کەناری دەریا لە خورانەوەی بە شەپۆل

sea-ward (sē′wĕrd), *n.* لای دەریا؛ لای بەرەو دەریا

adj. (١) بەرەو دەریا (٢) لە دەریاوە هەڵکردوو (با)

adv. بەرەو دەریا

seawards (sē′wĕrdz), *adv.* = seaward.

seaware (sē′wâr´), *n.* = seaweed.

seaway (sē′wā´), *n.* (١) ڕێگەی دەریایی (٢) ڕۆیشتنی کەشتی بە دەریادا؛ بۆ پێشەوەچوونی کەشتی. (٣) دەریا؛ دەریای فراوان. (٤) دەریای هەڵچوو یا زریاناوی. (٥) ڕێگەی ئاوی، زێ، یا جۆگەیەکی گەورەیە کە لە دەریا جیابووەتەوەو بەکاردەهێنرێ بۆ هاتوچۆی کەشتی

seaweed (sē′wēd´), *n.* گیای دەریا؛ قەوزەی دەریا

sea wolf, (١) گورگی دەریا؛ چەند جۆرە ماسییەکی گەورەی دڕن. (٢) pirate

sea-worthy (sē′wûr´*th*i), *adj.* گەشتی بۆ چوونە دەریا؛ بەرگەی گەشتی دەریاو شەپۆلی تووندوتیژ دەگرێ؛ قایم؛ باشە بۆ گەشت: *(a ~ vessel or ship)*

-sea-worthiness *(n.).*

sea-wrack, = seaweed.

sebaceous (si-bā′shəs), *adj.* (١) چەور؛ بڕۆنی؛ بڕۆن ئاسا. (٢) بڕۆن دەردەر (لوو)؛ چەوری بڕێژن. (ووشەی دوایی ببینە).

sebaceous gland, لووی چەوری (چەوری دەردەدات لە پێستدا)

seborrhea, seborrhoea (seb′ə-rē′ə), *n.* نەخۆشی چەوری زۆر دەردانی لووی چەوریی لە پێستدا

sebum (sē′bəm), *n.* ماددەیەکی چەورە لووی چەوری دەریدەدات لە پێستدا

secant (sē′kənt, sē′kant), *adj.* بڕ؛ بڕەر.

secco (sek′kô), *n.* وێنەکێشانی سەر گەچی ووشک

secede (si-sēd′), *v.i.* جیابوونەوە لە وڵات؛ کشانەوە لە حیزب، ڕێکخراو، یا کۆمەڵێک: *(to ~ from a country)* .

secern (si-sûrn′), *v.t.* (١) لێک جیاکردنەوە؛ جیاوازی بینێ (لە مێشکدا). (٢) [Rare] دەردان؛ ڕژان (لوو)

secernent (si-sûrn′ənt), *adj.* ڕژێن (لوو)؛ دەردەر.

secernement (si-sûrn′mənt), *n.* دەردان؛ ڕژان (لوو)

secession (si-sesh′ən), *n.* (١) جیابوونەوە لە وڵات (٢) [S-]. جیابوونەوەی وڵاتەکانی بەشی خواروی ئەمەریکا لە ساڵی ١٨٦٠دا کە بووە هۆی شەڕی براکوژی ئەمەریکی.

secessionism (si-sesh′ən-iz′m), *n.* جیابوونەوەخوازی (ناوچەیەک لە وڵاتێک)؛ بیروباوەڕی جیابوونەوەخوازیو جیابوونەوەخوازان.

secessionist (si-sesh′ən-ist), *n.* جیابوونەوەخواز؛ داواکاری جیابوونەوەی ناوچەکەی خۆی لە وڵات.

seclude (si-klōōd′, si-klūd′), *v.t.* (١) جیاکردنەوە؛ تەریک کردن؛ لێ بڕان؛ دابڕکردن. (٢) داپۆشین؛ لە خەڵک شاردنەوە.

secluded (si-klōōd′id, si-klūd′id), *adj.* (١) تەریک؛ چەپەک؛ دوور: *(a ~ meeting place)* .
(٢) گۆشەگیر؛ گۆشەنشین؛ تەنها؛ شاراوە.

-secludedness *(n.).*

seclusion (si-klōō′zhən), *n.* (١) (ا) جیاکردنەوە؛ تەریک کردن؛ دابڕین. (ب) گۆشەگیری؛ گۆشەنشینی؛ تەنهایی؛ خەڵوەت.
(٢) شوێنێکی تەریک یا چەپەک.

seclusive (si-klōō′siv), *adj.* (١) جیاکەرەوە؛ تەریککەر؛ دابڕکەر. (٢) گۆشەگیر؛ گۆشەنشین؛ حەز لە تەنهایی کەر.

second (sek′ənd), *adj.* (١) دووەم؛ دووەمین.
(٢) تر؛ هی تر؛ زیادە: *(We all took a ~ helping. ; for the ~ time)*
(٣) یەکێکی تری وەها؛ وێنە؛ هاوتا: *(There has been no ~ Shakespeare.)*
(٤) دووەم (پلە، بایەخ، باشی، دەسەڵات...هتد)؛ نمرە دوو.
(٥) خواردەست؛ خوارتر (پلە، دەسەڵات، چاکی...هتد)؛ شاگرد
(٦) نزمتر (مۆسیقا).

n. (١) دووەم؛ دووەمین. (٢) کەسێک یا شتێکی دووەم.
(٣) *(pl.)*، فرۆتەنی نمرە دوو؛ شتومەکی مام ناوەندی یا کەمووکوڕیدار.
(٤) یاریدەدەر (بۆکسبازی، شیربازی)؛ شاگرد.
(٥) پاڵپشتی (پێشنیازێک بۆ دەنگ لەسەردانی لە کۆڕێکی پەرلەمانی یا تردا).
(٦) گێڕی دووەم (مەکینەی ئوتومبیل...هتد).

v.t. (١) یاریدەدان (بۆکسبازی، شیربازی)؛ شاگردی کردن.
(٢) پاڵپشتی کردن؛ پشتگرتن.
(٣) پەسەندکردن (پێشنیازێک بۆ دەنگ لەسەردانی لە کۆڕێکی پەرلەمانی یا تردا)؛ لایەنگرتن: *(to ~ a motion or proposal)* .

adv. دووەم (پلە)؛ دووەمین.

second (sek′ənd), *n.* چرکە (کات)؛ هەناسە؛ شەست یەکی ساتێک.

Second Advent = Second Coming.

secondary (sek′ən-dĕr´i), *adj.* (١) دووەم (پلە، نمرە)؛ ناسەرەکی؛ کەم بایەخ. (٢) ناوەندی؛ ناوەنجی؛ ئامادەیی: *(~ school)* .
(٣) ناسەرچاوەیی؛ ناسەربەخۆ: *(a ~ source)* .
(٤) تایبەتی بە پەڕی ناسەرەکی یا ژێربال؛ هی ووردەپەڕ.

n. (١) کەسێک یا شتێکی ناسەرەکی؛ کەم بایەخ؛ نمرە دوو...هتد
(٢) یاریدەدەر؛ خواردەست؛ ژێردەستە.
(٣) ئەستێرەیەکە کە بەدەوری یەکێکی گەورەتردا دەسووڕێتەوە؛ مانگ.
(٤) یاریکەری پشتەوە (فوتبۆڵی نەمەریکی).
(٥) پەڕی ژێر باڵ؛ ووردەپەڕ.

secondary accent, گیرەی ناسەرەکی (دەنگناسی)؛ گیرەیەکی سووکە لە ووشەیەکی چەند برگەییدا (وەک گیرەی سەر برگەی یەکەم لە ووشەی " elementary " دا).

secondary color, ڕەنگی ناسەرەکی: ڕەنگێکە بە تێکەڵکردنی هاوتایی دوو ڕەنگی سەرەکی پێکدێت.

secondary education, خوێندنی ناوەندی؛ پەروەردەی ناوەندی (کە قوتابخانەی ناوەندی دەگرێتەوە).

secondary school, قوتابخانەی ناوەندی؛ قوتابخانەی ئامادەیی.

second-best (sek′ənd-bĕst′), *adj.* دووەم (پلە، باشی)؛ نمرە دوو: *(He is the ~ writer, poet, player, singer, etc.)* .

second childhood = senility.

second-class (sek′ənd-klas′), *adj.* (۱) نمرە دوو؛ پەشۆکی؛ خواردەستە. *(a ~ citizen)* .
(۲) هی گەشتی نمرە دوو. *(a ~ railway carriage)* .
(۳) هی پۆستەی نمرە دوو (وەک بۆ پۆژنامەو گۆڤار...هتد).
adv. (۱) نمرە دوو (گەشت)؛ بە نمرە دوو. *(We traveled to Europe ~ .)*
(۲) بە پۆستەی نمرە دوو. *(You can mail the magazine ~ .)* .
Second Coming, دووەم هاتنی عیسا بۆ ئەم جیهانە (ئینجیل).
second cousin, نامۆزا؛ پووزا؛ خاڵۆزا.
second fiddle, (۱) (ا) کەمانچەی ناسەرەکی تیپی مۆسیقا.
(ب) ئەم کەمانچەییە؛ کەمانچی ناسەرەکی.
(۲) (ا) دەوری ناسەرەکی (دڵداری، کاروبار)؛ خواردەستی؛ ژێردەستەیی.
(ب) کەسێکە کە ئەم دەورە دەبینێ؛ کەسێکی ناسەرەکی.
to play (or be) second fiddle, دەوری ناسەرەکی یا نمرە دوو بینین (دڵداری، کاروبار)؛ خواردەستەبوون؛ گرنگ نەبوون.
second-guess (sek′ənd-ges′), *v.t.* (۱) پەخنە لە بریار یا بریاردەر پاش ئەنجام دەرکەوتن.
(۲) پەمێ لێدان؛ هەڵێنانی نیازو کرداری کەسێک پێشەکی پەخنەگرتن لە بریار یا بریاردەر پاش ئەنجام دەرکەوتن.
v.i.
second-hand (sek′ənd-hand′), *adj.* (۱) ناڕاستەوخۆ *(~ information)*
(۲) نیوداشت؛ کۆنە؛ کۆن. *(a ~ car)* .
(۳) هی کۆنە یا نیوداشت (فرۆشگا). *(a ~ clothing store)* .
adv. ناڕاستەوخۆ. *(I heard the news ~ .)* .
second hand, دەستی چرکەژمێر (کاتژمێر).
second hand, کەسێک یا سەرچاوەیەکی ناسەرەکی یا ناڕاستەوخۆ: *(to hear something at ~)*
second lieutenant, ئەفسەری یەک ئەستێرە
secondly (sek′ənd-li), *adv.* دووەم، هۆ یا ئەنجام ژماردن.
second mate, یاریدەدەری دووەمی کاپتن (کەشتی).
second mortgage, پەهنی دووەمی خانوو.
second nature, خوویەک یا کردەوەیەکە ئەوەندە چەسپیوە وەک تایبەخوی زگماکی لێ هاتووە.
second person, پێژەی کەسی دووەم (پێزمان)؛ پێژەی کەسی بروبەرو یا قسەبۆکراو: (وەک: " you do " لەم پستەیەدا: " You do not know. ").
second-rate (sek′ənd-rāt′), *adj.* (۱) نمرە دوو؛ دووەم (پلە، چاکی، نایەخ هتد)
(۲) گەند؛ خراپ؛ پەشۆکی؛ بازاڕی. *(a ~ actor)* .
second self, گیانی دووەم. کەسێکە ئەوەندە نزیکە لە کەسێکی ترەوە وەک ئەوی لێ هاتووە.
second sight = clairvoyance.
second-story man, [Slang]. دزێکە کە لە پەنجەرەی نهۆمی دووەمەوە دەچێتە ژوورەوە.
second thoughts, ڕاگۆڕین (لە ئەنجامی زیاتر بیرکردنەوە لە شتێک): *(I have ~ about going on the trip.)*
second wind, (۱) هەناسە هاتنەوەبەر (پاش هەناسە لێ بڕان لە یاری یا ڕاکردندا). *(to get a ~)* .
(۲) هێز هاتنەوەبەر (بۆ هەر کۆششێک).
secrecy (sē′krə-si), *n.* (۱) نهێنێتی؛ پەنهانی؛ دزێتی.
(۲) نهێنی ڕاگرتن؛ نهێنی نەدرکاندن؛ نهێنیبازی؛ پەنهانبازی.
secret (sē′krit), *adj.* (۱) نهێنی؛ پەنهان.
(۲) تەرێک؛ چەپەک؛ دوور؛ گۆشەگیر؛ گۆشەنشین.
(۳) نهێنیباز؛ پەنهانباز؛ نهێنی خۆ بە کەس نەووت.
(٤) لێل؛ نەزانراو؛ نادیار.
(٥) شاراوە؛ نەبینراو: *(a ~ drawer)* .
(٦) نهێنکار؛ نهێنی: *(a ~ society; a ~ agent)* .
n. (۱) شتێکی نهێنی؛ پەنهان؛ نهێنی؛ ڕاز.
(۲) شتێکی لێل یا شاراوەو هەموو کەس تێی نەگەیشتوو.
(۳) مەڵامەت؛ هۆی شاراوە یا نەزانراو: *(~s of success)* .
(٤) [S-]، نوێژێکە لەژێر لێوەوە دەکرێ (خاچ پەرستی).
in secret, = secretly.
secret agent, سووسە؛ سیخوڕ؛ جاسووس؛ ڕازدۆز.
secretarial (sek′rə-târ′i-əl), *adj.* سکرتێری؛ تایبەتی بە سکرتێری فەرمانگە.
secretariat (sek′rə-târ′i-it), *n.* *Also* secretariate, (۱)- سکرتاریەت: *(~ of the United Nations)* .
(۲) بارەگا یا مەڵبەندی سکرتاریەت.
secretary (sek′rə-ter′i), *n.* (۱) سکرتێری فەرمانگە.
(۲) سکرتێر (حیزب، پێکخراو، ئەنجوومەن...هتد)؛ ڕازگر؛ ڕازدار.
(۳) وەزیر (لە ئەمەریکادا)؛ شالیار.
(٤) مێزی نووسین کە دۆڵابێکی بەسەرەوە بێت بۆ پەرتووک.
secretary bird, باڵندەیەکی ئەفەریقایی گەورەی مل و لاق درێژی گۆشتخۆرە چەند شتێکی وەک قەفی پەڕ لە پڕپنەکەیەوە هاتووەتەدەرەوە لەسەر جانەوەرو گیاندارە خشۆکەکان دەژی.
secretary-general (sek′rə-ter′i-jen′ēr-əl), *n.* سکرتێری گشتی؛ ڕازگری گشتی.
secretary of state, وەزیری دەرەوە (ئەمەریکا).
secretaryship (sek′rə-ter′i-ship′), *n.* سکرتارێتی؛ ڕازداری؛ ڕازگری؛ پلەوپایەی سکرتێر.
secrete (si-krēt′), *v.t.* (۱) شاردنەوە.
(۲) دەردان (هۆرمۆن، تەڕاو، جەوی...هتد)؛ تێ ڕژاندن؛ ڕژاندن؛ لە لەش کردنەدەرەوە.
secretin (si-krē′tin), *n.* هۆرمۆنێکە لە ڕیخۆڵەدا یارمەتی دەردانی پەنکریاس دەدات.
secretion (si-krē′shən), *n.* (۱) شاردنەوە: *(the ~ of stolen goods)*
(۲) دەردان (هۆرمۆن، تەڕاو، جەوی، شیلە...هتد)؛ تێ ڕژان؛ ڕژان: *(the ~ of hormone)*
(۳) شتی دەردراو (هۆرمۆن، جەوی، ئارەق، میز، لیک...هتد).
secretive (si-krē′tiv), *adj.* (۱) نهێنباز؛ پەنهانباز؛ هەستو نەستی خۆ بۆ خەڵک نەدرکێن؛ نەکراوە: *(a ~ person)* .
(۲) secretory .
secretly (si-krē′t-li), *adv.* بە نهێنی؛ بە پەنهانی؛ بە دزێیەوە.
secretor (si-krēt′ēr), *n.* لووی هۆرمۆن دەردەر؛ هۆرمۆن ڕژێن؛ ئەندامی دەردەر.
secretory (si-krē′tə-ri), *adj.* دەردەر (هۆرمۆن، لیک، جەوی، شیلە...هتد)؛ تایبەتی بە دەردان یا تێ ڕژان؛ تێ ڕژێن.
n. لووی هۆرمۆن دەردەر یا تێ ڕژێن؛ ئەندامی دەردەر.
secret service, (۱) سووسەیی؛ جاسووسی؛ سیخوڕی.
(۲) [S- S-]، پۆلیسی نهێنی: دەزگایەکی پۆلیسو ناسایشە ئەرکی پاراستنی سەرکۆماری ئەمەریکا و خێزانەکەی و میوانە بێگانە گەورەکانی سەرەک کۆماری پێ سپێردراوە.
sect (sekt), *n.* (۱) تاقمی هاوبیروباوەڕ؛ دەستە؛ تیرە.
(۲) تاقم یا کۆمەڵی ئایینی؛ تیرە یا دەستەی ئایینی.
sect (sekt), *n.* = section.
sectarian (sek-târ′i-ən), *adj.* (۱) تایبەتی بە تیرە یا تاقمی ئایینی.
(۲) سەر بە تاقم یا تیرەی ئایینی؛ تیرەگەر؛ تاقم خواز.
(۳) مێشک تەسک؛ بیرتەسک؛ کوێرباوەڕ (ئاین).
n. (۱) کەسێکی لە کڵێسە یا ئاین هەڵگەڕاوە.

(٢) ئەندامی تیرە یا تاقمێکی ئایینی.
(٣) کەسێکی بیرتەسک یا کوێربارەو (ئایین).

sectarianism (sek-târ′i-ən-iz′m), *n.* (١) تیرەگەری (ئایین)؛ سەر بە تیرەی ئایینی بوون. (٢) بیروباوەڕی تیرەگەری ئایینی.

sectarianize (sek-târ′i-ən-īz´), *v.t.* تیرەتیرەکردنی ئایینی؛ جیاکردنەوە یا بەش بەش کردنی ئایینی.

sectary (sek′tə-ri), *n.* (١) sectarian. (٢) [-S]، کەسێکی لە کلێسە هەڵگەڕاوە یا جیابووەوە (بەتایبەتی پرۆتستانتێک).

sectile (sek′til), *adj.* بە ئاسانی بە چەقۆ دەبڕێ یا قاش دەکرێ.
-sectility *(n.).*

section (sek′shən), *n.* (١) قاش کردن؛ بەش کردن؛ بڕین؛ پارچە پارچە کردن. (٢) بەش؛ پارچە؛ کەرت. (٣) قاش؛ کووڵ. (٤) توێ (بۆ لێکۆڵینەوە بە گەردبین)؛ برگە؛ پارچەی زۆر تەنک. (٥) بەند (نووسراو)؛ پارچە (نووسراو). (٦) خانە؛ بەش؛ شەقڵ. (٧) پۆل (زیندەوەرزانی). (٨) بەشێکی زەویی بریتییە لە (٦٤٠) بانەگا یا نەیکەر. (٩) لق (سوپا. هێزی دەریایی)؛ پەل. (١٠) ناوچە. (١١) (أ) فارگۆنی نووستنی دوو نهۆمیی شەمەندەفەر. (ب) شەمەندەفەری هەمان خشتە لەگەڵ شەمەندەفەرێکی تردا.

v.t. (١) قاش کردن؛ بەش کردن؛ بەش بەش کردن؛ بڕین؛ پارچە پارچە کردن؛ کەرتکردن. (٢) شانە جیاکردنەوە (تونێکاری).

sectional (sek′shən-'l), *adj.* (١) ناوچەیی. (٢) خانە خانە؛ خانە خانەیی؛ پارچە پارچە. (٣) برگەیی؛ قاشی؛ پارچەیی.

n. کەرەسەیەکی ناوماڵی خانە خانەیە کە دەتوانرێ هەمووی پێکەوە یا بە جیا بەکاربهێنرێ.

sectionalism (sek′shən-'l-iz'm), *n.* ناوچەگەرێتی؛ ناوچەپەرستی

sectionalize (sek′shən-'l-īz´), *v.t.* (١) خانە خانە کردن؛ پۆل پۆل کردن؛ بەش بەش کردن. (٢) بەش کردن بە ناوچە ناوچەوە؛ ناوچە ناوچە کردن

sector (sek′tēr), *n.* (١) کەرتە بازنە. (٢) ئامێری گۆشەپێوان و کێشە لێکدانەوە (نەندازە). (٣) ناوچەی سوپایی؛ کەرتی سوپایی. (٤) گەرەک؛ ناوچەی شار؛ گوزەر؛ ناوچە.

v.t. بەش کردن بە ناوچە ناوچەوە؛ بەش بەش کردن؛ کەرت کەرت کردن.
-sectorial *(adj.).*

secular (sek′yoo-lēr), *adj.* (١) جیهانی؛ نائایینی؛ تایبەتی بەم جیهانە: *(~ music ; ~ schools)*. (٢) نەبەستراو بە پەرستگاوە؛ لە دەرەوەی پەرستگا ژیاو: *(~ clergy)*. (٣) سەدەیی؛ هەر سەد ساڵ جارێک پرووەدات. (٤) زۆرخایەن؛ لە چەرخێکەوە بۆ چەرخێک ماوەتەوە. (٥) گوێ بە ئاین نەدەر.

n. (١) قەشە یا ووشکەسۆفی لە دەرەوەی پەرستگادا ژیاو. (٢) [()bs.]، کەسێکە کە نە قەشە بێتو نە پەیوەندیشی هەبێ بە ئاینەوە.

secularism (sek′yoo-lēr-iz'm), *n.* (١) جیهان پەرستی؛ گوێ بە ئاین نەدان و پەیڕەوی نەکردنی؛ لە ئاین دابڕان (٢) جیاکردنەوەی ئاین لە کاروباری میری و جیهانی بەتایبەتی پەروەردەو فێرکردنی قوتابیان

-secularist *(n.)* ; **secularistic** *(adj.).*

secularity (sek´yoo-lar′ə-ti), *n.* (١) جیهان پەرستێتی؛ لە ئاین دابڕان؛ گوێ بە ئاین نەدان و پەیڕەوی نەکردنی. (٢) کاروبارێک یا شتێکی جیهانی.

secularize (sek′yoo-lə-rīz´), *v.t.* (١) لەژێر دەسەلاتی ئاینەوە کلێسەدا دەرهێنان و کردن بە هی گەل؛ خاوەنێتی لە کلێسە سەندنەوە.

(٢) لە ئاین دابڕین؛ لە ئاین جیاکردنەوە؛ لە ئاین کردن. (٣) بە بیروباوەڕی جیهان پەرستی گۆڕین؛ گۆڕین بۆ جیهان پەرستی (کاروباری میری و گەل).
-secularization *(n.).*

secund (sē′kənd, sek′ənd), *adj.* هەر بە یەک لاوەیە (وەک هەندێک گوڵ).

secundine (sek′əndīn´, sek′ən-din), *n.* (١) دیواری دووەم یا ناوەوەی تۆزە چکۆلە (پووەکناسی). (٢) (*pl.*)، after birth # 1.

secure (si-kyoor′), *adj.* (١) دڵنیا. (٢) بێ مەترسی؛ سەلامەت؛ مەترسی لێ ناکرێ. (٣) پارێزراو. (٤) قایم؛ توند؛ چەسپیو؛ قایم کراو: *(. ~ the knot)*. (٥) بێ گومان؛ مسۆگەر. (٦) [Archaic]، بێباک؛ زۆر پشت ئەستوور.

v.t. (١) پاراستن؛ پارێزگاری کردن؛ پاس کردن. (٢) داخستن؛ قایم کردن؛ توندکردن؛ باش قایم کردن: *(He ~d the doors and windows.)* (٣) دەستەبەری کردن؛ بەڵێندان (بە دانەوەی قەرز): *(to ~ a loan)*. (٤) دەسکەوتن؛ پەیداکردن؛ مسۆگەرکردن: *(We've ~d a cottage for the summer.)*

v.i. دڵنیابوون؛ مەترسی نەبوون.
-securable *(adj.)* ; **securely** *(adv.).*

security (si-kyoor′ə-ti), *n.* (١) ئاسایش؛ سەلامەتی. (٢) دڵنیایی؛ ئاسوودەیی. (٣) بێباکی؛ زۆر پشت ئەستووری. (٤) پاراستن؛ پارێزگاری؛ پاسداری. (٥) (أ) دەستەبەری (قەرزدانەوە). (ب) دەستەبەر. (٦) بارمتە. (٧) (*pl.*)، قەوانەی دارایی.

Security Council, ئەنجوومەنی ئاسایش (لە کۆمەڵی نەتەوە-یەکگرتووەکان).

security deposit, بارمتەی دڵنیایی: خاوەن مال لە کرێچی دەسەنێت بۆ چاکردنەوەی شتی شکاو و بژاردنی هەر زیانێک کرێچییەکە لە خانووەکەی بدات.

sedan (si-dan′), *n.* (١) قەمەرە. **sedan chair** (٢)

sedate (si-dāt′), *adj.* لەسەرخۆ؛ هێمن؛ سەنگین.

sedate (si-dāt′), *v.t.* دەرمانی هێمنکەرەوە پێدان؛ هێمنکردنەوە؛ دەرمانی ئازارکوژ پێدان؛ دامرکاندنەوە.

sedation (si-dā′shən), *n.* (١) هێمنکردنەوە؛ دامرکاندنەوە؛ ئازارکوشتن؛ ئازار مراندن. (٢) ئازار بڕان؛ هێمنی؛ بێ ئازاری؛ ئارام؛ دامرکان

sedative (sed′ə-tiv), *adj.* ئازارکوژ؛ هێمنکەرەوە؛ ئازارمرێن.

n. دەرمانی هێمنکەرەوە؛ دەرمانی ئازارکوژ یا ئازارمرێن.

sedentary (sed′'n-ter´i), *adj.* (١) پێویستی زۆر بە دانیشتن هەیە (کار): *(a ~ job)*. (٢) هەمیشە دانیشتوو؛ نەجوول؛ وەرزش نەکەر. (٣) نیشتەجێ؛ نیشتەنی: *(~birds)*. (٤) نەبزۆک؛ جێگیر؛ نەجوول؛ چەسپیو (وەک هەندێک گیانداری قاقڵەداری خۆ بە بەردەوە نووسێنەر).

-sedentarily *(adv.)* ; **sedentariness** *(n.).*

sedge (sej), *n.* زەل؛ زەلە ووردە؛ قەرەم.

sedilia (si-dil′i-ə), *n.* سێ کورسیی‌یە لە خوار قوربانیگای کلێسەوە بۆ دانیشتنی قەشەکان.

sediment (sed′ə-mənt), *n.* (١) تڵپە؛ خڵتە؛ نیشتوو؛ تڵپ (٢) قوپرولیتە (کە ئاوو یا بای دەمانێ).

sedimentary (sed´ə-men′tēr-i), *adj.* (١) تڵپەیی؛ قوپرولیتەیی؛

خڵتەیی (۲) نیشتوویی؛ لە نیشتنی قوڕولیتەو بەردی ڕامانڕاوەوە پێکهاتووە.

sedimentation (sed´ə-men-tā´shən), *n.* نیشتن (قوڕولیتە). تڵپە)؛ ڕامانڕاو نیشتنی قوڕولیتەو بەرد. هتد

sedition (si-dish´ən), *n.* (۱) هاندان بۆ یاخی بوونو شۆڕش کردن (بەقسەو نووسین)؛ فیتدان (۲) [Rare]، یاخی بوون؛ ڕاپەڕین؛ شۆڕش.

seditionary (si-dish´ən-er´i), *adj.* = seditious.

n. هاندەری یاخیبەتی

seditious (si-dish´əs), *adj.* (۱) (ا) حەز بە هاندانی یاخیبەتی (ب) تاوانی هاندانی یاخیبەتی خراوەتپاڵ (ج) یاخی؛ ملنەدەر؛ سەرکێش. (۲) تایبەتی بە هاندانی یاخیبەتی؛ هاندان: *(~ writings)*.

-seditiously *(adv.)* ; **seditiousness** *(n.)*.

seduce (si-dōōs´, si-dūs´), *v.t.* (۱) هەڵفریواندن؛ تەفرەدان؛ لەخشتەبردن؛ فریودان (۲) تاوکردن؛ سازکردن (بۆ جووت بوون).

-seducer *(n.)* ; **seduceable** ; **seducible** *(adj.)*.

seducement (si-dōōs´mənt), *n.* = seduction.

seduction (si-duk´shən), *n.* (۱) (ا) لەخشتەبردن؛ تەفرەدان؛ هەڵفریوان (ب) تاوکردن؛ سازکردن (بۆ جووت بوون). (ج) تاوکران. (۲) (ا) شتی پێ لەخشتەبردن یا هەڵفریوان. (ب) شتی پێ تاوکردن؛ هۆی تاوکران؛ تاوکەر (شت).

seductive (si-duk´tiv), *adj.* تاوکەر؛ جوان؛ دڵڕفێن؛ هەڵفریوێن؛ لەخشتەبەر؛ بەهۆی ڕووالەتی جوانەوە؛ فریودەر: *(a ~ woman, offer, idea, life, style, etc.)*

-seductively *(adv.)* ; **seductiveness** *(n.)*.

seductress (si-duk´tris´), *n.* ئافرەتی پیاو تاوکەر.

sedulity (si-dū´lə-ti, si-dōō´lə-ti), *n.* کۆشش؛ کۆڵنەدان؛ هەوڵو تەقەلا

sedulous (sej´oo-ləs), *adj.* کۆششکەر؛ هەوڵدەر؛ کۆڵنەدەر؛ تەقەلاکەر

sedum (sē´dəm), *n.* چەند جۆرە ڕووەکێکی هەمەساڵەن گەڵاو لاسک گۆشتنو گوڵی سپی و زەرد و سوور دەگرن

see (sē), *v.t.* (۱) بینین؛ چاوپێکەوتن؛ سەیرکردن؛ بەدی کردن. (۲) تێگەیشتن؛ هێنانە بەرچاوی خۆ: *(I can't ~ your point.)*. (۳) بەمێشکدا چوون؛ پەسەندکردن: *(I can't ~ him as president.)*. (٤) بۆ دەرکەوتن؛ زانین: *(~ what they want.)* (٥) چەشتن؛ بەسەرداهاتن؛ بینین: *(She had seen better days.; They have seen the results of two wars.)* (٦) تێڕوانین؛ لێ وردبوونەوە؛ سەیرکردن: *(The doctor had better ~ this lump.)* (۷) دڵنیابوون بە کردنی کارێک بە باشی: *(~ that he does the job properly.)* (۸) ڕەوانەکردن؛ لەگەڵ چوون؛ لەتەکدا چوون *(I'll ~ you to the door.; He will ~ her to her house.)* (۹) تووش هاتن؛ بینین؛ چاوپێکەوتن: *(Have you seen your brother recently?)* (۱۰) چوونە لا؛ سەرلێدان (بۆ ڕاوێژکردن): *(You had better ~ a lawyer.)* (۱۱) پێشوازی لێکردن؛ ڕێ دان بۆ دیدەنی: *(He is too ill to ~ you.)*. (۱۲) بینین؛ چوون *(Have you seen the new movie?)*.

v.i. (۱) چاو بینین؛ توانای بینین هەبوون. (۲) چاوبڕکردن؛ بەدی کردن؛ بینین: *(I can't ~ that far.)*. (۳) تێگەیشتن. (٤) بۆ گەڕان؛ چاو وردکردنەوە؛ گەڕان. (٥) بیرکردنەوە *(Let me ~ , where did I put it?)*.

interj. سەیرکە!؛ تەماشاکە!

see about, (۱) لێکۆڵینەوە؛ تێڕوانین. (۲) ئاگاداری کردن؛ ئاگا لێ بوون؛ چاودێری کردن.

see into, (۱) لێکۆڵینەوە؛ تێڕوانین. (۲) باش تێگەیشتن؛ بە تەواوی بۆ دەرکەوتن یا بینین (ڕاستو دروێ شتێک یا کەسێک).

see off, بەڕێ کردن؛ ڕەوانەکردن؛ خواحافیزی لێکردن (لە فڕۆکەخانە یا لێستگەی شەمەندەفەر...هتد): *(We saw him off at the airport.)*.

see through, (۱) باش تێگەیشتن؛ بە تەواوی بۆ دەرکەوتن یا بینینی دروێ ڕاستی کەسێک یا شتێک: *(I can see through his lies now.)* (۲) بەردەوام بوون لەسەرو دەست لێ هەڵنەگرتن هەتا تەواوکردن: *(to see a project through)* (۳) یارمەتیدانو دەست لێ بەر نەدان هەتا دوایی: *(to see someone through a difficulty)*

see to, چاودێری کردن؛ ئاگاداری کردن.

see (sē), *n.* (۱) سەرەک قەشەنشین؛ ناوچەی لێپرسراوی سەرەک قەشە؛ مەڵبەندی سەرەک قەشە. (۲) پلەوپایەو دەسەڵاتی سەرەک قەشە؛ سەرەک قەشەیەتی (۳) [Obs.]، تەخت.

the Holy See, (۱) پۆپا (کە پاپا سەرەک قەشەیەتی). (پێشی دەوترێ: " See of Rome ")؛ (۲) پاپایەتی؛ دەسەڵاتی پاپا؛ دامودەزگای پاپا.

seed (sēd), *n.* (۱) تۆو؛ ناوک؛ دەنک. (۲) تۆو بەگشتی. (۳) سەرچاوە؛ تۆو (مەجاز): *(Oppression sows the ~s of revolt.)* (٤) بنەچە. (٥) نەوە؛ وەچە؛ ومجاخ. (٦) تۆماو؛ تۆوی نێر؛ تۆم؛ تۆو.

seed oyster (۷) بنەوک لێ دەرهێنان.

v.t. (۱) تۆودان؛ تۆو چاندن؛ تۆوکردن؛ تۆو وەشاندن. (۲) ناووک لێ دەرهێنان. (۳) تۆودانی هەور بە ماددەی کیمیایی بۆ باران بارین: *(to ~ the clouds)*. (٤) هەڵبژاردنو پلە بۆ دانانی وەرزشکار.

v.i. (۱) پێگەیشتن و تۆوکردن. (۲) تۆوکردن؛ تۆو فڕێدان؛ پیربوون (ڕووەک). (۳) تۆو چاندن؛ تۆودان.

go to seed, (۱) تۆوکردن؛ تۆو فڕێدان. (۲) پیرەڵۆ بوون؛ ووشک بوون؛ فەوتان؛ بەکارنەمان.

seedbed (sēd´bed´), *n.* شەتڵگا.

seed-case (sēd´kās´), *n.* کەلوو؛ بەرگە تۆو؛ قاوغە تۆو.

seed coat, تۆپکی تۆو؛ پێستی تۆو.

seeder (sēd´ēr), *n.* (۱) نامێری تۆودەر یا تووەشێن. (۲) نامێری ناوک دەرهێنەر (لە مێووژ...هتد).

seedling (sēd´liŋ), *n.* (۱) نەمام (کە لە تۆوەوە بێت)؛ شەتڵ. (۲) درەختێکی بچکۆلە؛ نەمام.

seedman (sēd´mən), *n.* = seedsman.

seed oysters, بەچکە گوێچکەماسی.

seed pearl, مرواری زۆر بچکۆلە.

seed plant, ڕووەکی تۆودار.

seeds-man (sēdz´mən), *n.* (۱) تۆودەر؛ تۆووەشێن. (۲) تۆوفرۆش.

seed-time (sēd´tīm´), *n.* وەرزی تۆو چاندن.

seed vessel, کەلوو؛ قاوغەتۆو؛ بەرگە تۆو. (پێشی دەوترێ: " seed capsule " وە " pericarp ").

seedy (sēd´i), *adj.* (۱) ناوکی زۆرەو؛ پڕە لەتۆو: *(This orange is too ~.)* (۲) لە تۆو دەچێت. (۳) پیرەڵۆ؛ فەوتاو؛ تۆوکردوو؛ ووشک. (٤) (ا) پنتی؛ شڕپۆش؛ جل دڕاو.

(ب) شەروور؛ دراو؛ پەرپووت.
(٥) بەدناو؛ ناوبانگ خراپ؛ پیس؛ پیس و پۆخڵ: *(a ~ hotel)* .
(٦) نەخۆش؛ ماندوو؛ بێ تاقەت.

seeing (sē′iŋ), *n.* (١) بینایی؛ هەست یا توانای بینین. (٢) بینین.
adj. چاوی دەبینێ؛ دەبینێ؛ چاوساغ: *(a ~ person)* .
conj. بەهۆی؛ لەبەرئەوەی: *(~ that you don't know it yourself, I will tell you.; ~ no other course is open to us, we have to compromise.)*

Seeing Eye, سەگی چاوساغ: سەگێکە فێردەکرێت ببێت بە چاوساغی کەسێکی کوێر (پێشی دەوترێ: " Seeing Eye dog ").

seek (sēk), *v.t.* (١) بۆ گەڕان؛ بە شوێندا گەڕان؛ بەدوادا گەڕان.
(٢) چوون بۆ لا؛ چوون بەرەو؛ بۆ چوون: *(He sought the woods for peace.)*
(٣) خواستن؛ داخوازی کردن.
(٤) شوێن کەوتن؛ دواکەوتن (بۆ دەستکەوتن)؛ کۆشش بۆ کردن: *(to ~ wealth, fame, anonymity, etc.)*
(٥) هەوڵدان: *(He sought to appease his enemies.)* .
v.i. (١) بە شوێندا گەڕان؛ بۆ گەڕان؛ بەدوادا گەڕان.
(٢) [Obs.] سەرلێدان، چوون بۆ لا.
-seeker *(n.)*.

seel (sēl), *v.t.* (١) چاوبەستکردنی بەچکە باز (ڕاوکردن).
(٢) چاوبەستکردن؛ چاوبەستنەوە.

seem (sēm), *v.i.* (١) وادیاربوون؛ لەوەچوون؛ وادەرکەوتن: *(He ~s glad to see us.)*
(٢) وا بۆ دەرکەوتن؛ لا وابوون؛ وا زانین: *(I ~ to hear voices.)* .
(٣) وا بوون: *(There ~s no point in going.)* .

seeming (sēm′iŋ), *adj.* سەرزاری؛ ڕووالەتی؛ لەبەرچاو؛ دیار: (In spite of his ~ friendship he wouldn't give me any help.)
n. ڕووالەت؛ ڕووکەش.

seemingly (sēm′iŋ-li), *adv.* لەوە دەچێت؛ بە ڕووالەت؛ وا دیارە.

seemly (sēm′li), *adj.* (١) بەحەیا؛ شیاو؛ جوان (کردەوە)؛ پەسەند: *(~ behavior)* .
(٢) جوان؛ شۆخ؛ دڵفڕێن؛ دڵگیر.
adv. بە ڕێک‌وپێکی؛ بە شێوەیەکی جوان‌و بەجێ.
-seemliness *(n.)*.

seen (sēn), *past paarticiple of* see.

seep (sēp), *v.i.* دەڵێن: تێزان؛ ئاودادان؛ ناوەزێ کردن؛ تکەکردن.
n. شوێنێکە کە ناو یا نەوت بدەڵێنێ؛ شوێنی ناو یا نەوت دەڵێن یا تێزاو.

seepage (sēp′ij), *n.* (١) دەڵان؛ ناوەزێ؛ تێزان؛ تکەکردن؛ تکە؛ ئاودز.
(٢) ئاو و شلەی دەڵێو؛ چاڵە ئاو؛ نەوت؛ یا پیسایی تێزاو.

seer (sē′ĕr, sêr), *n.* (١) بینەر.
(٢) پێشبین؛ نوقڵانەلێدەر؛ دواڕۆژ بین؛ ئەوی دەقڕێنێ.

seeress (sêr′is), *n.* پێشبینی ژن؛ نوقڵانەلێدەری ژن.

seersucker (sêr′suk´ĕr), *n.* شیرو شەکر: کالایەکی لۆکەی تەنکی میل میلە

see-saw (sē′sô´), *n.* (١) زەرزانیق یاریەکی منداڵانەیە بریتیە لە دارێکی درێژ کە ناوەڕاستەکەی دەخرێتەسەر شتێکی نەختێک بەرز دوو منداڵ سواری نەمسەرو ئەوسەری دەبن هەر دەمەی یەکێکیان بەرزدەبنەوە.
(٢) یاری کردن بەم جۆرە؛ جۆڵانێی وەها؛ جۆڵانەکردن.
(٣) بەرزونزم بوونەوە؛ دۆڕان‌و بردنەوە؛ هاتن‌وچوون؛ ناکۆکیەکە کە هەر لایەک دەمێک تێیدا سەرکەوتووبێت: *(a ~ battle)* .
adj. بەرزونزم بووەوە؛ هەر دەمە بە جۆرێک؛ هەمیشەگۆڕ.
v.t. & v.i. جۆڵانێ کردن (وەک لەسەر زەرزانیق)؛ هاتن‌وچوون؛ هەردەمە بە جۆرێک بوون.

seethe (sēth), *v.t.* (١) کوڵاندن.
(٢) خووساندن؛ کردنە ئاوەوە؛ توقم کردن.
v.i. (١) کوڵان؛ هاتنەجۆڵ؛ (٢) بڵقە بڵق کردن؛ هاتنەجۆش؛ کەف کردن.
(٣) شێتگیربوون؛ کەف چاندن (لە تووڕەییدا)؛ قوشقی بوون: *(He was ~ing with anger.)*
n. کوڵان؛ هاتنەجۆش (بە هەموو مانایەک).

see-through, کون کون؛ شاش: *(a ~ dress)* .

segment (seg′mənt), *n.* (١) بەش؛ کەرت؛ پارچە؛ لق.
(٢) پارچەی بازنە (نەندازە). (٣) (ا) پەل یا جومگەیەکی گیاندارێکی لەش پەل پەل یا کەرت کەرت (وەک: دووپشک، جاڵجاڵۆکە...هتد).
(ب) پەلکی نێوان دوو جومگە. (ج) قڵیش؛ تڵیش.
v.t. & v.i. بەش بەش کردن؛ کردن بە پارچە پارچەوە؛ پەل پەل کردن.
-segmentary *(adj.)*.

segmental (seg-men′t'l), *adj.* (١) بەش بەش؛ پارچە پارچە.
(٢) وەک پارچەی بازنە (نەندازە).
(٣) پەل پەل (وەک لەشی دووپشک، جاڵجاڵۆکە...هتد)؛ جومگە جومگەیی.
-segmentally *(adv.)*.

segmentation (seg´mən-tā′shən), *n.* (١) بەش بەش بوون؛ پارچە پارچە کردن؛ کەرت کەرت بوون.
(٢) دووکەرت بوونی شانە (زیندەوەرزانی)؛ داقڵیشان؛ داتڵیشان

sego (sē′gō), *n. Also* **sego lily,** شلێڕی سپیگۆ: ڕووەکێکی ئەمەریکییە گوڵەکەی زەنگوڵەیی‌یە.

segregate (seg′ri-gāt´), *v.t.* (١) لێ جیاکردنەوە؛ جیاکردنەوە لەوانی تر. (٢) بە زۆر جیاکردنەوە لە نەتەوەکانی تر؛ ڕەگەزپەرستی لەگەڵ کردن؛ لێک جیاکردنەوە: *(to ~ blacks from whites)*
v.i. (١) لەوانی تر جیابوونەوە؛ لێ جیابوونەوە.
(٢) ڕەگەزپەرستی کردن؛ دابڕین.
adj. جیاکراوە؛ دابڕاو.
-segregative *(adj.)* ; **segregator** *(n.)*.

segregated (seg′ri-gāt´id), *adj.* جیاکراوە (بەپێی ڕەگەز)؛ جیا؛ هی ڕەگەزپەرستی: (Blacks used to go to ~ schools in America.)

segregation (seg´ri-gā′shən), *n.* (١) جیاکردنەوە؛ جیابوونەوە لەوانی تر؛ جیاکرانەوە (بەپێی ڕەگەز، چین، نێرومێیی...هتد)
(٢) ڕەگەزپەرستی؛ جیاکاری

segregationist (seg´ri-gā′shən-ist), *n.* ڕەگەزپەرست

seidel (zī′d'l, sī′d'l), *n.* پەرداخی گەورەی بیرە.

seigneur (sān′yĕr), *n.* دەرەبەگ.

seignior (sēn′yĕr), *n.* (١) دەرەبەگ؛ ئاغا.
(٢) نازناوێکی ئیتاڵی‌یە وەک " کاك " .

seigniorage (sēn′yĕr-ij), *n.* مزی سکەی ئاڵتوون‌و زیو لێدان.

seigniory (sēn′yĕr-i), *n.* (١) پلەوپایەو دەسەڵاتی دەرەبەگ.
(٢) ناوچەی ژێردەستی دەرەبەگێک؛ موڵکی دەرەبەگ.
(٣) دەستە دەرەبەگ (بەتایبەتی لە ئیتاڵیای سەدانی ناوەڕاستدا).

seine (sān), *n.* تۆڕی گەورەی ڕاوەماسی.
v.t. & v.i. ڕاوەماسی کردن بەم تۆڕە گەورەیە.

seise (sēz), *v.t.* دەستبەسەرداگرتن؛ دەست بەسەردا کێشان.

seisin (sē′zin), *n.* = seizin.

seism (sē′zim), *n.* = earthquake.

seismal (siz′məl, sīs′məl), *adj.* = seismic.

seismic (sīz′mik, sīs′mik), *adj.* (١) بوومەلەرزەیی؛ تایبەتی بە بوومەلەرزەوە. (٢) بەهۆی بوومەلەرزەوەیە؛ لە ئەنجامی بوومەلەرزەوەیە. (٣) بوومەلەرزەی تێدا دەبێت.
-seismical *(adj.)* ; **seismically** *(adv.)* ; **seismicity** *(n.)*.

seismism (sīz′miz'm, sīs′miz'm), *n.* دیاردەی بوومەلەرزە

seismo- (sīz′mə, sīs′mə), پێشگرێکە بەمانای: بوومەلەرزە. (seismogram)

seismogram (sīz′mə-gram´, sīs′mə-gram´), *n.* وێنە یا نەخشەی تۆمارکراو بە ئامێری بوومەلەرزەپێو.

seismograph (sīz′mə-graf´, sīs′mə-graf´), *n.* بوومەلەرزە پێو (ئامێر).

-seismographer *(n.)* ; **seismographic** *(adj.).*

seismography (sīz-mog′rə-fi, sīs-mog′rə-fi), *n.* زانستی بوومەلەرزە پێوان؛ بوومەلەرزە پێوان.

seismologist (sīz-mol′ə-ji-st, sīs-mol′ə-ji-st), *n.* زانای بوومەلەرزە؛ بوومەلەرزەناس.

seismology (sīz-mol′ə-ji, sīs-mol′ə-ji), *n.* بوومەلەرزەزانی؛ زانیاری بوومەلەرزە

-seismologic *(adj.)*; **seismological** *(adj.)*; **seismologically** *(adv.).*

seismometer (sīz-mom′ə-tĕr, sīs-mom′ə-tĕr), *n.* = **seismograph.**

seismoscope (sīz′mə-skōp´, sīs′mə-skōp´), *n.* ئامێری تۆمارکەری ڕووداو و کاتی ڕوودانی بوومەلەرزە.

-seismoscopic *(adj.).*

seize (sēz), *v.t.* (١) دەستبەسەرداگرتن؛ دەست بەسەردا کێشان (٢) زەوتکردن؛ داگیرکردن. (٣) گرتن (شتی قاچاخ، شار، شوێن)؛ گەمارۆدان. (٤) گرتن (مرۆڤی گومانبار یا تاوانکار). (٥) لەپڕ لێدان (نەخۆشی)؛ کوتوپڕو خراپ کارتێکردن؛ لەپڕ گرتن و خستن (نەخۆشی). (٦) پرپێداکردن؛ پەلامارداندا؛ بە توند بەدەست گرتن. (٧) تێگەیشتن؛ بە مێشکدا چوون. (٨) هەلهێنان؛ بە هەل زانین. *(to ~ the opportunity)* .

(٩) پەت پێکەوەبەستن وەک گوریس یا چەپک (کەشتیوانی).

-seizer *(n.)* ; **seizor** *(n.).*

seizin (sēz′in), *n.* (١) خاوەنێتی تەواوی خانووو زەوی‌وزار بە درێژایی ژیانی خاوەنەکەی (٢) خانووو زەوی‌وزارێکی نەم بابەتە.

seizing (sēz′iŋ), *n.* (١) پەت پێکەوەبەستن وەک چەپک یا گوریس (کەشتیوانی). (٢) نەو پەتەی دەستەیەک یا گوریسەیەک پەتی پێکەوە دەبەسترێت.

seizure (sē′zhĕr), *n.* (١) دەستبەسەرداگرتن؛ گرتن. (The police ordered the ~ of the stolen goods.)

(٢) فێ؛ فێ لێهاتن؛ لەپڕ نەخۆش کەوتن (بەتایبەتی فێو دڵ وەستان).

selachian (si-lā′ki-ən), *n.* تۆخمە ماسی‌یەکە کۆسەو نەستێرە ماسی و سەگەماسی دەگرێتەوە.

adj. تایبەتی بەم تۆخمە ماسی‌یە.

seldom (sel′dəm), *adv.* بە دەگمەن؛ بە هەڵکەوت؛ بە دانسقە.

select (sə-lekt′), *adj.* (١) هەڵبژاردە. (٢) نایاب؛ زۆرچاک. (٣) بە ووردی هەڵبژێراو. *(a ~ group)* . (٤) بە قێزوبێز؛ بەفێز؛ لەخۆبایی.

v.t. & v.i. هەڵبژاردن

selectee (sə-lek´tē′), *n.* هەڵبژێراو (بۆ سەربازی)؛ کەسێکی تازەگیراو بە سەرباز.

selection (sə-lek′shən), *n.* (١) هەڵبژاردن؛ هەڵبژێران. (٢) دەستەی هەڵبژێراو؛ دەستە؛ شتی هەڵبژێراو؛ هەڵبژاردە. (~s from Shakepeare ; That shop has a good ~ of fruits.)

(٣) هەڵبژاردنی سەروشتی یا دەستکرد (زیندەوەرزانی)؛ بڕیتێیە لە مانەوەو دەربردنی هەندێک تۆخمو فەوتانی هەندێکی تر.

selective (sə-lek′tiv), *adj.* (١) هەڵبژێری؛ تایبەتی بە هەڵبژاردن. (٢) هەڵبژێر؛ پاک‌وپیسکەر؛ بەقێزوبێز (٣) بە باشی و سافی وەرگر (ڕادیۆ).

selective service, سەربازگرتن

selectivity (sə-lek´tiv′ə-ti), *n.* (١) باش هەڵبژاردن؛ پاک‌و پیس کردن. (٢) پلەی بە باشی و سافی وەرگرتن (ڕادیۆ).

selectman (sə-lekt′mən), *n.* ئەندامی ئەنجوومەنی شارەوانی هەندێک لە شارەکانی ناوچەی پۆژهەلاتی ئەمەریکا.

selector (sə-lek′tĕr), *n.* هەڵبژێر (مرۆڤ، شت)؛ پاک‌وپیسکەر.

selenic (si-lē′nik, si-len′ik), *adj.* سیلینی (کیمیا)؛ هی ترشی سیلینیۆم.

selenic acid, ترشی سیلینیۆم (کیمیا).

selenite (sel′ə-nīt´), *n.* سلنیات؛ گەچی بلووری.

selenium (si-lē′ni-əm), *n.* سیلینیۆم؛ توخمێکی گۆگردی ناگانزایی‌یە (کیمیا).

selenography (sel´i-nog′rə-fi), *n.* جوگرافیای مانگ؛ لێکۆڵینەوەی ڕووی مانگ.

-selenographer *(n.)* ; **selenographic** *(adj.).*

selenology (sel´i-nol′ə-ji), *n.* مانگناسی (ئەستێرەوانی)؛ لێکۆڵینەوەی مانگ لەڕووی ئەستێرەوانی‌یەوە.

-selenologic *(adj.)*; **selenologist** *(n.).*

self (self), *n.* (١) خۆ؛ خود؛ کەس؛ دەروون. (٢) سەروشتی خۆیی؛ کەسێتی؛ تایبەخۆی کەسێک. (٣) سوودی خۆ؛ خۆخۆیی؛ من مۆکی؛ خۆ: *(thinking of ~ alone)*

pron. خۆم؛ خۆت؛ خۆی.

adj. (١) هەمان؛ دەقاودەق. (٢) یەک جۆر؛ یەک؛ وەک ئەو شتەی تۆ کە لەگەڵی بەکاردەهێنرێت (جل‌وبەرگ): *(a ~ scarf, lining, etc.)*

self- (self), پێشگرێکە بەمانای: (ا) بە خۆکرد؛ خۆ: *(~ restraint)* . (ب) خۆکرد؛ خۆکردە: *(~ appointed)* . (ج) بۆ خۆ؛ هەر خەمی خۆ بوون: *(~ centered)* . (د) بۆ خۆ (نێرراو)؛ بە خۆ کراو: *(~ addressed ; ~ content)*

self-abandonment (self′ə-ban′dən´mənt), *n.* خۆشی پەرستی؛ جڵەو بۆ خۆ شل کردن؛ خۆ بەرەڵاکردن.

self-abasement (self′ə-bās′mənt), *n.* خۆ سووک کردن؛ خۆ ڕیسواکردن.

self-abnegation (self′ab-ni-gā′shən), *n.* بەتەنگ خۆوە نەهاتن؛ گوێ بە سوودی خۆ نەدان لەبەر هی خەڵک.

self-absorption (self′əb-sôrp′shən), *n.* هەر خەمی سوودی خۆ بوون؛ لەبیرچوونەوەی هەموشتێکو هەر خەریکی خۆ بوون.

self-abuse (self′ə-būs′), *n.* (١) خۆ سووک کردن؛ خۆ شکاندن؛ لە خۆ کەمکردنەوە. (٢) دەسپەڕ.

self-acting (self′ak′tiŋ), *adj.* خۆبزوێن؛ نۆتۆماتیکی.

self-acceptance, خۆ پەسەندکردن؛ خۆ لا باش بوون.

self-addressed (self′ə-drest′), *adj.* ناونیشانی خۆ لەسەر نووسراو (پۆستە): *(a ~ envelope)* .

self-aggrandizement, خۆ زل کردن؛ ناوی خۆ زل کردن؛ خۆفشکردنەوە؛ بۆ ناو پەیداکردن کراوە.

self-appointed (self′ə-poin′tid), *adj.* خۆدانەر: (a ~ leader)

self-assertion (self′ə-sûr′shən), *n.* لەسەر مافی خۆ سووربوون؛ ملکەچ نەکردن.

self-assertive (self′ə-sûr′tiv), *adj.* سوور لەسەر مافی خۆ؛ مل شۆڕنەکەر.

-self-assertively *(adv.)* ; **self-assertiveness** *(n.).*

self-assurance (self′ə-shoor′əns), *n.* بڕوا بە خۆ بوون؛ بە خۆدا ڕاپەڕموون.

self-assured (self′ə-shoord′), *adj.* بڕوا بە خۆ بوو؛ بە خۆدا ڕاپەڕموو؛ پشت نەستوور.

self-centered (self′sen′tērd), *adj.* خۆپەرست؛ خۆویست؛ منمنۆکێکەر

self-collected (self′kə-lek′tid), *adj.* = **self-possessed**

self-colored (self′kul′ērd), *adj.* (١) یەك ڕەنگی (٢) ڕەنگی خۆیەتی (کالا).

self-command (self′kə-mand′, self′kə-mänd′), *adj.* = **self-control.**

self-complacency (self′kəm-plā′s'n-si), *n.* زۆر لە خۆ ڕازی بوون (لەبووی ڕەخنەوە).

self-complacent (self′kəm-plā′s'nt), *adj.* زۆر لە خۆ ڕازی (لەبووی ڕەخنەوە)

self-composed (self′kəm-pōzd′), *adj.* هێمن؛ لەسەرخۆ.

self-conceit (self′kən-sēt′), *n.* لەخۆبایی بوون؛ بەفیزی؛ فیز؛ لووت بەرزی؛ تڕێل.

self-conceited (self′kən-sēt′id), *adj.* لەخۆبایی؛ بەفیز؛ لووت بەرز؛ تڕێل.

self-confidence (self′kon′fə-dəns), *n.* بڕوا بە خۆ کردن؛ بە خۆدا ڕاپەڕموون

self-confident (self′kon′fə-dənt), *adj.* بڕوا بە خۆ کەر؛ بە خۆدا ڕاپەڕموو

self-conscious (self′kon′shəs), *adj.* (١) شەرمن؛ وا دەزانێت هەموو کەس هەر سەیری ئەو دەکات و بەمە تەریق دەبێتەوە. (٢) لەتەریق بوونەوە دێت: *(a ~ cough)* . (٣) زۆر سەرنج بە کردەوە و هەڵسان و دانیشتنی خۆی دەدات؛ زۆر ئاگای لە خۆیەتی.

self-contained (self′kən-tānd′), *adj.* (١) نەپێنباز؛ هەست و نەستی خۆ نەدرکێن؛ نەکراوە. (٢) خۆڕاگر؛ خۆدابینکەر؛ هێمن. (٣) هەموو پارچەکانی لە شوێنێکدان (مەکینە). (٤) سەربەخۆ؛ پێویستی بە هیچ کەسێك یا شتێکی تر نیە چونکە خۆی هەموو پێویستیەیەکی تێدایە: *(a ~ community)* .

self-content (self′kən-tent′), *adj.* لە خۆی ڕازیبە؛ بە بەشی خۆی قایلە.

n. لە خۆ ڕازی بوون؛ بە بەشی خۆ قایل بوون.

-self-contentment *(n.).*

self-contradiction (self′kon′trə-dik′shən), *n.* دژ بە خۆ بوون؛ لەگەڵ خۆ نەگونجان

self-contradictory (self′kon′trə-dik′tēr-i), *adj.* دژ بە خۆ؛ لەگەڵ خۆ نەگونجاو: *(a ~ statement, idea, etc.)* .

self-control (self′kən-trōl′), *n.* خۆڕاگرتن؛ خۆدابینکردن؛ دان بە خۆدا گرتن؛ خۆگرتن.

self-deceit (self′di-sēt′), *n.* = **self-deception.**

self-deception (self′di-sep′shən), *n.* خۆ خەڵەتاندن؛ خۆ بەهەڵەدابردن.

self-defense (self′d-fens′), *n.* خۆپاراستن (لە هێرش).

self-denial (self′di-nī′əl), *n.* خۆنەویستی؛ بەتەنگ خۆشی خۆوە نەهاتن؛ گوێ نەدان بە سوودو خۆشی خۆ.

-self-denying *(adj.).*

self-destruction (self′di-struk′shən), *n.* خۆ کوشتن

self-destructive (self′di-struk′tiv), *adj.* خۆکوژ؛ خۆخۆڕ؛ خۆ لەناوبەر؛ خۆ فەرتێنەر.

self-determination (self′di-tūr′mə-nā′shən), *n.* (١) مافی بڕیاردان بۆ خۆ. (٢) مافی چارەنووس؛ چارەنووسی خۆ نووسین؛ خودموختاری؛ خۆیی بوون.

self-devotion (self′di-vō′shən), *n.* خۆبەختکردن

self-discipline (self′dis′ə-plin), *n.* خۆدابینکردن؛ خۆگرتن؛ خۆڕاگرتن؛ دان بە خۆدا نان.

self-doubt, گومان لە (توانای) خۆ کردن.

self-driven (self′driv′'n), *adj.* خۆبزوێن؛ ئۆتۆماتیکی.

self-educated (self′ej′oo-kāt′id), *adj.* خۆ پەروەردەکەر؛ خۆ فێرکەر

self-effacement (self′i-fās′mənt), *n.* خۆ دەرنەخستن؛ حەز لە خۆ دەرخستن نەکردن؛ بێ فیزی.

self-employed, ئیش بۆ خۆ کەر؛ خاوەن ئیشی خۆ.

self-employment, ئیش بۆ خۆ کردن.

self-esteem (self′ə-stēm′), *n.* (١) ڕێز لە خۆ نان. (٢) شانازی بە خۆوە کردن.

self-evident (self′ev′i-dənt), *adj.* ناشکرا؛ دیار؛ ڕوون؛ بەڵگە نەویست.

self-examination (self′ig-zam′ə-nā′shən), *n.* لە بیرواو ڕەوشت و هەستی خۆ وردبوونەوە یا کۆڵینەوە.

self-exiled, ئاوارەی خۆکردە؛ خۆ ئاوارەکەر.

self-explaining (self′ik-splān′iŋ), *adj.* **self-explanatory.**

self-explanatory (self′ik-splan′ə-tôr′i), *adj.* ڕوونکردنەوەی ئاوێت؛ خۆ ڕوونکەرەوە؛ ناشکرا؛ ڕوون.

self-fertilization (self′fûr′t'l-ī-zā′shən), *n.* پەرینی خۆیی؛ چاك کردنی خۆیی؛ خۆ پەرین.

self-fulfillment (self′fəl-fil′mənt), *n.* ئاواتی خۆ هێنانەدی بە کۆششی خۆ

self-government (self′guv′ēr-mənt), *n.* (١) خۆدابینکردن؛ خۆڕاگرتن. (٢) سەربەخۆیی ئاوخۆ؛ ئۆتۆنۆمی. (٣) خۆ بەڕێوەبردن؛ دیموکراسی.

self-hardened (self′här′d'nd), *adj.* خۆڕەقکەر (پۆلا).

self-heal (self′hēl′), *n.* ڕووەکی دەرمانکەر یا چاککەرەوە.

self-help (self′help′), *n.* یارمەتی خۆ دان؛ کەوتنەفریای خۆ.

selfhood (self′hood), *n.* (١) کەسێتی؛ خۆیەتی. (٢) خۆپەرستی؛ خۆخۆیی؛ من منی.

self-importance (self′im-pôr′t'ns), *n.* خۆ بە زل زانین

self-important (self′im-pôr′t'nt), *adj.* خۆ بە زل زان.

self-imposed (self′im-pōzd′), *adj.* بەسەر خۆدا سەپێن؛ بەسەر خۆدا دەر: *(~ isolation, deadline, etc.)* .

self-improvement (self′im-prōōv′mənt), *n.* خۆ پێشخستن؛ خۆ باشترکردن؛ خۆ پەرە پێ سەندن.

self-induced (self′in-dōōst′, self′in-dūst′), *adj.* (١) خۆکرد؛ خۆ لە خۆ کەر: *(a ~ wound)* . (٢) خۆهاندەر (کارەبا).

self-induction (self′in-duk′shən), *n.* خۆهاندان (کارەبا)؛ هاندانی خۆیی.

self-indulgence (self′in-dul′jəns), *n.* بەر بۆ خۆ بەرەڵاکردن؛ جڵەو بۆ خۆ شل کردن.

self-indulgent (self′in-dul′jənt), *adj.* بەر بۆ خۆ بەرەڵاکەر؛ جڵەو بۆ خۆ شلکەر.

self-inflicted (self′in-flik′tid), *adj.* خۆ بە خۆ کرد؛ خۆکرد (a ~ wound)

self-interest (self′in′tēr-ist, self′in′trist), *n.* (١) سوودی خۆ؛ چاکە یا قازانجی خۆ. (٢) **selfishness** .

selfish (sel′fish), *adj.* خۆپەرست؛ منمنۆکێکەر؛ خۆویست.

selfishness (sel′fish-nis), *n.* خۆپەرستی؛ خۆخۆیی؛ منمنۆکی؛

خۆویست

self-knowledge (self′nol′ij), *n.* خۆناسین

توانا و ناتوانا و سروشتی خۆ زانین

selfless (self′lis), *adj.* خۆنەپەرست؛ بەتەنگ خۆوە نەهاتوو

self-loading (self′lōd′iŋ), *adj.* خۆداگرەوە (چەکی ئاگرین)

self-love (self′luv′), *n.* خۆ خۆشویستن؛ خۆویستن

self-made (self′mād′), *adj.* (١) خۆدروستکەر؛ خۆکرد؛ خۆکەر

(٢) خۆپێگەیێنەر؛ سەرکەوتوو بە کۆششی خۆ نەک بەیارمەتی خەڵک

(a ~ man)

self-mastery (self′mas′tēr-i, self′mäs′tēr-i), *n.* self-control.

self-opinionated (self′ə-pin′yən-āt′id), *adj.* (١) کەللەڕەق؛ سەرسەخت. (٢) لەخۆبایی؛ لووت بەرز

self-pollination (self′pol′ə-nā′shən), *n.* چاک کردنی خۆیی (ڕووەکناسی)؛ پەڕینی خۆیی

self-pollution (self′pə-lōō′shən), *n.* دەسپەڕ

self-portrait (self′pôr′trāt), *n.* وێنەی خۆ کێشراو (بە فڵچە یا نووسین)؛ وێنەی خۆی بە دەستی خۆ کراو

self-possessed (self′pə-zest′), *adj.* هێمن؛ لەسەرخۆ

-self-possession *(n.)*.

self-preservation (self′prez-ēr-vā′shən), *n.* خۆپاراستن (لە مەترسی و زیانو مردن... هتد)؛ خۆپارێزی

self-propelled (self′prə-peld′), *adj.* خۆپاڵنەر؛ خۆهاوێژ؛ پاڵ بە خوڕە نەر

self-protection (self′prə-tek′shən), *n.* – self-defense.

self-realization (self′rē-əl-ı-z ā′shən), *n.* خۆ بەدی هێنان؛ بەدی هێنانی تواناو لێهاتوویی خۆ

self-recording (self′ri-kôr′diŋ), *adj.* خۆ تۆمارکەر (ئامێر)

self-regard (self′ri-gärd′), *n.* بەتەنگ خۆوە هاتن

self-reliance (self′ri-lı′əns), *n.* پشت بە خۆ بەستن

self-reliant (self′ri-lī′ənt), *adj.* پشت بە خۆ بەست

self-renunciation (self′ri-nun′si-ā′shən), *n.* بەتەنگ خۆوە نەهاتن؛ گوێ بە سوود و چاکەی خۆ نەدان (لەبەر خاتری خەڵک)

self-reproach (self′ri-prōch′), *n.* لۆمەی خۆ کردن

-self-reproachful *(adj.)*.

self-respect (self′ri-spekt′), *n.* ڕێزی خۆ گرتن

self-respecting (self′ri-spek′tiŋ), *adj.* ڕێزی خۆ گر

self-restraint (self′ri-strānt′), *n.* self-control.

self-righteous (self′rī′chəs), *adj.* خۆ بە ڕاست و پاکو چاک زان؛ خۆ بە چاکترو پاکترو ڕاستتر دانەر لە خەڵک

-self-righteously *(adv.)* ; self-righteousness *(n.)*.

self-rising (self′rız′iŋ), *adj.* خۆهەڵهاتوو (بەبێ هەویرترش وەک هەندێک ئاردو هەویر)

self-rule (self′rōōl), *n.* self-government.

self-sacrifice (self′sak′rə-fīs′), *n.* خۆبەختکردن؛ خۆ کردن بە قوربانی؛ لەخۆبوردن

self-sacrificing (self′sak′rə-fīs′iŋ), *adj.* خۆبەختکەر؛ لەخۆبوردوو؛ خۆ بە قوربانیکەر

self-same (self′sām′), *adj.* هەمان

self-satisfaction (self′sat-is-fak′shən), *n.* لە خۆ ڕازی بوون؛ دڵ بە خۆ خۆش بوون

self-satisfied (self′sat′is-fīd′), *adj.* لە خۆ ڕازی؛ دڵ بە خۆ خۆش

self-seeker (self′sēk′ēr), *n.* کەسێکی خۆپەرست؛ کەسێک کە هەر شوێن سوودی خۆی بکەوێتو هەر بەتەنگ خۆیەوە بێت

self-seeking (self′sēk′iŋ), *adj.* خۆپەرست؛ هەر شوێن سوودی خۆ کەوتوو؛ هەر بەتەنگ خۆوە هاتوو: *(a ~ person)*

self-service (self′sūr′vis), *n.* خزمەت یا بەردەستی خۆ کردن (لە چێشتخانەو بەنزیخانە... هتد)دا.

adj. تایبەتێیە بە شوێنێک کە کڕیار خۆی خزمەت یا بەردەستی خۆی تێدا بکات؛ خۆکەر: *(a ~ cafeteria, gas station,etc.)*.

self-sown (self′sōn′), *adj.* خۆچێن (وەک تۆوێک کە بەهۆی با و ئاوەوە تۆو دەدرێت و دەڕوێت نەک بە دەست).

self-starter (self′stär′tēr), *n.* خۆخەرەکار (مەکینە).

self-styled (self′stīld′), *adj.* خۆ وەها ناوی وەها لەخۆ نەر: (a ~ revolutionary, guardian of democracy, etc.)

self-sufficiency (self′sə-fish′ən-si), *n.* خۆ بەس بوون؛ سەربەخۆیی ئابووری؛ پێویست بە کەسی تر نەبوون؛ پێویست بە یارمەتی کەسی تر نەبوون.

self-sufficient (self′sə-fish′ənt), *adj.* (١) سەربەخۆیی دارایی؛ پێویستی بە کەس و هیچی تر نێیە لە دەرەوە؛ خۆبژێن: *(an agriculturally ~ region)*

(٢) لەخۆبایی؛ بە خۆ ناز.

self-support (self′sə-pôrt′, self′sə-pōrt′), *n.* خۆ فێرکردن؛ خۆ ژیاندن.

-self-supported *(adj.)*.

self-supporting (self′sə-pôr′tiŋ), *adj.* خۆ بەخێوکەر؛ خۆبژێن.

self-sustaining (self′sə-stā′iŋ), *adj.* = self- supporting.

self-taught (self′tôt′), *adj.* خۆ فێرکەر.

self-torture (self′tôr′chēr), *n.* خۆ چەوساندنەوە؛ خۆ ئازاردان.

self-will (self′wil′), *n.* سەرسەختی؛ کەللەڕەق.

self-willed (self′wild′), *adj.* سەرسەخت؛ کەللەڕەق.

self-winding (self′win′diŋ), *adj.* خۆ قوڕمیشکەر.

sell (sel), *v.t.* (١) فرۆشتن؛ فرۆتن (٢) بازرگانی پێوەکردن.

(٣) (ا) دانەوەی کەسێک بە دوژمنەکانی بۆ پارە؛ دانەوە دەست.

(ب) وڵات فرۆشتن. (٤) خۆفرۆشتن.

(٥) بڕەوپێدان: *(Publicity ~s a product.)*.

(٦) (on ~) پێ سەلماندن (پایەخ یا چاکی شتێک):

(He was sold on the idea, scheme, product, etc.)

(٧) [Slang]، هەڵخەڵەتاندن؛ دەستبڕین؛ ساختەلێکردن.

v.i. (١) فرۆشتن؛ فرۆتن.

(٢) فرۆخت هەبوون؛ بەبڕەوبوون: *(an item that ~s well)*.

(٣) بە نەوەندە فرۆشران؛ بەو نرخە فرۆشران:

(Shirts ~ for ten dollars.)

(٤) پەسەندکران؛ بەدڵ بوون: *(Do you think the idea will sell?)*.

n. (١) فرۆشتن؛ شێوازی فرۆشتن؛ فرۆشیاری: *(hard ~)*.

(٢) [Slang]، فێڵ؛ ساختە.

sell off, هەموو فرۆشتن (بەتایبەتی بە هەرزان)؛ ساغ کردنەوە.

sell oneself, (١) خۆفرۆشتن.

(٢) [Colloq.]، بایەخ و لێهاتوویی خۆ پێ سەلماندن:

(You have to sell yourself at a job interview.)

sell out, (١) فرۆشتن؛ هەموو فرۆشتن (بەشی کۆمپانیا):

(He sold out his share of the business and retired.)

(٢) هەموو فرۆشتن؛ هیچ نەمان: *(We are sold out of small sizes.)*

(٣) [Colloq.]، ناپاکی کردن (بەرامبەر بە بیروڕا یا برادەر)؛ خۆفرۆشتن

sell up, (١) هەموو فرۆشتن.

(٢) [British]، (ا) فرۆشتنی هەموو شتی کەسێکی نابووت بۆ قەرزدانەوە

(ب) فرۆشتنی هەموو شتوومەکی کەسێک.

seller (sel′ēr), *n.* (١) فرۆشیار؛ فرۆشەر؛ فرۆش.

(٢) فرۆتەنی. بەتایبەتی بەگوێرەی فرۆخت یا بەبرەو و بێ برەوی):
[*a best* (or *good* or *poor*) ~]

seller's market, بازاڕی فرۆشیار: دۆخێکی بازارە کە بۆ فرۆشیار چاکە لەبەر کەمی فرۆتەنی. (هەروەها: " sellers' market ").

selling (sel′iŋ), *adj.* . *(the ~ price of a house)* (١) هی فرۆشتن. (٢) فرۆش. (٣) بەفرۆخت؛ بەبرەو.

sell-off, نرخ شکانێکی لەپڕو زۆر فرۆشتن (پارەبازی).

sell-out (sel′out′), *n.* (١) هەموو فرۆشتن. (٢) نامەنگێکە کە هەموو بلیتەکانی فرۆشرابێت: *(a ~ concert)* . (٣) کەسێکی خۆفرۆش؛ ناپاک (بەرامبەر بە بیروپای زووی ئەو کەسە خۆی).

seltzer (selt′sēr), *n.* کاناوی کەف‌وکولاوی؛ جۆرێکە لە کاناو.

selvage, selvedge (sel′vij), *n.* (١) پەراوێزی داگیراوەی کالاو بەپەو قاڵی (بۆ هەڵنەوەشانەوە). (٢) کونە قفڵ

selves (selvz), *n. plural of* self.

semantic (sə-man′tik), *adj.* (١) تایبەتی بە مانای جۆراوجۆرو گۆڕینی مێژوویی مانای ووشە. (٢) بەپێی زانستی " semantics " .

semanticist (sə-man′tis-st), *n.* ماناناسی جۆراوجۆری ووشەو گۆڕانی مێژوویی ئەم مانایانە (زمانەوانی).

semantics (sə-man′tiks), *n.pl.* (١) زانستی گۆڕان‌و هەمەمانایی ووشە؛ ماناناسی جۆراوجۆری ووشەو گۆڕانی مێژوویی ئەم مانایانە. (٢) زانستی پەیوەندی نیشانەو مانای (دەروونناسی، ژیریێزی).

semaphore (sem′ə-fôr´, sem′ə-fōr´), *n.* (١) دەزگای نیشانەدان بە چراو ئالاو بالی خۆبزوێن (وەک هی پێگەی شەمەندەفەر). (٢) جۆرێکە لە نیشانەدان بە دوو ئالا هەریەکەی بە دەستێکەوە. *v.t. & v.i.* نیشانەدان بەم شێوەیە.

semasiology (si-mā´si-ol′ə-ji), *n.* = semantics.

sematic (si-mat′ik), *adj.* وورپاکەرەوە (وەک ڕەنگی هەندێک ماری ژەهراوی)؛ هی ئاگاداری مەترسی

semblable (sem′blə-b'l), *adj.* (١) چوونیەک. (٢) شیاو؛ گونجاو (٣) پرواڵەتی؛ درۆزنە؛ ڕووکەشی.

n. (١) شتی چوونیەک. (٢) لەیەکچوون؛ چوونیەکی.

semblance (sem′bləns), *n.* (١) پرواڵەت؛ ڕووکەش؛ ڕووخسار: *(He bears the ~ of an angel and the heart of a devil.)* (٢) نەخت؛ نەختان؛ تۆز. (٣) وێنە. (٤) لەیەکچوون؛ لەیەکچوونی ڕووکەشی.

semé (sə-mā′), *adj.* بە نەخشی وورد ووردی وەک نەستێرە یا گوڵ یاڵاوە (دروشمی خانەدانی‌و سوارچاکی).

semeilogy (sē´mī-ol′ə-ji), *n.* = semiology.

semeioic (sē´mī-ot′ik), *adj.* = semiotic.

semen (sē′mən), *n.* تۆماو؛ تۆوی پیاو؛ ئاوی پیاوو گیاندار.

semester (sə-mes′tēr), *n.* (١) نیوسان؛ شەش مانگ. (٢) وەرزی نیوسانەی زانکۆو قوتابخانە؛ وەرزی قوتابخانە.

semi- (sem′i, sem′ə), پێشگرێکە بەمانای: (ا) نیو؛ نیوە: *(semidiameter)* (ب) نیمچە *(semicivilized)* . (ج) نیو؛ دووجار لە ماوەیەکی تایبەتیدا: *(semiannually)* .

semiannual (sem´i-an′ū-əl), *adj.* (١) هەر نیو سان جارێک؛ نیوسالانە: *(a ~ journal)* . (٢) نیوسالی (ڕووەک)؛ نیو سان دەژی: *(a ~ plant)* .

-semiannually *(adv.).*

semi-automatic (sem´i-ô´tə-mat′ik), *adj.* (١) نیو- ئۆتۆماتیکی مەکینە؛ نیمچە ئۆتۆماتیکی (٢) نیو ئۆتۆماتیک (چەکی ئاگرین).

n. چەکێکی ئاگرینی نیو ئۆتۆماتیک

semibreve (sem′ə-brēv´), *n.* ئۆتەیەکی تەواوی مۆسیقا.

semi-centennial (sem´i-sen-ten′i-əl), *adj.* (١) نیوسەدەیی؛ هەر پەنجا سان جارێک ڕووبەدات؛ پەنجا ساڵە. (٢) پەنجا سان خایەن.

n. یادی پەنجا ساڵە

semi-circle (sem′ə-sūr´k'l), *n.* (١) نیو بازنە. (٢) شتێکی نیوبازنەیی؛ چەند شتێکی بە شێوەی نیوبازنەیی پێکخراو.

semi-circular (sem´ə-sūr′kyoo-lēr), *adj.* نیوبازنەیی.

semi-circular canal, بۆری نیوبازنەیی گوێچکەی ناوەوە.

semi-civilized (sem´ə-siv′l-īzd´), *adj.* نیمچە شارستانی.

semi-colon (sem′ə-kō´lən), *n.* وێرگوڵی خاڵدار؛ خاڵ‌وبۆر.

semi-conductor (sem´i-kən-duk′tēr), *n.* نیمچە گەیێنەر (کارەبا).

semi-conscious (sem´ə-kon′shəs), *adj.* نیمچە هۆشیار؛ نیو بەهۆش؛ نیمچە بێ هۆش.

semi-diameter (sem´i-dī-am′ə-tēr), *n.* نیوەتیرە (نەندازە).

semi-diurnal (sem´i-dī-ūr′n'l), *adj.* نیوڕۆژ: (ا) نیوڕۆژ دەخایەنێت (زەستێرەناسی). (ب) هەر دوانزە سات جارێک ڕووبەدات (بەرزاوو نیشتاو)؛ هەر نیوبڕۆژ جارێک ڕووبەدات.

semi-dome (sem′ə-dōm´), *n.* نیمچە گوومەز؛ نیوە گوومەز.

semi-elliptical (sem´i-i-lip′ti-k'l), *adj.* نیمچە هێلکەیی.

semi-final (sem´ə-fī′n'l), *adj.* نیمچە هەرەدوایی (پێشبڕکێ، یاری).

n. پێشبڕکێی نیمچە هەرەدوایی.

semi-fluid (sem´ə-flōō′id), *adj.* نیمچە شلە.

n. ماددەی نیمچە شلە.

semi-formal (sem´ɔ-fôr′m'l), *adj.* (١) نیمچە ڕەسمی: (a ~ occasion, reception, party, etc.) (٢) بۆ بۆنەیەکی نیمچە ڕەسمی شیاو.

semi-glass, نیمچە بریقەدار (بۆیە)

semi-liquid, نیمچە شلە.

semi-lunar (sem´i-lōō′nēr), *adj.* وەک مانگی یەک شەوە؛ دەمە ماسولکەیی؛ کەوانەیی.

semi-lunar bone, ئێسقانی کەوانەیی (ئەژنۆ).

sem-lunar valve, زمانەی کەوانەیی (دڵ)؛ کەوانە زمانە.

semi-monthly (sem´ə-munth′li), *adj.* نیومانگی؛ هەر نیو مانگ جارێک دەردەچێت.

n. گۆڤارێکی نیومانگی؛ گۆڤارێکی دووهەفتەیی.

adv. نیومانگی؛ دووهەفتەیی؛ هەر نیو مانگ جارێک.

seminal (sem′ə-n'l), *adj.* (١) تۆماوی؛ تۆواوی؛ تۆوی: (~ fluid) (٢) زاوزێکەری: *(~ power)* . (٣) تۆوی؛ تۆوی پەرەسەندنی دواپۆژی تێدایە؛ شتی لێ دەبێتەوە؛ سەرچاوەیی: *(~ ideas, minds, etc.)* .

seminar (sem′ə-när´), *n.* سیمینار: (ا) کۆڕی خوێندن؛ پۆلێک لە قوتابیانی زانکۆ کە لە باسێک دەکۆڵنەوە بە سەرپەرشتی مامۆستا؛ کۆڕسی زانکۆ. (ب) باسی ئەم کۆڕە. (ج) ژووری گرتنی ئەم کۆڕە.

seminarian (sem´ə-när′i-ən), *n.* قوتابی زانستگای ئایینی.

seminary (sem′ə-ner´i), *n.* (١) سەرچاوە؛ کانگا (مەجاز): (Slums are ~ies of crime.) (٢) زانستگای بەرزی تایبەتی کڵێسا. (٣) قوتابخانەی ئایینی (بۆ پەروەردەکردنی قەشە). (٤) seminar .

semination (sem´ə-nā′shən), *n.* (١) بڵاوکردنەوە. (٢) تۆو وەشاندن؛ تۆودان؛ تۆوچاندن.

seminiferous (sem´ə-nif′ēr-əs), *adj.* (١) تۆودەگری؛ تۆوی تێدایە. (٢) تۆماوی؛ تۆواوی؛ تۆماو دروست دەکات یا دەگەیێنێت

seminivorous (sem´ə-niv′ēr-əs), *adj.* تۆوخۆر؛ بە تۆو ژیاو
semi-nomad, نیمچە کۆچەر.
-semi-nomadic *(adj.).*
semi-official (sem´i-ə-fish′l), *adj.* نیمچە ڕەسمی
semiology (sē´mī-ol′ə-ji), *n. Also* **semeiology,** (١) (ا) زمانی نیشانە؛ زانستی نیشانە. (ب) نیشانە بەکارهێنان (ڕێگەی شەمەندەفەر).
(٢) symptomatology.
semiotic (sē´mī-ot′ik), *adj.* (١) تایبەتی بە نیشانەو زمانی نیشانە (٢) تایبەتی بە نیشانەی نەخۆشی.
semi-palmate (sem´ə-pal′māt), *adj.* نیمچە لەپی (وەک پەنجەی پێی نیوە تەنراوی هەندێک باڵندەی بە ئاودا ڕۆیشتوو). (هەروەها " semi-palmated ").
semi-parasitic (sem´ə-par´ə-sit′ik), *adj.* نیمچە لاوورگە (زیندەوەرزانی: ڕووەکناسی)؛ نیمچە مشەخۆر.
semi-permanent, نیمچە هەمیشەیی
semi-permeable (sem´ə-pūr′mi-ə-b'l), *adj.* نیمچە دەڵنەر؛ نیمچە دەڵێر؛ هەندێک شتی پێدا دەچێت (پەردە).
semi-political (sem´i-pə-lit′i-k'l), *adj.* نیمچە ڕامیاری
semi-porcelain (sem´ə-pôr′sə-lin), *adj.* وەک فەخفوری وایە؛ لەچینی دەچێت
semi-postal, نیمچە پۆستەیی؛ تایبەتێیە بە پووڵێکی پۆستە کە لە نرخی خۆی بە گرانتر دەفرۆشرێ بۆ پارە کۆکردنەوە بۆ پرۆژەی خێرخوازی.
semi-precious (sem´ə-presh′əs), *adj.* نیمچە بەنرخ(بەرد. گەوهەر)؛ نەختێک بەنرخ *(a ~ stone or gem)* .
semi-private (sem´ə-prī′vit), *adj.* نیمچە تایبەتی (ژووری خەستەخانەی دووجێکەیی): *(a ~ room in a hospital)* .
semipro (sem′i-prō´), *adj. & n.* [Colloq.], = **semiprofessional.**
semi-professional, (١) هی یاریکەرێکە کە نیمچە سەرمەڕ بۆ پارە یاری دەکات هەر وەک پیشەی بێت. (٢) لەم جۆرە یاریکەرانە پێکهاتوو (تیپ)؛ هی ئەم جۆرە یاریەیە
n. (١) یاریکەرێکە کە بە نیمچە سەرمەڕ بۆ پارە یاری دەکات. (٢) کەسێکە کە نیش‌وکارەکەی وەک پیشە وایە
semiquaver (sem′ə-kwā´vēr), *n.* = sixteenth note.
semiskilled (sem′ə-skild´), *adj.* (١) نیمچە کارامە (a ~ worker)
(٢) پێویست بە کرێکاری نیمچە کارامە دەکات.
semi-solid (sem´ə-sol′id), *adj.* نیمچە ڕەق؛ نیمچە توند
n. شتی نیمچە توند یا نیمچە پتەو (هەویر، جەلاتین).
Semite (sem′īt, sē′mīt), *n.* سامی کەسێکی سامی (کە جوولەکەو عەرەب و ئاشووری و فینیقی و بابلی... هتد دەگرێتەوە). (ئێستە بەتایبەتی " جوولەکە" دەگرێتەوە).
Semitic (sə-mit′ik), *adj.* (١) سامی؛ هی ئەتەوە سامییەکان. (٢) هی زمانە سامییەکان (وەک عەرەبی، عیبری... هتد).
Semitics (sə-mit′iks), *n.pl.* سامیناسی لێکۆڵینەوەی زمانو وێژەو کلتووری ئەتەوە سامییەکان.
Semitism (sem′ə-tiz'm, sē′mə-tiz'm), *n.* (١) زاراوە یا ووشەی سامی (٢) سامێتی؛ تایبەخۆر خور و نەریتی سامی (٣) لایەنگری جوولەکە.
semi-tone (sem′ə-tōn´), *n.* نیو ئاوازی مۆسیقا. (پێشی دەوترێ " half tone " و " half step ").
semi-transparent, نیمچە ڕۆشن؛ شتی نەختێک لێوە دەبینرێ.
semi-tropical (sem´ə-trop′i-k'l), *adj.* نیمچە گەرم؛ نەختێک لە هی ناوچەکانی پشتێنەی زەوی دەچێت (~ weather, fruits, etc.)

semi-vowel (sem′ə-vou´əl), *n.* تیپی نیمچە بزوێن (وەک " y " لە " yoke "دا و " w " لە " wall "دا).
semi-weekly (sem´ə-wēk′li), *adj.* نیوەهەفتەیی.
n. گۆڤارێکی نیوەهەفتەیی؛ شتێکە کە هەر نیوەهەفتە جارێک یا هەفتەی دووجار ڕووبدات.
adv. هەفتەی دووجار؛ هەر نیوەهەفتە جارێک.
semi-yearly (sem´ə-yêr′li), *adj.* نیوسالی؛ شەش مانگ.
n. گۆڤارێکی نیوسالی؛ شتێکە کە هەر شەش مانگ جارێک یا سالی دووجار ڕووبدات.
adv. سالی دووجار؛ هەر شەش مانگ جارێک.
semolina (sem´ə-lē′nə), *n.* بڕوێش.
semper (sem′pēr), *adv.* [L.], = always.
semper fidelis (fi-dē′lis, fi-dā′lis), [L.], هەمیشە دڵسۆز.
semper paratus (pə-rā′təs), [L.], هەمیشە ئامادە.
sempiternal (sem´pi-tūr′n'l), *adj.* = eternal.
sempiternity (sem´pi-tūr′nə-ti), *n.* = eternity.
sempstress (sem′stris, semp′stris), *n.* = seamstress.
sen (sen), *n.* پارەیەکی کەم نرخی یابانییە.
senary (sen′ēr-i), *adj.* شەشی.
senate (sen′it), *n.* (١) ئەنجوومەنی ڕیش سپیان؛ ئەنجوومەنی سەرگەورەکان. (٢) ئەنجوومەنی هەرە بەرزی پڕمای کۆن. (٣) ئەنجوومەنی یاسادانەران. (٤) [S-]، (ا) ئەنجوومەنی " سەرووی" کۆنگرێسی ئەمەریکا. (ب) لقی " سەرووی " پەرلەمانی گەلێک لە دوولأتە یەککڕتووەکانی ئەمەریکا. (ج) ئەنجوومەنی " سەرووی" پەرلەمانی کەنەداو فەرەنساو هەندێک دوولأتی تر (٥) شوێنی کۆبوونەوەی ئەم ئەنجوومەنە. (٦) ئەنجوومەنی بەرزی زانکۆ (کە لە مامۆستاکان پێکدێت).
senator (sen′ə-tēr), *n.* سەنەتۆر: ئەندامی ئەنجوومەنی " سەرووی" کۆنگرێسی ئەمەریکا؛ نوێنەری لقی " سەرووی" پەرلەمان.
senatorial (sen´ə-tôr′i-əl, sen′ə-tō′ri-əl), *adj.* سەنەتۆری: (ا) تایبەتی بە سەنەتۆرو ئەنجوومەنی سەنەتۆران؛ بۆ سەنەتۆر شیاو. (ووشەی " senate " ببینە) (ب) لە سەنەتۆرەکان پێکهاتووە. (ج) مافی هەڵبژاردنی سەنەتۆرێکی هەیە (ناوچەی هەڵبژاردن).
senatorship (sen′ə-tēr-ship´), *n.* سەنەتۆرێتی؛ پلەوپایەو دەسەڵاتی سەنەتۆر.
send (send), *v.t.* (١) (ا) ناردن (شتومەک): (The medicine was sent by plane.)
(ب) ناردن (نامە، پۆستە، بروسکە)؛ ڕەوانەکردن.
(٢) دەربڕین بۆ ناردن؛ ناردن: *(She ~s her love.)* .
(٣) (ا) پەیام پیا ناردن؛ ناردن بە پەیامبەری: *(to ~ an envoy)* .
(ب) ناردن (بۆ خوێندن، کار...هتد): *(His father ~ him to college.)* .
(ج) دەرکردن: *(~ the guard away.)* .
(د) والێکردن کە بڕۆن؛ پێ چۆڵ کردن: (The news sent them hurrying home.)
(٤) لێ هاتنەدەرەوە؛ لێ دەرچوون؛ دانەوە: (The explosion sent a cloud of smoke high in the air.)
(٥) هاویشتن؛ فڕێدان: *(He sent the ball over the trees.)* .
(٦) والێکردن: *(The noise will ~ him out of his mind.)* .
(٧) بوون بەهۆی ڕووداو.
v.i. ناردن (پەیام، پەیامبەر).
send (one) about his business, دەرکردن.
send away, دوورخستنەوە؛ دەرکردن؛ لە کۆڵ خۆ کردنەوە.
send away for, داواکردن بە پۆستە.
send back, ناردنەوە؛ گەڕانەوە.
send down, [British], لە زانکۆ دەرکردن (قوتابی).

send flying, (۱) دەرکردن (۲) ڕافراندن؛ ڕاونان. (۳) پرش‌و بلأوکردنەوە بە هەموولایەکدا.

send for, (۱) ناردن بە دوادا؛ ناردن بە شوێندا؛ داوای هاتنی کەسێک کردن (۲) داواکردن (بە پۆستە یا تەلەفۆن).

send forth, لێ هاتنەدەرەوە؛ لێ بوونەوە (ڕووناکی، دووکەڵ، تۆز).

send in, ناردن؛ دانەدەست؛ بۆ ناردن:

(Send in your request now.)

send off, (۱) ناردن (نامە، دیاری). (۲) دەرکردن (۳) بەڕێ کردن؛ ڕەوانەکردن؛ خواحافیزی لێکردن؛ ڕایی کردن.

send out, (۱) ناردن بە هەموولایەکدا؛ ناردن:

(to send out Christmas cards)

(۲) لێ بوونەوە (ڕووناکی، گەرمی).

(۳) دەرکردن (گەڵا، ڕەگ، یا تەرزەی تازە).

send (someone) packing, دەرکردن (بەتایبەتی لەپڕ).

send up, (۱) نارەنە سەرەوە.

(۲) [Colloq.] خستنە بەندیخانەوە.

send (send), *n. & v.t.* = scend.

sendal (sen′d'l), *n.* سێندل: کالایەکی ناوڕیشمی تەنکە.

sender (sen′dĕr), *n.* نێرەر؛ بنێر؛ پەیامنێر.

send-off (send′ôf´), *n.* (۱) بەڕێ کردن؛ ڕەوانەکردن؛ خواحافیزی لێکردن (۲) ئاواتەخوازی سەرکەوتن بۆ کردن (لە دەستپێکردنی کارێکدا).

(۳) دەستپێکردن؛ یارمەتیدانی دەستپێکردن؛ ڕایی کردن؛ خستنەسەر ڕێ.

senectitude (sə-nes′n-tə-tūd´), *n.* پیری؛ پیرێتی

senescence (sə-nes′'ns), *n.* پیربوون؛ پیری؛ پیرێتی.

senescent (sə-nes′'nt), *adj.* پیر؛ بەساڵداچوو.

seneschal (sen′ə-shəl), *n.* سەرکاری دەرەبەگ.

senhor (se-nyôr′), *n.* سنیۆر: نازناوی پیاوی پورتوگاڵیی (وەک " کاک ").

senhora (se-nyôrä), *n.* سنیۆرا: نازناوی ئافرەتی مێرددارە پورتوگاڵیە. (وەک " خاتوون " ، " خاتوو " ، " خانم " ، " خان ").

senhorita (se´nyô-rē′tä), *n.* سنیۆریتا: نازناوی کچی پورتوگاڵیی (وەک " خانم " ، " خان ").

senile (sē′nīl, sē′nil), *adj.* (۱) پیر؛ بەساڵداچوو.

(۲) خڵەفاو؛ مێشک سووک (بەهۆی پیرییەوە).

(۳) بەتەواوی خوراوەتەوە (زەمینناسی).

senility (sə-nil′ə-ti, sē-nil′ə-ti), *n.* (۱) پیرێتی؛ پیری.

(۲) خڵەفان؛ خڵەفاوی؛ مێشک سووکی (لە پیریدا).

senior (sēn′yēr), *adj.* (۱) گەورەتر لە تەمەندا؛ پیرتر (بەتایبەتی باوکو کوڕێک کە هەمان ناویان هەبێت).

(۲) سەرگەورە؛ بالأتر؛ بەپلەوپایەتر؛ سەرەک: *(~ clerk, senator, etc.)* .

(۳) تایبەتی بە دوا ساڵی قوتابخانەی ناوەندی‌و زانکۆ: *(the ~ class)* .

n. (۱) کەسێکی بەتەمەنتر.

(۲) سەرەک؛ کەسێکی بالأتر یا بەپلەوپایەتر؛ کەسێکی کۆنتر لەکارێکدا.

senior citizen, کەسێکە لە تەمەنی خانەنشینی‌و ژوورتردا بێت؛ هاوڕاتی پیر یا بەتەمەن.

senior high school, قوتابخانەی ئامادەیی؛ قوتابخانەی ناوەندی بەرز (کە پۆڵ دەو یانزەو دوانزە، واتە چوارو پێنجو شەش دەگرێتەوە).

seniority (sēn-yôr′ə-ti, sēn-yŏr′ə-ti), *n.* (۱) تەمەن گەورەتری (لە کەسێک یا چەند کەسێکی تر). (ب) سەرەکێتی؛ سەرگەورەیی؛ بەپلەوپایەتری؛ بالأتری. (۲) لەپێشتربوون لە هاوکاران (بەهۆی زۆری خزمەتەوە)؛ کۆنتری لە ئیشوکاردا.

senna (sen′ə), *n.* (۱) ڕووەکێکی پاقلەیی گوڵ زەردو سوورە.

(۲) گەڵای ئەم ڕووەکە (کە بۆ مەبەستی پزیشکی وەک ڕەوانی بەکاردێت).

sennet (sen′it), *n.* دەنگی زۆرنا (لە هاتنەسەر شانۆو ڕۆیشتنی نەکتەری شانۆنامەی ئینگلیزی " ئیلیزابیسی"دا لێدەدرا).

sennit (sen′it), *n.* (۱) گوریسی هۆنراوە (کەشتیوانی).

(۲) پووش‌و گیاو گەڵای دارخورمای هۆنراوە (بۆ شەپقە دروستکردن).

señor (se-nyôr′), *n.* سنیۆر: نازناوی پیاوە لە زمانی ئیسپانیدا (وەک " کاک ").

señora (se-nyô′rä), *n.* سنیۆرا: نازناوی ئافرەتی مێرددارە لە زمانی ئیسپانیدا (وەک " خاتوون " ، " خاتوو " ، " خانم " ، " خان").

señorita (se´nyô-rē′tä), *n.* سنیۆریتا: نازناوی کچە لە زمانی ئیسپانیدا (وەک " خان" ، " خانم").

sensate (sen′sāt), *adj. Also* sensated, هەستپێکراو.

sensation (sen-sā′shən), *n.* (۱) هەست:

(Hearing, seeing, touching, tasting and smelling are ~s.)

(۲) هەستکردن: *(a ~ of cold)* .

(۳) موورچرکە؛ تەزوو.

(٤) وروووژانی گشتی؛ هەرا؛ جۆش: *(The news caused a great ~ .)* .

(٥) هۆی ئەم وروووژان یا هەراوهوریایە؛ پووداتێکی وروووژێنەر.

sensational (sen-sā′shən-'l), *adj.* (۱) هەستی.

(۲) (ا) هەست جوڵێنەر؛ وروووژێنەر: *(a ~ story; ~ news)* .

(ب) لە شتی وروووژێنەر یا هەست جوڵێن دروا: *(a ~ magazine)* .

(۳) نایاب؛ زۆرباش؛ دڵفڕێن.

-sensationally *(adv.)*.

sensationalism (sen-sā′shən-'l-iz'm), *n.* (۱) وروووژانخوازی (لە هونەرو وێژەو ڕۆژنامەگەریدا).

(۲) هەست پەرستی: بیروباوەڕێکی فەلسەفەییە کە دەڵێت: پێزانین‌و وەرگرتن‌و فێربوونی هەموشت لەڕێی هەستەوەیە.

sensationalist (sen-sā′shən-'l-ist), *n.* (۱) هوونەرمەند یا نووسەری وروووژێنەر. (۲) پەیڕەوێکەری بیروباوەڕی هەستی (ووشەی پێشوو ببینە).

sense (sens), *n.* (۱) هەست؛ هۆش.

(۲) (*pl.*)، هەستەکان.

(۳) (ا) هەستی هەڵسەنگاندن (ژمارەکی یا فێربوو): *(a ~ of timing)* .

(ب) هەستی تێگەیشتن یا زانین: *(a ~ of humor)* .

(ج) هەستی مەترسی کردن.

(د) هەستی دەروونی: *(a ~ of guilt)* .

(٤) (*pl.*)، هۆش؛ توانای بیرکردنەوەو بڕیاری ڕاست دان.

(٥) مانا؛ پوختەی باس؛ کرۆک:

(Few people grasped the ~ of his remarks.)

(٦) بەجێیی؛ دروستی: *(There is some ~ in what he says.)* .

(۷) هەڵوێستو ڕای گشتی تاقمێک یا کۆڕێک:

(What is the ~ of the meeting?)

v.t. (۱) هەستپێکردن؛ پێزانین؛ دەرک پێکردن:

(He ~d our hostility.)

(۲) [Colloq.]، تێگەیشتن؛ سەر لێ دەرچوون.

bring a person to his senses, هێنانەوە هۆش خۆ؛ واز لە کردەوەی شێتانەو بێ مێشکانە پێ هێنان.

in a sense, لە لایەکەوە؛ لە ڕوویەکەوە؛ لە سەرێکەوە؛ تا ڕادەیەک.

make sense, بەجێ بوون؛ مانا بەخشین؛ بە مێشکدا چوون.

make sense of, سەر لێ دەرچوون؛ لێ تێگەیشتن

senses, هۆش؛ بیروهۆش: *(come to your senses!)* .

senseless (sens′lis), *adj.* (۱) بێ هۆش؛ بوراوە؛ لە هۆش خۆ چوو.

(۲) بێ مێشک؛ کەر. (۳) بێ مانا؛ نابەجێ؛ نادروست؛ بێ سەروبن:

(a ~ act, plan, idea, etc.)

-senselessly *(adv.)* ; **senselessness** *(n.)*.

sense organ, ئەندامی هەست (چاو، گوێ...هتد).

sense perception, (۱) شت فێربوون یا پێزانین بەهۆی یەکێک لە هەستەکانەوە. (۲) ئەم توانایە.

sensibility (sen´sə-bil′ə-ti), *n.* (۱) هێزی هەست؛ توانای پێزانین؛ هۆش. *(the ~ of the skin)*
(۲) هەست تێژی؛ هەست تووندی. *(the ~ of a painter to color)*
(۳) هەستیاری؛ بەهەستی. *(~ to kindness)*
(٤) *(pl.)* هۆش و هەست؛ هەست جوولان؛ هەست بەرزی. *(The sufferings of the refugees shocked our ~ies.)*
(٥) دڵ ناسکی
(٦) *(pl.)* هەست ناسکی دەربارەی چاک‌وخراپی یا جوان‌و ناشرینی...هتد. *(Her ~ies are quickly offended.)*

sensible (sen′sə-b'l), *adj.* (۱) هەستپێکراو؛ زۆر. *(a ~ rise in tempreature)*
(۲) هەستی پێ دەکرێ؛ پێی دەزانرێ (لەپێی یەکێک لە هەستەکانەوە). *(~ phenomena)*
(۳) بەئاگا؛ ئاگادار؛ هەستیار. *(He was ~ to their grief.)*
(٤) بەهۆش؛ لەهۆش خۆ نەچوو؛ هۆشیار.
(٥) (ا) بەجێ؛ پەسەند؛ دروست؛ شیاو. *(a ~ idea, plan, etc.)*
(ب) ژیر؛ تێگەیشتوو. *(a ~ fellow)*

-sensibleness *(n.)* ; **sensibly** *(adv.)*.

sensitive (sen′sə-tiv), *adj.* (۱) هەستی؛ هۆشی؛ تایبەتی بە هەستەکان. (۲) هەستدار؛ هەستەوەر؛ هۆشیار؛ هەستیار.
(۳) تێژ (هەست). *(a ~ ear)*.
(٤) ناسک (برین). (٥) هەست بەرز؛ بەهەست.
(٦) دڵ ناسک؛ هەست ناسک؛ ناسک هەست
(۷) زۆر هەستیار یا ناسک (بۆ گەرمی، ساردی، ڕووناکی). *(Photographic film is ~ to light.)*
(۸) بێ بار؛ بگۆڕ؛ هەمیشە دەگۆڕێ. *(a ~ stock market)*

-sensitively *(adv.)* ; **sensitiveness** *(n.)*.

sensitive plant, ڕووەکی شەرمن. ڕووەکێکی قەف دڕکاوی گوڵ نەرخەوانیە گەلاکەی لوول دەبێت هەر کە دەستی لێوەدەدرێت.

sensitivity (sen´sə-tiv′ə-ti), *n.* (۱) هەستیاری؛ بەهەستی؛ هۆشیاری؛ هەستەوەری. (۲) دڵ ناسکی؛ ناسک هەستی.
(۳) پلەی هەستیاری یا ناسکی بۆ ڕووناکی (وێنەگەری).

sensitize (sen′sə-tīz´), *v.t.* (۱) هەست تێژکردنەوە؛ هەستیارکردن (پزیشکەوانی). (۲) هەستیارکردنی فیلم بۆ ڕووناکی (وێنەگەری).
v.i. هەست تێژبوونەوە؛ هەستیاربوون.

-sensitization *(n.)* ; **sensitizer** *(n.)*.

sensitometer (sen´sə-tom′ə-tēr), *n.* هەستیاری پێوەر (هی چاو یا فیلم بۆ ڕووناکی).

sensor (sen′sēr), *n.* ئامێری هەستکار (فیزیا).

sensorial (sen-sôr′i-əl, sen-sō′ri-əl), *adj.* = sensory.

sensorimotor, *adj. Also* sensomotor, هەستی- بزوێنی. تایبەتی بە هەستکردن‌و بزوان لە هەمان کاتدا (هەستە دەماغ).

sensorium (sen-sôr′i-əm, sen-sō′ri-əm), *n.* (۱) بەشی هەستیاری مێشک. (۲) کۆنەندام یا دەزگای هەستیاری لەش.

sensory (sen′sēr-i), *adj.* (۱) هەستی؛ هۆشی؛ تایبەتی بە پێنج هەستەکەی ناوەمیزاد. (۲) هەست یا سەرنج گەیێنەر لە نەندامی هەستەوە بۆ مێشک

sensual (sen′shōō-əl), *adj.* (۱) هەستی؛ لەشی؛ هی خۆشی لەش نەک مێشک *(~ pleasures)*.
(۲) (ا) تایبەتی بە خۆشی جووت بوون. (ب) بەئاڵوش؛ حەشەری.
(ج) هەوەس هەڵسێنەر؛ بەرەڵا؛ جوان‌و پان‌و پڕو هەوەس هەڵسێز.

sensualism (sen′shōō-əl-iz'm), *n.* (۱) زۆر سەرکردنەسەر خۆشی لەش؛ زۆر بەر بۆ خۆ بەرەڵاکردن‌و خەریکبوونی خۆشی لەش‌و جووت بوون.
(۲) خۆشی هەست پەرستی؛ بیروباوەڕێکە کە دەڵێت خۆشی لەش‌و هەست باشترین شتە لەژیاندا؛ خۆشی لەش پەرستی.

(۳) هەست پەرستی؛ ئەو بیروباوەڕە فەلسەفەییەیە کە دەڵێت: پێزانین‌و وەرگرتن‌و فیزبوونی هەموشت لەپێنی هەستەوەیە.

sensualist (sen′shōō-əl-ist), *n.* (۱) خۆشی لەش‌و هەست پەرست؛ بەر بۆخۆ بەرەڵاکەرو هەمیشە خەریکبووی جووت بوون‌و خۆشی تر.
(۲) پەیڕەوێکەری " sensualism " .

-sensualistic *(adj.)*.

sensuality (sen´shōō-al′ə-ti), *n.* (۱) خۆشی لەش پەرستی؛ بەر بۆخۆ بەرەڵاکردن‌و سەرکردنەسەر خۆشی لەش‌و جووت بوون
(۲) چاوباشقالی؛ بەئاڵوشی؛ کێرچلێسی.

sensualize (sen′shōō-əl-īz´), *v.t.* خستنەسەر پێنی خۆشی هەست‌و لەش پەرستی.

-sensualization *(n.)*.

sensuous (sen′shōō-əs), *adj.* (۱) هەستی؛ تایبەتی بە هەست. (۲) خۆش؛ دڵگیر. *(the ~ beauty of a spring day)*
(۳) حەز بە خۆشی هەست دەکات؛ هەست تێژ؛ هۆشیار.

-sensuously *(adv.)* ; **sensuousness** *(n.)*.

sent (sent), *past tense and past participle of* **send.**

sentence (sen′təns), *n.* (۱) بڕیاری دادگا. (۲) سزای دادگا. (۳) ڕستە. (٤) [Archaic]، پەند؛ پەندی پێشینان.
v.t. سزا بۆ بڕینەوە (لەلایەن دادگاوە)؛ سزادان؛ سزا بەسەردا دان. *(He was ~d to death.)*

sentence stress, هێزی ڕستە: ئەو هێزەیە دەخرێتەسەر هەندێک ووشەی ڕستە لە بێژاندا (ڕێزمان)؛ گیرەی ڕستە.

sentential (sen-ten′shəl), *adj.* (۱) ڕستەیی.
(۲) تایبەتی بە سزای دادگا.

sententious (sen-ten′shəs), *adj.* (۱) کورت‌و پڕ مانا.
(۲) پڕ لە پەندی پێشینان.
(۳) (ا) ووشک‌و پڕ لە پەند؛ پڕ لە ئامۆژگاری ووشک. *(a ~ speech)*
(ب) حەز لە ئامۆژگاری‌و پەندی ووشک کەر. *(a ~ speaker)*

sentience (sen′shəns, sen′shi-əns), *n.* (۱) هەستداری؛ بەهەستی؛ هەستکردن. (۲) هۆشی؛ هۆشیاری.

sentient (sen′shənt, sen′shi-ənt), *adj.* هەستیار؛ هەستدار؛ بەهەست؛ هۆشیار.
n. (۱) کەسێکی هەستدار یا هۆشیار. (۲) مێشک.

sentiment (sen′tə-mənt), *n.* (۱) هەست:
(Patriotism has been called a noble ~ .)
(۲) ڕا؛ هەڵوێست؛ بیروباوەڕ: *(What are his ~s about abortion?)*.
(۳) هەستداری؛ بەهەستی؛ سۆز؛ هەست.
(٤) دەربڕینی سۆز یا هەست لە هونەرو وێژەدا.
(٥) هەست ناسکی؛ سۆزی لە ڕادەبەدەر.
(٦) ئەو هەستەی ووتەیەک دەری دەبڕێ‌و جیایە لە ووتەکە خۆی

sentimental (sen´ tə-men′t'l), *adj.* (۱) بەسۆز؛ پڕ لە هەستی جوان‌و ناسک: *(~ music)*.
(۲) ناسک هەست (بە جۆرێک کە گریانی بێت بۆ گەلێک شت)؛ سۆزبەرست؛ سۆزدار: *(a ~ person)*.
(۳) تایبەتی بە سۆز یا هەست؛ سۆزی؛ هەستی: *(a ~ reason)*

sentimentalism (sen´tə-men′t'l-iz'm), *n.* (۱) سۆزبەرستی؛ هەست پەرستی؛ هەست ناسکی؛ سۆزداری. (۲) بیرێک یا ووتەیەکی بەسۆز

sentimentalist (sen´tə-men′t'l-ist), *n.* کەسێکی سۆزبەرست؛ هەست ناسک؛ بەسۆز.

sentimentality (sen´tə-men-tal′ə-ti), *n.* (۱) سۆزبەرستی؛ هەست ناسکی؛ سۆزداری؛ بەسۆزی لە ڕادەبەدەر. (۲) بیرێک یا ووتەیەکی بەسۆز

sentimentalize (sen´tə-men′t'l-īz´), *v.i.* سۆزبەرستانە

پەروشت ووتدن یا بە چاوێکی سۆزیەرستانە سەیرکردن.
(He ~s the past.)

sentinel (sen′ti-n'l), *n.* پاسەوان؛ شەوگەر؛ پاساول؛ نۆبەچی.

v.t. (۱) پاسەوانی کردن. (۲) پاسەوان پێدان؛ پاسەوان بۆ ناردن.
(۳) پاسەوان دانان؛ دانان بە پاسەوان لە شوێنێکدا.

stand sentinel, پاسەوانی کردن.

sentry (sen′tri), *n.* (۱) پاسەوان (بەتایبەتی هی بەردەرگا)؛ پاساول؛ شەوگەر؛ حەسحەس؛ نۆبەچی. (۲) پاسەوانی؛ شەوگەری؛ حەسحەسی.

sepal (sē′p'l, sep′'l), *n.* پەڕەی تەختەگوڵ.

sepaloid (sep′'l-oid´), *adj.* لە پەڕەی تەختەگوڵ دەچێت.

-sepalous (sep′'l-əs), پاشگرێکە بەمانای: ئەوەندە پەڕە بە تەختەگوڵەکەیەوەیە: *(trisepalous)*

separability (sep´ĕr-ə-bil′ə-ti), *n.* توانای جیابوونەوە؛ جیابوونەوە بۆ بوون.

separable (sep′ĕr-ə-b'l), *adj.* دەشێت جیاکرێتەوە؛ جیادەکرێتەوە؛ جیادەبێتەوە.

separate (sep′ə-rāt´), *v.t.* (۱) (ا) جیاکردنەوە؛ بەش بەش کردن؛ لێککردنەوە؛ بڕین. (ب) لەیەک دوورخستنەوە.
(ج) بڵاوەپێکردن؛ دڕدان؛ درێندان. (د) لێک جیاکردنەوە (پۆستە).
(۲) پاڵدوپیس کردن. (۳) لێ دەرهێنان (ئاوێتە)؛ دەرهێنان.
(٤) دابڕکردن (ژن و مێرد بە بڕیاری دادگا)؛ لەیەک کردن؛ لەیەک جیاکردنەوە:
(He was ~d from his wife last month.)
(٥) دەرکردن (بەتایبەتی لە سوپا)؛ لێ خستن.
(٦) لێک جیاکردنەوە؛ بەش کردن: *(The wall ~s the two houses.)* .

v.i. (۱) لێ جیابوونەوە؛ جیابوونەوە؛ کشانەوە:
(He has ~ from the party.)
(۲) لێ بوونەوە؛ لێ پچڕان.
(۳) جیابوونەوە؛ پەیوەندی نەمان؛ دابڕبوون.
(٤) جیابوونەوە (ژن و مێرد)
(٥) لێ جیابوونەوە: *(Cream ~s from milk.)* .

adj. (۱) جیا؛ دابڕاو؛ پەیوەندی پچڕاو. (۲) گۆشەگیر؛ تەنها.
(۳) سەربەخۆ. (٤) جیاواز؛ لەوانی تر ناچێت.
(٥) تایبەتی؛ تایبەتی بە خۆ؛ جیا:
(The children have ~ bedrooms.)

n. (۱) شتێکی جیا یا جیاواز.
(۲) پارچە جلێکی بە جیا کڕیاوو لەگەڵ شتی جیا لە خۆیدا لەبەرکراو، واتە: دەستە جل نەبێت (چاکەت، پانتۆڵ، تەنوورە... هتد).
(۳) ووتارێکی لە پەرتووک دەرهێنراوو بە جیا بڵاوکراوە.

-separateness *(n.)*; **separately** *(adv.)*.

separation (sep´ə-rā′shən), *n.* (۱) (ا) جیاکردنەوە؛ لێک کردن: لێک جیاکردنەوە. (ب) جیابوونەوە؛ لێک بوون؛ لێک بڕان.
(۲) جودایی؛ دووری؛ دوورێتی. (۳) شوێنی لەیەک جیابوونەوە.
(٤) بۆشایی؛ کەلەبەر؛ کەلێن. (٥) تەلاق.
(٦) جیابوونەوەی ژن و مێرد (بە ڕێکەوتنی خۆیان یا بە فەرمانی دادگا).
(۷) دەرکردن (لە کار یا سوپا).

separatism (sep′ə-rā´t-iz'm), *n.* جیابوونەوەخوازی (لە وڵات، کلێسە .هتد)؛ جیابوونەوەگەری.

separationist (sep´ə-rā′shən-ist), *n.* = separatist.

separatist (sep′ə-rā´tist), *n.* جیابوونەوەخواز (لە وڵات، کلێسە)؛ جیاپەرست؛ جیابوونەوەگەر

-separatistic *(adj.)*.

separative (sep′ə-rā´tiv), *adj.* جیاکەرەوە؛ جیاکەرەوەیی

separator (sep′ə-rā´tĕr), *n.* (۱) جیاکەرەوە (مرۆڤ، شت).
(۲) ئامێری جیاکەرەوە (بەتایبەتی شیر لە چەوری).

separatory (sep′ĕr-ə-tôr´i, sep′ĕr-ə-tō´ri), *adj.* separative.

Sephardi (si-fär′di), *n.* [*pl.* Sephardim], سەرفادی: جوولەکەی پۆرتوگاڵ؛ جوولەکەیەکی ئیسپانیاو پورتوگاڵ.

-Sephardic *(adj.)*.

sepia (sē′pi-ə), *n.* (۱) cuttlefish.
(۲) بۆیەیەکی قاوەیی تۆخە لە شڵە ڕەشە مەرەکەبێیەکەی کە ئەم گیاندارە ئاوییە دەریدەدات دەگیرێتەوە. (۳) ڕەنگی قاوەیی سووڕکار.
(٤) نیگارێکە بەم ڕەنگە کرابێت.

adj. (۱) هی ئەم گیاندارە ئاوییە (۲) قاوەیی سووڕکار.

sepiolite (sē′pi-ə-līt´), *n.* = meerschaum.

sepoy (sē′poi), *n.* سوپایی: سەربازێکی هیندی لە سوپای ئینگلیزیدا.

seppuku (se´pōō′koo), *n.* = hara-kiri.

seps (seps), *n.* (۱) مارێکی ژەهراوییە.
(۲) skink.

sepsis (sep′sis), *n.* خوێن پیسی (نەخۆشی)؛ بۆگەن بوونی خوێن؛ ژەهراوی بوونی خوێن.

sept (sept), *n.* خێڵ؛ هۆز؛ تیرە.

Sept- (sept), = September.

septa (sep′tə), *n. plural of* septum.

septal (sep′t'l), *adj.* پەردەیی؛ دیواری.
(ووشەی " septum " ببینە).

septarium (sep-târ′i-əm), *n.* بەردەگەچی درز درزاوی بە کاربۆناتی کالسیۆم پڕکراوە.

septate (sep′tāt), *adj.* پەردەی جیاکەرەوەدار (گیانەوەرناسی، ڕووەکناسی)؛ بە پەردە جیاکراوە.

septem- (sep′tem), پێشگرێکە بەمانای: حەوت؛ حەوتەم: *(septempartite)*

September (sep-tem′bĕr, səp-tem′bĕr), *n.* *Abbr.* Sept., ڕەزبەر؛ مشتاخان؛ مانگی نۆهەمی ساڵنامەی ڕۆژاوایی.

septempartite (sep´tem-pär′tīt), *adj.* حەوت بەشی؛ حەوت پارچەیی.

septenarius, دێڕە هۆنراوەیەکی لاتینی یا یۆنانی حەوت خشتەکی.

septenary (sep′tə-ner´i), *adj.* (۱) ژمارە حەوت؛ حەوتی.
(۲) حەوت دانەیی؛ حەوت کەسی؛ دەستەی حەوتی.
(۳) septennial.

n. (۱) حەوت؛ ژمارە حەوت
(۲) حەوت ساڵ؛ ماوەی حەوت ساڵی (بە دەگمەنیش حەوت هەفتەیی یا ڕۆژی).
(۳) دێڕە هۆنراوەی حەوت خشتەکی.

septennial (sep-ten′i-əl), *adj.* (۱) حەوت ساڵ خایەن؛ حەوت ساڵی؛ حەوت ساڵانە. (۲) هەر حەوت ساڵ جارێک ڕووەدات یا دەکرێت؛ حەوت ساڵی؛ حەوت ساڵانە.

n. ڕووداوێکی حەوت ساڵی؛ شتێکە هەر حەوت ساڵ جارێک ڕووبدات.

-septennially *(adv.)*.

septentrion (sep-ten′tri-ən), *n.* [Archaic], باکوور؛ ناوچەکانی باکوور.

-septentrional *(adj.)*.

septet, septette (sep-tet′), *n.* (۱) دەستەی حەوت کەسی یا شتی.
(۲) (ا) ئاوازی حەوت ئامێری یا حەوت گۆرانی بێژی.
(ب) ئەم حەوت مۆسیقاژەنە یا گۆرانی بێژە؛ تیپی مۆسیقای حەوت کەسی.

septi-, sept- (sep′ti), پێشگرێکە بەمانای: (ا) حەوت؛ حەوتەم: *(septilateral)*
(ب) بۆگەن؛ ڕزیو: *(septicemia)* .
(ج) پەردەی جیاکەرەوە؛ دیواری ناوبەین.

septic (sep′tik), *adj.* (۱) بۆگەن؛ پیس.
(۲) بۆگەنکەر؛ پیسکەر؛ ڕزێنەر.

n. ماددەی بۆگەنکەر یا پیسکەر.

septicemia, septicaemia (sep´tə-sē′mi-ə), *n* بۆگەن بوونی خوێن؛ ژەهراوی بوونی خوێن. (هەروەها پێشی دەووترێ: " saremia " و " blood poisoning " وشەی " sepsis " ببینە).

septicidal (sep´tə-sī′d'l), *adj.* قڵیشاوەتەوە بە درێژایی پەردە یا دیوارەکەی (میوە. تۆو، کەلوو)؛ شەق بردوو. *(a ~ fruit)* .

septicity (sep-tis′ə-ti), *n.* (١) بۆگەنی؛ پیسی.

(٢) (أ) بۆگەن بوون؛ پیس بوون.

(ب) بۆگەنکەری؛ پیسکەری.

septic sore throat, = strep throat.

septic tank, تانکی پیسایی؛ تانکی ئاوەدەست (پیسایی توالێت و شتی تری تێدا کۆدەبێتەوە و دەپزێنرێ).

septilateral (sep´tə-lat′ēr-əl), *adj.* حەوتلا

septillion (sep-til′yən), *n.* سێپتیلیۆن: (أ) ژمارەیەکە بریتییە لە یەکو بیست وچوار سفر (لە ئەمەریکا و فەرەنسا).

(ب) ژمارەیەکە بریتییە لە یەکو چل‌ودوو سفر (لە ئینگلتەرەو ئەڵمانیا).

septimal (sep′ti-məl), *adj.* حەوتی؛ تایبەتی بە ژمارە حەوت.

septuagenarian (sep´chōō-ə-ji-nâr′ri-ən), *adj.* کەسێکی حەفتا ساڵە؛ کەسێکە تەمەنی لەنێوان حەفتا و هەشتا ساڵدا بێت.

adj. (١) حەفتا ساڵە؛ تەمەن نێوان حەفتا و هەشتا ساڵی؛ حەفتایی.

(٢) تایبەتی بە خەڵکی تەمەن حەفتا ساڵ.

septum (sep′təm), *n.* پەردەی حیاکەرەوە (گیانەوەرناسی؛ پووەکناسی)؛ دیواری ناوبەین: *(The nostrils are divided by a ~ .)* .

septuple (sep′tōō-p'l, sep-tū′p'l), *adj.* (١) حەوت؛ لە حەوت پێکهاتوو. (٢) حەوت ئەوەندە.

v.t. لە حەوت دان؛ حەوت ئەوەندە کردن.

septuplet (sep′tōō-p'l-it´, sep-tū′p'l-it´), *n.* (١) حەوت دانە؛ حەوت. (٢) یەکێک لە حەوت منداڵی بە یەک سک لەدایکبوو.

(٣) *(pl)* حەوتە؛ حەوت منداڵی بە یەک سک لەدایکبوو.

sepulcher, sepulchre (sep′l-kĕr), *n.* (١) گۆڕ؛ قەبر

(٢) جێی شتی بێرۆز هەڵگرتن (بەتایبەتی لە قوربانیگای کڵێسەدا).

v.t. ناشتن؛ گۆڕکردن.

the Holy sepulcher, گۆڕی عیسا.

sepulchral, (١) تایبەتی بە گۆڕ؛ تایبەتی بە ناشتن.

(٢) لە گۆڕ دەچێت؛ تاریک‌و نووتەک؛ ناخۆش

(٣) غەمگین (دەنگ، ئاوان)؛ دڵگیر.

sepulchre (sep′l-kĕr), *n.* [British spelling], = sepulcher.

sepulture (sep′l-chĕr), *n.* (١) ناشتن؛ گۆڕکردن

(٢) [Archaic]، sepulcher.

sequacious (si-kwā′shəs), *adj.* (١) شوێن کەوتوو؛ گوێ‌ڕایەڵ؛ حەز بە شوێن کەوتن یا پاشکۆیەتی کەر؛ ملکەچ؛ لاساییکەرەوە؛ کلکی.

(٢) بە ڕێزو ڕێک‌وپێکی کراو.

-sequaciously *(adv.)* ; **sequacity** *(n.)*.

sequel (sē′kwəl), *n.* (١) پاشکۆ؛ پاشینە؛ پاشبەند.

(٢) پاشکۆی بەرهەمێکی وێژەیی یا چیرۆکی. (٣) ئەنجام.

sequela (si-kwē′lə), *n.* ئەخۆشی پاشکۆ: ئەخۆشییەکە کە لە ئەخۆشییەکی تردەوە داکەوتبێتەوە.

sequence (sē′kwəns), *n.* (١) بەردوایی؛ پستە؛ یەک لەدوای یەک.

(٢) ڕیز؛ سەرە.

(٣) زنجیرە (بەتایبەتی هی شتی نەپچڕاوی چوونیەک): *(a sonnet ~)* .

(٤) سێ کاغەزی یەک لەدوای یەکی پێڕێک (قومار، یاری).

(٥) ئەنجام (٦) زنجیرە وێنەی نەپچڕاوی فیلمێکی سینەما.

(٧) سروودی ئایینی (کڵێسە).

in sequence, بەردوا؛ بە ڕیز؛ بەردوای یەکتری.

sequent (sē′kwənt), *adj.* (١) داهاتوو؛ ئایندە؛ هی دوایی؛ لە دوا (٢) ئەنجامی.

n. ئەنجام.

sequential (si-kwen′shəl), *adj.* (١) sequent .

(٢) زنجیرەیی؛ بەردوایی.

sequester (si-kwes′tēr), *v.t.* (١) جیاکردنەوە (لە خەڵک)؛ دوورخستنەوە: *(The judge ~ed the jury.)* .

(٢) دەستبەسەرداگرتنی شتوومەک (هەتا قەرزدانەوە).

(٣) دەستبەسەرداگرتن (لەلایەن میرییەوە).

(٤) کشانەوە بۆ کونجێک:

(He ~s himself in his study every afternoon.)

sequestered (si-kwes′tērd), *adj.* جیاکراوە؛ جیا؛ گۆشەگیر؛ پەناگر؛ دوور؛ چەپە.

sequestrate (si-kwes′trāt), *v.t.* (١) دەستبەسەرداگرتن (لەلایەن میرییەوە). (٢) [Archaic]، sequester .

-sequestrator *(n.)*.

sequestration (si-kwes′trā′shən), *n.* (١) جیاکردنەوە؛ دابڕین؛ دوورخستنەوە. (٢) (أ) دەستبەسەرداگرتن (هەتا قەرزدانەوە).

(ب) دەستبەسەرداگرتن (لەلایەن میرییەوە).

sequestrectomy (sē´kwes-trek′tə-mi), *n.* لێکردنەوەی تەڵەزمە ئێسقانی مردوو لە ئێسقانی زیندوو (نەشتەرگەری).

sequestrum (si-kwes′trəm), *n.* تەڵەزمە ئێسقانی مردووی جیابووەوە لە ئێسقانی زیندوو.

sequin (sē′kwin), *n.* (١) پارەیەکی نائتونی ئیتاڵی کۆنە.

(٢) پوولەکە (کە جل‌وبەرگی ژنانی پێ دەڕازێنرێتەوە).

sequined, sequinned, بە پوولەکە ڕازاوە؛ پوولەکاوی.

sequoia (si-kwoi′ə), *n.* سکۆیا: جۆرە درەختێکی زۆر زل کالیفۆرنیایە لە توخمی کاج

serac (sā′rak′), *n.* بارستایی‌یەکی زل سەهۆڵە بەسەر ڕوباری سەهۆڵەوە.

seraglio (si-ral′yō, se-räl′yō), *n.* کۆشکی سوڵتان یا پاشای تورکی؛ سەرا.

serai (sə-rä′i), *n.* سەرا؛ کۆشکی سوڵتان یا پاشای تورکی.

serape, sarape (se-rä′pi), *n.* = poncho 1.

seraph (ser′əf), *n.* سێڕاف: فریشتەیەکە لە بەرزترین چینی فریشتە (ئاین).

-seraphic ; seraphical *(adj.)* ; **seraphically** *(adv.)*.

seraphim (ser′ə-fim´), *n. alternative plural of* **seraph.**

Serb (sûrb), *n. & adj.* = Serbian.

Serbian (sûr′bi-ən), *adj.* سربی (گەل، کلتوور، زمان)؛ تایبەتی بە سربیا.

n. (١) سربی؛ هاونیشتمانی‌یەکی سربیا (لە یۆگۆسلاڤیا).

(٢) زمانی سربی؛ سربی.

sere (sêr), *n.* ئەو گۆڕپانانەیە کە بەسەر ڕووەکێکدا دێت لە سەرەتاوە تا دوایی.

sere (sêr), *adj.* [Poetic], سیس؛ هەڵقرچاو؛ هەڵپووکاو؛ ووشکەوەبوو. (ووشەی " sear " ببینە).

serenade (ser´ə-nād′), *n.* ئاوازێکی مۆسیقایە دڵدارێک بە شەو بۆ دڵدارەکەی لێ دەدات لەبەر پەنجەرەیەکدا.

v.t. & v.i. ئاوازی مۆسیقالێدان بۆ دڵدار بە شەو لەبەر پەنجەرەیەکدا؛ گۆرانی بۆ ووتن؛ لاواندنەوە.

serenata (ser´ə-nä′tə), *n.* (١) پارچەیەک مۆسیقا و گۆرانییە دەربارەی ژیانی لادێ. (٢) پارچەیەک مۆسیقای نۆرکسترایە.

serendipity (ser´ən-dip′ə-ti), *n.* بەهرەی شتی خۆش‌و باش دۆزینەوە بە ڕێکەوت.

serene (sə-rēn′), *adj.* (١) سایەقە؛ ڕوون: *(a ~ sky)* .

(٢) ئاسوودە؛ هێمن؛ کپ؛ کشومات؛ خامۆش؛ بێ دەنگ؛ پڕ ئاسوودە:

(a ~ look, smile, temper, life, etc.)

(۲) [S-]. خاوەن شکۆ؛ بەڕێز؛ نازناوی ئەندامانی هەندێ خێزانی شازادەی ئەوروپایی‌یە *(His ~ Highness)* .

n. [Rare or Poetic], ئاسمانی ڕوون؛ سایەقەی سامال؛ دەریای ڕوون.

-srenely *(adv.)* ; **sereneness** *(n.).*

srenity (sə-rən′ə-ti), *n.* (۱) ئاسوودەیی؛ هێمنی؛ خامۆشی؛ ڕێ ئاسوودەیی؛ کێپ؛ کشوماتی؛ بێ دەنگی.

(۲) ڕوونی (ئاسمان، ئاو)؛ پۆشنی.

(۳) [S-]. بەڕێزی نازناوی ئەندامانی هەندێ خێزانی شازادەی ئەوروپایی‌یە.

serf (sûrf), *n.* (۱) بەندە؛ کۆیلە؛ بەند.

(۲) مسکین. (۳) کەسێکی چەوساوە.

serfage (sûr′fij), *n.* = **serfdom.**

serfdom (sûrf′dəm), *n.* (۱) بەندەگی؛ بەندایەتی؛ کۆیلەیی؛ بەندەگەری؛ ڕژێمی بەندایەتی (۲) مسکێنی.

serfhood (sûrf′hood′), *n.* بەندگەل؛ بەندان.

serge (sûrj), *n.* سەرج؛ کالایەکی خوری قایمە (دەستە جلی لێ دروست دەکرێت)

sergeant (särʹjənt), *n.* (۱) بەردەستی دەرەبەگ لەکاتی جەنگدا. (۲) **sergeant-at-arms** . (۳) چاوەشی پۆلیس. (٤) چاوەش (سوپا).

sergent-at-arms (särʹjənt-ət-ärmzʹ), *n.* ئەفسەری ئاسایش (لە دادگا یا ڕۆوری پەرلەماندا)؛ لێپرسراوی ئاسایش (لە هەمان شوێندا).

sergeant fish, جۆرە ماسی‌یەکی میلدارە.

sergeant major, باش چاوەش.

serial (sêrʹi-əl), *adj.* (۱) زنجیرەبەست؛ بە ڕیز؛ یەک لەدوای یەک؛ ڕیز: *(~ numbers)* .

(۲) زنجیرەیی (چیرۆک، پەرتووک)؛ بە زنجیرە بلاوکراوە.

(۳) تایبەتی بە بلاوکراوەی زنجیرەیی

n. (۱) (ا) چیرۆک یا پەرتووکی زنجیرەیی (لە گۆڤاردا یا لەسەر تەلەفزیۆن). (ب) ئەلقەیەکی ئەم زنجیرەیە. (۲) گۆڤار.

serialize (sêrʹi-ə-līz′), *v.t.* بلاوکردنەوە لە شێوەی زنجیرەدا.

serially (sêrʹi-əl-i), *adv.* بە ڕیز؛ یەک لەدوای یەک

serial number, ژمارەی زنجیرەیی؛ ژمارە لە زنجیرەدا؛ ژمارە: (~s are given to soldiers and engines to indentify them.)

seriate (sêrʹi-it), *adj.* زنجیرەبەستوو؛ ڕیز ڕیز؛ ڕیزکراو؛ بە ڕیز ڕێکخراو.

seriatim (sêr′i-āʹtim, ser′i-āʹtim), *adv.* = **serially.**

sericeous (si-rishʹəs), *adj.* (۱) ئاوریشمی.

(۲) تووکن (گەڵو میوەو بەن)؛ تووکی نەرمدار؛ تووکاوی.

sericin (serʹi-sinʹ), *n.* مادەدەیەکی لینجی جەلاتینی‌یە لە ئاوریشم دەردەهێنرێت

sericulture (serʹi-kul′chēr), *n.* کرمی ئاوریشم پەروەردەکردن بۆ بەرهەمهێنانی ئاوریشم.

seriema (ser′i-ēʹmə, ser′i-āʹmə), *n.* (۱) باڵندەیەکی بەرازیلی‌یە لە توخمی قولنگ (۲) باڵندەیەکی ئەرجەنتینی وەک ئەم باڵندەیەیە بچووکتر.

series (sêrʹiz), *n.pl.* (۱) زنجیرە؛ ڕیز؛ ڕستە؛ چەند: (a ~ of accidents, victories, defeats, etc.)

(۲) زنجیرە شتی پەیوەندیدار؛ ڕستە.

(۳) زنجیرە (ژمارەو پێوان)؛ زنجیرەبەست.

(٤) زنجیرە ووشە یا ووتەی هاوتای ڕستەیەک (ڕێزمان).

serif (serʹif), *n.* کلکە تیپ. هێڵێکی باریکە وەک کلک دەکرێ بۆ سەر یا ژێری هەندێ تیپی وەک M یا S (چاپەمەنی).

serin (serʹin, sêrʹin), *n.* باڵندەیەکی زەردی ئەوروپایی‌یە لە توخمی فینسقە

serine (serʹēn, sêrʹin), *n.* ترشێکی نەمێنی‌یە لەگەڵێک پرۆتینەدا هەیە (کیمیا)

serious (sêrʹi-əs), *adj.* (۱) تووندگیر؛ سەنگین؛ تووندوتیژ؛ سوور لەسەر مەبەست؛ مەنگ: *(a ~ man)* .

(۲) مۆن؛ مڕومۆن؛ گرژ؛ مڕومۆچ: *(a ~ face)* .

(۳) (ا) ڕاستی نەک گاڵتە؛ بەدڵ؛ بێ گاڵتە.

(ب) کاریگەر؛ کۆششکەر؛ بە دڵ هەوڵدەر: *(a ~ worker)* .

(٤) گرنگ؛ سەخت: *(a ~ matter)* .

(٥) ترسناک؛ پڕ مەترسی؛ سامناک؛ ستەم؛ مەترسیدار؛ پەرێشان: (a ~ illness, situation, etc.)

seriously (sêrʹi-əs-li), *adv.* (۱) بەدڵ؛ بە ڕاستی؛ بە گەرمی؛ بەبێ گاڵتە؛ بە تووندی؛ بە دڵ و بە گیان

(۲) بە شێوەیەک کە مەترسی لێ بکرێ: *(He is ~ ill.)* .

seriousness (sêrʹi-əs-nis), *n.* (۱) بە تووندی گرتن؛ سووربوون لەسەر مەبەست. (۲) بە ڕاست بوون نەک بە گاڵتە. (۳) مەترسی؛ ترسناکی؛ سامناکی.

in all seriousness, بەبێ گاڵتە؛ بە ڕاستی‌یەوە؛ بەدڵ؛ بە تووندی.

serjeant (särʹjənt), *n.* [British spelling], = **sergeant.**

sermon (sûrʹmən), *n.* (۱) پەندو ئامۆژگاری ئایینی (کە لە مزگەوتو کڵێسەدا مەلا یا قەشە دەیخوێنێتەوە)؛ ووتاری ئایینی.

(۲) پەندو ئامۆژگاری دەربارەی پەفتارو ئەرکی سەرشان (بەتایبەتی هی ووشکو ناخۆش).

-sermonic; ermonical *(adj.).*

sermonize (sûrʹmə-nīz′), *v.t. & v.i.* (۱) پەندی ئایینی خوێندنەوە (لە مزگەوت یا کڵێسەدا). (۲) ئامۆژگاری کردن (بەتایبەتی بە جۆرێک کە بۆنی سەرزەنشتی لێ بێت)؛ تەمێ کردن.

-sermonizer *(n.).*

Sermon on the Mount, پەندی سەر شاخەکە: پەندو ئامۆژگاری‌یەکەی عیسایە بۆ خەڵکەکەی (کە ناوکرزکی ئایینی خاچ پەرستی‌یە)

sero- (sêrʹō, sêrʹə), پێشگرێکە بەمانای: زەردای خوێن: (serology)

serology (si-rolʹə-ji), *n.* زانستی زەردای خوێن.

-serologic ; serological *(adj.)* ; **serologist** *(n.).*

serosa, = **serous membrane.**

serosity (si-rosʹə-ti), *n.* (۱) شلەی ناو جومگەکانی لەش.

(۲) لە زەردای خوێن چوون.

serotine (serʹə-tin, serʹə-tīnʹ), *adj.* درەنگ گوڵ کردوو؛ درەنگ پێنگەیشتوو (پووەک).

serotinous (si-rotʹə-nəs), *adj.* = **serotine.**

serous (sêrʹəs), *adj.* (۱) لە زەردای خوێن دەچێت؛ ئاوی تێدایە.

(۲) شل؛ ئاوی.

serous membrane, پەردەی تەنکی شلە دەردەری بۆشایی ناولەش.

serow (serʹō), *n.* جۆرێکە لە بزنە کێوی.

serpent (sûrʹpənt), *n.* (۱) مار؛ ماری؛ ژەهراوی؛ نەژدیها.

(۲) کەسێکی ناپاک و نەێنگرو نۆینباز.

(۳) فیشەکە شێتەیەکی مار ئاسایی، واتە پێچ پێچۆکە.

(٤) شەیتان (ئینجیل). (٥) ئامێرێکی دارینی فووپیاکردنی مۆسیقای کۆنە.

serpentine (sûrʹpən-tēn′, sûrʹpən-tīn′), *adj.* (۱) مارین؛ ماری؛ لەمار دەچێت. (۲) ناپاک؛ نۆینباز؛ فێڵباز؛ پیس.

(۳) پێچ پێچۆکە؛ لوول.

n. بەردەمار: بەردێکی سەوزی پنکەپنکەیە وەک کاژی مار.

serpiginous (sêr-pijʹə-nəs), *adj.* بلاوبووەوە (وەک هەندێک نەخۆشی پێست)؛ خشۆک؛ تەشەنەکەر. (ووشەی دوایی ببینە).

serpigo (sêr-pīʹgō), *n.* نەخۆشی‌یەکی پێستی تەشەنەکەرە.

serranid (serʹə-nidʹ), *n.* جۆرە ماسی‌یەکە قەراغی پووڵەکەکانی تیژڕ گرنج گرنجن.

adj. تایبەتی بەم جۆرە ماسی‌یە.

serranoid (ser′ə-noid′), *adj. & n.* = serranid.

serrate (ser′āt, ser′it), *adj. Also* serrated, گرنج گرنج؛ دانەدار؛ دان داناوی؛ مشاری؛ *(~ leaves ; a ~d knife)*.

serration (se-rā′shən), *n.* (۱) گرنج گرنجی؛ دانەداری؛ دان دانی؛ مشارێتی. (۲) ددان (وەك هی مشارو چەقۆی دەم مشاری)؛ گرنج؛ نووك. (۳) پیزە ددان (مشار، دەمی چەقۆی مشاری).

serried (ser′id), *adj.* چڕ (پیزە سەرباز یا درەخت)؛ تێکچڕاو؛ تێکترنجاو

serriform (ser′ə-fôrm′), *adj.* = serrate.

serrulate (ser′oo-lāt′), *adj. Also* serrulated, ددانی وردی هەیە (وەك هەندێك مشار)؛ گرنجەکانی وردن.

serrulation (ser′yoo-lā′shən), *n.* (۱) ددانی وردداری (وەك هەندێك مشار)؛ گرنج وردی؛ ددان وردی. (۲) یەکێك لەم ددان یا گرنجە وردانە. (۳) پیزە ددان یا گرنجی وورد.

serry (ser′i), *v.t.* تێخزان؛ تێکچڕان؛ تێ ترنجان.

serum (sêr′əm), *n.* (۱) زەردەاوی خوێن؛ بریتییە لە شلاوی خوێن کە خڕۆکە سوورو سپیەکانی تێدا نییە. (۲) whey. (۳) شلاوی سەوزەوات.

serval (sûr′vəl), *n.* پشیلە پلنگ؛ پشیلە کێوییەکی لاق درێژی بەلەکە، واتە پنکەپنکەیە

servant (sûr′vənt), *n.* (۱) بەردەست؛ خزمەتکار؛ خزمەتچی. (۲) بەندە؛ کۆیلە. (۳) civil servant. (٤) نۆکەر؛ *(your obedient ~)*.

serve (sûrv), *v.t.* (۱) بەردەستی کردن؛ خزمەت کردن؛ نۆکەری کردن. (۲) (ا) ئامادەکردنو پێشکەش کردن *(He ~d tea to his guests.)*. (ب) بەردەستی کردن لە چێشتخانەدا؛ خواردن بۆ هێنان. (ج) نان تێکردن؛ خواردن تێکردن: *(She will ~ dinner at seven.)*. (۳) خزمەت کردن (کرێبار لە فرۆشگادا)؛ یارمەتیدان؛ داوا جێبەجێکردن: (to ~ the customer, the public, etc.) (٤) (ا) برەوپێدان؛ خزمەت کردن: (He ~d his country as a great statesman.) (ب) پەرستن؛ خزمەت کردن: *(He ~s God, not man.)*. (٥) سەربازی کردن؛ شەڕ بۆ وولات کردن *(He ~d two years in jail.)*. (٦) کات بردنەسەر (بەندیخانە، سوپا)؛ (۷) کار هەڵسوڕاندن؛ پێ هەڵسان؛ ئەرك بینین؛ خزمەت کردن؛ کردن: (He ~d three terms in Congress.) (۸) شیان؛ بەس بوون؛ باش بوون؛ گونجان: (One nail will ~ my purpose.) (۹) بەکارهێنران: *(One hospital ~s the entire city.)*. (۱۰) لێ پەرین: *(The buck ~d the doe.)*. (۱۱) ئیش بۆ کردن؛ بۆ باش بوون: (His cunning ~d him well. ; My memory ~s me well.) (۱۲) تۆڵەلێکردنەوە: *(Punish her ; it will ~ her right.)*. (۱۳) بە شێوەیەکی تایبەتی ڕەفتار لەگەڵ کردن. (۱٤) پێ ڕاگەیاندن (فەرمانی دادگا بەتایبەتی داوالێکردن بۆ هاتنە دادگا). (۱٥) سێرف لێدان (یاری تەنس و باڵە). (۱٦) بە تەل دەورگرتنی پەت یا گوریس بۆ قایمی. (۱۷) تفەنگ تەقاندن یا چاك کردنەوە.

v.i. (۱) بەردەستی کردن؛ بوون بە بەردەست یا خزمەتکار؛ بوون بە نۆکەر. (۲) لە سوپادا بوون؛ سەربازی کردن: *(He ~d in the army.)*. (۳) کار هەڵسوڕاندن؛ ئەرك بینین: (to ~ on a committee ; She ~s in Congress now.) (٤) بەکارهێنران؛ بەکارهاتن. (٥) شیان؛ بەس بوون؛ بەکارهاتن: *(This nail is too short to ~)*.

(٦) بەردەستی کردن لە چێشتخانەدا. (۷) گونجان؛ باش بوون بۆ. (۸) سێرف لێدان (یاری تەنس و باڵە). (۹) یارمەتیدانی قەشە لە بەرنوێژیدا.

n. سێرف (یاری تەنس و باڵە)؛ نۆبەو ماف و شێوەی سێرف لێدان.

serve one right, شایستەی ئەو سزایەیە کە دراوە؛ سزاکەی پڕ بە پڕی خۆیەتی؛ هەقی خۆیەتی.

server (sûr′vēr), *n.* (۱) یاریدەدەری قەشە لە بەرنوێژیدا. (۲) سێرف لێدەر (یاری تەنس و باڵە). (۳) (ا) بەردەستی چێشتخانە. (ب) بەردەست؛ خزمەتکار. (٤) سینی (بۆ چا و خواردەمەنی).

service (sûr′vis), *n.* (۱) خزمەت؛ خزمەتگوزاری؛ خزمەتکاری؛ خزمەتچێتی. (۲) مووچەخۆری میری؛ فەرمانبەری؛ فەرمانبەرێتی: *(public ~)*. (۳) (ا) سوپا؛ هێزی چەکدارو سەربازو ئەفسەرەکان. (ب) هێزە چەکدارەکانی ئەمەریکا: *(He was in the ~ for three years.)* (٤) کار هەڵسوڕان؛ کارگوزاری؛ خزمەت؛ خزمەتگوزاری: *(professional ~s ; repair ~)* (٥) [Rare or Archaic]، ڕێزو دڵسۆزی (بۆ دڵداریك)؛ دەربەست. (٦) خواپەرستی (لەپرێی نوێژو پڕاڤو ئیشی چاکەوە). (۷) (ا) نوێژی بە کۆمەڵ. (ب) نەریتی ئاینی یا کۆمەڵایەتی: *(Church ~ ; marriage ~)*. (۸) چاکە؛ پیاوەتی؛ یارمەتی. (۹) سوود؛ کەڵك. (۱۰) شێوە یا چاڵو خراپی بەردەستی (چێشتخانە، ئوتێل، چایخانە): (The food was good but the ~ was poor.) (۱۱) تاقمی کەوچك و چەتاڵی سەر مێزی نانخواردن: *(breakfast ~)* (۱۲) بەرژەوەندی؛ کارگوزاری؛ خزمەتگوزاری: (telephone ~ ; electric ~ ; postal ~) (۱۳) شێوەی پێشکەش کردنی ئەم خزمەتگوزارییە. *(Our telephone ~ is good.)* (۱٤) باش و خراپی ئەم خزمەتگوزارییە: (۱٥) ئەو خزمەتەیە کە فرۆشیار پێشکەشی دەکات بە کڕیار (وەك بۆ بژاردن و چاك کردنەوەی فرۆتەنی خراپ و شکاو...هتد). (۱٦) (ا) سێرف (یاری تەنس و باڵە)؛ نۆرەو شێوەی سێرف لێدان. (ب) تۆپ لەکاتی سێرف لێداندا. (۱۷) لێ پەرین؛ لێچوونی گیانداری نێر لە مێ. (۱۸) پێ ڕاگەیاندنی فەرمانی دادگا (بە هاتن بۆ دادگا). (۱۹) تەلی پێچراو بەدەوری پەت و گوریسدا بۆ قایمی (کەشتیوانی).

adj. (۱) بەکەڵك؛ بەسوود؛ خزمەتی پێ دەکرێت. (۲) بۆ بەردەست و نیشکەرانی دەزگایەکە نەك بۆ خەڵك: (a ~ elevator, entrance, etc.) (۳) سوپایی؛ هی سوپا؛ تایبەتی بە هێزی چەکداران.

v.t. (۱) پێشکەش کردنی پێویستییەك بە خەڵك؛ خزمەت کردنی خەڵك: (One telephone company ~s the entire city.) (۲) چاك کردنەوە (مەکینەکاری)؛ چاك کردن؛ بەردەوامی پێدان؛ سازکردن (مەکینە)؛ ڕۆن و پلاك...هتد گۆڕین (ئوتومبیل): *(to ~ a car)*. (۳) لێ پەرین؛ لێچوون (گیانداری نێر لە مێ).

at one's service, (۱) ئامادەبوون بۆ بەردەستی کردن و یارمەتی و هاوکاری: *(I am at your service.)*. (۲) ئامادەبوون بۆ بەکارهێنان؛ لەبەردەستدابوون.

of service, بەکەڵك؛ سوودبەخش: | *Is he* (it) *of any service to you?* |

service (sûr′vis), *n.* دارێکە بەرێکی بچووکی خڕ یا هەرمێیی دەگرێت و دەخورێت.

serviceable (sûr′vis-ə-b'l), *adj.* (۱) بەکەڵك؛ بەسوود؛ باش؛

بەکاردەهێنری. (٢) بەرگەگر؛ قایم: (a ~ fabric) .
(٣) [Archaic]، گوێ پایەڵ؛ خزمەتگوزار؛ کارگوزار.

-serviceability *(n.)* ; **serviceably** *(adv.).*

service cap, تەپڵەی سوپایی؛ شەپقەی ئەفسەرو سەربار.

service elevator, ئەسانسێری بەردەستو جانتاو شتومەک (نوتێڵو دەزگای تری وەها).

service entrance, دەزگای بەردەستو کرێکارو شتومەک (نوتێل، چێشتخانە، فرۆشگای گەورە...هتد).

service charge, مزی بەردەستی یا خزمەت (چێشتخانە، دەزگای بازرگانی)

service dress, بەرگی سەربازو ئەفسەر.

serviceman (sūr′vis-man´), *n.* (١) سەرباز؛ ئەفسەر
(٢) مەکینەو ئامێر سازکەر یا چاککەرەوە: (a telephone ~) .

service station, . gas station (١)
(٢) کارخانە یا دووکانی ئامێری ئەلەکتریکو مەکینەی شکاوو چاک کردنەوەو پارچە کڕین ...هتد.

service tree, دارێکە بەرێکی بچووکی خڕ یا هەرمێیی دەگرێتو دەخورێت.

serviette (sūr´vi-et′), *n.* دەسەسڕی خوان؛ دەستمانی سفرە.

servile (sūr′v'l), *adj.* (١) بەندەیی؛ کۆیلەیەتی؛ تایبەتی بە بەندە: (a ~ class ; a ~ revolt)
(٢) بۆ بەندە شیاو؛ وەک هی کۆیلە؛ بەردەستی *(~ work)* .
(٣) ملکەچ؛ ڕیسوا؛ چاوشۆڕ؛ نۆکەرئاسا: *(~ flattery ; a ~ attitude)* .
(٤) [Archaic]، زێردەستە؛ نانازاد.

-servilely *(adv.)* ; **serviliness** *(n.).*

servility (sēr-vil′ə-ti), *n.* بەندایەتی؛ کۆیلەیەتی؛ ڕیسوایی؛ سەرشۆڕی؛ ملکەچی؛ چاوشۆڕی.

serving (sūr′viŋ), *n.* (١) بەردەستی؛ بەردەستی کردن؛ خزمەت؛ نۆکەری (٢) نەوندە خواردن یا خواردنەوەیە کە کەسێک بۆ خۆی تێ دەکات یا بۆی تێ دەکرێت بە جارێک؛ بەشی کەسێک (خواردن یا خواردنەوە): (The food is enough for four - s)

adj. هی خواردن تێکردن؛ هی خواردن تیاخواردن یا پێشکەش کردن: (a ~ dish)

servitor (sūr′və-tēr), *n.* بەردەست؛ خزمەتکار؛ خزمەتچی؛ نۆکەر.

servitude (sūr′və-tōōd´, sūr′və-tūd´), *n.* (١) بەندەگەری؛ بەندایەتی؛ کۆیلەیی.
(٢) بێگار؛ کاری زۆرەملێ (بۆ سزادان): (penal ~) .
. sasement (٣)

sesame (ses′ə-mē´), *n.* کونجی

sesamoid (ses′ə-moid´), *adj.* لە کونجی دەچێت (تونکاری)؛ کونجیی.

n. ئێسقانێک یا کرکراگەیەکی وەک کونجی.

sesqui- (ses′kwi), پێشگرێکە بەمانای: یەکو نیوێک: (sesquicentennial)

sesquicentennial (ses´kwi-sen-ten′i-əl), *adj.* سەدوپەنجا سالی

n. یادی سەدوپەنجا سالە.

sesquipedal (ses-kwip′i-d'l, ses′kwi-pē′d'l), *adj.* = **sesquipedalian.**

sesquipedalian (ses´kwi-pə-dā′li-ən), *adj.* (١) پێ و نیوێک درێژە (٢) زۆر درێژ (ووشە).
(٣) ووشەی زۆر درێژ بەکارهێنەر؛ ووشەی زۆر درێژی تێدایە.

n. ووشەیەکی درێژ.

sessile (ses′il), *adj.* (١) (ئەندامی) یەکسەر بە شتێکەوە نووساوە بەبێ مل یا کلک (گیانەوەرناسی). (ب) چەسپیو؛ ناجوڵێت؛ نەبزۆک (گیانەوەرناسی).

(٢) بنەکەی یەکسەر بە قەفەکەوە نووساوە (گەڵا، گوڵ)؛ پێ لاسک: (~ leaves, flowers, etc.)

session (sesh′ən), *n.* (١) کۆبوونەوەیەک (ئەنجوومەنی پەرلەمان، دادگا...هتد)؛ دانیشتنێک؛ کۆڕێک: *(the morning ~ of Congress, the court, etc.)*
(٢) چەند کۆبوونەوەیەک یا کۆڕێکی ئەنجوومەنێک؛ زنجیرە کۆڕ.
(٣) سەردەمی کۆبوونەوەی ئەنجوومەنێک؛ کایە، خول، یا ماوەی دانیشتنی ئەنجوومەنێک.
(٤) وەرزی قوتابخانە؛ ئەو کاتەی قوتابخانەی تێدا کراوەتەوە (ڕۆژ یا ساڵ: (the summer ~)
(٥) تاقمێک کە بۆ مەبەستێکی تایبەتی کۆبوونەوە؛ کۆڕ: (a gossip ~) .
(٦) دادگای تاوان (لە ئەمەریکا): *(the court of ~s)* .
(٧) ماوەی چالاکیەکی تایبەتی؛ کایە؛ نۆرە؛ کۆڕ: *(a recording ~)*

-sessional *(adj.)* ; **sessionally** *(adv.).*

in session, لە کۆڕگرتندایە؛ لە کۆبوونەوەدایە؛ گیراوە (کۆڕ)؛ کراوەتەوە (قوتابخانە):

[The court (Congress) *is in session.; School is in session from September to June.; School is in session from 8:00 A.M. to 3:00 P.M.]*

sesterce (ses′tūrs), *n.* سێستەرس: پارەیەکی کەم بایەخی ڕۆمانی کۆنە وەک فلس.

sestertium (ses-tūr′shi-əm), *n.* سێستەرتیەم: پارەیەکی ڕۆمانی کۆنە هەزار " سێستەرس" ە.

sestet (ses-tet′, ses′tet), *n.* (١) . sextet #2
(٢) شەش دێڕی دوایی " سۆنێت" ە. (" سۆنێت" بریتیەیە لە هۆنراوەیەکی چواردە دێڕی کە لە ئیتالیاوە داهاتووە).

sestina (ses-tē′nə), *n.* هۆنراوەی شەشی: هۆنراوەیەکە لە شەش بەش پێکهاتووە هەر بەشەیشی لە شەش دێڕ؛ شەش خشتەکی

set (set), *v.t.* (١) دانیشاندن؛ دانان.
(٢) (ا) کرکەوتن (مریشک)؛ کڕ.
(ب) هێلکە خستنە ژێر مریشکی کڕەوە یا ناو مەکینەی هەڵهێنانەوە
(٣) خستنەسەر؛ لەسەردانان: *(~ the book on the table.)*
(٤) خستنە جێی خۆی: *(He ~ the wheel on the axle.)* .
(٥) خستنەسەر شوێنێکی تایبەتی (لەش): (He ~ his hand on my shoulder.)
(٦) پێوەنان؛ لێدان: *(She ~ a match to the paper.)* .
(٧) (ا) نووسین؛ تۆمارکردن؛ خستنەسەر کاغەز: *(~ it down on paper.)* .
(ب) ئیمزاکردن.
(٨) کردن؛ والێکردن؛ تێ بەردان: *(He ~ the house on fire.)* .
(٩) چاک کردن؛ چاک کردنەوە؛ ڕاستکردنەوە؛ سازاندن؛ ڕێکخستن.
(١٠) نانەوە (تەڵە، داو، کاتژمێری وورياکردنەوە): (to ~ a trap, an alarm clock, etc.)
(١١) بایەوان هەڵدان یا کردنەوە: *(to ~ the sails)* .
(١٢) ڕاستکردنەوە؛ لەسەر ژمارەیەکی تایبەتی دانان (ڕادیۆ، کاتژمێر...هتد)؛ چاک کردن: *(to ~ a watch, an alarm clock, a radio dial, etc.)*
(١٣) ددانی مشار ڕاستکردنەوە.
(١٤) سفرە ڕاخستن؛ ئامادەکردن (مێزی نانخواردن): *(to ~ the table)*
(١٥) ئێسقان گرتنەوە؛ ئێسکبەندکردن؛ گرتنەوە: *(to ~ a bone)* .
(١٦) چەسپاندن (ڕا، بڕیار...هتد).
(١٧) دەق پێ بەستن (محەللەبی)؛ مەیاندن.
(١٨) گەوهەر خستنە نەموستیلە یا کاتژمێرەوە.
(١٩) تیادانان؛ تێخستن؛ تیا چەسپاندن: (~ the glass in the window.)
(٢٠) قژلوولکەر لە قژ دان؛ تەوقەلێدان.
(٢١) پاڵ پێوەنان.

(۷) شێوەی وەستانی ئەندامێکی لەش.
(۸) کەرەسەو دیمەنو هەموو ئەو شتانەی شانۆی پێ ئامادە دەکرێ:
(He designed the ~ .)
(۹) شەتڵ؛ قەڵەم.
(۱۰) تاقم (بەتایبەتی هی هاوپیشە یا هاوخوو)؛ دەستە؛ کۆمەڵ:
(the jet ~ ; a ~ of smugglers)
(۱۱) (ا) دەستە (شت)؛ تاقم؛ پۆل: ***(to arrange in ~s)*** .
(ب) تاقمە ئامێر: ***(a carpentry ~)*** .
(ج) دەستە پەرتووک یا گۆڤاری نووسەرێک لەسەر هەمان باس.
(د) تاقمە قاپو کەوچکو چەتاڵ: ***(a ~ of dishes)*** .
(هـ) تاقمە ددان.
(۱۲) دەزگا (تەلەفزیۆن، ڕادیۆ...هتد)؛ ئامێر: ***(a television ~)*** .
(۱۳) دەستە (یاری تەنس).

all set, [Colloq.], ئامادە.
set about, دەستپێکردن.
set against, (۱) هاوتاکردن. (۲) بەراوردکردن.
(۳) لێ هاندان؛ کردن بەگژدا؛ تێ بەردان:
(to set one group or person against another)
set apart, (۱) خستنەلاوە؛ هەڵگرتن (بۆ دواڕۆژ).
(۲) جیاکردنەوە؛ لێک جیاکردنەوە.
(۳) خستنە بەرچاو (بە جیاکردنەوە)؛ دەرخستن.
set aside, (۱) (ا) خستنەلاوە؛ هەڵگرتن (بۆ دواڕۆژ).
(ب) بۆ تەرخان کردن (پارە، کات)؛ بۆ دانان. (۲) جیاکردنەوە.
(۳) فڕێدان؛ نەویستن. (٤) پووچ کردنەوە.
set back, (۱) کاتژمێر گەڕاندنە دواوە. (۲) گەڕاندنە دواوە.
set down, (۱) دانان؛ خستنەسەر:
(Set it down on the table.)
(۲) تۆمارکردن؛ نووسین؛ خستنەسەر کاغەز.
(۳) دابەزاندن. (٤) وادانان.
(٥) دانەپاڵ؛ خستنەپاڵ.
set forth, (۱) ڕووتن؛ بێژان. (۲) بڵاوکردنەوە.
set in, (۱) دەستپێکردن (ڕووداو).
(۲) بەرەو قەراغ دەریا هەڵکردن؛ بەرەو کەنار دەریا چوون (ئاو، با).
set off, (۱) خستنەسەر نیشۆ؛ خستنەسەر ڕێ؛ دەستپێکردن.
(۲) ڕەهاڵێکردن کە دیار بێت یا سەرنج ڕاکێشێ؛ باش دەرخستن
(۳) ڕازاندنەوە.
(٤) بەرامبەرکردن؛ بەرامبەر وەستان.
(٥) تەقاندن؛ تەقاندنەوە: ***(to set off a bomb)*** .
set on, (۱) هاندان؛ تێ کردن؛ تێ بەردان:
(She set her dog on them.)
(۲) هێرش بردنە سەر؛ پەلاماردان.
set out, (۱) سنوور بۆ دانان؛ سنوور بۆ دیاری کردن.
(۲) نەخشەکێشان (شار، باخچە...هتد).
(۳) پێشاندان (بۆ فرۆشتن)؛ خستنەپێش چاو.
(٤) ناشتن (شەتڵ).
(٥) دەستپێکردن (گەشت)؛ کەوتنەڕێ؛ ملی ڕێ گرتن.
set to, (۱) دەستپێکردن؛ دەست بە ئیش کردن. (۲) دەست بە شەڕ کردن.
set up, (۱) (ا) ڕاستکردنەوە؛ بە پێوە دانان.
(ب) بەرزکردنەوە؛ بڵندکردنەوە.
(۲) هەڵدان (چادر، دەوار)؛ دروستکردن (خانوو)؛ پێکەوەنان.
(۳) دامەزراندن؛ دروستکردن؛ دانان:
(to set up a government in exile)
(٤) دەستپێکردن.
(٥) پارەپێدان (بۆ دانانی بازرگانیەک یا کاسبیەک)؛ دامەزراندن:
(to set someone up in a business)

(۲۲) ڕووتێکردن: ***(He ~ his face toward home.)*** .
(۲۳) (ا) دانان؛ دیاری کردن: ***(to ~ a goal)*** .
(ب) مێشک خستنەسەر؛ دڵ خستنەسەر:
(to ~ one's mind or heart on somebody or something)
(۲٤) (ا) دانان (لە شوێنێک یا لەسەر کارێکی تایبەتی):
(We ~ sentris at all the gates)
(ب) دامەزراندن؛ دانان (لەسەر ئیش).
(ج) سنوور بۆ دانان. ***(to ~ limits)*** .
(د) کات بۆ دانان یا دیاری کردن: ***(We have ~ a date fot the ship.)*** .
(هـ) دوا کات بۆ دانان: ***(to ~ a deadline)*** .
(و) دانان (یاسا، پەیڕەوی)؛ چەسپاندن: ***(to ~ regulations)*** .
(۲٥) (ا) بوون بە نموونە بۆ خەڵک: ***(to ~ an example for others)*** .
(ب) ڕێگە بۆ (خەڵک) دانان؛ شێواز دیاری کردن:
(The President ~s the tone.)
(۲٦) (ا) نەرک بەسەردادان؛ کار بۆ دانان
(ب) دەس بە نیش کردن.
(۲۷) (ا) لەسەردانان (نرخ، کرێ)؛ بۆ بڕینەوە: ***(to ~ the price)*** .
(ب) بڕینەوە (سزا) ***(The judge ~ the fine at fifty dollars.)*** .
(۲۸) خستنەلاوە بۆ هەڵهاتن (هەویر).
(۲۹) دانان (نەخشە، پیلان، ڕێ ، هتد).
(۳۰) ڕووکردنە جێی نیچیر (سەگی ڕاو).
(۳۱) (ا) ناواز بۆ دانان: ***(to ~ the words to music)*** .
(ب) ووشە نووسین یا دانان بۆ ناواز.
(۳۲) تیپ بۆ دروستکردن (چاپەمەنی)
(۳۳) (ا) دانانی ڕووداوی شانۆنامە لە شوێنێکدا:
(Shakepeare ~ the scene in Venice.)
(ب) ڕێکخستنی دیمەن بە جۆرێکی تایبەتی.
(ج) ئامادەکردن (شانۆ): ***(to ~ the stage)*** .

v.i. (۱) کڕکەوتن (مریشک، باڵندە).
(۲) مەیین؛ خۆگرتن؛ دەق بەستن؛ دەق گرتن:
(The cement ~ after several hours.)
(۳) گرتن (خوم، بۆیە)؛ گرتنەخۆ.
(٤) (~ out ; ~ forth ; ~ off ; ~ forward) ، دەستپێکردن (گەشت)؛ کەوتنەڕێ. (٥) هەڵکردن یا چوون بەرەو.
(٦) ئاوابوون: ***(The sun ~s in the west.)***
(۷) کزبوون؛ کەم بوونەوە؛ کەم کردن؛ بەناخداچوون.
(۸) وەستان (جل)؛ پێ کردن (جل‌وبەرگ): ***(The jacket ~s well.)*** .
(۹) [Dial]. دانیشتن
(۱۰) بەرگرتن؛ پێکهاتنی بەر لەدوای لەیەکدان (ڕووەکناسی).
(۱۱) بەرەو جێی نیچیر ڕوانین (سەگی ڕاو).
(۱۲) کەوتنە شوێنێکی تایبەتیەوە؛ لە شوێنێکدا بوون:
(The village is ~ among rolling hills and green fields.)

adj. (۱) دانراو؛ دیاریکراو: ***(a ~ time)*** .
(۲) بڕیاردراو؛ بڕیارلەسەر؛ چەسپێنراو (بەپێی پەیڕەو یا یاسا).
(۳) دەسەنقەست؛ بەمەبەست
(٤) هیچی تازەی تێدا نیە؛ دانراوو نەگۆڕاو: ***(a ~ speech)*** .
(٥) حێگیر؛ چەسپیو؛ نەجوڵ؛ نەبزۆک.
(٦) کەللەڕەق؛ سەرسەخت؛ سوور لەسەر.
(۷) توند؛ مەیبو؛ دەق گرتوو.
(۸) ئامادە (بۆ دەستپێکردن بە پێشبڕکێ): ***(~ get)*** .
(۹) پێکهاتوو؛ دروستکراو؛ پێکهێنراو.

n. (۱) بەرەو جێی نیچیر سەیرکردنی سەگی ڕاو.
(۲) مەیین؛ دەق گرتن؛ بەستن؛ توندبوون. (۳) ڕێ؛ ڕێباز؛ ڕوو.
(٤) مەیز؛ ئارەزوو. (٥) نوشتانەوە؛ خواربوون؛ چەمینەوە.
(٦) شێوەی وەستان یا پێ کردن (جل‌وبەرگ)

seta (sē′tə), *n.* (۱) تووکی زبر یا تیژ (زیندەوەرزانی)؛ تیسک؛ درک؛ پڕ.

setaceous (si-tā′shəs), *adj.* (۱) تیسکن؛ درکاوی؛ تووکی زبردار؛ پڕدار. (۲) له تووکی زبر چوو؛ له درک دەچێت.

setback (set′bak´), *n.* (۱) نوشوستی؛ تێکشکان؛ دانەدواوە. (۲) :(۱) گەڕانە دواوەی دیوار. (ب) گەڕانە دواوەی لاسەرووی دیواری باڵەخانە (کە دەبێتە هۆی تەسکبوونەوەی باڵەخانەکە).

set chisel, (۳) دووری خانوو لە شەقامەوە (بەپێی یاسا).

seti- (sē′ti), ئەسکەنەی دەم پان. پێشگرێکە بەمانای: تیسک؛ تووکی زبر؛ درک: (setiferous)

setiferous (si-tif′ĕr-əs), *adj.* درکاوی؛ تیسکن؛ تووکی زبردار.

setiform (sē′tə-fôrm´), *adj.* = setiferous.

setline (set-līn′), *n.* زنجیرە قولاپێکی پاوەماسییە (بەلەمێك پایدەکێشێت بەدوای خۆیدا). (پێشی دەووترێ: "trawl line" ، "trawl" ، "trotline").

set-off (set′ôf′), *n.* (۱) لەبری؛ لەجیاتی؛ بەرامبەر؛ پارسەنگ. (۲) شتێك یا دۆخێکە کە لەبەر جیاوازێتی لەگەڵ شتێك یا دۆخێکی تردا زیاتر دەیخاتە بەرچاو. (۳) شتی رازێنەرەوە. (٤) :(۱) داوای بەرامبەر (لەلایەن قەرزارێکەوە بۆ خاوەن قەرز). (ب) بڕینەوەی قەرزارییەك بەم جۆرە.

setose (sē′tōs, si-tōs′), *adj.* = setaceous.

set-screw (set′skrōō´), *n.* (۱) بورغووی ڕاگیرکردن؛ بورغوبەکی بێ سەرە دەکرێت بە دووشتدا بۆ نەجوولانیان. (۲) بروغووی ڕاگیرکردنی کرێی زەمبەلەك یا سپرینگ.

settee (se-tē′), *n.* (۱) تەختەی دانیشتنی درێژی پاڵپشتدار. (۲) قەنەفەی بچووك یا مام ناوەندی.

setter (set′ĕr), *n.* (۱) دانەر؛ ڕێکخەر. *(a ~ of rules)* . (۲) جۆرە سەگێکی ڕاوی تیسکنە.

setting (set′iŋ), *n.* (۱) دانان؛ چەسپاندن؛ چاك کردن؛ سازاندن؛ ڕێکخستن. (۲) جوارچێوەی گەوهەر تێخراو (وەك لە نەموستیلەیەکدا). (۳) دەوروبەر (هی چیرۆك، شانۆنامە، مرۆڤ)؛ جێ؛ شوێن و کات و دەوروپشتی شتێك یا پووداوێك. (٤) دیمەن و دەوروبەری شانۆ و فیلم. (٥) ئاوازی دانراو بۆ فیلم یا هۆنراوە. (٦) هێلکەی ژێر مریشکە بەکێ. (۷) ئاوابوون.

settle (set′l), *n.* تەختەی دانیشتنی درێژی پاڵپشت بەرزی قوڵ.

settle (set′l), *v.t.* (۱) ڕێك وپێك کردن؛ ڕێکخستن. (۲) جێگیرکردن؛ چەسپاندن؛ باش دانان. (۳) جێنشین کردن؛ نیشتەجێ کردن:

(The firm has ~d its employees in nearby houses.)

(٤) ناوەدانکردنەوە: *(America was ~d by Europeans.)* . (٥) نیشاندن؛ نیشتن: *(The rain will ~ the dust.)* . (٦) پاڵاوتن؛ پوختەکردن. (۷) هێمنکردنەوە؛ ئارام پێدان؛ هێنانەوە سەرخۆ:

(This medicine will ~ your stomach.)

(۸) [Colloq.]، سەرکوتانەوە؛ بە سەروپۆتەلاکدا کێشان؛ لێدان. (۹) چەسپاندن؛ پتەوکردن. (۱۰) دامەزراندن (لەسەر ئیش، کاسبی، ژن بۆ هێنان). (۱۱) بڕینەوە (ناکۆکی)؛ خستن بە لایەکدا؛ یەکلایی کردنەوە؛ ڕێکخستن:

(to ~ an argument, a dispute, disagreement, etc.; They've ~d their differences.)

(۱۲) بڕیاردان (ناکۆکییەك لە دەرەوەی دادگا). (۱۳) دانەوە (قەرز)؛ دان.

set upon, پەلامارداڵ؛ هەڵمەت بردنە سەر؛ هێرش بۆ بردن.

set *v.i.* (۱) جێگیربوون؛ وەستان؛ نیشتنەوە؛ گیرسانەوە:

(The bird ~d on the wire.)

(۲) گرتنەوە؛ داپۆشین؛ بەسەرا دابارین:

(Darkness ~d on the troubled city.)

(۳) جێنشین بوون؛ نیشتەجێبوون؛ گیرسانەوە؛ نیشتنەوە (مەجاز):

(They ~d in California.)

(٤) نیشتن؛ نەوین؛ داکەوتن: *(The bridge ~d at one end.)* . (٥) نیشتن (خلتە، تڵپە):

(The sediments ~d at the bottom of the cup.)

(٦) ڕوون بوونەوە (بە نیشتنی خلتە)؛ پوختەبوون. (۷) هێمن بوونەوە؛ هاتنەوە سەرخۆ؛ دامرکانەوە؛ ئارام گرتن. (۸) (~ with ; ~ on ; ~ upon)، ڕێکەوتن؛ بڕیاردان؛ بڕینەوە (ناکۆکی). (۹) قەرزدانەوە. (۱۰) چەسپین؛ جێگیربوون؛ جێی خۆ گرتن؛ دەق گرتن.

settle down, (۱) جێنشین بوون؛ نیشتەجێ بوون؛ جێگیربوون؛ دامەزراندن و لە ڕاکەڕاك کەوتن (پاش ژنهێنان)؛ دامرکاندنەوە؛ دانیشتن:

(He is now married and settled down.)

(۲) (ا) ئارام گرتن؛ پاڵ لێدانەوە. (ب) هێمن بوونەوە؛ هاتنەوە سەرخۆ؛ دامرکانەوە. (۳) بەدڵ دەست بە ئیش کردن یا گوێگرتن: *(to settle down to work)* .

settle for, پێ ڕازی بوون؛ پێ قایل بوون.

settle upon (or on), (۱) بڕیار لەسەردان. (۲) مووڵك پێدان یا پێ بەخشین.

settled (set′ld), *adj.* (۱) بڕیاری لەسەر دراوە؛ بڕاوەتەوە:

(a ~ matter)

(۲) جێگیر؛ چەسپیو؛ نەگۆڕ.

settlement (set′l-mənt), *n.* (۱) جێگیربوون؛ چەسپین. (۲) دامەزران (لەسەر کار، ژنهێنان، کاسبی...هتد)؛ جێی خۆ گرتن لە ژیاندا. (۳) ناوەدانکردنەوە؛ ناوەدان بوونەوە: *(the ~ of a large area)* . (٤) ناوەدانی؛ خەڵکی ناوەدانییەك. (٥) دێیەکی چەپە؛ ناوایییەکی تەریك. (٦) ڕێکەوتن (ناکۆکی)؛ بڕینەوە. (۷) پاکردنەوە (قەرز)؛ دانەوە (قەرز)؛ ڕێکەوتن لەسەر قەرز یا داوایەك. (۸) (ا) مووڵك بەخشین بە کەسێك. (ب) مووڵکی بەخشراو. (۹) دەزگای کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری گەرەکی هەژاران. (۱۰) نیشتن (خانوو، پرد)؛ نەوین.

settler (set′lĕr), *n.* (۱) بڕیاردەر؛ شت بڕینەوە. (۲) ناوەدانکەرەوە؛ نیشتەجێی ناوچەیەکی تازە ناوەدانکراوە؛ نیشتەنی ناوایی تازە.

settlings (set′liŋz), *n.* خلتە؛ نیشتوو؛ تڵپە؛ تڵپە.

set-to (set′tōō´), *n.* (۱) شەڕە مستەکۆڵە؛ شەڕ؛ بەیەکداهاتن. (۲) مشتومڕی گەرم.

set-up (set′up´), *n.* (۱) شێوەی ڕێکخستن (کەرەسە، مەکینە، شوێن...هتد)؛ نەخشە؛ ڕێك وپێکی. (۲) بەژن و باڵا؛ قەڵافەت؛ شێوەی هەڵسان و دانیشتن. (۳) (*pl.*) [Colloq.]، کەرەسەی پێکی خواردنەوەی کحول دروستکردن (وەك سەهۆڵ و ئاوی سۆدە...هتد). (٤) [Slang]، (ا) پێشبڕکێیەکی بە ئاسانی یا بە ساختە براوە (بەپێی ڕێکخستنی پێشەکی)؛ پێشبڕکێیەکە پێشەکی نەنجامەکەی زانرابێت (لەبەر ساختە تێداکردن و بە دەسەنقەست دۆڕاندنی لایەك)؛ پێشبڕکێی ساختە. (ب) نەرکێکی بە دەسەنقەست ئاسان کراو؛ کارێکی ئاسان.

seven (sev′n), *n.* حەوت: ژمارە حەوت.

sevenfold (sev′n-fōld´), *adj.* (١) حەوتی: حەوت بەشی؛ حەوت بەشە؛ حەوت ئەندامی. (٢) حەوت ئەوەندە.

adv. حەوت ئەوەندە.

seven seas, *Also* Seven Seas, هەموو دەریاکانی جیهان.

seventeen (sev´n-tēn′), *n. & adj.* حەڤدە.

seventeenth (sev´n-tēnth′), *n.* (١) حەڤدەهەم؛ حەڤدەهەمین. (٢) حەڤدەیەک.

adj. (١) حەڤدەهەم؛ حەڤدەهەمین. (٢) حەڤدەیەک.

seventeen-year locust, کوللەیەکی ڕۆژهەلاتی ئەمەریکایە بە کرمۆکەیی لەژێر زەویدا بۆ سیانزە هەتا حەڤدە ساڵ دەژی ئینجا هەراش دەبێت و بۆ ماوەیەکی زۆر کورت لەسەر زەوی دەژی.

seventh (sev′nth), *n.* (١) حەوتەم: حەوتەمین. (٢) حەوت یەک. (٣) (ا) ناوازێکی حەوت ئەوەندە بەرزتر یا نزمتر لە ئاوازێکی تر. (ب) ناوازێکی حەوت پلەیی.

adj. (١) حەوتەم؛ حەوتەمین. (٢) حەوت یەک.

seventh-day (sev′nth-dā´), *adj.* (١) ئەی حەوتەم ڕۆژ: واتە شەممە. (٢) شەممەوان: ئیش ناکات، واتە پشوو دەدات (بەهۆی ئاینەوە).

seventh heaven, (١) ئاسمانی حەوتەم. (٢) ئەوپەڕی شادمانی و ناسوودەیی: *(I am in the ~ .)*

seventhly (sev′nth-li), *adv.* حەوتەم (لە ژمارەدنی هۆ یا خاڵدا).

seventieth (sev′n-ti-ith), *adj. & n.* (١) حەفتاهەم؛ حەفتاهەمین. (٢) حەفتایەک.

seventy (sev′n-ti), *n.* حەفتا

adj. حەفتا

the seventies, حەفتاکان (لە تەمەنی کەسێکدا یا لەسەدەیەکدا).

seven-up (sev′n-up´), *n.* جۆرە یارییەکی کاغەزە.

sever (sev′ēr), *v.t.* (١) جیاکردنەوە؛ لێک جیاکردنەوە؛ بەش کردن؛ کەرتکردن. (٢) بڕینەوە؛ لێکردنەوە؛ پچڕاندن: *(to ~ a rope with a knife)*

(٣) پچڕاندن (پەیوەندی): بڕین: *(to ~ diplomatic relations)* .

v.i. (١) جیابوونەوە؛ دابەشبوون. (٢) بڕینەوە؛ پچڕان.

-severable *(adj.).*

several (sev′ēr-əl, sev′rəl), *adj.* (١) جیا؛ جیاواز (They went their ~ ways.)

(٢) چەند؛ هەندێک: *(~ of the windows were broken.)* .

n. چەند کەسێک یا شتێک

severally (sev′ēr-əl-i, sev′rəl-i), *adv.* (١) بە جیا؛ بە جیا جیا (٢) یەک لەدوای یەک

severalty (sev′ēr-əl-ti, sev′rəl-ti), *n.* (١) جیاوازی؛ جیایی. (٢) مولکی خۆ: زەوی‌وزارو خانووی یەک خاوەن. (٣) خاوەنێتی خۆ: خاوەنێتی بێ هاوبەش.

severance (sev′ēr-əns), *n.* (١) بڕینەوە؛ لێک کردنەوە؛ جیاکردنەوە؛ دابڕین (٢) جیابوونەوە؛ بڕانەوە؛ پچڕان (پەیوەندی).

severance pay, بەخشیشی لە ئیش خستن: ئەو پارەیەیە کە دەدرێت بە مووچەخۆرێک لەکاتی دەرکردن یا دوایی پێ هێنانی کارەکەیدا.

severe (sə-vēr′), *adj.* (١) مۆن: گرژ: *(~ looks)* .

(٢) تووندوتیژ؛ بەزەبر؛ دڵڕەق: *(~ treatment)* .

(٣) سەخت: ئاووهەوا): *(a ~ winter; ~ weather)* .

(٤) گران: قورس؛ سەخت: *(a ~ test of his ability, patience, etc.)* .

(٥) سادە؛ ساکار: خاکی: ناڕازاوە: *(a ~ style)* .

(٦) ناخۆش: تیژ *(~ pain)* .

-severeness *(n.).*

severely (sə-vēr′li), *adv.* بە تووندوتیژی؛ بە دڵڕەقانە؛ بە تووندی.

(You will be ~ punished.)

severity (sə-ver′ə-ti), *n.* (١) تووندوتیژی؛ بەزەبری. (٢) دڵڕەقی. (٣) مۆنی؛ گرژی؛ مڕومۆنی. (٤) سەختی: *(the ~ of a climate)* . (٥) ترسناکی؛ مەترسی لێکران: *(the ~ of an illness)* . (٦) سادەیی؛ خاکێتی؛ ساکاری. (٧) شتێکی تووندوتیژ (سزا).

sew (sō), *v.t.* دووڕین؛ دووڕینەوە: *(to ~ a dress)* .

v.i. دروومان کردن؛ جل دووڕین.

sew up, (١) دووڕینەوە. (٢) [Colloq.]، بڕینەوە بە سەرکەوتوویی و باشی (ڕێکەوتن، پەیمان). (٣) [Colloq.]، قۆرخ کردن (بازاڕ).

sewage (soō′ij, sū′ij), *n.* پیسایی زێراب؛ پیساوی زێراب؛ زێراباو؛ گەنداو.

sewer (soō′ēr, sū′ēr), *n.* زێراب؛ ئاوەڕۆی ژێر زەمین.

sewer (sō′ēr), *n.* جلدروو.

sewer (sōō′ēr, sū′ēr), *n.* سەرەک بەردەستی خوان (لە سەدانی ناوەڕاستدا).

sewerage (sōō′ēr-ij, sū′ēr-ij), *n.* (١) کۆمەڵە زێرابی لێکدراو. (٢) دەرکردنی گواو و پیساو بە زێرابدا. (٣) sewage

sewing (sō′iŋ), *n.* (١) جل دووڕین؛ جل دروون؛ دروومان. (٢) بەرگی دووراو؛ کاڵای ئامادە بۆ دروون.

sewing circle, تاقمی جل دووڕین: تاقمە ژنێکن پێکەوە جل دەدوورن (بەتایبەتی بۆ کاری خێرخوایی).

sewing machine, مەکینەی جل دووڕین.

sewn (sōn), *alternative past participle of* sew.

sex (seks), *n.* (١) زایەندە؛ ڕەگەز (نێر بێت یا مێ)؛ توخم. (٢) نێرو مێیی؛ ئەو تایبەتخوڕیانەی کە نێرو مێ لەیەک جیادەکاتەوە (٣) پاکێشانی نێرومێ بۆ یەکتری. (٤) جووت بوون؛ جووت گرتن: *(He had ~ with her.)* .

the fair (or gentle, weaker) sex, زایەندەی جوان؛ ڕەگەزی جوان؛ ئافرەت؛ ژن.

the sterner (or stronger) sex, زایەندەی بەزەبر یا بەهێز؛ پیاو.

sex- (seks), *Also* **sexi-,** پێشگرێکە بەمانای: شەش: (sexpartite)

sexagenarian (sek´sə-ji-nâr′i-ən), *adj.* لە تەمەنی شەست ساڵیدایە؛ شەست ساڵە.

n. کەسێکی شەست ساڵە؛ مرۆڤێکی تەمەن شەست ساڵو بەرەو ژوور

sexagenary (seks-aj´ə-ner′i), *adj.* (١) شەستی؛ تایبەتی بە ژمارە شەست. (٢) بە شەست شەست زیاد دەکات. (٣) **sexagenarian** .

n. کەسێکی شەست ساڵە.

sexagesimal (sek´sə-jes′i-m'l), *adj.* شەستی؛ تایبەتی بە ژمارە شەست.

n. کەرتی شەستی (بیرکاری).

sex appeal, پاکێشانی زایەندەی/یا ڕەگەزی؛ دڵفڕێنی؛ جوانی؛ پاکێشانی جووت بوون.

sexcentenary (seks´sen-ten′ə-ri), *adj.* شەش سەد ساڵی؛ شەش سەدی.

n. یادی شەش سەد ساڵی.

sex chromosome, کرۆمۆسۆمی ڕەگەز: ئەو کرۆمۆسۆمەیە کە بڕیاری نێرومێیی زیندەوەر دەدات.

sexed (sekst), *adj.* (١) ڕەگەزێکی تایبەتی‌یە؛ نێرە یا مێیە. (٢) باری زایندەیی لە پلەیەکی تایبەتیدایە (زۆر، کەم، یا مام ناوەندی)؛ پاکێشانی ڕەگەزی کەمە یا زۆرە...هتد.

sexennial (sek-sen′i-əl), *adj.* (۱) شەش سالی؛ شەش سال خایەن. (۲) هەر شەش سال جارێك پرووبەدات؛ شەش سالی؛ شەش سالانە.

sex hygiene, تەندروستی زایندەیی؛ پاك‌وتەمیزی پەگەزی یا جووت بوون (بۆ چاکەی دوو کەسەکە خۆیان‌و کۆمەڵیش).

sexi- (sek′si), = sex-.

sexily (sek′si-li), *adv.* بە شێوەیەکی هەوەس هەڵسێنانە؛ بە خرۆشانانە

sexiness (sek′si-nis), *n.* پلەی دڵفڕێنی؛ ڕادەی خرۆشان یا هەوەس هەڵسێنی.

sexism (sek′s-iz′m), *n.* (۱) دژایەتی نافرەت؛ لایەن نەگرتنی ژن؛ چەوسانەوەو دژ وەستانی نافرەت. (۲) جیاکردنەوەو هەڵسەنگانی نابەجێیانەو ناڕەزووکارانەی خەڵك بەگوێرەی نێرو مێیی و هیچی تر.

sexless (seks′lis), *adj.* (۱) بێ ڕەگەز؛ نە نێرەو نە مێ. (۲) بێ هەستی جووت بوون؛ سارد؛ بێ ئارەزوو؛ مردوو.

sexology (sek-sŏl′ə-ji), *n.* زانستی زاووزێ؛ زایندەزانی.

sexpartite (seks-pär′tīt), *adj.* شەش بەشی

sext (sekst), *n.* (۱) چوارەم نوێژی حەوت نوێژی ڕۆژانەی خاچ پەرستان (کە لە ساتی شەشی ڕۆژدا دەکرێ واتە لە نیوەڕۆدا). (۲) کاتی نەم نوێژە، واتە ساتی شەش کە نیوەڕۆ دەگرێتەوە.

sextain (seks′tān), *n.* شەش خشتەکی؛ بەشێکی شەش دێڕی هۆنراوە.

sextan (seks′tən), *adj.* شەش ڕۆژی؛ شەش ڕۆژ جارێك ڕووبەدات.

n. شەش بەڕۆ؛ تایەکە هەر شەش ڕۆژ جارێك سەر لە نەخۆشەکە دەدات.

sextant (seks′tənt), *n.* (۱) ئامێری پێوانی دووری گۆشەیی؛ ئامێری دیاری کردنی کەشتی لە دەریادا لەڕێی پێوانی بەرزی گۆشەیی ئەستێرەوە (کەشتێیەوان بەکاری دەهێنن). (۲) [Rare]، شەش یەکە بازنە.

sextet, sextette (seks-tet′), *n.* (۱) دەستەی شەشی (مۆزە، شت)؛ تاقمی شەشی. (۲) (ا) ئاوازی شەش کەسی یا ئامێری. (ب) تیپی مۆسیقای شەش کەسی؛ شەش کەسی تیپەکە.

sextillion (seks-til′yən), *n.* سیکستلیۆن (ا) ژمارەیەکە بریتێیە لە یەك‌و بیست‌ویەك سفر (لە ئەمەریکا‌و فەرەنسا). (ب) ژمارەیەکە بریتێیە لە یەك‌و سی‌وشەش سفر (لە ئینگلتەرەوئەڵمانیا).

sexton (seks′tən), *n.* مجەور

sextuple (seks′too-p'l, seks-tū′p'l), *adj.* (۱) شەشی؛ شەش بەشی. (۲) شەش ئەوەندە. (۳) کێشەی شەش دەنگی (مۆسیقا).

n. شەش ئەوەندە.

v.t. & v.i. شەش ئەوەندە کردن؛ شەش ئەوەندە زۆربوون.

sextuplet (seks′too-plit, seks-tū′plit), *n.* (۱) (ا) مندانێکی شەش هاوڕا؛ یەکێك لە شەش مندانی بە یەك سك لەدایکبوو. (ب) (*pl.*)، شەشە؛ شەش مندانی بە یەك سك لەدایکبوو. (۲) دەستەی شەشی (بەتایبەتی هی هاوجۆر).

sexual (sek′shōō-əl), *adj.* (۱) ڕەگەزی؛ زایەندی. (۲) ئەندامی جووت بوونی هەیە؛ یا نێرە یا مێ. (۳) جووت بوونی؛ هی هەوەس یا هەستی جووت گرتن؛ گاناوی. (٤) زاووزێیی؛ تایبەتی بە سەکسوزا.

sexual intercourse, گان؛ جووت بوون. (لە کۆندا پێشی دووترا: " sexual commerce ").

sexuality (sek´shōō-al′ə-ti), *n.* (۱) زایەندییەتی؛ ڕەگەزێتی؛ جیاکارانەو بەپێی نێرو مێیی. (۲) بەئاڵۆشی؛ جۆش‌وخرۆشی؛ خولیای جووت بوون. (۳) بار یا پلەی ئارەزووی جووت بوون.

sexually (sek′shōō-əl-i), *adv.* (۱) لەڕووی زایەندە یا ڕەگەزەوە. (۲) لەڕووی جووت بوونەوە. (۳) بە جووت بوون؛ بە گان؛ بە گاین. (٤) لەڕووی زاووزێوە؛ بە سەکسو زا.

sexual organs, ئەندامی جووت بوون؛ ئەندامی زاووزێ؛ کێڵو قوز.

sexual relations, جووت بوون؛ گان.

sexual selection, هەڵبژاردنی زایەندەیی؛ هەڵبژاردنی چاکترین هاوسەر بۆ زاووزێ.

sexy (sek′si), *adj.* [Slang], هەوەس هەڵسێن؛ هەستی جووت بوون ووروژێنەر؛ بە جۆش‌وخرۆش؛ هێنەرە ئالۆش: (a ~ woman, dress, look, etc.)

sh (sh), *interj.* بێ دەنگ بە!، ووسکوت بە!؛ ووس!.

shabby (shab′i), *adj.* (۱) پەڕپووت؛ لە کەلاوە دەچێت؛ پیس‌وپۆخڵ؛ کەند: *(a ~ house, ~ surrounding)* . (۲) دراو؛ شڕ؛ شڕووڕ: *(~ clothes)* . (۳) پنتی؛ شڕپۆش؛ شڕە لەبەر. (٤) هیچ‌وپووچ؛ بێ فەڕ؛ کەم. (٥) (ا) بەد؛ پیس (ڕەفتار)؛ ناپەسەند: *(a ~ trick)* . (ب) ناڕەوا؛ ناشرین (ڕەفتار): (a ~ treatment of one's parents, friends, employees, etc.)

-shabby *(adv.)* ; **shabbiness** *(n.).*

shabuoth (shä-vōō′ōth), *n. Also* **shavuot,** جەژنی خەرمان هەڵگرتن (لای جولەکە).

shack (shak), *n.* کۆخته؛ زنج؛ قۆخته.

shack up, [Slang], (۱) شەوبردنە سەر. (۲) (~ **with**)، لەگەڵدا ژیان؛ بوون بە هاوماڵ یا هاوسەر: (She shacked up with him.)

shackle (shak′l), *n.* (۱) پێوەند؛ کۆت. (۲) کۆسپ؛ بەربەست؛ تەوق. (۳) ئامێری بەیەککەوەبڵنەر.

v.t. (۱) پێوەندکردن؛ زنجیر کردنە پێ؛ کۆت کردنە قاچ. (۲) پێکەوەبەستن؛ لێکدان. (۳) بەستنەوە؛ ڕێ لێگرتن؛ بەربەستکردن

shadblow (shad′blō´), *n.* = **shadbush.**

shadbush (shad′boosh´), *n.* گۆیژۆکە: دەختێکی بەرداری بچووکە گوڵێکی سپی‌و بەرێکی ئەرخەوانی ڕەشکار دەگرێت.

shaddock (shad′ək), *n.* (۱) مزرە میوەیەکە لە توخمی کەبات‌و لیمۆ. (۲) دەختی ئەم میوەیە.

shade (shād), *n.* (۱) سێبەر؛ سەهەند؛ فێنکایی. (۲) تاریکی؛ تاریکایی. (۳) (*pl.*)، شوێنێکی چەپە یا تەریك. (٤) تاریکایی (ڕێنە، تابلۆ، نیگار). (٥) پلەی جیاوازی ڕەنگێك (بەگوێرەی ڕووناکی و تاریکی): *(~s of blue)* (٦) (ا) جیاوازییەکی کەم؛ نەختێك جیاوازی: *(~s of opinion)* . (ب) نەخت؛ تۆز؛ تۆسکاڵ: *(a ~ of humor in his voice)* . (۷) [Poetic]، تارمایی؛ خیۆ؛ شەبەنگ. (۸) (ا) کڵاوەی لەمپا یا چرا: *(a lamp ~)* . (ب) پەردە: *(a window ~)* .

v.t. (۱) بەری خۆر لێگرتن؛ سێبەر بۆکردن؛ پاراستن (لە گەرمی یا ڕووناکی): (~ your eyes from the sun.) (۲) داپۆشین؛ شاردنەوە. (۳) تاریك کردن؛ لێڵ کردن. (٤) تاریك کردن (ڕێنە، تابلۆ، نیگار)؛ ڕەنگ تاریك کردن. (٥) نەختێك گۆڕین؛ بە ناستەم گۆڕین. (٦) نەختێك کەمکردنەوە (نرخ).

v.i. نەختێك گۆڕان؛ تۆسکاڵی گۆڕان (ڕەنگ، ڕادە).

shading (shād′iŋ), *n.* (۱) بەری خۆر یا ڕووناکی گرتن؛ پاراستن لە خۆر یا ڕووناکی؛ سێبەر (بۆ) کردن. (۲) تاریکی‌و ڕووناکی پێشاندان لە ڕێنەو تابلۆ دروستکردندا. (۳) جیاوازییەکی کەم؛ نەختێك جیاوازی (چۆنێتی، جۆر...هتد).

shadow (shad′ō), *n.* (۱) سێبەر؛ سێبەری کەسێك یا شتێك.

(٢) تارمایی ٣) (*pl.*)، تاریک‌و لێڵی دوای ڕۆژاوا؛ تاریکی.
(٤) (ا) پەستی؛ دڵتەنگی؛ خەم؛ بەرچاو تاریکی (ب) شتی دڵتەنگکەر.
(٥) تاریکایی وێنە یا نیگارێک.
(٦) وێنەی ئاوێنە؛ وێنە.
(٧) (ا) شتی نەدیو یا نەبینراو؛ شەبەنگ (ب) خێو
(٨) نیشانە؛ نوقڵانە؛ نیشانەی ڕوودانی دواڕۆژ
(Coming events cast their -s before.)
(٩) نەخت؛ تۆسکاڵ: *(without a ~ of doubt)* .
(١٠) پاشماوە؛ هەر بەناو ماو.
(١١) هاوەڵ؛ هاوڕێی هەمیشە لەگەڵ وەک سێبەر؛ ناوەڵ.
(١٢) سیحر؛ ڕۆلیسی نهێنی(کە هەمیشە بەدوای یەکێکەوە بێت وەک سێبەر).
(١٣) پەناگا؛ پەنا؛ پارێزگا
v.t. (١) (ا) بەری ڕووناکی یا گەرمی لێگرتن؛ لە گەرمی یا ڕووناکی پاراستن.
(ب) پاراستن ٢) سێبەر بەسەردا کێشان؛ سێبەر بەسەردا کردن.
(٣) تاریک کردن؛ ناخۆش کردن؛ والێکردن کە بەرچاو تاریک بکات.
(٤) (~ forth)، پێشبینی کردن؛ نوقڵانەلێدان
(٥) تاریک کردنی وێنەو تابلۆو نیگار.
(٦) بەدزییەوە شوێن کەوتن: *(The detective ~ed the suspect.)* .
adj. هەر بەناو؛ وێنەیی:
(a ~ government in exile ; a ~ cabinet)
shadow-boxing (shad′ō-bok´siŋ), *n.* بۆکسبازی خەیاڵی؛ بۆکسبازی لەگەڵ بەرامبەرێکی نەدیودا بۆ مەشق کردن.
shadow-graph (shad′ō-graf´), *n.* (١) . shadow play
(٢) وێنەی تیشکی ئێکس.
shadowless (shad′ō-lis), *adj.* (١) بێ سێبەر
(٢) بێ تاریکایی یا سێبەر (وەک ڕوویەکی ڕووناک).
shadow play, شانۆنامەی تارمایی: شانۆگەرییەکە بریتییە لە پیشاندانی تارمایی نوورێنەرو بووکە سەماکەرەکان لەسەر پەردە.
shadowy (shad′ō-i), *adj.* (١) سێبەری: لە سێبەر دەچێت؛ سەهەندی.
(٢) تاریک؛ پڕ لە سێبەر.
(٣) (ا) لێڵ؛ نەدیار؛ کز
(ب) نەناسراو؛ نەناس: *(a ~ person, organization, etc.)* .
(٤) نەدیو؛ نەبینراو.
-shadowiness *(n.).*
shady (shād′i), *adj.* (١) سێبەردار؛ بە سێبەر.
(٢) سێبەر؛ سێبەری لەسەرە: *(the ~ side of the street)* .
(٣) لێڵ؛ بەنهانی؛ تاریک.
(٤) [Colloq.]. ناپاک، گومانلێکراو؛ گومانی؛ چەوت:
(a ~ deal, transaction, person, etc.)
keep shady, [Slang]. خۆشاردنەوە؛ خۆ دەرنەخستن.
on the shady side of, گەورەتر لە (تەمەن)؛ پیرتر لە:
(He is on the shady side of forty.)
shaft (shaft), *n.* (١) قەدی ڕم‌و تیر (٢) ڕم؛ نێزە؛ تیر.
(٣) (ا) موشەک (ب) بڕووسکە؛ تریشقە. (ج) توانج (د) تیشک.
(٤) (ا) [Rare]. قەدی درەخت؛ لاسک؛ قەفی ڕووەک (ب) قەفی پەڕ.
(ج) لوولاقە؛ قامیشە (نێسقان). (د) قەدی مۆمدان.
(ھ) پایە؛ ستوون؛ ئەو بەشەی پایەیە کە لەنێوان سەرەکەی‌و بنەکەیایە؛ پایەی سەرقووچکە. (و) دارئاڵا
(ز) دەسک (تەور، خاکەناز، بێل): *(the ~ of an axe)* .
(٥) (ا) خانووی باریکی بەرز
(ب) یەکێک لەو دوو میلەیە کە لەم دیوو ئەو دیوی ئەسپی گالیسکەوەیە بۆ بەستنەوەی بە گالیسکەکەوە
(ج) ستووی مەکینە (بۆ بزواندنی)؛ شەفت
(the drive ~ of an engine)
(٦) (ا) شیش؛ تەوەر؛ تەوەرە

(ب) لوولە. (ج) ستوون.
(٧) ڕێڕەوی ئەسانسێر: *(an elevator ~)* .
(٨) باکێش (بۆ هەواگۆڕین لە تونێل، کانی، یا ژێرزەمیندا): *(a mine ~)*
(٩) لوولەی باکێش (بۆ هەواگۆڕین یا گەرم کردنی خانوو).
(١) " **shaft** " بۆکردن یا پێوەبەستن. **v.t.**
(٢) [Slang]، بە ناڕەوایانە ڕەفتار لەگەڵ کردن؛ خەڵەتاندن؛ دەستبڕین؛ ناپیاوی لەگەڵ کردن؛ بە دڵڕەقانە لەگەڵ جوولانەوە: *(He was ~ed.)* .
shafting (shaf′tiŋ), *n.* (١) چەند ستوونێکی مەکینە (کە پێکەوە ئێش دەکەن بۆ ووزە گواستنەوە). (٢) کەرەسەی دروستکردنی ئەم ستوونانە.
shag (shag), *n.* (١) قژ یا خوری چنگ لەیەکداوو پەستراوە؛ قژی درێژو بژ. (٢) تیسک؛ کوڵک؛ ڕیشەڵ.
(٣) کالای تیسکن‌و زبر؛ قاڵی کوڵکن؛ قوماشی تووکن.
(٤) شتێکی ئاڵۆسکاوو تێکەڵوپێکەڵ.
(٥) توتنی شیتاڵ شیتاڵ کراو؛ توتنی باش وورد نەکراو واتە درشت.
v.t. (١) کوڵکن کردن؛ تیسکن کردن؛ بژکردن.
(٢) [Slang]، ڕاکردن بەدوای تۆپداو گرتنەوەی (یاری بێسبۆڵ)
shag (shag), *n.* = cormorant.
shag (shag), *n.* جۆرە سەمایەکە.
v.i. سەماکردن بەم جۆرە.
shagbark (shag′bärk′), *n.* (١) درەختێکی نەمەریکای باکوورە تووکەلەکەی تەڵاشدارو ڕیشاڵدارە بەرەکەی دەخورێت. (٢) داری نەم درەختە
(٣) بەری ئەم درەختە.
shaggy (shag′i), *adj.* (١) تیسکن (فەرش، سەگ)؛ کوڵکن؛ تووکن؛ تووکن‌و زبر. (٢) بژو درێژو دانەهێنراو؛ چنگی داوەتە یەک؛ ئاڵۆسکاو؛ شێواو:
(~ hair)
(٣) پنتی؛ شڵوشێواو؛ شڵوشۆڵ؛ شرپۆش؛ قژ بژو دانەهێنراو.
-shaggily *(adv.)* ; **shagginess** *(n.).*
shagreen (shə-grēn′), *n.* (١) قایشێکی گرنج گرنج‌و زبرە لە پێستەی خۆش نەکراوی نەسپ‌و حوشترو ماڵگای دەریا دەکرێت.
(٢) پێستە زبرەکەی کۆسەو سەگەماسی (کە بۆ شت ساف‌ولووس کردن‌و قایش بەکاردەهێنرێت).
shah (shä), *n.* شا؛ پاشا؛ پاشای ئێران.
shake (shāk), *v.t.* (١) ڕاوەشاندن؛ لەراندنەوە؛ لەقاندن؛ شەکاندنەوە؛ ڕاتەکاندن. (٢) هەڵتەکاندن؛ تەکاندن؛ لێکردنەوە: *(to ~ the dust out)* .
(٣) هێنانە لەرزین: *(The tremor shook the building.)* .
(٤) لاوەلارپێکردن؛ لەنجەپێکردن؛ لەترپێدان.
(٥) پەشۆکان؛ تێکدان (هەست)؛ ووڕە پێ بەردان؛ دەمار جوولاندن؛ پەستکردن؛ شێواندن: *(He was visibly shaken by the news.)* .
(٦) ڕاوەشاندن: *(to ~ one's fist)* .
(٧) شڵەقاندن. (٨) تەوقە لەگەڵ کردن.
(٩) (~ **off**)، خۆ لێ ڕزگارکردن؛ لە کۆل خۆ کردنەوە: *(to ~ off a cold)*
(١٠) ڕاوەشاندن (زاری تاوڵەو دۆمینە).
(١١) دەنگ لەراندنەوە (مۆسیقاو گۆرانی).
(١٢) بادان (سەما)؛ باپێدان.
v.i. (١) لەرینەوە؛ ڕاوەشان؛ لەقین؛ شەکانەوە؛ شەکینەوە.
(٢) لەرزین؛ هەڵ لەرزین؛ هاتنە لەرزین: *(He was ~ing with fear.)* .
(٣) لەتردان؛ لاوەلارکردن؛ لەنجەکردن.
(٤) تەوقەکردن. (٥) دەنگ لەرینەوە (مۆسیقاو گۆرانی).
n. (١) لەرە؛ لەرەلەر؛ لەرینەوە؛ ڕاوەشان؛ بادان؛ باپێدان.
(٢) لەرزین؛ لەرزە؛ لەرزەلەرز. (٣) قڵیش (بەرد، دار).
(٤) [Colloq.]، **earthquake** .
(٥) [Slang]، هەناسە (کات)؛ کاتێکی زۆر کەم: *(I'll be there in a ~.)* .
(٦) لەرزە (مۆسیقاو گۆرانی)؛ لەرە.
(٧) خواردنەوەیەکی تێکەڵاوو شڵەقێنراو: *(a milk ~)* .
-shakable; shakeable *(adj.).*

give (a person or thing) the shake, [Slang], خۆ لێ ڕزگارکردن (لە کەسێک یا شتێکی ناپەسەند)؛ لە کۆڵ خۆ کردنەوە.

get a fair (or good) shake, [Slang], بە وێڕدانەوە ڕەفتار لەگەڵدا کران؛ مافی خۆ پێدران؛ بە یەک چاو وەک خەڵکی تر سەیرکران.

no great shakes, [Slang], ئاسایی؛ لێ نەهاتوو؛ ڕەشۆکی؛ لەوانی تر باشتر نییە.

shake down, (١) تەکاندن (دڕەخت بۆ خستنی بەرەکەی). (٢) باش پشکنین؛ باش لێ وردبوونەوە یا گەڕان. (٣) (أ) جێنشین بوون بە سەردەمی. (ب) لەسەر جێگەیەکی سەردەمی نوستن. (٤) (أ) ڕاهاتن بەدەوروبەری تازە. (ب) جێگیربوون. (٥) هێنانەخوارەوە؛ کەمکردنەوە. (٦) [Slang]، پارە لێ کێشانەوە (بە هەڕەشە یا بە فێڵوتەڵەکە)؛ ڕووتکردنەوە.

shake hands, تەرقەکردن

shake off, خۆ لێ ڕزگارکردن (کەسێک یا شتێکی ناپەسەند)؛ لەکۆڵ خۆ کردنەوە.

(I can't seem to be able to shake off this cold.)

shake out, (١) لێ دەرهێنان بە ڕاوەشاندن (وەک خۆێ لە خوێدانا). (٢) تەکاندن (پێڵاو، بەرە). (٣) چڕچڕولۆچ لێ دەرکردن بە ڕاوەشاندن.

shake up, (١) شڵەقاندن؛ ڕاوەشاندن و تێکەڵ کردن. (٢) وروژاندن؛ تێکدان؛ شێواندن. (٣) دڵ داخوڕیاندن؛ ڕاچڵەکاندن؛ ڕاتەکاندن. (٤) [Colloq.]، لە بناغەوە ڕێکخستنەوە؛ بە تەواوی گۆڕین:

(to shake up the government)

the shakes, [Colloq.], لەرز؛ لەرزوتا.

shake-down (shāk′doun′), *n.* (١) جێگەی نوستنی ساکارو سەردەمی (وەک حەسیری سەر زەوی). (٢) [Slang]، پارە لێ کێشانەوە (بە زۆر یا بە فێڵوتەڵەکە)؛ ڕووتکردنەوە. (٣) پشکنینی وورد (مرۆڤ، شوێن). (٤) ماوەی ڕاهاتن (بە کارێک یا دەرووبەر).

adj. [Colloq.], بۆ تاقیکردنەوەو ڕاهاتنە:

(the ~ of a new battleship)

shaken (shāk′ən), *past participle of* **shake.**

shaker (shāk′ēr), *n.* (١) ڕاوەشێنەر؛ لەرێنەرەوە. (٢) دەفری ڕاوەشێن (خوێدان، بێژنگی لەرزۆک...هتد): (*a salt ~*) . (٣) مەکینەی شڵەقاندن یا ڕاوەشاندن و تێکەڵ کردن: (*a cocktail ~*) .

shaker (shāk′ēr), *n.* لەرزۆک؛ بادەر. ئەندامی کۆمەڵێکی ئایینییە لە ئینگلتەرە دەستی پێکرد بروای بە پێکەوە ژیان و هاوبەشی موڵک و ڕەبەنی هەیە. ناوەکەی لە خۆیادان و سەماکردنەوە هاتووە لەکاتی ئاهەنگی ئایینیدا).

Shakespearean; Shakespearian (shāk-spēr′i-ən), *n.* شکسپیری؛ تایبەتی بە شکسپیر و نووسینەکانی و شێوازی نووسینەکانی؛ شێوازەکەی لە هی نووسینەکانی شکسپیر دەچێت.

n. شکسپیرزان؛ ژانای نووسینەکانی بۆژۆ شانۆگەر و نووسەری بەناوبانگی ئینگلیزی " شکسپیر ".

Shakespearean sonnet, هەڵبەستێکی چوارینە دێڕییە لە سێ چوار خشتەکی و یەک دوو خشتەکی پێکدێت. (پێشی دەوترێ " Elizabethan sonnet " و "English sonnet").

shake-up (shāk′up′), *n.* گۆڕین یا ڕێکخستنەوەیەکی بنچینەیی (میری یا دەزگایەک): (*a cabinet ~ ; a government ~*) .

shakiness (shāk′i-nis), *n.* لەرزۆکی؛ شلۆقی

shaking (shāk′iŋ), *n.* (١) لەرزین (٢) لەرز؛ لەرزوتا؛ مەلاریا.

shaking palsy, = Parkinson's disease.

shako (shak′ō), *n.* تەپڵەیەکی سوپایی لوولەکییە پەرێک دەکرێت بە قەراغی تەرقەسەرەکەیەوە.

shaky (shāk′i), *adj.* (١) لەرزۆک: . (*a ~ hand*) (٢) شلۆق؛ لەق؛ لەق‌ولۆق: . (*a ~ table, roof, house, etc.*)

(٣) پشت پێ نەبەستراو؛ شلۆق: (*a ~ truce, alliance, etc.*) (٤) قڵیشاو (دارودرەخت). (٥) پەشۆکاو؛ شڵەژاو.

-shakily (*adv.*).

shale (shāl), *n.* بەردی گڵێن

shale Oil, نەوتی بەرد.

shall (shal), *v.* (١) کردارێکە نیشانەی کاتی داهاتووە (ڕێزمان)؛ لە ئایندەدا:

(I ~ be fifty next year. ; We ~ go home tomorrow.)

(٢) کردارێکە سەردەمی دواڕۆژ دەگەیێنێت بە چەند مانایەک (ڕێزمان):

(أ) بەڵێن: (*Your service ~ be rewarded.*) .

(ب) مسۆگەری؛ هەر دەبێ ببێ: (*That day ~ come.*)

(ج) فەرمان: (*Thou shalt not kill.*) .

(د) پێویستە (یاسا)؛ دەبێ:

(The penalty ~ not exceed two years in prison.)

(٣) ئایا (پرسیار دەربارەی دواڕۆژ):

(~ we meet again next week?)

shalloon (sha-lōōn′, shə-lōōn′), *n.* قوماشێکی خوری میل میلە (بۆ بەری جل بەکاردەهێنرێت).

shallop (shal′əp), *n.* = dinghy.

shallot (shə-lot′), *n.* (١) سەوزەیەکە لە توخمی پیازە سەلکەکەی لە هی سیر دەچێت و تامەکەیشی لەنێوان سیرو پیازدایە بە سەوزی لە تەرەپیاز دەچێت. (٢) تەرەپیاز؛ فیسقە.

shallow (shal′ō), *adj.* (١) تەنکاو؛ تەنک؛ قوڵ نییە:

(~ water ; a ~ river, stream, etc.)

(٢) پەل (قاپ، دەفر)؛ پان (دەفر):

(a ~ plate, dish, container, etc.)

(٣) تێ نەگەیشتوو؛ تەنک (مێشک)؛ پووکەشی:

(a ~ person, mind, etc.)

n. تەنکاوی ڕوبارێک، گۆمێک، یا دەریاچەیەک.

v.t. & v.i. تەنک کردن؛ تەنکاوبوون.

shalt (shalt), شێوەی کەسی دووەمی تاکی سەردەمی ڕانەبردووی کرداری " **shall** " ە. (لەگەڵ " **thou** " بەکاردەهێنرێت):

(Thou shalt not kill.)

sham (sham), *n.* (١) فێڵ؛ کەڵەک؛ تەڵەکەبازی؛ فێڵوتەڵەکە. (٢) شتی قەڵب یا دروزنە؛ شتی ڕووکەش. (٣) کەسێکە بە درۆ خۆی بە کەسێک یا جۆرێکی تر پیشان بدات. (٤) بەرگێکی ڕازاوەی لاسایی.

adj. قەڵب؛ ساختە: . (*~ pearls*)

v.t. (١) هەڵخەڵەتاندن؛ فێڵ لێکردن (٢) بە درۆ وا پیشاندان.

v.i. بە درۆ خۆ وا پیشاندان.

shaman (shä′mən, sham′ən), *n.* شامان: (أ) کەشیشی جادووگەر؛ پزیشکی جادووگەر (ووشەی دوایی ببینە). (ب) پزیشکی جادووگەری هیندییە نەمەریکاییەکان.

shamanism (shä′mən-iz′m), *n.* (١) شامانێتی: بیروباوەڕێکی ئایینی هەندێک گەلانی باکووری ئاسیایە دەڵێت: جیهان پڕە لە فریشتەی باش و خراپ وە ئەمانە دەتوانرێ کاریان تێ بکرێ بۆ سوودی مرۆڤ لەڕێی کەشیشی جادووگەرەوە. (٢) ئایینێکی هیندییەکانی ئەمەریکایە لەمە دەچێت

-shamanistic *(adj.).*

shamble (sham′b'l), *v.i.* بە ڕێوە ڕۆیشتن بە شڵوشێواوی و تەمەڵانەو پێ بە زەویدا خشان.

n. ڕەوت یا بەڕێوە ڕۆیشتنێکی شڵوشێواو و تەمەڵانە.

shambles (sham′b'lz), *n.pl.* (١) دووکانی گۆشتفرۆش؛ فرۆشگای گۆشت. (٢) قەسابخانە؛ کوشتارخانەی ئاژەڵ. (٣) شوێنی خوێن ڕشتن؛ کوشتارخانە. (٤) وێرانە؛ کەلاوە؛ شوێنێ شێواو و بەسەرێکدا دراو:

(The children left the house in a ~ .; The earthquake left the town in a ~ .)

shame (shām), *n.* (١) شەرم؛ نابڕوو؛ پەردەی شەرم؛ ناموس؛ حەیا *(Have you no ~ ?)* .
(٢) مایەی ڕیسوایی و ڕووڕەشی.
(٣) ڕووڕەشی؛ ڕیسوایی؛ نابڕووچوون؛ سەرشۆڕی؛ شەرمەزاری: *(He brings ~ upon his name.)*
(٤) نائومیدی؛ دڵ شکستی: *(It's a ~ you can't come to the picnic.)*

v.t. (١) شەرمەزارکردن.
(٢) سەرشۆڕی هێنان بەسەردا؛ نابڕووبردن؛ حەیابردن؛ ڕیسواکردن.
(٣) (~ into ; ~ out of)، شەرمەزارکردن بۆ پێ کردنی شتێک: *(He was ~d into an apology.)*

for shame! نابڕووت بێ!؛ حەیات بێ!؛ حەیا چوونە!؛ داوەشینە!.
put to shame, (١) شەرمەزارکردن.
(٢) بەڕاندن؛ لێ بردنەوە (پێشبڕکێ)؛ بۆڕپێدان.
shame on you !, داوەشێیت!؛ نابڕووت چێ!؛ حەیات چێ!.

shamefaced (shām′fāst´), *adj.* (١) شەرمن؛ بە نابڕوو؛ بە حەیا.
(٢) شەرمەزار؛ ڕووڕەش؛ چاوشۆڕ.
-shamefacedly *(adv.)* ; **shamefacedness** *(n.)*.

shameful (shām′fəl), *adj.* (١) شەرمەزارکەر؛ ڕووڕەشکەر؛ حەیابەر؛ زۆر ناشرین (ڕەوشت، کردار)؛ نابڕووبەر؛ شوورەیی: *(~ behavior ; a ~ act)*
(٢) [Archaic]، شەرمەزار؛ ڕووڕەش؛ چاوشۆڕ.
-shamefully *(adv.)*; **shamefulness** *(n.)*.

shameless (shām′lis), *adj.* (١) بێ شەرم؛ بێ نابڕوو؛ بێ حەیا؛ بێ ناموس؛ ڕووهەڵماڵراو. (٢) ناشرین (کردەوە)؛ ڕووڕەشکەر؛ بێ شەرمی دەگەیەنێت.
-shamelessly *(adv.)* ; **shamelessness** *(n.)*.

shammy (sham′i), *n.* = **chamois.**

shampoo (sham-pōō′), *v.t.* (١) هەنوون؛ شێلان.
(٢) سەرشتن بە شامپوو.

n. (١) شتنی سەر بە شامپوو.
(٢) شامپوو؛ سابوونێکی تایبەتیە بۆ سەرشتن.

shamrock (sham′rok), *n.* سێپەرە گیایەکە لە سێپەرە دەچێت (دروشمی ئێرلەندەیە).

shandrydan (shan′dridan´), *n.* [Dial], (١) گالیسکەیەکی دوو پێچکەیی بەک ئەسپیە. (٢) گالیسکە یا ئوتومبیلێکی شەقڕشڕ.

shandygaff (shan′di-gaf´), *n.* خواردنەوەیەکی سەرخۆشکەرە لە بیرەو زەنجەفیل پێکدێت.

shanghai (shaŋ´hī′, shäŋ′hī′), *v.t.* (١) سەرخۆشکردنی کەسێک و فڕاندنی بۆسەر کەشتیەک بۆ ئیش پێکردن وەک کەشتیەوان.
(٢) فریودان؛ هەڵفریوان؛ لەخشتەبردن؛ تەفرەدان؛ بە فێڵوتەڵەکەو هەڕەشە شت پێکردن.

shangri-La (shaŋ′gri-lä´), *n.* یوتوپیا بەهەشتی سەرزەمین؛ شوێنێکی خۆش و پڕ ناسوودەو تەریک.

shank (shaŋk), *n.* (١) لووڵاق؛ ئەو بەشەی لاقە کە لەنێوان ئەژنۆو پاژنەی پێدایە (لە مرۆڤ وولاخدا). (٢) لاق.
(٣) پارچەیەک گۆشتی لووڵاق (گا، مەڕ). (٤) قەدی بزمارو دەرزی.
(٥) لاسکی ڕووەک؛ قەف. (٦) قەفی قولاپی ماسی. (٧) دەسکە سەبیل.
(٨) قەدی کلیل. ئەو بەشەی لەنێوان قنگەکەی و دانەکانیدایە.
(٩) دەسکی کەوچک.
(١٠) (ا) ئەو بەشە تەسکەی بنی پێڵاوە کە لەنێوان پاژنەکەی و پانایی پەکەیدایە.
(ب) پارچەیەک ناسنە دەخرێتە ناو پێڵاوەوە بۆ ڕاستکردنەوەی ئەم بەشەی پێڵاو. (١١) قەدی دەرەوشەو ئامێری کونکەری تر (١٢)، [Colloq.]، (ا) دوا بەشی یا دوادوایی شتێک (بەتایبەتی کات): *(the ~ of the journey)*
(ب) بەشی یەکەم یا باشترینی کاتێک: *(the ~ of the evening)*
v.i. ووشکبوون و لە لاسک کەرتنەخوارەوە (گوڵ).

shan't (shant, shänt), = **shall not.**

shantey (shan′ti, shän′ti), *n.* = **chantey.**

shanty (shan′ti), *n.* = **shack.**

shantyman (shan′ti-mən), *n.* کۆخنشین (بەتایبەتی دارکەر).

shanty-town (shan′ti-toun´), *n.* شاری کۆخ؛ گەرەکی قۆختە؛ زنجخانە.

shape (shāp), *n.* (١) شێوە؛ وێنە. (٢) شێوەی کەسێک.
(٣) قەدو بالا؛ بیچم.
(٤) شێوەی درۆ؛ بەرگ (مەجاز): *(an enemy in the ~ of a friend)*
(٥) تارمایی؛ خیۆ؛ شەبەنگ. (٦) قاڵب.
(٧) جۆر؛ شێوە: *(~ of dangers)* .
(٨) شێوەی ڕێک‌وپێک؛ ڕێک‌وپێکی: *(His story began to take ~ .)* .
(٩) دەق.
(١٠) [Colloq.]، بار (بەتایبەتی هی تەندروستی)؛ دۆخ: *(The injured man was in bad ~ .; You are in good ~ .)*

v.t. (١) دروستکردن؛ شێوەپێدان؛ ڕێکخستن؛ دەق پێ بەستن.
(٢) داڕشتن؛ ڕێک‌وپێک کردن.
(٣) گونجاندن؛ شیاندن: *(~ your plans to your abilities.)*
(٤) ڕێباز بۆ دیاری کردن؛ بڕیاری شێوەی ژیان بۆ دان: *(The war ~d their lives.; His teachers ~d his character.)*
(٥) [Obs.]، فەرمان دان؛ بڕیاردان.

v.i. (١) گونجان؛ شیان.
(٢) [Rare]، ڕوودان.
(٣) ڕێکهاتن؛ شێوەیەکی تایبەتی وەرگرتن؛ بەرەو پێشەوە چوون: *(Our plans are ~ing well.)*

shape up, [Colloq.], (١) شێوەیەکی تایبەتی وەرگرتن.
(٢) بەرەو باشی چوون؛ باشتربوون.
(٣) ڕەوشتی خۆ چاک کردن یا گۆڕین؛ هاتنە سەر ڕێی ڕاست: *(From this day on you're going to shape up or shape out.)*
take shape, ڕێکهاتن؛ پەرەسەندن؛ بەرەو پێشەوە چوون.

shapeless (shāp′lis), *adj.* (١) بێ شێوە؛ بێ دەق؛ لە هیچ ناچێت.
(٢) ناشرین؛ نارێک‌وپێک.
-shapelessly *(adv.)* ; **shapelessness** *(n.)*.

shapely (shāp′li), *adj.* شێوە جوان؛ قەدو بالا جوان؛ ڕێک‌وپێک؛ خڕومڕ؛ خڕین: *(a ~ fugure)* .
-shapeliness *(n.)*.

shard (shärd), *n. Also* **sherd,** (١) پارچەی شکاوی شوورشە یا کانزا.
(٢) بەرگی تەنکی دەرەوەی باڵی قالۆنچە.
(٣) کیفی ڕەق (گیانەوەرناسی)؛ قاوغ.

share (shâr), *n.* (١) بەش؛ پشک؛ بەرکەوت.
(٢) بەشی تەواوی خۆ: *(Everyone has done his ~ of work.)*
(٣) یەک بەشی کۆمپانیای هاوبەشی.

v.t. (١) بەش کردن؛ دابەش کردن.
(٢) هاوبەشی کردن؛ بەش کردن لەگەڵدا: *(~ the candy with your playmates.)*

v.i. (~ in), بەشداربوون تێدا؛ بەشداری کردن تێدا.
go shares, بە هاوبەشی کردن؛ پێکەوە وەک یەک بەشداربوون.
on shares, هاوبەشی کردن لە سوودو زیانیشدا.

share (shâr), *n.* = **plowshare.**

sharecrop (shâr′krop′), *v.t. & v.t.* بەشێک لە بەرهەمی کشتوکاڵ بردن لەبری ئیش.

sharecropper (shâr′krop´ēr), *n.* وەرزێرێکە کە بەشێک لە بەرهەمی کشتوکاڵەکەی دەبات لەبری نیشەکەی

shareholder (shâr′hōl´dēr), *n.* بەشدار، لە کۆمپانیای هاوبەشیدا؛ خاوەن بەش؛ هاوبەش

shark (shärk), *n.* (١) دەستبڕ؛ ساختەچی؛ جامباز؛ تەڵەکەباز (٢) [Slang]. شارەزا؛ بزان؛ زانای ڕشتەیەکی تایبەتی

v.t. [Archaic], دەستبڕین؛ بە جامبازی دەست کەوتن

v.i. دەستبڕی کردن؛ بە ساختەچێتی ژیان

shark (shärk), *n.* سەگەماسی؛ کۆسە؛ جۆرە ماسییەکی گەورەو دڕی ماسی خۆرە هەندێکیشیان پەلامارێ مرۆڤ دەدەن

sharkskin (shärk′skin´), *n.* (١) پێستی کۆسە (٢) قایشێکە لە پێستی کۆسە دروست دەکرێت (٣) قوماشێکی لووسی نەخت‌ێک بریقەدارە

sharp (shärp), *adj.* (١) تیژ؛ بڕ *(a ~ knife)* . (٢) ووردوخاش؛ تیژ (٣) تیژ (پێچ، لۆڤە)؛ *(a ~ turn)* . (٤) دیار؛ زۆر دیار؛ لەبەرچاو؛ ئێجگار؛ *(a ~ difference, contrast, etc.)* (٥) زیرەک؛ دانا؛ زرنگ؛ تیژ؛ *(a ~ mind, person, etc.)* . (٦) (أ) وورپا (ب) تیژ؛ *(~ eyes)* . (٧) فێڵباز؛ تەڵەکەباز؛ زۆڕباز؛ زۆڵ (٨) بڕ، ووشە، ڕەخنە؛ توندوتیژ؛ *(He had some ~ words for him.; ~ criticism)* (٩) توند (هێرش)؛ توندوتیژ (١٠) سارد؛ بڕ؛ تیژ؛ *(a ~ wind)* . (١١) تیژ (ئازار)؛ زۆر؛ بڕنە؛ *(a ~ pain)* (١٢) تیژ (تام، بۆن)؛ تووند (١٣) بەرزو ناساز (دەنگ)؛ تیژ (١٤) بەنێ؛ بریقاوە؛ زۆر ڕووناک؛ *(a ~ flash of light)* . (١٥) (أ) شۆخ؛ قۆز؛ تەڕپۆش؛ جوان (ب) کەشخە (جل‌وبەرگ)؛ جوان؛ ڕێک‌وپێک؛ *(a ~ jacket, suit, dress, etc.)* (١٦) بێ دەنگ (تیپ)؛ دەنگناسی (١٧) بەرزتر لە ناسایی (مۆسیقا و گۆرانی)

n. (١) دەرزی دروومانی نووک زۆر باریک‌و تیژ (٢) [Colloq.]، زانا؛ شارەزا؛ بزان (٣) [Colloq.]، sharper . (٤) (أ) ناوازێکی بەرزتر لە ناسایی (ب) نیشانەی نەم جۆرە ناوازە

v.i. مۆسیقاڵێدان یا گۆرانی وتن بە دەنگی بەرزتر لە پێویست

adv. (١) لەبڕ؛ بە پەلە؛ خێرا (٢) بە وورپایی (٣) بە تیژی (٤) بەرزتر لە هی ڕاست یا پێویست (ئاواز) (٥) تەواو (کات)؛ بە تەواوی؛ بەبێ کەمو زیاد؛ *(She came at seven o'clock ~ .)*

-sharply *(adv.)* ; **sharpness** *(n.).*

sharp-eared (shärp′êrd´), *adj.* (١) گوێ قوت؛ گوێ ڕەپ (٢) گوێ سووک

sharp-edged (shärp′ejd´), *adj.* تیژ؛ دەم تیژ؛ بڕ

sharpen (shär′p'n), *v.t.* تیژکردن (چەقۆ، گوێزان، پێنووس)؛ دادان (پێنووس)؛ تیژکردنەوە

v.i. تیژبوون

sharper (shär′pēr), *n.* دەستبڕ (بەتایبەتی قومارچی)؛ گزێکەر؛ ساختەچی؛ فێڵباز

sharp-eyed (shärp′id´), *adj.* (١) چاوتیژ (٢) وورپا؛ هۆشیار؛ بە سەرنج

sharpie (shär′pi), *n.* (١) جۆرە بەلەمێکی بایەوانی باریک‌و درێژ بن تەختی ڕاوەماسییە (٢) [Colloq.]، کەسێکی وورپا و زیرەک‌و قسە قوت

sharp-nosed (shärp′nōzd´), *adj.* (١) لووت تیژوباریک (٢) نووک تیژ؛ لووتکەدار؛ سەرتیژ (٣) هەستی بۆن کردنی تیژە

sharp-set (shärp′set´), *adj.* (١) بە پەرۆش؛ زۆر برسی (٢) ئامادەیە بۆ بڕین یا بڕینەوە (مشار...هتد)

sharp-shooter (shärp′shōōt´ēr), *n.* نیشانچی؛ نیشان شکێن

sharp-sighted (shärp′sīt´id), *adj.* = sharp-eyed.

sharp-tongued (shärp′tuŋd´), *adj.* دەم درێژ؛ زمان درێژ؛ زمان پیس

sharp-witted (shärp′wit´d), *adj.* زیرەک؛ مێشک تیژ؛ مێشکی وەک ددانی مارە

shatter (shat′ēr), *v.t.* (١) ووردوخاش کردن؛ *(to ~ a window)* . (٢) وێران کردن؛ تێکدان؛ فەوتاندن؛ تێک‌وپێکدان؛ لەناوبردن؛ *(to ~ one's hopes, nerves, etc.)* (٣) [Obs.]، پەرش‌و بڵاوکردنەوە

v.i. (١) ووردوخاش بوون؛ شکان (٢) تێکچوون؛ فەوتان؛ وێران بوون

n. (١) ووردوخاش بوون؛ شکان (٢) *(pl.)*، پارچە پارچە؛ پارچەی ووردوخاش؛ وورد پارچە؛ *(The broken vase lay in ~s.)* (٣) ووردوخاشی؛ شکاری

shatter-proof (shat′ēr-prōōf´), *adj.* ووردوخاش نابێ؛ *(~ glass)*

shave (shāv), *v.t.* (١) تاشین (دار)؛ ڕەندەکردن (٢) تاشین (ڕیش)؛ تەراش کردن (٣) ڕووشاندن (٤) بڕین (چیمەن، گیا) (٥) [Colloq.]، نرخ داشکاندن؛ نرخ هێنانەخوارەوە (٦) بە نرخێکی کەمتر لە ناسایی کڕین (سەوداگەری)

v.i. (١) تەراش کردن؛ ڕیشی خۆ تاشین (٢) بە چنگەکڕێ دەربردن (پارەبازی)

n. (١) (أ) ڕەندە (ب) مەکینەی ڕیش تاشین (٢) تەڵاش؛ نارەد مشار؛ پرووشەدار (٣) تەراش؛ ڕیش تاشین؛ *(a sharp razor means a good ~)* (٤) [Colloq.]، زۆر لێ نزیکبوونەوە بەبێ لێدان یا بەرکەوتن

a close shave, [Colloq.], بە حاڵ دەربازبوون؛ بە حاڵ ڕزگاربوون

shaveling (shāv′liŋ), *n.* (١) کەسێکی سەرتاشراو یا پاک کراو بەتایبەتی کەشیش (لەڕووی سووکی‌یەوە) (٢) لاو؛ گەنج؛ هەرزە

shaven (shāv′n), alternative past participle of **shave.**

adj. (١) تاشراو (٢) باش کورتکراوەتەوە

shaver (shāv′ēr), *n.* (١) تەراشکەر؛ ڕیش تاش (٢) مەکینەی ڕیش تاشین؛ *(an electric ~)* . (٣) [Archaic]، دەستبڕ؛ تەڵەکەباز؛ ساختەچی (٤) [Colloq.]، لاو؛ گەنج؛ هەرزە؛ منداڵ

shave-tail (shāv′tāl´), *n.* (١) هێستری تازە گیراو (٢) ئەفسەری یەک ئەستێرەی تازە (لەڕووی سووکی‌یەوە)

shaving (shāv′iŋ), *n.* (١) (أ) ڕیش تاشین؛ تەراش کردن؛ تاشین (ب) ڕەندەکردن؛ تاشین (دار) (٢) تەڵاش؛ نارەد مشار؛ وورد تونکڵ؛ پرووشەدار؛ پرووش (پەنیر، کاغەز)؛ *(wood ~)*

shaving brush, فڵچەی ڕیش تاشین

shaving cream, سابوونی ڕیش تاشین

shaw (shô), [Archaic or Dial], بێشە؛ بێشەڵان؛ چرستان؛ زەبەنگ

shaw (shô), *n.* گەڵا و لاسکی شێڵم و پەتاتە...هتد

shawl (shôl), *n.* دەستماڵ؛ چارۆکەی سەرشان؛ شاڵ

shawm (shôm), *n.* ئامێرێکی فووپیاکردنی مۆسیقی کۆنە

shay (shā), *n.* [Colloq.], = chaise.

she (shē, shi), *pron.* (١) ئەو (ژن و گیانداری مێ)

she- (shē), *n.* (۱) ژن؛ گیانداری مێینه؛ مێینه؛ ما. (۲) ئەو ژنەی کە بەمانای مێ؛ مێینە؛ ما. *(Our dog is a ~ .)*

(~ - ass ; ~ - cat ; ~ - bear) پێشگرێکە بەمانای مێ؛ مێینە؛ ما.

sheaf (shēf), *n.* (۱) جەپک؛ دەسک؛ دەستە؛ مەڵۆ؛ قول؛ گوورزە (۲) پر تیردانێک تیر. (۳) بەستەک (کاغەز)؛ دەستە. *(a ~ of papers)*

v.t. مەڵۆکردن؛ گوورزەکردن؛ چەپک چەپک کردن؛ پێچانەوە؛ بەستن.

shear (shêr), *v.t.* (۱) بڕینەوە (مەر، بزن، خوری). (۲) تووک یا بەرگن لێکردنەوە؛ تاشین (۳) بڕینەوە. (٤) لێ سەندنەوە (ماف، دەسەلات)؛ بێ بەش کردن. (٥) [Dial.] دوورینەوە (بە داس)؛ درووێنەکردن.

v.i. (۱) (أ) بڕنگ بەکارهێنان؛ بڕینەوە؛ قەڵەم کردن (ب) بە داس دوورینەوە. (۲) لەبەکبوونەوە؛ شەق بردن (۳) پیدا ڕۆیشتن؛ بڕین (مەجاز) *(The plane ~ed through the clouds.)*

n. (۱) (أ) بڕنگ؛ مەقەستی گەورە (ب) پەلێکی بڕنگ یا مقەست (۲) ئامێری بڕینەوە (بەتایبەتی هی تەبەقە کانزا). (۳) بڕینەوە (مەر، بزن، کانزا...هتد). (٤) بەرگر؛ مەڕوبزنی بڕیاوە. (٥) بڕینەوەیەک. واتە ساڵێک. ڕێگەیەکە بۆ دیاری کردن یا ژماردنی تەمەنی مەڕ *(a sheep of three ~s)* . (٦) shearing stress

-shearer *(n.)*.

shearing (shêr′iŋ), *n.* (۱) بڕینەوە (مەر، بزن) (۲) بەرگر؛ ئەو خوری‌و مووەی لە بڕینەوەیەکدا لە مەڕ یا بزن دەکرێتەوە.

shearing stress, ئەرکی سەر دوو پارچە ئاسنی لەیەککەوتوو لەکاتی کارکردن. (وەک دوو پەلی بڕنگ).

shear legs, *Also* **shear-legs,** مەکینەی شتی قورس بەرزکردنەوە.

shearling (shêr′liŋ), *n.* (۱) مەڕی یەک جار بڕیاوە؛ شەک؛ بەرخی یەک ساڵە. (۲) پێستەی شەک یا بەرخ بە بەرگنەکەیەوە.

shears (shêrz), *n.pl.* (۱) بڕنگ؛ مقەستی گەورە (۲) ئامێری کانزاو شتی تر بڕینەوە. **shear-legs**

shear-water (shêr′wô′tĕr), *n.* ئاوبڕ باڵندەیەکی دەریایی ڕەشو سپی دەنووک نوشتاوەی باڵ درێژە ئەوەندەی کۆترێک دەبێت کە دەفڕێت لەوە دەچێت کە بەسەر ئاوەکەدا بخشێت یا بیڕێت.

sheatfish (shēt′fish′), *n.* ماسییەکی زۆر گەورەی ڕوباری ئەورووپاییە (هەندێکیان سەدوپەنجا کیلۆ دەبن).

sheath (shēth), *n.* (۱) کێلاڤ؛ کیف. (۲) بەرگ. (۳) کراسی تەسکی ئافرەت.

v.t. خستنە کێلانەوە

sheath-bill (shēth′bil′), *n.* دەنووک کێلانی باڵندەیەکی دەریایی سپی ئاوچەکانی تەوەری باشوورە کیفێک بە ژێر دەنووکییەوەیە.

sheathe (shēth), *v.t.* (۱) خستنە کێلانەوە (۲) بەرگ تێگرتن؛ داپۆشین (بۆ پاراستن). (۳) کردن بە گۆشتدا (شیر) (٤) چرنووک کێشانەوە ئاو کیفەوە

sheathing (shēth′iŋ), *n.* (۱) (أ) خستنە کێلانەوە. (ب) بەرگ تێگرتن. (۲) بەرگ

sheath knife, چەقۆی کیفدار

sheave (shēv), *n.* پێچکەی قەراغ چاڵ (وەک هی خولخولۆکە)

sheave (shēv), *v.t.* چەپک کردن؛ گوورزەکردن؛ پێچانەوە؛ بەستن

sheaves (shēvz), *n. plural of* **sheaf** *and* **sheave.**

shebang (shə-baŋ′), *n.* [Slang], کاروبار؛ دەزگا؛ شت؛ هەرامە. (بەتایبەتی لەم دەستەواژەیەدا: **the whole shebang**).

shebeen (shi-bēn′), *n.* [Irish and Scot.], مەیخانەی قاچاغ.

shed (shed), *n.* سایەبان؛ چەرداخ؛ کەپر؛ کەپری ئاژەڵ؛ زنج؛ سابات.

shed (shed), *v.t.* (۱) ڕژاندن (خوێن، فرمێسک)؛ ڕشتن؛ ڕژان: *(to ~ blood, tears, etc.)*

(۲) لێ بوونەوە؛ بلاوکردنەوە؛ دانەوە؛ لێ هاتنەدەرەوە: *(He ~s confidence wherever he goes.)*

(۳) نەگرتنە خۆ؛ لێ دوورخستنەوە؛ پێوە نەنووسان: *(A duck's feathers ~ water.)*

(٤) فڕێدان (تووک، کاڤ)؛ وەرین؛ لێ بوونەوە؛ ڕووتانەوە: *(to ~ skin)*

v.i. (۱) فڕێدان (تووک، کاڤ)؛ ڕووتانەوە. (۲) وەرین: *(All the leaves have ~ .)*

n. = watershed.

shed blood, خوێن ڕشتن؛ کوشتن.

she'd (shēd),= she had, she would.

shedder (shed′ĕr), *n.* (۱) تووک یا کاڤ فڕێدەر؛ قڕ یا تووک ڕووتاوە. (۲) قڕانگو کوللەی دەریا لەکاتی قاوغ فڕێداندا یا دوای.

shedding (shed′iŋ), *n.* (۱) کاڤ یا تووک فڕێدان. (۲) تووک یا کاڤو شتی تری فڕێدراو یا لێ بووەوە.

she-devil, ئافرەتی بەدخوای کینەداری دڵڕەق.

sheen (shēn), *n.* (۱) تریفە؛ بریقە؛ بریسکە. (۲) جلی بریقەدار؛ بەرگی بریسکەدار.

adj. [Poetic]. بریقەدار؛ بریسکەدار؛ بە تریفە؛ جوان.

v.i. [Poetic], بریقەدانەوە؛ بریسکەدان

sheeny (shēn′i), *adj.* بریقەدار؛ بریسکەدار.

sheep (shēp), *n.* (۱) مەڕ؛ پەز. (۲) پێستە مەڕ. (۳) کەسێکی ملکەچ‌و ترسنۆک‌و بێ دەسەلات‌و بێ مێشک‌و سەرکز.

make sheep's eyes at, بە شەرمەوە بە خۆشەویستانەو دڵدارانە سەیرکردن.

sheepberry (shēp′ber′i, shēp′bĕr-i), *n.* دارەختێکی گوڵ سپی بەر تووترکەییە.

sheepcote (shēp′kot′), *n.* = sheepfold.

sheep-dip (shēp′dip′), *n.* گیاوەیەکی کیمیایییە مەڕی تێهەڵدەکێشرێت بۆ کوشتنی گەنەو زێو جانەوەری ترو پاکردنەوەی.

sheep dog, *Also* **(sheep-dog),** *n.* سەگی شوان: سەگێکی گەورەی هێمنی تیسك درێژە فێری بەدیارەوەبوون‌و پاسەوانی مێگەلە. (پێشی دەووترێ: " Old English sheepdog ").

sheepfold (shēp′fōld′), *n.* پەچە؛ کۆز.

sheepherder (shēp′hûr′dĕr), *n.* شوان. (هەروەها " shepherd ").

sheepherding (shēp′ĕrd′iŋ), *n.* مەڕ لەوەڕاندن؛ شوانی کردن.

sheepish (shēp′ish), *adj.* (۱) شەرمن؛ زوو تەریق بووەوە؛ کەم ڕوو: *(a ~ look)* (۲) ترسنۆک؛ مااڵی؛ ملکەچ.

-sheepishly *(adv.)* ; **sheepishness** *(n.)*.

sheep-kill (shēp′kil′), *n.* = sheep laurel.

sheep laurel, مەڕکوژە: دەوەنێکی هەمیشە سەوزی ژەهراوییە مەڕ دەکوژێ. (پێشی دەووترێ: " lambkill ").

sheep's eyes, سەیرکردنی شەرمانەو خۆشەویستانە: *(She was making ~ at him.)*

sheepman (shēp′man′, shēp′mən), *n.* (۱) مەڕ بەخێوکەر. (۲) sheepherder .

sheep run, = sheepwalk.

sheepshank (shēp′shaŋk′), *n.* (۱) لوولاقە مەڕ. (۲) گرێی پەت کەرتکردنەوە.

(٣) [Scot.]. شتێکی هیچ‌وپووچ؛ شتێکی ناسک، بێ هێز، یا باریکەڵە.

sheepshead (shēps′hed´), *n.* (١) کەڵەی مەڕ (بۆ خواردن).
(٢) کەسێکی کەڕو بێ مێشک؛ کەسێکی هیچ‌وپووچ.
(٣) ماسی‌یەکی دەریایی گەورەی سەر زلی بازووە.

sheep-shearer (shēp′shêr´ĕr), *n.* (١) مەڕ بڕەرەوە.
(٢) برنگ؛ مەکینەی مەڕ بڕینەوە.

sheep-shearing (shēp′shêr´iŋ), *n.* (١) مەڕ بڕینەوە.
(٢) کاتی مەڕ بڕینەوە. (٣) ئاهەنگی مەڕ بڕینەوە.

sheepskin (shēp′skin´), *n.* (١) پێستە مەڕ بە کوڵکەکەیەوە.
(٢) پێستەی نووسین؛ کاغەزی پێستە.
(٣) [Colloq.]. بڕوانامەی قوتابخانە؛ دبلۆم.

sheep sorrel, ترشۆکە. گیایەکی کێویلەیە گەڵاکەی لە سلق دەچێت تامەکەی ترشە.

sheepwalk (shēp′wôk´), *n.* لەوەرگای مەڕ.

sheer (shêr), *v.i.* لە ڕێ لادان (کەشتی)؛ لادان.
v.t. لە ڕێ بێ لادان.
n. (١) لە ڕێ لادان (کەشتی)؛ لادان.
(٢) ڕادەی لاربوونەوەی کەشتی (کە لە لاوە ببینرێ).

sheer away (or off), جیابوونەوە (لە تاقمە خەڵک)؛ بەجێهێشتن؛ لە باس لادان یا گۆڕین (لەبەر ناخۆشی باسەکە).

sheer (shêr), *adj.* (١) ڕۆر تەنک (کاڵا)؛ پۆشن.
(٢) تەواو؛ بێ کەم‌وزیاد؛ هەر؛ تەنها؛ پووت.
(It was ~ folly, ignorance, etc..; a ~ accident; a ~ waste of time)
(٣) هەزار بە هەزار؛ سەخت؛ ستوونی؛ ڕۆر لێڕ؛ یەکسەر چووە بە ئاسماندا.
(a ~drop; a ~ cliff)
adv. (١) بە تەواوی؛ بەبێ کەم‌وزیاد؛ پووت؛ هەر؛ تەنها.
(٢) یەکسەر بۆ خوارەوە؛ بە لێڕی؛ بە ستوونی؛ بە هەزار بە هەزاری.
n. کالای ڕۆر تەنک؛ بەرگی لەم کالایە دروستکراو.

sheer legs, = shear legs.

sheet (shēt), *n.* (١) سەر دۆشەک؛ بەرگە دۆشەک؛ چەرچەف؛ متیل.
(٢) [Poetic]، بایەوان.
(٣) (ا) پەڕە (کاغەز)؛ تەبەق. *(a ~ of paper)* .
(ب) ڕۆژنامە.
(٤) پەڕە (ئاسن)؛ تەبەق (سەهۆڵ، شوورشە)؛ تەختە (دار، شوورشە):
(a ~ of ice, glass, iron, plywood, etc.)
(٥) تەختەبەرد (زەمینناسی).
(٦) تەبەقە پوول (پێش جیاکردنەوەیان لەیەک).

sheet (shēt), *n.* داپۆشین (بە متیل، تەبەقە شوورشە، سەهۆڵ یا ئاسن)؛ بەرگ تێگرتن.
v.t. پەتی بایەوان
v.i. درێژبوونەوەی پەتی بایەوان لە ایەکدا.

three sheets to the wind, [Colloq.], سەرخۆش.

sheet anchor, (١) لەنگەری گەورەی تەنگانەی کەشتی.
(٢) دوا پەنا؛ دوا دالدە؛ کەسێک یا شتێکە کە لە تەنگانەدا دەکەوێتە فریا.

sheet bend, قولفە گرێ. بریتییە لە گرێدانی پەتێک بە قولفەکەیەوە (کەشتیوانی)

sheet glass, تەبەقە شوورشە؛ تەختە شوورشە.

sheeting (shēt′iŋ), *n.* (١) بەرگ تێگرتن؛ بە تەختەدار یا تەبەقە کانزا یا قوماش داپۆشین. (٢) لۆکەو کەتانی چەرچەف لێ دروستکراو.
(٣) پەڕەی تێگیراو؛ بەرگ (تەبەقە ئاسن، تەختەدار، متیل...هتد):
(copper ~)

sheet iron, تەبەقە ئاسن.

sheet metal, پەڕەی کانزایی؛ تەبەقە کانزا.

sheet music, مۆسیقای چاپکراو لەسەر پەڕەی بەند نەکراو.

sheik, sheikh (shēk, shāk), *n.* (١) (ا) شێخ

(ب) سەرەک خێڵی عەرەبی. (٢) [Slang]، پیاوی قۆزی ژن بۆ شێت بوو؛ ژنکۆژ.

sheikdom, sheikhdom (shēk′dəm), *n.* شێخ نشین.

sheitan (shi-tän′), *n.* = shaitan.

shekel (shek′l), *n.* (١) کێشانەیەکی بابلی و جوولەکەی کۆنە.
(٢) پارەیەکی ئالتوون یا زیوی جوولەکەی کۆنە.
(٣) [Slang] (*pl.*)، پارە (بەتایبەتی هی ووردە).

sheldrake (shel′drāk´), *n.* جۆرە مراوی‌یەکی ڕەش‌وسپی‌یە.

shelf (shelf), *n.* (١) ڕەفە؛ تاق.
(٢) شتی سەر ڕەفە؛ ئەوەندە شتومەک کە جێی ببێتەوە لەسەر ڕەفەیەک.
(٣) تەختەبەری سەردەرهێناو لە کەندەڵانێکەوە وەک ڕەفە.
(٤) ڕەفە یا تیرەیەکی بەردینی تەنکاوی گوێ دەریا.
(٥) تەختەبەردی ژێر زێخ وگڵ (کانگەری).

on the shelf, بێکار (پیاوی پیر، کچی قەیرە)؛ بێ کەڵک؛ خراوەتە پشت گوێ؛ خراوەتە لاوە؛ بەکارنەماو.

shell (shel), *n.* (١) قاوغ (کیسەڵ، گوێچکەماسی)؛ لەپکە؛ قاقلە؛ سەدەف.
(٢) تونکڵ (هێلکە، پاقلە، گوێز، بادەم، تۆو)؛ قاوغ؛ قاپۆر؛ قاڵۆر.
(٣) بەرگێک یا شتێکی لە قاوغ چوو: (ا) چوارچێوە یا قاوغی خانوو.
(ب) قاوغی پاقلاوەو کێک و کولیچە.
(ج) قاوغی بەڵەم و کەشتی. (د) گوێچکە.
(٤) شتێکی بۆش و پروالەتی (کردار، هەڵوێست...هتد)؛ شتی بێ ناوەڕۆک یا ناونا‌خن. (٥) بەڵەمی سەوڵی باریک و درێژی پێشچەکێ.
(٦) بۆمبا. (٧) قاوغە فیشەک؛ قاپۆر؛ قاوغە گوللە.
(٨) گوێچکەماسی؛ گیانداری دەریایی نەرمی قاوغدار.
v.t. (١) تونکڵ لێکردنەوە؛ پاک کردن:
(to ~ peas, shrimp, etc.)
(٢) دەنکی گەنمەشامی کردنەوە لە گوڵەشامی.
(٣) بۆمباران کردن؛ بۆمبا پێوەنان؛ تۆپ پێوەنان.
v.i. تونکڵ لێ بوونەوە: *(Peanuts ~ easily).*

come out of one's shell, شەرم شکان و چوونە ناو خەڵکەوە؛ لە قاوغی خۆ هاتنەدەرەوە؛ هاتنەدەرەوە بۆناو کۆمەڵ.

retire into one's shell, چوونە ناو قاوغی خۆوە؛ شەرم گرتن؛ لە کۆمەڵ کشانەوە.

shell out, [Colloq.], پارەدان؛ جرنگاندن؛ دانەدەست:
(He shelled out a large sum of money.)

she'll (shēl), = she shall, she will.

shellac, shellack (shə-lak′), *n.* (١) جەوی " لەک" ی پانێوراو.
(ووشەی " lac " ببینە). (٢) بۆیەیەکی ڕوونە لە "لەک"و کحوول پێکدێت:
شلاووکی " لەک".
v.t. (١) شلاووک یا جەوی " لەک" لێدان.
(٢) [Slang]، زۆر بە باشی لێ بردنەوە (یاری)؛ بۆڕێیدان؛ باش بەزاندن.
(٣) [Slang]، پەیتا پەیتا لێدان؛ بە بێ بەزەییانە دارکاری کردن یا بیرازکردن.

shellacking (shə-lak′iŋ), *n.* [Slang], (١) دارکاری کردن؛ بیرازکردن؛ بە قامچی لێدان. (٢) بە تەواوی بەزاندن؛ باش بۆڕێیدان

shell-back (shel′bak´), *n.* (١) کەشتیوانی قاڵ یا شارەزا.
(٢) کەسێکە کە کەمەرەی زەوی بڕیبێ بە کەشتی.

shell-bark (shel′bärk´), *n.* = shagbark.

shell bean, جۆرە لۆبیایەکە کە هەر ناوکەکەی دەخورێت نەک قاوغەکەی.

shell-fire (shel′fīr´), *n.* تۆپ پێوەنان؛ بۆمباباران (بە تۆپ).

shell-fish (shel′fish´), *n.* گیانداری ناوی قاوغدار (گوێچکەماسی، قرژانگ، کوللەی دەریا...هتد).

shell game, پیلانێکە بۆ خەڵەتاندن و گزی لێکردن و دەستبڕینی کڕیارو سەوداگەر؛ گزی؛ دەستبڕین.

shell jacket, جۆرە چاکەتێکی کورت و تەسکە بۆ بۆنەی نیمچە ڕەسمی.

shell-proof (shel′prōōf´), *adj.* بۆمبا کارتێنەکەر؛ دژی بۆمبا.

shell shock, مێشک تێکچوونی سەربازە لە جەنگدا بەهۆی بۆمباباران

بەردەوامەوە

-shell-shocked *(adj.).*

shelly (shel′i), *adj.* (١) بە گوێچکەماسی یا قاقلە داپۆشراو. (٢) قاوغی؛ قاقلەیی؛ قاقلەدار.

shelter (shel′tēr), *n.* (١) پەناگا؛ پەنا؛ لانە؛ دالدە: *(to take ~ ; to give ~ to somebody)* (٢) پارێزگاری؛ پاراستن.

v.t. . (to ~ someone) دالدەدان؛ پەنادان؛ گرتنەخۆ؛ جێکردنەوە؛ پاراستن: *v.i.* دالدە بۆ بردن؛ پەنا بۆ بردن.

shelter tent, چادرێکی بچکۆلەی دوو کەسیە. (پێشی دەووترێ: " pup tent ").

shelty, sheltie (shel′ti), *n.* = shetland sheep dog, shetland pony.

shelve (shelv), *v.i.* لێڕبوون؛ بەرەوخواربوونەوە.

v.t. (١) ڕەفە بۆ کردن؛ ڕەفە بۆ دروستکردن. (٢) خستنەسەر ڕەفە. (٣) (ا) خستنەلاوە؛ دواخستن؛ خستنە پشت گوێ: *(to ~ a plan, project, discussion, etc.)* (ب) خانەنشین کردن؛ لە ئیش دەرکردن؛ لێ خستن.

shelves (shelvz), *n. plural of* shelf.

shelving (shel′viŋ), *n.* (١) کەرەستەی ڕەفە. (٢) ڕەفە بەگشتی؛ ڕەفەکان. (٣) شت خستنەسەر ڕەفە؛ ڕێکخستن لەسەر ڕەفە. (٤) (ا) لێژکە؛ لێژایی؛ لێژی. (ب) پلەی لێژی.

Shemite (shem′it), *n.* = Semite.

Shemitic (shem-it′ik), *adj.* = Semitic.

shenanigan (shi-nan′i-gən), *n.* [Colloq.], قسەی هیچوپووچ و بێ مانا؛ فێڵبازی؛ فێڵ و تەڵەکە؛ کەتن؛ تەڵەکەبازی؛ خەڵەتان؛ تەشقەلە؛ چەوتی.

sheol (shē′ōl), *n.* (١) جێی مردووان (ئینجیل). (٢) [-s-] [Colloq.]، دۆزەخ؛ جەهەننەم.

shepherd (shep′ērd), *n.* (١) شوان (" sheepherder " هەروەها). (٢) ڕابەری ئایینی (مەلا، قەشە... هتد)؛ ڕابەری کڵێسە.

v.t. (١) شوانی کردن؛ بەدیارەوەبوونی ڕانەمەڕ. (٢) ڕابەری کردن؛ سەرەوکاری کردن؛ چاودێری کردن؛ ئاگا لێ بوون.

the Good Shepherd, عیسا

shepherd dog, = sheep dog.

shepherdess (shep′ērd-is), *n.* شوانی ژن؛ کچە شوان.

shepherd's check, (١) نەخشێکی میل میلی ڕەش و سپیە. (٢) قوماشێکی میل میلی ڕەش و سپیە. (پێشی دەووترێ: " shepherd's plaid ")

shepherd's purse, گیایەکی گوڵ سپیە کەلووی سێگۆشەیی وەک دڵ دەگرێ

sherbet (shūr′bət), *n.* (١) شەربەت؛ خۆشاو. (٢) شیرینیەکە لە دوندرمە دەچێت

sherd (shūrd), *n.* = shard.

shereef (shə-rēf′), *n.* = sherif.

sherif (shə-rēf′), *n.* (١) شەریف؛ نەوەی پێغەمبەر. (٢) شەریف؛ فەرمانڕەوای مەککە

sheriff (sher′if), *n.* (١) سەرۆکی پۆلیسی سواری دەرەوە و ناوشار کە ئاسایشی ناوچەکەو جێبەجێکردنی فەرمانەکانی دادگای پێ سپێردراوە). (٢) سەرۆکی شارەوانی و دادگەری ناوچەیەکی نینگلتەرەیە

sherris (sher′is), *n.* [Archaic]. = sherry.

sherry (sher′i), *n.* (ا) شەرابێکی ئیسپانی خەستە (گەلێک جار شیرینە. (ب) شەراب یا مەیەکی وەها

she's (shēz), = she is, she has.

Shetland pony, ئەسپی کورتەبالای شێتلاند: ئەسپێکی کورتەبالای بەهێزو کلک درێژە (لە "شێتلاند"ەوە هاتووە کە دوورگەیەکی نزیک ئۆسکوتلەندەیە).

Shetland sheep dog, سەگی شوانی شێتلاند. (ووشەی پێشوو وە " sheep dog " ببینە).

shew (shō), *n., v.t. & v.i.* = show.

shewbread (shō′bred′), *n.* = showbread.

Shiah, Shia (shē′ə), *n.* (١) شیعە (ئیسلام)؛ لقی شیعە. (٢) Shiite.

shibboleth (shib′ə-ləth), *n.* (١) تاقیکردنەوە (نایابی جوولەکە). (٢) تاقیکردنەوە (بەتایبەتی بۆ ناسینەوەو جیاکردنەوەی کەسێک). (٣) دڕووشم و نیشانەیەکی تایبەتی کۆمەڵێک، تاقمێک، یا حیزبێک.

shied (shīd), *past tense and past participle of* shy.

shield (shēld), *n.* (١) زرێ؛ قەڵغان. (٢) پارێزەر (مرۆڤ، شت)؛ هۆی پاراستن. (٣) قەڵغانێکە کە دووشمی هۆزێکی پێوەیە. (٤) شتێکی لە قەڵغان چوو. (٥) گوللەبەند یا بەربەستێکی ئاسنی تۆپ یا تۆپ هاوێژە (بۆ پاراستنی تۆپچیەکان). (٦) پەردە یا بەربەستی پاراستن (مەکینەکاری) (٧) بەربەستی ئارەق: شتێکی هەڵمژ یا لاستیکیە لە بن قۆڵی کراس و چاکەتدا لەبەردەکرێت بۆ پاراستنی لە ئارەق. (٨) قاوغ (کیسەل). (٩) بەربەستی ئەتۆم: دیوارێکی قورقوشمی یا چیمەنتۆیە بەدەوری فڕنی ئەتۆمیدا بۆ بەربەستکردنی تیشک (فیزیا).

v.t. (١) پاراستن بە زرێ. (٢) پاراستن؛ پارێزگاری کردن. (٣) شاردنەوە؛ داپۆشین؛ بەرچاوگرتن: *(to ~ from view)*

v.i. بوون بە زرێ بۆ؛ پاراستن.

shielding (shēld′iŋ), *n.* (١) کۆختەی دەشت و شاخی شوانان. (٢) [British Dial.]، هاوینە لەوەڕگای شاخ و کێو.

shier (shī′ēr), *n.* ئەسپی سرک: ئەسپێکە کە زووزوو هەڵدەسڵەمێتەوە.

shift (shift), *v.t.* (١) گۆڕین (لە شوێنێک، کەسێک، یا بارێکەوە بۆ یەکێکی تر)؛ گواستنەوە؛ لادان؛ خستنەسەر: *(Don't ~ the responsibility.; to ~ the blame on to someone else; to ~ the scenes)* (٢) گۆڕینەوە؛ جێگۆڕکێ پێکردن؛ ئاڵوگۆڕکردن. (٣) گێڕ گۆڕین (ئوتومبیل). (٤) گۆڕینی دەنگ (زمانەوانی).

v.i. (١) گۆڕان (شێوە، جێ، سرووشت، ڕێبان)؛ جوواڵن؛ لە ڕێ لادان. (٢) دەربردن بەبێ یارمەتی کەس؛ هەڵ کردن؛ پشت بە خۆ بەستن؛ خۆ بەخێوکردن: *(You must ~ for yourself now.)* (٣) سەرچەوتی کردن؛ ئۆینبازی کردن؛ فێڵبازی کردن؛ ساختەکردن. *(Our new car ~s automatically.)* (٤) گێڕ گۆڕین. (٥) [Archaic or Dial.]، جل گۆڕین؛ خۆگۆڕین.

n. (١) گۆڕین؛ گۆڕان: *(a ~ in foreign policy)* . (٢) (ا) پیلانی ڕێکارکردن (بەتایبەتی لە تەنگانەیەک). (ب) فێڵ و تەڵەکە؛ فێڵبازی؛ ئاین و ئۆین؛ ساختە؛ خۆ دەربازکردن (٣) گۆڕینەوە؛ جێگۆڕکێ کردن؛ ئاڵوگۆڕ. (٤) نۆرە؛ نۆبە؛ نۆبەت؛ سەرە؛ شەفت. (٥) تاقمە کرێکاری شەفتێک؛ تاقمە کارگەری بە یەک نۆرە ئیش کردوو؛ شەفت: *(Three members of the night ~ were absent.)* (٦) گۆڕانی ڕووی یا هەڵکردن. (٧) [Archaic or Dial.]، جل گۆڕین؛ خۆگۆڕین. (٨) [Rare] chemise. (٩) جێگۆڕکێی یاریکەر (فوتبۆڵی نەمەریکی) (١٠) گێڕی ئوتومبیل گۆڕین. (١١) جوواڵنی زەوی لە دەروبەری قڵیشی گەورەی زەمیندا (زەمینناسی) (١٢) جێی پەنجە یا دەست گۆڕین لەسەر کەمانچەو ئامێری تر (١٣) دەنگ گۆڕین (زمانەوانی).

make shift, (١) دەربردن لە دۆخی ناهەمواردا؛ بە چنکەکرێ هەڵ کردن

بەبێ یارمەتی کەس.
(٢) نەوێرێ هەوڵدان؛ هەتا لە تواناددا بێ کۆشش کردن.
-shifter *(n.).*
shiftless (shift′lis), *adj.* (١) تەمەڵ؛ لەش گران.
(٢) لێ نەهاتوو؛ دەستەپاچە؛ ناکارامە.
-shiftlessly *(adv.)*; **shiftlessness** *(n.).*
shifty (shif′ti), *adj.* (١) چەرت؛ فێڵباز؛ سەرچەوت؛ ناپاک؛ پشت پێ نەبەستراو؛ بێ بار؛ هەمیشە گۆڕاو.
(~ eyes; a ~ character or person)
(٢) کارامە؛ لێهاتوو؛ زۆرزان.
-shiftily *(adv.)*; **shiftiness** *(n.).*
Shiism (shē′iz′m), *n.* شیعەیەتی
Shiite (shē′īt), *n.* شیعەیەک؛ کەسێکی شیعە.
shikar (shi-kär′), *n.* ڕاو
v.t. & v.i. ڕاوکردن.
shikari; shikaree (shi-kä′rē), *n.* ڕاوچی؛ ڕاوکەر؛ ڕاوەر یا چاوساغی هیندی ڕاوکەران.
shill (shil), *n.* [Slang], داو (مەجان)؛ تەڵە؛ کەسێکە کە چەرچی یا قومارچی یا خاوەن تیاترۆو پیشانگا بەکاری دەهێنێت بە خۆپیشاندان بە کڕیار یا سەرداگەر بۆ ڕاکێشانی خەڵکی ترو هاندانیان بۆ کڕین یا بەشداری کردن.
shillelagh, shillalah (shi-lā′lə, shə-lā′li), *n.* کوتەک؛ دار
shilling (shil′iŋ), *n.* (١) شلنگ؛ پارەیەکی وورەی ئینگلتەرەیە بیست یەکی پاوەنێکە. (٢) شلنگ؛ پارەی هەندێک وڵاتی نەفەریقایە وەک کینیا
shilly-shally (shil′i-shal′i), *adv.* بە ڕاڕایی؛ بە دوودڵی
adj. دوودڵ؛ ڕاڕا.
n. دوودڵی (بەتایبەتی دەربارەی شتێکی هیچوپووچ)؛ ڕاڕایی.
v.i. (١) دوودڵی کردن؛ ڕاڕایی کردن.
(٢) خۆ بە شتی هیچوپووچەوە خەریک کردن.
-shilly-shallier *(n.).*
shily (shī′li), *adv.* = shyly.
shim (shim), *n.* پوازێکی دار یا ئاسنە بۆشایی پێ پڕدەکرێتەوەو شتی پێ ڕاست دەکرێتەوە وەک کورسی و مێزی لاڕەسەنگ؛ ناواخن؛ پشتیوانە.
v.t. پڕکردنەوە یا ڕاستکردنەوە بە پواز؛ ناو ئاخنین.
shimmer (shim′ēr), *v.i.* (١) درەوشانەوە؛ تروسکانەوە؛ وورشانەوە؛ بریسکەهاتن ئاوبەئاو. (٢) کەوێنشکەکردن.
n. وورشە؛ وورشە وورش؛ بریسکە؛ تروسکە؛ درەوشانەوە.
-shimmery *(adj.).*
shimmy (shim′i), *n.* (١) لەرینەوەی یا یاری کردنی پێچکەی ئوتومبیل. (٢) شیمی. سەمایەکی جازی نەمەریکییە بادانی زۆر تێدایە.
chemise .[Dial. or Colloq.] (٣)
v.i. (١) لەرینەوە؛ لەرزین. (٢) سەمای (شیمی) کردن
shin (shin), *n.* (١) لوولاق
(٢) پارچە گۆشتی بەشی خواروو لوولاقی پێشەوەی ڕەشەوڵاخ.
v.t. (١) بە دار یا گوریسدا هەڵگەڕان بە هەردوو دەست و قاچ.
(٢) شەق لە لوولاق هەڵدان؛ شەق هەڵدان لە لوولاقە.
shin-bone (shin′bōn′), *n.* ئێسقانی لوولاق؛ لوولاقە ئێسقان.
shindig (shin′dig), *n.* (١) ناهەنگی سەماو هەڵپەڕکێ
(٢) ناهەنگ؛ زەماوەند
shindy (shin′di), *n.* (١) هەر وزەن؛ هەراوهوریا؛ هەرا
shindig .(٢)
shine (shīn), *v.i.* (١) بریقدانەوە؛ شەوقدانەوە؛ بریسکەدانەوە؛ درەوشاندەوە. *(The Sun was ~ing.)*
(٢) دەرکەوتن. لەناو کۆمەڵدا؛ شەوقدانەوە. مەجان.

(He dose not ~ in conversation.)
(٣) زۆر باش دیاربوون؛ گەشانەوە؛ پرشنگدانەوە.
v.t. (١) شەوق لێدان؛ داگیرساندن؛ *(~ your flashlight over here.)* .
(٢) بۆیاخ کردن (پێڵاو)؛ بریقە لێ هەڵسان؛ *(~ your shoes.)* .
n. (١) بریقە؛ شەوق؛ پرووناکی؛ بریسکە؛ پرشنگ؛ وورشە.
(٢) (١) بۆیاخ کردنی پێڵاو وبریقە لێ هەڵسانی.
(ب) بریقەی پێڵاوی بۆیاخ کراو.
(٣) سایەقە؛ هەتاو؛ *(rain or ~)* .
(٤) (*pl.*) [Colloq.]، تەشقەلە؛ پەنگ؛ تەپن.
(٥) [Slang]، هەراوزەنا؛ هەراوهوریا. (٦) [Slang]، وێسکی
rain or shine, باران بێ یا سایەقە؛ باران بێ یا هەتاو؛ هەموو کات؛ هەمیشە.
shine up to. [Slang], خۆ لێ بردنە پێشەوە.
take a shine to, [Slang], یەکسەر چوونە دڵەوە؛ بەدڵ بوون؛ خۆشویستن
shiner (shīn′ēr), *n.* (١) شتی بریقاوە؛ کەسێکی دەرکەوتوو لە کۆمەڵدا.
(٢) ماسییەکی بچووکی پووڵەکە زیویە.
(٣) [Slang]، چاوشین بوونەوەو خوێن تێزان (بەهۆی مستەکۆڵە لێدانەوە.
shingle (shiŋ′g'l), *n.* (١) زیخ و چەوی درشتی کەنار دەریا؛ ووردە بەردی گوێ دەریا. (٢) چەوو زیخی درشت؛ ووردە بەرد.
(٣) کەنار دەریای داپۆشراو بە چەوو زیخی درشتو ووردە بەرد
shingle (shiŋ′g'l), *n.* (١) (١) تەختەدارێکی بچووکە تێهەڵکێش دەکرێو سەربانی پێ دەگیرێ (هەندێک جاریش دیواری دەرەوە.
(ب) پارچە نەسبێستۆسی بەکارهێنراو بۆ هەمان مەبەست.
(٢) قژ تاشینی کورتی نافرەت.
(٣) [Colloq.]، تەختەی ناوو ئاونیشانی بەردەمی فەرمانگەی پزیشکو پارێزەر... هتد. *(to hang out a ~)* .
v.t. (١) سەربان گرتن بە تەختەداری بچووکی تێهەڵکێش کراو.
(٢) قژ زۆر کورتکردنەوە.
hang out one's shingle, فەرمانگە کردنەوە (پزیشک، پارێزەر).
shingles (shiŋ′g'lz), *n.* نەخۆشییەکە دەبێتە هۆی برین لێ هاتنو تلۆق کردنی پێست.
shingly (shiŋ′gli), *adj.* زیخاوی؛ ووردە بەرداوی.
shining (shin′iŋ), *adj.* (١) بریقەدار؛ بریسکەدار؛ شەوقدەرەوە.
(٢) گەش؛ سەرنج ڕاکێش؛ دەرکەوتوو؛ بەناوبانگ.
(a ~ example of courage)
shin-leaf (shin′lēf′), *n.* پووەکێکی لاسک درێژە گەڵای خڕ بە بە بنەکەیەوەیەو گوڵی سپی دەگرێت.
shinny, shinney (shin′i), *n.* (١) شێوەیەکە لە یاری (هۆکی) مندااڵن. (٢) گورزی نەم یاریە.
v.i. کردنی نەم یاریە.
shinny (shin′i), *v.i.* [Colloq.], (~ up), هەڵگەڕان بە دارو پەتدا بە هەردوو دەستو قاچ
shin-plaster (shin′plas′tĕr, shin′pläs′tĕr), *n.* (١) مشەمای لە پێست گرتن. (٢) پارەی کاغەزی بێ نرخ.
shiny (shīn′i), *adj.* (١) بریقەدار؛ بریسکەدار؛ بریقاوە.
(٢) ساف و لووس. (٣) پروناک؛ هەتاو؛ سایەقە.
-shininess *(n.).*
ship (ship), *n.* (١) کەشتی گەورە؛ کەشتی؛ پاپۆڕ
(٢) کەشتی بایەوان؛ کەشتی چارۆکەدار.
(٣) کەشتیوان و نەفسەری کەشتییەک. (٤) فڕۆکە.
v.t. (١) بارکردنە سەر کەشتی؛ هێنان یا خستنەسەر پاپۆڕ.
(٢) ناردن یا گواستنەوە (بەهەر هۆیەکی گواستنەوە بێت):
(We ~ped the cattle by rail.)
(٣) ناوتێچوونی کەشتی (لە زریاندا).

(٤) خستنه شوینی خوی لەسەر کەشتی: *(~ the oars.)*.
(٥) بە کرێ گرتن بۆ نیش کردن لەسەر کەشتی
(٦) [Colloq.]، دوورخستنەوە؛ لە کۆڵ خۆ کردنەوە؛ خۆ لێ پزگارکردن.

v.i. (١) سواری کەشتی بوون؛ دەست بە گەشتی دەریا کردن؛ گەشتکردن بە کەشتی (٢) نیش کردن لەسەر کەشتی؛ بەکرێ گیران بۆ نیشی سەر کەشتی

when one's ship comes home (or in), کاتی دەوڵەمەندبوونی کەسێک کە ناوات جێبەجێ دەبێت؛ کاتی بە ئامانج گەیشتن.

-ship (ship), پاشگرێکە بەمانای: (١) بار؛ دۆخ؛ چۆنێتی: *(friendship)*

(ب) پلەوپایە: *(professorship; kingship)*
(ج) کەسێکی خاوەن ئەم پلەوپایەیە: *(lordship)*.
(د) کارامەیی؛ توانا؛ لێزانین: *(penmanship; leadership)*.

ship biscuit, = hardtack.

shipboard (ship′bôrd´, ship′bōrd´), *n.* (١) کەشتی؛ پاپۆر. (٢) [Obs.]، لاتەنیشتی کەشتی.

on shipboard, لەناو کەشتیدا؛ لەسەر پاپۆر

shipbuilder (ship′bil´dēr), *n.* وەستای کەشتی؛ کەشتی دروستکەر.

ship-building (ship′bil′diŋ), *n.* کەشتی دروستکردن.

adj. هی کەشتی دروستکردن

ship canal, جۆگەی کەشتی پێدا ڕۆیشتن

ship chandler, بازرگانی کەرەسەو شتومەکی کەشتی.

ship-load (ship′lōd´), *n.* باری تەواوی کەشتی؛ پڕ کەشتیێک.

shipman (ship′mən), *n.* (١) کەشتیوان (٢) shipmaster

shipmaster (ship′mas´tēr, ship′mäs´tēr), *n.* ڕانەری کەشتی؛ کەشتی ڕانەر؛ ئاڕۆەری کەشتی؛ سەرۆکی کەشتی.

ship-mate (ship′māt´), *n.* هاوکەشتیوان؛ ناوەڵ کەشتیێوان.

shipment (ship′mənt), *n.* (١) شتومەک گواستنەوە؛ شتومەک نارد‌ن (بە هۆیەکی هاتوچۆدا)؛ بار نارد‌ن (٢) بارگە؛ بار؛ باری گوێزراوە

ship money, باجی کەشتی باجێکی کۆنی ئینگلیزی بوو لەسەر بەندەرەکانی ئینگلتەرە بۆ پارە کۆکردنەوە بۆ دروستکردنی کەشتی جەنگ (دەمێکە لابراوە).

ship of the line, کەشتی جەنگی گەورە.

ship-owner (ship′ōn´ēr), *n.* خاوەن کەشتی.

shippable (ship′ə-b'l), *adj.* دەتوانرێ بنێردرێت یا بگوێزرێتەوە

shipper (ship′ēr), *n.* بارگەنێر (خاوەنی بارگەکە خۆی یا بریکارەکەی)؛ کارگێڕی بارگە نارد‌ن

shipping (ship′iŋ), *n.* (١) بارگە نارد‌ن یا گواستنەوە؛ نارد‌ن یا گوێزانەوەی شتومەک. (٢) کەشتی گەڵ ووڵاتێک یا بەندەرێک (بەتایبەتی لەڕووی ئەو بارەوە کە دەتوانن هەڵی بگرن). (٣) [Obs.]، گەشتی دەریایی

shipping clerk, فەرمانبەری بارگە نارد‌ن؛ کارگەری بار نارد‌ن.

shipping room, ژووری بارگە کردن‌و نارد‌ن (لە کارگەیەک یا دەزگایەکدا)

ship-shape (ship′shāp´), *adj.* ڕێک‌وپێک؛ پاک‌وتەمیز.

adv. بە ڕێک‌وپێکی؛ بە پاک‌وتەمیزی؛ بە جوانی.

ship's papers, بەڵگەنامەی کەشتی

ship-way (ship′wā´), *n.* (١) چوارچێوەی کەشتی لەسەر دروستکردن (٢) ship canal

ship-worm (ship′wūrm´), *n.* کرمی کەشتی گیاندارێکی کرم ئاسایی قاڵەدارە داری ژێر ئاو دەخواتەوە و زیانی پێ دەگەیێنێت (وەک هی بەڵەم و کەشتی).

ship-wreck (ship′rek´), *n.* (١) لاشەی کەشتی نوقوم بوو یا وەرگەڕاو. (٢) کەشتی وەرگەڕان؛ کەشتی شکان؛ کەشتی نوقوم بوون. (٣) ژێرکەوتن؛ تێکشکان؛ شکستی؛ ماڵ وێرانی؛ فەوتان.

v.t. (١) کەشتی وەرگەڕاندن، شکاندن، یا نوقوم بوون. (٢) ژێرخستن؛ تێکشکاندن؛ ماڵ وێران کردن؛ فەوتاندن.

ship-wright (ship′rīt´), *n.* وەستای کەشتی؛ کەشتی چاککەرەوە

ship-yard (ship′yärd´), *n.* شوێنی کەشتی دروستکردن‌و چاک کردنەوە.

shire (shīr), *n.* (١) ناوچە (ئینگلتەرە)؛ هەرێم. (٢) ناوچەیەک یا هەرێمێکی ئینگلیزی.

shire horse, بارگیری ئینگلیزی.

shirk (shūrk), *v.t.* خۆدزینەوە لە ئەرکی سەرشان؛ ئەرکی سەرشان فەرامۆش کردن یا بەجێ نەهێنان: *(to ~ one's duty or responsibility)*

v.i. خۆدزینەوە لە ئەرکی سەرشان.

n. کەسێکە کە خۆی بدزێتەوە لە ئەرکی سەرشان‌و جێبەجێی نەکات.

shirr (shūr), *v.t.* (١) لۆچ کردن‌و تیک کردنی قوماش بە ڕیز (بۆ ڕازاندنەوەی). (٢) هێلکە بڕژاندن (بەبێ تونکەکەی).

n. چەند لۆچێکی هاوڕێکی تیک کراوی کالاّ.

shirring (shūr′iŋ), *n.* = shir.

shirt (shūrt), *n.* (١) کراس. (٢) undershirt . (٣) shirtwaist

keep one's shirt on, [Slang], بە هێمنی مانەوە؛ خۆ تێک نەدان.

lose one's shirt, [Slang], لەکیس چوونی هەموشت؛ داتانی هەموو سامان: *(He lost his shirt on that business deal.)*.

shirting (shūr′tiŋ), *n.* قوماشی کراس.

shirt-sleeve (shūrt′slēv´), *adj.* (١) خاکی؛ سادە؛ ساکار. (٢) خۆماڵی؛ سەرەتایی؛ ڕەشۆکی؛ سادە: *(~ philosophy)*.

shirt-waist (shūrt′wāst´), *n.* کراسی تا ناوقەد هاتووی ژنانە (لەگەڵ تەنووڕە لەبەردەکرێت).

shish-kebab, گۆشتی برژاو؛ کەباب.

shit (shit), *v.i.* [Vulgar], گووکردن؛ پیسایی کردن.

v.t. [Vulgar], خەڵەتاندن؛ لەخشتەبردن؛ فێل لێکردن.

n. [Vulgar]. (١) گوو؛ پیسایی. (٢) گووکردن؛ پیسایی کردن. (٣) شتی بێ نرخ؛ شتی هیچ‌وپووچ‌و بێ فەر. (٤) [Slang]، قسەی قۆپ؛ قسەی هیچ‌وپووچ. (٥) [Slang]، کەسێکی هیچ‌وپووچ‌و بێ نرخ. (٦) [Slang]، هێزووین؛ بەنگ.

interj. [Vulgar Slang], گووی تێ بێ!؛ بە زیاد نەبێ!؛ بە زیادم نەکرد!.

shittah (shit′ə), *n.* ***Also*** **shittah tree,** دارجەوی.

shittim (shit′im), *n.* ***Also*** **shittim wood,** دارو تەختەی دارجەوی.

shivaree (shiv´ə-rē′), *n.* ***Also*** **charivari,** ژەماوەندی مۆسیقای لاسایی: بریتێیە لە زوپرنالێدان‌و تەقەتەق کردن بە کتڵو مەنجەڵ لەبەردەم لەبەردەم ژووری بووک‌و زاوادا.

shive (shīv), *n.* (١) تەڵەزم. (٢) کۆزەر. (٣) تەپەدۆرێکە باریک بێت بۆ دەمی شووشەکە.

shiver (shiv′ēr), *n.* پارچە شووشەی شکاو؛ تەڵەزم.

v.t. & v.i. وورد‌وخاش بوون؛ پارچە پارچە بوون.

shiver (shiv′ēr), *v.i.* لەرزین؛ هەڵەرزین؛ گیان لەرزین؛ لرفەلرف هاتن.

v.t. شەکاندنەوەی بایەوان (بە ڕووی کردنە با).

n. لەرزین؛ لرفە؛ لرفەلرف؛ تەزوو؛ موچرک.

shivery (shiv′ēr-i), *adj.* قرچۆک؛ بە ئاسانی دەشکێت‌و وورد‌وخاش دەبێت.

shivery (shiv′ēr-i), *adj.* (١) لەرزیو؛ هەڵ لەرزیو.

(٢) لەرزلێهێنەر؛ سارد؛ ترسناك؛ ترسێنەر.

shoal (shōl), *n.* (١) گەلە؛ ڕەوە؛ پۆل.

(٢) گەلەماسی؛ ماسی گەل؛ پۆلە ماسی.

v.i. کۆمەڵ بوون؛ مۆل خواردن؛ گردبوونەوە.

shoal (shōl), *n.* (١) تەنکاو (ڕووبار، دەریا، دەریاچە)؛ تەنکایی.

(٢) بستو یا بەرزایی ناو ئاو (کە باش نابینرێ و دەبێتە هۆی مەترسی بۆ بەلەم و کەشتی). (٣) مەترسی و کەندوکۆسپی شاراوە.

v.i. بوون بە تەنکاو؛ تەنکایی پێکهێنان.

v.t. (١) تەنکاوکردن

(٢) بەرەو تەنکاو ڕێبشتن (کەشتی)؛ لە تەنکایی نزیکبوونەوە.

shoat (shōt), *n. Also* shote, پەڵخ؛ بەچکە بەرازی تازە لە شیر بڕیاوە.

shock (shok), *n.* (١) لێدان؛ بەیەکداکێشان؛ بەیەکدادان

(٢) (ا) ڕاتەکان؛ ڕاوەشان: *(the ~ of an earthquake)* .

(ب) ئەنجامی ئەم ڕاتەکانە.

(٣) (ا) ڕاتەکانی مێشک؛ پشێوی مێشک لە ئەنجامی لێدانێک یا ڕاوەشاندنێک؛ مێشک شڵەقان. (ب) هۆی ئەم ڕاتەکانە.

(٤) ڕاتەکانی کارەبایی: *(to get an electric ~)* .

(٥) (ا) دڵەخۆڕپی؛ خوڕپە؛ ڕاچڵەکین؛ ڕاچڵەکان؛ دڵ داخوڕیان؛ کسپەی دڵ؛ ووڕی (ب) هۆی ئەم دڵەخوڕپێیە یا ڕاچڵەکانە.

(٦) داخرانی دەماری خوێنبەر بۆ لەشی بەهۆی مەبینی خوێنەوە.

v.t. (١) ڕاتەکاندن؛ ڕاوەشاندن؛ لەپڕو بە توند لێدان.

(٢) دڵ داخوڕیاندن؛ ووڕکردن؛ ووشکبوون؛ زۆر پەستکردن؛ قێز لێ هاتنەوە؛ کسپە هێنان بە دڵدا: *(He ~ed us all by his horrible behavior.)* .

(٣) تەزووی کارەبایی لێدان؛ ڕاتەکاندن بە تەزووی کارەبا.

v.i. [Archaic or Poetic], بە توند بەیەکدادان.

shock (shok), *n.* مەڵۆ؛ گوورزە؛ شارا.

v.t. & v.i. مەڵۆکردن؛ گوورزەکردن.

shock (shok), *n.* (١) تۆپەلێکی بڕۆ چڕو ئاڵۆسکاو (قژ، تووك).

(٢) سەگی تیسکن

adj. بڕۆ چڕو ئاڵۆسکاو (قژ).

shocker (shok′ĕr), *n.* شتێکی دڵ داخوڕپێنەر (بەتایبەتی چیرۆکێکی ووروژێنەر).

shocking (shok′iŋ), *adj.* (١) دڵ داخوڕپێن؛ هەست ڕاتەکێن؛ زۆر ناخۆش: *(the ~ news of his death)* .

(٢) زۆر ناپەسەند؛ زۆر خراپ؛ پیس و بۆگەن؛ زۆر نابەجێ و ناشرین: *(~ behavior)*

(٣) زەق *(~ pink)* .

shock tactics, (١) هێرشی لەپڕو بەزەبرو ووڕکەر (سوپا).

(٢) کاری لەپڕو تووندوتێژ.

shock therapy, چارەکردن بە دڵ داخوڕپان یا ڕاتەکاندن (بەهۆی ڕاتەکانی کارەبایی یا دەرمانەوە). (پزیشکەوانی دەروون).

(هەروەها پێشی دەوترێ: " **shock treatment** ").

shock troops, سەربازی هێرشی لەپڕ.

shock wave, شەپۆلی پانەپەستۆیی یا ڕاتەکێن: (ا) تەقینەوە.

(ب) ڕاتەکانێکە بەهۆی گۆڕانی پەستاوتنی هەواوە.

(ج) ڕاتەکانی تووندوتێژ؛ ڕاوەشانی بەزەبر (مەجان): *(~s of rebellion)* .

shod (shod), *past tense and past participle of* shoe.

adj. (١) پێڵاو لەپێ؛ پێڵاودار. (٢) تایەی لەڕێڕدایە؛ تایەدار.

(٣) نال کراو.

shoddy (shod′i), *n.* (١) (ا) ڕیسی گەندە خوری (کە لە ڕیشاڵ و کالاو فەرشی کۆن دەکرێت). (ب) تەنراوی خوری گەندی لەم ڕیسە دروستکراو.

(٢) شتوومەکی هەرزانبەها؛ گەندە شت؛ شتی جەڵەبی.

adj. (١) گەند؛ جەڵەبی؛ قەڵپ؛ لە شتی گەندو کۆنە دروستکراو؛ هەرزانبەها؛ ڕەشۆکی. (٢) بە پەلەو لامسەرلایی کراو؛ قەڵپ (کار)؛ خراپ؛ ناکارامە (کار): *(~ construction, workmanship, etc.)*

(٣) پەڕپووت؛ ڕووخاو.

-shoddily *(adv.)*; **shoddiness** *(n.)*.

shoe (shōō), *n.* (١) پێڵاو؛ کەوش؛ قۆندەرە؛ کڵاش. (٢) نال.

(٣) شتێکە کە نەرکی پێڵاو یا نال ببینێ و ئەیپارێزێ:

(ا) نالی سەری دارەدەست. (ب) کەوشی ئیستۆپ (ئوتومبیل).

(ج) بنی پایەو پاڵپشتی تر. (د) پێستە یا دەرەوەی تایە؛ تایە.

(هـ) کەوشی گالیسکە بەفرینە.

v.t. (١) پێڵاو بۆ کردن؛ کەوش بۆ کردن.

(٢) نال کردن: *(to ~ a horse)* .

(٣) داپۆشین (بۆ پاراستن یا جوانی)؛ بن گرتن؛ دەورەگرتن.

be in another man's shoes, لە جێی یەکتر بوون؛ لە باتی کەسێکی تر بوون:

(If I were in your shoes, I would keep quiet.)

fill one's shoes, جێگە گرتنەوە:

(no one can fill his shoes.)

the shoes is on the other foot, شتەکە یا بارەکە بە تەواوی بەپێچەوانەی ئەوی تردە.

where the shoe pinches, ئەو شوێنەی پێڵاو دەیگرێ. واتە: سەرچاوەی نێش و ئازارو ناخۆشی و دەردی سەری.

shoe-bill (shōō′bil′), *n.* باڵندەیەکی ئاوی دەنووك پانە لە حاجی لەقلەق دەچێت.

shoe-black (shōō′blak′), *n.* بۆیاخچی (پێڵاو).

shoe-horn (shōō′hôrn′), *n.* پاژنەمەڵکێش؛ پاژنەکێش؛ کەرەتە.

shoe-lace (shōō′lās′), *n.* قەیتانی قۆندەرە؛ بەنی پێڵاو.

shoe-maker (shōō′mākĕr), *n.* پێڵاودروو؛ کەوشدروو؛ قۆندەرەچی.

-shoe-making *(n.)*.

shoer (shōō′ĕr), *n.* نالبەند.

shoeshine (shōō′shīn′), *n.* (١) بۆیاخ کردن (پێڵاو).

(٢) بریقەی پێڵاوی بۆیاخ کراو. (٣) **shoeblack** .

shoestring (shōō′striŋ′), *n.* (١) پارەیەکی کەم؛ سەرمایەیەکی کەم.

(٢) **shoelace** .

adj. وەك قەیتان بڕیاوە یا کراوە؛ باریك و درێژ؛ قەیتانی: *(~ potatoes)* .

on a shoestring, بە پارەیەکی زۆر کەم؛ بە سەرمایەیەکی کەم: *(The company started on a shoestring.)*

shoetree (shōō′trē′), *n.* قاڵبی پێڵاو (بۆ ڕاستکردنەوەی).

shofar (shō′fär, shō′fĕr), *n. Also* shophar, کەڵەشاخی بەران.

shogun (shō′gōōn′, shō′gun′), *n.* فەرمانداری زۆر بەدەسەڵاتی یابانی کۆن.

shogunate (shō′gōōn-āt′, shō′gun-it), *n.* (١) پلەوپایەو دەسەڵاتی "شۆگەن" (ووشەی پێشوو ببینە). (٢) "شۆگەن" نشین.

shone (shōn), *alternative past tense and p.p. of* shine.

shoo (shōō), *interj.* (١) کشە! (بۆ مریشك و پشیلە دەرکردن)؛ کش!؛ خته!؛ خت. (٢) لاچۆ!؛ بچۆرە دەرەوە!؛ لاچۆ لێرە!.

v.i. & v.t. کشەلێکردن؛ کش لێکردن؛ دەرکردن.

shoo-in (shōō′in′), *n.* [Colloq.], پێشبڕکێکەرێك یا نامزەدکراوێکە کە بردنەوەی مسۆگەر بێت: *(a ~ candidate)* .

shook (shook), *n.* (١) کەرەسە یا پارچەکانی پێکهوەنانی سندووق و بەرمیل...هتد. (٢) مەڵۆ؛ گوورزە؛ شارا.

shook (shook), *past tense of* shake.

shook-up (shook′əp′), *adj.* [Slang], شڵەژاو؛ پەشۆکاو؛ پەشێواو.

shoon (shōōn), *n.pl.* [Archaic or Dial], *plural of* shoe.

shoot (shōōt), *v.t.* (١) خێرا پێدا ڕۆیشتن یا بڕین:

(He ~s the rapids in his canoe.)

(٢) هەڵڕشتن (وەك بۆ ناو بۆری یا جۆگەیەکی لێژ).

(۳) هاویشتن (لەنگەر، تۆڕەماسی)؛ فڕێدان؛ هەڵدان.
(٤) هێنان و بردن (کێلوون یا سووڕگی دەرگا).
(٥) ڕەنگینکی تر لێدان یا پیاهێنان و ڕەنگ گۆڕین.
(٦) تەرز فڕێدان؛ چووزکردن؛ چووز هاویشتن.
(۷) (ا) هاویشتن (تیر، مووشەک)؛ هەڵدان؛ تەقاندن (گوللە، فیشەکەشێنتە)؛ تێگرتن. (ب) هاویشتن (تیشک)؛ دانەوە (تیشک)؛ هاوێژان.
(۸) تێگرتن (پرسیار)؛ لێ کردن؛ بەسەردا داباراندن (پرسیار):
(They were ~ing questions at him.)
(۹) تەقەکردن؛ تەقاندن (تفەنگ، دەمانچە...هتد)؛ پێوەنان (تیر، گوللە)؛ ئاگردان. *(to ~ a gun, pistol, rocket, etc.)* .
(۱۰) کوشتن (بە گوللە، مووشەک ...هتد)؛ بریندارکردن؛ پێکان؛ لێدان:
(He shot her dead.)
(۱۱) ڕاوکردن (لە ئاوچەیەک یا پەڵەیەک زەوی تایبەتیدا).
(۱۲) بەرزی ئەستێرە پێوان: *(to ~ a star)* .
(۱۳) وێنەگرتن (بە کامێرای فیلم گرتن) *(to ~ a picture, film, etc.)* .
(۱٤) [Slang]، پێدان؛ دانەدەست (لەسەر مێزی نانخواردن)؛ ناردن:
(~ the salt to me.)
(۱٥) (ا) هاویشتن بەرەو گۆڵ (تۆپی باسکەو باڵە)؛ هەڵدان؛ فڕێدان.
(ب) خاڵ گرتن؛ نەوەندە خاڵ گرتن؛ بردنەوە
(ج) تێل کردن (هەڵماتێن).
(د) یاری کردن (بلیارد، گۆڵف) *(to ~ pool)* .
v.i. (۱) لەپڕ دەرچوون (تیر)؛ بە تیژی ڕۆیشتن؛ تێ تەقان.
(۲) بە تووندوتیژی و لەپڕ هەستپێکران (ئێش و نازار، گەرمی).
(۳) سەردەرهێنان (لووتکە).
(٤) تەرز فڕێدان؛ لەپڕو زۆر چووز هاویشتن.
(٥) تەفەنگ تەقاندن.
(٦) تەقین: *(The gun won't ~ until it is cocked.)* .
(۷) (ا) وێنەگرتن (هی دیمەنێک بە کامێرا).
(ب) دەست بە فیلم گرتن کردن؛ کامێراکە نیش پێکردن بۆ فیلم گرتن.
(۸) ڕاوکردن (بە تفەنگ): *(He fishes but he dosen't ~.)* .
(۹) (ا) تۆپ هەڵدان بەرەو باسکە یا گۆڵ.
(ب) یاری کردن (بلیارد، گۆڵف):
(He has been ~ing poorly for some time.)
(۱۰) کشان (ئەستێرە).
n. (۱) ڕاو؛ ڕاوە گەشت. (۲) ڕووان؛ چەکەرەکردن؛ گەورەبوون.
(۳) جەکەرە؛ تەرز؛ چووز؛ گەڵاو خەڵفی تازە؛ گۆپکە (٤) وەچە؛ وەچ.
(٥) خوڕاو؛ ڕێژاو؛ قەڵبەزە
(٦) پلووسک؛ بۆری یا جۆگەی نەختێک لێژ (بۆ پیا ناردن و گواستنەوەی شت).
(۷) تەزوو (ئێش و نازار)؛ مووچرک؛ نازاری وەک بە دەرزی ئاژنینەوە.
(۸) ماوەی نێوان سەوڵ لێدان.
interj. [Slang], (۱) ووشەیەکە بەمانای: فەرموو چی دەڵێی بیڵێ ئامادەم گوێت لێ بگرم. (۲) ووتەیەکە بریتی جوانە بۆ "shit" وە بێزاری و ناڕەزایی دەردەبڕێ

shoot at (or for), هەوڵ بۆ دان.
shoot down, خستنەخوارەوە (بە تەقە یا فڕۆکەشکێن):
(to shoot down a plane)
shoot for (or at), هەوڵ بۆ دان.
shoot it out, شەڕە دەمانچە یا تفەنگ کردن هەتا بەزین یا کوشتن.
shoot off one's (or at the) mouth, [Slang]. دەم دراوی کردن؛ زمان نەوەستان؛ دەم نەوەستان
shoot up, (۱) زۆر زوو بالاکردن؛ بالا زیادکردن خێرا.
(Their son shot up in no time.)
(۲) زۆر تەقە (لێ) کردن
(۳) [Colloq]، تۆقاندنی خەڵک یا شار بە تەقەکردن بە هەمووڵایەکدا.
(٤) [Slang]، شرینقەی بەنگ لێدان

shoot through with, پڕە لە.
shooter (shoot′ĕr), *n.* (۱) تەقەکەر؛ تیرهاوێژ
(۲) (ا) هەڵمات.
(ب) دەمانچەی چەند گوللەخۆر: *(a six ~)* .
shooting gallery, مەیانی سەرگیراوی نیشانچێتی؛ تەقەخانە؛ جێی تەقەکردن.
shooting iron, [Slang], چەکی ئاگرین.
shooting star, (۱) ئەستێرەی کشاو.
(۲) ڕووەکێکی گەڵا لاکێشی گوڵ سپی و سوورە.
shop (shop), *n.* (۱) دووکان؛ فرۆشگا؛ کۆگا.
(۲) کارگە؛ کارخانە؛ دووکانی پیشەگەری:
(a carpenter ~ ; a machine ~)
(۳) دەزگای پیشەسازی یا بازرگانی: *(to set up ~)* .
(٤) (ا) ژووری پیشەسازی لە قوتابخانەیەکدا؛ پۆلی پیشەگەری.
(ب) ڕشتەی پیشەسازی؛ هونەری پیشەگەری.
v.i. (۱) شت کڕین لە بازاڕ؛ شت کڕین:
(We were ~ing in the mall yesterday.)
(۲) بۆ شت گەڕان و کڕین: *(to ~ for a house, car, etc.)* .
set up shop, (۱) دووکان دانان؛ دووکانی پیشەسازی یا بازرگانی کردنەوە؛ دەست بە کاسبی کردن. (۲) خۆ دامەزراندن و دەست بە کارکردن.
shut up shop, (۱) دووکان هەڵگرتن (بۆ شەو)؛ دووکان داخستن.
(۲) دووکان داخستن (بە هەمیشەیی یا بە تەواوی)؛ دەست لە ئیش یا کاسبی هەڵگرتن (بە تەواوی).
talk shop, باسی پیشەی خۆ کردن.
shophar (shō′fär, shō′fĕr), *n.* = **shofar.**
shop-keeper (shop′kēp′ĕr), *n.* دووکاندار؛ خاوەن فرۆشگا؛ ووردەفرۆش.
shop-lifter (shop′lif′tĕr), *n.* دووکان دز؛ دووکان بڕ؛ کەسێکە کە شت دەدزێ لە فرۆشگا لەکاتی یا بە ناوی شت کڕینەوە (ئەمە لە فرۆشگای ڕێژاواییدا دەبێ کە شتومەک بە ناشکرا پیشان دراوەو لەبەردەستی کڕیاردان).
shop-lifting (shop′lif′tiŋ), *n.* دووکان دزین (ووشەی پێشوو ببینە).
shopman (shop′mən), *n.* (۱) . **shopkeeper**
(۲) کارگەری فرۆشگا.
shopper (shop′ĕr), *n.* (۱) کڕیار؛ ئەوانەی دەچنە بازاڕ.
(۲) کڕیار بۆ خەڵک؛ کەسێکی بە کرێ گیراوە بۆ شت کڕین بۆ خەڵک
(۳) کڕیاری بەراوردکەر: کارگەڕێکە فرۆشگایەک بە کرێی دەگرێ بۆ بەراوردکردنی نرخی شتومەکی فرۆشگا هاوچاوەکانی.
shopping (shop′iŋ), *n.* شت کڕین لە بازاڕ؛ چوونە بازاڕ.
shopping center, بازاڕ؛ تاقمە فرۆشگایەکی جۆراوجۆرە لە هەمان ناوچەدا. (پێشی دەوترێ: "shopping plaza").
shop steward, نوێنەری یەکێتی کرێکارانی کارگەیەک یا دەزگایەک.
shop-talk (shop′tôk′), *n.* (۱) زاراوەو زمانی تایبەتی پیشەیەک.
(۲) دەمەتەقێ یا گفتوگۆی دەربارەی پیشەوکارو کاسبی خۆ
shop-worn (shop′wôrn′, shop′wōrn′), *n.* پیس و چڕوپڕ؛ بووەو ڕەنگەکەی چووەتەوە بەهۆی هەڵواسینەوە لە جامخانەی فرۆشگادا
shore (shôr, shōr), *n.* (۱) گۆێ دەریا؛ کەنار دەریا. (۲) ووشکانی.
in shore, نزیک کەنار دەریا؛ لەناو ئاودا بەڵام بەڕەو گۆێ دەریا.
off shore, (۱) لەناو ئاودا بەڵام نزیک گۆێ دەریا؛ لەوڵای قەراغ دەریاوە:
(off-shore oil drilling)
(۲) نزیک کەنار دەریا.
on shore, لەسەر ووشکانی؛ لەسەر قەراغ دەریا.
shore (shôr, shōr), *n.* پاڵپشت (بەتایبەتی هی بەلەمو کەشتی دەرەوەی ئاو)؛ کۆڵەکە.

v.t. (~ up), (١) كۆنەكە دانەبەر. (٢) پالپشتی كردن؛ یارمەتیدان: *(to ~ up a country's economy)* .

shore (shôr, shōr), *archaic past tense and p.p. of* shear.

shore bird, باڵندەی كەنار دەریا.

shore dinner, شێوی كەنار دەریا: ژەمە خواردنێكە لە ماسی و گیانداری دەریایی تازە گیراو پێكهاتبێ.

shore leave, پشووی ووشكانی یا كەنار دەریا: ڕێ پێدانی كەشتیوانانە بۆ چوونە ناوشار بۆ پشوو.

shore-less (shôr′lis, shōr′lis), *adj.* [Poetic], بێ پایان؛ بێ سنوور

shore line, سنووری دەریا و دەریاچە و ڕوبار؛ هێڵی قەراغ ئاو.

shore patrol, پاسەوانی كەنار دەریا (كە بەشێكە لە هێزی پاسەوانی كەناری دەریا).

shore-ward (shôr′wērd, shōr′wērd), *adv.* بەرەو كەنار دەریا.

adj. بەرەو كەنار دەریا چوو.

shoring (shôr′iŋ, shōr′iŋ), *n.* (١) كۆنەكە دانەبەر؛ پاڵپشت یا دار دانە بەر. (٢) پاڵپشتی كردن؛ شێوەی پاڵپشتی.

shorn (shôrn, shōrn), *alternative past participle of* shear.

short (shôrt), *adj.* (١) كورت؛ كول. (٢) نرم. كورتە بنە؛ كورت (بەرزی)؛ گول. (٣) كورت (كات)؛ كەم (كات). (٤) كورت (یاد، بیر)؛ بیر كورت: *(a ~ memory)* . (٥) كورت (چێژك؛ ووتار). (٦) (أ) كورت(وەڵام). (ب) قسەپەق (لەبەر كورتی)؛ سەرگەرم؛ تەنگەجیكلانە. (٧) ناتەواو؛ كەم؛ كەمتر لە پێویست؛ كەم یا كورت دەهێنێ؛ كورت: *(We are ~ ten dollars. ; a ~ measure)* (٨) ناگەتە جێی خۆی؛ نەگەیشتوو؛ كورت؛ نزیك: *(He fired a shot that fell ~ .)* (٩) قرچۆك؛ ناسك؛ بە ئاسانی وورد و خاش دەبێ یا دەپرووێ. (١٠) (أ) لەكاتی سەوداگەرییەكەو فرۆشتنەكەدا شتەكەی نییە بەڵام چاوەڕێی دەكات. (ب) تایبەتی بەم جۆرە فرۆشتنو سەوداگەری و پارەبازییە. (١١) (أ) كورت (بڕگە) (دەنگناسی، هەڵبەست). (ب) هێڕی لەسەر نییە (بڕگە) (هۆنراوە).

n. (١) شتێكی كورت. بەتایبەتی: (أ) بڕگەیەك یا دەنگێكی كورت (لە تەنیشت یەكێكی درێژەوە). (ب) فیلمێكی كورت. (ج) ماسی بچووك (كە بەپێی یاسا نابێ ڕاو بكرێت). (د) گوللەیەكی كورت هێناو یا نەگەیشتووە نیشان. (٢) (أ) فرۆشیارێكە كە شتێك دەفرۆشێت بێ نەوەی شتەكەی ببێت لە عەمباردا بە هیوای قازانج كردن لە نرخ داشكان. (ب) شتێكی بەم جۆرە فرۆشراو؛ سەوداگەرییەكی وەها. (٣) (*pl*) (أ) پانتۆڵی كورتی تا سەر نەژنۆ. (ب) پانتۆڵی كورتی وەرزش و یاری. (ج) دەرپێی كورتی پیاوانە. (٤) (*pl*) پاشماوە (لە نەنجامی شت دروستكردندا)؛ زبڵ؛ سەركۆزەر. (٥) short circuit . short-stop (٦) .

adv. (١) لەبڕ؛ كوتوپڕ. (٢) بە قسەی ڕەق؛ بە ناشرینانە. (٣) بە كورتی (٤) كورتتر لەوەی پێویستە؛ بە جۆرێك كە كورت بهێنێ: *(He cut the board off too ~ .)* (٥) نەختێكی مابوو؛ نەوەندەی نەمابوو: *(We were stopped just ~ of disaster.)* (٦) بەبێ نەوەی نەو شتەی هەبێ لە عەمباردا كە دەیفرۆشێ.

fall (or come) short, كەم بوون؛ كورت هێنان؛ كەم هێنان؛ بەس نەبوون.

for short, بۆ كورتی (زمانەوانی)؛ بۆ مەبەستی كورتكردنەوە.

in short, بە كورتی؛ بە كورتی یەكەی؛ كە درێژەی پێ نەدەین.

in short order, خێرا؛ دەستوبرد؛ زوو؛ یەكسەر

run short, لێ ڕان؛ بەش نەكردن؛ بەس نەبوون *(Our supplies ran short.; We ran short of oil.)*

short for, شێوەیەكی كورتە بۆ (زمانەوانی). *(Benjamin called "Ben" for short.)*

short of, (١) كەمتر لە؛ كورتتر لە *(something short of a mile)* (٢) لێ بڕان؛ بەش نەكردن؛ پەككەوتن لەسەر؛ بەس نەبوون: *(to be short of money, supplies, breath, etc.)* (٣) كەم هێنان؛ كورت هێنان؛ نەگەیشتن (نامانج، نیشان): *(We are still a mile short of our destination.)*

short on, [Colloq.], كەم هەبوون؛ نەبوون؛ بێ.

shortage (shôr′tij), *n.* كەمی؛ ناتەواوی؛ بەش نەكردن؛ كەم هێنان: *(a ~ of rice; food ~s)*

shortbread (shôrt′bred′), *n.* بسكویتێكی ناسكە زوو هەڵدەپرووێ.

shortcake (shôrt′kāk′), *n.* جۆرە كێكێكی ئیسفەنجی ناسكە (گەنێك جار بە دۆندرمەوە دەخورێ).

shortchange (shôrt′chānj′), *v.t. & v.i.* [Colloq.], (١) كەمتر پارەپێدانەوە لەوەی پێویستە (پارە وواردكردنەوە، كڕین و فرۆشتن)؛ بە ناتەواوی پارەپێدانەوە. (٢) گێژی كردن؛ فێڵ كردن؛ ساختەكردن

short-circuit (shôrt′sūr′kit), *v.t. & v.i.* (١) فیوز سووتاندن. (٢) ڕێ لێگرتن؛ كۆسپ خستنەسەر ڕێ.

short circuit, (١) خوڵی كورت (كارەبا). (٢) فیوز سووتاندن.

shortcoming (shôrt′kum′iŋ), *n.* كەموكوڕی؛ كەموكورتی؛ ناتەواوی؛ خەوش؛ نەنگی.

short-cut (shôrt′kut′), *n.* (١) قەدبڕ؛ كورتە ڕێ (٢) ڕێگەی پاشەكەوت كردن، بەفیڕۆنەدان، لەكیس نەچوون، یا كورتكردنەوە (كات، ئەرك، خەرجی... هتد).

short division, كورتە دابەش كردن (ژمارەو پێوان).

shorten (shôr′t′n), *v.t.* (١) كورتكردنەوە؛ كول كردنەوە؛ كورتتر كردنەوە. (٢) هەڵكردنی بایەوان (بۆ كەمكردنەوەی كاری یا لەسەر بایەوانی بەلەمو كەشتی). (٣) كەمكردنەوە (تووندوتیژی، هێز... هتد) (٤) ڕۆن كردنە هەویرەوە.

v.i. كورت بوونەوە؛ كول بوونەوە؛ كورتتر بوونەوە.

shortened form, شێوەی كورتكراوە (زمانەوانی): (وەك " auto " بۆ " automobile ").

shortening (shôr′t′n-iŋ, shôrt′niŋ), *n.* (١) كورتكردنەوە؛ كول كردنەوە. (٢) شێوەی كورتكراوە (زمانەوانی)؛ كورتە (ووشە) (٣) ڕۆن (چێشت لێنان)؛ چەوری.

shortfall (shôrt′fôl′), *n.* (١) كەمی؛ ناتەواوی؛ كەم هێنان؛ كورت هێنان. (٢) ڕادەی كەمی یا ناتەواوی. (٣) كەم هێنانی بووجە یا پارە؛ كورت هێنانی بووجە.

short-hand (shôrt′hand′), *n.* كورتەنووسی؛ كورتكردنەوەی نووسین لە ڕێی نیشانە بەكارهێنانەوە لەباتی ووشە.

adj. (١) كورتەنووسی بەكارهێنن. (٢) بە كورتی نووسراو (لە ڕێی نیشانە بەكارهێنانەوە).

short-handed (shôrt′han′did), *adj.* كرێكاری تەواوی نییە؛ پێویستی بە كارگەری تردە.

short-horn (shôrt′hôrn′), *n.* شاخ كورت: جۆرە مانگایەكی شاخ كورت و چەماوەیە (بۆ گۆشتیش و شیریش بەخێوەدەكرێ).

shortish (shôr′tish), *adj.* نەختێك كورت.

short-legged (shôrt′leg′id, shôrt′legd′), *adj.* لاق كورت.

short line, هێڵ یا ڕێی كورت (شەمەندەفەر).

short-lived (shôrt′līvd′), *adj.* (١) جوانە مەرگ؛ تەمەن كورت. (٢) كەم خایەن؛ سەردەمی؛ زوو لەناوچوو؛ زۆر نەخایەن.

shortly (shôrt′li), *adv.* (١) بە كورتی. (٢) بەم زووانە؛ لەم نزیكانەدا: *(He will arrive ~ .)* .

(٣) لەپر؛ کوتوپر (٤) بە قسەی پەق؛ بە ناشرینی.

shortness (shôrt′nis), *n.* کورتی؛ کورتینتی

short order, خواردەمەنی پەلە؛ خواردەمەنیەکی بە پەلە ئامادەکراو (لە چێشتخانەدا)

-short-order *(adj.).*

in short order, خێرا؛ بە پەلە

short-range (shôrt′rānj′), *adj.* (١) بۆ ماوەیەکی کورتە (نەخشە، پیلان)؛ کورت (ماوە). *(~ plans)*

(٢) کورت مەودا؛ هەر بۆ مەودایەکی کورت کراوە. دەگات یا بڕدەکات.

short rib, تۆی گۆشتی لاپەراسووی گا.

short sale, جۆرە فرۆشتنێکی بەشی کۆمپانیای هاوبەشیەیە کە فرۆشیار هێشتا بەشەکانی نەبێ، بەڵام بەتەمابێ دەستی کەوێ پێش کاتی خۆی بە هەرزان (یارەبازی).

short short story, چیرۆکی ئێجگار زۆر کورت (کە تەنها لاپەرەیەک بێت).

short shift, (١) (ا) مۆڵەت پێدانی پێش کوشتن یا مردن (ب) [Archaic]. ماوەپێدان پێش هەڵواسین بۆ دان بە گوناهدا نان.

(٢) خستنە پشت گوێ؛ گوێ پێ نەدان؛ فەرامۆش کردن؛ ناهاوسۆزی.

(٣) ماوە پێ نەدان؛ بێ بەزەییێتی؛ دڵڕەقی.

make (or give) short shift of, هیچ گوی پێ نەدان؛ لە کۆل خۆ کردنەوە؛ سەرکردن بە گۆمدا بە پەلە

short-sighted (shôrt′sīt′id), *adj.* (١) نزیکبین؛ کورتبین

(٢) کورتبین (مەجاز)؛ بیر لە دوارۆژ نەکەرەوە؛ دوورنەبین؛ دووربینی نەیەو ناکات. *(a ~ plan, person, etc.)*

-short-sightedly *(adv.)*; **short-sightedness** *(n.).*

short snort, [Slang]. پێکێکی بە پەلە.

short-spoken (shôrt′spō′k'n), *adj.* (١) نەدوو؛ کەم دوو؛ کەم وێژ ٢) قسە بەق (لەبەر کورتی).

short-stop (shôrt′stop′), *n.* یاریکەری بەرگر؛ یاری بێسبۆل.

short story, کورتە چیرۆک. چیرۆکی کورت؛ چیرۆک

short-tempered (shôrt′tem′pērd), *adj.* تەنگەجێکڵانە؛ سەرگەرم؛ تووڕەوتڕێ؛ زوو تووڕە دەبێ.

short-term (shôrt′tûrm′), *adj.* ماوە کورت (قەرز)؛ دەبێ زوو بدرێتەوە. *(a ~ loan)*

short ton, تەنی ئەمەریکی (بڕێکیەیە لە دووهەزار پاوەن).

short wave, شەپۆلی کورت (ڕادیۆ)

short-wave (shôrt′wāv′), *adj.* هی شەپۆلی کورت (ڕادیۆ).

short-winded (shôrt′win′did), *adj.* (١) زوو هەناسەی لێ دەبڕێ؛ زوو هەناسەی سوار دەبێ. (٢) کورت و پچڕپچڕ (نووسراو).

shorty (shôr′ti), *n.* [Colloq.]. کورتە بالا؛ کورتە بنە؛ کولە بالا.

shot (shot), *n.* (١) تەقە (٢) گوللە؛ فیشەک؛ گوللە توپ.

(٣) (ا) مەودای گوللەو مووشەک. (ب) مەودا؛ ماوەی بڕکردن یا گەیشتن.

(٤) هەوڵی پێکاندن یا تێگرتن.

(٥) (ا) هەوڵ. (ب) گۆڕەکاری؛ قەبڵاندن؛ هەڵهێنان (مەتەڵ).

(٦) تێبینیەیەکی تووندوتیژ.

(٧) هاویشتن؛ توپ؛ لێدان؛ هەڵدان (مووشەک). *(a moon ~)*

(٨) توپی ئاسنی قورسی هاوێژراو (یاری، وەرزش).

(٩) (ا) قورقوشمی ساچمە. (ب) ساچمەی تفەنگ.

(١٠) تەقینەوە؛ تەقە؛ تەقەمەنی بەکارهێنراو بۆ تەقینەوەیەک (کانزاکاری).

(١١) نیشانچی؛ نیشان شکێن؛ دەست ڕاست. *(He's a good ~ .)*

(١٢) وێنە

(١٣) خەرجی بەتایبەتی لە مەیخانەو تیاترۆدا؛ بەشە خەرجی کەسێکە کە دەبێت ببات. *(to pay one's ~)*

(١٤) [Colloq.]. پێکی یەکسەر، واتە تێکەڵاونەکراو؛ قوم (خواردنەوەی کحولی یەکسەر نەک تێکەڵاو).

(١٥) [Colloq.]، شرینقە؛ دەرزی. *(The doctor gave the patient a ~ .)*

(١٦) [Colloq.]، شتی گرەو لەسەرکراو (لەڕووی بردنەوەوە سەیرکردن). *(That horse is a twenty-to-one ~ .)*

(١٧) پێوانەیەکی زنجیرو پەتە بریتیەیە لە پانزە شەش پێ (کەشتیوانی).

(١٨) big shot ،[Slang].

a long shot, (١) هەوڵدانێکە کە لەوانە ئەیە سەرکەوێ.

(٢) [Colloq.]، گرەونکە کە زۆر لەوانەیە بدۆڕێ.

(٣) [Colloq.]، کەسێک یا شتێکە کە هیچ لەوانە نەبێ سەرکەوێ.

have (or take) a shot at, [Colloq.], دەستی خۆ پێ تاقیکردنەوە؛ تاقیکردنەوە.

like a shot, (١) خێرا؛ زوو. (٢) لەپر؛ کوتوپر.

shot in the arm, بووژانەوە؛ پاڵ؛ پاڵ پێوەنان؛ یارمەتی؛ برەوپێدان.

shot in the dark, (١) بە کوێرانە تێگرتن؛ بە کوێرانە خەملاندن؛ گۆڕەکاری. (٢) هەوڵدانێکە کە هیچ لەوانە نەبێ سەرکەوێ.

shot (shot), *past tense and past participle of* **shoot.**

adj. (١) (ا) شەپۆلاوی و پەنگاوپەنگ (کاڵا، ئاوریشم)؛ پەنگ شەپۆلاوی. (ب) جیاواز؛ هەمەڕەنگ؛ دوو ڕەنگ.

(٢) [Colloq.]، فەوتاو؛ پەککەوتوو؛ لە کەڵک کەوتوو؛ زۆر ماندوو. *(His nerves are ~ .)*

(٣) [Colloq.]، سەرخۆش؛ کەیل.

(٤) [Colloq.]، ژێرکەوتووە؛ هەڵی لە دەست چووە؛ تازە دەستی لێ بشۆ. *(His chances are ~ .)*

shote (shōt), *n.* = **shoat.**

shotgun (shot′gun′), *n.* تاپۆ.

adj. (١) هی ساچمەزەن. (٢) بە زۆرەملێ؛ بە زۆر.

(٣) مەودایەکی زۆر فراوان دەگرێتەوە بە "شەلم کوێرم ناپارێزم"

shotgun marriage or **wedding,** ژنهێنان یا شایی زۆرەملێ (لەبەر سکپڕی کچەکە).

shotput (shot′poot′), *n.* (١) بژێوێنی هاویشتنی تۆپی قورسی ئاسن (وەرزش). (٢) هاویشتنێکی وەها.

(٣) ئەم تۆپە قورسە ئاسنە (پێشی دەووترێ: "shot").

shotten (shot′'n), *adj.* (١) تازە گەرای کردووە لەبەرئەوە بۆ خواردن ئەوەندە باش نەیە (ماسی). *(~ herring)*

(٢) [Archaic]، بێ نرخ؛ بێ فەڕ؛ بێ بڕەو.

should (shood), *v.* (١) کردارێکی یاریدەدەرە بەم مانایە: (ا) پێویستە؛ دەبێ. *(Children ~ obey their parents.)*

(ب) دەبێ؛ هەڵبەت. *(Since they left yesterday they ~ arrive here today.)*

(ج) شوێنەی ڕابوردووی " shall " ە لە گۆڕینی ووتەی ڕاستەوخۆوە بۆ ناڕاستەوخۆ. *(I said I ~ be home by ten o'clock.)*

(د) بۆ نەزاکەت و داوای دوودڵی بەکاردەهێنرێت. *(I ~ think he'd like to be invited to our meeting.)*

(هـ) مەرجی دوارۆژ. *(If I ~ go, would you be there ?)*

(و) مەرجی ڕابوردوو. *(I ~ have gone, but you never asked me.)* .

shoulder (shōl′dēr), *n.* (١) شان.

(٢) *(pl.)*، هەردوو شانو ناوشان (بەتایبەتی بە مەجاز بۆ ئەرک هەڵگرتن).

(٣) پارچە گۆشتی شان. (٤) شانی جل‌وبەرگ.

(٥) شتێکی دەرپەڕیو وەک شان. (٦) شانی سەنگەر.

(٧) لاشانی ڕێگە؛ قەراغە ڕێ.

v.t. (١) درێژدانی جەماوەر بە شان. *(He ~ed his way through the crowd.)*

(٢) (ا) هەڵگرتن بە شان.

(ب) خستنەسەر شانی خۆ؛ شان دانەبەر؛ شان پێوەنان؛ هەڵگرتن (مەجاز). *(to ~ one's responsibility)*

v.i. به شان پال پێوەنان؛ به شان درێژدان؛ شان پێوەنان.
cry on someone's shoulder, سکالای خۆ لا کردن؛ دڵی خۆ بۆ هەڵڕشتن و چاوەڕێی هاوسۆزی لێکردن؛ چوونەلا بۆ هاوسۆزی یا هاوخەمی
put one's shoulder to the wheel, شان دانەبەر کار؛ شان پێوەنان؛ کۆشش کردن.
rub shoulders with, شان لە شان خستن (بەتایبەتی هی کەسانی بەناوبانگ)؛ جوونە ناو خەڵکەوە (بەتایبەتی هی ناودار)؛ تێکەڵاوی خەڵک بوون.
shoulder to shoulder, (۱) بەتەنیشت یەکەوە؛ بەلای یەکەوە. (۲) شان بە شانی یەکتر؛ هاوکاری کردن بۆ هەمان ئامانج.
[*to stand* (or work) *shoulder to shoulder*]
straight from the shoulder, (۱) یەکسەر لە شانەوە هاتوو (مستەکۆلە. لێدان). (۲) ڕاستەوڕوو؛ بەبێ هیچ شاردنەوە؛ لەڕوو؛ بە ئاشکرا.
turn (or give) a cold shoulder to, (۱) سارد‌بوور لەگەڵدا؛ بە ساردی ڕەفتار لەگەڵ کردن؛ گوێ پێ نەدان. (۲) خۆ لێ دزینەوە؛ خۆ لێ لادان.
shoulder blade, دەفەی شان
shoulder girdle, = pectoral girdle.
shoulder knot, نەخشەگرێی سەر شان (بۆ جوانی یا نیشانە ئەفسەرو هەندێ پیشەگەر دەیدروون بەسەر شانیاندا).
shoulder pad, قەنەواچە
shoulder patch, پینە یا نیشانەی سەر باڵی ئەفسەرو سەربازو پۆلیس
shoulder strap, قایشی شان جانتا هەڵگرتن).
shouldest (shood′ist), = **shouldst.**
shouldn't (shood′nt), = **should not.**
shouldst (shoodst), [Archaic], شێوەی ڕابوردووی کرداری "shall" ە بۆ کەسی دووەم بەمانای " پێویست بوو" (لەگەڵ "thou" بەکاردێت) (ڕێزمان): *(Thou ~ have been there.)* .
shout (shout), *n.* قیژە؛ قیرە؛ شێرە؛ هاوار؛ نەڕاندن؛ هەرا.
v.t. & v.i. قیژاندن؛ قیراندن؛ هاوارکردن؛ نەڕاندن.
shout (someone) down, بە دەنگی بەرزتر قیژاندن بەسەر کەسێکی تردا و بێ دەنگ کردن یا قسە پێ بڕین.
shove (shuv), *v.t. & v.i.* (۱) پاڵ پێوەنان بە توند. (۲) پاڵ نان بە ناشرینانەو بێ نەزاکەتانە؛ پاڵەپەستۆکردن؛ درێژدان. (۳) [Colloq.]: تێخستن؛ خستنە ناو: *(~ it in the drawer.)* .
n. پاڵی قایم؛ پاڵ.
shove it, [Vulgar Slang], بیخەرە قنگتەوە؛ بیبڕەوە خۆت. (وەڵامی کەسێکە کە شتێکی بدرێتێ و بەدڵی نەبێ).
shove off, (۱) پاڵ بە بەڵەمەوە نان بۆ ناو ئاو (بۆ دەست بە گەشت کردن). (۲) [Colloq.]: (ا) ڕۆیشتن؛ چوون. (ب) بڕۆ!! لاچۆ لەبەر چاوم؛ لاچۆ لێرە!. (۳) [Slang]: کوشتن.
shovel (shuv′l), *n.* (۱) خاکەناز. (۲) **shovelful** . **shovel hat** .
v.t. (۱) بە خاکەناز گواستنەوە یا فرێدان؛ ڕامااڵین یا پاک کردنەوە بە خاکەناز. (۲) خاکەنازکاری کردن؛ هەڵکەندن و ڕێک کردن بە خاکەناز. (۳) زۆر تێکردن؛ تێدا هەڵڕشتن: *(He ~ed sugar into his coffee.)* .
shovelbill (shuv′l-bil′), *n.* = **shoveler # 2.**
shovel-board (shuv′l-bôrd′), *n.* = **shuffleboard.**
shoveler, shoveller (shuv′l-ēr), *n.* (۱) خاکەناژکار؛ ڕامااڵەر بە خاکەناز. (۲) دەنووک خاکەناز: مراوییەکی دەنووک خاکەنازییە. (پێشی دەوترێ: " **shovelbill** ").
shovelful (shuv′l-fool′), *n.* پڕ خاکەنازێک.
shovel hat, شەپقەی خاکەنازیی جۆرە شەپقەیەکی ڕەقی تەرقەسەر نزمی لێوار پانو هەڵگەڕاوەیە (قەشەی ئینگلیز دەیکەنە سەریان)
shovel-head (shuv′l-hed′), *n.* (۱) سەر خاکەنازی کۆسەیەکی بچووکە. (۲) جۆرە ماسییەکی لووت پانە.
shoveller (shuv′l-ēr), *n.* = **shoveler.**
shovelnose (shuv′l-nōz), *n.* جۆرە ماسییەکی لەوز پانی ڕوباری میسیسیپییە. (پێشی دەوترێ: " **shovelnosed sturgeon** ").
shovel-nosed (shuv′l-nōzd′), *adj.* سەرپان؛ دەنووک پان؛ لەوز پان؛ لووت پان.
show (shō), *v.t.* (۱) پیشاندان؛ نیشاندان؛ خستنە بەرچاو؛ خستنەڕوو؛ خستنە پێش چاو. (۲) نووراندن لە پیشانگادا (تابلۆ، گوڵ، گیاندار). (۳) ڕێ پیشاندان؛ ڕابەری کردن: *(The bellboy ~ed him to his room.)* (٤) سەرنج بۆ ڕاکێشان؛ پیشاندان: *(We ~ed him the sights.)* . (٥) پیشاندان (هەست، هەڵوێست)؛ دەرخستن: *(The judge ~ed mercy to the prisoners.)* (٦) ڕوونکردنەوە؛ پیشاندان: *(He has ~n the difference between them.)* (۷) سەلماندن؛ دەرخستن: *(Scientists have ~n that it is possible.)* (۸) نووراندن؛ دەرخستن: *(He has ~n himself to be reliable.)* (۹) نیشاندان؛ تۆمارکردن: *(A barometer ~s the air pressure.)* (۱۰) پێدان (خەڵات)؛ لەگەڵ کردن (چاکە). (۱۱) خستنە بەرچاو؛ وا ووتن؛ وا پیشاندان (دادگەری): *(to ~ cause)* .
v.i. (۱) دەرکەوتن؛ هاتنەڕوو؛ کەوتنەڕوو؛ هاتنە بەرچاو. (۲) سەرنج ڕاکێشان؛ دیاربوون: *(The scratch won't ~ .)* . (۳) وا دەرکەوتن؛ ڕووالەتێکی تایبەتی هەبوون: *(It ~s poorly in this light.)* (٤) سێبەم بوون (غارغارێن، پێشبڕکێی سەگ). (٥) خۆنووراندن (شانۆگەری)؛ نووراندن.
n. (۱) پیشاندان؛ دەرخستن: *(a ~ of passion)* . (۲) پیشاندانێکی جوان و سەرنج ڕاکێش. (۳) کەش‌وفش؛ خۆدەرخستن؛ تەنتەنە؛ خۆبادان. (٤) ڕووکەش؛ ڕووالەت: *(Her sympathy was mere ~ .)* . (٥) کەسێک یا شتێکی سەیرو سەرنج ڕاکێش. (٦) پیشانگا (تابلۆ، هونەر): *(an art ~)* . (۷) پیشاندان (شانۆ، سینەما، ڕادیۆ، تەلەفزیۆن)؛ بەرنامە: *(The ~ begins at 8:00 o'clock.)* (۸) [Colloq.]، کار؛ کردار؛ پرۆژە؛ ئەنجام. (۹) پلەی سێیەم (غارغارێن، پێشبڕکێی سەگ): *(win, place, and ~)* . (۱۰) [Military Slang]، جەنگ؛ هێرش.
for show, بۆ خۆدەرخستن؛ بۆ خۆنووراندن؛ بۆ سەرنج ڕاکێشان.
show a person the door, دەرکردن؛ کردنە دەرەوە.
show in, بردنە ژوورەوە؛ ڕێی ژوورەوە پیشاندان.
show off, (۱) نووراندن؛ پیشاندان بە جۆرێک کە سەرنج ڕاکێشێ. (۲) خۆبادان؛ خۆنووراندن؛ خۆفشکردنەوە؛ کەشخەکردن؛ خۆدەرخستن.
show out, ڕێی دەرەوە پیشاندان.
show up, (۱) دەرخستن (کەم‌وکووڕی)؛ دەرکەوتن؛ هاتنەڕوو؛ پیشاندان. (۲) دیاربوون؛ لەبەرچاوبوون؛ باش دەرکەوتن. (۳) سەرهەڵدان؛ هاتن؛ دەرکەوتن. (٤) [Colloq.]، زۆر باشتربوون لە.
show bill, ئاگاداری (کە هەڵدەواسرێ بە شوێنێکدا).
show biz, [Slang], = **show business.**
showboat (shō′bōt′), *n.* بەڵەمی شانۆگەری؛ بەڵەمی نووراندن؛ بەڵەمێکە شانۆنامەی تێدا پێشکەش دەکرێ لەسەر ڕوبار.
show-bread (shō′bred′), *n. Also* **shewbread,** نەو دوانزە هەویرترش تێنەکراوەیە کە لە کلێسەی جوولەکەدا هەموو شەممەیەک دادەنرێت
show business, هونەری سینەماو شانۆو تیاتروو تەلەفزیۆن.
showcase (shō′kās′), *n.* (۱) جامخانە (فرۆشگا)؛ شووشەبەندی کۆگا.

(۲) پیشانگای جوان‌و ریک‌وپێک
v.t. پیشاندان به حوانی‌و ریک‌وپێکی (وەك لە پیشانگادا).
showdown (shō′daun´), *n.* (۱) دەست خستنەروو (یاری پۆکەر)؛ کاغەزی یەکەم دەست‌تەنەروو. (۲) دەرکەوتنی راستی شتێك یا باریك.
(۳) بڕیاری یەکلایی‌کەرەوەی ناکۆکیەك بە پرووبەپرووی یەك وەستان؛ پوودانێکە کە دەبێتە هۆی بەرەنگاری بوونی یەکتری‌و بڕیارەوەی ناکۆکیەك؛ دەست خستنەپروو (مەجاز).
shower (shō′ēr), *n.* پیشاندەر
shower (shou′ēr), *n.* (۱) ئاوە بارانی یا تەرزە).
(۲) بڕژ؛ پرژان؛ هەڵپرژان.
(۳) لێشاو (مەجاز)؛ ژمارەیەکی زۆر؛ وورووژم. *(a ~ of complaints)* .
(٤) ئاهەنگێکە دەکرێ بۆ بووك پێش گواستنەوەی یا بۆ ئافرەت پێش منداڵ بوونی لەلایەن ژنەکانی برادەریەوە دیاری دەدەنێ: *(a bridal ~)* .
(٥) دووش: ئاوپرژێنی گەرماو: ئاوپرژێن: *(to take a ~)* .
v.t. (۱) ئ هەڵپرژاز: ئاوپرژێن کردن؛ ئاو ئ هەڵپرژاندن.
(۲) هەڵرشتن بەسەردا؛ بەسەردا هەڵپرژان:
(He ~ed gifts up on us.; to ~ with gifts)
v.i. (۱) هەڵپرژان؛ بە تاو باریں
(۲) خوشتن بە دووش؛ خۆشۆردن بە ئاوپرژێنی گەرماو:
(She ~s once a day.)
-showery *(adj.)*.
shower bath, (۱) ئاوپرژێنی گەرماو؛ خۆشتن بە دووش؛ دووش.
(۲) گەرماوی دووشدار؛ سەرشۆرکی دووشدار.
showgirl (shō′gûrl), *n.* کچی سەمەکەر یا گۆرانی بێژی شانۆنامەی مۆسیقایی
showing (shō′iŋ), *n.* (۱) پیشاندان؛ خستنە بەرچاو:
(a ~ of evidence)
(۲) پیشانگا.
showman (shō′mən), *n.* (۱) کارگێڕی پیشاندانێکی سەر شانۆ؛ دەرهێنەری شانۆنامە. (۲) کەسێکە بە جوانی شت دەنوێنێ یا پێشکەشی دەکات
showmanship (shō′mən-ship´), *n.* (۱) هونەری کارگێڕی پیشاندانێکی سەر شانۆ. (۲) هونەری شت بە جوانی نووانڈن یا پێشکەش کردن.
show-me (shō′mē), *adj.* گومانکەر؛ بە گومان؛ بڕوا بە هیچ نەکەر جگە لە شتی بینراو.
shown (shōn), *alternative past participle of* **show**.
show-off (shō′ôf´), *n.* (۱) خۆدەرخستن؛ خۆنووانڈن؛ خۆبادان؛ کەشخەکردن؛ خۆقشکردنەوە. (۲) خۆدەرخەر؛ خۆبادەر؛ کەشخەچی؛ خۆنوێن؛ خۆقشکەرەوە
show of hands, دەست هەڵبرین یا بەرزکردنەوە (بۆ دەنگدان لە کۆبونکدا یا لە نەنجوومەنێکدا وەك هی پەرلەمان).
show-piece (shō′pēs´), *n.* (۱) شتێکی پیشان دراو لە پیشانگادا. (۲) نموونەی باش یا نەنتیکە؛ نموونەی جوان‌و نایاب بۆ پیشاندان.
show place, شوێنێکە کە خەڵك بۆی دەچن لەبەر جوانی‌و نەنتیکەیی‌و گرنگی میژوویی هتد
show-room (shō′rōōm´, shō′room´), *n.* پیشانگە
show window, جامخانە
showy (shō′i), *adj.* (۱) جوان‌و دڵگیر؛ بازاوە؛ جوان نوێن:
(~ flowers)
(۲) زەق؛ زەنگ؛ بریقەدارو هەرزانبەهاو زەق؛ سەرنج ڕاکێش بە ناشرینی.
(۳) خۆنوێن؛ خۆدەرخەر؛ بە کەش‌وفش؛ سەرنج ڕاکێش.
-showily *(adv.)*; **showiness** *(n.)*.
shrank (shraŋk), *alternative past tense of* **shrink**.
sharpnel (sharp′nəl), *n.* (۱) بۆمبای تەقەزمدار: بۆمبایەکە کە دەتەقێتەوە تەقەزمەکانی پرش‌و بڵاودەبنەوە (۲) تەقەزمی بۆمبا: تەقەزمی ئاسنی بۆمبا.
shred (shred), *n.* (۱) پرزۆڵە؛ شیتاڵ؛ ڕیشاڵە.
(۲) تۆز؛ نەخت؛ دەنك؛ نەختاڵ:
(There's not a ~ of truth in it.; a ~ of evidence)
v.t. شیتاڵ شیتاڵ کردن؛ وونجڕ وونجڕ کردن؛ پرزۆڵە پرزۆڵە کردن.
-shreder *(n.)*.
shrew (shrōō), *n.* (۱) گیاندارێکە لە مشك دەچێت لووتی درێژە مێش‌و مەگەز دەخوات. (پێشی دەووترێ: " **shrew mouse** ").
(۲) ژنی زمان پیسی بێ حەیای تووڕەو تۆزی چەقاوەسوو.
shrewd (shrōōd), *adj.* (۱) زۆرزان؛ زیرەك؛ سەردەرچوو؛ زیرەك‌و قوماربار؛ شەیتان؛ دانا: *(a ~ businessman, polician, etc.)*
(۲) [Archaic]، (ا) تیژ؛ بڕ. (ب) فێڵباز؛ تەڵەکەباز.
(۳) [Obs.]، (ا) بەدخوا؛ بەد؛ ناپەسەند. (ب) ئۆینبار؛ کەتنچی
shrewish (چ).
shrewish (shrōō′ish), *n.* زمان پیس‌و بێ حەیاو تووڕەوتیژو چەقاوەسوو (ئافرەت).
shrew-mouse (shrōō′mous´), *n.* = **shrew #1.**
shriek (shrēk), *v.i. & v.t.* قیژاندن؛ شریخاندن؛ شیراندن؛ زریکاندن؛ زیڕاندن.
n. قیژە؛ قیژەقیژ؛ شریخە؛ شیرە؛ زریکە؛ قیژوهووڕ؛ زیرە.
shrievalty (shrēv′l-ti), *n.* (۱) پلەوپایەو دەسەلاتی تایبەتی بە " **sheriff** " . (۲) ناوچەی ژێر دەسەلاتی " **sheriff** "
shrieve (shrēv), *n.* [Obs.], = **sheriff.**
shrift (shrift), *n.* [Archaic], (۱) دان بە گوناهدا؛ نان لەبەردەمی قەشەدا. (۲) گوناه بەخشین لەلایەن قەشەوە (پاش گوێگرتن لە دان بە گوناهدا نان).
shrike (shrīk), *n.* باڵندەیەکی دەنووك نوشتاوەی پەڕو باڵ ڕەش‌و سپی‌و بۆری کلك درێژە (لەسەر جانەوەرو باڵندەی بچووك‌و بۆق دەژی)
shrill (shril), *adj.* (۱) بەرزو تیژو ناساز (دەنگ): *(a ~ voice)* .
(۲) [Archaic or Poetic]، تیژ؛ بڕ.
v.i. & v.t. قیژاندن؛ شیراندن؛ دەنگی تیژو بەرزو ناساز لێوەهاتن.
-shrilly *(adv.)*; **shrillness** *(n.)*.
shrimp (shrimp), *n.* (۱) کوللەی دەریا؛ ڕۆبیان: گیاندارێکی دەریایی قاوغ نەرمە دەخوڕێ. (۲) [Colloq.]، کەسێکی بچووك‌و هیچ‌وپوچ
shrine (shrīn), *n.* (۱) دەفری شتی پیرۆز (وەك نێسقانی پیاوچاك)؛ قوتو یا سندووقی موقەبڕك. (۲) نزرگە؛ گۆڕی پیاوچاك؛ پەرستگا.
(۳) پیرۆزگا؛ شوێنی پیرۆز.
v.t. هەڵگرتن لە دەفرێکدا وەك شتی پیرۆز؛ بە پیرۆز دانان؛ وەك شت یا جێگەی پیرۆز سەیرکردن.
shrink (shriŋk), *v.i.* (۱) چوونەوەیەك (جل‌وبەرگ)؛ هەڵچوون؛ هەڵقرچان؛ کرژبوون؛ بچووك بوونەوە:
(Woolen clothes often ~ when they are washed.)
(۲) کەم بوونەوە؛ کزبوون. *(Our resources are ~ing.)* .
(۳) سڵ کردنەوە؛ سڵەمینەوە؛ خۆکشانەوە؛ خۆ ئ لادان؛ دوودڵی کردن:
(A shy man ~s from meeting strangers.)
v.t. چواندنەوەیەك: کرژکردن (جل‌وبەرگ)؛ بچووك کردنەوە (بە هەڵچواندن)
(You can ~ this shirt by washing it in hot water.)
n. (۱) چوونەوەیەك؛ کرژبوون؛ بچووك بوونەوە؛ کەم بوونەوە؛ کزبوون
(۲) [Slang]، پزیشکی دەروون؛ دەروونناس
-shrinkable *(adj.)*.
shrinkage (shriŋk′ij), *n.* (۱) چوونەوەیەك؛ هەڵچوون؛ کرژبوون؛ هەڵقرچان؛ بچووك بوونەوە.
(۲) کەم بوونەوە؛ کزبوون: *(a ~ of the export trade)* .
(۳) پادەی کەم بوونەوەی کێشی ڕەشەووڵاخ لە زیندوێتیەوە بۆ فرۆشتنی بە گۆشتی.

shrive (shrīv), *v.t.* (۱) گوێگرتنی قەشە لە دان بە گوناهدا نانی گوناهبارێکو بەخشینی (ئایینی کاسۆلیکی). (۲) [Archaic or Rare]، پێ لە گوناه نان‌و بەخشران (ئایینی کاسۆلیکی).

shrivel (shriv′l), *v.i.* (۱) هەڵقرچان؛ چرچ‌ولۆچ بوون؛ سیس بوونەوە؛ تێ قوپان؛ چوونەوەیەک؛ پووکانەوە: *(The leaves ~led up in the heat.)*

(۲) لاوازبوون؛ بێ هێز بوون؛ سیس بوونەوە؛ پەککەوتن؛ چوونەوەیەک (مەجاز): *(Their spirits ~led in the repressive atmosphere.)*

v.t. هەڵقرچاندن؛ سیس کردنەوە؛ پووکاندنەوە؛ چرچ کردن.

shriven (shriv′n), *altrtnative past participle of* **shrive**.

shroff (shrof), *n.* (۱) بانقچی؛ پارە گۆڕەوە؛ "سەراف".

(۲) پاک‌و پیسکەری پارەی ووردە؛ تاقیکەرەوەی پارەی ووردە بۆ دۆزینەوەی نەوەی قەڵبە.

v.t. تاقیکردنەوەی پارەی ووردەو جیاکردنەوەی نەوەی قەڵبە؛ پاک‌و بیس کردنی پارەی ووردە.

Shropshire (shrop′shir), *n.* جۆرە مەڕێکی گەورەی دەموچاو رەشی بێ شاخی ئینگلیزییە (لەناوچەی "شروپشر" ەوە هاتووە).

shroud (shroud), *n.* (۱) کفن.

(۲) پۆش؛ بەردە؛ پۆشاک؛ تارا؛ پەنا: *(a ~ of darkness, mist, etc.)* .

(۳) پەتی داری بەلەم‌و کەشتی بایەوان.

v.t. (۱) شاردنەوە؛ داپۆشین؛ بەرچاوگرتن: *(mountains ~ed in mist)*

(۲) کفن کردن

(۳) [Archaic]، پاراستن؛ پەنادان.

v.i. [Archaic], پەنا بو بردن

shrub (shrub), *n.* دەوەز؛ بنچک.

shrub (shrub), *n* خواردنەوەیەکی کحووایی‌یە لە براندی یا رەم‌و خۆشاو شەکر پێکدێت.

shrubbery (shrub′ĕr-i), *n.* (۱) دەوەنەکان؛ دەوەن‌و بنچکەکان.

(۲) شوێنی دەوەناوی.

shrubby (shrub′i), *adj.* (۱) دەوەناوی؛ بە دەوەن داپۆشراو.

(۲) لە دەوەن دەچێت؛ لە بنچک دەچێت.

-shrubbiness *(n.).*

shrug (shrug), *v.t. & v.i.* شان هەڵتەکاندن (لەپووی سەرسامی، گوێ بێ نەدان، بێباکی، گاڵتەپێهاتن، یا ناچاریی‌یەوە).

n. (۱) شان هەڵتەکان. (۲) چاکەتێکی کورتی ژنانەیە هەتا ناوقەد.

shrug off, (۱) بە بێباکانە وەرگرتن؛ بە لامسەرلایی گرتن؛ گوێ پێ نەدان؛ بە هیچ دانان: *(He shruged off his financial difficulties.)* .

(۲) لە کۆل خۆ کردنەوە؛ خۆ لێ ڕزگارکردن: *(shrugging off sleep)* .

(۳) جل لەبەر خۆ داکەندن بە زەحمەت‌و بە پێچ بە لەشدا هێنان.

shrunk (shruŋk), *alternative past tense and p p. of* **shrink**.

shrunken (shruŋk′n), *alternative p.p. of* **shrink**.

adj. هەڵقرچاو؛ چووەوەیەک؛ تێ قوپاو؛ پووکاوە.

shuck (shuk), *n.* (۱) تۆپکل؛ کەلوو؛ تۆپک.

(۲) قاوغ (گوێچکەماسی)؛ قاقلە.

(۳) [Colloq.] *(pl)*، شتێکی هیچ‌وپووچ یا بێ نرخ؛ شتێکی بێ فەر: *(not worth ~s)*

v.t. (۱) پاکردن؛ تۆپکل لێکردنەوە؛ تۆپک لێ فڕێدان؛ قاوغ لێکردنەوە.

(۲) لەبەر داکەندن؛ فڕێدان؛ داکەندن: *(He ~ed his clothes.)* .

not worth shucks, بایی هیچ نییە؛ بێ قەرە؛ بێ نرخ‌و هیچ‌وپووچە.

shucks (shuks), *interj.* ووتەیەکە لەپووی بێزارییەوە وەک: بە زیاد نەبێ!؛ ئەی خوا بە زیادی نەکات!؛ ئەی خوا ببڕێ.

shudder (shud′ĕr), *v.i.* (۱) لەرزین؛ مووچڕک پیاهاتن؛ تەزوو پیاهاتن: *(They ~ed at the thought of hard work.)* .

(۲) لەرینەوە.

n. لەرز؛ لەرزین؛ مووچڕک؛ تەزوو؛ لەرە.

shuffle (shuf′l), *v.t.* (۱) (ا) قاچ ڕاکێشان بەسەر زەویدا لە ڕۆیشتندا: *(to ~ one's feet)*

(ب) پێ لە زەوی خشان یا بە ناستەم بەرزکردنەوە لە سەمادا.

(۲) تێکەڵ کردنی کاغەزی یاری یا قومار.

(۳) تێکەڵاوکردن؛ تێکەڵ‌وپێکەڵ کردن؛ بەسەرێەکدادان.

(٤) (ا) گوێزانەوە؛ جێگۆڕکێ پێکردن. (ب) ڕێکخستنەوە؛ گۆڕین.

(٥) شاردنەوە؛ تێخستن یا لێ دەرهێنان بە ناقۆلایی یا بە فێڵبازی.

v.i. (۱) قاچ ڕاکێشان بە زەویدا لە ڕۆیشتندا.

(۲) خۆدزینەوە (لە ئەرک) بە درۆودەلەسەو فێڵ‌وتەڵەکە؛ خۆ نەدان بەدەستەوە؛ بەسەر خەڵکدا دان (ئەرک): *(to ~ off responsibility onto others; He has ~ out of responsibility time and time again.)*

(۳) فێڵبازی کردن؛ خۆپەراندنەوە بە فێڵبازی؛ ناپاکی کردن؛ ساختەکردن

(٤) جێگۆڕکێ پێکردن جار لەدوای جار؛ هەمیشە هەڵوێست یا جێ گۆڕین

(٥) تێکەڵ کردن (کاغەزی یاری‌و قومار، دۆمینە).

(٦) بە ناقۆلایی جل لەبەرکردن یا داکەندن.

n. (۱) تێکەڵاوکردن؛ تێکەڵ‌وپێکەڵ کردن.

(۲) خۆدزینەوە (بە درۆودەلەسەو فێڵبازی)؛ خۆپەراندنەوە (بە فێڵ‌وتەڵەکە)؛ خۆ نەدان بە دەستەوە؛ چەوتی؛ سەرچەوتی.

(۳) قاچ خشاندن بە زەویدا لە ڕۆیشتندا؛ ڕەوتێکی وەها.

(٤) پێ ڕاکێشان بە زەویدا لە سەماکردندا.

(٥) (ا) تێکەڵ کردن (کاغەزی یاری‌و قومار، دۆمینە).

(ب) نۆبەی یاریکەرێک بۆ ئەم تێکەڵ کردنە.

(٦) گۆڕین؛ جێگۆڕکێ؛ ڕێکخستنەوە.

-shuffleness *(n.).*

shuffle off, لە کۆل خۆ کردنەوە؛ سەر بە گۆمدا کردن؛ خۆ لێ ڕزگارکردن

shuffleboard (shuf′l-bôrd′), *n. Also* shovelboard, (۱) یاریەکە بریتی‌یە لە پاڵ پێوەنان یا خلیسکاندنی خەپڵەی دارین بە گورزێکی دەم پان بەسەر ڕوویەکی تەخت‌و ساف‌و لووسی خانە خانە کراو ژمارە لەسەر دانراودا. (۲) ئەم ڕووە تەخت‌و ساف‌ولووسەی کە ئەم یاریی‌یەی لەسەر دەکرێ.

shun (shun), *v.t.* خۆ لێ لادان؛ لێ تەکینەوە؛ خۆ لێ دوورخستنەوە؛ لێ دوورکەوتنەوە.

shunpike (shun′pīk), *n.* لاڕێیەکە دەگیرێ بۆ نەدانی مزی ڕێگەو کرێی لە پرد پەرینەوە

shunt (shunt), *v.t. & v.i.* (۱) لە ڕێ لادان؛ لادان؛ خستنەلاوە.

(۲) گۆڕین (شەمەندەفەرێک لە هێڵێکەوە بۆ هێڵێکی تر)؛ خستنەسەر هێڵێکی تر. (۳) گۆڕینی نەختێک لە تەزووی کارەبا بۆ خولێکی کارەبای تر

(٤) خۆدزینەوە (لە ئەرک)؛ خستنەلاوەو جێبەجێ نەکردن (ئەرک).

n. (۱) لادان؛ خستنەلاوە.

(۲) سویچی گۆڕینی شەمەندەفەر لە هێڵێکەوە بۆ هێڵێکی تر؛ گۆڕینێکی وەها.

(۳) هێڵی خولێکی کارەباییە بۆ لادانی نەختێک لە تەزووی کارەبایی لە خولی سەرەکی.

shush (shush), *interj.* بێ دەنگ بە!؛ ببیرەوە!؛ قسە مەکە!؛ دەمت داخە!.

v.t. بێ دەنگ کردن؛ دەم کوت کردن؛ دەم داخستن.

shut (shut), *v.t.* (۱) داخستن (دەرگا، پەنجەرە، پەردە)؛ قفڵدان.

(۲) پێوەدان؛ جووت کردن (دەرگا).

(۳) داخستن (کون)؛ گرتن (کون)؛ کپ کردن.

(٤) چوونژوورەوەو هاتنەدەرەوە لێ قەدەغەکردن؛ ڕێ لێگرتن.

(٥) لێک نان (دەم، لێو)؛ داخستن (چەتر، دەم).

v.i. داخران.

adj. داخراو (دەرگا، پەنجەرە، پەردە).

n. (۱) داخستن؛ کاتی داخستن.

(۲) هێڵی لەحیم کردنی دوو پارچە کانزا؛ شوێنی لەحیم کراو

shut down, (۱) هێنانە خوارەوەو داخستن (شووشەی پەنجەرە)؛ سەرنانەوە. (۲) داهاتن (شەو)؛ بەرچاوگرتن.
(۳) داخستن یا داخران بۆ سەردەمێك (کارگە، قوتابخانە، دەزگا)؛ *(to shut down a factory; Many schools have shut down.)*
(٤)[Colloq.]. دوایی پێ هێنان؛ پەکخستن؛ کەمکردنەوە.
(٥) پەککەوتن یا لەکارکەوتن (مەکینە، کۆمپیوتەر).

shut in, دەورەدان؛ جواردەورگرتن؛ بەرچاوگرتن: *(a house shut in by trees)*

shut off, (۱) کوژاندنەوە (چرا، کارەبا).
(۲) گرتنەوە (ئاو؛ داخستن (ڕێگە).

shut out, (۱) ڕێی چوونەژوورەوە لێ گرتن (خەڵك، دەنگ)؛ لێ قەدەغەکردن؛ ڕێی بەشداربوون لێ گرتن: *(to shut out noise, opposition political parties, immigrants, etc.)*
(۲) ڕێ نەدان بە تیپی بەرامبەر بۆ خاڵ گرتن.

shut up, (۱) هەموو دەرگا و پەنجەرە داخستن: *(to shut up a house)*
(۲) داخستن (فرۆشگا)؛ هەڵگرتن (دووکان). *(to shut up a shop)* .
(۳) (ا) خستنە شوێنێکی باشەوە بۆ پاراستن.
(ب) کردنە ژوورەوە؛ دەرگا لەسەر داخستن؛ خستنە بەندیخانەوە.
(٤) (ا) دەم کوت کردن؛ بێ دەنگ کردن. (ب) دەم کوت بوون؛ دەم داخستن.
(ج) *(interj.)* . دەمت داخە!؛ بیبڕەوە!؛ لەوە زیاتر قسە مەکە!.

shut-down (shut′doun´), *n.* (۱) داخستنی سەردەمی کارگە.
(۲) پەککەوتن (مەکینە)؛ لەکارکەوتنی سەردەمی (کۆمپیوتەر، مەکینە).

shut-eye (shut′ī´), *n.* [Slang]. نوستن؛ خەوتن.

shut-in (shut′in´), *n.* نەخۆشێکی کەفتەکار؛ نەخۆشی لە جێگەدا کەوتوو.
adj. (۱) کەفتەکار؛ کەفتە؛ لە جێگەدا کەوتوو. (۲) گۆشەگیر (دەروونناسی).

shut-off (shut′ôf´), *n.* (۱) وەستێنەر؛ کۆژێنەرەوە؛ کلیل یا سویچی کوژاندنەوە یا وەستاندن. (۲) وەستان؛ کوژانەوە؛ گرتنەوە (ئاو).

shut-out (shut′out´), *n.* (۱) داخستنی کارگە لەلایەن خاوەنەکەیەوە بۆ سەپاندنی مەرجەکانی بەسەر کرێکارەکاندا. (پێشی دەوترێ: "lockout").
(۲) (ا) ڕێ نەدان بە تیپی بەرامبەر بۆ خاڵ گرتن (وەرزش).
(ب) یارییەکە کە تیپی بەرامبەر ڕێی نادرێ هیچ خاڵ بگرێ.

shutter (shut′ĕr), *n.* (۱) داخەر (مرۆڤ؛ شت).
(۲) دەروازەی پەنجەرە: چوارچێوەیەکە لەودیوی پەنجەرەوە وەك دەرگا وایە کە دادەخرێ پووناکی لە پەنجەرەکە دەبڕێ.
(۳) شتی دایۆشەر یا داخەر (پەردە، سەرقاپ، دەرگا ..هتد).
(٤) دەرگای کامێرا: بۆ ڕێ دان بە پووناکی یا بەرگرتنی داخستن
v.t. زۆر حەز لە کامێرا کەر

shutterbug (shut′ĕr-bug´), *n.* [Colloq.].

shuttle (shut′l), *n.* (۱) مەکۆ (حۆلایی)
(۲) نامێری نەسسەرو نەوسەر کەر.
(۳) پاس. شەمەندەفەر، یا فڕۆکەیەکە کە هاتوچۆ دەکات لەنێوان دوو شوێنی نەختێك نزیکدا بە ڕێك‌وپێکی و زوو زوو (٤) نەسسەرو نەوسەر کردن؛ هاتوچۆکردن بە ڕێك‌وپێکی و زوو زوو لەنێوان دوو شوێنی نزیکدا.
v.t. & v.i. نەسسەرو نەوسەر کردن (پاس، شەمەندەفەر، فڕۆکە، مرۆڤ)؛ هاتوچۆکردن (بەتایبەتی لەنێوان دوو شوێنی نزیکدا).

shuttle bus, پاسێکە نەسسەرو نەوسەر دەکات لەنێوان دوو شوێنی نزیکدا.

shuttlecock (shut′l-kok´), *n.* (۱) توپی پەڕ.
sir (sûr), *n.* (١) جەناب؛ قوربان!؛ گەورەم! (*Yes, ~.*). (٢) [S-]. ناونانی سوارچاک‌و پیاوی گەورەی تری نینگلیزە: (*~ Walter Raleigh*) (٣) [Obs.]. ناوێکە خەڵکی پێ بانگ دەکرێ وەک: "نەفەندی"، "جەنابی فلان کەس" (*~ judge; ~ knight; ~ priest*). (٤) [Obs.]. پیاوێکی گەورە یا پلەوپایەدار؛ لۆرد.

sirdar (sĕr-där′, sûr′där), *n.* (١) سەردار؛ سەرۆک. (ب) نەفسەرێکی گەورە. (ج) سەرۆکی بەردەستەکان. (٢) فەرماندەی ئینگلیزی سوپای میسری کۆن.

sire (sīr), *n.* (١) (ا) کەسێکی گەورە یا پلەوپایەدار. (ب) ناوێکە بۆ بانگ کردنی پاشا بەمانای " (جەنابی) خاوەن شکۆ ": (وەک: " your majesty " وایە). (٢) [Poetic]. باوک، باب، باووباپیر. (٣) باوکەی گیاندارێک (بەتایبەتی هی مالّی وەک ئەسپ). (٤) [Archaic]. پیاوێکی گەورە یا پایەدار.

v.t. بوون بە باوکەی جوانوو؛ لێ بوونەوە (جوانوو)؛ لێ بوون؛ خستنەوە.

siren (sī′rən), *n.* (١) بووکێکی دەریایی ئەفسانەیی دەنگ خۆشە سەری ئافرەت‌و لەشی مەلی هەیە کەشتیيەوانی فریوە دەدا بە سۆزی خۆشی هەتا کەشتیيەکەیان دەشکا لە کەنار دەریای بەردەڵانیداو دەمردن (ئەفسانەی یۆنانی). (٢) ژنی هەڵفریوێن؛ ئافرەتێکە کە جوانیيەکەی بەکاردەهێنێ بۆ فریوەدان (٣) فێکەی ووریاکردنەوە (ئاگر، بۆمباران، تەمی کەنار دەریا... هتد) (*an air-raid ~ ; a fire ~ ; a tornado ~*). (٤) گیاندارێک لە توخمی قوڕناویلکە لاقی دواوەی نییە.

adj. دڵفرێن؛ تاوکەر؛ فریودەر؛ هەڵفریوێن.

sirenian (sī-rē′ni-ən), *n.* یەکێکە لە کۆمەڵە گیاندارێکی دەریایی شیردەری گیاخۆری گەورە وەک مانگای دەریا.

sirloin (sûr′loin), *n.* پارچەیە گۆشتی گای نایابی لاسەرووی کەلەکەیە.

sirocco (sə-rok′ō), *n.* (١) بایەکی گەرمی ناخۆشە لە بیابانەکانی سەروو‌ی ئەفەریقاوە هەڵ دەکات بەرەو خواروو‌ی ئەوروپا. (٢) بایەکی گەرم‌و بۆخەو ناخۆش.

sirrah (sir′ə), *n.* [Archaic], کوڕە!؛ کابرا! (بۆ بانگ کردنی کەسێک بە سووکی)

sirree, siree (sĕr), *n.* [Colloq.] = sir.

sir-reverence (sûr′rev′ĕr-əns), *interj.* [Obs.]. دوور لە ڕووی تۆ؛ دوور لە ڕووی نێوە.

sirup (sir′əp, sûr′əp), *n.* = syrup.

sis (sis), *n.* [Colloq.], = sister.

sisal (sī′sil, sis′l), *n.* (١) ڕیشانێکی قایمە گوشی لێ دروست دەکرێ (لە گەڵای ڕووەکێکی مەکسیکیيەوە وەردەگیرێ). (٢) ڕووەکێکە ئەم ڕیشاڵەی لێوە دەست دەکەوێ. (پێشی دەوترێ: " sisal hemp ").

siskin (sis′kin), *n.* باڵندەیەکە لە فیسقەگوڵە دەچێ.

sissified (sis′ə-fīd´), *adj.* سەرژانی؛ کچانی؛ ژنانی.

sissify (sis′ə-fī´), *v.t.* کردن بە سەرژانی؛ کردن بە کچانی.

sissy (sis′i), *n.* [Colloq.], (١) کوڕێک یا پیاوێکی سەرژانی؛ ژنانی؛ کچانی. (٢) کەسێکی ترسنۆک؛ تڕکەن؛ تسکەن؛ شلە شاری. (٣) خوشک

sister (sis′tĕr), *n.* (١) خوشک. (٢) ژنِ خوشک. (پێی دەوترێ: " half sister ").

(٣) (ا) خوشک: ئافرەتێکە کە نەندامی هەمان ڕێکخراو، پیشە، یا ڕەگەز بێ. (ب) ئافرەتێکی برادەرە کە وەک خوشک تەماشا کرێ. (٤) (ا) **nun**. (ب) ناوێکە بۆ بانگ کردنی " **nun** " یک.

(٤) شتێکی هاوتوخم‌و هاوشێوەی بە من دانراوە: (*~ ships*). (٥) [British]، سەرەک پەرستار یا نەخۆشەوان؛ سستەر.

(٦) [Colloq.]، ئافرەت؛ کچ؛ ژن. (بۆ بانگ کردن یا ناوبردن بەکاردەهێنرێ هەندێ جار لە ڕووی سووکی یا پێکەنینەوە).

adj. خوشکی؛ خوشک؛ وەک خوشک وایە؛ وەک خوشک وان.

sisterhood (sis′tĕr-hood´), *n.* (١) خوشکێتی؛ خوشکایەتی؛ پەیوەندی خوشکایەتی. (٢) ڕێکخراوێکی ئافرەتان. (٣) ڕێکخراوێکی ئایینیی ئافرەتان (بەتایبەتی هی پەرستگا نشینەکان).

sister-in-law (sis′tĕr-in-lô´), *n.* (١) ژن خوشک. (٢) براژن.

sisterly (sis′tĕr-li), *adj.* خوشکانە؛ خوشکی: (*~ love*).

adv. هەر وەک خوشکێک؛ خوشک چۆنە وەها.

-sisterliness *(n.).*

sistrum (sis′trəm), *n.* ئامێرێکە دەزرنگێتەوە بە ڕاوەشاندن (میسرییەکانی کۆن بۆ مەبەستی ئایینی بەکاریان دەهێنا).

Sisyphean (sis´ə-fē′ən), *adj.* (١) سیسیفەسی: وەک "سیسیفەس" کە بەپێی ئەفسانەی یۆنانی لە دوای مردن خوداکان سزایان دا بە پاڵ پێوەنانی تڵەبەردێک بۆ سەر تەوقی سەری گردێک وە هەر کە گەیشتە نەوێ بەردەکە خل دەبووەوە و دەبوایە دیسانەوە پاڵی پێوە بنایەتەوە وە هەتا هەتا بەم جۆرە.

(٢) قورس‌و ناخۆش‌و دوایی نەهاتوو (ئەرک، کار): (*~ labor*).

sit (sit), *v.i.* (١) دانیشتن؛ قنگدانەوە. (٢) هەڵنیشتن؛ نیشتن (مەل). (٣) کرکەوتن. (٤) دامەزراندن یا جێگەی خۆ گرتن (پەرلەمان، دادگا، ئەنجوومەن)؛ تێدا دانیشتن وەک ئەندام: (*to ~ in Parliament; to ~ on a jury, committee, etc.*) (٥) کۆڕگرتن؛ گیران؛ گرتن: (*The court will not ~ this month.*). (٦) دانیشتن لە بەردەم نیگارکێش یا وێنەگردا بۆ وێنەگرتن: (*He is ~ting for his portrait.*) (٧) [British]، دانیشتن بۆ تاقیکردنەوە: (*to ~ for an exam*). (٨) دانیشتن؛ کارنەکردن؛ خۆلستنەوە. (٩) لە شوێنێکدا بوون؛ کەوتنە: (*The old house has been ~ting here for a hundred years.*) (١٠) لێ هاتن (بەرگ)؛ بەبەرکردن؛ پێ کردن؛ شیان: (*The hat doesn't ~ well.*) (١١) لێ هاتن (پلەوپایە). (١٢) لەسەر شان یا مێشک بوون؛ بار بوون بەسەرەوە: (*care that ~s on the mind*) (١٣) **babysit**.

v.t. (١) دانیشاندن؛ خۆ دانیشاندن: (*~ yourself on that chair.*) (٢) خۆگرتن بە سواری نەسپەوە؛ سواریبوون: (*to ~ a horse well*).

sit back, پاڵ لێ دانەوە؛ پشت لێ کردنەوە؛ پێ لێ ڕاکێشان.

sit by, سەیرکردن بەبێ خۆتێهەڵقورتان.

sit down, دانیشتن؛ قنگدانەوە.

sit in on, تێدا دانیشتن؛ بەشداریبوون تێدا؛ ئامادە بوون.

(to sit in on a class)

sit on (*or* upon), (۱) ئەندام بوون تێدا (ئەنجوومەنی سوێندخواردن، لێژنە) *(to sit on a committee)*. (۲) [Colloq.]، پێچەستکردن؛ کپکردنەوە؛ شاردنەوە؛ ناشکرا نەکردن؛ کردن بە ژێرەوە (دەنگوباس). (۳) [Colloq.]، بە تونەی سەرزەنشتکردن.

sit out, (۱) چاوەڕێ کردن یا ماندوو هەتا دوایی هاتن؛ نەجوولان تا کۆتایی شتەکە *(to sit out a speech, storm, etc.)*. (۲) زیاتر دانیشتن لە؛ زۆرتر ماندوو لە. (۳) دانیشتن و تێدا بەشدار نەبوون (هەڵپەڕکێ، یاری).

sit tight, کرکەوتن مەجان؛ چاوەڕێ کردنی دوایی هاتنی شتێک و نەجوولان؛ نەبزوان؛ خۆڕاگرتن

sit up, (۱) بە قنگەوە دانیشتن. (۲) بە ڕێکی یا ڕەپی دانیشتن. (۳) نەنوستن هەتا درەنگتر لە (یا دوای) کاتی نوستنی ئاسایی. (٤) وورياوونەوە؛ ڕاچڵەکین؛ داچڵەکین.

sitar (sitar), *n.* سیتار ئامێرێکی مۆسیقی هیندیە.

sit-com (sit′kəm´), *n.* = situation comedy.

sit-down-strike (sit′down´), مانگرتنی دانیشتن: مانگرتنێکە بریتیە لە دانیشتنی کرێکارەکان لە کارگەکەیاندا بەجێ نەهێشتنی هەتا جێبەجێکردنی داواکانیان. (هەروەها "sit-down").

site (sīt), *n.* شوێن خانوو؛ شوێنی ڕوودانی شتێک؛ شوێنێکی دانراو بۆ دروستکردنی خانوو یا پرۆژەیەک؛ جێ؛ جێگە: *(a camp ~ ; a building ~ ; a prehistoric burial ~ ; a launching ~).*

v.t. لە شوێنێکدا دروستکردن یا دامەزراندن.

sith (sith), *adv., conj., prep.* [Archaic], = since.

sit-in (sit′in´), *n.* مانگرتن بە دانیشتن لەو دەزگایەدا کە مانگرەکان تێیدا دەژین یا کاردەکەن.

sito- (sī′tō, sī′tə), *Also* sitio-, پێشگرێکە بە ماناى: خواردەمەنی؛ خواردن *(sitophobia)*.

sitology (sī-tol′ə-ji), *n.* خواردەمەنی و خواردنناسی؛ زانستی خواردەمەنی و خواردنی ڕێک‌وپێک.

sitomania (sī´tə-mā′ni-ə), *n.* نەخۆشی زۆر حەز لە خواردن کردن.

sitophobia (sī´tə-fō′bi-ə), *n.* ترسی خواردەمەنی (نەخۆشی).

sitten (sit′n), *obsolete past participle of* sit.

sitter (sit′ēr), *n.* مریشکە بەکێ.

sitting (sit′iŋ), *n.* (۱) دانیشتن؛ شێوەی دانیشتن. (۲) کۆبوونەوە؛ کۆڕ. (۳) ماوەی دانیشتن؛ دانیشتنێک (بۆ ماوەیەکی تایبەتی): *(He read the story in two ~s.)*. (٤) (ا) کرکەوتن (ب) ژمارەی نەو هێلکانەی مریشکێک لەسەریان کۆ دەکەوێ. (٥) کورسی کڵێسە.

adj. (۱) کۆ؛ بەکۆ؛ کرکەوتوو: *(a ~ hen)*. (۲) لەکاتی کاربەدەستیدا (دادپرس)؛ لە کاتی فەرمانبەرێتیدا: *(a ~ judge)*. (۳) بە ئاسانی نیشان لێ گیراو یا لێ دراو؛ نەجوولاو: *(a ~ target)*. (٤) هی دانیشتن: *(a ~ position)*.

sitting duck, [Colloq.], نیشانی ئاسان (مرۆڤ، شت)؛ نێچیری ئاسان

sitting room, دیوەخان؛ ژووری دانیشتن.

situate (sich′ōō-it), *adj.* = situated.

v.t. (۱) شوێن بۆ داڕان؛ خستنە جێیەکی تایبەتیەوە؛ خستنە (۲) خستنە دۆخێک یا بارێکی تایبەتیەوە.

situated (sich′ōō-āt´id), *adj.* (۱) کەوتووەتە؛ لەوێدایە؛ کەوتووەتە شوێنێکی تایبەتیەوە: *(The village is ~ in a valley.)*. (۲) لە دۆخێک یا بارێکی تایبەتیدایە: *(Having three children and little money, she is badly ~ .)*

situation (sich´ōō-ā′shən), *n.* (۱) شوێنی شتێک (نەگەر بەراوورد کرێ لەگەڵ شتی تردا)؛ نەو شوێنەی شتێکی تێدایە. (۲) شوێن؛ جێ؛ جێگا. (۳) هەڵوێست. (٤) بار؛ دۆخ؛ چۆنێتی؛ چۆنێتی بار. (٥) باری ڕووداوەکانی چیرۆکێک یا شانۆنامەیەک. (٦) کار؛ پلەوپایە؛ ئیش.

situation comedy, زنجیرە بەرنامەیەکی قۆشمەی تەلەفزیۆن یا ڕادیۆیە کە قۆشمەییەکەی لە پەیوەندی و ڕووداوەکانی بەینی کەسەکانی بەرنامەکە یا چیرۆکەکەدایە. (هەروەها "sit-com").

situs (sī′təs), *n.* شوێن (بەتایبەتی شوێنی ئاسایی ئەندامێکی لەش یا ڕووەک)؛ جێ؛ جێگە.

sitz bath (sits), (۱) گەرماوی دانیشتن: گەرماوێکە مرۆڤ تیا دادەنیشێ هەتا ناوقەدی بۆ مەبەستی پزیشکەوانی. (۲) گەرماو کردن لەم جۆرە حەوزە بچووکەدا.

six (siks), *adj.* شەش.

n. (۱) شەش. (۲) شتێکی شەش بەشی یا پارچەیی.

at sixes and sevens, [Colloq.], تێکەڵوپێکەڵ؛ شێواو.

sixfold (siks′fōld´), *adj.* (۱) شەش بەشی؛ شەش پارچەیی. (۲) شەش ئەوەندە.

adv. شەش ئەوەندە

six-footer (siks′foot´ēr), *n.* کەسێکی شەش پێ بااڵ.

six-gun (siks′gən), *n.* = revolver.

six-pack (siks′pak), *n.* پاکەتێک خواردنەوەی شەش قاپی یا قوتوویی (بەتایبەتی بیرە).

six-pence (siks′pəns), *n.* [British], (۱) شەش "پێنس". (۲) پارەیەکی شەش "پێنس"ی‌یە.

six-penny (siks′pen´i, siks′pən-i), *adj.* (۱) بە شەش "پێنس"ە؛ بایی شەش "پێنس"ە. (۲) هەرزانبەها؛ هەرزان.

six-shooter (siks′shōōt´ēr), *n.* شەش تیر؛ دەمانچەی بەکەرەدار. (هەروەها "revolver").

sixteen (siks´tēn′), *adj. & n.* شانزە.

sixteenth (siks´tēnth′), *adj.* (۱) شانزەهەم؛ شانزەیەم. (۲) شانزە یەک.

n. (۱) شانزەهەم؛ شانزەیەمین. (۲) شانزە یەک.

sixteenth note, ناوازی شانزەیەکی: ناوازێکی کورتی مۆسیقایە کە شانزەیەکی کاتی ناوازێکی تەواوی پێ دەچێ. (هەروەها "semiquaver").

sixth (siksth), *n. & adj.* (۱) شەشەم؛ شەشەمین. (۲) شەش یەک.

sixthly (siksth′li), *adv.* شەشەم (ژمارەی لیستە).

sixth sense, هەستی شەشەم؛ توانای لەخۆوە هەستپێکردن یا پێ زانین؛ توانای هەڵهێنان.

sixtieth (siks′ti-ith), *n. & adj.* (۱) شەستەم؛ شەستەمین. (۲) شەست یەک.

sixty (siks′ti), *n. & adj.* شەست.

the sixties, شەستەکان؛ لە بەینی شەست و شەست و نۆدا (تەمەن، سەدە، چەرخ).

sixty-four dollar question, [Colloq.], گرنگترین و گرانترین پرسیار.

sizable, sizeable (sīz′ə-b'l), *adj.* گەورە؛ قەبارەدار؛ زۆر (هەند، ژمارە)؛ زۆ.

-sizableness *(n.)*; **sizably** *(adv.)*.

sizar (sīz′ēr), *n.* قوتابی یارمەتی (پارە) پێدراو لەلایەن زانکۆوە (زانکۆی کامبرج).

size (sīz), *n.* (۱) قەبارە؛ قەوارە؛ بارست؛ بارستایی؛ گەورەیی؛ قەبەیی؛ زۆ؛ ئەندازە. (۲) نمرە (پێڵاو، جل‌وبەرگ)؛ ژمارە؛ پێوانە؛ ئەندازە: *(He wears ~ nine shoes.)*. (۳) (ا) پادە؛ ئەندازە؛ گەورەیی؛

(The ~ of this undertaking is incredible.)

(ب) گەورە؛ زل.

(٤) توانا؛ پێ شکان؛ هێز بەسەرا شکان.

(The presidency is too big for the ~ of him.)

(٥) [Colloq.]. بار یا دۆخی ڕاستەقینە؛ چۆنێتی.

(That's the ~ of it.)

(٦) [Obs.]. بەشی بۆ بڕاوە (خواردەمەنی).

v.t. (١) بە گوێرەی قەبارە یا قالبێکی تایبەتی دروستکردن. (٢) ڕێکخستن بەپێی گەورەو بچووکی؛ بەپێی قەوارە هاوپۆل کردن.

of a size, یەک نمرەن؛ هاوقەبارە؛ ئەوەندەی یەک.

size up, (١) هەڵسەنگاندن؛ (٢) شیار؛ گونجان.

(to size up a person, situation, etc.)

size (sīz), *n.* ماددەیەکی لینجە (بۆ کون‌و چاڵ‌وچۆڵی پڕکردنەوە). (هەروەها "sizing").

v.t. لێدانی نەم ماددەیە؛ پڕکردنەوە یا داپۆشین بەم ماددەیە.

-size (sīz), *n.* = -sized.

sizeable (sīz′ə-b'l), *adj.* = sizable.

-sized (sīzd), *Also* –size, پاشگرێکە بەمانای: نمرە نەوەندە؛ قەبارەکەی یا نەندازەکەی نەوەندەیە: *(small- ~ ; life- ~)*.

sizing (sīz′iŋ), *n.* (١) ماددەیەکی لیقە (کون‌و چاڵ‌وچۆڵی پێ پڕ دەکرێتەوە). (هەروەها "size").

(٢) لێدانی نەم ماددەیە؛ پڕکردنەوە بەم ماددەیە.

sizzle (siz′l), *v.i.* (١) جرە‌جڕکردن (خواردەمەنی سوورەوەکراو)؛ جڕەجڕکردن؛ قرچەقرچ لێوەهاتن؛ کسپە لێوەهاتن؛ کسپەکردن.

(٢) زۆر نوورەوون؛ شێتگیربوون؛ قوشقی بوون

n. جڕەجڕ؛ جڕەجڕ؛ قرچەقرچ؛ کسپە؛ جزە؛ قرچە

sizzler (siz′l-ēr), *n.* (١) سوورکەرەوە؛ قرچە قرچ لێ هەڵسێن؛ جڕەجڕ لێ هەڵسێن. (٢) [Colloq.]. ڕۆژێکی زۆر گەرم.

sizzling (siz′liŋ), *adj.* جڕەجڕکەر؛ قرچەی دێت؛ زۆر گەرم.

[*The food is ~ (hot).*]

skald (skôld, skäld), *n.* *Also* scald, بوێژ یا هۆنەرێکی ئیسکەندیناڤی کۆن.

-skaldic *(adj.).*

skat (skät), *n.* یارییەکی کاغەزە.

skate (skāt), *n.* (١) (ا) ئاسنێکی باریکە دەدرێ لە بنی پێڵاوی سەهۆڵ خلیسکێ (ب) پێڵاوی سەهۆڵ خلیسکێ.

(٢) پێڵاوێکی پێچکەدارە بۆ خلیسکانی سەر ڕووی لووس.

v.i. خلیسکان لەسەر بەستەڵەک بە پێڵاوی سەهۆڵ خلیسکێ وە؛ سەهۆڵ خلیسکێ کردن؛ خلیسکان لەسەر ڕوویەکی لووس بە پێڵاوی پێچکەدارەوە

skate on thin ice, لە بارێکی ناسک‌و مەترسیدارو شلۆقدا بوون.

skate (skāt), *n.* جۆرە ماسیەیەکی دەریایی پانکەڵەی پەڕە پانی کلك درێژە لە توخمی " ray ".

skate (skāt), *n.* [Slang]. (١) نەسپێکی پیری پەککەوتوو؛ نەسپێکی قۆڵتر (٢) کەسێکی هیچ‌وپووچ‌و بێ بایەخ؛ کەسێکی بە چاوی سووک تەماشاکراو.

skate-board (skāt-bôrd), *n.* تەختەخلیسکە؛ تەختەیەکی پێچکەدارە بۆ خلیسکان لەسەر شەقام‌و شۆستە‌و ڕووی تەخت.

skater (skāt′ēr), *n.* (١) سەهۆڵ خلیسکێکەر؛ کەسێکە لەسەر ڕووی لووس (وەک شەقام) دەخلیسکێ بە پێڵاوی پێچکەدارەوە یا بەسەر تەختەی پێچکەدارەوە (٢) water strider

skating rink, یاریگای سەهۆڵ خلیسکێ؛ مەیانی سەهۆڵ خلیسکێ (لە ژوورەوە)

skatole, skatol (skat′ōl), *n.* ناوێنەیەکی بۆگەن لە بۆگەن کردنی پرۆتینەوە پەیدا دەبێ (لە ڕیخۆڵە‌و گووو هەندێ ڕووەکدا هەیە‌و بە دەستکردیش دروست دەکرێ).

skean (skēn), *n.* خەنجەری ئێرلەندی‌و ئوسکوتلەندی.

skedaddle (ski-dad′'l), *v.i.* [Colloq.], ڕاکردن؛ تێ تەقان؛ بە پەلە دەربازبوون.

n. [Colloq.], ڕاکردن؛ تێ تەقان؛ بە پەلە دەربازبوون.

skee (skē), *n. & v.i.* = ski.

skeet (skēt), *n.* جۆرێکە لە trapshooting .

skeg (skeg), *n.* (١) بەشی پشتەوەی نیرگەی ژێر بەلەم‌و کەشتی بە درێژی؛ ئەو بەشەی ئەم نیرگەیە کە ستوونی دەستاژووی کەشتی لەسەر ڕاوەستاوە (٢) پەڕەیەکە لە دواوەی دیوی ژێرەوەی تەختەی شەپۆل خلیسکێی کەنار دەریا.

skein (skān), *n.* (١) کەڵافە دەزوو؛ کڵافە. (٢) کاکۆڵ؛ تیتك؛ گێسوو؛ تۆپەڵە موو؛ کڵافەی کلکی ئەسپ. (٣) پۆلە مەڵ کێوی.

skeletal (skel′ə-t'l), *adj.* تایبەتی بە پەیکەری ئێسك؛ هی ئێسکبەند؛ ئێسکبەندی؛ لە ئێسکە پەیکەر دەچێ.

skeleton (skel′ə-t'n), *n.* (١) پەیکەری ئێسك؛ ئێسکە پەیکەر؛ کۆئەندامی ئێسکی؛ ئێسکبەند؛ ئێسك. (٢) قاوغ؛ قاڵۆ؛ قاقلە؛ قاپۆر. (٣) کەسێك یا گیاندارێکی ڕەقەڵە؛ کەسێکی پووکاوە؛ کەسێکی لەبڕولاواز. (٤) چوارچێوە (کەشتی، خانوو، ...هتد)؛ چوارچێوەی بۆش. (٥) نەخشە (چیرۆك، پرۆژە)، پێلان.

adj. (١) ئێسکبەندی؛ وەك ئێسکەپەیکەر؛ لە قاوغ دەچێ. (٢) زۆر کەم؛ پووکاوە؛ هیچ نەماو. (٣) تەنها چوارچێوەکەی ماوە؛ ژمارەکەی زۆر کەم کراوەتەوە: *(a ~ staff)*.

a skeleton at the feast, کەسێکە یا (ڕووداوێکە) کە بەری دڵی خەڵك دەگرێ لە کاتێکی خۆشیدا؛ کەسێکە کە هۆی تاریکی و ناخۆشی‌یە لە ئاهەنگێکدا.

a skeleton in the closet, شتێکی ئاپڕووبەرو شەرمەزاری‌یە کە لە خەڵك دەشارێتەوە (دەبارەی ئەندامی خێزانێك، دەزگایەك،...هتد).

skeletonize (skel′ə-t'n-īz´), *v.t.* (١) پووکاندنەوە؛ لەڕولاوازکردن؛ ووشك کردنەوە (لەش). (٢) نەخشەکێشان بە کورتی. (٣) ژمارە کەمکردنەوە (فەرمانبەرانی دەزگایەك).

skeleton key, ڕەقەڵە کلیل: کلیلێکە کە گەلێك قفڵ دەکاتەوە.

skep (skep), *n.* (١) زەمیلە یا سەبەتەیەکی خڕ. (٢) پڕ زەمیلە یا سەبەتەیەکی وەها.

(٣) پووڕە هەنگ (بەتایبەتی هی پووش)؛ پلووڕە هەنگ؛ پووڕە.

skeptic (skep′tik), *n.* (١) ئەندامی ڕێکخراوێکی فەلسەفەیی یۆنانی کۆنی بێ بڕوا یا بەگومان (دەبارەی زانینی شتەوە). (٢) کەسێکی بێ بڕوا (فەلسەفە)؛ کەسێکی دوودڵ یا گوماندار (فەلسەفە). (٣) کەسێکی بێ باوەڕ، گوماندار، یا دوودڵ. (٤) کەسێکی بێ بڕوا (ئاین بەتایبەتی خاچ پەرستی).

skeptical (skep′tə-k'l), *adj.* (١) بێ بڕوای فەلسەفەیی؛ هی گوماندارانە (فەلسەفە). (٢) بێ بڕوا؛ دوودڵ؛ بەشك؛ گومانداڕ؛ بەگومان؛ بەدگومان. (٣) بێ بڕوا (ئاین).

skepticism (skep′tə-siz´m), *n.* (١) گومانداری (فەلسەفە): بیروباوەڕێکی فەلسەفەیی‌یە کە دەڵێت دەبێ بە گومانەوە سەیری ڕاستێنی هەموو جۆرە زانین‌و زانیاری‌یەك بکەین. (٢) بێ بڕوایی؛ دوودڵی؛ بەگومانی؛ شك. (٣) بێ باوەڕی (بە ئاین بەتایبەتی خاچ پەرستی)؛ بێ بڕوایی.

skerry (sker′i), *n.* دوورگەیەکی بەردەڵانی بچووك؛ بەرد یا تیرەی بەردینی تەنکاوی گوێ دەریا.

sketch (skech), *n.* (١) نیگار؛ وێنەی بە دەست کراو؛ گەڵاڵەی نیگار. (٢) نەخشە (پەڕتووك، پرۆژە)؛ گەڵاڵە. (٣) (ا) چیرۆك یا ووتارێکی کورت؛ باسێکی کورت. (ب) پارچە ناوازێکی کورت (بەتایبەتی هی پیانۆ)

(ج) پەردەیەك یا شانۆنامەیەكی كورتی قۆشمە یا لاقرتیی.
(٤) [Colloq.]، كەسێكی سەیر خۆش؛ كەسێكی نەنتیكە.
v.t. نەخشەكێشان؛ بەكورتی باس كردن؛ گەڵاڵەكردن.
v.i. نیگاركێشان
sketch-book (skech′book´), *n.* (١) دەفتەری نیگاركێشان.
(٢) دەفتەری باسی وێژەیی كورت (چیرۆك؛ شانۆنامەی كورت).
sketchy (skech′i), *adj.* (١) گەڵاڵەیی؛ نەخشەیی؛ سەرەتایی.
(٢) ناتەواو؛ ڕووكەشی.
-sketchily *(adv.)*; **sketchiness** *(n.)*.
skew (skū), *v.i.* (١) خواربوون؛ لادان؛ بەلادا ڕۆیشتن.
(٢) [Dial.]، بە تیلەی چاو سەیركردن؛ بە لایەكی چاو تەماشاكردن.
v.t. (١) خوارکردن؛ لابەلاكردن؛ بەلادابردن.
(٢) شێواندن؛ چەوت كردن؛ تێكدان.
adj. (١) خوار؛ لار؛ لابەلا. (٢) شێواو؛ تێكدراو؛ چەوت. (٣) لابەلا (نەندازە).
n. (١) لاری؛ خوارى. (٢) بەشی لار یا خوار؛ پێچ.
skew arch, تاقی حوار (خانووسازی).
skew-back (skū′bak′), *n.* ڕوویەكی لارە كە پایەی تاقی كەوتووەتە سەر.
skew-bald (skū′bôld´), *adj.* پەڵەپەڵە (ئەسپ)؛ پنكە پنكە؛ بەڵەك.
skewer (skū′ēr), *n.* شیشی كەباب؛ سیخ.
v.t. لە شیش دان؛ بە شیشەوە كردن.
skewness (skū′nis), *n.* (١) لاری؛ خوارى؛ چەوتی.
(٢) [Rare]، لاری (ڕێزمەكاری)؛ خوارى.
ski (skē), *n.* پێڵاوی بەفرەخلیسكێ (كە بریتیيە لە پارچەیەك دار یا كانزای نەختێك درێژ كە پێڵاوی پێوە دەبەسترێ)و بەفرەخلیسكێی پێ دەكرێ)
v.i. بەفرەخلیسكێ كردن.
skiagram (skī′ə-gram´), *n. Also* **skiagraph,** وێنەی تیشكی نێگس وەرگیراو؛ وێنەی سێبەر یا تارمایی.
skiagraphy (skī-ag′rə-fi), *n.* وێنەگرتن بە تیشكی نێگس؛ وێنەی سێبەر یا تارمایی گرتن.
skiascope (skī′ə-skōp´), *n.* = **retinoscope.**
skiascopy (skī-as′kə-pi), *n.* = **retinoscopy.**
skid (skid), *n.* (١) تەختەی (یا جوڕتە تەختەی) بارى قورس لەسەر خل كردنەوە (٢) چوارچێوەی پێچكەداری بار گواستنەوە.
(٣) (*pl.*)، چوارچێوەیەكی تەختەیە دەنرێ بە قەد كەشتیيەوە بۆ پاراستنی لەكاتی باداگرتندا. (٤) ئامێری خلیسكانی فڕۆكە لەكاتی نیشتنەوەیدا.
(٥) ئامێری داخستن یا قفڵدانی ڕەوڕەوەی ئوتومبیل و خلیسكاندنی پێچكەكانی. (٦) خلیسكان (ئوتومبیل، مرۆڤ)؛ هەڵخلیسكان.
v.t. (١) داخستن یا قفڵدانی ڕەوڕەوەی ئوتومبیل و خلیسكاندنی ئوتومبیلەكە. (٢) گواستنەوە بە چوارچێوەی پێچكەدار.
(ب) خلیسكاندن لەسەر تەختە (بار)
v.i. (١) خلیسكان بەلادا (وەك ئوتومبیل لەسەر سەهۆڵ):
(The car ~ded ten feet.)
(٢) خلیسكانی پێچكەی ئوتومبیل لەبەر نەسووڕانەوەی پێچكەكان.
(٣) خلیسكان (فڕۆكە). (٤) كەوتنەخوارەوە بە تووندو بە خێرا.
on the skids, [Slang]، لە بەناخ چوونداید؛ لە شكستیدایە؛ لە نشوستیدایە.
skiddoo (ski-dōō′), *v.i.* [Slang]. ڕۆیشتن؛ ببڕۆ! لاچۆ لێرە!.
skid fin, پەرەكەی تەنیشتی باڵی سەرەوەی فڕۆكەی (بۆ هاوسەنگی).
skid-proof (skid′prōōf´), *adj.* ناخلیسكێ (پێچكەی ئوتومبیل)؛ شتی لەسەر ناخلیسكێ (ڕێگە).
skid row, [Slang]، گەڕەكی دەربەدەران: ناوچەیەكە خەڵكی وێڵ و خانە بە كۆمەڵ و عەرەق خۆرو ناوارەی تێدا دەژی.
skier (skē′ēr), *n.* بەفرەخلیسكێكەر.

skiff (skif), *n.* (١) بەلەمێكی سەوڵی سووك و بچووكە.
(٢) بەلەمێكی بایەوانی بچووكە.
skiing (skē′iŋ), *n.* بەفرەخلیسكێ.
skijoring (skē′jôr´iŋ, skē-jō′riŋ), *n.* بەفرەخلیسكێ بە پاكێشان: وەرزشێكە بریتیيە لە پاكێشانی بەفرە خلیسكێكەر بە ئەسپ یا ئوتومبیل.
ski jump, (١) بازدی بەفرەخلیسكێ: بازدێكە بەفرەخلیسكێكەر دەیدات (٢) لێژگە یا سەر بەرەوخوارەی ئەم بازدە.
ski lift, ئەسانسێر (یا بەرزكەرەوەی) بەفرەخلیسكێ: بۆ گواستنەوەی بەفرەخلیسكێكەران بۆ سەر تەوقەسەری گردو شاخی بەفرەخلیسكێ (پێشی دەووترێ " **ski tow** ").
skilful (skil′fəl), *adj.* = **skillful.**
skill (skil), *n.* (١) كارامەیی؛ شارەزایی؛ پسپۆری؛ كارسازی؛ وریایی.
(٢) [Obs.]، زانیاری؛ زانین؛ تێگەیشتوویی؛ تێگەیشتن.
v.i. گرنگ بوون؛ قەی كردن.
skilled (skild), *adj.* (١) كارامە؛ شارەزا؛ كارزان؛ بزان؛ لێهاتوو (لە پیشەیەكدا). (٢) كارامەیی دەوێ؛ پێویست بە كارسازی یا شارەزایی دەكات: *(~ labor)* .
skillet (skil′it), *n.* تاوە.
skillful, skilful (skil′fəl), *adj.* كارامە؛ كارساز؛ شارەزا؛ قال.
skilling (skil′iŋ), *n.* پارەیەكی نەسكەندیناڤی كۆنی كەم بایەخە (وەك فلس).
skim (skim), *v.t.* (١) سەرتوێژ یا چەوری لێ گرتن (شیر)؛ لێ لابردن:
(He ~med the milk of its cream.)
(٢) لێ گرتن (كەف و كوڵ و پیسایی)؛ لێ لابردن.
(٣) داپۆشین (بە چینێكی تەنك): *(a pond ~med with ice)* .
(٤) چاو پیاخشاندن؛ بە پەلە خوێندنەوە:
(to ~ a magazine, book, etc.)
(٥) (ا) بەخێرا بەسەردا ڕۆیشتن یا خلیسكان؛ پیاخشاندن؛ بە ئاستەم بەركەوتن. (ب) هاوێشتن بە جۆرێك كە بە ئاستەم بەر سەرەكەی بكەوێ یا بخلیسكێ بەسەریا (بەرد بەسەر ئاو یا سەهۆڵدا):
(He ~med a stone across the pond.)
v.i. (١) پێداخشان؛ بەسەردا خشان؛ بە خشپە بەسەردا تێپەڕبوون؛ بەسەردا كشان؛ ڕووشان. (٢) (**~ over; ~ through**)، چاو پیاخشاندن (نووسراو)؛ بە پەلە خوێندنەوە: *(to ~ over an article)* .
n. (١) سەرتوێژ لێ گرتن یا لێ لابردن. (٢) شتی سەرتوێژ لێ گیراو (وەك شیر).
(٣) توێژاڵ؛ توێژی تەنك؛ سەرتوێژ.
(٤) [Obs.]، كەفی پیس؛ پیسی سەرئاوكەوتوو.
adj. (١) سەرتوێژ لێ گیراو یا لابراو: *(~ milk)* .
(٢) لە شیری سەرتوێژ لێ گیراو دروستكراوە: *(~ cheese)*
skimble-scamble (skim′b′l-skam´b′l), *adj.* پڕپڕپڕو بێ مانا؛ هەڵەق مەڵەق.
skimmer (skim′ēr), *n.* (١) كەفگیر؛ كەوگیر.
(٢) (ا) باڵندەیەكی كەنارەدریایی باڵ درێژی دەنووك مقەستیيە لە فڕیندا بەسەر ئاوەكەدا دەكشێ بە شوێن خواردندا. (ب) **water strider**
(٣) شەپقەیەكی لێوار پانە. (٤) جۆرێكە لە كراسی كراوە.
skim milk, شیری چەوری لێ گیراو؛ شیری سەرتوێژ لێ لابراو؛ شیری ڕوون. (هەروەها " **skimmed milk** ").
skimming (skim′iŋ), *n.* [pl.], كەف و كوڵی لە شلە گیراو؛ سەرتوێژی لێ لابراو یا گیراو.
skimp (skimp), *adj.* [Colloq.], كەم؛ بە ناستەم بەش دەكات.
v.t. [Colloq.], (١) بە كەم و كوڕی و خراپی دروستكردن لەبەر پارەپیسی.
(٢) پیسكەیی كردن؛ ڕەزیلی كردن؛ زۆر دەست بە پارەوە گرتن؛ بەرچاوتەنگی كردن.
v.i. [Colloq.], زۆر دەست بە پارەوە گرتن؛ پیسكەیی كردن؛ كەم خەرج كردن؛ بەرچاوتەنگی كردن:

(to ~ on the budget; We ~ed to save money.)

(ووشەی " scrimp " یش ببینە).

skimpy (skim′pi), *adj.* (١) کەم: کەمو کوڕ؛ ناتەواو (٢) بەستەنە: بە چاوتەنگ؛ بەزیل؛ پوولەکی.

-skimpily *(adv.)*; **skimpiness** *(n.).*

skin (skin), *n.* (١) پێست؛ چەرم. (٢) کەوڵ؛ پێستە (٣) تەپک: تونج؛ تونکل؛ تونک یا بەرگی کەشتی و فڕۆکە. (٤) کوندە؛ مەشکە؛ تووڕەکە یا کیسەی چەرم. (٥) [Slang] کەسێکی پیسکە یا ڕەزیل؛ پوولەکی؛ بەرچاوتەنگ. (٦) [Slang] دەسبڕ؛ ساختەچی.

v.t. (١) کەوڵ کردن؛ پێست دامالێن؛ پێست گرتنەوە. (٢) بە پێست داپۆشین. (٣) تونکل لێکردنەوە؛ پاکردن؛ تونک لێکردنەوە. (٤) [Slang] دەسبڕین؛ ڕووتکردنەوە؛ پارە لێ کێشانەوە؛ ساختەلێکردن. (٥) پێست بڕیندارکردن؛ بڕین؛ تونک ڕووشاندن یا بڕیندارکردن.

v.i. (١) گۆشتەوزوون هێنانەوە؛ سارێژبوون؛ هاتنەوەیەکی بڕین (٢) تونک فڕیدان؛ تونک لێ بوونەوە؛ کاڵ فڕیدان. (٣) [Slang] : ~ out). دەربازبوون؛ ڕاکردن؛ بۆی دەرچوون؛ تێ تەقاندن.

be no skin off one's back, [Slang], کار تێ نەکردن؛ باک نەبوون؛ دەربەست نەهاتن

by the skin of one's teeth, بە ناستەم؛ بە حاڵ

(We escaped capture by the skin of our teeth.)

get under one's skin, (١) تووڕەکردن؛ زوێر پەستکردن؛ وەرس کردن؛ ڕق هەڵساندن (٢) بوون بە خولیا؛ زوێر خووپێوەگرتن.

have a thick skin, بەهیچ پەست نەبوون؛ بەرگەی هەموو ڕەخنەو هێرشێک گرتن؛ بەهیچ تووڕە نەبوون؛ هەست ناسک نەبوون

have a thin skin, دڵ ناسک؛ زوو پەست بوون؛ بەرگەی ڕەخنەو هێرش نەگرتن.

in (*or* with) a whole skin, [Colloq.], بەبێ بریندارى؛ بە ساغى.

save one's skin, خۆ ڕزگارکردن (لە مردن یا زیانێکى گەورە)؛ لە مردن ڕزگاربوون.

skin alive, (١) کەوڵ کردن بە زیندوێتى؛ چەرمى سەر گرتنەوە. (٢) [Colloq.]، بەتوندى ڕەخنەلێگرتن؛ سزادان؛ سەرزەنشتکردن. (٣) [Colloq.]، باش بەزاندن؛ بۆڕێبدان؛ لێ بردنەوە.

skin-deep (skin′dēp′), *adj.* (١) قوڵ نیە (بڕین، برین)؛ تەنها هەر پێستەکەی بڕیوە یا پیاچووە: *(a ~ cut)* . (٢) قوڵ نیە؛ تەنک؛ پووکەش: *(Beauty is ~ .)* .

adv. پووکەشى؛ بە ڕووکەشى کراو.

skin-dive (skin′dīv′), *v.i.* مەلەکردن لەژێر ئاودا.

skin diving, مەلەى ژێر ئاو (بە ئامێرى هەناسەدانەوە).

-skin diver *(n.).*

skin flick, [Slang], فیلمى ڕووت

skin-flint (skin′flint), *n.* = miser.

skin-full (skin′fool′), *n.* (١) پر مەشکەیەک. (٢) [Colloq.]، ئەوەندەى کە پیاو بۆى بخورێتەوە (عەرەق). (٣) [Colloq.]، زۆر؛ هەندێکى زۆر؛ ئەوەندەى کە بەرگەى بگیرێ.

skin game, [Colloq.], (١) قومارێک یا یارییەکە کە لەسەر گڕى بەندە. (٢) دەسبڕى؛ ساختە؛ گڕى؛ قومارباز؛ جامباز؛ فریوباز.

skin graft, پێنەکردنى پێست؛ پێنەکردنى بەشێکى لەش بە پێستى بەشێکى ترى بە نەشتەرکارى

skink (skiŋk), *n.* شەوگەر؛ گیاندارێکى ئاوچە گەرمەکانە لە توخمى مارمێلکە

skinned (skind), *adj.* پێستەکەى فلانە ڕەنگە: *(a dark- ~ person)*

skinner (skin′ēr), *n.* (١) پێست خۆشکەر؛ پێستە فرۆش؛ کەولکەر. (٢) دەسبڕ؛ ساختەچى؛ قوماربان؛ فریوباز.

skinny (skin′i), *adj.* (١) پێستى؛ لە پێست دەچێ؛ پەردەیى (لەش). (٢) لەڕ؛ ڕەقەڵە؛ لەڕوڵاواز؛ لات؛ ڕێبوولە؛ سیسەنە.

-skinniness *(n.).*

skinny-dip (skin′i-dip′), *v.i.* [Colloq.], مەلەکردن بە ڕووتى.

-skinny-dipper *(n.)*; **skinny-dipping** *(n.).*

skin test, پێست تاقیکردنەوە بۆ هەستیارى (پزیشکەوانى).

skin-tight (skin′tīt′), *adj.* تەسک (جل‌وبەرگ)؛ تەنگ.

skip (skip), *v.i.* (١) بازدان؛ لە خۆشیدا بە قونەقون ڕۆیشتن بەڕێوە؛ قونەکردن (لە خۆشیدا): *(The girls ~ped gaily by.)* . (٢) بەسەردا بازدان یا هەڵبەزینەوە. (٣) پەڕاندن؛ بووارىن؛ بەسەردا تێپەڕبوون. (٤) پۆل پەڕاندن (قوتابخانە)؛ دەرچووانى بە پۆل پەڕاندنەوە (٥) [Colloq.]، بە پەلەو بەدزییەوە ڕاکردن؛ تێ تەقاندن؛ بە دزییەوە بۆ دەرچوون.

v.t. (١) بەسەردا بازدان؛ بازدان. (٢) پەڕاندن؛ بەسەردا تێپەڕبوون (بەبێ بینین، سەرنج پێدان، یا خوێندنەوە)؛ بووارىن. (٣) بەسەردا تێپەڕاندن. (٤) [Colloq.]، بە پەلەو بە دزییەوە ڕاکردن؛ بۆ تێ تەقاندن؛ دەربازبوون.

n. (١) قونەقون کردن (لە خۆشیدا)؛ لە خۆشیدا بە قونە ڕۆیشتن بەڕێوە. (٢) پەڕاندن؛ بووارىن؛ بەسەردا تێپەڕبوون بەبێ سەرنج پێدان.

ski pants, پانتۆڵى بەفرەخلیسکێ (لە ڕانکو شەروالى کوردى دەچێ).

skip-jack (skip′jak′), *n.* (١) ماسى بازدەر: چەند جۆرە ماسییەکن بازد ددەن بەسەر ئاوداو لەسەر ئاو یارى دەکەن. (٢) قالۆنچەى خۆهەڵگیڕەوە

skipper (skip′ēr), *n.* (١) بازدەر (مرۆڤ، شت). (٢) . **saury** پەپوولەیەکى بچکۆلەى تیژە. (٤) جانەوەرى بازدەر

skipper (skip′ēr), *n.* (١) ئاڕووەرى کەشتى بچووک؛ ڕانەرى بەلەمو کەشتى بچووک. (٢) پێشڕەو؛ ڕابەر؛ سەردار؛ سەرۆک؛ سەردار؛ سەرگەورە.

skirl (skŭrl), *v.t. & v.i.* [Scot. & Dial.], زوڕنا لێدان؛ دەنگى ناسازى وەک زوڕنا لێوە هاتن.

n. دەنگى زوڕنا؛ دەنگێکى ناسازى وەک زوڕنا.

skirmish (skŭr′mish), *n.* (١) بەیەکداهاتن؛ ووردە شەڕ؛ بەرەنگارى یەکتر بوونو بەیەکدادان (پەڵى لەشکر)؛ لێدان. (٢) کێشمەکێش؛ مشتومڕ؛ ناکۆکى؛ دەمقڕە.

v.i. (١) وردە شەڕکردن (لقى لەشکر)؛ بەیەکدادان؛ لێکدان. (٢) مشتومڕ؛ دەمقڕە لەگەڵ کردن.

-skirmisher *(n.).*

skirr (skŭr), *v.i.* (١) هەڵفڕین؛ بە پەلە ڕاکردن یا هەڵفڕین؛ تێ تەقاندن؛ دەربازبوون: *(Birds ~ed off from the bushes.)* (٢) بە پەلە ڕۆیشتن؛ خێرا ڕۆیشتن؛ فڕین؛ چوون.

v.t. (١) بۆ گەڕان؛ بە شوێندا گەڕان؛ سوڕاخ بۆ کردن؛ سووڕانەوە. (٢) (!) بەسەردا تێپەڕین (بە تیژی). (ب) بەسەردا تێپەڕاندن یا بردن

n. ووڕەوڕ؛ فڕەفڕ؛ ووڕە

skirt (skŭrt), *n.* (١) چمکى کراس و کەواو تەنوورەیە کە لە کەمەر بەخوارەوە دادەپۆشێ. (٢) تەنووڕە؛ کراسى تا سەر ئەژنۆ. (٣) شتێکى شۆڕبووەوەیە کە لە تەنووڕە بچێ (وەک چمکى شتى شۆڕ بووەوە لە زین). (٤) (*pl.*) قەراغ شار؛ پەراوێز؛ چمک؛ ناوچەى نزیک سنوور (٥) [Slang]، کچ؛ ئافرەت؛ ژن.

v.t. (١) بە قەراغدا دڕێژبوونەوە؛ دەورەدان؛ دەورگرتن. (٢) بە دەوردا ڕۆیشتن (نەک بە ناودا)؛ بە قەراغدا ڕۆیشتن: *(to ~ a city, the woods, etc.)* (٣) خۆ لێ لادان (پرسیار، باسى ناخۆش)؛ بە دەوردا سووڕانەوە؛ لێ دوورکەوتنەوە: *(The president ~ed the subject.)* .

v.i. بە دەوردا بوون یا دڕێژبوونەوە؛ بە قەراغیدا سووڕانەوە؛ لە قەراغەکەیدا بوون *(The path ~s along the edge of the pond.)*

ski run, لێژگەی بەفرەخلیسکن؛ ڕێڕەوی بەفرەخلیسکن.
skit (skit), *n.* (۱) توانج؛ توانج تێگرتن؛ قسە تێگرتن. (۲) نووسراوێکی کورتی قۆشمە یا لاقرتێیی. (۳) شانۆنامەیەکی کورت یا پەردەیەکی قۆشمە یا لاقرتێیی.
ski tow, = ski lift.
skitter (skit′ēr), *v.i.* (۱) وەک تیر بەسەردا تێپەڕبوون (بەتایبەتی بەسەر ئاودا)؛ بە تیێژی بەسەردا ڕێشتن؛ خلیسکان؛ خشان بەسەردا. (۲) یاری پێ کردنی قولاپی ڕاوەماسی و ڕاوەشاندنی و ڕاتەکانی بۆ سەرووی ئاوەکە
v.t. بەسەردا خلیسکاندن؛ بەسەردا تێپەڕکردن بە تیێژی.
skittish (skit′ish), *adj.* (۱) سەرکەش؛ تۆڵ. *(a ~ horse)* . (۲) بەتاڵ؛ بەتاڵوڕووز؛ مەکرباز؛ بە مەکر؛ مەکرکەر. (۳) بێ بار؛ دوودڵ؛ پشت پێ نەبەستراو.
skittle (skit′l), *n.* (۱) یاری ninepins کە لە یاری bowling دەچێت. (۲) هەر یەکێک لە نۆ نیشانەکەی ئەم یارییە.
all beer and skittles, هەمووی هەر خواردنەوە و ڕابواردنە؛ هەر ڕابواردنە
skive (skīv), *v.t.* پێستە تاشین؛ تۆ تۆ کردنی پێستە.
skiver (skīv′ēr), *n.* (۱) پێستێکی تەنکە (بۆ بەرگی پەرتووک). (۲) پێستە تاش؛ پێستە تونکەر. (۳) چەقۆیەک یا شتێکی تیێژە بۆ پێستە تاشین یا تۆ تۆ کردن.
skivvy (skiv′i), *n.* [Slang], (۱) فانیلەی زێڕەوەی پیاوان (بەتایبەتی هی کەشتیوان). (۲) *(pl.)* دەرپێ و فانیلە. (۳) کارەکەر (لەڕووی سووکیێیەوە).
skoal (skōl), *interj.* نۆش!
skua (skū′ə), *n.* باڵندەیەکی دەریایی گەورەی گۆشت خۆری ڕاوکەرە.
skul-duggery (skul-dug′ēr-i), *n.* [Colloq.], فێڵبازی؛ تەڵەکەبازی؛ زۆرزانی.
skulk (skulk), *v.i.* (۱) خۆ مات دان؛ خۆ مت کردن. (۲) بە ترس و لەرزەوە ڕێشتن؛ بە خشپە جوولانەوە؛ بە دزێیەوە گەڕان. (۳) خۆ لە ئەرکی سەرشان دزینەوە؛ ڕاکردن لە ئەرک. (۱) (ب) کەسێکی بە خشپەو ترس و لەرز گەڕاوە. (ب) کەسێکی ڕاکردوو لە ئەرکی سەرشان. (۲) تاقمی گیاندارێ بە دزێیەوە گەڕاو (بەتایبەتی ڕێوی).
skull (skul), *n.* (۱) کاسەی سەر؛ کەللە؛ کەللەی سەر؛ قاپۆڵ؛ کاپۆڵ. (۲) مێشک (بەتایبەتی بێ مێشکی): *(thick ~; empty ~)* .
skull and crossbones, کەللە و ئێسقانی چەپ و ڕاست لەیەکدراو: وێنەی کەللەیەکی سەرو دوو ئێسقانی چەپ و ڕاست لەیەکدراوە کە نیشانەی مردن و مەترسییە (لە کۆندا دەکرا بە نالای چەتەی دەریاییەوە ئێستا لە دەفری ژەهر دەدرێ بۆ ئاگاداری).
skull-cap (skul′kap′), *n.* (۱) کلاو بەتایبەتی هی تەسک بۆ ناومال). (۲) تەوقە سەر (۳) جۆرە ڕوومکێکە گوڵەکەی لە کلاوزێ دەچێ.
skunk (skuŋk), *n.* (۱) دەڵەک (۲) [Colloq.] کەسێکی پیسی بۆگەنی ناپەسەند.
v.t. [Slang], (۱) لێ بردنەوە (بەتایبەتی بە ڕێگە نەدان بە بردنەوەی هیچ خاڵێک لە یاریدا)؛ بۆڕ پێدان؛ بەزاندن. (۲) گزی کردن؛ فێڵ کردن؛ پارە نەدان.
skunk cabbage, کەلەرمە بۆگەنە.
sky (skī), *n.* (۱) ئاسمان. (۲) گەردوون. (۳) ئەوپەڕی بەرزی؛ پلەی زۆر بەرز؛ ئاسمان (مەجاز): *(reaching for the ~)* . (٤) (۱) شێوەی ئاسمان. *(blue ~)* . (ب) ئاووهەوا. (٥) [Obs.] پلە هەور؛ هەور.
v.t. (۱) شەق لە توپ هەڵدان بە ئاسماندا؛ هاوێشتن بە ئاسماندا. (۲) زۆر بە بەرزی هەڵواسینی وێنەیەک لە پێشانگادا.
out of a clear sky, لەپڕ؛ لە ناکاو
to the skies, (۱) ئیجگار زۆر؛ ئەوپەڕ؛ *(praised to the skies)*
(۲) بۆ ئاسمان؛ بەرەو ئاسمان.
sky blue, شینی ئاسمانی.
-sky-blue *(adj.).*
sky-borne (skī-bôrn), *adj.* بە فڕۆکە گوێزراوە: *(~ troops)*
sky-cap (ski′kap′), *n.* کۆل هەڵگری فڕۆکەخانە
sky-dive (skī′dīv), *v.i.* یاری خۆ فڕێدانە خوارەوە لە فڕۆکەوە بە پەڕەشوورت (لە بەرزایی شەش هەزار پێ وە).
-sky-diver *(n.)*; **sky-diving** *(n.).*
Skye terrier, سەگێکی بچووکی باڵا و گوێ کورتی تیسك درێژە.
sky-ey (skī′i), *adj.* (۱) [Poetic] ، ئاسمانی (ڕەنگ)؛ شینی ئاسمانی (۲) بەرز؛ بڵند.
sky-high (skī′hī′), *adj.* زۆر بەرز؛ بڵند
sky-jack (skī′jak′), *v.t.* فڕۆکە ڕفاندن بە زۆر (بەتایبەتی فڕۆکەیەك کە بە هەواوە بێ). (هەروەها " highjack ").
skylark (skī′lärk′), *n.* کلاوکوڕە.
skylight (skī′līt′), *n.* کلاوپەنجەرە؛ پەنجەرەی سەربان.
skyline (skī′līn′), *n.* (۱) ئاسۆ. (۲) دیمەنی خانووەکانی شار یا ڕیزە شاخێك بە قەد ئاسمانەوە.
sky pilot, [Slang], = clergyman.
sky-rocket (skī′rok′it), *n.* فیشەکەشێتە.
v.i. لەپڕ بەرزبوونەوە (نرخ؛ فرۆخت، ناوبانگ، پلەوپایە): *(The price of food has ~ed.; Home sales have ~ed.)*
v.t. لەپڕ بەرزکردنەوە.
sky-scraper (skī′skrāp′ēr), *n.* خانووی زۆر بەرز؛ باڵەخانەی سەر لە ئاسمان دەر.
sky-ward (skī′wērd), *adv. & adj.* بەرەو ئاسمان؛ بۆ سەرەوە.
sky-wards (skī′wērdz), *adv.* = sky-ward.
sky-way (skī′wā′), *n.* هێڵی ئاسمانی؛ هێڵی فڕۆکە.
sky-writing (skī′rīt′iŋ), *n.* (۱) نووسین بە قەد ئاسمانەوە (بەهۆی هەڵمێکی باش دیار کە لە فڕۆکەیەکەوە دێتە دەرێ). (۲) ئەو ڕوشانەی بەم شێوەیە دەنووسرێن.
-sky-writer *(n.).*
slab (slab), *n.* (۱) تەختە بەرد؛ تاشە بەرد؛ تاتە بەرد؛ زەمینەی کۆنکریتی: *(a ~ of concrete)* . (۲) قاشێکی پان و ئەستوور (پەنیر، کێك). (۳) توێکی لە دار بڕاوە بە خێرا. (٤) [Slang]، بنکە یا سەرشاری تۆپ هاوێژی یاری بێسبۆل.
v.t. (۱) کردن بە تەختە بەرد؛ تۆ تۆ کردن. (۲) تۆ بڕینەوە لە دارێك بە خێرا. (۳) تەختە ڕێژ کردن؛ زەمینە داڕشتن بە کۆنکریت.
slab (slab), *adj.* [Archaic], خەست و لینج *(~ porridge)*
slabber (slab′ēr), *v.i. & v.t., n.* = slobber.
slab-sided (sla-sīd′id), *adj.* [Colloq.], (۱) لاتەخت؛ ڕووتەخت. (۲) درێژو باریك؛ ڕیبووڵە؛ باریکەڵە؛ ڕەقەڵە.
slack (slak), *adj.* (۱) سست؛ خاو؛ خاووخلیچك؛ هێواش؛ تەمەڵ؛ شڵەپەتە. (۲) مەنگ؛ وەستاو (ئاو، تەورژمی ئاوو کارەبا)؛ هێواش. (۳) بێ بازاڕ؛ خاو (بازرگانی)؛ کز: *(a ~ period in car sales)* . (٤) شل؛ شڵوشۆڕ؛ نەجەڕێنتراو؛ توند نەکراو: *(a ~ rope)* . (٥) شل؛ بە ئاسانی کارتێکراو. (٦) کەمتەرخەم؛ فەرامۆش کار؛ بێباك؛ لامسەرلا؛ بێ گوێ یانە کراو: *(a ~ workman; ~ book-keeping)*
v.t. (۱) شل کردن؛ خاوکردنەوە؛ شل کردنەوە (گوریس، گرێ، ژێ). (۲) فەرامۆش کردن؛ کەمتەرخەمی کردن؛ گوێ پێ نەدان؛ لامسەرلایی کردن.

(۳) قسل کوژاندنەوە یا مراندن

v.i. خاوبوونەوە؛ سست بوون؛ هێواش بوونەوە.

adv. بە شل‌وشۆڕی؛ بە شلی؛ بە دواکەوتوویی.

n. (۱) بەشێکی شل یا نەجەڕێنراو؛ بەشێکی خاو یا شۆڕبووەوە.

(to pull in the ~ of a rope) (۲) شلی؛ بەجەڕێنراوی؛ شل‌وشۆڕی. *(There was ~ in the rope.)*

(۳) وەستان (ئاو، تەورۆم)؛ مەنگی.

(٤) بێ بازاری؛ بازار کزی؛ کزی؛ سست.

(٥) برگەی هێز نەخراوە سەر (هەڵبەست).

-slackly *(adv.)*; **slackness** *(n.)*.

slack off, خاوبوونەوە؛ سست بوون؛ ساردبوونەوە؛ فەرامۆش کردن؛ شل کردنەوە؛ شل بوون

slack up, هێواش کردنەوە؛ خاوکردنەوە (شەمەندەفەر).

slack (slak), *n.* خاک‌وخۆڵی خەڵووز.

slack (slak), *n.* (۱) (ا) دۆڵێکی بچووک (ب) چاڵایی ناوەڕاست یا قەدگرد (۲) زۆنگاو؛ زەلکاو.

slack-baked (slak′bāk´t), *adj.* (۱) نەبڕژاو (نان). (۲) نەبەکار، کاڵ و کرچ؛ کاڵ (مەجاز).

slacken (slak′ən), *v.i.* (۱) سست بوون؛ هێواش بوونەوە؛ خاوبوونەوە؛ پشت ساردبوونەوە؛ ساردبوونەوە.

(۲) کزبوون (بازرگانی، فرۆشت)؛ ساردبوونەوە

(۳) شل بوونەوە (گوریس، پەت)؛ شل بوون؛ خاوبوونەوە.

v.t. (۱) هێواش کردنەوە؛ کەمکردنەوە (تووندوتیژی، خێرایی)؛ شل کردن (جڵەو، زەبروزەنگ). (۲) شل کردن (پەت، گرێ)؛ شل کردنەوە.

slacker (slak′ēr), *n.* پاکردوو لە نەرکی سەرشان (بەتایبەتی لە سەربازی لەکاتی جەنگدا).

slacks (slaks), *n.pl.* پانتۆڵ (ژنانەو بیاوانە).

slack water, (۱) ماوەی نێوان بەرزاوو نیشتاو (کە ئاوی کەناردەریا هێمن دەبێتەوە). (۲) ئاوی مەنگ یا وەستاو.

slag (slag), *n.* (۱) تڵیەو سەرکەف‌و خڵتەی کانزا (کە لە تواندنەوەو پوختەکردنی کانزای خاو دەمێنێتەوە). (۲) خڵتەو کەفی ئاگرپژێن.

v.t. & v.i. بوون بەتڵیەو سەرکەف

-slaggy *(adj.)*.

slain (slān), *past participle of* **slay**.

slake (slāk), *v.t.* (۱) تینوێتی شکاندن؛ تێرکردن؛ دامرکاندنەوە (ئارەزوو) (۲) کوژاندنەوە (ئاگر)؛ کپکردن؛ دامرکاندنەوە. (۳) قسل کوژاندنەوە یا مراندن (٤) ئاودان؛ تەرکردن؛ فێنک کردنەوە. (٥) هێمن کردنەوە؛ کەمکردنەوە؛ هێواش کردنەوە

v.i. (۱) (ا) کوژانەوە (قسل)؛ مران‌و پڕوان (قسل). (ب) شکان (تینوێتی). (۲) خاوبوونەوە؛ هێواش بوونەوە؛ هێمن بوونەوە

slalom (slä′lōm), *n.* (۱) بەفرەخلیسکن بە ڕێبازێکی پێچ پێچۆکەی لێژدا. (۲) پێش برکێی بەفرەخلیسکێی وەها. (۳) ڕێبازی پێچاوپێچ یا پێچ پێچۆکە

v.i. بەفرەخلیسکن کردن بە ڕێبازێکی پێچ پێچۆکەدا

slam (slam), *v.t.* (۱) بە قایم داخستن (دەرگا)؛ *(Don't ~ the door.)* شەقە لێ هەڵسانن لەکاتی داخستندا

(۲) تێ فڕێدان؛ خستنە ناو بە قایم‌و بە دەنگی بەرز؛ بە توند دانان؛ *(He ~med the box into the cupboard.)*

(۳) بەیەکدادان؛ پەیاکێشان؛ بەتوند پێیادان.

(٤) [Colloq.]، بەتوندوتیژی ڕەخنەلێگرتن؛ بە دەم هێرش بردنە سەر.

v.i. (۱) بە قایم داخران؛ شەقە لێ هەڵسان لەکاتی داخستندا.

(۲) بە توند لێدان یا پێیادان.

n. (۱) بە توند و دەنگی بەرز داخستن؛ داخران بە شەقە لێ هەڵسانەوە.

(۲) شەقە؛ تەقەی گەورە؛ دەنگی زل (کە لەم داخستنەوە بێت).

(۳) [Colloq.]، ڕەخنەی توندوتیژ؛ هێرش

slam (slam), *n.* هەموو بردنەوە (یاری کاغەز)؛ بردنەوەی تەواو.

slam-bang (slam′baŋ´), *adv.* [Colloq.], (۱) خێراو بە دەنگی بەرز؛ لە پڕو بە دەنگی بەرز؛ بە توند. (۲) بە هەڵەشەیی؛ سەرکێشانە؛ سەرپێچانە.

slander (slan′dēr), *n.* (۱) بوختان.

(۲) بەدگۆیی؛ ناوزڕاندن؛ ناو پیس کردن؛ قسە شوێن خستن.

v.t. بوختان بۆ هەڵبەستن؛ لەکەدارکردن؛ ناوزڕاندن؛ ناو پیس کردن؛ بەدگۆیی کردن.

-slanderer *(n.)*.

slanderous (slan′dēr-əs), *adj.* (۱) بوختان؛ هی ناو زڕاندن یا لەکەدارکردن: *(a ~ statement)*.

(۲) بوختانکەر؛ ناوپیسکەر؛ ناوخراپکەر؛ بەدگۆ؛ لەکەدارکەر.

slang (slaŋ), *n.* (۱) زمانی تاوانکاران‌و دەربەدەران.

(۲) زمانی پیشەیەکی تایبەتی (نێستا پێی دەوترێ " **jargon** " یا " **shoptalk** "). (۳) زمانی ناوبازاڕ؛ زمانی سەرجادە، واتە هی گفتوگۆ نەک نووسین.

v.i. & v.t. زمانی ناوبازاڕ بەکارهێنان؛ قسەی ناشرین پێ ووتن.

-slangily *(adv.)*; **slanginess** *(n.)*.

slangy (slaŋ′i), *adj.* (۱) لە زمانی ناوبازاڕ دەچێ نەک هی نووسین؛ پڕە لە زمانی سەرجادە. (۲) هەڵ لە بەکارهێنانی زمانی ناوبازاڕ دەکات؛ زۆر زمانی سەر جادە بەکاردەهێنێ.

slant (slant), *v.t.* (۱) خوارکردنەوە؛ لارکردنەوە؛ چەوت کردن (۲)[Colloq.]، بە لایەکدا خستن (دەنگوباس، پاستی)؛ شێواندن؛ گۆڕین؛ تێکدان: *(to ~ the news, the truth, etc.)*.

v.i. خوارپوونەوە؛ لاربوون؛ نارێک بوون؛ بەلادا‌کەوتن.

n. (۱) لاری؛ خواری؛ چەوتی؛ لێژی؛ بەرەوخوار. (۲) [Colloq.]، لایەنگری؛ پای تایبەتی؛ هەڵوێست: *(to give the news a ~)* (۳) [Colloq.]، سەیرکردنێکی کورت‌و پەلە؛ تەماشایەکی گوڕج

adj. لار؛ خوار؛ نارێک؛ بەرەو خوار.

slantways (slant′wāz´), *adv.* = **slantwise**.

slantwise (slant′wīz´), *adv.* بە خواری؛ بە لاری؛ بە چەرتی؛ بە ناڕێکی.

adj. خوار؛ لار؛ نارێک؛ چەوت.

slap (slap), *n.* (۱) زلله؛ شەقازلە؛ شەپازلە؛ شەپلاخ.

(۲) ڕووشکاندن (بە قسە یا کردەوە)؛ شکاندن؛ ڕیسواکردن: *(a ~ in the face.)*

v.t. (۱) زللەلێدان؛ شەپازلە لێدان؛ شەپلاخ پیامالێن.

(۲) بە لامسەرلایی یا بە توند تێ کردن؛ پێوەدان (وەک نان بە تەنوورەوە). *(She ~ped the butter into the pan.)*

adv. [Colloq.], (۱) لەپڕ؛ لە ناکاو.

(۲) یەکسەر؛ ڕاستەوخۆ: *(He ran ~ into the wall.)*.

-slapper *(n.)*.

slap down, (۱) قەدەغەکردن؛ ڕێ لێ بڕین؛ ڕێ پێ نەدان.

(۲) دامرکاندنەوە؛ کوژاندنەوە؛ نەهێشتن؛ پێشێل کردن.

slap-bang (slap′baŋ´), *adj. & adv.* [Colloq.], = **slap-dash**.

slap-dash (slap′dash´), *n.* (۱) لامسەرلایی؛ پەلە؛ کوتوپڕی؛ هەڵەشەیی. (۲) شتێکی بە هەڵەشەو لامسەرلایی کراو؛ شتی بێ سەروبن: *(His book is mere ~ .)*

adv. بەلامسەرلایی‌و بەپەلە؛ بێ دەربەستانە؛ بە هەڵەشانە؛ بێ سەروبنانە.

adj. لامسەرلاو پەلە؛ هەڵەشە؛ بێ دەربەست؛ بێ سەروبن.

slap-happy (slap′hap´i), *adj.* [Slang], (۱) گێژی مستەکۆڵە؛ ووڕ (هەروەک بە مستەکۆڵە وای لێ هاتبێ). (۲) شەڵ‌وپەت؛ بێ مێشک؛ سەرمەست.

slap-jack (slap′jak´), *n.* یارییەکی کاغەزی ئاسانە.

slap-stick (slap′stik´), *n.* (۱) دوو دارن سەرێکیان پێکەوە بەستراوە
کە بە شتێکدا دران شەقەیان لێ هەڵدەستێ (لە کۆندا نەکتەر بەکاریان دەهێنا
بۆ تەقە لێ هەڵسانی پیامالینێك). (۲) شانۆنامەی شەقەرتەقە: شانۆنامەیەکی
قۆشمەیە پڕە لە زرمەزڵ و کردەوەی هیچ‌وپووچ و منداڵانە.
adj. تایبەتی بەم جۆرە شانۆنامەیە.

slash (slash), *v.t.* (۱) هەڵدڕین بە تووندو بە گوڕ لێ گرتنەوە بە چەقۆ
یا تیغی تر؛ هەڵقڵیشاندن بەم جۆرە؛ دڕاندن. (۲) بڕین؛ هەڵدڕین:
(He fell on the broken glass and ~ed his arm.)
(۳) قامچی لێدان؛ فەلاقەکردن؛ بیرازکردن.
(٤) داقڵیشان یا تڵیشانی جل‌وبەرگ بۆ جوانی (بۆ دەرخستنی شتی ژێرەوە).
(٥) زۆر کەمکردنەوە (بووجە، مووچە، نرخ)؛ زۆر داشکاندن:
(Our budget has been ~ed.; We have ~ed our prices.)
(٦) بە تووندی ڕەخنەلێگرتن.
v.i. بە تووند پیامالێن بە چەقۆ یا شتێکی تیژی تر.
n. (۱) بە تووند لێدان بە چەقۆ یا شتێکی تری تیژ.
(۲) تڵیش (بەم لێدانە)؛ قڵیش؛ هەڵدڕان.
(۳) تڵیشی جل‌وبەرگ (کە بە دەسنقەست بۆ جوانی تێی دەکرێ)؛ داقڵیشاوی.
(٤) (أ) شوێنێکی کراوەیە لە دارستانێکدا چڵ‌وچێوی داری بڕاوەی تێدا
کۆمەڵ دەکرێ. (ب) ئەم چڵ‌وچێوو لق‌و پۆپە.

slash (slash), *n.* زۆنگاوی نزم؛ زەلکاو.

slashing (slash′iŋ), *adj.* (۱) تووندوتیژ؛ توند؛ بەزەبر.
(۲) چوست‌و چالاك؛ بە گڤ‌وگوڕ؛ بەتین.
(۳) [Colloq.]، گەورە؛ زل؛ زۆر گەورە؛ زۆر: *(a ~ success)* .
n. تڵیش؛ قڵیش؛ هەڵتڵیشان.

slash pine, (۱) کاجی زەلکاو؛ دارسنەوبەری زۆنگاو.
(۲) دارو تەختەی ئەم کاجە.

slat (slat), *n.* (۱) تیرەدار یا کانزایەکی باریك‌و تەنك‌و درێژ.
(۲) [Slang] (*pl*)، پەراسوو.
v.t. بە تیرەدار یا کانزای باریك‌و تەنك‌و درێژ دروستکردن؛
نەم جۆرە تیرەدارە لێدان.

slat (slat), *v.i.* شەکانەوە (وەك جلی سەر تەناف)؛ ڕاوەشان.
v.t. [Dial.], (۱) بە توند هاویشتن یا فڕێدان. (۲) لێدان؛ پیامالێن؛ پیادان.
n. [Dial.], پیامالێن؛ پیادانێکی قایم.

slate (slāt), *n.* (۱) تەختە بەردێکە بە ئاسانی تووژاڵی لێ دەکرێتەوە.
(۲) (أ) تووژاڵێکی وەها لێکراوە (بەتایبەتی بۆ سەربان گرتن‌و شت لەسەر
نووسین). (ب) تووژاڵە بەردی نووسین (بۆ منداڵان).
(۳) ڕەنگی بۆری شینکار (کە ڕەنگی نەم تەختەبەردانەیە).
(٤) لیستەی نامزەدکراوان (بۆ هەڵبژاردن)؛ لیستەی هەڵبژێراوان:
(a ~ of candidates)
(٥) ڕابوردووی کەسێك؛ تۆماری ڕەفتاری ڕابوردوو:
(She has a clean ~ .)
v.t. (۱) بە تەختەبەردی تەنك داپۆشین (سەربان).
(۲) نامزەدکردن (بۆ هەڵبژاردن، دانان لەسەر کار. نووساندن لە شانۆنامەو
فیلمدا)؛ هەڵبژاردن
(He is ~d for the position of director of communications.)
a clean slate, ڕابوردووی پاك:
(He has a clean slate.)
start with a clean slate, بە پەی تازە دەستپێکردنەوە (هەجار)
سەرەتایی بە پاکی دەستپێکردنەوە

slate (slāt), *v.t.* [Colloq.], (۱) بە هایە لێدان بە توندوتیژی سزادان.
جنێو لێدان. (۲) زۆر سەرزەنشت کردن؛ بە تووندوتیژی ڕەخنەلێگرتن.

slater (slāt′ēr), *n.* (۱) سەرپاکەر بە تەختەبەردی تەنك
.wood louse (۲

slather (sla*h*′ēr), *n.* [Dial. or Colloq.], سەنگی زۆر؛
بڕێکی زۆر.

v.t. [Dial or Colloq.], هەندێکی زۆر بەکارهێنان؛ زۆر بەکارهێنان.

slating (slāt′iŋ), *n.* (۱) سەرپان گرتن بە تەختەبەردی تەنك؛
تەختەبەردی تەنك لەسەر دانان. (۲) تەختەبەردی تەنك بەگشتی (خانووسازی).

slattern (slat′ēm), *n.* (۱) ئافرەتی چەپەڵ؛ ژنی پیس‌و پۆخڵ.
(۲) قەحبە؛ ئافرەتی سووك.

slatternly (slat′ērn-li), *adj.* (۱) چەپەڵ؛ پیس‌و پۆخڵ؛ چەپەڵانە.
(۲) قەحبانە؛ وەك قەحبە.

-slatternliness *(n.)*; **slatternly** *(adj.)*.

slaty (slāt′i), *adj.* (۱) تەختەبەردی؛ تووژاڵە بەردی.
(۲) بۆری شینکار (وەك ڕەنگی تەختەبەرد).

slaughter (slô′tēr), *n.* (۱) سەربڕین (مەڕومااڵت).
(۲) کوشتن بە درندانە. (۳) کوشتار؛ قەلاچۆ؛ کوشت‌و کوشتار؛ کوشتنی
خەڵکێکی زۆر بە درندانە؛ خوێن ڕشتن.

v.t. (۱) سەربڕین (ئاژەڵ).
(۲) قەلاچۆکردن؛ کوشتنی خەڵکێکی زۆر بە درندانە؛ خوێن ڕشتن.

slaughter-house (slô′tēr-hous´), *n.* کوشتارخانە؛
قەسابخانە.

slaughterous (slô′tēr-əs), *adj.* خوێنڕێژ؛ بکوژ.

slave (slāv), *n.* (۱) کۆیلە؛ بەندە؛ قول.
(۲) گیرۆدە؛ گرفتار: *(a ~ to alcohol)* .
(۳) کەسێکی زۆر کۆششکەر؛ زۆر ڕەنجدەر؛ کەسێکی زۆر نیشکەر.
(٤) slave ant

v.i. زۆر ڕەنج دان؛ خۆکوشتن (مەجان)؛ زۆر ئیش کردن.
v.t. [Rare]. کردن بە کۆیلەی خۆ؛ خستنە ژێر دەستی خۆوە.

slave ant, مێروولەی کۆیلە: مێروولەیەکە توخمە مێروولەی تر
گرتبێتیان‌و ئیشی پێ بکەن وەك بەندە.

slave driver, (۱) سەرکاری کۆیلەکان.
(۲) سەرکاری بێ بەزەیی؛ سەرکارێکە کە زۆر ئیش بە بەردەستەکانی بکات.

slave-holder (slāv′hōl´dēr), *n.* خاوەن کۆیلە؛ بەندەدار.

slave-holding (slāv′hōl´diŋ), *adj.* هی خاوەن کۆیلە.
n. کۆیلەداری؛ بەندەداری؛ خاوەن کۆیلەیی.

slave-making ant, جۆرە مێروولەیەکە دەمن بەسەر شارە
مێروولەی توخمی تردا و کرمۆکەیان دەدزێ و پەروەردەیان دەکەن و دەیان کەن
بە کۆیلەی خۆیان (هەروەها " slave maker ").

slaver (slāv′ēr), *v.i.* (۱) لیك لە دەم هاتن؛ ئاو لە دەم هاتن.
(۲) قسەی هیچ‌و پووچ‌و بێ تام کردن.
v.t. لیك بەسەردا ڕژان.
n. (۱) لیك؛ ئاوی دەم. (۲) قسەی هیچ‌وپووچ‌و بێ تام؛ قسەی قۆز.

slaver (slāv′ēr), *n.* (۱) کەشتی کۆیلە.
(۲) کۆیلەفرۆش؛ بازرگانی بەندە.

slavery (slāv′ēr-i), *n.* (۱) کۆیلەیی؛ بەندایەتی؛ بەندەگی؛
بەندەیی؛ نۆکەرێتی؛ بەندێتی. (۲) گیرۆدەیی؛ گرفتاری.
(۳) ڕەنج؛ کۆشش؛ ڕەنجی زۆر؛ ڕەنج کێشان

slave ship, کەشتی کۆیلە (کە لە کۆیلە فرۆشیدا بەکاردەهێنرا).

Slave State, یەکێکە لەو پێنج ووڵاتەی ووڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا
(کە زۆربەیان ئای خواروەوەن) کە کۆیلە مڕۆشیان تێدابوو لە پێش شەڕی
ناوخۆیی ئەمەریکادا.

slave trade, کۆیلەفرۆشی (بەتایبەتی ئەوانەی هێنانی ئەفەریقا
بۆ ئەمەریکا و ڕۆژئاوا)؛ بەندە کڕین و مڕۆشتن؛ بەندە بازرگانی.

slavey (slā′vi), *n.* [British Colloq.], کارەکەر.

Slavic (slā′vik, sla*h*′ik), *adj.* سڵاڤی؛ تایبەتی بە سڵاڤییەکان و
زمانەکانیان
n. زمانی سڵاڤی کە بەشێکە لە زمانە هیندی ئەوروپییەکان.

slavish (slā′vish) *adj.* (۱) ملکەچ؛ بەندە؛ چاوترس؛

نۆکەرئاسا (۲) بۆ بەندە شیاو؛ بەندەیی؛ زۆردار؛ ستەمکار؛ چەوسێنەرەوە.
(۳) لاساییکەرەوە؛ کوێرانە شوێن کەوتوو.
(a ~ adherence to a model)
(٤) قورس و ناخۆش (کار).
-slavishly *(adv.)*; slavishness *(n.)*.
slavocracy (slāv-ok′rə-si), *n.* بەندەدارو بەندەیی خوازان (لە ئەمەریکادا لە پێش شەڕی ناوخۆدا).
Slavonian (slə-vō′ni-ən), *adj.* (۱) سلاڤۆنی؛ تایبەتی بە سلاڤۆنیا و دانیشتووەکانی. (۲) سلاڤی.
n. (۱) سلاڤۆنی؛ هاوڵاتیێکی سلاڤۆنیا. (۲) سلاڤی (مرۆڤ). (۳) زمانە سلاڤیەکان.
Slavonic (slə-von′ik), *adj.* (۱) سلاڤۆنی (۲) سلاڤی.
n. زمانە سلاڤیەکان.
slaw (slô), *n.* زەڵاتەی کەلەرم (بە وورد جنراوی).
slay (slā), *v.t.* (۱) کوشتن؛ سەربڕین.
(۲) [Obs.]، لێدان.
sleave (slēv), *n.* (۱) (ا) تانە ناوریشمی خاوی جیابووەوە. (ب) ناڵۆسکاوی؛ ناڵۆسکان.
v.t. ڕەواندنەوە؛ خاوکردنەوە.
sleazy (slē′zi, slā′zi), *adj.* (۱) تەنک و بەرگە نەگر (کاڵا)؛ سووک (قوماش)؛ بێ کەڵک: *(a ~ fabric)*.
(۲) بازاڕی؛ هەرزانبەها؛ گەمنە.
(۳) هیچ‌وپووچ: *(a ~ excuse)*.
(٤) سووک (ڕەووشت)؛ نزم (مرۆڤ، ڕەفتار):
(a ~ character, behavior, etc.)
-sleazily *(adv.)*; sleaziness *(n.)*.
sled (sled), *n.* (۱) گالیسکە بەفرینە (بە ئەسپ یا سەگ ڕادەکێشرێت).
(۲) ئەسپە بەفرینە (چوارچێوەیەکە بۆ یاری منداڵان).
v.t. بە گالیسکە بەفرینە گواستنەوە.
v.i. سواری گالیسکە بەفرینە بوون.
-sledder *(n.)*.
sledding (sled′iŋ), *n.* (۱) بە گالیسکە بەفرینە ڕۆیشتن؛ سواری گالیسکە بەفرینە بوون. (۲) باری سواربوونی گالیسکە بەفرینە (لەڕووی ناووهەوا بەفرەوە) (۳) [Colloq.]، دۆخ، بار، قورسی و ناسانی کار:
(The ~ gets tougher every year in this business.)
sledge (slej), *n.* پیک؛ چەکوشی قورس. (هەروەها " sledge-hammer ").
v.i. & v.t. پیک پیادان؛ پیککاری کردن.
sledge (slej), *n., v.i. & v.t.* = sled.
sledge-hammer (slej′ham′ĕr), *n.* پیک؛ چەکوشێکی قورسی کلک درێژە بە هەردوو دەست بەکار دەهێنرێ بەردو چیمەنتۆی پێ دەشکێنرێ (هەروەها " sledge ")
v.t. پیک لێدان؛ چەکوشی قورس پیادان؛ بە توند لێدان
adj. بەزەبر؛ توندوتێژ؛ بە زەبروزەنگ؛ توند:
(~ blows, arguments, style, etc.)
sleek (slēk), *adj.* (۱) ساف‌وڕووس؛ بریقەدار؛ شەوقدار: *(~ dark hair)* (قژ پێست بریقاوە).
(۲) پۆشتەوپەردەخ؛ تەرپۆش؛ بەش‌ولار جوان؛ تێرونەرم
(۳) گەش بە کەشتەکردنەوە (٤) پێتەوپێک جوان بەهەم (شتوو قژ
(٥) زەق ووس زەمزەن ڕۆزان مێبەن (هەروەها " slick ")
v.t. ساف‌ووس کردن؛ تیف تیەمان؛ بڕیاج کردن بریەق ن هەستن
-sleekly *(adv.)*; sleekness *(n.)*.
sleep (slēp), *n.* (۱) نوستن خەوتن؛ خەوێکردن
(۲) خەوی نوستن
(۳) زەمانە

(ب) سڕبوون؛ مێروولەکردن: *(My leg has gone to ~ .)*
(ج) لە هۆش خۆ چوون؛ بوورانەوە.
(د) مردن: *(to put a pet dog to ~)*.
(٤) داخستنی پەڕەی هەندێ گوڵ لە شەودا.
v.i. (۱) نوستن؛ خەوتن؛ خەولێکەوتن.
(۲) سڕبوون؛ بۆ زستان (مار)؛ بوورانەوە؛ مردن؛ لە هۆش خۆ چوون.
(۳) داخران بە شەو (پەڕەی هەندێ گوڵ، گەڵا).
v.t. (۱) نوستن بە جۆرێکی تایبەتی؛ خەولێکەوتن؛ خەوتن:
(He slept the ~ of the just.)
(۲) جێی نووستن تێدابوونەوە: *(This cabin will ~ four.)*
(۳) لەبیرخۆبردنەوە بە نووستن: *(He went home to ~ it off.)* .
go to sleep, (۱) نوستن؛ خەولێکەوتن (۲) سڕبوون؛ مێروولەکردن.
put to sleep, (۱) کردنە خەو.
(۲) سڕکردن (بە دەرمان)؛ بەنج کردن (بۆ نەشتەرکاری).
(۳) کوشتن (بە دەرمان بەتایبەتی گیانداری پیرو نەخۆش و نەویستراو):
(She put her old cat to sleep.)
sleep around, [Colloq.], چوونە جێ لەگەڵ هەموو کەسێکدا؛ جووت بوون لەگەڵ هەمووکەس؛ بەرەڵابوون.
sleep away, (۱) بە نووستن بردنە سەر:
(He slept away his vacation.)
(۲) لە بیری خۆ بردنەوە یا خۆ لێ ڕزگارکردن بە نووستن.
sleep in, (۱) لە شوێنی نیش کردندا نووستن (بەردەستی ناوماڵ، کارەکەر). (۲) درەنگ لە خەو هەڵسان (بە دەسنقەست)؛ هەتا درەنگ نووستن:
(I sleep in on week-ends.)
sleep off. لەبیرخۆبردنەوە یا خۆ لێ ڕزگارکردن بە نووستن:
(He was drunk so he went to bed to sleep it off.)
sleep on (or over) a question, بڕیار نەدان تا ڕۆژی دوایی؛ بڕیار دواخستن تا ڕۆژی دوایی؛ لەسەر نووستن.
sleep with, چوونە جێ لەگەڵ؛ جووت بوون لەگەڵ؛ چوونە لا.
sleeper (slēp′ĕr), *n.* (۱) کەسێک یا گیاندارێکی نووستوو یا خەوتوو (بە تایبەتی بە جۆرێکی تایبەتی): *(She is a light (heavy) ~ .)*.
(۲) [British]، داری ئەستووری لەسەر زەمین ڕاخراو (وەک نیرگەی ژێر هێڵی شەمەندەفەر). (۳) فارگۆنی نووستن لە شەمەندەفەردا. (٤) جۆرێکە لە ماسی. (٥) کەسێک یا شتێکە کە لە پڕ دەرووی لێ دەکرێتەوە و سەر دەکەوێ و بڕەو دەسەنێ (ئەسپی غارغارێن، پەڕتووک، فرۆتەنی...هتد).
sleepiness (slēp′i-nis), *n.* خەوالوێتی؛ خەومنوچکێن؛ خەوهاتن؛ وەنەوزەکوتن.
sleeping bag, تووڕەکەی خەو (وەک لێفەیەکە کە قەراغەکەی زریزەی پێوەیە بۆ تێدا نووستن بە تایبەتی لە دەرەوەی ماڵ).
sleeping car, فارگۆنی نووستن لە شەمەندەفەردا.
sleeping partner, [British], = silent partner.
sleeping pill, حەبی نووستن؛ حەبی نوێنەر؛ حەبی خەو.
sleepint sickness, نەخۆشی نووستووبی؛ خەوە نەخۆشی: ڕمێکە تووشی خەڵکی ناوچە گەرمەکانی ئەفەریقا دەبێ نیشانەکانی تا دوازی و لەرزین و خەوالوێتی یە هەندێ جاریش کوشندەیە.
sleepless (slēp′lis), *adj.* (۱) بێ خەو؛ خەو ڕۆیو؛ بێ نارام؛ خەو لێ نەکەوتوو
(۲) هەمیشە بە جموجوڵ؛ هەرگیز نەوەستاو: *(the ~ wind)* .
(۳) هەمیشە ووریا؛ هەمیشە بەئاگا یا هوشیار.
-sleeplessly *(adv.)*; sleeplessness *(n.)*.
sleep-walker (slēp′wôk′ĕr), *n.* کەسێکە کە لە کاتی خەوتنا بەگەڕ دێ.
-sleep-walk *(v.i.)*.
sleep-walking (slēp′wôk′iŋ), *n.* ئەو نەخۆشی نووستنا بەسەر هەڵدێ

sleepy (slēp′i), *adj.* (١) خەوالوو؛ خەوی دێت.
(٢) نوستوو؛ مردوو (مەجاز)؛ خاموش؛ بێ دەنگ: *(a ~ little town)* .
(٣) حەولێخەر؛ نوێنەر.
-sleepily *(adv.)*.
sleepy-head (slēp′i-hed´), *n.* کەسێکی خەوالوو.
sleet (slēt), *n.* (١) تەرزەلووکە؛ تەرزە. (٢) زوقم.
v.i. تەرزەلووکە بارین
-sleety *(adj.)*.
sleeve (slēv), *n.* (١) سەرقۆل؛ سەردەست؛ قۆل (کراس، چاکەت).
(٢) کەفێکی لوولەکراوەیە سەری بۆرییەکی تێ دەخرێ؛ ئەلقەیەکە سەری بۆرییەکی تێ دەخرێ.
v.t. (١) سەرقۆل بۆ کردن؛ سەردەست بۆ کردن.
(٢) سەری بۆری کردن بە ئەلقە یا کیفی لوولەکیدا.
laugh up one's sleeve, لەبەر خۆوە پێکەنین؛ بە سەیر هاتنەبەرچاو.
up one's sleeve, فێڵ لە ژێر سەردا هەبوون؛ فێڵ بەدەستەوە بوون:
(He must have some trick up his sleeve.)
wear one's heart on one's sleeve, هەستی خۆ بە ئاشکرا دەربڕین (بەتایبەتی هی دڵداری یا خۆشەویستی)؛ هیچ نەشاردنەوە؛ لەپووبوون.
sleeved (slēvd), *adj.* قۆلدار: *(short- ~)* .
sleeveless (slēv′lis), *adj.* بێ قۆل (بەرگ): *(a ~ sweater)* .
sleigh (slā), *n.* گالیسکە بەفرینە (بۆ خەڵکو بار گواستنەوە بەسەر بەفردا).
v.i. سواری گالیسکە بەفرینە بوون؛ گالیسکە بەفرینە لێخوڕین.

sleigh bells, زەنگی ئەسپی گالیسکە بەفرینە.
sleight (slīt), *n.* (١) فێڵبازی؛ فێڵو تەڵەکە؛ تەڵەکەبازی؛ زۆرزانی.
(٢) فێڵ؛ تەڵەکەبازی. (٣) کارامەیی؛ شارەزایی؛ ووریایی؛ کارسازی.
sleight of hand, (١) دەست سووکی جادووگەر؛ فێڵبازیو ووریاییو زۆرزانی جادووباز. (٢) فێڵێک لە فێڵەکانی جادووگەر؛ فێڵی بێ ئەزانراو.
slender (slen′dĕr), *adj.* (١) باریکەڵە؛ قەد باریک؛ باریک؛ لەرِ؛ سووکەڵە: *(She has a ~ body.)* .
(٢) کەم؛ کز: *(~ wages, earning, etc.)* .
(٣) کەم؛ بێ بنچینە؛ کز: *(~ hope; only a ~ chance for success)* .
slenderize (slen′dĕr-īz´), *v.t. & v.i.* لەرکردن؛ لەرِبوون؛ قەد باریک کردن.
slept (slept), *past tense and past participle of* **sleep**.
sleuth (slōōth), *n.* (١) **sleuth-hound** .
(٢) [Colloq.] **detective** .
v.i. پۆلیسێتی نهێنی کردن.
sleuth-hound (slōōth′hound´), *n.* (١) حەژە سەگێکی بۆن تیژ؛ بۆ شوێن پێ هەڵگرتن و دۆزینەوەی تاوانکار؛ سەگی چەش.
(٢) [Colloq.] **detective** .
slew (slōō), *n.* = slough.
slew (slōō), *n., v.t. & v.i.* = slue.
slew (slōō), *n.* [Colloq.], ژمارەیەکی زۆر؛ بڕێکی زۆر. هەروەها " **slue** ".

slew (slōō), *past tense of* slay.
slice (slīs), *n.* (١) قاش؛ کووز؛ برگە؛ توێ؛ تونژاڵ؛ پارچە: *(a ~ of apple)* .
(٢) بەش؛ بڕ: *(He spent a large ~ of his winnings.)* .
(٣) جەقۆیەکی دەم پان و تەنک و نەرمە.
(٤) شیشێکی دەم پانە بۆ مەرەکەب بلاوکردنەوە (چاپکاری).
(٥) تۆپ لێدانێکە کە بەڵی ڕاستدا بچێ یا بەڵای چەپدا (یاری گۆڵف).
v.t. (١) قاش کردن؛ جنێ؛ توێ توێ کردن.
(٢) (~ off; ~ from; ~ away) قاش لێکردنەوە؛ لێکردنەوە.
(٣) هەڵدڕین (هەر وەک بە چەقۆ): *(The plow ~d the land.)* .
(٤) بەش کردن؛ دابەش کردن؛ بەش بەش کردن.
(٥) مەرەکەبی چاپکاری بڵاوکردنەوە یا پرۆیەک کڕاندن و پاک کردنەوە بە شیشێکی دەم پان. (٦) لێدانی توێی گۆڵف بەجۆرێک کە بەڵای ڕاستدا بڕوات (بۆ ڕاستڵە) یا بەڵای چەپدا (بۆ چەپڵە).
v.i. توێی گۆڵف لێدان بەجۆرێک کە بەڵای ڕاستدا بچێ یا بەڵای چەپدا.
slice bar, شیشە ئاسنێکی دەم پانە (بۆ ناگردان پاکردنەوە).
slicer (slīs′ĕr), *n.* (١) قاشکەر (مرۆڤ).
(٢) ئامێرێکی قاش کردن یا توێ توێ کردن.
slick (slik), *v.t.* (١) ساف و لووس کردن؛ بریقە لێ هەڵسان.
(٢) [Colloq.]: (~ up) جوان و ڕێک و پێک کردن؛ تەڕپۆش کردن؛ شۆخ کردن
adj. (١) ساف و لووس؛ بریقەدار؛ شەوقدار؛ بریقاوە.
(٢) خلیسک؛ خز: *(a ~ road)* .
(٣) بە توانا؛ لێهاتوو؛ زیرەک؛ زرنگ؛ زانا؛ دانا.
(٤) [Colloq.]: فرۆفێڵاوی؛ فێڵاوی؛ زۆرزانانە.
(٥) زمان لووس؛ زۆرزان: *(a ~ businessman)* .
(٦) [Colloq.]: بە ڕووکەش جوان و باش:
(a ~ book, magazine, etc.)
(٧) [Slang]: نایاب، باش، خۆش.
n. (١) ڕوویەکی خز؛ شوێنێکی خلیسک؛ پەڵەیەک ڕۆنی سەر ڕووی ئاو یا ڕێگە کە خزی دەکات (٢) ڕەندە؛ ئەسکەنە.
(٣) [Slang]: گۆڤارێکی لەسەر کاغەزی چاک و ساف و لووس چاپکراوو کەم بایەخی وێژەییەیە.
adv. زیرەکانە؛ بە زۆرزانانە؛ بە لێهاتووانە؛ بە جوان و ڕێک و پێکی
slicken-side (slik′n-sīd´), *n.* ڕوویەکی ساف و لووسی بەرد (کە بە لێخستنی سرووشتی وای لێ هاتبێ).
slicker (slik′ĕr), *n.* (١) پاڵتۆی باران.
(٢) [Colloq.]: کەسێکی قومارباز و ساختەچی.
slid (slid), *past tense and past participle of* **slide**.
slidden (slid′n), *alternative past participle of* **slide**.
slide (slid), *v.i.* (١) خلیسکان؛ هەڵخلیسکان؛ خزان.
(٢) پێ هەڵخلیسکان؛ قاچ خزان (٣) کشان.
(٤) بەبێ خشپە ڕۆیشتن؛ بە دزییەوە یا بە ماتەمات ڕۆیشتن
(٥) لە دەست هەڵخلیسکان.
(٦) دەستکاری نەکردنی شتێک و وازلێهێنانی بۆنەوەی چی لێ دێت ئێی نێت:
(Let it ~ .; He let his affairs ~ .)
(٧) خزان بە دەسنقەست (یاری بێسبۆڵ).
v.t. (١) خلیسکاندن؛ خزاندن؛ هەڵخلیسکاندن
(٢) (~ in; ~ into) بە دزییەوە و بە بێ خشپە تێخستن:
(He ~ the money into her hand.)
n. (١) خلیسکان؛ خزان؛ هەڵخلیسکان.
(٢) شوێنی قنگەخلیسکن. (٣) لوولەخلیسکە (یاری مندالان)؛ خلیسکە.
(٤) (ا) بەشی ئامێرێک یا مەکینەیەک کە لە کاتی کارکردندا دێت و دەچێ بە خلیسکان. (ب) میلی تفەنگو دەمانچە. (٥) وێنەی لەسەر پەردە پیشاندراو بە شەوق هاوێژ. (٦) تەختە شووشەی شت لەسەر دانان بۆ تێڕوانینی بە گەردبین. (٧) (ا) هەرەس دان (بەرد، خۆڵ، بەفر، سەهۆڵ)؛ هەرەس بردن (ب) بەردو خۆڵو سەهۆڵی هەرەس بردوو.
let side, خستنە پشت گوێ؛ فەرامۆش کردن.
slide fastener, = zip-fastener.
slide Knot = slip-Knot.
slide rule, ڕاستەی ژمارە ڕاگر؛ ڕاستە خلیسکە.
slide valve, زمانە خلیسکە؛ دەمەوانە خلیسکە.
slide-way (slīd′wā´), *n.* ووێە خلیسکە؛ خلیسکە.

sliding (slīd′iŋ), *adj.* خڕ، خلیسک؛ دەخلیسکێ؛ دەگۆڕێ؛ بگۆڕ
sliding door, دەرگا خلیسکە
sliding scale, پێوانە خلیسکە؛ پێوانەیەکە دەگۆڕێ بە گوێرەی دۆخ و بارى شت (مووچە، کرێ، نرخ، باج ... هتد.). *(the ~ of taxes)*
slight (slīt), *adj.* (١) باریکەڵە؛ باریک؛ قەد باریک؛ لەپ؛ سووکەڵە
(٢) ناسک؛ بەرگەنەگر؛ بە تڕ بەنگە؛ لاواز؛ چرووک
(٣) ناسەنگیر؛ نێ بایەخ؛ هیچ‌وپووچ
(٤) کەم؛ سووک؛ نەخت. *(a ~ fever, illness, etc.)*.
v.t. (١) بە لامسەرلایی کردن؛ بە خراپی یا ناڕێک‌وپێکی کردن
(٢) ڕێز نەگرتن؛ گوێ پێ نەدان؛ بە سووک سەیرکردن. *(to ~ a person)*.
(٣) بایەخ پێ نەدان؛ بە هیچ دانەنان؛ بە هیچ‌وپووچ تەماشاکردن؛ بە لامسەرلایی گرتن.
n. ڕێز نەگرتن؛ گوێ پێ نەدان؛ بە سووک سەیرکردن؛ کارێکە ڕێز نەگرتن بگەیێنێ
-slightness *(n.)*.
not in the slightest, هیچ؛ بە هیچ جۆرێک؛ بە هیچ چۆنێک
slighting (slīt′iŋ), *adj.* ڕێزنەگر؛ ڕێز نەگرتن دەگەیێنێ؛ بە سووک سەیرکەر.
slightly (slīt′li), *adv.* (١) بە لامسەرلایی؛ بەبێ گوێپانە؛ بێباکانە.
(٢) قەد باریکانە؛ باریکەڵانە. *(She is ~ built.)*.
(٣) نەخنیک؛ تۆزێک. *(~ ill, overweight, better, etc.)*.
slily (slī′li), *adv.* = **slyly**.
slim (slim), *adj.* (١) قەد باریک؛ باریک؛ باریکەڵە. *(a ~ figure)*.
(٢) کەم؛ کز. *(~ pickings; a ~ possibility)*.
(٣) [Dial.] فێڵباز؛ تەڵەکەباز.
v.t. قەد باریک کردن؛ لەپکردن.
v.i. قەد باریک بوون؛ کەم بوونەوە (قورسی، قەڵەوی).
-slimness *(n.)*.
slime (slīm), *n.* (١) قوڕی لینج؛ ملتە؛ شتی لینج یا لیقن.
(٢) مادەیەکی لینجە ماسی‌و قاقلەجنۆکە... هتد. دەری دەدەن.
(٣) پیسی؛ شتی لینج یا لیقن‌و پیس؛ لیقەی پیس.
v.t. (١) بە شتی لینج یا قوڕی لینج داپۆشین؛ ملتە کردن بەسەردا؛ شتی لینج لێدان. (٢) شتی لینج لێکردنەوە؛ پاکردنەوە (ماسی).
slime mold, کەپوودە لینجە
slim-jim (slim-jim), *n.* کەسێکی ڕیوەڵە؛ کەسێکی زۆر قەد باریک
slimsy (slim′zi), *adj. Also* **slimpsy**, [Colloq.], ناسک؛ تەنک؛ بەرگەنەگر؛ چرووک؛ هیچ‌وپووچ
slimy (slīm′i), *adj.* (١) لینج؛ لیقن
(٢) بە شتی لینج یا لیقن داپۆشراو؛ مادەی لینج یا لیقن دەردەم.
(٣) پیس؛ پیس‌و بۆگەن.
-slimily *(adv.)*; **sliminess** *(n.)*.
sling (sliŋ), *n.* (١) قۆچەقانی؛ بەردەقانی.
(٢) **slingshot** هاوێشتن؛ هاوێژان؛ فڕێدان.
(٤) (١) پەت یا گوریسی شت بەرزو نزم کەرەوە؛ سلنگ. (ب) قایشی تفەنگ.
v.t. (١) بەرد هاوێشتن بە قۆچەقانی
(٢) هاوێشتن؛ هاوێژان؛ فڕێدان. (٣) بەرزو نزم کردنەوە بە گوریس یا پەت
(٤) داکەوتن (وەک جۆلانێ)؛ شۆڕبوونەوە.
-slinger *(n.)*.
sling, (sliŋ), *n.* سلنگ؛ خواردنەوەیەکی مەستکەرە.
sling-shot (sliŋ′shot′), *n.* دارو لاستیک
slink (sliŋk), *v.i.* بە دزێیەوە هاتن و چوون؛ بەبێ خشپە جوڵانەوە یا ڕۆیشتن (لە شەرمدا).
slink (sliŋk), *v.t.* بەراوێتەبوون (بەتایبەتی مانگا)؛ بەر فڕێدان.
n. گوێرەکەی بەراوێتە؛ گوێرەکە یا بەچکەی لەبارچوو.
adj. لەبارچوو (بەتایبەتی گوێرەکە).

slinky (sliŋ′ki), *adj.* (١) بێ خشپە؛ بە دزێیەوە؛ بەبێ دەنگ. *(~ movements)*
(٢) [Slang]، جوان‌و شۆخ‌و شەنگ (بەتایبەتی لە جووڵانەوەدا). *(a ~ evening gown)*
-slinkily *(adv.)*; **slinkiness** *(n.)*.
slip (slip), *v.i.* (١) بە دزێیەوە یا بەبێ دەنگ دەرچوون؛ بە بێ خشپە ڕۆیشتن؛ دەربازبوون. *(He ~ped out of the house.)*.
(٢) (أ) بەبێ دەنگ‌و بە خێرا ڕۆیشتن؛ کشان.
(ب) خێرا تێپەڕبوون بەبێ ڕێزانین. *(The years ~ped away. Time ~ped by.)*
(٣) لە دەست دەرچوون. *(Don't let this opportunity ~ .)*.
(٤) گۆڕان لە بارێک یا دۆخێکەوە بۆ یەکێکی تر.
(٥) (أ) خزان‌و کەوتنەخوارەوە؛ خزان. *(The plate ~ped from her hand.)*
(ب) هەڵخلیسکان؛ خلیسکان؛ پێ دەرچوون؛ ساتەمکردن؛ ساتەمەدان.
(٦) ترازان؛ لە جێ چوون. (٧) هەڵەکردن.
(٨) دانە دواوە (تەندروستی، مێشک... هتد)؛ بەناخداچوون. *(He has been ~ping for several years.)*
(٩) شکان (نرخ، بازار، مووچە، کرێ)؛ کەم بوونەوە؛ داچوون؛ کزبوون. *(Both prices and wages have ~ped.)*
v.t. (١) تێخستن (بە خلیسکاندنە ناو شتەکەوە)؛ پیاکردن؛ خستنە ناو. *(He ~ped the bolt through the hole.)*
(٢) گورچ لەبەرکردن یا داکەندن: | *to ~ on (off) one's clothes* |
(٣) بەبێ دەنگ یا بە دزێیەوە تێخستن؛ بەبێ خشپە خستنە ناو. *(He ~ped in a cutting remark.; to ~ a coin into a child's hand; They ~ped some kind of drug into her drink.)*
(٤) (أ) لەبیرچوونەوە؛ لەبیرنەمان. *(It ~ped her mind.)*.
(ب) هەڵەکردن؛ پێ نەزانین؛ هەست پێ نەکردن.
(٥) بەرەڵابوون؛ دەربازبوون.
(٦) بەرەڵاکردن (تانجی لە کاتی ڕاودا). *(to ~ greyhounds)*
(٧) بواردن (تەقەڵ)؛ گرێ نەدان (دروومان)
(٨) بەر فڕێدان؛ بەراوێتەبوون. (هەروەها " slink ").
n. (١) (أ) لێزگەیەکی قەراغ ئاوە بەڵەمی لێوە دەخرێتە ناو ئاوو لێوە دەهێنرێتە دەرێ. (ب) لێزگەیەکی قەراغ ئاوە کەشتی لەسەر دروست دەکرێ و چاک دەکرێتەوە. (٢) ڕست؛ پەتی سەگ؛ هەوسار؛ جڵەو. (٣) ژێر کراس.
(٤) جلی منداڵ؛ بەرگێکی منداڵە لە بەروانکە دەچێ.
(٥) بەرگە سەرین؛ بەرگە پشتی.
(٦) خلیسکان؛ خزان؛ هەڵخزان؛ ساتەم؛ قاچ دەرچوون.
(٧) لادان (لە ڕێبازی ناسایی و چاک).
(٨) هەڵە؛ هەڵەی زمان یا پێنووس؛ لە دەم دەرچوون. *(a ~ of the tongue)*
(٩) پوودانێکی ناخۆش؛ ڕێکەوتنێکی ناپەسەند.
(١٠) پادەی کەم‌وکووڕی کاری مەکینەیەک.
(١١) (أ) یاری کردن (مەکینە)؛ شلۆقی؛ جێی خۆ نەگرتن.
(ب) ترازان؛ لە جێ چوون. (١٢) هەرەس؛ قڵیشانەوە؛ ترازان (بەرد، زەمین).
a slip of the tongue, لە دەم دەرچوون؛ لە زمان ترازان؛ هەڵەی زمان یا پێنووس
give someone the slip, خۆ لێ دەربازکردن؛ خۆ لێ دزینەوە؛ لە دەست ڕاکردن.
let slip, لە دەم ترازان؛ لە دەم دەرچوون؛ لە زمان ترازان.
slip over, زۆر گوێ پێ نەدان؛ بە لامسەرلایی گرتن.
slip up, [Colloq.], (١) هەڵەکردن؛ بەهەڵەداچوون.
(٢) بۆ سەر نەگرتن؛ تێکچوون؛ سەرنەکەوتن.
slip (slip), *n.* (١) قەڵەم (موتوربەکردن)؛ گوێچکەی پەیوەست کردن؛ چوون؛ خەڵف. (٢) گەنجێکی قەد باریک یا بچووک؛ خەڵف (مەجاز).

(٢) کەسێکی قەد باریک؛ کەسێکی باریکەلە.
(٤) تیرەدار؛ پارچە تەختەدارێکی درێژو تەنک‌و باریک.
(٥) پارچە کاغەزێکە شتێکی لەسەر نووسرا بێ یا ئامادە کرا بێ؛ پارچە کاغەز: *(an order ~)* .
(٦) تەختەی دانیشتنی کلێسە.

slip (slip), *v.t.* قەڵەم لێدان؛ قەڵەم لێکردنەوە بۆ موتوربەکردن.
slip (slip), *n.* قوپی شل (گڵینەکاری).
slip cover, (١) بەرگە کورسی‌و قەنەفەیەکە کە پێوەی نەدووراوەو لادەبرێ (٢) بەرگی دەرەوەی پەرتووک کە لە بەرگە رەقەکەیەوە گیراوە.
slip-knot (slip′not´), *n.* گرێ خلیسکە. (هەروەها " **slide Knot** ").
slip noose, قولفە گرێ خلیسکە.
slip-on (slip′on´), *adj.* (١) بە ئاسانی لەبەر دەکرێ‌و دادەکەندرێ.
(٢) بەسەردا لەبەر دەکرێ (وەک بلووس‌و کراسی بێ قۆپچە).
n. بەرگێکی بەسەردا لەبەرکراو (وەک بلووس‌و کراسی بێ قۆپچە).
slip-over (slip′ō´vĕr), *n. & adj.* = slip-on.
slippage (slip′ij), *n.* (١) (ا) خلیسکان؛ خزان؛ هەڵخزان.
(ب) خزان (گێڕی ئوتومبیل)؛ ترازان؛ لە جێی خۆ دەرچوون؛ یاری کردن.
(٢) ڕادەی ئەم خزانە، ترازانە، یا یاری کردنە.
(٣) بێ تینی بەهۆی ئەم خزانە یا یاری کردنەوە.
slipper (slip′ĕr), *n.* سۆڵ؛ نەعل؛ پێڵاوی ناومال: *(bedroom ~s)*
slippered (slip′ĕrd), *adj.* سۆڵ لەپێ
slippery (slip′ĕr-i, slip′ri), *adj.* . *(a ~ road)* (١) خڕ؛ خلیسک
(٢) دەستی لێ گیر نابێ لەبەر لیقنی یا لینجی (وەک ماسی)؛ لووس.
(٣) پشت پێ نەبەستراو؛ هەمیشە گۆڕاو؛ بێ بار؛ فێڵباز؛ قوماربار؛ جێی بروا نەیە (٤) [Obs.]، سووک یا ناشرین (ڕەوشت)؛ ئابڕووبەر.
slippery elm, (١) درەختێکی بۆن خۆشە تونکەڵەکەی ناوەوەی مەڵحەمی لێ دروست دەکرێ. (٢) تونکڵی ناوەوەی ئەم درەختە کە مەڵحەمی لێ دروست دەکرێ.
slippy (slip′i), *adj.* [Dial. or Colloq.]. = slippery.
slip-sheet (slip′shēt´), *n.* پەڕەیەک کاغەزی سپی‌یە دەخرێتە نێوان دوو پەڕەی تازە لە چاپ دراوەوە بۆ لەکەدار نەبوونیان بە مەرەکەبی یەکتر.
v.t. & v.i. لاپەڕەیەکی سپی خستنە نێوان دوو لاپەڕەی تازە چاپ کراوەوە.
slip-shod (slip′shod´), *adj.* (١) (ا) سۆڵ لەپێ؛ پێڵاوی پاژنە سوار لەپێ. (ب) پاژنە سواو (پێڵاو)؛ کۆنە؛ کۆن.
(٢) (ا) بێ دەربەست؛ پنتی؛ پیس‌و پۆخڵ؛ بە تەنگەوە نەهاتوو؛ لامسەرلا؛ بێباک (ب) بە لامسەرلایی کراو؛ تێکەڵ‌و پێکەڵ؛ بێ سەرو بن؛ خراپ (کار)؛ قەڵب (کار) *(~ work, writing, etc.)*
slip-slop (slip′slop´), *n.* [Colloq.]. (١) خواردنەوەی مەستکەری پووڵو بێ تام؛ شۆربای پووڵو بێ تام. (٢) قسەو نووسینی هیچ‌وپووچ‌و بێ تام
slip-stitch (slip′stich´), *n.* تەقەڵی شاشی ژێرەوە،ڕاتە، نەبینراو.
slip-stream, هەوای پان پێوەنراو بۆ دراوە بە پەروانەی هێزکە.
slipt (slipt), *archaic or poetic past tense of* **slip.**
slip-up (slip′up´), *n.* [Colloq.]. هەڵە
slip-way (slip′wā´), *n.* لێژگەیەکە کە کەشتیگا یا قەراغ ئاوی بۆ دروستکردن‌و چاکردنەوەی کەشتی‌و بەهەر کەشتی خستنە ئاو دروو ئێوە دەرهێنانە دەرەوە (هەروەها " **slip # 1** ").
slit (slit), *v.t.* (١) هەڵدڕین لە درێژی؛ هەڵدڕین‌و کردنەوە.
(٢) ترس ئۆن خۆش یە بڕینەوە بە پارچەی تیژ یان بە ئامێری تر.
(٣) ...
(The ~ under the door lets in light. The ~ in her skirt.)
slither (slith′ĕr), *v.i.* (١) خزان؛ خلیسکان؛ هەڵخزان.
(٢) ...

v.t. هەڵخزاندن؛ هەڵخلیسکاندن.
n. خزان؛ خلیسکان؛ کشان وەک مار.
slithery (slith′ĕr-i), *adj.* (١) خڕ؛ خلیسک.
(٢) لە خلیسکان یا کشان دەچێ: *(walk ~)* .
sliver (sliv′ĕr), *n.* (١) تەڵەزم (دار، بەرد، بۆمبای تەقیو).
(٢) تاڵە موو، خوری، لۆکە، یا کەتانی خاو، ڕیشاڵ.
v.t. تەڵەزم تەڵەزم کردن؛ تەڵەزم لێکردنەوە.
v.i. بوون بە تەڵەزم؛ تەڵەزم لێبوونەوە.
slivovitz (sliv′ə-vits´), *n.* خواردنەوەیەکی مەستکەری وڵاتە سلاڤی‌یەکانە.
slob (slob), *n.* [Dial.], (١) قوپ.
(٢) شوێنێکی قوپو چڵپاوی؛ شوێنێکی لیتاوی.
(٣) [Colloq.]، کەسێکی گەلحۆی پنتی پیس‌وپۆخڵی بێزارکەری نەزانی شت بە ناڕێک‌وپێکیکەر.
slobber (slob′ĕr), *v.i.* (١) لیک لە دەم هاتن؛ لیک دەردان.
(٢) بە سۆزەوە قسەکردن؛ هەستی بەسۆز دەبڕین (دڵداری).
v.t. لیکاوی کردن؛ پیس کردن بە لیک یا خواردنی لە دەمەوە کەوتەخوارەوە: *(The baby has ~ed his coat.)*
n. (١) لیک. (٢) قسەو نووسینی زۆر بەسۆزو منداڵانە.
slobber over someone, زۆر هەستی خۆشەویستی بەرامبەر دەربڕین؛ پەرستن؛ ناوی دەم بۆ تکان.
slobbery (slob′ĕr-i), *adj.* (١) لیقن؛ تەڕو ناخۆش؛ لینج؛ لیکاوی؛ لیکن. (٢) بەسۆزو منداڵانە (دووان، نووسین).
sloe-eyed (slō′īd´), *adj.* چاو ڕەش‌و گەورە.
sloe gin, جن: خواردنەوەیەکی مەستکەرە.
slog (slog), *v.t. & v.i.* = slug.
slog (slog), *v.i.* (١) بە هێواشی‌و بە زەحمەت ڕۆیشتن بەڕێوە؛ هەنگاوی هێواش‌و وورد هەڵهێنانەوە.
(٢) ڕەنج دان؛ زۆر ئیش کردن؛ ئارەق ڕشتن.
n. (١) ئیشی زۆرو گران؛ ڕەنج.
(٢) ڕۆیشتنێکی دوورو درێژو گران‌و ماندووکەر.
-slogger *(n.).*
slogan (slō′gən), *n.* (١) هاواری جەنگی خێڵە نوسکوتلەندی‌یەکانی کۆن. (٢) دروشم (بەتایبەتی هی حیزب، ڕێکخراو، دەزگا...هتد)؛ ئاڵا.
(٣) دروشمی دەزگایەکی بازرگانی بۆ شت فرۆشتن.
sloid, slojd (sloid), *n.* = sloyd.
sloop (slōōp), *n.* بەلەمی بایەوانی یەک ستوونی یا دار.
sloop of war, بەلەمی بچووکی جەنگ.
slop (slop), *n.* (١) لیتاو؛ لیتە؛ قوپو لیتە.
(٢) چاڵاوی پیس؛ ئاوو شلەی ڕژاو یا هەڵڕژاو.
(٣) شۆربا و خواردەمەنی تری پووڵو بێ تام.
(٤) *(pl.)* بەرماوە (کە دەدرێ بە گیاندار)؛ پاشماوە.
(٥) *(pl.)* ملتەی پاشماوەی خواردنەوەی مەستکەر دروستکردن.
(٦) *(pl.)* گوو؛ پیسایی.
(٧) نووسین‌و دروانی لە ئەندازە بەدەر بە سۆزو بێ تام.
(٨) [Slang]، کەسێکی گەلحۆی پنتی پیس‌و پۆخڵی شت بە ڕێک‌وپێکی نەکەر.
v.t. (١) ڕژان؛ هەڵڕژاندن. (٢) ڕژان (لەبەر پیری دەفری شلە).
(٣) (**over** ~) لە پادە بەدەر بە سۆزەوە دووان.
(٤) بە هەنگاوی وورد‌و قورس‌و هێواش ڕۆیشتن (وەک بەناو قوپدا).
v.i. (١) ڕژاندن (بە خوارکردنەوەی دەفری شلە).
(٢) شلە یا ئاو پێاکردن؛ ئاوو شتی شل بەسەردا ڕژاندن.
(٣) نان تێکردن بە نەزانانەو ئاقۆلایانە. (٤) بەرماوە دان بە چوارپێ.
slop over, (١) ڕژان؛ ڕژاندن؛ بەسەردا ڕژاندن.
(٢) [Colloq.]. لە ئەندازە بەدەر بە سۆزەوە دووان.

slop (slop), *n.* (۱) جل و بەرگو پێخەفی دابەش کراو بەسەر کەشتیواندا. (۲) (*pl.*) پانتۆڵو پانتۆڵی کورتی دەڵب (لە سەدەی شانزەدا لەبەردەکرا). (۳) بەرگی ناودامانی دەرەوەی دەڵب. (٤) (*pl.*) جلی فەردە؛ جل و بەرگی نامادەی هەرزان.

slope (slōp), *n.* (۱) لێژگە؛ لێژایی؛ لێژی؛ قەد پاڵ؛ قەد شاخ؛ قەد گرد؛ پاڵ؛ بەرەو خوارکەو؛ بەرەوژوورکە. (۲) ئەندازەی ئەم لێژییە.

v.i. لێژبوونەوە؛ بەرەوخوارەبوونەوە؛ بەرەوژوورەبوونەوە؛ خوارەبوونەوە.

v.t. خوارکردنەوە؛ لێژکردنەوە.

sloping (slōp′iŋ), *adj.* بەرەو خوار؛ بەرەو ژوور؛ خوار؛ لار.

sloppy (slop′i), *adj.* (۱) قوڕاوی. (۲) شتی پیس لێ هەڵپڕژاو؛ پیس؛ لەکەدار (بە شلە پژان بەسەردا). (۳) ڕوون و بێ تام: *(a ~ stew)* . (٤) [Colloq.]، پیس‌وپۆخڵ؛ پیس؛ پنتی؛ شل‌وشێواو؛ ناڕێك‌وپێك. (٥) [Colloq.]، بە لاسەرلایی کراو؛ تێکەڵوپێکەڵ؛ بێ سەروبن؛ خراپ (کار): *(~ work, writing, etc.)* . (٦) [Colloq.]، لە ئەندازە بەدەر بەسۆزو مندالانە: *(~ sentiment)* .

-sloppily *(adv.)*; **sloppiness** *(n.)*.

slop-shop (slop′shop´), *n.* فرۆشگای جلی نامادەو هەرزان؛ فرۆشگای جلی فەردە.

slop-work (slop′wūrk´), *n.* (۱) جلی نامادەو هەرزان یا فەردە دروستکردن (۲) ئەم جۆرە جلە بەگشتی. (۳) کاری بێ سەروبن؛ کاری تێکەڵوپێکەڵ یا ناڕێك‌وپێك.

slosh (slosh), *v.t.* (۱) تێکدان (شلە)؛ ژەندن؛ پاوەشاندن. (۲) پاوەشاندن لە شلەیەکدا؛ بە توند بزواندن لەناو شلەیەکدا: *(~ clothes in soapy water.)*

v.i. بە شڵپە شڵپ بە لیتاودا ڕۆیشتن.

n. شڵپەشڵپ؛ شڵپە؛ دەنگی شڵپەشڵپ.

slot (slot), *n.* قڵیش؛ تڵیش؛ درز؛ کون (وەك ئەو کونەی مەکینەی شت فرۆش کە پارەی وەردەی تێ دەخرێ).

v.t. قڵیش تێکردن؛ تڵیش تێکردن؛ کون بۆ کردن.

slot (slot), *n.* شوێن پێی گیاندار (بەتایبەتی ئاسك)؛ سمی ئاسك.

v.t. شوێن پێ هەڵگرتن.

sloth (slōth, slôth, sloth), *n.* (۱) تەمەڵی؛ سستی؛ خاوی؛ لەش قورسی (۲) گیاندارێکی شیردەری سستی چنگداری ئەمەریکای باشووری لەناو درەختدا دەژی.

sloth bear, وورچێکی هیندستانی تیسك درێژی چنگ درێژو سپێیە.

slothful (slōth′fəl, slôth′fəl, sloth′fəl), *adj.* تەمەڵ؛ سست؛ خاو؛ لەش قورس.

slot machine, مەکینەی شت فرۆشتن یا قومار کە لە درزێکەوە پارەی وەردەی تێ دەخرێ تاکو ئیش بکات.

slouch (slouch), *n.* (۱) کەسێکی تەمەڵو لێ نەهاتوو؛ کەسێکی گێلۆکە یا ناکارامە. (۲) شان داچەکان؛ شان داچەکاری؛ شان داکەوتن. (۳) داکەوتن (وەك لێوارى شەپقە)؛ شۆڕبوونەوە؛ داچەکان.

v.i. (۱) شان داچەکان؛ بە شان داچەکانەوە وەستان، دانیشتن. یا ڕۆیشتن بەرێوە. (۲) داکەوتن (لێوارى شەپقە)؛ داچەکان.

v.t. داچەکاندن

slouch hat, سەپقەیەکی نەرمی قەراغ پان و داچەکاوە.

slouchy (slouch′i), *adj.* شان داچەکاو

-slouchily *(adv.)*; slouchiness *(n.)*.

slough (slou), *n.* (۱) چاڵەڤ؛ چاڵە ڤوڕلیتە. (۲) گەنداو؛ زەلکاو؛ زۆنگاو؛ ئەستێلی پیس. (هەروەها " slew " وە " slue ").

(۳) دڵپەستی؛ دڵتەنگی؛ کۆست کەوتن؛ بێ هیوایی. (٤) بەناخداچوون؛ نزمی؛ ڕیسوایی.

sloughy (sluf′i), *adj.* کاژی؛ وەك کاژە مار؛ هی شانەی مردوو؛ هی تونکی مردوو.

sloughy (slou′i), *adj.* زۆنگاوی؛ گەناوی؛ قوڕاوی.

Slovak (slō′vak, slō-vak′, slō′väk), *n.* (۱) سلۆڤاکی؛ کەسێکی سلۆڤاکی. (۲) زمانی سلۆڤاکی.

adj. سلۆڤاکی؛ تایبەتی بە سلۆڤاکیاو گەل و زمانەکەی.

Slovakian (slō-vä′ki-ən, slō-vak′i-ən), *n. & adj.* = Slovak.

sloven (sluv′ən), *n.* کەسێکی پنتی و پیس و پۆخڵ؛ کەسێکی شل و شێواو و پیس.

Slovene (slō-vēn′, slō′vēn), *n.* (۱) سلۆڤینی؛ هاوڵاتیەکی سلۆڤینیا لە یۆگوسلافیا. (۲) زمانی سلۆڤینی.

adj. سلۆڤینی؛ تایبەتی بە سلۆڤینیاو گەل و زمانەکەی. (هەروەها " Slovenian ").

slovenly (sluv′ən-li), *adj.* (۱) چەپەڵ؛ پیس و پۆخڵ؛ پنتی؛ پۆخڵ. (۲) **slipshod** .

-slovenliness *(n.)*; **slovenly** *(adv.)*.

slow (slō), *adj.* (۱) گێل؛ گەوج؛ دەبەنگ؛ کەودەن؛ نازیرەك؛ بێ مێشك؛ کۆل. (۲) خاو؛ خاوخلیچك؛ سست؛ خاویلکە. (۳) (ا) مێواش؛ لەسەرخۆ: *(a ~ runner)* . (ب) مێواش؛ کات زۆر دەبات: *(a ~ train, journey, etc.)* . (٤) لە دوا (کاتژمێن): *(My watch is five minutes ~ .)* . (٥) دواکەوتوو؛ لەکاتی خۆیدا نەکراو. (٦) سارد (بازار): *(a ~ market)* . (۷) کۆنباو؛ کۆنەپەرست. (۸) ووشك‌و ناخۆش: *(a ~ party, afternoon, etc.)* . (۹) زۆری پێ دەچێ؛ لەسەرخۆ: *(~ growth)* .

v.t. (۱) مێواش کردنەوە؛ خاوکردنەوە؛ مێواشتر کردنەوە. (۲) (~ up; ~ down) دواخستن؛ پێ لێ گرتن؛ کۆسپ خستنە ڕێ.

v.i. (~ up; ~ down), مێواش بوونەوە؛ خاوبوونەوە؛ مێواشتر بوونەوە.

-slowness *(n.)*.

slow-down (slō′doun´), *n.* مێواش کردنەوەی دەستەقەستکاری کارگەیەك لەلایەن کرێکارەکان یا خاوەن کارەوە.

slowly (slō′li), *adv.* بە مێواشی؛ لەسەرخۆ؛ بە شێنەیی؛ وردە وردە؛ بەرەبەرە.

slow match, پڵیتە یا فیووزی مێواش سووتاو (بۆ تەقاندنەوەی تەقەمەنی).

slow-motion (slō′mō´shən), *adj.* (۱) مێواش. (۲) تایبەتی بە فیلمی مێواش کراوە.

slow-poke (slō′pōk´), *n.* [Slang], کەسێکی خاوخلیچك.

slow-witted (slō′wit′id), *adj.* کۆل؛ کەودەن؛ بێ مێشك؛ گێل.

slow-worm (slō′wūrm´), *n.* = blindworm.

sloyd (sloid), *n. Also* sloid, slojd, شێوەیەکی سویدی‌یە بۆ مێرمێنی ئامێر بەکارهێنان و سەنعەتکاری بەمۆی تەختەکاری و دڕنانەوە

slub (slub), *n.* (۱) گرێی پیس؛ بە گرێ وەستانی دەزوو. (۲) پنس؛ پیس.

v.t. بادان (خوری، هوی، ئاوریشم)

slubber (slub′ər), *v.t.* (۱) پیس کردن؛ لەکاری کردن؛ شت بەسەردا ژاندن و لەکەدار کردن (۲) بە لاسەرلایی و فەزڵات خرێ؛ تێکدان؛

خراب کردن

sludge (sluj), *n.* (۱) قور، هی سەرزەمین یا بنی ئەستێلو پوبار؛ لیتە. (۲) حلتە؛ بەلغ (۳) پارچە سەهۆلی شکاوی سەرئاو.

-sludgy *(adj.).*

slue (slōō), *v.t. & v.i. Also* **slew,** بادان؛ یا پێدان؛ سووڕاندنەوە؛ خوولاندنەوە.

n. (۱) بادان؛ یا پێدان؛ سووڕانەوە؛ خوولانەوە. (۲) ئەو بارەی کە شتێکی بۆ یا بەدرێ یا دەسووڕێنرێتەوە.

slue (slōō), *n.* = slough.

slue (slōō), *n.* = slew.

slug (slug), *n.* (۱) مۆلە گیاندارێکی نەرمی لینجە لە کۆمەڵەی شەیتانۆکە گڕۆگیا و ڕووەکی باخچە دەخوات. (۲) کرمۆکەی نەرمو لووسی هەندێ جانەوەر. (۳) [Colloq.] کەسێکی تەمەڵو تەوەزەل؛ گیاندارێک یا ئوتومبیلێکی خاو.

slug (slug), *n.* (۱) گوللە؛ فیشەک؛ ساچمە. (۲) پارچە کانزایەکە ئەوەندەی پارەیەکی وورد دەبێت و لەباتی پارە بە قاچاخی دەخرێتە ناو مەکینەی شت فرۆشتنەوە. (۳) تۆپەلە کانزا یا شووشەی ئامادەکراو بۆ شت لێ دروستکردن. (٤) پەڕە کانزای تەنک و باریک بۆ دڕێ جیاکردنەوە (چاپکاری).

slug (slug), *n.* [Slang], پێکی یەکسەری خواردنەوەی مەستکەر.

slug (slug), *v.t.* [Colloq.], مستەکۆلە لێدان؛ بە توند مستەکۆڵە پیاکێشان.

n. [Colloq.], مستەکۆڵە؛ مستەکۆڵەی توند.

slugabed (slug′ə-bed´), *n.* کەسێکی تەمەڵی درەنگ لەخەوهەڵساو.

sluggfest, (۱) شەڕە مستەکۆڵەی درندانە. (۲) یاری "بێسبۆڵ"ی بە تین یا چوستو چالاک.

sluggard (slug′ērd), *n.* کەسێکی تەمەڵو تەوەزەڵو خاو تەمەڵ؛ خاو؛ سست؛ هێواش.

adj.

sluggish (slug′ish), *adj.* (۱) خاو؛ سست؛ خاوخلیچک؛ بێ تاقەت؛ تەمەڵ (۲) سارد (بازار)؛ بێ جموجوڵ؛ کز (بازار).

(a ~ economy, market, etc.)

sluice (slōōs), *n.* (۱) بەنداوی دەرگادار. (۲) دەرگای بەنداو یا بەست (بۆ دابینکردنی ئاوی پوبار، دەریاچە یا ئەستێل). (هەروەها " sluice gate ") (۳) ئاوی دابینکراو بەم جۆرە دەرگایە. (٤) جۆگە (بەتایبەتی هی ئاوی زیادە). (٥) جۆگەی لێژ بۆ شۆردنەوەی لم و خۆڵی زێڕاوی یا دارو دەستەک گواستنەوە.

v.t. (۱) ئاوی عەماراو یا دەریاچە بەرەڵاکردن لە دەرگاوە. (۲) ا. شۆردنەوەی لم و خۆڵی زێڕاوی بە ئاوی خۆپ. (ب) شۆردن بە ئاوی خۆپ؛ ئاوی خۆپ پیاکردن؛

(The sailors ~d the deck with hoses.)

(۳) دارو دەستەک گواستنەوە بە جۆگەی خۆپ.

v.i. لێوەهاتن (ئاو)؛ بە جۆگە یا دەرگای عەماراودا ڕۆیشتنی ئاو.

sluice-way (slōōs′wā´), *n.* جۆگەی دەستکرد.

slum (slum), *n.* گەرەکی هەژاران؛ گەرەکێکی قەرەبالغی پەرپووتی پیس و پۆخڵی گوێ پێ نەدراوە

v.i. سەردان لەم جۆرە گەرەکە؛ چوونە گەرەکێکی وەها: *(go ~ming)* .

slumber (slum′bēr), *v.i.* (۱) نوستن؛ خەوتن؛ چاو چوونەخەو؛ کەوێشکەخەوکردن (۲) خامۆش بوون؛ کپ بوون؛ سڕبوون؛ نەجوڵانەوە.

v.t. بە خەو بردنەسەر؛ بە نوستن بردنەسەر.

n. (۱) نوستن؛ خەو؛ کەوێشکەخەو (۲) خامۆشی؛ کپی؛ سڕی؛ نەجوڵان.

slumberous (slum′bēr-əs), *adj.* (۱) خەوالوو (۲) ا. خامۆش؛ کپ؛ بێ دەنگ؛ نوستوو؛ هێمن (ب) لە نوستن دەچێ (۳) خەولێخەر؛ نوێنەر.

slumbrous (slum′brəs), *adj.* = slumberous.

slump (slump), *v.i.* (۱) لە پڕ کەوتن؛ داکەوتن؛ تلیسانەوە (مەجان)؛ هەرەس بردن (مەجان).

(Tired from his walk, he ~ed into a chair.)

(۲) نوقوم بوون لەناو قوپاو؛ زەلکاو، یا بەفردا؛ پێ داچوون؛ داچوون.

(۳) لەپڕ شکان (نرخ، بازار)؛ لە پڕ چوونەخوارەوە (نرخ)؛ بەناخداچوون.

(٤) شان داچەکان.

n. (۱) لە پڕ کەوتن؛ لە پڕ کەوتنەخوارەوە.

(an economic ~) (۲) لە پڕ شکان یا چوونەخوارەوە (نرخ)؛ بێ بازاڕی.

slung (sluŋ), *past tense and past participle of* **sling.**

slung-shot, پارچەیەک ئاسن یا بەردی بەستراوە بە سەری قایشێکەوەو وەک چەک بەکاردەهێنرێت.

slunk (sluŋk), *past tense and p.p. of* **slink # 1.**

slunk (sluŋk), *alternative past tense and p.p. of* **slink # 2.**

slur (slûr), *v.t.* (۱) بە پەلە بەسەردا ڕێشتن یا باسکردن؛ بە کورتی باسکردن؛ پەڕاندن؛ زۆر گوێ پێ نەدان.

(He ~red over the dead man's faults and spoke chiefly of his virtues.)

(۲) ووشە قووتدان یا پەڕاندن لە قسەکردندا؛ زمان تێکئاڵان؛ زمان تەتەلەکردن.

(۳) [Dial.]، لەکەدارکردن؛ پیس کردن.

(٤) لەکەدارکردن (چاپکاری)؛ پەڵەدارکردن.

(٥) سووک کردن؛ ناوزڕاندن؛ ناو پیس کردن؛ ناو لەکەدارکردن.

(٦) (ا) دوو گۆرانی جیا ووتن یا دوو ئاوازی مۆسیقای جیا لێدان بەبێ وەستان. (ب) نیشانەکردنی نۆتەی مۆسیقا.

n. (۱) بە پەلە یا بە کورتی باسکردن؛ درێژە پێ نەدان. (۲) ووشەی قووتدراو یا پەڕێنراو لە قسەکردندا. (۳) پەڵە؛ لەکە؛ لکە. (٤) لەکەداری؛ لەکە؛ سووک کردن؛ ناوسووکی؛ ناوپیسی. (٥) (ا) ئاوازی جیاوازی لێکدراو یا تێهەڵکێشراو. (ب) نیشانەی نەم لێکدانە یا تێهەڵکێشانە.

slurp (slûrp), *v.t. & v.i. & n.* هەڵقوڕاندن (شۆربا، شلە)؛ هەڵلوڕشین

slurry (slûr′i), *adj.* چیمەنتۆی شل؛ گەچاو؛ قوپرولیتە؛ قوپاو؛ پارچەی ووردی نەتواوەی ناو ئاو.

slush (slush), *n.* (۱) بەفرو سەهۆڵی نیوە چووەوە؛ لیتاو؛ لیتەی بەفرو سەهۆڵ. (۲) قوپرولیتە؛ لیتە؛ قوپرو چڵپاو. (۳) پاشماوەی ڕۆنی چێشت لێنانی ناو کەشتی. (٤) ڕۆنی مەکینە چەورکردن (بۆ ژەنگ نەگرتن). (٥) نووسین و قسەی لە ئەندازە بەدەر بەسۆز.

v.t. (۱) مەکینە چەورکردن بە ڕۆن (بۆ ژەنگ نەگرتن). (۲) (~ up) درزو کونی دیوار پڕکردنەوە بە قوپرو قسڵ؛ گەچ لێدان؛ بە قوپرو قسڵ پینەکردن. (۳) داشۆڕین بە سۆندە (زەمینەی کەشتی)؛ شۆردن بە ئاوی خۆپ. (٤) قوپاو لێ هەڵپڕژاندن؛ لیتاوی بەفر لێ هەڵپڕژاندن.

v.i. بەناو لیتاو یا بەفرو سەهۆڵی چووەوەدا ڕۆیشتن.

slush fund, (۱) دەسکەوتی فرۆشتنی پاشماوەی شتومەکی کەشتی کە وورد شتی پێ دەکرێنت بۆ کەشتیوانەکان. (۲) (ا) سندووقی بەرتیل: ئەو پارەیەیە کە تەرخان کراوە لەلایەن دەسگایەکەوە بۆ بەرتیل دان بە کاربەدەستان و بۆ کاری قەدەغەی تری وەها. (ب) پارەیەکە کە فەرمانبەرانی دەسگایەک لە خۆیانی کۆ دەکەنەوە بۆ ناهەنگ گێڕان و سەیران و...هتد.

slushy (slush′i), *adj.* (۱) لیتاوی؛ بە لیتاوی بەفرو سەهۆڵ داپۆشراو: *(~ street)*

(۲) لە لیتاوی بەفر دەچێ؛ نیمچە تووانەوە؛ لە بەفرو سەهۆڵی نیوە تواوە دەچێ: *(~ snow; a ~ mixture)* .

(۳) هیچوپووچ و بەسۆز لە ئەندازە بەدەر: *(a ~ novel)* .

slut (slut), *n.* (۱) ئافرەتی پیس و پۆخڵ؛ ژنی چەپەڵ. (۲) مەحبە؛ فڵقێ؛ ئافرەتی سووک.

(٣) کچێکی چەقاوەسوو. بێ حەیا، یا چاوقایم (لەڕووی گاڵتەوە).
(٤) دێڵ: دەڵەسەگ؛ سەگی مێ

sluttish (slut′ish), *adj.* (١) جەپەڵ. پیس‌وپۆخڵ.
(٢) قەحبانە: سووک؛ لە قەحبە دەچێ.

sly (slī), *adj.* (١) فێڵباز: تەڵەکەباز؛ ئۆینباز؛ زۆرزان؛ زۆل.
(٢) نهێنباز: پەنهانباز؛ لە ژێرەوە شت کەر. (٣) بە گۆبەن؛ کەتنباز.

on the sly, بە دزێیەوە؛ لە ژێرەوە؛ بە نهێنی.

slyly, slily (slī′li), *adv.* بە دزێیەوە؛ لە ژێرەوە؛ بە نهێنی؛ بە زۆڵانە.

slype (slīp), *n.* پارەو یا دالانی نێوان کڵێسەو مااڵی قەشە.

smack (smak), *n.* (١) تام: بۆرو بەرامە؛ تامێکی کەم؛ چەژ.
(٢) نەختێک: تۆزێک؛ تۆسکاڵێک.

v.i. (١) تامێکی تایبەتی هەبوون؛ تام لەوە چوون:
(The medicine ~s of sulphur.)
(٢) (~ of) بۆنی نەوە لێ هاتن (مەجاز)؛ لەوەچوون؛ وا گەیاندن:
(This ~s of foul play.)

smack (smak), *n.* (١) شەقەی لێو: ماچ؛ تام کردنی شتی مزرو خۆش‌و تووند؛ شڵپەی لێو.
(٢) ماچی شەقە لێ هەڵسێنراو؛ شەقەی ماچ: *(~ on the lips.)* .
(٣) زلە: شەقازلە؛ شەپازلە؛ شەپلاخ.
(٤) شەقەی زلە؛ شەقەی قامچی یا شوول لێدان.

v.t. (١) شەقە لە لێو هەڵسانەن (لە تام کردنی شتی مزرو خۆش‌و تووندا):
(to ~ one's lips)
(٢) ماچ کردن و شەقە لە لێو هەڵسانەن؛ شەقە لە لێو هەڵسانەن لە ماچ کردندا.
(٣) شەقەی زلە هاتن؛ شەپازلە یا قامچی لێدان‌و شەقە لێ هەڵسانەن:
(to ~ a naughty child)

v.i. شەقە لێ هەڵسان؛ شڵپە لێ هەڵسان.

adv. (١) بە شەقە: بە شڵپە: *(The child fell ~ on her hand.)* .
(٢) یەکسەر: ڕاستەوخۆ: *(The car went ~ into the wall.)* .

smack (smak), *n.* (١) بەڵەمی مایەوانی یەک ستووندار.
(٢) بەڵەمێکی ڕاوەماسییە کە حەوزێکی تێدا بێ بۆ تێخستنی ماسییەکان‌و نەمردنیان

smacker (smak′ĕr), *n.* (١) ماچێکی زل: ماچی شەقە لێ هەڵسێنراو.
(٢) شەپازلە: زلە: شەقازلە؛ شەپلاخ. (٣) [Slang]، دۆلار.

smacking (smak′iŋ), *adj.* بەتێز؛ قایم؛ خێرا؛ توند.
(a ~ breeze)

small (smôl), *adj.* (١) بچووک؛ بچووک (لە چار شتی هاوجۆردا):
(a ~ animal, town, room, audience, etc.)
(٢) (ا) کەم: *(a ~ income, amount, etc.)* .
(ب) کەم (ژمارە): *(a ~ number of people)* .
(٣) بچووک (لە ڕووی سەرمایەوە):
(a ~ business, businessman, farmer, etc.)
(٤) هیچ‌وپووچ؛ بێ بایەخ؛ شایانی باس نەبە.
(٥) بچووک (پلەوپایە)؛ ئاسایی؛ گەند (پلەوپایە)
(٦) مێشک تەسک؛ ناپیاو؛ هیچ‌وپووچ؛ بێ نرخ: *(~ people)*
(٧) کز (دەنگ)؛ نەرم (دەنگ)؛ نەسپایی. (٨) ڕوون (خواردنەوە).

adv. (١) بە پارچەی بچووک بچووک: *(Cut it up ~ .)* .
(٢) بە دەنگی نزم
(٣) هیچ‌و پووچانە: بە ڕادەیەکی کەم؛ بە ترس‌و لەرزەوە؛ کەم.

n. (١) شتێکی بچووکتر لەوانی تر.
(٢) (*pl.*) ووردەشت: شتی وورد. (٣) small-clothes (*pl.*).

-smallness *(n.).*

feel small, تەریق بوونەوە: شەرمەزاربوون؛ ڕووڕەش بوون؛ ڕیسوابوون.

no small, زۆر؛ نێجگار زۆر؛ کەم نا.
(There was no small excitement about the news.)

smallage (smôl′ij), *n.* کەڕەوزە کێویلە

small arms, چەکی بچووک (وەک تفەنگ‌و دەمانچە).

small beer, (١) بیرەی خراپ؛ بیرەی ڕوون.
(٢) کەسێک یا شتێکی هیچ‌وپووچ‌و بێ بایەخ؛ شتی ناگرنگ.

small capital, تیپی گەورەی قەبارە بچووک.

small change, (١) پارەی وورددەی کەم نرخ؛ وورددەی کەم نرخ.
(٢) شتی هیچ‌وپووچ‌و کەم بایەخ.

small-clothes (smôl′klōthz′), *n.pl.* (١) پانتۆڵی کورت‌و تەسکی پیاوانە (لە سەدەی هەژدەهەمەدا بەباو بوو).
(٢) [British]، وورد جل (وەک قانیلەو دەرپێ‌و دەسەسڕ... هتد) (هەروەها " smalls ").

small fry, (١) ماسی بچووک؛ بەچکە ماسی.
(٢) منداڵی وورد؛ منداڵی بچووک؛ منداڵ.
(٣) کەس یا شتی هیچ‌وپووچ‌و ناگرنگ.

small game, نێچیری ڕاوی بچووک.

small hours, کاتی دوای ساتی دوانزەی نیوەشەو؛ دوای نیوەشەو.

smallish (smôl′ish), *adj.* نەختێک بچووک؛ تۆزێک بچووک.

small intestine, ڕیخۆڵە بچکۆلە.

small-minded (smôl′min′did), *adj.* بیرتەسک؛ تێنەگەیشتوو؛ خۆپەرست؛ هیچ‌وپووچ.
-small-mindedly *(adv.)*; **small-mindedness** *(n.).*

small of the back, چاڵایی لاخواروی پشت لەسەرو سمتەوە.

small potatoes, [Colloq.], (١) کەسێک یا شتێکی هیچ‌وپووچ‌و بێ بایەخ. (٢) کەسان یا شتی هیچ‌وپووچ‌و ناگرنگ.

small-pox (smôl′poks′), *n.* ئاوڵە.

small stores, وورده بابەت؛ فرۆتەنی وەک تووتن‌و جگەرەو سابوون
که له دوکانی کەشتیدایه بۆ فرۆشتن به کەشتیەوانەکان.

small-sword (smôl′sôrd′, smôl′sōrd′), *n.* شێری شێربازی.
که بریتیيه له شیشێکی باریکەڵەی دەسکدار.

small talk, دەمەتەقێ دەربارەی شتی هیچ‌وپووچ‌و بێ بایەخ.

small-time (smôl′tīm′), *adj.* [Slang], هیچ‌وپووچ؛ بێ بایەخ؛ بچووک؛ هیچ: *(~ hoodlums)* .

smalt (smôlt), *n.* (١) بۆیەی شین. (٢) ڕەنگی شین؛ شین.

smaltite (smôl′tīt), *n. Also* **smaltine,** کانزایەکی سپی‌و زیویيه

smalto (zmäl′tô), *n.* (١) شووشەی ڕەنگاوڕەنگ.
(٢) پارچەیه لەم شووشەیه.

smaragd (smar′agd), *n.* زەمڕووت: بەردێکی بەنرخی سەوزە.

smarmy, بەسەرزاری بە دەربەستەوە هاتوو؛ لەخۆڕازی‌و خۆپەرەپێشەوە: *(a ~ magazine article)* .

smart (smärt), *v.i.* (١) چووزانەوە؛ تووزانەوە؛ کزانەوە؛ برژانەوە؛ گل کردن: *(Iodine ~s when it is put on a cut.)* .
(٢) هەست بە چووزانەوە کردن؛ هەست بە ئازار کردن؛ ئازار گەیین
(٣) سوێ چەشتن؛ پەشیمان بوونەوە؛ تووشی ئەشکەنجە بوون.
(٤) (~ for) سزا چەشتن؛ سزا خواردن.

n. سوێ؛ ئەشکەنجە؛ ئازار؛ ئێش‌و ئازار.

adj. (١) (ا) زیرەک؛ زرنگ؛ دانا: *(a ~ person)* .
(ب) زیرەکانە؛ دانایانە: *(a ~ answer)* .
(٢) خێرا؛ گووڕج: *(a ~ pace)* .
(٣) زۆرزان؛ سەردەرچوو؛ وورپا؛ چاپک؛ گوستاخ: *(a ~ businessman)* .
(٤) پۆشتەوپەرداخ؛ شۆخ (جل‌وبەرگ)؛ تەپڕۆش؛ قۆز: *(a ~ dress)* .
(٥) بەباو؛ مۆدە؛ شۆخ: *(a ~ restaurant)* .

-smartness *(n.).*

smart aleck (smärt-al′ik), [Colloq.], کەسێکە کە شانازی بە زۆزانی خۆیەوە دەکات‌و خەڵک پەست دەکات؛ کەسێکی خۆ بە زیرەک دانەرو بە تەوسەوە قسەکەر.

-smart-alecky *(adj.)*.

smarten (smär′t'n), *v.t.* (۱) پۆشتەوپەرداخ کردن؛ تەپڕۆش کردن. (۲) خێراکردن؛ پێ هەڵگرتن؛ خێراتر ڕۆیشتن: *(~ the pace)* .

v.i. (~ up), خۆ پۆشتەوپەرداخ کردن.

smart money, (۱) پارەی پێدراو لە بڕیتی بڕیندارببوون یا نەخۆش کەوتن لە کاتی ئیشدا؛ بۆ بژاردنی نەخۆشی یا بڕیندارببوونی کاتی کار. (۲) زیادە بۆ بژاردنێکی وەها (لە سزای بێ دەربەستیدا). (۳) پارەی گرەو لەسەر کراوی کەسێک کە زۆربەی کات براوەیە.

smart set, خەڵکی تێکەیشتوو زیرەڵو تەپڕۆش.

smart-weed (smärt′wēd´), *n.* ڕووەکێکی زەڵکاوی گوڵ ڕەنگاوڕەنگە گەڵاکەی تامی تووڕو تیژە.

smarty, smartie (smär′ti), *n.* = smart aleck.

smash (smash), *v.t.* (۱) وورد‌وخاش کردن؛ شکاندن؛ هەپروز بە هەپروون کردن. (۲) پیامااڵین؛ بە توند پیادان؛ هاویشتن؛ بە توند لێدان یا پیاکێشان: *(~ed his fist on the table.)* (۳) بە توند لێدانی تۆپی تەنس بەسەر سەردا‌و کێشانی بە زەویدا. (٤) هارین؛ جێق دەرهێنان؛ پان‌وپلیش کردنەوە؛ پلیشاندنەوە؛ بەزاندن؛ تێکشکاندن؛ ڕاڤراندن.

v.i. (۱) بە قایم بۆپێشەوەچوون؛ بە توندو بە دەنگی بەرز بەرەوپێشەوەچوون. (۲) وورد‌وخاش بوون؛ هەپروون بە هەپروون بوون؛ شکان؛ پارچە پارچە بوون. (۳) بە توند لێدانی تۆپی تەنس بەسەر سەردا‌و کێشانی بەزەویدا. (٤) پلیشانەوە؛ جێق دەرهاتن؛ پان‌وپلیش بوونەوە؛ تێکشکان. (٥) (~ up) نابووت بوون؛ مایە پووت بوون.

n. (۱) دەنگی وورد‌و خاش بوون؛ هارە؛ شەقە؛ تەقە. (ب) وورد‌وخاش بوون؛ وورد‌وخاشی؛ وورد‌وخاش کران. (۲) تێکشکان؛ بەزین؛ فەوتان؛ شکستی. (۳) ژێرکەوتن؛ نابووتی؛ مایەپووتی. (٤) بەیەکدادان بە دەنگی بەرز‌و بە توند؛ تەپە؛ دەنگی پیاکێشان؛ پیاکێشان. (٥) خواردنەوەیەکی مەستکەرە (لە براندی‌و نەعناو شەکر دروست دەکرێ). (٦) بە توند لێدانێکی تۆپی تەنس بەسەر سەردا‌و کێشانی بەزەویدا. (۷) [Colloq.]، زۆر سەرکەوتوو.

adj. [Colloq.], زۆر سەرکەوتوو.

adv. بە شەقە یا تەقەیەکی زل؛ بە تەپەیەکی زل.

smashed (smash′t), *adj.* [Slang], سەرخۆش؛ مەست؛ کەیل.

smashing (smash′iŋ), *adj.* (۱) تەواو بەزین؛ وورد‌وخاشانە؛ تەواو: *(a ~ defeat)* (۲) دەنگدەرەوە؛ زۆر جوان‌و سەرکەوتوو: *(The play was a ~ success.; a ~ performance)*

smash-up (smash′up´), *n.* (۱) ڕووخانی تەواو؛ بەزین؛ تێکشکان؛ هەرەس بردن؛ بەناخداچوون. (۲) کارەسات؛ شکستی. (۳) لێدانی زۆر بە قایمی دوو ئوتومبێل‌و شکانیان.

smatter (smat′ēr), *v.t.* (۱) دووان بە زمانێک بە ناتەواوی؛ قسەکردن بە زمانێک بە نارەوانی (۲) بە لامسەرلایی فێربوونی شتێک؛ هەر بە ناو یا بە ڕووکەشی فێربوون؛ بە گاڵتەگرتنی فێربوونێک.

v.i. چەنەبازی کردن؛ چەنەدان؛ هەڵموەڕی کردن.

n. زانینێکی کەم یا لامسەرلایی؛ زانینی ناتەواو یا ڕووکەشی.

smattering (smat′ēr-iŋ), *n.* زانینێکی کەم یا لامسەرلایی؛ زانینی ناتەواو یا ڕووکەشی.

smear (smêr), *v.t.* (۱) لەکەدارکردن؛ لەکاوی کردن؛ پیس کردن. (۲) شتێکی لینج؛ چەور؛ یا پیس لێدان‌و بەسەردا بڵاوکردنەوە. (۳) ناو لەکەدارکردن؛ ناوزڕاندن؛ ناو پیس کردن؛ ناو سووک کردن. (٤) [Slang]، فەوتاندن؛ تێکشکاندن؛ نەهێشتن؛ سڕینەوە؛ لەناودان؛ بەرگرتن.

v.i. پیس بوون؛ لەکەدارببوون؛ لەکاوی بوون.

n. (۱) لەکە؛ پەڵە. (۲) دڵۆپی شلە (وەک خوێن) کە دەخرێتە ژێر گەردبینەوە بۆ تێڕوانین (۳) ناوزڕان؛ ناو لەکەدارکردن؛ ناو پیس بوون؛ بوختان. (٤) (۱) [Obs.]، مەلحەم. (ب) ماددەیەکە کە لە ڕووەک دەدرێ یا بڵاودەکرێتەوە بەسەریدا.

smear-case (smêr′kās´), *n.* = cottage cheese.

smeary (smêr′i), *adj.* (۱) لەکاوی؛ پەڵەدار؛ لەکەدار. (۲) پیسکەر؛ لەکەدارکەر.

-smeariness *(n.)*.

smell (smel), *v.t.* (۱) بۆن کردن. (۲) هەستپێکردن؛ بۆن کردن (مەجاز): *(They ~ed trouble and ran.)* . (۳) بۆن پێوەکردن؛ بۆن کردن (بۆئەوەی بزانێ بۆگەنە یان نا): *(~ the milk and tell me if it's sour.)*

v.i. (۱) بۆن پێوەکردن؛ بۆن کردن. (۲) بۆن هاتن؛ بۆنێکی تایبەتی لێ هاتن: *(The bread ~s fresh.)* (۳) بۆگەن لێوەهاتن؛ بۆن هاتن؛ بۆگەن کردن؛ بۆنی پیس لێوەهاتن. (٤) (~ of) (۱) بۆن لێ هاتن: *(His breeth ~s of garlic.)* (ب) بۆنی خراپ لێوەهاتن (مەجاز)؛ ناپاکی‌و ناپەسەندی گەیاندن: *(His plan ~s of treachery.)* (٥) [Slang]، بایەخ نەبوون؛ هیچ تیا بەستە نەبوون؛ بەکەڵک نەهاتن

n. (۱) هەستی بۆن کردن (۲) بۆن؛ بۆن‌وبەرامە. (۳) بۆن کردن. (٤) نیشانە؛ بۆن (مەجاز)؛ وا گەیاندن.

smell out, (۱) بە بۆن دۆزینەوە؛ دۆزینەوە بە بۆن کردن. (۲) بۆ گەڕان بە وورد‌ی‌و دۆزینەوە.

smeller (smel′ēr), *n.* (۱) مرۆڤ یا گیانداری بۆنکەر؛ بۆنکەر. (۲) شتی بۆندار؛ شتی بۆگەن. (۳) کەسێکە ئیشی نەوەیە تامو چاک‌و خراپی شت تاقی بکاتەوە بە بۆن کردنی شتەکە. (٤) نەندامی هەستیار؛ شاخی هەستیاری جانەوەر. (٥) [Slang]، لووت.

smelling bottle, شووشەی نەوشادر (ووشەی دوایی ببینە).

smelling salts, خوێی بۆن کردن؛ نەوشادری بۆنی خۆش پێوەکراوە بۆ هێنانەوە هۆش خۆی خەڵکی بووراوەو چاکردنەوەی سەر ئێشە.

smelly (smel′i), *adj.* بۆگەن؛ بۆندار.

smelt (smelt), *n.* جۆرە ماسیەیەکی بچووکی پەنگ زیویە.

smelt (smelt), *v.t.* تووانەوەی کانزای خاو‌و پوختەکردنی.

v.i. تووانەوەو پوختەکرانی کانزای خاو.

smelt (smelt), *alternative past tense and p.p. of* **smell.**

smelter (smel′tēr), *n.* (۱) تونێنەرەوەی کانزای خاو (مرۆڤ). (۲) کووڕە یا کارگەی تووانەنەوەو پوختەکردنی کانزای خاو.

smeltery (smel′tēr-i), *n.* کارگەی تووانەنەوەو پوختەکردنی کانزای خاو.

smew (smū), *n.* جۆرە مراوی‌یەکە.

smidgen (smij′in), *n. Also* **smidgeon, smidgin,** [Colloq.], تۆزێک؛ نەختانێک؛ نەختێک.

smilax (smī′laks), *n.* جۆرە ڕووەکێکی خۆمەڵواسەرە.

smile (smīl), *v.i.* (۱) زەردەخەنەگرتن؛ خەنین؛ خەنینەوە؛ بسکەهاتن؛ بزەهاتن. (۲) بە سەیر هاتنەبەرچاو؛ بزەگرتن. (۳) (۱) جوان دیار بوون؛ خەنینەوە (مەجاز): *(hillsides ~ing in the sunlight)* (ب) بۆ پێکەنین (مەجاز)؛ بە چاوێکی باش سەیرکردن؛ بەهات بوون؛ پەسەندکردن: *(Fortune ~d on us.)* .

v.t. (۱) بە زەردەخەنە دەربڕین. (۲) گۆڕین یا کارتێکردن بە زەردەخەنە.

n. (۱) زەردەخەنە؛ بسکە؛ بزە؛ خەنین؛ خەنینەوە. (۲) زەردەخەنەگرتن؛ بسکەهاتن؛ خەنینەوە. (۳) ڕوخسارێکی جوان یا دڵگیر؛ باری جوان‌و گەش.

-smiler *(n.)*; **smilingly** *(adv.)*.

smile away, بە زەردەخەنە لابردن؛ بە خەنین نەهێشتن یا سڕینەوە:

(to smile away grief, tears, anger, etc.)

smile on (or upon), بەچاوی ناش سەیرکردن؛ بەهات بوون بۆ.

(Fortune smiled on her.)

smirch (smûrch), *v.t.* (١) لەکەدارکردن؛ پیس کردن؛ لەکاوی کردن.

(٢) ناو لەکەدارکردن؛ ناو پیس کردن؛ ناوزڕاندن.

n. (١) لەکە. پەڵە. پەڵەی پیس. (٢) لەکە (ناوبانگ)؛ لەکەداری.

smirk (smûrk), *v.i.* بزەهاتن. زەردەخەنە گرتن بەتەوسەوە، بە دزووە. یا بە لەخۆبایی بوونەوە

n. بزە؛ زەردەخەنەی بەتەوسەوە، بە دزووە، یا بە لەخۆبایی بوونەوە.

smirky (smûrk′i), *adj.* بە بزەوە؛ بە زەردەخەنەی بەتەوس یا دزووە:

(a ~ face)

smite (smīt), *v.t.* (١) (ا) بە توند لێدان؛ بە قایم پیاکێشان یا پیامانێن (بە تیغ یا بە دەس).

(ب) لێدان (بە جۆرێکی تایبەتی): *(The Lord will ~ him dead.)* .

(٢) تووش بوون *(~ with disease)* .

(٣) کوشتن؛ فەوتاندن؛ سزادان؛ تێکشکان؛ هێرش بردنەسەر.

(٤) کارتێکردن: لە پڕ هەست جووڵاندن.

(٥) دڵفڕاندن؛ کەوتنە خۆشەویستی‌یەوە:

(She has smitten him with her charms.; ~ with love)

v.i. لێدان بە قایم؛ بە توند پیاکێشان یا پیامانێن.

smith (smith), *n.* (١) ئاسنکوت؛ ئاسنگەر؛ زەرەنگەر:

(gold ~ ; silver ~)

(٢) blacksmith.

smithereens (smi*th*′ə-rēnz′), *n.pl.* [Colloq.], وورده پارچه

smithers (smi*th*′ērz), *n. pl.* [Colloq.], = **smithereens**.

smithery (smith′ēr-i), *n.* (١) زەرەنگەری؛ ئاسنگەری؛ ئاسنکاری.

(٢) smithy.

smithsonite (smith′sən-īt′), *n.* سمیسۆنیت: کانزایەکی سپی یا زەردکاری چینکۆیی‌یە.

smithy (smith′i), *n.* دووکانی ئاسنگەر؛ ئاسنگەرخانە؛ دووکانی ئاسنگەری.

smitten (smit′n), *alternative p.p. of* **smite**.

adj. (١) بە قایم لێدراو؛ بە توند پیاکێشراو.

(٢) تووش بوو: شکست؛ پێوەبوو؛ زۆر خراپ تێکەوتوو.

(٣) [Colloq.]، زۆر کەوتۆتە خۆشەویستی کەسێکەوە؛ زۆر لە دڵداریدایە؛ دڵفڕێنراو

smock (smok), *n* (١) بەرگێکی تەنک و نەختێک دەڵبی دەرەوەیە لەسەر لەسەر جلەوە لەبەر دەکرێ لەکاتی نیش کردندا بۆ پیس نەبوونی جلەکان.

(٢) chemise ،[Archaic].

v.t. (١) نەم حۆزە بەرگە لەبەرکردن.

(٢) لۆچ کردن و تیککردنی جل‌وبەرگ بە ڕیز بۆ جوانی.

smock frock, بەرگێکی سەر جلە کرێکاری ئەوروپایی لەبەری دەکەن (ووشەی پێشوو ببینە).

smocking (smok′iŋ), *n.* لۆچ کردن و تیککردنی جل‌وبەرگ بە ڕیز بۆ جوانی.

smog (smog), *n.* دووکەڵی ئوتومبیل و کارگە؛ دووکەڵی پیس.

smoggy (smog′i), *adj.* دووکەڵاوی؛ پڕە لە دووکەڵی ئوتومبیل و کارگە.

smoke (smōk), *n.* (١) دووکەڵ

(٢) شتێکی دووکەڵ ئاسا (وەک هەڵم و هاڵاو).

(٣) حگەرە کێشان؛ مارەی جگەرە کێشانێک:

(Do we have time for a ~ ?)

(٤) حگەرە؛ سەبیل.

(٥) شتێکی بێ سوود یا بێ ئەنجام: *(Our plans went up in ~ .)* .

(٦) شتی لێنکەر.

v.i. (١) دووکەڵ کردن؛ دووکەڵ لێوەهاتن

(٢) دووکەڵ کردن بەشێوەیەکی خراپ (زۆڕا، ناگردان):

(The firepalce ~s badly.)

(٣) دووکەڵ زۆر کردن (چرا). (٤) تەپ و تۆز لێ هەڵسانەوە (بە خێرا ڕۆیشتن).

(٥) جگەرەکێشان؛ جگەرە خواردن.

v.t. (١) لەکەدارکردن بە دووکەڵ؛ دووکەڵاوی کردن؛ ڕەش کردن.

(٢) دووکەڵ کردن (گۆشت، ماسی)؛ بە دووکەڵ ئامادەکردن و پاراستن (وەک قاوورمە). (٣) قانگدان؛ قاودان؛ دەرپەڕاندن.

(٤) جگەرەکێشان؛ جگەرە خواردن.

(٥) [Archaic]، هەستپێکردن؛ دەرک پێکردن:

(He ~ed the trick at once.)

(٦) [Obs.]، گاڵتەپێکردن؛ کلک پێوەکردن.

smoke out, قانگدان؛ قاودان؛ دەرپەڕاندن.

smoke bomb, بۆمبای دووکەڵ (جەنگ).

smoke-house (smōk′hous′), *n.* کارگەی گۆشت و ماسی دووکەڵ کردن؛ دووکەڵخانە.

smoke-jack (smōk′jak′), *n.* ئامێری سوورانەوەی شیشی گۆشت بڕژاندنی کووڕە.

smoke-jumper, ئاگرکوژێنەرەوەیەکە کە بە پەرەشووت دێتە خوارەوە بۆ کوژاندنەوەی ئاگری دارستان.

smokeless (smōk′lis), *adj.* بێ دووکەڵ؛ دووکەڵ نەکەر.

smokeless powder, باروتی بێ دووکەڵ.

smoker (smōk′ēr), *n.* (١) جگەرەکێش؛ جگەرەخۆر.

(٢) فاگۆنی جگەرەکێشان لە شەمەندەفەردا.

(پێشی دەوترێ: " smoking car ").

(٣) ئامەنگ یا کۆڕی پیاوان (چونکە لە کۆندا جوان نەبوو لەبەرچاوی نافرەت جگەرە بکێشرێ).

smoke screen, پەردە دووکەڵ (بۆ شاردنەوەی ڕاستی‌یەک، نهێنی‌یەک، یا جم‌وجوولی لەشکرێک لە دوژمن)؛ چاوبەست.

smokestack (smōk′stak′), *n.* دووکەڵکێش.

smoke tree, دەرەختێکە گوڵە پەرەدارەکانی لە دووکەڵ دەچێ.

smoking car, فاگۆنی جگەرەکێشانی شەمەندەفەر. (هەروەها " smoker ").

smoking jacket, چاکەتێکی جگەرەکێشانی پیاوانە: چاکەتێکی نەختێک دەڵبی ئێوارانی پیاوانەیە جاران پیاو لەبەری دەکرد لە ماڵەوە لە کاتی جگەرەکێشاندا بۆ پاراستنی جلەکانی لە بۆنی دووکەڵ.

smoking room, ژووری جگەرەکێشان (لە ئوتێڵ و یانەدا).

smoking-room (smōk′iŋ-rōōm), *adj.* بێ پەردە (قسە، نوکتە، چێوک)؛ هەڵماڵراو.

smoky (smōk′i), *adj.* (١) زۆر دووکەڵکەر:

(a ~ fire, fireplace, etc.)

(٢) لە دووکەڵ دەچێ؛ دووکەڵی: *(a ~ haze)* .

(٣) دووکەڵاوی؛ پڕە لە دووکەڵ: *(a ~ room)* .

(٤) دووکەڵاوی؛ ڕەنگ و تامو بۆنی لە دووکەڵ دەچێ.

(٥) دووکەڵ ڕەشی کردووە؛ دووکەڵ لێی داوە یا پیسی کردووە.

-**smokily** *(adv.)*; **smokiness** *(n.)*.

smolder (smōl′dēr), *v.i. Also* **smoulder,** (١) سووتان و دووکەڵ کردن بەبێ گڕ لێبوونەوە. (٢) خەفەبوون؛ بە خەفەیی مانەوە.

(٣) پیش خواردنەوە؛ لە ژێرەوە تووڕەبوون و ڕق لێ بوونەوە:

(For years hatred ~ed in his heart.)

n. چڕە دووکەڵی ئاگری بێ گڕ؛ ئاگری خەفەکراو.

smolt (smōlt), *n.* بەچکە ماسی " سەڵموون".

smooch (smōōch), *v.t. & n.* = **smudge**.

smooch (smōōch), *v.i.* [Slang], ماچ کردن.

n. [Slang], ماچ.

smooth (smōōth), *adj.* (١) (ا) ساف و ڕوس: *(a ~ suface)* .

(ب) سوو؛ ساف. ***(a ~ tire)*** .
(٢) تەخت. (٣) بێ تووك؛ لووس‌وپووس؛ لووس. ***(a ~ cheek)*** .
(٤) شل. يەك دان (تووندوتۆڵی شلە)؛ بە تۆپەڵ نەوەستاوە. ***(a ~ paste)*** .
(٥) هێمن؛ لەسەرخۆ؛ مەنگ. ***(a ~ seas)*** .
(٦) ئاسان؛ بێ تەنگوچەڵەمە؛ بێ ناڕەحەتی؛ ڕێك‌وپێك.
(~ progress; ~ sailing)
(٧) لەسەرخۆ؛ هێمن. ***(a ~ temper)***
(٨) خۆش (ئام)؛ تووڕو تێژ نەبە.
(٩) ساز (دەنگ). خۆش؛ يەك نەوا.
(١٠) زمان لووس؛ خۆ بەرە پێشەوە؛ ڕێك‌وپێك (ڕەووشت).
(~ words; a ~ manner; a ~ talker)
(١١) [Slang]، زۆر خۆش (كات). ***(a ~ time)*** .
(١٢) [Slang]، لێهاتوو؛ ڕێك‌وپێك؛ جوان‌و باش. ***(a ~ dancer)*** .
(١٣) لەيەك ناكەوێ (مەكینەكاری).
v.t. (١) تەحت كردن. (٢) (ا) ساف‌ولووس كردن؛ ساف كردن.
(ب) چرچ‌ولۆچ تێدا نەهێشتن یا لێ لابردن. (٣) ئاسان كردن؛ كەندو كۆسپ لەبەردەم لادان. (٤) هێمن كردنەوە؛ هێنانەوە سەرخۆ. (٥) جوان‌و ڕێك‌وپێك.
adv. بە ئاسانی و ڕێك‌وپێكی؛ بە هێمنی؛ لەسەرخۆ.
n. (١) شتێكی ساف‌ولووس؛ پرووپەكی ساف‌ولووس یا تەخت.
(٢) ساف‌ولووسكاری؛ تەخت كردن.
smooth away, ئاسان كردن؛ كەندو كۆسپ لە ڕێدا لابردن.
(to smooth away obstacles to a plan)
smooth down, هێمن كردنەوە؛ هێنانەوە سەرخۆ.
smooth over, چاو لێ پۆشین؛ زۆر بە گرنگ دانەنان؛ زۆر گوێ پێ نەدان.
smoothbore (smo͞o*th*′bôr´, smo͞o*th*′bōr´), ***adj.*** لووله ساف (تفەنگ
n. تفەنگی لووله ساف.
smoothen (smo͞o*th*′n), ***v.t.*** ساف‌ولووس كردن
v.i. ساف‌ولووس بوون
smooth-faced (smo͞o*th*′fāst´), ***adj.*** (١) دەموچاو لووس؛ بێ ڕیش‌و سمێڵ؛ تیف تیفەدراو. (٢) ساف‌ولووس؛ ***(a ~ tile)*** .
(٣) ڕووئەتباز؛ دڕۆزنە؛ بە سەرزاری دڵسۆز
smooth muscle, ماسوولكەی لەخۆوە كارکردوو یا ئۆتۆماتیكی (وەك ماسوولكەی ڕیخۆڵەو میزەڵدان‌و دەزوولە خوێن).
smooth-shaven (smo͞o*th*′shāv´n), ***adj.*** خۆ تیف تیفەكردوو؛ دەموچاو پەرداخ كردوو؛ ڕیش جوان تاشیو.
smooth-spoken (smo͞o*th*′spō´k'n), ***adj.*** قسەخۆش؛ زمان لووس؛ زمانپاراو؛ قسەزان.
smooth-tongued (smo͞o*th*′tuŋd´), ***adj.*** زمان لووس؛ دەم لووس.
smorgasbord (smôr′gəs-bôrd´), ***n.*** خوانی جۆراوجۆری یەك نرخ چێشتخانەیەكە خواردەمەنی هەمەچەشنی لەسەر خوان تێدا دادەنرێ‌و هەركەس چەندی پێ بخۆرێ دەیخوات بە يەك نرخ‌و بەردەستی خۆیشی دەكات.
smote (smōt), *alternativ past tense and p.p. of* smite.
smother (smu*th*′ĕr), ***v.t.*** (١) (ا) هەناسە لێ بڕین. (ب) خنكاندن.
(٢) ناگر خەفەكردن (٣) داپۆشین؛ بەسەردا بلاوكردنەوە.
(a dish of liver ~ed in onions; a grave ~ed in flowers; to ~ a child with kisses)
(٤) شاردنەوە؛ كردن بە ژێرەوە. ***(to ~ a yawn, one's anger, etc.)*** .
v.i. (١) هەناسە بۆ نەدران؛ خنكان؛ هەناسە لێ بڕان.
(٢) شاردنەوە؛ بەژێرەوە كران؛ كپ كرانەوە.
(٣) [Dial.]. سووتان‌و دووكەڵ كردن بە بێ گڕ لێبوونەوە.
n. (١) چرە دووكەڵ؛ تەپ‌و تۆز یا هەڵمی چڕ.
(٢) [Archaic]، ناگرێكە كە لە ژێرەوە بسووتێ‌و دووكەڵ بكات بەبێ گڕ لێبوونەوە؛ ناگری خەفەكراو. (٣) لە ژێرەوە كوڵان؛ پیشان؛ پیش خواردنەوە.

(٤) پشێوی؛ تێكەڵ‌وپێكەڵی.
-smothery ***(adj.)***.
smoulder (smōl′dĕr), ***n.*** = **smolder.**
smudge (smuj), ***n.*** (١) لەكە؛ پەڵە. (٢) ناگری چڕە دووكەڵاوی.
(٣) چڕە دووكەڵ (بۆ قانگدانی مێشوولە‌و جانەوەری تر یا داروبەرخت پاراستن لە زوقم‌و سەرما).
v.t. (١) قانگدانی جانەوەر بە چڕە دووكەڵ؛ چڕە دووكەڵ كردن بە باخدا بۆ پاراستنی لە زوقم‌و سەرما‌وسۆڵە. (٢) لەكەدارکردن (وەك لاپەڕەيەك بە مەرەكەبی لاپەڕەيەكی تری تازە نووسراو یا چاپكراو)؛ پیس كردن.
v.i. (١) بڵاوبوونەوەی لەكەيەك. (٢) لەكەدار‌بوون؛ پیس بوون؛ لەكاوی بوون.
smudgy (smuj′i), ***adj.*** لەكەدار (وەك بە مەرەكەب)؛ پیس؛ لەكاوی.
-smudgily ***(adv.)***; **smudginess** ***(n.)***.
smug (smug), ***adj.*** (١) جوان‌و ڕێك‌وپێك؛ شۆخ؛ تەپڕۆش.
(٢) زۆر لەخۆ ڕازی؛ هەست بە هیچ پێویستی‌و مەترسی‌و كەم‌وكوڕیەك نەكەر.
-smugly ***(adv.)***; **smugness** ***(n.)***.
smuggle (smug′l), ***v.t.*** (١) بە قاچاخ هێنان‌و بردن:
| to ~ goods into (*or* out of) the country |
(to ~ a letter out of prison) (٢) بە دزییەوە بردن یا دەركردن.
v.i. قاچاخچێتی كردن
smuggler (smug′lĕr), ***n.*** (١) قاچاخچی. (٢) كەشتی قاچاخچێتی.
smut (smut), ***n.*** (١) هێیس (٢) لەكە؛ پەڵە.
(٣) قسە یا نووسینی پیس‌و ناشرین؛ نووسراوی بێ شەرمانە‌و نزم‌و پیس
(٤) سن (كە لە دەغڵ‌ودان دەدات‌و ڕەشی دەكات).
v.t. پیس كردن؛ لەكاوی كردن؛ لەكەدارکردن.
v.i. پیس بوون؛ لەكاوی بوون
-smuttily ***(adv.)***; **smuttiness** ***(n.)***; **smutty** ***(adj.)***.
smutch (smuch), ***v.t.*** لەكاوی كردن؛ پیس كردن؛ لەكەدارکردن.
n. (١) لەكە؛ پەڵەی پیس؛ پەڵە. (٢) چڵك‌و پیسی ووشك بووەوە؛ بەڵغ.
-smutchy ***(adj.)***.
snack (snak), ***n.*** (١) بەش. (٢) ناوگیر: نەو خواردەمەنییەیە كە لە بەینی دوو ژەمدا دەخوێ بە سەرپێیی‌یەوە
v.i. ناوگیركردن؛ نەختێك شت خواردن بە سەرپێیی‌یەوە لە بەینی دوو ژەمدا.
snack-bar (snak-bar), ***n.*** چێشتخانەیەكە خواردنی سووكی سەرپێیی پێشكەش دەكات.
snaffle (snaf′l), ***n.*** لغاو.
v.t. لغاوكردن.
snafu (sna-fōō′, snaf′oō), ***adj.*** [Military Slang], بە تەواوی شێواو؛ زۆر شێواو یا تێكچوو.
v.t. [Military Slang], شێواندن؛ بەتەواوی تێكدان یا شێواندن.
n. [Military Slang], بارێكی بەتەواوی شێواو یا تێكچوو.
snag (snag), ***n.*** (١) چوقوڵ؛ چوقوڵی لقی بڕاوە؛ كۆلكەداری تێژ.
(٢) كۆتەرەدار یا لقەداری ژێرئاوی ڕوبارو دەریاچە (كە دەبێتە هۆی مەترسی بۆ بەلەم پێدا ڕۆیشتن) (٣) **snaggle tooth** .
(٤) دڕان یا هەڵوەشانەوەی كاڵا.
(٥) تەگەرە؛ قۆرت یا كۆسپی چارەڕوان نەكراو. ***(Our plan hit a ~ .)***
v.t. (١) چوقوڵ لێدان؛ دڕان یا هەڵوەشانەوە بە چوقوڵ بەركەوتن.
(٢) تەگەرە تێخستن؛ تەگەرە تێكەوتن؛ قۆرت خستنەڕێ.
(٣) ڕوبار یا دەریاچە پاكردنەوە لە كۆتەرەدارو لقەدار.
-snaggy ***(adj.)***.
snaggle-tooth (snag′l-tōōth´), ***n.*** (١) ددانی دەرپۆقیو.
(٢) ددانی خوار یا شكاو
-snaggletoothed ***(adj.)***.
snail (snāl), ***n.*** (١) شەیتانۆكەی باخچە؛ قاقلەجنۆكە؛ گیاندارێكی نەرمی لینجی قاقلەدارە گڕۆگیاو ڕووەكی باخچە دەخوات؛

پێچ پێچۆکە (٢) کەسێک یا گیاندارێکی زۆر خاوخلیچک یا هێواش؛ کەسێکی خاو یا تەمەڵ

at a snail's pace, زۆر بە هێواشی؛ زۆر خاو یا هێواش

snail-paced (snāl′pāst´), *adj.* زۆر هێواش؛ زۆر خاو؛ *(~ progress)*

snake (snāk), *n.* (١) مار. (٢) کەسێکی ناپاک‌و نەپێنگر (٣) تەنێکی تەستووری زۆر درێژە دەکرێ بەناو بۆری‌و زێرابی گیاوادا بۆ بەرەڵاکردنی

v.i. بە پێچاوپێچ ڕۆیشتن وەک مار؛ وەک مار کشان یا خشان

v.t. [Colloq.]. (١) ڕاکێشان (بەتایبەتی بە پەت یا زنجیر). (٢) ڕاتەکاندن (٣) وەک مار بە پێچاوپێچ ڕۆیشتن؛ کشان وەک مار.

snake-bird (snāk′būrd´), *n.* مارە مەل؛ مەلێکی دەریایی ماسی خۆری مل پێچاوپێچ و درێژۆ دەنووک تیژو درێژی ناوچە گەرمەکانە.

snake-bite (snāk′bit´), *n.* مار پیوەدان؛ مار گەستن؛ گازە مار

snake charmer, مارگر ماربان.

snake dance, مارە سەما. (١) جۆرە سەمایەکی دوو سالانەی تیرەی "هۆپی" هیندیەیە نەمەریکاییەکانە بریتیەیە لە یاری کردن بە ماری زەنگۆلەدار لەکاتی سەماکەدا (ب) خۆپیشاندانێکە خەڵک دەستی یەکتری تێدا دەگرن‌و پێچاوپێچ وەک مار دەڕۆن

snake fence, = worm fence.

snake-head (snāk′hed´), *n.* = turtlehead.

snake in the grass, دوژمنی نەبینی؛ برادەری ناپاک؛ مەترسی نەبینراو

snake-mouth (snāk′mouth´), *n.* دەمەمارانە؛ ڕووەکێکی گوڵ پەمەیی گەڵا نێزەییە.

snake pit, شێتخانە

snake-root (snāk′rōōt´, snāk′root´), *n.* (١) گیامارانە؛ ڕووەکێکە گوایە ڕەگەکەی دەرمانە بۆ مار پێوەدان. (٢) ڕەگی ئەم ڕووەکە.

snake-skin (snāk′skin´), *n.* (١) پێستە مار. (٢) جەرم‌و قایشی لە پێستە مار دروستکراو

snake-stone (snāk′stōn´), *n.* (١) مەردە مارانە؛ بەردێکە گوایە دەرمانە بۆ مار گەستن. (٢) whetstone

snake-weed (snāk′wēd´), *n.* مارەگیا؛ چەند جۆرە ڕووەکێکە گوایە دەرمانن بۆ مار گەستن.

snaky (snāk′i), *adj.* (١) ماری؛ ماربن؛ تایبەتی بە مار. (٢) پێچاوپێچ. (٣) ناپاک؛ نەپێنگر؛ ژەهراوی؛ پیس؛ نەپێنبان. (٤) ماراوی؛ پڕە لە مار.

snap (snap), *v.i.* (١) قەپ پێدا‌کردن؛ قەپاڵ لێدان؛ قەپ لێدان؛ *(The animal ~ped at the meat.)* (٢) ~ at پڕ پێداکردن؛ قۆستنەوە؛ بە پەڕۆشەوە وەرگرتن یا پەلاماردان؛ *(We ~ped at the invitation.)* (٣) ~ at بە ناشرینی‌و توندوتیژی وەڵام دانەوە یا قسە لەگەڵ کردن. (٤) لە پڕ قرتان یا پچڕان بە دەنگێکی بەرز؛ لە پڕ ترازان؛ لێک ترازان. (٥) ڕووخان (هەستە دەمار، مێشک، بەرهەڵستی)؛ پسان؛ هەڕەس بردن. (٦) قرچەقڕچ کردن (داری ناو ئاگر)؛ تەقەتەق هاتن؛ تەقینەوە؛ شەقە لێ هەڵسان؛ قرتەکردن *(The fire is ~ping.; The whip ~ped loudly.)* (٧) قرتە لێ هەڵسان لەکاتی داخستندا؛ تەقە لێوەهاتن؛ *(The lock ~ped shut.)* (٨) بە خێراو ڕێک‌وپێکی جوولانەوە. *(The soldiers ~ped to attention.)* (٩) کرانەوەو داخران خێرا خێرا (وەک چاو لەکاتی شڵەژان‌و پەشۆکاندا).

v.t. (١) پڕ پێداکردن؛ پەلاماردان؛ قەپ پێداکردن؛ قۆستنەوە. (٢) قرتاندن؛ لێک ترازاندن بە دەنگی بەرز؛ پچڕاندن‌و قرتە لێ هەڵساندن. (٣) ~ out یێ وەڕین (مەجان)؛ بە ناشرینی‌و توندوتیژی قسە لەگەڵ کردن.

(٤) چەقەنەلێدان؛ بستەلێدان: *(He ~ped his fingers.)* (٥) قرتە لێ هەڵساندن لەکاتی داخستندا؛ داخستن بە قرتە: *(He ~ped the safety before putting the gun away.)* (٦) تێگرتن (وەک دارولاستیک): *(He ~ped her with a rubber band.)* (٧) وێنەگرتن: *(She ~ped a picture for us.)*

n. (١) قەپ؛ قەپاڵ. (٢) پڕ پێداکردن؛ قۆستنەوە؛ قۆزینەوە؛ پەلامار. (٣) قرتان؛ پچڕان بە دەنگی بەرز؛ لێک ترازان‌و قرتەکردن. (٤) شەقە؛ قرتە؛ قرچە: *(We heard the ~ of the whip.; the ~ of a broken branch in the forest)* (٥) وەڕە (مەجان)؛ وەڵام یا قسەی ناشرین؛ حەپە (مەجان). (٦) ماوەیەکی کورت (تەنها بۆ سەرماوسۆڵە): *(We had a cold ~ last month.)* (٧) قرتێنە: *(the ~ of a bracelet)*. (٨) چەقەنە؛ بستە. (٩) داخستنێکە کە قرتەی لێوەبێت (وەک هی قفڵ). (١٠) بسکویتێکە زەنجەفیلی تێ دەکرێ. (هەروەها " gingersnap ") (١١) snapshot. (١٢) [Colloq.]، تین؛ چوست‌و چالاکی؛ گڤ‌وگوڕ؛ ووزە: *(The performance seemed to have no ~.)* (١٣) [Slang]، شتێکی ناسان؛ کارێکی ناسان؛ کارێکی سووک. (١٤) [Slang]، کەسێکی بە ئاسانی کارتێکراو یا شت پێ سەلمێنراو.

adj. (١) سەرپێیی (بڕیار)؛ بڕی لێ نەکراوەتەوە؛ پەلە: *(a ~ decision)*. (٢) قرتە لێ هەڵساو لەکاتی داخستندا. (٣) [Slang]، ئاسان؛ سووک: *(a ~ assignment, job, etc.)*

adv. بە قرتە؛ بە قرتەوە؛ بە شەقە.

not a snap, بە هیچ جۆرێک؛ هیچ.

snap (a person's) head off, سەرلێکردنەوە؛ زۆر بە تووڕەیی‌و توندوتیژی‌یەوە قسە لەگەڵ کردن؛ زۆر لێ تووڕە بوون.

snap once's finger at, بە سووک تەماشاکردن؛ بەهیچ دانان؛ گوێ پێ نەدان؛ ڕێز نەگرتن.

snap out of it, زوو هەڵسانەوە (لە نەخۆشی یا دڵتەنگی)؛ زوو خۆگرتنەوە یا هاتنەوە سەرخۆ؛ چاکبوونەوە؛ خۆ لێ ڕزگارکردن: *(We hope he will snap out of his depression.)*

snap bean, لۆبیای سەوز.

snap-brim (snap′brim´), *n.* شەپقەیەکە لێوارەکەی هەڵگەڕاوەتەوە بۆ سەرەوە لە پشتەوە و داکەوتووە بۆ خوارەوە لە پێشەوە.

snap-dragon (snap′drag´ən), *n.* ڕووەکێکە گوڵی سپی‌و زەردو سوورو ئەرخەوانی دەگرێت.

snapper (snap′ēr), *n.* (١) بکەری " snap ". (٢) snapping turtle. (٣) snapping beetle.

snapping beetle, قالۆنچەی تەقەتەقکەر: قالۆنچەیەکە کە دەستی تێوەدرا یا کەوت بەسەر پشتدا خۆی ڕادەتەکێنێ‌و تەقەتەقی لێوەدێت

snapping turtle, کیسەڵی ئاوی گازگر؛ کیسەڵێکی ئاوی‌یە کاژێری بەهێزە بە توند قەپ لە نێچیرەکەی دەگرێ.

snappish (snap′ish), *adj.* (١) گازگر (سەگ)؛ دڕ (٢) تووڕە؛ بن نەزاکەت؛ زمان پیس؛ تووڕەوتڕێ؛ بە کورتی‌و ناشرینانە وەڵام دەرەوە.

-snappishly *(adv.)*; snappishness *(n.)*.

snappy (snap′i), *adj.* (١) بەتین؛ گورج‌وگۆڵ؛ چوست‌وچالاک؛ خێرا: *(a ~ reply, coversation, pace, etc.)*. (٢) snappish. (٣) ساردو خۆش؛ نەختێک سارد: *(a ~ day)*. (٤) [Colloq.]، شۆخ، تەپڕۆش: *(a ~ dresser)*.

-snappily *(adv.)*; snappiness *(n.)*.

make it snappy, [Slang]. خێراکە؛ پەلەکە.

snap-shot (snap′shot´), *n.* (۱) تەقەی بێ نیشان گرتنەوە.
(۲) وێنەی سەرپێیی (بە کامێرا). (۳) دیمەنێکی بە پەلە یا بۆ ماوەیەکی کورت بینراو. وێنەی ئەم دیمەنە لە مێشکدا.

snare (snâr), *n.* (۱) تەڵە، داو، تەپکە
(۲) ژنێکە دەورو بنی تەپڵی پێ دەگیرێ بۆ باشتر دەنگدانەوەی.
(۳) snare drum.
(٤) قوڵفەی تەلێکە بۆ دوومەڵ دەرهێنان (نەشتەرکاری).

v.t. کردن بە تەڵەوە؛ بە تەڵە گرتن؛ کردن بە داوەوە.

snare drum, تەپڵێکی بچووکی دووسەرێیە دەورەکەی و بنەکەی بە ژێ دەگیرێ بۆ باشتر دەنگدانەوەی.

snarl (snärl), *v.i.* (۱) مڕاندن؛ دان لێ جێرکردنەوە (وەک سەگ)؛ مڕەمڕکردن. (۲) بە تووڕەیی و توندوتیژی و ناشرینی لەگەڵ دووان؛ وەک سەگ پێ وەڕین یا حەپەکردن (مەجاز): *(He ~ed at us.)*.

v.t. بە تووڕەیی و توندوتیژی و ناشرینی وتن؛ وەک حەپە یا وەڕەی سەگ وتن *(He ~ed his contempt.)*.

n. (۱) مڕە، مڕەمڕ، دڕان جێرکردنەوە.
(۲) ووتەی توندوتیژ و ناشرینی بە تووڕەیی ووترا؛ وەڕە (مەجاز)؛ حەپە.

snarl (snärl), *v.t.* (۱) ئاڵۆسکاندن (دەزوو، پەت، قژ، قولاپی پاوەماسی)؛ ئاڵۆزان؛ تێکنالان و گرێ تێخستن.
(۲) شێواندن؛ ئاڵۆزان؛ بەیەکداچوون و تێکنالان: *(Traffic is ~ed.)*.

v.i. ئاڵۆسکان؛ تێکنالان و گرێ تێکەوتن؛ بەیەکداچوون.

n. (۱) ئاڵۆسکاوی، شتی تێکنالاو یا بەیەکداچوو و گرێ تێکەوتوو؛ گرێ کوێرە *(The child's hair is full of ~s.)*.
(۲) بارێکی ئاڵۆسکاو؛ ئاڵۆسکان و شێوانی کاروبار؛ ئاڵۆزی؛ تەنگوچەڵەمە.

snarly (snär′li), *adj.* تووڕەوتڕ؛ زمان پیس؛ بە خەڵک دەوەڕێ (مەجاز).

snarly (snär′li), *adj.* ئاڵۆزاو؛ ئاڵۆسکاو و گرێ تێکەوتوو؛ ئاڵۆز؛ شێواو.

snatch (snach), *v.t.* (۱) لە دەست هەڵپڕوسکاندن؛ لە دەست فڕاندن؛ پڕ پێداکردن و بردن؛ پەلاماردان و فڕاندن؛ لە دەست ڕاپسکان؛ قۆستنەوە: *(He ~ed the purse from her hand in broad daylight.)*
(۲) بە هەڵ ڕاخین و بردن یا کەڵک لێ وەرگرتن؛ هەل هێنان و کردن: *(He ~ed a few hours of rest.)*
(۳) [Slang]، فڕاندن (مرۆڤ): *(The kid was ~ed as he left school.)*

v.i. (~ at), پەلاماردان؛ پڕ پێداکردن؛ قۆستنەوە؛ هەوڵی گرتن یا بردن دان.

n. (۱) پڕ پێداکردن؛ لە دەست هەڵپووسکان؛ لێ فڕاندن؛ پەلاماردان و بردن.
(۲) ماوەیەکی کورت؛ ماوەیەکی کەم: *(a ~ of sleep)*.
(۳) نەخێتک؛ تۆرێک؛ تۆسکاڵ؛ کەمێک: *(~es of gossip)*.
(٤) [Slang]، فڕاندن (مرۆڤ). (٥) [Slang]، قوز، کوز.

snatch at, (۱) پڕ پێداکردن؛ پەلاماردان بۆ گرتن: *(He snatched at the purse, the rope, etc.)*
(۲) بە پەرۆشەوە وەرگرتن یا پێ قایل بوون؛ قۆستنەوە؛ قۆزینەوە: *(She snatched at the chance to go on a trip to Europe.)*

snatch-block, بەکرەیەکە کە دەتوانرێ لە لایەکیەوە بکرێتەوە بۆ هەڵکردن یا توندکردنەوەی گوریسی شل (کەشتیەوانی).

snatchy (snach′i), *adj.* پچڕپچڕ؛ نارێک وپێک؛ دەمدەمی.

snath (snath), *n. Also* snathe, دەسکە داس

snazzy (snaz′i), *adj.* [Slang], زۆر جوان و نایاب؛ شۆخ (شت)؛ قۆز؛ کەشخە: *(a ~ dress, suit, jacket, pair of shoes)*.

sneak (snēk), *v.i.* (۱) بە دزییەوە هاتن و چوون؛ بەبێ خشپە ڕۆیشتن، چوونەناو، یا چوونەدەرەوە: *(to ~ in or out of a place)*.
(۲) ترسنۆکی نواندن؛ بە نهێنی و ترسنۆکانە ڕەفتارکردن.
(۳) [Slang]، سووسەکردنی قوتابی بەسەر ئاوەڵەکانیەوە بۆ مامۆستا.

v.t. (۱) بە دزییەوە پەراندنەوە یا بردن؛ بە قاچاخی بردن؛ بە نهێنی بردن یا دەربازکردن: *(He ~ed the jewels across the border.; She ~ed him into the country in the car trunk.)*
(۲) [Colloq.]، دزین.

n. (۱) کەسێکی نهێنبازو ترسنۆکو ناڵەبار؛ ناگری بن کا؛ قوماربار.
(۲) جووتانەوەیەکی بێ خشپە یا بە دزییەوە.
(۳) sneakers ،[Colloq.] *(pl.)*.
(٤) [Slang]، قوتابی سووسەکەر بەسەر ئاوەڵەکانیەوە بۆ مامۆستا

adj. بە دزییەوە کراو یا پیلان بۆ کراو: *(a ~ attack)*.

sneak out of, خۆ لێ دزینەوە (ئەرکی سەرشان)؛ خۆ لە ئیش شاردنەوە؛ خۆ دەربازکردن.

sneaker (snēk′ēr), *n.* [Colloq.] *(pl.)*, پێڵاوی لاستیک (کە بۆ یاری یا وەرزش لەپێ دەکرێ) (پێشی دەووترێ: " tennis shoes ")

sneaking (snēk′iŋ), *adj.* (۱) ترسنۆکانە؛ بە دزییەوە؛ نهێنی (لەڕووی سووکیەوە). *(a ~ manner)*.
(۲) نهێنی؛ پێ لێ نەنراو؛ شاراوە: *(a ~ fondness for stealing)*.
(۳) بەرە بەرە لەزیادبووندایە.

sneaking suspicion, نەختێک گومان کە وورده وورده پەرە دەسێنێ.

sneak preview, پیشاندانێکی فیلمی سینەما بە دزییەوە بۆ هەڵسەنگاندنی ڕای خەڵک پێش پیشاندانی گشتی بۆ هەموو کەس.

sneaking thief, دزێکە کە شت دەدزێ بێ نەوەی دەرگاو پەنجەرە بشکێنێ بەڵکو بە چوونەژوورەوە لە دەرگاو پەنجەرەی کراوەوە؛ دزێکە کە بە دزییەوە شت دەدزێ نەک بە زۆر.

sneaky (snēk′i), *adj.* نهێنگر؛ قوماربار؛ ترسنۆک و نهێنباز؛ ناگری بن کا؛ بە دزییەوە و بە نامەردانە کراو.

-sneakily *(adv.)*; **sneakiness** *(n.)*.

sneer (snêr), *v.i.* (۱) گاڵتەپێکردن؛ لاقرتی پێکردن؛ قەشمەری پێ هاتن؛ لچ لێ هەڵقورتان.
(۲) لاقرتی پێکردن لە نووسین و دووانداو.

v.t. بە لاقرتی وە ووتن؛ گاڵتەپێکردن؛ بە لچ لێ هەڵقورتانەوە دەربڕین.

n. (۱) گاڵتە پێ هاتن؛ لاقرتی پێکردن؛ لچ لێ هەڵقورتان.
(۲) لاقرتی؛ قسەی بە تەوسەوە یا قەشمەری.

-sneerer *(n.)*; **sneerful** *(adj.)*; **sneeringly** *(adv.)*.

sneeze (snēz), *v.i.* پژمین.

n. پژمە؛ پژمین.

not to be sneezed at, گاڵتەی پێ ناکرێ؛ کەم نییە؛ بە کەم دانانرێ؛ گاڵتە نییە: *(A salary of thirty thousand dollars a year is not to be sneezed at.)*

sneeze-weed (snēz′wēd´), *n.* گیاپژمە: ڕووەکێکی زبرە مرۆڤ دەهێنێتە پژمە.

sneeze-wort (snēz′wūrt´), *n.* گیا بڕنووتی: ڕووەکێکی بۆن تیژی گوڵ سپیەیە گەڵاکەی بڕنووتی لێ دڕووست دەکرێ.

sneezy (snēz′i), *adj.* (۱) زۆر دەپژمێ. (۲) مرۆڤ دەهێنێتە پژمین.

snell (snel), *adj.* [Dial.], (۱) خێرا؛ گورج وگوڵ.
(۲) زیرەک؛ زرنگ. (۳) تیژ (با)؛ سارد؛ سەخت: *(A ~ wind smote us.)*
(٤) توندوتیژ.

snell (snel), *n.* ژێهەکی کورتە قولاپی پاوەماسی پێوە دەبەسترێت بە ژێ سەرەکیەکەوە.

snick (snik), *n.* (۱) لەلە؛ تلیش؛ بڕینێکی کەم؛ کەل.
(۲) لێدانی توپ بە لابەلایی (یاری کریکێت).

v.t. (۱) بڕین بە ئاستەم؛ کەل کردن؛ لەکەکردن؛ درزتێکردن.
(۲) لێدانی توپ بە لابەلایی (یاری کریکێت). (۳) بە توند لێدان یا پیاکێشان.

snick (snik), *n.* قرتە؛ تەقە.

v.t. & v.i. قرتەکردن؛ تەقە لێ هەڵسان.

snicker (snik′ēr), *v.i.* (۱) بە دزییەوە و بە بێ دەنگ پێکەنین؛ پێ پێکەنین بە بێ دەنگ؛ بزەگرتن (لەڕووی گاڵتەپێکردن یا پێکەنینەوە): *(The class ~ed at the teacher's mistake.)*
(۲) حیلاندن.

n. پێکەنینێکی بێ دەنگ و بە دزێیەوە؛ بزە (لەبووی گاڵتەپێکردن یا پێکەنینەوە.

snickersnee (snik′ĕr-snē′), *n.* چەقۆی ژن (بەتایبەتی کە وەک چەک بەکاربهێنرێ)؛ کێرد.

snide (snīd), *adj.* [Slang], بێ زنواتج. لاپاڵ. قسەی بە تەوسەوە)؛ ناشرین یە لەبووی سووکێیەوە ووتراو. *(a ~ remark)* .

sniff (snif), *v.i.* (۱) بۆن پێوەکردن؛ بۆن کردن (بە جۆرێك کە مشەی لووت بێت؛ لووت بۆ بردن بۆ بۆن پێوەکردن؛ مشەهاتن.

(۲) (~ at) . گاڵتەپێکردن(لەڕێی بۆن پێوەکردن و مشەی لووت هاتنەوە)؛ بە سووکی سەیرکردن؛ لاقرتی پێکردن. (۳) بۆن پێوەکردن لەبەر بۆن خۆشی.

v.t. (۱) بۆن پێوەکردن؛ بۆن کردن؛ مشەمش کردن

(۲) تاقیکردنەوە بە بۆن پێوەکردن

(۳) هەستپێکردن؛ بۆن کردن (مەجاز)؛ گومان پەیداکردن.

(We ~ed danger in the man's manner.)

n. (۱) بۆن کردنێك؛ مشەی لووت لە کاتی بۆن پێوەکردندا؛ مشەمش.

(۲) شتێکی بۆن کراو؛ شتێکی هەستپێکراو یا دۆزراوە لە ڕێی بۆن کردنەوە؛ بۆن

sniffle (snif′l), *v.i.* چڵم هەڵ لووشین؛ مشەمش کردن؛ مشەی لووت هاتن.

n. مشەمش؛ مشەی لووت؛ چڵم هەڵ لووشین و دەنگەکەی.

the sniffles, [Colloq.], (۱) هەلامەت.

(۲) چڵم هەڵ لووشین و مشەمشی دوای گریان.

sniffy (snif′i), *adj.* [Colloq.], کەشخەچی؛ لووت بەرز؛ بەفیز؛ بە سووك سەیری خەڵك و شت کەر.

snifter (snif′tĕr), *n.* (۱) پەرداخی دەم تەسکی خواردنەوەی مەستکەر (بۆ هێشتنەوەی بۆنەکەی). (۲) [Slang]، پێکێکی بچووکی خواردنەوەی مەستکەر

snigger (snig′ĕr), *n. v.t. & v.i.* = snicker.

sniggle (snig′l), *v.i. & v.t.* ڕاوە ماڕماسی کردن (بە قولاپ خستنە کونەکانیانەوە)

snip (snip), *v.t. & v.i.* بە مەقەست بڕینەوە؛ بە مەقەست هەڵدڕین.

n. (۱) بڕینێکی کەم بە مەقەست. (۲) دەنگی بە مەقەست بڕین یا بڕینەوە. (۳) (*pl.*) سەرەمەقەست؛ والأ. (ب) پارچەی بچووك. (٤) (*pl.*) مەقەستی قورسی تەبەقە کانزا بڕینەوە. (٥) [Colloq.]. هەرزەیەکی بچووك و بێ بایەخ؛ شتێکی بچووك و هیچوپووچ. (٦) [Slang]. کارێکی ئاسان؛ شتێکی بە ئاسانی جێبەجێکراو؛ ئیشی سووك.

snipe (snīp), *n.* (۱) قوراوینکە؛ قوراویلە؛ باڵندەیەکی دەنووك درێژی ناو زەلکاوە. (۲) تەقەیەکە لە شوێنێکی نهێنیەوە لە دوژمن بکرێت. (۳) [Slang]. قنگە جگەرە.

v.i. (۱) ڕاوکردنی قوراویلە؛ تەقە لە قوراویلە کردن

(۲) تەقە لە دوژمن کردن لە شوێنێکی نهێنیەوە (بە مشت لێ گرتنەوە).

sniper (snīp′ĕr), *n.* نیشانچی؛ نیشان شکێن. (ا) سەربازێکی نیشانچیەکە کە نیشان لە دوژمن دەگرێتەوە کە دوورەوە؛ نیشانگر لە دوورەوە. (ب) کەسێکە کە تەقە دەکات لە شوێنێکی نهێنیەوە.

snippet (snip′it), *n.* (۱) پارچەیەکی بچووك؛ سەرەمەقەست. (۲) [Colloq.]. کەسێکی گەنجی بچووکی بێ بایەخ؛ کەسێکی هیچوپووچ.

snippety (snip′it-i), *adj.* (۱) پچڕپچڕ؛ لە شتی پارچە پارچە یا سەرەمەقەست دروستکراو. (۲) [Colloq.]، snippy

snippy (snip′i), *adj.* (۱) پچڕپچڕ؛ لە شتی پارچە پارچە یا سەرەمەقەست دروستکراو. (۲) [Colloq.]. ووشك و بێ نەزاکەت؛ بێ حەیا؛ قسە ووشك و ڕەق.

snitch (snich), *v.t.* [Slang], دزین (بەتایبەتی شتی کەم نرخ).

v.i. [Slang], (۱ دزی کردن بەتایبەتی هی شتی کەم نرخ).

(۲) (~ on). خەبەرلێدان؛ دەنگوباس ڕاگەیاندن دژی کەسێك.

(to ~ on somebody)

n. [Slang], خەبەرلێدەر؛ دەنگوباس ڕاگەیێنەر دژی کەسێك؛ سیخوڕ.

snivel (sniv′l), *v.i.* (۱) چڵم بە لووتدا هاتنەخوارەوە.

(۲) **sniffle** . (۳) فنگەفنگ کردن؛ گریان و چڵم هەڵ لووشین.

(٤) کڕوزانەوە؛ نووزانەوە؛ نووزەنووزکردن.

(٥) گریان بە درۆوە (بۆ هاوسۆزی پیشاندان یا خەفەتباری نواندن).

n. (۱) چڵمی بە لووتدا هاتەخوارەوە؛ چڵم.

(۲) چڵم هەڵ لووشین؛ مشەمش کردن؛ دەنگی چڵم هەڵ لووشین.

(۳) گریانی درۆ؛ نووزانەوە؛ نووزەنووز؛ کڕوزانەوە.

-sniveler; sniveller *(n.)*.

snob (snob), *n.* (۱) کەسێکی بێ سامان و بێ پلەوپایەی کۆمەڵایەتی.

(۲) کەسێکە کە زۆر بایەخ دەدات بە پارەداری و پلەوپایەی کۆمەڵایەتی و هەمیشە خۆی دەباتە پێشەوە لەوانەی لە خۆی دەوڵەمەندترو پلەوپایە بەرزترن.

(۳) کەسێکە کە خۆی بە زلترو باشتر دادەنێ لە خەڵك؛ کەسێکی لووت بەرز، لەخۆبایی، بەفیز ...هتد.

snobbery (snob′ĕr-i), *n.* خۆ بە زلترو باشتر دانان لە خەڵك؛ لووت بەرزی؛ لە خۆ بایی بوون؛ خەڵك لە خۆ بە کەمتر دانان.

snobbish (snob′ish), *adj.* خۆ بە زلترو باشتر دانەر لە خەڵك؛ لووت بەرز؛ کەشخەچی؛ لەخۆبایی؛ لە کەسێکی لووت بەرز هاتوو.

-snobbishly *(adv.)*; snobbishness *(n.)*.

snobbism (snob′i-z'm), *n.* = snobbery.

snobby (snob′i), *adj.* = snobbish.

snood (snōōd), *n.* (۱) گێسووبەندی کچ؛ شریتێکە کچان دەیان بەست بە دەوری سەریاندا. (۲) تۆڕی قژی ئافرەت تێخستن لە دواوە.

(۳) ژێرەکی کورتە قولاپی ڕاوەماسی پێوە دەبەسترێت بە ژێ سەرەکییەکەوە

v.t. قژ بەستنەوە و ڕاگرتن بە گێسووبەند یا تۆڕ.

snook (snoōk), *n.* جۆرە ماسییەکی دەریاییە

snooker (snōōk′ĕr), *n.* یاریەکە وەك بلیارد.

snoop (snōōp), *v.i.* [Colloq.], سووسەکردن؛ چاو پێداگێڕان بە دزێیەوە؛ بە دزێیەوە تێڕوانینە شت و شوێنی کەسێکی تر (بۆ مەبەستی خراپ): *(He was ~ing around her house.)* .

n. [Colloq.], (۱) سووسەکەر؛ کەسێکە کە بە دزێیەوە چاو دەگێڕێ بە شت یا جێگەی کەسێکی تردا بۆ مەبەستێکی خراپ. (۲) چاو پێداگێڕانێکی وەها.

snoopy (snōōp′i), *adj.* [Colloq.], سووسەکەر؛ حەز لە چاو پێداگێڕانی شت و جێگەی خەڵك دەکات بە دزێیەوە بە مەبەستی خراپ.

snoot (snoōt), *n.* [Colloq.], (۱) (ا) لووت.

(ب) **snout** . (۲) دەموچاو.

(۳) دەموچاوی خۆ ناشرین کردن بۆ گاڵتەپێکردن یا قێز لێ هاتنەوە.

(٤) **snob** .

snooty (snoōt′i), *adj.* [Colloq.], (۱) لووت بەرز؛ لەخۆبایی؛ خۆ لە خەڵك بە زلترو باشتر دانەر! تڕێل.

(۲) لووت بەرزو تڕێلانە: *(~ stare)* .

-snootily *(adv.)*; snootiness *(n.)*.

snooze (snōōz), *n.* سەرخەو؛ کەرێشکەخەو؛ قنگەخەو.

v.i. سەرخەو شکاندن؛ قنگەخەوکردن.

snore (snôr, snōr), *v.i.* پرخاندن؛ پرخەهاتن؛ پرخەپرخەکردن.

n. پرخە؛ پرخەپرخ.

snorkel (snôr′k'l), *n.* (۱) ئامێڕی هەوای پاك وەرگرتن و هی پیس دەرکردنی ژێر دەریا. (۲) بۆری هەناسەدانی مەلەوانی ژێرئاو (کە سەرەکەی بەسەر ئاوەوەیە).

v.i. مەلەکردن لە ژێرئاودا بەمۆی بۆری هەناسەدانەوە.

snort (snôrt), *v.i.* (۱) (ا) پڕماندن؛ پڕمەکردن؛ کورکەکورك کردن؛ کورکاندن: *(The horse ~ed at our approach.)* .

(ب) مرخەمرخ کردن؛ مرقەمرق کردن؛ مرخەهاتن.

(۲) تووڕەیی و ناڕەزایی و لاقرتی دەربڕین بە مرقەیەك.

(*The motor ~ed and stopped.)* . (٢) دەنگێکی وەک مرقە لێوەهاتن:

(٤) [Colloq.]، دانە مرقەی پێکەنین.

v.t. (١) پرماندن؛ پرمەکردن؛ کورکەکورک کردن. (٢) بە پرمە یا مرخە دەربڕین.

(٣) بە لووت هەڵمژین یا کێشانی کۆکایین: *(to ~ cocaine)* .

n. (١) پرمە؛ مرقەمرق؛ مرخە.

(٢) [Slang]. پێکێکی بچووکی خواردنەوەی مەستکەر کە بە یەک قوم بخورێتەوە.

snot (snot), *n.* (١) چڵم.

(٢) [Slang]. کەسێکی پیسی بۆگەن؛ کەسێکی بێ نرخ.

snotty (snot′i), *adj.* (١) چڵمن؛ پیس.

(٢) [Slang]، (ا) پیس و بۆگەن؛ بێ نرخ. (ب) لووت بەرز؛ لەخۆبایی؛ تڕێڵ.

snout (snout), *n.* (١) لمۆز؛ قەپۆز.

(٢) لوولە (مەسینە، لوولینە، کتلی... هتد).

(٣) [Slang]، لووت؛ لووتی زل؛ کەپوو.

snout beetle, قالۆنچەی لمۆزدار (دانەوێڵە و میوە دەخوات).

snow (snō), *n.* (١) بەفر (٢) بەفر بارین.

(٣) (ا) شتێکی وەک بەفر. (ب) خاڵی سپی سەر تەلەفزیۆن.

(٤) [Poetic]، سپێتی. (٥) [Slang]، کۆکایین؛ هێروویین.

v.i. بەفر بارین

v.t. (١) بە بەفر داپۆشین؛ ڕێ لێ گیران بە بەفر؛ ڕێ لێ بڕان بە بەفر:

(They were ~ed in after the blizzard.)

(٢) پرشۆ بلاوکردنەوە.

(٣) [Slang]. کارتێکردن و پێ سەڵماندن بە مەرایی و قسەی زل و درۆ؛ ڕاکێشانە لای خۆ بە قسەی زل و جوان و مەرایی.

snow-ball (snō′bôl´), *n.* (١) تۆپەڵە بەفر.

(٢) ڕووەکێکی گوڵ سپی‌یە.

v.i. (١) کەڵەکەبوون؛ لەسەر یەک کۆمەڵ بوون؛ هەمیشە و خێرا زیادبوون (قەبارە، گرنگی، مەترسی). (٢) تۆپەڵە بەفر هاویشتن.

v.t. تۆپەڵە بەفر تێگرتن؛ تۆپەڵە بەفر پێدادان.

snowbank (snō′baŋk´), *n.* کلیلە کۆمەڵە بەفرێک کە با پێچی دابێ و کۆی کردبێتەوە بە قەدپاڵێکەوە یا لە شیوێکدا.

snow-berry (snō′ber´i, snō′bĕr-i), *n.* (١) ڕووەکێکە بەری سپی و خڕ دەگرێ. (٢) بەری ئەم ڕووەکە.

snow-bird (snō′būrd´), *n.* (١) باڵندەیەکی بچووکە لە توخمی فیسقە پشتی بۆزەو بەرسنگی سپی‌یە. (٢) [Slang]، خووگری کۆکایین و هێروویین.

snow-blind (snō′blīnd´), *adj.* بەفرکوێر: کوێری سەردەمی بەهۆی بەفرکوێری (ڕوشەی پێشوو سەیرکە).

snow-blindness, لە چاودانی تیشکی ڕۆژی سەر بەفرەوە.

snow-bound (snō′bound´), *n.* بەفرکوێری (ڕوشەی پێشوو سەیرکە).

ڕێ لێ گیران بە بەفر؛ لە بەفردا چەقین.

snow-broth (snō′brôth´), *n.* (١) لیتاو؛ بەفراو.

(٢) خواردنەوەی مەستکەری سارد.

snow bunting, باڵندەیەکی بچووکی ناوچە باکوورە بەفرینەکانە لە توخمی فیسقەیە. (هەروەها " snow-flake ").

snow-bush (snō′boosh´), *n.* دەوەنێکی گوڵ سپی‌یە.

snow-cap (snō′kap´), *n.* کڵاوە بەفری سەر لووتکەی شاخ یا پۆپەی دار.

snow-capped (snō′kapt´), *adj.* بەفرگرتوو (لووتکەی شاخ، پۆپەی دار)؛ بە بەفر داپۆشراو: *(~ mountains)* .

snow-clad (snō′klad´), *adj.* [Poetic]. بەفرگرتوو؛ بە بەفر داپۆشراو.

snow-drift (snō′drift´), *n.* (١) کلیلە؛ بەفرێکی زۆرە کە با لە پەنابەکدا پێچی دابێ و کۆی کردبێتەوە؛ کەڵەکە بەفر.

(٢) بەفرێکە کە با پێچی بداو ڕای مالێ

snow-drop (snō′drop´), *n.* (١) ڕووەکێکی گوڵ سپی و شۆڕبووەوەیە. (٢) گوڵی ئەم ڕووەکە. (٣) گوڵانە؛ گوڵە نیسان.

snow-fall (snō′fôl´), *n.* (١) بەفر بارین.

(٢) تێکڕای بەفری باریو لە ماوەیەک یا ناوچەیەکی تایبەتیدا.

snow-flake (snō′flāk´), *n.* (١) کوڵۆ بەفر؛ ڕووشە بەفر.

snow bunting (٢) . **snow-drop** (٣)

snow-goose (snō′gōōs´), *n.* قازە بەفرینە (لە ناوچە باکووڕە بەفرینەکان دەژی پەڕو باڵی سپی‌یەو سەری باڵەکانی ڕەشە).

snow job, [Slang], کارتێکردن و پێ سەڵماندن و ڕاکێشانە لای خۆ بە قسەی زل و فیشاڵ و مەرایی؛ قسەی زل و فیشاڵ و مەرایی:

(He did a ~ on the manager and got a job.)

snow leopard, پڵنگە بەفرینە؛ پڵنگی سپی.

snow line (or **limit**), داماڵنی شاخێک یا ناوچەیەکی هەرگیز بەفر نەچووەوە.

snow-man (snō′mən´), *n.* شێرەبەفرینە.

snow-mobile (snō′mō´b'l), *n.* ئۆتومبیلی بەفر.

snow plant, ڕووەکێکی نەمەریکی بێ گەڵای گوڵ سوورو شۆڕبووەوەیە لە دارستانە کاژەکاندا دەڕوێت لە بەهاردا پێش تووانەوەی بەفر

snow-plow (snō′plou´), *n.* بەفرماڵ (بەفری شەقامو ڕێگەوبانو ڕێی شەمەندەفەری پێ دەماڵرێ).

snow pudding, محەللەبی سپی: لە سپینەی هێلکەی شڵەقاو شەکرو جەلاتین دروست دەکرێ.

snow-shed (snō′shed´), *n.* سایەبانی سەر هێڵی شەمەندەفەر (بۆ نەوەی بەفر دای نەپۆشێ).

snow-shoe (snō′shōō´), *n.* پێڵاوی بەفر

v.i. پێڵاوی بەفر لەپێکردن.

snow-slide (snō′slīd´), *n.* هەڕەسدانی بەفر.

snow-storm (snō′stôrm´), *n.* بەفرێکی زۆر بە بایەکی قایمەوە؛ بەفروبا؛ زریانی بەفر.

snow tire, تایەی بەفر (بۆ نەخلیسکانی ئوتومبیل لەسەر بەفرو سەهۆڵ).

snow-white (snō′hwīt´), *adj.* سپی وەک بەفر؛ چوپ؛ لە سپێتیدا لە بەفر دەکات.

snowy (snō′i), *adj.* (١) بەفراوی؛ بە بەفر داپۆشراو؛ بەفرگرتوو: *(a ~ valley)*

(٢) بەفرین؛ بەفری؛ بە بەفر کراو.

(٣) (ا) سپی؛ سپی وەک بەفر؛ بەفری. (ب) پاک؛ خاوێن.

snub (snub), *v.t.* (١) قسە پێ بڕین بە ناشرینانە؛ سەرزەنشتکردن؛ شکاندن. (٢) (ا) وەستاندن؛ لە جووڵانەوە خستن (وەک گوریسێک یا پەتێک بە پێچانەوەی بە دەوری سنگێکدا) (ب) لە پڕ وەستاندن یا بەستنەوە (وەک ووڵاخێک یا بەلەمێک بە گوریس بە دەوری سنگێکدا).

(ج) ڕاگرتن؛ وەستاندن؛ دابینکردن: *(to ~ a vibration)*

(٣) لە لووت دان (بە ڕێز نەگرتن و خستنە پشت گوێ)؛ شکاندن؛ بە ناشرینی و سووکی لەگەڵ ڕەفتارکردن بەتایبەتی کە ئەم جۆرە ڕەفتارە چاوەڕوان نەکرابێ:

(They ~bed the ambassador by not inviting him to the party.)

(٤) کوژاندنەوە بە پلیشاندنەوە: *(to ~ out a cigarette)* .

n. (١) لە لووت دان؛ شکاندن؛ کردەوەیەکی ناشرینانە و چاوەڕوان نەکراو بەرامبەر بە یەکێک: *(He considered it a ~.)* .

(٢) وەستان؛ دابینکردن؛ ڕاگرتن.

adj. (*Also* snubbed), هەڵگەڕاوە (لووت)؛ قوت: [a ~ (or snubbed) nose].

snubber (snub′ĕr), *n.* (١) شتی پێ وەستێنەر یا پێ بەستراوە (گوریس، پەت). (٢) **shock absorber** .

snubby (snub′i), *adj.* (١) کورت و هەڵگەڕاوە (لووت)؛ قوت (لووت). (هەروەها " snub ") (٢) **snub-nosed** .

(٢) خەلك شكين؛ لە لووتى خەلك دەر (بە پێز نەگرتن و خستنە پشت گوێ).
snub-nosed (snub′nōzd´), *adj.* لووت كورت و هەڵگەڕاوە؛ لووت قوت.
snuff (snuf), *n.* سەرە سووتاوو رەشەكەی پلیتە مۆم
v.t. (١) پرپر یا قرتاندنی سەرە رەشو سووتاوەكەی پلیتە مۆمو چرا. (٢) مۆم كوژاندنەوە بە دەست یا بە " snuffers "
snuff out, (١) كوژاندنەوە (مۆم، چرا). (٢) دوایی پێ هێنان (ژیان)؛ كوژاندنەوە؛ نەهێشتن؛ كۆتایی پێ هێنان؛ لەناو بردن.
(an accident that snuffed out a life)
snuff (snuf), *v.t.* (١) بۆن كردن؛ هەڵمژین. (٢) بۆن پێوەكردن.
v.i. (١) بۆن كردن؛ پرمان. (٢) [Rare]، برنووتی هەڵمژین؛ برنووتی كردنە لووتەوە.
n. (١) بۆن كردن؛ دەنگی بۆن پێوەكردن؛ مشەمش. (٢) (ا) برنووتی (ب) نەختێك برنووتی كە لە یەك جاردا بە لووت هەڵدەمژێنرێ. (٣) تۆزی بە لووت هەڵمژێنراو (دەرمان. كۆكایین). (٤) بۆن؛ بۆن و بەرامە.
up to snuff, [Colloq.]. (١) باش؛ پەسەند (تەندروستی، چۆنێتی)؛ لێهاتوو؛ بڕە بەرێ. (٢) ووریا؛ هۆشیار؛ بە ئاسانی ناخەڵەتێ
snuff-box (snuf′boks´), *n.* قوتووی برنووتی
snuffers (snuf′ĕrz), *n.pl.* شتێكی وەك یەك وەك مەقەست مۆمی پێ دەكوژێنرێتەوە.
snuffle (snuf′l), *v.i.* (١) مشەمش كردن؛ مشانن؛ هەناسەبڕكێ پێكەوتن (وەك سەگ). (٢) بە لووت قسەكردن یا گۆرانی ووتن؛ منگەمنگ كردن. (٣) [Rare]، نووزەنووزكردن؛ نووزانەوە؛ كرووزانەوە بە درۆ.
v.t. بە منگەمنگ ووتن؛ بە لووت ووتن
n. (١) مشەمش؛ مشانن؛ هەناسەبڕكێ. (٢) منگە منگ؛ دەنگی بە لووت كراو. (٣) [Rare]، نووزەنووز، كرووزانەوەی درۆ.
the snuffles, لووت گیران؛ لووت گیراوی؛ هەڵامەت.
snuffy (snuf′i), *adj.* (١) لە برنووتی دەچێ. (٢) برنووتی بەكاردەهێنێ. (٣) برنووتی پێوەیە؛ پیس بووە بە برنووتی؛ لەكاوی بووە. (٤) ناپەسەند.
snug (snug), *adj.* (١) گەرم و گوڕە و لە ناسوودەدایە؛ ئاسوودەدار.
(They looked so ~ sitting there together by the fireplace.)
(٢) بچووك و خنجیلە و خۆش. *(a ~ cottage, apartment, etc.)*
(٣) بەس؛ بەش دەكات (دەسكەوت)؛ باش. *(a ~ income)*
(٤) چەسپ؛ پڕ بە بەر؛ پڕ بە پڕی خۆیەتی (بەرگ). *(a ~ jacket)*
(٥) چاك دروستكراو (كەشتی)؛ پتەو؛ قایم؛ بەرگەی زیان دەگرێ.
(٦) شاراوە؛ نەبینراو.
adv. بە ئاسوودەیی و گەرم و گوڕی.
v.i. [Dial.], = snuggle.
v.t. (١) پڕ بەبەركردن (جل و بەرگ). (٢) خۆش و گەرم و گوڕو پێك و پێك كردن.
(to ~ the cottage for winter)
(٣) شاردنەوە. (٤) قایم كردن.
snug down, خۆ ئامادەكردن بۆ زیان (بە هەڵگرتنی بایەوان و قایم كردنی بەستنەوەی شتی نەچەسپاوی ناو كەشتی).
snuggery (snug′ĕr-i), *n.* شوێنێك یا شتێكی خۆش و بە ئاسوودە
snuggle (snug′l), *v.i. & v.t.* خۆتێهەڵسوون و چوونە باخەڵەوە بۆ گەرم و گوڕی و خۆشەویستی؛ لێ نزیكبوونەوە بۆ گەرم و گوڕی.
(She ~d up to him.)
so (sō), *adv.* (١) بەم جۆرە؛ ئاوا؛ وەها؛ وەك ئەوە.
(Hold the bridle ~ .)
(٢) (ا) ئەوەندە. *(Why are you ~ late? It is not ~ hot today.)* (ب) زۆر؛ ئێجگار؛ ئەوەندە. *(They are ~ happy together.)*
(٣) لەبەرئەوە. *(They were late, and ~ didn't go.)*
(٤) نزیكەی. *(He won fifty dollars or ~ .)*
(٥) هەروەها؛ - یش. *(She enjoys music, and ~ dose he.)*
(٦) بێ گومان؛ گومانی تێدا نییە. *(I did ~ tell the truth!)*
(٧) كەوابوو؛ وا دیارە. *(~ you realy don't like my haircut.)*
(٨) [Colloq.]، ئێجگار زۆر. *(She ~ wants to go.)*
conj. (١) بۆئەوەی؛ تاكو؛ تا.
| He died ~ (that) we might be free.|
(٢) لەبەرئەوە. *(It was late, ~ we went home.)*
(٣) بەمەرجێك كە.
pron. (١) بەو جۆرە؛ وەها.
(He was a poor man, but he did not remain ~ .)
(٢) نزیكەی.
interj. كەواتە؛ كەوابوو؛ وا دیارە.
(~ you've lost your job!)
and so on (or forth), وە هەروەها؛ وە هی تریش؛ هەتا دوایی.
so as, (١) بۆئەوەی؛ تاكو. (٢) بەمەرجێك كە.
so what? [Colloq.], جا چی بووە؟؛ چش !؛ ئینجا چیە؟؛ جا با وا بێ!.
soak (sōk), *v.t.* (١) خووساندن؛ باش تەركردن؛ نوقوم كردن لە ناو یا شلەدا. (٢) (ا) (~ up) ، هەڵمژین (ناو، شلە).
(Blotting paper ~s up ink.)
(ب) (up ~) وەرگرتن؛ هەڵمژین (مەجاز). *(I ~ed up the sunshine.)*
(٢) (up ~) بە مێشك وەرگرتن؛ بە ئاسانی تێگەیشتن؛ چوون بە مێشكدا.
(٤) [Colloq.]، زۆر خواردنەوە؛ مەست بوون.
(٥) [Slang]، پیامالێن؛ زەمە لێ هەڵسان؛ مستەكۆڵە لێدان.
(٦) [Slang]، پارە زۆر لێسەندن؛ پووتكردنەوە (مەجاز).
(The government ~ed the taxpayers.)
(٧) [Slang]، سەرخۆش كردن؛ مەستكردن.
(٨) [Slang]، بارمتەكردن؛ لە بارمتەدا دانان.
v.i. (١) خووسان؛ زۆر باش تەپبوون.
(٢) چوونەناو؛ تێ چوون. *(The fact ~ed into his head.)*
(٣) [Colloq.]، زۆر خواردنەوە؛ سەرخۆش بوون.
n. (١) خووسان؛ زۆر باش تەپبوون؛ خووسێنران.
(٢) خووساوی. (٣) ئاو یا شلەی شت تێدا خووسان.
(٤) [Slang]، كەسێكی مەست یا سەرخۆش.
(٥) [Slang]، زۆر خواردنەوە؛ مەست بوون؛ مەستی.
(٦) [Slang]، لە بارمتەدا بوون یا دانران. *(~ in)* .
(٧) [Slang]، مستەكۆڵەی قایم؛ مستەكۆڵە.
soak out, لێ دەرهێنان بە خووساندن. *(to soak the dirt out)*
soakage (sōk′ij), *n.* (١) خووسان؛ خووسێنران. (٢) ئاو و شلەی هەڵمژراو؛ ئاو و شلەی لێ چوو یا دەڵێو.
so-and-so (sō′n-sō´), *n.* (١) ئەمو ئەو؛ فلان و فیسار؛ فلانە كەس؛ یارق: *(Never mind what ~ says.; Tell me to do ~ .)* .
(٢) [Colloq.]، جوێنی ناونەبراو؛ ووشەیەكە لە باتی جوێن وەك: سەگباب، ناپیاو، بێ شەرەف... هتد: *(That ~ .; He's a real ~ .)* .
soap (sōp), *n.* (١) سابوون؛ پێشۆر. (٢) كانزا خوێی ترشەڵۆكی چەور. (٣) [Slang]، پارەی بە بەرتیلدا دراو. (٤) **soap opera** .
v.t. (١) سابوون لێدان؛ سابوون لێخستن. (٢) مەرایی كردن.
no soap, [Slang], (١) پێشنیارەكە پەسەند نەكرا؛ شتەكە ڕێ نەكەوت یا سەری نەگرت. (٢) بێ سوود؛ بێ كەڵك؛ سەرنەكەوتوو
soap-bark (sōp′bärk´), *n.* (١) دارە سابوونی؛ درەختێكە گەڵاكەی وەك چەرم وایە و گوڵی سپی دەگرێ و قەدەكەی شتی پاك كردنەوەی لێ

دروست دەکرێ (۲) داری ئەم درەختە.

soap-berry (sōp′ber´i, sōp′bĕr-i), *n.* (۱) درەختێکی ناوچە گەرمەکانە بەرەکەی لە سابوون دەچێ. (۲) بەرە نەرمە سابوونیی‌یەکەی ئەم درەختە

soap-box (sōp′boks´), *n.* (۱) سندوقی سابوون. (۲) سندوقی ووتاربێژ: سندوقێکە ووتاربێژ لەسەری پادەوەستێ لەسەر شەقامو لە شوێنی گشتیدا ووتار بۆ خەڵک دەدات.

adj. تایبەتی بەم جۆرە ووتارو ووتاربێژانە.

v.i. ووتاردان بۆ خەڵکی سەر شەقامو ناو شوێنی گشتی.

soap bubble, (۱) بلقە سابوون. (۲) شتێکی سەردەمی یا کەم خایەن.

soapiness (sōp′i-nis), *n.* سابوونێتی؛ لە سابوون چوون.

soap opera, شانۆنامەی زنجیرەیی سەر رادیۆ یا تەلەفزیۆنی بەسۆزە دەربارەی ژیانی کۆمەڵایەتی و خێزانی و دڵداری هتد.

soap plant, ڕووەکە سابوون: هەر جۆرە ڕووەکێکە ڕەگو بەرو گەڵاکەی لەباتی سابوون بەکاربهێنرێت یا سابوونی لێ دروست بکرێ.

soap-stone (sōp′stōn´), *n.* بەردە سابوون بەردێکی خۆڵەمێشی مەیلەو سەوزی نەرمە زوو وورد دەبێ؛ پۆدرە (هەروەها " **steatite** ").

soap-suds (sōp′sudz´), *n.pl.* کەفە سابوون؛ سابووناو.

soap-wort (sōp′wŭrt´), *n.* ڕووەکێکە گەڵاکەی شێلەیەکی سابوونی لێ دێتەدەرەوە کە بریندار دەکرێ.

soapy (sōp′i), *adj.* (۱) سابووناوی؛ سابوونی تێدایە؛ سابوون دایپۆشیوە. (۲) سابوونی؛ لە سابوون دەچێ. (۳) [Slang]. (ا) لووس؛ خڕ؛ چەور؛ ڕۆناوی. (ب) زمان لووس؛ مەراییکەر.

soar (sôr, sōr), *v.i.* (۱) بەرز فڕین؛ فڕین بە ئاسماندا؛ باڵ گرتن. (۲) بە ئاسماندا کشان (فڕۆکە). (۳) بەرزبوونەوە؛ بڵندبوونەوە؛ فڕین (مەجاز)

n. (۱) بەرز فڕین؛ باڵ گرتن؛ فڕین. (۲) ئەو بەرزی‌یەیە کە فڕۆکە یا باڵندە دەیگاتێ لە فڕیندا؛ مەودای فڕین.

sob (sob), *v.i.* (۱) گریان بە کۆڵ؛ هەنسکدان؛ هەنسکەهەنسکدان؛ دانە پڕمەی گریان. (۲) دەنگێکی وەک هەنسکەهەنسک لێوەهاتن.

v.t. (۱) بە هەنسکەوە ووتن؛ بە گریانەوە ووتن. (۲) خەو لە خۆ خستن بە گریان و هەنسکدان:

(The child ~bed herself to sleep.)

n. (۱) هەنسکدار؛ دانە پڕمەی گریان؛ بە کۆڵ گریان. (۲) هەنسک؛ هەنسکەهەنسک؛ پڕمەی گریان؛ گریانێکی بە کۆڵ.

sober (sō′bĕr), *adj.* (۱) ڕۆر کەم خواردنەوەی مەستکەر دەخواتەوە. (۲) سەرخۆش نەبێ؛ نامەست؛ بەهۆش؛ بەئاگا. (۳) سەنگین؛ سەلار؛ ئاغر؛ لەسەرخۆ؛ هێمن. (٤) خاکی (جل‌وبەرگ)؛ ڕەنگ؛ ڕەنگاوڕەنگ نەبێ؛ سادە. (٥) بە بێ زیادەڕۆیی‌وەنان؛ بە بێ گۆڕین یا شێواندن؛ لە ڕاستیدا چۆنە وەها:

(the ~ truth)

v.t. & v.i. (~ up; ~ down), هێمن کردنەوە؛ هێمن بوونەوە؛ هاتنەوە سەرخۆ؛ هۆش هاتنەوەبەر (پاش مەستی یا سەر لێ تێکچوون).

sober-minded (sō′bĕr-mīn´did), *adj.* هێمن؛ لەسەرخۆ؛ سەرخۆش نەبێ

sobriety (sō-brī′ə-ti), *n.* (۱) ئاسەرخۆشی؛ نامەستی؛ هۆش بەخۆ بوون؛ ڕۆر نەخواردنەوە. (۲) هێمنی؛ سەلاری؛ ئاغری؛ سەنگینی؛ لەسەرخۆبوون.

sobriquet (sō′bri-kā´), *n. Also* soubriquet, ناوی نهێنی؛ ناوی خواستراو.

sob sister, [Slang]. (۱) ژنە ڕۆژنامەچی‌یەکە کە چیرۆکی بەسۆز دەنووسێ. (۲) کەسێکی لە ئەندازە بەدەر بەسۆز یا سۆزبەرست.

sob story, چیرۆکێکی پڕ لە ڕوودانی ناخۆشە بۆ کەسێک دەگێڕێتەوە بۆ هەست ڕاکێشانی و هاوسۆزی بەرەیی پێداهاتنەوە:

(After failing the test, she told her teacher a ~ in order to make him change her grade.)

socage (sok′ij), *n.* بە کرێ گرتنی زەوی دەرەبەگی ئینگلیزی سەدانی ناوەڕاست یا بە پارە یا بەرامبەر بە ئیش کردن بۆ دەرەبەگەکە.

so-called (sō′kôld´), *adj.* بەناو؛ هەر بەناو؛ وا ناوبراو؛ وا ناسراو:

(He is a ~ liberal.)

soccer (sok′ĕr), *n.* فتبۆلێن؛ تۆپ تۆپین؛ یاری شەق شەقێن؛ تۆپی پێ .

sociability (sō´shə-bil′ə-ti), *n.* کۆمەڵخوازی؛ خەڵک خوازی؛ حەزکردن بە تێکەڵاوبوون لەگەڵ خەڵکدا.

sociable (sō′shə-b'l), *adj.* (۱) کۆمەڵخواز؛ خەڵک خواز؛ حەزکەری تێکەڵاوبوون لەگەڵ خەڵکدا: *(a ~ person)* . (۲) ڕووخۆش؛ ڕووکراوە (۳) خۆش؛ تایبەتی بە کاتێکی براوەسەر بە قسەی خۆش و ڕابواردن لەگەڵ خەڵکدا: *(a ~ evening)* .

n. ئامەنگێکی کۆمەڵایەتی ئەندامانی کڵێسەیەک یا کۆمەڵێکە. (هەروەها " **social** ")

-sociableness *(n.)*; sociably *(adv.)*.

social (sō′shəl), *adj.* (۱) کۆمەڵایەتی؛ کۆمەڵی؛ تایبەتی بە کۆمەڵ:

(~ life; ~ reform; ~ problems)

(۲) کۆمەڵگایی؛ لە کۆمەڵگادا دەژی: *(Modern man is ~ .)*

(۳) تایبەتی بە چینە بەرزەکانی کۆمەڵ: *(She is a ~ climber.)*

(٤) ڕووخۆش؛ ڕووکراوە: *(a ~ nature)* .

(٥) بۆ یەکگرتن و کات پێکەوە ڕابواردن دانراوە؛ کۆمەڵایەتی: *(a ~ club)* .

(٦) تایبەتی بە فەرمانبەری کۆمەڵایەتی: *(a ~ worker)* .

(۷) بە کۆمەڵ دەژین؛ کۆمەڵخواز: *(The ant is a ~ creature.)*

(۸) بە کۆمەڵ دەڕوێن (ڕووەکناسی). (۹) **socialist** .

(۱۰) هی نێوان هاوپەیمانان (جەنگ).

n. ئامەنگێکی کۆمەڵایەتی ئەندامانی کڵێسەیەک یا کۆمەڵێکە. (هەروەها " **sociable** ").

social climber, خۆ نزیککەرەوە لە کەسانی پلەوپایەداری کۆمەڵ.

social contract (or **compact**), پەیمانی کۆمەڵایەتی: کە دەڵێت دەبێ میری بە ڕەزامەندی گەل فەرمانڕەوایی بکات. (فەلسەفەی " ڕۆسۆ")

social disease, نەخۆشی جوت بوون (وەک سووزەنەکو فەڕەنگی).

social evil, (۱) شتێکە کە مەترسی بێ بۆ ئاسوودەیی کۆمەڵ (وەک هەژاری، بەنگ فرۆشتن... هتد). (۲) قەحبەیی

socialism (sō′shəl-iz'm), *n.* هاوبەشێتی؛ هاوبەشایەتی؛ سۆشیالیزم.

socialist (sō′shəl-ist), *n.* (۱) سۆشیالیست؛ هاوبەشیخواز. (۲) [S-]، ئەندامی حیزبێکی سۆشیالیستی.

adj. (۱) سۆشیالیستی؛ تایبەتی بە بیرو باوەڕی سۆشیالیستی و سۆشیالیستەکان. (۲) لایەنگری سۆشیالیزم.

socialistic (sō´shə-lis′tik), *adj.* سۆشیالیستی؛ سەر بە بیرو باوەڕی سۆشیالیستی یا هاوبەشێتی: *(~ ideas and programs)*

-socialistically *(adv.)*.

socialite (sō′shə-līt´), *n.* [Colloq.]. ئەندامێکی ناسراوی چینی تێروتەسەڵ و باوخوازی کۆمەڵ.

sociality (sō´shi-al′ə-ti), *n.* (۱) (ا) ڕووخۆشێتی؛ ڕووخۆشی؛ ڕووکراوەیی. (ب) نموونەیەکی ئەم ڕووخۆشێتی‌یە. (ج) مەیلی پێکەوە ژیان لە کۆمەڵگادا.

socialize (sō′shə-līz´), *v.t.* (۱) کردنی خانووبەرەو کۆمپانیا و کارگەو هۆی بەرهەمهێنان بە موڵکی گەل لەڕێی خستنیانە ژێردەستی میری‌یەوە؛ لەسەر بنچینەی سۆشیالیستی ڕێکخستن؛ کردن بە موڵکی هەموو کەس (۲) گونجاندن لەگەڵ پێویستی کۆمەڵدا. (۳) فێری هەڵسان و دانیشتن کردن لەگەڵ خەڵکدا؛ فێری کۆمەڵخوازی کردن.

v.i. [Colloq.], بەشداربوون لە چالاکی کۆمەڵایەتیدا؛ هەڵسان و دانیشتن لەگەڵ خەڵکدا.

socialized medicine, چارەکردنی تەندروستی گشتی لەلایەن میریەوە؛ گرتنە ژێردەستی چارەکردنی گشت نەخۆشان لەلایەن میریەوە (بە بودجەی گشتی).

socially (sō′shəl´i), *adv.* (١) لەرووی کۆمەلایەتیەوە: *(~ pleasnat)* (٢) بەلای کۆمەلەوە؛ بە رای کۆمەل: *(~ acceptable)* . (٣) لەناو کۆمەلدا؛ لەرووی پلەوپایەی کۆمەلایەتیەوە: *(~ prominent)* .

social register, لیستەی ناسراوانی کۆمەل.

social science, زانستی کۆمەلایەتی

social scientist, زانای کۆمەلایەتی.

social security, دەستەبەری کۆمەلایەتی.

social service, = social work.

social studies, لێکۆڵینەوەی کۆمەلایەتی: وانەیەکی قوتابخانەیە دەربارەی پێوەندی کۆمەلایەتی کە مێژوو و جوگرافیا و زانستی کۆمەلایەتی دەگرێتەوە

social work, ئیشوکاری کۆمەلایەتی: بریتیە لە یارمەتیدانو خزمەتکردنی هەژاران و کەفتەکاران و لێقەوماوان.

social worker, کارگەری ئیشوکاری کۆمەلایەتی. (روشەی پێشنیو ببینە)

societal (sə-sī′ə-t'l), *adj.* کۆمەلی؛ هی کۆمەل یا کۆمەڵگا: *(~ forces)*

society (sə-sī′ə-ti), *n.* (١) کۆمەل؛ کۆمەڵگا. (٢) ناوەڵی؛ هاوەڵی؛ هاودەمی: *(I do not seek his ~ .)* . (٣) یانە؛ کۆمەڵە؛ ڕێکخراو: *(a medical ~)* . (٤) چینی خۆش گوزەرانی کۆمەل؛ چینی بەرز و پلەوپایەداری کۆمەل: *(All ~ attended the concert.)* (٥) خوو و نەریت و کاروباری نەم چینە.

society column, خانەی پلەوپایەداران و ناودارانی کۆمەل لە ڕۆژنامەدا (کە دەنگوباسی ئەم چینە بڵاودەکاتەوە).

socio- (sō′si-ō, sō′shi-ə), پێشگرێکە بە مانای: کۆمەل؛ کۆمەلایەتی: تایبەتی بە کۆمەڵگا: *(~ -economic)* .

socio-economic, کۆمەلی- ئابووری: کۆمەلی و ئابووری: *(the ~ conditions in the country)*

sociologist (sō´si-ol′ə-jist, sō´shi-ol′ə-jist), *n.* کۆمەڵناس؛ زانای کۆمەل؛ زانای کۆمەڵناسی.

sociology (sō´si-ol′ə-ji, sō´shi-ol′ə-ji), *n.* کۆمەڵناسی؛ زانستی کۆمەل؛ زانستی کۆمەلایەتی.

-socilogical *(adj.)*; **sociologically** *(adv.)*.

sociometry (sō´shi-om′ə-tri), *n.* هەڵسەنگاندن و پێوانی پەیوەندی کۆمەلایەتی نەندامانی کۆمەڵێکی تایبەتی.

sock (sok), *n.* (١) پێڵاوی سووکی نوواندنی شانۆنامەی قۆشمە (کۆمیدیا) ی یۆنانی و ڕومانی کۆن (٢) شانۆنامەی قۆشمە؛ کۆمیدیا. (٣) گوزەری کورت؛ گوزەری پیاوانە.

sock (sok), *v.t.* [Slang], (١) مستەکۆڵەی قایم لێدان؛ مستەکۆڵە پیامانێ؛ زەمە ل هەڵسان. (٢) خستنەناو؛ تێخستن؛ تێدادانان: *(He ~ed all his money in the bank.)*

n. [Slang], مستەکۆڵە

adv. [Slang], ڕاستەوخۆ؛ یەکسەر

sock it to, [Slang]. بە تووندوتیژی قسە لەگەل کردن؛ بە تووندوتیژی لەگەلدا جوواندنەوە؛ خەڵەتاندن و پارە زۆر لێسەندن (سەرداگەری)؛ هێرش بردنە سەر (هەمور ڕووبەکەوە)

sockdolager (sok-dol′ə-jēr), *n.* (١) شتێکی بە تێز و تووندوتیژ شت بەکلاکەرەوە. مستەکۆڵە. ووتە. (٢) شتێکی زۆر زل لەچاو توخمەکەیدا.

socket (sok′it), *n.* چاڵیک یا بوشایی‌یەکە کە شتێکی تێ دەخرێت یا تێخراوە (وەک چاڵی نێسکی کڵۆت، ئەو چاڵاییەی‌ەی گڵۆپی تێ دەخرێت یا پلاکی کارەبای تێ دەخرێت، چاڵی چاو...هتد).

v.t. چاڵی وەها بۆ کردن؛ خستنە چاڵ یا بۆشایی وەهاوە.

sock-eye (sok′ī´), *n.* سەلموونی سوو: جۆرێکە لە ماسی.

socle (sok′'l, sō′k'l), *n.* بنی دەرپۆقیوی پایەو دیوارو پەیکەر.

Socratic (sō-krat′ik), *adj.* سوقراتی؛ تایبەتی بە فەلسەفەی سوقرات.

n. (١) قوتابی سوقرات (٢) فەیلەسوفی یۆنانی پەیرەوکەری سوقرات

sod (sod), *obsolete past tense of* seethe.

sod (sod), *n.* (١) چیمەن (٢) چینی سەرەوەی خاک بە چیمەنەکەیەوە. (٣) پارچەیە لەم خاکو چیمەنە. (٤) خاکی نیشتمان؛ نیشتمان.

v.t. داپۆشینی خاکی پروت بە چیمێنکی تەنک لە خاکو چیمەن (کە وەک بەرە بەسەریدا پا دەخرێو دەستبەجێ وەک چیمەن دەنوێنێ لە شوێنە تازەکەدا).

under the sod, لە گۆڕدایە؛ نێژراوە؛ مردووەو لەژێر خاکدایە.

sod (sod), *n.* [British Slang], کەسێکی بێ نرخ؛ کەسێکی خوێڕی و بۆگەن.

soda (sō′də), *n.* (١) کاربۆناتی سۆدیۆم. (٢) بیکاربۆناتی سۆدیۆم؛ سۆدەی نان. (٣) هایدرۆکسایدی سۆدیۆم. (٤) ئاوی گازاوی یا کەفوکوڵدار. (٥) سۆدە: خواردنەوەیەکە لە ئاوی کەفوکوڵاوی و شیلە دروست دەکرێ.

soda ash, کاربۆناتی سۆدیۆمی ناپوخت.

soda fountain, (١) فرۆشگای سۆدەو خواردنەوەی گازاوی تر. (٢) دەفری بەلووعەداری سۆدە.

soda jerk, کارگەری فرۆشگای سۆدەو خواردنەوەی گازاوی تر.

sodality (sō-dal′ə-ti), *n.* (١) دۆستایەتی؛ هاودەمی؛ ناوەڵێتی. (٢) کۆمەڵە؛ یەکێتی. (٣) کۆمەڵەی کاسۆلیکی.

soda pop, سۆدە: خواردنەوەیەکە لە ئاوی گازاوی و شیرینی و تامی دەستکرد پێکدێت لە قوتودا دەفرۆشرێ.

soda water, ئاوی سۆدە؛ ئاوی گازاوی (بە تەنها دەخورێتەوە یا تێکەڵاوی خواردنەوەی مەستکەر دەکرێ).

sodden (sod′'n), *obsolete past participle of* seethe.

adj. (١) خوساو؛ تێراو: *(the ~ ground)* . (٢) هەویراوی؛ نەبرژاو (نان، بسکویت): *(~ biscuits)* . (٣) گێژوونژ (لە مەستیدا)؛ وڕ؛ حۆل (لەبەر سەرخۆشی). (٤) بێ مێشک؛ گەمژە؛ گەلحۆ؛ دەبەنگ: *(~ minds)* . (٥) [Archaic]، کۆلو.

v.t. خووساندن؛ تێراوکردن؛ زۆر تەپکردن.

v.i. خووسان؛ تێراوبوون؛ زۆر تەپبوون.

sodium (sō′di-əm), *n.* سۆدیۆم (کیمیا).

sodium bicarbonate, = baking soda.

sodium bromide, بڕۆمیدی سۆدیۆم: ئاوێتەیەکی سپی بلووریی‌یە لە دەرمان و وێنەکاریدا بەکاردێت (کیمیا).

sodium carbonate, کاربۆناتی سۆدیۆم (کیمیا)؛ سۆدەی شتن.

sodium chlorate, کلۆراتی سۆدیۆم (کیمیا).

sodium chloride, کلۆریدی سۆدیۆم؛ خوێ.

sodium hydroxide, سۆدەی داخکەر. (پێشی دەووترێ " sodium hydrate " وە " caustic soda ").

sodium nitrate, نیتراتی سۆدیۆم (کیمیا).

Sodomite (sod′əm-īt´), *n.* (١) نیشتەنی‌یەکی شاری " Sodom " ی فەلەستینی کۆن (کە خوا وێرانی کرد لەبەر بێناموسی خەڵکەکەی) (٢) [S-]، نێرباز؛ هەتیوباز؛ نێرگێ.

sodomy (sod′əm-i), *n.* نێرگایین؛ نێربازی؛ هەتیوبازی؛ ووڵاخ گایین؛ گیانەوەر گایین.

soever (sō-ev′ēr), *adv.* (١) هەرچۆنێک بێت؛ تا هەر ڕادەیەک بێت: *(how dark -- the night may be)* (٢) بە هیچ جۆرێک؛ هیچ: *(no rest ~)* .

-soever (sō-ev′ĕr), پاشگرێکە بە مانای: هەر؛ هیچ؛ بە هیچ.
sofa (sō′fə), *n.* قەنەفە
sofa bed, قەنەفەی چەرپایەیی: قەنەفەیەکە دەکرێتەوە بۆ لەسەر نووستن وەک چەرپایە
soffit (sof′it), *n.* دیوی ژێرەوەی گۆی سەبانەو پێ پلیکانەو تاق.
soft (sôft), *adj.* (١) نەرم؛ نەرم‌ونۆل؛ شل. (ب) فشەڵ؛ فش‌وفۆل؛ فش.
(٢) نەرم؛ بە ئاسانی دەبڕێتەوە: *(~ wood)* .
(٣) نەرم؛ شل: *(~ butter)* .
(٤) ساف‌ولووس: *(a ~ skin)* .
(٥) ترش‌و تووڕو تاڵو تیژ نییە.
(٦) مەست نەکەر؛ ئاکحول: *(~ drinks)* .
(٧) سار (ئاو): *(~ water)* .
(٨) لەسەرخۆ؛ هێواش؛ نەرم: *(a ~ breeze)* .
(٩) ئاسک (مرۆڤ)؛ بەرگەی هیچ ناگرێ؛ شلەپەتێ: *(a ~ man)* .
(١٠) ئاسان؛ سووک: *(a ~ job)* .
(١١) (ا) هێمن؛ لەسەرخۆ. (ب) دڵ نەرم؛ نەرم (سرووشت): *(a ~ heart)* .
(ج) بوردەڵە؛ بێ هێز.
(د) [Colloq.]، ساویلکە؛ مێشک سووک: *(~ in the head)* .
(١٢) بە زێر پشتیوانی نەکراو (پارە، سکە).
(١٣) (ا) شەوقەکەی ئازاری چاو نادات؛ نەرم؛ زەق نییە (ڕەنگ)؛ کز:
(a ~ light, color, etc.)
(ب) هێواش؛ نزم؛ ساز (دەنگ): *(~ music; a ~ voice)* .
(١٤) نەرم (وەک دەنگی "س" وە "ج") (دەنگناسی):
(C is ~ in " city " but hard in " cat ".
G is ~ in " German " but hard in " get ".)
(١٥) فشەڵ؛ فش؛ فشۆڵ:
(His support among the people is very ~ .)
adv. بەهێواشی؛ لەسەرخۆ؛ بە نەسپایی.
n. شتێکی نەرم؛ بەشێک یا نەندامێکی نەرم.
interj. [Archaic], (١) بێ دەنگ بە!، قسە مەکە!
(٢) هێواش کە! بووەستە!
soft-ball (sôft′bôl′), *n.* (١) جۆرێکە لە یاری تۆپ تۆپێن (بە تۆپێکی نەرم دەکرێ‌و بە دەس دەهاوێژرێ). (٢) تۆپە نەرمەکەی ئەم یارییە.
soft-boiled (sôft′boild′), *adj.* دەڵەمە (هێلکە): کەم کوڵاو (هێلکە):
(~ eggs)
soft coal, = bituminous coal.
soft drink, سارد‌ەمەنی؛ خواردنەوەی ناکحووڵی.
soften (sôf′n), *v.t.* (١) نەرم کردن؛ فشەڵ کردن؛ نەرم‌ونۆل کردن؛ شل کردنەوە. (٢) هێمن کردنەوە؛ لە تووندوتیژی کەم کردنەوە.
(٣) (~ up) ، بەرهەڵستی کەم کردنەوە؛ بێ هێز کردن (سوپا).
v.i. نەرم بوون؛ فش بوون؛ شل بوونەوە.
-softener *(n.).*
soft goods, = dry goods.
soft-head (sôft′hed′), *n.* کەسێکی بێ مێشک؛ کەسێکی ساویلکە، گێل یا گەلحۆ
soft-headed (sôft′he′did), *adj.* بێ مێشک؛ ساویلکە؛ گێل؛ گەلحۆ.
soft-hearted (sôft′här′tid), *adj.* دڵنەرم؛ بەبەزەیی؛ هاوسۆز.
softie (sôf′ti), *adj.* - softy.
softish (sôf′tish), *adj.* نەختێک نەرم.
softly (sôft′li), *adj.* بە هێواشی؛ بە نەسپایی؛ بە نەرمی؛ بە بێ دەنگ؛ بە بێ خشپە؛ بە هێمنی؛ لەسەرخۆ.
softness (sôft′nis), *n.* نەرمی؛ نەرم‌ونۆڵی؛ فشەڵی؛ هێواشی؛ دەنگ کزی؛ ناتووندوتیژی
soft palate, ناسمانەی نەرمی دەم؛ مەڵاشوو؛ دوا مەڵاشوو (پێشی دەووترێ " velum ")
soft pedal, (١) پایەدەری دەنگ کزکردنی پیانۆ.
(٢) کپکەرەوە (ئامێر)؛ خامۆشکەر.
soft-pedal (sôft′ped′l), *v.t.* (١) دەنگی پیانۆ کزکردن بە پایەدەر.
(٢) لە توندوتیژی کەمکردنەوە؛ بە هێمنی‌و لەسەرخۆیی پێشکەش کردن
(to ~ an issue)
soft sell, [Colloq.], شت فرۆشتن بەبێ هەڵپێچان‌و بەگیرهێنانی کڕیارەکە.
soft-shell (sôft′shel′), *adj.* قاووغ نەرم (قرژانگ)
n. قرژانگی قاووغ نەرم
soft-shelled (sôft′sheld′), *adj.* قاووغ نەرم.
soft-shelled crab, قرژانگی قاووغ نەرم
soft-shelled turtle, کیسەڵی ئاوی قەڵغان نەرم.
soft-shoe (sôft′shōō′), *n.* نەرمە پێڵاوێکی بێ ناڵچەیە بۆ سەمای " tap dance "
soft shoulder, قەراغی قیرتاو نەکراو و نەرمی ڕێگەوبان.
soft-soap (sôft′sōp′), *v.t.* (١) سابوونی نەرم لێدان
(٢) [Colloq.]: مەرایی؛ قسە مێچکە بۆ کردن.
soft soap, (١) سابوونی نەرم.
(٢) [Colloq.]، مەرایی؛ قسە مێچکە.
soft-spoken (sôft′spō′k'n), *adj.* (١) (ا) هێمن؛ لەسەرخۆ؛ قسە نەرم. (ب) بە هێمنی‌و نەرمی ووتراو.
(٢) قسە خۆش؛ زمان شیرین؛ قسەزان.
software (sôft′wâr′), *n.* بەرنامە یا پرۆگرامی کۆمپیوتەر:
(computer ~)
soft-wood (sôft′wood′), *n.* (١) داری نەرم؛ دارو تەختەی بە ئاسانی بڕواوە (وەک کاژ). (٢) درەختی دار نەرم (وەک کاژ یا سنەوبەر)
softy, softie (sôf′ti), *n.* [Colloq.], (١) کەسێکی زۆر دڵنەرم‌و بەسۆز. (٢) کەسێکی بوودەڵە‌و سەرژانی؛ شلەشاری؛ کوونی
soggy (sog′i), *adj.* (١) (ا) خووساو؛ زۆر تەر؛ تێراو: *(a ~ lawn)* .
(ب) بڵ (چێشتی برنج)؛ هەویراوی؛ نەبرژاو: *(~ bread)*
(٢) قورس‌و ووشک‌و ناخۆش (نووسراو): *(~ prose)* .
-soggily *(adv.)*; **sogginess** *(n.).*
soigné (swâ′nyā′), *adj.* [Fr.], (١) جوان‌و ڕێک‌وپێک‌و باش ڕاگیراو:
(a ~ restaurant)
(٢) تەپۆش؛ شۆخ؛ ڕێک‌وپێک. (هەروەها " soignée " بۆ مێ).
soil (soil), *n.* (١) خاک؛ گڵ؛ خۆڵ؛ چینی سەرەوەی زەمین کە شتی تێدا دەڕوێ. (٢) جۆری خاک یا زەوی (ڕووتەنی، خاکی لماوی...هتد):
(sandy ~ ; barren ~)
(٣) نیشتمان؛ خاک؛ وڵات: *(native ~ ; foreign ~)* .
(٤) زەوی؛ کشتوکاڵ؛ زەوی‌و ژیانی کشتوکاڵی: *(a man of the ~)* .
(٥) شوێن یا دۆخی باش بۆ شت پەروەردەکردن: *(a breeding ~)* .
soil (soil), *v.t.* (١) پیس کردن (بەتایبەتی دیوی دەرەوە یا ڕووی شت)؛ لەکەدارکردن؛ لەکەلێدان (٢) ڕیسواکردن؛ ناوزڕاندن؛ ناوشکاندن؛ ناوبانگ پیس کردن. (٣) ناپرووبردن؛ دامێن پیس کردن؛ ناموس شکاندن.
v.i. پیس بوون؛ لەکەداربوون؛ ناوزڕان؛ ناموس چوون.
n. (١) پیسی؛ پیس بوون. (٢) لەکە؛ پەڵە. (٣) ناموس چوون؛ ناپرووچوون (٤) شیاکە؛ پەین. (٥) گوو؛ پیسایی؛ پیسی؛ گووا.
soil (soil), *v.t.* (١) قەرسیل دان بە مەڕومااڵت.
(٢) ئاو سکی مەڕومااڵت پاکردنەوە بە قەرسیل.
soilage (soil′ij), *n.* قەرسیل (کە دەدرێ بە مەڕومااڵت).
soil pipe, بۆری پیسایی ئاودەست.
soilure (soil′yoor), *n.* (١) پیس کردن؛ پیس بوون؛ لەکەدارکردن.
(٢) لەکە؛ پەڵە؛ پیسی.
soiree, soirée (swä-rā′), *n.* ئاهەنگی شەو.
sojourn (sō′jûrn), *v.i.* نیشتەجێ بوون بۆ سەردەمێک؛ لە شوێنێک

ژیان یا مانەوە بۆ سەردەمێك

n. نیشتەجێیی سەردەمی؛ ژیان یا مانەوەی سەردەمی لە شوێنێكدا.

-sojourner *(n.)*.

soke (sōk), *n.* (١) مافی دادپرسین لە ناوچەیەكدا. (٢) ئەو ناوچەیەی دادگایەك مافی دادپرسینی تێدا هەیە.

Sol (sol), *n.* (١) خۆر؛ ڕۆژ (٢) خودای خۆر لای ڕۆمانە كۆنەكان. (٣) زێر؛ ئالتوون

sol (sōl), *n.* پارەی وڵاتی "پیرۆ" یە.

solace (sol′is), *n.* دڵخۆشی دانەوە؛ دڵنەوایی كردن؛ دڵنەوایی.

v.t. (١) دڵخۆشی دانەوە؛ دڵنەوایی كردن. (٢) كەمكردنەوە.

solar goose, = gannet.

solar (sō′lēr), *adj.* (١) خۆری؛ ڕۆژی؛ تایبەتی بە خۆر. (٢) لە خۆرەوە پەیدابوو؛ خۆری؛ هی خۆر: *(~ energy)*. (٣) لە تیشكی ڕۆژەوە دێت؛ هەتاوی: *(~ heating)*. (٤) لەسەر سوڕانەوەی زەمین بە دەوری ڕۆژدا دەپێوڕێ: *(~ day)*

solar day, ڕۆژی بیست‌وچوار ساتی (لە نیوەڕۆوە بۆ نیوەڕۆ یا لە نیوەشەوەوە بۆ نیوەشەو)

solar house, خانووی هەتاوی: خانوویەكە ڕووی دەرەوەی ڕۆژی شووشەیە بۆ سوود لە تیشكی هەتاو وەرگرتن لە گەرم كردنی خانووەكەدا.

solarium (sō-lâr′i-əm), *n.* ژووری هەتاو؛ ژووری ڕوو لە خۆر: ژوورێكە هەتاوی ڕۆر تێ بكەوێ بۆ چارەكردنی نەخۆشی وەك لە خەستەخانەدا.

solarize (sō′lə-rīz´), *v.t.* (١) دانەبەر تیشكی خۆر؛ هەتاولێدان. (٢) زیاتر لە پێویست دانەبەر تیشكی ڕۆژ (وێنە).

-solarization *(n.)*.

solar plexus, (١) هەستە دەماری بەشی سەرەوەی گەدە. (٢) [Colloq.] لاسەرووی گەدە؛ دەمی گەدە.

solar system, كۆمەڵەی خۆر: خۆرو هەموو ئەو ئەستێرانەی بەدەوریدا دەسووڕێنەوە.

solar year, ساڵی خۆری (كە ٣٦٥ ڕۆژە)

solatium (sō-lā′shi-əm), *n.* دڵنەوایی دوای هەست بریندارکردن

sold (sōld), *past tense and past participle of* sell.

solder (sod′ēr), *n.* (١) دارێژە یا داڕشتەی لەحیم (٢) بەند: پەیوەندی؛ پەیوەست: پێكەبەست

v.t. (١) لەحیم كردن (٢) پەیوەستكردن: كردن بە یەك: پێكەوەبەستن.

v.i. (١) لەحیم بوون (٢) یەكگرتن: بوون بە یەك: پەیوەست بوون.

-solderer *(n.)*.

soldier (sōl′jēr), *n.* (١) سەربار (٢) كەسێكە كە لە سوپادا بێ سەرباز یا ئەفسەر (٣) كەسێكە كە بۆ سەركەوتنی مەسەلەیەك تێدەكۆشێت. (٤) مێروولەی سەرباز: مێروولەیەكی بەهێزە وەك سەرباز شارە مێروولەكە دەپارێزێ

v.i. سەربازی كردن.

v.t. (١) سەربازی كردن (٢) خۆ لە ئیش‌وكار دزینەوە (بە بیانووی نەخۆشی و شتی وەهاوە)؛ بە درۆ ئیش كردن یا خۆ نەخۆش خستن.

soldierly (sōl′jēr-li), *adj.* سەربازانە: بە شێوەیەك كە لە سەرباز بێت؛ نازایانە

soldier of fortune, سەربازی بە كرێ گیراو

soldiery (sōl′jēr-i), *n.* (١) سەربازگەل: سەربازان. (٢) دەستەیەك سەرباز؛ تاقمە سەرباز. (٣) زانستی سوپایی.

soldo (sol′dō), *n.* پارەیەكی كەم نرخی ئیتالیایە.

sole (sōl), *n.* (١) بنی پێ: بن پێ؛ بنی قاچ؛ بەری پێ. (٢) بنە پێڵاو؛ بنی پێڵاو (٣) بنی هەندێ شت (وەك گوڕیی یاری گۆڵف: هەوجار هتد)

v.t. (١) بن تێگرتن (بەتایبەتی بنی تازە). (٢) بنی گوڕی گۆڵف خستنەسەر زەوی لە كاتی ئامادەبوونداً بۆ لێدانی توێەكە.

sole (sōl), *adj.* (١) تەنها؛ تاقە كەس: *(She is her parents' ~ survivor.)* (٢) هەر؛ تایبەتی بە كەسێك؛ دەزگایەك، یا شتێك؛ تەنها؛ تاك. *(The Court has the ~ right to decide.)* (٣) [Archaic]؛ بێ كەس؛ تەنها خۆ؛ تەنیا؛ كەسی لە دەور نێیە. (٤) شوێنەكردوو.

sole (sōl), *n.* جۆرێكە لە ماسی.

solecism (sol′ə-siz′m), *n.* (١) بە هەڵە زمان بەكارهێنان (بەتایبەتی هەڵەی ڕێزمانی). (٢) لە سنووری ڕەووشت‌و نەریتی جوان دەرچوون؛ بێ نەزاكەتی. (٣) هەڵە

-solecist *(n.)*; **solecistic** *(adj.)*.

solely (sōl′li), *adv.* (١) بە تەنها؛ بە تاقی تەنیا: *(She went ~ on her way.)* (٢) هەر؛ تەنها هەر؛ بە تەنها: *(We are ~ to blame.)*. (٣) تەنها؛ بەتەواوی؛ هەر: *(He reads ~ for enjoyment.)*

solemn (sol′əm), *adj.* (١) پیرۆز: *(a ~ oath)*. (٢) بەشكۆ؛ بە توند گیراو؛ شكۆدار: *(a ~ occasion, ceremony, etc.)* (٣) سەنگین؛ مۆن؛ مەنگ: *(a ~ face)*. (٤) دڵتەنگكەر؛ ڕەش؛ ترسناك؛ دڵگیر.

-solemnly *(adv.)*; **solemness** *(n.)*.

solemnify (sə-lem′nə-fī´), *v.t.* شكۆپێدان؛ پیرۆزكردن.

solemnity (sə-lem′nə-ti), *n.* (١) شكۆ؛ بەشكۆیی: *(the ~ of the occasion)* (٢) ڕووداوێكی بەشكۆ بڵند. (٣) سەنگینی؛ مەنگی.

solemnize (sol′əm-nīz´), *v.t.* (١) یادكردنەوە بە پێی نەریت (بەتایبەتی شتێكی ئاینی پیرۆز). (٢) پیرۆزكردن بە پێی نەریتی ئاینی‌و كۆمەڵایەتی: *(to ~ a marriage; The marriage was ~d.)* (٣) شكۆپێدان؛ سەنگین كردن.

-solemnization *(n.)*.

solenoid (sō′lə-noid´), *n.* تەلی مارپێچی نەلەكتریكی موگناتیساوی.

-solenoidal *(adj.)*.

solfa (sōl′fä´), *n.* (١) سۆلفا: بڕگەكانی كێشەی ئاوازی مۆسیقا كە بریتین لەمانە: do, re, mi, fa, sol, la, ti. (٢) بەكارهێنانی ئەم بڕگانە لە مۆسیقاڵێدان‌و گۆرانی ووتندا.

v.t. & v.i. مۆسیقاڵێدان‌و گۆرانی ووتن بەپێی بڕگەكانی كێشەی مۆسیقا.

-solfatist *(n.)*.

solfatara (sôl´fä-tä′rä), *n.* كون یا درزێكی ئاگرپژێنیە كە هەر هەڵم‌و گازی گۆگردی لێوە دێتەدەرێ.

solfeggio (sol-fej′ō, sol-fej′i-ō), *n.* *Also* **solfége,** (١) مەشقی گۆرانی بەپێی "سۆلفا" (ووشەی پێشوو ببینە). (٢) "سۆلفا" بەكارهێنان لە گۆرانی خوێندنەوە یا ووتندا.

solicit (sə-lis′it), *v.t.* (١) داواڵێكردن؛ لێ پاڕانەوە؛ تكاڵیكردن: *(We ~ your support.; He ~ed them for help.)* (٢) هاندان بۆ كاری خراپەكردن (بەتایبەتی كاری بەدڕەووشتی یا قەدەغە)؛ تەفرەدان؛ فریودان. (٣) داوای گان لێكردن (بەتایبەتی كە قەحبەیەك داوا لە پیاو بكات)؛ داوای چوونە جێ كردن لەگەڵدا.

v.i. داواكردن؛ پاڕانەوە؛ تكاكردن.

solicitation (sə-lis´ə-tā′shən), *n.* (١) داوا؛ تكا؛ پاڕانەوە؛ خواست؛ داواكاری؛ داواكردن. (٢) تەفرە؛ هاندانی كاری خراپە؛ فریودان.

solicitor (sə-lis′ə-tēr), *n.* (١) داواكار (یارمەتی؛ شت كڕین‌و فرۆشتن...هتد)؛ دەڵاڵ؛ داواكەر. (٢) پارێزەر (لە نینگلتەرە). (٣) پارێزەری شار یا دەسگایەكی میری؛ پارەری یاسایی میری.

solicitor general, پارێزەری گشتی میری؛ پارەری یاسایی گشتی

میری.

solicitous (sə-lis′ə-təs), *adj.* (۱) بەدەربەست؛ بەتەنگەوەماتوو: *(He was ~ of his employees' welfare.)* (۲) بەپەرۆش؛ حەزپێکەر: *(She was ~ to make friends.)* (۳) بەمەراق؛ مەراقدار؛ خەمخۆر؛ بەخولیا؛ دڵەڕاوکێیەتی: *(to be ~ about one's health)*

solicitude (sə-lis′ə-tōōd´, sə-lis′ə-tūd´), *n.* (۱) نیگەران نۆد بەتەنگەوەماتن؛ زۆر بەدەربەستەوەبوون. (۲) (*pl.*) هۆی مەراق؛ دڵەڕاوکێ؛ خەم؛ دڵەڕەزێ؛ بەپەرۆشەوەبوون.

solid (sol′id), *adj.* (۱) تونددوتۆڵ؛ نەرم یا شل نییە؛ توند: *(When water becomes ~ , we call it ice.)* (۲) ڕەق؛ پتەو؛ بۆش نییە؛ سەخت: *(A bar of iron is ~ .)* (۳) پتەو؛ قایم: *(a ~ foundation; to be on ~ ground)* (٤) پوخت؛ شتی گەندی تێکەڵاو نەکراوە؛ ساغ: *(~ gold)* (٥) بەهێز؛ پتەو؛ چەسپاو: *(a ~ building; ~ arguments; a ~ business firm)* (٦) گشتی؛ هەموو؛ بەش بەش نەکراو: *(a ~ vote for peace)* (۷) تەندار (ئەندازە)؛ قەبارەدار: *(a ~ figure; ~ geometry)* (۸) تەواو؛ بەبێ کەموکوڕی: *(~ satisfaction)* (۹) یەک پارچە؛ پچڕپچڕ نییە: *(a ~ line of fortification; " Everyman " is a ~ word.)* (۱۰) بەردەوام؛ بەبێ وەستان: *(He talked for two ~ hours.)* (۱۱) یەک ڕەنگ؛ سادە (قوماش): *(The fabric is ~ red.)* (۱۲) سفت (۱۳) چڕ: *(~ fog)* (۱٤) ڕاستەقینە. (۱٥) [Colloq.]، پشت پێ بەستراو. (۱٦) باش و پتەو و سەرکەوتوو؛ چەسپیو: *(a ~ relationship)* (۱۷) [Slang]، زۆر باش و سەرکەوتوو: *(a ~ dance band)*

n. (۱) شتێکی تونددوتۆڵ یا پتەو؛ شتێکی چەسپیو. (۲) شتێکی تەندار (ئەندازە)؛ شێوەیەکی بە قەبارە یا بەرجەستە.

-solidly *(adv.)*; **solidness** *(n.).*

solid angle, گۆشەی تەندار؛ گۆشەی بە قەوارە.

solidarity (sol´ə-dar′ə-ti), *n.* پشتگیری؛ کۆمەک؛ یەککەوتن؛ یەکگرتن؛ یەکێتی؛ هاوکاری.

solid geometry, نەندازەی تەندار.

solidify (sə-lid′ə-fī´), *v.t.* پتەوکردن؛ چەسپاندن؛ یەک پێگرتن. *v.i.* پتەوبوون؛ چەسپان؛ جێگیربوون؛ یەکگرتن؛ بەستن (ئاو)؛ یەک بەستن. **-solidification** *(n.).*

solidity (sə-lid′ə-ti), *n.* (۱) پتەوی؛ سەختی؛ قایمی؛ چەسپان. (۲) دروستی (دارایی، ڕەووشت، مێشک)؛ ساغ و باشی؛ پتەوی؛ بێ کەموکوڕی.

solidus (sol′i-dəs), *n.* (۱) پارەیەکی زێڕی ڕۆمانی کۆنە. (۲) هێڵی لار (/) (وەک نەوەی ڕۆژ و مانگ و ساڵ جیاوەکاتەوە لە بەرواردا).

soliloquist (sə-lil′ə-kwist), *n.* خۆدوێنەر؛ خۆدوێن؛ لەگەڵ خۆ گفتوگۆکەر.

soliloquize (sə-lil′ə-kwīz´), *v.i.* لەبەر خۆوە ووتن؛ خۆ دووماندن؛ لەگەڵ خۆ گفتوگۆ کردن (لەسەر شانۆ)؛ بە خۆ ووتن.

soliloquy (sə-lil′ə-kwi), *n.* (۱) خۆ دووان؛ لەگەڵ خۆ گفتوگۆکردن (لەسەر شانۆ). (۲) گفتوگۆی لەگەڵ خۆدا کراو (شانۆنامە)؛ ووتەی کەسێکی شانۆنامە کە بە تەنها لەسەر شانۆ لەبەر خۆیەوە دەیڵێت و هەست و نەستی خۆی بۆ گوێ گرەکان تێدا دەردەخات.

solipsism (sol′ip-siz′m), *n.* (۱) بیرۆباوەڕێکی فەلسەفەییە کە دەڵێت مرۆڤ دەتوانێ تەنها هەر هەست بە بەسەرهاتی خۆی بکات و هیچی تر. (۲) بیرۆباوەڕێکی فەلسەفەییە کە دەڵێت تەنها شت کە لە پاستیدا هەبێ هەر گیانی مرۆڤ خۆیەتی.

-solipsist *(n.).*

solitaire (sol′ə-târ´, sol′ə-târ´), *n.* (۱) گۆشەنشین؛ گۆشەگیر؛ ووشکەسۆفی. (۲) تاقە ئەڵماسی ئەموستیلە. (۳) یاریەیەکی کاغەزی یەک کەسییە.

solitary (sol′ə-ter´i), *adj.* (۱) تەنیا؛ تەنها؛ تاک و تەنیا. (۲) تەنها یەکێک؛ تاک: *(a ~ case of measles)* . (۳) هی تەنیایی؛ هەست بە تەنیایی کەر؛ تەنیا (هەست): *(a ~ life)* . (٤) چۆڵ؛ چەپە؛ دوورە دەست: *(a ~ place)* . (٥) بە تەنیا کراو.

n. (۱) کەسێکی گۆشەگیر؛ ووشکە سۆفی. (۲) **solitaryconfinement** .

solitary confinement, زیندانی کردنی تەنیایی؛ بەندکردن بە تەنیا.

solitude (sol′ə-tōōd´, sol′ə-tūd´), *n.* (۱) تەنیایی؛ ژیانی تەنهایی؛ گۆشەگیری. (۲) شوێنێکی چۆڵ و دوورە دەست.

solleret (sol′ēr-et, sol′ēr-et´), *n.* پێڵاوزرێ (کە بەشێکە لە قەڵغانی کۆن)؛ پێڵاوی ئاسن.

solmization (sol´mī-zā′shən), *n.* بەکارهێنانی برگەکانی کێشەی مۆسیقا لە مۆسیقاڵێدان و گۆرانی ووتندا. (ووشەی " **solfa** " ببینە).

solo (sō′lō), *n.* (۱) پارچەیەک مۆسیقا یا گۆرانییەکی یەک کەسی. (۲) فرینی فڕۆکەوان بە تەنیا. (۳) خوێنووادنێکی تەنیا (سەما، شانۆنامە، مۆسیقا ...هتد)؛ کارێکی تاکەکەسی. (٤) یاری کاغەزی تاکەکەسی

adj. تەنیا (مۆسیقا، گۆرانی، سەما، فرین، شانۆ... هتد)؛ بە تەنها کراو: *(a ~ flight in an airplane; a ~ performance)*

adv. بە تەنیا (فرین، خوێنواندن...هتد): *(to fly ~)* .

v.i. بە تەنها فرینی فڕۆکەوان (بەتایبەتی کە یەکەم جاری بێت بەبێ مامۆستا).

soloist (sō′lō-ist), *n.* کەسێکە کە بە تەنیا کارێک دەکات بەتایبەتی: (ا) گۆرانی بێژ یا مۆسیقاژەنی تەنیا. (ب) فڕۆکەوانێکە کە بە تەنیا بفڕێ بەبێ کەس.

so long, [Colloq.], = **good-by.**

solstice (sol′stis), *n.* گەڕانەوەی ڕۆژ (لە زستان و هاویندا)؛ خۆرگەڕانەوە: *(summer ~ ; winter ~)* .

solstitial (sol-stish′əl), *adj.* (۱) هی ڕۆژگەڕانەوە (بەتایبەتی هی هاوین). (۲) لە کاتی ڕۆژگەڕانەوەدا ڕووەدات.

solubility (sol´yoo-bil′ə-ti), *n.* (۱) توانای توانەوە؛ توانەوە بوون. (۲) چەندی یا هێندی شتێک کە لە هەندێکی تایبەتی شلەدا دەتوێتەوە

soluble (sol′yoo-b'l), *adj.* (۱) دەتوێتەوە؛ بۆی هەیە بتوێتەوە: *(Sugar is ~ in water.)* (۲) چارەسەر دەکرێ؛ چارە دەکرێ؛ لێکدەدرێتەوە: *(a ~ puzzle, problem, etc.)*

-solubleness *(n.)*; **solubly** *(adv.).*

solute (sol′ūt, sō′lōōt), *n.* ماددەی تواوە.

adj. (۱) تواوە. (۲) جیا (ڕووەکناسی).

solution (sə-loo′shən, sə-lū′shən), *n.* (۱) چارەسەرکردن؛ چارەکردن؛ لێکدانەوە. (۲) چارەسەر؛ چارە: *(the ~ of a problem, mystery, stc.)* . (۳) تواندنەوە. (٤) توانەوە. (٥) گیراوە؛ ئاووک؛ شلاووک: *(a ~ of sugar and water)* . (٦) مەڵوەشانەوە؛ پارچەپارچەبوون؛ لێکجیابوونەوە؛ دوایی پێ هاتن.

solvable (sol′və-b'l), *adj.* (۱) چارەسەر دەکرێ؛ چارەی هەیە. (۲) دەتوێتەوە؛ هەڵدەوەشێنرێتەوە؛ دوایی پێ دەهێنرێت.

-solvability *(n.).*

solve (solv), *v.t.* (۱) چارەسەرکردن؛ چارەکردن؛ هەڵهێنان (مەتەڵ): *(to ~ a problem, puzzle, etc.)* (۲) لێکدانەوە (کێشەی بیرکاری یا ژمارەو پێوان).

solvency (sol′vən-si), *n.* (۱) توانابوونی قەرزدانەوە؛ سەرمایە زیاتر هەبوون لە قەرز. (۲) توانای شت تووادنەوە (ئاو، شلە).

solvent (sol′vənt), *adj.* (۱) توانای هەیە هەموو قەرزێکی بداتەوە؛ سەرمایەی زیاترە لە قەرز: *(The company is ~ .)* . (۲) توانای شت تووادنەوەی هەیە؛ دەتوێنێتەوە؛ تویێنەرەوە.

n. (۱) شلەی تویێنەرەوە. (۲) چارەسەر؛ چارە؛ چارەکەر

soma (sō′mə), *n.* لەش؛ تەن.

Somali (sō-mä′li, sə-mä′li), *n.* (۱) هاوڵاتیی‌یەکی سۆمال. (۲) زمانی سۆمالی‌یەکان.

somatic (sō-mat′ik), *adj.* (۱) لەشی؛ تەنی؛ تایبەتی بە لەش. (۲) هی دیواری دەرەوەی لەش نەک هەناو؛ هی چوارچێوەی تەن.

somatic cell, خانەی لەشی (بۆ جیاکردنەوەی لە خانەی زاووزێ " germ cell ").

somato- (sō′mə-tō, sō′mə-tə), *Also* **somat-,** پێشگرێکە بەمانای: لەشی؛ تایبەتی بە لەش: *(somatology)* .

somatology (sō´mə-tol′ə-ji), *n.* (۱) لەشناسی؛ زانستی لەش (هی هەموو زیندەوەر). (۲) لەشی مرۆڤ ناسی؛ زانستی لەشی مرۆڤ (کە یەکێکە لە زانستی مرۆڤ)

-somatologic; somatological *(adj.).*

somatoplasm (sō′mə-tə-plaz′m), *n.* (۱) پرۆتۆپلازمی خانەی لەش. (۲) خانەی لەش.

somatopleure (sō′mə-tə-ploor´), *n.* دیواری لەش (ناولەمەناسی).

somber, sombre (som′bĕr), *adj.* (۱) تاریک و ناخۆش؛ دڵتەنگکەر: *(a ~ January day)* . (۲) : پووکڕژ؛ گرژ؛ بەرچاو تاریک؛ کۆستکەوتوو؛ مۆن؛ دڵتەنگ: *(a ~ face)*

(ب) خەفەتاوی؛ دڵگیر؛ بە توند گیراو.

(۳) ڕەش و تاریک و دڵتەنگکەر (جل‌وبەرگ، ڕەنگ).

sombrero (som-brâr′ō), *n.* شەپقەیەکی پووش یا قوومامشی لبادی مەکسیکی و ئیسپانیایە لێوارەکەی زۆر پان و گەورەیە.

sombrous (som′brəs), *adj.* [Archaic], = somber.

some (sum), *adj.* (۱) هێند؛ هەندێک؛ بڕ: *(~ people never change their minds.)*

(۲) : چەند؛ هەند؛ ژمارەیەک؛ بڕێک: *(~ guests are here already.)* .

(ب) نەختێک؛ تۆزێک؛ هەندێک: *(Give me ~ water.)* .

(۳) نزیکەی. *(~ twenty of them were injured.)* .

(٤) [Colloq.]، شایانی باسە؛ سەیر؛ سەر ناسا (هەندێک جار بە تەوسەوە): *(That was ~ party, fight, dinner, etc.)*

pron. (۱) هەندێک کەس؛ چەند کەسێک: *(~ will agree, other will not.)*

(۲) ژمارەیەک یا بڕێکی تایبەتی.

adv. (۱) نزیکەی *(~ fifty persons)* . (۲) [Colloq.]، نەختێک؛ تاڕادەیەک: *(The snow is ~ deeper than yesterday.)*

-some (səm), پاشگرێکە بەمانای: مەیلەو؛ - ئاسا: *(lonesome; tiresome)*

-some (səm), پاشگرێکە بەمانای: بە ژمارەیەکی تایبەتی: *(threesome)*

-some (sōm), پاشگرێکە بەمانای: لەش؛ تەن *(chromosome)* .

somebody (sum′bud´i, sum′bəd-i), *n.* کەسێکی گەورە یا گرنگ *(He thinks he is ~ .)*

pron. کەسێک؛ زەلامێک؛ یەکێک. *(There's ~ at the door.)* .

someday (sum′dā´), *adv.* ڕۆژێک لە ڕۆژان (لە داهاتوودا)؛ ڕۆژێک دێت کە

somehow (sum′hou´), *adv.* هەرچۆنێک بێ؛ بە هەر شێوەیەک بێ؛ بە هەر جۆرێک بێ: *(~ they have solved the problem.; ~ we lost our way.)*

somehow or other, = somehow.

somcone (sum′wun´, sum′wən), *pron.* = somebody.

some-place (sum′plās´), *adv.* [Colloq.], = somewhere.

somersault (sum′ĕr-sôlt´), *n.* سەرمەوقوڵات؛ تەقلە؛ تەقلەبازی.

v.i. سەرمەوقوڵاتدان؛ تەقلەلێدان؛ تەقلەبازی کردن.

somerset (sum′ĕr-set´), *n. & v.i.* = somersault.

something (sum′thiŋ), *n.* (۱) شتێک: *(There is ~ I want to show you.)*

(۲) کەسێکی گەورە یا گرنگ.

adv. نەختێک؛ تاڕادەیەک.

sometime (sum′tīm´), *adv.* (۱) لە کاتێکی دیاری نەکراودا؛ ڕۆژێک لە ڕۆژان: *(~ in summer)* . (۲) ڕۆژێک لە ڕۆژان لە داهاتوودا؛ لە کاتێکی دیاری نەکراوی داهاتوودا: *(I'll visit you ~ .)*

(۳) [Rare]، sometimes .

(٤) [Archaic]، پێشوو؛ هی پێشوو یا جاران.

adj. پێشوو؛ هی پێشوو یا جاران: *(Mr. X, the ~ professor of English)*

sometimes (sum′tīmz´), *adv.* (۱) جار جار؛ هەندێک جارا؛ جار نەجار؛ ناوبەناو: *(We go there ~ .)* .

(۲) [Obs.]، جاران؛ هی پێشوو یا جاران.

some-way (sum′wā´), *adv. Also* some way, = somehow.

someways (sum′wāz´), *adv.* [Colloq.], = someway.

some-what (sum′hwät´, sum′wət), *n.* (۱) نەختێک؛ تاڕادەیەک: *(He is ~ of a fool.)* .

(۲) کەسێکی گەورە یا گرنگ؛ شتێکی گرنگ.

adv. نەختێک؛ تاڕادەیەک؛ تۆزێک: *(It's ~ difficult.)*

somewhere (sum′hwâr´), *adv.* (۱) شوێنێک؛ لە شوێنێکی دیاری نەکراودا. (۲) (~ about; ~ in); لە نزیک (کات، ڕادە، هەند): *(~ about seven o'clock)*

n. شوێنێکی دیاری نەکراو.

somewheres (sum′hwârz´), *adv.* ئەم ووشەیە زمانەوانان بە هەڵەی دادەنێن، بەڵام هەندێک کەس هەر بەکاری دەهێنن لەباتی ووشەی " somewhere " .

somewhither (sum′hwi*th*´ĕr), *adv.* [Archaic], بەرەو شوێنێک؛ بۆ لایەکی دیاری نەکراو.

somite (sō′mīt), *n.* (۱) پەلک؛ بەشێکی لەشی گیانەوەرە لە باری درێژی. (۲) بەشێک یا پەلکێکی وەهای ناوڵەمیە.

somnambulant (som-nam′byoo-lənt), *adj.* خەوگەڕ؛ خەوڕۆ.

somnambular (som-nam′byoo-lar), *adj.* هی خەوگەڕی؛ تایبەتی بە خەوڕۆیی یا خەوگەڕان.

somnambulate (som-nam′byoo-lāt´), *v.i.* بەدەم خەوەوە گەڕان؛ لە کاتی نوستندا گەڕان یا ڕۆیشتن؛ خەوگەڕان.

-somnambulation *(n.).*

somnambulator (som-nam′byoo-lāt´ĕr), *n.* = somnambulist.

somnambulism (som-nam′byoo-liz′m), *n.* خەوگەڕی؛ خەوڕۆیی؛ بەدەم خەوەوە گەڕان یا ڕۆیشتن.

somnambulist (som-nam′byoo-list), *n.* خەوگەڕ؛ خەوڕۆ؛ کەسێکە کە بەدەم خەوەوە دەگەڕێ یا دەڕوا.

-somnambulistic *(adj.)*.

somni- (som-ni), *Also* somn-, پێشگرێکە بە مانای: نوستن؛ خەوتن *(somniferous)*.

somniferous (som-nif′ĕr-əs), *adj.* نوێنەر؛ خەولێخەر.

somnific (som-nif′ik), *adj.* = somniferous.

somniloquist (som-nil′ə-kwist), *n.* وورێنەکەر.

somniloquy (som-nil′ə-kwi), *n.* وورێنە؛ وورێنەکردن.

somnolence (som′nə-ləns), *n.* خەوالوێتی؛ خەوبردنەوە؛ وەنەوزەکوتن؛ خەوهاتن.

somnolency (som′nə-lən-si), *n.* = somnolency.

somnolent (som′nə-lənt), *adj.* (١) خەوالوو (٢) خەولێخەر؛ نوێنەر.

son (sun), *n.* (١) کوڕ؛ منداڵی نێرینە. (٢) ا. son-in-law (ب) زێکوڕ. (٣) پۆڵە. (٤) کوڕم!؛ پۆڵە!.

the Son, عیسا

sonance (sō′nəns), *n.* (١) دەنگداری؛ دەنگدارێتی؛ دەنگ هاتن (٢) [Obs.]. ا. دەنگ. (ب) ئاواز.

sonant (sō′nənt), *adj.* (١) دەنگی؛ تایبەتی بە دەنگ. (٢) دەنگدار (٣) دەنگدار (دەنگزانی).

n. تیپی دەنگدار (دەنگزانی).

sonar (sō′när), *n.* کورتەی سێ ووشەیە: **[sound navigation ranging]** ئامێری دۆزینەوەو دیاریکردنی شوێنی شتی ژێرئاو (وەک ژێردەریایی و پۆلە ماسی) بەهۆی شەپۆلی دەنگەوە لە شتەکەوە بۆ ئامێرەکە.

sonata (sə-nä′tə), *n.* سۆناتە ئاوازێکی مۆسیقی یەک ئامێریی یە (پیانۆ) یا دوو ئامێری (پیانۆو کەمان).

sonatina (son′ə-tē′nə, sō′nə-tē′nə), *n.* سۆناتەیەکی کورت (ووشەی پێشوو ببینە)

sonde (sond), *n.* ئامێرێکە دەنێررێتە ئاسمان بۆ لێکۆڵینەوەی بارو جەوجوڵی هەوا.

sone (sōn′), *n.* پێوانەی دەنگ.

song (sôŋ), *n.* (١) گۆرانی؛ هونەری گۆرانی ووتن: ***(He broke into ~ .)*** (٢) گۆرانی؛ گۆرانیێک؛ بەستە. (٣) ا. هونراوە؛ شیعر (ب) هونراوەی بۆ گۆرانی شیاو. (٤) خوێندنی مەل؛ دەنگی خۆشی مەل: ***(the ~ of the lark)*** .

for a song, زۆر بە هەرزان؛ زۆر بە کەم: ***(sold for a song)*** .

nothing to make a song about, ئەوە ناهێنێ؛ هیچوپووچ.

song and dance, (١) گۆرانی و سەمای سەر شانۆ. (٢) [Colloq.]، قسەی دوورودرێژە بۆ خۆپەراندنەوە یا بیانووهێنانەوە. (٣) [Colloq.]، قسەی هیچوپووچ؛ قسەی قۆپ.

song-bird (sôŋ′bûrd´), *n.* (١) مەل دەنگخۆش. (٢) ئافرەتی گۆرانی بێژ.

songful (sôŋ′fool), *adj.* خۆش ئاواز؛ خۆش؛ ساز (دەنگ).

songless (sôŋ′lis), *adj.* (١) بێ گۆرانی (٢) گۆرانی نەبێژ.

song sparrow, چۆلەکەیەکی دەنگخۆشی نەمەریکییە.

songster (sôŋ′stĕr), *n.* (١) گۆرانی بێژ (٢) song-writer . (٣) مەل دەنگخۆش.

song thrush, مەلێکی دەنگخۆشە لە توخمی ڕیشۆلە.

song-writer (sôŋ′rīt´ĕr), *n.* گۆرانی نووس؛ گۆرانی دانەر؛ ئاوازی گۆرانی دانەر.

sonic (son′ik), *adj.* (١) دەنگی؛ دەنگ: ***(a ~ wave)*** . (٢) خێرایی‌یەکەی ئەوەندەی هی دەنگە.

sonic barrier, بەربەستی دەنگ: زیادبوونی بەرهەڵستی هەوا بەرامبەر بە فڕۆکەیەک کە خێرایی‌یەکەی نزیک بووبێتەوە لە خێرایی دەنگ (پێشی دەووترێ: " sound barrier ").

sonic boom, تەقینەوەیەکی دەنگ: تەقینەوەیەکی دەنگی زلە دەبیسترێ کاتێک کە شەپۆلی پاڵەپەستۆیی لە فڕۆکەیەکەوە کە خێرایی‌یەکەی لە هی دەنگ زیاتر بێت دەگاتە نزیک زەوی.

son-in-law (sun′ĭn-lô´), *n.* زاوا؛ مێردی کچ.

sonnet (son′it), *n.* هەڵبەستێکی چوارەدێرییە دوو جۆری هەیە: " Petrarchan sonnet " و " Shakespearean sonnet " (هەردوو ووشەکە ببینە)

v.t. & v.i. ئەم جۆرە هەڵبەستە پیاهەڵدان؛ ئەم جۆرە هەڵبەستە لەسەر نووسین.

sonneteer (sən´ə-tēr′), *n.* (١) هۆنەری هەڵبەستی چوارەدێری (ووشەی پێشوو) (٢) هۆنەری گەند یا هیچوپووچ.

v.t. & v.i. هەڵبەستی چوارەدێری هۆنینەوە.

sonny (sun′i), *n.* کوڕم!؛ پۆڵە!؛ کوڕی خۆم!.

son of a bitch, (S.O.B.), [Vulgar Slang], دایک حیز؛ حیزباب؛ ناکەس بەچە؛ زۆل؛ کوڕی قەحبە؛ نامەرد.

son of a gun, [Slang], (١) هەی زۆلی قوماربازا؛ ئەی ساختەچی!؛ بیژۆ!؛ کەڵەکچی!؛ ئەی سەگە! (ئەم ووتەیە جوێن ئامێزییە بەڵام بۆنی جوێنی لێ نایێت). (٢) ووتەیەکە لەبەرخۆوە دەووترێ بە شتێک کە دیقی پیاو دەرکات لەبەرئەوەی کە ئیش ناکات یا شکاوە یا ناکەوێتەکار.

Son of God, عیسا.

sonometer (sō-nom′ə-tĕr), *n.* (١) ئامێری پێوانی لەرەو بەرزو نزمی دەنگ. (٢) audiometer

sonorant (sō-nôr′ənt, sō-nŏ′rənt), *n.* تیپی دەنگدار (دەنگزانی)

sonority (sə-nôr′ə-ti, sə-nor′ə-ti), *n.* دەنگدانەوە.

sonorous (sə-nôr′əs), *adj.* (١) دەنگدەرەوە؛ دەنگدار. (٢) بڵند (دەنگ)؛ گەورە؛ زل: ***(a ~ voice)*** . (٣) دەنگەکەی خۆشە بۆ گوێ؛ دەنگەکەی کاردەکاتە سەر مرۆڤ: ***(a ~ style of writing, prose, etc.)***

-sonorously *(adv.)*; **sonorousness** *(n.)*.

sonship (sun′ship), *n.* کوڕی؛ فرزەندی (کوڕ)؛ پەیوەندی نێوان کوڕو دایک‌و باوک.

soon (sōōn), *adv.* (١) بەم زووانە؛ پاش ماوەیەکی کەم؛ لەم نزیکانەدا: ***(Do come to see us ~ .)*** (٢) بە زووترین کات؛ بە بێ دواکەوتن: ***(I'll come as ~ as possible.)*** (٣) زوو؛ پێش کاتی خۆی: ***(You come so ~ .)*** (٤) بەدڵ؛ بە خۆشی خۆ: ***(I would just as ~ stay home as go.)*** . (٥) [Obs.]، یەکسەر؛ دەستبەجێ.

as soon as, هەر کە؛ کوتوپڕ کە؛ یەکسەر کە.

had sooner, بە لایەوە باشترە.

sooner or later, نێستە بێ یا لە دواڕۆژدا؛ زوو بێ یا درەنگ؛ شتەکە هەر دەبێ ببێ یا هەر ڕووەدات تەنها درەنگ‌و زوویی کەوتووە.

sooner (sōōn′ĕr), *n.* [Slang], (١) کەسێکە کە لە پێش خەڵکی تردا گەیشتە ناوچە ڕۆژئاوایی‌یەکانی نەمەریکا بۆ ناوەدانکردنەوەی وە بەم شێوەیە باشترین زەوی بۆ خۆی هەڵبژارد. (٢) کەسێکە کە شتێکی دەست دەکەوێ بە ناڕەوایانە چونکە لە پێش کاتی خۆیدا خۆی بۆ دەکوتێ‌و دەستی بەسەردا دەکێشێ. (٣) [S-]، نیشتەجێی‌یەکی وڵاتی " ئۆکلاهۆما " ی نەمەریکی.

soot (soot, sōōt), *n.* هێس؛ خڵتە یا سووتووی دووکەڵی ئاو لوولە ڕۆپا؛ خڵتە یا پاشەڕۆکی خەڵووز

v.t. پیس کردن یا ڕەش کردن بەم خڵتەیە.

sooth (sōōth), *adj.* [Archaic], (١) ڕاست؛ ڕاستەقینە. (٢) نەرم؛ خۆش؛ شیرین.

n. ڕاستی.

in sooth, [Archaic], = truly.

soothe (sōōth), *v.t.* (١) دڵخۆشی دانەوە؛ دڵنەوایی کردن؛ لاواندنەوە؛

هێمن کردنەوە؛ هێنانەوە سەرخۆ (٢) ئازار کەمکردنەوە؛ ئازار کوشتن یا بڕین؛ ئارام دان. *(to ~ an aching tooth)*

v.i. ئارام بەخشین؛ هێمن کردنەوە؛ دامرکاندنەوە؛ هێنانەوە سەرخۆ.

soothfast (sōōth′fast´), *adj.* [Archaic]. (١) ڕاستگۆ؛ پاک؛ سەرڕاست؛ دڵسۆز. (٢) ڕاست؛ ڕاستەقینە.

soothing (sōōth′iŋ), *adj.* ئازارکوژ (دەرمان، قسەی خۆش)؛ ئارام بەخش؛ دڵخۆشکەر؛ خۆش؛ هێمنکەرەوە؛ ئارام گر. *(a ~ medicine; ~ words)*

soothly (sōōth′li), *adv.* [Archaic]. = truly.

soothsay (sōōth′sā´), *v.i.* پێشبینین؛ پێشبینی کردن؛ فاڵ گرتنەوە؛ نوقڵانەلێدان؛ قڕاندن

n. نوقڵانە؛ پێشبینی؛ فاڵ.

soothsayer (sōōth′sā´ĕr), *n.* پێشبین؛ فاڵچی؛ فەتاح فاڵ؛ فاڵگر. هەروەها ووشەی " fortuneteller " ی.

soothsaying (sōōth′sā´iŋ), *n.* (١) پێشبینی؛ فاڵ گرتنەوە؛ نوقڵانەلێدان؛ قڕاندن (٢) نوقڵانە؛ فاڵ؛ پێشبینیێک.

sooty (soot′i, sōōt′i), *adj.* (١) لە جلتە یا سووتوی دووکەڵی ئاو لوولە ڕۆیا دەچێ؛ هێسی. (٢) ڕەشۆ پیس بووە بەهۆ جلتەیە یا بە جلتەی خەڵووز. (٣) ڕەش؛ ڕەشباو

sop (sop), *n.* (١) ئاسی خوورساوی ئاو گۆشتاو؛ ئاسی گوشراوە ئاو شیرو گۆشتاوەوە. (٢) (أ) شتێکە دەدرێ بە کەسێک بۆ دەمکوت کردنی یا بۆ دڵ ڕاگیشانی. هتد. (ب) بەرتیل. (٣) milksop.

v.t. (١) خوورساندن؛ لە ئاودا نوقم کردن؛ تەرکردن؛ گوشینە ئاو ئاو یا شلەوە. (٢) (~ up) ، هەڵمژین (ئاو، شلە). *(She ~ped up the water with a towel.)*

v.i. (١) دەڵاندن؛ ئاوتێزان؛ تێزان. (٢) خووسان؛ زۆر تەربوون.

sophism (sof′iz'm), *n.* دەمەن بە ئاشی؛ بیروڕا گفتوگۆی بە ڕووالەت باش و جوانی لە ڕاستیدا لەنگ و بە هەڵەدابەر؛ بەهەڵەدابردن (بە گفتوگۆی بەسەرزاری جوان و چاڵ)؛ سۆفستی.

sophist (sof′ist), *n.* (١) یەکێک لە مامۆستا زیرەکە زمانبازەکانی کۆنی یۆنان کە لە گفتوگۆی بە سەرزاری جوان و ڕاستدا کەس دەرەقەتی نەدەدان. (٢) کەسێکی زانا یا تێگەیشتوو؛ زانا. (٣) زمانبازێکە کە بە گفتوگۆی بە سەرزاری جوان و ڕاست خەڵک بە هەڵەدا دەبات

sophister (sof′is-tēr), *n.* قوتابی پۆلی دووەم یا سێیەمی هەندێ زانکۆی ئینگلیزی.

sophistic (sə-fis′tik), *adj. Also* **sophistical,** (١) سۆفستی (ووشەی " sophism " ببینە)؛ دەمەن بە ئاشی. (٢) زیرەکانەو بە سەرزاری دروست و بەجێ بەڵام لە ڕاستیدا بەهەڵەبەر. *(~ reasoning; a ~ argument)*

-sophistically *(adv.).*

sophisticate (sə-fis′tə-kāt´), *v.t.* (١) گۆڕین لە بارێکی سروشتی و سادەوە بۆ بارێکی ناسرووشتی و دەستکردانە؛ چاوکردنەوە؛ کردن بە دنیادیدە. (٢) بەهەڵەدابردن؛ پیس کردن. (٣) ڕوونکردنەوە؛ شل کردنەوە؛ فێڵ تێداکردن؛ ناپوختەکردن. (٤) گۆڕینی دەقی نووسراوێک بەبێ پرسی خاوەنەکەی؛ تێکدان یا شێواندنی دەقی نووسراوێک

v.i. دەمەن بە ئاشی کردن.

n. کەسێکی دنیادیدە؛ کەسێکی لە دنیا شارەزاو تێگەیشتوو.

sophisticated (sə-fis′tə-kāt´id), *adj.* (١) دنیادیدە؛ لە دنیا شارەزا؛ تێگەیشتوو؛ بزان؛ پێشکەوتوو. *(a ~ person)*. (٢) شارەزایانە کراوە؛ بەرز؛ مێشک ڕادەکێشێ. *(a ~ novel)*. (٣) پێشکەوتوو (کەرەسە، ئامێر)؛ ناسادە؛ ئاڵۆز. *(a ~ equipment, electronic devices, etc.)* (٤) ڕوونکراوەتەوە؛ ناپوخت؛ فێڵی تێداکراوە *(a ~ oil)*

sophistication (sə-fis´tə-kā′shən), *n.* (١) ڕوونکردنەوە؛ فێڵ تێداکردن؛ ناپوختەکردن. (٢) دنیادیدەیی؛ شارەزایی دنیا و ژیان؛ تێگەیشتن؛ سەردەرچوون لە کاروباری ژیان: *(He has no ~).* (٣) پێشکەوتن (ئامێر، پیشەسازی)؛ ئاڵۆزی؛ ناناسانی.

sophistry (sof′is-tri), *n.* = sophism.

sophomore (sof′ə-môr´, sof′ə-mōr´), *n.* (١) قوتابی پۆلی دووەمی زانکۆ قوتابخانەی ئاوەندی. (٢) کەسێکە کە زۆر بە زانایی و زیرەکی و شارەزایی خۆیەوە دەنازێ بە شێوەیەکی منداڵانە بەڵام لە ڕاستیدا نە زانایە و نە زیرەک و نە شارەزا.

adj. تایبەتی بەهم جۆرە کەسانە.

sophomoric (sof´ə-môr′ik), *adj. Also* **sophomorical,** تایبەتی بە کەسێک کە زۆر بە زانایی و زیرەکی و شارەزایی خۆیەوە دەنازێ بە شێوەیەکی منداڵانە بەڵام لە ڕاستیدا نە زانایە و نە زیرەک و نە شارەزا

-sophomorically *(adv.).*

-sophy (sə-fi), پاشگرێکە بەمانای: ژیری؛ زانین؛ بیری قوول: *(philosophy)*

sopor (sō′pĕr), *n.* خەوی لە ئەندازە بەدەر قوڵ؛ خەوی زۆر قورس؛ ووپی؛ کاسی

soporiferous (sop´ə-rif′ĕr-əs), *adj.* = soporific.

soporific (sop´ə-rif′ik, sō´pə-rif′ik), *adj.* (١) خەولێخەر (دەرمان)؛ نوێنەر. (٢) هی خەو؛ خەوئاوێتی.

n. دەرمانی خەو؛ دەرمانی نوستن.

sopping (sop′iŋ), *adj.* خووساو؛ زۆر تەر؛ تێراو؛ ئاوی لێ دەتکێ

soppy (sop′i), *adj.* (١) sopping . (٢) باراناوی. (٣) [British]، بەسۆز

soprano (sə-pran′ō, sə-prä′nō), *n.* (١) بەرزترین دەنگی گۆرانی ئافرەت و کوڕ. (٢) سۆپرانۆ: گۆرانی بێژێکی ئافرەت یا کوڕی دەنگ بەرز (ئۆپەرا). (٣) دەوری گۆرانی بێژێکی وەها.

sora (sō′rə), *n.* باڵندەیەکی بچووکی دەنووک کورتی زەلکاوەکانە.

sorb (sôrb), *n.* (١) درەختێکە لە توخمی سێو. (٢) بەری ئەم درەختە.

sorb (sôrb), *v.t.* هەڵمژین

sorcerer (sôr′sĕr-ĕr), *n.* جادوگەر؛ جادوباز؛ ئەفسونکار؛ ئەفسونباز؛ ئەفسونگەر.

sorceress (sôr′sĕr-is), *n.* جادوگەری ئافرەت؛ ئەفسونبازی ئافرەت.

sorcerous (sôr′sĕr-əs), *adj.* هی جادوگەری؛ هی ئەفسونباز یا ئەفسونگەر.

sorcery (sôr′sĕr-i), *n.* جادوو؛ جادوگەری؛ جادوبازی؛ ئەفسونبازی.

sordid (sôr′did), *adj.* (١) پیس و پۆخڵ؛ پیس. (٢) پەڕیوت؛ پیس و ناخۆش؛ کوڵۆڵ: *(~ neighborhoods)* (٣) نزم؛ پیس و بۆگەن؛ بەد (ڕەفتار): *(a ~ life)*. (٤) زۆر چاوبرسی؛ پارەپیس؛ بە هیچ تێرنەخۆر؛ بەهەڵپە (بۆ پارە).

-sordidly *(adv.)*; **sordidness** *(n.).*

sordino (sôr-dē′nō), *n.* شتێکە بۆ کزکردنی دەنگی ئامێرێکی مۆسیقی.

sore (sôr, sōr), *adj.* (١) (أ) بە ئێش؛ دەیەشێت؛ ئازاراوی؛ ناسۆر: *(a ~ tooth, muscle, etc.)*

(ب) لە ئێش و ئازاردایە.

(٢) هەست ناسک؛ دڵ ناسک؛ زوو تووڕە دەبێ.

(٣) خەفەتبار؛ خەمبار؛ پەست؛ دڵگیر: *(Our hearts are ~ for them.)*.

(٤) ئێجگار زۆر؛ زۆر پەرێشان: *(to be in ~ need for help)*.

(٥) ناخۆش (باس)؛ برین کولێنەوە: *(a ~ subject)*.

(٦) [Colloq.]، زیر؛ زویر؛ تووڕە: *(to feel ~ about something)*.

n. (١) برین؛ ناسۆر. (٢) هۆی ئازارو ناخۆشی و پەستی و زوێری.

adv. [Archaic]. = sorely.

-soreness *(n.)*.

sorehead (sôr′hed´, sōr′hed´), *n.* [Slang], کەسێکی تووڕەو تڕۆز کینە هەڵگرو بۆڵەبۆڵکەر.

sorely (sôr′li, sōr′li), *adv.* (١) بە جۆرێك کە بگاتە تینی ئەو کەسە؛ تاپادەیەك کە بیێتەهۆی ئێش‌و ئازار: *(His patience was ~ tried.)* . (٢) ئێجگار زۆر؛ زۆر؛ بە پەرێشانانە: *(Help is ~ needed.)* .

sore throat, قوڕگ ئێشە؛ گەروو چووژانەوە؛ قوڕگ هاتنەوەیەك.

sorghum (sôr′gəm), *n.* (١) گەنمەشامی شیرین (دۆشاوی ئ دەردەهێنرێ‌و دەیشدرێ بە ناژەڵ وەك ئالف). (٢) دۆشاوی ئەم گەنمەشامیەیە شیرینە. (٣) شتێکی زۆر بەسۆز.

sorgo (sôr′gō), *n.* جۆرێکە لە گەنمەشامی شیرین (بەزۆری بۆ دۆشاو و شەکر پەروەردە دەکرێ).

soricine (sôr′i-sīn´, sor′i-sīn´), *adj.* لە گیاندارێك دەچێ وەك مشك وایە

sorites (sō-rī′tēz), *n.* زنجیرە بیروباوەڕو ئەنجامی پێك‌وپێك‌و بەجێ (ژیربێژی).

sororal (sə-rôr′əl), *adj.* خوشکانە؛ وەك خوشك.

sororate (sə-rô´rā′t), *n.* ژن خوشکی خۆ هێنان (پاش مردنی ژنەکە یا ئەگەر ژنەکە منداڵی نەبێت).

sororicide (sə-rôr′ə-sīd´, sə-ror′ə-sīd´), *n.* (١) خوشکی خۆ کوشتن. (٢) خوشکی خۆ کوژ.

sorority (sə-rôr′ə-ti, sə-ror′ə-ti), *n.* پێکخراوێکی کۆمەڵایەتی کچانی زانکۆیە ئەندامەکانی پێکەوە دەژین لە خانوویەکی گەورەدا.

sorosis (sə-rō′sis), *n.* یانە یا پێکخراوی ئافرەتان.

sorrel (sôr′əl, sor′əl), *n.* ترشۆکە گیایەکی ترشە گەڵاکەی لە سڵق دەچێ دەکرێتە زەڵاتەوە.

sorrel (sôr′əl, sor′əl), *n.* (١) قاوەیی سوورباو. (٢) ئەسپی سووربۆ؛ سووربۆ.

sorrel tree, دارەختێکی ئەمەریکی هەمیشە سەوزی تونێکڵ ئەستووری گوڵ سپی بەر بۆری گەڵا تاڵە.

sorrow (sor′ō, sôr′ō), *n.* (١) خەم‌وخەفەت؛ دەردی دڵ؛ سوێ؛ داخ؛ پەژارە. (٢) هۆی داخ‌وخەفەت؛ لێقەومان؛ ئەهات؛ ئەگبەتی. (٣) خەمباری؛ دڵگیری؛ خەفەتباری؛ دڵتەنگی.

v.i. خەم خواردن؛ خەفەت خواردن؛ سوێ چوون بە دڵدا.

sorrowful (sor′ō-fəl, sôr′ō-fəl), *adj.* (١) خەفەتبار؛ خەمبار؛ دڵگیر؛ دڵتەنگ؛ غەمگین. (٢) خەفەت پێدەر؛ مایەی خەم؛ ناخۆش؛ دڵگیر.

-sorrowfully *(adv.)*; sorrowfulness *(n.)*.

sorry (sôr′i, sor′i), *adj.* (١) خەمبار؛ بە داخەوە؛ پێی ناخۆشە: *(I am ~ to hear that your mother is dead.)*

(٢) پەشیمان؛ داوای لێبوردن کردن: *(If you say that you're ~ , we'll forgive you.)*

(٣) ببورە؛ داخەکەم: *(I am ~ to be late.)* .

(٤) گەندە؛ هیچ‌وپووچ؛ خراپ: *(a ~ excuse; a ~ exhibition of acting)*

(٥) ناخۆش؛ خراپ؛ دڵپەستکەر: *(~ news; a ~ state of affairs; a slum is a ~ place)*

-sorrily *(adv.)*; sorriness *(n.)*.

sort (sôrt), *n.* (١) بابەت؛ توخم؛ چەشن. (٢) جۆر؛ چەشن: *(Remarks of the ~ will get you trouble.)* . (٣) شێوە (ڕەفتار ئووتن)؛ شێواز؛ ڕێ؛ چۆنێتی: *(He spoke in a queer ~ .)*

(٤) *(pl.)* ، تیپ (چاپکاری).

v.t. (~ out), هاوپۆل کردن؛ پاك‌وپیس کردن؛ جیاکردنەوە؛ بابەت بابەت کردن.

v.i.]Archaic], (١) هاودەمی کردن؛ لەگەڵدابوون. (٢) لەگەڵدا گونجان.

-sorter *(n.)*.

of sorts, (١) جۆراوجۆر؛ هەمەچەشن (٢) گەندە؛ خراپ؛ هیچ‌وپووچ؛ بێ فەر؛ قەڵپ؛ هەر بەناو؛ هیچ. (هەروەها " of a sort "):

| we had a vacation (dinner, party, celebration, reunion) of sorts.|

out of sorts, (١) زیر؛ زویر؛ تووڕە؛ پەست. (٢) [Colloq.]، نەختێك نەخۆش؛ ناساغ.

sort of, [Colloq.], تاڕادەیەك؛ نەختێك:

(I sort of thought this would happen.; He is sort of mad, crazy, happy, tired, etc.)

sort out, جیاکردنەوە؛ پۆل پۆل کردن؛ پاك‌وپیس کردن.

sortie (sôr′ti), *n.* (١) هێرشی لەشکری گەمارۆدراو بۆ سەر لەشکری گەمارۆدەر. (٢) ئەو هێزەی ئەم هێرشە دەکات. (٣) هێرشێکی فڕۆکەی جەنگ: *(Their bombers flew fifty ~s a day.)*

sortilege (sôr′ti-lij), *n.* (١) بەخت لێکدانەوە بە پیانۆ. (٢) جادوگەری؛ جادوبازی؛ جادوو؛ ئەفسونبازی.

S O S (es′ō′es′), (Save Our Souls!), (١) ڕزگارمان کەن!؛ فریامان کەون!. شفرەی جیهانییە بۆ داوای فریاکەوتن لەلایەن کەشتی‌و فڕۆکەوە لەکاتی تەنگانەدا. (٢) بانگەوازی فریاکەوتن.

so-so (sō′sō´), *adj. & adv.* نە باشەو نە خراپ؛ خراپ نییە؛ مام ناوەندی.

sot (sot), *n.* کەسێکی هەمیشە سەرخۆش.

soteriology, بیروباوەڕی ئایینی ڕزگاری لە ڕێی عیساوە.

sotol (sō′tōl, sō-tōl′), *n.* دارەختێکی بیابانی ئەمەریکییە.

sottish (sot′ish), *adj.* (١) وورِ لە مەستیدا؛ حۆل؛ گەلحۆ. (٢) مەست؛ سەرخۆش.

sotto voce, بە چرپە؛ لە ژێر لێوەوە؛ بە دەنگێکی زۆر نزم.

sou (sōō), *n.* پارەیەکی کۆنی فەرەنسی کەم نرخە.

soubrette (sōō-bret′), *n.* (١) (ا) کارەکەرێکی بەناز تەڵەکەباز بێ حەیای شانۆنامەی پێکەنیناوی‌و ئۆپەرایە. (ب) ئافرەتێك کە ئەم دەورە دەبینێ. (٢) کچێکی چاوباشقاڵی هیچ‌وپووچ.

soubriquet (sōō′bri-kā´), *n.* = sobriquet.

souchong (sōō′shôŋ´), *n.* جۆرە چایەکی ڕەشی چینە.

soufflc (sōō′f'l), *n.* دەنگێکی نەرمە وەك بە بیستۆکی پزیشك دەبیسترێ.

soufflé (sōō´flā′, sōō′flā), *adj.* سووك‌و پفەڵ (چێشت لێنان)؛ قشەڵ: *(cheese ~)* .

n. چەند جۆرە خواردەمەنییەکن سپێنەی هێلکەی شڵەقاویان تێ دەکرێ پێش لێنان تاکو پفەڵ یا قشەڵ‌و سووك دەرچن.

sough (suf. sou), *n.* ووژەووژی با بەنار درەختدا (کە لە نانە یا هەناسە هەڵکێشان دەچێ بەتایبەتی کاج یا سنەوبەر)؛ ئەم لووڕە لووڕە یا شنەیە.

v.i. ووژەووژ هاتنی با بەنار درەختدا؛ لووڕەلووڕکردن؛ شنە هاتن.

sought (sôt), *past tense and past participle of* seek.

soul (sōl), *n.* (١) گیان؛ گیانی نادەمیزاد. (٢) گیانی مردوو. (٣) دەروون. (٤) نەژاد؛ ناوکرۆك؛ گرنگترین بەش؛ ناوجەرگە: *(Brevity is the ~ of wit.)*

(٥) سەرۆك؛ گرنگترین کەس؛ گیان‌و دڵ (مەجاز): *(He was the ~ of the revolution.)*

(٦) نموونە؛ وێنە: *(She is the ~ of kindness.)* .

(٧) کەس؛ مرۆڤ: *(I didn't see a ~ there.)* .

soul brother, [Slang], برادەری قوڵەڕەش.

soul food, چەند جۆرە خواردنێکی تایبەتیە بە قوڵەڕەشەکانی ئەمەریکا

soulful (sōl′fəl), *adj.* هەست قوڵ؛ هەست بەرز؛ بەهەست؛ بەسۆز.

-soulfully *(adv.)*; soulfulness *(n.)*.

soulless (sōl′lis), *adj.* بێ هەست؛ هەست مردوو؛ خۆپەرست؛ بێ دڵ‌و گیان.

sound (sound), *n.* (١) دەنگ. (٢) شەپۆلی دەنگ. (٣) دەنگی تایبەتی: *(the ~ of aircraft overhead)*. (٤) تەقەورەقە؛ دەنگ؛ تەقە. (٥) دەنگی قسە. (٦) مەودای دەنگ: *(within ~ of the guns)*. (٧) شێوەی هاتنەبەر گوێ: *(We liked the ~ of his report.)*. (٨) دەنگەدەنگ؛ گەرەلاوژە. (٩) [Archaic]. ووتووێژ؛ قاو؛ مقۆمقۆ؛ دەنگ.

v.i. (١) دەنگ لێوەهاتن؛ دەنگ هاتن. (٢) وادیاربوون (بە دەنگی شتەکەدا)؛ لەوەچوون: *(Her voice ~s troubled.; That plan ~s reasonable.)*

v.t. (١) دەنگ لێوەهێنان (٢) لێدان (دەنگ)؛ بانگ کردن؛ بانگ هەڵدان؛ بڵاوکردنەوە: *(He ~ed the alarm.; The clock ~s the hour.)* (٣) بێژان؛ وتن؛ بە دەنگی بەرز ووتن. (٤) ناهەنگ بۆ گێڕان. (٥) تاقیکردنەوەی دەنگی سنگ‌و دڵ بە بیستۆکی پزیشک.

sound off, (١) قیژاندن؛ بە دەنگی بەرز ووتن؛ هاوارکردن. (٢) [Slang]، ڕای خۆ بە تووندی دەربڕین؛ لاف لێدان بە دەنگی بەرز.

sound (sound), *adj.* (١) پتەو؛ نەرزیو؛ باش؛ بێ کەم‌و کووڕی: *(a ~ timber)* (٢) ساغ؛ تەندروست؛ چاک؛ نەخۆش نەیە: *(of ~ mind and body)*. (٣) مەترسی نابووتی لێ ناکرێ؛ چەسپیو؛ پتەو؛ *(a ~ business, bank, economy, etc.)* (٤) بەجێ؛ لەسەر بنچینەیەکی ڕاست دانراوە؛ دروست: *(a ~ method; ~ judgement)* (٥) پتەو؛ قایم؛ چەسپیو: *(a ~ foundation)*. (٦) پشت پێ بەستراو. (٧) قوول (خەو)؛ خۆش (خەو): *(a ~ sleep)*. (٨) پاک (ڕەووشت، مرۆڤ)؛ ڕاست؛ دروست؛ جوان (ڕەفتار). (٩) تەواو؛ چاک: *(a ~ flogging, beating, etc.)*. (١٠) لەسەر نەریتی کۆن ڕێشتوو؛ کۆنەپەرست. (١١) یاسایی؛ دروست (لە ڕووی یاساوە).

-soundly *(adv.)*; soundness *(n.)*.

sound (sound), *n.* (١) کەنداوی پان؛ گەروناوی پان. (٢) کەنداو یا پەلی دەریایی درێژبووەوە بۆ ناو ووشکانی. (٣) هەوادانی ماسی؛ کیسەی هەوای ماسی. (پێشی دەوترێ " air bladder ").

sound (sound), *v.t.* (١) پێوانی قووڵی ئاو. (٢) لێکۆڵینەوە و پشکنینی بنی دەریا. (٣) (~ out) ، بۆ دەرکەوتن یا لێ دەرهێنانی بیروڕای کەسێک بە پرسیاری لابەلایی *(to ~ somebody out about a subject)*. (٤) پشکنینی برین‌و بۆشایی لەش بە ئامێرێکی باریک‌و کول (پزیشکەوانی).

v.i. (١) قووڵی ناو پێوان. (٢) چوونە ژێر ئاوەوە. (٣) دۆزینەوەی شتێک بە پرسیاری لابەلایی؛ قسە لێ دەرهێنان.

n. (١) پێوان (قووڵی ئاو). (٢) ئامێرێکی باریک‌و کولە بۆ پشکنینی برین‌و بۆشایی لەش (پزیشکەوانی).

sound barrier, = sonic barrier.

sound board, = sounding board.

sound camera, کامێرای دەنگی کامێرایەکە کە دەنگیش تۆمار دەکات لە هەمان کاتدا کە وێنە دەگرێ.

sound effects, دەنگی لاسایی دەستکردی بەرنامەی ڕادیۆ‌و تەلەفزیۆن و شانۆنامە‌و فیلم (وەک دەنگی هەورەتریشقە‌و گیانەوەر‌و لێدان‌و ئوتومبیل... هتد).

sounder (soun′dēr), *n.* پێوەری قووڵی ئاوی دەریا (ئامێر، مرۆڤ).

sounder (soun′dēr), *n.* ڕەوە بەرازی کێوی.

sounding (soun′diŋ), *adj.* (١) دەنگدار؛ دەنگی لێوەدێت. (٢) دەنگ دەداتەوە. (٣) فشەچی؛ زل (قسە).

sounding (soun′diŋ), *n.* (١) پێوانی قووڵایی ئاوی دەریا و دەریاچە بە پەتێک کە شتێکی قورس بە سەرێکیەوە بەستراوە. (٢) قووڵایی بەم شێوەیە پێوراو. (٣) *(pl.)* ، قووڵاییەکی لە ٦٠٠ پێ زیاتر کە دەتوانرێ وەها بپێورێ

sounding board, (١) تەختەی دەنگدەرەوە (لە ئامێرێ مۆسیقادا بۆ زیادکردن‌و پوونی دەنگەکەی). (٢) قووچکەی دەنگدەرەوە (بۆ گەورەکردن‌و ئاراستەکردنی دەنگی قسەکەر لە دوانگەوە بۆ گوێگرەکان). (٣) کەسێک یا تاقمە کەسێکە کە باش‌و خراپی بیروڕایەکیان پێ تاقی دەکرێتەوە پێش بڵاوکردنەوەی بەسەر هەموو خەڵکدا. (٤) بڵاوکەرەوەی بیروڕا

sounding lead, قورقوشمی بەستراو بە سەرێکی پێوەری قووڵایی ئاوەوە.

sounding line, هێڵی پێوەر: پەتێکە سەرێکی قورقوشمی پێوە بەستراوە قووڵایی ئاوی دەریا و دەریاچەی پێ دەپێورێ. (هەروەها " lead line ").

soundless (sound′lis), *adj.* بێ دەنگ؛ کپ.

soundly (sound′li), *adv.* (١) بە ڕێک‌وپێکی؛ بە بێ هەڵە: *(He reasons ~.)* (٢) بە قورسی (نوستن)؛ بە جۆرێک کە بە ئاسانی خەبەری نەبێتەوە: *(He sleeps ~.)* (٣) بە تەواوی: *(The enemy was defeated ~.)*.

sound-proof (sound′prōōf′), *adj.* دەنگپڕ؛ دەنگی بۆ نایەت؛ دەنگ بەربەستکەر: *(a ~ room, material, etc.)*.

v.t. دەنگپڕکردن؛ بەربەستی دەنگ لێ کردن: *(to ~ a room, studio, etc.)*

sound track, هێڵی دەنگ: ئەو بەشەی قەراغی شریتی سینەمایە کە دەنگەکەی لەسەر تۆمار دەکرێت.

soup (sōōp), *n.* (١) شۆربا. (٢) [Slang]، نیتراتی گلیسرین. (٣) [Slang] تەم‌ومژی چڕ (هەندێک جار بە بارانەوە). (٤) [Slang]، تین (مەکینە)؛ ووزە.

in the soup, [Slang], پەرێشان؛ لە تەنگوچەڵەمەدایە؛ لە ناخۆشیدایە.

soup up. [Slang], تین پێدان (مەکینە)؛ بەهێزترکردن.

soupcon (sōōp′sōn′), *n.* تۆزێک (تام)؛ نەختانێک.

soup kitchen, چێشتخانەی هەژاران: شوێنێکە بە خۆڕایی خواردەمەنی تێدا دەدرێ بە هەژارەکان.

soup-spoon (sōōp′spōōn′), *n.* کەوچکی شۆربا.

soupy (sōōp′i), *adj.* (١) شۆربایی؛ شلە وەک شۆربا؛ لە شۆربا دەچێ. (٢) تەماوی؛ تەم‌ومژاوی. (٣) [Colloq.]، بەسۆز.

sour (sour), *adj.* (١) ترش. (٢) ترشاو؛ بزپکاو؛ بۆگەن: *(~ milk)*. (٣) تووڕەوتڕۆ؛ زیز؛ پەست؛ پووترش؛ پروناخۆش؛ ڕقاوی؛ پووگرژ: *(a ~ temper; Failure made him ~.)* (٤) خراپ؛ گەندە؛ داوێتێیە دواوە: *(His game has gone ~.)*. (٥) ناخۆش؛ تێکچوو: *(Their relashionship went ~.)*. (٦) زۆر ترش (خاک). (٧) کەریتاوی (بەنزین)؛ ناوێتەی گۆگردی تێدایە.

n. (١) شتی ترش. (٢) خواردنەوەیەکی مەستکەری ترش: *(a whisky ~)*.

v.t. پوو ترش‌و تاڵ کردن؛ تووڕەوتڕۆکردن؛ ڕقاوی کردن؛ تێکدان؛ خراپ کردن: *(Continued adversity had ~ed his temper.)*.

v.i. (١) ترشان؛ بزپکان؛ بۆگەن کردن. (٢) (أ) پوو ترش‌و تاڵ بوون؛ ڕقاوی بوون. (ب) تێکچوون (پەیوەندی برادەری)؛ ناخۆش بوون.

(Their relashionship –ed after that incident.)

source (sôrs, sōrs), *n.* (۱) سەرچاوە (ڕووبار، چەم، ئاو). (۲) سەرچاوە

(Books are a ~ of knowledge.; The news comes from a reliable ~ .)

(۳) هۆ. (٤) سەرچاوە (باس). (٥) بنچ وبناوان؛ ڕەگ و ڕیشە؛ ڕیشە؛ سەرەتا.

sour cherry, بەڵاڵووک

sour-crout (sour′krout), *n.* = sauerkraut.

sourdine (sōōr-dēn′), *n.* (۱) ئامێرێکی مۆسیقای کۆنە. (۲) شتێکە بۆ کزکردنی دەنگی کەمانچە.

sour-dough (sour′dō´), *n.* (۱) هەوێر ترش. (۲) کەسێکە کە بە دوای زێڕدا گەڕاوە لە ڕۆژاوای ئەمەریکا و کەندا؛ نیشتەجێیەکی کۆنی نەم ناوچانە (بەتایبەتی کە بە تەنیا ژیابێ).

sour grapes, شتێکە کە کەسێک لە نرخی کەم دەکاتەوە چونکە دەستی نایگاتێ (زێڕی دەمی نەدەگەیشتە ترێ دەیوت ترشە).

sourish (sour′ish), *adj.* نەختێک ترش

sour-puss (sour′poos´), *n.* [Slang], کەسێکی هەمیشە ڕووترش یا ڕووگرژ؛ کەسێکی بەرچاو تاریک و ڕووناخۆش.

sousaphone (sōō′zə-fōn´, sōō′sə-fōn´), *n.* سووزەفۆن: ئامێرێکی مۆسیقایە.

souse (sous), *n.* (۱) سەرو پێی ترشیاتکراوی بەران. (۲) سویراوی ترشیات. (۳) نوقوم کردن لە سوێراوی ترشیاتدا؛ خستنەناو ئاوی ترشیاتەوە. (٤) [Slang] کەسێکی مەست یا سەرخۆش.

v.t. (۱) ترشیات کردن؛ کردن بە ترشیات؛ ترشیات گرتنەوە؛ خستنە ناوی ترشیاتەوە. (۲) نوقوم کردن؛ خستنە ناو شلەوە؛ تەرکردن. (۳) سەرخۆش کردن؛ مەستکردن.

v.i. زۆر نەڕیوون؛ خووسان.

souse (sous), *n.* شاڵاو؛ وەک هی هەڵێ؛ لە پڕ بەسەردادان.

v.t. & v.i. (~ on; ~ upon), شاڵاو بۆ بردن، وەک واشە یا هەڵێ؛ لە پڕ بەسەردادان

soused (soust), *adj.* [Slang], مەست؛ سەرخۆش.

soutache (sōō′tåsh´), *n.* شرێنێکی هۆنراوەی ڕازێنەرەوەیە.

soutane (sōō-tän′), *n.* چاکەتی فەشەی کاسۆلیکی.

south (south), *n.* (۱) باشوور؛ خوارو. (۲) ناوچەیەکی باشووری. (۳) [S-] ناوچەی تەوەرەی باشووری؛ هەرێمی خوارووی زەمین.

adj. (۱) باشووری؛ خوارو؛ هی خوارو. (۲) هی باشوور؛ لە باشوورەوە هەڵکردوو یا هاتوو: *(a ~ wind)* . (۳) [S-] خوارو؛ باشوور: *(~ America)* .

adv. بەرەو خوار؛ بەرەو باشوور.

the South, (۱) هەرێمی باشووری ئەمەریکا. (۲) کۆنفیدراسیۆنی وڵاتە باشوورەکانی ئەمەریکا لە شەڕی ناوخۆی ئەمەریکادا.

south-bound (south′bound´), *adj.* بەرەو خوار؛ بەرەو خوار ڕۆیشتوو: *(a ~ train)* .

south-east (south´ēst′), *n.* (۱) خوارووی ڕۆژهەڵات. (۲) هەرێمی خوارووی ڕۆژهەڵات.

adj. (۱) بەرەو خوارووی ڕۆژهەڵات؛ هی خوارووی ڕۆژهەڵات. (۲) لە خوارووی ڕۆژهەڵاتەوە هەڵکردوو: *(a ~ wind)* .

adv. لە خوارووی ڕۆژهەڵاتەوە؛ بەرەو خوارووی ڕۆژهەڵات.

south-easterly (south´ēs′tēr-li), *adj. & adv.* (۱) هی خوارووی ڕۆژهەڵات؛ بەرەو خوارووی ڕۆژهەڵات: *(a ~ direction)* . (۲) لە خوارووی ڕۆژهەڵاتەوە هەڵکردوو: *(a ~ wind)* .

south-eastern (south´ēs′tērn), *adj.* (۱) هی خوارووی ڕۆژهەڵات؛ بەرەو خوارووی ڕۆژهەڵات. (۲) لە خوارووی ڕۆژهەڵاتەوە هەڵکردوو: *(a ~ wind)*

south-eastward (south´ēst′wērd), *adv. & adj.* بەرەو خوارووی ڕۆژهەڵات.

n. هەرێم یا شوێنێکی خوارووی ڕۆژهەڵات.

-sout-eastwardly *(adv.)*.

sout-eastwards (south´ēst′wērdz), *adv.* = south-eastward.

souther (sou*th*′ēr), *n.* بای باشوور؛ بای وەشت؛ گەردا و یا گەردەلوولی باشووری.

southerly (su*th*′ēr-li), *adj.* (۱) هی باشوور؛ بەرەو باشوور. (۲) لە باشوورەوە هەڵکردوو: *(a ~ wind)* .

adv. (۱) بەرەو باشوور. (۲) لە باشوورەوە.

southern (su*th*′ērn), *adj.* (۱) هی باشوور؛ بەرەو باشوور. (۲) لە باشوورەوە هەڵکردوو: *(a ~ wind)* . (۳) [S-]، هی باشووری ئەمەریکا یا هەر شوێنێکی تر.

n. نیشتەجێیەکی ناوچەکانی باشوور؛ باشووری (مرۆڤ).

southerner (su*th*′ēr-nēr), *n.* (۱) کەسێکی باشووری؛ نیشتەجێیەکی ناوچەی باشوور. (۲) [S-]، نیشتەجێیەکی هەرێمە باشوورەکانی ئەمەریکا؛ خەڵکی باشوور؛ کەسێکە کە لە باوو باپیرەوە نیشتەجێی ناوچە باشوورەکانی ئەمەریکا بووبێ.

southern lights, = aurora australis.

southernly (su*th*′ērn-li), *adj. & adv.* = southerly.

southernmost (su*th*′ērn-mōst´), *adj.* ئەوپەڕی باشوور.

southernwood (su*th*′ērn-wood´), *n.* دارەختە باشووری: دارەختێکی گوڵ زەردی گەڵا بۆن خۆشە (هەندێک جار لە بیرە دوورستکردندا بەکاردەهێنرێ).

southing (sou*th*′iŋ), *n.* (۱) بەرەو باشوور چوون. (۲) جیاوازی هێڵی پانی نێوان دوو خاڵ بەهۆی بەرەو باشوور ڕۆیشتنەوە (کەشتیێوانی).

southland (south′lənd, south′land´), *n.* (۱) زەمینی باشوور. (۲) هەرێمی باشووری وڵاتێک.

southmost (south′mōst), *adj.* = southernmost.

southpaw (south′pô´), *n.* [Slang], یاریکەری چەپلەر (بەتایبەتی هی بەیسبۆل).

adj. [Slang], چەپلەر.

South Pole, تەوەری باشوور.

southron (su*th*′rən), *n.* (۱) کەسێکی باشووری (بەتایبەتی ئوسکوتلەندیێک بە نینگلیزێک وا دەڵێ). (۲) کەسێکی خەڵکی خوارووی ئەمەریکا.

adj. باشووری.

southward (south′wērd), *adj. & adv.* بەرەو باشوور؛ بەرەو خوار.

n. ناوچەیەکی باشووری.

southwardly (south′wērd-li), *adj. & adv.* (۱) بەرەو باشوور؛ بەرەو خوار. (۲) لە باشوورەوە هەڵکردوو: *(a ~ wind)* .

southwards (south′wērdz), *adv.* = southward.

southwest (south´west′), *n.* (۱) باشووری خۆراوایی. (۲) ناوچەیەکی باشووری خۆراوایی.

adj. (۱) هی باشووری خۆراوایی؛ بەرەو باشووری خۆراوایی. (۲) لە باشووری خۆراوایییەوە هەڵکردوو: *(a ~ wind)* .

adv. لە باشووری خۆراوایییەوە؛ بەرەو باشووری خۆراوایی.

southwester (south´wes′tēr), *n.* (۱) گەردەلوولی باشووری خۆراوایی. (۲) کڵاوی ناودانەدەری کەشتیێوان.

southwesterly (south´wes′tĕr-li), *adj. & adv.* (۱) هی باشووری خۆراوا؛ بەرەو باشووری خۆراوا: *(a ~ direction)* . (۲) لە باشووری خۆراواوە هەڵکردوو: *(a ~ wind)* .

southwestern (south´wes′tĕrn), *adj.* (۱) هی باشووری خۆراوا؛ بەرەو باشووری خۆراوا. (۲) لە باشووری خۆراواوە هەڵکردوو: *(a ~ wind)* . [S-] (۳) تایبەتی بە هەرێمی باشووری خۆراوای ئەمەریکا

southwestward (south´west′wĕrd), *adv. & adj.* بەرەو باشووری خۆراوایی

n. ناوچەیەکی باشووری خۆراوایی

southwestwardly (south´west′wĕrd-li), *adj. & adv.* (۱) بەرەو باشووری خۆراوایی. (۲) لە باشووری خۆراوایی‌یەوە هەڵکردوو: *(a ~ wind)*

southwestwards (south´west′wĕrdz), *adv.* = southwestward.

souvenir (sōō´və-nēr′, soo′və-nēr´), *n.* یادگار

sou'wester, souwester (sou-wes′tĕr), *n.* = southwester.

sovereign (sov′rin, sov′ĕr-in, suv′rən), *adj.* (۱) بەرزترین؛ بەدەسەڵاتترین؛ زاڵترین: *(~ ruler)* . (۲) سەربەخۆ؛ سەربەست: *(a ~ state)* . (۳) ناباب؛ بەرز؛ باشترین: *(~ virtue)* . (٤) زۆرباش؛ زۆر بەکار: *(a ~ remedy for skin diseases)* . (٥) پاشایانە؛ لە پاشا هاتوو؛ تایبەتی بە پاشا.

n. (۱) پادشا؛ پاشا؛ خاوەن شکۆ. (۲) پارەیەکی زێڕی ئینگلیزی‌یە نرخی پاوەندێکە.

sovereignly *(adv.).*

sovereignty (sov′rin-ti, suv′rən-ti), *n.* (۱) پادشایەتی؛ دەسەڵات و پلەوپایەی پادشا. (۲) بەرزترین دەسەڵات (لە وڵاتدا)؛ دەسەڵاتی بەرز. (۳) سەربەخۆیی؛ سەربەستی؛ سەروەری: *(~ state)* . (٤) وڵاتێکی سەربەخۆ. (٥) دەسەڵات *(to have ~ over)* .

soviet (sō′vi-it, sō′vi-et´, sō´vi-et′), *n.* سۆڤیەت. ئەنجومەنی کرێکارو جوتیاران

adj. (۱) سۆڤیەتی؛ تایبەتی بە ئەنجومەنی کرێکارو جوتیاران. [S-] (۲) هی یەکێتی سۆڤیەت

sovietism (sō′vi-it-iz'm), *n.* سۆڤیەتیزم: فەرمانڕەوایی ئەنجومەنی کرێکارو جوتیاران؛ شیوعیزم

sovietize (sō´vi-ə-tīz′), *v.t.* گۆڕین بۆ سۆڤیەت؛ شیوعی‌کردن؛ فەرمانڕەوایی کردن بە هی سۆڤیەتی

-sovietization *(n.).*

sovran (sov′rən, suv′rən), *adj. n.* = sovereign.

sow (sou), *n.* (۱) مانۆس؛ بەرازی مێ. (۲) (۱) حۆگەی ئاسنی تواوە بردن لە کوورەوە بۆ قاڵبی داڕشتن. (ب) داڕێژەی ئاو جۆگەیەکی وەها.

sow (sō), *v.t.* (۱) تۆوداڕشتن؛ چاندن (تۆو)؛ وەشاندن. (۲) ئاشتن؛ زەوی چاندن. (۳) بڵاوکردنەوە: ئاشتن (مەجاز): *(to ~ the seeds of hatred)* .

-sower *(n.).*

sow-belly (sou′bel´i), *n.* [Colloq.], گۆشتی بەرازی سوێرکراو

sow bug, = wood louse.

sown (sōn), *alternative past participle of* sow.

sow thistle, پووەکێکی گوڵ زەردی گەڵا درکاوی‌یە

sox (soks), *pl of* sock.

soy (soi), *n.* (۱) سۆی خۆشاوی سۆی (کە لە لێنانی ماسی و گۆشت و هەندێ سەوزەدا بەکاردەهێنرێت). (۲) soybean .

soya (soi′ə, sō′yə), *n.* [British], = soy.

soybean (soi′bēn´), *n.* (۱) پووەکێکە لە لۆبیا دەچێ و بەرێکی وەک لۆبیا دەگرێ لە کەلوودا. (۲) بەری ئەم پووەکە (ئاردو پڕۆ و خۆشاوی لێ دەردەهێنرێ و بە ساغیش لێ دەنرێ).

spa (spä), *n.* (۱) گەپاوا؛ کاناو. (۲) گەپاوخانە؛ سەیرانگای گەپاو.

space (spās), *n.* (۱) بۆشایی؛ جێی بەتاڵ؛ جێی چۆڵ. (۲) ماوە (شوێن)؛ جێ؛ شوێن. (۳) جێوپێ؛ جێیەک کە بەش بکات؛ جێ: *(We couldn't find a parking ~ .)* (٤) جێ (فرۆکە، شەمەندەفەر، کەشتی... هتد)؛ جێی گیراو؛ جێی دانیشتن؛ کورسی. (٥) (ا) ماوە؛ کات: *(not enough ~ between arrival and departure)* (ب) ماوەیەکی کەم: *(for a ~)* . (٦) بۆشایی ئاسمان؛ ئاسمان؛ بۆشایی ئاسمانی. (پێشی دەووترێ: " outer space "). (۷) بۆشایی نێوان هێڵی مۆسیقا. (۸) پارچە کانزای نێوان دوو تیپ (چاپکاری). (۹) [Obs.]، کاتی دانراو بۆ شتێک.

v.t. بۆشایی خستنە بەینەوە؛ جیاکردنەوە لە یەک بە بۆشایی.

space-craft (spās′kraft´, spās′kräft´), *n.sing & pl.* کەشتی ئاسمانی؛ کەشتی بۆشایی. (هەروەها " space-ship ").

space flight, فڕین بە بۆشایی ئاسماندا.

spaceless (spās′lis), *adj.* (۱) بێ سنوور؛ بەر بەرەڵا. (۲) هیچ جێگەی نەگرتووە.

spaceman (spās′mən), *n.* (۱) ئاسمانگەڕ؛ کەشتیڤانی کەشتی ئاسمانی. (۲) کەسێک کە لە یەکێک لە ئەستێرەکانەوە هاتبێ بۆ سەرزەمین (لە چیرۆکی هەڵبەستی زانستیدا).

space-ship (spās′ship´), *n.* کەشتی ئاسمانی؛ کەشتی بۆشایی.

space shuttle, کەشتی ئاسمانی هاتوچۆکەر لە نێوان زەمین و نیشتگەی ئاسمانیدا (بۆ هێنان و بردنی ئاسمانگەڕەکان).

space station, نیشتگەی ئاسمانی؛ نیشتگەی بۆشایی.

space suit, دەستە جلی ئاسمانی (ئاسمانگەڕ لەبەری دەکات)؛ قاتە جلی ئاسمانگەڕ.

space walk, پیاسەی ئاسمانی: چوونەدەرەوەی ئاسمانگەڕ لە کەشتی‌یەکەی لە ئاسماندا.

spacial (spā′shəl), *adj.* = spatial.

spacing (spās′iŋ), *n.* (۱) بۆشایی جێهێشتن لە نێوان دوو شتی زنجیرەیەکدا (وەک ووشەی ناو پستە)؛ ڕێکخستنی زنجیرەیەک بە بەجێهێشتنی ئەم بۆشایی‌یانە. (۲) بەردوا ڕێکخستنی زنجیرە پروداو (لەپووی کاتەوە). (۳) بۆشایی نێوان دوو شتی زنجیرەیەک (وەک ووشەکانی پستە).

spacious (spā′shəs), *adj.* (۱) فراوان؛ گەورە (شوێن): *(a ~ house, room, hall, etc.)* (۲) بەرفراوان؛ خۆش گوزەران: *(a ~ existence)* .

spackle (spā′k'l), *n.* هێلم یا گیراوەیەکە وەک هەویر (درزو کونی دیواری پێ پڕدەکرێتەوە).

v.t. درزو کونی دیوار پڕکردنەوە بەم جۆرە گیراوەیە.

spade (spād), *n.* (۱) بێل؛ بێلچە. (۲) شتێکە لە بێلچە بکات.

v.t. & v.i. بێلکاری کردن؛ هەڵکەندن بە بێل.

call a spade a spade, بە ڕێک و ڕاست ووتن بەبێ پێچوپەنا؛ پێچوپەنا تێ نەخستن؛ قسە لەپووبوون.

spade (spād), *n.* (۱) ماچە (کاغەزی یاری و قومار). (۲) *(pl.)* ، دەستەیەک کاغەزی وەها. (۳) کاغەزێکی وەها.

spadefish (spād′fish´), *n.* ماسی‌یەکی خڕکەڵەی پەڕەک تیژی دەریایی‌یە

spadeful (spād′fool´), *adj.* پڕ بێلچەیەک

spadework (spād′wŭrk´), *n.* (۱) بێلکاری.

(٢) کاری ئامادەیی قورس؛ هەوڵو کۆششی زۆر (کە پێویستە بۆ ئامادەکردن یا کەڵەکردنی کار).

spadix (spā′diks), *n.* جۆرە ڕووەکێکە لە نێرک دەچێ پەڕەیەکی وەک ڕەحەتی بە دەوریەوەیە.

spaghetti (spə-get′i), *n.* (١) سپاگێتی: خواردەمەنیەکی ئیتاڵیە وەک مەکەرۆنی باریکو درێژ وایە. (٢) لوولەی دابڕکەر: لوولەیەکە تەل نەلەکتریکی ڕووتی تێ دەخرێ.

spahi, spahee (spä′hē), *n.* سپایی: سەربازی سوارەی لەشکری عوسمانی.

spake (spāk), *archaic past of* **speak**.

spall (spôl), *n.* تەڵەزمە بەرد.

v.t. شکاندن؛ تەڵەزم لێکردنەوە؛ پرواندن.

v.i. شکان؛ تەڵەزم لێبوونەوە؛ پروان؛ شەق بردن.

span (span), *n.* (١) : ا: بست؛ قولانچ.

(ب) پێوانەیەکە بریتیەیە لە نۆ گرێ یا ئینچ.

(٢) : ا: ڕادە؛ نەندازە یا دووری نێوان دوو سنوور.

(ب) ماوە یا درێژی نێوان دوو کۆڵەکە یا پایە. *(the ~ of an arch)*.

(٣) ماوەی نێوان دوو پایە یا کۆڵەکە (پرد): *(a bridge of four ~s)*.

(٤) درێژی نێوان سەری هەردوو باڵی فڕۆکە.

(٥) ماوەیەکی کورت: *(the ~ of a life)*.

(٦) جووت (گا: هێستر، ئەسپ، کەر... هتد).

v.t. (١) بە بست پێوان. (٢) بە دەست دەورەدان (وەک لە پێوانا بە بست).

(٣) درێژبوونەوە بە سەردا (وەک پرد)؛ بەسەردا تێپەڕبوون؛ گرتنەوە: *(The bridge ~s the river.)*

(٤) بەسەردا درێژکردنەوە (پرد)؛ پرد بە سەرەوە دروستکردن.

span (span), *archaic past tense of* **spin**.

spandrel (span′drəl), *n.* ئەو شوێنە سێگۆشەییەی نێوان کەوانەی تاقێکو گۆشە وەستاوەکەی دەورێتی.

spang (spaŋ), *adv.* [Colloq.], بەتەواوی؛ بە بێ کەمو زیاد: *(~ in the middle of the table)*

spangle (spaŋ′g'l), *n.* (١) ئێرو زەنگیانە؛ زەنگیانە؛ مرووو؛ پوولەکە (بۆ جل ڕازاندنەوە). (٢) شتێک یا شوێنێکی بریقاوە: *(a ~ of sunlight)*.

v.t. بە پوولەکە ڕازاندنەوە؛ ئێرو زەنگیانە پێوەکردن.

v.i. درەوشانەوە؛ بریقانەوە

-spangly *(adv.)*.

Spaniard (span′yērd), *n.* ئیسپانی؛ هاوڵاتیێکی ئیسپانیا؛ کەسێکی ئیسپانی.

spaniel (span′yəl), *n.* (١) جۆرە سەگێکی قاچ کورتی تووک لوول‌و درێژی گوێ زل‌و داکەوتووی کلک کورتە. (٢) کەسێکی ملکەچی مەراییکەری حەز لە نۆکەری کەر.

Spanish (span′ish,), *adj.* ئیسپانی (گەل، کلتوور، زمان).

n. ئیسپانی؛ زمانی ئیسپانی.

the Spanish, ئیسپانیێکان.

Spanish-American (span´ish-ə-mer′ə-kən), *adj.* (١) ئیسپانی-ئەمەریکی: تایبەتی بە وڵاتە ئیسپانی ئەمەریکاییەکان‌و گەلەکانیان (وەک مەکسیک‌و ئەمەریکای ناوەڕاست).

(٢) ئیسپانی-ئەمەریکی: تایبەتی بە ئەمەریکایی بنەچە ئیسپانی.

n. (١) هاوڵاتیێکی وڵاتە ئیسپانییە ئەمەریکاییەکان.

(٢) ئەمەریکایی بنەچە ئیسپانی.

Spanish fly, قالونچەیەکی سەوزە وورد دەهاوێنرێت‌و بۆ دەرمان بەکاردێت.

Spanish Inquisition, دادگای پشکنین‌و لێکۆڵینەوەی ئیسپانی: دادگایەکی کاسۆلیکی بوو لە ئیسپانیا لە سەدەی پانزە بۆ سزادانی لە ئاین وەرگەڕاوەکان کە زۆر بە توندوتیژی ناسرابوو.

Spanish rice, برنجی ئیسپانی: قوڵی برنجی بە تەماتەو پیازو بیبەری سەوزی جنراوو بەهارات لێنراو.

Spanish mackerel, جۆرێکە لە ماسی.

spank (spaŋk), *v.t.* بە قنگدا کێشان یا ماڵین (بەتایبەتی منداڵ بۆ سزادان): *(She ~s her children when they misbehave.)*

v.i. بە پەلە ڕۆیشتن؛ بۆ تێتەقاندن؛ بە تیژو بە قنجی ڕۆیشتن.

n. بە قنگدا ماڵین یا کێشان.

spanker (spaŋ′kēr), *n.* (١) بە قنگدا کێشەر.

(٢) [Colloq.]، ئەسپی خێرا؛ ئەسپی تیژڕەو.

(٣) بایەوانی دواوە (کەشتیێکەوانی).

spanking (spaŋ′kiŋ), *adj.* (١) خێرا؛ تیژڕەو.

(٢) خێراو بەهێز (با، سروە). (٣) [Colloq.]، چاک‌و گەورەو بەتێن‌و بەهێز.

spanner (span′ēr), *n.* [British], سپانە.

span-new (span′nōō′, span′nū′), *adj.* [Dial.], = **brand-new**.

spar (spär), *n.* کانزایەکی بریقەدارە کە بە ئاسانی پەڕە پەڕە دەکرێ.

spar (spär), *n.* (١) ستوون یا داری بایەوان (کەشتیێکەوان).

(٢) پەراسوی ڕاگری باڵی فڕۆکە لە باری درێژی.

spar (spär), *v.i.* (١) بە چنگ شەڕکردن (کەڵەشێر).

(٢) شەڕە بۆکس کردن؛ بۆکسبازی کردن.

(٣) شەڕە دەنووک کردن (مەجان)؛ مشتومڕکردن؛ پلار هاویشتن؛ لە یەک خوێندن.

n. (١) بۆکسبازی؛ شەڕە بۆکس.

(٢) مشتومڕ؛ شەڕە دەنووک (مەجان)؛ پلار هاویشتن.

sparable (spar′ə-b'l), *n.* بزماری بێ سەری بچووک (پێڵاودروو بەکاری دێنێت).

spare (spâr), *v.t.* (١) بەخشین؛ نەکوشتن؛ ڕزگارکردن؛ هێشتنەوە: *(to ~ someone's life)*

(٢) ناخۆشی نەدانە بەر؛ بە تووشەوە نەکردن: *(We have ~d you the trouble.)*

(٣) گلدانەوە؛ ڕاگرتن؛ بەکار نەهێنان: *(We will ~ no effort.)*

(٤) توانای دەست لێ هەڵگرتن بوون: *(I can't ~ the money or the time.)*

adj. (١) یەدەک؛ زیادە: *(a ~ room; a ~ tire, part, etc.)*.

(٢) بەتاڵ (کات)؛ زیادە: *(~ time)*.

(٣) کەم: *(a ~ meal)*.

(٤) لەڕ؛ لەرولاواز؛ ڕەقەنە: *(a tall, ~ man)*.

n. (١) تایەی سپێر: *(I have a ~ in the trunk.)*.

(٢) (أ) خستنی هەر دە نیشانەکەی یاری بۆلینگ بە دوو یاری

(ب) خاڵی گیراو بەم لێدان‌و خستنە.

-sparely *(adv.)*; **spareness** *(n.)*.

spare-rib (spâr′rib´), *n.* پەراسوی بەراز (کە زۆربەی گۆشتەکەی لێ دەکرێتەوە نەوسا لێدەنرێ).

sparge (spärj), *v.t. & v.i.* (١) لێ هەڵپرژان.

(٢) شڵەقاندن یا ژەندنی شلە بە تێکردنی هەوای پەستێنراو.

sparing (spâr′iŋ), *adj.* (١) گیر؛ دەست قووچاو؛ پیسکە.

(٢) کەم. (٣) بەخشندە.

-sparingly *(adv.)*.

spark (spärk), *n.* (١) پریشک؛ پزیسک؛ پرژ. (٢) تروسکە.

(٣) تۆزێک؛ نەختێک؛ تۆسقاڵێک: *(a ~ of interest)*.

(٤) زیتی؛ ووریایی؛ زیندوویی: *(There is no ~ in him.)*

v.i. (١) پریشکدانەوە؛ پرژڵێبوونەوە.

(٢) پریشک لێبوونەوە (مەجان)؛ بە جۆشەوە بەدەنگەوەهاتن.

بزواندن؛ جم‌وجوول تێخستن؛ پریشک لێ هەڵساندن.

v.t. (١) لاوێکی شۆخ؛ گەنجێکی قۆز؛ جوامێر.

(٢) دڵدار؛ یار.

spark (spärk), *n.* دڵداری لەگەڵ کردن؛ چاو باشقاڵی لەگەڵ کردن.

v.t. & v.i. [Colloq.], دڵداری لەگەڵ کردن؛ چاو باشقاڵی لەگەڵ کردن.

spark arrester, (١) پریشکێر (لە دووکەڵ کێشدا).

(٢) پریشك كۆ (كارەبا).

spark coil, كۆیلی پریشك لێبووەوە.

spark gap, بۆشایی نێوانی كارەبا

sparkle (spär′k'l), *v.i.* (١) پریشكدان وەك پرژدانەوە

(٢) پرشنگدانەوە؛ درەوشانەوە: بریقەدانەوە.

(٣) شەوقدانەوە (مەجاز)؛ زرنگی و دانایی پیشاندان: *(Her wit ~d.)*.

(٤) كەف وكۆل لێ هاتنەدەرەوە (شامپانیا، كۆكا كۆلا).

v.t. تیف نیفەدان؛ بریقە لێ هەڵساندن؛ شەوق پێدانەوە.

n. (١) پریشك. (٢) بریقە؛ پرشنگ؛ تیف تیف؛ درەوشانەوە.

(٣) كف وگڕ؛ زیندوێتی؛ گورج وگۆڵی. (٤) كەف وكۆل (شامپانیا، كۆكا كۆلا).

sparkler (spär′klēr), *n.* (١) كەسێكی زێت و بە كف وگڕ.

(ب) [Colloq.]. چاری بریقاوە (٢) فیشەكشێتەی هێواش و پرپشكدەرەوە.

(٣) [Colloq.]. نەڵماس.

sparkling (spär′kliŋ), *adj.* (١) درەوشاوە؛ بریقاوە؛ پرشنگدار؛ تیف نیفەدار (٢) بە كف وگڕ؛ زێت؛ گورج وگۆڵ؛ زرنگ.

(٣) بە كەف وكۆل (شامپانیا، كۆكا كۆلا).

spark plug, پلاكی نوتومبیل و مەكینەی تر.

sparling (spär′liŋ), *n.* جۆرە ماسییەكی نەوروپایی.

sparring partner, هاوەمشقكەری بۆكسباز.

sparrow (spar′ō), *n.* پاساری؛ چۆلەكە

sparrow-grass (spar′ə-gras′), *n.* [Colloq.]. = asparagus.

sparrow hawk, واشە؛ جۆرە هەڵۆیەكی بچووكە.

sparse (spärs), *adj.* تەنك؛ قژ ڕیش؛ دەغڵودان... هتد)؛ پرش وبڵاو؛ كەم؛ شاش. *(a ~ beard, crop, population, etc.)*.

-sparsely *(adv.)*; **sparseness** *(n.)*.

sparsity (spär′sə-ti), *n.* كەمی؛ پرش وبڵاوی؛ شاشی؛ تەنكی (چڕی).

Spartan (spär′t'n), *adj.* (١) سپارتەیی: تایبەتی بە " سپارتە " ی كۆن و كەڵ و كلتوورەكەی. (٢) دڵێر؛ بەجەرگ؛ نازا؛ جەنگاوەر؛ تووندوتیژ؛ ساكار؛ سادە؛ سەخت؛ بەرگەی ناخۆشی گر؛ پارە بەفیڕۆنەدەر؛ گێر.

n. (١) هاوڵاتییەكی " سپارتە " ی كۆن.

(٢) كەسێكی دڵێرو تووندوتیژو گێرو بێباك و بەجەرگ و سادەو پارە بەفیڕۆنەدەر.

-Spartanism *(n.)*.

spar varnish, بۆیاخی تەختەو داری ناودانەدەر یا ناوبر.

spasm (spaz′m), *n.* (١) بەگیرەوستانی ماسولكە؛ كرژبوونی ماسولكە؛ مووچڕ؛ دەمارگیران. (٢) جموجوونێكی لەپڕو ناناسایی؛ جۆش؛ هەست هاتنەجۆش؛ جۆش هەڵسان؛ جرت وفرت؛ خرۆشان.

spasmodic (spaz-mod′ik), *adj.* (١) مووچركی؛ لە بەگیرەوستان یا كرژبوونی ماسولكە دەچێ

(٢) پچڕپچڕ؛ كوتوپڕ؛ ناوبەناو و لەپڕ؛ ناوبەناو *(~ rifle fire)*.

(٣) زۆر هەڵچوو؛ لە پڕ خرۆشاو (هەست، مرۆڤ)؛ شێتەو ژیرە

-spasmodical *(adj.)*; spasmodically *(adv.)*.

spastic (spas′tik), *adj.* (١) تایبەتی بە كرژبوون یا بەگیرهاتنی ماسولكە ٢) بەگیرهاتوو؛ كرژ (٣) ماسولكەكانی كرژ دەبن یا بەگیر دێن.

n. كەسێكی ماسولكە كرژبوو یا بەگیرهاتوو؛ كەسێكی ماسولكە ووشك بوو یا نیفلیج

-spastically *(adv.)*.

spat (spat), *n.* [Colloq.]. (١) زلە شەپازنە؛ شەقازلە

(٢) دەمەقاڵێ؛ شەڕە قسە؛ ناكۆكی

v.i. (١) زللەلێدان؛ شەپازلەلێدان (٢) مشت ومڕكردن؛ شەڕە قسە كردن؛ دەمەقاڵێ بوون

v.t. زللەلێدان؛ شەقازلەلێدان

spat (spat), *n.* پارچەیەك چەرم یا كالایە لە لاسەروی پێڵاوو قنگە پاژنەكەیەوە دەپێچرێ بۆ پاراستنی.

spat (spat), *alternative past tense and p.p. of* spit.

spat (spat), *n.* (١) گەرا یا هێلكەی گوێچكەماسی.

(٢) (ا) بەچكە گوێچكەماسی بەگشتی. (ب) بەچكە گوێچكەماسی گەرادانان (گوێچكەماسی)؛ گەراخستن.

v.i. گەرادانان (ماسی، گوێچكەماسی)؛ گەراخستن.

spate (spāt), *n.* (١) لافاوی لەپڕ. (٢) ڕەهێڵە؛ شەستەباران.

(٣) لافاو هەڵسان: *(The river is in ~.)*.

(٤) لێشاو (ووشە، ووتە).

spathaceous (spə-thā′shəs), *adj.* پەڕەیەكی وەك ڕەحەتی بەدەوری گوڵەكەیەوەیە.

spathe (spāth), *n.* پەڕەیەكی وەك ڕەحەتی بە دەوری هەندێ گوڵەوە كە لە نێرك دەچن.

spathose (spath′ōs), *adj.* = spathaceous.

spatial (spā′shəl), *adj.* (١) تایبەتبە جێگە؛ هی جێ یا شوێن.

(٢) بوونی هەیە لە جێگەدا؛ جێگەگرتوو.

-spatially *(adv.)*.

spatio-temporal (spā´shi-ō-tem′pēr-əl), *adj.* جێگەیی-كاتی: بوونی هەیە لە جێگەیش و كاتیشدا.

spatter (spat′ēr), *v.t.* (١) لێ هەڵپژان (ئاو، قوڕاو، بۆیە، شلە... هتد)؛ پیس كردن (بە لێ هەڵپژان):

(The car ~ed us with mud as it passed.)

(٢) ئاوڕشێن كردن؛ پرش وبڵاوكردنەوە: *(to ~ water)*.

(٣) ئاوزڕاندن؛ ئاو پیس كردن؛ بەدناوكردن؛ لەكەداركردن.

v.i. (١) فیچقەكردن. (٢) بارین؛ بە پرژ هاتنەخوارەوە؛ پرژانە خوارەوە

n. (١) هەڵپرژان؛ ئاوپرژێن؛ ئاوڕشێن. (٢) دەنگی لێ هەڵپژان.

(٣) (ا) پرژ؛ دڵۆپ؛ پریشك؛ جێ پرژ؛ پەڵە. (ب) نەختێك؛ كەمێك؛ تۆزێك

(a ~ of applause)

spatter-dock (spat´ēr-dok′), *n.* شلێژی ئاوی.

spatula (spach′oo-lə), *n.* كەوگیر؛ ئامێرێكی دەم پانە وەك كەوگیر شتی پانكەڵەی ئار تارەی پێ هەڵدەگێرێتەوە وەك هێلكەوڕۆن)؛ ئامێرێكە وەك چەقۆی دەم پان و كول (بۆ شت تێكەڵاوكردن).

spavin (spav′in), *n.* نەخۆشییەكە تووشی ڕەفیسكی ئەسپ دەبێ و دەبێتەموێی شەڵین.

-spavined *(adj.)*.

spawn (spôn), *v.t. & v.i.* (١) گەرادانان (ماسی، بۆق، گوێچكەماسی)؛ گەراخستن. (٢) خستنەوە (بەچكەی زۆر) (لەڕووی سووكییەوە)؛ لێبوونەوە؛ هێنانە دنیاوە؛ هێنانەبەر.

n. (١) گەرا (ماسی، گوێچكەماسی، بۆق)؛ هێلكە ماسی.

(٢) بەچكە (لەڕووی سووكییەوە)؛ نەوە. (٣) ئەنجام؛ بەرهەم؛ بەر

spay (spā), *v.t.* نەزۆك كردن (بە دەرهێنانی هێلكەدان بەتایبەتی سەگ و پشیلە)؛ دەرهێنانی هێلكەدانی گیاندار: *(to ~ a cat)*.

speak (spēk), *v.i.* (١) قسەكردن؛ ئاخاوتن؛ دووان.

(٢) دەربڕین؛ ووتن؛ بێژان: *(Actions ~ louder than words.)*.

(٣) ووتاردان؛ ووتار خوێندنەوە.

(٤) گفتوگۆكردن؛ دووان.

(٥) دەنگ لێبوونەوە؛ دەنگدانەوە: *(The guns ~ sharply.)*

v.t. (١) دەربڕین؛ بێژان:

(He ~s the sentiments of us all.)

(٢) قسەپێكردن؛ پێ دووان؛ قسەكردن: *(She ~s several languages.)*

(٣) ووتن. (٤) قسە بۆ كردن؛ ووتار بۆ دان.

so to speak, دەتوانێ وا بڵێین؛ دەتوانرێ بخرێتە ئەو قاڵبەوە.

speak for, (١) بەناوی كەسێك یا كۆمەڵێكەوە قسەكردن؛ قسەكردن لەباتی.

(٢) داواكردن؛ قۆرخ كردن؛ گرتن:

(You can't ask her to marry you because she is spoken for)

speak of, لێ دووان؛ ئاوهێنان؛ باس كردن؛ دەربارە دووان؛ قسە لێكردن.

speak one's mind, ڕای خۆ دەربڕین بە ئاشكرا.

speak out (or up), (١) بە دەنگی بەرز قسەكردن.

(۲) به ناشکرا قسەکردن؛ بە بێ ترس و دڵەڕاوکێ پرسیار دەربڕین؛ لەڕوو قسەکردن.

speak well for, چاکە وتن؛ لای چاکە دەرخستن.

to speak of, شایانی باسە

speakeasy (spēk′ēz´i), *n.* [Slang], مەیخانەی قاچاغ.

speaker (spēk′ēr), *n.* (۱) قسەکەر؛ وێژەر؛ دوێنەر؛ دووانەر.
(۲) وتارێژ؛ وتارخوێن؛ ووتاربێژی لێهاتوو.
(۳) [S-]، سەرۆکی ئەنجومەنی یاسایی؛ سەرۆکی پەرلەمان (بەتایبەتی کۆنگرێسی ئەمەریکا کە پێی دەووترێ: " Speaker of the House ").
(٤) پەرتووکی پەروانبێژی. (٥) loudspeaker.

speakership (spēk′ēr-ship´), *n.* سەرۆکایەتی پەرلەمان؛ سەرۆکایەتی کۆڕ؛ پلەوپایەی سەرۆکی پەرلەمان.

speaking (spēk′iŋ), *adj.* (۱) قسەکەر.
(ب) بە زمانێکی تایبەتی قسەکەر یا دروا: *(English- ~ countries.)*.
(۲) حوان دەربڕ یا پیشاندەر؛ باش دەرخەر: *(a ~ face)*.
(۳) لە شتە ڕاستەقینەکە دەچێ؛ لێچوو: *(a ~ likeness)*.

n. (۱) ناخاوتن؛ دووان؛ قسە؛ قسەکردن.
(۲) ووتاردان؛ ووتار خوێندنەوە. (۳) ووتار؛ شتی بێژراو.

on speaking terms, قسەیان هەیە پێکەوە؛ قسەیان نەبڕیوە؛ قسە نەکەن؛ ناش‌وماشیان نەکردووە: *(They have not been on speaking terms for a year.)*

speaking tube, بۆری ناخاوتن؛ بۆ دووان لە نێوان ژوورەکانی خانوویەکدا

spear (spēr), *n.* (۱) ڕم؛ نێزە. (۲) سەرە ڕم؛ نووکی نێزە.
(۳) ڕمی پاوەماسی. (٤) spearman. (٥) تاڵە گیای درێژ؛ چڵە گیا.

v.t. (۱) ڕم لێدان؛ نێزە پێداکردن. (۲) ماسی گرتن بە ڕمی پاوەماسی.

v.i. (۱) پێداچوون وەک ڕم؛ سمێن.
(۲) چڵی تازە دەرکردن؛ چرۆکردنو بوون بە چڵێکی درێژ.

spear-fish (spēr′fish´), *n.* ڕمە ماسی. ماسیەکی دەریایی گەورەیە لەنۆزنکی درێژی هەیە لە ڕم دەکات.

spearhead (spēr′hed´), *n.* (۱) سەرە ڕم؛ نووکی نێزە.
(۲) پێشەنگ (لەشکر، هێرش، کار)؛ ڕابەر (کار)؛ سەری ڕم (مەجاز).

v.t. وەک سەری ڕم پێشەنگی کردنی هێرشێک یا کارێک: *(The paratroopers ~ed the invasion.; He ~ed the reorganization of the company.)*

spearman (spēr′mən), *n.* ڕمبار؛ ڕم هاوێژ؛ ڕم هەڵگر.

spearmint (spēr′mint´), *n.* نەعنا؛ جۆرێکە لە نەعنا؛ پۆنی نەعنا.

spear side, باوکی؛ لەلای باوکییەوە؛ لە بنەچەی باوکەوە: *(the ~ of the family)*

(بەراوردی کە لەگەڵ ووشەی: " distaff side ").

special (spesh′əl), *adj.* (۱) تایبەتی؛ جیا: *(The play requires a ~ stage.)*
(۲) ئاڤاسا؛ سەرئاسا؛ تایبەتی.
(۳) نزیک (برادەر)؛ تایبەتی: *(a ~ friend)*.
(٤) تایبەتی (بە کەسێک، پێکەوتنێک، مەبەستێک... هتد): *(by ~ permission; a ~ edition of the newspaper)*
(٥) دیاریکراو؛ تایبەتی.

n. (۱) شتێک یا ڕووداوێکی تایبەتی. (۲) بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی یا ڕادیۆی تایبەتی. (۳) ژمارەیەکی تایبەتی ڕۆژنامە یا گۆڤار.
(۳) شتێکی بەتایبەتی گیراو (شەمەندەفەر، پاس ... هتد).
(٤) نرخ داشکانێکی تایبەتی بە فرۆتەنیەک.

special delivery, پۆستەی خێرا؛ پۆستەی تایبەتی.

specialism (spesh′əl-iz'm), *n.* (۱) پسپۆڕی؛ شارەزایی لە ڕشتەیەکی تایبەتیدا. (۲) ڕشتەی پسپۆڕی؛ ڕشتەی شارەزایی؛ ڕشتە.

specialist (spesh′əl-ist), *n.* پسپۆڕ؛ شارەزای ڕشتەیەکی تایبەتی؛ کارزان: *(an eye ~ ; a ~ in gynecology)*.

speaciality (spesh′i-al´ə-ti), *n.* (۱) تایبەخۆی تایبەتی؛ نیشانەی تایبەتی. (۲) (*pl.*): چۆنێتی؛ وورده تایبەخۆی شتێک یا بارێک؛ وورده تایبەتیەکانی شتێک. (۳) specialty.

specialization (spesh´əl-i-zā′sh-ən), *n.* (۱) پسپۆڕی؛ شارەزایی بوون یا پەیداکردن لە ڕشتەیەکی تایبەتیدا؛ ڕشتە: **| His (field of) ~ is biology. |**
(۲) (ا) ڕاهاتنی مرۆڤ یا زیندەوەر بە دەوروبەری تازە؛ ڕاهاتنی ئەندامی لەش بە ئەرکی تازە. (ب) زیندەوەر یا مرۆڤی وەها ڕاهاتوو.

speacialize (spesh′ə-līz´), *v.t.* (۱) ناونووس کردن؛ دیاریکردن؛ ناوهێنان بەتایبەتی لەک بە گشتی: *(~ your accusation)*.
(۲) (ا) لە ڕشتەیەکی تایبەتیدا پسپۆڕی پەیداکردن: *(He ~d his study.)*.
(ب) بۆ مەبەستێک یا ئامانجێکی تایبەتی کۆششی کردن. (۳) ڕاهێنان
(٤) ناونووس کردنی چەک گۆڕەوە یا پارەپێدراو.

v.i. (۱) پسپۆڕی پەیداکردن لە ڕشتەیەکدا؛ شارەزابوون لە شتێکدا: *(He ~s in languages, sales, medicine, management, etc.)*
(۲) ڕاهاتن بە ئەرک و بارو دەوروبەری تازە (ئەندامی لەش).

specially (spesh′əl-i), *adv.* (۱) بۆ مەبەستێکی تایبەتی؛ هەر بۆ ئەوە: *(I came here ~ to see you.)*.
(۲) بەتایبەتی.

specialty (spesh′əl-ti), *n.* (۱) تایبەخۆی تایبەتی؛ تایبەخۆ؛ نیشانەی تایبەتی. (۲) ڕشتە؛ پسپۆڕی؛ شارەزایی لە ڕشتەیەکی تایبەتیدا. *(Art is her ~ .)*
(۳) تایبەتێتی.
(٤) شتێکی خۆش و نایاب و بەتایبەتی کراو (لەچاو توخمەکەیدا): *(What is this restaurant ~ ?; Fried chicken was her mother's ~ .)*
(٥) قۆنتەرات یا پەیمانێکی لۆک کراو.

specie (spē′shi), *n.* پارەی وورده.

in specie, (۱) بە پارەی وورده
(۲) هەمان جۆر؛ بە هەمان شێوە (ڕەفتار): *(He was ready to return insult in ~ .)*

species (spē′shiz), *n.* (۱) (ا) توخم؛ ڕەگەز. (ب) ئەندامی توخمێک یا ڕەگەزێک. (۲) جۆر؛ چەشن؛ بابەت.
(۳) [()bs.]، ڕووخسار؛ شێوە؛ ڕووالەت؛ شێوەی هاتنە بەرچاو.
(٤) specie، [()bs.].
(٥) (ا) شێوەی شەرابو نانە ڕەقەی شێوی قوربانی (کلێسەی کاسۆلیکی).
(ب) نەم شەرابە یا نانە ڕەقەیە

the species, ڕەگەزی مرۆڤ؛ توخمی نادەمیزاد.

specific (spi-sif′ik), *adj.* (۱) تایبەتی؛ وورد؛ دیاریکراو؛ بێ کەمو زیاد: *(Be ~ in your description.; ~ order, directions, instructions, etc.; a ~ use of the word; for no ~ reason)*
(۲) تایبەتی بە ڕەگەزێک یا توخمێک: *(~ characteristics)*.
(۳) تایبەخۆی شتێکە.
(٤) هی جۆرێکی تایبەتی؛ تایبەتی؛ هی بابەتێکی تایبەتی؛ جۆری؛ بابەتی.
(٥) (ا) دەرمانی نەخۆشییەکی تایبەتیە؛ چارەیەکی تایبەتییە.
(ب) لە میکرۆبێکی تایبەتییەوە تووش دەبێ یا دەکەوێتەوە.

n. (۱) دەرمانێکی تایبەتی بە نەخۆشییەک.
(۲) شتێکی تایبەتی بە بارێک یا مەبەستێک.
(۳) (*pl.*)، چۆنێتی؛ وورده تایبەخۆکانی بارێک، ڕووداوێک یا مەسەلەیەک: *(I don't know the ~s of the case.)*

specifically (spi-sif′i-k'l-i, spi-sif′ik-li), *adv.* بەتایبەتی؛ بەشێوەیەکی تایبەتی؛ بە بێ کەمو زیاد.

specification (spes´ə-fi-kā′shən), *n.* (۱) دیاریکردن؛ ناونووس کردن؛ تایبەتی کردن. (۲) (*pl.*)، چۆنێتی؛ تایبەخۆکانی شتێک بە

وردی؛ چۆنێتی شتێك به وردی؛
(Here are the ~s for the new building.)
(۳) شتێکی دیاریکراو یا نیشانەکراو

specificity (spes´ə-fis′ə-ti), *n.* تایبەتێتی؛ وردی

specify (spes′ə-fī′), *v.t.* (۱) دیاریکردن؛ پەسەند بۆ پاکێشان؛ ناونووس کردن؛ پوونکردنەوە بە وردی (چۆنێتی)؛ نیشانەکردن؛ دانان.
(۲) کردن بە مەرج (چۆنێتی کار)؛ دیاریکردن یا دانان بە مەرج

specimen (spes′ə-mən), *n.* (۱) نموونە
(۲) [Colloq.]. نموونە مرۆڤیکی تایبەتی؛ نموونەی تایبەتی؛
(an unsavory ~)
(۳) [Colloq.]. نموونە میز (بۆ تاقیکردنەوەی پزیشکی).

speciosity (spē´shi-os′ə-ti), *n.* (۱) دوورکوتی؛ بەپووکەش جوانی. ۲) درۆزنە؛ لەپوو دروستی و وەکی تر نادروستی

specious (spē′shəs), *adj.* (۲) شتێکی دوورکۆڵ یا درۆزنە
(۱) دوورکۆڵ؛ بە پووکەش جوان؛ بە پووکەش دڵڕفین. (۲) درۆزنە؛ لەپوو بەجێو لە پاستیدا نابەجێو ناپەسەند؛ هەر بە پووڵەت چاك دەنوێنێو پاستیەکەی وا نیە؛
(~ reasoning, logic, etc.; a ~ argument)
(۳) [Obs.]. جوان؛ دڵگیر.

-speciously *(adv.)*; speciousness *(n.)*.

speck (spek), *n.* (۱) لەکە؛ پەڵە؛ خاڵ؛ کونج؛ شڵ.
(۲) تۆزێك؛ نەختێك؛ گەردیلە؛ کاکڵە (هەور)؛
(I have a ~ of dust in my eye.)
(۳) پەڵە (میوەی گەنیو یا سنگاناوی)؛ خاڵ.

v.t. پەڵەپەڵوی کردن؛ لەکەدارکردن

speckle (spek′l), *n.* خاڵ؛ پەڵە؛ لەکە

v.t. پەڵەپەڵوی کردن؛ خاڵ خاڵاوی کردن؛ لەکەدارکردن.

speckled (spek′ld), *adj.* (۱) خاڵ خاڵاوی؛ کونج؛ بەڵەکاوی؛ بەڵەك؛ خاڵ خاڵ. *(a ~ bird)* .
(۲) تێکەڵ؛ مەرەمە؛ هەمەڕەنگ.

specs (speks), *n.pl.* [Colloq.], specification #2.

spectacle (spek′tə-k'l), *n.* (۱) دیمەنێکی سەرنج پاکێش؛ شتێکی سەرنج پاکێشو جوان *(The sunset was a ~ .)*
(۲) پیشاندانێك یا خۆنوواندنێکی سەرنج پاکێش؛ نمایش.
(۳) شتێکی سەیرو سەرنج پاکێشە کە مایەی تەریق بوونەوە بێت؛
(He became drunk and made a ~ of himself at the party.)
(٤) *(pl.)* . چاویلکە
(گەلێك جارێش دەووترێ: " a paire of spectacles ").
(٥) *(pl.)* . چاو ؛ مەجان؛ بینینی شتێك بە چاوێکی تایبەتی یا بە هۆیەکی تایبەتێیەوە کە کاریکاتە سەر شێوەی هاتنە بەرچاوی نەو شتە؛ هۆی بینێنێك کە کاریکاتە سەر بیروپای سەیرکەر. (٦) *(pl.)* ، شتێکی لە چاویلکە چوو.

spectacled (spek′tə-k'ld), *adj.* (۱) چاویلکە لەچاو.
(۲) نیشانەی وەك چاویلکەی پێوەیە (زیندەوەرزانی).

spectacular (spek-tak′yoo-lər), *adj.* (۱) تایبەتی بە دیمەنی جوانو سەرنج پاکێش. (۲) زۆر جوانو سەرنج پاکێش؛
(a ~ display of fireworks)
(۳) سەرسوڕمێن؛ زۆر سەرنج پاکێش؛ سەرناسا؛
(a ~ rescue operation, success, number, sight, etc.)

n. بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی درێژو سەرناساو سەرنج پاکێش.

-spectacularly *(adv.)*.

spectator (spek′tā-tər, spek-tā′tər), *n.* تەماشاکەر ؛ ئاری.
وەرزش. پێشبڕکێ. خۆنوواندن . . هتد)؛ سەیرکەر

specter, spectre (spek′tər), *n.* (۱) خێو؛ تارمایی
(۲) شتێکی ترسناکی لەبەرچاو؛
(the ~ of war, hunger, death, etc.)

spectral (spek′trəl), *adj.* (۱) خێوی؛ لە خێو یا تارمایی دەچێ.
(۲) شەبەنگی.

-spectrality *(n.)*; spectrally *(adv.)*.

spectre (spek′tər), *n.* [British Spelling], = specter.

spectro- (spek′trə, spek′trō), پێشگرێکە بەمانای: شەبەنگی:
(spectrograph, spectroscope)

spectrogram (spek′trə-gram´), *n.* وێنەی شەبەنگ

spectrograph (spek′trə-graf´), *n.* (۱) وێنەگری شەبەنگ
(فیزیا). (۲) وێنەی شەبەنگ.

spectrology (spek-trol′ə-ji), *n.* شەبەنگناسی؛ لێکۆڵینەوەی شەبەنگ.

spectometer (spek-trom′ə-tər), *n.* شەبەنگ پێو؛ پێوەری شەبەنگ

spectroscope (spek′trə-skōp´), *n.* دووربین و تێڕوانێنو لێکۆڵینەوەی شەبەنگ.

-spectroscope; spectroscopical *(adj.)*; spectroscopically *(adv.)*;

spectroscopy (spek´trə-skō′pi), *n.* تێڕوانێنو لێکۆڵینەوەی شەبەنگ بە دووربین.

spectrum (spek′trəm), *n.* (۱) شەبەنگ. (۲) مەودا؛ زنجیرە؛ مەودا یا پستەی فراوان: *(the whole ~ of 20th century thought)* .

spectrum analysis, شیکردنەوەی شەبەنگی.

specular (spek′yoo-lər), *adj.* (۱) ئاوێنەیی.
(۲) بە ئامێڕی تێڕوانینی پزیشکی دەکرێت.

speculate (spek′yoo-lāt´), *v.i.* (۱) (ا) بیرکردنەوە؛ بیرلێکردنەوە.
(ب) ڕەمل لێدان؛ گۆتڕەکاری کردن. (۲) جامبازی کردن؛ پارەبازی کردن.

speculation (spek´yoo-lā′shən), *n.* (۱) (ا) بیرکردنەوە؛ بیرلێکردنەوە. (ب) ڕەمل لێدان؛ نوقڵانە؛ پێشبینی؛ گۆتڕەکاری.
(۲) جامبازی؛ پارەبازی. (۳) کاروکاسبی پارەبازی.

speculative (spek′yoo-lə-tiv), *adj.* (۱) (ا) بیرکردنەوەیی.
(ب) نوقڵانەیی؛ گۆتڕەیی؛ هی ڕەمل لێدان. (۲) تایبەتی بە جامبازی یا پارەبازی
(۳) پڕ مەترسی (پارەبازی)؛ ترسناك؛ مەترسیدار؛ نامسۆگەر؛ دووبەختی
(٤) هەڵە لە کاروکاسبی دووبەختیو پارەبازی کەر.

-speculatively *(adv.)*; speculativeness *(n.)*.

speculator (spek′yoo-lā´tər), *n.* جامباز؛ پارەباز.

speculum (spek′yoo-ləm), *n.* (۱) ئاوێنەی کانزایی (کە لە ئامێڕی بینینی وەك دووربیندا بەکار دەهێنرێت).
(۲) ئامێڕی فراوان کردنو تێڕوانینی پزیشکی (هی کونو بۆشایی لەش).
(۳) (ا) پەڵەی ڕەنگاوڕەنگی سەربانی هەندێ بالندە بەتایبەتی مراوی.
(ب) پەڵەی پۆشنی سەربانی هەندێ پەپوولە.

sped (sped), *alternative past tense and p.p. of* speed.

speech (spēch), *n.* (۱) قسە؛ قسەکردن؛ ئاخاوتن؛ دووان.
(۲) توانای قسەکردن یا ئاخاوتن. (۳) شێوەی قسە یا ئاخاوتن.
(٤) ووتە؛ گوفتار. (٥) ووتار. (٦) شێوە زمان؛ زمان.
(۷) زانستی ئاخاوتن یا دووان: *(a college course in ~)* .
(۸) [Archaic]، ووتووات؛ قاو؛ بەندوباو؛ مقۆمقۆ.

speech disorder, ناڕێکی یا ناتەواوی قسەکردن (بەهۆی لاڵی و زمان گیرانەوە).

speechify (spē′chə-fī´), *v.t.* ووتاردان (لەپووی لاقرتی پێکردنەوە).

speechless (spēch′lis), *adj.* (۱) لاڵ؛ بێ زمان.
(۲) زمان بەستراو (لە سەرسامی یا ترسدا)؛ دەم چووە کلیلە.
(۳) بێ دەنگ؛ قوپوقەپکەر.
(٤) باس ناکرێ بە دەم: *(~ admiration, terror, etc.)* .

speechlessly *(adv.)*; speechlessness *(n.)*.

speechmaker (spēch′māk´ər), *n.* ووتارێژ (گەلێجار لەپووی

لاقرتی وه.

speed (spēd), *n.* (۱) خێرا ڕۆیشتن؛ تیژڕەوی؛ بە گوڕ ڕۆیشتن.
(۲) پلەی خێرایی؛ خێرایی؛ گوڕ: *(What was his ~?)* .
(۳) گیڕ *(This car has five ~.)* .
(٤) پلەی هەستیاری فیلم بۆ ڕووناکی؛ ڕووناکی بڕ.
(٥) [Archaic]، سەرکەوتن؛ بەخت: *(She wished him good ~.)* .
v.i. (۱) پەلەکردن؛ زۆر خێرا لێخوڕین یا ڕۆیشتن؛ گورج کردن.
(۲) [Archaic]، (ا) دەربردن؛ هەڵکردن.
(ب) بەخت هەبوون یا نەبوون؛ بەختەوەری؛ بەدبەختی. (ج) بەختەوەری.
v.t. (۱) سەرخستن؛ یارمەتیدان؛ بردەوپێدان؛ پێشخستن.
(۲) داوای سەرکەوتن بۆ کردن.
(۳) (ا) پەلەکردن؛ خێراکردن. (ب) بە پەلە ناردن؛ خێرا ناردن.
(٤) (ا) زۆر خێرا ئوتومبیل لێخوڕین؛ گوڕپێدان؛ تاودان.
(ب) دانانی مەکینەیەک لەسەر خێرایی‌یەکی تایبەتی.

speed up, خێراکردن؛ پەلەکردن؛ تاودان؛ ڕاپەڕاندن؛ گوڕگرتن.
speed-boat (spēd′bōt´), *n.* بەلەمی ماتۆڕی خێرا.
speed bump, کۆسپی سەر شەقام (بۆ هێواش کردنەوەی ئوتومبیل)؛ تاسە
speeder (spēd′ĕr), *n.* خێراکەر؛ خێرا لێخوڕی ئوتومبیل.
speedily (spē′d'l-i), *adv.* خێرا؛ بە گورج‌وگۆڵی؛ بە خێرایی؛ بەپەلە.
speeding (spēd′iŋ), *n.* خێرا لێخوڕین (ئوتومبیل، ماتۆڕسکیل)؛ خێراکردن.
speed limit, نەوپەڕی خێرایی (بەپێی یاسا لەسەر ڕێگاوبان).
speedometer (spi-dom′ə-tĕr), *n.* خێرایی ژمێر (ئوتومبیل)؛ خێرایی پێو
speedster (spēd′stĕr), *n.* ئوتومبیلێکی دوو کورسی خێرایە
speed trap, داوی خێرایی بەشێکە لە ڕێگەوبان کە پۆلیس زۆر ئوتومبیلی تێدا دەگرن بە خۆشاردنەوە لە قەراغ ڕێدا.
speed-up (spēd′up´), *n.* خێراکردن (بەتایبەتی لە بەرهەمی کارگەدا بەبێ مووچە زیادکردن)؛ تاودان.
speedway (spēd′wā´), *n.* (۱) ڕێگای پێشبڕکێی ئوتومبیل.
(۲) ڕێگای خێرا.
speedwell (spēd′wel), *n.* ڕووەکێکە گوڵی شین‌و سپی‌و مۆر دەگرێ.
speedy (spēd′i), *adj.* (۱) خێرا؛ تیژڕەو.
(۲) زوو؛ خێرا؛ بەبێ دواکەوتن:
(a ~ reply; I wish you a ~ recovery.)
spelaean, spelean (spi-lē′ən), *adj.* (۱) ئەشکەوتی؛ لە ئەشکەوت دەچێ. (۲) لە ئەشکەوتدا ژیاو.
speleology (spē´li-ol′ə-ji), *n.* (۱) لە ئەشکەوت کۆڵینەوە.
(۲) ئەشکەوت دۆزینەوە؛ بۆ ئەشکەوت گەڕان
spell (spel), *n.* (۱) نوشتە؛ جادوو. (۲) دڵ ڕاکێشانێکی لە ئەندازە بەدەر.
(۳) حاڵ. حاڵ لێ هاتن؛ بێ هۆشی
cast a spell on, نوشتەلێکردن؛ دڵفڕاندن؛ جادووبەندکردن.
under a spell, نوشتەلێکراو؛ دڵفڕێنراو؛ جادوولێکراو.
spell (spel), *v.t.* (۱) هێجەکردن.
(How do you ~ your name?)
(۲) پێکهێنان (تیپ‌و ووشە)؛ لێ پێکهاتن: *(C-A-T ~s cat.)* .
(۳) بوون بە هۆ؛ وا گەیاندن؛ مایەی ئەوە بوون: *(Laziness ~s failure.)* .
v.i. بە ڕاستی هێجەکردن.
spell out, (۱) زۆر بە هێواشی خوێندنەوە؛ تیپ تیپ خوێندنەوە؛ بە زەحمەت خوێندنەوە. (۲) باش ڕوونکردنەوە؛ بە وردی ڕوونکردنەوە:
(They spelled out the terms of the agreement.)
spell (spel), *v.t.* (۱) نوێەکردن. (۲) پشوو بە نەسپ دان.
v.i. پشووداں.
n. (۱) نورەکاری؛ نوێەی کەسێکی تر کردن؛ نە جێی کەسێکی تر کارکردن.

(۲) نۆرە؛ نۆبە: *(His ~ as a guard was a short one.)*
(۳) سەردەم؛ ماوە؛ ماوەیەکی کورت؛ تاو: *(a ~ of depression)* .
(٤) سەردەمێك ناوەهەوای تایبەتی: *(a cold ~ in January)* .
(٥) [Colloq.]، تاو؛ ماوەیەکی کورت، تایبەتی، یا دیاری نەکراو:
(Sit a ~.)
(٦) [Colloq.]، ماوەیەکی کورت (ڕێگە).
(۷) [Colloq.]، تاوە نەخۆشی یا بێ تاقەتی.
(۸) [Australian]، پشوو.
spell-bind (spel′bīnd´), *v.t.* دڵفڕاندن؛ نوشتەلێکردن؛ جادووبەندکردن.
spell-binder (spel′bīn´dĕr), *n.* [Colloq.], ووتاربێژی دڵفڕێن؛ ووتاربێژێکە کە سەرنجی گوێگرەکانی بە تەواوی ڕادەکێشێ.
spell-bound (spel′bound´), *adj.* تەلیسماوی؛ جادووبەندکراو؛ نوشتەلێکراو؛ دڵفڕێنراو.
spell down, بۆڕبۆڕێنی حوێجەدا.
spell-down (spel′doun´), *n.* بۆڕبۆڕێنی حوێجە.
(هەروەها " spelling bee ").
speller (spel′ĕr), *n.* (۱) حوێجەکەر. (۲) کتێبی حوێجە فێرکردن.
spelling (spel′iŋ), *n.* (۱) حوێجە؛ حوێجەکردن.
(۲) حوێجەی ڕاست؛ ڕێنووس.
(۳) شێوەی حوێجەکردن.
spelling bee, بۆڕبۆڕێنی حوێجە.
spelling book, کتێبی حوێجە فێرکردن
spelt (spelt), *alternative past tense and p.p. of* **spell.**
spelt (spelt), *n.* جۆرە گەنمێکی دەنك ڕەقە
spelter (spel′tĕr), *n.* زینك (بەتایبەتی داڕێژەی زینك)؛ داڕشتەی توتیا.
spelunker (spi-luŋ′kĕr), *n.* ئەشکەوتناس؛ لێکۆڵەرەوەو دۆزەرەوەی ئەشکەوت.
spelunking (spi-luŋ′kiŋ), *n.* ئەشکەوتناسی؛ لێکۆڵینەوەو دۆزینەوەی ئەشکەوت.
spence, spense (spens), *n.* [Archaic or Dial.], = **pantry.**
spencer (spen′sĕr), *n.* (۱) پالتۆیەکی کورتی پیاوانەیە.
(۲) چاکەتێکی کورتی ژنانەیە.
spencer (spen′sĕr), *n.* **trysail.**
spend (spend), *v.t.* (۱) بەکارهێنان‌و هیچ نەهێشتنەوە؛ تەواوکردن؛ ماندووکردن:
(He spent his energy quickly.; His fury was spent .)
(۲) خەرج کردن؛ پارە خەرج کردن.
(۳) کات بردنەسەر؛ بەسەربردن: *(They spent an hour together.)*
(٤) بەفیڕۆدان؛ بە بادان.
v.i. (۱) خەرج کردن؛ پارە خەرج کردن.
(۲) [Obs.]، ماندووبوون؛ پەککەوتن؛ بەفیڕۆچوون.
spendable (spen-də′b'l), *adj.* بە دەستەوەیە بۆ خەرج کردن:
(~ money)
spender (spen′dĕr), *n.* دەستبلاو؛ خواردە.
spending money, = **pocket money.**
spend-thrift (spend′thrift), *n.* کەسێکی دەستبلاو؛ کەسێکی پارە بەفیڕۆدەر.
adj. دەستبلاو؛ خواردە؛ پارە بەفیڕۆدەر؛ پارە بەبادەر.
Spenserian (spen-sēr′i-ən), *adj.* سپێنسەری: تایبەتی بە هۆنەری ئینگلیزی " نیدمەند سپینسەر "و هۆنراوەکانی.
n. (۱) لاساییکەرەوەی " سپێنسەر " .
(۲) **Spenserian stanza** .
Spenserian stanza, بڕگەی هۆنراوەی سپێنسەری (کە بریتییە لە نۆ دێر)؛ بڕگەی نۆ خشتەکی.

spent (spent), *past tense and p.p. of* **spend.**

adj. (۱) ماندوو؛ پەککەوتوو؛ هیلاك؛ پرووکاو. (۲) بەکارهێنراو و تەواوکراو؛ هیچ نەماو؛ تێن تێدا نەماو.

sperm (spûrm), ***n.*** تۆماو؛ تۆو؛ تۆ.

-sperm (spûrm), پاشگرێکە بەمانای: تۆو؛ تۆماو.

spermaceti (spûr´mə-set′i, spûr´mə-sē′ti), ***n.*** ماددەیەکی سپی مێویە لە پۆنی سەری نەهەنگ دەردەهێنرێ (نارایشت‌و مۆم‌و مەلحەمی لێ دروست دەکرێت).

-spermal (spûr′m'l), = **-spermous.**

spermary (spûr′mēr-i), ***n.*** گۆن

spermatic (spĕr-mat′ik), ***adj.*** (۱) تۆماوی؛ تۆوی. (۲) گۆنی؛ هی گۆن

spermatic cord, گونەوێنە؛ بۆری تۆماو

spermatic fluid, = **semen.**

spermatium (spēr-mā′shi-əm), ***n.*** تۆوی نەزۆکی قەوزەی سووڕو هەندێ کەپوو.

spermato- (spûr′mə-tō, spûr′mə-tə), پێشگرێکە بەمانای تۆو؛ تۆماو ***(spermatogenesis)***

spermatocyte (spûr′mə-tə-sīt′), ***n.*** شانەی نێو تۆو

spermatogenesis (spûr´mə-tə-jen′ə-sis), ***n.*** پێکهاتنی تۆو.

spermatogonium (spûr´mə-tə-gō′ni-əm), ***n.*** (۱) شانەی تۆو. (۲) **spermogonium**

spermatophore (spûr′mə-tə-fôr´), ***n.*** تۆو هەڵگر: کیسەی تۆوی هەندێ زیندەوەر (وەك کرمی جومگە جومگەیی‌و گیاندارە نەرمە قاووغدارە دەریاییەکان).

spermatophyte (spûr′mə-tə-fīt´), ***n.*** پرووەکی تۆودار

spermatorrhea, spermatorrhoea (spûr´mə-tə-rē′ə), ***n.*** تۆو چوون: تۆماو لێ هاتن بەبێ ناوهاتنەوە: تۆماو دەڵاندن.

spermatozoa (spûr´mə-tə-zō′ə), ***n. plural of*** **spermatozoon.**

spermatozoid (spûr´mə-tə-zō′id), ***n.*** شانەی تۆوی قەوزەو هەندێ پرووەکی تر

spermatozoon (spûr´mə-tə-zō′on), ***n.*** تۆو: تۆم: تۆوی تۆماو

spermic (spûr′mik), ***adj.*** تۆوی؛ تۆماوی؛ تۆمی.

spermine (spûr′mēn, spûr′min), ***n.*** سپێرمین: ماددەیەکی تفتە لە تۆماو و هەوێن‌و هەندێ شانەی گیاندارا هەیە.

spermo- (spûr′mə), = **spermato-**

spermogonium (spûr´mə-gō′ni-əm), ***n.*** تۆودان یا کیسەی تۆوی قەوزەو پرووەکی تری وەها

sperm oil, پۆنی نەهەنگ: لە سەری توخمە نەهەنگێك دەردەهێنرێت.

spermophile (spûr′mə-fīl´, spûr′mə-fil), ***n.*** چەند جۆرە گیاندارێکی کرۆژەندەن وەك سمۆرە زیان لە دەغڵ‌ودان دەدەن.

spermous (spûr′məs), ***adj.*** تۆوی؛ تۆماوی.

-spermous (spûr′məs), پاشگرێکە بەمانای نەوەندە تۆوی هەیە ***(monospermous)***

sperm whale, نەهەنگی سپێرم جۆرە نەهەنگێکی داندارى زل سەرزل‌و چوارگۆشەیی‌یە پۆنێکی تایبەتی لە سەری دەردەهێنرێ (هەروەها " cachalot ").

sperry-lite (sper′i-līt´), ***n.*** کانزایەکی سپی بلووری پلاتینیی‌یە

spew, spue (spū), ***v.t.*** (۱) ڕشانەوە: هێنانەوە. (۲) بە نوندی پرژاندن یا هاوێشتن؛ فیچقەکردن: ***(volcanoes ~ing lava into the air)***

v.i. (۱) ڕشانەوە: هێنانەوە. (۲) لێشاو لێ هەڵسان: ڕژێ لێ هاتنەدەرەوە؛ لافاو لێ هەڵسان: فیچقەکردن. (۳) دەڵاندن

n. ڕشانەوە.

sphagnum (sfag′nəm), ***n.*** جۆرێکە لە قەوزە.

sphalerite (sfal′ĕr-īt´), ***n.*** کریستیدی زینك.

sphene (sfēn), ***n.*** سفین: سلیکاتی کالسیۆم‌و تیتانیۆم.

sphenic (sfē′nik), ***adj.*** مێخی؛ پوازی.

spheno -, sphen -, پێشگرێکە بەمانای: مێخی؛ شێوە پوازی: ***(sphenogram)***

sphenodon, گیانەوەرێکی خشۆکە لە مارمێلکە دەچێ.

sphenogram (sfē′nə-gram´), ***n.*** تیپی بزماری.

sphenography (sfi-nog′rə-fi), ***n.*** نووسینی بزماری.

sphenoid (sfē′noid), ***adj.*** (۱) مێخی؛ بزماری؛ پوازی. (۲) وەك یا تایبەتی بە ئێسقانی مێخیی بن کاسەی سەر.

n. ئێسقانی مێخی بن کاسەی سەر.

sphenoidal (sfi-noi′d'l), ***adj.*** = **sphenoid.**

spheral (sfĕr′əl), ***adj.*** (۱) خڕ؛ خڕۆکەیی؛ گۆیی. (۲) پێك‌وپێك؛ بە ئەندازە؛ ڕێك.

sphere (sfĕr), ***n.*** (۱) خڕۆك؛ گۆ (وەك گۆی زەوی). (۲) ئەستێرە؛ ئەستێرەی گەڕۆك. (۳) ئاسمان. (٤) چینی کۆمەڵایەتی؛ پلەوپایەی کۆمەڵایەتی؛ پیشە؛ دەروبەر؛ جیهان (ژیان)؛ مەودا: ***(one's ~ of life, activity, knowledge, etc.)*** (٥) ناوچەی دەسەڵات؛ مەودای دەسەڵات؛ ناوچەی ژێر دەست: ***(a British ~ of influence)***

v.t. (۱) خڕکردن؛ کردن بە خڕۆك. (۲) خستنەناو ناوچەیەکەوە؛ کردن بە بەشێك لە ناوچەیەك. (۳) دەورەدان؛ گرتنەوە.

-sphere (sfĕr), پاشگرێکە بەمانای: خڕ؛ خڕۆکەیی؛ گۆیی: ***(stratosphere)***

spheric (sfer′ik), ***adj.*** = **spherical.**

spherical (sfer′i-k'l), ***adj.*** (۱) خڕ؛ خڕۆکە؛ گۆیی. (۲) ئاسمانی؛ ئەستێرەیی.

spherical angle, گۆشەی خڕۆکە.

sphericity (sfi-ris′ə-ti), ***n.*** خڕ؛ خڕۆکە؛ گۆیی.

spherics (sfer′iks), ***n.pl.*** (۱) ئەندازەی خڕۆکە. (۲) زانیاری سێگۆشەکانی خڕۆکە.

spheroid (sfĕr′oid), ***n.*** تەنی خڕۆکە؛ تەنی نیمچەخڕ.

adj. **spheroidal.**

spheroidal (sfi-roi′d'l), ***adj.*** خڕۆکە؛ نیمچەخڕ.

spherometer (sfi-rom′ə-tĕr), ***n.*** پێوەری خڕۆکەیی تەن؛ پێوەری خڕی.

spherular (sfer′oo-lĕr), ***adj.*** = **spherical.**

spherule (sfer′ōōl), ***n.*** گچکە خڕۆك؛ گۆی گچکەلە.

sphery (sfĕr′i), ***adj.*** (۱) ئاسمانی. (۲) ئەستێرەیی.

sphincter (sfiŋk′tĕr), ***n.*** ماسولکەی هێنەرەوەیەك یا داخەر: ماسولکەیەکە کونی لەش دەهێنێتەوەیەك‌و دەیکاتەوە بەپێی پێویستی لەش.

sphinx (sfiŋks), ***n.*** (۱) سفینکس: (ا) دەعبایەکی نەفسانەیی‌یە لەشی شێرو سەری مرۆڤ یا بەران یا هەڵۆی هەیە (نەفسانەی میسری). (ب) پەیکەری ئەم دەعبایە. (ج) [S-] ، پەیکەری " نەبولەول " لە میسر. (د) دەعبایەکی نەفسانەیی بااڵدارە لەشی شێرو سەرو سنگی ئافرەتی هەیە (نەفسانەی یۆنانی). (ھ) [S-]، دەعبایەکی نەفسانەیی بوو لە دووریانەیەکدا لە یۆنان کە مەتەڵی دادەهێنا لە ڕێبواران‌و ئەوەی بۆی هەڵنەهێنرایە دەیکوشت (۲) کەسێکی بە ئاسانی نەناسراو (لەبەر دەرنەبڕینی بیروباوەڕی خۆی)؛ کەسێکی نائاشکرا وەك مەتەڵ.

sphragistics (sfrə-jis′tiks), ***n.pl.*** لێکۆڵینەوەی مۆری هەڵکەنراو

sphygmic (sfig′mik), ***adj.*** هی دڵ لێدان؛ هی پرتەی دڵ.

sphygmo- (sfig′mō, sfig′mə), پێشگرێکە بەمانای: دڵ لێدان؛

(sphygmograph) پرتەی دل

sphygmogram (sfig′mə-gram´), *n.* وێنەی پیشاندەری دل لێدان

sphygmograph (sfig′mə-graf´), *n.* وێنەکەری دل لێدان؛ پیوەر و نەخشەکەری دل لێدان

-sphygmographic *(adj.)*; **sphygmography** *(n.)*.

sphygmoid (sfig′moid), *adj.* لە دل لێدان دەچێ؛ لە پرتەی دل دەکات.

sphygmomanometer (sfig´mō-mə-nom′ə-tēr), *n.* پیوەری پەستانی خوێنی خوێنبەر.

sphygmometer (sfig-mom′ə-tēr), *n.* پێوەری دل لێدان

sphygmus (sfig′mus), *n.* دل لێدان؛ پرتەی دل. (هەروەها پێی دەوترێ: " pulse ").

spic, spick (spik), *n.* [Slang]. مەکسیکی یا ئیسپانی (لەپووی سووکیەوە).

spica (spī′kə), *n.* ١) چوقۆ؛ پڕ؛ دڕک. ٢) پێ بەستی پێچ لوولی (نەشتەرگەری). [S-] ٣) گەشترین ئەستێرەی کەلووی کچە (ئەستێرەوانی).

spicate (spī′kāt), *adj.* گوڵەگەنمی؛ وەک گوڵە گەنم پێکخراوە (بووەکناسی، گیانەوەرناسی).

spice (spīs), *n.* ١) داوودەرمان؛ بەهارات. ٢) بۆن و بەرامەی داوودەرمان؛ بۆنی تووند و تیژ. ٣) تام خۆشکەر؛ تێن پێدەر؛ خۆشکەر. ٤) بەخت؛ تۆسکان؛ تۆن: *(There was a ~ of envy in her tone.)* .

v.t. ١) داوودەرمان تێکردن؛ بەهارات پێوەکردن. ٢) خۆش کردن (باس، چیرۆک، دەنگوباس)؛ بەهارات پێوەکردن (مەجاز).

spiceberry (spīs′ber´i), *n.* چەند جۆرە بنچک و بووەکێکن بەری بەهارات دەگرن.

spicery (spīs′ēr-i), *n.* ١) داوودەرمان؛ بەهارات. ٢) تووند و تیژی؛ مزری؛ شتێکی تووند و تیژ؛ بۆن و بەرامەی بەهارات. ٣) [Obs.] داوودەرمانخانە.

spick-and-span (spik′n-span′), *adj.* ١) تازە و نفت و نوێ ٢) زۆر پاک و تەمیز؛ خاوێن؛ بێگەرد.

spicular (spik′yoo-lēr), *adj.* = spiculate.

spiculate (spik′yoo-lāt´), *adj.* ١) لە دڕک دەچێ؛ دڕکی. ٢) دڕکاوی؛ بە دڕک داپۆشراو.

spicule (spik′ūl), *n.* *Also* spicula, ١) دڕک (گیانەوەرناسی). ٢) دڕک (بووەکناسی).

spiculum (spik′yoo-ləm), *n.* = spicule.

spicy (spī′si), *adj.* ١) تووند و تیژ؛ کەسکوون؛ مزر. ٢) خۆش؛ تام خۆش (٣) بەهارات دێنێتە بەرهەم. ٤) توند و تیژ؛ گەرم (کەللە، گفتوگۆ): *(a ~ temper)* . ٥) بێ شەرم (گفتوگۆ، سوعبەت)؛ بێ پەردە؛ هەڵمانڕاو: *(~ gossip, language, etc.)*

-spicily *(adv.)*; **spiciness** *(n.)*.

spider (spī′dēr), *n.* ١) جانجانۆکە ٢) کەسێکی جانجانۆکەیی (لە ڕووخسار و سروشت و ڕەفتار). ٣) trivet . ٤) تاوەی سێپایی؛ تاوەی سێپادار. ٥) مالەی زەوی خۆش کردن؛ ئامێرێکە نیشی مالەی پێ دەکرێ

spider crab, قژانگە جانجانۆکەیی: قژانگێکی پەل باریک و درێژە.

spider monkey, مەیموونێکی ئەمەریکای ناوەڕاست و باشووری باریکەلەی پەل درێژ باریک و کلک درێژە

spider web, هێلانە جانجانۆکە.

spider-wort (spī′dēr-wūrt´), *n.* ڕووەکێکە گوڵی سێپەڕەی شێن و ئەرخەوانی دەگرێ.

spidery (spī′dēr-i), *adj.* ١) جالجانۆکەیی. ٢) باریک و درێژ (وەک پەلی جانجانۆکە). ٣) جالجانۆکاوی؛ جالجانۆکە تێی داوە.

spiegel (spē′g'l), *n.* *Also* spiegel iron, = spiegeleisen.

spiegeleisen (spē′g'l-ī´z'n), *n.* ئاسنی داڕشتەی مەنگەنیزاوی.

spiel (spēl), *n.* [Slang], ڕوتار یا قسەی دوورودرێژ (بۆ پێ سەلماندن): *(He gave her a long ~ about coming to work on time.)*

v.i. [Slang]. قسە بۆکردنی وەک ڕوتاردان بە دوورودرێژی (بۆ پێ سەلماندن).

spier (spī′ĕr), *n.* = spy.

spiffy (spif′i), *adj.* [Slang]. تەڕپۆش؛ شۆخ؛ جوان؛ قۆز؛ کەشخە: *(a ~ jacket, suit, dress, etc.)*

spigot (spig′ət), *n.* ١) دەمەوانە؛ تۆپەوانە ٢) بەلووعە؛ لوولەی مەسینە و لوولێنە. ٣) لوولە نێرینە: لوولەیەکی باریکە دەکرێ بە لوولەیەکی گەورەترەوە.

spike (spik), *n.* ١) چوقۆلە ئاسن یا دار (وەک نووکە تیژەکەی شیشی محاجەرە)؛ نووکی تیژ؛ قەڵبە؛ دڕک. ٢) بزماری زۆر گەورە؛ سنگ ٣) شتێکی درێژو باریک و نووک تیژ (وەک شاخی گیاندار). ٤) (*pl.*) ، چوقۆلە ئاسنی بنی پێڵاوی یاری بۆ نەخلیسکان (ئەمە لە ئاڵچە جیایە). ٥) (*pl.*) ، پێڵاوی بن چوقڵاوی. ٦) کەپسە (یاری بالە) ٧) بەچکە ماسی mackerel .

v.t. ١) بزماری زل لێدان؛ بە بزماری زل لێکدان یا قایم کردن. ٢) شیشی نووک تیژ پێداکردن؛ چوقۆلە ئاسن پێداکردن؛ بە قەڵبە یا چوقۆڵدا دان؛ بە شیشی نووک تیژدا دان. ٣) پەکخستنی تۆپ بە شیش کردن بە لوولەکەیدا. ٤) تەگەرە تێخستن؛ تەگەرەلێدان؛ کۆسپ خستنەبەر. ٥) کەبسەلێدان (یاری بالە). [Slang] ٦)، عەرەق یا کحولی تر کردنە خواردنەوەوە. ٧) یاریکەرێکی تر بربندارکردن بە چوقۆلی بن پێڵاو (یاری بێسبۆل).

spike (spīk), *n.* ١) گوڵە گەنم و جۆ (٢) هێشووە گوڵی درێژکۆڵە؛ هێشووە گوڵێکی درێژکۆڵەیە کە هەموو لاسکەکەی داپۆشیوە.

spiked (spīk′t), *adj.* ١) گوڵەگەنمی؛ لە گوڵە گەنم و جۆ دەکات؛ لە هێشووە گوڵی درێژکۆڵە دەکات. ٢) نووک تیژ؛ دڕکاوی؛ چوقڵاوی؛ قەڵبەدار.

spike heel, پاژنەی بەرزو تیژ (پێڵاوی ژنان).

spikelet (spīk′lit), *n.* هێشووە گوڵی درێژکۆڵەی بچکۆلە؛ گوڵە گەنم و جۆی بچکۆلە.

spikenard (spīk′nērd, spīk′närd), *n.* ١) مەڵحەمێکی بۆن خۆشی دێرینە. ٢) ڕووەکێکی هیندیەیە ئەم مەڵحەمەی لێ دەردەهێنرا. ٣) ڕووەکێکی ئەمەریکی گوڵ سپی و بەر ئەرخەوانیەیە ڕەگەکەی بۆنی خۆشە.

spiky (spīk′i), *adj.* چوقۆلاوی؛ نووک تیژ؛ قەڵبەدار؛ دڕکاوی.

spile (spīl), *n.* ١) دەمەوانە؛ تۆپەوانە؛ پشک؛ جۆرنەی بەرمیل. ٢) لوولەیەکی باریک و بچووکە دەکرێت بە قەدی هەندێ درەختدا بۆ لێوە هاتنەدەرەوەی ئاوگەکەی وەک پلووسک. ٣) کۆڵەکە: سنگ؛ میخ؛ پایە.

v.t. ١) کۆڵەکە دانەبەر: پاڵپشتکردن. ٢) لوولەی باریک و بچووک کردن بە هەندێ درەختدا بۆ دەرهێنانی ئاوگەکەی. ٣) دەرهێنانی ئەم ئاوگە بەم شێوەیە. ٤) دەمەوانە تێخستن؛ گون گرتن بە دەمەوانە یا تۆپەوانە

spill (spil), *v.t.* ١) ڕشتن (شلە، شتی وورد وەک شەکرو چا). ٢) خوێن ڕشتن: *(to ~ blood)*. ٣) هەڵڕشتن؛ پرشن و بڵاوکردنەوە. ٤) داگرتن یا هەڵکردنی بایەوان لەبەر تەووژمی با. ٥) [Obs.]، (ا) کوشتن. (ب) تێکەوپێکدان؛ فەوتاندن؛ نەهێشتن. (ج) بەفیڕۆدان. ٦) [Colloq.]، درکاندن؛ دەرخستن: *(to ~ a secret)* ٧) [Colloq.]، خستنەخوارەوە (نەسپ سوار): *(The horse ~ed his rider.)*

v.i. ١) ڕێژران؛ هەڵڕێژران؛ ڕژان.

(۲) ڕژانە ناو؛ تێڕژان: *(Crowds ~ed into the streets.)* .
(۳) کەوتنەخوارەوە (لە ئەسپ، پاسکیل ... هتد).
n. (۱) ڕشتن؛ ڕژان؛ هەڵڕێژران (۲) شتی ڕژاو؛ ئەوەندەی کە دەڕژێت.
spillway (۳)
(٤) [Colloq.] کەوتنەخوارەوە (لە ئەسپ، پاسکیل ... هتد).
spill the beans, جارلێدان؛ نهێنی درکاندن
spill (spil), *n.* (۱) ئەڵەرم (دار، بەرد). (۲) لوولە کاغەزی ئاگرپێکردنەوە. (۳) دەمەرانە؛ تۆپەوانە؛ پشك (٤) شیشی کورت؛ بەڕوولەدار.
spillway (spil′wā´), *n.* ئاوەڕۆ
spilt (spilt), *alternative past tense and p.p. of* spill.
spilth (spilth), *n.* (۱) ڕشتن؛ ڕژان؛ هەڵڕشتن
(۲) (۱) شتێکی زۆری ڕژاو. (ب) شتی فڕێدراو؛ بەرماوە.
spin (spin), *v.t.* (۱) ڕستن؛ خەرەك پستن؛ هۆنینەوە
(۲) چنین (هێلانەی جانەوەر).
(۳) ~ out ، درێژەپێدان (چیرۆك گێڕانەوە)؛ بە وردی گێڕانەوە.
(٤) گێڕانەوە (چیرۆك)؛ هۆنینەوە؛ خەرەك ڕستن (هەجان).
(٥) خولاندنەوە؛ چەرخ پێدان؛ سووڕاندنەوە؛ خول پێدان.
(to ~ a wheel, top, etc.)
v.i. (۱) ڕستن؛ خەرەك ڕستن؛ هۆنینەوە. (۲) چنین (جانەوەر).
(۳) خولانەوە؛ سووڕانەوە؛ خول خواردن؛ خولدان؛ پەنتەڕناش کردن
(٤) سەرحولانەوە؛ سەر سووڕخواردن؛ گێژبوون. (٥) خێرا بڕوان.
n. (۱) خول؛ سووڕ. (۲) خولانەوە؛ سووڕانەوە؛ خول خواردن؛ پەنتەڕناش کردن.
(۳) خێرا ڕۆیان
(٤) گەڕان یا گەشتێکی کورت بە ئوتومبیل؛ چەرخە؛ سواریی ئوتومبیل.
(٥) خولانەوەی فڕۆکەو بەربوونەوەی بەسەردا
spinach (spin′ich, spin′ij), *n.* سپێناغ
spinal (spī′n'l), *adj.* موورەگەیی؛ تایبەتی بە بڕبڕەی پشت
n. سڕکردنی بەشی لاخواروی لەش (نەشتەرگەری).
spinal canal, بۆری بڕبڕە
spinal column, بڕبڕەی پشت؛ بڕبڕاگەی پشت؛ بڕبڕە؛ موورەگەی پشت.
spinal cord, مۆخی بڕبڕە
(پێشی دەووترێ: " spinal marrow ").
spindle (spin′d'l), *n.* (۱) تەشی (۲) پێوانەیەکی ڕێس یا بەنە
(۳) دووخ؛ تەوەری خولانەوە؛ ستون یا شیشی سووڕانەوە.
(٤) hydrometer .
(٥) کەسێك یا شتێکی باریکەلە.
(٦) شیشێکی بچووکی ئووك تیژی سەرمێزە کاغەزی پێوە دەکرێ.
adj. (۱) لە تەشی دەچێ. (۲) دایکی؛ لە بنەچەی دایکەوە.
(ووشەی " distaff side " ببینە)
v.i. (۱) باریکەو درێژبوونەوە. (۲) بوون بە لاسکێکی باریکەو درێژ
v.t. (۱) باریکەو درێژکردنەوە.
(۲) کردن بە شیشێکی ئووك تیژداو کون تێکردن (کاغەز).
spindle-legged (spin′d'l-legd´), *adj.* لاق باریکەو درێژ
spindle-legs (spin′d'l-legz´), *n.pl.* (۱) لاقی باریکەو درێژ
(۲) [Colloq.] کەسێکی لاق باریکەو درێژ.
spindle-shanked (spin′d'l-shaŋkt´), *adj.* = spindle-legged.
spindle-tree, دارتەشی دارەختێکە لقەکانی تەشی لێ دروست دەکرێ
spindling (spin′dliŋ), *adj.* = spindly.
n. کەسێکی باریکەو درێژ؛ کەسێکی باریکەلە
spindly (spin′dli), *adj.* (۱) باریکەو درێژ؛ باریکەلە؛ باریک.
(۲) گول؛ ڕیوەڵە؛ لاواز
spin-drift (spin′drift´), *n.* پرژی شەپۆل
spine (spīn), *n.* (۱) بڕبڕە؛ بڕبڕاگەی پشت؛ بڕبڕەی پشت؛

موورەگەی پشت. (هەروەها " spinal column ").
(۲) بڕبڕە (هەجان)؛ پشت. (۳) دڕك. (٤) (۱) دڕك (ژێشك، پەڕەی ماسی)
(ب) چوقوڵە ئێسقان؛ ئووکە ئێسقان. (٥) بڕبڕەی کتێب.
spinel, spinelle (spi-nel′, spin′l), *n.* کانزایەکی ڕەقی ڕەنگ جۆراوجۆرە.
spineless (spīn′lis), *adj.* (۱) بێ بڕبڕاگە. (۲) بڕبڕە نەرم؛ بڕبڕە لاواز. (۳) بێ دڕك (گیانەوەرناسی، ڕووەکناسی)
(٤) ترسنۆك؛ بێ غیرەت؛ بوودەڵە.
spinescent (spī-nes′'nt), *adj.* (۱) دڕکاوی.
(۲) خەریکە دڕکاوی دەبێت.
spinet (spin′it), *n.* (۱) ئامێرێکی مۆسیقای ژێداری کۆنە.
(۲) جۆرە پیانۆیەکی بچووکە.
spiniferous (spī-nif′ĕr-əs), *adj.* دڕکاوی؛ دڕك دەگرێ.
spinifex (spin′i-feks´), *n.* جۆرە گیایەکی ئوستورالی لاسك ڕەق و ئووك تیژ وزبرە.
spinnaker (spin′ə-kĕr), *n.* بایەوانێکی سێگۆشەیی زلە.
spinner (spin′ĕr), *n.* (۱) ڕێسەر؛ هۆنەرەوە؛ خەرەك ڕێس.
(۲) دانێکی ڕاوەماسی خولاوەیە. (۳) قەپاغ یا کلاوەی پەروانەی فڕۆکە
spinneret (spin′ĕr-et´), *n.* ئەندامی هێلانەڕێسی جانەوەکە؛ ئەندامی ئاوڕیشم هەڵێنچی کرمی ئاوڕیشم.
spinnery (spin′ĕr-i), *n.* خەرەکخانە؛ کارگەی خەرەك ڕستن.
spinney (spin′i), *n.* [British], بێشەلانی بچووك؛ چەموچوخورد.
spinning (spin′iŋ), *n.* ڕستن؛ خەرەك ڕستن؛ خەرەك ڕێسی.
adj. هی خەرەك ڕستن؛ هی ڕستن.
spinning jenny, جۆرە خەرەکێکی کۆنە.
spinning wheel, خەرەك؛ چەرخی خەرەك.
spin-off (spin′ôf´), *n.* ئەنجامی لابەلا؛ بەرهەمی ناسەرەکی لابەلایی.
spinose (spi′nōs), *adj.* دڕکاوی؛ بە دڕك داپۆشراو.
spinosity (spī-nos′ə-ti), *n.* (۱) دڕکاوێتی.
(۲) تێبینی هەست بریندارکەر؛ پلاری بڕندە. (۳) دڕك؛ پارچەی تیژ.
spinous (spī′nəs), *adj.* (۱) دڕکاوی؛ بە دڕك داپۆشراو.
(۲) لە دڕك دەچێ؛ دڕکی.
spinster (spin′stĕr), *n.* (۱) تەشی ڕێس؛ ئافرەتی خەرەك ڕێس.
(۲) قەیرە کچ؛ گەورە کچ
spinsterhood (spin′stĕr-hood´), *n.* قەیرەکچێتی؛ گەورەکچێتی.
spinthariscope (spin-thar′i-skōp´), *n.* ئامێری تیرۆانینی تیشکی ئەلفا.
spinule (spī′nūl, spin′ūl), *n.* دڕکۆڵە؛ دڕکی بچکۆلە.
spinulose (spin′yoo-lōs´, spīn′yoo-lōs´), *adj.* (۱) دڕکۆڵەدار؛ بە دڕکی بچووك داپۆشراو. (۲) لە دڕکۆڵە دەکات؛ وەك دڕکی بچووك وایە.
spiny (spīn′i), *adj.* (۱) دڕکاوی؛ بە دڕك داپۆشراو.
(۲) گیرۆگرفتاوی؛ قورس؛ ناخۆش؛ ئاڵۆز؛ تەنگوچەڵەماوی.
(۳) بڕبڕەیی؛ لە بڕبڕاگە دەچێ.
-spininess *(n.).*
spiny anteater, = echidna.
spiny-finned (spīn′i-find´), *adj.* پەڕەك دڕکاوی.
spiny lobster, کوللەی دەریای دڕکاوی.
spiracle (spi′rə-k'l, spi′rə-k'l), *n.* (۱) کونی هەوا.
(۲) کونی ئاگرپژێن. (۳) (۱) کونی هەناسەدانی جانەوەری وەك جانەوەکە.
(ب) کونە لووتی نەهەنگ (کە هەناسەی لێوە دەدات و فیچقەکەی لە دوورەوە دەبینرێت).
-spiracular *(adj.).*
spiral (spī′rəl), *adj.* پێچ لوول؛ مارپێچی؛ پێچاوپێچ؛ زەمبەلەکی؛ پێچ پێچۆکە.
n. (۱) شتی پێچاوپێچ؛ زەمبەلەك؛ پێچ لوول؛ مارپێچ.

(٢) فریسی پێچ لوول؛ کەوتنەخوارەوە یا بەرزبوونەوەیەکی پێچ پێچۆکەیی.
(٣) تۆپ هاویشتنێک یا شەق تێهەڵدانێکی پێچ لوول.
v.i. بەرزبوونەوەی پێچ لوول: . *(Prices have ~ed.)*
v.t. بەرزکردنەوەی پێچ لوول؛ بردنە سەرەوەی پێچ پێچۆکەیی:
(The war ~ed prices to new heights.)
-spirally *(adv.)*.
spirant (spī′rənt), *n. & adj.* = fricative.
spire (spīr), *n.* (١) زەمبەلەک: شتی پێچ لوول. (٢) پێچ.
(٣) سەرە پێچ لووڵییەکەی گوێچکەماسی و شەیتانۆکە.
spire (spīr), *n.* (١) لاسکە گیا: تەڵە گیا.
(٢) دەنووک؛ لووتکە؛ پۆپ؛ سەری تیژ. (٣) مینارە.
v.i. هەڵچوون بە ناسماندا و بەرەبەرە باریک بوونەوە (وەک مینارە).
spired (spīrd), *adj.* (١) مینارەدار: . *(a ~ church)*
(٢) لووتکەدار؛ نووک تیژ؛ سەر باریک: . *(~ cedars)*
spiriferous (spī-rif′ĕr-əs), *adj.* پێچ پێچۆکەیی (گوێچکەماسی).
spirillum (spī-ril′əm), *n.* بەکتریای پێچ پێچۆکەیی.
spirit (spir′it), *n.* (١) گیان. (٢) ووزە؛ هۆش؛ دەروون؛ ڕەوان؛ دەماری.
(٣) خێو (باش یا خراپ)؛ پەری؛ دێوودڕنج.
(٤) کەس: . *(She was a brave ~.)*
(٥) *(pl.)* تاقەت؛ کەیف؛ دەماخ؛ ووزە؛ تین: . *(He was in high ~s.)*
(٦) جۆش؛ گڤ‌وگۆڕ؛ چالاکی؛ گورج‌وگۆڵی: . *(Answer with ~.)*
(٧) کرۆک؛ مانای ڕاستەقینە؛ ناوکرۆک:
(He followed the ~ if not the letter of the law.)
(٨) هەڵوێستی باو؛ هەڵوێستو تایبەخۆز هۆش‌و گیانی چەرخێک یا
سەردەمێک: . *(the ~ of the age; the ~ of Renaissance)*
(٩) *(pl.)* : خواردنەوەی مەستکەری قورس؛ عەرەق؛ خواردنەوەی کحوڵی.
(١٠) ماددەیەکی ڕەنگ چەسپێنە (خومکاری). (١١) ئیسپرتۆ.
(١٢) کرۆک (کیمیا).
v.t. (١) هێنانە جۆش؛ زیندووکردنەوە؛ ووزە بەرزکردنەوە؛ گورج کردنەوە؛
باڵ پێوەنان بۆ پێشەوە؛ هاندان.
(٢) : (~ away; ~ off) ، فڕاندن (بەتایبەتی بە دزییەوە و لەپڕ)؛ لەپڕ بردن:
(He was put in a car and ~ed off to the mountains.)
adj. (١) گیانی؛ دەروونی؛ هۆشی. (٢) هی ئیسپرتۆ.
(٣) بە ئیسپرتۆ نیش دەکات: . *(a ~ lamp)*
in spirits, بە کەیف؛ بە دەماخ؛ بە ووزە؛ زیت.
out of spirits, خەمبار؛ دڵتەنگ؛ بێ تاقەت؛ پەست؛ بێ دەماخ؛
بێ کەیف؛ بێ ووزە.
the Spirit, (١) گیانی پیرۆز (خاچ پەرستی). (٢) خودا؛ خوا.
spirited (spir′i-tid), *adj.* (١) گیان‌و هۆش‌و هەڵوێست‌و سرووشتی
تایبەتیدار: . *(evil- ~ ; mean- ~ ; fine- ~)*
(٢) خۆش ڕەوت؛ چوست‌وچالاک؛ گورج‌وگۆڵ؛ زیت؛ بەتین؛ بە دەماخ:
(a ~ horse)
(٣) گەرم؛ بەجۆش: . *(a ~ discussion)*
-spiritedly *(adv.)*; **spiritedness** *(n.)*.
spiritism (spir′i-tiz'm), *n.* = spiritualism.
spirit lamp, چرای ئیسپرتۆ.
spiritless (spir′it-lis), *adj.* بێ تین؛ سست؛ خاو؛ بێ ووزە؛
مردوو (مەجاز)؛ بێ تاقەت؛ پەست؛ مات؛ دڵتەنگ.
spirit level, تەرازووی خانووسازو دارتاش؛ تەرازووی وەستا؛ شاوول
(هەروەها " level ").
spirits of hartshorn, ناوی نەوشادر؛ ناوی ئەمۆنیا.
spirits of turpentine, ڕۆنی تەرپەنتین.
spirits of wine, spirit of wine = alcohol.
spiritual (spir′i-chōō-əl, spir′i-chool), *adj.* (١) گیانی
(٢) نایتی: کلێسەیی. (٣) پیرۆز (٤) خێوی؛ ئەوەودنیایی؛ سەر سرووشتی.

(٥) گوێ بە شتی هۆش‌و گیانی و دەروونی‌و نایتی‌و ئەوەودنیایی دەدات
نەک بە کاروباری نەم جیهانە: . *(a ~ person)*
n. (١) گۆرانیەیەکی نایتی قولەپەشە.
(٢) *(pl.)* ، کاروباری نایتی؛ کاروباری کلێسەیی.
-spiritually *(adv.)*; **spiritualness** *(n.)*.
spiritualism (spir′i-chōō-əl-iz'm), *n.* (١) بڕوابوون بە گفتوگۆ
کردن لەگەڵ گیانی مردووواندا. (٢) گفتوگۆ لەگەڵ گیانی مردووواندا.
(٣) گیان پەرستی: بیروبڕوایەک کە دەڵێت کرۆکی ڕاستی لە گیان‌و شتی
نەبینراودایە. (٤) spirituality .
-spiritualist *(n.)*; **spiritualistic** *(adj.)*.
spirituality (spir´i-chōō-al′ə-ti), *n.* (١) گیانخوازی؛
گیان پەرستی؛ گوێ دان بە هۆش‌و گیان‌و دەروونی‌و ئەوەودنیایی نەک بە
خۆشی نەم جیهانە؛ سۆفیتی. (٢) قەشە گەل. (هەروەها " spiritualty ").
(٣) *(pl.)* ، موڵک‌و سامان‌و شتومەکی کلێسە یا قەشەیەک.
(هەروەها " spiritualty ").
spiritualize (spir′i-chōō-ə-līz´), *v.t.* (١) پاککردنەوە لە
بیرو باوەڕو هەڵوێستی جیهان پەرستی؛ پاکژکردن؛ پوختەکردن؛
لە گیانخوازی نزیک کردنەوە. (٢) مانای بەرز یا گیان خوازی پێدان.
-spiritualization *(n.)*.
spiritualty (spir′i-chōō-əl-ti), *n.* = spirituality # 2 & 3.
spirituel, spirituelle (spir′i-chōō-el´), *adj.* مێشک تیژ؛
ووریا؛ هۆشیار؛ قسە قوت.
spirituous (spir′i-chōō-əs), *adj.* کحوڵی: . *(~ liquors)*
spiro- (spī′rō, spī′rə), پێشگرێکە بەمانای: هەناسەدان؛ هەناسە:
(spirograph)
spiro- (spī′rō, spī′rə), پێشگرێکە بەمانای: پێچ لوول؛ پێچ پێچی:
(spirochete)
spirochete, spirochaete (spī′rə-kēt´), *n.* بەکتریا یا میکرۆبی
پێچاوپێچ (وەک هی ناتەشەکەو تای گەڕاوە یا پێنج بەڕۆ).
spirochetosis, spirochaetosis (spī´rə-ki-tō′sis), *n.*
نەخۆشی میکرۆبی پێچاوپێچ (وەک ناتەشەک، تای گەڕاوە یا پێنج بەڕۆ،
دەردی مریشک ... هتد).
spirograph (spī′rə-graf´), *n.* تۆمارکەری هەناسە؛
وێنەکەری هەناسە.
spirogyra (spī´rə-jī′rə), *n.* قەوزەی پێچ لوول.
spiroid (spī′roid), *adj.* پێچ لوول؛ پێچاوپێچ؛ زەمبەلەکی؛ لوول.
spirometer (spī-rom′ə-tĕr), *n.* هەناسەپێو؛ پێوەری هەناسەدان.
spirometry (spī-rom′ə-tri), *n.* هەناسە پێوان.
spirt (spûrt), *n., v.t. & v.i.* = spurt.
spiry (spīr′i), *adj.* پێچاوپێچ؛ پێچ لوول؛ مارپێچی؛ لوول.
spiry (spīr′i), *adj.* مینارەیی؛ لووتکەدار؛ لووتکە تیژ.
spit (spit), *n.* (١) شیشی گۆشت برژان؛ شیشی کەباب؛ دارێکە ئەوەندەی
دەستەکێکی باریک دەبێ مەڕو گیانەوەری تری بە یەک پارچە پێوەدەکرێ‌و
دەبرژێنرێ. (٢) تیرە زەوییەکی درێژبووەوەیە بۆ ناو ئاو.
v.t. لە شیش دان؛ کردن بە شیشەوە.
spit (spit), *v.t.* (١) تف کردنەوە.
(٢) بە تووڕەییەوە ووتن: . *(to ~ out an insult)*
(٣) ئاگر پێوەنان؛ داگیرساندن: . *(to ~ a fuse)*
v.i. (١) تف کردن. (٢) تف لێکردن. (٣) پڕووشەکردن (بەفرو باران).
(٤) فسەفس کردن (وەک پشیلە لەکاتی شەڕدا).
n. (١) تف کردن؛ تف کردنەوە. (٢) تف. (٣) لیکی هەندێ جانەوەر.
(٤) تاوە باران یا بەفر؛ پڕووشە بەفر یا باران.
(٥) [Colloq.]، وێنە؛ وێنەی دەقاودەق.
spit and image, [Colloq.]. وێنەی دەقاودەق.
spit it out, هەڵڕشتنی ئەوەی لە دڵدایە.

spit on (or at), تف لێکردن؛ بە چاوی سووک سەیرکردن؛ نەویستن.
spital (spit′l), *n.* (١) خەستەخانەی کەپرۆکول. (٢) شوێنێکی پیس.
spitball (spit′bôl´), *n.* (١) تۆپەلە کاغەزی گرمۆلەکراو وەک تۆپ هاوێژراو. (٢) تۆپی بنیسبۆل بە تف تەرکردنو هاویشتن.
spitch-cock (spich′kok´), *n.* مارماسی بەکالاکراوە یا پارچە پارچە کراو و برژێنراو.
spit curl, کاکۆڵی لوولی نووسێنراو بە ناوچەوان، لاجانگ، یا پووەتەوە.
spite (spīt), *n.* (١) کینە؛ قین؛ ڕق. (٢) [Archaic]، پەستی؛ لێ پەست بوون.
v.t. (١) قین لێ بوون؛ ڕق لێ بوون. (٢) [Archaic]، پەستکردن؛ داخ کردن بە دڵەوە.
cut off one's nose to spite one's face, [Colloq.], لە ڕقی دەموچاوی لووتی خۆی دەبڕێتەوە؛ هەر بۆنەوەی زیان لە کەسێکی تر بدات زیان لە خۆیشی دەدات؛ لە قینی یەکێکی تر زیان لە خۆیشی دەدات.
in spite of, (١) سەرەڕای نەوەیش؛ لەگەڵ نەوەشدا. (٢) لە ڕقی؛ لە قینی
out of (or from) spite, لە ڕقدا؛ لە قیندا؛ لە قینی نەوەدا.
spiteful (spīt′fəl), *adj.* کینەوی؛ قین لە سەک؛ قینەوی؛ ڕق هەڵگر؛ بە کینە؛ داخ لە دڵ
spitfire (spit′fīr´), *n.* کەسێکی تووڕەوتڕۆ (بەتایبەتی ژن)؛ کەسێکی سەرگەرم یا زووهەڵچوو
spitter (spit′ĕr), *n.* (١) تفکەر؛ تفکەرەوە؛ لیکن. (٢) [Colloq.], spitball # 2.
spitter (spit′ĕr), *n.* (١) گۆشت برژێن؛ گۆشت لە شیش دەر. (٢) بەچکە ئاسکێکی تازە شاخ دەرکردوو.
spitting image, = spit and image.
spittle (spit′l), *n.* (١) تف؛ لیک. (٢) لیکی هەندێ جانەوەر.
spittle-bug (spit′l-bug´), *n.* جانەوەرێکی قونەکەرە کرمۆکەکەی لیک دەردات و دەوری خۆی پێ دەدات
spittle insect, = spittle-bug.
spittoon (spi-tōōn′), *n.* دەفری تف تێکردن؛ تف دان.
spitz dog (spits), جۆرە سەگێکی بچووکی سپی لەموز باریکی تووک نەرم و درێژە
spiv (spiv), *n.* [British Slang], کەسێکی بێکاری قوماربازی مفتخۆر؛ کەسێکە کە هەر بە قوماربازی و دەسبڕین دەژی؛ جامباز.
splanchnic (splaŋk′nik), *adj.* هەناوی
splanchnology (splaŋk-nol′ə-ji), *n.* لێکۆڵینەوەی هەناو.
splash (splash), *v.t.* (١) لێ هەڵبڕژاندن (ئاو، قوڕاو، شلە). (٢) هەڵبڕژان. (٣) شلپە لێ هەڵساندن؛ شلپەشلپ پێکردن:
(Stop ~ing your feet in the puddles.)
(٤) دڕپێدان بە شلپەشلپ؛ پێدا ڕۆیشتن بە شلپەشلپ.
v.i. (١) هەڵبڕژان
(Rain ~ed against the window.) (٢) بەسەردا هەڵبڕژان.
(a brook ~ing over rocks) (٣) شلپە لێوەهاتن.
(٤) شلپەشلپ کردن؛ بە شلپە پێدا ڕۆیشتن:
(The child ~ed into the water.)
n. (١) شلپە؛ شلپەشلپ؛ دەنگی شلپە؛ شلپە لێ هەڵسان. (٢) پرژە ئاو؛ پرژ. (٣) پەڵە؛ لەکە؛ جێی پرژە ئاو، قوڕاو، یا شلە.
make a splash, [Colloq.], دەنگدانەوە (بە کردنی کارێکی سەرنج ڕاکێش)؛ سەرنج ڕاکێشان:
(She made a splash with her new film.)
splash-board (splash′bôrd´, splash′bōrd´), *n.* (١) شووڕەی لە پرژاو و قوڕوچڵپاو پاراستن (ئوتومبیل، بەلەم). (٢) دەرگای داخستنی ئاوەڕۆ.
splashdown (splash′doun), *n.* نیشتنەوەی کەشتی هەوایی لەسەر ئاو.
splasher (splash′ĕr), *n.* (١) شلپەشلپکەر؛ پرژێنەر (٢) شووڕەی پاراستن لە پرژاو و قوڕوچڵپاو
splash guard, پارچە لاستیکی دواوەی تایەی ئوتومبیل (بۆ هەڵنەپرژانی قوڕوچڵپاو).
splashy (splash′i), *adj.* (١) شلپەکەر؛ شلپەشلپکەر. (٢) شلپەشلپاوی؛ بە ئاسانی هەڵدەپرژێ؛ قوڕوچڵپاوی. (٣) پەڵەپەڵاوی؛ بە پەڵەی ڕەنگاوڕەنگ داپۆشراو. (٤) [Colloq.]، سەرنج ڕاکێش؛ خۆبادەر؛ خۆنوێن؛ دەنگدەرەوە (مەجاز):
(The band made a ~ appearance.)
-splashily *(adv.)*; **splashiness** *(n.).*
splat (splat), *n.* تیغەدار یا تەختەی پشتی کورسی.
splat (splat), *n.* شەقە (وەک هی زللە).
splatter (splat′ĕr), *n., v.t. & v.i.* = spatter.
splay (splā), *n.* (١) گۆشەی خوار یا کراوە (بەتایبەتی هی دەرگاو پەنجەرە بۆ پانی). (٢) کراوەیی؛ فراوانی؛ داچەقان.
adj. (١) داچەقاو؛ کراوە: *(~ knees)* . (٢) پان؛ فراوان؛ تەخت. (٣) ناقۆڵا؛ ناشرین؛ قەڵب؛ گێل.
v.t. (١) کردنەوە؛ فراوان کردن؛ داچەقاندن. (٢) بە خواری کردن (گۆشەی دەرگاو پەنجەرە). (٣) لە جێ چوون (ئێسقانی گیانەوەر).
v.i. داچەقاندن؛ خوارکردنەوە.
splay-foot (splā′foot´), *n.* پێی پان و تەخت و دەرپۆقیو.
splay-footed (splā′foot´id), *adj.* پێ پان و تەخت و دەرپۆقیو
spleen (splēn), *n.* (١) سپڵ. (٢) کینە؛ قین؛ ڕق. (٣) [Archaic]، پەستی؛ ماتومەلوولی؛ دڵتەنگی. (٤) [Obs.]، هەوەس؛ نارەزووی کاتی.
spleenful (splēn′fəl), *adj.* کینەوی؛ قیندار؛ کینەدار؛ قین لە سەک؛ تووڕە؛ تووڕەوتڕۆ.
spleenish (splēn′ish), *adj.* = spleenful.
spleenwort (splēn′wŭrt´), *n.* قەیتەران؛ گیاسپڵ.
spleeny (splēn′i), *adj.* = spleenful.
splen- (splēn, splen), *Also* **spleno-** , پێشگرێکە بەمانای: سپڵ: *(splenectomy)*
splendent (splen′dənt), *adj.* (١) گەش؛ ڕووناک؛ بریقەدار؛ بریقاوە. (٢) زۆر جوان و نایاب. (٣) بەناوبانگ؛ بەناو.
splendid (splen′did), *adj.* (١) ڕەونەقدار؛ زۆر گەش؛ شەوقدار؛ بریقاوە؛ بەڕەونەق. (٢) زۆر جوان و نایاب و شۆخ: *(~ jewelry)* . (٣) بەشکۆ؛ مەزن؛ بەرز: *(a ~ deed, victory, etc.)* . (٤) زۆر چاک؛ زۆر نایاب؛ زۆرباش: *(a ~ idea, opportunity, etc.)* . (٥) زۆر خۆش و نایاب: *(What ~ weather !)* .
-splendidly *(adv.)*; **splendidness** *(n.).*
splendiferous (splen-dif′ĕr-əs), *adj.* [Colloq.], زۆر جوان و شۆخ و نایاب (لەڕووی گاڵتەوە یا بە تەوسەوە).
splendor (splen′dĕr), *n.* (١) زۆر گەشی؛ ڕەونەق؛ بریقە؛ شەوق. (٢) زۆر جوان و نایابی. (٣) مەزنی؛ شکۆ؛ بەرزی. (٤) شتێکی جوان و نایاب و مەزن.
-splendorous; splendrous *(adj.).*
splendour (splen′dĕr), *adj.* [Brit. Spelling], = splendor.
splenectomy (spli-nek′tō-mi), *n.* سپڵ دەرهێنان (نەشتەرکاری).
splenetic (spli-net′ik), *adj.* (١) هی سپڵ؛ سپڵی. (٢) تووڕەوتڕۆ؛ کینەوی؛ ڕقاوی؛ بەکینە؛ داخ لە دڵ. (٣) [Obs.]، ماتومەلوول؛ پەست؛ کەساس.
-splenetical *(adj.)*; **splenetically** *(adv.).*
splenic (splen′ik, splē′nik), *adj.* سپڵی؛ نزیکی سپڵ؛ لە سپڵدا.
splenitis (spli-nī′tis), *n.* سپڵ ئاوسان.
splenius (splē′ni-əs), *n.* ماسولکەی ئەم دیوو ئەودیوی پشتی مل.

spleno- (splē′nō, splen′ə), – splen-.

splenomegaly (splē´nō-megə′li), *n.* گەورەبوونی سپڵ؛ سپڵ ناوسان

spleuchan (splōō′khən), *n.* کیسەی پارە یا توتن.

splice (splīs), *v.t.* (۱) پێکەوەلکاندن (فلیم، تەل)؛ لێکدان؛ پێکەوەنووساندن (ب) لێکدانی سەرە گوریس (بە چنین یا تێهەڵکێشان).
(۲) پێکەوەنووساندن یا لێکدانی سەرە دارو تەختە بە تێهەڵکێشان.
(۳) [Slang] جووت پێگرتن (ژنهێنان‌و شووکردن)؛ مارەکردن؛ بەیەکگەیاندن.
n. (۱) لێکدان؛ پێکەوەبەستن؛ بەیەکگەیاندن؛ بەندکردن.
(۲) جەمسەری بەیەکگەیاندن؛ شوێنی لێکدان

spline (splīn), *n.* (۱) تیغەدار یا کانزای درێژو تەرم.
(۲) زمانە (مەکینەکاری). (۳) ئەو کونەی زمانەی پێدا دەکرێ.
v.t. (۱) زمانە پێداکردن. (۲) کون تێکردن بۆ زمانە پێداکردن.

splint (splint), *n.* (۱) تووڵ (زەمیلەو سەبەتە چنین).
(۲) ئێسکبەند؛ ئێسکگرە؛ ئەو گەچەیە دەگیرێتە ئێسقانی شکاو بۆ گرتنەوەی.
(۳) تیغە کانزا؛ تەبەقە کانزا.
(٤) ناوسانی ئێسقانی مووچەی ئەسپ؛ بڕینێک کە لەم ئێسقانە بێت.
v.t. ئێسقان گرتنەوە (بە گەچ تێگرتن).

splint bone, ئێسقانی تەڵەزمی: دوو ئێسقانی بچووکن لەم دیوو ئەم دیوی مووچەی ئەسپ.

splinter (splin′tĕr), *v.t.* پارچەپارچەکردن؛ تەڵەزم لێکردنەوە؛ قڵیشاندن
v.i. (۱) پارچەپارچەبوون؛ تەڵەزم لێبوونەوە؛ بوون بە تەڵەزم؛ تەڵەزم؛ قڵیشان.
(۲) جیابوونەوە (حیزب، کۆمەڵ)؛ بەش بوون؛ دووبەرەکی تێکەوتن.
n. (۱) تەڵەزم (دار، بەرد، شووشە: کانزا).
(۲) تاقمی جیابووەوە (لە حیزب، پێکخراو، کۆمەڵ... هتد)؛ لقی جیابووەوە. (هەروەها " splinter group ").

-splintery *(adj.).*

split (split), *v.t.* (۱) قڵیشاندن؛ دوولەتکردن:
(He was ~ting a log.)
(۲) شەق پێ بردن؛ یەکلاکردنەوە؛ شەق کردن؛ دوولەتکردن؛ لەتکردن؛ کەرتکردن؛ نەت لەت کردن. (۳) بەش کردن؛ دابەشکردن؛ هاوبەشی کردن:
(to ~ a meal; They ~ the cost of the trip.)
(٤) بەش بەش کردن (حیزب، کۆمەڵ... هتد)؛ پارچەپارچەکردن؛ دووبەرەکی نانەوە (٥) (ا) داقڵیشانی نەتوم؛ داقڵیشانی گەردیلە.
(ب) جیاکردنەوەی ناوێتە (کیمیا).
v.i. (۱) قڵیشان؛ لەت بوون؛ دوولەت بوون:
(This kind of wood ~s easily.)
(۲) شەق بردن؛ قڵیش بردن؛ قڵیش تێ بوون؛ داقڵیشان؛ یەکلابوونەوە؛ تەقین (۳) دووبەرەکی تێکەوتن؛ بەش بەش بوون؛ پارچەپارچەبوون؛ جیابوونەوە لە یەکتری: *(to ~ into factions)*.
(٤) [Colloq.]، بەش کردن؛ دابەشکردن؛ هاوبەشی کردن:
(Winners ~ .)
(٥) [Slang]، پۆیشتن؛ بەجێهێشتن:
(This meeting is boring, let's ~ .)
n. (۱) قڵیشان؛ داقڵیشان؛ شەق بردن؛ هەڵقڵیشان.
(۲) (ا) قڵیش؛ تڵیش؛ درز. (ب) دووبەرەکی؛ جیابوونەوە:
(Is there a ~ in the organization?)
(۳) تەڵەزم؛ لەتکە. (٤) چینێکی پێستە. (٥) تووڵ (سەبەتەو زەمیلە چنین).
(٦) شریتێکە لە دۆندرمەو مۆزی لەتکراو شیلە... هتد پێکدێت.
(۷) . *(pl.)* نەژنۆ داچەقان هەتا لە زەوی دەدەن‌و کەسەکەیش هەر بە قنگەوە دانیشتبێ. (۸) [Colloq.]، (ا) شووشەیەکی بچکۆلە شەراب‌و ئاوی کەف‌و کوڵاوی. (ب) نیو پێنە. (ج) شانزە یەکی گاڵۆنێک.
(۹) [Slang]، بەش (تاڵانی).
adj. (۱) قڵیشاو؛ داقڵیشاو؛ لەت بوو.

(۲) پارچە پارچە؛ بەش بەش؛ دابەش بوو؛ جیابووەوە؛ ناڕێک؛ ناکۆک
-splitter *(n.).*
split hairs, جیاوازی ووردو ناگرنگ دۆزینەوە؛ لەسەر جیاوازی‌و شتی هیچ‌وپووچ مشت‌ومڕکردن.
split off, لێکردنەوە (بە قڵیشاندن)؛ لێبوونەوە؛ قڵیشان؛ هەڵقلیشان.
split the difference, بەش کردنی جیاوازی نرخ بە نیوەیی (لەنێوان کڕیارو فرۆشیاردا)؛ ڕێکەوتن بە بەش کردنی جیاوازی نرخ بە نیوەیی
split up, (۱) دابەش کردن؛ بەش کردن.
(۲) جیابوونەوە (ژن‌و مێرد، هاوبەشی):
(The couple split up a year ago.)
split infinitive, چاووگی جیاکراوە (ڕێزمان):
(to really believe; to gradually change his ways)
split pea, نیسکی سەوز؛ لەتکە نیسک.
split personality, کەسێتی دوونیمە (ڕەوانناسی)؛ دوونیمەیی؛ دوو سروشتی؛ هەمەکەسێتی؛ دووڤاقەیی.
split second, نیو چرکە (کات)؛ هەناسەیەک؛ کاتێکی زۆر زۆر کەم.
split ticket, کاغەزی دەنگدانی تێکەڵ: دەنگدان بۆ نوێنەری چەند حیزبێک لەسەر هەمان کاغەزی دەنگدان.

splitting (split′iŋ), *adj.* (۱) زۆر بە ئێش‌و ئازار (سەرئێشە)؛ خەریکە سەر شەق پێ دەبات؛ تیژ: *(a ~ headache)* .
(۲) زۆر خێرا. (۳) شەق پێ بەر: *(a ~ laugh)* .

splotch (sploch), *n.* پەڵە (بۆیە، ڕەنگ، مەرەکەب)؛ لەکە.
v.t. پەڵاوی کردن؛ لەکاوی کردن؛ پیس کردن.
-splotchy *(adj.).*

splurge (splŭrj), *n.* (۱) خۆنووراندن؛ خۆپادان؛ خۆدەرخستن؛ کەش‌وفش.
(۲) پارە زۆر خەرج کردن؛ دەست لە خۆ بەردان.
v.i. (۱) خۆپادان؛ خۆدەرخستن؛ خۆنووراندن؛ کەش‌وفش کردن.
(۲) پارە زۆر خەرج کردن؛ دەست لە خۆ بەردان: *(We ~d on our trip.)* .

splutter (splut′ĕr), *v.i.* (۱) قرچەقرچ کردن‌و پرڕ لێبوونەوە (ڕۆنی سووڕەوکراو، ئاگر)؛ پریشک فڕێدان. (۲) بە پەلەو بە پەشۆکاوی دووان.
v.t. (۱) بە پەلەو بە پەشۆکاوی بێژان. (۲) لێ هەڵبڕژان؛ پژیسک هاویشتن
n. (۱) قرچەقرچ؛ پرڕ هاویشتن؛ پریشک لێبوونەوە. (۲) شڵپە.

spodumene (spoj′oo-mēn´), *n.* سپۆدیومین: کانزایەکی سەوزباو یا پەمەیی‌یە وەک بەردی بەنرخ بەکار دەهێنرێت.

spoil (spoil), *v.t.* (۱) فەوتاندن؛ ترشاندن؛ لەکەڵکخستن؛ بۆگەن پێکردن (خواردەمەنی)؛ پووچ کردن. (۲) تێکدان (ئاهەنگ، ڕابواردن)؛ لێ تێکدان:
(The rain ~ed our picnic.; to ~ a party, a meal, someone's fun, etc.)
(۲) بەدەمەوەدان؛ نازکێشان؛ نازپێدان؛ بەدخووکردن.
(٤) [Archaic]، (ا) ڕووتکردنەوە؛ بەزۆر لێسەندن
(ب) تاڵان کردن.
(ج) داگیرکردن؛ دەستبەسەرداگرتن.
(۱) گەنین؛ ترشان؛ بزڕکان؛ پیس بوون؛ بۆگەن کردن؛ بۆن کردن.
(۲) [Colloq.]، (~ for) ، بەپەرۆشەوەبوون بۆ؛ زۆر ویستن؛ حەزکردن
(He's ~ing for a fight.)
(۳) [Archaic]، تاڵان کردن؛ دزین.
n. (۱) (*pl.*) ، تاڵانی؛ دەسکەوتی جەنگ: *(the ~s of war)* .
(۲) (*pl.*)، دەسکەوتی لابەلایی کەسێک یا حیزبێکی براوە (وەک خەڵک دامەزراندن لەسەر کار... هتد). (۳) [Archaic]، تاڵان کردن؛ دزین
(٤) شتی دزراو یا تاڵان کراو؛ شتی دزی یا تاڵانی.
(٥) خۆڵ‌و بەردی فڕێدراو لە کاتی زەمین هەڵکەندندا.
(٦) [Obs.]، زیان؛ لە کەڵک کەوتن؛ فەوتان؛ تێکچوون.
(۷) فرۆتەنی خراپ دروستکراو یا تێکچوو لە کاتی دروستکردندا

spoilage (spoil′ij), *n.* (۱) گەنین؛ بۆن کردن؛ ترشان؛ خراپ بوون؛ بزڕکان. (۲) خواردەمەنی گەنیو یا ترشاو؛ شتی خراپ بوو یا لە کەڵک کەوتوو.

spoiler (spoil′ĕr), *n.* (۱) تالانکەر؛ دز (۲) شتێکە خواردەمەنی بترشێنێ یا شت لە کەڵک بخات. (۳) تەپەقێکی درێژی سەر بالی فڕۆکەیە (پارەتی فڕین دەدات) (٤) خۆشی لە خەڵک تێکدەر (بەتایبەتی ئاهەنگ و ڕابواردن؛ شت تێکدەر؛ گێرەشێوێن.

spoilsman (spoilz′mən), *n.* هەڵپەرستێکە کە پارەتی حیزبێکی سەرکەوتوو دەدات بۆ دەسکەوتی خۆی.

spoilsport (spoil′spôrt´, spoil′spōrt´), *n.* خۆشی لە خەڵک تێکدەر

spoils system, بەش کردنی پلەوپایەی میری لەنێوان ئەندامانی حیزبی براوەدا؛ هەر وەک تاڵانی.

spoilt (spoilt), *alternative past tense and p. p. of* spoil.

spoke (spōk), *n.* (۱) تەڵ پێچکە (پاسکیل). (۲) پلەی پەیژە (۳) یەکێک لەو دەسکانەی سەریان دەرهێناوە لە چەرخی ئاژووتنی کەشتییەوە. (٤) شیشێکە دەکرێ بە پێچکەیەکدا بۆ ئەوەی نەخولێتەوە.

v.t. (۱) تەڵ بە پێچکەوە کردن. (۲) شیش کردن بە پێچکەدا بۆ ئەوەی نەخولێتەوە

put a spoke in a person's wheel, پیلان پووچ کردن؛ پیلان تێکدانی کەسێک

spoke (spōk), *past tense or archaic p. p. of* speak.

spoken (spō′kən), *past participle of* speak.

adj. (۱) بێژراو؛ بە زار ووتراو؛ ووتراو. (۲) بەشێوەیەکی تایبەتی بێژراو: *(harsh- ~ ; soft- ~)*.

spokesman (spōks′mən), *n.* قسەکەر بە ناوی کۆمەڵ؛ میری. یا دەستەیەکەوە؛ دەم ڕاستی کۆمەڵ. دەستە. حیزب. یا کۆڕێک.

spokeswoman (spōks′woom´ən), *n.* قسەکەری ژن بە ناوی کۆمەڵی یا دەستەیەکەوە.

spoliate (spō′li-āt´), *v.t.* تاڵان کردن؛ ڕووتکردنەوە.

spoliation (spō´li-ā′shən), *n.* (۱) تاڵان کردن (بەتایبەتی کەشتی بێ لایەن لە کاتی جەنگدا)؛ ڕووتکردنەوە؛ دەستبەسەرداگرتن (۲) تاڵان کران؛ ڕووتکرانەوە؛ دەستبەسەرداگیران (۳) فەوتاندن یا کۆڕین (بەتایبەتی بەڵگەی یاسایی)؛ لەناوبردن؛ بەتەواوی تێکدان

-spoliator *(n.).*

spondaic (spon-dā′ik), *adj. Also* **spondaical.** تایبەتی بە "سپۆندی" (ووشەی داهاتوو ببینە).

spondee (spon′dē), *n.* سپۆندی دوو برگەی یەک لە دوای یەکی درێژ یا هێز لەسەری هۆنراوەیە وەک ووشەی: " heartbreak ".

spondylitis (spon´də-lī′tis), *n.* ئاوسانی بڕبڕەی پشت

sponge (spunj), *n.* (۱) نیسفەنج؛ گیاندارێکی دەریایی نەبزوکە بە کۆمەڵ دەژی ۲ نیسفەنج. (۳) شتێکی وەک نیسفەنج: (ا) تۆزپەڵە سارغی ئاشتەرکاری. (ب) جۆرە کێکێکی نەرمە وەک نیسفەنج. (ج) هەویر. (د) کانزای وەک پلاتین. (٤) مشەخۆر؛ مفتخۆر؛ لاکوت؛ هەوانتەخۆر (٥) [Colloq.] چاوچنۆکی؛ چاوبرسی؛ زۆرخۆر؛ زۆرخۆرەوە (٦) sponge bath

v.t. (۱) سڕین یا پاکردنەوە بە نیسفەنج (۲) (~ out; ~ off; ~ away) نەهێشتن؛ سڕینەوە؛ لابردن. (۳) (~ up) هەڵمژین بە نیسفەنج یا هەر وەک بە نیسفەنج. (٤) لاکوتی کردن؛ مفتخۆری کردن؛ مشەخواردن.

v.i. (۱) نیسفەنج لە دەریا کۆکردنەوە. (۲) هەڵمژین وەک نیسفەنج. (۳) (~ on) لاکوتی بەسەرەوە کردن؛ مفت خواردن؛ مشە خواردن.

throw (or toss) in the sponge, [Colloq.], دەستەڵکرتن؛ وازهێنان؛ بەزین؛ بۆردان؛ کۆڵدان.

sponge bath, خۆشتن بە نیسفەنج یا پەڕۆی تەڕ بەبێ ئاو بەرکەوتن.

sponge cake, کێکی نیسفەنجی کێکێکی نەرمی کون کونە

sponger (spun′jĕr), *n.* (۱) نیسفەنجی دەریا کۆکەرەوە (مرۆڤ. کەشتی). (۲) بە ئیسفەنج پاکەرەوە یا خاوێنکەر. (۳) مشەخۆر؛ لاکوت؛ مفتخۆر.

sponginess (spun′ji-nis), *n.* ئیسفەنجێتی؛ وەک ئیسفەنج وابوون؛ نەرمی.

sponging house, گرتووخانەی قەرزاران؛ شوێنێکە جاران لە ئینگلتەرەدا قەرزارانی تێ دەخرا هەتا قەرزەکەیان دەدایەوە یا دەخرانە بەندیخانەوە.

spongy (spun′ji), *adj.* ئیسفەنجی: (ا) نەرم؛ سووک؛ لاستیکی. (ب) کون کون (ج) هەڵمژ.

sponsion (spon′shən), *n.* (۱) دەستەبەری؛ دەستەبەری کردن. (۲) بەڵێن (بەتایبەتی کە لە باتی کەسێکی تر درابێ). (۳) بەڵێنێکە دەدرێ یا ئەرکێکە دەبێنرێ لەلایەن کەسێکەوە بە ناوی وڵاتەکەیەوە بێ ئەوەی ئەو دەسەڵاتەی هەبێ.

sponson (spon′sən), *n.* (۱) ڕەفەی قەراغی کەشتی و دەبابەیە بۆ تۆپ لەسەر دانان. (۲) دەفرێکی پڕ هەوایە بە چوارچێوەی فڕۆکەی ئاوی‌یەوە بۆ لەنگەرگرتن.

sponsor (spon′sĕr), *n.* (۱) دەستەبەر؛ کەفیل. (۲) چاودێری منداڵ لە ئاهەنگی بوون بە خاچ پەرستو لە ئاو هەڵکێشاندا بۆ پێوژی. (۳) سەرپەرشت؛ مرۆڤ یا دەسگای سەرپەرشتکەر؛ چاودێریکەر؛ بەڵێن بۆ دەر. (٤) خاوەن پێشنیار (پەرلەمان، ڕێکخراو، کۆڕ)؛ پێشکەشکەری پێشنیار. (٥) سەرپەرشتی بەرنامە: دەسگایەکی بازرگانی‌یە سەرپەرشتی بەرنامەی تەلەفزیۆن یا ڕادیۆ دەکات بە کڕینی کات بۆ ڕیکلامگەندە کردن بۆ فرۆتەنی‌یەکانی لە کاتی بڵاوکردنەوەی بەرنامەکەدا.

v.t. سەرپەرشتی کردن؛ چاودێری کردن: *(to ~ a television program ; to ~ a resolution in Congress; to ~ a foreign student)*

sponsorship (spon′sĕr-ship´), *n.* سەرپەرشتی؛ چاودێری؛ سایە.

spontaneity (spon´tə-nē′ə-ti), *n.* (۱) سەرپێیەتی؛ لەخۆوەیی؛ لەبەربوورەیی؛ بێ خۆ ئامادەکردن. (۲) کارێکی سەرپێیی.

spontaneous (spon-tā′ni-əs), *adj.* (۱) سەرپێیی؛ لەبەربوورە؛ بێ ئامادەکردن؛ بێ بیرلێکردنەوە: *(a ~ speech, remark, act, etc.)* (۲) خۆکرد؛ لە خۆوەکراو بە بێ یارمەتی کەسی تر؛ هەر لە خۆوە؛ خۆیی *(~ movement characteristic of living things)* (۲) لە خۆوە ڕواو؛ نەنێژراو؛ کێوی.

-spontaneously *(adv.)*; **spontaneousness** *(n.).*

spontaneous combustion, سووتانی خۆیی؛ لەخۆوە سووتان

spontoon (spon-tōōn′), *n.* ڕمێکی کورت؛ ڕمۆکە.

spoof (spōōf), *n.* (۱) پەند؛ تەشقەڵە؛ فریو؛ هەڵفریوان؛ ساختە؛ گاڵتەبازی. (۲) لاسایی بە گاڵتەپێکردنەوە (بەرنامەی تەلەفزیۆنی ... هتد)؛ لاساییکردنەوە؛ داشۆرین؛ لاقرتی.

v.t. & v.i. (۱) هەڵفریواندن؛ تەشقەڵە پێکردن؛ پەند پێدان؛ ساختە لەگەڵ کردن. (۲) لاساییکردنەوە بە گاڵتەپێکردنەوە (بەرنامەی تەلەفزیۆن، فیلم)؛ داشۆرین؛ لاقرتی پێکردن.

spook (spōōk), *n.* [Colloq.], (۱) خێو. (۲) سیخوڕ؛ جاسووس.

v.t. (۱) سەردانی خێو بۆ شوێنێک. (۲) تۆقاندن؛ زراوبردن؛ داچڵەکاندن و ترساندن (ڕەشەوڵاخ).

spooky (spōōk′i), *adj.* (۱) (ا) خێوی؛ لە خێو دەچێ. (ب) ترسناک؛ سامناک؛ سامدار: *(a ~ place, atmosphere, sound, etc.)* (۲) سەرک؛ زوو داوەچڵەکێ.

-spookily *(adv.)*; **spookiness** *(n.).*

spool (spōōl), *n.* (۱) بەکرە (ی دەزوو یا شریتی سینەما... هتد)؛ چەرخ؛ خولخولۆکە. (۲) پڕ بەکرەیەک (۳) شتێکی لە بەکرە چوو.

v.t. هەڵکردنە سەر بەکرە.

spoon (spōōn), *n.* (۱) کەوچک. (۲) شتێکە لە کەوچک بچێ بەتایبەتی: (ا) دانەخۆرەی کانزایی ڕاوەماسی. (پێشی دەوترێ: " spoon bait ").
(ب) سەوڵی دەم قوپاو. (۳) گوڕزی دەم کەوچکی یاری گۆڵف.

v.t. (۱) بە کەوچک تێکردن؛ هەڵهێنجان (بە کەوچک).
(۲) لە تۆپ دان هەر وەک خواردەمەنی هەڵهێنجان بە کەوچک، واتە بۆ سەرەوە. یاری گۆڵف) (۳) ئاو هەڵکەندن؛ وەک کەوچک لێکردن.

v.i. (۱) ڕاوەماسی کردن بە دانەخۆرەی لە کەوچک چوو.
(۲) لە تۆپ دان هەر وەک خواردەمەنی هەڵهێنجان، واتە بۆ سەرەوە (یاری گۆڵف) (۳) [Colloq.]، ماچ وموچ کردن؛ دەستبازی کردن

born with a silver spoon in one's mouth, لە خێزانێکی دەوڵەمەند لەدایکبوون؛ بە خواپێداوی هاتنە دنیاوە؛ بە دەوڵەمەندی لەدایکبوون.

spoon-bill (spōōn′bil´), *n.* (۱) کەوچکە دەنوکی. باڵندەیەکی گەورەی قەراغ ئاوە سەری دەنوکی پانە لە کەوچک دەچێ.
(۲) مراوی‌یەکی دەنووک خاکەنازی‌یە. (هەروەها " shoveler ").
(۳) puddlefish . (٤) دەنوکی کەوچکی.

spoon bread, نانەکەوچکی جۆرە نانێکی گەنمەشامی‌یە لە هەویر دەچێ دەبێ بە کەوچک تێ کرێ.

spoon-drift (spōōn′drift´), *n.* = spindrift.

spoonerism (spōōn′ĕr-iz'm), *n.* جێگۆڕکێ پێکردنی تیپ‌و دەنگی سەرەتای دوو وشە لە قسەکردندا (وەک:
" Let me sew you to your sheet. " لە باتی:
" sons of toil " یان " Let me show you to your seat. " لەباتی:
" tons of soil ").

spooney (spōōn′i), *n.* = spoony.

spoonfed (spōōn′fed´), *adj.* (۱) بە کەوچک نان کراو بە دەمەوە.
(۲) (ا) نازدار؛ نازکێشراو؛ شت زۆر بۆ ئاسان کراو.
(ب) ڕێ پێ نەدراو بۆ نیش کردنی خۆ بە خۆ.

spoonfeed (spōōn′fēd´), *v.t.* (۱) نان کردن بە دەمەوە بە کەوچک.
(۲) (ا) بە نازداری بەخێوکردن؛ نازکێشان.
(ب) شت زۆر بۆ ئاسان کردن؛ هەموو شت بۆ کردن.

spoonful (spōōn′fool´), *n.* پڕ کەوچکێک؛ کەوچکێک.

spoony, spooney (spōōn′i), *n.* (۱) دڵدارێکی هۆش لای خۆ نەماو؛ دڵدارێکی ڕەوشت مندالانە. (۲) کەسێکی زۆر بەسۆزو شێتۆکە.

adj. (۱) بۆ شێت بوو (دڵدار)؛ شێت‌وشەیدا.
(۲) بەسۆزو شێتۆکە؛ مێشک سووک.

spoor (spoor, spôr, spōr), *n.* شوێن پێی گیانەوەری کێوی ڕاوکراو.

v.t. & v.i. شوێن پێ هەڵگرتن.

sporadic (spô-rad′ik, spō-rad′ik), *adj.* تاک‌وتەرا؛ جار جار؛ تاک‌وتووک؛ ناوەناو؛ پچڕپچڕ؛ کەم کەم.

-sporadically *(adv.)*; **sporadicalness** *(n.).*

sporangium (spô-ran′ji-əm), *n.* تووڕەکەی تۆزی قەوزەو کەپوو (هەروەها " spore case ").

spore (spôr, spōr), *n.* سپۆر تەنێکی یەک خانەیی‌یە دەبێت بە زیندەوەر وەک لە میکرۆبی لەرزۆتاو قەوزەو کەپووەا تۆز.

v.i. گرتنو هێنانەبەری ئەم تۆزە یا تەنە یەک خانەیی‌یە.

spore case, = sporangium.

sporocyst (spôr′ə-sist´, spōr′ə-sist´), *n.* تووڕەکەی تۆز (زیندەوەرزانی).

sporogenesis (spôr´ə-jen′ə-sis, spō´rə-jen′ə-sis), *n.* (۱) زۆربوون لە ڕێی بوونی تەنی یەک شانەیی بە زیندەوەر.
(۲) دروستبوونی تۆز یا تەنی یەک خانەیی وەک لە هەندێ میکرۆب‌و قەوزەو کەپووەا

sporophore (spôr′ə-fôr´, spō′rə-fôr´), *n.* ئەندامی تۆزهەڵگری هەندێ میکرۆب‌و قەوزەو کەپوو.

sporophyte (spôr′ə-fīt´, spō′rə-fīt´), *n.* ئەوە یا بەرەی تۆزگری هەندێ میکرۆب‌و قەوزەو کەپوو.

sporozoan (spôr´ə-zō′ən, spō´rə-zō′ən), *n.* زیندەوەرێکی یەک خانەیی لاکوتە (وەک میکرۆبی لەرزۆتاو تای تەکساسی کە تووشی ڕەشە وواڵغ دەبێ).

adj. تایبەتی بەم جۆرە زیندەوەرە.

sporran (spor′ən, spôr′ən), *n.* جزدانێکی جزدانی ئوسکوتلەندی: فەروەیە لەبەردەمی پشتێنەوە شۆڕدەبێتەوە.

sport (spôrt, spōrt), *n.* (۱) یاری؛ ڕابواردن؛ خۆشی؛ شتێکی خۆشە کاتی پێوە ڕاببوێرێ. (۲) وەرزش.
(۳) (ا) گاڵتەچی؛ گاڵتەپێکراو. (ب) شتی یاری پێکراو.
(٤) [Colloq.]، قومارچی؛ قومارکەر.
(٥) [Colloq.]، کەسێکی خۆبادەرو دەستبڵاو؛ کەسێکی خۆدەرخەر یا خۆنوێنەر. (٦) [Obs.]، دەستبازی؛ دڵداری؛ چاوباشقاڵی.
(۷) گیاندارێک یا پووەکێکی جیاواز لە توخمەکەی.

v.t. [Colloq.], لە ئەندازە بەدەر دەرخستن یا نووادن؛ زۆر خۆبادان: ***(He is ~ing a loud suit.)***

v.i. (۱) یاری کردن؛ ڕابواردن؛ کات بردنەسەر بە خۆشی‌و ڕابواردن.
(۲) وەرزش کردن؛ یاری کردن. (۳) (ا) گاڵتەکردن؛ گاڵتەوگەپ کردن.
(ب) گاڵتەپێکردن؛ گاڵتە پێ هاتن؛ بە سووک یا گاڵتە دانەبەر.
(٤) [Archaic]، دەستبازی کردن؛ چاوباشقاڵی کردن؛ دڵداری کردن
(٥) جیابوون لە توخمی خۆ (گیانەوەرناسی، پووەکناسی).

adj. (۱) هی وەرزش؛ بۆ وەرزش شیاو.
(۲) سەرپێی (جل‌وبەرگ)؛ سپۆرت؛ خاکی: ***(a ~ shirt, jacket, etc.)***

in (or for) sport, بە گاڵتەوە؛ هەر بۆ گاڵتە.

make sport of, گاڵتەپێکردن؛ پێ پێکەنین.

sportful (spôrt′fəl, spōrt′fəl), *adj.* (۱) خۆش؛ سەیر.
(۲) حەز لە یاری کەر؛ یاری باز. (۳) هەر بۆ خۆشی‌و یاری‌و گاڵتە کراو

-sportfully *(adv.)*; **sportfulness** *(n.).*

sporting (spôr′tiŋ, spōr′tiŋ), *adj.* (۱) وەرزشی؛ هی یاری.
(۲) وەرزشکار؛ حەزکەر لە وەرزش؛ یاریکەر. (۳) بە ویژدان.
(٤) قوماری؛ هی گرەوکردن لەسەر غارغارێنی ئەسپ‌و یاری ... هند.

sporting house, [Colloq.], (۱) قومارخانە. (۲) قەحبەخانە.

sportive (spôr′tiv, spōr′tiv), *adj.* (۱) حەز لە یاری کەر.
(۲) وەرزشی؛ حەز لە وەرزش کەر. (۳) گاڵتە؛ بە گاڵتەوە.
(٤) [Obs.]، بەرەڵا؛ حەز لە دەستبازی‌و چاوباشقاڵی کەر.

-sportively *(adv.)*; **sportiveness** *(n.).*

sports (spôrts, spōrts), *adj.* هی وەرزش؛ بۆ وەرزش شیاو؛ سەرپێی (جل‌وبەرگ)؛ خاکی؛ سپۆرت: ***(~ clothes)*** .

sports car; sport car, ئۆتومبیلی سپۆرت: ئۆتومبیلی بچووکی دوو کەسی سەرکراوەی نزم‌و خێرا.

sportsman (spôrts′mən, spōrts′mən), *n.* (۱) وەرزشکار (بەتایبەتی ڕاوچی‌و ڕاوەماسیکەر)؛ وەرزشیار.
(۲) کەسێکی بەویژدان‌و بەنەزاکەتە کە شت بە ئاسانی دەگرێ‌و بە بەشی خۆی قایلە بەبێ بۆڵەبۆڵ کردن؛ کەسێکی سپۆرت.

-sportsmanly *(adj.).*

n. (١) پێ دان بە زەویدا؛ پێ کوتان بە زەویدا. (٢) مەکینەی هارینی کانزای خاو. (٣) دارێژگە؛ قاڵب. (٤) دارێژە؛ شتی لە قاڵب دراو یا بە قاڵب دروستکراو. (٥) مۆر؛ دامغە؛ ئیستەمپا؛ شەقڵ. (٦) (ا) پوول (هی میری یا بازرگانی): *(trading ~s)* . (ب) پوولی پۆستە: *(postage ~)* . (٧) نیشانە؛ نیشانەی تایبەتی:
(The book bears the ~ of its author's genius.)
(٨) تایبەخۆ؛ چەشن؛ جۆر.
stampede (stam-pēd′), *n.* (١) پاڵەپەستۆیەکی لەپڕ بۆ ڕاکردن یا دەربازبوون (ڕەشەوڵاخ). (٢) پاڵەپەستۆی لەپڕ.
v.t. لەپڕ کردن بە پاڵەپەستۆ بۆ دەربازبوون.
stamper (stam′pĕr), *n.* (١) بەتاڵکەرەوەی پوولی پۆستە. (٢) شەقڵکەر؛ نیشانەکەر. (٣) دارێژ؛ لەقاڵبدەر. (٤) مەکینەی بەردو کانزای خاو هارین یا وورد‌کردن.

stamping ground, [Colloq.], هەوارگە؛ شوێنێکی پەسەندی یەکگرتنی ئاسایی خەڵك یا گیاندار؛ مۆڵگە؛ شوێنێکە کە کەسێك حەزی لێ دەکات‌و هەمیشە بۆی دەچێ.
stamp mill, (١) کارگەی هارین یا وورد‌کردنی کانزای خاو. (٢) مەکینەی هارین یا وورد‌کردنی کانزای خاو.
stance (stans), *n.* (١) شێوەی وەستانی مرۆڤ یا گیاندار (بەتایبەتی هی یاریکەر لەکاتی لە توپ دانا)؛ هەڵوێست. (٢) هەڵوێست (بەرامبەر بە مەسەلەیەك):
(What is his ~ on independence for minotrties?)
stanch (stanch), *v.t.* (١) خوێن وەستاندن؛ بەرگرتن. (٢) خوێنی برین وەستاندن؛ خوێن گرتنەوە؛ خوێن وەستاندنەوە. (٣) [Archaic or Dial.]، کەمکردنەوە؛ کوژاندنەوە؛ شکاندن (تینوێتی)
v.i. خوێن وەستان.
adj. = staunch.
stanchion (stan′shən), *n.* (١) کۆڵەکە؛ دیرەك. (٢) یەکێکە لەو شیشە ستوونیانەی مانگای پێ دەبەستێتەوە لە گەڕدا
v.t. (١) کۆڵەکە دانەبەر. (٢) بەستنەوەی ووڵاخ بە شیشی ستوونییەوە.
stand (stand), *v.i.* (١) (ا) بە پێوە وەستان؛ وەستان؛ ڕاوەستان
(ب) بەاڵیەکی تایبەتی هەبوون بە پێوە: *(He ~s six feet.)*
(ج) هەڵسانە سەر پێ؛ بەرزبوونەوە. (د) ڕەپ بوون؛ هەڵسان (کێر)
(٢) بە جۆرێکی تایبەتی وەستان؛ لە شوێنێکی تایبەتیدا وەستان:
(to ~ aside)
(٣) هەڵوێستێکی تایبەتی هەبوون یا نووانـدن: *(to ~ fim on an issue)*
(٤) لە باڕێك یا هەڵوێستێکی تایبەتیدا بوون: *(He ~s accused.)*
(٥) ڕێیەکی تایبەتی گرتن لە دەریادا.
(٦) [Obs.]، دوودڵی کردن؛ ڕاڕایی کردن.
(٧) لە پلەیەکی تایبەتیدا بوون: *(She ~s first in her class.)*
(٨) لە باڕێکی تایبەتیدا بوون: *(He ~s to make quite a profit.)*
(٩) [British]، خۆ نامزەدکردن یا پاڵاوتن (هەڵبژاردن).
(١٠) (ا) ڕاوەستان؛ لەسەر بنکە یا بن وەستان:
(A clock ~ on the mantle.)
(ب) لە شوێنێکی تایبەتیدا بوون: *(The house ~ on a hill.)*
(١١) (ا) نەبزوان؛ وەستان؛ جووڵە نەکردن:
(The car ~ in the garage for a week.)
(ب) پەنگخواردنەوە؛ وەستان؛ قەتیس بوون:
(tears ~ing in her eyes)
(١٢) وا بوون؛ گونجان؛ سازان: *(it ~s to reason)* .
(١٣) (ا) لە شێوەیەکی تایبەتیدا بوون:
(to copy a passage exactly as it ~s)
(ب) هێشتا هەر دروست بوون؛ هەر وەك خۆ مانەوەو نەگۆڕان
(The law still ~s.; The order given last week still ~s.)
(١٤) توانای پەڕین هەبوون (ئەسپ).
v.t. (١) (ا) نەفەوتان؛ مانەوە؛ سەرکەوتوو بوون؛ دەربردن:
(This book will ~ the test of time.)
(ب) بەرگەگرتن؛ دەربردن؛ خۆڕاگرتن: *(He ~s pain well.)* .
(ج) هەز لە چارە کردن؛ لەگەڵدا دەربردن:
(She can't ~ her boss.; I can't ~ that guy.)
(د) لە توانادا بوون: *(He can ~ another drink.)* .
(هـ) ئارام گرتن.
(٢) بەرگەگرتن؛ بەرهەڵستی کردن؛ بەرگری کردن: *(to ~ a siege)*
(٣) مل بۆ دان؛ پێ کران؛ نۆشین؛ بەسەرداهاتن: *(to ~ trial)*
(٤) پێ هەڵسان؛ کردن (پاسەوانی)؛ ئەرك بینین: *(to ~ guard)* .
(٥) وێرکردن؛ پارەدان.
(٦) وەستاندن لەسەر پێ؛ ڕاوەستاندن؛ ڕاستکردنەوە.
n. (١) وەستان؛ ڕاوەستان؛ مانەوە لە شوێنێکدا.

stand on one's own feet, پشت به خۆ بەستن (لە کارو بیرکردنەوەیشدا)؛ سەربەخۆبوون؛ پێویست بە کەس نەبوون.

stand out, (۱) دەرپۆقین؛ دەرپەڕین. (۲) زۆر دیاربوون؛ زۆر لەبەرچاوبوون. (۳) بە تووندی بەرهەڵستی کردن.

stand over, (۱) دواخستن. (۲) چاودێری کردن بە وردی.

stand to. (۱) ئیش کردن بەبێ وەستان. (۲) ئامادەبوون. (۳) وازنەهێنان؛ دەست هەڵنەگرتن؛ کۆڵنەدان. (٤) بەڵێن نەشکان؛ بەڵێن ڕاگرتن.

stand up, (۱) هەڵسانە سەر پێ: *(Everyone stood up when the King came in.)*

(۲) بەرگەگرتن؛ دەربردن؛ خۆڕاگرتن: *(That statement does not stand up on examination.)*

(۳) [Slang]، نەچوون بۆ ژوانێك (بەتایبەتی بە دەسەنقەست): *| She stood him up. |*

stand up for, لایەنگیری کردن؛ لەسەرکردنەوە؛ پشتگیری کردن.

stand up to, (۱) لە ڕووبا وەستان؛ بەرەنگاربوون؛ بەڕەو ڕوو وەستان بەبێ ترس. (۲) بەرهەڵستی کردن؛ خۆڕاگرتن.

take the stand, گەواهی یا شایەتیدان؛ بەڵگە پێشکەش کردن لە دادگادا (گومانبار، داواچی، شایەت): *| The defendant (witness, plaintiff) will take the stand tomorrow. |*

standard (stan′dērd), *n.* (۱) ئاڵا؛ بەیداخ؛ دروشم. (۲) پێوانە؛ پێوەر؛ ئەندازە؛ تەرازوو؛ پێوانەی گشتی: *(~s of weight and measure are set by the government.)*

(۳) بنچینەی سکە: *(the gold ~).*

(٤) ئەندازەی زێڕ، زیو، یا کانزای تر لە پارەدا.

(٥) نموونە؛ وێنە؛ مۆدێل

(٦) پلە: *(the ~ of living).*

(۷) کۆڵەکە؛ پایە؛ پاڵپشت؛ ستوونێکە بۆ شت خستنەسەر.

(۸) پەڕەی گەورەی گوڵ.

(۹) [British]، پلە (قوتابخانەی سەرەتایی)؛ پۆل.

(۱۰) درەختی هەڵچوو بە ئاسماندا بێ ئەوەی داری بدرێتە بەر.

adj. (۱) نموونەیی؛ وێنەیی؛ مۆدێل.

(۲) باش؛ چاك: *(~ reference books).*

(۳) (۱) ئاسایی؛ ناتایبەتی؛ باو: *(the ~ model of an automobile).*

(ب) ئاسایی؛ باو؛ ناتایبەتی: *(~ procedures, measures, ingredients, etc.)*

(٤) پەتی (زمان)؛ هی وێژەو نووسین: *(~ English; the ~ language)*

(٥) قەبارەی ئاسایی‌یە (تیپی چاپەمەنی).

standard-bearer (stan′dērd-bâr´ēr), *n.* (۱) ئاڵاهەڵگر؛ ئاڵادار؛ بەیداخ هەڵگر. (۲) پێشەوا (حیزب، ڕێکخراو، کۆمەڵە)؛ سەرۆك؛ ڕابەر: *(the ~ of the Democratic Party in the next election)*

standardization (stan´dēr-dī-zā′shən), *n.* (۱) پێوان؛ پێوانە. (۲) بەیەککردنی گشت ئەندازەکان؛ بەیەك ئەندازە کردن.

standardize (stan′dēr-dīz´), *v.t.* (۱) یەك ئەندازە کردن؛ بەیەککردنی هەموو ئەندازەکان؛ وەك یەك لێکردنی ئەندازەکان: *(to ~ tests, textbooks, procedures, etc.)*

(۲) پێوان؛ ئەندازە گرتن.

Standard English, ئینگلیزی پەتی؛ ئینگلیزی وێژەیی و نووسین؛ زمانی ئینگلیزی بەکارهێنراو لەلایەن زۆربەی پۆشنبیرانەوە زۆربەی کات.

standard language, زمانی پەتی؛ زمانی وێژەیی و نووسین؛ زمانی بەکارهێنراو لەلایەن زۆربەی پۆشنبیرانەوە زۆربەی کات.

standard of living, پلەی ژیان.

standard time, کاتە زستانە؛ کاتی ڕەسمی وڵاتێك.

stand-by (stand′bī´), *n.* (۱) کەسێکی پشت پێ بەستراو؛ (۲) (۱) وەستان و بەرەنگاربوون؛ وەستان بۆ بەرهەڵستی کردن. (ب) بەرهەڵستی.

(۳) جێی وەستان: *(He took his ~ at the rear.)*

(٤) هەڵوێست؛ ڕا؛ بیروڕا: *(I have made my ~ clear.)*

(٥) (۱) بەرزەکی لەسەر وەستانی تەماشاکەرانی خۆپیشاندانێك؛ سەکۆی لەسەر وەستانی تیپی مۆسیقا: *(a reviewing ~)*

(ب) تەلانی سەیرکەران لە یاریگادا

(ج) سەیرکەرانی یاریەك.

(د) شوێنی وەستان یا دانیشتنی شایەت لە دادگادا (۵) دووانگە

(٦) (۱) وەستانی تیپی شانۆگەری گەڕۆك بۆ شانۆنامە پێشکەش کردن: *(a one-night ~)*

(ب) شاری تێدا ڕاوەستانی تیپێکی گەڕۆکی وەها

(۷) سایەبار یا کوختەی دارینەی فرۆشگا؛ فرۆشگای بچووکی سەرەڕێ؛ کانتین؛ قەفەزە دووکان: *(a newspaper ~ ; a vegetable ~ ; a hamburger ~)*

(۸) وێستگەی ئوتومبیلی کرێ *(a taxi ~).*

(۹) دۆلاب؛ چوارچێوەی شت تیا دانان؛ ڕیزە ڕەفە: *(a music ~).*

(۱۰) ڕیزە دەرخت یا ڕووەکی بەرز؛ پەڵە درەخت *(a ~ of pine).*

(۱۱) ڕاوەستان؛ هەڵوێست؛ شێوەی وەستان؛ پۆز

(۱۲) [Obs or Dial.]، دەستە؛ تاقم؛ پۆل.

make a stand, (۱) هەڵوێستی بەرگری وەرگرتن؛ بەرگری کردن؛ بەرهەڵستی کردن (۲) لایەنگری لایەك یا بیروڕایەك کردن؛ لایەنگیری خۆ نیشاندان (۳) وەستان؛ ڕاوەستان.

stand a chance, سەرکەوتن بۆ هەبوون؛ ئومێدی سەرکەوتن لێ کران؛ ئومێدی بەرکەگرتن لێ کران.

stand by, (۱) چاوەڕێ کردن بە ئامادەیی؛ ئامادەبوون؛ چاوەڕێ کردن. (۲) پشت گرتن؛ لایەنگیری کردن؛ پاڵپشتی کردن؛ یارمەتیدان؛ پشت بەرنەدان: *(to stand by someone in time of need)*

(۳) ڕاگرتن بەڵێن؛ نەشکاندن (بەڵێن): *(to stand by one's word).*

(٤) خۆ تێ نەگەیان؛ تەماشاکردن و هیچ نەکردن؛ لەلاوە وەستان و هیچ نەکردن: *(He stood by while a crime was being committed.)*

stand down, جێی خۆ بەجێهێشتن و چوونە نەو لاوەی شایەت پاش تەواوبوونی شایەتی‌یەکەی.

stand for, (۱) نیشانەی نەوەبوون؛ واگەیاندن: *(P.O. stands for post office.)*

(۲) پشتیوانی کردن؛ لایەنگری کردن: *(to stand for free trade).*

(۳) [British]، خۆ نامزەدکردن؛ خۆهەڵبژاردن بۆ: *(to stand for parliament)*

(٤) [Colloq.]، ڕێگەدان؛ چاوپۆشی کردن؛ لێبوردن؛ دەربردن: *(I can't stand for that kind of behavior.)*

stand in for, جێگرتنەوەی کەسێکی تر؛ لەباتی کەسێکی تر کارکردن؛ جێگری کردن: *(The Vice President will stand in for the President.)*

stand in, (۱) جێگری کردنی نوێنەری سینەما و شانۆ لەکاتی ئامادەکردنی کەرەسەی وەك کامێراو ڕووناکی و... هتد (۲) جێگری کردن

stand in line, لە ڕیزدا وەستان؛ نۆرەگرتن

stand off, (۱) خۆ دوور ڕاگرتن؛ لە دوورەوە وەستان؛ لێ دوورکەوتنەوە (۲) ڕوو بێ نەدان (۳) پەیڕەوی نەکردن.

(٤) خۆ لێ دەربازکردن؛ خۆنەدان بەدەستەوە.

(٥) دوور لە کەنار دەریاوە ڕۆیشتن (کەشتی).

stand on, (۱) کەوتنە سەر نەوە؛ لەسەر نەوە ڕاوەستان. (۲) سوورڕوون لەسەر؛ داواکردن؛ گوێ پێدان: *(to stand on ceremony).* (۳) لە ڕێ لا نەدان (کەشتی)؛ ڕێ نەگۆڕین.

stand one's ground, (۱) جێی خۆ بەرنەدان یا جێ نەهێشتن (جەنگ)؛ بەرهەڵستی کردن؛ نەجوولان؛ خۆنەدان بەدەستەوە؛ نەبەزین. (۲) سوورڕوون لەسەر هەڵوێستو ڕای خۆو خۆڵنەدان؛ نەبەزین.

لایەنگرێکی دڵسۆزو ئامادە. (٢) بریکار: شتێکی هەمیشە ئامادەیە بۆ بەکارهێنانی لە بریتی شتێکی تر؛ جێگری هەمیشە ئامادە.

standee (stan-dē′), *n.* کەسێکی بە پێوە وەستاو لەبەر بێ جێگەیی.

stand-in (stand′in´), *n.* (١) جێگری نوێنەری سینەماو شانۆ لەکاتی ئامادەکردنی کامێراو چراو شتی تردا. (٢) جێگر.

standing (stan′diŋ), *n.* (١) هەڵسانە سەر پێ؛ پاوەستان؛ وەستان؛ بە پێوە وەستان. (٢) جێی وەستان؛ وێستگە. (٣) ناوبانگ؛ ناو؛ پلەوپایەو پێزو ناوی باش.

[*a man (lawyer, writer) of high ~ ; to be in good ~*]

(٤) ماوەی بوون؛ کۆن‌و تازەیی (نەریت، خوو، ناکۆکی، ئەندامێتی... هتد).

[*a custom (law, dispute, record) of long ~*]

adj. (١) (ا) بە پێوە وەستاو؛ بە پێوە پاوەستاو؛ لەسەر پێ.

(the ~ audience)

(ب) بە پێوە؛ نە بڕاوەتەوە. ***(~ corn, grain, timber, etc.)*** .

(٢) بە پێوە کراو بەبێ گۆڕ بەستنەوە. ***(a ~ jump)*** .

(٣) لەگەڕکەوتوو؛ کار پێ نەکراو؛ لەکارکەوتوو؛ کارنەکەر.

(a ~ engine, factory, etc.)

(٤) وەستاو (ئاو). ***(~ water)*** .

(٥) (ا) هەمیشەیی؛ ناسەردەمی؛ بەردەوام.

(a ~ invitation to dinner; a ~ army; a ~ offer)

(ب) هێشتا هەر دروستەو کاری پێ دەکرێ. ***(a ~ rule)*** .

(ج) جێگیر؛ نەبزۆک؛ نەجوواڵێنراو؛ نەبزووت.

standing army, سوپای هەمیشەیی؛ لەشکری هەمیشەیی نەک تەنها لەکاتی جەنگدا.

standing committee, لێژنەی هەمیشەیی (بەتایبەتی هی پەرلەمان).

standing order, (١) فەرمانی هەمیشەیی (سوپا). (٢) (*pl.*) پەیڕەوی هەمیشەیی (پەرلەمان).

standing room, جێی پاوەستان (پاش گیرانی هەموو کورسییەکان لە شانۆ، یاریگا، یا هۆی هاتوچۆدا... هتد).

standish (stan′dish), *n.* [Archaic], = **inkstand.**

stand-off (stand′ôf´), *n.* (١) خۆ دوور ڕاگرتن؛ خۆ لێ دوور ڕاگرتن؛ خۆ لێ دوور ڕاگیران. (٢) پارسەنگ؛ هاوتاکەر. (٣) بەرامبەری (پێشبڕکێ، یاری)؛ بەرامبەربوون؛ هاوتابوون.

adj. = **standoffish.**

standoffish (stand′ôf′ish), *adj.* دوورەپەرێز؛ ڕووپێنەدەر؛ گۆشەگیر؛ سارد؛ خۆ دوور ڕاگر.

stand oil, ڕۆن کەتانی داخ کراوو خەستکراوە (لە بۆیەدا بەکاردێت).

stand-out (stand′out´), *n.* (١) کەسێکی هەمیشە نەگونجاو لەگەڵ بڕیارو ڕای کۆمەڵدا؛ گێرەنەکەر. (٢) کەسێکی دەرکەوتوو لێهاتوو.

stand-pat (stand′pat´), *adj.* [Colloq.], کۆنەپەرست؛ نەگۆڕ؛ حەز بە گۆڕین نەکەر.

stand-patter (stand′pat´ĕr), *n.* [Colloq.], کەسێکی کۆنەپەرست؛ کەسێکی دژ بە گۆڕین.

stand-point (stand′point´), *n.* (١) جێی لێوە ڕوانین؛ شوێنی لێوە سەیرکردنی شتێک. (٢) هەڵوێست؛ ڕا؛ بیروڕا؛ ڕوو (نەڵێین: لەم ڕووەوە)؛ شێوەی تێڕوانین و هەڵسەنگاندن.

stand-still (stand′stil´), *n.* چەقین؛ وەستان؛ گیرخواردن:

(to come to a ~)

stand-up (stand′up´), *adj.* (١) پاوەستاو؛ بە پێوە وەستاو (مليوان)؛ نە نوشتانەوە. (٢) ڕەق وەستاو (مليوان)؛ نە نوشتانەوە: ***(a ~ collar)*** . (٣) بە پێوە کراو؛ بەسەر پێوە:

(a ~ meal, drink, etc. ; a ~ comedian)

stang (staŋ), *archaic past tense and p.p. of* **sting.**

stanhope (stan′hōp, stan′əp), *n.* گالیسکەیەکی سووکی سەرکراوەی یەک کورسی دوو یا چوار پێچکەیی.

stank (staŋk), *alternative past tense of* **stink.**

stannary (stan′ĕr-i), *n.* [British], کانە تەنەکە؛ کارگەی تەنەکە پوختەکردن.

stannum (stan′əm), *n.* تەنەکە (کانزا)؛ قەڵایی.

stanza (stan′zə), *n.* بڕگەی هۆنراوە (هەندێک جار چوارخشتەکێیەو هەندێک جار زیاتر)؛ بڕگەی هەڵبەست.

stapelia (stə-pē′li-ə), *n.* ڕووەکێکی گوڵ ئەستێرەیی زەرد یا ئەرخەوانی بۆگەنە.

stapes (stā′pēz), *n.* ئێسکە ئاوزەنگی: یەکێکە لە سێ ئێسکی بچووکی گوێی ناوەڕاستی گیانداری شیردەر. (هەروەها " **stirrup bone** ").

staphylo- (staf′i-lō, staf′i-lə), *Also* **staphyl,** (١) پێشگرێکە بەمانای: (ا) زمانە بچکۆلە. (ب) هێشووییە.

staphylococcus (staf´i-lə-kok′əs), *n.* میکرۆبێکی هێشووییە (دەبێتە هۆی کێم دروستبوون لە دوومەڵدا).

staphyloplasty (staf´i-lə-plas′ti), *n.* نەشتەرگەری زمانە بچکۆلەو مەڵاشوو.

staple (stā′p'l), *n.* (١) بەرهەم یا فرۆتەنی سەرەکی ناوچەیەک یا وڵاتێک. (٢) کەرەسەی سەرەکی شتێک؛ ماددەی پێکهێنەری سەرەکی شتێک.

(Politics is the ~ of his conversation.)

(٣) کەرەسەی خاو.

(٤) فرۆتەنی یا خواردەمەنی هەمیشە پێویست‌و بەکارهێنراو؛ فرۆتەنی سەرەکی: ***(Flour, sugar, and salt are ~s .)*** .

(٥) (ا) پێشاڵی لۆکەو کەتان‌و خوری (لە پووی درێژی‌و چاکی‌یەوە).

(ب) درێژی‌و نمرەی چاکی تایبەتی ڕیشاڵێکی وەها.

(٦) [Archaic]، بازاڕی سەرەکی.

adj. (١) هەمیشە پێویست‌و بەکارهێنراو (فرۆتەنی، خواردەمەنی):

(Rice, wheat, and sugar are ~ foods.)

(٢) سەرەکی (بەرهەم، فرۆتەنی):

(Coffee is the ~ product of Brazil.)

(٣) سەرەکی؛ گرنگترین؛ ناسایی: ***(~ topics of gossip)*** .

v.t. جیاکردنەوەی لۆکەو کەتان بەپێی درێژی‌و چاکی ڕیشاڵەکانی.

staple (stā′p'l), *n.* (١) دەرزی‌یەکی دوو سەرەیە بۆ شت پێ دان لە دیوارو پووی تر. (٢) دەرزی‌یەکی وەهایە بۆ کتێب‌و دەفتەر لێکدان؛ دەرزی کتێب.

v.t. لێکدان بە دەرزی وەها؛ لە دیواردان بە دەرزی وەها:

(to ~ papers together)

stapler (stā′plĕr), *n.* (١) فرۆشیار یا دەڵاڵی فرۆتەنی‌و خواردەمەنی هەمیشە پێویست‌و بەکارهێنراو. (٢) خوری‌و لۆکەو کەتان جیاکەرەوە.

stapler (stā′plĕr), *n.* مەکینەی دەرزی (بۆ پەڕەو کاغەز لێکدان)؛ دەرزی دان.

star (stär), *n.* (١) ئەستێرە؛ هەسارە. (٢) شێوەی ئەستێرە. (٣) نیشانە، دڕووشم، یا شێوەیەکی ئەستێرەیی. (٤) نیشانەیەکی بچکۆلەی ئەستێرەیی‌یە لە پەراوێزی کتێبدا بەکار دەهێنرێت؛ ئەستێرۆچکە. (هەروەها " **asterisk** "). (٥) ئەستێرەی گەڕۆک. (٦) (ا) کەلوو (ئەستێرەناسی، بەتایبەتی لەپووی کارکردنە سەر بەختی مرۆڤەوە)؛ برج؛ کۆ ئەستێرە. (ب) (*pl.*) چارەنووس؛ بەخت. (٧) کەسێکی لێهاتوو ناودار لە پیشەیەکدا (بەتایبەتی وەرزش):

(a basketball ~)

(٨) نوێنەری سەرەکی فیلمێکی سینەما؛ نوێنەرێکی بەناوبانگی سینەمایی بەتایبەتی کە دەوری قارەمانی ببینێ لە فیلمێکدا.

v.t. (١) بە ئەستێرە ڕازاندنەوە؛ نیشانەکردن بە ئەستێرە. (٢) نمرە بۆ دانانی شتێک بە ئەستێرە؛ هەڵسەنگاندنی شتێک بە ئەستێرە بۆ دانان. (٣) ئەستێرۆچکە لەسەردانان (پەراوێزی کتێب). (٤) پێشکەش کردنی نوێنەرێکی سینەمایی لە دەوری قارەمانیدا.

(۱) زۆر بە جوانی کردن؛ بە لێهاتووانە پێ هەڵسان؛ درەوشانەوە (مەجاز)؛ زۆر بەباشی خوێندنەوە. (۲) دەوری قارەمانی بینین لە فیلمێک یا شانۆنامەیەکدا.

adj. (۱) زۆر دەرکەوتوو یا لێهاتوو؛ زۆر باش و سەرکەوتوو: ***(a ~ performer)*** (۲) نەستێرەیی.

starboard (stär′bŏrd, stär′bôrd´, stār′bōrd´), ***n.*** لای پاستی کەشتی و فڕۆکە (نەگەر لە دواوە بوەستیت و سەیری پێشەوە بکەیت).

adj. لای پاست؛ دەستە پاست.

adv. بە لای پاستدا؛ بە دەستە پاستدا.

v.t. & v.i. وەرچەرخان بەلای پاستدا (دەستاڕووی کەشتی)؛ بادان یا وەرگەڕان بە دەستە پاستدا.

starch (stärch), ***n.*** (۱) نیشاستە. (۲) ***(pl.)**** خواردەمەنی نیشاستەیی. (۳) ڕەوشتی ڕەق؛ ڕەفتاری ووشک و بەفیز؛ سەرسەختی؛ کەللەڕەقی. (٤) [Colloq.] تێن؛ ووزە؛ گڕ و گوڕ؛ چوست و چالاکی.

v.t. ڕەق کردن بە نیشاستە (ملیوانی کراس)؛ نیشاستە لێدان.

starchy (stär′chi), ***adj.*** (۱) نیشاستەیی (خواردەمەنی)؛ نیشاستەی تێدابە: ***(~ foods)*.** (۲) بە نیشاستە ڕەق کراو (ملیوانی کراس). (۳) ڕەق، ڕەفتار؛ ووشک و بەفیز؛ کەللەڕەق؛ ووشک.

-starchiness ***(n.).***

star-crossed (stär-krôs′t), ***adj.*** چارە ڕەش؛ نەگبەت؛ نەستێرەکۆڕ (نەستێرەوانی): ***(A pair of ~ lovers take their life.)*.**

stardom (stär′dəm), ***n.*** (۱) پلەوپایەی نوێنەری سینەمای بەرز؛ نوێنەرێتی ڕەزی سینەما: ***(The young actress finally attained ~ .)*** (۲) گشت نوێنەرانی بەرزی سینەما

star dust, (۱) تۆزەستێرە؛ کۆمەڵە نەستێرەی زۆر دوور بە چاو نەبینراو بە جیا جیا (۲) جوانی دڵفڕێن و شەیداکەر؛ هەستی دڵداری و شەیدایی؛ مەستێتی (مەجاز).

stare (stâr), ***v.i.*** (۱) (ا) چاو تێ بڕین. (ب) چاوزەقکردنەوە؛ مۆڕبوونەوە؛ زەق زەق تەماشاکردن. (۲) زۆر دیاربوون؛ زۆر دەرکەوتن یا لەبەرچاوبوون؛ زەق زەق دیاربوون. (۳) ڕاوەستان (قژ).

v.t. (۱) زەق زەق تەماشاکردن؛ چاو تێ بڕین. (۲) کارتێکردن بە زەق زەق تەماشاکردن: ***(We ~d her into confusion.)***

n. (۱) چاو تێ بڕین؛ چاو تێ بڕینێک. (۲) چاوزەقکردنەوە؛ مۆڕبوونەوە؛ زەق زەق سەیرکردن.

stare down, چاو پێ شۆڕکردن (بە خێسەلێکردن)؛ چاوشکاندن؛ بۆڕپێدان بە چاو تێ بڕین.

stare one in the face, (۱) ڕووبەڕوو سەیرکردن؛ ڕووبەڕوو وەستان و سەیرکردن؛ چاو بڕینە چاو. (۲) بەبەر چاوەوە بوون؛ لەبەرچاوبوون؛ خۆ بۆ لێ نەشارانەوە.

starets (stär′its), ***n.pl.*** ڕابەری ئایینی (کڵێسەی ڕۆژهەڵاتی)

star-fish (stär′fish´), ***n.*** نەستێرە ماسی.

star-flower (stär′flou´ĕr), ***n.*** گوڵە نەستێرەیی؛ ڕووەکێکە گوڵی پێنج پەڕەیی وەک نەستێرە دەگرێ.

stargaze (stär′gāz´), ***v.i.*** (۱) چاو بڕینە نەستێرە؛ تەماشای نەستێرە کردن (نەستێرەوانی) (۲) daydream

stargazer (stär′gāz´ĕr), ***n.*** (۱) چاوبڕە نەستێرە، بەتایبەتی: (ا) نەستێرەوان؛ نەستێرەناس (ب) ئاسمانناس؛ گەردوونناس. (۲) جۆرە ماسیەکە چاوی لە تەوقی سەرپایەتی.

stargazing (stär′gāz´ĭŋ), ***n.*** (۱) چاوبڕینە نەستێرە؛ تێڕوانینی نەستێرە (۲) خەیاڵ پڵاوی؛ دائەفەچێتی؛ زەفەخەو بینین.

star grass, گیا نەستێرە: چەند جۆرە گژوگیایەکن گوڵی نەستێرەیی دەگرن.

stark (stärk), ***adj.*** (۱) ڕەق (وەک لاشەی مردوو). (۲) دیار؛ زۆر لەبەرچاو: ***(a tree ~ in the snow)*** . (۳) (ا) چۆڵوهۆڵ؛ دڵتەنگکەر؛ چۆڵ؛ چۆڵەوانی؛ ڕووتەنی. (ب) ڕەق و تەق؛ ڕووت و قووت (ژوور): ***(a ~ white room)*** . (٤) **stark-naked** . (٥) تەواو؛ بێ کەمو زیاد: ***(~ madness, terror, nonsense, etc.)*** . (٦) توندوتیژ؛ سەخت؛ ناخۆش: ***(the ~ realities of life)*** . (۷) [Archaic]، بەهێز؛ بەتین.

adv. (۱) بە توندوتیژی؛ بە تووندەوە؛ بە هەموو هێزێکەوە. (۲) بەتەواوی؛ بەبێ کەمو زیاد: ***(~ mad; ~ naked)*** .

stark-naked (stärk′nāk′id), ***adj.*** ڕووت و قووت.

starless (stär′lis), ***adj.*** بێ نەستێرە؛ تاریک و نووتەک: ***(a ~ night)***

starlet (stär′lit), ***n.*** (۱) نەستێرۆچکە؛ نەستێرە بچکۆلە. (۲) [Colloq.]، کچە نوێنەرێکی سینەمایی یە کە ئامادە دەکرێ بۆ بینینی دەوری قارەمانی.

starlight (stär′līt´), ***n.*** شەوقی نەستێرە.

adj. (۱) شەوق نەستێرەیی. (۲) بە شەوقی نەستێرە ڕووناک بووەتەوە.

starlike (stär′līk´), ***adj.*** (۱) ڕووناکە وەک نەستێرە؛ شەوقدارە وەک نەستێرە. (۲) شێوە نەستێرەیی.

starling (stär′liŋ), ***n.*** ڕیشۆلە.

starlit (stär′lit´), ***adj.*** بە شەوقی نەستێرە ڕووناک بۆتەوە

star-of-Bethlehem (stär′əv-beth′li-əm), ***n.*** ڕووەکێکە لە توخمی شلێر.

Star of David, نەستێرەی داود: دڕووشمی جوولەکەیە.

starred (stärd), ***adj.*** (۱) بە نەستێرە نەخشێنراو یا ڕازێنراوە. (۲) نەستێرە کاری تێکردووە (نەستێرەوانی). (۳) وەک نوێنەری سینەمایی پێشکەش کراو یا پێ ناسراو.

starry (stär′i), ***adj.*** (۱) بە نەستێرە نەخشێنراو یا ڕازێنراوە. (۲) گەش؛ بریقەدار؛ درەوشاوە: ***(~ eyes)*** . (۳) شێوە نەستێرەیی؛ نەستێرەیی. (٤) نەستێراوی؛ پڕ لە نەستێرە؛ نەستێرەدار: ***(a ~ night)*** . (٥) تایبەتی بە نەستێرە؛ نەستێرەیی.

-starriness ***(n.).***

starry-eyed (stär′i-īd´), ***adj.*** خەیاڵ پەرست؛ خەیاڵ خاو؛ خەیاڵ پڵاو؛ ساویلکە.

Stars and Bars, ئاڵای بە نەستێرەو میل نەخشێنراو؛ ئاڵای وڵاتەکانی لای خواروی نەمەریکا بوو کە لە شەڕی براکوژیدا جیابوونەوە لە نەمەریکا.

Stars and Stripes, ئاڵای بە نەستێرەو میل نەخشێنراو: ئاڵای نەمەریکا.

star saphire, یاقووتی شینی نەستێرەیی.

star shell, بۆمبای نەستێرەیی: بۆمبایەکە لە ئاسماندا دەتەقێتەوە بە گەشی بۆ ڕووناک کردنەوەی سەنگەری دوژمن.

star-spangled (stär′spaŋ´g'ld), ***adj.*** بە نەستێرە نەخشێنراو یا ڕازێنراوە.

Star-Spangled Banner, (۱) ئاڵای بە نەستێرە نەخشێنراو: ئاڵای نەمەریکا (هەروەها " stars and stripes "). (۲) سروودی نیشتمانی نەمەریکا.

start (stärt), ***v.i.*** (۱) ڕاچڵەکین؛ داچڵەکین؛ هەڵسلەمینەوە؛ ڕاچەنین؛ هەڵەزینەوە؛ ڕاپەڕین. (۲) ترازان؛ شڵۆق بوون. (۳) دەرپۆقێ؛ دەرپەڕین. (٤) دەستپێکردن؛ کەوتنەڕێ: ***(We ~ed at six o'clock.)*** (٥) کەوتنەکار؛ کەوتنە جموجوڵ.

(٦) دەستپێکردن؛ پەیدابوون. *(How did the war ~ ?)*.

v.t. (١) راچڵەکاندن؛ داچڵەکاندن؛ هەڵساندن (ڕاو)؛ ڕاپەڕاندن. *(We ~ed three birds at one time.)*

(٢) ترازاندن؛ شلۆق کردن؛ جوواندن.

(٣) خستنەگەڕ (ئوتومبیل، مەکینە)؛ خستنەکار؛ خستنە نیش. *(to ~ a car, an engine, etc.)*

(٤) هێنانەکایەوە (باس)؛ هێنانە پێشەوە.

(٥) کردنەوە (بەلوعە، بۆری).

(٦) دەستپێکردن. *(We ~ed work early this morning.)*.

(٧) نیشانەی دەستپێکردن دان (پێشبڕکێ). *(to ~ runners in a race)*.

(٨) (ا) داڵان؛ دامەزراندن؛ کردنەوە (قوتابخانە)؛ بەردی بناغە داڵان؛ درووستکردن. *(to ~ a school, movement, an organization)*.

(ب) کردنەوە (ئاگر)؛ داگیرساندن. *(to ~ a fire, fight, war, etc.)*.

(٩) خستنەسەر نیش؛ دامەزراندن. *(to ~ a person in life, business, etc.)*

n. (١) ڕاچڵەکێن؛ ڕاپەڕین؛ هەڵسەمینەوە؛ ڕاتەکان.

(٢) جم‌وجوڵی لەپڕو کەم خایەن. *(by fits and ~s)*.

(٣) پارچەی ترازاو؛ ترازان.

(٤) (ا) دەستپێکردن.

(ب) سەرەتا؛ نووک؛ بنەڕەت؛ جێ یا کاتی دەستپێکردن. *(from the ~)*.

(٥) نیشانەی دەستپێکردنی پێشبڕکێ.

(٦) هەڵ دەستپێکردن.

start out, (١) کەوتنەڕێ؛ دەستپێکردن (گەشت).

(٢) دەستپێکردن (کار، پرۆژە، پیشە، نەریت... هتد).

start up, (١) ڕاچڵەکێن؛ داچڵەکێن؛ هەڵسلەمینەوە؛ ڕاپەڕین.

(٢) لەپڕ دەرکەوتن یا قوت بوونەوە؛ لەپڕ پەیدابوون یا سەردەرهێنان.

(٣) خستنەگەڕ؛ خستنەکار: *(to start up a motor, car, etc.)*.

starter (stär′tĕr), *n.* (١) دەستپێکەر (٢) بەشداری پێشبڕکێ.

(٣) نەو کەسەیە نیشانەی دەستپێکردنی پێشبڕکێ دەدات.

(٤) نامێری مەکینە خستنەگەڕ؛ نامێری خۆ خستنەگەڕ.

(٥) کارگێری خستنە ڕێی پاس‌و فڕۆکە... هتد. (٦) هەوێن.

star thistle, جۆرێکە لە کەرتەشی.

starting post, جێی غارغارێن دەستپێکردن؛ سەرەتای غارغارێن.

startle (stär′t'l), *v.t.* (١) ڕاچڵەکاندن؛ هەڵسلەماندنەوە؛ ڕاپەڕاندن؛ داچڵەکاندن (٢) دڵ داخوڕپاندن؛ سەرسوڕماندن؛ پەشۆکاندن؛ سەرسام کردن

v.i. (١) ڕاچڵەکان؛ هەڵسلەمینەوە؛ سڵکردنەوە؛ ڕاچەنین

(٢) دڵ داخوڕیان؛ سەرسوڕمان؛ سەرسام مان.

n. (١) (ا) ڕاچڵەکین؛ هەڵسلەمینەوە؛ سڵکردنەوە.

(ب) دڵ داخوڕیان؛ دڵەخوڕپن؛ خوڕیە. (٢) شتی ڕاچڵەکێن یا داخوڕپێن.

startling (stär′tliŋ), *adj.* دڵ داخوڕپێن؛ سەرسوڕمێنەر. *(~ news; a ~ revelation)*

starvation (stär-vā′shən), *n.* (١) برسێتی؛ لە برسا مردن.

(٢) لە برسا مراندن

starve (stärv), *v.i.* (١) لە برسا مردن

(٢) بێ بەش بوون؛ زۆر پێویستی پێ بوون.

(٣) [Colloq.]، زۆر برسی بوون؛ برسی بوون.

(٤) [Archaic]، لە سەرما یا مردن؛ زۆر سەرمابوون.

v.t. (١) لە برسا مراندن.

(٢) برسی کردن‌و زۆر بۆ هێنان یا بەزۆر پێ کردن: *(They ~d the city into submission.)*

starve for, بۆ برسی بوون؛ بۆ پەرێشان بوون؛ زۆر پێویستی پێ بوون: *(He is starving for affection.)*

straveling (străv′liŋ), *adj.* (١) برسی (٢) هەژار (٣) گەنگ؛ کەم

n. کەسێک یا گیاندارێکی برسی؛ کەسێک یا گیاندارێکی لە برسا لاوازو پووکاوە.

stash (stash), *v.t. & v.i.* شاردنەوە بۆ ڕۆژی تەنگانە)؛ هەڵگرتن؛ خستنەلاوە: *(to ~ away some money, food, etc.)*.

n. شتی شاراوەی بەنرخ (پارە، خواردەمەنی... هتد).

stasis (stā′sis, stas′is), *n.* (١) (ا) وەستانی خوێن؛ خوێن ڕاوەستان.

(ب) ڕێخۆڵە گیان؛ قەبزی. (٢) نەبزوان؛ جووڵە نەکردن؛ نەجووڵان؛ لەنگەرگرتن.

-stasis (stā′sis, stas′is), پاشگرێکە بەمانای: (ا) وەستان.

(ب) لەنگەر گرتن؛ نەبزوان

-stat (stat), پاشگرێکە بەمانای: ڕاگیرکەر (لە پلەیەکی تایبەتیدا): *(thermostat)*

state (stāt), *n.* (١) بارودۆخ؛ چۆنێتی: *(His affairs are in a bad ~ .)*

(٢) بارودۆخێکی هەستی تایبەتی: *(a ~ of melancholy)*.

(٣) [Obs. or Rare]، (ا) پلەوپایەی کۆمەڵایەتی.

(ب) پلەوپایەی بەرز؛ بەرزی؛ گەورەیی.

(٤) گەڵافی سامانداریتی؛ جۆری ژیانی دەوڵەمەندان؛ کەش‌وفش‌و سامانی خۆ نیشاندان؛ شکۆ. (٥) [S-]، پەرلەمانی هەندێ وڵات.

(٦) [S-]، وڵات (٧) [S-]، میری؛ فەرمانڕەوایی؛ دەوڵەت.

(٨) [S-]، یەکێک لە وڵاتەکانی نەمەریکا.

(٩) کاروباری میری بەرز. *(matters of ~)*

v.t. ووتن؛ ڕوونکردنەوە؛ دەربڕین *(She ~ the facts. He ~ his views.)*

lie in state, خستنەڕووی لاشەی کەسێکی گەورە بۆ بینینی لەلایەن گەلەوە پێش ناشتنی.

the States, [Colloq.], = The United States.

State attorney, State's attorney, پارێزەری گشتی میری (دادگەری).

state capitalism, ڕژێمی سەرمایەداری دەوڵەت.

State college, دانشگای میری؛ کۆلیجی میری.

state-craft (stāt′kraft´, stāt′kräft´), *n.* بەڕێوەبردنی کاروباری میری.

stated (stāt′id), *adj.* (١) دیاریکراو؛ ناوبراو؛ بڕیار لەسەردراو.

(٢) ووتراو؛ ڕوونکراوە؛ دەربڕاو؛ ناشکراکراو

State flower, دروشمی گوڵی یەکێک لە وڵاتەکانی نەمەریکا؛ گوڵی ویلایەت.

statehood (stāt′hood), *n.* بوون بە یەکێک لە وڵاتەکانی نەمەریکا.

State-house (stāt′hous´), *n.* بارەگای پەرلەمانی یەکێک لە وڵاتەکانی نەمەریکا.

stateless (stāt′lis), *adj.* بێ وڵات؛ ئاوارە. *(a ~ person)*.

stately (stāt′li), *adj.* (١) بەشکۆ؛ شۆخ؛ جوان‌و گەورەو خۆش: *(a ~ mansion)*

(٢) لەسەرخۆو سەلارانە؛ مێواش‌و بەشکۆوە: *(a ~ pace)*.

-stateliness *(n.)*.

statement (stāt′mənt), *n.* (١) ووتن؛ دەربڕین؛ ڕوونکردنەوە.

(٢) ووتە؛ ووتار؛ گوفتار؛ قسە؛ بڵاوکراوە؛ فەرموودە؛ ڕاگەیاندن.

(٣) ڕاپۆرتی حسابی بانق؛ قەرز یا بیمە.

state of the art, دوا پلەی پێشکەوتنی ڕشتەیەک یا زانیاریەک لە سەردەمێکی تایبەتیدا.

state of war, لە جەنگدا بوون؛ باری جەنگ

state-room (stāt′room´, stāt′room´), *n.* ژووری نووستنی تایبەتی لە شەمەندەفەرێک یا کەشتیەکدا.

State's attorney, = State attorney.

state's evidence, بەڵگە یا شایەتی میری دژی تاوانکارێک (هەندێک جار لەلایەن هاوتاوانێکی خۆیەوە) (دادگەری).

turn state's evidence, شایەتیدان بۆ میری دژی تاوانکارێک (گەلێک جار لەلایەن هاوتاوانێکیەوە) (دادگەری)

statesman (stāts′mən), *n.* کارپەدەستی بەرزی لێهاتووی میری

-statesmanly *(adj.).*

statesmanlike (stāts′mən-līk′), *adj.* (۱) بۆ کاربەدەستی بەرزی میری شیاو؛ تایبەتی بە کاربەدەستێکی وەها. (۲) وەک کاربەدەستی بەرزی میری.

statesmanship (stāts′mən-ship′), *n.* لێهاتوویی لە چارەسەرکردنی کاروباری گرنگی میریدا؛ توانا و کارامەیی کاربەدەستی بەرزی میری.

state socialism, سۆشیالیزمی دەوڵەت: دەستبەسەرداگرتن و بەڕێوەبردنی گشت هۆی بەرهەمهێنان لەلایەن میریەوە.

State university, زانکۆی میری

state-wide (stāt′wīd′), *adj.* لە سەرتاپای وڵاتێکی ئەمەریکادا

static (stat′ik), *adj.* (۱) وەستاو؛ نەجوڵاو؛ نەبزووت؛ لەنگەرگرتوو؛ جێگیر. (۲) (ا) نەگۆڕ. (ب) مردوو (مەجاز).

(۳) هی تەزووی کارەبای وەستاو.

(٤) هی خشەخش یا ووژەووژی ڕادیۆو تەلەفزیۆن.

n. خشەخش (ڕادیۆو تەلەفزیۆن)؛ ووژەووژ.

statics (stat′iks), *n.pl.* زانیاری لێکۆڵینەوەی تەنە وەستاوەکان

station (stā′shən), *n.* (۱) ئێستگە؛ وێستگە؛ جێی وەستان.

(۲) وێستگەی پاسەوان.

(۳) فەرمانگە؛ خانە؛ مەڵبەند.

(a police ~ ; a fire ~ ; a postal ~)

(٤) وێستگە. *(a bus ~ ; a railway ~)*

(٥) بنکەی هێزی دەریایی؛ بنکەی سوپایی. *(a naval ~)*.

(٦) ئێستگە (ڕادیۆو تەلەفزیۆن). *(a radio ~ ; a television ~)*.

(۷) پلەوپایەی کۆمەڵایەتی. *(He married below his ~ .)*.

(۸) پەروەردگەی مەڕو ڕەشەووڵاخ (لە ئوستورالیا)

(۹) [Archaic]. جێگیری؛ نەبزووتن.

v.t. دانان لە شوێنێکدا (بۆ کارکردن)؛ جێی کار بۆ دیاریکردن.

(When he was in the military, he was ~ in Germany.)

stationary (stā′shən-er′i), *adj.* (۱) جێگیر. نەبزۆک؛ نەبزووت؛ نەجوڵاو. (۲) نەگۆڕ (نرخ، بار، دۆخ)؛ کەمو زیاد نەکەر؛ هەر وەک خۆ ماوە.

(۳) نیشتەجێ؛ کۆچ نەکەر؛ نیشتەمێنی.

n. کەسێک یا شتێکی جێگیر یا نەبزۆک

stationary engine, مەکینەی هەڵمی جێگیر.

stationary engineer, ئەندازیاری مەکینەی هەڵمی جێگیر.

station break, پشوری ئێستگە پشوویەک یا وەستانێکی کورتی بەرنامەی ڕادیۆو تەلەفزیۆنە بۆ بڵاوکردنەوەی ناوی ئێستگەکە؛ بڵاونامەی بازرگانی و هی تری بڵاوکراوە لە کاتی ئەم پشووەدا.

stationer (stā′shən-ĕr), *n.* (۱) کتێب فرۆش؛ کتێب بڵاوکەرەوە یا چاپکەر. (۲) کەرەسەی نووسین فرۆش.

stationery (stā′shən-er′i), *n.* (۱) کەرەسەی نووسین؛ پێویستی نامە نووسین. (۲) فرۆشگای کەرەسەی نووسین؛ فرۆشگای پێویستی نامە نووسین و قوتابخانە.

station house, ئێستگەخانە؛ پۆلیسخانە؛ ئێستگەی ئاگر کوژاندنەوە.

station-master (stā′shən-mas′tĕr), *n.* کارگێڕی نیشگەی شەمەندەفەر

station wagon, ئوتومبیلی ستێشن.

statistic (stə-tis′tik), *adj.* ژمێریی؛ تایبەتی بە ژمێرەکاری.

n. (۱) یەک دانە یا ماددەی ژمێرە. (۲) ژمێرەناسی؛ ژمێرەکاری.

-statistical *(adj.)*; **statistically** *(adv.).*

statistician (stat′is-tish′ən), *n.* ژمێرەناسی؛ ژمێرەناس؛ زانای ژمارەکاری.

statistics (stə-tis′tiks), *n.pl.* (۱) ژمێرەناسی؛ زانستی ژمێرە. (۲) ژمێرەکاری؛ ژمێرە

statocyst (stat′ə-sist′), *n.* تووڕەکەی لەنگەر یا هاوتایی (لە گیانەوەری بێ بڕبڕەدا).

stator (stā′tĕr), *n.* بەشی جێگیری مەکینە کە بەشێکی تری مەکینەکەی تێدا یا بە دەوردا دەخولێتەوە.

statoscope (stat′ə-skōp′), *n.* (۱) پەستانپێوی ووشک؛ بارۆمەتری کانزایی. (۲) پەستانپێوی ووشکی بەرزی پێوەری فرۆکە.

statuary (stach′ōō-er′i), *n.* (۱) پەیکەر بە گشتی؛ پەیکەر گەل. (۲) پەیکەرکاری؛ پەیکەرگەری؛ پەیکەر دروستکردن. (۳) پەیکەرتاش؛ پەیکەرکار.

adj. پەیکەری؛ بۆ پەیکەر شیاو؛ تایبەتی بە پەیکەر.

statue (stach′ōō, stach′oo), *n.* پەیکەر.

Statue of Liberty, پەیکەری ئازادی (لە نیویۆرک).

statuesque (stach′ōō-esk′), *adj.* پەیکەری؛ لە شۆخ و شەنگی و جوانی و ڕێکوپێکیدا لە پەیکەر دەچێت. *(a ~ figure, body, etc.)*

statuette (stach′ōō-et′), *n.* پەیکەرە چکۆلە.

stature (stach′ĕr), *n.* (۱) بالا؛ قەدوبالا؛ قەڵافەت. (۲) پلەوپایە؛ پایە بەرزی؛ پایە؛ پلە. *(a man of ~; moral ~)*.

status (stā′təs, stat′əs), *n.* (۱) بارێ مرۆڤێک (لە چاوی یاسادا): *(Her ~ is that of a married woman.; the ~ of a minor.)*

(۲) پلەوپایە (بەتایبەتی هی کۆمەڵایەتی)؛ پایە.

(۳) پلەوپایەی بەرز؛ پایە بەرزی؛ گەورەیی.

(٤) بار؛ دۆخ: *(a ~ report; the ~ of their relationship)*.

status quo (stā′təs kwō′, stat′əs kwō′), بارێ ئێستە؛ بارودۆخی ئەو کاتە؛ بارودۆخی ئێستا.

status quo ante (stā′təs *or* stat′əs kwō an′ti), بارێ پێش ئێستە؛ بارودۆخی پێش ئێستا.

statute (stach′oot), *n.* (۱) پەیڕەو: *(the ~ of a university, corporation, etc.)*

(۲) یاسا؛ یاسای وڵات. (۳) فەرمانی میری یا فەرمانڕەوا.

statute book, تۆمارنامەی یاساکان.

statute law, یاسا؛ یاسای لە لایەن پەرلەمانەوە دانراو.

statute mile, میلی ئاسایی (کە بریتییە لە ٥،٢٨٠ پێ یا ١٧٦٠ یارد).

statute of limitations, یاسای ماوە دانانی دادخوازی: یاسایەکە دەڵێت کە تاوان لێکراو دەبێ لە ماوەیەکی تایبەتیدا دادخوازی بکات نەگینا مافەکەی دەسووتێ.

statutory (stach′oo-tôr′i, stach′oo-tō′ri), *adj.* (۱) یاسایی؛ هێزی یاسایی هەیە. (۲) یاسا ڕێگەی داوە؛ بەپێی یاسایە؛ یاسایی.

(۳) سزای لەسەرە بەپێی یاسا؛ بەپێی یاسا سزا دەدرێ.

staunch (stônch, stänch), *adj.* (۱) (ا) ئاوبڕ؛ ئاونەدز. (ب) پتەو؛ قایم؛ بەهێز؛ باش دروستکراو.

(۲) دڵسۆز؛ پشت پێ بەستراو؛ ڕاست؛ یەک دڵ؛ نەگۆڕ.

(a ~ ally; a ~ supporter of human rights)

v.t. = **stanch.**

stave (stāv), *n.* (۱) تیرەی بەرچنەو سەبەتەو بەرمیل؛ تووڵ. (۲) دار؛ کوتەک؛ داردەست. (۳) پلە پەیژە. (٤) بڕگەی هۆنراوە. (هەروەها " stanza ").

(٥) هێڵی ئاسۆیی کاغەزی مۆسیقا. (هەروەها " staff ").

v.t. (۱) کون تێکردن؛ قوپاندن. (۲) تیرە بۆ کردن.

v.i. کون تێ بوون (بەڵەم)؛ قوپان.

stave in, کون تێکردن؛ قوپاندن.

stave off, لە خۆ لادان؛ خۆ لێ پاراستن؛ دوور ڕاگرتن؛ خۆ نەدان بەدەستەوە؛ دواخستن:

(The murderer staved off arrest by running away.)

staves (stāvz), *n. alternative pl. of* **staff.** *and pl. of* **stave.**

stay (stā), *n.* گوریسی قایم کردنو ڕاگیرکردنی دارکەشتی.

v.t. (۱) قایم کردنو ڕاگیرکردنی دارکەشتی بە گوریس.

(۲) گۆڕینی گۆشەی دارکەشتی بە جێگۆڕینی گوریسەکانی.

stay (stā), *n.* (۱) پالپشت؛ کۆلەکە؛ پشتەك.
(۲) ملیوانە بەند؛ تیرەیەکی رەقە بۆ ڕاگرتنی ملیوان و کەمەربەند... هتد.
(۳) (*pl*) ، کەمەربەند؛ پشتێنی سك و کەلەکە؛ کۆرسیە.
(٤) پشتیوان؛ پشتگیر: *(He is the main ~ of his family.)* .

v.t. (۱) پالپشتی کردن؛ ڕاگیرکردن؛ ڕاگرتن؛ ڕاستکردنەوە.
(۲) دڵنەوایی کردن؛ ووڕە دانەبەر؛ پشتیوانی کردن.
(۳) (~ on ; ~ upon) ، کردن بە بناغە یا پالپشت؛ پێ ڕاگیرکردن؛ پشتگیری پێ کردن.

stay (stā), *v.i.* (۱) مانەوە؛ لە شوێن یا دۆخی خۆدا مانەوە؛ نەگۆڕان:
(She ~ed at home.; The weather ~ed bad for a week.; These clothes won't ~ white.)
(۲) مانەوە بۆ ماوەیەکی کورت؛ گل خواردنەوە؛ بەنگ بوون:
(We ~ed at a hotel for two days.)
(۳) وەستان؛ ڕاوەستان؛ نەجوواڵان
(٤) ڕاوەستان بۆ ماوەیەکی کورت؛ چاوەڕێ کردن؛ خۆ دواخستن:
(~ a little before continuing on your trip.)
(٥) [Colloq.]، خۆڕاگرتن؛ کۆڵنەدان؛ لە ڕێ لانەدان:
(to ~ the course)
(٦) [Colloq.]، دوانەکەوتن (پێشبڕکێ)؛ گرتنەوە.
(۷) [Archaic]، لەسەر هەڵوێستی خۆ سوربوون؛ هەڵوێستی خۆ نەگۆڕین؛ خۆ نەدان بەدەستەوە.

v.t. (۱) وەستاندن؛ ڕاگرتن؛ ڕاگیرکردن؛ ڕێ لێگرتن؛ کۆسپ خستنەسەر ڕێ
(۲) دواخستن (فەرمانی دادگا): *(to ~ an execution)* .
(۳) [Rare]، کۆڵاندنەوە (ئاشووب)؛ دامرکاندنەوە.
(٤) تینوێتی شکاندن؛ ئارەزوو شکاندن.
(٥) مانەوە هەتا دوایی هاتنی ماوەیەکی تایبەتی:
(He ~ed the week out.)
(٦) [Archaic]، چاوەڕێ کردن.

n. (۱) (ا) وەستان؛ وەستێنران. (ب) وەستانێکی کورت؛ ڕاوەستانێکی کەم.
(۲) دواخستن (فەرمانی دادگا)؛ ڕاگرتن:
(The man was given a ~ of execution.)
(۳) (ا) مانەوە بۆ ماوەیەك.
(ب) ماوەی ئەم مانەوەیە: *(She had a long ~ in the hospital.)* .
(٤) [Colloq.]، خۆڕاگرتن؛ بەرگەگرتن؛ دەربردن.
(٥) [Archaic]، وەستان؛ چەقین؛ جوواڵە نەکردن.
(٦) [Obs.]، (ا) کۆسپ (ڕێ). (ب) دابینکاری؛ ڕاگرتن.

staying power, بەرگەگرتن؛ خۆڕاگرتن؛ دەربردن؛ کۆڵنەدان.
stay-sail (stā′sāl), *n.* بایەوانی ڕاگیرکەر.
stead (sted), *n.* (۱) لە جێی؛ لەجیاتی؛ لەبریتی؛ جێ:
(If you can't come to the meeting, send her in ~ .)
(۲) سوود؛ کەڵك.
(۳) [Archaic or Dial]، جێ؛ شوێن.

v.t. [Archaic], بۆ بەسوودبوون؛ بۆ بەکەڵك بوون.
stand (one) in good stead, بەسوودبوون (بەتایبەتی لەکاتی تەنگانەدا)؛ بەکەڵك بوون؛ کەڵك هەبوون.

steadfast (sted′fast´, sted′fäst´), *adj.* (۱) بەردەوام؛ نەگۆڕ؛ جێگیر *(a ~ gaze)* .
(۲) پشت پێ بەستراو؛ دڵسۆز؛ یەك دڵ؛ نەگۆڕ.
-steadfastly *(adv.)*; **steadfastness** *(n.)*.

steading (sted′iŋ), *n.* [Scot. & Dial.]. (۱) خانووی ناو کێڵگە.
(۲) جێ خانوو

steady (sted′i), *adj.* (۱) جێگیر؛ پتەو؛ قایم:
(a ~ foundation, table, etc.)
(۲) (ا) بەردەوام؛ هەمیشە؛ نەگۆڕ *(a ~ gaze; a ~ rise in prices)* .
(ب) سەرومڕ؛ هەمیشەیی *(a ~ job)*

(۳) نەگۆڕ (ڕەووشت، مرۆڤ)؛ پشت پێ بەستراو.
(٤) هێمن؛ لەسەرخۆ؛ خۆڕاگر: *(~ nerves)* .
(٥) شت بە توند گر؛ سەنگین.
(٦) لارەولارنەکەر (کەشتی لە زریاندا)؛ بە ڕاستی و ڕێك‌وپێکی ڕۆیشتوو.

interj. (۱) هێمن بە!؛ خۆت ڕاگرە!؛ بەردەوام بە لەسەر کارەکەت!.
(۲) کەشتیەکە لێخورە بە هەمان شێوە بەبێ لادان و ڕێ گۆڕین (فەرمانی سەرەك کەشتیەوان).

v.t. جێگیرکردن؛ ڕاگیرکردن؛ چەسپاندن؛ لەنگەرگرتن: *(to ~ a boat)* .

v.i. جێگیربوون؛ ڕاگیربوون؛ لەنگەرگرتن.

n. [Slang], دڵداری سەرومڕ؛ دڵدار؛ یار؛ دەنك.
-steadily *(adv.)*; **steadiness** *(n.)*.
go steady, [Colloq.], یاری کەسێك بوون بە سەرومڕی؛ دڵداری کردن بە سەرومڕی لەگەڵ یەك کەسدا:
(They have been going steady for a year.)

steak (stāk), *n.* (۱) تۆێ گۆشتی گا (بۆ برژاندن).
(۲) تۆێ گۆشتی گای برژاو.

steal (stēl), *v.t.* (۱) دزین.
(۲) بە دزێیەوە سەیرکردن؛ بە دزێیەوە کردن: *(He ~s a look.)*
(۳) بە دزێیەوە لێسەندن؛ بردن بە نەێنی؛ لێ دزین (مەجاز):
(He ~s her heart.)
(٤) بە دزێیەوە چوونەناو.

v.i. (۱) دزی کردن.
(۲) بە دزێیەوە هاتن یا ڕۆیشتن؛ بەبێ خشپە یا بە ئەسپایی هاتن‌وچوون.

n. (۱) دزی؛ دزین.
(۲) شتێکی زۆر هەرزان؛ تۆڵکە (مەجاز):
(That shirt at that price is a ~ .)

stealing (stēl′iŋ), *n.* (۱) دزی؛ دزی کردن.
(۲) (*pl.*) ، شتی دزراو؛ تاڵانی.

adj. دزێ؛ ئەوەی کە دەدزێ.

stealth (stelth), *n.* (۱) جووڵانەوەی نەێنی؛ کارکردنی نەێنی؛ کاری نەێنی؛ ڕەفتاری نەێنی. (۲) نەێنێتی؛ دزێتی؛ بێ خشپەیی؛ بێ چرکەیی.
(۳) [Obs.]، دزی.
(٤) [Obs.]، بە نەێنی ڕۆیشتن؛ بە دزێیەوە ڕۆیشتن.

stealthily (stel′thə-li), *adv.* بە دزێیەوە؛ بە نەێنی؛ بەبێ خشپە؛ بە ماتەمات؛ بەبێ چرکە.

stealthy (stel′thi), *adj.* نەێنی؛ بە دزێیەوە کراو؛ پەنهان.
-stealthiness *(n.)*.

steam (stēm), *n.* (۱) هەڵم؛ هاڵۆ؛ هەڵموهاڵۆ.
(۲) هێزی هەڵم: *(Many sailing vessels were converted to ~ .)* .
(۳) [Colloq.]، تین؛ هێز؛ ووزە: *(to lose ~)* .

adj. (۱) هەڵمی؛ هەڵم؛ بە هەڵم لێخوڕاو یا گەرم کراو. (۲) هەڵمبەر (بۆری).
(۳) هەڵم لێدراو.

v.i. (۱) هەڵم لێ هەڵسان؛ هەڵموهاڵۆ لێ هەڵسان؛ هاتنەکول.
(۲) وەك هەڵم بەرزبوونەوە. (۳) بە هەڵم داپۆشران (پەنجەرە، شووشە).
(٤) بە هەڵم کارکردن؛ بە هەڵم ڕۆیشتن.
(٥) تووڕەبوون:
(He was ~ing over the insult he had received.)

v.t. (۱) هەڵم بەکارهێنان (بۆ پاکردنەوە، سەوزە لێنان یا کوڵاندن... هتد)
(۲) هەڵم لێ هەڵسان؛ هەڵموهاڵۆ لێوە بەرزبوونەوە.
let (or blow) off steam, [Colloq.], هەستی خۆ دەربڕین (بەتایبەتی ناڕەزایی و سکاڵا)؛ هەڵڕشتنی ئەوەی لە دڵدایە.

steam-boat (stēm′bōt´), *n.* = **steamship.**
steam-boiler, مەنجەڵی هەڵمی.
steam engine, مەکینەی هەڵم.
steamer (stēm′ēr), *n.* . steamship (۱) . steam engine (۲)

(٢) دەفرێکە کە شتی تێدا لە هەڵم دەدرێت.

steam fitter, فیتەر یا مەکینەچی بۆری هەڵم.

steam heating, گەرمکردنەوە بە هەڵم؛ گەرمی هەڵم.

steam iron, نوتووی هەڵم

steam-roller, (١) باگردێنی هەڵم. (٢) هێزێکی تووند بێ بەزەیی؛ هێزو دەسەڵاتێکی بەزەبرو دڵڕەق.

v.t. (١) ڕێگە کوتانەوەو ڕێک کردن بە باگردێنی هەڵم. (٢) پلیشاندنەوە؛ هارین؛ بە دڵڕەقانە پێشێل کردن؛ بەبێ بەزەیی‌یانە بەزاندن: ***(He ~ed the opposition.)*** (٣) بەزۆر یاسا مۆرکردن بە نەندامانی پەرلەمان؛ بە زۆر شت پێ کردن؛ ڕای خۆ بە زۆر سەپاندن بەسەر خەڵکدا.

v.i. بەزۆر شت پێ کردن؛ بەزۆر سەپاندن بەسەردا؛ بە تووندوتیژی ڕەفتار نواندن

adj. زۆرەملێ؛ هی زۆرداڕەکی یا زۆر: ***(~ tactics)*** .

steamship (stēm′ship´), ***n.*** کەشتی هەڵم.

steam shovel, مەکینەی زەوی هەڵکەندنی هەڵم.

steam table, مێزی هەڵم مێزێکە لە چێشتخانەدا دەفری گەورەی پڕ لە خواردەمەنی کوڵاوی لەسەر دادەنرێ‌و لە ژێرەوە بە هەڵم خواردنەکە بە گەرمی دەهێڵرێتەوە

steam-tight (stēm′tīt´), ***adj.*** هەڵمبڕ. ***(a ~ valve)*** .

steam turbine, تەربینە یا مەکینەی هەڵم.

steamy (stēm′i), ***adj.*** (١) هەڵمی. (٢) بە هەڵم داپۆشراو؛ پڕ لە هەڵم؛ پڕ هەڵم (٣) هەڵمی لێوە دێتەدەرەوە؛ هەڵمووهاڵاو لێ هەڵساو.

-steamily ***(adv.)***; **steaminess** ***(n.).***

steapsin (sti-ap′sin), ***n.*** ستیپسن نەنزیمێکە لە ئاوکی پەنکریاسدا چەوری دەگۆڕێ بۆ گلیسرین‌و ترشەلۆک.

stearic (sti-ar′ik, stêr′ik), ***adj.*** چەوری؛ لە چەوری‌یەوە وەرگیراو؛ هی چەوری.

steatite (stē′ə-tīt´), ***n.*** = **soapstone.**

steatopygia (stē´ə-tō-pī′ji-ə, stē´ə-tō-pij′i-ə), ***n.*** سمت زل بەهۆی چەوری کۆبوونەوەوە (بەتایبەتی لە ژنی قولەڕەشدا).

stedfast (sted′fast´, sted′fäst´), ***adj.*** = **steadfast.**

steed (stēd), ***n.*** (١) ئەسپ؛ ئەسپی سواری. (٢) [Archaic]، ئەسپی خۆش ڕەوت؛ ئەسپی بە دەماخ.

steel (stēl), ***n.*** (١) پۆلا؛ (٢) جۆرە پۆلایەکی تایبەتی. (٣) شتی پۆلایین: (ا) شیر؛ خەنجەر. (ب) ئەستێ. (ج) تیرەیەکی پۆلاییینە بۆ کەمەربەند ڕەق کردن. (د) شیشی چەقۆ تیژکردنەوە. (ه) سەختی؛ ڕەقی؛ هێز؛ پتەوی؛ پۆلایانە: ***(sinews of ~ ; nerves of ~)*** (٥) ***(pl)***، نرخی بەشی کۆمپانیای پۆلا (پارەبازی).

adj. پۆلایین؛ ڕەق؛ سەخت.

v.t. (١) پۆلا لێدان؛ بە پۆلا داپۆشین. (٢) وەک پۆلا لێکردن؛ سەختکردن؛ ڕەق کردن؛ هەست مراندن یا کوشتن.

steel blue, شینی پۆلایی

steel engraving, (١) نەخشی هەڵکەنراو لەسەر تەبەقی پۆلا. (٢) وێنەی لەم نەخشەیە وەرگیراو. (٣) شێوازی نەم نەخش هەڵکەندنو وێنەگرتنە.

steel-head (stēl′hed´), ***n.*** سەرپۆلایی: جۆرە ماسی‌یەکە.

steel mill, کارگەی پۆلا.

steel wool, تەلی باریکی پۆلایین (بۆ پاکردنەوەو ساف‌ولووس کردنی دەفری وەک مەنجەڵ).

steel-work (stēl′wūrk´), ***n.*** (١) شتومەکی پۆلایین. (٢) چوارچێوەی پۆلایین. (٣) ***(pl.)*** ، **steel mill**.

steel-worker (stēl′wūr´kēr), ***n.*** کرێکاری کارگەی پۆلا.

steely (stēl′i), ***adj.*** (١) پۆلایین؛ لە پۆلا دروستکراو. (٢) پۆلایی؛ لە پۆلا دەچێ لە ڕەنگ‌و سەختیدا.

steel-yard (stēl′yärd´), ***n.*** لەپان.

steenbok (stēn′bok´), ***n.*** ***Also*** **steinbok,** ئاسکێکی بچووکی ئەفەریقایی‌یە.

steep (stēp), ***adj.*** (١) لێژ: ***(a ~ hill)*** . (٢) [Colloq.]، (ا) زۆر گران؛ زۆر بەرز: ***(~ prices)*** . (ب) لە ئەندازە بەدەر؛ ئەوپەڕی؛ زیادەڕۆ: ***(a ~ statement)*** . (٣) [Obs.]، بەرز (شاخ)؛ بلند.

n. لێژایی؛ لێژگە؛ سەربەڕەو خوارە.

-steepy ***(adv.)***; **steepness** ***(n.).***

steep (stēp), ***v.t.*** (١) نوقوم کردن (لە ئاو یا شلەی تردا). (٢) خووساندن.

n. (١) نوقوم کردن؛ نوقوم بوون؛ خووسان. (٢) شلەو ئاوی شت تێدا خووسان یا نوقوم کردن.

v.i. نوقوم کران؛ خووسان.

steeped in, پڕە لە؛ تێدا نوقم بووە؛ هەمووی گرتۆتەوە: ***(steeped in hatred)***

steepen (stēp′n), ***v.t.*** لێژکردن.

v.i. لێژبوون؛ لێژبوونەوە.

steeple (stē′p'l), ***n.*** (١) قوللەی کڵێسە. (٢) لووتکەی قوللەی کڵێسە.

steeple-chase (stē′p'l-chās´), ***n.*** (١) غارغارێنی دەشت. (٢) غارغارێنی بەسەر جۆگەو کەندو کۆسپدا بازددان. (٣) ڕاکردن یا پێشبڕکێی دەشت‌ودەر.

-steeple-chaser ***(n.).***

steeple-jack (stē′p'l-jak´), ***n.*** کارگەرێکە قوللەی کڵێسەو شوێنی ترو دووکەڵکێشی چاک دەکاتەوەو بۆیە دەکات بە پیاهەڵگەڕانیانا

steer (stēr), ***v.t.*** (١) لێخوڕین؛ ڕاندن؛ ئاژوتن. ***(to ~ a ship, boat, automobile, etc.)*** (٢) لێخوڕان؛ بۆ لێخوڕین باش بوون یا خراپ بوون: ***(The car ~s easily.)*** (٣) ڕێ بۆ دانان؛ بردن بەرێوە؛ ڕێی تایبەتی گرتن.

n. [Slang], ئامۆژگاری یا سووسەی بەکەڵک؛ پێشنیاری بەسوود.

steer clear of, لێ دوورکەوتنەوە؛ خۆ لێ دوورخستنەوە.

steer (stêr), ***n.*** (١) پارێنی خەساو. (٢) جوانەگا.

steerage (stêr′ij), ***n.*** (١) ئاژووتن؛ ڕاندن؛ ڕابەری. (٢) هەرزانترین جێی کەشتی ڕێبواران.

steering column, ستوونی دەستاژو یا سوکان.

steering committee, لێژنەی ڕابەری؛ لێژنەی بەڕێوەبردن.

steering gear, ئامێری ئاژووتن یا لێخوڕین.

steering wheel, دەستاژوو؛ سوکان؛ چەرخی ئاژووتن؛ ستێرن.

steersman (stêrz′mən), ***n.*** ڕانەری کەشتی‌و بەلەم.

steeve (stēv), ***v.t.*** بار ئاخنینە ناو کەشتی‌یەوە بە داری قولاپاوی یا ئامێری بەرزکردنەوە.

n. داری قولاپاوی یا ئامێری بەرزکردنەوەی وەها.

steeve (stēv), ***n.*** گۆشەی داری پێش کەشتی.

v.t. & v.i. بە لاری داناتی داری پێش کەشتی.

stegosaurus (steg´ə-sô′rəs), ***n.*** گیاندارێکی خشۆکی گەورەی قڕتێکەتووە. لە توخمی " دایناسۆر " .

stein (stīn), ***n.*** (١) گڵێنەی بیرە خواردنەوە. (٢) کۆچەڵە یا پەرداخی بیرە.

steinbok (stīn′bok´), ***n.*** = **steenbok.**

stela (stel′ə), ***n.*** (١) کێڵ. (٢) بەرد یا تەبەقی شت لەسەر هەڵکەنراو (کە دەنرێ بە قەد دیوارەوە).

stele (stē′li), ***n.*** (١) کێڵ. (٢) بەرد یا تەبەقی شت لەسەر هەڵکەنراو (کە دەنرێ بە قەد دیوارەوە). (٣) ئاوەڕۆکی قەف‌و ڕەگی ڕووەک.

-stelar ***(adj.).***

stellar (stel′ēr), *adj.* (۱) ئەستێرەیی؛ تایبەتی بە ئەستێرە. (۲) لە ئەستێرەچوو؛ ئەستێرەیی. (۳) هی فارەمانی فیلمی سینەما: *(~ names)*.

stellate (stel′it, stel′āt), *adj.* (۴) (ا) سەرەکی: *(the ~ role in a play)*. (ب) نایاب؛ زۆر باش. ئەستێرەیی؛ شێوە ئەستێرەیی.

stelliform (stel′i-fôrm´), *adj.* = stellate.

stellular (stel′yoo-lēr), *adj.* (۱) ئەستێرەیی. (۲) بە پەڵەی ئەستێرەیی ڕەنگاوڕەنگ داپۆشراو.

stem (stem), *n.* (۱) (ا) قەف؛ لاسک؛ قالۆر؛ دارک؛ دەمار. (ب) قەد. (۲) (ا) قنچک (گەڵا؛ گوڵ). (ب) لاسکە مۆز. (۳) دەسک (پەرداخ یا بادەی مەی). (۴) (ا) قەفی تیپ. (ب) قەفی نۆتەی مۆسیقا. (۵) پێشی کەشتی؛ پێشەڵی کەشتی و بەلەم. (۶) ڕیشە (ووشە)؛ بنکە (ووشە). (۷) (ا) لق (خێزان، خێڵ)؛ پەل. (ب) بنەچە؛ بنەماڵە؛ باوباپیر.

v.t. (۱) قنچک کردن (میوە)؛ قنچک لێکردنەوە. (۲) قنچک بۆ کردن (گوڵی دەستکرد). (۳) دڕپێدان؛ بۆ پێشەوە ڕۆیشتن بە گران.

v.i. لێوەهاتن یا هەڵقوڵان؛ لێوە پەیدابوون؛ لێ کەوتنەوە: *(Poverty ~s from war.)*

from stem to stem, (۱) لەم سەری کەشتییەوە بۆ ئەو سەری. (۲) سەرانسەر؛ سەرتاسەر.

stem (stem), *v.t.* (۱) بەربەستکردن (ڕووبار، لێشاو، لافاو)؛ بەرگرتن. (۲) وەستاندن؛ گرتنەوە: *(to ~ the flow of blood)*. (۳) کون ناخنین؛ کون پرکردنەوە؛ داخستن.

v.i. وەستان (بەفرەخلیسکێ)؛ خۆگرتنەوە.

n. وەستان (بەفرەخلیسکێ)؛ شێوەی وەستان.

stemmed (stemd), *adj.* (۱) دەسکدار (پەرداخ، کاسە): *(a thin- ~ goblet)*

(۲) قنچک کراو (میوە).

stemmer (stem′ēr), *n.* قنچککەر؛ لاسک لێکەرەوە: *(a fruit ~ ; a tobaco ~)*

stemware (stem′wâr), *n.* پەرداخ و کاسەی دەسکدار.

stench (stench), *n.* بۆگەن؛ بۆن دڕن؛ بۆنێکی پیس.

stencil (sten′s'l), *v.t.* بە ستێنسڵ نووسین یا نیشانەکردن.

n. ستێنسڵ؛ کاغەزە مۆمینەی چاپ.

-stenciler; stenciller *(n.)*.

steno- (sten′ō, sten′ə), پێشگرێکە بەمانای: بچووک؛ تەنک؛ تەسک؛ کورتکراوە: *(stenography)*

stenograph (sten′ə-graf´, sten′ə-gräf´), *v.t.* کورت نووسین؛ بە نیشانە نووسین؛ بە کورتی نووسین.

n. (۱) نوسینی کورتکراوە؛ نووسراوی نیشانەیی. (۲) نیشانەی کورتنووسی. (۳) ئامێری کورتنووسی؛ ئامێری نیشانەنووسی.

stenographer (stə-nog′rə-fēr), *n.* کورتنووس؛ نیشانەنووس.

stenographist (stə-nog′rə-fist), *n.* = stenographer.

stenography (stə-nog′rə-fi), *n.* کورتنووسی؛ نیشانەنووسی.

-stenographic; stenographical *(adj.)*; **stenographically** *(adv.)*.

stenosis (sti-nō′sis), *n.* هاتنەوەیەکی بۆری (پزیشکەوانی).

stenotopic (sten′ə-tô´pik), *adj.* بە ئاسانی ڕانەهاتوو لەگەڵ دەوروبەردا (زیندەوەرزانی).

stenotype (sten′ə-tīp´), *n.* (۱) نیشانەی دەنگێک یا ووشەیەکە لە کورتەنووسیدا. (۲) ئامێری کورتەنووسی؛ ئامێری نیشانەنووسی.

stenotypy (sten′ə-tīp´i), *n.* جۆرێکە لە کورتەنووسی.

stentorian (sten-tôr′i-ən, sten-tō′ri-ən), *n.* زۆر بەرز (دەنگ).

step (step), *n.* (۱) هەنگاو. (۲) ماوەیەکی کورت: *(The hotel is just a ~ from here.)*. (۳) ڕەوت. (۴) دەنگی پێ. (۵) شوێن پێ؛ جێ پێ. (۶) پلە پەیژە؛ پێ پلیکە؛ پا پلیکە؛ پلەی پێ پلیکانە. (۷) *(pl.)* ، (ا) پێ پلیکانە؛ قاڵدرمە. (ب) [British]، پەیژەی نوشتاوە. (۸) (ا) ڕەفەی کانگاو کانە بەرد. (ب) بنکەی دارکەشتی. (۹) پلە؛ نمرە؛ قۆناغ. (۱۰) هەنگاو؛ کردار: *(Let me explain the next ~ .)*.

v.i. (۱) هەنگاوی دووبارەکراوە (سەما). (۱) هەنگاونان؛ هەنگاو هەڵهێنانەوە. (۲) ڕۆیشتن بۆ ماوەیەکی کورت. (۳) هەنگاونان لە سەماکردندا. (۴) بە گورجی جووڵانەوە. (۵) چوون بەسەردا؛ چوونەناو: *(He ~ed into a small fortune.)*. (۶) (ا) پێ پیانان: *(He accidently ~ed on my foot.)*. (ب) پێ پیانان؛ پێ لێ داگرتن: *(He ~ed on the accelerator.)*.

v.t. (۱) هەنگاونان؛ هەنگاو هەڵهێنانەوە. (۲) پێ دانان. (۳) بە هەنگاو پێواندن. (۴) (ا) پێ پلیکە بۆ کردن؛ پێ پلیکانە لێ هەڵکەندن: *(He ~ed the hill leading to his house.)*

(ب) پلە پلەکردن. (۵) قایم کردن یا داچەقاندنی دارکەشتی لە بنکەکەیدا.

in step, (۱) بە ڕێز؛ بە ڕێک‌وپێکی و پێکەوە (سەما، پێ ڕۆیشتن، ڕەوتی سەربان). (۲) گونجاو (لەگەڵ دەوروبەری خۆدا)؛ سازاو.

keep step, لە ڕیز دەرچوو؛ نەگونجاو؛ نەسازاو.

out of step, پلە پلە؛ وردەوردە؛ بەرەبەرە؛ هەنگاو بە هەنگاو.

step by step, (۱) واز لە کار هێنان؛ دەستبەرداربوون لە کار: *(She stepped down as prime minister last year.)*

step down, (۲) هێنانە خوارەوە؛ داشکاندن؛ پلە نزم کردنەوە؛ کەمکردنەوە. خۆتێهەڵقورتاندن؛ کەوتنە بەینەوە؛ دەست تێخستن.

step in, پەلە کە؛ خێرا کە؛ پێی پیانێ.

step on it, [Colloq.], (۱) چوونەدەرەوە (لە ژوورێک بۆ ماوەیەکی کەم).

step out, (۲) [Colloq.]، چوونەدەرەوە بۆ ڕابواردن. (۳) بە هەنگاوی گەورەو بە گورجی ڕۆیشتن. (۴) خۆکشاندنەوە؛ وازهێنان؛ دەستهەڵگرتن.

step up, (۱) هاتنە پێشەوە؛ چوون بەرەو: *(She stepped up to the microphone.)*

(۲) پێشکەوتن؛ بەرەو پێشەوە چوون. (۳) وردەوردە زیادکردن؛ پێ لێ هەڵبڕین: *(They stepped up their attacks on the enemy.)*

take steps, هەنگاوی پێویست نان (بۆ جێبەجێکردنی کارێک).

watch one's steps, (۱) ئاگا لە بەر پێی خۆ بوون؛ ووریای بەر پێ خۆ بوون. (۲) [Colloq.]، ووریابوون؛ ئاگاداربوون.

step-brother (step′bruth´ēr), *n.* کوڕی باوەپیاو یا باوەژن.

step-child (step′chīld´), *n.* زڕکۆ؛ زڕکێ؛ هەنەزا؛ منداڵی مێرد یا ژن.

step-dame (step′dām´), *n.* [Archaic], = step-mother.

step-daughter (step′dô´tēr), *n.* زڕکێ؛ هەنەزا (کچ)؛ کچی مێرد یا ژن.

step-down (step′doun´), *adj.* پلە پلە کەم کراوە؛ کەم بوونەوەی پلە پلە؛ چوونەوەیەک: *(a ~ gear)*.

step-father (step′fä´thēr), *n.* باوەپیاو؛ زڕباوک؛ زڕباب.

step-ins (step′inz´), *n.pl.* (۱) دەرپێی کورتی ژێرەوەی دەڵبی ژنانە. (۲) پێڵاوی پاژنە نزم؛ سۆل؛ نەعل.

step-ladder (step′lad´ēr), *n.* پەیژەی نوشتاوە.

stepmother (step′muth´ēr), *n.* باوەژن؛ زڕدایک.

step-parent (step′pâr´ənt), *n.* باوەژن؛ باوەپیاو.
steppe (step), *n.* دەشتی پاژو ڕووتەنی؛ دەشت.
stepper (step′ĕr), *n.* (۱) کەسێکی بە قنج‌وقیت‌و ڕێک‌وپێک ڕۆیشتوو. (۲) [Slang] سەماکەر.
stepping-stone (step′iŋ-stōn´), *n.* (۱) بەردە باز. (۲) هۆی گەیشتنە ئامانج.
step-sister (step′sis´tĕr), *n.* زەخوشک؛ کچی باوەژن یا باوەپیاو.
step-son (step′sun´), *n.* زەکور؛ هەنەز؛ (کور)؛ کوڕی مێرد یا ژن لە شوویەک یا نە ژێنکی تر.
step-up (step′up´), *adj.* بە پلە پلە زیادکردوو.
n. بە پلە پلە زیادکردن
step-wise (step′wīz´), *adv.* پلە پلەیی؛ بە پلە پلە نیشانەکراو.
-ster (stĕr), پاشگرێکە بەماناى: (۱) بکەر؛ دروستکەر. *(trickster)* (ب) بەشدار *(gangster)*. (ج) کەسێکی تایبەتی *(youngster, oldster)*.
stercoraceous (stûr´kə-rā′shəs), *adj.* شیاکەیی؛ پیتاڵەیی؛ گوویی
stercorous (stûr′kə-rəs), *adj.* = stercoraceous.
stere (stêr), *n.* مەترە سێجا
stereo (ster′i-ō), *n.* ستێریۆ؛ نامیر یا شێوەی لێدانی مۆسیقاو گۆ‌ڤ لێبوونی بە دوو بلندگۆ.
stereo-, stere- (ster′i-ō, stêr′i-ə), پێشگرێکە بەماناى: پتەو؛ سێڵایی *(stereoscope; stereography)*
stereobate (ster′i-ə-bāt´, stêr′i-ə-bāt´), *n.* بناغەی خانوو؛ بنچینە؛ بنکەی پایە
stereochemistry (ster´i-ə-kem′is-tri), *n.* کیمیای تەندار؛ لە ڕێک‌وپێکی گەردیلەکان دەکۆڵێتەوە کە گەرد، واتە " مۆلیکیول " پێکدێنن.
stereography (ster´i-og′rə-fi), *n.* ستێریۆگرافی دروستکردنی وێنەی تەندار لەسەر ڕووی تەخت (تەندازەی تەندار)
-stereographic; stereographical *(adj.)*; **stereographically** *(adv.)*.
stereometry (ster´i-om′ə-tri, stêr´i-om′ə-tri), *n.* پێوانی قەوارەو پانی و درێژی وێنەی تەندار.
-stereometric; stereometrical *(adj.)*; **stereometrically** *(adv.)*.
stereophonic (ster´i-ə-fon′ik), *adj.* ستێریۆفۆنی ؛ مۆسیقا)؛ تایبەتی بە دەنگێک کە بە " ستێریۆ " تۆمار کرابێ و لێ بدرێتەوە، واتە دەنگی دوولایی
stereoscope (ster′i-ə-skōp´), *n.* سیتێریۆسکۆپ؛ نامێرێک وێنە بە تەندازی بۆ چاو دەردەخات.
stereoscopic (ster´i-ə-skop′ik), *adj.* *Also* stereoscopical, (۱) ستێریۆسکۆپی سێڵایی. (۲) تایبەتی بە ستێریۆسکۆپ‌و بەکارهێنانی.
-stereoscopically *(adv.)*.
stereoscopy (ster´i-os′kə-pi), *n.* (۱) بینینی وێنە بە سێڵایی (۲) دروستکردن‌و بەکارهێنانی ستێریۆسکۆپ.
-stereoscopist *(n.)*.
stereotype (ster′i-ə-tip´), *n.* (۱) قاڵب (چاپەمەنی)؛ کڵیشە. (۲) ووشە شێواو؛ ووشەی نموونە.
(The American Indian is often portrayed as a ~.; He is the ~ of a salesman.)
v.t. (۱) (ا) ووشەی شێواو دروستکردن دەربارەی؛ نموونەیەکی نەگۆڕ یا یەک‌ڕەوا حستنە مێشکی خۆوە دەربارەی ڕەگەزێک، چینێک، پیشەیەک، بابەتێ شت... هتد؛ وەک کڵیشە لێکردن (ب) دووبارەکردنەوە بەبێ هیچ گۆڕینێک. (۲) لەسەر کڵیشە دەرهێنان؛ لەسەر قاڵب چاپ کردن یا دروستکردن.

-stereotyper *(n.)*; **stereotypic; stereotypical** *(adj.)*.
stereotyped (ster′i-ə-tīpt´, stêr′i-ə-tīpt´), *adj.* (۱) ووشکە
نموونەیی؛ ووشکە شێوازی؛ کڵیشەیی؛ دووبارەکراو بەبێ گۆڕین؛ یەک قاڵبی.
(۲) لەسەر یەک کڵیشە دەرهێنراو؛ لەسەر یەک قاڵب چاپکراو.
stereotypy (ster′i-ə-tīp´i, stêr′i-ə-tīp´i), *n.* (۱) کڵیشە (ا) دروستکردن؛ قاڵب دروستکردن. (ب) لەسەر کڵیشە دەرهێنان؛ لەسەر قاڵب چاپ کردن. (۲) دووبارەکردنەوەی ڕاو نەریت‌و خوو بەبێ گۆڕین (دەروونناسی)؛ کڵیشەیی ڕەفتار.
sterile (ster′l, ster′il), *adj.* (۱) نەزۆک؛ وەجاخ کوێر؛ بێ وەجاخ؛ زێ.
(۲) بێ بەر؛ بێ پیت؛ ووشکانی؛ ڕووتەنی: *(~ land, soil, etc.)*.
(۳) ووشک؛ ناخۆش: *(a ~ lecture, style, etc.)*.
(٤) بێ ئەنجام؛ بێ بەر؛ بێ سوود: *(a ~ policy)*.
(٥) لە میکرۆب پاکراوە؛ خاوێن؛ بێ میکرۆب؛ خاوێن کراو.
sterility (stə-ril′ə-ti), *n.* (۱) نەزۆکی؛ بێ وەجاخی؛ زێی.
(۲) بێ بەری؛ بێ ئەنجامی؛ بێ سوودی.
sterilization (ster´ə-lī-zā′shən), *n.* پاکردنەوە لە میکرۆب؛ خاوێنکردنەوە لە میکرۆب؛ خاوێن کردن.
sterilize (ster′ə-līz´), *v.t.* (۱) نەزۆک کردن (بەتایبەتی بە نەشتەرکاری)؛ لە زاوزێ خستن؛ وەجاخ کوێرکردنەوە.
(۲) پاکردنەوە لە میکرۆب؛ خاوێن کردن؛ پاکژکردنەوە.
sterilizer (ster′ə-līz´ĕr), *n.* میکرۆبکۆ؛ خاوێنکەر؛ پاککەرەوە.
sterling (stûr′liŋ), *n.* (۱) پارەیەکی زیوی ئینگلیزی کۆنە.
(۲) ئەستەرلینی؛ پاوەنی ئینگلیزی.
(۳) پارەی ئینگلیزی زێڕ یا زیو.
(٤) **sterling silver** (ا) (ب) پێوەستی سەر مێزی ئانخواردنی لە زیو دروستکراو (وەک کەوچک و چنگاڵ).
adj. (۱) ئەستەرلینی؛ تایبەتی بە پارەی ئینگلیزی.
(۲) لە زیوی پوخت دروستکراو.
(۳) ڕەسەن؛ نایاب؛ زۆر چاک؛ بێگەرد؛ پاک؛ پوخت: *(a man of ~ principles)*
stern (stûrn), *adj.* (۱) تووندوتیژ؛ بە زەبروزەنگ؛ سەخت؛ ڕەق (ڕەفتار): *(~ measures, treatment, etc.)*
(۲) مڕۆمۆن؛ مۆن؛ چارە ترش؛ گرژ؛ ڕووگرژ: *(a ~ face, look, etc.)*.
(۳) کۆڵنەدەر؛ بێ بەروا: *(~ purpose)*.
stern (stûrn), *n.* (۱) پاشەڵی کەشتی و بەلەم؛ پشتەوەی کەشتی و بەلەم.
(۲) پاشەڵ؛ بەشی پاشەوە یا دواوە.
sternal (stûr′n'l), *adj.* تایبەتی بە ئێسکەکۆڵە؛ هی ئێسقانی بەرسنگ.
stern chase, شوێن کەوتن یا ڕاڤراندنی کەشتیێک بۆ کەشتیێکی تر ڕۆڵە لە نزیکەوە.
stern chaser, تۆپی پاشەڵی کەشتی (کە دەنرێ بەو کەشتیێی دوایەوە کە پای دەفڕێنن یا شوێنی کەوتووە).
sternforemost (stûrn´fôr′mōst, stûrn´fôr′məst), *adj.* (۱) بۆ دواوە؛ بەرەو دواوە (بەجۆرێک کە پشتی کەشتیێکە پڕی لەپێشەوە بێت).
(۲) بە ناڤۆڵایی؛ بە ناڕەحەتی.
sternmost (stûrn′mōst, stûrn′məst), *adj.* (۱) نزیکترین لە پاشەڵی کەشتیێکەوە؛ لە هەرە دوای پاشەڵی کەشتیێکەوە.
(۲) لە دوای دواوە؛ دواترین؛ هەرە دوا.
sternpost (stûrn′pōst´), *n.* ستوونی پاشەڵی کەشتی (کە دەستاڕوی کەشتیێکەی لەسەرە).
stern sheets, بەشی دواوەی بەلەمی سەر بەتاڵ.
sternum (stûr′nəm), *n.* ئێسکەکۆڵە؛ ئێسقانی بەرسنگ؛ پڕمین؛ پڕمە.
sternutation (stûr´nyoo-tā′shən), *n.* مادەیەکە کە دەبێتەهۆی

پژمین‌و ڕشانەوە (وەک گازی ژەهراوی).

sternutatory (stĕr-nū′tə-tôr′i, stĕr-nū′tə-tō′ri), *adj.* مرۆڤ هێنەرە پژمیر (وەک بڕنووتی).

n. شتێکە کە مرۆڤ دێنێتە پژمین (وەک بڕنووتی‌و ئالەت).

sternward (stûm′wĕrd), *adj. Also* **sternwards,** بەرەو پاشەڵی کەشتی.

adj. لە بەشی دواوەی کەشتی‌و بەڵەمدا؛ لە پاشەڵی کەشتیدا.

sternway (stûm′wā′), *n.* بۆ دواوە ڕۆیشتنی کەشتی.

sternwheeler (stûrn′hwēl′ĕr), *n.* بەڵەمی چەرخدار بەڵەمێکی هەڵمە بە چەرخێکی سەوڵ لێدەری بەستراو بە پشتەکەیەوە دەڕوات.

steroid (ster′oid), *n.* ستێرۆید: جەند جۆرە هۆرمۆنێکن بۆ لەش بەهێزکردن

sterol (ster′ōl, ster′ol), *n.* ماددەیەکی کحولی پتەوە لە شانەی ڕوەک‌و گیاندارا: هەیە وەک کۆلیسترۆل.

stertor (stûr′tĕr), *n.* پرخە؛ پرخەبڕخ

stertorous (stûr′tə-rəs), *adj.* پرخەکەر؛ پرخەپرخەکەر.

stet (stet), [L.], مەی گۆڕە: وەک خۆی بیهێڵەرەوە؛ دەستی لێ مەدە: نیشانەیەکە لە دەستنووسی هەڵەبڕکراودا دەنووسرێ بۆ هێشتنەوەی ووشەیەک یا بەندێکی لابراو یا بە هەڵە دانراو و چاک کراو.

v.t. دانانی نیشانەیەکی وەها لەسەر ووشەو ڕستەو بەندی دەستنووسی هەڵەبڕکراو

stetho- (steth′ō, steth′ə), *(stethoscope)* پێشگرێکە بەمانای: سنگ؛ سینە:

stethoscope (steth′ə-skōp′), *n.* بیستۆکی پزیشک

stethoscopy (ste-thos′kə-pi), *n.* بیستۆکی پزیشک بەکارهێنان؛ تێڕوانینی بەخۆش بە بیستۆک

-stethoscopic; stethoscopical *(adj.)*; **stethoscopically** *(adv.)*.

stevedore (stē′və-dôr′, stē′və-dōr′), *n.* بارکەرو بارهاگری کەشتی: حەمانی کەشتی.

v.t. بارکردن‌و داگرتنی کەشتی.

stevedore's knot, گرێی حەمانی کەشتی. جۆرە گرێیەکە.

stew (stōō, stū), *v.t. & v.i.* (۱) کوڵاندن بە ئاگری کز، واتە بە هێواشی. (۲) [Colloq.] دڵەڕاوکێ کردن؛ مەراق خواردن.

n. (۱) *(pl)* قەحبەخانە؛ کەللەچی. (۲) (ا) چێشتی شلە؛ شلە؛ شلە‌و گۆشت. (ب) هەڕەمە؛ شتی تێکەڵ. (۳) [Colloq.] دڵەڕاوکێ؛ دڵەخورتە؛ مەراق؛ بێ ئارامی. (٤) [Obs.] مەنجەڵی شلە.

stew in one's juice, ئاخۆشی زۆر چەشتن بەهۆی کاری خۆکردەوە.

steward (stōō′ĕrd, stū′ĕrd), *n.* (۱) سەرکار؛ چاودێر؛ کارگێڕی کاروباری مانەوەی پیاوێکی گەورە. (۲) کارگێڕی دارایی کەسێک یا دەسگایەک. (۳) بەردەستی ئاو فڕۆکەو کەشتی.

v.i. سەرکاری کردن؛ کارگێڕی کردن؛ چاودێری کردن

stewardess (stōō′ĕr-dis, stū′ĕr-dis), *n.* (۱) سەرکاری ئافرەت؛ کارگێڕی ژن. (۲) ئافرەتی بەردەستی ئاو فڕۆکەو کەشتی.

stewardship (stōō′ĕrd-ship′, stū′ĕrd-ship′), *n.* سەرکارێتی؛ سەرکاری؛ چاودێری؛ کارگێڕی

stewed (stōōd, stūd), *adj.* (۱) کوڵاو؛ کوڵێنراو. (۲) [Slang] سەرخۆش؛ مەست.

stew-pan (stoo′pan′, stū′pan′), *n.* مەنجەڵی شلە

sthenia (sthi-nī′ə, sthē′ni-ə), *n.* بەتینی؛ بەهێزی

sthenic (sthen′ik), *adj.* بەتین (نەخۆشی)؛ بەتەشەنە

stibine (stib′ĕn, stib′in), *n. Also* **stibin,** ئەستیبین: گازێکی بێ ڕەنگی ژەهراوییە

stibium (stib′i-əm), *n.* antimony.

stich (stik), *n.* دێڕە هەڵبەست.

stichomythia (stik′ə-mith′i-ə), *n.* گفتوگۆی یەک دێڕی بە نۆبەی دووکەسی (شانۆنامەی یۆنانی کۆن)

-stichomythic *(adj.)*.

stichomythy (sti-kom′ə-thi), *n.* – stichomythia.

stick (stik), *n.* (۱) (ا) چیلکە؛ چڵ‌وچێو؛ چڵ؛ لق. (ب) داری سووتان. (ج) دارەدەست؛ دار؛ شوولک؛ لیس؛ تێلا. (۲) لاسک. (۳) شتێکی لە دار چوو. (٤) داری یاری: *(a hockey ~)*. (٥) پیاکردن (بە تیغ یا داری نووک تیژ). (٦) لکان. (۷) نەختێک خواردنەوەی سەرخۆشکەر (وەک براندی) کە بکرێتە خواردنەوەیەکەوە. (۸) ڕیزە بۆمبای هاوێژراو لە فڕۆکەوە. (۹) [Archaic]. وەستان؛ کۆسپ. (۱۰) [Colloq.]، کەسێکی دڵ مردوو و ووشک‌و بێ تاقەت‌و کەوەن (۱۱) *(pl.)*، [Colloq.]، شوێنێکی دوورەدەست‌و چەپەک؛ لادێ: *(They live way out in the ~s.)* (۱۲) دارکەشتی.

v.t. (۱) کوێن کردن؛ کون تێکردن. (۲) کوشتن (بە تیغ لێدان). (۳) پیاکردن‌و کون کردن (بە چەقۆ، دەرزی... هتد). (٤) (ا) پێوەنان؛ لێدان‌و پێوە نووساندن (وەک بە دەرزی)؛ پیاکردن (ب) ڕازاندنەوە بە شت پیاکردن: *(a coat stuck with medals)* (٥) پێوەلکاندن؛ پێوەنووساندن؛ پیانووساندن؛ لێدان: *(~ the poster on the wall.)* (٦) پیاکردن؛ پیا چەقاندن (۷) (ا) ڕێ لێگرتن؛ گلدانەوە؛ بەنگ کردن. (ب) چەقین؛ گیرخواردن: *(The wheels were stuck in the mud.; I was stuck in the town.)* (۸) [Colloq.]، تێخستن؛ دانان؛ خستنەناو: *(~ the shirt in the suitcase.; ~ it in the drawer.)* (۹) [Colloq.]، سەر سوڕمان؛ سەرسام بوون؛ سەر لێ شێواندن. (۱۰) خستنەسەر دار یا پیا هەڵسپاردن (تەرزی ڕووەک). (۱۱) شتی لینج لێدان؛ لینج کردن؛ سرێشاوی کردن. (۱۲) [Slang]، (ا) بە فڕوفێڵ پارە یێ خەرج کردن یا لێ کێشانەوە (ب) بەگران شت یێ فرۆشتن؛ زۆر لێسەندن. (۱۳) [Slang]، (ا) خەڵەتاندن؛ گزی لێکردن؛ ساختەلێکردن. (ب) باری گران بەسەردادان. (۱٤) [Slang]، دەربردن؛ هەڵکردن؛ بەرگەگرتن.

v.i. (۱) پێوەنووسان (وەک بە بزماو). (۲) پێوەلکان؛ پێوەنووسان (۳) مانەوە لە شوێنێکدا. (٤) پێکەوە مانەوە؛ واز لە یەک نەهێنان: *(Friends ~ together.)* (٥) بەجێ نەهێشتن؛ لێ دوورنەکەوتنەوە: *(He ~s to the trail.)* (٦) کۆڵنەدان؛ وازنەهێنان؛ بەردەوام بوون لەسەر: *(She ~s to her work.)* (۷) دوودڵی نەکردن؛ ڕا نەگۆڕین: *(He ~s to his decision.)* (۸) (ا) چەقین: *(My shoe stuck in the mud.)*. (ب) گیرخواردن؛ تێک ئاڵوزان: *(The gears stuck.)*. (ج) چەقین (مەجاز)؛ وەستان: *(The bill is stuck in committee.)*. (۹) سەر سوڕمان؛ سەرسام بوون؛ سەر لێ شێواندن (۱۰) سڵکردنەوە: *(He'll ~ at nothing.)* (۱۱) (~ out ; ~ up) ، سەر دەرهێنان؛ دەرپۆقین: *(Her head was ~ing out of the window.)*

be stuck on, [Colloq.], (۱) تێدا گیرخواردن. (۲) گیرۆدەبوون (دڵداری)؛ دڵفڕان

stick around, [Slang], دوور نەکەوتنەوە؛ مانەوە؛ نەڕۆیشتن

stick by, دەستبەردار نەبوون؛ پشت بەرنەدان؛

(to stick by one's friends)

stick it out, [Colloq.], کۆڵنەدان؛ وازنەهێنان؛ دەست هەڵنەگرتن؛ بەرگەگرتن

stick out, (۱) دەرپۆقین؛ زۆر بەدەرەوەبوون (۲) دەرهێنان؛ دەرپەڕاندن.

stick up, [Slang], بڕین ئانێ فڕۆشگا)؛ ڕووتکردنەوە.

stick up for, [Colloq.], لەسەرخۆدانەوە؛ پشت گرتن:

(You have to stick up for your friends.)

the sticks, [Colloq.], لادێی شوێنی دوورەدەست و چەپەک.

sticker (stik′ĕr), *n.* (۱) کەسێک یا شتێک کە پێوە دەنووسێ. (۲) درک؛ پەیکوڵە. (۳) نیشانەی لینج (بۆ لکاندن بە ڕووبەکەوە). (٤) کەسێکی کۆڵنەدەر؛ کەسێکی سوور لەسەر مەبەست؛ هەتەر. (٥) [Colloq.]، گیروگرفت؛ تەنگوچەڵەمە.

stickiness (stik′i-nis), *n.* لینجی

sticking plaster, مشەمای لە پشت یا لە برین گرتن؛ پلاستەر.

sticking point, جێی چەقین (مەجان)؛ گیروگرفت؛ تەنگوچەڵەمە.

stick insect, چبلکە مێروو.

stick-in-the-mud (stik′n-*the*-mud´), *n.* [Colloq.], کەسێکی ووشک و کۆنەپەرست و دڵ مردوو.

stickle (stik′l), *v.i.* (۱) مشت‌ومڕی کەللەڕەقانە کردن لەسەر شتی هیچ‌وپووچ. (۲) پەڵپی هیچ‌وپووچ گرتن؛ پارایی کردن یا ترسان لەبەر بەوێژدانی.

stickleback (stik′l-bak´), *n.* ماسییەکە درکنە ماسییەکی بچووکی بێ پوولەکەی پشت درکاوی دەریایی و ڕوباریە.

stickler (stik′lĕr), *n.* (۱) کەسێکی شت زۆر بە توند گرتوو؛ سوور لەسەر مەبەست: *(He is a ~ for discipline, obedience, etc.; a ~ for neatness)*

(۲) شتێکی قورس یا گیروگرفتاوی؛ شتی ئاڵۆز یا سەرسوڕهێنەر. (۳) [Colloq.]، کەسێکی کۆڵنەدەر.

stick-pin (stik′pin´), *n.* دەرزی نۆینباخ.

stick-seed (stik′sēd´), *n.* پەیکوڵ گیای پەیکوڵ گر.

stick-tight (stik′tīt´), *n.* گیایەکە بەرەکەی باریکە وەک دەرزی بە شتەوە دەنووسێ.

stick-to-it-ive-ness (stik´to͞o′it-iv-nis), *n.* کۆڵ نەدان؛ هەتەری؛ سووربوون لەسەر مەبەست؛ وازنەهێنان.

stick-up (stik′up´), *n.* [Slang], = **holdup.**

stick-weed (stik′wēd′), *n.* = **ragweed.**

sticky (stik′i), *adj.* (۱) سرێشاوی؛ پێوە دەلکێت؛ پێوەی دەنووسێت. (۲) لیقن؛ لینج: *(a ~ floor)* . (۳) بۆخە؛ شێدار (ناووهەوا)؛ تەڕوگەرم. (٤) (ا) ناخۆش. (ب) گیروگرفتاوی؛ دژوار؛ سەخت.

-stickily *(adv.)*; **stickiness** *(n.).*

stiff (stif), *adj.* (۱) (ا) ڕەق. (ب) ڕەپ؛ قنج. (۲) بەگیروەستاو؛ ڕەق: *(~ muscles)* . (۳) کرژ. (٤) ووشک و بەفیز. (٥) توند؛ خەست؛ خەست‌وخۆڵ. (٦) سوور لەسەر مەبەست؛ سەرسەخت؛ هەتەر؛ کۆڵنەدەر. (۷) توند؛ بەهێز؛ قایم؛ تیژ: *(a ~ current, wind, etc.)* . (۸) (ا) خەست (مەی). (ب) بەتێ (دەرمان): *(a ~dose of medicine)* . (۹) توند و تیژ؛ سەخت؛ قورس: *(~ penalties)* . (۱۰) گران (نەرک)؛ قورس؛ سەخت: *(a ~ assignment; a ~ climb)* . (۱۱) گران (نرخ)؛ بەرز: *(~ prices)*

adv. (۱) بە ووشکی (ڕەووشت). (۲) بەتەواوی؛ زۆر؛ ئێجگار: *(~ bored)* .

n. [Slang], (۱) لاشە. (۲) کەسێکی ووشک و بەفیز. (۳) کەسێکی مەست؛ سەرخۆش. (٤) زەلام؛ کەس؛ کابرا؛ پیاو: *(He's a lucky ~)* .

(٥) ئاوارە؛ کەسێکی بێ لانە یا خانە بەکۆڵ؛ هەژاری گەڕۆک.

(٦) کەسێکی بەخشیش نەدەر؛ گیر.

-stiffly *(adv.)*; **stiffness** *(n.).*

stiffen (stif′n), *v.t.* ڕەق کردن؛ توندوتیژکردن.

v.i. ڕەق بوون؛ بەگیروەستان.

stiff-necked (stif′nekt′), *adj.* کەللەڕەق؛ سەرسەخت.

stifle (stī′fl), *v.t.* (۱) خنکاندن؛ هەناسە لێ بڕین. (۲) (ا) دامرکاندنەوە؛ خەفەکردن؛ کپ کردن: *(She ~d her sobs.)* . (ب) پێشێل کردن؛ مراندن؛ ڕێ لێگرتن: *(to ~ free speech, the opposition, etc.)*

v.i. (۱) خنکان. (۲) هەناسە لێ بڕان.

stifle (stī′fl), *n.* جومگەی پاشوری ئەسپ و سەگ... هتد، کە بەرامبەر بە ئەژنۆ وایە لە مرۆڤدا.

stifling (stī′fliŋ), *adj.* خنکێنەر؛ هەناسەبڕ؛ تەنگ؛ ناخۆش (هەوا، باری ژیان... هتد): *(The air was ~.; a ~ atmosphere)*

stigma (stig′mə), *n.* (۱) نیشانەی داخ کردن (کە لە پێستی تاوانکارو بەند دەدرێت)؛ داخ. (۲) لەکە؛ نیشانەی شوورەیی یا ناوپیسی (۳) خاڵ. (٤) (ا) نیشانەی بریندار یا نەخۆشی کۆن. (ب) شوێنی خوێن لێ هاتووی پێست (بەهۆی هیستیریاوە). (٥) تەرقەسەری نێرک (پووەکناسی). (٦) (*pl.*)، نیشانەی وەک برینەکانی عیسا پاش هەڵواسینی.

stigmata (stig′mə-tə), *n.pl.* نیشانەی وەک برینەکانی عیسا پاش هەڵواسینی.

stigmatic (stig-mat′ik), *adj. Also* **stigmatical,** (۱) (ا) لەکاوی؛ لەکەدار؛ ناوپیس. (ب) لەکەدارکەر؛ ناوپیسکەر. (۲) تایبەتی بە " **stigmata** " .

stigmatism (stig′mə-tiz′m), *n.* (۱) بە لەشەوە بوونی برینێک وەک برینەکانی عیسا پاش هەڵواسینی. (۲) باش بینی؛ تووش نەبوونی نەخۆشی پرش بینی چاو.

stigmatize (stig′mə-tīz´), *v.t.* (۱) داخ کردن؛ نیشانەکردن بە داخ کردن. (۲) لەکەدارکردن؛ ناو پیس کردن؛ ڕووڕەش کردن. (۳) برینی وەک برینەکانی عیسا لە پێست هێنان.

-stigmatization *(n.).*

stile (stīl), *n.* (۱) پلیکانەی دیوارو شوورە. (۲) **turnstile** .

stile (stıl), *n.* چێوی ستوونی چوارچێوەی دەرگاو پەنجەرە.

stiletto (sti-let′ō), *n.* (۱) خەنجەری بچووک. (۲) سووژن.

v.t. بە خەنجەر کوشتن؛ خەنجەرلێدان.

still (stil), *adj.* (۱) بێ دەنگ؛ خاموش؛ کپ.

(۲) وەستاو؛ نەبزوک؛ نەجوواو؛ ڕاوەستاو.

(۳) هێمن؛ مەنگ (ئاو)؛ خاموش: *(the ~ water of the lake)* .

(٤) بێ کەف‌وکوڵ (وەک مەی).

(٥) هی وێنەی نەبزوک (بە پێچەوانەی وێنەی فیلمی سینەما و ڤیدیۆوە): *(a ~ picture)*

n. (۱) بێ دەنگی؛ خاموشی؛ کپی.

(۲) وێنەی نەبزوک (بە پێچەوانەی وێنەی فیلمی سینەما یا ڤیدیۆوە).

(۳) [Colloq.]، وێنەی شتی بێ گیان یا نەبزوک.

(٤) [Colloq.]، **still alarm** .

adv. (۱) هێشتا؛ تا ئێستا؛ تا ئەو(ئەم) کاتە؛ تا ئەوسا: *(He is ~ busy.; Will he ~ be there?; She was ~ home when I left.)*

(۲) تەنانەت؛ – یش: *(It was cold yesterday, but today it is ~ colder.)*

(۳) لەگەڵ ئەوەشدا؛ کەچی: *(He is old and ~ he is able to run.)*

v.t. (۱) بێ دەنگ کردن؛ کپ کردن؛ خاموش کردن.

(۲) وەستاندن؛ ڕاوەستاندن.
(۳) هێمن کردنەوە؛ دامرکاندنەوە؛ هێنانەوە سەرخۆ.

v.i. وەستان؛ ڕاوەستان؛ لە جوولە کەوتن؛ دامرکاندنەوە؛ هێمن بوونەوە؛ بێ دەنگ بوون؛ خامۆش بوون.

-stillness *(n.).*

still (stil), ***n.*** (۱) شووشەی دڵۆپاندن؛ ئامێری دڵۆپاندن. (۲) کارگەی دڵۆپاندن.

v.t. & v.i. [Obs.], دڵۆپاندن

still alarm, ئاگادارکردنی بێ دەنگ: ووریاکردنەوەیەکی ئاگر بەربوونەوەیە بە تەلەفۆن لەباتی زەنگی ئاگاداری ئاگر.

still-birth (stil′bûrth´), ***n.*** (۱) ئاوڵەمە لەبارچوون؛ منداڵ لەبارچوون؛ بە مردوویی لەدایکبوونی منداڵ. (۲) منداڵی بە مردوویی لەدایکبوو؛ ئاوڵەمەی لەبارچوو.

still-born (stil′bôrn´), ***adj.*** بە مردوویی لەدایکبوو؛ لەبارچوو.

still-hunt (stil′hunt´), ***v.t. & v.i.*** بە نهێنی ڕاوکردن یا شوێن کەوتن.

still hunt, (۱) ڕاوکردنی نهێنی؛ ڕاوی دزی (وەک بە خۆ داگرتن). (۲) [Colloq.]، شوێن کەوتنی نهێنی مەبەستێک؛ هەوڵی نهێنی.

stilly (stil′i), ***adj.*** [Poetic], بێ دەنگ؛ خامۆش؛ کپ؛ هێمن.

adv. بە بێ دەنگ؛ بە خامۆشی؛ هێمنانە؛ بە هێمنی؛ لەسەرخۆ.

stilt (stilt), ***n.*** (۱) دارشەقی درێژ (بۆ بە ئاودا پەڕینەوە یا بۆ یاری). (۲) کۆڵەکە یا دیرەکی خانووی بە هەواوە، واتە کە لەسەر زەوی نەبێت؛ کۆڵەکەی شتی بە بەرزەوە دانراو.

(The henhouse is placed on ~s.)

(۳) باڵندەیەکی زەلکاوی دەنووک و لاق درێژە.

v.t. بە بەرزەوە دانان لەسەر کۆڵەکە یا دیرەک.

stilted (stil′tid), ***adj.*** (۱) بە بەرزەوە دانراو لەسەر کۆڵەکە یا نیرگە (خانووسازی). (۲) ووشەو پڕ لە ووشەی زل بۆ فیز (نووسین، گفتوگۆ)؛ بە تەنتەنە ***(a ~ writing style; ~ speech)*** .

-stiltedly *(adv.)*; **stiltedness** *(n.).*

stimulant (stim′yoo-lənt), ***adj.*** خەڕەوێن؛ ووریاکەرەوە؛ بزوێنەر؛ زاخاوی مێشک دەرهوە؛ وورووژێنەر؛ هاندەر.

n. (۱) شتی ووریاکەرەوە یا بزوێنەر؛ شتی هاندەر: ***(Coffee and beer are ~s.)***

(۲) دەرمانی ووروژێنەر یا بزوێنەر.

stimulate (stim′yoo-lāt´), ***v.t.*** (۱) هاندان؛ بزواندن؛ جۆشدان؛ بووژاندنەوە؛ جم‌وجوول تێخستن: ***(to ~ the economy)*** . (۲) ووروژاندن (دەرمان)؛ هوشیارکردنەوە؛ هەوەس هەڵساندن.

v.i. بوون بەهۆی هاندان یا بزوان.

-stimulater; stimulator *(n.).*

stimulation (stim´yoo-lā′shən), ***n.*** هاندان؛ بزوان؛ جۆشاندن؛ هوشیارکردنەوە؛ هەوەس هەڵسان؛ ووروژان.

stimulative (stim´yoo-lā′tiv), ***adj.*** هاندەر؛ بزوێنەر؛ وورووژێنەر؛ ووریاکەرەوە.

n. شتی هاندەر یا بزوێنەر.

stimulus (stim′yoo-ləs), ***n.*** (۱) بزوێنەر؛ هاندەر؛ هوشیارکەرەوە؛ وورووژێنەر؛ هەوەس هەڵسێن؛ پاڵنەر. (۲) دەرمانی بزوێنەر یا هوشیارکەرەوە.

stimy (stī′mi), ***n. & v.t.*** = stymie.

sting (stiŋ), ***v.t.*** (۱) پێوەدان (جانەوەری چزووداں). (۲) چووزاندنەوە. (۳) ئازاردان؛ ئێش و ئازاردان (هەست، میشک): ***(Her words stung him bitterly.; His conscience stung him sharply.)***

(٤) هاندان؛ پاڵ پێوەنان: ***(His words stung her into action.)*** . (٥) [Slang]، خەڵەتاندن (سەوداگەری)؛ ساختەلێکردن؛ گزی لێکردن: ***(He got stung on that deal.)***

v.i. (۱) پێوەدان (جانەوەری چزووداں)؛ پیاچوون (دڕک). (۲) چووزانەوە؛ تووزانەوە؛ گل کردن: ***(Iodine ~s.; His leg stung from the nettles.)***

n. (۱) پێوەدان. (۲) توانای پێوەدان. (۳) هان؛ شتی هاندەر یا پاڵنەر (٤) (ا) چووزانەوە؛ ئازاری پێوەدان. (ب) نێش و ئازار؛ ئازار (هەست، لەش): ***(the ~ of the wind, hunger, defeat, a whip, etc.)*** (٥) چزوو. (٦) دڕک.

stingaree (stiŋ′ə-rē´, stiŋ′ə-rē´), ***n.*** = sting ray.

stinger (stiŋ′ēr), ***n.*** (۱) پێوەدەر؛ چووزێنەرەوە. (۲) جانەوەری پێوەدەر (هەنگ، زەردەواڵە، دووپشک). (۳) چزوو. (٤) [Colloq.]، (ا) ڕەخنەی هەست بربێندارکەر؛ ووتەی بێ‌ڕێ. (ب) لێدانی بە ئازار. (٥) جۆرێکە لە کۆکتێل یا خواردنەوەی مەستکەر.

stinginess (stin′ji-nis), ***n.*** پیسکەیی؛ گیری؛ پوولەکیتی؛ ڕەزیلی.

sting-ray (stiŋ′rā´), ***n.*** ماسی‌یەکی گەورەیە دوو چزووی ژەهراوی هەیە لە ژێر کلکیدا. (هەروەها " stingaree ").

stingy (stin′ji), ***adj.*** (۱) ڕەزیل؛ پارە پەرست؛ گیر؛ دەست قووچاو؛ پوولەکی؛ ڕژد؛ چرووک؛ بەرچاوتەنگ. (۲) کەم؛ کز: ***(A rain though ~ has began to fall.)*** .

-stingily *(adv.).*

stingy (stiŋ′i), ***adj.*** پێوەدەر (جانەوەری چزووداں)؛ چووزێنەرەوە؛ بڕ؛ بە ئازار؛ تووندوتیژ.

stink (stiŋk), ***v.i.*** (۱) بۆگەن (ێ) هاتن؛ بۆنی پیس لێوەهاتن. (۲) (ا) زۆر ناپەسەند یا بەدبوون. (ب) ئاوبانگ زۆر خراپ بوون. (۳) [Slang]، ئێجگار زۆر هەبوون: ***(He is ~ing with wealth.)*** . (٤) [Slang]، زۆر خراپ یا گەندبوون: ***(The movie ~s.)*** .

n. بۆگەن؛ بۆنی پیس.

raise a stink, [Slang], بۆڵەبۆڵو سکاڵاکردن بە ناشکرا؛ کردن بە هەرا.

stink out, قاندان؛ بە بۆنی پیس دەرپەڕاندنە دەرەوە.

stinkard (stiŋk′ērd), ***n.*** [Obs. or Rare], = stinker.

stink-bug (stiŋk′bug´), ***n.*** جانەوەری بۆگەن.

stinker (stiŋk′ēr), ***n.*** (۱) کەسێکی بۆگەن. (۲) [Slang]، کەسێکی زۆر پیس و بێ نرخ و نالەبار. (۳) [Slang]، شتێکی زۆر قورس و ناخۆش: ***(The exam was a real ~ .)***

stink-horn (stiŋk′hôrn´), ***n.*** قارچکە بۆگەنە.

stinking (stiŋk′iŋ), ***adj.*** (۱) بۆگەن. (۲) [Slang]، زۆر مەست؛ زۆر سەرخۆش.

adv. ئێجگار زۆر؛ زۆر: ***(He got ~ drunk.)*** .

stinking smut, نەخۆشی‌یەکی گەنمە لە " سن " دەچێ.

stink-pot (stiŋk′pot´), ***n.*** (۱) کووپەلە بۆگەنە: گڵینەیەکی پڕ لە سووتەمەنی دووکەڵ بۆگەناوی‌یە (جاران لە جەنگدا بەکاردەهێنرا). (۲) [Slang]، کەسێکی بێ نرخی نالەبار.

stink-stone (stiŋk′stōn´), ***n.*** بەردێکە بۆنێکی پیسی لێ دێت ئەگەر بشکێنرێ یا دەستی لێ بخرێ.

stink-weed (stiŋk′wēd´), ***n.*** گیا بۆگەنە.

stink-wood (stiŋk′wood´), ***n.*** (۱) دارەختە بۆگەنە: دارەختێکە دارو بۆگەن.

stinky (stiŋ′ki), ***adj.*** (۱) بۆ بڕینەوە (بەش، هەند، یا ژمارە بەتایبەتی کەمو نابەجێ)؛ سنوور بۆ دانان؛ کەم بۆ دانان. (۲) [Archaic]، وەستاندن؛ دوایی پێ هێنان.

stint (stint), ***v.t.*** (۱) ڕەزیلی کردن؛ پیسکەیی کردن؛ چرووکی کردن: ***(Don't ~ on the food.; They ~ed for years in order to save money.)***

(٢) [Archaic]، وەستان؛ دوایی پێ هاتن.

n. (١) سنوور (هەند، ژمارە): *(to give without ~)*.

(٢) هەند یا بەشی بڕاوە؛ بەشی بەرکەوتوو یا بۆ دانراو: *(to exceed one's ~)*

(٣) ئەرک؛ کاری پێ سپێردراو.

(٤) [Obs.]، وەستان.

stint (stint), *n.* جۆرە باڵندەیەکی بچووکی کەنار دەریایە.

stipe (stīp), *n.* لاسک؛ قەف؛ قنچک.

stipel (stī′p'l), *n.* گوێچکە گەلای بچکۆلەی بن گەڵایەکی بچووک.

stipend (stī′pend), *n.* (١) مووچە (٢) پارەیەکە بۆ کەسێک بڕاوەتەوە و ناوبەناو دەیدرێتێ (بەتایبەتی بۆ قوتابیەک)

stipendiary (stī-pen′di-er´i), *adj.* (١) مووچەخۆر؛ بۆ مووچە نیشکەر (٢) بە مووچە یا پارە کراو (نیشوکار) (٣) مووچەیی.

n. کەسێکی مووچەخۆر.

stipes (stī′pēz), *n.* (١) قەف؛ لاسک؛ قنچک (٢) بەشی دووەمی شەویلگەی سەرەوەی جانەوەرو گیانداری قاوغدار.

stipple (stip′'l), *v.t.* بە خاڵ خاڵ وێنەکێشان یا هەڵکەندن.

n. (١) شێوەی بە خاڵ خاڵ وێنەکێشان یا هەڵکەندن (٢) نەخامی نەم کارە؛ وێنەی بە خاڵ خاڵ کێشراو یا هەڵکەندراو.

stipular (stip′yoo-lèr), *adj.* تایبەتی بە گوێچکە گەڵا یا قنچکە بن گەڵای تر

stipulate (stip′yoo-lāt´), *v.t.* (١) خستنە پەیمانەوە؛ پەیماندان؛ بەڵێندان (لە پەیماند) (٢) مەرج دانان

v.i. (١) مەرج دانان (٢) پەیمان بەستن.

stipulate (stip′yoo-lit, stip′yoo-lāt´), *adj.* گوێچکە گەڵای بچووکدار (وشەی "stipule" ببینە).

stipulation (stip´yoo-lā′shən), *n.* (١) مەرج دانان (٢) پەیمان بەستن؛ بەڵێندان. (٣) مەرج.

-stipulatory *(adj.)*.

stipule (stip′ūl), *n.* یەکێکە لە دوو گوێچکە گەڵای بچووکی بن گەڵا یا لاسکەکەی

stir (stûr), *v.t.* (١) تێکدان؛ بەتایبەتی بە نەسپایی؛ تێکهەڵدان. *(She ~ed the soup.)*

(٢) جوڵاندن: *(He ~ed the log.)*.

(٣) وورباکردنەوە؛ لەخەوهەڵساندن؛ بزواندن؛ خستنە جموجوڵ.

(٤) شڵەقاندن؛ تێکەڵاوکردن. (٥) هەست جوڵاندن

(٦) (~ up)، وروژاندن؛ خستنە جۆش

v.i. (١) جوڵانەوە *(The patient hasn't ~ed for an hour.)*.

(٢) هەڵسورکەوت کردن؛ جمان. (٣) ڕوودان.

(٤) خرۆشان وروژان؛ هاتنەجۆش.

(٥) تێکدران؛ تێکەڵ بوون *(The mixture ~s easily.)*.

n. (١) تێکدان؛ تێکهەڵدان

(٢) پشێوی؛ ئاشوب؛ هەراوزەنا؛ بەزم *(The crowd was in a ~.)*.

(٣) هاتنەجۆش؛ جۆش؛ وروژان؛ جموجوڵ.

(٤) جوولە

-stirer *(n.)*.

stir (stûr), *n.* [Slang]. بەندیخانە

stir crazy, [Slang], بێ ئارامی بەندیخانە یا بەستراوەوە؛ بێ سەروەتی قەتیس بوون

stirk (stûrk), *n.* پارێز

stirps (stûrps), *n.* (١) بەرە؛ وەچە؛ نەوە؛ وەجاخ؛ بەرەباب. (٢) باپیرەگەورەی هۆز یا بەرە.

stirring (stûr′iŋ), *adj.* (١) چالاک؛ گورج وگۆڵ؛ زیندوو؛ بزۆک. (٢) وروژێنەر؛ بزوێنەر؛ هاندەر *(~ music; a ~ call to arms)*.

stirrup (stûr′əp, stir′əp), *n.* (١) ئاوزەنگی (٢) شتێکی وەک ئاوزەنگی.

stirrup bone, = stapes.

stirrup cup, (١) کاسەی ئاوزەنگی: پەرداخێک مەیە سوار دەیخواتەوە پێش ڕۆیشتنی. (٢) کاسەی خواحافیزی؛ بادەنۆشی خواحافیزی

stirrup leather, قایشی ئاوزەنگی.

stitch (stich), *n.* (١) تەقەڵ. (٢) گرێ قوڵفە؛ گرێ؛ قوڵفەی بە تەقەڵ کراو. (٣) تەقەڵی تایبەتی. (٤) ئازارێکی لە پڕو تیژی کەلەکە یا پشتە؛ لانێشە (٥) [Colloq.]، نەخت؛ تۆز؛ تۆسقاڵ؛ هیچ: *(He hasn't done a ~ of work.)*

v.t. تەقەڵ لێدان؛ دووڕینەوە؛ دووڕین.

v.t. (١) دووڕین؛ تەقەڵ لێدان؛ دووڕینەوە. (٢) لێکدان.

stitch-wort (stich′wûrt´), *n.* چەند جۆرە گیایەکی نزم و گوڵ سپی و نەستێرەیین.

stithy (stith′i, stith′i), *n.* (١) دەزگا؛ دەسگا. (٢) دووکانی ئاسنگەر؛ ئاسنگەرخانە.

stiver (stī′vēr), *n.* (١) ستایڤەر: پارەیەکی هۆڵەندی کەم نرخە. (٢) شتێکی کەم نرخ یا هیچوپووچ؛ نەختێک.

stoa (stō′ə), *n.* دالانی پایەدار؛ ڕاڕەوی سەرگیراوی پایەدار.

stoat (stōt), *n.* گیاندارێکە لە توخمی دەڵەک.

stoccado (sto-kä′dō), *n.* [Archaic], *Also* **staccata**, پیاکردن یا لێدان (تیغێکی نووک تیژ وەک شیر).

stock (stok), *n.* (١) قەد (درەخت). (٢) [Archaic]، (أ) کۆتەرە؛ بنکەدار؛ پاشماوەی قەدی دار پاش بڕینەوەی. (ب) موورەدار؛ بڕەدار؛ کۆتەرەدار. (٣) (أ) کەسێکی دەبەنگ یا گەلحۆ (ب) شتێکی مردوو یا بێ هەست. (٤) (أ) ئەو قەدی درەخت یا ڕووەکە کە بە موتوریە دەکرێ. (ب) ئەو ڕووەکەی قەڵەمی لێ دەکرێتەوە. (٥) **rhizome** (٦) چەند جۆرە ڕووەکێکن لە توخمی خەرتەلە. (٧) (أ) باپیرە گەورە. (ب) وەچە؛ بەرە؛ نەوە. (ج) توخم. (د) ڕەگەز؛ نەتەوە. (ھ) کۆمەڵە زمانی هاوبنچینە. (٨) بنکە یا سنگی دەزگای ئاسنگەر (٩) (أ) دەسکی قامچی و داری ڕاوەماسی. (ب) چوارچێوەی ڕەندە. (ج) هەوجار. (د) قۆناغە تفەنگ. (١٠) (*pl.*)، ئامێرێکی سزادانی کۆنە بریتیبە لە چوارچێوەیەک کە پێی تاوانکاری تێدا دەبەسترایەوە و هەندێک جاریش دەستو مەچەکیشی. (١١) (*pl.*)، چوارچێوەی کەشتی لەسەر دروستکردن. (١٢) (أ) کەرەسەی خاو: *(paper ~)*. (ب) گۆشتاو (کە چێشتی پێ لێ دەنرێ). (١٣) (أ) وڵاخ و ڕەوەسەو مەکینەی کێڵگەیەک. (ب) مەڕومااڵت؛ ئاژەڵ؛ گاوگۆتاڵ. (ج) سەرجەمی کەلوپەلی فرۆشگایەک یا عەمارێک. (د) بەشی دەستە کاغەزی نەدراوی یاری. (١٤) (أ) سەرمایەی بەسوود هێنراوی کۆمپانیای پارەبازی. (ب) بەشی خاوەن بەشی کۆمپانیایەکی وەها. (ج) قەوانەی نەم بەشە (١٥) (أ) هەڵسەنگان. (ب) بایەخ؛ بڕوا؛ بایەخ پێدان: *(I put little ~ in his testimony.)*

(١٦) تیپی شانۆنامەی نیشتەجێ. (١٧) ملپێچی قەشە.

v.t. (١) قۆناغە تفەنگ بۆ دروستکردن؛ هەوجار بۆ کردن. (٢) (أ) ڕەشەووڵاخ و مەڕومااڵت پەیداکردن و هێنان بۆ کێڵگەیەک. (ب) فرۆشگا پڕکردن لە فرۆتەنی. (٣) ئازووقەخستن؛ عەمارکردن؛ شتومەک خستنە دووکانەوە بۆ کڕیار؛ هەڵگرتن. (٤) (أ) وێنجەو سێپەڕەو گیا چاندن. (ب) لەوەڕاندن. (٥) [Obs.]، خستنە چوارچێوەوە بۆ سزادان.

v.i. (١) تەرز فڕێدان. (٢) (~ up)، ئازووقەخستن؛ عەمارکردن بۆ دواڕۆژ؛ کەڵەکەکردن.

adj. (١) هەمیشە دەست دەکەوێ (فرۆتەنی)؛ هەمیشە لە عەماردا هەیە: *(~ items; ~ sizes in shoes)*

(٢) ئاسایی؛ هەمیشە بەکاردەهێنرێت؛ شتێکی تازە نییە؛ کۆن و هیچ‌وپووچ؛ پەپووت

(a ~ joke, argument, speech, remark, comparison)

(٣) تایبەتی بە تیپی شانۆگەری نیشتەجێ.

(٤) هی ژاوژێ؛ بۆ ژاوژێیە *(a ~ mare)*.

(٥) بۆ بەخێوکردنی مەڕومالاتە؛ تایبەتی بە ئاژەڵ بەخێوکردن:

(~ farming)

in stock, هەیە لە فرۆشگادا؛ دەست دەکەوێ بۆ کڕین و فرۆشتن.

on the stocks, لە دروستکردندایە (کەشتی).

out of stock, لە فرۆشگادا نەماوە؛ دەست ناکەوێ بۆ کڕین و فرۆشتن؛ تەواو بووە؛ نەماوە.

take stock, (١) بەسەرکردنەوەی کەلوپەلی فرۆشگا. (٢) هەڵسەنگاندن.

take stock in, (١) بەش کڕین لە کۆمپانیایەکدا (پارەبازی). (٢) [Colloq.]، بایەخ پێدان؛ بڕوا پێ بوون.

stockade (sto-kād′), *n.* (١) سەنگەر (کە بریتی بێ لە تەیمانێک کە لە شیشە داری داچەقیو پێکهاتبێ). (٢) پەچە. (٣) گرتوخانەی تەیمان کراو.

v.t. تەیمار کردن؛ بە تەیمان دەورگرتن یا پاراستن؛ بە شیش دار دەورگرتن.

stock-broker (stok′brō´kēr), *n.* دەڵاڵی پارەبازی.

stock-brokerage (stok′brō´kēr-ij), *n.* دەڵاڵخانەی پارەبازی.

stock car, (١) فارگۆنێکی ئاژەڵ. فارگۆنێکی شەمەندەفەرە بۆ گواستنەوەی ئاژەڵ. (٢) ئوتومبیلی ئاسایی گۆڕاو بۆ پێشبڕکێ.

stock certificate, قەوارەی بەش لە کۆمپانیای هاوبەشی.

stock company, (١) کۆمپانیای هاوبەشی. (٢) تیپی شانۆگەری نیشتەجێ.

stock dove, کۆترە کێویلە؛ کۆترێ دەشتەکی؛ کۆترە باریکە.

stock exchange, بازاڕی پارەبازی؛ بۆرسە؛ بازاڕی ئاڵوگۆڕی بەشی کۆمپانیای هاوبەش.

stock farm, ئاژەڵگە؛ پەروەردگای ئاژەڵ.

stock fish, ماسی وشک کراوەی خوێ نەکراو.

stock-holder (stok′hōl´dēr), *n.* (١) بەشداری کۆمپانیای هاوبەش؛ خاوەن بەشی کۆمپانیای هاوبەش. (٢) خاوەن ئاژەڵ؛ ئاژەڵ بەخێوکەر؛ شوان؛ گاوان.

stockinet (stok′i-net´), *n.* کالای گۆزەوی و دەرپێ.

stocking (stok′iŋ), *n.* (١) گۆزەوی درێژ؛ گۆزەوی. (٢) شتێکی وەک گۆزەوی.

in one's stocking feet, بە گۆزەوییەوە؛ بە گۆزەوی لە پێدابوونەوە؛ بەبێ پێڵاو.

stock-in-trade, (١) کەلوپەلی فرۆشگا. (٢) کەرەسەی پیشەسازی. (٣) کەرەسەی جێبەجێکردنی کارێک.

stockish (stok′ish), *adj.* گەلەجۆ؛ گەلۆز؛ کەردەن؛ بێ مێشک؛ کەر.

stock-jobber (stok′job′ēr), *n.* دەڵاڵی بازاڕی پارەبازی (هەندێک جار لەرووی سووکییەوە).

stockman (stok′mən, stok′man´), *n.* (١) خاوەن ئاژەڵ؛ ئاژەڵ بەخێوکەر؛ شوان؛ گاوان. (٢) کارگەری عەمار.

stock market, (١) بازاڕی پارەبازی. (٢) ئاڵوگۆڕی بازاڕی پارەبازی. (٣) نرخی بەشی کۆمپانیای هاوبەشی (لە بازاڕی پارەبازیدا).

stockpile (stok′pīl´), *n.* ئارووقە؛ شتی عەمارکراو (خواردەمەنی، کەل‌وپەل. حبەخانە، چەک، دەرمان... هتد).

v.t. & v.i. کەڵەکەکردن؛ عەمارکردن؛ ئارووقەخستن.

stockpot (stok′pot´), *n.* (١) مەنجەڵی گۆشتاو. (٢) دەفری شتی هەڕەمە.

stockroom (stok′rōōm´, stok′room´), *n.* عەمار گەنجینە.

stocky (stok′i), *adj.* تۆکمە تێکسمراو؛ کورت و نەستوورو پڕ (مرۆڤ، گیانەوەر، ڕووەک)

-**stockiness** *(n.)*.

stockyard (stok′yärd´), *n.* پەچە (بەتایبەتی بۆ ڕاگرتنی سەردەمی جەڵەبی ئاژەڵ و گاوگۆتان و ئەسپ پێش سەربڕینیان یا فرۆشتنیان).

stodgy (stoj′i), *adj.* (١) قورس و ناخۆش (خواردەمەنی). (٢) تۆکمە؛ تێکسمراو؛ قەبە. (٣) پڕ؛ سیختاخ؛ ناخنراو.

(a ~ book, novel, lecture, etc.) (٤) ووشک و ناخۆش:

-**stodgily** *(adv.)*; **stodginess** *(n.)*.

stogie, stogy (stō′gi), *n.* (١) ستوجی: سیگارێکی باریک و درێژو هەرزانبەهایە. (٢) پێڵاو یا جزمەیەکی قورسە.

Stoic (stō′ik), *n.* (١) پەیڕەوی فەلسەفەیەکی یۆنانی کۆنە کە دەڵێت: پووداوانەکانی ژیان هەمووی لەسەر ویستی خودایەوەدەبێ مرۆڤ بە بەجەرگانە شانی بداتە بەر بەبێ نەرەی خۆشی و ناخۆشی کاری تێ بکات (٢) [s-]، کەسێکی بێباک یا بەجەرگ؛ بەرگەگری ناخۆشی.

adj. بێباک؛ بەجەرگ؛ بەرگەگر (ناخۆشی).

stoical (stō′i-k'l), *adj.* بێباک؛ بەجەرگ؛ بەرگەگر (ناخۆشی)؛ دەربڕدوو.

-**stoically** *(adv.)*.

stoichiometry (stoi´ki-om′ə-tri), *n.* زانستی پێوانی یەکگرتنی کیمیایی.

Stoicism (stō′i-siz'm), *n.* (١) فەلسەفەیەکی یۆنانیی کۆنە دەڵێت: دەبێ مرۆڤ بە بەجەرگانە شان بداتەبەر پووداوانەکانی ژیان و خۆشی و ناخۆشی هیچ کاری تێ نەکات. (٢) [s-]، بێباکی؛ بەجەرگی؛ بەرگەگرتن (ناخۆشی).

stoke (stōk), *v.t. & v.i.* (١) ئاگر خۆش کردن؛ ئاگر جۆشدان. (٢) سەرەوکاری تووڕ یا ئاگردان کردن.

stokehold (stōk′hōld´), *n.* ژووری ئاگر لێوە خۆش کردنی تووڕ و بەرمیلی ئاو کوڵاندنی کەشتی.

stokehole (stōk′hōl´), *n.* (١) (أ) دەرگای تووڕ یا ئاگردان. (ب) بەردەمی دەرگای تووڕ یا ئاگردان. (٢) stokehold.

stoker (stōk′ēr), *n.* (١) تووڕچی (کەشتی)؛ ئاگر خۆشکەر. (٢) ئامێری خەڵووز کردنە تووڕ یا ئاگردانەوە.

stole (stōl), *n.* (١) کراسی ئاودامانی دەڵبەر ژن (لە پۆڵەی کۆندا). (٢) پارچە تەنراوێکی درێژی نەقشاوییە قەشە دەیدات بەسەر شانێک یا هەردوو شانیدا لەکاتی بەرنوێژی کردندا. (٣) کۆڵوانە.

stole (stōl), *past tense of* **steal.**

stolen (stōl′ən), *past participle of* **steal.**

stolid (stol′id), *adj.* بێ هەست؛ هەست مردوو

-**stolidity**; **stolidness** *(n.)*; **stolidly** *(adv.)*.

stolon (stō′lon), *n.* (١) تەرزێکە بەسەر زەویدا دەخشێ و ڕەگ دادەکوتێ و دەبێتە ڕووەکێکی سەربەخۆ. (٢) پەڵی هەندێ گیانداری وەک شیلانە کە بەچکەی تازەی لێ دەبێتەوە.

stoma (stō′mə), *n.* (١) کونیلەی پێستی هەندێ ڕووەک (بۆ هەناسەدان). (٢) کونیلەیەکە لە گیانداری سەرەتاییدا ئیشی دەم دەبینێ.

stomach (stum′ək), *n.* (١) گەدە. (٢) وورگ؛ سك. (٣) ئارەزووی خواردن.

(They had no ~ for fighting.) (٤) ئارەزوو.

(٥) [Obs.]، نازایی؛ پرکێشی؛ نەترسان؛ بەجەرگی.

(٦) [Obs.]، لووت بەرزی؛ فیز.

v.t. (١) خواردن؛ هەرس کردن؛ توانای خواردن و هەرس کردن هەبوون. (٢) چاوپۆشی کردن؛ خۆگرتن؛ دان بە خۆدا گرتن؛ گوێ پێ نەدان؛ دەبردن لەگەڵدا:

(He cannot ~ cruelty to animals.; She cannot ~ him.)

(٣) [Obs.]، پێ ناخۆش بوون؛ تووڕەبوون؛ قێن لێ بوونەوە.

stomach-ache (stum′ək-āk´), *n.* سك ئێشە.

stomacher (stum′ək-ēr), *n.* تەنراوێکی نەقشاوی یا خشڵاوی جوانە جاران ژن لەبەریان دەکرد بەسەر سنگ و سکیاندا لەسەر بەرگی تەرەوە.

stomachic (stō-mak′ik), *adj. Also* **stomachal,** (١) گەدەیی

(٢) یارمەتی هەرس کردن دەدات؛ بۆ هەرس باشە؛ بۆ گەدە باشە.

n. دەرمانی هەرس؛ دەرمانی گەدە.

-stomachical ***(adj.).***

stomach pump, ترومپای گەدە (بۆ هەڵهێنجانی خواردەمەنی ناو گەدە لە ئەنجامی ژەهر لێدانداا... هتد).

stomata (stō′mə-tə, stom′ə-tə), ***n.*** *plural of* **stoma.**

stomatal (stom′ə-t′l, stō′mə-t′l), ***adj.*** کونیلەیی؛ کونیلەدار (ووشەی " stoma " ببینە).

stomatic (stō-mat′ik), ***adj.*** (١) دەمی؛ تایبەتی بە دەم. (٢) کونیلەیی. (ووشەی " stoma " ببینە).

stomatitis (stō´mə-tī′tis, stom´ə-tī′tis), ***n.*** هەوکردنی دەم.

stomato- (stom′ə-tō, stō′mə-tə), پێشگرێکە بەمانای: دەمی؛ دەم؛ تایبەتی بە دەم؛ ***(stomatology)*** .

stomatology (stō´mə-tol′ə-ji), ***n.*** زانستی دەم و نەخۆشی‌یەکانی.

stomatopod (stom′ə-tō-pod´), ***n.*** گیانداری پێ دەمی؛ چەند جۆرە گیاندارێکی ئاوی قاقڵەدارن پەلەکانیان کونیلەی وەک دەمی پێوەیە.

stomatous (stom′ə-təs, stō′mə-təs), ***adj.*** کونیلەدار (ووشەی " stoma " ببینە).

stomodaeum, stomodeum (stō´mə-dē′əm), ***n.*** دەمی ناوڵەمە

stomp (stomp), ***n., v.t. & v.i.*** [Dial.], = **stamp.**

-stomy, پاشگرێکە بەمانای: کون کردنە نەندامێک بە نەشتەرکاری.

stone (stōn), ***n.*** (١) بەرد؛ کوچک. (٢) (ا) بەردی خانوو. (ب) بەردی چەخماخچی؛ هەستان. (ج) کێلەبەرد. (د) تەختەبەرد. (٣) شتێکی بەرد ئاسا: (ا) تەرزە. (ب) گون. (ج) ئاوکە خورما و قۆڕ. (٤) بەردی بەنرخ. (٥) کێشێکی ئینگلیزی‌یە بریتی‌یە لە چواردە پاوەند. (٦) بەردی گورچیلە. (٧) مێزنێکی سەر لووسو بەردینە تیپی چاپەمەنی لەسەر رێک دەخرێ.

v.t. (١) بەردەباران کردن؛ بەرد پێدان؛ بە بەرد کوشتن. (٢) تەختەبەرد کردن؛ بەردرێژکردن. (٣) هەستان لێدان؛ تیژکردن (بە زیرە یا هەستان). (٤) ئاوک لێ دەرهێنان (قۆڕ، گێلاس، خورما). (٥) [Obs.]، ڕەق کردن؛ وەک بەرد لێکردن.

adj. (١) بەردین؛ بەرد. ***(a ~ wall)*** . (٢) گڵینە.

cast the first stone, یەکەم بەرد هاویشتن؛ یەکەم کەس بوون لە ڕەخنەگرتن، سەرزەنشتی کردن، یا هێرش بردندا.

leave no stone unturned, هەموو هەوڵێک دان؛ زۆر هەوڵدان؛ بە هەموو جۆرێک هەوڵدان.

stone- (stōn), پێشگرێکە بەمانای: زۆر؛ بەتەواوی: ***(stone-blind)*** .

Stone Age, دەوری بەرد؛ چەرخی بەردین.

stone-blind (stōn′blīnd´), ***adj.*** کوێری تەواو.

stone-broke (stōn′brōk´), ***adj.*** [Slang], نابووتی تەواو؛ مایە پووت.

stone-chat (stōn′chat´), ***n.*** جۆرە باڵندەیەکە لە توخمی ڕیشۆلە.

stone-crop (stōn′krop´), ***n.*** = **sedum.**

stone-cutter (stōn′kut´ĕr), ***n.*** (١) بەردتاش (٢) ئامێری بەرد تاشین یا ڕێک‌وپێک کردن.

stone-deaf (stōn′def´), ***adj.*** کەپی تەواو؛ کەپ.

stone-fruit, میوەی ناوکدار (قۆڕ، گێلاس).

stone marten, (١) دەڵەک. (٢) پێستە دەڵەک.

stone-mason (stōn′mā´s'n), ***n.*** بەردتاش؛ بەنا؛ بیناساز.

-stonemasonry ***(n.).***

stone parsley, سەوزەیەکی بۆن خۆشە لە توخمی مەعدەنووس دەکرێتە چێشتەوە

stone's throw, بەردهاوێژ؛ بەردهاوێژ؛ ماوەیەکی زۆر نزیک.

stone-wall, ***n.*** (١) کەڵەک؛ شوورەی کەڵەک (بە دەوری زەوی‌یەکدا). (٢) کۆسپ؛ کەندوکۆسپ.

stone-wall, ***v.i. & v.t.*** کۆسپ لە ڕێگەدا دانان؛ خۆ بەدەستەوە نەدان؛ خۆدزینەوە (لە پرسیارێک)؛ هاوکاری لەگەل نەکردن.

stone-ware (stōn′wâr´), ***n.*** گڵینەی بەردین؛ دەفری گڵینەی سووڕەوەکراو.

stone-work (stōn′wŭrk´), ***n.*** (١) بەردتاشی؛ بەردبڕی؛ بەردکاری. (٢) خانووی بەرد؛ دیواری بەرد؛ بەشی بەردینی خانوو: ***(The first storey is ~ .)*** (٣) (*pl.*) ، شوێنی بەردتاشین.

-stone-worker ***(n.).***

stone-wort (stōn′wŭrt´), ***n.*** قەوزەی ناو بەرد (کە گەڵێک جار گەچاوی‌یە).

stony (stō′ni), ***adj.*** (١) بەردەڵانی؛ بەردانی؛ بەردەڵان. (٢) ڕەق. (٣) دڵڕەق؛ بێ بەزەیی. (٤) بێ هەست؛ سارد؛ هەست مردوو: ***(a ~ face)*** . (٥) تۆقێنەر؛ سڕکەر: ***(a ~ fear)*** . (٦) [Poetic]، بەردین.

-stonily ***(adv.)***; **stoniness** ***(n.).***

stony-hearted (stō′ni-här′tid), ***adj.*** دڵڕەق؛ بێ بەزەیی.

stood (stood), *past tense and past participle of* **stand.**

stooge (stōōj), ***n.*** (١) قەشمەر؛ نوێنەرێک کە دەبێتە دەسکەلای نوێنەرە سەرەکی‌یەکە بۆ پێکەنین. (٢) دەسکەلا؛ نۆکەر؛ کەسێکی بەکارهێنراو لەلایەن کەسێکی ترەوە. (٣) سیخوڕ؛ جاسووس.

v.i. [Colloq.], بوون بە قەشمەر؛ بوون بە دەسکەلا؛ بوون بە سیخوڕ.

stook (stōōk, stook), ***n.*** [British], مەڵۆ.

stool (stōōl), ***n.*** (١) ئەسکەمل؛ ئەسکەملی؛ کورسی بێ پشت. (٢) ئاوەدەستخانە؛ ئاوەدەست. (٣) گووکردن. (٤) گوو؛ پیسایی. (٥) کۆتەرەداری چووز دەرکردوو؛ ڕەگی چووز دەرکردوو. (٦) چەپکە چووزێکی وەها. (٧) تەڵە؛ داو. (٨) باڵندەی ڕاو (وەک کەوو سوێسکە).

v.i. (١) چووز دەرکردن (کۆتەرەدار). (٢) گووکردن؛ پیسایی کردن. (٣) [Colloq.]، سووسەیی کردن؛ سیخوڕی کردن.

stool pigeon, (١) کۆتری ڕاو: باڵندەیەکە وەک کەوو سوێسکە کە بۆ ڕاو بەکاردەهێنرێت. (٢) کەسێکە وەک داو خەڵکی پێ دەگیرێ. (٣) [Colloq.]، سیخوڕ؛ جاسووس.

stoop (stōōp), ***v.i.*** (١) چەمینەوە؛ دانەوینەوە؛ کۆمانەوە؛ خۆ نوشتانەوە. (٢) شان داچەکان. (٣) خۆ نزم کردنەوە (ڕەووشت)؛ خۆ سووک کردن: ***(He ~ed to begging and stealing.)*** (٤) [Rare]، ملکەچ کردن؛ کڕنووش بردن. (٥) شاڵاوبردن (باڵندەی گۆشتخۆر)؛ لەپڕ بەسەردا دان.

v.t. (١) چەماندنەوە؛ نوشتاندنەوە. (٢) [Archaic]، نزم کردنەوە (ڕەفتار)؛ سووک کردن.

n. (١) نوشتانەوە؛ چەمینەوە (٢) شان داچەکان. (٣) خۆ سووک کردن؛ نزمی؛ نزم بوونەوە (ڕەووشت). (٤) ملکەچی؛ کڕنووش. (٥) شاڵاو (باڵندەی گۆشتخۆر).

stoop (stōōp), ***n.*** (١) سەکۆی پێ پیلکەداری بەردەرگا. (٢) دالانی بەردەرگا.

stoop (stōop), ***n.*** = **stoup.**

stop (stop), ***v.t.*** (١) گرتنەوە (خوێن، شلە، ئاو)؛ وەستاندن. (٢) بەرگرتن؛ بەردەم گرتن؛ ڕێگرتن؛ بەربەستکردن. (٣) پرکردنەوە (کون، کەلێن)؛ گرتن (کون). (٤) سەرنانەوە (شووشە)؛ داخستن (دەفر، شووشە)؛ دەم نانەوە (٥) (ا) پەنجە خستنەسەر کونی ئامێری مۆسیقای فووپیاکەر.

(ب) ئاوارێکی تایبەتی لێدان بەم داخستنە.
(٦) وەستاندن؛ ڕێ لێگرتن؛ ڕاگرتن؛ ڕێ نەدان؛ ڕێی ڕۆیشتن نەدان؛ ڕاوەستاندن؛ دەست هێنانە ڕێ.
(٧) (ا) بەرهەڵستی کردن. (ب) بەزاندن؛ بۆڕپێدان. (ج) نامەگرتن.
(٨) وەستان: *(He ~ed talking.)* .
(٩) براندنەوە؛ بڕینەوە؛ دوایی پێ هێنان: *(~ that noise.)* .
(١٠) وەستاندن (مەکینە)؛ کوژاندنەوە.
(١١) دەست ئان بە ژێی کەماندا (بۆ لێدانی ئاوازێکی تایبەتی).
(١٢) خالبەندی کردن (ڕێزمان).
(١٣) وەستاندن (کار)؛ ڕێ لێگرتن (مرۆڤ لە کردنی شتێك)؛ نەهێشتن.
(He asked the bank to ~ payment on the check.) (١٤) وەستاندنی گۆڕینەوەی چەك:

v.i. (١) وەستان (جوولە). (٢) وەستان (کار)؛ وازلێهێنان.
(٣) وەستان (مەکینە)؛ کوژانەوە. (٤) بەرگیران (بۆری، ئاوەڕۆ... هتد)؛ گیران؛ بەر بەستران؛ پەنگخواردنەوە. (٥) گل خواردنەوە؛ ڕاوەستان؛ مانەوە؛ لادان.

n. (١) وەستان؛ ڕاوەستان. (٢) کۆتایی؛ دوایی؛ دوایی هاتن.
(٣) لادان (گەشت)؛ مانەوە؛ ڕاوەستان؛ گلخواردنەوە. (٤) وێستگە (پاس).
(٥) دەمەوانە؛ پلاك. (٦) داوای وەستانی چەك لەلایەن خاوەنەکەیەوە بۆ نەگۆڕینەوەی لەلایەن بانقەوە (٧) خال (خالبەندی)
(٨) (ا) بەنجە خستنەسەر کونی ئامێرێکی فووپیاکەر بۆ لێدانی ئاوازێکی تایبەتی (ب) کونێکی پەنجە خراوەسەر.
(٩) (ا) وەستانی هەوا لە بێژانی هەناوی تێپیدا (دەنگناسی).
(ب) تێپیکی وەها (وەك: d, t, g, k, b, p)

put a stop to, وەستاندن؛ کۆتایی پێ هێنان؛ بڕینەوە؛ ڕاوەستاندن.
stop off, وەستان لە شوێنێك بۆ ماوەیەکی کورت لەسەر ڕێگادا بۆ شوێنێکی تر؛ لادان:
(I stopped off at her house on my way to the store.)
(١) مانەوە بۆ ماوەیەك. (٢) لادان لەکاتی گەشتدا بۆ پشوودان؛ مانەوە یا وەستان لە بەینی دوو قۆناغە ڕێدا؛ بارخستن:
(Are you going to stop over in Europe on your way home?)

stopcock (stop′kok´), ***n.*** بەلووعە؛ قفڵی ئاو یا شلەی تر.
stope (stōp), ***n.*** چاڵی پێ پیلکەیی کانگا.
v.t. & v.i. کانزای خاو دەرهێنان لە چاڵێکی وەها.
stop-gap (stop′gap´), ***n.*** چارەی سەردەمی؛ بریکاری سەردەمی: *(~ measures, solutions, etc.)*
stop light, (١) چرای وەستانی هاتوچۆی ئوتومبیل لە ڕێگەوباندا (کە سوورە) (٢) چرای وەستانی پشتی ئوتومبیل (کە دادەگیرسێت بە پێنان بە وەستێنەردا)
stop order, فەرماندان بە دەڵاڵی پارەبازی بە کڕین یا فرۆشتنی بەشی کەسێك یا کۆمپانیایەك بە نرخێکی تایبەتی.
stop-over (stop′ō´vĕr), ***n.*** (١) لادان لە کاتی گەشتدا بۆ پشوودان؛ وەستان یا لادانی بەینی دوو قۆناغە ڕێدا؛ بارخستن.
(٢) شوێنی نەم لادان یا وەستانە.
stoppage (stop′ij), ***n.*** (١) وەستان؛ وەستێنران؛ ڕاوەستان.
(٢) بەرگیران (شلە)؛ گیران (بۆری)؛ بەردەم داخران.
stop payment, چەك ڕاگرتن: فەرمانێکە لە خاوەن چەکەوە بۆ بانق بۆ نەگۆڕینەوەی چەکێك کە نیمزای خۆیی پێوە بێ.
stopper (stop′ĕr), ***n.*** (١) وەستێنەر (مرۆڤ، ئامێر، شت).
(٢) دەمەوانە؛ تەپەدۆز؛ تۆپەوانە؛ پشك.
v.t. دەم ئاوەوە (بە دەمەوانە) دەم گرتن؛ داخستن؛ گرتن.
stoppel (stop′′l), ***n.*** دەمەوانە؛ تۆپەوانە؛ تەپەدۆز؛ پشك. (هەروەها " stopper ")
v.t. دەم ئاوەوە (بە دەمەوانە)؛ دەم گرتن؛ داخستن؛ گرتن.
stop sign, نیشانەی وەستان (هاتوچۆی ئوتومبیل).
stop watch, کاتژمێری کات ڕاگرتن: کاتژمێرێکە دەتوانرێ بوەستێنرێ و بخرێتەوە ئیش لە چرکەیەکدا بۆ کات ڕاگرتنی پێشبڕکێ بەکاردەهێنرێ

storage (stôr′ij, stō′rij), ***n.*** (١) عەمارکردن؛ کۆکردنەوە؛ هەڵگرتن؛ خستنە بارخانەوە. (٢) عەمار؛ گەنجینە؛ کۆگا؛ بارخانە.
(٣) کرێی عەمارکردن. (٤) پرکردنەوەی باتری.
storage battery, باتری پرکراوە.
storax (stō′raks), ***n.*** (١) چەند جۆرە درەختێکن جەوێیەکی بۆن خۆشیان لێ دەردێت. (٢) جەوی ئەم درەختانە.
(٣) شیلەیەکی بۆن خۆشە لە هەندێك لەم درەختانە دەردێت و دەکرێ بە دەرمان.
store (stôr, stōr), ***n.*** (١) ئازووقە؛ قایمەکاری؛ یەدەك.
(٢) فرۆشگا؛ دووکان؛ کۆگا (٣) عەمار؛ بارخانە.
(٤) ژمارەیەکی زۆر؛ هەندێکی زۆر؛ فرە.

v.t. (١) ئازووقەخستن؛ قایمەکاری کردن؛ هەڵگرتن یا خستنەلاوە بۆ دواڕۆژ.
(٢) پرکردن؛ پرکردنەوە؛ تێخستن؛ پێدان.
(٣) عەمارکردن؛ خستنە بارخانەوە.

in store, (١) هەڵگیراو بۆ دواڕۆژ (٢) هێشتا ماوە کە ڕوو بدات.
set no great store by, بایەخ پێ نەدان؛ بە هیچ وپووچ دانان؛ لەلا بێ نرخ بوون.
set store by, بایەخ پێدان؛ لەلا بەنرخ بوون؛ بە گرنگ دانان.
store-house (stôr′hous´, stōr′hous´), ***n.*** عەمار؛ بارخانە.
store-keeper (stôr′kēp´ĕr, stōr′kēp´ĕr), ***n.*** دوکاندار؛ دوکانچی.
store-room (stôr′rōōm´, stōr′room´), ***n.*** گەنجینە؛ عەمار.
storey (stôr′i, stō′ri), ***n.*** [British], نهۆم؛ قات.
storied (stôr′id, stō′rid), ***adj.*** (١) ڕازاوەتەوە بە نەخشەی مێژوویی و داستانیەوە: *(~ tapestry)* .
(٢) بەناوبانگە لە مێژوو یا داستاندا.
storied (stôr′id, stō′rid), ***adj.*** چەند نهۆمی؛ چەند قاتی؛ ئەوەندە نهۆمی هەیە: *(three- ~)* .
storiette, کورتە چیرۆك.
stork (stôrk), ***n.*** حاجی لەقلەق؛ لەقلەق
stork's-bill (stôrks′bil´), ***n.*** ڕووەکێکە بەرەکەی لە دەنووك دەچێت.
storm (stôrm), ***n.*** (١) زریان؛ گەردا و؛ باوبۆران؛ گەردەلوول.
(٢) لێزمە باران؛ بەفر، باران، یا تەرزەیەکی زۆر.
(٣) بای زۆر بەهێزو تیژ (٦٤–٧٢ میل لە ساتێکدا).
(٤) گوللە باران؛ تۆپ باران: *(a ~ of bullets)* .
(٥) هەڵچوون؛ لێشاو؛ وروژم. *(a ~ of criticism)* .
(٦) پشێوی (کۆمەڵایەتی یا ڕامیاری)؛ ئاشووب.
(٧) هێرشی سەر سەنگەر؛ پەلامارداندا؛ هەڵمەت.

v.i. (١) کردن بە باوبۆران؛ کردن بە زریان؛ باران یا بەفر زۆر بارین: *(It ~ed last night.)*
(٢) هەڵچوون؛ شێتگیربوون؛ زۆر تووڕەبوون؛ قوشقی بوون.
(٣) زۆر بە تووڕەیی و بەپەلە چوونەدەرەوە، ڕۆیشتن یا هاتنەژوورەوە.
(She ~ed into the room.; He ~ed out of the office.)

v.t. (١) هێرش بردنەسەر بەبێ پەرواو بە تووندوتیژی: *(They ~ed him with questions.)*
(٢) هێرش بردنەسەر؛ پەلاماردان؛ پەلاماردانو گرتن: *(The police ~ed the building and captured the thieves.)*

storm-bound (stôrm′bound´), ***adj.*** ڕێ لێ گیراو بەهۆی باوبۆرانەوە؛ لە شوێنی تر دابڕاو یا پچڕاو بەهۆی بەفرو بارانەوە.
storm cellar, ژوورێ ژێرزەمینی گەردا و یا گێژەڵووکەی بەهێز.
storm center, (١) ناوچەرگەی زریان.
(٢) ناوچەرگەی ئاشووب یا پشێوی.
storm door, دەرگای باوبۆران: دەرگایەکە لەدەرەوەی دەرگای دەرەوە بۆ پاراستن لە باوبۆران.

storm petrel, باڵندەیەکی بچووکی پەش‌و سپی دەریایی‌یە (گوایە نیشانەی زریانە).

storm-proof (stôrm′prōōf´), *adj.* باوبۆران کارتێنەکەر.

storm-trooper, زریانە سەربازێ چەکداری هێزی چەکداری نازی‌یەکانی ئەڵمانیا (کە بە تووندوتیژی ناسرابوون).

storm window, پەنجەرەی زریان؛ پەنجەرەیەکە لەدەرەوەی پەنجەرەی ناساوی‌یەوە بۆ پاراستن لە باو سەرما وسۆڵەی زستان.

stormy (stôr′mi), *adj.* (۱) زریاناوی؛ باوبۆراناوی؛ سەخت. *(a ~ day ; a ~ sea)*

(۲) بەحۆش؛ گەرم (گفتوگۆ)؛ تووندوتیژ؛ بێ ئاسوودە. *(a ~ argument; a ~ relationship)*

-stormily *(adv.)*; storminess *(n.)*.

stormy petrel, گێرەشێوێن؛ ئاژاوەچی؛ سەر بە گۆزبەنگ؛ ئاشووبگێڕ.

story (stôr′i, stō′ri), *n.* (۱) چیرۆک گێرانەوە؛ هۆنینەوە.

(۲) ا. چیرۆک؛ داستان؛ سەرگووزشتە؛ سەرگووشتە. (ب) کورتە چیرۆک.

(۳) ڕووداوەکانی چیرۆکێک یا شانۆنامەیەک.

(٤) قاو. ووت‌ووات؛ مقۆمقۆ؛ بەندوباو. (٥) [Colloq.]، درۆ.

(٦) [Archaic]، مێژوو

(۷) ا. چیرۆک یا دەنگوباس (لە ڕۆژنامە یا ڕادیۆو تەلەفزیۆندا)؛ بەسەرهات.

ب) کەسێک یا بەسەرهاتێک کە شایانی باسە لە ڕۆژنامەو ڕادیۆو تەلەفزیۆندا.

v.t. (۱) باس کردن؛ هۆنینەوە؛ گێڕانەوە لە چیرۆکێکدا.

(۲) ڕازاندنەوە بە تابلۆو نەخشەی مێژوویی.

story, storey (stôr′i, stō′ri), *n.* (۱) نهۆم؛ قات.

(۲) هەموو ژوورەکانی نهۆمێک. (۳) چین.

story-teller (stôr′i-tel´ĕr, stō′ri-tel´ĕr), *n.* (۱) چیرۆک بێژ؛ چیرۆک گێڕەوە (۲) [Colloq.]، درۆزن.

story-writer, چیرۆک نووس

stotinka (stô-tiŋ′kà), *n.* پارەیەکی بولغاری بچووکە.

stound (stound), *n.* (۱) ساتێک؛ ماوەیەکی کەم.

(۲) [Obs. or Dial.]، ئێش؛ ئازار.

stoup (stōōp), *n. Also* stoop, (۱) (ا) کاسە؛ پەرداخ؛ کووپ.

(ب) پر بەرداخێک یا کاسەیەک. (۲) [Scot.]، سەتڵ.

(۳) جۆرە یا حەوزی بچووکی پیرۆزی بەردەمی کڵێسە.

stout (stout), *adj.* (۱) ئازا؛ چاونەترس؛ بەجەرگ. (۲) گۆشتنەدەر.

(۳) ا. بەهێز؛ تۆکمە؛ تێکسەراو.

(ب) قایم؛ پتەو؛ تۆکمە. *(a ~ wall)* .

(٤) تووندوتیژ؛ قایم؛ بەهێز؛ توند؛ بەتین. *(a ~ wind; a ~ attack)* .

(٥) قەڵەو؛ کەتە؛ خڕوپڕ؛ پان‌وپۆڕ؛ گۆشتن.

n. (۱) کەسێکی قەڵەو. (۲) جل‌وبەرگی کەسێکی قەڵەو.

(۳) بیرەیەکی بەتینی قاوەیی‌یە.

-stoutly *(adv.)*; stoutness *(n.)*.

stout-hearted (stout′här´tid), *adj.* نازا؛ بەجەرگ؛ دلێر؛ چاونەترس

stove (stōv), *n.* (۱) (ا) ڕۆپا. (ب) چێشت لێنەر (هی گاز یا کارەبا)

(۲) (ا) کن؛ کووڕەی گۆزەو دیزە سووڕکردنەوە

(ب) ژووری گەرمی شەتڵ و ڕووەک پێ گەیاندن.

stove (stōv), *alternative past tense and p.p. of* stave.

stove-pipe (stōv′pīp´), *n.* (۱) لوولە زۆپا

(۲) [Colloq.]، کڵاوێکی ئاوڕیشمی درێژکۆڵەی پیاوانەیە (پێشی دەوترێ " stove-pipe hat ").

stover (stō′vĕr), *n.* (۱) لاسکە گەنمەشامی (کە دەدرێ بە ئاژەڵ وەک ئالف). (۲) [British Dial.]، ئالف

stow (stō), *v.t.* (۱) پێچانەوەو هەڵگرتن بە ڕێک‌وپێکی؛ هەڵگرتن؛ هەمارکردن. *(He ~ed various articles in his knapsack.)*

(۲) پرکردن بە ڕێک‌وپێکی. (۳) جێ تێدابوونەوە (دەفر؛ ژوور... هتد).

(٤) [Obs.]، حەواندنەوە؛ جێکردنەوە؛ لانەدان.

(٥) [Slang]، بڕینەوە؛ وەستاندن: *(~ the chatter.)* .

(٦) [Slang]، ماشینەوە؛ هەل لووشین.

stow away, (۱) خستنەلاوە؛ شاردنەوە؛ هەڵگرتن لە جێیەکی باشدا.

(۲) بە قاچاخی سواری کەشتی‌و شەمەندەفەر بوون بۆ کرێ نەدان یا هەڵهاتن؛ خۆشاردنەوە لە کەشتی‌و شەمەندەفەردا بۆ ئەم مەبەستە.

stowage (stō′ij), *n.* (۱) پێچانەوەو هەڵگرتن بە ڕێک‌وپێکی؛ هەمارکردن.

(۲) هەمار؛ بارخانە؛ جێی شت هەڵگرتن. (۳) شتی هەمارکراو یا هەڵگیراو

(٤) کرێی هەمارکردن یا هەڵگرتن.

stowaway (stō′ə-wā´), *n.* ڕێبواری قاچاخ؛ کەسێکە کە بە قاچاخی سواری کەشتی‌و شەمەندەفەر دەبێ‌و خۆی دەشارێتەوە بۆ کرێ نەدان یا هەڵهاتن.

strabismal (strə-biz′m'l), *adj.* = strabismic.

strabismic (strə-biz′mik), *adj.* (۱) تایبەتی بە خێلی. (۲) خێلی.

strabismus (strə-biz′məs), *n.* خێلی؛ خێلێتی.

strabotomy (strə-bot′ə-mi), *n.* چاککردنەوەی خێلی (نەشتەرکاری).

straddle (strad′l), *v.t.* (۱) گەل بڵاوکردنەوە (لە دانیشتن، وەستان، پێشتن، یا سواربوونداً؛ لاق بڵاوکردنەوە؛ سواربوون: *(to ~ a horse)*

(۲) گرتنەوە؛ پەل بەسەردا کێشان: *(Our land ~s five countries.)*

(۳) دوودڵی کردن؛ خۆ ساغ نەکردنەوە بە لایەکدا؛ لەگەل هەردوو لادا بوون *(to ~ an issue)*

v.i. (۱) گەل بڵاوکردنەوە (لە دانیشتن، وەستان، پێشتن، یا سواربوونداً؛ لاق بڵاوکردنەوە. (۲) پەل فڕێدان بە هەموولایەکدا.

(۳) خۆ ساغ نەکردنەوە بە لایەکدا؛ لایەنگیری هەردوو لای مەسەلەیەک کردن؛ پاڕایی کردن.

n. (۱) گەل بڵاوی؛ قاچ بڵاوکردنەوە. (۲) ماوەی بەینی گەلی بڵاو.

(۳) [Colloq.]، پاڕایی؛ خۆ ساغ نەکردنەوە بەسەر هیچ لایەکدا؛ پانپشتی هەردووڵا کردن. (٤) ماقی کڕین‌و فرۆشتن (پارەبازی).

strafe (strāf, străf), *v.t.* بۆردومان کردن؛ بۆمباران کردن.

n. بۆردومان؛ بۆمباران.

straggle (strag′l), *v.i.* (۱) لە ڕێ لادان؛ سەرگەردان بوون؛ ڕێ وون کردن؛ وون بوون؛ لە کۆمەڵ دابڕان؛ لە کاروان بەجێمان؛ لێ جیابوونەوە.

(۲) پێدا بڵاوبوونەوە بە ناڕێک‌وپێکی؛ پرش‌و بڵاوبوونەوە: *(weeds ~ing over a garden; trees ~ing over the countryside)*

n. کۆمەڵێکی پرش‌و بڵاوو ناڕێک‌وپێک (مرۆڤ، شتومەک... هتد).

-straggler *(n.)*.

straggly (strag′li), *adj.* پرش‌و بڵاوو ناڕێک‌وپێکی؛ بە ناڕێک‌وپێکی ڕەواو یا بڵاوبوونەوە: *(a ~ beard)* .

straight (strāt), *adj.* (۱) ڕاست؛ ڕێک: *(a ~ line, road, etc.)* .

(۲) (ا) ڕێک؛ نەنوشتاوە؛ قنج: *(a ~ back)* .

(ب) خاو (قژ؛ لوول نەیە: *(~ hair)* .

(۳) ڕاست‌و ڕەوان؛ بێ لادان؛ ڕێک: *(a ~ course)* .

(٤) ڕێک‌وپێک: *(Put your room ~ .)* .

(٥) (ا) سەرڕاست؛ ڕاستڕۆ؛ پاک ڕەووشت.

(ب) [Colloq.]، پشت پێ بەستراو (دەنگوباس)؛ ڕاست.

(٦) وورد؛ ڕێک‌وپێک. (۷) لەڕوو؛ قسە لەڕوو.

(۸) ڕوون نەکراوەتەوە؛ یەکسەر؛ پوخت: *(~ whisky)* .

(۹) بەبێ پێچ‌وپەنا؛ ڕاستەڕاست؛ ڕاست‌و ڕەوان: *(a ~ answer)* .

(۱۰) تێکڕا (نرخ): *(The apples are ten cents ~ .)* .

(۱۱) بە ڕیز (پێڕی کاغەزی قومار).

adv. (۱) بە ڕاستی؛ لەسەر هێڵێکی ڕاست؛ بە ڕێکی؛ ڕێک: *(to walk ~)* .

(۲) بە ستوونی؛ بە قنجی؛ بە ڕێک وەستاوی.

(۳) یەکسەر؛ ڕاستەوخۆ: *(The doctors went ~ to the hospital.)*

n. (۱) ڕاستی؛ ڕێکی.

(۲) (۱) بەشی ڕاستەو ڕێکی مەیانی پێشبڕکێ (بەتایبەتی دوا قۆناغ).
(ب) پێڕی بە پێڕی کاغەزی قومار.

go straight, [Colloq.], واز لە تاوانکاری هێنان؛ هاتنە سەر ڕێی ڕاست

keep a straight face, نەهاتنە پێکەنین؛ پێ نەکەنین؛ خۆ تێک نەدان.

straight away (or off), یەکسەر؛ ڕاستەوخۆ.

-straightly *(adv.)*; **straightness** *(n.)*.

straight angle, گۆشەی ڕاست، واتە ۱۸۰ پلە.

straight-arm (strāt′ärm´), *v.t.* پاڵ پێوەنانی یاریکەری تیپی بەرامبەر بە قۆل درێژکردنەوە بە ڕاستی (فوتبۆلی ئەمەریکی).

n. ئەم جۆرە پاڵە

straight-away (strāt′ə-wā´), *adj.* (۱) ڕاست؛ ڕێک

(۲) یەکسەر؛ ڕاستەوخۆ.

n. مەیانی پێشبڕکێی ڕاست، واتە ناخوارووخێچ.

adv. یەکسەر؛ ڕاستەوخۆ.

straight-edge (strāt′ej´), *n.* ڕاستە. پارچەیەک تەختە یا ئاسنە قەراغێکی ڕاستە بۆ ڕاکێشانو تاقیکردنەوەی هێڵی ڕاست بەکاردەهێنرێ.

straighten (strāt′′n), *v.t.* ڕاستکردنەوە.

v.i. ڕاستبوونەوە

straight face, دەموچاوی هەست پێشان نەدەر.

-straight faced *(adj.)*.

straight-forward (strāt´fôr′wĕrd), *adj.* (۱) ڕاست؛ ڕێک؛ بێ خوارخێچی؛ ڕاستەوخۆ؛ ڕێکوڕەوان.

(۲) ڕاستەڕوو؛ بێ پێچوپەنا؛ بێ دڕوو دەلەسە.

(a ~ answer, explanation, etc.)

(۳) ڕوون؛ ئاسان؛ دیار.

adv. بە ڕێکو ڕاستی؛ ڕاستەوخۆ؛ بێ پێچوپەنا.

straight-forwards (strāt´fôr′wĕrdz), *adv.* = **straight-forward.**

straight-line (strāt′līn´), *adj.* (۱) ڕاست (هێڵ)؛ ڕاستو ڕێک.

(۲) لە هێڵی ڕاست پێکهاتوو.

straight-out (strāt′out′), *adj.* (۱) ڕێکوڕەوان.

(۲) ناشکرا؛ بێ پێچوپەنا. (۳) تەواو؛ بەتەواوی.

straightway (strāt′wā´), *adv.* یەکسەر؛ ڕاستەوخۆ؛ بێ دواکەوتن؛ ڕاستەوڕاست

strain (strān), *v.t.* (۱) توند ڕاکێشان؛ شەتەکدان؛ زۆر ڕاکێشان یا کشاندن؛ زۆر توندکردنەوە. (۲) ڕەتاندن؛ ماندووکردن؛ ئەرک زۆر خستنەسەر.

(۳) ئازاردان؛ لە جێ بردن: *(He ~ed a muscle climbing.)* .

(٤) ڕاکێشان لە سنووری خۆی زیاتر؛ لە تام کردنەدەرەوە؛ لە سنوور دەرکردن؛ زۆر کشاندن: *(He ~ed the rule to his own advantage.)* .

(٥) پاڵاوتن؛ پوختکردن؛ لەبێژنگدان.

(٦) گرتنە باوەش؛ باوەش پیاکردن.

(۷) خوارووخێچ کردن یا شێوە تێکدان بە زەبر خستنەسەر.

(۸) [Obs.] زوڵمکردن؛ زۆر خستنەسەر.

v.i. (۱) زۆر هەوڵدان؛ زۆر خۆ ماندووکردن؛ زۆر کۆششی کردن؛ زۆر لەخۆکردن: *(She ~ed to win.)*

(۲) کڕبوون (۳) لە ژێر زەبرێکی زۆردا بوون؛ ئەرک لەسەر بوون.

(٤) توند ڕاکێشان؛ کشان. (٥) پاڵاوتران؛ پوخت بوون.

n. (۱) توند ڕاکێشان؛ کشان؛ زۆر ڕاکێشران؛ شەتەک؛ کڕژی.

(۲) هەوڵ و کۆششێکی زۆر؛ ماندووبوونێکی زۆر.

(۳) لە جێ چوون (ماسولکە، جومگە). (٤) خوارخێچی لەژێر زەبردا.

(٥) زەبر. (٦) بارێکی قورس؛ ئەرکێکی گران و ماندووکەر (هەموو جۆرێک):

(a ~ on his financial resources)

strain at, (۱) بە توند پاڵ پێوەنان؛ بە توند ڕاکێشان؛ زۆر پێوە ماندووبوون یا خەریک بوون. (۲) سڵ لێکردنەوە؛ نەچوونە ژێر بار.

strain (strān), *n.* (۱) مندال خستنەوە؛ مندال بوون. (ب) مندال.

(۲) بنەچە؛ باوباپیر؛ بنەماڵە. (۳) وەچە؛ نەوە؛ بەرە.

(٤) نەوەی جیاواز. (٥) جۆر؛ چەشن: *(a ~ of flu)* .

(٦) تایبەخۆی زگماکی.

(۷) دەمار؛ نیشانە: *(a ~ of cruelty, madness, etc.)* .

(۸) شێواز (نووسین، گفتوگۆ، کردار): *(He wrote in an angry ~ .)*

(۹) (*pl.*) ، ئاواز؛ پارچە مۆسیقا.

strained (strān′d), *adj.* (۱) بەزۆر کراو؛ بە خۆشی خۆ نەکراو.

(۲) ناکۆک؛ ناخۆش (پەیوەندی):

(~ relations between the two countries)

strainer (strān′ĕr), *n.* (۱) ئامێری شەتەکدان یا توندکردنەوە.

(۲) پاڵێوک؛ پاڵێوگە؛ پاڵوێنە؛ چاپاڵێو.

strait (strāt), *adj.* (۱) تەنگ؛ تەسک (جل‌وبەرگ).

(۲) [Archaic]، توندوتیژ (ڕەووشت)؛ بەویژدان؛ ڕاست (ڕەفتار)؛ تەسکبین

(۳) (۱) قورس؛ ناخۆش؛ گران. (ب) کەم (دەرامەت).

n. (۱) ڕێیەکی تەسک.

(۲) (*pl.*)، گەروئاو (دوو دەریا بەیەک دەگەیێنێ)؛ تەنگاو؛ دڕنال.

(۳) (*pl.*) ، ناخۆشی (دەرامەت، باری ژیان)؛ پەریشانی؛ نەبوونی؛ تەنگانە:

(in desperate ~s ; a man in financial ~s)

(٤) [Rare]، isthmus .

straiten (strāt′′n), *v.t.* (۱) تەسک کردنەوە؛ هێنانەوەیەک.

(۲) تووشی ناخۆشی کردن؛ بێ دەرامەت بوون؛ تووشی هەژاری و نەبوونی بوون:

(in ~ed circumstances)

strait jacket, *Also* **straight jacket,** (۱) چاکەتی شێت‌و تاوانکاران: بەرگێکە وەک چاکەت دەکرێتە بەری شێت‌و تاوانکاران بانێان دەبەستێتەوە بۆ نەوەی زیان بە خەڵک و خۆیان نەگەیەنن. (۲) کۆت

v.t. بەستنەوە؛ ڕێ لێگرتن.

strait-laced (strāt′lāst´), *adj.* (۱) (ا) شەتەکدراو (کەمەربەند)؛ تەسک. (ب) جلی تەسک لەبەرکەر. (۲) توندوتیژ (ڕەووشت)؛ تەسکبین؛ توند

strake (strāk), *n.* تاکە دارو تەختە یا تەبەقە کانزایەکە کە کەشتی لێ دروستکراوە بە درێژایی کەشتیێکە.

stramineous (strə-min′i-əs), *adj.* (۱) کایی؛ بەڵمی؛ لە پووش یا بەڵم دەچێ. (۲) زەردباو؛ ڕەنگ کایی.

stramonium (strə-mō′ni-əm), *n.* (۱) داتورە: ڕووەکێکی ژەهرینە گوڵێکی سپی‌و بەرێکی دڕکاوی دەگرێت. (۲) گەڵای ئەم ڕووەکە (کە دەکرێت بە دەرمان‌و وەک بەنگ بەکاردەهێنرێت).

strand (strand), *n.* کەنار دەریا؛ ڕۆخی دەریا.

v.t. & v.i. (۱) دان بە ڕۆخی دەریادا چەقێ یا پەککەوتن (کەشتی).

(۲) گیرخواردن؛ چەقێن (مەجاز)؛ قەتیس بوون؛ پەککەوتن:

(He went away leaving his family ~ed.; He was ~ed in a strange city with no money.)

strand (strand), *n.* (۱) تاڵە گوریس یا پەتک؛ تەل؛ یەکێک لەو تاڵ یا تەلانەی بە دەرێن لەگەڵ هی تردا بۆ هۆنینەوەی گوریس‌و پەتک.

(۲) تاڵە موو؛ تاڵە قژ؛ لیسپ؛ لۆی پرچی هۆنراوە؛ تەل: *(a ~ of hair)*

v.t. (۱) هۆنینەوە (گوریس، پەت، پرچ). (۲) پێچراندن (گوریس، پەت، تەل).

strand line, ڕۆخی دەریا (بەتایبەتی ئەو هێڵە یا ئاستەی بەرزاو لێوەی کشاوەتەوە).

strange (strānj), *adj.* (۱) بێگانە؛ نامۆ؛ دەرەکی؛ جیا.

(۲) نەناسراو؛ نەزانراو؛ نەبیستراو؛ تازە؛ نادیدە. (۳) سەرنەساو؛ نانەسا.

(٤) سەیر؛ نەتێکە. (٥) گۆشەگیر؛ دوورەپەرێز.

(٦) نەشارەزا؛ نەزان؛ ناکارامە؛ تازە: *(He was ~ to the job.)* .

adv. بەشێوەیەکی سەیر.

-strangely *(adv.)*; **strangeness** *(n.)*.

stranger (strān′jĕr), *n.* (۱) بێگانە؛ نامۆ؛ ئاوەکی؛ ئاوارە؛ غەوارە.

(۲) میوان. (۳) نەناسیاو؛ نەناس.

(٤) نەشارەزا؛ تازەکوورە؛ تازە؛ نەزان. *(He is a ~ to hate.)* .

strangle (straŋ′g'l), *v.t.* (١) خنکاندن؛ تاساندن.
(٢) پێشێل کردن؛ پێپەستکردن؛ کپکردنەوە؛ سەرکوتکردن؛ خەفەکردن.
(٣) بەستنەوە
v.i. خنکان؛ تاسان.

strangle hold, (١) گرتنێکی هەناسەلێبڕ (زۆرانبازی).
(٢) هێزنکی هەناسەلێبڕ یا خەفەکەر؛ هێزنکی خنکێنەر یا کپکەرەوە؛ کۆت:
(Tarrifs put a ~ on trade.)

strangles (straŋ′g'lz), *n.* تای نەسپ.

strangulate (straŋ′gyoo-lāt′), *v.t.* (١) خنکاندن؛ تاساندن.
(٢) هێنانەوەیەکو پڕی هاتوچۆی خوێنو شلەی تر گرتن (پزیشکەوانی)؛ گرتن؛ بەرگرتن
v.i. (١) خنکان؛ تاسان. (٢) گیران؛ بەرگیران

strangulation (straŋ′gyoo-lā′shən), *n.* (١) خنکان؛ تاسان.
(٢) گیران (بۆری خوێن، ڕیخۆلە، بۆری میز... هتد)؛ بەرگیران.

strangury (staŋ′gyoo-ri), *n.* میزەچۆرکی بە ئازارەوە.

strap (strap), *n.* (١) قایش؛ پشتێن. *(a watch- ~)* .
(٢) پارچە تەل یا پەتکی شت پێ بەستنەوە
(٣) قایشی جرمە هەڵگێشان؛ قایشی سەر شان
(٤) چەرمی چەقۆ گوێزان تیژکردنەوە. (پێشی دەووترێ: " strop ").
(٥) قامچی.
v.t. (١) بەستنەوە یا توندکردنەوە بە قایش؛ بەستنەوە.
(٢) قامچی لێدان؛ بە قامچی لێدان. (٣) گوێزانوچەقۆ تیژکردنەوە بە قایش.

strap-hanger (strap′haŋ′ĕr), *n.* سواری دەست بە قایشەوە گر: سوارێکە کە خۆی هەڵدەواسێ بە قایشی بنمیچی پاسەوە بە پێوە لەبەر بێ جێگەیی

strapless (strap′lis), *adj.* (١) بێ قایش
(٢) تایبەتی بە کراسی ژنانەی شان ڕووت

strappado (strə-pā′dō, strə-pä′dō), *n.* (١) جۆرێکە لە سزادان بریتییە لە بەستنەوەی مەچەکی کەسێک بە قایشو هەڵواسینی بە دارێکەوە بە جۆرێک کە بە هەواوە بمێنێتەوە. (٢) کەرەسەی ئەم سزادانە.

strapped (strap′it′), *adj.* دەستکورت؛ بێ پارە؛ بێ دەرامەت:
(He is often ~ for cash.)

strapper (strap′ĕr), *n.* (١) مەیتەر
(٢) [Colloq.]، کەسێکی درێژی تێکسمراو؛ کەسێکی زل یا تۆکمە.

strapping (strap′iŋ), *adj.* [Colloq.], درێژو تێکسمراو؛ زل؛ تۆکمە؛ چوارشانە.

strass (stras), *n.* شووشەیەکی قورقوشمی بریقەدارە خشڵی دەستکردی لێ دروست دەکرێ.

tellurion (te-loor′i-on′), *n. Also* **tellurian,** ئامێرێکە پیشانی دەدات چۆن خولانەوەی زەمین دەبێتە هۆی گۆڕینی شەو و ڕۆژ و وەرزەکان.

tellurion (te-loor′i-on′, tel-yoor′i-on′), *n.* تلوریۆم: توخمێکی کیمیایی کانزایی ڕەنگ زیویە.

tellurous (tel′yoo-rəs, tel-yoor′əs), *adj.* تلوریۆمی؛ لە تلوریۆم وەرگیراو.

telly (tel′i), *n.* [Chiefly British Colloquial.], = television.

telo- (tel′ə), = tele-

telo- (tel′ə), *Also* tel-, پێشگرێنکە بەمانای: کۆتایی؛ تەواوبوون؛ دوایی؛ تەواو. *(telophase)*

telophase (tel′ə-fāz´), *n.* دۆرا قۆناغی دابەشبوونی ناڕاستەوخۆ یا دەزووبی (گیانەوەرناسی).

telpher (tel′fĕr), *n.* گالیسکەبەکی سووکی هەڵواسراوە بەسەر تەلی کارەباییدا دەڕوات.

v.t. بەم جۆرە گالیسکەیە گواستنەوە. (هەروەها " telfer ").

telpherage (tel′fĕr-ij), *n.* گواستنەوە بە گالیسکەی هەڵواسراو بەسەر تەلی کارەباوە. (هەروەها " telferage ").

telson (tel′sən), *n.* دوا حومگەی گیانداری جومگەیی (وەک قرژاڵو کوللەی ئاو و گیاندارە قاوغدارە ئاوییەکانی تر).

Telestar (tel′ə-stär´), *n.* تێلستار ماڵگی دەستکرد (بۆ ئاردنی بەرنامەی تەلەفزیۆنی و پەیامی تەلەفۆنی).

temblor (tem-blôr′), *n.* = earthquake.

temerarious (tem´ə-râr′i-əs), *adj.* سەرکێش؛ بێباک؛ هەڵەشە؛ بێ ترس

temerity (tə-mer′ə-ti), *n.* سەرکێشی؛ بێباکی؛ هەڵەشەیی؛ بێ ترسی

temper (tem′pĕr), *v.t.* (١) هێمن کردنەوە؛ نەرم کردنەوە؛ خاوکردنەوە؛ *(to ~ justice with mercy; T~ your criticism with reason.)*

(٢) ئاودان (پۆلا)؛ ئاودانەوە؛ زاخاودانەوە؛ چاك کردن: *(Steal is ~ed by heating and sudden cooling.; Clay is ~ed by moistening and kneading.)*

(٣) [Rare]، گونجاندن؛ شیاندن.

(٤) [Archaic]، تێکەڵاوکردن بە ڕێژەی باش

(٥) سازکردن (ئامێری مۆسیقا)؛ چاك کردنی بەرزو نزمی ئاواز

v.i. هێمن بوونەوە؛ نەرم بوون؛ زاخاو درانەوە.

n. (١) [Archaic] ، ئاوێتەی تێکەڵاوکراو بەپێی ڕێژەیەکی گونجاو. (ب) ڕەقی و نەرمی یا بەرگەگرتنی کانزا.

(٢) سروشت؛ سەر گەرمی و ساردی؛ باری هەست و هۆش و مێشك: *(He has a sweet ~ . in a bad ~)*

(٣) هێمنی؛ لەسەرخۆیی: *(to lose one's ~ ; keep one's ~)* .

(٤) تووڕەوتڕۆیی؛ تەنگەجیکڵانەیی؛ زوو تووڕەبوون: *(She has a ~ .)* .

(٥) تووڕەیی. *(He went into a ~ .)* .

(٦) شتێکە کە دەکرێتە ئاوێتەیەکەیەوە بۆ گونجاندنی.

(٧) [Archaic]، مام ناوەندی؛ میانڕەوی.

(٨) [Obs.] ، (ا) چۆنێتی؛ تایبەخۆ. (ب) چۆنێتی لەش.

tempera (tem′pĕr-ə), *n.* (١) جۆرێکە لە وێنەکێشان بریتییە لە تێکەڵ کردنی بۆیەو ماددەی لینج وەك زەردێنەی هێلکە. (٢) بۆیەی وەها بەکارهێنراو (٣) وێنەیەکە بەم بۆیەیە کرابێ.

temperament (tem′prə-mənt), *n.* (١) تێکەڵاوکردنی هاوتایی. (٢) سروشت؛ سەر گەرمی و ساردی؛ باری هەست و هۆش و مێشك: *(He has an excitable ~ .)*

(٣) سروشتی تایبەتی (بەتایبەتی یاخێتی)؛ حولحولێتی؛ هەرەسبازی: *(Many artists have ~ .)*

(٤) [Obs.] ، (ا) ئاووهەوا. (ب) پلەی گەرما.

temperamental (tem´prə-men′t'l), *adj.* (١) تایبەتی بە سروشتی مرۆڤ؛ هی سەر گەرمی و ساردی. (٢) تووڕەوتڕۆ؛ سەرگەرم؛ تەنگەجیکڵانە؛ شێتەوڕێرە؛ کەللەشەق؛ زوومەنجوو؛ توند.

temperamentally (tem´prə-men′t'l-i), *adv.* لەڕووی سروشتەوە؛ لەڕووی سەرگەرمی و ساردییەوە: *(He is ~ unsuited for leadership.)*

temperance (tem′pĕr-əns, tem′prəns), *n.* (١) ناوەندێتی؛ جڵەو بۆ خۆ شل نەکردن؛ میانڕەوی (لە ڕەفتارو ڕابواردندا)؛ مام ناوەندێتی.

(٢) کەم خواردن و خواردنەوە (بەتایبەتی مەی). (٣) عەرەق نەخواردنەوە.

temperate (tem′pĕr-it, tem′prit), *adj.* (١) مام ناوەندی (لە خواردن و خواردنەوەو ڕەفتاردا)؛ خۆگر؛ دان بە خۆدا گرا عەرەق نەخۆر؛ عەرەق کەم خۆر. (٢) هێمن؛ لەسەرخۆ. (٣) مام ناوەندی. (٤) مام ناوەندی (ئاووهەوا)؛ نە گەرمو نە سارد؛ خۆش.

temperature (tem′prə-chĕr, tem′pĕr-ə-chĕr), *n.* (١) پلەی گەرمی. (٢) (ا) پلەی گەرمی ناسایی لەش. (ب) تا؛ پلەی گەرمی بەرزی لەش (٣) [Obs.]، (ا) مام ناوەندێتی (ئاووهەوا).

(ب) سروشتی مرۆڤ؛ سەر گەرمی و ساردی.

temperature gardient, ڕێژەی بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی بەپێی بەرزبوونەوە لە ناستی دەریاوە.

tempered (tem′pĕrd), *adj.* (١) ئاودراو (پۆڵا)؛ نەرم؛ زاخاودراو: *(~ steel)*

(٢) هێمن؛ قاڵ؛ مام ناوەندی: *(~ boldness)* .

(٣) سروشتێکی تایبەتی هەیە؛ سەر گەرم یا سارد: *(He is bad- ~ .)*

(٤) سازکراو (مۆسیقا).

tempest (tem′pist), *n.* (١) گەردا؛ باوبۆران؛ گێژەڵووکەی دەریا. (٢) هەراوهوریا؛ ژاوەژاو؛ پشێوی؛ بگرەوبەرد.

tempestuous (tem-pes′chōō-əs), *adj.* (١) گەردای؛ لە گێژەڵووکەی دەریا دەچێت. (٢) ئاشوبای؛ توندوتیژ؛ شەڕوشۆڕاوی: *(a ~ meeting, relationship, etc.)*

Templar (tem′plĕr), *n.* (١) ئەندامی " Knight Templar " (ئەم ووشەیە ببینە). (٢) [t-]، پارێزگار یا قوتابی دانشگای یاسا لە لەندەن.

(٣) ئەندامی ڕێکخراوێکی ماسۆنیە.

template (tem′plit), *n. Also* templet, (١) نەخشە؛ قاڵب.

(٢) (ا) پارچە دارێك یا بەردێکە دەخرێتە ژێر نیرگەیەکەوە بۆ دابەشکردنی قورسایی. (ب) دەستەکێکی کورت؛ پارچە دارێکی وەك دەستەك.

temple (tem′p'l), *n.* (١) پەرستگا؛ بتخانە. (٢) کەنیشتە. (٣) کلێسە. (٤) [T-]، مەڵبەندی کۆمەڵە یاسایەکانی لەندەن. (٥) خانوویەکی جوان و گەورە؛ کۆشك: *(a ~ of art)* .

temple (tem′p'l), *n.* لاجانگ.

temple (tem′p'l), *n.* ئامێری ڕاگرتنی قوماش بە ڕێك و پێکی لە کاتی چنیندا بە تەون.

templet (tem′plit), *n.* = template.

tempo (tem′pō), *n.* (١) خێرایی ئاوازی مۆسیقا یا گۆرانی. (٢) پلەی چالاکی یا خێرایی؛ خێرایی و هێواشی ژیان: *(the ~ of modern living)*

temporal (tem′pĕr-əl), *adj.* (١) سەردەمی؛ کاتی؛ کورت. (٢) سەرزەمینی؛ تایبەتی بەم جیهانە؛ ماددی. (٣) نائاینی؛ دنیایی؛ جیهانی. (٤) تایبەتی بە کات نەك جێگە. (٥) تایبەتی بە کات (ڕێزمان)؛ کات پیشاندەر.

n. (١) *(pl.)* ، شتی کاتی یا سەردەمی. (٢) *(pl.)*، سەرمایە یا داهاتی سەردەمی کلێسە.

temporal (tem′pĕr-əl), *adj.* لاجانگی.

temporal bone, ئێسقانی لاجانگ.

temporality (tem´pə-ral′ə-ti), *n.* (١) سەردەمێتی؛ کاتێتی؛ کورتێتی. (٢) *(pl.)*، سەرمایەو داهاتی سەردەمیی کلێسە. (٣) جەماوەری خەڵك جگە لە قەشەو پیاوانی کلێسە.

temporarily (tem´pə-rer′ə-li), *adv.* بۆ سەردەمێك؛ بۆ ماوەیەکی کەم یا کورت.

temporary (tem′pə-rer´i), *adj.* سەردەمی؛ کاتی. **-temporariness** *(n.)*.

temporize (tem′pə-rīz´), *v.t.* (١) بەپێی ڕۆژگار جوڵانەوە؛ ملکەچ کردن بۆ باری سەردەمی ژیان؛ لەگەڵ ڕۆژگاردا گونجان. (٢) شت بە قنگدا خستن بۆ کات بردنە سەر؛ درێژە بە گفتوگۆدان و بڕیار

دواخستن بۆ خۆ لادان لە شەڕو ناکۆکی.

-temporization *(n.).*

tempt (tempt), *v.t.* (١) تاقیکردنەوە. ٢) فریودان؛ لاسدان؛ دان بۆ ڕۆکردن؛ هەڵفریواندن. (٣) ئارەزوو جوڵاندن؛ دڵ بۆ لێدان. (٤) مەیل هەبوون؛ وا لێ هاتن؛ والێکردن. (٥) خۆ دان بە دەم مەترسی‌یەوە؛ پرکێشی کردن؛ خۆ لە قەرەی کاری پڕ مەترسی دان

temptation (temp-tā′shən), *n.* (١) فریودان؛ لاسدان؛ دان بۆ ڕۆکردن؛ هەڵفریواندن. (٢) شتی فریودەر؛ شتی دڵڕفێن یا فریوێن.

tempter (temp′tĕr), *n.* فریودەر.

the Tempter, شەیتان.

tempting (temp′tiŋ), *adj.* فریوێن؛ دڵڕفێن؛ ئارەزوو هەڵستێن.

temptress (temp′tris), *n.* ژنی فریودەر (بۆ جووت بوون).

ten (ten), *n.* (١) دە (٢: دە کەس یا شت؛ کۆمەڵێکی دەیی. (٣) دەهەم؛ دەیەم؛ دەیەمین. (٤) دەڵۆ (کاغەزی قومارو یاری). (٥) [Colloq.]. دە دۆلاری؛ دە دۆلار.

tenable (ten′ə-b'l), *adj.* (١) دەپارێزرێ (سەنگەر، قەڵا، جێ)؛ دەتوانرێ پارێزگاری بکرێ. (٢) بەجێ (بیروباوەڕ)؛ پشتگیری دەکرێ.

-tenability *(n.).*

tenace (ten′ās), *n.* دوو کاغەزی گرنگ هاتنە دەستی یاریکەرێک.

tenacious (ti-nā′shəs), *adj.. (a ~ grip)* (١) توند؛ قایم؛ بەرنەدەر. *(a ~ memory)* (٢) تیژ (بیر)؛ لەبیر نەچووەوە. *(~ wood)* (٣) پتەو؛ سەخت؛ جێ. *(~ courage)* (٤) سرێشاوی؛ لینج. (٥) کۆڵنەدەر؛ وازنەهێنەر؛ نەبەز.

-tenaciously *(adv.)*; **tenaciousness** *(n.).*

tenacity (ti-nas′ə-ti), *n.* (١) توندی؛ قایمی؛ بەهێزی. (٢) پتەوی؛ سەختی؛ جێری. (٣) کۆڵ نەدان؛ وازنەهێنان.

tenaculum (ti-nak′yoo-ləm), *n.* قولاپی نەشتەرگەری.

tenancy (ten′ən-si), *n.* (١) بە کرێ گرتن؛ کرێ گرتەیی. (٢) خانوو یا زەوی بە کرێ گیراو؛ خانوو یا زەوی کرێ گرتە. (٣) ماوەی نەم بە کرێ گرتنە. (٤) خانوو یا زەوی بە دەستەوە بوون بە خاوەنێتی بێ یا بە کرێچێتی.

tenant (ten′ənt), *n.* (١) کرێچی؛ کرێ گرتە. (٢) تێدا دانیشتوو؛ نیشتەنی. (٣) کەسێک کە خانوو یا زەوی یا بە دەستەوە بێ بە خاوەنێتی بێ یا بە کرێچێتی.

v.t. بە کرێ گرتن؛ تێدا دانیشتن (خانوو).

tenantable (ten′ənt-ə-b'l), *adj.* بە کرێ دەدرێ؛ بۆ بە کرێدان دەشێت.

tenant farmer, کشتکاری کرێ گرتە؛ وەرزێرێکە زەوی بە پارە بە کرێ بگرێ یا بەشێک لە بەرهەمی زەوی‌یەکە بداتە خاوەنەکەی.

tenantry (ten′ənt-ri), *n.* (١) کرێچی‌یان؛ کرێ گرتەیان. (٢) کرێچێتی؛ کرێ گرتەیی.

ten-cent store, = five-and-ten-cent store.

tench (tench), *n.* ماسی‌یەکی پوباری نەورووپایی‌یە.

Ten commandments, دە فەرمانەکە (کە خودا ناردی بۆ جوولەکە بە موسادا بەپێی ئینجیل).

tend (tend), *v.t.* چاودێری کردن؛ سەرەوکاری کردن؛ خەریک بوون: *(A shepherd ~s sheep.; They ~ the store.; to ~ a child)*

v.i. [Colloq.], سەرنج پێدان.

tend on, بەردەستی کردن؛ خزمەت کردن.

tend (tend), *v.i.* (١) چوون بەرەو؛ ڕۆیشتن بۆ: *(The road ~s south.)*

(٢) بەرەو ئامانجێکی تایبەتی چوون؛ ئەنجامی تایبەتی بوون: *(War ~s to defeat its purposes.)*

(٣) بە لایەکدا داتاشین؛ مەیلێکی تایبەتی هەبوون: *(He ~s to exaggerate. She ~s towards selfishness.)*

tendance (ten′dəns), *n.* (١) سەرپەرشتی؛ چاودێری. (٢) [Obs.]، بەردەستان؛ خزمەتکاران.

tendancy (ten′dən-si), *n.* (١) بە لایەکدا داتاشین؛ لایەنگری؛ مەیل؛ حەزی زگماکی؛ ئارەزووی سرووشتی: *(He has a ~ to repeat himself.)*

(٢) مەبەست؛ ئامانج

tendentious (ten-den′shəs), *adj. Also* **tendencious,** لایەنگر؛ پشتگیریکەری هەڵوێستێکی تایبەتی؛ بانگ بۆ هەڵدەر: *(~ writings)* .

tender (ten′dĕr), *adj.* (١) ناسک (خواردەمەنی)؛ نەرم؛ گول بە دەم. (٢) ناسک؛ لاواز؛ بەرگە نەگر؛ بێ هێز. (٣) کاڵوکرچ (تەمەن)؛ هەرزە؛ منداڵ؛ نەگەییو: *(the ~ years)* . (٤) کاڵ: *(~ colors)* . (٥) ناسک؛ پێویست بە وردی‌و ووریایی دەکات: *(a ~ question)* . (٦) نەرم؛ ناسک؛ سووک: *(a ~ touch)* . (٧) ڕووخۆش؛ خۆشەویستانە؛ هی خۆشەویستی: *(a ~ smile)* . (٨) بەتەنگەوەهاتوو. (٩) ڕەزیل؛ دەست قوچاو؛ بەرچاوتەنگ. (١٠) زوو ئازاری دەبێ؛ ناسک (بریتی تازە): *(~ skin)* . (١١) هەست ناسک. (١٢) دڵ نەرم؛ بە بەزەیی.

v.i. (١) ناسک کردن؛ نەرم کردن. (٢) [Archaic]، بە ناسکی لەگەڵ جوڵانەوە.

-tenderly *(adv.)*; **tenderness** *(n.).*

tender (ten′dĕr), *v.t.* (١) پێشکەش کردن (بۆ دانەوەی قەرزێک یا چاکەیەک یا نەرکێکی سەرشان). (٢) پێشکەش کردن (بۆ پەسەندکردن)؛ دان: *(He ~ed his resignation.)*

n. (١) پێشکەشی پارە یا شت (بۆ قەرز یا چاکە دانەوە). (٢) پێشکەشی ڕەسمی (ژن خواستن، قۆنتەرات)؛ تێندەر: *(She accepted his ~ of marriage.)*

tender (ten′dĕr), *n.* (١) سەرپەرشت؛ چاودێر؛ سەرپەرشتیار. (٢) کەشتی‌یەکی بچووکە شتومەک دەگەیەنێ بە کەشتی‌یەکی گەورە. (٣) بەلەمی گواستنەوە لە نێوان کەشتی‌یەک‌و کەناری دەریادا. (٤) فارگۆنی خەڵووزو ئاوی شەمەندەفەر.

tenderfoot (ten′dĕr-foot′), *n.* (١) کەسێکی تازە هاتوو بۆ ناوچەیەک (بەتایبەتی ناوچەی تازە ئاوەدانکراوە)؛ شلە شاری. (٢) تازەکار؛ نەشارەزا؛ نەوکار. (٣) ئەندامی تازەی دییدەوانی.

-tenderfooted *(adj.).*

tenderhearted (ten′dĕr-här′tid), *adj.* دڵ نەرم؛ بە بەزەیی؛ بەڕەحم.

-tenderheartedly *(adv.)*; **tenderheartedness** *(n.).*

tenderize (ten′dĕr-īz′), *v.t.* گۆشت ناسک کردن (بە داوەرمانی تایبەتی پێش لێنانی).

tenderizer (ten′dĕr-īz′ĕr), *n.* داوەرمانی گۆشت ناسککەر (دەکرێ بە گۆشتەوە پێش لێنانی). (هەروەها " meat tenderizer ").

tenderloin (ten′dĕr-loin′), *n.* (١) گۆشتی پشتەمەغزە. (٢) (!) [-'l]، گەرەکێکی شاری " نیویۆرک "ە، زوو بە خراپەکاری‌و داوێن پیسی‌و بەرتیل خواردن... هتد ناسرابوو. (ب) گەرەکی قەحبەخانەو بەد ڕەوشتی‌و خراپەکاری.

tender-minded (ten′dĕr-mīn′did), *adj.* خۆشبین؛ خەیاڵ پڵاو؛ خراپە نەبین.

tendinous (ten′di-nəs), *adj.* (١) ژێی؛ ماسولکە ژێی. (٢) لە ماسولکە ژێ پێکهاتوو؛ ماسولکەیی: *(a ~ tissue)* .

tendon (ten′dən), *n.* ژێ (تونکاری)؛ ماسولکە ژێ.

tendrill (ten′dril), *n.* تەرزی پیاهەڵگەڕان (ڕووەکناسی).

tenebrific (ten´ə-brif´ik), *adj.* ١) تاریککەر. ٢) تاریك؛ ناخۆش؛ دل تەنگکەر.

tenebrous (ten´ə-brəs), *adj.* تاریك؛ تاریك و نووتەك؛ دل تەنگکەر؛ ناخۆش.

tenement (ten´ə-mənt), *n.* ١) خانوو یا زەوی کرێ. ٢) مان؛ خانوو؛ نشینگە. (٣) ژووری کرێ؛ چەند ژوورێکی کرێ پێکەوە. ٤) **tenament house**، [Poetic] (٥) نشینگا؛ جێی ژیان.

-tenemental; tenementary *(adj.).*

tenement house, خانوویەکی زۆل بەش بەشی کرێیە بەتایبەتی لە گەرەکێکی هەژاری شاردا.

tenesmus (ti-nez´məs, ti-nes´məs), *n.* میز یا گوو زۆر هاتن بەڵام بۆ نەکران (ئەم نەخۆشیە لە " میزگیران " جیایە).

tenet (ten´it, tē´nit), *n.* ڕێبار؛ ڕێبازگە؛ ڕەوا (بەتایبەتی هی دەستەیەکی ئاینی، فەلسەفی، یا ڕامیاری).

tenfold (ten´fōld´), *adj.* ١) دە بەشی؛ دە بەش؛ دە پارچەیی. ٢) دە ئەوەندە.

adv. دە ئەوەندە.

ten-gallon hat, حۆزە تەپڵەیەکی قەراغ پانی کاوبۆیەکانە.

tenia (tē´ni-ə), *n.* = taenia.

teniasis (ti-nī´ə-sis), *n.* = taeniasis.

tennis (ten´is), *n.* تەنس؛ یاری تەنس.

tennis court, یاریگەی تەنس.

tennis shoe, پێلاوی تەنس.

tenon (ten´ən), *n.* زمانە (دارتاشی).

v.t. & v.i. ١) بە زمانە لێکدان. ٢) زمانە بۆ کردن.

tenor (ten´ər), *n.* ١) ڕێبار؛ ڕێڕەو؛ *(the even ~ of his life)* ٢) مانای گشتی؛ مەبەست: *(the ~ of his speech)*. ٣) سەروشتی گشتی. ٤) وێنەی دەقاودەق (بەڵگەی یاسایی). ٥) بەرزترین دەنگی پیاو لە گۆرانی ووتندا. ٦) ئەو بەشەی بەم دەنگە بەرزە دەوترێ (گۆرانی، ئۆپەرا). ٧) گۆرانی بێژێك یا ئامێرێکی وەها دەنگ بەرز.

adj. دەنگ بەرز (گۆرانی بێژ، ئامێری مۆسیقا).

tenpence (ten´pens´), *n.* دە پەنس؛ دە پەنسی.

tenpenny (ten´pen´i), *n.* ١) دە پەنسی؛ دە پەنس دەهێنێ. ٢) بزماری سێ گرێ یا نیجی.

tenpenny nail, بزماری درێژی سێ گرێ یا نیجی.

tenpins (ten´pinz´), *n.pl.* ١) یاریەکە لە " بۆڵینگ " دەچێ. ٢) نیشانێکە لە شووشەی مل باریك دەچێ لەم یاریەدا نیشانی لێ دەگیرێتەوە.

tenrec (ten´rek), *n.* گیاندارێکی شیردەری جۆرجانەوەرخۆرە.

tense (tens), *adj.* ١) جەڕاو؛ جەڕیو؛ تورت؛ کرژ؛ توند. ٢) دەمار کرژ؛ کرژ؛ گرژ؛ ئالۆز؛ ئالۆزاو.

v.t. & v.i. ١) جەڕاندن؛ جەڕان. ٢) دەمار کرژبوون؛ کرژبوون؛ ئالۆزان.

tense (tens), *n.* کات (ڕێزمان)؛ کاتی کردار (ڕێزمان).

tensible (ten´sə-b'l), *adj.* دەکشێت؛ دەکشێنرێت.

-tensibility *(n.)*; **tensibly** *(adv.).*

tensile (ten´s'l, ten´sil), *adj.* ١) تایبەتی بە کرژی، توندی، یا جەڕان. ٢) **tensible**.

-tensility *(n.).*

tensile strength, بەرهەڵستی جەڕان.

tensimeter (ten-sim´ə-tēr), *n.* پێوەری پاڵەپەستۆی هەڵم یا گاز. (هەروەها " manometer ")

tensiometer (ten´si-om´ə-tēr), *n.* پێوەری جەڕاوی یا توندی.

tension (ten´shən), *n.* ١) کرژی؛ توندی؛ جەڕان. ٢) دەمارکرژی؛ گرژی؛ دەمارگیری. (٣) ناکۆکی (نێوان مرۆڤ یا ووڵاتان)؛ ئالۆزی؛ ناخۆشی: *(T~ is rising between the two countries.)* ٤) ئامێری توندکردنەوە یا جەڕاندن (دەزووی مەکینەی جل دووڕین). ٥) پاڵەپەستۆی کارەبا؛ پەستانی کارەبا. ٦) هێزی هەڵم یا گاز. (٧) هێزی جەڕان، توندکردنەوە، یا ڕاکێشان

tensity (ten´sə-ti), *n.* کرژی؛ توندی؛ دەمارکرژی.

tensive (ten´siv), *adj.* کرژکەر؛ گرژکەر؛ توندکەرەوە؛ دەمار کرژکەر.

tensor (ten´sĕr, ten´sôr), *n.* ماسولکەیەکە کە ماسولکەی کرژکەر: ئەندامێکی لەش کرژ یا تورت دەکات.

ten-strike (ten´strīk´), *n.* (١) لێدانێکی زۆر باش کە هەر دە نیشانەکە بخات لە یاری " tenpins " دا. (٢) [Colloq.]، کارێکی زۆر سەرکەوتوو.

tent (tent), *n.* (١) چادر؛ دەوار؛ خێوەت. (٢) چادری نۆکسجین: چەترێکە بەسەر جێگەی نەخۆشێکەوە کە نۆکسجینی دەدرێتێ.

v.i. چادر هەڵدان؛ لە دەواردا ژیان؛ خێوەت هەڵدان.

v.t. [Rare], لە چادردا حەواندنەوە؛ جێ کردنەوە لە دەواردا؛ لە چادردا دانان.

tent (tent), *n.* تۆپەوانەیەکی سارغی یا لۆکەیە دەخرێتە بریندێکەوە بۆ کردنەوەی.

tent (tent), *v.t.* [Scot.], (١) گوێ ڕاگرتن؛ سەرنج پێدان؛ ووریا بوون. (٢) خزمەت کردن؛ بەردەستی کردن.

tentacle (ten´tə-k'l), *n.* (١) شاخی هەستداری گیانداری بێ بڕیڕە (کە بۆ هەست کردن و گرتن و خۆ پێوە نووساندن... هتد بەکاری دەهێنن). (٢) تووکی هەستدارە بە گەلای ڕووەکی جانەوەرخۆرەوە. (٣) ئەندامی گرتن و هەستکردن.

-tentacular *(adj.).*

tentage (ten´tij), *n.* (١) سەرجەمی چادر یا دەوار؛ چادر بەگشتی. (٢) هەموو ئەو چادرانەی ئامادەن و لەبەردەستدان بۆ بەکارهێنان. (٣) کەرەستەی چادر و چادر هەڵدان.

tentative (ten´tə-tiv), *adj.* (١) سەردەمی؛ مەرجی؛ کاتی؛ بۆ تاقیکردنەوە؛ ئەزموونەوە بە تەواوی؛ نێستا دانراوە یا کراوە بەڵام ڕەنگە لە دواید بگۆڕێ: *(a ~ schedule, appointment, meeting, plan, etc.)* (٢) دوودڵ؛ ڕاڕا؛ نادڵنیا: *(a ~ smile)*.

tentatively (ten´tə-tiv´li), *adv.* بە سەردەمی؛ بە نەبڕاوەیی؛ بەبێ دڵنیایی: *(We've agreed ~ to meet with them next week.)*

tent caterpillar, جۆرە تەتەڵەمێرانێکی زیانبەخشە بە کۆمەڵ دەژین لە تەونی وەك چادردا بەسەر درەختەوە.

tented (ten´tid), *adj.* (١) بە چادر داپۆشراو؛ چادر تێدا هەڵدراو: *(a ~ shoreline)* (٢) چادرنشین؛ لە چادردا ژیاو. (٣) چادری؛ لە چادر یا دەوار دەچێ.

tenter (ten´tēr), *n.* (١) چوارچێوەیەکە کالای تەنراوی لەسەر پاددەکێشرێ پاش دروستکردنی بۆ ئەوەی نەچێتەوە یەك. (٢) **tenterhook**.

v.t. & v.i. ڕاکێشانی کالا لەسەر چوارچێوەیەکی وەها.

tenterhook (ten´tēr-hook´), *n.* قولاپی قوماشی تازە پێ ڕاگیراو و ڕاکێشراو لەسەر چوارچێوە.

on tenterhooks, لە دڵەڕاوکێدا بوون؛ لە دڵەخورتێدا بوون؛ لە مەڕاق و دڵەڕزێدا بوون.

tenth (tenth), *adj.* (١) دەیەم؛ دەهەم؛ دەیەمین. (٢) هی دەیەك؛ دەیەکی. *n.* (١) دەیەم؛ دەهەم؛ دەیەمین. (٢) دەیەك.

tenth-rate (tenth-rāt´), *adj.* پلەی دەیەم؛ گەنۆ؛ زۆر خراپ.

tent-maker (tent´māk´ēr), *n.* چادرچی؛ دەوارکەر.

tent-stitch (tent′stich), *n.* تەقەلی کورسی لابەلا (نەقشکاری).
tenuis (ten′ū-is), *n.* تیپێکی بێ دەنگە کە لە کاتی پرتاندنیدا هەوا هاتوچۆ ناکات لە دەمدا وەک: k, t, p (دەنگناسی).
tenuity (ten-ū′ə-ti, ti-nōō′ə-ti), *n.* (ا) باریکی؛ تەنکی. (ب) ناسکی (ج) ناپتەوی. (د) کەمی. (٢) بێ غیرەتی؛ بوردەڵەیی؛ بێ زەبری
tenuous (ten′ū-əs), *adj.* (١) ناسک؛ تەنک؛ باریک: *(the ~ web of a spider)* (٢) تەنک؛ سووک *(The air at great attitudes is ~.)* . (٣) (ا) هیچ‌وپووچ؛ لاواز: *(a ~ argument)* . (ب) شلۆق؛ ناپتەو *(a ~ relationship)* .
tenure (ten′yĕr), *n.* (١) خاوەنێتی؛ تاپۆ بەدەستەوە بوون. (٢) مافی خاوەنێتی؛ مافی هەبوون. (٣) ماوەی خاوەنێتی؛ ماوەی بەدەستەوە بوون؛ ماوەی مانەوە لەسەر کار: *(The ~ of office of an American president is four years.)* (٤) مەرجی خاوەنێتی؛ مەرجی بەدەستەوە بوون. (٥) جێگیربوون لەسەر کار (بەتایبەتی مامۆستای زانکۆ)؛ چەسپانی مامۆستا لەسەر کار
(Some of our professors have ~ and some don't.)
-tenurial *(adj.).*
teocalli (tē′ə-kal′li, tā′ə-käl′yi), *n.* پەرستگایەکی مەکسیکی یا نەمەریکای لاتینی‌یە بە تەرقەسەری تەپۆلکەیەکی قورچکەیی‌یەوە.
teosinte (tē′ə-sin′ti), *n.* گیایەکی بەرزی مەکسیکی‌یە لە توخمی گەنمەشامی بۆ تالیک بەکاردەهێنرێ.
tepee (tē′pē), *n. Also* teepee, چادری قوچکەیی لە پێست دروستکراوی هیندی‌یە نەمەریکایی‌یەکانە.
tepefy (tep′ə-fī′), *v.t.* شلەتێن کردن
v.i. شلەتێن بوون.
tepid (tep′id), *adj.* (١) شلەتێن (٢) سارد؛ نابەدڵ؛ کەم؛ بێ پەرۆش: *(a ~ interest)* .
-tepidity *(n.)*; tepidness *(n.)*; **tepidly** *(adv.).*
tequila (ti-kē′lä), *n.* تەکیلە (ا) ڕووەکێکی مەکسیکی‌یە. (ب) خواردنەوەیەکی مەستکەرە لە قەدی ئەم ڕووەکە دروست دەکرێ.
ter- (ter), پێشگرێکە نەمانای: سێ؛ سێیەک؛ سێ ئەوەندە: *(tercentenary)*
teraphim (ter′ə-fim), *n.pl.* بتە بچووکەکانی نەتەوە سامی‌یەکانی کۆنە (کە بە خودا دادەنران).
terato- (ter′ə-tō, ter′ə-tə), پێشگرێکە نەمانای: دەعبا؛ سەیرو ئاشرین *(teratology)* .
teratoid (ter′ə-toid′), *adj.* دەعبایی؛ لە دەعبا دەچێ.
teratology (ter′ə-tol′ə-ji), *n.* لێکۆڵینەوەی گیانداری شێوە تێکچووی لە دەعباچوو.
-teratological *(adj.).*
teratoma (ter′ə-tō′mə), *n.* ناوساوی یا بریتیکە لە شانەی جۆراوجۆر پێکهاتووە.
terbium (tūr′bi-əm), *n.* تربیوم: توخمێکی کانزایی کیمیاگەری‌یە.
tercel (tūr′s'l), *n.* باز (نێرە)
tercentenary (tĕr-sen′tə-ner′i), *n.* (١) سێ سەد ساڵ. (٢) یادی سێ سەد ساڵە؛ ناهەنگی یادی سێ سەد ساڵە.
adj. (١) سێ سەد ساڵی؛ تایبەتی بە سێ سەد ساڵ. (٢) هی یادی سێ سەد ساڵە.
tercentennial, *n. & adj.* = tercentenary.
tercet (tūr′sit, tĕr-set′), *n.* (١) سێ خشتەکی؛ بڕگەی سێ دێڕی هۆنراوە. (٢) سێ ئاوازی مۆسیقایە کە لە ماوەی دوو ئاوازدا لێ بدرێن. (هەروەها " triplet ").

terebinth (ter′ə-binth′), *n.* دارەبەن؛ دارقەزوان.
terebinthine (ter′ə-bin′thin), *adj. Also* terebinthic, -(١) دارەبەنی؛ دارقەزوانی. (٢) تەرپەنتینی؛ لە ماددەی " تەرپەنتین " دەچێ؛ تایبەتی بە " تەرپەنتین "
teredo (tē-rē′dō), *n.* = shipworm.
terete (tə-rēt′, ter′ēt), *adj.* لوولەکی و هەر دوورسەر تیژو ساف.
tergal (tūr′g'l), *adj.* تایبەتی بە پشت
tergiversate (tūr′ji-vēr-sāt′), *v.i.* (١) هەڵگەڕانەوە (لە ئاین و بیروباوەڕو حیزب)؛ دەستبەردار بوون؛ وازهێنان. (٢) ئاین‌وڤۆین کردن؛ قسە نەدان بەدەستەوە؛ دووزبانی کردن.
-tergiversation *(n.).*
tergum (tūr′gəm), *n.* پشت (گیانەوەرناسی).
term (tūrm), *n.* (١) (ا) ماوە؛ ماوەیەکی تایبەتی؛ وەرز؛ کەڵ. (ب) ماوەی لەسەر کار مانەوە: *(a six-year ~ as senator)* (ج) وەرزی قوتابخانە یا دادگا: *(the spring ~ at school)* . (٢) (ا) کاتی دەستپێکردن یا دوایی هاتنی ماوەیەک. (ب) پۆژی دانەوە؛ دوا کات (قەرزدانەوە). (ج) کۆتایی سکپڕی ئاسایی؛ دوایی؛ پایان: *(~ to carry a foetus to)* . (٣) (*pl.*)، مەرج (ڕێکەوتن، پەیمان، ئاڵو وێر... هتد): *(the ~s of a treaty; to get a contract on easy ~s)* (٤) (*pl.*)، (ا) پەیوەندی دوولایی یا بەرامبەر. (ب) پەیوەندی هاوتایی. (٥) زاراوە؛ زاراوەی تایبەت بە ڕشتەیەک: *(a scientific ~ ; a medical ~)* (٦) (*pl.*)، ووتەی بەکارهێنراو بە زاراوەیەکی تایبەتی: *(He spoke of her in derogatory ~s.)* (٧) [Archaic or Rare]، سنوور؛ نەوپەڕ. (٨) (*pl.*)، [Obs.]، بار؛ هەل‌ومەرج. (٩) (ا) ماوەی گرتن یا بەستنی دادگا. (ب) ماوەی بەدەستەوەبوونی خانوو یا زەوی‌وزار. (ج) ئەم خانوو یا زەوی‌وزارە. (د) ماوەی قەرزدانەوە. (١٠) تای تەرازووی دوو بیری هاوپەیوەندی (ژیربێژی). (١١) (ا) تای کەرت (بیرکاری). (ب) تاکی زنجیرە. (ج) تای جەبری.
v.t. پێ ووتن؛ وا پێ ووتن؛ ناونان.
be on bad terms with, ناکۆک بوون؛ ناڕێک بوون لەگەڵ.
be on good terms with, کۆک بوون؛ ڕێک بوون لەگەڵ.
bring to terms, بە زۆر ڕازی کردن؛ بە زۆر ڕێکخستن؛ بە زۆر پێ کردن.
come to terms, ڕێکەوتن.
in terms of, لە ڕووی؛ لە لایەن: *(He thinks of everything in terms of money.)*
make terms, ڕێکەوتن.
termagant (tūr′mə-gənt), *n.* = shrew.
adj. شەڕەنگێز؛ بێ حەیا؛ زمان پیس؛ تووڕەوتۆڕ.
-termagancy *(n.).*
term day, پۆژی دانەوە (قەرز).
termer (tūr′mĕr), *n.* (١) ئەو کەسەی ماوەیەک دەباتە سەر لە شوێنێکدا؛ بەتایبەتی لە بەندیخانەدا؛ بەندکراوێک بۆ ئەوەندە جار: *(a third- ~)* . (٢) [Obs.]، termor .
terminable (tūr′mi-nə-b'l), *adj.* (١) کۆتایی پێ دێت؛ دەتوانرێ دوایی پێ بهێنرێ. (٢) کۆتایی دێت پاش ماوەیەکی تایبەتی (قۆنتەرات).
-terminability *(n.).*
terminal (tūr′mə-n'l), *adj.* (١) دوا؛ هی دوایی؛ هەرە دوا. (٢) وەرزی؛ وەرزانە: *(a ~ examination)* . (٣) هی دوا ئێستگەی شەمەندەفەر.

(a ~ leaflet) (٤) سەرلقی؛ سەرتەرزی.
(٥) کوشندە؛ بێ دەرمان؛ بێ چارە؛ دوایی پێ هێنێ.
(a ~ disease; ~ cancer)
n. (١) سەر؛ جەمسەر؛ لا؛ دوایی؛ پایان؛ کۆتایی.
(٢) نیشتگەی کۆتایی و سەرەتا (شەمەندەفەر، پاس، فڕۆکە)؛ دوا نیشتگە؛ نیشتگەی نەهەم سەرو نەوسەر.
-terminally (adv.).
terminal leave, دوا وەرچانی نەفسەر یا سەربازپێش لێ خستنی
terminate (tûr′mə-nāt′), v.t. کۆتایی پێ هێنان؛ دوایی پێ هێنان؛ بڕینەوە.
(to ~ a contract, relationship, an agreement, etc.)
v.i. دوایی بێ هاتن؛ کۆتایی پێ هاتن.
termination (tûr′mə-nā′shən), n. (١) کۆتایی پێ هێنان؛ کۆتایی هاتن؛ دوایی هاتن؛ بڕینەوە. (٢) دوایی؛ کۆتایی؛ پایان.
(٣) پاشبەند؛ دوا دەنگ یا بڕگەی وشە. (هەروەها " suffix ").
-terminational (adj.). (٤) ئەنجام
terminative (tûr′mə-nā′tiv), adj. کۆتایی پێ هێن؛ دوایی پێ هێن
n. = suffix.
terminator (tûr′mə-nā′tĕr), n. (١) کۆتایی پێ هێن (مرۆڤ، شت)؛ دوایی پێ هێن؛ قڕتێخەر. (٢) هێڵی نێوان بەشی ڕووناکو تاریکی مانگو نەستێرەی گەڕۆک.
terminology (tûr′mə-nol′ə-ji), n. (١) زاراوە؛ زاراوەی ڕشتەیەکی تایبەتی. (٢) زانستی نەم جۆرە زاراوەیە؛ لێکۆڵینەوەی نەم جۆرە زاراوەیە.
-terminological (adj.).
term insurance, بیمەی سەردەمی (دژی زیان و مردن).
term paper, لێکۆڵینەوەی وەرزی (کە قوتابی زانکۆ دەینووسێ)؛ باسنامەی وەرزی.
terminus (tûr′mə-nəs), n. (١) سنوور. [Rare] . (٢) بەرد یا نیشانەی سنوور؛ سنوور نیشانەکەر. (٣) []، خودای سنوورو نیشانە (نەفسانەی ڕۆمان).
territorial (٤) نیشتگەی نەم سەرو نەوسەر (شەمەندەفەر، پاس، فڕۆکە)؛ دوا نیشتگە؛ کۆتایی ڕێگە. (٥) [Chiefly British] شاری نیشتگەی نەم سەرو نەوسەر.
termite (tûr′mīt), n. مۆرانەی دارو تەختە؛ مۆریانە.
termless (tûrm′lis), adj. (١) بێ پایان؛ بێ سنوور (٢) بێ مەرج
termor (tûr′mĕr), n. کەسێکە کە خاوەنبەرەیەکی بە دەستەوە بێ بۆ ماوەیەک یا هەتا دەمرێ.
tern (tûrn), n. بەڕەسێلکەی دەریا؛ بالندەیەکی دەریاییە لە " gull " دەچێ
tern (tûrn), n. (١) پەیانقۆزەکە بە سێ ژمارە بڕاوێتەوە (٢) نەم سێ ژمارەیە (٣) بەلەمی سێ ستوونی.
ternary (tûr′nĕr-i), adj. (١) سیانە؛ سێیانە؛ لە سێ بەش پێکهاتوو. (٢) سێ‌یەم؛ سێهەم. (٣) لە سێ توخم پێکهاتوو (کیمیاگەری).
(٤) هی دارشتەی لە سێ کانزا پێکهاتوو. (٥) ژێرەکەی سێیە (بیرکاری).
n. [Rare]. دەستەی سێیانە؛ سێ؛ کۆمەڵی سێ‌یی.
ternate (tûr′nāt), adj. (١) سیانە؛ سێیانە؛ لە سێ پێکهاتوو؛ سێ سێ؛ سێ سێ ڕێزکراو. (٢) سێیانە (گەڵا)
terneplate (tûrn′plāt′), n. پەڕەی ئاسن یا پۆڵای داپۆشراو بە دارشتەی تەنەکەو قوڕقوشم
terpsichorean (tûrp′si-kə-rē′ən), adj. سەمایی؛ تایبەتی بە سەما.
n. سەماکەر.
terra alba, خاکە سپی؛ گەچ.
terra (ter′ə), n. [L.], خاک؛ زەمین
terrace (ter′is), n. (١) تەلان؛ تەلان؛ پلە پلەی زەوی؛ لێژگەی پلە پلەکراو. (٢) هەیوان. (٣) سەربانی تەخت.
(٤) ڕیزە خانووی نەختێک لە شەقامەکە بەرزتر.
(٥) شەقامی بەردەمی ڕیزە خانوویەکی وەها بەرز.
(٦) باخچەی درێژکۆڵەی ناوەڕاستی شەقامێک.
v.t. تەلان کردن؛ پلە پلە کردن (زەوی لێژ، چیمەن، قەدپاڵ).
terra-cotta (ter′ə-kot′ə), adj. (١) قاوەیی سوورباو.
(٢) هی قوڕی " terra cotta " (ووشەی داهاتوو ببینە).
terra cotta, (١) قوڕێکی قاوەیی سوورباوە کڵێنەی لێ دروست دەکرێ.
(٢) کڵێنەی بەم قوڕە دروستکراو. (٣) قاوەیی سوورباو.
terra firma, ووشکانی؛ زەمین.
terrain (tə-rān′, te-rān′, ter′ān), n. (١) زەوی؛ پەڵە زەوی.
(٢) زەمین (لەڕووی بەرزی‌و نزمی‌یەوە)؛ بەرزی‌و نزمی زەمین؛ جۆری زەمین
(٣) ناوچە؛ هەرێم؛ ناوچەیەکی جوگرافی. (٤) terrane .
terra incognita (ter′ə in-kog′ni-tə), (١) زەمینی نەدۆزراوە؛ زەمینی نەزانراو. (٢) ڕشتەی زانستی نەزانراو یا نەدۆزراوە.
terramycin (ter′ə-mī′sin), n. تراماییسین؛ جۆرە دەرمانێکە.
terrane (tə-rān′, te-rān′, ter′ān), n. (١) ڕیزە بەردی هاوچەشن (زەمینناسی). (٢) ناوچەی پڕ لە بەردێکی تایبەتی یا چەند بەردێکی هاوچەشن.
terrapin (ter′ə-pin), n. (١) ڕەقە؛ کیسەڵی زەلکاو؛ کیسەڵی ناو شیریناو. (٢) گۆشتی ئەم کیسەڵە.
terraqueous (ter-ā′kwi-əs), adj. ووشکانی ناوی؛ لە ووشکانی‌و لە ناو پێکهاتوو (وەک سەرزەمین).
terrarium (te-rār′i-əm), n. (١) زەوی‌یەکی دەورەگیراوە گیانداری بچووکی تێدا بەخێوەدەکرێ (وەک کیسەڵ‌و قۆزی... هتد).
(٢) دەفری ڕووەکی بچووک تێدا بەخێوکردن.
terrazzo (ter-rät′sô), n. زەمینەی پارچە مەرمەڕی بچووک‌و چیمەنتۆ.
terrene (te-rēn′, ter′ēn), adj. (١) سەرزەمینی؛ زەمینی.
(٢) جیهانی.
n. (١) سەرزەمین. (٢) ناوچە؛ هەرێم.
terreplein (ter′plān′), n. سەکۆی لەسەر دابەستنی تۆپی ناو سەنگەر.
terrestrial (tə-res′tri-əl), adj. (١) سەرزەمینی؛ جیهانی؛ تایبەتی بەم سەرزەمینە. (٢) ووشکانی. (٣) زەمین نشین؛ ووشکانی نشین
(٤) لە خاکدا ڕووا؛ لە خاکدا پەروەردە بوو؛ خاکی.
n. زەمین نشین؛ مرۆڤ؛ دانیشتوویەکی سەرزەمین.
terret (ter′it), n. (١) ئەڵقەی پستی سەگو تانجی؛ ئەڵقەی ملبەندی سەگ. (٢) ئەڵقەی زین‌و قایش‌و قرووشی نەسپ کە ڕەشمەو لغاوی پێدا دەکرێ.
terrible (ter′ə-b'l), adj. (١) سامناک؛ ترسناک؛ جەرگبڕ.
(٢) ئێجگار زۆر؛ لە ئەندازە بەدەر.
(٣) ناخۆش؛ خراپ؛ زۆر ناخۆش یا خراپ:
(She had a ~ time at the party.)
terribly (ter′ə-bli), adv. (١) ترسناکانە؛ سامناکانە.
(٢) زۆر؛ ئێجگار زۆر: (I'm ~ sorry.) .
terricolous (te-rik′ə-ləs), adj. ووشکانی (ڕووەکناسی)؛ گیانەوەرناسی)؛ لەسەر خاک دەژی.
terrier (ter′i-ēr), n. تێریەر: جۆرە سەگێکی پاوی بچووکی زیرەکی چالاکە.
terrier (ter′i-ēr), n. تۆمارنامەی تاپۆی زەوی‌وزاری ناوچەیەک.
terrific (tə-rif′ik), adj. (١) ترسناک؛ سامناک.
(٢) ناخۆش؛ بێ تاقەتکەر. (٣) نایاب؛ زۆر باش:
(a ~ teacher, chef, dinner, view, time, etc.)
(٤) سەرسوڕهێنەر.
-terrifically (adv.).
terrify (ter′ə-fī′), v.t. تۆقاندن؛ زارەترەک کردن؛ زۆر ترساندن.

territorial (ter´ə-tôr′i-əl, ter´ə-tō′ri-əl), *adj.* (۱) هەرێمی؛ ناوچەیی (۲) تایبەتی بە دەسەڵاتی هەرێمێك.
(۳) [T-]. بەرگری؛ هی بەرگری هەرێمی: *(the British T~ Army)* .
n. (۱) سەربازی هێزی بەرگری هەرێمی. (۲) سەربازی هێزی بەرگری هەرێمی ئینگلیزی.

territorialism (ter´ə-tôr′i-əl-iz'm, ter′ə-tō′ri-əl-iz'm), *n.* (۱) ڕژێمی خاوەن زەوییان. (۲) ڕژێمێکی کلێسەیی‌یە کە دەسەڵات تێیدا بە دەست هێزی شارستانییەوەیە.

territoriality (ter´ə-tôr´i-al′ə-ti, ter′ə-tō′ri-al′ə-ti), *n.* هەرێمێتی؛ ناوچەییتی.

territorial waters, ئاوی هەرێمی: ئاوی کەنار دەریای وڵاتێکە کە هەتا سێ میل هی ئەو وڵاتەیە.

territory (ter′ə-tôr´i, ter′ə-tō´ri), *n.* (۱) هەرێم؛ ناوچە. (۲) خاك و ئاوی وڵاتێك. (۳) هەرێمی ژێردەستە یا سەر بە وڵاتێکە کە مێشتا نەبووبن بە بەشێك لەو وڵاتە. (٤) ناوچەی کارو‌کاسبی (بەتایبەتی هی فرۆشیاری گەڕۆك). (٥) مەیدانی کارو بێرکردنەوەو چالاکی... هتد. (٦) لایەکی گۆڕەپانە کە بە دەست تیپێکی یاریپەوەیە.

terror (ter′ēr), *n.* (۱) ترس؛ ترسێکی ئێجگار زۆر؛ تۆقین؛ ترس‌ولەرز. (۲) شتی ترسناك؛ کەسێکی ترسناك. (۳) ڕەش کوژی؛ تۆقاندن؛ تێرۆر. (٤) [Colloq.]، کەسێکی بێزارکەر یا پەستکەر.

terrorism (ter′ēr-iz'm), *n.* ڕەش کوژی؛ تۆقاندن؛ تێرۆریزم.

terrorist (ter′ēr-ist), *n.* تۆقێنەر؛ ترسێنەر؛ زراوبەر؛ ڕەش کوژ؛ تیرۆریست.

-terroristic *(adj.)*.

terrorize (ter′ə-rīz´), *v.t.* (۱) تۆقاندن؛ ترساندن؛ زارەتڕەك کردن. (۲) بە زۆر پێ کردن؛ ترس نانە بەرو پێ کردن.

-terrorization *(n.)*.

terror-stricken (ter′ēr-strik´n), *adj.* تۆقیو؛ زۆر ترسار؛ زارەتڕەك بوو.

terry (ter′i), *n.* (۱) کورك؛ گەندەمووی قوماش. (۲) قوماشی کورکاوی؛ قوماشی گەندەموودار. (پێشی دەوترێ: " terry cloth ").

terse (tûrs), *adj.* کورت (ووتە، وەڵام)؛ کورتو بەجێ: *(a ~ reply)* .

-tersely *(adv.)*; **terseness** *(n.)*.

tertial (tûr′shəl), *adj.* هی سێیەم ڕیزی پەڕی فڕین؛ هی پەڕی فڕین. *n.* پەڕی سێیەم ڕیزی فڕینی باڵندە.

tertian (tûr′shən), *adj.* هەر ڕۆژ نە ڕۆژێ؛ هەر سێ ڕۆژ جارێك. *n.* = **tertian fever.**

tertian fever, نۆزەتا؛ سێیەڕۆ.

tertiary (tûr′shi-er´i, tûr′shə-ri), *adj.* (۱) سێیەم؛ سێیەم پلە؛ سێیەمین. (۲) هی پلەی سێیەم لە پەرستگادا. (۳) [T-]. هی چەرخی سێیەم (زەمیناسی). (٤) **tertial** .
n. (۱) ئەندامێکی پلەی سێیەمی پەرستگا. (۲) پەڕی فڕینی باڵندە.

the Tertiary, چەرخی سێیەم (زەمیناسی).

tertiary color, ڕەنگێکە لە تێکەڵ کردنی دوو ڕەنگی ناسەرەکی پێکدێت

tervalent (tēr-vā′lənt), *adj.* سێ هاوهێزی (کیمیا).

terza rima (ter′tsä rē′mä), هۆنراوەیەکی سێ خشتەکی‌یە لە بنچینەدا نیتاڵی‌یە (قافیە) کەی بەم جۆرەیە: **aba, bcb, cdc** .

tessellate (tes′ə-lāt′), *v.t.* کاشی بەند کردن؛ نەخشاندن بە کاشی و شووشەو بەردی هەمەڕەنگ.

-tessellation *(n.)*.

tessera (tes′ēr-ə), *n.* پارچە تەختە، کاشی، شووشە یا بەردی مەڕەپێ بچووك (لە نەخشکارید! بەکاردەهێنرێ).

test (test), *n.* (۱) cupel . (۲) تاقیکردنەوە؛ ئەزموون. (۳) پێوان؛ پێوەر.
v.t. (۱) کانزا پوختەکردن؛ جیاکردنەوەی کانزای بەنرخ لە هی بێ نرخ (۲) تاقیکردنەوە.

test (test), *n.* قاوغی گیاندارِی ئاوی؛ لەپکە؛ قاقلە.

testa (tes′tə), *n.* (۱) تونکلە تۆو. (۲) قاوغ؛ لەپکە؛ قاقلە.

testaceous (tes-tā′shəs), *adj.* (۱) قاوغی؛ لەپکەیی؛ قاقلەیی. (۲) قاوغدار؛ قاقلەدار. (۳) قاوەیی سوورباو.

testacy (tes′tə-si), *n.* وەسیەتنامە لە دوای خۆ بەجێهێشتن.

testament (tes′tə-mənt), *n.* (۱) پەیمان. (۲) [T-]، یەکێکە لە دوو بەشەکەی ئینجیل (کە پێیان دەوترێ: " the Old Testament " و " the New Testament "). (۳) [T-]، [Colloq.]، بەشی دووەمی ئینجیل " The New Testament ". (٤) وەسیەتنامە: *(his last will and ~)* .

testamentary (tes′tə-men′tə-ri), *adj.* (۱) وەسیەتنامەیی؛ تایبەتی بە وەسیەتنامە. (۲) لە وەسیەتنامەدا بۆی دانراوە یا دراوەتێ (۳) بەپێی وەسیەتنامە کراوە.

testate (tes′tāt), *adj.* وەسیەتنامە لە دوا بەجێماو.
n. وەسیەتنامە بەجێهێشتوو.

testator (tes′tā-tēr, tes-tā′tēr), *n.* وەسیەتنامە بەجێهێشتوو؛ مردوویەکی وەسیەتنامە بەجێهێشتوو.

testatrix (tes-tā′triks), *n.* ژنێکی وەسیەتنامە بەجێهێشتوو.

tester (tes′tēr), *n.* تاقیکەرەوە.

tester (tes′tēr), *n.* چەتری سەر جێگا.

testes (tes′tēz), *n. plural of* **testis.**

testicle (tes′ti-k'l), *n.* گۆن.

testiculate (tes-tik′yoo-lit), *adj. Also* **testicular,** گونی؛ لە گۆن دەچێ؛ هێلکەیی.

testify (tes′tə-fī´), *v.i.* (۱) شایەتی دان (دادگا)؛ گەواهی دان: *(to ~ in court)*
(۲) بەڵگە بوون بۆ؛ نیشانەی ئەوە بوون: *(His words ~ to his impatience.)*
v.t. (۱) شایەتی بۆ دان؛ گەواهی بۆ دان. (۲) بەڵگە بوون بۆ. (۳) بانگ بۆ دان

-testification *(n.)*; **testifier** *(n.)*.

testily (tes′tl-i), *adv.* بە تووڕەیی‌یەوە؛ بە تووڕەو تڕۆیانەوە؛ بە تەنگەجیکلانەوە.

testimonial (tes′tə-mō′ni-əl), *n.* (۱) پەسەندنامە؛ گەواهی؛ گەواهنامە. (۲) خەڵات (بەتایبەتی کە لە کۆمەڵێکەوە پێشکەشی کەسێك بکرێ بە ناشکرا بۆ ئیش‌وکاری بەسوودی)؛ ڕێزنامە؛ سوپاسنامە

testimony (tes′tə-mō´ni), *n.* (۱) شایەتنامە؛ شایەتی؛ گەواهنامە؛ گەواهی (دادگا). (۲) بانگ. (۳) بەڵگەنامە؛ بەڵگە؛ قەوانە: *(His smile was ~ to his disbelief.)* (٤) [T-]، فەرموودەی خودایی (ئینجیل). (٥) بڕوا پێ کردنی ناشکراو جار بۆ دانی (ئاین).

testis (tes′tis), *n.* = **testicle.**

teston (tes′t'n), *n. Also* **testoon,** دراوێکی ئینگلیزی و فەرەنسی کۆنە.

testosterone (tes-tos′tə-rōn´), *n.* تێستۆستەرۆن: هۆرمۆنێکە گۆن دەیرێدەدات.

test paper, (۱) کاغەزی تاقیکردنەوە. (۲) کاغەزی ئەزموون (کیمیا).

test pilot, فڕۆکەوانی تاقیکەرەوە: فڕۆکەوانێکە فڕۆکەی تازە تاقی دەکاتەوە.

test tube, بۆری ئەزموون؛ بۆری تاقیکردنەوە.

test-tube (test′tōōb, test′tūb), *adj.* لە چاکردنی دەستکرد پەیدا بووە: *(a ~ baby)* .

testudinal (tes-tōō′də-n'l, tes-tū′də-n'l), *adj.* کیسەڵی؛ لە کیسەڵ و قاوغەکەی دەچێ

testudinarious (tes-tū′də-nâr′i-əs), *adj.* = testudinal.

testudinate (tes-tōō′də-nāt′, tes-tū′də-nit), *adj.* (١) قۆزاغ وەک قاوغی کیسەڵ. (٢) کیسەڵی

n. کیسەڵ پەنە.

testudo (tes-tōō′dō, tes-tū′dō), *n.* (١) کیسەڵ پەقە (٢) پەناگایەکە سەربانێکی کەوانەیی درێژ بە گوللەی بەسەرەوەیە دەجوڵێنرێ سەربازی گەمارۆدراوی پۆمانەکان بەکاریان دەهێنا (٣) پەردەیەکی پارێزەرە سەربازە پۆمانەکان دروستیان دەکرد بە لێکدانی قەڵغانەکانیان و خستنیە سەر سەریان.

testy (tes′ti), *adj.* تەنگەجێکلانە؛ سەرگەرم؛ زوومەڵچوو.

-testiness *(n.).*

tetanic (ti-tan′ik), *adj.* دەردەکۆپانی.

n. هەر جۆرە دەرمانێکە کە زۆر بەکارهێنانی دەبێتە هۆی دەردەکۆپان.

tetanize (tet′ə-nīz′), *v.t.* تووشی دەردەکۆپان کردن.

tetanus (tet′ə-nəs), *n.* دەردەکۆپار

tetany (tet′ə-ni), *n.* نەخۆشیەکە لە دەردەکۆپان دەچێ.

tetchy (tech′i), *adj. Also* **techy,** تەنگەجێکلانە؛ سەرگەرم؛ زوومەڵچوو

tête-à-tête (tāt′ə-tāt′), *n.* (١) گفتوگۆی دووبەدوو؛ گفتوگۆی ڕووبەڕوو یا تایبەتی. (٢) کورسیەکە لە شێوەی (S) دا دوو کەس لەسەری دادەنیشن.

adj. دووبەدوو؛ ڕووبەڕوو؛ تایبەتی. *(a ~ meeting)* .

adv. ڕووبەڕوو؛ دووبەدوو؛ تایبەتیانە. *(They spoke ~ .)*

tether (teth′ĕr), *n.* (١) کەمەند پەت یا گوریسی وڵاخ بەستنەوە. (٢) مەودا، شارەزایی، زانین، توانا، دانایی... هتد.

v.t. کەمەند کردن؛ وڵاخ بەستنەوە بە پەت یا گوریس

at the end of one's tether, ئیتر لە تینیا نەماوە؛ ئیتر لە باریا نەماوە.

tetra (tet′rə), *n.* جۆرە ماسیەیەکی ڕوباری ناوچە گەرمەکانە.

tetra- (tet′rə), پێشگرێکە بەمانای چوار.

tetrad (tet′rad), *n.* (١) ژمارە چوار (٢) کۆمەڵێک یا دەستەیەکی چواری. (٣) دەستەیەکی چوار کرۆمۆسۆمی کە لە دابەشبوونی جووتی کرۆمۆسۆم پەیدابووبێ (٤) توخمێکی کیمیایی چوار هاوهێزی.

tetragon (tet′rə-gon′), *n.* چوارگۆشە وێنەی چوارگۆشەیی.

-tetragonal *(adj.).*

tetragram (tet′rə-gram′), *n.* ووشەی چوار تیپی

tetrahedral (tet′rə-hē′drəl), *adj.* چوارڕووبی (ئەندازە).

tetrahedrite (tet′rə-hē′drīt), *n.* تێترائیدرایت: کانزایەکی بۆر یا ڕەشباوە.

tetrahedron (tet′rə-hē′drən), *n.* چوارڕوو (ئەندازە)؛ وێنەی چوارڕوو

tetralogy (te-tral′ə-ji), *n.* (١) زنجیرەیەکی چوار شانۆنامەیە سیانیان ناسۆزاوی و یەکێکیان لاقرتی (٢) زنجیرەیەکی چوار شانۆنامە یا ئۆپەرایە.

tetramerous (te-tram′ĕr-əs), *adj.* (١) چوارینە؛ لە چوار بەشی چوون یەک پێکهاتووە؛ کراوە بە چوار بەشی چوون یەکەوە. (٢) چوار چوار پێکەوەن (پەڕەی گوڵ یا نێرکەکەی).

tetrameter (te-tram′ə-tĕr), *n.* دێڕێکی هۆنراوەی چوارپەرگەیی کێشەدارە

tetrapetalous (tet′rə-pet′l-əs), *adj.* چوار پەڕە گوڵ

tetrapod (tet′rə-pod′), *n.* چوارپێ

tetrapterous (te-trap′tĕr-əs), *adj.* چوار باڵی وەک جانەوەر.

tetrarch (tet′rärk. tē′trärk), *n.* (١) فەرمانڕەوای چواریەکی وڵاتێک (لە ئیمپراتۆریەتی ڕۆمای کۆندا). (٢) شازادەی خوارەدەست؛ فەرمانڕەوای ناسەرەکی

tetrarchy (tet′rär-ki, tē′trär-ki), *n.* (١) چواریەکی وڵاتێک کە لەژێر دەستی فەرماندارێکدا بێ. (٢) میری چوار کەسی. (٣) چوار فەرماندار؛ دەستەیەکی چوار میری. (٤) وڵاتێکی بەشکراو بە چوار بەشەوە.

tetrastich (tet′rə-stik′), *n.* هەڵبەستی چوار دێڕی؛ بڕگەی چوار دێڕی هەڵبەستێک.

tetrastichous (te-tras′ti-kəs), *adj.* بە چوار ڕیزی ستوونی دەڕوێن (گەڵا، گوڵ).

tetratomic (tet′rə-tom′ik), *adj.* چوار گەردیلەیی؛ چوار ئەتۆمی.

tetravalent (tet′rə-vā′lənt, te-trav′ə-lənt), *adj.* چوار هاوهێزی.

tetroxide (te-trok′sīd, te-trok′sid), *n.* ئۆکسیدی چوارینە: ئۆکسیدێکە چوار گەردیلەی ئۆکسجینی تێدا بێ.

tetryl (tet′ril), *n.* باروتێکی زەردە.

tetter (tet′ĕr), *n.* جۆرە نەخۆشیەکی پێستە دەبێتە هۆی خوران (وەک بیرێ).

Teuton (tōō′t'n, tū′t'n), *n.* (١) *(pl.)* ، تیوتۆن: نەتەوەیەکی ئەڵمانی کۆن. (٢) تیوتۆنی؛ ئەڵمانی؛ کەسێکی تیوتۆنی یا ئەڵمانی.

Teutonic (tōō-ton′ik, tū-ton′ik), *adj.* تیوتۆنی. (ووشەی پێشوو ببینە).

Teutonism (tōō′t'n-iz'm, tū′t'n-iz'm), *n.* (١) بڕوا بوون بە بەرزێتی نەتەوەی ئەڵمان؛ ڕەگەزپەرستێتی ئەڵمانی. (٢) زاراوەی ئەڵمانی. (٣) کلتووری ئەڵمانی.

-Teutonist *(n.).*

Texan (tek′s'n), *adj.* تەکساسی.

n. تەکساسی؛ کەسێکی تەکساسی.

Texas (tek′səs), *n.* نۆمی سەرەوەی بەڵەمی هەڵم (کە ژووری ئەفسەری تێدایە).

Texas fever, تای تەکساسی: درمێکی ڕەشەوڵاخ و ئاژەڵ.

Texas Ranger, پۆلیسی سوارەی تەکساسی.

Texas tower, بورجێکی تەکساس: بورجێکی پادارە لەئاو دەربادا.

text (tekst), *n.* (١) دەق؛ دەقی ووتەی نووسەر؛ دەقی ووتەی نووسراو؛ دەقی ووتار: *(the ~ of a letter, speech, etc.)* . (٢) دەقی کتێب جگە لە پەراوێزو پێشەکی و پاشکۆ. (٣) دەقی بەندێکی ئینجیل (کە دەهێنرێتەوە بۆ پشتیوانی بیروباوەڕێک یا پەندێک). (٤) دەستنووسی زل. (٥) باس. (٦) جۆرێکە لە تیپی قەڵەو کە لە چاپ کردندا بەکاردەهێنرێ. (٧) **text-book** .

text-book (tekst′book′), *n.* پەرتووکی قوتابخانە؛ کتێبی قوتابخانە.

text hand, دەستنووسی گەورە.

textile (teks′t'l, teks′til, teks′tīl), *adj.* (١) چنراو؛ تەنراو. (٢) هی چنراو. (٣) دەچنرێ؛ بۆ چنین دەشێ.

n. (١) کالا؛ قوماش؛ کوتاڵ؛ چنراو. (٢) کەرەسەی خاوی چنین (وەک لۆکە، خوری، کەتان).

textual (teks′chōō-əl), *adj.* (١) دەقی؛ هی دەقی نووسراو یا کتێب. (٢) ووشە بە ووشە؛ بەپێی دەقی نووسراو.

textual criticism, ڕەخنەلێگرتن و شیکردنەوەی دەقی کتێب یا نووسراو.

textualism (teks′chōō-əl-iz'm), *n.* (١) دەق پەرستی (ئینجیل). (٢) ڕەخنە لێ گرتن و شیکردنەوەی دەقی کتێب (بەتایبەتی ئینجیل).

-textualist *(n.).*

textuary (teks′chōō-er′i), *adj.* دەق؛ هی دەقی کتێب یا نووسراو.

n. دەق پەرست (بەتایبەتی ئینجیل). (هەروەها " textualist ").

texture (teks′chĕr), *n.* (١) کالا؛ قوماش؛ چنراو.

(٢) چونێتی کاڵا یا چنراوێك: (*a fine ~ ; a coarse ~*) .
(٣) دەق: شێوەی دەق بەستن یا خۆگرتن؛ توندوتۆڵی؛ شێوەی وەستان یا پێکهاتن. (٤) شێوەی پێکهاتن؛ پێکهاتن.

-th, پاشگرێکە بەمانای: (١) کردن؛ کردار: (*stealth*) . (ب) هەبوون: (*wealth*) .

-th, پاشگرێکە بەمانای: ئەوەندەهەم؛ نیشانەی ژمارەی پلەژمێرە: (*fourth, seventh, tenth*)

-th, پاشگرێکە نیشانەی کرداری کەسی سێیەمی تاکە لە کاتی نێستادا: (*hath, doth*)

thalamencephalon (thal´ə-men-sef′ə-lon´), *n.* بەشی پشتەوەی پێشی مێشکی ناوڵەمە.

thalamus (thal′ə-məs), *n.* (١) تەختی مێشك؛ بنکی مێشك. (٢) تەختی گوڵ.

-thalamic *(adj.).*

thalassic (thə-las′ik), *adj.* (١) دەریایی؛ زەریایی. (٢) کەنداوی؛ هی دەریای بچووکی بە ووشکانی دەورەدراو.

Thalia (thā′li-ə, thāl′yə), *n.* (١) بانوخوای هۆنراوەی لادێو چیرۆکی پێکەنینباوی (ئەفسانەی یۆنانی). (٢) یەکێکە لە سێ بانوخوا جوانەکە کە جوادێیان دەبەخشی بە هەموو کەس (ئەفسانەی یۆنانی).

thallic (thal′ik), *adj.* تالیومی (ووشەی داهاتوو ببینە).

thallium (thal′i-əm), *n.* تالیۆم تۆخمێکی کیمیایی کانزایی خۆڵەمێشیی.

thallophyte (thal′ə-fīt´), *n.* یەکێکە لە کۆمەڵە ڕووەکێکی بێ گەڵاو ڕەگو قەدی دیار (وەك قەوزەو قارچك).

thallous (thal′əs), *adj.* تالیۆمی: هی ناوێتەیەکی کیمیایی کە تالیۆمی یەك هاوهێزی تێدا بێت.

thallus (thal′əs), *n.* لەشی ڕووەکی بێ گەڵاو ڕەگو قەد (وەك قەوزەو قارچك).

than (*th*an, *th*en; *unstressed th*ən, *th*'n), *conj.* (١) لە (*John is taller ~ his brother.)*
(٢) لەوە؛ بە لاوە باشتر بوون: (*I would rather dance ~ eat.)* .
(٣) لە: لەوە زیاتر: (*It was none other ~ Sam. He is no other ~ a thief.)*

thanage (thān′ij), *n.* (١) زەوی‌وزاری دەرەبەگێکی ئوسکوتلەندی کە نازناوەکەی " thane " ە . (٢) ماوەی بە دەستەوەبوونی ئەم زەوی‌وزارە. (٣) دەسەڵاتو پلەوپایەی ئەم دەرەبەگە.

thanato- (than′ə-tō, than′ə-tə), پێشگرێکە بە مانای: مردن: (*thanatophobia)*

thanatophobia (than´ə-tə-fō′bi-ə), *n.* ترسی مردن.

thanatopsis (than´ə-top′sis), *n.* بیرکردنەوە لە مردن.

thane (thān), *n.* (١) نازناوێکی ئەنگلۆ ساکسۆنی کۆنی پیاوە دەرەبەگەکانە وەك : " خان " یا " بەگ " . (٢) نازناوێکی سکۆتلەندی کۆنی پیاوە دەرەبەگەکانە وەك: " خان " یا " بەگ " .

thaneship (thān′ship´), *n.* پلەوپایەو دەسەڵاتی " thane " . (ووشەی پێشوو ببینە).

thank (thaŋk), *v.t.* (١) سوپاس کردن (٢) خەتاگرتن؛ لۆمە خستنە سەر؛ بە تەوسەوە سوپاس کردن: (*He can be ~ed for our failure.)*

have oneself to thank, لۆمەی خۆ کردن؛ خەتای کەس نەگرتن هی خۆ نەبێ.

thankful (thaŋk′fəl), *adj.* سوپاسکەر؛ نمەکناسی؛ پێزان.

-thankfully *(adv.)*; **thankfulness** *(n.).*

thankless (thaŋk′lis), *adj.* (١) بەد نمەك؛ نمەك نەناس؛ پێ نەزان. (٢) سوپاس ناکرێ؛ جێی سوپاس نێیە؛ ڕێزی لێ نانرێ (کار): (*a ~ job, task, etc.)*

-thanklessly *(adv.)*; **thanklessness** *(n.).*

thanks (thaŋks), *n.pl.* سوپاس؛ سوپاسنامە. *interj.* سوپاس!؛ سوپاست دەکەم.
thanks to, (١) سوپاس بۆ. (٢) بە هۆی؛ بە سایەی؛ لە سایەی.

thanksgiving (thaŋks´giv′iŋ), *n.* (١) سوپاس کردن. (٢) سوپاسی خوا کردن. (٣) [-T]، جەژنی سوپاس کردنی خوا لە ئەمەریکا (ووشەی داهاتوو ببینە).

Thanksgiving Day, جەژنی سوپاس کردنی خوا لە ئەمەریکا (کە ڕێکەوتی چوارەم پێنج شەممەی مانگی یانزەی هەموو ساڵێك دەکات)

thank-worthy (thaŋk´wûr′*th*i), *adj.* شایانی سوپاسە؛ جێی سوپاسە.

that (that; *unstressed* thət), *pron.* (١) ئەوە: (*I like this more than ~ .)*
(٢) کە (شت، کەس): (*the house ~ we bought; the man ~ we saw)*
(٣) کە (شوێن): (*the place ~ I saw him)* .
(٤) کە (کات): (*the year ~ he was born)* .
(٥) شتێك؛ ئەو شتە: (*There is ~ about him which mystifies me.)*
adj. (١) ئەو: . (*T~ man is John. T~ apple tastes good.)*
(٢) ئەوە: (*I can see this house more clearly than ~ one.)* .
conj. (١) کە؛ کە ڕا: . (*The truth was ~ we never saw him.)*
(٢) تاکو؛ بۆ ئەوەی؛ لەپێناوی: (*They died ~ we might live.)*
(٣) کە؛ کەوا: (*He ran so fast ~ I couldn't catch up.)*
(٤) کە؛ کەوا: (*I am sorry ~ I caused you so much grief.)*
(٥) خۆزگە (*Oh, ~ this day were over.)* .
adv. ئەوەندە: (*I can't see ~ far ahead. I am so tired ~ I could drop.)*
at that, (١) هەر ئەوە؛ لەوێدا؛ لەو کاتەدا. (٢) لەگەڵ ئەوەشدا.
in that, چونکە؛ لەبەرئەوە.
that's that!, ئیتر بڕیارەوە!؛ ئیتر تەواو؛ ئیتر مەسەلەکە بڕیارەوە.
that's to say, واتا.

thatch (thach), *n.* (١) زەل‌و قامیش‌و پووش. (٢) سەربانی زەل‌و قامیش‌و پووش. (٣) قژ.
v.t. لە زەل‌و قامیش سەربان دڕووستکردن؛ سەری خانوو بە زەل‌و قامیش‌و پووش گرتن.

thatching (thach′iŋ), *n.* (١) سەری خانوو بە زەل‌و قامیش‌و پووش گرتن. (٢) زەل‌و قامیش‌و پووشی سەربان ئ دڕووستکراو.

thaumatology (thô´mə-tol′ə-ji), *n.* لێکۆڵینەوەی موعجیزە؛ نەریتی موعجیزە.

thaumaturge (thô′mə-tūrj´), *n.* موعجیزە دڕووستکەر؛ جادووگەر. (هەروەها " thaumaturgist ").

thaumaturgy (thô′mə-tūr´ji), *n.* جادوو؛ موعجیزەکاری.

-thaumaturgic *(adj.)*; **thaumaturgical** *(adj.).*

thaw (thô), *v.i.* (١) توانەوە (بەفر، سەهۆڵ). (٢) بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی‌و توانەوەی شتی بەستوو: (*It will ~ tomorrow.)*
(٣) گەرم‌وگوڕ بوون (پەیوەندی نێوان دوو کەس یا دوو وڵات... هتد).
v.t. تواندنەوە.
n. (١) توانەوە. (٢) ماوەیەك ئاووهەوای گەرم بۆ شت توانەوە. (٣) گەرم‌وگوڕی (نێوان دوو کەس یا دوو وڵات... هتد)؛ ساردی نەمان (*There is a ~ in the relations between the two countries.)*

the (*th*ə; *before vowels, th*i), *adj.*, definite article, ئامرازی ناساندن یا تایبەتێیە بەمانای " ەکە " و بەم جۆرانەی خوارەوە بەکاردەهێنرێ:

(۱) لەگەڵ کەسێک یا شتێکی تایبەتی یا دیاریکراودا: *(~ man; ~ house; ~ bank)*
(۲) لەگەڵ شتێکی تاقانەدا: *(~ sun; ~ moon)*.
(۳) لەگەڵ ناوی تایبەتیدا: *(~ Atlantic; ~ Alps; ~ Smiths)*.
(٤) لەگەڵ بڵەی باڵادا (ڕێزمان): *(~ largest; ~ most interesting)*.
(٥) لەگەڵ توخم یا چیندا: *(T~ horse is an animal.)*.
(٦) لەگەڵ ناوەڵناودا *(~ dead, ~ dying and ~ wounded)*.
(۷) بۆ ناونووس کردنی کەسێک یا شتێک وەک دەست بالاترین و بەناوبانگترینی چینەکەی یا توخمەکەی: *(Dr. X is ~ heart specialist.)*.

the (*thə*), *adv.* چەند؛ ئەوەندە: *(T~ sooner you start ~ sooner you will finish.)*

theanthropic (thē´an-throp′ik), *adj.* خوایی - نادەمی

theanthropism (thi-an′thrə-piz′m), *n.* (۱) (ا) تایبەخۆی نادەمی دانە یان خوا (ب) بڕوابوون بە بوونی بوونەوەری خوایی- نادەمی. (۲) بڕوای نابنی بە یەکگرتنی سرووشتی خوایی و نادەمی لە عیسادا.
-**theanthropist** *(n.)*.

thearchy (thē′är-ki), *n.* (۱) theocracy. (۲) چینی خوا بچکۆلەکان.

theater, theatre (thē′ə-tĕr), *n.* (۱) شانۆ؛ سینەما؛ تەماشاخانە؛ تیاترۆ؛ شانوخانە (۲) هۆڵی گوێگران. (۳) مەیدان؛ جێی شت پووداں (بەتایبەتی جەنگ): *(the Pacific ~ of war)*. (٤) (ا) شانۆگەرێتی؛ هونەری شانۆگەری. (ب) جیهانی شانۆگەری؛ شانۆگەران؛ ئەوانەی لە شانۆدا خەریکن. (٥) شێوازی شانۆگەری سەردەمێکی تایبەتی.

theatergoer, theatregoer (thē′ə-tĕr-gō´ĕr), *n.* کەسێک کە زۆر زوو دەچێتە شانۆ سینەما.

theater-in-the-round, theatre-in-the-round, arena theater.

theater of operations, مەیدانی جەنگ

theater of the absurd, شانۆگەری بێ مانا: بزووتنەوەیەکی شانۆگەری سەدەی بیستەمە بێ مانایی ژیانی مرۆڤ دەردەخات لە جیهانێکی بێ ماناداً

theatrical (thi-at′ri-k'l), *adj. Also* **theatric,** (۱) شانۆیی: تایبەتی بە شانۆ شانۆگەری. (۲) خۆنوێنەرانە (لەڕووی سووکی‌یەوە)؛ خۆدەرخەر بەشێوەیەکی منداڵانەو لە ڕادە بەدەر
-**theatrically** *(adv.)*.

theatricalism (thi-at′ri-k'l-iz′m), *n.* خۆنواندن لە ڕادە بەدەر؛ زۆر خۆدەرخستن (لەڕووی سووکی‌یەوە).

theatricality (thi-at´ri-kal′ə-ti), *n.* = theatricalism.

theatricals (thi-at′ri-k'lz), *n.pl.* شانۆگەری پێشکەش کراو لەلایەن ناپیشەوەرانەوە.

theatrics (thi-at′riks), *n.pl.* (۱) هونەری نواندن لەسەر شانۆ؛ نواندن (۲) خۆنواندن بۆ سەرنج ڕاکێشان؛ زۆر خۆدەرخستن بەشێوەیەکی منداڵانە.

thebaine (thē′bə-ēn´, thi-bā′in), *n.* قڵیەیەکی بێ ڕەنگی ژەهراویە لە بەنگ دەردەهێنرێ و دەکرێ بە دەرمان.

theca (thē′kə), *n.* بەرگ (ڕووەکناسی)؛ بەرگ یا کیفی کرمۆکە
-**thecal** *(adj.)*.

thecate (thē′kit), *adj.* کیفدار (گیانەوەرناسی، ڕووەکناسی)؛ بەرگدار.

thé dansant (tā´ dän´sän′), ناهەنگی چا و سەمای پاش نیوەڕۆان.

thee (*thē*), *pron.* تۆ (شێوەی نینگلیزی کۆن).

theft (theft), *n.* دزی؛ دزی کردن؛ دزین.

thegn (thān), *n.* = thane.

theine (thē′in, thē′ēn), *n. Also* **thein,** کافینی چا

their (*thâr*), *pron.* هی ئەوان؛ - یان: *(~ house; ~ first defeat)*.

theirs (*thârz*), *pron.* هی ئەوانە؛ هی ئەوان: *(a friend of ~ ; That car is ~ . ; T~ are better.)*

theism (thē′iz'm), *n.* بڕوابوون بە خوا (بەتایبەتی بە یەک خوا)؛ خواناسی.

theist (thē′ist), *n. & adj.* خواناس؛ یەک خواناس؛ بڕوادار بە خوا.

theistic (thē-is′tik), *adj.* هی بڕوای تاقە خوایی؛ هی خواناسی.
-**theistical** *(adj.)*; **theistically** *(adv.)*.

them (*them*; *unstressed thəm*, *th'm*), *pron.* ئەوان؛ - ن: *(We saw ~ . I told ~ .)*

thematic (thē-mat′ik), *adj.* (۱) هی باس؛ هی سەرباس؛ هی ووتار. (۲) هی ڕیشەی ووتە (زمانەوانی).
-**thematically** *(adv.)*.

theme (thēm), *n.* (۱) باس؛ سەرباس؛ بابەت. (۲) ووتار (بەتایبەتی کە قوتابی بۆ کۆرسێک دەینووسێ). (۳) ئاواز. (٤) ڕیشەی ووشە (زمانەوانی). (٥) ئاواز یا گۆرانی نیشانەی بەرنامەیەکی ڕادیۆ.

theme song, (۱) ئاواز یا گۆرانی سەرەکی فیلمێک یا شانۆنامەیەک (کە چەندەها جار دووبارە دەکرێتەوە). (۲) ئاواز یا گۆرانی نیشانەی بەرنامەیەکی ڕادیۆ.

themselves (*thəm-selvz′*), *pron.* خۆیان.

then (*then*), *adv.* (۱) ئەوسا؛ ئەو کاتە؛ لەو کاتەدا: *(We were young ~ .)* (۲) لە دوای ئەوە؛ پاشان؛ ئینجا؛ ئەوساکە: *(He got up, took his hat, and ~ left.)* (۳) دوای ئەوە؛ ئینجا: *(First there is the bedroom to clean, ~ there is the kitchen.)* (٤) کەوابوو؛ جا کەوابوو؛ کەواتە: *(Do it your way, ~ .)*. (٥) هەروەها؛ لەسەر ئەوەیشەوە: *(But I like to walk, and ~ it's cheaper.)* (٦) ئیتر: *(From ~ onwards he behaved himself.)*.

adj. هی ئەوسا؛ هی ئەو کاتە؛ پێشوو: *(the ~ director)*.

n. ئەو کاتە؛ ئەوسا: *(By ~ , they were gone.)*.

but then, بەڵام لە هەمان کاتیشدا؛ بەڵام.

now and then, جاربەجار؛ جارنەجار؛ جارجار.

then and there, یەکسەر؛ دەستبەجێ؛ کوتوپڕ.

what then?, ئەی ئەوسا چی (ڕوو دەدات)؟

thenar (thē′när), *n.* (۱) بەری لەپ؛ لەپ؛ بەری پێ. (۲) گۆشتی بن پەنجە گەورەی دەست.

adj. هی بەری لەپ؛ هی بەری پێ؛ هی گۆشتی بن پەنجە گەورەی دەست.

thence (*thens*, *thens*), *adv.* (۱) لەوێوە؛ لەو شوێنەوە. (۲) لەو کاتەوە؛ لەو ساتەوە. (۳) لەبەرئەوە؛ بۆیە؛ کەوابوو.

thenceforth (*thens´fôrth′*, *thens′fōrth´*), *adv.* لەو ساتەوە؛ لەو کاتەوە.

thenceforward (*thens´fôr′wĕrd*, *thens′fôr′wĕrd*), *adv.* = thenceforth.

thenceforwards (*thens´fôr′wĕrdz*, *thens′fôr′wĕrdz*), *adv.* = thenceforward.

theo-, the- (thē′ō, thē′ə), پێشگرێکە بەمانای: خوا: *(theocracy)*

theobromine (thē´ə-brō′mēn), *n.* تیۆبڕۆمین: مادەیەکی تاڵی بلووڕیی‌یە لە تۆو و گەڵای کاکاو دەردەهێنرێ بۆ دەرمان.

theocentric (thē´ə-sen′trik), *adj.* یەزدان بە بنچینە دانەر.

theocracy (thē-ok′rə-si), *n.* (۱) (ا) پێنمی خوایی. (ب) پێنمی قەشەو مەلاو مالووم؛ پێنمێک کە لەسەر ئاین

دامەزرابێت (٢) وڵاتێك كە پڕێمی ئاینی بیبات بەڕێوە؛ وڵاتێك كە لەژێر دەستی قەشەو مەلاو مالووم دا بێ. (٣) دەستە پیاوی ئاینی دەسەڵاتدار.

theocrat (thē′ə-krat´), *n.* (١) سەرەك پڕێمی ئاینی؛ سەرۆك پڕێمی قەشەو مەلاو مالووم. (٢) پاڵپشتیكەری پڕێمی ئاینی.

theocratic (thē´ə-krat′ik), *adj.* هی پڕێمی قەشەو مەلاو مالووم؛ هی پڕێمی ئاینی.

-theocratical *(adj.)*; **theocratically** *(adv.)*.

theodolite (thē-od′ə-līt´), *n.* گۆشەپێوەر. ئامێرێكە زەوی پێو بەكاری دەهێنن.

theogony (thē-og′ə-ni), *n.* بنەچەنامەی خواكان؛ ڕەگەزنامەی خواكان.

-theogonic *(adj.)*.

theologian (thē´ə-lō′jən, thē´ə-lō′ji-ən), *n.* ئاینزان. زانای ئاین.

theological (thē´ə-loj′i-k'l), *adj.* *Also* **theologic**. ئاینزانی؛ تایبەتی بە ئاین و زانستی ئاین.

-theologically *(adv.)*.

theologize (thē-ol′ə-jīz´), *v.t.* كردن بە بەشێك لە ئاینزانی. *v.i.* بیركردنەوە و ڕەمڵ لێدان لەپووی ئاینناسییەوە.

-theologizer *(n.)*.

theology (thē-ol′ə-ji), *n.* ئاینزانی؛ ئاینناسی؛ خواناسی.

theomachy (thē-om′ə-ki), *n.* (١) جەنگی دژ بە خواكان. (٢) جەنگی خوایی؛ جەنگی ناو خواكان.

theomorphism (thē´ə-môr′fiz'm), *n.* هاتنە بەرچاوو باسكردنی ئادەمیزاد وەك وێنەی خوا.

-theomorphic *(adj.)*.

theopathy (thē-op′ə-thi), *n.* هەستی ئایینی؛ گەشكەی ئایینی.

theophany (thē-of′ə-ni), *n.* دەركەوتنی خوا یا خوایەك بۆ نادەمێز د.

theophyline (thē´ə-fil′ēn, thē´ə-fil′in), *n.* مادەیەكی بێ ڕەنگی بلووری قڵیەیی یە لە گەڵای چا دەردەهێنرێ و دەكرێ بە دەرمان.

theorbo (thē-ôr′bō), *n.* ئامێرێكی موسیقی كۆنە لە عود دەچێ.

theorem (thē′ə-rəm), *n.* (١) بیردۆز؛ بیردۆزێك كە پێویستی بە بەڵگەیە (بیركاری). (٢) بیردۆزی بەڵگە نەویست؛ بیری بە پاست دانراو.

-theorematic *(adj.)*.

theoretical (thē´ə-ret′i-k'l), *adj.* *Also* **theoretic**, بیردۆزی؛ ناكردەنی؛ هەر بەناو.

-theoretically *(adv.)*.

theoretician (thē´ə-rə-tish′ən), *n.* زانای بیردۆز (هی پشتەیەكی زانست یا هونەر)؛ بیردۆزان

theoretics (thē´ə-ret′iks), *n.pl.* بەشی بیردۆزی زانستێك

theorist (thē′ə-rist), *n.* (١) بیردۆزدانەر. (٢) بیردۆزان؛ زانای بیردۆزی زانستێك یا هونەرێك. (هەروەها " theoretician ").

theorize (thē′ə-rīz´), *v.i.* بیردۆز دانان؛ ڕەمڵ لێدان؛ وا دانان.

theory (thē′ə-ri), *n.* (١) بیر. (٢) بۆچوونێك دەربارەی شێوەی كردنی شتێك. (٣) بیردۆز. (٤) بەشی بیردۆزی زانستێك. (٥) گریمانەكی؛ ڕەمڵ لێدان؛ وا دانان: *(My ~ is that he is lying.)* .

theosophical (thē´ə-sof′i-k'l), *adj.* *Also* **theosophic**. هی خواناسی؛ هی خواناسان.

theosophist (thē-os′ə-fist), *n.* خواناس.

theosophy (thē-os′ə-fi), *n.* (١) خواناسی (لە ڕێی بیركردنەوەو شت بۆ دەركەوتنەوە)؛ خواناسین. (٢) [-T]، بیروباوەڕو ڕێبازی بزووتنەوەیەكی تازەی نەمەریكییە كە لەسەر بنچینەی ئاینی بوودی و براهمی دانراوە

therapeutic (ther´ə-pū′tik), *adj.* *Also* **therapeutical**, (١) چاككەرەوە (نەخۆشی بەبێ دەرمان)؛ چاككەر؛ چارەكەر. (٢) تایبەتی بە لقی پزیشكەوانی چاككەرەوە بەبێ دەرمان.

therapeutics (ther´ə-pū′tiks), *n.pl.* پزیشكەوانی چاك كردنەوە یا چارەكردن.

therapist (ther′ə-pist), *n.* پسپۆری چاك كردنەوە (نەخۆشی لەش یا دەروون بەبێ دەرمان)؛ پسپۆری دەروون.

therapy (ther′ə-pi), *n.* (١) نەخۆشی و لاوازی چارەكردن بەبێ دەرمان. (٢) توانای چارەكردن (٣) psychotherapy .

there (*th*âr), *adv.* (١) لەوێ؛ لەویانە. (٢) بۆ ئەوێ؛ بەرەو ئەوێ: *(Go ~ .)* . (٣) ئەوسا؛ ئەو كاتە. (٤) لەوەدا؛ لەوێدا؛ لەو ڕووەوە: *(T~ you are wrong.)* . (٥) وا؛ وا نێستا: *(T~ goes the whistle.)* . (٦) بەمانای پەسەندكردن یا ئافەرین كردن: *(T~'s a fine fellow!)* . (٧) بەمانای بوون: *(T~ is very little time. T~ are two girls here.)*

there *n.* ئەوێ: *(We left ~ at six o'clock.)* .

interj. (١) بەمانای سەرسامی، بەڕەڕەكانی، یا ڕەزامەندی بەكاردەهێنرێ وەك: دەبڕۆ! هانێ! ئەوەتا! ئەوەتانێ! ئەم ووت؟: *(T~ , that's done! T~ , now I can have some peace.)* (٢) بەمانای هاوسۆزی: *(T~ , ~ ! don't worry.)* .

thereabout (*th*âr′ə-bout´), *adv.* = thereabouts.

thereabouts (*th*âr′ə-bouts´), *adv.* (١) لە نزیك ئەوێوە؛ لەو نزیكانەدا؛ لەو دەوروپشتەدا. (٢) لە دەوروبەری ئەو كاتەدا؛ لە نزیك ئەو سەردەمەدا. (٣) نزیكەی ئەوەندە؛ نزیكەی (ژمارە، پلە، هەند)؛ لەو دەوروبەرەدا.

thereafter (*th*âr-af′tēr, *th*âr-äf′tēr), *adv.* لەوەودوا؛ لە دوای ئەوە؛ لەو كاتە بە دواوە؛ لە پاش ئەوە.

thereat (*th*âr-at′), *adv.* (١) لەوێ؛ لەو شوێنە. (٢) ئەو كاتە؛ ئەوسا؛ لەو كاتەدا. (٣) لەبەرئەوە؛ بەهۆی ئەوەوە

thereby (*th*âr-bī′, *th*âr′bī´), *adv.* (١) بەوە؛ بەو هۆیەوە؛ بەو جۆرە؛ لە ئەنجامی ئەوەدا. (٢) لەو بارەیەوە؛ لەو ڕووەوە: *(T~ hangs a tale.)* . (٣) لە نزیك ئەو شوێنە؛ لەو نزیكەدا.

therefor (*th*âr-fôr′), *adv.* لەباتی ئەمە؛ بۆ ئەوە.

therefore (*th*âr′fôr´, *th*âr′fōr´), *adv. & conj.* كەوابوو؛ لەبەرئەوە؛ كەواتە؛ بەگوێرەی ئەمە.

therefrom (*th*âr-frum′, *th*âr-from′), *adv.* لەمەوە؛ لەوەوە.

therein (*th*âr-in′), *adv.* (١) لەوێدا؛ لەو شوێنەدا؛ لەو شتەدا. (٢) لەو مەسەلەیەدا؛ لەوەدا؛ لەوێدا (شت).

thereinafter (*th*âr′in-af´tēr, *th*âr′in-äf´tēr), *adv.* لە بەشی داهاتوودا (بەڵگەنامە، ووتار، پەرتووك)؛ لە بەشی دوای ئەوەوە.

thereinto (*th*âr-in′tōō, *th*âr´in-tōō′), *adv.* (١) بۆ ناو ئەو شوێنە یا شتە. (٢) بۆ ناو ئەو مەسەلەیە یا بارودۆخە.

theremin (ther′ə-min), *n.* ئامێرێكی موسیقی ئەلەكترۆنییە.

thereof (*th*âr-uv′, *th*âr-ov′), *adv.* (١) دەربارەی ئەوە؛ دەربارەی ئەمە؛ لەو ڕووەوە. (٢) لەوەوە؛ لەو سەرچاوەیەوە؛ لەوێوە.

thereon (*th*âr-on′, *th*âr-ôn′), *adv.* (١) لەسەر ئەوە؛ لەسەر ئەو مەسەلەیە؛ دەربارەی ئەوە. (٢) یەكسەر دوای ئەوە؛ كوتوپڕ دوای ئەوە.

there's (*th*ârz), = there is.

thereto (*th*âr-tōō′), *adv.* (١) بۆ ئەوێ؛ بۆ ئەو شوێنە؛ بۆ ئەو شتە. (٢) [Archaic or Poetic]، لەسەر ئەوەیشەوە؛ زیاد لەوەیش؛ جگە لەوەش.

theretofore (*th*âr´tə-fôr′, *th*âr´tə-fōr′), *adv.* تا ئەو كاتە؛ هەتا ئەوسا؛ لەپێش ئەوەدا.

thereunder (*th*âr-un′dĕr), *adv.* (۱) لەژێر ئەوەدا؛ لەژێریدا. (۲) لەوە کەمتر؛ لەژێر ئەوەوە (ژمارە).

thereunto (*th*âr′ən-tōō′, *th*âr-un′tōō), *adv.* = thereto #1.

thereupon (*th*âr′ə-pon′, *th*âr′ə-pŏn′), *adv.* (۱) کوتوپڕ؛ یەکسەر دوای ئەوە. (۲) لە ئەنجامی ئەوەدا؛ بەهۆی ئەوەوە؛ کە ئەوە بوو. (۳) دەربارەی ئەوە؛ لەو ڕووەوە؛ لەسەر ئەو باسە.

therewith (*th*âr-with′, *th*âr-with′), *adv.* (۱) بەمە؛ بەوە. (۲) لەسەر ئەوەیشەوە؛ جگە لەوەش. (۳) یەکسەر دوای ئەوە؛ کوتوپڕ دوای ئەوە.

therewithal (*th*âr′with-ôl′), *adv.* (۱) لەسەر ئەوەیشەوە؛ زیاد لەوەیش. (۲) [Obs.]، بەمە؛ بەوە.

theriac (ther′i-ak′), *n.* تریاق ماددەی دژی ژەهر (بەتایبەتی مارپێوەدان).

therianthropic (thêr′i-an-throp′ik), *adj.* شێوەی ئادەمیزادو گیاندارێ هەیە (نەفسانە)

theriomorphic (thêr′i-ə-môr′fik), *adj.* شێوە گیانەوەری (خوای نەفسانە).

theriomorphous (thêr′i-ə-môr′fəs), *adj.* = therimorphic.

therm (thûrm), *n.* تەرم یەکەی پێوانی گەرمی.

-therm (thûrm), پاشگرێکە بەمانای: گەرمی.

thermae (thûr′mē), *n.pl.* گەرماوی گشتی (بەتایبەتی هی یۆنانی و ڕۆمانەکانی کۆن)

thermal (thûr′m'l), *adj.* (۱) هی گەرمی؛ تایبەتی بە گەرما. (۲) گەرم.

-thermally *(adv.).*

thermal spring, کانی گەرم؛ کانیاوی گەرم.

thermic (thûr′mik), *adj.* هی گەرمی؛ هی گەرما؛ . *(~ energy)*

-thermically *(adv.).*

thermion (thûrm′ī′ən, thûr′mi-ən), *n.* تەرمیۆن؛ گەردیکی کارەبا لەسەرە لە ماددەیەکی ڕووناکەوە دێتە دەرەوە؛ ئەیۆن و ئەلەکترۆن.

-thermionic *(adj.).*

thermionic current, تەرۆژمی تەرمیۆنی (ووشەی پێشوو ببینە).

thermionics (thûrm′ī-on′iks, thûr′mi-on′iks), *n.* زانستی تەرمیۆنیات (فیزیا)؛ زانستی دیاردەی تەرمیۆنیات. (ووشەی پێشووتر ببینە).

thermionic tube, بۆری ئەلەکترۆنی

thermistor (thûr′mi-stĕr), *n.* بەرگەگری گەرمی (کارەبا).

thermit (thûr′mit), *n.* تێرمیت؛ ئاوێتەیەکە لە ووردە فافۆن و ئۆکسیدی ئاسن.

thermo- (thûr′mō, thûr′mə), *Also* **therm-,** پێشگرێکە بەمانای: (ا) گەرمی؛ لە گەرمیەوە پەیدابوو. (ب) هی کارەبایی گەرمی.

thermochemistry (thûr′mō-kem′is-tri), *n.* کیمیای گەرمی ئەو بەشەی کیمیایە کە لە پەیوەندی گەرمی و گۆڕینی کیمیایی ماددە دەکۆڵێتەوە

thermo-couple (thûr′mō-kup′l), *n.* تەرمۆکەپڵ؛ پێوەری گۆڕانی پلەی گەرمی.

thermodynamic (thûr′mō-dī-nam′ik), *adj.* (۱) تایبەتی بە دینامیکی گەرمی (ووشەی داهاتوو ببینە). (۲) بە ووزەی گەرما دەگەڕێ یا کاردەکات.

thermodynamics (thûr′mō-dī-nam′iks), *n.pl.* دینامیکی گەرمی لقێکە لە زانستی فیزیا لە پەیوەندی گەرمی و ووزەی میکانیکی دەکۆڵێتەوە؛ زانیاری هێزی گەرمی

thermoelectric (thûr′mō-i-lek′trik), *adj.* کارەبایی گەرمی

-thermoelectrical *(adj.)*; **thermoelectrically** *(adv.).*

thermoelectricity (thûr′mō-i-lek′tris′ə-ti), *n.* کارەبای گەرمی؛ کارەبای لە گەرمی دروستکراو.

thermogram (thûr′mə-gram′), *n.* تەرمۆگرام؛ تۆمارێ گەرمی- پێو.

thermograph (thûr′mə-graf′, thûr′mə-gräf′), *n.* ئامێرێ تۆمارکردنی گۆڕانی پلەی گەرمی؛ تەرمۆگراف؛ گەرمی پێوی تۆمارکەر.

thermokinematics (thûr′mō-kin′ə-mat′iks), *n.* زانستی لێکۆڵینەوەی پەیوەندی نێوان گەرمی و هێزی جوڵێنەر.

thermolabile (thûr′mō-lā′b'l, thûr′mō-lā′bil), *adj.* داڕزاو یا خراپ بوو بە گەرمی (وەک ئەنزایم و ژەهر).

(بە پێچەوانەی " thermostable ").

thermolysis (thĕr-mol′ə-sis), *n.* (۱) شیبوونەوە بە گەرمی؛ جیاکردنەوەی ئاوێتەیەک بە گەرمی (کیمیا). (۲) گەرمی نەمان لە لەشدا؛ ساردبوونەوەی لەش.

thermometer (thĕr-mom′ə-tĕr), *n.* تەرمۆمەتر؛ گەرمی پێو؛ گەرماپێو؛ ئامێرێ پێوانی پلەی گەرمی.

thermometry (thĕr-mom′ə-tri), *n.* (۱) گەرمی پێوان؛ گەرما پێوان. (۲) زانستی دروستکردن و بەکارهێنانی گەرمی پێو.

-thermometric; thermometrical *(adj.).*

thermomotor (thûr′mə-mō′tĕr), *n.* مەکینەی بە گەرمی گەڕاو.

thermonuclear (thûr′mō-nū′kli-ĕr), *adj.* (۱) گەرمی ئەتۆمی: *(a ~ weapon)*

(۲) بۆمبای ئەتۆمی تێدا بەکارهێنراو: *(a ~ war)* .

thermopile (thûr′mə-pīl′), *n.* تەرموپیل؛ ئامێرێ پێوانی گۆڕینی زۆر کەم لە پلەی گەرمیدا یا دروستکردنی کارەبا لە گەرمی.

thermoplastic (thûr′mə-plas′tik), *adj.* بە گەرمی نەرم بوو؛ بە نەرمی ماوە لە گەرمادا (وەک هەندێ باغە).

thermos bottle, *n.* ماددەی بە گەرمی نەرم بوو. تەرموس؛ شووشەیەکە پارێزگاری پلەی گەرمی ئەو گەرمی پێشاندەر (بەبێ شتانە دەکات کە تێی دەکرێ سارد ب پێوانی)؛ ئامێرێ گەرمی دەرخەر.

thermosetting (thûr′mō-set′iŋ), *adj.* بە گەرمی ڕەق بوو بە هەمیشەیی.

thermostable (thûr′mō-stā′b'l), *adj.* بە گەرمی نەگۆڕاو (وەک هەندێ ئەنزایم و ژەهر). (بە پێچەوانەی " thermolabile ") .

thermostat (thûr′mə-stat′), *n.* تەرموستات؛ گەرمی ڕێکخەر؛ ئامێرێ ڕێکخستنی گەرمی بە ئۆتۆماتیکی.

-thermostatic *(adj.)*; **thermostatically** *(adv.).*

thermotaxis (thûr′mə-tak′sis), *n.* (۱) جووڵەی گیانەوەر بەرەو گەرما یا دوور لێوەی (گیانەوەرناسی). (۲) ڕێکخستنی پلەی گەرمی لەش

-thermotaxic *(adj.).*

thermotropism (thĕr-mot′rə-piz′m), *n.* گەشەکردنی ڕووەک بەرەو سەرچاوەی گەرمی یا دوور لێوەی.

-thermotropic *(adj.).*

-thermy (thûr′mi), پاشگرێکە بەمانای: گەرمی؛ گەرمی پێکهێنان؛ گەرمی دروستکردن: *(diathermy)* .

theroid (thêr′oid), *adj.* گیانەوەری؛ چوارپێیی.

thesaurus (thi-sô′rəs), *n.* (۱) گەنجینە؛ عەمار. (۲) فەرهەنگی ووشەی هاوماناو دژمانا؛ فەرهەنگ. (۳) فەرهەنگ یا ئینسایکلۆپیدیای ڕشتەیەکی تایبەتی.

these (*th*ēz), ***pron. & adj. plural of*** **this.**

thesis (thē′sis), *n.* (۱) بڕگەی گیراو یا هێز لەسەری خشتە (هۆنراوەی کلاسیکی). (۲) بڕگەی نەگیراو یا هێز لەسەر نەبووی هۆنراوە. (۳) ناوازێکی هێز لەسەری مۆسیقا. (٤) نامەی ماستەر یا دکتۆرا؛ ماستەرنامە. (ووشەی " dissertation " ببینە) . (٥) بیرۆڕایەکی نەسەلمێنراو (ژێربێژی)؛

گریمامەکی؛ بیردۆزێکە کە پێویستی بە بەڵگەیە.

Thespian (thes′pi-ən), *adj.* هی شانۆگەری (بەتایبەتی شانۆگەری خەماوی)؛ تایبەتی بە شانۆ شانۆنامە.

n. نوێنەری شانۆ (بەتایبەتی هی شانۆنامەی خەماوی).

theurgic (thē-ûr′jik), *adj. Also* **theurgical,** (لەڕووی گاڵتە یا فیزەوە).

هی جادووگەری؛ جادوویی

theurgist (thē′ēr-jist), *n.* جادووگەر؛ جادووباز.

theurgy (thē′ēr-ji), *n.* جادووگەری؛ جادووبازی؛ جادوو.

thewless (thū′lis, thōō′lis), *adj.* بێ تین؛ بێ هێز؛ سست؛ لاواز.

thew (thū, thōō), *n.* (۱) (*pl.*) ، هێزی ماسولکە؛ هێزی لەش؛ تین. (۲) ماسولکە.

thewy (thū′i, thōō′i), *adj.* ماسولکەدار؛ بەهێز.

they (*th*ā), *pron. plural of* **he, she, it,** (۱) ئەوان: ***(John and his wife were in an accident yesterday. T~ are in the hospital.)*** (۲) حەڵک؛ خەڵکی (بەشێوەیەکی گشتی): ***(T~ say he will resign.)*** .

they'd (*th*ād), = (1) they had. (2) they would.

they'll (*th*āl), = (1) they will. (2) they shall.

they're (*th*âr), = they are.

they've (*th*āv), = they have.

thi- (thī), = thio- .

thiamine (thī′ə-mēn′, thī′ə-min), *n. Also* **thiamin,** تیامین

فیتامین B (لە پاقلەو فاسۆلیای سەوزو زەردێنەی هێلکەو جگەرو دانەوێڵەدا هەیە).

thiazine (thī′ə-zēn′, thī′ə-zin), *n. Also* **thiazin,** تیازین

ئاوێتەیەکی کیمیایی‌یە (لە نیترۆجێن و گۆگردو کاربۆن پێکدێت).

thiazole (thī′ə-zōl′), *n. Also* **thiazol,** تیازۆل: شلەیەکی بێ ڕەنگە لە بۆیەو بەرماندا بەکاردێت (کیمیاگەری).

thick (thik), *adj.* (۱) ئەستوور؛ قەی. (۲) (ا) چڕ؛ چڕوپڕ: ***(a ~ forest)*** . (ب) خەست؛ توند؛ تونگ: ***(~ soup.)*** . (ج) چڕ ***(~ smoke)*** . (د) چڕ؛ قەرەباغ؛ زەبەنە: ***(a ~ crowd)*** . (ھ) لێل: تەماوی؛ چڕ: ***(The air was ~ with fumes.)*** . (و) تاریک؛ نوتەک؛ چڕ؛ خەست (مەجاز): ***(~ darkness)*** . (۳) گر (بەنگ): ***(a ~ voice)*** . (٤) گەوج؛ دەبەنگ؛ کەر. (٥) [Colloq.]: زۆر ڕووخۆش؛ زۆر کۆک؛ تێکەڵاو. (٦) [Colloq.]: لە ئەندازە بەدەر؛ نێجگار زۆر؛ لە ڕادە بەدەر.

adv. بە ئەستووری: ***(Slice it ~ .)*** .

n. (۱) چرترین بەشی شتێک. (۲) گەرمە (شەڕ، مشتومڕ... هتد): ***(In the ~ of the fighting; in the ~ of the argument)***

-thickish *(adj.)*; thickly *(adv.)*.

lay it on thick, پێ لێ هەڵبڕێن لە ستایش کردن یا لۆمەکردندا؛ زیادە ڕۆیین لە چاکە ووتن یا خراپە ووتندا.

through thick and thin, لە خۆشی و ناخۆشیدا؛ لە هات و نەهاتدا؛ لە خۆشیشدا و لە تەنگانەشدا؛ هەمیشە بە دڵسۆزانەو بەبێ دوودڵی.

thicken (thik′ən), *v.t.* (۱) خەست وخۆڵ کردنەوە؛ خەستکردنەوە. (۲) ئەستوورکردن. (۳) تێکەڵاوپێکەڵاوکردن؛ تێکدان: ***(Alcohol ~ed his speech.)*** .

v.i. (۱) (ا) چڕبوون: ***(The mist ~ed.)*** . (ب) خەست بوونەوە؛ تونبوونەوە؛ خەست وخۆڵ بوونەوە: ***(The soup ~s.)*** (۲) ئەستووربوون. (۳) ئاڵۆزبوون: ***(The plot ~s.)*** .

-thickener *(n.)*.

thickening (thik′ən-iŋ), *n.* (۱) خەست بوونەوە؛ خەستکردنەوە؛ چڕبوون؛ ئەستووربوون. (۲) شتی خەستکەرەوە؛ شتێک کە شلەیەکی پێ خەست بکرێتەوە یا توند بکرێتەوە. (۳) بەشی خەستکراوە یا تووندکراوەی شتێک؛ شتی خەستکراوە.

thicket (thik′it), *n.* بێشە؛ بێشەڵان؛ چرستان؛ زەبەنگ.

thick-head (thik′hed′), *n.* کەسێکی بێ مێشک یا گەوج.

thick-headed (thik′hed′id), *adj.* گەوج؛ بێ مێشک؛ دەبەنگ.

thickness (thik′nis), *n.* (۱) ئەستووری؛ ئەستوورایی؛ بارستایی. (۲) چین: ***(three ~ of cloth)*** . (۳) ئەستوورترین بەش.

thickset (thik′set′), *adj.* (۱) چڕ؛ چڕوپڕ؛ پڕ (نەمام، دارودرەخت): ***(a ~ hedge)*** (۲) تۆکمە؛ قەڵەو و کورتەبنە.

n. - thicket.

thick-skinned (thik′skind′), *adj.* (۱) پێست ئەستوور. (۲) بێ هەست؛ کەم هەست؛ دڵڕەق؛ گوێ بە ڕەخنە نەدەر.

thick-skulled (thik′skuld′), *adj.* = thick-headed.

thick-witted (thik′wit′id), *adj.* = thick-headed.

thief (thēf), *n.* دز.

thieve (thēv), *v.t. & v.i.* دزین؛ دزی کردن.

thievery (thēv′ēr-i), *n.* (۱) دزی؛ دزی کردن. (۲) شتی دزراو.

thievish (thēv′ish), *adj.* (۱) حەزکەر لە دزی. (۲) دزانە؛ بە دزییەوە؛ بە نهێنی.

thigh (thī), *n.* ران.

thighbone (thī′bōn′), *n.* ئێسقانی ران.

thill (thil), *n.* مژانی گالیسکە؛ داری گالیسکە (کە لەم دیو و لەو دیوی ئەسپەکەوەیە بۆ بەستنەوەی بە گالیسکەکەوە).

thimble (thim′b'l), *n.* (۱) ئەموستیلەی دروومان؛ کلکەوانە؛ پەنجەوانە. (۲) لوولەیەکی ئاسنی کورت. (۳) ئەڵقەی ئاسنی ناو پەت.

thimbleberry (thim′b'l-ber′i), *n.* جۆرێک لە تووترک.

thimbleful (thim′b'l-fool′), *adj.* (۱) پڕ ئەموستیلەیەکی دروومان. (۲) ئەختێک؛ قومێک؛ زۆر کەم؛ تۆزێک.

thimblerig (thim′b'l-rig′), *n.* (۱) یارییەکە وەک کلاوێن شتێکی بچووکی تێدا دەشاردرێتەوە لەژێر کووپێک لە سێ کووپی وەک ئەموستیلەی دروومانداو یاریکەرەکان دەبێ بزانن لەژێر چی کووپێکیاندایە. (۲) وەستای ئەم یارییە.

v.t. گۆی لێکردن (بەم یارییە)؛ دەستبڕین.

-thimblerigger *(n.)*.

thimbleweed (thim′b'l-wēd′), *n.* گوڵانە.

thin (thin), *adj.* (۱) تەنک: ***(~ paper)*** . (۲) باریک: ***(~ thread)*** . (۳) لەپ؛ لەپوڵاواز؛ ڕەقەڵە؛ لات؛ لاواز. (٤) (ا) پەرش‌وبڵاو؛ تەنک؛ کەم: ***(~ hair)*** . (ب) ڕوون: ***(~ milk, air, etc.)*** . (ج) شل؛ ڕوون: ***(~ soup)*** . (٥) کاڵ (ڕەنگ): ***(~ colors)*** . (٦) کزوتیژ (دەنگ): ***(a ~ voice)*** . (۷) شاش؛ تەنک: ***(a ~ fabric)*** . (۸) کەسی پێ ناخەڵەتێ؛ هیچ‌وپووچ: ***(a ~ excuse)*** . (۹) هیچ‌وپووچ؛ لاواز: ***| a ~ plot (of a story), argument, etc.***

adv. بە تەنکی؛ بە باریکی.

v.t. (۱) تەنك كردن. (۲) پوونكردنەوە؛ شل كردنەوە؛ خاوكردنەوە. (۳) لەرولاوازكردن؛ لەڕكردن؛ باريك كردن. (٤) (~ out)، تەنك كردن (شەتل، نەمام، دار...هتد)؛ كەمكردنەوە.

v.i. (۱) تەنك بوون؛ تەنكتر بوون. (۲) لەرولاواز بوون؛ باريك بوونەوە؛ لاوازبوون.

-thinly *(adv.)*; **thinness** *(n.)*.

thine (*thīn*), *pron.* (۱) [Archaic or Poetic] ، هی تۆ:
(Is this mine or ~ ?)
(۲) تۆ: (لە بێش تبیە بزوێن یا " h " دا):
(Is he thy father or ~ uncle?)

thing (thiŋ), *n.* (۱) شت. *(What are those ~s on the table?)*
(۲) *(pl.)*، شتومەك؛ كەلوپەلی كەسێك:
(Have you packed your ~s yet?)
(۳) مەسەلە؛ باس؛ شت
(There's another ~ I want to ask you about.)
(٤) كار؛ نیش؛ شت *(to do great ~s)*.
(٥) شتی بێ قەوارە. *(spiritual ~s)*.
(٦) بارودۆخ؛ بار
(T~s are improving. You take ~s too seriously.)
(۷) كەس (لەپووی بەزەیی، خۆشەویستی، یان سووكی)یەوە):
(poor ~ ! ; a dear little ~)
(۸) ھێن. *(It's that other ~ I want.)*

first thing, یەكەم شت. یەكسەر؛ دەستوبرد.
for one thing, یەكەم ھۆ (لە چەند ھۆیەك).
have a thing about, [Colloq.], لێ ترسان؛ بوون بە گرێ لە دڵدا؛ مەراق بوون. *(He has a thing about flying.)*
see things, شت ھاتنە بەرچاو؛ وڕێنە كردن؛ ھەلوەسە كردن.
sure thing, مسۆگەر؛ بێ گومان

thingumajig (thiŋ′əm-ə-jig′), *n.* [Colloq.], = **thingumbob.**

thingumbob (thiŋ′əm-bob′), *n.* [Colloq.], شتی ناو لەبیرچوو؛ ھێن

think (thiŋk), *v.t.* (۱) بیرلێكردنەوە؛ بە خەیاڵدا ھاتن:
(I am ~ing black thoughts.)
(۲) وا دانان؛ بڕوا وا بوون: *(I ~ her charming.)*.
(۳) وا زانین؛ بڕوا وا بوون: *(They ~ they can come.)*.
(٤) نیاز وا بوون. *(He ~s to deceive me.)*
(٥) وا لە خۆ كردن. (٦) ھاتنەوە بیر؛ بە بیردا ھاتن.
(۷) بوون بە خولیا؛ ھەمیشە لە خەیاڵدا بوون.

v.i. (۱) بیركردنەوە. *(You must learn to ~ .)*
(۲) ڕا وا بوون؛ وا زانین؛ بڕوا وا بوون: *(I just ~ so.)*.

think aloud, بە دەنگی بەرز بیركردنەوە؛ بیر دەربڕین لەكاتی بیركردنەوەدا. (ھەروەها " think out loud ")
think better of, (۱) ڕا گۆڕین دەربارەی كەسێك یا شتێك بەرەو باشی. (۲) بڕیارێكی باشتر دان پاش سەرلەنوێ بیرلێكردنەوە.
think nothing of, (۱) بە ھیچ دانەنان؛ گوێ پێ نەدان؛ بایەخ پێ نەدان. (۲) بە ئاسان زانین.
think of, (۱) ھاتنەوە بیر؛ ھاتنەوە یاد. (۲) ڕا ھەبوون دەربارە. (۳) داھێنان؛ دۆزینەوە. (٤) بیرلێكردنەوە. (٥) بەتەنگەوەھاتن.
think out, (۱) بیرلێكردنەوەو ڕێو شوێن بۆ دانان. (۲) چارەسەركردن بە بیركردنەوە.
think over, بیرلێكردنەوە؛ لێكدانەوە.
think through, بیرلێكردنەوەو بڕیار لەسەر دان
think twice, دووجار، واتە زۆر باش، بیرلێكردنەوە پێش بڕیاردان.
think up, ھەڵبەستن؛ ڕێكخستن؛ دروستكردن؛ پێكەوەنان (درۆ، بەڵگە): *(to think up a story, an excuse, etc.)*

think (thiŋk), *v.i.* وا دەركەوتن؛ وا دیاربوون.
thinkable (thiŋk′ə-b'l), *adj.* ڕێی تێ دەچێ؛ بۆی ھەیە؛ دەبێ؛ لەوانەیە ببێ یا وابێ.
thinking (thiŋk′iŋ), *adj.* بیركەرەوە: *(Man is a ~ animal.)*.
n. (۱) ڕا: *(not to my ~ a good idea)*.
(۲) بیر.

thinner (thin′ēr), *n.* شلەیەكە دەكرێتە بۆیەوە بۆ ڕوونكردنەوە.
thinnish (thin′ish), *adj.* نەختێك تەنك؛ نەختێك لەڕولاواز؛ نەختێك ڕوون.

thin-skinned (thin′skind′), *adj.* (۱) تەنك پێست.
(۲) دڵ ناسك؛ ھەست ناسك.

thio- (thī′ō, thī′ə), پێشگرێكە بەمانای: گۆگرد؛ كبریت.
thion- (thī-on′), پێشگرێكە بەمانای: گۆگرد؛ كبریت.
thionic (thī-on′ik), *adj.* گۆگردی؛ كبریتی.
thionic acid, ترشی گۆگرد.

third (thûrd), *adj.* (۱) سێیەم؛ سێیەمین؛ سێیەم. (۲) سێیەك.
n. (۱) سێیەم؛ سێیەمین؛ سێیەم. (۲) سێیەك.
(۳) شەست یەكی چركەیەك. (٤) گێڕی سێ.
(٥) *(pl.)*، (ا) سێیەكی میراتی پیاو (كە دەچێ بۆ بێوەژنەكەی).
(ب) میراتی بێوەژن.

third-class (thûrd′klas′, thûrd′kläs′), *adj.* نمرە سێ (پۆستە، ھۆی گواستنەوە)؛ پلەی سێ: *(a ~ railway carriage; ~ mail)*.
n. (۱) جێی نمرە سێی ھۆی گواستنەوە (شەمەندەفەر، كەشتی)؛ بلیتی نمرە سێ. (۲) پۆستەی نمرە سێ.

third-degree (thûrd′di-grē′), *adj.* نمرە سێ؛ پلە سێ.
third degree, ئازاردانی زیندانی (لەلایەن پۆلیسەوە بۆ دەنگوباس لێ دەرهێنان یا پێ لە تاوان نان).
third-degree burn, سووتانێكی زۆر خراپی لەش.
third estate, چینی بورجوازی؛ چینی گشت خەڵك.
Third International, یەكێتی حیزبە كۆمیونیستەكانی جیهان. (ھەروەھا " Communist International " ، " Comintern ")

thirdly (thûrd′li), *adv.* سێیەم (لە ژماردنی ھۆكانی شتێكدا).
third party, (۱) تیپ یا لای سێیەم (لە دادخوازی)یەكدا لە دادگا).
(۲) حیزبی سێیەم (لە وڵاتێكدا كە دوو حیزبی سەرەكی بە زۆرە ببینن بەرێوە).
third person, باری كەسی سێیەم، واتا نادیار (ڕێزمان). (" he does " لەم بارەدایە).
third rail, ھێڵی سێیەم (ھێڵێكی كانزایی زیادەیە كارەبای لەسەرە بۆ بزوانی شەمەندەفەری كارەبایی).

third-rate (thûrd′rāt′), *adj.* (۱) نمرە سێ؛ سێیەم.
(۲) پەشۆكی؛ گەندە؛ خراپ؛ زۆر خراپ.

-third-rater *(n.)*.

Third World, جیهانی سێیەم: وڵاتە دواكەوتووەكان (بەتایبەتی ھی ئاسیاو ئەفەریقاو ئەمەریكای لاتینی).

thirl (thûrl), *v.t. & v.i.* [Dial.], (۱) گون كردن.
(۲) وورژاندن؛ جۆش‌وخرۆش تێخستن.

thirst (thûrst), *n.* (۱) تینوێتی.
(۲) [Colloq.]، زۆر حەز لە مەی كردن.
(۳) تاس؛ تاسە؛ پەرۆش؛ حەزێكی زۆر؛ بێزوو.

v.i. (۱) تینو بوون. (۲) بە تاسەوە بوون؛ زۆر حەزكردن؛ بە پەرۆشەوە بوون.

thirstiness (thûrs′ti-nis), *n.* (۱) تینوێتی.
(۲) تاس؛ تاسە؛ پەرۆش؛ حەزێكی زۆر.

thirsty (thûrs′ti), *adj.* (۱) تینو.
(۲) ووشك؛ ھەڵقرچاو: *(~ fields)*.
(۳) [Colloq.]، تینوكەر: *(~ work)*.

(٤) به پەرۆش؛ به تاس؛ زۆر حەزکەر؛ به ئارەزوو.
-thirstily *(adv.)*.

thirteen (thûr′tēn′), *n.* سیانزه؛ سیازده.

thirteenth (thûr′tēnth′), *adj. & n.* (١) سیانزەهەم؛ سیانزەمین. (٢) سیانزەیەک.

thirtieth (thûr′ti-ith), *adj. & n.* (١) سیهەم؛ سیهەمین؛ سی‌یەمین. (٢) سی‌یەک.

thirty (thûr′ti), *n.* سی

the thirties, سالە سی‌یەکان؛ سی‌یەکان (سەدەیەک یا تەمەنی کەسێک).

this (*th*is), *pron.* (١) ئەمە

(T~ is John. I can see ~ more clearly than that.)

(٢) ئەم کاتە.

adj. ئەم:

(T~ apple tastes good.; I can see ~ house more clearly than that one across the street.)

adv. ئەوەندە؛ ئەوەندەی ئەمە: *(It was ~ big.)* .

thistle (this′l), *n.* کەرتەشی؛ چاوبازە.

thistle-down (this′l-doun′), *n.* تووکی گوڵە کەرتەشی.

thither (thi*th*′ēr, *thith*′ēr), *adv.* (١) بۆ ئەوێ؛ بەرەو ئەوێ.

(٢) [Archaic]، بۆ ئەو مەبەستە یا ئامانجە.

adj. لەودیو؛ ئەودیو؛ ئەولا: *(the ~ side of the pond)* .

thitherto (thi*th*′ēr-tōō′, *thith*′ēr-tōō′), *adv.* هەتا ئەو کاتە؛ هەتا ئەوسا.

thitherward (thi*th*′ēr-wērd, *thith*′ēr-wērd), *adv.* = **thitherwards.**

thitherwards (thi*th*′ēr-wērdz, *thith*′ēr-wērdz), *adv.* = **thitherto.**

tho, tho' (*th*ō), *conj. & adv.* = **though.**

thole (thōl), *n.* پاگرەی سەول.

thole (thōl), *v.t.* [Archaic or British Dial.], دەربردن؛ هەڵ کردن؛ ناخۆشی چەشتن.

thong (thôŋ), *n.* (١) قایشی سۆل.

(بە مەجاز بەمانای " سۆل " یش دێ). (٢) قایشی هۆنراوە (وەک هی قەمچی).

thoracic (thô-ras′ik, thō-ras′ik), *adj.* سینەیی؛ هی قەفەزەی سنگ.

thoracic duct, بۆری سنگ.

thoracoplasty (thôr′ə-kō-plas′ti, thō-rā′kō-plas′ti), *n.* نەشتەرگەری سنگ جوانکردن.

thoracotomy (thôr′ə-kō-tə′mi, thō-rā′kō-tə′mi), *n.* سنگ هەڵدڕین؛ قەفەزەی سنگ هەڵدڕین؛ نەشتەرگەری سنگ.

thorax (thôr′aks, thō′raks), *n.* قەفەزەی سنگ؛ سینە؛ سنگ.

thoria (thôr′i-ə, thō′ri-ə), *n.* تۆریا؛ نۆکسیدی تۆریۆم (کیمیا).

thorianite (thôr′i-ə-nīt′, thō′ri-ə-nīt′), *n.* تۆریانیت: کانزایەکی تیشکدەرەوەیە (کیمیا).

thoric (thôr′ik, thō′rik), *adj.* تۆریۆمی؛ تایبەتی بە تۆریۆم؛ تۆریۆمی تێدایە.

thorite (thôr′īt, thō′rīt), *n.* تۆریت کانزایەکی ڕەش یا قاوەیی تۆخە.

thorium (thôr′i-əm, thō′ri-əm), *n.* تۆریۆم توخمێکی کانزایی ڕەنگ زیویی تیشکدەرەوەیە.

thorn (thôrn), *n.* (١) درک. (٢) دەوەن‌و بنچکی دڕکاوی.

(٣) دارو دارکی نەم دەوەن‌و بنچکانە. (٤) بڕبڕەی تیژی دڕکاوی گیاندار.

(٥) درک (مەجاز)؛ هۆی ناخۆشی و پەستی‌و ئازارو بێزاری.

a thorn in one's side (or flesh), هۆی ناخۆشی‌و ئازارو بێزارکردنی بەردەوامی کەسێک.

thorn apple, . jimson weed (٢) دارگوێژ؛ گوێژ.

thornback (thôrn′bak′), *n.* (١) پشت دڕکاوی: ماسی‌یەکی پشت‌و کلك دڕکاوی‌یە لە توخمی " پای " . (٢) جۆرە قرژاڵێکی پشت دڕکاوی‌یە.

thornbush (thôrn′boosh′), *n.* (١) بنچك یا دەوەنی دڕکاوی.

(٢) بێشەیەکی بنچك‌و دەوەنی دڕکاوی (بەتایبەتی لە ناوچە گەرمەکاندا).

thorny (thôr′ni), *adj.* (١) دڕکاوی. (٢) تیژ.

(٣) ناخۆش؛ پڕ لە ئازار؛ تەنگ‌و چەڵەماوی:

(a ~ problem, subject, issue, etc.)

-thorniness *(n.)*.

thoro (thûr′ō, thûr′ə), *adj., prep. & adv.* = **thorough.**

thoron (thôr′on, thō′ron), *n.* تۆرۆن: توخمێکی گازیی تیشکدەرەوەیە لە شی‌بوونەوەی " تۆریۆم " پەیدا دەبێت (کیمیا).

thorough (thûr′ō), *adj.* (١) دەرچوو (ڕێ؛ شەقام):

(thoroughfare)

(٢) گشتی؛ تەواو: *(a ~ cleaning)* .

(٣) تەواو؛ بێ ئەندازە؛ زۆر: *(He is a ~ rascal.)* .

(٤) وورد؛ پوخت؛ کارگوزار:

(a ~ person; That worker is slow but ~ .)

-thoroughly *(adv.)*; **thoroughness** *(n.)*.

thoroughbred (thûr′ə-bred′), *adj.* (١) پەسەن (ئەسپ، سەگ):

(a ~ horse)

(٢) شارەزا؛ کارزان؛ پەفتار جوان.

n. (١) (أ) گیانداری پەسەن. (ب) [T-] ، ئەسپی پەسەن.

(٢) کەسێکی شارەزاو کارزان‌و خانەدان‌و پەفتار جوان.

thoroughfare (thûr′ə-fâr′), *n.* (١) شاڕێ؛ شەقامی گەورە؛ ڕێی گشتی. (٢) (أ) ڕێ؛ ڕێگەی دەرچوو.

(ب) مافی تێپەڕبوون؛ مافی پێدا ڕۆیشتن: *(no ~)* .

thoroughgoing (thûr′ə-gō′iŋ), *adj.* (١) زۆر وورد؛ کارگوزار؛ پوخت (شێوەی کارکردن). (٢) تەواو؛ بێ ئەندازە؛ زۆر: *(a ~ scoundrel)* .

thoroughpaced (thûr′ə-pāst′), *adj.* (١) جوان مەشقی پێ کراوە (ئەسپ)؛ زۆر باش ڕاهێنراو. (٢) تەواو؛ بە تەواوی.

thoroughpin (thûr′ə-pin′), *n.* ئاوساوی دەوروپشتی ڕەفیسکی ئەسپ‌و گیانەوەری تر.

thorp, thorpe (thôrp), *n.* دێ؛ کوێرە دێ؛ گوندێکی بچووك.

those (*th*ōz), *adj. & pron.*, *plural of* **that.**

thou (*th*ou), *pron.* تۆ. (شێوەی کۆنی " you " ە)

though (*th*ō), *conj.* (١) هەرچەندە؛ ئەگەرچی؛ هەرچی چەند.

(٢) لەگەڵ ئەوەشدا. (٣) ئەگەر وایش بێ.

adv. لەگەڵ ئەوەشدا.

as though, ئەڵێی؛ وەك ئەوە وایە کە

thought (thôt), *n.* (١) بیرکردنەوە. (٢) توانای بیرکردنەوە. (٣) بیر؛ ڕا.

(٤) بیروباوەڕی باو لە کات‌و شوێنێکی تایبەتیدا:

(modern ~ in child education)

(٥) نیاز: *(I had no ~ of seeing her.)* .

(٦) ئەختێك؛ تۆزێك؛ تۆسقاڵێك: *(be a ~ more careful.)* .

(٧) بەتەنگەوەهاتن: *(Don't give it a moment's ~ .)* .

thought (thôt), *past tense and past participle of* **think.**

thoughtful (thôt′fəl), *adj.* (١) بیرکەرەوە؛ لە بیرکردنەوەدایە.

(٢) بیروڕادار؛ بیری لێ کراوەتەوە: *(a ~ essay)* .

(٣) دڵی خەڵك ڕاگر؛ بەهەست؛ بە تەنگ خەڵکەوە هاتوو: *(a ~ person)* .

-thoughtfully *(adv.)*; **thoughtfulness** *(n.)*.

thoughtless (thôt′lis), *adj.* (١) بێ باك؛ هەڵەشە؛ سەرکێش.

(٢) بیری لێ نەکراوەتەوە؛ هەڵەشە (کردەوە): *(a ~ act)* .

(٣) دڵی خەڵك ڕانەگر؛ بە تەنگ خەڵکەوە نەهاتوو؛ بێ هەست.

(٤) بێ مێشك؛ کەر؛ کەوەدەن.

-thoughtlessly *(adv.)*; **thoughtlessness** *(n.)*.

thousand (thou′z'nd), *adj. & n.* هەزار

thousandfold (thou′z'nd-fōld´), *adj.* (١) هەزار ئەوەندەیی. (٢) هەزار بەشی؛ هەزار لقی.

adv. هەزار ئەوەندە

n. ژمارەیەکی هەزار ئەوەندەیی

thousandth (thou′z'ndth), *adj.* (١) هەزارەم؛ هەزارەمین. (٢) هی هەزارەیەك

n. (١) هەزارەم؛ هەزارەم؛ هەزارەمین. (٢) هەزارەیەك.

thrall (thrôl), *n.* (١) بەندا؛ بەندە؛ کۆیلە. (٢) گیرۆدە؛ گرفتار. (٣) بەندایەتی؛ بەندەگی؛ بەندێتی.

v.t. [Archaic], بە بەند کردن؛ کردن بە کۆیلە.

adj. [Rare], بەندکراو.

thralldom, thraldom (thrôl′dəm), *n.* بەندایەتی؛ بەندەگی؛ کۆیلەیی؛ بەندێتی

thrash (thrash), *v.t.* (١) کوتان (خەلە‌وخەرمان)؛ گێرەکردن. (٢) بیرازکردن؛ شلەکوت کردن؛ تێلاترێن کردن؛ دارکاری کردن؛ زۆر لێدان؛ داپلۆسین. ٣) بەزاندن.

v.i. (١) کوتان (دانەوێلە)؛ گێرەکردن. (٢) وەشاندن (دەست، گەلاکوتك، دار). (٣) بەزۆر بەرەو یا پێشتن (کەشتی، بەلەم).

n. (١) کوتان (دانەوێلە). (٢) بیراز؛ تێلاترێن؛ دارکاری؛ کوتان. (٣) پاشەلەقە (مەلە)

thrash out, لێکۆڵینەوە بە وردی؛ باسکردن‌و چارەسەرکردن.

thrasher (thrash′ēr), *n.* (١) گێرەکەر؛ کەسێك کە دەغڵ‌ودان دەکوتێ. (٢) بیرازکەر؛ دارکاریکەر. (٣) جۆرێکە لە کۆسە.

thrasher (thrash′ēr), *n.* بۆقژە؛ باڵندەیەکی دەنگ خۆشە لە توخمی پیشۆلە

thrashing (thrash′iŋ), *n.* دارکاری؛ بیرازکردن؛ داپلۆسین.

thrasonical (thrə-son′i-k'l), *adj.* خۆهەڵکێش؛ خۆ فشکەرەوە؛ فشەچی

thread (thred), *n.* (١) دەزوو؛ بەن. (٢) تاڵە دەزوو؛ ڕێس؛ تاڵەبەن (٣) تاڵ؛ قەیتان؛ تەل؛ دەمار. (٤) ڕایەڵ؛ تاڵی تێهەڵکێشی‌و یەك پێکر.

(the ~ of life; the ~ of a story)

(٥) دڕانی پێچ پێچۆکەی برغوپێچ‌ومۆرە.

v.t. (١) دەزوو بە دەرزیەوە کردن؛ پێوەکردن. (٢) هۆنینەوە (تەزبیح، ملوانکە)؛ پێوەکردن (موورو، دەنکە تەزبیح). (٣) (ا) بە پێچاوپێچ پێدا ڕۆیشتن. (ب) پێدا بڵاربوونەوە؛ هەموو گرتنەوە.

(a note of hope ~ed the story.)

(٤) دڕانی پێچ پێچۆکە کردن بۆ برغو؛ داندارکردن.

v.i. (١) بە پێچاوپێچ پێدا ڕۆیشتن؛ بە پێچاوپێچ ڕۆیشتن. (٢) وەك قەیتان پێدا هاتنە خوارەوە (شێلەی شەکر بە کەوچکێکدا)؛ قەیتان بەستن.

hang by a thread, بە تاڵە دەزوویەك بەنگە؛ بە تڕ بەنگە

threadbare (thred′bâr´), *adj.* (١) پواو؛ دراو؛ شڕ؛ زۆر کۆن؛ تاڵە دەزووکانی بە دەرەوەیە. *(~ carpets)*. (٢) پنتی؛ شڕپۆش. (٣) سوار (بیروباوەڕ، ووتە)؛ کۆن؛ پەڕپووت.

(a ~ argument, notion, etc.)

threadfin (thred′fin´), *n.* پەڕەکە دەزوویی ماسییەکە پەڕەکەی سنگی پەلکی دەزوویی لێ دەبێتەوە.

thread-worm (thred′wūrm´), *n.* کرمی دەزوولەیی.

thready (thred′i), *adj.* (١) دەزوولەیی؛ باریك. (٢) خەست‌و لینج (شلە)؛ قەیتانە بەستوو. (٣) ڕیشاڵەیی.

(٤) لاواز؛ بێ هێز؛ باریك: *(a ~ voice)* .

threat (thret), *n.* (١) هەڕەشە؛ هەڕەشەو گوڕەشە؛ کەف‌وگوڕ. (٢) مەترسی؛ ترس: *(the ~ of war)* .

v.t. & v.i. [Obs.], = **threaten.**

threaten (thret″'n), *v.t.* (١) هەڕەشەلێکردن؛ ترس خستنە بەر. (٢) مەترسی لێکردن؛ نیشانەی شتێکی خراپ بوون؛ نیازی خراپ هەبوون: *(Those clouds ~ snow.)*

v.i. (١) هەڕەشەکردن؛ هەڕەشەوگوڕەشە کردن. (٢) مەترسی لێکران؛ نیازی خراپە هەبوون.

-threatener *(n.)*; **threateningly** *(adv.)*.

three (thrē), *n. & adj.* سێ.

three-dimensional (thrē′də-men′shən-'l), *adj.* سێ لایانە، واتە پانی‌و درێژی‌و قوڵی یا نەستووری هەیە؛ تەندار؛ سێ دووری.

three-fold (thrē′fōld´), *adj.* (١) سێ بەشی؛ سێ لقی. (٢) سێ ئەوەندەیی.

adv. سێ ئەوەندە.

three-mile limit, سنووری سێ میلی (کە بریتیەیە لە ئاوی هەرێمی ووڵاتێکی سەر دەریا).

three-pence (thrip″'ns, threp″'ns), *n.* (١) سێ پێنس؛ سێ فلس؛ سێ پوول. (٢) دراوی سێ پێنسی یا سێ پوولی.

three-penny (thrē′pen´i, thrip′ə-ni), *adj.* (١) سێ پێنسی؛ سێ فلسی؛ نرخی سێ فلسە. (٢) هەرزان؛ هیچ‌وپووچ؛ بێ نرخ.

three-piece (thrē′pēs´), *adj.* سێ پارچەیی (جل‌وبەرگ): *(a ~ suit)*

three-ply (thrē′plī´), *adj.* سێ لۆ؛ سێ ئوێ؛ سێ چین.

three-point landing, (١) نیشتنەوەیەکی فڕۆکەیە کە هەموو پێچەکەکانی لە هەمان کاتدا لە زەوی بدەن؛ نیشتنەوەیەکی زۆر چاك [Colloq.]، (٢) کارێکی سەرکەوتوو؛ ئیشێکی ئەنجام سەرکەوتوو.

three-quarter (thrē′kwôr′tēr), *adj.* (١) سێ‌یەك؛ سێ‌یەکی. (٢) سێ‌یەکی دەموچاو دەرخستوو: *(a ~ portrait)* .

three-ring circus, (١) سێرکی سێ مەیانی. (٢) بەزم‌وڕەزمێکی زۆر؛ پوودان‌و جم‌وجوڵێکی ئێجگار زۆر.

three R's, = **reading, 'riting, 'rithmetic.** خوێندنەوە‌و نووسین‌و بیرکاری.

three-score (thrē′skôr´, thrē′skōr´), *adj.* شەست؛ سێ بیستی.

three-some (thrē′səm), *adj.* سێ کەسی؛ سیانە.

n. (١) سێ کەس؛ تاقمێکی سێ کەسی. (٢) یاری سێ کەسی (بەتایبەتی " گۆڵف ").

three-square (thrē′skwâr″), *adj.* سێ پوو (بڕیەند).

thremmatology (threm´ə-tol′ə-ji), *n.* زاووزێی گیاندارو پوومکی ماڵی (گیانەوەرناسی) .

threnode (thrē″nōd, thren″ōd), *n.* = **threnody.**

threnody (thren″ə-di), *n.* لاوانەوە؛ شیوەن؛ شین. (هەروەها " dirge ") .

-threnodial; threnodic *(adj.)*; **threnodist** *(n.).*

thresh (thresh), *v.t.* (١) کوتان (خەلە‌وخەرمان)؛ گێرەکردن. (٢) [Rare]، دارکاری کردن؛ بیرازکردن؛ کوتان؛ داپلۆسین.

v.i. (١) کوتان (خەلە‌وخەرمان). (٢) لێدان؛ دارکاری کردن؛ داپلۆسین.

thresh out, بە وردی لێکۆڵینەوە؛ باسکردن‌و گەیاندنە ئەنجام.

thresher (thresh″ēr), *n.* (١) گێرەکەر؛ کەسێکە کە دانەوێلە بکوتێ. (٢) **threshing machine** .

(٣) جۆرێکە لە کۆسەی گڵك درێژی ئاوە گەرمەکان.

threshing machine, مەکینەی گێرە؛ جەنجەڕ.

threshold (thresh′ōld, thresh′hōld), *n.* (١) دەرماڵ؛ بەردەرگا؛ داری دەرماڵ؛ چێوی بەردەرگا؛ بەردەرك.

(۲) سەرەتا؛ بەردەم: *(We are at the ~ of a new era.)* .
(۳) سنوور؛ قەراغ؛ ئەم پەڕ: *(the ~ of pain)* .

threw (thrōō), *past tense of* **throw.**

thrice (thrīs), *adv.* (۱) سێ جار؛ سێ کەرەت. (۲) سێ ئەوەندە.
(۳) زۆر؛ ئێجگار؛ ئێجگار زۆر.

thrift (thrift), *n.* (۱) بەرەسەندن (ئابووری)؛ گەشەکردن؛ خۆش گوزەران. (۲) گیری؛ دەست بە پارەوە گرتن.
(۳) [Rare]، گەشەکردنی ڕووەک و گیانداری تر.
(٤) جۆرە ڕووەکێکی کورتی گەڵا باریکی گوڵ ڕەنگینە.
(٥) [Scot.]، هۆی خۆش گوزەرانی و سەرکەوتن؛ کار؛ ئیش.

thriftless (thrift′lis), *adj.* دەستبڵاو؛ پارە بەفیڕۆدەر.

thrifty (thrif′ti), *adj.* (۱) گیر؛ دەست بە پارەوە گر.
(۲) بەرەسەندوو؛ لە گەشەکردندایە. (۳) زۆر بە نەشونما (ڕووەک).

-thriftily *(adv.)*; **thriftiness** *(n.).*

thrill (thril), *v.t.* (۱) هێنانە جۆش‌وخرۆش؛ هێنانە جۆش؛ وروژاندن؛ مووچرکە بە لەشدا هێنان (لە خۆشیدا). (۲) ڕاوەشاندن؛ هێنانە لەرزە.
v.i. (۱) مووچرکە بە لەشدا هاتن؛ هاتنە جۆش‌وخرۆش. (۲) لەرزین؛ ڕاوەشان.
n. (۱) مووچرک؛ خۆشی؛ وروژە. (۲) لەرزە؛ ڕاوەشان؛ لەرزین.

thriller (thril′ĕr), *n.* (۱) مووچرک بە لەشدا هێنەر؛ وروژێنەر.
(۲) چیرۆک یا فیلمی وروژێنەر یا بەجۆش.

thrips (thrips), *n.* جانەوەرێکی بچووکە ڕووەک دەفەوتێنێ بە مژینی ئاووگەکەی.

thrive (thrīv), *v.i.* (۱) پێشکەوتن؛ بەرەسەندن؛ لە سەرکەوتندا بوون.
(۲) گەشەکردن؛ نەشونماکردن؛ گەورەبوون.

thriving (thrīv′iŋ), *adj.* بە گەشە؛ لە سەرکەوتنو پەرەسەندندایە؛ سەرکەوتوو: *(He's running a ~ business.)* .

thro', thro (thrōō), *prep., adv., adj.* = **through.**

throat (thrōt), *n.* (۱) قوڕگ؛ گەروو.
(۲) دەمی شتێک (بەتایبەتی هی تەسک)؛ گەروو: *(the ~ of a chimney)* .
v.t. (۱) دەم بۆ کردن؛ کون تێکردن. (۲) بە قوڕگ وڕتن (گۆرانی، ووتە).

cut one another's throat, [Colloq.], زیان لە یەکتری دان (بە نرخی فرۆتەنی شکاندن).

cut one's own throat, [Colloq.], مالی خۆ وێران کردن؛ زیان لە خۆ دان

jump down one's throat, [Colloq.], لەپڕو بە تووندوتیژی هێرش بردنە سەر یا ڕەخنەلێگرتن.

lump in the throat, قوڕگ پڕبوون لە گریان؛ دڵ پڕبوون.

ran (something) down one's throat, بە زۆر دان بە سەردا.

stick in one's throat, بۆ نەوڕتران؛ بۆ نەهاتن؛ زمان گیران.

throat-latch (thrōt′lach), *n.* قایشی سەر کەللەی ئەسپ کە بەژێر قوڕگیدا تێدەپەڕێت.

throaty (thrōt′i), *adj.* لە قوڕگەوە هاتووە دەرەوە (دەنگ، ووتە)؛ بە قوڕگ ووترا؛ گر.

throb (throb), *v.i.* (۱) پرتەکردن؛ تڕپەکردن؛ لێدان (دڵ)؛ پتەپت کردن؛ پڵ دان. (۲) دڵ فڕین؛ دڵەکوتێ بوون.
(۳) لەرزین؛ مووچرک پێدا هاتن.
n. پرتە؛ پتەپت؛ دڵەفڕێ؛ دڵەکوتێ.

-throbbingly *(adv.).*

throe (thrō), *n.* (۱) ئازارێکی کتوپڕی تیژ؛ مووچرک؛ ئێش.
(۲) *(pl.)*، ژان (منداڵبوون).
(۳) *(pl.)*، لنگەفرتێ؛ گیانەڵا؛ ئازاری گیاندان یا سەرەمەرگ:
(in the ~s of death)

thrombin (throm′bin), *n.* ئەنزیمێکە دەبێتە هۆی خوێن مەیین و وەستانی خوێن ڕۆان.

thrombo-, thromb- (throm′bə), پێشگرێکە بەمانای: خوێن مەیین: *(thromboplastin)* .

thrombogen (throm′bə-jen), *n.* = prothrombin.

thromboplastic (throm′bə-plas′tik), *adj.* (۱) تایبەتی بە خوێن مەیین. (۲) دەبێتە هۆی خوێن مەیین.

thromboplastin (throm′bə-plas′tin), *n.* پرۆتینێکە لە خوێندا دەبێتە هۆی خوێن مەیین

thrombosis (throm-bō′sis), *n.* مەیینی خوێن (لە دەماری خوێندا).

thrombus (throm′bəs), *n.* خوێنی مەیوو؛ تۆپەلە خوێنی مەیوو؛ خوێن مەیین (لە دەماری خوێندا).

throne (thrōn), *n.* (۱) تەختی پاشایی؛ تەخت؛ تەختی پاشا.
(۲) پاشایەتی؛ دەسەڵات و پلەوپایەی پاشا؛ پاشایی.
(۳) پاشا: *(orders from the ~)* .
(٤) پلە یا پۆلێکی فریشتەیە.
v.t. کردن بە پاشا؛ لەسەر تەختی پاشایی دانان؛ دانان بە پاشا.

throng (thrôŋ), *n.* (۱) جەماوەر؛ کۆمەڵە خەڵک. (۲) قەرەباڵغی.
(۳) کۆمەڵە شت؛ کۆمەڵ؛ ژمارەیەکی زۆر لە شت.
v.i. تێ ترنجان؛ کردن بە قەرەباڵغی.
v.t. (۱) تێ ترنجاندن؛ پڕکردن لە خەڵک. (۲) کۆبوونەوە بە جەماوەر.

throstle (thros′l), *n.* (۱) بۆقزە: باڵندەیەکی دەنگ خۆشە لە توخمی ڕیشۆڵە. (۲) ئامێری خوڕی و لۆکە ڕستن؛ خەڕەک.

throttle (throt′l), *n.* (۱) [Rare] ، قوڕگ؛ بۆری هەوا؛ قوڕقوڕاگە.
(۲) (ا) دەمەوانەی ڕێکخستنی ئەو بەنزینەی دەچێ بۆ مەکینە.
(ب) دەمەوانەی ڕێکخستنی ئەو هەڵمەی دەچێ بۆ مەکینە.
(۳) دەسک یا پایدەری ڕێکخستنی ئەم دەمەوانەیە.
v.t. (۱) خنکاندن. (۲) پێشێل کردن؛ دەم داخستن؛ دەنگ لێ بڕین.
(۳) (ا) ڕێکخستنی چوونی بەنزین یا هەڵم بۆ مەکینەیەک.
(ب) خەفەکردن (بە بەنزین یا هەڵم لێ بڕین).
(ج) هێواش کردنەوەی مەکینە (بە بەنزین یا هەڵم لێ کەم کردنەوەی).
v.i. خنکان.

throttle valve, = throttle 2.

through (thrōō), *prep.* (۱) بەناویدا؛ پێیدا؛ لەم دیوەوە بۆ ئەودیو.
(۲) بەناو.
(۳) سەرانسەر؛ بە هەموویدا؛ سەرایا: *(He toured ~ France.)* .
(٤) لە سەرەتاوە تا کۆتایی؛ بە درێژایی (کات):
(He slept ~ the lecture.)
(٥) هەتا: *(Monday ~ Friday)* .
(٦) لەڕێی: *(I got a job ~ her.)* .
(۷) بەهۆی؛ لە ئەنجامی: *(It happened ~ no fault of mine.)* .
adv. (۱) بەناویدا؛ بەناو؛ لەم لاوە بۆ ئەولا.
(۲) بە درێژایی (کات)؛ لە سەرەتاوە تا کۆتایی.
(۳) بە تەواوی هەتا تەواو دەبێت: *(He saw the work ~.)* .
(٤) بە تەواوی: *(His clothes were soaked ~.)* .
adj. (۱) دەرچوو (ڕێگە، شەقام)؛ تێپەڕ: *(a ~ street)* .
(۲) (ا) ئاوەستێ؛ بێ وەستان؛ یەکسەر: *(a ~ train)* .
(ب) بێ گۆڕین؛ یەکسەر: *(a ~ ticket)* .
(۳) تەواو: *(I'm ~ with my work.)* .
(٤) دەستبەردار؛ واز لێ هێناو: *(I'm ~ with that fellow.)*

through and through, (۱) سەراپا؛ سەرانسەر؛ لە هەموویدا.
(۲) تەواو؛ هەموی؛ لە هەمو ڕوویەکەوە:
(He is evil through and through.)

throughout (thrōō-out′), *prep.* سەرانسەر؛ سەراپا:
(~ the house)
adv. (۱) سەرانسەر؛ سەراپا.
(۲) بە درێژایی (کات): *(He helped others ~ his life.)*

throve (thrōv), *alternative past tense of* **thrive.**

throw (thrō), *v.t.* (۱) ڕستن، ئاوڕیشم، خوری)؛ بادان.
(۲) هەڵدان؛ هاویشتن. (۳) تێگرتن.
(She threw the vase on the ground.) (٤) فڕێدان، لە تووڕەییدا.
(He threw the other wrestler.) (٥) (أ) بە زەویدا دان (زۆرانبازی).
(She was thrown by her horse.) (ب) خستنە خوارەوە.
(٦) بە یەکە ناردن.
(٧) تێخستن؛ تێ فڕێدان.
(She threw the clothes into the suitcase.)
(He was thrown into prison.) (٨) خستنە ناو.
(٩) هەڵدانی زار.
(He threw a five.) (١٠) بۆ هاتنی زار هەڵدان.
(Snakes ~ their skins.) (١١) فڕێدان؛ لێبوونەوە.
(١٢) زایەڵ گیاندارێ مالی)؛ زان.
(١٣) خستنە گێژەوە؛ گێژ گۆڕین.
(She threw a glance at me.) (١٤) ناڕاسەکردن.
(١٥) خستنە سەر (لۆمە)؛ خستنە بەردەم (کۆسپ).
(١٦) تێسەردانی؛ پیاکێشان.
(١٧) [Colloq.] یاری یا پێشبڕکێ دۆراندن بە دەسەنقەست.
(١٨) [Slang] (ر) کردن (ئاهەنگ).
(He threw a party for his friends.)
(The child threw a tantrum.) (ب) بوون والێهاتن.
(١٩) کارت فڕێدان؛ یاری بە کارت کردن.
(٢٠) دروستکردن (گۆزەودێزە بە چەرخی گڵێنەکەر).
v.i. هاویشتن؛ هەڵدان.
n. (١) هاوبەشێک؛ هەڵدانێک. (٢) زار هەڵدان.
(٣) پرۆژەیەکی مەترسیدار؛ پرۆژەیەکی قومارئاسایی.
(٤) بەرهاوێژ؛ ماوەی هاویشتن. *(a stone's ~)*
(٥) (أ) سەرجێ. (ب) مل پێچ.
(٦) ڕادەی جوواڵنی قژیشی زەوی لە کاتی بوومەلەرزەدا.
(٧) (أ) بە زەویدا دان (زۆرانبازی). (ب) بە زەویدا دانێکی تایبەتی.

throw at, تێگرتن (بەرد، تیر)؛ پرسیارلێکردن.
throw away, (١) فڕێدان. (٢) بەفیڕۆدان؛ بەبادان.
(٣) سوود لێ وەرنەگرتن؛ بەکارنەهێنان.
throw a (monkey) wrench into, تێکدان (پیلان)؛ شڵواندن؛ تەگەرە تێخستن.
throw back, چوونەوە سەر باوباپیر؛ گەڕانەوە بۆ سەر باوباپیر
throw cold water on, ئاوی سارد بەسەردا کردن (پیلان)؛ مراندن (مەحاڵ)؛ دامرکاندنەوە.
throw in, (١) خستنە گێژەوە. (٢) سڵاودانەوە (فڕۆتەنی)؛ خاترانە گرتن. (٣) زیادە خستنەسەر.
throw in one's face, بە چاودا کوتانەوە؛ بە چاودا دانەوە؛ دانەوە بە چاودا
throw off, (١) فڕێدان؛ خۆ لە دەست ڕزگارکردن. (٢) خۆ لێ دزینەوە؛ خۆ لێ لادان. (٣) دانەوە؛ دەردان.
throw on, بە یەکە لەبەرکردن
throw oneself at, زۆر هەوڵدان بۆ دڵ ڕاکێشان
throw oneself into, دەستپێکردن بە کار زۆر بە چالاکی و بە دڵ.
throw oneself upon (or on), پشت پێ بەستن
throw open, (١) کردنەوە (بە تەواوی و کتوپڕ).
(٢) ڕێگەدان؛ ڕێگە بۆ کردنەوە
throw out, (١) فڕێدان. (٢) دەرکردن؛ دەرپەڕاندن؛ دەرفڕتاندن.
(٣) دەربڕین (ڕا)؛ ووتن. (٤) خستنە بۆش (گێڕی ئوتومبیل).
throw over, (١) وازلێهێنان؛ دەست لێ هەڵگرتن؛ بەجێهێشتن
(٢) نەوبەستن؛ پەسەند نەکردن

throw together, پێکەوەنان (بە پەلە)؛ کۆکردنەوە یا تێکەڵاوکردن بە لامسەرلایی.
throw up, (١) وازلێهێنان؛ دەست لێ هەڵگرتن. (٢) بە پەلە دروستکردن.
(٣) ڕشانەوە. (٤) پەیتاپەیتا ووتن بۆ سەرزەنشتکردن.
throwaway (thrō′ə-wā′), ***n.*** بڵاوکراوەی بە دەست بڵاوکراوە.
adj. (١) بۆ بەکارهێنان و فڕێدان دروستکراوە. (٢) لامسەرلا.
throw-back (thrō′bak′), ***n.*** چوونەوە سەر باوباپیر؛ گەڕانەوە بۆ سەر باوباپیر.
thrown (thrōn), *past participle of* **throw.**
adj. (١) فڕێدراو. (٢) کەوتوو (لە سواری نەسپەوە)؛ گلاو.
(٣) بە زەویدا دراو (زۆرانبازی).
throwster (thrō′stēr), ***n.*** ئاوڕیشم ڕێس.
thru (thrōō), ***prep., adv., adj.*** through.
thrum (thrum), ***n.*** (١) ڕیشوو (چنین، ڕستن)؛ ڕیشوە.
(٢) (*pl.*) پەراوێزی ڕیشووای یا ڕیشوودار.
(٣) سەری ڕیشوو یا تاڵە دەزوو.
(٤) (*pl.*) ڕیشووی پەت و گوریسە کە دەخرێتە جانقاسەوە بۆ تکە نەکردن و نەسووان (کەشتیوانی).
v.t. (١) ڕیشوو بۆ هێشتنەوە؛ پەراوێزی ڕیشوو بۆ کردن.
(٢) ڕیشووی پەت و گوریس خستنە جانقاسەوە بۆ تکە نەکردن و نەسووان (کەشتیوانی).
thrum (thrum), ***v.t. & v.i.*** (١) ئامێری ژێدار لێدان بە لامسەرلایی و نەزانانە. (٢) بە دەنگێکی یەک نەواو ناخۆش ووتن یا گێرانەوە.
(٣) تەپڵ لێدان بە پەنجە.
n. (١) ئامێری ژێدار لێدان بە نەزانانە. (٢) دەنگی نەم ناوازە.
thrummy (thrum′i), ***adj.*** ڕیشووداری؛ ڕیشووای؛ تووکن.
thrush (thrush), ***n.*** ڕیشۆڵە؛ بۆقزە؛ باڵندەیەکی دەنگ خۆشە لە توخمی ڕیشۆڵە.
thrush (thrush), ***n.*** (١) نەخۆشیەکە تووشی منداڵ دەبێ و بریان لە دەم و لێوو قورگی دەهێنێ. (٢) نەخۆشیەکە تووشی قولەپێی نەسپ دەبێ و بریانی کێماوی لێ دێنێ.
thrust (thrust), ***v.t.*** (١) (أ) پیاکردن؛ تێخستن؛ بە زۆر پیاکردن.
(ب) تەکان پێدان؛ پاڵ پێوەنان (٢) لێدان (چەقۆ، خەنجەر، نێزە)
(٣) بەسەردا سەپاندن؛ بەسەردا دان.
(٤) تێهاویشتن؛ تێخستن یا فڕێدان.
(He ~ a question in occasionally.)
(The tree ~s its branches high.) (٥) فڕێدان (لق، تەرز).
v.i. (١) پاڵ پێوەنان؛ تەکان پێدان؛ کوت پێوەدان.
(٢) لێدان (چەقۆ، خەنجەر، نێزە)؛ پیاکردن.
(٣) (~ into; ~ through)، خۆ سەپاندن بەسەردا؛ بە زۆر خۆ پیاکردن
(٤) فڕێدان (لق، تەرز).
n. (١) پیاکردن؛ تێخستن؛ لێدان (بە چەقۆ، خەنجەر... هتد).
(٢) هێز یا پەستانێکی زۆرو بەردەوام.
(٣) (أ) گوژم؛ گور؛ تەووژم (ب) تەکان؛ کوت.
(٤) هێرش (جەنگ)؛ پەلاماردان. (٥) هێرش (بە دەم).
thud (thud), ***n.*** (١) لێدان. (٢) تەپە؛ زرمە؛ تەپەتەپ.
v.i. تەپە هاتن؛ تەپە لێ هەڵسان؛ زرمە لێ هەڵسان
thug (thug), ***n.*** پیاوکوژ؛ خوێنڕێژ؛ شەقاوە.
-thuggery *(n.)*; **thuggish** *(adj.)*.
thuggee (thug′ē), ***n.*** پیاوکوژی؛ پیاوکوشتن.
thulium (thōō′li-əm, thū′li-əm), ***n.*** تولیۆم. توخمێکی کانزایی یە (کیمیا).
thumb (thum), ***n.*** (١) کەڵەموست؛ پەنجەگەورە.
(٢) کەڵەموستی دەستکێش. ovolo .
v.t. (١) هەڵدانەوە، بادان، یا پیس کردن بە کەڵەموست؛

(The page was badly ~ed.)

(٢) [Colloq.] دەست لە ئوتومبیل ڕاگرتنو کەڵەموست دەرهێنان بۆ سوارکردن لە خۆرایی: *(He ~ed a ride to Los Angeles.)* .

v.i. = hitchlike.

all thumbs, جڵفر؛ ناکارامە؛ ناقۆڵا؛ گەلحز

thumb one's nose, گاڵتەپێکردن (بە کەڵەموست خستنە سەر لووتو پەنجەکانی تر دەرهێنان): *(He's thumbing his nose at everyone.)* .

thumbs down, نیشانەی پەسەند نەکردن یا سەرنەکەوتن بە خوارکردنەوەی کەڵەموست .

thumbs up, نیشانەی پەسەندکردن یا سەرکەوتن بە بەرزکردنەوەی کەڵەموست

thumb through, پەڕە پەڕە هەڵدانەوەو بە پەلە سەیرکردن

under one's thumb, لەژێر رکێفدا بوون؛ جڵەو بە دەستی فلان کەسەوە بوون

thumbhole (thum′hōl´), *n.* کونی کەڵەموست لە تامێری مۆسیقیدا.

thumb index, پێڕست یا نیشانەی کەڵ تیپ لەسەر نووسراوی قەراغی لاپەڕەی هەڵهەنگ (بۆ یەکسەر دۆزینەوەی لاپەڕەی یەکەمی نەو تیپەو ووشە دۆزینەوە.

thumbkin (thum′kin), *n.* = thumbscrew (2).

thumbnail (thum′nāl´), *n.* (١) نینۆکی پەنجەگەورە. (٢) شتێکی بچووک (نەوەندەی نینۆکی پەنجەگەورە).

adj. (١) بچووک (٢) کورت: *(a ~ sketch)* .

thumbscrew (thum′skrōō´), *n.* (١) بورغو یا جەپی کەڵەموستی (بە پەنجەکان یا دەدرێ). (٢) ئامێرێکی کۆنی ئازاردانە بۆ گوشینی پەنجەگەورە.

thumbstall (thum′stôl´), *n.* ئەموستێکەی دروومانی چەرم.

thumbtack (thum′tak´), *n.* بزماری سەرپان (کە بە پەنجە گەورە دەکرێ بە شتێکدا)

thump (thump), *n.* (١) لێدان بە شتێکی قورسی وەک تێلا. (٢) تەپە: تەپەتەپ؛ زرمە؛ دەنگی تەپە.

v.t. (١) زرمە لێ هەڵسانەدن؛ تەپە لێ هەڵسان (٢) دارکاری کردن؛ تێلاتڕێن کردن؛ کوتان.

v.i. (١) تەپە هاتن؛ زرمە هاتن؛ کەوتنە خوارەوەو تەپە هاتن. (٢) تەپەی پێ هاتن؛ بە تەپەتەپ ڕۆیشتن. (٣) تڕپە هەتن؛ پرتەکردن؛ تەقە هاتن.

-thumper *(n.).*

thumping (thum′piŋ), *adj.* (١) تەپەکەر؛ هی تەپە یا زرمە. (٢) [Colloq.] (ا) گەورە؛ زۆر: *(a ~ majority)* . (ب) زۆر حۆش

thunder (thun′dĕr), *n.* (١) هەورەگرمە (٢) گرمەگرم؛ گرمەوهوڕ. (٣) هەڕەشەوگوڕەشە. (٤) [Obs. or Poetic] . **thunderbolt**

v.i. (١) گرمانین (هەور)؛ گرمەگرم هاتن: *(It is ~ing.)* . (٢) گرمەوهوڕ هاتن؛ گرمە هاتن؛ گرمەگرم هاتن (٣) هەڕەشەوگوڕەشە کردن.

v.t. (١) بە تووڕەیی و دەنگی بەرزەوە ووتن؛ هاوارکردن؛ بە دەنگی بەرز هەڕەشەوگوڕەشە کردن (٢) لێدان یا هێرش بردنە سەر بە تونديی؛ پیادان وەک هەورەتریشقە.

-thunderer *(n.)*; **thundery** *(adj.).*

steal one's thunder, دەستپێشکەری کردن لە دزینو دەربڕینی بیروباوەڕو پیلانی کەسێکی تردا بۆ شکاندنی نەو کەسە.

thunderbird (thun′dĕr-bûrd´), *n.* مەڵی هەورەگرمە: مەڵێکی ئەفسوونەییە گوایە دەبێتە هۆی هەورەتریشقەو باران دەبارێنێ (ئەفسانەی هیندییە نەمەریکاییەکان).

thunderbolt (thun′dĕr-bōlt´), *n.* (١) هەورەبروسکە. (٢) هەورەتریشقە بەتایبەتی هی لە زەمین دراو. (٣) شتێکی ووڕەیی: *(The news was a ~ .)* .

(٤) کەسێکی هەورەتریشقەیی (لە کتوپڕیو بەهێزیو وێرانکەریدا).

thunderclap (thun′dĕr-klap´), *n.* (١) هەورەگرمە؛ گرمەگرمی هەور. (٢) شتێکی کتوپڕو بەهێزو ووڕەرو توندوتیژ.

thundercloud (thun′dĕr-kloud´), *n.* هەوری هەورەتریشقاوی

thunderhead (thun′dĕr-hed´), *n.* کۆمەڵە هەوری پێش باوبۆرانی هەورەگرماوی.

thundering (thun′dĕr-iŋ), *adj.* (١) گرمەگرماوی؛ گرمەوهووڕکەر. (٢) [Colloq.] زۆر زل؛ زۆر گەورە

thunderous (thun′dĕr-əs), *adj. Also* **thundrous,** (١) هەورە- گرماوی؛ گرمەگرماوی. (٢) دەنگدەرەوە؛ بەرز (دەنگ): *(~ applause)* .

-thunderously *(adv.).*

thunderpeal (thun′dĕr-pēl´), *n.* شەقەی هەورەتریشقە؛ هاڕەی هەورەگرمە

thundershower (thun′dĕr-shou ĕr), *n.* لێزمەی هەورە- تریشقاوی؛ شەستەبارانی هەورەگرماوی.

thunderstone (thun′dĕr-stōn´), *n.* (١) بەردو کانزای لە هەورەتریشقەوە هاتوو (بروای کۆن). (٢) [Archaic] هەورەتریشقە.

thunderstorm (thun′dĕr-stôrm´), *n.* باوبۆرانی هەورە- تریشقاوی.

thunderstricken (thun′dĕr-strik´n), *adj.* = thunderstruck.

thunderstruck (thun′dĕr-struk´), *adj.* ووڕ؛ واق ووڕماو؛ سەرسوڕماو.

thurible (thoor′ə-b'l, thyoor′ə-b'l), *n.* بخووردان. (هەروەها " censer ")

thurifer (thoor′i-fĕr, thyoor′i-fĕr), *n.* بخوورداں هەڵگر (لە ئاهەنگی ئایینیدا).

Thursday (thûrz′di), *n. Abbr.* Th., Thur., Thurs., پێنج شەممە.

thus (*th*us), *adv.* (١) بەم شێوەیە؛ وەها؛ ئاوەها؛ بەم ڕەنگە؛ بەم جۆرە. (٢) کەوابوو؛ کەواتە؛ بەگوێرەی نەمە. (٣) هەتا ئێستا: هەتا ئەم کاتە *(T~ far a comfortable voyage.)* .

(٤) بۆ وێنە؛ بۆ نموونە

thwack (thwak), *v.t.* لێدان (بە شتێکی پان وەک گەلاکوتک یا ڕاستە). *n.* لێدان.

thwart (thwôrt), *adj.* (١) لەم بەر بۆ نەوبەر؛ بەسەریا؛ لابەلا. (٢) سەرسەخت؛ سەرکێش؛ کەللەڕەق.

adv. & prep. [Archaic], بەلابەلایی؛ بەسەریا.

n. کورسی سەوڵ لێدەر.

v.t. (١) ڕێ لێگرتن؛ ڕێ لێ بڕین؛ وەستاندن؛ پووچ کردنەوە (پیلان)؛ کۆسپ خستنە بەردەم: *(to ~ a plan, an effort, etc.)* . (٢) بەرەنگاری کردن؛ بەرهەڵستی کردن. (٣) [Obs.]، بەسەردا تێپەڕبوون؛ خستنەسەر؛ بەسەردا ڕایەڵ کردن.

thy (*th*ī), *possessive pronominal adj.,* [Archaic]. هی تۆ؛ - ت. (شێوەی کۆنی " your " ە).

thylacine (thī′lə-sīn´, thī′lə-sin), *n.* گیاندارێکی درندەی پشت بازووی تووڕەکەدارە لە گورگ دەچێ. (هەروەها " Tasmanian wolf ")

thyme (tīm), *n.* جاترە: گیایەکی بۆن خۆشە لە توخمی پونگە گەلاکەی ووردە دەکرێتە خواردنەوە.

thymic (tim′ik), *adj.* جاترەیی؛ تایبەتی بە جاترە

thymic (thī′mik), *adj.* تیمۆسی (دووەم ووشەی دوای ئەمە ببینە).

thymol (thī′mōl, thī′mol), *n.* تیمۆل: ماددەیەکی چەوری بۆن خۆشە لە جاترە دەردەهێنرێ.

thymus (thī′məs), *n.* تیمۆس: لوویەکی بچووکە لەلای ژوورووی

بۆشایی سنکدایە لە دوای بلۆقی کویرەبێتەوە.

thymy (tīm′i), *adj.* (١) جاتراوی؛ پرە لە جاترە.
(٢) جاترەیی؛ لە بۆنی جاترە دەچێ

thyreo-, thyro-, thyr- (thī′ri-ō, thī′ri-ə), پێشگرێکە بەمانای سایرۆیدی؛ تایبەتی بە لووی سایرۆید: *(thyroidectomy)*.

thyroid (thī′roid), *adj.* (١) سایرۆیدی؛ تایبەتی بە لووی سایرۆید.
(٢) تایبەتی بە کرکڕاگەی قورتم.

n. (١) لووی سایرۆید (کە دەکەوێتە ژێر ملەوە). (٢) کرکڕاگەی قورتم.
(٣) ماددەیەکە لە لووی سایرۆیدی هەندێ گیاندار دەردەهێنرێ بۆ دەرمان.

thyroid cartilage, کرکڕاگەی قورتم

thyroidectomy (thī′roid-ek′tə-mi), *n.* دەرهێنانی لووی سایرۆید

thyroid gland, لووی سایرۆید (کە لەژێر ملدایە و هۆرمۆنێک دەردەدات نەشونمای لەش ڕێک دەخات)

thyroiditis (thī′roid-ī′tis), *n.* هەوکردنی لووی سایرۆید

thyroxine (thī-rok′sēn, thī-rok′sin), *n.* سیرۆکسین هۆرمۆنێکە لووی سایرۆید دەریدەدات. (هەروەها " thyroxin ").

thyrse (thûrs), *n.* – thyrsus.

thyrsus (thûr′səs), *n.* (١) گوڕێکی ڕازاوەیە بە بەری قووچەکی کاج بە سەرەکەیەوە و لاولاو بەدەوریدا دایۆنایسیس و بەدووکەوتووەکانی لە یۆنان هەڵیان دەگرت. (٢) شێوەیەکە لە گوڵ کردن.

thyself (*th*ī-self′), *prom.* خۆت (شێوەی کۆنی " yourself " ە).

tiara (tī-âr′ə, ti-âr′ə, ti-ä′rə), *n.* (١) کڵاوی پاشای فارسی کۆن
(٢) (ا) کڵاوی پاپا (ب) دەسەڵاتی پاپا. (٣) سەرپێچی ڕازاوە بە خشڵ و گوڵ.

Tibetan (ti-bet′n), *adj.* تیبێتی تایبەتی بە ووڵاتی " تیبت "و زمانو کلتوورو گەلەکەی

n. (١) هاوتیشتمانی تیبێتی (٢) زمانی تیبێتی

tibia (tib′i-ə), *n.* (١) نێسقانی لوولاق (٢) نێسقانی لوولاقی گیانەوەر (٣) چوارەم بەشی لاقی جانەوەر (٤) جۆرە بلوێزنکی کۆنە (زوو لە نێسقانی لوولاقی گیانەوەر دروست دەکرا).

-tibial *(adj.)*.

tic (tik), *n.* با لێدان؛ فرین یا کرژبوونی پەیتاپەیتای ماسولکە بەتایبەتی هی دەموچاو (نەخۆشی)

tic douloureux (tik′ dōō′lōō-rōō′), با لێدان؛ فرین یا کرژبوونی بە ئازاری پەیتاپەیتای ماسولکەی دەموچاو.

tick (tik), *n.* (١) دەست بیاکێشانی بە نەسپایی. (٢) چرکەی کاتژمێر.
(٣) نەم نیشانەیە (✓) (٤) [Colloq.] چرکە (کات).

v.i. (١) چرکەکردن (کاتژمێر).
(٢) جوڵاندن؛ بزواندن (هەست) *(what makes him ~ ?)* .

v.t. (١) کات ژماردن بە چرکەی کاتژمێر.
(٢) نیشانەکردن بەم نیشانەیە (✓)

tick (tik), *n.* گەنە؛ زخ

tick (tik), *n.* بەرگە سەرین

tick (tik), *n.* [Chiefly British Colloq.]. قەرز
(I bought it on ~ .)

ticker (tik′ĕr), *n.* (١) تەلەگرافی تۆمارکەر . کاتژمێر. [Slang] (٢) (٣) [Slang]. دڵ

ticker tape, شریتی تەلەگرافی تۆمارکەر: شریتێکی باریکی کاغەزە تەلەگرافی تۆمارکەر ئەو هەواڵانەی پێی دەگات لەسەری چاپ دەکات.

ticker-tape parade, خۆپیشاندانی شریتی: خۆپیشاندانێکە بۆ پێشوازی کردن لە قارەمانێک بۆ شاری نیویۆرک شریتی ڕەنگاوڕەنگی تیا هەڵدەڕێ بەسەر قارەمانەکەو بەشدارانی خۆپیشاندانەکەدا لە خانووەکانەوە.

ticket (tik′it), *n.* (١) [Rare] . یادنامە.
(٢) بلیت؛ تکت *(a bus ~ ; a theater ~)*
(٣) بڕوانامەی فڕۆکەوان یا کەشتیەوان.

(٤) کارتی ناونیشانو ڕەنگو قەبارەی فڕۆتەنیسێک.
(٥) لیستەی ناونووس کراوانی حیزبێک بۆ هەڵبژاردن.
(٦) تکت (لەبەر پەیڕەوی نەکردنی یاسای هاتوچۆی ئوتومبیل)؛ نمرەگرتن.
(٧) [Slang]، دڕووست؛ بەجێ.

v.t. (١) بلیت پێدان. (٢) نیشانەکردن (فڕۆتەنی... هتد).
(٣) بۆ مەبەستێکی تایبەتی دانان یا تەرخان کردن.
(٤) تکت پێدان؛ نمرەگرتن.

ticket agent, بلیت فڕۆش (شەمەندەفەر، فڕۆکە، شانۆ، سینەما... هتد).
ticket office, بلیتخانە؛ فەرمانگەی بلیت فڕۆشتن.
ticket of leave, [British]. = parole.
tick fever, گەنە تا: نەخۆشیێکی درمە لە گەنەوە دادەکەوێ و تووشی مرۆڤ ڕەشەووڵاخ دەبێت.
ticking (tik′iŋ), *n.* قوماشی بەرگە سەرین
tickle (tik′l), *v.t.* (١) پێ خۆش بوون؛ دڵخۆش کردن: *(The story ~d him.)*

(٢) ختووکەدان.

v.i. (١) ختووکە هاتن: *(My palm ~s .)* .
(٢) زوو ختووکە هاتن.

n. (١) ختووکە. (٢) خۆشی؛ دڵخۆشی؛ گەشکە.

tickle one pink, زۆر پێ خۆش بوون؛ زۆر دڵخۆش کردن؛ گەشکە پێ هاتن

tickler (tik′lĕr), *n.* (١) ختووکەدەر (٢) یادنامە؛ دەفتەری یادنامە. (٣) بارودۆخی گیروگرفتاوی؛ سەرئێشە. (٤) دەفتەری قەرز.

ticklish (tik′lish), *adj.* (١) زوو ختووکەی دێت.
(٢) تۆرینۆک؛ سرک؛ دل ناسک؛ هەست ناسک؛ حولحولێ؛ زوو پەست دەبێت
(٣) ناسک (بارودۆخ): *(a ~ situation)* .

-ticklishly *(adv.)*; **ticklishness** *(n.)*.

tick-tack (tik′tak′), *n. Also* tic-tac, (١) چرکەچرک (کاتژمێر).
(٢) هۆزەکە بۆ لە دەرگاو پەنجەرە دان لە دوورەوە بۆ یاری.

tick-tack-toe (tik′tak-tō′), *n. Also* tic-tac-toe, تیکتاکتۆ: یاریێکی دووکەسیێیە لەسەر تەختەیەکی نۆ خانەیی دەکرێ.

tick-tock (tik′tok′), *n.* چرکەچرکی کاتژمێر.

tick trefoil, جۆرە ڕووەکێکە گەڵای سێ‌پەڕەیی و کەلووی دڕکاوی و گوڵی ئەرخەوانی دەگرێ لە توخمی پۆڵکەیە.

tidal (tī′d'l), *adj.* تایبەتی بە بەرزاو و نیشتاو؛ هی هەڵسانو نیشتنەوەی ئاو.

tidal wave, (١) شەپۆلێکی زۆر گەورەو وێرانکەری دەریایە بەهۆی بوومەلەرزە یا زریانەوە. (٢) لێشاو؛ بزووتنەوەیەکی بەهێزی وەک لێشاو.

tidbit (tid′bit′), *n. Also* titbit, پارووە نانی خۆش؛ نەختێک خواردنی نایاب؛ وورده هەواڵی پاشەمڵە یا غەیبەتی خۆش؛ هەواڵی نایاب.

tiddlywinks (tid′'l-i-wiŋks′, tid′li-wiŋks′), *n.* یاریێیەکە بریتیێیە لە پاڵ پێوەنانی خەپڵەی بچووک بە خەپڵەی گەورەتر لە قەراغ مێزێکەوە بۆ ناو کووپێک

tide (tīd), *n.* (١) سەردەم؛ ماوە؛ دەم؛ کات *(Christmastide, eventide)*

(٢) بەرزاو و نیشتاو؛ کشانو کشانەوەی ئاو.
(٣) شتێکی هەمیشە گۆڕاو؛ شتێکە هەمیشە لە بەرزیو نزمیدا بێ.
(٤) لێشاو؛ تەوژم؛ گوڕم: *(the ~ of public opinion)* .
(٥) پۆپە؛ لووتکە؛ ئەوپەڕی بڵندی؛ هەڕەت.
(٦) [Archaic]، هەل.

v.i. (١) شەپۆل دان؛ لێشاو هێنان
(٢) بەدەم شەپۆلەوە ڕۆیشتن (بەڵەمو کەشتی لە هاتنە ناو بەندەر یا ڕۆیشتندا؛ سەرناوکەوتن.

v.t. دان بەدەم شەپۆلەوە؛ سەرناوخستن.

tide over, (۱) یارمەتیدان لە تەنگانەدا هەتا دەبووژێتەوە.
(The loan will tide us over till the next paycheck.)
(۲) مەرکەکردن؛ دەریردن؛ سەرکەوتن؛ زاڵبوون.
turn the tide, باردۆخ وەرگەڕاندن؛ باردۆخ گۆڕین بەتەواوی.
tide (tīd), *v.i.* [Archaic]. ڕووداو.
tideland (tīd′land´), *n.* زەوی ژێرئاوکەوتوو لەکاتی بەرزاودا.
tidemark (tīd′märk´), *n.* نیشانەی بەرزاو و نیشتاو. ئەو ئاستەی کە ئاو دەبگاتێ لەکاتی بەرزاو و نیشتاودا.
tiderip (tīd′rip´), *n.* گێژاوێکە لە بەیەک گەیشتنی دوو تەوژمی ئاو یا بەرزاو بێکەدیت
tidewaiter (tīd′wāt ēr), *n.* پشکنەرێکی گومرگە چاودێری باردا‌گرتنی کەشتی دەکات
tidewater (tīd′wô´tēr, tīd′wä´tēr), *n.* (۱) ئاوی بەرزاو (کە کەنارەریا دادەپۆشێ). (۲) ئاوی ئەو جۆگانەی کە بەپێی بەرزاو و نیشتاو ئاوەکەیان بەرزو نزم دەبێتەوە. (۳) کەنارەریای نزم.
tideway (tīd′wā´), *n.* ئاوەڕوی بەرزاو
tidings (tī′diŋz), *n.pl.* دەنگوباس؛ هەوال
(~ of great joy)
tidy (tī′di), *adj.* (۱) ڕێک‌وپێک (مرۆڤ، شوێن)؛ پاک‌وتەمیز؛ خاوێن.
(۲) [Colloq.] باش؛ چاک؛ پەسەند.
(۳) [Colloq.] زۆر؛ ئێجگار زۆر. *(a ~ sum of money)* .
v.t. & v.i. ڕێک‌وپێک کردن؛ پاک کردنەوە؛ ڕێکخستن.
(T~ up your room.)
n. بەرگی پەخشداری سەر قۆڵو پشتی کورسی‌و قەنەفە.
-tidily *(adv.)*; **tidiness** *(n.)*.
tidytips (tī′di-tips´), *n.* ڕووەکێک گوڵی وەک گوڵە چاوپشیلە دەگرێ.
tie (tī), *v.t.* (۱) بەستن؛ پێکەوەبەستن؛ تۆندکردنەوەو بەستن
(۲) گرێدان؛ گرێ لێدان. (۳) لێکدان؛ یەک پێگرتن.
(٤) بەستنەوە؛ ڕستکردن؛ پێوەندکردن. (٥) هاوتابوون (یاری، پێشبڕکێ).
(٦) [Colloq.] ماڕەکردن؛ جووت کردن.
(۷) لێکدنی دوو ئاوازی مۆسیقا بە هێڵێکی باریک.
v.i. (۱) گرێدران؛ گرێ لێ دران؛ بۆ گرێدان شیان.
(۲) هاوتابوون (یاری، پێشبڕکێ): *(The two teams ~d.)* .
n. (۱) پەت؛ قەیتان؛ بەن
(۲) پەیوەندی؛ پەیوەستی: *(a business ~ ; ~s of affection)* .
(۳) بۆینەخ. (٤) دەستەک؛ داری ڕایەڵ کراو (بۆ لێکدانو چەسپاندنی دوولای چوارچێوەیەک یا خانوویەک). (٥) داری ژێر هێڵی شەمەندەفەر (لەژێر هەردوو هێڵەکەدا ڕایەڵ دەکرێو پێکەوە دەیانبەستێ) (هەروەها " sleeper " ، " railroad tie "). (٦) هاوتایی (یاری، پێشبڕکێ، هەڵبژاردن).
(۷) پێشبڕکێ یا بۆڕبۆڕێنێکە کە ئەنجامەکەی هاوتایی بێ‌و هیچ لایەک نەیبانەوە. هاوتایی (یاری، پێشبڕکێ).
(۸) هێڵی سەر یا ژێر دوو ئاوازی مۆسیقا
tie down, بەستنەوە؛ قەتیس کردن؛ ڕێی هاتوچۆ لێ بڕین.
tie one on, [Slang]. مەست بوون؛ سەرخۆش بوون؛ پێک خواردنەوە
tie up, (۱) پێوەندکردن؛ بەستنەوە (۲) پێچانەوەو بەستن؛ بەستن.
(۳) لەنگەرخستن (٤) وەستاندن؛ ڕێ لێگرتن؛ کۆسپ خستنە بەردەم.
(٥) دەست گیران؛ خەریک کردن.
tieback (tī′bak´), *n.* پەردەبەست؛ پەتێکە ئاوقەدی پەردەی پێ دەبەستێنێت. کە لادەبرێتو دەخرێتە لایەکی پەنجەرەکەوە.
tie beam, دەستەک؛ تیرگە
tie-in (tī′in´), *n.* (۱) پەیوەندی؛ پەیوەستی.
(۲) (ب) فرۆشتنی دوو شت پێکەوە.
(ب) بەکێت لەم دوو شتە (بەتایبەتی شتە کەم بایەخ‌و کەم ڕەواجەکەیان).
tiepin (tī′pin´), *n.* دەرزی بۆینباخ
tier (tēr), *n.* ڕیزە کورسی؛ تەلان؛ تیرە؛ چین.
v.t. & v.i. ڕێزکردن؛ بە ڕیز ڕیز ڕێکخستن؛ چین چین کردن؛ کردن بە تەلان.
tier (tī′ēr), *n.* (۱) بەستەڕەوە (مرۆڤ، شت).
(۲) بەرگێکی منداڵانە لە بەروانکە دەچێ.
tierce (tērs), *n.* (۱) سێیەک.
(۲) پێوانەیەکی کۆنە بریتێیە لە (٤۲) گاڵۆن.
(۳) پیپێکە کە ئەوەندە بگرێ. (٤) پێڕی سێ کاغەزیی یەک لە دوای یەک.
tiff (tif), *n.* (۱) هەڵچوونێکی کەم خایەن؛ تووڕەیی.
(۲) شەڕێکی بچووک؛ دەمەقاڵێ؛ دەمەقڕێ: *(We had a ~ .)* .
v.i. شەڕبوون؛ شەڕێکی بچووک کردن؛ دەمەقاڵێ بوون.
tiffany (tif′ə-ni), *n.* مۆزڵین؛ قوماشی ئاوڕیشم یا مۆزڵینی تەنک
tiffin (tif′in), *n.* [British]. قاوەڵتی؛ ئانی نیوەڕۆ.
v.i. & v.i. ئانی نیوەڕۆ خواردن؛ قاوەڵتی کردن.
tiger (tī′gēr), *n.* (۱) پڵنگ؛ بەبر. (۲) گیاندارێک لە توخمی پڵنگ.
(۳) کەسێکی دڕ یا چاونەترس؛ کەسێکی خوێنخۆر
-tigerish *(adj.)*.
tiger bettle, قاڵۆنچەی پڵنگی: قاڵۆنچەیەکە جانەوەری تر دەخوات.
tiger cat, پشیلە پڵنگ؛ پشیلە کێوی‌یەکی بەڵەکە.
tigereye (tī′gēr-ī´), *n.* *Also* **tiger's eye,** بەردێکی نیمچە بەنرخی زەرد–قاوەیی‌یە خشڵی لێ دروست دەکرێ.
tiger lily, گوڵە بەبر: ڕووەکێکە گوڵی پرتەقاڵی پنکە پنکە دەگرێت.
tiger moth, مۆرانەی پڵنگی: مۆرانەیەکی زل بان پنکە پنکەیی‌یە.
tight (tīt), *adj.* (۱) چڕ (۲) کوتبڕ؛ هەوابڕ؛ ئاوبڕ.
(۳) توند؛ تونگ؛ قایم؛ چەسپیو؛ چەسپ.
(٤) جەڕاو؛ شەتەک دراو؛ جەڕێنەراو.
(٥) کرژ؛ گرژ: *(a ~ smile)* .
(٦) تەنگ؛ تەسک؛ تەنگەبەر.
(۷) سفت؛ سفت‌وسۆل. *(a ~ weave)* .
(۸) تەسک‌وتروسک؛ تەسک؛ پڕ بەبەر: *(a ~ fit)* .
(۹) توند؛ گیراو: *(a ~ feeling in the chest)* .
(۱۰) توندوتیژ؛ بەزەبر: *(She kept ~ control over her children.)* .
(۱۱) (ا) کەم؛ دەست ناکەوێ؛ کز: *(~ money)* .
(ب) شتی تێدا دەست ناکەوێ: *(a ~ market)* .
(۱۲) تەنگوچەڵەماوی؛ سەخت؛ ناهەموار؛ گران؛ دژوار؛ ئاڵۆز:
(a ~ situation, spot, etc.)
(۱۳) نزیک (پێشبڕکێ)؛ هاوتا؛ سەخت: *(a ~ race, contest, match)* .
(۱٤) کورت‌و پڕ مانا؛ کورت
(۱٥) [Archaic or Dial.]، جوان‌و ڕێک‌وپێک (باڵا)؛ خنجیلانە.
(۱٦) [Dial.]. کارامە؛ کاربان.
(۱۷) [Colloq.]. پیسکە؛ پارە پیس؛ گیر؛ ڕەزیل.
(۱۸) [Slang]، مەست؛ سەرخۆش.
adv. (۱) توند؛ قایم؛ چەسپیو: *(Shut the window ~ .)* .
(۲) قوڵ، قورس، خۆش؛ یا شیرین (خەو): *(Sleep ~ .)* .
-tightly *(adv.)*; **tightness** *(n.)*.
sit tight, جوڵە نەکردن؛ چاوەڕێ کردن (تا باردۆخ دەگۆڕێ)؛ جارێ هیچ نەکردن
tighten (tīt′n), *v.t.* (۱) (ا) جەڕاندن؛ شەتەک دان؛ قایم کردن؛ تۆندکردنەوە. (ب) هێنانەوەیەک (ماسولکە)؛ کرژکردن؛ گرژکردن
(۲) تەسک کردنەوە.
v.i. (۱) (ا) هاتنەوەیەک؛ کرژبوون. (ب) جەڕان؛ قایم بوون؛ تۆندبوونەوە.
(۲) تەسک بوونەوە.
tightfisted (tīt′fis´tid), *adj.* گیر؛ پوولەکی؛ ڕەزیل.
tight-lipped (tīt′lipt´), *adj.* (۱) لچ هەڵقورچاو؛ دەم داخراو.
(۲) دەم دوروا؛ نەدوو؛ دەم نووقاو.
tightrope (tīt′rōp´), *n.* تەناف (تەنافبازی)
tights (tīts), *n.pl.* جلی تەسکی کشاوی تەنافبازو سەماکەر.

tightwad (tīt′wäd′, tīt′wŏd′), *n.* [Slang], کەسێکی پووڵەکی یا پەزیل

tiglon (tī′glon), *n. Also* tigon, شێرڵنگ. هەچکەی پڵنگ‌و دەڵەشێر

tigress (tī′gris), *n.* (۱) مێ پڵنگ (۲) نافرەتی دڕ.

tike (tīk), *n.* = tyke.

til (til, tēl), *n.* کونجی

tilbury (til′bēr-i), *n.* گالیسکەیەکی سووکی دوو‌پێچکەی دووکەسی‌یە

tilde (til′də), *n.* تیلدە. هێڵێکی چوورکە وەک نەمە (~) دەخرێتە سەر تیپی " n " لە ئیسپانیداو نیشانەی ئەوەیە کە وەک " ny " دەخوێنرێتەوە وەک لە ووشەی " señor " دا.

tile (tīl), *n.* (۱) خشتی کاشی؛ کاشی؛ خشتی ناوماڵ. (۲) [Colloq.] تەپڵەی دڕێژو ڕەق.

v.t. *(to ~ a bathroom)* بە خشتی کاشی داپۆشین؛ کاشی پۆش کردن

-tiler *(n.).*

tilefish (tīl′fish′), *n.* ماسی‌یەکی گەورەی پنکە پنکەیی پۆپنەدارە

tilery (tīl′ēr-i), *n.* کارگەی خشتی کاشی.

tiling (tīl′iŋ), *n.* (۱) کاشی پۆش کردن؛ کاشی دانان؛ کاشیکاری. (۲) کاشی؛ خشتی کاشی (۳) پووی کاشی کراو؛ پووی بە کاشی داپۆشراو.

till (til), *prep.* (۱) هەتا؛ تا؛ هەتاکو. (۲) [Obs. or Scot.]، هەتا (شوێن). (۳) [Scot.]، بۆ؛ دەربارەی.

conj. هەتا؛ تا؛ تاکو.

till (til), *v.t. & v.i.* کێڵان‌و چاندن؛ کشت کردن؛ زەوی خۆش کردن.

till (til), *n.* (۱) چەکەجی پارە (لە فرۆشگایەکدا). (۲) پارەی بەردەست.

till (til), *n.* قوڕو لەو زێخ‌و بەردی تێکەڵاو (بەتایبەتی هی پاشماوەی ڕوباری سەهۆڵین).

tillage (til′ij), *n.* (۱) کشتیاری؛ کشتکاری (۲) زەوی خۆش کراو؛ زەوی کێڵراو‌و چێنراو (۳) بەرهەمی کشتوکاڵی.

tillandsia (ti-land′zi-ə), *n.* پووەکێکی قەد باریکی گەڵا وورد بە داڕو دەرەختدا شۆڕ دەبێتەوە لە لای خواروو ئەمەریکا.

tiller (til′ĕr), *n.* دەسکی ستێرن یا سوکانی کەشتی‌و بەلەم.

tiller (til′ĕr), *n.* جووتیار؛ کشتیار؛ کشتکار؛ وەرزێر

tiller (til′ĕr), *n.* خەڵفی لە ڕەگەوە یا بنی قەدەوە دەرهاتوو؛ وەچ.

v.i. وەچ دەرکردن؛ خەڵف دەرکردن

tilt (tilt), *v.t.* (۱) لارکردنەوە؛ خوارکردنەوە (۲) ڕمبازی کردن؛ ڕم تێگرتن (بە سواری ئەسپەوە). (۳) هێرش بردنە سەر. (٤) داڕشتن (کانزا).

v.i. (۱) لاربوونەوە؛ خوارببوونەوە. (۲) ڕمبازی کردن (۳) هێرش بردنە سەر. (٤) مەلەملێ کردن؛ پێشبڕکێ کردن (٥) مشت‌ومڕکردن.

n. (۱) ڕمبازی (۲) مشت‌ومڕی گەرم (۳) لاربوونەوە؛ خوارببوونەوە؛ لاری. (٤) لێڕگە؛ لێڕایی؛ لێژی. (٥) seesaw. (٦) tilt hammer.

at full tilt, بەوپەڕی خێرایی‌یەوە؛ زۆر بەخێرایی؛ بە هەموو هێزێکەوە؛ زۆر بە هێزەوە

tilt at windmills, شەڕ لەگەڵ دوژمنی درۆ یا خەیاڵیدا کردن؛ کاری بێ سوود کردن؛ شتی کەرانە کردن.

tilt (tilt), *n.* چەتر یا سەری بەلەم‌و گالیسکە

v.t. سەر گرتن؛ سەر داپۆشین؛ پۆشین

tilth (tilth), *n.* (۱) کێڵان‌و چاندن؛ زەوی کێڵان‌و خۆش کردن (۲) زەوی کێڵراو و چێنراو؛ زەوی خۆش کراو.

tilt hammer, چەکوشی کانزا کوتان‌و داڕشتن؛ ئامێری داڕشتن‌و نیشانەکردن

tiltyard (tilt′yärd′), *n.* مەیدانی ڕمبازی

timbal (tim′b'l), *n. Also* tymbal, = kettledrum.

timbale (tim′b'l), *n.* خواردنێکە لە مریشک‌و ماسی‌و کوللەی ئاو دەکرێ‌و لە فڕندا لێ دەنرێ وەک قاڵب.

timber (tim′bĕr), *n.* (۱) (ا) خانوو (ب) کەرەسەی خانوو؛ داروپەردوو

(۲) دارو تەختە (خانووسازی، دارتاشی، کەشتی دروستکردن).
(۳) نیرگە. (٤) دارو درەخت. (٥) دارستان.
(٦) ماک؛ نەبەردی؛ چۆنێتی ڕەفتار. (۷) تیغە (کەشتی دروستکردن)

v.t. بە دارو تەختە داپۆشین یا دروستکردن؛ دار دانەبەر.

adj. هی دارو تەختە؛ بۆ دارو تەختە.

interj. هاوارێکی ووریاکردنەوەی دارکەرە کە ئەو دارەی دەیبڕێتەوە خەریکە بکەوێ.

timbered (tim′bērd), *adj.* (۱) دارین؛ بە دارو تەختە کراو یا داپۆشراو. (۲) دارودرەختاوی؛ دارودرەخت داپۆشیو.

timbering (tim′bēr-iŋ), *n.* (۱) دارو تەختە. (۲) شتی دارین؛ شتی لە دارو تەختە دروستکراو.

timberland (tim′bēr-land′), *n.* دارستان.

timber-line (tim′bēr-līn′), *n. Also* timber line, ئەو هێڵە یا ئاستەیە کە ئیتر لەوە بەولاوە دارو درەخت ناڕوێ لەسەر شاخە بەرزەکان‌و هەرێمی تەوەرەکان.

timber wolf, گورگی دارستان؛ گورگێکی گەورەی ئەمەریکای باکوورە.

timberwork (tim′bēr-wûrk′), *n.* شتی دارین (خانوو، بەلەم)؛ شتی لە دارو تەختە دروستکراو.

timbre (tim′bēr, tam′bēr), *n.* (۱) چۆنێتی دەنگ (کە دەنگێک لە دەنگێکی تر جیادەکاتەوە جگەلە بەرزی‌و نزمی‌و توندوتیژی) (۲) ڕادەی دەنگدانەوەی تیپی دەنگدار بەتایبەتی تیپە بزوێن (دەنگناسی)

timbrel (tim′brəl), *n.* = tambourine.

time (tīm), *n.* (۱) کات.
(۲) *(pl.)*، چەرخ؛ سەدە: *(medieval ~s)* .
(۳) سەردەم: *(in Lincoln's ~)* .
(٤) *(pl.)*، ڕۆژگار؛ ڕۆژ: *(T~s are bad.)* .
(٥) ماوە: *(a ~ of sorrow)* .
(٦) کات؛ کاتێکی تایبەتی: *(I had a good ~ .)* .
(۷) (ا) ماوەی ژیان؛ ژیان: *(My ~ is almost over.)* .
(ب) کات یا ماوەی سکپڕی. (ج) ماوەی شاگردی.
(د) ماوەی بەندی؛ ماوەی زیندانی.
(۸) کاتی پێویست بۆ کردنی شتێک؛ کاتی بەدەستەوە بوو: *(I don't have ~ for reading.)*
(۹) ماوەی پێچوونی کارێک یا شتێک.
(۱۰) (ا) ماوەی ئیشکردنی کرێکار یا مووچەخۆر.
(ب) کرێ یا مووچەی ئەم ماوەیە.
(۱۱) خێرایی (ڕۆیشتن، ئوتومبیل لێخوڕین، کارکردن... هتد): *(to go at double ~)*
(۱۲) ماوەی پێچوون (بەسەرهاتی شانۆگەری).
(۱۳) (ا) خێرایی ئاوازی مۆسیقا. (ب) ماوەی ئاوازێک.
(۱٤) سات؛ ساتی کاتژمێر: *(what ~ is it ?)* .
(۱٥) کاتی ڕوودانی شتێک: *(The ~ of the accident was 5:30 .)* .
(۱٦) (ا) سەرەمەرگ؛ کاتی مردن.
(ب) کاتی هندألبوون؛ ساتی هندألبوون: *(She is near her ~ .)* .
(ج) کاتی خۆیەتی؛ کاتی گونجاو یا باشترین کات بۆ کردنی شتێک؛ هەڵەت: *(Now is the ~ to act.)*
(۱۷) کەڵەت؛ جار؛ ژەم (کات)؛ کایە؛ گا: *(I've told him three ~s . ~ and ~ again)*
(۱۸) شێوەی کات ڕاگرتن: *(solar ~ ; standard ~)* .

interj. نیشانەی دوایی هاتنی کایەی یاری یا یاری وەستاندن.

v.t. (۱) کات دیاریکردن؛ کات بۆ دانان.
(۲) گونجاندن؛ ڕێکخستن لەڕووی کاتەوە. (۳) هاوکات کردن.

adj. (۱) تایبەتی بە کات؛ کاتی.
(۲) کات بۆ دانراو؛ وا ئاراوەتەوە کە لە کاتێکی دیاریکراودا بتەقێتەوە: *(a ~ bomb)*

(٢) له پۆژێکی دیاریکراودا ده‌درێته‌وه: *(a ~ loan)* .
(٤) کراوه به قیست: مانگ به مانگ ده‌درێته‌وه: *(a ~ payment)* .

ahead of time, زوو: له‌پێش کاتی خۆیدا.
at one time, (١) له هه‌مان کاتدا: پێکه‌وه. (٢) جاران: جاری جاران.
at the same time, (١) له هه‌مان کاتدا: پێکه‌وه. (٢) له‌گەڵ ئه‌وه‌شدا.
at times, جارووبار: هه‌ندێ جار: ناوبه‌ناو.
behind the times, دواکه‌وتوو: باو نه‌ماو: کۆن
behind time, دره‌نگ: له‌دوا: دواکه‌وتوو.
between times, جارنه‌جار: جاربه‌جار: ناوبه‌ناو.
do time, [Colloq.], له به‌ندیخانه‌دا بوون: کات بردنه سه‌ر له به‌ندیخانه‌دا.
for the time being, بۆ ئه‌م کاته یا سه‌رده‌مه‌ی ئێستا: بۆ ئێستا: جارێ
for time to time, جاربه‌جار: جارنه‌جار: ناوبه‌ناو.
gain time, (١) درێژه‌پێدان یا به قنگدا خستن تا کاتێکی باشتر دێته پێش.
(٢) خێرا: کاتژمێر: له‌پێش.
in good time, (١) له کاتی خۆیدا: له کاتێکی باشدا. (٢) خێرا: زوو.
in no time, زۆر خێرا: زۆری پێ ناچێ: یه‌کسه‌ر: به‌خێرایی.
in the meantime, له هه‌مان کاتدا.
in time, (١) له کاتی دیاریکراودا. (٢) زوو بێ یا دره‌نگ
lose time, (١) هێواش (کاتژمێر): له‌دوا.
(٢) کات له‌کیس چوون: کات له‌دەست چوون.
make time, (١) خێراتر پۆیشتن بۆ به‌دەست که‌وتنه‌وه‌ی کاتی له‌کیس چوو (شه‌مه‌نده‌فه‌ر... هتد). (٢) باش یا خێرا پۆیشتن یا ئیشکردن:
(We made good time between NewYork and Washington.)
many a time, گه‌لێک جار: چه‌نده‌ها جار.
on one's own time, له کاتی خودا نه‌ک هی کۆمپانیا: له کاتی نه‌و که‌سه خۆیدا که کرێ وه‌رناگرێ نه‌ک له کاتی ئیشکردندا.
on time, (١) له کاتی دیاریکراودا: به‌بێ دواکه‌وتن: به‌بێ دواخستن.
(٢) به قیست *(to buy things on time)* .
out of time, له ناکاتدایه: کاتی خۆی نێیه.
time after time, جار له دوای جار: گه‌لێک جار: په‌یتاپه‌یتا.
time and again, = time after time.
time of life, ته‌مەن
time of one's life, [Colloq.], کاتێکی زۆر خۆش
time and a half, کرێی ئه‌وه‌نده‌و نیو (بۆ ئه‌و کاتانه‌ی که کرێکار ئیش ده‌کات له‌سه‌روو کاتی کارکردنی ئاسایی‌یه‌وه).
time bomb, بۆمبای کات بۆ دانراو بۆ ته‌قینه‌وه: بۆمبایه‌که ده‌نرێته‌وه بۆ ته‌قینه‌وه له کاتێکی تایبه‌تیدا.
time capsule, که‌پسوو‌له‌ی پۆژگار: ده‌فرێکه که‌له‌پووری کلتووری و زانستی و هونه‌ری چه‌رخێکی تێدا هه‌ڵده‌گیرێ‌و داده‌خرێ هه‌تا نه‌وه‌ی داهاتۆ ده‌یکه‌نه‌وه
time-card (tīm′kärd′), *n.* کارتی کات پاگرتن: کارتێکه کاتی ده‌ست به ئیشکردن‌و ده‌ست له ئیش هه‌ڵگرتنی پۆژانه‌ی کرێکاری تێدا تۆمار ده‌کرێ.
time clock, کاتژمێری کات پاگرتن: کاتژمێرێکه کاتی ده‌ست به ئیشکردن‌و ده‌ست له ئیش هه‌ڵگرتنی کرێکار تۆمار ده‌کات له‌سه‌ر کارتێک.
time deposit, پاره‌یه‌که ده‌خرێته بانقه‌وه‌و ده‌رناهێنرێته‌وه تا کاتێکی دیاریکراو
time exposure, (١) فیلمی فۆتوگرافی دانه‌به‌ر تیشکی پوناکی.
(٢) وێنه‌ی به‌م جۆره گیراو.
time-honored (tīm′on′ĕrd), *adj.* پێز لێ گیراو له‌سه‌ر کۆنی: *(~ customs)*
time immemorial, کاتی زۆر کۆن: دێرین
timekeeper (tīm′kēp′ĕr), *n.* (١) کاتژمێر
(٢) (ا) کات پاگری کارگه: که‌سێکه ساتی ئیشکردنی کرێکاری کارگه‌یه‌ک ده‌نووسێ و ده‌ژمێرێ. (ب) کات پاگری یاری
timeless (tīm′lis), *adj.* (١) هه‌تاهه‌تایی: هه‌تاهه‌تا: نه‌مر: بێ پایان.

(٢) به کاته‌وه نه‌به‌ستراوه: هه‌میشه پاسته: هه‌رگیز ناگۆڕێ.
(٣) untimely ،[Obs.] .
-timelessness *(n.)*.
time limit, کاتی دیاریکراو: کاتێکی دیاریکراوه که ده‌بێ ئیشێکی تێدا ته‌واو بکرێ
time loan, قه‌رزێکه که ده‌بێ له کاتێکی دیاریکراودا بدرێته‌وه.
time lock, قفڵێکه که له پێش کاتێکی دیاریکراودا ناکرێته‌وه.
timely (tīm′li), *adj.* (١) له کاتی خۆیدا: له کاتێکی باشدا:
(He gave me some ~ advice.)
(٢) [Obs. or Rare]، زوو: پێش کاتی خۆی
adv. (١) له کاتی خۆیدا. (٢) [Archaic] ، زوو.
-timeliness *(n.)*.
timeous (tīm′əs), *adj.* [Scot.], = timely.
time-out (tīm′out′), *n. Also* time out, (١) پشوو: مۆڵەت: ووچان: ئیش وه‌ستان. (٢) پشوو (یاری): یاری وه‌ستان بۆ ماوه‌یه‌کی کورت له‌سه‌ر داواکردنی یه‌کێک له تیپه‌کان.
timepiece (tīm′pēs′), *n.* کاتژمێر.
timer (tīm′ĕr), *n.* (١) timekeeper .
(٢) کاتژمێر (به‌تایبه‌تی هی پێشبڕکێ که ده‌توانرێ بوه‌ستێنرێ‌و بخرێته‌وه ئیش بۆ کات پاگرتن). (٣) کات پاگری مه‌کینه (که ده‌بێته هۆی پریشکدانه‌وه‌ی پلاکه‌کان له کاتی خۆیدا)
times (tīmz), *prep.* ئه‌وه‌نده جار (لێکدان- بیرکاری):
(Five ~ two is ten.)
timesaving (tīm′sāv′iŋ), *adj.* کات بۆ گه‌ڕێنه‌ره‌وه:
(a ~ method)
-timesaver *(n.)*.
timeserver (tīm′sûr′vĕr), *n.* هه‌ل په‌رست: که‌سێکی هه‌ل په‌رست.
timeserving (tīm′sûr′viŋ), *n.* هه‌ل په‌رستی.
adj. هی هه‌ل په‌رست: هه‌ل په‌رست.
timetable (tīm′tā′b'l), *n.* خشته‌ی کات (به‌تایبه‌تی هی پۆیشتن و گه‌یشتنی شه‌مه‌نده‌فه‌رو پاس‌و فڕۆکه‌و که‌شتی): خشته‌ی کاتی پرووداتی شتێک یا کردنی کارێک.
time-tested (tīm′tes′tid), *adj.* تاقیکراوه: ده‌رچوو: له تاقیکردنه‌وه‌ی پۆژگاردا ده‌رچووه: *(~ methods)* .
timework (tīm′wûrk′), *n.* ئیش‌وکارێکه به‌پێی کات کرێکه‌ی ده‌درێ نه‌ک به قۆنته‌رات یا به‌پێی ئیش. (ووشه‌ی " piecework " ببینه).
-timeworker *(n.)*.
timeworn (tīm′wôrn′), *adj.* سواو: کۆن: په‌رپووت.
time zone, ناوچه‌ی جوگرافی هاوسات: هاوکات:
(There are four ~s in the United States.)
timid (tim′id), *adj.* ترسنۆک: شه‌رمن: بڕوا به خۆ نه‌بوو: بێ زات.
-timidly *(adv.)*; timidness *(n.)*.
timidity (ti-mid′ə-ti), *n.* ترسنۆکی: شه‌رمنی: بێ زاتی: بڕوا به خۆ نه‌بوون.
timing (tīm′iŋ), *n.* (١) کات دانان (بۆ باشترین ئه‌نجام): کاتی پرووداتی کاتی تایبه‌تی هه‌ڵبژاردن بۆ کردنی شتێک:
(The ~ of the visit was very good.)
(٢) کات پاگرتن (به کاتژمێری کات پاگر له پێشبڕکێدا).
timocracy (ti-mok′rə-si), *n.* (١) پژێمێکه که له‌سه‌ر بنچینه‌ی شه‌ره‌ف‌و سه‌ربه‌رزی دانرابێ (ئه‌فلاتون). (٢) پژێمێکه که له‌سه‌ر بنچینه‌ی سامان‌و خاوه‌ن زه‌وی‌وزاری دانرابێ (ئه‌رستۆ).
-timocratic *(adj.)*.
timorous (tim′ĕr-əs), *adj.* ترسنۆک: بێ زات.
-timorously *(adv.)*; timorousness *(n.)*.
timothy (tim′ə-thi), *n.* گیایه‌کی گه‌ڵ باریک‌و درێژه گوڵێکی

دریژکۆله دەگری بەسەری لاسکێکی دریژەوە (بۆ ئالف بەکاردێت).

timpani (tim′pə-ni), *n.pl. Also* tympani, چەند تەبڵێکی دەنگ جیان بەك تەنڕۆن لێیان دەدات

-timpanist *(n.).*

tin (tin), *n.* (١) تەنەکە خانۆ؛ (٢) پەڕەی تەنەکە (٣) تەنەکە (دەفر). [British] (٤) قوتو؛ قوتوی خواردەمەنی (Obs. Slang) (٥) پارە؛ دراو

v.t. (١) بە تەنەکە پووکەش کردن. [British] (٢) کردنە قوتووەوە (خواردەمەنی)

tinamou (tin′ə-moo′), *n.* باڵندەیەکی دەمەریکای ناوەڕاست و باشووری نە نۆخمی پوپە

tincal (tiŋ′kal, tiŋ′käl, tiŋ′kôl), *n.* بۆرەکی خاو کیمیا

tinct (tiŋkt), *adj.* [Poetic]. ڕەنگ کراو

n. [Poetic]. ڕەنگ؛ بۆیە

v.t. [Obs.]. ڕەنگ کردن

tinctorial (tiŋk-tôr′i-əl, tiŋk-tō′ri-əl), *adj.* تایبەتی بە ڕەنگ؛ تایبەتی بە ڕەنگ کردن یا بۆیەکردن.

tincture (tiŋk′chēr), *n.* (١) بۆیە؛ ڕەنگ؛ ڕەنگی کاڵ (٢) (٣) نیشانە؛ تامێکی کەم؛ تایبەخۆ (٤) کانزا یا ڕەنگی قەڵغانی سوارچاك.

v.t. (١) ڕەنگ کردن؛ بەختێك بۆیە لێدان. (٢) نەختێك کارتێکردن (٣) پێدان (تام)، بۆن؛ نەختێك تێکردن.

tinder (tin′dēr), *n.* پوشوو؛ قار

tinderbox (tin′dēr-boks′), *n.* (١) قوتوی پوشوو و بەردنەستێن و چەخماخ ٢ شتێك یا شوێنێکی زووگرگر؛ بارودۆخێکە کە بە ئاسانی دەتەقێتەوە؛ شوێنێکە کە بە ئاسانی شەڕی تێدا هەڵدەگیرسێ؛ کەسێکی ڕووەەڵچوو

tine (tīn), *n.* نووکی تیژ؛ حوقول *(the ~s of a fork)*

tinea (tin′i-ə), *n.* نەخۆشیەکی پێستە

tineid (tin′i-id), *n.* چەند جۆرە مۆریانەیەکی بچووکن.

tin-foil (tin′foil′), *n. Also* tin foil, وەرەقی چا؛ وەرەقی نەلەمنیۆم

ting (tiŋ), *n.* زرنگە؛ زرە

v.t. & v.i. زرنگانەوە؛ زرەهاتن

ting-a-ling (tiŋ′ə-liŋ′), *n.* زڕەی زەنگی بچووك

tinge (tinj), *v.t.* (١) ڕەنگ کردن (بە ئاستەم)؛ (٢) پێوە دیاربوون؛ بۆن لێ هاتن (مەجاز)؛ کارتێکردن *(His admiration was ~d with envy.)*

n. (١) ڕەنگ بەتایبەتی کەم)؛ ڕەنگ کردنێکی کەم. (٢) نیشانە؛ بۆن (مەجاز)؛ جێ نیشان؛ شوێنکار.

tingle (tiŋ′g'l), *v.i.* چووزانەوە؛ تووزانەوە؛ مێرووڵەکردن؛ مورچرکە پیاهاتن *(His cheek ~d from the slap.; She was ~ing all over with joy.)*

v.t. تووزاندنەوە؛ مورچرکە پیاهێنان؛ مێرووڵە پێ کردن

n. مێرووڵەکردن؛ مورچرکە؛ تووزانەوە؛ چووزانەوە؛

-tingler *(n.)*; **tingly** *(adj.).*

tin hat, [Slang]. کڵاوی ئاسن

tinhorn (tin′hôrn′), *adj.* [Slang]. خۆهەڵکێش بەتایبەتی

n. بۆ پووڵێك کە لاف وگەزافی پارەداری لێ بدات).

tinker (tiŋ′kēr), *n.* (١) تەنەکەچی تەنەکەساز؛ مسگەر (٢) هەمەکار؛ هەمەپیشە (٣) کارنەزان؛ ناکارامە (٤) کارنەزانی؛ ناکارامەیی. (٥) بەچکە ماسی silversides (٦)

v.i. (١) مسگەری کردن؛ تەنەکەچێتی کردن (٢) کاری نەزانانە کردن. (٣) خەنەخز کردن؛ خۆ خەریك کردن بە شتی هیچوپووچەوە

tinker's damn (or dam), شتێکی بێ سرح؛ شتێکی هیچوپووچ

tinkle (tiŋ′k'l), *v.i.* زڕە (لێ) هاتن؛ زرنگانەوە؛ جرنگەهاتن.

v.t. (١) زڕە لێوە هێنان؛ زرنگاندنەوە؛ جرنگاندن

(٢) بە زڕە یا زرنگانەوە پێشاندان (کات).

n. (١) زڕەهاتن؛ زرنگانەوە؛ جرنگانەوە. (٢) زرنگە؛ زڕە؛ جرنگە.

-tinkly *(adj.).*

tinman (tin′mən), *n.* = **tinsmith.**

tinned (tind), *adj.* (١) بە تەنەکە پووکەش کراو (٢) [British]، کراوەتە قوتووەوە بۆ پاراستنی (خواردەمەنی).

tinner (tin′ēr), *n.* (١) کرێکاری کانە تەنەکە. (٢) . **tinsmith** (٣) [British]، کەسێکە کە خواردەمەنی دەکاتە قوتووەوە بۆ پاراستنی

tinnitus (ti-nī′təs, tin′i-təs), *n.* گوێ زرنگانەوە (نەخۆشی)

tinny (tin′i), *adj.* (١) تەنەکەیی؛ هی تەنەکە؛ تەنەکەی تێدایە یا ئەی دەردەمێنێ. (٢) سووك و ناسك؛ بەرگەنەگر؛ هەرزانبەها.

(٣) دەنگی تەنەکەی لێوە دێت. (٤) تامی تەنەکە دەدات (خواردنی قوتو).

-tinnily *(adv.)*; **tinniness** *(n.).*

Tin Pan Alley, *Also* tin-pan alley, (١) گەڕەکی ئەوانەی کە مۆسیقای هەڕەمەکی دادەنێن و لێدەدەن و بڵاودەکەنەوە. (٢) کۆمەڵێك لەوانەی پیشەیان دانان و لێدان و بڵاوکردنەوەی ئەم جۆرە مۆسیقایەیە.

tin-plate (tin′plāt′), *v.t.* پووکەش کردن بە تەنەکە.

tin plate, پەڕەی ئاسن و پۆڵای بە تەنەکە پووکەش کراو.

tinsel (tin′s'l), *n.* (١) قوماشی خوری نەخشێنراو بە دەزووی زەڕکەش. (٢) شریت و کاغەزی ڕەنگاوڕەنگ بۆ ڕازاندنەوە بەبۆنەی کریسمەس و ئاهەنگەوە (٣) شتی بریقاوە و بێ نرخ.

adj. (١) بە شریت و کاغەزی ڕەنگاوڕەنگی ڕازێنەرەوە کراو یا ڕازێنراوە (٢) بریقەدار و هەرزانبەها؛ زەق.

v.t. (١) بە شتی بریقەدار و زەق و هەرزانبەها ڕازاندنەوە. (٢) بە پووکەش جوان نواندن.

tinsman (tinz′mən), *n.* = **tinsmith.**

tinsmith (tin′smith′), *n.* تەنەکەچی؛ تەنەکەساز؛ مسگەر.

tinstone (tin′stōn′), *n.* = **cassiterite.**

tint (tint), *n.* (١) ڕەنگ؛ ڕەنگی کاڵ. (٢) پلەیەك لە پلەکانی ڕەنگ (لەڕووی تۆخی‌یەوە). (٣) نیشانە. (٤) پووپەکی کاڵە بۆ لەسەر چاپکردنی وێنە (چاپەمەنی). (٥) بۆیەی قژ؛ بۆیەی سەر.

v.t. ڕەنگ کردن بە ئاستەم؛ بۆیە یا ڕەنگ لێدان بە ئاستەم (قژ، سەر).

tintinnabular (tin′ti-nab′yoo-lēr), *adj. Also* **tintinnabulary, tintinnabulous,** هی زەنگ و زەنگ لێدان؛ زەنگی؛ زرنگەیی.

tintinnabulation (tin′ti-nab′yoo-lā′shən), *n.* زڕە یا دەنگی زەنگ؛ زرنگەی زەنگ.

tinware (tin′wâr′), *n.* قاپ و قاچاغی تەنەکە؛ دەفری تەنەکە.

tinwork (tin′wûrk′), *n.* (١) شتی لە تەنەکە دروستکراو؛ شتی تەنەکە. (٢) *(pl.)*، تەنەکەخانە؛ کارگەی تەنەکە.

tiny (tī′ni), *adj.* بچکۆلە؛ گچکەلە؛ نێچکار بچووك.

-tion (shən), پاشگرێکە بەمانای کردار؛ بوون *(absorption, creation)*

tip (tip), *n.* (١) نووك؛ سەر؛ زمانە *(the ~ of the finger, toe)* (٢) پۆپە؛ لوتکە؛ تەپڵسەر؛ تەوقەسەر.

v.t. (١) نووك بۆ کردن؛ دادان؛ داتاشین. (٢) قنچك کردن. (٣) ڕازاندنەوە یا بۆیەدان لە نووك یا سەری شتێك. (٤) (**in** ~)، پەڕەیەکی زیادە خستنە کتێبەوە و بە کەتیرە پێوەلکاندنی.

tip (tip), *v.t.* بە ئەسپایی لێدان؛ پەلەپێتکە لێدان؛ دەست پیاکێشان بە ئەسپایی.

n. لێدان بە ئەسپایی؛ پەلەپێتکە.

tip (tip), *v.t.* (١) هەڵگەڕاندنەوە؛ سەرەوخوارکردن. (٢) لارکردنەوە؛ خوارکردنەوە (٣) قەراغی شەپقە نەختێك بەرزکردنەوە لە سڵاوکردندا؛ *(to ~ one's hat)*

v.i. (١) لاربوونەوە؛ خواربوونەوە

(٢) (~ over). هەڵگەڕانەوە؛ سەرەوخوارببوونەوە؛ وەرگەڕان.

n. لاری؛ خواری؛ لاربوونەوە؛ خوارببوونەوە.

tip (tip), *n.* (١) بەخشیش؛ شاگردانە. (٢) (ا) سووسە؛ ئاگاداری نهێنی. (ب) ئاموژگاری؛ پێشنیاری بەکەڵک؛ سەرنجی بەسوود.

v.t. (١) بەخشیش پێدان؛ شاگردانە پێدان.

(٢) (~ off): سووسە پێ گەیاندن؛ ئاگادارکردن؛ دەنگوباسی نهێنی پێدان.

v.i. بەخشیش دان؛ شاگردانە دان. *(He ~s lavishly.)* .

-tipper *(n.).*

tip cart, عەرەبانەیەکی دەستێیە کە خوار دەکرێتەوە بۆ هەڵڕشتنی ئەو شتەی تێدایەتی.

tipi (tēp′i), *n.* = tepee.

tip-off (tip′ôf´), *n.* (١) سووسە پێ گەیاندن (بەتایبەتی لە گەرەو بردنەوە لە غارغارێنی ئەسپ و یاریدا)؛ سووسەکردن؛ ئاگادارکردن. (٢) (ا) سووسە؛ ئاگاداری نهێنی. (ب) سەرنجی بەکەڵک؛ ئاموژگاری؛ بیروڕای بەکەڵک.

tippet (tip′it), *n.* (١) فەقیانە؛ چمکی شۆڕی قۆڵی کراس و تەپڵەو پاڵتۆ. هتد. (٢) (ا) ملپێچ؛ ملپێچی شۆڕبووەوە. (ب) ملپێچی ڕەشی قەشەی کڵێسەی ئینگلیزی.

tipple (tip′l), *v.i. & v.t.* عەرەق زۆر خواردنەوە؛ خوورگرتن بە عەرەق خواردنەوەوە

n. عەرەق؛ مەی؛ خواردنەوەی ئەلکحول.

-tippler *(n.).*

tipple (tip′l), *n.* (١) ئامێری هەڵگەڕاندنەوەی لۆری بۆ بار ڕۆکردن. (٢) شوێنی ئەم هەڵگەڕانەوەو باردانگرتنە.

tipstaff (tip′staf´, tip′stäf´), *n.* (١) دارددەستی سەر ئاسن. (٢) پۆلیسی دادگا.

tipster (tip′stēr), *n.* سووسەپێدەر؛ خەبەردەر؛ هەواڵی نهێنی پێدەر (پارەبازی و گرەوکردن)

tipsy (tip′si), *adj.* (١) شڵۆق؛ لەرزۆک (٢) خوار؛ لار. (٣) سەرخۆش؛ مەست؛ لەتر دەدات.

-tipsily *(adv.)*; tipsiness *(n.).*

tiptoe (tip′tō´), *n.* نووکی پەنجەی پێ؛ نووکی پێ؛ سەری پەنجەی قاچ

adj. (١) لەسەر نووکی پێ وەستاو (٢) بەپەرۆش. (٣) بێ خشپە؛ بەدزییەوە؛ بەبێ دەنگ؛ وورد.

adv. لەسەر نووکی پێ

v.i. لەسەر نووکی پێ ڕۆیشتن؛ بەبێ دەنگ یا بێ خشپە ڕۆیشتن.

on tiptoe, (١) لەسەر نووکی پێ (٢) بەپەرۆشەوە؛ بەپەرۆش. (٣) بەبێ خشپە؛ بەبێ دەنگ؛ بە پەنهانی.

tiptop (tip′top´), *n.* (١) پۆپە؛ لووتکە؛ تەپڵەسەر. (٢) باشترین؛ نایاب؛ زۆر باش.

adj. & adv. (١) لە پۆپە یا تەپڵەسەردا؛ لە بەرزترین شوێندا (٢) نایاب؛ زۆر باش: *(a ~ concert; He is in ~ shape.)* .

tirade (tī′rād, ti-rād′), *n.* ووتارێکی دوورودرێژ توندوتیژی هێرش بردنە سەر.

tire (tīr), *v.i.* (١) ماندووبوون؛ هیلاک بوون؛ پرووکان (٢) بێزاربوون؛ لەبەرچاوکەوتن؛ وەرس بوون؛ تاقەت چوون.

v.t. (١) ماندووکردن؛ هیلاک کردن؛ پرووکاندن. (٢) بێزارکردن؛ وەرس کردن؛ بێ تاقەت کردن.

tire of, لێ بێزاربوون؛ لێ وەرس بوون؛ لەبەرچاوکەوتن؛ لێ بێ تاقەت بوون *(He tired of reading.)* .

tire out, پرووکاندن؛ زۆر ماندووکردن

tire (tīr), *n.* تایە

tire (tir), *v.t.* [Archaic]. جل لەبەرکردن

n. [Archaic]. (١) جل وبەرگ (٢) سەرپێچی ژن.

tired (tīrd), *adj.* (١) (ا) ماندوو؛ هیلاک. (ب) بێزار؛ وەرس؛ بێ تاقەت.

(٢) سووار؛ پەڕپووت؛ کۆڵ و باو ئەماو.

tireless (tīr′lis), *adj.* ماندوو نابێ؛ کۆڵنەدەر؛ بەکێش.

-tirelessly *(adv.)*; tirelessness *(n.).*

tiresome (tīr′səm), *adj.* ووشکەو ناخۆش؛ بێزارکەر؛ ماندووکەر: *(a ~ person, job, speech, etc.)*

tirewoman (tīr′woom´ən), *n.* [Archaic]. کەنیزەک؛ کارەکەر.

tiring room, ژووری خۆگۆڕین (بەتایبەتی لە شانۆدا)؛ ژووری جل لەبەرکردن.

tiro (tī′rō), *n.* = tyro.

tisane (ti-zan′), *n.* خواردنەوەی گیای دەرمان و بۆن خۆش.

tissue (tish′ōō, tish′oo), *n.* (١) کرێشە؛ برنجۆک؛ قوماشی زۆر تەنک. (٢) ڕستە؛ ڕیز؛ تەون: *(His excuse was a ~ of lies.)* .

(٣) tissue paper.

(٤) پێشاڵ؛ شانە (لەش)؛ تێشوو.

tissue paper, دەسەسڕی کاغەز؛ کاغەزی خۆ پاککردنەوەی ئاودەست.

tit (tit), *n.* باڵندەیەکی بچووکە وەک چۆلەکە. (هەروەها " titmouse ") .

tit (tit), *n.* (١) گۆی مەمک. (٢) مەمک؛ مەمە (لەڕووی سووکایەتیەوە).

tit (tit), *n.* (١) گەندە نەسپ؛ نەسپی بچووکی پەککەوتوو.

(٢) [Slang]، کچ (لەڕووی سووکایەتیەوە)؛ ئافرەت.

tit (tit), *n.* لێدان؛ پیاکێشان.

tit., = title.

Titan (tī′t'n), *n.* (١) (ا) یەکێکە لە خواکانی کۆنی یۆنان. (ب) نەوەی ئەم خوایانە. (٢) خوای ڕۆژ. (٣) کەسێک یا شتێکی زۆر زل و بەهێز.

adj. زۆر زل و بەهێز.

titanate (tī′tə-nāt´), *n.* خوێی ترشی تیتانیک (کیمیا).

Titanic (tī-tan′ik), *adj.* (١) تایتانی؛ وەک خواکانی کۆنی یۆنان (ئەفسانەی یۆنانی). (٢) [t-]، زۆر زل و بەهێز.

titanic (tī-tan′ik, ti-tan′ik), *adj.* تیتانیۆمی (کیمیا).

titanic acid, ترشی تیتانیک (کیمیا).

titaniferous (tī´tə-nif′ĕr-əs), *adj.* تیتانیۆمی: تیتانیۆمی تێدایە (کیمیا).

Titanism (tī′t'n-iz'm), *n. Also* titanism, هەستی یاخی بوون و هەڵگەڕانەوە لە نەریتی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری کۆن.

titanite (tī′tə-nīt´), *n.* = sphene.

titanium (tī-tā′ni-əm, ti-tā′ni-əm), *n.* تیتانیۆم: توخمێکی کانزایی‌یە (کیمیا).

titanous (tī-tan′əs, ti-tan′əs), *adj.* تیتانیۆمی: تیتانیۆمی تێدایە (کیمیا).

titbit (tit′bit´), *n.* = tidbit.

titer (tī′tĕr, ti′tĕr), *n. Also* titre, پێوانەی قەبارەیی (کیمیا) (ووشەی " titration " ببینە).

tit for tat, یەک بە یەک (تۆڵەسەندن).

tithable (tīth′ə-b'l), *adj.* باجی دەبەکی لەسەرە (ووشەی داهاتوو ببینە).

tithe (tīth), *n.* (١) دەیەک: باجی بەروبوومی زەوی یا داهات کە دەدرێ بە کڵێسە. (٢) دەیەک؛ بەشێکی زۆر کەم. (٣) باج.

v.t. (١) دەیەکی داهات یا بەروبوومی زەوی دان (بەتایبەتی بە کڵێسە) (٢) باجی دەیەک خستنە سەر یا سەندن.

tithing (tīth′iŋ), *n.* (١) باجی دەیەک دان؛ باجی دەیەک سەندن. (٢) tithe.

(٣) کەرتێکی شارەوانی کۆنی ئینگلتەرەیە کە لە دە ماڵ پێکدەهات.

titi (tē′ti), *n.* تیتی: دەوەنێکی هەمیشە سەوزی خواروو‌ی ئەمەریکایە گوڵی بۆن خۆشی سپی و پەمەیی دەگرێ.

titi (ti-tē′), *n.* تیتی جۆرە مەیمونێکی بچووکی ئەمەریکای باشوورە.
titian (tish′ən, tish′i-ən), *n. & adj.* پرتەقاڵیی قاوەیی
titillate (tit′l-āt′), *v.t.* (١) ختووکەدان.
(٢) هێنانەجۆش؛ وروژاندن؛ هەست جوواندن.
-titillatingly *(adv.)*; **titillation** *(n.)*; **titillative** *(adj.)*.
titivate, tittivate (tit′ə-vāt′), *v.t. & v.i.* [Colloq.], قۆزکردن؛ خۆ شۆخ کردن؛ ساف‌ولوس کردن؛ تیفەتیف دان.
-titivation; tittivation *(n.)*.
titlark (tit′lärk′), *n.* = pipit.
title (tī′t'l), *n.* (١) ناو (کتێب، هەڵبەست، ووتار، فیلم... هتد)
(٢) سەرووتار؛ سەرباس؛ سەردێر (٣) **title page**.
(٤) ناونیشان.
(٥) سەرناو؛ نازناو: *(an honorary ~ ; the ~ of "Lord")*.
(٦) ماف.
(٧) تاپۆ: *(to have the ~ to a house)*
(٨) ناوی یاسایەک.
(٩) یانەوانێتی (یاری بردنەوە)؛ بردنەوەی دوا پێشبڕکێ: *(Their team won the ~.)*
v.t. (١) ناونێنان؛ ناونیشان لێنان؛ نازناو پێدان.
(٢) سەرباس یا سەردێر خستنەسەر
titled (tīt'ld), *adj.* سەرناودار (بەتایبەتی هی بەگزادەیی)؛ نازناودار.
title deed, تاپۆ
title page, پەڕەی ناونیشان (کە ناوی دانەرو کتێبەکەو بڵاوکەرەوەکەی تێدایە)
title role (or part), ئەو بوێسەرەی شانۆگەری یا فیلمێکە کە شانۆگەرییەکە یا فیلمەکەی بەناوەوە ناودەنرێ.
titman (tit′mən), *n.* (١) بچووکترین بەچکە بەرازی بە یەک سک زاو.
(٢) کەسێکی گول یا کورتەبنە.
titmouse (tit′mous′), *n.* باڵندەیەکی بچووکی جۆری پۆپنە تیژە نەرمەدەی چۆلەکەیەکە.
titrate (tī′trāt, tit′rāt), *v.t.* شیکردنەوەی قەبارەیی (کیمیا).
titration (tī-trā′shən, ti-trā′shən), *n.* شیکردنەوەی قەبارەیی: دۆزینەوەی ڕادەی بوونی توخمێک لە ناوێتەیەکدا (کیمیا).
titre (tī′tēr, ti′tēr), *n.* = titer.
tit-tat-toe (ti′ta-tō′), *n.* = tick-tack-toe.
titter (tit′ēr), *v.i.* حیلکەحیلک هاتن؛ تریقانەوە.
n. حیلکەحیلک؛ تریقەتریق.
tittivate (tit′ə-vāt′), *v.t. & v.i.* = titivate.
tittle (tit′l), *n.* (١) خاڵوبۆر (٢) نەختێک؛ تۆزێک؛ تۆسقاڵ؛ نەختاڵ.
tittle-tattle (tit′l-tat′l), *n.* چەنەبازی؛ چەنەدان؛ چەڵتەچەڵت
tittup (tit′əp), *n.* خۆبادان؛ بە تڕوفیزەوە ڕێشتن؛ هەڵتووژان.
v.i. یاری کردنو هەڵتووژان؛ خۆ نووادن؛ فیز لێدان.
titty (tit′i), *n.* مەمک؛ مەمە (قسەی منداڵ یا لەڕووی سووکایەتەوە).
titubation (tich′oo-bā′shən), *n.* لەتردان؛ نەخۆشی هەستەدەماں.
titular (tich′oo-lēr, tit′yoo-lēr), *adj.* (١) تایبەتی بە ناو یا ناونیشان (٢) نازناودار؛ ناودار؛ ناونیشاندار
(٣) هەر بەناو؛ تەنها لەڕووی ڕێزو ناوەوەیە نەک بە ڕاستی: *(a ~ King; a ~ head of the party)*
(٤) لە ناوی نەوەوە وەرگیراوە: *(the ~ character of a novel)*.
(٥) تایبەتی بە کڵێسەیەکی کۆنی نزیک ڕۆما کە سەرۆک قەشە نازناوەکەی لێوە وەردەگرێ
n. کەسێکە کە هەر بە ناو پلەوپایەیەک یا نازناوێکی هەبێ؛ کەسێکی نازناودار.
-titulary *(adj.)*.
tizzy (tiz′i), *n.* [Slang], شپرزەیی (بەهۆی شتێکی هیچوپووچەوە)؛ سەر لێ شێواو؛ وروژان.

tmesis (tmē′sis, mē′sis), *n.* جیاکردنەوەی ووشەیەکی لێکدراو بە تێخستنی ووشەیەکی تر: (" what person soever " بۆ " whatsoever person ").
TNT, T.N.T., = trinitrotoluene.
to (tōō ; *unstressed* too, tə), *prep.* (١) (أ) بۆ: *(He went ~ school, London, etc.)*
(ب) بەرەو.
(٢) هەتا؛ تا: *(rotten ~ the core)*.
(٣) (أ) بەرەو (بارودۆخێك)؛ بۆ: *(He grew ~ manhood. her rise ~ fame)*
(ب) هەتا: *(starved ~ death)*.
(٤) لە: *(Apply the lotion ~ the skin.; a house ~ the right)*
(٥) هەتا (کات)؛ تا: *(I will be home from two ~ four.)*.
(٦) بۆ (مەبەست): *(She worked ~ that end.)*.
(٧) هی؛ ~ ی: *(the key ~ the house)*.
(٨) بەرامبەر بە؛ بە: *(The score was seven ~ one.)*.
(٩) پێ (پێ ووتن، پێدان... هتد)؛ بە: *(Tell it ~ me.)*.
(١٠) گونجان؛ ڕێکەوتن؛ بەپێی: *(not ~ my taste)*.
(١١) بۆ (بادەنۆشی بۆ کەسێك یا شتێك): *(a toast ~ your success)*
(١٢) لەگەڵ؛ بە: *(parallel ~ the road)*.
(١٣) لەبەردەم؛ بە: *(face ~ face)*.
(١٤) لە نەوەندە پێکدێنێت: *(four quarts ~ a gallon)*.
(١٥) بۆ (کات)؛ لەپێش: *(ten minutes ~ eight)*.
(١٦) [Colloq.]، بە: *(a field planted ~ corn)*.
(١٧) لەگەڵ کرداردا چاووگ پێکدێنێت (ڕێزمان): *(T~ live is sweet. It is easy ~ do. T~ err is human.)*
adv. (١) هۆش هاتنەوەبەر خۆ: *(He came ~.)*.
(٢) یەکسەر دەستپێکردن: *(We sat down ~ lunch and fell ~.)*
(٣) بەرەو یا (کەشتیوانی).
to and fro, هاتوچۆ؛ هاتنو چوون؛ ئەم سەرو ئەوسەر.
toad (tōd), *n.* (١) گیانەوەرێکە لە توخمی بۆق پێستی ووشکو زبرە لە ووشکانیدا دەژی جگە لە کاتی زاوزێدا؛ جۆرە بۆقێکی گەورەیە.
(٢) کەسێکی پیسی بۆگەن؛ کەسێکی بێ نرخی هیچوپووچ.
toadeater (tōd′ēt′ēr), *n.* = toady.
toadfish (tōd′fish′), *n.* بۆقەماسی: ماسییەکی بێ پوولەکەی سەرپانە.
toadflax (tōd′flaks′), *n.* گیایەکی کێوی‌یە گوڵی زەردی پنکەپنکەیی دەگرێ.
toadstone (tōd′stōn′), *n.* بۆقەبەرد: بەردێکە پێشینان وایان داناوە کە لەناو سەر یا لەشی بۆقدا دروست بووەو بۆ چاوەزار بەکارهێناوە.
toadstool (tōd′stōōl′), *n.* قارچکی ژەهراوی.
toady (tōd′i), *n.* کاسەلێس؛ مەراییکەر؛ کلکەلەقێکەر.
v.t. & v.i. کلکەلەقێ کردن؛ مەراپی کردن.
toadyism (tōd′i-iz′m), *n.* کلکەلەقێ؛ مەرایی؛ کاسەلیسی.
to-and-fro (tōō′ən-frō′, tōō′ənd-frō′), *adj.* هاتوچۆ؛ ئەم سەرو ئەوسەر
toast (tōst), *v.t.* (١) برژاندن (نان).
(٢) گەرم کردنەوە: *(T~ yourself by the campfire.)*.
v.i. (١) برژان (٢) باش گەرم بوونەوە.
n. پارچە نانی برژاو: *(to have a piece of ~)*.
toast (tōst), *n.* (١) ئەو کەسە یا شتەی بادەنۆشی بۆ دەکرێ.
(٢) بادەنۆشی (٣) بادەی بادەنۆشی (لە ڕێزی کەسێك یا شتێکدا).
v.t. پێشنیازی بادەنۆشی کردن.
v.i. بادەنۆشین.
toaster (tōs′tēr), *n.* نانبرژێنی کارەبایی.

toaster (tōs′tĕr), *n.* پێشخانەکەری بادەنۆشی؛ بادەنۆش.
toastmaster (tōst′mas′tĕr, tōst′mäs′tĕr), *n.* ئامەنگ گێڕ
tobacco (tə-bak′ō), *n.* (۱) تووتن. (۲) جگەرە؛ سیگار؛ بڕنووتی. (۳) جگەرەکێشان؛ تووتن کێشان.
tobacco heart, نەخۆشیەکی دڵە لە زۆر جگەرەکێشانەوە تووش دەبێ.
tobacconist (tə-bak′ə-nist), *n.* تووتنچی. جگەرەفرۆش.
to-be (tə-bē′, too-bi′), *adj.* هی داهاتوو؛ داهاتوو. *(a bride - ~)*
toboggan (tə-bog′ən), *n.* گالیسکە. خلیسکە؛ گالیسکە بەفرینە؛ گالیسکەیەکی خلیسکە؛ گالیسکەیەکی باریکە بۆ سواربوون لە خلیسگەیەکدا، واتە لە جۆگەیەکی لێژی سەهۆڵ و بەستووەدا.
v.i. (۱) خلیسکان یا ڕۆیشتن بەم جۆرە گالیسکەیە. (۲) لەپر شکان؛ لەپڕ بەناخداچوون.
(Prices ~ed. ; His good fortune ~ed.)
-tobogganer; tobogganist *(n.).*
toby (tō′bi), *n. Also* Toby, (۱) کوپێنکی گەورەی بیرە خواردنەوەیە لە شێوەی پیاوێکی قەڵەوی تەپڵەی سێگۆشە لەسەردایە. (۲) [Slang]. سیگارێکی باریک و درێژی هەرزانبەهایە.
toccata (tə-kä′tə), *n.* ئاوازێکی مۆسیقایە بۆ لێدان بە پیانۆ یا ئۆرگان
tocology, tokology (tō-kol′ə-ji), *n.* پزیشکایەتی منداڵبوون؛ مامانی
tocsin (tok′sin), *n.* (۱) زەنگی ووریاکردنەوە. (۲) زرنگ یا زرەی نەم زەنگە. (۳) ووریاکردنەوە؛ هاوار؛ نوقڵانە؛ نیشانەی ڕوودانی دواڕۆژ.
tod (tod), *n.* (۱) پێنوانەیەکی کۆنی نێنگلیزی خوریێیە بریتیێیە لە بیست و هەشت پاوەند. (۲) بنچکە لاوڵاوی پڕ ڕێوی
tod (tod), *n.* [Scot.].
today (tə-dā′, too-dā′), *adv.* (۱) ئەمڕۆ؛ ئیمڕۆ؛ ئیمڕۆکە. (۲) ئێستا؛ ئەم ڕۆژانە؛ لەم چەرخەدا
n. (۱) ئەمڕۆ؛ ئیمڕۆ؛ ئیمڕۆکە. (۲) ئێستا؛ ئەم ڕۆژانە؛ لەم چەرخەدا.
toddle (tod′l), *v.i.* بە پێ ڕۆیشتن وەک منداڵی ساوا؛ وەک پێڕەوکە ڕۆیشتن.
n. وەک منداڵی تازە پێگرتوو ڕۆیشتن
toddler (tod′lĕr), *n.* (۱) پێڕەوکە. (۲) حلی منداڵی یەک ساڵە هەتا سێ ساڵە.
toddy (tod′i), *n.* (۱) ئاوەگی هەندێ دارخورمایە دەخوڕێتەوە. (۲) خواردنەوەیەکی مەستکەرە بە تەرشاندنی نەم ئاوەگە دەکرێت. (۳) تۆدی. خواردنەوەیەکی نەختێک تووڕنە لە براندی و شەکرو ئاوی گەرمو بەهارات دەکرێت
to-do (tə-dōō′, too-dōō′), *n.* [Colloq.]. هاتن و چوون بە شپرزەیی؛ هەڵاهەڵ؛ هەراهەرا. *(They made a great ~ over the dinner.)*
tody (tō′di), *n.* باڵندەیەکی بچووکی چۆلەکە ئاسایی بە پەڕەکەی سەوزەو گەردنی سوور.
toe (tō), *n.* (۱) پەنجەی پێ؛ ئەمووستی پێ؛ قامکی پێ. (۲) سم؛ سمی وڵاخ. (۳) نووکی پێ. (٤) نووکی پێڵاو و گۆزەی. (٥) (ب) هەرشتێک لە شێوەو کاردا لە پەنجەی پێ بچێ
v.t. (۱) شوێنی پەنجە بۆ کردن (گۆزەی). (۲) نووکی پێ لێدان؛ بە نووکی پێ یا پێڵاو لێدان. (۳) (ا) بزمار لێدان بە خواری. (ب) قایم کردن بە بزماری خوار داکوتراو.
v.i. نووکی پێ ڕووەو دەرەوە یا ناوەوە دانان لە وەستان و ڕۆیشتندا:
(He ~s in . She ~s out.)
on one's toes, [Colloq.]. ووریا؛ ووریاو ئامادە
toe the line (or mark), (۱) نووکی پێ دانان لەسەر هێڵی دەستپێکردنی پێشبڕکێ (۲) بە تۆندی پەیڕەوی کردن؛ بە ووردی فەرمان بەجێهێنان

toecap (tō′kap′), *n.* نووکی پێڵاو.
toed (tōd), *adj.* (۱) (ا) ئەوەندە پەنجەی پێی هەیە: *(five- ~)* . (ب) پەنجە یا نووکی پێی شێوەیەکی تایبەتی هەیە: *(pigeon- ~)*
(۲) (ا) بە خواری داکوتراو (بزمار). (ب) بە بزماری خوار داکوتراو قایم کراوە
toe-dance (tō′dans′, tō′däns′), *v.i.* لەسەر نووکی پێ سەماکردن (سەمای باڵێ).
toe dance. سەمای سەر نووکی پێ
toe hold, (۱) شوێنی لێ گیربوونی نووکی پێ (لە پیاهەڵگەڕانی شوێنێکدا). (۲) هۆی سەرکەوتن یا پێشکەوتن. (۳) شوێنی پێ کردنەوە. (٤) پێ بادان (ڕۆرانبازی)؛ پێ گرتن.
toe-in (tō′in′), *n.* ڕووی سەری پێچکەی پێشەوەی ئوتومبیل بۆ ناوەوە کردن.
toeless (tō′lis), *adj.* (۱) بێ پەنجەی پێ (۲) نووک کراوە (پێڵاو) *(a ~ shoe)* .
toenail (tō′nāl′), *n.* (۱) نینۆکی پەنجەی پێ. (۲) بزماری بە لاری داکوتراو.
v.t. بە بزماری لار داکوتراو قایم کردن یا لێکدان.
toffee, toffy (tôf′i, tof′i), *n.* چوکلێتی ڕەقی جێر
toft (tôft), *n.* [British Dial.], (۱) شوێن خانوو. (۲) خانووبەرە؛ ماڵ؛ ماڵ و زەوی و زاری دەوروپشتی (۳) تەپۆلکە؛ گردۆڵکە
tog (tog, tôg), *n.* (۱) [Old Slang] ، جاکەت. (۲) (*pl.*) [Colloq.]، جل؛ بەرگ: *(tennis ~s)* .
v.t. & v.i. [Colloq.], (~ up; ~ out), جل لەبەرکردن.
toga (tō′ga), *n.* (۱) تۆگە؛ جبە یا عەبایەکی دەڵبی ئاودامانە لە کۆندا لە ڕۆما لەبەریان دەکرد. (۲) جبەی ڕەسمی یا پیشەیەک.
-togaed *(adj.).*
together (tə-ge*th*′ĕr, too-ge*th*′ĕr), *adv.* (۱) پێکەوە؛ بەیەکەوە؛ بە تێکڕایی (۲) لەگەڵ یەکتردا: *(The books were compared ~ .)*
(۳) لە هەمان کاتدا؛ پێکەوە: *(They arrived ~ .)* .
(٤) بەردەوام؛ بەبێ وەستان: *(He worked for eight hours ~ .)*
(٥) ڕێکەوتن؛ پێکهاتن: *(Get ~ on this.)*
toggery (tog′ĕr-i, tôg′ĕr-i), *n.* [Colloq.]. (۱) جل؛ جل و بەرگ. (۲) دوکانی جل و بەرگ؛ فرۆشگای جل.
toggle (tog′l), *n.* بزمارێکە دەخرێتە ناو گرێیەک یا قوڵفەیەکەوە بۆ چەسپاندنی.
toil (toil), *v.i.* (۱) ڕەنج دان؛ ڕەنج کێشان؛ کۆشش کردن؛ ئارەق ڕشتن. (۲) بە گران ڕۆیشتن؛ بە زەحمەت کردن:
(They ~ed up the mountain.)
v.t. بە گران جێبەجێکردن.
n. (۱) ناکۆکی؛ دووبەرەکی؛ شەڕ. (۲) ڕەنج؛ کۆشش؛ ئارەق ڕشتن. (۳) ئیشی گران و ناخۆش
toil (toil), *n.* (۱) تۆڕ (ڕاوکردن) (۲) (*pl.*) ، داو؛ تەڵە.
toile (twäl), *n.* جۆرە قوماشێکی تەنکە
toiler (toi′lĕr), *n.* ڕەنجدەر؛ ڕەنجبەر؛ زەحمەتکێش.
toilet (toi′lit), *n.* (۱) مێزی ئارایشت. (۲) ئارایشت؛ ئارایشتکردن؛ خۆگۆڕین. (۳) جل و بەرگ؛ جل. (٤) ئاودەست؛ ئاودەستخانە؛ تواڵێت.
adj. هی ئاودەست؛ هی تواڵێت: *(~ articles; ~ paper)* .
make one's toilet, تواڵێت کردن؛ خۆشتن و ئارایشتکردن و سەردامێنان.
toilet paper, کاغەزی خۆ پاک کردنەوەی ئاودەست.
toiletry (toi′lit-ri), *n.* پێویستی تواڵێت (صابوون و پۆدرەو بۆن).
toilette (toi-let′, twä-let′), *n.* (۱) ئارایشت؛ خۆشتن و ئارایشتی گردن و خۆگۆڕین (۲) جل و بەرگ؛ بەرگ؛ جل.

toilet training, منداڵ فێری ئاوەدەست بەکارهێنان کردن.
toilet water, کۆلۆنیا: بۆن
toilful (toil′fəl), *adj.* گران: قورس: ماندووکەر: بە ئەرک.
toilsome (toil′səm), *adj.* گران: قورس: ماندووکەر: بە ئەرک.
-toilsomely *(adv.)*; **toilsomeness** *(n.)*.
toilworn (toil′wôrn′), *adj.* زۆر ماندوو: تێن تیا نەماو: هیلاك
Tokay (tō-kā′), *n.* (١) جۆرە ترێیەکی شیرینی دەنك زلە دەکرێت بە مەی (لە ناوچەی " تۆکەی " لە هەنگاریا دەپوێت). (٢) شەرابێکی شیرینە لەم ترێیە دەگیرێتەوە
token (tō′kən), *n.* (١) نیشانە: هێما
(This gift is a ~ of my affection.)
(٢) ناسنامە: نیشانەی ناسینەوە
(٣) نیشانەی تایبەتی (٤) یادگار
(٥) تۆکن: پوول یا سکەیەکی ئاسنە لەباتی پارە بەکاردەهێنرێ بۆ کرێی پاس و تەلەفۆن کردن... هتد.
v.t. نیشانەی شتێك بوون
adj. (١) نیشانەیی: هێمایی *(a ~ gesture)* .
(٢) هەر بەناو: کەم: هەر بۆ ناو *(There was a ~ resistance.)* .
by the same token, هەروەها: کەوابوو: بە هەمان شێوە
in token of, نیشانە بە ئەوە: بەڵگە بۆ
tokenism (tō′kən-iz′m), *n.* هەر بەناو و بە درۆ پەیڕەوی کردنی ڕێبازێك
token payment, دانەوەی بەشێکی کەمی قەرزێك وەك نیشانە بە نیازی دانەوەی هەموو قەرزەکە لە داهاتوودا
tokology (tō-kol′ə-ji), *n.* = tocology.
tolbooth (tōl′bōōth′, tol-bōōth′), *n.* [Scot.]. زیندان: بەندیخانە
told (tōld), *past tense and past participle of* **tell.**
all told, بە هەموی *(There were forty guests all told.)* .
tolerable (tol′ər-ə-b'l), *adj.* (١) جاوپۆشی لێ دەکرێ: لێی دەبووری: بەرگەی دەگیرێ: لەگەڵی هەڵ دەکرێ
(٢) باش: خراپ نییە [Colloq.] (٣) تەندروستی باشە.
-tolerability; tolerableness *(n.)*; **tolerably** *(adv.)*.
tolerance (tol′ər-əns), *n.* (١) لێبوردن: چاوپۆشی: چاوپۆشین: سنگ فراوانی (٢) بەرگەگرتن: دەربردن: هەڵ کردن:
(My ~ of noise is limited.)
(٣) بەرهەڵستی دەرمان کردن (لەش: میکروب): دەرمان کار تێ نەکردن:
(He developed a ~ to antibiotics.)
(ب) بەرهەڵستی لەش بۆ ژەهر.
(٤) جیاوازی ڕێگەدراو لە گەورەو بچووکی و قورسایی و ڕەقی... هتد: پارچەی ~ مێزێك (مەکینەکاری).
tolerant (tol′ər-ənt), *adj.* (١) سنگ فراوان: چاوپۆشیکەر: لێ بووردە.
(٢) (ب) بەرهەڵستیکەری دەرمان: دەرمان کارتێنەکەر.
(ب) بەرهەڵستیکەری ژەهر.
tolerate (tol′ə-rāt′), *v.t.* (١) چاوپۆشی کردن: چاو لێ پۆشین: لێ بووردن ڕێگەدان.
(He ~s his brother-in-law.) . (٢) دەربردن: لەگەڵ هەڵ کردن:
(٣) دەرمان کار تێ نەکردن: بەرهەڵستی دەرمان کردن.
toleration (tol′ə-rā′shən), *n.* (١) سنگ فراوانی: لێبوردن: چاوپۆشی (٢) چاوپۆشی ئایینی: ڕێگەدان بە هەموو ئایینێك لە وڵاتێکدا
toll (tōl), *n.* (١) ڕێگانە: باج یا مزی بە پردا پەڕینەوە یا بە ڕێگاوباندا ڕۆیشتن (٢) مافی ڕێگانە سەندن: مافی سەندنی نەم باجە.
(٣) کرێی تەلەفۆن کردن بۆ دەرەوەی شار یا وڵات.
(٤) زیان: قوربانی *(The accident took a heavy ~ of lives.)* .
toll (tōl), *v.t.* (١) [Dial. or Rare] : بە تەڵە گرتن: داو بۆ نانەوە (مەل).

(٢) پەیتا پەیتا زەنگ لێدان (بەتایبەتی هی کڵێسە بە بۆنەی مردنی یەکێکەوە).
(٣) هەوال بڵاوکردنەوە یا خەڵك بانگ کردن بەم زەنگە.
(٤) بڵاوکردنەوەی هەواڵی مردنی یەکێك بەم زەنگە
زەنگە هاتن: دەنگدانەوە (زەنگ): لێدان. *v.i.*
(١) زەنگی کڵێسە لێدان: زەنگەی پەیتا پەیتای زەنگی کڵێسە. *n.*
(٢) یەك زەنگەی ئەم زەنگە
tollage (tōl′ij), *n.* (١) ڕێگانە: مز یا باجی لە پرد پەڕینەوە یا بە ڕێگاوباندا ڕۆیشتن. (٢) داواکردن و دانی ئەم مزە.
toll booth, (١) قەفەزەی ڕێگانە یا مز وەرگرتن بۆ لە پرد پەڕینەوە. (٢) **tolbooth** .
toll bridge, باجە پرد: پردێکە ئەو ئوتومبیلەی لێی دەپەڕێتەوە باجی لێ دەسەنرێ.
toll call, تەلەفۆنی دەرەوە: تەلەفۆن کردنێکە بۆ دەرەوەی شارو وڵات بە پارە.
toll collector, باجگری سەر پردو ڕێگەوبانێك کە باج لە ئوتومبیل دەسەنێ.
toller (tōl′ər), *n.* (١) سەگی ڕاوە مراوی
(٢) زەنگ لێدەری کڵێسە بە بۆنەی مردنی یەکێکەوە. (٣) زەنگی کڵێسە
tollhouse (tōl′hous′), *n.* (١) مانی باجگری سەر پرد کە لە نزیك شوێنی باج گرتنەکەوەیە. (٢) **tollbooth** .
tollkeeper (tōl′kēp′ər), *n.* = **toll collector.**
toll line, هێڵی تەلەفۆنی دەرەوەی شارو وڵات
toll road, باجە ڕێ: ڕێگەوبانێکە ئەو ئوتومبیلەی پێبدا بڕوات باجی لێ دەسەنرێ
tolu (tō-lōō′), *n.* تۆلو: ڕۆنێکی بۆن خۆشە لە داری " تۆلو " ی ئەمەریکای باشوور دەردەهێنرێ. (پێشی دەووترێ: " **tolu balsam** ")
toluene (tol′ū-ēn′), *n.* تۆلۆوین: شلەیەکی بێ ڕەنگە لە خەڵووزو خەڵووزی بەردینی قیری دەردەهێنرێ لە دروستکردنی بۆیەو تەقەمەنیدا بەکاردەهێنرێت و هەروەها بۆ شت تواندنەوەیش بەکاردێت.
toluic acid, ترشی تۆلۆوین (کیمیا).
toluidine (tol-ū′ə-dēn′), *n.* *Also* **toluidin,** تۆلویدین: ناوێتەیەکە لە " تۆلۆوین " دەردەهێنرێ و لە دروستکردنی بۆیەو دەرماندا بەکاردەهێنرێ.
toluol (tol′ū-ōl′, tol′ū-ol), *n.* = **toluene.**
tolu tree, داری تۆلو: درەختێکی گەورەی ئەمەریکای باشوورە ڕۆنێکی بۆن خۆشی لێ دەگیرێ لە بۆن و دەرماندا بەکاردەهێنرێ.
tom (tom), *n.* نێرەی هەندێ گیانەوەر (بەتایبەتی پشیلە): نێرە پشیلە. *adj.* نێرە: *(a ~ turkey)* .
tomahawk (tom′ə-hôk′, tom′i-hôk′), *n.* تەور: جۆرە تەورێکە هیندیەیە ئەمەریکاییەکان بۆ ئێش و وەك چەکیش بەکاریان دەهێنا.
v.t. بە تەور بڕینەوە، لێدان، یا کوشتن.
bury the tomahawk, ئیتر شەڕ نەکردن: ئاشتبوونەوە.
Tom and Jerry, خواردنەوەیەکی گەرمی مەستکەرە لە " ڕەم " و شەکرو هێلکەو شیر یا ئاو دەکرێت.
tomato (tə-mā′tō, tə-mä′tō), *n.* (١) تەماتە.
(٢) پووەکی تەماتە. (٣) [Slang]: ژن: کچ
tomb (tōōm), *n.* (١) گۆڕ: ئارامگا: قەبر. (٢) کێڵ: کێڵەبەرد. *v.t.* [Rare]. ناشتن.
the tomb, مەرگ: مردن.
tombac, tomback (tom′bak), *n.* تومباك: ناوێتەی مس و چینکۆزە خشڵی هەرزانبەهای لێ دروست دەکرێ.
tomboy (tom′boi′), *n.* کوڕانی: کچە کوڕانی: نێرە کوڕانی: نێرە کچ: خلە کوڕانی.
-tomboyish *(adj.)*.
tombstone (tōōm′stōn′), *n.* کێڵ: کێڵە بەرد: کێڵە قەبر.

tomcat (tom′kat´), *n.* نێرە پشیلە.
tomcod (tom′kod´), *n.* ماسیی‌یەکی بچووکی دەریایە.
Tom, Dick, and Harry, هەموو عەلەو جەلەیەک؛ هەموو کەس (بەووی سووکی‌یەوە)؛ هەرچی هەیەو نییە. (ڕووشەی " every " لە پێشی‌یەوە دادەنرێ).
tome (tōm), *n.* ١. بەرگ؛ بەرگی پەرتووکێکی چەند بەرگی. ٢. پەرتووکێکی گەورە.
-tome (tōm), پاشگرێکە بەمانای: بڕین؛ بڕ. *(microtome)*
tomentose (tō-men′tōs), *adj.* بە گەندەمووی چنگ بەیەکداچوو (ڕووەکناسی، گیانەوەرناسی).
tomentum (tō-men′təm), *n.* ١. گەندەمووی چنگ بەیەکداچوو کە بە لاستەو گەڵای هەندێ ڕووەکەوە‌یە. (٢) چەند دەزوولەیەکی خوێنی تێکەڵکێشراون لە پەردەی مێشکەو مۆخی بڕبڕەدا
tomfool (tom′fōōl´), *n. & adj.* گەوج؛ کەر؛ بێ مێشک
tomfoolery (tom´fōōl′ĕr-i), *n.* ١. گەوجێتی؛ کەرێتی؛ بێ مێشکی. (٢) قسەی قۆپ؛ شتی هیچ‌وپووچ و بێ مانا.
tommy (tom′i), *n.* [British Colloq.], ١. نەواشە؛ نان. ٢. حوارەمەنی؛ ناڕووقە. (٣) Tommy Atkins، [T-]
Tommy Atkins, سەربازی نینگلیز
Tommy gun, گوللەپرژێن؛ شەست تیر؛ ڕەشاش.
tommyrot (tom′i-rot´), *n.* [Slang], قسەی قۆپو بێ مانا؛ قسەی هیچ‌وپووچ؛ گەوجێتی؛ کەرێتی.
tomography (tə-mog′rə-fi), *n.* وێنەگرتنی چڕ، توێ، یا پارچەیەک لە تیشکی ئێکس.
tomorrow (tə-mor′ō, too-mŏr′ō), *n.* ١. سبەینێ؛ بەیانی. ٢. دواڕۆژێکی نزیک؛ دواڕۆژ. *n.* سبەینێ؛ بەیانی.
tompion (tom′pi-ən), *n.* = tampion.
tomtit (tom′tit´), *n.* [British], (٢) فیرنەگوله . titmouse
tom-tom (tom′tom´), *n.* ١. تەپڵ؛ جۆرە تەپڵێکی نەفەریقایی‌یە. ٢. tam-tam (٣) دەنگێکی یەک نەوایی وەک دەنگی تەپڵ. *v.i.* بەیز ڕاگرتن
-tomy (tə-mi), پاشگرێکە بەمانای: بڕین (نەشتەرگەری)؛ بڕینە ڕیشە دەرهێنان. *(appendectomy)*
ton (tun), *n.* ١. تەن؛ ١) لە نینگلتەرەدا بریتی‌یە لە (٢٤٠٢) پاوەند ب. لە نەمریکا بریتی‌یە لە (٢٠٠٠) پاوەند. (ج) تەنی مەتری؛ هەزار کیلۆ. ٢. ڕۆر؛ هەندێکی نێجگار زۆر. *(He has ~s of money.)*
ton (tōn), *n.* مۆدە؛ باو
tonal (tō′n'l), *adj.* ئاوازی؛ هی ئاواز؛ تایبەتی بە ئاواز.
-tonally *(adv.).*
tonality (tō-nal′ə-ti), *adj.* ١. چۆنێتی ئاواز. ٢. چۆنێتی ڕێکخستنی ڕەنگەکانی تابلۆیەک.
tone (tōn), *n.* ١. ا) ئاواز؛ دەنگ (مۆسیقا، مرۆڤ). ب. چۆنێتی نەم دەنگە. ٢. بەرزی‌و نزمی دەنگی مرۆڤ کە هەستی پێدەکرێ؛ شێوەی ووتن؛ شێوەدوو *(a ~ of contempt)*. ٣. شێوازی نووسینو ئاخاوتن کە هەڵوێستی کەسەکە دەردەخات: *(The letter had a friendly ~.)* ٤. جۆری دەرمی: *(This wood has lost its ~.)* ٥. ا) شێواز یا خوو ڕەوشتی باوی چەرخێک. ب. شێوازی شۆخو جوان. ٦. ا) ڕەنگ؛ ڕەنگی کاڵ. ب. پلەی تۆخو کاڵی ڕەنگ: *(It has three ~s of green.)* ٧. ئەنجامی شێوەی بەکارهێنانی ڕووناکی‌و تاریکی ڕەنگ لە تابلۆیەکدا. ٨. ا) دەنگی مرۆڤ (ب) بەرزو نزمی نەم دەنگە (ج) هێزی سەر برگەو ووشە؛ گرتن (دەنگناسی).

(٩) تەندروستی (نەندام، لەش، گیانەوەر).
v.t. (١) [Rare] ، بە یەک نەوایی وورتن. (٢) بە شێواز یا ڕەنگێکی تایبەتی کردن (تابلۆ)؛ دەنگی تایبەتی لێوەهێنان (ئامێری مۆسیقا). (٣) شێوەی ڕەنگ یا دەنگ گۆڕین.
v.i. (١) شێوازێکی تایبەتی وەرگرتن (تابلۆ)؛ ڕەنگێکی تایبەتی هەبوون (٢) گونجانی ڕەنگ
tone down, (١) لە تووندوتیژی کەم کردنەوە؛ هێمن کردنەوە؛ ڕەنگ کەم یا کاڵ کردنەوە: *(He toned down his criticism of the government.)* (٢) هێمن بوونەوە؛ تووندوتیژی کەم بوونەوە.
tone up, (١) بەهێزکردن؛ تووندکردنەوە؛ گورج کردنەوە: *(Exercise tones up the muscles.)* (٢) بەهێزبوون؛ تووندبوون؛ کرژبوون.
tone arm, دەسکی دەرزی سنووقی قەوان لێدان
tone color, = timbre.
tone-deaf (tōn′def´), *adj.* گوێی لە بەرزی‌و نزمی ئاوازی مۆسیقا نییە.
toneless (tōn′lis), *adj.* (١) یەک نەوا؛ بێ بەرزی‌و نزمی. (٢) سست؛ بێ تین؛ خاو.
tone poem, = symphonic poem.
tong (tôŋ, toŋ), *v.t.* بە مقاش دەستکاری کردن، تێکدان، یا هەڵگرتن. *v.i.* مقاش بەکارهێنان
tong (tôŋ, toŋ), *n.* (١) حیزب یا ڕێکخراوێکی چینی. (٢) ڕێکخراوێکی چینی لە ئەمەریکا.
tonga (toŋ′gə), *n.* گالیسکەیەکی دوو پێچکەیی سووکی هیندی‌یە
tongs (tôŋz, toŋz), *n.pl.* مقاش.
tongue (tuŋ), *n.* (١) زمان؛ زمان (٢) زمانی گیانەوەر (بەتایبەتی ڕەشەوولاخ بۆ خواردن) (٣) زمان (ناخاوتن). (٤) ناخاوتن؛ گفتوگۆ (٥) توانای گفتوگۆ یا قسەکردن (٦) دەموددوو؛ شێوەی قسەکردن (٧) لوورەی سەگ. (٨) زمانە: (ا) زمانەی پێڵاو. (ب) زمانەی زەنگ. (ج) زمانەی نەبزیم (د) مژان؛ گالیسکە؛ (ھ) زمانە (دارتاشی) (و) زمانەی تەرازوو. (ز) پارچە زەوی‌یەکی درێژکۆڵەیە کە درێژبووبێتەوە ناو دەریا.
v.t. (١) سەرزەنشت کردن؛ شکاندن. (٢) [Archaic] ، ووتن؛ دەربڕین (٣) زمان لێوەدان؛ زمان تێوەدان (٤) (ا) زمانە بۆ کردن؛ لەلە کردن (ب) بە زمانەو کون لێکدان (دارتاشی)
v.i. (١) [Rare] ، قسەکردن؛ زۆرویژی کردن. (٢) سەر دەرهێنان وەک زمار
give tongue, دەست بە وەرین کردن (تانجی)؛ وەرین
hold one's tongue, زمانی خۆ گرتن؛ قروقەپ کردن
on everybody's tongue, لەسەر زمانی هەموو‌کەسێکە؛ هەموو‌کەس باسی دەکات
on the tip of one's (or the) tongue, لەسەر زمانێتی؛ لەسەر زمان بوون
tongue and groove, زمانەو کون (دارتاشی)؛ نێرەو مێیە.
tongued (tuŋd), *adj.* زمانێکی تایبەتی پێوەیە: *(loose-~ .)*
tongue-lashing (tuŋ′lash´iŋ), *n.* [Colloq.], سەرزەنشت؛ سەرزەنشتکردن.
tongueless (tuŋ′lis), *adj.* (١) بێ زمان؛ بێ زبان (٢) لاڵ.
tongue-tied (tuŋ′tīd´), *adj.* زمان بەستراو؛ زمان گیراو؛ دەم بوو بە تەڵەی تەقیو؛ زمان چووەوە کلیلە.
tongue twister, ووشەیەک یا دەستەواژەیەکی بە گران ووتراو (لەبەر چوونیەکی دەنگەکانی). (بۆ نموونە: She sells sea shells by the seashore.)
tonic (ton′ik), *adj.* (١) هێزبەخش (دەرمان، خواردەمەنی). (٢) (ا) تایبەتی بە ئاواز. (ب) هی تۆخو کاڵی یا پلەی ڕەنگی تابلۆ.

(ج) [Obs.]. تایبەتی بە دەنگی دەنگدەرەوە لە مێشکدا.
(د) هێز لەسەر (دەنگناسی). (٣) کرژ (ماسولکە)؛ جڕ.
n. (١) دەرمانی هێز؛ دەرمانی هێزبەخش.
(٢) خواردنەوەی گازاوی (دەکرێتە قوزدگا جنۆ خواردنەوەی مەستکەری تر‌موە). (٣) یەکەم ئاوان.
(٤) (ا) [Obs.]. دەنگ یا تیپی دەنگدەرەوە لە مێشکدا.
(ب) برگەی هێز لەسەر یا گیراو (دەنگناسی).
tonicity (tō-nis′ə-ti), *n.* (١) تەندروستی
(٢) کرژی ئاسایی ماسولکە؛ جڕی ماسولکە (هەروەها " tonus ").
tonight (tə-nīt′, too-nit′), *adv. & n.* ئەمشەو؛ نیمشەو
tonnage (tun′ij), *n. Also* **tunnage,** (١) باج یا گومرگی لە کەشتی سەنراو بەپێی تەن یا بارەکەی.
(٢) قورسایی ئەو ئاوەی کەشتی بە تەن لای دەبات.
(٣) سەرجەمی تەنی باری نێردراو لە وولاتێك یا بەندەرێکەوە.
(٤) باری کەشتی بە تەن. (٥) قورسایی بە تەن.
tonneau (tu-nō′, tə-nō′), *n.* کورسی دواوەی جۆرە ئوتومبیلێکی کۆن
tonometer (tō-nom′ə-tĕr), *n.* تۆنۆمەتر) پێوەری بەرزی‌و نزمی ناواز (ب) پێوەری پەستانی هەڵم. (ج) پێوەری پەستۆی خوێن‌و چاو.
-tonometric *(adj.)*; **tonometry** *(n.)*.
tonsil (ton′s'l, ton′sil), *n.* ئاڵوو.
tonsillectomy (ton´s'l-ek′tə-mi), *n.* ئاڵوو دەرهێنان (نەشتەرگەری)
tonsillitis (ton´s'l-ī′tis, ton´si-lī′tis), *n.* ئاڵوو کەوتن؛ ملەخرێ.
tonsillotomy (ton´s'l-ot′ə-mi, ton´si-lot′ə-mi), *n.* ئاڵوو بڕین (نەشتەرگەری)؛ ئاڵوو دەرهێنان
tonsorial (ton-sôr′i-əl, ton-sō′ri-əl), *adj.* هی سەرتاش‌و سەرتاشی. لەپووی گاڵتەوە).
tonsure (ton′shĕr), *n.* (١) سەرتاشینی کەشیش (بەتایبەتی تەپڵی سەری). (٢) سەرتاشران بەم جۆرە. (٣) بەشی تاشراوی سەر بەم جۆرە.
v.t. تەپڵەسەر تاشین
tontine (ton′tēn, ton-tēn′), *n.* (١) بیمەی هاوبەشی: جۆرە بیمەیەکە چەند کەسێك بەشدار دەبن، کە یەکێکیان مرد بەشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هاوبەشەکانی هەتا دوا کەس (٢) بەشدارانی ئەم بیمەی هاوبەشییە.
(٣) (ا) سەرجەمی ئەم بیمەیە (ب) بەشی هەریەکە لە بەشدارەکان.
tonus (tō′nəs), *n.* کرژی ئاسایی ماسولکە؛ جڕی ماسولکە.
too (tōō), *adv.* (١) هەروەها؛ – یش؛ – ش: *(He's coming ~ .)* .
(٢) زۆر (لەرووی خراپییەوە)؛ زیاد لە پێویست؛ لە ئەندازە بەدەر: *(He ate ~ much. It is ~ cold, hot, loud, etc.)*
(٣) زۆر؛ نێجگار *(He's only ~ willing to be of service.)* .
(٤) [Colloq.]. ئەبێ؛ بێ گومان؛ هەر دەبێ وابێ؛ هەر: *(You will ~ do it! I will ~ go!)*
took (took), *past tense of* take.
tool (tōōl), *n.* (١) ئامێر
(knives, saws, hammers, and shovels are ~s.)
(٢) هۆ: کەرەسە *(Books are a scholar's ~s.)* .
(٣) دەسکەلا: کەسێکی بەکارهێنراو لەلایەن کەسێکی ترەوە بۆ ئامانجی خۆی.
v.t. (١) ئامێر بەکارهێنان؛ چاك کردن یا دروستکردن بە ئامێر.
(٢) ئامێر دروستکردن بۆ کارخانەیەك.
(٣) [British Colloq.]، (ا) ئوتومبیل لێخوڕین؛ لێخوڕین.
(ب) بە ئوتومبیل بردن یا گواستنەوە.
(٤) نەخشە‌و تیپ هەڵکەندن لەسەر بەرگی کتێب.
v.i. (١) ئامێر بەکارهێنان
(٢) [British Colloq.]، ئوتومبیل لێخوڕین؛ سواری ئوتومبیل بوون.
toolbox (tōōl′boks´), *n.* سندوقی ئامێر سندووقێکی بچووکە ئامێری دەستی وەك چەکوش‌و جەربادەرو پلایسی تێ دەخرێت
tooling (tōōl′iŋ), *n.* ئامێرکاری؛ ئیشی بە ئامێر کراو.
toolmaker (tōōl′māk´ĕr), *n.* ئامێرکار؛ ئامێرساز؛ ئامێر دروستکەر.
toon (tōōn), *n.* (١) درەختێکی نوستراڵی گەورەیە دارو تەختەکەی سوورو بۆن خۆشە‌و گوڵەکەیشی ڕەنگی لێ دەگیرێ. (٢) دارو تەختەی ئەم درەختە
toot (tōōt), *v.i.* (١) هۆڕینی ئوتومبیل لێدان؛ کەڕەنا لێدان؛ فیکەلێدان.
(٢) دەنگی وەك هۆڕین، کەڕەنا، یا فیکە لێوە هاتن.
v.t. هۆڕین لێدان؛ فوو بە کەڕەنادا کردن؛ فیکەلێدان؛ پەیتا پەیتا هۆڕین لێدان.
n. دەنگی هۆڕین، فیکە، یا کەڕەنا؛ هۆڕین؛ فیکە.
-tooter *(n.)*.
toot (tōōt), *n.* [Colloq.], = **spree.**
tooth (tōōth), *n.* (١) ددان.
(٢) ددانی مشارو زنجیرو گێڕو چنگاڵو پێچکە... هتد.
(٣) ئارەزووی خواردەمەنی؛ چەژ؛ حەز: *(She has a sweet ~ .)* .
(٤) شتی بڕندە یا گازگر.
v.t. (١) دان بۆ کردن (ئامێر). (٢) گرنج گرنج کردنی قەراغی شتێك.
v.i. بەیەکدا چوون (گێر)؛ لێك گیران.
armed to the teeth, پڕ چەك.
fight tooth and nail, بە هەموو توانایەکەوە شەڕکردن.
in the teeth of, بەرەنگار؛ بەرامبەر؛ بەرەو ڕوو.
put teeth in (a law), خستنەکار (یاسا).
set one's teeth, خۆ ئامادەکردن بۆ شتێکی ناخۆش‌و گران.
show one's teeth, ددان لێ جێرکردنەوە؛ هەڕەشەلێکردن؛ تووڕەیی پیشاندان.
toothache (tōōth′āk´), *n.* ددان ئێشە.
toothbrush (tōōth′brush´), *n.* فڵچەی ددان.
toothed (tōōtht, tōō*th*d), *adj.* (١) داندار؛ دانی هەیە.
(٢) دانەدار؛ گرنج گرنج.
-toothed (tōōtht, tōō*th*d), پاشگرێکە بەمانای: ژمارەیەك یا جۆرێکی تایبەتی ددانی هەیە: *(big- ~)* .
toothless (tōōth′lis), *adj.* بێ ددان.
tooth paste, دەرمانی ددان.
toothpick (tōōth′pik´), *n.* دان ئاژن.
tooth powder, بۆدەرەی ددان: بۆ ددان شتن بە فڵچە.
toothsome (tōōth′səm), *adj.* (١) خۆش؛ بەتام.
(٢) چاك: *(a ~ offer)*
(٣) دڵڕفێن؛ جوان‌و پان‌وپۆڕ.
toothy (tōōth′i), *adj.* ددان دەرپۆقیو.
tootle (tōō′t'l), *v.i.* هۆڕین لێدان بە نەسپایی‌و پەیتا پەیتا؛ فیکەلێدان؛ فوو بە کەڕەنادا کردن
n. هۆڕین؛ فیکە؛ دەنگی هۆڕین یا فیکە؛ هۆڕین یا فیکەلێدان.
toots (toots), *n.* [Slang]. گیانە.
tootsy (toot′si), *n.* [Slang]. (١) پێی منداڵ یا ئافرەت.
(٢) **toots** .
top (top), *n.* (١) (ا) کاکۆڵ؛ گوودلە؛ گێسوو (ب) قژی سەر.
(٢) تەپڵەسەر؛ سەر.
(٣) لوتکە؛ تەوقەسەر؛ قوتکە؛ کەل؛ سەر: *(the ~ of the hill)* .
(٤) پۆپە؛ پۆپ: *(the tree ~s)* .
(٥) (ا) سەرقاپ؛ قەپاغ؛ سەر. (ب) تەنتە یا سەری ئوتومبیل.
(٦) (ا) نەرمەڕ؛ بەرزترین پلە، خاڵ، یا شوێن؛ تاف:
(at the ~ of his voice; the ~ of her career)
(ب) بەرزترین پلەوپایە: *(He's at the ~ of his profession.)*
(ج) کەسێك کە لە بەرزترین پلەی پیشەیەکدا بێت.
(د) هەڵبژاردە؛ باشترین بەش یا پارچە؛ سەرتوێژ (مەجاز):

(the ~ of the crop)

(۷) سەرەتا؛ سەر؛ *(the ~ of the year)* .

(۸) ئەو بەشەی ئاوێتەیەك كە لە هەموی زیاترو زووتر هەڵدەچێت (كیمیا).

adj. بەرزترین؛ سەروو؛ لاسەروو؛ *(the ~ drawer, shelf, etc.)* .

v.t. (۱) (ا) سەر لابردن. (ب) سەر قرتاندن یا هەڵپاچین؛ لق‌وپۆپ كردن.

(۲) سەر نانەوە؛ سەر داپۆشین؛ بوون بە سەرقاپ بۆ؛ سەرقاپ بۆ كردن.

(۳) گەیشتنە تەرقەسەرەكەی. (٤) بەسەردا ڕۆیشتن یا تێپەڕبوون.

(٥) زیاتر بوون لە؛ بۆڕ پێدان.

(٦) لەپێش هەموانەوە بوون؛ یەكەم بوون؛ لەسەروو هەموانەوە بوون؛ *(He ~ped his class.)*

(۷) لە لاسەروی تۆپ دان.

v.i. (۱) دوایی پێ هاتن؛ كۆتایی پێ هێنان. (۲) گەیشتنە تەرقەسەر.

blow one's top, [Slang], (۱) زۆر تووڕەبوون؛ شێتگیربوون.

(۲) شێت بوون

on top, سەركەوتوو؛ لە سەرەوەیە؛ لە پێشەوەیە.

on top of, (۱) بە تەرقەسەرەكەیەوە؛ بە پێڕەوە.

(۲) لەسەر دانیشتوو. (۳) سەرەڕای؛ زیاد لە.

(٤) یەكسەر یا كتوپڕ دوای ئەوە.

(٥) [Colloq.]: ئاگای لە هەموشتێكە؛ مەسەلەكە لەژێر دەستیایەتی؛ شتەكەی فەرامۆش نەكردووە: *(He is on top of the situation.)* .

over the top, (۱) بەسەر بەردەمی خەندق یا سەنگەردا (جەنگ).

(۲) لە ئەندازە یا ژمارەی دیاریكراو تێپەڕبوون.

(the) tops, [Slang], باشترین؛ بەرزترین؛ نایابترین.

top off, دوا شت كردن بۆ تەواوكردن بە ڕێك‌وپێكی؛ تەواوكردن.

top (top), *n.* مزراخ.

topaz (tō′paz), *n.* (۱) تۆپاز؛ گەوهەری زەرد؛ زەردوویی؛ بەردێكی بەرخی زەردە. (۲) باڵندەیەكی زۆر بچكۆڵەی ڕەنگاوڕەنگی نەمریكای باشووڕە.

top billing, (۱) لە سەروو یا لە پێش هەموانەوە (لە بڵاوكراوەی ئاوی نوێنەری فیلم‌و شانۆنامەیەكدا): *(She got ~ .)* .

(۲) لە شوێنێكی زۆر لەبەرچاودا (لە ڕۆژنامەدا... هتد).

top boot, جزمە

topcoat (top′kōt′), *n.* پاڵتۆی تەنك.

top dog, [Colloq.], بەدەسەڵاتترین كەسی ڕێكخراوێك یا دەزگایەك؛ دەستبااڵترین.

top-drawer (top′drôr′), *adj.* بەرزترین (بڵە‌وپایە، چینی كۆمەڵ)؛ یەكەمین.

top-dress (top′dres′), *v.t.* پەینڕێژ كردن؛ پەین تێكردن؛ چەورێژ كردن.

top-dressing (top′dres′iŋ), *n.* (۱) شتی كراو بە زەوی یا ڕێگەوە (پەین، چەو... هتد). (۲) پەینڕێژ؛ چەورێژ.

tope (tōp), *v.t. & v.i.* [Archaic], عەرەق زۆر خواردنەوە.

tope (tōp), *n.* پەرستگای بوودی گوومەز ئاسایی.

tope (tōp), *n.* جۆرە كۆسەیەكی بچووكە.

topee (tō-pē′, tō′pē), *n. Also* **topi,** كڵاوێكی هیندیەیە بۆ بەرهەتاو

toper (tōp′ēr), *n.* سەرخۆش؛ كەسێكی هەمیشە سەرمەستە.

top-flight (top′flīt′), *adj.* [Colloq.], یەكەم؛ باشترین؛ چاكترین؛ نایابترین

top-full, topful (top′fəl′), *adj.* لێپاولێپ؛ لێوان لێو.

top-gallant (tə-gal′ənt, top′gal′ənt), *adj.* (۱) لە لاسەروی ستوونی بەلەم‌و كەشتی بایەوانیدا.

(۲) بەرزترە لە دەروپشتەكەی (شووڕەی كەشتی).

n. (۱) ستوونی بەرزی بەلەم‌و كەشتی بایەوان.

(۲) [Rare]، لووتكە؛ تەرقەسەر؛ تاف.

top hat, شەپقەی ڕەشی لووڵەكی درێژی ئاوڕیشم.

top-heavy (top′hev′i), *adj.* (۱) سەر قورس؛ بە ئاسانی دەكەوێ؛ سەرەكەی قورسترە لە لاخواروەكەی. (۲) لە ئەندازە بەدەر پارەكەی خستۆتە كار (كۆمپانیا).

top-hole (top′hōl′), *adj.* [British Slang], نمرە یەك؛ نایاب؛ زۆر چاك.

tophus (tō′fəs), *n.* (۱) بەڵغی كانزایی بە جومگەی كەسێكەوە كە نەخۆشی جومگەی هەبێت. (هەروەها " chalk-stone ") .

(۲) بەڵغی كانزایی بە دداندەوە.

topiary (tō′pi-er′i), *adj.* تایبەتی بە هەڵپاچینی دارودرەخت‌و شێوەی جوان لێ دروستكردنی.

n. (۱) هەڵپاچینی دارودرەخت‌و شێوەی جوان لێ دروستكردنی.

(۲) باخچەیەكی وەها لێكراو.

topic (top′ik), *n.* (۱) باس (ووتار، بەند، نامیلكە). (۲) باس (گفتوگۆ).

(۳) سەرباس؛ سەرووتار.

topical (top′i-k'l), *adj.* (۱) ناوچەیی؛ تایبەتی بە ناوچەیەك.

(۲) سەرباسی؛ سەرووتاری.

(۳) پەیوەندی هەیە بە ڕووداو‌و هەواڵی ئەو كات‌و چەرخەوە: *(There are a lot of ~ allusions in his novels.)*

(٤) هی جۆرێكی تایبەتی لەش: *(a ~ remedy)* .

top-knot (top′not′), *n.* (۱) شریتی گرێدراو یا پەڕی لەسەر كراو وەك سەرپێچ. (۲) تۆپەڵە تووكی تەپڵی سەر (وەك هی كەڵەشێر).

topless (top′lis), *adj.* (۱) بێ سەرقاپ؛ بێ سەر؛ سەر بەتاڵ.

(۲) [Archaic]، زۆر بەرز؛ سەرەكەی بە چاو نابینرێ لەبەر بەرزی.

(۳) (ا) مەمك بەدەرەوە؛ مەمك ڕووت؛ سنگ ڕووت: *(a ~ dancer)*

(ب) سەماكەری مەمك ڕووت سەمای تێدا دەكات: *(a ~ bar)* .

toplevel (top′lev′l), *adj.* بەرزترین (پلە، دەسەڵات)؛ زۆر بەرز: *(a ~ official)*

toplofty (top′lôf′ti), *adj.* [Colloq.], بەفیز؛ تێزل؛ لەخۆبایی؛ بە كەش‌وفش.

-toploftiness *(n.).*

topmast (top′məst, top′mast′, top′mäst′), *n.* دارگەشتی یا ستوونی ناوەڕاست.

top minnow, چەند جۆرە ماسیەیەكی بچووكن نزیكی ڕووی ئاو دەژین‌و خواردن دەخۆن هەندێكیان لەباتی گەڕا دانان بەچكە دەكەن.

topmost (top′mōst′, top′məst), *adj.* بەرزترین؛ بڵندترین؛ لە هەموو بەرزتر.

top-notch (top′noch′), *adj.* [Colloq.], نمرە یەك؛ زۆر چاك؛ نایاب؛ زۆر باش: *(a ~ scientist, job, etc.)* .

-top-notcher *(n.).*

topo- (tə-po′), *Also* **top-** , پێشگرێكە بەمانای: ناوچە؛ شوێن؛ جێ: *(topology)*

topographer (tə-pog′rə-fēr, tō-pog′rə-fēr), *n.* (۱) زانای بەرزو نزمی ڕووی زەوی؛ ڕووخساری زەوی زان.

(۲) نەخشەكاری ڕووخساری زەوی؛ نەخشە دروستكەری شێوەی زەوی.

topographic (top′ə-graf′ik), *adj. Also* **topographical,** هی نەخشەی شێوەی زەوی؛ تایبەتی بە ڕووخساری زەوی.

-topographically *(adv.).*

topography (tə-pog′rə-fi, tō-pog′rə-fi), *n.* (ا) تۆپۆگرافیا: باسكردنی شوێنێك بە ووردی‌و ڕاستی. (ب) ڕووخساری زەوی (بە دەشت‌و شاخ‌و گردو ڕوبارو دۆڵو پردو ڕێگاوبان‌و شارەوە... هتد)؛ شێوەی زەوی؛ بەرزی‌و نزمی ڕووی زەوی (ج) نەخشەكردنی ڕووخساری زەوی؛ وێنەگرتنی ڕووی زەوی. (د) ڕووپێوی ڕووخساری زەوی.

topology (tə-pol′ə-ji), *n.* (۱) لێكۆڵینەوەی ڕوخساری زەوی، واتە تۆپۆگرافیای شوێنێك. (۲) شێوەی پێكهاتنی بەشەكانی لەش.

(۳) لێكۆڵینەوەی وێنەی نەندازەیی كە تایبەتخۆكانی ناگۆڕێ بە گۆڕینی شێوەكەی (بیركاری).

toponym (top′ə-nim´), *n.* (۱) ناوی حێ؛ ناوی شوێن.
(۲) ناوێک کە سەرچاوەو جێی ژیانی ناسایی گیانەوەرەکە دەردەخات.
toponymy (tə-pon′ə-mi), *n.* (۱) (ا) ناوی شوێنەکانی ووڵاتێك یا ناوچەیەك. ب) لێکۆڵینەوەی ئەم ناوانە. (۲) گاوی بەشەکانی لەش.
-toponymic; toponymical *(adj.).*
topper (top′ēr), *n.* (۱) نامێر یا مرۆڤی سەرقرتێنەر.
(۲) [Slang]، شتێکی چاکتر لە هەموو نەوانەی پێشتر (نوکتە، پەند).
(۳) top hat (٤) پاڵتۆی سووکی ژنانە
topping (top′iŋ), *n.* (۱) سەر قرتان؛ سەر لێکردنەوە
(۲) کرێم و گوێزو شتی تر کە دەخرێتە سەر کێك و شیرینی؛ سەرکێك.
adj. (۱) زۆر بەرز؛ بڵند؛ هەڵکەوتوو.
(۲) [British Colloq.]، نمرە یەك؛ زۆر چاك.
topple (top′l), *v.i.* (۱) (~ over). کەوتن؛ بەلاداهاتن؛ هەڵگەڕانەوە
(۲) لەتردان؛ لاربوونەوە؛ بەم لا و ئەولادا کەوتن؛ شۆڕبوونەوە
v.t. خستن؛ هەڵگەڕاندنەوە؛ ڕووخاندن: *(~ the government)*.
tops (tops), *adj.* [Slang]. نایاب؛ زۆر چاك؛ نمرە یەك.
topsail (top′s'l, top′sāl´), *n.* ستوور یا دارکەشتی ناوەڕاست.
top-secret (top′sē′krit), *adj.* زۆر نهێنی
(a ~ memo, directive, operation, etc.)
top sergeant, [Colloq.]. بارچاوەش (سوپا)
topsoil (top′soil´), *n.* چینی سەرەوەی خاك.
topsy-turvy (top′si-tûr´vi), *adv. & adj.* (۱) سەربەرەوخوار؛ سەربەرەوژێر. (۲) شێواو؛ تێکچوو؛ ناڕێك وپێك؛ تێکەڵاوپێکەڵاو.
n. (۱) سەربەرەوخواری؛ سەربەرەوژێری.
(۲) شێواوی؛ ناڕێك وپێکی؛ تێکەڵاوپێکەڵاوی.
toque (tōk), *n.* جۆرە شەپقەیەکی ژنانەیە.
tor (tôr), *n.* گردی بەرزی بەردین.
torah, tora (tō′rə-tō′rô), *n.* تەورات: پەرتووکی ئایینی جوولەکەیە.
torch (tôrch), *n.* (۱) شاپلێنە؛ مێسە؛ مەشخەڵ
(۲) مێسە: سەرچاوەی ڕووناکی؛ ڕووناکی: *(the ~ of science)*.
(۳) مێسەی لەحیمکاری؛ شاپلێنەی لەحیمکاری
flashlight .[British] (٤)
carry a (or the) torch for, [Slang]. خۆشویستن؛ حەزلێکردن.
torchbearer (tôrch′bâr ēr), *n.* (۱) مێسە هەڵگر
(۲) ڕێ ڕووناککەرەوە؛ پێشڕەو؛ ڕابەر.
torchlight (tôrch′līt´), *n.* مێسە: گڕی مەشخەڵ؛ ڕووناکی مەشخەڵ.
torchon lace, جۆرێکە لە نەقشکاری.
torch singer, گۆرانی بێژی دڵداری یا خۆشەویستی.
torch song, گۆرانی دڵداری (بەتایبەتی کە هەر لە یەك لاوە بێت)
torchwood (tôrch′wood´), *n.* (۱) درەختێکە دارەکەی دەکرێ بە مێسە (۲) داری ئەم درەختە.
tore (tôr, tōr), *alternative past tense of* **tear.**
torc (tôr, tōr), *n.* = **torus.**
toreador (tôr′i-ə-dôr´), *n.* ئەسپ سواری شەڕەگاکەری نیسپانی
torero (tô-re′rô), *n.* شەڕەگاکەری نیسپانی؛ گابازی نیسپانی
tori (tôr′ī, tō′rī), *plural of* **torus.**
torment (tôr′ment, tôr-ment′), *n.* (۱) نامێری ئازاردان.
(۲) چەوسانەوە؛ چەوساندنەوە؛ ئازار؛ ئازاردان.
(۳) سەرچاوەی ئازارو ناخۆشی؛ هۆی ناخۆشی
v.t. (۱) چەوسانەوە؛ ئازاردان؛ سوێ کردن بە دڵەوە
(۲) پەست کردن؛ هەراسان کردن؛ تووشی ناخۆشی کردن.
(۳) [Obs.]، ووروژاندن.
tormentil (tôr′men-til´), *n.* ڕووەکێکی خشۆکی گوڵ زەردە (ڕەگەکەی بۆ دەرمانو بۆیەو پێستە خۆشکردن بەکاردەهێنرێ).
tormentor (tôr-men′tēr), *n.* *Also* **tormenter.** (۱) ئازاردەر؛ چەوسێنەرەوە. (۲) پەردە (شانۆ). (۳) پەردەی دەنگیر (فیلم).
torn (tôrn, tōrn), *alternative past participle of* **tear.**
tornado (tôr-nā′dō), *n.* تۆڕنادۆ؛ گەردەلوولی بەهێز؛ گێژەلوکە یا گێژەبای زۆر قایم
-tornadic *(adj.).*
toroid (tō′roid), *n.* ڕووی مارپێچی (ئەندازە).
torose (tō′rōs, tō-rōs′), *adj.* (۱) ئاوساو؛ دەرپۆقیو؛ هەوکردوو.
(۲) لوولەکی و بەین بەین دەرپۆقیو (ڕووەکناسی)؛ لوولەکی و گرێدار.
torpedo (tôr-pē′dō), *n.* (۱) electric ray .
(۲) تۆرپیدۆ: بۆمبایەکی درێژکۆڵەی زل خۆهاوێژە دەدرێ بە کەشتی دوژمنداو لە ژێردەریایی و فڕۆکەوە. (۳) مین یا بۆمبای ژێرئاو.
(٤) تەقەمەنیەك یا دەمەرقاچانێکە دەتەقێتەوە کە دەدرێ بە شوێنێکی ڕەقدا
(٥) تەرمقەیەکە دەخرێتە سەر هێڵی ئاسن شەمەندەفەر دەیتەقێنێتەوە بۆ ووریاکردنەوەی دەستەی کارگەرانی شەمەندەفەرەکە.
(٦) تەقەمەنی بەکارهێنراو لە بیری نەوت هەڵکەندندا.
(۷) [Slang]، پیاوکوژ؛ ڕەش کوژ؛ پاسەوانی پیاوکوژ.
v.t. (۱) تۆرپیدۆ تێگرتن؛ تێك شکاندن یا نوقم کردنی کەشتی بە تۆرپیدۆ.
(۲) تێکدان؛ پووچ کردنەوە: *(He ~ed our plan.)*.
torpedo boat, بەلەمی تۆرپیدۆ: بەلەمێکی خێرای بچووکە بۆ هێرش بە بۆمبای تۆرپیدۆ.
torpedo-boat destroyer, کەشتی جەنگی تێکشکێنەری بەلەمی تۆرپیدۆ؛ تێکشکێنەر یا وێرانکەری بەلەمی تۆرپیدۆ.
torpedo bomber, فڕۆکەی تۆرپیدۆهاوێژ (هەروەها " torpedo plane ").
torpedo tube, چووپی تۆرپیدۆ: بۆرییەکە بۆمبای تۆرپیدۆی لێوە دەهاوێژرێ.
torpid (tôr′pid), *adj.* (۱) سڕ (مارو هەندێ گیانەوەری تر بە زستان)؛ جوولە لێ بڕاو. (۲) سست؛ خاو؛ بێ تین.
-torpidity *(n.)*; **torpidly** *(adv.)*; **torpidness** *(n.).*
torpor (tôr′pēr), *n.* (۱) سڕی؛ جوولە لێ بڕان؛ کاسی.
(۲) سستی؛ خاوی؛ بێ تینی.
torporific (tôr′pə-rif′ik), *adj.* سڕکەر؛ کاسکەر.
torquate (tôr′kwāt), *adj.* خاڵو میلدار (کەو و باڵندەی تر)؛ مل دەوڕەدراو بە هێڵی ڕەنگاوڕەنگ.
torque (tôrk), *n.* (۱) هەڵەوانێکی کانزایی بادراوە (ئەڵمانی و فەرەنسەییەکان لە کۆندا وەك ملوانکە لە ملیان دەکرد).
(۲) هێزی بادەر یا خولێنەرەوە (فیزیا).
torques (tôr′kwēz), *n.* خاڵو میل (کەو و گیانەوەری تر)؛ هێڵی پەڕ یا تووکی ڕەنگاوڕەنگی دەوری ملی باڵندەو گیانەوەر.
torrent (tôr′ənt, tor′ənt), *n.* (۱) خوڕاو؛ ئاوی بەخوڕ؛ لێزماو؛ لێشاو. (۲) لێشاو؛ لافاو (مەجاز).
(۳) لێزمە باران؛ شەستە باران؛ لێزمە؛ ڕەهێڵە.
adj. [Rare]. خوڕ؛ بەخوڕ.
torrential (tô-ren′shəl, to-ren′shəl), *adj.* (۱) لێزمەیی؛ لێزمە ڕەهێڵە: *(~ rains)*.
(۲) لێشاوی؛ لێزماوی؛ زۆر بەهێزو تووندوتیژ؛ بەخوڕ.
(۳) لە ئەنجامی لێزمە بارانەوەیە.
-torrentially *(adv.).*
torrid (tôr′id, tor′id), *adj.* (۱) هەڵقرچاو؛ هەڵپرووکاو (بە گەرما)؛ ووشك (۲) زۆر گەرم؛ هەڵپرووکێنەر؛ زۆر بەتین.
(۳) بەجۆش؛ بەسۆز: *(a ~ love affair)*.
-torridity *(n.)*; **torridly** *(adv.)*; **torridness** *(n.).*
torsade (tôr-sād′), *n.* شریتی بادراوی شەپقە ڕازێنەوە؛ گێزۆرگولنگی شەپقە.
torsion (tôr′shən), *n.* (۱) (ا) باندان (بەتایبەتی سەری شتێك و بانەدانی

سەرەکەی تری)؛ لوولدان؛ پێچدان. (ب) لوول خواردن؛ پێچ خواردن؛ با خواردن.
(٢) خاوبوونەوە یا پاستبوونەوەی تەلی بادراو دوای بەرەڵاکردنی.

-torsional *(adj.)*.

torsion balance, پێوەری پرتەی کارەبا (لەپێی پێچ خواردنی تەلی بچکۆلەوە)

torso (tôr′sō), *n.* (١) پەیکەری قەدی مرۆڤ بەبێ سەرو باڵ؛ پەیکەری لەشی مرۆڤ لە پشتێنە بەرەو ژوور (بەتایبەتی بەبێ سەرو باڵو بە پووتی). (٢) قەدی مرۆڤ؛ لەشی مرۆڤ لە پشتێنە بەرەو ژوور. (٣) کاری ناتەواو؛ ئیشی بە نیوەچڵی بەجێهێڵراو (پەیکەرتاشی، نووسین).

tort (tôrt), *n.* زیان لێکەوتنێکی دەسەنقەست یا پێکەوت لە ناوبانگو سامانی کەسێک یا لە کەسەکە خۆی کە دەتوانرێ بدرێ بە دادگا.

torte (tôrt), *n.* جۆرێکە لە کێک.

torticollis (tôr′ti-kol′is), *n.* مل کێڕی (نەخۆشی)؛ مل خواری.

tortile (tôr′t'l, tôr′til), *adj.* لوول؛ پێچاوپێچ؛ ماڕپێچی؛ باخواردوو.

tortilla (tôr-tē′yä), *n.* تۆرتیا نانی مەکسیکی

tortious (tôr′shəs), *adj.* زیانی؛ تاسەتی بە زیان. (ووشەی " tort " ببینە).

tortoise (tôr′təs), *n.* کیسەڵ؛ ڕەقە.

tortoise beetle, قالۆنچەی کیسەڵی: قالۆنچەیەکە لە کیسەڵ دەچێ

tortoise-shell (tôr′təs-shel′), *adj.* (١) لە قەپێلکی کیسەڵ دروستکراو. (٢) ڕەنگەکەی لە هی قەڵغانی پشتی ڕەقە دەچێ.

tortoise shell, (١) قەپێلکی کیسەڵ؛ قاوغ یا قەڵغانی کیسەڵ. (٢) tortoise-shell butterfly.

tortoise-shell butterfly, پەپوولەیەکی خاڵ خاڵە ڕەنگی لە هی قەپێلکی کیسەڵ دەچێ.

tortuosity (tôr′chōō-os′ə-ti), *n.* (١) خوارووخێچی؛ پێچاوپێچی؛ چەوتی (٢) پێچ

tortuous (tôr′chōō-əs), *adj.* (١) خواروخێچ؛ پێچاوپێچ؛ پێچاوی؛ نارێک (٢) چەوت؛ فێڵباز؛ فێڵاوی؛ پێچوپەنادار.

-tortuously *(adv.)*; **tortuousness** *(n.)*.

torture (tôr′chēr), *n.* (١) چەوسانەوە؛ ئازاردان؛ ئازار چەشتن. (٢) شێوەی ئازاردان یا چەوسانەوە. (٣) ئازار؛ ئەشکەنجە؛ ناخۆشی ئێجگار زۆر. (٤) هۆی ئازار، چەوسانەوە، یا ئەشکەنجە. (٥) [Rare]، شێوان؛ گۆڕان؛ بادان؛ تێکچوون.

v.t. (١) چەوسانەوە؛ ئازاردان؛ سوێ کردن بە دڵەوە؛ ئەشکەنجەدان. (٢) شێواندن (ماناً)؛ گۆڕین؛ تێکدان.

-torturer *(n.)*.

torturous (tôr′chēr-əs), *adj.* بە ئازار؛ چەوسێنەرەوە؛ زۆر ناخۆش؛ بە ئەشکەنجە.

-torturously *(adv.)*.

torus (tôr′əs, tō′rəs), *n.* (١) نەخشی قۆزی نیوبازنەیی بنی پایە (خانووسازی). (٢) چوکلە ئیسقانی سەرخڕ (تونکاری)؛ ناوساوییەکی قۆز یا سەرخڕ. (٣) تەختی گوڵ. (٤) پووی خڕ (نەندازە).

Tory (tôr′i, tō′ri), *n.* (١) (ا) چەتەو تاڵانکەری ئیرلەندی سەدەی هەژدە. (ب) ئیرلەندی چەکداری پاشایەتی خوازی سەدەی حەڤدە. (٢) تۆری نەتەوایی خێرپی کۆنەپەرستی ئینگلیزی. (٣) نەمەریکی سەر بە ئینگلیز لە کاتی شۆڕشی ڕزگاری نەمەریکادا. (٤) [t-]، کۆنەپەرست؛ کەسێکی کۆنەپەرست.

adj. کۆنەپەرست

Toryism (tôr′i-iz′m, tō′ri-iz′m), *n.* بیرو بڕواو ڕێبازو نەریتی کۆنەپەرستان.

toss (tôs, tos), *v.t.* (١) خستن بەم دیو و بەو دیودا؛ هێنان و بردن؛ لاڕەولار پێ کردن؛ ڕاوەشاندن: *(The waves ~ed the boat.)*. (٢) هاویشتن؛ هەڵدان؛ فڕێدان؛ تووڕدان. (٣) لەپڕ سەر خستن بە پشتدا یا ڕاتەکاندن؛ لەپڕ سەر کێشانەوە بۆ دواوە: *(The horse ~ed its head.)*

(٤) وورووژاندن؛ ڕاوەشاندن؛ خستنە جموجوڵ. (٥) دان بە زەویدا؛ فڕێدانە سەر زەوی. (٦) شێرۆخەت کردن؛ تەڕو ووشکی کردن. (٧) تێکهەڵدان (زەڵاتە)؛ تێکەڵاوکردن؛ تێکدان: *(to ~ the salad)*. (٨) [Colloq.]، باسکردن؛ هێنان و بردن.

v.i. (١) لاڕەولارکردن بەتوندی؛ بەم دیو و بەو دیودا کەوتن بەتوندی؛ ڕاوەشان. (٢) تەپاوتل کردن؛ تلانەوە؛ نەم دیو و ئەو دیو کردن: *(I ~ed in my sleep all night long.)*

(٣) شێرۆخەت کردن.

n. (١) ڕاتەکان یا کێشانە دواوەی سەر لەپڕ (نەسپ، مرۆڤ): *(a ~ of the head)*

(٢) دووبەختی؛ شێرۆخەت؛ تەڕو ووشکی. (٣) ماوەی شت هاویشتن؛ دووری شت هەڵدان یا فڕێدان.

toss down, یەکسەر هەڵقوڕاندن؛ بە یەک قوم هەڵقوڕاندن.

toss off, (١) بە پەلەو لامسەرلایی کردن (نووسین، کار... هتد). (٢) بە یەک قوم هەڵقوڕاندن.

toss up, شێرۆخەت کردن؛ تەڕو ووشکی کردن.

tosspot (tôs′pot′, tos′pot′), *n.* عەرەق زۆر خۆرەوە؛ هەمیشە سەرخۆش.

toss-up (tôs′up′, tos′up′), *n.* (١) شێرۆخەت کردن؛ تەڕو ووشکی کردن. (٢) دووبەختی؛ هاتونەهات.

tost (tôst, tost), *obsolete or poetic past tense and p.p. of-* toss.

tot (tot), *n.* (١) نەخت؛ تۆز؛ نەختان. (٢) منداڵی بچووک؛ منداڵ. (٣) [British Dial.]، پێکێکی بچووک (خواردنەوەی مەستکەر).

tot (tot), *v.t.* [British Colloq.], (~ up), کۆکردنەوە (ژمارە)؛ سەرجەم کردن.

total (tō′t'l), *adj.* (١) سەرجەم؛ هەموو. (٢) تەواو؛ سەرپاک؛ سەراپا: *(a ~ loss)*.

n. هەمووی؛ گشتی؛ سەرجەم

v.t. (١) کۆکردنەوە (ژمارە)؛ گردکردنەوە؛ سەرجەم دۆزینەوە. (٢) کردنە نەوەندە؛ سەرجەم نەوەندە بوون. (٣) [Slang]، تێکوپێکدان (ئوتومبیل)؛ هەمووی شکاندن یا تێکشکاندن: *(She ~led her car in the accident.)*

v.i. کردنە نەوەندە؛ سەرجەم نەوەندە بوون.

totalitarian (tō′al-ə-târ′i-ən), *adj.* پڕژمی یەک حیزبی؛ دیکتاتۆری؛ زۆرداری.

n. دیکتاتۆر؛ دیکتاتۆری خواز؛ زۆردار؛ لایەنگری پڕژمی یەک حیزبی.

totalitarianism (tō′tal-ə-târ′i-ən-iz′m), *n.* پڕژمێکە کە یەک حیزب یا یەک کەس دەست بەسەر هەموشتێکدا دەگرێ؛ بیروباوەڕی پڕژمێکی وەها: دیکتاتۆریتی.

totality (tō-tal′ə-ti), *n.* (١) هەمووی؛ گشتێتی؛ سەرجەمی؛ سەرپاکی (٢) سەرجەم؛ هەمو؛ گشت

in totality, هەمووی پێکەوە؛ بەگشتی؛ بە تێکڕا.

totalizator (tō′t'l-ə-zā′tĕr), *n.* ژمێرەر؛ مەکینەی ژماردن (بەتایبەتی هی پارەی براوەی گرەوی غارغارێنی ئەسپ).

totalize (tō′t'l-īz′), *v.t.* کۆکردنەوە (ژمارە)؛ گردکردنەوە؛ سەرجەم وەرگرتن.

-totalizer *(n.)*.

totally (tō′t'l-i), *adv.* بەتەواوی؛ هەمووی؛ سەرتاپا؛ بە جارێک

tote (tōt), *v.t.* [Colloq.], (١) بە کۆل هەڵگرتن؛ بە کۆل بردن؛ گواستنەوە؛ بە کێش کردن (٢) تفەنگ لە شان کردن؛ چەک هەڵگرتن

n. [Colloq.], (١) بە کۆل گواستنەوە؛ بە کۆل بردن؛ بە کێش کردن.

(٢) بار، کول

tote (tōt), *n.* [Colloq.], = totalizator.

tote bag, [Colloq.], جانتای دەستی نەختێن گەورە

totem (tō′təm), *n.* (١) تۆتەم گیاندارێك یا پووەكێك یا شتێكی تره كه هەر خێڵو هۆزێكی هیندی نەمەریكایی دەیان كرد به دروشمی خۆیان، گوایه له بنچینەدا خزمن. (٢) وێنەی ئەم دروشمه. (٣) چەند خێڵ یا هۆزێكه كه هەمان دروشمیان بۆ خۆیان هەڵبژاردبێ. (٤) دروشمێكی پیرۆز

-totemic *(adj.).*

totemism (tō′təm-iz′m), *n.* (١) بڕوا بوون به " تۆتەم " و پەیوەندی خێڵایەتی بەرێزی " تۆتەم " ەوە. (ووشەی پێشوو ببینه). (٢) جیاكردنەوەی خێزان و خێڵ و هۆز بەگوێرەی ئەو " تۆتەم " ەی كه دروشمیانه (٣) زانا و پژمێكی كۆمەڵایەتی لەسەر " تۆتەم " دانراو.

-totemist *(n.)*; **totemistic** *(adj.).*

totem pole, (١) ستوونی تۆتەمی ستوونێكه هیندیەكانی نەمەریكا دروشمی تۆتەم " ی خێڵەكەیان لەسەر هەڵدەكەندو لەبەردەمی ماڵەكانیاندا دایان دەچەقاند (٢) [Slang]، پلەوپایه، بەرزو نزمی پلەوپایه؛ گەورەو بچووكی. *(He is the lowest man on the ~.)*

totipalmate (tō′ti-pal′māt), *adj.* پەنجه تەنراو ووەك مراوی و قاز؛ پەنجەكانی پێی هەموو به پەردە لێكدراون

n. باڵندەی پەنجه تەنراو

-totipalmation *(n.).*

totter (tot′ēr), *v.i.* (١) (ا) بەم لا و بەولادا كەوتن؛ لارەولارکردن (ب) نزیكی كەوتن بوون؛ شلۆق بوون؛ نزیكی ڕووخان: *(a ~ing empire)*. (٢) لەترادار؛ بە لارەولار بڕۆیشتن. (٣) دوودڵی كردن؛ ڕاڕایی كردن.

n. لەتر، لەتردان

tottering (tot′ēr-iŋ), *adj.* (١) (ا) پەریووت؛ خەریكه دەڕووخێ: *(a ~ building)* (ب) لەرزۆك؛ لەتراوی (٢) شلۆق، نزیكی ڕووخانه *(a ~ regime)*

tottery (tot′ēr-i), *adj.* شلۆق، لەرزۆك

toucan (tōō′kan, too-kän′, tōō′kən), *n.* توكان باڵندەیەكی ڕەنگاوڕەنگی دەنووك زل و نوشتاوەی ناوچه گەرمەكانی نەمەریكایه.

touch (tuch), *v.t.* (١) دەست لێدان؛ دەست تێوەدان؛ به دەست هەست پێ كردن ٢) لێدانی دوو شت له یەكتر. (٣) دەست خستنه سەر (نەخۆشێك لەلایەن كەسێكی پیرۆزەوه بۆ چاكبوونەوه). (٤) بەركەوتن؛ لێكەوتن؛ لێدان (٥) سنوور لێكدان؛ لێكدان؛ سنوور پێكەوەبوون (٦) به نەسپایی لێدان یا پیاكێشان. (٧) كارتێكردن؛ لابردن *(Water won't ~ these grease spots.)*. (٨) نەختێك زیان لێدان: *(Frost ~ed the plants.)*. (٩) تاقیكردنەوه به سەنگی محەك (زێڕ و زیو). (١٠) نیشانەكردنی زێڕو زیوی تاقیكراوه. (١١) نامێزی مۆسیقا لێدان. (١٢) وێنەكێشان یا دەستكاری كردن (به فڵچه یا پێنووس). (١٣) ڕەنگ كردن (١٤) وەستان بۆ ماوەیەك (كەشتی له بەندەردا). (١٥) دەستكاری كردن؛ لاقەكردن؛ دەست تێوەدان؛ توخن كەوتن. (١٦) به خراپی دەستكاری كردن یا بەكارهێنان؛ زیان پێ گەیاندن. (١٧) چەشتن؛ دەست تێوەدان: *(He didn't ~ his supper.)*. (١٨) گەیشتن؛ خو لێدان (١٩) شان له شان دان؛ هاوتایی كردن: *(My cooking can't ~ yours.)*. (٢٠) لێ سەندن؛ بردن (٢١) ناوبردن؛ باسكردن بەسەرپێیی. (٢٢) پەیوەندی پێوەبوون؛ كارتێكردن: *(a subject that ~es us all)*. (٢٣) نەختێك خوو ڕەوشت خراپ كردن (٢٤) نەختێك مێشك تێكدان یا شێت كردن؛ سەر لێدان: *(~ed in the head)*

(٢٥) هەست جوولاندن؛ كارتێكردن؛ دڵ ڕاكێشان. (٢٦) وورووژاندن؛ پەستكردن؛ زیزكردن. (٢٧) [Slang]، داوای پاره یا قەرز لێ كردن و وەرگرتنی. (٢٨) بەركەوتن (ئەندازه)؛ لێدان.

(١) دەست خستنه سەر (نەخۆشێك لەلایەن كەسێكی پیرۆزەوه بۆ چاكبوونەوه). (٢) بەركەوتن؛ لێدان؛ لێكەوتن. (٣) بەركەوتن (ئەندازه). *v.i.*

(١) (ا) دەست تێوەدان؛ دەست لێدان؛ به ناستەم دەست پێدان؛ دەست لێدران. (ب) به ناستەم فڵچه بەركەوتن (وێنەكێشان). (٢) هەستی دەست لێدان؛ هەستی بەركەوتن. (٣) هەست. (٤) (ا) هەستی گۆڕین له نەجامی دەست لێداندا. (ب) گۆڕینێكی كەم له تابلۆ، وێنه، یا چیرۆكێكدا. (٥) (ا) نەختێ؛ تۆزێك؛ تۆزقاڵێك: *(a ~ of salt in the food; a ~ of madness)* (ب) نەختێك (نەخۆشی)؛ تۆزێك: *(a ~ of fever, the flu, etc.)*. (٦) (ا) سەنگی محەك. (ووشەی " touchstone " ببینه). (ب) چۆنێتی زێڕ یا زیوی تاقیكراوه. (ج) دامغه یا نیشانەی له زێڕو زیو دراو پاش تاقیكردنەوەیان. (٧) (ا) داوای پاره، قەرز؛ یا بەخشیش كردن. (ب) پاره، قەرز، بەخشیشی وەرگیراو بەم جۆره. (٨) (ا) شێوەی پیانۆ لێدانی كەسێك: *(a light ~)*. (ب) شێوەی لێدرانی پیانۆ: *(a piano with a heavy ~)*.

in touch with, پەیوەندی لەگەڵ بوون؛ ئاگا لێ بوون.

out of touch with, پەیوەندی لەگەڵ نەبوون؛ ئاگا لێ نەبوون.

touch at, وەستان بۆ نەختێك (كەشتی له بەندەر، ڕێبوار له شوێنێكدا).

touch off, (١) به ڕاستی و تەواوی دەربڕین. (٢) تەقاندن؛ ئاگردان. (٣) بەرپاكردن؛ تەقاندنەوه: *(The unfair policy touched off big demonstrations.)*

touch on (or upon), (١) بەركەوتن؛ لێكەوتن؛ زۆر لێوه نزیك بوونەوه. (٢) پەیوەندی پێوه بوون. (٣) ناوبردن؛ ئاوهێنان؛ به سەرپێیی‌یەوه باسكردن.

touch up, (١) هەست جوولاندن (به دەست لێدان)؛ هاندان؛ بزواندن. (٢) چاك كردن به دەستكاری كردن؛ ڕێك‌وپێك كردن (به بۆیەی تر لێدان): *(to touch up a painting)*

touch-and-go (tuch′ən-gō′), *adj.* (١) پەله؛ به پەله؛ لامسەرلایی؛ پەله‌پرووزی. (٢) پڕ له مەترسی؛ هات‌ونەهات؛ دووبەختی.

touch and go, (١) كارێكی پەله یا لامسەرلایی. (٢) بارودۆخێكی پڕ له مەترسی یا دووبەختی.

touch down, نیشتنەوه (فڕۆكه، كەشتی هەوایی).

touchdown (tuch′doun′), *n.* (١) گۆڵ كردن (فوتبۆڵی نەمەریكی)؛ گۆڵ. (٢) نیشتنەوه (فڕۆكه، كەشتی هەوایی). (٣) كاتی نیشتنەوه.

touched (tucht), *adj.* (١) هەست جوولاو؛ كارتێكراو. (٢) سەری لێ داوه؛ شێتۆكه؛ تێكچوو.

touch football, فوتبۆڵی دەست: یاریەكی فوتبۆڵی نەمەریكی‌یه به دەست دەكرێ.

touchhole (tuch′hōl′), *n.* كونی ئاگردان (چەكی ئاگرین و توپی كۆن).

touching (tuch′iŋ), *adj.* هەست جوولێن؛ كارتێكەر: *(a ~ story, scene, etc.)*

n. (١) دەست تێوەدان؛ دەست لێدان. (٢) هەستی دەست لێدان؛ هەستی بەركەوتن.

prep. [Archaic], دەربارەی؛ له بابەت؛ له ڕووی؛ سەبارەت به.

touch-me-not (tuch′mi-not′), *n.* چەند جۆره ڕووەكێكن ئەگەر به گەیوی دەست له كەلووی تۆوەكانیان بدرێت دەتەقێنەوه.

touchstone (tuch′stōn′), *n.* (١) سەنگی محەك: بەردێكی ڕەشه

زێڕو ڕیوی پێ ئاقی دەکرێتەوە. (٢) ئاقیکردنەوە؛ پێوانە.

touchwood (tuch′wood´), *n.* پووشوو

touchy (tuch′i), *adj.* (١) تووڕەوتڕۆ؛ تەنگە جیکلاّنە؛ دل ئاسك؛ تۆرینوك ٢) زوو خنووکەی دێت (ئەندامی لەش).

(٣) (ا) پڕ مەترسی؛ هاتونەهات؛ دووبەختی: *(a ~ situation)* .

(ب) ئاسك (باس): *(a ~ subject)* .

(٤) زووگرگر

-touchily *(adv.)*; **touchiness** *(n.)*.

tough (tuf), *adj.* (١) جێ؛ پتەو؛ قایم.

(٢) کاڵوکرچ؛ نەبڕاو؛ نەکوڵاو؛ جێ: *(~ meat)* .

(٣) لینج

(٤) نۆکمە بەکێش؛ نازا؛ بەکار؛ بەجەرگ؛ نەبەرد؛ چاونەترس؛ نەبەرد.

(٥) سەرسەخت؛ کەللەڕەق؛ قیرسیچمە

(٦) (ا) دڕ شەڕانی. (ب) تووندوتیژ؛ بە زەبر؛ ڕەق.

(٧) قورس؛ گران؛ سەخت؛ دژوار؛ ناخۆش: *(a ~ job, life, etc.)* .

(٨) سەخت؛ ناخۆش: *(a ~ winter)* .

(٩) تووندوتیژ *(a ~ fight)* .

n. شەڕاوە؛ کەسێکی دڕو شەڕانی؛ شەلاتی.

-toughly *(adv.)*; **toughness** *(n.)*.

toughen (tuf′n), *v.t.* پتەوکردن؛ جێرکردن؛ ڕەق کردن؛ بەجەرگ کردن؛ بەهێزترکردن.

v.i. پتەوبوون؛ جێربوونەوە؛ ڕەق بوون؛ چاو نەترسان؛ تووندوتیژ بوون.

toughie, toughy (tuf′i), *n.* (١) کەسێکی دڕ یا شەڕانی

(٢) گیروگرفتێکی سەخت.

tough-minded (tuf-mīn′did), *adj.* نەبەرد؛ نازا؛ دڵی ئالەڕێ؛ شوێن خەیاڵ نەکەوتوو.

-tough-mindedly *(adv.)*; **tough-mindedness** *(n.)*.

toupee (tōō-pā′, tōō-pē′), *n.* بارۆکە؛ قژی دەستکرد؛ کلاوقژ.

tour (toor, tōōr), *n.* (١) شەفت (کارگە)؛ نۆرە (کار).

(٢) ماوەی کارکردن لە شوێنێکدا (بەتایبەتی سەربازو نەفسەر).

(٣) گەشت (بەتایبەتی بە کۆمەڵ و سەردان لە شوێنی میژوویی و خۆش و ناودار؛ گەڕان. ٤) کۆمەڵە گەشتیاری وەها پێکەوە.

(٥) گەڕانێکی کورت بە شوێنێکدا؛ پیاگەڕان:

(He gave his guests a ~ of the house.)

(٦) گەشت یا گەڕانی تیپێکی شانۆگەری (بۆ پێشکەش کردنی شانۆنامە لە چەند شار یا وڵاتێکدا).

v.i. گەشت کردن؛ گەڕان؛ چوون بۆ گەشت.

v.t. (١) گەشت کردن؛ پێدا گەڕان.

(٢) تیپی شانۆگەری گەڕاندن بە شاراندا.

on tour, لە گەڕانە؛ چووە بۆ گەشت

touraco (tōō′rä-kō´), *n.* *Also* turaco, باڵندەیەکی ڕەنگاوڕەنگی ناوچە گەرمەکانی ئەفریقایە (لە توخمی پەپوو).

tourbillion (toor-bil′yən), *n.* (١) (ا) گێژەڵوکە (ب) گێژاو؛ گەردا. (٢) فیشەکە شێتەیەکە بە پێچ پێچ دەچێ بە ئاسماندا.

tour de force (tōōr´ də fôrs′), [Fr.], کارێکی زیرەکانەو نازایانە؛ شاکار؛ کارێکی لێهاتووانەو بلیمەتانەو بەتوانایانە.

touring car, ئوتومبیلی گەشت؛ ئوتومبیلێکی کۆن باوی سەربەتاڵە جێی پێنج تا شەش کەسی تێدا دەبێتەوە.

tourism (toor′iz'm, tōōr′iz'm), *n.* گەشت وگوزار؛ گەشتیاری؛ گەڕان

tourist (toor′ist, tōōr′ist), *n.* گەشتیار؛ گەڕیدە؛ گەشتەوەر.

adj. (١) گەشتەوەری؛ هی گەشتیار.

(٢) گەشتیاری؛ هەرزان (بلیتی هۆی هاتوچۆ).

tourist class, پلەی گەشتەوەری (لە شەمەندەفەرو کەشتی و فڕۆکەدا).

tourmaline (toor′mə-lin, toor′mə-lēn´), *n.* تورمالین

بەردێکی نیمچە بەنرخی هەمەڕەنگە.

tournament (toor′nə-mənt, tūr′nə-mənt), *n.* (١) ڕمبازێنی ئەسپ سوارانی سەدەی ناوەڕاست؛ ملەملێی ئەسپ سوار بە ڕمەوە.

(٢) پێشبڕکێی وەرزش؛ زنجیرە پێشبڕکێ یا بۆڕبۆڕێنی نێوان وەرزشکاران.

tourney (toor′ni, tūr′ni), *n.* = **tournament.**

v.t. ڕمبازێن کردن؛ بەشداربوون لە پێشبڕکێ یا بۆڕبۆڕێنێکدا.

tourniquet (toor′ni-ket´, tūr′ni-kā´), *n.* دەماربەست (بۆ خوێن وەستان)؛ دەماربەند.

tousle (tou′z'l), *v.t.* *Also* touzle, قژ بژکردن؛ قژ تێکدان

n. قژی بژو دانەهێنراو؛ قژ تێکچوو.

tout (tout), *v.i.* (١) [Colloq.] ، بە بێ شەرمانە گەڕان بۆ کڕیار یا دەنگ لە هەڵبژاردندا.

(٢) [Slang]، (ا) سووسەکردن دەربارەی نەسپی غارغارێن (بۆ گرەو بردنەوە).

(ب) سووسە فرۆشتن دەربارەی نەسپی غارغارێن (بۆ گرەو بردنەوە).

v.t. (١) [Colloq.] ، پیاهەڵدان؛ بە شانو باڵدا هەڵدان:

(He was ~ed as the most brilliant military leader.)

(٢) [Slang]، (ا) سووسەکردن دەربارەی نەسپی غارغارێن (بۆ گرەو بردنەوە:

(ب) سووسە فرۆشتن دەربارەی نەسپی غارغارێن (بۆ گرەو بردنەوە)

n. کەسێکە سووسە دەکات و دەیفرۆشێ دەربارەی نەسپی غارغارێن (بۆ گرەو بردنەوە).

-touter *(n.)*.

tout à fait (tōō´tå fe′), [Fr.], بەتەواوی؛ هەمووی.

tout le monde (tōō´ lə mōnd′), [Fr.]. هەموو کەس؛ هەموو جیهان؛ گشت کەس.

touzle (tou′z'l), *n. & v.t.* tousle.

tovarisch (tō-vär′ish), *n.* هاوڕێ (نازناوی شیوعی).

tow (tō), *v.t.* ڕاکێشان (بە زنجیر یا گوریس)؛ ڕاکێشان بە دوای خۆدا:

(to ~ a damaged ship into port; to ~ a car)

n. (١) ڕاکێشان؛ ڕاکێشران؛ ڕاکێشان بە دوای خۆدا.

(٢) شتی ڕاکێشراو (ئوتومبیل یا کەشتی پەک کەوتوو).

(٣) towline .

in tow, (١) پاداکێشرێت؛ خەریکە پاداکێشرێت.

(٢) لە دواوەیە؛ بە دواوەیەتی. (٣) لەژێر ڕکێف یا سەرپەرشتیدایە.

tow (tō), *n.* ڕیشاڵی بێ کەڵکی کەتان و گوش.

adj. هی ئەم جۆرە ڕیشاڵە.

towage (tō′ij), *n.* (١) ڕاکێشان؛ ڕاکێشران (٢) کرێی ڕاکێشان.

toward (tôrd, tō′ĕrd), *prep.* (١) بەرەو؛ ڕووەو؛ بەرەو ڕوو.

(٢) بۆ نەو مەبەستە؛ بەرەو نەو مەبەستە؛ بەرەو:

(efforts ~ a peaceful settlement; steps ~ peace)

(٣) بەرامبەر بە؛ دەربارەی: *(her attitude ~ me)* .

(٤) نزیک (کات)؛ دەمەو: *(They left ~ four o'clock.)* .

(٥) بۆ؛ بە نیازی؛ بە تەمای *(They are saving ~ a new car.)* .

adj. *Also* towards, [Archaic or Rare], (١) بەرەو؛ بەهات؛ باش؛ لەبار.

(٢) ئامادەیە بۆ فێربوون؛ هیوای لێ دەکرێ.

(٣) گوێ ڕایەڵ؛ ملکەچ. (٤) نزیک (ڕووداو)؛ خەریکە ڕووبدات یا ببێت.

(٥) خەریکە بکرێت.

towardly (tôrd′li, tō′ĕrd-li), *adj.* [Arch. or Rare], (١) بەرەو؛ بەهات؛ باش؛ لەبار. (٢) گوێ ڕایەڵ؛ ملکەچ؛ دەستەمۆ.

(٣) هیوای فێربوونی لێ دەکرێ.

-towardliness *(n.)*.

towards (tôrdz, tō′ĕrdz), *prep.* toward.

towboat (tō′bōt´), *n.* = tugboat.

towel (tou′l, toul), *n.* خاوڵ.

v.t. بە خاوڵ ووشك کردنەوە

toweling, towelling (toul′iŋ, tou′l-iŋ), *n.* قوماشی خاوڵ.

tower (tou′ĕr), *n.* (۱) برج؛ منارە. (۲) قوللە؛ قەلا. (۳) کەسێکی بەرز. مەزن. یا بەشکۆ.
v.i. بەرزبوونەوە؛ بەرزتربوون لە دەوروپشت؛ بڵندبوون.
tower (tō′ĕr), *n.* پاکێشی (مرۆڤ، شت).
towering (tou′ĕr-iŋ), *adj.* (۱) زۆر مەزن؛ بڵند. (۲) مەزن؛ دەرکەوتوو؛ لێهاتوو. (۳) تووند وتیژ؛ توند؛ ئێجگار زۆر. *(a ~ rage)*
towery (tou′ĕr-i), *adj.* (۱) برج برج؛ برحدار. (۲) زۆر بەرز؛ بڵند.
towhead (tō′hed′), *n.* (۱) سەری سپی؛ سەری سپیکار یا قژکاڵ؛ سەری بژ و بانەمێنراو. (۲) کەسێکی قژ سپی یا کاڵ
-towheaded *(adj.).*
towhee (tou′hē, tō′hē), *n.* فیسقەگولەی نەمەریکی
tow wit, واتا
towline (tō′līn′), *n.* گوریس یا زنجیری پاکێشان.
town (toun), *n.* (۱) [Dial.] دێ؛ گوند؛ کوێرەدێ. (۲) شارۆچکە. (۳) [Colloq.]. شار. (٤) [British]. دێیەک کە بازاڕی هەبێت
(٥) ناوشار؛ ناوبازار *(. ~ I'm going into)*
(٦) شار یا شارۆچکەی ناوبراو *(. ~ They just got into)*
(۷) دانیشتووانی شار؛ خەڵکی شار.
adj. شاری؛ هی شار؛ تایبەتی بە شارۆچکە یا شارێک.
go to town, [Slang]. (۱) بەر بۆ حۆ بەرەڵاکردن؛ بەلەسە بوون؛ پەت پچڕاندن. (۲) زۆر سەرکەوتوو بوون؛ سەرکەوتن
(۳) بە دڵ کوشش کردن یا هەوڵدان؛ خۆ ماندووکردن.
man about town, کەسێکی خۆش گوزەرانی بێ نیشوکار کە هەر بە دوای رابو ردندا دەگەڕێ.
on the town, [Slang]. خەریکی رابواردنە لە ناوشاردا؛ دەگەڕێ بە شوێنی رابواردنی ناوشاردا (بەتایبەتی بە شەو).
paint the town red, [Slang]. خواردنەوەو بەزمووڕەزم گێڕان
town car, ئوتومبێلێکی کەشخەی زلە کورسی دواوەی جیاکراوەتەوە لە هی پێشەوە
town clerk, تۆمارنووسی شارەوانی؛ فەرمانبەری تۆمارنامەی شارەوانی.
town crier, جارچی
town hall, فەرمانگەی شارەوانی (کە هۆڵێکی گەورەی تێدایە بۆ کۆبوونەوەی گشتی)
townhouse (toun′hous′), *n.* = **town hall.**
town house, (۱) خانووی ناوشار؛ مانی ناوشار. (۲) خانوویەکە لە زنجیرە خانوویەک کە دیوارەکانیان پێکەوەیەو زۆربەی جاریش دوو نهۆمن
townlet (toun′lit), *n.* شارۆچکەی بچووک.
town meeting, (۱) کۆبوونەوەی گشت خەڵکی شار. (۲) کۆبوونەوەی دەنگدەرانی شار (بۆ لێکۆڵینەوەی کاروباری شار).
townsfolk (tounz′fōk′), *n.* = **townspeople.**
township (toun′ship), *n.* (۱) شارۆچکە. (۲) ناوچەیەکی شارەوانییە وەک " ناحیە " (لە نەمەریکاو کەنەدا).
townsman (tounz′mən), *n.* (۱) شاری؛ خەڵکی شار؛ شارستانی؛ دانیشتووی شار. (۲) هاوشار
townspeople (tounz′pē′p'l), *n.pl.* (۱) خەڵکی شار؛ دانیشتووی شارێک. (۲) شارنشین؛ شارستانی؛ شارستانییەکان. (هەروەها " townsfolk ")
towrope (tō′rōp′), *n.* پەت یا گوریسی پاکێشان.
tow truck, لۆری ئوتومبیل پاکێشان (ئوتومبیلی پەککەوتوو)
tox- (toks), پێشگرێکە بەمانای: ژەهر. *(toxemia)*
toxaemia (tok-sē′mi-ə), *n.* toxemia.
toxalbumin (toks′al-bu′min), *n.* ماددەیەکی پرۆتینی ژەهرینە
toxemia (tok-sē′mi-ə), *n.* تۆکسیمیا. ژەهراوی بوونی خوێن (بەهۆی نەخۆشی ئەندامێکی لەشەوە).
toxemic (tok-sē′mik, tok-sem′ik), *adj.* (۱) تایبەتی بە خوێن ژەهراوی بوون (بەهۆی نەخۆشی ئەندامێکی لەشەوە). (۲) خوێن ژەهراوی
toxic (tok′sik), *adj.* (۱) تایبەتی بە ژەهر؛ ژەهری. (۲) ژەهرین؛ ژەهراوی؛ زەهرین.
toxicant (tok′si-kənt), *adj.* ژەهرین؛ ژەهراوی؛ زەهرین. *n.* ژەهر؛ زەهر.
toxication (tok′si-kā′shən), *n.* ژەهراوی کردن؛ ژەهر لێدان؛ ژەهرانخواردبوون.
toxicity (tok-sis′ə-ti), *n.* ژەهرێتی؛ پلەی ژەهرێتی؛ ژەهراوێتی.
toxico- (tok′si-kō, tok′si-kə), *Also* toxic-, پێشگرێکە بەمانای: ژەهر. *(toxicogenic)*
toxicogenic (tok′si-kō-jen′ik), *adj.* (۱) لە ماددەیەکی ژەهرینەوە پەیدابووە. (۲) ژەهردەردەر؛ ماددەی ژەهرین لێ پەیدابوو.
-toxicogenical *(adj.).*
toxicology (tok′si-kol′ə-ji), *n.* ژەهرناسی؛ زانیاری ژەهرو ژەهراوی بوونو چارەکردنی.
-toxicological *(adj.).*
toxicologist (tok′si-kol′ə-jist), *n.* ژەهرناس؛ زانای ژەهر.
toxicosis (tok′si-kō′sis), *n.* ژەهراوی بوون؛ ژەهرانخواردبوون؛ ژەهر لێدان.
toxin (tok′sin), *n.* تۆکسین: (ا) ژەهرێکە لە بەکتریای نەخۆشیەوە لە لەشدا پەیدا دەبێت. (ب) ژەهری گیاندار (وەک مار).
toxin-antitoxin (tok′sin-an′ti-tok′sin), *n.* ژەهرو دژە ژەهر: دەکرێتە لەشەوە بۆ پاراستنی لە نەخۆشی بەتایبەتی وەناق.
toxine (tok′sin, tok′sēn), *n.* = **toxin.**
toxiphobia (tok′si-fō′bi-ə), *n.* ترسی ژەهرانخواردبوون؛ ترسی ژەهر لێدان.
toxoid (tok′soid), *n.* تۆکسۆید: ژەهرێکی بێ هێز کراوە بە ماددەی کیمیایی دەکرێتە لەشەوە بۆ پاراستنی لە نەخۆشی.
toxophilite (tok-sof′ə-lit′), *n.* تیرەوان؛ تیرهاوێژ؛ تیروکەوانچی؛ تیروکەوانبان.
-toxophilitic *(adj.)*; **toxophily** *(n.).*
toxoplasmosis (tok′sō-plaz-mō′sis), *n.* نەخۆشیەکە تووشی کۆنەندامی هەستە دەماری مرۆڤ (بەتایبەتی مندانی ساوا)و هەروەها سەگو پشیلەو گیانداری شیردەری تر دەبێت.
toy (toi), *n.* (۱) (ا) دەستبازی؛ چاوباشقاڵی. (ب) یاری؛ گەمە. (۲) شتێکی هیچوپووچ یا بێ نرخ. (۳) زۆرزنگیانە؛ شتی رازێنەرەوەی هەرزانبەها. (٤) بووکەشووشە. (٥) کەسێک، گیانەوەرێک، یا شتێکی بچووک (بەتایبەتی سەگ). (٦) [Obs. or Rare]، سەرپێچ یا سەرپۆشی ژنی سکۆتلەندی.
adj. (۱) بووکەشووشەیی؛ وەک بووکەشووشە. (۲) هی یاری: *(a ~ gun)*
v.i. (~ with), یاری پێ کردن: *(to ~ with someone's feelings, an idea, a piece of food, etc.)*
toyon (tō′yən), *n.* دەوەنێکی هەمیشە سەوزی گەڵا بریقەداری گوڵ سپی بەر سوورە.
toyshop (toi′shop′), *n.* فرۆشگای بووکەشووشە؛ دووکانی یاری منداڵان.
trabeated (trā′bi-ā′tid), *adj.* بە دارو دەستەکی ئاسۆیی کراوە نەک بە تاقی کەوانەیی (سەردەرگا، سەربان)
-trabeation *(n.).*
trabecula (trə-bek′yoo-lə), *n.* دیوار یا پەردە (گیانەوەرناسی. پووەکناسی).

-trabecular *(adj.)*.

trace (trās), *n.* (۱) ڕێ؛ ڕێگا؛ ڕێڕەو.
(۲) شوێن پێ؛ جێ پێ؛ شوێنەوار؛ جێ نیشان؛ شوێن.
(۳) ڕەگی هاتوچۆ.
(٤) نیشانە؛ جێ نیشان؛ جێ نیشان؛ پاشماوە؛ *(The war left its ~s .)* .
(٥) نەخت؛ تۆز؛ نەختان؛ تۆسقال؛
(a ~ of anger, mercy, kindness; a ~ of salt)
(٦) نیشانەیەک یا هێڵێکی وێنە کێشراو.
engram (۷)
(۸) تۆسقاڵێکی نەوەندە کەم کە ناتوانرێ بپێورێ (کیمیا).

v.t. (۱) بە ڕێگەیەکدا ڕۆیشتن؛ پێدا ڕۆیشتن.
(۲) (ا) شوێن پێ هەڵگرتن. (ب) سوراخ کردن؛ بۆ گەڕان؛ شوێن هەڵگرتن.
(۳) شوێن کەوتن تا بنج‌وبناوان (ڕووداوێک یا شتێکی مێژووییی لە نێستاوە هەتا کۆن). (٤) گەیشتنە بنج‌وبناوانی شتێک بەم شوێن کەوتنە.
(٥) وێنەکێشان بە هێڵ؛ هێڵ کێشان.
(٦) (ا) وێنە دروستکردن؛ نەخشەکێشان.
(ب) بەسەرداچوونەوە لەسەر نەخشە.
(۷) وێنە لەسەر گرتنەوە (بە کاغەزێکی تەنک خستنەسەر نەخشەیەک‌و بە پێنووس بەسەرداچوونەوەی).
(۸) تۆمارکردن بە هێڵی خواروخێچ (پێوەری بوومەلەرزە).

v.i. (۱) پێدا ڕۆیشتن؛ لەسەر ڕێگایەک ڕۆیشتن
(۲) (~ to). گەڕانەوە بۆ بنج‌وبناوانێکی تایبەتی؛ سەرچاوە هەبوون‌و دۆزرانەوە.

-traceability *(n.)*; traceable *(adj.)*; traceableness *(n.)*.

trace (trās), *n.* (۱) قایشی نەسپ بەستن بە گالیسکەوە.
(۲) شیشی پێ گەیاندن (مەکینە).
kick over the traces, یاخی بوون؛ بەلەسە بوون؛ پەت پچڕاندن.
traceless (trās′lis), *adj.* بێ سەروشوێن؛ شوێنەواری نەبێ؛ جێ نیشانەی نەبێ

-tracelessly *(adv.)*; tracelessness *(n.)*.

tracer (trās′ĕr), *n.* (۱) سوراخکەر؛ فەرمانبەرێکە نیشوکاری بۆ گەڕان‌و دۆزینەوەی شتومەکی وون بووە وەک پۆستە.
(۲) پرسیارنامەیەکە دەربارەی شت یا خەڵکی وون بوو.
(۳) نامێری نەخشەکێش (پێوەری بوومەلەرزە‌و لێدانی دڵ).
tracer bullet (٤)
(٥) بۆرەیەک یا ماددەیەکی تیشکدەرەوەیە لە تاقیکردنەوەدا بەکاردەهێنرێ بۆ باش دەرخستنی کردارەکە (کیمیا، گیانەوەرناسی).
tracer bullet, گوللەی کلکدار گوللەیەکە کە تەقێنرا دووکەڵێک یا پرووناکی‌یەکی بە دواوەیە وەک نەستێرەی کشاو. (هەروەها " tracer ") .
tracery (trās′ĕr-i), *n.* نەخش‌و نیگاری بەیەکداچووی سەر پەنجەرەو دەرگا

trache- (trā′ki), = tracheo- .
trachea (trā′ki-ə, trə-kē′ə), *n.* قوڕقوراگە؛ بۆری هەناسە؛ بۆری هەوا
tracheal (trā′ki-əl, trə-kē′əl), *adj.* قوڕقوراگەیی؛ هی بۆری هەناسە یا هەوا.
tracheitis (trā′ki-ī′tis), *n.* قوڕقوراگە چووزاندنەوە؛ هەوکردنی بۆری هەناسە یا بۆری هەوا.
tracheo- (trā′ki-ō, trə-kē′ə), *Also* trache-, پێشگرێکە بەمانای قوڕقوراگەیی؛ تایبەتی بە بۆری هەوا یا هەناسە *(tracheotomy)* .
tracheotomy (trā′ki-ot′ə-mi), *n.* نەشتەرگەری بۆری هەوا
trachoma (trə-kō′mə), *n.* تەراخۆما؛ چاونێشە؛ وەردێنە
trachomatous (trə-kom′ə-təs), *adj.* تەراخۆمایەتی؛ چاونێشەیەتی
trachyte (trā′kit, trak′it), *n.* بەردێکی ئاگرپژێنی زبرە

-trachytic *(adj.)*.

tracing (trās′iŋ), *n.* (۱) شوێن پێ هەڵگرتن؛ شوێن کەوتن؛ دووکەوتن.
(۲) وێنەی لەسەر دەرکراو (بە پەڕەیەک کاغەزی تەنک خستنەسەر نەخشەیەک‌و بەسەرداچوونەوەی).
(۳) نەخشی کێشراو (بە پێوەری بوومەلەرزە‌و لێدانی دڵ).
tracing paper, کاغەزی تەنک بۆ خستنەسەر نەخشە‌و شتی وەهاو وێنە لەسەر دەکردن.
track (trak), *n.* (۱) شوێن پێ؛ شوێن تایەی ئوتومبیل؛ شوێن.
(۲) نیشانە؛ جێ نیشان؛ جێ نیشانە؛ شوێنەوار؛ پاشماوە.
(۳) ڕێ؛ ڕێگەی زۆر بەسەردا هاتوچۆ کراو؛ ڕێڕەو؛ ڕێچکە؛ زەلامەڕێ
(٤) ڕێبار؛ ڕێ؛ ڕێگا. (٥) زنجیرە؛ بەرودوایی.
(٦) مەیدانی پێشبڕکێ (ڕاکردن، غارغارێن... هتد).
(۷) هێڵی شەمەندەفەرو ترام (۸) ماوەی نێوان تایەی بەرامبەری ئوتومبیل.
(۹) (ا) وەرزشی سەر ڕێڕەو یا مەیدانی دیاریکراو (وەک ڕاکردن‌و بازدان بەسەر کۆسپیدا). (ب) ئەم وەرزشە‌و وەرزشی گۆڕەپان.

v.t. (۱) (ا) شوێن پێ هەڵگرتن. (ب) شوێن کەوتن؛ دووکەوتن؛ شوێن هەڵگرتن.
(۲) سوراخ کردن؛ شوێن کەوتن (بەهۆی نیشانە‌و بەڵگەوە).
(۳) پێدا ڕۆیشتن؛ بە ڕێگەدا ڕۆیشتن؛ گەشت کردن؛ کوتان (ڕێ).
(٤) (~ up)، شوێن پێ بەجێهێشتن؛ جێ نیشانە بەجێهێشتن.
(He ~ed dirt over the floor.) (٥) لە دوای خۆوە بەجێهێشتن.
(٦) هێڵی ئاسن بۆ کردن؛ ڕێی ئاسن بۆ دروستکردن.

v.i. (۱) بە هەمان ڕێگەدا ڕۆیشتن؛ لەسەر ڕێیەک ڕۆیشتن
(۲) ڕێکبوون (ڕەوڕەوە، چەرخ، گێر).
(۳) ئەوندە دوورِبوون لە یەکتری‌یەوە (ڕەوڕەوەی بەرامبەری ئوتومبیل)

adj. (۱) هی هێڵی شەمەندەفەر. (۲) لەسەر ڕێڕەو یا مەیدانێکی دیاریکراو دەکرێت (یاری وەک ڕاکردن‌و بازدان بەسەر کۆسپیدا).

-trackable *(adj.)*; tracker *(n.)*.

in one's tracks, لە شوێنی خۆیدا؛
(He was stopped in his tracks.)
cover up one's tracks, بەڵگەی تاوانکاری لە دوای خۆوە بەجێ نەهێشتن؛ شوێنەوونی کردن
keep track of, ئاگا لێ بوون؛ فەرامۆش نەکردن؛ حساب ڕاگرتن؛ وون نەکردن.
lose track of, ئاگا لێ نەمان؛ فەرامۆش کردن؛ حساب ڕانەگرتن؛ وون کردن؛ بۆ نەڕۆێزدران
make tracks, [Colloq.], بە پەلە ڕۆیشتن.
off the track, لە باس لادان؛ لە مەبەست لادان.
on the track, لە باس لانەدان.
track down, (۱) شوێن پێ هەڵگرتن‌و دۆزینەوە؛ شوێن هەڵگرتن‌و گرتن؛ دووکەوتن. *(to track down a criminal)* .
(۲) بۆ گەڕان‌و دۆزینەوە؛ بە دوادا گەڕان؛ شوێن کەوتن هەتا سەرچاوەکەی‌و دۆزینەوەی.

trackage (trak′ij), *n.* (۱) گشت هێڵی شەمەندەفەری کۆمپانیایەک
(۲) بەکارهێنانی هێڵی شەمەندەفەری کۆمپانیایەک لەلایەن شەمەندەفەری کۆمپانیایەکی تر‌ەوە (۳) کرێ یا مزی ئەم بەکارهێنانە.
track and field, یاری گۆڕەپان‌و مەیدان؛ وەرزشی سەر ڕێڕەو و مەیدانی دیاریکراو (وەک ڕاکردن‌و بازدان بەسەر کۆسپیدا).
(هەروەها پێی دەوترێ: " track ") .
trackless (trak′lis), *adj.* (۱) لەسەر هێڵی ئاسن یا هێڵی دیاریکراو ناڕوات. *(a ~ trolley)* .
(۲) ڕێگەی پێدا ناڕوات؛ شوێن پێ یا جێ نیشانەی هیچ تێدا نەبێ
trackless trolley, = trolleybus.
trackman (trak′mən), *n.* = trackwalker.
track man, وەرزشکاری بەشدار لە ڕاکردن‌و بازدان بەسەر کۆسپیدا.
track meet, پێشبڕکێی ڕاکردن‌و بازدان بەسەر کۆسپیدا‌و وەرزشی

گۆڕەپان

track record, ڕابوردوو و بەرهەمی کەسێک، کۆمپانیایەک: ڕێکخراوێک. یا دەرگایەک... هتد (باش بێ یا خراپ).

trackwalker (trak′wô′kĕr), *n.* پشکنباری هێڵی شەمەندەفەر

tract (trakt), *n.* (١) ماوە. کات. سات: چەرخ (٢) پەلەزەوی: پارچە زەوی (٣) بۆری ناولەش: *(the urinary ~)*. (٤) گۆرانی ناینی (ئایینی کاسۆلیکی).

tract (trakt), *n.* نامیلکە (بەتایبەتی هی پروپاگەندەی ئایینی یا ڕامیاری).

tractable (trak′tə-b'l), *adj.* (١) بە ئاسانی دابێز دەکرێ: ملدەر: ملکەچ: گوێ ڕایەڵ. (٢) نەرم (کانزا): چەکوشخۆر: چۆن بوویسترێ وای لێ دەکرێ

-tractability; tractableness *(n.)*; **tractably** *(adv.)*.

tractate (trak′tāt), *n.* نامیلکە: لێکۆڵینەوە: ووتار

tractile (trak′t'l, trak′til), *adj.* دەکشێنرێت (کانزا): دەکشێت

traction (trak′shən), *n.* (١) (ا) ڕاکێشان: بەسەر ڕێگا یا ڕێگای ئاسندا. (ب) ڕاکێشران (٢) ماسولکە ڕاکێشان (بۆ نێسقان گرتنەوە یا هێنانەوە جێی خۆی). (٣) هێزی ڕاکێشانی مەکینە *(steam ~)*. (٤) پێوەنووسان لەکاتی لێخشاندندا (وەک تایەی ئوتومبیل بە ڕێگاوە یا ڕەوڕەوەی سەمەندەفەر بە هێڵی ئاسنەوە).

(old tires don't have much ~ on wet roads.)

tractive (trak′tiv), *adj.* ڕاکێشەر: هی ڕاکێشان: لە ڕاکێشاندا: بەکاردەهێنرێ

tractor (trak′tĕr), *n.* (١) تراکتۆر (٢) لۆرێیەکی بێ لەشە بۆ شت ڕاکێشان. (٣) فڕۆکەیەکە پەروانەکانی لە پێش باڵەکانیەوەیەتی (هەڕوەها " tractor airplane ").

trade (trād), *n.* (١) (ا) ڕێ. ڕێگە (ب) ڕێباز (٢) پیشە (٣) بازرگانی: ئالووێر: کڕین و فرۆشتن: گۆڕینەوە. (٤) خەڵکی هاوپیشە: کەسانی هاوکار و کاسبی (٥) کڕیاران: کڕیار. (٦) سەوداکەری (٧) گۆڕینەوە (٨) *(pl.)* بای بازرگانی

v.i. (١) پیشەوەرێیەک یا بازرگانێیەک گرتنە دەست (٢) بازرگانی لەگەڵ کردن. (٣) گۆڕینەوە: ئالوگۆڕکردن. (٤) [Colloq.] ئ خرین: کڕیاری فرۆشگایەک.

v.t. گۆڕینەوە: ئالووێرکردن.

trade in, گۆڕینەوەی شتی کۆن بە هی تازە و جیاوازی نرخەکە دان (بەتایبەتی ئوتومبیل): *(I traded in my old car for a new one.)*.

trade on (or upon), بەکارهێنان بۆ سوودی خۆ.

trade book, کتێبی بازرگانی. کتێبێکە چاپ دەکرێ و دەفرۆشرێ بە گشت خەڵک نەک بە قوتابخانە.

trade-in (trād′in′), *n.* (١) شتێکە ئالوگۆڕ دەکرێ لەگەڵ یەکێکی تازەتردا و جیاوازی نرخەکەیان دەدرێ (ئوتومبیل، سەهۆڵدان... هتد). (٢) ئالوگۆڕێکی وەها.

trade journal, گۆڤاری پیشەیی

trade-mark (träd′märk′), *n.* نیشانەی بازرگانی: نیشانە یا تامغەی دەرکایەکی بازرگانی تایبەتی

v.t. (١) نەم نیشانەیە یا تامغەیە خستنە سەر فرۆتەنی (٢) تۆمارکردنی نەم نیشانە بازرگانیەیە لە دەزگای تایبەتی میری.

trade name, (١) ناوی بازرگانی فرۆتەنیەک. (٢) ناوێکە وەک نیشانەی بازرگانی بەکاردەهێنرێ. (٣) ناوی بازرگانی کۆمپانیایەک یا دەزگایەک

trade-off (trād′ôf′), *n.* ئالوگۆڕ (بەتایبەتی ئالوگۆڕکردنی شتێکی پێویست یا باش بە یەکێکی پێویستر یا باشتر)

trader (trād′ĕr), *n.* (١) بازرگان (٢) کەشتی بازرگانی (٣) کەسێکە کە ڕوو ڕوو بەشی بۆرسە یا پارەبازی دەکرێت و دەفرۆشێتەوە (بۆ خۆی نەک وەک دەڵاڵ)

trade route, ڕێگای بازرگانی (کەشتی و کاروان... هتد).

tradescantia (trad′es-kan′shi-ə), *n.* جۆرە ڕووەکێکی گوڵ ڕەنگاوڕەنگە.

trade school, قوتابخانەی پیشەیی.

tradesman (trādz′mən), *n.* (١) پیشەوەر: پیشەساز: پیشەگەر. (٢) دوکاندار: فرۆشگاچی: بازرگان: کاسب.

tradespeople (trādz′pē′p'l), *n.pl.* دوکانداران: فرۆشگاچیان: بازرگانان.

trades union, [British], = **trade union.**

tradeswoman (trādz′woom′ən), *n.* دوکانداری ژن: ژنە دوکاندار.

trade-union (trād′ūn′yən), *adj.* هی یەکێتی کرێکاران

n. یەکێتی کرێکاران.

trade union, یەکێتی کرێکاران.

trade unionist, (١) ئەندامی یەکێتی کرێکاران. (٢) لایەنگری یەکێتی کرێکاران.

-trade unionism.

trade wind, بای بازرگانی.

trade up, گۆڕینەوەی شتێکی نەختێک کۆن بە هی تازەترو باشتر (وەک ئوتومبیل).

trading post, مەڵبەندی ئالووێر: دوکانێکە لە ناوچەیەکی تەریک و کەم ئاوەدانیدا بۆ ئالووێرکردن لەگەڵ خەڵکی ناوچەکەدا.

trading stamp, پووڵ گۆڕینەوە: پووڵێکە بازرگان دەیدات بە کڕیارەکانی و ئەوانیش دەتوانن بیگۆڕنەوە بە فرۆتەنی لە فرۆشگاکانی هەمان بازرگاندا.

tradition (trə-dish′ən), *n.* (١) ناپاکی: هاوکاری کردن لەگەڵ دوژمنداد. (٢) بۆ بەجێهێشتن یا بۆ مانەوەی خوو نەریت و کەلەپووری پشتاوپشت. (٣) نەریتی کۆمەڵایەتی: پاشماوەی دێرین: نەریتی کۆن: خوو نەریتی کۆمەڵایەتی کۆن: پاشماوەی دێرین. (٤) دەستوورو نەریتی کۆنی هونەرو وێژەو شانۆگەری... هتد. (٥) تاپۆی خانوو و زەوی وزار خستنە سەر خاوەنە تازەکەی. (٦) (ا) ئامۆژگاریەکانی مووسا. (ب) ئامۆژگاریەکانی عیسا. (ج) ئامۆژگاریەکانی پێغەمبەر.

traditional (trə-dish′ən-'l), *adj.* ***Also*** **traditionary,** بەپێی نەریت و دەستووری کۆن: لەسەر خوو نەریتی کۆمەڵایەتی کۆن: کۆنباو.

traditionalism (trə-dish′ən-'l-iz′m), *n.* (١) زۆر پەیڕەوی کردنی خوو نەریتی کۆمەڵایەتی کۆن (بەتایبەتی لە ئایندا). (٢) بیروباوەڕێکە دەڵێت: کە خوا سەرچاوەی هەموو زانیاریەک و ئاینێکە

traditionalist (trə-dish′ən-'l-ist), *n.* کەسێکی زۆر پەیڕەوکەری نەریت و دەستووری کۆن.

traditionally (trə-dish′ən-'l-i), *adv.* بەپێی خوونەریتی کۆن: بەگوێرەی دەستووری کۆمەڵایەتی کۆن: بە ئاسایی: هەر لە کۆنەوە.

traditionalize (trə-dish′ən-'l-īz′), *v.t.* کردن بە بەشێک لە نەریت و دەستووری کۆمەڵایەتی کۆن.

traditionary (trə-dish′ən-er′i), *adj.* - **traditional.**

traditor (trad′ə-tĕr), *n.* خاچ پەرستی ناپاک (کە هاوکاری دەکرد لە کۆندا لەگەڵ ڕۆمانەکان دژی هاوئایینەکانی خۆی).

traduce (trə-dōōs′, trə-dūs′), *v.t.* لەکەدارکردن: ناو پیس کردن: ناو زڕاندن: ئابڕووبردن: بوختان بۆ کردن.

-traducement *(n.)*; **traducer** *(n.)*.

traducianism (trə-dōō′shən-iz′m, trə-dū′shən-iz′m), *n.* بیروباوەڕێکی ئایینیە دەڵێت: کە ئادەمیزاد گیان و لەشی لە دایک و باوکیەوە بۆ هاتووە.

traffic (traf′ik), *n.* (١) (ا) فرۆتەنی گواستنەوە. (ب) بازرگانی لەگەڵ جێی دوورد. (٢) ئالووێر: کڕین و فرۆشتن: بازرگانی

trafficker (traf′ik-ēr), *n.* بازرگان ئالوگۆڕکەر؛ سەوداگەر.
traffic light, چرای هاتوچۆی ئوتومبیل لەسەر شەقامەکان.
traffic signal, = traffic light.
tragacanth (trag′ə-kanth′), *n.* (۱) کەتیرە.
(۲) منجەک یا ڕووەکی کەتیرە.
tragedian (trə-jē′di-ən), *n.* (۱) نووسەری شانۆنامەی خەماوی؛ نووسەری شانۆگەری کارەساتی یا تراجیدی.
(۲) نوێنەری شانۆنامەی خەماوی یا کارەساتی.
tragedienne (trə-jē′di-en′), *n.* نوێنەری ژنی شانۆگەری خەماوی یا کارەساتی
tragedy (traj′ə-di), *n.* (۱) شانۆنامەی خەماوی؛ شانۆگەری کارەساتی یا تراجیدیا؛ تراجیدیا. (۲) شانۆنامەی خەماوی بەگشتی.
(۳) چیرۆکی خەماوی یا کارەساتی.
(٤) کارەسات؛ کارەبەهات؛ وەی؛ ڕووداوی زۆر ناخۆش یا جەرگبڕ.
tragic (traj′ik), *adj. Also* tragical, (۱) هی شانۆنامەی خەماوی؛ وەک یا تایبەتی بە شانۆگەری کارەساتی.
(۲) نووسەری چیرۆکی خەفەتاوی؛ لە شانۆگەری کارەساتیدا خۆنوێن:
(a ~ poet)
(۳) بۆ شانۆگەری کارەساتی شیاو: *(a ~ voice)* .
(٤) کاردساتی؛ خەفەتاوی؛ زۆر ناخۆش؛ پەش:
(a ~ accident, day, etc.)
-tragically *(adv.).*
tragic flaw, خەوشی کارەساتی. کەموکووڕییەکە لە قارەمانی شانۆنامەی خەماویدا کە دەبێتە هۆی کەوتنی.
tragicomedy (traj′i-kom′ə-di), *n.* تراجیدی کۆمیدی: شانۆنامەی خەماوی‌و پێکەنینباوی.
tragicomical (traj′i-kom′i-k'l), *adj. Also* tragicomic, هی شانۆگەری کارەساتی‌و گاڵتەجاڕی؛ خەماوی‌و پێکەنینباوی؛ خۆش‌و ناخۆش.
-tragicomically *(adv.).*
tragopan (trag′ə-pan′), *n.* قرقاڵی ئاسیایی: باڵندەیەکی ڕەنگاورەنگی خاڵ خاڵاوی‌یە ئەوەندەی کەڵەشێرێکە.
tragus (trā′gəs), *n.* چۆقڵی کرکراگەی گوێ (کە نزیک کونی گوێچکەیە).
trail (trāl), *v.t.* (۱) (۱) بە دوای خۆدا ڕاکێشان.
(ب) بە دوای خۆدا هێنان: *(He ~ed dirt into the house.)* .
(۲) ڕێگە کردنەوە یا نیشانەکردن؛ ڕێگە نیشانەکردن (بە پێدا ڕۆیشتنی).
(۳) شوێن کەوتن؛ دووکەوتن؛ لەسەر هەمان ڕێ ڕۆیشتن.
(٤) لە دواوە بوون (پێشبڕکێ)؛ دواکەوتن؛ دوراندن؛ بەجێمان.
(٥) ڕاوکردن بە شوێن پێ هەڵگرتن؛ شوێن پێ هەڵگرتن.
v.i. (۱) لە دواوە شۆڕبوونەوە؛ بە دوادا داکەوتن.
(۲) تەرز فرێدان بەسەر زەویدا؛ خشان بەسەر زەویدا.
(۳) بڵاوبوونەوە یا درێژبوونەوە بە ناڕێک‌وپێکی.
(٤) لێوە هاتنە دەرەوە وەک هێڵێک:
(Smoke ~ed from the chimney.)
(٥) خۆ بەکێش کردن؛ بە گران ڕۆیشتن.
(٦) لە دواوە بوون (پێشبڕکێ)؛ دواکەوتن؛ بەجێمان.
(۷) شوێن کەوتنی نێچیر (تانجی، سەگی ڕاو)؛ شوێن پێ هەڵگرتن.
n. (۱) پاشکۆ؛ کلک؛ شتی ڕاکێشراو لە دواوە
(۲) شوێن پێ؛ شوێنەوار؛ بۆنی بەجێماو؛ جێ نیشانە؛ پاشماوە.
(۳) قاچاخچێتی. (٤) سەوداگەری.
(٥) (۱) هاتوچۆی ڕێگەوبان (ئوتومبیل، خەڵک... هتد).
(ب) گشت ئوتومبیل‌و خەڵک‌و کەشتی... هتد کە بەڕێوەن.
(٦) ڕێنوارو باری گوێزراوە لەلایەن کۆمپانیایەکەوە.
trail blazer, هی هاتوچۆ؛ تایبەتی بە هاتوچۆی ڕێگەوبان: *(a ~ policeman)* .
v.t. (۱) (in ~). شت کڕین‌و فرۆشتن بە قاچاخ؛ قاچاخچێتی کردن.
(۲) (with ~). سەودا لەگەڵ کردن؛ سەوداگەری کردن؛ ئالوگۆڕ لەگەڵ کردن.
trailer (trāl′ēr), *n.* (۱) پاشکۆ (مرۆڤ، گیانەوەر، شت... هتد)؛ کلک؛ دووکەوتوو. (۲) واگۆن یا عەرەبانەیەکە بە ئوتومبیل ڕادەکێشرێ بۆ شت گواستنەوە؛ تریلە. (۳) ژوورێک یا خانووچکەیەکی ڕەوڕەوەدارە بە ئوتومبیل ڕادەکێشرێ بۆ تێدا ژیان (لە گەشتی دووردا‌و لە ئاوەدانیشدا)
(٤) دیمەنێکی کورتی فیلمێکە پێشان دەدرێ پێش فیلمەکە خۆی لە جار بۆدانی فیلمەکەدا.
trailer camp, = trailer park.
trailer park, هەوارگەی تریلە. (ژمارە سێی ووشەی پێشووتر ببینە).
trailing arbutus, ڕووەکێکی خشۆکی هەمیشە سەوزی گوڵ پەمەیی‌یە.
trailing edge, قەراغی دواوەی فڕۆکە. پەروانە... هتد.
trailing plant, ڕووەکی خشۆک؛ ڕووەکی پێدا هەڵگەڕاو.
trail rope, گوریس یا پەتی ڕاکێشان.
train (trān), *n.* (۱) (۱) کلک یا دامێنی دواوەی درێژی بە زەمیندا خشاو.
(ب) کلکی درێژی باڵندە: *(the ~ of a peacock)* .
(ج) زنجیرە شتی لە دواوە ڕاکێشراو. (د) کلک؛ پاشکۆ.
(۲) دەست‌وپێوەند؛ ڕیزە بەردەستی پیادە.
(۳) کاروان؛ ئاژەڵ‌و وڵاخی ڕێچکە بەستوو.
(٤) ئوتومبیل‌و وڵاخ‌و خەڵکی کەرەسە‌و تفاق هەڵگری سوپا
(٥) زنجیرە ڕووداو؛ چەند ڕووداوێکی دوای ڕووداوێکی گەورە.
(The war brought famine and disease in its ~ .)
(٦) زنجیرە: *(a ~ of thought)* .
(۷) زنجیرە پارچەی مەکینە: *(a ~ of gears)* .
(۸) شەمەندەفەر. (۹) هێڵی بارووت (بۆ ئاگردانی تەقەمەنی).
v.t. (۱) [Rare] ، بە دوای خۆدا ڕاکێشان؛ ڕاکێشان.
(۲) پەروەردەکردنی ڕووەک (بە هەڵپاچین‌و بەستنەوە‌و هەڵواسین بە شتدا)
(۳) پەروەردەکردن؛ بەخێوکردن.
(٤) فێرکردن؛ ڕاهێنان؛ مەشق دادان؛ پەروەردەکردن:
(Nurses are ~ed in this hospital.)
(٥) مەشق دادانی گیانەوەر بۆ شتی سەیرکردن.
(٦) مەشق دادان (وەرزشکار).
(۷) (on ~)، نیشان گرتنەوە.
(۸) [Colloq.]، بە ناوەدست ڕاهێنان؛ ڕاهێنان بۆ پیسایی کردن لە شوێنی خۆیدا (منداڵ، سەگ‌و پشیلەی ناوماڵ).
v.i. مەشق کردن؛ مەشق پێ کردن؛ مەشق دادان.
-trainable *(adj.).*
trainband (trān′band′), *n.* دەستەی چەک لە شان یا میلیشیای ئینگلیزی‌و نەمەریکی سەدەی حەڤدە‌و هەژدە بۆ پشتگیری کردنی سوپا.
train-bearer (trān′bâr′ēr), *n.* کلک هەڵگر: بەردەستێکە کلک یا دامێن‌و کەوای بووک‌و کەسانی تر هەڵدەگرێ لە ڕێ ڕۆیشتنێکدا.
trainee (trān-ē′), *n.* مەشق پێ کراو (سەربان، شاگردی پیشەوەر، گیاندار)؛ مەشق کردوو.
trainer (trān′ēr), *n.* (۱) مەشقدادەر؛ مەشقیار:
(ا) مەشقدادەری گیانەوەر (بۆ سێرک‌و ڕاهێنانی تر).
(ب) مەشقدادەری وەرزشکار.
(۲) ئامێری مەشق پێ کردن یا ڕاهێنان.
training (trān′iŋ), *n.* مەشق؛ مەشق کردن؛ مەشق پێ کران.
adj. هی مەشق‌و مەشق کردن.
training college, [British], دانشگای مامۆستایان
training school, قوتابخانەی پیشەیی
trainload (trān′lōd′), *n.* باری شەمەندەفەرێک (ڕێبوار یا شتومەک)؛ پڕ شەمەندەفەرێک

trainman (trān′mən), *n.* کارگەری شەمەندەفەر.

trainmaster (trān′mas′tĕr, trān′mäs′tĕr), *n.* کاربەدەستی هێڵی شەمەندەفەر

train oil, ڕۆنی بەهەنگ.و هەندێ گیانداری ئاویی تر.

traipse (trāps), *v.i.* [Dial. or Colloq.], دادە بێوار. پیاسەکردن

trait (trāt), *n.* ١. نیشانە. [Rare]

١. نیشانەی جیاکەرەوە (بەتایبەتی هی کەسێتی یا خوو ڕەووشت.و سروشتی مرۆڤ)؛ تایبەخۆ:

(The chief ~s in the American character are energy and generosity.)

traitor (trā′tĕr), *n.* ئاپاک. بەرامبەر وڵات، هاوڕێ. بیروباوەڕی خۆ؛ وڵاتفرۆش. خاین؛ میللەتفرۆش

traitorous (trā′tĕr-ŏs), *adj.* ١. ئاپاک. مرۆڤ؛ بێ وەفا؛ بێ پەیمان. ٢. ئاپاکانە. ناپاک (کردەوە): *(a ~ act)*

traitress (trā′tris), *n.* ژنی ئاپاک. بەرامبەر وڵات ... هتد).

traject (trə-jekt′), *v.t.* ناردن یا هاویشتن بە ئاسماندا

trajectory (trə-jek′tĕr-i), *n.* ١. ڕێسازی لاری مووشەک، ئەستێرەی کلکدار. یا ئەستێرەی گەڕۆک بە ئاسماندا. ٢. هێڵێکی خوارە کە چەند هێڵێکی خوارێ تر دەبڕێ لە هەمان گۆشەدا (نەندازە).

tram (tram), *n.* دەرووی ئاوڕیشمی ئەستوور.

tram (tram), *n.* ١. واگۆنی سەربەتانی کانگەی خەڵووز (کە لەسەر هێڵی ئاسن دەڕوات) ٢. [British]، (أ) ترام (هەروەها " streetcar "). ب. tramway ج. cable car

v.t. بە ترام گواستنەوە.

tram (tram), *n.* ١. تامێرێ ڕاستکردن یا گونجاندنی پارچەکانی مەکینە. (هەروەها " trammel "). ٢. ڕاستکردن؛ گونجان؛ سازان

tramcar (tram′kär′), *n.* ١. واگۆنی سەربەتانی کانگەی خەڵووز (کە لەسەر هێڵی ئاسن دەڕوات) ٢. [British]، streetcar .

tramline (tram′līn′), *n.* هێڵی ئاسنی ترام.

trammel (tram′′l), *n.* ١. تۆر (ڕاوەماسی)

٢. پێوەند (بەتایبەتی بۆ نەسپ فێری ڕۆیشتنی تایبەتی کردن)

٣. (*pl.*) کۆت؛ کۆسپ؛ شتی ڕێ لێگر یا بەستەرەوە.

٤. قۆلاپێک یا شتێکی وەهایە بۆ کتڵی و مەنجەڵ ڕاگرتن لەسەر ئاگری ئاگردان.

٥. پرگاڵی وێنەی هێلکەیی کێشان.

٦. تامێرێ ڕاستکردن یا گونجاندنی پارچەکانی مەکینە (هەروەها " tram ").

v.t. ١. (~ up) : بە تۆر گرتن؛ بە داوەوە کردن؛ پێوەکردن

٢. بەستنەوە؛ پێوەندکردن؛ ڕێ لێگرتن.

-trammeler; trammeller *(n.).*

tramontane (trə-mon′tān), *adj.* کەوتوتە ئەودیو شاخەوە (بەتایبەتی شاخی " ئالپ ").

n. ١. خەڵکی ئەودیو شاخ ٢. بێگانە؛ نامۆ؛ ناوەکی.

tramp (tramp), *v.i.* ١. خۆ بەکێش کردن؛ بە گران ڕۆیشتن؛ تەپەتەپ هاتن لە ڕۆیشتندا ٢. سووڕانەوە بۆ وورە نیش.و سوانکردن.

v.t. ١. پێشێل کردن؛ پێپەست کردن؛ پێ پیانان.

٢. پیادا سووڕانەوە؛ پیادا گەڕان؛ پیادا ڕۆیشتن

n. ١. دەربەدەر؛ لاکەوتە؛ لاکەوتەی کۆڵان؛ سوانکەر؛ گەڕۆکی بێ لانەو هەژار. ٢. تەپەتەپی پێ. ٣. گەشتی بە پێ؛ بە پێ ڕۆیشتن.

٤. کەشتێپەکی بارە کە نیشتی ڕێڵەوپێک یا سەرومڕی ئەپەو هەر کاتێکیش بۆی هەڵکەوت کار دەکات. ٥. ئافرەتی بێ پێڵاو (بۆ پاراستنی لە بێکاریدا). ٦. [Slang]، قەحبە؛ ئافرەتی سووک

trample (tram′p′l), *v.i.* بە تەپەتەپ ڕۆیشتن؛ بە تۆندی پێ داناندا؛ خۆ کێش کردن

فیقاسەنەوە؛ پێشاندانەوە؛ پێشێل کردن؛ پێپەست کردن؛ خستنە ژێر پێوە؛ پێ پیانان.

n. (١) فلیقانەوە؛ پلیشانەوە؛ پێ پیانان. (٢) دەنگی فلیقانەوە یا پلیشانەوە

trample on; trample under foot; trample upon, (١) شێڵان؛ پێشێل کردن؛ پلیشاندنەوە؛ پێ پیانان؛ فلیقاندنەوە؛ پێپەست کردن

(٢) ژێر بە تۆندوتیژی.و دڵڕەقانە لەگەڵ جووڵانەوە؛ ماف پێشێل کردن؛ پێپەست کردن.

trampoline (tram′pə-lin), *n.* ترامپۆلین: (أ) خۆنووراندنی تەنافباز. (ب) جانقاسێکی ئەستووری هەڵواسراوە بۆ هەڵبەزو دابەز لەسەرکردنی تەنافباز.

tramroad (tram′rōd′), *n.* هێڵی ئاسنی ترامی کانگەی خەڵووز. (١) tramroad .

(٢) [British]، ڕێی ترام؛ هێڵی ئاسنی ترام یا پاسی ئاوشار.

trance (trans, träns), *n.* (١) لە هۆش خۆ چوون (نووراندنی موگناتیسی. فێ)؛ بوورانەوە. (٢) ووڕی؛ کاس بوون؛ بێ هۆشی.

(٣) حاڵ ێ هاتن (دەروێش).

(٤) لە هۆش خۆ چوون.و گوایە پەیوەندی کردن لەگەڵ مردوودا.

v.t. لە هۆش خۆ بردن؛ بێ هۆش کردن؛ ووڕکردن.

tranquil (traŋ′kwil, tran′kwil), *adj.* (١) هێمن؛ بێ دەنگ؛ ڕەش ئاسوودە؛ بە ئارام: *(a ~ rural life)*

(٢) خامۆش؛ کپ؛ کشومات: *(~ waters)* .

-tranquilly *(adv.)*; **tranquilness** *(n.).*

tranquilize, tranquillize (traŋ′kwə-līz′), *v.t.* ئارام پێدان؛ هێمن کردنەوە؛ دامرکاندنەوە؛ خامۆش کردن.

v.i. هێمن بوونەوە؛ دامرکانەوە؛ خامۆش بوون.

tranquilizer (traŋ′kwə-līz′ĕr), *n.* (١) هێمنکەرەوە؛ ئارامدەر.

(٢) دەرمانی هێمنکەرەوە یا ئارامدەر.

tranquillity, tranquility (traŋ-kwil′ə-ti), *n.* هێمنی؛ ئارامی؛ خامۆشی؛ کشومات؛ ئاسوودەیی؛ بێ دەنگی.

trans- (trans, tranz), پێشگرێکە بەمانای: (أ) لەو بەرەوە؛ بۆ ئەوبەر؛ بۆ ئەودیو؛ بەسەردا (تێپەڕبوون): *(transatlantic)*

(ب) گۆڕین بەتەواوی: *(transform; transliterate)* .

transact (tran-sakt′, tran-zakt′), *v.t.* کاروباری بازرگانی کردن؛ سەوداگەری کردن؛ ئاڵوێرکردن: *(to ~ business)* .

v.i. [Rare]، گفتوگۆی بازرگانی کردن؛ سەوداکردن.

-transactor *(n.).*

transaction (tran-zak′shən), *n.* (١) کاروباری بازرگانی هەڵسووڕاندن: *(He spends most of his time in business ~s .)* .

(٢) ئاڵوێرێک یا کڕین.و فرۆشتنێکی تایبەتی؛ سەوداگەرییەکی تایبەتی؛ کارێکی بازرگانی: *(They did three ~s yesterday.)* .

(٣) (*pl.*)، تۆمارنامەی کۆڕی ڕێکخراوێک، کۆنفرانسێک... هتد (بەتایبەتی هی بڵاوکراوە).

-transactional *(adj.).*

transalpine (trans-al′pin, tranz-al′pīn), *adj.* لەودیو چیای " ئالپ " هوەیە.

transatlantic (trans′ət-lan′tik), *adj.* (١) نەتڵەنتی بڕ؛ بە زەریای نەتڵەنتیدا تێپەڕ دەبێت یا دەپەڕێتەوە: *(a ~ airliner)*

(٢) لەودیو زەریای نەتڵەنتییەوەیە: *(a ~ business)* .

transceiver (tran-sē′vĕr), *n. Also* **transmitter, receiver,** تامێرێ بێ تەلی نێرەرو وەرگر.

transcend (tran-send′), *v.t.* (١) ئ تێپەڕبوون؛ لەوە چوونە دەرەوە: *(The story ~s belief.)*

(٢) بەرزتربوون لە؛ بەرزبوونەوە بەسەر؛ زیاتربوون لە.

(٣) لە بوونی ماددی یا سروشت بەوالاوە بوون (خودا)؛ لە جیهان بەدەربوون؛ لە تێگەیشتنی مرۆڤ بەدەربوون.

v.i. [Archaic]، مەزنتر یا بەرزتربوون لە.

transcendence (tran-sen′dəns), *n. Also* **transcendency,**

بەرزی؛ بلندی؛ ئ تێپەڕبوون؛ لە جیهان بەدەری؛ لە تێگەیشتنی مرۆڤ بەدەر.

transcendent (tran-sen′dənt), *adj.* (۱) بەرز؛ بلند؛ سەرئاسا:

(Shakespeare was a man of ~ genius.)

(۲) لە جیهان بەدەر؛ لە سروشت‌و تێگەیشتنی مرۆڤ بەدەر.

transcendental (tran´sen-den′t'l), *adj.* (۱) بلند؛ بەرز

(۲) لە سروشت بەدەر؛ سەر سروشت. (۳) ئیل؛ نادیار؛ پووت.

(٤) لە بەسەرهاتی مرۆڤ بەدەر نەك لە تێگەیشتنی و زانیاری.

transcendentalism (tran´sen-den′t'l-iz´m), *n.* (۱) (۱)

فەلسەفەیەكە دەڵێت: كە پاستی لەپڕێ بیركردنەوەوە دەزانرێت نەك لەپڕێ بەسەرهات‌و هەستەكانەوە. (ب) پاستی زانین لە خۆوە‌و لەپڕێ هۆشی زگماكی نەك لەپڕێ بەسەرهات. (۲) (ا) بیری ناكردەنی و خەیاڵ خاوی‌و نادیار.

(ب) بڵندخوازی

-transcendentalist *(n.).*

transcontinental (trans´kon-tə-nen′t'l), *adj.* (۱) كیشوەربڕ.

(a ~ flight) كیشوەرێك دەبڕێت.

(۲) لەودیوی كیشوەرێكەوەیە.

transcribe (tran-skrīb′), *v.t.* (۱) وێنە لەبەر تۆماركردن یا نووسین؛ وێنە دەستنووس كردن. (۲) گونجاندن یا سازاندنی پارچەیەك مۆسیقا بۆ ئامێرێكی جیا لەوەی كە لە سەرەتاوە بۆی دانراوە.

(۳) بەرنامەی رادیۆ تۆماركردن بۆ بڵاوكردنەوەی لە دواپۆژدا.

-transcriber *(n.).*

transcript (tran′skript´), *n.* (۱) وێنەی لەبەر تۆمارگراو، نووسراوە، یا چاپكراو. (۲) وێنەی تۆمارنامەی نمرەی قوتابی.

transcription (tran-skrip′shən), *n.* (۱) وێنە بەبەر تۆمارگردن یا نووسینەوە. (۲) وێنەی لەبەر تۆمارگراو؛ نووسراوە، یا چاپكراو. (هەروەها " transcript ").

(۳) پارچەیەك مۆسیقای گونجێنراو بۆ ئامێرێكی مۆسیقای جیا لەوەی كە لە سەرەتاوە بوی دانراوە.

(٤) بەرنامەی رادیۆی تۆمارگراو بۆ بڵاوكردنەوەی لە دواپۆژدا.

transcurrent (trans-kūr′ənt), *adj.* بەسەردا تێپەڕبوو.

transducer (trans-dōōs′ēr, trans-dūs′ēr), *n.* ئامێری وەرگۆڕ (فیزیا)

transect (tran-sekt′), *v.t.* بڕین لەم لاوە بۆ ئەولا؛ بەشكردن بە بڕین لە لایەكەوە بۆ لاكەی تر.

-transection *(n.).*

transept (tran′sept), *n.* باڵی كڵێسەی لە شێوەی خاچدا دروستكراو (خانووسازی)

-transeptal *(adj.).*

transfer (trans-fūr′), *v.t.* (۱) گواستنەوە؛ گۆڕین؛ گۆڕینەوە.

(۲) تاپۆی خانوو شتی تر خستنەسەر كەسێكی تر:

(to ~ the title of a house or a car from one person to another.)

(۳) وێنە یا نەخشە گواستنەوە لە ڕوویەكەوە بۆ ڕوویەكی تر.

v.i. (۱) خۆ گواستنەوە؛ گواستنەوە:

(He ~red to the university of California.)

(۲) گوێزرانەوە.

(۳) گۆڕین (لە پاس، شەمەندەفەر، یا فڕۆكەیەكەوە بۆ یەكێكی تر).

n. (۱) (ا) گواستنەوە؛ گۆڕین؛ گوێزرانەوە. (ب) هۆی گواستنەوە.

(۲) وێنە یا نەخشەی گوێزراوە لە ڕوویەكەوە بۆ ڕوویەكی تر.

(۳) بلیتی (پاس) گۆڕین: بلیتێكە خاوەنەكەی دەتوانێ پاسی ناوشار یا ترامی پێ بگۆڕێ و سواری یەكێكی تر بێت (بۆ نەوەی بگاتە نەو شوێنەی كە دەیەوێ بۆی بچێ. (٤) شوێنی گۆڕین یا گواستنەوە.

(٥) بەڵگەنامەی گواستنەوەی قوتابی

(٦) (ا) تاپۆی خانوو خستنە سەر یەكێكی تر

(ب) بەڵگەنامەی نەم گۆڕینەوەیە

transferable (trans-fūr′ə-b'l), *adj.* دەگوێزرێتەوە؛ دەگۆڕێت؛ خاوەنەكەی دەتوانرێت بگۆڕێت؛ دەتوانرێت لە یەكێكەوە بدرێت بە یەكێكی تر.

transferee (trans′fēr-ē´), *n.* (۱) كەسێكە كە تاپۆی خانووی دەخرێتە سەر یا نوتومبیل‌و شتی تر بە ناوی‌یەوە تۆمار دەكرێ.

(۲) گوێزراوە (فەرمانبەر، قوتابی... هتد).

transference (trans-fūr′əns, trans′fēr-əns), *n.* گواستنەوە؛ گوێزانەوە؛ گۆڕینەوە؛ گۆڕین.

-tranferential *(adj.).*

transferor (trans-fūr′ēr), *n.* كەسێكە كە تاپۆی خانوو یا ناوی نوتومبیل‌و شتی تر دەخاتە سەر یەكێكی تر.

transferrer (trans-fūr′ēr), *n.* گوێزەرەوە.

transfiguration (trans´fig-yoo-rā′shən), *n.* (۱) ڕووخسار گۆڕان بەتەواوی؛ شێوە گۆڕین بەتەواوی.

(۲) (ا) ڕووناكی لێبوونەوە‌و ڕووخسار گۆڕانی عیسا لەسەر شاخەكە (ئینجیل).

(ب) جەژنی نەم ڕووخسار گۆڕانە.

transfigure (trans-fig′yoor), *v.t.* (۱) ڕووخسار گۆڕین بەتەواوی؛ شێوە گۆڕین. (۲) شێوە گۆڕین‌و شكۆ پێدان؛ وەك خوا لێكردن

transfix (trans-fiks′), *v.t.* (۱) شتی تیژ پیاكردن؛ تیغ لێدان

(۲) تیغ پیاكردن‌و جوولە ئ بڕین:

(He ~ed his enemy with a sword.)

(۳) سڕكردن؛ جوولە ئ بڕین؛ ووشك بوون؛ سڕبوون:

(He stood ~ed with amazement, horror, etc.)

-transfixation *(n.).*

transform (trans-fôrm′), *v.t.* (۱) ڕووخسار گۆڕین؛ شێوە گۆڕین

(۲) بەتەواوی گۆڕین (بارودۆخ، چۆنێتی... هتد).

(۳) گۆڕین (ڕەفتار، كەسێتی: هەڵسان‌و دانیشتن).

(٤) گۆڕین (كارەبا). (٥) ووزە گۆڕین (فیزیا).

v.i. [Rare], گۆڕان بەتەواوی.

-transformable *(adj.).*

transformation (trans´fôr-mā′shən), *n.* (۱) گۆڕان؛ گۆڕین.

(۲) بارۆكەی ژن.

transformer (trans-fôr′mēr), *n.* (۱) گۆڕەر (مرۆڤ، شت)

(۲) كارەباگۆڕ؛ گۆڕەری تەووژمی كارەبا.

transfuse (trans-fūz′), *v.t.* (۱) شلە گواستنەوە؛ شلە لە دەفرێكەوە كردنە دەفرێكی تر.

(۲) بە هەموویدا بڵاوكردنەوە؛ هەمووی پێ گرتنەوە؛ بە هەموویدا كردن

(۳) خوێن گۆڕین؛ خوێن كردنە دەماری نەخۆشەوە.

-transfusible *(adj.).*

transfusion (trans-fū′zhən), *n.* خوێن كردنە نەخۆشەوە؛ خوێن گۆڕین؛ خوێن دان بە نەخۆش:

(The patient was given a blood ~ .)

transgress (trans-gres′, tranz-gres′), *v.t.* (۱) شكاندن (یاسا)؛ پەڕژین شكاندن. (۲) لە سنوور دەرچوون؛ لە ئەندازە بەدەربوون؛ زیادە ڕۆیشتن.

v.i. یاسا شكاندن؛ گوناە كردن؛ تاوان كردن؛ پەڕژین شكاندن.

transgression (trans-gresh′ən), *n.* (۱) یاسا شكاندن؛ گوناە كردن؛ تاوان كردن؛ پەڕژین شكاندن.

(۲) لە سنوور دەرچوون؛ زیادەڕۆیی.

transgressive (trans-gres′iv, tranz-gres′iv), *adj.* (۱) یاسا شكێن؛ گوناەكار؛ پەڕژین شكێن؛ تاوانكار.

(۲) لە سنوور دەرچوو؛ لە ئەندازە بەدەر.

transgresser (trans-gres′ēr, tranz-gres′ēr), *n.* یاساشكێن؛ پەڕژین شكێن؛ گوناەكار؛ تاوانكار.

tranship (tran-ship′), *v.t.* = transship.

transience (tran′shəns), *n.* سەردەمی؛ زوو بەسەرچوون؛ زوو نەمان.

transiency (tran′shən-si), *n.* = transience.

transient (tran′shənt), *adj.* (۱) کاتی، سەردەمی؛ زوو نامێنێ؛ زوو بەسەردەچێ؛ کورت. (۲) گەڕۆک؛ پەفتەنی. *(a ~ laborer)* زوو بەسەردەچێ؛ کورت.

n. (۱) میوانی ڕەفتەنی (بەتایبەتی لە میوانخانەدا) (۲) (ا) کرێکاری گەڕۆک؛ کەسێکە کە بە شوێن نیشتەجێبوونەوە بۆ ئەو شوێنە ب؛ کەسێکی گەڕۆک (۳) گۆڕینی کاتی تەووژمی کارەبا یا قۆڵتەکەی

transilient (tran-sil′i-ənt), *adj.* لە شتێکەوە بە بارودۆخێکەوە بازدەدەر بۆ شتێک یا بارودۆخێکی تر.

transilluminate (trans′i-lū′mə-nāt′), *v.t.* ڕووناکی لێدان یا پیابردنی نەدامێکی لەش بۆ تێڕوانینی (پزیشکەوانی).

-transillumination *(n.).*

transistor (tran-zis′tĕr, tran-sis′tĕr), *n.* (۱) ترانزستەر ئامێرێکی نەئەکتروئیە لە ڕادیۆو شتی تردا بەکاردەهێنرێ. (۲) ڕادیۆی ترانزستەر (هەروەها " transistor radio ") .[Colloq.]

transistorize (tran-zis′tĕr-ɪz′), *v.t.* ترانزستەر تێخستن

transit (tran′sit, tran′zit), *n.* (۱) ترانزێت؛ تێپەڕین؛ تێپەڕبوون (۲) گواستنەوەی خەڵک و شتومەک (بەتایبەتی بەهۆی گواستنەوەی گشتی ناوخۆ وەک پ س) *(people or goods in ~)* (۳) گۆڕین لە بارودۆخێکەوە بۆ یەکێکی تر (مردن، کۆمەڵ لە پڕۆسەیەکی تر ... هتد). (٤) ئامێری گۆشە پێوان (ڕووپێوی). (٥) (ا) تێپەڕینی نەستێرەیەک بە هێڵی درێژدا یا بە بەردەم دووربینەدا. (ب) تێپەڕینی نەستێرەیەکی بچووک بەسەر یەکێکی گەورەدا.

v.t. تێپەڕین (نەستێرەناسی)

v.i. (۱) لە ترانزێتدا بوون؛ پێدا تێپەڕبوون. (۲) تێپەڕین (نەستێرەناسی).

transition (tran-zish′ən), *n.* (۱) گۆڕین لە بارودۆخێک، شێوەیەک، قۆناغێک، کارێک، یا جێگەیەکەوە بۆ یەکێکی تر؛ گۆڕان. (۲) ماوەی گۆڕین؛ سەردەم یا کاتی گۆڕان. (۳) ووشەی پەیوەندی؛ ووشەیەک یا دەستە ووشەیەکە کە بەندێک یا چەند ڕستەیەک دەگەیەنێ بە هی تر (ڕێزمان)؛ ووشەی گواستنەوە. (٤) ناوازی گۆڕین یا گواستنەوە

transitional (tran-zish′ən-'l, tran-sish′ən-'l), *adj.* تایبەتی بە گۆڕین یا گواستنەوە

transitive (tran′sə-tiv), *adj.* (۱) [Rare] . transitional . *(a ~ verb takes an object.)* (۲) تێپەڕ (کردار)

n. کرداری تێپەڕ (ڕێزمان)

transitoriness (tran′sə-tôr′i-nis, tran′zə-tō′ri-nis), *n.* زوو بەسەرچوون؛ زوو نەمان؛ سەردەمێتی؛ کورتی

transitory (tran′sə-tôr′i, tran′zə-tō′ri), *adj.* سەردەمی؛ کاتی؛ زوو بەسەردەچێ؛ زوو نامێنێ؛ کورت.

-transitorily *(adv.).*

translatable (trans-lāt′ə-b'l, tranz-lāt′ə-b'l), *adj.* دەتوانرێ وەرگێڕدرێت؛ وەردەگێڕدرێت (لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر).

translate (trans-lāt′, tranz′lāt), *v.t.* (۱) گواستنەوە؛ گۆڕین: (ا) بەرزکردنەوە بۆ ئاسمان (بەبێ مردن). (ب) سەرەک قەشە گواستنەوە. (ج) گواستنەوەی پاشماوەی پیاوێکی ئایینی پیرۆز لە گۆڕێکەوە بۆ یەکێکی تر. (۲) وەرگێڕان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر بە نووسین)؛ پەرچەکردن؛ گۆڕین. (۳) گۆڕین (لە مەیدانێکەوە بۆ مەیدانێکی تر). *(to ~ ideas into action)* . (٤) لێکدانەوە (٥) [Archaic or Rare]. شەیداکردن؛ گەشکەدارکردن. (٦) بزواندن بە ڕێکی نەک بە خولانەوە (مەکینەناسی).

v.i. (۱) وەرگێڕان (لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر بە نووسین)؛ گۆڕین. (۲) گونجان بۆ وەرگێڕان؛ وەرگێڕان بۆ هەبوون. *(This poetry does not ~ easily.)*

translation (trans-lā′shən), *n.* (۱) وەرگێڕان (لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر؛ بەرچەک. (۲) ئەنجامی ئەم وەرگێڕانە؛ دەقی وەرگێڕراو (بەتایبەتی بەرهەمێکی وێژەیی). *(This is a ~ .)* (۳) بزوانی ڕێک نەک خولانەوە (مەکینەناسی).

translator (trans-lā′tĕr, tranz′lā′tĕr), *n.* (۱) پەرچەڤان؛ وەرگێڕ بە نووسین. (۲) interpreter .

transliterate (trans-lit′ə-rāt′, tranz-lit′ə-rāt′), *v.t.* نووسینی زمانێک بە ئەلفوبێی زمانێکی تر (بەپێی دەنگی تیپ و ووشەکان)

transliteration (trans-lit′ə-rā′shən), *n.* (۱) نووسینی زمانێک بە ئەلفوبێی زمانێکی تر (بەپێی دەنگی تیپ و ووشەکان). (۲) ووشە، ڕستە، یا دەقی وەها نووسراو.

translocate (trans-lō′kāt), *v.t.* گواستنەوە؛ لە جێی خۆ لابردن؛ بار گۆڕین.

-translocation *(n.).*

translucence (tranz-lū′s'ns), *n.* ڕۆشنی؛ ڕووناکی. (" translucency " هەروەها).

translucent (trans-lōō′s'nt, tranz-lū′s'nt), *adj.* (۱) ڕۆشن؛ ڕووناک. (۲) نیمچە ڕۆشن؛ نیمچە ڕووناک.

-translucently *(adv.).*

translucid (tranz-lū′sid), *adj.* = translucent.

transmarine (trans′mə-rēn′), *adj.* (۱) بە دەریادا تێپەڕبوو؛ دەریابڕ. (۲) لەدیوی دەریاوەیە.

transmigrant (trans-mī′grənt), *n.* (۱) کۆچکەر (لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر)؛ بارکەر. (۲) کۆچکەرێکە بەڕێوەیە بۆ ئەو وڵاتەی کە بۆی دەچێ.

transmigrate (trans-mī′grāt, tranz-mī′grāt), *v.i.* (۱) کۆچ کردن (لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر)؛ بارکردن. (۲) چوونە ناو لەشێکی کەسێکی تر؛ گوێزانەوەی گیانی مردوو بۆ لەشێکی زیندوو.

-transmigrator *(n.)*; **transmigratory** *(adj.).*

transmigration (trans′mī-grā′shən), *n.* (۱) کۆچ؛ کۆچ کردن (لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر)؛ بارکردن. (۲) چوونە ناو لەشێکی ترەوە (گیانی مردوو)؛ گوێزانەوەی گیانی مردوو بۆ لەشێکی زیندوو. *(the ~ of souls)* .

transmissible (trans-mis′ə-b'l), *adj.* دەنێردرێ؛ دەگوێزرێتەوە؛ دەگەیەنرێ.

-transmissibility *(n.).*

transmission (trans-mish′ən), *n.* (۱) پێ گەیاندن؛ گەیاندن؛ ڕاگەیاندن؛ پێ گەیشتن؛ بڵاوبوونەوە: *(the ~ of news, disease, etc.)* . (۲) شتی پێ ڕاگەیەنراو یا پێ گەیەنراو؛ بڵاوەنامە؛ نامە. (۳) ناردن (بەرنامە یا شەپۆلی ڕادیۆ). (٤) ترانسمیشن: ئامێری ووزە گەیاندن (ئوتومبیل... هتد).

-transmissive *(adj.).*

transmit (trans-mit′, tranz-mit′), *v.t.* (۱) گەیاندن؛ گواستنەوە. (۲) پێدان؛ بۆ بەجێهێشتن: *(Parents ~ some of their characteristics to their children.)* (۳) پێ ڕاگەیاندن؛ پێ گەیاندن. (٤) پێدابردن (ڕووناکی، گەرمی، یا دەنگ بە هەوادا). (٥) گەیاندن: *(Iron ~s heat.)* . (٦) گەیاندن (ووزە لە مەکینەوە بۆ پەرەوە وەک ئوتومبیل... هتد). (۷) ناردن (ڕادیۆ)؛ بڵاوکردنەوە

-transmittable; transmittible *(adj.).*

transmittal (trans-mit′'l), *n.* = transmission.

transmitter (trans-mit′ĕr, tranz-mit′ĕr), *n.* (۱) گەیەنەر (مرۆڤ)؛ پێ گەیەنەر؛ نێرەر. (۲) ئامێری ناردن (ڕادیۆ، تەلەفزیۆن، تەلەفۆن، بروسکە)؛ نێرەر؛ بڵاوکەر

transmogrify (trans-mog′rə-fī′), *v.t.* شێوە گۆڕین بە جۆرێکی

زۆر سەیر: شێوە گۆڕین و تێکدان یا شێواندن.

-transmogrification *(n.)*.

transmontane (trans-mon′tān), *n.* = **tramontane**.

transmutation (trans´mū-tā′shən), *n.* (١) گۆڕین: گۆڕانی تەواو. (٢) [Rare]، گۆڕانی هەمیشەیی. (٣) بەناو گۆڕینی کانزای بێ نرخ بۆ زێڕ و زیو (کیمیاگەری کۆن). (٤) گۆڕانی توخمی (فیزیا).

-transmutational; transmutative *(adj.)*.

transmute (trans-mūt′, tranz-mūt′), *v.t.* گۆڕین (شێوە، توخم، بارودۆخ، ماددە... هتد).

-transmutability *(n.)*; **transmutable** *(adj.)*; **transmutableness** *(n.)*.

transoceanic (trans´ō-shi-an′ik), *adj.* (١) زەریایی؛ بە زەریادا تێپەڕبوو. ٢) لەودیوی زەریاوەیە؛ لە پشت زەریاوە.

transom (tran′səm), *n.* (١) (أ) داری سەر دەرگا. (ب) داری ئاسۆیی بەینی پەنجەرە؛ داری ئاسۆیی بەینی دەرگا و پەنجەرەی سەری. (٢) پەنجەرەی بچووکی سەر دەرگا یان پەنجەرەیەکی گەورە. (٣) (أ) داری ئاسۆیی خاچو سێدارە. (ب) دەستەک (کەشتی).

transonic (tran-son′ik), *adj.* = **transsonic**.

transpacific (trans´pə-sif′ik), *adj.* (١) (ڕەڕیای) پاسیفیک بڕ؛ بە (زەریای) پاسیفیکدا تێپەڕ دەبێت. (٢) لەودیو زەریای پاسیفیکەوە.

transparence (trans-pâr′əns), *n.* پۆشنی؛ ڕووناکی

transparency (trans-pâr′ən-si), *n.* (١) پۆشنی؛ ڕووناکی. (٢) پارچەیەک شتی پۆشنە وەک پلاستیک و ڤێنەو نووسراوی لەسەر کراوە کە ڕووناکی حرایە سەر و ڤێنەو شتە نووسراوەکان دەردەکەون.

transparent (trans-pâr′ənt), *adj.*. *(~ cloth)* (١) پۆشن؛ ڕوون. *(a ~ lie; a man of ~ honesty)* (٢) دیار؛ ئاشکرا؛ لەڕوو. *(a writer with a ~ style)* (٣) ڕوون.

-transparently *(adv.)*; **transparentness** *(n.)*.

transpierce (trans-pêrs′), *v.t.* (١) کونا و دەرکردن؛ دیواودەرکردن (٢) کونکردن؛ سمین.

transpiration (tran´spə-rā′shən), *n.* ئاودەردان (ڕووەک)؛ ئارەق دەردان؛ ئارەق دەرکردن.

transpire (tran-spīr′), *v.t.* ئارەق پێ کردن؛ ئارەق پێ دەردان؛ ئاو پێ دەردان (ڕووەک).

v.i. (١) ئارەق کردن؛ ئارەق دەردان؛ ئاو دەردان (ڕووەک). (٢) دادان: لێوە هاتنە دەرەوە؛ دەردان؛ دەڵێن. (٣) دەرکەوتن؛ ئاشکرابوون. *(It ~d that the fire was caused by a carless smoker.)* (٤) ڕوودان. *(Important events ~d last week.)*.

transplant (trans-plant′, trans-plänt′), *v.t.* (١) هەڵکەندن لە شوێنێک و ڕواندن لە شوێنێکی تر. (٢) خەڵک هەڵکەندن لە شوێنی خۆیان و جێنشێن کردنیان لە شوێنێکی تر؛ گواستنەوە. (٣) نەندام یا شانە لە کەسێک وەرگرتن و ڕواندنی لە کەسێکی تردا (نەشتەرگەری).

v.i. (١) گواستنەوە و ڕواندن. (٢) بەرگەی گواستنەوە و ڕواندن لە شوێنێکی تر دەگرێت؛ دەتوانرێت هەڵکەندرێت و لە شوێنێکی تر بڕوێندرێت. *(Some plants do not ~ as well as others.)*

n. (١) گواستنەوە و ڕوان. (٢) شتی گوێزراوە و ڕوێندراو (ڕووەک، ئەندامی لەش).

-transplantation *(n.)*; **transplanter** *(n.)*.

transpolar (trans-pō′lēr), *adj.* تەوەرب؛ تەوەری باکووری یا باشووری دەبڕێت.

transponder (trans-pon′dĕr), *n.* لاسلکی یا ڕادیاری نامە وەرگرو نێردەر

transpontine (trans-pon′tīn, trans-pon′tēn), *adj.* (١) لەوبەر

ڕەدەوە. (٢) تایبەتی بە دیوی باشووری ڕوباری " تێمس " لە لەندەن.

transport (trans-pōrt′, trans-pōrt′), *v.t.* (١) گواستنەوە (بە هۆی هاتوچۆ)؛ گوێزانەوە؛ بردن. (٢) گەشکەدارکردن؛ شێت و شەیدا کردن (٣) لە وڵات دوورخستنەوە (بەتایبەتی تاوانکار)؛ دەرکردن. (٤) [Obs.]، کوشتن.

n. (١) گواستنەوە (بۆ شوێنی دوور)؛ گوێزانەوە؛ بردن. (٢) گەشکە؛ شەیدایی. (٣) کەشتی سەربازو کەرەسەی سوپا گواستنەوە. (٤) فڕۆکەی گەورەی ڕێبواروبار. (٥) تاوانکاری دوورخراوە لە وڵات.

-transportability *(n.)*; **transportable** *(adj.)*; **transporter** *(n.)*.

transportation (trans´pēr-tā′shən), *n.* (١) گواستنەوە؛ گوێزانەوە؛ هاتوچۆ (٢) هۆی گواستنەوە؛ هۆی هاتوچۆ. *(Their ~ was camel.)* (٣) کرێی هاتوچۆ یا گواستنەوە. (٤) بلیتی هاتوچۆ؛ تکت. (٥) دوورخستنەوە لە وڵات (تاوانکار)؛ دەرکردن.

transpose (trans-pōz′), *v.t.* (١) [Rare]، گواستنەوە. (٢) جێ گۆڕکێ پێ کردن؛ ئاڵوگۆڕ پێ کردن؛ جێ گۆڕینەوە؛ *(to ~ the words in a sentence)* (٣) ئاڵوگۆڕکردنی لاکانی کێشەی جەبری. (٤) گۆڕینی پلەی مۆسیقا. (٥) [Obs.]، گۆڕین (شێوە).

v.i. (١) گۆڕینی پلەی مۆسیقا. (٢) بۆ جێ گۆڕکێ گونجان.

-transposable *(adj.)*.

transposition (trans´pə-zish′ən), *n.* (١) جێ ئاڵوگۆڕکردن؛ جێ گۆڕکێ. (٢) شتی جێ گۆڕکێ پێ کراو.

transsexual (trans-sek′shōō-əl), *adj.* (١) پیاوی سەر ژنانی؛ کچە کوپانی؛ پیاوێکە کە هەز دەکات ژن بوایە؛ ژنێکە کە هەز دەکات پیاو بوایە. (٢) پیاوێکە کە خۆی دەکات بە ژن بە نەشتەرگەری؛ ژنێکە کە خۆی دەکات بە پیاو بە نەشتەرگەری.

transship (trans-ship′, tran-ship′), *v.t.* گواستنەوە لە کەشتی، شەمەندەفەر، یا ئوتومبیلێکەوە بۆ یەکێکی تر بۆ ناردن.

v.i. بار گواستنەوە لە کەشتێیەکەوە بۆ یەکێکی تر بۆ ناردن.

-transshipment *(n.)*.

transsonic (trans-son′ik, tran-son′ik), *adj.* بە خێرایی دەنگ دەڕوات.

transubstantiate (tran´səb-stan′shi-āt´), *v.t.* (١) گۆڕین (لە ماددەیەکەوە بۆ ماددەیەکی تر). (٢) گۆڕینی نان و مەی بۆ لەش و خوێنی عیسا (شێوەی خواهانە).

-transubstantiation *(n.)*.

transudate (tran′soo-dāt´, tran′syoo-dāt´), *n.* *Also* **transudation,** (١) شلەی دەردراو؛ شلەی تێزاو (٢) شلە دەردان؛ ئاو دەردان؛ دەڵێن؛ تێزان.

transude (tran-sōod′, tran-sūd′), *v.i.* شلە دەردان؛ ئاو دەردان؛ ئارەق دەردان؛ تێزان؛ لێوە هاتن.

v.t. ڕێگەدان (بۆ پێدا ڕۆیشتن)

transvalue (trans-val′ü), *v.t.* سەرلەنوێ هەڵسەنگاندن؛ هەڵسەنگاندن بەپێی پێوەری نوێ.

transversal (trans-vūr′s'l, tranz-vūr′s'l), *adj.* لەم لاوە بۆ ئەولا؛ لەم پەڕەوە بۆ ئەوپەڕ

n. هێڵێکە کە دوو هێڵی تر یا زیاتر دەبڕێ.

transverse (trans-vūrs′, tranz-vūrs′), *adj.* لەم لاوە بۆ ئەولا؛ لەم پەڕەوە بۆ ئەوپەڕ.

n. داری ڕایەڵ کراو لەم بەرەوە بۆ ئەوبەر؛ دەستەک؛ نیرگە.

transvestism (trans′ves-tiz′m), *n.* *Also* **transvestitism,** (١) حەزی ژن و پیاو بە خۆگۆڕین و جلی یەکتر لەبەرکردن.

(٢) ئەم خۆگۆڕینو جلی یەکتر لەبەرکردنە.

transvestite (trans-ves′tīt), *n.* ژن یا پیاوێکە کە حەز لە خۆگۆڕینو جلی ئەوی تر لەبەرکردن دەکات.

trap (trap), *n.* (١) تەڵە؛ داو. (٢) پیلان. (٣) بۆنگیر. بۆرییەکی چەماوەیە لە شێوەی (U) یا (S) دا کە دەبەسترێت بە بۆری ئاوەڕۆی ئاومالەوە ئاوی تێدا دەمێنێتەوە بەم جۆرە ڕێگە لە گەڕانەوەی بۆنی پیس و هەوا دەگرێ. (٤) ئامێرێکە بۆ تۆپو شت هاویشتن بە هەوادا بۆ تەقەلێکردن. (٥) گالیسکەی سووکی دووپێچکەیی یەک ئەسپی. (٦) rattle-trap (٧) trap door. (٨) (*pl.*) ئامێرێکی مۆسیقاییە کە ئێی دەدرێ بۆ ئەوەی لێدرێ (تەپڵ، زەنگ، زیلی مس هتد). (٩) [Slang]، دەم؛ زار. (١٠) کەندوکۆسپو داوی یاری گۆڵف: *(a sand ~)*.

v.t. (١) بە تەڵە گرتن (٢) گرتن بە داوەوە؛ بەستنەوە؛ قەتیس کردن. (٣) ڕێگە لە بۆنی پیس گرتن بە بۆری چەماوە (ژمارە سێ ببینە). (٤) ئەم جۆرە بۆرییە پێوەبەستن.

v.i. (١) تەڵە ئاژەوە. (٢) تەڵە ئاژەوە بۆ گیانەوەری کەوڵدار (بۆ فرۆشتن).

trap (trap), *n. Also* **traprock,** جۆرە بەردێکی ڕەشی ئاگرپژێنییە.

trap (trap), *v.t.* [Obs.], سەرزیر لێکردنو گێسووگوڵنگ لە ئەسپ دان.

n. (١) ، [Obs.] ، سەرزینو گێسووگوڵنگی ئەسپ. (٢) (*pl.*) [Colloq.]، جانتاو شتومەکی کەسێک.

trapan (trə-pan′), *n. & v.t.* = **trepan.**

trap door, دەرگایەکی ئاسۆیی نهێنێییە لە زەمینەی ژوور یا بنمیچدا.

trapeze (trə-pēz′, tra-pēz′), *n.* (١) جۆڵانێی تەنافبازو وەرزشکار. (٢) **trapezium** (1 & 2).

trapeziform (trə-pē′zə-fôrm′), *adj.* لەبزێنەیی

trapezium (trə-pē′zi-əm), *n.* (١) لەبزێنەیی خوار. وێنەیەکی چوارلایی‌یە هێڵەکانی هیچیان هاوڕێک نین. (٢) [British]، **trapezoid**. (٣) ئێسقانی بنی کەڵەموست

trapezius (trə-pē′zi-əs), *n.* ماسولکەی پشتی مل و شانو سنگ (کە سەر ڕادەگرێ).

trapezohedron (trə-pē′zə-hē′drən), *n.* بلووری ڕوو لەبزێنەی ناڕێک

trapezoid (trap′ə-zoid′), *n.* (١) وێنەیەکی چوارلایی‌یە دووانیان هاوڕێکن. (٢) [British]، **trapezium**. (٣) ئێسقانی بنی پەنجەی دۆشاوەژە.

trappean (trap′i-ən, trə-pē′ən), *adj. Also* **trappous,** وەک بەردی ئاگرپژێنی "تراپ".

trapper (trap′ər), *n.* ئێچیرەوان یە تەڵە (بۆ کەوڵی ئێچیرەکە).

trappings (trap′iŋz), *n.pl.* (١) سەرجڵو گێسووگوڵنگی ئەسپ. (٢) جلی جوانو نەقشو نیگارو شتی ڕازاندنەوە؛ تەنتەنە؛ نیشانی جوان: *(the ~ of power; Although the king had all the ~ of royalty, he had very little real power.)*

Trappist (trap′ist), *n.* کەشیش یا ووشکەسۆفی پەرستگای "لاتراپ" کە هەرگیز قسە ناکەن.

adj. تایبەتی بەهە کەشیش یا ووشکەسۆفیانە.

trapshooting (trap′shōōt′iŋ), *n.* نیشان گرتنەوە لە کۆتری گلینەو تۆپی شووشەی بە هەوادا هاوێژراو.

-trapshooter *(n.).*

trash (trash), *n.* (١) لۆقوپۆپی بڕاو و فڕێدراو؛ چڵو چێوو گەڵا و تونکڵەدار هتد (٢) زبڵ؛ خاکوخۆڵ؛ پاشماوە؛ سەرکۆزە (٣) ، (١) قسەو بیروڕای هیچوپووچ و بێ ماناء (ب) بەرهەمی وێژەیی و هونەری هیچوپووچ (٤) ، (١) کەسێکی بێ نرخ و هیچوپووچ (ب) کۆمەڵە خەڵکی بێ نرخ و نەزانو هیچوپووچ؛ پووتەوپووتە

(٥) سەرکۆزەری قامیشی شەکر.

v.t. (١) لۆقوپۆپ و گەڵای ووشک لێکردنەوە. (٢) فڕێدانە ناو تەنەکەی زبڵەوە؛ فڕێدان. (٣) تێک‌وپێکدان؛ وەک کەڵاوە لێکردن؛ وێرانکردن: *(They ~ed the house and left.)*

trash (trash), *v.t.* [Obs.] ، (١) ، پەشمەکردن (تانجی و سەگی ڕاو). [Archaic]، (٢) بەستنەوە؛ جڵەوگرتن.

n. [British Dial.], پەشمە؛ پەشوە.

trash-bin (trash′bin′), *n.* زبڵدانی گەورە.

trash-can (trash′kan′), *n.* زبڵدان؛ تەنەکەی خۆڵ.

trashy (trash′i), *adj.* بێ نرخ؛ هیچوپووچ؛ پیس و بۆگەن: *(~ ideas, writings, people, etc.)*

-trashily *(adv.)*; **trashiness** *(n.).*

trass (tras), *n.* بەردی ئاگرپژێنی (لە چیمەنتۆدا بەکاردەهێنرێ).

trauma (trô′mə, trou′mə), *n.* (١) (ا) برین؛ بریندار. (ب) ئەنجامی ئەم بریندارییە لەسەر مێشکو هەست. (٢) خوریە؛ کارەساتێکی ناخۆشە کە لەبیر ناچێتەوە؛ بریندارییونی هەست و نەست؛ ڕاتەکان (دەروونناسی)

traumatic (trô-mat′ik), *adj.* (١) خوریەیی؛ زۆر ناخۆش؛ ڕاتەکێن (دەروونناسی)؛ هەست و نەست بریندارکەر: *(a ~ experience)*. (٢) هی دەرمانکردن؛ دەرمانکەری.

-traumatically *(adv.).*

traumatism (trô′mə-tiz′m), *n.* (١) برین؛ بریندار. (٢) ئەنجامی ئەم بریندارییە لەسەر هەست و نەست.

traumatize (trô′mə-tīz′), *v.t.* (١) بریندارکردن؛ زامدارکردن. (٢) خوریە لێدان؛ هەست و نەست بریندارکردن؛ ئازاردان (دەروونناسی).

travail (trav′āl, trav′l), *n.* (١) ڕەنج؛ هەوڵ؛ تێکۆشان؛ ئارەق ڕشتن. (٢) ژان (منداڵبوون). (٣) ئازاری تیژ؛ ئێشو ئازاری زۆر؛ ژان.

v.i. (١) ڕەنجدان؛ تێکۆشان؛ ئارەق ڕشتن؛ زۆر هەوڵدان. (٢) ژان گرتن.

trave (trāv), *n.* (١) (ا) دەستەک؛ داری دارەڕا. (ب) بەشێکی بنمیچی بە دەستەک کراو. (٢) چوارچێوەیەکە ئەسپی سێرکی تێدا دەبەسترێتەوە لەکاتی نآل کردندا.

travel (trav′l), *v.i.* (١) گەشت کردن؛ چوون بۆ گەشت؛ گەڕان. (٢) هاتوچۆکردن بە ئیش (وەک فرۆشیاری گەڕۆک). (٣) بزوان (ڕووناکی، دەنگ)؛ ڕۆیشتن: *(Light ~s faster than sound.)* (٤) هاودەمی کردن؛ لەگەڵ هەڵسانو دانیشتن: *(He ~s in wealthy circles.)* (٥) گوێزانەوە. (٦) [Colloq.]، خێرا ڕۆیشتن.

v.t. ڕێبڕینی گەشت؛ پێدا گەڕان؛ پێدا گەشت کردن.

n. (١) گەشت؛ گەشت کردن؛ گەڕان. (٢) (*pl.*)، (ا) گەشتو گەڕانی کەسێک یا دەستەیەک (ب) گەشتنامە (٣) هاتوچۆ؛ بزوان؛ جوڵە (٤) هاتوچۆ بەسەر ڕێگەیەکی تایبەتی‌یەوە (ئوتومبیل، کەشتی، کاروانچی...هتد). (٥) (ا) بزوان (مەکینەناسی). (ب) ماوەی ئەم بزوانە.

travel agency, دەڵاڵخانەی گەشت.

travel agent, دەڵاڵی گەشت.

traveled, travelled (trav′ld), *adj.* (١) گەشتی زۆر کردووە؛ زۆر گەڕاوەو شارەزایە. (٢) هاتوچۆی زۆر پێدا دەکرێ *(a ~ road)*

traveler, traveller (trav′l-ər, trav′lər), *n.* (١) گەشتیار؛ کاروانی؛ ڕێبوار؛ ڕەوەند. (٢) کەسێکە کە زوو زوو دەچێ بۆ گەشت؛ گەڕۆک. (٣) [Chiefly British] **traveling salesman**. (٤) (ا) ئەڤێەکە کە بە پەتێک یا شیشێکدا دێتو دەچێ (کەشتیوانی) (ب) ئەم پەتە یا شیشە.

traveler's check, چەکی گەشتیار؛ چەکی ڕێنوار.

traveling salesman, فرۆشیاری گەڕۆک (بۆ خۆی یا بۆ کۆمپانیایەک).

travelogue, travelog (trav′ə-lôg′, trav′ə-log′), *n.* گەشت نامە. (۱) فیلمی گەشت (ب) دوانینک بە وێنەوە دەربارەی گەشت.

traversal (trav′ĕr-s'l), *n.* بەڕێنەوە؛ بڕین (هاتوچۆ).

traverse (trav′ĕrs, trə-vûrs′), *v.t.* (۱) پێدا پەڕینەوە؛ پێدا ڕۆیشتن. (ب) هاتوچۆکردن؛ چوون‌و هاتن.

۲) لابەلا پێدا ڕۆیشتن؛ قەدبڕکردن. (۳) دژ وەستان؛ بەرهەڵستی کردن؛ بەرگرتن.

٤) باش لێ ووردبوونەوە؛ لێکۆڵینەوە.

٥) خولاندنەوە بە دەوری خۆیدا (تۆپ بۆ تەقاندن).

٦) حاشاکردن (دادگا)؛ بە درۆ خستنەوە.

v.i. ۱) پەڕینەوە؛ پێدا ڕۆیشتن؛ بڕین؛ بەسەردا پەڕینەوە.

۲) هاتوچۆکردن؛ هاتن‌و چوون

۳) خولانەوە بە دەوری خۆدا؛ سووڕانەوە؛ چەرخان.

٤) بە پێچاوپێچ بە کەردا خلیسکان (بەفرەخلیسکێ)؛ بە پێچاوپێچ بە گەردا سەرکەوتن؛ لابەلا ڕۆیشتن (ئەسپ).

n. ۱) (ا) هێڵێکە کە چەند هێڵێکی تر دەبڕێ.

ب) دەستەڵ؛ داری بەسەردا رایەڵ کراو.

ج) پەردەی لەم سەرەوە بۆ ئەوسەر (د) دیواری سەنگەر.

٤) باڵکۆن یا تارمەیەکە بە درێژایی خانوویەک

و) هێڵی ڕاستی ڕووپێوان.

۲) (ا) کۆسپ؛ قۆرت؛ بەربەست (ب) تێپەڕبوون؛ پێدا یا بەسەردا ڕۆیشتن

۳) (ا) ڕۆیشتنی پێچاوپێچ (بەفرەخلیسکێ).

ب) بزوان بە لادا؛ جوولەی لەملاوە بۆ ئەولا.

ج) خولانەوە؛ سووڕانەوە؛ چەرخە؛ خول؛ سوور.

٤) پارچەی مەکینەیەکە کە بزوانی پێچاوپێچ، ئەملا بۆ ئەولا، یا خولاوە بە ئەنجام دەگەیەنێ. (٥) ڕێ؛ ڕێی بەڕێنەوە یا تێپەڕبوون؛ ڕێڕەو.

٦) (ا) ڕێی پێچاوپێچی کەشتی (بۆ بەرهەڵستی کردنی با).

ب) قۆناغێکی ئەم جۆرە ڕێگەیە یا ڕۆیشتنە.

۷) حاشا (دادگا)؛ حاشاکردن؛ بە درۆ خستنەوە.

adj. ۱) لەم لاوە بۆ ئەولا؛ لەم بەر بۆ ئەوبەر؛ ئەم بەرو ئەوبەری

۲) تایبەتی بە پەردەی بە لادا کراوە.

-traversable *(adj.)*; **traverser** *(n.)*.

travertin (trav′ĕr-tin), *n.* = travertine.

travertine (trav′ĕr-tin, trav′ĕr-tēn′), *n.* بەردەگەچ.

travesty (trav′is-ti), *n.* (۱) دەمەلاسکێ؛ لاسایی لاقرتی‌یانە؛ لاسایی کردنەوە. (۲) وێنەی سەیرو شێواوی شتی ڕاستەقینە؛ شێوەی درۆزنە؛ نموونەی بێ ماناو شێواو. *(The trial was a ~ of justice.)*

v.t. لاسایی کردنەوە بۆ گاڵتەپێکردن؛ دەمەلاسکێ کردن.

travois (trə-voi′), *n. Also* travoise, گالیسکەیەکی سەرەتایی هیندی‌یە ئەمەریکایی‌یەکانە

trawl (trôl), *n.* (۱) تۆری گەورەی ڕاوەماسی (بەلەمی ڕاوەماسی بە دوای خۆیدا ڕایدەکێشێت). (۲) setline.

v.t. & v.i. ڕاوەماسی کردن بە تۆر

trawler (trôl′ĕr), *n.* ۱. ڕاوەماسی کەر بە تۆر

۲. بەلەمی ڕاوەماسی (ورشەی پێشوو ببینە).

tray (trā), *n.* ۱. سینی.

۲. پڕ سینی‌یەک؛ سینی‌یەک شت *(a ~ of food)*.

۳. چەکەمەچ؛ چاوی دۆلاب

treacherous (trech′ĕr-əs), *adj.* (۱) ناپاک؛ نەمێنگر؛ پەیمان شکێن *(a ~ person, act, etc.)*

۲. پشت پێ نەبەستراو؛ خراپ؛ هەر بە ڕووانەت باش. *(~ weather, rocks, etc.)*

-treacherously *(adv.)*; treacherousness *(n.)*.

treachery (trech′ĕr-i), *n.* ۱. ناپاکی؛ نەمێنگری؛ پەیمان شکێنی

(۲) کارێکی ناپاکانە؛ نموونەیەکی نەمێنگری یا ناپاکی.

treacle (trē′k'l), *n.* (۱) دەرمانی ژەهر؛ دژە ژەهر. (ب) دەرمان؛ چارە؛ دەرمانی کاریگەر. (۲) [British] molasses.

-treacly *(adj.)*

tread (tred), *v.t.* (۱) پێدا ڕۆیشتن؛ بە پێ بەسەردا ڕۆیشتن؛ بە پێ ڕۆیشتن؛ کوتان (پێ).

(۲) پەیڕەوی کردن بە ڕۆیشتن، هەنگاونان، سەما... هتد

(۳) پێ خستنە سەر؛ پێ پیانان؛ پێشێل کردن؛ پەستنەوە

(٤) بە زۆر هێنانە ژێر بار؛ پێپەست کردن (چەوساندنەوە)

(٥) لێ پەڕین (باڵندەی نێر)؛ جووت بوون لەگەڵ؛ سواربوون

(٦) کردن بە ڕێچکە یا ڕێ (بە پێدا ڕۆیشتن): *(The cattle had trodden a path to the pond.)*

(۷) تایە دەورگرتن؛ لاستیکی تازە تێگرتنی تایەی ئوتومبیل.

v.i. (۱) بە پێ ڕۆیشتن؛ ڕۆیشتن: *(She trod lightly in order not to wake the baby.)*

(۲) (~ on)، هەنگاونان.

(۳) (~ on ; ~ upon)، پێ پیانان؛ پێشێل کردن.

(٤) پەڕین (باڵندە)؛ جووت بوون.

n. (۱) [Rare] ، شوێن پێ؛ جێ پێ.

(۲) بە پێ ڕۆیشتن؛ ڕۆیشتن؛ پێدا ڕۆیشتن.

(۳) دەنگی پێ؛ دەنگی ڕۆیشتن؛ جۆری ڕۆیشتن.

(٤) ئەوەی کەسێک یا شتێک بەسەریدا دەڕوات یا پێی دەڕوات؛ ئەو بەشەی بەر زەوی دەکەوێ (بنی پێڵاو، سەری هێڵی ئاسن. دیوی دەرەوەی تایەی ئوتومبیل، سەری پلە پەیژە و پلەی پێ پلیکانە... هتد.

tread in a person's footsteps, لەسەر ڕێو شوێنی کەسێکی تر ڕۆیشتن؛ چاولێکردن.

tread on air, هەست بە خۆشی کردن؛ زۆر دڵخۆش بوون.

tread on one's toes, زوێرکردن؛ هەست بریندارکردن؛ دڵ ئێشاندن.

tread water. پێ مەڵە کردن.

treadle (tred′l), *n.* پایەدەری مەکینەی جل دووڕین.

v.t. ئیش پێکردنی ئەم پایەدەرە یا بەکارهێنانی.

treadmill (tred′mil′), *n.* (۱) ئاشی پێ پیانان: (ا) ئاشێکە لە کۆندا دەگەڕا بە ڕۆیشتن بەسەر چەرخێکی گەورەی خولاوە لە جێی خۆیدا. (ئەمە زوو بەکاردەهێنرا بۆ سزادانی زیندانیو وەرزش پێکردنیان). (ب) ئاشێکە بە ڕۆیشتنی ئەسپ دەگەڕێ بەسەر قایشێکی پانی هەمیشە خولاوە لە جێی خۆیدا. (۲) قایشێکی پانی هەمیشە خولاوە؛ لە جێی خۆیدا کەسێکی بەسەردا دەڕوات بۆ ئەوەی بزانێ ئەخۆشی دڵی هەیە یاخود نا. (۳) ئیشی ووشک‌و ناخۆش‌و دوایی نەهاتوو

treason (trē′z'n), *n.* (۱) ناپاکی دژی وواڵت‌و گەل.

(۲) [Rare]، پەیمان شکێنی؛ نەمێنبڕی؛ دەستبڕی

treasonable (trē′z'n-ə-b'l), *adj.* ناپاک (بەرامبەر گەل‌و وواڵت)؛ تایبەت بە ناپاکی: *(a ~ speech)*.

treasonous (trē′z'n-əs), *adj.* = treasonable.

treasure (trezh′ĕr), *n.* (۱) گەنجینە؛ سامان؛ خەزنە؛ پارەو خشڵ‌و شتی تری بەنرخ. (۲) کەسێک یا شتێکی بەنرخ

v.t. (۱) هەڵگرتن؛ خستنە گەنجینەوە؛ پاشەکەوت کردن؛ کۆکردنەوە

(۲) زۆر لا بەنرخ بوون؛ زۆر بەنرخ دانان: *(He ~s the watch his mother gave him. I ~ your friendship.)*

treasure house, گەنجینە؛ سامانخانە.

treasurer (trezh′ĕr-ĕr), *n.* گەنجینەوان؛ خەزنەدار: *(the ~ of a club)*

treasure-trove (trezh′ĕr-trōv′), *n.* (۱) گەنجینە یا خەزنەی شاراوەی دۆزراوەی بێ خاوەن. (۲) شتێکی دۆزراوەی بەنرخ

treasury (trezh′ĕr-i), *n.* (۱) گەنجینە؛ سامانخانە.

(۲) گەنجینەی گشتی یا کۆمپانیایەک.

(٣) پارەو سامانی ناو ئەم گەنجینەیە (٤) [T-]، وەزارەتی دارایی؛ دارایی.
(٥) کۆمەڵێک بەرهەمی هونەری و وێژەیی بەنرخ. *(a ~ of verse)*.

treasury note, مرواتامەی دارایی (کە وەزارەتی دارایی دەریدەکات).

treat (trēt), *v.i.* (١) سەودا‌کردن؛ سەوداگەری کردن
(٢) ویرکردن؛ پارە بۆ دان.

v.t. (١) باسکردن؛ لێکۆڵینەوە (بە شێوەیەکی تایبەتی).
(He ~s the subject of abortion thoroughly in his book.)
(٢) وا دانان؛ وا سەیرکردن. *(He ~ed the mistake as a joke.)*.
(٣) ڕەفتار لەگەڵ کردن؛ لەگەڵ جوولانەوە. *(He ~s his wife badly.)*.
(٤) ویرکردن *(He ~ed her to dinner.)*
(٥) دەرمانکردن؛ چارەکردن.

n. (١) نۆبەر دەعوەت.
(٢) ویرکردن؛ دەعوەت کردن؛ نۆرەی ویرکردن.
(It is my turn to ~ today.)
(٣) خۆشی؛ شتێکی خۆش. *(It is a ~ to see the city with you.)*.

treat of, لێدووان؛ باسکردن؛ لێکۆڵینەوە.

treatise (trē′tis), *n.* (١) زانستنامە؛ ناميلكە؛ لێکۆڵینەوەی نووسراو؛ لێدووان (٢) [Obs.]، چیرۆک؛ گێڕانەوە.

treatment (trēt′mənt), *n.* (١) ڕەفتار لەگەڵ کردن؛ لەگەڵ جوولانەوە.
(٢) چارەکردن؛ دەرمانکردن؛ دەرمان؛ چارە.

treaty (trē′ti), *n.* (١) ڕێکەوتن (٢) [Obs.]، گفتوگۆ
(٣) [Obs.]، تکا؛ داوا؛ پارانەوە (٤) (ا) پەیمان (مێژ دەوڵەتان).
(ب) بەڵگەنامەی ئەم پەیمانە

treble (treb′l), *adj.* (١) سێ ئەوەندە
(٢) تایبەت بە دەنگی هەرە بەرزی ئۆپەرا
(٣) زیەل؛ بەرزو ناساز؛ تیژ (دەنگ).

n. (١) سۆپرانۆ؛ بەرزترین دەنگی ئۆپەرا.
(٢) گۆرانی بێژ یا نامێری مۆسیقای ئەم دەنگە بەرزە.
(٣) دەنگی بەرزو ناساز؛ زیەل؛ دەنگی تیژ

v.t. کردن بە سێ ئەوەندە

v.i. بوون بە سێ ئەوەندە

-trebleness *(n.)*; **trebly** *(adv.)*.

trebuchet (treb′yoo-shet′), *n. Also* **trebuket.** مەنجەنیق؛ نامێرێکی جەنگی بەردهاوێژی کۆنە

trecento (trə-chen′tô), *n.* سەدەی چواردەهەم لە هونەرو وێژەی ئیتاڵیدا.

tree (trē), *n.* (١) دەرەخت؛ دار؛ دارو دەرەخت
(٢) پێچك یا دەوەنی دەرەخت ناسا *(a rose ~)*.
(٣) دار؛ دەستەك؛ کۆڵەکە؛ ستوونی دار؛ مێخ
(٤) سێدارە. (٥) **family tree** (٦) بلووری دەرەخت ناسا (کیمیا).
(٧) کورتەی ئەم ووشانەیە **christmas tree; boot tree; saddletree**.
(٨) شتێکی لە دەرەخت چوو *(a clothes ~)*.
(٩) [Archaic]، [T-]، سێدارەی عیسا.

v.t. (١) ڕاهێنان سەر دارێك؛ پەنا پێ بردنە سەر دار (٢) پێلاو لە قاڵب دان.
(٣) [Colloq.]، تەنگەتاو کردن؛ بەگیرهێنان؛ تەنگ پێ هەڵچنین.

up a tree, [Colloq.]، تەنگەتاو؛ تەنگ پێ هەڵچنراو؛ بەگیرهێنراو؛ پێ لێ گیراو؛ لە بارودۆخێکی شڵۆقدا بوون.

tree fern, کەرەوزە کێوپەڵەی گەورە؛ قژە کەنیشکی گەورە؛ دارە سەرخەس.

tree frog, بۆقی دار. جۆرە بۆقێکی بچووکە لەسەر دارو دەرەخت دەژی. (هەروەها " tree toad ").

tree heath, brier.

tree house, خانوچکەی سەر دار (بۆ یاری منداڵان).

tree line, = timberline.

tree nail, بزماری دار؛ بەپوولە دارێکە دارو تەختەی پێ دەدرێ لەیەك (کە تەر بوو دەنارسێ لەبەرنەوە لە کەشتی دروستکردندا بەکاردەهێنرێ).

tree of heaven, = ailanthus.

tree of knowledge, داری زانین؛ ئەو دارەی بەهەشتە کە خوا بەرەکەی لە نادەم و حەوا قەدەغە کردبوو بەڵام ئەوان لێیان خواردو دەرکران لە بەهەشت (قورئان و ئینجیل).

tree surgeon, نەشتەرگەری دار؛ کەسێکە شارەزای دارو درەختە.

tree surgery, نەشتەرگەری دار؛ لۆ‌وپۆپی ووشك لێکردنەوە و جێی بڕینی تازە چارەکردن.

tree toad, = tree frog.

treetop (trē′top′), *n.* پۆپەی دار؛ تەوقەسەری درەخت.

trefoil (trē′foil), *n.* (١) سێپەڕە؛ وێنجە.
(٢) خەشڵ، دروشم، یا شتی ڕازاندنەوەی تری سێپەڕە.

trehalose (trē′hə-lōs′), *n.* تریهالۆز؛ شەکرێکی بلووریيە لە هەوێنو قارچك و کەپوو دەردەهێنرێ.

trek (trek), *v.i.* (١) بە گالیسکەی گا ڕۆیشتن یا ڕەوکردن.
(٢) بە هێواشی و بە گران ڕۆیشتن؛ خۆ بەکێش کردن؛ پێنگە کوتان.

v.t. گالیسکە ڕاکێشان (گا).

n. (١) (ا) ڕەو بە گالیسکەی گا. (ب) قۆناغێکی ئەم ڕەوە یا گەشتە
(٢) (ا) گەشت. (ب) قۆناغ (٣) ڕەو؛ ڕەوکردن؛ کۆچ؛ کۆچی بە کۆمەڵ
-trekker *(n.)*.

trellis (trel′is), *n.* (١) کەپرۆکە؛ چوارچێوەی تەنراو بۆ پیاهەڵگەڕانی ڕووەك. (٢) کەپر؛ سایبات.

v.t. (١) کەپرۆکە بۆ کردن. (٢) خستنە سەر یا هەڵگەڕاندن بە کەپرۆکەدا (دارەمێو و ڕووەکی خۆهەڵواس). (٣) چنین؛ وەك تەیمان لێکردن.

trelliswork (trel′is-wûrk′), *n.* = latticework.

trematode (trem′ə-tōd′, trē′mə-tōd′), *n.* کرمێکی پانکەلەی مشەخۆرە.

tremble (trem′b′l), *v.i.* (١) لەرزین؛ هاتنە لەرزین؛ مووچڕك پێدا هاتن؛ تەزوو پێدا هاتن. (٢) ترسان؛ تۆقین؛ زۆر مەراق بوون؛ *(I ~ for your safety.)*

(٣) لەبینەوە؛ لەرەلەرکردن.

n. (١) لەرزین؛ گیان لەرزین؛ مووچڕك؛ تەزوو؛ لەرزەلەرز؛ لەرزە.
(٢) *(pl.)*، لەرزۆکی؛ نەخۆشیيەکی ژەهراوی‌یە تووشی ئاژەڵ و ڕەشەوڵاخ دەبێت لە خواردنی گیای ژەهراوی و نیشانەکانی لەرزین و نووچدانە

trembly (trem′bli), *adj.* لەرزۆك.

tremendous (tri-men′dəs), *adj.* (١) تۆقێنەر؛ ترسناك.
(٢) (ا) زۆر زل؛ زۆر گەورە؛ مەزن. *(a ~ task)*.
(ب) [Colloq.]، زۆرباش؛ سەرناسا؛ نایاب.
-tremendously *(adv.)*; **tremendousness** *(n.)*.

tremolite (trem′ə-līt′), *n.* تریمولیت؛ کانزایەکە لە سلیکاتی کالسیۆم و مەگنیسیۆم پێکدێت.

tremolo (trem′ə-lō′), *n.* (١) لەبینەوە (مۆسیقا)؛ لەرە؛ لەرزە.
(٢) نامێری لەراندنەوە (لە نۆرگەندا).
(هەروەها " tremolant " ، " tremulant ").

tremor (trem′ər, trē′mər), *n.* (١) لەرزین؛ لەرزە.
(He suffered from a nervous ~.)
(٢) (ا) لەرە؛ لەبینەوە؛ لەرەلەر. (ب) بوومەلەرزە. *(an earth ~)*
(٣) مووچڕك؛ تەزوو. (٤) وروژان؛ بێ ئارامی.
(٥) دەنگی لەبینەوە یا لەرزین.

tremulant, tremulent (trem′yoo-lənt), *adj.* = tremulous.

tremulous (trem′yoo-ləs), *adj.* (١) لەرزۆك؛ لەرزیو؛ دەلەرینەوە.
(٢) ترسنۆك.
-tremulously *(adv.)*; **tremulousness** *(n.)*.

trench (trench), *v.t.* (١) بڕینە؛ هەڵکۆڵین. (٢) بڕینەوە؛ لێکردنەوە؛ هەڵدڕین. (٣) خەندەق تێدا هەڵکەندن؛ خەندەق لێدان.

(٤) خەندەك بە دەوردا لێدان یا هەڵكەندن (بۆ پاراستن وەك سەنگەر)؛ پاراستن بە خەندەق. (٥) خستنە ناو خەندەق.

v.i. (١) ناودركردن؛ وەك خەندەك لێكردن؛ كەندركردن. (٢) خەندەق لێدان یا هەڵكەندن (بۆ پاراستن وەك سەنگەر). (٣) برین؛ هەڵدڕین. (٤) (~ on ; ~ upon)، دەستدرێژی كردنە سەر؛ سنوور شكاندن. (ب) لێوە نزیك بوون؛ لێچوون؛ جیاوازی زۆر نەبوون.

n. (١) كەندر؛ ناودر؛ چاڵی درێژ؛ دێراو. (٢) خەندەك؛ خەندەق؛ لەغەم. (٣) سەنگەر؛ سەنگەری خەندەكی.

trench on (or upon), (١) دەستدرێژی كردنە سەر (زەوی خەڵك، ماف ... هتد). (٢) لێوە نزیك بوون؛ لێچوون؛ جیاوازی زۆر نەبوون.

trenchant (tren′chənt), *adj.* (١) تیژ؛ برێندە. (٢) بڕ (ووتە)؛ توند: *(~ words)*. (٣) كەرەم (مشت‌ومڕ، گفتوگۆ)؛ توندوتیژ: *(a ~ argument)*. (٤) دیار؛ ناشكرا؛ ڕوون: *(a ~ pattern)*.

-trenchancy *(n.)*; **trenchantly** *(adv.)*.

trench coat, پاڵتۆی باران

trencher (tren′chēr), *n.* (١) تەختەی گۆشت‌و شت لەسەر بڕین. (ب) نەهەم؛ سینی دار. (٢) (١) [Archaic]، خواردنی ناو نەهەم. (ب) هەندێ خواردن؛ نازووقە. (٢) [Obs.]، پارچەیەك نانی خواردەمەنی لەسەر. (٤) [Obs.]، چەقۆ.

trencher (tren′chēr), *n.* (١) خەندەك هەڵكەن؛ خەنەق لێدەر؛ لەغەم لێدەر. (٢) گۆشتبڕ یا خواردەمەنی قاشكەر لەسەر مێز.

trencherman (tren′chēr-mən), *n.* (١) زۆرخۆر؛ وورگ دڕاو. (٢) مفتەخۆر؛ مشەخۆر؛ موشەك؛ لاكوت؛ هەوانتەخۆر.

trench fever, تای سەنگەر؛ نەخۆشیەكی درمە لە نەسپن وە بڵاودەبێتەوە تاو نێشو نازاری ماسوولكەی لەگەڵدایە (تووشی سەربازی ناو سەنگەر دەبێت).

trench foot, پێی سەنگەر؛ نەخۆشیەكی پێیە تووشی ئەو سەربازانە دەبێت كە زۆر لە سەنگەردا دەمێننەوە لە سەرما و تەپی‌و نەجووڵانەوە.

trench knife, چەقۆی دوو دەم (بۆ شەڕی دەستەویەخە)؛ خەنجەر؛ چەقۆی شەڕ

trench mortar, حۆرێكە لە تۆپی جەنگ

trench mouth, دەمی سەنگەر؛ نەخۆشیەكی پەردەی ناودەم‌و قوڕگە نازارو بۆگەنی پیسی لەگەڵدایە (تووشی سەربازی ناو سەنگەر دەبێت). هەروەها پێی دەووترێ: " Vincent's angina ").

trench warfare, شەڕە سەنگەر؛ جەنگی هێرش بردنە سەر سەنگەری هەمیشەیی یەكتر.

trend (trend), *v.i.* (١) ڕۆیشتن بەرەو؛ چوون بەرەو؛ كشان بەرەو؛ بە لایەكی تایبەتیدا ڕۆیشتن: *(The river ~s northward.)*. (٢) بەرەو هەڵوێستێكی تایبەتی چوون؛ بە لایەكدا داشكان (گفتوگۆ، ڕووداو، ڕا)؛ مۆدە وەها بوون: *(Modern thought is ~ing away from materialism.)*

n. (١) ڕێڕەو؛ ڕێبار. (٢) مەیل؛ ئاڕەزووی گشتی. (٣) مۆدە؛ شتی باو.

trendy (trend′i), *adj.* مۆدە؛ تازە باو؛ لەگەڵ ڕۆژگاردا گونجاو: *(~ clothes)*

trepan (tri-pan′), *n.* (١) trephine. (٢) ئامێری بەردكونكەری گەورە (كانزاكردن).

v.t. (١) نەشتەرگەری كاسەی سەر (٢) بەرد كون كردن (كانزاكردن).

-trepanation *(n.)*.

trepan (tri-pan′), *n.* (١) كەسێكی فێڵباز یا هریوباز. (٢) داو؛ تەڵە؛ پیلان؛ فێڵ.

v.t. كردن بە داوەوە؛ فێڵ لێكردن؛ هریودان؛ كردن بە تەڵەوە.

trepang (tri-parj′), *n.* حەیاری دەریا. (١) گیاندارێكی دەریایی (ب) ئەم گیاندارە بە ووشك كراوی یا دووكەڵ كراوی لە چین دەكرێت بە سۆزیا.

trephine (tri-fīn′, tri-fēn′), *n.* جۆرە مشارێكی بچووكە بۆ نەشتەرگەری كاسەی سەر.

v.t. نەشتەرگەری كاسەی سەر كردن بەم مشارە.

trepid (trepid), *adj.* ترسنۆك.

trepidation (trep′ə-dā′shən), *n.* (١) لەرزین؛ لەرزە؛ لەرز؛ تەزوو؛ مووچڕكە. (٢) ترس؛ مەترسی.

treponema (trep′ə-nē′mə), *n.* میكرۆبی ناتەشەك (سفلس)و نەخۆشی تری وەها.

trespass (tres′pəs, tres′pas′), *v.i.* (١) پەڕژین شكاندن؛ تاوان كردن؛ لە سنوور چوونە دەرەوە؛ گوناه كردن. (٢) چوونە ناو زەوی یا حەوشەی خەڵكەوە (بەتایبەتی بە نیازی خراپ)؛ دەستدرێژی كردنە سەر زەوی یا مافی كەسێك: *(No ~ing !)*. (٣) خۆ سەپاندن بەسەردا؛ كاتی كەسێك گرتن؛ دەستدرێژی كردنە سەر *(He is always ~ing on my time and hospitality.)*

n. (١) تاوان؛ گوناه؛ پەڕژین شكان. (٢) خۆ سەپان بەسەردا؛ دەستدرێژی كات گرتنی كەسێك. (٣) (ا) چوونە ناو زەوی یا حەوشەی خەڵك (بەتایبەتی بە نیازی خراپەكردن)؛ دەستدرێژی كردنە سەر زەوی یا مافی كەسێك (ب) دادخوازییەكە بەرامبەر بەم دەستدرێژییە.

-trespasser *(n.)*.

tress (tres), *n.* (١) پرچی هۆنراوە. (٢) كاكۆڵ؛ پەرچەم؛ گێسوو؛ ئەگریجە؛ زوڵف. (٣) *(pl.)*، پرچی درێژو شۆڕی ئافرەت؛ قژی درێژ.

-tressy *(adj.)*.

trestle (tres′l), *n.* (١) سێپای دار؛ چوارچێوەی چوارپێ؛ پاڵپشتی چوارپێ. (٢) چوارچێوەی ژێر پرد؛ كۆڵەكەی پرد.

trestlework (tres′l-wûrk′), *n.* (١) چوارچێوەی ژێر پرد؛ كۆڵەكەی پرد. (٢) پردی سەر چوارچێوە یا كۆڵەكە؛ شتی سەر سێپای دار یا چوارچێوە.

tret (tret), *n.* سڵاودانەوەی هەندێ فرۆتەنی (لەبەر خراپ بوونی هەندێكی لە گواستنەوەدا).

trews (trooz), *n.pl.* پانتۆڵی تەسكی خوری میلداری چەپ‌و ڕاستی نوسكوتلەندی

trey (trā), *n.* سێ (زاری تاوڵەو دۆمینە، كاغەزی یاری)؛ سیان.

tri- (tri, trī), پێشگرێكە بەمانای: (ا) سیانی؛ سیانە؛ سێیی: *(tricycle)* (ب) سێ جار؛ بە سێ بەشەوە: *(trisect)*. (ج) هەر سێ (ساڵ، مانگ، هەفتە) جارێك: *(triannual)*. (د) سێ گەردیلەیی (كیمیا)؛ سێ توخمی.

triable (trī′ə-b'l), *adj.* (١) تاقی دەكرێتەوە. (٢) دەتوانرێ دادپرسی بكرێت؛ دەتوانرێ بدرێت بە دادگا

triacid (tri-as′id), *n. & adj.* ترشی سیانی (كیمیا)؛ ترشی سێ تفت.

triad (trī′ad), *n.* (١) سێ (كەس، شت، بیروڕا)؛ دەستەی سیانە؛ سیانە؛ سێ كوچكە؛ سێ چوكڵە؛ سێیی. (٢) ئاوازی مۆسیقای سێ دەنگی.

trial (trī′əl, trīl), *n.* (١) تاقیكردنەوە. (٢) تاقیكردنەوە بە چەوساندنەوە، فریودان... هتد. (٣) مەینەتی؛ كوێرەوەری؛ ئەشكەنجە؛ سوێ؛ ناخۆشی. (٤) دادگەری؛ دادپرسین؛ دادپرسی؛ دادوەری. (٥) هەوڵ؛ كۆشش؛ هەوڵدان؛ كۆشش كردن.

adj. (١) هی دادگەری؛ تایبەتی بە دادپرسی. (٢) تاقیكردنەوەیی؛ بۆ تاقیكردنەوەیە؛ هی تاقیكردنەوە

on trial, (١) دادپرسی لەگەڵ دەكرێ؛ لەبەردەمی دادپرسدایە. (٢) تاقی دەكرێتەوە (بە بەكارهێنان)

trial and error, تاقیكردنەوە و هەڵەكردن (هەتا گەیشتنە ئەنجام)

trial balance, تەرازووی تاقیكردنەوە یا پیاچوونەوەی داهات‌و خەرجی

(دەفتەرگرتن)

trial balloon, (۱) بالۆنی تاقیکردنەوە. بالۆنێکە هەڵدەدرێت بۆ تاقیکردنەوەی تەورژمی هەوا و خێرایی با... هتد. (۲) بڵاوکراوەیەک یا پاگەیاندنێکە لەلایەن میری یا لایەکی ترەوە دەربارەی نیازی کردنی کارێک بۆ تاقیکردنەوەی ڕا و هەڵوێستی خەڵک پێش هەڵسان بەو کارە.

trial jury, = petit jury.

triangle (trī′aŋ′g'l), *n.* (۱) سێگۆشە. سێ سووچە؛ سێ سووچ. (۲) دڵداری سێ قۆڵی (بەتایبەتی دوو پیاو و ژنێک)؛ خۆشەویستی سێلایی. (۳) نامێرێکی سێگۆشەی مۆسیقایی.

triangular (trī-aŋ′gyoo-lĕr), *adj.* (۱) سێگۆشەیی (ئەندازە)؛ سێ سووچی. (۲) سێ قۆڵی؛ سیانی (مرۆڤ، دەزگا، بیروڕا... هتد)؛ سێیی.

-triangularity *(n.)*; **triangularly** *(adv.)*.

triangulate (trī-aŋ′gyoo-lāt′), *v.t.* (۱) سێگۆشەکردن؛ بەشکردن بە سێگۆشەوە. (۲) ڕووپێوانی شوێنێک بە دابەشکردنی بە سێگۆشەوە و پێوانی گۆشەکانی. (۳) پێوان بەهۆی ژمێرەی سێگۆشەکانەوە

adj. سێگۆشە. سێگۆشەیی؛ لە سێگۆشە پێکهاتوو.

triangulation (trī-aŋ′gyoo-lā′shən), *n.* (۱) ڕووپێوانی ناوچەیەک بە دابەشکردنی بە سێگۆشەوە و پێوانی گۆشەکانی. (۲) ئەم سستگۆشانە

triarchy (trī′är-ki), *n.* (۱) حوکمرانی سێ قۆڵی؛ فەرمانڕەوایی سێ کەسی. (۲) وڵاتێکی بە سێ کەس بەڕێوەبراو.

triatomic (trī′ə-tom′ik), *adj.* (۱) سێ گەردیلەیی یا ئەتۆمی (کیمیا). (۲) سێ هاوهێزی (کیمیا)

triaxial (trī-ak′si-əl), *adj.* سێ تەوەری

tribade (trī′bād′), *n.* lesbian.

tribadism (trī′bad-iz′m), *n.* = lesbianism.

tribal (trī′b'l), *adj.* خێڵەکی. هۆزی

-tribally *(adv.)*.

tribalism (trī′b'l-iz′m), *n.* (۱) خەڵکێتی. خێڵایەتی؛ هۆزایەتی. (۲) خێڵ پەرستی؛ هۆزپەرستی؛ تیرەگەری

-tribalistic *(adj.)*.

tribasic (trī-bā′sik), *adj.* (ترشی) سێ تفنی (کیمیا).

tribe (trīb), *n.* (۱) خێڵ. هۆز. تیرە. (۲) کۆمەڵە خەڵکی هاوپێشەو خوو و نەریتو بیروباوەڕ. (۳) چین (ڕیندەوەرناسی). (٤) بەچکەی پشتاوپشتی گیانەوەرێکی مێینە. (٥) دەستە (مرۆڤ، گیانەوەر)؛ تاقم. (٦) خێزانی گەورە.

tribesman (trībz′mən), *n.* ئەندامی خێڵێک

tribrach (trī′brak, trib′rak), *n.* سێ برگەی کورتی بێ هێز (هۆنراوەناسی)

tribulation (trib′yoo-lā′shən), *n.* (۱) کوێرەوەری. سوێ؛ ئەشکەنجە. مەینەتی؛ ناخۆشی. (۲) هۆی کوێرەوەری و ناخۆشی؛ کارەسات؛ بەڵا

tribunal (tri-bū′n'l, tri-bu′n'l), *n.* (۱) تەختی دادپرس؛ کورسی دادگەر. (۲) دادگا. (۳) بریارگا؛ دادگا (مەجاز)؛ مەڵبەندی بڕیاردان

(the ~ of public opinion)

tribunate (trib′yoo-nit, trib′yoo-nāt′), *n.* پلەوپایەو دەسەڵاتو ماوەی دەسەڵاتی پارێزەری گەل (هەروەها " tribuneship ").

tribune (trib′ūn), *n.* (۱) پارێزەری گەل (لە کاتی ڕۆمانەکاندا). (۲) پارێزەری گەل؛ قارەمانی گەل

tribune (trib′un), *n.* دووانگە

tribuneship (trib′ūn-ship′), *n.* tribunate.

tributary (trib′yoo-ter′i), *adj.* (۱) باجدەر. (۲) باجی لەسەرە؛ ڕێزدەستە *(a ~ nation)* (۳) وەک باجدان وایە؛ لە باج دەچێ

(٤) ڵق؛ لقی: *(~ streams)* .

n. (۱) وڵاتی باجدەر یا باج لەسەر؛ وڵاتی ڕێزدەستە. (۲) لقی ڕوبار؛ زێ؛ چەم؛ ڕوبار (کە بڕژێتە ڕوبارێکی گەورەترەوە)

tribute (trib′ūt), *n.* (۱) (ا) باجێک کە وڵاتێکی ڕێزدەستە دەیدات بە وڵاتێکی تر. (ب) سەرانە. (ج) ئەو پارەیەی لە گەل کۆدەکرێتەوە بۆ ئەم باجدانە. (۲) (ا) باج یا سەرانەیەکە کە مسکێن دەیدات بە دەرەبەگ. (ب) ئەرکی ئەم باجدانە. (۳) پارەی بە زۆر سەنراو؛ سەرانە؛ بەرتیلی بە زۆر سەنراو. (٤) کارێک، گوفتارێک، یا دیاریەیەکە بۆ دەربڕینی ڕێزو خۆشەویستی و سوپاس: *(They paid ~ to the memory of their fallen leader.)* (٥) ڕێز؛ ستایش؛ پیاهەلدان.

trice (trīs), *v.t.* (~ up), هەڵکردنو چەسپاندنی بایەوانی بەلەمو کەشتی.

n. چرکە؛ هەناسە؛ کاتێکی زۆر کەم: *(in a ~)* .

tricentennial (trī′sen-ten′i-əl), *adj. & n.* = tercentenary.

triceps (trī′seps), *n.* ماسولکەی سێ سەرە: ماسولکەی پشتی بازوو.

trichiasis (tri-kī′ə-sis), *n.* نەخۆشی بەناوداچوونی موی دەوری گون (بەتایبەتی برژانگەکان).

trichina (tri-kī′nə), *n.* تریکینا: کرمێکی دەزوولەیی لە ڕیخۆڵەی مرۆڤو هەندێ گیانداری شیردەردا دەژی (لە گۆشتی بەرازەوە بڵاودەبێتەوە).

trichinize (trik′ə-nīz′), *v.t.* تووشی " تریکینا " کردن.

trichinosed (trik′ə-nōzd′), *adj.* = trichinous.

trichinosis (trik′ə-nō′sis), *n.* نەخۆشی تریکینا: نەخۆشیەکە تووشی ڕیخۆڵەو ماسولکەکان دەبێتو دەبێتە هۆی تا و دڵ تێکەڵاتنو شۆڕیو نازاری ماسولکە (لە خواردنی گۆشتی نەکوڵاوی بەرازەوە دادەکەوێ)

trichinous (trik′ə-nəs), *adj.* (۱) کرمی تریکینای تێدایە: *(~ pork)* (۲) تووشی تریکینا بووە؛ تایبەت بە نەخۆشی تریکینا: *(a ~ infection)*

trichite (trik′īt), *n.* بلوورێکی دەزوولەییەیە لە بەردی ئاگرپژێنداً هەیە.

trichloride (trī-klôr′id, trī-klō′rid), *n. Also* **trichlorid,** سێیەم کلۆرید: کلۆریدێکە لە سێ گەردیلەی کلۆرین پێکدێت.

tricho- (trik′ō, trī′kə), *Also* **trich-** , پێشگرێکە بەمانای: تووک؛ موو؛ قژ؛ تیسک *(trichosis)* .

trichocyst (trik′ə-sist′), *n.* دڕک یا چزووی هەندێ لە گیانەوەرە یەک خانەییەکان.

trichoid (trik′oid), *adj.* لە موو دەچێت؛ باریک؛ تاڵەموویی.

trichology (tri-kol′ə-ji), *n.* زانیاری قژ؛ تیسک، یا تووک

trichome (trī′kōm, trik′ōm), *n.* شتی تاڵەموویی بە پێستی ڕووەکەوە (دڕک، تووک، دەزوولە ڕەگ).

trichomonad (trik′ō-mon′ad), *n.* میکرۆبێکی یەک خانەیی کلکدارە لە ڕیخۆڵەو بۆری میزو زاوزێی مرۆڤدا پەیدا دەبێ.

trichomoniasis (trik′ō-mon-ī-ə-sis′), *n.* (۱) نەخۆشیەکی زێیە لە میکرۆبی کلکدارەوە تووش دەبێت. (۲) هەر جۆرە نەخۆشیەکە لەم جۆرە میکرۆبەوە داکەوێت

trichord (trī′kôrd′), *n.* ئامێری مۆسیقی سێ زێ

trichosis (tri-kō′sis), *n.* نەخۆشی تیسک، قژ، یا تووک

trichotomy (trī-kot′ə-mi), *n.* (۱) دابەش بوون بە سێ بەش، پۆل، یا توخمەوە. (۲) دابەش بوونی مرۆڤ بە سێ بەشەوە: لەش و گیان و دەروون (ئاین)

trichromatic (trī′krō-mat′ik), *adj.* سێ ڕەنگ (وێنەگری، چاپگەری)؛ سێ ڕەنگی

-trichromatism *(n.)*.

trick (trik), *n.* (۱) فێڵ؛ فڕوفێڵ؛ فێڵو تەڵەکە؛ کەلەک؛ ساختە؛ خەڵەتان؛ فریو؛ فریوبازی (۲) پەنگ؛ کەتن.

(٣) کاریکی ناپەسەندو پیس.
(٤) .ا. کاریکی زۆرزانانە یا قوماربازانە؛ فرۆفێڵی جادووگەر؛ قوماربازی.
ب. کاریکی سەیرو لێهاتووانە.
(٥) بەهرە؛ سەر لێ دەرچوون؛ کارامەیی؛ شارەزایی؛ لێ زانین:
(the ~ of making good pastry)
(٦) رێگەی ناسانی پیشەیەک یا نیشتیک؛ کون‌و کەلەبەر (مەجاز):
(He learned the ~s of the trade.)
(٧) خوو: *(a ~ of rubbing his chin)* .
(٨) نۆرەی نیش (کەشتیوانی)؛ شەفت.
(٩) [Colloq.]. منداڵێکی جوانکەلە؛ کیژۆڵەیەکی جوانکیلە.
(١٠) کاغەزی یاری پێ کراو لە کایەیەکدا (قوما، یاری).

v.t. فێڵ لێکردن؛ خەڵەتاندن؛ فریودان؛ پەنگ پێدان؛ کەتن پێکردن؛ ساختەلێکردن

adj. (١) فرۆفێڵاوی؛ تایبەت بە فریودان یا فێڵ لێکردن.
(٢) یاری‌و شتی سەیر کەر: *(a ~ dog)* .
(٣) لاوار؛ دەشێت پەکی بکەوێت: *(a ~ knee)* .

-tricker *(n.).*

do (or turn) the trick, ئەنجام دانە دەست؛ کار بەجێهێنان؛ شت حیسەجێکردن

trick out (or up), ڕازاندنەوە؛ نەخشاندن.

trickery (trik′ĕr-i), *n.* فێڵبازی؛ تەڵەکەبازی؛ فرۆفێڵ؛ ئاین‌وزێن؛ قوماربازی؛ جامبازی؛ خەڵەتان؛ هەڵخەڵەتان؛ ساختە.

trickish (trik′ish), *adj.* (١) فێڵباز؛ تەڵەکەباز؛ ساختەچی؛ قوماربباز؛ بە فرۆفێڵ. (٢) فرۆفێڵاوی؛ فێڵاوی.

trickle (trik′l), *v.i.* (١) بە دڵۆپ یا تنۆک تنۆک لێ هاتنە خوارەوە؛ چۆڕانەوە. (٢) نەخشە نەختەو بە هێواشی هاتن، چوون، یا جوواڵن:
(The audience ~d in .)

v.t. (١) چۆراندنەوە؛ بە دڵۆپ دڵۆپ لێ دەرهێنان.
(٢) بەرەبەرەو لەسەرخۆ هێنان، بردن، یا جوواڵندن.

n. (١) چۆرانەوە.
(٢) چۆر؛ تنۆک؛ دڵۆپ؛ چۆڕەچۆڕ:
(The stream had shrunk to a mere ~ .)
(٣) نەخت؛ بڕێکی زۆر کەم.

trickster (trik′stĕr), *n.* کەڵەکچی؛ ساختەچی؛ فێڵباز؛ فریوباز.

tricksy (trik′si), *adj.* (١) شۆخ؛ کەشخە؛ ڕازاوە؛ جوان‌و ڕێک‌وپێک.
(٢) حەز لە گاڵتەوگەپ کەر؛ فێڵباز؛ قوماربباز؛ کەڵەکچی.
(٣) گران؛ ئاڵۆز؛ وورد (کار): *(a ~ job)* .

-tricksiness *(n.).*

tricky (trik′i), *adj.* (١) فرۆفێڵاوی؛ فێڵباز؛ تەڵەکەباز؛ فریوباز؛ جامباز.
(٢) ئاڵۆز؛ گران؛ وورد؛ پێویست بە وورییی‌و لێزانێن دەکات:
(a ~ problem in mathematics, job, situation, question, etc.)

-trickily *(adv.)*; **trickiness** *(n.).*

tricolor (trī′kul ĕr), *n.* (١) ئاڵای سێ ڕەنگ.
(٢) [T-]، ئاڵای فەرەنسا.

adj. سێ ڕەنگ؛ سێ ڕەنگی.

tricorn (trī′kôrn), *adj.* سێ سووچ؛ سێ لا.

n. شەپقەی سێ سووچ.

tricornered (trī′kôrn ĕrd), *adj.* سێ سووچ؛ سێ قوڕنە.

tricostate (trī-kos′tāt), *adj.* سێ تیغەیی (ڕووەکناسی، گیانەوەرناسی)؛ سێ تیغەدار؛ سێ هێڵی وەک پەراسووی تێدایە.

tricot (trē′kō), *n.* قوماشی چنراو

tricotine (trik′ə-tēn′), *n.* قوماشی خوری خانەخانە

tricuspid (trī-kus′pid), *adj.* (١) سێ چوکڵەیی؛ سێ نووکی:
(a ~ tooth)
(٢) سێ توێیی یا بەش (زمانەی دڵ)

n. (١) ددانی سێ چوکڵەیی؛ ددانی سێ نووکی.
(٢) زمانەی سێ توێیی یا سێ بەشی دڵ.

tricuspidate (trī-kus′pi-dāt′), *adj.* سێ چوکڵەیی (ددان)؛ سێ نووکی.

tricycle (trī′si-k'l), *n.* پاسکیلی سێ پێچکە (بەتایبەتی هی منداڵان)

tridactyl (trī-dak′til), *adj. Also* **tridactylous,** سێ چرنووکی؛ سێ پەنجەیی پێ؛ سێ چرنووک یا پەنجەی پێی هەیە.

trident (trī′d'nt), *n.* (١) ڕمی سێ سەر (کە چەکێکی کۆنی ڕۆمانەکان بووە)؛ نێزەی سێ سەر. (٢) ڕمی سێ سەری پاوەماسی.
(٣) گوورزە سێ سەرەکەی کە خوای دەریا هەڵی دەگرت (ئەفسانەی یۆنان‌و ڕۆمان).

adj. سێ سەر؛ سێ لك؛ سێ لکی؛ سێ پەل.

tridentate (trī-den′tāt), *adj.* سێ دندان؛ سێ سەری؛ سێ لقی؛ سێ نووکی.

tried (trīd), *past tense and past participle of* **try.**

adj. تاقیکراوەتەوە؛ پشت پێ بەستراو: *(a ~ friend)* .

triennial (trī-en′i-əl), *adj.* (١) سێ ساڵە؛ هەر سێ ساڵ جارێك ڕوودەدات. (٢) سێ ساڵ دەخایەنێ؛ سێ ساڵی پێ دەچێ.

n. (١) ڕووداوێکی سێ ساڵەیی؛ شتێکە کە هەر سێ ساڵ جارێك ڕوودەدات. (٢) یادی سێ ساڵە.

-triennially *(adv.).*

triennium (trī-en′i-əm), *n.* ماوەی سێ ساڵ؛ سێ ساڵ.

trierarch (trī′ĕr-ärk′), *n.* (١) کاپتنی کەشتی جەنگی یۆنانی (کە سێ چێن سەوڵی هەبووە لە هەر لایەکیدا).
(٢) هاووڵاتی‌یەکی یۆنانی کە بە پارەی خۆی کەشتی‌یەکی وای دروست دەکردو ڕای دەگرت (بۆ بەجێهێنانی ئەرکی هاووڵاتی‌یەتی خۆی).

trierarchy (trī′ĕr-är′ki), *n.* (١) پلەوپایەی کاپتنی کەشتی جەنگی یۆنانی. (٢) ئەم کاپتنانە بەگشتی. (٣) دروستکردن‌و ڕاگرتنی ئەم کەشتی‌یانە لەلایەن هاووڵاتیانەوە (ووشەی پێشوو ببینە).

trifacial (trī-fā′shəl), *adj. & n.* trigeminal.

trifid (trī′fid), *adj.* سێ پەلك؛ سێ لك؛ سێ پەلك (گەڵا)؛ سێ کەلێنی.

trifle (trī′f'l), *n.* (١) شتێکی هیچ‌وپووچ؛ شتێکی کەم بایەخ.
(٢) نەختێك پارە. (٣) نەختێك؛ تۆزێك؛ تۆسقاڵێك.
(٤) جۆرە شیرینی‌یەکە بریتی‌یە لە کێکی نەرم کە لە مەی هەڵدەکێشرێ‌و میوە‌و بادەم‌و کرێمی دەکرێ بەسەردا.
(٥) (ا) داڕشتەی " pewter " ی نەختێك ڕەق.
(ب) دەفرێکی لەم داڕشتەیە دروستکراو.

v.i. (١) (~ with)، گاڵتەپێکردن؛ بە سووکی دانەبەر؛ بە سووك دانان یا تەماشاکردن؛ بە هیچ‌وپووچ دانان:
(He ~d with my plan. He is not a man to ~ with.)
(٢) (~ with)، یاری پێ کردن:
(The child ~s with his dinner instead of eating it.)
(٣) (~ with)، یاری پێ کردن (هەست‌و خۆشەویستی خەڵك):
(Don't ~ with her feelings.)

v.t. (~ away), بەفیڕۆدان؛ خاوەخاوکردن؛ کات کوشتن:
(He ~s the hours away.)

a trifle, نەختێك؛ تۆزێك: *[The bag is a trifle (too) heavy .]*

trifling (trī′flĭŋ), *adj.* (١) فشقیات؛ هیچ؛ ناگرنگ: *(~ talk)* .
(٢) هیچ‌وپووچ؛ بێ بایەخ؛ ناگرنگ؛ سووك: *(a ~ gift, error, ailment)* .
(٣) [Dial.]، تەمەڵ: *(a ~ fellow)* .

trifocal (trī-fo′k'l), *adj.* سێ دووری؛ لە سێ دووری‌یەوە شتی پێ دەبینرێ (چاوێلکە).

n. (١) هاوێنە یا گەردبینی سێ دووری.
(٢) *(pl.)*، چاوێلکەی سێ دووری. چاوێلکەیەکە لە سێ دووری‌یەوە پێی دەبینرێ (هاوێنەکەی کراوە بە سێ بەشەوە: نزیك‌و دوور و مام ناوەندی)

trifoliate (trī-fō′li-it, trī-fō′li-āt´), *adj.* (۱) سێ پەڕە؛ سێ گەڵا *(a ~ plant)*. (۲) trifoliolate.

trifoliated (trī-fō′li-ā´tid), *adj.* = trifoliate.

trifoliolate (trī-fō′li-ə-lāt´), *adj.* سێ پەڕە وەك سێپەڕە یا وێنجە *(a ~ leaf)*.

trifolium (trī-fō′li-əm), *n.* گیای گەڵا سێ پەڕەیی (وەك سێپەڕە یا وێنجە).

triforium (trī-fôr′i-əm, trī-fō′ri-əm), *n.* تارمەیەکی تاقدارە بەسەر پارەوی تەنیشتی کڵێسەوە.

triform (trī′fôrm), *adj. Also* triformed, سێ شێوەیی؛ سێ جۆری؛ سێ سرووشتی

trifurcate (trī-fûr′kit, trī-fûr′kāt), *adj. Also* trifurcated, سێ لك؛ سێ پەلك؛ سێ لق.

trig (trig), *adj.* (۱) شۆخ؛ کەشخە؛ تەرپۆش؛ خۆ تاس و لووس کەر. (۲) ساغ؛ پتەو؛ بەهێز؛ بەتین. (۳) [Rare]. لە ئەندازە بەدەر تووندوتێژو بە پەخنە لەڕووی ڕەفتارەوە

v.t. [Dial.], (~ out ; ~ up), تاس و لووس کردن؛ جلی جوان لەبەرکردن و ڕێك و پێك کردن

trig (trig), *v.t.* (۱) بەرگرتنی تایە بە بەرد یا دار بۆ ئەوەی خل نەبێتەوە. (۲) هەڵپەساردن؛ شت دانەبەر بۆ پاڵپشت؛ پاڵپشت دانەبەر.

n. بەردێك یا دارێکە دەخرێتە بەر تایەوە بۆ ئەوەی خل نەبێتەوە.

trig., = trigonometry.

trigeminal (trī-jem′ə-nl), *adj.* تایبەتی بە هەستە دەماری سێ لکی دەموچاوو سەر. (هەروەها " trifacial ").

n. ئەم هەستە دەمارە سێ پەلە.

trigeminus (trī-jem′i-nəs), *n.* هەستە دەماری سێ لکی دەموچاوو سەر

trigger (trig′ər), *n.* (۱) پەلەپیتکە (چەکی ئاگرین). (۲) ئامێرێکی پەلەپیتکەیە مەکینەیەك یا شتێکی پێ دەخرێتە کار. (۳) ڕووداوێکە یا شتێکە کە ڕووداوی تری لێ دەبێتەوە (دەروونناسی)؛ هاندەر؛ ووروژێنەر.

v.t. [Colloq.], تەقاندنەوە؛ تەقاندن؛ بوون بە هۆ؛ لێبوونەوە؛ ئاگر دان: *(The fights ~ed a riot.; Her indifference ~ed an angry reaction in him.)*

quick on the trigger, [Colloq.], (۱) زوو یەنجە دەنێت بە پەلەپیتکەدا؛ زوو تەقەکردن. (۲) ووریا؛ زیت؛ هۆشیار؛ خێرا؛ گورج.

triggerfish (trig′ər-fish´), *n.* ماسیەکی ڕەنگاوڕەنگی بڕبڕە تیژی ناوچە گەرمەکانە.

trigger-happy (trig′ər-hap′i), *adj.* [Slang]. (۱) زۆر ئامادەیە بۆ تەقەکردن؛ تەقەی پێ خۆشە؛ حەز دەکات تەقە بکات (۲) شەڕانی؛ جەنگاوەر.

triglyph (trī′glif), *n.* نەخشێکە بریتیە لە بەردێکی درێژکۆڵەی دەڕێقبوی سێ هێڵی (خانووسازی)

-triglyphic *(adj.)*.

trigon (trī′gon), *n.* (۱) سێگۆشە؛ سێ سووچ. (۲) سیانە سێ نیشانە لە دوانزە نیشانەکەی کەلووی ئاسمان (ئەستێرەناسی). (۳) ئامێرێکی موسیقای سێگۆشەیی کۆنە لە گیتار دەچێ.

-trigonal *(adj.)*.

trigonometric (trig′ə-nə-met´rik), *adj. Also* trigonometrical, تایبەت بە سێگۆشەزانی؛ تایبەت بە زانیاری سێگۆشەکان.

-trigonometrically *(adv.)*.

trigonometry (trig′ə-nom´ə-tri), *n.* زانیاری سێگۆشەکان؛ ژمێرەی سێگۆشەکان.

trigonous (trig′ə-nəs), *adj.* سێگۆشەیی؛ سێ سووچی.

trigraph (trī′graf´, trī′gräf´), *n.* سێ تیپی یەك دەنگ: (وەك: eau لە bureau و beau دا).

trihedral (trī-hē′drəl), *adj.* سێ ڕوو (ئەندازە).

n. = trihedron.

trihedron (trī-hē′drən), *n.* وێنەی سێ ڕوو (ئەندازە).

trijugate (trī′joo-gāt´, trī-jōō′git), *adj. Also* trijugous, سێ جووت گەڵای بچکۆلەی پێوەیە.

trilateral (trī-lat′ər-əl), *adj.* سێ لا (ئەندازە)؛ سێ لایی؛ سێ قۆڵی: *(A triangle is ~.; a ~ meeting)*.

-trilaterally *(adv.)*.

triliteral (trī-lit′ər-əl), *adj.* سێ تیپی (ووشە، ڕیشە)؛ سێ تیپ: *(a ~ word. ~ roots in Semitic languages, etc.)*

n. ووشەو ڕیشەی سێ تیپی.

-triliteralism *(n.)*.

trill (tril), *n.* (۱) لەرزە (مۆسیقا، گۆرانی)؛ لەرە؛ دەنگ لەرینەوە. (۲) دەنگی لەراوە. (۳) (ا) لەرینەوەی زمان لە ووتنی هەندێ تیپدا وەك " r " ی کوردیو ئیسپانیو سکوتلەندی (کەڕ، وەڕس، وەڕە). (ب) دەنگی لەراوەی تیپی وەها. (٤) تیپی وەها لەراوە (وەك " r ").

v.t. & v.i. (۱) گۆرانی ووتن یا مۆسیقا لێدان بە دەنگی لەرزۆکەوە. (۲) ووتنی هەندێ تیپ بە لەرە یا لەراندنەوەی زمان.

trillion (tril′yən), *n.* تریلیۆن: ملیۆن ملیۆن: ژمارەیەکە بریتییە لە یەکو دوانزە سفر لە لای ڕاستیەوە لە ئەمەریکاو فەرەنسادا و لە یەکو هەژدە سفر لە لای ڕاستیەوە لە ئینگلتەرەو ئەڵمانیا.

trillionth (tril′yənth), *n. & adj.* (۱) تریلیۆنەم؛ تریلیۆنەم. (۲) تریلیۆن یەك؛ یەك بەشی تریلیۆنێك.

trillium (tril′i-əm), *n.* گوڵە سیانە: ڕووەکێکە لاسکەکانی سێ گەڵاو سێ گوڵی سێ پەڕە دەگرێت.

trilobal (trī-lō′b'l), *adj.* = trilobate.

trilobate (trī-lō′bāt), *adj. Also* trilobated, سێ پەلك (گەڵا).

trilobed (trī′lōbd), *adj.* = trilobate.

trilobite (trī′lə-bīt´), *n.* سێ پارچە یا خانە: گیاندارێکی جومگەداری قڕتێکەوتووە لەشی لە سێ پەلك یا پارچە پێکدێت.

-trilobitic *(adj.)*.

trilocular (trī-lok′yoo-lər), *adj.* سێ شانەیی، خانەیی، یا بۆشایی.

trilogy (tril′ə-ji), *n.* زنجیرەی شانۆگەری یا چیرۆکی سێ بەش (کە هەر بەشەی سەربەخۆیە بەڵام پەیوەندی هەیە بە دووانەکەی تر‌ەوە).

trim (trim), *v.t.* (۱) ئامادەکردن. (۲) کورتکردنەوە (سمێڵ، ڕیش)؛ چاکردن؛ ڕێك و پێك کردن؛ قرتاندن: *(He ~med his moustache.)* (۳) (ا) لق و پۆپ کردن؛ هەڵیاچین؛ قەڵەم کردن؛ سووك کردن؛ بڕین (باخ): *(He ~med dead branches off the tree.)* (ب) داتاشین (مەجان)؛ زیادە لێکردنەوە یا دەرهێنان: *(to ~ the budget)* (٤) تاشین و ساف و لووس کردن (دارو تەختە). (٥) ڕازاندنەوە: *(They ~med the Christmas tree.)*. (٦) (ا) تاوتووکردنی کەشتی (بە بار گواستنەوە لە لایەکی‌یەوە بۆ لاکەی تری) (ب) ئامادەکردنی بایەوان بۆ ڕۆیشتن. (۷) لەنگەر پێگرتنی فڕۆکە لە هەوادا (بە دەستکاری کردنی ئامێرەکانی) (۸) ڕاهێنان؛ گونجاندن؛ گۆڕین بەگوێرەی پێویستی. (۹) [Colloq.]، (ا) سەرزەنشتکردن. (ب) لێدان؛ بیرازکردن؛ کوتان؛ دارکاری کردن. (ج) بەزاندن؛ بۆڕپێدان. (د) خەڵەتاندن؛ گژی لێکردن

v.i. (۱) ڕاو هەڵوێستی خۆ گۆڕین بەپێی ڕۆژگار؛ هەڵپەرستی کردن. (۲) لەنگەرگرتن (کەشتی).

n. (۱) ڕێك و پێکی؛ بارودۆخ؛ چۆنێتی: *(in proper ~)*.

(۲) بارودزخی باش.
(۳) چاکردن؛ لق‌وپۆپ کردن؛ سووك کردن؛ کورتکردنەوە؛ قەڵەم کردن.
(٤) (ا) بووکەش کردن؛ پازاندنەوەی پەنجەرەو پووی فرۆشگاو دەزگای بازرگانی... هتد. (ب) کەرەسەی ئەم پووکەش کارییە.
(٥) (ا) نەخشی خانوو (وەك داری دەرێ پەنجەرەو دەرگا) (خانووسازی). (ب) نەخشی جل‌وبەرگ.
(٦) لق‌وپۆپی لێکراوەو فڕێدراو؛ شتی زیادەو فڕێدراو؛ پارچەی زیادەی لێکراوە یا قرتێنراو.
(۷) خوو ڕەوشت؛ ڕەفتار؛ سرووشت.
(۸) (ا) نامادەیی کەشتێیەك بۆ چوونە ناو دەریا. (ب) لەنگەرگرتنی کەشتی.
(ج) جیاوازی نێوان تەروژمی با لە پێش‌و پاشی کەشتێیەوە.

adj. (۱) ڕێك‌وپێك؛ خاوێن. (۲) کەشخە؛ جوان دروستکراو. (۳) ڕێك‌وپێك (لەش)؛ نە قەڵەو و نە لاواز: *(a ~ figure)*. (٤) [Obs.]، زۆر باش؛ چاك.

adv. بەشێوەیەکی ڕێك‌وپێك‌و باش.

-trimly *(adv.)*; **trimness** *(n.)*.

trimerous (trim′ĕr-əs), *adj.* (۱) سیانی؛ سیانە؛ لە هەر شتێك سیانی هەیە (گول). (۲) لە سێ بەش یا پارچە پێکهاتوو (جانەوەر).

trimester (trī-mes′tĕr), *n.* (۱) ماوەی سێ مانگ؛ وەرزی سێ مانگە. (۲) وەرزی سێ مانگەی زانکۆو دانشگا.

trimeter (trim′ə-tĕr), *n.* (۱) دێڕی هۆنراوەی سێ خشتەکی یا بڕگەیی. (۲) هۆنراوەی وەها.

adj. سێ بڕگەیی یا خشتەکی.

-trimetric; trimetrical *(adj.)*.

trimmer (trim′ĕr), *n.* (۱) تاوتووکەری باری کەشتی لەکاتی بارکردنو بارداگرتندا. (۲) ئامێری تەختەودار تاشین‌و ساف‌و لووس کردن. (۳) دەستەکێکی زەمینەی ژوورە کە سەری دارو دەستەکەکانی تری لەسەر دادەنرێ. (٤) هەڵپەرست؛ کەسێکە کە بەپێی پرۆگرام دەگۆڕێ؛ کوپی پڕۆ.

trimming (trim′iŋ), *n.* (۱) (ا) [Colloq.]، سەرزەنشت. (ب) لێدان؛ بیراز؛ دارکاری (ج) بەزان؛ بەزین. (د) گزی؛ ساختە. (۲) کەرەسەی پازاندنەوە. (۳) *(pl.)*، ئەو وورده خواردنانەیە کە لەگەڵ خواردنە سەرەکییەکەدا پێشکەش دەکرێت هەر وەك بۆ پازاندنەوەی: *(turkey with all the ~s)*. (٤) چل‌وپۆپی لێکراوەو فڕێدراو؛ پارچەی لێ قرتێنراو یا لێکراوە؛ شتی زیادەو لێ بڕاو.

trimolecular (trī′mə-lek′yoo-lĕr), *adj.* سێ گەردی (کیمیا).

trimonthly (trī-munth′li), *adj.* سێ مانگی؛ هەر سێ مانگ جارێك دەردەچێت یا بڵاودەدرێت.

trimorph (trī′môrf), *n.* (۱) ماددەی سێ شێوەیی. (۲) یەکێك لەم شێوانە.

trimorphic (trī-môr′fik), *adj.* (۱) سێ شێوە (زیندەوەرزانی). (۲) دەبێت بە بلوور بە سێ شێوەی جیاواز (کیمیا).

-trimorphically *(adv.)*; **trimorphism** *(n.)*.

trimorphous (trī-môr′fəs), *adj.* = trimorphic.

trinal (trī′n'l), *adj.* سێ پارچەیی؛ سێ بەش؛ سێ پارچە؛ سیانە.

trinary (trī′nĕr-i), *adj.* = ternary.

trine (trīn), *adj.* (۱) سێ پارچەیی؛ سێ بەشی؛ سێ فلیقانە. (۲) بەڵت (ئەستێرەوانی).

n. (۱) سیانە؛ سیان. (۲) [T-]، Trinity.

(۳) دوو ئەستێرەی گەڕۆکی سەدو بیست پلە لە یەکەوە دوور.

Trinitarian (trin′ə-târ′i-ən), *adj.* (۱) (ا) تایبەتی بە "Trinity". (ب) بڕوای بە "Trinity" هەیە.

(۲) [t-]، سێ بەشی؛ سێ پارچەیی؛ سێ پارچە.

n. کەسێکە کە بڕوای هەبێ بە "Trinity".

-Trinitarianism *(n.)*.

trinitrocresol (trī-nī′trō-krē′sōl), *n.* سێیەم نەتراتی کریسۆڵ جۆرێکە لە تەقەمەنی.

trinitroglycerin, = nitroglycerin.

trinitrotoluene (trī-nī′trō-tol′ū-ēn′), *n.* (TNT), تی نێ تی؛ سێیەم نەتراتی تۆلوین؛ تەقەمەنییەکی زۆر بەهێزە.

trinity (trin′ə-ti), *n.* (۱) سیانە؛ سیانەیی؛ سێیی. (۲) سێ کەس یا شت پێکەوە؛ سێ؛ سیان. (۳) [T-]، سیانەی پیرۆز؛ باوك و کوڕو گیانی پیرۆز (خاچ پەرستی). (٤) [T-]، Trinity Sunday.

Trinity Sunday, جەژنی سیانەی پیرۆز (خاچ پەرستی).

trinket (triŋ′kit), *n.* (۱) زێڕوزەنگینانە؛ زەنگینانە؛ شتی پازاندنەوەی هەرزانبەها. (۲) شتی هیچ‌وپووچ‌و بێ بایەخ.

trinketry (triŋ′kit-ri), *n.* زێڕوزەنگینانە؛ شتی پازاندنەوەی هەرزانبەها.

trinomial (trī-nō′mi-əl), *adj.* (۱) سێ تایی (بیرکاری)؛ لە سێ تا یا نیشانەی جەبری پێکهاتوو. (۲) سێ ووشەیی (زیندەوەرزانی).

n. (۱) هاوکێشەیەکی سێ تا یا سێ نیشانە (بیرکاری، جەبر). (۲) ناوێکی زانستی سێ ووشەیی (ڕووەکناسی، گیانەوەرناسی).

trio (trē′ō), *n.* (۱) پارچە مۆسیقای سێ دەنگی یا سێ ئامێری. (۲) تیپی مۆسیقای سێ کەسی. (۳) دەستەی سیانی (کەس یا شت)؛ سێ کەس یا شت؛ سیانە.

triode (trī′ōd), *n.* ترایۆد؛ زمانەی سیانی (ئەلەکترۆنزانی).

trioecious (trī-ē′shəs), *adj.* *Also* triocous, گوڵی نێرینەو مێینەو دوو ڕەگەزی بە ڕووەکی جیاجیاوەیە.

triolet (trī′ə-lit, trē′ə-let′), *n.* هەڵبەستی هەشت دێڕی دوو قافیە.

trioxide (trī-ok′sīd, trī-ok′sid), *n.* *Also* trioxid, سێیەم ئۆکسید (کیمیا).

trip (trip), *v.i.* (۱) بە هەڵقون هەڵقون ڕۆیشتن یا سەماکردن؛ قونەقون کردن (۲) چورتم دان؛ ساتمەدان؛ پێ هەڵکەوتن؛ نووچ دان. (۳) هەڵەکردن؛ بە هەڵەداچوون. (٤) زمان گیران؛ لاڵ بوون؛ دەم بەیەکدا هاتن. (٥) بەربوون لە دانی زنجیر یا مەکینەو کەوتنەوە کار. (٦) [Rare]، گەشت کردن؛ چوون بۆ گەڕان یا گەشت. (۷) خوارپوونەوە؛ لاربوونەوە.

v.t. (۱) بە سووکی‌و خێرایی سەماکردن؛ بە هەڵقون هەڵقون ڕۆیشتن یا سەماکردن. (۲) (~ up)، پاشقول لێگرتن؛ بە پاشقول خستن. (۳) (ا) هەڵە پێ کردن؛ بە هەڵەدا بردن. (ب) ڕێ لێ گرتن؛ بەربەست کردن؛ تەگەرەلێدان. (٤) (up ~)، هەڵە لێ گرتن؛ لە هەڵە یا درۆدا گرتن. (٥) بەردانی پارچەی گیرخواردووی مەکینەیەك‌و مەکینەکە خستنەوە کار. (٦) خوارکردنەوە؛ لارکردنەوە. (۷) لەنگەری کەشتی هەڵکردن.

n. (۱) قونە؛ قونە قون؛ هەڵقون هەڵقون. (۲) گەشت: *(to take a ~ ; to go on a ~)*. (۳) ساتمە؛ چورتم؛ نووچ؛ پێ داچوون؛ سەرسم دان. (٤) هەڵە. (٥) پاشقول. (٦) (ا) ئامێری بەردانی پارچەی مەکینەیەك‌و مەکینەکە خستنە کار. (ب) کاری ئەم ئامێرە.

tripartite (trī-pär′tīt), *adj.* (۱) سێ بەشی؛ سێ پارچەیی؛ سیانی: *(a ~ leaf)*. (۲) سێ قۆڵی؛ سێ لایی؛ سێ لایەن: *(a ~ agreement, meeting, etc.)*.

tripartition (trī′pär-tish′ən), *n.* سێ کردن بە سێ بەشەوە؛ بەشکردن لەنێوان سێ کەس یا سێ لادا: *(a ~ of a defeated nation)*.

tripe (trīp), *n.* (۱) گەدەی گاو مانگا و مەڕو بزن کە دەکرێ بە گیپە؛ گیپە. (۲) [Slang]، شتێکی پیس‌و بۆگەن‌و بێ فەڕ؛ زبڵ.

tripedal (trī′pi-d'l, trī-pē′d'l, trip′i-d'l), *adj.* سێ‌پێ.

tripetalous (trī-pet′'l-əs), *adj.* سێ پەڕە (گوڵ).

triphammer (trip′ham ˜ēr), *n.* *Also* **trip hammer.** چەکوشی بەردراوە (مەکینەکاری).

triphibious (trī-fib′i-əs), *adj.* *Also* **triphibian,** زەمینی و دەریایی و ئاسمانی (هێرشی سوپایی)؛ تەرو وشکی و هەوایی: *(a ~ military operation)*

triphthong (trif′thôŋ), *n.* (١) سێ دەنگی بزوێنی پێکەوە بێژراو یا ووتراوە (وەک لە " fire " دا). (٢) **trigraph** .

triphyline (trif′ə-lin, trif′ə-lēn ´), *n.* = **triphylite.**

triphylite (trif′ə-līt ´), *n.* تریفیلیت کانزایەکی بلووری شینی سەوزکاوە

tripinnate (trī-pin′āt), *adj.* گەلاکانی سێ جار دابەش بوون و وەک پەڕی باڵندە بەە دیو و بەودیوی لاسکەکەوەن (کەرەوزە کێویلە یا سەرخەس).

triple (trip′l), *adj.* (١) سێ بەشی؛ سێ پارچەیی؛ سێ فلیقانە. (٢) سێ نەوەندە. (٣) سێ جار.

n. (١) ژمارەی سێ نەوەندە. (٢) سیانە؛ سیان؛ سیانی. (٣) لێدانی سێ بنکەیی (یاری بێسبۆل).

v.t. سێ نەوەندە زیادکردن.

v.i. (١) بوون بە سێ نەوەندە؛ سێ نەوەندە بۆ هاتن یا زیادبوون. (٢) لێدان بەسەر سێ بنکەدا (یاری بێسبۆل).

-triply *(adv.).*

triplet (trip′lit), *n.* (١) (أ) سێ خشتەکی (هەڵبەست). (ب) سێ ئاوازی مۆسیقی کە لە ماوەی دووانیاندا بۆ دەدرێن. (٢) (أ) (/′/)، سیانە؛ سێ منداڵ یا بەچکەی بە یەک سک لەدایکبوو. (ب) یەکێک لەم سێ مندالە یا بەچکەیە.

tripletail (trip′l-tāl ´), *n.* سێ کلکە ماسییەکی گەورەی دەریا گەرمەکانە دوو پەڕەکەی هەمیە لە پشتەوە لەگەڵ کلکیدا وەک کلکی سێ فلیقانە دێتە بەرچاو.

triplex (trip′leks, trī′pleks), *adj.* سێ بەشی؛ سیانە؛ سێ فلیقانە.

n. (١) شتێکی سیانە؛ شتی سێ بەش. (٢) خانووی سێ کەرتی یا خانووچکەیی.

triplicate (trip′lə-kit), *adj.* (١) سێ وێنەیی؛ سێ وێنەی دەقاودەق: *(~ invoices)*

(٢) سێیەم وێنە: *(File the ~ copy.)* .

n. یەکێک لەم وێنە دەقاودەقانە

v.t. (١) سێ نەوەندە زیادکردن؛ سێ نەوەندە لێکردن. (٢) سێ وێنەی دەقاودەق لەسەر دەرهێنان.

in triplicate, بە سێ وێنەی دەقاودەق.

triplication (trip´ə-kā′shən), *n.* (١) سێ نەوەندە زیادکردن؛ سێ وێنەی دەقاودەق لەسەر دەرهێنان. (٢) شتێکی سێ نەوەندە زیادکراو؛ وێنەیەکی سیان لەسەر دەرهێنراو.

triplicity (tri-plis′ə-ti), *n.* (١) سیانەیی؛ سیانی. (٢) سیانە؛ سیان؛ دەستەیەکی سیانی. (٣) سێ نیشانە لە دوانزە نیشانەکەی کەلووی ئاسمان (ئەستێرەناسی). (هەروەها " trigon ").

triplite (trip′līt), *n.* تریپلیت کانزایەکی ڕەشتاڵەیە.

tripod (trī′pod), *n.* (١) شتێکی سێ کوچکەیی یا پێچکەیی (وەک مێز، کورسی بێ پشت، مەنجەڵ... هتد). (٢) سێپا (کامێرا).

-tripodic *(adj.).*

tripody (trip′ə-di), *n.* دێڕی سێ خشتەیی (هۆنراوە).

tripoli (trip′ə-li), *n.* بەردێکی کون کونە بۆ شت ساف کردن بەکاردێت. (پێشی دەووترێ " rottenstone ").

tripos (trī′pos), *n.* (١) سێپا ٢) (أ) زانایەکە کە لە کۆندا لەسەر کورسییەکی بێ پشتی سێ پێچکە دادەنیشت و مشت و مڕی دەکرد بەگاڵتەوە لەگەڵ نەو قوتابیانەی تاقی دەکرانەوە بۆ پلەی بەکاڵۆریۆس لە زانکۆی " کامبرج " لە ئینگلتەرە. (ب) تاقیکردنەوەی قوتابیانی زانکۆی " کامبرج " بۆ پلەی بەکاڵۆریۆس بە نمرەی شانازی (لە کۆندا لە پشتەی بیرکاریدا).

tripper (trip′ĕr), *n.* (١) ئامێری بەردانی پارچەی مەکینەیەکو مەکینەکە خستنە ئیش. (٢) ئامێری خستنەکاری نیشانەی ئاگاداری هێڵی شەمەندەفەر (٣) [British Colloq.]، گەشتیار.

trippet (trip′it), *n.* زمانە یا چوکڵەی مەکینەیەک یا چەرخێکە کە بەین بەین بە مەکینەیەک یا چەرخێکی تردا دەدات و دەیبزوێنێ.

tripping (trip′iŋ), *adj.* گورج؛ خێرا.

n. (١) بە هەڵقون هەڵقون ڕۆیشتن. (٢) جۆرە سەمایەکە.

triptane (trip′tān), *n.* سووتەمەنییەکی شلی بێ ڕەنگە دەکرێتە بەنزینی فڕۆکەوە.

triptych (trip′tik), *n.* (١) تەبەقێکی سێ پارچەی نووسینی کۆنە پارچەکانی لێکدراون. (٢) نەخش، وێنە، یا تابلۆیەکە لەسەر تەبەقێکی سێ پارچەیی بە ئەنجامە لێکدراو کە دەتوانرێ بنوشتێنرێتەوە (بەتایبەتی لە قوربانیگای کڵێسەدا هەڵدەواسرێ).

triquetrous (trī-kwē′trəs, trī-kwet′rəs), *adj.* (١) سێگۆشە؛ سێگۆشەیی؛ سێگۆشە تیژ. (٢) **trihedral** .

triradiate (trī-rā′di-āt ´), *adj.* سێ تیشکی.

trireme (trī′rēm), *n.* سێ سەوڵی: کەشتێیەکی کۆنە لە هەر دیوێکیدا سێ ڕیز سەوڵی پێوەیە.

trisect (trī-sekt′), *v.t.* (١) سێ لەتکردن؛ سێ کەرتکردن. (٢) بەشکردن بە سێ بەشی هاوتاوە (ئەندازە).

-trisection *(n.)*; **trisector** *(n.).*

trisepalous (trī-sep′l-əs), *adj.* سێ پەرە (گوڵ).

triseptate (trī-sep′tāt), *adj.* سێ دیواری (ڕووەکناسی، گیانەوەرناسی).

triskele, triscele (tris′kēl), *n.* = **triskelion.**

triskelion (tris-kel′i-on), *n.* سێ پەلکی: نەخشێک یا دروشمێکە سێ پەلکی لاری هەیە لە ناوەندەوە لێی دەبنەوە.

trismus (triz′məs, tris′məs), *n.* – **lockjaw.**

trisoctahedron (tris-ok ´tə-hē′drən), *n.* وێنەی بیست‌وچوار ڕووبی (ئەندازە).

-trisoctahedral *(adj.).*

triste (trēst), *adj.* [Fr.], خەماوی؛ دڵگیر؛ ناخۆش.

tristful (trist′fool), *adj.* خەماوی؛ دڵگیر؛ دل تەنگکەر؛ ناخۆش.

-tristfully *(adv.).*

tristich (tris′tik), *n.* سێ خشتەکی؛ بەندی هۆنراوەی سێ دێڕی (هەروەها " triplet ").

trisyllabic (trī-si ´lab′ik, tris ´i-lab′ik), *adj.* سێ برگەیی.

trisyllable (trī-sil′ə-b'l, tri-sil′ə-b'l), *n.* ووشەی سێ برگەیی.

trite (trīt), *adj.* پەڕپووت (ووتە، زاراوە)؛ کۆن و بێ تام؛ سواو: *(" busy as a bee" is a ~ expression.)*

-tritely *(adv.)*; **triteness** *(n.).*

tritheism (trī′thē-iz'm), *n.* سێ خوایەتی؛ بڕوابوون بە سێ خوا (بەتایبەتی بە خواو کوڕو گیانی پیرۆز لە خاچ پەرستیدا).

-tritheist *(n.)*; **tritheistic; tritheistical** *(adj.).*

tritium (trit′i-əm, trish′i-əm), *n.* تریتیۆم: هاوتایەکی تیشکداری هایدرۆجینە کێشی ئەتۆمییەکەی سێیە (کیمیا).

triton (trī′t'n), *n.* (١) (أ) [-T] ، تریتۆن: خوایەکی دەریای یۆنانییە لەشی پیاوو کلکی ماسی هەمیە. (ب) بەردەستێکی ئەم خوایە. (٢) (أ) قاقلەجنۆکەیەکی دەریاییە. (ب) قاوغی ئەم گیاندارە.

triton (trī′tōn′), *n.* تریتۆن: ناوکی تریتیۆم (ووشەی پێشووتر ببینە).

triturate (trich′ə-rāt ´), *v.t.* هاڕین؛ کردن بە تۆز.

n. (١) شتێکی هاڕاو. (٢) دەرمانی گیراوە بە هاڕین.

-triturable *(adj.)*; **triturator** *(n.).*

trituration (trich ´ə-rā′shən), *n.* (١) هاڕین؛ بوون بە تۆز.

triumph (trī′əmf), *n.* (۱) ناهەنگی بێشوازی کردنی فەرماندەی پۆمانی کۆن و لەشکری بەسەر دوژمندا زاڵ بوو. (۲) سەرکەوتن؛ زاڵ بوون. (۳) خۆشی سەرکەوتن یا زاڵ بوون. (٤) [Obs.]، ناهەنگ.

v.i. (۱) سەرکەوتن؛ زاڵ بوون. (۲) ناهەنگ گێڕان بە بۆنەی سەرکەوتن یا زاڵ بوونەوە؛ پێ خۆش بوونی سەرکەوتن. (۳) ناهەنگ گێڕان بە بۆنەی سەرکەوتنێکی پۆمانێیەوە.

v.t. [Obs.], داگیرکردن؛ بەزاندن

triumphal (trī-um′fl), *adj.* تایبەت بە سەرکەوتن یا زاڵ بوون.

triumphant (trī-um′fənt), *adj.* (۱) سەرکەوتوو؛ زاڵ. (۲) خۆشحاڵ بەهۆی سەرکەوتنەوە؛ شادی زاڵبوون. (۳) triumphal. (٤) [Obs.]، نایاب

-triumphantly *(adv.).*

triumvir (trī-um′vĕr), *n.* (۱) ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری سێ کەسی پۆمای کۆن. (۲) ئەندامی لیژنەی بەڕێوەبەری سێ کەسی؛ ئەندامی میری یا پڕێمی سێ کەسی

-triumviral *(adj.).*

triumvirate (trı-um′vĕr-it), *n.* (۱) دەستەی بەڕێوەبەری سیانەی وڵاتێك. (۲) (ا) دەسەڵاتو ماوەی دەسەڵاتی ئەندامێکی ئەم دەستەیە. (ب) فەرمانڕەوایی دەستەیەکی وەها. (۳) دەستەی بەڕێوەبەری سێ کەسی. (٤) سیانە؛ سێ کەس یا دەستە.

triune (trī′ūn, trī-ūn′), *adj.* سیانە؛ سێیی

n. (۱) سیانە؛ دەستەی سیانە. (۲) [T-] ، Trinity.

triunity (trī-ū′nə-ti), *n.* = trinity.

trivalence (trī-vā′ləns, triv′ə-ləns), *n. Also* trivalency, سێ هاوهێزی (کیمیا).

trivalent (trī-vā′lənt, triv′ə-lənt), *adj.* سێ هاوهێز. کیمیا.

trivalve (trī′valv), *adj.* سێ دەمەوانەیی

trivet (triv′it), *n.* (۱) سێپا (بۆ مەنجەڵو کتلی دانان لەسەر ئاگر). (۲) پارچەیەك تەختە، کانزا یا کاشی سێ پایە دەفری گەرمی لەسەر دانەنرێ لەسەر مێزی نان خواردن.

trivia (triv′i-ə), *n.pl.* شتی هیچوپووچ؛ شتی بێ بایەخ.

trivial (triv′i-əl, triv′yəl), *adj.* (۱) هیچوپووچ؛ بێ بایەخ. (۲) [Archaic]، ئاسایی.

-trivially *(adv.).*

triviality (triv ′i-al′ə-ti), *n.* (۱) هیچوپووچی؛ بێ بایەخی. (۲) شتێکی هیچوپووچ.

trivialize (triv′i-əl-īz′), *v.t.* بە هیچوپووچ دانان؛ بێ بایەخ کردن.

trivium (triv′i-əm), *n.* [L.], *pl.* trivia, سێ هونەرە سەرەتاییەکەی قوتابخانەی سەدەی ناوەڕاستە کە بریتی بوون لە ڕێزمان و ژیربێژی و ڕەوانبێژی. (سەرجەمی ئەم هونەرانە حەوت بوون).

triweekly (trī-wēk′li), *adj. & adv.* (۱) سێ هەفتەیی؛ هەر سێ هەفتە جارێك پووەدات یا دەردەچێت. (۲) هەفتەی سێ جار پووەدات یا دەردەچێت.

n. گۆڤارێکە سێ هەفتە جارێك یا هەفتەی سێ جار دەردەچێت.

trocar (trō′kär), *n. Also* trochar, نامێرێ دەردانی پیسایی ناولەش (نەخۆشی ئاوبەند).

trochaic (trō-kā′ik), *adj.* تایبەت بە هۆنراوەی " ترۆکی ". (چوارەم ووشەی دوای ئەمە ببینە).

n. خشتە. دێر. یا هۆنراوەی " ترۆکی "

trochal (trō′k'l), *adj.* پێچکەیی (زیندەوەرزانی)؛ چەرخی.

trochanter (trō-kan′tĕr), *n.* کلاوەی ئەژنۆ؛ کەشکە ئەژنۆ.

troche (trō′ki), *n.* نوقوڵی کۆکەو قورگ ئێشە.

trochee (trō′kē), *n.* خشتەیەکی دوو برگەییە یەکەمیان هێزی لەسەرە و دووەمیان لەسەری نییە (وەك لەم ووشانەدا: apple, orange, empty)

(هۆنراوەناسی).

trochilus (trok′i-ləs), *n.* (۱) باڵندەی تیمساح؛ زیقاوکە. (۲) hummingbird. فیرنەگوڵە.

trochlea (trok′li-ə), *n.* خولخولۆکە (تونکاری).

trochlear (trok′li-ēr), *adj.* (۱) خولخولۆکەیی (تونکاری). (۲) لە خولخولۆکە دەچێ، واتە ئاوەڕاستەکەی باریکەو ئەم سەرو ئەوسەرەکەی پانە (پووەکناسی)

trod (trod), *past tense and alternative past p.p of* **tread.**

trodden (trod′'n), *past participle of* **tread.**

trode (trōd), *archaic past tense of* **tread.**

troglodyte (trog′lə-dīt′), *n.* (۱) مرۆڤی لە ئەشکەوتدا ژیاو؛ ئەشکەوت نشین. (۲) مرۆڤی گۆشەگیر. (۳) مەیموونی لە نادەمیزاد چوو (وەك: شمپانزی و گۆریلا).

-troglodytic; troglodytical *(adj.).*

trogon (trō′gon), *n.* چەند جۆرە باڵندەیەکی ڕەنگاوڕەنگی ئاوچە گەرمەکانن.

troika (troi′kə), *n.* (۱) گالیسکەی ڕووسی سێ ئەسپی. (۲) سێ ئەسپی ئەم گالیسکەیە. (۳) triumvirate.

troilus butterfly, پەپوولەیەکی ڕەشی گەورەی ئەمەریکییە خاڵی زەردو شین بە باڵەکانیەوەیەتی.

Trojan (trō′jən), *adj.* ترۆیی؛ تایبەت بە شاری " ترۆی " کۆن و دانیشتووەکانی و کلتوورەکەی.

n. (۱) ترۆیی؛ هاوواڵتییەکی " ترۆی " دێرین. (۲) کەسێکی چوست و چالاك و بەتین و کۆڵنەدەر. (*He worked like a T~.)*

Trojan horse, (۱) ئەسپی ترۆی: ئەسپێکی دارینی گەورەی بۆش بوو پڕکرا لە سەربازی یۆنانی و بە فێڵ لە دەروازەی شاری " ترۆی " هەو برایە ژوورەوەو بوو بەهۆی شەڕ دۆڕاندن و وێران بوونی شارەکە (ئەفسانەی یۆنانی). (۲) تابووری پێنجەم؛ دەستەی سەر بە دوژمن؛ یارییدەدەرانی دوژمن لە وواڵتدا.

troll (trōl), *v.t.* (۱) پاوەماسی کردن بە ڕاکێشان و خولانەوەی قوڵاپی چەش پێوەکراو بە دوای بەلەمدا. (۲) ڕاکێشانی ئەم قوڵاپەو خولاندنەوەی بە دوای خۆدا. (۳) گۆرانی ووتن بە خۆشی و بە دل. (٤) گۆرانی ووتن بە نۆرەو پێکەوە. (٥) خولاندنەوە؛ سووڕاندنەوە؛ چەرخاندن؛ بادان.

v.i. (۱) [Rare] ، (ا) خێرا قسەکردن. (ب) زمان بادان. (۲) گۆرانی ووتن بە نۆرە. (۳) (ا) بە دڵو بە خۆشی گۆرانی ووتن. (ب) بە دل ووتران (گۆرانی) (٤) پاوەماسی کردن بە قوڵاپی چەش پێوەکراو و ڕاکێشراو بە دوای بەلەمی هێواشدا. (٥) خولانەوە؛ سووڕانەوە؛ با خواردن

n. (۱) خولانەوە؛ سووڕانەوە. (۲) گۆرانی چەند بەشی بە نۆرە ووتراو. (۳) (ا) پاوەماسی بە قوڵاپی چەش پێوەکراوی ڕاکێشراو بە دوای بەلەمدا. (ب) چەش؛ دان.

troll (trōl), *n.* بوونەوەری فیلەتەن یا کورتەبالای ناو ئەشکەوتو ژێرزەمین (ئەفسانەی ئەسکەندیناڤی).

trolley (trol′i), *n. Also* trolly, (۱) عەرەبانەی دوو پێچکەی دەستی شت گواستنەوە. (۲) واگۆنی بەسەر هێڵی ئاسندا ڕۆیشتوو. (۳) واگۆن یا عەرەبانەی هەڵواسراوی بەسەر هێڵی ئاسندا ڕۆیشتوو (٤) ئامێری کارەبا گەیەنەر بە پاسی کارەبایی ناوشار. (٥) trolley car.

v.t. بە عەرەبانە، پاسی کارەبایی، یا واگۆن گواستنەوە.

v.i. سواری پاسی کارەبایی ناوشار بوون.

trolley bus, ترۆڵی؛ پاسی کارەبایی ناوشار.

trolley car, ترۆڵی؛ پاسی کارەبایی لەسەر هێڵی ئاسن ڕۆیشتوو.

trolley line, ڕێگە یا هێڵی ترۆڵی.

trollop (trol′əp), *n.* (۱) ئافرەتی پیس و پۆخڵ یا چەپەڵ

٢. قەحبە؛ ئافرەتی سووک.

trombidiasis (trom´bi-dī´ə-sis), *n.* کێڕ تەدان

trombone (trom´bōn, trom-bōn´), *n.* ترۆمبۆن؛ ئامێرێکی مۆسیقای فووپیاکراوە.

-trombonist *(n.)*.

trommel (trom´'l), *n.* تۆڕێکی لوولەکی خوولاوە (بۆ بەردو کانزای جار).

tromometer (trə-mom´ə-tĕr), *n.* پێوەری بوومەلەرزەی زۆر بچووک

troop (trōōp), *n.* ١) کۆمەڵ (مرۆڤ، گیانەوەر، شت)؛ ڕەوە؛ دەستە؛ ژمارە ٢) ژمارەیەکی زۆر؛ گەلێک (*pl.*) ٣)، نێرو؛ لەشکر. ٤) دەستە لەشکری سوارە. ٥) تیپ یا دەستەی دیدەوانی. ٦) [Archaic]، دەستەی نوێنەرانی شانۆ.

v.i. ١) کۆمەڵ بوون؛ کۆبوونەوە ٢) بە کۆمەڵ ڕۆیشتن: *(The crowd ~ed out of the stadium.)* . ٣) ڕۆشتن؛ بە ڕێز ڕۆیشتن. *(The children ~ed along the sidewalk.)*

٤) [Archaic]، هاوردەمی کردن؛ لەگەڵدا بوون.

v.t. دەستە -دەستە کردن؛ کردن بە تیپ

trooper (trōōp´ĕr), *n.* ١) سەربازی سوارە. ب) سەربازی سوارە. ج) **paratrooper** . ٢) ئەسپی سەربازی سوارە. ٣) پۆلیسی سوارە. ٤) **troopship** . ٥) [Colloq.]، پۆلیسی ویلایەت لە ئەمەریکا (هەروەها " **State trooper** ").

troopship (trōōp´ship´), *n.* کەشتی سەرباز گواستنەوە.

tropaeolum (trə-pē´ə-ləm), *n.* = **nasturtium**.

trope (trōp), *n.* ١) مەجاز (ڕەوانبێژی)؛ ووشە بەکارهێنان بە مەجاز. ٢) ووشەی زیادکراو بۆ سروودی نوێژی ناو کڵێسە بۆ ئەخشاندن و جوانکردنی.

trophic (trof´ik), *adj.* تایبەتی بە خۆراک یا خواردن؛ هی خواردەمەنی

-trophical *(adj.)*; **trophically** *(adv.)*.

tropho- (trof´ō, trof´ə), *Also* **troph-** , پێشگرێکە بەمانای: خۆراک؛ خواردن؛ خواردەمەنی. *(trophoplasm)* .

trophoblast (trof´ə-blast´), *n.* چینێک شانەیە خواردەمەنی دەگەیەنێ بە دەوڵەمەی تازە پێکهاتوو

trophoplasm (trof´ə-plaz´m), *n.* پرۆتۆپلازمی خۆراک. ئەو مادەیە زیندووە ئێچینەیی‌یەی شانەی گیاندارە کە سەرچاوەی خواردەمەنی‌یە بۆ شانەکە

trophy (trō´fi), *n.* ١) پەیکەری یادگاری (بەتایبەتی هی سەرکەوتن لە جەنگ؛ لەکاتی یۆنان و ڕۆمانەکانی کۆندا) ٢) مەدالیەی نەم پەیکەرە. ٣) تالانی لە دوژمن سەنراو بە یادی سەرکەوتنەوە؛ نیشانەی سەرکەوتن؛ یادگاری سەرکەوتن. ٤) یادگاری ڕاو (وەک. سەری شێرو ئاسک یا پێستەکەیان کە هەڵدەواسرێ). ٥) خەڵاتی وەرزشکار؛ مەدالیە. ٦) یادگار.

-trophy (trō´fi), پاشگرێکە بەمانای: خواردن؛ خواردەمەنی؛ خۆراک.

tropic (trop´ik), *n.* ١) خولگە (نەستێرەناسی)؛ سوورگە ٢) خولگەی پانی قڕژانگو کارژۆلە (جوگرافیا). ٣) (*pl.*) ناوچەی کەمەرەی زەوی؛ ناوچە گەرمەکانی زەوی (هەروەها " **Torrid Zone** ")

adj. تایبەت بە ناوچەی کەمەرەی زەوی؛ هی ناوچە گەرمەکانی زەمین.

-tropic (trop´ik), پاشگرێکە بەمانای: گۆڕین؛ کارتێکردن.

tropical (trop´i-k'l), *adj.* ١) هی ناوچەی کەمەرەی زەوی؛ تایبەت بە ناوچە گەرمەکانی زەمین *(~ fish)* ٢) گەرم (ناوهەوا)؛ گەرمو تەر: *(~ weather)*

tropical fish, ماسی کەمەرەی زەوی. چەند جۆرە ماسی‌یەکی بچووکی ڕەنگاورەنگن لە حەوزی دەستکرددا بەخێوەدەکرێن.

tropic bird, باڵندەی کەمەرەی زەوی: باڵندەیەکی سپی دەریایی ناوچە گەرمەکانە.

Tropic of Cancer, خولگەی قڕژانگ (جوگرافیا).

Tropic of Capricorn, خولگەی کارژۆلە (جوگرافیا).

tropism (trō´piz'm), *n.* وەرگەڕان یا گەشەکردنی ڕووەکو گیاندار بەرەو بزوێنەرێکی دەرەوە یا دوور لێوەی (گوڵەبەڕۆژە).

-tropism (trō´piz'm), پاشگرێکە بەمانای: وەرگەڕان بەرەو یا دوور لێوە: *(thermotropism)* .

tropology (trō-pol´ə-ji), *n.* (١) مەجاز؛ نیشانەکاری. (٢) لێکدانەوەی مەجازی نینجیل (بەتایبەتی لەڕووی ئامۆژگاری ڕەوشتەوە). (٣) ووتارێک دەربارەی بەکارهێنانی مەجاز یا نیشانەکاری.

-tropological *(adj.)*.

tropopause (trop´ə-pôz´), *n.* تڕۆپۆپۆز: هەرێمی نێوان چینی یەکەمی هەوای سەرزەوی و " ستراتۆسفیر " ، واتە چینی لاسەروی بۆشایی ئاسمان

tropophilous (trō-pof´ə-ləs), *adj.* لەگەڵ گۆڕینی گەرمی و ساردی و تەڕی و وشکی وەرزانەدا ڕاهاتوو (ڕووەکناسی).

tropophyte (trop´ə-fīt´), *n.* ڕووەکێکی ڕاهاتوو بە گۆڕینی ناوهەوا (بەتایبەتی بارانی زۆرو وشکانی).

troposphere (trop´ə-sfĕr´), *n.* تڕۆپۆسفیر: چینی یەکەم یا خوارووی هەوای سەرزەوی (کە هەموو جۆرە گۆڕینێکی ناوهەوای تێدا ڕوودەدات).

-tropous (trop´əs), پاشگرێکە بەمانای: وەرگەڕاو بەرەو یا دوور لە بزوێنێکی دەرەوە: *(phototropous)* .

-tropy (trop´i), = (1) **-tropism.** (2) **-tropous.**

trot (trot), *v.i.* (١) لۆقەکردن؛ نەرمەلۆقەکردن. (٢) ڕاکردن؛ خێرا ڕۆیشتن؛ خێراکردن.

v.t. لۆقەپێکردن؛ نەرمەلۆقەپێکردن.

n. (١) لۆقە؛ نەرمەلۆقە؛ لۆقەی ئەسپ. (٢) ڕاکردنی لەسەرخۆ؛ گورگە لۆقە (٣) دەنگی لۆقەی ئەسپ. (٤) پێشبڕکێی لۆقە. (٥) [Rare]، مندالی بچووک (٦) [Archaic]، پیرێژن (لەڕووی سووکی‌یەوە). (٧) **trotline** . (٨) [Slang]، وەرگێڕانی ووشە بە ووشە لە زمانێکی بێگانەوە بەتایبەتی بۆ قۆپیەکردن لە قوتابخانەدا)

be on the trot, [Colloq.], (١) سەرقاڵ بوون: *(It kept him on the trot.)* (٢) یەک لە دوای یەک؛ بەردەوام.

the trots, [Slang], = **diarrhea.**

trot out, [Colloq.], (١) نواندن؛ پیشانی خەڵک دان. (٢) پێشکەش کردن (بۆ لێکۆڵینەوە یا پەسەندکردن).

troth (trôth, trōth), *n.* (١) [Archaic] ، دڵسۆزی. (٢) ڕاستی. (٣) نیشانەکردن (دەزگیران).

v.t. [Archaic], (١) نیشانەکردن (دەزگیران). (٢) پەیمان دان.

trothplight (trôth´plīt´, trōth´plīt´), *n.* [Archaic], نیشانەکردن (دەزگیران).

adj. [Archaic], نیشانەکراو.

v.t. [Archaic], نیشانەکردن.

trotline (trot´līn´), *n.* = **setline.**

trotter (trot´ĕr), *n.* (١) ئەسپی لۆقە (بەتایبەتی ئەسپێک کە ڕاهێنرابێت بۆ پێشبڕکێی لۆقە). (٢) کەسێکی چوست و چالاک؛ جابووک (٣) پاچە؛ پێچکەی مەڕو بەراز (کە دەکرێ بە سەروپێ)

trotyl (trō´til, trō´tēl), *n.* = **trinitrotoluene.**

troubadour (trōō´bə-dôr´, trōō´bə-dōr´), *n.* (١) هۆنەرو گۆرانی بێژی خواروو‌ی فەرەنسا لە سەدەی یانزەو دوانزەو سیانزەدا (کە هەڵبەست و گۆرانی‌یان لەبارەی دڵداری و جوامێری‌یەوە دەووت).

(٢) شایەری گەرۆک.

trouble (trub′l), *v.t.* (١) تێکدان؛ وروژاندن: *(The waters were ~d.)* (٢) پەستکردن: تووشی دەردی سەری کردن؛ بێزارکردن؛ مەراق پێدان؛ تووشی گێچەڵ کردن. (٣) ئازاردان. (٤) ئارەحەت کردن: *(May I ~ you to close the window.)* .

v.i. (١) هەوڵدان؛ گوێ دان: *(Do not ~ about a reply.)* . (٢) مەراق خواردن؛ پەست بوون.

n. (١) مەراق؛ ناخۆشی. (٢) گێژەوکێشە؛ گێچەڵ؛ گێژاو؛ دەردی سەری؛ گۆبەند؛ تەنگوچەڵەمە؛ کارەسات؛ کێشە؛ گیروگرفت. (٣) هوی ناخۆشی و دەردی سەری و گێژەوکێشە. (٤) ئازاوە؛ ئاشووب؛ پشێوی. (٥) هەوڵ؛ گوێ دان؛ بە تەنگەوەهاتن: *(He took the ~ to shake hands with everyone present.)* (*heart ~*) (٦) نەخۆشی. (٧) ئاتەواوی؛ پەک کەوتن؛ لەکارکەوتن: *(We had engine ~ .)* . (٨) سکپربوون بەبێ شووکردن: *(in ~)* .

ask for trouble, خۆ بە قەڵەبەدا دان؛ سەرچێڵی کردن؛ بۆ دەردەسەری گەڕان.

get into trouble, بە قەڵەبەدا دان؛ تووشی چەرمەسەری و کێشە کردن.

look for trouble, = ask for trouble.

make trouble, ئازاوە نانەوە؛ گێژەشێوێنی کردن.

troublemaker (trub′l-māk ĕr), *n.* گێژەشێوێن؛ ئازاوەچی؛ سەر بە گوبەنگ

trouble-shooter (trub′l-shōōt ĕr), *n.* (١) چارەسەرکەری مەکینە و دەستگای شکاو یا لەکارکەوتوو؛ دۆزەرەوەو چارەسەرکەری ناتەواوی مەکینەی لەکارکەوتوو (٢) چارەسەرکەری کێشەی دیبلۆماسی؛ چارەسەرکەری ناکۆکی و گیروگرفتی نێو وڵاتان یا کۆمەڵەکان.

troublesome (trub′l-səm), *adj.* (١) بێزارکەر؛ ماندووکەر؛ ناخۆش؛ پەستکەر: *(a ~ child, headache, etc.)* . (٢) سەخت؛ گران؛ ئاڵۆز؛ گیروگرفتاوی.

-troublesomely *(adv.)*; **troublesomeness** *(n.)*.

troublous (trub′ləs), *adj.* (١) شێواو؛ ئاڵۆز؛ پشێو. troublesome (٢)

trou-de-loup (trōō′də-lōō′), *n.* [Fr.]. قوونگەی مێخی نووک تیژ تێدا چەقێنراو (بۆ ڕێ گرتن لە لەشکری سوارەی دوژمن).

trough (trôf), *n.* (١) ناخوێ. (٢) تەشت. دەفر؛ یا حەوزچکەی ئاودانی وڵاخ. (٣) دەفری درێژکۆڵەی شت تێدا شێلان یا شتن. (٤) ئاوەڕۆ (بەتایبەتی هی گوێ سەبانەی خانوو). (٥) (أ) چاڵایی نێوان دوو شەپۆل. (ب) چەم یا چاڵایی درێژکۆڵەی نێوان دوو گرد. (٦) (أ) بێ بازاڕی؛ بازاڕ کزی. (ب) خاڵی نزمی نەخشەی پیشاندەر (ژمێرەکاری). (٧) نزمی پاڵەپەستۆی هەوا.

trounce (trouns), *v.t.* (١) لێدان؛ بیرازکردن؛ کوتان؛ فەلاقەکردن؛ داركاری کردن. (٢) [Colloq.]، بەزاندن.

troupe (trōōp), *n.* تیپ (نوێنەری شانۆ. گۆرانی بێژ)؛ دەستە.

v.t. گەڕان وەک ئەندامی تیپێکی نوێنەری شانۆ یا گۆرانی بێژ.

trouper (trōōp′ĕr), *n.* (١) ئەندامی تیپێکی نوێنەری شانۆ. (٢) نوێنەرێکی شانۆی کۆن و شارەزا.

troupial (trōōp′i-əl), *n.* چەند جۆرە باڵندەیەکی ئەمەریکی ناوچە گەرمەکانن لە توخمی ڕیشۆڵە.

trouser (trou′zĕr), *adj.* تایبەتی بە پانتۆڵ.

trousers (trou′zĕrz), *n.pl. Also* trowsers, پانتۆڵ؛ شەروال

trousseau (trōō-sō′, trōō-sō), *n.* جیازی؛ ڕەختی بووک.

trout (trout), *n.* ماسییەکە خاتوونە؛ کەشینە؛ ماسییەکی ئاو ڕوبارە.

trouvere (trōō-vâr′), *n. Also* trouveur, یەکێکە لە کۆمەڵە چیرۆک بێژی باکووری فەرەنسا لە سەدەی یانزە بۆ چواردە.

trove (trōv), *n.* شتێکی دۆزراوەی بەنرخ؛ دۆزراوە.

trover (trō′vĕr), *n.* داواکاری بۆ بژاردنی شتومەکی دەست بەسەردا گیراوی کەسێک بە ئارەوایی لەلایەن کەسێکی ترەوە.

trow (trō, trou), *v.i. & v.t.* (١) [Obs.] ، بڕواکردن. (٢) [Archaic]، وا زانین؛ وا دانان.

trowel (trou′əl), *n.* (١) ماڵە (خانووکاری). (٢) بژارکەر؛ بێلەکان.

v.t. (١) ماڵەکردن؛ بە ماڵە ساف و لووس کردن. (٢) هەڵکەندن بە بێلەکان.

troy (troi), *adj.* بە کێشانەی " تڕۆی " (ووشەی داهاتوو ببینە).

n. troy weight.

troy weight, کێشانەی تڕۆی: بۆ کێشانی زێڕو زیوو بەردی بەنرخی تر بەکاردەهێنرێ.

truancy (trōō′ən-si), *n. Also* truantry, خۆ دزینەوە لە قوتابخانە بەبێ پرس؛ نەچوون بۆ نیش یا خۆ دزینەوە لە نیش بەبێ پرس.

truant (trōō′ənt), *n.* (١) کەسێکی تەمەڵ (٢) قوتابی خۆ دزەرەوە بەبێ پرس؛ قوتابی نەهاتوو بۆ قوتابخانە بەبێ پرس (٣) کەسێکی خۆ دزەرەوە لە نیش بەبێ پرس؛ کەسێکی ڕاکردوو لە نەرکی سەرشانی خۆی.

adj. (١) خۆ دزەرەوە لە قوتابخانە یا نەهاتوو بەبێ پرس. (٢) لە نیش دواکەوتوو بەبێ نیش. (٣) تەمەڵ.

v.i. (١) خۆ دزینەوە لە قوتابخانە؛ نەچوون بۆ قوتابخانە بەبێ پرس. (٢) خۆ لە نیش دزینەوە؛ ڕاکردن لە نەرکی سەرشان.

play truant, خۆ دزینەوە لە قوتابخانە یا لە نیش.

truant officer, لێپرسراوی خۆ دزینەوەی قوتابی؛ فەرمانبەرێکی قوتابخانەیە لەو قوتابیانە دەپرسێتەوە کە خۆیان لە قوتابخانە دەدزنەوە بەبێ پرس

truce (trōōs), *n.* شەڕ ڕاگرتن؛ جەنگ وەستاندن.

truck (truk), *n.* (١) پێچکەی بچووکی گالیسکەی نۆپ. (٢) پارچە تەختەیەکی کون کونە بەسەر دارتاڵو دارکەشتی بۆ پەت پیاکردن (٣) لۆری. (٤) [British]، فارگۆنی سەرکراوەی شەمەندەفەری بار.

v.t. بە لۆری گواستنەوە؛ لە لۆری بارکردن.

v.i. لۆری لێخوڕین.

truck (truk), *v.t. & v.i.* (١) ئاڵوگۆڕکردن. (٢) [Rare]، دەستکێڕی کردن؛ چەرچێتی کردن.

n. (١) ئاڵوگۆڕ. (٢) بە شتومەک کڕیندان نەک بە پارە. (٣) فرۆتەنی بچووک (٤) شتومەکی بچووکی بێ نرخ یا هەرزان. (٥) سەوزەی چێنراو بۆ فرۆشتن لە بازاڕدا. (٦) [Colloq.]، ئاڵووێر؛ سەوداگەری. (٧) [Colloq.]، زبڵ؛ پاشماوە؛ خۆڵ؛ سەرکۆزەر.

truckage (truk′ij), *n.* (١) بار گواستنەوە بە لۆری. (٢) کرێی ئەم گواستنەوەیە.

trucker (truk′ĕr), *n.* (١) لۆری لێخوڕ؛ ڕانەری لۆری. (هەروەها " truck-driver ") . (٢) کارگەری بار گواستنەوە بە لۆری.

trucker (truk′ĕr), *n.* (١) ئاڵوگۆڕکەر. (٢) دەستکێڕ؛ چەرچی. (٣) جووتیاری سەوزەی فرۆشتن.

truck farm, کێڵگەی سەوزەی فرۆشتن.

trucking (truk′iŋ), *n.* شتومەک گواستنەوە بە لۆری.

truckle (truk′l), *n.* (١) پێچکەی بچووک. (٢) truckle bed .

v.i. (١) لەسەر پێچکە ڕۆیشتن. (٢) سەر شۆڕکردن؛ ملکەچ کردن.

v.t. بە پێچکەی بچووک جوڵاندن.

-truckler *(n.)*.

truckle bed, چەرپایەیەکی نزمە لەسەر پێچکەی بچووکە دەخرێتە ژێر چەرپایەیەکی ترەوە لەکاتی بەکارنەهێناندا (هەروەها " trundle bed ") .

truckload (truk′lōd′), *adj.* پڕ لۆرێیەک؛ زۆر.

truckman (truk′mən), *n.* trucker.

truculence (truk′yoo-ləns, trōō′kyoo-ləns), *n. also* **truculency,** (۱) دڕندەیی؛ بێ بەزەیەتی. (۲) تووندوتیژی؛ شەڕەنگێزی.

truculent (truk′yoo-lənt, trōō′kyoo-lənt), *adj.* (۱) دڕندە؛ بێ بەزەیی. (۲) زۆر تووندوتیژ؛ پڕ ڕووتار. (۳) شەڕەنگێز؛ شەڕانی.
-truculently *(adv.).*

trudge (truj), *v.i.* خۆ بەکێش کردن؛ بە گران ڕۆیشتن.
(He ~d ten miles through the snow.)
n. ڕۆیشتنێکی دوورو درێژو ماندووکەر؛ ڕۆیشتنێکی گران.

true (trōō), *adj.* (۱) دڵسۆز. *(He is ~ to his friends.)* . (۲) تەواو؛ پشت پێ بەستراو؛ ڕاست. *(a ~ indication)* . (۳) ڕاست؛ دروێ نێدا نەیە؛ ڕاستەقینە. *(a ~ story)* . (٤) ڕاستکۆ. (٥) دەقاودەق؛ تەواو؛ بەبێ کەموزیاد. *(a ~ copy)* . (٦) ڕەوا؛ ڕاستی. *(the ~ owner, heir, etc.)* . (۷) لە جێی خۆیەتی؛ ڕاست دانراوە. *(The board is not ~ .)* . (۸) تەواو؛ ڕەسەن؛ ڕاستەقینە. *(a ~ diamond)* . (ب) ڕاستەقینە؛ تەواو؛ ڕاست. *(a ~ scholar)* . (۹) پاک؛ داوێن پاک؛ ڕاست؛ سەرڕاست. [Archaic] . (۱۰) ڕەسەن.
adv. (۱) بە ڕاستی؛ بە تەواوی. (۲) ڕەسەنانە. (۳) بە وردی؛ بێ کەموزیاد. *(He aimed ~ .)* .
v.t. (~ up), سازاندن؛ چاک کردن؛ ڕاستکردنەوە. *(to ~ up a wheel)* . *n.* (۱) ڕاستی. (۲) ڕێکی؛ ڕێکو ڕاستی. *(in ~ ; out of ~)* .
-trueness *(n.).*

come true, هاتنەدی.

true bill, بڕیاری ئاوانیارکردن لەلایەن دەستەی سوێندخواردانی گەورەوەو دان بە دادگا بۆ لێپرسینەوە.

true-blue (trōō′blōō′), *adj.* زۆر دڵسۆز (بەتایبەتی بۆ حیزب یا ئایین).

true blue, (۱) ڕەنگی شینی نەچووەوە. (۲) کەسێکی زۆر دڵسۆز. (۳) زۆر دڵسۆزی. [Archaic] (ووشەی پێشوو ببینە).

trueborn (trōō′bôrn′), *adj.* ڕەسەن. *(a ~ Kurd)* .

truebred (trōō′bred′), *adj.* (۱) ڕەسەن. (۲) ڕەفتار جوان.

true-false test, تاقیکردنەوەیەکە قوتابی دەستنیشانی دەکات وەڵامەکان کامیان ڕاستن و کامیان هەڵەن.

truehearted (trōō′här′tid), *adj.* دڵسۆز؛ پاک.

truelove (trōō′luv′), *n.* (۱) دڵدار؛ یار؛ خۆشەویست. (۲) گیایەکە چوار گەڵا و گوڵێک دەگرێ لە " گرێی دڵداران " دەچێ. (۳) truelove knot. [Obs.]

truelove knot, گرێی دڵداران (کە بە گران دەکرێتەوەو نیشانەی خۆشەویستی هەمیشەیی بە).

true-lover's knot, = truelove knot.

truepenny (trōō′pen′i), *n.* کەسێکی پاکو دڵسۆزو سەرڕاست.

truffle (truf′l, troo′f′l), *n.* دوومەلاس.

truism (trōō′iz′m), *n.* ڕاستیەکی هەڵگەنەویست؛ ڕاستیەکی دیار.

trull (trul), *n.* قەحبە؛ دڵفرەتی سووک.

truly (trōō′li), *adv.* (۱) بە ڕاستی؛ بە دڵ. *(I'm ~ grateful.)* . (۲) ڕاستگۆیانە؛ بەبێ درۆ؛ بە ڕاستی؛ بێ زیادو کەم. *(He spoke ~ .)* . (۳) بێ گومان؛ بە ڕاستی. *(This is a ~ beautiful picture.)* .

trump (trump), *n.* (۱) (ا) کاغەزی براوەی قومار؛ تەو کاغەزەی نرخی لە هەموو تەوانی تر زیاترە. (ب) (*pl.*) پێڕێکی تەو کاغەزانە. (۲) شتێک بە دەست کەسێکەوە کە لە باشترین هەلدا بەکاری دەهێنێ بۆ ڕەوەری سوود لێ وەرگرتن. (۳) کەسێکی باش و پشت پێ بەستراو.

v.t. (۱) بردنەوەی دەستێک قومار بە کاغەزی براوە.
(۲) لێ بردنەوە؛ بەسەردا سەرکەوتن.
v.i. کاغەزی براوە بەکارهێنان؛ دەستی باش بەکارهێنان (مەجاز).

trump up, هەڵبەستن (درۆ، بوختان)؛ ڕێکخستن؛ دڕووستکردن.
(to trump up charges against somebody)

trump (trump), *n., v.t. & v.i.* = trumpet.

trump card, (۱) کاغەزی براوەی قومار. (ووشەی پێشووتر ببینە). (۲) شتێکی زۆر بەنرخە کە لە هەڵێکی باشدا بەکاردەهێنرێ بۆ زۆرترین سوود لە بردنەوەی بەربەرەکانیدا.
(The surprise witness was his ~ .; She played her ~ .)

trumpery (trum′pēr-i), *n.* (۱) شتی بریقەدارو هەرزانبەها. (۲) شتی بێ نرخ یا هیچوپووچ. (۳) قسەی هیچوپووچ؛ قسەی قۆزو بێ مانا.

trumpet (trum′pit), *n.* (۱) کەرەنا؛ زورنا. (۲) کەرەناژەن؛ زورناژەن. (۳) شتێکی لە کەرەنا چوو. (٤) (*pl.*) پووەکێکە گەڵاکانی لە کەرەنا دەچن. (٥) دەنگێکی وەک دەنگی کەرەنا (بەتایبەتی دەنگی فیل).
v.i. (۱) کەرەنا لێدان؛ فووکردن بە کەرەنا یا زورنادا. (۲) بۆڕاندن؛ دەنگێکی وەک دەنگی کەرەنا لێوەهاتن.
v.t. (۱) زورنا لێدان؛ کەرەنا لێدان. (۲) بۆڕاندن؛ هاوارکردن. (۳) بانگ بۆ دان؛ جار بۆ دان.

trumpet creeper, خشۆکە زورنایی؛ پووەکێکی خۆهەڵواسە گوڵەکەی لە زورنا دەچێت.

trumpeter (trum′pit-ēr), *n.* (۱) زورناژەن؛ کەرەناژەن. (۲) سەربازی کەرەناژەن. (۳) جارچی؛ بانگدەر. (٤) باڵندەیەکی مل و لاق درێژی ئەمەریکای باشووری بە دەنگی بەرز دەخوێنێت. (٥) trumpeter swan. (٦) کۆتری پەڕلەپێ.

trumpeter swan, قازێکی ئەمەریکای باکووری بە دەنگی بەرز دەخوێنێت.

trumpet flower, (۱) پووەکی گوڵ زورنایی. (۲) گوڵە زورنا.

trumpet honeysuckle, پەنجەی خانمی زورنایی.

trumpetlike (trum′pit-lik′), *adj.* زورنایی؛ لە زورنا دەچێت بە دەنگ یا بە شێوە.

trumpet vine, = trumpet creeper.

truncate (truŋ′kāt), *v.t.* قرتاندن؛ بڕین؛ قەڵەم کردن؛ کورتکردنەوە؛ پەڕاندن (کلك).
adj. (۱) قرتاو؛ قرتێنراو؛ قەڵەم کراو؛ کورتکراوە. (۲) کۆڵ؛ نووک پان؛ سەر پان (گەڵا).
-truncately *(adv.)*; **truncation** *(n.).*

truncated (truŋ′kāt-id), *adj.* (۱) قرتاو؛ قرتێنراو؛ قەڵەم کراو؛ کورتکراوە. (۲) سەر قرتێنراو (قووچەك یا شێوەی نەندازەیی تر)؛ ڕێك کراو؛ ساف کراو؛ تەخت.

truncheon (trun′chən), *n.* (۱) دار؛ گورز؛ لیس. (۲) داری دەسەڵاتداری (وەك هی پۆلیسو ئەفسەر). (۳) [Archaic]، قەفی ڕم یا نێزە. (٤) [Obs.]، قەدی داری پووت کراو.
v.t. دارکاری کردن؛ بە دار لێدان.

trundle (trun′d′l), *n.* (۱) پێچکەی بچووك. (۲) هەرەبانەی نزمی پێچکە بچووك. trundle bed .
(٤) (ا) خولانەوە؛ خل بوونەوە. (ب) دەنگی خولانەوە یا خل بوونەوە.
v.t. & v.i. (۱) خولانەوە؛ خل بوونەوە. (۲) سووڕانەوە.

trundle bed, = truckle bed.

trunk (trunk), *n.* (۱) قەد (دارو درەخت). (۲) قەدی مرۆڤ؛ لەشی مرۆڤ یا گیاندار جگە لە سەرو پەلەکانی؛ تەنگە. (۳) بەشی سەرەکی بۆری خوێنو هەستە دەمار. (٤) لمۆز (فیل). (٥) باوول؛ باوەڵ. (٦) بۆری ئاوو هەوا... هتد. (۷) trunk hose، (*pl.*). (۸) (*pl.*)، پانتۆڵی کورتی پیاوانەی وەرزش. (۹) trunk line

(١٠) قەفەزەی سنگی جانەوەر. (١١) ستووقی ئوتومبیل.
(١٢) قەدی پایەو کۆلەکە.

adj. هی هێلی سەرەکی شەمەندەفەر یا تەلەفۆن.

trunkfish (truŋk′fish´), *n.* جۆرە ماسییەکی قاوغداری وەک سندووقی ئاوچە گەرمەکانە. (پێشی دەووترێ: " boxfish ").

trunk hose, پانتۆلی کورتی دەلبی پیاوانە (هی سەدەی شانزەو حەفدە).

trunk line, هێلی سەرەکی شەمەندەفەرو تەلەفۆن؛ جۆگەی سەرەکی.

trunnel (trun′l), *n.* = treenail.

trunnion (trun′yən), *n.* تەوەرەی تۆپ؛ جێی سووڕانەوە.

truss (trus), *v.t.* (١) پێچانەوە (پریاسکە).
(٢) [Rare]، جل لەبەرکردن؛ وەک مەلۆتکە پێچانەوە.
(ب) جل تونددکردنەوە یا قایم کردن؛ جل گرێدان.
(٣) نان و لاقی بالندە لە شیش دان یا بەستنەوە پێش کولاندنی.
(٤) جەمەلۆن کردن؛ چوارچێوە دانە بەر (پرد، سەربان).

n. (١) پریاسکە؛ بەند؛ بەستەک (٢) گورزە (گزرە).
(٣) بەندی ئاسنی دەوری دارکەشتی. (٤) گۆشە (خانووکاری).
(٥) تۆپەلە گولێکی چڕ بەسەر لاسکێکەوە.
(٦) جوارچێوەی سەربان یا پرد؛ جەمەلۆن. (٧) پشتێنی قۆپی.

truss bridge, پردی لەسەر چوارچێوە یا پایە پاوەستاو؛ پردی جەمەلۆنی.

trust (trust), *n.* (١) باوەڕ؛ متمانە؛ پشت پێ بەستن
(٢) کەسێک یا شتێکی پشت پێ بەستراو؛ کەسێکی متمانە پێکراو.
(٣) ئومێدەواری؛ ئومێد؛ هیوادارى؛ هیوا: *(Have ~ in the future.)* .
(٤) [Rare]، جێی بڕوابوون؛ دڵسۆزی.
(٥) [] شت خزانە نەستۆ؛ پشت پێ بەستراو. (ب) بەرپرسیاری.
(٦) چاودێری. (٧) سپاردە.
(٨) قەرز *(He sells on ~.)*
(٩) بەکێتی چەند کۆمپانیایەکە بۆ بەربەرەکانی نەهێشتن؛ قۆرخ؛ کارتێل.
(١٠) زەوی‌وزارو خانووی کەسێکی بێ دەسەڵات یا کەفتەکار یا مندالێک سپاردن بە کەسێکی تر بۆ چاودێری کردنی. (ب) متمانەی ئەم پێ سپاردنە.
(ج) پێ سپێردراو؛ چەند پێ سپێردراوێک (د) مافی ئەو کەسەی خانوو و زەوی‌وزارەکەی سپێردراوە بە کەسێکی تر بۆ چاودێری کردنی.

v.t. (١) متمانە پێکردن؛ پشت پێ بەستن؛ باوەڕپێکردن.
(٢) هیوا بوون؛ ئومێدەوار بوون. (٣) قەرز پێدان (لەبەر متمانە پێکردن).

v.i. (١) متمانە پێکردن؛ پشت پێ بەستن؛ باوەڕ پێ بوون. (٢) پێ سپاردن.
(٣) پیا ڕاپەڕموون. (٤) وا زانین؛ وا دانان. (٥) ئومێدەوار بوون؛ هیوادار بوون؛ (٦) قەرز پێدان (لەبەر متمانە پێکردن).

adj. سپێردراو؛ سپاردە؛ لەژێر چاودێری کەسێکی ترداید.

in trust, سپێردراوە بە کەسێکی تر بۆ چاودێری کردنی.

trust to, پشت پێ بەستن.

trust company, بانقی سپاردە

trustee (trus-tē′), *n.* (١) پێ سپێردراو؛ کەسێکە خانوو و زەوی‌وزاری کەسێکی تری پێ دەسپێردرێ.
(٢) نەندامی دەستەی پێ سپێردراوی دانشگایەک یا نەخۆشخانەیەک.
(٣) کەسێکە خانوو و زەوی‌وزاری قەرزارێکی پێ دەسپێردرێ تا دانەوەی قەرزەکە.

v.t. (١) پێ سپاردنی خانوو و زەوی‌وزار بۆ چاودێری کردن.
(٢) پێ سپاردنی خانوو و زەوی‌وزارو سامانی قەرزارێک تا دانەوەی قەرزەکە.

trusteeship (trus-tē′ship), *n.* (١) ئیشوکاری پێ سپێردراو.
(٢) پێ سپاردنی وولاتێک یا هەرێمێک بە وولاتێکی تر لەلایەن کۆمەڵەی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە بۆ چاودێری کردنی
(٣) وولاتێک یا هەرێمێکی وەها سپێردراو.

trustful (trust′fəl), *adj.* خۆش باوەڕ؛ بە هەموو کەس باوەڕکەر.
-trustfully *(adv.)*; **trustfulness** *(n.)*.

trust fund, سەرمایەی سپاردە؛ پارەو سەرمایەی تری کەسێکە

دەسپێردرێ بە کەسێکی تر یا بانقێک بۆ هەڵگرتنو چاودێری کردنی

trusting (trus′tiŋ), *adj.* خۆش باوەڕ؛ بە هەموو کەس باوەڕکەر.

trustless (trust′lis), *adj.* (١) جێی باوەڕ نەیە؛ متمانە پێ نەکراو؛ پشت پێ نەبەستراو (٢) بێ بڕوا؛ بە هەموو کەس باوەڕنەکەر؛ بە گومان.

trust territory, ناوچەیەکی سپێردراوە بە وولاتێک لەلایەن کۆمەڵەی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە بۆ چاودێری کردنی؛ ناوچەی ژێردەستەی کۆمەڵەی نەتەوەیەکگرتووەکان.

trustworthiness (trust′wūr´*thi*-nis), *n.* جێی باوەڕ بوون؛ پشت پێ بەستران؛ متمانە پێ کران.

trustworthy (trust′wūr´*thi*), *adj.* پشت پێ بەستراو؛ متمانەی پێ دەکرێ؛ جێی باوەڕە؛ سەرڕاست.
-trustworthily *(adv.)*.

trusty (trus′ti), *adj.* (١) [Rare] ، خۆش باوەڕ.
(٢) پشت پێ بەستراو؛ متمانە پێکراو؛ جێی بڕوایە.

n. (١) کەسێکی متمانە پێکراو؛ کەسێکی پشت پێ بەستراو.
(٢) بەندیکە هەندێ مافی تایبەتی دەدرێتێ لە بەندیخانەدا لەبەر ڕەوشتی باش.
-trustily *(adv.)*; **trustiness** *(n.)*.

truth (trooth), *n.* (١) (ا) جێی بڕوا بوون (ب) دڵسۆزی؛ پاکی.
(٢) ڕاستی. (٣) ڕاستاڵی؛ ڕاستگۆیی. (٤) ڕاستییەک؛ شتێکی ڕاست

in truth, بە ڕاستی؛ بێ گومان؛ لە ڕاستیدا؛ ئەوی ڕاست بێ.

truthful (trooth′fəl), *adj.* (١) ڕاستگۆ؛ ڕاستبێژ؛ ڕاستاڵ؛ ڕاست.
(٢) ڕاست؛ لەگەڵ ڕاستیدا دەگونجێ؛ هەڵنەبەستراو.
-truthfully *(adv.)*; **truthfulness** *(n.)*.

try (trī), *v.t.* (١) جیاکردنەوە (٢) (ا) تووانەوە (کەرە، ڕۆن).
(ب) (~ **out**)، پوختەکردن بە گەرمی (کانزا)؛ پاک کردنەوە؛ دەرهێنان.
(٣) [Now Rare]، بۆربۆڕێن لەسەر کردن؛ بڕینەوەی ناکۆکییەک بە زۆرانبازی.
(٤) (ا) دان بە دادگا؛ بڕیاردانی داوایەک لە دادگادا.
(ب) بڕیاری تاوانباری یا بێ تاوانی کەسێک دان لە دادگادا.
(ج) دادپرسین؛ دادپرسی کردن؛ دادگەری کردن. (٥) تاقیکردنەوە
(٦) ڕەندەکردن؛ بە ڕەندە ساف و لووس کردن.
(٧) تاقیکردنەوەیەکی سەخت کردن: *(They ~ your patience.)*
(٨) بەکارهێنان بۆ تاقیکردنەوە؛ تاقیکردنەوە: *(T~ this new recipe.)* .
(٩) کۆشش کردن؛ هەوڵدان؛ تێکۆشان.
(١٠) [Obs.]، سەلماندن؛ ساغ کردنەوە؛ چەسپاندن.

v.i. (١) هەوڵدان؛ کۆشش کردن: *(Please ~ and behave.)* .
(٢) تاقیکردنەوە.

n. (١) هەوڵ؛ کۆشش؛ هەوڵدان؛ تێکۆشان. (٢) گۆڵ کردن (یاری ڕەگبی).

try on, تاقیکردنەوە (جل‌وبەرگ، پێڵاو): *(Try this shirt on.)* .

try out, (١) بە ووردی تاقیکردنەوە: *(The idea seems good but it needs to be tried out.)*
(٢) تاقیکردنەوەی لێهاتوویی (نوێنەری شانۆ سینەما، وەرزشکار... هتد).

trying (trī′iŋ), *adj.* سەخت؛ گران؛ قورس؛ ماندووکەر؛ ناخۆش: *(a ~ time, day, experience, etc.; work that is ~ to the eyes)*

trying plane, ڕەندە (دارتاشی).

tryout (trī′out´), *n.* [Colloq.], تاقیکردنەوەی (نوێنەری شانۆ سینەما، وەرزشکار... هتد).

trypanosome (trip′ə-nə-sōm´), *n. Also* **trypanosoma,** گیانداری کونکەر: جانەوەرێکی بە چاو نەبینراوی مشەخۆرە لە خوێنی مرۆڤو گیاندارە بربڕەدارەکانی تردا دەژی و دەبێتە هۆی نەخۆشی نووستووبی.

trypanosomiasis (trip´ə-nō´sō-mī′ə-sis), *n.* نەخۆشی تووش بوو لە گیانداری کونکەرەوە. (ووشەی پێشوو ببینە)

trypsin (trip′sin), *n.* تریپسین: نەنزیمێکە پەنکریاس دەریدەدات (یارمەتی هەرس کردنی پرۆتین دەدات).

-tryptic *(adj.)*.

tryptophan (trip′tə-fan´), *n. Also* **tryptophane,** تریپتۆفان:

ترشێکی نەمینی بلووریيە.

trysail (trī′s'l, trī′sāl´), *n.* بایەوانی ڕیان بایەوانێکی تۆکمەی بچووکە لەکاتی زیاندا هەڵدەکرێت

try square, گۆشەی ڕاستاش.

tryst (trist, trīst), *n.* (١) ژوان: دیدەنی دڵداران (٢) ژوانگە: شوێنی بەیەک گەیشتن [Scot.]، بازار.

v.i. چوونە ژوانێک: بەیەکگەیشتن لە جێگەیەکی دیاریکراودا.

trysting place, ژوانگە: شوێنی بەیەک گەیشتن.

tsar (tsär), *n.* = czar.

tsarism (tsär′iz'm), *n.* = czarism.

tsetse (tset′si), *n. Also* **tsetse fly,** تسێتسی: مێشی نەخۆشی نووستنوویی

T-shirt (tē′shûrt´), *n.* فانیلەی بنوقوڵی زۆرەوە.

tsp., = (1) teaspoon. (2) teaspoonful.

T square, ڕاستەی وەک " T "

tub (tub), *n.* (١) ا. نەستە: دەفرێکی دارینی وەک تەشت (بۆ شت تێکردن یا تیا شتنەوە). (ب) پڕ تەشتێک یا دەفرێکی وەها. (ج) شتی ناو نەم دەفرە. (٢) بەرمیلی بچووک: کەمۆڵە. (٣) (ا) سەتڵی کانزای خاو گواستنەوە لە کاندا. (ب) عەرەبانەی خەڵووز (لە کانە خەڵووزدا). (٤) **bathtub** [British Colloq.]، خۆشتنی ناو بانیۆ. (٥) [Colloq.]، بەلەم یا کەشتێیەکی پان‌و هێواش‌و ناقۆڵ: کەسێکی پان‌وپۆر یا خرپن.

v.t. (١) لە نەشتدا شتن: شۆردن لە دەفرێکی وەک تەشتدا. (٢) هەڵگرتن لە کەمۆڵە یا بەرمیلێکی بچووکدا.

v.i. خۆشتن لە بانیۆدا

tuba (tōō′bə, tū′bə), *n.* تووبە. جۆرە کەرەنا یا زوڕنایەکی گەورەیە.

tubal (tōō′b'l, tū′b'l), *adj.* تایبەت بە بۆری (بەتایبەتی بۆری فالوبی): لوولەیی.

tubate (tōō′bāt, tū′bāt), *adj.* وەک بۆری وایە: لوولەیی

tubby (tub′i), *adj.* (١) لە ببپ یا بەرمیل دەچێ: کەمۆڵەیی. (٢) پان‌وپۆر: خرپن: قەڵەو.

tube (tōōb, tūb), *n.* (١) بۆری: لوولە. (٢) دەفری لوولەیی. (٣) بۆرێچکە: نەندام یا نامێری لە بۆری چوو (وەک بۆری هەناسەدان): *(bronchial ~)* (٤) بۆری نەلەکتۆنی. (٥) (ا) تونێلی شەمەندەفەری کارەبا. (ب) [Colloq.]، نەم هێڵی ئاسنە. (٦) [Archaic] . telescope (٧) جووب: تایەی نوتومبیل... هتد.

tubeless tire, تایەی بێ جووب

tuber (tōō′bĕr, tū′bĕr), *n.* (١) سەلک: سەلکی گۆڕکەدار (پەتاتە). (٢) tubercle

tubercle (tōō′bĕr-k'l, tū′bĕr-k'l), *n.* (١) گۆرکە: پەتاتە: قۆزت: ناوساوی گرێ (پووەکناسی) (٢) (ا) قۆزت (وەک هی نێسقان): گرێ: ناوساوی. (ب) لوو (نەخۆشی سیل).

tubercle bacillus, باسیلی سیل: میکرۆبی سیل (کە لە چیلکە یا دار دەچێت).

tubercular (tōō-bûr′kyoo-lĕr, tū-bûr′kyoo-lĕr, tə-bûr′-kyoo-lĕr), *adj.* (١) سیلاوی: تایبەت بە سیل: دەردەباریکەیی: سیلدار: وەک سیل. (٢) سیل: دەردەباریکە.

n. کەسێکی سیلاوی: کەسێکی سیلدار.

tuberculate (tōō-bûr′kyoo-lit, tū-bûr′kyoo-lāt´, tə-bûr′kyoo-lit), *adj. Also* **tuberculated,** (١) لووای: لوو لێهاتوو (٢) سیلاوی: سیلدار: تایبەت بە سیل.

-tuberculation *(n.).*

tuberculin (tōō-bûr′kyoo-lin, tū-bûr′kyoo-lin, tə-bûr′-kyoo-lin), *n.* دەرمانی کوتانی نەخۆشی سیل.

tuberculo- (tōō-bûr′kyoo-lō, tū-bûr′kyoo-lō, tə-bûr′-kyoo-lō), *Also* **tubercul-** , . **tuberculous** (١) پێشگرێکە بەمانای: . **tuberculosis** (٢) . **tubercle bacillus** (٢)

tuberculoid (tōō-bûr′kyoo-loid´, tū-bûr′kyoo-loid´, tə-bûr′kyoo-loid´), *adj.* سیلی: لە سیل دەچێ.

tuberculosis (tōō-bûr´kyoo-lō′sis, tū-bûr´kyoo-lō′sis, tə-bûr´kyoo-lō′sis), *n.* سیل: دەردەباریکە.

tuberculous (tōō-bûr′kyoo-ləs, tū-bûr′kyoo-ləs, tə-bûr′kyoo-ləs), *adj.* (١) سیلاوی: سیلدار (٢) لە سیل دەچێ: تایبەت بە سیل: لووداری: ناوساوی: گرێدار.

tuberose (tōōb′rōz´, tūb′rōz´), *n.* پووەکێکی مەکسیکییە پەگەکەی سەلکێیەو گەڵاکەی وەک گیا و گوڵەکەی سپی و بۆن خۆش و وەک پەحەتێیە.

tuberosity (tōō′bə-ros´ə-ti, tū′bə-ros´ə-ti), *n.* قۆزت (نێسقان): سەری خڕو نەستووری نێسقان.

tuberous (tōō′bĕr-əs, tū′bĕr-əs), *adj.* (١) گرێ گرێ: گرێدار: قۆزتاوی. (٢) (ا) سەلکاوی: سەلکی ئ پەیدا دەبێت. (ب) لە سەلک دەچێ: سەلکی: *(a ~ root)* .

tuberous root, پەگی سەلکی: پەگی وەک سەلک.

tubing (tōōb′iŋ, tūb′iŋ), *n.* (١) بۆری دروستکردن: لوولە دروستکردن. (٢) چەند بۆرییەکی تێکەڵکێشراو. (٣) بۆری بەگشتی: بۆری. (٤) شتی لوولەیی: شتی وەک بۆری. (٥) پارچە بۆری

tubular (tōō′byoo-lĕr, tū′byoo-lĕr), *adj.* (١) وەک بۆری: لە بۆری دەچێ: لوولەیی. (٢) بە بۆری دروستکراو. (٣) وەک دەنگی فووکردنە بە بۆریدا.

tubulate (tōō′byoo-lāt, tū′byoo-lāt), *adj.* (١) لە بۆری دەچێ: وەک بۆری: لوولەیی. (٢) بۆریدار: لوولەدار.

v.t. (١) وەک بۆری لێکردن. (٢) بۆری تێخستن.

-tubulation *(n.).*

tubule (tōō′būl, tū′būl), *n.* بۆرێچکە: بۆری بچکۆلە (گیانەوەرناسی).

tubuli- (tōō′byoo-li, tū′byoo-lə), پێشگرێکە بەمانای: بۆرێچکە.

tubuliferous (tū´byoo-lə-fĕr′əs), *adj.* بۆریدار: لوولەدار: لە بۆری پێکهاتوو.

tubuliflorous (tōō´byoo-lə-flôr′əs, tū´byoo-lə-flō′rəs), *adj.* پەڕەی گوڵ وەک بۆری.

tubulous (tōō′byoo-ləs, tū′byoo-ləs), *adj.* . **tubular** (١) (٢) گوڵ وەک بۆری.

tubulure (tōō′byoo-lyoor, tū′byoo-lyoor), *n.* دەمی بۆری خوار: دەمی بۆرییەکی کورت.

tuck (tuk), *v.t.* (١) چرچ‌ولۆچ تێخستن بۆ جوانی (جل دووڕین): قەدکردن. (٢) (~ **in**)، خستنە ناو (چمکی کراس یا بەتانیەو چەرچەف): هەڵکردن: *(T~ in your shirt.)* (٣) (ا) هەڵگرتن (بەتایبەتی لە شوێنێکی نادیاردا): شاردنەوە: *(a cottage ~ed away in the hill)* (ب) خستنە باخەڵ: هەڵگرتن: *(He ~ed the letter into his pocket.)* (ج) پێچانەوە: کۆکردنەوەو خستنە ژێر یا ناو: *(The bird ~ed its head under its wing.)* (٤) داپۆشین: خستنە ناو جێگەوەو داپۆشین: *(She ~ed the child in bed.)*

v.i. (١) هێنانەوەیەک: گردکردنەوە. (٢) چرچ‌ولۆچ تێخستن بۆ جوانی: قەدکردن: هەڵکردن.

n. (١) چرچ‌ولۆچی جل (کە بۆ جوانی تێیدا دەدووڕێ): قەد: توێ. (٢) ژێری پشتەوەی کەشتی (کە جەمسەری دارو نیرگەکانی کەشتییەکەیە):

(٣) [British Slang]، خواردەمەنی.

tuck away (or in), [British Slang]. ماشینەوە؛ زۆر خواردن.

tuck (tuk), *n.* [Archaic], شیری تەنک؛ شمشێری تەنک.

tuck (tuk, tōōk), *v.t.* [Scot.], لێدان (بەتایبەتی تەپڵ)؛ تەقە لێ مەکردن.

n. لێدان؛ تەقە.

tucker (tuk′ĕr), *n.* (١) پارچە مەکینەیەکی جل دووریە بۆ چرچ‌ولۆچ کردنە حلەوە بۆ جوانی. (٢) پەخەی نەخشێنراوی کراسی ژنانە.

tucker (tuk′ĕr), *v.t.* [Colloq.], (~ out). ماندووکردن؛ هێلاک کردن.

tucket (tuk′it), *n.* [Archaic], دەنگی کەڕەنا یا زورنا.

-tude (tōōd, tūd), پاشگرێکە بەمانای: بوون؛ چۆنێتی؛ – ی. *(certitude)*

Tudor (tōō′dĕr, tū′dĕr), *n.* (١) بنەماڵەی تیۆدۆر (کە حوکمڕانی نینگلتەرەیان کرد لە ساڵی ١٤٨٥-١٦٠٣). (٢) تیۆدۆر: پاشای تیۆدۆری. (٣) هۆنەر یا هونەرمەندێکی چەرخی تیۆدۆر لە نینگلتەرە.

adj. (١) تیۆدۆری؛ تیۆدۆر؛ لە بنەماڵەی تیۆدۆری نینگلیزیەیە. (*T~ architecture)* (٢) تیۆدۆری: شێوازێکی خانووسازیەیە. (*T~ verse)* (ب) تیۆدۆری تایبەتی بە چەرخی حوکمڕانی تیۆدۆر.

Tuesday (tōōz′di, tūz′di), *n. Abbr.* Tue(s)., سێ شەممە.

tufa (tōō′fə, tū′fə), *n.* (١) توفە: بەردەگەچێکی کون کونە. (٢) tuff.

tuff (tuf), *n.* توف: بەردێکی ئاگرپژێنی کون کونە.

tuft (tuft), *n.* (١) کاکۆڵ؛ گێسوو؛ گوودە؛ تیتک؛ پەڵە گیا؛ تۆپەڵە موو یا پەڕ؛ پڕی گونە گەنمەشامی. (٢) ڕیشوو. (٣) بێشە؛ پەڵە دارو دەوەنی چڕ. (٤) goatee.

v.t. بە ڕیشوو ڕازاندنەوە.

v.i. بە کۆمەڵ ڕووان؛ بە چڕی ڕووان.

tug (tug), *v.i.* (١) ڕەنجدان؛ کۆشش کردن؛ ئیشکردن؛ هەوڵدان. (٢) حەبات کردن؛ تێکۆشان. (٣) ~ at ; توند ڕاکێشان؛ بە قایم ڕاکێشان. *(She ~ged at her boots.)*

v.t. (١) توند ڕاکێشان؛ بە زۆر ڕاکێشان؛ بەکێش کردن؛ تەکان پێدان. (٢) ڕاکێشان. (٣) ڕاکێشان بە بەڵەمی ڕاکێشان.

n. (١) ڕاکێشانێکی توند. (٢) (أ) کێش مەکێش؛ ململانێ؛ زۆرانبازی (مەجاز): *(a ~ between loyalty and desire)* (ب) کوشتێکی زۆر؛ هەوڵێکی زۆر. (٣) گوریس. زنجیر. یا قایشی ڕاکێشان (بەتایبەتی قایشی نەسپ بەستن بە گالیسکەوە بۆ ڕاکێشانی). (٤) tugboat.

-tugger *(n.).*

tugboat (tug′bōt), *n.* بەلەمی ڕاکێشان. (هەروەها " lowboat ").

tug of war, (١) گوریس کێشەکی. (٢) کێش مەکێش؛ زۆرانبازی (مەجاز)؛ ململانێ.

tuille (twēl), *n.* زرێی ڕان.

tuition (tōō-ish′ən, tū-ish′ən), *n.* (١) [Archaic]، پاسەوانی؛ چاودێری؛ سپاردە. (٢) فێرکردن. (٣) کرێی فێرکردن؛ کرێی قوتابخانە. (هەروەها " tuition fee ")

-tuitional; tuitionary *(adj.).*

tularemia, tularaemia (tōō lə-rē′mi-ə), *n.* تولاریمیە (تای کەروێشک. درمێکە لە گیانداری کرۆژەندەوە (بەتایبەتی کەروێشک) دانەکەوێت و بە مرۆڤ دەگات. (هەروەها " rabbit fever ").

tule (tōō′le), *n.* جۆرێکە لە ڕەل.

tulip (tōō′lip, tū′ləp), *n.* هەڵانە: گوڵانە سوورە؛ چارەچەقیلە.

tulip tree, جۆرە درەختێکە گوڵی وەک هەڵانە دەگرێ.

tulip wood, داری درەختێکە گوڵی وەک هەڵانە دەگرێ.

tulle (tool), *n.* جۆرە ئاوڕیشمێکی تەنکە (پەچەو سرکەیی لێ دروست دەکرێ).

tullibee (tul′ə-bē′), *n.* جۆرە ماسیەیەکە.

tumble (tum′b'l), *v.i.* (١) تەقەلێدان؛ تەقەلەبازی کردن. (٢) (أ) هەرەس بردن؛ لەپڕ ڕووخان؛ لەپڕ کەوتن. (ب) لەپڕ شکان (نرخ). *(Prices ~d.)* (٣) پێ هەڵکەوتن؛ چوڕتم دان؛ ساتمەدان؛ نووچ دان؛ سەرسم دان. (٤) خل بوونەوە؛ نەم دیوو نەودیو کردن؛ تەپاوتل کردن. (٥) بەپەڵەو لەتردانەوە ڕۆیشتن: *(She ~d out of bed half awake.)* (٦) (~ to) [Slang]، لەپڕ بۆ دەرکەوتن؛ لەپڕ پێ زانین.

v.t. (١) ڕووخاندن؛ خستن؛ ڕماندن؛ تەپاوتل پێدان؛ دان بە زەویدا؛ خل کردنەوە؛ نەم دیوو نەودیو پێکردن؛ تەقلە پێدان؛ هەرەس پێ بردن. (٢) بەسەر یەکدا دان؛ تێکەڵوپێکەڵ کردن؛ تێکدان؛ شێواندن. (٣) خولاندنەوە؛ سووڕاندنەوە.

n. (١) (أ) تەقلە؛ تەقلەلێدان. (ب) کەوتن؛ ڕووخان؛ هەرەس. (ج) چوڕتم؛ ساتمە؛ پێ هەڵکەوتن. (٢) شێواو؛ شێواوی؛ تێکەڵوپێکەڵی؛ ناڕێکوپێکی. (٣) کۆمەڵێکی تێکەڵوپێکەڵ یا ناڕێکوپێک.

tumblebug (tum′b'l-bug′), *n.* گووخلێنکە: قالۆنچەیەکی ڕەشە تەرسی وڵاخ کۆدەکاتەوە و خڕ هەڵی دەدات و خلی دەکاتەوە.

tumble-down (tum′b'l-doun′), *adj.* پەڕپووت؛ شەقوشڕ: خەریکە بڕووخێ. *(He lived in a ~ shack.)*

tumbledung (tum′b'l-duŋ′), *n.* = tumblebug.

tumbler (tum′blĕr), *n.* (١) تەقلەباز؛ تەقلەباز. (٢) سەگی کەرۆشکگر. (٣) کۆتری تەقلەباز. (هەروەها " tumble pigeon "). (٤) پەڕداخ. (٥) پڕ پەڕداخێک؛ نەو خواردنەوەیەی لە پەڕداخێکدایە. (٦) نەو پارچەیەی قفڵە کە دەبێ بجووڵێنرێ تاکو قفڵەکە بکرێنەوە. (٧) بووکەشووشەیەکە کە دەستی تێوەدرا بەم لاو بەوڵادا دەکەوێتو دوایی دێتەوە جێی خۆی. (٨) (أ) مەکینەی جل ووشک کردنەوە. (ب) tumbling box. (٩) نەو پارچەیەی گێڕی مەکینەی ئوتومبیلی پێ دەگۆڕێت.

tumbleweed (tum′b'l-wēd′), *n.* گیاخلێنکە: بنچکی ووشکی هەڵکەندراوی باهەڵگرتوو.

tumbling (tum′b'l-iŋ), *n.* تەقلەبازی؛ تەقلەبازی.

tumbling box (or barrel), بەرمیلی خولاوە: بۆ شت تێکەڵ کردن، ساف‌ولووس کردن؛ یا پاک کردنەوە.

tumbrel, tumbril (tum′brəl), *n.* (١) نامێڕی سزادانی کۆن. (٢) گالیسکەی هەڵگەڕاوەی جووتیار. (٣) گالیسکەی گواستنەوەی ئاوانباران بۆ سەر پەڕاندنیان بە " گیۆتین " لەکاتی شۆڕشی فەرەنسیدا. (٤) گالیسکەیەکی دووپێچکەیی سوپایی‌یە بۆ جبەخانە گواستنەوە.

tumefacient (tū′mə-fā′shənt), *adj.* دەبێتە هۆی ئاوسان.

tumefaction (tōō′mə-fak′shən, tū′mə-fak′shən), *n.* (١) (أ) ئاوسان (ب) ئاوساوی. (٢) نەندامی ئاوساو یا هەوکردوو.

-tumefactive *(adj.).*

tumefy (tōō′mə-fī′, tū′mə-fī′), *v.t.* ئاوساندن.

v.i. ئاوسان.

tumescence (tōō-mes′'ns, tū-mes′'ns), *n.* (١) ئاوسان؛ ئاوساوی. (٢) نەندامی ئاوساو.

tumescent (tōō-mes′'nt, tū-mes′'nt), *adj.* ئاوساو؛ هەوکردوو.

tumid (tōō′mid, tū′mid), *adj.* (١) ئاوساو؛ هەوکردوو. (٢) قشمە؛ لە نەندازە بەدەر ڕازاوە؛ ناسادە: *(a ~ prose style)* (٣) دەریۆقیو؛ پڕ.

-tumidity *(n.)*; tumidly *(adv.)*.

tummy (tum′i), *n.* [Colloq.], = stomach.

tumor, tumour (too′mĕr, tū′mĕr), *n.* (۱) بریتی شێرپەنجە؛ سندان؛ شێرپەنجە؛ دوومەڵ؛ بریتی پیسی دەرپۆقیو. (۲) ناوساوی؛ لوو؛ شوێنێکی ناوساو

tumorous (tōō′mĕr-əs, tū′mĕr-əs), *adj.* (۱) سندانی؛ تایبەتی بە بریتی شێرپەنجە. (۲) بریتی شێرپەنجەیی؛ بریناوی؛ سنداناوی

tumour (tōō′mĕr, tu′mĕr), *n.* = tumor.

tumular (tōō′myoo-lĕr, tū′myoo-lĕr), *adj.* گردۆڵکەیی

tumulose (tōō′myoo-lōs′, tū′myoo-lōs′), *adj. Also* tumulous, پڕە لە گردۆڵکە؛ گردۆڵکەی زۆرە

tumult (tōō′mult, tu′mult), *n.* (۱) دەنگەدەنگ جەماوەر؛ هەرا؛ هەراوهوریا؛ ژاوەژاو (۲) پشێوی؛ ئاشووب. (۳) مێشک و هەست وروژان؛ شێواو: *(His mind was in a ~ .)*.

tumultuary (tōō-mul′chōō-er′i, tū-mul′choo-er′i), *adj.* (۱) شێواو؛ نێکەڵوپێکەڵ؛ ناڕێک‌وپێک (۲) tumultuous

tumultuous (tōō-mul′chōō-əs, tū-mul′choo-əs), *adj.* (۱) گەرم (مەحار)؛ دەنگەدەنگاوی؛ ژاوەژاوی *(a ~ welcome, convention, debate, etc.)* (۲) ئاشووبکێڕ؛ ناژاوەچێ: *(a ~ group of students)*. (۳) وروژاو؛ بێ ئارام *(a ~ heart, mind, etc.)*.

-tumultuously *(adv.)*.

tumulus (tōō′myoo-ləs, tu′myoo-ləs), *n.* گردۆڵکەی سەر گۆڕ؛ کۆمەڵە خۆڵی سەر گۆڕ

tun (tun), *n.* (۱) بەرمیلی مەی و بیرە. (۲) پێوانەیەکی شلەیە بریتییە لە ۲۵۲ گالۆن.

v.t. کردنە ناو حۆزە بەرمیلەوە؛ لە بەرمیلدا هەڵگرتن

tuna (tōō′nə), *n.* تووڵە جۆرە ماسییەکە

tuna (tōō′nə), *n.* = prickly pear.

tunable (tōō′nə-b'l, tū′nə-b'l), *adj. Also* tuneable, (۱) ساز دەکرێت (دەنگی مۆسیقا)؛ خۆش نەوا دەکرێت (۲) tuneful

tundra (tun′drə, toon′drə), *n.* تەندرا؛ دەشتی ڕووتی بێ دار و درەختی هەرێمی تەوەری باکووری.

tune (tōōn, tūn), *n.* (۱) دەنگ (۲) ئاواز؛ نەوا. (۳) یەک نەوایی؛ یەک دەنگی؛ یەک ئاوازی.

v.t. (۱) سازکردنی دەنگی مۆسیقا؛ خۆش نەوا کردن *(to ~ a musical instrument)* (۲) گونجاندن؛ شیاندن؛ سازکردن؛ یەک نەوا کردن (۳) سوزکردن؛ بە ئاواز دەربڕین

v.i. یەک نەوا بوون؛ گونجان؛ سازان

change one's tune, هەڵوێستی خۆ گۆڕین؛ هەڵوێست و ڕەفتاری خۆ چاک کردن

sing a different tune, = change one's tune.

to the tune of, [Colloq.]. ئەوەندە؛ پارە؛ نرخ؛ خەرجی... هتد.

tune in, گوێگرتن (ڕادیۆ)؛ خستنە سەر ئێستگەیەکی تایبەتی و گوێگرتن

tune off, گوێ نەگرتن (لە کەسێک)؛ گوێ داخستن

tune out, چاک کردنی ڕادیۆ و وازهێنان لەسەری

tune up, (۱) سازدانی نامیری مۆسیقا (۲) سازدان یا سەرکردنی بەشی کارەبایی ئوتومبیل: *(to tune up a car)*.

tuneful (tōōn′fəl, tun′fəl), *adj.* خۆش ئاواز؛ یەک نەوا؛ ساز خۆش؛ موسیقی

-tunefully *(adv.)*; tunefulness *(n.)*.

tuneless (tōōn′lis, tūn′lis), *adj.* بێ ئاواز؛ دساز؛ ناخۆش؛ ناموسیقی

-tunelessly *(adv.)*; tunelessness *(n.)*.

tuner (tōōn′ĕr, tūn′ĕr), *n.* (۱) سازکەری نامێڕی مۆسیقا؛ ئاواز خۆشکەر: *(a piano ~)*. (۲) نامێڕی سازاندنی دەنگی ڕادیۆ.

tune-up (tōōn′up′), *n.* سازدانی بەشی کارەبایی مەکینەی ئوتومبیل؛ سازکردنی ئوتومبیل: *(My car needs a ~ .)*.

tung oil, ڕۆنی تانگ: لە بەری داری " تانگ " دەردەهێنرێت‌و لە بۆیەدا بەکاردێت.

tungsten (tuŋ′stən), *n.* تەنگستن: توخمێکی کانزایی خۆڵەمێشی‌یە لە سەخت کردنی پۆڵا و دروستکردنی تەڵی ئاو گڵۆپی کارەبادا بەکاردێت.

-tungstenic *(adj.)*.

tungsten lamp, گڵۆپی تەنگستن: تەڵی ئاوەکەی لە تەنگستن دروستکراوە.

tungsten steel, پۆڵای تەنگستن: پۆڵایەکی زۆر سەختە تەنگستنی تێدایە.

tungstite (tuŋ′stīt), *n.* تەنگستیت: کانزایەکی زەرد یا زەردی سەوزباوە.

tung tree, داری تانگ: دەرەختێکی بەنرخە ڕۆنێکی ووشککەرەوە لە بەرەکەی دەردەهێنرێت‌و لە بۆیەدا بەکاردێت. (هەروەها " tung-oil tree ").

tunic (tōō′nik, tū′nik), *n.* (۱) بەرگێکی کۆنی یۆنانی‌و ڕۆمانی وەک کراسە هەتا ئەژنۆ. (۲) چاکەتێک یا بلووسێکی دەڵبە پشتێنی لەسەر دەبەسترێ (۳) چاکەتی پۆلیس‌و سەرباز. (٤) tunicle. (٥) پەردەی دەرەوە یا بەری ئەندامی گیاندار. (٦) پێستی تۆو یا پووەک.

tunica (tōō′ni-kə, tū′ni-kə), *n.* پەردەی داپۆشەر (گیانەوەرناسی، پووەکناسی)؛ پێست.

tunicate (tōō′ni-kāt′, tū′ni-kāt′), *adj.* (۱) ئەڵقەئەڵقەیی (پیان). (۲) پەردەدار (گیانەوەرناسی).

n. گیاندارێکی سەرەتایی دەریایە.

tunicle (tōō′ni-k'l, tū′ni-k'l), *n.* جۆرە جبە یا عەبایەکی قەشەیە. چنگاڵی دووپەڵ دەنگدەرەوە: نامێڕێکی دووپەڵی دەنگدەرەوەیە لەسەر دەنگەکەی نامێڕی مۆسیقا سازدەکرێ.

tuning fork,

tunnage (tun′ij), *n.* = tonnage.

tunnel (tun′'l), *n.* (۱) (ا) گوڵبێنە. (ب) دووکەڵ کێش. (۲) تونێل (۳) کون (بەتایبەتی کە گیاندارێک هەڵی کەندبێ).

v.t. (۱) تونێل لێدان؛ تونێل بەژێردا بردن. (۲) کون هەڵکەندن؛ بنکەن کردن (۳) تونێل لێدان بۆ چوونە ژوورەوە یا دەرەوە.

v.i. تونێل لێدان.

-tunneler; tunneller *(n.)*.

tunny (tun′i), *n.* تەنی: جۆرە ماسییەکە.

tup (tup), *n.* (۱) بەران. (۲) سەری مەکینەی پایەو کۆڵەکە داکوتان؛ سەری چەکوش.

v.t. پەڕین (بەران)؛ سواربوون؛ جووت بوون.

tupelo (tōō′pi-lō′), *n.* (۱) دەرەختێکی زەلکاوی سەختی جەویدارە گوڵی سەوزکارو بەری شین‌و ئەرخەوانی دەگرێ. (۲) دارو تەختەی سەختی ئەم دەرەختە.

tuppence (tup′'ns), *n.* = twopence.

tuque (took, tūk), *n.* تەپڵمیەکی چنراوی زستانەیە

Turanian (too-rā′ni-ən, tyoo-rā′ni-ən), *n.* (۱) تۆرانی. (۲) زمانە تۆرانییەکان.

adj. تۆرانی؛ تایبەت بە گەلە تۆرانییەکان‌و زمانەکەیان.

turban (tûr′bən), *n.* (۱) سەرپێچ؛ کڵاوو جامانە؛ میزەر. (۲) شەپقەیەکی ژنانەی بێ لێوارە.

turbaned, turbanned (tûr′bənd), *adj.* سەرپێچی بەستووە؛ سەرپێچ لەسەر؛ کڵاوو جامانە بەسەر؛ میزەر بەسەر.

turbellarian (tûr'bə-lâr'i-ən), *n.* کرمێکی پانی ناوی‌یە
adj. تایبەتی بەم کرمە
turbid (tûr'bid), *adj.* (١) لیل؛ لیخن. *(a ~ river)* .
(٢) چر (دووکەڵ، هەور)؛ پڕ؛ تاڵ. *(~ clouds)* .
(٣) شڵواو؛ پشێو. *(~ thoughts)*
-turbidity; turbidness *(n.)*; **turbidly** *(adv.)*.
turbidimeter (tûr'bi-dim'ə-tĕr), *n.* پێوەری لیلی ئاوو شلە.
turbinate (tûr'bi-nit, tûr'bi-nāt'), *adj. Also* turbinated,
(١) وەک قووچەکی سەربەرەوخوار یا هەڵگەڕاوە
(٢) پێچ پێچۆکەیی (تونکاری)؛ پێچ لوولی (نێسقانی ناو کونەلووت).
n. (١) قاوغی پێچ پێچۆکەیی. (٢) نێسقانی پێچ لوولی
-turbination *(n.)*.
turbine (tûr'bin, tûr'bīn), *n.* تۆربین. مەکینەیەکی پێچکەدارە بە
هێزی هەڵم، ئاو، یا هەوا دەخولێتەوە. *(a steam ~ ; a ~ boat)* .
turbit (tûr'bit), *n.* کۆترێکی دەنووڵو سەر کورتە
turbo- (tûr'bō), پێشگرێکە بەمانای: تۆربینی
turbojet engine, مەکینەی تۆربینی فڕۆکە
turbot (tur'bət), *n.* ماسی‌یەکە پانکە
turbulence (tûr'byoo-ləns), *n. Also* **turbulency**. (١) پشێوی؛ شڵواوی؛ بێ ئاسوودەیی؛ ئاشووب. (٢) سەرکێشی؛ یاخێتی.
(٣) وروژان (هەوا)؛ تۆندی هەوا (کە دەبێتە هۆی تاسە).
(The plane ran into ~ .)
turbulent (tûr'byoo-lənt), *adj.* (١) سەرکێش؛ یاخی؛ لاسار؛
سەرچڵ *(a ~ mob)*
(٢) وروژاو؛ پەشێو؛ هەڵچوو؛ هەڵسار؛ زریاناوی؛
(~ waters; a ~ river; ~ feelings)
(٣) شڵواو؛ ئاناسوودە. *(a ~ period of history)* .
-turbulently *(adv.)*.
Turco- (tûr'kō, tûr'kə), *Also* Turko- , پێشگرێکە بەمانای
تورکی
Turcoman (tûr'kə-mən), *n.* = Turkoman.
turd (tûrd), *n.* (١) سس؛ سنەگوو.
(٢) [Vulgar Slang]، کەسێکی هیچوپووچ و بێ نرخ.
tureen (too-rēn'), *n.* دەفرێکی گەورەو قوواڵی شۆربایە.
turf (tûrf), *n.* (١) هەڕێز؛ چیمەن؛ چینی سەرەوەی خاک بە گیاو چیمەنەوە.
(٢) پارچە هەڕێز؛ پارچە چیمەن. (٣) پاشماوەی گژوگیای پزیو.
(٤) [Slang]، (أ) ئاوچەیەکە کە بەدەست تاقمێک شەقاوەی هەرزەکارەوە بێت.
(ب) ئاوچەی دەسەڵات تیا چەسپاندن؛ مەودای شارەزایی و دەسەڵات؛
ئاوچە بەتایبەتی کە ئاگۆکی لەسەر بێت.
(٥) the ~ ، (أ) گۆڕەپانی غارغارێن (کە چیمەن بێت یا ڕووت).
(ب) غارغارێن؛ پێشبڕکێی ئەسپ.
v.t. کردن بە چیمەن؛ چیمەن یا گیا تێدا ڕووواندن.
-turfy *(adj.)*.
turfman (tûrf'mən), *n.* حەزلێکەری غارغارێن یا پێشبڕکێی ئەسپ
بەتایبەتی خاوەنی ئەسپی پێشبڕکێن).
turgescence (tûr-jes'ns), *n.* (١) ئاوساوی؛ تلۆق؛ شوێنی باکردوو
(٢) ئاوسان؛ هەرکردن.
turgescent (tûr-jes'nt), *adj.* ئاوسار؛ هەرکردوو؛ باکردوو
turgid (tûr'jid), *adj.* (١) ئاوساو؛ باکردوو؛ هەرکردوو؛ فوو تێکراو
(٢) لە ئەندازە بەدەر ڕازاوە (شێوازی نووسین و زمان)؛ ناسادە؛ قورس و قەبە.
(a ~ writing style)
-turgidity *(n.)*; **turgidly** *(adv.)*; **turgidness** *(n.)*.
turgor (tûr'gĕr), *n.* (١) ئاوسان؛ ئاوساوی؛ باکردن؛ هەرکردن
(٢) مەودای ئاوسانی شانەی زیندووی زیندەوەر.
Turk (tûrk), *n.* (١) تورک؛ تورکی

(٢) [Now Rare]، کەسێکی دڕندەو دڵڕەق. (٣) ئەسپی تورکی.
turkey (tûr'ki), *n.* (١) قەڵەموون؛ قەل؛ عەلەشیش؛ بۆقلەموون.
(٢) گۆشتی قەل.
(٣) [Slang]، شانۆنامەیەک یا ناهەنگێکی مۆسیقای سەرنەکەوتوو
(٤) [Slang]، کەسێکی بێ مێشک؛ کەسێکی حۆل و گێل.
talk turkey. بە ئاشکرا باسکردن؛ قسە لەڕوو بوون؛ ڕاستەوڕوو لێ دووان.
turkey buzzard, سیسارک.
turkey cock, (١) نێرە قەڵەموون؛ نێرە قەل.
(٢) کەسێکی لەخۆبایی؛ کەسێکی خۆهەڵکێش یا خۆفشکەرەوە
turkey red, (١) ڕەنگی سووری کراوە. (٢) قوماشی سوور.
turkey shoot, بۆربۆڕێنێکی نیشانچێنێی‌یە قەڵەموون یا شتی تری
جوواوی تێدا بە نیشان دەنرێتەوە.
turkey trot, جۆرە سەمایەکی دووکەس دووکەسی‌یە.
Turkic (tûr'kik), *n.* تورکی: کۆمەڵە زمانی تورکی و ئازەربیجانی و
تورکمانی و کیرگیزی و تەتەرو ئۆزبەکی.
adj. (١) تورکی: تایبەتی بە زمانە تورکی‌یەکان.
(٢) تورکی: تایبەتی بەو گەلانەی ئەم زمانانە بەکاردەهێنن.
(٣) تورکی تایبەتی بە تورکەکان
Turkish (tûr'kish), *adj.* تورکی: زمان و گەل و کلتووری تورکەکان.
n. تورکی: زمانی تورکی
Turkish bath, گەرماوی تورکی: وەک گەرماوی کوردی‌یە.
Turkish delight, لقوم؛ حەڵوا.
Turkish towel, خاوڵی تورکی: خاوڵی‌یەکی لۆکەی ئەستوورو زبرە.
Turkism (tûr'kiz'm), *n.* تورکێتی؛ نەریت و کلتوورو بیروڕای تورکی.
Turko- (tûr'kō, tûr'kə), *Also* Turco- , پێشگرێکە بەمانای:
تورکی.
Turkoman (tûr'kə-mən), *n. Also* Turcoman, (١) تورکمان؛
تورکمانی: کۆچەرێکی تورکی لە ئۆزبەکستان و کازاخستان ژیاو.
(٢) زمانی ئەم تورکمانانە
Turk's-head (tûrks'hed'), *n.* جۆرە گرێ‌یەکی وەک مێزەرە
(کەشتیوانی).
turmeric (tûr'mĕr-ik), *n.* زەردەچەوە
turmoil (tûr'moil), *n.* پشێوی؛ هەراوهوریا؛ وروژان؛ ئاناسوودەیی؛
ناڕاوە؛ ئاشووب.
turn (tûrn), *v.t.* (١) (أ) خوڵاندنەوە؛ سووراندنەوە: *(to ~ a wheel)*
(ب) بادان؛ وەرچەرخاندن؛ وەرگێڕان: *(to ~ a key)* .
(ج) هەڵگەڕانەوە: *(He ~ed a somersault)* .
(٢) (أ) خەڕاتی کردن (ب) خڕ هەڵدان.
(ج) بە ڕێک‌وپێکی و جوانی دارشتن: *(He can ~ fine phrases.)*
(٣) وەرچەرخاندن؛ وەرگەڕاندن: *(T~ your chair around.)*
(٤) (~ over)، ئەم دیو و ئەودیو پێکردن؛ بیرلێکردنەوە:
(She ~ed the plan over in her mind.)
(٥) چەماندنەوەی دەمی چەقۆ؛ کول کردن.
(٦) (أ) هەڵدانەوە؛ هەڵگەڕاندنەوە: *(He ~ed the page.)*
(ب) هەڵگێڕانەوە؛ کێڵان
(ج) ئاوەژووکردن؛ هەڵگێڕانەوە (جل)؛ بەرووپشت کردن.
(٧) سەرەوژێرکردن؛ هەڵگێڕانەوە؛ دەمەونخون کردن.
(٨) تێکدان (دل)؛ شێواندن؛ دل تێکەهێنان.
(The violence ~ed her stomach.)
(٩) وەرگێڕان؛ لادان؛ شکاندنەوە؛ لێ دوورخستنەوە؛ وەرچەرخاندن.
(He ~ed the blow.)
(١٠) (أ) گۆڕین؛ پا پێ گۆڕین؛ وەرگێڕان.
(I ~ed her to progressive views.)
(ب) لێ هەڵگەڕاندنەوە: لێ وەرگێڕان؛ لێ کردن بە دوژمن؛ لێ هاندان.
(She ~ed his friends against him.)

(۱۷) (ا) خوێنواندنێکی کورت لە بەرنامەیەکی جۆراوجۆردا.
(ب) نوێنەری نەم بەشە کورتە. (۱۸) کڕین و فرۆشتن (پارەبازی).
(۱۹) [Colloq.]، خوربە؛ ڕاچڵەکین.
(۲۰) شێواو یا خوارەکی تایبەتی (بەرگ، گفتوگۆ... هتد).
(۲۱) توانای زکماکی؛ حەز؛ مەیل.
(۲۲) بەرەو؛ پرەو: *(The discussion took an interesting ~ .)*

at every turn, هەمیشە؛ هەموو کات.
by turns, بە نۆرە؛ بە سەرە؛ یەک لە دوای یەک.
in turn, بە نۆرە؛ لە نۆرەی خۆیدا؛ بە پێ.
on the turn, [Colloq.], لە گۆڕیندایە؛ لەکاتی گۆڕیندا.
out of turn, (۱) نۆرەی خۆی نییە؛ بێ نۆرە؛ بەبێ سەرە.
(۲) ناوەخت؛ لەکاتی خۆیدا نییە؛ نابەجێ: *(talking out of turn)*
(۳) [Colloq.]، سەرکێشانە.
take turns, نۆرەگرتن؛ سەرەگرتن.
to a turn, زۆر بە چاکی؛ بەو ڕادەیەی پێویستە.
turn a blind eye, چاو لێ نووقاندن.
turn a deaf ear, گوێ نەگرتن؛ گوێ لێ کەرکردن؛ خۆ لێ کەرکردن.
turn against, لێ هەڵگەڕانەوە؛ لێ هاندان؛ دژ وەستان.
turn a hair, پەست بوون؛ تێکچوون؛ ترسان.
turn and turn about, بە نۆرە؛ بە سەرە؛ یەک لە دوای یەک.
turn away, (۱) ڕووکردن بەولاوە؛ ڕوو وەرگێڕان.
(He turned away in disgust.)

(۲) لێ وەرگەڕان؛ پشت تێکردن.
(۳) وەرنەگرتن؛ جێ نەکردنەوە؛ دەست بە ڕووەوە نان.
(٤) دەرکردن؛ دوورخستنەوە.
turn back, گەڕاندنەوە؛ بەرەنگاری کردن و کشانە دواوە:
(We turned back the attack.)

turn color, (۱) ڕەنگ گۆڕین.
(۲) (ا) ڕەنگ سوور هەڵگەڕان؛ تەریق بوونەوە.
(ب) ڕەنگ زەرد هەڵگەڕان؛ ڕەنگ زەردبوون؛ ڕەنگ هەڵبزرکان.
turn down, (۱) پەسەند نەکردن؛ نەویستن:
(to turn a proposal down)

(۲) دەست بە ڕووەوە نان؛ قسە شکاندن؛ پێ ڕازی نەبوون.
(۳) کزکردن (ڕادیۆ، چرا... هتد).
turn in, (۱) پێچکردنەوە بۆ ناو. (۲) بۆ ناوەوە چوون (پەنجەی پێ).
(۳) پێدان؛ دانەدەست:
(The students turned in their assignments to the teacher.)

(٤) دان بە دەست پۆلیسەوە؛ سووسە گەیاندن بە پۆلیس؛ خەبەرلێدان:
(They turned the fugitive in.)

(٥) گەڕاندنەوە؛ بۆ گەڕاندنەوە. (٦) دوو قەدکردن.
(۷) [Colloq.]، چوونە جێ؛ نووستن.
turn loose, (۱) (ا) بەرەڵاکردن:
(to turn loose a captured animal)

(ب) بەر بۆ بەرەڵاکردن؛ جڵەو بۆ شل کردن.
(۲) تەقاندن؛ تەقەپێکردن. (۳) تەقەلێکردن.
turn off, (۱) لە ڕێگەیەکی سەرەکی لادانە سەر ڕێگەیەکی تر کە لێی جیا دەبێتەوە. (۲) لێ جیابوونەوە (ڕێگە).
(۳) ناوگرتنەوە: *(to turn off the water, faucet, etc.)*
(٤) کوژاندنەوە (گڵۆپ، چرا، ڕادیۆ، مەکینە... هتد):
(Please turn off the light, radio, etc.)

(٥) لادان؛ لە ڕێڕەوی خۆ لادان؛ ڕێڕەو پێ گۆڕین.
(٦) [British]، دەرکردن (فەرمانبەر، کرێکار).
turn on, (۱) کردنەوە (بەلووعە). (۲) داگیرساندن (چرا، گڵۆپ).
(۳) کردنەوە (ڕادیۆ: تەلەفزیۆن)؛ خستنەگەڕ
(٤) تێ بەربوون؛ تێ بەردان؛ لێ هەڵگەڕاندنەوە؛ پەلاماردان.

(۱۱) پێچکردنەوە (۱۲) تێپەڕین (تەمەن، ژمارە... هتد)؛ تێپەڕبوون.
(۱۳) (ا) گێڕانەوە؛ پاڵ پێوەنان بۆ دواوە؛ گەڕاندنە دواوە:
(We ~ed the attack.)

(ب) بۆ خۆ گەڕانەوە؛ هەڵگەڕانەوە.
(His own criticism was ~ed against him.)

(۱٤) بەرەڵاکردن: *(They ~ed him loose.)*
(۱٥) دەستاودەست پێکردن (پارە. فرۆتەنی)
(۱٦) ناوەڕاندنەوە؛ لاکردنەوە؛ ڕووتێکردن؛ ڕوو وەرگەڕاندن.
(۱۷) ڕووتێکردن؛ نیشان لێگرتنەوە؛ ئاراستەکردن:
(He ~ed his gun on her.)

(۱۸) مێشک خستنە سەر؛ وەرگێڕان بەرەو:
(T~ your thoughts to practical matters.)

(۱۹) بەکارهێنان: *(He ~ed his knowledge to serving people.)*
(۲۰) گۆڕین بۆ؛ کردن بە: *(It ~s cream into butter.)*
(۲۱) تالوکۆڕکردن؛ گۆڕینەوە: *(She ~ed her eggs into hard cash.)*
(۲۲) وەرگێڕان (لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر)؛ داڕشتنەوە بە ووشەی خۆ.
(۲۳) دڵفراندن؛ سەرلێ سەدن؛ شێتوشەیداکردن
(۲٤) ترشان؛ بزرکان
(۲٥) کارتێکردن: *(It ~s her nauseous.)*
(۲٦) ڕەنگ گۆڕین؛ ڕەنگ تێکدان

v.i. (۱) خولانەوە؛ سووڕانەوە.
(۲) سووڕخواردن؛ باخواردن؛ وەرچەرخان: *(The key won't ~ .)*
(۳) گێژخواردن؛ گێژبوون؛ خولانەوە: *(My head is ~ing.)*
(٤) خو وەرگەڕان؛ لەش وەرگێڕان.
(٥) چەمینەوە؛ چەمانەوە.
(٦) سەرەوژێربوون؛ دەمەونخون بوون؛ هەڵگەڕانەوە.
(۷) دل تێکەڵهاتن: *(Her stomach was ~ing.)*
(۸) لادان؛ لە ڕێ لادان.
(۹) بادانەوە؛ وەرگەڕانەوە؛ وەرچەرخانەوە: *(The tide has ~ed.)*
(۱۰) پێچکردنەوە؛ بادانەوە؛ گۆڕین (ڕێبان).
(۱۱) ڕووردانەوە؛ لاکردنەوە.
(۱۲) ڕووتێکردن: *(She ~ed to music, literature, God, etc.)*
(۱۳) لێ هەڵگەڕانەوە؛ ڕا گۆڕین؛ دژ وەستان:
(He ~ed against his former friends.)

(۱٤) [(ihs]، ڕێڕایی کردن؛ دووڵی کردن.
(۱٥) بوور بە؛ گۆڕان؛ ترشان: *(The milk ~ed sour.)*
(۱٦) بوور بە؛ والێهاتن: *(The rain ~ed to sleet.)*
(۱۷) بۆگەن کردن؛ پیس بوون؛ ترشان.
(۱۸) ڕەنگ گۆڕین؛ ڕەنگی تازە لێ نیشتن: *(The leaves are ~ing.)*

n. (۱) خولانەوە؛ سووڕانەوە؛ وەرچەرخان. (۲) باخواردن؛ بادان
(۳) (ا) پێچ؛ سووڕ؛ خول: *(Give it one ~ .)*
(ب) ڕووی نەم پێچە. (٤) ڕوو وەرگێڕان؛ لاکردنەوە
(٥) پێچ؛ پێچکردنەوە؛ وەرگەڕانەوە: *(a ~ to the right)*
(٦) پێچ؛ لوفە. (۷) خول؛ سووڕ (ڕاکردن یا بە پێ ڕۆیشتن)؛ چەرخە.
(۸) چەرخی خەرات؛ خەڕەک؛ چەرخ
(۹) پێچ؛ حێی پێچکردنەوە یا وەرگەڕانەوە.
(۱۰) گۆڕان؛ گۆڕین (بەرەو باشی یا خراپی): *(a ~ for the better)*
(۱۱) (ا) سەرەتای چەرخێکی تازەی مێژوو؛ کاتی وەرچەرخان:
(at the ~ of the century)

(ب) سەرەتای گۆڕین
(۱۲) چاکە؛ چاکانە؛ پیاوەتی: *(He did me a good ~ .)*
(۱۳) هەوڵ ماوەی هەوڵدان یا تاقیکردنەوە: *(a ~ at gardening)*
(۱٤) نەخۆش کەوتن؛ فێ لێهاتن؛ گێژبوون؛ تووڕەبوون.
(۱٥) نۆرە؛ نۆبە؛ سەرە: *(It's his ~ to mow the lawn.)*
(۱٦) [British]، نۆرە نیش؛ شەفت

(He promised to come but he hasn't turned up yet.)
(٩) دۆزرانەوە؛ سەرهەڵدان
(The watch will turn up one of these days.)
turn upon, (١) تێ بەربوون؛ پەلاماردان.
(٢) کەوتنەسەر ئەوە؛ لەسەر ئەوە وەستان؛ بەوەوە بەستران.
turnabout (tûrn′ə-bout′), *n.* (١) ڕوو وەرگێڕان؛ ئاوڕدانەوە؛ لاکردنەوە. (٢) (ا) هەڵگەڕانەوە؛ دووڕوویی؛ بێ باری؛ گۆڕینی تەواوی.
(ب) پەیمان شکێنی؛ ناپاکی؛ بێ بار؛ هەڵگەڕاوە (لە حیزب و کۆمەڵێ خۆ) . merry-go-round (٣)
turnaboutface (tûrn′ə-bout′fās′), *n.* = turnabout # 2.
turnaround (tûrn′ə-round′), *n.* (١) جێی پێچکردنەوەی ئوتومبیل. (٢) turnabout # 2 .
(٣) کاتی چوون و هاتنەوە و بارکردن و داگرتنی کەشتی.
turnbuckle (tûrn′buk′l), *n.* ئامێری تووندکەرەوە.
turncoat (tûrn′kōt′), *n.* کەسێکی هەڵگەڕاوە لە ڕێبازو حیزبی خۆی (بەتایبەتی بۆ سوودی خۆی)؛ ناپاک؛ بێ بار؛ پەیمان شکێن.
turner (tûr′nĕr), *n.* خەڕات.
turner (tûr′nĕr), *n.* (١) ئەندامی یانەی تەناقبازان. (٢) تەناقباز.
turnery (tûr′nĕr-i), *n.* خەراتی.
turning (tûr′niŋ), *n.* (١) خوولانەوە؛ سووڕانەوە؛ وەرچەرخان؛ بادان؛ هەڵگەڕانەوە. (٢) خەراتی (٣) داڕشتن (چیرۆک و بەرهەمی وێژەیی تر).
(٤) پێچ (ڕێگە).
turning point, (١) خاڵی گۆڕان؛ جێی وەرچەرخان یا بادان؛ سەرەتای گۆڕان. (٢) کاتێکی زۆر گرنگ؛ کاتی شت یەکلاکردنەوە.
(This is a ~ in your history.)
turnip (tûr′nip), *n.* شێلم.
turnix (tûr′niks), *n.* باڵندەیەکە لە زیقاوڵە دەچێ.
turnkey (tûrn′kē′), *n.* زیندانەوان؛ بەندیوان؛ کلیلداری بەندیخانە
turn-out (tûrn′out′), *n.* لاڕێ؛ ڕێگەیەکی جیابووەوە لە شارێ.
turn-out (tûrn′out′), *n.* (١) هاتنە دەرەوە
(٢) کۆبوونەوەی جەماوەری؛ ئامادەبوونی بە کۆمەڵ (هەڵبژاردن، کۆبوونەوە).
(٣) [British]، (ا) مان گرتن. (ب) مانگر. (٤) بەرهەم.
(٥) (ا) پانایەکە لە قەراغ ڕێگەیەکی تەسکدا ئوتومبیلی تێدا لادەدات تاکو ئوتومبیلە خێراکان تێپەڕبن. (ب) لاڕێی کورت. (٦) sidetrack .
(٧) گالیسکەو ئەسپ و قایش و قرووش.
(٨) کەرەسەو جل و بەرگ.
turnover (tûrn′ō′vĕr), *n.* (١) (ا) هەڵگەڕانەوە. (ب) گۆڕان.
(٢) کێکێکی بچووکە ناوەکەی پڕە لە مرەبا و لایەکی هەڵگەڕاوەتەوە بەسەر لاکەی تردا. (٣) ژمارەی نەو جارانەی کە فرۆتەنێیەك دەفرۆشرێت و شوێنەکەی پڕ دەکرێتەوە لە ماوەیەکی تایبەتیدا.
(٤) سەرجەمی کڕین و فرۆشتنی ماوەیەکی تایبەتی.
(٥) سەرجەمی بەشی دەستاودەست کردوو لە ماوەیەکی تایبەتیدا (پارەبازی).
(٦) (ا) ژمارەی کرێکاری بەکرێ گیراو بۆ جێگرتنەوەی ئەوانەی کە وازیان هێناوە لە ماوەیەکی تایبەتیدا.
(ب) سەرجەمی ئەم کرێکارانە و سەرجەمی هەموو کرێکارانی کارگەکە یا دەزگاکە.
adj. هەڵگەڕاوە: (a ~ collar) .
turnpike (tûrn′pīk′), *n.* (١) . turnstile (٢) . tollgate
(٣) toll road . (٤) شارێ.
turnsole (tûrn′sōl′), *n.* (١) گوڵەبەڕۆژە؛ هەر ڕووەکێکی تر کە گوڵەکەی ڕووبکاتە خۆر. (٢) ڕووەکێکە ڕەنگی ئەرخەوانی لێ دەگیرێت
(٣) ئەم ڕەنگە یا خومە ئەرخەوانییە.
turnspit (tûrn′spit′), *n.* (١) کەسێکە شیشی گەورەی مەڕو بەراز برژاندن لەسەر ئاگر دەسووڕێنێتەوە.
(٢) سەگێکە فێرکراوە ئەم شیشە بسووڕێنێتەوە.
(٥) کەوتنەسەر ئەوە؛ بەوەوە بەستران؛ لەسەر ئەوە وەستان.
(٦) ا- گەشکەداربوون (بە بەنگ خواردن)؛ شەیدابوون.
(ب) هێنانە جۆش و خرۆش؛ هەوەس هەڵساندن.
(Rock music turns her on.)
turn one's back on, پشت تێکردن
(He turned his back on his friends.)
turn one's head, سەر لێ سەندن؛ لە خۆبایی بوون
turn one's stomach, دڵ تێکەڵهێنان؛ قێز لێهاتنەوە؛ زۆر پەست کردن.
turn out, (١) کوژاندنەوە (گڵۆپ، چرا). (٢) خستنە دەرەوە.
(٣) دەرکردن؛ کردنە دەرەوە
(٤) چوون بۆ (کۆبوونەوە، دەنگدان... هتد)؛ چوونە دەرەوە؛ هاتن:
(Thousands turned out to welcome the president.)
(٥) هێنانە بەرهەم.
(٦) لە ئەنجامدا وا بوون؛ والێهاتن: (The meal turned out fine.) .
(٧) وا دەرکەوتن؛ وا بوون
(The suspect turned out to be innocent.)
(٨) (ا) هەڵگێرانەوە؛ هێنانە دەرەوە: (turning out his pockets.) .
(ب) بەتاڵ کردنەوە بۆ پاک کردنەوە؛ پاک کردنەوە.
(٩) جل نەبەرکردن؛ شت پێدان و ڕێك و پێك کردن.
(١٠) [Colloq.]؛ لە جێگە هەڵسان؛ لە خەو هەڵسان.
turn over, (١) تەپاوتل کردن؛ ئەم دیو و ئەودیو کردن.
(٢) سەرەوژێرکردن؛ هەڵگێرانەوە
(٣) وەرگەڕاندن؛ وەرگێڕان؛ وەرچەرخاندن؛ تەپاوتل پێکردن.
(٤) بەووردی بیرلێکردنەوە.
(٥) دان بەدەستەوە؛ پێدان:
(He turned the evidence over to the police.)
(٦) دەسەلات پێدان؛ پێ سپاردن.
(٧) گۆڕین؛ بەکارهێنان بۆ مەبەستێکی تر.
(٨) فرۆشتن؛ فرۆشتن و فرۆتەنی تر خستنەوە جێ.
(٩) بایی ئەوەندە کڕین و فرۆشتن
turn round, (١) ڕوو وەرگێڕان؛ لاکردنەوە؛ ئاوڕدانەوە
(٢) بادانەوە؛ ڕا گۆڕین؛ هەڵوێستە گۆڕین.
(٣) بار داگرتن و بارکردن و گەڕانەوە (کەشتی).
turn tail, لە ترسدا ڕاکردن.
turn the scale, خستن لە لایەکدا؛ بڕینەوەی مەسەلەیەك؛ تای تەرازوو خستن بە لایەکدا.
turn the corner, لە تەنگوچەڵەمە ڕزگاربوون.
turn the tables, بارودۆخ گۆڕین یا وەرگێڕان (بەتایبەتی لە ململانێ یا بەربەرەکانێدا): (Fortune turned the tables and he won.) .
turn the tide, بارودۆخ گۆڕین یا وەرگێڕان بەرەو باشی:
(That event turned the tide for the allies in the war.)
turn the trick, ئەنجام دان بەدەستەوە؛ کار بەجێهێنان.
turn to, (١) پەنا بردنەبەر؛ پەنا بۆ بردن؛ دانەدە بۆ بردن:
(The child turned to its mother for comfort.)
(٢) ڕووتێکردن: (He turned to God.) .
(٣) ڕاوبڕ پێکردن. (٤) دەست بە ئیش کردن؛ خەریکی ئیش بوون.
turn up, (١) هەڵکردن (دەرەلنگی پانتۆڵ... هتد)؛ نوشتاندنەوە.
(٢) قارسکردن (کراس)؛ پەراوێز کورتکردنەوە.
(٣) سەر هەڵبڕین؛ چاو هەڵبڕین.
(٤) دەرخستن (بە کنەکردن)؛ خستنەڕوو؛ هەڵماڵین:
(The investigation has turned up new evidence.)
(٥) دەنگ بەرزکردنەوە (ڕادیۆ، تەلەفزیۆن)؛ زیادکردن.
(٦) بەرەو ژوور بوونەوە؛ بۆ سەرەوە چوون؛ سەرکەوتن.
(٧) ڕووداو؛ هاتنەدی.
(٨) دەرکەوتن؛ سەرهەڵدان؛ هاتن:

turnstile (tûrn′stīl′), *n.* دەرگای سوورپاوە: بریتیيە لە دوو شیشی چەپ‌و ڕاست لێکدراو لە هەر سوورپانەوەیەکدا یەک کەس لێوەی دەچێتە ژوور.

turnstone (tûrn′stōn′), *n.* بەردەلەنەڕەوە باڵندەیەکی کۆچەری کەنار دەریایە لە تۆخمی چۆلەکەی ئاو (خرکەبەرد هەڵدەداتەوەو بە شوێن خواردندا دەگەڕێ).

turntable (tûrn′tā′bl), *n.* (١) ڕووبەکی تەختی خولاوەی هێڵدارە هەکینەی ئەمەندەفەری دەخرێتە سەر بۆ سوورانەوەی. (٢) مێزی خولانەوەی قەوان.

turnup (tûrn′up′), *n.* شتێکی هەڵگەڕاوە (وەک پەراوێزی پانتۆل). *adj.* هەڵگەڕاوە

turnverein (toorn′fer-īn′), *n.* یانەی تەمافبازان

turpentine (tûr′pən-tīn′), *n.* تەرپەنتین. *v.t.* (١) تەرپەنتین لێدان. (٢) ڕۆنی تەرپەنتین گرتن لە شیلەی سنەوبەرو سەروو

turpitude (tûr′pə-tood′, tûr′pə-tūd′), *n.* (١) ڕەووشت نزمی؛ ڕەووشت پیسی؛ سووکی؛ نزمی؛ بێ ڕەووشتی (٢) کارێکی ڕەووشت نزمانە؛ کردەوەیەکی ڕەووشت پیس‌و سووکانە.

turquoise (tûr′koiz, tûr′kwoiz), *n.* (١) پیرۆزە. بەردێکی بەنرخی شیینی سەوزکار یا شینی ئاسمانیی. (٢) ڕەنگی شینی سەوزکار؛ پیرۆزی. *adj.* شیینی سەوزکار

turret (tûr′it), *n.* (١) قوللە یا بورجی بچووکی سەرسووچی خانوو بۆ جوانی. (٢) بورجێکی پێچکەدارە بە مەنجەنیق و چەکی ترو سەربازەوە لە کۆندا بەکاردەهێنرا بۆ هێرش بردنە سەر قەڵا و سەنگەرو شوورەی شاری دوژمن. (٣) سەنگەری خوولاوەی وەک بورجی کەشتی جەنگ‌و تانک‌و فڕۆکەی بۆماهاوێژ. (٤) شتێکی خوولاوەی لوولەکەیە بۆ کەرەسەی خەڕات.

turreted (tûr′it-id), *adj.* (١) بورجدار؛ بورجی هەیە (ووشەی بێشوو ببینە). (٢) لە بورج دەچێ؛ بورجی. (٣) پێچ لوولەکی (وەک قاقڵەی گیانداری دەریایی).

turtle (tûr′tl), *n.* (١) کیسەی ئاوی؛ ڕەقەی ئاوی؛ جلە turtledove. [Archaic.] (٢). *v.t.* ڕاوکردنی کیسەڵی ئاوی.

turn turtle, هەڵگەڕسوە؛ وەرگەڕان (بەڵەم. کەشتی).

turtleback (tûr′tl-bak′), *n.* ڕووی قۆمز یا کۆە (بەسەر پێشی کەشتی‌یەوە دروستە دەکرێ لەبەر باوبۆران و هەندێ جاریش بە پشتەکەیەوە). **-turtleback; turtlebacked** *(adj.).*

turtledove (tûr′tl-duv′), *n.* کۆترە کێوێلە؛ کۆترێ دەشتەکی؛ قومری

turtlehead (tûr′tl-hed′), *n.* ڕووەکێکی نەمەریکییە گوڵی سپی‌و نەرخەوانی دەگرێ. (هەروەها " snakehead ").

turtle-neck (tûr′tl-nek′), *n.* (١) بەجێی هەڵگەڕاوەی پڕ بە پڕی مل. ٢ سوورێکە کە یەخەکەی هەڵگەڕاوەو پڕ بە پڕی مل بێت.

turves (tûrvz), *archaic plural of* **turf**.

Tuscan (tus′kən), *adj.* (١) تۆسکانی؛ تایبەت بە " تۆسکانیا " و خەڵکەکەی. ٢ تۆسکانی تایبەت بە شێوازێکی خانووسازی ڕۆمانی کۆن. *n.* (١) تۆسکانی هاوتەشتمانیی‌یەکی " تۆسکانیا " (٢) بەکێک لە شێوە زمانەکانی " تۆسکانیا "

tush (tush), *interj.* (ب) ڕەتی وبڕەیی. واتە پەتی. ئیتاڵی. ووتەیەک بێزاری‌و بێ ئارامی دەردەبڕێ

tush (tush), *n.* (١) tusk. (٢) کەڵبەی ئەسپ.

tush (tush), *n.* [Slang]. قنگ. گووپی سمت؛ گووپی قنگ

tusk (tusk), *n.* (١) شفرە (فیل بەکانە. فیلی دەریا)؛ ددانی فیل. (٢) ددانی درێژو دەرپۆقیو کەڵبە. (٣) شتێکی وەک شفرە بە شفرە هەڵدڕێژ. *v.t.* بڕیندارکردن. یا هەڵکەندن

tusked (tuskt), *adj.* شفرەدار

tusker (tus′kər), *n.* گیانداری شفرەدار (فیل. بەکانە)

tussah (tus′ə), *n.* *Also* **tussor,** (١) کرمی ئاوریشمی دەشتەکی. (٢) ئاوریشمی ئەم کرمە

tussis (tus′is), *n.* کۆکە. **-tussal** *(adj.).*

tussive (tus′iv), *adj.* کۆکەیی؛ تایبەت بە کۆکە؛ لە کۆکەوە پەیدابوو.

tussle (tus′l), *v.i.* شەڕکردن؛ شەڕە مستەکۆڵە کردن؛ بەیەکداهاتن. *n.* (١) شەڕ؛ شەڕە مستەکۆڵە؛ بەیەکدا هەڵپڕژان. (٢) زۆران (مەجاز)؛ ناکۆکی؛ ململانێ.

tussock (tus′ək), *n.* *Also* **tussuck,** (١) تۆپەڵە گیا یا هەرێز. (٢) کاکۆڵ؛ گێسوو؛ گودلە. **-tussocky** *(adj.).*

tussock moth, جانەوەرێکی تووکنە کرمۆکەکەی زیان بە دارودرەخت دەگەیەنێ.

tut (tut), *interj.* *Also* **tut tut,** ووتەیەکە بێزاری‌و بێ ئارامی دەردەبڕێ.

tutee (tōō′tē′, tū′tē′), *n.* قوتابی‌یەکە مامۆستای تایبەتی خۆی هەبێ؛ قوتابی بە تەنها و تایبەتی فێرکراو.

tutelage (tōō′tl-ij, tū′tl-ij), *n.* (١) سەرپەرشتی؛ چاودێری؛ سایە. (٢) فێرکردن. (٣) لەژێر سایە یا سەرپەرشتیدا بوون؛ چاودێری کران.

tutelar (tōō′tl-ər, tū′tl-ər), *adj. & n.* = tutelary.

tutelary (tōō′tl-er′i, tū′tl-er′i), *adj.* (١) پارێزەر؛ چاودێر؛ سەرپەرشتیار. *(a ~ goddess)* . (٢) تایبەتی بە چاودێری یا سەرپەرشتی. *n.* فریشتە یا خوای پارێزگار؛ پیری پارێزگار.

tutor (tōō′tər, tū′tər), *n.* (١) مامۆستای تایبەتی؛ فێرکەری تایبەتی؛ فێرکەر. (٢) پێ سپێردراو یا چاودێری منداڵ و هەرزە بەپێی یاسا. (٣) ڕابەری قوتابی (لە زانکۆی ئینگلیزیدا). (٤) یاریدەدەری مامۆستا (لە زانکۆی ئەمەریکیدا). *v.t.* (١) فێرکردن بەتایبەتی؛ وانە ووتنەوە بەتایبەتی. (٢) بە تووندوتیژی لەگەڵ جوولانەوە؛ ئامۆژگاری کردن؛ زەبر لەگەندا نووساندن (٣) سەرپەرشتی کردن؛ بوون بە لێپرسراوی منداڵ بەپێی یاسا. *v.i.* (١) بوون بە مامۆستای تایبەتی؛ لەلایی کردن. (٢) [Colloq.]، فێرکران لەلایەن مامۆستای تایبەتی‌یەوە؛ فێرکرانی تایبەتی

tutorage (tōō′tər-ij, tū′tər-ij), *n.* (١) وانەی تایبەتی ووتنەوە؛ پلەی مامۆستای تایبەتی. (٢) کرێی وانە یا فێرکردنی تایبەتی.

tutorial (too-tôr′i-əl, tu-tō′ri-əl), *adj.* هی مامۆستای تایبەتی؛ هی وانە یا فێرکردنی تایبەتی. *n.* وانەی تایبەتی (بۆ یەک قوتابی یا چەند قوتابی‌یەک).

tutorship (tōō′tər-ship′, tū′tər-ship′), *n.* (١) پلەو کارو دەسەڵاتی مامۆستای تایبەتی؛ مامۆستایەتێتی تایبەتی. (٢) tutelage.

tutti (too′ti), *adj.* هەموو؛ هەموو سازبەند تێیدا بەشدار دەبن. *n.* (١) پارچەیەک مۆسیقایە کە ئەندامانی تیپەکە هەموو تیایدا بەشدارین (٢) دەنگی ئەم مۆسیقایە؛ ئەنجامی ئەم بەشدارییە.

tutti-frutti (tōō′ti-frōō′ti), *n.* مرەبا، دۆندرمە، یا نوقڵی بە میوەی جۆراوجۆر کراو. *adj.* مرەبا و شتی ترە بە میوەی جۆراوجۆر کراو.

tutty (tut′i), *n.* توتیا؛ چینکۆ

tutu (too′too), *n.* تەنوورەی فشەڵ‌و کورتی سەماکەری باڵیە.

tu-whit tu-whoo (tōō-hwit′ tōō-hwoō′), *n.* دەنگی کونەپەپوو.

tux (tuks), *n.* [Colloq.], tuxedo.

tuxedo (tuk-sē′dō), *n.* تەکسیدۆ؛ تەکس: (ا) چاکەتی تایبەتی ڕەشی پیاوان (ب) دەستەجلی ڕەشی ڕەسمی پیاوان

tuyère (twē′yâr′), *n.* کونێکە هەوای لێوە دەکرێتە فڕنەوە

TV, television.

twaddle (twäd′l), *n.* (١) چەنەبازی؛ قسەی هیچ‌وپووچ‌و بێ تام

٢) نووسینی هیچ‌وپووچ.
v.t. & v.i. چەنەبازی کردن؛ قسەی هیچ‌وپووچ و بێ تام کردن.
twain (twān), *n. & adj.* [Archaic or Poetic]. دوو؛ دوان؛ جووت.
twang (twaŋ), *n.* ١) زرنگە (وەک هی ژێی ئامێرێکی مۆسیقی کە ڕادەکێشرێت و بەرەڵا دەکرێت)؛ زرنگانەوە؛ قنگە.
٢) منگەی؛ منگەمنگ؛ بە لوت قسەکردن.
٣) شێوە زمانی ناوچەیەکە کە منگەمنگی زۆر تێدا بێت.
٤) twinge. [Dial.]
v.i. ١) زرنگانەوە (ژێی ئامێری مۆسیقی یا کەوان).
٢) منگەمنگ کردن؛ بە لوت قسەکردن
٣) قنگەهاتن (تیروکەوان)؛ قنگەکردن.
v.t. ١) زرنگاندنەوە (ژێ). ٢) بە منگەمنگ قسەکردن؛ بە لوت قسەکردن.
٣) قنگە لێ هەڵسان (تیروکەوان).
-twangy *(adj.).*
'twas (twuz, twäz; *unstressed* twəz), = it was.
tweak (twēk), *v.t.* ڕاکێشان (لووت، گوێ، ڕیش)؛ نقورچ لێگرتن؛ بادان؛ *(to ~ someone's nose)*
n. ڕاکێشان؛ نقورچ؛ بادان.
tweed (twēd), *n.* ١) قوماشی خوری زبر.
٢) *(pl.)* جل‌وبەرگی نەم قوماشە
tweedle (twē′d'l), *v.i.* ١) ناوازی ناسازلێدان
٢) لاواندن بەم جۆرە ناوازە
n. ناوازی ناسان.
tweedledum and tweedledee (twē′d'l-dum′n-twē′d-'l-dē′), *n.* دوو کەس یا شتی دەقاودەق وەک یەک (بەجۆرێک کە لەیەکتری جیانەکرێنەوە)
'tween (twēn), *prep.* [Poetic]. = between.
tweet (twēt), *n. & interj.* حریوە؛ جریوەجریو؛ جریکەجریک؛ جووکە.
v.t. حریوە هاتن؛ زیقەزیق کردن؛ جریکەجریک کردن.
tweeze (twēz), *v.t.* بە مووکێش دەرهێنان.
tweezer (twēz′ĕr), *n.* = tweezers.
tweezers (twēz′ĕrz), *n.pl.* مووکێش
(" a pair of tweezers " هەروەها)
twelfth (twelfth), *adj. & n.* ١) دوانزەهەم؛ دوانزەیەم؛ دوانزەمین.
٢) دوانزە یەک
twelve (twelv), *adj.* دوانزە
n. ١) دوانزە؛ ژمارە دوانزە. ٢) دەرزەن؛ دوانزە کەس یا شت.
twelvefold (twelv′fōld′), *adj.* دوانزە نەوەندە.
twelvemonth (twelv′munth′), *n.* ساڵێک
twentieth (twen′ti-ith), *adj. & n.* ١) بیستەم؛ بیستەمین.
٢) بیست یەک.
twenty (twen′ti), *adj. & n.* بیست
the twenties, بیستەکان (لە سەدەیەکدا یا لە تەمەنی کەسێکدا)؛ لە بیستەوە هەتا بیست‌ونۆ.
twentyfold (twen′ti-fōld′), *adj. & adv.* بیست نەوەندە.
twenty-one (twen′ti-wun′), *n.* بیست‌ویەک (یاری کاغەز)
(" black jack " هەروەها).
'twere (twūr), = it were.
twibil, twibill (twī′bil′), *n.* ١) تەورێ دووددەمە
٢) پاچ؛ قوڵنگە. ٣) تەورێ دووددەمەی جەنگ
twice (twīs), *adv.* ١) دوو جار؛ دوو کەرەت. ٢) دوو نەوەندە
twice-laid (twīs′lād′), *adj.* ١) لە بەنی گوریسە کۆن دروستکراو.
٢) لە پاشماوە یا کۆنە شت دروستکراو.
twice-told (twīs′tōld′), *adj.* ١) دوو جار گێڕراوەتەوە (چیرۆک، دەنگوباس هتد). ٢) گەلێک جار گێڕراوەتەوە؛ کۆن
twiddle (twid′'l), *v.t.* یاری پێکردن؛ بادان؛ خوڵاندنەوە.
v.i. ١) یاری پێکردن
٢) خنەخن کردن؛ خۆ خڵافاندن؛ کات بەفیڕۆدان بە شتی هیچ‌وپووچەوە.
٣) خوولانەوە؛ سوورانەوە؛ پێچ خواردن.
n. خوولانەوە (وەک کەڵەموست بەدەوری یەکدا).
twiddle one's thumb, ١) کەڵەموست خوولاندنەوە بەدەوری یەکدا.
٢) کات بەفیڕۆدان؛ کات کوشتن.
twig (twig), *n.* چڵ؛ خەڵف؛ لقی باریک؛ تووڵ؛ شووڵ؛ چیلکە؛ چڵوچێو.
twig (twig), *v.t. & v.i.* [British Slang]. ١) بینین؛ سەیرکردن؛ سەرنج دان. ٢) تێگەیشتن
twiggy (twig′i), *adj.* ١) ناسک؛ باریک
٢) گەلێک لقی لێ بووەتەوە؛ چڵ یا خەڵفی زۆرە.
twilight (twī′līt′), *n.* ١) کازیوە؛ بەرەبەیان؛ شەبەق؛ ماوەی نێوان ڕۆژاوا و تاریک داهاتن؛ تاریک و لێڵ؛ تاریک و ڕوون.
٢) کاتی دوایی پێ هاتن؛ کاتی بەرەو نەمان چوون؛ *(He is in the ~ of his life.)*
٣) دێرین؛ کۆن؛ کاتێکی زۆر کۆن؛ شەبەق (مەجاز)؛ *(in the ~ of history)*
٤) سڕی؛ نیوە بەهۆشی و نیوە بێ هۆشی (بە مۆرفین یا دەرمانی سڕکردن)؛ *(~ sleep)*
twill (twil), *n.* ١) قوماشی چنراو بەجۆرێک کە هێڵی لاری تێدابێت.
٢) نەخشەی نەم قوماشە.
v.t. چنین بەم شێوەیە.
'twill (twil), = it will.
twilled (twild), *adj.* = twill.
twin (twin), *adj.* ١) جووت؛ دووان
٢) دووانە؛ هاوسک؛ هاوزا؛ دووبرالە؛ *(~ sisters; ~ brothers)*.
n. ١) دووانە؛ هاوسک؛ هاوزا؛ دووبرالە. ٢) دووان؛ جووت.
٣) [T-]، Gemini *(pl.)*. ٤) *(pl.)* جووت بلوور.
v.t. ١) دووانە بوون؛ بە یەک سک دوو منداڵ بوون.
٢) [Rare]، هاوسک بوون؛ هاوزا بوون. ٣) کردن بە جووت؛ دەقاودەق کردن.
v.i. ١) دووانە بوون بە یەک سک. ٢) بوون بە هاوتا یا هاونیلە بۆ.
٣) جووت گرتن
twin bed, چەرپایەی یەک کەسی؛ دانەیەک لە جووتێک چەرپایەی یەک کەسی.
twinberry (twin′ber′i), *n.* ١) جۆرێک لە پەنجەی خانم گوڵی
partridgeberry. ٢) نەرخەوانی دەگرێت
twinborn (twin′bôrn′), *adj.* بە یەک سک لەدایک بوو؛ دووانە؛ هاوزا.
twine (twin), *n.* ١) بەن؛ گوش؛ کشتەک؛ تاڵە بەن؛ تاڵە گوش.
٢) باخواردن؛ لوول بوون؛ پێچ خواردن؛ هۆنراوە.
٣) شتێکی لوول بوو یا هۆنراوە. ٤) ناڵۆسکان؛ گرێ کوێرە.
٥) تەرزی لە شتێکەوە ئاڵاو؛ تەرزی لوول یا باخواردوو.
v.t. ١) هۆنینەوە؛ پێکەوە بادان؛ تێکهەڵکێشان؛ لوولدان.
٢) تێوەئاڵاندن؛ لوولدان بەدەوریدا.
v.i. ١) تێوەئاڵان؛ لوول بوون؛ پێچ خواردن؛ *(The ivy ~d round the tree.)*
٢) پێچاوپێچ کردن؛ بە مارپێچی ڕۆیشتن؛ *(a stream ~ing through the forest)*
-twiner *(n.).*
twinflower (twin′flou′ĕr), *n.* ڕووەکێکە لە توخمی پەنجەی خانم گوڵی پەمەیی و گەڵای بریقاوە دەگرێ
twinge (twinj), *v.t.* ١) ئازاری تیژو لەپڕ دان.
٢) [Obs.]، دەرزی پیاکردن؛ نقورچ لێگرتن؛ ئازێنین.
v.i. هەستکردن بە ئازارێکی تیژو لەپڕ؛ ئازاری تیژو لەپڕو ناوەناو پێداهاتن
n. ١) ئازارێکی تیژو لەپڕ (وەک دەرزی پیاکردن)

. *(He felt a ~ of conscience)* (۲) ئازاری ویژدان؛ ئەشکەنجە

twinkle (twiŋ′k'l), *v.i.* (۱) درەوشانەوە؛ بریسکەدانەوە؛ پرشنگدانەوە (ئەستێرە): *(Stars are ~ing in the sky.)* .

(۲) گەشانەوە؛ بریقانەوە: *(His eyes ~d with amusement.)* .

(۳) لەرینەوە؛ شنەکردن: *(The dancer's feet ~d.)* .

(٤) [Archaic] چاوتروکان.

v.t. بریقاندنەوە؛ بریسکە پێدان

n. (۱) تروکەی چاو؛ چاوتروکان.

(۲) گەشانەوە (چاو)؛ بریقانەوە؛ بریسکانەوە.

(۳) درەوشانەوە؛ پرشنگ (ئەستێرە)؛ بریسکە؛ تروسکە.

(٤) ماوەی چاوتروکانێك؛ هەناسەیەك.

twinkling (twiŋ′kliŋ), *n.* (۱) درەوشانەوە؛ بریسکانەوە؛ بریقانەوە (۲) بریسکە؛ بریقە (۳) ماوەی چاوتروکانێك؛ هەناسەیەك

twirl (twûrl), *v.t.* (۱) خێرا خولاندنەوە یا سووڕاندنەوە؛ گێژدان (۲) هاویشتن؛ توپی بەیسبۆل.

v.i. خێرا خولانەوە یا سووڕانەوە؛ گێژخواردن

n. (۱) خێرا خولانەوە یا سووڕانەوە؛ گێژخواردن. (۲) (۱) شتی پێچ پێچۆکە؛ شتی بادراو. (ب) پێچ؛ خول؛ سووڕ

twist (twist), *v.t.* (۱) بادان؛ هۆنینەوە؛ لوول دان (۲) تێکەڵکێشان ۳) تێوەئالاندن؛ پەت، گوریس، مەن)؛ پێچانەوە؛ دەورەدان.

(٤) وەرگێڕان؛ پێچ پێدان؛ لە جێ بردن *(He ~ed his arm.)* .

(٥) خوار وخێچ کردن؛ شێوە تێکدان؛ شێواندن: *(He ~ed his face.)* .

(٦) گوشین؛ وورشین؛ ئازاردان

(۷) سەر لێ شێواندن: *(I'm all ~ed.)* .

(۸) ~ off: قرتاندن؛ لێکردنەوە

(۹) شێواندن؛ تێکدان (مانا): *(He ~ed the facts, my ideas, etc.)* .

(۱۰) خولاندنەوە؛ سووڕاندنەوە

v.i. (۱) بادران؛ بادان: *(The wire ~s easily.)* .

(۲) تێوەئالان ۳) خولانەوە؛ سووڕانەوە (٤) پێچکردنەوە؛ لادان.

(٥) پێچاوپێچ کردن؛ خوار وخێچ بوون. (٦) بادان؛ لوول دان.

(۷) تلانەوە بە ئازارەوە؛ پێچ ولوول خواردن؛ خۆ کرژکردن.

n. (۱) تاڵ؛ مەن؛ ڕیس؛ کشتەك. (۲) (۱) گلۆڵە تووتن. (ب) مارمارە؛ بابۆڵەتان. (۳) گرێ (٤) خولانەوە؛ سووڕانەوە (ب) خول؛ سووڕ. (ج) بادان؛ با (٥) پێچ پێچۆکەیی؛ مارپێچی؛ پێچ؛ چەوتی؛ لوول

(٦) دەموچاو تێکچوون یا شێوان. (۷) وەرگەڕان؛ لە جێ چوون.

(۸) لادان؛ پێچکردنەوە (۹) شێوان (مانا، ڕاستی... هتد)؛ تێکدان

(۱۰) خوویەکی سەیر؛ ناتەواوی؛ چەوتی (ڕەووشت): *(a ~ in his character)*

(۱۱) تویست: جۆرە سەمایەکە

twist drill, سمۆی ئەلەکتریکی پێچ لوولی

twister (twis′tĕr), *n.* (۱) بادەر؛ لوولدەر؛ خولێنەرەوە

(۲) تۆپی هاوێژراوی خولاوە (بێسبۆل)

(۳) [Colloq.] گەردەلوولی قایم؛ گێژەڵوکە.

(هەروەها " tornado " و " cyclone ").

(٤) [British Colloq.] کەسێکی دەستبڕ؛ ساختەچی.

twit (twit), *v.t.* گاڵتەپێکردن (بەتایبەتی لەبەر هەڵەیەك یا کارێکی گەوجانە)؛ سەرزەنشتکردن؛ پن پێکەنین.

n. (۱) پن پێکەنین؛ گاڵتەپێکردن؛ سەرزەنشت. (۲) [British Slang] کەسێکی بێ مێشك یا کەم.

twitch (twich), *v.t.* ڕاتەکاندن؛ لەپڕ ڕاکێشان: *(The fisherman ~ed the line.)*

v.i. (۱) فڕین (چاو، ماسوولکەی دەموچاو... هتد)؛ کرژبوون: *(His face ~ed uncontrollably.)*

(۲) ئازاری لەپڕو تیژو ناوبەناو پێداهاتن.

n. (۱) ڕاتەکان؛ لەپڕ ڕاکێشان. *(a ~ in the eye; a facial ~)* (۲) فڕین (چاو، ماسولکە)؛ کرژبوون: .

(۳) لەواشە (دەکرێتە لچی ئەسپ بۆ دابینکردنی).

twitch grass, = couch grass.

twitter (twit′ĕr), *v.i.* (۱) جریوەجریوکردن؛ زیقەزیق کردن؛ خوێندن (باڵندە). (۲) چەنەدان؛ زۆرویژی کردن.

(۳) لەرزین؛ جرتوفرت کردن. (٤) titter .

v.t. بە زیقەزیق یا جرتوفرتەوە ووتن.

n. (۱) جریوەجریو؛ خوێندن (باڵندە)؛ زیقەزیق؛ جرووکەجروك؛ جوركەجووك (۲) titter . (۳) جرتوفرت؛ قرتەقرت؛ قرتوهوور.

twitter (twit′ĕr), *n.* زیقەزیقکەر؛ جرتوفرتکەر؛ چەنەچەنکەر.

'twixt (twikst), *prep.* [Poetic or Dial.], = between.

two (tōō), *adj.* (۱) دوان؛ دوو

(۲) دووەم: *(section ~ of the instructions)*

n. (۱) دوو؛ ژمارە دوو.

(۲) دوو (پووڵی دۆمینە، زار، کاغەزی قومار): *(the ~ of spades)*

(۳) پارەی کاغەزی دوو دۆلاری.

(٤) شتێکی دووبەشی؛ دەستەیەکی دووکەسی.

in two, بە دوو پارچە یا بەشەوە: *(to cut or divide something in two)*

put two and two together, شت لێکدانەوەو گەیشتنە ئەنجام؛ گەیشتنە ئەنجام بە لێکدانەوەی شتێکی ناشکرا

two-bit (tōō′bit′), *adj.* [Slang], (۱) بایی چواریەکی دۆلارێکە.

(۲) هەرزانبەها؛ هیچوپووچ؛ بێ نرخ.

two bits, [Slang], چواریەکی دۆلارێك؛ بیست وپێنج سەنت.

two-by-four (tōō′bə-fôr′, tōō′bī-fōr′), *adj.* (۱) دوو بە چوار (ئینچ یا پێ). (۲) [Colloq.]، تەنگەبەر؛ تەسك؛ بچووك.

n. دارێکە ئەستوورایی یەکەی دوو ئینچ و پانایی یەکەی چوار ئینچە (لە خانوو دروستکردندا بەکاردێت).

two-dimensional (tōō′də-men′shən-'l), *adj.* (۱) تەنها پانی و درێژی هەیە؛ دوو دووری. (۲) قووڵ نییە؛ پرووکەشی؛ هیچوپووچ: *(~ fiction, characters, etc.)*

two-edged (tōō′ejd′), *adj.* (۱) دوو دەم (تیغ): *(a ~ sword)* .

(۲) دوو مانا؛ دوو مەبەست.

two-faced (tōō′fāst′), *adj.* (۱) دوو ڕوو؛ دوو ڕووی هەیە.

(۲) دووزبان؛ دووڕوو؛ بێ بار

-two-facedly *(adv.)*; two-facedness *(n.)*.

two-fisted (tōō′fis′tid), *adj.* دڕ؛ بەتین؛ بەهێز؛ نێر.

twofold (tōō′fōld′), *adj.* (۱) دووبەشی؛ دوانە؛ دووپارچەیی.

(۲) دوو ئەوەندە.

adv. دوو ئەوەندە؛ دوو قات.

two-handed (tōō′han′did), *adj.* (۱) دووەدەستی؛ بە دوو دەست بەکاردەهێنرێ. (۲) دووکەسی؛ بە دوو کەس بەکاردەهێنرێ: *(a ~ saw)* .

(۳) دووکەسی؛ بە دوو کەس دەکرێ: *(a ~ game)* .

(٤) دووەدەستە؛ دوو دەستی هەیە.

(٥) هەردوو دەستی وەك یەك بەکاردەهێنێت.

two-legged (tōō′leg′id, tōō′legd′), *adj.* دوولاق؛ دوولاقی.

two-master (tōō′mas′tĕr, tōō′mäs′tĕr), *n.* کەشتی دووداری؛ کەشتی دووستوونی.

twopence (tup′'ns), *n.* دوو پەنس.

twopenny (tup′ən-i), *adj.* (۱) بە دوو پەنسە؛ دوو پەنسی.

(۲) هەرزانبەها؛ بێ نرخ.

two-phase (tōō′fāz′), *adj.* = diphase.

two-piece (tōō′pēs′), *adj.* دووپارچەیی: *(a ~ bathing suit)*

two-ply (tōō′plī′), *adj.* دوو توێ؛ دوو چن.

two-seater (tōō′sēt´ĕr), *n.* ئوتومبیلی دووکەسی؛ ئوتومبیلی دووکورسی.

two-sided (tōō′sīd´id), *adj.* (١) دوولا؛ دوولایی (٢) دووڕوو؛ دووڕوویی

twosome (tōō′səm), *n.* (١) دوو کەس؛ حووت (٢) یاریەکی دووکەسی (گۆڵف) (٣) نەم دوو یاریکەرە.

two-spot (tōō′spot´), *n.* (١) دووحاس (پووڵی دۆمینە، کاغەزی یاری). (٢) [Colloq.] کاغەزی دوو دۆلاری (ب) دوو دۆلار

two-step (tōō′step´), *n.* (١) جۆرە سەمایەکە (٢) مۆسیقای نەم سەمایە.

two-way (tōō′wā´), *adj.* (١) دووسەرە؛ دووسەرە. *(a ~ street)* (٢) دووسەری (تەلسن)؛ وەرگرو نێرەر. *(a ~ radio)* (٣) دووکەسی. *(a ~ race, contest, etc.)*

-ty (ti), پاشگرێکە بەمانای چۆنێتی؛ بار. *(paucity)*

-ty (ti), پاشگرێکە بەمانای ئەوەندە کەرەت دە. *(twenty, forty)*

tycoon (tī-kōōn′), *n.* (١) فەرماندەی سوپای یابانی کۆن. (٢) [Colloq.] سەرمایەدارێکی زۆر بەدەسەلات

tyke (tīk), *n. Also* tike, (١) سەگی ووڕەگ (٢) [Scot.] کەسێکی کەرتێی هیچ نەزان (٣) [Colloq.] منداڵی بێ حەیای هاروهاج (لەبووی خۆشەویستییەوە).

tymbal (tim′b'l), *n.* = timbal.

tympan (tim′pən), *n.* (١) تەپڵ؛ چەرمی تەپڵ (٢) چەرم یا پەڕوی ژێر گیرەی کاغەزی مەکینەی چاپ (٣) tympanum. (٤) پەردەی هەر ئامێرێک.

tympani (tim′pə-ni), *n.pl.* = timpani.

tympanic (tim-pan′ik), *adj.* (١) تایبەتی بە تەپڵ یا چەرمی تەپڵ. (٢) تایبەتی بە تەپڵی گوێ.

tympanic bone, نیسقانی تەپڵی گوێ

tympanic membrane, پەردەی گوێ؛ تەپڵی گوێ.

tympanist (tim′pə-nist), *n.* تەپڵژەن

tympanites (tim´pə-nī′tēz), *n.* باکردن؛ سك ئاوسان.

tympanitis (tim´pə-nī′tis), *n.* پەردەی گوێ ئاوسان.

tympanum (tim′pə-nəm), *n.* (١) گوێی ئاوەڕاست (ب) پەردەی گوێ؛ تەپڵی گوێ. (٢) (ا) تەپڵ. (ب) چەرمی تەپڵ. (٣) timpani. (٤) پەردەی بیستۆکی تەلەفۆن.

tympany (tim′pə-ni), *n.* (١) باکردن؛ سك ئاوسان. (٢) (ا) قبز. خۆبادان؛ لەخۆبایبوون. (ب) شێوازی لە ئەندازە بەدەر پازاوە.

typal (tī′p'l), *adj.* (١) نموونەیی (٢) [Rare] چاپی؛ تایبەت بە چاپکردن.

type (tīp), *n.* (١) نموونە؛ وێنە (٢) کلیشە؛ شێوە؛ شێواز. (٣) جۆر؛ چەشن *(a new ~ of airplane; an animal of the dog ~)* (٤) توخم؛ بابەت (٥) نیشانە. (٦) تیپ (ئامێری تیپنووس). (٧) تیپی چاپکراو *(Small ~ is hard on the eyes.)*

v.t. (١) نیشانەی ئەوە بوون (٢) نموونە یا وێنەی شتێك بوون؛ وەك نموونە یا نوێنەر وابوون (٣) پۆل پۆل کردن؛ هاوپۆل کردن؛ جۆرجۆرکردن (خوێن). (٤) چاپکردن.

v.i. ئامێری تیپنووس بەکارهێنان؛ چاپکردن

-type (tīp), پاشگرێکە بەمانای: (١) نموونە؛ وێنە؛ چەشن. *(prototype)* (٢) چاپ؛ چاپکردن؛ تیپ. *(monotype)*

type founder, تیپ دارێژ

type foundry, دارێژگەی تیپ

type metal, کانزای تیپ دروستکردن (کە بریتییە لە ئاوێتەی قورقوشم و تەنەکە)

typescript (tīp′skript´), *n.* شتی چاپکراو.

typeset (tīp′set´), *v.t.* تیپ ڕێکخستن.

typesetter (tīp′set´ĕr), *n.* (١) تیپ یا چاپ ڕێکەر (٢) مەکینەی تیپ ڕێکخەر

typesetting (tīp′set´iŋ), *n.* تیپ ڕێکخستن؛ چاپ ڕێکخستن.

type specimen, نموونەی توخم (گیانەوەرزانی).

typewrite (tīp′rīt´), *v.t. v.i.* چاپکردن.

typewriter (tīp′rīt´ĕr), *n.* (١) تیپنووس؛ ئامێری تیپنووس؛ چاپ؛ ئامێری چاپکردن. (٢) typist، [Archaic].

typewriting (tīp′rīt´iŋ), *n.* (١) چاپکردن. (٢) شتی چاپکراو.

typewritten (tīp′rit´n), *past participle of* typewrite. *adj.* چاپکراو.

typhlitis (tif-lī′tis), *n.* ئاوسانی ڕیخۆڵە کوێرە.

typhlology (tif-lol′ə-ji), *n.* پزیشکەوانی کوێری.

typhlosis (tif-lō′sis), *n.* کوێری

typhogenic (tī′fə-jen´ik), *adj.* دەبێتە هۆی گرانەتا.

typhoid (tī′foid), *adj.* گرانەتایی؛ تایبەتی بە گرانەتی.

n. گرانەتا؛ گرانەتی؛ کەتوویی

typhoid bacillus, میکرۆبی گرانەتا.

typhoid fever, typhoid.

typhoon (tī-fōōn′), *n.* تایفوون؛ گێژەڵووکەیەکی زۆر قایمی دەریای چین و ئاوچەکانی دەوروپشتێیەتی.

typhous (tī′fəs), *adj.* پەشەگرانەتایی؛ تیفۆسی

typhus (tī′fəs), *n.* پەشەگرانەتا؛ تیفۆس. (هەروەها " typhus fever ")

typical (tip′i-k'l), *adj. Also* typic, (١) نموونەیی؛ وێنەیی. (٢) تایبەتی بە؛ تایبەخۆ؛ نیشانە. *(He has the mannerisms ~ of his class.)*

-typically *(adv.).*

typify (tip′ə-fī´), *v.t.* (١) وەك نموونە وابوون؛ وەك نوێنەر یا وێنە وابوون (٢) نیشانەبوون؛ تایبەخۆی شتێك بوون.

-typification *(n.)*; **typifier** *(n.).*

typist (tīp′ist), *n.* چاپکەر.

typo (tī′pō´), *n.* [Colloq.]. هەڵەی چاپ.

typo- (tī′pō, tī′pə), *(typography)* پێشگرێکە بەمانای: تیپ

typographer (tī-pog′rə-fĕr), *n.* (١) تیپ ڕێکخەر؛ چاپ ڕێکخەر. (٢) چاپچی؛ چاپکەر

typographic (tī´pə-graf′ik), *adj. Also* typographical, هی چاپ و چاپکەری.

-typographically *(adv.).*

typography (tī-pog′rə-fi), *n.* (١) چاپگەری؛ چاپکاری؛ چاپچێتی. (٢) تیپ ڕێکخستن (٣) شێوازی چاپەمەنی؛ شێوەی شتی لە چاپ دراو

typology (tī-pol′ə-ji), *n.* (١) نموونەناسی؛ نیشانەناسی؛ لێکۆڵینەوەی نموونە یا وێنەی توخمێك. (٢) نیشانەکاری.

-typological *(adj.).*

tyrannical (ti-ran′i-k'l, tī-ran′i-k'l), *adj. Also* tyrannic, زۆردار؛ ستەمکار؛ بەزەبر؛ زۆردارەکی.

-tyrannically *(adv.)*; **tyrannicalness** *(n.).*

tyrannicide (ti-ran′ə-sīd´, tī-ran′ə-sīd´), *n.* (١) زۆردارکوژی؛ ستەمکارکوژی (٢) زۆردارکوژ؛ ستەمکارکوژ

tyrannize (tir′ə-nīz´), *v.i.* زۆرداری نواندن؛ ستەمکاری کردن.

v.t. زۆرداری کردن؛ ستەمکارانە لەگەڵ جوولانەوە.

tyrannosaur (ti-ran′ə-sôr´, tī-ran′ə-sôr´), *n.* تیرانۆسۆر؛

گیاندارێکی زۆر زل خشۆکی دووپێی گۆشتخۆری قرتێکەوتووە وەک دایناسۆر.

tyrannous (tir′ə-nəs), *adj.* ستەمکار؛ زۆردار

tyranny (tir′ə-ni), *n.* (١) ستەمکاری؛ زۆرداری؛ زوڵم. (٢) ڕژێمێکی ستەمکار یا زۆردار. (٣) تووندوتیژی؛ زەبر. (٤) کارێکی ستەمکارانە یا زۆردارانە.

tyrant (tī′rənt), *n.* (١) ستەمکار؛ زۆردار؛ زاڵم. (٢) کەسێکی بەزەبروزۆنگ و تووندوتیژ.

tyre (tīr), *n.* = tire.

tyro (tī′rō), *n.* *Also* tiro. نەوکار؛ تازەکار؛ نەشارەزا؛ نەزان

tyrocidine (tī′rə-sī′dēn, tī′rə-sī′din), *n.* تیرۆسیدین: دەرمانێکە لە جۆری " پەنسلین "

tyrosine (tī′rə-sēn′, tir′ə-sin), *n.* تیرۆسین: ترشێکی ئەمینیی‌یە لە شیلووانەوەی پرۆتێن پەیدادەبێ

tzar (tsär), *n.* = czar.

tzarina (tsä-rē′nə), *n.* = czarina.

tzigane (tsē′gan′), *n.* قەرەج (بەتایبەتی هی هەنگاریا)

U u

U, u (ū), *n.* (۱) ئەلفوبێی ئینگلیزی‌یە. (۲) دەنگی نەم تیپە: "یو". (۳) (ا) قالبی نەم تیپە. (ب) نەم تیپە بە چاپکراوی یا هەڵکەنراوی. (٤) بیست‌وپەکەم: نیشانەی ژمارەی بیست‌وپەکەمی ڕستەیەکە.

adj. (۱) تایبەتی بە تیپی "U". (۲) بیست‌وپەکەم.

U (ū), *n.* (۱) شتێکە لە شێوەی "U"دا. (۲) نیشانەیە بۆ یورانیۆم (کیمیا).

ubiquitous (ū-bik′wə-təs), *adj.* لە هەموو شوێنێکدایە.

(~ fog, little ants, etc.)

-ubiquitously *(adv.)*; **ubiquitousness** *(n.).*

ubiquity (ū-bik′wə-ti), *n.* لە هەموو شوێنێکدا بوون لە هەمان کاتدا

U-boat (ū′bōt′), *n.* ژێردەریایەکی ئەڵمانی؛ ژێردەریایی.

udder (ud′ĕr), *n.* گوان

udometer (ū-dom′ə-tēr), *n.* باران پێو

-udometric *(adj.)*; **udometry** *(n.).*

ugh (ookh), *interj.* ئۆخ دەنگێکە قێزهاتنەوە دەردەبڕێت.

uglify (ug′lə-fī′), *v.t.* ناشرین کردن؛ ڕووخسار ناشرین کردن.

-uglification *(n.).*

ugliness (ug′li-nis), *n.* (۱) ناشرینی؛ نێسک قورسی؛ چارەگرانی (۲) شتێکی ناشرین.

ugly (ug′li), *adj.* (۱) ناشرین؛ نێسک قورس؛ چارەگران. (۲) بەد؛ ناپەسەند (ڕەووشت)؛ پیس (کردەوە، ڕەفتار). (۳) ساماناک؛ ترسناک. (٤) [Colloq.] دڕ؛ شەڕانی؛ شەڕەنگێز؛ تووڕەوتۆڕ.

uhlan (o͞o′län, ū′lən, o͞o-län′), *n. Also* **ulan,** سەربازی سوارە.

ukase (ū′kās, ū-kāz′), *n.* (۱) فەرمانی ئیمپراتۆری ڕوسیای کۆن. (۲) فەرمان

Ukrainian (ū-krā′ni-ən, ū-krī′ni-ən), *adj.* ئۆکرانی؛ تایبەتی بە وڵات و گەڵ و زمانی ئۆکرانیا

n. (۱) ئۆکرانی؛ هاونیشتمانێیەکی ئۆکرانی (۲) زمانی ئۆکرانی؛ ئۆکرانی.

ukulele (ū′kə-lā′li), *n.* یوکەلیلی؛ ئامێرێکی مۆسیقایە وەک گیتار

-ular (ū′lĕr), *(tubular)* پاشگرێکە بەمانای پەیوەندی؛ لێکچوون.

ulcer (ul′sĕr), *n.* (۱) خۆرە؛ بریندی دیواری ڕیخۆلە. سک یا پێست (۲) بارودۆخێکی خراپ.

ulcerate (ul′sə-rāt′), *v.t. & v.i.* بریندار هاتن؛ خۆرە پێ گەیین

ulceration (ul′sə-rā′shən), *n.* (۱) بریندار هاتن؛ خۆرە پێ گەیین (۲) ulcer

ulcerous (ul′sĕr-əs), *adj.* (۱) خۆرەیی؛ تایبەتی بە خۆرە. (۲) خۆرەدار؛ خۆرەی پێ گەییوە یا لێی داوە.

-ule (ul), *(valvule)* پاشگرێکە بەمانای: بچووک؛ بچکۆلە.

-ulent (yoo-lənt), *(flatulent)* پاشگرێکە بەمانای: پڕە لە؛ زۆری تێدایە؛ زۆر.

ulna (ul′nə), *n.* (۱) ئێسقانی دیوی ناوەوەی باسک (کە بەرامبەری کەلەموستە لە ئانیشکەوە تا مەچەک). (۲) ئێسقانی بەرامبەری نەمە لە گیاندارا.

-ulnar *(adj.).*

ulotrichous (ü-lot′ri-kəs), *adj.* قژ لوول

-ulous (yoo-ləs), *(populous, tremulous)* پاشگرێکە بەمانای: وەهایە؛ پڕە لە؛ بەوە ناسراوە.

ulster (ul′stĕr), *n.* پاڵتۆیەکی دەڵەو نەستووری ئێرلەندی‌یە

ulterior (ul-tēr′i-ēr), *adj.* (۱) دوور؛ هی دوور؛ هی نەودیو (۲) دوایی؛ هی دواڕۆژ؛ پاشان (۳) شاراوە؛ نەبینراو؛ دەرنەبڕراو. *(He had an ~ motive.)*

ultima (ul′tə-mə), *n.* دوا برگەی ووشە.

ultimate (ul′tə-mit), *adj.* (۱) دوورترین (۲) دوا؛ دواترین؛ کۆتایی. *(the ~ goal, authority, etc.)* (۳) بنچینەیی؛ بناغەیی؛ سەرەتایی (٤) نەوپەڕ؛ پەڕی نەوپەڕ

n. (۱) بنچینە؛ بناغە؛ شتی بنچینەیی. (۲) نەنجام؛ کۆتایی (۳) نەوپەڕ؛ پەڕی نەوپەڕ

ultimately (ul′tə-mit-li), *adv.* لە نەنجامدا؛ لە دواییدا؛ لە کۆتاییدا

ultima Thule, (۱) ناوچەی هەرە باکوور (۲) ناوچەی زۆر دوورو چەپە. (۳) (ا) پەڕی نەوپەڕ؛ نەوپەڕ. (ب) نامانج یا شتێکی دوور.

ultimatum (ul′tə-mā′təm), *n.* دوا ناگاداری بەتایبەتی لە ووڵاتێکەوە بۆ ووڵاتێکی ترو بە هەڕەشەوە)

ultimo (ul′tə-mō′), *adv. Abbr.* ult., ulto., مانگی پێشوو

ultra (ul′trə), *adj.* پەڕگر؛ زۆر تووندوتیژ (بیروڕا)؛ زیادەڕۆ.

n. کەسێکی پەڕگر؛ کەسێکی زیادەڕۆ

ultra- (ul′trə), *(ultraviolet)* پێشگرێکە بەمانای: (۱) لەولا؛ لەژوور؛ لەوپەڕ؛ (۲) نێجگار؛ زۆر؛ لە ڕادە بەدەر. *(ultramodern)* (۳) لە مەودای نەو بەدەر یا بەرزتر. *(ultramicroscopic)*

ultraconservative (ul′trə-kən-sûr′və-tiv), *adj.* زۆر کۆنەپەرست.

ultrahigh frequency, لەرەی زۆر بەرز (رادیۆو تەلەفزیۆن).

ultraism (ul′trə-iz′m), *n.* (۱) زیادەڕۆیی؛ پەڕگری (۲) کارێکی زیادەڕۆیانە یا پەڕگرانە

-ultraist *(n.).*

ultramarine (ul′trə-mə-rēn′), *adj.* (۱) (ا) لەولای دەریاوە؛ هی نەودیو دەریا. (ب) کەوتووەتە نەودیو دەریاوە. (۲) شینی ئاسمانی

n. (۱) ڕەنگێکی شینە لە بەردی لاجی وەردی کوتراو دەگیرێت. (۲) شینی ئاسمانی

ultramicroscope (ul′trə-mī′krə-skōp′), *n.* میکرۆسکۆپی زۆر ووردبین گەردبینێکە شتی وا وورد دەبینێت کە بە گەردبینی ئاسایی ئابینرێت.

ultramicroscopic (ul′trə-mī′krə-skop′ik), *adj.* (۱) هێندە وورد بە گەردبینی ئاسایی ئابینرێت. (۲) تایبەتی بە میکرۆسکۆپی زۆر ووردبین.

ultramodern (ul′trə-mod′ĕrn), *adj.* فرە نوێ؛ زۆر تازەباو؛ زۆر تازەباو پەرست

-ultramodernism *(n.)*; **ultramodernist** *(n.)*; **ultramodernistic** *(adj.).*

ultramontane (ul′trə-mon′tān), *adj.* (۱) لەوبەر شاخەوە (بەتایبەتی شاخی " نالپ "). (ب) نیتالی
(۲) لایەنگری دەسەلاتی پەهای پاپا (لە کاروباری کلێسەدا).
n. (۱) نیشتەجێی ئەودیو شاخ (بەتایبەتی شاخی " نالپ ").
(۲) لایەنگری دەسەلاتی پەهای پاپا

ultramundane (ul′trə-mun′dān), *adj.* (۱) لە جیهان بەدەر
(۲) لە کۆمەڵەی خۆر بەدەر.

ultranationalism (ul′trə-nash′ən-l-iz′m), *n.* پەگەزپەرستی لە پادە بەدەر؛ زۆر پەگەزپەرستی.

-ultranationalist *(n.)*; **ultranationalistic** *(adj.)*.

ultraviolet (ul′trə-vī′ə-lit), *adj.* ژوور بەنەوشەیی
n. تیشکی سەروو بنەوشەیی.

ultravirus (ul′trə-vī′rəs), *n.* قایرۆسێکە بە میکرۆسکۆپی زۆر ووردیش نەبێت نابینرێ

ulu (o͞o′lo͞o), *n.* چەقۆیەکە ژنە ئەسکیمۆیی بەکاری دەهێنن

ululant (ūl′yoo-lənt, ul′yoo-lənt), *adj.* لوورەکەر

ululate (ūl′yoo-lāt′, ul′yoo-lāt′), *v.i.* (۱) لوورەکردن؛ لوورەلوورکردن (۲) شیوەن کردن؛ لاواندنەوە

-ulutation *(n.)*.

umbel (um′b'l), *n.* گوڵە چەتر

umbellate (um′b'l-it, um′b'l-āt′), *adj.* *Also* umbellar, چەتری گوڵ.

umbelliferous (um′bə-lif′ĕr-əs), *adj.* گوڵ چەتری (کە گێزەرو کەرەوروو هتد دەگرێتەوە)

umbellule (um′b'l-ūl′, um-bel′ūl), *n.* *Also* umbellet, گوڵە چەتر

umber (um′bĕr), *n.* (۱) خاکی قاوەیی (۲) ڕەنگی قاوەیی.
adj. قاوەیی
v.t. قاوەیی کردن

umber (um′bĕr), *n.* (۱) [Dial.] سێبەر. (۲) ماسییەکی ناو ڕوبارە. (۳) umbrette

umbilical (um-bil′i-k'l), *adj.* ناوکی؛ تایبەتی بە ناوک؛ ناوک

umbilical cord, (۱) ناوکەیەتک (کە ناوڵەمەو دایک بەیەک دەگەیەنێت).
(۲) پەیوەندییەکی زۆر گرنگ و پتەویست.

umbilicate (um-bil′ə-kit, um-bil′ə-kāt′), *adj.* (۱) ناوکدار؛ ناوکی هەیە (۲) ناوک ئاسا؛ ناوکی؛ لە ناوک دەچێت.

umbilicus (um-bil′i-kəs, um′bi-lī′kəs), *n.* (۱) ناوک
(۲) چاڵایی وەک ناوک (زیندەوەرزانی).

umbles (um′b'lz), *n.pl.* [Obs.], ناوسکی ئاسکو گیاندارێ تر (وەک دڵ و حگەرو گورچیلە).

umbo (um′bō), *n.* (۱) گرێ یا دوگمەی ناوەڕاستی قەڵغان
(۲) قۆرتی پەردە یا تەپڵی گوێ

-umbonal; umbonic *(adj.)*.

umbonate (um′bə-nit, um′bə-nāt′), *adj.* قۆرتی دوگمەیی؛ قۆرتی وەک گرێ

umbra (um′brə), *n.* (۱) سێبەر؛ تاریکایی؛ تاریکی؛ سێبەری خەست
(۲) (ا) تاریکایی سەرزەمین بەهۆی خۆرگیرانەوە.
(ب) تاریکترین بەشی پەڵەی سەر خۆر.

umbrage (um′brij), *n.* (۱) سێبەر؛ تاریکایی، [Obs. or Poetic.]
(۲) لق و پۆپ
(۳) ڕق لێ بوونەوە؛ وەڕس بوون؛ پێ ناخۆش بوون؛ هەست برینداربوون.
(She took ~ at the boss's comment.)
(٤) (ا) نیشانەی لێل.
(ب) گومان؛ هۆی گومان لێ بوون

umbrageous (um-brā′jəs), *adj.* (۱) سێبەردار؛ بە سێبەر
(۲) دڵ ناسک؛ گوماندار؛ زوو وەڕس دەبێت.

umbrella (um-brel′ə), *n.* (۱) چەتر. (۲) شتی داپۆشەر یا پارێزەر.
(۳) چەتری هەوایی: بریتییە لە فرۆکەی جەنگی کە لەشکر دەپارێزن لە دوژمن
(٤) ڕێکخراوێک یا دەزگایەک کە چەند ڕێکخراوێکی بچووکتر دەگرێتە ژێر باڵی خۆی: *(an ~ organization)*.
(٥) شتێکی چەتر ئاسا وەک لەشی ماسی نەرمەلیقە.

umbrella bird, باڵندە چەتری: باڵندەیەکی ڕەشی گەورەی نەمەریکای لاتینی و ناوەڕاستی پۆپنە چەتریە.

umbrella palm, دارخورمای گەڵ چەتری.

umbrella tree, (۱) ماگنۆلیای گەڵ چەتری. (۲) داری گەڵ چەتری.

umbrette (um-bret′), *n.* باڵندەیەکی ئەفەریقایی‌یە لە توخمی شینە شاهۆ لەقڵەق.

umbriferous (um-brif′ĕr-əs), *adj.* سێبەردار

umiak, umiack (o͞o′mi-ak′), *n.* بەڵەمێکی بە چەرم داپۆشراوی سەرکراوەی ئەسکیمۆیی‌یە

umlaut (oom′lout), *n.* ئوملاوت: (۱) گۆڕینی دەنگی تیپە بزوێن لە زمانە ئەڵمانی‌یەکاندا (بەهۆی لێکدانی دوو تیپە بزوێنەوە): (Mauer, Fusse)
(۲) ئەو تیپە بزوێنەی لەم لێکدانەدا پەیدادەبێت
(۳) ئەو دوو خاڵەیە کە دەخرێتە سەر نەم تیپە بزوێنە.

umpirage (um′pīr-ij, um′pi-rij), *n.* (۱) سەرپشکی؛ نیشوکاری سەرپشک؛ ناوبژیکاری. (۲) بریاری سەرپشک.

umpire (um′pīr), *n.* سەرپشک (یاری، وەرزش)؛ ناوبژیکار؛ ناوبژیکەر
v.t. & v.i. سەرپشکی کردن

umpsteen (ump′stēn), *adj.* [Colloq.], = **umpteen.**

umpteen (ump′tēn), *adj.* [Colloq.], بێ شومار؛ لە ژمارەن نایەت.

umpteenth (ump′tēnth), *adj.* [Colloq.], بێ شومار؛ لە ژمارەن نایەت: *(for the ~ time; He was the ~ person to arrive.)*

un- (un), پێشگرێکە بەمانای: (۱) دژ؛ پێچەوانە؛ نا؛ بێ: *(unhappy, untruth, unemployment)*
(۲) بە پێچەوانەوەکردن؛ پووچ کردنەوە؛ نەکردن: *(unfasten)*.

U N, U.N., = United Nations.

unabashed (un′ə-basht′), *adj.* بەبێ شەرم کردن؛ بێ تەریق بوونەوە؛ بێ ئابڕوو

-unabashedly *(adv.)*.

unabated (un′ə-bāt′id), *adj.* هیچ بێ هێز نەبووە؛ بە هەمان هێز یا تینەوە؛ بوار نادات: *(~ violence, zeal, tension, etc.)*.

unable (un-ā′b'l), *adj.* بێ توانا؛ لە بارا نەبوو؛ ناتوانێ.

unabridged (un′ə-brijd′), *adj.* کورت نەکراوەتەوە (پەرتووک، فەرهەنگ)؛ تەواو.
n. فەرهەنگی کورت نەکراوە.

unaccented (un-ak′s'nt′id), *adj.* هێز نەخراوە سەر؛ نەگیراو (زمانەوانی): *(an ~ syllable)*.

unacceptable (un′ək-sep′tə-b'l), *adj.* پەسەند ناکرێ؛ ناپەسەند؛ نابێ.

unaccommodated (un′ə-kom′ə-dāt′id), *adj.* (۱) نەگونجاو؛ نەگونجێنراو. (۲) بێ شوێنی حەوانەوە. (۳) دڵ ڕانەگیراو؛ پازی نەکراو

unaccompanied (un′ə-kum′pə-nid), *adj.* (۱) هیچ لەگەڵ نەبوو: *(The shipment was ~ by an invoice.)*.
(۲) بەبێ ئەوەی ئاوازی مۆسیقای لەگەڵ بێت؛ بەتەنها.

unaccomplished (un′ə-kom′plisht), *adj.* (۱) تەواو نەکراو؛ بەجێ نەهێنراو؛ جێبەجێ نەکراو؛ نەکراو: *(Many tasks remain ~.)*
(۲) ناکارامە؛ بێ بەهرە؛ نەزان؛ نەشارەزا: *(an ~ artist)*.

unaccountable (un′ə-koun′tə-b'l), *adj.* (۱) لێڵ؛ سەیر؛ ناچێت بە مێشکدا؛ هۆکەی ڕوون نەبێ. (۲) نا بەرپرسیار؛ لێ نەپرسراوە.

-unaccountability; unaccountableness *(n.)*; **unaccountably** *(adv.)*.

unaccounted for, هۆکەی پوون نیيە؛ پوون نەکراوەتەوە؛ لێك نەدراوەتەوە.

unaccustomed (un´ə-kus′təmd), *adj.* (۱) پێ) رانەهاتوو: *(~ to kindness, hardship, cruelty, etc.)* (۲ ناناسایی: *(~ pleasure)*.

unadorned (un´ə-dôr′nd), *adj.* سادە؛ ساکار؛ نەڕازاوە؛ نەنەخشێنراو.

unadulterated (un´ə-dul′tə-rā´tid), *adj.* پوخت؛ پاك؛ پەتی؛ ڕووت؛ هیچی تێکەلاو نەکراوە؛ گزی تێدا نەکراوە.

unadvisable (un´əd-vīz′ə-b'l), *adj.* نابەجێ؛ خراپ؛ لە جێی خۆیدا نییە: *(an ~ move)*.

unadvised (un′əd-vīzd´), *adj.* (۱) ناگادار نەکراو؛ تەمێ نەکراو؛ ڕامەری نەکراو (۲) هەڵەشە؛ پەلە؛ بیری لێ نەکراوەتەوە؛ ناژیرانە.

-unadvisedly *(adv.)*; **unadvisedness** *(n.)*.

unaffected (un´ə-fek′tid), *adj.* (۱ کا ِتێنەکراو؛ نەگۆڕاو (۲ دڵسۆزانە؛ ڕاستەقینە؛ بێ ڕوالەت یا خۆ نوواندن: *(He felt ~ grief for her death.)*

-unaffectedly *(adv.)*; **unaffectedness** *(n.)*.

unalloyed (un´ə-loid′), *adj.* (۱) پوخت؛ تێکەلاو نەکراو (کانزا). (۲) تەواو؛ لە هیچی کەم نییە: *(~ success)*.

unalienable (un-āl′yən-ə-b'l), *adj.* [Archaic], = **inalienable.**

unalterable (un-ôl´tĕr-ə-b'l), *adj.* = **inalterable.**

un-American (un´ə-mer′ə-kən), *adj.* نا نەمەریکی؛ لەگەڵ نەریت و بیروڕای نەمەریکیانەدا ناگونجێت.

unanimity (ū´nə-nim′ə-ti), *n.* تبکرا؛ تێکڕایی؛ گشت: *(the ~ of opinion)*

unanimous (yoo-nan′ə-məs), *adj.* بە تبکرا؛ تێکڕا؛ بەیەك دەنگ؛ گشتی *(~ vote of the assembly.)*

-unanimously *(adv.)*; **unanimousness** *(n.)*.

unanswerable (un-an′sĕr-ə-b'l), *adj.* بەڕەچی نادرێتەوە؛ وەڵام نادرێتەوە؛ بە درۆ ناخرێتەوە: *(an ~ argument, claim, etc.)*.

unapproachable (un´ə-prōch′ə-b'l), *adj.* (۱) گۆشەگیر؛ سارد؛ دوورەپەرێز؛ کەس دەمی نایگاتێ. (۲) بێ هاوتا؛ بێ وێنە.

unapt (un-apt′), *adj.* (۱ نەگونجاو؛ نابەجێ؛ نەشیاو. (۲) لەوانە نییە؛ بۆی نییە. (۳) ناکارامە؛ لێ نەهاتوو؛ نازیرەك؛ کەودەن؛ دەبەنگ.

unarm (un-ärm′), *v.t.* [Archaic], = **disarm.**

unarmed (un-ärmd′), *adj.* (۱ بێ چەك؛ چەك هەڵنەگرتوو. (۲) بێ درك؛ بێ چرنووك

unassailable (un´ə-sāl′ə-b'l), *adj.* (۱ هێرشی نابرێتە سەر؛ ناگیرێت؛ داگیرناکرێت. (۲) بەڕەچی نادرێتەوە؛ بەدرۆ ناخرێتەوە؛ حاشای لێ ناکرێت

unassisted (un′ə-sis′tid), *adj.* یارمەتی. یاریدە نەدراو؛ بێ یارمەتی

unassuming (un´ə-sōōm′iŋ. un′ə-sūm′iŋ), *adj.* خاکی؛ بێ فز؛ سەرکز: *(an ~ man)*

unattached (un´ə-tacht′), *adj.* (۱ نەبەستراوەتەوە؛ نەبەستراو؛ لێك نەدراو (۲) سەربەخۆ؛ بێ پەیوەندی (۳) ڕەبەن؛ زگوڕتی؛ بێ دەزگیران؛ بێ ژن یا مێرد.

unattainable (un´ə-tān′ə-b'l), *adj.* (۱ دوورەدەست؛ دەست ناکەوێت؛ دەستی ناگاتێ (۲) ناتوانرێ بهێنرێتە دی: *(an ~ goal)*

unattended (un´ə-ten′did), *adj.* ۱ کەس تیادا نامادە نەبوو؛ کەس لێ نەبوو: *(an ~ meeting)*. (۲) لەگەڵ نەبوو: *(a flash of lightning ~ by thunder)*. (۳) چاودێری نەکراو *(an ~ child, patient, etc.)*. (٤) بە تەنها: *(The queen was ~.)*. (٥) گوێ پێ نەدراو؛ فەرامۆش کراو: *(~ warning signals)*. (٦) سەرەوکاری نەکراو: *(an ~ switchboard)*. (۷) نەکراو؛ جێیەجێ نەکراو: *(He left his studies ~ to.)*

unauthorized (un´ô′thə-rīzd´), *adj.* (۱) دەسەڵات پێ نەدراو (۲) ڕێ پێ نەدراو؛ قەدەغە. دەست ناکەوێت؛ دوورەدەست.

unavailable (un´ə-vāl′ə-b'l), *adj.* بێ سوود؛ بێ کەڵك

unavailing (un´ə-vāl′iŋ), *adj.* خۆی لێ لادرێت؛ هەر دەبێ ببێ؛ لێ دەربازبوونی نییە.

unavoidable (un´ə-void′ə-b'l), *adj.*

-unavoidably *(adv.)*; **unavoidableness** *(n.)*.

unaware (un´ə-wâr′), *adj.* (۱) بێ ئاگا؛ پێ نەزان: *(~ of danger)*

(۲) بێباك؛ بێ دەربەست؛ هەڵەشە.

adv., unawares.

unawares (un´ə-wârz′), *adv.* (۱) بێ دەسەنقەست؛ هەر لەخۆوە. (۲) لەپڕ؛ لە ناکاو: *(We came upon him ~.)*.

unbacked (un-bakt′), *adj.* (۱) نەگیراو (ئەسپ) (۲) یارمەتی نەدراو؛ پشت نەگیراو. (۳) بێ پاڵپشت (کورسی)

unbaked (un-bākt′), *adj.* (۱) نەبرژاو (نان). (۲) کاڵ و کرچ؛ گەڵە نەکراو؛ فەریك (مەجان)؛ ناتەواو: *(an ~ plan, idea, etc.)*

unbalance (un-bal′əns), *v.t.* (۱) لارەسەنگ کردن؛ ناهاوتا کردن؛ هاوسەنگی تێکدان؛ لەنگەر تێکدان. (۲) مێشك تێکدان؛ شێت کردن

unbalanced (un-bal′ənst), *adj.* (۱) ناهاوتا؛ لارەسەنگ؛ لاسەنگ؛ نارێك (۲) ناهاوتا (دەستمایە، قەرز) (دەفتەرگری). (۳) (ا) تێکچوو (مێشك)؛ ناتەواو. (ب) شێت.

unbated (un-bāt′id), *adj.* (۱) unabated. (۲) [Archaic]، نوك کول نەکراو یا دانەپۆشراو (شیری شیرینی)

unbearable (un-bâr′ə-b'l), *adj.* بەرگەی ناگیرێ؛ لە ووزە بەدەر؛ لەگەڵی دەرنابرێ: *(~ pain, cruelty, suffering, etc.)*.

-unbearably *(adv.)*.

unbeatable (un-bēt′ə-b'l), *adj.* نابەزێنرێت؛ نەبەزێنراو؛ بۆر پێ نەدراو؛ نادۆڕێت: *(an ~ people, spirit, etc.)*

unbeaten (un-bēt′′n), *adj.* (۱) نەبەزێنراو؛ نەشکێنراو. (۲) کەس پیا نەڕۆیشتوو: *(an ~ path)*. (۳) نەهاپڕاو؛ وورد نەکراو.

unbecoming (un´bi-kum′iŋ), *adj.* ناشرین (ڕەووشت)؛ نابەجێ؛ لێی نایەت (کردەوە)؛ نەشیاو: *(her ~ behavior)*.

unbegotten (un´bi-got′′n), *adj.* (۱) هێشتا لەدایك نەبوو. (۲) لەدایك نەبوو؛ نەمر؛ هەمیشەیی؛ هەتا هەتایی.

unbeknown (un´bi-nōn′), *adj.* نەزانراو؛ پێ نەزانراو.

unbeknown to, بەبێ ئاگاداری ئەو کەسە؛ بێ ئەوەی کەسەکە پێی بزانێت: *(Unbeknown to me she had planned the trip.)*.

unbeknownst (un´bi-nōnst′), *adj.* unbeknown.

unbelief (un´bə-lēf′), *n.* بڕوا نەبوون بە ئاین؛ بێ بڕوایی؛ کفر.

unbelievable (un´bə-lēv′ə-b'l), *adj.* سەقەم؛ ڕێی تێ ناچێت؛ باوەڕی پێ ناکرێت

unbeliever (un´bə-lēv′ēr), *n.* بێ بڕوا (بە ئاین)؛ بێ ئاین؛ خوانەناس؛ کافر.

unbend (un-bend′), *v.t.* (۱) بەردان (کەوان)؛ بەرەڵاکردن. (۲) ڕاستکردنەوە (شتی خوارووخێچ).

(٣) پشت نێکردنەوە؛ حەوانەوە؛ خاوکردنەوە.
(٤) کردنەوە (پەت)؛ شل کردنەوە.

v.i. (١) ڕاست بووبەوە؛ چەوتی تێدا نەمان. (٢) پشت نێکردنەوە؛ خاوبوونەوە؛ حەوانەوە.

unbending (un-ben′diŋ), ***adj.*** (١) ڕەق؛ ناچەمێتەوە (٢) کەللە ڕەق؛ ڕای خۆی ناگۆڕێت

unbiased (un-bī′əst), ***adj.*** بێ لایەن

unbidden (un-bid′n), ***adj.*** (١) نەویستراو؛ داوا نەکراو؛ بانگ نەکراو. (٢) فەرمان پێ نەدراو.

unbind (un-bīnd′), ***v.t.*** (١) شل کردنەوە؛ کردنەوە. (٢) بەرەڵا کردن؛ بەردان.

unbitted (un-bit′id), ***adj.*** (١) لغاو نەکراو؛ ڕەشمەی نەکراوەتە سەر. (٢) بەرەڵا؛ بەر بۆ بەرەڵاکراو؛ ڕێ لێ نەگیراو؛ ڕەها.

unblemished (un-blem′isht), ***adj.*** بێنکەرد؛ پاک؛ بێ لەکە.
(an ~ record of fairness)

unblessed (un-blest′), ***adj.*** ***Also*** **unblest,** (١) پیرۆز نەکراو. (٢) نائیرۆز؛ بەد؛ خراپ؛ بەدخوا. (٣) کەساس؛ داماو.

unblinking (un-blink′iŋ), ***adj.*** (١) چاو نەتروکاو. (٢) بێ هەست؛ هەست مردوو. (٣) بێ ترس؛ نەترساو؛ نەترس

unblushing (un-blush′iŋ), ***adj.*** (١) بێ شەرم؛ بێ ئابڕوو؛ بێ حەیا. (٢) ڕەنگ سوور هەڵنەگەڕاو؛ تەریق نەبووەوە.

unbodied (un-bod′id), ***adj.*** (١) بێ لاشە؛ بێ لەش (٢) لە لەش ڕزگار کراو.

unbolt (un-bōlt′), ***v.t.*** کردنەوە (دەرگای داخراو)؛ کڵۆم کردنەوە.

unbolted (un-bōl′tid), ***adj.*** کڵۆم نەدراو؛ بە کڵۆم دانەخراو.

unbolted (un-bōl′tid), ***adj.*** لە هێڵەک نەدراو (ئارد).

unborn (un-bôrn′), ***adj.*** (١) لەدایک نەبووە؛ نەهاتووەتە جیهانەوە. (٢) داهاتوو؛ پاشەڕۆژ.

unbosom (un-booz′əm, un-bōō′zəm), ***v.t. & v.i.*** دەرخستن؛ دەربڕین؛ ڕوکاندن

unbosom oneself, هەست و نەستی خۆ دەربڕین؛ دڵی خۆ هەڵڕشتن.

unbound (un-bound′), *past tense and p.p. of* unbind.

adj. (١) ئازادکراو؛ بەردراو؛ بەرەڵاکراو؛ ڕزگارکراو. (٢) بەرگ تێ نەگیراو (پەڕتووک)؛ بێ بەرگ.

unbounded (un-boun′did), ***adj.*** (١) بێ سنوور؛ بێ ئەندازە (٢) بەرەڵا؛ ڕەها

unbowed (un-boud′), ***adj.*** (١) نەچەماوە؛ نەچەمێنراوە؛ نەنوشتاوە. (٢) دانەنەویو؛ شۆڕنەکراو؛ ملنەدەر. ***(My head is bloody but ~ .)***

unbrace (un-brās′), ***adj.*** (١) کردنەوە (شتی پێچراوە یا شەتەکدراو)؛ بەند یا پێستە لێکردنەوە (٢) شل کردنەوە؛ خاوکردنەوە.

(٣) بێ هێز کردن؛ بێ تێن کردن.

unbraid (un-brād′), ***v.t.*** خاوکردنەوە (شتی هۆنراوە وەک پرچ)

unbred (un-bred′), ***adj.*** (١) بێ ڕەوشت؛ بەدخوو؛ بەدڕەووشت. (٢) فێرنەکراو؛ ڕانەهێنراو؛ مەشق دانەدراو.

unbridled (un-brī′d'ld), ***adj.*** (١) بێ لغاو؛ بێ ڕەشمە؛ بێ جڵەو. (٢) لغاو نەکراو. (٣) بەرەڵا؛ جڵەو بۆ شل کراو؛ ڕەها؛ بێ سنوور.
(~ enthusiasm)

unbroken (un-brō′k'n), ***adj.*** (١) ساغ؛ نەشکاو (٢) تۆز نەگیراو (نەسپ). (٣) بەردەوام؛ سەرومڕ؛ یەکبڕ. (٤) ڕێک و پێک

unbuckle (un-buk′l), ***v.t.*** پشتێن کردنەوە؛ ئاوزوونە کردنەوە یا ئەوزاندن

unburden (un-bûr′d'n), ***v.t.*** ***(to ~ a mule)*** (١) لێ داگرتن (بار)؛ (٢) لە کۆڵ (خۆ) کردنەوە؛ بار (ی خۆ) سووک کردن؛ نەرک لەسەر شان لابردن.

(٣) دەردی دل بۆ باس کردن و باری خۆ سووک کردن؛ باری خۆ سووک کردن بە دل بۆ هەڵڕشتن. ***(He ~ed his soul to a priest.)***

unbutton (un-but′'n), ***v.t.*** (١) قۆپچە کردنەوە (٢) دەرخستن؛ هەڵماڵین

uncage (un-kāj′), ***v.t.*** بەردان (لە قەفەن)؛ بەرەڵاکردن.

uncalled-for (un-kôld′fôr′), ***adj.*** (١) ناپێویست؛ پێ نەویست. (٢) نابەجێ؛ ناڕەوا.

uncanny (un-kan′i), ***adj.*** (١) سەیر؛ ناشایی؛ تەلیسماوی؛ ناسرووشتی. (٢) زیرە؛ تیژ (ڕێ بەدیی)؛ زۆر چاک؛ لە ئەندازەو سروشت بەدەر.
(~ shrewdness, insight, etc.)
-**uncannily** ***(adv.)***; **uncanniness** ***(n.).***

uncap (un-kap′), ***v.t.*** (١) کڵاو (لەسەر) داکەندن (٢) سەر هەڵپچڕین (شووشە)؛ سەر قەپاغ لێکردنەوە یا لابردن.
(to ~ a bottle)

v.i. شەپقە یا کڵاو بۆ داکەندن لە ڕووی ڕێزلێگرتنەوە.

uncapable (un-kā′pə-b'l), ***adj.*** [Obs.] = **incapable.**

uncaused (un-kôzd′), ***adj.*** هەر لەخۆیەوە بووە؛ بەبێ هۆ بووە.

unceasing (un-sēz′iŋ), ***adj.*** بەردەوام؛ بێ پایان؛ سەرومڕ؛ بێ ووچان؛ یەکبڕ.
-**unceasingly** ***(adv.).***

unceremonious (un´ser-ə-mō′ni-əs), ***adj.*** (١) ناڕەسمی
(an ~ observance of a holiday)
(٢) لەپڕو ناشرین (کردەوە)؛ بێ نەزاکەت؛ ڕێزلێنەگر.
-**unceremoniously** ***(adv.)***; **unceremoniousness** ***(n.).***

uncertain (un-sûr′t'n), ***adj.*** (١) نەزانراو؛ دووبەختی؛ هات‌ونەهات.
(an ~ outcome)
(٢) نامسۆگەر؛ نەبڕاوەتەوە. ***(~ plans)***
(٣) دوودڵ؛ ڕاڕا؛ نادڵنیا؛ گوماندار
(٤) پشت پێ نەبەستراو؛ هەمیشە دەگۆڕێت. ***(~ weather)***
(٥) پێچڕپێچ؛ نابەردەوام؛ ناسەرومڕ؛ ناهەمیشە.

uncertainty (un-sûr′t'n-ti), ***n.*** (١) (ا) گومان. (ب) دوودڵی؛ دڵەڕاوکێ؛ نادڵنیایی. (٢) هات‌ونەهات؛ دووبەختی؛ مەترسی.
(٣) شتێکی نامسۆگەر یا گوماناوی؛ شتێکی دووبەختی یا هات‌ونەهات.

unchangeable (un-chān′jə-b'l), ***adj.*** گۆڕینی بۆ نەیە؛ ناگۆڕێت

uncharitable (un-char′ə-tə-b'l), ***adj.*** نابەخشندە؛ دڵڕەق؛ لێ نەبووردوو.
-**uncharitably** ***(adv.).***

uncharted (un-chär′tid), ***adj.*** نەدۆزراوە؛ نەزانراو؛ بێ نەخشە؛ ڕێ پیادا نەبراو. ***(an ~ territory, field of knowledge, etc.)***

unchaste (un-chāst′), ***adj.*** داوێن پیس.

unchristian (un-kris′chən), ***adj.*** (١) خاچ پەرست نەیە. (٢) بە پێچەوانەی ڕێبازو ڕەفتاری خاچ پەرستێیە. (٣) نامرۆڤانەیە؛ کێوی؛ لە خاچ پەرستان ناوەشێتەوە؛ ناشرین (کردەوە. ڕەفتار)

unchurch (un-chûrch′), ***v.t.*** (١) لە نەندامێتی کڵێسە دەرکردن (٢) پێکهێنانی کڵێسە قەدەغەکردن لە کۆمەڵێک خەڵک.

uncial (un′shi-əl, un′shəl), ***adj.*** تایبەتی بە تیپی ئینچی، واتە گەورە (کە بەکاردەهێنرا لە دەستنووسی یۆنانی و ڕۆمانی کۆندا)
n. (١) تیپێکی ئینچی، واتە گەورە. (٢) دەستنووسی بەم جۆرە تیپە نووسراو.

unciform (un′si-fôrm′), ***adj.*** قۆلاپی؛ سەرچەماوە

uncinal (un′si-n'l), ***adj.*** = **uncinate.**

uncinaria (un´si-nə-rī′ə), ***n.*** = **hookworm.**

uncinariasis (un´si-nə-rī′ə-sis), ***n.*** = **ancylostomiasis.**

uncinate (un′si-nit, un′si-nāt′), ***adj.*** قۆلاپی؛ سەرچەماوە

uncinus (un′si-nəs), ***n.*** شتێکی قۆلاپی یا سەرچەماوە

uncircumcised (un-sûr′kəm-sīzd′), *adj.* (۱) خەتەنە نەکراو (۲) گاور ۳) بت پەرست؛ بێ ئاین.

uncivil (un-siv′l), *adj.* (۱) کێوی؛ ناشارستانی (۲) بێ ئەزاکەت؛ ناشرین؛ بێ ڕەووشت؛ *(~ behavior)* .

uncivilized (un-siv′l-īzd′), *adj.* کێوی؛ ناشارستانی؛ دڕندە.

unclad (un-klad′), *alternative past tense and past-participle of* **uncloth.**

adj. ڕووت؛ ڕووتوقووت.

unclasp (un-klasp′, un-käsp′), *v.t.* (۱) کردنەوە (قوڵفە، ئاوزووە، زنجیر، مستەکۆڵە، چنگ)؛ ترازاندن؛ شل کردنەوە. (۲) لە چنگ دەرهێنان؛ لە دەست کردنەوە یا بەرەڵاکردن

v.i. (۱) کرانەوە؛ شل بوونەوە. (۲) دەست لەیەک دەرهێنان یا کردنەوە؛ چنگ لێک جیاکردنەوە.

unclassified (un-klas′ə-fīd′), *adj.* (۱) پۆل پۆل نەکراو؛ هاوبابەت نەکراو (۲) نانهێنی (هەواڵ، ڕاپۆرت)

uncle (uŋ′k'l), *n.* (۱) ماما؛ خاڵ؛ لالۆ (۲) میزدی پوور (۳) [Colloq.] مام (نازناوی ڕێزە بۆ پیاوی بەتەمەن)؛ مامە. (٤) [Slang] pawnbroker

unclean (un-klēn′), *adj.* (۱) پیس؛ پیس و پۆخڵ؛ چڵکن (۲) چەپەڵ؛ بۆگەن؛ پیس و بۆگەن؛ ناپاک. (۳) داوێن پیس.

uncleanly (un-klēn′li), *adj.* (۱) پیس؛ پیس و پۆخڵ (۲) داوێن پیس؛ ناپاک

-uncleanliness *(n.)*.

uncleanly (un-klēn′li), *adv.* (۱) بە پیس و پۆخڵانە (۲) بە داوێن پیسانە؛ بە ناپاکی‌یانە

unclear (un-klēr′), *adj.* لێل؛ نادیار

unclench (un-klench′), *v.t.* کردنەوە مستەکۆڵە، چنگ، زیزە...)؛ شل کردنەوە؛ ترازاندن *(to ~ one's fists)* .

v.i. کرانەوە؛ کردنەوە؛ شل بوونەوە؛ ترازان.

Uncle Sam, [Colloq.]. مامە ساە نەمەریکا؛ ڕێژەی نەمەریکا

Uncle Tom, مامە تۆم (۱) ناوی قولەپەشێکی چیرۆکێکی نەمەریکی‌یە. (۲) قولەپەشێکی چڵکاوخۆڕو کرێنووش بەر بۆ ڕەگەزی سپی نەمەریکا؛ قولەپەشی نۆکەرو سەرشۆڕ. (۳) چڵکاوخۆڕ؛ نۆکەر؛ سەرشۆڕ؛ کرێنووش بەر

unclinch (un-klinch′), *v.t.* = **unclench.**

uncloak (un-klōk′), *v.t.* (۱) عەبا داکەندن؛ جبە داکەندن (۲) دەرخستن؛ خستنەڕوو؛ هەڵماڵین

unclose (un-klōz′), *v.t.* (۱) کردنەوە. (۲) خستنەڕوو؛ پیشاندان؛ دەرخستن.

unclothe (un-klōth′), *v.t.* ڕووتکردنەوە؛ حل لەبەر داکەندن.

uncoil (un-koil′), *v.t.* خاوکردنەوە؛ ڕەواندنەوە؛ ڕاستکردنەوە.

v.i. خاوبوونەوە؛ ڕەواندنەوە؛ ڕاستبوونەوە

uncomfortable (un-kum′fēr-tə-b'l), *adj.* (۱) ناڕەحەت؛ ناخۆش *(an ~ chair, situation, etc.)* . (۲) بێ ئارام؛ پەست؛ ناڕەحەت

-uncomfortably *(adv.)*.

uncommercial (un'kə-mûr′shəl), *adj.* (۱) لە بازرگانی بەدەر؛ پەیوەندی‌ی بە بازرگانی‌یەوە نەبێ. (۲) لەگەڵ ڕێزەوو پەیڕەوی بازرگانیدا نەگونجاو

uncommitted (un'kə-mit′id), *adj.* بەڵێن نەدەر؛ پەیمان نەدەر؛ بێ پەیوەندی؛ سەربەست ple.

uncommon (un-kom′ən), *adj.* (۱) ناناسایی؛ دەگمەن؛ بە دەگمەن ڕێ کەوتوو. (۲) هەڵکەوتوو؛ سەرنەسا؛ نایاب.

-uncommonly *(adv.)*.

uncommunicative (un'kə-mū′nə-kā'tiv), *adj.* کەم دوو؛ نەدوو؛ بێ دەنگ.

uncomplimentary (un-kom'plə-men′tēr-i), *adj.* سووک (سەرنج)؛ ناشرین؛ لە ڕێز کەمکەرەوە: *(He made some ~ remarks about her.)*

uncompromising (un-kom′prə-mīz'iŋ), *adj.* سەرسەخت؛ کەللەڕەق؛ ڕەق؛ هەڵوێست و بیروڕای خۆی ناگۆڕێت.

unconcern (un'kən-sûrn′), *n.* (۱) بە تەنگەوە نەهاتن؛ بەدەربەستەوە نەهاتن؛ بێباکی. (۲) ناسوودەیی؛ بێ مەراقی؛ بێ خەمی.

unconcerned (un'kən-sûrnd′), *adj.* (۱) بە تەنگەوە نەهاتوو؛ بەدەربەستەوە نەهاتوو؛ بێباک. (۲) بێ خەم؛ بێ مەراق؛ ناسوودە.

unconditional (un'kən-dish′ən-'l), *adj.* (۱) بێ مەرج؛ بێ چەندو چۆن *(an ~ surrender)* . (۲) تەواو؛ بێ مەرج: *(He has her ~ support.)* .

unconditionally (un'kən-dish′ən-'l-i), *adv.* (۱) بێ مەرج؛ بێ چەندو چۆن. (۲) بە تەواوی.

unconditioned (un'kən-dish′ənd), *adj.* (۱) بێ مەرج؛ بێ چەندو چۆن. (۲) زگماکی؛ هەر لە خۆوە نەک بە ڕاهێنان یا فێرکردن *(an ~ reflex)*

unconnected (un'kə-nek′tid), *adj.* (۱) بێ پەیوەندی؛ پچڕاو؛ پێوە نەبەستراو (۲) پچڕپچڕ؛ پەیوەندی بە یەکتری‌یەوە نەیە.

unconquerable (un'koŋ′kēr-ə-b'l), *adj.* نابەزێت؛ نەبەز؛ نابەزێنرێت.

unconscionable (un-kon′shən-ə-b'l), *adj.* (۱) بێ وێژدان؛ ناڕەوا. (۲) لە ئەندازە بەدەر؛ زیادەڕۆ؛ ناپەجێ

-unconscionableness *(n.)*; **unconscionably** *(adv.)*.

unconscious (un-kon′shəs), *adj.* (۱) (ا) بێ گیان؛ بێ هۆش؛ بێ هەست؛ بێ مێشک. (ب) بوروا‌وە؛ لە هۆش خۆ چوو؛ بێ هۆش. (ج) هەست پێ نەکراو؛ پێ نەزانراو؛ بێ ئاگا؛ پێ نەزان: *(He was ~ of his mistake.)* (۲) بەبێ دەسەنقەست؛ لەخۆوە: *(an ~ insult, act, reaction)* (٤) ناهۆشیار؛ هی هەستی شاراوە.

-unconsciously *(adv.)*; **unconsciousness** *(n.)*.

the unconscious, هەستی ناهۆشیار (دەروونناسی)؛ هەستی شاراوە؛ بیرو هۆش و هەست و نەست و حەزی خۆ پێ نەزان.

unconsidered (un'kən-sid′ērd), *adj.* (۱) ڕەچاو نەکراو؛ بایەخ پێ نەدراو؛ حساب بۆ نەکراو. (۲) بیر لێ نەکراوە؛ هەڵەشانە: *(a hasty, ~ remark)*

unconstitutional (un'kon-stə-tōō′shən-'l, un'kon-stə-tū′shən-'l), *adj.* نادەستووری؛ بە پێچەوانەی دەستوور.

-unconstitutionality *(n.)*; **unconstitutionally** *(adv.)*.

uncontrollable (un'kən-trōl′ə-b'l), *adj.* دابێن نەکراو؛ دابێن ناکرێت؛ جڵەوی ناگیرێت؛ ڕانەگیرێت.

unconventional (un'kən-ven′shən-'l), *adj.* نەگونجاو لەگەڵ نەریت و ڕەووشت و ڕێبازی باودا.

-unconventionality *(n.)*; **unconventionally** *(adv.)*.

uncork (un-kôrk′), *v.t.* (۱) تەپەدۆز لێ دەرهێنان؛ کردنەوە (شووشە شەراب). (۲) ئاشکراکردن؛ بەرەڵاکردن؛ سەر لێ لابردن: *(to ~ a secret)* .

un-co-ordinated (un'ko-ôr′də-nā'tid), *adj.* ناڕێک‌وپێک؛ ناتوانێت پێکەوە بە باشی بەکاری بهێنێت (دەست).

uncounted (un-koun′tid), *adj.* (۱) نەژمێراو (۲) بێ شومار؛ لە ژماردن نایەت؛ نێجگار زۆر.

uncouple (un-kup′l), *v.t.* (۱) لێککردنەوە؛ لە یەکتر جیاکردنەوە یا ترازاندن *(to ~ railroad cars)* (۲) بەرەڵاکردن؛ بەردان؛ بەت لە مل کردنەوە (سەگ).

v.i. بەربوون؛ بەرەڵابوون

uncouth (un-kōōth′), *adj.* (١) سەیر؛ نەزانراو؛ نەناسراو؛ [Rare] باو نییە (٢) کەرتێ؛ چوارپێن؛ کێوی؛ بێ نەزاکەت

uncover (un-kuv′ĕr), *v.t.* (١) ناشکر کردن؛ دەرخستن؛ خستنەروو؛ هەڵماڵین (٢) سەر (ڵێ) لابردن؛ ڕووتکردن؛ سەرقاپ لەسەر لادان؛ سەرهەڵدانەوە (٣) کڵاو یا شەپقە لەسەر داکەندن (لە ڕووی ڕێزلێگرتنەوە).

v.i. (١) کڵاو یا شەپقە لەسەر داکەندن (لە ڕووی ڕێزلێگرتنەوە). (٢) سەرقاپ لەسەر لادان؛ سەر (ڵێ) لابردن؛ سەرهەڵدانەوە.

uncovered (un-kuv′ĕrd), *adj.* (١) نەپارێزراو (٢) بێمەی نییە؛ بێ بیمە؛ پاراستنی بیمەی نییە (٣) سەر ڕووت

uncreated (un′krē-āt′id), *adj.* (١) هێشتا دروست نەبووە یا نەهاتووەتە جیهانەوە. (٢) هەر هەبووەو هەر دەبێت؛ هەتا هەتایی؛ لە خۆیەوە هاتووەتە جیهانەوە.

uncross (un-krôs′), *v.t.* قاچ لەسەر قاچ لابردن: *(She ~ed her legs.)*

unction (uŋk′shən), *n.* (١) چەورکردن (بۆ مەبەستی ئایینی یا پزیشکەوانی)؛ ڕۆن لێدان؛ مەڵحەم لێدان. (٢) ڕۆن؛ مەڵحەم. (٣) بەڵسەم؛ شتێکی خۆش بۆ دڵ و گیان یا بۆ لەش. (٤) بەپەرۆشی یا بەجۆشی‌یەکی ڕووڵەت (لە دووانداً).

unctuous (uŋk′chōō-əs), *adj.* (١) چەور؛ ڕۆناوی؛ ڕۆندار. (٢) لووس؛ خڕ (٣) زمان لووس؛ مەڕاییکەر؛ بە ڕووڵەت دڵسۆز.

-unctuously *(adv.)*; **unctuousity; unctuousness** *(n.)*.

uncurl (un′kûrl), *v.t.* ڕاستکردنەوە (شتی لوول وەک قژ).

v.i. ڕاستبوونەوە؛ خاوبوونەوە؛ لوول تێدا نەمان

uncus (uŋ′kus), *n.* نەندامی چەماوە یا قولاپی.

uncut (un-kut′), *adj.* (١) نەبڕاو (٢) پەڕەکانی نەبڕاوە، واتە لەبەک نەکراوەتەوە (پەرتووکی تازە) (٣) بە ڕێک‌وپێکی نەبڕاو (گەوهەر).

(٤) کورت نەکراوەتەوە (پەرتووک، فیلم).

undamped (un-dampt′), *adj.* (١) دڵی سارد نەبووەتەوە. *(Her enthusiasm was ~.)*

(٢) نەوەستاوە (لەڕەی کارەبایی).

undaunted (un-dôn′tid, un-dän′tid), *adj.* چاونەترساو؛ نەبەرد؛ بێباک؛ نازا: *(U~ by failure and misfortune, he kept on.)*

-undauntedly *(adv.)*; **undauntedness** *(n.)*.

undecided (un′di-sīd′id), *adj.* (١) بڕیار (لەسەر) نەدراو؛ نەبڕاوەتەوە (٢) دوودڵ؛ بڕیاری نەداوە.

undefined (un′di-fīnd′), *adj.* دیاری نەکراو.

undemonstrative (un′di-mon′strə-tiv), *adj.* هەستی خۆ پیشان نەدەر؛ نەدوو

undeniable (un′di-nī′ə-b'l), *adj.* (١) بە دڕۆ ناخرێنەوە؛ ڕاست؛ بەڕەچ نادرێتەوە (٢) ڕۆڕباش؛ نایاب

-undeniably *(adv.)*.

under (un′dĕr), *prep.* (١) لەژێر *(His shoes are ~ the bed.)* (٢) لەبن؛ لەخوار؛ لەژێر *(ten feet ~ water)*. (٣) (ا) لەژێرەدست (یلەوپایە)؛ لەخوار. (ب) لەژێر (نرخ)؛ کەمتر. (ج) لەخوار (تەمەن): *(~ age)*. (٤) لە بارودۆخێکی تایبەتیدا: *(He is ~ an anesthetic.; The house is ~ repair.)* (٥) بە ناموزگاری کەسێک: *(He studied music ~ a famous composer.)* (٦) لە چەرخی؛ لەکاتی: *(Literature flourished ~ the new regime.)* (٧) لەژێر؛ لە *(the question ~ discussion)*. (٨) لە؛ لەبەر؛ بەهۆی: *(~ the circumstances)*. (٩) بەگوێرەی؛ بەپێی: *(~ the rules)*

adv. (١) لەژێر؛ لەبن. (٢) لە خوار؛ لەژێردەست. (٣) کەمتر.

adj. (١) ژێرەو؛ هی ژێرەوە. (٢) ژێردەست؛ خواردەست. (٣) کەمتر.

go under, ژێرکەوتن (بازرگانی، کاسبی)؛ بە ناخدا چوون.

under- (un′dĕr), پێشگرێکە بەمانای: (١) ژێر؛ ژێرەوە: *(undershirt)*

(٢) ژێردەست؛ خواردەست. (٣) کەمتر.

underachieve (un′dĕr-ə-chēv′), *v.i.* کەم توانا بوون (لە نیش یا خوێندندا)؛ نازیرەک بوون.

underachiever *(n.)*.

underage (un′dĕr-āj′), *adj.* خوارتەمەن؛ منداڵتر لە هەژدە ساڵ (بۆ دەنگدان یا خواردنەوە)

underarm (un′dĕr-ärm′), *adj.* هی بن باڵ.

n. بن باڵ؛ بن قۆڵ.

underbid (un′dĕr-bid′), *v.t. & v.i.* نرخی کەمتر پێشکەش کردن لە خەڵک (مەزاد).

-underbidder *(n.)*.

underbred (un′dĕr-bred′), *adj.* (١) بێ ڕەوشت؛ بێ نەزاکەت. (٢) ناپەسەن؛ دوورەگ.

underbrush (un′dĕr-brush′), *n.* گژوگیا و بنچکی ژێر درەختی دارستان. (هەروەها: " undergrowth ").

underbuy (un′dĕr-bī′), *v.t.* (١) بە هەرزانتر کڕین لە نرخی خۆی. (٢) بە هەرزانتر کڕین لە خەڵک.

undercarriage (un′dĕr-kar′ij), *n.* (١) چوارچێوەی ژێر ئوتومبیل. (٢) تایەو کەرەسەی نیشتنەوەی فڕۆکە.

undercharge (un′dĕr-chärj′), *v.t.* (١) پارە کەم (یا کەمتر) لێ سەندن: *(The grocer ~s us.)*

(٢) فیشەک کەم تێخستن؛ داگرتنەوە بە گوللەی کەم.

n. (١) فیشەک یا گوللەی کەم لە چەکدا. (٢) کرێ یا پارە کەم سەندن.

underclassman (un′dĕr-klas′mən), *n.* = lowerclassman.

underclothes (un′dĕr-klōz′, un′dĕr-klō*th*z), *n.pl.* جلی-ژێرەوە.

underclothing (un′dĕr-klō*th*′iŋ), *n.* = underclothes.

undercoat (un′dĕr-kōt′), *n.* (١) چاکەتی ژێرەوە. (٢) تووکی کورتی ژێرەوەی گیانەوەر. (٣) چینە سواغ یا بۆیەی ژێرەوە.

v.t. چینێک سواغ یا بۆیەی ژێرەوە لێدان.

undercover (un′dĕr-kuv′ĕr), *adj.* نهێنی؛ پەنهانی؛ سووسەیی: *(an ~ investigation; an ~ agent)*

undercroft (un′dĕr-krôft′, un′dĕr-kroft′), *n.* ژووری-ژێرزەمین (بەتایبەتی هی کڵێسە).

undercurrent (un′dĕr-kûr′ənt), *n.* (١) تەووژمی ژێر ناو؛ تەووژمی شاراوەی ژێر ناو. (٢) هەستو بیروڕای شاراوە (کە دژ بەوەیە کە لەڕووە): *(Although everybody seemed to support the government, there was an ~ of opposition.)*

undercut (un′dĕr-kut′), *n.* (١) بن کەنی. (٢) لەلایەکە لەخوار شوێنی بڕینەوەی درەختێکداو لەو لایەی کە دەویستێ درەختەکەی بۆ بکەوێت (٣) [Chiefly British]، پارچە گۆشتی پشتەمەغزە. (٤) لێدانی ژێر توپ (گۆڵف، تەنس).

adj. بن کەن کراو.

v.t. (١) بن کەن کردن. (٢) لەژێرەوە زیان لێدان. (٣) لەلەکردنی درەختێک لەخوار شوێنی بڕینەوەکەیداو لەو لایەی کە دەویستێ درەختەکەی بۆ بکەوێت. (٤) بە پارەی کەمتر لە خەڵکی تر؛ بە هەرزانتر شت فرۆشتن لە فرۆشیاری تر.

(٥) لەژێری تۆپ دان (گۆلف، تەنس).

v.i. بێ کەس کردن

underdeveloped (un´dēr-di-vel′əpt), ***adj.*** (١) گەشەنەکردوو؛ ناتەواو؛ لە ئاسایی بچووکتر. ***(an ~ muscle, mind, body, etc.)*** (٢) باش نەشۆراوە (وێنە). ***(an ~ picture)*** (٣) دواکەوتوو؛ پەرەنەسەندوو. ***(~ countries)***

underdo (un´dēr-dōō′), ***v.i. & v.t.*** (١) کەم ئەنجام کردن. (٢) کەم کوڵاندن، برژاندن، یا سوورکردنەوە.

(She underdid the meat.)

underdog (un′dēr-dôg´), ***n.*** (١) دۆڕاو، پێشبڕکێ؛ چاوەڕێی دۆڕان لێ کراو. (٢) ژێردەستە؛ بارکەوتوو

underdone (un′dēr-dun´), ***adj.*** نەکوڵاو (بەتایبەتی گۆشت)؛ نەبرژاو؛ نەپوو

underdrawers (un′dēr-drôrz´), ***n.pl.*** دەپێی درێژ، پیاوانە.

underdress (un´dēr-dres′), ***v.i.*** جلی سادەتر لەبەرکردن لە پێویست.

underdressed (un′dēr-drest´), ***adj.*** جلی سادەتر لەبەرکردوو لەوەی کە پێویستە.

underestimate (un´dēr-es′tə-māt´), ***v.t. & v.i.*** (١) بە کەمتر نرخ دانان بە کەمتر هەڵسەنگاندن؛ بە کەمتر قەبڵاندن. (٢) بە سووک داناں بە کەم دانان؛ بە کەمتر دانان؛ بە ئاسان دانان؛

(to ~ an enemy; to ~ a task)

n. قەبڵاندنێکی بە کەم؛ هەڵسەنگاندنێکی بە کەم

-underestimation ***(n.).***

underexpose (un´dēr-ik-spōz′), ***v.t.*** کەم دانەبەر ڕووناکی (فیلمی کامێرا)

underexposure (un´dēr-ik-spō′zhēr), ***n.*** کەم دانەبەر ڕووناکی (فیلمی کامێرا)

underfeed (un´dēr-fēd′), ***v.t.*** (١) خواردن کەم پێدان. (٢) سوونەمەنی لەژێرەوە تێکردن.

underfoot (un´dēr-foot′), ***adv.*** (١) لەژێر پێدا؛ لەسەر زەوی؛ لەژێر دەست‌و پێدا. (٢) ڕێگەی گرتووە؛ لەبەر پێدایە.

adj. (١) لەژێر پێدا؛ لەبەر پێدا؛ لەسەر زەوی. (٢) پێشبڕ؛ پێ پەست؛ پێشێل کراو

underfur (un′dēr-fūr´), ***n.*** تووکی نەرمی ژێرەوەی گیانەوەر

undergarment (un′dēr-gär´mənt), ***n.*** جلی ژێرەوە

undergird (un′dēr-gûrd´), ***v.t.*** شت دانەبەرو بەهێزکردن

undergo (un´dēr-gō′), ***v.t.*** بەسەرداهاتن؛ چەشتن (ناخۆشی)؛ نۆشین. ***(They underwent a lot of suffering.)***

undergraduate (un´dēr-graj′ōō-it), ***n.*** قوتابی زانکۆ کە بۆ بەکالۆریۆس دەخوێنێت).

adj. (١) تایبەتی بە خوێندنی بەکالۆریۆس. (٢) تایبەتی بە پلەی قوتابی بەکالۆریۆس.

undergound (un′dēr-ground′), ***adj.*** (١) ژێرزەمینی. (٢) نهێنی؛ بەنهانی. ***(an ~ organization)***

adv. (١) لە ژێرزەمندا؛ ژێرزەمینی. (٢) بە دزێیەوە؛ بە بەنهانی.

n. (١) ناوچەی ژێر زەمێن (٢) ڕاڕەوی ژێر زەمین؛ جێگەی ژێر زەمین ***(He worked in the ~ of France.)*** (٣) ڕێکخراو یا حیزبی نهێنی. (٤) [British] شەمەندەفەری ژێر زەمین؛ هێڵی ئاسنی ژێر زەمین. (کورتەیە بۆ " underground railway ")

underground railroad, ڕێگەی ئاسنی ژێر زەمین؛ شەمەندەفەری ژێر زەمین. (هەروەها " underground railway ").

undergrown (un′dēr-grōn´), ***adj.*** بچووک؛ لە ئاسایی بچووکتر.

undergrowth (un′dēr-grōth´), ***n.*** (١) underbrush.

(٢) undercoat # 2 (٣) بچووکی؛ لە ئاسایی بچووکتر بوون.

underhand (un′dēr-hand´), ***adj.*** (١) بە دەست کراو لە ژێرەوە. (٢) نهێنی؛ دزێ؛ بەنهانی؛ چەوت؛ لە ژێرەوە؛ فێڵباز؛ زۆڵ.

adv. (١) بە دەست کراوە لە ژێرەوە (٢) بە نهێنی؛ بە بەنهانی؛ بە فێڵبازی؛ لە ژێرەوە؛ بە زۆڵانە.

underhanded (un′dēr-han′did), ***adj.*** (١) نهێنی؛ چەوت؛ دزێ؛ لە ژێرەوە (بە نیازی فێڵ‌و گێژی کردنەوە): ***(an ~ operation, move, act, etc.)*** (٢) کرێکاریان کەمە؛ یارمەتیەریان کەمە.

-underhandedly ***(adv.)***; **underhandedness** ***(n.).***

underhung (un′dēr-huŋ´), ***adj.*** (١) دەرپۆقیو (کاژێری خوارەوە)؛ داکەوتوو (٢) کاژێر دەرپۆقیو یا داکەوتوو. (٣) بە ژێرپەوە هەڵواسراوە (٤) لەسەر هێڵی ئاسن وەستاوە یا دێت‌و دەچێت.

underlaid (un′dēr-lād´), ***adj.*** (١) خراوەتە ژێری؛ لە ژێردا دانراوە. (٢) پاڵپشتی لەژێردایە؛ بەرزکراوەتەوە یا ڕاگیراوە بە شتێک.

underlay (un′dēr-lā´), ***n.*** (١) پارچەیەک کاغەزە دەخرێتە ژێر تیپی چاپنووسەوە بۆ بەرزکردنەوەی. (٢) ڕاخەری ژێر بەرەو فەرش (وەک حەسیر... هتد).

v.t. (١) شت خستنەژێر بۆ پاڵپشت یا بەرزکردنەوە. (٢) ژێر داپۆشین (٣) بەرزکردنەوە یا پاڵپشت کردن بە شت خستنەژێر.

underlay (un′dēr-lā´), *past tense of* **underlie.**

underlet (un´dēr-let′), ***v.t.*** (١) بە هەرزانتر بە کرێدان لە کرێی ئاسایی. (٢) sublet.

underlie (un´dēr-li′), ***v.t.*** (١) لەژێردا بوون. (٢) بوون بە بناغە بۆ؛ بنچینە بوون بۆ: ***(ideas ~ing the revolution; Many facts ~ my decision.)*** (٣) [Obs.]، خوارتر بوون لە (پلەوپایە، گرنگی)؛ نزمتر بوون لە (٤) لەپێشتر بوون؛ ماف زیاتر بوون لە (دارایی)؛ گرنگتر بوون لە. ***(This claim ~s that.)***

underline (un′dēr-lin´), ***v.t.*** (١) هێڵ بە ژێردا هێنان (ووشە، ڕستە). (٢) دووپاتکردنەوە (لەبەر گرنگی): ***(to ~ a point in a discussion)***

n. هێڵی بە ژێردا هێنراو (بۆ سەرنج ڕاکێشان‌و گرنگی دەرخستن).

underling (un′dēr-liŋ), ***n.*** بەردەست؛ نۆکەر؛ چێلکاروخۆر؛ ژێردەست؛ خواردەست.

underlip (un′dēr-lip´), ***n.*** لچ

underlying (un′dēr-lī´iŋ), ***adj.*** (١) هی ژێرەوە؛ لەژێر. (٢) بنچینەیی؛ بناغەیی. (٣) نادیار؛ لێڵ؛ ناناشکرا (٤) لەپێشتر (ماڤی دارایی)؛ گرنگتر؛ بەرتر.

undermine (un′dēr-mīn´), ***v.t.*** (١) بن کەن کردن؛ لەغەم لێدان لە ژێرەوە. (٢) بن کەن کردن‌و ڕووخاندن؛ تێکدان؛ هەڵوەشاندن: ***(Water ~d the stone foundation.)*** (٣) (ا) زیان لێدان (بە دزێیەوە)؛ هەوڵی ڕووخاندن دان (بە نهێنی)؛ لاوازکردن: ***(They are ~ing the president's authority.)*** (ب) وورده ووردە لاوازکردن؛ زیان لێدان؛ تێکدان: ***(Drink is ~ing his health.)***

undermost (un′dēr-mōst´), ***adj.*** ژێرترین؛ خوارترین.

underneath (un´dēr-nēth′, un´dēr-nēth′), ***adv.*** (١) لەژێر؛ لەبن. (٢) لە دیوی ژێرەوە.

prep. (١) لەژێر؛ لەخوار. ***(Write the date ~ the address.)*** (٢) لەژێر دەسەڵات یا ڕکێفدا؛ خواردەست؛ ژێردەست

adj. لەژێر؛ لەخوار؛ ژێر

n. دیوی ژێرەوە؛ لای خوارو

undernourish (un´dēr-nûr′ish), ***v.t.*** خواردن کەم پێدان؛ گەندە خواردەمەنی پێدان.

-undernourished ***(adj.).***

undernourishment (un´dĕr-nûr′ish-mənt), *n.* بەدخۆری؛ کەم خۆراکی؛ گەندەخۆری؛ شتی باش نەخواردن.

underpants (un′dĕr-pants´), *n.pl.* دەرپێ

underpass (un′dĕr-pas´, un′dĕr-päs´), *n.* ڕێگەی ژێر پرد؛ ڕێگەی ژێر ڕێگەی بەرزی تر یا ژێر هێڵی شەمەندەفەر.

underpay (un´dĕr-pā′), *v.t.* کرێ کەم دان؛ کرێ کەمتر پێدان لە خەڵک.

underpin (un′dĕr-pin´), *v.t.* (١) بنچینەی دیوارو خانوو بەهێزکردن؛ دارو کۆڵەکەو بەرد دانەبەر دیوار؛ پتەوکردن. (٢) پاڵپشتی کردن؛ لایەنگیری کردن؛ پشت گرتن.

underpinning (un′dĕr-pin´iŋ), *n.* (١) بنچینە؛ کۆڵەکە دارو بەردی دیوار ڕاگیرکەر؛ چوارچێوەی ڕاگیرکەر. (٢) پاڵپشت؛ ڕاگیرکەر؛ پشتگیر (٣) (*pl.*) جلی ژێرەوە (وەک هی ژێر تەنوورە، بۆ ڕاگرتنی بە جوانی، یا هی وەرزشکار بۆ پاراستنی). (٤) (*pl.*) [Colloq.]، هەردوو لاق.

underplay (un′dĕr-plā´), *v.t. v.i.* (١) خوەواندن لەسەر شانۆ بەپێ بەر بۆ خۆ بەرەڵاکردن. (٢) لەسەر کەمتر یاری کردن یا قومارکردن.

underplot (un′dĕr-plot´), *n.* لقە چیرۆک چیرۆکی ناسەرەکی شانۆنامە یا چیرۆک‌و داستان

underprivileged (un′dĕr-priv′ə-lijd), *adj.* دەستکورت؛ داماو؛ هەژار؛ بێ دەرامەت.

the underprivileged, فەقیرو هەژاران.

underproduction (un´dĕr-prə-duk′shən), *n.* بەرهەم کەمی

underproof (un′dĕr-prōōf′), *adj.* ڕادەی کحول کەمترە لە خواردنەوەی مەستکەری تر

underprop (un´dĕr-prop′), *v.t.* لەژێرەوە شت دانەبەر (بۆ پاڵپشتی)؛ ڕاگرتن

underquote (un′dĕr-kwōt´), *v.t.* نرخی کەمتر بێ ووتن لە نرخی ناسایی یا لە خەڵکی تر

underrate (un′dĕr-rāt´), *v.t.* = **underestimate.**

underrun (un′dĕr-run´), *v.t.* بە ژێردا ڕۆیشتن.

n. شتی بە ژێردا ڕۆیشتوو (وەک جۆگە)

underscore (un′dĕr-skôr´, un′dĕr-skōr´), *v.t.* & *n.* **underline.**

undersea (un′dĕr-sē´), *adj.* هی ژێر دەریا؛ بۆ ژێر دەریا کراو؛ لەژێر دەریادا ڕووداو. (هەروەها " **underseas** ").

undersecretary (un′dĕr-sek′rə-ter´i), *n.* جێگری وەزیر؛ وەکیلی وەزارەت؛ یاریدەدەری وەزیر: *(~ of State)* .

undersell (un´dĕr-sel′), *v.t.* (١) بە هەرزانتر فرۆشتن (لە خەڵک)؛ بە کەمتر فرۆشتن *(He ~s his competitors.)* .

(٢) بە هەرزانتر فرۆشتن لەو پارەیەی تێی چووە

undersexed (un′dĕr-sekst´), *adj.* نارەزووی جووت بوونی کەمەو؛ سارد؛ حەز لە گان نەکەر.

undershirt (un′dĕr-shûrt´), *n.* فانیلەی ژێرەوە

undershoot (un′dĕr-shoōt´), *v.t.* (١) گوللە تەقاندن بە جۆرێک کە نەگاتە نیشانەکەی یا لەژێردا بنیشێتەوە؛ مووشەک هاویشتن بە هەمان شێوە. (٢) نیشتنەوەی فڕۆکە پێش فڕۆکەخانە.

undershot (un′dĕr-shot´), *adj.* (١) ددانی پێشەوەی خوارەوە دەرپۆقیو (٢) کاژێری خوارەوە دەرپۆقیو. (٣) بە ئاوی ژێرەوەی دەخولێنەوە (چەرخی ئاو).

undershrub (un′dĕr-shrub´), *n.* بنچک؛ بنچک‌و گڕوگیای ژێر دارەخت؛ دەوەن

underside (un′dĕr-sīd´), *n.* دیوی ژێرەوە

undersign (un′dĕr-sīn´), *v.t.* لە دامێنەوە نیمزاکردن (بەڵگەنامە)؛ نامە؛ مورکردن

undersigned (un′dĕr-sīnd´), *adj.* (١) لە دامێنەوە نیمزاکراو (٢) لە دامێنەوە نیمزاکردوو.

the undersigned, لە دامێنەوە نیمزاکەر؛ نیمزاکەران.

undersized (un′dĕr-sīzd′), *adj. Also* **undersize,** بچووکتر لە ناسایی؛ بچووک.

underskirt (un′dĕr-skûrt´), *n.* ژێرکراس؛ تەنوورەی ژێرەوە.

undersoil (un′dĕr-soil´), *n.* خاکی ژێر چینی سەرەوە.

understand (un´dĕr-stand′), *v.t.* (١) تێگەیشتن. (٢) سەر لێ دەرکردن؛ ڕێ پێ بردن؛ سەر لێ دەرچوون. (٣) وادانان. (٤) لێکدانەوە. (٥) پێ وابوون؛ وازانین. (٦) بیستن؛ ئاگاداربوون؛ هەواڵ پێ گەیشتن.

v.i. (١) تێگەیشتن. (٢) وازانین؛ بیستن؛ بڕوا وابوون: *(I ~ she is no longer working here.)*

-understandable *(adj.)*; **understandably** *(adv.).*

understanding (un´dĕr-stan′diŋ), *n.* (١) تێگەیشتن. (٢) زیرەکی؛ توانای تێگەیشتن؛ مێشک. (٣) شێوەی تێگەیشتن؛ بۆچوون؛ لێکدانەوە: *(This is my ~ of the matter.)* (٤) ڕێکەوتن: *(The two countries have come to an ~ over that issue.)*

adj. (١) تێگەیشتوو؛ تێگەییو؛ بژان؛ زانا. (٢) هاوسۆز؛ بە بەزەیی: *(He is kind and ~.)* .

understate (un′dĕr-stāt´), *v.t. & v.i.* بە کەمەوە باس کردن؛ بە کەمترو ناگرنگتر دەربڕین لەوەی کە هەڵدەگرێت؛ لە گرنگی و مەترسی و پاستی (مەسەلەیەک) کەمکردنەوە: *(They exaggerate the enemy's losses and ~ their own.)*

understatement (un′dĕr-stāt´mənt), *n.* بە کەمەوە باس کردن؛ ووتەیەکە کە بە کەمترو ناگرنگتر مەسەلەیەک دەردەبڕێت لەوەی کە دەهێنێت

understood (un´dĕr-stood′), *past tense and past-participle of* **understand.**

adj. (١) لەسەر ڕێکەوتوو. (٢) دەرنەبڕاوە بە ناشکرا، بەڵام وا دەگەیەنێ و خەڵک وای تێگەیشتووە.

understrapper (un′dĕr-strap´ĕr), *n.* = **underling.**

understudy (un′dĕr-stud´i), *n.* (١) جێگری نوێنەر: کەسێکە خۆی ئامادە دەکات بۆ جێگرتنەوەی نوێنەرێکی شانۆ ئەگەر پێویست بکات (٢) بڕیکار؛ جێگر؛ کەسێکە کە ئیشوکاری کەسێکی تر فێر دەبێت بۆ جێگرتنەوەی ئەگەر پێویست بکات.

v.t. & v.i. (١) جێگرتنەوەی کەسێک بە سەردەمی. (٢) ئیشوکاری کەسێک فێربوون بۆ جێگرتنەوەی لە ناکاودا بۆ ماوەیەک.

undersurface (un′dĕr-sûr´fis), *n.* دیوی ژێرەوە؛ ژێرەوەی.

undertake (un´dĕr-tāk′), *v.t.* (١) پێ هەڵسان؛ هەڵسان بە کارێک؛ کردن (بەتایبەتی کارێکی گران): *(to ~ a piece of work, task, etc.)* (٢) گرتنەئەستۆ؛ گرتنەدەست. (٣) بەڵێن دان؛ پەیمان دان. (٤) [Obs.]، بەرەنگاربوون؛ پووبەروو وەستان بۆ جەنگ.

v.i. (١) [Archaic] گرتنەئەستۆ؛ گرتنەدەست؛ بەڵێن دان بە کردنی کارێک. (٢) [Colloq.]، ئیشوکاری مردوونێژی کردن؛ مردوو ناشتن.

undertaker (un′dĕr-tāk´ĕr), *n.* (١) کارگێڕ؛ کارکەر. (٢) مردوونێژ (بە پیشە)؛ مردووشۆر.

undertaking (un′dĕr-tāk´iŋ), *n.* (١) کار؛ کاری گران؛ ئەرک؛ ئیشێکی قورس؛ پرۆژە (٢) بەڵێن؛ پەیمان. (٣) پیشەی مردوو شۆردن‌و ناشتن؛ کفن‌و دفن کردن. (٤) شت گرتنەئەستۆی خۆ؛ شت گرتنەدەست.

undertenant (un′dĕr-ten´ənt), *n.* = **subtenant.**

under-the-counter, بە دزێیەوە فرۆشراو یا کڕراو (بەتایبەتی شتی دەست نەکەوتوو)؛ قاچاخ: *(~ sale of drugs)* .

(ووشەی دوایش ببینە).

under-the-table, لە ژێرەوە دراو یا وەرگیراو (کرێ)؛ بە دزێیەوە فرۆشراو یا کڕاو: *(He was paid ~ for the work he did.)*

(ووشەی پێشوو ببینە).

undertone (un′dēr-tōn′), *n.* (١) دەنگی نزم. (٢) شتێکە دەنگی نزمی پێ کرابێت. (٣) ڕەنگی کاڵ (بەتایبەتی لەگەڵ چەند ڕەنگێکی تردا). (٤) نیشانەی شتێک یا بارودۆخێکی شاراوە: *(There was an ~ of horror.)*

undertook (un′dēr-took′), *past tense of* **undertake.**

undertow (un′dēr-tō′), *n.* تەوژمی ژێر ئاو؛ ژێر تەوژم: تەووژمێکی قایمە لە ژێرو بە پێچەوانەی تەوژمی سەرەوەی ئاوەوە. (ئەم تەوژمە بەرەو دەریایە دڕێ شەپۆڵی ئاو کە بەرەو ووشکانی دەشکێتەوە). (هەروەها " **undercurrent** " ببینە).

undervalue (un′dēr-val′ū), *v.t.* (١) نرخ بە کەم دانان؛ بە کەمتر هەڵسەنگاندن یا قەبڵاندن (لە نرخی ڕاستی)؛ کەمتر بایەخ پێدان. (٢) بە سووک تەماشاکردن؛ نرخ نەزانین؛ ڕێز نەگرتن؛ بە کەم دانان. (٣) نرخ شکاندن؛ نرخ کەمکردنەوە.

-undervaluation *(n.).*

undervest (un′dēr-vest′), *n.* [British]. = **undershirt.**

underwater (un′dēr-wô′tēr), *adj.* (١) ژێرئاو؛ هی ژێرئاو. (٢) لە ژێرئاودا؛ بەکارهێنراو.

under way, (١) دەستی پێ کراوە؛ کەوتووەتە گەڕ؛ لەگەڕدایە (٢) بەڕێوەلمە (پرۆژە، کار).

underwear (un′dēr-wâr′), *n.* دەرپێ؛ جلی ژێرەوە.

underweight (un′dēr-wāt′), *adj.* سووک

n. سووکی.

underwent (un′dēr-went′), *past tense of* **undergo.**

underwing (un′dēr-wiŋ′), *n.* (١) باڵی بچووکی دواوەی جانەوەری وەک پەپوولە (٢) جانەوەرێکی وەک پەپوولەیە باڵی بچووکی ڕەنگاوڕەنگی لە دواوە هەیە

underwood (un′dēr-wood′), *n.* = **underbrush.**

underworld (un′dēr-wûrld′), *n.* (١) [Archaic] زەمین؛ سەرزەمین (٢) ژێرزەمین (٣) دۆزەخ؛ جیهانی مردووان کە لە ژێر زەمینداید (ئەفسانەی یۆنانی و ڕۆمانی). (٤) دیوی نەدیوی زەمین. (٥) (أ) بەشی تاوانکاری و خراپەکاری و داوێن پیسی کۆمەڵ (ب) تاوانکاران و خراپەکاران؛ ئەوانەی پیشەیان تاوانکاری و خراپەیە.

underwrite (un′dēr-rīt′), *v.t.* (١) لە ژێرەوە نووسین (بەتایبەتی لەژێر نووسراوێکی ترەوە لە ڕووی پەسەندکردنەوە). (٢) لە ئامێنەوە ئیمزاکردن. (٣) بەڵێن دان بە پارە دان (بە ئیمزاکردنی بەڵگەنامەیەک). (٤) دەستەبەری کردنی بەش و قەوارەی دارایی کڕین بە نرخێکی تایبەتی (پارەبازی). (٥) پەسەندکردن؛ مۆرکردن؛ ئیمزاکردن. (٦) بەڵێن دان بە پشتگیری کردنی پرۆژەیەک بە پارە. (٧) بیمەکردن.

v.i. بیمەکردن (کارگێڕی کۆمپانیای بیمە).

underwriter (un′dēr-rit′ēr), *n.* (١) بیمەکەر کارگێڕی کۆمپانیای بیمە یا کۆمپانیاکە خۆی (٢) دەستەبەری قەوارەی دارایی و بەشی کۆمپانیای هاوبەشی (پارەبازی).

undeservedly (un′di-zûr′vid-li), *adv.* بە ناڕەوا؛ بە ناڕەوایانە.

undesigning (un′dI-zīn′iŋ), *adj.* ڕاست؛ پاک؛ بێ پێچ و پەنا؛ بێ ئایر و نەخش.

undesirable (un′di-zīr′ə-b'l), *adj.* ناپەسەند؛ بێ بەرەو؛ ناڕەبار؛ ناخۆش.

n. کەسێکی ناپەسەند یا لەناڕەبار

-undesirability *(n.).*

undetermined (un′di-tûr′mind), *adj.* (١) بڕیار نەدراو؛ نەبڕاوەتەوە (٢) نەزانراو (ژمارە یا ڕادەی شتێک): *(an - number of dead and wounded)*

undid (un-did′), *past tense of* **undo.**

undies (un′diz), ***n.pl.*** [Colloq.], دەرپێی ژنو منداڵ؛ جلی ژێرەوەی ژنو منداڵ

undignified (un-dig′ə-fīd′), *adj.* بێ شکۆ؛ سووک؛ ناشرین.

undiminished (un′də-min′isht), *adj.* کەم نەبووەتەوە.

undirected (un′də-rek′tid, un′dī-rek′tid), *adj.* (١) ڕابەری نەکراو؛ بێ ڕابەر. (٢) بێ ناونیشان (نامە).

undisciplined (un-dis′ə-plind′), *adj.* لاسار؛ دابین نەکراو؛ بەرەڵا.

undisguised (un′dis-gīzd′), *adj.* لەڕوو؛ ئاشکرا؛ هەڵمانراو؛ نەشاراوە.

undisposed (un′dis-pōzd′), *adj.* (١) (~ of) نەبڕاوەتەوە؛ بڕیار لەسەر نەدراو. (٢) بێ مەیل؛ بێ ئارەزوو؛ حەز پێ نەکەر

undo (un-dōō′), *v.t.* (١) کردنەوە (قۆپچە، گرێ، قەیتان)؛ ترازاندن؛ شل کردنەوە. (٢) کردنەوە (دەرگا، پرياسکە). (٣) هەڵوەشاندنەوە؛ سڕینەوە؛ پووچ کردنەوە (٤) بە ناخدا بردن؛ نشوستی پێ هێنان؛ ڕووخاندن؛ نەهێشتن؛ تێکدان؛ وێران کردن (٥) [Obs.]، ڕوونکردنەوە؛ لێکدانەوە

undoing (un-dōō′iŋ), *n.* (١) هەڵوەشانەوە؛ پووچ کردنەوە؛ پووچ بوونەوە؛ سڕینەوە (٢) (أ) بەناخداچوون؛ ڕووخاندن؛ وێران کردن؛ نشوستی پێ هێنان؛ تێکدان. (ب) بەناخداچوون؛ ڕووخان؛ وێران بوون؛ نشوستی هێنان؛ تێکچوون. (٣) هۆی بە ناخدا چوون، وێران بوون، تێکچوون، یا ڕووخان.

undone (un-dun′), *past participle of* **undo.**

adj. (١) تێکدراو؛ وێران کراو؛ بەناخداچوو؛ وێران؛ ڕووخاو. (٢) هەڵوەشاو؛ کراوە؛ ترازاو

undone (un-dun′), *adj.* تەواو نەکراو؛ تەواو نەبوو

undoubted (un-dout′id), *adj.* ڕاستەقینە؛ گومانی تێدا نییە؛ ناکۆکی لەسەر نییە *(He is the ~ leader of his people.)*

undoubtedly (un-dout′id-li), *adv.* بێ گومان.

undraw (un-drô′), *v.t. & v.i.* هەڵدانەوە (پەردە)؛ کردنەوە: *(U~ the curtains.)*

undress (un-dres′), *v.t.* (١) ڕووتکردنەوە؛ جل لەبەر داکەندن. (٢) هەڵماڵین؛ ڕووکەش کێ لابردن (٣) سارغی لە برین کردنەوە

v.i. خۆ ڕووتکردنەوە؛ جل لەبەر خۆ داکەندن.

n. (١) کراسی دەڤ. (٢) جل وبەرگی ئاسایی. (٣) ڕووتی؛ ڕووتنتی

undressed (un-drest′), *adj.* (١) (أ) ڕووت؛ ڕووتوقووت. (ب) نیمچە ڕووت. (٢) خۆش نەکراو (پێستە): *(~ hides)*. (٣) نەپێچراو (برین): *(an ~ wound)*

undue (un-dōō′, un-dū′), *adj.* (١) کاتی دانەوەی نییە یا نەهاتووە (قەرز). (٢) نابەجێ؛ نێجگار زۆر؛ لە ڕادە بەدەر: *(paying ~ attention to someone; ~ worry, anxiety, etc.)* (٣) ناڕەوا؛ نایاسایی *(~ use of power)*.

undulant (un′joo-lənt, un′doo-lənt), *adj.* شەپۆڵی؛ شەپۆڵدەرەوە.

undulant fever, تای مالتە؛ تای شەپۆڵی: نەخۆشیەکە دەبێتە هۆی نۆرە تا و سپڵ ئاوسان و ئارەق کردنەوەو ئازاری جومگەو ماسوولکە لە شێرەوە دادەکەوێت. (پێشی دەوترێ: " **Malta (or Mediterranean) fever** ").

undulate (un′joo-lāt′, un′doo-lāt′), *v.t.* وەک شەپۆل لێکردن؛ بەرزو نزم کردنەوە.

v.i. (١) شەپۆلدان؛ بەرزو نزم بوونەوە؛ پێچاوپێچ کردن. (٢) لە شەپۆل چوون

adj. شەپۆلی؛ شەپۆلدەرەوە.

undulation (un´joo-lā′shən), *n.* (۱) شەپۆلدانەوە؛ بزوانی پێچاوپێچی (وەک مار) (۲) قەراغی شەپۆل یا بەرزو نزم (وەک هی هەندێ گەلا) (۳) پل دان؛ دل لێدان (٤) شەپۆلدانەوەی ڕووناکی و دەنگ (فیزیا)

undulatory (un′joo-lə-tôr´i, un′doo-lə-tō´ri), *adj.* (۱) شەپۆلی؛ شەپۆ ئاسایی. (۲) شەپۆلدەرەوە

unduly (un-dōō′li, un-dū′li), *adv.* (۱) لە ڕادە بەدەر؛ نابەجێ؛ *(You are ~ harsh with her.)* تێبگەر زۆر. (۲) بە ناڕەوا؛ بە نایاسایی

undutiful (un-dōō′ti-fəl, un-dū′ti-fəl), *adj.* بێ گوێ؛ هەست بە ئەرکی سەرشانی خۆ نەکەر؛ سەرپێچ؛ یاخی.

undying (un-dī′iŋ), *adj.* . *(~ love)* ئەمر؛ هەتا هەتا؛ هەمیشەیی؛

unearned (un-ûrnd′), *adj.* (۱) بە هەوڵ و کۆشش دەست نەکەوتوو؛ بەبێ زەحمەت دەست کەوتوو؛ *(~ income)* . (۲) ناشایستە

unearned increment, زیادەی بە هەوڵ و کۆشش دەست نەکەوتوو؛ بەرزبوونەوەی نرخی خانو و زەوی وزار بێ زەحمەت دان و پارە تێدا خەرج کردنی خاوەنەکەی بەڵکو بەهۆی بڕەو سەندنی ناوچەکەوە

unearth (un-ûrth′), *v.t.* (۱) لە ژێر خاک دەرهێنان. (۲) دۆزیەوە؛ خستەڕوو؛ دەرخستن؛ هەڵماڵین *(The lawyer ~ed some new evidence.)*

unearthly (un-ûrth′li), *adj.* (۱) لە سرووشت بەدەر؛ نازەمینی؛ *(an ~ scream)* (۲) ترسناک؛ سەیرو ناسرووشتی؛ تۆقێنەر؛ *(She woke me up at an ~ hour.)* . (۳) بێ هەتا؛ ناتاسایی

-unearthliness *(n.).*

uneasy (un-ē′zi), *adj.* (۱) بێ ئاسوودە؛ ناتاسوودە؛ بێ ئارام؛ *(The farmers were ~ until the crop was in.)* . دڵەڕاوکێ بەتی *(an ~ calm, peace, etc.)* (۲) شڵۆق؛ ناسک؛ *(He is ~ with strangers.)* (۳) ناڕەحەت

-uneasily *(adv.)*; **uneasiness** *(n.).*

uneducated (un-ej′oo-kā´tid), *adj.* نەخوێندەوار؛ چاونەکراوە

unemployable (un´im-ploi′ə-b'l), *adj.* ئیشی ناکرێتێ؛ ئیشی پێ ناکرێ.

n. کەسێکی ئیشێ پێ نەکراو یا نەدراو.

unemployed (un´im-ploid′), *adj.* (۱) بێ ئیش؛ بێکار؛ بەتاڵ *(~ workers)*

(۲) بەکارنەهێنراو (کەرەسە، ئامێر)؛ لە ئیش خراو

n. کەسێکی بێ ئیش

the unemployed, بێکاران؛ خەڵکی بێ ئیش.

unemployment (un´im-ploi′mənt), *n.* بێ ئیشی؛ بێکاری؛ بەتاڵی

unemployment compensation, موچەی کرێکارو موچە-خۆری بێ ئیش؛ ئەو پارەیەیە کە هەر دوو هەفتە جارێک وەزارەتی کار بۆ ماوەیەکی تایبەتی مەرج دەیدات بەو موچەخۆرو کرێکارانەی ئیشیان نەماوە.

unending (un-en′diŋ), *adj.* بێ پایان؛ دوایی نەهاتوو.

unenlightened (un´in-līt′nd), *adj.* چاونەکراوە؛ نەزان؛ مێشک نەکراوە

unenthusiastic (un´in-thoo´zi-as′tik), *adj.* دل سارد؛ سارد؛ هەز پێ نەکەر

unequal (un-ē′kwəl), *adj.* (۱) ناهاوتا؛ نابەرامبەر؛ لاسەنگ؛ لارەسەنگ. (۲) ناپەک؛ (۳) نایەکسان؛ ناهاوشێوە؛ ناچوونیەک. (٤) *(~ to ...)* نەشیاو؛ لێ نەهاتوو؛ دەرەقەت نەهاتوو؛ *(She proved ~ to the job.)*

(٥) ناڕەوا؛ نایەکسان؛ ناهەق

n. کەسێکی بڵە خوارتر یا نزمتر

-unequally *(adv.).*

unequaled, unequalled (un-ē′kwəld), *adj.* بێ هاوتا؛ بێ وێنە؛ نایاب.

unequivocal (un´i-kwiv′ə-k'l), *adj.* ڕێک‌وڕەوان؛ ڕاست‌و ڕەوان؛ یەک لا؛ دیار؛ ڕوون؛ بێ پێچ‌و پەنا؛ *(an ~ answer)* .

-unequivocally *(adv.).*

unerring (un-ûr′iŋ, un-er′iŋ), *adj.* (۱) بێ هەڵە؛ هەڵەنەکەر (۲) ڕاست؛ تەراو؛ وورد

unessential (un´i-sen′shəl), *adj.* ناپێویست.

n. شتێکی ناپێویست.

uneven (un-ē′vən), *adj.* (۱) ناڕێک؛ چاڵوچۆڵاوی؛ بەرزونزماوی؛ ناتەخت؛ ناهەموار؛ ناساف؛ زبر. (۲) ناهاوڕێک؛ نابەرامبەر؛ چەوت. (۳) ناهاوتا؛ لاسەنگ؛ لارەسەنگ (٤) جیا؛ هەمووی وەک یەک باش نەبیە؛ لاسەنگ؛ *(an ~ performance; ~ work)*

(٥) [Rare]، نایەکسان؛ ناڕەوا. (٦) تاک (ژمارە) (وەک: ۳، ۷، ۱۱ ... هتد).

-unevenly *(adv.)*; **unevenness** *(n.).*

uneventful (un´i-vent′fəl), *adj.* هیچی گرنگ تێدا ڕوونەداو؛ *(an ~ day, week, trip, etc.)*

-uneventfully *(adv.)*; **uneventfulness** *(n.).*

unexampled (un´ig-zam′p'ld), *adj.* بێ وێنە؛ وێنەی لەوەو پێش نەبینراوە.

unexceptionable (un´ik-sep′shən-ə-b'l), *adj.* بێ گەرد؛ هیچ ڕەخنە هەڵناگرێت.

unexceptional (un´ik-sep′shən-'l), *adj.* (۱) ئاسایی؛ ناتاسایی نەبیە (۲) بەبێ جیاوازی.

unexpected (un´ik-spek′tid), *adj.* کوتوپڕ؛ چاوەڕوان نەکراو.

unexpectedly (un´ik-spek′tid-li), *adv.* لەناکاو؛ کوتوپڕ.

unexpressive (un´ik-spres′iv), *adj.* (۱) توانای هەستو بیروباوەڕ دەربڕینی نەبیە؛ *(a bland and ~ person)* . (۲) [Obs.]، دەرنابڕێت؛ ناتوانێت دەربڕێت.

unfailing (un-fāl′iŋ), *adj.* (۱) پشت پێ بەستراو؛ هەمیشەیی؛ *(an ~ friend; an ~ source of electric power)*

(۲) بێ پایان؛ دوایی نەهاتوو؛ لە بن نەهاتوو؛ *(~ resources)* (۳) هەڵەنەکەر؛ هەمیشە ڕاست؛ *(an ~ guide, indication, etc.)*

unfair (un-fâr′), *adj.* (۱) ناڕەوا؛ ناهەموار؛ نایەکسان؛ *(an ~ law)* . (۲) چەوت؛ ساختە؛ ناپاک؛ *(~ means, business practices, etc.)* .

-unfairly *(adv.)*; **unfairness** *(n.).*

unfaithful (un-fāth′fəl), *adj.* (۱) نادڵسۆز؛ ناپاک

(۲) ناتەواو؛ نادەقاودەق؛ ناڕاست.

(۳) داوێن پیس؛ ناپاک لەگەڵ ژن یا مێردی خۆدا

(٤) [Obs.]، بێ ئایین؛ خوانەناس؛ کافر.

-unfaithfully *(adv.)*; **unfaithfulness** *(n.).*

unfamiliar (un´fə-mil′yēr), *adj.* (۱) نەبیستراو؛ نەبینراو؛ نەزانراو؛ نەناسراو؛ تازە. (۲) نەشارەزا؛ نەزان؛ *(He is ~ with tools.)*

-unfamiliarity *(n.).*

unfasten (un-fas′'n, un-fäs′'n), *v.t.* کردنەوە؛ ترازاندن؛ شل کردنەوە.

v.i. کرانەوە؛ ترازان؛ شل بوونەوە

unfathered (un-fä′*th*ērd), *adj.* (۱) (ا) بێ باوک (ب) زۆڵ؛ ناکەس؛ ناکەس بەچە. (۲) دانەرەکەی نەزانراوە؛ سەرچاوەکەی نەزانراوە؛ *(~ tales)*

unfathomable (un-fa*th*′əm-ə-b'l), *adj.* (۱) بێ بن؛ زۆر قوول؛ قوڵیەکەی ناپێورێت. (۲) سەری لێ دەرناکرێت؛ ناتوانیت ئەوێ تێ بگەیت.

unfavorable (un-fā′vēr-ə-b'l), *adj.* (۱) نەهات؛ نالەبار؛

(~ weather)

(۲) دژ؛ ناحەز؛ خراپ: *(an ~ opinion, response, etc.)* .

(۳) ناپەسەند؛ خراپ؛ بە دل نەبوو.

unfeeling (un-fēl′iŋ), *adj.* (۱) بێ هەست؛ سارد.

(۲) دڵڕەق؛ بێ بەزەیی.

-unfeelingly *(adv.)*.

unfeigned (un-fānd′), *adj.* ڕاستەقینە؛ بێ ڕووکەش؛ بێ ڕووالەت

unfetter (un-fet′ĕr), *v.t.* لە کۆت و زنجیر ڕزگارکردن؛ ئازادکردن.

unfinished (un-fin′isht), *adj.* (۱) ناتەواو؛ تەواو نەکراو؛ تەواو نەبوو؛ نیوەتاچێ: *(~ business)* .

(۲) (أ) بۆیە نەکراو؛ سافـو لووس نەکراو

(ب) ناڕێک‌وپێک؛ ناڕێک؛ زۆر باش ئەیە (بەرهەمی هونەری).

unfit (un-fit′), *adj.* (۱) بەکار نایەت؛ نەگونجاو؛ بەکەڵک نایەت؛ باش ئەیە. (۲) نەشیاو؛ لێ نەهاتوو: *(She is ~ for the job.)* .

(۳) تەندروستی باش ئەیە

unfix (un-fiks′), *v.t.* (۱) کردنەوە؛ لێک ترازاندن؛ شل کردنەوە.

(۲) شلەژاندن؛ شڵەقاندن؛ تێکدان.

unfledged (un-flejd′), *adj.* (۱) پەڕو باڵ دەرنەکردوو؛ زەرنەقووتە؛ باڵەفڕێ نەبوو (۲) کاڵ‌وکرچ؛ نەشارەزا؛ فەریک؛ نەوکار؛ تازە: *(an ~ writer)*

unflattering (un-flat′ĕr′iŋ), *adj.* ناحەز؛ ناشرین؛ خراپ؛ دژ *(an ~ comment)*

unflinching (un-flin′chiŋ), *adj.* چاونەترس؛ دل نەلەرزیو؛ بێباک

unfold (un-fōld′), *v.t.* (۱) قەدکردنەوە؛ کردنەوە (شتی قەدکراو)؛ ڕاخستن (۲) کردنەوە (شتی پێچراوە)؛ هەڵماڵین.

(۳) بەرە بەرە دەرخستن یا ڕوونکردنەوە؛ پێشاندان بە نووسین یا بە دەم.

v.i. (۱) کرانەوە. (۲) بەرە بەرە لێ تێگەیشتن؛ هاتنە پێش چاو؛ ڕوون بوونەوە؛ دەرکەوتن.

unforeseen (un´fôr-sēn′, un´fōr-sēn′), *adj.* چاوەڕوان نەکراو (ڕووداو)؛ لەپڕ ڕووداو

unforgetable (un´fôr-get′ə-b'l), *adj.* هەرگیز لە بیر ناچێت.

unforgiving (un´fôr-giv′iŋ), *adj.* نەبەخشیو؛ لێ خۆش نەبوو؛ نەبورد-وو

unformed (un-fôrmd′), *adj.* (۱) بێ شێوە.

(۲) ڕێک نەخراو؛ پێک نەهاتوو. (۳) پێ نەگەیشتوو؛ پەرەنەسەندوو.

(٤) دروست نەکراو؛ دروست نەبوو.

unfortunate (un-fôr′chə-nit), *adj.* (۱) بەدبەخت؛ بێ بەخت؛ نەگبەت؛ کۆڵۆڵ (۲) جێی داخە؛ ناپەسەند *(an ~ remark)* .

(۳) نەهات؛ مەیوم.

n. کەسێکی بێ بەخت، نەگبەت، یا بەدبەخت.

unfortunately (un-fôr′chə-nit-li), *adv.* بەداخەوە؛ داخەکەم؛ داخی گرانم

unfounded (un-foun′did), *adj.* (۱) درۆ؛ بێ بنچینە: *(~ allegations)*

(۲) دروست نەکراو؛ دانەمەزراو.

unfrequented (un-frē′kwən´tid), *adj.* کەس نۆی ناچێت؛ نامشۆ نەکراو؛ چۆڵ.

unfriended (un-fren′did), *adj.* بێ دۆست؛ بێ برادەر؛ بێکەس.

unfriendliness (un-frend′li-nis), *n.* ڕووناخۆشی؛ ووشکی؛ ساردی؛ ڕووترشی

unfriendly (un-frend′li), *adj.* (۱) ڕووناخۆش؛ ووشک؛ سارد؛ ڕووترش. (۲) ناحەز؛ دوژمنانە: *(an ~ act)* (۳) نەشیاو؛ نەگونجاو: *(an ~ environment, place, atmosphere, etc.)*

unfrock (un-frok′), *v.t.* (۱) لێ خستنی قەشە؛ دەسەڵات لە قەشە سەندنەوە (بە لێسەندنەوەی جبەکەی). (۲) لە نیش دەرکردن؛ لێ خستن.

unfruitful (un-fōōt′fəl), *adj.* (۱) بێ بەر؛ نێر.

(۲) بێ سوود؛ بێ کەڵک

-unfruitfully *(adv.)*; **unfruitfulness** *(n.)*.

unfurl (un-fûrl′), *v.t.* کردنەوە (ئاڵا، بایەوان).

v.i. کرانەوە

unfurnished (un-fûr′nisht), *adj.* بێ کەلوپەلی ناومال؛ بێ کەرەسەی ناومال: *(an ~ house, apartment, etc)*

ungainly (un-gān′li), *adj.* (۱) ناشرین (بەڕێوە ڕۆیشتن)؛ بێ لەنجەولار؛ ناشۆخ. (۲) قەبە؛ ناقۆڵا؛ بە ئاسانی بەکارناهێنرێت لەبەر قەبەیی.

-ungainliness *(n.)*.

ungenerous (un-jen′ĕr-əs), *adj.* (۱) پووڵەکی؛ ڕەزیل؛ پیسکە؛ گیر. (۲) تووندوتیژ؛ توند؛ ڕەق؛ بێ بەزەیی: *(~ remarks)* .

ungird (un-gûrd′), *v.t.* (۱) پشتێن یا کەمەربەند کردنەوە؛ شل کردنەوە. (۲) لابردن بە کردنەوەی پشتێن یا کەمەربەند.

ungirt (un-gûrt′), *adj.* (۱) بێ پشتێن یا کەمەربەند؛ پشتێن یا کەمەربەند کراوە. (۲) شل کراوە؛ شل؛ توند نەکراو؛ نەجەڕێنراو.

unglued (un-glōōd′), *adj.* لێک جیابووەوە (شتی بە جەوی لێکدراو). come unglued, [Slang], تێکچوون؛ زۆر پەست‌و تووڕەبوون؛ شێوان.

ungodly (un-god′li), *adj.* (۱) بێ ئاین؛ خوانەناس؛ کافر.

(۲) بەدکار؛ بەدکردە؛ بەد؛ پیاوخراپ؛ گوناهکار.

(۳) [Colloq.]، زۆر خراپ: *(He woke us up at an ~ hour.)* .

-ungodliness *(n.)*.

ungovernable (un-guv′ĕrn-ə-b'l), *adj.* دابین نەکراو؛ یاخی؛ لاسار؛ سەرکێش.

ungraceful (un-grās′fəl), *adj.* ناشۆخ؛ بێ لەنجەولار؛ ناشرین (بەڕێوە ڕۆیشتن یا وەستان).

ungracious (un-grā′shəs), *adj.* (۱) ڕووترش؛ ڕووناخۆش؛ بێ نەزاکەت؛ ناشرین (ڕەفتار): *(~ behavior)* .

(۲) ناخۆش؛ پیس؛ ناپەسەند. *(an ~ task)* .

-ungraciously *(adv.)*; **ungraciousness** *(n.)*.

ungrammatical (un´grə-mat′i-k'l), *adj.* بەپێی ڕێزمان نێیە؛ هەڵەی ڕێزمانی تێدایە

ungrateful (un-grāt′fəl), *adj.* (۱) بەدنەمەک؛ سپڵە؛ نەمەک کوێر؛ بێ سفەت. (۲) ناخۆش (کار، ئەرک).

-ungratefully *(adv.)*; **ungratefulness** *(n.)*.

ungual (uŋ′gwəl), *adj.* نینۆکی؛ چرنووکی؛ سمدار؛ چرنووکدار.

unguarded (un-gärd′id), *adj.* (۱) نەپارێزراو؛ بەرەڵا

(۲) بێباک؛ ناناگادار؛ ناوریا.

unguent (uŋ′gwənt), *n.* مەڵهەم.

unguiculate (uŋ-gwik′yoo-lāt´), *adj.* چرنووکدار؛ نینۆکدار

n. گیانداری چرنووکدار یا نینۆکدار.

unguis (uŋ′gwis), *n.* چرنووک؛ نینۆک

ungula (uŋ′gyoo-lə), *n.* (۱) سم. (۲) چرنووک؛ نینۆک.

(۳) بنی پەڕەی گوڵ (کە تیژە وەک نینۆک).

(٤) قووچەکی سەر لێ بڕاو بە خواری.

-ungular *(adj.)*.

ungulate (uŋ′gyoo-lit, uŋ′gyoo-lāt´), *adj.* (۱) سمدار؛ تایبەتی بە گیانداری سمدار. (۲) لە سم دەچێت.

voyeur (vwä-yūr′), *n.* سەرەتاتکێکەر (بەتایبەتی کەسێکە کە خۆشی لەوە دەبینێ کە بە دزییەوە سەیری دەستبازی و جووت بوون و کێرو قوزی خەڵک بکات) (هەروەها " peeping Tom " ببینە).

-voyeuristic *(adj.)*; **voyeuristically** *(adv.)*.

voyeurism (vwä-yūr′iz'm), *n.* سەرەتاتکێ کردن (بەتایبەتی خۆشی وەرگرتن لە بە دزییەوە سەیرکردنی دەستبازی و جووت بوون و کێرو قوزی خەڵک)

V.P., = Vice-President.

V sign, *n.* نیشانەی سەرکەوتن (کە بە پەنجەی ناوەڕاست و دۆشاوەژە دەکرێت وەک " V ").

v.t. = transitive verb.

vug, vugg, vugh (vug, voog), *n.* بۆشایی ناو بەردێک یا دەمارێکی کانزاییەیە کە گەلێک جار بە بلوور گیراوە (کانزاکردن).

-vuggy *(adj.)*.

Vulcan (vul′kən), *n.* فۆڵکان خوای ئاگرو دروستکردنی ئامێرو دەفری کانزایی (ئەفسانەی ڕۆمانی).

Vulcanian (vul-kā′ni-ən), *adj.* (١) فۆڵکانی (ووشەی پێشوو- ببینە). (٢) [-]: تایبەتی بە دروستکردنی ئامێرو دەفری کانزایی. (٣) [-]: ئاگرڕێژنی؛ بورکانی.

vulcanite (vul′kən-īt′), *n.* فۆڵکانست: لاستیکی سەخت بە جۆشدان لەگەڵ گۆگردا دروست دەکرێت (شانەو شتی وەهای لێ دروست دەکرێت).

vulcanize (vul′kən-īz′), *v.t.* (١) سەخت کردنی لاستیک بە جۆش دانی بە گۆگردەوە. (٢) سەخت کردنی ماددەی تر بە هەمان شێوە.

v.i. سەخت بوون بە جۆشدان بە گۆگردەوە.

-vulcanization *(n.)*; **vulcanizer** *(n.)*.

vulcanology (vul′kən-ol′ə-ji), *n.* = volcanology.

vulgar (vul′gĕr), *adj.* (١) هی ڕەش‌وڕووت؛ هی خەڵکی سادە: *(~ life; the ~ herd)*

(٢) باو؛ باڵاو؛ گشتی: *(~ errors)*.

(٣) ڕەشۆکی؛ بازاڕی.

(٤) هی زمانی دووان؛ هی زمانی ناسایی یا پەتی: *(the ~ tongue)*.

(٥) ناشرین (زمان، ڕەووشت،... هتد)؛ نزم؛ سووک؛ پیس: *(~ language, behavior, tastes, jokes, etc.)*

n. (١) هەرچی وپەرچی؛ چینی ڕەش‌وڕووت. (٢) [Obs.]: زمانی ناسایی ناوچەیەک یا ووڵاتێک؛ زمانی پەتی.

-vulgarly *(adv.)*; **vulgarness** *(n.)*.

vulgar era, the = Chrisitian era.

vulgar fraction = common fraction.

vulgarian (vul-gâr′i-ən), *n.* کەسێکی بازاڕی (بەتایبەتی دەوڵەمەندێکی نەزان کە خۆی بابەت بە سامانەکەیەوە).

vulgarism (vul′gĕr-iz'm), *n.* (١) ووشە یا ووتەی بازاڕی (بەتایبەتی لە زمانی دووان). (٢) vulgarity.

vulgarity (vul-gar′ə-ti), *n.* (١) بازاڕێتی؛ ڕەشۆکێتی (٢) کردەوەو ڕەووشت و ووتەی سووک و ناشرین.

vulgarize (vul′gĕr-īz′), *v.t.* (١) نزم کردنەوە (ڕەووشت)؛ سووک کردن؛ بێ بایەخ کردن: *(to ~ standards of etiquette)*.

(٢) ئاسان کردن (شتێکی گران تاوەکو هەموو کەس تێی بگات).

-vulgarization *(n.)*; **vulgarizer** *(n.)*.

Vulgar Latin, لاتینی دووانی؛ زمانی لاتینی ئاسایی نەک وێژەو نووسین.

Vulgate (vul′gāt, vul′git), *n.* (١) ئینجیلی وەرگێڕاو بۆ لاتینی بڕواپێکراوو بەکارهێنراو لەلایەن کڵێسەی کاسۆلیکیەیەوە. (٢) [v-]، دەقی نووسراو یا کتێبێکی لەلایەن جەماوەری خەڵکەوە بەکارهێنراو.

adj. (١) تایبەتی بە ئینجیلی وەرگێڕاو بۆ لاتینی و لەلایەن کڵێسەی کاسۆلیکیەیەوە بڕواپێکراو. (٢) [-v]، ڕەمەکی؛ جەماوەری؛ ئاسایی؛ بەبار لەناو خەڵکدا.

vulnerability (vul′nĕr-ə-bil′ə-ti), *n.* (١) بە ئاسانی ئازاردراو. (٢) لاوازی؛ ناسکی؛ بە ئاسانی کارتێکران. (٣) بە ئاسانی گیران (سەنگەر)؛ نەپارێزراوی.

vulnerable (vul′nĕr-ə-b'l), *adj.* (١) بە ئاسانی بڕیندار دەبێ یا ئازاری دەبێ: *(a ~ part of the body)*.

(٢) (ا) بە ئاسانی کاری تێ دەکرێ؛ ڕەخنەی لێ دەگیرێ؛ شلۆق *(a ~ reputation; ~ to criticism, ~ to bribery)*

(ب) لاواز؛ ناسک.

(٣) بە ئاسانی دەگیرێ (شار، سەنگەر)؛ نەپارێزراو: *(a ~ position, town, military outpost, etc.)*

-vulnerableness *(n.)*; **vulnerably** *(adv.)*.

vulnerary (vul′nĕr-er′i), *adj.* بڕین پێ تیمارکراو.

n. دەرمانی تیمارکردن؛ چارەی بڕین.

vulpine (vul′pīn, vul′pin), *adj.* (١) ڕێوی؛ لە ڕێوی دەچێ. (٢) فێڵباز.

vulture (vul′chĕr), *n.* (١) سیسارک؛ سیسارکە کەچەڵ. (٢) کەسێکی چاوبرسی دڕندە.

vulturine (vul′chĕr-īn′, vul′chĕr-in), *adj.* (١) سیسارکی؛ لە سیسارکە کەچەڵەو توخمەکەی دەچێ. (٢) چاوبرسی و دڕندە؛ تاڵانکەر: *(~ lawyers, doctors, salesmen, etc.)*.

vulturous (vul′chĕr-əs), *adj.* = vulturine.

vulva (vul′və), *n.* زێ؛ قوز؛ دەمو لێوی قوز

-vulval; vulvar; vulvate *(adj.)*.

vulviform (vul′və-fôrm′), *adj.* لە زێ دەچێ؛ وەک قوز وایە.

vulvitis (vul′vi-tīs′), *n.* هەوکردن یا سووتانەوەی دەمو لێوی قوز.

vulvovaginitis, هەوکردن یا سووتانەوەی قوزو دەمو لێوەکەی.

vying (vī′iŋ), *adj.* پێشبڕکێکەر؛ ملەملکەر؛ بۆپۆڕێنکەر.

-vyingly *(adv.)*.

W w

W, w (dub′l-yoo), *n.* (١) ناوی بیست‌و سێیەمی ئەلفوبێی ئینگلیزی‌یە. (٢) ئەنگی ناوی پیتی " دەبڵ یو "
(٣) (a) قاڵبی ناوی پیتی (b) ناوی پیتە بە چاپکراوی یا هەڵکەنراوی.
(٤) بیست، سێیەم: نیشانەی ژمارە بیست‌و سێیەمی پرستەیەکە.
adj. (١) تایبەتی بە پیتی " W " (٢) بیست‌و سێیەم

wabble (wäb′l), *n., v.i. & v.t.* = **wobble.**

wabbly (wäb′li), *adj.* = **wobbly.**

wack (wak), *n.* [Slang]. کەسێکی سێتۆکە یا سەیر.

wacko (wak′ō), *n.* [Slang]. کەسێکی سێتۆکە یا سەیر

wacky (wak′i), *adj.* [Slang]. *Also* **whacky,** سێتۆکە، سەیر، شێت

wad (wäd, wŏd), *n.* (١) تۆپەڵی پەستراوە
(a ~ of chewing tobacco, paper, etc.)
(٢) ناوەخن (٣) دەمەوانەیەکی بچووکی قوماش یا مقەبایە دەمی لوولەی تفەنگی کۆن و فیشەکی پێ دەگیرێ بۆ ڕاگرتنی باروتەکە لە جێی خۆیدا.
(a ~ of ten-dollar bills) (٤) دەستە پارەی کاغەز: سەفتە.
(٥) پارەی زۆر: سامانی زۆر [Slang].
(٦) گوورزە: قول (پووش، گزنە): مەڵو [British Dial.].
v.t. (١) پەستنەوە و تۆپەڵ کردن (٢) لوول کردن (کاغەز، پارەی کاغەز): دەستەکردن (٣) دەمی کون گرتن (بە تۆپەڵە قوماش یا کاغەز)
(٤) ناوەخن تێخستن: بەر تێگرتن (چاکەت، جل): ناخنین
(٥) دەمی لوولەی تفەنگی کۆن و فیشەک گرتن بە دەمەوانە
v.i. تۆپەڵ بوون

wadding (wäd′iŋ, wŏd′iŋ), *n.* (١) ناوەخن بەری چاکەت و جلی تر (٢) قوماش یا مقەبای بەکارهێنراو بۆ دەمەوانەی لوولەی تفەنگی کۆن و فیشەک.

waddle (wäd′l, wŏd′l), *v.i.* بە خلەخل ڕۆیشتن: وەک مراوی و منداڵی تازە بێ گرتوو): گەڵاوگەڵ ڕۆیشتن.
n. بە خلەخل ڕۆیشتن: ڕۆیشتنی گەڵاوگەڵ

waddy (wäd′i), *n.* دارێکی ئەستووری ئووک تێژە وەک گورز خەڵک دەشتەکی‌یە ئۆژەکانی ئوستراڵیا وەک چەک بەکاریان دەهێنا.
v.t. تێگرتنی ئەم دارە لێدان بەم دارە

waddy (wäd′i), *n.* (١) = cowboy. (٢) دزی ڕەشەوڵاخ

wade (wād), *v.i.* (١) پێدا ڕۆیشتن بە پێ (تەنکاو، قوڕولیتە، بەفر، لم، گیای بەرز). (٢) خۆ بەکێش کردن: بە زەحمەت پێدا ڕۆیشتن
(to ~ through a dull book) (٣) [Obs.]. ڕۆیشتن: تێپەڕبوون.
(to ~ the brook) . *v.t.* لە ئاو دان: لێ پەڕینەوە:
n. (١) پێدا ڕۆیشتن: پەڕینەوە. (٢) بوار: شوێنی لە ئاو پەڕینەوە.

wade in (or into), [Colloq.], دەستپێکردنی کارێک بە هەموو هێزو توانایەکەوە: بە تووندی هێرش بردنە سەر:
(to wade into a mob of riotors)

wader (wād′ēr), *n.* (١) پێدا ڕۆیشتوو (تەنکاو، قوڕولیتە... هتد). (٢) باڵندەی بە ئاودا ڕۆیشتوو: باڵندەی لاق درێژی کەنار دەریا و ئاو زەلکاو وەک: شینە شاهۆو قوڵنگو چۆلەکەی لم. (هەروەها " wading bird ").
(٣) (*pl.*) جزمەی درێژ یا پانتۆڵی ئاودانەدەر (ڕاوکەری ماسی لە پێی دەکەن)

wadi (wä′di), *n. Also* **wady,** دۆڵ: شیو: چەم.

wading bird, باڵندەی بە ئاودا ڕۆیشتوو. باڵندەی لاق درێژی کەنار دەریا و ئاو زەلکاو وەک: شینە شاهۆو قوڵنگو چۆلەکەی لم... هتد. (هەروەها " wader ").

wading pool, گۆمەاوی تەنکاو بۆ منداڵان (جێگیر یا جوواڵە).

wadmal (wäd′mal), *n. Also* **wadmaal, wadmol,** قوماشێکی خوری زۆر ئەستوورو قایمە

wadset (wäd′set), *n. & v.t.* خانوو زەوی‌وزار کردن بە بارمتەی قەرز.

wafer (wā′fēr), *n.* (١) پارچە پسکیتی تەنک
(٢) پارچەیەک شیرینی یا نوقڵی تەنک.
(٣) پارچەیەک شتی تەنک (وەک دەرمان).
(٤) پەنچکە نانە ڕەقەی شێوی خوداییی (کڵێسەی کاسۆلیکی)
(٥) مۆر: خەپلەیەک یا پینەیەکی مادەدەیەکی سرێشاوی‌یە بەڵگەنامەو نامەی پێ مۆر (لۆک) دەکرێ و پێوەی ووشک دەبێتەوە: لۆک.
(٦) ئەلقە یا خەپلەیەکی تەنکە وەک دەمەوانە بەکاردەهێنرێ.

waff (waf, wäf), *n.* [Scot. & British Dial.]. (١) دەست ڕاوەشان: شەکاندنەوە. (٢) سروە: هەڵکردنێکی با
(٣) سەرنج: سەیرکردنێکی کەم. (٤) خێو.
v.t. & v.i. شەکاندنەوە: دەست ڕاوەشاندن

waff (waf, wäf), *adj.* [Scot.]. (١) هیچ‌وپووچ: بێ ترخ.
(٢) تەنیا: بێ کەس
n. کەسێکی بێ لانە: خانە بە کۆڵ: گەڕۆک: دەربەدەر: ناوارە.

waffle (wäf′l, wŏf′l), *n.* وافڵ: کێکێکی تەنکە وەک شلکێنە بەڵام نەخشدارەو باش دەبرژێنرێ بۆ بەرچایی.

waffle (wäf′l, wŏf′l), *v.i.* (١) وەڵام نەدان بە دەستەوە: منجەمنج کردنو خۆدزینەوە لە وەڵامی ڕاستەوخۆ:
(The director ~d on this issue.)
(٢) زۆرویژی کردن: شتی هیچ‌وپووچ نووسین یا ووتن: درێژە پێدان
n. قسەی هیچ‌وپووچ: زۆرویژی

waffle iron, ئامێرێکی ئاسنی پەڵ دوو پەڕەیە دیوی ناوەوەی نەخشی تێدایە گیراوەی کێکی " وافڵ " دەکرێتە نێوان هەردوو پەڕەکەیەوەو دەبرژێنن

waft (waft, wäft), *v.t.* (١) بە هێواشی بردن یا هەڵگرتن (بەسەر ئاودا یا بەناو هەواوە): پاڵ پێوەنان بەم جۆرە: گواستنەوە
(٢) [Obs.]. بانگ کردن بە دەست (٣) [Obs.]. چاو وەرگێڕان
v.i. (١) سەر هەوا یا ئاو کەوتن: بە هەوادا هاتن (بۆن، دەنگ... هتد).
(٢) بە هێواشی هەڵکردن (با): هاتن (سروە).
n. (١) سەر هەوا یا ئاو کەوتن (٢) بۆنێک یا دەنگێک کە هەوا بیهێنێتن (٣) سروە (٤) شەکاندنەوە: ڕاوەشان
(٥) ئاڵای لێقەوماڵ: ئاڵایەکە هەڵدەکرێت بەسەر کەشتی یا بەڵەمی لێقەوماوەوە بۆ داواکردنی یارمەتی (هەروەها " waif ").

waftage (waf′tij, wäf′tij), *n.* [Archaic]. سەر هەوا یا ئاو کەوتن: هەڵگرتنو بردن بە هەوا یا ئاودا

wafture (waf′chĕr, wäf′chĕr), *n.* (١) شەکاندنەوە: ڕاوەشان (٢) شتێکی بە هەواوە هێنراو یا هاتوو (بۆن، دەنگ)

wag (wag), *v.t.* (١) لەقاندن (کڵک، سەر): ڕاوەشاندن (پەنجە):

. (The dog is ~ging its tail.) بادان (کلك)
(۲) بادان (زمان)؛ هێنان‌و بردن.
v.i. (۱) (أ) لەقان (کلك، سەر)؛ ڕاوەشان: . (The tail is ~ging.)
(ب) هەمیشە لە جموجوڵدا بوون؛ ڕانەوەستان.
(۲) بادان (زمان)؛ بەدگۆیی کردن؛ کەوتنە قسەی خراپ:
(Scandal caused tongues to ~ .)
(۳) لەسەر ڕێبازی خۆ ڕۆیشتن؛ بەردەوام بوون لەسەر ڕێی خۆ:
(That's the way the world ~s .)
(٤) بە خلەخل ڕۆیشتن (وەك مراوی یا مندالی تازە پێ گرتوو)؛ گەلاوگەل ڕۆیشتن.
(٥) [British Colloq.]، ڕۆیشتن؛ کەوتنە ڕێ.
(٦) [British Slang]، خۆ دزینەوە لە قوتابخانە.
n. لەقان (کلك، سەر)؛ ڕاوەشان؛ بادان: . (the ~ of a dog's tail)
wag (wag), n. کەسێکی قۆشمە یا گاڵتەچی.
wage (wāj), v.t. (۱) بەریاکردن (جەنگ)؛ جەنگان؛ نانەوە (شەڕ)؛ هەڵگیرسان؛ گیران؛ کردن؛ پێ هەڵسان:
(to ~ war against; to ~ a campaign)
(۲) [Obs.]، بارمتەکردن؛ بەڵێندان.
(۳) [Obs.]، گرەوکردن.
(٤) [Obs. or British Dial.]، بە کرێ گرتن.
v.t. [Obs.], جەنگان؛ شەڕکردن.
n. (۱) (pl.) کرێ؛ پۆژانە
(۲) (pl.) پاداشت؛ ئاکام؛ ئەنجام: . (For the ~s of sin is death.)
(۳) [Obs.] بارمتە؛ بەڵێن (ب) لە بارمتەدا بوون.
wage earner, (۱) کرێکار (۲) کەسێکە کە بە پۆژانە خێزانەکەی دەژێنێ.
wager (wā′jĕr), n. گرەو
v.t. & v.i. گرەوکردن.
wage scale, خشتەی کرێی نیشی جۆراوجۆری کارگەیەك یا کۆمپانیایەك
wage-worker (wāj′wûr′kĕr), n. = wage earner.
waggery (wag′ĕr-i), n. (۱) گاڵتەچێتی؛ گاڵتەبازی؛ قۆشمەچێتی؛ پەنگ دار (۲) تەشقەلە؛ پەنگ؛ گاڵتە؛ یاری.
waggish (wag′ish), adj. (۱) بۆ کەسێکی قۆشمەچی یا تەشقەلەباز دەشێت (۲) قۆشمە؛ پێکەنینباوی؛ بۆ گاڵتە کراو.
waggle (wag′l), v.t. ڕاوەشاندن؛ لەراندنەوە؛ لەقاندن.
(She ~d her foot impatiently.)
v.i. بە لارەولار ڕۆیشتن؛ بە خلەخل ڕۆیشتن؛ گەلاوگەل کردن؛ لەترداڵ.
n. (۱) ڕاوەشان؛ لەرەلەر؛ لەقین؛ هاتنوچوون.
(۲) هێنان‌و بردنی گورزی گۆڵف بەسەر توپەکەدا لە پێش لێدانیدا.
-waggly (adj.).
wagon (wag′ən), n. Also waggon, [British Spelling]. (۱) گالیسکەیەکی بار: گالیسکەیەکی باری درێژی سەرگیراوی چوارپێچکەییە؛ واگۆن. (۲) station wagon . (۳) [British]، فارگۆنی سەر کراوەی شەمەندەفەری بار.
(٤) ئوتومبیلی بەند گواستنەوە بۆ بەندیخانە (هەروەها " the wagon " و " police (or patrol) wagon ").
(٥) واگۆنی بجووکی چوارپێچکەی یاری منداڵان
(٦) مێزێکی بجووکی پێچکەدار (بۆ سازدەمەنی‌و خواردن پێشکەش کردن):
(a dessert ~)
(۷) chariot .[Obs.]
(۸) the Big Dipper .[W-]
v.t. بە گالیسکە گواستنەوە؛ بە گالیسکە هەڵگرتن
v.i. بە گالیسکە هاتوچۆکردن
hitch one's wagon to a star, چاو لە ئامانجێکی بەرز بوون؛ بۆ ئامانجێکی بەرز هەوڵدان

off the wagon, [Slang], دەستکردنەوە بە عەرەق خواردنەوە.
on the (water) wagon, [Slang], وازهێنان لە عەرەق خواردنەوە.
wagonage (wag′ən-ij), n. (۱) بە گالیسکە یا واگۆن گواستنەوە.
(۲) کرێی ئەم گواستنەوەیە.
(۳) گالیسکە بەگشتی؛ کۆمەڵێك گالیسکە.
wagoner (wag′ən-ĕr), n. (۱) گالیسکەچی؛ عەرەبانچی؛ واگۆنچی.
the Big Dipper ،[W-] (۳) . charioteer ،[Obs.] (۲)
wagonette (wag′ən-et′), n. گالیسکەی بجووکی سواربوون
wagon-lit (vå′gōn′lē′), n. [Fr.], فارگۆنی نووستنی شەمەندەفەر.
wagon-load (wag′ən-lōd′), n. پڕ گالیسکەیەکی بار؛ باری گالیسکەیەك.
wagon train, کاروانی گالیسکە (بەتایبەتی بۆ گواستنەوەی ئازووقەی سوپا).
wag-tail (wag′tāl′), n. کلك هەڵسەنگێنە
wahoo (wä-hōō′, wä′hōō), n. دەوەنێکە گوڵی ئەرخەوانی‌و بەری سوور دەگرێ
wahoo (wä-hōō′, wä′hōō), n. دارەختێکی ئەمەریکییە لە توخمی ڕەشەدار
wahoo (wä-hōō′, wä′hōō), n. جۆرە ماسییەکی ئاوچە گەرمەکانە.
wahoo (wä-hōō′, wä′hoo), interj. واهوو!؛ قریوەی خۆشی‌یە
waif (wāf), n. (۱) شتی دۆزراوەی بێ خاوەن؛ شتی وون بووی بێ خاوەن.
(۲) منداڵی بێ خاوەن؛ هەتیو؛ منداڵی بەجێهێڵراوی بێ لانە؛ منداڵی ئاوارە.
(۳) گیانەوەری وون بوو یا بەرەڵا؛ بەچکە گیانەوەری بێ خاوەن.
(٤) شتی دۆزراوی لەسەر ڕێگە فڕێدراو لەلایەن دزی ڕاکردووەوە.
waif (wāf), n. = waft # 3.
wail (wal), v.i. (۱) شێن کردن؛ شیوەن کردن؛ لاوانەوە؛ بە کۆل گریان؛ نااڵین؛ ناڵاندن . (They ~ed .)
(۲) لووراندن؛ لووڕەلووڕهاتن؛ لووڕەلووڕکردن: . (The wind ~s.)
v.t. (۱) شێن بۆ کردن؛ بە کۆل بۆ گریان؛ بۆ لاوانەوە:
(They ~ed his death.)
(۲) ناڵاندن؛ نااڵین؛ شیوەن کردن.
n. (۱) شیوەن؛ شێن؛ ناڵە؛ نااڵین؛ لاوانەوە.
(۲) دەنگی لاوانەوە؛ دەنگی شیوەن؛ ناڵە.
-wailer (n.); wailingly (adv.).
wailful (wāl′fəl), adj. (۱) عەمبار. (۲) گریاو؛ شیوەن کردوو.
Wailing Wall, دیواری گریان: شوێنێکی پیرۆزە لای جوولەکە لە شاری (قودس).
wailsome (wāl′səm), adj. [Archaic], wailful.
wain (wān), n. [Archaic], (۱) گالیسکە یا ئوتومبیلی گەورەو سەر کراوەی کێڵگە (۲) the Big Dipper ،[W-].
wainscot (wān′skət, wān′skot′), n. (۱) تەختەپۆشی دیوی ناوەوەی دیواری ژوور. (۲) تەختەپۆشی لاخاڵاووی دیواری ژوور.
(۳) (أ) لاخاڵاووی دیواری ژوور کە بە جیا نەخشێنراوە لەوی تری.
(ب) کاشی‌و تەختە یا شتی تری لاخاڵاووی دیوار پێ نەخشێنراو.
(٤) [British]، تەختەداری بەڕووی ئایاب (بۆ تەختەپۆشی).
v.t. دیوار تەختەپۆش کردن؛ بە کاشی یا تەختە لاخاڵاووی دیوار نەخشاندن
wainscoting, wainscoting (wan′skət-iŋ), n. (۱) دیواری تەختەپۆش کراو (۲) تەختەداری نەم تەختەپۆشی‌یە
wain-wright (wān′rīt′), n. گالیسکەساز؛ واگۆن دروستکەرو چاکەرەوە.
waist (wāst), n. (۱) کەمەر؛ ناوقەد؛ پشتێنە؛ تەنگە.
(۲) (أ) نەو بەشەی جل کە ناوقەد دادەپۆشێ. (ب) سوخمە؛ یەلەك
(ج) بلووس یا کراسی هەتا ناوقەد هاتووی ئافرەت
(د) فانیلەی ژێرەوەی منداڵ
(۳) ناوقەدی شت، وانە بەشە باریکەکەی

(the ~ of a violin, shoe, etc.)

(٤) ناوقەی کەشتی

(٥) ناوقەی هەندێک جانەوەر (وەک: مێروولە، زەردەوالّە، زەردەزێرە... هتد).

waistband (wāst′band´), *n.* کەمەربەند؛ پشتێن؛ قایشی پشت (بەتایبەتی کە لەسەر جلەوە بێت).

waistcloth (wāst′klôth´), *n.* = **loincloth.**

waistcoat (wāst′kōt´, wes′kət), *n.* (١) یەلەک (٢) سوخمە.

waist-high (wāst′hī´), *adj.* تا ناوقەد هاتوو؛ تا ناوقەد بەرز.

waistline (wāst′līn´), *n.* (١) ناوقەد؛ کەمەر؛ پشتێنە

(٢) قەفی ناوقەد؛ کەمەرە؛ ناوقەد.

wait (wāt), *v.i.* (١) چاوەڕێ کردن؛ چاوەڕوان کردن؛ ڕاوەستان

(W~ until we call. W~ for us.)

(٢) نامادەبوون *(Dinner is ~ing for us.)*

(٣) ڕاوەستان؛ وەستان؛ دواخران: *(That work will have to ~ .)*

(٤) بەردەستی کردن: *(She will ~ at table.)*

v.t. (١) چاوەڕێ کردن؛ چاوەڕوان کردن: *(W~ your turn.)* .

(٢) بەردەستی کردن: *(He ~s table.)*

(٣) [Colloq.]، دواخستن (ژەمی خواردن): *(W~ dinner.)* .

(٤) [Obs.]، هاوڕەمی کردن (لەڕووی ڕێزەوە)؛ لەگەڵدا بوون؛ لە تەکدا چوون.

(٥) [Obs.]، تەنجام لێ بوونەوە.

n. (١) چاوەڕێ؛ چاوەڕوان؛ چاوەڕێ کردن: *(We had a long ~ .)* .

(٢) ماوەی چاوەڕێ کردن.

(٣) بۆسە؛ داو. *(to lie in ~)* .

(٤) تەدامی تیپێکی مۆسیقا و گۆرانی کە لە کریسمەسدا دەگەڕێن و مۆسیقا لێدەدەن و گۆرانی کریسمەس دەڵێن (لە ئینگلتەرە).

(٥) [Obs.]، پاسەوان؛ حەسحەس؛ ئێشکچی؛ ئێشکگر

wait on (or upon), (١) بەردەستی کردن؛ نۆکەری کردن.

(٢) چوونە لای سەرگەورەیەک (بۆ ڕێز پێشاندان یا داواکردنێک)

(٣) تەنجام لێ بوونەوە.

(٤) شت بۆ کرێار هێنان یا پێشکەش کردن (لە فرۆشگا یا چێشتخانەدا)؛ بەردەستی کردن *(to wait on customers at a store)*

wait out, چاوەڕێی دوایی هاتن کردن؛ چاوەڕێ کردنی کۆتایی شتێک: *(They waited out the war.)*

wait up, (١) نەنوستن لەبەر چاوەڕێ کردنی شتێک یا کەسێک

(٢) ڕاوەستان بۆ پێ گەیشتنەوەی کەسێکی دواکەوتوو.

wait-a-bit (wāt′ə-bit´), *n.* ڕووەکێکی درک تیژو چەماوەیە پێتەوە دەنووسێت

waiter (wāt′ĕr), *n.* (١) بەردەست (چێشتخانە)؛ بۆی.

(٢) سینی (بۆ خواردەمەنی و خواردنەوە پێشکەش کردن)

(٣) [Obs.]، ئێشکچی؛ ئێشکگر؛ پاسەوان؛ حەسحەس.

waiting (wāt′iŋ), *adj.* (١) چاوەڕێکەر؛ هی چاوەڕێ کردن.

(٢) هی بەردەستی

n. (١) چاوەڕێ کردن؛ چاوەڕوان کردن. (٢) ماوەی چاوەڕێ کردن

in waiting, خەریکی بەردەستێیە (بەتایبەتی هی پاشاو ژنە پاشاو کەسێکی گەورە)؛ بەردەستی دەکات؛ کارەکەری دەکات: *(a lady-in-waiting)*

waiting game, پیلانی چاوەڕێ کردن. هیچ نەکردن و چاوەڕێ کردنی هەلێکی باش بۆ دەست وەشاندن (ناکۆکی، ملەملێ، یاری... هتد).

waiting list, لیستەی چاوەڕێکەران (بۆ نیش دەسکەوتن. شت وەرگرتن، دیدەنی، نۆرە هاتن... هتد).

waiting room, ژووری چاوەڕێ کردن (فەرمانگەی پزیشک؛ نەخۆشخانە. نیستگەی پاسو شەمەندەفەر... هتد)

waitress (wāt′ris), *n.* نافرەتی بەردەست (چێشتخانە، مەیخانە).

waive (wāv), *v.t.* (١) وازلێهێنان (لە مافێک یا داواکارییەک)؛ دەست لێ هەڵگرتن (٢) داوا نەکردن؛ سوور نەبوون لەسەر؛ بەخشین

(٣) دواخستن.

(٤) خستنەلاوە؛ گوێ پێ نەدان: *(to ~ formalities)* .

(٥) [Obs.]، بەجێهێشتن؛ نەویستن؛ دەست لێ بەردار بوون.

waiver (wāv′ĕr), *n.* (١) وازهێنان (لە ماف یا داواکارییەک)؛ دەست لێ هەڵگرتن. (٢) بڕوانامەی نەم دەست لێ هەڵگرتنە یا وازهێنانە.

wake (wāk), *v.i.* (١) (~ up)، لە خەو هەڵسان؛ خەبەربوونەوە.

(٢) نەنوستن؛ بەخەربوون.

(٣) خەبەربوونەوە (مەجاز)؛ ووریابوونەوە:

(to ~ from one's daydreams)

(٤) ئاگاداربوون؛ پێ زانین؛ ڕاستی بۆ دەرکەوتن:

(to ~ to the true situation)

(٥) [Dial. or Archaic]، ئێشکگرتنی مردوو هەتا کاتی ناشتنی.

v.t. (١) (~ up)، لە خەو هەڵساندن؛ خەبەرکردنەوە.

(٢) بزواندن؛ وورياکردنەوە؛ جووڵاندن (هەست).

(٣) [Archaic or Dial.]، ئێشکگرتنی مردوو هەتا کاتی ناشتنی.

n. (١) [Poetic] ، بەخەبەر بوون. (٢) (ا) ئێشکگرتنی شەونخووڕی

(ب) ئێشکگرتنی مردوو تا کاتی ناشتنی.

(٣) یادی ساڵانەی کردنەوەی کلێسەیەک.

wake (wāk), *n.* (١) جێ نیشانی کەشتی یا بەلەم کە بە ئاودا دەڕوات: *(the ~ of a ship)*

(٢) جێ نیشانی شتێکی تێپەڕیو؛ ئەنجام یا پاشماوەی ڕووداوێک: *(The war left a lot of devastation in its ~ .)*

in the wake of, (١) لە دواوەی کەشتی یا بەلەم.

(٢) دوابەدوای؛ بەکسەر لە پاش: *(Traders came in the wake of the conquering armies.)*

(٣) لە ئەنجامی؛ لە ئەنجامدا.

wakeful (wāk′fəl), *adj.* (١) بەخەبەر؛ نەنوستوو.

(٢) ووریا؛ بەئاگا. (٣) خەوزڕاو.

(٤) بێ خەو: *(a ~ night)* .

-wakefully *(adv.)*; **wakefulness** *(n.).*

wakeless (wāk′lis), *adj.* شێرین (خەو)؛ قوول: *(~ sleep)* .

waken (wāk′n), *v.i.* (١) لە خەو هەڵسان؛ خەبەربوونەوە.

(٢) ووريابوونەوە؛ ئاگاداربوونەوە؛ وروژان.

v.t. (١) لە خەو هەڵساندن؛ خەبەرکردنەوە. (٢) وورياکردنەوە؛ وروژاندن.

(٣) [Scot.]، پاسەوانی کردن.

-wakener *(n.).*

wakerife (wāk′rīf´), *adj.* [Scot. & N. Eng. Dial.], = **wakeful.**

wake-robin (wāk′rob′in), *n.* (١) **trillium** .

(٢) چەند جۆرە ڕووەکێکن زوو لە بەهاردا گوڵ دەکەن.

wake-up (wāk′up′), *n.* دارگونکەرەی ئەمەریکی.

(هەروەها " flicker ") .

waldgrave (wôld′grāv´), *n.* (١) سەرەک دارستانەوانی پاشایی (لە ئەڵمانیای ڕۆژئاوا). (٢) خانەدانی ئەڵمانی؛ پلەو نازناوی خانەدانی ئەڵمانییە.

wale (wāl), *n.* (١) جێ نیشانی قامچی یا دار لێدان.

(٢) (ا) هێڵی قۆز یا بەرزی قوماشی چنراو.

(ب) چۆنێتی چنینی نەم قوماشە هێڵە. (٣) داری پاڵپشت (پرد).

(٤) تووڵی چنراو بە دەوری بەرچەو سەبەتەو زەمیلەدا بۆ قایمی.

(٥) تەختەدارێکە لە دارەکانی لاشەی کەشتی دەدرێ بۆ پێکەوەبەستنیان و قایم کردنیان.

v.t. (١) پێست شێو مۆرکردنەوەو هەڵ تلۆقاندن بە قامچی یا دار.

(٢) پاڵپشت کردن یا لێکدان بە تەختەدار یا بە شوول.

(٣) قوماش چنین بە جۆرێک کە هێڵی تێ بکەوێت.

wale (wāl), *n.* [Scot. & N. Eng. Dial.], (١) هەڵبژاردن.

(٢) هەڵبژاردە؛ شتی هەڵبژێردراو.

v.t. [Scot. & N. Eng. Dial.], هەڵبژاردن.

walk (wôk), *v.i.* (١) بە پێ ڕۆیشتن؛ بە ڕێگەدا ڕۆیشتن. (ب) پیاسەکردن. (٢) دەرکەوتنی خێو؛ دەرکەوتن. (٣) ڕێسارێکی تایبەتی گرتن؛ بە جۆرێکی تایبەتی ڕەفتارکردن: *(Let us ~ in peace.)* (٤) [Obs.]. هەمیشە جوولان؛ ڕانەوەستان؛ هەمیشە چالاکی نواندن.

v.t. (١) بە پێ پێدا ڕۆیشتن؛ پیاسە پێدا کردن؛ پێدا ڕۆیشتن؛ پێوان: *(He is ~ing the deck.)* (٢) بە پێ پێدا ڕۆیشتن بۆ پشکنین، پێوان، یا تاقیکردنەوە... هتد. (٣) (أ) پیاسەپێکردن؛ لێخوڕین؛ بردن بۆ گەڕان بە پێ: *(to ~ a horse, dog, etc.)* (ب) مەشق پێکردن بە پێ. (٤) لەگەڵ چوون بە پێ یا پیاسە: *(I'll ~ you to the corner.)*. (٥) (أ) بە زۆر بە پێ بردن. (ب) دەستی کەسێکی پەککەوتوو گرتن یا یارمەتیدانی بۆ ڕۆیشتن. (٦) گەیاندنە دۆخێکی تایبەتی بە پێ ڕۆیشتن: *(They ~ed me to exhaustion.)* (٧) بە هەواشی بردن بەڕێوە.

n. (١) بە پێ ڕۆیشتن؛ پیاسەکردن. (٢) پیاسە: *(to take a ~ ; to go for a ~)*. (٣) جێی پیاسە؛ پیادە ڕێ: *(His usual ~ was along the river.)*. (٤) ماوە یا دووری بە پێ ڕۆیشتن؛ کاتی بڕینی ماوەیەک بە پێ: *(The town was an hour's ~ from us.)* (٥) خێرایی ڕۆیشتن: *(The horse came home at a ~ .)*. (٦) ڕەوت؛ شێوەی ڕۆیشتن: *(I knew her by her ~ .)*. (٧) یەکەی کۆمەڵایەتی؛ پێشە؛ پلەوپایە: *(people from all ~s of life)*. (٨) ڕەوشت؛ کردەوە؛ شێوەی ژیان و هەستان و دانیشتن. (٩) (أ) شەقامی تایبەتی بۆ پیاسە یا بە پێ ڕۆیشتن (کە ئوتومبیلی پێدا ناڕوا). (ب) شۆستە؛ پیادەڕێی نەملا و نەولای شەقام. (١٠) ropewalk. (١١) (أ) داری بە ڕیز ڕیز نێژراو. (ب) ماوەی نێوان دوو ڕیزە داری وەها. (١٢) لەوەڕگا و جێی گەڕان (بەتایبەتی هی مەڕ). (١٣) [British]. گوزەرگای ئاسایی ڕۆژانەی چەرچی یا دەستگیر. (١٤) پێسپێرکی ڕۆیشتن

walk away from, (١) بۆڕیندان بە ئاسانی؛ لێ بردنەوە بە ئاسانی. (٢) ڕزگاربوون لە پرۆداوێنکی ناخۆش بەبێ ئازار پێ گەیشتن.

walk away with, = walk off with.

walk off, (١) بە پێ ڕۆیشتن. (٢) بە پیاسە داڤان (قەڵەوی)؛ بە پیاسە لە کۆڵ خۆ کردنەوە (خەوالوویی، خەم).

walk off with, (١) ١. دزین. (ب) بردن (شتی خەڵک بەبێ پرس). (٢) بردنەوە (پارە، یاری)؛ دەسکەوتن؛ قازانج کردن.

walk of life, پیشە و پلەی کۆمەڵایەتی؛ پلەوپایە؛ پیشە: *(People from different walks of life)*

walk out, [Colloq.], (١) مان گرتن. (٢) چوونە دەرەوە لە کۆبوونەوەیەک (بۆ ناڕەزایی دەربڕین).

walk out on, [Colloq.]. بەجێهێشتن؛ دەست لێ هەڵگرتن؛ وازلێهێنان: *(He walked out on his wife and children.)*

walk tall, سەر بەرز گرتن؛ سەر دانەنەواندن.

walk the plank, (١) زۆرلێکردن (لەلای چەتەی دەریاوە) بۆ ڕۆیشتنە سەر قەراغی تەختەدارێکی سەر کەشتی و کەوتنەخوارەوە بۆ ناو دەریا. (٢) دەرکردن (لە ئیش)؛ بە زۆر وان بێ هێنان لە ئیش؛ لێ خستن.

walk through, بە لامسەرلابی کردنی کارێک (بەتایبەتی یەکەم پەراوەی شانۆنامەیەک).

walk-away (wôk'ə-wā'), *n.* بردنەوە یا بۆڕیندانێکی ئاسان. هەروەها " walkover " .

walker (wôk'ĕr), *n.* (١) پیاسەکەر؛ پیادە (٢) کەسێکە کە بە جۆرێکی تایبەتی ڕەفتار دەنوێنێ. (٣) پێشبڕکێکەری ڕۆیشتن. (٤) چەرچی؛ دەستگیر. (٥) ڕەورەوە (بۆ پێگرتنی منداڵ)؛ چوارچێوەی پێ ڕۆیشتنی کەسێکی قاچ گۆڕ یا ناتەواو. (٦) پێڵاوی تایبەتی بۆ ڕۆیشتن.

walkie-talkie (wôk'i-tôk'i), *n. Also* walky-talky, وۆکی-تۆکی: ڕادیۆ یا تەلسزی پەیام وەرگرو نێرەر.

walk-in (wôk-in'), *adj.* (١) نەوندە گەورەیە کە پیاو بتوانێ بچێتە ناوی و بە پێوە تیایدا ڕابوەستێ (خانەی جل هەڵواسین کە بەشێکە لە ژووری نووستنی گەورە): *(a ~ closet)*. (٢) یەکسەر لە شەقامەکەوە دەچێتە ناوی: *(a ~ apartment)*. (٣) پێویست بە بەڵێن یا ڕۆوانی پێشەکی ناکات: *(a ~ medical clinic)*.

walking (wôk'iŋ), *adj.* (١) گەڕۆک: *(He is a ~ library.)* (٢) بە پێ ڕۆیشتوو. (٣) (أ) بەتایبەتی بۆ ڕۆیشتن کراوە: *(~ shoes)* (ب) بە پێ: *(a ~ tour)* (٤) دەڵەڕێتەوە؛ دێت و دەچێت: *(a ~ beam)*. (٥) بە پێ لێ دەخوڕێت یا کاری پێ دەکرێت: *(a ~ plow)*.

n. (١) بە پێ ڕۆیشتن؛ پیاسە: *(W~ is good exercise.)*. (٢) ڕەوت؛ شێوەی ڕۆیشتن. (٣) باری پیادەڕێ (لەڕووی باش و خراپییەوە بۆ پێدا ڕۆیشتن): *(The ~ is slippery.)*

walking delegate, نوێنەری گەڕۆک (یەکێتی کرێکاران)

walking fern, = walking leaf # 2.

walking leaf, (١) گەڵای گەڕۆک مێرووییەکە باڵ و پەلەکانی لە گەڵا دەچن. (٢) قژە کەنیشکی.

walking papers, [Colloq.], ناگانامەی دەرکردن لە ئیش؛ دەرکردن: *(She got her walking papers yesterday.)* (هەروەها " walking tickets ").

walking stick, (١) دارەدەست؛ گۆچان. (٢) مێرووی چیلکەیی؛ مێرووییەکە وەک کوللەحاجی.

walk-on (wôk'on'), *n.* دەورێکی زۆر ناسەرەکی بێ دەنگ لە شانۆگەرییەکدا

walk-out (wôk'out'), *n.* (١) مان گرتن. (٢) کشانەوە یا چوونە دەرەوە لە کۆبوونەوەیەک یا حیزبێک (بۆ ناڕەزایی دەربڕین).

walk over, [Colloq.], (١) ڕەفتاری ناشرین لەگەڵدا نواندن؛ بە سووک سەیرکردن؛ ماف پێشێل کردن: *(He lets his co-workers walk all over him.)* (٢) بە ئاسانی بردنەوە (پێشبڕکێ)؛ بە ئاسانی بۆڕیندان.

walk-over (wôk'ō'vĕr), *n.* (١) پێشبڕکێیەکی غارغارێنی یەک ئەسپی (کە ئەسپەکە دەیباتەوە ئەگەر هەر بڕواو غاریش نەکات). (٢) walk-away.

walk-up (wôk'up'), *n.* [Colloq.], خانوو، خانوچکە، یا فەرمانگەیەکی بێ ئەسانسێر.

adj. هی خانوویەکی وەها؛ لە خانوویەکی وەهادا: *(a ~ apartment)*.

walk-way (wôk'wā'), *n.* پێ ڕێ؛ ڕێچکە؛ پیادەڕێ

wall (wôl), *n.* (١) دیوار. (٢) (*pl.*) شوورە؛ دیواری بەرگری. (٣) بەنداو؛ بەست. (٤) شتێکی وەک دیوار؛ دیوار (گەدە): *(the abdomen ~)* (٥) شتێکی دیوار ئاسایی: *(a ~ of silence)* (٦) پەرێشانی؛ بێ هیوایی؛ بارودۆخێکی پەرێشان یا بێ هیوا: *(to drive someone to the ~)*

v.t. (١) (~ off)، دیوار بە دەوردا دروستکردن؛ دەورەدان بە دیوار. (٢) جیاکردنەوە یا بەشکردن بە دیوار: *(to ~ off half a room)* (٣) (~ up)، داخستن بە دیوار (دەرگا، کون، دەلاقە).

adj. (۱) دیواری؛ تایبەتی بە دیوار (۲) بە دیواردا هەڵگەڕاو.

bang (or run) one's head against a (brick) wall, سەری خۆ لە دیوار دان؛ هەوڵی بێ سوود دان؛ بە خۆرایی خۆ ماندووکردن.

drive (or push) to the wall, خستنە بارودۆخێکی زۆر خراپەوە؛ ناچارکردن

drive (a person) up the wall, شێت کردن؛ زۆر تووڕەکردن.

walls have ears, دارو دیوار گوێی هەیە.

wallaby (wäl′ə-bi), *n.* کەنگەری بچووک

wallah (wä′lä), *n. Also* walla, (۱) کارگەر؛ کەسێکە کە ئیشێکی تایبەتی دەکا؛ ئیشکەر. *(a kitchen ~)* (۲) [Colloq.]. کەس؛ مرۆڤ.

wallaroo (wäl′ə-roo′), *n.* کەنگەری کەورە لە ناوچە گرداوییەکانی ئوستراڵیا دەژی.

wallboard (wôl′bôrd′, wôl′bōrd′), *n.* تەبەقی دیوارو بنمیچ پێ داپۆشین لە گەچ یا ئاردە دار دروست دەکرێت).

wall creeper, باڵندەیەکی بچووکە لە کەنەڵانو دیوارو بنمیچدا دەژی.

walled (wôld), *adj.* (۱) دیواردار؛ بە دیوار دەورەدراو (۲) شووردار؛ بە شوورە دەورەدراو *(a ~ city)*.

wallet (wäl′it, wôl′it), *n.* [Archaic]. (۱) هەگبە؛ جەوال؛ تووڕەکەی سان بۆ ڕێگە) (۲) جزدان؛ کیسەی پارە.

wall-eye (wôl′ī′), *n.* (۱) چاوێکە ڕەشینەکەی سپیکار بێت یا کۆرنیاکەی سپی بێت (وەک چاوی ئەسپ) (۲) چاوی خێل (۳) چاوی کەورەو دەرپۆقیوو زەق (وەک هی هەندێ ماسی) (٤) چەند جۆرە ماسییەکی چاو گەورەو زەقو دەرپۆقیون.

wall-eyed (wôl′īd′), *adj.* (۱) چاوی سپینەکەی زۆرە (چاوی ئەسپ) (۲) خێل؛ چاو خێل (۳) چاو گەورەو زەقو دەرپۆقیو (وەک هی هەندێ ماسی). (٤) چاوبر؛ چاو زەقو درندانە (٥) [Slang]. مەست؛ سەرخۆش

wall fern, قژە کەنیشکی بە کەنەڵانو دیواردا هەڵگەڕاو.

wallflower (wôl′flou′ĕr), *n.* (۱) شەوبۆ (۲) [Colloq.]. گوڵی سەر دیوار: کچێکە کە لە تەنیشت دیوارەکەوە دادەنشێ ئەتاو سەماخانەدا چونکە کەس داوای لێ نەکردووە سەمای لەگەڵ بکات

wallop (wäl′əp), *v.i.* [Dial. or Colloq.], (۱) پەل کوتان؛ خۆ بەکێش کردن؛ بە گران ڕۆیشتن؛ گەڵ ڕۆیشتن. (۲) غارکردن. (۳) گیزەگیرکردن (ئاوی کوڵاو)

v.t. [Colloq.], (۱) بیرازکردن؛ تێهەڵدان؛ کوتان؛ باش لێدان (۲) مستەکۆڵەی قایم لێدان. (۳) زۆر باش بەزاندن؛ باش بۆڕێدان.

n. [Colloq.], (۱) (ا) پەل کوتان؛ خۆ بەکێش کردن. (ب) غار. (۲) (ا) مستەکۆڵەی قایم (ب) توانای مستەکۆڵەی قایم لێدان

-walloper *(n.).*

walloping (wäl′əp-iŋ, wôl′əp-iŋ), *adj.* [Colloq.]. زۆر زل؛ زۆر گەورە *(a ~ big boy; a ~ fish)*

n. [Colloq.], (۱) بیرار؛ کوتان؛ لێدانێکی زۆر (۲) بەزینێکی پیس؛ دۆڕانێکی زۆر خراپ

wallow (wäl′o, wôl′ō), *v.i.* (۱) تلانەوە؛ خۆگەوزاندن؛ تەپاوتل کردن؛ تلاوتل کردن (۲) بە گران ڕۆیشتنو بەم دیوو بەو دیودا کەوتن (کەشتی)؛ بە تلاوتل ڕۆیشتن. (۳) بەر بۆ حۆ بەرەڵاکردن؛ پێوە خەریک بوونو خۆشی لێ بینین: *(to ~ in vice; to ~ in physical pleasures)* (٤) لێ هەڵسان (دووکەڵ، گڕ)؛ لێوە هاتنەدەرەوە؛ لێ بوونەوە

n. (۱) تلانەوە؛ خۆگەوزان؛ تەپاوتل؛ تلاوتل (۲) شوێنی خۆگەوزان (هۆراو، شوێنی تەپوتۆزاوی)

-wallower *(n.).*

wallpaper (wôl′pā′pĕr), *n.* کاغەزی دیوار؛ کاغەزی لە دیوار گرتن. *v.t.* کاغەز گرتن لە دیوار.

Wall Street, وۆڵ ستریت: (۱) شەقامێکە لە شاری نیویۆرک مەڵبەندی سەرەکی دارایی ئەمەریکایە (۲) بازاڕی پارەو پارەبازی ئەمەریکا؛ پارەبازەکانی ئەمەریکاو هەڵوێستو دەسەڵاتیان.

wall-to-wall (wôl′tə-wôl′), *adj.* لە دیوارەوە بۆ دیوار (ڕاخەری ناو ژوور): *(~ carpeting)*.

wally (wä′li), *adj.* [Scot.], (۱) نایاب؛ زۆر باش. (۲) بەمێز؛ گەورە؛ زۆر. (۳) لەبار.

wally-drag (wä′li-drag′, wäl′i-drăg′), *n.* [Scot.], *Also* wally-draigle, بەچکەی گەند یا لاواز؛ پاشەبەرەی گەند؛ گیانەوەری لاواز.

walnut (wôl′nut′, wôl′nət′), *n.* (۱) گوێز. (۲) دارگوێز. (۳) دارو تەختەی گوێز. (٤) گوێزی؛ ڕەنگی گوێز؛ قاوەیی زۆر کاڵ.

walrus (wôl′rəs, wäl′rəs), *n.* فیلی دەریا: گیاندارێکی کەتەیە لە " seal " دەچێ، بەڵام نەم شفرەی هەیە. *adj.* وەک هی فیلی دەریا (بەتایبەتی سمێڵی کلک درێژو شۆڕ).

waltz (wôlts; *esp.* Brit. wôls), *n.* والس: (۱) جۆرە سەمایەکە. (۲) مۆسیقای نەم سەمایە *adj.* تایبەتی بە سەماو مۆسیقای والس. *v.i.* (۱) سەمای والس کردن. (۲) (ا) بە لامسەرلایی و بە گورج ڕۆیشتن: *(to ~ in late for dinner)*. (ب) (~ through)، بە سووکو ئاسانی کردن یا پیا ڕۆیشتن: *(to ~ through an exam)*

v.t. (۱) سەمای والس لەگەڵ کردن. (۲) پەل گرتنو بردن: *(He ~ed him into the principal's office.)*

wamble (wäm′bl), *v.i.* [Chiefly British Dial.], (۱) تلانەوە (لە ئازاردا)؛ تەپاوتل کردن؛ خۆ گرموڵەکردن؛ خۆ وەرگەڕان بەم دیوو بەودیودا. (۲) لەتردان؛ بەم لا و بەولادا کەوتن. (۳) [Obs.]، دل تێکەڵهاتن؛ پێچ بە سکدا هاتن.

n. (۱) تلانەوە بە ئازارەوە؛ تەپاوتل. (۲) لەتر؛ لەتردان؛ بەم دیوو بەودیودا کەوتن. (۳) دل تێکەڵهاتن.

-wamblingly *(adv.)*; **wambly** *(adj.)*.

wampum (wäm′pəm), *n.* (۱) موورووی گوێچکەماسی (هیندیی‌یە ئەمەریکاییەکان وەک خشڵو پارە بەکاریان دەهێنا)؛ ملوانکەی ئەم جۆرە موورووانە. (۲) [Slang]. پارە.

wampumpeag (wäm′pəm-pēg′), *n.* wampum # 1 .

wan (wän, wôn), *adj.* (۱) زەرد هەڵگەڕاو؛ زەرد؛ بێ ڕەنگ: *(a ~ face)* (۲) نەخۆش؛ لاواز؛ بێ هێز؛ ماندوو: *(a ~ smile, look, etc.)* (۳) بێ سوود؛ بێ هێز؛ سەرنەکەوتوو. (٤) [Archaic]. (ا) تاریک؛ دڵتەنگکەر. (ب) زەرد

v.i. ڕەنگ زەرد هەڵگەڕان؛ نەخۆش کەوتن؛ ڕەنگ تێکچوون

v.t. ڕەنگ زەرد هەڵگەڕاندن؛ نەخۆش خستن؛ ڕەنگ تێکدان.

wand (wänd, wônd), *n.* (۱) خەڵف (بەتایبەتی هی دارەبی)؛ چڵ. (۲) داری مۆسیقاژەن. *scepter* . (۳) داری ئەفسوونەیی پەری. (٤) (ا) داری جادووگەر: *(magic ~)* (ب) داری تیر هاویشتن (وەرزش). **divining rod** (ج)

wander (wän′dĕr, wôn′dĕr), *v.i.* (۱) سوڕانەوە؛ خولانەوە؛ خول خواردن (۲) گەڕان (۳) (ا) (~ from)، وون بوون؛ لە ڕێگە لادان؛ ڕێگە بەجێهێشتن (ب) (~ off)، دوورکەوتنەوە (لە کەسوکار یا جێگەی خۆ)؛ سەرگەردان بوون؛ ئاوارەبوون؛ سەرەڕۆیی کردن (٤) (ا) لە باس لادان (دروان، نووسین؛ (ب) گومڕابوون؛ بە ڕێی هەڵەدا چوون (ڕەوشت)؛ خوو خراپ بوون

پێدا گەڕان؛ پێدا سوڕانەوە. *(He ~ed the forests.)*

n. گەڕ؛ بیاسە

wanderer (wän′dĕr-ĕr, wôn′dĕr-ĕr), *n.* گەڕۆک؛ گەڕیدە؛ سەرەڕۆ؛ وێڵ؛ پەوەند؛ سەرگەردان.

wandering (wän′dĕr-iŋ, wôn′dĕr-iŋ), *adj.* ١) گەڕۆک؛ وێڵ؛ سەرەڕۆ؛ سوڕاوە؛ سەرگەردان. ٢) کۆچەر؛ پەوەند؛ گەڕۆک. *(~ tribes)*. ٣) پێچاوپێچ (ڕووبار، ڕێگە). ٤) تەرز فرێدەر. *(~ plants)*.

n. ١) سوڕانەوە؛ خولانەوە؛ گەڕان. ٢) *(pl.)* گەشت (بەتایبەتی هی دوورو درێژو بێ مەبەست)؛ گەڕان. ٣) *(pl.)* وورێنە؛ قسەی بێزکاو؛ قسەی هەلەق مەلەق.

Wandering Jew, ١) هیوولەکەی سەرگەردان. جوولەکەیەکە کە بەپێی ئەفسانەی کۆن سزای بەوە دراوە کە هەر وێڵو سەرگەردان بێو بە سەرزەمیندا بگەڕێ هەتا هاتنی دووەم جاری عیسا بۆ سەرزەمین چونکە گاڵتەی بە عیسا کردبوو لە ڕۆژی هەڵواسینیدا. ٢) [W- J-]، ڕووەکێکی خشۆکی تەرز هاوێژی لاسکی گەڵا ساف گوڵی ڕەنگاوڕەنگ دەگرێ.

wanderlust (wän′dĕr-lust′, wôn′dĕr-lust′), *n.* حەزی گەشت و گوزار؛ تاسەی گەشتکردن.

wanderoo (wän′də-rōō′), *n.* مەیموونێکی هیندی و سیلانی.

wane (wān), *v.i.* ١) مانگ کەل بوون؛ بچووک بوونەوە (مانگ)؛ شکانەوە. ٢) کزبوون (ڕووناکی، شەوق). ٣) کزبوون (دەسەڵات، سامان، گرنگی)؛ کەم بوونەوە؛ کەم کردن. *(~ing influence, power, prosperity, popularity, etc.)* ٤) بەرەو نەمان چوون؛ بەرەو کۆتایی چوون؛ دوایی هاتن.

n. ١) مانگ کەل بوون؛ مانگ شکانەوە یا بچووک بوونەوە. ب) کەتی مانگ کەل بوون. ٢) کزبوون (دەسەڵات، سامان)؛ کەم بوونەوە. ٣) کەتی کزبوون؛ ماوەی کەم بوونەوە یا بەرەو نەمان چوون؛ سەردەمی بە ئاخەڵ چوون.

on the wane, بەرەو نەمان دەچێ؛ لە ئاوابوونداید؛ لە کزیدایە؛ لە کەم بوونەوەدایە.

wangle (waŋ′g'l), *v.t.* [Colloq.]. ١) بە فێڵو تەڵەکە دەسکەوتن. *(He ~d a good job at a very young age.)* ٢) دەستکاری کردن یا گۆڕین بۆ سوودی خۆ. ساختە تێدا کردن. *(to ~ statistics, accounts, etc.)* ٣) خۆ پڕگارکردن لە تەنگوچەڵەمەیەک.

v.i. [Colloq.], ١) فێڵو تەڵەکە بەکارهێنان بۆ گەیشتنە ئەنجامی خۆ. ٢) خۆ پڕگارکردن لە تەنگوچەڵەمەیەک.

n. [Colloq.], خۆ پڕگارکردن یا کشاندنەوە لە تەنگوچەڵەمەیەک.

-wangler *(n.).*

wangian (waŋ′gi-ən), *n. Also* wangan, wangun, wannigan, ١) کەجینە یا دۆڵابی ئاوڕوگەو ووردەشتی هەوارگەی دارکەران. ٢) کەجینەکی بچووک یا کوشکێکە بەسەر ڕەدیەڕەوە بۆ حەوانەی دارکەران.

wanion (wŏn′yən), *n.* [Archaic]. بەدبەختی؛ نەگبەتی؛ لەعنەت؛ ئاخر و ئۆخر؛ تەنها لەم وتەیەدا بەکاردێت: " with (or in) a wanion ".

want (wänt, wônt), *v.t.* ١) کەم بوون؛ کەموکوڕی هێنان؛ نەبوون؛ ئاتەواو بوون. ٢) ویستن؛ کەم بوون؛ ماوێتی *(It ~s ten minutes to midnight.)* ٣) زۆر حەزکردن *(He ~s adventure.)* ٤) ویستن؛ حەزکردن؛ گەرەک بوون *(She ~s to go with us.)*. ٥) حەز لە بینین کردن یا قسە نەکەل کردن *(Your mother ~s you.)*. ٦) بە دوادا گەڕان بۆ گرتن (تاوانبار) *(He is ~ed by the police.)*.

(ج) وردەکردن؛ قسە بێزکاندن؛ قسەی هەلەق مەلەق کردن. ٥) پێچاوپێچ کردن یا پۆیشتن (وەک ڕووبار). ٦) بازدان لە شتێکەوە بۆ شتێکی تر (چاو، سەیرکردن. نووسین)؛ گەڕاندن: *(Her eyes ~s.)*

v.t. [Poetic], ١) بێ ئەنجام بەجێهێشتن؛ بەفیڕۆدان؛ پاڕە زۆر خەرج کردن بۆ سەرسەرێتی.

-wanton *(n.)*; **wantonly** *(adv.)*; **wantonness** *(n.).*

wapentake (wäp′ən-tāk′), *n.* ١) ناوچە یا هەرێمێکی بچووکی کۆنی نینگلتەرەو وولاتە باکووریەکانی ئەوروپایە. ٢) دادگای هەرێمێکی بچووکی وەها.

wapiti (wäp′ə-ti), *n.* ئاسک یا بەرانە کێوی گەورەی ئەمەریکی

wappen-schawing (wäp′ən-shô′iŋ), *n.* خۆنوواندنی هێزی چەکداری ناوچە (لە سکۆتلەندە).

wapper-jaw (wäp′ĕr-jô′), *n.* کاژێری خوارەوەی دەرپۆقیو؛ کاژێر خوار.

-wapperjawed *(adj.).*

war (wôr), *n.* ١) جەنگ؛ شەڕ؛ شەڕوشۆڕ. ٢) جەنگناسی؛ زانستی شەڕوشۆڕ. ٣) ناکۆکی؛ دوژمنایەتی. *(the ~ between the sexes)*. ٤) خەبات؛ کۆشش کردن دژی. *(the ~ against crime and disease)*

adj. جەنگی؛ لە شەڕدا بەکاردەهێنرێ؛ لە جەنگدا ڕووداو؛ هی جەنگ. *(~ crimes)*

v.i. ١) جەنگان؛ جەنگ کردن؛ شەڕکردن. ٢) خەبات کردن دژ بە؛ دوژمنایەتی کردن

at war, لە جەنگدا بوون؛ لە شەڕدا بوون. *(The two countries were at war for ten years.)*

(ج) پێویست پێ بوون *(W~ed: a cook for a small restaurant)*. ٦) پێویست بەوە کردن؛ پێویست بوون. *(You ~ to eat before you go.)*

v.i. ١) (~ for)، لێ کەم بوون؛ نەبوون؛ پێویست پێ بوون؛ ئاتەواری بوون؛ ویستن: *(We didn't ~ for anything. We shall not ~ for money.)* ٢) دەستکورت بوون؛ هەژار بوون؛ پێویستی هەبوون. ٣) [Rare or Archaic]، هەر نەوەندە کەم بوون یا مابوون.

n. ١) کەموکوڕی؛ کەمی؛ نەبوون. ٢) هەژاری؛ نەبوونی؛ دەستکورتی. ٣) حەژ؛ ئارەزوو؛ تاسە. ٤) ویستەمەنی؛ پێویستی؛ شتی پێویست یا ویستراو.

want ad, [Colloq.], بڵاوکراوەی بۆ ئیش یا بڵاوکراوەی ویستن: بڵاوکراوەی بۆژنامەیە بۆ ئیش یا ئیشکەر ویستن، شت کڕین و فرۆشتن... هتد.

wanting (wän′tiŋ, wôn′tiŋ), *adj.* ١) نیەتی؛ وونە؛ ئاتەواوە؛ ئەوەی کەمە: *(a motor with some of the parts ~)* ٢) کەم؛ ئاتەواو؛ لێ نەهاتوو.

prep. ١) بەبێ؛ بێ. *(W~ mutual trust, friendship is impossible.)* ٢) ئەوەندەی کەمە؛ ئەوەندەی نەبێ: *(a century ~ five years)*.

wanting in, کەموکوڕی هەیە لەوەدا؛ ئاتەواوە؛ نیەتی: *(He is wanting in courtesy.)*

wanton (wän′tən, wôn′tən), *adj.* ١) لاسار؛ سەرکێش؛ هاروهاج؛ دڕ؛ ناپەسەند: *(~ boys)* ٢) داوێن پیس؛ سەرسەری؛ بێ ڕەوشت؛ سووک؛ بێ ئابڕوو: *(a ~ woman)* ٣) [Poetic]، ١) بزنو؛ گەمەکەر؛ یاریکەر: *(a ~ child)*. ب) قایم؛ بەر بەرەڵا. *(~ winds)*. ٤) دڕندە؛ بەد؛ ناپەسەند؛ ئارەزو: *(~ cruelty; a ~ insult)* ٥) بێباک؛ بە تەنگ هەستی خەڵکەوە نەهاتوو. ٦) [Poetic]، ١) زۆر پەرەسەندوو (گژوگیا)؛ چڕ؛ پڕ. ب) شۆخ (جل)؛ زیادەڕۆ

n. ژنی سووکو بێ ئابڕوو؛ ژنی بەرەڵا.

v.i. ١) زۆر دەستبازی کردن؛ بەر بۆ خۆ بەرەڵاکردن (جووت بوون، خۆشی پەرستن). ٢) بزێوی کردن؛ زۆر یاری کردن. ٣) زیادەڕۆیی کردن (ڕەوشت) ٤) زۆر پەرەسەندن (گژوگیا. دارەخت).

v.t. بەفیڕۆدان؛ پارە زۆر خەرج کردن بۆ سەرسەرێتی.

-wantoner *(n.)*; **wantonly** *(adv.)*; **wantonness** *(n.).*

wapentake (wäp′ən-tāk′), *n.* ١) ناوچە یا هەرێمێکی بچووکی کۆنی نینگلتەرەو وولاتە باکووریەکانی ئەوروپایە. ٢) دادگای هەرێمێکی بچووکی وەها.

wapiti (wäp′ə-ti), *n.* ئاسک یا بەرانە کێوی گەورەی ئەمەریکی

wappen-schawing (wäp′ən-shô′iŋ), *n.* خۆنوواندنی هێزی چەکداری ناوچە (لە سکۆتلەندە).

wapper-jaw (wäp′ĕr-jô′), *n.* کاژێری خوارەوەی دەرپۆقیو؛ کاژێر خوار.

-wapperjawed *(adj.).*

war (wôr), *n.* ١) جەنگ؛ شەڕ؛ شەڕوشۆڕ. ٢) جەنگناسی؛ زانستی شەڕوشۆڕ. ٣) ناکۆکی؛ دوژمنایەتی. *(the ~ between the sexes)*. ٤) خەبات؛ کۆشش کردن دژی. *(the ~ against crime and disease)*

adj. جەنگی؛ لە شەڕدا بەکاردەهێنرێ؛ لە جەنگدا ڕووداو؛ هی جەنگ. *(~ crimes)*

v.i. ١) جەنگان؛ جەنگ کردن؛ شەڕکردن. ٢) خەبات کردن دژ بە؛ دوژمنایەتی کردن

at war, لە جەنگدا بوون؛ لە شەڕدا بوون. *(The two countries were at war for ten years.)*

declare war on, (۱) جاری جەنگ ـەن؛ جاری شەڕ دار (۲) دوژمنایەتی خۆ نیشاندان بەرامبەر؛ خەبات کردن دژ بە.

go to war, جەنگ کردن شەڕکردن؛ چوونە شەڕەوە

wage war (up) on, شەڕ بەرپاکردن؛ دەست بە جەنگ کردن؛ جەنگان دژ بە.

warble (wôr′b'l), *v.t.* (۱) خوێندن بە دەنگێکی خۆش (باڵندە) (۲) بە گۆرانیچەوە ووتن؛ بە گۆرانی یا هۆنراوەوە ووتن

v.i. (۱) خوێندن بە دەنگێکی خۆش (باڵندە) (۲) خوڕەخوڕ هاتن (جۆگەلە). (۳) گۆرانی ووتن؛ هۆزەکردن.

n. (۱) خوێندن (باڵندە) (۲) گۆرانی؛ هۆزە.

warble (wôr′b'l), *n.* (۱) جەوز؛ دیرێکە لە شان و پشتی وڵاخ دێت بەهۆی گرتنی زین و کورتانەوە (۲) بریرێکە لەژێر پێستی ئاژەڵ و ڕەشەوڵاخ دێت بەهۆی کرمۆکەی مێشی ئاژەڵەوە (۳) گەرای مێشی ئاژەڵ.

(٤) warble fly

warble fly, مێشی ئاژەڵ مێشێکە لەژێر پێستی ئاژەڵ و وڵاخدا دەژی و گەرا دادەنێت و بریرێ لێ دێنێت

warbler (wôr′blĕr), *n.* فڕێنەگوێ؛ باندەیەکی بچووکی ڕەنگینی دەنگ خۆش لە کۆمەڵەی چۆلەکە

war club, کوتەکێکی سەر ئاسنین یا بزماراویی (چەکی هیندیی‌یەکانی ئەمەریکا)

war chest, (۱) پارەی نەرخار کراو بۆ جەنگ (۲) پارەی تەرخان کراو بۆ مەبەستێک یا هێرشێکی تایبەتی.

war correspondent, پەیامنێری جەنگ

war crime, تاوانی جەنگ؛ هەر تاوانانەی لە جەنگدا دەکرێن و دژی نەریت و دەستووری جەنگ وەک دیل ئازاردان و کۆمەڵ کوژی.

war cry, (۱) هاواری جەنگ. هاواری سەربازە لەکاتی هێرش بردندا (۲) دروشمی خەباتکەرانی مەسەلەیەک.

ward (wôrd), *v.t.* (۱) (~ off) لە خۆ لادان؛ لێ لادان (چاوی پیس، نزای خراپ)؛ خۆ لێ پاراستن؛ لێ پاراستن

(to ~ off evil, a blow, catastrophe, etc.)

(۲) نەخۆش حستنە قاوشی خەستەخانەوە (۳) [Archaic]. پاسەوانی کردن؛ پاراستن.

n. (۱) پاراستن (۲) لەژێر پاراستندا بوون. (۳) (أ) سپاردە؛ پێ سپاردە؛ مندالێک یا کەسێکی بێ توانای سپێردراو بە کەسێکی گەورە. (ب) پێ سپاردن (مندال). (ج) مەرجی نەم پێ سپاردنە. (د) کەسێک کە سپێردرابێت بە کەسێکی تر. (٤) قاوشی خەستەخانە؛ بەشێکی خەستەخانە یا شێتخانە:

(the maternity ~)

(۵) قاوش یا ژووری گەورەی بەندیخانە (٦) گەرەک؛ ناوچەیەکی شار. (۷) wapentake (۸) هۆی بەرگری یا پارێزگاری (۹) هەڵوێست یا وەستانێکی پارێزگاری (شێربازی) (۱۰) جەوشەی قەڵا یا شوێنێکی شوورەدار. (۱۱) [Archaic]. پاسەوان؛ نۆبەچی (۱۲) (أ) دانی قفل (ب) دانی کلیل

-ward (wĕrd), پاشگرێکە بەمانای بەرەو

(backward, eastward)

war dance, سەمای جەنگ سەمایەکە خێڵە سەرەتاییەکان دەیکەن پێش چوونە شەڕەوە یا لە خۆشی سەرکەوتندا.

warded (wôr′did), *adj.* دانراو (کلیل، قفل).

warden (wôr′d'n), *n.* (۱) پارێزگار (۲) سەرەک زیندان؛ زیندانەوان؛ سەرۆکی بەندیخانە؛ کارگێڕی بەندیخانە (۲) (أ) پارێزەری ناوچە. (ب) کارگێڕی فەرمانگەی میری (ج) کارگێڕی بەندەر. (٤) نەندامی نەجوومەنی سەرپەرشتی زانستگا. خەستەخانە، یا یەکێتی کرێکاران (لە نیگلتەرە). (۵) churchwarden

(٦) [Rare]. پاسەوان؛ حەسحەس؛ نۆبەچی.

wardenry (wôr′d'n-ri), *n. Also* **wardenship,** پلەوپایەو کاری بەڕێوەبەری بەندیخانە.

warder (wôr′dĕr), *n.* (۱) پاسەوان؛ نۆبەچی (۲) دەرگاوان؛ پاسەوانی دەرگا (۳) [Chiefly British]. warden # 2.

-wardership *(n.).*

warder (wôr′dĕr), *n.* گوردی پاشا یا فەرماندەر.

ward heeler, بە کرێ گیراوێکە دەنگ بۆ حیزبێک یا نوێنەرێکی حیزب کۆدەکاتەوە.

wardress (wôrd′ris), *n.* [Chiefly Br.]. مێینەی " warder ".

wardrobe (wôrd′rōb′), *n.* (۱) کەنتۆر؛ دۆلابی جل‌وبەرگ (۲) ژووری جل‌وبەرگی نوێنەرانی شانۆگەری (۳) (أ) جل‌وبەرگی کەسێک (ب) جل‌وبەرگی وەرزێک یا مەبەستێکی تایبەتی *(a spring ~)* (ج) جل‌وبەرگی شانۆیەک یا تیپێکی شانۆگەری (٤) بەشی جل‌وبەرگ لە کۆشکی پاشادا

wardroom (wôrd′rōōm′, wôrd′room′), *n.* (۱) جێگەوڕێگەی ئەفسەرانی کەشتی جەنگ بەتایبەتی ژووری نان خواردنیان. (۲) ئەفسەرانی کەشتی جەنگ بەگشتی

-wards (wĕrdz), = ward.

wardship (wôrd′ship′), *n.* (۱) پێ سپاردنی منداڵ؛ ئیشوکاری منداڵ پێ سپێردراو (۲) سپاردەیی؛ سپێردران بە گەورەیەک (منداڵ).

ware (wâr), *n.* (۱) (*pl.*) ، فرۆتەنی؛ شتومەکی فرۆشتن. (۲) جۆرە شتومەکێکی تایبەتی؛ *(glassware, hardware, silverware)*

(۳) گڵینە؛ کاشی؛ کۆزەودیزە.

ware (wâr), *adj.* [Archaic], (۱) بە ئاگا؛ هۆشیار؛ ئاگادار (۲) وورێا. (۳) ژیر.

v.t. وورێا بە!؛ چاوت لەبەرپێی خۆت بێ! (بەتایبەتی لە تێخوڕینی تانجی و سەگی ڕاوەدا): *(W~ hounds, wire, traps!)*

ware (wâr), *v.t.* [Scot. & N. Eng. Dial], کات بردنەسەر؛ پارە خەرج کردن.

warehouse (wâr′hous′), *n.* (۱) عەمار (فرۆتەنی)؛ بارخانە (۲) [Chiefly British]، فرۆشگای کۆ؛ فرۆشگای زۆر گەورەی تاک.

v.t. خستنە بارخانە یا عەمار (بەتایبەتی هەتا گومرگ لەسەر شتەکە دەدرێ)

warehouseman (wâr′hous′mən), *n.* کارگێڕ، خاوەن، یا کارگەری عەماری فرۆتەنی.

wareroom (wâr′rōōm′, wâr′room′), *n.* دووکان؛ فرۆشگا؛ پێشانگای فرۆتەنی

warfare (wôr′fâr′), *n.* (۱) شەڕوشۆڕ؛ جەنگ؛ شەڕ (۲) ناکۆکی؛ دوژمنایەتی؛ خەبات

warfarin (wôr′far′in), *n.* ناوێتەیەکی کیمیایی‌یە بۆ جانەوەر کوشتن و پزیشکەوانی بەکاردێت.

war footing, ئامادەبوون بۆ جەنگ؛ ئامادەیی جەنگ:

(The army is now on a ~ .)

war game, *Also* **war games,** لاسایی جەنگ؛ یاری جەنگ؛ مناوەڕەی سوپا.

war head, سەری مووشەک و بۆمبا؛ ئەو بەشەی مووشەک و بۆمبایە کە تەقەمەنی‌یەکەی تێدایە.

war-horse (wôr′hôrs′), *n. Also* **war horse,** (۱) ئەسپی جەنگ (۲) [Colloq.]، خەباتکەری کۆن و شارەزا؛ کەسێکە کە لە ژیانیدا گەلێک ناکۆکی و شتی تری دیوە؛ سەربازی کۆن. (۳) [Colloq.]. شانۆنامەیەک یا پارچەیەک مۆسیقایە کە ئەوەندە بینراوە و بیستراوە کۆن و بێ تام بووە.

warily (wâr′ə-li), *adv.* به ووریایی؛ به ترسەوە؛ به ئاگاداری.
wariness (wâr′i-nis), *n.* ووریایی؛ ترس؛ ئاگاداری.
warison (war′ə-s'n), *n.* [Obs.] (۱) پاداشت (له سەرگەوتنەوە). (۲) شەڕبووری جەنگ؛ زەوتای هێرش بردن.
warlike (wôr′lik´), *adj.* (۱) جەنگاوەر؛ شەڕانی؛ شەڕەنگێز: *(~ tribes; a ~ people)*
(۲) جەنگی: *(a ~ expedition)*.
(۳) هەڕەشەیی؛ نیشانەی شەڕە: *(a ~ tone; ~ propaganda)*.
warlock (wôr′lok´), *n.* [Scot. & Archaic]. جادووگەر؛ جادووبار؛ نوشتەکەر.
war-lord (wôr′lôrd´), *n.* (۱) سەرلەشکر؛ فەرماندەی سوپا (بەتایبەتی لە وڵاتێکی پەشێودا کە میری دەسەڵاتی نەمابێ). (۲) سەرۆک چەتە (بەتایبەتی لە ناوچەیەکدا کە میری هەر بە ناو تێیدا مابێ). (۳) زۆردار؛ زۆرکار؛ ستەمکار.
warm (wôrm), *adj.* (۱) (ا) شلەتێن: *(~ water, coffee, tea, etc.)*
(ب) نیمچە گەرم: *(~ weather)*.
(ج) گەرم؛ نیمچە گەرم؛ گەرمی دەداتەوە: *(a ~ fire)*.
(۲) پلەی گەرمی ناسایی‌یە وەک هی هەموو گیانەوەرێک (خوێن، لەش).
(۳) (ا) گەرمایەتی؛ گەرمە.
(ب) گەرمکەرەوە: *(~ exercise, work, etc.)*.
(٤) گەرم *(~ clothing; a ~ coat)*.
(٥) گەرم (مشت‌ومڕ، ووتوێژ).
(٦) گەرمەوگور؛ گەرم: *(~ support, encouragement, etc.)*.
(۷) کەللە گەرم؛ زووەهەڵچوو؛ تووڕەوتەزێ.
(۸) (ا) گەرم؛ گەرمووگور؛ بەدڵ: *(a ~ welcome)*.
(ب) دڵسۆزانە؛ گەرم: *(~ thanks)*.
(ج) خۆشەویستانە؛ بەسۆز؛ گەرم: *(a ~ embrace)*.
(۹) سوور یا پرتەقاڵی (کە نیشانەی گەرمی‌یە): *(~ colors; a ~ sunset)*.
(۱۰) تازە (شوێن پێ)؛ نوێ؛ زۆری بە سەردا نەچووە: *(a ~ trail)*.
(۱۱) [Colloq.] نزیکی هەڵهێنانە (مەتەڵ).
(۱۲) [Colloq.] ناخۆش (بارودۆخ)؛ هەراس پێ هەڵگیراو: *(We made things ~ for him.)*
(۱۳) [Colloq.] خۆش گوزەران؛ دەوڵەمەند.
adv. بە گەرمی؛ بە شێوەیەکی گەرم.
v.t. (۱) گەرم کردن؛ پلەی گەرمی بەرزکردنەوە.
(۲) حۆشدان؛ هێنانە جۆش؛ گورج کردنەوە؛ خرۆشاندن.
(۳) دڵخۆش کردن؛ هەست بە خۆشی کردن: *(The sight of the children ~s my heart.)*
v.i. (۱) گەرم بوون؛ گەرم بوونەوە. (۲) جۆش هەڵسان؛ خرۆشان.
(۳) (~ to) ڕووکردنەوە لەگەڵ؛ پێ خۆش بوون؛ پوو خۆش بوون: *(She ~ed to the room at once.)*
n. گەرم بوونەوە؛ گەرم بوون؛ گەرم کردنەوە.
warm up, (۱) گەرم کردن: *(Please warm up the engine before driving the car.)*
(۲) گەرم کردنەوە (خواردەمەنی): *(She warmed up the food.)*.
(هەروەها " warm over ").
(۳) ڕووکردنەوە؛ پوو خۆشتر بوون: *(The baby warmed up to us in no time.)*
(٤) مەشقی هێواش کردن بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ پێشبڕکێ: *(to warm up before a race)*
warm-blooded (wôrm′blud´id), *adj.* (۱) خوێن گەرم و گەرمی لەش نەگۆڕ (باڵندەو گیانداری شیردەر) (۲) خوێن گەرم؛ سەرگەرم؛ دڵ گەرم.
-warmbloodedness *(n.).*
warmed-over (wôrmd-ō′vĕr), *adj.* [Colloq.], (۱) گەرم کراوەتەوە: *(~ food)*
(۲) کۆن؛ لەوەوپێش بیستراوە: *(~ jokes, tales)*.
warmer (wôrm′ĕr), *n.* گەرمکەرەوە (ئامێر): *(a hand- ~)*.
warm-hearted (wôrm′här´tid), *adj.* میهرەبان؛ هاوسۆز؛ دڵنەرم؛ ڕووخۆش.
-warm-heartedly *(adv.)*; **warm-heartedness** *(n.).*
warming pan, تاوەی گەرمکەرەوە: تاوەیەکی کلك درێژی سەرقاپدارە پشکۆی ئاگر یا ئاوی گەرمی تێدەکرا بۆ جێ گەرمکردنەوە پێش نوستن.
warmish (wôrm′ish), *adj.* نەختێك گەرم.
warmonger (wôr′muŋ´gĕr), *n.* شەڕەڕست؛ شەڕخواز؛ دەڵاڵی جەنگ؛ بازرگانی جەنگ.
-warmongering *(adj. & n.).*
warmth (wôrmth), *n.* (۱) گەرمی؛ گەرمایی.
(۲) هەست گەرمی؛ خوێن گەرمی؛ سۆزی دڵ؛ بەجۆشی؛ هەستی بەتێن.
(۳) ئەو هەستە گەرمەی پەیدا دەبێ لە بەکارهێنانی شتی سوورو پرتەقاڵی‌یەوە.
warm-up (wôrm′up´), *n.* (۱) مەشقی هێواشی خۆ ئامادەکردن بۆ پێشبڕکێ: *(The spectators watched the players go through their ~s.)*
(۲) گەرم بوون (بۆ ڕووداوێکی گرنگ)؛ ئامادەکاری‌و ووردە ووردە جۆشدان بۆ گەرم بوون بۆ ڕووداوە سەرەکی‌یەکە.
warn (wôrn), *v.t.* (۱) ووریاکردنەوە: *(We ~ed him of the danger.)*
(۲) ئامۆژگاری کردن؛ سەرنج ڕاکێشان بۆ: *(You have been ~ed against smoking here.)*
(۳) پێشەکی پێ ووتن؛ پێشەکی پێ ڕاگەیاندن.
(٤) پێ ڕاگەیاندن یا پێ ووتن بۆ ئامادەبوون‌و چوون بۆ شوێنێکی تایبەتی لە کاتێکی دیاریکراودا.
v.i. ئاگادارکردن؛ ووریاکردنەوە: *(A rattlesnake ~s before it strikes.)*
warning (wôr′niŋ), *n.* ئاگاداری؛ ووریاکردنەوە؛ ئامۆژگاری؛ ڕاگەیاندن: *(We gave him a ~ . ; She paid no attention to my ~s.)*
adj. ئاگادارکەرەوە؛ ووریاکەرەوە؛ هی ئاگاداری یا ووریاکردنەوە: *(He gave a ~ look . There were many ~ signals.)*
-warningly *(adv.).*
warp (wôrp), *n.* (۱) (ا) شێوان؛ شێوە تێکچوون؛ قوپان؛ خواربوون؛ لاربوون. (ب) پێچ؛ قوپاری؛ پێچاوپێچی؛ خواری؛ لاری؛ چەوتی.
(۲) مێشك شێوان؛ خوو یا کردەوەی سەیر؛ ناوێزەیی مێشك.
(۳) لیتەی لە دوای ڕوبارەوە جێماو
(٤) گوریس یا پەتی کەشتی ڕاکێشانە لەنگەرگاوە.
(٥) تان؛ ڕێسمانی باری درێژی چنراو.
v.t. (۱) چەماندنەوە؛ خوارکردن؛ لارکردن؛ خواروخێچ کردن؛ قوپاندن؛ چەوت کردن (۲) (ا) لە ڕێی خۆ لادان.
(ب) تێکدان؛ شێواندن *(a ~ed wind)*.
(ج) شێواندن؛ بە هەڵە لێکدانەوە؛ گۆڕین: *(a ~ ed statement; ~ed ideas; He ~ed the facts.)*
(۲) پێکەوەبەستن (بە بەن یا پەت): *(W~ two sticks together.)*
(٤) باڵی فڕۆکە چەماندنەوە بۆ هاوسەنگی.
(٥) ڕاکێشانی کەشتی بە پەت یا گوریس.
(٦) تان کردن؛ دانانی ڕێسمانی باری درێژی چنراو.
v.i. (۱) خواروخێچ بوون (تەختەو دار)؛ چەوت بوون؛ قوپان؛ خواربوون: *(The board is ~ed.)*
(۲) (ا) تێکچوون؛ شێوان؛ گۆڕان؛ چەوت بوون.
(ب) لە ڕێی ڕاستی خۆ لادان.
(۳) بە پەت ڕاکێشرانە لەنگەرگاوە (کەشتی).

-warper *(n.).*

war paint, (۱) بۆیەی جەنگ: بۆیەیەکە هیندیەیە نەمەریکاییەکان لە لە دەموچاوو لەشیان دەدا پێش چوونە شەڕەوە. (۲) [Slang]، جل‌وبەرگی ڕەسمی بە هەموو نەخش‌و نیشانەوە. (۳) [Slang]، ئارایشت: سوورلو و سپیاو.

warp and woof, تان‌و پۆ. چنین: بنچینە: بناغە

warpath (wôr′path′, wôr′päth′), *n.* ڕێڕەوی جەنگ. نەو ڕێڕەوەیە کە هیندیەیە نەمەریکاییەکان دەیگرن لە هێرش بردندا.

on the warpath, (۱) ئامادەیە بۆ جەنگ: شەڕفرۆش: جەنگاوەر: شەڕانی (۲) تووڕە.

warplane (wôr′plān′), *n.* فڕۆکەی جەنگ

warrant (wôr′ənt, wär′ənt), *n.* (۱) ڕێ پێدان: پەسەندنامە. (۲) بەڵگەی کارێك: هۆ. (۳) بەڵگەنامە: گەواهی. (٤) (ا) سەند: قەوانە. (ب) [British]، ڕەسیدی شتوومەك دانان لە بارخانە یا عەمباردا. (ج) دەسەڵاتنامەی گرتن یا پشکنین... هتد.

(a search ~ ; The police had a ~ for his arrest. an arrest ~)

(د) بڕوانامەی دانان بە جێگری نەفسەر

v.t. (۱) دەستەبەری کردن: سەندە دان:

(This material is ~ed to be pure silk.;

I'll ~ him an honest and reliable man.)

(۲) دەسەڵات پێدان: ڕێ پێدان (یاساگەری)

(۳) بە ڕەوا بینین: شایستەبوون:

(Nothing can ~ such harsh treatment.)

(٤) دەستەبەری کردن بە لەسەر تاپۆکردنی خانوو

(٥) [Colloq.]، بە دڵنیاییەوە ووتن: بێ گومان بوون:

(I ~ he will be late.)

warrantable (wôr′ən-tə-b'l, wär′ən-tə-b'l), *adj.* بەڵگەدار: هۆدار: ڕەوا

warrantee (wôr′ən-tē′, wär′ən-tē′), *n.* دەستەبەری پێدراو

warrant officer, جێگری نەفسەر

warrantor (wôr′ən-tər, wär′ən-tər), *n. Also* warranter, دەستەبەر

warranty (wôr′ən-ti, wär′ən-ti), *n.* (۱) دەسەڵاتنامە: پەسەندنامە ڕێ پێدان (۲) بەڵگەنامە: هۆ (۳) دەستەبەری (أ) لە فرۆشیارەوە کە فرۆتەنیەکەی ساختەی تێدا نیە. (ب) لە کڕیارەوە کە نەو زانیاریەی داویەتی دەربارەی خۆی ڕاستە. (ج) لە فرۆشیاری خانوو زەوی‌وزارەوە کە تاپۆکە هی خۆیەتی (٤) فەرمان یا دەسەڵاتنامەی گرتن یا پشکنین هتد.

warren (wôr′ən, wär′ən), *n.* (۱) پەروەردگای گیانداری بچووکی ڕاو. (۲) (أ) کولانەی کەرویشك (بە خەنەقی ژێر زەمینەوە) (ب) کۆمەڵە کەرویشك. (۳) خانوویەکی پڕ گەرەکێك یا شوێنێکی قەرەباڵغ

warrener (wôr′ən-ər, wär′ən-ər), *n.* خاوەن یا چاودێری پەروەردگای گیانداری بچووکی ڕاو.

warrior (wôr′i-ər, wär′yər), *n.* جەنگاوەر: شەڕکەر: جەنگاوەری قاڵ

warsaw (wôr′sō), *n.* جۆرە ماسی چەکی گەورەی دەریا گەرمەکانە

warship (wôr′ship′), *n.* کەشتی جەنگ

warsle (wär′s'l), *v.t. Also* warstle, زۆران لەگەڵ گرتن هەوڵدان بۆ شکاندن

wart (wôrt), *n.* (۱) سکەکە ماتوکە (۲) قوربی سەر لاسکی ڕووەك (۳) [Colloq.]، کەسێکی بۆگەنی کەس خۆش نەویستوو

wart hog, جۆرە بەرازە کیوی‌یەکی نەفەریقایی‌یە

war-time (wôr′tīm′), *n.* سەردەمی جەنگ: کاتی شەڕ

warty (wôr′ti), *adj.* (۱) بالووکاوی: مێخەکەدار: مێخەکاوی. (۲) لە بالووکە یا مێخەکە دەچێ.

war whoop, هاواری جەنگ (بەتایبەتی لای هیندیەیە نەمەریکاییەکان). (ووشەی " war cry " ببینە).

wary (wâr′i), *adj.* (۱) ووریا: بە ترس: بە ئاگا (بۆ نەکەوتنە داو یا هەڵەوە). *(a ~ individual)* . (۲) ووریایانە: لە ترس یا ووریایی‌یەوە هاتووە: *(a ~ look)* .

-warily *(adv.)*; **wariness** *(n.).*

wary of, لێ بەگومان بوون: لێ بەترس بوون: ووریای شتێك یا کەسێك بوون.

war zone, ناوچەی جەنگ: ناوچەی شەڕ

was (wuz, wäz; *unstressed* wəz), *the first and third person singular, past tense of* **be.**

wash (wôsh, wäsh), *v.t.* (۱) شتن: شۆردن: شتنەوە: شۆردنەوە. (۲) پاك کردنەوە: خاوێن کردن. (۳) تەرکردن: لە ناو هەڵکێشان. (٤) شۆردنەوە (شەپۆل، ڕووبار، دەریا): داپۆشین: بەسەردا ڕێژیشتن. (٥) (أ) (~ off; ~ out; ~ away)، ڕامالین:

(The waves ~ed away the sand.)

(ب) (~ away)، بردن: ڕامالین:

(The waves ~ed the stick away.)

(٦) (أ) تێکردن (بە ڕامالین. بردن، یا کەندەڵان کردن):

(The rain ~ed gullies in the field.)

(ب) (~ out; ~ away)، شتنەوە: ڕامالین: داماڵین: بردن:

(The flood ~ed out the road.)

(۷) پێ شۆردن: ڕێ شۆران.

(That soap will ~ silks.) .

(۸) بۆیەکردن. (۹) ڕووکەش کردن بە کانزا.

(۱۰) بە گاز پاك کردنەوە: گاز لێدان

(۱۱) (أ) شتنەوەی کانزای خاوو بەردو زیخ‌و خۆڵ (بۆ جیاکردنەوەی کانزاکە)

(ب) جیاکردنەوەی کانزا بەم شتنەوەیە.

v.i. (۱) (~ up)، خۆشتن: دەست‌و دەموچاو شتن

(۲) (أ) جل شتن: جل شۆردن (ب) پاك کردنەوە: شتن: شۆردن.

(۳) شۆران بەبێ ڕەنگ چوونەوە یا چوونەوەیەك.

(٤) لێ بوونەوە (بە شتن):

(The stain ~ed out.) .

(٥) (~ over; ~ against; ~ along)، پیامالین (شەپۆل): خۆ پیادان‌و شتنەوە (شەپۆل)

(٦) (~ out; ~ away)، ڕامالران: ڕامالین: ڕووخان: ناوبردن:

(The bridge had ~ed out.)

(۷) داخوران: داماڵین: ڕامالین (بە باران‌و یا لافاو)

(۸) [British Colloq.]، خۆ لەبەر تاقیکردنەوە یا شیکردنەوەدا ڕاگرتن: بەرگەگرتن:

(His story won't ~.) .

n. (۱) شتن: شۆردن. (۲) جل‌وبەرگی بە یەك جار شۆراو: جلی شتن (۳) چێلکاو: شلەی بەرماوە (کە دەدرێ بە بەرازی ماڵی) (هەروەها " hogwash " وە " swill ").

(٤) (أ) شەپۆل هەڵسان. (ب) هاژەی شەپۆل. (ج) لێشاو (د) گێژاوی دوای سەوڵ و چەرخی سەوڵ لێدان... هتد

(٥) ڕامالینی خاك بەهۆی شەپۆل‌و لافاوەوە. (٦) لیتەی ڕووبار

(۷) زیخ‌و خۆڵی تێکەڵاو بە کانزای خاو کە دادەشۆرێت.

(۸) (أ) نزمە زەوی زوو زوو لافاو لێ هەڵنیشتوو پڕ لە چاڵاو.

(ب) زۆنگاو: زەلکاو. (ج) گۆمی تەنك: نەستێرك: نەستێل.

(د) زێ یا لقی تەنکی ڕووبار و دەریا

(۹) ئاوەڕۆ: خەنەقی بە ناو دڕووست بوو

(۱۰) بێنی ڕووبار یا شیوی لە هاوینەدا ووشك بوو

(۱۱) بۆیەی لە تابلۆ دراو بە نەنکی

(۱۲) شلەی کانزایی‌یە بۆ تێهەڵسوون لە ڕوویەك‌و ڕووکەش کردنی

(۱۳) شلەی جۆراوجۆر (بۆ مەبەستی ئارایشت، پزیشکی، شتن... هتد)

(a hair ~ ; a mouth ~)

(۱٤) خواردنەوەی مەستکەری ئامادە بۆ کردنە شووشەوە.

(١٥) شلەو شۆربا و چا و خواردنەوەی تری پوون و بێ تام.
[*This soup (juice, tea, coffee) is mere ~ .*]
(١٦) ئاو یا شلەی شۆردن.
(١٧) [Colloq.] ئاو یا سارد‌ەمەنیی‌یەکە دەخورێتەوە پاش خواردنەوەی ویسکی خەست و خواردنەوەی مەستکەری تر بۆ بردنە خوارەوەی.

adj. . *(a ~ dress)* دەتوانری بەسۆزی بەبێ چوونەوەیەک یا ڕەنگ چوونەوە:
come out in the wash. [Slang]. (١) ئەنجام چاک بوون؛ بە باشی دوایی هاتن؛ بە باشی گەڕان.
(The situation may look hopeless now, but it will all come out in the wash.)
(٢) دەرکەوتن؛ هاتنەڕوو درەنگ بێ یا زوو
wash down, (١) شۆردن سەرایا (بە ئاوی خوێ):
(to wash down a car)
(٢) ئاو یا خواردنەوەی تر کردن بەسەر پاروو ئاندا بۆ بردنە خوارەوەی.
wash one's hand of, دەست لێ شتن؛ هیوا بێ نەمان.
wash out, (١) شتنی دەوەی شتێك. (٢) ڕامالێن؛ ئاوبردن(پرد، ڕێگە). (٣) [Slang] دەرنەچوون و دەرکران (لە قوتابخانە). (٤) [Slang]، فڕۆکە تێکشکاندن بە تەواوی (لە نیشتنەوەدا)
wash up, (١) خۆشتن (٢) [British Colloq.]، قاپ‌وقاچاغ شتن.
washable (wôsh′ə-b'l, wäsh′ə-b'l), *adj.* دەشۆرێت بێ ئەوەی بچڕێتەوە یەك یا ڕەنگی بچێتەوە و بفەوتێ.
wash and wear, بشۆرو بیۆشە؛ دەشۆرێت و لەبەر دەکرێ بێ ئوتودان:
(~ pants, shirts, etc.)
wash-basin (wôsh′bā′s'n), *n.* [Chiefly British], **wash-bowl.**
washboard (wôsh′bôrd′, wäsh′bōrd′), *n.* (١) تەختەی شتن تەختەیەکی کرنج گرنجە بۆ جل لەسەر هەڵگلۆفێن و شتن.
(٢) تەختەیەکە بە قەراغی بەلەمەوە بۆ بەربەستکردنی شەپۆل.
(٣) تەختەدارێکی باریکە بە بنی دیواری ژوورەدا.
wash-bowl (wôsh′bōl′, wäsh′bōl′), *n.* دەستشۆر: حەوزۆچکەی دەست و دەموچاو شتن.
wash-cloth (wôsh′klôth′, wäsh′klôth′), *n.* لفکە: پەڕۆیەکە حوی پێ دەشۆرێ وەك لفکە.
wash-day (wôsh′dā′, wäsh′dā′), *n.* ڕۆژی جل شتن.
washed-out (wôsht′out′, wäsht′out′), *adj.* (١) کاڵ بووەوە؛ ڕەنگ چووەوە؛ چووەوە. (٢) [Colloq.]، ماندوو؛ پەککەوتوو؛ لاواز؛ بێ هێز؛ ڕەق هەڵگەڕاو.
washed-up (wôsht′up′, wäsht′up′), *adj.* (١) شۆراو؛ پاك؛ پاك کراوەتەوە (٢) [Colloq.]، ماندوو؛ پەککەوتوو. (٣) [Slang]، فەوتاو؛ بێ بڕەو؛ بەکار نەماو؛ سەرنەکەوتوو؛ لێ خراو.
washer (wôsh′ĕr, wäsh′ĕr), *n.* (١) بشۆر (٢) واشەر: نەڵقەیەکی لاستیکی تەنکە دەخرێتە نێوان دوو بۆری ئاسنەوە بۆ لەیەك نەدانی ئاسنەکان و تکە نەکردن.
(٣) مەکینەی جل یا قاپ‌وقاچاغ شتن
washer-man (wôsh′ĕr-mən, wäsh′ĕr-mən), *n.* پیاوی جل شۆر (بە پارە)
washer-woman (wôsh′ĕr-woo′mən), *n.* ئافرەتی جل شۆر (بە پارە)
washing (wôsh′iŋ, wäsh′iŋ), *n.* (١) شتن؛ شۆردن (٢) هەڵکێشان لە ئاو یا شلەی تر
(٣) (ا) () ئاوی شت پێ شۆراو (ب) چلتەر پیسی بە شتن لێکراوە.
(٤) (ا) ڕامالین بە ئاو، لافاو، لێشاو، شەپۆل... هتد.
(ب) خاڵ و لم و زبخ و شتی تری ڕامالراو.
(ج) کانزای حاوی دەرهێنراو لە لم و زبخ و خۆڵ بە شۆردنەوە
(٥) کانزای ڕووکەش پێکراو؛ ڕووکەشی کانزا.
(٦) جلی شتن (بە یەك جار).
adj. هی شتن؛ هی شۆردن؛ بۆ شتن بەکارهێنراو.
washing machine, مەکینەی جل شتن؛ جل شۆری کارەبایی.
wash-out (wôsh′out′, wäsh′out′), *n.* (١) ڕامالینی خاك و زبخ و بەرد بە لافاو (وەك هی ڕێگەڕیان).
(٢) خەندەق و کەندری دروست بوو بەم ڕامالینە.
(٣) [Slang]، کەسێکی سەرنەکەوتوو (بەتایبەتی لە خوێندنداً)؛ کەسێکی بوودەڵەو ناکارامەو هیچ لە باردا نەبوو.
(٤) [Slang]، سەرنەکەوتن؛ ڕێرکەوتن؛ شکستی؛ ناکامی.
wash-rag (wôsh′rag′, wäsh′rag′), *n.* = *n.* ژووری ئاودەستو دەستو دەموچاو شتن (بەتایبەتی لە شوێنی گشتی وەك چێشتخانەدا)؛ ئاودەستو دەستشۆر.
washstand (wôsh′stand′, wäsh′stand′), *n.* (١) چوارچێوەی مەسینە و لەگەن لەسەر داتان. (٢) چوارچێوەی دەستشۆری بەلوعەدار
washtub (wôsh′tub′, wäsh′tub′), *n.* حەوزۆچکەی جل شتن؛ تەشت یا بانیۆی جل شتن.
washwoman (wôsh′woom′ən), *n.* = **washerwoman.**
washy (wôsh′i, wäsh′i), *adj.* (١) پوون؛ پووڵ و بێ تام:
(~ tea, coffee, soup, etc.) .
(٢) کاڵ؛ پوون (بۆیە).
(٣) لاواز؛ سست؛ بێ هێز؛ خاو؛ بێ تین.
wasn't (wuz′'nt, wäz′'nt), = was not.
wasp (wäsp, wôsp), *n.* (١) زەردەوانە؛ شەنگە سووڕە.
(٢) (ا) کەسێکی ناوقەد باریك (ب) کەسێکی سەرگەرم یا تووڕەوتڕۆ
waspish (wäsp′ish, wôsp′ish), *adj.* (١) زەردەوانەیی.
(٢) ناوقەد باریك (٣) سەرگەرم؛ زوو ڕووژاوە؛ تووڕە.
-waspishly *(adv.)*; waspishness *(n.)*.
wasp waist, ناوقەدی زەردەوانە؛ ناوقەدی باریك.
-wasp-waisted *(adj.)*.
waspy (wäsp′i, wôsp′i), *adj.* زەردەوانەیی؛ لە زەردەوانە دەچێ.
wassail (wäs′'l, was′'l, wäs′āl), *n.* (١) نۆش؛ (بۆ خواردنەوە) (٢) واسل: خواردنەوەیەکی مەستکەری ئینگلیزی‌یە.
(٣) ئاهەنگی خواردنەوە.
(٤) [Obs. or British Dial.]، گۆرانی‌یەکی خواردنەوەیە.
v.i. واسل خواردنەوە
v.t. واسل خواردنەوە بە خۆشی یەکێکەوە.
-wassailer *(n.)*.
Wassermann test (or reaction), تاقیکردنەوەی واسەرمان: تاقیکردنەوەیەکە بۆ دەرخستنی ئاتەشەك یا " سفلس " تووش بوون
wast (wäst; *unstressed* wəst), *archaic second person-singular past of* **be.** شێوەی کۆنی " was " ـە لەگەڵ " thou " (thou wast) (واتە، تۆ) بەکاردەهێنرێ:
wastage (wās′tij), *n.* (١) لەناوچوون؛ لێ کەم بوونەوە؛ نەمان
(the ~ of time and money) . (٢) بە فیڕۆدان؛ فیڕۆ:
(٣) شتی بەفیڕۆدراو؛ شتی فڕێدراو.
(٤) تووانەوەی شاخی بەفرو سەهۆڵ.
waste (wast), *v.t.* (١) وێران کردن؛ کاول کردن.
(٢) بەکارهێنان و بەربەرە هیچ نەهێلانەوە؛ لەناوبردن
(٣) پووکاندنەوە؛ لاوازکردن (نەخۆشی؛ پیری... هتد)؛ تین تێدا نەهێشتن
(٤) بە فیڕۆدان؛ بەربادکردن؛ بە بادان
(٥) لە دەست خۆ دان؛ لە کیس خۆ دان.
(You ~d a good opportunity.)
v.i. (١) (~ away)، پووکانەوە (نەخۆشی، پیری)؛ لاوازبوون؛ هێز تێدا نەمان: *(He ~d away because of tuberculosis.)*
(٢) کەم بوونەوە بەرەبەرە؛ فەوتان؛ لەناوچوون؛ بەربادکران.

(٢) [Rare]، تێپەرین (کات)؛ بردنە سەر.
(٤) بەفیڕۆچوون؛ بەفیڕۆدران
adj. (١) چۆڵ بەرەڵا؛ نەچێنراو؛ نەکێڵراو؛ سوود لێ وەرنەگیراو؛ پووتەنی؛ بەیاب *(~ land)*.
(٢) پاشەڕۆک؛ فڕێدراو؛ بێ کەڵک *(a ~ product; ~ paper)*.
(٣) بەفیڕۆدراو؛ بەکارنەهێنراو؛ زیادە *(~ energy)*.
(٤) لە بەش دیتە دەرەوە (میزو گوو)؛ لەش دەیکاتە دەرەوە
(٥) []؛ پیسایی بەر؛ شتی پیس دەبات *(a ~ pipe)*.
(ب) شتی بیسو تێ دەکرێ؛ هی زبڵ یا پاشەڕۆک *(a ~ basket)*.
n. (١) زەوی بەرەڵا و سوود لێ وەرنەگیراو؛ بیابان؛ پووتەنی؛ دەشت.
(٢) کەلاوە شوێنێکی وێران کراو؛ وێرانە
(Berlin was a ~ of tumbled walls.)
(٣) (أ) بەفیڕۆدان؛ بەفیڕۆچوون؛ بە بادان؛ بەربادکردن.
(ب) لە دەست خۆ دان؛ لە کیس خۆ دان.
(ج) بەرەبەرە لەناوچوون؛ کەم بوونەوە؛ سوان؛ داڕزان؛ فەوتان.
(٤) پاشەڕۆک؛ زبڵ؛ شتی بێ کەڵکی فڕێدراو.
(٥) میرو گوو؛ پیسایی (٦) وێرانکاری (جەنگ)؛ وێران کردن
(٧) شتی ئامانڕۆ بە ڕوبارو لافاوو دەریاوە.
go to waste, بەفیڕۆچوون؛ بەفیڕۆدران
lay waste, وێران کردن (جەنگ، لافاو).
waste one's breath (or words), قسەی خۆ لەبەرد دان؛ قسەی خۆ بەفیڕۆدان.
wastebasket (wāst′bäs′kit), *n. Also* **wastepaper basket,** تەنەکەی زبڵ؛ سەبەتەی کاغەزو شتی فڕێدراو.
wasted (wās′tid), *adj.* (١) سوود لێ وەرنەگیراو؛ بەکارنەهێنراو: *(~ energy)*
(ب) بەفیڕۆچوو؛ بەفیڕۆدراو *(a ~ life)*.
(٢) بێ کەڵک؛ زیادە؛ بەفیڕۆدراو *(~ words)*
(٣) وێران کراو؛ کاول کراو
(٤) ڕەنگ ڕەردو لاوازو ماندوو و قوپاو (بە نەخۆشی)؛ فەوتاو؛ پووکاوە *(a ~ body, face, etc.)*
(٥) [Obs.]، تێپەڕبوو؛ بەسەرچوو؛ ڕۆییو (کات).
wasteful (wāst′fəl), *adj.* (١) دەستبڵاو؛ دەست بە قڕ؛ بەفیڕۆدەر: *(a ~ woman, society, etc.)*
(٢) وێرانکەر؛ کاولکەر؛ فەوتێنەر.
-wastefully *(adv.)*; **wastefulness** *(n.)*.
wasteland (wāst′land′), *n. Also* **waste land,** وێرانە؛ وێرانە زەوی؛ چۆڵەوانی؛ پووتەنی.
wastepaper (wāst′pā′pĕr), *n. Also* **waste paper,** کاغەزی بێ کەڵکی فڕێدراو
waste pipe, بۆری پیساو؛ بۆری زێراب؛ بۆری پیسایی.
waster (wās′tĕr), *n.* پارە بەفیڕۆدەر؛ دەستبڵاو؛ پارە بە بادەر.
wasting (wās′tiŋ), *adj.* (١) بەناخاچوو؛ بەرەبەرە فەوتاو؛ لەناوچوو *(the ~ countryside of America)*.
(٢) وێرانکەر؛ کاولکەر؛ فەوتێنەر: *(~ war)*
(٣) لاوازکەر؛ پووکێنەرەوە؛ لەڕولاوازکەر؛ بێ تین کەر؛ ورشکەرەوە: *(a ~ disease)*
wastrel (wās′trəl), *n.* (١) کەسێکی پارە بەفیڕۆدەر؛ کەسێکی دەستبڵاو یا دەست بە قڕ (٢) کەسێکی بێ فەڕ؛ کەسێکی قەڵپ و نالەبار.
watch (wäch, wôch), *n.* (١) وورياييی؛ ناگاداربوون؛ بە ناگاييی؛ هۆشياری (٢) بەشێکی شەو
(٣) چاودێری؛ چاوپێوەبوون؛ ناگاداری؛ ناگاداری کردن: *(Keep a close ~ over the baby.)*
(٤) پاسەوان (بەتایبەتی هی شەو)؛ نۆبەچی؛ حەسحەس؛ نێشکچی؛ ئێشکگر.
(٥) []، نۆبەی پاسەوان یا نۆبەچی (ب) پاسەوانگا؛ جێی پاسەوان یا نۆبەچی.

(٦) کاتژمێری دەست و بەریاخەڵ؛ کاتژمێر.
(٧) [Obs.]، ئێشکی مردوو؛ ئێشکگرتن.
(٨) [Obs.]، مۆمی نیشانەکراو بە بەش بەشەوە بۆ کات ڕاگرتن
(٩) [Obs.]، تێخوڕینی پاسەوان.
(١٠) (أ) نۆبەی نیشکردنی کەشتیوانەکانی کەشتیيەک.
(ب) کەشتیوانی هاونۆبە. (ج) کاتژمێری کەشتی
v.i. (١) ئێشکگرتنی ئایینی؛ ئێشکگرتن بۆ نوێژکردن و خواپەرستی
(٢) پاسەوانی کردن؛ نۆبەچێتی کردن.
(٣) چاودێری کردن؛ چاو لێوە بوون؛ ئاگاداری کردن؛ ئاگا لێ بوون؛ پاراستن.
(٤) سەیرکردن؛ تەماشاکردن *(Most people just ~ed.)*.
(٥) (for ~)، چاوەڕێ کردن؛ بەتەمابوون: *(W~ for your chance.)*
v.t. (١) پاسەوانی کردن؛ ئێشکگرتن؛ پاراستن.
(٢) سەرنجدان بە ووردی؛ سەیرکردن بە ووردی؛ چاو تێ بڕین.
(٣) سەیرکردن بۆ فێربوون و ئاگاداری.
(٤) چاوەڕێ کردن؛ بەتەمابوون: *(W~ your chance.)*.
(٥) چاودێری کردن؛ ئاگاداری کردن؛ چاو لێوە بوون؛ بە دیارەوە بوون.
on the watch, گوێ قوڵاخ بوون؛ چاوەڕوان کردن بە پەرۆشەوە.
watch out, ووریابوون؛ ئاگا لە خۆ بوون.
watch over, پاس کردن؛ چاودێری کردن؛ بە دیارەوە بوون؛ ئاگاداری کردن:
(She watched over us like a mother hen over her brood.)
watchband (wäch′band′, wôch′band′), *n.* زنجیر یا قایشی کاتژمێر
watch cap, کڵاوی سەربازی دەریایی (بۆ سەرما).
watchcase (wäch′kās′, wôch′kās′), *n.* قەپاغ و چوارچێوەی کاتژمێر.
watch chain, زنجیرەی کاتژمێری بەریاخەڵ.
watchdog (wäch′dôg′, wôch′dôg′), *n.* (١) سەگی پاسەوان؛ سەگی پاس. (٢) پاسەوان (هی دەستدرێژی و بەدکاری و چەوتی... هتد)؛ پارێزەر *(a self- appointed ~ of public morals)*.
watcher (wäch′ĕr, wôch′ĕr), *n.* (١) شەونخوون. (٢) پاسەوان؛ نۆبەچی؛ چەرخەچی (٣) ئێشکگری مردوو. (٤) ئێشکگری نەخۆش. (٥) چاودێر؛ سەیرکەر. (٦) نوێنەر یا چاودێری حیزبێک یا کەسێکی نامزەدکراو لە مەڵبەندی دەنگداندا لە ڕۆژی هەڵبژاردندا.
watch fire, ئاگری پاسەوانی؛ ئاگری پاسەوانان.
watchful (wäch′fəl, wôch′fəl), *adj.* (١) وورياء؛ ئاگادار؛ چاو نەتروکێن؛ هۆشیار؛ بەئاگا: *(a ~ guard; a ~ eye)*. (٢) [Archaic]، بێ خەو؛ خەوزڕاو؛ شەونخوون.
-watchfully *(adv.)*; **watchfulness** *(n.)*.
watch glass, شووشەی کاتژمێر.
watch guard, زنجیرەی کاتژمێری بەریاخەڵ
watchmaker (wäch′māk′ĕr, wôch′māk′ĕr), *n.* سەعاتچی.
watchman (wäch′mən, wôch′mən), *n.* (١) پاسەوان (هی کارگەو خانوو و فڕۆشگا... هتد). (٢) حەسحەس؛ ئێشکگر؛ پاسەوان؛ چەرخەچی؛ نۆبەچی.
watch night, (١) شەوی سەری ساڵ (هەروەها " New Year's Eve "). (٢) نوێژی سەری ساڵ بە کۆمەڵ لە کڵێسەدا.
watch pocket, باخەڵی کاتژمێر.
watch-tower (wäch′tou′ĕr, wôch′tou′ĕr), *n.* قوللەی چاودێری (بۆ چاودێری جموجوڵی دوژمن، بەندی بەندیخانە، دارستان لە ترسی ئاگر).
watchword (wäch′wûrd′, wôch′wûrd′), *n.* (١) passwword (٢) دروشم: *(Let our ~ be freedom.)*.

water (wô′tĕr, wät′ĕr), *n.* ئاو (١) (*pl.*) دەریا؛ دەریاچە؛ پووبار؛ گۆم. (٢) (*pl.*) قوونی ئاو. (ب) پووی ئاو: *(above ~ ; under ~)* (ج) ئاستی ئاو لە پووبار یا دەریادا: *(high ~ ; low ~)* . (٤) ئاوتینەتنی بەلەم‌و کەشتی (٥) ئاراو؛ جارێك ئاو پێداکردن: *(Diapers must be rinsed in three ~s .)* (٦) (*pl.*) ئاوی کانزایی (بۆ مەبەستی پزیشکەوانی). (٧) (*pl.*) میر. (ب) لیك؛ فرمێسك؛ شلاوی پەنکریاس. (ج) ئاوی مندالدان (٨) ئاوی گازاوی یا کانزایی *(mineral ~ ; ammonia ~)* . (٩) بریقە و رووناکی بەردی بەنرخ: *(a diamond of the first ~)* . (ب) لێهاتوویی؛ نایابی؛ باشی: *(an artist of the first or purest ~)* . (١٠) پووی ساف و بریقەداری شەپۆلی ئاسایی ئاوریشم‌و تەبەقە کانزا. (١١) تابلۆی بۆیەی ئاوی. (١٢) (ا) هەڵسەنگاندنی سەرمایەی کۆمپانیایەك بە زیاتر لە سەرمایەکەی خۆی. (ب) دەرکردنی قەوالەی دارایی بەپێی ئەم هەڵسەنگاندنە زۆرە.

v.t. (١) گیانەوەر ئاودان: *(to ~ the flock)* . (٢) ئاودان؛ ئاوپێدان: *(Large tanks were there to ~ the troops.)* . (٣) ئاودار (زەوی‌وزار، دارودرەخت): *(to ~ the plants)* . (٤) ئاو بۆ ڕاکێشان (بە جۆگە، خەندەق... هتد)؛ ئاو بۆ هێنان. (٥) ئاوڕشێن کردن؛ ئاو پیاکردن؛ تەڕکردن؛ خووساندن. (٦) ئاو تێکردن؛ پوونکردنەوە: *(She ~s down the juice.)* . (٧) دیمەنێکی بریقەدارو شەپۆلی ئاسایی پێدان (ئاوریشم). (٨) قەوالەی دارایی زیادە خستنە بازاڕەوە بەبێ زیادکردنی سەرمایە.

v.i. (١) ئاوکردن (چاو): *(Her eyes ~ when she chops onions.)* . (٢) ئاوکردن (دەم)؛ ئاو تێزانە دەمەوە: *(His mouth ~s at the sight of food.)* (٣) ئاو لەگەڵ خۆ بردن. (٤) ئاو خواردنەوە

adj. (١) ئاوی؛ تایبەتی بە ئاو؛ بۆ ئاو. (٢) ئاوی؛ لە ئاودا دەکرێ: *(~ sports)* . (٣) ئاوی؛ لە ئاودا دەژی: *(~ plants; ~ birds)* . (٤) (ا) بە ئاو دەگەڕێ یا ئیشی پێ دەکرێ: *(a ~ wheel)* . (ب) ئاوی؛ لە ئاو دروست دەکرێ یا پەیدا دەبێ (کارەبا): *(~ power)* . (٥) ئاوی تێزاوە؛ ئاوی تێدایە: *(a ~ blister)* (٦) ئاوی تێ دەکرێ (بۆ پوونکردنەوە یا ڕەق بوون). (٧) هی ئاو؛ ئاو لەژێر سایەیایەتی: *(~ gods)* .

above water, لە تەنگ و چەڵەمە بەدەر؛ بێ سەرئێشە؛ لە ناخۆشی و گیروگرفت پزگاربوو.

by water, بە کەشتی یا بەلەم.

get into hot water, تووشی تەنگ و چەڵەمە بوون؛ گرفتار بوون؛ تووشی ناخۆشی بوون.

hold water, (١) ئاوی لێ ناچێ؛ ئاوی لێ ناتکێ. (٢) بەجێ ڕاست (بیروڕا)؛ خۆی ڕادەگرێ لەبەر تاقیکردنەوەدا: *(Your theory does not hold water.)*

in deep water(s), تووشی گیروگرفتێکی خراپ بوون؛ تووشی ناخۆشی‌یەکی زۆر بوون.

keep one's head above water, خواخوای پێ دانەچوون بوون (لەپووی گوزەران‌ەوە)؛ بەهیوای بەرگەگرتن بوون و گیروگرفت نەبوون (گوزەران).

like water, وەك ئاو پارە خەرج کردن)؛ دەستبڵاو؛ دەست بە قرپ: *(He spends money like water.)*

make one's mouth water, دەم ئاوکردن؛ ئاو تێزانە دەمەوە؛ زۆر خۆش دیاربوون.

make (or pass) water, میزکردن

throw cold water on, ئاوی سارد بەسەردا کردن؛ پشت ساردکردنەوە؛ تێکدان (پیلان، ئاهەنگ... هتد): *(He threw cold water on our travel plans.)*

water under the bridge (or over the dam), کاری لە کار ترازاو؛ شتی لە دەست چوو؛ شتی بەسەرچوو و نەگەڕاوە.

water adder, ماری ئاوی.

waterage (wô′tĕr-ij, wät′ĕr-ij), *n.* [British], (١) فرۆتەنی گواستنەوە بە ئاودا، واتە بە کەشتی و بەلەم. (٢) کرێی ئەم گواستنەوەیە.

water ballet, بااڵێی ئاو: هەڵەی یەکخراو و پێکەوە گونجاوی جەند هەڵەوانێك.

water beetle, قالۆنچەی ئاوی.

water bird, باڵندەی ئاوی: باڵندەی ناو ئاوو زەلکاو و کەناردەریا.

water biscuit, پسکیتێکە لە ئاردو ئاو و ڕۆن دروست دەکرێ.

water blister, بلۆقی ئاو تێزاو؛ بلۆقی پڕ لە ئاو

water-borne (wô′tĕr-bôrn′), *adj.* (١) سەرئاوکەوتوو. (٢) بە ئاو، واتە بە کەشتی گوێزراوە (بارگە). (٣) لە ئاوی خواردنەوەی پیسەوە تووش دەبێ؛ ئاوهەڵگرتوو (میکرۆب): *(~ diseases, germs, etc.)*

water boy, ئاوگێڕ (بۆ دەستەیەك نیشکەر، وەرزشکار... هتد).

water-brain (wô′tĕr-brān′, wät′ĕr-brān′), *n.* = gid.

water brash, = heartburn.

waterbuck (wô′tĕr-buk′, wät′ĕr-buk′), *n.* ئاسکی ئاوی: جۆرە ئاسکێکی گەورەی شاخدارە لە نزیکی ڕووبارو زەلکاو دەژی

water buffalo, گامێشی ئاوی.

water bug, مێشوولەی ئاوی.

water chestnut (or caltrop), کەستەنەی ئاو (ڕووەك و بەر).

water chinquapin, (١) شلێری ئاوی ئەمەریکی. (٢) تۆو یا بەری ئەم ڕووەکە (کە دەخورێت).

water clock, کاتژمێری ئاوی: کاتژمێرێکە کات دەژمێرێ بەمۆی ڕۆیشتنی ئاوەوە بە کونێکدا (هەروەها " clepsydra ") .

water closet, ئاودەستخانە؛ ئاودەست؛ پێشاو؛ سەراو؛ تەوالێت. (لە ئینگلتەرە پێی دەڵێن: " W.C ") .

water color, *Also* **water-color,** (١) بۆیەی ئاوی؛ ڕەنگی ئاوی: بۆیەیەکە بە ئاو گیرابێتەوە نەك بە ڕۆن. (٢) تابلۆی بەم بۆیەیە کراو. (٣) نیگارکێشان بەم بۆیەیە؛ نیگارکێشیی بۆیەی ئاوی.

-water-color *(adj.)*; **water-colorist** *(n.).*

water-cool (wô′tĕr-kōōl′, wät′ĕr-kōōl′), *v.t.* ساردکردنەوە بە ئاو (مەکینە).

watercooler, ئاوساردکەرەوە: کووپەیەکی شووشەیە بۆ ساردکردنی ئاوی خواردنەوە.

water-course (wô′tĕr-kôrs′, wät′ĕr-kōrs′), *n.* (١) پووبار؛ جۆگە؛ چەم. (٢) ئاوەڕۆ؛ ئاوەڕۆگە؛ چەمی دەستکرد؛ ئاوەڕێ. (٣) بن یا بنکەی کوێرەچەم.

water-craft (wô′tĕr-kraft′, wät′ĕr-kräft′), *n.* (١) توانای کەشتی و بەلەم لێخوڕین. (٢) مەڵەوانی؛ وەرزشی ناو ئاو؛ یاری ئاو. (٣) کەشتی؛ بەلەم. (٤) کەشتی و بەلەم بەگشتی.

water crake, نوقمۆکە: باڵندەیەکی بچووکی قەراغ ئاوە. (هەروەها " water ouzel ") .

water cress, کووزەڵە.

water cure, = hydropathy; hydrotherapy.

water dog, (١) سەگی حەز لەناو ئاو کەر. (٢) سەگی ڕاوی باڵندەی ئاوی. (٣) قورناویلکە. (٤) کەشتیوانی کۆن؛ کەسێکە کە زۆر حەز لەناو ئاو بکات.

water down, هێمن کردنەوە؛ خاوکردنەوە؛ لە تووندوتیژی کەم کردنەوە: *(He ~ his inflamatory speeches. u ~ report)*

waterfall (wô′tĕr-fôl′, wät′ĕr-fôl′), *n.* تاقگە؛ ڕێژاو؛ سوڕاو

waterfinder (wô′tĕr-fīn′dĕr, wät′ĕr-fīn′dĕr), *n.* ئاو-دۆزەرەوە لە ژێرزەمینەوە بە ڕەمل لێدان بە دارێکی دووفلیقانە. (هەروەها " dowser ").

water flea, کێڵی دەریایی

water-fowl (wô′tĕr-foul′, wät′ĕr-foul′), *n.* باڵندەی دەریایی

water-front (wô′tĕr-frunt′, wät′ĕr-frunt′), *n.* (١) زەوی و خانووی قەراغ ڕووبارو دەریاچە (٢) گەرەکی قەراغ ئاو یا نزیک بە ئاوی شار.

adj. هی گەرەکی سەر یا نزیک بە ئاو

water gap, چەمی ئاو ڕێزەشاخ.

water gas, گازی ئاوی گازێکی ژەهراوییە بۆ سووتەمەنی بەکاردێت.

water gate, = flood-gate.

water guage, (١) پێوەری ڕەوانی و ئاستی ئاوی ڕووبارو جۆگە (٢) پێوەری ئاستی ئاوی تەنکی و بەرمیل... هتد

water glass, (١) پەرداخ (٢) بۆرییەکی بن شووشەییە بۆ سەیرکردنی شتی ژێرئاو. (٣) پێوەری ئاوی شووشە (٤) گیراوەی سۆدیۆم سلیکات لە ئاودا (لە سرێشو ماددەی ئاوبڕکەردا بەکاردێت) ٥ water clock

water gum, = tupelo.

water heater, ئاو گەرمکەر بەرمیلی ئاو گەرم کردن بە گاز یا بە کارەبا (بۆ گەرما و پێویستی تری ناومال).

water hemlock, ڕووەکێکی ژەهراوی ئاوییە.

water hen, مریشکی ئاوی باڵندەیەکی ڕەشی قاچ تەنراوە لە مریشک دەچێ لە دەوری ئاو و ئاوناودا دەژی؛ مریشکە ڕەشە (هەروەها " coot ").

water hole, چاڵو ؛بەتایبەتی کە گیاندار ئاوی لێ دەخۆنەوە؛ گۆمی بچکۆلە

water ice, (١) سەهۆڵی ئاو سەهۆڵێکە لە بەستنی ئاوەوە پێکهاتووە نەک لە کەڵەکبوونی بەفرەوە. (٢) شیرینیەکی پڕ لە بەفرە لە دۆندرمە دەچێ. (هەروەها " sherbet ").

watering place, (١) شوێنی ئاودانی وڵاخ و ئاژەڵ؛ شوێنی ئاوخواردنەوەی گیاندار (٢) spa (٣) مەیخانە؛ بار.

watering pot, ئاوپرژێن دەفرێکی لووڵە کون کونە بۆ ڕووەك ئاودان. (پێشی دەووترێ " watering can ").

waterish (wô′tĕr-ish, wät′ĕr-ish), *adj.* watery.

water jump, بازدی ئاوی کۆسپێکی ئاوە وەك گۆم یا خەندەقی پڕ لە ئاو لە هەندی پێشبڕکێدا ئەسپ بەسەریدا باز دەدات

waterless (wô′tĕr-lis, wät′ĕr-lis), *adj.* (١) بێ ئاو؛ وشك (٢) پێویستی بە ئاو نەبێ بۆ سارد‌کردنەوەی (مەکینە).

water level, (١) (ا) ڕووی ئاو (ب) ئاستی ئاو. (٢) water table # 1 (٣) water line # 1-A.

water lily, شلێڕی ئاوی؛ زەمبەقی ئاوی.

water line, (١) هێڵی ئاو؛ ئاستی ئاوی سەر تەنیشتی کەشتی و بەلەم. (ب) چەند هێڵێکی ئاسۆیی‌یە بە تەنیشتی کەشتی‌یەوە پلەی نوقوم بوونی کەشتی‌یەکە نیشان دەدات بە بارکراوی و نیمچە بارکراوی و بەتاڵی‌یەوە. (٢) نیشانە یا هێڵی ئاستی بەرزبوونەوەی ئاو لەسەر دیواری کەنارەدا.

water-logged (wô′tĕr-lôgd′, wät′ĕr-logd′), *adj.* (١) ئاو ڕۆز تێجوو و قورس و سست (کەشتی و بەلەم): *(~ boats)* . (٢) خووسار زەوی؛ تێراو؛ وەك زەلکاو لێهاتوو. *(~ fields)* .

Waterloo (wô′tĕr-lōō′), *n.* (١) واترلوو؛ شەڕی واترلوو (کە ناپلیۆنی تێدا شکا ساڵی ١٨١٥) (٢) تێکشکان؛ دۆڕان؛ ژێرکەوتن؛ بەزین؛ شکان *(He met his W- in the elections.)* .

water main, بۆری سەرەکی ئاو (بەتایبەتی هی ژێرزەمین)؛ شا بۆری ئاو.

waterman (wô′tĕr-mən, wät′ĕr-mən), *n.* (١) بەلەمەوان (٢) سەمۆل لێدەر

watermanship (wô′tĕr-mən-ship′), *n.* نیشو لێهاتوویی بەلەمەوانی و سەمۆل لێدان.

watermark (wô′tĕr-märk′, wät′ĕr-märk′), *n.* (١) نیشانەی ئاو؛ ئاو نیشانەیەیە کە ناستی بەرزبوونەوەی ئاو پیشان دەدات. (٢) نیشانەی ڕۆشنی سەر کاغەز. *v.t.* کاغەز نیشانەکردن بە نیشانە یا نەخشی ڕۆشن.

watermelon (wô′tĕr-mel′ən, wät′ĕr-mel′ən), *n.* شووتی.

water meter, سەعاتی ئاو (بۆ پێوانی ئاوی بەکارهێتراو).

water mill, ئاشی ئاو.

water moccasin, ماری ئاوی؛ جۆرە مارێکی گەورەی ژەهراوی زەلکاو و چەمەکانی لای خواروو‌ی ئەمەریکایە

water nymph, پەری دەریا؛ بانوخوای ئاوی (ئەفسانەی یۆنان و ڕۆمان).

water oak, بەڕووی ئاو؛ جۆرە داربەڕوویەکی ئەمەریکی قەراغ ڕووبارو جۆگەکانە.

water ouzel, باڵندەیەکی بچووکی قەراغ ئاوە.

water ox, = water buffalo.

water parting, = watershed.

water pipe, (١) بۆری ئاو. (٢) ئێرگەلە.

water pistol, دەمانچەی ئاو. (هەروەها " squirt gun ").

water plant, (١) ڕووەکی ئاوی؛ ڕووەکی ژێر ئاو؛ ڕووەکێکە کە یا هەمووی لە ژێر ئاودا بێت یا هەندێ لە قەدو گەڵاکانی بەسەر ئاوەوە بن (٢) ڕووەکی تەڕووشکی.

water plantation, ڕووەکێکی ئاوی گەڵا پانە لە شێوەی دڵدا گوڵی سپی دەگرێ.

water polo, یاری توپی ئاو؛ توپینی ئاو.

water power, (١) ووزەی ئاو (بۆ مەکینە گێڕان). (٢) مافی ئاو؛ مافی ئاو ڕاکێشان لە ڕووبارو جۆگەو دەریاچەوە. (٣) مافی کەشتیوانی.

water sapphire, جۆرە بەردێکی بەنرخە.

waterscape (wô′tĕr-skāp′, wät′ĕr-skāp′), *n.* = seascape.

water scorpion, دووپشکی ئاوی.

watershed (wô′tĕr-shed′, wät′ĕr-shed′), *n.* (١) ئاوپرێژ؛ (هەروەها " water parting "). (٢) دیوێکی ئاوەڕێژ؛ ئاوچەیەکە کە ئاوەکەی دەچۆڕێتەوە ئاو ڕووبارێك. (٣) ڕووداوێکی گرنگ (لەڕووی جیاکردنەوەوە)؛ ڕادەی یەکلایی؛ هێڵی جیاکەرەوەی دوو قۆناغ یا بارودۆخ: *(The treaty to ban most atomic tests is one of history's great ~s.)*

water shield, زرێی ئاوی؛ جۆرە ڕووەکێکی ئاوییە.

water sick, ئەوەندە ئاو دراوە بێ پیت بووەو هیچی تێدا ناچێنرێ.

waterside (wô′tĕr-sīd′, wät′ĕr-sīd′), *n.* قەراغ ئاو؛ کەنار دەریا و دەریاچەو ڕووبار.

adj. (١) قەراغ ئاوی؛ لە قەراغ ئاودایە؛ تایبەتی بە ئاوچەی قەراغ ئاو. (٢) (ا) لە قەراغ ئاودا دەژی (ب) لە قەراغ ئاودا ئیش دەکات.

water-skater, = water strider.

water-ski (wô′tĕr-skē′, wät′ĕr-skē′), *v.i.* ئاوە خلیسکێ کردن (بە ڕاکێشران بە دوای بەلەمی خێراوە)

پێڵاوی ئاوە حلیسکێن (کە بریتیە لە پارچەیەک دار یا باغەی درێژ کە بە دوای یەکەمی خێراوە دەبەسترێ و ئاوە خلیسکێنی لەسەر دەکرێ). *n.*

water snake, ماری ئاوی؛ چەند جۆرە مارێکی ناژەهراوی ئاو ڕوبارو جۆگەن

water-soak (wô′tĕr-sōk′, wät′ĕr-sōk′), *v.t.* خوورساندن؛ نوقوم کردن لە ئاودا.

water spaniel, سەگێکی تووک لوول و سوورباوە بۆ هێنانەوەی مەل ئاوبی ڕاوکراو باشە

water-spout (wô′tĕr-spout′, wät′ĕr-spout′), *n.* (١) لوولە (لوولینە، مەسینە، قۆری... هتد)؛ پلووسک. (٢) گێژەنوکەیەکە بەسەر ئاوەوە لە پەحەتی دەچێ.

water sprite, = water nymph.

water strider, ئاو ڕۆشکەرەوە؛ مێرووێکە بەسەر ڕووی ئاودا دەسوڕێتەوە هەروەها " water-skater " ، " skater " ، " skipper " ، " skimmer " .

water supply, (١) ئاژووقەی ئاو؛ ئەو ئاوەیە کە شارێک یا ئاوچەیەک هەیەتی بۆ بەکارهێنان (٢) سەرچاوەو عەمارو شێوەو ڕێی ئاو دابەشکردن.

water system, (١) ڕووبارێک بە جۆگەو زێکاڵیەوە. (٢) water supply .

water table, (١) ئەو ئاستەی زەمینە کە ژێرەکەی خووساوە. واتە هیچی تر ئاو هەنامژێ. (٢) لێوارێکی دەرپۆقیوە بۆ دیوار پاراستن لە باراناو

water thrush, ڕیشۆلەی ئاوی؛ باڵندەیەکی دەنگ خۆشی قەراغ ڕوبارە

water-tight (wô′tĕr-tīt′, wät′ĕr-tīt′), *adj.* (١) ئاوبڕ ئاوی لێ نەچێ (٢) ڕوون؛ لێڵی تێدا نەبێ؛ تەنها یەک لێکدانەوە یا ماناى هەبێ. (٣) سەرکەوتنی مسۆگەرە؛ ژێرکەوتنی بۆ نەبێ؛ پتەو (مەجاز). ***(a ~ plan)*** .

water tower, (١) عەمارا؛ تانکی ئاو؛ ئاوگیر. (٢) ئامێرێکی ئاگر کوژاندنەوەیە ئاو هەڵدەدات بۆ خانووی بەرز.

water vapor, هەڵمی ئاو؛ ئاوی هەڵم لێ هەڵساو (بەتایبەتی پێش کوڵان).

water-way (wô′tĕr-wā′, wät′ĕr-wā′), *n.* ئاوەڕێ؛ بەتایبەتی کە بۆ کەشتیوانی بێشێ. (هەروەها " water-course ") .

water-weed (wô′tĕr-wēd′, wät′ĕr-wēd′), *n.* گیا ئاوی ڕووەکێکی گەلا پڕو باریکی گوڵ بچووکە قەدەکەی لە ژێر ئاودایە.

water wheel, گەردووپە؛ جەمجەڕی ئاوهەڵهێنجان؛ چەرخی ئاوهەڵگۆز

water wings, باڵی ئاوی. ئامێرێکی لاستیکیەیە فووی تێ دەکرێ لە شێوەی دوو باڵدایە بۆ مەلە فێربوون.

water witch, جادووگەری ئاو؛ کەسێکە گوایە ئاوی ژێرزەمین دەدۆزێتەوە بەهۆی داری ڕەمڵ لێدانەوە

water-works (wô′tĕr-wûrks′), *n.pl.* (١) دەزگای عەمارکردن و هەڵهێنجان و دابەشکردنی ئاو بەسەر شاردا. (هەروەها " water system ") . (٢) ئیستگەیەکی هەڵهێنجان. (٣) فوارە. (٤) [Slang]. فرمێسک؛ گریان؛ فرمێسک ڕشتن: ***(to turn on the ~ .)*** .

water-worn (wô′tĕr-wôrn′, wät′ĕr-wôrn′), *adj.* سواوە بە ئاو؛ ساف و لووس بووە بە ئاو پێدا ڕۆیشتن.

watery (wô′tĕr-i, wät′ĕr-i), *adj.* (١) ئاوی؛ شلاوی؛ شلەیی؛ لە ئاو دەچێ (٢) تەڕ؛ خووساو: ***(~ soil)*** . (٣) ڕوون: ***(~ soup, tea, coffee, etc.)*** . (٤) بێ هێز؛ خراپ؛ لاواز: ***(~ prose)*** . (٥) باراناوی (هەور). (٦) فرمێسکاوی؛ گریاو: ***(~ eyes)*** . (٧) ئاودار کردوو بریەن. تلۆق)

-wateriness *(n.)*.

watt (wät, wôt), *n.* واتە یەکەی هێزی کارەبا؛ پێوانەی ووزەی کارەبا

wattage (wät, wôt), *n.* (١) هێزی کارەبای بە " واتە " پێوراو (٢) سەرجەمی " واتە " یا هێزی کارەبای پێویست بۆ ئیش پێکردنی مەکینەیەک.

watt-hour (wät′our′, wôt′our′), *n.* واتی یەک ساتی یەکەی

wattle (wät′′l, wôt′′l), *n.* (١) تەیمان؛ چەپەر. (٢) تووڵی تەیمان و چەپەر؛ قیسپ. (٣) (*pl.*)، خێزەرە. (٤) چەند جۆرە درەختێکی نۆستورالیەیە چڵەکانی بۆ تووڵی تەیمان بەکاردێت. (٥) چەرمی شۆڕبووەوەی بەرمڵی قەڵەموون و کەڵەشێر؛ غەبغەبە. (٦) **barbel # 1**

wattle *adj.* بە تووڵ چنراو.

v.t. (١) چنین (تەیمان). (٢) بە تووڵ دڕووستکردن یا چنین. (٣) بە خێزەرە دڕووستکردن (سەربان).

wattle-bird (wät′′l-bûrd′, wôt′′l-bûrd′), *n.* باڵندەیەکی نۆستورالیەیە چەرم لە گوێکانیەوە شۆڕبووەتەوە بە " هەنگوین خۆر " یش ناسراوە.

wattled (wät′′ld, wôt′′ld), *adj.* (١) بە تووڵ چنراو (وەک تەیمان یا چەپەر). (٢) چەرمێکی گرێنج گرێنج لە بەرملیەوە شۆڕبووەتەوە (وەک قەڵەموون).

wattmeter (wät′mē′tĕr, wôt′mē′tĕr), *n.* وات پێوەر (کارەبا).

wave (wāv), *v.i.* (١) شەکانەوە. ***(The flag ~s.)*** . (٢) ڕاوەشان (دەست): ***(He ~d to us.)*** . (٣) لوول بوون (قژ)؛ لە شەپۆل چوون: ***(Her hair ~s naturally.)*** .

v.t. (١) شەکاندنەوە: ***(He ~d the flag.)*** . (٢) ڕاوەشاندن (چەک): ***(He ~d his pistol at them.)*** . (٣) دەست ڕاوەشاندن؛ نیشانە بۆ کردن بە دەست: ***(We ~d farwell.)*** (٤) لوول کردن: ***(She ~s her hair.)*** . (٥) شێوەی شەپۆل ناسایی پێدان.

n. (١) شەپۆل. (٢) [Poetic] ، ئاو؛ دەریا. (٣) (أ) کەرۆشکەکردنی دەغڵودان و گیا لە باهەڵکردندا. (ب) لوول قژ (ج) وەک شەپۆل نووساندنی ئاوریشم... هتد. (٤) دەست ڕاوەشان. (٥) (أ) بەرزبوونەوە؛ زۆربوون؛ ئاوسان: ***(a crime ~ ; a heat ~)*** . (ب) ژمارەیەکی زۆر؛ لێشاو: ***(a ~ of immigration)*** . (٦) شەپۆل (تەزووی کارەبا)؛ بەرزونزمی تەووژمی کارەبا؛ تەوورم. (٧) شەپۆل (ڕووناکی، دەنگ، گەرمی).

wave-band (wāv′band′), *n.* مەودای شەپۆل (ڕادیۆ)

wave-length (wāv′leŋth), *n.* (١) درێژی شەپۆل (فیزیا) (٢) [Colloq.]، هاوبیرو هاوسۆز؛ جۆری بیروباوەڕو هەست: ***(We are both on the same ~ .)***

waveless (wāv′lis), *adj.* بێ شەپۆل؛ کپ؛ مەنگ

wavelet (wāv′lit), *n.* شەپۆلی بچکۆلە.

waver (wā′vĕr), *v.i.* (١) شنەکردن؛ شەکانەوە: ***(Foliage ~s in the breeze.)*** (٢) تروسکانەوە؛ پرتەپرت کردن؛ تروسکە هاتن. (٣) شلۆق بوون؛ نوچدان؛ بێ هێزبوون؛ شڵەژان؛ شێوان. (٤) لەرزین (دەست، دەنگ): ***(Her voice ~ed.)*** . (٥) دووڵی کردن؛ ڕاڕایی کردن؛ دووڵ بوون: ***(He ~ed in his determination.)*** (٦) گۆڕان؛ هەمیشە گۆڕان یا بەرزونزم بوونەوە: ***(Prices ~ed.)*** (٧) لارەولارکردن؛ لەتردان؛ بەم لا و بەولادا کەوتن.

n. شنە؛ لارەولار؛ لەرزین؛ لەرە؛ لەتر؛ دووڵی؛ ڕاڕایی.

wavy (wāv′i), *adj.* (١) شەپۆلاوی ***(a ~ sea)*** . (٢) شەپۆل؛ پێچاوپێچ؛ بە تەکان ڕۆیشتوو؛ وەک شەپۆل بزواو (٣) لوول؛ شەپۆلی: ***(~ hair)*** (٤) شەپۆلی؛ لە شەپۆل دەچێ؛ تایبەتی بە شەپۆل. (٥) شلۆق؛ نەچەسپیو؛ لەرزۆک؛ لارەولارکەر.

-wavily *(adv.)*; **waviness** *(n.)*.

wax (waks), *n.* (١) مێو؛ مۆم (٢) (أ) مێوی گوێ (ب) هەر ماددەیەکی لە مێو چووە کە ڕووەکو گیاندار دەڕی بدەن هێزی کارەبای یەک واتی بۆ ماوەی یەک سات.

(ج) مێوی لۆك كردن.
v.t. مێوكردن؛ مێو تێهەڵسوون؛ بریقە لێ هەڵساندن؛ تیف تیفە دان.
adj. مێوی؛ مۆمی؛ لە مێو یا مۆم دروستكراو.
wax (waks), *n.* [Chiefly British Colloq.]. تووڕەیی؛ هەڵچوون؛ تووڕەبوون.
wax bean, لۆبیای مێوی جۆرێكە لە لۆبیا
wax-berry (waks′ber´i), *n.* پووەكی تووە سپیكە؛ بەری ئەم پووەكە؛ تووە بەفرینە
wax-bill (waks′bil´), *n.* دەنووكە مێوی بااندەیەكی دەنووك سوور، پەمەیی. یا مۆمییە بە زۆری لە قەفەزدایە.
waxen (wak′s'n), *adj.* (١) مۆمی؛ لە مۆم دروستكراو.
(٢) مۆمی؛ لە مۆم دەچێ؛ نەرم و شل و سپی و بریقەدار.
(٣) بە مۆم داپۆشراو
waxen (wak′s'n), *past participle of* **wax.**
wax insect, مێرووی مێوی؛ چەند جۆرە مێرووییەكن ماددەیەكی مۆمی دەردەن
wax myrtle, دەوەنێكە بەرێك دەگرێ بە مێو داپۆشراوە مۆمی لێ دروست دەكرێ
wax palm, داری مێو؛ دارێكی دارخورمایی‌یە مێوی لێ دەردێت و دەكرێ بە مۆم.
wax paper, *Also* waxed paper, كاغەزی مێوی
wax-wing (waks′wiŋ´), *n.* باڵ مێوی بااندەیەكی سەر پۆپنەدارە سەری باڵی سوورە لە مێوی سوور دەچێ.
wax-work (waks′wûrk´), *n.* (١) پەیكەری مێوین (بەتایبەتی هی مرۆڤ). (٢) (*pl.*). پیشانگای پەیكەری مێوین؛ پیشاندانی پەیكەری مێوین لە مۆزەخانەدا
-wax-worker *(n.).*
waxy (wak′si), *adj.* (١) مێوی؛ مۆمی؛ بە مۆم داپۆشراو؛ لە مۆم پێكهاتوو (٢) مێوی؛ (أ) زەرد؛ سپی. (ب) نەرم و شل؛ بریقەدار.
way (wā), *n.* (١) ڕێ؛ ڕێگە؛ ڕێگا: *(The ~ was rough.)* .
(٢) بوار؛ ڕێ. (٣) ڕێشتن بە ڕێیەكی تایبەتیدا.
(٤) ڕێبار؛ ڕێڕەو؛ شێوەی ڕەووشت و ژیان: *(to fall into evil ~s)* .
(٥) (أ) شێوە؛ شێوەی كاركردن؛ جۆر؛ ڕەنگ: *(Do it this ~ .)* .
(ب) بار *(Put it in this ~)* .
(٦) شێوەی ناسایی ڕەفتاری خەڵك و جیهان: *(the ~ of the world)* .
(٧) شێوازی تایبەتی ڕەووشت و كردار؛ ڕێگە:
(That's just his ~ .; You must learn their ~s .)
(٨) شێواز؛ ڕەووشت؛ هەڵسان و دانیشتن): *(He had a pleasant ~ .)* .
(٩) بەرنووبوون (مەجان)؛ بزوان؛ لەگەڕدا بوون: *(under ~)* .
(هەروەها " weigh ") .
(١٠) ماوە؛ دووری: *(a long ~ off)* .
(هەروەها " ways ") .
(١١) لا؛ ڕێ *(Go this ~ . Look this ~)* .
(١٢) ڕوو؛ لا *(In some ~s you are right.)* .
(١٣) خواست؛ حەز: *(to have one's ~)* .
(١٤) مەودا؛ شارەزایی): *(That never came my ~ .)* .
(١٥) [Colloq.]. دۆخ؛ بارودۆخ:
(He is in a bad ~ .; The business is in a fair ~ .)
(١٦) [Colloq.]. پیشە
(١٧) سەرە؛ بلیتی هاتوچۆ): *(a one- ~ ticket)*
(١٨) [Colloq.]. ناوچە؛ گۆزەر: *(out our ~)* .
(١٩) مافی پێدا ڕۆیشتن یا تێپەڕبوون: *(to have right of ~)* .
(٢٠) چوارچێوەی كەشتی لەسەر دروستكردن و لێوە خستنە ناوەوە.
adv. [Colloq.]. دوور؛ ماوەیەكی زۆر
(He is ~ behind. She is ~ ahead.)

by the way, (١) ئەرێ؛ بۆ تێبینی و شت بیرخستنەوە و پرسیار... هتد.
(٢) لە ڕێگەدا؛ لە كاتی گەشتەكەدا.
by way of, (١) لە ڕێی؛ لە؛ لە ڕێگەی:
(I came to New York by way of London.)
(٢) لەڕووی؛ وەك؛ بەو ناوەوە:
(He made no comment by way of apology.)
(٣) بۆ؛ بۆ مەبەستی:
(to number articles by way of distinguishing them.)
(٤) [Chiefly British]، لە بارێك یا پلەیەكدا بوون.
come one's way, (١) هاتنە دەست؛ دەسكەوتن.
(٢) [Slang]، سەركەوتن؛ بە دڵی خۆ بوون؛ بۆ هاتن.
give way, (١) كشانەوە؛ دان بە دەستەوە؛ بەرهەڵستی نەكردن؛ چۆڵ كردن:
(The army gave way before the advance of the enemy.)
(٢) پسان؛ تێلیسانەوە؛ ڕووخان؛ بەرگە نەگرتن.
give way to, بەر بۆ بەرەڵاكردن؛ قایل بوون؛ ڕێگە لێ نەگرتن:
(He gave way to their entreaties.)
go out of the (or one's) way, هەوڵێكی زیادەو تایبەتی دان (بۆ جێبەجێكردنی كارێك): *(He went out of his way to help us.)*
have a way with, دەزانێ چۆن لەگەڵیاندا هەڵدەستێ و دادەنیشێ:
(He has a way with women, horses, etc.)
have one's way, چی بوێت دەیكات؛ بە هەوەسی خۆ جوڵانەوە.
in the way, كۆسپ؛ بووە بە كۆسپ؛ ڕێی گرتووە.
look the other way, چاو لێ پۆشین؛ چاو لێ نووقاندن.
lose one's way, ڕێ وونكردن؛ وون بوون؛ ڕێ لێ تێكچوون؛ گومڕابوون.
make one's way, (١) بەرەو پێشەوە ڕۆیشتن؛ تەكاندان بۆ پێشەوە؛ چوون. (٢) بە هەوڵ و كۆششی خۆ سەركەوتن یا پێشكەوتن؛ ڕێ بۆ خۆ كردنەوە.
make way, ڕێ بۆ كردنەوە؛ دڕدان؛ جێ بۆ چۆڵ كردن؛ جێ كردنەوە.
one way or another, هەرچۆنێك بێ؛ بە هەر ڕێگەیەك بێت:
(One way or another we will be free.)
out of the way, (١) لە ڕێدا نییە؛ كۆسپ نییە؛ ڕێی نەگرتووە.
(٢) لابراوە. (٣) سەری كراوە بە گۆمدا؛ كۆڕاوە.
(٤) لەسەر ڕێدا نییە؛ دوورە لە ڕێگەی ناسایی‌یەوە.
(٥) (أ) نابەجێ. (ب) ناناسایی.
pave the way for, ڕێ بۆ كردنەوە؛ ڕێ بۆ خۆش كردن؛ ڕێ بۆ ئامادەكردن.
take (or go) one's way, ڕۆیشتن؛ چوون.
under way, لە پێشكەوتندایە؛ بەرەو پێشەوە دەڕوات؛ لە كردندایە (كار)؛ خەریكە دەكرێت.
waybill (wā′bil´), *n.* بارنامە: لیستەیەكە ناوی شتومەكی بارگەكەو كرێی گواستنەوە و شێوەی گواستنەوەی تێدایە.
wayfarer (wā′fâr´êr), *n.* ڕێبوار (بەتایبەتی بە پێ)؛ ڕێبواری پیادە.
wayfaring (wā′fâr´iŋ), *n.* ڕێبواری پیادە؛ بە پێ ڕێ بڕین.
adj. بە پێ ڕۆیشتوو؛ پیادە: *(a ~ man)* .
waylaid (wā′lād´), *past tense and p.p of* waylay.
waylay (wā′lā´), *v.t.* (١) داو بۆ نانەوە؛ بۆسە بۆ نانەوەو هێرش بردنە سەر؛ خۆ بۆ نانەوە؛ خۆ مەڵسدان و پەلاماردان.
(٢) چاوەڕێ كردن و لەپڕ بانگ كردن یا قسە لەگەڵ كردن.
ways (wāz), ***n.pl.*** [Colloq.], دووری: *(a long ~ off)* .
-ways (wāz), پاشگرێكە بەمانای: بار (لەم بارە، لەو بارە... هتد)؛ شێوە؛ جۆر؛ ڕێیەكی تایبەتی: *(sideways)* .
(هەروەها " wise– ") .
ways and means, (١) هۆو ڕێی بە ئەنجام هێنانی كارێك.
(٢) [W- & M-]، (أ) هۆو ڕێی پارە كۆكردنەوە بۆ میری بۆ خەرج كردنی

لەسەر وولات. (ب) لیژنەیەکی پەرلەمانیی بۆ جێبەجێکردنی ئەم کارە.

wayside (wā′sīd′), *n.* قەراغ ڕێ

adj. هی قەراغ ڕێ؛ لە نزیک ڕێگەدایە: *(a ~ motel, inn, shop, etc.)* .

way station, کۆڕە ئیستگە: ئیستگەیەکی شەمەندەفەری بچووکە لەنێوان دوو ئیستگەی سەرەکیدا کە شەمەندەفەر تەنها بە داواکردن ایێ دەوەستێ

way train, شەمەندەفەرێکە کە لە هەموو ئیستگەکان دەوەستێ؛ شەمەندەفەری ناوخۆ.

wayward (wā′wērd), *adj.* (١) لاسار؛ سەرکێش؛ سەرچڵ؛ گومڕا: *(a ~ son)*

(٢) حولحول؛ بێ بار؛ هەمیشە گۆڕاو.

(٣) [Archaic]. دژوار؛ ناهەموار؛ تاڵەبار: *(his ~ fate)* .

-waywardly *(adv.)*; **waywardness** *(n.)*.

way-worn (wā′wôrn′, wā′wōrn′), *adj.* ماندووی ڕێگە؛ هیلاکی ڕێ

w.c., = water closet.

we (wē; *unstressed* wi), *pron.* ئێمە.

weak (wēk), *adj.* (١) لاواز (لەش)؛ بێ هێز؛ زەبوون.

(٢) لاواز (پێشبڕکێ، جەنگ): *(a ~ team)* .

(٣) بێ وورە؛ زەبوون؛ لاواز (ڕەووشت).

(٤) بێ مێشک؛ مێشک سووک؛ ناتەواو.

(٥) بێ دەسەڵات؛ بێکارە؛ بوودەڵە؛ دەستەپاچە: *(a ~ monarch)* .

(٦) ناپتەو؛ ناقایم؛ ناسک: *(a ~ rail)* .

(٧) بەرگەنەگر؛ شلۆق؛ لاواز: *(~ fortification)* .

(٨) سیسەڵە؛ بێ تین؛ بێ ووزە؛ پەککەوتە.

(٩) کز؛ بێ هێز؛ ناتەواو: *(~ eyes, ears, etc.)* .

(١٠) هێواش؛ بێ هێز؛ بێ تین؛ کز: *(a ~ voice, current, etc.)* .

(١١) ڕوون *(~ tea)* .

(١٢) کۆڵ؛ نەزان *(~ in mathematics)* .

(١٣) نابەجێ؛ بێ بەڵگە؛ کەسی پێ ناسەلمێنرێ: *(a ~ argument; ~ logic)*

(١٤) ئەندازەیی (کردار- ڕێزمان)؛ دەستووری: کردارێکە کە " ed " یا " d " دەخرێتە سەر بۆ سەردەمی ڕابوردوو: *(a ~ verb)* .

(١٥) هێزی ناخرێتە سەر (بڕگە)؛ نەگیراو (دەنگناسی).

weaken (wē′kən), *v.t.* بێ هێز کردن؛ لاوازکردن.

v.i. بێ هێز بوون؛ لاوازبوون؛ تێ تێدا نەمان.

weakfish (wēk′fish′), *n.* چەند جۆرە ماسیەکی دەریایین.

weak-hearted (wēk′här′tid), *adj.* ترسنۆک.

weakish (wēk′ish), *adj.* (١) نەختێک بێ هێز؛ تۆزێک لاواز.

(٢) نەختێک ڕوون *(~ tea)* .

weak-kneed (wēk′nēd′), *adj.* ڕاڕا؛ دووڵ؛ بێ وورە؛ ترسنۆک.

weakling (wēk′liŋ), *n.* (١) کەسێکی لاواز یا بێ هێز؛ کەسێک یا گیاندارێکی جیقن و بێ توانا. (٢) کەسێکی بوودەڵە؛ کەسێکی بێ دەسەڵات یا دەستەپاچە؛ گەندەپیاو.

adj. بوودەڵە؛ بێ دەسەڵات؛ دەستەپاچە؛ گەندەپیاو.

weakly (wēk′li), *adj.* لاواز؛ سیسەڵە؛ سیس؛ بێ هێز؛ ناسک؛ جیقن.

adv. (١) بە لاوازانە؛ بێ هێزانە. (٢) بە بوودەڵەیی؛ بێ دەسەڵاتانە.

-weakliness *(n.)*.

weak-minded (wēk′mīn′did), *adj.* (١) ڕاڕا؛ دووڵ

(٢) بێ مێشک؛ مێشک سووک یا ناتەواو.

weakness (wēk′nis), *n.* (١) لاوازی؛ بێ هێزی؛ بێ تینی؛ کزێتی؛ زەبوونی (٢) کەموکوڕی (ڕەووشت)؛ ناتەواوی

(٣) (~ for): حەزێکی زۆر: *(He has a ~ for women.)* .

(٤) شتێکی زۆر حەزلێکراو: *(Candy is a ~ of hers.)* .

weal (wēl), *n.* جێ نیشانی لێدان بە لەشەوە؛ شوێن قامچی

weal (wēl), *n.* (١) [Archaic] ، خێروخۆشی؛ خۆش گوزەرانی؛ بەختەوەری؛ بەختیاری؛ چاکە؛ بەڕێوەندی؛ خۆشی: *(the public ~ ; ~ and woe)*

(٢) [Obs.]، سامان.

(٣) [Obs.]، میری؛ دەوڵەت؛ فەرمانڕەوایی.

weald (wēld), *n.* (١) دارستان.

(٢) دەشت‌ودەری بەرز؛ هەرێمی بەرزی بەر بەرەڵا.

wealth (welth), *n.* (١) سامان؛ دارایی؛ مال.

(٢) زەنگینی؛ دەوڵەمەندی؛ ساماندارێ.

(٣) زۆری؛ فرەیی: *(a ~ of ideas)* .

(٤) شتی نرخدار؛ فرۆتەنی؛ هەرشتێک نرخی هەبێت و بکڕێت و بفرۆشرێ.

wealthy (wel′thi), *adj.* (١) زەنگین؛ دەوڵەمەند؛ ساماندار؛ پارەدار.

(٢) زۆری هەیە یا تێدایە؛ دەوڵەمەند: *(a language ~ in idioms)*

-wealthily *(adv.)*; **wealthiness** *(n.)*.

wean (wēn), *v.t.* (١) لە مەمک بڕینەوە؛ لە شیر بڕینەوە: *(to ~ a baby from the breast)*

(٢) لێ بڕینەوە (لە خوو و ڕەووشت یا هاوڕێی خراپ... هتد)؛ لێ بڕین؛ لێ دوورخستنەوە: *| How can we ~ him (away) from his bad companions?|*

weanling (wēn′liŋ), *n.* منداڵی تازە لە مەمک بڕاوە؛ بێچووی تازە لە شیر بڕاوە.

adj. تازە لە مەمک یا شیر بڕاوە.

weapon (wep′ən), *n.* (١) چەک؛ تیغ.

(٢) ئەندامێکی گیاندار کە وەک چەک بەکاری بهێنێ (وەک شاخ، چنگ... هتد).

(٣) هۆی هێزش بردن و خۆپاراستن؛ چەک: *(His best ~ was silence. Her smile was his most effective ~ .)*

v.t. چەکدارکردن؛ چەک پێدان.

weaponry (wep′ən-ri), *n.* (١) چەک دروستکردن.

(٢) چەک بەگشتی (بەتایبەتی چەکی جەنگی وڵاتێک).

wear (wâr), *v.t.* (١) لەبەرکردن؛ پۆشین؛ لەپێکردن؛ لەسەرکردن؛ لەچاوکردن.

(٢) ڕووماندن؛ پیشاندان؛ پێوەبوون: *(She wore a smile.)* .

(٣) لەخۆدان (ئارایشت، فیشەک لەغ، نیشانەی تایبەتی): *(She ~s make-up.)*

(٤) هەبوون؛ هەڵگرتن: *(He ~s a famous name.)* .

(٥) ڕاگرتن: *(He wore his head high.)* .

(٦) ئاڵا هەڵکردن (کەشتی).

(٧) (~ away)، سواندن: *(The feet of thousands of people had worn away the steps.)*

(٨) بەکارهێنان تا ڕادەیەکی تایبەتی: *(He wore his coat to rags.)* .

(٩) تێکردن (کون)؛ والێکردن: *(It will ~ a hole in the floor.)* .

(١٠) ماندووکردن؛ هیلاک کردن.

(١١) (~ away; ~ out)، کات بردنەسەر بە هێواشی.

v.i. (١) سوان؛ چوونەوە (ڕەنگ)؛ دڕان؛ پوان: *(That cloth will ~ soon.)*

(٢) بەرگەگرتن: *(That suit ~s well.)* .

(٣) والێهاتن پاش ماوەیەک؛ کەم بوونەوە؛ کزبوون: *(My patience wore thin.)*

(٤) تێپەڕبوون بە هێواشی (کات)؛ بەسەرچوون: *(The year wore on.)* .

(٥) [Obs.]، مژدەبوون.

n. (١) لەبەرکردن؛ لەپێکردن؛ لەبەرکران.

(٢) جل‌وبەرگ؛ بەرگ؛ جل: *(men's ~)* .

(٣) مژدە.

(٤) (ا) سوان؛ چوونەوە (ڕەنگ)؛ تەنک بوون؛ دڕان.

(ب) ڕادەی نەم سوانە یا چوونەوەیە.

(٥) بەرگەگرتن (بەکارهێنان، لەبەرکردن... هتد):
(There isn't much ~ left in my coat.)
-wearer *(n.).*
wear down, (١) سواندن؛ تەنك بوون؛ سوان.
(The heels of these shoes are worn down.)
(٢) ماندووکردن؛ ماندووبوون؛ هیلاك کردن.
(٣) بۆڕپێدان بە هێرشی پەیتاپەیتا؛ شکاندن (وورە)؛ بێزارکردن؛ تین لێ بڕین:
(to wear down the enemy's resistence)
wear off, (١) کەم بوونەوە؛ کزبوون؛ بەرەبەرە نەمان:
(The headache wore off.)
(٢) چوونەوە (ڕەنگ، بریقە... هتد)؛ لاچوون؛ کووژانەوە؛ لێبوونەوە:
(The gilt soon wore off.)
wear out, (١) سواندن؛ دڕاندن؛ لە کەلك خستن (بە زۆر لەبەرکردن یا بەکارهێنان)؛ لە کەلك کەوتن؛ تەنك بوون؛ پوان
(٢) بەکارهێنان و هیچ لێ نەهێشتنەوە:
(She is wearing out her welcome.)
(٣) ماندووکردن؛ ماندووبوون؛ هیلاك بوون؛ پڕووکان؛ پەککەوتن.
wear (wâr), *v.t.* وەرگێڕانی لووتی کەشتی بۆ دوورخستنەوەی لە لای با هەڵکردنەوە
v.i. وەرگەڕانی لووتی کەشتی بۆ دوورکەوتنەوەی لە لای با هەڵکردنەوە.
wearable (wâr′ə-b'l), *adj.* بۆ لەبەرکردن دەشێ؛ لەبەردەکرێ.
n.pl. جل‌وبەرگ؛ پۆشەنی.
wear and tear, سوان؛ سواو و دران بەهۆی بەکارهێنانەوە؛ لە نرخ کەم بوونەوە و لە کەلك کەوتنی شت بە بەکارهێنانی.
weariful (wêr′i-fəl), *adj.* ماندووکەر؛ بێزارکەر.
-wearifully *(adv.)*; **wearifulness** *(n.).*
weariless (wêr′i-lis), *adj.* ماندوو نابێ؛ بەکێش؛ کۆڵ نەدەر.
-wearilessly *(adv.).*
wearily (wêr′ə-li), *adv.* بە ماندوویی‌یەوە؛ بە بێزاری‌یەوە؛ بە بێ تاقەتی.
weariness (wêr′i-nis), *n.* (١) ماندوویی؛ هیلاکی؛ هێز لێ بڕان.
(٢) شتێکی ماندووکەر؛ شتێکی هێز لێ بڕ.
wearing (wâr′iŋ), *adj.* (١) هی لەبەرکردن؛ بۆ لەبەرکردنە
(~ apparel)
(٢) دەبێتە هۆی دڕان و سوان و ڕەنگ چوونەوە و تەنك بوون.
(a ~ experience) (٣) ماندووکەر؛ ناخۆش؛ گران؛ بێزارکەر.
wearing apparel, جل‌وبەرگ؛ پۆشەنی.
wearisome (wêr′i-səm), *adj.* (١) ماندووکەر؛ هیلاککەر.
(a ~ march)
(a ~ person, book, etc.) (٢) بێزارکەر؛ وەرسکەر؛ بێ تاقەتکەر.
-wearisomely *(adv.)*; **wearisomeness** *(n.).*
weary (wêr′i), *adj.* (١) ماندوو؛ هیلاك.
(People are ~ of war.) (٢) (~ of)، بێزار؛ وەرس؛ لێ بێزاربوو.
(~ work) (٣) ماندووکەر؛ قورس؛ گران.
(٤) ناخۆش؛ وشك؛ بێزارکەر
v.i. (١) ماندووبوون؛ هیلاك بوون. (٢) بێزاربوون؛ وەرس بوون؛ تاقەت لێ چوون.
v.t. (١) ماندووکردن. (٢) بێزارکردن؛ وەرس کردن.
weasand (wē′z'nd), *n.* [Archaic], (١) بۆری هەوا؛ قوڕقوڕاگە.
(٢) قوڕگ
weasel (wē′z'l), *n.* (١) مشکی خورما؛ پاسۆ؛ گیاندارێکی گۆشتخۆری درێژکۆڵەی قاچ کورتی کلك تووکن و درێژە لە کۆمەڵەی دەڵەك.
(٢) کەسێکی فێڵباز یا تەڵەکەباز؛ کەسێکی دووزمان.
(٣) [Slang]، سیخوڕ؛ سووسە.
v.t. (١) (~ out)، خۆکشانەوە (لە بەڵێنێك بەتایبەتی بە ناڕەپارانە)؛ خۆدزینەوە؛ خۆ پەراندنەوە؛ لە کۆڵ خۆ کردنەوە:
(That's one invitation I would like to ~ out of.
We made an open agreement and you cannot ~ out of it.)
(٢) وەڵام نەدان بە دەستەوە؛ دووزمانی کردن؛ وەڵامی بە پێچوپەنا دان نەك هی ڕاستەوخۆ. (٣) [Slang]، خەبەرلێدان؛ سیخوڕی کردن بەسەرەوە
weasel words, وتەی بە پێچوپەنا (بۆ خەڵەتاندن یا بەهەڵەبردن)؛ دووزمانی؛ قسەی لێل.
weather (weth′ĕr), *n.* (١) ئاووهەوا (بەتایبەتی هی ڕۆژانە یا ماوەیەکی کورت)؛ کەش. (٢) (ا) ئاووهەوای ناخۆش و زیانبەخش
(for protection against ~)
(ب) با و بۆرانێکی بەهێزی سەر دەریا.
v.t. (١) لەبەر با یا هەتاو هەڵخستن؛ بەبادان؛ ووشك کردنەوە.
(٢) ڕەنگ چوونەوە و تێکچوون و خراپ بوون بە ئاووهەوای دەرەوە.
(a ~ed fence, table, etc.)
(٣) ڕێگاربوون (لە ناخۆشی‌یەك یا کارەساتێك)؛ بە سەلامەتی بە بەسەرهاتێکی ناخۆشدا تێپەرین؛ مان؛ نەفەوتان؛ لەناوچوون: *(We ~ed the storm.)*
(٤) لێڕکردنی سەربان بۆ باران تێدا نەوەستان.
(٥) بەرەو ڕووی با لێخوڕین (کەشتی).
v.i. (١) ڕەنگ چوونەوە و تێکچوون و خراپ بوون بە ئاووهەوای دەرەوە:
(The wooden fence has ~ed.)
(٢) بەرگەگرتنی نەم ئاووهەوایەی دەرەوە: *(This canvas will ~ well.)*
adj. بەرەو ڕووی با (لایەکی کەشتی).
keep one's weather eye on, [Colloq.], ووریابوون؛ ئاگادارب‌وون؛ ئاگا لە خۆ بوون
under the weather, [Colloq.], (١) نەخێتێك نەخۆش؛ نەخۆش؛ ناساغ. (٢) نەخێتێك سەرخۆش؛ سەرمەست؛ مەست.
weather through, بە سەلامەتی بە بەسەرهاتێکی ناخۆشدا تێپەرین؛ ڕزگاربوون (لە ناخۆشی‌یەك)؛ مان؛ نەفەوتان.
weatherability (weth′ĕr-ə-bil′ə-ti), *n.* بەرگەگرتنی ئاووهەوای دەرەوە: *(~ of a paint)*
weather ballon, باڵۆنی ئاووهەوا: باڵۆنێکە تامێری زانیاری کۆکردنەوە دەربارەی ئاووهەوا هەڵدەگرێت.
weather-beaten (weth′ĕr-bē't'n), *adj.* (١) ڕەنگەکەی چوونەتەوە و تێکچووە و کۆن بووە بە با و باران و هەتاو... هتد.
(a ~ face) (٢) ڕەش هەڵگەڕاو (بە هەتاو)؛ ڕەنگ چوونەوە.
weatherboard (weth′ĕr-bôrd′, weth′ĕr-bord′), *n.* -(١) **clapboard** (٢) دیوی بەرەو بای کەشتی.
weatherboarding (weth′ĕr-bôr′diŋ, weth′ĕr-bōr′diŋ), *n.* = **clapboards.**
weather-bound (weth′ĕr-bound′), *adj.* ڕێ لێ گیراو بەهۆی با و بۆران یا بەفرەوە... هتد؛ قەتیسی با و باران یا بەفر... هتد.
weathercock (weth′ĕr-kok′), *n.* (١) بانما؛ کەلەشێری با؛ پەرەپەکی تەنەکە یا ناسنە لە شێوەی کەلەشێردا لەسەر نووکی شیشێك دانراوە بۆ پیشاندانی ڕێڕەوی با. (٢) کەسێك یا شتێکی بێ بار؛ کەسێك یا شتێکی هەمیشە گۆڕاو؛ دووڕوو؛ کوڕی بۆڕ.
weathered (weth′ĕrd), *adj.* (١) ڕەنگەکەی تێکچووە و کۆن و خراپ بووە بە ئاووهەوای دەرەوە: *(a ~ fence)*
(٢) بە لێڕی کراوە بۆ ئەوەی باراناوی لێوە بێتە خوارەوە (خانووسازی)
weather eye, چاوی کەسێکە کە پێشبینی ئاووهەوا گۆڕین بکات.
weather-glass (weth′ĕr-glas′, weth′ĕr-glăs′), *n.* = **barometer.**
weathering (weth′ĕr-iŋ), *n.* وورد و خاش بوونی بەرد بەهۆی گۆڕانی پلەی گەرمی و زوقم و با و بارانەوە؛ کارتێکردنی ئاووهەوا گۆڕین بۆ سەر ڕووی زەوی
weatherman (weth′ĕr-man′), *n.* ئاووهەواناس؛ کەشزان؛ ڕاپۆرتدەری ئاووهەوا لەسەر تەلەفزیۆن و ڕادیۆ

weather map, نەخشەی ناوهەوا نەخشەیەکە گۆڕینی ناوهەوای ناوچەیەک دەردەخات لە ماوەیەکی دیاریکراودا.

weatherproof (weth′ĕr-prōōf´), *adj.* بەرگەی ناوهەوا گۆڕین دەگرێت

v.t. وەها لێکردن کە بەرگەی ناوهەوا گۆڕین بگرێت؛ پاراستن لە کەش گۆڕان.

weather ship, کەشتی کەش: کەشتێیەکە زانیاری کۆدەکاتەوە دەربارەی ناوهەوا گۆڕین.

weather station, مەڵبەندی ناوهەواناسی؛ ئێستگەی کەشزانی.

weather-strip (weth′ĕr-strip´), *n.* تیلماسکە لاستیک یا کانزایەکە درزی نێوان دەرگاو پەنجەرەو چوارچێوەکانیانی پێ دەگیرێ بۆ هەوابڕو بارانبڕکردنی.

weather-strip (weth′ĕr-strip´), *v.t.* تیلماسکە لاستیکو کانزا لێدان (ووشەی پێشوو ببینە).

weather stripping, (١) weather strip. (٢) weather strips

weather vane, = weathercock = vane # 1 .

weatherwise (weth′ĕr-wīz´), *adj.* (١) بە بەهرەیە لە پێشبینی ناووهەوا گۆڕیندا. (٢) بە بەهرەیە لە پێشبینی هەستو بیرۆڕا گۆڕیندا.

weather-worn (weth′ĕr-wôrn´, weth′ĕr-wōrn´), *adj.* = weather-beaten.

weave (wēv), *v.t.* (١) چنین (قوماش)؛ تەون کردن؛ تەنین.
(٢) چنین (بەرچنە، سەبەتە، زەمیلە): *(to ~ a basket)* .
(٣) هۆنینەوە (چیرۆک؛ هەڵبەست)؛ هەڵبەستن:
(He wove the incidents into a story.)
(٤) تێهەڵکێشان کردن؛ تێهەڵکێشان.
(٥) تەنین (هێلانەی جانەوەر): *(The spider wove its web.)* .
(٦) بە پێچاوپێچ ڕۆیشتن؛ ڕێ بۆ خۆ کردنەوە؛ خۆ پیاکردن؛ *(He wove his way through the traffic.)* بە ماڕپێچی ڕۆیشتن .

v.i. (١) جۆلایی کردن؛ چنین؛ تەون کردن؛ تەنین.
(٢) لەبەکەوە ئالان؛ بەیەکداچوون؛ تێک هەڵکێشران
(٣) بە پێچاوپێچ ڕۆیشتن؛ بە ماڕپێچی ڕۆیشتن:
(to ~ in and out through the traffic.)

n. (١) نەخشەی چنین؛ شێوەی تەنین:
(a loose ~ ; a cloth of English ~)
(٢) تەنراو؛ قوماشی چنراو.

weaver (wēv′ĕr), *n.* (١) جۆلا . (٢) weaverbird

weaverbird (wēv′ĕr-būrd´), *n.* باڵندەیەکی بچووکە لە چیلکەو پووش هێلانەکەی دەچنێت.

web (web), *n.* (١) تەنراو؛ پارچە قوماشی چنراو.
(٢) تەور؛ تەونی جاڵجاڵۆکە؛ هێلانەی جاڵجاڵۆکەو گیانەوەری تر. (٣) داو.
(٤) شتی هۆنراوە یا هەڵبەستراو بە خەیاڵ: *(a ~ of lies)* .
(٥) تۆر؛ کۆمەڵە شتی بەیەکداچوو.
(٦) (أ) پەردەی قاچی قازو مراوی... هتد. (ب) vane # 3
(٧) پەردە (زیندەوەرزانی).
(٨) بەشی تەنراوی تاق لەنێوان تیغەکاندا (خانووسازی).
(٩) (أ) پەڕەی کانزایی تەنک یا باریکی نێوان پارچەی قورس‌و گەورەی مەکینە.
(ب) دانی مشارو کلیل... هتد
(١٠) گووڕە کاغەز لە کاتی دروستکردنیدا یا شت لەسەر چاپکردنی‌و هاتنەدەرەوەی لە مەکینە

v.t. (١) چنین؛ تەون کردن. (٢) داپۆشین یا دەورگرتن بە پارچەیەکی تەنراو.
(٣) کردن بە داوەوە؛ داو بۆ نانەوە.

webbed (webd), *adj.* تەنراو؛ چنراو؛ پەردەدار؛ بە پەردە پێکەوە نووساو: *(the ~ foot of a duck)* .

webbing (web′iŋ), *n.* (١) تیرە قوماشی تەنراوی قایم (بۆ شت دوورینەوەو داگرتنەوە). (٢) شیرازەی بەرەو قاڵی

(٣) پەردەی قاچی قازو مراوی... هتد.

webby (web′i), *adj.* تەونی؛ پەردەیی؛ هۆنراوە؛ چنراو.

weber (vā′bĕr, wē′bĕr), *n.* یەکەی هێزی موگناتیسی

web-foot (web′foot´), *n.* (١) پێی پەردەدار (قاز، مراوی).
(٢) گیانداری پێ پەردەدار

web-footed (web′foot´id), *adj.* پێ پەردەدار.

webster (web′stĕr), *n.* [Obs.]. = weaver.

web-toed (web′tōd´), *adj.* = web-footed.

web-worm (web′wûrm´), *n.* کرمۆکەی تەونکەر: کرمۆکەی هەندێ جانەوەرە تەون دروست دەکات بەسەر ئەو گەڵایەوەی لەسەری دەژی.

wed (wed), *v.t.* (١) ژنهێنان‌و شووکردن؛ ژنهێنان؛ شووکردن.
(٢) لەیەک مارەکردن.
(٣) لێکدان؛ پێکەوەبەستن؛ بەیەک گەیاندن؛ پەیوەستکردن.

v.i. ژنهێنان؛ شووکردن.

we'd (wēd), (١) we had . (٢) we should . we would

wedded (wed′id), *adj.* (١) ژندار؛ مێرددار؛ شووکردوو؛ هاوسەردار: *(the ~ couple; a ~ woman)*
(٢) تایبەتی بە ژنهێنان‌و شووکردن؛ هی هاوسەرداری: *(~ bliss)* .
(٣) خۆ بۆ تەرخان کردوو؛ دڵسۆز: *(~ to one's work)* .
(٤) یەکگرتوو؛ یەک؛ پەیوەست: *(~ by common interests)*

wedding (wed′iŋ), *n.* (١) شایی
(٢) یادی شایی؛ یادی ژنهێنان یا شووکردن: *(a silver ~ ; a golden ~)*
(٣) پەیوەست؛ یەکگرتن؛ بوون بە یەک.

wedge (wej), *n.* (١) پوار (دار قڵیشان)؛ مێخ؛ گوڵ مێخ.
(٢) پارچەی وەک پوار یا مێخ: *(a ~ of pie, cheese, etc.)* .
(٣) نووسینی بزماری کۆن
(٤) (أ) دەستەیەک سەربازە لە شێوەی پوازدا بۆ هێرش بردنە سەر دوژمن
(ب) دەستەیەک یاریکەر کە شێوەی پوار وەردەگرن بۆ هێرش بردن لە یاری فوتبۆڵی ئەمەریکیدا.
(٥) جۆرێکە لە سەری ناسنی گورزی گۆڵف.
(٦) قڵیشکەر؛ لەتکەر؛ جیاکەرەوە:
(to drive a ~ between the two friends, brothers, parties, governments, etc.)

v.t. (١) قڵیشاندن؛ لەتکردن (بە پوان)؛ جیاکردنەوە.
(٢) چەسپاندن بە پوار خستنە ژێر یا سەر... هتد.
(٣) (in ~)، تێخستن؛ تێ ترنجاندن؛ تێ خزاندن.
تێ ترنجان؛ تێ خزین؛ تێ خزان.

v.i. جۆرە پێڵاوێکی ژنانەیە بنەکەی یەک پارچەیە وەک پوار قنگە پاژنەکەی نەستوورەو بەرەبەرە تەنک دەبێتەوە تا لووتەکەی.

wedgy (wej′i), *adj.* پوازی؛ مێخی؛ لە پوار دەچێت

wedlock (wed′lok), *n.* هاوسەرێتی؛ ژنوپیاوێتی

out of wedlock, زۆڵ: *(She was born out of wedlock.)* .

Wednesday (wenz′di), *n. Abbr.* wed. چوارشەممە.

wee (wē), *adj.* (١) زۆر بچووک؛ بچکۆلە.
(٢) زۆر زوو: *(in the ~ hours of the morning)* .

n. [Scot.]. نەختێک؛ تۆزێک (کات): *(Bide a ~ .)* .

weed (wēd), *n.* (١) بژار؛ گیای زیانبەخش (ب) گژوگیا.
(٢) گەڵا و لاسکی ڕووەک نەک گوڵ‌و تۆو بەرەکەی: *(~ dill)* .
(٣) [Colloq.]، (أ) the ~ ، تووتن. (ب) cigar (ج) cigarette
(٤) گیاندارێک یا شتێکی بێ فەڕ (بەتایبەتی ماین یا نەسپێکی ڕیوەڵەی بەکاری زاوزێ نەهاتوو).
(٥) [Slang] ،marijuana

v.t. (١) بژارکردن: *(to ~ the garden)* .
(٢) (~ out)، شتی زیانبەخش فڕێدان یا لێ دەرهێنان؛ پاک کردنەوە لە شتی

ناپەسەند ٣. ~ out). لە بێزنگ دان؛ تەتەلەکردن؛ لابردن یا جیاکردنەوەی ئەوەی بێ کەڵکە بژارکردن (مەجاز).
(to ~ out unqualified applicants for the job)

v.i. بژارکردن

weed (wēd), *n.* (١) [Archaic]. جل؛ بەرگ (٢) (*pl.*). جلی شین یا پرسە (بەتایبەتی هی بێوەژن) (٣) بازووبەندی ڕەشی پرسە (بۆ پرسە).

weeder (wēd′ĕr), *n.* (١) بژارکەر (مرۆڤ). (٢) ئامێری بژارکەر.

weed-killer (wēd′kil ĕr), *n.* بژارکۆر (دەرمان).

weedy (wēd′i), *adj.* (١) بژاراوی؛ گژوگیایاوی؛ بژار هەمووی گرتۆتەوە (٢) وەک بژار وایە لە زوو پەرەسەندندا. (٣) ڕیوەڵە سیسەنە؛ لەڕولاواز *(a carriage with its two ~ horses)* .
-weedily *(adv.)*; weediness *(n.)*.

week (wēk), *n.* (١) (ا) هەفتە؛ حەوت ڕۆژ: *(a ~ of rain)* . (ب) هەفتە (سەپێی ساڵنامە، واتە لە یەک شەممەوە بۆ شەممەی داهاتوو): *(this ~)*

(٢) ڕۆژانی نیشکردنی هەفتە
(She works a 3-day ~ . He works a 40-hour ~ .)

(٣) (ا) هەفتەیەک لەمەودوا لە ڕۆژێکی دیاریکراوەوە.
(ب) هەفتەیەک لەمەوپێش لە ڕۆژێکی دیاریکراوەوە
(It was Saturday a ~ that we last met.)

week after week, هەمور هەفتەیەک؛ هەفتە لەدوای هەفتە.
week by week, هەفتە هەفتە؛ هەفتە بە هەفتە
week in, week out, هەمور هەفتەیەک

weekday (wēk′dā), *n.* (١) هەمور ڕۆژێکی هەفتە جگە لە یەک شەممە (٢) هەمور ڕۆژێکی هەفتە جگە لە شەممەو یەک شەممە.

weekend, week-end (wēk′end), *n.* کۆتایی هەفتە؛ پشووی کۆتایی هەفتە (کە ڕۆژانی شەممەو یەک شەممە دەگرێتەوە).

adj. هی کۆتایی هەفتە؛ لە کۆتایی هەفتەدا ڕووداو: *(a ~ visit)* .

v.i. کۆتایی هەفتە بردنەسەر: *(The ~ed in Paris.)* .

long weekend, پشووی درێژی کۆتایی هەفتە. شەممەو یەک شەممەو ڕۆژێک یا دوو ڕۆژ لە بەرودوایەوە

week-ender (wēk′end ĕr), *n.* (١) گەشتیاری پشووی کۆتایی هەفتە: کەسێکە کە هەمور پشووی کۆتایی هەفتەیەک دەچێ بە لایەکدا بۆ گەشت (٢) جانتای کۆتایی هەفتە (بۆ گەشت).

weekly (wēk′li), *adj.* (١) یەک هەفتەیی؛ هەفتەیەک دەخایەنێ. (٢) هەفتەیی؛ هەفتەی جارێک: *(a ~ visit, meeting, etc.)* . (٣) هەفتانە؛ هی هەفتەیەک: *(a ~ wage)* .

adv. هەفتەیی؛ هەر هەفتەی جارێک: *(They meet ~ .)* .

n. گۆڤاری هەفتەیی؛ هەفتەنامە.

ween (wēn), *v.i. & v.t.* [Archaic], وا زانین؛ وا دانان؛ وا بڕوابوون یا بیرکردنەوە

weenie, weeny (wē′ni), *n.* [Colloq.], wiener.

weeny (wē′ni), *adj.* [Colloq.]. زۆر بچووک؛ بچکۆلە.

(هەروەها " wee ").

weep (wēp), *v.i.* (١) گریان؛ بە کۆڵ گریان؛ فرمێسک ڕشتن؛ لاوانەوە؛ شیوەن کردن (٢) (~ for)؛ بۆ گریان؛ بۆ لاوانەوە؛ شیوەن بۆ کردن. (٣) ئاو لێ تکان: *(Cold pipes ~ in hot weather.)* .
(٤) ئاودزکردن (بڕین)؛ ئاوتێزان؛ ئاو دەردان؛ شیلە دەردان (ڕووەک)؛ دەڵاندن

v.t. (١) بۆ گریان: شیوەن بۆ کردن؛ بۆ لاوانەوە.
(She wept her misfortune.)

(٢) فرمێسک ڕشتن؛ دەردان (ئاو، شلە).
(She wept herself to sleep.): (٣) وا لە خۆ کردن بە گریان

n. (١) (*pl.*) گریانی بە کۆڵ؛ گریان؛ شین؛ لاوانەوە (٢) ئاوتێزان؛ ئاودز؛ دەڵاندن.

weep (wēp), *n.* = lapwing.

weeper (wēp′ĕr), *n.* (١) کەسێکی گریاو؛ گرینۆک. (٢) شیوەنکەری بە کرێ گیراو. (٣) بازووبەندی ڕەشی پرسە؛ نیشانەی پرسە. (٤) بۆری ئاوەڕۆی ناو دیوار.

weeping (wēp′iŋ), *n.* گریان؛ بە کۆڵ گریان؛ گریانی بە کۆڵ.

adj. (١) گریاو؛ فرمێسک لەچاو؛ فرمێسکاوی. (٢) لق‌وپۆپ شۆڕبووەوە (وەک شۆڕەبی): *(a ~ willow)* .

weeping willow, شۆڕەبی.

weepy (wēp′i), *adj.* گریاو؛ گرینۆک؛ فرمێسک لەچاو.

weever (wē′vĕr), *n.* ماسیێیەکی دەریا گەرمەکانە

weevil (wē′v'l), *n.* سووس: جۆرە جانەوەرێکە دەغڵ‌ودان‌و میوەو پەموور ڕووەک‌و درەخت دەخوات‌و دەیفەوتێنێ؛ جانەوەرێکە دەداتە دانەوێڵەی عەمارکراو و دەیفەوتێنێ.

weevily, weevilly (wē′v'l-i), *adj. Also* weevil(l)ed, سووس تێداو.

weft (weft), *n.* (١) woof . (٢) تەنراو؛ قوماشی چنراو؛ قوماش

weigela (wi-jē′lə, wi-gē′lə), *n.* بنچکێکە لە توخمی " پەنجەی خانم " گوڵی ڕەنگاوڕەنگ دەگرێت.

weigh (wā), *v.t.* (١) کێشان: *(How often do you ~ yourself?)* . (٢) هەڵسەنگاندن بە دەست: *(I ~ed the stone in my hand.)* . (٣) (~ out)؛ پێوان؛ بەش بەش کردن بە پێوان یا کێشان: *(to ~ out butter, sugar, etc.)* . (٤) (ا) باش بیرلێکردنەوە؛ کێشان (مەجاز): *(to ~ one's words)* . (ب) بەراوردکردن؛ لێکۆڵینەوە پێش هەڵبژاردن: *(to ~ one plan against another)* . (٥) (~ down)؛ بار گران کردن؛ پساندن؛ ئەرک خستنە سەر؛ نەواندن: *(The fruit ~ed the branches down.)* . (٦) بەرزکردنەوە؛ بڵندکردنەوە؛ هەڵپرین؛ هەڵکردن: *(to ~ anchor)* . (٧) [Obs.]، ڕێزگرتن؛ بایەخ پێدان؛ بە بەنرخ دانان.

v.i. (١) قورسایی‌یەکی تایبەتی بوون؛ ئەوەندە قورس بوون: *(It ~s ten pounds.)* . (٢) گرنگ بوون؛ بە بایەخ بوون؛ کارتێکردن: *(His words ~s heavily with me. His evidence did not ~ much with the judge.)* . (٣) (~ on; ~ upon)؛ ئەرک یا بارێکی گران بوون؛ بە لاوە گران بوون؛ مێشک ماندووکردن: *(The theft ~ed on his mind. Responsibility ~ed upon him.)* . (٤) (ا) لەنگەر هەڵکردن (ب) کەوتنە ڕێ بە دەریادا؛ دەست بە گەشت کردن بە کەشتی.

weigh in, (١) (خۆ) کێشانی بۆکسبار پێش دەستپێکردنی بۆکسبازی؛ (خۆ) کێشانی سوار پێش پێشبڕکێی غارغارێن. (٢) جانتا کێشان (لە فڕۆکەخانە پێش سواربوونی فڕۆکە).

weigh one's words, ئاگا لە دەمی خۆ بوون؛ وورياى دەمی خۆ بوون؛ باش بیرکردنەوە پێش قسەکردن.

weigh (wā), *n.* = way # 9.

weight (wāt), *n.* (١) قورسی؛ قورسایی. (٢) کێشانە؛ سەنگ؛ کێش: *(The pound is a common ~ in English speaking countries.)* . (٣) شتێکی قورس: (ا) بۆ خستنە سەر کاغەز بۆ ئەوەی با نەیبات: *(a paper ~)* . (ب) بۆ بەرزکردنەوەو ماسولکە بەهێزکردن: *(to lift ~s)* . (٤) بار *(Put down that ~ and rest your arms.)* . (٥) ئەرکی سەرشان؛ ئەرک: *(the ~ of responsibility)* . (٦) گرنگی؛ بایەخ

(an opinion of great ~ ; a matter of great ~)

(۷) نەستووری و قورسی و گەرمی جل‌وبەرگ: *(a winter- ~ jacket)* .

(۸) تۆخی و قەڵەوی تیپی چاپەمەنی.

(۹) نەندازەی قورسی بۆکسبازو زۆرانباز:

(the heavy- ~ champion; a heavy- ~ match)

v.t. (۱) قورس کردن: سەنگ زیادکردن.

(۲) نەرکی زیادە خستنە سەر شان؛ بار قورس کردن؛ پساندن؛ پەستانەوە.

(۳) نەستوورو قورس کردنی قوماش (بە لێدانی ماددەیەکی کیمیایی).

by weight, بە کێشانە؛ بە کێشان: *(Fruit is sold by weight.)* .

carry weight, گرنگ بوون؛ بە بایەخ بوون:

(His opinion will carry weight.)

pull one's weight, بەشی خۆ ئیشکردن، پارەدان، یا بەشداربوون لە کارێکدا

(We will finish the work on time if everyone pulls his weight.)

put on weight, قەڵەوبوون

throw one's weight around, خۆفشکردنەوە؛ خۆنواندن؛ خۆ زۆر بە زل زانین:

(The new director is throwing his weight around.)

weightless (wāt′lis), *adj.* بێ سەنگ؛ بێ قورسایی؛ بێ کێش؛ زۆر زۆر سووک.

-weightlessly *(adv.)*; **weightlessness** *(n.)*.

weight-lifter (wāt′lif′tĕr), *n.* قورسایی بەرزکەرەوە (وەرزش).

weight-lifting (wāt′lif′tiŋ), *n.* قورسایی بەرزکردنەوە (وەرزش).

weighty (wāt′i), *adj.* (۱) قورس؛ بەکێش.

(۲) گران (نەرک، بار)؛ ناخۆش: *(~ responsibilities)* .

(۳) زۆر گرنگ: *(~ matters)* .

(٤) زۆر بەدەسەڵات؛ گرنگ؛ بەرز (مرۆڤ): *(a ~ personage)* .

(٥) گرنگ؛ کاردەکاتە سەر ئەنجامی مەسەلەکە:

(a ~ reson, argument, evidence, etc.)

-weightily *(adv.)*; **weightiness** *(n.)*.

weir (wêr), *n.* (۱) بەنداوی ڕوبارێکە بۆ پەنگ خواردنەوەی ئاوەکە یا ئاو لێ ڕاگێشانی؛ بەست؛ بەند. (۲) تەیمان (لە ئاو جۆگەدا دەکرێ بۆ ماسی گرتن). (۳) ئاوبارە (بۆ پێوانی خێرایی ئاو).

weird (wêrd), *adj.* (۱) ئاسرووشتی؛ ئاتاساو ترسناک؛ تایبەتی بە خێوو دێوودرنج. (۲) [Colloq.]، سەیر؛ ئاتاسایی:

(He wore a ~ costume.; a ~ person)

(۳) [Archaic]، چارەنووسی؛ بەختی.

n. [Scot. or Archaic], (۱) چارەنووس؛ بەخت.

(۲) فریشتەی بەخت (کە سیانن). (۳) پێشبینی. (٤) نوشتە؛ جادوو.

-weirdly *(adv.)*; **weirdness** *(n.)*.

weirdie, weirdy (wērd′i), *n.* [Slang], = **weirdo**.

weirdo (wêr′dō′), *n.* [Slang]. کەسێکی زۆر سەیرو نەگونجاو لەگەل دەوروبەریدا: *(He's a ~ .)* .

weka (wā′kä, wē′kə), *n.* باڵندەیەکی نیوزیلەندی گەورەی کونجی قاوەیی‌یە ناتوانێ بفڕێ

Welch (welch, welsh), *adj. & n.* = **Welsh**.

welch (welch, welsh), *v.t. & v.i.* [Slang], = **welsh**.

welcome (wel′kəm), *adj.* (۱) بەخێرهاتوو؛ خۆشەویست؛ بە خۆشی‌یەوە پێشوازی لێکراو: *(a ~ guest)* .

۲. خۆش؛ باش؛ دڵخۆشکەر: *(~ news)* .

۳. بە گەرمی‌یەوە بانگ کراو بۆ شتێک: *| You are ~ to (use) my car. |* .

n. بەخێرهاتن: خۆش هاتن: *(a warm ~ ; a cold ~)* .

interj. بەخێربێ!؛ خۆش هاتی!؛ بەخێربێن!.

v.t. (۱) بەخێرهاتن؛ پێشوازی کردن؛ *(She ~d him to her home.)*

(۲) پێ خۆش بوون: *(He always ~s criticism.)* .

-welcomer *(n.)*.

bid welcome, بەخێرهاتن کردن.

wear out one's welcome, ئیتر بەخێرهاتن ناکرێ؛ بێزاربوونی خانەخوێ بە زۆر مانەوەی میوانێک یا زۆر زوو هاتنی.

you're welcome, شایانی ئەیە. (وەڵامە بۆ ووتەی " thank you ") .

weld (weld), *v.t.* (۱) لکاندن؛ پەیوەستکردن؛ لەحیم کردن؛ جۆش کردن.

(۲) کردن بە یەک؛ یەک پێگرتن؛ لێکدان.

v.i. لکان؛ پەیوەستکران؛ لەحیم کران؛ جۆش دران.

n. (۱) لکان؛ پەیوەست؛ لەحیم؛ جۆشکاری؛ لەحیمکاری.

(۲) شوێنی لکان یا لەحیم؛ شوێنی لەحیم کراو: *(It broke at the ~ .)*

weld (weld), *n.* (۱) ڕووەکێکە ڕەنگی زەردی لێ دەگیرێ.

(۲) ئەم ڕەنگە یا بۆیەیە.

welder (weld′ĕr), *n.* (۱) لەحیمچی؛ لەحیمکەر (هەروەها " weldor ") . (۲) نامێری لەحیمکاری.

weldment (weld′mənt), *n.* شتێکە لە چەند پارچەیەکی پێکەوە لەحیم کراو پێکهاتبێ.

welfare (wel′fâr′), *n.* (۱) خێروخۆشی؛ خۆش گوزەرانی؛ بەختیاری؛ خۆشی. (۲) **welfare work** .

(۳) (ا) دەزگای یارمەتیدانی دارایی و دەستگیرۆیی هەژاران (کە دەزگایەکی میریە). (ب) ئەم یارمەتی دارایی و دەستگیرۆیەیە.

adj. (۱) تایبەتی بە خێروخۆشی و دەستگیرۆیی هەژاران:

(~ legislation)

(۲) یارمەتی وەرگر لە دەزگای دەستگیرۆیی هەژارانەوە، واتە لە میریەوە

(~ mothers)

on welfare, دەستگیرۆیی دەکرێن لەلایەن میریەوە:

(Many families are on welfare now.)

welfare state, (۱) پرۆسەیکی کۆمەڵایەتی‌یە کە میری خێروخۆشی و دەستگیرۆیی هاوواڵتیان دەگرێتە ئەستۆی خۆی.

(۲) ووڵاتێکە لەسەر ئەم پرۆسەیە بڕوات.

welfare work, کاری دەستگیرۆیی هەژاران؛ ئیشی خۆش گوزەرانی کۆمەڵ.

welkin (wel′kin), *n.* (۱) [Archaic] ، ئاسمان:

(Make the ~ ring.)

(۲) بۆشایی ئاسمان.

well (wel), *n.* (۱) کارێز؛ کانی؛ کانیاو (۲) بیر.

(۳) سەرچاوەی بێ پایان؛ سەرچاوە: *(He is a ~ of information.)*

(٤) (ا) بۆشایی دەوری پێ پلیکانەی ناو خانوو. (هەروەها " stairwell ") .

(ب) بۆشایی دەوری ئەسانسێر.

(ج) شوێنی دانیشتنی پارێزەر لەبەردەم دادوەردا.

(د) ژووری تروماپای کەشتی.

(٥) دەفری شلە؛ شووشە: *(an ink ~)* .

v.i. (۱) لێ هاتن؛ لێ ڕژان؛ پەنگ خواردنەوە و لەبەر ڕۆیشتن؛ فیچقەکردن:

(Tears ~ed up in her eyes.)

(Longing ~ed up in her breast.) (۲) پەنگ خواردنەوە.

v.t. نێوەهاتن؛ لێ ڕژان؛ فیچقەکردن:

(a fountain ~ing its pure water)

well (wel), *adv.* (۱) بە باشی: *(The affair ended ~ .)* .

(۲) بە جوانی؛ بە ڕووخۆشی؛ باش: *(Treat her ~ .)* .

(۳) لێهاتووانە؛ لێزانانە؛ جوان؛ چاک؛ خۆش: *(She sings ~ .)*

(٤) بەجێ؛ دروست *(~ spoken)* .

(٥) باش؛ بە خۆش گوزەرانی؛ بە پارەداری: *(They lived ~ in Paris.)* .

(٦) ڕەوا؛ بۆی هەیە: زۆرباش: *(You may ~ ask.)* .

(۷) ساغ؛ تەندروست؛ باش: *(The patient is doing ~ .)* .

(٨) زۆر، تا پادەیەکی زۆر. *(They are ~ ahead of us.)*
(٩) بە تەواوی باش. *(Stir ~ before cooking.)*
(١٠) بێ گومان، بە دڵنیایی. *(You know prefectly ~ that she was there.)*
(١١) باش. *(I know him ~ .)*
(١٢) بە دڵ و میشکێکی کراوەوە، بەبێ پەست بوون. *(He took the news ~ .)*

adj. (١) باش، گونجاو، شیاو. *(It is ~ that you come.)*
(٢) لەش ساغ، تەندروست. *(She is quite ~ .)*
(٣) بەهات، باش. *(Things are well with us these days.)*

interj. (١) ووتەیەکە سەرسامی، پەسەندکردن، ناچاری... هتد دەردەبڕێ.
(٢) ووتەیەکە بیری تازە، وەڵام، یا تێبینی پێ پێشکەش دەکرێ. *(W~ , as I was saying... . W~ , it may be true. W~ who would have thought it?)*

as well, (١) هەروەها، سەرەڕای ئەوەیش، زیاد لەوەیش، – یش.
(٢) وا باشە کە، وا باشترە. *(Since you're so obstinant I might as well leave.)*

as well as, (١) هەروەها، سەرەڕای ئەوەیش، – یش.
(٢) وەک، ئەوەندە باش، وەک ئەو باش، هەر وەک. *(He did as well as you.)*
(٣) ئەوەندە، بە هاوتا. *(He would like to go as well as you.)*

Let (or leave) well enough alone, دەستکاری شتێک مەکە کە پێویستی بە دەستکاری نییە، واز لە شتێک بێنە کە خۆی لە خۆیدا باشەو دەستکاری ناوێ

we'll (wēl), = we will; we shall.

welladay (wel′ə-dā′), *interj.* [Archaic]. = wellaway.

well-advised (wel′əd-vīzd′), *adj.* بەجێ، درووست، باش، پەسەند، ژیرانە. *(a ~ plan, action, response, etc.)*

well-appointed (wel′ə-poin′tid), *adj.* بێ کەموکوڕی، باشو ڕێکوپێک، کەرەسەو شتومەکو تفاقی تەواوی تێدایە. *(a ~ room, office, etc.)*

wellaway (wel′ə-wā′), *interj.* [Archaic], *Also* **welladay,** ئاخ لە خۆم، هەی هاوار، داخەکەم

well-balanced (wel′bal′ənst), *adj.* (١) ڕێکوپێک، هاوسەنگ. *(a ~ diet)*
(٢) ژیر، سەنگین، هێمن. *(a ~ temper, mind, etc.)*

well-behaved (wel′bi-hāvd′), *adj.* ڕەووشت جوان، بە ڕەووشت

well-being (wel′bē′iŋ), *n.* خۆشی، خێروخۆشی، ئاسوودەیی، کامەرانی، چاکە. *(I always had their ~ in mind.)*

well-born (wel′bôrn′), *adj.* خانزادە، ڕەسەن، خانەدان

well-bred (wel′bred′), *adj.* (١) ڕەفتار جوان، بە ڕەووشت، بە نەزاکەت. (٢) ڕەسەن (گیاندار). *(a ~ horse, dog, etc.)*

well-chosen (wel′chō′z'n), *adj.* باش هەڵبژێراو، شیاو، گونجاو، باش.

well-clad (wel′klăd′), *adj.* = well-dressed.

well-defined (wel′di-fīnd′), *adj.* باش دیاریکراو، ڕوون، لێڵی تێدا نییە *(~ policies)*

well-disposed (wel′dis-pōzd′), *adj.* هاوسۆز، ڕووخۆش، هەستی یارمەتیدانی هەیە، حەز بە پشتگیری دەکات. *(She was ~ toward him.)*

well-doer (wel′doo′ĕr), *n.* چاکەکەر، کاری خێرکەر.

well-done (wel′dun′), *adj.* (١) زۆر باشە، زۆر باش کراوە، زۆر جوان کراوە
(٢) باش کوڵاو یا برژاو *(a ~ steak, hamburger, etc.)* (ووشەی rare بینە)

interj. ئافەرم، زۆر باشە.

well-dressed (wel′drest′), *adj.* پۆشتە، پۆشتەوپەرداخ، تەڕپۆش.

well-favored, well-favoured (wel′fā′vērd), *adj.* جوان، قۆز، شۆخ

well-fed (wel′fed′), *adj.* (١) تێرووتەسەل. (٢) قەڵەو، دابەستە.

well-found (wel′found′), *adj.* کەرەسەی تەواوی هەیە، ڕەختدار. *(a ~ ship)*

well-founded (wel′foun′did), *adj.* بەڵگەدار، ڕەوا، بنچینەدار، ڕاست، بێ هۆ نییە. *(a ~ suspicion, ~ fears)*

well-groomed (wel′grōōmd′), *adj.* (١) ڕەنەک کراو، ڕێکوپێک. *(a ~ horse)*
(٢) ڕێکوپێک، تەڕپۆش، پۆشتەو پاکوتەمیز. *(a ~ person)*
(٣) باش ڕاگیراو، جوانو ڕێکوپێک. *(a ~ lawn)*

well-grounded (wel′groun′did), *adj.* (١) پتەو، تێگەیشتوو، شارەزا (لە ڕشتەیەکدا). (٢) well-founded.

well-handled (wel′han′d'ld), *adj.* (١) باش بەڕێوەبراو، باش، هەڵسووڕێنراو. (٢) زۆر دەستکاری کراو.

well-head (wel′hed′), *n.* (١) کانی، کانیاو، کارێز، سەرچاوەی کارێز. (٢) سەرچاوە.

well-heeled (wel′hēld′), *adj.* [Slang]. دەوڵەمەند، پارەدار، ساماندار. *(a ~ community, person, etc.)*

well-informed (wel′in-fôrmd′), *adj.* بەڵەد، زانا، شارەزا، تێگەیشتوو، ئاگادار.

well-intentioned (wel′in-ten′shənd), *adj.* = well-meaning.

well-knit (wel′nit′), *adj.* (١) باش داڕێژراو. *(a ~ plot, story, drama)*
(٢) پتەو، باش داڕێژراو. *(a ~ body)*
(٣) کۆک، نزیک (پەیوەندی کۆمەڵایەتی)، یەکگرتوو. *(a ~ family, group, society, etc.)*
(٤) سفت‌وسۆڵ، پتەو.

well-known (wel′nōn′), *adj.* (١) بەناوبانگ، ناودار، ناسراو، بەناو. (٢) زانراو، باش زانراو، ناشکرا. *(a ~ fact, story, etc.)*

well-made (wel′mād′), *adj.* (١) باش درووستکراو، باش کراو، پتەو. (٢) باش داڕێژراو. *(a ~ play or novel)*

well-mannered (wel′man′ērd), *adj.* ڕەفتار جوان، بە ڕەووشت، بە نەزاکەت

well-meaning (wel′mēn′iŋ), *adj.* دڵپاک، نیاز پاک، مەبەست یا نیازی باشە. *(a ~ but tactless person)*

well-meant (wel′ment′), *adj.* لە دڵپاکییەوە کراو، بە نیاز یا مەبەستی باشەوە کراو.

wellness (wel′nis), *n.* لەش ساغی، تەندروستی، چاکی.

well-nigh (wel′nī′), *adv.* نزیکی، نزیکەی، خەریکە. *(It's ~ bedtime.)*

well-off (wel′ôf′), *adj.* (١) بەختەوەر، لە بارودۆخێکی باشدایە. *(If a person has his health, he is ~ .)*
(٢) خۆش گوزەران، تێروتەسەل، نیمچە دەوڵەمەند.

well-read (wel′red′), *adj.* زۆر خوێندەوار، زۆری خوێندۆتەوە. *(He is ~ in history. a ~ person)*

well-spoken (wel′spō′kən), *adj.* (١) زمانپاراو، زمان ڕەوان، (٢) قسەخۆش، زمان شیرین
(٣) لە جێی خۆیدا ووتراو، لە کاتی خۆیدا ووتراو، بەجێ.

well-spring (wel′sprin′), *n.* (١) کانی، کانیاو، سەرچاوەی ئاو. (٢) سەرچاوە، سەرچاوەی بێ پایان. *(a ~ of knowledge)*

well-thought-of (wel′thôt′uv′), *adj.* ناوبانگ خاک، بەناو

well-timed (wel′tīmd′), *adj.* بەرێز
(a ~ remark) لە کاتی خۆیابەتی
well-to-do (wel′tə-dōō′), *adj.* خۆش گوزەران؛ تێرورتەسەل؛ نیمچە دەولەمەند
well-wisher (wel′wish′ĕr), *n.* خێرخواز؛ چاکخواز
well-worn (wel′wôrn′, wel′wōrn′), *adj.* (١) دراو؛ کۆن؛ زۆر لەبەرکراو؛ شرووڕ؛ پووار. (٢) پەپڕووت؛ کۆن؛ سواو؛ *(a ~ joke)* .
Welsh (welsh, welch), *adj.* وێڵزی تایبەتی بە زمانو گەلو کلتووری ناوچەی وێڵز لە ئینگلتەرە
n. وێڵزی؛ زمانی وێڵزی
the Welsh, گەلی وێڵز؛ خەڵکی وێڵز؛ وێڵزییەکان
welsh (welsh), *v.t. & v.i. Also* **welch,** (١) دەستبڕیو قەرز نەدانەوە؛ سەرچەوتی کردن. (٢) (~ on): پەیمان شکاندن؛ پەیمان نەبردنە سەر؛ خودزینەوە لە بەڵێنێك.
Welsh corgi, تۆحمە سەگێکی وێڵزی گوێ قوتی قاچ کورتە سەری لە هی ڕێوی دەچێ
welsher (wel′shĕr), *n.* [Slang], دەستبڕ؛ ساختەچی؛ سەرچەوت؛ تەڵەکەباز
Welshman (welsh′mən, welch′mən), *n.* وێڵزی؛ هاووڵاتیێکی وێڵز (لە ئینگلتەرە). (هەروەها " **Welchman** ").
Welsh rabbit, *Also* **Welsh rarebit,** خواردەمەنیێکە بریتییە لە پەنیری تواوە بەسەر نان یا پسکیتەوە
Welsh terrier, جۆرە سەگێکی وێڵزی تووك لوولی ڕەش و سوورکەلەیە.
welt (welt), *n.* (١) تیلماسکێکی چەرمە بە چواردەوری پێڵاودا نێوانی بنی پێڵاو و سەرەکەی پێ دادەگیرێتەوە؛ شیرازە. (٢) پەراوێز. (٣) [حێ نیشانەی قامچی و دار لێدان بە پێستەوە. (ب) لێدان (بە قامچی، دار).
v.t. (١) پەراوێز بۆ کردن؛ داگرتنەوە؛ هەڵبەستن؛ شیرازە بۆ کردن. (٢) [Colloq.], بیرازکردن؛ زۆر لێدان؛ تێهەڵدان؛ کوتان.
welter (wel′tĕr), *v.i.* (١) [خۆگەوزاندن؛ تەپاوتل کردن؛ تلانەوە؛ تلاوتل کردن. (ب) تێدا گەوزان (مەجاز)؛ تیا نوقوم بوون؛ زۆر کردن:
(They ~ed in sin.)
(٢) لە خەڵتانی خوێندا گەوزان؛ تێدا گەوزان؛ نوقوم بوون تێیدا:
(The corpses ~ed in their blood.)
(٣) شەپۆل دان؛ هەڵسان و شکانەوە (شەپۆل)؛ لێشاو هێنان؛ هەڵچوون.
n. (١) کومەڵێکی تێکەڵوپێکەڵی شێواو:
(a ~ of anxious faces, conflicting opinions, data, etc.)
(٢) پشێوی؛ پاشاگەردانی
(٣) هەڵسان و شکانەوە (شەپۆل)؛ تەپاوتل؛ لێشاو.
welterweight (wel′tĕr-wāt′), *n.* (١) سەگێکی بیست و هەشت پاوەنیە هەندێك جار دەخرێتە سەر نەسپی پێشبڕکێ بۆ یەکسانی کردنی پێشبڕکێکە. (٢) بۆکسباز یا زۆرانبازێکە کە قورسایی (١٣٦–١٤٧) پاوەن بێ.
wen (wen), *n.* (١) لور یا تلۆقێکی پڕ چەوری بێ زیانە بە پێستەوە (بەتایبەتی بە بێخی سەرەوە). [Archaic] (٢) goiter. [British Slang] (٣) شارێکی زۆر گەورە و قەرەباڵغ.
wen (wen), *n.* تیپێکی زمانی ئینگلیزی کۆنە ئێستا گۆڕاوە بۆ " w " .
wench (wench), *n.* (١) کچ لەرووی سووکیەوە. [Archaic] (٢) (ا) کچە لادێیی. (ب) کارەکەر (ج) قەحبە؛ ئافرەتی سووك
v.i. [Archaic], قەحبەجێتی کردن؛ قەحبەبازی کردن
-wencher (n.).
wend (wend), *v.i.* ڕۆشتن؛ بە ڕێی خۆدا ڕۆیشتن؛ چوون ملی ڕێ گرتن
v.t. [Poetic], ڕێی خۆ گرتن؛ ڕۆیشتن؛ چوون *(~ one's way)* .

Wendish (wen′dish), *adj.* وێندی؛ تایبەتی بە " وێندییەکان " و زمانەکەیان
n. وێندی؛ زمانی وێندی (کە زمانێکی سلاڤی بەشی ڕۆژهەڵاتی نەمانیایە)
went (went), *past tense of* **go.**
wentletrap (wen′t'l-trap′), *n.* قاقلەجنۆکەی پێچ پێچۆکە گیاندارێکی دەریاییە لە قاقلەیەکی سپی پێچ پێچۆکەدایە.
wept (wept), *past tense and past participle of* **weep.**
were (wûr; *unstressed* wĕr), **(1)-** *plural and second person singular of the past indicative of* **be.,** بوون؛ بووین
(We ~ ; They ~ ; You ~)
(2)- *past subjunctive of* **be.,** ئەگەر وا بووایە؛ ئەگەر من بوومایە لەباتی تۆ: *(If I ~ you)* .
we're (wēr), = **we are.**
weregild (wûr′gild′, wer′gild′), *n.* = **wergild.**
weren't (wûrnt), = **were not.**
werewolf (wûr′woolf′), *n. Also* **werwolf,** گورگە پیاو (فۆلکلۆر): کەسێکە کە بووە بە گورگ یا دەتوانێ خۆی بکات بە گورگ هەرکات بیەوێت؛ کەسێکی خۆ بە گورگ دانەر (هەروەها " **lycanthrope** ") .
wergild (wûr′gild′, wer′gild′), *n. Also* **weregild,** خوێن بایی (لە نەریتی خێڵە ئەڵمانی و ئەنگلۆ–ساکسۆنەکانی کۆندا).
wert (wûrt; *unstressed* wĕrt), *archaic second person-singular past indicative and subjunctive of* **be.,** وا بوویت:
(thou ~)
west (west), *n.* (١) ڕۆژئاوا (٢) ناوچەیەکی ڕۆژاوایی.
(٣) [W-]، (ا) بەشی ڕۆژاوای جیهان؛ وڵاتانی ڕۆژئاوا. (ب) ئەورووپا و ئەمەریکا. (ج) هەرێمی ڕۆژئاوای وڵاتێك.
adj. (١) ڕۆژاوایی؛ بەرەو ڕۆژاوا؛ بۆ ڕۆژئاوا (٢) ڕۆژاوایی؛ لە ڕۆژئاواوە: *(a ~ wind)* .
(٣) [W-]، هی بەشی ڕۆژاوای وڵاتێك یا کیشوەرێك:
(W~ Bengal; W~ Africa)
adv. ڕۆژاوایی؛ بەرەو ڕۆژئاوا؛ بۆ ڕۆژئاوا.
go west, (١) [Colloq.] ، مردن؛ کۆچی دوایی کردن.
(٢) بەرەو ڕۆژاوای ئەمەریکا یا جیهان ڕۆیشتن: *(Go west, young man!)* .
the West, بەشی ڕۆژاوای ئەمەریکا لە ڕووباری میسیسپی بەوڵاوە (بەتایبەتی بەشە هەرە ڕۆژاواییەکان).
westbound (west′bound′), *adj.* بەرەو ڕۆژاوا ڕۆیشتوو:
(a ~ train, traveller, etc.)
wester (wes′tĕr), *v.i.* بەرەو ڕۆژاوا ڕۆیشتن؛ ڕووکردنە ڕۆژاوا.
westerly (wes′tĕr-li), *adj.* (١) بەرەو ڕۆژاوا؛ ڕۆژاوایی (٢) لە ڕۆژاواوە هاتوو یا هەڵکردوو؛ ڕۆژاوایی: *(a ~ wind)* .
adv. (١) بەرەو خۆراوا. (٢) لە خۆراواوە: *(The wind blew ~ .)*
n. بای خۆراوا؛ بای خۆراواییی.
western (wes′tĕrn), *adj.* (١) خۆراواییی؛ بەرەو خۆراوا؛ ڕووەو خۆراوا. (٢) لە خۆراواوە هاتوو یا هەڵکردوو؛ خۆراواییی:
(a ~ wind)
(W~ dress; W~ trade agreements; the W~ democracies) (٣) [W-]، ڕۆژاواییی:
(٤) [W-]، تایبەتی بە کلێسەی ڕۆژاواییی.
(a W~ cowboy) (٥) [W-]، تایبەتی بە بەشی خۆراوای ئەمەریکا:
westerner (wes′tĕr-nĕr), *n.* (١) هاووڵاتی یا نیشتەنی ووڵاتێکی خۆراواییی. (٢) [W-]، هاووڵاتی یا نیشتەنی بەشی ڕۆژاوای ئەمەریکا
(We saw a ~ last night.) (١) فیلمێك یا چیرۆکێکە لە بابەت ژیانی خۆراوای ئەمەریکاوە بەتایبەتی هی گاوانی. . westerner
Western Hemisphere, نیوەی خۆراوای گۆی زەوی (کە هەردوو ئەمەریکا دەگرێتەوە)؛ نیوەی زەمینی ڕۆژاوا.

westernism (west′ĕrn-iz′m), *n.* ڕۆژاوایەتی؛ ووتەیەك، نەریتێك. یا کردەوەیەکی ڕۆژاوایی‌یانە.

westernize (wes′tĕrn-īz′), *v.t.* وەك ڕۆژاوایی لێکردن؛ بە خوو نەریت‌و هەستو بیرو ڕۆشنبیری خۆراوایی‌یانە پەروەردەکردن: *(to ~ someone)*

v.i. وەك ڕۆژاوایی لێهاتن؛ ڕۆشنبیری‌و خو و ڕەووشت‌و نەریت‌و بیری خۆراوایی‌یانە گرتن.

-westernization *(n.).*

westernmost (wes′tĕrn-mōst′), *adj.* ئەوپەڕی خۆراوا

westing (wes′tiŋ), *n.* (١) ئەو ماوەیەی کەشتی‌یەك دەیبڕێ بەرەو خۆراوا. (٢) ڕۆیشتن بەرەو خۆراوا.

westward (west′wĕrd), *adj. & adv.* بەرەو خۆراوا

n. (١) ناوچەیەکی ڕۆژاوا. (٢) ڕێڕەوێکی بەرەو ڕۆژاوا.

westwardly (west′wĕrd-li), *adj. & adv.* (١) بەرەو ڕۆژاوا *(a ~ direction)* (٢) ڕۆژاوایی؛ لە ڕۆژاواوە هاتوو یا هەڵکردوو: *(a ~ wind)*.

westwards (west′wĕrdz), *adv.* = **westward.**

wet (wet), *adj.* (١) تەڕ؛ شێدار. (٢) تەڕ؛ ووشك نەبووەتەوە: *(~ paint)*. (٣) بارانماوی؛ تەمومژاوی: *(a ~ day; ~ weather)*. (٤) لە ئاو یا شلەیەکی تردا هەڵگیراو. (٥) بە ئاو یا شلەی تر گیراوەتەوە. (٦) (أ) شەراب‌و خواردنەوەی مەستکەری تری تێدا دەفرۆشرێت: *(a ~ country, town, etc.)* (ووشەی " dry " ژمارە یانزە ببینە). (ب) لایەنگری شەراب‌و خواردنەوەی مەستکەری تر فرۆشتن: *(a ~ candidate for the city council)* (٧) [Slang]، (أ) سەرخۆش؛ مەست (ب) هی خواردنەوەیە؛ بۆ خواردنەوە دانراوە: *(a ~ night)*.

n. (١) تەڕی؛ شێ: *(The ~ from the earth had made the basement unlivable.)* (٢) باران؛ ئاوەهوای شێدار یا بارانماوی. (٣) لایەنگری دروستکردن‌و فرۆشتنی شەراب‌و خواردنەوەی مەستکەری تر.

v.t. (١) تەڕکردن. (٢) میز پێداکردن؛ میز بە خۆدا کردن: *(The dog had ~ the carpet. to ~ one's pants.)*

v.i. تەڕبوون

all wet, [Slang]. هەڵە؛ بە هەڵەدا چوو؛ هەمووی یا بە تەواوی هەڵەیە: *(Their ideas are all wet.)*

wet behind the ears, نەزان؛ نەشارەزا؛ نەکار

wet one's whistle, شەراب خواردنەوە؛ دەم تەڕکردن؛ قومێك خواردنەوە.

wetback (wet′bak′), *n.* [Colloq.], مەکسیکی‌یەکە کە بە دزی‌یەوە دەچێتە ئاو نەمەریکاوە (بەتایبەتی بۆ کرێکاری‌و وەرزێری).

wet blanket, [Colloq.], کەسێکە کە حەز لە کەیف‌و زەماوەند نەکات‌و لە خەڵکی تریشی تاڵ بکات؛ خەڵك سارد‌کەرەوە.

wet down, ئاو لێ هەڵبڕژاندن؛ ئاوڕشێن کردن؛ تەڕکردن.

wet dream, شەیتانی؛ شەیتانی بوون: *(to have a ~)*.

wether (weth′ĕr), *n.* بەرانی خەساو.

wetland (wet′land′), *n. usually plural,* زەلکاو (بەتایبەتی کە دانرابێ بۆ مەڵ‌و گیانداری تر)؛ زۆنگاو.

wetness (wet′nis), *n.* تەڕی؛ شێداری.

wet-nurse (wet′nûrs′), *v.t.* (١) دایەنی کردن (٢) لاواندنەوەو بە دەروقنگدا هاتن.

wet nurse, (١) دایەن (٢) کەسێکە کە زۆر کەسێکی تر دەلاوێنێتەوەو بە دەروقنگیدا دێت.

wet pack, پەڕۆو بەتانیەی تەڕی نەخۆش تێوە پێچراو.

wettish (wet′ish), *adj.* نەختێك تەڕ.

we've (wēv), = **we have.**

whack (hwak), *v.t. & v.i.* (١) [Colloq.] ، بە توند لێدان؛ زەمە لێ هەڵسان؛ زلە لێدان؛ شەپازلە پیاماڵین؛ پیاکێشان. (٢) [Slang]، (**~ up**) ، بەشکردن؛ دابەشکردن. (٣) [British]، بەژاندن.

n. (١) [Colloq.] ، (أ) شەپازلە؛ زلە؛ پیاکێشان. (ب) دەنگی شەپازلە؛ زەمە. (٢) [Slang]، هەڵی کردنی شتێك؛ تاقیکردنەوە (٣) [Slang]، بەش. (٤) [Slang]، باش گەڕان یا ئیشکردن: *(The motor is out of ~ .)*.

have (or take) a whack at, [Colloq.], دەستی خۆ پێ تاقیکردنەوە؛ تاقیکردنەوە.

out of whack, [Colloq.], تێکچوو: *(My stomach is out of whack.)*

whacking (hwak′iŋ), *adj.* [Chiefly British Colloq.], زۆر زل: زل: *(a ~ lie)*.

adv. [Chiefly British Colloq.], زۆر.

whack up, دابەشکردن؛ بەشکردن.

whacky (hwak′i), *adj.* [Slang]. = **wacky.**

whale (hwāl), *n.* نەهەنگ

v.i. ڕاوە نەهەنگ کردن: *(to go ~ing)*.

a whale of, [Colloq.], نموونەیەکی زۆر گەورە، باش، یا نایابی شتێك؛ زۆر زل: *(a whale of a tale, game, etc.; a whale of a difference)*

whale (hwāl), *v.t.* [Colloq.], لێدان؛ بیرازکردن؛ کوتان؛ تێهەڵدان.

whaleback (hwāl′bak′), *n.* پاپۆڕی باری قەوور؛ کەشتی هەڵمی پشت کوور

whaleboat (hwāl′bōt′), *n.* بەلەمی ڕاوە نەهەنگ؛ بەلەمێکی سەولی درێژو سەرو قنگ باریکە بە ئاسانی پێچی پێ دەکرێتەوە (بۆ ڕاوە نەهەنگ‌و وەك بەلەمی ڕزگاری سەر کەشتی بەکاردەهێنرێ). (هەروەها " **whaler** ").

whalebone (hwāl′bōn′), *n.* (١) ئێسقانی کاژێری سەرەوەی نەهەنگ. (هەروەها " **baleen** "). (٢) شتێکی لەم ئێسقانە دروستکراو (بەتایبەتی کەمەربەند یا کۆرسیە)

whaleman (hwāl′mən), *n.* = **whaler # 2.**

whaler (hwāl′ĕr), *n.* (١) کەشتی ڕاوە نەهەنگ؛ بەلەمی ڕاوە نەهەنگ. (هەروەها " **whaleboat** "). (٢) ڕاوچی نەهەنگ؛ ڕاوکەری نەهەنگ. (هەروەها " **whaleman** ").

whale oil, ڕۆنی نەهەنگ (لە لەبەی نەهەنگ دەگیرێت‌و سابوون‌و مۆمو ... هتد لێ دروست دەکرێ).

whaling (hwāl′iŋ), *n.* ڕاوە نەهەنگ.

whaling (hwāl′iŋ), *n.* [Colloq.], بیراز؛ کوتان؛ لێدانێکی چاك؛ تێهەڵدان

wham (hwam), *n.* (١) زەمە لێ هەڵسان؛ پیادان بە دەنگێکی بەرز؛ شەقە لێ هەڵسان؛ تەقە (٢) دەنگی بەیەکدادان؛ زەمە؛ شەقە؛ تەقە.

v.t. & v.i. شەقە لێ هەڵسان؛ زەمە لێ هەڵساندن: *(He ~med the door shut.)*

adv. لەپڕ: *(The car ran ~ up against the building.)*.

whammy (hwam′i), *n.* [Slang]. چاو پیس؛ نوشتە لێکردن؛ جادوو لێکردن: *| to put a (or the) whammy on someone |*.

whang (hwaŋ), *n.* [Colloq.], (١) قایش؛ قەمچی. (٢) (أ) قەمچی لێدان (ب) دەنگی قەمچی لێدان

v.t. (١) قەمچی لێدان؛ بە قەمچی لێدان. (٢) لێدان؛ پیاکێشان؛ بە توند لێدان.

whang (hwaŋ), *v.t.* [Colloq.], زەمە لێ هەڵسان؛

به توند لێدان و دەنگدانەوە.
v.i. دەنگێکی گەورە لێ بوونەوە؛ دەنگدانەوە.
n. [Colloq.], دەنگدانەوەی زل؛ زرمە.
whangee (hwaŋ-ē′), *n.* (۱) جەیزەران؛ قامیش.
(۲) دارجەیزەران؛ داردەست.
whap (hwop), *v.i.* [Dial. or Archaic], = whop.
whapper (hwop′ĕr), *n.* [Colloq.], = whopper.
wharf (hwôrf), *n.* (۱) ئەسکەلە؛ شۆستەی بەندەر (بۆ سوواربوون و بارکردن و داگرتنی کەشتی).
(۲) [Obs.]، گۆێ ئاو؛ گۆێ پووبار یا دەریا؛ کەنار ئاو.
v.t. (۱) لەنگەر هاویشتن؛ کەشتی هێنانە لای شۆستەی بەندەرەوە.
(۲) باری کەشتی داگرتن؛ عەمارکردنی بارگەی کەشتی.
(۳) شۆستەی بەندەر بۆ کردن.
wharfage (hwôr′fij), *n.* (۱) شۆستەی بەندەر بەکارهێنان (بۆ بارکردن و داگرتنی کەشتی و عەمارکردنی بارگەی کەشتی).
(۲) مزی ئەم شۆستە بەکارهێنانە.
(۳) شۆستەی بەندەر بەگشتی؛ ئەسکەلە بەگشتی؛ ئەسکەلە و دەزگای تری بەندەر بەگشتی.
wharfinger (hwôr′fin-jĕr), *n.* خاوەن یا کارگێڕی شۆستەی بەندەر.
wharf rat, (۱) مشکەکوێرەی دەوروبەری ئەسکەلە و عەماری بەندەر.
(۲) کەسێکی دەربەدەری خوێڕی کە هاتوچۆی دەوروبەری ئەسکەلە و عەماری بەندەر دەکات و لەوێ دەژی.
wharve (hwôrv), *n.* چەرخە بچکۆلەی خەڕەك.
wharves (hwôrvz), *n. alternative plural of* wharf.
what (hwut, hwät; *unstressed* hwət), *pron.* (۱) (ا) چی؟
(~ is that thing?)
(ب) چی؟ *(You told him ~ ?)* .
(ج) چی؟ *(~'s life without her?)* .
(۲) (ا) ئەوەی؛ ئەوەی کە؛ چی: *(I know ~ you want.)* .
(ب) هەرچی‌یەك؛ چی؛ هەرچی: *(Do ~ you will.)* .
(ج) کە *(There's no one but ~ would approve this act.)* .
(۳) چەند *(W~ did the shirt cost?)* .
adj. (۱) کام؛ چی
(W~ man told you that? I know ~ books you need.)
(۲) ئەوەندەی؛ ئەوەی؛ چی: *(Take ~ time you need.)* .
(۳) ئای چەند جێی سەرسامی‌یە! (لەبەر باشی، خراپی، گەورەیی... هتد):
(~ a man! ~ an idea! ~ nonsense!)
adv. (۱) چۆن؛ تا چی ڕادەیەك؛ لە چی ڕوویەکەوە؛ چی
(~ does it help to complain?)
(۲) تا ڕادەیەك؛ نەختێك:
(~ with singing and joking the time passed quickly.)
(۳) ئای چەند خۆشە، ناخۆشە، باشە، خراپە، یا وەهایە... هتد:
(~ tragic news!)
(٤) [Obs.] بۆچی؛ بۆ.
conj. (۱) کە *(Never doubt but ~ he loves you.)* .
(۲) [Dial.] ئەوەندەی کە؛ ئەوەندەی:
(We warned him ~ we could.)
interj. ووتەیەکە بۆ سەرسامی، تووڕەیی... هتد بەکاردێت:
(~ ! no dinner?)
and what not, وە گەلێك شتی تر؛ هتد؛ وە هەروەها
what for, (۱) بۆ؛ بۆچی؛ بۆ چی مەبەستێك؛ لەبەرچی.
(۲) [Slang]، سزا؛ قەمچی لێدان؛ دارکاری:
(I'll give him what for!)
what have you, [Colloq.], وە شتی تریش
(He sells games, toys, or what have you.)
what if, گرێمان؛ وا دانێ.
what's what, [Colloq.], ڕاستی شتێك یا بارودۆخێك؛ ڕاست و دروێ شتێك *(He doesn't know what's what.)* .
whate'er (hwət-er′), *pron. & adj.* [Poetic], = whatever.
whatever (hwət-ev′ĕr), *pron.* (۱) هەرچی‌یەك؛ هەرچی؛ چی؛ هەرشتێك *(Do ~ you please.)* .
(۲) ئەوەی کە؛ هەرچی‌یەك کە؛ هەرشتێك؛ چی:
(~ is left over is yours.)
(۳) هەرچۆنێك بێ؛ هەرشتێك بێ؛ گرنگ نیە چی بیێ:
(~ you may think, he's innocent.)
(٤) [Colloq.]، چی؟ (پرسیاری سەرسامی):
(~ does he mean by that? ~ happened to her?)
adj. (۱) هەر (شت، ژمارە، چۆنێتی... هتد)؛ هەرچی؛ هەرشتێك:
(He can make ~ repairs are needed.)
(۲) هەموو؛ هەمووی؛ هەرچی:
(He applied ~ strength he had left to the task.)
(۳) هیچ: *(I have no palns ~ .)* .
whatnot (hwut′not´, hwät´not′), *n.* (۱) (وە) نازانم چی؛ (وە) شتی تر؛ هتد: *(spoons, forks, napkins, plates, and ~ .)*
(۲) دۆڵابێکی کراوەیە وورده شتی ئەنتیکەو جوان لەسەر ڕەفەکانی دادەنرێ.
what's (hwuts, hwäts; *unstressed* hwəts), = what is.
whatsoe'er (hwut´sō-er′), *pron. & adj.* [Poetic], = whatsoever.
whatsoever (hwut´sō-ev′ĕr), *pron. & adj.* = whatever.
wheal (hwēl), *n.* زیپکە؛ پیزۆکە؛ قنچکە؛ دورمەڵ؛ تامیسك.
wheal (hwēl), *n.* جێ نیشانی قەمچی و دار لێدان بە پێستەوە (هەروەها " wale ") .
wheat (hwēt), *n.* گەنم.
wheatear (hwēt′êr´), *n.* قنگ سپیلکە: باڵندەیەکی کۆچکەری بۆری بچووك و لاق درێژە.
wheaten (hwēt′n), *adj.* (۱) گەنمی؛ لە گەنم یا ناردی گەنم درووستکراو. (۲) گەنم ڕەنگ.
wheat rust, ژەنگی گەنم.
wheat worm, کرمی گەنم: کرمێکی خڕی بچووکە گەنم دەفەوتێنێ.
whee (hwē), *interj.* قریوەی خۆشی دەربڕینە.
wheedle (hwē′d'l), *v.t. & v.i.* (۱) خۆبردنەپێشەوە؛ ماستاوکردن؛ مەرایی کردن. (۲) بە مەرایی دەسکەوتن: *(She ~d a gift from him.)* .
wheel (hwēl), *n.* (۱) چەرخ؛ ڕەوڕەوە؛ پێچکە.
(۲) چەرخی ئاگربازی: چەرخێکە دەسووتێ لە کاتی سوڕانەوەدا.
(۳) ئامێری چەرخی: (ا) چەرخی ئاژاردان (لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بەکاردەهێنرا). (ب) سووکان یا ستێرنی کەشتی.
(ج) steering wheel .
(د) [Colloq.]، پاسکیل.
(هـ) spinning wheel . (و) potter's wheel .
(٤) (*pl.*)، ڕەوڕەوە؛ هێزو دەزگاو هۆی پاڵنەر: *(the ~s of progress)*
(٥) وەرگەڕان؛ سوڕانەوە (ڕیزی لەشکر)؛ وەرچەرخان.
(٦) بەشی بۆ سەندنەوەی گۆزانی.
v.t. (۱) (ا) لێخوڕین؛ ئاژووتن؛ خل کردنەوە:
(He ~ed the cart into the yard.)
(ب) گواستنەوە بە ئوتومبیل یا شتی ڕەوڕەوەدار.
(۲) خولاندنەوە؛ سوڕاندنەوە.
(۳) پێچکە بۆ کردن.
v.i. (۱) خولانەوە؛ سوڕانەوە.
(۲) (~ about)، وەرچەرخان (ڕێڕەو، بیروڕا، هەڵوێست)؛ وەرگەڕان.
(۳) وەرچەرخان و شاڵاوبردن (باڵندە).

(٤) لەسەر رەوڕەوە پۆیشتن؛ خل بوونەوە.

at (or behind) the wheel, (١) ئەی دەخۆیێ (ئوتومبیل، کەشتی)؛ ستێرن یا سوکانی بە دەستەوەیە.

(٢) بەرپرسیارە؛ سەرەوکاری دەکات؛ هەموو شتێکی بە دەستە.

wheel of fortune, (١) چەرخی فەلەک؛ چەرخی پۆژگار.

(٢) بێ باری پۆژگار؛ هەڵبەزودابەزی پۆژگار؛ بەهاتو نەهاتی ژیان.

wheels within wheels, زنجیرە پووداوێکی پێکەوە بەستراو.

wheel and deal, [Colloq.], سەوداگەری کردن (لەپووی خراپەوە)؛ پیلان گێڕان بۆ سوودو پێشکەوتنی خۆ (بازرگانی، پامیاری... هتد)؛ قومارباڕی کردن.

wheel-barrow (hwēl′bar´ō), *n.* عەرەبانەی دەستی؛ عەرەبانەی خۆڵ؛ یەك چەرخە.

v.t. بە عەرەبانەی دەستی گوێزانەوە

wheelbase (hwēl′bās´), *n.* دووری نێوان پێچەکەی پێشەوەو دواوەی ئوتومبیل بە ئینچ

wheel-chair (hwēl′châr´), *n. Also* **wheel chair,** کورسی پێچەدار (بۆ نەخۆش)؛ کورسی پەککەوتە

wheeled (hwēld), *adj.* پێچەدار؛ ڕەوڕەودار؛ ئەوەندە پێچەی هەیە: *(four- ~)*

wheeler (hwēl′ēr), *n.* (١) لێخوڕ؛ ڕانەر (٢) . wheel horse (٣) شتی پێچەدار؛ ئەوەندە پێچەی هەیە:

(a four- ~ ; a three- ~ ; a two- ~)

wheeler-dealer (hwēl′ēr-dēl′ēr), *n.* [Colloq.], قومارباز؛ سەوداگەری زۆرزان یا شەیتان

wheel horse, (١) ئەسپی ڕەوڕەوە ئەو ئەسپەی لە هەموو ئەوانەی تر نزیکترە لە پێچەکەی پێشەوە لە گالیسکەی چەند ئەسپیدا. (٢) کەسێکی زۆر ئیشکەر؛ کەسێکی زۆر کۆششکەر (بەتایبەتی لە حیزب یا ڕێکخراوێکدا). (هەروەها " wheeler ").

wheel-house (hwēl′hous´), *n.* = pilot-house.

wheeling (hwēl′iŋ), *n.* (١) پاسکیل لێخورین؛ بە پاسکیل چوون. (٢) خول؛ سوڕ. (٣) باشو خراپی ڕێگە (بۆ پاسکیلو نوتومبیل... هتد).

wheel lock, = gunlock.

wheelman (hwēl′mən), *n.* (١) . helmsman (٢) . cyclist

wheelsman (hwēlz′mən), *n.* helmsman.

wheelwork (hwēl′wûrk´), *n.* چەرخ یا گێرەکانی مەکینەیەك.

wheelwright (hwēl′rīt′), *n.* چەرخچی؛ چەرخساز.

wheen (hwēn), *n.* [Scot. & Eng. Dial.], ژمارەیەکی کەم؛ چەند؛ بڕ؛ هەند

wheeze (hwēz), *v.i. & v.t.* خیزەخیری سنگ هاتن

n. (١) خیزە؛ خیزەی سنگ؛ خیزەخیز. (٢) [Colloq.]. نوکتەیەکی کۆنو پەپووت.

wheezy (hwēz′i), *adj.* خیزەخیزکەر؛ خیزەدار

(a ~ chest, sound, etc.)

-wheezily *(adv.)*; **wheeziness** *(n.).*

whelk (hwelk), *n.* گیاندارێکی بچووکی قاقلەداری ئاویە دەخورێت؛ قاقلەجنۆکەی ئاوی.

whelk (hwelk), *n.* = wheal.

whelm (hwelm), *v.t.* (١) بە ئاو داپۆشین؛ کردن بە ژێر ئاوەوە؛ هەموورگرتنەوە بە ئاو؛ نوقوم کردن. (٢) . overwhelm

whelp (hwelp), *n.* (١) تورنکە سەگ؛ بەچکە سەگ؛ تووڵە؛ تورتك. (٢) بەچکە شێر، پڵنگ، وورچ، گورگ... هتد). (٣) (ا) مندان؛ لاو (ب) منداڵی چەقاوەسوو؛ کوڕی بێ حەیا (٤) ددانی جەرحی داندار (وەك هی پاسکیل).

v.t. & v.i. تۆقین؛ زایین (بۆ ژن لەپووی سووکیەوە)

when (hwen; *unstressed, often* hwən), *adv.* کەی؟

ج کاتێ؟: *(~ did that happen?)* .

conj. (١) کەی؛ ج کاتێ: *(He told us ~ to eat.)* .

(٢) کاتێك کە؛ لەو کاتەدا کە:

(She came at six, ~ the sun was setting.)

(٣) کە؛ ئەو کاتەیە کە: *(Now is the time ~ we must speak out.)* .

(٤) کاتێك کە؛ کاتێك: *(~ we were college students)* .

(٥) کوتوپڕ کە؛ هەر کە؛ کە: *(We will eat ~ the guests arrive.)* .

(٦) هەرکاتێك؛ کە: *(Babies cry ~ they are hungry.)* .

(٧) ئەگەرچی:

(He's reading a book ~ he might be out playing.)

(٨) ئەگەر: *(How can we finish on time, ~ you won't help?)* .

کەی: *(Since ~ has this been going on?)* . *pron.*

کات (ی پووداوێك): *(I know the ~ and where of his arrest.)* . *n.*

whenas (hwen-az′), *conj.* (١) . when (٢) . whereas

whence (hwens), *adv.* (١) لە کوێوە:

(~ do you come? I know ~ he comes.)

(٢) لە کوێ؛ لە ج سەرچاوەیەکەوە؛ لە کوێوە:

(W~ does he get his strength?)

(٣) بۆ ئەو شوێنەی کە: *(Return ~ you came.)* .

conj. لەبەرئەوە؛ بۆ ئەوە.

whencesoever (hwens′sō-ev′ēr), *adv. & conj.* لە هەر شوێنێکەوە؛ لە هەر کوێیەکەوە.

whene'er (hwen-er′), *adv. & conj.* [Colloq.], = whenever.

whenever (hwen-ev′ēr, hwən-ev′ēr), *adv.* (١) هەرکاتێك.

(٢) کەی؟ (سەرسامی دەردەبڕێ): *(~ will you learn?)* .

(هەروەها " when ever " بەم مانایە) .

conj. (١) هەرکاتێك کە؛ کە؛ هەرکاتێك:

(We can leave ~ you're ready.)

(٢) هەر کە؛ هەموو کاتێك کە؛ هەرکاتێك: *(Visit us ~ you can.)*

whensoever (hwen′sō-ev′ēr), *adv. & conj.* = whenever.

where (hwâr), *adv.* (١) لە کوێ؟؛ کوا؟؛ کوانێ؟: *(~ is my hat?)* .

(٢) بۆ کوێ؟: *(~ did she go?)* .

(٣) لە ج بارودۆخێکدا؟: *(~ will we be if we lose?)* .

(٤) چۆن؟؛ لە ج پرووبەکەوە؟: *(~ do I come into the matter?)* .

(٥) لە کوێوە؟؛ لە ج شوێنێکەوە؟؛ لە کوێ؟:

(W~ do you get your information?)

conj. (١) لە کوێ؛ لە ج شوێنێك: *(I know ~ they are.)* .

(٢) لەوێدا؛ لەو شوێن یا بارودۆخەدا کە: *(I am ~ I should be.)* .

(٣) لە هەرکوێیەکدا کە؛ لە هەرشوێنێکدا کە؛ لەو شوێنەی کە:

(There is never peace ~ men are greedy.)

(٤) بۆ ئەو شوێنەی کە: *(I will take you ~ you are going.)* .

pron. (١) ئەو شوێنەی کە: *(I live far from ~ I was born.)* .

(٢) لە کوێوە؟: *(W~ do you come from?)* .

n. شوێن (ی پووداوێك):

(I don't know the when and ~ of the accident.)

whereabout (hwâr′ə-bout´), *adv. & n.* [Rare], = whereabouts.

whereabouts (hwâr′ə-bouts´), *adv.* لە کوێ؟؛ لە ج ناوچەیەك؟؛ لە نزیك کوێوە؟: *(~ do you live?)* .

n. سەروشوێن: *(Do you know her ~ ?)* .

whereas (hwâr-az′), *conj.* (١) لەبەر؛ بەهۆی؛ بەهۆی ئەوەوە کە؛ لەبەرئەوەی کە: *(~ the following incidents have occurred.)*

(٢) کەچی؛ بەڵام؛ لەکاتێکدا؛ بە پێچەوانەوەی ئەوەوە:

(Some people love snow, ~ others hate it.)

whereat (hwâr-at′), *adv.* [Rare or Archaic], لە چی؟

(~ did he get so angry?)

conj. لەسەر ئەوە؛ ئەوسا؛ ئەو کاتە:

(He turned to leave, ~ she began to weep.)

whereby (hwâr′bī´), *adv.* (۱) بە چیدا؟؛ چۆن؟:

(~ shall we know him?)

(۲) کە بە مۆیەوە؛ کە پێی؛ کە لە ڕێی ئەو شتەوە:

(a device ~ to make money)

where'er (hwâr-er′), *adv. & conj.* [Poetic], = wherever.

wherefore (hwâr′fôr´, hwâr′fōr´), *adv.* (۱) بۆ؛ بۆچی؟ لەبەرچی؟

(~ did you go?) .

(۲) بۆ ئەوە؛ کە بۆی:

(the reason ~ we have met.) .

conj. لەبەرئەوە؛ بۆیە

(We ran out of water, ~ we surrendered.)

n. هۆ:

(Never mind the why and ~ .) .

wherefrom (hwâr-frum′, hwâr-from′), *adv.* لە کوێوە؟ لەوێوە کە

whercin (hwâr-in′), *adv.* (۱) لە چیدا؟:

(~ was I wrong?) .

(۲) کە تێیدا:

(the room ~ he slept) .

whereinto (hwâr-in′tōō, hwâr′in-tōō′), *adv.* بۆ ناو چی؟ بۆ ناو کوێ؟: بۆ ناو ئەو شوێنەی.

whereof (hwâr-uv′, hwâr-ov′), *adv.* (۱) (ا) لە بابەت چییەوە؟ دەربارەی چی؟ (ب) دەربارەی ئەوەی کە.

(۲) (ا) لە بابەت کێوە؟ دەربارەی کێ؟ (ب) هی ئەو کەسەی کە.

whereon (hwâr-on′), *adv.* (۱) لەسەر چی؟

(~ do you rely?) .

(۲) ئەوەی کە لە سەری:

(the hill ~ we stand.) .

wheresoe'er (hwâr´sō-er′), *adv. & conj.* [Poetic]. = wheresoever.

wheresoever (hwâr´sō-ev′ĕr), *adv. & conj.* = wherever.

wherethrough (hwâr-thrōō′), *adv.* [Rare], کە بە مۆیەوە؛ ئەوەی کە بە ناویدا؛ لەو کاتەدا کە.

whereto (hwâr-tōō′), *adv.* (۱) بۆ کوێ؟ بۆ چ شوێنێک؟ بۆچی؟ بۆ چی مەبەستێک؟ (۲) بۆ ئەو شتەی کە؛ بۆ ئەوەی کە.

whereunto (hwâr´ən-tōō′), *adv.* [Archaic], = whereto.

whereupon (hwâr´ə-pon′), *adv.* لەسەر کوێ؟ لەسەر چی؟ لەسەر ئەو شوێنەی کە

conj. ئیتر؛ لەوەوە؛ بەو مۆیەوە؛ لە ئەنجامی ئەوەدا؛ ئەوسا:

(I explained the matter, ~ he laughed heartily.)

wherever (hwâr-ev′ĕr), *adv.* (۱) لە هەر کوێ؛ لە هەر کوێیەک؛ لە هەر شوێنێک (۲) لە کوێ؟ (لەپووی سەرسامییەوە):

(~ did you hear that?)

(هەروەها " where ever " بەم مانایە) .

conj. لە هەر کوێ؛ لە هەر کوێیەک؛ لە هەر شوێن؛ لە هەر بارودۆخێکدا.

wherewith (hwâr-with′), *adv.* [Archaic], (۱) بە چی؟

(~ shall I save him?)

(the fingers of this hand ~ I write.) (۲) بەوەی کە؛ کە پێی

pron. ئەوەی کە پێی؛ ئەو شتەی کە پێی.

wherewithal (hwâr′with-ôl´), *n.* هۆی پێ کردنی کارێک (بەتایبەتی پارە؛ پارە؛ ئەوەی پێویستە بۆ جێبەجێکردنی شتێک:

(I haven't the ~ to continue my education.;

to have the ~ for war)

adv. & conj. [Archaic]. = wherewith.

wherry (hwer′i), *n.* (۱) بەلەمی سەوڵی بچووک.

(۲) بەلەمی سەوڵی یەک کەسی پێشبڕکێ.

(۳) [British] بەلەمی بار.

v.t. بە بەلەمی بار گواستنەوە

whet (hwet), *v.t.* (۱) تیژکردن بە هەسان (چەقۆ یا تیغی تر)؛ تیژکردنەوە.

(۲) بزواندن؛ جووڵاندن (ئارەزوو، هەوەس)؛ ئارەزووکردنەوە؛ چەژکردن؛ هەوەس هەڵساندن: *(to ~ one's appetite)* .

n. (۱) تیژکردن؛ تیژکردنەوە. (۲) تیژکەرەوە.

(۳) [Colloq.] ئارەزووکەرەوە (خواردەمەنی، خواردنەوە)؛ پێک

whether (hweth′ĕr), *conj.* (۱) ئەگەر؛ ئەگەر وا بێ

(He asked ~ I would help.)

(۲) چ وا بێ... چ وا؛ چ ئەو بێ... چ ئەو؛ ئەگەر... ئەگەر؛ ئەگەر

| ~ he drives or (~ he) takes the train, he will be on time.

I don't know ~ he'll improve. |

(۳) ئایا:

(He was completely ignored ~ by accident or design.)

pron. [Archaic], کامیان

whether or no, هەر چۆنێک بێ؛ بە هەر حاڵ

whetstone (hwet′stōn´), *n.* هەسان؛ زیرە؛ بەردە زیرە

whew (hwū), *interj.* ووتەیەکە سەرسامی، بێزاری، ترس، یا ئۆخەی... هتد دەردەبڕێ.

whey (hwā), *n.* پەنیراو؛ ئاوی پەنیر: ئەو ئاوەیە کە لە ماست جیا دەبێتەوە لە کاتی پەنیر لێ دروستکردندا

wheycy (hwā′i), *adj.* لە پەنیراو دەچێ؛ تایبەتی بە ئاوی پەنیر.

whey-face (hwā′fās´), *n.* (۱) دەموچاوی سپی هەڵگەڕاو؛ ڕەنگ هەڵبزرکاو. (۲) کەسێکی دەموچاو سپی هەڵگەڕاو (لە ترسدا)؛ کەسێکی ڕەنگ بزرکاو یا هەڵگەڕاو

whey-faced (hwā′fāst´), *adj.* سپی هەڵگەڕاو (لە ترسدا)؛ ڕەنگ بزرکاو یا هەڵگەڕاو

which (hwich), *pron.* (۱) کام؟ کامە؟ کامەیان؟:

(~ of the men answered? ~ do you want?)

(۲) ئەوەی کە؛ کامە؛ کامەیان:

(I know ~ you want.) .

(۳) کە (بۆ گیاندارو شتومەک):

(My hat, ~ is on the table; the war ~ has just ended.)

(٤) چ؛ هەر کامێکیان؛ هەر کامیان؛ ئەوەی:

(You may take ~ you prefer.)

adj. (۱) کام؟ کامیان؟ کامە؟ چ؟:

(~ books shall I choose?) .

(۲) هەرچی؛ چ:

(Try ~ method you please, you cannot succeed.)

whichever (hwich-ev′ĕr), *pron. & adj.* (۱) هەر کامیان؛ هەر کامێکیان؛ هەر کام:

(You may choose ~ desk you wish.) .

(۲) گرنگ نییە هەر کامیان بێ؛ هەر کامیان:

(It is a long trip ~ road you take.)

whichsoever (hwich´sō-ev′ĕr), *pron. & adj.* = whichever.

whidah (hwid′ə), *n. Also* whidah bird, whidah finch, whydah, باڵندەیەکی بچووکی ڕەشی ئەفەریقایی هێلانەکەی لە پووش و چیلکە دروست دەکات. نێرەکەی کلکێکی زۆر درێژی پێوەیە.

whiff (hwif), *n.* (۱) سروە؛ سۆزە؛ شنە *(a ~ of cool air)* .

(۲) بۆنێکی کەم (خۆش یا ناخۆش) *(a ~ of garlic, onion, jasmin)*

(۳) مژ (هەوا، جگەرە، سەبیل)؛ فوو *(Take a ~ of this pipe.)* .

(٤) دووکەڵ (جگەرە)؛ هاڵاو

(٥) هەڵچوون؛ تووڕەیی: *(a ~ of temper)* .

v.t. (۱) فوولێکردن؛ فوو پێداکردن. (۲) بەبادان (دووکەڵی جگەرە یا سەبیل).

(۳) کێشان (سەبیل، جگەرە)؛ مژێدان.

v.i. (۱) هەڵکردن (سروە): *(The wind ~ed through the trees.)* .

(۲) مژێدانو دووکەڵ بەبادان؛ مژێدان.

whiffet (hwif′it), *n.* (۱) فوویەکی بچووک؛ مژێکی بچووک؛ سروەیەکی کەم (۲) سەگێکی بچووک.

(٣) کەسێکی بچووک و هیچ‌وپووچ؛ مندال.

whiffle (hwif′l), *v.i.* (١) هەڵکردن بە پچڕپچڕی (با).
(٢) ڕابردن؛ دوودڵی کردن (٣) فیکەلێدان؛ فیکەکێشان
v.t. بە فوو بڵاوکردنەوە؛ فووڵێکردن (بۆ بڵاوکردنەوە)؛ پەرش‌وبڵاوکردنەوە (با).

whiffler (hwif′lēr), *n.* پاڕا؛ دوودڵ

whiffle-tree (hwif′l-trē´), *n.* مژان (هەوجار. گالیسکە)؛ داری مژان
(هەروەها " whippletree " ، " swingletree " ، " singletree ").

Whig (hwig), *n.* (١) حیزبی دیموکراسی و پێشکەوتنخوازی کۆنی ئینگلتەرە کە لە دواییدا بوو بە " حیزبی ئازادیخوازان ".
(٢) لایەنگری شۆڕشی سەربەخۆیی ئەمەریکا دژ بە ئینگلیز.
(٣) حیزبێکی کۆنی ئەمەریکی بوو کە دژی دەسەڵاتی لە ئەندازە بەدەری میری بوو وە لە دواییدا بوو بە " حیزبی کۆماری "
adj. تایبەتی بە " Whig "
-Whiggish *(adj.)*.

Whiggery (hwig′ēr-i), *n. Also* Whiggism. بیروڕا ڕێبازی " Whig " ەکان (ووشەی پێشوو ببینە)

while (hwīl), *n.* (١) ماوە؛ سەردەم؛ تاو
(a short ~ ; Stay for a ~ : to wait a long ~)
(٢) کات‌و ئەرک‌و پارەی پێویست بۆ کردنی شتێک
(Is this conference worth your ~ ?)
conj. (١) لە کاتێکدا؛ هەتا؛ بە درێژایی ئەو کاتە کە
(It was lovely ~ it lasted.)
(٢) (ا) لە هەمان کاتدا؛ ئەگەرچی؛ هەرچی چەند
(W~ he was no poor, he had no ready cash.)
(ب) کەچی؛ بەڵام؛ وە
(The walls are green, ~ the ceiling is white.)
(٣) [Dial.]. هەتا؛ هەتاکو
v.t. (~ away), بردنە سەر (بە خۆشی)؛ کات کوشتن
(We ~d away the afternoon.)
all the while, بە درێژایی ئەو کاتە کە.
between whiles, جارەبەجار؛ جارجار؛ ناوبەناو.
once in a while. جارەبەجار؛ جارجار؛ جارنەجار؛ ناوبەناو.
worth one's while, دەمێنێ؛ بەسوودە؛ ئەو کات‌و ئەرک‌و پارەیە
(Having a child is worth your while.) دەمێنێ کە تێی دەچێ.

whiles (hwīlz), *adv.* [Archaic or Dial.]. هەندێ جار.
conj. [Archaic]. = while.

whilom (hwī′ləm), *adv.* [Archaic]. لەوەوپێش؛ پێشوو؛ ڕابوردوو.
adj. [Archaic]. پێشوو *(their ~ friends)*.

whilst (hwīlst), *conj.* [Chiefly British]. = while.

whim (hwim), *n.* (١) ئارەزووی کاتی؛ هەوەس؛ حەزی سەردەمی.
(٢) جەنجەڕی ئاو و کانزا (نەسپی پێوە دەبەستێ‌و ئاو و کانزای پێ هەڵدەمێنجرێ)

whimbrel (hwim′brəl), *n.* باڵندەیەکی کەنار ئاوی ئەوروپایی‌یە.

whimper (hwim′pēr), *v.i. & v.t.* نووزاندن؛ نووزەنووزکردن؛ گرووزانەوە. فنکەفنگ کردن؛ گریان لەژێر لێوەوە: *(The child ~s.)*.
n. نووزە؛ گرووزانەوە؛ فنکەفنگ
(Life ends not with a bang but with a ~ .)
-whimperer *(n.)*; whimperingly *(adv.)*.

whimsical (hwim′zi-k'l), *adj.* (١) هەوەسباز؛ حولحولی؛ ئارەزووباز؛ شێتەوژیرە. (٢) سەیر؛ ئاناسا.
-whimsically *(adv.)*.

whimsicality (hwim´zi-kal′ə-ti), *n.* (١) هەوەسبازی؛ حولحولێتی؛ ئارەزووکاری. (٢) کردەوەی هەوەسبازیانە؛ ڕەفتاری حولحولایانە.

whimsy, whimsey (hwim′zi), *n.* (١) whim.
(٢) شتی سەیرو ئاناسا.

whin (hwin), *n.* دەوەنێکی هەمیشە سەوزی دڕکاوی چۆڵەوانی‌یەکانە گوڵی زەرد دەگرێ. (هەروەها " furze " ، " gorse ").
-whinny *(n.)*.

whin (hwin), *n.* = whinstone.

whinchat (hwin′chat´), *n.* باڵندەیەکی قاوەیی دەنگ خۆشی دەشتەکانە.

whine (hwīn), *v.i.* (١) نووزەنووزکردن؛ نووزانەوە؛ گرووزانەوە؛ بۆڵەبۆڵ کردن؛ قرووسکان؛
(The child ~s all the time. Why are you ~ing?)
(٢) سکاڵاکردن بە نووزەنووزو گرووزانەوە؛ کورکاندن؛ کورکەکورک کردن.
(٣) ناڵاندن (مەکینە)؛ فنگەفنگ کردن؛ لووراندن؛ نکاندن؛
(The engine ~d as we were driving uphill.)
v.t. نووزانەوە؛ بە نووزەنووز داواکردن یا دەربڕین؛ کورکاندن.
n. (١) نووزانەوە؛ گرووزانەوە؛ کورکەکورک کردن؛ قرووسکانەوە.
(٢) نووزەنووز؛ گرووزەگرووز؛ کورکەکورک؛ قرووسکەقرووسک.
(٣) سکاڵای بە نووزانەوە یا گرووزانەوە کراو.
-whiner *(n.)*; whiningly *(adv.)*.

whinny (hwin′i), *v.i.* حیلاندن؛ لووشکاندن؛ لووشکەلووشک کردن؛ کورکاندن
v.t. بە حیلە یا لووشکەلووشک دەربڕین.
n. حیلە؛ حیلەحیل؛ لووشکە؛ لووشکەلووشک؛ کورکە؛ کورکەکورک.

whinstone (hwin′stōn´), *n.* مەڕمەڕی ڕەش: جۆرە بەردێکی سەختی قورسی ڕەشە لە کۆمەڵەی " بازۆڵت " . (هەروەها " whin " ، " trap ").

whiny (hwīn′i), *adj.* نووزەنووزکەر؛ بە نووزە: *(a ~ child, dog)*.

whip (hwip), *v.t.* (١) (~ out; ~ off; ~ up)، لەپڕ ڕاتەکاندن، دەرهێنان، ڕاکێشان، لە دەست هەڵپڕووسکان، یا لادان:
(He ~ped out a knife.)
(٢) (ا) لێدان بە قەمچی یا دار؛ دارکاری کردن؛ قەمچی لێدان.
(ب) سزادان بەم شێوەیە.
(٣) (~ up)، ووروژاندن؛ هاندان؛ پاڵ پێوەنان:
(to ~ up an emotion, the crowd, etc.)
(٤) پیادان؛ پیامااڵین بە توند؛ داگرتنەوە: *(The rain ~ped her face.)*
(٥) بە توند سەرزەنشتکردن؛ پێ ووتن؛ هێرش بردنە سەر.
(٦) داگرتنەوەی پەت یا گوریسێک بە بەن تێوەئاڵاندن بۆ ئەوەی هەڵنەوەشێ
(٧) پەراوێز داگرتنەوە؛ قەراغ یا شیرازە هەڵپێچان.
(٨) ڕاوەماسی کردن (بە پەیتاپەیتا قولاپ هەڵدان).
(٩) شڵەقاندن‌و کەف لێ هەڵسانەن (هێلکە... هتد).
(١٠) [Colloq.]، بۆڕپێدان؛ بەزاندن؛ لێ بردنەوە.
(١١) بەرزکردنەوە بە خولخولۆکە
(١٢) (~ up)، بە پەلە نووسین یا کردن... هتد:
(to ~ up a story, poem, sketch, etc.)
v.i. (١) بە پەلە ڕێشتن یا چوون؛ دەرپەڕین؛ لەپڕ تێ تەقان؛ ڕاکردن:
(He ~ped down the stairs.)
(٢) شەکانەوە بە قایم *(Flags ~ in high wind.)*.
(٣) هەڵدان (قولاپی ڕاوەماسی)؛ هاویشتن.
n. (١) قەمچی؛ قامچی؛ شەلاق؛ شەلاخ. (٢) قەمچی لێدان.
(٣) قەمچی وەشێن: (ا) عەرەبانچی؛ گالیسکەچی.
(ب) ڕاوچیی‌یەکە کە بە قەمچی لە تانجی و سەگەکان دەدات.
(٤) (ا) قەمچی بە دەست: ئەندامێکی بەرزی حیزبێکی کۆنگرێسی ئەمەریکی یا پەرلەمانێکە کە بەرپرسیاری نامادەبوونی ئەندامەکان‌و جێبەجێکردنی کاروبارو بەرنامەی حیزبەکەیەتی. (هەروەها " party whip ").
(ب) بانگ کردنی ئەندامانی حیزبێکی کۆنگرێس یا پەرلەمان بۆ کۆبوونەوە.
(٥) دەست جوولانێکە وەک قەمچی وەشان؛ قەمچی وەشان.
(٦) جۆرە شیرینی‌یەکە.
(٧) پەتی خولخولۆکەی بەرزکردنەوە (کەشتیوانی).

whip in, گەردکردنەوە بۆ کۆرگرتن.
whip up, (١) وروژاندن؛ هاندان؛ هێنانە جۆش. *(to whip up a crowd)*
(٢) [Colloq.]، بە پەلە لێنان یا ئامادەکردن؛ بە پەلە نووسین یا کردن: *(to whip up a meal; to whip up a story, sketch, etc.)*
whipcord (hwip′kôrd´), *n.* (١) قایشی قەمچی؛ قایشێکی قایمی بادراو یا هۆنراوەیە بۆ قەمچی بەکاردەهێنرێ. (٢) ژن ،کە لە ڕیخۆڵەی مەڕو ئەسپ دروست دەکرێ بۆ ئامێری مۆسیقی و... هتد). (٣) جۆرە قوماشێکە.
whip hand, (١) دەستی قەمچی؛ ئەو دەستەی کە سوار یا عەرەبانچی قەمچی پێ دەگرێت. (٢) دەسەڵات؛ زۆوردەستی؛ دەست ڕۆیشتن؛ ڕکێف *(He has the ~ in this situation.)*
whip-lash (hwip′lash´), *n.* (١) قایشی قەمچی. (٢) ئازار پێگەیشتنی بڕبڕەو مل بەهۆی لەپڕ سەر ڕاتەکانەوە (وەک چۆن ئەگەر یەکێک لە ئوتومبێلێکدا بێ و لە دواوە ئوتومبێلێکی تر لێی بدات): *(He got a ~ when his car was struck from behind.)*
(هەروەها پێشی دەوترێ: " whiplash injury ").
whipper (hwip′ĕr), *n.* قەمچی وەشێن.
whipper-in (hwip′ĕr-in′), *n.* -، [Chiefly British] (١) یاریدەدەری ڕاوچی کە بە قەمچی سەگ و تانجیەکان دابین دەکات. (٢) whip # 4-A
whipper-snapper (hwip′ĕr-snap´ĕr), *n.* کەسێکی هیچ و پووچی خۆدەرخەر (بەتایبەتی گەنج).
whippet (hwip′it), *n.* (١) سەگێکی تیژڕەوە لە تانجی دەکات (بۆ پێشبڕکێ بەکاردەهێنرێ)؛ تانجی. (٢) دەبابەیەکی بچووکە لە شەڕی جیهانی دووەمدا لەلایەن هاوپەیمانەکانەوە بەکاردەهێنرا.
whipping (hwip′iŋ), *n.* (١) قەمچی لێدان؛ قەمچیکاری؛ جەڵدە لێدان. (٢) بەشی پەراوێز پێ داگرتنەوە؛ تاڵە بەشی شیرازە پێ هەڵپێچان.
whipping boy, (١) قۆچی قوربانی: مندااڵێکە کە لەگەڵ شازادەیەکدا پێی دەخوێندراو لەباتی ئەو سزا دەدرا. (٢) scapegoat # 2 .
whipping post, کۆڵەکەی قەمچی لێدان: کۆڵەکەیەکە خەڵکی تاوانباری پێوە دەبەستێتەوەو جەڵدەیان لێ دەدرێت.
whipple-tree (hwip′l-trē´), *n.* = wiffle-tree.
whip-poor-will (hwip′ĕr-wil´), *n.* باڵندەیەکی قاوەیی شۆرگەڕە ناوەکەی لە دەنگی خوێندنەکەیەوە وەرگیراوە.
whip-saw (hwip′sô´), *n.* مشارنکی باریکو درێژی دووکەسیە.
v.t. (١) بڕینەوە بەم جۆرە مشارە. (٢) لە دوو سەرەوە لێ بردنەوە؛ دوو جار پێ دۆڕاندن. (٣) لە دوو سەرەوە بۆڕێبدان یا بەزاندن.
whip scorpion, دووپشکێکی بێ ژەهرو بێ چزووە کلکێکی درێژی وەک قەمچی هەیە
whip snake, مارێکی بێ ژەهرە بەزۆری لە دارودرەختدا دەژی.
whip-stitch (hwip′stich´), *v.t. & v.i.* پەراوێز داگرتنەوە: شیرازە یا سیم هەڵپێچان.
n. تەقەڵێکی پەراوێز پێ هەڵپێچ.
whip-stock (hwip′stok´), *n.* دەسکی قەمچی
whipt (hwipt), *alternative past tense and p.p of* whip.
whip-tail (hwip′tāl´), *n.* مارمێلکەیەکی کلک قامچی ئاسایی یە.
whip-worm (hwip′wŭrm´), *n.* کرمە قامچی: کرمێکی باریکە درێژییەکەی دوو ئینچە سەرێکی لە قامچی دەچێ لە ڕیخۆڵە باریکەدا دەژی.
whir, whirr (hwŭr), *v.i. & v.t.* ڤڕەڤڕکردن؛ وورەووڕکردن؛ خولانەوە یا فڕین و ڤڕەڤڕکردن؛ فڕەفڕکردن.
n. (١) ڤڕەڤڕ؛ وورەووڕ؛ فڕەفڕ. (٢) فڕکەفڕک؛ پەلەپەل؛ پەلە؛ هەڵپە.
whirl (hwŭrl), *v.i.* (١) سوڕدان؛ سەماکردن؛ قنگ بادان: *(They ~ed round the dance floor.)*

(٢) خولانەوە؛ سوڕانەوە؛ چەرخانەوە.
(٣) فڕکەفڕک کردن؛ ڕاکەڕاک کردن؛ دەرپەڕین؛ خێرا ڕۆیشتن.
(٤) سەر خولانەوە؛ گێژبوون؛ تووشی سەرەخۆڵ بوون؛ سەر سوڕخواردن: *(My head is ~ing.)*
v.t. (١) خولاندنەوە؛ سوڕاندنەوە؛ چەرخاندنەوە. (٢) خول پێدان؛ باپێدان؛ سوڕپێدان: *(The wind ~ed the leaves.)*
(٣) [Obs.]، هاویشتن؛ هەڵدان.
n. (١) خولانەوە؛ سوڕانەوە؛ چەرخانەوە. (٢) خول؛ سوڕ؛ چەرخە. (٣) شتێکی خولاوە یا سوڕاوە: *(a ~ of dust)*. (٤) بەسەر چەند شاهەنگێکەوە گەڕان بە پەلە. (٥) دەنگەدەنگ؛ بەزم و ڕەزم؛ هەراوزەنا؛ جم و جوولێکی زۆر. (٦) سەرەخۆڵ؛ گێژی؛ ووری؛ کاسی: *(My head is in a ~.)*
-whriler *(n.).*
whirl-about (hwŭrl′ə-bout´), *n.* (١) خولانەوە؛ سوڕانەوە؛ فڕکەفڕک. (٢) whirligig .
whirligig (hwŭr′li-gig´), *n.* (١) فڕفڕۆکە (یاری منداڵان)؛ فڕفڕە. (٢) شتێکی خولاوە یا سوڕاوە. merry-go-round .
(٤) سوڕانەوە؛ خولانەوە؛ چەرخانەوە؛ گێژخواردن.
(٥) whirligig beettle .
whirligig beetle, قاڵونچەی خولاوە: قاڵونچەیەکی ئاوی یە بەسەر ئاوەوە بە خێرایی دەسوڕێتەوە.
whirling dervish, دەرویشی حاڵ لێهاتوو.
whirlpool (hwŭrl′pōōl´), *n.* (١) گێژاو؛ گەرداو. (٢) (ا) شتێکە کە خێرا بخولێتەوە وەک گێژاو. (ب) ئەم جۆرە خولانەوەیە؛ فڕکەفڕک.
whirlwind (hwŭrl′wind´), *n.* (١) گەردەلوول؛ گێژەڵوکە؛ گێژەبا. (٢) شتێکی لەپڕ قەوماوو بەهێزو وێرانکەر؛ هێزێکی وێرانکەر. (٣) فڕکەفڕک؛ ڕاکەڕاک؛ بە قایم خولانەوە.
adj. بەهێز؛ قایم؛ توند؛ بێ ووچان: *(a ~ campaign for his reelection)*
reap the whirlwind, ئەنجامی کاری خراپ هاتنەوە بێ؛ ئەوەی بە بچێتن بە دەدووڕێتەوە.
whirly (hwŭr′li), *adj.* خولاوە؛ سوڕاوە.
whirly (hwŭr′li), *n.* گێژەڵوکەی بچووک.
whirly-bird (hwŭr′li-bŭrd´), *n.* [Slang], = helicopter.
whirr (hwŭr), *v.i. & v.t., n.* = whir.
whirry (hwŭr′i), *v.t. & v.i.* [Scot.], = whirl.
whish (hwish), *v.i.* فسەفس کردن؛ فسەهاتن؛ وورشانەوە؛ فیشکەکردن.
n. فسە؛ فسەفس؛ وورشە؛ فیشکە.
whisht (hwisht), *interj.* ووشت!؛ بێ دەنگ بە!.
adj. خاموش؛ بێ دەنگ
v.t. بێ دەنگ کردن؛ کپ کردن؛ خاموش کردن.
v.i. بێ دەنگ بوون؛ کپ بوون؛ خاموش بوون.
n. (١) بێ دەنگی؛ خاموشی. (٢) چرپە؛ فسکە.
whisk (hwisk), *v.t.* (١) (~ off; ~ away)، دەرکردن؛ لابردن؛ دەست لێ هەڵتەکان: *(to ~ flies away)*. (٢) بە پەلە بردن؛ فڕاندن: *(They ~ed him off in an ambulance.)* (٣) ڕاوەشاندن: *(The cow ~ed her tail.)*. (٤) شڵەقاندن؛ هەڵشڵەقاندن: *(to ~ eggs, cream, etc.)*.
v.i. خێرا ڕۆیشتن یا جوڵانەوە: *(The cat ~ed around the corner.)* .
n. (١) گسک. (هەروەها " whisk-broom "). (٢) ئامێری هێلکەو شت هەڵشڵەقان. (٣) ڕاوەشان: *(The horse brushed off the flies with a ~ of his tail.)*

whisk broom, کسك .هەروەها " whisk " .

whisker (hwis′kēr), *n.* (١) (*pl.*) ، تووکی لاپوومەت (بەتایبەتی بە دریژی و چەناگەی تاشراوەوە). (٢) (*pl.*)، پیش. (٣) دانەیەك لە مووی پیش. (٤) [Archaic]، سمێل. (٥) مووی سمێلی پشیلەو مشك‌و.... هتد. (٦) داری نەم دیوو نەدیوی داری بایەوان (کەشتیوانی).

-whiskered *(adj.)*; **whiskery** *(adj.).*

whiskey, whisky (hwis′ki), *n.* (١) ویسکی (٢) پێکێ ویسکی

adj. لە ویسکی دروستکراو.

whiskey sour, کۆکتێلێکە لە ویسکی‌و ئاوی لیمۆو شەکر پێکدێت.

whisper (hwis′pēr), *v.i.* (١) چرپەکردن؛ چپان بە گوێدا؛ چرپان. (٢) فسکەفسك کردن؛ بە دزێیەوە قسەکردن (پیلان گێڕان)؛ چپەچپ کردن.

v.t. (١) بە چرپە پێ ووتن؛ بە گوێدا چرپان: *(He ~ed endearments to her.)*

(٢) بە دزێیەوە (پێ) ووتن.

n. (١) چرپە؛ چپە. *(She spoke in a ~ .)* . (٢) فسکەفسك؛ چپەچپ؛ قسەی بە دزێیەوە کراو. (٣) شنە؛ وورشە؛ شنینەوە؛ خشە: *(the ~ of leaves in the wind)* .

whisperer (hwis′pēr ēr), *n.* (١) چپەچپێکەر؛ بە چرپە دواو؛ بە چپە ـوو (٢) قاوخەرەوە؛ قاوداخەر.

whispering (hwis′pēr-iŋ), *n.* (١) چرپە؛ چپە؛ چپەچپ؛ فسکەفسك. (٢) ووتووات؛ قاو؛ مقۆمقۆ؛ بەندوباو. (٣) شنە؛ شنینەوە؛ وورشە.

adj. (١) چپەچپێکەر؛ فسکەفسککەر (٢) چپەچپی؛ فسکەفسکی؛ چپەیی. (٣) قاوخەرەوە؛ قاوداخەر.

-whisperingly *(adv.).*

whispering campaign, قاوخستنەوە بۆ سووك کردنی کەسێك. ڕێکخراوێك. یا مەسەلەیەك؛ هێرشی فسکەفسك

whisperous (hwis′pēr-ŏs), *adj.* = whispery.

whispery (hwis′pēr-i), *adj.* (١) چپەیی؛ چرپەیی: *(a soft, ~ voice)*

(٢) پڕ لە چپەچپ؛ چپەچپدار.

whist (hwist), *interj.* بێ دەنگ بە!

adj. بێ دەنگ؛ خاموش؛ کپ.

v.t. بێ دەنگ کردن؛ کپ کردنەوە؛ خاموش کردن.

v.i. بێ دەنگ بوون؛ خاموش بوون

n. بێ دەنگی؛ خاموشی

whist (hwist), *n.* جۆرە یارییەکی کاغەزە

whistle (hwis′l), *v.i.* (١) فیکەلێدان؛ فیکەکردن؛ فیکەکێشان؛ فیکاندن. (٢) لوورلووڕکردن؛ لووراندن (با): *(The wind ~d past.)* . (٣) (ا) فیکەلێدان؛ فیکەکێشان: *(The policeman ~d.)* . (ب) فیقاندن؛ فیکەلێدان؛ فیکەهاتن: *(The train ~d.)* .

v.t. (١) ناوازلێدان بە فیکە: *(to ~ a tune)* . (٢) فیکە بۆ لێدان (بۆ بانگ کردن)؛ فیکە بۆ کردن؛ فیکە بۆ کێشان.

n. (١) فیکە؛ فیقەنە؛ فیقە؛ فیقەفیق. (٢) فیکە؛ دەنگی فیکە؛ فیقە. (٣) فیکەکردن؛ فیکەکێشان؛ فیکاندن. (٤) بانگ کردن یا شت پێ ڕاگەیاندن بە فیکە. (٥) لووڕە (با). (٦) [Colloq.]، دەموقۆرگ.

wet one's whistle, دەم تەرکردن؛ شت خواردنەوە (شەراب، ئاو، عەرەق... هتد)؛ پێك خواردنەوە.

whistle for, خۆرگە بۆ خواستن‌و بێ ئومێد بوون؛ بەتەمابوون بەبێ سوود.

whistle in the dark, ووڕە نانەبەر خۆ؛ خۆخڵەفاندن بۆ ترس لەبیرچوونەوە؛ ترس لە بیر بردنەوە

whistler (hwis′lēr), *n.* (١) فیکەکێش؛ فیکەلێدەر. (٢) باڵندەیەکە خوێندنەکەی لە فیکەلێدان دەچێ (٣) نەسیی تەنگەمەناسە (٤) جۆرە مشکێکی شاخی گەورەی نەمەریکییە.

whistle stop, (ا) ئێستگەیەکی بچووکە کە شەمەندەفەر تیایدا ڕاناوەستێ نەگەر بە داواکردن نەبێ. (هەروەها " flag stop ") . (ب) شارۆچکەیەکە کە ئێستگەیەکی وەهای تێدا بێ.

(٢) وەستانێکی کورتە لە شارۆچکەیەکدا لەلایەن کەسێکی ناودێرکراوەوە بۆ هەڵبژاردن (زۆربەی جار هەر بەبێ دابەزین لە شەمەندەفەرەکە)

whistle-stop (hwis′l-stôp´), *v.i.* وەستانی کورت کورت لە گەلێك شارۆچکە لەلایەن کەسێکەوە کە خۆی ناودێر کردبێ بۆ هەڵبژاردن.

whistling (hwis′liŋ), *n.* (١) فیکەکێشان؛ فیکەلێدان؛ لووڕەلووڕکردن. (٢) فیکە؛ لووڕە؛ فیقە؛ دەنگی فیکە. (٣) تەنگەمەناسەیی نەسپ. (پێشی دەووترێ: " roaring ") .

whit (hwit), *n.* نەختێك؛ تۆزێك؛ نەختاڵێك؛ هیچ: *(He doesn't seem a ~ concerned.)*

white (hwīt), *adj.* (١) سپی؛ چەرموو. (٢) (ا) زیوی. (ب) سپی هەڵگەڕاو؛ سپی: *(a face ~ with terror)* . (ج) سپی؛ سپیکار: *(~ wines)* . (د) سپی (کاغەز)؛ شت تیا نەنووسراو؛ بەتاڵ. (هـ) بەفرین؛ بەفراوی؛ سپی: *(a ~ christmas)* . (٣) سپی پۆش؛ بەرگی سپی لەبەر. (٤) پاك (ڕەووشت)؛ بێ لەکە؛ بێ گەرد. (٥) بێ زیان؛ زیان نەبەخش: *(~ magic; a ~ lie)* . (٦) [Rare]، بهات (کات، ڕۆژگار، وەرن). (٧) (ا) ڕەگەز سپی؛ سپی (پێست)؛ قەوقازی. (ب) تایبەتی بە ڕەگەزی سپی: *(~ supremacy)* . (ج) [Slang]، سەرپاست؛ ڕاست؛ بە ویژدان. (٨) زۆر گەرم. (٩) کۆنەپەرست.

n. (١) ڕەنگی سپی؛ ڕەنگ چەرموو؛ سپی. (٢) سپێتی: (ا) پێستی سپی یا قەوقازی. (ب) پاکی؛ بێ گەردی؛ بێ لەکەیی (٣) (ا) سپێنەی هێلکە. (ب) سپێنەی چاو. (ج) شوێنی سپی یا شت تێدا نەنووسراوی پەڕە کاغەز؛ سپیایی. (٤) (ا) قوماشی سپی (ب) (*pl.*)، جل‌وبەرگی سپی (وەك هی قەشەو پاپا یا هەندێ پیشە). (ج) شەرابی سپی. (د) بۆیەی سپی. (هـ) توخمی سپی (بەتایبەتی بەران). (و) ناردی سپی. (٥) نادەمیزادی سپی یا قەوقازی؛ کەسێکی پێست سپی. (٦) نەندامی حیزب یا ڕێکخراوێکی کۆنەپەرست. (٧) leucorrhea ، (*pl.*) . (٨) (ا) [Archaic]، نیشانی سپی (تیربازی). (ب) نەڵقەی دەرەوەی نیشان. (ج) پێکانی نەم نەڵقەیە. (٩) (ا) داشی سپی (دامەوشەترەنج). (ب) یاریکەری داشی سپی.

v.t. (١) سپیکردنەوە. (٢) (~ out)، شوێن یا هێڵی سپی بەجێهێشتن لە پەڕەی کاغەزدا (چاپەمەنی)؛ کوژاندنەوە بە شەلەی سپی (نووسین): *(~ out this line.)*

bleed white, نابووت کردن؛ بێ پوول‌و پارە کردن؛ پووڵ‌و پارە پێ نەهێشتن.

white ant, = termite.

white-bait (hwīt′bāt´), *n.* (١) بەچکەی جۆرە ماسییەکی بچووکە بە بچووکی دەخورێ. (٢) چەند جۆرە ماسییەکی بچووکە.

white bear, = polar bear.

white-beard (hwīt′bêrd´), *n.* پیرەمێردی ڕیش سپی؛ پیاوی ڕیش سپی

white birch, سپیدار؛ چنار.

white blood cell, = leukocyte - white corpuscle.

white book, کتێبە سپی: ڕاپۆرتێکی بەرگ سپییە میری دەربەدەکات لەسەر مەسەلەیەکی تایبەتی.

white bread, نانی سپی.

white-cap (hwīt′kap´), *n.* (۱) شەپۆل کەفدار. (۲) [W-] ، کلاو سپی: ئەندامی پێکخراوێکی نهێنیە کە بەنار کۆمەڵ دەپارێزێ و بە ڕاستیش خەڵکی وەک قولەڕەش دەچەوسێنێتەوە و دەتۆقێنێ (کلاوی سپی لەسەر دەکەن)

white cedar, دارەختی " ئەرز " ی سپی.

white clover, وێنجەی سپی (گوڵی سپی خڕ دەگرێ).

white coal, ئاو وەک سەرچاوەیەکی ووزە

white-collar (hwīt′kol´ēr), *adj.* یەخە سپی: تایبەتی بەوانەی ئیشی پاک دەکەن و دەستیان پیس نابێ (وەک فەرمانبەرو مووچەخۆر)، نەک کرێکار: تایبەتی بە ئیشی ئەم جۆرە کەسانە: *(~ jobs; ~ workers)* .

white corpuscle, = white blood cell.

white crappie, = crappie.

white daisy, = daisy.

whited (hwītd), *adj.* سپی کراوەتەوە: ڕووکەشی سپی کراو.

white sepulcher, دوورووی: بێ بار: کەسێکی بەدی بە خواپەرست خۆدەرخستوو

white elephant, فیلە سپی (۱) فیلێکی سپیکەڵەی هیندیە (بە پیرۆز دادەنرێ لای هەندێ کەس) (ب) زەوی‌وزار یا خانوویەکە ڕاگرتنی زۆری تێ بچێ و بێ بەرهەم بێ. (ج) شتێکی بێ کەڵک.

(د) شتێکە کە خاوەنەکەی نیتر نەیەوێت ئەگەرچی خەڵکی تر بەدڵیان بێ.

(هـ) پرۆژەیەکی سەرنەکەوتوو

white-faced (hwīt′fāst´), *adj.* (۱) دەموچاو سپی هەڵگەڕاو. (۲) مارۆ: ئەسپو ڕەشەوڵاخی ناوچەوان سپی

white feather, نیشانەی ترسنۆکی. (لەوەوە هاتووە کە ئەگەر کەلەشێرێک پەڕی سپی لە کلکیدا بووبێ بە ترسنۆک و شەڕنەکەر دادەنراوە).

show the white feather, ترسنۆکی پیشاندان؛ ترسنۆکی نوواندن.

white-fish (hwīt′fish´), *n.* (۱) ماسی سپی (۲) . beluga

white flag, ئالای سپی. نیشانەی خۆبەدەستەوەدان یا شەڕ وەستان؛ بەیداخی سپی

white gold, زێڕی سپی. زێڕی تێکەڵاوکراو لەگەڵ لە سەدا بیست پلاتین یا چینکۆ ... هتد.

white-hall (hwīt′hôl´), *n.* (۱) کۆشکی شاهانەی کۆنی ئینگلیز. (۲) شەقامێکە نە " وێستمنستەر " (لەندەن) کە بارەگای چەند وەزارەتێکی ئینگلتەرەی لەسەرە. (۳) میری بەریتانیا؛ فەرمانڕەوایی ئینگلتەرە.

white-headed (hwīt′hed´id), *adj.* (۱) سەرسپی (مرۆڤ؛ باڵندە... هتد). (۲) قژزەرد (۳) [Irish]، پەسەندترین؛ باشترین: *(the ~ boy)* .

white heat, (۱) گەرمای سپی: پلەیەکی گەرمی ئێجگار بەرزە کە کانزا سپی دەنوێنێ تێیدا. (۲) زۆر هەڵچوون؛ زۆر جۆش خواردن (هەست)؛ گرگرتن؛ تووڕەیی: گەشکە.

white-hot (hwīt′hot´), *adj.* (۱) ئێجگار زۆر گەرم (کانزا)؛ گرگرتوو. (۲) زۆر هەڵچوو؛ زۆر تووڕە؛ زۆر جۆش خواردوو؛ گەشکەدار؛ گڕ تێ بەربوو.

White House, the, کۆشکی سپی (۱) ماڵو بارەگای سەرکۆماری ئەمەریکا (ب) دەسەڵاتی هەرە بەرزی لقی کارگێڕی میری ئەمەریکا؛ فەرمانڕەوایی ئەمەریکا.

white lead, قورقوشمی سپی: ئاوێتەیەکە لە بۆیەدا بەکاردێت.

white leather, چەرمی سپی (بە زاخ و خوێ خۆش دەکرێ).

white lie, درۆی سپی: درۆیەکی بێ زیانە بە نیازێکی باش دەکرێ بۆ خۆپەراندنەوە و بۆ چاکەی گوێگرەکەیش: *(to tell a ~)*

white-livered (hwīt′liv´ērd), *adj.* ترسنۆک

white man's burden, ئەرکی سەرشانی پیاوی سپی: هەستی گەلە سپیەکانە. واتە ئەورووپاییەکان، کە گوایە پێویستە لەسەریان گەلەکانی تر فێری شارستانیەتی بکەن.

white matter, ماددەی سپی شانەی سپی مێشک و مۆخی بڕبڕە.

white meat, (۱) گۆشتی سپی: سنگە مریشک و قەل. (ووشەی " red meat " ببینە)

(۲) پەنیرو کەرەو شیرەمەنی تر. [Obs. or Dial.]

white metal, کانزای سپی یا زیوی: ئاوێتەیەکە قورقوشم و تەنەکەی زۆر تێدا بێ.

whiten (hwīt′n), *v.t.* سپیکردنەوە.

v.i. سپی بوونەوە.

whitener (hwīt′n-ēr), *n.* ماددەی سپیکەرەوە؛ سپیکەر؛ سپیکەرەوە.

whiteness (hwīt′nis), *n.* (۱) سپێتی؛ ڕەنگی سپی. (۲) ڕەنگ سپی هەڵگەڕان؛ بێ ڕەنگی؛ ڕەنگ زەردیی دەموچاو (۳) بێ لەکەیی؛ بێ گەردی؛ پاکی (٤) ماددەی سپی؛ سپیایی؛ شوێنی سپی

whitening (hwīt′n-iŋ), *n.* (۱) سپیکردنەوە. (۲) سپی بوونەوە. (۳) ماددەی سپیکەرەوە.

white oak, (۱) داربەڕووی سپی. (۲) داروتەختەی سپی ئەم بەڕووە.

white paper, نامەی سپی: بڵاوکراوەیەکی بەرگ سپیی میری دەربەدەکات لەسەر مەسەلەیەک (بەتایبەتی هی جیهانی)

white perch, ماسیێکی زیویی بچووکە

white pine, (۱) کاجی سپی. (۲) داروتەختەی ئەم جۆرە کاجە.

white plague, دەردەباریکە؛ سیل.

white poplar, (۱) سپیدار؛ چنار. (۲) دارچنار؛ داروتەختەی سپیدار.

white race, ڕەگەزی سپی؛ ڕەگەزی قەوقازی.

white sauce, سۆسی سپی: بە ئاردو شیرو کەرە دەکرێ

white slave, بەندی سپی: ژنێکە کە بەزۆر قەحبەچێتی پێ دەکرێ.

white-slave (hwīt′slāv´), *adj.* (۱) هی بەندی سپی؛ تایبەتی بە بازرگانی کردن بە بەندی سپیی‌یەوە: *(~ traffic)*

(۲) دژی بازرگانی کردن بە بەندی سپیی‌یەوە.

white slaver, دەڵاڵی بەندی سپی (ووشەی پێشووتر ببینە)؛ گەوادی قەحبەی زۆرەملێ.

white slavery, قەحبەیی زۆرەملێ (سێهەم ووشەی پێشوو ببینە).

white-simth (hwīt′smith´), *n.* تەنەکەچی.

white supremacist, لایەنگری بیروڕای بەرزێتی ڕەگەزی سپی.

white supremacy, بەرزێتی ڕەگەزی سپی: بیروڕایەکە دەڵێت: کە گوایە ڕەگەزی سپی لەوانی تر بەرزترو چاکترو لە پێشترە.

white-tailed deer, ئاسکی کلک سپی: ئاسکێکە بنی کلکی سپی‌یە (هەروەها پێی دەووترێ: " white-tail " ، " Virginia deer ").

white-throat (hwīt′thrōt´), *n.* قوڕگ سپی: هەڵێکی ئەورووپاییە لە کۆمەڵەی چۆلەکە قوڕگو زێر سکی سپی‌یە

white-throated sparrow, چۆلەکەیەکی ئەمەریکایی‌یە پەڵەیەکی سپی بە قوڕگی‌یەوە.

white tie, (۱) بۆینباخی گونبەستی سپی. (۲) بەرگی ڕەسمی ئێوارانی پیاوانە.

white trash, (۱) کەسێکی سپی هەژار (بەتایبەتی خەڵکی خواروی ئەمەریکا). (۲) چینی سپی هەژار یا بێ دەرامەت بەگشتی (لەڕووی سووکی‌یەوە).

white vitriol, زاجی سپی (کیمیا). (هەروەها " zinc sulfate ").

white-wash (hwīt′wôsh´, hwīt′wäsh´), *n.* (۱) گەچاو؛ قسڵۆ: سپیکاری؛ گەچکاری؛ بۆیەکاری؛ سواخ. (۲) سپیاو (ئارایشت) (۳) ڕووکەشکاری؛ داپۆشین (کەموکوڕی)؛ بۆیەکاری (مەجاز)؛ لەگەڵ شاردنەوەو بە بێ تاوان پیشاندان:

(The report was a ~ of the scandal.)

(٤) [Colloq.]، بۆڕێدانێکە کە دۆڕاو هیچ خاڵێکی تێدا ناگرێ.

v.t. (۱) گەچکاری کردن؛ سواخدان؛ سپیکردنەوە؛ بۆیەکردن.

(۲) ڕووکەشکردن؛ داپۆشین (کەموکوڕی)؛ شاردنەوەی لەگەڵ کەموکوڕی‌و بە پاک پیشاندان؛ بۆیەکردن (مەجاز):

(to ~ an investigation, a person's reputation, etc.)

(۳) [Colloq.]، بۆڕێدان بە شێوەیەک کە دۆڕاو هیچ خاڵێک نەگرێ.

white water, ئاوی کەفاوی (تاڤگە، ڕێژاو، شەپۆل).

white whale, = beluga.
white-wing (hwīt′wiŋ´), *n.* گەسکەڕی جل سپی.
whitewood (hwīt′wood´), *n.* (۱) درەختی دار سپی.
(۲) دارو تەختەی سپی
whither (hwi*th*′ĕr), *adv.* (۱) بو کوێ؟ بەرەو کوێ؟
(~ are we drifting?)
(۲) ئەو شوێنەی کە؛ کە؛ کە بۆی: *(the island ~ we drifted)* .
(۳) ئبو: هەرکوێیەك؛ (بۆ) هەرشوێنێك: *(Let them go ~ they will.)* .
whithersoever (hwi*th* ĕr-sō-ev′ĕr), *adv.* = wherever.
whitherward (hwi*th*′ĕr-wērd), *adv.* = where.
whiting (hwīt′iŋ), *n.* چەند جۆرە ماسیەکە.
whiting (hwīt′iŋ), *n.* تۆزی گەچ؛ ناردی گەچ.
whitish (hwīt′ish), *adj.* سپیکار؛ سپیکەلە
whitlow (hwit′lō), *n.* موی پەنجە؛ برینێکی بە ئازارە لە پەنجە دێت (هەروەها " felon ").
whittle (hwit′l), *v.t.* (۱) دار تاشین (بە چەقۆ)؛ شوولکەدار تاشین و باریك کردنەوە (۲) داتاشین؛ تاشین (پەیکەر)؛ لەلەکردن:
(He ~d a small bird for his son.)
(۳) (~ down; ~ away) بەرەبەرە کەمکردنەوە؛ وورداوورد هیچ نەهێشتنەوە یا لێ داشکاندن:
(They are trying to ~ down our salaries.; to ~ down expenses)
v.i. دار تاشین (بەتایبەتی تاشینی شوولکە دارێك بە چەقۆ بۆ خۆخەلاندن و کات کوشتن).
n. [Obs.], چەقۆ
whity, Whity (hwīt′i), *adj.* سپیکەلە ئازناوە بۆ کەسێکی قژەردی سپی پێست (بەتایبەتی بۆ بانگ کردن).
whiz, whizz (hwiz), *v.i.* (۱) ویزاندن؛ ویزەکردن؛ گڤەکردن.
(۲) بە گڤە بە لادا تێپەڕبوون؛ ویزەکردنو بە تیژی بە لادا تێپەڕبوون؛ بە گڤە تێ نەڤان *(The bullet ~ed past him.)* .
v.t. خێرا حوڵاندنەوەو گڤەگڤ لێ هەڵسان؛ ڤرەڤرپێکردن.
n. (۱) ویزە؛ ویزەوێز؛ گڤە؛ گڤەگڤ؛ ڤرەڤر.
(۲) لەپڕ گڤەکردن بە لادا (وەك گوللە)؛ بە ویزە تێپەڕین.
(۳) گەشتێکی خێراو لەپڕ.
(٤) [Slang]. بلیمەت؛ کەسێکی زۆر شارەزاو زیرەك لە ڕشتەیەکدا:
(a computer ~ ; He is a ~ at math, physics, etc.)
whiz-bang (hwiz′baŋ´), *n.* (۱) گوللەیەکی بچووکی تیژڕەوی جەنگی جیهانی دووەمە پێش تەقینەوەی بە تۆزێك دەنگی تەقینی دەهات.
(۲) فیشەکە شێتە
adj. [Colloq.], بلیمەت؛ زۆر لێهاتوو؛ زۆر شارەزاو زیرەك.
whiz kid, [Slang]. لاوی بلیمەت؛ گەنجی زۆر زیرەکو لێهاتوو
who (hōō), *pron.* (۱) کێ؟ *(W~ is that girl?; W~ came?)* .
(۲) کێ *(I don't know ~ came.)* .
(۳) کە؛ ئەو کەسەی) کە: *(the man ~ came to dinner)* .
(٤) ئەو کەسەی کە؛ هەرکەس: *(W~ steals my purse steals trash.)* .
who's who, (۱) خەڵکی بەناوبانگ.
(۲) [W - W-]. ناونامە یا کتێبێکە ناوو کورتەیەکی ژیانی کەسایەتییە بەناوبانگەکانی وڵاتێك، شارێك، یا پیشەیەکی تێدایە.
whoa (hwō), *interj.* هۆش! (بۆ وەستانی ئەسپ وکەر... هتد)؛ وەش!
whodunit (hōō-dun′it), *n.* [Slang]. کێ کردی؟ چیرۆك یا فیلمی پۆلیسی: چیرۆك یا فیلمێکی لێڵو ئاڵۆزە کە مەبەستی سەرەکی دۆزینەوەی تاوانکارەکەیە
whoever (hōō-ev′ĕr), *pron.* (۱) هەرکەسێ؛ هەرکەس
(~ did it should be proud.)
(۲) گرنگ نیە هەرکەسێ بێ؛ ئازانم کێش بێ:

(I won't do it, ~ asks.)
(۳) کێ؟ (لەپرووی سەرسامیەوە)؛ چ کەسێ؟:
(W ~ told you such a thing?)
whole (hōl), *adj.* (۱) (ا) ساغ؛ لەش ساغ؛ تەندروست.
(ب) [Archaic]، ساپێژ؛ چاك بووەتەوە.
(۲) ساغ؛ نەشکاو؛ سەرموڕ؛ دەست تێوە نەدراو.
(۳) تەواو؛ گشت: *(Tell me the ~ truth.)* .
(٤) هەمووی پێکەوە؛ بە یەك پارچە؛ تەواو: *(They cooked a ~ sheep.)* .
(٥) ڕەبەق؛ هەموو: *(It rained for a ~ week.; a ~ year)* .
(٦) تەواو؛ هی دایکوباوکی: *(a ~ brother)* .
(۷) تەواو (ژمارە لە بیرکاریدا)؛ کەرت نێیە:
(10, 12, 19 and 50 are ~ numbers.)
n. (۱) هەمووی؛ گشتی؛ سەرجەم. (۲) شتێکی تەواو یا کۆ.
as a whole, تێکڕا؛ هەمووی؛ بەگشتی؛ بە تێکڕایی؛ بە شێوەیەکی گشتی.
on the whole, بە شێوەیەکی گشتی؛ بەگشتی.
whole-hearted (hōl′här′tid), *adj.* بەدڵ؛ گەرم؛ بە دڵو بە گیان؛ تەواو: *(a ~ welcome, support, effort, etc.)* .
-wholeheartedly *(adv.)*; wholeheartedness *(n.)*.
whole-hog (hōl-hog′), *adj.* [Slang]. تەواو؛ سەرانسەر:
(a ~ patriot)
whole hog, [Slang]. هەمووی؛ تا پەڕی نەوپەڕ:
(to go the ~)
wholeness (hōl′nis), *n.* ساغی؛ یەك پارچەیی؛ پێکەوەیی؛ هەمووی؛ تەواوێتی.
whole number, ژمارەی تەواو (بیرکاری): *(20 is a ~ .)* . (هەروەها " integer ")
wholesale (hōl′sāl), *n.* کۆفرۆشی؛ بە کۆمەڵ فرۆشتن.
adj. (۱) کۆفرۆش؛ هی کۆمەڵ فرۆشی؛ هی کۆمەڵ
(۲) هی کۆفرۆشی؛ بە کۆمەڵ فرۆشراو:
(What is the ~ price of these watermelons?)
(۳) گشتی؛ بە کۆمەڵ:
(Modern warfare involves the ~ destruction of people.)
adv. بە کۆ؛ بە کۆفرۆشی؛ بە کۆمەڵ:
[*He bought (or sold) them ~ .*]
v.i. کۆفرۆشی کردن؛ بە کۆمەڵ فرۆشران:
(These pens ~ at one dollar apiece.)
v.t. بە کۆمەڵ فرۆشتن.
wholesaler (hōl′sāl ĕr), *n.* کۆفرۆش.
wholesome (hōl′sam), *adj.* (۱) سازگار؛ ساز؛ سووك (ئاو):
(a ~ climate, diet, etc.)
(۲) باش (بۆ مێشك و ڕەوشت)؛ چاك؛ بەکەڵك؛ خاوێن:
(a ~ movie; ~ advice, tales, etc.)
(۳) ڕەنگ و ڕوو باش؛ تەندروست؛ لەش ساغ:
(a ~ appearance; a ~ girl)
-wholesomely *(adv.)*; wholesomeness *(n.)*.
whole-souled (hōl′sōld´), *adj.* = whole-hearted.
whole-wheat (hōl′hwēt′), *adj.* (۱) بە گەنم کەپەك کراو؛ هی گەنم و کەپەکەکەی: *(~ flour)* .
(۲) بە ناردی گەنم و کەپەك کراو: *(~ bread)* .
who'll (hōōl), = who shall; who will.
wholly (hō′li), *adv.* بەتەواوی: *(I don't ~ agree.)* .
whom (hoōm), *pron.* (۱) (ا) کێ؟: *(W~ did you see?)* .
(ب) کێ: *(Tell me ~ you saw.)* .
(۲) (ئەو کەسەی) کە؛ کە:
(The woman ~ you saw is my teacher.)

(W~ the gods love die young.) (٣) ئەوەی: ئەوانەی.

whomever (hōōm-ev′ĕr), *pron.* هەرکەسێک: هەرکەس؛ ئەوەی: ئەو کەسەی

whomsoever (hōōm´sō-ev′ĕr), *pron.* هەرکەسێک: هەرکەس؛ ئەوەی: ئەو کەسەی

whoop (hōōp, hwōōp), *n.* (١) هاوار: فیژە (٢) خوێندنی کوتەبەبوو: هووها.

(٣) دەنگی هەناسەدان یا هەناسکەبڕکێی کەسێکی کۆکەرەشەدار.

v.i. (١) قیژاندن: هاوارکردن؛ قیرواندن. (٢) خوێندن (وەک کوتەبەبوو)؛ هووهاکێشان. (٣) هەناسەدان بە دەنگی بەرز و بە گران (وەک یەکێک کە کۆکەرەشەی بێت).

v.t. (١) بە قیژەقیژەوە وتن؛ بە قیرەو یا هاوارەوە ووتن. (٢) هاندان بە دەنگی بەرز؛ تێ کردن (سەگ)؛ قیراندن؛ قیرەو بەسەردا کردن؛ لێخوڕین بە هاوار هاوار: (~ping the horses on down the road)

interj. قیرەقیرەو: قیرەی خۆشی.

not worth a whoop, [Colloq.], بێ فەڕ: هیچوپووچ: بێ نرخ.

whoop it (or things) up, [Slang], (١) ئاهەنگ گێڕان و قیراندن؛ کاتێکی خۆش بردنە سەر بە قیرەوقیرەو: (They whooped it up after winning a big game.)

(٢) هێنانە جۆش (بە پڕوپاگەندە)؛ وروژاندن.

whoop-de-do, whoop-do-doo, [Colloq.], (١) ئاهەنگ و زەماوەند. (٢) مشت‌ومڕێکی زۆر؛ هەراوهوریا.

whoopee (hwōō′pē, hwoop′ē), *interj. & n.* هوپەیی: قیرەی خۆشی؛ قیرەقیرەو.

whooper (hōō′pĕr, hwōō′pĕr), *n.* (١) قیرەکەر. (٢) جۆرە قوریەکە قووقەیەکی تایبەتی هەیە (هەروەها " whooper swan ").

whooping cough, کۆکەرەشە (هەروەها " pertussis ").

whooping crane, قوڵنگ

whoops (hwōōps, hwoops), *interj.* نووپس! ووتەیەکە لەڕووی سەرسامی یا داوای لێبووردنەوە دەووترێ لە کاتی هەڵەو قسە لە دەم دەرچوون، پێ هەڵکەوتندا، یا ئیشێکی ناقۆڵا کردندا... هتد.

whop (hwop), *v.t. & v.i.* [Archaic or Dial.], (١) ڕاتەکاندن (٢) لێدان: ڕەمە ڵێ هەڵسان؛ تێهەڵدان؛ تێسرەوان (٣) زۆر چاك بەژاندن.

n. زەمە: پیاکێشان بە تووند؛ تەپە. (هەروەها " whap ").

whopper (hwop′ĕr), *n.* [Colloq.], (١) شتێکی نێجگار زل (٢) درۆیەکی زل

whopping (hwop′iŋ), *adj.* [Colloq.], زۆر زل؛ زۆر گەورە؛ باش؛ نایاب.

whore (hôr, hōr), *n.* قەحبە: نافرەتی سووك.

v.i. (١) قەحبەیی کردن؛ بوون بە قەحبە. (٢) قەحبە گاین؛ قەحبەبازی کردن.

v.t. [Archaic], کردن بە قەحبە.

whoredom (hôr′dəm, hōr′dəm), *n.* (١) قەحبەیی؛ قەحبەیی کردن (٢) بت پەرستی؛ بت پەرستن.

whorehouse (hôr′hous´, hōr′hous´), *n.* قەحبەخانە؛ کەللەچی.

whoremaster (hôr′mas´tĕr, hōr′mäs´tĕr), *n.* (١) قەحبەگێ؛ قەحبەباز (٢) گەواد.

whoremonger (hôr′muŋ´gĕr, hōr′muŋ´gĕr), *n.* whoremaster.

whoreson (hôr′s'n, hōr′s'n), *n.* [Archaic], زۆڵ: کوڕی قەحبە؛ قەحبە دایك.

whorish (hôr′ish, hōr′ish), *adj.* قەحبانە: قەحبە ئاسا؛ سووك.

whorl (hwŭrl, hwôrl), *n.* (١) چەرخی خەڕەك. (٢) پێچی بەری پەنجە. (٣) پێچی قاقڵەی گوێچکەماسی و قاقلە جنۆکە. (٤) پێچی نەخشی خانوو.

whorled (hwŭrl, hwôrl), *adj.* پێچ پێچۆکە؛ پێچدار؛ پێچ پێچاوی.

whort (hwŭrt), *n. Also* whortle, = whortleberry.

whortleberry (hwŭr′t'l-ber´i), *n.* ڕووەکێکە لە توخمی تووترك.

who's (hōōz), = who is.

whose (hōōz), *pron.* (١) هی کێ؟: (W~ house is that? . I wonder ~ house that is.) (٢) هی ئەو کەسەی کە: (This is the man ~ house we have just passed.)

whosesoever (hōōz´sō-ev′ĕr), *pron.* هی هەرکەسێك.

whosever (hōōz-ev′ĕr), *pron.* هی هەرکەسێك.

whoso (hōō′sō), *pron.* [Archaic], = whoever.

whosoever (hōō´sō-ev′ĕr), *pron.* = whoever.

why (hwı), *adv.* (١) (ا) بۆچی؟ بۆ؟ لەبەرچی؟ لەسەرچی؟: (~ did he go?) (ب) بۆ؛ بۆچی؛ لەسەرچی؛ لەبەرچی: (I'll tell you ~ he went.) (٢) لەسەر ئەوە؛ بۆیە؛ لەبەرئەوە کە: (I see no reason ~ you shouldn't go.)

n. هۆ: (Never mind the ~ and wherefore.)

interj. خۆ؛ ووتەی دەربڕینی سەرسامی، تووڕەیی، بێ ئارامی... هتد.

whydah (hwid′ə), *n.* = whidah.

wick (wik), *n.* پڵیتە.

wick (wik), *n.* دێ؛ گوند؛ شارۆچکە؛ شار.

wicked (wik′id), *adj.* (١) (ا) بەد؛ خراپ؛ ناپەسەند: (~ habits) . (ب) بەدکار؛ بەدکردار؛ بەدخوو؛ گوناهکار؛ بەد؛ بەد ڕەووشت: (a ~ man; ~ people) (٢) شەیتانانە؛ کەتنبازانە؛ بێ حەیا: (a ~ smile, look, etc.) . (٣) سەخت؛ توندوتیژ: (a ~ storm, winter, etc.) . (٤) قورس و ناخۆش: (a ~ exam) . (٥) چەموڕش؛ سەرکێش؛ بێ حەیا: (a ~ horse) . (٦) زۆر سەخت و ناخۆش: (~ roads) . (٧) پیس؛ بۆگەن؛ ناخۆش: (a ~ odor) . (٨) [Slang]، نایاب؛ زۆر چاك؛ لێهاتوو: (He plays a ~ trumpet.) .

-wickedly *(adv.).*

wickedness (wik′id-nis), *n.* (١) بەدی؛ بەدکاری؛ بەدکرداری؛ بەدخویی؛ گوناهکارێتی؛ بەدخوازی؛ بەدڕەووشتی. (٢) کردەوەی پیس و خراپ؛ کاری بەد؛ کاری بەدخووانە.

wicker (wik′ĕr), *n.* (١) تووڵ؛ شووڵ؛ چنی نەرم و باریك. (٢) (ا) تووڵی بەرچنەو زەمیلەو سەبەتەو کورسی پێ چنراو. (ب) شتی بە تووڵ چنراو. زەمیلە؛ سەبەتە؛ بەرچنە... هتد.

adj. بە تووڵ چنراو؛ بە تووڵ کراو.

wickerwork (wik′ĕr-wŭrk´), *n.* (١) تووڵی چنراو (بۆ زەمیلەو کورسی... هتد دروستکردن). (٢) شتی بە تووڵ دروستکراو یا چنراو (زەمیلە، سەبەتە، کورسی... هتد).

wicket (wik′it), *n.* (١) دەرگا یا چەپەری بچووك (بەتایبەتی کە لەناو یا لە تەنیشت دەرگایەکی گەورەدا بێ). (٢) پەنجەرەی بلیت فرۆشتن و پارە گۆڕینەوە لە بانق... هتد. (٣) (ا) داری گۆڵی یاری " کریکێت " . (ب) ماوەی نێوان دوو دار لەم دارانە. (ج) کایەی تەواو نەبوو. (د) نۆرەی ئەم یاریەیە. (٤) ئەڵقە (یاری " کریکێت ").

wicket-keeper (wik′it-kēp´ĕr), *n.* گۆڵچی یاری کریکێت.

wicking (wik′iŋ), *n.* دەزووی بادراوی پڵیتە دروستکردن.

wickiup, wikiup (wik′i-up´), *n.* کۆخێتە یا زنجێکی قوڕچەیی هێندێیەکانی ئەمەریکایە بە قامیش و قەڕەمو پووش... هتد دادەپۆشرێ یا دەوردەگیرێ.

wicopy (wik′ə-pi), *n.* چەند جۆرە دارەختو دەوەنێکی ئەمەریکین

چلەکانیان جیین.

wide (wīd), *adj.* (١) پان . *(a ~ road)*
(٢) نەوەندە پانە: *(a ribbon two inches ~)* .
(٣) بلاو؛ فراوان؛ مەوداکەی زۆرە؛ زۆر:
(a ~ variety, selection, etc.; ~ reading)
(٤) دەڤ: گەورە؛ فراوان: *(a ~ blouse)* .
(٥) کراوە؛ بە تەواوی کراوەتەوە: *(Look with ~ eyes.)* .
(٦) ~ of). دوور (لە نیشان یا مەبەستەوە): *(~ of the target)* .
(٧) شل (دەنگناسی)؛ زمان و لێو... هتد خاو یا شلن لە کاتی بێژانیدا (وەك تیبینی " i " و " e " لە " bit " و " bed " دا) .
adv. (١) بە هەموولایەکدا؛ زۆر (دووری، بلاوی):
(He traveled far and ~ .)
(٢) بە تەواوی؛ هەمووی: *(The door is ~ open.)* .
(٣) دوور لە نیشان یا مەبەست: *(His blow went ~ .)* .
-wideness *(n.).*

wide-angle lens, هاوێنەی گۆشە فراوان (کامێرا)

wide-awake (wīd′ə-wāk′), *adj.* (١) بەخەبەر؛ نەنوستوو.
(٢) وریا؛ هۆشیار؛ بەئاگا.
n. جۆرە سەپقەیەکی خوری لێوار بلاوی کۆنە.
(هەروەها " wide-awake hat ") .

wide-eyed (wīd′īd′), *adj.* (١) چاو نەبڵەق (لە سەرسامیدا)؛ واق وورماو (٢) ساویلکە.

widely (wīd′li), *adv.* (١) بە هەموولایەکدا؛ زۆر (دووری، بلاوی، مەودا):
(He's traveled ~ .)
(٢) زۆر؛ تا رادەیەکی زۆر؛ ئێجگار:
(The two plans are ~ different.)

widen (wīd′n), *v.t. & v.i.* پان کردن؛ فراوان کردن.

wide-open (wīd′ō′p'n), *adj.* (١) بەتەواوی کراوەتەوە؛ کراوە؛ لەسەر پشت *(a ~ door)* .
(٢) بەرەڵا: *(a ~ city, town, etc.)* .

wide-spread (wīd′spred′), *adj. Also* wide-spreading. (١) پان؛ تەرز فرێداو؛ فراوان. (٢) بلاو؛ گەڵێك شوێن یا کەسی گرتووەتەوە:
(~ poverty, disease, and corruption)

widgeon, wigeon (wij′ən), *n.* جۆرێکە لە مراوی.

widow (wid′ō), *n.* (١) بێوەژن.
(٢) دەستێك یا کاغەزدانێکی زیادە (یاری کاغەز و قومار).
(٣) ووشەیەك یا دێڕێکی ناتەواوی بە تەنهای کۆتایی بەندێك یا لاپەڕەیەك.
v.t. (١) بێوەژن کردن؛ بوون بە بێوەژن؛ مێرد کوشتن:
(She was ~ed by the war.)
(٢) بێ بەش کردن لە شتێکی بەنرخ.
(٣) [Rare]. مانەوە دوای مێرد مردن.
(٤) [Rare]. مافی بێوەژن پێدان

widow bird, - whidah.

widower (wid′ō-ĕr), *n.* بێوەپیاو.

widowhood (wid′ō-hood′), *n.* (١) بێوەژنی؛ بێوەژنێتی.
(٢) ماوە یا کاتی بێوەژنێتی.

widow's cruse, ئاروقەی بێ پایان

widow's mite, دیاریەکی بچووك یا یارمەتیەکی کەمە لە کەسێکی دەستکورتەوە.

widow's peak, تووکی ناوچەوانی لە شێوەی " V " دا پرواو، واتە نووك شۆڕبووەوە (گوایە نیشانەی زوو بوون بە بێوەژنیە).

width (width), *n.* (١) پانێتی؛ پانی؛ فراوانی؛ بلاوی.
(٢) پانایی؛ پانی: *(the ~ of a street)*
(٣) شتێکە کە پانیەکی تایبەتی هەبێ:
(She sew two ~s of cloth together.)

widthwise (width′wīz), *adv. Also* widthways, لە بەری پانی.

wield (wēld), *v.t.* (١) بە باشی بەکارهێنان (چەك، ئامێر)؛ بە دەستەوە گرتن:
(to ~ an ax, a gun, etc.; He who ~s the dagger inherits the throne.)
(٢) دەسەڵات بوون؛ دەست پۆیشتن؛ دەسەڵات بەکارهێنان:
(He ~s a lot of power in the new government.;
He ~s his power justly.)
(٣) [Obs.]، بەرێوەبردن؛ ڕابەڕی کردن.
-wieldable *(adj.)*; **wielder** *(n.).*

wieldy (wēl′di), *adj.* بە ئاسانی بەکاردەهێنرێ (ئامێر)؛ دابێ دەکرێ.

wiener (wē′nĕr), *n. Also* weenie, weeny, = frankfurter.

wienerwurst (wē′nĕr-wûrst′), *n.* = wiener.

wife (wīf), *n.* (١) ژنی مێرددار؛ ژن؛ خێزان؛ کەبانوو؛ هاوسەر.
(٢) [Archaic]، ئافرەت؛ ژن: *(~ ; house- ~)* .

an old wive's tale, نەریت و بیروباوەڕی کۆن و پەڕپووت؛ قسەی پیرێژن

take to wife, هێنان (ژنێکی تایبەتی)؛ ماڕەکردن:
(He took a rich girl to wife.)

wifehood (wif′hood), *n.* ژنێتی.

wifeless (wīf′lis), *adj.* بێ ژن.

wifelike (wīf′līk′), *adj.* = wifely.
adv. ژنانە.

wifely (wīf′li), *adj.* ژنانە؛ تایبەتی بە ژنی مێرددار؛ بۆ ژن شیاو: *(~ duties)* .

wig (wig), *n.* بارۆکە؛ کڵاوقژ (هەروەها " peruke ") .
v.t. (١) کڵاوقژ لەسەرکردن؛ بارۆکە کردنەسەر.
(٢) [British Colloq.]، سەرزەنشتکردن.

wigan (wig′ən), *n.* جۆرە قوماشێکی کەتانی نەستوورە.

wigeon (wij′ən), *n.* = widgeon.

wigged (wigd), *adj.* بارۆکە لەسەر؛ کڵاوقژ لەسەر.

wiggery (wig′ĕr-i), *n.* (١) (ا) بارۆکە؛ کڵاوقژ (ب) بارۆکە بەگشتی.
(٢) بارۆکە لەسەرکردن؛ کڵاوقژ لەسەرکردن.

wiggle (wig′l), *v.t.* بادان (قنگ)؛ باپیادان؛ سەماپێکردن؛ لەراندنەوە؛ ڕاوەشاندن: *(to ~ one's toes)* .
v.i. لەرینەوە؛ خۆبادان؛ پێچ بە لەشی خۆدا هێنان (وەك کرمی دەست تێوەدراو) .
n. باپیادان؛ باخواردن؛ پێچ پێداهاتن؛ لەرە؛ لەرینەوە؛ ڕاوەشان.

get a wiggle on, [Slang], پەلەکردن؛ خێراکردن.

wiggle out of, خۆکێشانەوە یا ڕزگارکردن؛ خۆ پەراندنەوە.

wiggler (wig′lĕr), *n.* (١) خۆبادەر (مرۆڤ، گیاندار، شت).
(٢) کرمۆکەی مێشوولە.

wiggly (wig′li), *adj.* (١) بە جم و جوول؛ خۆبادەر.
(٢) پێچاوپێچ؛ شەپۆلی؛ لوول: *(a ~ line)* .
(٣) لەق: *(a ~ tooth)* .

wight (wīt), *n.* [Archaic], نادەمیزاد (بەتایبەتی هی بەدبەخت)؛ کەس؛ گیانەوەر؛ دەعبا.

wight (wīt), *adj.* [Archaic], (١) ئازا؛ دلێر؛ قارەمان.
(٢) گورج و گۆڵ؛ چوست و چالاك.

wigwag (wig′wag′), *v.t.* (١) ڕاوەشاندنی بەیداخ، ڕووناکی... هتد بەپێی شفرەیەکی تایبەتی بۆ پەیام پێ گەیاندن.
(٢) پەیام پێ گەیاندن بەم شێوەیە.
v.i. (١) ڕاوەشان؛ هاتن و چوون؛ لەقین.
(٢) دەست ڕاوەشان (بۆ پەیام پێ گەیاندن) .
n. (١) ڕاوەشانی بەیداخ، ڕووناکی... هتد بۆ پەیام پێ گەیاندن.
(٢) پەیامی بەم شێوەیە ڕاگەیەنراو.

-wigwagger *(n.)*.

wigwam (wig′wäm, wig′wôm), *n.* (١) کۆخته‌یه‌کی قووچکه‌یی هیندی‌یه ‌ه‌ه‌ریکایی‌یه‌کانه به پێسته‌و حه‌سیر تۆزکله‌دار ده‌وری ده‌گیرێ. (٢) [Colloq.], جێی سه‌رده‌می کۆبوونه‌وه‌ی گشتی.

wild (wīld), *adj.* (١) کێوی کێویله؛ ده‌شته‌کی: *(~ flowers, animals, etc.)* (٢) جۆله‌وانی؛ جۆڵ؛ ده‌رووده‌شت؛ ده‌شت‌وکێو؛ به‌ره‌ڵا: *(~ land)*. (٣) دڕنده: *(~ animals; ~ tribes)*. (٤) (ا) لاسار؛ سه‌رکێش؛ هاروهاج؛ چه‌توون: *(~ children)*. (ب) تۆز؛ سرك؛ چه‌مووش. (٥) به‌ره‌ڵا؛ ڕه‌وشت؛ کرده‌وه: *(~ youth; a ~ party)*. (٦) باوبارناوی *(a ~ seacoast)*. (٧) (ا) به‌ه‌ڕۆش؛ به‌جۆش؛ ووروژاو: *(~ with delight)* (ب) شێتگر؛ هه‌ڵچوو؛ تووڕه. (٨) شێواو؛ ناڕێك‌وپێك: *(~ hair)*. (٩) سه‌یر؛ ناکرده‌نی؛ ناناسایی؛ شێتانه: *(a ~ idea, shceme, etc.)*. (١٠) هه‌ڵه‌شه؛ بێباك. (١١) دوور له نیشان؛ بەر نیشان نه‌که‌وتوو؛ نه‌پێکاو. (١٢) نرخه‌که‌ی به دەست یاریکه‌ره‌که‌یه (کاغه‌زێك له هه‌ندێ یاری‌و قوماردا).

adv. به سه‌رکێشانه؛ به هه‌ڵه‌شه‌یی؛ به لاسه‌رلایی؛ شێتانه: *(He fired ~ .)*

n. (*pl.*), جۆله‌وانی؛ بیابان؛ ده‌شت‌ودەر: *(a safari to the ~s of Africa)*

-wildly *(adv.)*; wildness *(n.)*.

run wild, جڵه‌و نه‌گیران؛ به‌ره‌ڵابوون؛ ڕێ ڵێ نه‌گیران؛ لق‌وپۆپ نه‌کران؛ به‌ڵه‌سه‌بوون: *(The children are running wild.; The rosebushes run wild.)*

the wild, ده‌شت‌ودەر؛ جۆڵ‌و بیابان؛ جۆله‌وانی: *(the call of the wild)*

wild boar, به‌رازه کێوی؛ یه‌کانه.

wild carrot, گێزه‌ری کێوی

wild-cat (wīld′kat′), *n. Also* wild cat, (١) پشیله کێوی. (٢) که‌سێکی دڕ؛ که‌سێکی دڕنده‌و سه‌رگه‌رم. (٣) پرۆژه‌یه‌کی بازرگانی مه‌ترسی ژێرکه‌وتن ڵێ کراو. (٤) بیره نه‌وتێکی لێدراو له شوێنێکدا که له‌وه‌وپێش به نه‌وت نه‌ناسرابێ.

adj. (١) شلۆق (بازرگانی)؛ مه‌ترسی ژێرکه‌وتنی ڵێ ده‌کرێ (پرۆژه‌ی بازرگانی)؛ دووبه‌ختی *(a ~ venture)*. (٢) قه‌ده‌غه.

v.t. بیره نه‌وت لێدان له ناوچه‌یه‌کی به نه‌وت نه‌ناسراودا.

wildcat strike, مان گرتنی پەسه‌ند نه‌کراو له‌لایەن یه‌کێتی کرێکارانه‌وه: *(The workers went on a ~ .)*

wildcatter (wīld′kat′ĕr), *n.* (١) بیری نه‌وت لێدەر له شوێنی به نه‌وت نه‌ناسراودا. (٢) که‌سێکه که خه‌ریکی پرۆژه‌ی دووبه‌ختی، واته مه‌ترسیدار و فرۆفێڵاوی‌یه.

wildebeest (wil′də-bēst′), *n.* = gnu.

wilder (wil′dĕr), *v.t.* [Archaic], (١) به‌هه‌ڵه‌دابردن؛ ڕێ پێ هه‌ڵه‌کردن. (٢) سه‌رسوڕماندن.

v.i. (١) به هه‌ڵه چوون؛ ڕێ هه‌ڵه کردن. (٢) سه‌رسوڕمان؛ سه‌رسام بوون.

wilderness (wil′dĕr-nis), *n.* (١) ده‌شت‌ودەر؛ جۆله‌وانی؛ که‌ژوکێو؛ جۆڵ‌و بیابان؛ بیابان؛ ده‌شت‌و کێو. (٢) کۆمه‌ڵێکی بێ شوماری تێکه‌ڵاوو پێکه‌ڵاوو ناڕۆژ.

wild-eyed (wīld′īd), *adj.* (١) چاوبر؛ چاوزەق؛ تووڕه؛ شێتگر؛ هار: *(a ~ plan)* چاوشێت. (٢) نابه‌جێ؛ ناکرده‌نی؛ شێتانه.

wildfire (wīld′fīr′), *n.* (١) ماده‌یه‌کی گرگره زوو له شه‌پردا به‌کاره‌هات. (٢) ئاگری زوو ته‌شه‌نه‌سه‌ندی دابین نه‌کراو

(٣) شتی زوو بڵاوبووه‌وه (قاو، شۆڕش... هتد). (٤) هه‌وره‌بروسکه.

(٥) ignis fatuus # 1.

(٦) [Obs.], نه‌خۆشی‌یه‌کی پێستی مه‌په.

wild-flower (wīld′flou′ĕr), *n. Also* wild flower, (١) گوڵه کێویله. (٢) ڕووه‌کێکی کێویله‌ی گوڵدار.

wild-fowl (wīld′foul′), *n.* باڵنده‌ی کێوی ؛به‌تایبه‌تی که‌و و قازو سوێسکه‌و قه‌تێ‌و مراوی کێوی ڕاوکراو).

wild goose, قازه کێویله.

wild-goose chase, هه‌وڵی بێ به‌ر؛ کاری بێ سوود‌و بێ ئه‌نجام؛ ئیشی شێت‌و بێ مێشکانه؛ شوێن کڵاوی بابردوو که‌وتن.

wild hyacinth, گوڵه هاس؛ هاس

wilding (wīl′dĭŋ), *n.* (١) (ا) دره‌خت یا ڕووه‌کێکی کێویله (به‌تایبه‌تی دارسێو). (ب) سێوه کێویله. (٢) (ا) گیانداری کێوی. (ب) که‌سێکی کێوی؛ که‌سێکی جیاوازو نه‌گونجاو له‌گه‌ڵ ده‌وروبه‌ره‌که‌یدا.

adj. (١) کێویله؛ له‌خۆوه ڕواو؛ ده‌شته‌کی. (٢) کێوی؛ ماڵی نه‌کراو.

wild land, زه‌وی به‌ره‌ڵا؛ ده‌رووده‌شت؛ جۆڵ‌و بیابان.

wild-life (wīld′līf′), *n.* گیاندارو ڕووه‌کی کێوی

wildling (wīld′lĭŋ), *n.* ڕووه‌ك یا گیانداری کێوی (به‌تایبه‌تی ڕووه‌کێکی کێویله‌ی گوێزراوه بۆ ناو باخچه).

wild madder, = madder # 1 & 2-A.

wild mustard, خه‌رته‌له کێویله.

wild oat (or **oats**), جۆداس؛ گیاگه‌نم.

sow one's wild oats, ڕابواردن به گه‌نجی؛ بەر بۆ خۆ به‌ره‌ڵاکردن له گه‌نجیدا.

wild rice, برنجه کێویله.

wild turkey, قه‌له‌مونه کێوی.

Wild West, wild West, خۆراوای کێوی؛ به‌شی خۆراوای ئه‌مه‌ریکا له‌پێش ئاوه‌دانکردنه‌وه‌یه‌وه له‌لایه‌ن خه‌ڵکی سپی‌یه‌وه.

wild-wood (wīld′wood′), *n.* دارستانی ده‌ست تێوه نه‌دراو؛ دارستانی که‌س پێدا نه‌ڕۆیشتوو.

wile (wil), *n.* (١) فێڵ؛ فێڵ‌وته‌ڵه‌که؛ مه‌کر؛ فریو. (٢) فێڵبازی؛ فێڵ‌وته‌ڵه‌که‌بازی؛ مه‌کربازی؛ فریوبازی.

v.t. هه‌ڵخه‌ڵه‌تاندن؛ فێڵ لێکردن؛ فریودان.

wile away, بردنه‌سه‌ر (به خۆشی)؛ کات کوشتن: *(to wile away an afternoon)*

wilful (wil′fəl), *adj.* = willful.

wilily (wil′ə-li), *adv.* به فێڵبازی؛ به فێڵ‌وته‌ڵه‌که‌بازی؛ به زۆڵێتی.

wiliness (wil′i-nis), *n.* فێڵبازی؛ ته‌ڵه‌که‌بازی؛ مه‌کربازی؛ زۆڵێتی.

will (wil), *n.* (١) (ا) ویست؛ حەز؛ مه‌یل؛ ویستن. (ب) [Obs.]، چەژ؛ ناره‌زوو (خواردن، جووت بوون). (٢) (ا) خواست؛ داوا؛ حەز؛ خوایشت: *(It is his ~ that you come.)*. (ب) فه‌رمان؛ فه‌رموده؛ ویست: *(His ~ be done.)*. (٣) نیاز؛ مه‌به‌ست؛ سووربوون له‌سه‌ر شتێك؛ زۆر ویستن: *(where there's a ~ there's a way.)* (٤) تین؛ چالاکی؛ زه‌بر: *(He works with a ~ .)*. (٥) ووره: *(He has a strong ~ .)*. (٦) بڕیاری خۆ به دەست خۆ بوون؛ ئازادی بڕیار بۆ خۆ دان: *(freedom of the ~)* (٧) هه‌ڵوێستی به‌رامبه‌ر خه‌ڵك: *(I bear her no ill ~ .)*. (٨) وه‌سیه‌تنامه.

v.t. (١) ویستن؛ حه‌زکردن؛ ناره‌زووکردن؛ خۆزگه خواستن. (٢) بڕیاردان؛ سووربوون له‌سه‌ر؛ به هه‌موو هێزێکه‌وه ویستن: *(He ~ed to survive.)* (٣) فه‌رمان دان؛ فه‌رمان ده‌رکردن. (٤) کارتێکردن (هه‌ر وه‌ك به هێزی موگناتیسی).

(٥) بۆ بەجێهێشتن لە وەسیەتنامەدا؛ وەسیەت کردن

v.i. [Archaic], ڕیستن؛ حەرکردن

at will, بە دڵی خۆ؛ بە هەرەسی خۆ؛ چۆن دەتەوێ و کەی وەها

(You may come and go at will.)

do the will of, بەقسەکردن بە گوێ کردن؛ مل بۆ دان

will (wil), *v. aux.* کرداریکی یارمەتیدەرە کاتی داڕۆژ دەگەیێنێ (ڕێزمان)؛ وە بەم مانایانە بەکاردەهێنرێت:

(١) نیشانەی داڕۆژ یا کاتی داهاتوو

(They ~ arrive tomorrow.; I ~ come later.)

(٢) مسۆگەری (لە داڕۆژدا): *(You ~ regret this.)* .

(٣) ئامادەیی (یارمەتیدان)؛ حەزکردن؛ توانین:

(W~ you help me with this?)

(٤) فەرمان؛ داواکردن: *(You ~ report to me afterward.)* .

(She ~ talk for hours on end.) خوو

(٦) لە تواناا بوون:

(This metal ~ not crack under heavy pressure.)

(٧) [Colloq.]. لەوانەبوون؛ بۆ هەبوون؛ ڕەمل لێدان

(That ~ be his wife with him, I suppose.)

v.i. ڕیستن؛ حەرکردن *(Sit here, if you ~ .)* .

v.t. ئارەزووبوون؛ ڕیستن؛ حەزکردن: *(Do what you ~ .)* .

willable (wil′ə-b'l), *adj.* ئەگەر بوێستێ دەکرێ یا دەهێنرێتە دی؛ دەخوازرێ؛ بۆی هەیە بوێستێ و دەست بکەوێ

willed (wild), *adj.* ووزەدار *(strong- ~ ; weak- ~)* .

willemite (wil′əm-īt′), *n.* ویلمایت کانزایەکی ڕەنگاوڕەنگ

willet (wil′it), *n.* هەلێکی لاق و دەنووک درێژی کەنار ئاوە

willful (wil′fəl), *adj.* *Also* **wilful,** (١) دەسەنقەست

(٢) کەللەڕەق؛ سەرکێش؛ سەرسەخت؛ قیرسچمە

-willfully *(adv.)*; **willfulness** *(n.).*

willies (wil′iz), *n.pl.* [Slang]. هەستی ترس و بێ ئارامی و ناڕاسوودە و ناخۆش: *(This place gives me the ~ .)* .

willing (wil′iŋ), *adj.* (١) ئامادە؛ قایل

(I am ~ to go along.)

(٢) حەزکەر؛ بە خۆشی خۆ کراو؛ خۆڕیست؛ بە دڵ کراو:

(a ~ participant)

(٣) تایبەتی بە ئازادی و توانای ڕێبازی خۆ هەڵبژاردن.

-willingness *(n.).*

willingly (wil′iŋ-li), *adv.* بە خۆشی خۆ؛ بە حەز و ئارەزووی خۆ نەک بەزۆر

will-o'-the-wisp (wil′ə-*tha*-wisp′), *n.* (١) ignis fatuus .

(٢) ئاوانی نەهاتەدی؛ خۆ بەهەڵەدابردن؛ سەراو؛ ئاواتی درۆ

willow (wil′ō), *n.* (١) بی؛ دارەبی. (٢) دارووتەختەی بی.

(٣) [Colloq.]. شتی لە دارووتەختەی بی دروستکراو (وەک گوڕزی بێسبۆل) .

(٤) چەکەوکەوانی هەلاج (بۆ کردنەوەی لۆکەو خوری) .

v.t. لۆکەو خوری کردنەوە بە چەکەوکەوان (هەلاجی) .

willower (wil′ō-ēr), *n.* (١) چەکەوکەوانی هەلاج. (٢) هەلاج

willow herb, ڕووەکێکە گەڵاکەی باریکە وەک هی بی و گوڵی ڕەنگاوڕەنگ دەگرێ

willow oak, دارەبڕوویەکە گەڵاکەی باریکە وەک هی بی

willowware (wil′ō-wâr′), *n.* قاپ و دەوڕبی نەخشەی دارەبی لەسەرکراو

willowy (wil′ō-i, wil′ə-wi), *adj.* (١) دارەبی زۆر تیدایە؛ بە دارەبی داپۆشراو (٢) لە دارەبی دەچێ؛ شۆخ و قەد باریک؛ جوان و ناسک.

(a girl with a ~ figure)

(٣) نەرم؛ بە ئاسانی دەنوشتێتەوە.

will power, ووزە؛ هێزی بڕیاری نادەمیزاد؛ هێزی پاڵنەری ئاوەکی مرۆڤ

willy-nilly (wil′i-nil′i), *adv.* بەزۆر بێ یا بە خوایشت؛ بتەوێ نەتەوێ؛ بە هەرحاڵ؛ خۆشی بێ و ترشی بێ:

(He'll have to do it ~ .)

adj. (١) بەزۆر بێ یا بە خوایشت؛ خۆشی بێ و ترشی بێ. (٢) ڕازا؛ دووڵ

wilt (wilt), *v.i.* (١) سیس بوونەوە (گەڵا، گوڵ... هتد)؛ هەڵقرچان؛ هەڵپڕووکان. (٢) هێز لێ بڕان؛ تین تێدا نەمان؛ هەڵپڕووکان؛ لە پەڵوپۆ کەوتن.

v.t. هەڵقرچاندن؛ هەڵپڕووکاندن؛ سیس کردنەوە؛ هێز لێ بڕان.

n. (١) سیسی؛ هەڵقرچاوی؛ سیس بوونەوە.

(٢) خاوبوونەوە؛ هەوەس نەمان؛ ساردبوونەوە (هەست)

(٣) نەخۆشیێکە دەبێتە هۆی سیس بوونەوەی گەڵای ڕووەک.

wilt (wilt), *archaic second person sing., present indicative, of* **will.**

Wiltshire (wilt′shir), *n.* جۆرە مەڕێکی ئینگلیزی سپی شاخ درێژو چەماوەیە.

wily (wī′li), *adj.* فێڵباز؛ زۆل؛ قومارباز؛ تەڵەکەباز؛ مەکرباز؛ ئۆینبان.

wimble (wim′b'l), *n.* دەرەوش؛ ئامێرێ سمێن یا کونکردن

v.t. سمێن؛ کونکردن

wimple (wim′p'l), *n.* (١) سەرپۆش؛ سەرپۆشی پەرستار.

(٢) (ا) لۆ (جل‌وبەرگ)؛ تیێ؛ لۆچ؛ قەد. (ب) شەپۆل بچووک. (ج) پێچ

v.t. (١) سەرپۆش لەسەرکردن. (٢) قەدکردن؛ لوول کردن؛ نوشتاندنەوە.

(٣) کەرونشکەپێکردن؛ شەپۆل پێدان.

v.i. (١) لوول بوون؛ لۆچ بوون؛ نووشتانەوە. (٢) شەپۆل دان؛ کەرووشکە کردن

win (wn), *v.i.* (١) بردنەوە؛ سەرکەوتن

(٢) سەرکەوتن و گەیشتنە بارودۆخێکی تایبەتی؛ گەیشتنە ئامانج:

(He won loose from the crowd.)

v.t. (١) لێ هەڵکراندن (دەرامەت)؛ دەسکەوتن؛ پەیداکردن (بە هەوڵ و کۆشش)

(to ~ a living from this sterile land)

(٢) بردنەوە؛ سەرکەوتن: *(to ~ a battle, war, game, contest, etc.)* .

(٣) (over ~)، ڕاکێشان (لایەنگری):

(We won him over to our side.)

(٤) ڕازی کردن بۆ شووپێکردن یا هێنان.

(٥) گەیشتن (شوێن) .

(٦) (ا) کانزاکردن. (ب) کانزای پاک لە هی خاو دەرهێنان.

(ج) ئامادەکردنی کان بۆ کانزاکردن.

n. [Colloq.], (١) بردنەوە؛ سەرکەوتن. (٢) قازانج؛ دەسکەوت.

win the day, بردنەوە (پێشبڕکێ، شەڕ... هتد)؛ سەرکەوتن.

wince (wins), *v.i.* داچڵەکین؛ ڕاچەنین؛ سڵەمینەوە؛ سڵ کردنەوە.

n. داچڵەکین؛ ڕاچەنین؛ سڵەمینەوە؛ سڵ کردنەوە؛ سڵ

-wincer *(n.).*

winch (winch), *n.* (١) ئامێرێ بەرزکەرەوەی شتی قورس.

(٢) هەندڵ؛ دەسک.

v.t. بەرزکردنەوە بە ئامێر.

wind (wīnd), *v.t.* (١) هەڵکردن (دەزوو، بەن، شریت)؛ لوول کردن:

(to ~ thread on a reel)

(٢) (ا) تێوەپێچان؛ پێچانەوە: *(to ~ a shawl round a baby)*

(ب) تێوەئاڵاندن.

(٣) بە پێچاوپێچ ڕۆیشتن.

(٤) بە دزێیەوە تێخستن؛ بە لاتیل یا خشپە تێخستن:

(He wound a plea for money into his letter.)

(٥) بادان: *(to ~ a crank)* .

(٦) قوڕمیش کردن: *(to ~ a watch)* .

(٧) بەرزکردنەوە بە خولخولۆکە یا سڵنگ.

v.i. (١) بە پێچاوپێچ ڕۆیشتن؛ پێچاوپێچ کردن:

(The river ~s its way to the sea.)

(٢) چەوتی نووانتن (ڕەووشت، گفتوگۆ... هتد).

(٣) به لاتیل یا توانجەوە دەربڕین
(٤) (~ about; ~ around)، تێوەئاڵان؛ پێچ خواردن بە دەوریدا:
(The ivy ~s around the tree.)
(٥) خواربوون؛ وەرگەڕان؛ چەوت بوون.
(٦) قوڕمیش کران؛ باخواردن؛ بادران: *(This clock ~s easily.)* .
(٧) قاچ تێکەوەئاڵان لە ڕۆیشتندا (ئەسپ)؛ پەیزەن بوون.

wind, ١. (١) هەڵکردن (شریت، دەزوو... هتد)؛ تێوەپێچان.
(٢) پێچ؛ یەك پێچ یا خول (دەزوو، بەن، سارغی، پەت... هتد).
(٣) پێچ (ڕێ)؛ لوڤە؛ چەوتی.

wind down, کزبوون؛ بەرەبەرە نەمان؛ کەم بوونەوە.
wind off, کردنەوە (شتی پێچراوە یا تێوەئاڵاو) .
wind up, (١) هەڵکردن (دەزوو، پەت... هتد).
(٢) کۆتایی پێ هێنان؛ بڕینەوە؛ دوایی پێ هاتن:
(to wind up one's affairs)
(٣) هاتنە جۆش؛ وروژان:
(He was all wound up before the game.)
(٤) دەست هەڵهێنانەوە پێش تۆپ هاویشتن (یاری بێسبۆل) .
(٥) والێهاتن (بارودۆخ)؛ بەو جۆرە دوایی هاتن.

wind (wind; *for n., also poetic* wīnd), *n.* (١) با. (٢) بای قایم.
(٣) ڕووی هەڵکردنی با؛ ئەو لایەی بای لێوە هەڵدەکات: *(the four ~s)* .
(٤) بۆن (ڕاو)؛ سروەی بۆنهێنەر. (٥) سووسە؛ دەنگوباسی نهێنی:
(to get ~ of something; What's in the ~ ?)
(٦) هەوای پانکەو باوەشێن... هتد.
(٧) هەناسە: *(He got the ~ knocked out of him.)* .
(٨) (أ) قسەی هیچوپووچ؛ قسەی قۆپو بێ تام.
(ب) فشە؛ خۆهەڵکێشان؛ تڕوفیز. (٩) تڕ؛ تس.
(١٠) (*pl*) سازی با؛ ئامێری مۆسیقی بە فوو لێدراو.

v.t. (١) خستنەبەر با؛ هەڵخستن لەبەر با؛ ووشك کردنەوە.
(٢) بۆن کردن (ڕاو)؛ شوێن بۆن کەوتن.
(٣) هەناسە لێ بڕین؛ هەناسە سواربوون: *(The run ~ed him.)* .
(٤) پشوو پێدان بۆ هەناسە هاتنەوەبەر (ئەسپ).

break wind, تڕکەدان؛ تس کەدن.
down the wind, بە هەمان ڕێڕەوی با.
get (or have) wind of, سووسەکردن؛ دەنگوباسی نهێنی بیستن؛ پێ زانین.
how the wind blows (or lies), چی باوەو چی باو نییە؛ بیروڕای خەڵك چییەو چی نییە؛ چی باسە.
in the teeth of the wind, بەرەو ڕووی با.
in the wind's eye " (هەروەها " kestrel) .
in the wind, خەریکە ڕووبدات؛ بە دەستەوەیە؛ بە دڵییەوە خۆی بۆ ئامادە دەکرێ‌و خەریکە ئاشکرا دەبێ:
(There's something in the wind.)
into the wind, بەرەو ڕووی با.
sail close to the wind, (١) بەرەو ڕوو یا دژی باوە کەشتی لێخوڕین. (٢) دەست بە پارەوە گرتن؛ پارە بەفیڕۆ نەدان. (٣) ڕەفتاری ناشرین نوواندن.
take the wind of somebody's sails, دەستپێشکەری کردن لە ووتن یا کردنی شتێکدا کە کەسێکی تر دەیەوێ بیڵێ یا بیکات‌و بیبێتە هۆی پەستکردنی کەسەکە.

wind (wīnd, wind), *v.t.* (١) لێدان (شمشاڵ، نای...)؛ فووپیاکردن.
(٢) بانگ کردن بە کەڕەنا یا زوڕنا لێدان: *(to ~ a rousing call)* .

windage (win′dij), *n.* (١) جوڵانی هەوا بەهۆی پێدانڕۆیشتنی گوللەو شتی وەهادا. (٢) لادانی گوللە لە ڕێڕەوی خۆی بەهۆی باوە؛ ڕادەی ئەم لادانە.
(٣) پلەی گۆڕینی نیشانی چەکی ئاگرین لە بریتی لادانی گوللە لە ڕێڕەوی خۆی بەهۆی باوە.
(٤) بۆشایی نێوان دیواری لوولەی چەکی ئاگرین‌و گوللەکەی ناوی.

(٥) دیوی دەرەوەی کەشتی کە لەبەر بایە.

windbag (wind′bag′), *n.* [Colloq.], نۆزبڵێ؛ نۆزوێژ؛ چەنەباز.
windw: (١) بابردوو
wind-blown (wind′blōn′), *adj. (~ dust, sand, leaves, etc.)* (٢) بەرەو لایەك ڕووارە بەهۆی بای قایمەوە (دارودەرەخت) .
(٣) کورت‌و بۆ پێشەوە داهاتوو (قژی ئافرەت) .

wind-borne (wind′bôrn′, wind′bōrn′), *adj.* باهەڵگرتوو (وەك هەندێ هەڵە) .

windbreak (wind′brāk′), *n.* باشکێن (شوورە، ڕیزە دارەخت، پەڕژین)؛ باگیر؛ باگر.

windbreaker (wind′brāk′ĕr), *n.* چاکەتێکی هەوابڕ؛ چاکەتێکی کورتە هەوای لێوە ناچێ.

wind-broken (wind′brō′k'n), *adj.* تەنگەهەناسەیی (ئەسپ)؛ تووشی نەخۆشی تەنگەهەناسەیی بووە.

wind cone, = **wind-sock.**

winded (win′did), *adj.* هەناسەبڕکێ پێکەوتوو؛ هەناسەسوار؛ هەناسە پێ نەماو.

winder (wīn′dĕr), *n.* (١) پێچەر؛ کرێکاری قوماش پێچەر (لە کارگەدا)؛ لوولکەر. (٢) بەکرەی شت لەسەر هەڵکراو.
(٣) قوڕمیشی کاتژمێر؛ دوگمەی قوڕمیش.
(٤) پلەی پێ پلیکانەی پێچاوپێچ.
(٥) ڕووەکی تێوەئاڵاو (وەك لاولاو) .

windfall (wind′fôl′), *n.* (١) میوەی باخستوو.
(٢) دەسکەوتێکی چاوەڕوان نەکراو؛ دەسکەوتێکی لەلاوەو بەتەمانەبوو؛ شتێکی باشی خواناردوو (بەتایبەتی پارە) .

windflaw (wind′flô′), *n.* با هەڵکردنی کوتوپڕ.
windflower (wind′flou ĕr), *n.* = **anemone.**
wind-gall (wind′gôl′), *n.* ناوساوی یا بلوقی قولەپێی ئەسپ.
wind gap, کەلێنی با: دەربەندی بچووکی سەر شاخ.
wind gauge, پێوەری خێرایی با.
wind harp, = **aeolian harp.**
wind-hover (wind′huv ĕr), *n.* مشکگرە. (ناوەکەی لەوەوە هاتووە کە دەتوانێ بە هەواوە لە جێی خۆیدا بووەستێ) . (هەروەها " kestrel ") .
winding (wīn′diŋ), *n.* (١) (أ) ڕێگەی پێچاوپێچ.
(ب) ڕێبازو کردەوەی چەوت. (ج) لوولی؛ لوول خواردن؛ باخواردن؛ لوول بوون.
(٢) (أ) تەل، دەزوو، یا شتی تری هەڵکراوە سەر بەکرە... هتد.
(ب) یەك پێچ یا ئەلقەی ئەم تەڵو دەزووە. (ج) شێوەی ئەم هەڵکردنە
(٣) خواری؛ خواربوون؛ چەوتی؛ لاری؛ وەرگەڕان.
(٤) قاچ لەیەکەوەئاڵانی ئەسپ لە کاتی ڕۆیشتندا؛ پەیزەنی.

adj. پێچاوپێچ؛ پێچ لوول؛ ماربێچی: *(a ~ road)* .
winding sheet, کفن.
wind instrument, سازی با؛ ئامێری مۆسیقی بە فوو لێدراو (شمشاڵ، نای).

wind-jammer (wind′jam ĕr), *n.* (١) کەشتی با.
(٢) کەشتیوانی کەشتی با
(٣) [Slang]، کەسێکی زۆرووێژ؛ زۆربڵێ؛ هەڵەوەڕ.

windlass (wind′ləs), *n.* ئامێری بەرزکردنەوەی شتی قورس؛ ئامێری لەنگەر هەڵکردن؛ خولخولۆکەی بەرزکەرەوە.

v.t. & v.i. بەرزکردنەوە بەم ئامێرە؛ لەنگەر هەڵکردن بەم ئامێرە.

windle-straw (win′d'l-strô′), *n.* [Scot. or Dial.], (١) پووش؛ پووشکە. (٢) کەسێك یا شتێکی باریك‌و بێ هێز.

windmill (wind′mil′), *n.* (١) ئاشی با.
(٢) شتێکە لە ئاشی با بکات: (أ) فڕفڕۆکە (یاری منداڵان).
(ب) هێلیکۆپتەر.

fight (or tilt at) windmills, شەڕ لەگەڵ دوژمنی خەیاڵیدا کردن

(وەك دۆن كیشۆت).

window (win′dō), *n.* (۱) پەنجەرە (۲) شووشەی پەنجەرە؛ جامی پەنجەرە: *(He broke the ~ .)* (۳) پەنجەرەو چوارچێوەکەی (٤) کونێکی وەك پەنجەرە (وەك لە هەندێ زەرفدا کە ناونیشانی کەسەکە یا کۆمپانیاکەی لێوە دیارە).

window box, پەنجەرە بۆ کردن؛ پەنجەرە تێخستن.

window-dresser (win′dō-dres ′ĕr), *n.* *Also* window dresser, ئینجانەی پەنجەرە: سندوقێکی باریك و درێژە گوڵی تێدا دەڕوێنرێ و دەخرێتە سەر لێواری پەنجەرە.

window-dressing (win′dō-dres ′iŋ), *n.* *Also* window dressing, (۱) پازێنەرەوەی پەنجەرەی فرۆشگا بە فرۆتەنی. (۲) پرۆکەشکار (ووشەی داهاتوو ببینە).

window envelope, (۱) پازاندنەوەی پەنجەرەی فرۆشگا بە فرۆتەنی. (۲) پرۆکەشکاری: پرۆکەش کردنی بارودۆخێك و پیشاندانی تەنها پرووی باش و جوانی (بۆ هەڵخەڵەتاندن یا پاکێشانی خەڵك).

window-pane (win′dō-pān ′), *n.* زەرفی پەنجەرەدار: زەرفێکە کونێکی تێدایە ناونیشانی نەو کەسەی لێوە دیارە کە نامەکەی بۆ دەنێرێ.

window screen, شووشەی پەنجەرە؛ جامی پەنجەرە.

window shade, تەلی پەنجەرە.

window-shop (win′dō-shop ′), *v.i.* پەردەی پەنجەرە.

سەیری فرۆتەنی کردن لە جامخانەی فرۆشگادا بێ چوونە ژوورەوە و شت کڕین: *(Most women like to ~ .)*

-windowshopper *(n.).*

windowsill (win′dō-sil ′), *n.* لێواری ژێرەوەی پەنجەرە.

windpipe (wind′pīp ′), *n.* = trachea.

wind-proof (wind′proof ′), *adj.* بابڕ؛ هەوابڕ؛ هەوای لێوە ناچێتە ژوورەوە: *(a ~ jacket)* .

wind rose, نەخشەی ڕووی هەڵکردنی با و قایمی لە ناوچەیەکدا.

windrow (wind′rō ′, win′rō ′), *n.* (۱) پرێزە مەڵو (۲) کۆمەڵە گەڵا، پووش و پەڵاش، یا بەفری بابردوو و کۆمەڵ کردوو. (۳) دێڕاوی قامیشی شەکر تێدا نێژراو.

wind-swept (wind′swept ′), *adj.* (۱) بابردوو؛ باهەڵگرتوو؛ با پاپێچار؛ با دەیگرێتەوە.

wind tee, بانمایەکە پەڕەکانی لە شێوەی تیپی " T " دایە بۆ پیشاندانی ڕووی هەڵکردنی با (لە فڕۆکەخانەو شوێنی تردا).

wind-tight (wind′tīt ′), *adj.* = airtight.

wind tunnel, تونێلی هەوا: پارەوێکی تونێلییە هەوای تێ دەپەستێنرێ بۆ تاقیکردنەوەی پەستووی با لەسەر نموونەی فڕۆکەو شتی وەها.

wind-up (wīnd′up ′), *n.* (۱) کۆتایی؛ پایان؛ دوایی هاتن؛ دوایی پێ هێنان. (۲) باڵ جوڵاندن و یاری پێ کردن پێش تۆپ هاویشتن (یاری بێسبۆڵ).

windward (wind′wĕrd), *n.* ڕوو یا لای با لێوە هەڵکردوو (کەشتیوانی).

adv. بەرەو با؛ ڕووەو با؛ بەرەو ڕووی با

adj. (۱) بەرەو ڕووی با ڕۆیشتوو. (۲) لەو لایەوە کە با لێوەی هەڵدەکات.

windway (wind′wā ′), *n.* = flue.

windy (win′di), *adj.* (۱) باداوی؛ بای هەیە: *(a ~ day)* . (۲) با دەیگرێتەوە؛ بای زۆرە: *(a ~ city)* . (۳) لە با دەچێت لە خێرایی و قایمی و هەمیشە گۆڕیندا. (٤) زۆرۆز؛ زۆربڵێ؛ هەڵەوەر؛ دەمەوەر. (٥) (ا) قشەکەر؛ خۆهەڵکێش؛ فشەباز. (ب) بۆش (قسە). (٦) (ا) دەبێتە هۆی باوبڕە لە سکدا (وەك نیسك و نۆك... هتد)؛ باوبڕەدار (ب) باوبڕاوی (سك)؛ قۆپەقۆپکەر.

wine (wīn), *n.* (۱) مەی؛ شەراب؛ بادە. (۲) مەستی؛ سەرخۆشی. (۳) [British]، ناهەنگی مەی خواردنەوە. (٤) شەرابی (ڕەنگ)؛ ڕەنگی سووری ئەرخەوانی یا تۆخ.

v.t. مەی پێشکەش کردن.

v.i. مەی خواردنەوە.

winebibber (wīn′bib ′ĕr), *n.* شەرابخۆر.

wine cellar, (۱) ژێرزەمینی شەراب؛ گەنجینەی شەراب. (۲) ئاژووقەی شەراب.

wine-colored (wīn′kul ′ĕrd), *adj.* شەرابی؛ ئەرخەوانی یا سووری تۆخ.

wine-glass (wīn′glas ′, wīn′gläs ′), *n.* پەرداخی بادە: پەرداخێکی لاسك درێژە بۆ بادە خواردنەوە کراوە؛ جامی بادە؛ بادە.

wine-glassful (wīn′glas-fool ′, wīn′gläs-fool ′), *n.* پڕ پەرداخێکی بادە؛ پەرداخێك بادە.

wine-grower (wīn′grō ′ĕr), *n.* شەرابگەرەوە؛ شەرابچی؛ ڕەز پەروەردەکەر بۆ مەی گرتنەوە.

wine-growing (wīn′grō ′iŋ), *n.* ڕەز پەروەردەکردن و شەراب گرتنەوە؛ شەراب گرتنەوە.

wine palm, جۆرە دارخورمایەکە شەرابی لێ دروست دەکرێ.

wine-press (wīn′pres ′), *n.* *Also* wine presser, تەشت یا دەفری تڕێ شێلان و گوشین بۆ شەراب گرتنەوە؛ مەکینەی تڕێ گوشین بۆ شەراب گرتنەوە.

winery (wīn′ĕr-i), *n.* کارگەی شەراب گرتنەوە؛ کارگەی مەی.

Wine-sap (wīn′sap ′), *n.* (۱) جۆرە سێوێکی سووری زستانەی ئەمەریکییە. (۲) دەختی ئەم سێوە.

wine-shop (wīn′shop ′), *n.* فرۆشگای مەی؛ دووکانی مەی.

wine-skin (wīn′skin ′), *n.* مەشکەی مەی.

wine-tasting (wīn′tās ′tiŋ), *n.* مەی تاقیکردنەوە؛ مەی چەشتن بۆ تاقیکردنەوە

wing (wiŋ), *n.* (۱) باڵ. (۲) باڵی فڕۆکە. (۳) (ا) بەش (خەستەخانە، فەرمانگە، یا خانووی گەورەی تر)؛ لق؛ دەستە خانوو.

(the children's ~ of the hospital; a surgical ~ ; east ~)
(ب) تاکێکی دەرگای جووت
(ج) دیمەنی ئەم لا و ئەولای شانۆ؛ ئەم لا و ئەولای پشتەوەی شانۆ (کە تەماشاکەران نایبینن).
(٤) (أ) لق یا پەڵی لەشکرو گەلەکەشتی.
(ب) دەستە (حیزب، پەرلەمان، رێکخراو)؛ لق؛ بەش؛ پەل.
(the left ~ of the party; the right ~)
(ج) یاریکەری لای پاست یا چەپی گۆڕەپان؛ جێی ئەم یاریکەرانە.
(٥) (أ) پۆلە فڕۆکەی شەڕ.
(ب) ئەو نیشانەیەیە کە فڕۆکەوانی فڕۆکەی جەنگەر تاقمەکەی دەیکەن بە سنگیانەوە
(٦) (أ) هۆی فڕین یا گەشت. (ب) فڕین؛ شێوەی فڕین.
(٧) شتێکی بە باڵدار باسکراو: *(on ~s of song)* .
(٨) پەڕەی پەروانەی ناشی باو پانکە... هتد
(٩) [Colloq.]. باڵی مرۆڤ؛ قۆڵ؛ پەل.

v.t. (١) پێدا فڕین؛ بەسەردا یا بەناودا فڕین. (٢) باڵ بۆ کردن.
(٣) باڵ پێ گرتن؛ خێرا ناردن: *(He ~ed his words.)* .
(٤) بە فڕۆکە گواستنەوە.
(٥) باڵ بریندارکردن (باڵندە)؛ باڵ، قۆڵ، یا شان بریندارکردن.

v.i. فڕین؛ باڵگرتن.

on the wing, لە (کاتی) فڕیندا
take wing, فڕین؛ باڵگرتن؛ هەڵفڕین.
under the wing of, لە سایەی؛ لەژێر باڵی؛ لە پەنای؛ لەژێر چاودێری: *(He took the new members under his wing.)*
waiting in the wings, ئامادە؛ چاوەڕێ کردن بە پەرژشەوە بۆ شتێک: *(When the president died, many were waiting in the wings to take his place.)*
wing and wing, بایەوانی هەردوولا هەڵکراون
wing chair, کورسی‌یەکی بەرگدارە پاڵپشتەکەی بەرزەو نەختێک لەم لا و ئەولای کورسی‌یەکەیشی گرتووەتەوە.

winged (wiŋd), *adj.* (١) باڵدار؛ باڵندە. (٢) بەرز.
(٣) (أ) خێرا؛ تیژڕەو. (ب) فڕندە. (٤) (أ) باڵ بریندار.
(ب) [Colloq.]، باڵ بریندار (مرۆڤ)؛ قۆڵ بریندار

wing-ding (wiŋ′diŋ), *n.* [Slang], ناهەنگو زەماوەند.
wing-footed (wiŋ′foot′id), *adj.* تیژڕەو؛ خێرا
wingless (wiŋ′lis), *adj.* بێ باڵ؛ باڵدارە بەڵام ناتوانێ بفڕێ (وەک مریشکو هەندێ باڵندەی تر).
winglet (wiŋ′lit), *n.* باڵی بچکولە
wing-like (wiŋ′lik′), *adj.* باڵ ئاسا؛ لە باڵ دەچێ.
wing shot, (١) تەقەی لە باڵندەی فڕیو کراو.
(٢) نیشانچی باڵندە بە ئاسمانەوە

wing-span (wiŋ′span′), *n.* درێژی نێوان فڕۆکە یا باڵندە لە نووکی ئەم باڵەوە بۆ نووکی ئەو باڵ.
wing-spread (wiŋ′spred′), *n.* = wing-span.
wingy (wiŋ′i), *adj.* (١) باڵدار؛ باڵندە (٢) فڕندە؛ تیژڕەو؛ خێرا. (٣) بەرز؛ بڵند (٤) باڵ ئاسا؛ لە باڵ دەچێ.

wink (wiŋk), *v.i.* (١) چاو تروکاندن؛ چاو قووچاندن و کردنەوە. (٢) چاو لێ داگرتن.

v.t. (١) چاو تروکاندن؛ چاو قووچاندن و کردنەوە. (٢) چاو لێ داگرتن.

n. (١) چاو تروکان؛ تروکەی چاو؛ چاو قووچان و کردنەوە.
(٢) تروکە؛ هەناسە؛ چرکە؛ کاتێکی زۆر کەم؛ چاو قووچانێک.
(٣) سەرخەو؛ قنگەخەو؛ کەوێشکەخەو *(not a ~)* .
(٤) چاو داگرتن. (٥) دەرەوشە؛ بریسکە؛ پرشنگ

forty winks, [Colloq.]. قنگەخەو؛ سەرخەو؛ کەوێشکە خەو
wink at, (١) چاو لێ نووقاندن؛ چاو لێ پۆشین: *(He winked at corruption in his ministry.)*

winker (wiŋk′ēr), *n.* (٢) چاو لێ داگرتن.
(١) چاوقووچێنەر؛ چاوتروکێنەر.
(٢) سەرکەللە؛ چاوبەستی ئەسپی گالیسکە.
(٣) [Colloq.]، (أ) چاو. (ب) برژانگ.

winkle (wiŋ′k'l), *n.* پێچ پێچۆکەی دەریایی؛ هێلکە شەیتانۆکەی دەریا
winnable (win′ə-b'l), *adj.* دەبڕێتەوە: *(a ~ war)* .
winner (win′ēr), *n.* براوە (پێشبڕکێ، یاری... هتد)؛ سەرکەوتوو.
winning (win′iŋ), *adj.* (١) براوە:
(the ~ team, candidate, side, etc.)
(٢) سەرکەوتوو؛ جوان و ڕێک‌وپێک؛ بەبڕەو: *(a ~ personality)* .

n. (١) بردنەوە؛ سەرکەوتن (٢) *(pl.)*، شتی براوە (بەتایبەتی پارە).
(٣) بەشێکی تازە کراوەی کانە خەڵووز.

winnow (win′ō), *v.t.* (١) شەن کردن (گەنمۆجۆ)؛ سووڕکردن (خەرمان).
(٢) پەرش‌وبڵاوکردنەوە: *(the wind ~ed the leaves.)* .
(٣) پاک‌وپیس کردن؛ لە بێژنگدان؛ چاک و خراپ لێک جیاکردنەوە:
(to ~ truth from falsehood)
(٤) باڵەفڕێ کردن؛ شەقە لە باڵ هەڵسانەن.

v.i. (١) شەن کردن؛ خەرمان سووڕکردن. (٢) فڕین.

n. (١) شەن کردن. (٢) شەن.

winnower (win′ō-ēr, win′ə-wēr), *n.* (١) شەنکەر. (٢) شەن.
wino (win′ō), *n. pl.* winoes, winos, [Slang], هەمیشە مەست؛ عەرەق خۆر؛ هەمیشە سەرخۆش

winsome (win′səm), *adj.* دڵڕفێن؛ دڵ ڕاکێش؛ جوان:
(a ~ smile)
-winsomely *(adv.)*; winsomeness *(n.)*.

winter (win′tēr), *n.* (١) زستان؛ وەرزی زستان.
(٢) سال: *(a man of eighty ~s)* .
(٣) سەردەمی نشوستی، بەناخداچوون، تاریکی، ناخۆشی.

adj. زستانی؛ زستانە: (أ) لە زستاندا کراو: *(~ sports)* .
(ب) لە زستاندا پێگەیین *(~ apples)* .
(ج) لە زستاندا چێنراو: *(~ wheat)* .

v.i. زستان بردنە سەر: *(They ~ in the south.)* .

